ناوی کتیب : سەردەشت عوسمان

بەرگ: کامەران ئەحمەد

چاپی یەکەم ، ٢٠١٣

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارە : ISBN 978-91-637-3045-0 ی کتێبخانەی گشتی سویدی ساڵی ٢٠١٣ ی پێبەخشراوە.

**ناوی کتێب: سەردەشت عوسمان**



**پێرست**


١- بۆچی ئەم کتێبە ل ٣

٢- بیۆگرافیا ل ٥

٣- بابەتەکانم ل ١٠

٤- دۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسمان ل ٥٥

٥- هەواڵ و ڕاپۆرت ل ١٢٤

٦- وتارەکان ل ٣٣٥

٧- هۆنراوەکان ل ٨٢٨

٨- گفتوگۆ و دیمانە ل ٩٠١

٩- پەیکەری سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی ل ٩٨٦

١٠- ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی ل ١٠١٥

١١- وێنەکان ل ١٠٣٢

١٢- ستافی کار ل ١٠٤٩

## ئەم کتێبە، بۆچی؟

سەردەشت عوسمان خوێندکارێکی زانکۆ و ڕۆژنامەنووسێکی ٢٢ ساڵە بوو کە بەڕۆژی ڕوناک بە بەرچاوی پۆلیسی زێرەڤانی و خەڵکێکی زۆر لەبەردەم کۆلیژەکەی لە لایەن چەند چەکدارێک بەزۆر دەفرێندرێ، دواتر لە ٢٠١٠/٥/٥ بە دوو فیشەک لە نێو دەمی تیرۆر ئەکرێ. "تاوانی" ئەو ڕەخنە لە ناداپەروەری و گەندەڵی و دەسەڵاتی خێڵ و گوێڕایەڵ نەبوونی پیرۆزی و موقەدەساتی داڕزیو بوو. سەردەشت تاقانە قوربانی ستەمکاری و سەرکوتگەری دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان نەبووە و نییە، ئەو و 'تراجیدیای ژیان ومەرگی'[1] تەنها بەشێکن لە مێژووی ئازادیخوازیی و بەرەنگاربوونەوەی سەرکوت لەلایەن جەماوەری کوردستانەوە. سەردەشت گیانبەخشی ڕێگای ئازادیە. ئەو لە دژی نایەکسانی، پاوانکردنی دەسەڵات و سامان لە دەستی کەمایەتییەکی دەسەڵاتداردا دەنگی هەڵبڕی و لەو ڕێگایەدا تا دوا هەناسە دلێرانە بەرەنگار بووەو نەبەزی. بەڵام ئەو لەمەشدا تەنها نەبوو. ئەوەی سەردەشتی کرد بە ناونیشان لەسەروو شەهامەت و لە خۆبوردووییەوە وەرچەرخانێکی گەورەی هۆشیاری سیاسی بوو لە کوردستان کە زۆری نەبرد لە شەپۆلی گەورەی ناڕەزایی و هاتنە مەیدانی جەماوەریی خۆی نیشان دا و . سەردەشت ئەستێرەی بەیانێک بوو کە هەتاوی ڕۆژی ڕووناکی هێشتاش لە بەرزبوونەوەدایە. ئەو سیمبولی نەوەیەکە کە چیتر وەهم چیرۆکەکانی ڕابردوو نایخاتە خەو و دیدی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕونتر ڕاستیەکان دەبینێت و دەیانخوێنێتەوە. هەربۆیە باسی سەردەشت، نوسراو کتێب لەسەر ئەو بایەخدار و پێویستن.

بەڵام بە بارتەقای هەموو ئەو ڕەمزیەتە دۆسیەی سەردەشت عوسمان مەیدانی هەوڵی ئاوەژوکردنەوەی ڕاستی و نکوڵی کردنە لێی. چەندین دەزگای زەبەلاح و دەوڵەمەندی حزبێک، خەریکی هۆنینەوەی چیرۆکی خەیاڵی و حیکایەتی بێ سەروبەرن. ئاماجێکی تری ئەم کتێبە جەختکردنەوە لەسەر ڕاستیەکان و تۆمارکردنی مێژووە وەک خۆی. ئەم کتێبە دووبارە ڕایدەگەیەنێتەوە کە دۆسیەی سەردەشت عوسمان دۆسیەیەکی کراوەیە لەلایەن ئازادیخوازانی کوردستانەوە، ئەم دۆسیەیە یەکێکە لە سەنگەرەکانی نەبەردی خەباتی ئازادیخوازانی کوردستان لە پێناوی ئازادی دەربڕین و دادگاییکردنی تاوانباران و تیرۆرستان. ئەم کتێبە پەتی ناڕاستیەکان دەپسێنێ و سیناریۆ گاڵتەجاڕیەکانی دادگا بێ دادەکان پوچەڵ دەکاتەوە. ئەم کتێبە، کە هەموو دیکۆمێنتەکان و تەواوی ئەو وتار و ڕاگەیاندن و هەواڵ و ڕیپۆرتاژی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مەراسیمەکانی لە دژی ڕفاندن و تیرۆری "سەردەشت " نوسراون لەخۆ دەگرێت، دەڵێ: هەوڵ و خەبات بۆ وەستانەوە لە بەرانبەر تیرۆر و سەرکوت و ئاشکراکردن و بە دادگا گەیاندنی تاوانبارانی ڕاستەقینە، درێژەی هەیە و بەردەوام دەبێت.

پرۆژەی ئەم کتێبە لەگەڵ دروستکردنی پەیکەرێک بۆ سەردەشت بەناوی (پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان)ەوە لە نێو شاری هەولێر. لە 27-05-2010 لە ڕاگەیاندراوێکدا

[1] ئاماژەیە بۆ دەربڕینێکی سەردەشت لە دواین نوسراویدا

ڕاگەیاندرا. پێشوازی گەرم و پشتیوانی فراوانی ئازادیخوازانی لێکرا. ئەم پرۆژە  بە شێوەی مالی و ماددی و مەعنەوی پشتیوانی کرا. دروستکردنی پەیکەرەکە بە هاوکاری دڵسۆزانە و خۆبەخشانەی کۆمەڵێک هونەرمەندی بەهەڵوێست و ئازادیخواز تەواوبوو. بەڵام دەسەڵاتدارانی هەولێر ڕێگەیان نەدا بە دانانی لە نێو شاری هەولێردا. بەشی دووەمی پرۆژەکەش ئەوەیە کە ئێستا لەبەردەستی ئێوە دایە.

کتێبی سەردەشت عوسمان هەموو بابەتەکانی ئامادەیە، بەڵام کۆکردنەوەی ئەو هەموو هەواڵ، وتار، هۆنراوە و بابەتە کە لەسەر ئەو و تیرۆر و دۆسیەکەی نوسراوە. ئاسان نییە بەبێ کەموکورتی ئەنجام بدرێت. ئێمە لە ستافی کاری ئەم پرۆژەیەدا بەدوای کۆکردنەوەی بابەتەکانەوە بووین و بۆ ماوەی ساڵێکە کاری لەسەر دەکەین. لێرەدا جێگای خۆیەتی کە سوپاسی سەرجەم بەشداران و هاوکارانی ئەم پرۆژەیە و هەوڵی ماندوو نەناسانەیان بکەم، کە لە سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەدا بە ئەندازەی من بەشدارن.

ئەم کتێبە بەدوو بەرگ لە چاپ دەدەین، ئەوەش بەهۆی زۆری بابەتەکان و جێگە نەبوونەوەی لە چوارچێوەی یەک بەرگدا، هاوکات ئەوە دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات، هەموو ئەو بابەتانەی تا کو ئێستا بەدەستمان نەگەیشتووە بتوانین لە بەرگی دووەمدا لە چاپی بدەین. لە ئێستاکەشەوە بانگەوازی هەموو دڵسۆزان و خاوەنی وتار، هۆنراوە و هەر بابەت و کارێک لەمپەیوەندەدا دەکەین، کە دەزانن ئەو بابەتانە لە ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان و بەرگی یەکەمدا نییە هاوکارمان بن بۆ تەکمیلکردنی پرۆژەکەمان.

جێگای خۆشیەتی لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم. کە ڕووداوی ڕفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان لە گەلێک سۆنگەوە و بە بۆچوونی جۆراوجۆرەوە قسەی لەسەر کراوەو ڕەچاوکردنی ئەمانەت ئەوەی دەخواست کە تەواوی ئەو نووسراوانە لێرەدا چاپ بکرێن، بە بێ ئەوەی بەزەرورەت بە مانای هاوڕایی و هاوبۆچوونی من بێت لەگەڵ هەموویاندا.

بەکر عوسمان

2013-03-25

## سەردەشت عوسمان کێ بوو...؟



### وێستگەکانی ژیانی سەردەشت

نوسینەوەی ژیاننامەی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان کارێکی ئاسان نیە، چونکە گەنجێک کە لەتەمەنی سالێدا چۆتە بەرخوێندنو هێشتا بیستو سێبەهاری تەواو نەکردبێتو سەختی ژیانو خوێندن لەسەر شانیبێت،دەبێت ژیاننامەی چیبێت و چی بنوسرێتەوە ؟ جگە لە شە ونخونی بەدیار فانۆسو هیلاکیو ماندوبونیو راکردن بەدوایی تەواوکردنی خوێندن و کارکردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی، بۆیە لێرەدا بەچەند وێستگەیەک لە ژیانی تایبەتی ئاشناتان دەکەین:

(سەردەشت عوسمان حسن حمد) لەدایکبووی ٢٥-١٢-١٩٨٧ ی هەولێر، گەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێرە،منالی دەهەمینی خێزانەکەیەتی کە دوای خۆی دوو برای بچوکتریشی هەیە، خێزانەکەی جوتیارێکی ڕاگوێزراو و چەوساوەی دەستی رژێمی گۆڕبەگۆڕی دەشتی شەمامکی هەولێرە کە لە کۆتاییەکانی سالی هەشتاکان کەوتنە بەر شەپۆلی راگواستن و لە گوندی گرد عازەبانەوە گواسترانەوە بۆ هەولێر .

سەردەشت لەو هەلومەرجە لەدایک بوو، لەیەکەم چاوکردنەوەی نیگاکانی ئاشنا بوون بە زولمو زۆرداریو برسیەتیو نەبونیو ئاوارەییو دەربەدەری، لەیەکەم نیگاوە دیمەنە ناخۆش و ناشیرنەکانی ژیانی بینی، کاتێک چاوەکانیشی ماندوو بوو، دەستیبرد بۆ قەلەم، بۆ ئەوەیخەمیکۆمەلگاکەی بگرێتەکۆلو رووداوەکان وەکو خۆی بگوازێتەوەو کۆتایی بەبێمافی و نایەکسانیو چەوسانەوە بێت. بۆ ئەوەی گەنجانی مەملەکەتەکەی هیواو خواستەکانیان وردو خاشنەکرێ، بۆ ئەوەی منالانیکورانو باداوەو تەعجیلو کانیسپیکە و ئیمام قاسم و ئازادی و رەحیماوە لەگەل چاوکردنەوەیان قوڕو تۆزو خۆل بەچاوە جوانو ناسکەکانیان

ئاشنا نەبێت، بۆ ئەوەی پەککەوتوانی گەڕەکی کرێکاران‌و کوردستان‌و ئازادی رێزیان لێبگیرێت، بۆ ئەوەی کەرامەتی هەمووان لەبارەگای کۆمەڵدا پارێزراوبێت، ئەفسوس مەرگە وەڕەکانی تاریکی چاویان بەهەست‌و نەستی پڕ لەبەرائەت‌و ئینساندۆستی‌و هیواو ئاوات‌و بە رنامەو پرۆژە گەلێک هەڵنەهات، کە سەردەشت لەبەرنامەی خۆی داینابوو .

– لە تەمەنی ٥ساڵیدا بەشێوەی(گوێگر) دەچێتە بەر خوێندن‌و لە قوتابخانە (نیگاری سەرە تای تێکەڵاو) لەگەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێر دەستدەکات بەخوێندن، بەڵام لەبەر زیرەکی و هۆشیاری، مامۆستایان‌و دەستەی‌کارگێڕی قوتابخانە نەیانتوانی لە هاوپۆلانی دایبرێنن‌و بەدەرچوو ئەژماریانکرد .

پلەکانی خوێندی سەرەتای بەخێرایی‌و بەبێ‌دواکەوتن بڕی، دواتر چووە قوناغی ناوەندی‌و لە ناوەندی( شەهید صالح یوسفی) درێژەی بە خوێندنداو بەبێ دواکەوتن بەساڵ قوناغی ناوەندیشی تەواوکرد، دواتر لە (ئامادەیی ئازادی کوڕان )هەر لە نێو شاری‌هەولێر بە سێ ساڵ قۆناغی ئامادەیی بەسەرکەوتوی تەواو کردو لەبەشی ئینگلیزی کۆلیژی زمانی زانکۆیی سەلاحەدین وەرگیراو لەم چوار ساڵەی خوێندنیشیدا، بووە جێگای خۆشەویستی خوێندکاران و مامۆستایان‌و فەرمانبەرانی کۆلێژ. سەردەشت لە ماوەی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی، زۆربەی ساڵەکان سودی لە پشووی هاوین وەرگرتوە و کاری تێدا کردوە بۆ ئەوەی بژێوی خوێندنەکەی و پێداویستیەکانی دابین بکات ،لەسەرەتای دروستکردنی پارکی هەولێر کرێکاری تێدا کردوە،ماوەیەک لەگەڵ ماڵ پورێکی ئیشی بۆیە و سبوغی کردوە ،ئەمە جگە لە چەندین ئیشی تاقەت پروکێنی تر کە لە بەرامبەر جەستەی بچوکی ئەو زۆر قورس و گران بوو .

سەردەشت، ئارەزووی گوێگرتنی لە گۆرانیەکانی هونەرمەندان عباسی کەمەندی و مەزهەری خالقی و شەجریان و داریوش و تایەر تۆفیق و زەکەریا و زۆرێک لەگۆرانیە فارسی و غەربیەکان بوو، هەروەها زۆرێک لە دەستنوسەکانی نوسەرانی کورد بەختیار علی و مەریوان وریا قانع و هیوا قادر و فاروق رەفیق ....دەخوێندەوە،هەروەها لە نوسەرانی تورک زمان بە ئۆرهان پاموک سەرسام بوو .

– سەردەشتی جوانەمەرگ خولیایەکی زۆری بۆ خوێندنەوەی نوسین و بەرهەمەکانی نوسە رانی گەورەی ئینگلیزی هەبوو،چاودێرێکی وورد و بە سەلیقەی نوسەرانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بوو،خوێندنەوە و چاودێریکردنی ووردی دەست نوسەکانیان پاڵپشتیەکی زۆری بوو بۆ هاتنە نێو بواری مێدیا و راگەیاندن، لە ساڵی بەرەسمی هاتە ناو دنیای نوسین‌و کارکردن لە دەزگا راگەیاندنەکان، لە ماوەی کارکردنیشیدا لەنوسین و بەدواداچونە رۆژنامەوانییەکانیدا، هەمیشە بەدوایی ئەو پرسیارو گومانانە عەوداڵ بووە کە مێشکی نەوە ی نوێی پێوە سەرقاڵکردووەو ویستویەتی وەڵامی ئەو پرسیارو گومانانە بۆ نەوەی ئیستا ئاشکرا بکات، بۆیە لە ماوەیەکی کورتی کاری رۆژنامەنوسیدا، بۆتە چاوتێبڕینی دۆست‌و

دوژمنو چەندان دەزگای راگەیاندن داوایی هاوکاری و رێنوێی لێدەکەن بۆ کارە رۆژنامەوانییە کانیان،سەرەڕای نوسین و بەدوادا چونەکانی لە چەندین گۆڤار و رۆژنامەی کوردستان و ناردنی هەواڵ و بەدواداچون لەسەر بارودۆخی عێراق و کوردستان بە بڵاوکراوە ئینگلیزییەکان، لەهەمان کاتیشدا بەرەسمی ئەندامی دەستەی نوسەرانی هەفتەنامەی ( ئاشتینامە ) بوو،کە بە ئیمکانیاتێکی ماددی زۆر کەم کاری دەکرد تەنها لە پێناوی ئەوەی ئازادی و سەربەخۆی خۆی لە نوسین و بە دواداچونەکانی لەدەست نەدات لە کاتێکدا چەندین دەزگای تر ئیمکانیاتی خەیاڵیان دەخستە بەر دەستی ،بەڵام پێدان و بەخشینەوەی پلە و پۆست و هەڕەشەو چاوسورکردنەوەکان تەن نەیانتوانی رێگا لەو پەیامە بگرن کە سەردەشت کاری لەسەر دەکرد و بڕواپ پێی هەبوو.

– سەردەشتی جوانەمەرگ، مرۆڤدۆستی و میهرەبانی لەحەد بەدەربوو، لەئاهەنگی دەرچونی زانکۆی لەبەر نەخۆشی دایکی لەکاتێکدا خۆشترین رۆژی ژیانیبوو ئاهەنگەکە جێدە هێڵێتو روودەکاتە نەخۆشخانە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری دایکی بێت کەئەو رۆژە باری تەندورستی تەواو نەبوو،لە کاتێکدا دایکی بەزۆر دەینێرێتەوە و زانکۆ و دەڵێ من تەندورستیم باشە و برۆرەوە ئاهەنگی دەرچونت ،بەڵام ئەو تەنها بۆ وێنە گرتنەکە دەچێت و دواتر دەگەرێتەوە ماڵەوە و ناچیتە ئاهەنگەکە لەبەر دایکی، باوکیشی لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژە بەوە دەکات هەموو باوکێک لەکوڕی خۆی تورە دەبێت و ناخۆشی دەکەوێتە نێوانیان،بەڵام لەماوەی ٢٣ ساڵی تەمەنی سەردەشتدا بۆ یەکجاریش بیرم نایەت لێی تورە ببم و دەستم لێی بەرز کردبێتەوە .

سەردەشتی ئازیز، زۆر سەرسام بوو بەغاندی و ماندێلاو گیڤارا،هەمیشە دەستنوس و ژیان و بیۆگرافیای دەخوێندنەوە و بەژیانی سادە و ساکار و شۆرشگێریان سەرسام بوو، هەر بۆیەش خۆشی لە ژیانیدا نەبوونیو برسییەتیو بێجلو بەرگی قبوڵ بوو،نەک نامەردیو سەردانواندن بۆ ژیانی شاهانەی سەرکزی، بەدەیان جارو دەیان هەفتە بەگیرفانی خاڵی گوزەراندی و زەردەخەنەیەکی دەستکردیشت بۆ کەس نەکرد ،لە کاتی رفاندن و تیرۆرکردنیشی هەموو سەرمایەی ژیانی کە لەنێو جانتا تایبەتیەکەی بوو ( ١٢هەزار دیناری عێراقی ) و وێنەیەکی خۆی و دایکی بوو .

رۆژنامەنوسی تیرۆرکراو سەردەشت عوسمان، حەزو ئارەزووی یاریو تۆپ تۆپێن بوو،زیرەک و لێهاتوش بوو لەم بوارەدا ، بۆیە لە ماوەیەکی کورتتدا لە قۆناغی ئامادەیی پەیوەندی دەکات بەتازە پێگەیشتوانی یانەی هەولێرو دوایی تاقیکردنەوە، بەیەکێک لە یاریزانە سەرەکییەکانی تازە پێگەیشتوانییانەی هەولێر دەستنیشان دەکرێت، بەڵام دوایی چوونی بۆ زانکۆ و سەرقاڵی بەخوێندنو کاری راگەیاندن نەیتوانی بەردەوام بێت، بەڵام هەمیشە تەماشاکەرو چاودێرێکی وردییارییەکان بوو، هاندەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و یانەی بەرشلۆنە و یاریزان میسی بوو .

-هێمنی و کەم قسەکردن و بێ دەنگی ،سیمایەکی بەرجەستەی شەخصیاتی سەردەشت عوسمان بوو،وەکو خۆی باسیدەکرد ( نایەوێت بە قسەی بێ سود ژینگە پڕ بکات لە ژاوەژاو) لەکاتی قسە و گفتۆگۆکانی هەوڵیدەدا بە کەمترین کات و کەمترین رستە قسەی دڵی خۆی بکات بۆ ئەوەی کەس بێزار نەبێت،لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیاریش هەوڵیدەدا بە چەند ووشەیەک قناعات بە بەرامبەرەکەی بهێنێت ، بکوژانی ئازادی زۆر باش بلیمەتیو هۆشیاریو زیرەکی ئەو گەنجەیان خوێندبویەوە، کە چۆن دەبێتە چرایەکی روناکی بۆ کۆمەڵگاکەی. چۆن دەبێتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم نایەکسانیو ناعەدالەتیو زوڵمو زۆرداری، دە یانزانیکە قەڵەمێک کە سەردەشت بەدەستیەوە گرتووە، دەبێتە سەرەتایەک بۆ شکاندنی بتە کان .

سەردەشت عوسمان ، دەیزانی ئەو رێگایەی گرتویەتییە بەر، بێمەترسی نییە، ئەو دەیزانی هەر شەش لاکانی تەندراوە بەهێڵیسوور،بەڵام وێرانی کۆمەڵگاکەیو بوونی دەیان دیاردەی نامۆ و ناشارستانی،ویژدانی ئازار دەداو هەمیشە لە بیرکردنەوە بوو بۆ ژیانێکی باشتر،سەرەنجام دوای ئەوەی هەڕەشە و فشارەکان نەیانتوانی لە پەیامە ئازادیخوازەکەی پەشیمانی بکەنەوە لە بەیانی رۆژی سێشەممە( ٤-٥-٢٠١٠ ) لەلایەن هێزێکی تایبەت و پلان بۆ داندراو لەبەر چاوی پۆلیس و خەڵکێکی زۆر لە بەردەم کۆلێژی ئادابی زانکۆی صلاحەددین لەشاری هەولێر، لەکاتی چوونی بۆ دەوامی کۆلێژ بەزۆر و لێدان دەخرێتە ناو سیارەکی جۆری کیا و دوای ئازار و ئەشکەنجەدانێکی زۆر بە گوللەیەک لەنێو دەمی( وەکو ئاماژەیەک بۆ بێدەنگ کردنی )، تیرۆر دەکرێت، لەکاتی رفاندیشی باسی دەرچوونەکەی لە دەستی بوو تا پێشکەشی زانکۆی بکات و لەدەستی بەر دەبێتەوە و هاوڕێکانی دوای خۆی هەڵیدەگرنەوە، دوای دوو رۆژ تەرمەکەی لە شاری موصڵ فڕێدەدرێت ، کە تەنها ١٢ هەزار دیناری عێراقی و وێنەیەکی خۆی و دایکی و ناسنامەی کۆلێژەکەی لە نێو گیرفانیدا بوو .

سەردەشت عوسمان،چووە ریزی پیاوە مەزنەکانی دنیاو بۆ هەتایە ناوی بە بەرزی دەمێنێتە وە، سەردەشت و ئازادی دوو ووشەی لێکدراون لە فەرهەنگ و لەکلتوری خەڵکی عێراق و کوردستان .














# بابەتەکانم



## من عاشقی کچەکەی بارزانیم

من عاشقی کچەکەی مەسعود بارزانیم، ئەو پیاوەی کە جار جارە دەردەکەوێت و دەڵێت من سەرۆکتم، بەڵام من حەز دەکەم خەزورم بێت، واتە دەمەوێت ببم بە ئاوەڵزاوای نێچیرڤان.

ئەگەر ببم بە زاوای بارزانی، ئەوا مانگی هەنگوینیمان لە پاریس بەسەر دەبەین و یەک دوو شەوێکیش بۆ سەردان دەڕۆین بۆ کۆشکەکەی ماممان لە ئەمریکا،ماڵەکەم لە گەڕەکێکی هەژارنشینی هەولێرەوە دەگوازمەوە بۆ سەری رەش و شەوان سەگی ئەمریکی و پاسەوانی ئیسرائیلی چاودێری ماڵەکەم دەکەن،.

باوکە بەدبەختەکەی پێشمەرگەی ئەیلولیشم کە تاوەکوو ئێستا پارتی خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ قەبوڵ ناکات بە بیانووی ئەوەی کە ئێستا پارتی نییە، باوکم دەکەم بە وەزیری پێشمەرگە.

برا بەدبەختەکەشم کە زانکۆی تەواو کردووە و ئێستا بێئیشە و دەیەوێت بە قاچاغ بڕواتە هەندەران ، ئەویش دەکەم بە بەرپرسی پاسەوانە تایبەتییەکانم.

خوشکەکەشم کە تاوەکوو ئێستا شەرم دەکات بڕواتە بازاڕ، دەبێت وەکوو کچە بارزانییەکان پڕادۆ و وەنەوشە لێبخوڕێت.

دایکیشم لەبەر ئەوەی نەخۆشی شەکرە و دڵ و زەختی هەیە و پارەی نەشتەرگەری دەرەوەی وڵاتی نییە، دوو دکتۆری ئیتاڵی لەماڵەوە بۆ تەعین دەکەم.

بۆ مامەکانیشم چەند دیوەخانێک دەکەمەوە و ئامۆزا و خاڵۆزاکانم دەکەم بە نەقیب و عەمید و ئامر لیوا.

بەڵام هاوڕێکانم دەڵێن"وازبێنە سەرۆ خۆت بەکوشت مەدە، ئەوە ماڵی مەلایە هەرئەوەندە گوتتیلن هەڕڕە ئیدی ئیشت تەواوە"، باشە خۆ کفر ناکەم، سوێند بە دەسکی خەنجەرەکەی مەلا مستەفا ئیدریس بارزانی لەگەڵ باوکم سێ شەو لەژێر یەک لەتە شاخدا رۆژیان کردووەتەوە، ئاخر چیتێدایە با مەسعوود بارزانی خۆی بە سەرۆک بزانێت، ئەی ئەگەر سەرۆکە با بڵێ لەماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا چەند جار سەری بە گەڕەکێکی هەولێر و سلێمانیدا کێشاوە؟

بەس کێشەکەم ئەوەیە ئەم پیاوە ئەوەندە عەشایەرە لەودیو سەری رەشەوە کەس بە پیاو نازانێت، ژنی هەموو سەرۆکەکانی دونیا لەڕێگەی یەک کلیکەوە دەدۆزمەوە کەچی هەتاوەکوو ئێستا نازانم خەسووەکەم چۆنە.

نازانم بۆ داخوازی کێ لەگەڵ خۆم ببەم؟ لەسەرەتادا ویستم چەند مەلا و ریش سپی و پێشمەرگەیەکی کۆن کۆکەمەوە و ئێوارەیەک ناوی خوای لێبێنین، بەڵام هاوڕێیەکی

رۆژنامەنووسم وتی " کوڕی چاک هەندێک جاش و ئەنفالچی بدۆزەوە مەسعوود زۆر حەزی بەوانە". برادەرێکی دیکە وتی وەڵاهی ئەگەر بەقسەی من دەکەی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی نێچیرڤان بارزانیدا برۆ ژێر باڵی و بڵێ وەڵا ئیشێکی خێرم هەیە، یان ئەگەر نەشکرا کورە بە دەشنێ بڵێ ئەو زوو زوو دەیانبینێت با بۆتی تەرتیب بکەن.

**نە سەرۆک خوایە نە کچەکەی !**

ئێرە ئەم وڵاتەیە کە نابێت بە سەرۆکەکەت بڵێی موچەکەت چەندە؟ بۆ کوڕو نەوە و خزم و کەسوکارت ئەم هەموو پۆستە سەربازی و حکومییەیان پێدراوە؟ نەوەکانت ئەم هەموو سامانەیان لەکوێ بوو؟ جا ئەگەر یەکێک جورئەتی ئەوەی کرد و ئەم پرسیارانە بکات، ئەوا سنووری ئەمنی قەومی وڵاتەکەی بەزاندووە و دەکەوێتە بەر رەحمەتی تفەنگ و قەڵەمەکانی ئەوان، بۆ منیش کە لەیەکێک لە نووسینەکانما ناوی کچەکەی بارزانیم هێناوە ئەوا یەکێک لە هێڵە سوورەکانی وڵات و ئەخلاق و ئەدەبیاتی راگەیاندنم بەزاندووە.

دیموکراسییەتەکەی ئەم وڵاتە وایە نابێت لە جامانەی سور و گۆچانەکان بدەیت، ئەگەر هات و کەوتیتە هەڵەیەکی ئاواوە ئەوا ئەوانیش رێگەچارەی خۆیان هەیە کە زۆربەمان ئەزانین چین. نازانم کچەکەی سەرۆکی ئەم هەرێمە ئەبێت راهیبە بێت، کە نابێت کەس عاشقی بێت، یان ئەویش موقەدەسە و دەبێت وەک سیمبوڵێکی نەتەوەییمان بمێنێتەوە؟ ئەبی مەترسییەکانی نووسینێک چیبێت کە بە شێوەیەکی کۆمیدیا رەگەزێکی گرنگی ئەدەبیات و هونەرە باس لە سەرۆک بکەین؟ هەر هەموومان فیلمی دیکتاتۆی مەزنی چارلی چاپلینمان بینیوە کە بە کۆمێدیا چ ئازارێک نیشانی دونیا دەدات.

لەبەر ئەوەی زۆرێک لەم ئیمەیلانەی بۆم هاتبوو هەرەشەیان دەکرد و داوای وێنە و ناسنامەیان دەکرد وەک ئەوەی شوفێرێک بم و لە ترافیکی سوورم دابێت، منیش وێنەی خۆم بۆ هەموو ئەو برادەرانە نارد، کە دەبێت چ کارێکیان بە وێنەک هەبێت؟ بەڵام ئەم نووسینە تەنیا بۆ وەڵامی یەکێکیانە، کە بوێری ئەوەی تیادا بوو بەناوی کچێکەوە لە سەرم بنووسێت، سەرەڕای هەموو شتێک من دەستخۆشی لێدەکەم کە جورئەتی ئەوەی تیابووە وەڵامم بداتەوە، بەڵام تکا دەکەم ئەگەر ئەمجارە ویستی وەڵامم باتەوە با وەک گەنجێکی ئەم وڵاتە بمناسێنێت و نەمخاتە چوارچێوەی نەوشیروانیزمەوە، راستە من دەنگم بۆی داوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، زۆر بە جدی پاڵپشتی ئەو بووم و دەنگم لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بۆ کۆدەکردەوە، بەڵام ئەمانە هەمووی لە چوارچێوەی مەبادئێکەوە بوو کە پێموابوو "شەیتان بە قوتابییەکانی شەیتان بگۆڕینەوە بۆ ئێمەقازانجە"، ئەگەرنا لەهەر کاتێکی گونجاودا بزانم خزمەت بە تاڵەبانی و بارزانی ناکات ئەوا یەکەمین کەسم زۆر بە توندی بڵێم تۆ بەشێکی لەم مێژووەی کە ئێمە رقمان لێیەتی، لەبەر ئەوەی تۆش وەکوو هەموویان داوای ئەوەت کردبوو کە لەژێرناوی خۆم و وێنەی خۆمدا بنووسم، پێمخۆشبوو وێنەیەکت بۆ بنێرم بەڵام

تۆ خۆت ئیمەیڵەکەت لەژێر وەڵامەکەت نەناردبوو بۆیە بمبوورە ئەمە سوچی من نەبوو، لە ئێستاوە من وەک کوڕێکی بێ موبالاتی شەقامەکانی هەولێر ببینە، کە یاخییە لەم هەموو بت و پەیکەرانەی سوڵتەی ئەم وڵاتە، وەکوو ئیبراهیم چاوەڕوانی دەرفەتێکین تا هەموویان خاپووربکەین، دڵنیاش بە من ئەهلی ناوی درۆینە نیم

ئەم بابەتە وەڵامێکە بۆ یەکێک لەم نووسینانەی لە کوردستان نێت ئەڤین ناوێک نووسیبووی لەژێر ناوی وەڵامێک بۆ نووسەرە جنێوفرۆشەکەی کوردستانپۆست.

**یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا ...**

لەچەند رۆژی رابردوودا بۆ یەکەمین جار پێیان گوتم، کە تەمەنت چەندی نەماوە، یان بە گوتەی خۆیان مۆڵەتی هەناسەدانم لەم شارەدا نەماوە، بەڵام نە باکم بەمردنە و نە ئازاردان، لەچاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەمم تا دیداری بکوژەکانی خۆم بکەم، دوعاش دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانەتراژیدیاکەم بێت. بۆیە ئەم قسانە دە کەم تابزانن گەنجەکانی ئەم وڵاتە چ هۆلیسۆسێکن و مردن سادەترین هەڵبژاردنیانە، بۆئەوە ی تێبگەن کە ئەوەی ئێمە دەترسێنێت بەردەوامی ئەم رۆژگارەی ئێستایە بۆ نەوەیەکی داهاتوو، نەک مردنی خۆمان، کاری منیش خۆشبەختی برا بچوکەکانمە، نەک خۆم.

زۆر بەسادەییش تاکە هۆکاری نیگەرانی من لەم هەڕەشانە ئەوەیە، کە هێشتا زۆرشت ماون قسەیان لەسەربکەین و هەر ئاوا بەجێیان بهێڵین. بەدبەختی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە، کە باکی بەمردنی نەوەکانی خۆی نییە.

دوێنی ڕاگری کۆلێژەکەم ئاگادار کردەوە، کە شەوی رابردوو ئیهانە و تەهدیدی کوشتنیان کردووم، بەڵام ئەو وتی ئەمەکێشەی پۆلیسە، نازانم ئەبێت لەم سەر زەمینە وڵاتێک هەبێت، کەخوێنکارێکی زانکۆکەی هەڕەشەی کووشتنی بکرێت و زانکۆش بێموبالاتانە بە دیار ریسوایی خۆیەوە دابنیشێت؟ دەبوو راگرەکەم کەیسی من بکات بەکەیسی خۆی، یان خوودی زانکۆ، چونکەمن لە ئێستادا بەشێکم لەم زانکۆیە، بەڵام هەرگیز تووشی شۆک نەبووم، چونکە دەمێکە دەزانم کە زانکۆی ئەم وڵاتە ماڵی ئاسوودەیی ئێمە نین.

دوای ئەوەش پەیوەندیم بەعمید عەبدولخاڵقی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرەوەکرد پێمی گووت" لەوانەیە ئەم ژمارەی مۆبایلەهی دەرەوەی وڵات بێت، یان کێشەیەکی شەخسی بێت، لەوانەیە چەند جارێکی دیکەش دووبارە بێتەوە، بەڵام هەولێر ئارامەو شتی ئاوای لێرە ڕوو نادات".

بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوەخەیاڵم کرد بەقسەی جەنابی بەڕێوەبەر بێت لەوانەیە ساركۆزی بێت ئەم هەڕەشانەی کردبێت، ئاخر من چۆن لەگیانی خۆم دڵنیابم، کەچەند رۆژێکەهاوڕێیەکم لەسەر چەند نووسینێکەوە درایە بەر شەق و ناچاربوو، ئەم شارەجێبێڵێت؟

هەرچی بێت من لەم شارەنارۆم و لەچاوەڕوانی دیداری مردنی خۆم دادەنیشم. ئەزانم ئەمە یە کەمین زەنگی مردنی خۆمە کە لەکۆتاییدا دەبێت بەزەنگێک بۆ گەنجەکانی ئەم مەملەکەتە، بە ڵام ئیدی ئەمجارە نەسکاڵا تۆمار دەکەم و نەلایەنە بەرپرسەکان ئاگادار دەکەمەوە، هە نگاوێکە ناومە و ئازارەکەشی خۆم ئەیگرمە ئەستۆ، ئیدی بۆ من لەداهاتوودا هەر وشەیەک کە دەینووسم وابیردەکەمەوە، کە دواهەمین وشەبێت لەژیانمدا، بۆیە هەوڵ دەدەم هێندەی حەزرەتی مەسیح راستگۆبم لەگوتەکانما، خۆشحاڵیشم، کە هەمیشە شتێکم هەیەبۆ گوتن و کەسانێک نایانەوێت بیبیستن، بەڵام هەرکاتێک ئێمە بەچرپە قسە دەکەین ئەوا ئەوان گوێچکەکانیان نائارام دەبن. تا ئەو شوێنەی کە ماوین ئەبێت قسەبکەین، لەو شوێنەش، کە تەمەنمان کۆتاییهات با هاوڕێکەم خاڵێکم بۆ دابنێت و بێتەسەر دێڕێکی نوی و سەر لەنوی دەستپێبکاتەوە.

**مرۆڤە گەورەکان**

مرۆڤە گەورەکان هەمیشە بەباوەڕێکی پۆڵایینەوە دەردەکەون. گەورەیی مرۆڤەکان لەکاتێکدا شیاوی باسکردنە کەئەم مەخلوقە بەهەموو ساتە وەختەکانی تەمەندا گوزەری کردبێ و ئەو ڕێگەیەشی بیر نەچووبێ کە بەلای ئەوەوە گەورەترین سەرکەوتنەکە بەدیهێنابێ بەمانایەک کە مەبدەئی مرۆڤە .لێرەشەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە نێو سوڵتەی کوردییدا زۆر بەدەگمەن پیاوی گەورە دەرکەوتوە ،چونکە هیچ یەکێک لەو بەرپرسانە نەیانتوانی تەنانەت لەهۆشی خۆشیاندا بمێنن کاتێ کە سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەیان چنگ کەوت،هەرگیز نەیانتوانی ئەو پیاوە بن کە بەخەباتەکەوە دەمانناسین،بۆیە هەرگیز پیاوە گەورەکان ئەمانە نین کە لە چیا خەباتکار و لەشاریشدا ( سوڵتە )گەندەڵترین مەخلوقی ئەو وڵاتەن .

مرۆڤە سود بەخش و گەورەکان هەرگیز پێویستیان بەوە نیە کە بۆ ناسینیان سەرێ لە رابردووی خۆیان یان باوکیان بدەین،بەتایبەت لە سیاسەتدا .چونکە ئەوەی شتێک نەبێت بۆ باسکردن لە سیاسەتدا ( عەماڵە )،بۆیە مرۆڤە گەورەکان دەڵێن ئەگەر دەتانەوێت بمانناسن ئیستا وەرن یان بەیانی نەک دوێنێ ! ئائەمەیە بۆتە هۆکارێک بۆ خۆشویستنی کەسە گەورەکان لەلایەن ئێمە، باوەڕیشم وایە کەسە خۆشەویستەکانی ئەو وڵاتە هەر کەسێک بن ئەوانەن کە سیاسەت دەکەن وباوەڕمواپە زۆرێک لەوانەی کەلەم وڵاتە بەهۆی سیاسەتەوە دەڵێن گەورەین،نە گەورەن و نە خەباتکار و نەشۆرشگێر،ئەگەر بەعسیش نەبوبن،چونکە هەرگیز ئەمە بونی نیە کە باوکم خەباتکار بێت، مانای ئەوەیە خۆم خەباتکارم، برام شەهیدی رێبازی نیشتیمان پەروەری بێت،مانای ئەوە بێت خۆم هەمان رێبازی نەتەوایەتی

ئەو هەڵدەگرم. بەداخەوە زۆربەی کەسە گەورە زارەکیەکان ئەمانەن. باوەریشم وایە ئەوەندەی مرۆڤە خەباتکارەکان لەرێگای رەفتارەوە دەناسرێن، بەهیچ شێوەیەک لەرێگای گوفتارەوە ناناسرێن، کەچی رەفتارە سوڵتەنیەکانی ئەو وڵاتە لێواو لێوە لەنادادپەروەری و گەندەڵی و پیسی .من کە تەمەن رێگای پینەدام خەباتی باوکم بەچاوی خۆم ببینم، بەڵام دەزانم بۆچی ناوم ( سەردەشت ) ە ، لەکاتێکدا لەهەولێر لەدایک بوم، زۆرجاریش دەڵێم سوپاس بۆ خودا کە باوکیشم بەرپرسێکی گەندەڵکاری ئەو وڵاتە نەبوو، ئەگەرنا منیش ئیستا بەندەیەکی بێدەنگ و لاڵ و کب دەبوم. دڵنیاشم وەکو ئیستا نەیدەتوانی بڵێ خەباتکار، پێشمەرگە، شۆرشگێربووم. ئیستا منیش نەوەیەکی عاقڵ و بێ دەنگ و بەویستی ئەوان دەبوم، چونکە کاری ئەوان لەم ووڵاتە خولقاندنی مرۆڤی بێدەنگە و دامەزراندنی ئەم مەخلوقەیە لەرێکخراوە بێ دەنگ و بێ کەڵکەکان .هەرگیز رۆژێک هەستم بەوە نەکردوە کەئەوەی من ویستومە لەگوفتاری بەرپرسەکانەوە بیانبینمەوە، ئەوان ئەوە دەڵێن کە خۆیان حەزی پێدەکەن، ئەوانەی ئێمەش دەمانەوێت سەرکوت دەکرێ لە خۆپیشاندانەکان، لەم وڵاتە تەنها ئێمە دەزانین کە بەرپرسانی ئەو وڵاتە چیان دەوێ، چونکە زمان بۆ ئەوان و دوو گوێچکەش بۆ ئێمە .

ئێمە داوای دوو کتێبخانەمان کرد هاتن خانەقایەکیان بۆ کردینەوە، لەکاتێکدا کە عەرەقی یانەکان بەسەر وەسڵەکانی حکومەتدا ساغ دەبێتەوە. داوای لەتێ ئازادیمان کرد، ئازادی و یەکپارچەیی عێراقیان بەدیاری بۆ هێنایین ( ئەمەیە خەباتکاری کورد !)پارچە نانێکمان وویست، دەڵین پرسەی برا عەرەبەکانی بەغدا هێشتا تەواو نەبوە، چۆن لە خەمی ئەو برا عەرەبانە نان لە قورگتان دەچێتە خوارەوە ؟! کەچی خۆی بە سامانی ئەو میللەتە زەلیلە تێر نەبوو رایکردە بەغداش .

من دڵنیام ئەگەر لە خۆپیشاندانێ داوای چوار سەعات کارەبا بکەین، چوار رۆژ و شەو بێ روناکی لەزیندانمان دەبەستنەوە، بۆئەوەی نرخی دوو سعات کارەبا بزانین ! داوای بتڵێ غاز بکەین دەبێت دوو بتڵ خوێن ببەخشینە دۆستەکانمان کە بەگوللە و قۆنداغەی چەکەکان بریندار دەبن، زۆرجار ئەو ( هەوا )یەشمان لێدەگرنەوە کەخودا بەبێ ئەوان پێمانی بەخشیوە.

ئەوان یاریکەرێکی نەزانن و زۆر بەگەوجانە سوڵتەی ئەم وڵاتە لێدەخوڕن، ئەمان یاریکەرێکن تەنها یاریکەرن کە بەتەنها لە وڵاتە دیموکراتەکانەوە ئەوەندە تەمەن درێژ بن، تەنانەت ئەوروپا گەڕان دۆستێکی وەکو خۆیان ئاوا ئێسک گران و تەمەن درێژیان نەدۆزییەوە .واهەستدەکەم ئەمان دەیانەوێت تۆڵەی دواکەوتن ( غیاب )ی خۆیان بکەنەوە لە سوڵتەی کوردی . ئەوان کە هەستیان کردوە سوڵتە هێندە لەزەت بەخشە و چ رێگایەکی شاهانەیە بۆ زەنگینی، دەیانەوێت کورسیەکەیان بکەنە میرات و تائەوان مابن خاوەن سوڵتە بن و دوای ئەوانیش پاشاگەردانیمان بۆ نوێ بکەنەوە .

ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین تەنهاییە ،بێ دیموکراسییە، بێ بەرپرسیاریەتییە، نادادپەروەرییە، دزییە، گەندەڵییە، ئەوەی ئەوانیش خەوی پێوە دەبینن

بەردەوامیە . ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیکەین رزگاربونە،بۆیە رێگاکانی نایاسایی هەندەران نەما پێی گوزەر نەکەین،شێوازی مردن،لێدان،سوکایەتی نەما لەم رێگایە نەمان بینیبێ،کەچی ئێوە هەمان کەسی جارانن .

ئەوەی لەداهاتوش لەهەگبەی ئێمەیە هەر رزگاربونە،بۆیە رێگایەک بدۆزنەوە بۆ رزگاربونی ئەم خەڵکە بەئەمەکە،ئەگەرنا نزیکترین رێگامان بۆلای باڵەخانەکانی ئێوەیە کە بیگرینە بەر،بۆئەوەی بیانکەینەوە بەو زەوییەی پانزدە ساڵ بەرلە ئیستا و بەرلەئێوە،ئێوەی تەنها خاوەنی کراس و شەرواڵێک.....ماویەتی

ئەم ووتارە لە بڵاوکراوەی ( هۆشیاری ) ژمارە ( ١٥ ) لە١٥– ٢– ٢٠٠٧ بڵاوبۆتەوە

**ناوەندی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان : هەولێر تورکیایەکی بچووکە!**

ناوەندی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بۆ لێکۆڵینەوەستراتیژیەکان کەدەزگایەکی تورکیەو بە نوێنەرایەتی تورکیا بەشداری کرد لەچاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان کەلەی تەموز لەهەرێمی کوردستان بەرێوەچوو،دووەمین ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بەو گەشتەیان بڵاو کردەوەکە بۆ هەرێمی کوردستان ئەنجامیان دابوو بۆ چاودێریکردنی چۆنیەتی بەرێوەچونی هەڵبژاردنەکان و کەش و هەوای سیاسی لەهەرێمی کوردستان،بەڵام ئەوەی جێگای سرنجە لە دووەمین ڕاپۆرتی خۆشیاندا ناوەندی ناوبراو خۆی لەبڕیاردان لەسەر بەرێوەجونی هەڵبژاردنەکان دەدزێتەوە و ئەوەندەی لێکۆڵینەوەکانی لە کەش و هەوای هەرێمی کوردستان و بارودۆخی پێش هەڵبژاردنەکان و هۆکارەکانی دۆڕان و بردنەوەی لیستەکانی بەشداربوی هەڵبژاردنەکان دەخاتە روو . ئەوەندە ناچێتە سەر خودی چۆنیەتی بەرێوەچونی هەڵبژاردنەکان،بەمەش دەزگای ( orsam ) چاوەڕوانی ئێمەی درێژ کردەوە بۆ راپۆرتەکانی داهاتوی بۆ ئەوەی لامان ئاشکرا بێت حکومەتی تورکیا چۆن دەروانێتە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی هەرێمی کوردستان .

لەبەشی یەکەمی راپۆرتەکەیاندا ناوەندی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان ( orsam ) بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی شاری هەولێر دەست پیدەکات لەرووی پێکهاتەی سیاسی و ئەتنی و کەلتووری و تەنانەت ئابوریش،راپۆرتەکە دەنوسێت ( هەولێر ئارامترین شاری هەرێمی کوردستانە بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراق،زۆرترین پرۆژەی ئاوەدانی بەخۆوە بینیوە ،بەڵام وەبەرهێنانی ئابوری تێدا نابینرێت و تاکە سەرچاوەی ئەم شارە و تەنانەت ئەو هەرێمەش بودجەی عێراق و نەوتە) لە درێژەی بەشی یەکەمی راپۆرتەکەیاندا ناوەندی ( orsam ) دەنوسێت (( بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو شارە موچە خۆری پارتەکەی بارزانین لە حکومەت،ناوەندی ناوبراو نمونەی قوتانخانەی باڵا دەهێنێتەوە لە شاری هەولێر و ئەوە دەخاتە روو کە لەم قوتابخانەیە لەبەرامبەر ٥٤

قوتابیدا ٩٢ فێرکەری هەبوە،ناوەندی ناوبراویش هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو هۆکار : یەکەمیان ئەوەیە یان بەهۆی نەبونی وەبەرهێنانی ئابورییە،یانیش مەبەستی پارتی دەسەڵاتدارە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی رای گشتی بکات .

هەر لەدرێژەی راپۆرتەکەدا ناوەندی ( orsam )سەبارەت بە دیموگرافیای شارەکە دەنوسێت ( لەهەولێر ناسراوترین گۆرانیبێژ ئیبراهیم تاتڵسە،ئەوەندی لە کافێ و چایخانە و بازارەکانی هەولێرگوێبیستی گۆرانیەکانی ئەو گۆرانیبێژە دەبیت،ئەوەندە لە ئەستەمبۆڵ گوێبیستی نیت . زنجیرە درامە تورکیەکان کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنە کوردییەکانیان کردوە و تەنانەت زۆرێک لە خەڵکی ئەم شارە لە رێگای کەناڵە تورکیەکانەوە تەماشای ئەو زنجیرە تورکیانە دەکەن .ئەمەش وایکردوە کە زۆرێک لە خەڵکی شاری هەولێر شارەزاییەکی باشیان لە زمانی تورکی هەبێت،بۆیە ئەو ناوەندە دەنوسێت ئێمەی تورک لە شارێک بین کە لەناو بازاڕەکان گوبیستی گۆرانی تورکی بین و لەتەلەفزیۆنەکان تەماشای درامای تورکی بکەین و لەکافێکانیش هەر بە تورکی داوای قاوەیەک بکەین،بۆچی هەست بکەین کە لەوڵاتێکی بێگانەین ؟ بەکورتی هەولێر تورکیایەکی بچوکە !

بەڵام هەروەکو ناوەندی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژەکان ئاماژەی بۆ دەکات،بەهۆی کۆنترۆڵ کردنی شەقامەکانی هەولیر لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە و بەکارهێنانی راگەیاندنێکی قەبە بۆ هەڵمەتەکانی بانگەشەکردن وایکرد لەو شارەدا ( لیستی کوردستانی ) هەردوو پارت دەسەڵاتدار براوەبن لە هەڵبژاردنەکان .هەر لەم رووەشەوە ئەم ناوەندە ئاماژە بە لێدوانێکی کەسی یەکەمی لیستی گۆڕان ( نەوشیروان مستەفا ) دەکات کەلەمیانەی دیدارێکیان لەگەڵیدا لەدوای هەڵبژاردنەکان پێیراگەیاندبوون ( یەکێک لە هۆکارەکانی دۆڕاندنی لیستەکەی لە شاری هەولێر،رێگری کردن بوو لە بانگەشەی لیستەکەیان لەم شارەدا کەئەمەش وایکرد بێهێز دەربکەون )

هەرچی بەشی دووەمی راپۆرتەکەی ناوەندی رۆژهەڵاتی ناوەراستە بۆلێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان ( orsam )ئەوا سەبارەت بە کەش و هەوای سیاسی بەر لە هەڵبژاردنەکان و ئەنجام و هۆکاری ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە لەشاری سلێمانی،جگە لەمەش ئەم ناوەندە باس لە دابەشبونی سیاسی ئەم شارە دەکات کە بەپێی نوسینی ئەو دەزگایە سلێمانی بەسەر بزووتنەوەی گۆڕان و (PUK) دابەشبوە .

ئەم ناوەندە دەنوسێت کە زۆربەی خەڵکی ئەم شارە ناڕازین لە ئەدای هەردوو پارتی دەسەڵاتداری ( puk ) و ( pdk) لە حکومەت و گەندەڵی و بەرتیل خۆری لە دەزگاکانی ولاتدا .هەر بۆیە ئەم دوو پارتەی دەسەڵاتدار لەم هەڵبژاردنەی ٢٥ی تەمووز دۆڕان لەبەرامبەر هێزی ئۆپۆزسیۆن لە سلێمانی .

بەڵام ئەم ناوەندە ئاماژە بەزۆرە لێدوانی زۆر سەیری بەرپرسانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەدات کە نامۆیە بەراگەیاندنە کوردییەکان،ئەویش ئەوەیە کە دەنوسێت ( زۆرێک

لە بەرپرسانی (PUK) بەجۆرێک لەجۆرەکان خۆشحاڵن بەبردنەوەی رێژەیەکی زۆری دەنگەکان لەلایەن لیستی گۆڕانەوە لەم هەڵبژاردنەی دوایی،چونکە زۆربەیان پێیانوایە لەهەر بارگرژییەک یان جیابونەوەیەک لەلیستی کوردستانی ئەوا لیستی گۆڕان لەبەرامبەر پارتەکەی بارزانی ( pdk) پاڵپشتی پارتەکەی تاڵەبانی دەکەن کە (PUK) یە لە بڕیارەکان لەناو پەرلەمان،یان زۆرێک لەبەرپرسان پێیان وایە کە تاوەکو ئیستاش گۆڕان لەوان نزیکترن نەک ( pdk) .

لەکۆتایی بەشی دوومی راپۆرتەکەیاندا ناوەندی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان ( orsam ) پێیوایە کە بەهۆی سەرهەڵدانی هێزی سێیەم لەم هەڵبژاردنەی دوای لە هەرێمی کوردستان،کاریگەری لەسەر باشترکردنی ئەدای حکومەت وبەرەوپێس بردنی پرۆژە خزمەتگوزاری و ئاوەدانکارییەکان دەبێت و ئەوەش دەخاتە روو کە هەنگاوەکانی ئەم دواییەی حکومەتی تورکیا بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەرێگایەی دیموکراسیانە کاریگەریەکی ئەرێنی دیاری بەسەر هەڵوێستی نەک تەنها بەرپرسانی سیاسی،بەڵکو خەڵکی شەقامی هەرێمی کوردستانیشەوە هەبووە .

سەرچاوەکان:

- رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی
- ماڵپەڕی تایبەتی ناوەندی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان ( orsam )

<u>تێبینی</u> _ ئەم ووتارە لە هەفتەنامەی ( ئاشتینامە ) ژمارە ( ٤٦ ) لەبەرواری ١-٩-٢٠٠٩ بلاوبۆتەوە

### شەڕی ژنەکان دەستی پێکرد

ژنەکان نمونەیەکی جوانتری بەڕێوەبردن و دەسەڵات نەبوون لەکوردستاندا. ئەوان خۆیان بە سێبەری پیاوەکانەوەسپارد و لەرێگای گوتارو باوەشی پیاوەوەبەشێک لەدەسەلاتیان بەرکە وت . ئەوان بەهاوارکردن بۆ مافەکانی ئافرەت دەست پێدەکەن و بەگوتارەحزبی‌یەکانەوە کۆتاییان دێت. تا ئەو ساتە ژنیان لەبیرە کە چەمکی دەسەلاتیان نەبینیوە،لەهەر کاتێکدا کەرۆشنایی سوڵتەیان نیشاندرا هەرچی باوەڕ و ئیمانیان هەیەبەگوتارەکانی حزبی دەفرۆشن.

ئەوەندە هاواریان کرد تا توشی پەتای فەرامۆشی بون،هەموو کات دەیانەوێت بەهۆی ژن بونیان کورسیەکانی پەرلەمان و وەزارەتەکانیان پێببەخشین،نەک کەفائەت و توانایان .خۆ ئەگەر جارێکیش دڵیان شکابێت ئەوا هانایان بۆ جۆرج بۆشیش بردوە،هەرکە بونە وەزیریش ئەوان لە وەرزەکانی ساڵ گەرمیان و کوێستان دەکەن لەنیوان پایتەختەکانی ئەورووپا و

کوردستان، چونکە گشت وەرزێک لەگەشتن .کێشەی ئەوان کێشەی ئینسانەکان نیە، بەڵکو کێشەی خۆیانە، ئەوان ئەوەندە باسی ئاگایی ژنەکانیان کرد تا لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بورکانێک لەخۆکوژی کچەکانی ئەم وڵاتەمان بینی .ئاخر ژنی جوامێر ئەگەر تۆ نەتوانیت شەوێک لەباوەشی مێردەکەت یاخی بیت، کە نەک ژنەکان بەڵکو هەرچی تاکی ئەم مەملەکەتە هەیە بەدەستیانەوە گیری خواردوە، بۆ باسی یاخیبونی خوشکەکانی ئەم جفاتە دەکەی ؟!

ئیدی لێرەوە شەڕی ژنەکان دەڕواتە نێو سوڵتەوە، لەوە دەچێت حزبەکان شەڕی خۆیان لەرێگای پەرلەمانەوە بگوازنەوە بۆ پەرلەمان، لەوانەیە ژنەکان مانیفێستی شەڕی پیاوەکانی دەسەڵات بکەن لە پەرلەماندا، ئەمە کاری ژنەکانی ئەم رێکخراوانەن لە حزبەکان وەک ماڵی خۆیان دورستیان کردوە .

سۆزان شهاب کە ئیستا سەرۆکی لیستی کوردستانە لە پەرلەمانی کوردستان و لەخولی پێشتریش ئەندامی پەرلەمان بوە لەسەر فراکسیۆنی سەوز، هەتاوەکو ئیستا ئەو ئەندام پەرلەمانە ژنەی هەرێمی کوردستان موچەی شەهیدانەی باوکی وەردەگرێت، بەپێی یاساش ئەو موچەیە نایاساییە، چونکە خاڵە شهاب نە خێزانی هەیە کە موچەکەی وەربگرێت، نەکچەکەشی کە سۆزانە تەمەنی لەخوار هەژدە ساڵە تابەپێی یاسا ئەو مافەی هەبێت .لەوەدەچێت ئەو ئەندام پەرلەمانە موچەی پەرلەمانی بەشی نەکات کە بیست و پێنج بەرامبەر موچەی گەنجێکی تازە دامەزراوە ؟! لە ئیستاشدا لیستی کوردستانی لە ژێردەستی ئەو سەرۆکەیدا لەپەرلەمان ئەوەی یەکلا کردۆتەوە کەهەر پرۆژەیەک لەلایەن کوێستان محمدی رکابەرییەوە کە سەرۆکی لیستی گۆڕانە بەرز بکرێتەوە ئەوان دەنگی بۆنادەن، لەوە دەچێت ئەم ئەندام پەرلەمانە ئەم زەربەیەی کە حزبەکەی لەهەڵبژاردنەکانەوە بەریکەوت لەسەر سەرۆکی لیستی گۆڕان حساب بکات و لەویوە تۆڵەی ئەمە بکاتەوە، بەڵام هەرچی بێت لە بری ئەوەی ئەم ژنە ئەندام پەرلەمانە خەریکی وێنەکێشان بێت لەد انیشتنەکانی پەرلەمان خەریکی شەڕی رکابەر و ئۆپۆزسیۆنەکەی بەرامبەری بێت .

هەرچی کوێستان محمدە، ئەوا لەخولی پێشوتری پەرلەمان ئەندام بوو لە فراکسیۆنی سەوز و لەخولی ئەمجارەی پەرلەمان سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانە، کوێستان بەرلەوەی وەکو ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمان دەرکەوێت شەڕێکی دیکەیان پێسپاردوە، ئەویش سەرۆکی لیستی کوردستانیە کە سۆزان شهابی هاودەنگی خولەکەی پشووتری و نەیاری ئەم خولەی پەرلەمانیەتی. یەکێک لە رۆژنامەنوسەکان بەر لە هەڵبژاردن لکە ووتارێکدا ئامۆژگاری ژنەکانی سەر بەلیستی گۆڕانی کردبوو کە نەوشیروان مستەفا حەزی لە مجلیسی ژنەکان نیە، ئەگەر هەر ژنێک دەیەوێت ببێتە کاندیدی نەوشیروان مستەفا، ئەوا دەبێت وەک پیاو بێت و پیاوانە رەفتار بکات، ئیدی لەو کاتەوە کوێستان محمد بە قژێکی کورت و جلێکی پیاوانەوە لە کۆبونەوەکان دەردەکەوێت .

ئەو شەڕە لەوانەیە شتێکی نوێ بێت بەلای کوێستان محمدەوە، بەڵام هەرچی سۆزان شهابە ئەوا بەر لە هەڵبژاردنەکانەوە حزب خستیە ئەو بازنە ململانێیە لەگەڵ لیستی

گۆڕانەوە،هەروەک لە پێشبینیکردنی بەر لە دوو ڕۆژی هەڵبژاردنەوە سۆزان شهاب بە توڕەییەوە لەسەر کەنالاکانی ڕاگەیاندنی حزبییەوە وتی( لیستی گۆڕان دوو کورسی یان ئەوپەڕی سێ کورسی دەهێنێت )

هەرچی بێت ئەوە شەڕی ناشیرنی پیاوەکانی دەسەڵاتە لەسەر حیسابی ژنەکانی ئەم مەملەکەتە،بەڵام پێموایە سەردەمی شەڕی ژنەکان دەستیپێکرد،ئەگەر پیاوەکان چەند ساڵێک پێشتر شەڕی حزبیان دەکرد ئەمڕۆ درێژەی ئەم شەڕە لەرێگای ژنە حزبییەکانەوە درێژەی پێدەدەن،لەبڕی ئەوەی کە خەریکی رێکخراوەکانی ژنان بن ئەمجارە ئافرەتەکان خەریکی شەڕی حیبی دەبن !

( مەبەستی ئەم ووتارە تەنها ئەو ژنانەن کە شەڕی فیمینیزمیمان پێدەفرۆشن و لەپاڵ دەسەڵاتدا خەریکی خوانی ئەم هەرێمەن،نەک کچە پاکەکانی ئەو ولاتە و ژنە جوامێرەکانی ئەم مەملەکەتە ).

ئەو ووتارە لە هەفتەنامەی ( ئاشتینامە ) ژمارە ( ٤٨) لەبەرواری ٢٩ – ٩ – ٢٠٠٩ بڵاوبۆتەوە

**گەنجی یاخی (نەبەز گیان) تۆ لەکوێی ؟**

ئەزانم هاوڕێ حەزت بەوە بوو تا ئەوسەری کۆڵان لەگەڵ منداڵانی گەڕەک رابکەیت ئەوسا بڕۆیت، ئەملاو ئەولای هاورێکانت ماچ بکەی ئەوسا بڕۆی*، بەڵام بەم هەموو ئازارەوە بۆ کوێ ڕاکەی؟ ئاخر دوادەکەوی، بمانبوورە تاقەتی ماچکردنی ئەم رووخسارە پڕبرینەتمان نەبوو تا ماڵاوایت لێبکەین .

هاوڕێی من (نەبەزگۆران) ئەم ئێوارەیە ویستم لە چایخانەیەکی گەڕەکی ئیسکان بتبینم و وەکو جاران بانگی چایچییەکە بکەی"برا چا بۆ ئەم عەزیزانە بێنە"، بەڵام نەبوویت، بەداخەوەم کە لەم ماڵپەڕەدا ئەورۆژە خوێندمەوە کە ئەم شارەت جێهێشتووە،بمبوورە کە نەمتوانی ئێوارەیەک بەدیار پێکێکەوە باس لە برینی گەنجییەتیمان بکەین، خەم بۆ ئازاری شەقامەکانی ئەم پایەتەختی خوێن و خەم و خیانەتە بخۆین .

هاوڕێ مزگەوتەکەی قەڵاتت بیرنەچێت کە ناوت نابوو(فندق الله)، ئەم هەموو عەزابەت بیرنەچێت کە لەمشارەدا کێشات، منیش ئەگەر یەسنا گەڕایەوە پێیدەڵێم" زۆر بێتاقەتەبۆت"، پێیدەڵێم ئەم کورە غەریبەیە تەمەنێکی بەدیار چاوەڕوانی تۆوە لەم شارە بردە سەر کچی شێت کەچی هەر نەگەڕایتەوە .

هاوڕێی من نەبەز گیان، دڵنیام هەواڵی مردنمانت پێدەگات، هەواڵی گەنجەکانی ئەم شارەت پێدەگات کە بە چ شەهامەتێکەوە پاکی خۆیان دەژین، بەڵام سەد داخ لێرە دەجالێک دەژیت

تێنووە بە کاسەی ئێمە، ئێرە لەشکرێک دەیبا بەڕێوە کە ناشیرینترین جەنەڕاڵی هەیە تا ڕۆژی قیامەت.

کاتی ماڵاواییکردنی ئێمەش دێت هاوڕێ، من دڵنیام سپێدەیەک دێت کە ئێمەش جانتاکانی خۆمان پێچاوەتەوە، ئێوارەیەک دەستی دایکمان ماچ دەکەین و دەڵێین" ببوورە دەبێ جێتبهێڵین"، لە نیوەشەودا مێسجێک بۆ خۆشەویستەکەمان دەنێرین و بۆیدەنووسین" بەداخەوە م کەبەیانی هەڵدەستی من لەمشارە نیم، ماڵاوا".

خۆشحاڵم برا کە بەسەرکزییەوە نەتمبینی، دڵخۆشم کە جوامێری خۆت لەدەست نەدا، مەترسە وێنەیەکی تۆم لایە تا شێوەتم بیرنەچێتەوە، دڵنیاشم ئەوەندە جوامێری تا حیکمەتت لەبیرنەکەم، هەرچی بێت زۆربێتاقەتی تۆم، بە هیوام کە سەلامەت بیت، بەڵام دڵنیام کە نابیت.

19–11–2009 Saro.zardasht@yahoo.com

*ئەم دێڕەیە هی شیعرێکی نەبەز گۆران خۆیەتی لە کتێبی(یەسنا لەژێر بارانا سەیری باخ دەکا

## هەموو ڕاکەن ئازادیی هات ...

ئێمە بەدیار بەردێکەوە دانیشتووین و چاوەڕوانی هەڵێنانیشین، وەلی خەریکەعومری نەوەیەک بەڕێدەکەین جورئەتی ئەوەناکەین کەدەست بۆ ئەم توحفەیەببکەین تا بزانین ئایا بەردە یان هێلکە، چونکە پێمان وایە کەز ۆرناسکەو لەوانەیە بشکێت. بەڵام نەوەیەک حەزدەکات ماهییەتی ئەم توحفەیە کەشف بکات کە میللەتێکیان پێوە سەرقاڵکردووە.

ئەمە ئەو ئازادییەیە کە دەبێت لەسەری دابنیشین و گومان لەبوونی نەکەین، بەڵام هەرگیز ئەو پرسیارەنەکەوتۆتەسەری پیاوەکانی دەسەڵاتەوەکەنەوەکانی ئەم مەملەکەتەلەچی ڕادەکەن؟ ئایە ئەوە ئازادییە کە گەنجەکانی ئەم وڵاتە ڕاودەنێت یا تاعونەکەی ئەوانە کە بەئازادی پێمانی دەفرۆشنەوە؟ بەدبەختی و کڵۆلی ئەم پیاوە بچوکانەی دەسەڵات ئەوەندەیەکەپێیان وایەلەبەر ئەوەی دەتوانین قسەبکەین کەواتە ئازادی هەیە، ئەی سیاسەتمەدارانی کورد دەکرێت بپرسین ئەی دوای ئازادی چی؟ کوشتن یان لێدان یان نانبڕین؟

ئەوە نائارامی هەندێک ڕۆحی کوردە کە نۆکەری قەبووڵناکەن نەک ئازادییەکەی سوڵتەی کوردی، هەرچی بەرهەمی ئازادی تفەنگ بەدەستەکانە بریتین لەکۆمەڵێک ڕەعییەت و لە شکرێک لەپیاوی نۆکەر.

وەلی نەقورگی ئێمە ئەوەندە بچووکە تا لەسەر خوانی ناشیرینی ئەوان دابنیشین و خەریکی خواردنی تیکەی شەرمەزاری بین،نەنوێژ بۆ خوداکەی ئەوانیش دەکەین تا برۆینە سەر بە رماڵەکەی ئەوان، وەلی ئەوان بەئازارەکانی ئێمە دڵخۆشن. بەڵام بەدبەختی ئەوانیش لێرەوە یە کە وادەزانن ئەتوانن ئازارمان بدەن، کەچی ئێمە دەمێکە پێمانوتوون کە بمانبەخشن حەزمان بەم ژیانە نییە ئەوان بۆمانی دروست دەکەن.

هەمیشە پێموابووە ئەوانەی ئێستا دەیانەوێت ستاییشیان بکەین بەیانی داوای جنێو و شەڕی ئەوانی دیکەمان لێدەکەن،لەوانەشەبۆ ئەوان کارێکی ئاسایی بێت کەهەموو رۆژێک ئاوازێکی ناشیرینتر لەدوێنی بچڕن، بەڵام بۆ نەوەیەک کەجوامێری لەئیرادەیەتی مانای شەرمەزارییە.

ئەوەک اری ئێمە نییە ئەمرۆ بڵێین نێچیرڤان پیاوی سیاسەتەو بەیانیش هەڵسینەوە سەرەی دکتۆر بەرهەم بێت تا پێیهەڵبڵێین، کاری ئێمەش ئەوەنییەسەرینەکەمان هەر رۆژەو لای بە رپرسێک جێبێڵین و خەریکی میکیاجکردنی ناشیرینببەکانی ئەم و ئەو بین، کەسانێکین نە کوردمان کوشتووەو نەبانگەوازی کورد کوژیمان کردووە، وەلی ئەو شوێنەی ئەو پیاوە ناشیرینانەی لێدابنیشێت هەزار میل دووردەکەوینەوە.

لەهەرشوێنێکدا بزانین دەنگی ئێمەی پێویستە پڕ بەگەروومان هاوار دەکەین، لەهەر جێگایە کیشدا زانیمان شوێنی ئێمەنییەلێدەگەڕێین با پیاوە حیزبییەکان یەکتر سووک بکەن، بەڵام لەهەر چرکەیەکدا هەڵبکەوێت ئێمەمێژوویان بیردەخەینەوەتا خۆیان بیرنەچێتەوە. دەبێت زوو زوو بیریان بخەینەوە کە نە ئێوە فیگەری ئازادین، نەئەوە ئێوەن شەڕی ئازادیتان کرد، ئەوە باوک و براکانی ئێمەبوون بۆ ئازادی مردن و ئێوەش خەریکن بەشەرمەزاری خوانەکەی دەخۆن.

لەوانەیەی کاری ئێمەهەر ئەوەندەبێت کەبزانین ئەوەچییەلەسەری دانیشتووین کەجگەلەبە دبەختی هیچی بۆ ئەم وڵاتەپێنییە، بەئاراستەیەکی دیکەلەوانەیەهەموو دەنگی ئێمەبۆ ئەوە بێت کەتێبگەین ئەوەی ئێمەلەسەری پاڵکەوتووین و دڵخۆشین پێی بەردەیان هێلکەیان لوغم، بۆیەئیشی بەردەوامی ئێمەئەوەیەکەهەمیشەبەرد بگرینەئەو توحفەیەکەکەسانگەلێک ماچی دەکەن.

**سڵاو مردن، زۆر لێتەوەدوور نیم !**

ئێرەنیشتمانی برینەکانی ئێمەیە. ئێمەی گەنج. مێژووی ئازادبوونی ئەم مەملەکەتەمێژووی کوشتنی خەونەکانی ئێمەبوو . نیشتمانێک کەجگەلەپەنجەرەیەک بۆ خۆکوشتن و دەلاقەیەک بۆ سەفەر مەودایەکی تری بۆ خەیالەکانمان نەهێشتەوە. سەرەڕای ئەم بێ ئومێدیەی ئێمە هێشتا پاکبوونی ئێمەهیوایەکی بۆ ئەم مەملەکەتەو شانازییەکی بۆ خودی گەنجەکان هێشتۆتەوەبۆ ڕێکردنی ئەم ولاتەبەئاراستەڕاستەکەی خۆی. بۆڕێکردنیش بەم ئاراستەپێم

وایەئەبێت شەرم لەباسکردنی ئازارەکانمان نەکەین بەڵکو بەغرووری جەنەڕاڵێکەوەکەشانازی بەبرینەکانیەوەدەکات شانازی بەئازارەکانمانەوەبکەین.

ئەوەی مەبەستمە باسی بکەم گیرۆدەبونی گەنجان و تازە لاوانە بەکێشە و گرفتی جۆراو جۆر،مەترسیدارترینیان ئاڵودەبون بە ماددەی بێهۆشکەرە،چونکە دابڕانە لە کۆمەڵ و کۆمەڵگا و هەنگاونانە بەرەو مەرگ و کۆتایهێنان بە ژیانی خودی خۆیان و دەوروبەرەکانیان ،لێرەدا نابێت ئەوەش لەیاد بکەین ئاڵودەبون بە ماددەی بێهۆشکەر ئەنجامە و لەئەنجامی چەندین هۆکارەوە تاکەکان توشی دەبن ،هەوڵدەدەین لیرەدا باسیان بکەین .

دەسەڵاتی رەشی رژێمی فاشی بەعس و دەسەڵاتە یەک لەدوایی یەکەکانی لەساڵانی حوکمرانی خۆییدا سەرباری ئەوەی کە کۆمەڵگای عێراقی لەرووی ئابوری و سیاسیەوە بردە ئاستی دواکەوتوترین وڵاتانی دونیا ،هاوکات لەرووی فەرهەنگیشەوە کۆمەڵگا پاشەکشە و شکستی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە و ئاستی هۆشیاری و زانستی تێگەیشتن لەژێر پرسیاردایە ، جێگای داخە بەجۆرێک لەسەرجەم بوارەکانی ژیان رەنگی داوەتەوە و هەستدەکرێت ئەم کۆمەڵگایە پێویستی بەئاڵوگۆرێکی زۆر و کارکردنێکی زۆر هەیە .

هەروەها گەمارۆی ئابوری ئەوەندەیتر بێ ئومێدی سەپاند بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا و دەیان کارەساتی مرۆیی بەدوایی خۆییدا هێنا و چەندین کەڕەتیتر تاکەکانی لە کۆمەڵگایەکی شارستانی و مەدەنی دوورخستەوە، وە پاش روخانی ئەو رژێمە دڕندەیەش جەنگ درێژەی کێشا و کوشتن و بڕین و نائارامی بۆتە مۆتەکەی سەر دڵی هەموو خێزانێک و لەگەڵ ئەمەشدا ئەو کێشانەی تری کۆمەڵگا نەک هەر بەرەو چارەسەری و کەم بونەوە نەرۆیشتن،بەڵکو چەندین کێشە و دیاردەیتر بویە نسیبی خەڵکی عێراق و کوردستان .

لەپەنای هەموو ئەو کێشانە کۆمەڵگا چوەتە ناو جەنگێکیتر کە قوربانیەکانی کەمتر نیە لە قوربانیەکانی بەرەکانی جەنگە سەربازییەکان و کردەوە تیرۆرستیەکان،ئەویش جەنگی ماددە بێهۆشکەرەکانە (کەئامانجی ئەو کورتە نوسینەیە )لەسایەی نەبونی و غیابی دەسەڵاتدا رێژەیەکی یەکجار زۆری ئەو ماددانە هێنراونەتە ناو وڵات و بەشێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو لەنێو لاوان و پێکهاتەکانی بڵاوکراوەتەوە و دابەشکراوە ،دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگایە کراوەتە ناوەندێک بۆ بازرگانیکردن بەو ماددانەی کە لەئێران و ئەفغانستان و پاکستان و وڵاتانیتری ناوچەکە دەهێنرێتە ناو عێراق . چەندین دەستە و تاقمی مافیایی بۆ ئەو مەبەستە دامەزراون و وراکێشانی خەڵک بەتایبەت گەنجان و تازە لاوان بۆ ئاڵودەبونیان بە حەشیش و هیرۆین و تلیاک و حەب و دەرزی و ...هتد .

نەبونی پرۆژە بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەتایبەت لاوان و نەبونی بەرنامەیەکی دورست بۆ وەڵامدانەوە بەپێویستیەکانیان و نەبونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و بێ بەشبونیان لەمافە فەردی و مەدەنیەکانیان،تادەگات بەو وەزعیەتەی تا دوای رژێمی بەعسەوە دورست بوو،ئەمانە هۆکار و پاڵنەرن بۆئەوەی لاوان بەلێشاو رووبکەنە ئەو

دیاردەیە و ژیانی خۆیان بەرەوە مەرگێکی شێنەیی بەرن و بێگومان ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە لەسەر کۆمەڵگا و پێویستە بەزووترین کات دەسەڵاتی سیاسی لە هۆکارەکانی بکۆڵێتەوە و ڕێگاچارەی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە .

( دێری ناو کەوانەکەی سەرەوە دیرە شیعرێکی نوسەر و شاعیری گەورەی کورد بەختیار عەلییە ،بەکەمێک دەستکارییەوە)

ئەو ووتارە لەهەفتەنامەی ئاشتینامە ) ژمارە ( ٤٤) لەبەرواری ٨ – ٨ – ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە

**دەرگاکان دامەخەن ، دنیا لە پەنجەرەوە دەمانبینێ**

لەدوای گەشتێکی مەیدانی لەبەشێک لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا. ڕۆژنامەنوسێکی ئە مریکی سەبارەت بەسیاسەتمەدارەکانی ئەم ناوچەیەوتی لە" شێوەی شوفێرێکن بەچاوی دخراوەوە ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن . کەلێشیان پرسی بۆچی؟ وتی ئاخر کاتێک تۆی ڕۆژنامە نووس بەکۆڵێک پرس و خەبەری شەقامەکانەوەئەڕۆی بۆ لای بەرپرسێک و ئەویش دەرگاکە ی بەڕووی تۆدا دابخات و وەلامی پرسیارەکانت نەداتەوە. ئەم بەرپرسەکامەئاراستەئەبینێت تا پلانی کارەکانی تیا پەیڕەو بکات ؟!

دڵنام ئەم رۆژنامەنوسە بەتەواوەتی لەمەترسی دوورە پەرێزی بەرپرسەکانی رۆژهەڵات تێگەیشتوە،بۆیە یەکراست نزیکترین خاڵی مەبەستەکەی پێکاوە ،بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵی نیە ئەوەیە کەئەمە دیاردەیەک بێت یان بەشێک بێت لە کەلتوری سوڵتەی رۆژهەڵات ،ئەوا لەماوەی ١٨ ساڵدا ئەم کەلتورە بوەتە بەشێک لەپێکهاتەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە و لە شارەگی دەماری سوڵتەی ئەم هەرێمەوە گەرای داناوە .خوێندنەوەی ئەم مەترسیەش پێموانیە کارێکی زەحمەت بێت چونکە لەپێشەکی هەر دیدارێکتدا ئەگەر بۆت رەخسا لەگەڵ بەرپرسێکی ئەم وڵاتە ،دەبێت بەتەواوەتی دڵنیا بیت کە ناتوانیت وەڵامی پرسیارگەلێکت دەست بکەوێت کە تابوون بەلای دەسەڵاتی ئەم جفاتەوە ،وەک ئەوەی ،سامانەکەت چەندە ؟ موچەکەت ؟ چۆن وەدەستتهێنا ؟ رەگەزنامەی کام وڵاتی خۆر ئاوات هەیە ؟کارت لەم وڵاتانە چی بوو ؟کوڕ و کچ و نەوەکانت چۆن توانیان کورسی خوێندنی وڵاتانی خۆرئاوا بەدەست بێنن بەم هەموو سەختیەوە ...؟ ئەمە چ جای پرسیارکردن لە ئاشکراکردنی ڕێککەوتنامە نەوتیەکان و چۆنیەتی سەرفکردنی بودجە و چۆنیەتی خەرجی مالی وەزارەتەکان، لەکاتێکدا تۆ دەتوانیت تەنیا لەرێگای ماڵپەڕی هەر دەزگا و وەزارەتەکانی وڵاتانی دیموکراسی زۆربەی ئەم زانیاریانە وەدەست بێنیت .

ئەوەی جێگای بەدبەختیە ئەوەیە کە ئێمە بەم هەموو خەمەی بەکۆڵمانەوە هەڵمانگرتوە و سەرەرای داخستنی هەرچی دەرگا هەیە بەرووماندا ، ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوەیەکی واقعی ئەم هەرێمە بکەین چەندەها تۆمەتمان بۆ دورست دەکەن،کەئەگەر لەبەر ئازارەکانی ئەم

نیشتیمانە نەبێت ئارەزووی ژیانی ئەم وێرانەیەمان نەماوە ،لەو کاتەی کە ئێمە قسە لەسەر ناعەدالەتیەکانی ئەو ولاتە دەکەین ئاگاداری ئازارەکانی ئەو نیشتیمانەین، لەوکاتەی کە باس لە نائومێدی گەنجەکانی ئەو مەملەکەتە دەکەین، گوێمان لە ترپەی هەنگاوی سەفەریانە. ئێمە نەوەی سەردەمێکین حەز دەکەین قسە لەسەر داهاتوو بکەین،بەڵام نامەکانی پیاوانی دەسەلات پڕە لەمێژوو،بەجۆرێک حەز دەکەن هەمومان ببینە مێژوونوس .من پێموایە کاری ئێمە لەکاری پێغەمبەر و پۆستەچیەکان دەچێت،دەبێت ئایەتەکانی خەیاڵی ئەم نیشتیمانە بگەیەنین بەم شوێنە کەدەبێت پێی بگات ،ئەم فرمێسکە بگەیەنین کە ئازاری برینەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە دەینوسێت ،رەنگە کەسانێک هەبن کە حەز نەکەن ئایەتەکانی ئەم خاکە و ئازارەکانی ئەم خەڵکە نەخویننەوە،بەڵام ئەمە کاری ئێمەیە .

ئێمە دەمانەوێت واقعی سەردەمێک بگەیەنین،ئاوێنەیەک بدەین بەدەستتانەوە تا قوڵی خەمی شەقامەکان ببینن،کاری ئێمە نیە میکیاجی ناشیرنی دەسەڵات بکەین،چونکە دەسەڵات بە هەموو ناشیرنیەکانی هی خۆمانە و ئەرکی خۆشمانە جوانی بکەین،بەڵام کاتێک کە دەرگاکانمان بەسەردا دادەخەن دەستەیەک لەنۆکەر لەشێوەی بەرنامەیەکی فۆتۆشۆپ وێنەیەکمان نیشان دەدەن ،ئەوا دونیا بەم وێنەیە نایانبینێت کەخۆیان دەکێشن . پێموانیە ئەمەیان بیر چوبێت کاتێک هەر خۆیان پرۆفسیۆرێکی ئەمەریکیان بەناوی ( جیری وێیبنبێرگەر ) داوەتکردە کوردستان و چوار مانگ لەو هەرێمە میوانداریان کرد،کەچی کە رۆیشتەوە ئەمەریکا لەیەکێک لەبەناوبانگترین رۆژنامەکانی ئەو ولاتە نوسی (ئەگەر بەرپرسانی هەرێم وەک حکومەتەکەی مالکی لەسەر گەندەڵی بدرێنە دادگا،ئەوا یەک کەس لەو هەرێمە نامێنێت ئەو حکومەت بەرێوە ببات ) .لەکاتێکیشدا وتمان هەڵبژاردن بەم شێوەیە نابێت،هەرچی سوکایەتی هەیە پیمانتان کرد،بەڵام گۆڤاری پڕ خوێنەری ئیکۆنۆمستی ئەمەریکی پێیگوتین ( هاورێیان هەڵبژاردنەکەتان قەیرێک لە دیموکراسیەوە دوور بوو )

لەراپۆرتێکیشدا فینانشیاڵ تایمزی ئەمەریکی بە گاڵتە ئامێزیەوە دەنوسێت ( لەکوردستان ١٦ سعات کارەبا و ١٠ سعات ئازادی رادەربڕین هەیە تا خۆر ئاوا دەبێت ،بەڵام تەنها گەندەڵی ٢٤ سعات بەردەوامە ! )

ئێمە ئازارەکانمان دەنوسینەوە ، بەڵام دنیا بەئازارەکانمان پێدەکەنێت ،ئێمە باس لە چاککردنی داهاتوو دەکەین،بەڵام ئەوان باس لە خراپی رابردوو دەکەن ،ئەکرێ راستیەکان درەنگ بگەن، بەڵام گومانمان نیە کە دەگەن . ئێمەش نەفەسی ئەمەمان هەیە کەبەدیار ئەم وێستگەیە دابنیشین کە لاپەڕەکانی مێژووی ئێمەی هەڵگرتووە .

ئەم ووتارە لە هەفتەنامەی ( ئاشتینامە ) ژمارە ( ٤٧ ) لە بەرواری ١٤ – ٩ – ٢٠٠٩ ، بلاوبۆتەوە

**ئەوان هاتن و ...**

**ئەوان هاتن، کەهاتن کاریگەری دەستی بەعسیان بەسەرەوەبوو. هاتن و وشەی دیموکراسی یان هەرزان کرد، تەنانەت کردیانەخۆراییش، بەلام دیموکراسیان وەک ناوگەلی مرۆڤەکان حەرام کرد. هاتن و فەلسەفەیەکیان بۆ دانان کەژیان تەنیا جەستەیەو عەقڵ ئامێرێکەلەسە دەکانی رابردووەوەمۆدێلی بەسەرچووە، هەر بۆیە مەنهەجێکی خوێندنیان بۆ چاپ کردین کە بەعس بۆ سوککردنی زانست و زانیاری (العلم والمعريفه )و لەکارخستنی بیری نەوەکانی عێراق خستبویەکار، هەربۆیە لەسای سەری ئەمانەوە زانکۆ بۆتە پێشانگایەک بۆ نمایشکردنی مۆدەی جل و مۆبایل و ئۆتۆمۆبیل، هاتن و سیاسەتێکیان بۆ هێناین کە خاوەنی ( بکە و مەکە)کانیان بین و وەک کۆنترۆڵی سیدییەکی ژێر دەستیان بگۆڕێین و پێویست بەوە نەکات هەڵسن و بمانگۆڕن .هەروەک چۆن کە ئەوان جاش و بەعسی بوون کەچی گۆڕان و بونە نیشتیمان پەروەر ! هاتن و پاڵەوانە خۆپیساندانەکانی خوێنکاران و قوتابیان و کرێکار ومامۆستایانیان کپ کرد، ئەو هێزەی کە بەعسیەکانیان لە راپەڕین وەدەرنا کەچی ئەمڕۆ بۆتە دیل و لەژێر دەستی ئەمانەوە بەناوی دیموکراسییەکەیان حەز و ئارەزوو و ویستیان پشتگوێ دەخرێ ،کەئەوان لەچیا بوون ئێمە لە سەنگەری خەباتی شاردا صدامییەکانمان دەردەکرد، هەتا ئەوان لە چیاکان گەڕانەوە ( خوودە)ی سەری سەربازەکان بوبوە تۆپی یاری بەر پێی منالان ، هەتا ئەوان فیکەی راپەڕینیان لێدا ئێمە گێمی یەکەممان لێ بردنەوە ،کە لە گێمی دووەم هاتن دەنگی سەرکەوتنیان بۆ خۆیان بەرزکردەوە، منالەکانمان چەکی سەربازە دیلەکانیان خستە شان بۆ پاراستنی گیانیان، کەچی منالەکانی خۆیان لە پارکە جوانەکانی لندن و پاریس بە شۆرتێکەوە دەیانگوت:(ئایام کوردیش) خۆ نەوەی ئەم ولاتە بون کە شەهید کران، بەلام ئەوان وەکو مێژووی کوردایەتی تاپۆی سەر ناوی خۆیان کردن، خۆ مێژووش بە بازوی باوک و باپیرانی ئێمە دورست بوو، بەلام ئەوانیشیان لەسەر شێوەی دەسەلاتەکەی دوایی ( ١٩٩١) کردە موڵکی خۆیان و بۆخۆیانیان قۆرخ کرد، ئێستاش ئەم مێژوەیان کردۆتە هۆ و پێناوێک بۆ وەلامی هەموو پرسیار و خۆپیشاندان و رەخنەکانمان .**

**بەلام بێ ئاگایانە دەسەلاتیان گرتۆتە دەست و سەرخۆشانە لێی دەخورن، مێژوویەکی تریان بۆمان دورست کرد کە ( پشتگیری حزبی – تەئیدی حزبی )کارتی نیشتیمان پەروەریە و پارتایەتی و یەکێتیایەتی و براکوژیایەتی نیشانەی نەتەوە پەرستی و کوردایەتیە .ئێمەیان لە مێژووی سەنگەری کوردایەتی بێ بەشکرد، بەلام هەر خۆیان مێژوویەکی ساختە کاری و (وەرگرتنی تایبەتی – قبوڵ خاص)یان لە دامەزراندن و خوێندنی زانکۆ و تەنانەت حەج کردنیش پێ نیشاندایـن .**

**لەسای سەری ئەمانەدا خۆپیشاندان دەستێکی لە پشتە ! رەخنە ، سەردەمی بەعسمان نەدیوە ،داوای مافکردن ، لەگەل ئەم سەردەمە ناگونجێ .**

**سزای هەر هەموو ئەمانەش هەر کارتە سورەکەیە کە لەئاغا مێژوەوە دەستیان کەوتوە، هەر ( لەل )ێک (٣٠) ساڵ دەرکردنە لە یاریەکەیانەوە ، پێیان وتین بێ ئەزمونین بەدیاریانەوە**

دانیشتین،ووتیان هەڵبژاردن بوینە ئامێر و دەنگمان بۆ دان،ووتیان پەرلەمان ئێمەش چەپڵەمان بۆ لێدان،هەموو نەوەیەکی کورد وتی نااااااااااااا،بۆشەڕی ناوخۆ کەچی هەر کردیان،هەموو کوردستان وتی بەڵێ ێ ێ ێ ێ ێ ێ، بۆ یەکگرتنەوە ،کەچی تا بەرزەوەندی خۆیان تیای نەبینی یەکیان نەگرت،هەموو کوردستان دەڵێ بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کەچی فیدراڵەتیان کردووە دەسکەوت بۆ ئێمە .

لەماوەی (٢٥) ساڵ بیابانێک بوو بە ( ئیمارات )،بەڵام لە (١٥) ساڵی حکومەتیان سێ شارەکەی ئێمە هەر مناڵە و پیرەوکەیە،بۆیە دەیانەوێت ( ١٥ )ی دیکەشیان دەرفەت بدرێتێ تا حکومەتەکەیان بەجوانی سەرپێ بکەوێ، ئیتر ئێمە دەستمان لە دوعایە و لە خودا دەپارێینەوە کە خودا دڵی بەرپرسەکانمان نەرم بکات،ئەو بەرپرسانەی کە بکوژی کوردەکان بون، بۆمان بکات بە بەرپرسێکی مرۆڤدۆست و یارمەتی ئەم نەوە بەستەزمانە بدات بۆ ئەوەی لەسای سەری بێ سەرەکان ببینە خاوەن نیشتیمانێک ئاواتەکانی خۆمانی تیایا ببینین .

**داڵەکە دوای چەند مانگ و لەسەر شانی کێ دەنیشێتەوە؟**

راپۆرتی/ سەردەشت عوسمان

(شەڕی کاندیدەکان بۆ پۆستەکان و ئەگەری سەرەتایەکی دیموکراسی و گەڕانەوە بۆ شەڕی تائیفی)

هەڵبژاردن، خاڵی سەرەتای عێراق و کۆتایی ئەمریکا

رۆژێک دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، رۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمزی ئەمریکی نووسی " ئەگەر مێژووی جەنگی ئەمریکامان لە عێراق نووسییەوە، ئەوا هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 7ی ئازار دوابەشی ئەو چیرۆکە دەبێت". لێرەوە سەرەتای دواهەمین ماڵاوایی سەربازانی ئەمریکا لە عێراق دەبێت لەدوای حەوت ساڵ و بەگوێرەی رۆژنامەی چینا دەیلی چاپی ئینگلیزی دوای لەدەستدانی 4373 هەزار سەرباز و خەرجکردنی نزیکەی 700 بلیۆن دۆلار لەم جەنگە بەیەکجاری خاکی ئەو وڵاتە بەجێدەهێڵن، بەپێی رێکەوتنە ستراتیژییە سەربازییەکەی نێوان ئەمریکا و عێراق کە بەرێکەوتنامەی سۆفاSOFA ناسراوە، لەمانگی ئابی داهاتوو ژمارەی سەربازەکانی بۆ 50 هەزار سەرباز کەمدەکاتەوە و لەکۆتایی ساڵی 2011 بەتەواوی هێزەکانی لە عێراق دەکشێنێنەوە، لەگەڵ ئەوەی سەرۆک ئۆباما پیرۆزبایی خۆی لە خەڵکی عێراق و قەوارە سیاسییەکان کرد بەبۆنەی ئەنجامدانی دووەمیت هەڵبژاردنی پەرلەمانی، بەڵام لە ئێستادا دیبەیتێکی زۆر لەناوەندە سیاسی و میدیا ئەمریکی و جیهانییەکان لەئلرادایە کە ئایە هەڵبژاردن بە تەنیا لە عێراق شایستەی ئەوەیە کە ئەمریکا دڵی پێ ٘یخۆشبێت؟ لەمبارەوە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکی

دەنووسێت " هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق ئاماژەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ دیموکراسییەت لە خۆرهەڵاتی ناوەراست"، بەڵام ئەمە تاکە پەیامی میدیای جیهانی نییە لەبارەی ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییە، بەڵکوو رۆژنامەی فۆرین پۆلیسی دەڵێت " پەنجە مۆرەکان بە مەرەکەبی هەڵبژاردن بە تەنیا ئاماژە نین بۆ دیموکراسی"، لێرەشەوە گومان لەسەر هەڵبژاردنەکە قوڵتردەبێتەوە بەوەی کە بتوانێت دەسەڵاتێکی دیموکراسی بەرهەم بێنێت، تەنانەت لەزۆرکاتدا بایەخی ئەم هەڵبژاردنە دەچێتە ئاستێکەوە کە بەلای هەندێک لەچاودێرە جیهانییەکان مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی بێت، هەروەکوو خاتوو دالیا لیۆیدی رۆژنامەنووسی ناسراوی بەریتانی لە رۆژنامەی لە گۆشەیەکیدا لەرۆژنامەی ئیندیپێندێنتی بەریتانی دەنووسێت " ئایە ئێمە چەندەها سەربازمان ناردە عێراق و چەندەها رۆڵەمان گیانیان بەخشی تەنیا بۆئەوەی کە خەڵکانێک دەیانەوێت دەنگ بدەن؟ بەڕاستی ئەمە مایەی پێکەنینە نەک گریان"، بەڵام گۆردن براونی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا سەرەڕای ئەوەی بەشداری وڵاتەکەی لەپاڵ ئەمریکا لە شەڕی عێراق بەبڕیارێکی دروست و راست لەقەڵمدا، بەڵام رەخنەی توندی ئاراستەی ئەمریکا کرد بەوەی کە پلانی دروستیان بۆ دوای جەنگ و بنیاتنانەوەی دوای جەنگی عێراق نەبووە، ئەم لێدوانەی گۆردن براون لەکاتێکدا هات کە پەرلەمانی بەریتانی ماوەیەک لەمەوپێش تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی پێشووتری بانگهێشتی پەرلەمان کرد بۆ لێپرسینەوە لە بڕیاری بەشدارییپێکردنی سوپای بەریتانیا لەجەنگی عێراق.

بەهەر هەموو حیوارە جیاوازەکانەوە پرسیارێک دێتە پێشەوە کە ئەگەر هەڵبژاردن کۆتای جەنگی ئەمریکا بێت ئەی دەستپێکی عێراق دوای رۆیشتنی سوپای ئەمریکا چۆن دەبێت؟ ئایا بەشداریکردنی 6000 کاندید و 80 پارتی جیاواز لەهەڵبژاردنەکان بەتەنیا ئاماژەیەکن بۆ دیموکراسی؟ ئایە ئەمریکا تەنیا بۆ ئەنجامدانی دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەڵبژاردنێکی ئەنجومەنی پارێزگاکان بلیۆنان دۆلاری خەرجکرد ؟ یان بەگوتەی دالیا بلۆید بەریتانیا تەنیا بۆ ئەوەی کۆمەڵێک خەڵک دەنگ بدەن دەیان سەربازی بەکوشتدا؟ ئەی دوای هەڵبژاردن چی؟

دوای هەڵبژاردن چی؟

ئەم پرسیارە ناونیشانی راپۆرتێکی پەیامنێری رۆیتەرز (میکایل کریستی)یە بۆ ئاژانسی ناوبراو، بەگوێرەی دواهەمین بڵاوبوونەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەریەک لەلیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نووری مالیکی سەرۆک وەزیران و ئیئتیلافی ئەلعێراقییە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق لە کێبڕکێیەکی بەهێزدان و چاوەڕوانی ئەنجامە کۆتاییەکان دەکەن تاوەکوو لەڕێگەی تەوافەقی سیاسییەوە لایەنێکیان حکومەت پێکبێنن، بەڵام عێراق لە ساڵی 2005 ئەزمونیکی شیرینی بەدوای یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە نەچەشت بەوەی کە نزیکەی 5 مانگ پێکهێنانی حکومەت دواکەوت بەهۆی ناکۆکی لایەنەکان لەسەر کاندیدەکانی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت، هەر لەوکاتەشدابوو کە لایەنی کوردی ئیبراهیم جەعفەری کاندیدی شیعەکانی رەتکردەوە بۆ ئەم

پۆستە و ئەمەش وایکرد لەناوخودی ئیئتیلافی گەورەی شیعی ناکۆکییەکی زۆر دروستبێت بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، تاوەکوو لەکۆتاییدا نووری مالیکی لە حیزبی دەعوەی ئیسلامی کاندیدکرا بۆ ئەم پۆستە.

بەڵام دووبارەبوونەوەی ئەم ئەزمونە لە ئێستادا بەلای چاوی جیهانەوە مەترسییەکی گەورەیە، هەروەکوو ئاژانسی رۆیتەرزی نێودەوڵەتی ئاماژەی بۆدەکات " دواکەوتنی تەشکیلکردنی حکومەت لەلایەن قەوارە سیاسییەکان وەک ئەوەی لەدوای هەڵبژاردنەکەی 2005 روویدا ریکێکی گەورەیە و لەوانەیە لەغیابی نەبوونی حکومەت گروپە چەکدار و تیرۆرستەکان ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ زیندووکردنەوەی بارگرژی و پێکدادانی تائیفی".

ماوەی پێکهێنانی حکومەتیش لەسەر گرەوی پێکهێنان یان ئەنجامدانی هەر تەوافوقێکی سیاسی وەستاوە کە ئایە کامە لایەن لە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی ئەلعێرقییە دەتوانن هاوپەیمانی لەگەڵ هەریەک لە لیستی سێیەم و چوارەم کە هەریەکە لە ئیئتیلافی نیشتیمانی شیعی بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری و هاوپەیمانی کوردستان ببەستن، بۆیە سەرەڕی ئەوەی کە لەم هەڵبژاردنە کورد سەنگی خۆی لە ریزبەندی هێزەکان لەدەستدەدات، بەڵام رۆڵی لەدیاریکردنی سیاسەتی عێراق جێگەی قسەلەسەرکردنە، هەروەکوو مارتن چۆلۆڤ لە رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی لە راپۆرتێکیدا دەنووسێت " لەگەڵ ئەوەی کە مالیکی و عەلاوی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردن دەبەنەوە، بەڵام لەم نێوەندەدا کورد هێزێکی گرنگەو لەوانەیە بڕیاری کۆتایی لەلای کوردەکان بێت کە کامیان لە عەلاوی یان مالیکی ببنەوە بە سەرۆک وەزیران".

دیموکراسی دوای هەڵبژاردن

لەساڵی 2003 وە عێراق نزیکەی نیوملیۆن کەسی لەدەسستداوەو جیاوازی و دابەشبوون و توندوتیژی تائیفی زۆر قووڵبۆتەوە و گەندەڵی تاسەر مۆخ و شادەماری سیستەمی سیاسی رۆچووە و لەمڕووەوە عێراق دەخرێتەبەراورد لەگەڵ وڵاتێکی وەک سۆماڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی عێراق داوای ئاڵ وگۆڕی دەسەڵات لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەکەن، بەڵام هەڵبژاردن دەتوانێت ئەو هەتوانە بەهێزە بێت کە چارەسەری ئەم هەموو ئیلتیهابەی جەستەی عێراق بکات؟ یان جارێکیدیکە عێراق دەکەوێتەوە ناو شەڕە تائیفییەکانەوە و ئەم دیموکراسییەی ئەمریکا لەڕێگەی لولەی تفەنگەکانەوە هێنایە عێراق لە زۆنگاو و بیابانەکانی باشوور بیردەچێتەوە؟ بەڵام ئەوەی بۆ ئۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە ئێمە دەکرێت تاچەند گەشبین بین بە داهاتوویەک بۆ ژیانی نەتەوە جیاوازەکان، پیتەر گالبرێسی دیبلۆماتکاری ئەمریکا کە هاوکاریسیەکی زۆری کوردەکانی کرد لەبەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە کتێبەکەیدا بەناوی (کۆتایی عێراق) دەڵێت " توندوتیژی کۆتایی ئەو وڵاتەیە کە هەرگیز بە خواستی خۆیان یەکیان نەگرتووە"، پیتەر گالبرێس لێرە بە دوو ماناوە دەیەوێت عێراق پێناسە بکات، مانایەک کە توندوتیژی هۆکاری کۆتاییهاتنی ئەو وڵاتەیە، مانایەکی دیکە وڵاتێک کە نەتەوەکانی ناتوانن بە خوایشتی خۆیان بەیەکەوە

بژین، پەیامێک لەو دیوی دێڕەکەی گالبرێسەوە بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە عێراقییەکان دەبێت ناچاری بەیەکەوە ژیان بکرێن، بەپێی ئەم پەیامەی گالبرێس بێت دەبێت چاوەڕوانی چ جۆرە دیموکراسییەتێک لە عێراق بکەین کە ناتوانن بەیەکەوە بژین، لەزۆر کاتدا پێشبینییەکان بەلای توندو تیژیو بارگرژییەوە زۆر نزیکترە لەوەی چاوەڕوانی دیموکراسی بین، وەک ئەوەی رۆژنامەی ئەتلەنتیکی ئەمریکی وایبۆدەچێت کە بەیەکدادانی تائیفی زۆر نزیکە، چونکە هەروەک ئەو رۆژنامەیە دەیخاتە روو و دەڵێت" ئامانجەکان زۆر جیاوازن و زۆر جار دژ بەیەکیشن، بۆنمونە ئەگەر تۆ بتەوێت کێشەی کەرکووک لەنێوان کورد و عەرەب و تورکمان چارەسەر بکەیت بە کام ئاراستە چارەسەری دەکەی کە هەموو ئەجێنداکان جیاوازن و دژبەیەکن؟"،

بەڵام لەزۆر کاتدا ئەمریکییەکان وای بۆدەچن کە دەکرێت عێراق دیموکراسییەتێک بەخۆیەوە ببینێت نمونەیەک بێت بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پەیامنێری رۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەر لە عێراق بەناوی (جەین ئەڕاف) لە راپۆرتێکدا بۆ رۆژنامەکەی دەنووسێت کە هەڵبژاردن زادەی هۆشیاری دیموکراسی تاکی عێراق نییە بەڵکوو دیاردەیەکی دەرەوەیە عێراقییەکان ناچارکراون کە پابەندی بن، بۆیە ئەم رۆژنامەنووسە هەڵبژاردن وەک نمونەیەکی دیموکراسی ئەم وڵاتە نابینێت و لەم دووریانەوە بە چاوەڕوانییەوە دەمانهێڵێتەوە کە دەنووسێت" دیموکراسی لەدوای هەڵبژاردن رووبەڕووی تاقیکردنەوەی راستەقینە دەبێتەوە". هەندێک لە چاودێرانیش لەگەڵ ئەوەی نکۆڵی لەوە ناکەن کە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە بەڵام دەڵێن هەڵبژاردن ئاسانترین بەشی دیموکراسییە.

شەڕی کەرکووک سەختتر دەبێت

لەگەڵ ئەوەی کە ساڵح موتڵەگی سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتیمانی کە لایەنێکی ناو ئیئتیلافی ئەلعێراقییە بوو لەلایەن دەستەی لێپرسینەوە و دادوەری کە جێگەی دەستەی ریشەکێشکردنی بەعسی گرتووەتەوە بەهۆی لایەنگری لە حیزبی بەعسەوە لە هەڵبژاردن دوورخرایەوە، ئەویش بەرەکەی خۆی لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق کێشایەوە جگە لە کەرکووک، ئەم هەڵوێستەشی بۆ ئەوە بوو کە دەنگی عەرەب لەم پارێزگایە لەبەرامبەر دەنگی کورد بەرزبێتەوە و لەمڕێگەیەوە تەگەرە بخاتە سەر جێبەجێکردنی مادەی 140 ی دەستووری عێراقی بۆ هاتنەسەری ئەم پارێزگایەو ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کەرکووک دوور بوون لەگەڵ ئارەزووی کورد بەوەی کە لیستی ئیئتیلافی ئەلعێراقییە لەمشارەدا هاوشانە لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان و رێژەی دەنگ و کورسییەکانیان وەک یەکە، لێرە بەدواوە کورد دەبێت بە نەفەسێکەوە لە کەرکووک بجوڵێتەوە بە نەفەسی شەریک، چونکە نەفەسی خانەخۆیی لەمشارەدا تائەندازەیەک بەسەردەچێت ئەگەر تا دوێنێ ئێمە خۆمان بە خاوەنماڵی ئەم شارە زانیبێت، ئەگەر پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەدەستی کوردەوە

بوو‌بێت، ئەوا لە داهاتوودا كارتێكی دیكەی بە هێز دەدۆڕێنێت، رۆژنامەی فۆڕین پۆلیسی ئەمریكی كە تایبەتە بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا پێیوایە كە هەر هەڵبژاردنێكی كەركووك وەک سەرژمێرییەک وایە بۆ نەتەوە جیاوازەكانی ئەم شارە، چونكە وەک ئەم رۆژنامەیە باسیدەكات لەم پارێزگا جێناكۆكی لەسەرانە نە خەڵكی عەرەب دەنگ بە كورد دەدات، نە كوردەكانیش دەنگ بە عەرەب و توركمان دەدەن، ئەگەر بەگوێرەی ئەم رۆژنامەیەش بێت كە ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییە وەک سەرژمێرییەک بۆ ئەم ناوچانە ببینین، ئەوا كورد زۆرینەی رەهای ئەم ناوچانە لەدەست دەدات.

بوونی ئەسیل نوجەیفی لە لیستی ئەلعێراقییە كە سەرۆكی لیستی حەدبای براوەی هەڵبژاردنی پارێزگاكان بوو لە ساڵی 2009 لە پارێزگای نەینەوا، ئەوەندەی دیكە ئەگەری توونێ و تیژی نێوان كورد و عەرەب لەم ناوچەیە زیاتر دەكات، چونكە لەگەڵ ئەوەی كە لیستی هاوپەیمانی كوردستان لە پارێزگای نەینەوا 12 كورسی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایەی بردەوە، بەڵام لیستی حەدبا لە هەموو پۆستە ئیدارییەكانی ئەم پارێزگایە لیستی هاوپەیمانی بێبەشكرد، ت تەنانەت دەزگاكانی حكومەتی هەرێمیش رێگەیان بە ئەسیل نوجەیفی نەدا كە بێتە شارۆچكەی مەخمورەوە تا ئاهەنگی سەركەوتنی لیستەكەی بگێڕێت، ماوەک لەمەوپێشیش نوجەیفی كاتێک ویستی بچێتە ناو شارۆچكەی تلكێفی مەسیح و یەزیدی نشینەوە لەلایەن خەڵكی ئەو ناوچەیەوە رێگەی لێگیراو لەدواییدا بەهاوكاری سوپای ئەمریكا چوونە ناوچەكەوە ، دواتریش نوجەیفی ئەو هەوڵەی وەک هەوڵێكی پارتی پێناسەكرد بۆ تیرۆركردنی ئەو.

هاوكێشەكان لەبەردەم كوردەوە تا دێت سەختتردەبێت و كەركووكیش لە گرەوی بەكدادان نزیكە، تاوەكوو ئێستاش چەندین راپۆرتی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ چارەسەركردنی ناوچە جێناكۆكی لەسەرەكان خراوەتە روو بەڵام زۆربەیان لەلایەن كوردەوە رەتكراونەتەوە بەوەی كە كورد پشتئەستوورە بە مادەی 140ی دەستووری هەمیشەیی كە لەپێشتردا مادەی 58ی سەردەمی ئینتیقالی بوو، ئەم مادەیەش داوای ئەوەدەكات كە لەرێگەی ریفراندۆمێكەوە خەڵكی كەركووک چارەنووسی خۆیان دیاریبكەن كە لە پاڵ حكومەتی ناوەندی دەمێننەوە یان دێنە سەر هەرێمی كوردستان، لەبارەی هەر چارەسەرییەكیش بۆ ەم ناوچانە لە كتێبەكەیدا (كۆتایی عێراق) دیبلۆماتكاری ئەمریكی پیتەر گالبرێس دەڵێت " هیچ چارەسەرییەک نییە، بەتایبەت لەماوەیەكی نزیكدا".

خەونی تاڵەبانی

تا ئێتا كورد یەک هەڵوێست نییە كە ئایە تالأەبانی بنێرێتەوە بۆ بەغدا، یاخوود ئەوان ململانێی كامە پۆست بكەن، بەلای لیستی هاوپەیمانییەوە لەسەر زاری سەرۆكی هەرێم (مەسعود بارزانی) یەكلایی بۆتەوە كە كاندیدی ئەوان بۆ پۆستی سەرۆک كۆمار جەلال تاڵەبانییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لە نوری مالیكی سەرۆكی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسساو ئەحمەد ئەبورێشەی سەرۆكی ئەنجومەنی سەحوەی ئەنبار پاڵپشتی تاڵەبانی دەكەن بۆ

وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە، بەڵام بەلای زۆرێک لە چاودێرانەوە ئەو هەڵوێستەی مالیکی بە پیلانێک دەزانن بۆ ئەوەی کە کوردەکان پاڵپشتی لەو بکەن بۆ دووبارە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران، جگە لەوەی کە ئەمجارە سەرۆک کۆمار بەبێ جێگر دەبێت و مالیکیش داوای ئەوەی کردووە کە دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی یاساکانی پەرلەمان لە سەرۆک کۆمار بسەنرێتەوە.

بەڵام لەسسەرێکی دیکەوە هەریەک لە ئیئتیلافی ئەلعێراقییە کە کاندیدیان بۆ سەرۆکی کۆمار تاریق هاشمییە و هەم ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتیمانی شیعی پێیوایە کە سوننەیەک ببێت بەسەرۆکی کۆمار، لەزۆر باردا دانای تاریق هاشمی بۆ سەرۆک کۆمار پەیوەستە بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران لەلایەن عەلاوییەوە، چونکە ئەگەر بێت و عەلاوی بۆ سەرۆکی حکومەت دابنرێت ئەوا پۆستی سەرۆکی کۆمار بۆ هاشمی کۆتایی دێت، چونکە ناکرێت هەردوو پۆستی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی کۆمار بۆ ئیئتیلافی ئەلعێراقییە بێت.

بەڵام لەدووڕیانێکی دیکەدا هەریەک لە لیستی گۆڕان و یەکگرتوو کە هێزی ئۆپۆزسیۆنن لە کوردستان پێیانوایە کە پۆستی سەرۆک کۆمار پۆستێکی تەشریفییە و پێویستە کورد هەوڵی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بدات، بەمەش گورزێکی گەورە لە خەونی تاڵەبانی دەوەشێنن، مەحموود عوسمانی سیاسەتمەداری کورد و ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە خولی پێشووترو کاندیدی ئێستای هاوپەیمانی کوردستان بۆ خولێکی دیکەی پەرلەمانی عێراق کە کاندیدی خودی سەرۆکی هەرێم بوو پێیوایە کە ئەگەر پۆستی سەرۆکی کۆمار هەر بەم دەسەڵاتە کەمەی خۆیەوە بمێنێتەوە ئەوا بۆ کورد باشترە کە ئەم پۆستە هەر وەرنەگرێت، سەبارەت بە دەسەڵاتی سەرۆکی کۆماریش ئەحمەد ئەبوریشەی سەرۆکی ئەنجومەنی سەحوەی ئەنبار رایگەیان کە ئەگەر بێت و کاندیدی سوننەکانیش بێت بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار ئەوا بەم دەسەڵاتەکەمە ئەو وەریناگرێت.

25–03–2010

**ئایە عێراق نزیکە لە جەنگێکی ناوخۆ ؟**

تۆماس سبرێگا وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە/ سەردەشت عوسمان

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی 7ی ئازار تائێستا دڵنیاکەر نییە، سەرۆک وەزیرانی ماوە بەسەر چووش نووری مالیکی رکابەرییەکی سەختی ئەیاد عەلاوی دەکات، کەجێگەی متمانەی ئەمریکایەو لەم هەڵبژاردنەدا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، لەکاتێکیشدا ئێستا ئەم دوانە ململانێ لەسەر بەرزترین پۆستی عێراق دەکەن، ئەو راستییە وەک خۆی ماوەتەوە کە مالیکی بەرپرسی گشتی هێزە سەربازییەکانی عێراقە .هەرچەندە هەریەک لە مالیکی و عەلاوی

هەردووکیان شیعەن، بەڵام عەلاوی توانی دەنگی ملیۆنی سوننەکان بباتەوە و لە پارێزگای کەرکووکیش زۆر بەهێز دەرکەوت کە پارێزگایەکی زۆرینە کوردە و دەوڵەمەندە بە بە نەوت، بەڵام لەم دواییانەدا بەهۆی تەقینەوەی چەند بۆمبێکەوە دەیان هاوڵاتی ئەو شارە کوژران و لەوانەیە لەئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا شەڕێکی دیکەی ناوخۆیی بەخۆیەوە ببینێت .عەلاوی پێیوایەو رایدەگەیەنێت لەماوەی 8 بۆ 10 مانگی رابردوو ئاسایشی عێراق بەرەو خراپی رۆیشتووە جگە لەوەی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی شکستیهێناوە قەومییەت هێشتا باڵادەستە. بۆیە عەلاوی پێیوایە مالیکی دەبێت ئەم بەرپرسیرییەتە بگرێتە ئەستۆ، هێزە چەکدارییەکانی سونەو ئەلقاعیدە جارێکیدیکە دژایەتی خۆیان دژی حکومەت راگەیاندەوەو لەماوەی رابردووشدا چەند ئەندامێکیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەستگیرکران، لەم نێوەندەشدا عەلاوی پێیوایە کە لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کە بڕیاروایە لە مانگی ئابی ئەمساڵدا ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ٥٠ هەزار سەرباز کەمبکاتەوەو ئەم کەمبوونەوەیەش بەبەرزبوونەوەی کردە تیرۆریستییەکان و پێشێلکاری یاسایی تەواو دەبێت . لەهەمان کاتیشدا عەلاوی ئێران بە دەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆی عێراق تاوانبار دەکات و پێیوایە لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە و بەهۆی غیابی حکومەت دەستی لەبەرزبوونەوەی کردە تیرۆریستییەکاندا هەبووە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی دامەزراوەی cfrبەناونیشانی(بەرزترین پەنجەرەی ترس) دا دەنووسێتسەرکردە شیعەکان لە لوتکەوە بۆ خوارەوە سوریا تۆمەتباردەکەن بە هاوکاریکردن و مەشقپێدان و ناردنە ناوەی تیرۆریستەکان بۆ ناو خاکی عێراق بۆ کردەی خۆکوژی، بەڵام سوننەکانی عێراق ئێران بە بەرپرسیاری یەکەم دەزانن لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی لەبەرامبەریاندا دەکرێن.

لەناوچەی سەوزی بەغداد، سیاسەت لە سەرووی ئەو باسانەیە کە وتووێژی لەبارەوە دەکرێت، بەڵام تەنیا بۆ خەڵکانی زەنگین، ئەم پراکتیزە هەڵەیەی سیاسەتیش تا ئەندازەیەک لە شەڕێکی ناوخۆیی نزیکمان دەکاتەوە و هاوشانی ئەمەش بووتە جێگەی سەرنجی ئەمریکا.

یەکێک لە رۆژنامەنووسەکانی ئەمریکاش بەناوی نیر رۆسن کە لەسەرەتای هێرشەکەی ئەمریکا ئامادەیی نزیکی لە رووداوەکانی عێراقەوە هەبووە و دیداری زۆرێک لە بەرپرسانی عێراقی و ئەمریکییەکانی لەو وڵاتەدا کردووە دەنووسێت" چەند ساڵێک لەمەوبەر چاودێرەکان سەرنجی دەسەڵاتی میلیشیاکانیان دەدا، بەڵام ئێستا گومان لە هێزەکانی ئاسایش دەکەن، ئەو هێزانەی کە عێراقییەکان چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکردن کە لە کردەوە توندوتیژییەکان بیانپارێزن."

لەساڵانی نێوان ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٩ عێراق تا ئەندازەیەک ئەزمونی شەڕی ناوخۆیی چەشتووە، ئەم شەڕەش بە شێوەیەکی نارەسمی لەلایەن گرووپە شیعی و سوننەکان و هەندێک جاریش کوردەکانی تێوەدەگلا بەردەوامی هەبوو .شیعەی زۆرینە ئێستا لەدەسەڵاتن، لەژێر دەسەڵاتی

شیعەکانیشدا گروپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە دەستیکرد بە پاکتاوکردنی قەومی لە بەرامبەر شیعەکان و لەبەرامبەریشدا هێزە چەکدارەکانی شیعە بەتایبەتی چەکدارانی سەدر سێگۆشەی مەرگیان لەبەرامبەر سوونەکان راگەیاند، لە ساڵی ٢٠٠٧دا سەرۆک بۆش بڕیاری پڕ چەککردنی چەکدارە سوننەکانی داو لە چەند مانگی رابردووشدا ئەم هێزانە هێرشی سەربازییان دەکردە سەر سوپای ئەمریکا، ئەم گروپە چەکدارییانەش ناونرا ئەنجومەنی سەحوەو تایبەت بوو بە هێزە سوونییەکان و ژمارەیان خۆی لە ١٠٠ هەزار چەکدار دەدا، لەوکاتەشدا عەلاوی لەلێدوانێکیدا رایگەیاند " ئەمریکا هەردوو بەرە پڕ چەک دەکات و بەمەش مەترسی بۆ جەنگێکی تائیفی دێنێتە کایەوە ."نیر رۆسن لە چاوپێکەوتنێکدا خەڵکی ئەمریکای تووشی شۆک کرد کاتێک وتی" لەسەردەمی سەددام حسێندا کەس نەیدەزانی شیعە چییەو سوننە چییە، هاوسەرگیریش لەنێوان ئەم دوو مەزهەبەدا بەربڵاو بوو و لەسەردەمی رژێمی بەعسدا زۆرینە سوپای عێراقی شیعە بوون، بەڵام تاکە شتێک لە ئێستادا هەبێت ئەوەیە کە هەردوولا دەسەڵاتی یاسایی و چەکیان هەیە ."لە ساڵی ٢٠٠٨ دا دیڤد پاتریۆس بەرپرسی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق وتی" شەڕی ناوخۆ لەوکاتەدا لە عێراق تەواو دەبێت کە شیعەکان هەستبکەن براوەن و سوننەکانیش هەست بکەن دۆڕاون"، ئەگەر ئێستاش سەردانی عێراق بکەی ئەو ئەنجامە دەبینی کە بەر لە دوو ساڵ پاتریۆ پێشبینی کردبوو، هێزەکانی ئەمنی لەوانەیە تا ئەندازەیەک توندو تیژ بن و لەوانەشە لە گەندەڵییەوە گلابن، بەڵام لە ئێستادا ناتوانن بەشێوەی سێگۆشەی مەرگ هەڵسو کەوت بکەن، ئێستا ئەم هێزانە بە هەموو شارەکانی عێراقدا بڵاو بوونەتەوەو خەڵکی ئیدی سڵ لە باسکردنی گەندەڵییەکان ناکاتەوە، خەڵکێکی زۆریش دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی پێشووی خۆیان کە پێشتر بەهۆی شەڕی سوننەو شیعە ئاوارە ببون.

بەڵام کاریگەری کاریگەری سوریاو ئێران بەسەر عێراق و هەڵەو شکستی مالیکی لە راکێشانی زۆرینەی خەڵکی عێراق ئێستا جێگەی تێڕامانی ئەمریکان، مالیکی ویستی لە رێگەی ئەجێندایەکی ناسیۆنالیستی دوور لە قەومییەت سیاسەت بکات، پشتبەستنیشی بە هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ دەرەوە ئاماژەیەکن بۆ سیاسەتێکی دژە ئەمریکی .نیر لە یەکێک لە نووسینەکانیدا دەنووسێت، ئایە عەلاوی تەنیا بردییەوە یان بە شێوەیەکی یاسایی بردیەوە؟ عەلاوی باشترینی کاندیدەکانە کە بتوانێت سەرکردایەتی حکومەتێکی سەقامگیربکات، بەڵام بەبێ ئاماژەدان بەوەی کە ئایە ئەگەری ئەوە نییە ئەم ئەنجامەی هەڵبژاردن ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکەی ناوخۆیی.

٢٤ی ئەپریڵی ٢٠١٠

## لە گەنجێکی شەقامەکانەوە بۆ نەوشیروان مستەفا

لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 25 ی تەمووز دەنگم دا بە لیستەکەی تۆ و لە ناو شەقامەکانی هەولێر پاڵپشتیم لە لیستەکەی تۆ کرد و هەتاوەکوو ئێستاش بە نیازم لە هەڵبژاردنەکەی ئەم جارەی پەرلەمانی عێراقی دەنگ بەلیستی گۆڕان بدەمەوە و هاوڕێکانیشم هانبدەم کە ئەم هەموو ناعەدالەتییەی یەکێتی و پارتی قەبوڵ نەکەن و دەنگ بدەن بە گۆڕان، بۆیە مافی خۆمە زۆر بە جدی قسە لەسەر لیستەکەت بکەم و رەقیبێکی جدی ئەندامانی لیستەکەت بم، بۆ ئەوەی وەک بەرپرسەکانی دیکەی ئەم حکومەتە تووشی سەرەڕۆیی و لەخۆباییبوون نەبیت و ئاگاداربیت کە لەشەقامەکان چی روودەدات، تائەوکاتەی کە دیموکراسی لەم هەرێمە دەگاتە کەبارێکی ئارام و هێزەکان دەتوانن شەڕی دەنگ بکەن من لە شەقامەکانەوە ئازاری ئەم خەڵکەت بۆ مانیفێست دەکەم، تاوەکو تۆ پلانەکانی لیستەکەت بە ئاراستەیەکی تەندروست بگەیەنیت، لەبەر ئەوە نا کە من هەوادارێکی تۆم و زۆر بە کەسایەتیت سەرسامم، بەڵکوو تەنیا لەبەرئەوە کە بە دەنگ هەڵبڕینی تۆ و لیستەکەت هیوایەکت خستۆتە ناو ئەم خەڵکە و لەئێستاوە خەڵکی ئەم هەرێمە لەوە تێگەیشتوون کە سەنگی دەنگەکانی ئەوان چەندە و دەزانن کە (نا)ی ئەوان بۆ سوڵتەی ئەم وڵاتە چەندە بەرپرسەکانی ئەم هەرێمە نیگەران دەکات کە بوونەتە بارگرانی بەسەر خەڵکەوە، بۆیە هیوام وایە کە من وەک ئەندامێکی لیستەکەت حیساب نەکەیت، چونکە لەوانەیە لە کاتێکی دیکەدا بێینەوە و قسە لەسەر چەندین ساڵی بەرپرسیارییەتی تۆ و سوڵتەی ئەم هەرێمە و پشکی تۆ بکەین لە گەندەڵی و دزی و رێکەوتنە نهێنی و کۆمپانیا نهێنییەکان و کوشتنی هەزارەها گەنجی ئەم وڵاتە، کە تۆش بەشێک بوویت لەمانە، ئەگەر واش نەبێت، ئەوا تۆ زۆرنزیک بوویت لەمانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە لەساتی ئێستادا سوڵتەی ئەم هەرێمە بەوە دڵخۆش دەبێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە نییە و لە دەرفەتێکی دیکە و لە کاتێکی دیکە دێینەوە و قسە لەسەر ئەمانە دەکەین، بەڵام لەساتی ئێستادا بوونی تۆ زۆر لە نەبوونت چاکترە، ئەگەر ئاگاداریش بیت لە ماوەی رابردوودا هەندێک نووسینم بڵاو کردەوە کە لەبەرژەوەندی لیستەکەت بوو و لە دەمی نۆکەرەکانی ئەم دوو حیزبەم دایەوە کە زۆر بەتووندی قسەیان لەسەر تۆو لیستەکەت دەکرد.

گەورەترین هەڵەی جەنابت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، سەردانی نەکردنی جەنابتان بوو بۆ هەولێر، سەرەڕای ئەم هەموو گومانەی کە راگەیاندنی حیزبەکانی دەسەڵاتدار لەنێو خەڵکی ئەم شارە دروستیان کردبوو لەبەرامبەر جەنابت، بۆیە بە نەهاتنت بۆ ئەم شارە بەشێک لە دەنگدەری ئەم شارەت نائومێد کرد و گومانەکانیانت کردە یەقین، بۆیە ئەگەر دەتەوێت لە هەر هەنگاوێکی خواری دەسەڵات خەڵک ئاگادار بکەیتەوە و خەڵک بێنیتە سەر شەقامەکان، ئەوا پێویستە کە سەردانی ئەم شارەبکەیت و هەم پەیمانی خۆت لەگەڵ دەنگدەرانت نوێبکەیتەوە و هەم گومانەکان بڕەوێنیتەوە تاوەکو لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە بزووتنەوەکەت کاراتربێت، دەشمەوێت شتێکت پێبڵێم کە بەرپرسانی لیستی گۆڕان لە هەولێر هەرگیز توانای ئەوەیان نییە کە دەنگی خەڵک کۆ بکەنەوە، بۆیە

پێموایە بەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق خۆت و ئەندامە جەماوەرییەکانی وەک فەرهاد سەنگاوی سەردانی ئەم شارەبکەن، بەم سەردانەشتان دەتوانن چەند مەبەستێک بپێکن کەپێموایە ئەرێنین بەلای بزووتنەوەکەتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە بە کۆکردنەوەی دەنگدەرەرەکان و خەڵکە نارازییەکانی ئەم شارە هێزێک دەبەخشیتە ئەم شارە کە قەوارەی خۆیان بزانن و لەوە تێبگەن کە هاتنە سەرشەقامی ئەوان لە ساتە پێویستەکان هاوکێشەکان دەگۆڕێت، دووەمیش ئەوەیە کە حیزبی دەسەڵاتدار خۆی بە خاوەنی ئەم شارە نەزانێت، چونکە دڵنیام سەردانی تۆ بۆ ئەم شارە و کۆکردنەوە دەنگە زۆرەکەت لە هەیبەت و غروری ئەوان دەدەیت، سێیەمیشیان ئەوەیە کە لەم شارەدا رێژەیەکی زۆری دەنگی خۆڵەمێشی هەن تەنانەت بەشێک لە خەڵکی تورەش خۆیان ساغ نەکردۆتەوە کە دەنگیان بۆ کامە لایەنە، جگە لەوەی کە ئەم گومانەی راگەیاندنی پارتەکانی دەسەڵاتدار لەسەر جەنابت و لیستەکەت دروستیان کردووە پێویستی بەوەڵامێکی جدی جەنابت هەیە کە لە نزیکەوە و لە بەردەم جەماوەرەکەت بیبیستن.

جەنابی نەوشیروان مستەفا، لە ئێستادا بزووتنەوەکەت تەنیا بە باڵێک دەفڕێت و هەیمەنەی گۆڕان تەنیا لە شاری سلێمانییە، لە ساتی ئێستادا کادیرەکانی هەولێرت توانای ئەوەیان نییە کە ئەو دەنگەی لە هەڵبژاردنەکان لە هەولێر بەدەستیان هێناوە بکەنە گوشار، لەوانەیە ئەمەش ئەوەندەی پەیوەندی بە سایکۆلۆژیا و سروشتی خەڵکی ئەم شارەوە بێت ئەوەندە پەیوەندی بە کارایی کادیرەکانی گۆڕان لەم شارەوە نەبێت.

لەبەر ئەوەی تۆ لەم شارەوە دووریت و لەوانەشە کادیرەکانی خۆت واقعی شەقامەکان وەک خۆی نەگەیەننە جەنابت یان وەک خۆی راستییەکان نەبینن، چونکە سروشتی سیاسییەکانی هەرێم وایە کە لەسەر بنەمای هەستەکانیان بڕیار دەدەن، من لێرەوە خوێندنەوەیەک بارودۆخی خەڵکی ئەم شارە بۆ جەنابت دەکەم ئەگەر تۆ بتوانیت کاری لەسەر بکەیت.

هەولێر تێکەڵیەکە لە توورەیی و گومان و ترس و خۆشباوەڕی و لایەنگری، لە هەڵبژاردنەکەی رابردوودا تۆ بەشێکی زۆری دەنگی توورەیی ئەم شارەت برد، بەڵام هەمووی نا، جگە لەمەش لەزۆر حاڵەتدا تورەیی و گومان جیاناکرێتەوە لەم شارەدا، تورەیی لە ناعەدالەتی و گومان لە فریادڕەسێک کە بتوانێت خەمی ئەم نەتەویە هەڵبگرێت، لە پێشتریشدا پێتم گووت کە کە بە ڕەواندنەوەی گومانەکان دەنگی گۆڕان لەم شارەدا زیاتر دەبێت، دەبێت ئەوەشت پێبڵێم کە زۆر جار ترسی خەڵک لە توورەییەکەیان زیاترە بۆیە دەرفەتی یاخیبوون لەم شارەدا بەبەراورد لەگەڵ سلێمانی کەمترە، بەشێکی زۆری ئەم ترسەش بەهۆی ئەوەیە کە تاوەکوو ئێستا سەقفێکی بەدیلی پارتی و یەکێتیان نەدۆزیوەتەوە کە بتوانن لەژێر ئەم سەقفەدا لە شەڕ و بیانوو و نانبڕین و هەڕەشەی دەسەڵاتەوە بەدوور بن، بەشێکی دیکەی ئەم ترسە ئەوەیە کە هەتاوەکوو ئێستا هێزی خۆیان و قەبارەی خۆیانیان لێونبووە، بۆیە ئەو چەترەی کە دەبێت لەژێریدا کۆ ببنەوە لەم شارەدا توانای تەحەفوزی ئەوانی نییە، بەجۆرێکی دیکە هەتاوەکوو ئێستا کادیرەکانی گۆڕان قەوارەی دەنگی هەولێریان وەک خۆی بە خەڵکەکە نەناساندووە، بۆیە بەردەوامی ئەم حاڵەتە لەم

شارە دوور نییە ببێتە زیاتربوونی گومان و ترس لە نێو خەڵکدا، بێگومانیشم کە زیاتر بوونی ئەم دوانە بەسەر حیسابی توورەبوونیانە کە ئەمەش کاریگەری بە سەر قووەت و دەنگی گۆڕانەوە دەبێت بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە، کە لە ئێستادا من حەز بەوە ناکەم، هەرچی خۆشباوەڕی و لایەنگری ئەم شارەیە، ئەوا هەوڵی زۆریان لەگەڵ مەدە، چونکە بەشێکیان چاوەڕوانی موچەی سەری مانگن لە حیزبەکان تا شوکرانەی پێبکەن و هەندێکیش گوێچکەیان توانای بیستنی وشەیەکی نوێی نییە، بۆیە پێموایە دەکرێت تەنیا لە ڕێگەی گوتاری نەرم و حەکیمانە و مەنتقیانە لەبەرەمبەر ئەم گروپەدا دەتوانیت باوەڕی پێبکەیت کە تۆ هەیت، ئەمەش بۆ ئێستا بەسە ئەگەر ئەم گروپە نەک دەنگت پێبدات بەڵکوو تەنیا پێت بڵێت بەڵی هەیت، بەڵام لەڕێگەی ئەم جۆرە گوتارانەوە بەشێوەیەکی نائاگاهی کاریگەریت بەسەر گومان و ترسەکانەوە زیاتر دەبێت.

تا ئێرە بەشێک لە واقعی شەقامەکانی ئەم شارەم کە هەولێرە بۆت خستەڕوو، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی کە من خۆم دەمەوێت هێزەکەی تۆ لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەنگەکانی ئەگەر بەرز نەبێتەوە لە نزمی نەدات، چونکە غیابی هێزی سێیەم لەم هەرێمەدا موسیبەتێکی گەورە بوو و خەریک بوو دەبوو بە بەشێک لە کلتور لەم وڵاتەدا، تەنانەت بەشێک لە خەڵکی ئەم جڤاتە هەتاوەکو ئێستا سوڵتە بە مافی ئەم دوو بنەماڵەیە دەزانن، لە ئێستاشدا بۆ ئەوە ئاگادارت دەکەمەوە تا غروری نەتگرێت و ئاگاداری هەنگاوەکانی خۆت بیت، لەوانەیە لە کاتێکی دیکەدا لە زۆر شتدا ئاگادارت بکەمەوە، بەڵام هەرگیز ئەوە لەبیر نەکەیت کە من ئەندامی لیستەکەت نیم بەڵکو تەنیا دەنگدەرێ بووم، دەشێت ئاراستەی نوسینەکانم بەشێوەک بگۆڕێت ئەگەر بزانم هەنگاوەکانت تەندروست نین بۆ تەندروستی ئەم خەڵکە بەڵام لە ئێستادا هەست بە گرنگی بزووتنەوەکەت دەکەم، لە ئێستاشەوە کاری منە کە رەقیبێکی بەردەوامی بزووتنەوەکەت بم . ١٦-٠٩-٢٠٠٩

**ئەوەی تاڵەبانی دەکاتەوە بە سەرۆک کۆمار ..!**

تاڵەبانی سەرەڕای زۆری تەمەنی و خراپی تەندروستی خۆی و حیزبەکەی، کەچی جارێکیدیکە لە کەڵکەڵەی خەونی بوون بە سەرۆک کۆمارەوەیە، لەوانەیە ئەمە دوا ئارەزووی تاڵەبانی بێت کە بیەوێت لە کۆشکی سەرۆک کۆمارییەوە سەر بنێتەوە، یان خەیاڵە لە مێژیەنەکەی خۆی بهێنێتە دی کە لەڕێگەی بە ناو ئاشتەواییی عێراق کە بە ماڵوێرانکردنی گەلی کوردەوە کۆتایی دێت بیەوێت خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەربگرێت.

بەر لە هەموو شتێک ئێمە دەبێت ئەو پرسیارە زیندوبکەینەوە کە ئایە چی تاڵەبانی جارێکیدیکە دەکاتەوە بە سەرۆک کۆمار؟ ئایە دەنگی هەڵبژاردنەکان؟ ئایە پارتەکەی تاڵەبانی توانی دەنگی ملیۆنێک خەڵکی عێراق بەدەست بێنێت لە هەڵبژاردنەکان تا بتوانێت ببێت بە سەرۆکی وڵاتێکی نزیکەی 30 ملیۆن کەس؟ ئایە کاریزماکەی تاڵەبانی لە عێراق لە کوێوەیە کە خەریکە خۆری لە خودی کوردستانیش بەرەو ماڵاوایی دەڕوات؟

ئەگەر بۆ خودی تاڵەبانی و یەکێتی پاڵپشتی لیستەکەی مالیکی بۆ تاڵەبانی جێگەی شانازی بێت ئەوە بۆ منی تاکی کورد جێگەی نیگەرانییە، چونکە ئەوە هەیمەنەی تاڵەبانی نییە کە وا لە مالیکی دەکات پاڵپشتی بکات بۆ جارێکیدیکە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار، بەڵکوو ئەوە بێدەنگی جەنابی تاڵبانییە لە شوێنە حەساسسەکاندا کە دەستی مالیکی لە بڕیاری تاکلایەنانە ئاوەڵا کردووە، ئەوە بێموبالاتی تاڵەبانییە کە هیچ باکی بە مافی نەتەوەیەک نییە کە وەک نوێنەری ئەوان رۆیشتە بەغداد، نزیکترین نمونەش پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان بوو لەلایەن تاڵەبانییەوە کە لە دوا خولەکدا تاریق هاشمی فریامان کەوت .

ئەوەی وا لە مالیکی دەکات تاڵەبانی هەڵبژێرێت بۆ ئەم پۆستە نە دۆستایەتی کورد ە و نە ژیری خودی تاڵبانییە کە وا لە مالیکی بکات پێی سەرسام بێت، بەڵکوو هۆکار گەلێکن کە لەم رێگەیەوە دەیەوێت ئیختیاری باشترین (the best)بکات:
یەکەمیان/لەڕێگەی ئەم هەنگاوەوە دەیەوێت هاوپەیمانی کوردەکان بەدەستبێنێتەوە بۆ دووبارە بوونەوەی بە سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەم هەنگاوەشدا مالیکی رێگە لە کوردەکان دەگرێت بۆ ئەوەی لەبەرامبەر پاڵپشتیکردنی مالیکی بۆ ئەم پۆستە داوای مەرجی وەک جێبەجێکردنی مادەی 140 یان یاسای نەوت و غاز نەکەن، چونکە لە پێشتردا ئەو پاڵپشتی لە تاڵەبانی کردووە.

دووەمیان/مالیکی دڵنیایە کە پێدانی پۆستی سەرۆک کۆمار بە سوننەیەک (کە تاریق هاشمییە)، دروستکردنی کۆسپێکە بە دەستی خۆی بۆ خودی خۆی، بۆیە لەم رێگەیەوە مالیکی چەند مەبەستێک دەپێکێت، رێگە نادات وڵاتە عەرەبییەکان لە رێگەی سوننەکانەوە هەیمەنەی خۆیان بەهێز بکەن، لێرەشەوە جارێکیدیکە بەردەوامی بە هەنگاوەکانی دەدات لە دوورخستنەوەی بەعسییەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراق کە سوننەکان زۆر بە توندی رەتیدەکەنەوە، هەروەک نارەزایی سوننەکانیشمان لە دوورخستنەوەی ساڵح موتڵەگ بینی بەر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە، بۆیە لێرەشەوە ئەتمۆسفێری داهاتووی عێراق وا لە مالیکی دەکات کە رێگری بکات لە گرتنەدەستی سەرۆک کۆمار لەلایەن سوننەکانە، ئەو ستایشەی کوردیش بۆ خودی مالیکی لەبەرامبەر پاڵپشتی تاڵەبانی زۆر ساویلکانەیە کە لە بنەڕەتدا ئەوە نە هەڵوێستی مالیکییە بەرامبەر بە کورد نە خەمخۆری دۆستایەتی ئەویشە بەرامبەر بە نەتەوەیەک کە لە ماوەی زیاتر لە چوار ساڵی پۆستەکەی سەرسەختی گەورەترین خەونی کورد بوو ئەویش کێشەی کەرکووک یان ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان بوو، ئەوەی لە فەزای سیاسی عێراقیش کە ئێستا بەلای جەنابی تاڵەبانی دەشکێتەوە هیچ شتێک نییە تەنیا خولقانی بارودۆخەکەیە یان دروستبوونی حاڵەتی(دوژمنی دوژمنم دۆستمە) بۆ کورد.

ئەوەی لەم نێوەندە جارێکیدیکە کورد دەکاتەوە بە قوربانی خەونی تاڵەبانییە بۆ دەسەڵات، لەگەڵ فیکەی دەستپێکردنی یاریەکە ئێمە دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین کە جارێکیدیکە ئێمە رازین بە بەرامبەر بوون، چونکە بە هێرشبەرێکی زۆر لاوازە و هیچ ئارەزوویەکیشی نییە بۆ

گۆڵ کردن جگە لە خۆ نمایشکردنەوە دەڕۆین بۆ بەغدا، بەبڕوای من لەم حاڵەتەدا تەنانەت بە یاریکەرێکی کەمترەوە یاری بکەین باشترە.

2010-03-10

**عێراق، مەتەڵێک تا ئێستا نەزانراو ..!**

وڵاتێک کە هەمیشە رابردوو داهاتوو لەگۆڕ دەنێت (تۆماس فریدمان)

لە نیویۆرک تایمزی ئەمریکییەوە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە/سەرۆ زەردەشت

تۆماس فریدمان یەکێکە لە نووسەرو رۆژنامەنووسە هەرە بەناوبانگ و ناسراوەکانی ئەمریکا، لە ساڵی 1981 بۆ یەکەم جار بووەتە پەیامنێری رۆژنامەی نیویۆرک تایمزو سەدان هەزار میلی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕیوە بۆ ئامادەکردنی راپۆرتی ئابووری و ئێستاکەش یەکێکە لەشارەزاکانی سیاسەتی ئەم ناوچەیە، سێ جار خەڵاتی پولیتزەری بەدەستهێناوە کە ساڵانە دەدرێت بە کارە داهێنەرەکان لە بواری ئەدەب، میوزیک رۆژنامەگەری و مێژوو، ساڵی 1989 کتێبی (لەبەیروتەوە بۆ قودس)ی نووسی و تا ئێستا بە 27 زمانی جیاوازەوە بڵاوبووەتەوە لە سەرتاسەری جیهان و ئەم کتێبە هەریەک لە خەڵاتەکانی کتێبی نیشتیمانی ئەمریکی و خەڵاتی پرێس کلۆب ئۆڤەرسیسی وەرگرتووە، تا ئێستا خاوەنی چوار کتێبە یەکێک لەمانە (هێڵی پانی زەمین و هەڵوێستەکان، لێکۆڵینەوە لە جیهانی دوای 11 سێپتێمبەر) و دوهەمین کتێبیشی لە ساڵی 2005 بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (جیهان تەختە) کە بە کتێبی ساڵ لە ئەمریکا هەڵبژێردرا، فریدمان تاوەکوو ئێستا نوسەر و گۆشەنووسی نیویۆرک تایمزە و لە ئەمریکا بە باشترین سەرۆکی هەواڵ و راپۆرت ناسراوە.

هەر لەسەرەتای هاتنە ناوەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆناو خاکی عێراق و هەوڵەکانیان بۆ بنیاتنانی جۆرێک لە دیموکراسی لەم وڵاتە، پرسیارێکی سادە بەڵام نیگەرانکەر بەردەوام گومان دەخاتە سەر ئەم ئەزمونە، ئەویش ئەوەیە: ئایە عێراق بۆیە ئاوابوو چونکە سەددام حسێن دکتاتۆر بوو؟ یان سەددام حسێن بۆیە بەمشێوەیە بوو چونکە عێراق خۆی بەمشێوەیە بوو کە کۆمەڵێک شەڕی تائیفی ناوخۆ رێگەی بە حوکمی خۆیەتی نەدەدا و تاکە رێگە کە بۆی مابوویەوە حوکمکردن بوو بە دەستێکی پۆڵاین؟ ئەمە زیاتر لە حەوت ساڵە ئەمریکا رژێمەکەی سەددامی رووخاندووە، عێراق دوو هەڵبژاردنی سەرتاسەری بەخۆیەوە دەبینێت و خەریکە هێزەکانی ئەمریکا ئەم وڵاتە جێدەهێڵن، بەڵام تائێستا ئەم پرسیارە وەڵام نەدراوەتەوە. ئایە سیاسەتی نوێی عێراق سەرکەوتن بەسەر دابەشبوونی کەلتوری بەدەست دێنێ یان کەلتور و تائیفە دابەشبووەکانی دیموکراسی لەناوەوەی خۆی غەرق دەکات و دەیخنکێنێ؟ تا ئێستا نازانین.

لە هەندێک باردا، عێراق کەیسێکی تاقیکردنەوە بۆ بۆچوونەکەی سیناتۆری پێشوو (دانیال پاتریک مۆینیهان) کە پێیوابوو " واقعی کۆنزەرڤاتیڤی ناوەڕاست ئەوەیە کە ئەوە کەلتورە نەک سیاسەت سەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی لەخۆیدا هەڵگرتووە، واقعی لیبڕاڵی ناوەڕاستیش ئەوەیە سیاسەت دەتوانێت کەلتور بگۆڕێت و بیپارێزێت لەناوەوەی خۆیدا."

عێراق رووبەڕووی دوو سیناریۆ دەبێتەوە

:یەکەمیان یان ئەوەتا دەبێتە سۆماڵێکی گەورەی بە نەوت،

دووەمیان یان لەدوای رۆیشتنی ئەمریکا ئێران دەبێت بە یاریکەری سەرەکی وەک ئەوەی سوریا لە لوبنان کردی "بەشێوەیەکی ئایرۆنیکی، ئەوە لایەنگرە کۆنزەرڤاتیڤەکانی سەرۆک بۆش بوون کە موناقەشەی ئەوەیان دەکرد کە کلتور کێشەیەک نابێت بۆ عێراق و بەهاکانی دیموکراسی عێراقییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و رابردوو لەگۆڕ دەنێن. لەکاتێکدا لیبڕاڵ و ریالیستەکان پێیانوابوو کە عێراق بارێکی خێڵەکی موجەڕەدی نەگۆڕە و پێویست ناکات کە ئەمریکا دەستی خۆی تێوە بگلێنێت، عێراق ئەو شوێنە بوو کە هەمیشە رابردوو داهاتووی لەگۆڕ ناوە.

بەڵام هەرچی بێت ئێمە دەستمان خستە ناو ئەو وڵاتەوە و چانسێکمان بە خەڵکە ئەو وڵاتەدا کە لەمێژوودا هیچ وڵاتێکی دیکەی عەرەبی ئەم دەرفەتەی پێنەدراوە: بەئازادی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان بنووسنەوە و چۆن و بە چ شێوەیەک خۆیان دەیانەوێت حوکمی خۆیان بکەن و بەیەکەوە بژین.

لەگەڵ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 7ی ئازار ئەمریکا ژمارەی سەربازەکانی بۆ 50 هەزار سەرباز کەمکردەوە و لەکۆتایی ساڵی 2011 بەتەواوی سەربازەکانی لە عێراق دەکشێنێتەوە، لەسەر عێراقییەکانیش پێویسستە کە بڕیاری خۆیان بدەن چۆن ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە.

هەفتەی رابردوو چاوم بە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق جەنەڕاڵ (رای ئۆدێرنۆ)کەوت کە هاوشان لەگەڵ جێگری سەرۆک جۆی بایدن زۆرترین رێنمایی، هەوڵ و هەندێکجاریش کۆششی بەزۆر و ناچارکەریان بەر لەهەموو کەسێکی دیکە داوە بۆ رزگارکردن یان دوورخستنەوەی عێراقییەکان لە قەیران و کێشەکان. جەنەڕاڵ ئۆدێرنۆ زۆر هیواخواز دیاربوو بەڵام لەگەڵ ئەوەش نیگەران، هیوادار چونکە چەندین جار عێراقییەکانی بینیبوو کە بەرەو گۆڕان هەنگاوبنێن بەڵام پاشەکشەیان کردووە، نیگەران چونکە بارگرژی و توندو تیژی تائیفی جارێکیدیکە دەگەڕێتەوە بۆ شەقامەکانی عێراق و سیاسەتوانەکانی شیعە وەک کەسێکی نزیک و ئازیزی پێشووی سەرۆک بۆش (ئەحمەد چەلەبی) کە جەنەڕاڵ رای ئۆدێرنۆ بە پیاوی ئێرانی وەسف کرد بەشێک لە کەسایەتییە سوننەکانی لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان مەحرومکرد.

ئۆدیرنۆ وتی زۆر گرنگە کە عێراقییەکان هەڵبژاردن بە یاسایی و گرنگ تەماشادەکەن و پرۆسەیەکی دیموکراسی لەم وڵاتەبەڕێوەدەچێت، بەڵام من نامەوێت هەڵمەتەکان بەرەو دابەشبوونی تائیفی سەربکێشن، لەدواییدا درێژەی پێدا " من نیگەرانی ئەوەم کە هەندێک لایەنی سیاسی هەست بە پەراوێز خستن دەکەن بەوەی رێگەیان نەدان بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن."

چۆن ئەو یارییە سەرکەوتوو دەبێت؟ نمونەیەک بەڵام تا ئەندازەیەک لە سیناریۆ دەچێت بەوەی کە نیلسۆن ماندێلایەک لەناو شیعەی عێراق دەربکەوێت، شیعەکان کە ماوەیەکی زۆر لەلایەن هێزی بەعسی بەسەرکردایەتی سوننەی کەمینە چەوسێنراونەتەوە، ئێستا زۆرینەو دەسەڵاتی یەکەمی عێراقن. ئایە عێراق دەتوانێت سیاسەتوانێکی وەک ماندێلا بەرهەمبێنێت کە ببێت بە سارێژکەری نەتەوەیی؟ یەکێک دەسەڵات و توانای بۆ ئاشتەواییەکی راستەقینە بخاتە کار لەبری بەتەنیا زۆرینە شیعە؟ زۆر دوورەو تا ئێستاش هیچ ئاماژەیەکی وێنە ماندێلا لە عێراق دیارنییە. تەنانەت بەبێ ماندێلایەکیش عێراق دەتوانێت یەکبگرێت و بەرەوپێشەوە بچێت، ئەگەر رکابەرە شیعی و سوننی عەرەب و کۆمەڵگەی کوردی بتوانن بەیەکەوە باڵانسی دەسەڵات رابگرن-بەڵا شیعەکان زۆرینەی کۆمەڵگەی عێراقن و سەرەنجام زۆرترین قسەیان دەبێت- و سنوورەکانی دەسەڵات دیاریبکەن، ئەمەش سەرەنجام ناکۆکییە تائیفییەکان بەهۆی سیاسەتەوە چارەسەردەکات.

ئایە عێراق دەتوانێت سیاسەتوانێکی شیعی وەک ماندێلا دروستبکات کە ببێتە سارێژکەری نیشتیمانی؟

تا ئێستا هیچ ئاماژەیەک نییە دوو سیناریۆ لەبەردەمماندا هەیە کە هیچ یەکێک لە ئێمە ئارەزووناکات ببینێن: 1)کلتووری خێڵەکی عێراق سەربکەوێت بەسەر سیاسەت و ئەم وڵاتە بکات بە سۆماڵێکی گەورە بە نەوت،2)کاتێک ئەمریکا لە عێراق دەکشێتەوە، شیعەکانی عێراق حکومەت بەتەواوەتی بە ئێرانەوەببەستن، لەوکاتەدا ئێران دەبێت بە یاریکەری سەرەکی لە عێراق، بەهەمان ئەوشێوەیەی کە سوریا لە لوبنان کردی.

بۆچی ئێمە دەبێت گرنگی پێبدەین لەکلتێکدا بەجێیدێڵین؟ تائەندازەیەک سادە، تێکشکانی تەواوەتی هەرێمەکە بەهۆی سەددام حسێن لە عێراق و ئایەتوڵا خومەینی لە ئێران کە بلیۆنان دۆلاری هەناردەی نەوتیان لە رێگەیەوە بەهەدەردا، لەکاتی خۆیدا حکومەتیکی شەرعی و باوەڕپێکراوی دیموکراسی لە عێراق و ئێران دەرکەوتایە ئەوا ئەو سامانە زۆرە بەشێوەیەکی بەبنەما خەرج دەکرا نەک وەک رژێمەکانی پێشوو، تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش ئێستا شێوەیەکی جیاواتری هەبوو.

ئەم نامۆییە تا ماوەیەکی زۆر لەعێراق دەمێنێتەوە، لەکۆتاییدا رووبەڕی ئەوپرسیارە رەخنەئامێزە دەبینەوە کە سیاسەت ململانێی کەلتور دەکات،بەشێوەیەکی تایبەتی من باوەڕم بەو ئەرگومێنتەی لاورێنس هاریسن هەیە لە کتێبەکەی بەناوی "واقعی لیبراڵی ناوەڕاست" -

کلتور کێشەی گەورەیە، زیاتر لەوەی ئێمە بیریلێدەکەینەوە، بەڵام کلتورەکانیش دەتوانێت بگۆڕدرێن، زیاتر لەوەی ئێمە پێشبینی دەکەین. بەڵام ئەو گۆڕانە کات، سەرکردایەتی و زەحمەتی دەوێت، من پێموایە کە عێراقییەکان سەرسامامان دەکەن (بە باش یان خراپ)، ئەمەش لەکۆتاییدا عێراقییەکان وەڵامان دەدەنەوە: ئێمە کێین و چۆن دەمانەوێت بەیەکەوە بژین؟.

2010-03-26

**هەرێمی کوردستان، لەنێوان مەبەستی ئۆپۆزسیۆن و شەڕی بەغدا**

( فینانشیاڵ تایمز) رۆژنامەیەکی سیاسی ناسراو و پڕ خوێنەری ئەمریکایەو بەردەوام زۆر نزیکە لە رووداوەکان و لە نزیکەوە و بە وردی شیکاری بارودۆخە سیاسییەکان دەکات، ئەم رۆژنامەیە لەدوای ئەوەی راپۆرتێکی سەبارەت بە چۆنییەتی بەڕێوەچوون و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 25ی تەمووزی رابردووی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و وێڕای جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ئەم هەڵبژاردنە و پیرۆزبایی کردن لە خەڵکی هەرێمی کوردستان بەم بۆنەیەوە، هاوکات تێبینی خۆشی لەسەر بەشێک لە گزیکاری و ساختەکاری ئەم هەڵبژاردنە دەربڕیبوو، لەدوای ئەوەی کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئارام بوویەوە ئەم هەرێمەش لە ڕووی سیاسی و ئەمنییەوە بەدوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا هێوربوونەوەی بە خۆیەوە بینی، رۆژنامەی فینانشیاڵ تایمز راپۆرتێکی دیکەی شیکاری وردی لەسەر باروو دۆخ و کێشەو ناکۆکی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە.

دانیشتنی خولی نوێی پەرلەمان ۆژنامەی فینانشیاڵ تایمز سەبارەت بە یەکەمین دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و قەوارەی لیست و پارتەکان لە بەشداریکردنی ئەم خولە نوێیەی پەرلەمان دەنووسێت"لە چەند رۆژی رابردوودا پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یەکەمین دانیشتنی خولی نوێی بە بەشداری چەند لیست و قەوارەیەکی جیاواز بەست، یەکەم جاریشە ئەم پەرلەمانە جۆرە فرە دەنگییەک و فرە رەنگییەکی لەم چەشنە بە خۆیەوە ببینێت، کە بەبەشداری لیستی براوەی هەڵبژاردنەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و لیستی گۆڕان (کە دەنگی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی وەدەست هێنا)و چەند لیست و قەوارەیەکی تر بەپێی قەوارەی دەنگیان لە هەڵبژاردنی 25ی تەمووز.

سەرۆک سوێند دەخوات مر لەدرێژەی راپۆرتەکەیدا فینانشیاڵ تایمز ئاماژە بە سەرکەوتنی (مسعود بارزانی)دەدات لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان و دەنووسێت"بە هۆی ئەوەی کە رێژەی لە سەدا 70ی دەنگەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستانی وەدەستهێنا جارێکی دیکە بۆ ماوەی چوار ساڵی تر بوویەوە بە سەرۆکی هەرێم کە پێشتر لە ڕێگەی تەوافوقی سیاسی نێوان پارتەکەی تاڵەبانیpuk)) و پارتەکەی خودی

بارزانی (kdp)ئەم پۆستەی وەرگرتبوو، لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیشەوە سوێندی یاسایی خۆی خوارد و بە فەرمی لەم پۆستە دەست بەکاربوو"

کێشەکان لەگەڵ بەغدا.

لەبەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا رۆژنامەی فینانشیاڵ تایمز پەنجە دەخاتە سەر ناکۆکی و بارگرژییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا و دەڵێت"حکومەتی هەرێم لە حوزەیرانی رابردووەوە دەستی کردووە بە دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، لەگەڵ ئەوەی کە پارەی ئەم نەوتە وەبەرهێنراوە دەچێتە سەر بودجەی حکومەتی ناوەندی بەڵام وەزارەتی نەوتی عێراقی رەخنەی لەسەر چۆنییەتی ئەم رێکەوتنانەی حکومەتی هەرێم هەیە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بە مەبەستی وەبەرهێنانی نەوت، بۆیە حکومەتی ناوەندی ئەم گرێبەستانە بە ناشەفاف لەقەڵەم دەدات و دانی پیانانێت"

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رۆژنامەیە دەنووسێت، لەدوای نزیکەی یەک ساڵی تەواو لە بارگرژی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، دوای هەڵبژاردنەکانی 25ی تەمووزی هەرێمی کوردستان نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبوویەوە، بۆیە ئەم رۆژنامەیە پێیوایە کە بارگرژییەکان بەرەو رەوینەوە دەچن.

ئۆپۆزسیۆن چاوی لەسەر کێشەکانی هەرێمە

لە بەشێکی دیکەی ئەم راپۆرتەدا رۆژنامەی ناوبراو ئاماژە بەسەرهەڵدانی هێزێکی نوێی سیاسی دەکات لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان بە ناوی بزوتنوەی گۆڕان کە رێژەی لە سەدا 25ی دەنگەکانی پەرلەمانی بەدەست هێناوە و بڕیاری داوە کە بەشداری حکومەت نەکات و وەکوو ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا بمێنێتەوە، هەر لە درێژەیدا دیلفین ستراوسی نووسەری راپۆرتەکە ئەوە دەخاتە روو کە ئەم هێزەی ئۆپۆزسیۆن زیاتر جەخت لەسەر کێشە ناوخۆییەکان دەکاتەوە و هەروەک گەندەڵی و کەم و کوڕی خزمەتگوزاری و دەستبەسەرداگرتنی دارایی و هێزە ئەمنییەکان لە لایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتداری بارزانی و تاڵەبانی، هەروەک نوسەری راپۆرتەکە لەسەر زاری کەسی دووەمی لیستی گۆڕان و ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشە (محمد تۆفیق رەحیم) رایدەگەیەنێت کە بە فینانشیاڵ تایمزی راگەیاندووە" فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتدارییەتی لەم چەشنە پێویستی بە دوژمنێکە، لە هەرکاتێکیشدا ئەم دوژمنە بوونی نەبوو، ئەوا یەکێکی خراپتر دروستدەبێت."

دڵی کوردەکان

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا رۆژنامەی ناوبراو تیشک دەخاتە سەرناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بەتایبەتی شاری کەرکووک، کە ئەم رۆژنامەیە بە یەکێک لە هۆکارەکانی

کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێمی لەقەڵەم دەدات، ستراوسی نوسەری ئەم بابەتە پێیوایە کە کوردەکان مەحاڵە سازش لەسەر ئەم شارەیە بکەن و کەرکووک بەلای ئەوانەوە هێڵی سوورە، دیلفین بۆ ئەم مەبەستە لێدوانی فەلاح مستەفای بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم به نموونە وەردەگرێت کە تایبەت بەم رۆژنامەیە دەڵێت"کەرکووک لە دڵ و خەیاڵی هەموو کوردێکەوە نزیکە و هەر لایەنێک و حکومەتێکیش لە کوردستان بیەوێت سازش لەسەر ئەم ناوچانە بکات ئەوا پاڵپشتی کوردەکان لەدەست دەدات."

تەمەنی تاڵەبانی

رۆژنامەی فینانشیاڵ تایمز پێیوایە کە جەلال تاڵەبانی سەرەک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کارتێکی بە هێزی کوردەکانە لە کێشە دەرەکییەکان و کلیلی پەیوەندییەکانیشە لە بارگرژی و پشێویە ناوەخۆییەکان پەیوەندی پارتەکان، پێشیوایە کە خراپبوونی باری تەندروستی تاڵەبانی تەمەن 75 ساڵ بارودۆخەکان خراپتر و ئاڵۆزتر دەکات، هەروەک( ئەحمەد میرە)ی سەرنوسەری گۆڤاری لڤین لەمەڕ تەندروستی تاڵەبانییەوە بەم رۆژنامەیەی راگەیاندووە" تاڵەبانی زۆر گرنگە بۆ ساتی ئێستای کوردەکان و ئەو لاسەنگی نێوان پارتەکان دەپارێزێت، لەدەستدانی ئەم پیاوەش دەبێتە کارەسات

سوود لە رۆژنامەی فینانشیاڵ تایمزی ئەمریکییەوە وەرگیراوە

**داهاتووی عێراق بەرەو کوێ..؟**

ن/مایکڵ تۆتنوەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە/سەردەشت عوسمان

مایکڵ تۆتن رۆژنامەنووسێکی ئەمریکی مەیدانییە ، نووسەرێکی بەردەوامی رۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی وەک نیویۆرک تایمز و کۆمێنتەری و ویکلی ستاندەردو واشنتۆن پرۆسپێکت و چەندانی ترە ، ئەو زۆربەکەمی بیروڕای خۆی لە راپۆرتەکانیدا دەردەبڕێت بۆیە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ڕایگشتییەوە هەیە، لە گەشتێکی مەیدانیدا بۆ عێراق بارووذۆخی عێراق شیدەکاتەوەو لەنزیکەوە واقعی عێراق دەخاتە روو کە پێشتر ئەوکەسانە لەسەری دەدووان کە هەرگیز قاچیان نەخستۆتە ئەم وڵاتە.ئەم راپۆرتە زنجیرەیەکی درێژی رۆژنامەوانی مەیدانییە لەبەر گرنگییەکەی بۆ تێگەیشتن لەوەی کە لەنزیکەوەو بێپەردە لەئێستا چی دەگووزەرێ لە عێراق؟ ئێمەش لێرەدا لە دووتوێی ئەم ووتارەدا دەیخەینە روو.

لە دواهەمین گەشتمدا بۆ بەغدا هەوڵمدا تێبگەم ئایە رەوشی خراپی عێراق (the worst)کۆتایی هاتووە یان درامای کەمبوونەوەی توند و تیژی تەنیا ئارامییەکی ماوە درێژە،نیوەی عێراقی و ئەمریکییەکان کەمن دواندمن گەشبین بوون ونیوەکەی تر پێیان وابوو کە عێراق لە ئەگەری وێرانبوونە، من هیچ بیرۆکەیەکم نییە لەسەر ئەوەی کە کامیان

راستن و کامیان هەڵە ، ئەمە بەشی یەکەمی ئەم زنجیرەیەیە کە لەچوار بەش پێکدێت و لەم رووەوە من هەردوو کەیسەکە پێشکەش دەکەم و لێدەگەڕێم ئێوە بۆخۆتان بڕیار بدەن.

کاپتن (ئەلیسۆن تۆد)کڵاوە ئاسنینەکەی داکەند و خستە ژێربالَییەوە لەو کاتەی کە بەیەکەوە بەشەقامێکی تۆزاوی رێماندەکرد لەگەڕەکێکی شیعە نشینی شاری بەغدا.

هاتە ئاخافتن و وتی:"ئێرە سەلامەتترین شوێنە لەم شارە"بۆیە نە من و نە ئەو لەمە زیاتر پێویستیمان بە کڵاوی ئاسنین و گوللەبەند نەبوو، ئەم شەقامە لەلایەن جەیشی مەهدیەوە پرێزگاری لێدەکرا،سووپای مەهدی هێزێکی میلیشیایی شیعی سەر بەموقتەدا سەدرن،کەماوەیەکی زۆر لەم شارەدا نەبوون تا ئەو کاتەی لەبەهاری رابردوو سوپای عێراقی شارەکانی سەدرو بەسرەی شیعەنشینی لە یاخیبووەکان پاککردەوە،لەگەڵ ئەوەش سەدر و پیاوەکانی هەتا ئێستا دەسەڵاتیان بەسەر هەندێک لەم ناوچانەوە ماوە.

من پەیوەندیم بە کاپتن(ئەلیسۆن)وهەریەک لە کاپتن(تۆد لۆنی)و (کلینت رێچ)کرد کە بۆ ئێوارە خوانێک لەماڵی جەنەڕاڵێکی سوپای عێراقی بەناوی (ناسر)داوەتکرابوون بۆ تاوتوێکردنی رەوشی سیاسی و سەربازی،

لەدوای ئەمەش ئەو ئێمەی بە ئەفسەرێکی هەواڵگری سوپای عێراقی ناساند بەناوی(مێجەر کەریم)،هەر لەم ئێوارەیەدا بڕیاربوو یەکێک لە بەرپرسەکانی سوپای مەهدی ئامادەبێت،(حاجی جاسم)یاوەرەکەی ئەم ئێوارەی ئەم ئێوارەیەمان بوو کە لە سوپای مەهدی بوو لە دەزگای باڵی سیاسی (شەهید سەدر)،ئەو بۆشاییەی نێوان باڵی سەربازی و سیاسی سوپای مەهدی کارێکی دبلۆماتی ئەمریکیەکان بوو،وەک بیانوویەک بۆ بینینی ئەندامانی ئەم میلیشیایەو لەو رێگەیەشەوە بە (موقتەدا سەدر)رابگەیەنن کە ئەو دەتوانێ میلیشیاکەی کۆتایی پێبهێنێت بەبێئەوەی خۆی خانەنشین بکات لە سیاسەت ، ئەمەش هەمان ئەو سیاسەتەیە کە بریتانییەکان لە لوبنان لەگەڵ(حزب والله)پەیڕەوی دەکەن،بەڵام(حزب و الله)رەفزی ئەو یارییە فێڵاویە دەکات و رایدەگەیەنێت کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان باڵی سەربازی و سیاسیدا نییە،هەروەک جێگری سکرتێری حزب الله (نایم قاسم)دەڵێ:"هەموو کارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و جیهادیەکان بەستراون بە سەرکردایەتی ئەم دەزگایە و هەمان سەرکردایەتیش ئاراستەی کارەکانی پەرلەمان و حکوومەت دەکات کە پێشڕەوی کردارە جیهادییەکان دەکات لە دژی ئیسرائیل."

بەڵام سوپای مەهدی کەمێک وریاترن لە حزب واللەو لەگەڵ ئەم یارییە فێڵاوییە دەرۆنە پێش بەهۆی سوودمەندبوونیان،هەروەک کاپتن ئەلیسۆن دەڵێ"هەردوو لامان هەمان نمایش دەکەین،ئێمە حاجی جاسم بەکار دەهێنین و ئەویش ئێمە."

جەنەڕاڵ ناسر کە ئەم ئێوارەیە لەماڵەی میوان بووین، لەکاتی جەنگی کەنداو لەلایەن سەددام حسێنەوە زیندانی کرابوو،لەئێستاشدا هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە بکرێت بە وەزیری

بەرگری،پرسیاری ئەوەم لێکرد کە زۆربەی عێراقییەکان چۆن  لە ڕێکەوتنی سەربازی ئەمریکا–عێراق دەڕوانن؟

وتی:"زۆربەی عێراقییەکان دڵخۆشن بەمە،بەڵام سوپای مەهدی و ئێران هەوڵدەدەن  کە ڕێگربن لەبەرامبەر خەڵکی بۆ زانینی راستی ڕێکەوتننامەکە،بەڵام ئێمە هەموو  هەوڵێکمان داوە و تەنیا چینە نەخوێندەوەرەکە قەبوولی ئەم ڕێکەوتنە ناکەن"لەوکاتەشدا (کاپتن هێل)وتی:"ئەم مەبەستی زۆربەی خەڵکی شاری سەدرە."

بۆ پشتگیری لە قسەکانی جەنەڕاڵ ناسر درێژەی پێدا"ئێمە گرنگی بەو چەپانە دەدەین کە دەیانەوێ شەڕ بەردەوام بێت ، ئەوان لە پەیوەنیدان لەگەڵ ئێران،ئێمە بەشێکی سەرەکی کێشەکەین،ئەگەر ئێمە لێرە نەبین ئەوان ناتوانن هێرشبکەن،ئەمە بەشێکی کێشەکەیە،تەنانەت ئەگەر سوپای مەهدیش لەناو بچێت هەندێک گرووپی تر هەن کە تەنیا مەبەستیانە هێرشبکەنە سەر هێزە هاوپەیمانەکان،هەموویان مەبەستیانە ئێمە وەدەر بنێن لە عێراق."

ئەگەر هێزەکانی  ئەمریکا لەعێراق کشانەوە ئەوا دژبەیەکییەک لەیەک کاتدا لە عێراق دروست دەبێت ، یەکەمیان ، بەهانەی هەبوونی میلیشیاکان نامێنێت،دووەم،لەهەمان کاتدا خەیاڵی باوەڕبەخۆبوونیان بە سەرکەوتنەکەیان زیاتر دەبێت لە دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکی،(بەرهەڵستی تەنیا کاتێک مانای هەیە کە یەکێک هەبێت لەم دەورووبەرە بۆ بەرهەڵستی)ئەمە هەڵبژاردنە دووسەرەکەی حزب واللە بوو لە لوبنان لەو کاتەی کە حزب واللە  بەرهەڵستی خۆی لەدژی ئیسرائیل لەسەر کێڵگەکانی (شیبا)لە ساڵی 2000 ڕاگەیاند تەنانەت لوبنانییەکانیش بەر لەم ڕێکەوتە گوێبیستی ناوی ئەم هەرێمە بێدانیشتووانە نەبوبوون،ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چونکە نەبوونی بەهانەی هەرێمی شیبا بۆ بەرهەڵستی،بوونی ئەوان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەروەک ئامانجی سەرەکی گرووپە بەرهەڵستکارەکانی عێراق ئەمریکایە،  بەڵام ئەوان بێسوود دەمێنن ئەگەر نموونەی ئەوەیان پێبدەی کە ئیتر بردوویانەتەوە و تەواو،بۆیە ئەوان بەردەوامی شەڕیان دەوێ.

هەر لەسەر ئەم باسەدابووین کە مێجەر کەریم وتی:"من بۆ ماوەی 17 ساڵ ئەفسەری هەواڵگری بووم و ماوەی پێنج ساڵیشە کار لەگەڵ ئەمریکییەکان دەکەم،گرووپە تایبەتییەکانی سوپای مەهدی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەلڕ هەواڵگری ئێرانی و ئۆفیسی (خامەنەیی)،دەیانەێت ویستی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا لە عێراق سەر بخەن."

رایان کرۆکەر کە لەساڵی 1990بۆ 1993 باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە لوبنان و لە 2007 وە بۆ 2009 باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە عێراق،بەراوردی هاوکاری ئێران بۆ میلیشیاکانی عێراق و بەرنامەکەی حزب واللە دەکات لە لوبنان دەڵێ:"ئێران بەردەوام  هەوڵدەدات،وەک

ستراتیجییەتی بە لوبنانبکردن(lebonanization)بەکارهێنانی هەمان تەکنیک کە ئەوان بەکاریان هێنا لە لوبنان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵگە ناوخۆییە شیعییەکان و بەکارهێنانیان وەک ئالەتێکی سەرەکی هێزی ئێرانی" حاجی جاسم،میوانەکەی جەنەڕاڵ ناسر لە باڵی سیاسی سوپای مەهدی وتی:"لە میدیاکاندا سوپای مەهدی وەک دژ نیشاندراوە لەبەرامبەر ڕێکەوتنە سەربازییەکەی عێراق–ئەمریکا،بەڵام ئێمە حەز بەمە دەکەین ئەمە لەهەر شتێکی دیکە زیاتر یارمەتی سەدر دەدات،ئێوە بۆ 20ساڵ داگیرکاریتان دەویست،ئێستا بەپێی ( ڕێکەوتنی عێراق– ئەمەریکا) ئەمە دادەبەزێ بۆ تەنها 3 ساڵ،ئەمەش شتێکی مەزنە بۆ ئێمە.

لەبارەی ئێرانیشەوە حاجی جاسم وتی:"ئێران پاڵپشتی گروپە توندڕەوەکان دەکات،بەڵام ئەوان بچووکن و ترساون،نەترساون لە ئێوە(ئەمریکا)یان سوپای عێراق،ئەوان لەخەڵکی عێراق دەترسن،خەڵکی ئێستا ئارامییان دەویً و ئێمەش ئارامی بۆ خۆمان و ئەو خەڵکە دەسەبەر دەکەین)کاپتن هێل بەمەبەستەوە پیًیگووت:"خۆشبەختانە ئێوەو خەڵکەکەتان زۆر شتتان لەدەست دێت و ئێمەش کەمتر"

حاجی جاسم وەڵامی دایەوە "لەدوای پاشەکشەتان ئێمە بەهەردوولا هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕو ئەمەتان بۆ دەسەلمێنین کە سەربازە عێراقییەکان دەتوانن ئەمە بکەن"ئەو مەبەسنی لە وشەی"ئێمە"تەنیا مەبەستی سوپای مەهدی نەبوو بەڵکوو خەڵکی عێراق بوو.

ئەگەر ڕەوشی عێراق بە لوبنان بەراورد بکەین ئەوا هەرگیز بەرپرسێکی حزب والله لەگەڵ ئەفسەرێکی ئیسرائیلی شتێکی ئاوا بڵێت،چوونکە دەرفەتێکی لەم چەشنەیان بۆ هەڵناکوێ لەگەڵ سوپای لوبنانی هاوبەشی لە وەدەرنانی تۆڕەکانی ئیسرائیلی بکەن لەباشوری لوبنان.

ئەوی کەلەم دانیشتنەدا بۆ من روونبوویەوە ئەوەبوو کە بۆم دەرکەوت لەیەکچوونی سوپای مەهدی لە عێراق و حزب ولله لە لوبنان لەهەموو کاتێک کەمترە لەکاتی ئێستادا.

لێرەوە حاجی جاسم دەبوا یە داوای لێبووردن بکات و لەوە زیاتر نەیدەتوانی لەماڵی جەنەڕاڵ ناسردا بمێنێتەوە چونکەدیداری لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی هەبوو لە جەیشی مەهدی.

من ویستم پرسیار لە جەنەڕاڵ ناسر بکەم سەبارەت بە کلێشەی ڕێکەوتنە سربازییەکەی نێوان عێراق و ئەمەریکا ،ئەو وتی:"خەڵکی عێراق ئازاری زۆریان چەشتووە لەلایەن میلیشیا سەربازەکان و سووپای مەهدی،ئەوانە ئەمانەن کە نایانەوێت ئەمریکیەکان لێرەبن،ڕێکەوتننامەکە دەڵێ بە قۆناغ هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق پاشەکشە دەکەن و لەدووایشدا وڵات جێدەهێڵن،هەموو میلیشیاکان خۆیان لەدەستداوە،چونکە ڕێکەوتننامەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە کەش وهەوای عێراق ئارامە ئێستا،میلیشیاکانیش پارەو دەسەڵاتیان لە کەشی ئاساییشدا لەدەست دەدەن،من پرسیارم لەوانە کردووە کە دژی ئەو ڕێکەوتنەن (sofa) ئەگەر ڕێکەوتننامەکەیان خوێندبێتەوە،وتوویانە نەخێر،هەموو ئەندام پەرلەمانەکان

رازیبوون بەمە،ئەوانەش کە خوێندوویانەتەوەو حەزی پێناکەن دەیانەوێ سوود لە بارودۆخی خراپی عێراق وەرگرن،پرسیارم لە کەسانێکی سوپای مەهدی کردووە کە بۆچی ئەوان نایانەوێ ئەم رێکەوتنامەیە ئیمزابکەن ؟ وتوویانە ئەوان قازانجەکانی شەڕیان دەوێت و دەیانەوێت بەتووند و تیژی سوپای ئەمریکا لەکاتی خۆیدا لەعیراق وەدەربنێن وەک ئەوەی لە ڤێتنام.

جەنەراڵ ناسر تەواو پێچەوانە بوو لەگەڵ ئەندامەکەی سوپای مەهدی و گووتی،من وابیرناکەمەوە کە کامیان هەڵەیە یان درۆم لەگەڵ دەکات،ئەمە هەڵبژاردنێکی دووفاقیانەی شەڕکەرەکانە،هەمان حاڵەت کە حزبواللە رووبەڕوویدەبێتەوە لە لوبنان،هەردووکیان دەیانەوێ دووژمنەکانیان وەدەربنێن، بەڵام هیچ یەکیان ناتوانێت بەبێ دووژمنەکانیان بمێنن،جەنەڕاڵ ناسر وتی"ئەگەر ئەمریکییەکان بڕۆن ئەوا ئەوان تاکە هۆکاری بەرهەڵستی و مانەوەیان لەدەست دەدەن."

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راستە حزب واللە بەشێک لە پاڵپشتیکەرەکانی لەدەستدا لە لوبنان ، بەڵام هەتا ئێستا بەهێزەو تا ئێستاش پشتگیری لێدەکرێت لەلایەن شیعەکانەوە و تائێستا هەڕەشە لەبەیرووت دەکا بە مووشەکەکانی.

کاپتن لۆنی وەڵامێکی بۆ ئەمە هەبوو و وتی:"بەڵام ئەوەت لەبیربێت کە ئیسڕائیل لەسەر سنووری لوبنانە،بەڵام ئێمە ئۆقیانووسێک دووردەبین،سوپای مەهدی ناتوانێت رۆکێتەکانی لە ئەمریکا بدات هەروەک حزب واللە دەتوانێت لە ئیسڕائیلی بدات"

سەبارەت بە چارەنووسی عێراق جەنەڕاڵ ناسر ووتی:"کاتێک ئێوە دەڕۆن و جێمان دەهێڵن،ئێمە دەزانین رێگەچارە بۆ خەڵکی عێراق چییە،ئێمە هێز بەکار دەهێنین"

عێراق هەرگیز بەشێوەیەکی سەرکەوتوو رێکنەخراوە لەلایەن کەسێکەوە تەنیا یەکێکی بەهێز نەبێت،تەنانەت دەتوانین بڵێین عێراق هەرگیز بەشێوەیەکی سەرکەوتوو رێکنەخراوە،کێن ئەوانەی ئەمرۆ بەراستی باوەڕیان بەوە هەیە کەبەکارهێنانی هێز لەلایەن سەددام حسێنەوە چارەسەرێکی کاریگەر بوو بۆ خەڵکی عێراق،وەک جەنەڕاڵ ناسر ئاماژەی پێدەدات ؟ سەرەڕای نائارامیم بەوەی کە ئەو دەیڵێ،باوەڕ ناکەم ئەو مەبەستی سیستەمێکی تۆتالیتاری بێت وەک چارەسەر بۆ عێراق. زۆربەی عێراقییەکان کە وابیردەکەنەوە رەوشی خراپی عێراق (the worst)کۆتایی هاتووەو ئەم بەرەوپێشچوونە کەم تا زۆر کۆتایی جەنگەکەیە،بەڵام باوەڕناکرێت کەعێراق شێوەی نەتەوەکانی دوای کۆمۆنیزم لەخۆرهەڵاتی ئەوروپا بەخۆیەوە ببینێ ،بەغدا پراگی داهاتوو نییە،عێراق لەوانەیە کەمێک بێتووندوتیژی بێت لە ئێستادا بەبەراورد بە پێشتر،بەڵام مانای ئەوە نییە ببێتە نموونەیەکی دیموکراسی.

پێیم وتت کە وابیرناکاتەوە حکوومەتی ئێرانی توندو تیژی هەڵبگیرسێنێتەوە لە عێراقدا لەهەرکاتێک کەوویستی؟

ووتی( لەراستیدا ئێران هەموو هێزە توندڕەوەکانیان لە عێراق بەکار هێناوە کە لەتوانایاندا بووە،عێراق گیرۆدە ببوو لەنێوان ئەمریکاو ئێران،ئەمەش شەڕێکی بریکاری(proxy) بووە لەناو عێراق یەکلاکراوەتەوە، شیعەکان تەنیا توانیان هاوکاری لە ئێران وەرگرن،لەکاتێکدا سوونەکان لەهەموو وڵاتە عەرەبییەکان هاوکارییان پێدەگەیشت،ئەگەر وڵاتە عەرەبییەکان بووەستن لە هاریکریکردنی سونەکان،ئەوا شیعەکانیش کۆڵدەدەن لەگەڕان بەدووای هاوکاری ئێران.

ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان توانی هەریەک لەکێشەکانی بارگرژی عەرەب و ئیسرائیل، دیموکراسییەت لە جیهانی عەرەبی و وەهابییەکان چارەسەر بکات ، ئەوا پەیوەندی عەرەب و ئەمریکا چارەسەر دەبێت،بەڵام ئەمە ڕێگەیەکی درێژە.

لەبارەی پەیوەندیش لەگەڵ ئەمریکا دا جەنەڕاڵ ناسر دەڵێت:"ئێمە پێویستمان بە دۆستایەتی ئەمریکا دەبێت چونکە ئەمریکا وڵاتێکی بەهێز و پەروەردەیی و خاوەن سەروەرییە،ئێمە دژی ئەمریکاو ئیسرائیل نین،ئەمریکییەکان هاوڕێی منن ،کەسێکی خراپ دەتوانێت 40هەزار دۆلار وەربگرێت بۆ کوشتنی من،لەبەرئەوەی دەڵێن من کادرێکی ئەمریکیم،بەڵام بەرپرسێکی سوپای مەهدی کە کەسی دووەمی ئەوگروپەیە لە دوای موقتەدا سەدر،پێمی گووت نیگەران مەبە من پارێزگاریت لێدەکەم". هەندێک کات زۆر زەحمەتە بزانی کەئەوانەی قسەیان لەگەڵ دەکەی راستگۆن یان نا لە خۆشەویستییان بۆ ئەمریکا،بەڵام من پێموابوو جەنەڕاڵ ناسر راست دەلێ بەهۆی تێبینیم بۆ جووڵەی جەستەو تۆنی دەنگی.

لە کۆتایی دیدارەکەماندا پرسیاری ئەوەم لە (کاپتن لۆنی) کرد کە ئایە ئەو پێیوایە ئەم ئارامییەی ئێستای عێراق لەدوای پاشەکشەی سوپای ئەمریکا لەم وڵاتە بەردەوام بێت،یان داهاتووی عێراق بەبێ بوونی هێزەکانی ئەمریکا ئارامی بەخۆیەوە ببینێت؟لەوەڵامی ئەمە دا ووتی:بێگومانم لەوە،چونکە ئێستا سوپای عێراق بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەلایەن سوپای ئەمریکاوە راهێنانی پێکراوە و خەڵکی عێراقیش ئێستا باش لەوە تێگەیشتوون کە هاوکاریکردنی هێزە چەکدارەکان لەبەرژەوەندی ئەوان نییە و ئەوانیش حەز بەئارامی دەکەن،بۆیە من دڵنیام چەکدارەکانی ئەلقاعیدە ناتوانن پەناگەیەکیان لە عێراق هەبێت.

**کارەساتێک بەرێوەیە ..**

وەرگێڕان و بەدواداچونی:سەردەشت عوسمان

لە شەقامی موتەننەبی شاری بەغدا کە شوێنی کتێبفرۆشەکانە یەکێک لە خاوەن دوکانە کتێبفرۆشەکانی ئەم شەقامە بە چاویلکەیەکەوە و بە توورەییەوە بۆ خەڵکەکە قسەیدەکرد و دەیووت" ئەمە ئازادی رادەربڕین نییە، ئێمەش دەبێت وەکوو رۆژنامەنووسەکان خۆپیشاندان ساز بکەین"، ئەمە هوتافی کتێبفرۆشەکانی بەغدابوو لەم هەفتەیەدا لە بەرامبەر یاسا

نوێیەکەی حکومەتی مالکی سەبارەت بە سانسۆر خستنە سەر بڵاو کراوە و نوسین و کتێب بۆ ئەوەی رێگریبکرێت لە بەرامبەر بڵاو بوونەوەی ئەو بابەت و نامیلکانەی کە هانی توند و تیژیدەدەن، بەڵام ئایە کتێبفرۆشەکان وەکوو رۆژنامەنوسەکان جورئەتی ئەوە دەکەن کە لە مانگی رابردوودا لە دژی سنوردارکردنی کاری رۆژنامەوانی لەلایەن حکومەتی مالکییەوە خۆپیشاندانێکی بەرفراوانیان لە شاری بەغدا سازکرد؟

یەکێک لە کتێبفرۆشەکان دەڵێت" لەوانەیە بتوانین، بەڵام ئێمە نیگەرانی ئەوەین کە پۆلیسەکان بە جلی فەرمییەوە دەربکەون و یەکە یەکە ناوەکانمان تۆماربکەن و لە دواییشدا لەوانەیە لە بەرامبەر ئەوەی کە خۆپیشاندانمان سازکردووە رەوانەی بەردەم دادگاکان بکرێین و لەوێشەوە دادوەرەکانی سەر بە حکومەت سزامان بدەن، ئەمەیە عێراقی نوێ کە دەسەڵات لەژێردەستی کەسانێکەوەیە کە هاوکات چەکیان بەدەستەوەیە."

وڵاتی عێراق کە ئێستا بەشێکی زۆری دام و دەزگا و پۆستە ئیدارییەکان بەدەستی شیعەکانەوەیە، هەتا دێت دەزگاکانی ئاسایش لە فراوانبووندان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیش تادێت زیاتر دەبێت، رۆشنبیرەکانیش گومان و ترسی ئەوەیان هەیە کە وڵاتەکەیان بەرەو وڵاتێکی سەربازی هەنگاوبنێتەوە و کەلتورە کۆنەکەی سەردەمی سەددام حسێن جارێکی دیکە بگەڕێتەوە. ئەشکەنجەدان شتێکی رۆتینییە لە زیندانەکانی عێراق، سامر موسقەتی کە کارمەندێکی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ(human rights watch)ە کە بارەگاکەی لە نیویۆرکە دەڵێت"تەنانەت ئەگەر بەپێی ستاندەردەکانی هەرێمیش عێراق بەراورد بکەین، بارودۆخەکە زۆر خراپە و بەرەو خراپتریش دەچێت"

لە زیندانیەکاندا پۆلیسی عێراقی بەندییەکان ئەشکەنجە دەدەن و نینۆکەکانیان هەڵدەکێشن، تەنانەت زۆرجار ئەم ئەشکەنجە دانانە ئەوانەش دەگرێتەوە کە کە دانیان بە تاوانەکانیاندا ناوە، یەکێک لە زیندانییە ئازادکراوەکان کە تاوەکوو ئێستا بەهۆی ئەشکەنجەی زیندانەوە دەشەلێت دەڵێت" لەوانەیە من زۆر بەختەوەر بم، چونکە لەوکاتەوی کە دوای پێنج رۆژ لە ئەشکەنجەدان تێکەڵ بە زیندانییەکانی دیکە کرامەوە زۆرێک لە زیندانییەکان باڵێک یان قاچێک یان ئەندامێکی تری جەستەی لەدەست دابوو."

لە مانگی تەموزی رابردوو پۆلیسی عێراقی لە کاتی شەوانەدا باری نائاسایی راگەیاند و ئەمەش کارەکانی پۆلیسی ئاسانکرد بۆ دەستگیرکردنی ئەوانەی کە نەیاری حکومەتە شیعە دەسەڵاتەکەی بەغدان، بەتایبەتی سەرکردەکانی ئەنجومەنی سەحوە و گرووپە سونییەکان و گرووپە چەکدارییەکانی پێشوو و هەوادارەکانیان کە پێشتر هاوکاری حکومەتی عێراقیان کرد لە زاڵبوون بەسەر گرووپە یاخیبووە سونییەکانەوە کە رەتی ئەوەیان کردەوە بێنە سەرهێڵ لەگەڵ حکومتی عێراقیدا. لە بری بە دامەزراوە کردنی ئەم هێزە چەکدارانە کە هاوکارێکی گرنگی هێزەکانی عێراقی بوون بۆ کۆنترۆڵکردنی یاخیبووان، رەوانەی زیندانەکان کران، کاری دەستگیرکردنی ئەم کەسانەش بە یەکەیەکی سەربازی سپێردراوە بە ناوی فیرقەی

بەغدا و لەناوخەڵکیشەوە بە گرۆپی پیس ناسراون (the dirty squad)و راستەوخۆ لە ئۆفیسی نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە فەرمان وەردەگرن.

لە کاتێکدا کە ئەمریکییەکان زۆربەی زیندانییەکانی خۆیان ئازاد کرد، ئەوا لەدوای ئەم بەروارەوە هێزەکانی عێراقی هیچ مانگێک نییە کە کەمتر لە 1500 کەس نەخاتە زیندانەکانییەوە، لە کاتێکدا ژمارەی زیندانییەکان لە زیندانەکانی ژێردەسەڵاتی ئەمریکییەکان لەساڵی رابردووەوە لە 21 هەزارەوە کەمبوویەوە بۆ 9 هەزار زیندانی، لەهەمانکاتدا ژمارەی زیندانییەکانی ژێر دەسەڵاتی پۆلیسی عێراقی لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە تا ئێستا لە 35 هەزار زیندانییەوە بەرزبوویەوە بۆ 40 هەزار.

لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە ئێستا حوکمی لەسێدارەدان لە عێراق کاریپێدەکرێت و رێژەی ئەم حوکمەش زۆر بەرزە لە دادگاکان، لە یەک رۆژی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا 19کەس ئەم حەکمەیان بەسەردا جێبەجێکراوە لە شاری بەغدا، لە نوێترین راپۆرتی خۆیدا رێکخراوی لێبووردنی گشتی نێودەوڵەتی(      کە بارەگاکەی لە بریتانیایە دەنووسێت" لە ساتی ئێستادا زیاتر لە هەزار عێراقی حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا دراوەو لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی حوکمەکەیاندان، زۆرێک لە زیندانییەکانیش لە ژێر ئەشکەنجەدانەوە دانیان بەو تاوانەوە ناوە کە بەهۆیەوە حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە.

رۆژنامەنووسەکان قوربانییەکی بەردەوامی ئەم سیستەمە دادوەریەن لە عێراقدا، لە مانگی تەمووزی ئەمساڵدا یەکێک لە رۆژنامەنووسەکان بە هۆی ئەوەی کە وێنەی یەکێک لە ترافیکەکانی هاتوچۆی شاری بەغدای گرتبوو، لەلایەن پۆلیسی عێراقییەوە دەستگیرکرا لەبەرئەوەی بەم شێوەیە لێکدرایەوە کە ئەم رۆژنامەنووسە دەیەوێت بە شێوەیەکی نەرێنی و بە وێنەوە دەیەوێت وەڵامی لێدوانەکانی نوری مالکی بداتەوە کە وتبووی وڵاتی عێراق بەرەو چاکسازی و باشتر هەنگاو دەنێت، رێکخراوی رۆژنامەنووسانی بێسنووریش لە مانگی تەمووزیش راپۆرتیچکی بڵاوکردەوە کە وڵاتی عێراق لە کۆی 173وڵاتی جیهان لە پلەی 158ەمین وڵاتی دونیا دێت لەرووی گرنگی و بەرەوپێشچوونی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

حکومەتی عێراق لەم ماوەیەدا یاسایەکی دەرکردووە بە پێی یاسا سانسۆردەخاتە سەر ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و کافێکان بە بیانووی قەدەغەکردنی ماڵپەڕە سێکسی و حەرامکراوەکان، بەڵام خەڵکی عێراق سەرەڕی بە گرنگزانینی ئەم کارەی حکومەت لەبەرامبەردا نیگەرانی ئەوەشیان هەیە کە ئەم هەنگاوەی نووری مالکی بە مەبەستی چاودێریکردنی نەیارەکانی بێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی هێرشەکانی ئەمریکا عێراق سەرەڕای دەرکردنی دوو دەستوور لە پەرلەماندا نەیتوانی بە یاسا حکومەتێکی ناوەندی لە عێراق بچەسپێنرێت لەلایەن شیعەکانەوە، بۆیە هەر هەنگاوێکی لەم چەشنەی حکومەتەکەی ناوەندی مەترسی تەسفییەکردنی نەیارەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لێدەکرێت، بەتایبەت کوردەکانی خاوەن ناوچە فیدراڵییەکەی باکوور کە داوای فراوانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان دەکەن و شیعەکانی بەسرا کە داوای

ناوچەیەکی فیدڕڵی لە شێوەی کوردەکانی باکوور دەکەن سوود لە گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی ئەمریکییەوە وەرگیراوە

**بەشێک لەکورتە شیعرەکانی ڕۆژنامەنوس( سەردەشت عوسمان)**

هێندە سەیری کتێبم کرد
تا چاوانم لەنێو دوو دێر جێما
چەندین ساڵە تۆ چاوی من دەخوێنیەوە
کەچی هێشتا نازانی من کێمە
*** *** ***

لەدەیان ژووری زانکۆدا
ژوورێ نیە لەوانەبێ تیا دانیشی
تۆش لەم کورسی بۆ ئەم کورسی هەر ڕادەکەی
هێندە بۆ وانەیێ بە پەرۆشی
*** *** ***

گەر ئەمجارە ژوور نەبوو تیا دانیشی
هێدی هێدی تۆ وەرە لام بە پیاسە
من لەدڵما دوو ژوور هەیە
یەکێ بۆ تۆ ئەویتریش بۆ هەناسە
*** *** ***

بڕواناکەم بەو فرمێسکانەی لە چاوانت ڕژاوە
بەو دڵۆپە ووردیلانەی بەسەر ڕوومەتت پژاوە
واهەست دەکەم ڕوومەتت پەڕەی گوڵ بێت
ئەم دڵۆپانەش خوناوە
*** *** ***

سەفەر...!
بۆ ئەو کچەی لەشەوێکا یەکمان ناسی
لەرۆژێکدا یەکمان وون کرد
لە پایزدا رواندمی
لەبەهاردا رۆحمی وشکی کرد
*** *** ***

لە زەوییەوە ماڵئاوایی کرد
من لە ئاسمان چاوەرێیم
ئەو نیشتیمانیشی جێهێشت
کەچی من هەر چاوەرێیم
*** *** ***

لە خەمی رەش بەجێیهێشتم
لە هیوای رۆشن بۆتە وێڵم
لە نیشتیمانەوە سەفەری کرد
من غەریبی بۆتە کێلم

*** *** ***

چاو شارکێ...!
ئەزیزەکەم..
لەم مەملەکەتەی ئێمە
مناڵەکان یاری چاوشارکێ دەزانن
ئەم یارییەمان زۆر کردووە
هەست دەکەم هەر لەم یارییەوەیە
هەستی وون بونمان چەشتوە

*** *** ***

لەو کاتەوەی کچە هاوسێکەم خۆی وون دەکرد
وورده وورده بەدواییدا دەگەڕام
کە دەمزانی نایدۆزمەوە
هاوارمدەکرد : ئا دەی وەرە تۆ براوەیت
تا گەورە بوم و تۆم ناسی
تۆش خۆت وون کرد و وەکو کچە هاوسێکەم

*** *** ***

لەم رۆژەوە هەر بەدرۆ هاواردەکەم
بەڵام هەر دەرناکەوی
گومان دەکەم لە پشتی ئەو هەورە سپیە خۆت حەشار دابێت
زوو خۆت دەرخە
چەند مانگیتر هاوین دادێت
ئەگەر لەگەڵ بەفرا نەتوێیتەوە
لە پایزدا لەگەڵ گەڵای دارەکان دێیتەوە

*** *** ***

ئەفسوس...
هاوین هات و پایز هات و ...هات
تۆ دیار نەبوی
دوایی چوار ساڵ ئەقیژێنم
ئا دەی نەورەس وەرە دەرێ تۆ براوەی
بەڵام دیسان تۆ هیچ ناڵێی

دەبێ کێ بێت ئا بەم چەشنە
چاو شارکێی تەمەنی فێر کردووی ؟!
***                    ***                    ***

Sms
زۆرجاران بەدەم رێگاوە
بۆ لای کوچەی شەقامی کەناڵەکەت دێم
ئەڵێم نەبا دڵی بشکێ
تێدەپەڕم پێ بەجەرگی خۆما ئەنێم
بەس ئەمجارە گوێی پێنادەم
لەگۆشەی رۆژنامەکەمدا
دوا ( ئێس ئێم ئێس ) ی تۆ دادەنێم.
***                    ***                    ***

تێبینی – ئەو کورتە شیعرانە رۆژنامەنوسی جوانەمەرگ خۆی بڵاوی نەکردبویەوە لەبەر هەر هۆیەک بێت کە ئێمە نازانین،تەنها لەسەر دەستنوس دەفتەرەکانی خۆی و هاوڕیکانی نوسیبوی .

# دۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسمان



**پەیام بە خەڵکی کوردستان لەسەکۆی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی شاری سلێمانی**

**خەلکی ئازادیخوازی کوردستان! ئامادەبووانی بەریز!**

**سەرەتا هەڵوێستی ئینسانی و ئازادیخوازانەی ئیوە بۆ ئیمە جیگەی ڕیز و ستایشە بۆ یەک یەکەی خێزان و ئازیزان و خۆشەویستانی "سەردەشت". پشتیوانی و هاوخەمی و نارەزایەتی ئێوە، لەئامێزگرتن و هاوسۆزی ئیوە نەبوایە دڵنیابن ئەو کارەساتە گەورەیە بۆ ئێمە زۆرگەورەتر لە ئێستا بەسەرمان ئەشکایەوە. هەڵوێستی ئینسانی و ئازادیخوازانەی ئێوە ئەوەندە گەورەیە ئێمەشی گەورەتر کرد لەوەی کارەساتی ئاوا گەورەش بمانروخینێ.**

**هەر ئەو نارەزایەتی و پشتیوانی ئێوەشە زەمانەتی ئەوەیە کە مەسەلەی سەردەشت ئەمڕۆ ببیتە مەسەلەیەک ئاسان نەبیت هەوڵی تیپەراندنی بدریێت. بەردەوامی ئەو هەڵوێست و نارەزایەتیانە و بەرز راگرتنی مەسەلەی سەردەشت، تاکو ئاشکراکردنی تاوانکاران وگەیاندنی بەسزای عادیلانە.**

**ئاخر چۆن ئەکریت ئەوە قەبول بکریت، بە رۆژی ڕوناک و بە ئاشکرا، بە بەرچاوی پۆلیس و خەڵک ئینسانێک بە زۆر بفڕینریت و وونبکریت و بەدەیان بازگەی تۆکمەو توند دەربازبکرێت و دوواتر تیرۆرکردنی. بیئەوەی هیچ ئاسەواریک بە دوای خۆی بەجێبیڵێ. چۆن ئەکرێ باوەر بکەین و قبوڵ بکەین ئینسان لەسەر ووشە، رەخنە و ووتار و کاری رۆژنامەگەری بکوژرێ.**

**تیرۆرکردنی سەردەشت ئەوپەری دڕندەییە. تیرۆر و کوشتنی سەردەشت تیرۆری ئازادی و کوشتنی رەخنەو ئازادی رۆژنامەگەریە. گۆرینی ئەوحەقیقەتە تاوانیکی گەورەترە بەحەقی سەردەشت و خەلکی کوردستان**

**کەسانێک تاکو ئیستا بیر لەساتوسەودا لەسەر خوینی سەردەشت ئەکەنەوە، ئەوا با خاترجەم بن خوێنی سەردەشت و مەسەلەی سەردەشت بەهیچ شێوەیەک مسامەوەی لەسەرناکرێ.**

**ئەمرۆ ئیمە شانازی بەسەردەشت ئەکەین و سەردەشت سەربەرزیەکی گەورەیە بۆ ئیمە.**

**ئەمرۆ سەردەشت و بیرکردنەوەی ئینسانی و ڕەخنەکانی سەردەشت چرایەکە بە دەست ئێمە بۆ رووناک کردنەوەی شەوە تاریکەکانی ئەم وولاتە، چرایەکە بو ئەوەی بزر نەبین و راستیەکانی ژیانمانی بەباشی پێ ببینین.**

ئەمرۆ کێشەی سەردەشت هەر تەنیا کیشەی بنەماڵەی سەردەشت نیە. کێشەی سەردەشت کێشەی ناعەدالەتیە کێشەی ئازادیە کێشەی گەنجان و سەرجەم خەلکی کوردستانە. ئەگەر ئەو کیشەیە بەعەدالەت نەگات، ئەوا چارەنوسی رۆلەکانمان زۆر رەش ئەبیت و چەندین کارەساتی گەورە و گەورەتر ئەبیتە نسیبی خەڵکی کوردستان و خوێنی هەزاران کەسی تر ئەکریتە کاسەوە.

ئەگەرئەو کارەساتە گەوەرەیە لەهەر وولاتیکی تری دنیا روویبدایە، ئەگەر حکومەت و دەزکا بەرپرسەکان لەماوەی ٢٤ سەعات روونکردنەوەی پیویست نەدەن و پرۆسەی بەنەتیجە گەیاندنی دیاری نەکرێ، ئەوا حکومەت و دەزگا بەرپرسەکانی ئەو وولاتە دەست لەکارکیشانەوەی خویان رادەگەینن.

دەسەلاتدارانی ئەم وولاتە رۆژانە هات و هاواری ئەوە دەکەن کە کوردستان ئارامە و ئازادی و دیموکراسی بەرقەرارە بەشیکی زۆری سەروەت و سامان و بوودجەی خەلک و حکومەت خەرجی دەزگا تەئەمنیەکان ئەکریO چەندین دەزغای ئەمنی گەورە دروست کراوە......

ئەو ئەمنیەتیە لەکوێ یە؟؟ بۆچی سەردەشت کە هەرەشەی لەسەر بوو هیچی بۆ نەکرا؟ بۆچی کە سەردەشت ئەڕفیندرێ هیچی بۆ نەکرا؟ بۆچی بەدوای روودانی ئەو کارەساتەش ئەوا هەفتەیەک زیاتر تێئەربیت هیج دیارنیە؟

تیرۆرکردنی سەردەشت زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر چارەنوسی کۆمەلکەی کوردستان هەر بێدەنکی و کەمتەرخەمیەک لەم مەسەلەیە کوردستان تاریک ئەکات و کوردستان ئەبیتە گۆمی خوین و قەسابخانەیەک بۆ هەرکەسیک بیربکاتەوە و بۆ هەرکەسێک رەخنە لە کێشەکانی ژیانی خۆی بگرێ.

بۆیە ئیتر نابیت بێدەنگ بین و بێدەنگ نابین، پر بەگەرومان هاواردەکەین مەرگ و رووڕەشی بۆ بکوژانی سەردەشت ئەبێ بکوژانی سەردەشت بەزوترین کات ئاشکرابێت و لەدادگایەکی ئاشکراو عادلانە دادگایی بکرین و بەسزای عادلانە بکەیەنرین خەلکی ئازادیخوازی کوردستان! ئامادەبووانی بەریز!

ئەمرۆ کێشەی سەردەشت لەسەرمێزی ئازادیخوازان و راکەیاندنی ئازادی دوونیایە، لەسەر مێزی حزبە سیاسیەکانە لەسەر مێزی حکومەتی هەریم و بەرلەمانی کوردستانە، لەسەرمێزی دەزگا ئەمنی و بەرپرسەکانی کوردستانە، چۆنیەتی مامەڵەکردن مەسەلەی سەردەشت ئەیسەلمینێ کێ مەسئولە لەژیانی خەلکی کوردستان.

لەکۆتایدا جاریکی تر دەستان خۆش بیت، سوپاس بۆ هاوخەمی و پشتیوانی سەرجەم خەلکی کوردستان و دەزگا راکەیاندنەکان و سەرجەم ئەوانەی دلسۆزانە بەرگری لەم

مەسەلەیە و لە حەقی سەردەشت دەکەن. ئەمرو ئێمە و سەردەشت تەنیا نیین هەموو خەلکی کوردستان و سەردەشت ئازادیخوازان و ئینساندۆستانی هەموو دونیامان لەگەلە.

ئەمرۆ لێرەوە بەلێن بەسەردەشت ئەدەین سوێند بەسەردەشت، سوێند بەخوێنی سەردەشت و بیرکردنەوە و ئینسانیەت و جوانی سەردەشت لەحەقی سەردەشت خۆش نابین.

بەکر عوسمان ) برای سەردەشت عوسمان(

12–05–2010

سەرنج: بەهۆی باری دەرونی ئەندامانی خێزانی شەهید سەردەشت، کاک بەکر عوسمان نەیتوانی ئامادەی مەراسیمەکەی شاری سلێمانی بێت، لە بری ئەو، رۆژنامەنوس رەحمان غەریب پەیامەکەی خوێندەوە.

**پەیامی بەکر عوسمان بۆ مەراسیمەکانی یادی سەردەشت لە دەرەوە**

ئامادەبوانی خۆشەویست!

سەرەتا بە ناوی خێزانەکەمانەوە سوپاسی هەستی بەرپرسیارانەو ماندووبون و زەحمەتتان دەکەم بۆ بەرێخستنی ئەم بۆنەیەبۆ مەرگی سەردەشت و رێزگرتن لە ئامانجێک کەئەوی لە پێناودا تیرۆرکرا. بێگومان ئەم بەدەنگەوە هاتن و ئەم رێزلێنانە لەگیان و شەخسیەتی سە ردەشت، مانای ئەوەیە کە ئێوە شەریکی سەردەشت و سەردەشتیش شەریکی ئێووە بوە لە ئازارەکان و ئومێدەکانتاندا. ئێوە دەتانەوێ پەیامەکەی سەردەشت بەردەوام بێت بۆیە وا هە موو لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان و لەدەرەوەی کوردستانیش بۆ مەرگی سەردەشت دە ستان بەسنگەوە گرتوەو بەرێزو موحیبەتەوە مالاوایی لێدەکەن. بەمیهرەبانی خۆشتان ئێمە لە ئامێزی خۆتان دەگرن و خەمی لەدەستدانی سەردەشتمان لەگەلدا بەش دەکەن.

ئازیزان، لەدەستدانی گەنجێکی دلپڕ لەهیواو ئومێد، لەدەستدانی کەسێکی نزیک، بەتایبەتی لەو تراژیدیای مەرگ لێسەندنەدا، بۆ هیچ کەسێک قابیلی تەحەمول نیە. سەختەئینسان بتوانێ بەرگەی کاریگەری ئەو ئیحساسەبگرێ کەبەبیستنی هەوالی مەرگی یەکێک لە ئازیزترین کەسەکانت پانتایی مێشک و دەرونت دادەگرێ. سەختەتەماشای ئەو دایکە جەرگ سوتاوە بکەیت کاتێک تەرمی منالەکەی کەبەدرێژایی تەمەنی لە پێناو گەورەکردنیدا زەحمەتی کێشاوە، لەباوەشیدا دادەنێ و بەدەنگێکی پڕ لەسۆزی دایکایەتی هێور هێور بۆی دەگری و لەناوەوەناخی هەلدەقرچێ! سەختیشە کە دەبینی کەسانێک کەلەسەر خوێنی هە

زاران گەنجی وەکو سەردەشت و فرمێسکی هەزاران خێزانی وەکو ئێمەی خێزانی سەردەشت، بەو ڕۆژەی ئەمڕۆ گەیشتون، کەچی تەحەمولی چەند ووشەیەکی رەخنەئامێزی گەنج و خەڵکی وولاتەکەیان ناکەن! بەڵام ئینسان کاتێک ئێوەدەبینێ کەچۆن باوەشی سۆزو میهرەبانی خۆتان بۆ ئێمەو بۆ مەرگی سەردەشت کردۆتەوە، کاتێک کە دەبینێ چەندیش لەو ناهەقیە توڕەن کە دەرهەق بە سەردەشت و ئێمە خێزانی سەردەشت کراوە، کاتێک کە دەبینێ چۆن ئێوەبۆ پارێزگاری لەگیان و ژیانی سەردەشتەکانی دیکە خرۆشاون، ئەوکاتە ئاهێک بە گیانماندا دێتەوەو دەتوانین کەمێک تەحەمولی ئەو کارەساتە گەورەیە بکەین.

خۆشەویستان! وەکو ئاگادارن ئەوە چەند رۆژ بەسەر ڕووداوی تیرۆری سەردەشتدا تێپەڕدە بێ. بەداخەوە سەرەڕای هەوڵ و داواکاری خەڵکی کوردستان لەناوخۆو دەرەوەی کوردستاندا، سەرەڕای داوای لایەنە سیاسی و جەماوەری و رۆشنبیریەکان لەناوخۆو دەرەوەی کوردستاندا، سەرەڕای داواکاری چەندین لایەنو دەزگای رەسمی لەئاستی نێونەتەوەیدا، وە سەرەنجام سەرەڕای بەڵێن و راگەیاندنەکانی لایەنەبەرپرسەکان لەناوخۆی کوردستاندا، بەلام تائێستا هیچ هەنگاویک بۆ ئاشکراکردن و دادگاییکردنی تاوانباران نەنراوەکەدڵی ئێمە خۆشبکات! ئێمەپێمانوایەکەدۆزینەوەی تاوانباران و ئاشکراکردنیان ئەوەندە کاتی پێویست نیە، چونکە زۆر بەڵگەی ئاشکرا هەیە کە دەتوانێ کۆمەک بەئاشکراکردنی تاوانباران بکات لەماوەیەکی زۆرلەوە کەمتردا!

ئێمە پێمانوایە کە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەو روداوە ناکرێ بەنهێنی و لە پشتگا دەرگا داخراوەکانەوە بێت. نەک هەر ئێمە وەکو خێزانی سەردەشت، خەڵکی کوردستانیش دەیانەوێ بزانن کەهەنگاوەکانی ئەو پرۆسەیەچۆن دەچێتەپێشەوە. دەمانەوێ بێلایەنی و سەربەخۆیی پرۆسە ی لێکۆڵینەوەکە دەستەبەرو زامن بکرێ. هەموو کەسێک دەزانێ کەهێشتا دەزگای لێکۆڵینەوە و سیستەمی دادوەری لە کوردستان بێلایەن و سەربەخۆ نیە لەدەسەڵات و لەژێر کاریگەری سیاسیدایە، بۆیە ناکرێ لە روداوێکی لەچەشنی تیرۆری سەردەشتدا ئەو دەزگایانەلێکۆڵینە وەو دادگایی ئەنجامبدەن. پێویست بەوەدەکات کە دەزگای بێلایەن و لەژێر چاودێری لایەنی نێوودەوڵەتیدا بەوکارەهەڵسێت. وەکو ئاگاداریشن هەم نوێنەری ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال و هەم نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان لەعێراق ئامادەیی خۆیان نیشانداوە کە وەکو چاودێر لەو پرۆسەیەدا بەشداربن. ئەگەر دەسەڵاتی کوردستان و حکومەتی هەرێم دەیانەوێ کە دڵی ئێمە وەکو کەسوکاری سەردەشت رازیبکەن و خەڵکی کوردستانیش دڵنیابکەنەوەلەپاکی و بێگەردیی پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەئەوا پێویست دەکات پێشوازی لەو دوو دەزگا نێودەوڵەتیە بکەن. بەشداری نوێنەری بنەماڵەی ئێمە وەکو چاودێر لەو پرۆسەیەدا بەستراوەتەوە بە ئامادەبونی چاودێری نێودەوڵەتیەوە لە سەرجەم پرۆسەی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنەکەدا.

خۆشەویستان،

ڕەنگە ئاگاداری ئەوەش بن کەمن پرۆژەی دروستکردنی پەیکەری ئازادیم بۆ سەردەشت ڕاگە یاندوە. دەمانەوێ لەهەمان شوێنی رفاندنەکەیدا پەیکەرێکی بۆدروست بکەین، هەروەکو لە نەخشەشماندایە کە کتێبێک لەچاپ بدەین کەهەموو نوسینەکانی سەردەشت و هەموو ئەو نوسین وراگەیاندن و چالاکیانەی بەبۆنەی تیرۆرەکەیەوە بلاوکراونەتەوەو ئەنجامدراون، تێیدا جێبکەینەوە. لەوکارەماندا پێویستمان بەهاوکاری یەک بەیەکی ئێوەی خۆشەویست و ئازادیخواز هەیە. رەنگە ئەوەش خۆی کارێکی ئاسان نەبێ، بۆیە پێدەچێ کە پێویست بکات خۆمان بۆ پێشهاتی تازەش ئامادە بکەین. هیودارام کە هەم ئێمەو هەم ئێوە بتوانین پێکەوەپە یامە پیرۆزەکەی سەردەشت بەرز و درەوشاوە رابگرین.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوەتان پێرابگەیەنم کەمەسەلەی سەردەشت مەسەلەی هەزران گەنجی خێرنەدیوی خێزانە کرێکاری و چینە بەشخوراوکانی کۆمەڵگای کوردستانە. سەردەشت لە جیاتی هەزاران گەنجی کوردستان ووتی ئەم نایەکسانیە کۆمەلایەتیەبۆچی!؟ ووتی بۆچی ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کەدەیانساڵ خوین و فرمێسک بۆ ئازادبوونی رژا، کەچی ئێستا لەلایەن دەسەلاتی خۆماڵیەوە بێبەش و پەراویزخراو و دەستەمۆ و بێئیرادەبکرێن! سە ردەشت وەکو ئێوە نارزای بوو لەو نایەکسانیەو وەکو ئێوەش خەوی بەئازادیەوە ئەبینی. ئێمەو ئێوەو سەردەشت هەموومان رێبواری هەمان رێگایین. با درێژە بەپێوانی ئەو رێگایەبدە ین تا سەرکەوتن.

دوبارە ڕێزو خۆشەویستیمان بۆ هەموو ئێوە؛ دڵسۆزانی گیان و پەیامی سەردەشت!

بەکر عوسمان( ئارام عەلی) لەجیاتی خێزانی سەردەشت عوسمان

05-06-2010

**ڕونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر ڕونکردنەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەلەکەیسی " سەردەشت عوسمان"**

بەدوای 4 هەفتە لە تیرۆری سەردەشت "لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی رفاندن و کوشتنی (سەردەشت عوسمان)" ، ئەنجامەسەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەی بلاوکردەوە. ئەو ڕونکردنەوە یەبۆ من جێگەی پرسیار و سەرسورمان بوو. هەر لەسەرەتادا لەوەڵامی رۆژنامەکان و ڕۆژنامەنوساندا ڕەخنەو سەرنجی خۆم ڕاگەیاند. دواتر چاوەڕوانی ڕاستکردنەوەو ڕونکردنە وەی دواتری لیژنەی ناوبراو بووین، بەلام ئەوە زیاتر لە هەفتەیەک بەسەر ڕونکردنەوەکە تێئەپەرێت، لیژنەی ناوبراو نەڕونکردنەوەی تری بوو نەڕاستکردنەوەش. بۆیەلێرەدا ئەو ڕونکردنەوەیەم بەپێویست زانی بۆ ڕای گشتی و خەڵکی کوردستان.

ئەوەی بەناوی ڕوونکردنەوەی "لێژنەی لێکۆڵینەوە لەتاوانی ڕفاندن و کوشتنی (سەردەشت عوسمان)" 4 هەفتەپاش ڕووداوەکەبلاوکراوەتەوە، لەڕاستیدا ناکریت پێی بوتریت ڕوونکردنه وە، چونکەجەماوەری خەلکی کوردستان زۆر لەوانەزیاتر دەزانن لەبارەی ڕووداوەکەوە، بە دوای تێپەرینی 4 هەفتەبەسەر تیرۆری سەردەشت ئەوەڕونکردنەوەی ئەو لێژنەتایبەتیەبێت. ئەو ڕوونکردنەوەیەئەوەبەیان دەکات کەخواستەکانمان لەسەرەتایترین ئاستدا وەلامی نیە، ئیتر حەقمانە بەتەواوی بێئومید بین لەوەی گوێ لە ئێمەو خەڵکی کوردستان بگیرێت و وە لامی خواستەکانمان بدرێتەوەو حکومەت و دەزگا بەرپرسەکان بەکردەوەبەرپرسیاریتی خۆی لەم مەسەلەیەبسەلمینێ.

هاوکات لەڕوونکردنەوەکەدا چەند ناڕاستیەک هاتووەجێگەی پرسیارەبۆ ئێمە. لەڕونکردنەوە کەدا هاتووە" ***تاوان لێکراو بەیەک گولەی دەمانچەکوژراوەکە لە پێشەوەی سەری دراوەو لە پشت ملی گیر بووەو هیچ ئاسەوارێکی لێدان و ئەشکەنجەدان پێش کوشتنی لەسەر لاشەی کوژراو بەدی نەکراوە.*** " ئەو بەشەلەڕوونکردنەوەکەزۆر تەمومژاویەو لایەنێکی ڕاستی ڕووداوە کە ئەشارێتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە سەردەشت بەلێدانی گوللە لە نێودەمی و دەرچونی لە پشتی سەری تیرۆر ئەکرێ. هاوکاتیش ئاسەواری لێدان و ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی سە ردەشت بەڕۆشنی و ئاشکرا بووە وەک: چاوێکی بەدوای لێدانێکی توند ئاو سابوو شین ببۆوە و شانیشی شوێنەواری لێدانی توندی لەسەر بوو.

پرسیاری من لە"لێژنەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی ڕفاندن و کوشتنی (سەردەشت عوسمان)" و دەزگا پەیوەندیکارانە. چۆن ئەکرێ یەکەمین ڕونکردنەوەی بەم شێوەیە بێت؟ ئایا ئەوە نە بوونی زانیاری پێویستە یا کەمتەرخمیەکی تر؟ یا مەبەست لەبلاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لەم مەسەلەیە چییە؟

بەکر عوسمان ( ئارام عەلی)

2010–06–05

تێبینی: ئەوەی خوارەوەش دەقی ڕونکردنەوەکەیە، لەسایتی پەیامنێر بلاوکراوەتەوە.

**کوردستانی – لێژنەی لێکۆڵینەوەلەتاوانی ڕفاندن و کوشتنی سەردەشت عوسمان ئەنجامی سەرەتایی بلاوکردەوە** 26–May–10 [11:28]

PNA– لێژنەی لێکۆڵینەوەلەتاوانی ڕفاندن و کوشتنی قوتابی (سەردەشت عوسمان)، کەبە فەرمانی (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکهێنراوە، ئەنجامەسەرەتاییە کانی لێکۆڵینەوەی بلاوکردەوە، کەئەمە دەقەکەیەتی:

لەریکەوتی چواری پێنجی دوو هەزارو دە، دادخواز عوسمان حەسەن محەمەد باوکی سەردە شت لەبنکەی پۆلیسی ئازادی سکاڵای تۆمار کردووەلەسەر



ئەوەی کاتژمێر هەشت و بیست خولەکی بەیانی لەم رێککەوتەسە ردەشتی کورِی کەلەکۆلێژی زمان قۆناغی چوارمی بەشی ئینگلیزی قوتابی بووەلەبەردەم پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هە ولێر رفێنراوەکەدەکەوێتەبەرامبەر کۆلێژی ئاداب لەو کاتەی کە دەچوو بۆ دەوامی کۆلێژی خۆی .

دوای دەستکردن بەلێکۆلینەوەلەلایەن بنکەی پۆلیسی ئازادی و دوای دۆزینەوەی تەرمی سە ردەشت عوسمان لەلایەن بنکەیەکی پۆلیسی ناوشاری مووسڵ و پاشان هێنانەوەی تەرمەکە ی لەرێککەوتی شەشی پێنجی دوو هەزارو دەلەلایەن کەسوکارییەوە، دادوەری لێکۆلینەوەی هەولێر برِیاری دا بەفراوانکردنی لێکۆلینەوەو بەبەشداری ئاسایشی هەولێر رێوشوێنی لێکۆلینەوەئەنجام بدرێت.

لەسەر فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی لێکۆلینەوەی تایبەت بەهاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێرو بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بۆ ئەنجامدانی لێکۆلینەوەو بەدواداچوونی ئەم کێشەیەپێکهێنرا. بەپێی وتەی شاهیدەکانی رووداو بۆمان دەرکەوت کەئەو تاوانەلەلایەن سێ کەسی نەناسراوەوەئەنجام دراوەبەبەکارهێنانی ئۆتۆمبێلەکی جۆری مینی پاس رەنگ سپی کەژمارەکەی نەزانراوەو تاوانباران جلی مەدە نیان لەبەردابووەو چەکیان لەلا نەبینراو بۆ شوێنێکی نادیار تاوانلێکراویان رفاندووە.

بەپێی رەوتی لێکۆلینەوەتەرمی تاوانلێکراو سەردەشت عوسمان کاتژمێر شەشی ئێوارەرێککە وتی پێنجی پێنجی دوو هەزارو دە، لەگەڕەکی ئەلموزارع لەشاری مووسڵ نزیک شەقامی دوومیز دۆزراوەتەوەو لەلایەن بنکەی پۆلیسی ئەحرارەوەلێکۆلینەوەی سەرەتایی لەسەر کراوەو بۆ وەرگرتنی فۆرمی توێکاری کردنی تەرمەکەیان رەوانەی پەیمانگەی پزیشکی دادوە ری کردووەو لەئەنجامی وەرگرتنی فۆرمەکەدەرکەوتووەکەتاوان لێکراو بەیەک گولەی دە مانچەکوژراوەکەلەپێشەوەی سەری دراوەو لەپشت ملی گیر بووەو هیچ ئاسەوارێکی لێدان و ئەشکەنجەدان پێش کوشتنی لەسەر لاشەی کوژراو بەدی نەکراوە.

لەسەرتاکانی ئەنجامی لێکۆلینەوەدەردەکەوێت کەلەکاتی رووداوی رفاندنی تاوانلێکراو سە ردەشت عوسمان، تەنیا یەک پێشمەرگەی زێرەڤانی لەبەردەم پەیمانگای هونەرەجوانەکان بووەئەویش بەپێی ماددەی سێسەدو چل و یەک لەیاسای عێراقی رێوشوێنی یاسایی بە رامبەر وەرگیراوە، چونکەلەجێبەجێکردنی ئەرکی خۆیدا کەمتەرخەم بووەو ئێستا بەپێی ماددەی سەرەوەبەندەلەسەر پەڕاوی لێکۆلینەوەی خۆی بەپێی برِیاری دادوەری لێکۆلینە وە، لیژنەی لێکۆلینەوەلەسەر چەند تەوەرێک کار دەکات کەجێگەی گومانن بۆئەوەی بگە

ینەراستی ڕووداوەکەو بۆ ئەو مەبەستەش چەند زانیارییەک لەبەردەست دا هەیەو بە رداوامین لەسەر کاری ڕۆژانەبەلێکۆلینەوەی چرو بەدواداچوونی ورد بەمەبەستی گەیشتن بەناسنامەی بکوژانی تاوان لێکراو لەژێر چاودێری دادوەری لێکۆلینەوەو داواکاری گشتی.

لیژنەی لێکۆلینەوەلەرێگای تەکنەلۆژیای سەردەم سوود وەردەگرێت لەو پەیوەندیەتەلە فۆنیانەی لەلایەن تاوان لێکراو بەر لەرووداوەکەئەنجام دراوەداوا لەهەموو ئەو کەسانەش دەکەین کەلەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن زانیاریان بڵاوکردۆتەوەهاوکاریمان بکەن و سەردانمان بکەن تاکو سوود لەزانیارییەکانیان و سەرچاوەکانیان وەرگرین بۆ سەرکەوتنی ڕێرەوی لێکۆلینەوەهەموو نهێنیەکانیش لامان پارێزراو دەبێت لەدەرەنجامی هەر زانیارییەکی نوێش هەمووڵایەک ئاگادار دەکەینەوە

لیژنەی لێکۆڵینەوە 2010/5/24

**وتاری بەکر عوسمان لە مەراسیمی یادی سەردەشت لە هەولێر**

سەرەتا بەناوی خێزانەکەمانەوە سوپاسی هەستی بەرپرسیارانە و ماندووبون و زەحمەتتان دەکەم بۆ بەشداریتان لەیادی مەرگی سەردەشت و ڕێزگرتن لەئامانجێک کەئەوی لەپێناودا تیرۆرکرا. بێگومان ئەم بەدەنگەوەهاتن و ئەم ڕێزلێنانە لەگیان و شەخسیەتی سەردەشت، مانای ئەوەیەکەئێوەشەریکی سەردەشت و سەردەشتیش شەریکی ئێوە بوەلەئازارەکانو ئومێدەکانتاندا. ئێوەدەتانەوێ پەیامەکەی سەردەشت بەردەوام بێت بۆیە وا هەموو لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان و لەدەرەوەی کوردستانیش بۆ مەرگی سەردەشت دەستان بەسنگەوە گرتوەو بەرێزو موحیبەتەوەماڵاوایی لێدەکەن. بەمیهرەبانی خۆشتان ئێمەلەئامێزی خۆتان دەگرن و خەمی لەدەستدانی سەردەشتمان لەگەڵدا بەش دەکەن.

ئازیزان، لەدەستدانی گەنجێکی دڵپڕ لەهیوا و ئومێد، لەدەستدانی کەسێکی نزیک، بەتایبە تی لەو تراژیدیای مەرگ لێسەندنەدا، بۆ هیچ کەسێک قابیلی تەحەمول نیە. سەختەئینسان بتوانێ بەرگەی کاریگەری ئەو ئیحساسەبگرێ کەبەبیستنی هەواڵی مەرگی یەکێک لە ئازیزترین کەسەکانت پانتایی مێشک و دەرونت دادەگرێ. سەختە تەماشای ئەو دایکە جەرگ سوتاوە بکەیت کاتێک تەرمی مناڵەکەی کەبەدرێژایی تەمەنی لەپێناو گەورەکردنیدا زەحمەتی کێشاوە، لەباوەشیدا دادەنێ و بەدەنگێکی پڕ لەسۆزی دایکایەتی هێور هێور بۆی دەگری و لە ناوەوەناخی هەڵدەقرچێ! سەختیشە کە دەبینی کەسانێک کەلەسەر خوێنی هەزاران گەنجی وەکو سەردەشت و فرمێسکی هەزاران خانەوادەی وەکو ئێمەی خانەوادەی سەردەشت، بەو

رۆژەی ئەمڕۆ گەیشتون، کەچی تەحەمولی چەند ووشەیەکی رەخنە ئامێزی گەنج و خەڵکی ولاتەکەیان ناکەن!

بەڵام ئینسان کاتێک ئێوە دەبینێ کەچۆن باوەشی سۆزو میهرەبانی خۆتان بۆ ئێمەو بۆ مه رگی سەردەشت کردۆتەوە، کاتێک کە دەبینی چەندیش لەو غەدر و ناهەقیەتورەن کە دەرهە ق بەسەردەشت و ئێمە خانەوادەی سەردەشت کراوە، کاتێک کەدەبینێ چۆن ئێوە بۆ پارێزگاری لەگیان و ژیانی سەردەشتەکانی دیکە خرۆشاون، ئەوکاتە ئاهێک بەگیانماندا دێتە وە و دەتوانین کەمێک تەحەمولی ئەو کارەساتە گەورەیە بکەین.

ئامادەبوانی بەرێز...من لەرێگای ئەم مەراسیمەوە دەمەوێ پەیامی خۆم وەکو براو نوێنەری خانەوادەی سەردەشت و هاوکات وەکو دەنگێک بۆ بەرگری لەئازادی ڕادەربرین و رۆژنامه نوسی ئازاد بەخەڵکی کوردستان بگەیەنم.

دەمەوی وووتەکەم بەوە دەسپێبکەم کە ئەوە چلەی سەردەشتی ئازیز تەواوبوو، بەلام تا ئێستا هیچ روونکردنەوەیەک لەسەر راستی و چۆنیەتی روودانی ئەم مەسەلەیە لەلایەن ده سەلاتداران و دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ ئێمە و ئێوە و رای گشتی نەدراوە. 40 رۆژی تەواو تێپەری، هێشتا تاوانباران بەئازادی ئەسورێنەوەو سەرەتاییترین شتێک لەچاوەڕوانیەکانمان وەڵامی پێنەدراوەتەوە.

ئەوەی بەناوی روونکردنەوە هەفتەپاش رووداوەکە بڵاوکراوەتەوە، لەراستیدا ناکرێت پێی بوترێت روونکردنەوە، چونکەجەماوەری خەلکی کوردستان زۆر لەوانەزیاتر دەزانن لەبارەی رووداوەکەوە، ئێستاش کەچل رۆژ تێپەر دەبێت خواستەکانمان لەسەرەتایترین ئاستدا وەلامی نیە، ئیتر حەقمانە بەتەواوی بێئومێد بین لەوەی گوێمان لێبگرێت و وەڵامی خواستەکانمان بدرێتەوەو حکومەت و دەزگا بەرپرسەکان بەکردەوەبەرپرسیارێتی خۆی لەم مەسەلەیەبسە لمێنێ.

هاوکات لە ڕوونکردنەوەکەدا چەند ناڕاستیەک هاتووە جێگەی پرسیار و سەرسورمان بوو بۆ ئێمە. هەندێک ڕاستی ڕووداوەکە ئەشارێتەوە، 10 رۆژ لەمەوبەر من ڕونکردنەوەیەکم لەسە ریدا. سەردەشتی قوتابی و رۆژنامەنووس بەلێدانی گولەلەنێو دەمی تیرۆر ئەکرێ. ئەوەش وەک هێمایەک بۆ بێدەگکردنی سەردەشت و بێدەنگکردنی هەموو رۆژنامەنوسان و سەردەشتە کانیتر.

لە کاتێکدا زۆرێک لەدەزگا بەرپرسەکان و حکومەت داوای کرد خانەوادەی سەردەشت و جە ماوەری خەلکی کوردستان دان بەخۆدا بگرن تا دەسەڵات و دەزگا پەیوەندیدارەکان لەزووترین کاتدا تاوانباران دەدۆزنەوەو دەیاندەن بەدادگا... بەدوای ئارامبونەوەی خۆپیشاندانەکان، هەموو لە چاوەڕوانی وەعد و بەڵێنەکان دابووین بۆ ئەوەی تاوانباران ئاشکرا و دادگایی

بکرێن. لەجیاتی دەستگیرکردن و دادگایی تاوانباران و ئەو دەستەڕەشانەی سەردەشتیان تیرۆرکرد، بەداخەوە نەک ئەوەنەکرا بەڵکو هەرەشەئەکرێ و هەڕەشە ئەبیستین و مەسەلەی سەردەشت ئاگاهانە تەمومژاوی ئەکرێ و ئیستیفزاز ئەکرێین. ئەمە ئیتر چ ئومێدێک ئەهێلێتە وە بۆ ئێمە کە ئەو کەیسە بەکوێ ئەگات؟.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!

حەقیقەتی خۆپیشاندان و هاتنەمەیدانی خەلکی کوردستان دژی تیرۆری سەردەشت، ئەوەیەئە م خەڵکەبۆ ئەوەهاتوەتەمەیدان کەئازادی بەرقەراربێت، لەدژی ئەوەهاتوەتەمەیدان کەئەو دە ستانەببەستن کەگولەدەنێن بەنێودەمی ئەو رۆژناموسانەوەکەحەقیقەت بەخەڵک دەڵێن. ئارامی کوردستان بەتیرۆر و کوشتن ئەشێوێ نەک نارەزایەتی و خۆپیشاندان لەدژی کوشتن. ئایا ئەگەر بەشێوەیەکی تەواو شارستیانانەبەریزی سەدان هەزارکەسی بلێی ریسوایی بۆ تیرۆرزم و بکوژانی دەنگی ئازاد...بۆ ئارامی کوردستان دەشێوێ؟ لەهەر جێگایەک ترۆسکایە ک لەدیموکراسی هەبێت، ئەوەهەم ماف و هەم نەریت و هەم ئەرکی جەماوەری خەڵکەکەلە دژی رووداو و دیاردەی چەپەلی لەم شێوەیە بێنە مەیدان. چۆن ئەکرێ لەم غەدر و ناحەقیە گەوریەخەڵک بێدەنگ بێت؟ هەر ئینسانێکی بەویژدان ناتوانێت بۆ یەک لەحزەبێدەنگ بێت تاکو دادگایکردنی تاوانباران و سزادانیان. کەڕێگەبگرێت هیچ کەسێکیتر نەتوانێ بیر لە تاوانی وا بکاتەوە.

پێمان دەڵێنئەم مەسەلەیەتان گەورەکردوە، بەگەورەکردنی مەسەلەکەو راگەیاندنی لەئاستی دنیادا، زەربەتان لەسومعەو ناوبانگی حکومەتی کوردی و تەجروبەکەمانداوە.. بەڵام راستیە کەی ئەوەیە کە ئەوانەی ئەوکارەیان کردوە زەربەیان لەسومعەی حکومەتداوە، پاشانیش لە هەنگاوی دووەمدا کەمتەرخەمی و وەڵام نەدانەوەی حکومەت بە خواستی خەڵک دیسان زەربە ی لەو سومعەیەداوە. ناکرێ پێمان بلێن بەرۆژی رووناک ئەم بەربەریەتە ئەنجامدراوەو کە س قسە نەکات بۆ چونکە بۆ سومعەمان باش نیە؟ بەبروای ئێمە بەدەنگهەڵبرین دژی تیرۆرو تیرۆرزم سومعەی خەلکی کوردستان بەرزبۆتەوە لەئاستی هەموو دنیادا. بێدەنگی لەئاست ئەم جەریمەیە دەبێتە هۆی شکاندنی سومعە.

دواتر ئەو مەسەلەیە بۆ گەورەکراوە، کوشتنی ئینسان تێکچونی هەموو هاوکێشەکانی ژیانە، مەگەر ژیان و حورمەتی ئینسان ئەوەندە بێقیمەت و بەهایە ئاوەها بەسوکی سەیری بکرێ. ئاخر ئەم مەسەلەیە بۆ گەورەنییە، بەڕۆژی ڕوناک سەردەشت بەبەرچاوی خەڵک و پۆلیس لەنێو شاری هەولێر ئەرفێندرێ و دواتر بەلێدانی گوللەلە نێودەمی تیرۆر ئەکرێ و لەموسڵ فرێ ئەدرێ بۆ گەورەنییە؟ لەوەگەورەتر پێمناڵێن چییە؟ چ شتێک لەم تاوانە گەورەترە؟ ئەو مەسەلەیە زۆر گەورەیەو چەندمان کردووەبۆی ئەبێ هەزار ئەوەندەیتریشی بۆ بکەین تاکو تاوانبارانی حەقیقی ئاشکرا ئەکرێن و ئەدرێنە دادگا.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!

ئەنجامگیری من لەقسەکانم ئەوەیە کە دوای چل رۆژ تێپەرین بەسەر ئەم رووداوەدا، حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان هیچ وەلامێکی شایستەیان بەخواستەکانی ئێمەو خەڵک نەداوەتەوە، لەراستیشدا تێپەراندنی ئەم مەسەلەیە گەلێک مەترسیدارە بۆ سەرجەم ئەم کۆمەلگایە، هەر بەو جۆرەی کە تێپەراندنی تیرۆرەکانی پێشوو ئەوەندە خەتەرناک بوو، کەبواری کردەوە سەردەشت بەوشێوە درندانەیە بە رۆژی روناک و بە بەرچاوی خەڵک و پۆلیس و ئاسایشەوە راپێچبکرێت بۆ تیرۆرکردن.

بۆیە پێویستە هەموو هەوڵێکی مەدەنی بدرێت، لەشێوازەکانی خەباتی دیموکراسی و جەماوەری، ڕاگەیاندن، کۆبوونەوەو مەراسیم و مانگرتن کەڵک وەربگیرێت. وەئەوە ئەتوانێ ببێتە فاکتەری زەمانەتکردنی ئاسایش و ئازادی بۆ هەمووان. خواستی ئێمە ناساندن و دادگایی کردنی تاوانبارانە، بۆ ئەم مەبەستەش پێداگری لەسەر ئەوەدەکەین ئەم مەسەلەیە پەیگیری لێ بکرێتا بەئەنجامی کۆتایی دەگات..

خۆشەویستان! سەردەشت ئەڵێ: **تا ئەو شوێنەی کە ماوین ئەبێت قسەبکەین، لەو شوێنەش، کە تەمەنمان کۆتاییهات با هاوڕێکەم خاڵێکم بۆ دابنێت و ببێتەسەر دێڕێکی نوێ و سەر لە نوێ دەستپێبکاتەوە.** من ئیتر ئەو داواکاریەی سەردەشت بەجێ دێنم. بەڵام بەبێ خاڵ، هەمان دێر و بیرکردنەوەو ڕەخنەو تێڕوانینەکانی ئەو درێژەپێ دەدەم. من شانازی بەهەموو شتەکانی سەردەشت ئەکەم ( بەقسەکانی، نوسین و ڕەخنەکانی بەهاوڕێ و ناو و وێنەکانی) لە مرۆوە من سەردەشتم و ئەو ناوەی کەساڵ بەر لەئێستا بۆییم داناوە هەمان ناو هەڵئەگرم و ناو و دەنگ و هەموو شتێکی سەردەشت بۆ هەتا هەتایە بەدڵ و بەگیان بەرز و بەڕێز ڕائەگرم.

خۆشەویستان، رەنگە ئاگاداری ئەوەش بن کە من پرۆژەی دروستکردنی پەیکەری ئازادیم بۆ سەردەشت راگەیاندوە. دەمانەوێ لەنێو شاری هەولێر پەیکەرێکی بۆدروست بکەین، هەروەکو لەنەخشەشماندایەکەکتێبێک لەچاپ بدەین کەهەموو نوسینەکانی سەردەشت و هەموو ئەو نوسین و ڕاگەیاندن و چالاکیانەی بەبۆنەی تیرۆرەکەیەوەبڵاوکراونەتەوەو ئەنجامدراون، تێیدا جێبکەینەوە. لەوکارەماندا پێویستمان بەهاوکاری یەکبەیەکی ئێوەی خۆشەویست و ئازادیخواز هەیە. رەنگەئەوەش خۆی کارێکی ئاسان نەبێ، بەڵام کارێکەبەهیمەت و ئیرادەی هەمومان ئەکرێ. هیوادارامهەم ئێمەو هەم ئێوەبتوانین پێکەوەپەیامەپیرۆزەکەی سەردەشت بەرز و درەوشاوەرابگرین.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوەتان پێرابگەیەنم کەمەسەلەی سەردەشت مەسەلەی هەزران گەنجی خێرنەدیوی خێزانە کرێکاری و چینە بەشخوراوکانی کۆمەڵگای کوردستانە. سەردەشت لە جیاتی هەزاران گەنجی کوردستان ووتی ئەم نایەکسانیە کۆمەڵایەتیە بۆچی!؟ ووتی بۆچی

ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە دەیانساڵ خوێن و فرمێسک بۆ ئازادبوونی رژا، کەچی ئێستا بێبەش و پەراویزخراو و دەستەمۆ و بێئیرادەبکرێن! سەردەشت وەکو ئێوەنارزای بوو لەو نایەکسانیەو وەکو ئێوەش خەوی بەئازادیەوە دەبینی. ئێمەو ئێوەو سەردەشت هە مووماں رێبواری هەمان رێگایین. با درێژەبەپێوانی ئەو رێگایەبدەین تا سەرکەوتن. ئەمرۆ سەردەشت لەناوماندا نییە، بەڵام سەردەشت نەمر و زیندوەو لەدڵی هەمووماں، لەبیری هە مووان ئەژی و هەر بەزیندوێتی ئەمێنێتەوە... وتەکان و رەخنەکانی زیندووە لەبیر و دڵی هە مووماں. ئەمرۆ ئێمە هەمووماں سەردەشتین. مەرگ و ریسوای بۆ بکوژانی سەردەشت. بەرز و بەرێز بێت سەردەشت عوسمان، بژی سەردەشت.

بەکر عوسمان

2010-06-15

**مەسەلەی سەردەشت مەسەلەی هەموو خەڵکی کوردستانە، خەڵک لەو غەدرە گەورەیە خۆش نابن**

بەکر عوسمان (ئارام عەلی)

نزیکەی 50 رۆژ بەسەر تیرۆری سەردەشت تێپەری تاکو ئێستا لەپرۆسەی لێکۆڵینەوەهیچ شتێک دیار نییەلەسەر ئەم دۆسیەو دەستگیر کردنی تاوانباران و دادگایی کردنیان. ئاشکرایە کە هەوڵیکی زۆر و بەپلان بۆ کۆنکردنی ئەم مەسەلەیەو تێپەراندنی هەیە، وەکو زۆرێک لە تیرۆرەکانی پێشووتری رۆژنامەنووسان و دەنگی ئازاد لەکوردستان.

لیژنەی لێکۆڵینەوەلەماوەی 50 رۆژی رابردوو ئەوەندەی لەسەر خانەوادەی سەردەشت و رۆژنامەنووسان کاری کردووە، یەک لەدەهەمی ئەوەلەسەر کەیسەکەکاری کردبایەئەنجامێکی باشی ئەدا بەدەستەوە. ئەوەرۆژ تێپەری هیچ شتێک نەکراوەو ئیتر کەسیش چاوەروانی هیچ شتێکی لەلیژنەی لێکۆڵینەوەلەکەیسی سەردەشت نەماوەو نییە. ئەمرۆ ئەگەر حکومەت و دە زگا پەیوەندیدارەکان ئەیانەوێت بەجدی لەسەر ئەو کەیسەکار بکەن هەروەکو هەموو ئیدعای ئەکەن، دەبێ قەبولی پێکهێنانی لێژنەیەکی سەربەخۆ بکەن کەنوێنەری رۆژنامەنووسان و ئە و رێخراوە نێودەوڵەتیانەی تیابێت کە ئامادەن وەک چاودێرێک بەشداری بکەن، لە لیژنەیە کی بەم شێوەیەشدا نوێنەرایەتی خاوەنوادەی سەردەشت مانا و جێگەی هەیە، نەک لەنێو لێژنەیەکی تەواو ئەمنیدا. مانەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تاکو ئێستا مانای ئەوەیە کە ئیتر هیچ ناکرێ و کەسیش چاوەروانی هیچ شتێک نەکات. جگەلەناوێک بەکردەوەشتێک نابینرێت ناوی لیژنەی لێکۆڵینەوەلەکەیسی سەردەشت بێت.

بەدوای 50 رۆژ کاتی ئەوەیەلەبەرامبەر بێدەربەستی و کەمتەرخەمی حکومەت و دەزگا پەیوە ندیدارەکان لەپەیوەند بەکەیسی سەردەشت یەخەیان بگیرێت. ئەو سەرەداوانەچیان بەسەر هات کەسەرەتا بۆ هێورکردنەوەی خەڵک ڕائەگەینرا و بەڵێنی دۆزینەوەی تاوانباران بەخە ڵک و خانەوادەی سەردەشت ئەدرا؟ بۆچی هیچ نەکراوەو هیچ ناکرێ؟ مانای چییەکەس نییە لەتیرۆری سەردەشت بپرسێتەوە؟ ئەو دەزگا ئەمنی و بەناو دژەتیرۆرانەئەرک و کاریان چییە ؟ مەگەر ڕۆژانەناڵێن پاراستنی ئاسایشی ژیان و سەر وماڵی خەڵک ئێمەین و هتد؟ حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان لەکوردستان ڕاستەوخۆ بەرپرسن و ئەرکیانەبەکردەوەی وەڵام بدە نەوەو لەکەمتەرخەمی بەهەند هەڵنەگرتنی ئەو کارەش بکۆڵنەوەو بپرسنەوە.

بەدوای چەند ڕۆژێک بەسەر کارەساتەکە، و بێدەنگی و نادیاری هیچ کارێکی حکومەت و دە زگا پەیوەندیدارەکان. خەڵکی ئازادیخواز و ناڕازی لەتیرۆر و کوشتن، داوای دەست لە کارکێشانەوەی حکومەت و دەزگای پەیوەندیدارەکانیان کرد. ئەو کاتەهەموو گوتیان هێشتا زووەبۆ ئەو داواکارییە، ئەگەر لەنزیکترین کات ئەنجامی کارەکانمان نەبوو ئینجا حەقتانەوا بڵێن. ئێستا بەدوای تێپەڕینی 50 رۆژ هێشتا هەر زووە؟

ئێستا حەقی هەموو کەسێکەداوای ئەوەبکات کەحکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان، ئەگەر ناتوانن ئاسایش و ژیانی خەڵک دابین بکەن، دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان ڕابگەیەنن و جێگەب دەن بەکەسانێکی تر ئەو کارەبکەن. حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان ڕاستەخۆ لەبە رامبەر پرسیاری عەمەلیدان. ئایا توانا و کەفائەتی بەڕیوەبردنی ئەرک و کارەکانیان نییە؟ یا ئەوەتا کەمتەرخەمن لەبەرامبەر ژیان و چارەنوسی خەڵک و نایانەوێت ئەو کارەبکەن؟ ئایا بەدوای 50 رۆژ کەهیچ نەکراوەئەو داوایەی خەڵکی کوردستان حەقانیەتی خۆی نییە؟

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لەدەرەوەو ناوەوە، بەکردەوەپشتیوانی و هەڵوێستی خۆیان لەئاستێکی فراوانی جەماوەریی دەربڕی و لەدژی ئەو تاوانەدڕندانەو دژە ئازادیەهاتنە سەر شەقامەکان. بەکردەوەخۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان و مەراسیمەکانی یادی سەردەشت لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەبەرپاکران، خەڵک هەموو بەهەزارەها دە نگ داوای ئاشکراکردنی تاوانباران و دادگاییان کرد. هەموو بەیەک هەڵوێست ڕای ئەگەیەنن و پێداگرن لەسەر ئەم دۆسییە، تاکو بەئەنجامی کۆتایی دەگات. ئەوەجێگەی ئومێدێکی گەورە یەکەبەرەی ئازادیخوازیی کوردستان لەخەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، خوێندکاران و گە نجان، رۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان، حزب و لایەنە سیاسیە ئازادیخوازەکان و ڕێکخراوە کانی کۆمەڵگای مەدەنی... هتد. هەموو تووڕەو ناڕازین لەدژی تیرۆر و تیرۆری رۆژنامە نوسان و ئازادیخوازان. هەر ئەو دەنگ و هەڵوێستەشەئەتوانێ زەمانەتی ئاسایش و ئازادی بێت بۆ سەرجەم کۆمەڵگای کوردستان.

ئەوەی جێگەی پرسیار و ڕەخنەی توندەبۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان و دونیا لەکەیسی سە ردەشت. بێهەڵوێستی زۆرێک لەحزبەسیاسیەکانی کوردستانە. تیرۆری سەردەشت بەو شێوە

ڕەش و چەپەڵە، تیرۆری دەنگی ئازادو ناڕازی و تیرۆری ئەو ڕۆژنامەنوسانەیەکەئەیانەوێت حەقیقەتی ژیانی کۆمەلگای کوردستان بەخەڵک بگەیەنن. مەسەلەی ئازادی و ئاسایشی کوردستان، حزبەسیاسیەکان و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لێی بەرپرسیارن و ئەمرۆ لە سەر مێزی ئەوانە. ئەوان ئەمڕۆ لەبەرامبەر پرسیار و تاقیکردنەوەی خەڵکی کوردستان و دونیادان. ئەگەر ئەوە بەکاری خۆیان نازانن،دەبێ ئەوە بزانن کە هیچ ئیدیعاو پەیمانو بەڵێنێکیان لێ قەبوڵ ناکرێتو داکۆکیان لە ئاسایش و مافەکانی خەڵکو بەرەنگاربوونەوەی مافیاکانی دژە ئازادی ئیدیعای پوچ و بەتاڵن. ئەگەریش ئەوە بەمەسەلەی خۆیان ئەزانن ئەبێ ئەوە بەکردەوە بیسەلمێنن، بەکار و هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرا.

بێدەنگی و نەبوونی هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرا لە مەسەلەی سەردەشت بۆ حزب و لایەنە سیاسیەکان، کەمتەرخەمی لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیە، ئەیانخاتەبەرامبەر پرسیار و ڕەخنەی خەڵکی کوردستان و تەنانەت جەماوەرەکەی خۆشیان.

ئەو حزب و دەزگایانەش کە تاکو ئێستا لەلایەن خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی، پەنجەی تۆمەتی تیرۆرکردنی سەردەشتیان بەرەوڕوو کراوەتەوە. پێویستەپێش هەموو شتێک بەرائەت و بێتاوانییان بۆ خەڵکی کوردستان و دونیا بسەلمێنن. بێدەنگی هیچ تاوانێک ناشارێتەوە، تەنیا ئاشکراکردنی تاوانبارانی ڕاستەقینەو دادگاییکردنیان هەموو ئەو پرسیار و گومان و تۆمەتانەلای خەڵکی کوردستان و خانەوادەی سەردەشت ئەسرێتەوە.

مەسەلەی سەردەشت ئەمرۆ مەسەلەی هەموو خەڵکی کوردستانە، تاکو-5-2010 سەردە شت، تەنیا کوڕی خانەوادەکەی بوو، بەڵام دوای ئەوەسەردەشت کوڕ و خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانە. بۆیەئەمرۆ مەسەلەی سەردەشت هەر تەنیا مەسەلەی خانەوادەکەی نییە. ئەوەی بیەوێت بەهەڕەشەو فشار هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو مەسەلەیەبدات، هەوڵێکی مایەپوچ دەدات. چونکەخەڵکی کوردستان لەو غەدرەگەورەیەو لە خوێنی ڕژاوی ڕۆڵەی خۆیان خۆش نابن.

2010-06-25

ئەم وتارە لە هاوڵاتی ژمارەبەرواری 2010-06-27 بڵاوبۆتەوە

**نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز "مەسعود بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

تیرۆری سەردەشت سوێیەکی گەورەو ئازارێکی جەرگ بڕ بوو بۆ خێزانەکەمانو بۆ هاوڕێکانی، ئێستاش بەڕاگرتن و چاوەڕوانیکردن لەلێژنەی لێکۆڵینەوە هەموو ڕۆژێک ئەو برینەمان دەکولێتەوە. بۆیەباشتر وایەئەو لیژنەیەبگۆردرێت و لەوە زیاتر ئازاری دایک و باوکەپیرەکەمان و منداڵەبچوکەکانمان نەدرێت. چونکەدەرکەوت کە لیژنەکە لەکارەکانیدا سە رکەوتوو نەبووە. جگەلەوەش لیژنەکە خەریکە بە ئاراستەیەکی تردا کار دەکات، کەئەویش تەحقیقکردن لەخەڵکانێکە کە ڕۆژنامەنووس و دانیشتووی شارەکانی ترن یان لە بناغەوە بێئاگان لەو کارە.

ئێمە سەعات و دەققەو سانیە دەژمێرین تا بکوژەکان ئاشکرا بن. بەڵام لێژنەکە ئەوە زیاتر لەڕۆژەهیچ زانیاریەکی پێویستی نەدرکاندووەو هیچ کارێکی نەکردووەو هیچی دیار نییە. ئێوە خۆتان بەڵێنتان دا بەجیددی و لێبڕاوی بۆ دۆزینەوەو دادگایی کردنی بکوژانی سەردە شتی برام کار بکەن، هەر بۆیەداوا لە بەڕێزتان ئەکەم وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تە دەخول لەم کێشەیەدا بکەنو لیژنەی ناوبراو هەڵبوەشێننەوەو لەجێگایدا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی نوێ بدەن کە لە ڕۆژنامەنووسانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە بەرگری لە ئازادی دەربڕین دەکەن پێک بێت. دیارە لە لیژنەیەکی لەو جۆرەدا نوێنەرایەتی ئێمەش وەک کەسوکاری سەردەشت مانای دەبێت.

بەڕیزتان لە گوتارەکانی ڕابردووتان تەئکیدتان کردۆتەوە کە خۆتان بەبەرپرسی ئەمنیەتو ژیانی هەموو تاکێکی کوردستان دەزانن. نامانەوێت لێتان بشارینەوە کە کەمتەرخەمی لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەکەیسی سەردەشت هەم ئێمە وەک کەسوکاری ئەو و هەم هەموو ئە وانەی کە خوازیارن بەئازادی لەکوردستان قسەبکەن و بنووسن لەگەڵ حاڵێکدا ڕووبەڕوو دە کاتەوە کە هەست بەهیچ ئەمنیەتێک نەکەین. ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتان دەکەین.

بەکر عوسمان

لەجیاتی خێزانی سەردەشت عوسمان / 2010-06-28

**گفتوگۆی چاوی خەڵک لەگەڵ بەکر عوسمان**

**١- پێتان وانیە تیرۆرکردنی سەردەشت تێکەڵ بە ململانێی سیاسی کراوە، ئەگەر کراوە بۆچی ئەگەڕێننەوە؟**

**بەکر عوسمان: بەڕای من سەرەتا پێویستەحەقیقەتی تیرۆری سەردەشت باس بکرێ، ئینجا لەژێر ڕۆشنایی ڕاستیەکان بچیتەسەرنجدان لەسەر هەوڵەکانی نێو ئەم مەسەلەیە. مەسەلەی سەردەشت مەسەلەی خەڵک و ئازادی ئازادی دەربڕین. سەردەشت وەک گەنجێکی رۆژنامە نوس، لەسەر نوسین و رەخنەکانی لەناعەدالەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و گوتنی ڕاستی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان بەخەڵک، بەرەورووی هەرەشەو تیرۆر بۆوە. ئەگەر ململانێکان لەسەر ئەوەیەکە ئەبێ تاوانباران ئاشکرا و دادگایی بکرێن، ئازادی رادەربرین بەرەسمی بناسرێت بۆ ئەوەی ئەو دەستەرەشانەی سەردەشتیان تیرۆرکرد بەتەواوی ببەسترێ، رێگە بگیریت لەوەی جارێکیتر بتوانن گوللەبنێن بەدەمی خەڵکانی نارازی و ئازادیخواز، ئەوا ئەم هەوڵ و تێکۆشانە ململانێیەکی دروست و رەوا و حەقخوازانەیەو پێویستە هەوڵ و تێکۆشانی جدی بۆ بدرێ، هەر ئێستاکەجەماوەری ئازادیخوازی کوردستان و رۆژنامەنوسانی ئازاد و هێزەچەپەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەهەڵوێستی رۆشنەوەئەو سەنگەرەیان هەڵبژاردووە. ئەم ململانێیەزەمانەتی بەرقەراری ئازادی و ئاسایش و ئارامی ژیان و سەر و ماڵی هاوڵاتیانی کوردستانە. زیندووراگرتن و بەرز و درەوشاوەراگرتنی مەسەلەی سەردەشت، تاکو ئەنجامی کۆتایی ئەم مەسەلەیە. پاراستنی ژیان و چارەنوسی سەردەشتە کانی ترە.**

**ئەگەر مەبەستیشتان ئەو هەوڵ و ململانێیانەیە، کەهەوڵی تەمومژاوی کردنی مەسەلەی سە ردەشت و ونکردنی لەنێو تاوانەمێژووییەکانی کوردستانە، ئەوا دەبێت ئەو پرسیارە ڕووبەڕوی ئەوانە بکرێتەوە کە دەیانەوێت کێشەکە بەو جۆرە بکەن بە ململانێی نێوان هێزگەلێک کە هەموویان لەو ڕابردووەدا بەشدارن، ئەمە کێشەی خەڵکێک نییە کە هەم تیرۆرەکانی ڕابردو و هەم هی ئەم سەردەمەش تاوانبار دەکات. هەوڵێکی زۆردرا کەمەسەلەکە کۆنبێت و تێپەڕێندرێت. ئەوانەلەبنەرەتەوەکێشەیان ئەوەبوو کەئەو مەسەلەیەزۆر گەورە کراوە، بەجۆرێکیتر نارەحەتی لەگەورەیی مەسەلەکەهەبوو نەک لەتیرۆر و کوشتن. هەر بۆیەش هەموو هەوڵەکانیان بەئاراستەی شێواندنی مەسەلەکەبوو. ئەو جۆرەهەوڵانەئاکەمە کەی پوچە، چونکەخەڵکی کوردستان زۆر لەوەوشیارترەئاوا بەئاسانی چاوبەستی ڕاستیە کانی لێ بکرێت.**

**خاڵێکیتریش پێویستەبگوترێت سەبارەت بەهەڵوێستیگیری و بەرپرسیاریەتی حزب و هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەبەرانبەر چارەنوس و ژیان و پاراستنی ئاسایشی خەڵکی کوردستان. بێدەنگی و نەبوونی هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرا لەمەسەلەی سەردەشت بۆ حزب و**

لایەنەسیاسیەکان، کەمتەرخەمی لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیە، ئەیانخاتەبەرامبەر پرسیار و ڕە خنەی خەڵکی کوردستان و تەنانەت جەماوەرەکەی خۆشیان.

**٢- هۆکار چییە نارەزایەتییەکانی تیرۆرکردنی سەردەست لە سلێمانی زۆرترن لە هەولێر؟**

بەکر عوسمان: نازانم بەچ پیوەر و هەڵسەنگاندنێک ڕێژەی زۆری نارەزایەتییەکان لەدژی تیرۆری سەردەشت لەهەولێر کەمترە؟ نارەزایەتی و تورەیی خەڵکی کوردستان لەهەموو ماڵێکدایەو زۆربەی خەڵکی کوردستان سەردەشت بەکوڕی خۆیان دەزانن و داوای ئاشکراکردن و دادگایی تاوانباران ئەکەن و لەخوێنی ڕۆڵەکەیان خۆش نابن. بەڕای من ئەو جۆرەپرسیار و گومان دروستکردنانەلەنێو مەسەلەی تیرۆری سەردەشت، مەبەستدار بێت یا بێ مەبەست ئەوا ئاکامەکەی لاوەکیکردنەوەی کوشتن و تیرۆر و تاوانەگەورەکەیە. تێکەڵکردنی هەر مەسە لەو کێشەیتر لەگەڵ مەسەلەی سەردەشت، هەوڵدانەبۆ تەمومژاوی کردنی مەسەلەی سەردە شت و گۆرینی ئەسڵی مەسەلەکەبەمەسەلەیەکی لاوەکی  بە مەبەستی تێپەڕاندنی.

نارەزایەتی و تورەیی خەڵکی شارەکانی کوردستان و دەرەوەلەبەرانبەر مەسەلەی سەردە شت، پێش ئەوەی ژمارەبێت حەقی خەڵکە، وەستانەوەیەلەبەرامبەر تاوانکاری و کوشتن و تیرۆر. ئەگەری زیاتر و کەمتری ژمارەلەشوێنەجۆراوجۆرەکان پەیوەندی بەوەزعیەت و  هە لومەرجەکەوەیە. خەڵکی هەولێر بەشێوازی جۆراوجۆر هەڵوێستیان گرت و ئیدانەی ئەو تاوانەیان کرد.  سەردەشت و خانەوادەکەی و زۆربەی هاوڕیانی دانیشتوانی ئەم شارەن و لە نزیکەوەئاشنایەتیان لەگەڵ یەکتر هەبووەو هەیە. پێشوازی گەرمی خەڵکی شاری هەولێر و پرسەگرتن و بەشداری کەم وێنەی لەپرسەی سەردەشت و نەفرەت و بێزاری خەڵک لەو تاوانەچەپەل و قێزەونەدا، بۆ وەک خۆی هەڵناسنگێرێ. هەڵوێستی خەڵکی ئازادیخواز و ئینساندۆستی هەولێر و سلێمانی و شارەکانیتری کوردستان و دەرەوەبۆ ئێمەجێگەی ڕێز و پێزانینەو دەستخۆشیان لێ ئەکەین. بێگومان ئەو هاوسۆزی و پشتیوانی و لەئامێزگرتنی ئە وان نەبوایەئەو کارەساتەزۆر گەورەتر و بەئازارتر و بەسوێتر ئەبوو بۆمان.

بەڕای من خاڵێکیتر پێویستەلێرەدا ئاماژەی پێبکرێت، کەهەلومەرجی هەولێر بەدوای ڕفاندن و تیرۆری سەردەشت و کەمتەرخەمی و بێدەربەستی دەزگا پەیوەندیدارەکان لەپەیوەند بەم مە سەلەیە. تاکو ئێستا هەڵومەرجێکی ترس و تۆقاندن بەسەر خەڵک و شارەکەزاڵە. ئەگەر هە ڵومەرجێکی ئاسایی هەبوایەبێگومان هەڵوێستگیریەکان و نارەزایەتی و خۆپیشیندانەکان و کارەکان چەندین بەرابەری ئێستا فراوانترو زیاتر ئەبوو. هەموو ئاگاداری ئەوەن کەهەر 2 رۆژ دوای تیرۆری سەردەشت چەندین ڕۆژنامەنووس لەنێو شاری هەولێر هەڕەشەی مەرگیان لێکرا.

لەهەمویان گرنگتر ئەوەیە کە ئامانج و مەبەست لەمەترحکردن و لەبەرامبەر یەکتر ڕاگرتنی خەڵکی شارەکان لەبەرامبەر یەکتر چییە؟ ئامانج و ئەنجامەکەی بێجگەلە گۆڕینی مەسەلەکە چییە؟

بەڕای من جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لەهەولێر و سلێمانی و شارەکانیتری کوردستان و دەرەوەدا،بەیەک هەڵوێست و یەک دەنگ ئیدانەی ئەو تاوانەیان کرد و ئێستاکەش داواکاری ئاشکراکردن و دادگایی تاوانبارانن.

٣- لە خێزانەکەتان کامەتان ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوەن لە کەیسی شەهیدکردنی سەردەشت، ئەگەر ئەندانین بۆ؟

بەکر عوسمان: نەخێر هیچ کەسێکی ئەندامی خێزانەکەمان ئەندامی لێژنەی ناوبراو نییە. چونکەئەو لێژنەی کەدروستبووەلێژنەیەکی تەواو ئەمنییە. ئەندامەتی ئێمەکاتێک مانا پەیدا ئەکات، کەلێژنەی لێکۆڵینەوە لێژنەیەکی بێلایەن و سەربەخۆ پێکهاتبێ لەنوێنەرانی ڕۆژنامەنووسان و ئەو ناوەندەنێونەتەوەییانە" نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمنیستی ئەنتە رناشیونال" بێت کەئامادەن وەکو چاودێر بەشداری بکەن لەلێژنەی ناوبراودا. ئەوە حەقیقەتێکە کە فڕاندنو تیرۆری سەردەشت لەبەرچاوی دەزگا ئەمنیەکانی کوردستانداو لە ژێر سێبەری -لانی کەم دەتوانین بڵێین- کەمتەرخەمی ئەو دەزگایانەدا ئەنجامدراوە. ئەگەر هەموو لایەنێکی تری ئەو تاوانە لەبەرچاو نەگرین، هەر ئەمە بۆ خۆی بەسە کە بڵێین پێویستە لایەنی تر سەرپەرشتی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە بکات.

٤- تا ئێستا لیژنەکان لە هیچ جۆرە سەرەداوێک ئاگاداریان کردوونەتەوە؟

بەکر عوسمان: نەخێر ئەوەنزیکەی 2 مانگ بەسەر تیرۆری سەردەشت تێئەپەڕی، لیژنەی لێکۆڵینەوەهیچ شتێکی ڕانەگەیاندووەو نەکردووە. بەکردەوەدەرکەوت کەلیژنەکەلەکارەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە. جگەلەوەش لیژنەکەخەریکەبەئاراستەیەکی تردا کار دەکات، کەئەویش تەحقیقکردن لەخەڵکانێکەکەڕۆژنامەنووس و دانیشتووی شارەکانی ترن یان لەبناغەوە بێئاگان لەو کارە.

هەر بۆیەداوامان کردووە کە لیژنەی ناوبراو هەڵبوەشێننەوەو لەجێگایدا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی نوێ لەڕۆژنامەنووسانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو لایەنەسیاسیەکانی کوردستانو ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان کەبەرگری لەئازادی دەربڕین دەکەن پێک بێت. دیارە لە لیژنەیەکی لەو جۆرەدا نوێنەرایەتی ئێمەش وەک کەسوکاری سەردەشت مانای دەبێت.

٥- بۆ تا ئێستا مۆڵەتی پێدانی دروستکردنی پەیکەری سەردەشتیان پێنەداوە؟

بەکر عوسمان: ئەمەدەقی وەڵامی پارێزگاری هەولێرە بەداواکەی من : *تاکو ئێستا لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیەیەکلا نەبۆتەوەو تاکوو لێژنەی لێکۆڵینەوەئەنجامی کۆتایی خۆی نەداتەدەرە وە، ئێمە مۆڵەتی ئەو پەیکەرە نادەین لەنێو شاری هەولێر"*

منیش لەڕونکردنەوەیەکی تایبەت وەڵامم داوەتەوەکەئەوەڕاستەوخۆ و بەکردەوە ڕێگرییە لە بەردەم "پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان". ئەوەبەشێک لەوەڵام و ڕونکردنەوەی من لەبە رامبەر ڕێگریەکانی پارێزگای هەولێر: "لەڕاستیدا وەڵامی پارێزگاری هەولێر، بەئاشکرا ڕێگرتنەلەبەردەم دانانی "پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان". پارێزگای هەولێر و دەسە ڵاتدارانی شاری هەولێر و حکومەتی هەرێم، سەبارەت بەمەسەلەی تیرۆری سەردەشت، ئەکە ونەبەرامبەر پرسیاری ئێمەو خەڵکی کوردستان. ڕێگەنەدان بەدانانی پەیکەری ئازادی، هیچ پاساو و ئەگەر و دواخستنێک هەڵناگرێ.

دواتر بەستنەوەی دانانی پەیکەرەکەبەلێژنەی لێکۆڵینەوە، زۆر نادروستەو هیچ پەیوەندیە ک لەنێوان پەیکەرەکەو لێژنەی لێکۆڵینەوەدا نییە. بەستنەوەی بەلێژنەی لێکۆڵینەوە چە ندین پرسیاری تر ئەخاتەسەر وەڵامی پارێزگای هەولێر، چونکەلێژنەی لێکۆڵینەوەیەکبە دوای 50 ڕۆژ لەتیرۆری سەردەشت هێشتا نەک هیچ کارێکی دیار نییە بە خەڵکی ڕابگەیەنن. بەڵکو تەنانەت ڕاستی و دروستی ڕوداوەکەشی بەخەڵک نەگەیاندووە. بەستنەوەی دانانی پە یکەر بەئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەوەلەلایەن پارێزگارەوە یانی ڕێگەنادەین ئەو پەیکەرەلەهە ولێر دابنرێت. چونکە لێژنەی ناوبراو بەکردەوەسەلماندی لەرۆژی ڕابردودا هیچ شتێکی نە کردوەو هیچ شتێکیش ناکات. چۆن ئەکرێ پەیەکەرەکەبەئەنجامی لێژنەیەک ببەسترێتەوە، نەک ئەنجامی کارەکانی بەڵکو خودی لێژنەکەش نادیارە.

من لێرەدا وێرای ئەوەی کەرەخنەو نارەزایەتی خۆم لەبەرامبەر ڕێگری دانانی "پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان" ڕائەگەیەنم. هەموو لایەکیش ئاگادار ئەکەمەوەکە"پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان" پرۆژەی سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازای کوردستانەو بەبڕیاری هیچ دەزگا و ناوەندێکی حزبی و دەسەڵات کۆتایی پێنایەت. بەهیچ شێوەیەک ناوەستێ و هە ر ئێستا دروستکردنی پەیکەرەکەبەهاوکاری دڵسۆزانەو خۆبەخشانەی کۆمەڵێک هونەرمەندی بەهەڵوێست و ئازادیخواز لە تەواوبوندایە. ئێمەپەیامی سەردەشت بۆ هەمیشەبەرز و بەرێز و درەوشاوەڕائەگرین و پەیکەری ئازادیش‌شایانی شەخسیەت و بوێری و ئینساندۆستی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی سەردەشتی ڕۆژنامەنوسە.لێرەشەوەبانگەوازی "کەمپینی پرۆژەی دروستکردنی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان" و تەواوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ئەکەم بۆ فراوانکردنەوەو خێراکردنەوەی هەنگاوەکان بەئاراستەی سەرخستنی ئەم پرۆژەیەو بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە بێدەنگ نابین لە داواکارییەکانمان بۆ دانانی پەیکەری سەردەشت و ئاشکراکردن و دادگاییکردنی تاوانباران و بکوژانی سەردەشت."

٦- پێت وانیە لە لایەن هەندێک لایەن  هەوڵ دەردرێت تیرۆرکردنی سەردەشت بکرێ بە کێشەی کۆمەڵایەتی؟

بەکر عوسمان: لەسەرەتادا ئەو هەوڵ و ئەگەرەچاوەڕونکراو بوو. بەڵام ئێستا کاتی سیناریۆی لەم شێوەیە بەسەرچوو، ئەمرۆ خەڵک زۆر لەوەوشیارترەبەری خۆری ڕاستیە کانی بەبێژنگ لێبگیرێت. ئەوەبۆ هەموو خەڵکو دونیا ئاشکرا و ڕۆشنەکەتیرۆری سەردەشت، لەسەر کاری رۆژنامەگەری و نوسین و ڕەخنەگرتنە لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئازادی ڕادە ربرینە. هەر سیناریۆیەکیتر لەدەرەوەی ئەو ڕاستیەدا هەوڵدانەبۆ خۆڵکردنەچاوی خەڵک و شێواندنی مەسەلەکەو تەمومژاویکردن و تێپەڕاندی.

هەرچەشنەهەوڵێکی لەم چەشنەپێش هەموو شتێک ئەبێتەمایەی ڕیسوایی و شەرمەزاری بۆ ئەوانەی هەوڵی شاردنەوەی ڕاستیەکان ئەدەن.

٧- کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و دەزگای ڕاگەیاندن بەم هۆیەوە دووچاری هەڕەشە و داخستنی دەزگاکانیان بین؟

بەکر عوسمان: لەڕێگای ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەوەمان بیست. بەڕاستی ئەوەجێگە ی داخەو زەنگێکی مەترسیدارەبۆ کۆمەڵگای کوردستان. ئەگەر ئەم مەسەلەیەپێشی پێ نە گیرێ و وەڵامی جدی پێ نەدرێتەوە. قوفل ئەکرێتەدەمی هەموو ئەو کەسانەی بەم وەزعە نارازین و هەوڵی باشکردنی ئەدەن. ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی چارەنوسسازەو بێدەنگی و نەبوونی هەڵوێستگیری ڕۆشنی هێز و لایەنەسیاسی و جەماوەریەکانی کوردستان هاوتای مە رگە.

٨- بۆ سیاسیەکانی کوردستان نایەنەوێت سەردەشت وەک ڕۆژنامەنووس بناسن؟

بەکر عوسمان: هەر کەس ئازادەچۆن سەردەشت ئەناسێ، وەکو گەنج، قوتابی و ڕۆژنامە نوس یا هاوڵاتی. سەردەشت هەموو ئەو  سیفەتانەی هەبوو. سەردەشت جگەلەوەی ڕۆژنامە نووس بوو، بەڵکو هۆکاری هەڕەشەو ڕفاندن و تیرۆرکردنەکەشی نوسین و ڕەخنەگرتن و کاری ڕۆژنامەوانیەکانی بوو.

لێرەدا بەپێویستی نازانم بێمەسەر سەلماندنی کاری رۆژنامەنوسی سەردەشت، زیاتر لەچە ندین بەڵگەی ئاشکرا و ڕۆشن لەبەردەستدایەکەسەردەشت ڕۆژنامەنوسێکی بوێر و سەرکە وتوو بووە. ئەندامی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی "ئاشتینامە" بوو، بەکاری وەرگێران و نوسینی وتاری ڕخنەگرانەلەزۆرێک ڕۆژنامەکانی کوردستان و ماڵپەڕە کوردیەکان کاری کردووە. ئێستا هەندێک لەوتار و بابەتەکانی بۆ زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی و چەندین زمانیتر وەرگێردراوەو بڵاوکراوەتەوە. بەپێێ هەڵسەنگاندنی زۆرێک لە

نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی گەورەو ناودار و ناسراوی کوردی و دونیا، بابەتەکانی بە کارێکی گەورەو جوانی ڕۆژنامەوانی هەڵسەنگێنراوە. هەر تاکو ئێستا چەندین خەڵاتی ڕۆژنامەوانی و مەدالیای ڕۆژنامەوانی پێشەکەشی سەردەشت کراوە وەک ڕۆژنامەنوسێکی گەنج و بەتوانا و بوێر.

پرسیاری سەرەکی من ئەوەیە: بۆ سەردەشت عوسمان ڕۆژنامەنوس نییە؟ ئامانج لەوەچییەئەبێ بەقوتابی زانکۆ بهێلرێتەوە؟ بۆ ئەبێ ئینکاری ڕاستیەک بکرێ کەمەحاڵەکەس باوەڕ بکات؟ ڕاستەسەردەشت قوتابی زانکۆ بوو، بەڵام هۆکاری هەڕەشەو ڕفاندن و تیرۆرەکەی ڕەخنەو نوسین و کاری رۆژنامەوانی بوو. بەڵام پرسیارێکی تری زۆر مولیحیش ئەوەیە ئایا مەبەست لە ئینکارکردنی سیفەتی ڕۆژنامەنووسی لە سەردەشت ئەوەیە کە ئەگەر کەسێکی ئاسایی بووبێتو بە پێوانە ڕەسمیەکان ڕۆژنامەنووس نەبووبێت کوشتنەکەی سادەترە؟ بۆ من و بۆ هەموو خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان سەردەشت هەر سیفەتێکی لە ڕابردوودا بووبێت، ئێستا سیمبولی قوربانیانی دەستی ئەوانەیە کە سەرکوتی ئازادی دەربڕین دەکەن. خەڵک بەخاتری پیشەکەی سەردەشت نییە کە لە تاوانی تیرۆری تورەن، بەڵکو بە خاتری سیفەتی تیرۆرکەرانێتی، بە خاتری هۆکاری تیرۆرکردنێتی کە دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچونی بوو، کە لەم تاوانە خۆش نابن.

٩- لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە چیتان کردووە؟

بەکر عوسمان: هەندێک ڕێکخراو و ناوەندی نێودەوڵەتی پەیوەندیان پێوەکردووین، ڕاستی ڕوداوەکەو هەلومەرجەکەمان بۆیان باسکردووە. ئەوان خۆشیان زانیاری و بەڵگەی زۆریان کۆکردبۆوە. پەیمانیان داوەکەکاری جدی لەسەر دۆسیەی سەردەشت ئەکەن و هەموو توانا و هەوڵەکانیان ئەخەنەکار لەپێناوی ئەنجامی خوازراو بەمەسەلەکە. بەردەوامیش پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیەبۆ ئاگاداری زیاتر لەهەواڵ و ڕووداوەکان و ئاکامی شتەکان.

ئەگەر حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەم شێوەی تاکو ئێستا ئەو کەیسە مامەلەیلەگەڵ بکەن، بەکەمتەرخەمی و بێدەربەستی و بێدەنگی تێپەڕێنرێت. ئەوا بەناچاری دۆسیەی سەردە شتئەبێتەدۆسیەیەکی نێو دەوڵەتی و کەیسی دادگای نێودەوڵەتی.

١٠- ئێوە وەک بنەماڵەی سەردەشت هیچ مەترسیەکتان لەسەرە ، کەس هەڕەشەی لێکردوون دوای ئەو ڕووداوە؟

بەکر عوسمان: تیرۆری درندانەی سەردەشت و کەمتەرخەمی لەلێکۆڵینەوەسەبارەت بەکەیسی سەردەشت ئێمەوەک کەسو کاری ئەو لەگەڵ حاڵێکدا ڕووبەڕوو دەکاتەوەکەهەست بەهیچ ئەمنیەتێک نەکەین. جەوێکی ترس و تۆقاندنی توند بەئاسانی هەناسەت بۆ نادرێ. ئەگەر تۆ 2010-05-04 ئەو پرسیارەت لەسەردەشت بکردایە، بەدوایین وتاری "یەکەمین زەنگی

کوشتنم لێدرا" وەڵامی ئەدایتەوە. ئەمرۆکەش من هەمان وەڵامی سەردەشتم هەیەبۆ پرسیارە کەتان.

١١- چ لایەنێک سوورە لەسەر ئەوەی ئێوە واز لەو کەیسەی خۆتان بهێنن؟

بەکر عوسمان: من لەیەکەم رۆژەوەبەئاشکرا و بۆ هەموو رام گەیاندووەکەمەسەلەی سەردە شت شتێک نییەساتوسەودا و موساوەمەی لەسەر بکرێ. ئەوەشتێک نییەقابیلی قەبولکردن بێت. خاڵێکیتر لێرەدا زۆر گرنگەمەسەلەی سەردەشت ئەمرۆ مەسەلەی هەموو خەڵکی کوردستانە، تاکو-5-2010 سەردەشت، تەنیا کوڕی خانەوادەکەی بوو، بەڵام دوای ئەوە سەردەشت کوڕ و خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستانە. بۆیەئەمرۆ مەسەلەی سەردەشت هەر تەنیا مەسەلەی خانەوادەکەی نییە. ئەوەی بیەوێت بەهەڕەشەو فشار هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو مەسەلەیە بدات، هەوڵێکی مایەپوچ دەدات. چونکە خەڵکی کوردستان لەو غەدرە گەورەیە و لە خوێنی ڕژاوی ڕۆڵەی خۆیان خۆش نابن. بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی و ڕەخنەی توندی منە. بێدەربەستی و هیچ نەکردنی حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانە. ئەوەنزیکەی 2 مانگ بەسەر تیرۆری

١٢- بە نیازن هەر لە هەولێر بمێننەوە یان ئێوەش دوای ئەوەی لیژنە هیچی بۆ نەکرا هەڵوێست وەرئەگرن و هەولێر جێدەهێڵن؟

بەکر عوسمان: نازانم مەبەستتان لەم پرسیارە چییە؟ بەدوای ئەو تاوانە گەورەیەو غەدرەگە ورەیە لەئێمە و سەدەشت کرا. هێشتا ئەبێت هەر قوربانی بین؟ مەگەر ئێمە دانیشتوانی ئەم شارەو هاوڵاتی ئەم وڵاتەنین؟ ئێمەخۆ داوای مافی پەنابەریمان نەکردووە، بەڵکو داوای دە ستگیرکردنی تاوانباران و دادگایی بکوژانی سەردەشت ئەکەین.

تا ئەو کاتەی ژیان و ئاسایشی سەر وماڵمان پارێزراو بێت، لەهەڕەشەو ئیستیفزازکردن بە دوربین نارەحەتی و کێشەمان بۆ دروست نەکرێت، شاری هەولێر شاری خۆمانەو حەز ئەکە ین لەگەڵ ئازیزانمان لەدانیشتوانی ئەم شارە درێژە بەژیانمان بدەین. بەڵام هیچ جۆرە هەڕە شەو ئیستیفزاز و کێشەو نارەحەتی دروستکردنێک قەبول ناکەین، ئێمە واز لە مافی ڕەوای خۆمان ناهێنین تەنانەت ئەگەر باجەکەی بەجێهێشتنی زێد و مێژووی ژیانیشمان بێت. بێگومان ئەگەر لیژنەی لێکۆڵینەوەو دەزگا پەیوەندیدارەکان هیچ شتێک نەکەن، ئێمەبێدەنگ نابین و هەڵوێستمان ئەبێت. بەڵام هەڵوێستگیری مانای پێداگریەلەسەر داخوزیەکانمان و حە قی خۆمان.

05-07-2010

**بەکردەوە لیژنەیەک نابینین، کار لەسەر کەیسی سەردەشت بکات**

**مەسەلەی سەردەشت مەسەلەی خەڵکی کوردستانە**

**گفتوگۆی رۆژنامەی رۆژنامەلەگەڵ بەکر عوسمان**

**ئامادەکردنی ئاوارە حەمید**

**رۆژنامە: دە هەفتە بەسەر تیرۆکردنی رۆژنامە نووس سەردەشت عوسمان تێدەپەری بکوژانی نەدۆزرانەوە؟**

**ئارام، : ئەکرێت ئەم بابەتە لە بە شی چاوپێکەوتنەکاندا دابنرێت  واتە کۆپی و پەیستی بکەن و ئەمە لاببەن لێرە**

**بەکر عوسمان: زۆر بەداخەوەبەدوای زیاتر لەمانگ بەسەر تیرۆری سەردەشت تێپەریوە، تە نیا وەعد و بەڵێن ئەبیستین. بەڵام بەکردەوەهیچ شتێک نابینین. ئەو کەمتەرخەمی و بێدەربە ستیەی دەزگا پەیوەندیدارەکان بەرامبەر بەدۆسیەی سەردەشت جێگەی رەخنەو نیگەرانی زۆری ئێمەیە. بێگومان ئەو بێدەنگی و بێدەربەستیەی دەزگا پەیوەندیدارەکان لەبەرامبەر گرنگترین مەسەلەیەک کەئەویش مەسەلەی ژیانی ئینسان و کوشتن و تیرۆرە،بەرەورووی پرسیاری جدی خەڵکی کوردستان ئەکاتەوە.**

**هاوکات ئەو حزب و هێزە سیاسیانەی کوردستان، تاکو ئێستا بە هەڵوێستی رۆشن و ئاشکرا و بەرپرسیارانە، وەک پێویست هەڵوێستیان نەگرتووەجێگەی رەخنەیە. هەروەکو مەسەلەی سەردەشت مەسەلەی خەڵکی کوردستانە، زۆربەی خەڵکی کوردستان بەنارەزایەتی فراوان و سەراسەری ئەو تاوانەگەورەو خوێنرێژیە درندانەیان ئیدانەکرد. ئەم مەسەلەیە وەک مەسەلوی ئازادی دەربرین و ئازادی رۆژنامەگەری، مەسەلەی ئاسایش و پاراستنی ژیان و سەر و ماڵی هاولاتیان، مەسەلەیەکی گرنگی کۆمەڵگای کوردستانەو لەسەر مێزی هەر حزب و هێزێکی سیاسی و جەماوەری کوردستاندایە. بەبێ وەڵامدانەوەی مەسەلەگرنگەکانی ژیانی خەڵک، ئیدعا و بەڵێن و پەیمانەکانیش بۆ خەڵکی کوردستان تەنیا رێکلامێکی سیاسی ئە بێت.**

**رۆژنامە: لە سەر پێشنیاری سەرۆکایەتی هەرێم کرد لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆکردنی سەردەشت عوسمان پێکهێنرا سەرۆکایەتی پارلەمان لێژنەی ناوخۆ ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکانی راسپارد بۆ لێکۆڵینەوە ئایە ئەم لێژنانە هیچ سەردانێکیان کردوون بۆ زانیاری وەر گرتن؟**

بەکر عوسمان: نەخێر هیچ لێژنەیەک لەو لێژنانەی ناوتان هێناوەسەردانیان نەکردووین و هیچ کەسێکیش زانیاریەکی بەئێمەنەداوە. ئەمڕۆش بەکردەوەلێژنەیەک نابینین کار لەسەر کەیسی سەردەشت بکات.

ڕۆژنامە: باس لەوە کرا کە برایەکتان ئەندامە لە لێژنەی لێکۆڵینەوە، ئێوە بەشدارن لە لێژنەی لێکۆڵینەوە؟

بەکر عوسمان:لەماوەی ڕابردوو لەهەندێک شوین و کەناڵی ڕاگەیاندن ئەوەندەی گرنگی بە باسی ئەو مەسەلەیەدراوەئەوەندەبایەخ بەمەسەلەی تیرۆر و کوشتنی سەردەشت و لێکۆڵینە وەو بەدواداچوون بۆ بەدادگایی گەیاندنی تاوانباران نەدراوە. نازانم ئامانجی گرنگیدان و بایەخی ئەم مەسەلەیەچییە؟ بۆیەلێرەدا بە پێویستی ئەزانم کەشتەکان بەڕاستی و وەکو خۆی بەهەموو بگەیەنم.

نەخێر هیچ کەسێکی ئەندامی خێزانەکەمان ئەندامی لێژنەی ناوبراو نییە. بەدوای پێکهاتنی لێژنەی لێکۆڵینەوەلەکەیسی سەردەشت، ئەو برایەم خرایەنێو لیژنەکە. لەیەکەم ڕۆژدا ئێمە داوای هێنانەدەرەوەی ئەو برایەمان لەنێو لێژنەکەکرد و قەبول کرا. لەو کاتەدا ئەو برایەم لەباری ڕوحی و عاتفی و دەرونییدا لەبارێکی زۆر خراپدا بوو، بەشدار بوونی لەنێو لێژنەکە کاریگەری زۆر خراپتری ئەبوو بەسەریدا. هەروەها دانانی ئەو برایەم بۆ نێو لیژنەکە بە داوای ڕوسمی و کتابی ڕەسمی، وەک ئەفسەری ئاسایش بووە. پرسی نوێنەرایەتی خێزانی سەردەشتی بۆ نێو لێژنەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئێمەباس نەکراوە، ئەو کارەهیچ پەیوەندیەکی بەنوێنەرایەتی خانەوادەی سەردەشت نەبوو. هاوکات پێکهاتەی لێژنەی لێکۆڵینەوەلێژنەیە کی تەواو ئەمنییە، لەنێو لێژنەیەکی تەواو ئەمنی جێگەیەک بۆ نوێنەرایەتی خانەوادەیی و عاتفی نابێت.

ڕۆژنامە: بۆچی داوای هەڵوەشاندنەوەی لێژنەی لێکۆڵینەوە تان کرد؟

بەکر عوسمان: لەبەر ئەوەی ئەو لیژنەیەلەسەرەتاوەتاکو ئێستا هیچ کار و شتێکی دیار نییە . ڕاگرتنی خانەوادەو هاوڕێیانی سەردەشت لەم ئازارەبێئامان و بێئاکامە، زۆر سەخت و ناخۆشە. درەنگ کەوتنی ئەنجامی کارکردن لەسەر ئەو دۆسیەرۆژ لەدوایڕۆژ ناخۆشتر و ئازاری زیاتری هەیەبۆ سەرمان. بۆیەئێمەداواکارین لەجیاتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی تاکو ئێستا، داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی نوێ ئەکەین کە لە ڕۆژنامەنووسانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ڕێکخراوەنێو نەتەوەییەکان کە بەرگری لەئازادی دەربڕین دەکەن پێک بێت. دیارەلەلیژنەیەکی لەو جۆرەدا نوێنەرایەتی ئێمەش وەک کەسو کاری سەردەشت مانای دەبێت.

ڕۆژنامە: دروست کردنی پەیکەری شەهید سەردەشت بە کوێ گەیشت و تۆ پێشتر لە روونکردنەوەیک رات گەیاند پارێزگاری هەولێر رێگرە لە دروووستکردنی؟

بەکر عوسمان: کاری پەیکەرەکەبەهاوکاری دڵسۆزانەی کۆمەڵیک هونەرمەندی ئازادیخواز خە ریکەتەواو ئەبێت. بەڵام سەبارەت بەمۆڵەتی دانان و شوێنێک لەنێو شاری هەولێردا. پارێزگاری هەولێر بەڕەسمی وەڵامی داوەتەوە:

"تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەلەم مەسەلەیەیەکلا نەبۆتەوەو تاکوو لێژنەی لێکۆڵینەوەئەنجامی کۆتایی خۆی نەداتەدەرەوە، ئێمەمۆڵەتی ئەو پەیکەرەنادەین لەنێو شاری هەولێر"

بەڕای من ئەوەبەکردەوەڕێگریی و ڕەتکردنەوەی مۆڵەتی دانانی "پەیکەری ئازادی بۆ سەردە شت عوسمان"ەلەنێو شاری هەولێر. چونکەدانانی ئەو پەیکەرەپەیوەندیەکی بەلێژنەی لێکۆڵینەوەنییە. بەستنەوەی دانانی پەیکەرەکەبەلێژنەی لێکۆڵینەوە، زۆر نادروستەو هیچ پەیوەندیەک لەنێوان پەیکەرەکەو لێژنەی لێکۆڵینەوەدا نییە. بیانوویەکەبۆ ڕێگەنەدان بە دانانی پەیکەری ئازادی لەلایەن پارێزگای هەولێر و دەسەڵاتدارانی شاری هەولێر.

ڕێگری و نەدانی مۆلەتی دانانی پەیکەرەکەلەنێو شاری هەولێر جێگەی ڕەخنەو ناڕازیەتی زۆرە. بەهەموو شێوەیەک پێداگری لەسەر ئەو پرۆژەیە ئەکەم و داواکارم کاربەدەستان و پارێزگای هەولێر ئەو داوایەم لەوەزیاتر دوا نەخەن. هەموو ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنوسان و ئەوانەی لەپشتی دانانی ئەو پەیکەرەن ئەرکیانەهەوڵەکانی خۆیان بخەنەکار لە پێناوی دانانی پەیکەرەکەو لابردنی ڕێگریەکان.

ڕۆژنامە: پارێزگاری هەولێر دەڵی تا ئێستا نازانری سەردەشت لە سەر چی کوژراوە بۆیە نابێت لە ئێستادا پەیکەری بۆ درووست بکرێت؟

بەکر عوسمان: دانانی "پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان" لەنێو شاری هەولێردا پرۆسەی دادگایکردنی تاوانباران و بکوژانی سەردەشت نییەتا پێویستی بەئەنجامی لێکۆڵینەوەبێت.

سەبارەت بەهۆکاری تیرۆری سەردەشت، ئەوەبۆ هەموو خەڵکی کوردستان و دونیا ڕۆشنە. سەردەشت وەک رۆژنامەنوسێکی بوێر تەسلیمی هەڕەشەو سەرکوتکردن نەبوو، دەستبەرداری نوسین و ڕەخنەکانی لەنایەکسانی و نا عەدالەتی کۆمەڵگای کوردستان نەبوو. لەسەر هە ڵوێست و ڕەخنەکانی هەڕەشەی ئەوەی لێکرا کەڕێگەی هەناسەدانی لەشاری هەولێر پێنادرێ، بەدوای ئەوەی بەهەڵوێستی بوێرانەیوەڵامی هەرەشەکەران و بکوژانی خۆی ئەداتە وە بەپێداگری لەسەر ڕەخنەو نوسین و کاری ڕۆژنامەگەری بەرەوڕووی ئەم کارەساتەبۆوە.

دووایین وتاری سەردەشت بەناوی " یەکەمین زەنگی کوشتنم لێدرا " کەلەسەرەتای مانگی یە کی 2010 لەچەند سایتێکی کوردی بڵاوکراوەتەوە. وەک بەڵگەلەسەر ڕەش و سپی هۆکاری شێوەی کوشتنی سەردەشت ئەداتەدەستمان.

ئەرکی دەزگا پەیوەندیدارەکان و لیژنەی لێکۆڵینەوەو حکومەت ئاشکراکردن و دادگاییکردنی تاوانبارانە. نەک مەحدودکردنەوەی مەسەلەکانی سەردەشت.

هەر هاوڵاتیەک مافی خۆیەتی هەر کاتێک پەیکەرێک یا سیمبۆلێک بۆ ڕوداو و مەسەلەی گرنگی کۆمەڵگا و ژیانی خەڵک دروست بکات، ئەوەی پەیوەندی بەدەسەڵاتی ئیداری و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە هەیە لەسەر شوێنی گونجاو بۆ کارەکەڕێک بکەون، نەک ڕەتکردنەوەو ڕێگری دانان بۆ پرۆژەی تایبەتی یا کۆمەڵایەتی.

ئەمرۆ ماف و ئەرکی هەموو ئەو کەس و ڕێکخراو و ناوەندانەیەکەخوازیاری دانانی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمانن، دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرزبکەنەوە لەبەرامبەر ڕێگری بە ردەم پەیکەرەکە.

رۆژنامە: لەیەکەم رونکردنەوەی لێژنەی لێکۆڵینەوە تیایدا هاتبوو کە گولە بە سەری کەوتوە و پێش کوشتنی ئەشکەنجە نەدراوە؟

بەکر عوسمان: 5 حەفتەبەر لەئێستا وەڵامی ئەو ڕونکردنەوەیەم داوەتەوەو ڕونکردنەوەی پێویست و ڕۆشنم لەسەری داوە. ئەوەی کەوتوومەئەو حەقیقەتەیەکەسوکار و خانەوادەو هاوڕێیانی سەردەشت و کەسانێکی زۆر بەچاوی خۆیان دیویانە. هیچ شتێکیش ناتوانێ ئەو حەقەقەتەی بەچاوی خۆمان دیومانە بەشتێکیتر بگۆڕێت.

یەکێک لەکەموکورتیەکانی ئەو ڕاپۆرتە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک ناچێتە سەر هەڕەشەکانی پێشووتر کەلەسەردەشت کراوە، ناچێتەسەر ئەوەی کەسەردەشت لە دووایین وتاریدا ئاماژە بەوە ئەکات کەڕاگری کۆلیژەکەی و بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێری لەهەڕەشە کان ئاگادارکردۆتەوە و هانای بۆ ئەوان بردووە کە گیانی بپارێزن و ڕزگاری بکەن. بەڵام بە گاڵتەو بێموبالاتانە وەڵامی پیدراوەتەوەئەوەکێشەی خۆدەرخستن و خۆ گەورەکردنە.

شوێنەواری لێدان و ئەشکەنجەبەئاشکرا بەسەر جەستەی هەبوو((ئاخر سەردەشت پێش ئەوە ی دەست بەسەر بکرێ و بڕفێنرێ بەبەرچاوی خەڵک و پۆلیس بەلێدان و ئەشکەنجەدان و بە زۆر ئەڕفێندرێ و سواری ئۆتۆتمۆبیل ئەکرێ)).

شێوەی کوشتنەکەش بەلێدانی گوللەلەنێو دەمی بووە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هێمایەک بۆ بێدەنگکردن و ئاشکرایی مەبەستی کوشتن و تیرۆری سەردەشتە.

رۆژنامە: لە بەیانامەکەی سەرۆکایەتی هەرێم ناوی سەردەشت بە خوێندکار هاتبوو، لەراپۆرتی شەش مانگی سەندیکای رۆژنامە نووسانیش ناوی هاتبوو، بۆچی سەرۆکایەتی هەرێم پیشەی رۆژنامە نووسی لە سەردەشت وەردەگرێتەوە؟

بەکر عوسمان: ئەمرۆ زۆربەی نوسەران و ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و جیهان، سەردەشت وەک ڕۆژنامەنوسێکی بوێر ئەناسن و هەڵسەنگاندنی بەرزیان بۆ ڕەخنەو نوسینەکانی ئەو هەیە. لەم ماوەیەش چەندین خەلاتی ڕۆژنامەنووسی وەک وەفا و هەڵوێستێک بەبوێری و ئازایەتی و شەخسیەتی سەردەشت بەناوی سەردەشتەوەپێشکەش بەخانەوادەکەی کراوە. سە ردەشت و کارەڕۆژنامەوانیەکانی بۆ من جێگەی شانازییەو هەمووی وەک سەردەشت بۆ من خۆشەویست و لەدڵم شیرینە، بۆ هەمیشەبەرز و بەڕێز ڕایئەگرم.

ئەو پرسیارەئەبێت ئەوانەوەڵامی بدەنەوەکەئینکاری ڕۆژنامەنووسی سەردەشت ئەکەن. بۆ سە ردەشت ڕۆژنامەنووس نەبوو؟ ئامانج لەوەچییەئەبێ بەقوتابی زانکۆ بهێلرێتەوە؟ بۆ ئەگەر کاری رۆژنامەنووسی لەسەردەشت وەرگیرێتەوە کاریگەری ئەکاتە سەر پرۆسەو ئەنجامی لێکۆڵینەوەو سزادانی تاوانباران؟ ئەگەر سەردەشت ڕۆژنامەنووس نەبێت، ئەو تاوان و خوێنرێژیەدڕندانەگەورەتر یا بچوکتر ئەبێتەوە یا چوارچێوەکەی ئاڵوگۆری بەسەرئەدادێ؟ ... چەندین "بۆ و ئەگەر" و پرسیار لەمبارەیەوەلای ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی کوردستان دروستبووە.

رۆژنامە: ئێوە چەند فۆتۆیەکی تیرۆردنی سەردەشتان لایە بۆچی نەتان داوە بە لێژنەکانی لێکۆڵینەوە و یا خود بلاوی ناکەنەوە؟

بەکر عوسمان: سەرەتا هەر شتێک لای ئێمەبووەداومانەبەلێژنەی لێکۆڵینەوە. هەرچی زانیاریەک لای ئێمەبوبێ هەموومان داوەبەلێژنەی لێکۆڵینەوە، تەنانەت لەیەکەمین ڕۆژە کاندا هاتوون تەواوی دۆکۆمێنتەتایبەتی و شەخسیەکانی سەردەشتیان داوکردووەو بردوویانە . هیچ شتێک نییەلای ئێمەبوبێ نەدرابێت بەلێژنەی لێکۆڵینەوە.

ئەو دۆکۆمێنت و وێنانەی باسی ئەکەیت لای ئێمە نییە، بەڵکو لای چەند دەزگا و کەناڵی ڕاگەیاندنەکە وێنەو بەڵگەو دۆکۆمێنتیان لایە، داوای ڕەزامەندی ئێمەیان کردووە کەلای خۆیان بلاوی بکەنەوە. بەلام تاکو ئێستا بەهۆی کاریگەری عاتفی ئەو وێنانەبەسەر خۆم و خانەوادەکەم و هاورێیانی سەردەشت قەبولم نەکردووەئەو وێنانە بلاوبکرێتەوە. بینینی ئەو وێنانە زۆر بەسۆو جەرگبڕ و بەئازارە. هیوادارم هیچ کەس نەکەوێتە ئەو هەڵوێستە، بێنەبە رچاوت کە کەسێکی ئازیز و نزیک و خۆشەویستت بەکارەساتێکی وا دڕندانە تیرۆربکرێ و ئینجا چەندە سەختە بتوانیت قەبولی ئەوە بکەیت وێنەی خوێناوی و تاوانکاریەکە ببێتە بە شێک لەلاپەڕەی هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان و ڕاگەیاندنەکان. هیوادارم ناچار نەبین قە بولی بلاوکردنەوەی ئەو وێنانە بین.

تێبینی: ئەم گفتوگۆیە لە12-07-2010 ئەنجام دراوەو لەبەرواری 27-07-2010 لە رۆژنامەی رۆژنامەبلاوبۆتەوە

**تیرۆری رۆژنامەنوسان ترۆپکی سەرکوتی ئازادی دەربرینەلەکوردستان!**

**وتەیەک لەیادی دووەمین سالرۆژی تیرۆری سۆرانی مامەحەمەدا**

ئامادەبوانی بەرێز، سەرەتا زۆر حەزمان ئەکرد ئەمرۆ لەیادی سۆرانی ئازیز لەم مەراسیمە لەگەڵتان بەشدار بوینایە،بۆ گەیاندنی پەیامی هاودەنگی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە هەموو لایەک و قسەکردن لەسەر چۆنیەتی بەستنی ئەو دەستەرەشانەی هەڵدەستن بەتیرۆری ئەو دەنگانەی ئەیانەوێت راستی بەخەڵکی کوردستان بگەیەنن. بەڵام بەداخەوەبۆمان نەگونجا راستەوخۆ لەگەڵتان بەشداربین بۆیەحەزمکرد لانی کەم لەرێگەی ئەم وتەیەوەلەگەڵتان بەشدار بم.

تیرۆری رۆژنامەنووسان تەنیا تاوانێکی درندانەنییەدەرحەق بەگروپ و کەسانێکی دیاریکراو ئەکرێ، ئەو خوێنرێژیەترۆپکی سەرکوتی ئازادی دەربرینە. کوشتنی کەسێک لەسەر رستەیە ک یان بابەتێک نیشانەی سەرکوتێکەبەشێوەیەکی سیستیماتیک و بەڵام بێدەنگو پەردە پۆش کراو، هەموو رۆژێک لەسەر جادەو لەناو کارگەو شوێنی کارو لەناو خوێندنگا و فە رمانگەکانی ئەم وڵاتەدا سومارەسەدەکرێت. تورەییش لەبەرانبەر ئەم تاوانی تیرۆرکردنە پێویستەبەئەندازەی قوڵی رەگورِیشەو فراوانی مەوداکانی ئەو سەرکوتەو قووڵ و هەمەلایەنە بێت.

تیرۆری کەسێک لەسەر نووسینێک مەسەلەی هەموو کۆمەڵگایە لەبەر ئەوەی زەوتکردنی ئازادی نووسین ئاوێنەی زەوتکردنی ئازادی هەموو بێبەشان و ژێرچەپۆکانی کۆمەڵگایە، هەر بۆیەئەوەئاساییەکەمەودای نارەزایەتیەکان بەرانبەر تیرۆری رۆژنامەنووسان هەموو کۆمەڵگا بگرێتەوەو لەوەش فراوانتر بێت کەدەسەڵات بەنائاسایی و گەورەکردنەوەی دەبینی. ئەوەی لەروانگەی ئێمەوەدەبێت نائاسایی و بگرەجێگای رەخنەبێت ئەوەیەکەئەم کێشەیەبەتەنها بە کێشەی رۆژنامەنووسان و نووسەران بە گشتی بزانین، یان وەک پەلاماری دەسەڵاتی یەکەم بۆ سەر حەریمی دەسەڵاتی چوارەم کەراگەیاندنەسەیری بکەین و بەوەدەنگهاتن و بێ دەنگ نەبوونی خۆمان وەک کەسانی راگەیاندن دڵخۆش بکەین. ئەگەر لەم مەسەلە گرنگەدا کارەکانمان بەتاک بکەوێتەوەو ئەو مەسەلەیەتەنها ببێتەمەسەلەی رۆژنامەنوسان و نوسە ران "کەمەسەلەی سەرجەم کۆمەڵگای کوردستانە"، کە تەنهابێ دەنگ نەبوونی خۆمان نابێتە هاواری سەرجادەی هەزاران و دەیان هەزار کەس و نارەزایەتی لەکوشتنی دەنگەئازادەکان. نابێتە ئەوەی هەموو کۆمەڵگا یاخیبوونی مەدەنی رابگەیەنێت و تاوانکاران لەشوێنی خۆیان

دابنیشێنێتەوەو دەستیان ببەستێت لەوەی بتوانن جارێکیتر تاوانی وا ئەنجام بدەن.

دەبێ ئەوەنیگەرانمان بکات و وامان لێ بکات بۆ گرێی ئەم بەرتەسکیەی مەودای ناڕەزایەتیە کان بگەڕێین. بزانین چییەوا دەکات خەڵک دەرهەق بەئازادیەسەرەتاییەکانی خۆی وا بێ خەم بێت. چونکەئەوەناڕەزایەتی جەماوەری و هاتنە سەر شەقامی خەڵکەئەتوانی زەمانەتی پاراستنی گیان و ئارامی و ئاسایش بێت بۆ هەموو. بەبێ بەشداری فراوانی جەماوەری ئازادیخواز بۆ ماف و ئازادیەسەرەتاییەکان، کارەکانمان قەتیس ئەمێنێتەوەلەیادکردنەوەوبە رزڕاگرتنی یادی ئازیزان و سۆرانەکان و سەردەشتەکان.

لەبەرانبەر تیرۆری ڕۆژنامەنووسان هەموو دەسەڵات و دامو دەزگاکانی بەرپرسیارن. ئەوە ساڵ بەسەر تیرۆری سۆران و 11 هەفتەبەسەر تیرۆری سەردەشت تێئەپەریت. بۆچی هیچ کارێک لەلایەن حکومەت و دام ودەزگاکانی بۆ ئەو دۆسیانەنەکراوە؟ بۆچی تاکو ئیستا لیژنە ی لێکۆڵینەوەکان هیچ ئەنجامێکیان نەبووە؟ هۆکاری سەرنەکەوتووی لیژنەی لێکۆڵینەوەکان چییە؟ بۆ چی ئاراستەی کارەکان لەسەر کەیسی سەردەشت و سۆران و ئەوانیتر کۆن بوون و تێپەراندنی ئەبێتەئەنجام؟ بۆچی ڕیگری لەبەردەم دانانی " پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان لەنێو شاری هەولێر ئەکرێ و مەبەست لەم ڕێگرتنەچییە؟ بۆچی دەسەڵات لەبەرامبە ر ئەو پرسیارانەگوێی خۆی کەڕ کردووەو بێدەنگەو ئەو بێدەنگیەمانای چییە؟ ئاشکراکردنی تاوانباران و دادگایکردنیان داوایەکی ئەوەندەقورسەلەتوانی دەسەڵاتداران و دەزگا پەیوە ندیدارەکانی کوردستاندا نەبێت؟

پێویستە ئیتر پێناسەو کارنامەی دەزگا و دامەزراوەکان بەکارەکانیان پێناسەبکرێتو بناسرێتەوەنەک بەپەیمان و بەڵێن و فۆرمەکان. بەڕاستی دەبێت بپرسین کە دامەزراوەیەکی وەک پەرلەمان ڕۆڵی چییەلەبەرگرتن بەتیرۆری ڕۆژنامەنووسان؟ ئەگەر ئەم دامەزراوەیە کارتۆنەبا ڕایبگەیەنێتو ئەگەر شتێکی لەدەست دێت کوا ئەو شتە؟ ئەوە هەفتەبەسەر تیرۆری سەردەشت و 2 ساڵ بەسەر تیرۆری سۆراندا تێ دەپەڕێت تا ئێستا ئەم پەرلەمانەچی کردووە ؟ من لێرەوەئەم پرسیارە دەخەمەبەردەم دانەبەدانەی ئەندام پەرلەمانەکان و ئومێدەوارم هە موویان ئەم پرسیارەبەخۆیان بگرن و وەڵام بدەنەوە؟ ئێوەلەبەردەم کەمتەرخەمیەکانی دە زگاکانی ئەمنیەت پێش و دوای تیرۆری سەردەشت هەڵوێستتان چی بووە؟ بۆچی ئەم هە ڵوێستەتان هەیە کە لەوە دەچێت تیرۆری کەسانێک لە کوردستان تەنها و تەنها لەبەر ئەو شتانەی دەینووسن بەلای ئێوەشەوە ئاسایی بێت؟

لەڕاستیدا هەڵوێستی پاسیڤ و بەکردەوەپاڵپشتی کارانەی پەرلەمان بۆ کەمتەرخەمی دە زگاکانی ئەمنی، وا لەخەڵکی ئەم وڵاتەو جەماوەری بێبەش و چەوساوەی ئەم کۆمەڵگایەدە کات کەبەچاوی گومانەوەلەهەموو دەسەڵات بڕوانێت و هیچ ئومێدێکی بەچاکسازی ئەم دەسە ڵاتەنەمێنێت. دەسەڵات لە کوردستان دەبێ بەجیدی نیگەرانی ئەو ڕۆژەبن کەچەوساوەو بێ دەرەتانی ئەم وڵاتەبەتەواوی ئومێدی چاکسازیان نامێنێت. ئاخر چاکسازی چ مانایەکی ئە

مێنیەتەوەکەلەدوای تیرۆر و کوشتنی ڕۆژنامەنوسان تەنانەت ئاشکراکردن و دادگایی تاوانباران هیچ کارێکی لەسەر نەکرێ.

لەکۆتایدا ئەمەوێت جارێکیتر ئەوەتەئکید بکەمەوەکەئەوەسالی تەواو بەسەر تیرۆری سۆران و 11 هەفتەبەسەر تیرۆری سەردەشت تێئەپەرێت. ئیتر تاکو کەی لەچاوەڕوانی کەمتەرخەمی و بێدەربەستیەکانی دەسەلات و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی لەچاوە ڕوانیداین. ئەو هاوکێشەی کوشتنی ڕۆژنامەنوسان، بێدەنگی دەسەلات و دەزگا پەیوەندیدارە کان، کۆنبوون و تێپەڕاندنی کارەساتە جەرگبڕەکان تاکەی درێژەی ئەبێت. ، ئێمە بێدەنگ نابین و پێداگرین لەسەر داخوزیەکانمان و ئامانجی سەرەکی ئاشکراکردن و دادگایی تاوانباران و بەڕەسمی ناسینی ئازادی دەربرینەلەکوردستان.

مەرگ و ڕیسوای بۆ بکوژانی سۆران و سەردەشت.

بەرز و بەڕێز بێت یاد و ڕێگای ئازادیخوازانەیان

بەکر عوسمان ( ئارام عەلی)

20-07-2010

تێبینی: ئەم وتارەلەمەراسیمی یادی دووەمین سالرۆژی تیرۆری سۆرانی مامەحەمەلە-07-2010 لەسلێمانی لەلایەن ڕۆژنامەنووس پشتیوان خوێنراوەتەوە

### چوار مانگ بەر لەئێستا سەردەشت لەتاریکیدا تیرۆر کرا

### ئەمرۆ بەڕووناکی و بەئاشکرا کەسایەتی سەردەشتی برام تیرۆر ئەکرێ

بەکر عوسمان "ئارام عەلی"

ئەمڕۆ ڕاگەیاندنێکی لیژنەی لێکۆڵینەوەلەکەیسی سەردەشت بڵاوکرایەوەو تیایدا چیرۆکێکی بێ سەروبەرەسەبارەت بەچۆنێتی تیرۆرکردنی سەردەشتی برام هۆنراوەتەوەکەهێچ عەقلێکی سەلیم قبولی ناکات. ئەو ڕاگەیاندنەنەک هەر هیچ وەلامێک بەدەیان پرسیارو گومان کەلە ماوەی ڕابردوودا سەبارەت بەو تاوانی کوشتنەوروژێنراوەناداتەوە، بەڵکو بەمەبەستەوەتۆمە تی تیرۆریست بوون و هاوکاری لەگەڵ گروپی ئەنسارولئیسلام دەداتەپاڵ سەردەشت.

ماوەی چەند مانگەدایک و باوکم و تەواوی ئەندامی خێزانەکەمان چاوەڕوانی هەواڵێک و زانیاریەکن کەهۆکاری چارەنووسی تراجیدی براکەممان بۆ ئاشکرا بکات، سەرداوێکی ئەو پیلانەڕەشەمان بۆ ئاشکرا بکاتو ئەو دەستەبەدکارو تاوانکارەمان پێ بناسێنێت کەبەو پەڕی دڵڕەقیەوەمۆمێکو تروسکاییەکی ژیانی دایک و باوکمی کوژاندەوە، کەچی ئەمڕۆ لیژنەی ناوبراو بەم تۆمەتەبێبناغەیەسەرلەنوێ برینی دڵی هەموومانی هەڵکەندەوەو ئازارێکی جە رگ بڕی تری بەدیاری پێ داین.

بۆ هەر کەسێک لەنزیکەوەسەردەشتی ناسیبێت، یا چەند دێرێک لەنوسینەکانی سەردەشتی خوێندبێتەوەیان تەنانەت دوراودووریش سەردەشتی ناسیبێت، ئەوەڕوونەکەسەردەشت کە سێکی خۆشەویستی دەوروبەرەکەی و مەدەنی و عەلمانی بوو. بەهیچ شێوەیەک بە تاڵە موویەکیش ئەو بەند نابێتەوە بەب یروباوەڕی تیرۆرستیەوە، ئەو تۆمەتە بێبناغەیە و دورە لەڕاستی. ئەسڵی مەسەلەکەە ەر ئەوەیە کەسەردەشت ڕۆژنامەنووس بوو و لەسەر کاری رۆژنامەوانی و نوسین و ڕەخنەگرتن لەناعەدالەتی کۆمەڵگای کوردستان تیرۆرکرا.

من لێرەدا وەک برای سەردەشت عوسمان بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم کەنەک هەر ڕاستیو دروستی ئەو ئەنجامی بەناو لێکۆڵینەوانەڕەت دەکەمەوە، بەڵکو بەو پەڕی بێزاریەوە ئیدانە ی ئەم هەوڵەبێ ئاکامەبۆ بەتیرۆریست ناساندنی براکەم و تاوانبارکردنی بەهاوکاریکردنی گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام دەکەم. ئەم ئیدیعا بێ بناغەیەسەرەڕای ئازار و ئەشکە نجە، بیانووی پەلامارو هەڕەشەیەبۆ سەر ئاسایشو ژیانی ئەندامانی تری خێزانەکەم و لەم بابەتەوە بانگەوازی هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەکەم کەلە بەرانبەر ئەم هەڕەشە ئاشکرایەدا پشتو پەنامان بن.

من لەڕابردوودا ڕوونکردنەوەی ترم لەسەر یەکەمین ڕوونکردنەوەی لێژنەی ناوبراو بوو کەهە ر لەسەرەتاوەچەندین شتی ناراست و تەومژاوی لەسەر کەیسەکەبڵاوکردەوە. چەندین جار ڕامگەیاندووەکەئەو لیژنەیەهیچی بۆ لێکۆڵینەوەلەکەیستی تیرۆری سەردەشت نەکردووەو ناکاتو لیژنەیەکی تەواو ئەمنی تواناى پەردەهەڵدانەوەی لەسەر تاوانێک نییە کە بە بەرچاوی خۆی و لەبن دەستی خۆیدا ئەنجام دراوە. من وەک لەچەند ڕاگەیاندنو بۆنەی تریش لەڕابردوودا داوام کردووە، جارێکی تر ئەم خواستەدووبارە دەکەمەوە کە پێویستە لیژنەیەکی پسپۆڕی بێلایەن لەو کەیسە بکۆڵێتەوەو ڕاستیەکان ئاشکرا بکات. لیژنەیەک کە پێک هاتبێت لەنوێنەرانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانو ڕۆژنامەنووسانو نوێنەرانی ڕێکخراوە مەدەنیەکان کە لە لیژنەیەکی واشدا نوێنەرایەتی ئێمەوەک خێزانی سەردەشت ماناو جێگای دەبێت.

بەکر عوسمان "ئارام عەلی"

برای سەردەشت عوسمان

15-09-2010

## كوردستانی – لیژنەی لێكۆلینەوەناسنامەی بكوژانی قوتابی سەردەشت عوسمانی ئاشكرا كرد

15-Sep-10 [17:1]



PNA – لیژنەی لێكۆلینەوە، ناسنامەی بكوژانی قوتابی ( سەردەشت عوسمان)ی ئاشكرا كرد و لەم بارەیەوەراگەیاندراوێكی بڵاوكردەوە، كەوێنەیەكی بەدەست ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر گەیشتووە، ئەمەی خوارەوەدەقەكەیەتی: دوابەدوای راگەیاندنی سەرەتاییمان لەم دۆسیەیەلەرێكەوتی ( 2010/5/23 ) بۆ هەموو لایەک رایدەگەیێنین كەدوای ئەوەی لەرێكەوتی ( 2010/5/4 ) قوتابی كۆلێژی زمان لەبە شی ئینگلیزی ( سەردەشت عوسمان حەسەن ) رفێندرا لەبەردەم پەیمانگای هونەرەجوانەكان كەدەكەوێتەبەرامبەر كۆلێژی ئاداب ، دواتر لەرێكەوتی ( 2010/5/5 ) تەرمەكەی دۆزرایە وەلەشاری ( موصل ) و دوای وەرگرتنی رێوشوێنی یاسایی و ئەنجام دانی پشكنین لەسەر تەرمەكەلەلایەن فەرمانگەی پزیشكی دادی ( موصل ) ، تەرمەكەی رۆژی دواتر تەسلیم بەكە س وكاری كرا .

لەسەر فەرمانی بەرێز سەرۆكی هەرێم لێژنەیەكی تایبەت بەلێكۆلینەوەلەم دۆسیەپێكهێنرا بۆ ئاشكراكردنی بكوژانی تاوانلێكراو ، لێژنەكەدەست بەكاربوو و سەرەتا هەڵسا بەوە رگرتنی ووتەی چەند شاهێدێكی نزیک لەشوێنی رووداو كەبەچاوی خۆیان بینیویانە چۆن ناوبراو بەئۆتۆمبێلێكی جۆری هۆندا ( مینی پاس ) رەنگی سپی ژمارە ( فحص بغداد ) بردراوە.
لەپاش كۆكردنەوەو تاوتوێكردن و شیكردنەوەی چەندین زانیاری لەسەرچاوەی جیاجیا لە لایەن لیژنەی لێكۆلینەوەدەركەوت كەسێكی سەر بەگروپی ( انصار الاسلام ) بەناوی ( هشام محمود اسماعیل ) تەمەن ( 28 ) ساڵ بەرەگەز كوردەو دانیشتووی شاری( موصل ) پیشەی فیتەرەلەپیشەسازی شارۆچكەی ( بێجی ) دەستی هەبووەلەشەهید كردنی ناوبراو .

لەژێر چاودێری لێژنەكەوە لەرێگای دادگاوە ئاسایش بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای ( بێجی ) توانرا ناوبراو دەستگیر بكرێت و رەوانەی لێژنەی لێكۆلینەوەكرا . پاش لێكۆلینەوەلەگەڵ تۆمەتباری دەستگیركراو دانی نا بەتاوانەكەی كەلەرێكەوتی (2010/5/4 )لەلایەن بەرپرســی ئەم باندەبەناوی ( ڕ . ڕ ) ئاگادار كراوەتەوەبچێتە شارۆچكەی ( شەرگات ) سەر بەپارێزگای (سەلاحەددین ) لەوێ پەیوەندی بەئەندامێكی تری ئەم باندەبكات بەناوی ( ڕ . م ) كەئەمانەتێک هەیەوەری بگرێت و بیگەێنێتەشاری ( موصل ) لەبەر ئەوەی ناوبراو شارەزایی هەیەلەم سنوورە، تۆمەتبار دەچێتەشوێنی دیاریكراو لە وێ لەسێ تۆمەتباری تری ئەم باندەئۆتۆمبێلەكەوەردەگرێت كەتاوانلێكراوی تێدابووەبەدە

ست و قاچ و دەم بەستراوی و بەزیندویی ، ئینجا تۆمەتبار خۆی ئۆتۆمبێلەکەلێدەخورێ و لەگەڵ تۆمەتبار ( ڕ.م ) دەچێتەشاری ( موصل ) لەگەرەکی ( انتصار ) ئۆتۆمبێلەکەو تاوانلێکراو تەسلیم بەبەرپرسی باندەکە( ڕ . ڕ ) دەکات .

پاش چەند رۆژێک لەلایەن بەرپرسی باندەکەتۆمەتباری دەستگیرکراو دەزانێت کە تاوانلێکراویان کوشتووەو بەپێی ووتەکانی ناوبراو هۆکاری کوشتنەکەی بۆ ئەوەگەراندۆتە وەکە( سەردەشت عوسمان حەسەن ) بەلێنی بەم گروپەدابوو کەهەندێک کاریان بۆ بکات بە ڵام کارەکانی بۆیان ئەنجام نەدابوو .

ئەوەی شایانی باسەووتەی تۆمەتبار لەلایەن دادوەری دادگای لێکۆلینەوەی هەولێر دادگە ریانەوەرگیراوەولەهەولێ بەردەوام داین بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی تری ئەم باندەکە بەبریاری دادگا فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو لەووردەکاریەکانی تر و هەر زانیاری و پێشوەچونێکی نوێ سەبارەت بەم دۆسیەیە ئاگاداری هەموو لایەک دەکەینەوە .

هاوپێچ : – وێنەیەکی تۆمەتبار

لێژنەی لێکۆلینەوە 2010/9/15

**وتەی "بەکر عوسمان" لەکۆبوونەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەبەرانبەر چەواشەکارییەکانی لیژنەی لێۆلکۆڵینەوەلە کەیسی سەردەشت عوسمان، لەشاری یۆتۆبۆری**

بەرێزان بەدوای چاوەروانی بێئامانی 4 مانگ و 10 رۆژ، لەوەی کەبکوژانی سەردەشت دە ستگیر و دادگایی بکرێن. بەداخەوەچاوەروانیەکان هەر ئەوەدەرچوو کەزۆربەی خەڵکی کوردستان پێشبینیان ئەکرد، دروستکردنی سیناریۆیەک و شاردنەوەی راستیەکان لەخەڵک بێت... بەڵام سیناریۆیەکەزۆر لەوەقێزەونتربوو کەتەنیا شاردنەوەی راستیەکان بێت لای لێژنەی لێکۆڵینەوە. بەڵکو تۆمەت و تیرۆری کەسایەتی سەردەشت و شیواندنی مێژوو و کارنامەی راستەقینەی سەردەشت بوو. لەوێشەی هێرشێکی فراوان بۆ سەر ئازادی و ئازادیخوازانی کۆمەڵگایە.

ئەوەی لەراگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەلەکەیسی سەردەشت لە(( 15–09–2010)) بڵاوکرایەوە، چیرۆکێکی بێ سەرەوبەرەهۆنراوەتەوەکەهێچ عەقڵێکی سەلیم قبوڵی ناکات. ئە و راگەیاندنە نەک هەر هیچ وەڵامێک بەدەیان پرسیارو گومان کەلەماوەی رابردوودا سەبارەت

بەو تاوانی کوشتنەدڕندانەیەناداتەوە، بەڵکو بە مەبەستەوە تۆمەتی تیرۆریست بوون و هاوکاری لەگەڵ گروپی ئەنسارولئیسلام دەداتەپاڵ سەردەشت.

ئەو زانیاریانەی ئەوان لەڕوونکردنەوەکەداویانە، سەرتاپا پێچەوانەو ناکۆکەلەگەڵ ئەو سە رەداوانەی لەڕووداوەکەلای جەماوەری خەڵکی کوردستان دایە...

ئەوەبۆ هەموومان مەعلومەکەسەردەشت بەدوای نووسینی چەند وتارێکی ڕەخنەگرانەلەناعە دالەتی و نایەکسانی و گەندڵی دەسەڵات و ئەحزابی دەسەڵاتدار لەکوردستان. لەسەرەتای مانگی یەکی 2010 لەڕێگای تەلەفۆن و ئیمێل هەڕەشەی لێدەکرێ، بۆ ئەوەی بێدەنگ و ملکەچ بێت. لەو کاتەدا سەردەشت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و ڕاگری کۆلیژەکەی ئاگادار ئەکاتەوە لەمەترسی ئەو هەڕەشەیەی لێی کراوە. بەپێی دوایین وتاری سەردەشت "یەکەمین زەنگی کوشتنم لێدرا" نەک هەر داواکەیان بەجدی نەگرتووەبەڵکو گاڵتەشیان پێ کردووە... پێیانوتووە ئەوەڕاست نییە هیچ کەسێک لەهەولێر هەڕەشەی لێناکرێ، ئەمن و ئاسایش لە هەولێر بەرقەرارە، بەڵکو ئەتەوێ خۆت گەورەبکەی و ناو دەربکەی. بۆیەسەردەشت لە" پارێزەرانی ئەمن و ئاسایشی کوردستان" نائومێد ئەبێت و لەچاوەڕوانی بکوژانی ئەبێت.

لەبەیانی 4-5-2010 لەبەرامبەر پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلیژی ئاداب، بەڕۆژی ڕوناک و بەبەرچاوی پۆلیسی زێرڤانی و خەڵکەوە. لەلایەن 3 کەس بەجلی مەدەنی. بە ئاشکرا و بەبێ ترس و بەبێ‌سڵمینەوەلەهیچ کەس و هیچ مەترسیەکیەک بەزۆر سەردەشت ئە رفێندرێ. دوای نزیکەی " نیو سەعات" بەسەر ڕفاندنی سەردەشت هاوڕێیان و خانەوادەکەم، پۆلیس و ئاسایشی شاری هەولێر و تەواوی خاڵەکانی پشکنینی هەولێر لەو ڕوداوەئاگادار ئەکەنەوەبۆ ڕزگارکردنی. تەنانەت چەندین جار پەیوەندی ئەکەن بەدەزگا ئەمنییەکان "ئاسایش و پۆلیس" کەئەو ڕۆژەتاکو "6 ئێوارە" زەنگی تەلەفۆنەکەی ئەڕوات، ئەتوانن لە ڕێگەی تەلەفۆنەکەی شوێنەکەی بزانرێت. بەڵام هیچ نەکرا و تەواو ئیهمال کرا ... تاکو بە دڕندانەترین شێوەتیرۆر ئەکرێ....

هەروەها شێوەی کوشتنەکەشی بەدوو فیشەک لەنێو دەمی تیرۆر ئەکرێ وەک هێمایەک بۆ بێدەنگکردنی سەردەشت و هەموو سەردەشتەکانیتر کەگوێڕایەڵ ناعەدالەتی نابن دەم نەکەنە وەئیتر. وەک هێمایەک بۆ ئەو کەسانەی کەقەبول ناکەن دەمیان دابخرێت، ئیتر گوللەئەنرێ بەدەمیانەوە.

هەروەها لەسەرەتادا دەزگا ئەمنییەکان زۆر کەمتەرخەم بوون و مەسەلەکەیان تەواو ئیهمالکرد تاکو 3 ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکەبەئەندازەی ڕووداوێکی ترافیک لەو تاوانەگەورەو دڕندانەیان نەکۆڵییەوە.... دواتر لەژێر فشاری نارەزایەتی خەڵک و ئازادیخوازان لەدەرەوەو ناوەوەلیژنەی لێکۆڵینەوەلەتاوانەکەپێکهات....

لێژنەی ناوبراو بەدوای 4 هەفتەلەتیرۆری سەردەشت ڕونکردنەوەی یەکەمی لەپەیوەند بە ڕووداوەکەبڵاوکردەوە. لەڕوونکردنەوەی یەکەمیشدا چەندین ناڕاستی و چەواشەکاری لەسەر کەیسەکەبڵاو کردەوە. لەکاتی خۆیدا وەڵامی ئەو ناڕاستی و چەواشەکاریانەم دایەوەو چەند جار ڕامگەیاندووە کەئەو لیژنەیە هیچی بۆ لێکۆڵینەوە لەکەیستی تیرۆری سەردەشت نە کردووەو ناکات. تەنانەت لە نامەیەکی کراوە(لە–06–2010) بۆ سەرۆکی هەرێم"مەسعود بارزانی" داوای هەڵوەشانەوەی لێژنەکەم کردووە. تەئکیدم لەوەکردۆتەوەکەلیژنەکەلەکارە کانیدا سەرکەوتوو نەبووە. جگەلەوەش لیژنەکە خەریکە بە ئاراستەیەکی تردا کار دەکات، کەئەویش تەحقیقکردن لە خەڵکانێکەکەر ۆژنامەنووس و دانیشتووی شارەکانی ترن یان لە بناغەوەبێئاگان لەو کارە.... خەریکی ئیستیفزازکردن و هەڕەشەکردنەبۆ ئەو کەسانەی لەسە ر ئەو مەسەلەیەهاتونەتەدەنگ، خەریکی سیناریۆ داتاشین و شاردنەوەی ڕاستیەکانە... بە ڵام هیچ کاردانەوەیەک بۆ داواکانمان نەبوو ئەوەئەمرۆ پێچەوانەکەی ئەبینین...

بەداخەوەتەجرووبەی پێشووتر لەسەر زۆر مەسەلەو بەتایبەتیش ئەم مەسەلەیەئەوەی سە لماند کەجێگەوڕێگەی یاسایی نەماوەتەوەبۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم مەسەلەیەلەکوردستان. لەچوارچێوەی وەزعی ئێستادا یەکلاییکردنەوەی قانونی و سزادانی تاوانباران ئاسان نییە. ناڕەزایەتی جەماوەی خەڵکی ئازادیخواز و توڕەلەتیرۆر و سەرکوت،هەڵوێستگیری جدی ئە حزابی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رۆژنامەنوسان زەمانەتی یەکلاییکردنە وەی ئەو مەسەلەیەو ڕیسواکردنی سیناریۆ و درۆ و تۆمەت هەڵبەستنەکانە.

ئەگەر بێتو (ئەنسارولئیسلام) ئەو کارەیان کردبێت، ئەوەدەلالەتێکیتری ئەو حکومەتەیەکە دەبوو حکومەت و وەزیری ناوخۆو بەڕێوەبەری ئاسایش و دەزگا ئەمنیەکان دەستیان لەکار بکێشایەتەوە کە چۆن باندێکی ئەنسار توانیویانە بەڕۆژی رووناک بێنە بەردەم زانکۆو سە ردەشت ببەنو بە چەندەها بازگەدا بیپەڕێننەوە لەوێ تیرۆری بکەن...

دواتر هەر لەسەرەتاوە زۆر کار لەسەر ئەوەئەکرا و تەئکید لەوە ئەکرایەوە سەردەشت ڕۆژنامەنووس نەبووە. لە راگەیندراوەکانی لێژنەکەش سەردەشت وەکو قوتابیو تاوانلێکراو ناسینراوە، ئەگەر مەرامێک لەمە نەبێت بۆچی لێژنەکە نەینوسیوە رۆژنامەنوسو قوتابی؟! بەپێی ئەو مامەلانەی ئەکرێ، ئەیانەوێت ئێمەلەم قەزیەیە بێدەنگ بین و قسەنەکەین.

ئەوە دوێنێ گروپی"ئەنسارول الاسلام" پێشلەڕاگەیاندنی ڕەسمی "دیوانیئیعلام" خۆیان لیژنە یلێکۆڵینەوە لەتیرۆریسەردەشت بەدرۆ دەخاتەوە...

بۆ هەر کەسێک دوور یا نزیک سەردەشتی ناسیبێت، یا چەند دێرێک لەنوسینەکانی سەردە شتی خوێندبێتەوە، سەردەشت دورو نزیک پەیوەندی بەبیروباوەڕی ئیسلامیەوەنییە. سەردە شت کەسێکی خۆشەویستی دەوروبەرەکەی و مەدەنی و عەلمانی بوو. بەهیچ شێوەیەک بە تاڵەموویەکیش ئەو بەند نابێتەوە بە بیروباوەڕی تیرۆرستیەوە، ئەو تۆمەتە بێبناغەیەو

دوره لەڕاستی. ئەسڵی مەسەلە کەهەر ئەوەیە کە سەردەشت ڕۆژنامەنووس بوو و لەسەر کاری رۆژنامەوانی و نوسین و ڕەخنەگرتن لە ناعەدالەتی کۆمەڵگای کوردستان تیرۆرکرا.

تۆمەت و سیناریۆی لیژنەی لێکۆڵینەوە تاوانێکی زۆر گەورەیە، تیرۆری شەخسیەتی سەردە شت بەئەندازەی تیرۆری جەستەیی سەردەشت گەورەیە. دووبارەتیرۆرکردنەوەی سەردەشتەو جارێکی تر برینێکی تریان خستە دڵی ئێمەش. . گۆرینی ئەو حەقیقەتە تاوانیکی گەورەترە بەحەقی سەردەشت و خەلکی کوردستان.

ئەوە بە عەمەلی یانی پەنادانی تاوانباران و بکوژانی سەردەشت. لەیاسای هەر وڵاتێکی دونیادا هەر کەسێک پەنای تاوانباران و ئینسان کوژ بدات ئەوەتاوانێکی زۆر گەورەیەو سزای لەسەرە.

ئەو تۆمەتەغەدرێکی دیکەیەلەسەردەشت و خانەوادەکەی، ئەو چەواشەکارییەگاڵتەجاری و سوکایەتیەکی گەورەیەبەسەرجەم ئازادیخوازان و خەڵکی کوردستانە، بۆ هەر کەسێک یەک زەڕەویژدانی هەبێت نابێت ئەو غەدرەگەورەیەو قەبوڵ بکات. ئەوەزۆر مەترسیدارە ئەگەر ئە وەتێپەڕێت بێگومان بەزیندوێتی یا بەکوژراوی ناتوانین خاوەنی ناسنامەو کارنامەی ڕاستە قینەو یادگاریەکانی خۆمانیش بین.

ئایا لێژنەی لێکۆڵینەوەو لێژنەی تیرۆرکردنی کوژراوەکان و شاردنەوەی ڕاستیەکانە؟ ئە مەئیتر جیاوازی چییەلەگەڵ هەڵدانەوەی قەبرو و فڕاندنی جەستەی مردو و کوشتنی زیندانی. بەڕاستی ئەوەشەرمەزاریی و ڕیسواییەکی گەورەیە.

ئەوەهێرشێکی ڕاستەوخۆیەبۆ دادگایکردنی تەواوی ئازادیخوازان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەوڵێکەبۆ شێواندنی شەخسیەتی سەردەشت وەک ڕەمزێکی ئازادیخوازانەو ڕێگە نەدان بەدانانی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان.

من لێرەدا بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم کەنەک هەر ڕاستیو دروستی ئەو ئەنجامی بەناو لێکۆڵینە وانەڕەت دەکەمەوە، بەڵکو بەو پەڕی بێزاریەوەئیدانەی ئەم هەوڵەبێ ئاکامەبۆ بەتیرۆریست ناساندنی سەردەشت و تاوانبارکردنی بەهاوکاریکردنی گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام دەکەم. ئەم ئیدیعا بێ بناغەیەسەرەڕای ئازار و ئەشکەنجە، بیانووی پەلامارو هەڕەشەیەبۆ سەر ئاسایشو ژیانی ئەندامانی تری خێزانەکەم و لەم بابەتەوەبانگەوازی هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەکەم کەلەبەرانبەر ئەم هەڕەشەئاشکرایەدا پشتو پە نامان بن.

پشت و پەنای من بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئەحزابی سیاسی و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئازدیخوازانی کوردستانە

لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان. زۆر گرنگەئەو کارەی لێژنەکەو پشتیوانی حکومەتی هەرێم لێی، بەرەڕووی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری و هەموولایەک بێتەوەو لەئاستی سەراسەری و دونیا ڕیسوا بکرێت. من بانگەوازی سەرجەم خەڵک ئەکەم کە دەنگی نارەزایەتی لەبەرامبەر تاوانی دڕندانەی تیرۆری سەردەشت و  ئەو سیناریۆ قێزەوەن و گاڵتە جارییە بەرز بکەنەوەو ڕەتی بکەنەوە.

ئەم کەیسەکەیسێکی سیاسیە لەبەردەم خەڵکی کوردستان و سەرجەم ئازادیخوازان و ئەحزابی سیاسیدا. تێپەراندنی ئەم مەسەلەیەبەو شێوەی تاکو ئێستا. زەنگێکی گەلێک مەترسیدارەبۆ سەرجەم کۆمەڵگای کوردستان، تیرۆری  سەردەشت بەوشێوەدرندانەیەبەرۆژی روناک و بەبە رچاوی خەڵک و پۆلیس و ئاسایشەوە. دواتر تۆمەتیشی بۆ دروستبکرێ و سیناریۆ لەتاوانە کەدروستبکرێ زۆر ترسناکە.

پێویستە هەموو هەوڵێکی مەدەنی بدرێت، لەشێوازەکانی خەباتی دیموکراسی و جەماوەری، ڕاگەیاندن، کۆبوونەوەو مەراسیم و مانگرتن کەڵک وەربگیرێت. وەئەوە ئەتوانێ ببێتە فاکتە ری زەمانەتکردنی ئاسایش و ئازادی بۆ هەمووان. خواستی ئێمەناساندن و دادگایی کردنی تاوانباران و ئاشکراکردنی ڕاستیەکانە، بۆ ئەم مەبەستەش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین ئەم مەسەلەیە پەیگیری لێ بکرێ تا بەئەنجامی کۆتایی دەگات.

مەرگ و ڕیسوای بۆ تیرۆرستان و بکوژانی سەردەشت! بژی ئازادی!

20-09-2010

یۆتۆبۆری

**گفتوگۆی ڕۆژنامەی الی المام لەگەڵ بەکر عوسمان**

**الی الامام: رۆژی 15 سیبتمبەر 2010، لیژنەی تەحقیقی تایبەت بە تیرۆرکدرنی سەردەشت عیمان، برای خۆشەویستی ئیوە کە لە لایەن سەرۆکی ئیقلیمەوە پیکهاتوە، ڕاگەیانیکی بلاوکردوە، کە تیایدا هاتوە سەردەشت لەلایەن باندی تیرۆریستی ائنار الاسلامەوە کوژراوە چونکە وەعدیکی ئەوانی جیبەجینەکمردوە، بەمانایە، لیژنەیە بەشیوەیەکی راستەوخۆ سەردەشت تاوانبار دەکات کە لەگەل ئەم باندەدا بوە. رەئی ئیوە وەکو خیزانی سەردەشت لەسەر ئەم توهمەی لیژنەکە چیە؟ وەرئەی ئیوە لەسەر گشت پرۆسەی چونە پیشەوەی لیکۆلینەوەی لیژنەکە چیە؟!**

بەکر عوسمان: ئەوەی لەڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەلەکەیسی سەردەشت لە(( 15–09–2010)) بڵاوکرایەوە، چیرۆکێکی بێ سەرەوبەرەهۆنراوەتەوەکەهێج عەقڵێکی سەلیم قبوڵی ناکات. ئەو ڕاگەیاندنەنەک هەر هیچ وەڵامێک بەدەیان پرسیارو گومان کەلەماوەی ڕابردوودا سەبارەت بەو تاوانی کوشتنە وروژێنراوە ناداتەوە، بەڵکو بەمەبەستەوە تۆمەتی تیرۆریست بوون و هاوکاری لەگەڵ گروپی ئەنسارولئیسلام دەداتەپاڵ سەردەشت.

ئەو زانیاریانەی ئەوان لەڕوونکردنەوەکە داویانە، سەرتاپا پێچەوانەو ناکۆکەلەگەڵ ئەو سە رەداوانەی لەڕووداوەکەلای جەماوەری خەڵکی کوردستان دایە.

بۆ هەر کەسێک دوور یا نزیک سەردەشتی ناسیبێت، یا چەند دێڕێک لەنوسینەکانی سەردە شتی خوێندبێتەوە، سەردەشت دورو نزیک پەیوەندی بەبیروباوەڕی ئیسلامیەوەنییە. سەردە شت کەسێکی خۆشەویستی دەوروبەرەکەی و مەدەنی و عەلمانی بوو. بەهیچ شێوەیەک بە تاڵەمووەیکیش ئەو بەند نابێتەوەبەبیروباوەڕی تیرۆرستیەوە، ئەو تۆمەتەبێبناغەیەو دورە لەڕاستی. ئەسڵی مەسەلەکەهەر ئەوەیەکەسەردەشت ڕۆژنامەنووس بوو و لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی و نوسین و ڕەخنەگرتن لەناعەدالەتی کۆمەڵگای کوردستان تیرۆرکرا.

تۆمەت و سیناریۆی لیژنەی لێکۆڵینەوەتاوانێکی زۆر گەورەیە، تیرۆری شەخسیەتی سەردە شت بەئەندازەی تیرۆری جەستەیی سەردەشت گەورەیە. دووبارەتیرۆرکردنەوەی سەردەشتەو جارێکی تر برینێکی تریان خستە دڵی ئێمەش. . گۆرینی ئەوحەقیقەتە تاوانیکی گەورەترە بەحەقی سەردەشت و خەلکی کوردستان.

ئەوەبەعەمەلی یانی پەنادانی تاوانباران و بکوژانی سەردەشت. لەیاسای هەر وڵاتێکی دونیادا هەر کەسێک پەنای تاوانباران و ئینسان کوژ بدات ئەوەتاوانێکی زۆر گەورەیەو سزای لەسە رە.

ئەو تۆمەتە غەدرێکی دیکەیە لە سەردەشت و خانەوادەکەی، ئەو چەواشەکارییە گاڵتەجاری و سوکایەتیەکی گەورەیە نەک هەرتەنیا بەئێمەبەڵکو بەسەرجەم ئازادیخوازان و خەڵکی کوردستانە، بۆ هەر کەسێک یەک زەڕەویژدانی هەبێت نابێت ئەو غەدرەگەورەیەو قەبوڵ بکە ن. ئەوەزۆر مەترسیدارەئەگەر ئەوەتێپەڕێت بێگومان بەزیندوێتی یا بەکوژراوی ناتوانین خاوەنی ناسنامەو کارنامەی ڕاستەقینەو یادگاریەکانی خۆمانیش بین.

لێژنەی ناوبراو بەدوای 4 هەفتەلەتیرۆری سەردەشت لەڕوونکردنەوەی یەکەمیش چەندین ناڕاستی و چەواشەکاری لەسەر کەیسەکەبڵاو کردەوە. لەکاتی خۆیدا وەڵامی ئەو ناڕاستی و چەواشەکاریانەم دایەوەو چەند جار ڕامگەیاندووە کەئەو لیژنەیە هیچی بۆ لێکۆڵینەوەلەکە یستی تیرۆری سەردەشت نەکردووەو ناکات. تەنانەت لەنامەیەکی کراوەبۆ سەرۆکی هە رێم"مەسعود بارزانی" داوای هەڵوەشانەوەی لێژنەکەم کردووە. تەئکیدم لەوە کردۆتەوەکە

لیژنەکەلەکارەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە. جگەلەوەش لیژنەکە خەریکە بەئاراستەیەکی تردا کار دەکات، کەئەویش تەحقیقکردن لە خەڵکانێکە کە ڕۆژنامەنووس و دانیشتووی شارەکانی ترن یان لەبناغەوەبێئاگان لەو کارە.

دواتر لە راگەیندراوەکانی لێژنەکەسەردەشت وەکو قوتابیو تاوانلێکراو ناسینراوە، ئەگەر مەرامێک لەمە نەبێت بۆچی لێژنەکە نەینوسیوە رۆژنامەنوسو قوتابی؟! بەپێی ئەو مامەلانە ی ئەکرێ، ئەیانەوێت ئێمەلەم قەزیەیە بێدەنگ بین و قسەنەکەین.

من لێرەدا وەک برای سەردەشت عوسمان بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم کەنەک هەر ڕاستیو دروستی ئەو ئەنجامی بەناو لێکۆڵینەوانە ڕەت دەکەمەوە، بەڵکو بەو پەڕی بێزاریەوەئیدانە ی ئەم هەوڵەبێ ئاکامە بۆ بەتیرۆریست ناساندنی براکەم و تاوانبارکردنی بەهاوکاریکردنی گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام دەکەم. ئەم ئیدیعا بێ بناغەیەسەرەڕای ئازار و ئەشکە نجە، بیانووی پەلامارو هەڕەشەیەبۆ سەر ئاسایشو ژیانی ئەندامانی تری خێزانەکەم و لەم بابەتەوەبانگەوازی هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەکەم کەلەبەرانبەر ئەم هە ڕەشەئاشکرایەدا پشتو پەنامان بن.

الی الامام: دوای بلابونەوەی راگەیاندنی ئەو لیژنەیە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک وە نوسەرانء ڕۆشنبیران، ریکخراوە جیهانیەکان، ئەحزابی سیاسی دەنگی ناڕەزایەتیان بەرزکردەوە، ئیوە پیتان وایە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم تۆمەتەو گەیشتن بەحەقیقەتی تیرۆکردنی سەردەشت چی بکریو کارەکان چیبن وە خۆتان نیازی چیتان هەیە؟!

بەکر عوسمان: پشت و پەنای من بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، ناڕەزایەتی جەماوە ری خەڵکی کوردستان و ئەحزابی سیاسی و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئازدیخوازانی کوردستانە. زۆر گرنگەئەو کارەی لێژنەکەو پشتیوانی حکومەتی هەرێم لێی، بەرەڕووی نارە زایەتی فراوانی جەماوەری و هەموولایەک بێتەوەو لەئاستی سەراسەری و دونیا ڕیسوا بکرێت. من بانگەوازی سەرجەم خەڵک ئەکەم کەدەنگی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر تاوانی دڕندانە ی تیرۆری سەردەشت و ئەو سیناریۆ قێزەوەن و گاڵتەجارییەبەرز بکەنەوەو ڕەتی بکەنەوە.

بەداخەوە تەجرووبەی پێشووتر لەسەر زۆر مەسەلەو بەتایبەتیش ئەم مەسەلەیەئەوەی سە لماند کە جێگەوڕێگەی یاسایی نەماوەتەوەبۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم مەسەلەیەلەکوردستان. لەچوارچێوەی وەزعی ئێستادا یەکلاییکردنەوەی قانونی و سزادانی تاوانباران ئاسان نییە. ناڕەزایەتی جەماوەی خەڵکی ئازادیخواز و تورە لەتیرۆر و سەرکوت،هەڵوێستگیری جدی ئە حزابی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زەمانەتی یەکلاییکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و ڕیسواکردنی سیناریۆ و درۆ و تۆمەت هەڵبەستنەکانە.

ئەم کەیسەکەیسێکی سیاسیەلەبەردەم خەڵکی کوردستان و سەرجەم ئازادیخوازان و ئەحزابی سیاسی. تێپەراندنی ئەم مەسەلەیەبەو شێوەی تاکو ئێستا. زەنگێکی گەلێک مەترسیدارە بۆ سەرجەم کۆمەڵگای کوردستان، تیرۆری سەردەشت بەوشێوە درندانەیە بەرۆژی روناک و بە بەرچاوی خەڵک و پۆلیس و ئاسایشەوە. دواتر تۆمەتیشی بۆ دروستبکرێ و سیناریۆ لە تاوانەکە دروستبکرێ زۆر ترسناکە.

پێویستەهەموو هەوڵێکی مەدەنی بدرێت، لەشێوازەکانی خەباتی دیموکراسی و جەماوەری، راگەیاندن، کۆبوونەوەو مەراسیم و مانگرتن کەڵک وەربگیرێت. وەئەوەئەتوانێ ببێتەفاکتەری زەمانەتکردنی ئاسایش و ئازادی بۆ هەمووان. خواستی ئێمەناساندن و دادگایی کردنی تاوانبارانە، بۆ ئەم مەبەستەش پێداگری لەسەر ئەوەدەکەین ئەم مەسەلەیە پەیگیری لێ بکرێ تا بەئەنجامی کۆتایی دەگات.

2-09-2010

**گفتوگۆی رۆژنامەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ بەکر عوسمان**

هاوری ئارام هەروەک ئاگادارن کەلە15ی ئەم مانگەدا دواین ئەنجامی لیژنەی لیکۆلینەوەی سەربەپارتی بلاوکرایەوە، ئەنجامەکان قسەی زۆر هەلدەگرن، بەلام بەرای ئیوە بەگشتی ئەم ئەنجامە و لیژنەی لیکۆلینەوە دەیەویت چی بەخەلکی کوردستان بلیت لەگۆشە نیگای کیشەی ئازادیە وتیرۆری سەردەشتەوە؟ یانی ئەم ئەنجامە چ گۆشەیەک لەسیاسەتەکانی ئەم دەورەیەی پارتی بەرامبەر بەخەلکی کوردستان دەخاتەروو؟

بەکر عوسمان: بەدوای چاوەڕوانی بێئامانی 4 مانگ و 10 رۆژ، لەوەی کەبکوژانی سەردەشت دەستگیر و دادگایی بکرێن. بەداخەوەچاوەڕوانیەکان هەر ئەوەدەرچوو کەزۆربەی خەڵکی کوردستان پێشبینیان ئەکرد، دروستکردنی سیناریۆیەک و شاردنەوەی ڕاستیەکان لەخەڵک بێت. بەڵام سیناریۆیەکەزۆر لەوەناشایرینتربوو کەتەنیا شاردنەوەی ڕاستیەکان بێت لای لێژنەی لێکۆڵینەوە. بەڵکو تۆمەت و تیرۆری کەسایەتی سەردەشت و شیواندنی مێژوو و کارنامەی ڕاستەقینەی سەردەشت بوو. لەوێشەوەهێرشێکی فراوان بۆ سەر ئازادی و ئازادیخوازانی کۆمەڵگایە.

ئەوەی کەئێستا ئەگوزەرێ هەڕەشەیەکی ڕاستەخۆیەبۆ سەر ئازادی دەربڕین و سەرجەم کۆمە ڵگای کوردستان. ئەمڕۆ خەڵکی ئازادیخواز و ڕۆژنامەنووسان و ئەحزابی سیاسی لە کوردستان بەرەوڕووی هەڕەشەی سەرکوتێکی ڕاستەوخۆن بۆسەر ئازادی و ئارامی و ئاسایش و ژیانیان.

بەڕای من ئێستا مەسەلەی سەردەشت، خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانی ئازادی و ئازادی دە ڕبرینەلەلایەکی تریشەوەسەپاندنی سەرکوت و دیکتاتۆریتەلەکوردستان. مامەلەو چۆنیەتی هەڵوێستگیری بەرەی ئازادیخوازی و و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆژنامەنوسان و حزبەسیاسیەکان لەکوردستان ئەو چارەنووسەیەکلا ئەکاتەوە.

ئەنجامەکان ئاماژەبەوەدەکەن کە گوایەسەردەشت ئەنسار ولئیسلام تیرۆری کردووە، ئەویش بەوهۆیەوە کە کاری لەگەل نەکردوون.. رای ئیوە لەسەر ئەم مەسەلەیە چییەو پارتی بۆچی مەبەستیک پەنای بۆ هەلبەستنی تۆمەتیکی لەمجۆرە بردووە؟

بەکر عوسمان: بۆ هەر کەسێک دوور یا نزیک سەردەشتی ناسیبێت، یا چەند دێرێک لە نوسینەکانی سەردەشتی خوێندبێتەوە، سەردەشت دورو نزیک پەیوەندی بەبیروباوەڕی ئیسلامیەوەنییە. سەردەشت کەسێکی خۆشەویستی دەوروبەرەکەی و مەدەنی و عەلمانی بوو. بەهیچ شێوەیەک بە تاڵەموویەکیش ئەو بەند نابێتەوە بەبیروباوەڕی تیرۆرستیەوە، ئەو تۆمەتە بێبناغەیەو دورە لەڕاستی. ئەسڵی مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە سەردەشت ڕۆژنامە نووس بوو و لەسەر کاری رۆژنامەوانی و نوسین و ڕەخنەگرتن لە ناعەدالەتی کۆمەڵگای کوردستان تیرۆرکرا.

ئەو زانیاریانەی ئەوان لەڕوونکردنەوەکەداویانە، سەرتاپا پێچەوانەو ناکۆکەلەگەڵ ئەو سە رەداوانەی لەڕووداوەکەلای جەماوەری خەڵکی کوردستان دایە.

ئەوە دوێنێ گروپی"ئەنسارول الاسلام" یشلەڕاگەیاندنی ڕەسمی "دیوانیئیعلام" خۆیان لیژنە ی لێکۆڵینەوە لەتیرۆریسەردەشت بەدرۆ دەخاتەوە.

دواتر هەر لەسەرەتاوەزۆر کار لەسەر ئەوەئەکرا و تەئکید لەوە ئەکرایەوە سەردەشت ڕۆژنامەنووس نەبووە. لە راگەیندراوەکانی لێژنەکەش سەردەشت وەکو قوتابیو تاوانلێکراو ناسینراوە، ئەگەر مەرامێک لەمە نەبێت بۆچی لێژنەکە نەینوسیوە رۆژنامەنوس و قوتابی؟!

تۆمەت و سیناریۆی لیژنەی لێکۆڵینەوەتاوانێکی زۆر گەورەیە، تیرۆری شەخسیەتی سەردە شت بەئەندازەی تیرۆری جەستەیی سەردەشت گەورەیە. دووبارەتیرۆرکردنەوەی سەردەشتەو جارێکی تر برینێکی تریان خستە دڵی ئێمەش. . گۆرینی ئەوحەقیقەتە تاوانیکی گەورەترە بەحەقی سەردەشت و خەلکی کوردستان.

ئەوە بە عەمەلی یانی پەنادانی تاوانباران و بکوژانی سەردەشت. لە یاسای هەر وڵاتێکی دونیادا هەر کەسێک پەنای تاوانباران و ئینسان کوژ بدات ئەوەتاوانێکی زۆر گەورەیەو سزای لەسەرە.

ئەو تۆمەتەغەدرێکی دیکەیەلەسەردەشت و خانەوادەکەی، ئەو چەواشەکارییە گاڵتەجاری و سوکایەتیەکی گەورەیە بەسەرجەم ئازادیخوازان و خەڵکی کوردستانە، بۆ هەر کەسێک یەک زەرەویژدانی هەبێت نابێت ئەو غەدرە گەورەیەو قەبوڵ بکات. ئەوەزۆر مەترسیدارەئەگەر ئە وەتێپەڕێت بێگومان بەزیندوێتی یا بەکوژراوی ناتوانین خاوەنی ناسنامەو کارنامەی ڕاستە قینەو یادگاریەکانی خۆمانیش بین.

ئایا لێژنەی لێکۆڵینەوەو لێژنەی تیرۆرکردنی کوژراوەکان و شاردنەوەی ڕاستیەکانە؟ ئە مەئیتر جیاوازی چییەلەگەڵ هەڵدانەوەی قەبرو و فڕاندنی جەستەی مردو و کوشتنی زیندانی؟

ئەوە هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆ دادگایکردنی تەواوی ئازادیخوازان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەوڵێکەبۆ شێواندنی شەخسیەتی سەردەشت وەک ڕەمزێکی ئازادیخوازانەو ڕێگە نەدان بەدانانی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان.

من لێرەدا بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم کەنەک هەر ڕاستیو دروستی ئەو ئەنجامی بەناو لێکۆڵینە وانەڕەت دەکەمەوە، بەڵکو بەو پەڕی بێزاریەوەئیدانەی ئەم هەوڵەبێ ئاکامە بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سەردەشت و تاوانبارکردنی بەهاوکاریکردنی گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام دەکەم. ئەم ئیدیعا بێ بناغەیەسەرەڕای ئازار و ئەشکەنجە، بیانووی پەلامارو هەڕەشەیەبۆ سەر ئاسایشو ژیانی ئەندامانی تری خێزانەکەم و لەم بابەتەوەبانگەوازی هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەکەم کەلەبەرانبەر ئەم هەڕەشەئاشکرایەدا پشتو پە نامان بن.

دوای ئەم ئەنجامە پیتوایە دۆسیەی سەردەشت بەکوی دەگات، ئیوە وەک خیزانی سەردەشت و خەلک دەبی چیبکەن بۆئەوەی پارتی وەک لایەنی بەرپرسیار ناچاربکریت مل بەئازادی و دەرخستنی راستەیەکان بدات؟

ئارام عەلی: بەداخەوەتەجرووبەی پێشووتر لەسەر زۆر مەسەلەو بەتایبەتیش ئەم مەسەلەیە ئەوەی سەلماند کەجێگەوڕێگەی یاسایی نەماوەتەوەبۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم مەسەلەیەلە کوردستان. لە چوارچێوەی وەزعی ئێستادا یەکلاییکردنەوەی قانونی و سزادانی تاوانباران ئاسان نییە. ناڕەزایەتی جەماوەی خەڵکی ئازادیخواز و تورەلەتیرۆر و سەرکوت،هە ڵوێستگیری جدی ئەحزابی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رۆژنامەنوسان زە مانەتی یەکلاییکردنەوەی ئەو مەسەلەیەو ڕیسواکردنی سیناریۆ و تۆمەت هەڵبەستنەکانە.

پشت و پەنای من بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئەحزابی سیاسی و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئازدیخوازانی کوردستانە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان. زۆر گرنگەئەو کارەی لێژنەکەو پشتیوانی حکومەتی هەرێم

لێی، بەرەڕووی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری و هەمووولایەک بێتەوەو لەئاستی سەراسەری و دونیا ڕیسوا بکرێت. من بانگەوازی سەرجەم خەڵک ئەکەم کەدەنگی نارەزایەتی لەبەرامبەر تاوانی دڕندانەی تیرۆری سەردەشت و ئەو سیناریۆ قێزەوەن و گاڵتەجارییە بەرز بکەنەوەو ڕەتی بکەنەوە.

ئەم کەیسە کەیسێکی سیاسیە لەبەردەم خەڵکی کوردستان و سەرجەم ئازادیخوازان و ئە حزابی سیاسیدا. تێپەراندنی ئەم مەسەلەیەبەو شێوەی تاکو ئێستا. زەنگێکی گەلێک مە ترسیدارەبۆ سەرجەم کۆمەڵگای کوردستان، تیرۆری سەردەشت بەوشێوەدرندانەیەبەرۆژی روناک و بەبەرچاوی خەڵک و پۆلیس و ئاسایشەوە. دواتر تۆمەتیشی بۆ دروستبکرێ و سیناریۆ لەتاوانەکەدروستبکرێ زۆر ترسناکە.

پێویستە هەموو هەوڵێکی مەدەنی بدرێت، لەشێوازەکانی خەباتی دیموکراسی و جەماوەری، ڕاگەیاندن، کۆبوونەوەو مەراسیم و مانگرتن کەڵک وەربگیرێت. وەئەوەئەتوانێ ببێتەفاکتەری زەمانەتکردنی ئاسایش و ئازادی بۆ هەمووان. خواستی ئێمەناساندن و دادگایی کردنی تاوانباران و ئاشکراکردنی ڕاستیەکانە، بۆ ئەم مەبەستەش پێداگری لەسەر ئەوەدەکەین ئەم مەسەلەیەپەیگیری لێ بکرێتا بەئەنجامی کۆتایی دەگات.

21–09–2010

**دەقی قسەو باسی بەکر عوسمان لەپانێلی ئازادی ڕادەربڕین لەکوردستان**

**لەپەرلەمانی سوید ڕۆژی چوارشەممەرێکەوتی** 2010-11-24

ئازیزان و خۆشەویستان! ئامادەبووانی بەڕێز! ئامادەکارانی ئەم پانێلە!

سڵاوتان لێ بێت، سوپاسی زۆرتان دەکەم بۆ ئەم فرسەتەی بەمنتان دا بۆ قسەکردن لەم پانێلەدا، سوپاسی ئامادەکارانی ئەم پانێلەو هەروەها هەموو ئامادەبووانیش دەکەم.

من لەو دەقەی کەخراوەتە بەردەستی بەشداربووان بەئینگلیزی و بەسویدی ناچار بووم جارێکی تر چیرۆکی تراجیدی تیرۆری سەردەشت بگێڕمەوە، بەڵام بۆ ئێوەی ئازیز کە لە نزیکەوە بەو چیرۆکە ئاشنان، لەگێڕانەوەی ئەو چیرۆک دڵبریندار کەر و تراجیدیە خۆم دە پارێزم و ڕاستەوخۆ دەچمە سەر پرسی ئازادی لە کوردستان.

ئەوەی کە چیرۆکی سەردەشت و ڕووداوەکانی دوای ئەوەنیشانی هەموومانی دا، ئەوەیە کە بەڕاستی ئێمە لەکوردستان بەرەو ئایندەیەکی تاریک هەنگاو دەنێین. ئایندەیەک کەتیایدا سە رکوتگەران بەبێ هیچ پەردەو خۆداپۆشینێک مافەکانو ئازادیەکانو ژیان وەک خۆشی زەوت دەکەنو زۆر زەحمەتی ئەوەش ناکێشن کەئەو کردەوە سەرکوتگەرانەیەی خۆیان پەردەپۆش بکەن. نەک هەر تەنها کەسانێک کەنەیارو نارازین لەچەوسانەوەو بێ مافی لەژیان بێبەری دەکات، بەڵکو زۆر نەخشەمەندانە لەهەوڵی شێواندنی کەسایەتیو شەخسیەتیشیان دەبێتو هەوڵ دەدات بیانکاتە پەند بۆ ئەوانەی کەجورئەت دەکەن و دەنگ بەرزدەکەنەوە.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر بەڵێن بەئێمەخەڵکی کوردستان و بگرە هەموو عیراق دراوە کە بارودۆخەکە بەقازانجی ئازادیو دیموکراسی پەرەدەسێنێو ڕووخاندنی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس سەرەتای ئەو پرۆسەیەیە، بەڵام هەموومان دەبینین کەئەو بەڵێنانەزۆر خۆڕایی و بێ ناوەرۆک دەردەچنو هەتا کو دێت زۆرتر و ئاشکرا تر سیمای سەرکوتگەرانی نوێ و دەسەڵاتی موتڵەقیان لەهەموو پارچەکانی عیراق و لەوانەش لەکوردستان زەقتر دە بێتەوە.

ئێمە ئەمڕۆ لێرەدا باسی پرسی ئازادی دەکەینو ڕێگام بدەن وەک کەسێک کەماوەی شەش مانگەبەپرۆسیسێکی زۆر پڕ ئازاردا تێپەڕیوم و لەنزیکەوەدەستو پەنجەم لەگەڵ سەرکوت و ئەنجامەکانیدا نەرم کردووەبڵێم کەپرسی ئازادی لەکوردستان زۆر جیددیەو هەڕەشەبۆ سەر ئازادیەکان زۆر مەترسیدار ترەلەوەی کەلەئاستی دنیاو بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا لەسەری زانراوە. دیارەکوردستان لەبابەتی بوونی سەرکوت تاقانەنییە. گەلێک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە ڕابردوویەک و ئێستایەکی ڕەشیان لەم بوارەدا هەیە. بەڵام لە حاڵێکدا ڕاستیەکان سەبارەت بەو دەوڵەتانەویردی سەر زمانەکانە، کەمترین ڕەخنەئاراستەی سەرکوتگەران لە کوردستان دەکرێت. من وەک هاوڵاتیەکی ئەم وڵاتەزۆر جێگای نیگەرانیمە لەحاڵێکدا کە سەردەشتی برام بەو جۆرەلەدەست داو ئێستاش ئەندامانی خێزانەکەم دەرگیری هەڕەشەی جیددین لەسەر ژیانیان، داموو دەزگاکانی دەسەڵات لەسوید نەک بەتەنگ من و کێشەکانمەوە نەهاتن بەڵکو هەر لەو ڕۆژانەکەمن و خێزانەکەم لێوی خەم و ئازارمان دەکرۆژت کەسایەتیەکانی سوید گەشتیان بۆ کوردستان دەکرد و پشتیوانی خۆیان بۆ دەسەڵاتی ئەوێ ڕادەگەیاند.

من لام وایەوڵاتانی ئەوروپا و بەتایبەتی سوید ناتوانن بەو جۆرەهەڵسوکەوت بکەن و لە ئاست سەرکوتی کوردستان بێ دەنگ بن ئەگەر دەیانەوێت بە ئیدیعاکانی خۆیان لە ئازادیخوازی و بەرگری لەمافی مرۆڤ پابەند بن. سوید و وڵاتانی ئەوروپا وا چاکە ئەوە ڕەچاو بکەن کە لەحاڵێکدا ژمارەیەکی زۆر لەکوردزمانانی خەڵکی کوردستانی عیراق لەم وڵاتەدەژین، پرسی ئازادی لەکوردستان ناتوانێت پەیوەندی بەوانەوە نەبێت. ئەوە ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانیە لەسەر کاربەدەستانی ئێرە کە ئەو پرسە بەهەند وەربگرن و ئەرکە ناوەندە سیاسی و حزبەچەپ و ئازادیخوازەکانیشە کە ئەم کێشەیە بەرجەستە بکەنەوەو

کاری لەسەر بکەن. هەر بۆیەئەم جۆرە کۆبوونەوانە کە ئەنجام دەدرێت جێگاوشوێنێکی گرنگی هەیە، دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ وروژاندنی ئەم کێشەیەو بەرجەستەکردنی. مەرجی سەرکەوتنی ئەم هەنگاوانەش لەوەدایە کەپەیامێکی ڕوونو ڕاستەوخۆ بۆ بەرگری لەئازادیە سیاسیەکانو ئازادی دەربڕین لەکوردستاندا بدات.

زۆر جار باسی ئەوەدەکرێت کەدەوڵەتەکانو دامو دەزگا ڕەسمیەکانو ڕێکخراوەکان بۆ بەرگری لەئازادی ڕەخنەلەسەرکوتگەران بگرن، بەبڕوای من کاتی ئەوەهاتووەهەر کەسێک دەیەوێت بەرگری لەئازادی بکات، زیاتر لەڕەخنەیەک کەزۆر جار دەکرێت دواتر لەبەندوبەستە دیپلۆماسیەکاندا بێ ناوەرۆک و بێ کاریگەریی بکرێت، ڕاستەوخۆ پشتیوانی لەئازادیخوازان بکەنو لەهەموو ڕوویەکی ماددی و مەعنەوەیەوەکۆمەکیان بکەن. سەرکوتگەران لەوڵاتی ئێمە دا تەنها دامو دەزگاکانی سەرکوتیان لەبەر دەستدا نییە، بەڵکو خاوەنی هەموو شتێکی ئەو وڵاتەن، بەزەوی و ئاوو سەروەتو هەموو سەرچاوەکانیەوە. ئەگەر ئازادیخوازان لەئەوروپا دەیانەوێت مل کەچی نەبێتەبەشی کۆمەڵگای کوردستان و خەڵک لەسەر ئێستا و داهاتووی خۆیان قسەیەکیان ببێت، دەبێت لەنزیکەوەهاوکار و پشتیوانی دەنگە ئازادەکان بن. هەر لەم چوارچێوەیەشدایە کە من داوا لەحکومەتی سوید دەکەم کەلەخەباتمان بۆ خواستی ڕەوای پێکهێنانی لیژنەیەکی نێو دەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەکەیسی سەردەشت پشتیوانمان بێت.

هەمیشە بۆ ئازادیخوازان و ئەو کەسانەی کەبەشوێن وەدیهێنانی مافەکانەوە بوون، بیرۆکە یەک جێگای باوەڕو متمانەبووە، ئەویش ئەوەی کەسەرەنجام پاش هەر تەنگو چەڵەمەو نە هامەتیەک ڕەوتی مێژوو ڕوو لەسەرەو کات لەبەرژەوەندی ئازادیخوازانو مافخوازاندایەو سە رکەوتنیان حەتمیە، من دەمەوێت لێرەدا بڵێم کە بەدیهاتنی ئەو پێشبینیە پەیوەندی بەهەوڵو چالاکی هەموو لایەکمانەوەهەیە. دەنا هیچ شتێک ناتوانێت زەمانەتی ئەوە بکات کە بارودۆخی کوردستان لەئێستاش ناهەموار تر نەبێت و ماوەیەکی زۆر درێژتریش نەخایەنێت.

من دووبارەسوپاسی هەموو لایەک دەکەم، سەرکەوتوو بن

بەکر عوسمان ( ئارام عەلی)

2010–11–24

**سەردەشت پێش ئەوەی تیرۆر بکرێ، وێنەی بکوژانی خۆی بە هەموو دونیا پیشاندا**

**بەکر عوسمان**

**وتەیەک بۆ کۆبونەوەی یەکەم ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسماندا لە پەرلەمانی بەریتانیا بەڕێزان، بەشدارانی کۆبوونەوەی پەرلەمانی بەریتانیا لە یەکەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی سەردەشتی ئازیزدا. سڵاو و ڕێزم بۆ هەموو لایەکتان هەیە و لە بابەت سازکردنی ئەم کۆبوونەوەیە دەست خۆشیتان لێ دەکەم**

**بەدوای زیاتر لە ساڵێک لە تیرۆری رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، تا ئێستا تاوانباران و بکوژانی ئازادن. لە ماوەی ئەو ساڵەدا چەندین بەڵێنی ئەوە بە خانەودای سەردەشت و خەڵکی کوردستان درا کە تاوانباران و بکوژانی ئەو دەستگیر و داداگایی دەکرێن و سزا دەدرێن. بەڵام نەک هەر ئەو کارە نەکرا بەڵکو هەوڵی تاوانبارکردنیشی بە تیرۆریزم درا. هەوڵیان دا بە دارشتنی سیناریۆیەکی ساختە کە هیچ کەسێک باوەڕی پێ ناکا، دۆسیەی تیرۆری سەردەشت دابخەنو تاوانباران هەت ئەبەد لە دەست دادگا و سزا ڕزگار بکەن خۆشبەختانە ئەو سیناریۆیە لای ڕای گشتی کوردستان و زۆربەی ڕێکخراوەکانی ناوەخۆ و نێونەتەوەیی وەک: ئەمنیستی ئەنتەرناشیونالّ، ڕێکخراوی هیومان رایتس ۆوچ و پەیامنێرانی بێسنور و...تاد ڕەتکرایەوە.**

**سەردەشت نموونەیەکی زەقی سەرکوت و هێرشێکە بۆ سەر ئازادی لە کوردستان، کە لە یەکساڵی ڕابردوودا شێوەی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، کە دواترینیان تەقەکردن لە خۆپیشاندانی مەدەنی و جەماوەری و کوشتنی ١٠ کەس لە خۆپیشاندەران لە شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی دوروبەری بوو. لەگەڵ بوونی چەندین دۆکۆمێنت و بەڵگە، تاکو ئێستاش بکوژانی خۆپیشاندەران هەر وەک بکوژانی سەردەشت بە ئازادی ئەسورێنەوە.**

**من لێرەدا جارێکیتر بە ناوی خانەوادەی سەردەشتەوە بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم کەئیدیعاکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت، چیرۆکی بێ بناغە و دور لە ڕاستین و مایەی ئازار و ئەشکەنجە و هەڕەشەیەکی زۆر بووە بۆ ئێمە و هاورێیان و دۆستانی سەردەشت. ئە سڵی مەسەلەی سەردەشت مەسەلەی ئازادی و عەدالەت و یەکسانییە.سەردەشت ڕۆژنامە نووس بوو و لەسەر کاری رۆژنامەوانی و نوسین و ڕەخنەگرتن لەگەندەڵی و ناعەدالەتی کۆمەڵگای کوردستان تیرۆرکرا.**

**ئەو کەیسە لای ئێمە بەکراوەیی ئەمێنێتەوە تاکو ئاشکراکردن و ناساندن و دادگایکردنی تاوانباران لە دادگایەکی عادیلانەدا. لێرەشەوە جارێکی تر ئەم خواستە دووبارە دەکەمەوە کە پێویستە لیژنەیەکی پسپۆڕی بێلایەن و سەربەخۆ لەو کەیسە بکۆڵێتەوەو بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و دادگاییکردنی بکوژانی سەردەشت لە دادگایەکی عادیلانەدا. لیژنەیەک کەپێک**

هاتبێت لەنوێنەرانی ڕێکخراوەنێو دەوڵەتیەکانو ڕۆژنامەنووسانو نوێنەرانی ڕێکخراوە مەدە نیەکان کە لەلیژنەیەکی واشدا نوێنەرایەتی ئێمە وەک خێزانی سەردەشت ماناو جێگای دە بێت.

ئومێدەوارم ئەم کۆبوونەوەیە سەرکەوتوو بێت لەوەی دەنگی کپ کراوی ستەم لیَ کراوان و ئازادیخوازانی کوردستان جارێکی تر بە گوێی ناوەندە سیاسیەکانی دنیا بگەیەنێت و ئەوان بخاتەوە بەردەم ئەو ڕاستیەی کە بێ دەنگ بوونیان لەو ستەم و سەرکوتەی لە کوردستان دەکرێت، مایەی بێزاری جەماوەری ئەو ناوچەیەیە.

دووبارە دەستتان بە گەرمی دەگوشم، سەرکەوتوو بن!

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆتان ١٥-٠٦-٢٠١١

### پەلە نەنگیەکانی تیرۆری سەردەشت عوسمان بە هیچ شێوەیەک پاک نابێتەوە

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا هەرچی بەردێکی گرتەماڵی دەسەڵات، ڕەخنەیەکی لە گەندەڵی و ناعەدالەتی گرت، داوای مافەسەرەتاییەکانی خەڵکی کرد و داوای چاکسازی و باشترکردنی ژیانی کرد. ئەگەر بە زیندوێتی ڕزگاری بووبێ ئێستا بەرەوڕووی لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە ئەبێتەوە. بەڵام بەدوای یەک ساڵ لە تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، تا ئێستا تاوانباران و بکوژانی ئازادن. ساڵێک لەمەوبەر زۆریان پێوتین ئارامبگرن و سەبر بگرن،تاوانباران و بکوژانی سەردەشت سزا ئەدەین. بەڵام نەک هەر ئەو کارە نەکرا بەڵکو هەوڵی تاوانبارکردنیشی درا.

من لێرەدا بەپێویستی ئەزانم جارێکیتر دۆسییەی سەردەشت وەک خۆی بخەمەوە بەرچاوی سەرجەم خەڵکی کوردستان. سەردەشت بەدوای نووسینی چەند وتارێکی ڕەخنەگرانەو تەنز لەناعەدالەتی و دونیای تەقدوسی کۆمەڵگای کوردستان. لەسەرەتای مانگی یەکی 2010 لە ڕێگای تەلەفۆن و ئیمێل هەڕەشەی لێدەکرێ، لەو کاتەدا سەردەشت بەڕێوەبەری پۆلیسی هە ولێر و ڕاگری کۆلیژەکەی ئاگادار ئەکاتەوەلەمەترسی ئەو هەڕەشەیەی لێی کراوە. بەپێی دوایین وتاری سەردەشت "یەکەمین زەنگی کوشتنم لێدرا" نەک هەر داواکەیان بەجدی نە گرتووەبەڵکو بە گاڵتە وەڵامدراوەتەوە. پێیانوتووەئەوەڕاست نییەهیچ کەسێک لەهەولێر هە ڕەشەی لێناکرێ، بەڵکو ئەتەوێ خۆت گەورەبکەی و ناو دەربکەی. بۆیەسەردەشت لە"پارێزە رانی ئەمن و ئاسایشی کوردستان" نائومێد ئەبێت و لەچاوەڕوانی بکوژانی ئەبێت.

لەبەیانی 4–5–2010 لەبەرامبەر پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلیژی ئاداب، بەڕۆژی ڕوناک و بەبەرچاوی پۆلیسی زێرڤانی و خەڵکەوە. لەلایەن 3 کەس بەجلی مەدەنی و سەیارە یەکی سپی ژمارەکاتی دهۆک بەزۆر ئەڕفێندرێ. بەدوای نزیکەی " نیو سەعات" بەسەر ڕفاندنی سەردەشت هاوڕێیان و خانەوادەکەم، پۆلیس و ئاسایشی شاری هەولێر و تەواوی خاڵەکانی پشکنینی هەولێر لەو ڕوداوەئاگادار ئەکەنەوەبۆ ڕزگارکردنی. تەنانەت چەندین جار پەیوەندی ئەکەن بەدەزگا ئەمنییەکان "ئاسایش و پۆلیس" کەئەو رۆژەتاکو "6 ئێوارە" زەنگی تەلەفۆنەکەی ئەڕوات، ئەتوانن لەڕێگەی تەلەفۆنەکەی شوێنەکەی بزانرێت. بەڵام هیچ نەکرا. تاکو بەدڕندانەترین شێوەتیرۆر ئەکرێ.

هەروەها شێوەی کوشتنەکەشی  بەدوو فیشەک لەنێو دەمی تیرۆر ئەکرێ وەک هێمایەک بۆ بێدەنگکردنی سەردەشت و هەموو سەردەشتەکانیتر کەگوێڕایەڵی پیرۆزی و موقەدەساتی داڕزیو و ناعەدالەتی نابن.

هەروەها لەسەرەتادا دەزگا ئەمنییەکان زۆر کەمتەرخەم بوون و مەسەلەکەیان تەواو ئیهمالکرد تاکو 3 رۆژ بەسەر ڕووداوەکەبەئەندازەی ڕووداوێکی ترافیک لەو تاوانەگەورەو دڕندانەیان نەکۆڵییەوە. دواتر لەژێر فشاری نارەزایەتی لێژنەی لێکۆڵینەوەلەتاوانەکە پێکهات.

دواتر بەدوای 4 هەفتەلەتیرۆری سەردەشت لە(2010/5/24 ) "لێژنەی لێکۆڵینەوە لەکەیسی رفاندن و کوشتنی  (سەردەشت عوسمان)"، ڕوونکردنەوەیەکی بەناوی ئەنجامەسەرەتاییە کانی لێکۆڵینەوەی بڵاوکردەوە. ئەو ڕونکردنەوەیە زۆر تەمومژاوی بوو و لایەنێکی ڕاستی ڕووداوەکە ئەشارێتەوە"کەسەردەشت بەلێدانی 2 گوللەلە نێودەمی و دەرچونی لەپشتی سەری تیرۆر ئەکرێ. هاوکاتیش ئاسەواری لێدان و ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی سەردەشت بە ڕۆشنی و ئاشکرا بووەوەک: چاوێکی بەدوای لێدانێکی توند ئاوسابوو شین ببۆوەو شانیشی شوێنەواری لێدانی توندی لەسەر بوو".

دواتر لێژنەی لێکۆڵینەوەلە ڕونکردنەوەی دووەمی خۆیدا وەک ڕاگەیاندنێک بڵاوکردەوە. ئە وەی لەڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەلەکەیسی سەردەشت لە(( 15–09–2010)) بڵاوکرایە وە، چیرۆکێکی بێ سەرەوبەرەهۆنراوەتەوەکەهێچ عەقڵێکی سەلیم قبوڵی ناکات. ئەو ڕاگە یاندنەنەک هەر هیچ وەڵامێک بەدەیان پرسیارو گومان کەلەماوەی ڕابردوودا سەبارەت بەو تاوانی کوشتنەوروژێنراوەناداتەوە، بەڵکو بەمەبەستەوەتۆمەتی تیرۆریست بوون دەداتەپاڵ سەردەشت.

ئەو زانیاریانەی ئەوان لەڕوونکردنەوەکەداویانە، سەرتاپا پێچەوانەو ناکۆکەلەگەڵ ئەو سە رەداوانەی لەڕووداوەکەلای جەماوەری خەڵکی کوردستان دایە. ئەسڵی مەسەلەکە هەر ئەوەیە کەسەردەشت ڕۆژنامەنووس بوو و لەسەر کاری رۆژنامەوانی و نوسین و ڕەخنەگرتن لە

ناعەدالەتی کۆمەڵگای کوردستان تیرۆرکرا. ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوە، دادگاییکردنی ئازادی بوو. دادگایکردنی سەرجەم ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنوسانی ئازاد بوو. دادگایکردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بوو کە هاتنە سەر شەقام داوای ئازادی و دادگایی و سزادانی بکوژانی سەردەشت ئەکەن.

تیرۆری شەخسیەتی سەردەشت بەئەندازەی تیرۆری جەسەدی سەردەشت گەورەیە. دووبارە تیرۆرکردنەوەی سەردەشتە. جارێکی تر برینێکی تریان خستە دڵمانەوە. ئەوەبەعەمەلی یانی پەنادانی تاوانباران و بکوژانی سەردەشت... لەیاسای هەر وڵاتێکی دونیادا هەر کەسێک پە نای تاوانباران و ئینسان کوژ بدات ئەوەتاوانێکی زۆر گەورەیەو سزای لەسەرە.

تاقیکردنەوەکانی پێشووتر لەسەر زۆر مەسەلەو بەتایبەتیش ئەم مەسەلەیەئەوەی سەلماند کەجێگەوڕێگەی یاسایی نەماوەتەوەبۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم مەسەلەیەلەکوردستان. لە چوارچێوەی وەزعی ئێستادا یەکلاییکردنەوەی یاسایی و سزادانی تاوانباران ئاسان نییە. جارێکیتر تەئکید لەوە ئەکەمەوە کە مەسەلەی سەردەشت مەسەلەی ئازادی و سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە. پشت و پەنای ئێمە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئەحزابی سیاسی و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدە نی و ڕۆژنامەنوسان و ئازدیخوازانی کوردستانە. کەیسی سەردەشت، کەیسێکی سیاسیەلەبە ردەم خەڵکی کوردستان و سەرجەم ئازادیخوازان و ئەحزابی سیاسی دایە لەکوردستان.

لێرەدا لە ساڵرۆژی تیرۆری سەردەشتدا، هەر وەکو ڕۆژی ٥-٥ لەلایەن ئازادیخوازیخوازان و ڕۆژنامەنوسانی ئازاد وەک ڕۆژی ئازادی دەربرین لە کوردستان دیاریکراوە. بەرزکردنەوەی پەیامی دادپەروەرانەی سەردەشت و مەسەلەی سەردەشت لەم ڕۆژەدا. بەرزڕاگرتنی پرسی ئازادی و دادپەروەری مەسەلەی گەنجانی کوردستانە. لەم ڕۆژەدا دەنگی نارەزایەتی خۆم ئەخەمە پاڵ سەرجەم ئازادیخوازیخوازانی کوردستان و مافەکانی خەڵک، جاریکیتر داواکارین:

- تاوانباران و بکوژانی سەردەشت عوسمان لەلایەن دەسەڵاتەوەئاشکرا بکرێن و لە دادگایی عادیلانە دادگایی بکرێن.
- دانی مۆلەتی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان لە شاری هەولێر.

بەکر عوسمان

2011-05-02

## نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی

سەرەتا سڵاو!

بەبۆنەی وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، وەک عادەتی هەموو حکومەت و کابینەکانی پێشوو لە کوردستان لە پەیامی خۆتاندا کۆمەڵێک بەڵێنتان بە خەڵکی کوردستان داوە. بەڵام ئەم بەڵێنانە بەر لەوەی مەرەکەبی نووسینیان وشک بێتەوە ڕووبەڕووی پرسیاری گەورە دەبنەوە، یەکێک لەو پرسیارانەش کەیسی سەرکوتی نارازیان و کپ کردنەوەی دەنگە ئازادەکانی کوردستانە. نمونەیەکی بەرجەستەی ئەو پرسیارەش کە هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە لەسەر مێزی ئێوەیە کەیسی فڕاندن و تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس و خوێندکار سەردەشت عوسمانە..

کارەساتی تیرۆری رۆژنامەنوس و قوتابی سەردەشت عوسمان. ئێستا ساڵێک و ٨ مانگ بەسەریدا تێئەپەرێت، حکومەت و دەزگا بەرپرسەکان لەبەرامبەر ئەو تاوانە گەورە و غەدرە گەورەیە بێدەربەست بوون. جگە لەوەش لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشت، بە دارشتنی سیناریۆیەکی هەڵبەستراو تاوانێکی گەورەی بە حەقی سەردەشت و خانەوادەکەی ئەنجامدا. هۆنینەوەی چیرۆک و سیناریۆیەکی وا دووبارە تیرۆرکردنەوەی سەردەشت و کەسایەتی سەردەشت و بریندارکردنەوەی ئێمە خانەوادەی سەردەشت و هاوڕێیان و خەڵکی کوردستان بوو.

ئێستا بە دوای ساڵێک و ٨ مانگ لە تیرۆری سەردەشت من دووبارە پێ لەسەر مافەکانی خۆمان وەک خانەوادەی سەردەشت و مافی سەرەتایی خەڵکی کوردستان لە ئازادی و پاراستنی ئەمنیەت و ژیانی تاکەکانی کوردستان دادەگرمەوە و تەئکید دەکەم کە ئەوانە سەرەتایی ترین ئەرکی هەر دەسەڵاتێکە چاوی لەوە بێت ڕەوایی و شەرعیەتی لەلایەن خەڵکەوە پێ ببەخشرێت. دەسەڵاتێک مافی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ نەپارێزێت ناتوانێت هیچ ڕەواییەکی هەبێت . لەم ڕوانگەیەوە من بۆ جاری چەندەم ئەم خواستانە لە بەرانبەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕادەگەیەنمەوە :

.1لیژنەیەکی پسپۆڕی بێلایەن بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوەنێو دەوڵەتیەکانو ڕۆژنامە نووسانو نوێنەرانی ڕێکخراوەمەدەنیەکان پێک بێت، کەلەلیژنەیەکی واشدا نوێنەرایەتی ئێمە وەک خانەوادەی سەردەشت ماناو جێگای دەبێت.

.2ئەو لیژنەیەدەسەلاتی ئەوەی هەبێ چاوپێکەوتن لەگەل هەر بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم و حیزبەکان بکات بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون.

.3هەڵوەشانەوەی سیناریۆی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسمان، لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە داڕێژەرانی ئەو سیناریۆیە قێزەونە و دادگایکردنی ئەوانەی لە پشتی داڕشتنی ئەو سیناریۆیە بوون.

.4لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەو کەس و دەزگایانەی لەدوای تیرۆری سەردەشت، هەڵساون بە هەڕەشە و فشارهێنان و ناڕەحەتکردنی خانەوادە و هاوڕێیانی سەردەشت عوسمان.

بێدەربەستی لەبەرامبەر ئەم دۆسیە، خاڵێکی ڕەشە بە تەوێڵی دەسەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستان. وەڵامنەدانەوە ی ئەم دۆسیەیەش ئێوە دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی گەورە.

لە کۆتاییدا بە پێویستی ئەزانم ئەوەش بڵێم کە مەسەلەی سەردەشت ئێستا مەسەلەی منەوەک برایەکی سەردەشت، پەیوەندی بەئەندامانی تری خێزانەکەمەوەنییە. هەر شتێک پەیوەستە بە مەسەلەی سەردەشت من لێی بەرپرسیارم.

بەکر عوسمان

2012–02–01

**ئەم گاڵتەجاری و سیناریۆیە بەسە!**

هەفتەیەک لەمەوبەر بە تەبلیغی فەرمی چەند کەسێک لە ئەندامانی خانەوادەکەم ئاگادار کراونەتەوە کە بەشداری بکەن لە دانیشتنی دادگای دۆسیەی سەردەشت عوسمان. تا ئەمرۆش ڕۆشن نەبووە کە ئەو پرۆسەی بەناو دادگاییە چۆنە؟

ئەوەی ئەمڕۆ ئەیبینین درێژە پێدانی هەمان سیناریۆی گاڵتەجاری لێژنەی لێکۆڵینەوەیە.

ئەم نمایشە بەشێکە لە هەوڵ و کۆشش بۆ شاردنەوەی قەزیەکە نەک ئاشکراکردنی. تەقەلایە بۆ داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، هەر لەسەرەتاوە هەڵسوکەوتەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە تاکو ئێستاش کاربووە لەدژی قوربانیەکە "واتە سەردەشت" نەک لە دژی بکوژان و تیرۆرستان. ڕاپۆرتەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە تاکو دوایین سیناریۆ گاڵتەجاریەکەی لە هەمان بازنەی چیرۆکسازی و پیلانگێڕیدا دەخولێتەوە. هەمووی کارکردن بووە لەسەر دادگاییکردنی سەردەشت و ڕۆژنامەنوسان و ئازدیخوازانی کوردستان. بەکردەوەش پەنادانی تیرۆستان و بکوژانی سەردەشت بووە.

ئەم دادگاییە سیناریۆیەکی بێزراوە، بەڕەسمی ناناسین و ئیدانەی ئەکەین. قەبولی هیچ ئاکامێکی ناکەین. تیرۆرکردنی سەردەست وەکو کەیسێکی کراوە لای ئێمە و تەواوی ئازادیخوازان و نوسەران و رۆژنامەنوسان و خەڵکی کوردستان دەمێنێتەوە تائەوکاتەی لەلایەن لیژنەیەکی بێلایەن‌و بە سەرپەرشتی لایەنی نیودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت. ئێمە جارێکیتر دەیڵێینەوە و لە وتنەوەی ماندوو نابین: پێویستە لیژنەیەکی پسپۆڕی بێلایەن بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوەنێو دەوڵەتیەکان‌و ڕۆژنامەنووسان‌و نوێنەرانی ڕێکخراوەمە دەنیەکان پێک بێت، کەلەلیژنەیەکی واشدا نوێنەرایەتی ئێمە وەک خانەوادەی سەردەشت ماناو جێگای دەبێت.

بەڵام پرسیارە کە بۆچی لە ئێستادا سەردەشت هێرشی ئەکرێتەوە سەر؟ مەسەلەی دادگایی کەیسی سەردەشت هاوکاتە لەگەڵ مەسەلەی بانگکردنی رێکخەرانی خۆپیشاندانی ١٧ شوباتی پار. ئاشکرایە کە ئەمە دادگایی کردنی خەڵکەو هێرشە بۆسەر خەڵک لەلایەن دەسەڵاتەوە.

ئەو دوو مەسەلەیە دوو تەوەرەو خاڵی وەستانەوەی خەڵک بوون دژی دەسەلاتو سەرکوتو ناعەدالەتی و زوڵم، لەم هەلومەرجەدا کە دەسەڵات بە خەیاڵی خۆی توانیویەتی پاشەکشە بە نارەزایەتی خەڵک بکات و هاوکێشە سیاسییەکە بەجۆرێک بگۆرێت کە ئەم جارە ئەو هێرش بکاتە سەر خەڵک و تۆڵەیان لێ بکاتەوە.

دادگایی کەیسی سەردەشت و بانگکردنی بەشدارو ئەوانی تر وەکو ئەوەی ئاسایاشی هەرێمیان تێکداوە بە مادەی ٤٧٧ ی یاسای سزادانی عێراقی مانای ئەوەیە کە هەمان پرۆسەی تیرۆری سەردەشت درێژەی پیدەدرێ و ئەمجارە لە سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی نارازی لەسەر ئەو کەیسەو تۆڵەکردنەوە لە ئەندامانی خێزانەکەی وەکو رەمزێکی وەستانەوە و ریسواکردنی ئەو تاوانە دڕندانەیە, درێژەی پێ دەدرێت.

دەبێ خەڵکی کوردستان وەکو چۆن لە روداوی تیرۆری سەردەشتدا نارەزایەتی خۆی دژی ئەو دەسەڵاتە نمایش کردو چۆن بەدوای ئەودا ١٧ی شوبات بووە ویستەگەی دوەمی بەرەنگاربوونەوەی خەڵک لەگەڵ ستەم و سەرکوت و ناعەدالەتی، ئاواش سیناریۆسازی دادگایی سەردەشت و رێکخەرانی خۆپیشاندانی ١٧ی شوبات وەکو هێرش بۆسەر خۆیان و ئومیدو خواستەکانیان، بۆسەر خەباتی خۆیان بۆ ئازادی و یەکسانی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵەیی– میلیشیایی، تەماشاو مامەلەی بکەن.

ئەمە هێرشە بۆسەر خەڵک، بۆسەر ئازادی و هەموو سەردەشتەکانی کوردستان، هێرشە بۆسەر ئەوەی خەڵکی نارزای کوردستان بترسێنن و تەسلیمی سەرکوت و تیرۆری بکەن. بۆیە چاوەڕوانی لە هەموو خەڵکی کوردستان‌و ئازادیخوازان و هێز و لایەنە سایسیەکان کە داکۆکی لە خەڵک دەکەن، ئەوەیە کە دژی ئەم گاڵتەجاریە بوەستنەوە. دژی ئەم سیناریۆیەی

**حکومەتبوەستنەوە بۆ تاونبارکردنیان لەرێگای تاوانبارکردنی سەردەشتو (ڕۆژنامەی ئەهلی و ڕۆژنامەنووسانی ناڕازی) و هەروەها ئەوانەی ١٧ شوباتەوە.**

**بەکر عوسمان**

2012-03-27

**گفتوگۆی سایتی کوردستان تریبیون  لە یادی دووەمین ساڵرۆژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا**

**بەبێ دادگای کردنی تیرۆرستان، بکوژانی رۆژنامەنوسان و خۆپێشاندانەکانی ١٧ شوبات. هیچ ئاڵوگۆڕ و چاکسازییەک لە کوردستان ئەنجام نادرێ.**

**دۆسیەی سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت یەک دۆسیەن بەڵام لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا ڕوو دەدەن**

**کوردستان تریبیون: سەردەشت بۆچی شەهید کرا؟**

**بەکر عوسمان: سەردەشت لەسەر کاری رۆژنامەوانی،نوسین و ڕەخنەکانی لە ناعەدالەتی و گەندەڵی تیرۆرکرا. ئەو وەک رۆژنامەنوسێکی بوێر بەرەنگاری ناعەدالەتی و گەندەڵی و چە مکی موقەدەسی بنەماڵەیی و هۆزایەتی بۆوە. لەسەردەربڕینی  ڕاستی ژیانی خەڵک و شکاندنی تابوویەکی نێو کۆمەڵگای کوردستان و تێکشکاندنی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز، کەتا ئەو کات کەس دەستی بۆ نەبردبوو. تیرۆر کرا. لەم ڕوانگەیەشەوەئەتوانم بڵێم سەردەشت لەسەرکارێک تیرۆرکرا کەنابێت مرۆڤ لەسەری تیرۆر بکرێت هێندەی دەبو لەسە رئەوکارەهانبدرێت.**

**کوردستان تریبیون: دۆسیەی سەردەشت عوسمان تا ئێستا لە دادگاکانی کوردستانە و هیچ بەرەوپێشچونێکیشی بە خۆیەوە نەبینیوە. ئەوەی کە کراویشە، سوکایەتیکردن بوە بە رۆحی شەهید. بۆچی دۆسیەکە نابەنە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق؟ یان بۆچی دۆسیەکە نابەنە دادگایەکی نێودەوڵەتی. ئەوەندەی ئێمەش ئاگادار بین، رێکخراوی مراسلون بلا حدود کاتێک سەردانی ماڵی بەڕێزتانی کرد کە خۆشت لەوێ بوی، وەعدی ئەوەیاندا کە هاوکارتان بن؟**

**بەکر عوسمان: سەبارەت بە دۆسیەکە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ،ئێوە بەدروستی ئاماژەتان پێکردووە. ئەوەی بەڕێوە چووە و پێشبینی بەڕیوەچونیشی دەکەین، سوکایەتییەکی گەورەیە بە دادگا ودەزگای قەزایی. ئەونمایشە لە سیناریۆ و گاڵتەجاری لە**

دۆسیەی دادگا جێگەیەکی نەهێشتۆتەوە بۆ سەربەخۆیی دادگا و دەزگای قەزایی و ئەمنی لەکوردستاندا. ئیتر متمانەیەک بە دەزگای قەزایی و ئەمنی لەلای خەڵک نەماوە. ئیتر ئەو دەزگایانە، دەزگایەکن لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکان پێکهێنراوە و هەر لەلایەن ئەوانیشەوە هەڵدەسورێنرێن و ئاراستە ئەکرێن.

دەربارەی کارکردن لەسەر ئەو دۆسیە لە دادگایەکی نێودەوڵەتی، کاری باش کراوە و هاوکاری و پشتیوانی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و کەسایەتی و ئازادیخوازان بۆ ئەو دۆسیەیە تاکو ئێستا باشە و جێگەی دەستخۆشییە. ئێمەش چاوەڕوانی ئەنجامەکانین، جێگە ی ئاماژەیەلەم بۆنەیەدا ئەوەرابگەیێنین کەدۆسێی سەردەشت لەهەرشوێنکدا دەرگا بەڕووی دابخرێت، لەوشوێنەوەجارێکی تر دەستپێدەکەینەوەو. دۆسیەی سەردەشت دۆسیەی ئازدی و ئازادی دەربرینە لە کوردستان، سەرکەوتنی ئەو دۆسیەی سەرکەوتنی ئازادی و ئازادیخوازانە.

کوردستان تریبیون: ماوەی رابردو نەبەز گۆران، وەک هاوڕێیەکی سەردەشت، باسی لە خۆشەویستیی سەردەشت و کچێکی بارزانیی کردبو. ئەو خۆشەویستییە چۆن بوە و بۆچی ئەو خۆشەویستییە تازە ئاشکرا دەبێ؟ ئایا هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان کوشتنەکە و خۆشەوسیتییەکە هەبوە؟

بەکر عوسمان: ئاگاداری ئەو وتارە و چیرۆکە نیم، شتێک کە وەک ڕۆژ ڕۆشنە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، سەردەشت وەک رۆژنامەنوسێکی ڕەخنەگر لەسەر وتنی ڕاستی و گوتارەکانی تیرۆرکرا. "وتاری یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا..." سەردەشت بکوژەکانی خۆی بە هەمووومان ئەناسێنێ. خۆی لە چەند مانگێک پێش تیرۆرکردنی پێمان ئەڵی لەسەر چی بەرەورووی هەڕەشە و کوشتن بۆتەوە و چۆنیش بەرەورووی هەڕەشەکان بۆتەوە. کەیسی سەردەشت بەهای لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، کە بە سیناریۆ یان دارشتنی چرۆکێک ئاراستەی رۆژنامەکاری سەردەشت لەکەداربکات. لەمسۆنگەیەشەوە، بەڕای ئێمەهەر چیرۆک و سیناریۆیەکی تر لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشتدا، ئەنجامەکەی شاردنەوەی ڕاستیەکان و پەنادانی تاوانبارانە.

کوردستان تریبیون: پرۆژەی پەیکەری ئازادیی سەردەشت عوسمان، کە وا بڕیاربو دروستبکرێ و رۆژنامەنوسان پارەیان بۆ کۆکردۆتەوە، بە کوێ گەیشتوە؟

بەکر عوسمان: بەڵێ پرۆژەی پەیکەرەکە پشتیوانی و هاوکاری فراوانی جەماوەری لەلایەن رۆژنامەنوسان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی لێکرا. پەیکەرەکە کارەهونەرییەکانی تەواو بووە بەڵام لە سەرئاستی فەرمی لایەن حکومەت و دەسەڵات ڕێگەی دانانی پێ نەدراوە ، تاکو ئێستا سێ جار بە فەرمی داوای مۆڵەتی دانانی پەیکەرەکەمان کردووە. بە نەخێر وەڵامی داواکەمان دراوەتەوە. تەنانەت ئەو رەتکردنەوەیە لەلایەن پارێزگاری هەولێر بە

فەرمی لە وەڵامی رۆژنامەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. بەڕای ئێمەڕێگری لەدانانی ئەوپە یکەرەبۆ خۆی ئاماژەیەکەبۆ بەرتەسکییەکانی ئازادی لەلایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە کوردستاندا، هەروەک چۆن ئەوترسەی دەسەڵاتیشمان پێنیشاندەدات لەئاست بڵندگۆی دەنگی ئازادی سەردەشت و هاوپیشەکانی.

کوردستان تریبیون: ئەو هۆکارانە چین کە پارێزگاری هەولێر لێناگەڕێ دروستبکرێ؟ ئەگەر لە هەولێر دروستناکرێ، بۆچی نایبەنە سلێمانی؟

بەکر عوسمان: وەڵامی هۆکاری ڕێگری لەبەردەم دانانی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان ئەبێ ئەو کەس ولایەنانەبیداتەوە کە ڕێگرە. پاساوەکانیان تاکو ئێستا هیچ کەسێک قانع ناکات وهیچ ئەرگۆمێنتێکی تێدا بەدی ناکەین ، ئەتوانم بڵێم هۆی ریگرییەکەئەوەیەکەهیچ هۆیەک نییەبۆ ریگرتن . بۆیەڕێگەنادەن پەیکەرەکەدابنرێت.

بۆچی نایبەینە سلێمانی؟ بۆچی نایبەینەدهۆک ؟، بۆچی نایبەیەنەکەرکوک ؟ ... هتد ئێمە هەوڵمان داوە لە هەر شوێنێک ڕێگەمان بدەن مۆڵەت بدەن دایبنێین. بەڵام تاکو ئێستا لە وبارەیەوەئەنجامێکمان دەست نەکەوتووە. دیارە لە کوردستان سەرباری ئەوەی جێگەیەکی ئارام و بێترس نییە بۆ ژیانی رۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان، ڕۆژانەلەسەر وتنی ڕاستی، دە رخستنی بەدکاری ئەم دەسەڵاتە، هەتاهەتایە بێدەنگدەکرێن و فیشەک دەنرێ بەنێو دەمیانەوە. دوای تیرۆرکردنیشیان بێگومان پانتاییەک نابێت باوەش بۆ پەیکەری ئازادیخواز و عەدالەتخوازانی کوردستان بکاتەوە.

کوردستان تریبیون: ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین، خانەوادەتان لەژێر فشارێکی زۆری ئاساییش و پاراستنی پارتی دان. چەند جارێک راستەوخۆ هەڕەشەی کوشتن لە براکەت کراوە.لەڕێی خزمەکانتانەوە پێک نامەی هەڕەشەئامێزی ناڕاستەوخۆتان بۆ ئەنێرێ. هەتا ئێمە ئاگادارین بەناڕاستەوخۆیی داواتان لێکراوە یان بێدەنگ بن یان کوردستان و هەولێر جێبهێڵن. ئێوە بۆچی ئەو هەڕەشە و فشارانە نادەنە میدیاکان و رێکخراوە جیهانییەکانی بواری داکۆکیکردن لە ئازادیی رادەربڕین؟

بەکر عوسمان: فشارەکانی دەسەڵات هەرچەندێک بەهێزو توند، هەرچەند داپڵۆسێنەرو تۆقێنە ربێت لەسەرخانەوادەمان، بەداوای چۆڵکردنی هەولێرو کوردستانیشەوە، بەهەرەشەی کوشتن و تیرۆر بەهەمان چارەنوسی سەردەشتیشەوە. هیچ رێگا لەوەناگرێت کەکەیسی سە ردەشت لەوەدەربکات کەتەنها موڵکی خانەوادەکەی بێت و خانەوادەکەی داوای ماف بکات، بە پێچەوانەوەکەیسی سەردەشت عوسمان لەگەڵ یەکەم ساتەوەختی تیرۆرکردنی دەبێتەکەیسی ڕای گشتی دەبێتە ئەو بابەتەی کەهەموو هاوڵاتییەکی کوردستان بەمافی خۆی بزانێت داکۆکی لێبکات. لەراستیشدا، دەسەڵاتی سیاسی ئەمرۆ لەجیاتی ئەوەی کەپەنا بۆ ئەوکارەنامرۆیی و نامەدەنیانە بکاتەوە لەچارەسەرکردنی کەیسەکە. دەبوو لە یەکەم ساتەوەختەوە، هەوڵی

ئەوەی بدایە ئەو داواکاریانەی، رۆژنامەنوس وچالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی وکەسایەتی سیاسی و رۆشنبیرانی وڵاتەکە هەیانبووە لەئاست تیرۆری سەردەشت عوسمان جێبە جێبکردایە.

کوردستان تریبیون: ئێستا لە کوردستاندا پارلەمان ئۆپۆزسیۆنی تێدایە. هەموشیان نیگەرانن بە شەهیدکردن و بەلاڕێدابردنی دۆسیەکە. بۆچی لەڕێی پارلەمانەوە ئیش لەسەر ئەو دۆسیەیە ناکەن؟

بەکر عوسمان: بەدانپێنانای ئۆپۆزسیۆن خۆشیان گەیشتونەتەئەوڕاستیەی کەپەرلەمانی کوردستان، شوێنی یەکلایی کردنەوەی هیچ دۆسییەکی جدی نەبووە. ئێمە لە خۆپیشاندانی جەماوەری خەڵکی شاری هەولێر لە ١٠-٠٥-٢٠١٠ بەشداریمان کرد و لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە و ڕۆژنامەنوسان لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان دانیشتین و داواکانی خۆمان خستە روو. هاوکات لە چەندین پەیامیتر لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیان داواکانمان ڕاگەیاندووە. لە چەندین بۆنەدا ئەوەمان ڕاگەیاندووە کە دۆسیەی سەردەشت لەسەر مێزی پەرلەمان و حکومەت و ئەحزابی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازانی کوردستانە.

بۆ پرسیارەکەی ئێوەش،پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن چەندین جار بەڵێنی بەدواداچوونیان لە دۆسیەی سەردەشت داوە، گوتویانە ئەو دۆسیە دۆسیەی خۆمانە. بەڵام ئەم دۆسیە لە پەرلەمانی کوردستان بێ ئاکام ماوەتەوە. هەموو ئەمانە، ئەوەناگەیێنێت کەئێمەپشت ساردبین لەزیاتر کارکردن و دۆزینەوەی ڕێگای تر بۆ گەیشتن بەئاکامی داخوازیەکانی ئەو کەیسە.

کوردستان تریبیون: چۆن تەنها یەککەس بەتاوانی شەهیدکردنی تۆمەتبارکرا لەکاتێکدا لەکەسێک زیاتر بەشداربون لەڕفاندنی؟

بەکر عوسمان: ئەگەر مەبەستت سیناریۆی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەیەکەیە، ئەوە سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکێکی ناڕاستە بۆ شاردنەوەی ڕاستی تاوانەکە و پەنادانی تاوانباران و داخستنی دۆسێکەیە. ئەمە سیناریۆیەکی بێزراوە، بەڕەسمی ناناسین و ئیدانەی ئەکەین. قەبولی هیچ ئاکامێکی ناکەین.

کوردستان تریبیون: داخوازیتان چییە لەکابینەی نوێ؟

بەکر عوسمان: لەگەڵ سەرەتای دەنگۆی دروستکردنی کابینەی تازە دا نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر لە پەیامێکدا داواکاریەکانم خستۆتە ڕوو کە ئەمانە بوون:

1. لیژنەیەکی پسپۆڕی بێلایەن بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوەنێو دەوڵەتیەکانو ڕۆژنامەنووسانو نوێنەرانی ڕێکخراوەمەدەنیەکان پێک بێت، کەلەلیژنەیەکی واشدا نوێنەرایەتی ئێمەوەک خانەوادەی سەردەشت ماناو جێگای دەبێت.
2. ئەو لێژنەیەدەسەلاتی ئەوەی هەبێ چاوپێکەوتن لەگەل هەر بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم و حیزبەکان بکات بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون.
3. هەڵوەشانەوەی سیناریۆی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسمان، لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە داڕێژەرانی ئەو سیناریۆیە قێزەونە و دادگایکردنی ئەوانەی لە پشتی داڕشتنی ئەو سیناریۆیە بوون.
4. لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەو کەس و دەزگایانەی لەدوای تیرۆری سەردەشت، هەڵساون بە هەڕەشە و فشارهێنان و ناڕەحەتکردنی خانەوادە و هاوڕێیانی سەردەشت عوسمان.

کوردستان تریبیون: چۆن دەڕوانیتە دۆسیەی سۆرانی مامە حەمەو شەهیدەکانی ١٧ی شوبات ٢٠١١؟

بەکر عوسمان: دۆسیەی سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت یەک دۆسیەن بەڵام لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا ڕوو دەدەن. تاوانی تەقەکردن و کوشتنی خەڵکی مەدەنی لەلایەن هێزی چەکداری حیزب و دەسەڵاتی کوردی. هێرشی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر سەرەتایترین مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان.

دۆسیەی قوربانیانی ١٧ شوبات و دادگایی نەکردنی تەقە کەران و بکوژانی خەڵکی مەدەنی لە خۆپیشاندانەکان. ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتی کوردی پارێزگاری لە ژمارەیەک تاوانبار ئەکەن، دەستیان سورە بە خوێنی خەڵکی کوردستان.

بەبێ دادگای کردنی تیرۆرستان، بکوژانی رۆژنامەنوسان و خۆپێشاندانەکانی ١٧ شوبات و قوربانیانی ئازادی دەربرین. هیچ ئاڵوگۆڕ و چاکسازییەک لە کوردستان ئەنجام نادرێ. هەر ئیدعایەک بۆ ئازادی و دیموکراسی و مەدەنیەت بێناوەڕۆک و بێمانایە.

کوردستان تریبیون: ئەتەوێت خەڵک براکەتیان چۆن لەبیر بێت، چ شتێک بکرێت بۆ ڕێزگرتن لێی؟

بەکر عوسمان: من پێم خۆشە سەردەشت خۆی چۆن بوو ئاوا لەبیری خەڵکدا بێت. زیندوو ڕاگرتنی پەیامەکەی و دادگایی تاوانباران و بکوژان و ئەوانەی لەپشتی تیرۆری سەردەشت بوون باشترین ڕێزگرتنە لە سەردەشت و سەردەشتەکانی کوردستان.

هەروەها جوانترین پەیام و بەرزراگرتنی سەردەشت وتەکەی خۆیەتی کە دەڵێ: "تا ئەو کاتەی ماوین دەبێت قسە بکەین، ئەوکاتەش تەمەنم کۆتای هات ... باهاوڕێکانم خاڵێکم بۆ دابنێن وسەرلەنوێ دەستپێبکەنەوە.".

2012-04-23

ئەم گفتوگۆیە لە ئینگلیزییەوە لە سایتی کوردستان تریبیون وەرگێڕدراوە:

**کێشەی دۆسیەی سەردەشت، کێشەی نەبوونی بەڵگە و زانیاری نییە...**

پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و بێلایەن پێشمەرجی هەر چونە پێشەوەیەکیکی دۆسیەکەیە لە باری یاسایی و دادگادا. بەبێ ئەو پێشمەرجە هەر کارێکیتر لە بواری یاسا و دادگا بێ ئەنجامە...

دیمانەی سایتی سبەی لەگەڵ بەکر عوسمان

*دوو ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر تیرۆرکردنی شەهید سەردەشتدا، پەیامی ئێوە لەم یادەدا چییە، بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان؟ ئایا دەسەڵاتداران دەتوانن بە دەمکوتکردنی رۆژنامەنوسان ئازادی رۆژنامەوانی لە کوردستان بەرتەسک بکەنەوە؟

بەکر عوسمان: چەند رۆژیتر دوو ساڵ بەسەر تیرۆری سەردەشتی ئازیز تێپەر ئەبێت. لە ماوەی ئەو دوو ساڵە تاکو ئێستا داوا و پەیامی ئێمە و رۆژنامەنووسان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆری بێلایەن بە بەشداریی نوێنەرانی رێکخراوەنێو دەوڵەتیەکانو رۆژنامەنووسانو نوێنەرانی رێکخراوەمەدەنیەکان پێک بێت، بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و بە دادگایی گەیاندنی تیرۆرستان و بکوژانی سەردەشت. بەڵام وەڵامی ئەوان دروستکردنی سیناریۆ و شاردنەوەی ڕاستیەکان بوو.

پەیامی ئێمە بۆ دەسەڵاتداران، ئەو سیناریۆ و گاڵتەجاریە بەسە. ئیتر دەستهەڵگرن لە سوکایەتی بە سەردەشت و ئازادیخوازانی کوردستان. وەڵامی خواستی خەڵک بدەنەوە بۆ پێکهێنانی لیژنەی بێلایەن بۆ ناساندی تاوانباران و سزادانیان. بە سەرکوت و دەمکوتکردنی رۆژنامەنوسان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان. کوردستان بەڕێوە ناچێت. زیندوویی و پیداگری خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لەسەر دۆسیەی سەردەشت و سۆران و ئەوانیتر.

دوو ساڵ لەمەوبەر خەڵکی کوردستان لە کارەساتی تیرۆری سەردەشت هاتنە سەر شەقام و دەنگی نارەزایەتیان بەرزکردەوە و پرسیار و گومانەکانی خۆیان دا بەڕووی دەسەڵاتدارانی هەرێم ڕاگەیاند... سەردەشت بۆچی و لەسەر چی تیرۆر کرا؟ بکوژەکانی سەردەشت کێن؟ بۆچی دەسەڵاتدارانی هەرێم دەیانەوێت دۆسیەی تیرۆری سەردەشت بە سیناریۆ تێپەرێنرێت؟ بۆچی لە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و بێلایەن ئەترسن؟ ئایا دەسەڵاتدارانی هەرێم بەرژەوەندیان چییە لەو کردەوە و ڕەفتار و هەڵوێستانەی لە پەیوەند بە دۆسیەی تیرۆری سەردەشت نواندویانە و ئەینوێنن؟ بۆچی هەر کاتێک باسی دۆسیەی سەردەشت ئەکرێ دۆخەکە مەترسیدارتر ئەبێت و دۆخی ترس و هەڕەشە زاڵ ئەبێت؟ بۆچی ئەبێت خوێنی بەناحەق ڕژاوی گەنج و ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لای دەسەڵات ئاسایی بێت؟ بۆچی دەسەڵات گوێ ناگرێ و وەڵامی داخوازیەکانی خەڵک ناداتەوە؟

لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا کردەوەکانی دەسەڵات لەپەیوەند بە دۆسیەی سەردەشت. وەڵامی پرسیارەکانی خەڵکی داوەتەوە. بە دوای دوو ساڵ لە تاوانێکی خوێناوی گەورە، بەدوای ئەو هەموو پەیام و داواکاری و هاواری ئێمە و زۆربەی خەڵکی کوردستان. بەدوای نارەزایەتی و هاتنە دەنگی چەندین کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری ناوەوە و دەرەوە و چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی. بۆ یەکجاریش دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان گوێیان لەکەس نەگرت و وەڵامی هیچ خواستێککیان نەدایەوە.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەی بەڕێزتان، کۆمەڵگای کوردستان چەندین خولی کێشمەکێش و بەرامبەرکێی خەڵک و ئازادیخوازان لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی تێپەراندووە.دۆسیەی تیرۆری سۆرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان و خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوبات. ئەوەی سەلماند کە لەگەڵ هەر هێز نیشاندانێکی دەسەڵاتداران لەبەرامبەر خەڵک و ڕۆژنامەنووسان. نەفرەت و بێزاریەکانی خەڵک گەورەتر ئەبێت لەبەرامبەری. لەگەڵ هەر بەرەوڕووبوونەوەیکدا پردەکانی خۆشباوەری پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی کوردی ئەرەویتەوە و بەرژەوەندیەکان شەفافتر ئەبنەوە. هەر هێزێک پشت بە سەرکوت و دەمکوتکردنی ڕۆژنامەنوسان و خەڵک ببەستێت بۆ بەردەوامی مانەوەی لە دەسەڵات. بەدەستی خۆی گۆڕ بۆ خۆی هەلئەقەنێ و ڕیسوایی لە مێژووی خۆی تۆمار ئەکات. ئەگەر بۆ کورت ماوە بتوانێ بواری ئازادی و ئازادی ڕۆژنامەوانی بەر تەسک بکاتەوە. بەڵام لە ئایندەدا ئەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ شەری سەر و ماڵ لەگەڵ جەبهەی ئازادی و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان.، کە ١٧ شوبات تەمرینێکی گشتی ئەو جەنگە بوو.

*دوای تیرۆرکردنی سەردەشت، لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێنرا و دەرەنجامەکەی بەوشێوەیە بو، کە جێی قبوڵی بنەماڵەکەی و زۆربەی ڕۆژنامەنوسان و روناکبیران نەبو، لەدوای ئەوە راگەیەندراوەی لیژنەکەوە، هیچ زانیاریەکی نوێ نییە لەسەر شەهیدکردنی سەردەشت؟ ئێوە هیچ بەڵگەیەک یان زانیاریەکی جیاوازتان دەست کەوتوە؟

بەکر عوسمان: کێشەی دۆسیەی سەردەشت، کێشەی نەبوونی بەڵگە و زانیاری نییە. سەردەشت چەند مانگ پێش تیرۆرکردنی لە وتارەکانی خۆی بکوژانی خۆی بەهەموومان ئەناسێنی. بەتایبەتی لە "یەکەمین زەنگی کوشتنم لێدا..." وێنەی تیرۆرستان ئەداتە دەست هەموو. کێشەی ئەم دۆسیە نەبوونی لێژنەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و دادگای سەبەخۆ و بێلایەنە.

*ئەو روداوە و دواتر ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە چی کاریگەرییەکی لەسەر خێزان و خانەوادەی سەردەشت بە جێهێشت، بەتایبەتی کە سەردەشتی لە قوربانییەوە کرد بە "تیرۆرست"؟

بەکر عوسمان: کردەوە و سیناریۆکانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە پەیوەند بە دۆسیەی سەردەشت، برین و ئازارەکانی تیرۆری دڕندانەی سەردەشتی قوڵتر و بەسوێتر کردۆتەوە لەدڵمان. جارێکیتر تیرۆرکردنەوەی سەردەشت بوو. لەسەرەتادا لە ژێر فشاری نارەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری خەڵکی کوردستان، دەسەڵاتداران بەڵێنیان ئەدا کار ئەکەن بۆ دۆزینەوە و سزادانی تاوانباران. بەڵام ئەمرۆ بەکردەوە بەشدارن لە نمایشی سیناریۆیەکی بێزراو و گاڵتەجاری، ئەنجامەکەی پەنادانی تاوانباران و تێپەراندنی دۆسیەی تیرۆری سەردەشتە هەروەکوو تیرۆرەکانی پێشووتر.

*هەر لەسەرەتای شەهیدکردنی سەردەشتەوە هەوڵێکی زۆر هەبو بۆ ناساندنی کەیسی سەردەشت عوسمان بە دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی رێکخراوەکانی بەرگریکار لە ئازادی و بیرورِا و مافەکانی مرۆڤ؟ هەوڵەکان بە کوێ گەیشتون؟

بەکر عوسمان: ئەو کەیسە لە ئاستێکی باش لە دەرەوەی وڵات ناسراوە. ڕێکخروەکانی پەیامنێرانی بێسنور، ئەمنیستی ئەنتەرناشیونالْ، هیومان رایتش، کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەنووسان ( CJP ) ، لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی سیاسی و کرێکاری و ڕێکخراوی بەرگری لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ. چەندین ڕاگەیاندن و ڕاپۆرتیان بڵاوکردۆتەوە لەسەر ئەو دۆسیە و ئێستاکەش بەرگریکەرێکی جدیین لە دۆسیەی سەردەشت. جگە لەوەش لە پەرلەمانی سوید و بەریتانیا لەلایەن ژمارەیەک لە پەرلەماتار، سیمینار و یادی تایبەتی بۆ گیراوە. ئێستاکەش ئەو هەوڵانە درێژەی هەیە.

*ئەو کەسەی بە تۆمەتی کوشتنی سەردەشت دەستگیرکرا، چی لێ بەسەرهاتوە، حوکمداروە یان تەنها ئەوکاتە بۆ پەردەپۆشکردنی روداوەکە ئەو کەسە هێنرایە ناوەوە؟ بەشێک لە رۆژنامەنوسان و چالاکوانان ئەوەیان بە سیناریۆ دانا، رای ئێوە چییە لەوبارەیەوە؟

بەکر عوسمان: ڕۆژنامەنوسان و خەڵکی وشیاری کوردستان ڕاست ئەکەن، ئەوەی بەڕێوەچووە لە دۆسیەی سەردەشت لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوە سیناریۆیە و هەوڵێکە بۆ

داپۆشین و شاردنەوەی ڕاستی دۆسیەی سەدەشت. داتاشینی سیناریۆی گاڵتەجاریانەی تاکو ئیستای لیژنەی لێکۆڵینەوە ئیدانە دەکەین و بەهیچ شێوەیەک قەبوڵی ناکەین.

*لە ساڵیادی شەهیدکردنیدا هیچ هەوڵێک هەیە بۆ زیندوکردنەوەی دۆسیەکەی؟ یان جارێکی تر هێنانەوە بەر باسی و زیندو هێشتنەوەی ئەو دۆسیەیە؟

بەکر عوسمان: زۆرێک لە ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازن لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان. هەوڵی بەرز ڕاگرتنی یادی سەردەشت ئەدەن و چەندین ڕاگەیاندنیان بڵاوکردۆتەوە کە مەراسیمی یادی سەردەشت ئەگرن و چالاکی جۆراوجۆریان ڕاگەیاندووە. ئەوەش ئەوە ئەگەیەنێ کە رۆژنامەنووسان و خەڵکی کوردستان دەستبەرداری دۆسیەی سەردەشت نەبوونە و ئەو دۆسیە هەر بەزیندوێتی لای ئەوان ڕاگیراوە. ئەوەش هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی زیاتر و زیندوویی دۆسیەی سەردەشت لای خەڵکی کوردستان.

*لەدوای شەهیدکردنی سەردەشت و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، ئێوە هیچ ڕێگایەکی یاساییتان گرتۆتەبەر بۆ دوبارە جوڵاندنەوەی کەیسەکەی لە دادگا؟ یان سکاڵاتان لەسەر هیچ کەس و لایەنێک تۆمارکردوە؟

بەکر عوسمان: ئێمە داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی بێلایەن ئەکەین، ئەو لیژنەیەدەسەلاتی ئەوە ی هەبێ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەگەڵ هەر کەسێک بکات. هەروەها داوای هەڵوەشانەوەی سیناریۆی پڕ لە سوکایەتی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشت و لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە داڕێژەرانی ئەو سیناریۆیە قێزەونە و دادگایکردنی ئەوانەی لە پشتی داڕشتنی ئەو سیناریۆیە بوون.

پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و بێلایەن پێشمەرجی هەر چونە پێشەوەیەکیکی دۆسیەکەیە لە باری یاسایی و دادگادا. بەبێ ئەو پێشمەرجە هەر کارێکیتر لە بواری یاسا و دادگا بێ ئەنجامە.

*تۆ وەکو برایەکی سەردەشت، ڕۆژی تیرۆرکردنی سەردەشت چۆن پێناسە دەکەیت؟ بەتایبەتی بەشێک لە هاوڕێ رۆژنامەنوسەکانی کە داوا دەکەن رۆژی 5ی ئایار بکرێتە ڕۆژی ئازادی ڕادەربڕین لە کوردستاندا؟

بەکر عوسمان: تیرۆری سەردەشت هەوڵی سەرکوتگەرانی کوردستان بوو بۆ دەمکوتکردنی ئەو رۆژنامەنووسانەی ڕاستی ژیان بە خەڵکی کوردستان ئەگەیەنن. خنکاندنی ئەو پەیام و دەنگانەبوو داوای ئازادی و مافەکانی بۆ خەڵکی کوردستان ئەکرد. سەرکوتگەران لە تیرۆری سەردەشت پەیامی ئەوەیان بە خەڵکی کوردستاندا هەر کەسێک دەمبکاتەوە وەک سۆران و سەردەشت گوللە ئەنیین بە نێو دەمیەوە.

پێشنیاری ئەوەی ڕۆژی ٥ ئایار بکرێتە ڕۆژی ئازادی لە کوردستان، پێشوازی لی ئەکەین و جێگای دەستخۆشییە. بەڕاستیش ئەو ڕۆژە زۆر گونجاوە بۆ ڕۆژی بەرگری لە ئازادی لە کوردستان بناسرێت. بەوەی کە تیرۆری سەردەشت هەرەشە و هێرش بوو بۆ سەر ئازادی و ئازادی دەربرین و ئازادی ڕۆژنامەگەری لەکوردستان. هاوکات خەڵکی کوردستان لە ئاستی سەراسەری لە ناوەوە و دەرەوە بەوپەری بوێری و ئازایانە هاتنە مەیدان بۆ بەرگری لە ڕۆڵەکەیان و ئازادی دەربرین. لەهەمووشی گرنگتر کەیسی سەردەشت کەیسی ڕای گشتی خەڵکی کوردستانە و کۆدەنگیەکی زۆری خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو کەیسە هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشا ئەو کەیسە زیندووە و دانەخراوە و ئێستاکەش کێشمەکێشی نێوان خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی لەسەرە. و ئەو هەنگاوەش ئەبێتە هێز و هاوسەنگییەکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان کە لەم کێشمەکێشیدا سەرکەوتووتر بێنە دەرەوە.

خاڵێکیتریش ڕۆژێک نییە بەناوی ڕۆژی بەرگری لە ئازادی لە کوردستان. ئەگەر ڕۆژی ٥ ئایار وەک ڕۆژی بەرگری لە ئازادی دەربرین، لەلایەن ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنوسان لەکوردستان ڕەسمیەت وەربگرێ. ئەبێتە ڕۆژێک کە هەموو دۆسیەکانی سەرکوت و هێرشەکانی سەر ئازادی  و تیرۆرەکانی پێشووتریش زیندوو بکرێنە و بکرێنە دۆسیەی زیندووی خەڵک و ئازادیخوازان. پێم وابێت بوێری و ئازایەتی و شەهامەت و ئینسان دۆستی و ئازادیخوازی  شەردەشت ئەبێتە گوڕ و تێنێکی باشتر بۆ ڕۆژی ئازادی دەربرین لە کوردستان.

26-04-2012

**بکوژەکانی سەردەشت کێن؟**

**پەیامێک لە یادی دووەمین ساڵرۆژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا**

چەند ڕۆژێکی تر دوو ساڵ بەسەر تیرۆری سەردەشتدا تێدەپەرێت. دوو ساڵ لەمەوبەر بە ڕۆژی ڕوناک بەبەرچاوی پۆلیس و خەڵکێکی  زۆر، لەلایەن هێزێکی تایبەت لەبەردەم کۆلێژی ئاداب لە پایتەختدا. بە ئاشکرا سەردەشت دەفرێنرێت. دوای دوو ڕۆژ، بە دوو گوللەی نێودەم. بەکوژراوی دەدۆزرێتەوە. ئەمەش وەک هێمایەک بۆ بێدەنگکردن و دەمکوتکردنی ئەو ڕۆژنامەنوسانەی پەیامی ڕاستی بەخەڵک ئەگەیەنن. سەردەشت ڕۆژنامەوان بوو. کاتی خۆی وەک ڕۆژنامەوان بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەی خستبووەکار. تیرۆری ڕاستەوخۆی ئەو پەیوەندی بەکار و هەڵوێستیەوەهەیە. لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی، نوسین و ڕەخنەکانی لە ناعەدالەتی و گەندەڵی و تێکشکاندنی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز تیرۆرکرا.

تیرۆری ئەو ئازادیخوازانی هێنایێ دەنگ.خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان زۆر بوێرانە و ئازایانە لە بەرامبەر ئەو تاوانە بەدەنگ هاتن، لەیادی کوشتنی ئەودا سوپاس و ڕێز و پێزانینی زۆرم بۆ ئەو هەڵوێست و پشتیوانیە سەراسەریە دوپات ئەکەمەوە کە بێدەنگیان هەڵنەبژارد. لەو ڕۆژەوە ئیتر خەڵکی کوردستان سەردەشتیان کردە کوڕی خۆیان. بەخۆپیشاندان و نارەزایەتی فراوانی جەماوەری وەڵامیان دایەوە.

سەرەتا دەسەڵاتداران هەوڵێکی زۆریاندا ئەوە بکەنە کوشتنێکی "ئاسایی" کە ڕۆژانە لەسەرتاسەری وڵاتدا دەقەومێت. دواتر بە هەڕەشەکردن هەوڵیاندا تیرۆری سەردەشت لە بیری خەڵک ببەنەوە. بەڵام فشار و نارەزایەتی جەماوەری لەسەراسەری کوردستان و دەرەوە، زەختێکی زۆری خستە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان، تا ئەندازەی ئەوەی لەژێر زەختدا بەڵێنیاندا کە زوو لێکۆڵینەوە لەم دۆسیە بکەن.

بەڵام پاش نەمانی هێزی جەماوەری لەسەر شەقام. دەسەڵاتداران پێچەوانەی ئەوەیان کرد کە بەڵێنیان بە خەڵکدا بوو. لە جیاتی ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و ناساندنی تاوانباران و هۆکاری تیرۆری سەردەشت، ئەویان دووبارە تیرۆرکردەوە. ئەویش لەڕێگەی بە تیرۆریست لەقەلەمدانی سەردەشتەوە.

ئەوە دەرسێکی گرنگە بۆ کۆمەڵگای کوردستان کە هاتنە مەیدان بۆ هەر داخوازییەک، دەبێ بەچۆڵنەکردنی شەقام تەواو بێت، بەدرۆ و بەڵێنی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەبڕوا نەکەن و لەمەیداندا مانەوەزامنی بەدەستهێنانی داخوازییەکانیانە.

تیرۆری ئەو وەک دیاردەکانی تر بووەهۆی دروستکردنی لیژنەی "تایبەتی"، ئەمجۆرە "لیژنانەش" تا ئێستا نەک چرۆ بگرەتەنانەت گەڵایەکی مەیلە وسەوزیشی نەگرتووە. لەژێر دارێکی نەزۆکی ئالەوجۆرەدا کەلەکن ئێمەبوونی هەیەو هەرگیز ئومێدی بەری نییە، ئەویان سەرلەنوێ کوشتەوە، بە هۆنینەوەی "سەرگوزشتەیەک" کەنەخۆیان نەکەسێکی تر بەگوێیدا دەچێت، بەڵام وەک حێکایەتی پاڵ ئاگردان دەکرێت تا دونیا دونیایەبگێردرێتەوە. درۆیەک لە هیچ عەقڵێکدا جێی نابێتەوە، تەنانەت لەمێشکی داهێنەرەکەشیدا. ئەم درۆیەشوێن پەنجەی ناشی و پەلەپڕووزێی بەئاشکرا پێوەدیارە. ئەم "لیژنەیەش" وەک دەیان "لیژنەی" تر هەڵدە وەشێنرێتەوە، دروستدەکرێتەوە، تێکهەڵدەکێشرێن، بەیەکدا دەدرێن، دەرئەنجام گوتارێک دە دەن کەخەڵک لەمێژەلە"دەسەڵادارانی" پێشووی ئەمان و لەمجۆرەی بیستووە. گوتارێک کەلە گفت و بەڵێنەکەی بێ بەرترە.

ئیستا دوای دووساڵ لەکوشتنی سەردەشت، گفت و بەڵێنی "لیژنەکە" تەواو کاڵ بوونەوتەوە ، خەمی دۆزینەوەی بکوژـانی لەدەفتەری یاددا سڕاونەتەوە. کەسێک نییەبزانێت ئەم "لیژنانە" چۆن کار دەکەن و بەچ یاسایەک دەچن بەڕێوە، یان تەنانەت بتوانێت دەرکی پێ بکات، ڕاستیەکانیش نەدەزانرێن، نەدەبیسترێن، نەدەبیرێن، نەدەکرێت شوێن پێیان هە

ڵبگیرێن، بەڵام مەرجی یەکەم و کۆتای ئەوەیەکەدەبێت بڕوای پێبکەین. ئەمەپوختەی ئەو "لیژنە" و "دادگایەیە" کەگوایێ خولیای راستیەکانە.

ئەوەی کەلەئیستادا لەهەموو کاتێک ئاشکراتر و ڕوونترەئەوەیەکەکێشەی دۆسیەی سەردەشت، کێشەی نەبوونی لیژنەی لێکۆڵینەوەی بێلایەن و دادگای سەبەخۆ و عادلانەیە. سەردەشت پێش تیرۆرکردنی لە وتارەکانی خۆیدا بکوژانی خۆی بەهەموومان ئەناسێنی. بەتایبەتی لە "یەکەمین زەنگی کوشتنم لێدا..." وێنەی تیرۆرستان ئەداتە دەست هەموومان. هەر کەس و لایەنێک ئیتر ڕێگر بێت لەبەردم پێکهێنانی لیژنەیەکی واهیدا، بەئاشکرا یانی پشتیوانی و بەرگری لە تیرۆرستان وبکوژانی سەردەشت دەکات.

ئەوەی لەچەند هەفتەی ڕابردووشدا بینیمان ئەوەبوو کە دەسەڵاتدارانی هەولێر لە نمایشی سیناریۆیەکی گاڵتەجاریانەدا، بەناوی دادگای دۆسیەی سەردەشت، وەک هەوڵێک بۆ شاردنەوەی قەزیەکە و داپۆشینی ئەم تاوانە، جارێکیتر لە چوارچێوەی هەمان بازنەی چیرۆکسازی و پیلانگێریدا، بەسیناریۆیەکی دیکەوەهاتنەوەمەیدان. ئەمجارەیان دادگای دۆسیەی سەردەشت، کار بوو لە دژی ئەو نەک لە دژی بکوژان و تیرۆرستان، ئەم سیناریۆیە دادگاییکردنی سەردەشت و ڕۆژنامەنوسان و ئازدیخوازانی کوردستان بوو. بەکردەوەش پەنادانی تیرۆستان و بکوژ–انی بوو.

ئەم دادگاییە سیناریۆیەکی بێزراوە، ئێمە بەڕەسمی ناناسین و ئیدانەی ئەکەین و هیچ ئاکامێکی قبووڵ ناکەین. بۆیەتیرۆرکردنی سەردەشت وەکو کەیسێکی کراوە لای ئێمە و تەواوی ئازادیخوازان و نوسەران و رۆژنامەنوسان و خەڵکی کوردستان دەمێنێتەوە، تائەوکاتەی لەلایەن لیژنەیەکی بێلایەنو بە سەرپەرشتی لایەنی نیودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت.

لەپاش دوو ساڵ، ئیتر هەموو بەڵێنەکانی دەسەلات مایەپووچ دەرچوون و و کارتەکانی ڕاستی خستنە روو لەسەر مێز نین. ئەمرۆ گشتمان جارەکیتر دەپرسین بکوژ–انی ئەو کێن؟ ئایا کەیسی سەردەشت ڕووداوێک بوو وەک تەواوی کوشتنەکانی تری وڵات، لابەلا هات و لابەلا تێپەڕی؟ یان کوشتنی ئەو کوشتنی راستیەبەهەموو بەرگەکانیەوە! ئەوەی کەماوەتەوە درۆی رووتە. تاکەی تیرۆرستان بە ئازادی ئەسورێنەوە و ئەوانەی داوای دادگای تاوانباران ئەکەن ئەکەونە ژێر فشار و هەڕەشە؟

ئایا دەکرێ هێز و لایەن و تەنانەت کەسایەتیەک بەوە تۆمەتبار بێت کە دەستی لەو تاوانەدا هەیە؟ ئایا دەسەڵاتێک کە نەتوانێ کەیسێکی وەکو ئەوەی کەیسی سەردەشت بە دادپەروانە یەکلایی بکاتەوە، ئەهلیەتی ئەوەی هەیە لەلایەن خەڵکەوە وەکو دەسەڵات قەبول بکرێ؟ چ جای ئەوەی خەڵک شوێنی بکەوێ و گوایە دەوڵەتیان بۆ دروست دەکات؟ ئەو دەوڵەتەشی گوایەدەیەوێ دروستی بکات، بێباکانەسەردەشتەکانی دیکەلەتاریکیدا بێدەنگ ناکات؟!

دەسەڵاتێک لە دۆسیەی تیرۆری رۆژنامەنوسانی ئازاددا کار لەسەر سیناریۆسازی و تێپەراندنی بکات، چۆن ئەکرێ چاوەڕوانی ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئایندەی گەشی بۆ خەڵکی کوردستان لێبکرێ؟

لێرەدا لە یادی دووەمینساڵرۆژی تیرۆرکردنی سەردەشتدا بانگەوازی میدیای ئازاد و ڕای گشتی و هەموو ئەوانەی بانگهێشی بەرگری لە ئازادی و دیموکراسی دەکەن، هەموو لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان ئەکەم، لەم یادەدا کەیسی سەردەشت بخەنەوە بەرچاو، بە زیندوویی ڕایبگرن و فشار بێنن بۆ دەسەڵاتداران، دەست لەسیناریۆی گاڵتەجاری و سوکایەتی ئامێز هەڵگرن و مل بەخواستی خەڵک بدەن بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکە و تاوانباران.

بەکر عوسمان

30-04-2012

**ئەوە شێواندنی حەقیقەت و شاردنەوەی تاوانبارانە لە سزا!**

ئەمرۆ بۆ جارکیتریش لە بەرواری٢٠١٣\١\٥دا پێنج کەس لە ئەندامانی خانەوادەکەم، لە لایەن دادگای هەولێر بە فەرمی ئاگادارکراینەوە بەشداری دانیشتنی دادگای دۆسیەی تیرۆری رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان بکەین.

لێرەدا بۆ جاریکتر ڕای دەگەیەنین، کە ئەمەش هەنگاوێکی ترە، درێژەی هەمان ئەو سیناریۆیەی کە لە ئەلفەوە تاکو یای هەڵبەستراوو چەواشەکارانەیە بۆ ئەوەی سەردەشت عوسمانی نوسەرو رۆژنامەنوس، لە قوربانیەکی ئازادی دەربرین و رەخنەگری ستەمکاریەوە بگۆرێ بۆ تیرۆریست. سەرتاپای ئەم سیناریۆیە نەک هەر بەو ئاراستەیەدا نیە کە راستی تاوانەکە و تاوانبار ئاشکراو سزا بدات، بەڵکو هەوڵێکە بۆ شێواندنی حەقیقەت و شاردنەوەی تاوانەکە و ڕزگارکردنی تاوانباران لە سزا. ئەوەش تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر حەقیقەت و ئازادی دەربرین و سەردەشت و خانەوادەکەی بەریوەدەبریت.

ئەم پرۆسەیە بەم بەناو دادگایەشەوە، شەفاف و بێلایەن و سەربەخۆ نییە و بە هیچ شێوەیەک ئامانج لێی لێکۆڵینەوەیەکی واقع نیە لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسمان و سەرتاپای دوورە لە ڕاستیەوە و هەوڵێکە بۆ داپۆشینی تاوانەکە. بۆیە لای ئێمەوە شەرعیەتی نیەو بەرەسمی ناناسین و قەبولی ناکەین هەر بۆیەش بۆ رای گشتی رادەگەیەنین کە بەشداری تیادا ناکەین.

دۆسیەی تیرۆری رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان لای ئێمە و ئازادیخوازانی کوردستان به کراوەیی دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی تاوانباران ئاشکرا دەکرێن و دەدرێنە دادگایەکی عادلانە و بێلایەن و سەربەخۆ.

بەکر عوسمان

٥\١\٢٠١٣

**ئەوە سادەترین ڕاستی دۆسیەی تیرۆری رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمانە!**

ئەمرۆ رۆژنامەی ئاوێنە لەزاری سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە بڵاویکردۆتەوە کە لەدانیشتنی رۆژی13 ی شوبات لەدادگای تاوانەکانی هەولێر، ئەو تۆمەتبارەی بە کوشتنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان تۆمەتبار کرا بوو، لە قسەکانی پەشیمان بۆتەوەو ئەو تۆمەتەی رەتکردۆتەوە کە دابویانە پاڵی .سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو تۆمەتبارە لەبەردەم دادوەردا ڕایگەیاندووە، ئەو نە سەردەشت عوسمان دەناسێت و نە بینیویەتی و نە ئەویش دەستی هەبووە لە کوشتنیدا.

ئەوە سادەترین ڕاستی دۆسیەی تیرۆری رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمانە، ئێمە و ڕۆژنامەنوسان و خەڵکی ئازادیخوازای کوردستان و ڕیکخراوە مەدەنیەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان .هەر لەسەرەتای ڕاگەیاندنی سیناریۆ گاڵتەجاریەکەی لیژنەی لیکۆڵینەوە لە دۆسیەکە .ڕامانگەیاند ئەو چیرۆکە لە سەرتاوە تا کۆتایی سەرلەبەری هەڵبەسترا و درۆیە .سیناریۆیەکە بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان و پەنادانی تاوانبارانی ڕاستەقینە و بکوژانی سەردەشت و ئەوانەی لە پشتی تیرۆری سەردەشتەوەن .داوای پیکهینانی لیژنەی لیکۆڵینەوەی سەربەخۆ و بێلایەن و دادگای سەربەخۆمان کرد.

ئەمرۆ بەدوای دوو ساڵ لە ڕاکیشانی سیناریۆیەکی ناشیرین لەلایەن دادگای هەولێر لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشت، ڕەتکردنەوەی ئەو سیناریۆیە لەلایەن تۆمەتباری بە ساختە دروستکراو .ڕاستی و دروستی قسەکانی ئێمە و ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری سیناریۆکە و پرۆسەی دادگایەکە دەسەلمێنێ.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پیکردنە، دادگای هەولیر لە دانیشتنی ٢٠١٣/١/٢٠ دادگاییکردنەکە بۆ رۆژی دووی مانگی ئادار دواخرا .بەڵام بەپێی هەواڵەکە لە ١٣ شوبات دانیشتنێکیتری سازداوە بە نهێنی و شاراوە دوور لە ئاگاداری و زانیاری فۆرماڵیش .ئەوەش جاریکیتر ئەو پرۆسە و دادگاییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لێرەدا جاریکیتر داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن لە دۆسیەی تیرۆری ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان دەکەم .هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە داریژەرانی سیناریۆی گاڵتەجاڕانەی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەڕێوەچوونی پرۆسە و سینارۆکە لە دادگای هەولێر .تاوانی تیرۆری شەخسیەتی سەردەشت بە ئەندازەی تاوانی تیرۆری جەستەیی ئەو گەورەیە.

بانگەوازی سەرجەم دادوەران، پارێزەران، یاساناس و مافناسانی کوردستان دەکەم .بێدەنگ نەبن لە ئاست دۆسیەی تیرۆری سەردەشت .دادگاییەکی عادیلانەی بکوژانی ڕاستەقینەی سەردەشت دەتوانێت سەرەتای سنووردانان بۆ دەستتێوەردانی دەسەڵاتداران لە دەزگای دادوەری بێت.

بەکر عوسمان

2013–02–19

"ئەو کەسەی وتی من سەردەشت عوسمانم کوشتوە، پەشیمان دەبێتەوە"

ئەو تۆمەتبارەی کەبەکوشتنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان تۆمەتبار بوو، پەشیمان بۆتەوە لەو قسانەی پێشتر کردبوی.

هەولێر،تایبەت بەئاوێنە: سەرچاوەیەکی ئاگادار بەرۆژنامەی ئاوێنەی ڕاگەیاند، "لەدانیشتنی ڕۆژی 13ی شوبات ٢٠١٢ لەدادگای تاوانەکانی هەولێر، ئەو تۆمەتبارەی بەکوشتنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان تۆمەتبار کرا بوو لەقسەکانی پەشیمان بووەو ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە کە دابویانە پاڵی".

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە تۆمەتبارەکە لەقسەکانیدا لەبەردەم دادوەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە ئەو "نە سەردەشت عوسمانی بینیوەو نە ناسیویەتی‌و نە دەستیشی لەکوشتنیدا هەیە".

لەرێکەوتی 2010/9/15 ڕاگەیەندراوێک بەناوی "لیژنەی لێکۆڵینەوە لەناسنامەی بکوژانی قوتابی سەردەشت عوسمان ) ئاشکرا دەکات" لەلایەن ئاسایشی گشتی هەولێرەوە بڵاوکرایەوە، بەپێی ڕاگەیەندراوەکە "لەپاش کۆکردنەوەو تاوتوێکردن‌و شیکردنەوەی چەندین زانیاری لەسەرچاوەی جیاجیا لەلایەن لیژنەی لێکۆلینەوە دەرکەوت کەسێکی سەر بەگروپی انسار الاسلام بەناوی (هشام محمود اسماعیل)تەمەن 28 ساڵ بەرەگەز کورد، دانیشتوی

شاری( موسڵ پیشەی فیتەرە لەپیشەسازی شارۆچکەی بێجی دەستی هەبووە لەشەهید کردنی ناوبراو".

سەبارەت بەم پەرەسەندنە لەم دۆسیەدا سەرچاوەیەکی یاسایی شارەزا بەئاوێنەی راگەیاند کە پاشگەزبونەوەی تۆمەتبار لەو تۆمەتانەی درابونە پاڵی زەمینە خۆشدەکات بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دادگا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەدۆسیەکەدا بکاتو لیژنەیەکی پرۆفیشناڵی سەربەخۆو بێلایەن بۆ ئەو مەبەستە دروستبکات.

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەدرێژایی نزیکەی سێ ساڵی رابردوو، وێرای ئەنجامدانی چەندین خۆپیشاندان لەئاستی کوردستاندا، چەندین رێکخراوی رۆژنامەوانیو مرۆڤدۆستی ناوداری جیهانیش داوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیان کردووە سەبارەت بەکوشتنی سەردەشت عوسمان بەمەبەستی دۆزینەوەی بکوژە راستەقینەکانی.

سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنووسو خوێندکاری دوا قۆناغی زانکۆ لەڕۆژی ٤ی ئایاری ٢٠١٠ لەبەردەم کۆلیژەکەیدا لەهەولێر کاتژمێر ٨:٠٠ی بەیانی لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە فڕێندرا، پاش دوو ڕۆژ تەرمەکەی بە کوژراوی لە موسڵ دۆزرایەوە.

# هەواڵ و ڕاپۆرت



**سەنتەری میترۆ داوای ئاشکراکردنو دادگایی بکوژانی سەردەشت عوسمان دەکات**

هاوڵاتی– 2010/5/6

سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکی لەرۆژنامەنووسان، ئیدانەی کوشتنی قوتابی سەردەشت عوسمان کردو داوای ئاشکراکردنو دادگایی بکوژانی دەکات.

سەردەشت عوسمان کە قوتابییە، رۆژی سێشەممەی رابردوو پاش رفاندنی لەبەردەم کۆلێژی ئاداب لەهەولێر، ئەمرۆ پێنج شەممە تەرمەکەی لەموسڵ دۆزاریەوە.

لەبەیاننامەیەکدا کە کۆپییەکی بۆ سایتی هاوڵاتی نێردراوە، سەنتەری میترۆ، ئاماژە بەوەدەدات کە چەند هاورێیەکی سەردەشت لەبازگەی موسڵ – هەولێرەوە کە چاوەڕوانی تەرمی هاورێکەیان دەکرد، راگەیاندووە، کە رۆژی 4ی ئایار لە کاتێکدا هاتووە بۆ کۆلێژەکەی لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوە بە زۆر سواری ئۆتۆمبیل کراوەو ئەمرۆ چارەنوسی ئاشکرا بوو.

ئەو قوتابیانە بەسەنتەری میترۆیان وتووە"لە موسڵ کوژراوە، ئێستا چاوەروانی تەرمەکەی دەکەین". سەردەشت عوسمان (23ساڵ) دانیشتووی شاری هەولێرە ، قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدینو کاری وەرگێرانی کردووە بۆ چەند رۆژنامەیەک.

لەبارەی رووداوەکەوە، سەنتەری میترۆ رایدەگەینێت"وێرای ئیدانەکردنی ئەو تاوانە، داوا لە بەرپرسانی لایەنی پەیوەندیدار دەکات بەزووترین کات ئەنجامدەران دەستگیربکەن و رووبەرووی دادگا بکرێنەوە، هەوەک داوا لەرای گشتی دەکەین بێدەنگ نەبن بەرامبەر بەم تاوانە".

**با نەیەڵین دەنگی ئازادی کپ بکەن**

کەمپینی بەرگری کردن لە ئازادی – دانیمارک – 2010/5/9

ڕۆژی 2010/5/4 (سەردەشت عوسمان) خوێندکاری زانکۆ و ڕۆژنامەنووس لە شاری هەولێر چوار چەکدار بەزۆر و بەلێدان سواری سەیارەیەکی دەکەن و دەیفرێنن، دوای ٣٦ سەعات (سەردەشت عوسمان) بە تیرۆرکراوی لە شاری موسڵ تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە، ڕفاندن و تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) خوێندکاری زانکۆ و ڕۆژنامەنووس زەنگێکی ترسانک و هەوڵێکی بێ پەردەیە بۆ سەرکووت کردنی ئازادی و پێشێل کردنی سەرەتایترین مافەکانی مرۆڤ، ڕفاندنی (سەردەشت عوسمان) لەبەردەم زانکۆ و بەبەر چاوی پۆلیس و بە ڕۆژی

ڕووناک پاشان تیرۆر کردنی پەیامێکی ترسناکە بۆ سەرجەم کۆمەڵگاو، هەنگاوێکی تازەیە بۆ لەژێر پێنانی حورمەتی ئینسان و بێدەربەستی دەسەڵاتداران لە بەرانبەر ژیان و ماف و ئازادیەکانی تاکی کۆمەڵگای کوردوستان.

ماوەیەکە لە کوردوستان هێرشێکی توندو هەمەلایەنە بۆ سەر نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و بیروباوەڕی ئازادیخوازانە بە شێوەیەکی بەر بڵاو دەست پێ کردوە، دەسەڵاتدارانی کوردستان هەر ڕۆژێک و بەبیانووی جۆرا و جۆر هێرش بۆ سەر نوسەران و ڕۆژنامەنوسان ئەنجام دەدەن و گرتن و لێدان و ترساندیان کردۆتە کارێکی ئاسای. لەم هەلومەرجە ترسناکەی ئێستای کوردستاندا ئیسلامی سیاسیش خەریکە مەوداکانی ئازادی بەرتەسک دەکاتەوەو لە ڕێگای مەلا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانیانەوە هێرشیان بۆ سەر ڕۆشنبیران و نوسەران و ئازادی دەست پێ کردوە. ئەوەی لە کوردوستان ڕوو دەدات پێشێل کردنی ئازادیەو دەسەڵاتدارانی کوردوستان بەرپرسن لێی، پاراستنی ژیان و ئارامی هەر تاکێک لە ئەستۆی دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە.

ئێمە ژمارەیەک لە نوسەران و ڕۆشنبیران و هەڵسوڕاونی سیاسی و کەسایەتی ئازادیخواز لە دانیمارک بە توندی ئیدانەی ڕفاندن و تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) دەکەین و دەسەڵاتدارانی کوردوستان بە بەرپرس دەزانین لە دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەم کارە دژی ئازادیەو ئاشکرا کردنی ئەم سیناریۆیە. ئێمە تەواوی هەوڵەکانمان دەخەینە گەڕ بۆ ڕسوا کردنی ئەم پێشێلکاریانەو ئەو هەنگاوانەی کە بەئاڕاستەی گرێدانی زمانی ڕۆشنبیران و نوسەران و ڕۆژنامەنوسان هەڵدەگیرێت، لەم پێناوەدا ئێمە یەکشەممە 9 ی ئایار کۆبونەوەیەکمان ئەنجامدا و هەڵدەستین بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی جۆراو جۆر بۆ بەرگری لە ئازادی و وەستانەوە لە دژی تیرۆر و تۆقاندن.

**ئەم چوار شەممەیە پرسەی پێنج شەهیدی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەهید سەردەشتی ڕۆژنامەنووس لە نەرویج بەڕێوەدەچێت.**

ئامادەکردنی: مەریوان هەڵەبجەیی

دوا بەدوای شەهیدبوونی پێنج پێشمەرگەی نەبەرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ تیرۆرکردنی خوێندکارو ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) لە باشووری کوردستان کۆمەڵەی کولتوری کوردی بڕیاریدا پرسەنامەیەک بەڕێوە ببات لەپارێزگای تێلەمارکی وڵاتی نەرویج، بەتایبەتی بۆ شارەکانی (پۆشگرون، شێەن، بامبلەو دەوروبەریان).

کۆمەڵەی ناوبراو دەخوازێت بەم کارەی هەندێک لەئەرکی نیشتیمانی جێبەجێ بکات و بەهەموو لایەک بڵێت لەنزیکەوە هاوفکری شەهیدان و هاوخەمی کەسوکاریان و نەتەوەکەمانە. بەم بۆنەیەوە پشتگیری خۆی بۆ سەرجەم هەوڵ و خەباتی پێشمەرگەکانی چەک و قەڵەم دووپات دەکاتەوە. پێزانین و سوپاسی خۆی ئاراستەی ئەو بەڕێزانە دەکات کەبەشداری لەو پرسەیەدا دەکەن.

ئێوارەی چوارشەممە کاتژمێر (18:00 بۆ 21:00)

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونەوە: لەدەرەوەی وڵاتی نەرویج (004747663739) لە ناوەوەی وڵاتی نەرویج(47663739)

**پێش بە پەیامی مەرگ و ترس بەرامبەر ئازادیخوازان بگرن**

چاودیری کوردۆساید چاک – 2010/05/06

ڕۆژی ٤ی مانگ سەردەشت عوسمان خوێندکاری قۆناغی چوارەمی زمانی ئینگلیزی لە کولیژی زمانەکان کاتژمێر 08:20 دەقیقەی بەیانی بەبەرچاوی پاساوانەکانی ئەم کۆلیژە و سەدان خوێندکار بە زۆرە ملێ و بەلێدان سواری ئۆتۆمبیلێکی هۆندای بێ ژمارە دەکرێت ، دوای تێپەرێنی کەمتر لە ٣٦ کاتژمێر لەنزیک شاری موسل ئەوهێزە تیرۆریستە ، گیانی پاکی ئەو خوێندکارە رۆژنامەنوسە دەگەیەنە مەنزلگەی پاکی شەهید سۆرانی مامە حەمە.

ئێمە لەکاتێکدا پرسەو سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی تێکۆشەری شەهید سەردەشت و هاوڕێیانی و سەرجەم ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دەکەین ، هاوکات شێوازی ڕفاندنی ئاشکراو بەبەرچاوی پاسەوانانی زانکۆ و تێپەراندنی بە زیاتر لە ١٠ پرسگەنێوان ( هەولێر ،موسل) ، بەرەو ئەو باوەڕەمان دەبات ، کە دەسەلاتی کوردی و دەزگای ئاسایش و پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبەرپرسیار بزانین لە شەهید کردنی . وەداواکارین لەپەرلەمانی کوردستان لێکۆلینەوە لەوبارەوە بکرەن.

وەلێرەشدا بەراشکاوی رای دەگەینین کە ئەم تیرۆرکردنە بەناوەندە جیهانیەکان دەگەیەنین ، وەبەشدار دەبین لەهەر نارەزایەتیەک لەم بارەوە ئەنجام بدرێت . وەداوش لە میدیای کوردی و ڕێکخراوە جەماوەری و پارت ولایەنەکان دەکەین تیرۆری خوێندکار سەردەشت پرۆتێست بکەن بۆ ئەوەی پێش بەپەیامی مەرگ و ترس بەرامبەر دەنگی ئازادیخوازان بگرین.

**قوتابیانی زانکۆ لەدژی رفاندنی سەردەشت خۆپیشاندانیان کرد**

**رووداونێت– هەولێر ، ئامادەکردنی : ئاری عوسمان : هاورێیانی ئەو قوتابیەی دوێنی 5/4 لەبەردەم کۆلێژی هونەرە جوانەکان رفێندرابوو، خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی بالا رێکخستبو، داوایان کرد هەلویست وەربگیرێ بەرامبەر ئەو کارە نارەوایەی بەرامبەر ئەو قوتابیە کراوە.**

**هاورێیانی ئەو قوتابیەی دوێنی 5/4 لەبەردەم کۆلێژی هونەرە جوانەکان رفێندرابوو، خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی بالا رێکخستبو، داوایان کرد هەلویست وەربگیرێ بەرامبەر ئەو کارە نارەوایەی بەرامبەر ئەو قوتابیە کراوە.**

**دوای ئەوەی کاژێر 8:30ی سەرلەبەیانی دوێنێ 5/4، سەردەشت عوسمان حەسەن قوتابی بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەدین، لەکاتی چوونی بۆ زانکۆ لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە بەشەق و زللە بەئۆتۆمبێلێکی جۆری هیۆندای، لەبەردەم زانکۆی هونەرە جوانەکان دەرفێندرێ، تا ئێستاش نازاندرێ کێیە ئەو کارەی کردووە.**

**ئارام تۆفیق 23 سال کە لەنێو قەرەباڵغی خۆپیشاندانەکەدا داوای دیاریکردنی چارەنووسی هاورێکەی دەکرد، بۆ (رووداونێت) گوتی "ئەو کورە هیچ کێشەیەکی نەبووە، نازانم بۆ ئەو کارە نارەوایەیان بەرامبەر کردووە، داوا دەکەین وەزارەتی خوێندنی بالا وەک قوتابییەکی خۆیان هەلویستیان هەبێت و داوای دیاریکردنی چارەنووسی بکەن".**

**سەردەشت عوسمان قوتابی کۆلێژی ئەدەبیات بەشی زمانی ئینگلیزی، ئەمسال دوایین سالی خوێندنی بووە، هەروەها رۆژنامەنووس بووەو کاری وەرگێرانی لە رۆژنامەی ئاشتینامە دەکرد کە (سەر بەحیزبی شیوعی کوردستانە).**

**بەشدار عوسمان برای سەردەشتە لە خۆپیشاندانەکەدا ئامادە بوو، گوتی سەردەشت پێش دوو مانگ لەبارەی کاری وەرگێرانەوە هەرەشەی لێکراوە "پێیانگوت ئەگەر واز نەهێنی خۆت بەرپرسیار دەبێ، ئێستاش دەزانین رفاندنی سەردەشت بەهۆی پلانێکی دارێژراوەوە ئەنجام دراوە، بۆیە سکالامان تۆمار کردووە".**

**دکتۆر جەبار قادر راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری خوێندنی بالا و گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی بە(رووداونێت)ی راگەیاند "بەهەموو شێوەیەک ئیدانەی ئەم جۆرە کارانە دەکەین، وەزارەتی خوێندنی بالا هیچ قسەیەک لەسەر ئەو بابەتە ناکات، چونکە ئەوە کاری دەزگاکانی وەزارەتی ناوەخۆو پۆلیسو دادگایە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکات".**

**ئاکسێونی نارەزایەتی دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان لەدانمارک بەرێوەچوو!**

**کەمپینی بەرگری لەئازادی /دانمارک – 2010/5/15**

**نیوەرۆی ئەمرۆشەممە2010/5/15 سەعات 12 نیوەرۆبە بانگەوازی کەمپینی بەرگری لەئازادی/دانمارک، بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاوو لەرەوەندی کوردی دانیشتووی وولاتی دانمارک، لەرێوو رەسمێکی شایستەو پر حەماسەتدا ناوەراستی شاری (کۆپنهاگن) یان ماوەی سەعات و نیوێک،کردەشوێنی خۆپیشاندان ودەربرینی نارەزایەتی وونیشاندانی توورەی ونەفرەتی توندی خۆیان بەرانبەر رفاندن و تیرۆرکردنی خویندکارو رۆژنامەنوسی لاو کاکە(سەردەشت عوسمان) خۆپیشاندان پەیامی رەوەندی کوردی دانمارک بوو بۆحکومەتی هەرێم وپارتی دیموکرات، کەئەوانیش لەپاڵ خەڵکی ئازادی خوازی کوردستاندا رائەوەستن دژ بەفەزای ترس و تۆقاند و تیرۆر،وەکپ کردنی دەنگی ئازادی .بەدروشمی گەورە وبەرزکردنەوەی چەندین وێنەی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، وە بەدەنگی بەرز وەبەووتنەوەی شیعاری ( بەڵێ بۆ ئازادی سیاسی لەکوردستان ،رووڕەشی بۆ تیرۆرستان، ئازادی بۆرۆژنامەنوسان ، دەسەلآتدارانی کوردستان بەرپرسیارن لەتیرۆری سەردەشت عوسمان، )وەچەندین دروشمی تر .**

**ئامادەبوان رایانگەیاند دەبی دەست بەجێ تیرۆرستان ئاشکرا بکرێن و بەسزای عادیلانەی خویان بگەن .**

**سەرەتا ئاراس وەهاب بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کردو، وەبەوەستانی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی رۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان) رێورەسمەکەی راگەیاند.وەبەرنامەی رێورەسمەکەی بۆئامادەبوان خویندەوە.**

**دواتر هیدایەتی مەلا عەلی قسەو باسێکی پێشکەش کرد وەلەسەر گرنگی و بەشداری خەڵکی ئازادی خوازی کرد دژ بەتیرۆرو کپ کردنی دەنگی ئازادی خوازی، وەبەردەوامیمان و ئامادەبونی خەڵکی ئازادی خواز دژ بەکپ کردنی دەنگی ئازادی .**

**دواتر گوڵزار علی راگەیاندنی کەمپینی بەرگری لەئازادی بەزمانی کوردی خوێندەوە، هەروەها دلێر کوڵنەدەر هەمان راگەیاندنی کەمپینەکەی بەزمانی دانمارکی بۆئامادەبواند خوێندەوە، وە ئازاد جاف راگەیاندنەکەی بەزمانی عەرەبی خوێندەوە.**

**هەروەها میدیا رەووف بێگەرد و کاروان کاکەسوور ،وەمختار غلام وەرزی ووتەی خۆیان پێشکەش کرد.**

**دواتر عوسمان ئەحمەد پارچەپە خشانێکی ئەدەبی بۆ گیانی روژنامەنوس سەردەشت عوسمان خویندەوە،**

هەروەها لەم ڕێوو ڕەسمەدا چەند هەڵسوڕاوێکی سیاسی عێراقی عەرەب زمان بەشداریان کرد بەقسەو باسی خۆیان ،مەحکومی ئەم کارەتیرۆریستیەیان کرد، پشتگیری خۆیان بۆ خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان ڕاگەیاند...

بەم شێوەیە سەرەڕای باران وهەوای ساردی کەشی ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆرلە ڕەوەندی کوردی لەدانمارک، بەشداریان کردوو، نارەزایەتی خۆیان پیشان دا و. کۆتایان بەخۆپیشاندانەکە هێنا .

ئەوەی شایانی باسە(کەمپینی بەرگری لەئازادی ) لەدانمارک لەچەند ڕۆژی داهاتودا،کۆمەڵێک کارو چالاکی لەدەستوری خۆیدا داناوە، لەوانەسەردانی چەندین دەزگای نێودەوڵەتی لەوانە(ڕێکخراوی لیبوردنی نێودەوڵەتی ، ئەمنستی ئینتەرناشناڵ) و پەرلەمانی دانمارک وپەرلەمانی ئەوروپی ووەچەندین پارتی سیاسی لەووڵاتی دانمارک . تا نامەی نارەزایەتی بکەنەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لەپەیوەند بەتیرۆری سەردەشت عوسمان و کپ کردنی دەنگی ئازادی و پێشێل کردنی سەرەتایترین مافی خەلکی کوردستان.

**ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیران لە سلێمانی بۆ دەربڕینی نارەزایی کۆبونەوە**

(ماڵپەڕی سبەی):

سەرلە ئێوارەی ئەمڕۆ (پێنج شەممە) لەبەردەم هەفتەنامەی هاوڵاتی کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنوسان ڕێوڕەسمێکیان ڕێکخست بۆ سەرزەنشتکردن و ئیدانەکردنی رفاندن و کوشتنی ڕۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان) لە شاری هەولێر و پاشان دۆزینەوەی تەرمەکەی لە موسڵ.

لە ڕۆژی 4–5–2010 لەبەردەم کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین لەناوجەرگەی پایتەختی هەرێمی کوردستان ڕۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان) ڕفێندرا و پاش دو ڕۆژ تەرمەکەی لە پارێزگای موسڵ دۆزرایەوە.

ئەو کۆمەڵە نوسەر و ڕۆژنامەنوسانەی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەکەدا ڕایانگەیاندوە: "رفاندنی ڕۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان) لە ناو پایتەختی هەرێم و دواتر بردنی بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و شەهیدکردنی جێگای پرسیارێکی گەورەیە، چونکە ئەو کارە لە توانای کەسێک یان گروپێکی بچوکدا نییە، بۆیە پێمانوایە بەپلەی یەکەم حکومەتی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی هەرێم لێی بەرپرسیارن دەبێت هەولی تەواو بدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو دەستە رەشە، چونکە پاراستنی ئاسایشی ڕۆژنامەنوسان و هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی هەرێمدایە.

هەر لەو بەياننامەيەدا ئاماژە بەوەش كراوە كە: هەڕەشەكردن لە رۆژنامەنوسان پێيناوەتە قۆناغێكی مەترسيدارەوە و چيتر مايەی قبوڵكردن نييە و بێدەنگ نابين و گەر حكومەتی هەرێم خەمساردی بكات لە دۆزينەوەی ئەنجامدەرانی ئەم كارە تيرۆرستيە، ئەوا شێوازی ديكەی مەدەنيانە دەگرينەبەر.

لەو بەياننامەی نارەزايەتيەدا داويان لە سەرۆكايەتی هەرێم و پەرلەمانی كوردستان و ئەنجومەنی وەزيران و UN و رێكخراوی كۆميتەی بەرگری لە رۆژنامەنوسان و پەيامنێرانی بێسنور و هيوامان رايتس ووچ و خاچی سوری نێونەتەوەيی و هەمو رێكخراوە مرۆڤ دۆستەكان كرد كە بەدواداچونی جدی بۆ ئەم مەسەلەيە بكەن، بۆ دۆزينەوەی ئەنجامدەرانی و بە سزا گەياندنيان.

ئەحمەد ميرە، سەرنوسەری گۆڤاری لڤين، رايگەياند: تيرۆركردنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، درێژەدانە بەو تيرۆری جەسەديەی كە لە هەرێمی كوردستان دەرهەق بە رۆژنامەنوسان دەكرێت، چەندين جار رۆشنبيران و رۆژنامەنوسانی سەربەخۆ دەسەڵاتيان لەو مەترسيە ئاگادار كردۆتەوە كە درێژەدان بە سياسەتی تۆمەتباركردنی رای ئازاد لەدەرەوەی دەسەڵات سياسەتێكی هەڵەيە و پێويستە بەر بەو سياسەتە بگيرێت، بەڵام بەداخەوە لەجياتی ئەوەی توندوتيژی بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان بەرەو دابەزين بچێت ئەوەتا ئيستا شاهيدی روداوێكی ترين.

رۆژنامەنوس ئەحمەد ميرە كە لەماوەی رابردودا پلانێک هەبو بۆ تيرۆركردنی و لە دادگای سلێمانی دو كەس لەسەر ئەو تۆمەتە سزادران، وتی: دوای تيرۆركردنی شەهيد (سۆرانی مامە حەمە) كە بە يەكێک لە روداوە قێزەونەكان دەرحەق بە رۆژنامەنوسی ئازاد و ميديای ئازاد و خەڵكانی سەربەخۆ لە كوردستاندا دەكرێت، راستەوخۆ ئەم روداوە كە رويداوە لە ئارامترين شاردا، كە پايتەختی هەرێمی كوردستانە، پرسيارێكی جدی لەسەر دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان دروست دەكات كە دەبێت وەڵامی ئەوە بداتەوە كە ئەم تيرۆرە كێی لە پشتە.

سەرنوسەری گۆڤاری لڤين، پرسياری ئەوەشيكرد كە ئايا دەزگاكانی ئاسايش كەمتەرخەمن لەوەی كە رۆژنامەنوس لەبەردەم دەزگايەكی حكوميدا دەرفێنرێت بەبەرچاوی پاسەوانانی زێرەڤانی و ئاسايشەوە ياخود ئەمە دەستێكی دەرەكيە لەپشت تيرۆركردنی رۆژنامەنوسانەوە. وتيشی: "پێويستە ئەم جارە دەسەڵات ئەم دۆسيەيە وەک دۆسيەكانی پێشو ديزە بەدەرخۆنە نەكات و وەڵامی جدی پێبێت تاكو رای گشتی كوردستان قەناعەت پێبكات بەوەی كە ئەم تيرۆرە بە چ ئاراستەيەكدا دەروات".

ئەو رۆژنامەنوسە حكومەتی هەرێمی بە وەڵامدەرەوەی ئەو پرسيارانە وەسفكرد و پێی وابو كە بەر لە هەمو كەسێک پێويستە بە جدی بەدەميەوە بچن، لەبەرئەوەی كاريگەری زۆر خراپی دەبێت لەسەر متمانەی حكومەتەكە لەبەردەم رای گشتی و جيهاندا، هەروەها پێويستە سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەدواداچونی جديان هەبێت و وەڵامی جدی

و دڵخۆشکەرانە وەربگرین ودوا کۆست بێت و رووداوی مەترسیداری لەم شێوەیە لە کوردستاندا دوبارە نەبێتەوە.

**دوای دوو رۆژ لە رفاندنی تەرمی قوتابییەکی زانکۆی سەلاحەدین لە موسڵ دۆزرایەوە**

ئەسوات ئەلعیراق/ هەولێر: دوای ئەوەی رۆژی سێشەممەی رابردوو قوتابییەکی زانکۆی سەڵاحەدین بە ناوی (سەردەشت عوسمان) لەبەردەم کۆلێژەکەی خۆیدا لە هەولێر رفێنرا، تەرمەکەی لە گەڕەکێکی شاری موسڵ دۆزرایەوەو ئەمڕۆش تەرمەکەی هێنرایەوە شاری هەولێر.

زەردەشت عوسمان، برای قوربانییەکە، بە ئاژانسی (ئەسوات ئەلعیراق)ی راگەیاند "ئێوارەی دوێنێ تەرمی سەردەشتی برام لە گەڕەکی حەی بەعس لە موسڵ دۆزراوەتەوە، دەستی بەستراوەتەوەو ئاسەواری گولە بە جەستەیەوە دیارە".

زەردەشت وتیشی "هەتا ئێستا هۆکاری کوژرانی براکەمان نازانین".

لەلایەن خۆیەوە عەمید عەبدولخالق تەڵعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر رایگەیاند کە پۆلیس لێکۆڵینەوەی لە رووداوەکە دەستپێکردووەو وتی "لێکۆڵینەوەمان دەستپێکردووە بەڵام نازانین ئایا لە موسڵ دۆزراوەتەوە یان نا، چونکە ئەگەر لە موسڵ دۆزرابێتەوە ئەوە رووداوەکە دەچێتە چوارچێوەی مەسەلەی سیاسیو تیرۆرەوە".

سەردەشت عوسمان پێشتر وەک وەرگێڕ لە چەند رۆژنامەیەکی ناوخۆییدا کاری کردووەو وتار و بابەتی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە.

سەرچاوەیەکیش لە ئاسایشی هەولێر بە (ئەسوات ئەلعیراق)ی راگەیاند کە "ناکرێت لە ئێستاوە هیچ گروپو لایەنێک تۆمەتبار بکرێت هەتا لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کۆتایی نەیەت"، وتیشی "رووداوەکە پەیوەندیی بە پۆلیسەوە هەیە بەڵام ئێمە وەک ئاسایش هاوکاری پۆلیس دەبین بۆ گەیشتن بە سەرەداوێک".

**کوشتنی(سەردەشت عوسمان) دەستپێکی پرۆسەی لغاوکردنی میدیای ئازادە**

ستاڤی گۆڤاری(ئێوە)– لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان بە کەشێکی ئارام و ئازاددا تێ دەپەڕێ، بەڵام زۆر بەداخەوە بە رۆژی رووناک رۆژنامەوانان دەرفێنرێن و تیرۆر دەکرێن، ئەم تیرۆرکردنەش لەکاتێکدایە کە حزبە ئیسلامیەکان و مەلا توندڕۆکان داوای لغاوکردن و فەتوای کوشتنی رۆژنامەوانان و میدیای ئازاد دەدەن، تیرۆرکردنی هاوکارمان(سەردەشت

عوسمان) هەموومانی تاساند و دیسانەوە لاپەڕەیەکی تری میژوو و رەفتاری ئیسلامیەکانی رەشتر کردەوە، ئۆبالی ئەو کردەوە نامرۆڤانەییە دەخەینە ئەستۆی هەموو ئەو فیکرتیرۆریستانەی کە لەەند رۆژی رابردوو بانگەشەی لغاوکردنی رۆژنامەنووسانیان دەکرد، بۆیە داواکارین لە لایەنە بەرپرسەکان و حکومەتی هەرێم پیش ئەوەی لە هۆکار و چۆنێتی تیرۆرکردنی هاوکارمان(سەردەشت عوسمان) بکۆلێتەوە با هەولی ئەوە بدەن لێکۆلینەوە لەگەڵ حزبە ئیسلامیەکان و ئەو مەلایانەدا بکەن کە بانگەشەی لغاوکردنی میدیای ئازادیان دەکرد، ئیمەش وەکو ستافی گۆڤاری ئێوە لە ماوەی رابردوو زۆر هەڕەشە و گوڕەشە و فەتوا و غوتبە و هیرشمان کرایە سەر لەلایەن ئەم فیکرتیرۆریستانەوە، وەکو ستافی گۆڤار ئیدانەی ئەم کردەوە دزێوە نامرۆییە دەکەین و داواکارین بە زووترین کات تاوانباران ئاشکرا بکرێن و بدرینە دادگا.

بژی میدیای ئازاد! بژی بیر و رای ئازاد!

سەرشۆڕی بۆ شەمشەمەکویرەکانی جەهالەت !

نا بۆ فیکری تیرۆر و تیرۆریستان

ستافی گۆڤاری(ئێوە) – هەولێری پایتەخت

2010/5/6

**تیرۆری رۆژنامەنووسان ریسوا دەکەین**

ستافی رۆژنامەی چەتر و ماڵپەڕی چەتر پرێس

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە جارێکیتر تیرۆر یەخەی رۆژنامەنووسانی گرتەوە و پاش تیرۆرکردنی (سۆرانی مامەحەمە و عەبدولستار) لەماوەی رابردوودا ئەم جارە لە هەولێری پایتەخت و لەبەردەم سمبولی رۆشنبیری و مەعریفەی ولات کە زانکۆیە و لە هەولێری پایتەختی هەرێم و بەرۆژی رووناک خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین و رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) دەرفێنرێت و پاش دوو رۆژ تەرمەکەی لە شاری موسڵ دەدۆزرێتەوە...؟!

وەک رۆژنامەی چەتر و ماڵپەڕی چەتر پرێس، تیرۆری رۆژنامەنووس بەو شێوە دڕندانەیە و شێوە نایاساییە لە ژێر هەر ناو و بیانو هەر لایەن و گروپێک پێی هەستابێت ریسوا و شەرمەزار دەکەین و پێمانوایە ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە ناگونجێت کە نەخشەی بۆ نەکێشرابێت و پلانی بۆ دانەڕێژرابێت...، پێشمانوایە کە ئەرکی یەکەمی پاراستنی هاولاتیان

و بەتایبەت رۆژنامەنووسان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێم و دەزگا ئەمنیەکانی ئەو شارەیە بۆیە تێپەڕاندنی تیرۆرێکی ترسناکی لەم شێوەیە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ تەواوی ئاسایشی رۆژنامەنووسانی هەرێم...

بێشک بەزاندنی چەند بازگەیەکی هەرێمی کوردستان و پاشان تیرۆر کردنی رۆژنامە نووسێک لە شارێکیتر زامی ئەو تیرۆرە و مەترسییەکانی ئەو تیرۆرەی هێندەیتر قوڵتر کردۆتەوە و پەردەی لەسەر ئەو گومانە هەڵماڵی کە هەڕەشە بۆ سەر رۆژنامەنووسان تەنیا هەڕەشەیەکی سادە و زارەکی نییە، بەڵکو ئەم تاوانە ئەوەی خستە روو کە خەمساردی و هەڵنەماڵین و نەدۆزینەوەی بکوژانی (سۆرانی مامەحەمە و عەبدولستار) ڕێگەخۆشکەری دووبارەبوونەوەی ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە بووە... بۆیە جارێکی تر وێڕای سەرەخۆشی خۆمان بۆ بنەماڵە و رۆژنامەنووسانی هاوکاری (سەردەشت عوسمان) ئەو کردەوەیە شەرمەزار دەکەین و داواکارین دەست بەجێ حکومەتی هەرێم بەئەرکی خۆی هەستێت و بکەرانی ئەو کردەوەیە ئاشکرا بکات چونکە ناکرێت کردەوەیەکی بەو ڕەنگە بەسەر دەسەڵاتدا تێپەڕێت و پەردەپۆش بکرێت، هاوکات جێی خۆیەتی سەندیکای رۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی خوێندکارانیش کاری جدی بکەن بۆ هەڵماڵینی ڕووی ڕاستی ئەو کردەوە پڕ لە مەترسییە چونکە سەردەشت رۆژنامەنوس و هاوکات خوێندکاریش بووە جیاواز لەمەش کوشتنی هەرکەسێک بەو ڕەنگە شایەنی پەسەندکردن نییە و دەبێ هەڵوێستەی جدی لە سەر بکرێت.

**ئیدانەکردن و شەرمەزارکردنی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان )**

ماڵپەڕی سبەی : رفاندنی رۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان) لە رۆژی 4–5–2010 لەبەردەم کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین و لەناو جەرگەی پایتەختی هەرێمی کوردستان، هەمووومانی لەناخەوە هەژاند. ئەوەی زیاتر ئێمەی لەناخەوە شڵەژاند و خەمباریکردین دۆزینەوەی تەرمی ناوبراو بوو لە رۆژی 6–5–2010 لەناوچەی موسڵ. شەهید کردنی هاوکارمان(سەردەشت عوسمان) کە بە ناوی(دەشتی عوسمان) ئاماژەیەکی تری ترسناکە بۆ سەر ژیان و گیانی رۆژنامەنووسانی ئازاو بوێر، چونکە ئەم کارە قێزەونترین کاری تیرۆریستییە لەدوای شەهیدکردنی رۆژنامەنووس(سۆران مامە حەمە) لە کەرکووک.

رفاندنی رۆژنامەنووسێک لەناو پایتەختی هەرێم و دواتر بردنی بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و شەهید کردنی جێگای پرسیارێکی گەورەیە، چونکە ئەوکارە لە توانای کەسێک یان گروپێکی بچوکدا نییە، بۆیە پێمانوایە بە پلەی یەکەم حکومەتی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی هەرێم لێی بەرپرسیارن و دەبێت هەوڵی تەواو بدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو دەستە رەشە، چونکە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی رۆژنامەنووسان و تەواوی هاووڵاًتیان لە هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی هەرێمدایە. بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم بە جدی بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکات، بەپێچەوانەوە بێدەنگە کردن

و چاونوقاندن لە نەدۆزینەوەی بکوژەکان ، دەبێتە نەنگییەکی یەکجار گەورە بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان، وەدەبێتە هۆیەکی گەورەش بۆ پاشەکشێکردن بە روتی ئازادی رۆژنامەگەری و ملنان بەرەو دواوە.

ئێمە وەک کۆمەڵێک نووسەر و رۆژنامەنووسی هەرێمی کوردستان ، پێمانوایە رفاندن و هەڕەشەکردن لە رۆژنامەنووسان پێی ناوەتەوە قۆناغێکی مەترسیدارەوە کە چیتر مایەی قبوڵکردن نییە و بێدەنگ نابین، بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان خەمساری بکەن لە دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەم کارە تیرۆریستییە، ئێمە خۆپیشاندان ئەنجامدەدەین و شێوازی دیکەی مەدەنیانە دەگرینە بەر.

لێرەوە داوا لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران و (UN)و رێکخراوی (کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانان) و (پەیامنێرانی بێسنوور) و (هیوامان رایتس وۆچ) و (خاچی سوری نێونەتەوەیی) و هەموو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکەین کە بەدواداچوونی جددی بۆ ئەم مەسەلەی بکەن، بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەران و بەسزا گەیاندنیان.

ناوەکان:

(ئاسۆس هەردی ) (ئەحمەد میرە ) (کەمال رەئوف) (د.فەرهاد پیرباڵ) (بەختیار سەعید ) (شوان محمد) (عەدنان عوسمان) (هەڵگورد سەمەد ) (چیمەن ساڵح) (کاژاو جمال) (ئازیز محمود) (جەبار جمال غریب) (رێبین رەسوڵ) (هێمن مامەند )(سمکۆ محەمەد ) (دیار عەزیز شەریف) ( ئیبراهیم عەلی ) (هێمن باقر ) (دەشتی سەباح )(کامەران محمد) (سامان مەجید )( رێبین فەتاح ) ( عومەر ستار ) (هەژار ئەنوەر )( ئاوارە حەمید )( کەمال چۆمانی ) ( بارزان حەسەن) ( مەریوان مەلا حەسەن ) ( بورهان قادر ) (سامان بەشارەتی) ( ئیبراهیم حەمەدڕمین ) ( راماڵ رابوو )( عیماد رەفعەت ) (د.مەغدید سەپان )( سەڵاح مەزن )( کاوە عبدالکریم ) ( نەهرۆ عالآیی )( ئەڵماس محمد ) ( شیلان یاسین ) ( شوان تاڤینگ ) ( شلێر باپیری ) ( ساڵح قادر) ( بەختیار پالآنی ) (نیاز عەبدوڵا )( نزار گزالی ) (رەسوڵ سوڵتانی) (شەوقی کانەبی )(هێمن مەلازادە )( ئارام قەرەداغی )( هاوکاری حمد ) ( ئەڵوەند حەمید )( زانیار ئەسعەد ) ( عیسا خدر ) ( هەنگاو هاشم )( سەرخێڵ هاشم )( شەماڵ عەقراوی )( لەنجە عەبدوڵڵا )( هێمن کەریم مام رەش ) ( ئاڤان فارس جاف) ( فەرهاد مەلا حەسەن) ( فەرمان سادق) (وریا باقر )( سامان فاروق ) ( فەرهاد هیرانی )( بێکەس حەمەد قادر )( نامۆ عبداللە )( نەبەز گۆران )( بڕیار نامیق )( بارام سوبحی) ( رەحمان غەریب ) ( سیروان حسێن ) ( ئارا ئیبراهیم ) ( سۆران ئەحمەد ) ( محێدین نەجمەدین ) (کۆراڵ حەمە نوری ).

**بەياننامە بۆ شەرمەزاركردنی تيرۆركردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان**

**ناوەندی ئاينده بۆ پرسەكانی گەنج، تيرۆركردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان شەرمەزار دەكات**

**ناوەندی ئاينده بۆ پرسەكانی گەنج – 6–5–2010**

**دوای ئەوەی ئێوارەی رۆژی 4–5–2010 لە بەردەم كۆلێژی زمانی زانكۆی سەلاحەدين لە هەولێر دەرفێنرێ ، ئەمرۆ بەكوژراوی تەرمی سەردەشت عوسمان خوێندكاری قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی زانكۆی سەلاحەدين و رۆژنامەوان ، لە شاری موسڵ دۆزرايەوە.**

**بەم بۆنە خەمناكەوە ، ئێمە وەک ناوەندی ئاينده بۆ پرسەكانی گەنج ، تيرۆركردنی ئەم رۆژنامەوانە گەنجە شەرمەزار دەكەين و بە هەرەشە لەسەر ئازادی رادەربرين و كۆمەڵگەی شارستانی دەزانين.**

**داواش لە لايەنە پەيوەنديدارەكان دەكەين ، بەدوادچوونی ورد بۆ تيرۆركردنی سەردەشتی جوانەمەرگ بكەن و بكوژانی رادەستی دادگا بكرێن.**

**ڕفاندن و تيرۆركردنی(سەردەشت عوسمان)ئيدانە دەكەين**

**بۆ/ ڕای گشتی**

**لەكاتێكدا زۆرێک لەبەرپرسانی كوردستان شانازی بەئازادی ڕادەبڕين و كاری ڕۆژنامەگەری دەكەن. بەڵام بەبەرچاوی هێزە ئەمنيەكانی و لەكۆلێژی ئادابی زمانی ئينگليزی لەناو پايەتەختی هەرێمی كوردستان خوێندكاری ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)يان ڕفاندو دواتريش لەموسڵ بەتيرۆركراوی دۆزرايەوە.**

**وێڕای ئەوەی ئەم كردەوە ترسنۆكانە زۆر بەتوندی ئيدانە دەكەين، خودی سەرۆكی هەرێم بەبەرپرسياری سەرەكی دەزانين لەتيرۆركردنی ئەم خوێندكارە، چونكە لەژێر دەسەڵاتی حيزبەكەی ئەو ڕفاندن و تيرۆركردنە ڕوويداوەو چاوسوركردنەوە شەق تێهەڵدانيش تائیٙستاش بەردەوامە. بۆيە بەم بۆنە خەمناكەوە گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنووری كوردستان وێڕای ئەوەی هاوخەمی بەكەسو كارو هاوڕێكانی سەردەشت عوسمان و سەرجەم ئازادی دۆستان ڕادەگەيەنين داواش لەسەرۆكی هەریٙمی كوردستان دەكەين، ڕوونكردنەوەی پێويست بدات لەبارەی تيرۆركردنی ئەم خوێندكارە رۆژنامەنووسەوە، چونكە ئەگەر**

ڕوونکردنەوەی پێویست نەدات و بکوژەکان ئاشکرا نەکات. ئەوا بەدڵنیاییەوە ئێمە هەڵوێستی ترمان دەبێت.

هەر بەم بۆنەوەیەوە لەسەر سایتی گروپ کەمپینی ئیدانە کردنی کاکە سەردەشتی جوانە مەرگ ڕادەگەیەنین ئێوەش بەپەیامەکانتان بەشداربن.

بۆ/سەرۆکی هەرێم

بۆ/سەرۆکی پەرلەمان

بۆ/سەرۆکی حکومەت

بۆ/کونسوڵی گشت وولاتە بیانیەکان هەریٖمی کورستان

**گروپی رۆژنامەنووسانی بێ سنووری کوردستان**

**تەنها بەهیزی ئازادیخوازان دەتوانرێ دەستی تیرۆریستان لەسەرکۆمەڵگای کوردستان کۆتا بێ!**

ئەمرۆ پێنج شەممە 6ی ئایار تەرمی سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنوس و خۆێندکاری کۆلێژی بەشی زمانی ئینگلیزی لەزانکۆی سەلاحەدین گەیشتەوە شاری هەولێر. سەردەشت سەرلەبەیانی ڕۆژی 4ی ئایار لەبەردەم کۆلیژدا، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە وبە بەرچاوی پاسەوان و خوێندکارانەوە، بەزۆر سواری ئۆتۆمبێلێک دەکرێ و بۆ شوێنێکی نادیار دەفرێنرێت و پاش دوو ڕۆژ تەرمەکەی بە کوژراوی لەشاری موسڵ دەدۆزرێتەوە!

تاوانی سەردەشت عوسمان تەنها ئەوە بووە بەقەڵەمەکەی پەردەی لەسەر کارنامەی دزێوی بەرپرسیارانی گەندەڵ و دەسەڵاتە میلیشیاییەکەی بزوتنەوەی کوردایەتی هەڵداوەتەوە. بەڵام ئەوەی کەسەردەشت بەبەرچاوی خەڵک و لە زانکۆدا دەفرێنرێت و لەسەرو بازگەو پیاوانی ئاسایشی هەولێرەوە تەرمەکەی بەکوژراوی لەشاری موسڵ فڕێ دەدرێ، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ کردەوەیەکی ئینساندزین و تیرۆریزمێکی کویرانە. کەڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پارتی و دەسەڵاتەکەیەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەم تاوانە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کەئازادی و هەڵسورانی سیاسی نەیار بەدەسەلاتدارانی ئێستا نەک هەر لەژێر چەتری دیموکراسیەک کەبۆرژوازی کورد ڕۆژانە بانگەشەی بۆدەکات، جێگای نابێتەوە بەڵکو بەکوشتن و فڕاندن وەڵام وەردەگرێتەوە. کارنامەی 19 ساڵی دەسەڵاتی حزبە میلیشیاییە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد ولە پێشیانەوە پارتی ویەکیتی، کە پڕە لەتاوان و ئیسنان کوژی و تیرۆر بەڵگەی ئەم ڕاستەین و تیرۆری سەردەشت عوسمانیش ئەلقەیەکی تر لە زنجیرەی ئەم تاوانکاریانەی دەسەڵات دەخاتە ڕوو، کەڕاستەوخۆ بەمەبەستی توندکردنەوەی

فەزای ترس و تۆقاندن و سەرکوتگەری دەستی بۆبراوە، تا دەم و دەستی هەر ئینسانیکی نارِازی و ئازادیخواز ببەستێت.

ڕووداوی تیرۆری سەردەشت لەکاتێکدایە کە گرووپە ئیسلامیەکان و مەلای مزگەوتەکان لەپێناو داسەپاندنی فەزای کۆنەپەرستی و بەرتەسککردنەوەی ئازادی بیروڕا، شمشیری فتواو کوشتنی نوسەران و ڕۆشنبیرانیان هەڵکێشاوە وبە پشتیوانی بەرپرسیارانی ئەمڕۆی کوردستان دەیانەوێت ووشەی ئازادی سەرببڕن و دەمی ڕەخنە و بیروڕای جیاواز ببەستن وبەشانازییەوە لە پێش پێ ی دەسەڵاتداراندا دایبنێن.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، لەپێشیانەوە کۆمۆنیستەکان و کرێکاران، خویندکاران و لاوان و ژنان و ڕۆشنبیران، تەنها هێزی دەستکۆتا کردنی تیرۆرو ئینسان کوژی و دانانی سنورە بۆ هەرجۆرە کارنامەیەکی سەرکوتگەری، بۆیە دەبێ هیزی جەماوەری لەیەک بزوتنەوەی بەکردەوەدا یەخەی دەسەڵاتداران بگرێ و لەمەیداندا بێت بۆ زامنکردنی ئازادیەکان. تەجروبەی چەند ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کەنەپەرلمان و نە دیموکراسی حزبە میلیشیاییەکان، نە ئۆپۆزسیۆن و نەچاوتێبڕین بۆ مەرحەمەتی یاسایی دەسەلآتداران.. هەمووئەمانە نەک هەر ناتوانن و نایانەوێت ئازادی و ئارامی کۆمەڵگا لەبەردەم هاوڵاتیاندا بەرقەرارکەن، بەڵکو ڕاگرتنی فەزای ترس و سەرکوت بەسەر کۆمەڵگادا پایەیەکی مانەوە و بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیانە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وێرای ئیدانەکردنی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان، هاوکات بەرپرسیارێتی ئەم کردەوە چەپەڵ وئینسان کوژییە، دەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتدارێتی پارتییەوە. ئاشکراکردنی تاوانبارانیش لەبەردەم ڕای گشتیدا تەنها هەنگاوێکە بۆدەربازبوونی پارتی ودەسەڵاتەکەی لە ڕقو بێزاری ئازادیخوازانی کوردستان.

ئێمە لێرەدا جگە لەوەی سەرخۆشی وهاوغەمی خۆمان بۆکەسوکار و دوستانی سەردەشت عوسمان ڕادەگەیەنین ولەکەناریاندا ڕا دەوەستین، هاوکات بە تەواوی تواناوە بۆ دوزینەوەی

تاوانباران وپەردەهەلمِالین لەسەر ئەم تاوانکاریە تێدەکۆشین. ئێمە سەرجەم خەڵکی کوردستان بانگەواز دەکەین بۆ خەباتێک کە کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئەحزابی ملیشیایی و هێنانەدی دەولەتێکی سەربەخۆ و ڕێکخراو لەلایەن شوراکانی خەڵکەوە کردۆتە ئامانجی خۆی. ئامانجێک کە نە تەنها دەستی تیرۆرو ئینسان کوژی وسەرکوتگەری بەسەر کۆمەڵگاوە، کۆتا دەکات، بەڵکو ژیانێکی ئازاد و یەکسان وخوشگوزەران دەخاتە بەرپێی هاوڵاتیانەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان 2010/5/6

**تیرۆری سەردەشت عوسمان کوشتنی دەنگی نارەزایەتی یە بەڕووی گەندەڵی و چەوسانەوە ونەزانین دا !**

ڕفاندنی خوێندکاروڕۆژنامەنوس (( سەردەشت عوسمان)) لە شاری هەولێر ولەبەردەم زانکۆو بەبەرچاوی پۆلیس وخوێندکارانەوە لەرۆژی 4.5.2010 ، دواتر تیرۆر کردنی و دۆزینەوەی لاشەکەی لە شاری موسڵ لە 6.5.2010 دا. هەڕەشەیەکی گەورەی سامناکە بۆ سەر دەنگی نارەزایەتی خەڵک بەڕووی چەوسانەوەو راوڕووت و نەزانین دا.

وەک لە زۆربەی بەیاننامەکانی نووسەران و لایەنە سیاسیەکانیشدا ئاماژەی پێدراوە، ئەم کردەوەیە، بەو جۆرەی کە بەرۆژی ڕووناک و لەناوجەرگەی شارو بەبەرچاوی هیزەکانی پاراستن وپۆلیس و خەڵکەوە ئەنجامدراوەو پاشانیش لە شاری موسڵ لاشەکە دۆزراوەتەوە. بکەرانی ئەم پلانە نەگریسە، لە ئیمکاناتیکی گەورەی تیرۆریستی بەهرەمەندن.

بە وەی کە گیانبەختکردوو لەبواری کاری ڕۆژنامەگەریدا، قەڵەمیکی ڕاسای ڕیسواکردنی دەسەڵاتی گەندەڵ و مشەخۆری ئێستای کوردستانی عیراق بووە. بۆیە گومان دەچێتە سەر ئەوەی کە قاتلانی هەر لە نێو بازنەی دەسەلاتدابن .

دەسەلاتدارانی حکومەتی هەرێم، ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە گیان و ژیان و ئازادییەکانی خەڵک.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی، سەرەخۆشی گە رمی خۆی ڕادەگەینیت بە کەس وکارو هاورێ و ئازیزانی، بە هاوپیشەکانی و بەتەواوی خەڵکی ناڕازی کوردستان.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی ، لە هەوڵی نێونەتەوەیی خۆی دەبێت بۆ گووشار خستنە سەر حکومەتی هەریم تا بکوژانی دەشتی عوسمان و داڕێژەرانی ئەم سیاسەتی لەنیوبردنە، بدۆزینتەوەو لە دادگایەکی کراوەدا بەخەڵک بناسێنێ وسزای ئەم تاوانە گەورەیە وەربگرن.

سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی

بژی دەنگی ناڕازەتی بە ڕووی گەندەڵی و چەوسانەوەو نەزانین دا

**دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپشتی بە توندی ئیدانەی تیرۆری خوێندکار و ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دەکات و خوازیاری ئاشکراکردنی خێرای بکوژانیەتی**

بە ناوی دەزگای هاوپشتییەوە نارەزایی و بێزاری خۆمان دەردەبرین بەرامبەر بە کاری تیرۆر و تۆقاندنی کەسانی ئازادی خواز و رۆژنامەنووسان . ..لە درێژەی ئەو پرۆسە بەردەوامەی کە رۆژانە لەکوردستاندا ئەنجام دەدرێت ..

ئەمرۆ تەرمی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دۆزرایەوە لەشاری موسل ئەوەی شایەنی باسە..سەردەش عوسمان ..چەند رۆژێک لەمەوو بەر لەبەردەم کۆلێژی زمانی ئینگلیزی لەزانکۆی سەلاحەدین لەشاری هەولێر لە لایەن چەند چەکدارێکەوە بە زۆر دەیخەنە ئۆتۆمۆبیلێکەوەو بێسەروو شوێن دەکرێت وەدوای دوو ڕۆژیش تەرمەکەی دۆزراوەتەوە لە گەرەکێکی شاری موسل. ئیمە ئەم کارە ریسوا دەکەین و پرسیارو گۆمانێکێ زۆریش ئەخەینە سەر دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم بەتایبەتەی لە شاری هەولێر .

رفاندن و بێسەروو شوین کردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان و دەرکردنی بەهەموو خالەکانی پشکنیندا بۆ موسل دواتر لەوێ تیرۆر کردنی ئەمانە دەیان پرسیاری جەوهەری و گوماناوی دەخاتەسەر دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی شاری هەولیر...

داوا لە هەموو کەسانی ئازادی خواز و رۆژنامەنووسان دەکەین کە چیتر بێدەنگ نەبن لەبەرامبەر تیرۆر و وونکردن و سوکایەتی کردن بەخەڵکە دلسۆزەکانی کۆمەلگاکەمان بەتایبەتی رۆژنامەنووسان کە لەژێر هەرەشەیەکی جدیدان لە هەرێمی کوردستاندا ..

دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپشتی

**رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس ئیدانە ئەکەن**

سەرلەبەیانی رۆژی هەینی 7– 5 – 2010 رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە لەباخی عەلی بەگ تایبەت بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان کوبونەیەکیان ئەنجام دا کە تیدا لەو کۆبونەوەیەدا پاش ئەوەی سەبوری خۆیان بۆ کەس و کاری شەهیدی ڕێگای ئازادیی رادەربڕین نارد ، وتو وێژکرا لەسەر دەربڕینی هەڵویستی رۆژنامەنوسیانی هەڵەبجە بەرامبەر ئەو ئازاردان و کوشتن و فراردن و سەرجەم ئەو هەلسو کەوتە نامرۆڤایانانەی رۆژانە بەرامبەر رۆژنامەنوسان لەکوردستان ئەکریت لەکۆتایدا رۆژنامەنوسانی بەشداربوو بەدەرکردنی بەیاننامەیەک وەک هەڵویستی سەرەتا دەربڕی ماڵپەری هەڵەبجە وێنەیەکی ئەو بەیاننامەی بەدەست گەشت.

ئیمە لەماڵپەری هەڵەبجە ئین فۆ لەگەل ئەوەی کە ئیدانەی سەرجەم ئەودەستدرێژیانە ئەکەین کە رۆژانە دەکرێتە سەر رۣۆژنامەنوسان داوا لە لایەنی پەیوەندی دار دەکەین کە چیتر گیانی رۆژنامەنوسان ئامانەتێکە لەگەردنیان و بەم جۆرە هەڵسو کەوتانە کە ئەنجام دەدرێت لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر رۆژنامەنوسان نیشانەی گومان لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و ئازادیی رادەربرین دەدەنێت .هیوامان وایە خوێنی شەهیدانی قەلەم و بەهەدەر نەچێت و سەرجەم ئەنجامدەرانی ئەو کارە نامرۆڤایەتیانە بدرێنە دادگاو بەرامبەر لێسەندنەوەی گیانی مرۆڤ لە نوسەریک هەڵویست وەربگرێت و وێنەی پایتەختی هەرێم

چیتر ناشرین نەکرێت لەخوارەوە دەقی بەیاننامەی رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە بخوێنەوە ....:

**نابۆ تیرۆری فیکری و جەستەیی...**

رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە – 7 ی ئایاری 2010

رۆژنامەنوسێک لێی دەدرێت، کامێرای رۆژنامەنوسێک دەشکێنرێت،هێرش دەکرێتە سەر ماڵی رۆژنامەنوسێک، رێگری لە رووماڵکردنی هەوڵێک کرا... ئەمانەو چەندین هەواڵ کە بەداخەوە رۆژانە بونەتە هەواڵێکی ئاسایی لە کۆمەڵگاکەماندا، تا دەگاتە لوتکەی درِندایەتی کە ئەویش کوشت و لێسەندنەوەی ژیانە لە رۆژنامەنوسێک،کە دوای "سۆرانی مامە حمە" تیرۆکردنی "زەردەشت"یش هەمان هەوڵە.

لە کاتێکدا کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەرێت،دوای ئەنجامدانی دوو هەلبژاردن کە خەڵکی کوردستان چاورێی گۆرانکاری وبەرەو پێشچونی کۆمەڵگایەکانن ، هەر لەم کاتەدا لە پایتەختی ئەم ئەزمونەدا و لە شارێکدا کە پرِە لە دەزگا ئەمنی وهەولگری جۆراو جۆر رۆژنامەنوسێک بە ئاشکرا دەرِفێنرێت و لە مووسڵ تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە،کە رفاندن و شێوازی کوشتنەکەشی جێگای گومانە،بۆیە ئێمە وەک رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە بەتوندی ئیدانەی ئەو کارە و هەر رێگریەکی بەردەم کاری رۆژنامەنوسی دەکەین و بە کارێکی نامرۆڤانەی لە قەلەم دەدەین و دەسەلاتی ئەم حکومەتە بەبەرپرس دەزانین ،داواکارین بە پەلە ئەنجامدەرانی ئەو کارە ئاشکرا بکرێن و ئاشکرایانە دادگای بکرێن.ئێمە ئەم کارە بە درێژە پێدەری هێرشەکانی سەر رۆنامەنوسان لە شاری سلێمانی و هەولەکانی دەمکوتکردنی رۆژنامەنوسان لە هەولێر و کەرکوک دەزانین.

لێرەوە ئەوەش دەڵێین لەبەر ئەوەی کە ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی خەڵکە بەشخوراوەکەی ئەم وولاتەیە بۆیە تیرۆر تۆقاندن نامانترسێنێت و بەڵکو زیاتر هانمان دەدات بۆ روبەروبونەوەی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی گشت دیاردە ناشرینە کۆمەلاَیەتی و سیاسی یەکانی ئەم هەرێمە.بۆیە لێرەوا داواکارین لە رۆژنامەنوسانی کوردستان ئەگەر لەماوەی هەفتەیەکدا دەسەلات لەو بارەیەوە رِونکردنەوەیەکی رونی نەدا و ئەوا چالاکی سەرتاسەری و رێپێوانی گشتی ئەنجام بدەن.

وێنەیە بۆ:

*سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان *سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان *سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران *سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان *داواکاری گشتی

ناوی رۆژنامەنوسە بەشدارەکان :

(ابراهيم هەورامانی) (ناسيح عبدالرحيم) (زانا احمد) (كلسوم حسين) (سالم حمه خان) (رێباز احمد) (خەبات نەوزار) (شوان سۆسەكانی) (اسلان ئيناخ) (چۆمان عوسمان) (محمد رەزا) (دلاوەر حيدر) (جيهاد جلال) (سلاح جميل) (كارزان سلام) (سامان انور) (ئارام نجيم) (هانا)

**راگەياندنی كەمپينی"سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی رادەربڕين" لە شاری هەولێر**

ئاشكرايە كە تيرۆركردنی رۆژنامەنووسی(سەردەشت عوسمان) يەكێكە لەو هەوڵە ترسناكانەی كە دەدرێت بۆ سنوورداركردنی ئازادی را دەبرين لە هەرێمی كوردستاندا. هەر لە سەرەتاشەوە بەشێكی زۆری هاووڵاتيان و نووسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەندان و خەڵكانی ئازاديخوازی كوردستان لەسەر ئەم تيرۆركردنە نارەوايە هاتنە دەنگ، بەڵام ئەوەی هەست دەكرێت هەوڵەكان تا رادەيەك پەرش و بڵاوی پێوە ديارە. بۆيە پێمان باش بوو كە هەوڵەكانمان لە چوارچێوەی كەمپێنێك رێكبخەين، بۆ كاركردنی بەردەوام لەسەر كەيسی شەهيد(سەردەشت عوسمان).

ئێمە وەكو دەستەيەک نووسەر و رۆژنامەنووس و كەسانی ئازاديخواز لە شاری هەولێر كەمپينێكی نوێ رادەگەيەنين بەناوی(كەمپينی شەهيد سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی را دەربڕين) و هەموو هەوڵەكانمان چڕ دەكەينوە بۆ كاركردنی بەردەوام لەسەر ئەو كەيسە و ئازادی بيرورا لە سەرانسەری دونيا بەتايبەت لە هەرێمی كوردستان.

ئاشكرايە كە تاوەكو ئێستا هيچ هەوڵێكی ئەوتۆ نەدراوە بۆ ئاشكرا كردنی بكوژانی شەهيدی رۆژنامەنووس و خوێندكار(سەردەشت عوسمان)، ئێمە جگە لەوەی نيگەرانين لەو كەمتەرخەمييانەی دەزگاكانی ئاسايشی و پۆليس و وەزارەتی ناوخۆ و تەواوی دەزگا و دامەزراوە پەيوەنديدارەكان، پێمانوايە مەترسی لەسەر ئازادی را دەربڕين هەيە لە هەرێمی كوردستان و دەبێت هەمووماان كار بۆ فراوانتركردنی ئازادييەكان بكەن. هەروەها هەوڵی بەردەوام دەدەين بۆئەوەی كەيسی تيرۆركردنی (سەردەشت عوسمان) بە كراوەيی بمێنێتەوە تا ئاشكراكردن و بە سزا گەياندنی تاوانباران. لێرەوە بانگەوازی جەماوەری ئازاديخوازی كوردستان و رۆژنامەنووسان و هەموو كۆميتە و كەمپينەكانی (سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی) لە دەرەوە و ناوەخۆی كوردستان دەكەين هەمووماان هەوڵەكانمان لە يەک كەمپين و رێكخراوی سەرانسەری و فراوان چڕ بكەينەوە لەپێناوی بەئەنجام گەياندنی دۆسيەی شەهيدی رۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان) و بە رەسمی ناسينی ئازادی رادەربڕين لە كوردستان.

لەڕێی ئەم ڕاگەیاندنەوەی ئەوە ڕادەگەینین کە ئامانجی سەرەکیمان ئاشکراکردن و دادگایی تاوانباران و بکوژانی شەهید سەردەشت عوسمان و بە ڕەسمی ناسینی ئازادی ڕادەربڕینە لە کوردستاندا کە ئەوە ئامانجێکی سەردەشت و هەموو سەردەشتەکانی ترە. هەروەها ئامانجێکی دیکەمان کارکردنە بۆ تەواو بوونی پەیکەری (ئازادی شەهید سەردەشت عوسمان) و دواتریش لەسەر بەچاپ گەیاندنی پەرتوکێک کار دەکەین کە تەواوی نووسینەکانی شەهید سەردەشت و ئەو نووسنانەش کە لەسەر تیرۆرکردنەکەی نووسراون لەخۆ دەگرێت. جگە لەمانەش چەند پرۆژەیەکی دیکەمان دەبێت بۆ داهاتوو. سوپاسی هەر کەسێکیش دەکەین ئەگەر هاوکاریمان بکات. جا چ لە کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ پەیکەرەکە یاخود لە کارەکانی دیکەمان.

کەمپینی"سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی ڕادەبڕین" لە شاری هەولێر

2010\6\26

**شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان، شەهیدکردنی گەنج ولاوانی ئازادە، یاداشتی کۆمەڵگەی لاوانی هەولێر**

کۆمەڵگەی لاوانی هەولێر – 2010/5/7

نازانین لەدوای سەردەشت عوسمانی جوانەمەرگ چی بەگەنجان ولاوانی کوردستان بڵێین؟ئەوەتالەبەرچاوی خەڵک بەنوێژی نیوەڕۆ ولەبەرچاوی قوتابیانی زانکۆ گوڵێکی23بەهاری خێرلە خۆنەدیو لەلایەن چەند میلیشیاییێکی نەناسراو ئیهانە دەکرێت ولەپاشان دەفرێندرێ و لەدوری 100کیلۆمەتری هەولێر تەرمەکەی بەکوژراوەیی دەدۆزرێتەوە، ئەگەرچی لەئێستادا ئێمە نازانین ئەم تاوانەدڕندانەلەلایان چ لایەنێکەوە ئەنجامدراوە، بەڵام پۆلیسی هەولێروئاسایشی هەولێر بەبە ڕپرسیار دەزانین، چونکە ئەوان بەرپرسن لەپاراستنی گیانی دانیشتووانی هەولێری پایتەخت، ئێمەوەک کۆمەڵگەی لاوانی هەولێر ترس وتۆقان وتیرۆ ڕبە هەمووشێوەیەک ڕەتدەکەینەوە وشەهیدکردنی سەردەشت عوسمان بەتاوانی دژبەمرۆڤایەتی وکوشتنی گەنج ولاوی ئازادپێناسەدەکەین، دواکارین لەبەرێزسەرۆکی هەرێم وسەرۆکایەتی پەرلەمان وسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وئاسایشی گشتی لەکوردستان بەزووترین کات ئەنجامدەرانی ئەم کارەتیرۆریستیە بەسزای دادپەروەرانەبگەن، لەکۆتایدا ئومێدەخوازین سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ورێکخراوەکانی قوتابیان وخوێندکاران هەڵوێستی جدی لەبەرامبەرئەم کارە وەربگرن، گیانی بەرزی شەهیدسەردەشت عوسمان بەهەشتی بەرین بێت وسەبووری بۆکەسووکاری لەخوداداوادەمەین وئەنجامدەرانی ئەم کارەتیرۆریستیە رووڕەش وڕیسوابن.

## نا بۆ تیرۆری رۆژنامەنوسان ... یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان - سلێمانی

یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان/ سلێمانی – 2010/5/9

بڵاوبونەوەی هەواڵی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسی لاو (سەردەشت عوسمان) هەموومانی تاساند، چونکە تیرۆرکردنی ئەم رۆژنامەنوسە تەنها روداوێکی ئاسایی نییەو رەنگە تەفسیرو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، بۆیە پێویستەکات لەسەر وەزارەتی ناوخۆو دەزگا ئەمنییەکان هەرچی زووە هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ دۆزینەوەی تاوانبارانی ئەم تاوانە. نەخاسمە تیرۆکردنی رۆژنامەنوسان کە راستەوخۆ پەیوەندی بەئازادی رادەبڕین و کاری رۆژنامەنوسییەوە هەیە، پێویستەکات ووردتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئەگەر روداوی شەخسییە یان بەرنامە بۆ داڕێژراوە زوو ئاشکرابکرێت، بۆئەوەی راستیی و حەقیقەت بۆ هەموولایەک رونبێتەوە.

ئێمە لە یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، بەتوندی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسان و هەموو مەترسییەک بۆسەر ئازادی رادەبڕین شەرمەزاردەکەین، بەتایبەت ئەم تیرۆرکردنی ئەم رۆژنامەنوسە لاوە، چونکە پارێزگاری کردن لە رۆژنامەنوسان کە واقعی ناوکۆمەڵگا دەگوێزنەوە پاڵپشتییەکی بەهێزە بۆ زیاتر چەسپینی ئازادیی لەکوردستان، ئازادیش بەشێکی گرنگ مافی یاسایی هەموو مرۆڤێکە، هاوکات دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کەداوای ئیجرائاتی یاسایی دەکەن بۆ رێگرتن لەدووبارەبونەوەی روداوی لەوشێوەیە.

داواشدەکەین تاوانباران بدۆزرێنەوەو رادەستی دادگا بکرێن بۆئەوەی بەسزای رەوای خۆیان بگەن، تاوەکو چیتر تیرۆرستان جورئەت نەکەن ئەم ئارامییەی خەڵکی کوردستان بشوێنن و بەترس و تۆقاندن ئازادی لەکەداربکەن.

سەرکەوتن بۆ ئازادی کوردستان

## ڕفاندنو کوشتنی سەردەشت عوسمان مەحکوم دەکەین

پاشئەوەی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان لەبەردەمی زانکۆی صلاح الدین به پێشچاوی دەزگا ئەمنیەکانەوە دەرفێنریت دواجار تەرمەکەی لەشاری موصل دۆزرایەوە و گەیەنرایەوە شاری هەولێر، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی باڵای کوردستان پروپاگەندەی ئازادیو مافی

مرۆڤ دەکەنو شانازی بەئازادی ڕادەبڕین و کاری ڕۆژنامەنوسیەوە دەکەن لەهەرێمی کوردستان. بێجگە لەوەی بەبەرچاوی هێزە ئەمنیەکانی کۆلێژی ئادابی زمانی ئینگلیزی و بەبەرچاوی خوێندکارانەوە ئەم ڕۆژنامەنووسە دەفڕێندرێت و بە زۆر ڕاپێچی ناو سەیارەی تیرۆریستان دەکرێت.

وێڕای ئەوەی ئەم کردەوە ترسنۆکانە زۆر بەتوندی ئیدانە دەکەین، هەموو لایەنە ئەمنیەکانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبەرپرسیار دەزانین لەتیرۆرکردنی ئەم خوێندکارەو ئەرکی سەرشانیانە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بدۆزنەوە و بیاندەنە دادگا. لەلایەکی تریشەوە. دەبێت سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبن بە سەلامەتیو ئاسایشی هاولاَتیان بەگشتیو رۆژنامەنوسان بەتایبەتی.

بەم بۆنەیەوە ناوەندی چاک. وێڕای ئەوەی هاوخەمی بەکەسوکاروهاوڕێکانی سەردەشت عوسمان و سەرجەم ئازادیخوازان ڕادەگەیەنین، داواش لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەین، هیزە ئەمنیەکان ناچاربە دۆزینەوەو بەدواداچوون بکەنو دواتریش ڕوونکردنەوەی پێویست بدەن لەبارەی تیرۆرکردنی ئەو خوێندکارو ڕۆژنامەنووسەوە، دواجار ئەگەر بکوژەکان ئاشکرا نەکرێت. ئەوا نیشانەی ئەوەیە کە دۆسێی کوشتنو رفاندنی ئەو رۆژنامەنوسە دیزە بەدەرخۆنە دەکرێت.

ئەمەش ئاماژەی گەرانەوەی سەرکوتێکی مەترسیدارە لە هەرێمی کوردستانو هەرگیز لێی بێدەنگ نابین .

ناوەندی هەلەبجە دژبەئەنفالوجینۆسایدی گەلی کورد – چاک

2010/5/6

**سەردەشت عوسمان، وەکو ستافی فەخری دەستەی نوسەرانی ئاشتی نامە دەمێنێتەوە**

ئاشتینامە، تایبەت : شەهیدی ئازادی و قەڵەم، سەردەشت عوسمان کە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک و تا تیرۆرکردنەکەشی ئەندامی دەستەی نوسەرانی (ئاشتی نامە) بوە و زۆر دڵسۆزانە ئیش و کارەکانی هەفتەنامەکەمانی راپەڕاندوو لە نوسین و وەرگێڕاندا، بۆ ئێمە لەلایەک جێگای داخ و کەسەرە کە یەکێک لە بەتواناترین ستافی هەفتەنامەکەمان لەدەستدا و کەلێنێکی گەورەی لەنێو بژافی رۆژنامەگەری بەگشتی و هەفتەنامەی (ئاشتی نامە) بۆ ئێمە بەجێهێشت و بۆ ئێمە سەختە ئەو کەلێنە بە ئاسانی پڕ بکەینەوە، لەلایەکی تریشەوە جێگای شانازییە کە هاوپیشەی ئەو گەنجە رۆژنامەنوسە بەتوانایە بوین و بۆیەش بڕیارماندا وەکو وەفایەک بۆ پاکی و جوانی و دڵسۆزی ئەو رۆژنامەنوسە وەکو ئەندامی فەخری دەستەی نوسەرانی ئاشتی نامە ناوەکەی بهێڵینەوە..

لەم بارەیەوە بەشدار عوسمان برای شەهید سەردەشت لەلێدوانێکی تایبەتدا بە ئاشتی نامەی ڕاگەیاند (ئێمە وێرایی دەستخۆشی لە هەڵوێستی دڵسۆزانەی ستاف و هەڵسوڕێنەرانی ئاشتینامە، لێرەشدا دەمانەوێت بە هەموو لایەکی ڕابگەیەنین کە شەهید سەردەشت وەکو ڕۆژنامەنوسێک هەموو کات و کار و پرۆژەکانی لە بواری وەرگێڕان و نوسیندا لە ئاشتینامە چڕکردبویەوە بەهۆی توانا و دڵسۆزی لە کارەکانی لە ماوەیەکی کەمدا وەکو ستافی نوسینی ئاشتینامە دەستنیشانکرا.. ) لە کۆتایشدا بەشدار عوسمان ئەوەشی بە ئاشتینامە ڕاگەیاندبەهاوکاری نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان پرۆژەی کتێبی سەردەشت کە هەموو ووتار و بابەتەکانی شەهیدی جوانەمەرگ لە پرۆژەیەکی گەورەی میدیای رادەگەیەنین.

**پرشنگی ڕووناکی قەڵەمی ئازادیخوازان بە فووی شەوەزەنگی تیرۆریستان ناکوژێتەوە!!**

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان – 7ی ئایاری 2010

"بۆ یادی نووسەرو ڕۆژنامەنووس و خوێنکاری لاو سەردەشت عوسمان"

ڕۆژی 4 ئایار 2010 لەبەردەم کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، بە ڕۆژی ڕووناک و بەبەرچاوی هێزی ئاسایش و پۆلیسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، خوێندکاری لاو و ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی"ئاشتینامە" سەردەشت عوسمان، بەزۆر سواری ئۆتۆمۆبیل دەکرێت و بەرەو شوێنێکی نادیار دەبرێت. پاش دوو ڕۆژ لە دیار نەمانی و لە ڕۆژی 6 ئایاردا تەمەرمی نووسەری لاو سەردەشت لە شاری موسڵ دەدۆزرێتەوە.

بەزاندنی سنوری زانکۆو، بە تێهەڵدان و بەزۆر سوار کردن و ڕفاندنی خوێندکار و ڕۆژنامەنووسێک بەبەرچاوی دەیان خوێندکارو پۆلیس و ئاسایشەکانی زانکۆوە کارێکی ئاسان نییە و جێگەی گومانە، ئەگەر بێت و بەجۆرێک لە جۆرەکان خەڵکانێکی سەربە حیزبە دەسەڵاتدارەکان، یان نزیک لە دامودەزگای ئاسایش و بەرپرسەکانیان دەستیان لەم کارەدا نەبێت و کار ئاسانیان بۆیان نەکردبێت. لەهەمان کاتدا ڕفاندنی ئەم نووسەرە لاوە بۆشاری موسڵ و بەنێو ئەو هەموو بازگانەی حکومەتی هەرێمدا دووبارە بۆخۆی گومانێک دروست دەکات لەوەی کە خەڵکانی ئاسایی بۆیان سەختە لە کارێکی چەتەیی لەم شێوەیەدا بتوانن سەرکەوتووبن، ئەگەر خاوەنی هێزوو دەسەڵات نەبن، بۆیە ئێمە بێسێ دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرس دەکەین لە ڕفاندن و کوشتنی نووسەری لاو سەردەشت عوسمان، لەهەمانکاتدا ئەوان بەرپرسن لە دۆزینەوەو دەستگیر کردنی تیرۆریستان.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا و لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، نەبوونی ئازادی نووسین و ڕەخنەگرتن و ڕادەربڕین یەکێک لەگەورەترین کێشەکانی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد

و سەربەخۆیە، ئێمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان بە توندی ئیدانەی تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنووسی لاو سەردەشت عوسمان دەکەین، وەدەنگی ناڕەزایەتیمان دەخەینە پاڵ دەنگی هەموو ئەو نووسەرو لایەنانەی لەدژی تیرۆر کردنی قەڵەکەی سەرەدەشت هاتوونەتە مەیدان. لە هەمان کاتدا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خێزان و کەس و کاری سەردەشت، وە بەتایبەتیش هەردوو برای نووسەر ئارام علی و بەشدار علی نووسەرانی ئازادیخوازو هەڵسوڕانی چەپ و یەکسانیخواز، وە هەروەها هەموو نووسەران و قەڵەمە بوێرەکان دەکەین و لە خەم و پەژارەیاندا خۆمان بەبەشدار دەزانین.

ڕیسوای و سەرشۆڕی بۆ تیرۆریستان و هاوکارانیان

بەرزو بەرێز بێت یادی نووسەر لاوی ئازادیخواز سەردەشت عوسمان

**تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان ئیدانەدەکەین**

لەکاتێکدارۆژنامەنوسان ماندوێتی یادکردنەوەی (112) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیان تێنەپەڕاندووەجارێکی ترمۆتەکەی ترس ولێدان وکوشتن وتیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوسان دەستی پێ کردەوە، ئەمەش کارێکی نەخوازراوەو زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر ڕۆژنامەنوسانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

ئێمە لە دەستەی هەستانەوەی ڕۆژنامەنوسانی سەیدصادق ئیدانەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان دەکەین کە ڕۆژی 5/4لەبەردەم کۆلێژی ئاداب لە هەولێری پایتەخت بە بەرچاوی هێزەئەم نیە کانەوە هاوپیشەیەکمان دوای سوکایەتی پێ کردن ولێدان ڕفێنرا و دواتریش تیرۆردەکرێت و تەرمەکەشی فڕێ دەدرێ. بۆیە ئەمە جارێکی تر دیمکراسی لەهەرێمی کوردستان دەخاتە ژێرپرسیارەوە؟؟ مەترسی لای ڕۆژنامەنوسان درووست دەکات.

وەکودەستەکەمان پرسەوسەرەخۆشی خۆمان بەهاوپیشە وکەسوکاری بەڕێزی کاکەسەردەشتی جوانەمەرگ ڕادەگەیەنین.

داواکارین ئەنجامدەرانی ئەو کارە چەپەڵە بەسزای یاسای خۆیان بگەن، بەوکارانەشیان ناتوانن قەڵەمەئازاکان لە کاربخەن.

دەستەی هەستانەوەی ڕۆژنامەنووسانی سەید صادق

2010/5/7

07701519670 – 07701916320

### بەر بەسەرکوتی خوێناوی وتیرۆریزم بگرن

ڕفاندن و دواتر تیرۆری کردنی خوێندکارورۆژنامەنووس ((سەردەشت عوسمان))، لەشاری هەولێر لە6.5.2010 دا، چەپەڵترین سیاسەتی سەرکوتە لەبەرامبەر ئاشکرا کردنی گەندەڵی و کۆنەپەرستی و شەقاوەیی دەسەڵاتدارانی کوردستانی عیراقدا.

سەرباری ئەوەی کە سەردەشت عوسمان پێشتر لە هەڕەشەی تاوانباران، دەسەڵاتی لە هەولیر ئاگادارکردبوەوە، بەڵام ئەوان ئیهمالی دەکەن وگوێ نادەنێ. سەڕەرای ئەوەش شێوازی ڕفاندنەکەی لەهەولێرو بەبەرچاوی پۆلیس و دەزگای پاراستن وخەڵک و لەبەردەم زانکۆ و خوێندکاران و دواتر دۆزینەوەی لاشەکەی لەموسڵ، وەک ئەوەیە کە کارئاسانیان بۆ لەنیوبردنی ساز کردبێت.

تیرۆری سەردەشت عوسمان، هەوڵێکە بۆ خنکاندنی ئەو نارەزاتیانەی کە لەبەرامبەر گەندەڵی، کۆنەپەرستی، دیکتاتۆری حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا بەرزکراونەتەوە. ئەم سەرکوتە خوێناویە ، ئەم لەنێوبردنە بەربەرییەی لاوەکانمان ، نابێت بەسەرماندا تیپەڕێت. شەڕێکە یان کۆنەپەرستان وتیرۆریستان ومشەخۆرو گەندەڵچیەکان سەردەکەون، یان ئیمە. بەرەی ئازادیخوازی، مافەکانی هەژاران و کریکاران و لاوان. بەرەی شادی وئاواتی گەرم و خۆشی بۆ هەموان. لەو پێناوەدا خەڵکی کوردستانی عیراق ناتوانن لە چوارچێوەی سیستەمی ئێستایی گەندەڵی و دیکتاتۆرییەتدا بژین. ئیمە پاشەکشە ناکەین، ئیمە نابیت بترسێنرێن.

بانگەوازتان دەکەین بەهەر جۆرێک کە پێتان دەکرێت، نارەزایەتی دەربڕن، خۆپیشاندان بکەن، کۆمیتەی سویسرا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق سەنگەری بەهیزکردنی ئەو ناڕەزایەتیە جەماوەرییە بەڕووی ئەم هەموو سەرکوت وگەندەڵی و دواکەتووییەدایە.

سەرەخۆشی گەرمی خۆمان بە کەس وکاری هاوڕێی گیانبەختکردوومان ((سەردەشت عوسمان)) دەگەیەنین . وە بەڵینیان پیدەدەین لەم تاوانەگەورەیەدا بەهەموو جۆرێک تیدەکۆشین بۆ ریسواکردنی تیرۆریستان.

کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

7.5.2010

**با لەدژی تیرۆری سەردەشت عوسمان دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕین!**

• بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی تیرۆرو ئینسان کوژی و راوەستانەوە بەرووی سەرکوت و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان،

• بەمەبەستی داکۆکیکردن لەئازادیی هەلسورانی سیاسی و ئازادی بیرو راو رۆژنامەگەری

• بۆ ئیدانە کردنی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان

با هەموو مان پیکەوە دەنگی نارەزایەتی هەڵبرین

بەم بۆنەوە بانگەوازتان دەکەین بۆ بەشداربوون لەکۆبوونەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەبەردەم نوسینگەی حکومەتی هەریم لە لەندەن

کات: رۆژی سێشەممە رێکەوتی 2010/5/11 کاتژمێر 1 تا 3

شوێن: بەردەم حکومەتی هەرێم

Winchester House

Old Marylebone Road 269–259

London NW1 5RA

Tube: Edgware Road tube station

,Buses: 36,98, 6, 23, 15

لە ریگای ئەم نارەزایەتیەوە، یاداشتی ئیدانەکردنی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان ئاراستەی دەسەلاتداران ئەکری و داوادەکرێ کە:

1– دەسەلاتدارانی هەولیر بەرپرسیارێتی روودانی ئەم تاوانە لەئەستۆ بگرن و دەستبەجێ لێکۆڵینەوە وبەدواداچونی بۆبکەن و ئەنجامدەرانی تاوانەکە بۆ رای گشتی ئاشکرابکەن و تاوانباران بە سزای شایستەی خۆیان بگەن.

2– دەسەلاتدارانی کوردستان پابەندبوونی خۆیان بەپاراستنی ئازادیەکان وگیانی هەلسوراوانی سیاسی و رۆژنامەگەری رابگەیەنن و هەنگاوی بەکردەوە بنێن بۆ ریگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی تیرۆرو ئینسان کوژی لە کوردستان.

باهەموو پێکەوە بۆ بەرگری لە ئازادی و پێشگرتن بە تیرۆری ئازادی دەنگمان یەکبخەین و بێینەمەیدان!

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندیمان لەگەل بگرن: 078 5324 3011 ، 078 5603 2991

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان

ریکخراوی دەرەوە/ بەریتانیا

**کۆمیتەی بەرگری لە کرێکارانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی رفاندن و تیرۆرکردنی خوێندکار و رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دەکەن**

لە رۆژی 2010/5/4 چەند چەکدارێکی نەناسراو دەچنە ناو کۆلێژی ئاداب لەبەر چاوی خوێنداکاران و پۆلیس و ئاسایشی کۆلێژەکە خوێندکار و نوسەر سەردەشت عوسمان،بەبێ هیچ ئاگاداری کردنەوەیەک دەگرن و بەزۆر دەیخەنە ناو سەیارەیەک، پاش دوو رۆژ تەرمەکەی لەسەر یەکێک لە شەقامەکانی ناو شاری موصل دەدۆزرێتەوە.

ئەم کارە نائینسانیەی کە لەبەرامبەر سەردەشت عوسمان ئەنجام دراوە ئەوە نیشان دەدات حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەرای تەبلیغاتی سەبارەت بە ئازادی رۆژنامەگەری و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هیچ واقعیەتێکی نیە، لە چەند سالی رابردوو لەژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین رۆژنامەنووس هەلسوراوی سیاسی و کرێکاری،لاوان و ژنان هەرەشەیان لێکراوە و یان تیرۆر کراون،تاکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر ئەم کردەوە کۆنەپەرست و نامرۆڤایەتیە هیچ هەنگاوێکی جدی هەلنەگرتووە،بەلکو بەجۆرێک پشتیوانی و هاوکاری هێزەکۆنەپەرستەکان بووە.

کۆمەلانی خەلکی کوردستان تەنها ئەوەندە هەقی ئازادی و دیموکراسیان هەیە کە هیچ قسەیەک لەسەر دزی و گەندەلی و بنەمالە و حیزب و دەسەلاتی میلیشیایی نەکەن، ئەوانەی لە چەند سالی رابردوو بە بیانوی جۆراو جۆر تیرۆر کراون تاوانەکەیان ئەوەبووە لەدژی کۆنەپەرستی ئیسلامی و هێزی میلیشایی حیزبەکان بێدەنگ نەبوون،هەولیان داوە ئەو راستی و واقعیەتە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەی لە کوردستان لەژێر دەسەلاتی یەکێتی و پارتی دەچێتە پێشەوە بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان ئاشکرا بکەن.

کوشتن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانیش تەنها ئەوەبوو کە لەدژی گەندەلی و نایەکسانی و بەتالان بردنی سەروەتو سامانی هەرێمی کوردستان نارەزایەتی دەردەبری و ماهیەت و ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی ئەم هێزانە بۆ کۆمەلانی خەلک ئاشکرا دەکرد.

ئێمە وێرای ئیدانە کردنی تیرۆری سەردەشت عوسمان بەرپرسیارەتی ئەم کردەوە دەخەینە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا دەسەلاتی سیاسی و ئابووری لەژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە پاراستن و دابین کردنی ئەمن و ئاساش بۆ هەموو خەلکی کوردستان.

هەروەها ئێمە وێرای سەرەخۆشی لە بنەمالەو هاورێیانی سەردەشت عوسمان داوا لە هەموو کەسانی ئازادی خواز و رۆژنامەنووسان دەکەین کە چیتر بێدەنگ نەبن لەبەرامبەر تیرۆر راونانی هەسوراوانی سیاسی و رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان. دەنگی نارەزایەتی لەبەرامبەر کاری تیرۆریستی و نەبونی ئازادی سیاسی و ئازادی رۆژنامەگەری دەرببرن.

کۆمیتەی بەرگری لە کرێکارانی عێراق

2010/5/7

**با لە دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕین!**

بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی تیرۆرو ئینسان کوژی و رِاوەستانەوە بەرِووی سەرکوت و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان،

- بەمەبەستی داکۆکیکردن لەئازادیی هەلَسورانی سیاسی و ئازادی بیرو رِاو رِۆژنامەگەری،
- بۆ ئیدانە کردنی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان

با هەموو مان پیَکەوە دەنگی نارِەزایەتی هەلَبرِین.

بەم بۆنەوە بانگەوازتان دەکەین بۆ بەشداربوون لەکۆبوونەوەی نارِەزایەتی جەماوەری لەبەردەم نوسینگەی حکومەتی هەریم لەشاری Sydney

شوین: Macquarie St Liverpool 213

کات: Friday 14/04/10 at 4pm

لە ریگای ئەم نارەزایەتیەوە، یاداشتی ئیدانەکردنی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان ئاراستەی دەسەڵاتداران ئەکریَ و داوادەکریَ کە:

1- دەسەلَاتدارانی هەولیر بەرپرسیاریتی رِوودانی ئەم تاوانە لەئەستۆ بگرن و دەستبەجیَ لیکۆلَینەوە وبەدواداچونی بۆبکەن و ئەنجامدەرانی تاوانەکە بۆ رای گشتی ئاشکرابکەن و تاوانباران بە سزای شایستەی خۆیان بگەن.

2- دەسەلآتدارانی کوردستان پابەندبوونی خۆیان بەپاراستنی ئازادیەکان وگیانی هەلَسوراوانی سیاسی و رِۆژنامەگەری رِابگەیەنن و هەنگاوی بەکردەوە بنیَن بۆ رِیَگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی تیرۆرو ئینسان کوژی لە کوردستان.

با هەموو پیَکەوە بۆ بەرگری لە ئازادی و پیَشگرتن بە تیرۆری ئازادی دەنگمان یەکبخەین و بیێنەمەیدان!

حزبي كۆمۆنيستي كريكاري كوردستان – ريكخراوي ئوستراليا

2010/5/8

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بگرن بە (جەبار مستەفا: 0402217864)

عامر سابير: 0412983260

رۆژنامەی ئاشتینامە : شەهید کردنی رۆژنامەنووس و خوێندنکاری زانکۆ (سەردەشت عوسمان ) مەحکوم دەکەین

سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممە رێکەوتی 2010/5/4 کارمەندی دلَسۆزو چالاکی رۆژنامەکەمان (ئاشتی نامە ) رۆژنامەنووس و خوێندنکاری زانکۆ ( سەردەشت عوسمان ) ناسراو بەدەشتی عوسمان لەبەردەم کۆلێژی ئاداب لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراو رفێندرا دواجار لە رێکەوتی 2010/5/6 لە یەکێک لە گەرەکەکانی شاری موسلَ تەرمی پیرۆزی دۆزرایەوە.

ئێمە بە ناوی رۆژنامەی ئاشتی نامە ئەم کارە ترسناک و دژە ئینسانییە بەتوندی مەحکوم دەکەین و بەدەستدرێژی کردنی دادەنێین بۆسەر ئازادی و دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ ،لە هەمانکات داواش لەلایەنە پەیوندیدارەکان دەکەین کە بە دواداچوونی وردو مەیدانی بکەن بۆ دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت عوسمان و سەپاندنی سزای یاسایی بەسەریاندا لە پێناو چەسپاندنی دەستی بالآی یاسا بە سەر هەموو کارێکی قێزەونی لەم شێوەیەداو ببێتە رێگرتن لە دووبارە نەبوونەوەی. لەم سۆنگەیەشەوە سەرە خۆشی لە خۆمان و خانەوادەی هاوکاری شەهید مان و سەرجەم خوێندنکاران و رۆژنامەنووسان دەکەین ،بێگومان کەلێنێکی گەورە لای ئێمەو بواری رۆژنامەنووسی بەلە دەستدانی سەردەشت عوسمان دروست بوو0 داواش لە سەجەم رۆژنامەنووسان دەکەین بەردەوام بن لە نارِەزایەتی دەربرِین دژی ئەم کارە قێزەونە

نەمری بۆ شەهیدی جوانەمەرگ و شەرمەزاری بۆ تیرۆرکردنی

رۆژنامەی ئـــاشتی نـامـه

2010/5/6

**ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بانگەوازی هەموو لایەک ئەکات کە نامە ئاراستەی سەرۆکی هەرێم بکرێت تا لێکۆڵینەوەی جدی لە تیرۆری سەردەشت عوسمان ئەنجام بدرێت**

کامەران ئەحمەد – هاوپشتی : ڕیکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە نوسراوێکدا کە لە مالپەڕی خۆیان بڵاویان کردۆتەوە ، بانگەوازی هەموو لایەک ئەکات کە واژۆی نامەیەک بکەن کە ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەکرێت تا لێکۆڵینەوەی جدی لە تیرۆری سەردەشت عوسمان ئەنجام بدرێت.

لە نووسراوەکەیاندا هاتووە کە : " لە ڕۆژی 4 ی مەی دا چەند چەکدارێکی نەناسراو خوێندکار سەردەشت عوسمانیان ڕفاند، پاش دوو ڕۆژ دواتر بە کوژراوی لە شاری موسڵ دۆزرایەوە . سەردەشت خوێندکاری دواهەمین قۆناغی کۆلیژی ئاداب بەشی ئینگلیزی بوو و وەک ڕۆژنامەنووسێک لە بلاوکراوەی ئاشتینامە کاری ڕۆژنامەوانی ئەکرد. بە پێی دواین ڕاپۆرتە میدانییەکان سەردەشت لە داهەمین ووتاری خۆیدا ڕەخنەی لە یەکێک لە کاربەدەستانی سیاسی گرتووە."

ڕیکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی هەروەه ئاماژە بەوە ئەکات " کە لەم سالانەی دواییدا مەدای هێرش ی فیزیکی بۆسەر ڕۆژنامەنووسان و کەسانی تر لە هەرێمی کوردستان و دەورەبەری دەستی پێکردووە.، بە تایبەت بۆ سەر کەسانێک کە ڕەخنەیان ئاراستەی هەندێک لە سەرکردە و کاربەدەستانی پارتە کوردییەکان یەکێتی و پارتی کردووە کە بە هاوبەشی دەسەلاتیان بە سەر هەرێمەکەدا گرتووە. لانی کەم لە دوو دۆزدا قوربانییەکان کوژراوان بەلام هیچ چەشنە لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام نەدراوە. هەروەها ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور ئەکات کە باس لە هێرش و پێشێلکاری دژ بە ڕۆژنامەنوسان ئەکات بە تایبەتی لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەدا."

لە نوسراوەکەی ڕیکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی دا هاتووە کە هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان بە بەرچاوی خەڵکەوە و لەسەر شەقامەکان ڕفێندارون ، ئازارو ئەشکەنجەی زۆر دراون و پاش چەند ڕۆژ دواتر ئازاد کراون.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بانگەوازی هەموو لایەک ئەکات کە نامەیەک ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت تاوەکو هەنگاوی جدی بنرێت بۆ کۆتایی هێنان بە هێرش

بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان و هەروەها بە خێرایی دەست بکرێت بە لێکۆڵینەوەی جدی لە تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان بکرێت هەروەها لەگەڵ ئەو هێرش و پەلامارانەی دوایی کە بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان کراون.

**شەهید کردنی خوێنکارو رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان مەحکوم دەکەین**

رۆژی 04 .05.2010 نووسەر رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ، لەبەردەم کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر ، بە دیار چاوی پۆلیس و پاسەوانانی کۆلیژ ، دەرفێنرێت . بەناو چەندین بازگەی پۆلیس و ئاسایش ، دەبرێتە موسڵ و بە ناشرینترین شێوە شەهیدی دەکەن.

ئێمە وەکو دەستەی نووسەرانی هۆرامان ، لەکاتێکدا سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی قارەمانی شەهید سەردەشت دەکەین ، هیوای سەبووری و ئارامیان بۆ دەخوازین . لەهەمان کاتیشدا بەتوندی دژی ئەم کارە چەپەڵ و نامرۆڤیە دەوەستینەوە. ڕفاندن و کوشتنی شەهید سەردەشت ، تیرۆرکردنی ئازادی ڕادەربرینە. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە بەتوندی ئیدانەی ئەم کارە تیرۆرستیە دەکەین . لە هەمان کاتیشدا داوا لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکەین ، کە لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر ئەم کارە تیرۆریستیە بکەن . پشتگوێخستنی ئەم جۆرە تاوانانە ، ترسێکی گەورەیە بۆ سەر بیری ئازاد و ژیانی دیموکراسی و مەدەنی لەکوردستاندا.

دەستەی نووسەرانی هۆرامان – ئەڵمانیا

2010/05/07

**تیرۆری رۆژنامەنووسان تیرۆری ئازادییە**

رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٦–٥–٢٠١٠ تەرمی رۆژنامەنووسێکی تر بەناوی "سەردەشت عوسمان" دوای دووڕۆژ لەفڕاندنی گەیشتەوە شاری هەولێر.

"سەردەشت عوسمان" کە خوێندکاری کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی ئینگلیزی لەزانکۆی سەلاحەدین بوو، رۆژی 4ی مانگ لەبەردەم کۆلیژەکەیدا و لەکاتی دەوامی فەرمیداء بە بەرچاوی خوێندکارانء پاسەوانی کۆلیژء هێزێکی زێرەڤانیەوە، چەند چەکدارێک بەزۆر سواری ئۆتۆمبێلی دەکەن و دەیرفێنن و بەناو بازگەکانی پارتیدا دەیگەیەننە موێلڕء دوای دوو رۆژ تەلەفۆن بۆ کەسءکاری دەکەن کە تەرمەکەیان دەدۆزیوەتەوە.

"سەردەشت عوسمان" هەروەها رۆژنامەنووسێکی شاری هەولێر بوو، کە جگە لەکاری رۆژنامەنووسیء هەڵمالینی پەردە لەرووی گەندەڵکاران، هیچ هۆکارێکی تر لەئارادا نابینرێت بۆ ڕفاندنء تیرۆرکردنی. بەگوێرەی وتەی کەسءکارء هاوڕێیانیء هەروەها بەگوێرەی وتاریک کەخۆی پێشتر لە هاوڵاتی بڵاویکردۆتەوە، ئەم رۆژنامەنوسە بەهۆی ئەوەی لەسەر بەرپرسە باڵاکان و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی نوسیووە چەندینجار هەڕەشەی کوشتن و دەرکردنی لێکراوە.

هەڵبەت ئەم تاوانە تیرۆریستیە یەکەم پەلامار نیە دژی رۆژنامەنووسان و ئازادی رادەربڕین، بەپێی ئامارە تۆمارکراوەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسکانی کوردستان کەرێکخراوێکی نزیک بەدەسەڵاتیشە، تەنها لە یەکساڵی رابردوودا 357 پێشێلکاری دەرهەق بەرۆژنامەنووسان کراوە، کە وێرای لێدانء سوکایەتی پێکردن و کامێرە شکاندن و گرتن و هەڕەشەی کوشتن، دوو حاڵەتی کوشتنیشی تێکەوتووە کە عبدالستار شریف و سۆرانی مامە حەمە بوون، ئەوە جگە لەو کەمپین و هێرشە ئیعلامیە چڕء بەرینەی کە هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارء بەرپرسەکان و دەزگاکانی راگەیاندنیان، بەئاشکرا و بێسلەمینەوە و دوور لە هەموو پرەنسیپێک، راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن و راگەیاندنە ئەهلیە سەربەخۆکان بەپاشکۆی دەسەڵاتی دەرەکیء نۆکەر و بەکرێگیراوی دوژمنانی کورد تۆمەتباردەکەن و هیزە چەکدارەکانء هێزەکانی ئاسایش و دەزگا نهێنیەکان و رێکخستنەکانی خۆیان واباردێنن و رادێنن وەک دوژمن مامەڵەیان بکەن و لەدژیان بووەستنەوە، کە ئەمە هیچ واتایەکی نیە جگە لەسازکردنی زەمینەی تیرۆر و راگەیاندنی شەیپووری شەڕ دژی ئازادی رادەبڕین و قەدەغەکردنی رووماڵکردنی هەواڵەکان و رووداوەکان.

ئێمە ئەمڕۆ دەبینین دەزگا نهێنیەکانی پارتی و یەکێتی هیچ سەرەدەرزییەکیان لێوننابێتء تەنانەت ئەوانەش کە لەترسی ئەوان بەناوی خوازراوەوە هەندێک لە هەواڵەکانء راکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە بەزوویی دەیانناسنەوە بەڵام ئەو تیرۆریستانەی بەبەرچاوی خەڵک و هێزەکانیانەوە رۆژنامەنووسان دەڕفێنن و تیرۆری دەکەن، نادۆزرێنەوە یان بەمانایەکی راستتر بڵێین رووبەڕووی دادگا ناکرێنەوەء وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن، ئەوە لەکاتێکدا دەسەڵاتداران بانگەشەی چاوکراوەییء تیژبینیء دەستڕۆیشتوویی هێزەکانی ئاساییشء پۆلیس دەکەن و رایدەگەیەنن کوردستان سەرزەمینێکی ئارامە وبەکردەوەش خۆیان و سەرمایەکانیان و کۆمپانیا بیانیەکانی هاوپشکی خۆیان و دەزگا نهێنی و سیخوڕییەکانی وڵاتان، بەئارامیء بەبێترس لەکوردستان دێن ودەچن، بەڵام رۆژنامەنووسان رووبەڕووی جۆرەها پەلامارو تەنانەت فڕاندن و تیرۆریش دەبنەوە و بەئاشکراو بەبەرچاوی حکومەت و یاساو ئاساییشەوە لەمزگەوتەکانەوە هێرشی توند دەکرێتە سەر رۆژنامەنووسان و فەتوای کوشتن و دەمبەستنیان دەدرێت و زەمینە سازدەکرێت بۆ تیرۆرکردنیان.

ئەمە بارودۆخێکی مەترسیدارە بۆسەر ئازادیەکان بەگشتی و ئازادی رۆژنامەنووسی بەتایبەتی، بەڵام سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ریسوابوون و بێزرانی تیرۆریستانء هەموو

ئەوانەیە کە بۆ درێژەدان بەتەمەنی پڕشەرمەزاری خۆیان پەنا بۆ ئەم جۆرەکارانە دەبەن، بۆیە هەموو ئازادیخوازانء پێشکەوتنخوازان ئەرکیانە لەبەرامبەریدا خۆیان ئامادە و تەیاربکەن و هێرشی تیرۆریستان بەڕووی خۆیاندا بشکێنینەوە، کە بۆ نانەوەی فەزای ترس و سەرکوت و تۆقاندن و کڵۆمکردنی دەمی ئازادی، دەستیان داوەتێ.

ئێمە وێرای ئیدانەکردنی ئەم کردەوە تیرۆریستیە کەدەرهەق بە "سەردەشت عوسمان"، کراوە، هاوکات سەرخۆشیو هاوغەمی خۆشمان بۆ کەسوکار و هاوڕێیانی هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان رادەگەیەنین و بەرپرسیارێتی، دۆزینەوەی تاوانبارانیش دەخەینە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق

7ی ئایاری 2010

**بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەبەرانبەر تاوانی ڕفاندنو تیرۆری سەردەشت عوسمان**

خۆپیشاندانێک لە شاری ستۆکهۆلم سازدەکرێt ,,, سێشەممە 11–5 سەعات 18

بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەبەرانبەر تاوانی ڕفاندنو تیرۆری

سەردەشت عوسمان

خۆپیشاندانێک لە شاری ستۆکهۆلم سازدەکرێت

مەیدانی سێرگڵ

سێشەممە 11–5 سەعات 18

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان– ڕێکخستنی ستۆکهۆلم

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی ژنان/ ستۆکهۆلم

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن

شەماڵ علی 0737038612

هەلالە ڕافع 0739084190

عەبدولا مەحمود 0737403392

**با لە دژی تیروری سەردەشت عوسمان دەنگی نارەزایەتی هەلبرین !**

**کەمپینی بەرگری لە ئازادی – دانمارک**

**بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر تاوانی فڕاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان, بۆ وەستانەوە بەڕوی پێشێل کاری سەرکوتی ئازادی بیروڕا و ئازادی ڕۆژنامەگەری و هەموو دەنگیکی ئازادی خوازی کەمپینی بەرگری لە ئازادی لە دانمارک هەلدەستێک بە سازدانی ئاکسیۆنێک**

**بانگەوازتان دەکەین :**

**+ بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر تاوانی فڕاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان**

**+ بۆ وەستانەوە بەڕوی پێشێل کاری سەرکوتی ئازادی بیروڕا و ئازادی ڕۆژنامەگەری و هەموو دەنگیکی ئازادی خوازی .**

**+ بۆ بەرپرسکردنی حکومەتی هەرێم بۆ بەدواداچون، پەردەلادان لەسەر دەستی ترۆر و کێشکردنی تاوانباران بۆ دادگا.**

**کەمپینی بەرگری لە ئازادی لە دانمارک، هەلدەستێک بە سازدانی ئاکسیۆنێک:**

**ڕۆژی: شەممە 15 ی ئایاری 2010 / کات : 12 نیوەڕۆ .**

**شوێن:**, 1609 Københavns V Indre By

**بە رانبەر دەرگای سەرەکی Tivoli . بو زانیاری زیاتر پەیوەندی بگرن بە : عوسمان ئەحمەد : 27126134**

**بە بۆنەی تیرۆری "سەردەشت عوسمان"ەوە**

**لە ساڵی 2006 بەدواوە، ساڵی خۆپێشاندانی زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان دژی گەندەڵی، دژی نەبونی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان،... بەڵێ لەو ساڵە بەدواوە، ڕەوەندی ڕوو وەرچەرخان و ڕەخنەگری بەشێکی بەرفراوان لە نوسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان، سەری هەڵداوە دژی دەسەڵاتی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا؛ "پارتی" و "یەکیەتی" لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.**

گەرچی ناوەڕۆک و ڕوانگەی ئەو ڕوو وەرچەرخانە و ئەم ڕەخنەگریە دژی گەندەڵی و دەست بەسەراگرتن و هەتا دزی و فزی بێ پەردەی سەروەت و سامانی گشتی کۆمەڵگە لەلایەن بەرپرسان، کاربەدەستان و لێپرسراوانی حیزبی و حکومیەوە، لە ناوەڕۆک و ڕوانگەیەکی ڕەخنە گرانەی لیبرالانە و دیموکراتخوازانە تێپەڕی نەکردوە، بەڵام نەک هەر ڕەخنەی ڕادیکاڵی چەپ، کرێکار و کۆمۆنیزم بەڵکو هەتا ئەم ڕەخنە لیبرال و دیموکراتخوازانەیەش لە توانای تەحەمول کردنی سەران، لێپرسراوان، بەرپرسان و کاربەدەستانێکی کوردستاندا نەبوە کە تازە کەوتون بەسەر سفرەی نازونیعمەتدا و بێ ئەزمون نوێنەرایەتی سەرمایە و سەرمایەدارانی کوردستان دەکەن.

هەربۆیە چوار ساڵی ڕابردوو، چوار ساڵی هەنگاو بە هەنگاو کۆنترۆڵ کردنی ئەو فەزا ئاوەڵا فکری و سیاسیەی کوردستان بوە کە بەهۆی ئاڵوگۆڕێکی سەراسەری لە عێراقدا هاتبۆ ئاراوە. چوار ساڵی رابردوو، چوار ساڵی پێ بەپێ بەرتەسک کردنەوە و لەقاڵبدانی ئازادی بیروڕا دەربڕین بوە لە چوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان و دەستورێکی کۆنەپەرستانەدا لەژێر ناوی پیرۆزیە نەتەوەیی و ئایینیەکان، نەک هەر چوار ساڵی ڕێگری لە ڕوماڵکردن و بە دواداچونی هەواڵ و کارەکانی دەزگا حیزبی وحکومیەکانی هەرێم بوە، بەڵکو چوار ساڵی سوکایەتی پێکردن، هەڕەشە لێکردن، کامێرا شکاندن، فڕاندن، کوتەک کاری و ترۆری ڕۆژنامە نوسانیش بوە لە کوردستاندا.

هەر ئەوە کە لە ساڵی ڕابردودا زیاتر لە 350 پێشێلکاری و دەست درێژی تۆمارکراوە بۆسەر ڕۆژنامە نوسان لەلایەن ڕێکخراوێکی ژێر سێبەری ئەم دەسەڵاتەی وەک "سەندیکای ڕۆژنامە نوسانی کوردستان"، دەربڕی ئەو ڕاستیەی سەرەوەیە. ترۆری سەردەشت عوسمان لەبەردەوامی ئەو پرۆسەیەدایە و بەشێکە لەو سیناریۆیە، کە هێشتا زۆرێکیشی لێ تۆمار نەکراوە.

ئەوەی کە ئەم ترۆرە لە دەست درێژی و ترۆرەکانی پێشوتر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بە ڕۆژی ڕوناک لەبەردەم کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی هەولێر لە 4 ی مانگی ئایاردا، سەردەشت عوسمان پەلامار دەدرێت، دەخرێتە ناو سەیارەیەکەوە و دەفڕێندرێت و دوای دوو ڕۆژ لە 6 ی مانگدا تەرمەکەی لە شاری موسڵ دەدۆزرێتەوە. وەک بڵێی حیزبی خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەوای شار گەشتبێتە جێگەوڕێگە و سەر سەکۆیەکی بەرزی وەها کە ئیتر هەروەک ڕژێمی بەعس چاونەترس و بێباک، بیەوێت بە دەزگای سەرکوتگەری "پاراستن" بکەوێتە قەلاچۆکردنی هەموو دەنگێکی ناڕازی و ئازادیخواز.

بێشک ترۆری سەردەشت عوسمان زەنگێکی خەتەرناکە بۆ سەرجەم کۆمەڵگەی کوردستان و هاوکاتیشە لەگەڵ بانگەشەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و فتوای مەلای مزگەوتەکان، بە دژی هەندێ لە نوسەران و مەڵبەندە ڕۆشنبیریەکان لە ئێستادا، بە ناوی پێشێل کردنی پیرۆزیەکانی ئسلام. گەرچی ترۆری سەردەشت عوسمان و فتوای ئیسلامی سیاسی دژی نوسەران و مەڵبەندە ڕۆشنبیریەکان لەلایەن دوو هێزی سیاسی جیاواز، بۆ ئامانجی جیاواز

و بەشێوازی جیاوازەوە ئەنجام دەدرێن بەڵام لە ناوەڕۆکدا هاوبەشن؛ کە ئەویش پەرەپێدانی فەزای ترس، دەم کوتکردنی هەر دەنگێکی نارازی، زاڵ کردنی کۆنەپەرستیەتی فکری، داسەپاندنی ئیستیبدادی بورژوازی و هەڵپێچانی ئەو فەزا نیمچە ئاوەڵا فکری و سیاسیەیە کە لەو دەرفەتە مێژووییەدا لە کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە.

ڕوو وەرگێران و ڕەخنەی ڕۆشنبیران و نوسەرانی ئازادیخواز، لیبرال و دیموکراتیخواز، گەرچی پەرەی داوە بە ڕەوینەوەی خۆشباوەڕی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بە دەسەڵاتی بورژوازی، حیزبی و میلیشیایی خۆماڵی، بەڵام لە هەمان کاتدا "ترۆری" شەخسیەتی سیاسی سەربەخۆی ئەوانیشی کردوە و کردونیەتە دەستمایەی ڕەوت و دەستە و تاقمی تری بورژوازی لە مامەڵەی نێوان خۆیاندا. ئەوەی کە لە ساڵی 2006 بەدواوە لە کوردستاندا دەگوزەرێت؛ پرۆسەیەکی یەکلایەنەی "ترۆری شەخسی" ڕۆشنبیران و "ترۆری قەڵەمی" نوسەرانی کوردستان نیە بە تەنها، بەڵکو پرۆسەیەکی دولایەنەیە و "ترۆری شەخسیەتی سیاسی" جەماوەررەی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانیشی گرتۆتە خۆ و لەم ڕێگەیەوە نارەزایەتیەکانی ئەم جەماوەرەی کردۆتە پاشکۆی ئاڵتەرناتیڤ و ڕەوتی ناسیونال-لیبرالی "لیستی گۆڕان" و بە دەوری ئەودا تەوەرەی پێ بەستوە.

لەبەرامبەر ترۆری قەڵەم و ترۆری شەخسی نوسەراندا، وێڕای ڕێکخراوبونی نوسەران و ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لە ڕێکخراوە و سەندیکای پیشەیی سەربەخۆی خۆیاندا لەدەرەوەی سەندیکا زەردەکانی سەر بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان؛ بەڵێ وێڕای ئەوە، ئەمە هێنانە مەیدانی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بەڕیزی سەربەخۆی سیاسیانەوە کە زەمانەتی داسەپاندنی یاسایەکی مۆدێرن، هاوچەرخ و ئازادیخواز دەکات لە بواری میدیاگەری و چاپەمەنیدا بەسەر حکومەتی هەرێمدا، کە ئازادی ڕێکخراو بون و ئازادی بیروڕا دەربڕین دابین بکات و بەر بەترۆری قەڵەم و ترۆری نوسەران بگرێت.

"ڕەوەند" ی سۆشیالیستی کرێکاری وێڕای پرسە و هاوغەمی کردنی بنەماڵە و کەسوکاری جوانەمەرگ سەردەشت عوسمان، هەروەها برادەران و هاوکارانی هاوپیشەی ئەو، بەدواداچونی ئەم تاوانە و ئاشکرا کردنی ئەنجامدەرانی وەک ئەرکێکی دەست بەجێی سەرشانی حکومەتی هەرێم و لایەنە بەرپرسەکان دادەنێت.

- نەنگ و شەرمەزاری بۆ ترۆر

- بژی ئازادی بێ قەید و شەرتی فکری و سیاسی

ڕەوەندی سۆشیالیستی کرێکاری

www.rewend.info

2010-5-7

**بانگاواز بۆ خۆپیشاندان لە شاری ستۆکهۆلم**

ماوەیەکە زەبروزەنگ و رفاندن و تیرۆری ڕۆژنامە نوس و لاوانی کورد ، گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار ، بەرادەیەک ڕۆژنامەنوس و خوێندکار سەردەشت عوسمان بەرۆژی روناک وبەرچاوی پاسەوانانی زانکۆ دەرفێرێت و دواتر لەچەندین پشکنینی دەزگا ئەمنیەکان تێدەپەرینرێت و لە یەکێک لەگەرەکەکانی موسل جەستەکەی بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە ، وەهەردوێنێیش لەشاری سلێمانی ، دوای تێپەرینی 10 رۆژ بەسەر رفاندنی لاوێکی 16 ساڵە لەشاری سلێمانی بەکوژراوی دۆزرایەوە .

بۆ ئەوەی پێش بەرفاندن تیرۆری لاوانی کورد بگرین ، ئێمە رۆژی دوشەم دەچینە پۆلیسی سوێد بۆ وەرگرتنی مۆلەتی خۆپیشاندان بۆ ڕۆژی شەممە 15-05-2010 ، هەر لایەن و رێکخراوێک دەیەوێت پێش بەپەیامی مەرگ و ترس بەرامبەر لاوان و ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بگرێت خۆشحال دەبین بە بەشداربونی

تێبینی دوای مۆلەتی خۆپیشاندانەکە ئەوکات شوێنی خۆپیشاندان و کاتژمێرەکە رادەگەیەنین

کۆمیتەی سوێدی چاودیری کوردۆساید

بۆ پەیوەندی تەلەفۆن 0735366757

ئیمەیڵ Chak_swed@yahoo.se

**سەنتەری میترۆ داوای نوێنەری رۆژنامەنوسان دەکات لەلیژنەی لیکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان) دەکات**

سلێمانی،9ی نیسانی 2010: سەنتەری میترۆ پێشوازی دەکات لەپێکهێنانی لیژنەی لێکۆلینەوەی تایبەت بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی قوتابی و ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، داواش دەکات نوێنەری رۆژنامەنوسان لەو لیژنەیە ببێتە ئەندام، دەرئنەجامی لێکۆڵینەوەکەش بۆ رای گشتی ئاشکرابکرێت.

رۆژی شەممە وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم رایگەیاند ، بەفەرمانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت لەوەزارەتی ناوخۆء دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا.

سەنتەری میترۆ وێرای پێشوازی لە فەرمانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی بکوژانی و ئاشکراکردنی بکەرانی تاوانەکە رایدەگەیەنێت"داوادەکەین نوێنەری رۆژنامەنوسان، لەو لیژنەیە ببێتە ئەندام."

سەنتەری میترۆ پێی وایە بۆ ئەم نیۆنەرایەتییە، بونی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنوسان و رۆژنامەنوسێکی بێلایەنی ناو رۆژنامەی ئەهلی، دڵنیایی زیاتر دەدات بە کارو جدیەتی لیژنەکە.

سەردەشت عوسمان (23ساڵ) دانیشتوی شاری هەولێربوو، قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی ئینگلیزی لەکۆلیژی زمان زانکۆی سەلاحەدین و کاری وەرگێرانی کردووە بۆ چەند رۆژنامەیەک و لە رۆژنامەی ئاشتینامە کاری کردوە. لەرۆژی 5/4 لە بەردەم زانکۆی سەلاحەدین فرێندراو دوای دوو رۆژ تەرمەکەی لە شاری موسڵ دۆزرایەوە.

سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکی لە رۆژنامەنووسان، رۆژی پێنج شەممەی رابردوو ئیدانەی تیرۆکردنی قوتابیء رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمانی کرد داوای لەبەرپرسانی لایەنی پەیوەندیدار کرد ئەنجامدەران دەستگیربکەن و رووبەرووی دادگا بکرێنەوە، هەروەک داوای لەرای گشتی کرد بێدەنگ نەبن بەرامبەر بەم تاوانە.

دەربارەی سەنتەری میترۆ:

سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکی لە رۆژنامەنوسان، رێکخراوێکی سەربەخۆی بێلایەنی قازانج نەویستە بۆ بەرگریکردن لە رۆژنامەنوسان و ئازادی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان. سەنتەری میترۆ لە مانگی ئابی ساڵی 2009دا دامەزراوە.

بۆ پەیوەندی و ناردنی زانیاری پەیوەندی بکەن بە:

رەحمان غەریب: 07701523300

مەریوان حەمەسەعید: 07701940930

**بەياننامەى ئيدانە و نارەزايەتى سەبارەت بە كوشتنى رژنامەنووس سەردەشت عوسمان**

کۆمەڵەی عەرەبی بۆ سەرخستنی مەسەلەی کورد لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکیان بۆ هاوپشتی ناردووە تیایدا دوای دەربڕینی خەم و نیگەرانی خۆیان بە بیستنی هەواڵی تیرۆرکردنی خوێندکار و ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ئیدانەی ئەم کارە ترسنۆکیە دەکەن و داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەن کە لێکۆڵینەوەی ورد لەم تاوانەدا بکات و ڕووە

شاراوەكانی ئەم تاوانە ئاشكرا بكات، وە تاوانباران راپێچی دادگا بكات تا حوكمی ئەم تاوانە دڕندانەیان وەربگرن.

هەروەها لە بەیانامەكەدا هاتووە كە ژیان و سەلامەتی هاوڵاتیان لە ئەستۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان دایە و هەر حكومەتیش بەرپرسە لە دابینكردنی سەلامەتی بۆ هاوڵاتیان.

ئەمەش دەقی بەیاننامەكەیە بە زمانی عەرەبی:

التجمع العربي لنصرة القضية الكردية

بيان إدانة واحتجاج لاغتيال الصحفي الكردي سردشت عثمان

علمنا ببالغ الحزن والأسف نبأ اغتيال الصحفي الكردي والطالب في كلية اللغات بأربيل السيد سردشت عثمان بعد أن اختطف من أمام كليته وأمام جمع غفير من طلبة الكلية من قبل مسلحين مجهولي الهوية. إن الأمانة العامة للتجمع العربي لنصرة القضية الكردية إذ تدين هذا الاغتيال الجبان تطالب الحكومة في إقليم كردستان العراق بالتحري الدقيق عن الجناة والكشف عن ملابسات الجريمة واعتقال المجرمين وتقديمهم للمحاكمة لينالوا جزاء جريمتهم البشعة.

لقد كان الهدوء والأمن والاستقرار في إقليم كردستان العراق وما زال مثار ارتياح وإعجاب الشعب العراقي وفي الخارج أيضا, وبالتالي فأن مثل هذه الأعمال يراد بها بث الرعب في نفوس الصحفيين الذين يتجرؤون على الكتابة الصريحة ضد الفساد والمفسدين من جهة, ولكنها في الوقت نفسه تساهم في الإخلال بالأمن والاستقرار الذي ينعم به الشعب في الإقليم من جهة أخرى.

إن حياة المواطنات والمواطنين أمانة في أعناق حكومة إقليم كردستان وهي المسؤولة عن ضمان الأمن لكل المواطنات والمواطنين, ولهذا نهيب بالمسؤولين في الإقليم الذين كلفوا بالتحقيق في الجريمة إلى بذل أقصى الجهود بما ينسجم مع التصريح الذي أدلى به السيد مسعود البارزاني, رئيس الإقليم, حيث أدان الجريمة وشجب مرتكبيها وشكل لجنة للتحقيق والكشف عن المجرمين, وكذلك مع البيان الذي أصدرته حكومة إقليم كُردستان بهذا الصدد, ونتمنى أن تكون هذه أخر جريمة ترتكب بحق الصحفيين وفي الإقليم عموما.

وإذ تقدم الأمانة العامة للتجمع تعازيها لذوي وزملاء وأصدقاء الشهيد, نرجو لهم جميعا الصبر والسلوان وللشهيد الذكر الطيب.

الأمانة العامة

التجمع العربي لنصرة القضية الكردية

2010/5/8

**كۆڕی ماتەمینی سەردەشت عوسمان لە مالمۆ**

ئەنجوومەنی گۆڕان لە باشووری سوید کۆڕێکی ماتەمینی بۆ تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس ( سەردەشت عوسمان) لە مالمۆ ساز دەکات.. کە هیوادارین کوردستانیانی باشووری سوید بتوانن ئامادەی کۆڕەکە بن وەک هەڵوێستێک بۆ ڕەتکردنەوەی تیرۆر و کوشتنی ئازادی لە کوردستان.

ئەنجوومەنی گۆڕان لە باشووری سوید کۆڕێکی ماتەمینی بۆ تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس ( سەردەشت عوسمان) لە مالمۆ ساز دەکات.. کە هیوادارین کوردستانیانی باشووری سوید بتوانن ئامادەی کۆڕەکە بن وەک هەڵوێستێک بۆ ڕەتکردنەوەی تیرۆر و کوشتنی ئازادی لە کوردستان.

ڕۆژی: هەینی 14.05.2010 – کات: 17.00 تا 19.00

شوێن: کۆمەڵەی کوردی مالمۆ

**لەشاری یۆتۆبۆری سوید،مەراسیمی ڕێزلێنان لە سەردەشت عوسمان بەڕێوەچوو**

ئەمڕۆ یەکشەممە 9–5–2010 لە شاری یۆتۆبۆری سوید مەراسیمێک بۆ بەرزو بەڕێزگرتنی گیان بەختکردووی ڕێگای ئازادی دەربڕین سەردەشت عوسمان بە ئامادە بوونی زیاتر لە 500 کەس بەڕێوە چوو.

مەراسیمەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕیزلینان لە یادی سەردەشت عوسمان و هەموو گیانبەختکردووانی ڕیگای ئازادی دەربڕین دەستی پێکرد، پاشان وتەی کردنەوەی مەراسیمەکە لە لایەن نوێنەری دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپشتی بەکر ئەحمەد خوێندرایەوە لە پاش ئەوە نوێنەری حزبە سیایەکان پەیامی خۆیان پێشکەش کرد ، نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕن لە شاری یۆتۆبۆری‌و ئەندامێکی کۆمیتەی ڕۆژئاوای سویدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پەیامیان خوێندەوە. لە پاش ئەوە شەماڵ علی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وتاری حزبی سەبارەت بە تاوانی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان پێشکەش کرد، هەروەها کامیلی شا محەمەدی لە کۆمەڵەی سۆشیال–دیموکراتی کورد لە سوید وتەیەکی پێشەکەش کردو لە پاش ئەوەش نوێنەرانی هەر یەک لە ڕیکخراوی پەنابەرانی بێسنووری ئێران، ڕێکخراوی دیموکراتی ئاشتی کەرکوک، خوێندکارانی پارتی

چارەسەری دیموکراتی کوردستان، خاچی سووری سویدی، لاوانی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕادیۆی دیالۆگو کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی پەیامی خۆیان خوێندەوە.

شایانی باسە سەرجەم قسەو باسەکانو پەیامەکان تەئکیدی لەسەر ئیدانەی توندی ئەم تاوانە تیرۆریستیەو خواستی ناساندنی تاوانکارانو ئەوانەی پاڵپشتیان کردووەو نەخشەیان بۆ کێشاوەو ئاسانکارییان بۆ کردووە، کردەوە.

مەراسیمەکە پاش نزیکەی دوو سەعات لە نێو فەزایەک لە توڕەییو بێزاریو جۆشو خرۆش بۆ سازدانی چالاکی تری نارەزایەتی بەرامبەر بەم تاوانە تیرۆریستییە کۆتایی هات.

**یاداشت ...فراکسیۆنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردوستان**

دوایی ئەوەی (سەردەشت عوسمان) ی تەمەن (23) ساڵ وقوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی ئینگلیزی لەکۆلیژی زمان لەزانکۆی صلاح الین ورۆزنامە نوس لە رۆژنامەی (ئاشتی نامە) لەبەردەم کۆلیژی ئاداب لەهەولیر فرێنرا وبەکوژراوی لەشاری موسڵ تەرمەکەی دۆزرایەوە.

ئێمە لەفراکسیۆنی یەککرتووی ئیسلامی کوردستان لەبەرلەمانی کوردستان زۆر بەتوندی ئیدانەی ومەحکومی ئەم کارە تیرۆریستیە دەکەین وبەزەنگێکی مەترسیداری دەزانین بۆ سەر ئاسایشی هاوڵاتیانی کوردستان وئەم دەرکەوتەتازەیە سیستەم ودەزگاکانی ئاسایشی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆیە داوا لەدەزگاکانی ئاسایش وپۆلیس وسەرجەم بەرپرسان ولایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کەبەزوترین کات بەدواداچونی ورد بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن وئەنجامدەرانی بدۆزرێنەوەو بدرێنە دادگا بۆ بە سزاگەیاندنیان.

فراکسیۆنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردوستان

لەپەرلەمانی کوردستان

2010\5\6

**بە ناوی کۆمەڵەی ڕوناکبیرانی سەربەخۆ لە بەریتانیاوە تیرۆری ڕەش بۆ سەر دەنگ و ڕەنگی ئازاد شەرمەزارو مەحکوم و ئیدانە دەکەین ..**

نەفرەت لەو دەسەڵاتەی لە بەرگی حیزبایەتی و سیاسەتی بنامەڵەدا، دژ بە پرەنسیپی ئەخلاقی و کۆمەڵگای مەدەنی و دادگا، بە دەمامکی ڕەش و بیری تەسک و عەقڵێکی خێڵەکی و دواکەوتوە تیرۆری دەنگ و سەدای ئازادی و ڕۆژنامەگەری دەکەن .. نەفرەت لە بکەرانی ئەو دەسە ڕەشەو، بکەرانی ڕیسوا و شەرمەزار دەکەین .

ئێمە، وەک بەشێکی زۆر لە ڕوناکبیران و نوسەرانی ئازاد، لە وڵاتی بەریتانیا، وەک چۆن هەمیشە خۆمان بە بەرپرسیار زانیوە، لە ئاست سەرجەم کێشە نەتەوەی و نیشتمانیەکانماندا، و لە گەڵ ئەوەی کە هەمیشە سەرسەختانە و بە تواناو بیرو باوەڕی نیشتمان پەروەریەوە، لە هەوڵی بە دیموکراتیزەکردنی نیشتماندا بوین، و کۆشش و خەباتمان کردوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی خاوەن دەنگ و ڕەنگی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بێت، ئێمە وەک ئەو ڕێژە بەرچاوەی ڕوناکبیرانی بەریتانیا، لە گەڵ ئەوەی سەرسەختانە، بکەرانی و بەرپرسانی ئەو کارە تیرۆریستیە، دژ بە خوێندکارو ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، ئیدانەو شەرمەزار دەکەین، دەنگمان دەخاینە پاڵ سەرجەم ئەو ڕێکخراو کۆمەڵگا مەدەنییانەی کە داکۆکیکارێکی ڕاستگۆ و بوێرن بۆ بە دادگای گەیاندنی بکەرانی ئەو کارە ناشارستانی دزێو نا مرۆییو و تیرۆریە!

وە هەر لێرەشەوە ڕایدەگەیەنین، دەبێت خەڵکی بە شەرەفی کورد، لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانیشدا، بێدەنگ نەبن و بێدەنگی نەنوێنن، تیرۆرو لە ناو بردنی تاکی کورد، بە شێوەی ترساند و تۆقاندنی کەسی ئازاد و خاوەن مۆڕاڵ و ئازادیخواز، ئاوات و مەبەستی دەسەڵاتدارانی ئەو هەرێمەیە، کە لە نیشتمانی هەمومانەوە بۆتە دو ناوچەو دو ماڵبات بۆ دەسەڵاتدارانی ئەو هەرێمە، کە لە ژێر جەتری سیاسەتدا، هەڕەشەو تۆقاند و تیرۆو لە ناوبردنی ئەو دەنگەنەیان کردۆتە ئامانج کە لە هەوڵی جوان کردنی کۆمەڵگاکەی کوردیدان، دەنا، بەو شێوەیەی کە ڕۆژنامەنوس و خوێندکار سەردەشت عوسمان فڕێندراوەو لە پاشاندا تیرۆر کراوە، ئە گەر دەستی دەسەلات و دەزگایەکی حیزبی لە پشتەوە نەبێت، ئەوە سەرجەم بەڵێن و پەیمانەکانی ئەو سیاسیانەی هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارو گومانەوە، لە کاتێکدا ئەوان باس لە دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و ئاسایش و بەر قەراری دادگا دەکەن، .

ئێمە لەم بانگەوازنامەیەماندا، کە داوا لە سەرجەم روناکبیران و ڕۆشنبیرانی کورد دەکەین لە هەر کۆیەکی ئەم جیهانەدا هەن، داوا لە سەرجەم ئازادیخوازان و کەسی ئازاد و ڕۆشنفیکر

دەکەین، کە لە ئاست ئەم کارە ڕەش و دژ بە مرۆڤایەتیە، کە دەرهەق بە پێنوس و کەسێکی ئازاد کراوە، بێدەنگ نەبن وخاوەن ویژدان و دەنگی ناڕازایەتی بن.

ئێمە لە کاتێکدا پرسەو سەرەخۆشی خۆشمان ئاراستەی کەس و کار و هاوڕێ و هاوپیشەو هاو خەباتی شەهیدی پێنوس کاکە سەردەشت عوسمان دەکەین،

داواش لە سەرجەم لایانە پەیوەندیدارو بەرپرسیارەکان دەکەین کە بە زوترین کات بە دواداچون و لێکۆڵینەوە لەم تاوان وتیرۆرە بکەن و بکەرانی ئەو دەستە ڕەشەو بەرپرسانی ئەو جەهالەتەی وەک شەمشەمەکوێرە، لە تاو ڕوناکی و دەنگ و ڕەنگی ئازادی پێنوسی ئازادا چاوی هەڵنایەت و هاناو هەنگاو بۆ گوللەو تفەنگ و تیرۆ دەبات، بداتە دادگاو لە دادگایەکی عادیلاندا، شەمەزارو ڕیسوا بکرێت! .

بژی ئازادی

بژی یەکسانی و داد پەروەری

بەڵی بۆ پێنوس و ویژدانی زیندو، دیدی نوێ

بەڵێ بۆ خەباتی ڕوناکبیرو بیری ئازاد

نەفرەت لە جەهالەت و تیرۆر

نەفرەت لە بکەرانی دەستی ڕەشی بکوژانی پێنوسی ئازا و ئازاد

کومەڵەی ڕوناکبیرانی سەربەخۆی کورد_بەریتانیا

لەندەن – 2010/5/6

**نووسەرو رۆژنامەنووس و هونەرمەندان و رۆشنبیرانی و ئەنجومەنی شاری خانەقین تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان شەرمەزاردەکەن**

دووبارە پاش هەڕەشەی کوشتن، دەستی تاوانی ڕێکخراو دەگاتە سەردەشت عوسمان (رۆژنامەنووس و خوێندکاری ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین/شاری هەولێر) . ئەم تاوانە پەیامێکی دیکەیە بۆ تۆقاندنی قەڵەم بەدەستان و بڵاوکردنی کەشوهەوای ترس و کپکردنی دەنگی ئازادی رادەربڕین.

ئێمە وێرای ئیدانەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان داوا لە بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین بەدواچوون بۆ دۆزینەی تاوانباران بکەن و داوا لە گشت خاوەن ویژدانێک دەکەین چیتر بێدەنگ نەبن و بەر بەم کارە وەحشیگەرییە بگرن

لە ئێمە لە قوڵایی دڵمانەوە پرسەباری خۆمان دەردەبڕین و یەک بە یەکی کەسوکارو هاوڕێ و هاوپیشەکانی شەهیدی قەڵەم لە ئامێزدەگرین و سەری رێزو حورمەت دادەگرین!

بژی دیالۆک و مافی ئازادی بیروبۆچوون!

1- سەلام عەبدوڵڵا 2- وەلی شەریف3- عومەر مەنسوور (رێکخراوی فریاکەوتنی مرۆیی) 4-سیروان محمود5-گۆران جەبار وەهاب، 6- ساڵح ئیبراهیم 7- سەفا سەباح8- حامد وەلی 9- بورهان عزەدین10- کۆمەڵەی گەشەپێدانی ئەرتەمیتا11- ئیبراهیم باجەڵان12- عەباس حەمید13- ئەمەل باجەڵان14-حەبیب فەرەج15-زاهر خەلیل16- تالیران عەبدوڵڵا17-یەکێتی مافپەروەرانی خانەقین 18-مافناس ماجد تاهر19- رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی20- ففەرمان خێڵانی21-تەها باجەڵان22-ئەحمەد مەشەی23-ئەمەل مەولود24-مامۆستایان و خوێندکارانی کۆلیجی ئاداب25- پەیمانگاکان، رێکخراوی لاوان و ناوەندی رێکخراوە دیموکراتییەکانی خانەقین26-ویئام جەلال27-رادیوی ئەڵوەن28حەیدەر ئەسەدی29-محەمەج عەدنان30-جوان خانەقینی 31-عەدنان مەنسور (جێگری سەرۆک ئەنجومەنی شاری خانەقین) 32- محەمەد حەسەن (قائیمقامی قەزای خانەقین) 33-باسل یەحیا

**لەکۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانەوە بۆ گیانی پاکی کاکە سەردەشتی خاوەن قەڵەم**

ئێمە وەک لقی هەندەرانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان نەک هەر دژی ئەو کارە قیزەونەین بە ڵکو نەفرەت لە ئەنجام دەرانی ئەکەین و خاوەنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە دڵنیا ئەکەینەوە کە هەرگیز ناتوانن قەڵەمەکان کۆتو زنجیر بکەن بەو جۆرە تۆقاندنە بەڵکو زیاتر ڕقی تۆڵە سەندنەوە ئەوەندەی تر زیاد ئەکات و وەک گڕکانێک بەڕوتاندا ئەتەقێتەوە، وە دڵنیاین کە ناتوانرێت ئەو تاوانە گەورەیە بشارێتەوە ئەمڕۆبێت یان سبەی بۆ خاوەن قەڵەمەکان دەرئەکەوێت و ئەوکات ئەبێ بە هێزو بازوی گەل ملکەچی بەردەم دادگای دەکەن و ڕیسوای هەتاهەتای دەکرێن.

ئێمەی پێشمەرگە دێرینەکان خەباتمان کرد بۆ ڕزگار کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت چینی ڕۆشنبیران و خوێنکاران و نوسەران و هونەرمەندان کە بەو پەڕی ئازادییەوە ئەسپی خۆیان تاو بدەن لە مەیدانی ئازادی کوردستاندا و بە بەرهەمە جوانەکانیان خزمەتی

پرۆسەی دیموکراتی گەلەکەمان بکەن و لەگەڵ دونیای پیشکەوتوودا هەنگاو بنێین.. ئێمە ڕامان وایە بکوژانی کاکە زەردەشت ئەوەندە ڕەفتارەکانیان ناشیرینە لەترسی کردەوەکانیان لەبەردەم نوسەران و ڕەخنەگران بە کوشتن بەرگری لە خۆیان دەکەن بۆ شاردنەوەی بەد ڕەوشتییەکانیان بەڵام دڵنیابن بەو رەفتارانەتان ئەوەندەی تر نوقمی زەلکاوی خیانەت ئەبن.

تۆ شەهیدیت و بکوژانیشت خائین ! بۆیە جارێکیتر نەفرەت لە بکوژانی زەردەشت و لە تۆقێنەرانی ڕۆژنامە نوسان.

سەلاح حاجی حسێن – لقی هەندەرانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

سوید 2010/5/8

**تیروری سەردەشت عوسمان : جنایەتیکی تر لەژیر سایەی "حکوومەتی" هەریمی کوردستان دا**

روژی چواری مانگی ئەیار تاقمیک چەکدار لەبەر چاوی خەلک و پولیس و بەروژی روناک سەردەشت عوسمان لەشاری هەولیر بەزوری چەک دەفرینن و بەزخت و زور لەو شوینەی دور دەخەنەوە،و دو روژ دوایی تەرمی ناوبراو لەشاری موسل دەبین ری تەو ە.

سەردەشت عوسمان روژ نامەنووس و ئازادیخووازی دژ بەسیستەمی گەندەلی سەرمایەداری لەکوردستان بو. یەکیک بوو لە و لا وانەی کەبە قەلەمی بەهیزو و تەی کار یگەری لە دژی زولم و زور لەئاستی عیراق و کوردستان بە هەلسوراوی دژ بە، نا بەرابەری و زەخت و زوری سیاسی و کومەلایەتی دەناسرا. لە دیفاع لەکریکاران ، ژنان و چینی ژیر دەست و مافی ئازادی لەکو مەلگا ی کوردستان، وەکوو رەخنەگریی توندو تیژ و تیشک خستنەسەر راستیەکان سەرنجی گشتی راکیشابو.

وتار و نوسراوەکانی سەردشت عوسمان لەزوربەی سایت و روژنامە ناسراوەکانی ناوچەدا بلاو ئەکرایەوەو روژ لەگەل روژ کاریگەری قەسەکانی بەر چاو تر دەبو .

دەسەلاتی ناوچەکە، کە تەحەمو لی بیرو بوچونی جیاواز و دژ بەخوی هیچکات نەکردووە، بەشیوەی جوراوجورو راستەوخو و ناراستەوخو ریگا بو ئەم چەشنە تیرورانەی خوش کردووە و بە تیرور و رەشەکوژی دەست دەبات .

ئەو تیروریستانەی کەگیانی سەردشت یان گرت ئەو هەلو مەرجەیان بو رەخساوە تا ئەم جنایەتە بخولقینن و دەنگیکی رەسای ئازادیخوازی و دیفاع لەچینی کریکار خاموش بکەن .

کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری– حکمەتیست  لەگەل مەحکوم کردنی ئم جنایەتە دەنگی نارزایتی خوی لەگەل کومەلانی خەلکی کوردستانی عیراق و هەموو ئەوانی کەسەردەشت عوسمانیان بەنوینەری دەنگی نارزایەتی خویان دەزانی دەر دەبری و خوی بەشەریکی غەمی ئەوان دەزانی و بەتایبەت لەبنەمالەی سر دەشت عوسمان سەر خوشی دەکات.

بو راوەستان دژ بەرەشەکوژی و تیروری روژنامەنوسان و کریکاران و خەلکی ئازادی خواز دەبیت ئیعترازی گشتی دەر برین . دەبیت خوازیاری ناساندن و سزادانی فەوری جنایەتکارانی ئەم کردەوە دژ بەئینسانیەبین و ئم تیروریستانە بە خەلک بناسرین .

کومیتەی کوردستانی حیزبی کومونیستی کارگەری – حیکمەتیست

مانگی مە2010

**تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان ی ڕۆژنامەنووس بە توندی مەحکوم دەکەین!**

بەپێی هەواڵەکان ڕۆژی 4ئایار سەردەشت عوسمان کە خوێنکاری کۆلێجی ئەدابی زانکۆی سەلاحەدین و ڕۆژنامەنووس بوو لەلایەن باندێکی چەکدار وبە بەرچاوی خەڵکەوە لەبەردەم کۆلێژەکەی دەرفێنرێت دوای دوو ڕۆژ لە 6ی ئایاردا تەرمەکەی لەدەوروبەری شاری موسڵ دەدۆزرێتەوە. سەردەشت عوسمان ناوێکی خوازراوە کە ئەم قەڵەم بەدەستە لاوە بۆ خۆی بەکاری هێناوە، لەچەندان سایت و ڕۆژنامەدا نووسینی بڵاوکردوەتەوە، جەند جارێک تەهدید ڕاستەوخۆ کراوە و کۆلیج و پۆلیسی لێئاگادارکردوەتەوە، بەڵام ناوی خوازراویش نەیتوانی گیانی لە تیرۆری تیرۆرستان قوتاربکات.

ئەم شێوە تیرۆرکردنە لەکوردستان دەمێکە درێژەی هەیە لەماوەی دەسەڵاتی یەکیتی و پارتیدا بەدرێژای دوو دەیە هەمیشە گیانی ئازادی خوازان وقەڵەمەم بەدەستان لەبەردەم خەتەری ئەم شێوەیە لەتیرۆرکردندا بووە. لەتیرۆرکردنی نەزیر عومەرەوە تا دەگای بە ڕەوف کامل و ئەبو نەستر و بەکر عەلی تا دەگات بە سۆرانی مەمە حەمە و عەبدستار تایر شەریف، هەروەها تۆقاندن و دەست وپێ شکاندنی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان کارنامەی ڕەشی ئەم دەسەڵاتە بووە لەبەرامبەر ئازادی دەربڕین ئازادی ڕۆژنامەنووسیدا.

تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بەم شێوە دڕندانەیە و بە ڕۆژی ڕوناک حکومەتی هەرێم و بە تایبەت پارتی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەوە و ئەبێ بەرپرسانی هەرێم وەڵامی خەڵکی کوردستان بدەنەوە تیرۆرستان ئاشکرا بکەن. هەروەها ئەوان کە خۆیان داسەپاندوە بە وێنەی دەسەڵاتی کوردستان بەرپرسیارێتی ئاسایشی خەڵک لە ئەستۆیانە.

ئێمە سەرەڕای مەحکوم کردنی ئەم تاوانە بێشەرمانەیە ، سەرەخۆشی دەکەیـن لە بنەماڵەی سەردەشت عوسمان. و بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەین بێدەنگ نەبن لەم تاوانە و بە هەموو شێوازێک نارەزایەتی دەرببڕن بە خۆپێشاندان وکۆبوونەوە و دەرکردنی بەیانامەی دەستەجەمعی، تا گرتن و دادگایی کردنی تاوانباران، نابێ چیتر ڕێگا بدرێت بە جوانەمەرگکردنی سۆرانەکان و سەردەشتەکان.

ڕیسوایی بۆ تیرۆرستان

بژی ئازادی ڕا دەربڕین و ڕۆژنامەنووسی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق

7ئایاری 2010

**بێدەنگ نابین**

بەمەبەستی دەربڕینی نارەزایەتیو ئیدانەکردنی تیرۆری رۆژنامەنووسو خوێندکاری گەنج کاکە سەردەشت عوسمانو لەژێر دروشمی [بێدەنگ نابین]، بانگەوازتان دەکەین کە لەکاتژمێر 4ی ئێوارەی رۆژی چوارشەممە بەرواری 2010/5/12 لەخۆپیشاندانی جەماوەری شاری سلێمانی بەشداری بکەن،

بانگەواز بۆ بەشداری لەخۆپیشاندانی دژ بەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان

بەمەبەستی دەربڕینی نارەزایەتیو ئیدانەکردنی تیرۆری رۆژنامەنووسو خوێندکاری گەنج کاکە سەردەشت عوسمانو لەژێر دروشمی [بێدەنگ نابین]، بانگەوازتان دەکەین کە لەکاتژمێر 4ی ئێوارەی رۆژی چوارشەممە بەرواری 2010/5/12 لەخۆپیشاندانی جەماوەری شاری سلێمانی بەشداری بکەن، کە لەباخی گشتی شاری سلێمانییەوە دەستپێدەکات.

بەشداریتان بەڵگەی پەرۆشیتانە بۆ داکۆکی لەئازادیو ژیانی خۆتانو منداڵانتان.

لیژنەی ئامادەکاری هەفتەچالاکی لەدژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان.

**بۆ كۆميونتى كوردى لە ئوستراليا – سدنى**

**بەڕيزان :هەروەک زۆربەمان دەزانين لە چەند ڕۆژى ڕابردووا، ناڕەزايەتى خەڵكى لە ناوەوەو دەرەوەى كوردستان، بە شيوازى جۆراو جۆر شەپۆڵ دەدات، لە بەرانبەر دەسەلآتى سياسى كوردستان بە گشتى و پارتى ديموكراتى كوردستان بە تايبەتى، بەهۆى تيرۆر كردنى سەردەشت عوسمانى خويندكارى زانكۆى سەلاحەدين و ڕۆژنامەنوس لە ڕۆژى 6ئەم مانگەدا.**

**بۆيە ئيمەش وەک كۆميونتى كوردى لە ئوستراليا بۆ بەرگرى لە ئازادى سياسى و ڕادەربڕين و سەركۆنەكردنى ئەو تاوانە سياسى يە پيويستە دەنگى ناڕەزايەتى خۆمان بگەيەنين بە ڕاى گشتى كوردستان وئوستراليا و جهان .وە فشار بينين بۆ سەر دەسەلآتداران لە كوردستان تا بكوژانى سەردەشت عوسمان بدۆزنەوەو دەسگير و ئاشكرا بكرين و بە سزا بگەيەنرين.**

**بۆئەم مەبەستە ئەمڕۆ كۆمەڵێ لە ڕۆشنبيران و هەڵسوراوانى سياسى كۆبونەوەيەكيان سازدا لە كاتژميرَ 5 ئيوارەدا .وە لە ئاكامى گفتوگۆيەكى كراوەدا بڕيار درا كە بانگەوازى كۆبونەوەيەكى تر بكريت تا هەرچى زياتر خەڵكى بەشدارى بكات بۆ بڕيار دان لەسەر هەر شيوازيكى چالاكى ناڕەزايەتى كۆمەلآيەتى بەرفراوان تا فشارى زياتر بخريتە سەر دەسەلآتداران لە كوردستان و پەيوەست بوون بە ڕيزى ناڕەزايەتى ئازاديخوازانەى خەڵكى لەسەر هەمو ئاستەكان.**

**دوبارە بانگەوازى هەموو لايەک دەكەين بۆ بەشدارى كردن لە كۆبونەوەى داهاتوو بە پيى كات و شوينى خوارەوە:**

**ڕۆژى يەک شەممە 16–5–2010– كاتژميرَ 5 ئيوارە لە**

Start Community Center

The Horsely Dr – Carramer 168–152

**بۆ زانيارى زياتر تكايە پەيوەندى بەم ژمارە تەلفۆنانەوە بكەن:**

0421170966–0423328191

**كۆمەڵيک لە ڕۆشنبيران و هەڵسوڕاوانى سياسى**

2010–5–9

**ئاكسيۆنيک لە هيلسنكى**

بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی تیرۆرو ئینسان کوژی و راوەستانەوە بەرووی سەرکوت و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان، بەمەبەستی داکۆکیکردن لە ئازادیی هەلسورانی سیاسی و ئازادی بیروراو رۆژنامەگەری با هەموومان پیکەوە دەنگی نارەزایەتی هەڵبرین!

**ئاکسیۆنێک لە هێلسنکی**

با لەدژی تیرۆری سەردەشت عوسمان دەنگی نارەزایەتی هەڵبرین!

- بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی تیرۆرو، ئینسان کوژی و راوەستانەوە بەرووی سەرکوت و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان،
- بەمەبەستی داکۆکیکردن لەئازادیی هەلسورانی سیاسی و ئازادی بیرو راو رۆژنامەگەری و
- بۆ ئیدانە کردنی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان

با هەموومان پیکەوە دەنگی نارەزایەتی هەڵبرین!

بانگەوازتان دەکەین بۆ بەشداریکردن لەئاکسیۆنی نارەزایەتی جەماوەری لەبەردەم سەفارەتی عێراق لە هلسنکی

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان – کۆمیتەی فنلاند

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:

مستەفا باهر: 0445010754

شوین: لەبەردەم ئێزگەی میترۆی کولۆساریKulosaari کۆدەبینەوە پاشان بەروە سەفارەت بەرێ دەکەوین.

کات: رۆژی چوار شەمە بەرواری 12.5.2010 کاتژمیر 15

**نارەزایەتی لە دژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان لە نەرویج**

لە پێناو ئیدانەکردنی تیرۆری سەردەشت عوسمان , لە پێناو داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و رەخنە و ئازادی سیاسی , وەرن پێکەوە دەنگی نارەزایەتی هەڵبرین

لە پێناو داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و رەخنە و ئازادی سیاسی

وەرن پێکەوە دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕین

بانگەوازتان ئەکەین ڕۆژی 4 شەممە، ڕێکەوتی 12.05.2010 کاتژمێر 5 بۆ 7 ی ئێوارە لە بەردەم پەرلەمانی نەرویجیدا لە کۆبوونەوەی نارەزایەتیدا بەشدار بن. لە دوای کۆبوونەوەکە یاداشتێک ئەدرێ بە پەرلەمانی نەرویجی تا لە ڕێی ئەوانەوە داواکاری و نارەزایەتی خۆپیشاندەران بگەیەنرێ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

ئەو لایەنانەی کە بەشدار ئەبن و ئەیانەوێ ووتەیان هەبێ ئەتوانن پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفون و ئیمەیڵەی خوارەوە:

47276028، یان 91114116

wpk.norway@gmail.com

**بێدەنگ نابین، لەماف و ئازادی خۆمان خۆش نابین**

نارەزایەتی و خرۆشانی ڕۆژنامەنوسان، ئازادیخوازان و خەڵکی ئازادیخوازو لایەنە سیاسیە ئازادیخوازەکان دژی تیرۆری ڕۆژنامەنوسی لاو "سەردەشت عوسمان" لەپەرەسەندندایە و بەپێچەوانەی پەیامی تیرۆیستان و ئەو لایەنەی لەپشتی ئەم کارە قێزەوونەوە وەستاوە رای گشتی کوردستان بۆ یەکەمجار لەمێژووی خۆیدا بەدژی ئەم کارە بەشێوەیەکی زۆر فراوان خرۆشاوەو هاتۆتەمەیدان.. هەڵبەت تیرۆر درێژکراوەی سیاسەتە بەشێوە توندوتیژەکەی، پەیامی تیرۆری "سەردەشت عوسمان" ئەوەبوو خەڵک بێدەنگ بێ، بتۆقێ، لەترسی ئەمنیەتی گیان و سەلامەتی خۆیء خێزانء بنەماڵەکەی ملکەچی هەموو ئەو سیاسەت و بەرژوەندیانە بێت کەدەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە بەسەریدا دەسەپێنن، ئەم پەیامە گەیشت و بەبەرچاوی خەڵکی کوردستانەوەو بەرۆژی روناک سەردەشت تیرۆرکرا.

بەڵام بەپێچەوانەی پەیامء سیاسەتی قێزەوونی ئەوانەوە خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەنوسان، خوێندکاران، ئازادیخوازان و لایەنە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەکان بێدەنگ نەبوونء بێدەنگیش نابن، ملکەچ نەبوونء هەرگیز ملکەچی سیاسەت و بەرژوەندی بۆرژوازی و چاوچنۆکانەی ئەوان نابن، 7 رۆژی تەواوە شەقام و رای گشتی کوردستان خرۆشاوە، گەرووی ئەم هەرێمە پڕبووە لەدەنگی ووشەو ئازادی، نارەزایەتیەک تەواونەبووە چەندین نارەزایەتی تر ڕێچکەدەبەستآ. ئیتر پەیامی خەڵکی کوردستانیش گەیشت: "ئێمە بێدەنگ نابین.. لەمافء ئازادیء هەقی خۆمان خۆش نابین".

گەیشتنی ئەم پەیامەی خەڵکی کوردستان بەحزبە قەومیە بۆرژوازیە دەسەڵاتدارەکانی ئەم هەرێمە تابێت گرنگی زیاتر دەبآ چونکە ئەوان لەبنەڕەتەوە نیشانیانداوە بڕوایان بەو ماف و

ئازادیانە نیە، بەهەر شێوەیەک بۆیان بکرێ پێشێلی دەکەن، ئەوان هەر لەهەفتەی یەکەمی دەسەڵاتداریێتی خۆیان لەم هەرێمەدا، واتە لە16 ئازاری ساڵی 1991دا، یەکەمین سەرکوتی خۆیان بەپەلاماری شورا کرێکاریء جەماوەریەکانی راپەڕین دەستپێکرد، لەو کاتەوە 19 ساڵی تەواوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتء قۆرخکردنی سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایە بۆ خۆیانء بنەماڵەء سەرمایەو کۆمپانیاکانیان درێغیان لەپەلاماری ئازادی نەکردوەو دەستیان لەئۆپۆزسیۆنی چەپء کۆمۆنیستء راونانء تیرۆرکردنیان نەپاراستووە، ماوەی چەند ساڵێکی بەردەوامیشە پەیتا پەیتا هێرش دەکەنە سەر رۆژنامەنوسانء میدیا سەربەخۆکانء بەتیرۆرو دەسگیرکردن و ئازاردان و پەلکێشانیان بۆ دادگاکان و....تاد وەڵامی ووشەی ئازادیان داوەتەوە..

ئەم پەلامارو هێرشانە هیچیان نە لەرابردوودا و نەئێستاش بەبێ وەلام تێپەڕنەبوون. بەتایبەتی ماوەی 7 رۆژە وەڵامێک بەدەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە دراوەتەوە و بەجۆرێک بەرەو ڕووی لێپرسراوێتی لەپاراستنی ئازادی و ئەمنیەتی خەڵکی کوردستان کراونەتەوە کەهیچ رێگاچارەیەکیان نەماوە جگە لەوەی پاشەکشە بکەن و مل بدەن بەداخوازی و داواکاریەکانی خەڵک.

ئێمە وەکو یەکێتی کۆمۆنیستەکان چ پێشترو چ ئێستاش رایدەگەیەنین پشتیوانی تەواو لەو داخوازیء داواکاریانە دەکەین لەچەشنی: دۆزینەوەی تاوانبارانء تیرۆریستانء سپاردنیان بەدادگای تاوانەکان بەشێوەیەکی ئاشکراو بەئامادەبوونی هەموو میدیا ناوخۆییء جیهانیەکان، دەست لەکارکێشانەوە وەیان لابردنی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، لێپێچینەوە لەبەرپرسی دەزگا ئەمنیء هەواڵگریەکانی زاڵ لەشاری هەولێردا بەتۆمەتی کەمتەرخەمی و وە...تاد.

جگە لەمانە و لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە سووربن لەسەر ئەو سیاسەتانەو وەڵام بەو داخوازی و داواکاریانە نەدەنەوە ئیتر خەڵکی کوردستان و میدیاکان و رێکخراوە مەدەنی و سیاسیەکانی ئەم هەرێمە ناچارن گوشارو نارەزایەتیەکانیان فراوانتربکەنەوەو خوازیاری رێگاچارەی تر بن لەچەشنی دروستکردنی لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بێلایەن بن بۆ لێکۆڵینەوە لەو رووداوە تیرۆریستیەو دۆزینەوەی تاوانبارانء دەسنیشانکردنی ئەو لایەنەی لەپشتیەوە راوەستاوە.

بەرزو بەرێزبێت ئازادی

بژی سۆشیالیزم

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق

12 ئایاری 2010

**بۆ ئەوەی، بەر بە شەپۆلی ترس وتیرۆر ی دژ بە ئازادی باوەڕو نووسین و ڕاو بۆچوون بگرین!**

بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی تیرۆرو ئینسان کوژی و راوەستانەوە بەرووی سەرکوت و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان، بەمەبەستی داکۆکیکردن لەئازادیی هەلسورانی سیاسی و ئازادی بیرو راو رۆژنامەگەری، بۆ ئیدانە کردنی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان

بۆ ئەوەی، بەر بە شەپۆلی ترس وتیرۆر ی دژ بە ئازادی باوەڕو نووسین و ڕاو بۆچوون بگرین!

بۆئەوەی ،یەکدەستیمان یەکخەین دژ بە تیرۆری ' سەردەشت عوسمان"

بەیەکەوە ،دەنگ هەڵبڕین!

- بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی تیرۆرو ئینسان کوژی و راوەستانەوە بەرووی سەرکوت و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان،
- بەمەبەستی داکۆکیکردن لەئازادیی هەلسورانی سیاسی و ئازادی بیرو راو رۆژنامەگەری،
- بۆ ئیدانە کردنی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان

با هەموو مان پیکەوە دەنگی نارەزایەتی هەڵبرین

بەم بۆنەوە بانگەوازتان دەکەین بۆ بەشداربوون لەکۆبوونەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەبەردەم نوسینگەی ئەمنیستی ئەنتەر ناسیونال.

کات/ ڕۆژی هەینی – 2010/5/14 کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆ

شوێن/Dundonald 14 .yonge St ( .Dundonald St)

لە ریگای ئەم نارەزایەتیەوە، یاداشتی ئیدانەکردنی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان ئاراستەی دەسەلاتداران ئەکری و داوادەکرێ کە:

1- دەسەلاتدارانی هەولیر،بەرپرسیاریتی روودانی ئەم تاوانە لەئەستۆ بگرن و دەستبەجێ لێکۆڵینەوە وبەدواداچونی بۆبکەن،لەلایەن لیژنەیەکی "بێلایەن" و ئەنجامدەرانی تاوانەکە بۆ رای گشتی ئاشکرابکەن و تاوانباران بە سزای شایستەی خۆیان بگەن.

2- دەسەلاتدارانی کوردستان پابەندبوونی خۆیان بەپاراستنی ئازادیەکان وگیانی هەلسوراوانی سیاسی و رۆژنامەگەری رابگەیەنن و هەنگاوی بەکردەوە بنێن بۆ ریگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی تیرۆرو ئینسان کوژی لە کوردستان.

باهەموو پێکەوە بۆ بەرگری لە ئازادی و پێشگرتن بە تیرۆری ئازادی دەنگمان یەکبخەین و بێینەمەیدان!

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیمان لەگەل بگرن

6093-789 (647)

L416) 877-3577

(هەر کەس ولایەنێک دەتوانێت ناوی خۆی زیاد بکات و کراوەیە و بێ قەیدو شەرتە)

کەمپینی دژی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان لە کەنەدا

**خۆپیشاندان لە هێلسنکی**

بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە خەڵک و هەڵسووراوانی ئازادیخواز ، بۆ ئیدانەکردنی تیرۆری سەردەشت عوسمان و لە ژێر دروشمی "دەسەڵاتدارانی هەولێر بەرپرسن لە تیرۆری سەردەشت عوسمان" دوانیوەڕۆی ئەمرۆ چوارشەممە خۆپیشاندان لە هێلسنکی دەستی پێکرد.

لە خۆپیشاندانەکەدا، کە دواتر لە بەردەم باڵوێزخانەی عێراق کۆبۆوە، کۆمەڵێ دروشم لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دەوترانەوە، کە تێیاندا ئیدانەی تیرۆری دەکرد. هەر یەک لە مستەفا باهر، بەرپرسی کۆمیتەی فنلاندی حزبی کۆمۆنیسی کرێکاریی کوردستان، عەباس شوان ڕۆژنامەنووس، ڕێبوار عارف، لە لایەن فیدراسیۆنی پەناران، ڕەزا کەمانگەر لە لایەن حزبی حکمتەیستەوە و هەردی فەتاح لە لایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە وتەیان پێشکەش کرد.

لە کۆتایشدا یاداشتێک لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە ئاڕاستەی باڵوێزی عێراق کرا تا بیگەێنێتە مسعود بارزانی. بە وتنەوەی دروشم خۆپیشاندانەکە کۆتایی هات.

**کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەدژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس " سەردەشت عوسمان" لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو**

وتاری یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەو مەراسیمەدا لەلایەن" هاوڕێ عەلی مەولود، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی خوێندرایەوە،

ئەمڕۆ رێکەوتی 11 ئایاری 2010 کاتژمێر 5ی ئێوارە، لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی بەبەشداری چەندین لایەن کە پێکهاتبوو لە " یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق، پارتی چەپی کوردستان، کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی زیندانیانی سیاسی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، مەراسیمێکی وتارخوێندنەوە سازکراء چەندین وتارء درووشم لەلایەن لایەنە بەشدارەکانء ئامادەبووانەوە بەدژی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمانء سەرکوتی ئازادی رادەربڕین خوێندرانەوەء لەکۆتایی دا یاداشتنامەیەک بە واژۆی کۆمەڵێک لایەن پێشکەشکراو لە هەموو وتارەکاندا خەخت لەسەر بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێمء دەزگا ئەنیەکانی هەولێر کرایەوە سەبارەت بەدۆزینەوەء بەدادگا گەیاندنی تاوانباران.

وتاری یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەو مەراسیمەدا لەلایەن" هاوڕێ عەلی مەولود، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی خوێندرایەوە، ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو تارەیە:

وتاری یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەکۆبوونەوەی جەماوەری شاری سلێمانیدا، بەبۆنەی تیرۆرکردنی "سەردەشت عوسمان" لەلایەن هاوڕێ عەلی مەولود، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

تیرۆری رۆژنامەنووسان تیرۆری ئازادییە

ئامادەبووانی بەرێز لایەنگرانی ئازادی ئێوارەتان باش

ئێمە لێرەدا کۆبووینەتەوە بۆ مەحکومکردن و ریسواکردنی تیرۆری "سەردەشت عوسمان" کە رۆژی پێنج شەممەی رابردوو، رێکەوتی 652010 تەرمەکەی دوای دووڕۆژ لەفڕاندنی رادەستی کەسءکاری کرایەوە.

"سەردەشت عوسمان" رۆژنامەنووسێکی بوێر بوو، کەبەبەرچاوی یاساودەسەڵاتەوە، لەکاتی دەوامی فەرمیدا فڕێنراء بەناوچەندین بازگەدا، کە بەپێی پێناسە کاریان جگە لەپاراستنی ئاسایش و ئەمنییەت هیچی دیکە نیە، دەربازکرا و بۆ شوێنەونی گەیەنرایە موێڵ و لاشەی بێگیانی لەوێ دۆزرایەوە. کە رەنگە هەڵبژاردنی موێل بۆ ئەو کارە بەمەبەستی چاوترسێنکردن، بەبیرهێنانەوەی قەسابخانەکەی سەردەمی رژێمی بەعس بێت کە ببووە سەکۆی خنکاندنی هەزاران موخالیفی سیاسی و دەنگی هەزاران تێکۆشەری ناڕازی، بەڵام ئێمەش لێرەوە بەبیریان دێنیینەوە کە رژێمی بەعس سەرباری ئەو هەموو هێزو توانا و

دڕندەییەی نەیتوانی دەنگی ئازادیخوازی خەڵک کپبکاتء سەرەنجام ئیرادەی خەڵک بەزیندوویی مایەوە و ڕژێمیش خۆی چووە زبڵدانی مێژوو.

بەهەرحاڵ "سەردەشت عوسمان" جگە لەکاری ڕۆژنامەنووسی و ئاشکراکردنی کارە نەهێنیە دزێوەکان و هەڵماڵینی پەردە لەرووی گەندەڵکاران، هیچ هۆکارێکی تر لەئارادا نابینرێت بۆ ڕفاندن و تیرۆرکردنی. بەگوێرەی وتەی کەسوکارو هاوڕێیانی و هەروەها بەگوێرەی وتاریک کە خۆی پێشتر بڵاویکردۆتەوە، ئەم ڕۆژنامەنوسە بەهۆی ئەوەی لەسەر بەرپرسە باڵاکان و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی نوسیووە چەندینجار هەڕەشەی کوشتن و دەرکردنی لێکراوەء خۆیشی دامو دەزگا بەرپرسەکانی لەمە ئاگادار کردۆتەوە. بەڵام هیچ کارێک بۆ بەرپێگرتنی ئەم هەڕەشانە نەکراوە.

هەڵبەت ئەم تاوانە تیرۆریستیە یەکەم پەلامار نیە دژی ڕۆژنامەنووسان وئازادی ڕادەربڕین و خەڵکی ناڕازی، لەماوەی 19 سالی رابردوودا هەزارانجار هەوڵدراوە بۆ سەرکوتی ئازادیء بەبەردەوامی کەمپینی چڕو بەرینی ئیلامیء تەبلیغاتی دژی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن و نارەزایەتی خەڵک و ڕاگەیاندنە ئەهلیەکان بەڕێوەچووە و بەدەستی دەرەکی و بەکرێگیراوی دوژمنان تۆمەتبارکراونء هیزە ئەمنیەکانء دامودەزگاکانی حیزبء حکومەتیان وابارهێناوە بەچاوی دوژمن سەیری هەموو دەنگێکی نارازی بکەن، لەبەرامبەر هەردەنگێکی ئازادیخوازیدا مینبەری مزگەوتەکان بەبەرچاوی یاساو دەسەڵاتەوە بوونەتە شانۆی فەتوادانی تیرۆر، کە ئەمانە زەمینەسازی ئیعلامیء دەروونین بۆ تەسفیەی جەسەدی نارازییانی دەسەڵاتء نەیارانی کۆنەپەرستی و بەکردەوەش دەیان رووداوی لەمجۆرەی سەردەشت عوسمان لەکوردستان ڕوویانداوە، لەسلێمانی بەکر عەلی و فەرهاد فەرەج، لەکەرکوک سۆرانی مامە حەمەء عبدالستار تاهیر شریف، لەهەولێر شاپوورعبدالقادر و قابیل ، لەبادینان نەزیر عومەرو کامیل ڕەوف و چەندانی تر هەربەمشێوەیە تیرۆرکران و یاسا و دەسەڵات ئەوپەڕی خەمساردی نواند و تیرۆریستان نەک هەر ڕادەستی دادگانەکران وسزانەدران، بەڵکو شاباشی کارەکانیشیان وەرگرت، کە ئەمە زەنگێکی ترسناکە بۆسەر ئەم برە ئازادییەی، کە خەڵکی کوردستان بەخوێنء خەباتی چەندینساڵە بەدەستیانهێناوە و دیاری دەستی هیچ کەس نیە.

بەڵام ململانێی 19 ساڵی ڕابردوو کە دواترینیان ئەم کارە تیرۆریستییەی ڕۆژنامەنووس " سەردەشت عوسمانە" بەرۆشنی نیشانیداوە کە نەدووژمنانی ئازادی دەتوانن بەو ئاسانیە دەنگی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان خامۆش بکەن و ئازادییان لێ زەوتکەن و نە خەڵکیش لەژێر ئەو گوشارانەدا دەسبەرداری ماف و ئازادییەکانی خۆی دەبێت، ئەم ڕووداوە ئەگەر بۆ بەرەی دژی ئازادیء بەرەی سەرکوتء بێمافی مانای هەڕەشەء تۆقاندنء نانەوەی فەزای ترس بێت ئەوا نارەزایەتی بەردەوامء هەموو ڕۆژەی خەڵکی کوردستان بەشێوەی جۆراوجۆرء لە شوێنە جیاجیاکان بەدژی ئەم تیرۆرە نیشادەری ئەو ڕاستیەیە کە خەڵکی کوردستان دژی سەرکوتن و هەڕەشە و تیرۆر نەک هەر کۆڵیان پێنادات لەپاراستنی ئازادیەکانیان، بگرە

سوورترو جەسوورتریان دەکات لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی زیاترء ئێمەش ڕێبواری ماندوونەناسی ئەم ڕێگایە و ئەم ئامانجە دەبین و دەمێنینەوە.

من لێرەوە بەناوی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی یەکیتی کۆمۆنیستەکانەوە، ویرای هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵە و کەس وکارو هاوڕێیانی "سەردەشت عوسمان" هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبەرپرس دەزانین لەدۆزینەوە تاوانبارانء ناساندنیان بەرای گشتیء سپاردنیان بەدادگا، وەک سەرەتای ئەم کارەش پێویستە وەزیری ناوخۆ لەسەر کارەکەی لابرێت کە ئەمە بووە بەداخوازی گشتی خەڵکی کوردستانء ڕووداوەکانی ئەمدواییە سەلماندیان کە کوردستان بۆ هەموو کەس سەرزەمینێکی ئارام و ئەمین نیە و هێشتا جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان " ئاسایش بۆ خەڵک و ئاسایش بۆ دەسەڵاتدارانء سەرمایەء کۆمپانیاکانیان.

بژی ئازادی ,نەفرەت لە تیرۆو سەرکوت

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق

11ی ئایاری 2010

**خۆپیشاندانی نارەزایەتی لە دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان لە ستۆکهۆلم، بەرێخرا**

وێرای ئیدانەکردنی ئەم تاوانە ئاماژەیاندا بە زەمینەکانی سازکردنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن و هێرش بۆسەر ئازادی سیاسی و ئازادی بەیان و رادەربرین بڵاوکردنەوە و تیرۆری یەک لەدوای یەکی هەڵسوراوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسان، لەلایەن دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی و ئامانجێک کە لە ڕێگای تیرورو تۆقاندنەوە بەدوایەوەن دا

بەرواری 11–5–2010 لە سەنتەری ستۆکهۆڵمی پایەتەختی سوید، بە بانگەوازی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و کومیتەی داکۆکی لە مافی ژنان، کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی بەرامبەر بە رفاندن و تیرۆری دڕندانەی خوێندکارو رۆژنامەنوس" سەردەشت عوسمان" وەڕێخرا. کۆبونەوە جەماوەریەکە بە چەندین لافیتە و تراکت و وێنەی سەردەشت عوسمان و بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لەرەوەندی کوردی وئازادیخوازان و هاورێیانێک لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران – حیکمەتیست دەستی پێکرد. پاشان هەریەک لەعەبدوڵا مەحمود و شەماڵ عەلی لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وتەیان پیشکەش کرد کە تیایدا وێرای ئیدانەکردنی ئەم تاوانە ئاماژەیاندا بە زەمینەکانی سازکردنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن و هێرش بۆسەر ئازادی سیاسی و ئازادی بەیان و رادەربرین بڵاوکردنەوە و تیرۆری یەک لەدوای یەکی هەڵسوراوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسان، لەلایەن دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی و ئامانجێک کە لە ڕێگای تیرورو تۆقاندنەوە بەدوایەوەن، کە

تیرۆری ئازادی و ئازادیخوازیە. وە ئاماژەیان بە گرنگی بەردەوامیدان بە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵاتداو پێیان لەسەر پیداویستی بەرینکردنەوەو سەراسەریکردنەوەی داگرت ، تا دەسەڵات ناچار دەبێت نەخشەسازان و بکوژان و سەردەشت عوسمان و ئاشکرا بکەن وهەموو ئەو بەندو دەستەواژەی وەک ئادابی گشتی، مقەدەساتی نیشتمانی و دینی و نەتەوەیی و...لە یاساکاندا، لابرێن. هەروەها هەڵاڵە رافع لە کۆمیتەی داکۆکی لەمافی ژنان و سارا محەمەد لەرێکخراوی هەرگیز پیلا و فادیمە لەیاد ناکەین بە زمانی سویدی قسەوباسیان پێشکەش کرد، کە ویرای ئاماژەدان بە چۆنیەتی رفاندن و تیرۆری سەردەشت عوسمان، هاوکات باسی دەسەڵاتی دژە ئازادی پارتی و یەکێتی و ئەو پیشیلکاریانەیان کرد کە لە کوردستان ئەنجامیان داوە بەرامبەر بە ئازدی و ژنان. هەروەها فارس مەحمود سکرتیری کۆمیتە مەرکەزی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وتەیەکی بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد، کە تیایدا ئیدانەی تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان و هیرشی دەسەلاتی کوردی بۆ سەر فەزای سیاسی و ئازادیخوازی کوردستان کرد. پاشان رەسول بناوەند لە حزبی حکمەتیست، وتەیەکی پیشکەشکرد. کە هاودەردی حزبی حیکمەتیستی بۆ ئەم ناحەقییە راگەیاند و ئامادەیی خۆیانی بۆ راوەستان لە پاڵ حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق و کوردستان راگەیاند بۆ بەرگری لە هێرش بۆ سەر ئازادی و ئازادی رۆژنامەگەری.. دوپات کردەوە. شایانی باسە بەسەدان بەیاننامە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی، دابەشی ئامادەبوان و راگوزەران، کرا.

**لەشاری تۆرنتۆ، لەکەنەدا، دژ بە تیرۆرکردنی " سەردەشت عوسمان" خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی سازکرا!**

رۆژی 14ی مانگی مەی ، لەسەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و بەهاوکاریی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و حیزبی حیکمەتیست، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی دژبە تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان و سەرکوتکردنی ئازدای سیاسی و ئازادی رادەربڕین لە کوردستان بەرپاکرا!

خۆپیشاندانەکە لە بەردەم نووسینگەی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا ئەنجامدرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئازادیخوازو رەوەندی کوردی ئامادەبوون.

"عادل ئەحمەد" بەنوێنەرایەتی کۆمیتەی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ووتەیەکی پێشکەش کرد کە تێیدا ئیدانەی ئەو کارە تیرۆرستیەی کردو جەختیشی کردەوە لە بەردەوام بوونی خەبات بۆ داکۆکی کردن لە ئازادی بیرو ڕاو نوسین و ڕۆژنامەگەری بە گشتی. پاشان لەلایەن نوێنەرانی خۆپیشاندەرانەوە یاداشتانامەیەک درایە دەستی بەرپرسانی نووسینگەی ئەمنستی و ئەوانیش رایانگەیاند کە بەرزی دەکەنەوە بۆ حکومەتی کەنەدا. لەیاداشتەکەدا هاتوە کە:

1- سەرۆکی هەرێم  و پارتی دیموکراتی کوردستان کە دەسەلاتداری واقعیی هەولیرە بەرپرسیارێتی روداني ئەم تاوانە لەئەستۆ بگرن. دەستبەجێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی بۆبکەن و لە پرۆسەیەکی شەفافدا ئەنجامدەرانی تاوانەکە و ئەو لایەنەی کە لەپشتی تیرۆرەکەوە وەستاوە بۆ رای گشتی ئاشکرابکەن و راپێچی دادگا بکرێن.

2- دەسەلاتدارانی کوردستان بەپێی یاسا پابەندبوونی خۆیان بەپاراستنی ئازادی سیاسی، بیروڕاو ویژدان، ئازادیی بلاوکردنەوەو راگەیاندن رابگەیەنن. بەرپرسیارێتی بەرامبەر گیانی هەلسوراوانی سیاسی و رۆژنامەگەری نیشان بدەن و هەنگاوی بەکردەوە بنێن بۆ ریگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی تیرۆرو ئینسان کوژی لە کوردستان.

لەکۆتاییدا عادل ئەحمەد سوپاسی ئامادەبوانی کرد بۆ بەدەمەوەهاتنی بانگەوازی حیزب و دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە تیرۆری سەردەشت عوسمان.

کۆمیتەی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

2010/5/15

**پێکهێنانی دەستەی پشتگیری لە " بزووتنەوەی بێدەنگ نابین" لەدەرەوەی کوردستان**

دەستەی پشتگیری لە بزووتنەوەی "بێدەنگ نابین" بە دەستپێشخەری کۆمەڵێک ڕۆشنبیرو چالاکوانی مەدەنی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دامەزرێنرا. سەرەتا کۆمەڵێک لە ڕەوەندی کوردی بەریتانیا دەستەیەکیان دامەزراند بۆ پشتگیریکردن لە بزووتنەوەی " بێدەنگ نابین"، و داکۆکیکردن لە خواست و ئامانجەکانی، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. ئیدانەکردنی تاوانی ڕفاندن و شەهیدکردنی رۆژنامەنووسی لاو سەردەشت عوسمان و ئاشکراکردنی تاوانباران و دادگاییکردنیان.

2. بەردەوامی لە دۆسیەی لێکۆلینەوەی تاوانی کوشتنی سۆران مامە حەمەو د. سەتتار تایەر شەریف و ئاشکراکرن و داداگاییکردنی تاوانباران

3. زامنکردنی پاراستنی ژیان و ئازادی رۆژنامەنووسە لاوەکان بە تایبەتی ئەوانەی هەرەشەی کوشتن و ئازاردانیان لە سەرە لە هەولێرو گەرمیان.

4. بەرگریکردن لە مافی ئازادی بیروباوەڕو ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئازادییە مەدەنییەکان بەگشتی

5. ئیدانەکردنی شێوازی هەڕەشەو ترساندن و بەکارهێنانی میلیشیای حیزب و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و دادگاکان دژ بە رۆژنامەنوسان و چالاکوانی مەدەنی و خۆپیشاندەران و پشتگیریکردن و برەوپێدانی شیوازی دایەلۆگ و فرەرایی و ئارامی کۆمەلایەتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی بالا.

ئەم دەستەیە بەئەرکی خۆی دەزانێت، بەهەماهەنگی لەگەڵ ناوەوە، هەموو ڕێگایەکی یاسایی شارستانی شیاو بگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوە مەدەنییە جەماورەییە سەربەخۆیە.

ئەم دەستەیە پێی وایە" بزووتنەوەی بێدەنگ نابین" دەستپێکی بزاڤێکی مەدەنی نوێ و هاوچەرخە لە کوردستان، وەرچەرخان و گواستنەوەی بزووتنەوەی کۆمەڵگای مەدەنییە بۆ ئاست و قۆناغێکی بالاتر لە بەرپرسیارێتی رووناکبیریی و هوشیاری کۆمەلایەتیی و خۆجیاکردنەوەی تەواو لە بنەماو رەمزەکانی دەسەلات و هەژمونی پارتە سیاسییەکان. پێکهاتەی ئەم بزووتنەوەیە، لەو بروایەوە کە خواستی دامەزراندن و چەسپاندنی کۆمەڵگای مەدەنی دیموکراتی لە کوردستان خواستی کۆمەلایەتی زۆربەی چین و توێژەکانی گەلە، چیتر تایبەت نابێت بەدەستەیەکی دیاریکراوو دەستەبژێری کۆمەڵگای کوردستان و باوەشی بۆ هەموو رووناکبیران و چالاکوانانی مەدەنی و خەمخۆرانی نەتەوەکەمان دەکاتەوە.

ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە خاوەنی ئامانجی رەواو رێبازی روونەو لە ماوەیەکی کەمدا لە هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستان و لە دەرەوەی ولات، لە ئەوروپاو ، ئەمەریکا و سەرتاسەری جیهان، دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەرپا کردووە بەجۆرێک پێشتر نەبینراوە.

ئێمەش لێرەوە لەسەر بنەماکانی تێڕوانین و کارکردنی مەدەنی و جەماوەری سەربەخۆی ئەم دەستەیە لە کوردستان ، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی " بزووتنەوەی بێدەنگ نابین"، بۆ جۆشدان و بەهێزکرنی خەباتی مەدەنی گەلی کوردستان، بە ئامانجی هێنانەدی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دوور لە زاڵبوونی دەسەڵاتی بنەماڵە و حزب و دوور لە چەک وتۆقاندن و توندوتیژی، بە ئەرکی خۆمانمان زانی کە وەک دەستەیەک لە وڵاتی ( ) دەستبەکاربین و هاوخەبات بین لەتەک ئەم بزووتنەوەیەو بە شێوەیەکی دیموکراتی و دۆستانەو بەرپرسیارانە پێکەوە کار بکەین و هەموو ئەرک و کاروبارەکانی پشتگیریکردن و پێشخستنی لەدەرەوەی وڵات بخەینە ئەستۆ.

دەستەی " بزووتنەوەی بێدەنگ نابین" لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان

16 مەی 2010

ناوەکان: (کەمال میراودەلی) (د. فەرەیدون رەفیق حیلمی) (لوقمان حاجی کەریم) (سالەح میراودەلی) ( هەردی ئەحمەد ) ( فریشتە راپەر) ( شۆخان فەرەج) ( مستەفا کەریم).

**سکرتێری سەندیکای سەراسەری ڕۆژنامەنوسانی بەریتانیا سەبارەت بە تیرۆری سەردەشت عوسمان نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد**

دوای ئەوەی سکرتێری فیدراسیۆن ، سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی بەریتانیا(NUJ )ی ئاگادارکردەوە لەتیرۆری سەردەشت عوسمان ، (Jeremy Dear) نامەیەکی ناڕەزایەتی ئاڕاستەی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد .

لە نامەکەدا هاتووە"داوای داد بۆ سەردەشت عوسمان وبەڕەسمێت ناسینی ئازادی هەڵسورانی سیاسین لەکوردستان " لە بەشێکی تری نامەکەدا دەڵێت "ئێمەش پەیوەست دەبین بە ڕێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی(عفوی دووەلی)و فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەپێناو ئیدانەی تیرۆری سەردەشت عوسمان

هەروەها داوا دەکەن "بکوژانی سەردەشت عوسمان و بکوژانی ڕۆژنامەنوسان دیکەش بدرێنە دادگا "

سەندیکای سەراسەری ڕۆژنامەنوسانی بەریتانیا نزیک بە 38 هەزار ئەندامی هەیە لەسەراسەری بەریتانیا

دەقی نامەکەی(Jeremy Dear) سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنوسان هاوپێچە

**بە سەرپەرشتی ماڵپەری دەنگەکان دژ بە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان کۆڕێکی ناڕەزایەتی لە کەنەدا بەڕێوە چوو**

لە وتارەکانیاندا داوای ئاشکرا کردنی تاوانبارانو ئەو دەستانەی لە پشتی کوشتنی ڕۆژنامەنووسانەوە وەستاوە دەکرا . ئەوەشیان دووپات دەکردەوە کە درێژە بەم کارو هەڵسورانە بدرێت وکۆمەلگای کەنەدی لەوکارە دزێوانەی لە کوردستان لە دژی دەنگی جیاواز و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی هەیە ئاگادار بکرێتەوە

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە 15ی ئایاری 2010 بەسەرپەرشتی ماڵپەری دەنگەکان و بە بەشداری خەڵکێکی بەرچاولە کوردەکانی شاری تۆرۆنتۆ و دەورو بەری کۆبونەوەیەکی ناڕەزایەتی دژ بە تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی لە کوردستان ، لە وڵاتی کەنەدا بەڕێوەچوو.

سەرەتای مەراسیمەکە گۆران عەبدوڵا بەڕێوەبەر سایتی دەنگەکان وتارێکی پێشکەش کرد، لە وتارەکەیدا وێڕای بەخێرهاتنی میوانان و نوێنەرانی لایەنەکان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی

ڕۆژنامەنووسی جوانەمەرگکراو سەردەشت عوسمان و کەس و کاری ڕۆلەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات کەبەدەستی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران ئیعدام کران کرد. لە درێژەی وتارەکەیدا باسی لەوەکرد کە کۆبوونەوەی ئەمرۆی ئێمە بۆ ناڕەزایەتی دەربرینە بە دژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان و پشتیوانی کردنی ئەوناڕەزایەتیە جەماوەریانەیە کە ئێستا لە کوردستان بۆ ئەم کەیسە لە فراوانبوندایە.

دواتر هەر یەک لە دارای محامی، سەرگوڵ ئەحمەد، عادل ئەحمەد لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، خەبات مەجید لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق، سامان سەعید، جەمال مەحمود ، هیوا جەمیل لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوی ژنان کەژاڵ حمەڕەشید، یەدی محمودی لەلایەن کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، سەعیدی کەرامەت، خەلیل نوری و مەهدی حوسەینی لەلایەن کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وتاریان پێشکەشکردو هەریەکەیان چ وەک ڕێکخراو و چ وەک تاک جەختیان لەسەر بنەماکانی ئازادی کردەوە لە کوردستان کە دەبێت ئەو بنەمایانە فراوانتر بکرێنەوە نەک بەرتەسکبکرێتەوە بە ڕووی خەڵکی کوردستاندا.هەروەها لە وتارەکانیاندا داوای ئاشکرا کردنی تاوانبارانو ئەو دەستانەی لە پشتی کوشتنی ڕۆژنامەنووسانەوە وەستاوە دەکرا . ئەوەشیان دووپات دەکردەوە کە درێژە بەم کارو هەڵسورانە بدرێت وکۆمەلگای کەنەدی لەوکارە دزێوانەی لە کوردستان لە دژی دەنگی جیاواز و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی هەیە ئاگادار بکرێتەوە ، هاوکاتی ناڕەزایەتیەکانی کوردستان لە دەرەوەش فراون بکرێتەوە و لە کۆتایشدا بریار درا لە چەند ڕۆژی داهاتودا خۆپیشاندانێکی جەماوەری ساز بکرێت.

وتاری بنەماڵەی سەردەشت عوسمان لەلایەن شلێر ڕەشید خوێندرایەوە، لە هاوپێچی بەرنامەکاندا شیعری( بۆ سەردەشت عوسان)ی شێرکۆ بێکەش و( زەنگی یەکەمی مەرگم لێیدا)ی سەردەشت عوسمان و شیعری(کاتێک نازییەکان )ی ماتین نیمۆلەر خوێندرانەوە.

کۆبوونەوەکەش لە لایەن هەریەک لە شلێر ڕەشید و کەژاڵ حمەڕەشید وجەبار حەمەد بەرێوە دەبرا.

**سیمیناری ررگرتني تیرۆرو سەرکوت لەگرەوی پاراستني سەرجەم  ماف و ئازادیەکانی خەلکی کورستاندایە !**

لەسەر ئەم بابەتەی سەرەوە ،وە دەربارەی تیرۆر کردنی  رۆژنامەنوس (سەردەشت عسمان) کۆمیتەی فنلاند  حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان هەلدەستی بە گیرانی سمیناریک لە شاری هلسنکی بۆ بەریز ریبور عارف.

شوێن:. Nokiantie 2 – 4

لە ئیزگەی قیتارەوە بە پاسەکانی 62، 64 ،65، 72، 70، 67، 66،

هەروەها راتیکای ژمارە 7 بە ئاراستەی MÄKELÄN KATU

کات:. 23.5.2010  کاتژمیر 16 بۆ19

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە 0445010754: مستەفا باهر

**لەشاری تۆرنتۆ، لەکەنەدا، دژ بە تیرۆرکردنی " سەردەشت عوسمان" خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی سازکرا!**

رۆژی 14ی مانگی مەی ، لەسەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و بەهاوکاریی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و حیزبی حیکمەتیست، لەشاری تۆرنتۆ، لەکەنەدا، دژ بە تیرۆرکردنی " سەردەشت عوسمان" خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی سازکرا!

خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی دژبە تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان و سەرکوتکردنی ئازدای سیاسی و ئازادی رادەربڕین لە کوردستان بەرپاکرا! خۆپیشاندانەکە لە بەردەم نووسینگەی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا ئەنجامدرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئازادیخوازو رەوەندی کوردی ئامادەبوون.

"عادل ئەحمەد" کادری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەنوێنەرایەتی کۆمیتەی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ووتەیەکی پێشکەش کرد کە تێیدا ئیدانەی ئەو کارە تیرۆررستیەی کردو جەختیشی کردەوە لە بەردەوام بوونی خەبات بۆ داکۆکی کردن لە ئازادی بیرو ڕاو نوسین و ڕۆژنامەگەری بە گشتی. پاشان لەلایەن نوێنەرانی خۆپیشاندەرانەوە یاداشتانامەیەک درایە دەستی بەرپرسانی نووسینگەی ئەمنستی و ئەوانیش رایانگەیاند کە بەرزی دەکەنەوە بۆ حکومەتی کەنەدا. لەیاداشتەکەدا هاتوە کە:

1– سەرۆکی هەرێم  و پارتی دیموکراتی کوردستان کە دەسەلاتداری واقعیی هەولیرە بەرپرسیارێتی رودانی ئەم تاوانە لەئەستۆ بگرن. دەستبەجێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی بۆبکەن و لە پرۆسەیەکی شەفافدا ئەنجامدەرانی تاوانەکە و ئەو لایەنەی کە لەپشتی تیرۆرەکەوە وەستاوە بۆ رای گشتی ئاشکرابکەن و راپێچی دادگا بکرێن.

2- دەسەلاتدارانی کوردستان بەپێی یاسا پابەندبوونی خۆیان بەپاراستنی ئازادی سیاسی، بیروڕاو ویژدان، ئازادیی بڵاوکردنەوەو راگەیاندن رابگەیەنن. بەرپرسیارێتی بەرامبەر گیانی هەلسوراوانی سیاسی و رۆژنامەگەری نیشان بدەن و هەنگاوی بەکردەوە بنێن بۆ ریگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی تیرۆرو ئینسان کوژی لە کوردستان.

لەکۆتاییدا عادل ئەحمەد سوپاسی ئامادەبوانی کرد بۆ بەدەمەوەهاتنی بانگەوازی حیزب و دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە تیرۆری سەردەشت عوسمان.

کۆمیتەی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

2010/5/15

**ڕێپێوانی خەلکی ئازادیخوازی هەڵەبجەی شەهید دژ بە تیرۆری سەردەشت عوسمان**

سەعات 4:30 دەقیقەی دوای نیوەروی رۆژی 17-05-2010 سەدان کەس لە خەلکی ئازادیخوازی شاری هەلەبجەی شەهید کە لە سەرجەم جین و تویژەکان پیک هاتوون ریپیوانیکی نارەزایەتی دەربرینیان ساز کرد لە ناوەراستی شارەوە بۆ بەردەم باخی کشتی بەریخرا ، کە لەو ریبیوانەدا حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستانیش بەشدار بوو.کە تیایدا جەندین شیعار دز بە تیروری سەردەشتەکان و ئاشکرا کردن و بەسزا کەیاندنی تیرورکەرانی سەردەشت و داوای بەرقەرار کردنی ئازادی ووترانەوە ، لە کۆتایشدا جەماوەری بەشدار بوو لە بەردەم باخی کشتی کۆبوونەوەا کە تیایدا جەندین ووتە لە لایەن لیزنەی سەربەرشتی ریبیوانەکە و بەشدار بوانەوە بیش کەش کرا و یادداشتیکیش تەسلیم بە قایمقامی هەلەبجەی شەهید کرا .

لە بەشیکی تری کۆبوونەوەکەدا ووتەی بنەمالەی سەردەشت عوسمان کە بەکر عوسمانی برای ناردبووی ، خوینرایەوە و دوا بە دوای ئەمەش نەوزاد بابان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان ووتەیەکی کورتی بیشکەش کرد کە تیایدا تەئکیدی لە سەر ئەوە کرد کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی لە ریزی بیشەوەی خەبات و نارەزایەتی خەلکی ئازادیخوازی کوردستان لە بیناو ئازادی و کۆتایی هینان بە تیرور وسەرکوت و دادکایی و سزادانی تیروریستان و بکوزانی سەردەشتەکان راوەستاوە .

شیاوی باسە لە کاتی ریبیوانەکاەدا بە سەدان نوسخە لە دوا زمارەی بلاو کراوەی ئوکتوبەر و بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان لە سەر تیروری سەردەشت عوسمان بلاو کرانەوە

ئازاد احمد

**بەياننامەی نارەزايەتی لە دژی تیرۆری رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)**

ئێمە وەکو رەوەندی کوردی لە ویلایەتی فیکتۆریا (شاری ملبۆرن) لە ئوستراليا، تیرۆری رۆژنامە نووس و خوێندکاری زانکۆ، خەباتکاری ئازادی (سەردەشت عوسمان) بە توندی ئیدانە دەکەین و دەنگی خۆمان دەخەینە پال دەنگی ئەم نارەزایەتییانەی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەرز بۆتەوە

هەر وەکو ئاشکرایە لە بەرواری ٢٠١٠/٥/٤ دا خوێندکارو رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان بە رۆژی روناک و لە بەردەم زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، لە لایەن باندیکی ترۆریستی یەوە دەفرێندرێ و بە شێوەیەکی زۆر بەربەریانەو دوور لە هەموو رەوشتێکی مرۆڤانە دەیکوژن و دوای دوو رۆژ تەرمەکەی لە شاری موسل دەدۆزرێتەوە.

ئێمە وەکو رەوەندی کوردی لە ویلایەتی فیکتۆریا (شاری ملبۆرن) لە ئوستراليا، تیرۆری رۆژنامە نووس و خوێندکاری زانکۆ، خەباتکاری ئازادی (سەردەشت عوسمان) بە توندی ئیدانە دەکەین و دەنگی خۆمان دەخەینە پال دەنگی ئەم نارەزایەتییانەی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەرز بۆتەوە بۆ بەرگری کردن و دەستەبەرکردنی ئازادی یە سیاسی و مەدەنی یەکان.کە بە داخێکی زۆرەوە (سەردەشت عوسمان) یەکەمین قوربارنی ئەم رێبازە نی یەو لە چەند ساڵی رابردوودا دەیان کارەساتی تری ئەوا رووی داوە. بۆیەش ئیمە بۆ بەرگرتن بە هەرەشەو تیرۆر و سەرکوت، ئەم داخوازی و داواکاری یانەمان هەیە لە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان:

- ئیدانە کردنی کردەوەی ترۆریستی لە دژی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان و تەواوی رۆژنامەنووسانی تر.

- بەرپرسیارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی هەرێم بە تایبەتی.لە هەموو ڕووداوەکانی هەرەشە و کوشتن و لێکۆڵینەوەی جدی لەو تاوانانە.

- دۆزینەوەی بکەرانی ئەم کردەوە ترۆریستی یە و دانیان بە دادگایەکی دادپەروەرانەو ئاشکرا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

- پاراستنی ئازادی و گیانی رۆژنامەنووسان لە کوردستان.

ڕەوەندی کوردی لە فیکتۆریا (ملبۆرن) – ئوستراليا

٢٠١٩/٠٥/١٥

وێنەیەک بۆ:

-سەرۆک کۆماری عێراق

-سەرۆکی هەرێمی کوردستان

-سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

-تەواوی رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و ناحکومییەکانی دونیا

**دژ بەتیرۆری سەردەشت عوسمان کوردانی ستۆکهۆلم نارەزایەتی خۆیان دەربڕی**

ماوەی چەند سالێکە فشار و تیرۆر و سەرکوتی دەنگەئازادیخوازەکان بەگشتی و رۆژنامەنوسان بەتایبەتی گەیشتۆتەئاستێکی مەترسیدار ، تیرۆری سۆرانی مامەحەمەو ئازاردانی دەنگەئازادیخوازەکان لەڕیگایە جۆراو جۆرەکانی بێدەنگ کردن ( ترساندن ، گرتن و زیندانی و سکالا تۆمارکردنی بەردەوامی بەرپرسان بەناوی" تەشهیر" و تیرۆر ...)لەچەند سالّی رابردوو نمونەی ئەو سەرکوت کردنە بوون کە بەشێکیان لەلایەن خودی دەسەلآتەوە ئەنجامدراون، سۆسیال دیموکراتی سوێد: داوای ئاشکرا کردنی بکوژی شەهید سەردەشت دەکەن

رۆژی ١٦ی ئەم مانگە کۆمەلێک پارت و ڕێکخراوی سیاسی کەپێک هاتبوو لە ڕیکخستەنەکای سوێدی ( بزوتنەوەی گۆران ، حزبی کۆمنستی کرێکاری کوردستان ، حزبی شوعی کوردستان ، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ، چاودیری کوردۆساید /چاک) لەشاری ستۆکهۆلم خۆپیشاندانێکی نارەزاییان دژ بەتیرۆری رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان و بەرتەسککردنەوەی ئازادی دەربڕین لەکوردستان و مەحکومکردنی لەسێدارەدانی ٥تێکۆشەری ئازادیخوازی لەلایەن ئێرانەوە ئەنجام دا .

سەرەتای خۆپیشاندان لیژنەی ئامادەکار ، گرنگی ئامادەبونی ئەو جەماوەرەو گردبونەوەی کۆمەلێک حزب ورێکخراوی بۆ خۆپیشاندەران باس کرد کە پرسێکی هاوبەش هەمووانی کۆکردۆتەوە ، ئەویش پێشگرتنە لە تارمایی تیرۆر و کۆتایی هێنانە بە سیاسەتی ترس وتۆقاندن کەماوەی چەند سالێکە بەردەوام لەبەرامبەر ڕۆژنامەنوسان ئەنجام دەدرێت

دواتر ئەڤین چەتین بەناوی سۆسیال دیموکراتی سویدەوە وتەیەکی پێشکەش کرد و دلّگرانی خۆیانی دەربری لە درێژەدان بە بەرتەسککردنەوەی ئازادی رۆژنامەگەری ، کۆتایی وتەکانیشی سەربارى ئیدانە کردنی ئەم تاوانە ، داوای کرد دەزگا ئەمنیەکان بەپەلە تاوانبارە حەقیقیەکانی بکوژانی سەردەشت عوسمان ئاشکرا بکەن

وتەی لیژنەی ئامادەکاری خۆپیشاندەران بەزمانی سویدی لەلایەن جەمیلەی ئەنوەری خوێنرایەوە

وتەی لیژنەی ئامادەکار بەزمانی کوردی لەلایەن ئاسۆ عارف خوێنرایەوە

وتەی ڕیکخستنی سوێدی،حزبی کۆمنستی کرێکاری کوردستان لەلایەن شەمال عەلی خوێنرایەوە

وتەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەلایەن هەڤال سوبحان خوێنرایەوە

بزوتنەوەی گۆران تێروانینی خۆیان لەسەر ئەم تیرۆرکردنانە دەربری

وتاری زیندانی سیاسی نگین شێخ ئیسلام لەسەر لەسێدارەدانی ٥ تێکۆشەری ئازادیخوازی کورد باس کرا

وتەی چاودێری کوردۆساید لەلایەن گابار چیایی خوێنرایەوە

وتەی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان لەلایەن هەڤال قاسم خوێنرایەوە

وتەی حزبی شیوعی کوردستان لەلایەن ئاسۆ عارف پێشکەش کرا

چالاکڤانی سیاسی ( هەلالە رافع و سارا محەمەد ) لەدووتەدا پرۆتستۆی خۆیان دژ بە پێشێلی ڕۆژنامەنوسان باس کرد

شایەنی باسە چالاکڤا ن و کەسایەتیکی زۆری کوردان لە رۆژنامەنوس و ئەندامی ناو حزبە سوێدیەکان لە شاری ستۆکهۆلم و چواردەوروبەری ئامادەی خۆپیشاندان بون

کەنالی ئاسمانی نەورۆز تیڤی و دەزگای ئیرۆ کورد و پەیامنێری هاولاتی ولڤین ئامادەبون

**دەقی بەیانامەی هاوبەشی ڕێکخستنی سوێدی ( حزبی شوعی کوردستان ، بزوتنەوەی گۆران ، حزبی کرێکاری کۆمنستی کوردستان ، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ، چاودێری کوردۆساید/ سوێد. کە بۆ خۆپیشاندەران خوێنرایەوە**

**ئازادیخوازان، مرۆڤ دۆستان، لایەنگرانی ووشەی سەربەست**

ماوەی چەند سالێکە فشار و تیرۆر و سەرکوتی دەنگەئازادیخوازەکان بەگشتی و رۆژنامەنوسان بەتایبەتی گەیشتۆتەئاستێکی مەترسیدار ، تیرۆری سۆرانی مامەحەمەو ئازاردانی دەنگەئازادیخوازەکان لەڕیگایە جۆراو جۆرەکانی بێدەنگ کردن ( ترساندن ، گرتن

و زیندانی و سکالا تۆمارکردنی بەردەوامی بەرپرسان بەناوی" تەشهیر" و تیرۆر ...)لەچەند ساڵی رابردوو نمونەی ئەو سەرکوت کردنە بوون کە بەشێکیان لەلایەن خودی دەسەڵاتەوە ئەنجامدراون، . ئەمەش پێچەوانەی دروشم و بەڵێنەکانی دەسەڵاتی کوردستانی و بەرپرسانی سیاسین لەکوردستان کە باس لەئازادی ودیموکراتی دەکەن، ئەم هەڵسوکەوتە جگە لە زیانە درێژخایەنەکانی لەسەر پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی وفەراهەم بوونی ئازادیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان لە ناو کوردستاندا کاریگەریی لەسەر وێنەی کوردستان و دەسەڵاتەکەی هەیە لەناوەندەنێودەوڵەتیەکاندا بەجۆرێک کە لەراپۆرتەکانی ناوەندەجیهانیەکان دەسەلاتی کوردی وەک دەسەڵاتێکی دژ بەئازادی و مافی مرۆڤ دەناسێنرێت.

نوێترین رووداویش ئەوەبوو کە رۆژی 4 ی ئایار لەبەردەم زانکۆی سلاح الدین و کۆلیژی زمان و لەبەرچاوی پاسەوانەکانی ئەم زانکۆیەچەند چەکدارێک هەڵدەکوتنەسەر خوێندکاری رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، لە دوای لێدان و ئەشکەنجە بەبە رچاوی پاسەوانەکانی ئەم زانکۆیە ، بەزۆرەملێ سواری سەیارەیەکی جۆری هۆندای دەکەن . سەرباری ئەوەی لەیەکەم چرکەساتی فڕاندنەکە ، هاوڕێیانی شەهید سەردەشت ئاگاداری دەزگا بەرپرسەئەمنیەکان دەکەن و مەسەلەکە بەرەورووی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەنەوە ، کەچی لەتەک خەمساردی بەرپرسان ،بە بەردەم 11 کۆنترۆلی بازگەحکومیەکان تاوانباران تێپەڕدەبن و دواتر تەرمی شەهید سەردەشت لەیەکێک لەگەڕەکەکانی شاری موسڵ دەدۆزرێتەوەکەگوللەلەدەمی دراوە.

تاوانی تیرۆرو ڕفاندنی قوتابیەکی رۆژنامەنوس بەبەرچاوی پاسەوان و هاوەڵەکانی بەڕۆژی ڕوناک لەناو پایتەختی هەرێم و برینی 11 بازگەی حکومی و شێوازی تیرۆرکردنەکە بە گولەدان لەدەمی ، هەموو ئەمانەدەمان گەیەنێتەئەو باوەرەی تیرۆری سەردەشت عوسمان تیرۆری ئازادی ڕادەربڕین وهەوڵێکی مەترسیدارەبۆ سەر ئازادی سیاسی، شێوازی جێبەجێکردن وکاتی ئەم تاوانەئەوە دەردەخات کە ئەنجامدەرانی ئەم کارە قێزەونە خاوەنی هێزێکی سیاسی و سەربازی ئەوتۆن کە دەتوانن بەڕۆژی ڕووناک دەستدرێژی بکەنە سەرهاوڵاتیان بەبەرچاوی دەزگا ئەمنیەکانەوە.

بۆیە ئێمە داوا دەکەین

١- لیژنەیەک لە نوێنەرانی پەرلەمان و حکومەت و دادوەرانی سەربەخۆ و رۆژنامەنوسان دوور لە دەسەڵاتی هەر حزبێک پێک بێت بۆ بەدواداچوونی ئەم تاوانەو لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە.

٢- هەر لایەن و پارتێک کەبەرپرسبێت لەئەنجامدانی تاوانەکە بەزووترین کات ئاشکرابکرێ و سزای یاسایی توند بدرێن.

٣- بەهۆی ئەوەی ئەم تاوانە هەموو سنورێکی یاسایی وئەمنی تێپەراندوە و لەبەرامبەریشدا بەرپرسان کاری جددیان بۆ ڕزگار کردنی گیانی ئەو ڕۆژنامەنوس و خوێندکارە نەکردووە ، داوا دەکەین بەرپرسان لەوەزارە تی ناوخۆو وپۆلیس لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت وسزای یاسایی بدرێن .

وێنەیەک بۆ

ئەمنستی ئینتەرناسیونال

هیومان رایت کۆمیتی HRC

**ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال ئامادەیە وەک چاودێر لەپرۆسەی لێکۆڵینەوە لەدۆسیەی سەردەشت عوسماندا بەشداری بکات.**

دەبیت ئەم مەسەلەیە بگەیەنین بەدەسەلاتدارانی ئەمەریکا. من ئەم مەسەلەیەش دەگەیەنمە بەشی خۆمان لەئەمەریکا. وە بۆ مەسەلەی بەشداریکردنمان لە لیژنەکەو لەپرۆسەی لێکۆڵینەوە، لەباری پرەنسیپییەوە، ئیمە هەر ئەوە ئاراستەمانە کە تاوانباران بەسزا بگەیەنین بەگوێرەی یاسا، وە خەڵک لەسەر بیروڕای سیاسی تیرۆرو ئازار نەدرێت.

خۆپیشاندانی لایەنە سیاسی وجەماوەریەکان لەسویسرا دوێنێ 18.5.2010 لە بەردەم بنکەی سەرەکی بەشی سویسرای ڕێکخراوەی ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال ، بەڕێوەچوو.

پاش ئەوەی دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیان بەختکردوانی ڕێگای ووشەی ئازادو بیرکردنەوەی ئازادو ئازادی سیاسی. جەمال کۆشش، بە گەرمی بەخێرهاتنی لە ئامادەبوان ولایەنەکان کرد کە لەسەراسەری سویسراوە بەشدارییان بوو. وە گرنگی خەباتی جەماوەری و ڕیکخراوە نێونەتەوەییەکان بۆ گووشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی هەولێرو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم وپارتی دیموکراتی کوردستان و وەزارەتی نێوخۆ و دام ودەزگا بەرپرسەکان ودەزگای پاراستن بۆ دادگایکردن و ناساندنی بۆ ڕای گشتی ڕوونکردەوە. پاشان هەر یەکە لەنوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان وجەماوەرییەکان ووتەکانیان خوێندەوە کەبریتی بوون

1.ووتاری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لەلایەن ئەحمەد عەلی سکرتیری فیدراسیۆن.

2.ووتاری ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە سویسرا لەلایەن فەرەیدون حەمەڕەشیدەوە

3. ووتاری کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ، سەردار حامد ، سکرتیری کۆمیتە

4. ووتاری ڕێکخراوەی سویسرای حزبی شیوعی کوردستان لەلایەن باوکی ڕێگاوە، سکرتیری ڕێکخراو.

5. ووتاری چاودێری کوردۆ ساید-چاک /کۆمیتەی سویسرا لەلایەن هیوا ناسیح ەوە

لەهەمان کاتدا وەفدی لایەنەکان لەگەڵ بەرپرسی پەیوەندییەکانی ڕیکخراوەی ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا سەرەرای ئەوەی یاداشتنامەیەک بەزمانی ئەڵمانی وعەرەبی درایە بەڕیزییان وە لەسەر چەندین تەوەرە گفتوگۆیان کرد.چڕترین خاڵەکان بریتی بوون لەوەی کە ئەوان کاریگەرتر بەشداری بکەن لە پاراستنی مافی مرۆڤ، وە لەڕێگای خۆیان وتێگەیاندنی بیروڕای گشتی یەوە، وە بەو تۆڕە فراوانەی کە لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکاندا هەیانە، دەتوانن جددی تر کاریگەری دابنێن لەسەر دەسەلاتی کوردی و سەرۆکی هەریم وپارتی دیموکراتی کوردستان. وە داوایان کرد وەک چۆن یۆنامی ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ بەشداربوون لە لیژنەی لیکۆلێنەوە، ئەوانیش ئامادەبن بۆ چاودێرکردنی پرۆسەی لیژنەکە ولیکوڵینەوەکە. بەڕێز ئالان بۆفارد بەبەرپرسی مافەکانی مرۆڤە لەگەڵ دەولەتی سویسراو لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانیەکان، سەرەرای ئەوەی کەبەڵێنی دا کە ئەو مەسەلانە دەگەیەنێتە بنکەی مەرکەزی خۆیان لەلەندەن وە وەڵامی فەرمی ئەوانمان پێدەگەیەنێتەوە، وە دڵنییای وەفدەکەی کردەوە کە تەواوی توانایی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم دۆسیە کەلەلای ئەمەنستیش مێژووەکەی ڕوونە، بۆ تیگەیاندنی لایەنە جیهانیەکان وخۆیان بۆ کارکردن بۆ ریسواکردن وشەرمەزارکردنی ئەم تیرۆرە. پاشان ووتی بۆ ئەوەی بتوانین کاریگەریمان هەبێت، دەبیت ئەم مەسەلەیە بگەیەنین بەدەسەلاتدارانی ئەمەریکا. من ئەم مەسەلەیەش دەگەیەنمە بەشی خۆمان لەئەمەریکا. وە بۆ مەسەلەی بەشداریکردنمان لە لیژنەکەو لەپرۆسەی لێکۆڵینەوە، لەباری پرەنسیپیەوە، ئیمە هەر ئەوە ئاراستەمانە کە تاوانباران بەسزا بگەیەنین بەگوێرەی یاسا، وە خەڵک لەسەر بیروڕای سیاسی تیرۆرو ئازار نەدرێت. من پرس و ڕا بەهاوڕییانی لەندەن دەکەم و وەڵامتان دەدەمەوە.

پاش ئەوە نوێنەرانی لایەنەکان گەڕانەوە لای خۆپیشاندەران و گوزارشتیکی کورتیان لە کۆبوونەوەکە دایەوە بە ئامادەبوان. پاشان چەندین کەسایەتی جۆراوجۆر بەگێرانەوەی بەسەرهاتی خۆیان لەزیندانەکان، لەڕزگاربونیان لەهەولّی تیرۆر، لەخوێندنەوەی چەندین ووتارو پارچە شیعر، لەهەواڵی گەورەبونەوەی نارەزایەتیەکان بەرووی دەسەڵاتداراندا، دوای دوو سەعات کۆتایی بەم ئاکسیۆنە پرشنگدارە هینرا. وە عەزم جەزم کردن تا دادگایی ئاشکرای بکوژان وتیرۆریستان سەردەشت عوسمان .سەڵاو هەزاران سڵاو لە ووشەی ئازادو قەڵەمی ئازادو سەردەشتی سەرکەش وگیانبەختکردوو ...نەنگی و شەرمەزاری بۆ تیرۆریستان وکۆنەپەرستان.

وە یاداشتەکە هاوپێچی ئەم ڕاگەیاندنە بڵاوی دەکەینەوە گەیەنراوە بەم لایەنانە:حزبی سۆسیال دیموکراتی سویسرا، گروپی دۆستانی کورد لە پەرلەمانی سویسرا، کۆمەڵگەی بەرگری لەنەتەوە چەوساوەکان، نوێنەرایەتی حکومەتی هەریم، سەفارەتی عیراقی لەسویسرا.

لایەنەکان :

1.فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لەسویسرا

2.ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆران لەسویسرا

3.حزبی شیوعی کوردستان/ڕێکخراوەی سویسرا

4.حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق/کۆمیتەی سویسرا

5.چاودێری کوردۆ ساید-چاک /کۆمیتەی سویسرا

**یاداشتنامەی خۆپیشاندەران ولایەنەکان کە لەبەردەم ڕێکخراوی ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال لە شاری بیرن لە ڕۆژی** 18.5.2010 **ئەنجامدرا:**

ئیمە ئازادی نوسین وبیروڕا و ئازادی هەلسورانی سیاسیمان دەوێت

ماوەیەکی درێژە لەکوردستانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چەندین کەس لەسەربیروڕای سیاسی وکاری ڕۆژنامەگەری تیرۆرکراون،تازەترین ڕووداو کەهەمولایەکی توشی شۆک بوون ومەترسی گەورەکردووە،فڕاندنی خوێندکارو ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان بوو لەڕۆژی 2010/5/4 لەبەردەم دەرگای ئەو زانکۆیەی لێدەخوێنێت لە شاری هەولێر ودوای دوو ڕۆژ بەتیرۆرکراوی لە 6.5.2010 لە شاری موسڵ دۆزرایەوە. سەردەشت عوسمان لەسەر بیرکردنەوەونوسینە ڕەخنەییەکانی لەدەسەڵاتی سیاسی تیرۆر کرا.

ئەم تیرۆرە سەپاندنی سێبەری ترسە بەسەرئاسمانی هەمولایەکماندا دێت و دەچێت،کە نیمچە ئازادی میدیاو ڕادەربڕین بەرەو سنوردارکردن دەبات، کەلە 15 ساڵی ڕابردوودا لەلایەن میدیاکاران و نوسەران و سیاسییەکانەوە بە مەرگ و خوێن قوربانی زۆری بۆدراوە.

ئەمرۆ کاری میدیا و ئازادی ڕادەربڕین لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان،واتە ( حکومەتی لۆکالی کوردی دا ) پێویستی بەهاوکاری ویارمەتی مەعنەوی هەموو ئەو ڕێکخراو و ئۆرگانە (ئێن جی،ئۆ و سیاسییانە) هەیە کەباوەڕی ڕەهایان

بەدیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین هەیە،تالەڕێگەی فشارە دیبلۆماتی و سیاسییەکانەوە دەسەڵاتی کوردی ناچاربکرێت گیانی پاراستن و سەلامەتی ڕۆژنامەنوس ونوسەرە ئازادولیبراڵەکان مسۆگەربکات.

ئیمەو جەماوەری خۆپیشاندەران داوا دەکەن:

.1. بەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر دەسەڵاتدارە، ئەبێت بەزووترین کات ئەرکی بەدواداچوون ودوزینەوەی بکوژانی سەردەشت بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکات.

2/ سەرۆکی هەرێم وحکومەتی هەریمی کوردستان لێبڕاوانە هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئاشکراکردنی تیرۆریستانی سەردەشت عوسمان وپلان ودەستی پشتی ئەم کردەوەیە بە ئاگاداری هەموو خەڵکی کوردستان بگەیەنێت.تیرۆریستان لە دادگایەکی جەماوەری وئاشکرادا دادگایی بکرێن.

3/ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە گیان وژیان وئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و پێویستە حکومەتی دابینکردنی ئازادی هەلسوڕانی سیاسی و دەستەبەر کردنی خزمەتگوزارییەکان بێت.

لایەنەکان:

1.فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی /سکرتاریەتی سویسرا

2.بزوتنەوەی گۆڕان /نوینەرایەتی سویسرا

3. چاودێری کوردۆ ساید.چاک /کۆمیتەی سویسرا

4.کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

5.ڕیکخراوەی سویسرای حزبی شیوعی کوردستان.

کۆپی ئەم یاداشتە بۆ:

1.نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە سویسرا

2.سەفارەی عراقی لەسویسرا

3.ڕێکخراوەی کۆمەڵگای بۆ نەتەوە چەوساوەکان((گفی بی))

4.پارتی سوسیال دیمەکراتی سویسرا

5.گرووپی دۆستانی کورد لە پەرلەمانی ئەوروپا.

6. کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ ، یوئین جنیف.

**داوا دەکەن خانەوادەی سەردەشت عوسمان لە لێکولینەوەی تیرۆری کورەکەیان بەشداری بکەن**

"ئێمەوە ئەوەمان خستۆتە بەردەستی ئێوە کە پێوانی بکەن هاورێ و کەسوکارو هەموو کەس لەناوەوەو لەکوردستان وەهەروەها لەدەرەوەش نیگەرانن بەرامبەر بە پێشێلکردنی ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستاندا"

ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی پەنابەران – بەریتانیا :لەندەن 23–5––2010

رێکخراوی رزگاری کرێکار(workers liberty) لە نامەیەکدا کە ئاراستەی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردوە لە لەندەن داوا دەکەن"خانەوادەی سەردەشت عوسمان لە لێکولێنەوە تیرۆری کورەکەیان بەشدار بکەن"

هەروەها ئەوەشیان وتووە "ئێمەوە ئەوەمان خستۆتە بەردەستی ئێوە کە پێوانی بکەن هاورێ و کەسوکارو هەموو کەس لەناوەوەو لەکوردستان وەهەروەها لەدەرەوەش نیگەرانن بەرامبەر بە پێشێلکردنی ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستاندا"

لە بەشێکی دیکەی نامەکەیاندا داوا دەکەن" لێکوڵینەو لەگەڵ پاسەوانەکانی بەردەم زانکۆی سەلاحەدینو هەروەها پاسەوانەکانی سەیتەرەی نێوان هەولێر و موسڵ بکرێت سەبارەت بە رفاندنوتیرۆری سەردەشت عوسمان"

**تۆمەتبارکردنی سەردەشت عوسمان بە تیرۆریست ئیدانە دەکەین**

ماوەی زیاتر لە چوار مانگە جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان چاوەڕوانی ئاشکرا کردنی بکوژانی خوێندکار و رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دەکەن. دەیان هەزار کەس تۆمەتبارکردنی سەردەشت عوسمان بە تیرۆریست ئیدانە دەکەین

لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و لە گەلێک وڵاتی دنیا لە خۆپیشاندان و کۆڕو کۆمەڵەکانیاندا یەک دەنگ تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی لاویان مەحکوم کردو ئەرکی ئاشکراکردنی تاوانکارانیان خستە ئەستۆی حکومەتی هەرێم و دەزگا ئەمنیەکان. کەچی پاش ئەو ماوە زۆرەو سەرەرای پەیمان و بەڵێن دان بەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت کە لەسەر داوای سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئاشکراکردنی تاوانکاران پێک هاتووە سەرەداوی

گرنگیان سەبارەت بەو تاوانە کەوتۆتە دەست، لیژنەی ناوبراو لە ڕاگەیاندنێکدا نەک تەنها وەڵامی خواستەکانی جەماوەری کوردستان و ڕۆژنامەنوسانی نەدایەوە، بەڵکو تۆمەتێکی ناڕەوای خستە پاڵ قوربانی دەستی تیرۆر.

لیژنەی لێکۆڵینەوە گیانبەخشی ڕێگای ئازادی ڕادەربڕین، سەردەشت عوسمان، بە هاوکاریکردنی گروپی ئەنسارولئیسلام تۆمەتبار دەکاتو بەم تۆمەتە نالۆژیکیەش دەری دەخات کە لیژنەکە لە ئاست خواست و داوای خێزانی قوربانیەکەو، هاوڕێ و دۆستانی و ڕۆژنامەنوسانو هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان نەبووە. ئەمە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر هەر دەنگێکی ئازاد. لەلایەکی ترەوە ئەم تاوانبارکردنە ئاکامێکی دژوار و ڕاستەوخۆی بۆسەر خێزانی شەهید سەردەشت عوسمان دەبێت.

ئێمە ئەو حزب و لایەنانەی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە، وێڕای ئەوەی ئەم تاوانبارکردنە بەتوندی پڕۆتێست دەکەین، خوازیاری ئەوەین کە:

1/ لیژنەیەک بۆ لێکۆلینەوە لە تیرۆری شەهید سەردەشت پێک بێت بەبەشداری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان، ڕۆژنامەنووسان، ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانی وەک ئەمنستی ئینتەرناشناڵو ڕۆژنامەنووسانی بێسنوورو چاودێری مافی مرۆڤی جیهانیو نوێنەری خێزانی سەردەشت عوسمان.

2/ حکومەت و دەسەڵاتی ئەمنی بەرپرسن لە پاراستنی ئەمنیەت و ژیانی بنەماڵەی شەهید سەردەشت و هاوڵاتیانی کوردستان.

پارتی چەپی کوردستان

ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید– چاک

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان– سوێد

حزبی شیوعی کوردستان/ ڕێکخراوی سوید

دەستەی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە ستۆکهۆڵم

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان– ڕێکخستنی ستۆکهۆڵم

**بانگەوازێک بۆ بەرپاکردنی گردبوونەوەیەک لەشاری ڤانکۆڤەر بۆ پاڵپشتیکردن لە نارەزایەتییەکانی کوردستان دژ بەتیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان**

چالاکییەکانی کەمپینی "بێدەنگ نابین" و کاریگەربوونی هەوڵەکان بۆ ئاشکرا کردنی تاوانبارانی ئەو کردارە پڕ لەشەرمەزارییە و دەست کۆتاکردنی تێرۆر لەکوردستاندا، وابەستەیە بە درێژەدان و بەردەوام بوونی ئەو بزووتنەوەیەی خەڵکی کوردستان

هەروەک ئاگادارن نارەزایەتی دەربڕین و تووڕە بوونی خەڵکی ئازادیخواز گشت شارەکانی کوردستانی گرتووەتەوە. کەچی تاکو ئێستا بەرپرسان و دەستەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێکی عەمەلی و جدییان نەناوە بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی ئەو دەستە رەشانەی کە لەپشت تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانەوە بوون. چالاکییەکانی کەمپینی "بێدەنگ نابین" و کاریگەربوونی هەوڵەکان بۆ ئاشکرا کردنی تاوانبارانی ئەو کردارە پڕ لەشەرمەزارییە و دەست کۆتاکردنی تێرۆر لەکوردستاندا، وابەستەیە بە درێژەدان و بەردەوام بوونی ئەو بزووتنەوەیەی خەڵکی کوردستان کە دەخوازێت ئێمەش ببین بەشێک لێی. ئاگادارکردنی دنیای دەرەوە لەرێگەی پیشاندانی نارەزایەتی و خۆپیشاندان لەشوێنە گشتییەکان و ئاگادارکردنی میدیاکانی رۆژئاوا لەچالاکییەکان،هەوڵێکە بۆ پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی ئەو بزووتنەوەیەی کە بۆ بەرگریکردن لەئازادی رادەربڕین و بەیان لەگشت شارەکانی کوردستاندا بەرپاخراوە. ئێمە کۆمەڵێک هەڵسوراو لەشاری ڤانکۆڤەر هەڵدەستین بە گردبوونەیەک بۆ پاڵپشتیکردن لەنارەزایەتیەکانی کوردستان دژ

بەتیرۆرکردنی سەردەشتی رۆژنامەنووس، وە بانگەوازتان ئەکەین کە بەشداربن لەو گردبوونەیەدا تاکو ئێمەش لەو ئەرکە مێژووییە بێ بەش نەبین.

شوێن: Grandview Park, located on Commercial Drive, and Charles street

کات : رۆژی شەمە بەرواری 5/29، کاتژمێر چواری ئێوارە.

ژمارە تەلەفۆن: 6047292184

دەستەی بەرێوەبردن

**بانگەواز بۆ بەشداریکردن لە کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی دژ بە تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان ) وبەرتەسک کردنەوەی ئازادی لە کوردستان**

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە شاری ڤانکوڤر–کەنەدا بەشداری دەکات لە کۆبونەوەی نارەزایەتی دژ بەم تاوانە وئاشکراکردن و رسواکردنی ئەنجامدەرانی شانبەشانی سەرجەم ئازادیخوازان وبە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین

لەدرێژەی ئەوچالاکیانەی کە حیزب لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان وعێراق دەستی پێکردووە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی نارەزایەتی دژ بە تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) لە شاری هەولێری ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق دوابەدوای ئاشکراکردنی گەندەڵی و جیاوازی چینایەتی نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکی کوردستان ...حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە شاری ڤانکوڤر–کەنەدا بەشداری دەکات لە کۆبونەوەی نارەزایەتی دژ بەم تاوانە وئاشکراکردن و ڕسواکردنی ئەنجامدەرانی شانبەشانی سەرجەم ئازادیخوازان وبە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین و لەم پێناوەشدا بانگەوازی سەرجەم مرۆڤ دۆستان و ئازادیخوازان و ڕێکخراوەکانیان دەکات بۆ بەشداریکردن لەم کۆبونەوەی نارەزایەتیەدا لەپێناو داخوازی ئاشکراکردنی تاوانباران و بکوژانی (سەردەشت عوسمان )و ئازادیخوازان ودانیان بە دادگایەکی سەربەخۆ و جەماوەری و هەروەها پابەند کردنی سەرجەم یاسا و دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان لە ڕێزگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بێقەید و شەرتی سیاسی لە درێژەی ئەم نارەزایەتیە جەماوەریەدا...

هەربۆیە بەشداریکردنتان لەم کۆبونەوەیەدا بەهێزکردنی دەنگی نارازی و وەستانەوەیە بەڕوی تیرۆرو تۆقاندندا ...

کات و شوێنی کۆبونەوەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:–

شوێن Grandview Park، located on Commercial Drive، and Charles street

کات : ڕۆژی شەمە بەرواری 5/29، کاتژمێر چواری ئێوارە.

Vancouver، BC

May 29 Saturday، 04:00 pm 2010

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق فانکوفر/ کەنەدا

2010/5/23

**خۆلادان لە وەڵامدانەوە بە خواستی سەندیکای کرێکارانی خزمەتگوزاری لە بەریتانیا، نیشانەی بێبەرپرسیاریتیانە بەرامبەر ئاشکرا کردنی بکوژانی سەردەشت عوسمان**

لەندەن 24–5–2010:

دوای ئەوەی لەسەر داوای فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی سەندیکای خزمەتگوزاریەگشتیەکانی بەریتانیا (PCS) نامەیەکیان ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێمی

کوردستانکرد سەبارەت بە تیرۆری سەردەشت عوسمان وپشتگیریان خۆیان لە ئازادی هەڵسورانی سیاسی و ڕۆژنامەگەریو بیرۆرا لە کوردستان دەربڕی، وە ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆن نامەی کارن جۆنسن لە کۆمسیۆنی یەکیتی خزمەتگوزاریە گشتیەکان (PCS) سەبارەت بەتیرۆری سەردەشت عوسمان لە 11-5 بلاوکردەوە .پاشان 19- بە نامەیەکی ئەنتەرنیتی وەلام بە سەندیکای ناوبراو دەدرێتەوە کە دەقەکەی لەخوارەوە هاتووە.

دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن سەبارەت بەو وەلامە ووتی "لەجیاتی ئەوەی کە دەسەلاتداران وەلام بە نامەی سەندیکا بداتەوە کە چی بەداخەوە لەرێگای ئیمیلی کەسێکەوە بە ناوی سەلام کاکەیەوە نامەیەک ئاراستەی کارن جۆنسن کراوە کە مەسەلەکەی بۆ لایەکی تر راکیشاوە کە هیچ پەیوەندیەکی بە کێشەکەوە نیە،کارێکی ئاواش بەلگەی ئەوەیە کە دەسەلاتداران خۆیان لە وەلامدانەوە بەداواکاریەکانی خەلک دەدزنەوە و نایانەوێت بەرپرسیاریتی لە ئەستۆ بگرن"

سەبارەت بەو نامەیە کارن جۆنسن لە پەیوەندیەکی تەلەفونیدا بەسکرتێری فیدراسیۆنی ڕاگەیاند" ئێمە چاوەروانی ئەوەمان دەکرد لێکولینەوە لەو تاوانە قیزەوەنە بکرێت کە هەوالەکەی هەموانی هەژاند بەلام نامەیەکم ئاراستەکراوە کەبە هیچ شێوەیەک ئەوە نیشان نادات بەدوادا چون لێکولینەوە لەو تاوانە بکرێت وهاوکات جێگایەک بۆ ئەو خواستە ئینسانیانە دابنرێت کە داواکار بووین بۆ خەلکی کوردستان کە سەرەتاترین مافە خەلکی کوردستان لێ بەهرمەند بێت"

شایەنی باسە یەکیتی ناوبراو نزیک بە 300 هەزار ئەندامی هەیە لەسەراسەری بەریتانیا.

**ئاگادارییەک سەبارەت بە گردبوونەوەکەی شاری ڤانکۆڤەر بۆ پاڵپشتیکردن لە نارەزایەتییەکانی کوردستان دژ بەتیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان**

ئیمە لە بانگەوازی یەکەم بۆ گردبوونەوەکەی شاری ڤانکۆڤەر ڕامان گەیاندبوو کە کاتژمێر چواری ئێوارە کۆدەبینەوە، بەلاّم پێمان باش بوو کاتژمێرکیک کوبونەوەکە دواخەین بەمەبەستی بەشداریکردنی خەڵکێکی زۆرتر. واتا کاتژمێر پێنجی ئێوارە لە هەمان شوێن کۆدەبینەوە. هەروەها پێمان خۆشە ئەوە بە بەشداربوانی ئەو چالاکییە ڕاگەیەنین کە دەستخۆشی لە هەر لایەنێک یاخوود حزبێکی سیاسی دەکەین کە پاڵپشتی ئەو نارەزایەتی دەربرینە دەکات، بەلاّم داواکارین لێیان ئەوە لەبەرچاو بگرن کە مەبەسەتی سەرەکی لەم کارەپاڵپشتیکردنی نارەزایەتییەکانی کوردستانە کە بۆ بەرگریکردنە لەئازادی ڕادەربرین و ئاشکراکردن و سزادانی ئەو تاوانبارانەی کەدەستیان چووە خوێنی سەردەشتی ڕۆژنامەنووس.

شوێن: Grandview Park, located on Commercial Drive, and Charles street

کات : رۆژی شەمە بەرواری 5/29، کاتژمێر پێنجی ئێوارە.

ژمارە تەلەفۆن: 6047292184

ئیمەیڵ: Kja21@sfu.ca

ڕێکخەرانی گردبوونەوەکە

ئەیوب فایق – ڕزگار حەمە ڕەشید – کاوە حەسەن – وەستا جەلال – تریفە عەلی

**لەسەر تیرۆری رۆژنامەنوس زەردەشت عوسمان ،حزبی مارکسیست ـ لینینستی ئەڵمانیا نامەی نارەزایەتی بۆسەرۆکیهەرێمی کوردستان ڕەوانەکرد.**

ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆن – ئەڵمانیا26–5–2010:

نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی ـ ئەڵمانیا ووتی" لە چوارچێوەی دیفاع لە ئازادی سیاسی ورادەربرین لەکوردستاندا وریسواکردنی کردەوەی تیرۆری رۆژنامەنوس زەدەشت عوسمان وبەهێزکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ، فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەئەڵمانیا ، پەیوەندی بەچەندی لایەنی سیاسی وجەماوەری یەوە کردوە ،لەم نێوەدا حزبی مارکسیست ـ لینیستی ئەڵمانیا ناوچەی کالسرۆ ،نامەیەکی نارەزایەتیان بۆسە رۆکیهەرێمی کوردستان ڕەوانەکرد"

ئەمەش دەقی نامەکەیە بەهەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانی حزبی مارکسیست ـ لینینستی ئەڵمانیا – ناوچەی کالسرۆ

بەرێز مەسعود بەرزانی

ئێمە لەهەواڵی کوشتنی رۆژنامەنوسی عێراقی زەردەشت عوسمان ئاگادارکراینەوە وبڕیاریماندا لەبەرامبەر ئەم کارەدا نارەزایەتی خۆمان دەربڕین .

بارودۆخی مافە دیموکراتیەکان وەکو مافی رۆژنامەگەری وئازادی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەئاستێکی باشدا نیە . چۆن کارێکی لەوجۆرە دەبێ رووبدات، رۆژنامەنوسێک لەسەرشەقامێکی کراوەدا دەستگیربکرێت وبرفێندرێت وپاش ئازارو ئەشکەنجەدان بەکوژراوی بدۆزرێتەوە ...؟ ئۆتۆمبیلێکیش کە بۆ ئەم کارە بەکارهێنراوە بەچەندین خاڵی پشکنیندا تێپەرێت....! هەرلەم چوارچێوەدا ئێمە چەندین راپۆرتی رۆژنامەنوسیمان پێگەیشتوە لەسەر هەڕەشەکردن وفشارهێنان بۆسەر ئەوکەسانەی کەلەبواری میدیاو رۆژنامەگەریدا کاردەکەن لەعێراق وهەرێمی کوردستاندا .

ئەمریکا لەژێر ناوی داسەپاندنی ئارامی وديموكراتيدا جەنگێکی لەبەرامبەر ئەم وولاتەدا بەرپاکرد وسەرەنجامیش داگیری کرد ،بەڵام بەدەر لەم ئيدعايانە ،ئێمە بەلامانەوە ڕۆشنە کەسەرجەم بیانۆکانیان بێ بنەمایە و ئەم جەنگە تەنها لەپێناو بەرژەوەندیە ئیمپریالیستخوازەکانی ئەمریکا و حکومەتە هاوپەیمانەکانی بەرێوەچوو ،ئەنجامدانی تاوانێکی ترسنۆکانەی لەو جۆرەیش جارێکی دیکە دەیسەلمێنێت کەئەم دەسەڵاتە داگیرکەرە ناتوانێ (دیموکراتیەکی ئازادیخوازانە) زامن بکات.

بەرلەماوەیەک، حکومەتی ئەڵمانیا بریاریدا ژمارەی هێزە سەربازیەکانی لەئەفغانستاندا زیاتر بکات ،ئەم بریارەش لەکاتێکدا دێت کە 70% هەفتا دەرسەدی خەڵکی ئەڵمانیا خوازیاری کۆتایی هینان بەم جەنگەن .

ئێمە داواکاری ئاشکراکردنی هۆکارەکان و سەرپەریشتیکار وئەنجامدەرانی تاوانی کوشتنی (زەردەشت عوسمان)ین ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیش دەبێت رووبەکۆمەڵگا ئاشکرا بکرێت ورابگەێنرێت وتاوانبارانیش لەچوارچێوەی یاسادا سزای خۆیان وەربگرن.

له هەمان کاتدا ئێمە خوازیاری کشانەوەی هێزە داگیرکەرەکانین لەعێراق و هەروەها داواکارین مافی دیاریکردنی چارەنوس بەرەسمی بۆ خەڵکی کوردستان بناسرێت وسەرجەم هێزە سەربازیەکانی ئەڵمانیا لەدەرەوەی وولات بکشێینەوەو بگەرێنەوە.

گابریلە کۆنراد

حزبی مارکسیست ـ لینینستی ئەڵمانیا

ناوچەی کالسرۆ

25.05.2005

**له ئوستراليا كۆڕێكی ماتەمینیی بۆ تێرۆری رۆژنامەنووس سەردەشت ساز دەكرێت**

بڕیارە چەندین ئەکادیمیست و ژۆرناڵیستی ئوسترالیی و عێراقیی و ئێرانیی و نوێنەری ئەمنستی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حیزب و ڕێکخراوە عێراقیی و کوردستانیی و ئوسترالییەکان بانگهێشتی کۆڕەکە بکرێن

لە درێژەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا، رەوەندی کوردیی لە شارەکانی ئوستراليا کۆڕی ماتەمینیی بۆ تێرۆری رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دادەنێن. لەشاری سیدنی بڕیارە 13 ی مانگی شەش کە ڕێکەوتی رۆژی یەکشەممە دەکات کوردەکانی کوردستانی عێراق و ئێران کۆڕێکی ماتەمینیی بۆ کۆمیونیتی کوردیی لەشاری سیدنی بەڕێوە بەرن.

بڕیارە چەندین ئەکادیمیست و ژۆرناڵیستی ئوسترالیی و عێراقیی و ئێرانیی و نوێنەری ئەمنستی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حیزب و ڕێکخراوە عێراقیی و کوردستانیی و ئوسترالییەکان بانگهێشتی کۆڕەکە بکرێن و وتەی خۆیان پێشکەش بکەن و سەرەنجامیش پێکەوە یاداشتێکی نارەزایەتیی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرزبکەنەوە و داوای دادگایەکی سەربەخۆ و ئازاد لەژێرچاودێری ئۆرگانێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە ئامادەبوونی کەسوکاری قوربانییەکەو ژۆرناڵیستەکانی کوردستان میدیای سەربەخۆ ، لێکۆڵینەوەکان بۆڕای گشتیی ئاشکرا بکرێن .

ڕەوەندی کۆمیونیتی کوردیی لە سیدنی

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکەن:

0431242401

2010–5–23

**دژ بە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی لە کەنەدا بەڕێوە چوو**

لە شاری ڤانکۆڤەر لە کەنەدا کۆبوونەوە و خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی دژبە تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان و سەرکوتکردنی ئازدای سیاسی و ئازادی رادەربڕین لە کوردستان بەرپاکرا. خۆپیشاندانەکەلە Grandview Park لە ناوەڕاستی شاری ڤانکۆڤەر لە پاشنیوەرۆی ڕۆژی شەممە کاتژمێر ٥ ی ئێوارەی ٢٩ – ٥ – ٢٠١٠ بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئازادیخوازی ڕەوەندی کوردی و نوێنەری لایەن و ڕێکخراوی کوردی و کەنەدی ئامادەبوون.

نینا جەلال بەڕیوەبەری بەرنامەکە بوو:

سەرەتا ڕزگار حمەڕەشید و کاوە حەسەن بە زمانی کوردی و ئینگلیزی ووتاری ئامادەکارانی کۆبوونەوەکەیان خوێندەوە و پاشان نوێنەری کرێکارانی پۆستی کەنەدا پشتیوانی خۆی بۆ خۆپیشاندانەکانی کوردستان لە دژی تیرۆر ڕاگەیاند و تیرۆری ڕۆژنامەنووسانی مەحکوم کرد، هەروەها بەڕێزان نوێنەرانی هەریەک لە:–

ئیبراهیم باقی ماڵی کورد لە ڤانکۆڤەر ، وەستا جەلال یەکیتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق ، کاوە سوور ڕێخراوی چاک ، عەمار شەریف حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ، ئەکرەم نادر ڕێکخراوی شوراو سەندیکاکرێکاریەکان لە عێراق و نوێنەری ڕیکخراوی چەپی کەنەدی FightBack ووتاریان پێشکەشکردو هەریەکەیان چ وەک ڕێکخراو و چ وەک تاک جەختیان لەسەر بنەماکانی ئازادی کردەوە لە کوردستان کە دەبێت ئەو بنەمایانە فراوانتر بکرێنەوە

نەک بەرتەسکبکرێتەوە بە ڕووی خەڵکی کوردستاندا.هەروەها لە وتارەکانیاندا داوای ئاشکرا کردنی تاوانباران و ئەو دەستانەی لە پشتی کوشتنی ڕۆژنامەنووسانەوە وەستاوە دەکرا . ئەوەشیان دووپات دەکردەوە ک پێویستە و دەبێت ە درێژە بەم کارو چالاکیانە بە شێوەی ڕێکخراو هاوئاهەنگ بدرێت. لەدەرەوەی وولات خەڵکی ئازادیخوازی جیهان لەوکارە دزێوانەی لە کوردستان لە دژی دەنگی جیاواز و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی هەیە ئاگادار بکرێتەوە ، هاوکاتی نارەزایەتیەکانی کوردستان لە دەرەوەش فراون بکرێتەوە.

داواکاریەکان:-

- سەرۆکی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان کە دەسەلاتداری سەرەکی شاری هەولیرە بەرپرسیارێتی بەدوادا چوونی ئەم تاوانە لەئەستۆ بگرن. دەستبەجێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی بۆبکەن و لە پرۆسەیەکی ئاشکرا دا ئەنجامدەرانی تاوانەکە بۆ رای گشتی ئاشکرابکەن و راپێچی دادگا بکرێن.

- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا پابەندبوونی خۆیان بەپاراستنی ئازادی سیاسی ، بەیانی بیرورا، ئازادیی بڵاوکردنەوەو راگەیاندن رابگەیەنن. بەرپرسیارێتی بەرامبەرپاراستنی گیانی هەلسوراوانی سیاسی و رۆژنامەگەری نیشان بدەن و هەنگاوی بەکردەوە بنێن بۆ ریگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی تیرۆرو ئینسان کوشتن لە کوردستان.

بەم شێوەیە سەرەڕای وکەش و هەوای سارد و لەژێر لێزمەی باران دا ، کۆتایی بەخۆپیشاندانەکە هات.

وەستاجەلال ڕزگار حەمەڕەشید کاوە حەسەن ئەیوب فایەق

**ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە عێراقدا پڕ لە مەترسییە**

ئینگە ڕۆگ – بەغداد

لە ئەڵمانییەوە: هیوا ناسیح

کوشتنی ڕۆژنامەنوسێکی کورد ڕۆژنامەوانانی تەواوی وڵات دەجوڵێنێت و کۆدەکاتەوە

ئازادیی ڕۆژنامەگەریش بە یەک لە دەستکەوتەکانی دیموکراتییەتی بنیادنراو لە عێراقدا دادەنرێت، لەم نێوانەدا ڕۆژنامەنوسە عێراقییەکان بەرەو ڕووی ڕەشەبایەکی دژەئاراستە دەبنەوە. پۆلێک لە میدیاکاران (ڕۆژنامەوانان)ی چاونەترس بەرگری لە مافەکانیان دەکەن.

خۆپیشاندانێک ڕۆژنامەنوسان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، عەرەب و کوردەکان لە عێراقدا کۆدەکاتەوە، ئەوان لە بەردەم پەیکەرەکەی ئەبونەواس لە ناوەڕاستی شاری بەغدادان، کە بۆ ناڕەزایی دەربرین بەرامبەر بە کوشتنی هاوڕێی کوردیان سەردەشت عوسمان کۆبووبونەوە. ناوبراو تەمەن 23 ساڵ بوو، لە 5ی مانگی مایسدا لە پێش زانکۆکەی لە هەولێر بە زۆر پەلکێشی ناو ئۆتۆمبیلێک دەکرێت و لە ڕۆژی دواتردا لە نزیکی موسڵ بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە.

گومان لە دەزگای هەواڵگریی

هاوڕێ و برادەرەکانی قەناعەتیان وایە، کە دەزگایەکی هەواڵگریی کوردیی لە پشت کوشتنی سەردەشتەوەیە. ناوبراو بە نووسینی چەند وتارێک دەستەڵاتدارانی کوردی توڕە کرد. لە یەکێک لە دوا وتارەکانیدا، کە بە زمانێکی گاڵتەئامێز (کۆمیدی) داوای کچەکەی سەرۆکی هەرێمەکە مەسعود بارزانی دەکات. (ئەوە هۆی کوشتنەکەی بوو) ئەمە قسەی ڕۆژنامەنوسێکی کورد بوو، کە لەبەر ترسی سزادان نەیوێرا ناوی خۆی بڵێت. کوردستان ناوچەیەکی ئارامە لە عێراقدا. تەقینەوەی وەک لە بەغدادا هەیە لەوێ دەگمەنە وە ئابورییەکەشی گەشەی باشی کردوە. بەڵام نرخی ئەم ئارامی بارودۆخە رژێمێکی سەرکوتکەرە، بەوەی کە دوو پارتە باڵادەستەکەی هەرێمەکە هەر دەنگێکی ناڕازی دەمکوت دەکەن. ئامادەبووانی مەیدانی ئەبوونەواس لە پەرەسەندنی ئەو شتە دەترسن.

مافێکی جێگیرکراو

ئەبونەواس ئەو شاعیرەیە، کە لە سەدەی هەشتەمدا ژیاوە، ئەو کەسێکی بێبڕوا و ئازادیخواز بوو. بەشداربووانی کۆبوونەوەکەش لە ئێوارەی پێنجشەممەدا بۆ ئازادیی وشە خەبات دەکەن. ئەوان بازنەیەکی بچوکن، بەڵام لە شارێکدا، کە ڕۆژانە تەقینەوە ڕوودەدات. ئەمە ئازایەتی گەرەکە. بە پێی (کۆمیتەی پارێزگاریی لە ڕۆژنامەنوسان) کە بنکەیان لە نیۆیۆرکە، لە حەوت ساڵی رابردوودا لە عێراق 119 ڕۆژنامەنوسی عێراقی و 13ی بیانیش بوونەتە قوربانیی توندوتیژی.

گەورەترین مەترسیی بۆ ڕۆژنامەنوسان ئەمڕۆ توندوتیژی نییە، بەڵکو هەوڵی حکومەتە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری، ئەمە هادی جۆلەمێری کە ئەندامی (چاودێریی ئازادیی رۆژنامەگەریی لە عێراقدا)یە وا دەڵێت. لیژنەیەک لە لایەن حکومەتەوە پێکهاتوە بەر لە هەموو شت چاودێری ڕۆژنامەگەریی دەکات.

لە دەستکەوتەکانی ئەمریکییەکان پاش روخانی رژێمی سەددام ئازادیی رۆژنامەگەرییە، کە ئەمڕۆ ئەمە لە دەستوردا جێگیرکراوە. (تا پێش دوو ساڵ لەمەوبەر نەماندەتوانی وا بە ئازادیی بێینە سەرشەقام)، عەلی مەشکیل وا دەڵێت. (هەرچەندە ئەمڕۆ وا جارێکی تر دەتوانین ئەمە بکەین، بەڵام بەبەردەوامی فشارمان بۆ دەهێنرێت)، وەک ڕۆژنامەوانانی

تەلەفزیۆن دەگێڕنەوە، بە زۆریی ڕێگرییەکان لە پۆلیسەوەیە، ناهێڵن چاوپێکەوتن سازبکەین، هەندێک جار ڕۆژنامەنوسان چەندان سەعات دەگیرێن و بگرە دارکاریش دەکرێن.

چەند هێڵێکی سور

وەک خراپترین شتی باو ڕۆژنامەنوسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لەسەر ڕاپۆرتە نەخوازراوەکان (نەویستراوەکان) هەڕەشەیان لێدەکرێت. (بە تیۆریی دەتوانین چیمان دەوێت بنووسین، بەڵام لە واقیعدا ناتوانین، خەتە سورەکان ببەزێنین)، تۆفیق تەمیمی وا دەڵێت، کە لە ڕۆژنامەی (سەباح)ی نزیک لە حکومەت کار دەکات. بابەتی سیاسەت و ئایین، یەک لە هەستیارترین بابەتەکانن لە عێراقدا، کە وەک قەدەغە و حەرام سەیر دەکرێن، وەک ناوبراو دەڵێت. بەڵام هاوکات ڕەخنەش لەحکومەت و دەستەڵاتدارە باڵاکان بقەیە. (تەنها تەلەفونێک بەسە، ئیتر تۆ دەزانیت، کە واباشترە دەست لە ئەو بابەتە هەڵگریت).

عیماد ژمارەی تەلەفونە–هەڕەشە زۆرەکانی بۆ نەدەژمێردران، هەرچەندە چەند کورتەنامەیەکی هەڕەشەی لە هەندییەکەیدا ئەمبار کردبوو. یەک لەوان نوسرابوو: (ئەگەر واز لە کارەکەت نەهێنیت، دواتر دەبینیت، چی بەسەر خۆت و خێزانەکەت دێت). یا (عیماد، بیر لە برینەکانت بکەرەوە). بێژەرێکی تەمەن 40 ساڵەی تەلەفزیۆن، کە بە ڕەخنەگرێکی توندی گەندەڵی و واستەکاریی (خزمخزمێنە) ناسرا بوو، لە کۆتایی تشرینی دووەمدا لە یەک لە شەقامە باش پاسەواندارەکانی بەغدادا بە چوار گوللە کوژرا. بۆ عەبادیی، وەک بۆ هاورێکانیشی لە شەقامی ئەبوونەواسدا گرنگ داهاتوی دیموکراتییە لە عێراقدا. (ئێمە دەبێت داکۆکی لە پرەنسیپەکان بکەین) جۆلەمێری وادەڵێت، (ئەگەر نا ئەوەندەی پێ ناچێت، ڕەوشێکی وەک میسر و ئێران لێرەشدا زاڵ دەبێت).

تێبینی و سەرچاوە:

ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی سویسری ئەڵمانیزمانی (Neue Zü rcher Zeitung) ڕۆژی شەممە 29.5.2010 بڵاوکراوەتەوە، ئەم ڕۆژنامەیە ساڵی 1780 دامەزراوە، بە پێی ڕاپرسییەکان حەوتەم ڕۆژنامەی بەناوبانگە لە جیهاندا و ڕۆژانە زیاتر لە نیو ملیۆن کۆپی بە تەواوی جیهاندا بڵاودەبێتەوە. (وەرگێڕ)

**سەردەشت عوسمان، وەکو ستافی فەخری دەستەی نوسەرانی ئاشتی نامە دەمێنێتەوە**

ئاشتینامە: تایبەت

شەهیدی ئازادی و قەڵەم، سەردەشت عوسمان کە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک و تا تیرۆرکردنەکەشی ئەندامی دەستەی نوسەرانی (ئاشتی نامە) بوە و زۆر دڵسۆزانە ئیش و

کارەکانی هەفتەنامەکەمانی راپەڕاندوو لە نوسین و وەرگێڕاندا، بۆ ئێمە لەلایەک جێگای داخ و کەسەرە کە یەکێک لە بەتواناترین ستافی هەفتەنامەکەمان لەدەستدا و کەلێنێکی گەورەی لەنێو بژافی رۆژنامەگەری بەگشتی و هەفتەنامەی (ئاشتی نامە) بۆ ئێمە بەجێهێشت و بۆ ئێمە سەختە ئەو کەلێنە بە ئاسانی پڕ بکەینەوە، لەلایەکی تریشەوە جێگای شانازییە کە هاوپیشەی ئەو گەنجە رۆژنامەنوسە بەتوانایە بوین و بۆیەش بڕیارماندا وەکو وەفایەک بۆ پاکی و جوانی و دڵسۆزی ئەو رۆژنامەنوسە وەکو ئەندامی فەخری دەستەی نوسەرانی ئاشتی نامە ناوەکەی بهێڵینەوە..

لەم بارەیەوە بەشداری برای شەهید سەردەشت لەلێدوانێکی تایبەتدا بە ئاشتی نامەی راگەیاند (ئێمە وێرایی دەستخۆشی لە هەڵوێستی دڵسۆزانەی ستاف و هەڵسوڕێنەرانی ئاشتینامە، لێرەشدا دەمانەوێت بە هەموو لایەکی رابگەیەنین کە شەهید سەردەشت وەکو رۆژنامەنوسێک هەموو کات و کار و پرۆژەکانی لە بواری وەرگێڕان و نوسیندا لە ئاشتینامە چڕکردبویەوە بەهۆی توانا و دڵسۆزی لە کارەکانی لە ماوەیەکی کەمدا وەکو ستافی نوسینی ئاشتینامە دەستنیشانکرا.. ) لە کۆتایشدا بەشداری برای شەهید ئەوەشی بە ئاشتینامە راگەیاند ئێمە خەریکی پرۆژەیەکی گەورەین کە هەموو ووتار و بابەتەکانی شەهیدی جوانەمەرگ لە پرۆژەیەکی گەورەی میدیای رادەگەیەنین.

**لەبنەماڵەی شەهید سلێمان موعینیەوە بۆ بنەماڵەی سەربەرز سەردەشت عوسمان**

بەرێزان،

هەواڵی دڵتەزێنی تیرۆری بەڕێز سەردەشت، بوو بە خەم و پەژارەی هەمو کوردێکی بەویژدان و بنەماڵەی ئێمەی وەبیر گیانبەختکردوانی بنەماڵەکەمان و هەمو ڕۆڵەیەکی قارەمانی نەتەوەکەمان هێناوە و خۆمان بە بەشداری ماتەمین دەزانین .

بەڕێزان، تیرۆر یەکێک لە قیزەونترین مێتۆدی دژە ئازادی و دیمۆکڕاسی لە کۆمەڵگا دایە و ئەم شێوە نامرۆڤانە بە لە ناوبردنی نەیاران دەگەڕێتەوە خانەی خزمەت بە کۆنەپەرەستی و خەیانەت بە گەل و نیشتیمان.

بەڕێز سەردەشت یەکەم قوربانی و ئاخر قوربانی نابێت و هەتاکو کۆمەڵگاکەمان لە ئاست ئەم چەشنە هەڵس و کەوتە دڕندانەیە بێدەنگ بێت بە سەدان سەردەشتی تر گیانیان دەبێتە قوربانی ملهوری کۆنەپەرەستی و دژە ئازادی.

لەمێژوی خەبات بۆ ئازادی نەتەوەیی بە هەزاران خەباتگێر و تیکۆشەری گەلەکەمان گیانیان بۆتە قوربانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی وهاوکات بە سەدان تێکۆشەر بە دەست کۆنەپەرەستی ناوخۆ بۆ خۆشخزمەتی داگیرکەران تیرۆر کراون، وێنەی ئەمانە دەگەڕێتەوە

40 سال پێش ئێستا کە کاک سولەیمانی موعینی لە ڕێکەوتی 1968/05/15 بە دەستی کۆنەپەرەستانی کورد ، تێرۆر کراو تەرمەکەی بۆ خۆشخزمەتی و تەحویلی حکومەتی داگیرکەری ئێران درواە وهاوکات کەسایەتی وەک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و فاخر مێرگەسوری بە ناکامی ئێعدام کران و بە دەیان ڕۆڵەی تر لە پەناو و پەستێوان بە ناکامی و دڵ شکاوی بە دەستی خۆفرۆشان تێرۆر کراون.

بە لە دەستدانی ڕۆڵە پێشکەوتوخوازەکانی نەتەوەکەمان خەسارێکی زۆر بە کۆمەڵگاکەمان دەگات بەڵام کۆنەپەرەستی دەبێ چاک بزانێت بە بێژینگ پێشی تیشک و ڕوناکی ڕۆژ ناگیرێت .

لە کۆتایی دا ئێمە وەک بنەماڵەی گیانبەختکردوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان لە ئێوە بنەماڵەی بەرێز سەردەشت و هەمو ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی گەلەکەمان ئاراستە دەکەین و هیوادارین گەلەکەمان چێتر لە ئاست ئەم ئاکارانە بێدەنگ نەبێت و تاوانباران بە سزای خۆیان بەگەیەنن.

لە گەڵ ڕێز و حورمەتمان – بنەماڵەی موعینی

**نەتیرۆر نە تۆقان، ئازادی و مافی یەکسان**

راپۆرتێک لەبارەی خۆپیشاندانی بەردەم پەرلەمانی فنلاند

ڕۆژی هەینی بەرواری 6/4 / 2010 ژمارەیەکی بەرچاو لەپەنابەرانی ئازایخواز لە شاری هێلسنکی، سەرەتا لەناوەندی شار کۆبوونەوەو دواتر بە ڕێپێوان بەرەو پەرلەمانی فنلاند بەڕیکەتن.پاش گەشتنە بەردەم پەرلەمانی فنلاند لەلایەن سیراوان ئەمینەوە بەخێراهاتنی بەشداربووانکراو پاش ڕوونکردنەوەیەک لەپەیوەند بەئامانجی خۆپیشاندانەکەو درێژەپێدانی کارو هەلسورانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان دواتر بەرنامەکەی بەبەشداربوونی خۆپیشاندانەکە راگەیاندو پاشان ڕێبوار عارف بەرپرسی فیدراسیۆن لە فنلاند قسەباسێکی لەسەر مەسەلەی تیرۆری سەردەشت عوسمان و ڕاپەڕینی خەلکی کوردستان کردو هەروەها ئاویریکی لە بارودۆخی سیاسی ئەمرۆی کوردستان دایەوە پێی لەسەر گرنگی هاوپشتی وهاوخەتی خەلکی کوردستان وبەتایبەت بەرەی ئازادیخوازان داگرت سەبارەت بە داکۆکیکردن لەماف وئازادیەکانی خەلکی کوردستان... دواتر مستەفا باهیر بەرپرسی کۆمیتەی حزب لە فنلاند قسەوباسیکی بۆ بەشداربووان کرد سەبارەت بە تیرۆری سەردەشت عوسمان خولقاندنی دۆخی چاوترسان وتووقاندو سەرکوتکردنی دەنگی نارەزایەتی خەلکی کوردستان و هەروەها دووپاتی ئەوەی کردەوە کە هەروەک چۆن لەماوەی رابردودا حزبی کۆمۆنستی کریکاری لەسەنگەری پیشەوەدایووە بۆ داکۆکیکردن لەماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان هەروا بەردەوام دەبیت

و لەمبارەشەوە هەلسورانی حزبی ئیمە لە هەندەران خالیکی پرشنکداری ئەم تیکۆشانەیە کە دەبیت دریژە پیّ بدریت... هاوکات ڕێبوار عارف و گولالە معروف بەمەبەستی تەسلیم کردنی کۆمەلێک بەلگەنامە سەبارەت بە تیرۆری سەردەشت عوسمان ونووسراوەکانی سەردەشت خۆی بە زمانی ئینگلیزی و کۆمەلیک بابەتی پەیوەنداری تر... کە هەموو ئەو بابەتانەو نامەیەکی تایبەت بە داخوازیەکانی ئەم خۆپیشاندانە گەیەنرا بە سکرتیری مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی فنلاند بەریز خاتوو( پاولە مۆیسەندئر ) . دواتر سالار سۆفی لەلایەن ریکخراوەی چاکەوە لە فنلاند قسەباسیکی بۆ بەشداربووان کردوتیدا سەرباری مەحکوم کردنی تیرۆری سەردەشت عوسمان وبەرجەستەکردنەوەی دەوری پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەتیرۆری سەردەشت هەروەها پێی لەسەر گرنگی هاتنەمیدانی خەلک وناڕەزایەتی دەربرین داگرت وخوازیاری دادگای کردنی تاوانباران بوو.

لەبەشی کۆتای خۆپیشاندانەکەدا جاریکی تر ڕێبوار عارف ڕوونکردنەوەیەکی لەپەیوەند بە پەیوەندی ودیداری مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی فنلاند باسکردو هەروەها ئاماژەی بە بەردەوام بوونی چالاکیەکان کرا لەگەل ژمارەیەکی بەرچاو لە حزب و ریکخراوە پیشەی و ئینسیان دۆستەکانی فنلاند کە شایانی باسە ئاماژە بەوە بکەین بریاردرا بەشی مافی مرۆفی پەرلەمانی فنلاند لە هەفتەی ئایندەدا کوبوونەوەیەکی تایبەت بۆ نوینەرانی فیدراسۆن و حزبی کومۆنستی کریکاری تەرخان بکات بۆ قسەوباسکردنی فروانتر لەسەر چۆنیەتی تیرۆری سەردەشت و گەلیک پیشیلکاریتر کە لە کوردستان دژ بە ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان ئەنجام دەدریت .... !

شایەنی باسە لەگەرمەی ئەنجامدانی ئەم خۆپیشاندانەدا ڕادیو هێلسنکی وبلاوکراوەی بیری ئازاد چاوپیکەوتنیان لەگەل ڕیبوار عارف ئەنجامدا سەبارەت بەم رووداوە !

لەکۆتای خۆپیشاندانەکەدا داوا لە خۆپیشاندەران کرا کە پشتگیری خۆیان بۆ دروستکردنی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان دەبرن و کۆمەکی مالی دروستکردنی ئەم پەیکەرە بکەن کە کۆمەلیک لە بەشداربووان کەلیرەدا ناوەکانیان هاتووە کۆمەکی مالیان بۆ دروستکردنی ئەم کەمپیەنە راگەیاند کە بەم شیوەبوو :

پشتگیری کردن لە دروستکردنی پەیکەری ئازادی لە کوردستان

ئیمە بەشداربووانی خوارەوە کەناومان هاتووە دانیشتووی ولاتی فینلاند، لەپال نارەزایەتی دەربرینی توندی خۆمان دژ بەکردوەی قیزەونی تیرۆری کاکە سەردەشت عوسمان هەروەها پشگیری خۆمان بۆدروستکردنی پەیکەری ئازادی لە شاری هەولیر لە کوردستان دەردەبرین !

| ناو یا ناوی خوازراو | ناوی شار ، یا ناوچە | مەبلەخی کۆمەک |
|---|---|---|
| ئاکۆ حسین | هیلسنکی | ئیورۆ 10 |

| | | |
|---|---|---|
| هاوژین قاسم | هیلسنکی | ئیورۆ 10 |
| سیروان ئەمین | هیلسنکی | ئیورۆ 20 |
| ئەکبەر نەزەری | هیلسنکی | ئیورۆ 10 |
| سامان سابیر فەتاح | هیلسنکی | ئیورۆ 10 |
| سۆران جەوهەر محمود | هیلسنکی | ئیورۆ 20 |
| ریبوار عارف | هیلسنکی | ئیورۆ 30 |
| مستەفا باهیر | هیلسنکی | ئیورۆ 30 |
| زانست مستەفا | هیلسنکی | ئیورۆ 10 |
| سالح شێخانی | هیلسنکی | ئیورۆ 50 |

**ریپیوانی جەماوەری شاری رانیە دژ بە تیرۆری سەردەشت عوسمان**

سەعات 10 سەرلەبەیانی رۆژی 11–05–2010، بەسەدان کەس لە خەلکی ئازادی خوازی شاری رانیە کە لە سەرجەم چین و تویژەکان پیک هاتبوون، رێپێوانێکی جەماوەریان لە ناو شاری رانیە بەری خست و دواتریش لە بەردەم باخی گشتی رانیە کۆبوونەوە و ووتەیەک لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتی ریپیوانەکەوە پیش کەش کرا و هەروەها یادداشتیک بەرزکرایەوە بۆسەرۆکی هەریم و حکومەتی هەریمی کوردستان، کە تیایدا بە ناوی خەڵکی رانیەوە داوای ئاشکرا کردن و سزادانی بکوژانی سەردەشت عوسمان و سورانی مامە حەمە و هەموو قوربانیانی دەستی تیرور کرابوو، لە هەمان کاتدا داوای بەقەرار کردنی ئازادی وئازادی بیرورا دەربرین کرا بوو .

شیاوی باسە لە کاتی ریپیوانەکەدا چەندین دروشم دژ بە تیروریستان ووترانەوە وهەروەها دوا ووتاری سەردەشت عوسمان بە ناوی (یەکەمین زەنگی کوشتنم لی درا) خوینرایەوە.

**ئوستراليا: ڕيپۆرتاژى بەڕێوەچوونى كۆڕى ڕێزلێنان لە ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان**

لە بەرواری شەوی 2010/6/5 لە شاری ملبۆرن لە ئوستراليا کۆڕێکی ڕێزلێنان بەڕێوەچوو لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆری ڕێزلێنانەوە بۆ شەهیدی قەلەم سەردەشت عوسمان. کە بۆ ماوەی دوو سەعات درێژەی هەبوو. برگە و بەرنامەی کۆڕەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

سەرەتای کۆرەکە، دەقیقەیەک وەستان بوو بۆ مەرگی خەباتکاری ئازادی (سەردەشت عوسمان) و تەواوی رێبوارانی ریگای ئازادی مرۆڤایەتی. دواتر خوێندنەوەی وتاری لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆڕەکە لە لایەن ئازاد ئارمانەوە. چەند برگەیەک لە وتارەکە (ئەمرۆ مانگێک تێدەپەرێت بە سەر مەرگی سەردەشت عوسمان تاوەکو ئێستا بکوژانی ئەم تاوانە ئاشکرا نەبوونەو حکومەتی هەرێمی کوردستان وەلأمێکی دڵخۆشکەری بە خەڵکی کوردستان و خێزان و دۆست و هاورێکانی سەردەشت نەداوەتەوە. کە ئەمەش بۆ خۆی جێگای نیگەرانی زیاترەو دەبێت دەنگی نارەزایەتی یەکانمان هەم فراوان ترو هەم بەرزتر کەینەوە تاوەکو بکوژان و تیرۆریستان ئاشکرا دەبن و دەدرێن بە دادگایەکی ئاشکرا. بۆ ئەوەی جارێکی تر نەتوانن تاوانی ئاوا دژ بە هاولأتیانی کوردستان ئەنجام بدەن). هەروەها ئەمەش بەشێکی تری وتارەکەیە کە دەچێتە سۆراغی ئەوەی بۆچی و لەبەر چی سەردەشت عوسمان بە تایبەتی و رۆژنامەنووسان بە گشتی کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماردان و تیرۆرکردن، لە ژێر سێبەری دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (تاوانی سەردەشت عوسمان چی بوو؟ سەردەشت بۆچی تیرۆکرا؟ سەردەشت لاویکی تەمەن ٢٣ ساڵان بووە و خوێندکار بوو لە زانکۆی سەلاحەدین لەکۆلیژی ئاداب. هەرەوها لەهەمان کاتدا رۆژنامەنووس و هەڵسوراوێکی چالاکی کۆمەڵگای مەدەنی بووەوە. لە تەواوی کارو چالاکی و نووسراوەکانی دا تێکۆشاوە بۆ بەدیهێنانی کۆمەلگایەک کە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری تیایدا دەسەلأت دار و سەروەر بێت. لە هەمان کاتیشدا دژی دەسەلاتی باوکسالاری و دیکتاتۆری و دەسەلأتی چینایەتی بووە. بە قەلەمەکەی و بە کردەوە، دواتیش بە خوێنی سووری نیشانی دا و سەلماندی کە راستگۆیە لە گەل ئەوانەی کە دەینووسێت و بە قسە لەکۆر و کۆبوونەوەکان دەیگوت.

ئەم کار و چالأکی یانەی رۆژنامەنووسان بە گشتی ئەنجامی دەدەن، هیچیان کارێک نی یە پێچەوانە و پێشێلی مافی هاولأتییان بێت یاخود پێچەوانە و دژ بە مافی مرۆڤ بێت. بەڵکو ئەمانە ، بەشێکە لە مافە سەرەتای یەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندا. هیچ هێز و لایەن و دەسەلأتێک ناتوانێ سنوور بۆ ئازادی بیرورا دابنێت. سنوور دانان بۆ ئازادی خۆی لە خۆی دا پێشێلکردنی ئازادی یە مەدەنی یەکانە. ئازادی قسە کردن و ئازادی رادەربرین قەیدو شەرتی نی یە. لە مێژوودا مافی ئازادی رادەربرین، ئەکێک بووە لە داخوازی یەکانی شۆرشی فەرەنسا و دواتریش لە ساڵی 1948 دا ئەم مافە جێگیر بووە وەکو یەکێک لە بەندەکانی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا چەسپاوە).

برگەیەکی تر بەرنامەکە باسێکی دکتۆر ناسر هاواری بوو لەسەر هەندێک لە نووسینەکانی سەردەشت عوسمان. ئەمە باسێکی کورت و پوخت بوو لە سەر زۆر لایەنی نووسینەکانی سەردەشت زۆر بە وردی شیکاری لایەنە شاراوەکانی نووسینەکەی گرتبووە ئەستۆ. هەروەها ئەم باسە توانی ئاشنایەتی یەکی باش بدات بەم ئامادەبووانی کۆرەکە کە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری نووسینەکانی سەردەشت عوسمان نەبوون. هەروەها باسێکی تری کۆرەکە پەیامی خێزانی (بەکر عوسمان) برای سەردەشت عوسمان بوو بۆ مەراسیمەکە لە لایەن دلاوەر مونزیرە وە خوێندرایەوە. ناردنی پەیامی خێزانی سەردەشت عوسمان جێگای رێزو سوپاسی تەواوی ئامادەبووان بوو و زۆر خۆشحال بوون لە زمانی ئەوانەوە چەند راستی یەکی یان بۆ روون کرابۆوە. وەکو لە بەشێک لە پەیامەکەیان دا ئاوا هاتووە (ئێمەپێمانوایەکەپرۆسەی لێکۆڵینەوەلەو روداوەناکرێ بەنهێنی و لەپشتگا دەرگا داخراوەکانەوەبێت. نەک هەر ئێمەوەکو خێزانی سەردەشت، خەڵکی کوردستانیش دەیانەوێ بزانن کەهەنگاوەکانی ئەو پرۆسەیەچۆن دەچێتەپێشەوە. دەمانەوێ بێلایەنی و سەربەخۆیی پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەدەستەبەرو زامن بکرێ. هەموو کەسێک دەزانێ کەهێشتا دەزگای لێکۆڵینەوەوسیستەمی دادوەری لەکوردستان بێلایەن و سەربەخۆ نیەلەدەسەڵات و لەژێر کاریگەری سیاسیدایە، بۆیەناکرێ لەروداوێکی لەچەشنی تیرۆری سەردەشتدا ئەو دەزگایانەلێکۆڵینەوەو دادگایی ئەنجامبدەن. پێویست بەوەدەکات کەدەزگای بێلایەن و لەژێر چاودێری لایەنی نێودەوڵەتیدا بەوکارەهەڵسێت. وەکو ئاگاداریشن هەم نوێنەری ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال و هەم نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان لەعێراق ئامادەیی خۆیان نیشانداوەکەوەکو چاودێر لەو پرۆسەیەدا بەشداربن. ئەگەر دەسەڵاتی کوردستان و حکومەتی هەرێم دەیانەوێ کەدڵی ئێمەوەکو کەسوکاری سەردەشت رازیبکەن و خەڵکی کوردستانیش دڵنیابکەنەوەلەپاکی و بێگەردیی پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەئەوا پێویست دەکات پێسوازی لەو دوو دەزگا نێودەوڵەتیەبکەن. بەشداری نوێنەری بنەماڵەی ئێمەوەکو چاودێر لەو پرۆسەیەدا بەستراوەتەوەبەئامادەبونی چاودێری نێودەوڵەتیەوەلەسەرجەم پرۆسەی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنەکەدا).

بەشی کۆتایی کۆرەکە سەرەتا خوێندنەوەی هۆنراوەک لە لایەن جەمال غەمبار دواتریش پێش کەش کردنی باسێکی یاسایی بوو لە سەر ئازادی رادەربرین و کۆمەڵگای مەدەنی. نووسەر سەرەتا باسێکی یاسایی و زۆر ئەکادیمی پێشکەش کرد لە سەر ئازادی بیرو را، تەواوی ئازادی یەکانی تر لە روانگەی و یاسا پەسندکراوەکانی نیودەولەتی لە جەشنی جارنامەی مافە جیهانی یەکان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان. دواتریش لایەنەکانی دەستووری لێکدایەوە و پەنجەی خستە سەر چەندین لایەنی دەستووری عێراق دەستووری هەرێمی کوردستان. ئینجا باسەکەی درێژە پێدا لە سەر کەیسی تیرۆری سەردەشت عوسمان. کە چۆن بتوانین ئەم بزووتنەوە جەماوەری یە و خێزانی سەردەشت عوسمان لە رێگای یاسایی یەوە بەرەنگاری ئەم کارە تیرۆریستی یە ببنەوە و تیرۆرستان ئاشکرا بکرێن و بدرێن بە دادگا.

له به شێکی تر باسەکەی دا جەمال غەمبار گرنگی دان بوو به رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سەرەتای دروست بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بردەوە بۆ سەرهەلدانی بزووتنەوەی شورایی و دواتریش ئیشارەت دان به چەندین رێکخراو و گروپی جیاواز له چەندین کار و چالاکی جیاوازدا له هەژدە ساڵی رابردوودا لەوانه ئیشارەت دان به چالاکی یەکانی مافناسان و ژنان و رۆژنامەکانی وەکو هاولاتی و ئاوێنه و هتد. هەروەها گرنگی میدیای و راگەیاندی سەربەخۆ بەشێکی تر بوو له درێژەی باسەکاندا. دوای تەواو بوونی باسەکە ئامادەبووانی کۆرەکە به چەندین پرسیار و سەرنج باسەکەیان دەولەمەند تر کرد له سەر کار چالاکی یەکانی کۆمەلگای

**سەردەشت عوسمان سومبولی ئازادیه**

ئەم یاده له کوردستان و له چەند ولاتێکی جیاوازدا یاد دەکرێتەوە بۆیه گرنگه ئێمەش وە ک دانیشتوانی شاری لەندەن و دەورو بەری که گرنگی خۆی هەیە، ئەم مەراسیمه بەرز رابگرین.

بۆ یادی سەردەشت و بۆ بەرگری له ئازادی ڕادەربڕین و بۆ ئازادی سیاسی گرنگه بێینه مەیدان.

با پێکەوە به شداری بکەین له مەراسیمی یادی سەردەشتدا له ڕۆژی 2010/06/12 له سەنتەری شاری لەندەن له ترافڵ گارسکوێر کاتژمێر 17.00 بۆ.19.00 بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەم یاده بۆ بەرز راگرتنی گیانی مرۆڤ له کوردستاندا به گوڵێک و به مۆمێک ئەم یاده پیرۆزبکەین.

ئەم یاده له کوردستان و له چەند ولاتێکی جیاوازدا یاد دەکرێتەوە بۆیه گرنگه ئێمەش وە ک دانیشتوانی شاری لەندەن و دەورو بەری که گرنگی خۆی هەیە، ئەم مەراسیمه بەرز رابگرین.

ئامادەبونتان بەرز ڕاگرتنی نرخی ئازادیه بەرگرتنه به تیرۆریستان . وەهەروەها بەو ئۆمیدەین پێکەوە جالاکیەکانمان چڕوپڕترو تۆکمه تر بکەین و سەنگەری ئازادی به هێز بکەین هەمیشه بەردەوام بین.

به نیازی دیدار

گروپی چەتری ئازادی/ لەندەن 2010/06/07

**کۆڕێکی ماتەمینی بۆ رۆژنامە نوس سەردەشت عوسمان لە سدنی - ئوستراليا**

بڕیارە چەندین ئەکادیمیست و ژۆرنالیستی ئوسترالیی و عێراقیی و ئێرانیی و نوێنەری ئەمنستی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حیزب و رێکخراوە عێراقیی و کوردستانیی و ئوسترالییەکان بانگهێشتی کۆڕەکە بکرێن و وتەی خۆیان پێشکەش بکەن

لە درێژەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا، رەوەندی کوردیی لە شارەکانی ئوستراليا کۆڕی ماتەمینیی بۆ تێرۆری رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دادەنێن. لەشاری سیدنی بڕیارە 13 ی مانگی شەش کە رێکەوتی رۆژی یەکشەممە دەکات کوردەکانی کوردستانی عێراق و ئێران کۆڕێکی ماتەمینیی بۆ کۆمیونیتی کوردیی لەشاری سیدنی بەڕێوە بەرن

بڕیارە چەندین ئەکادیمیست و ژۆرنالیستی ئوسترالیی و عێراقیی و ئێرانیی و نوێنەری ئەمنستی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حیزب و رێکخراوە عێراقیی و کوردستانیی و ئوسترالییەکان بانگهێشتی کۆڕەکە بکرێن و وتەی خۆیان پێشکەش بکەن و سەرەنجامیش پێکەوە یاداشتێکی نارەزایەتیی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرزبکەنەوە و داوای دادگایەکی سەربەخۆ و ئازاد لەژێرچاودێری ئۆرگانێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە ئامادەبوونی کەسوکاری قوربانییەکەو ژۆرنالیستەکانی کوردستان میدیای سەربەخۆ ، لێکۆڵینەوەکان بۆڕای گشتیی ئاشکرا بکرێن.

کات:13-6-2010 – 4 ئاش نیوەڕۆ

شوین:A Memorial ave3

Granville

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکەن:

0421170966 -0431242401

**بەیاننامەی رۆژنامەنووسانی هەولێر سەبارەت بە ئاشکرا نەکردنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە کەیسی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان**

هاونیشیتمانییانی ئازادیخواز

دوای رفاندن و تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، هەمووان چاوەڕێی دەسپێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە بووین، بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا، تاوانبارانی ئەو تاوانە قێزەونە و ئەوانەش کە لە پشتی تاوانەکەوەن ئاشکرا بکرێن و راپێچی بەردەم

داگا بکرێن، کەچی ئێستا نزیکەی 40 رۆژ بەسەر رفاندن و تیرۆرکردنی ئەو رۆژنامەنووسەدا تێدەپەرێت، بەلام دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیووە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانییان رابگەیەنن، ئەمەش دەلالەتێکە بۆ کەمتەرخەمی ئەو دەزگایانە و خەستکردنەوەی ئەو گومانانەیە لەسەرییان، کە لەسەرەتای رووداوەکەوە بەبێ دەنگییان درووستیان کرد، ئێمە پێمانوایە بلاو نەکردنەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە، ئاماژەیەکە بۆ خەمساردی ئەو دەزگایانە، لە ئاست کەیسی تیرۆرکردنی شەهید سەردەشتدا چونکە تا ئێستا بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم، نەیانتوانییوە کەمترین زانیاری لەسەر راستی رووداوی تیرۆکردنی هاوکارمان سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس بخەنەڕوو، بۆیە داوا لە رای گشتی و پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم دەکەین، کە فشار بخەنە سەر وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم، بۆ ئەوەی لە رۆژی چلەی شەهید سەردەشتدا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرا بکرێت و نەکرێتە کارتێکی سیاسی و تێکەڵ بە ململانێ سیاسییەکان نەکرێت، چونکە خەمساردی لە راگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان یان شاردنەوەیان بە هەر مەرامێک بێت، سەرەوەری یاسا لە هەرێمی کوردستاندا دەخاتەوە ژێر پرسیار و گومانەکانیش زیاتر دەکات. هەروەها بۆ رایگشتیش رایدەگەنین کە تا ئاشکراکردنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، لە هەلوێستە مەدەنییەکانمان بەردەوام دەبین.

ئەم داواکارییانە بۆیە بۆ رای گشتی دەخەینەڕوو

1– پەلەکردن لە راگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان کە لە رۆژی چلەی شەهید سەردەشت تێپەڕ نەکات.

2– روونکردنەوە لەسەر هۆکاری دواکەوتنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان.

3– پێکهێنانی لیژنەیەک کە نوێنەری رۆژنامەنووسانی بێلایەنیشی تێدا بێت، بۆ سەلماندنی راستی و درووستی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان.

4– ئاشکرا کردنی تاوانباران و راپێچ کردنییان بۆ بەردەم دادگا بەشێوەیەکی شەفاف و دوور لە دەستێوەردانی حیزبی.

5– لێپرسینەوە لەگەڵ هەرکەسێکی پەیوەندار بەو تاوانە، کە لە هەر پلە و پۆستێکدا بێت.

رۆژنامەنووسانی هەولێر

(شوان سدیق) (بەهمەن عومەر) (بیلال سەعید) (رێبوار رەزا چوچانی) (عیسا خدر) (نزار گزالی ) (نەجات ئەحمەد) (هەڵگورد سەمەد) (ئیبراهیم عەلی) (کەمال چۆمانی) (سالار بابە شێخ)

(سۆران عەزیز) (دڵدار عەبدوڵڵا) (ئیبراهیم عەباس) (ئاودێر نەسرەدین) ئیبراهیم بەهلەوی) (بۆکان هیوا ئەحمەد) (ئاڤان فارس جاف) (کامەران محەمەد) (نیاز عەبدوڵڵا) (عەلی سدیق) (ئاوارە حەمید) (سامان بەشارەتی) (کۆشان عەلی زەمانی) (هۆگر غەریب) (سەلمان کۆچەر) (مەحمود یاسین کوردی) (هەڤاڵ نەژاد) (شەوقی کانەبی) (حەیدەر جەمیل جاف) (عەلی حەمە ساڵح) (مەولود ئافەند) (مەریوان مەلا حەسەن ) (بارزان حەسەن ) (هەژار ئەنوەر)  (دلشاد هە رتلی ) .

**لەستۆکهۆڵم ٧ پارت و ڕێکخراو پانێلێک ، لەسەر تیرۆری سیاسی و شەهیدی قەڵەم سەردەشت عوسمان ئەنجام دەدەن**

بۆ ڕێزگرتن لە  شەهیدی قەڵەم ( سەردەشت عوسمان )  و پێشگرتن لە دیاردەی تیرۆر کەبەردەوام دوژمنانی کوردو ئازادی ،  وەک چەکێک بۆ کپکردنەوەی دەنگ و داخوزیە رەواکانمان  بەکاریان هێناوە، لەلایەن چەند پارت وڕێکخراوێک   ،   پانێلێک دەربارەی دیاردەی تیرۆر و هۆکارو مێژوی تیرۆر لەکوردستان وکاریگەری و کاردانەوەی لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و دواین زانیاری و هەولەکانی لەسەر دۆسیەی شەهید سەردەشت عوسمان ...دەبێتە گفتوگۆی سیاسی ئەم لایەنانەی خوارەوە

١ – –(ئەڤین چەتین) ئەندامی  یەدەگی پەرلەمانی ئەوڕپا و کاندیدی  پەرلەمانی سۆسیال دیموکراتی سوێد        تەوەری ئاخافتنی ( چۆن لەهەندەران پێش  بەتیرۆری سیاسی لەکوردستان بگرین)

٢ – (–ئەمینە کاکە باوە)   ئەندامی پەرلەمانی سوێد لەسەر لیستی چەپ..قسەو باس لەسەر تیرۆری سیاسی دەکات

٣ – (بزوتنەوەی گۆران) وتەبێژێکیان بە شدار دەبێت و قسە لەسەر تیرۆری سیاسی دەکات.

٤ –   عەبدوڵلا مەحمود لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان   ،تەوەری باسەکەی ریشەی ناڕەزایەتی فراوان بەدژی تیرۆری سەردەشت چیە؟ چۆنیەتی بەرینکردنەوەو بەردەوامی پێدانی، لەگرەوی چیدایە"؟

٥–  (سیامەند موعینی) کۆمەلەی مافی مرۆڤی کوردستان /ئەوڕپا تەوەری ئاخافتنی ، مێژوی تیرۆری سیاسی  کوردەکانی ڕۆژهەلات ،  لەئێران و کوردستانی باشور

٦  پۆڵا زیندان (پارتی چەپی کوردستان ) تەوەری ئاخافتنی  ( تیرۆری دەولەتی )

٧ – حەسەن جودی( لە  پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان  تەوەری گفتوگۆکردنی ( چۆن خەبات دژ بەتیرۆری سیاسی بکەین

٨ – قادر نادر( له چاودێری کوردۆساید /چاك , تەوەری ئاخافتنی ( تیرۆره سیاسیەکانی دوای راپەڕینی ١٩٩١ )

پاش قسەوباسی لایەنەکان دەرگای گفت و گۆ ئاوەڵا دەبێت وە کاتی تایبەت بۆ ئامادەبووان تەرخان دەکرێت بۆ دەربڕینی تێڕوانین و پرسیاری خۆیان

بەروار و کات و شوێنی پانێلەکە

شەممە ١٢ی جونی ٢٠١٠

کات 16:30 ....13:30

هۆل شیستا ترێڤ

2010/06/08

**خۆپیشاندانی جەماوەری لە شاری یۆتۆبۆری/سوید رێکدەخرێت**

لە شاری یۆتۆبۆری بەبۆنەی چل ڕۆژ تیپەڕبوون بەسەر تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنوس سەردەست عوسمان خۆپێشاندانێکی جەماوەری لە شاری یۆتۆبۆری/ سوید رێکدەخرێت لە ڕێکەوتی 2010/6/12 کاتژمێر 13:00 بۆ 15:00 لە برونس پارکن ( سەنتەری شار) لێرەوە داوا لەسەرجەم ئازادی خوازان دەکەین بۆ داکۆکی لە ئازادی خەڵکی کوردستان بەشداری کاریگەر بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن.

با ئەم ڕۆژە بکەینە رۆژی بە گژاچوونەوەی دیاردەی تیرۆر و چاوسوورکردنەوە، بیکەینە رۆژی بەرگری لە ئازادی وشە و داکۆکی لە گیان وحورمەتی ئینسان لە کوردستان .

کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی

کۆمیتەی سەردەشت عوسمان پێکهاتووە لەم پارت و رێکخراو و لایەنانەی خوارە.

1– ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕۆژئاوای سوید.

2– حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان.

3ـ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان.

4– کۆمەڵەی لاوانی گۆڕان.

5– دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپشتی.

6– فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی.

7– کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردستان.

8– ڕێکخراوی ئاشتی و دیموکراسی کەرکوک.

9- چەند کەسایەتی سیاسی کۆمەڵایەتی

بۆ زانیاری زیاتر و پەیوەندی: 0046739130022 یان 0046720270803

**لەهۆڵەندا پانێڵێک و کۆڕێکی ماتەمینی تایبەت بە تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان سازدەکرێت .**

له درێژەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا، کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی پانێڵێک و کۆڕێکی ماتەمینی تایبەت بە تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان بەرپادەکات. 13 ی مانگی شەش کە ڕێکەوتی ڕۆژی یەک شەممە دەکات پانێڵێک بۆ ژمارەیەک کەسایەتی سازدەکرێت و لەهەمان بۆنەشدا کۆڕێکی ماتەمینی و هاوپشتی بەڕێوەدەچێت.

لەم کۆڕەدا ڕاستەو خۆ پەیامی خێزانی سەردەشت عوسمان لەلایەن خێزانی سەردەشتەوە پێشکەش دەکرێت.

بڕیارە چەندین ئەکادیمیست و ژۆرنالیستی هۆڵەندی و کودرو عێراقیی و نوێنەری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حیزب و ڕێکخراوە عێراقیی و کوردستانیی و هۆڵەندیەکان ئامادەی کۆڕەکە ببن و،سەرەنجامیش پێکەوە یاداشتێکی ناڕەزایەتیی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرزبکەنەوە و داوای دادگاییەکی سەربەخۆ و ئازاد بکەن کەلەژێرچاودێری ئۆرگانێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و کەسوکاری قوربانییەکەو ژۆرنالیستەکانی کوردستان بێت ،هەروەها ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بۆڕای گشتیی ئاشکرا بکرێن،شایانی باسە لەهەمان بۆنەدا کۆمەک و پشتیوانی بۆ مۆنومێنتی سەدەشت عوسمان کۆدەکرێتەوە.

کات و شوێنی بۆنەکە:

ڕۆژی یەکشممە ، ڕێکەوتی 13– 06 – 2010

کات ژمێر: 13:00 پاش نیوەڕۆ

**کۆمەڵەی کورد لە شاری دێڵفت**

wijk centrum de vlegel

Aart van der Leeuwlaan 4

LD Delft 2624

بۆ زانياري زياتر:

**کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی لە هۆڵەندا**

0655874755، 0645614932، 0646144439

**بــا هەموان پێکەوە یادی تیرۆری سەردەشت عوسمان بکەینە ڕۆژی بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیروارادەربڕین و ڕۆژنامەگەری لەکوردستان**

ڕۆژی :سێ شەمە 15–6–2010

شوێن: Abrar Foundation، 45crawford place، London w1h 4lp

نزیکترین ئیستگای قیتاری: Edgware road

**کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و پانێلێک بە بۆنەی یادی تیرۆری سەردەشت عوسمان**

**بەبۆنەی تیپەربوونی (40) ڕۆژ بەسەر تیرۆرکردنی خوێندکارو ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان ئێوارەی 15–6–2010 کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەری و پانێلێک بۆ چەند کەسایەتی و نۆینەرانی چەند لایەنی سیاسی لە لەندەن ساز دەکرێ.**

**کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی :کاتژمێر 6 بۆ 6.40 سەر لە ئێوارە:**

**سەرەتا هۆزان مەحمود هەڵسوراوی سیاسی بە زمانی ئینگلیزی کۆنفرانسە ڕۆژنامەگەریەکە و وردەکاریەکان سەبارەت بە تیرۆری سەردەشت عوسمان دەخاتە ڕوو ، پاشان بۆ تازەترین هەواڵەکانی کەیسی لێکولێنەوە لەتیرۆری سەردەشت عوسمان ، بەرێزان دکتۆر کەمال میراودەلی و دەشتی جەمال و خەلیل کەردە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەدوێن.**

**پانیلێک بە زمانی کوردی :**

دواتر پانێڵەکە دەستپێدەکات ، کە بەرێزان دکتۆر کەمال میراو دەلی کەسایەتی سیاسی و ڕوناکبیر،ئاسۆ کەمال لە ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان ،هۆزان محمود هەڵسوراوی سیاسی ،عەلی کەریمی نوسەر لە ڕوانگەی خۆیانەوە لایەنەکانی هۆکاری تیرۆری سیاسی و مەسەلەی ئازادی لە کوردستان و بەتایبەتی مەسەلەی تیرۆری سەردەشت عوسمان دەخەنە بەرباس و لێکۆلینەوە.

هاتـــــن بۆ هەمـــــــوان

کاتێ دەستپێکردنی کۆنفرانسی رۆژنامەگەری : 6:00 بۆ 6:40

کاتی دەستپێکردنی پانێل: 6:40 بۆ 8:30

چەتری ئازادی– لەندەن /Freedom Umbrella

**خوێنی ڕژاومان بیر ناچێت**

بۆ:ڕای گشتی

چل ڕۆژ تێدەپەڕێت بەسەر رفاندن و دواتر تیرۆرکردنی خوێندکارو ڕۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان). لەکاتێکدا کەچلەی شەهید دەکەینەوە، نیگەرانی خۆمان لەناڕاستگۆیی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی شەهید، دەردەبڕین. چونکە ئەوەی لەبەردەستماندایە تەواوی ڕاپۆرتی یەکەمی لیژنەکە بەدرۆ دەخاتەوە. کەهیچ لەلێکۆڵینەوەکە ڕاستگۆ نەبووە. چونکە ئەو وینانەی لە ڕێگەی دڵسۆزانەوە گەیشتوونەتە دەستمان ئەوە نیشان دەدات، کەناوبراو شوینەواری ئەشکەنجەیەکی وەحشیانەی پێوە دیارە هەروەها بۆ ئەوەی کەدەڵێن گوللەکە لەکوێی دراوە گوللەکە لەناو دەمی دراوە و، لەپشتی سەری دەرچووە.

ئێمە وەکو لەڕوونکردنەوەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لەسەر داوای کەسوکارەکەی وێنەکانمان بلاونەکردنەوە. بەڵام ئەگەر لیژنەی ناوبراو لەراپۆرتی یەکەمی پەشیمان نەبێتەوە ئێمە ناچاردەبین وینەی شەهید بڵاوبکەینەوە کە دەریدەخات لیژنەکە چەند راستگۆ بووە. هەر لەم یادەدا جاریکی تر کوردستانیانە، داوا لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، کەبەکاری جدی خۆیان هەڵبستن و، ئێمە ناچار نەکەن بەوەی ئەم وێنانە بلاوبکەینەوە، خراپ کەوتنەوەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانیش ئێمە لێیبەرپرسیارنین و، باجەکەی سەرۆکایەتی هەرێم دەدات، لەبەر ئەوە جارێکی تر داوایان لێدەکەین کەبەکاری خۆیان هەڵبستن راستیەکان بۆ رای گشتی ئاشکرابکەن. کە کی بکوژی ڕاستەقینەی کاکە سەردەشتی هاوریمانە، چونکە باش باش دەزانن کییە ئەو کارە قێزەونەی ئەنجامداوە.

**گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنووری کوردستان**

**داوا لەهەموولایەک دەکەین کە هەوڵوێستی خۆتان دەرببرن و لەچلەی شەهید سەردەشت عوسمان قسەی خۆتان بکەن.**

**بۆ ئەم مەبەستە سەردانی سایتەکەمان بکەن لە بەشی کەمپین**

**مەراسیمی ڕێزلێنان لە یادی ڕۆژنامەنوس "سەردەشت عوسمان" لە شاری هەولێر**

**لە درێژەی نارەزایەتییە جەماوریەکان لە دژی تیرۆری ڕۆژنامەنووس "سەردەشت عوسمان" . ئێمە وەک خێزانی سەردەشت بەهاوکاری خوێندکاران و قوتابیان و هاوڕێیانی سەردەشت لە زانکۆی سەلاحەدین. هەڵدەستین بە ڕێکخستنی مەراسیمی ڕێزلێنان لە یادی ڕۆژنامەنوس "سەردەشت عوسمان" لە شاری هەولێر. ئەم مەراسیمەش لە راستای ئەوەدایە درێژەی کەمپینێک بێت بۆ بەرگرتن لە تیرۆر و کاری تیرۆریستی و هەوڵیک و دەنگێکە بۆ ئاشکراکردن و دەستگیرکردن و دادگاییکردنی تاوانباران.**

**ئەوە نزیکەی 40 رۆژ بەسەر تیرۆری دڕندانەی سەردەشت تێئەپەڕێت، بەڵام تاکو ئێستا بۆ ئێمە و جەماوەری خەڵکی کوردستان شتێک دیار نییە، ئەو کەیسە چۆن مامەلەی لەسەر ئەکرێ و بەکوێ ئەگات. ئێمە لێرەدا جارێکیتر بانگەوازی هەموو لایەک ئەکەینەوە، کە بێدەنگی و تێپەڕاندنی تیرۆری سەردەشت، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و کۆمەڵگای کوردستان بەرەو ڕووی مەترسییەکی گەورە و هەڕەشەیەکی گەورەتر ئەکاتەوە.**

**هەرلێرەشەوە دەستخۆشی و پشتیوانی لە هەموو ئەو کار و هەوڵانە ئەکەین، بەشێوەی بەردوام کار لەسەر ئەوە ئەکەن، مەسەلەی سەردەشت بەرز ڕائەگرن تاکو بەئەنجام گەیاندنی کۆتایی. هەروەها هەموو مەراسیمەکانی ڕێزلێنان لە یادی سەردەشت و هەموو ئەو ناوەند و نیهادانەی لەم ڕاستایەدا پێکهاتوون بەرز هەڵدەسەنگێنین.**

**بەشداری جەماوەری خەڵک لەو مەراسیم و بۆنانە هەڵوێستێکی ئازادیخوازانە و ئینسان دۆستانەیە، دەنگ و هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی تاوانباران و گەیاندنیان بە دادگایەکی عادیلانە.**

**کات و شوێنی بۆنەکە:**

**کات: 5 ئێوارە**

**بەرواری: سێشەممە ڕێککەوتی15-06-2010**

شوێن: هۆڵی "پێشەوا" لە ناو وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەسەر شەقامی 60 مەتری. تەنیشت "هۆڵی زەرد".

بەکر عوسمان( ئارام عەلی)

لەجیاتی خێزانی سەردەشت عوسمان

**خۆپێشاندانی جەماوەریی لە دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان لە شاری یوتۆبۆری سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو**

ئەمڕۆ شەممە ١٢ ی جونی ٢٠١٠ خۆپێشاندانی جەماوەری لە سەنتەری شاری یۆتۆۆری بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی ئازادیخواز و نوێنەر و لایەنگرانی ئەو حیزب و لایەنانەی کە بەشداری پێکهاتنی کۆمیتەی سەردەشت عوسمانیان کردووە، بەڕێوەچوو

کەشی خۆپێشاندانەکە بەوێنەی سەردەشت عوسمان و چەندین لافیتەی لەچەشنی ( نا بۆ تیرۆری سیاسی.. بەڵێ بۆ ئازادی سیاسی)، (دەسەتەڵاتدارانی پارتی ! بکوژانی سەردەشت عوسمان لە کوێن؟) و( بێ دەنگ نابین)..پڕکرابوو، سەدان بەیاننامە بە زمانەکانی سویدی و کوردی بڵاوکرانەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر ئیمزای ناڕەزایی بە ڕووی دەستەلاتدارانی کوردستان کۆکرایەوە.

ئەوەی شایانی باسە لە م ئاکسوێنەدا لایەن تۆفیق محەمەدییەوە بڕی 3300 کرۆنی سویدی لە ئامادەبووان کۆکرایەوە بۆ کۆمەک بە پرۆژەی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان.

پاشان لە جەوێکی پڕ حەماسیدا بەڵێنی کار و چالاکی بەردەوام درا، تا ئەو کاتەی دەستەڵاتدارنی کوردستان مل بە داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دەدەن و تیرۆریستانی سەردەشت عوسمان و ئەو دەستەی لە پشتێتیەوەیەتی ئاشکرا دەکات.

هەروەها لەم ئاکسوێنی ناڕەزایەتیەدا وتاری کۆمیتەکە بەزمانی سویدی لە لایەن رۆبیتان کاکە زاڵ و وە بە زمانی کوردی لە لایەن عبدول قەرەگۆلی  پێشکەشکرا، پەیامی خێزانی سەردەشت عوسمان لە لایەن عەباس ئەحمەد. خوێندرایەوە، پاشان وتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە لایەن .عامر باجەلان... خوێندرایەوە، قسەوباسیک لە لایەن جەمال موحسین نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان پێشکەشکرا، وتاری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە لایەن ڕێبوار حسێن، هەروەها وتاری پارتی چارەسەری لە لایەن شوان جاف. پێشکەش کرا هەروەها بەشدارانی تر هەبوون لەوانە ڕەفعەت هەڵەبجەیی کە قسەوباسی خۆی بۆ ئامادەبوان کرد.

**ناوەندی شاری لەندەن بوە شوێنی نمایشی نارەزایەتی دژ بەتیرۆر و ئاشکرانەکردنی بکوژانی سەردەشت عوسمان**

ئاماژەی بەوەدا کەبەدوای 40 ڕۆژ تیپەرین بەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشتدا کەچی تائیستا دەسەڵاتداران بکوژانی سەردەشتیان ئاشکرانەکردو بەکردەوە خۆیان لەداخوازی‌یەکانی خەلک لادەدەن،

هەواڵی بەشداری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە مەراسیمی چلەی سەردەشت عوسمان لەشاری لەندەن

ئەمڕۆ 6/12 بەبۆنەی تیپەربوونی 40 ڕۆژ بەسەر ڕفاندن و تیرۆری سەردەشت عوسمان دا مەراسیمیک بەبەشداری چالاکانەی ریکخستنەکانی حزب لەنیوەندی شاری لەندەن بەری خرا. سەرەتای مەراسیمەکە ئاسۆ گۆران بەخیرهاتنی ئامادەبووانی کراد وپاشان هۆی سازدانی ئەم مەراسیمەی لەووتەیەکدا روونکردەوە و ووتی کەئەم مەراسیمە کۆبونەوەی نارەزایەتی ئیمە ئازادیخوازانی کوردستانە بەدژی تاوانیک کەدەرهەق بەئازادی لەکوردستان کراوە هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەبەدوای 40 ڕۆژ تیپەرین بەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشتدا کەچی تائیستا دەسەڵاتداران بکوژانی سەردەشتیان ئاشکرانەکردو بەکردەوە خۆیان لەداخوازی‌یەکانی خەلک لادەدەن، ئەمەش پێویستی بەنارەزایەتی بەردەوام هەیە.. پاشان مەراسیمەکە بۆ ڕیزلێنان لەگیانی سەردەشت مۆمی داگیرساند و ئامادەبووان چەپکەگولیان لەسەر وینەکەی دانا ئینجا ووتاری بەکر عوسمان ئەندامی خیزانی سەردەشت عوسمان خویندرایەوە و پاشان شیعریک لەلایەن سامان سەردەمەوە پیشکەش کرا.

لە دریژەی مەراسیمەکەدا دەرگا کرایەوە بۆ ووتەی لایەنەکان و لەونیوەشدا نوری بەشیر ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی حزب ووتەیەکی پیشەکەشەکرد و تیدا بانگەوازی ئازادیخوازانی کرد بۆ گەرم راگرتنی نارەزایەتیەکانیان بەدژی تیرۆری سەردەشت عوسمان و ئەوەشی رونکردەوە کە بەدوای 40 ڕۆژو چەواشەکاریەکانی دەسەڵاتداران و پارتی و لیژنەی لێکوڵینەوەیان دەرکەوتووە کەنایانەویت وەلام بەداواکاری خەلکی نارازی کوردستان بدەنەوە بۆیە دەبێ خەباتی جەماوەری لەدژی تیرۆری سەردەشت سیاسی و گەورە بکرێتەوە و داوا بکرێت لەهەموو حزب و لایەنێک ئەگەر لەپشتی ئازادی سیاسیەوەن بەجدی بینەمەیدان و راشکاوانە قسەی خۆیان بکەن و دیفاع لەئازادی سیاسی بکەن، تا فشاری زیاتر بۆ دەسەلاتدارانی پارتی بهینریت و سنوریک بۆتاوانەکان دابنری. نوری لەکۆتایی قەسەکانیدا رایگەیاند کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەریزی پیشەوەی خەباتی جەماوەریدایە بۆ دیفاع لەئازادی سیاسی و بیروراو بەیان و ئازادی ڕۆژنامەوانی و بەتەواوی تواناوە بەرگری لەم خواستانەدەکات. شایانی باسە مەراسیمەکە لەلایەن چەتری ئازادیەوە بانگەوازی بۆکرابوو.

**لە مەراسیمێکی شاری سدنی دا یادی سەردەشت عوسمان بەرزراگیرا....**

بەم شێوەیە لە یەک مانگی ڕابردوو دا زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان و عیراق و دەرەوە لە ئەورووپاو کەنداوە تا ئوستراليا جەماوەر لە هەموو چین وتویژەکان کەوتنە نارەزایەتی دەربرین .تا ڕادەیەکی زۆر جەمسەر بەندنی یەکی بەرچاو دەبینرا لە نێوان جەماوەرو دەسەڵاتی سیاسی یەکێتی و پارتی

ئەمڕۆ بە بەشداری دەیان کەس ، مەراسیمی ڕێز لێنان بۆ یادی سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنوسی بەڕێوە چوو کە لە 6مانگی پێنج لە شاری هەولیرً تیرۆرکرا.لەم مەراسیمەدا وێرای ڕازاندنەوەی هۆڵی مەراسیم بە وێنەی سەردەشت و دروشم و خواستی جۆراجۆر بە زمانی کوردی و ئینگلیزی ، هاوکات پێشەنگایەکی فۆتۆگرافی بە پرۆجێکتەریش لەسەر شاشەیەکی گەورە نیشان دەدرا ،کە بریتی بوون لە وێنەی سەردەشت لە زانکۆ و زۆر شوێنی تر و وێنەی نارەزایەتی یەکان لە شارەکانی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە ،کە بۆوە مایەی سەرنج ڕاکێشانی ئامادەبوان.

شایانی باسە سەرەتای مەراسیمەکە دوای بەخێر هاتنی ئامادەبوان و بە دەقەیەک وەستان و بێدەنگی ،لە لایەن موزەفەر عەبدوڵا ڕێکخەری بەرنامەکەوە، دەستی پێکرا. پاشان لە وتەی پێشەکیدا ریکخەری بەرنامە ،جەختی لەوە کردەوە کە بە پێچەوانەی پروپاگەندە و تۆمەتەکانی لیپرسراوانی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، لەوانە قسەکانی مەسعود بارزانی و هەندێک لە لیپرسراوانی یەکێتی ،کە لە دژی سەردەشت عوسمان دەیکەن، سەردەشت عوسمان کەسێکی ڕۆژنامەنوسی ڕەخنە گری واقعی و جدی و بە جورئەت و بە ئیرادە و ڕاشکاو بوە لە دژی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان ،بۆیە ئەو لیپرسراوانەی دەسەڵاتیش دەیانەوێت ئەم کارێکتەرە لە سەردەشت بسرنەوەو بۆ ئامانجی دواکەوتوانەو گەندەڵانەی خۆیان ناوی بزڕێنن.

پاشان وتاری دەستەی سەرپەرشتی لە لایەن جەبار مسستەفاوە پێشکەش کرا .کە لەوێدا وێرای ئیدانەو ڕیسوا کردنی ئەو تاوانە، هاوکات ئاماژەی دابوو بەو زنجیرە نارەزایەتی یانە کە دوای تیرۆری سەردەشت لە کوردستان و دەرەوە بەڕیخراوە و دەیان هەزار کەس ڕژانە شەقامەوەکانەوە دەسەڵاتی سیاسیان لە کوردستان بە بەرپرسی سیاسی دانا لەم تاوانە .وە خواستی گرتن و ئاشکرا کردن و دادگایی کردن لە دادگایەکی سەربەخۆیدا لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی پارتی دایە.

بە دوای ئەم وتارە ڕاپۆرتیکی سیاسی لە لایەن عەدنان کریمەوە خوێندرایەوە کە ئەویش ئاماژەی بەو دەنگدانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژورنالی یە کردبوو کە هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی تیرۆری سەردەشت دەستی پێکردو پاشان چۆن ڕێزیکی بەرینی کۆمەڵایەتی لە ئاستی جۆراوجۆر بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی و ئیدانەی ئەو تیرۆرە و

گرتن و ئاشكرا كردنی تاوانباران هاتە ئاراوە. لەم بارەیەوە ئاماژەی بە چەندین ناڕەزایەتی و بەیان و وتاری سیاسی لە لایەنەكان و كەسایەتی یەكان و دەزگا ڕاگەیاندنەكان دابوو.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا دەڵێت: بەم شێوەیە لە یەک مانگی ڕابردوو دا زۆربەی شاروشارۆچكەكانی كوردستان و عیراق و دەرەوە لە ئەوروپاو كەنداوە تا ئوستراليا جەماوەر لە هەموو چین وتویژەكان كەوتنە ناڕەزایەتی دەربڕین .تا ڕادەیەكی زۆر جەمسەر بەندنی یەكی بەرچاو دەبینرا لە نێوان جەماوەرو دەسەڵاتی سیاسی یەكێتی و پارتی.

برگەیەكی تری بەرنامەكە خوێندنەوەی كەمپەینی واژۆ كۆكردنەوەبوو كە لە لایەن ڕێكخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی یەوە سازكراوە لە دژی تیرۆری سەردەشت و ئاراستەی سەرۆكایەتی هەریمی كوردستان كراوە لە ژیر ناوونیشانی: پێویستە لیكۆڵینەوە بكرێت لەو هێرشانەی كە بۆ سەر ڕۆژنامەنوسان دەكرێت لە كوردستانی عیر َاق كە لە لایەن كامیار سابیرەوە خوێندرایەوە.لەم بارەیەوە وێرای خوێندنەوەی ناوەڕۆكی ئەم نامەی كەمپەینە داوا كرا لە ئامادەبوان كە هەوڵ بدەن واژۆ لەسەر ئەو نامەی ناڕەزایەتی یە بكەن و هەروەها ئاشنایانی خۆشیان لەم بارەیەوە ئاگادار بكەنەوە.جێی ئاماژەیە ڕێكخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی لە بەشێک لە نامەی كەمپیەنەكەیان دەڵێن:لەم ساڵانەی دوایی دا هێرشێكی لە ڕادەبەدەر بەدی كراوە بۆ سەر ڕۆژنامەنوسانی كوردستانی عیراق كە لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی هەردوو حزبی پارتی دیموكرات و یەكێتی نیشتیمانی كوردستاندایە.

هەر لە چوارچێوەی بەرنامەكەدا وەک چۆن دەیان نوسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنوسی عەرەب ئیدانەی ئەم كارە تیرۆریستیانەیان كردو بە وتارو شیعر و نامەی ناڕەزایەتی بۆ دەسەڵاتدارانی كوردستان، لیر َەشدا نوسەر و ڕۆشنبیری عیراقی جمال الحلاق وتەو قەسیدەیەكی پێشكەش كرد، كە سەرەڕای ڕیسوا كردنی ئەم كارە پڕ تاوانە، هاوكات ئاماژەی بە نوسینەكانی سەردەشت دا كە شیوازی نوسینەكانی ڕادەی توانایی ئەو دەردەخات لەو تەمەنە كەمەیدا.

بڕگەیەكی تر بریتی بوو لە خوێندنەوەی پەیامی بەكر عوسمان(ئارام عەلی) بە ناوی خێزان و كەسو كاری سەردەشت عوسمان كە ناردبوی بۆ مەراسیمەكەو لە لایەن ئیسماعیل عەسكەری خوێندرایەوە . لە پەیامەكەی بەكر عوسمانی برای سەردەشت وێرای سوپاسگوزاری لە هەموو ئەو كەس و لایەنانەی كە ئەم بۆنانە ڕێكدەخەن و بەشداری دەكەن، هاوكات جەختی لەوە كردبۆوە كە ئەوانە وەک كەس و كاری سەردەشت عوسمان لە هەوڵو تیكۆشانی خۆیان ناوەستن لە پاڵ ناڕەزایەتی دەیان هەزار كەس تا بكوژانی سەردەشت دەدۆزنەوەو دەدرێنە دادگایەكی سەربەخۆ و ئاشكرا و تاوانباران بە سزا دەدرێن.

پاشان ئاماژە بە چەند پەیامێكی پشتیوانی كرا كە ئاراستەی مەراسیمەكە كرابوو . لەوانە:

پەیامی کۆمەڵە کەسێک لە ڕەوەندی کوردی لە برس بن کە بە واژۆی نەبەز محەمەدەوە نیردرابوو. هەروەها پەیامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان.

هەروەها ئاماژە بە کەمپەینی کۆمەک بۆ دروست کردنی پەیکەری ئازادی لە هەولیر درا ،کە بریتی یە لە پەیکەری سەردەست عوسمان و، داوا کرا کە لەم بارەیەوە دریغی نەکریت لە کۆمەک کردن.

بەم شێوەیە دوای دوو کاتژمیرَ لە کەشێکی پڕ جۆش و خرۆش بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی و هاوخەمی لەگەڵ کەسو کاری سەردەشت و ڕیسوا کردنی ئەو کارە تیرۆریستی یەو خواستی دەستگیر کردنی تاوانباران و دادگایی کردنیان، مەراسیمەکە بە سوپاسی ئامادەبوانەوە، کۆتایی هات و جارێکی تریش بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئازادیخواز لە سدنی پەیوەست بوون بەو زنجیرە نارەزایەتیانەوە کە بۆ ریسوا کردنی تیرۆرو بەرگری لە ئازادی هاتونەتە مەیدان.

سدنی – ئوستراليا 13–6–2010

### لە سەنتەری شـــاری لـەندەن یـــادی ســـەردەشت بـــەرز ڕاگیـــرا

ئامادەکردنی ئاسۆ

لەژێر ناونیشانی سەردەشت سونبولی ئازادیەلەڕۆژی 2010/06/12 جەماوەرێکی زۆر لەکوردانی دانیشتوی لەندەن یادی سەردەشتیان بەرزو پیرۆز ڕاگرت.

جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوەکەدەبێت بکوژانی ئاشکرا بکرێن و بەزوترین کات ڕووبەروی کۆمەڵگای بکەنەوە. تا چیتر لەکوردستاندا ترسی کوشتن لەسەر ئازادی ڕادەربڕین نەڕۆژنامەنوس نەهیچ کەسێکی تر نەگرێتەوە

سەرەتا بەداگیرسانی 23 مۆم مەراسیمەکەدەستی پێکرد کەتعبیر بو لەتەمەنی سەردەشت و دواتریش بەدانانی گوڵ لەتەنیشت مۆمەکانەوە بەردەوامی درا بەمەراسیمەکە،وتاری ئارام علی (بەکر عوسمان) برای سەردەشت لەلایەن ئاسۆ گۆرانەوەخوێندرایەوە لەگەڵ چەندین پەیامی جۆراو جۆردا.

بۆئەم مەبەستەش ئامادەبوان بەدروشمی ئازادی ئازادی یان کوشتنی ڕۆژنامەنوسان بەسە. لەناو ئاپۆڕای ئامادەبواندا دەنگی دەدایەوە

وەچەندین پلاک کارت بەزمانی کوردی و عەرەبی بەدەست ئامادەبوانەوەبو.

شایەنی باسەئەم یادە لەلایەن چەتری ئازادیەو ەسازو ڕێکخرابو کە پێکهاتووە لەچەندین کەسەیاتی ئازادیخوازۆ حیزب و لایەنی جۆراوجۆر.

**لە هۆڵەندا پانێڵ و کۆڕی ماتەمینی بۆ ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان بەبەشداری ژمارەیەک ڕۆژنامەنوسی ناسراوی هۆڵەندی بەڕێوەچوو .**

ئەمڕۆ 13-06-2010 لە هۆڵەندا کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی پانێڵێک و کۆڕێکی ماتەمینی بەبەشداری ژمارەیەک کەسایەتی و ڕێکخراوی میدیایی هۆڵەندی تایبەت بە تیرۆری ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان لە شاری دێڵفت سازکرد.

بەشی یەکەمی یادەکە کە بەزمانی هۆڵەندی بوو لەلایەن کۆمیتەی سەردەشت عوسمانەوە پێشکەشکرا،یادەکە بە دەقەیەک وەستان بۆ گیانی سەردەشت عوسمان دەستی پێکرد. دواتر وتاری کۆمیتە بە هۆڵەندی پێشکەش کرا کە داوا لە سەرجەم ئامادەبووان کرا کە یاداشتی نارەزایەتی تایبەت بەمە پشتیوانی لێبکەن کەتایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەم دۆزەو بەئاکام گەیاندنی ڕاست و دروستی لێکۆڵینەوەکان،پاشان یەکێک لە بابەتەکانی سەردەشت عوسمان و پەیامی خێزانی سەردەشتی بە زمانی هۆڵەندی خوێندرایەوە،دواتر شیعرێک پێشکەشکرا،دواتر ڕۆژنامە نوسی ناسراوی هۆڵەندی (Paul Grijpma)باسێکی بەناوی( Het goud van de persvrijheid)

کە بەمانای (زێڕی میدیای ئازاد) دێت پێشکەشکرد و هاوکات هاوخەمی و پشتیوانی خۆی پیشاندا بۆ ئەم دۆزە،دوای ئەو ڕۆژنامەنوس– Mehmet Ülger – کە بەنوێنەرایەتی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنوسانی هۆڵەندی ئامادەبوو،بەوردی باسی ئازادی ڕۆژنامەگەری کرد و ئەم تاوانانەی خستە ژێرپرسیارەوەو خۆی باسی ئەوەی کرد کە بۆپشتیوانی لەیاداشتی کۆمیتەکە هەوڵ دەدات کە کۆمەڵەی ڕۆژنامەنوسانی جیهانی بهێنێتە سەر هێڵ و ئەم داخوازیە قەبوڵ بکەن و لەسەرئەم دۆزە کاربکەن، بەدوای ئەودا دوو فلیمی کورتی ڤیدۆیی پیشاندران لەسەرسەردەشت عوسمان وخۆپێشاندانەکانی کوردستان،بەدوای ئەودا کۆئۆردیناسیۆنی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنوسانی (Press Now ) کەناوی(Steven Assies )بوو هاوخەمی خۆی پیشانداو ئەوەی باس کرد کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا چەندین تاوان لە عێراق و کوردستان دژبە ڕۆژنامەنوسان کراون و ئەوان لەڕێگەی ڕۆژنامەنوسەکانیانەوە لەکوردستان لەمە ئاگادارن و نارەزایەتی نیشان دەدەن،پاش ئەو ئەندامای بۆردی ڕێکخراوی قەڵەم (Bos)بەناوی ڕێکخراوی ( PEN) پەیامی داو هەر خۆشی پەیامێکی بەزمانی ئینگلیزی خوێندەوە کە لەلایەن (Michael Massing) کە ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی پاراستی ڕۆژنامەنوسانە ناردرابوو ،دوایین بەشی ئەم پانێڵە بە بابەتێکی ئەدەبی ( Ibrahim Selman)ی ڕۆماننوس وشاعیری هۆڵەندی بەڕەچەڵەک کورد بوو،کە تیشکی خستە

سەردۆزی سەردەشت و بابەتەکانی سەدەشت و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی خۆی بۆنوسینەکان و تاوانەکە.

بەشی دووەمی بابەتەکە پانێڵێک بوو لەلایەن گۆران ڕەشیدەوە بەزمانی کوردی بۆ چوار کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد (حەمە شوان، ئازاد کاکەڕەش، حەمە غەفور، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیەتی سەردەشت عوسمان) بەڕێوەچوو کە باسی مەسەلەی تیرۆر و تیرۆری سیاسی و ڕۆژنامەنوسان، تیرۆری ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان گومانەکان و بەرپرسیاریەتەکان وکەمو کوڕی دەسەڵات و بێیاسایی و هەڕەشەکانی دەزگاکان و دەسەڵات و بێدەنگی دەسەڵات و نەچوونە ژێرباری دۆزەکەوە، لەبەشێکی تردا باسی لێکۆڵینەوەی دۆزەکەو تەمومژاوی بوونی لێکۆڵینەوەکە کرا، هەر لەوێشدا داخوازی بەشداری کۆمیتەیەکی بێلایەنی چاودێر لە خێزانی سەدەشت و ڕێکخراوە ناونەتەوەییە بێلایەنەکانی کوردستان و دەرەوە کرا، لەهەمان بەشدا ئامادەبووانی یادەکە بەشداری باسەکانیان کردو لەوێدا پێشنیار کرا هەمان داخوازینامە بەزمانی ئینگلیزی بۆ کۆشکی سپی و باراک ئۆباما بەڕیبکرێت، دوایین بەش باسی مۆنومێنتی سەردەشت و ئازادی کرا، کە بڕی 600 ئیرۆ کۆمەک هەرلەناو بۆنەکەدا کۆکرایەوە.

یادەکە بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆرو لەنێوان گوڵ و مۆم و ڕێز بۆ قەڵەمی ئازادو حەسرەت بۆ مەرگی سەردەشت عوسمان کۆتایی هات.

کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی لە هۆڵەندا

**بۆ بەرزگرتنی یادی سەردەشت عوسمان لە ستۆکهۆلم پانێڵێک ئەنجام درا**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 12–6 لە ستۆکهۆڵم، بۆ ڕێزگرتن لە یادی سەردەشت عوسمان پانێڵیک سەبارەت بە تیۆری سیاسی لە کوردستان بە بەشداری 8 لایەن و حزب بەڕێوە چوو، کەسایەتی و نوێنەران لە هەر یەک لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، پارتی چەپی کوردستان، حزبی سۆشیال–دیموکراتی سوید، پارتی چەپی سوید، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، هەریەک بە باسێکی کورت سەبارەت بە دیاردی تیرۆری سیاسی لە کوردستان بەشداریان کرد. پانێڵەکە لە لایەن قادر نادر نوێنەری چاودێری کوردۆساید/چاک لە سوید بەڕێوەبرا.

لە لایەن ڕێکخستنی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان عەبدوڵا مەحمود بە باسێک سەبارەت بە ڕیشەی ناڕەزایەتی فراوانی جەماوەری بەرانبەر تیرۆری سەردەشت عوسمانو چۆنێتی بەرینکردنەوەو بەردەوامی پێدانی ئەو ناڕەزایەتیە، بەشداری کرد.

عەبدوڵا مەحمود لە قسەوباسەکانیدا، ئاماژەی بە چەند کێشەو ئاڵوگۆڕی گرنگ لە چەند ساڵی دوای ڕوخانی بەعس لە کوردستان کرد و ئەوانەی وەک پاشخانی دەرکەوتنی ئەم جوڵانەوەیەو ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ئەم دواییەی کوردستان، دەستنیشان کرد. ئەو بە تایبەت لەسەر کۆتایی هاتنی هەڕەشەی بەعسو بوژانەوەی ئابووری لە کوردستانو مێژووی کردەوە سەرکوتگەریەکانی دەسەلاتی حزبەکانی کوردایەتیو گەورەبوونەوەی قەڵەشتی چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردستانو پێگەیشتنێکی نەوەیەکی نوێ کە تەواوی تەمەنی لەگەڵ مەینەتیو ستەمێک کە دەسەلاتی حزبە کوردیەکان لە کوردستان پیادەیان کردووە گوزەراندووە، ڕاوەستا. هەروەها ئەم پاشخانەی بە زەمینەی دەرکەوتنی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانو قەڵەشتو کێشەی نێو باڵەکانی دەسەلاتو چالاکبوونەوەی زیاتری هەندێک لە میدیاکان بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەلات، وێڕای دەرکەوتنی نارەزایەتیە فراوانەکانی ئەم دووابیانەی کوردستان، دانا.

لە دریژەی قسەوباسەکانیدا، تەئکیدی لەسەر زەرورەتی فراوانکردنەوەو ئاسۆدارکردنو جەماوەری کردنەوەی هەرچی زیاتری ئەم نارەزایەتیانە کردەوە. لەم چوارچێوەیەشدا پێشنیاری دەرکردنی پلاتفۆرمێکی بۆ ئازادی سیاسی کرد کە لەسەر مەبنای ڕەخنەو وەلانانی هێڵەسورەکانی دەسەڵاتو بەپیرۆزکراوە قەومیو دینیەکان دارێژرابێت. لە وەڵام بە پرسیارەکانی ئامادەبووانیشدا لایەنەکانی باسەکەی خۆی زیاتر ڕۆشنکردەوە.

بەشدارانی تری پانێڵەکە هەر یەک لە چوارچێوەی دیدی خۆیەوە ئاماژەیان بە دیاردەی تیرۆری سیاسی لە کوردستان کردو پێشنیاری خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە پێشکەش کرد، لە نێو ئەو پێشنیارانەدا، پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ وەگەرخستنی تواناکان لە پێناوی بەدواداچوونی یاسایی بۆ کەیسەکانی تیرۆرو ئاشکراکردنی تاوانباران، بە جەماوەری کردنی زیاتری جوڵانەوەی نارەزایەتی ئێستاو پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری جۆراوجۆر بۆ ڕێکخستنی سەربەخۆی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگاو بایکۆت کردنی سەندیکاو ڕیکخراوە کارتۆنیەکانی دەسەڵات، جێگای ئاماژەن.

پانێڵەکە پاش نزیکەی دوو سەعات لە قسەوباسی گەرمو گوڕو بەشدارای چالاکانەی ئامادەبووان بە پرسیارو دەربڕینی سەرنجی خۆیانو بە بەرزنرخاندنی ئەم بابەتە کۆبوونەوانە کە دەتوانێت بە هەمەڕەنگیەکەی نیشانەیەک لە قوڵی نارەزایەتی جەماوەری کوردستانو کوردزمانەکانی دەرەوەی وڵات لە تیرۆرو سەرکوتگەری حزبەکانی دەسەڵاتداری کوردستان بێت، کۆتایی هات.

شایانی باسە لەم پانێڵەدا باسێکی کورتو بانگەواز بۆ کۆمەک کردن بە پرۆژەی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان لە هەولێر کراو جێگای پشتیوانیو پێشوازی ئامادەبووان بوو.

2010–6–12

**بەیاننامەی کەمپینی ( شەهید سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی رۆژنامەنووسان) سەبارەت بە رووداوی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس و خوێندکار (سەردەشت عوسمان)**

ئێمە وەک چەند رۆژنامەنووسێکی شاری هەولێر لە ساتەوەختی نزیکبوونەوەی چلەی شەهیدبوونی رۆژنامەنووسی لاو )سەردەشت عوسمان(، ویستمان بە شێوەیەکی مەدەنیانە چالاکییەکی رۆژنامەوانی و هونەری لە چوارچێوەی گردبوونەوەیەکی رۆژنامەوانی و خوێندکاری لە رۆژی 14 ئەم مانگە لە شوێنی رفاندنی شەهید سەردەشتی جوانەمەرگ لەبەردەم )کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین( ئەنجامبدەین. لە سۆنگەی جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانمان و هاوخەمیمان بۆ لە دەستدانی گیانی گەنجێکی خێر لەخۆنەدیوی وڵاتەکەمان و خاوەن قەڵەم و خوێندکاری دوا قۆناغی زانکۆ، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە داوای مۆڵەتی یاساییمان لە (پارێزگای هەولێر) کرد بۆئەوەی رێورەسم و ناڕەزاییە مەدەنییەکەمان لە چوارچێوەیەکی یاسایی دابێت، بەڵام بەداخەوە پارێزگای هەولێر بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاریکراو داواکارییەکەی ئێمەی رەتکردەوەو رێگەی پێنەداین چالاکیەکە ئەنجام بدەین...لەبەرئەوە ئێمە لێرەدا دڵگرانی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە رێگنەدان بە ئەنجامدانی ناڕەزاییەکی مەدەنی لە چوارچێوەیەکی یاساییدا.

بۆیە هاووڵاتیان و و هێز و لایەن و کەسایەتییە دیموکراتخوازەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لەوە ئاگاداردەکەینەوە، کە ئامانج لە گردبوونەوەکەی ئێمە پەیوەست بووە بە دووبارە دەربڕینی نیگەرانی خۆمان لە بەرامبەر رووداوی رفاندن و تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس و خوێندکاری لاو (سەردەشت عوسمان) لە دووتوێی خوێندنەوەی یاداشتنامەیەکی ناڕەزایی لە درەنگ کەوتنی لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە و بەئەنجام نەگەیشتنی دوای تێپەڕبوونی چل رۆژ بەسەر تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان). هەروەها ویستمان چەند چالاکییەکی هونەری ئەنجام بدەین بە داگیرساندنی بیست و سێ مۆم لە بەردەم کۆلیژی ئاداب و فڕاندنی بیست و سێ کۆتری سپی بە ئاسمانی شاری هەولێردا و ئەنجامدانی چەند نواندنێکی هونەری ... دەستنیشانکردنی شوێنی رفاندنی شەهید سەردەشتیش بەو مەبەستە بوو لە وێدا بڵێین "ئەگەر هەر پانتاییەک زەوی لەم وڵاتە بکرێتە شوێنی رفاندن و کوشتن، ئەوا لە هەمان کاتدا دەتوانرێ هەر ئەو شوێنە بکرێتە دەروازەییەک بۆ گەیاندنی پەیامی مرۆڤدۆستانە و شیاوی پەیام و کاری هونەری جوان بێت". هەروەها مەبەستمان بوو نیگەرانبوونی خۆمان لە بەرامبەر هەوڵەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئەمنی لە دۆسیەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان و ئەوەی کە تا ئێستا ئەنجامێکی وایان بە دەستەوە نەداوە کە جێگای دەستخۆشی و باس بێت، ئەمەش دوای ئەوەی زیاتر لە مانگێک بەسەر ئەم رووداوە دڵتەزێنە تێپەڕدەبێت. ئێمە لێرەدا جەخت لەسەر کراوەیی دۆسیەی رووداوی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس و خوێندکار سەردەشت عوسمان دەکەینەوە.

ناوی رۆژنامەنووسانی رێکخەری کەمپین:

( دیار عەزیز شەریف) (هەڵگورد سەمەد) (ئیبراهیم عەلی) (کامەران محەمەد) (نیاز عەبدوڵڵا) (دەشتی سەباح) (عەلی سدیق) (بەهزاد موحسین) (چیمەن ساڵح) (لەنجە عەبدوڵڵا)

**نامەیەکی کراوە بۆ ئازیزانم ((ئارام وبەشدار ))عوسمان**

گوڵەکانم .خۆشەویستەکانم .گەلێک هەوڵمدا تەلەفۆنتان لەگەڵ بکەم، بەڵام نەمتوانی لەگەڵتان بدوێم. پێیان ووتم کەیەکجار پەرۆشن و زۆر ئەستەمە بتوانن وەڵامی تەلەفۆن بدەنەوە.

لەقوڵایی دڵ وهەست وسۆزمەوە، هاوبەشی کارەساتە گەورەکەتانم. ئەم کۆستە، هەر تەنها لە ئێوە نیە. ئەم کۆستە سەراسەری کوردستان و جیهانی لێئاگادارە وخەڵک تووڕەو پەستە لە دەسەڵاتداران وداوای بکوژان و پلان ودەستەکەی پشتی دەکەن.

دوعا لەساڵی پار، بوو بە زەحیەی بەربەریەتی سوونەتی دواکەوتوانەی کۆنەپەرستی،وە شەپۆلی نارەزایەتی بەڕووی ئەو سونەتەدا بەسەراسەری جیهاندا گڕی گرت . هاوڕێ سەردەشت گیانفیدای رووبەروو بوونەوەی تیرۆریزمێکی سیاسی کۆنەپەرستی تەقلیدیە. شالاوی شەپۆلی هەستانەوەو بەرخۆدان بە ڕووی ئەم بەربەریەتەی سیاسەتی تۆقاندنە،تەماشاکەن، هەموو کوردستان وجیهانی داگرتووە. تەماشاکەن و بە کەس وکارتان بڵێن سەردەشت هەر تەنها کوڕی ئێمە نیە. هەزاران کەس لە سەراسەری جیهاندا، دەیان ڕێکخراوو لایەن لەسەراسەری جیهاندا، لەم تاوانە خۆش نابن و هەڵشاخاون بەرووی چەوسێنەراندا. هیوادارم ئەم پشتیوانیە مەزنە جیهانیە، قامەتی ئێوە بەرز ڕابگرێت. وە سوکنایتان پێبدات.

چاوە تەڕەکانتان ماچ دەکەمەوە

جەمال کۆشش

7.5.2010

**رووڕەشی و ریسوایی بۆ تیرۆریستان , سەربەرزی و نەمری بۆ سەردەشتی ئازیز**

هاوڕێ ئارامی خۆشەویست

هاوڕێ بەشداری خۆشەویست

ئازیزان ئەندامانی خێزان و کەسوکاری سەردەشتی جوانەمەرگ

ئەمڕۆ هەواڵی تیرۆرکردنی سەردەشتی جوانەمەرگم بیست! ئەمڕۆ زانیم ئەو خوێندکارەی دوو ڕۆژ لەمەوبەر لەبەردەم کۆلیژەکەی خۆیدا و بەبەرچاوی دەسەلأتدارانی هەولێرەوە رفێنرا، کەسێکە کە زۆر لە منەوە نزیکە. راستە من سەردەشتم نەدیبوو، کاتێک هەواڵی فڕاندنەکەشیم بەرچاو کەوت وەکو هەر قوربانیەکی ئەو تیرۆرە کوێرە چاوملێکرد کە لەکوردستان ناوبەناو تێکۆشەرێکی ئازادیخواز یان رۆشنبیرێکی پێشکەوتوخواز لەگەڵ خۆیدا دەپێچێتەوە! نەمزانی کەسێکە کە ئەوەندە لێم نزیکە ناتوانم بڕوا بکەم ئەوکارە رویدابێت! ناتوانم بروا بکەم کە دەستی چەپەڵ و ترسنۆکی تیرۆریستان گەیشتە ئازیزێکی دیکەم. گەیشتە کەسێک کە ناتوانم لە هاوڕێیەکی خۆشەویست و ئەندامێکی خۆشەویستی خێزانەکەم کەمتر بۆی نارەحەت بم!

پێموایە هەموو ووشەیەک لەبەردەم وەسفکردنی ئەو کارەساتەدا بێمانایە! هیچ دەستەواژەیەک، هیچ دەربڕینێکی پڕ لە سۆزو پڕ لە لۆجیکیش ناتوانێ بگاتە ئاستی باڵای ئەو کارەساتە دڵتەزێنە. دەڵێم زمان لاڵە لەئاست وەسفی ئەو خەمە سەنگینەدا، بۆیە ئینسان بۆ رێزگرتن لە کەسە مەزنەکان، لە کەسە لەرادەبەدەر خۆشەویستەکان یەک خولەک بێدەنگی هەڵدەبژێرێ. منیش ناچارم بۆ ئەوەی بتوانم بەیانی گەورەیی ئەو کارەساتەو رادەی دڕندەیی تاوانباران و تیرۆریستان و ئەوانەی دەستیان چوە گیانی سەردەشتی ئازیزو خۆشەویست بکەم یەک خولەک لەگەڵ ئێوەدا بێدەنگی هەڵدەبژێرم!

رووڕەشی و ریسوایی بۆ تیرۆریستان

سەربەرزی و نەمری بۆ سەردەشتی ئازیز

دڵسۆزتان موحسین کەریم

6ی ئایاری 2010

**کۆبوونەوەیەک لە (( چلەی رۆژنامە نووس سەردەشت عوسمان)) لە شاری ڤانکۆڤەر**

" ماڵی کورد " بە هاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەک لە رۆشنیرو هەوادارانی بیری ئازادی ، بە یارمەتی " کورد تی ڤی" کۆبوونەوەیەکی لە هۆڵی ماڵی کورد لە شاری ڤانکۆڤەری کەنەدا ساز کرد . شوان چاوشین یەکێک لە بەرێوەبەرانی ماڵی کورد سەرەتا بە خێرهاتنی ئامادەبووانی کرد ، کە لە نێویاندا مامۆستا " پەشێو" ی شاعیریش ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە ببوو .

قسە کەرانی ئەم دانیشتنە بریتی بوون لە :-

1- عەبداللە سلێمان (مەشخەڵ ) شاعیرونووسەر

2- دارا عەلی شاعیر

3- خالید عەزیزی (دلێر) شاعیرو وەرگێڕ

4- ئەکرەم چاوشین هەڵسوڕاوی سیاسی

تەوەرەی قسەو باسەکان بریتی بوون لە : سوربوون لە درێژە پێدانی بزوتنەوەی ناڕازایەتی دژ بە سەرکوتی ئازادی سیاسی . بەردەوام بوون لە چالاکیەکانی دژ بە تیرۆری سیاسی بە گشتی و تیرۆری ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی . تەورەیەکی تری کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە ئیدانەکردنی حوکمی لەسێدارە دانی پێنج تێکۆشەر ، کە لەسەر بیرباوەری سیاسیان ئاخنرابوونە زیندانەکانی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران بە دەستی ئەم ڕژێمە لە مانگی مەی ئیعدام کران .

دوا برگەی بەرنامەی ئەم کۆبوونەوەی بریتی بوولە بانگەوازێکی فەرمی ، کە ئەندامانی لیژنەی کۆکردنەوەی کۆمەکی مالی بۆ پڕۆژەی دروست کردنی پەیکەر بۆ سەردەشت عوسمان لەم کۆبوونەوەیە پێشکەشیان کردو ئامادەبوان کۆمەکەکانیان پێشکەشی ئەم لیژنەیە کرد.

ماڵی کورد لە ڤانکۆڤەر، 2010/06/13

ئێوارە کۆڕێک لەیادی چلەی تیرۆری سەردەشت عوسماندا لە لەندەن

ئێوارەی ڕۆژی 2010/6/15 بە بۆنەی 40 ڕۆژ تێپەڕبون بەسەر تیرۆرکردنی خوێندکارو ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان پانێلێک بۆ ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی و روناکبیری لە هۆڵی (الابرار) لە لەندەن سازکرا. کۆڕەکە لەلایەن بەڕێز دەشتی جەمال بەڕێوەبرا. ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی رەوەندی کوردی لە لەندەن تێیدا بەشداربوون .

پانێلەکە، بە دەقیقەیەک وەستان بۆرێزگرتن لە گیانی سەردەشت و هەموو گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی دەستی پێکرد. پاشان دەشتی جەمال وتەی بەکر عوسمانی برای سەردەشتی خوێندەوە کە بۆ مەراسیم و کۆبونەوەکانی یادی چلەی سەردەشتی ناردبوو. لەبەشێکی پەیامەکەیدا، بەکر عوسمان دەڵێ:".... کەسانێک کە لەسەر خوێنی هەزاران گەنجی وەکو سەردەشت و فرمێسکی هەزاران خێزانی وەکو ئێمەی خێزانی سەردەشت، بەو رۆژەی ئەمرۆ گەیشتون، کەچی تەحەمولی چەند ووشەیەکی رەخنەئامێزی گەنج و خەڵکی وولاتەکەیان ناکەن!"

هەروەها لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا بەکر دەڵێ:" ئێمە پێمانوایە کە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەو روداوە ناکرێ بە نهێنی و لەپشتگا دەرگا داخراوەکانەوە بێت." هەروەها دەڵێ:" دەمانەوێ بێلایەنی و سەربەخۆیی پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە دەستەبەرو زامن بکرێ. هەموو

کەسێک دەزانێ کە هێشتا دەزگای لێکۆڵینەوە و سیستەمی دادوەری لە کوردستان بێلایەن و سەربەخۆ نیە لە دەسەڵات و لەژێر کاریگەری سیاسیدایە، بۆیە ناکرێ لە روداوێکی لەچەشنی تیرۆری سەردەشتدا ئەو دەزگایانە لێکۆڵینەوەو دادگایی ئەنجامبدەن. پێویست بەوەدەکات کە دەزگای بێلایەن و لەژێر چاودێری لایەنی نێودەوڵەتیدا بەوکارە هەڵسێت."

پاشان هەریەکە لە بەرێزان د . کەمال میروادەلی– نوسەرو شاعیر ، عەلی کەریمی– نوسەر، ئاسۆ کەمال– چالاکوان لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی ، هۆزان مەحمود– هەڵسوڕاوی چالاکی بزوتنەوەی ژنان، بەشداربوانی پانێڵەکە لە ڕوانگەی خۆیانەوە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕوداوەکە،هۆکارەکانی، بەڵگەکان، نارەزایەتی و خرۆشانی جەماوەر لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان قسەوباسیان کردو هەموو لەسەر ئەوە هاوڕابوون کە مەسەلەی سەرەکی لە کەیسی سەردەشت عوسماندا مەسەلەی ئازادییە کە خۆی لە ئازادی سیاسی، ئازادی بیروڕا، ئازادی رۆژنامەگەری دەبینێتەوە. بەڵگەو رونکردنەوەکان ئەوەی نیشاندا کە دەسەڵاتدارانی کوردستان و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو تاوانە بەرپرسیارە. هەروەکو پانێلیستەکان ئاماژەشیان بە هەڕەشەکانی پارتی و سەرۆکی هەرێم لە ئازادی و لە خەڵک و رۆژنامەنوسان کرد و بەدرێژەی هەمان ئەو سیاسەتە لەقەڵەمیان دا کە دەیەوێ کەشوهەوای سەرکوت لە کوردستان دابسەپێنێ. هەروەک ئاماژەشیان بەوەدا کە هەر لیژنەیەکی لیکۆڵینەوەو هەر دادگاییکردنێک لەلایەن دەسەڵاتەوە ناشەرعیەو جێگەی قبوڵی خەڵکی کوردستان نیە چونکە ناکرێ کەسێک کە پەنجەی گومانی بۆ درێژدەکرێ هەڵسێ بەکاری لێکۆڵینەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سیستەمی دادوەری لە کوردستاندا سیستەمێکی حیزبیە و توانای ئەوەی نیە کە زەمانەتی بێگەردی و سەربەخۆیی و بێلایەنی دادگاییکردنەکە بکات.

پاش قسەی پانێلیستەکان، دەرگای گفتوگۆ بۆ ئامادەبوان کرایەوەو چەندین پێشنیارو سەرنج خرانەڕوو کە هەمووی دڵسۆزی و خەمخۆریی بەشداربوانی نیشان دەدا بۆ بەرگریکردن لە ئازادی و وەستانەوە بەدژی تیرۆرو سەرکوتی سیاسی لە کوردستان. پاشان پانێلیستەکان وەڵامی سەرنجەکانیان دایەوەو رەوتی باس و قسەکان بەو ئاقارەدا رۆیشت کە هەمووان لەسەر ئەوە رێکەوتن کە بەناوی سەرجەم ئامادەبوانەوە یاداشتێک بدرێ بە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەوەبوو بەڕێز بەڕێوەبەری کۆڕەکە ناوەرۆکی یاداشتەکەی لە (3)خاڵدا کۆکردەوەو بەتێکڕای دەنگی ئامادەبوان پەسەند کرا. ئەمەش دەقی یاداشتەکەیە:

ئێمە ئامادەبوانی کۆڕی یادی چلەی سەردەشت عوسمان لە لەندەن رۆژی 2010/06/15 بە کۆی دەنگ بڕیارماندا ئەم کەئەم یاداشتە سەبارەت بەکەیسی تیرۆری سەردەشت ئاراستەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بکەین:

1– لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بێلایەن و سەربەخۆ لە پارتی و حکومەتی هەرێم، لەژێرچاودێری نێونەتەوەیدا بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆری سەردەشت عوسمان پێکبهێنرێ.

2- سەرۆکی پارتی هەرِەشەکانی لە ئازادی و تۆمەتبارکردنی خەڵکی نارِازی بە ئاژاوەگێرِ وەربگرێتەوە.

3- ئازادیی بێقەیدوشەرتی سیاسی بکرێتە یاسا لە کوردستاندا و دەسەڵات پابەندبوونی بەکردەوە بەو یاسایەوە رابگەیەنێت

کۆمەڵگای کوردی/ لەندەن

2010/6/15

**لە چلەی سەردەشت عوسماندا، کۆرِێکی ماتەمینی لە کۆپنهاگ**

لە چلەی سەردەشت عوسماندا (کەمپینی بەرگری لە ئازادی- دانمارک)، رِۆژی شەممە ریکەوتی 26-6-2010 کۆرِێکی ماتەمینی سازکرد لەژێر ناونیشانی (ئێمەش بێدەنگ نین). لەم کۆرِی ماتەمینیەدا هەریەک لەم حیزب، رِێکخراو ولایەنە سیاسیانەی خوارەوە پەیام و وتەیان هەبوو:

1. پەیامی (کەمپینی بەرگری لە ئازادی- دانمارک) - مستەفا حەسەن.
2. پەیامی بنەماڵەی سەردەشت عوسمان. خالید رِەسول.
3. وتەی رِێکخراوی "مافی مرۆڤی عێراق" - شاکر ناصر.
4. وتەی رِێکخراوی "مافی مرۆڤی کوردی _ دانیمارکی" -ڤیلیو Vilø .
5. وتەی "رِەوەندی سۆشیالیستی کرێکاری" - نادر عەبدولحەمید.
6. وتەی "حیزبی شیوعی کوردستان" - گۆران هەڵەبجەیی.
7. وتەی "بزوتنەوەی گۆرِان" - ابراهیم ئەمین.
8. وتەی "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق" - عوسمان ئەحمەد.
9. وتەی "رِێکخراوی چاودێری کوردۆساید" - ئاراس وەهاب.
10. وتەی "رِێکخراوی ئازادی ژن _عێراق" - گوڵزار عەلی.
11. وتەی "سەنتەری دژی لە سێدارەدان" - هیدایەتی مەلا عەلی.

12. وتەی کۆمەڵەی ڕێکخراوە کوردیەکان "فەی کورد" – شیار.

13. وتەی "حیزبی شیوعی عێراق" – داود ئەمین.

14. وتەی حیزبی"ئێس ئێف، سۆشیالیستی گەلی دانمارک SF=" – سەردار.

15. وتەی حیزبی [لیستی یەکگرتووی دانمارکی "ئینهێزلیستن Enhedlisten"] – ئالان ئەحمەد.

16. سەلام محەممەدیش کۆپلە شیعرێکی بەناوی "بڕوخێ بێدەنگی" پێشکەش کرد.

شایەنی باسە کە لەم کۆڕەدا ,50562 کرۆنی دانمارکی کۆکرایەوە پرۆژەی پەیکەری ئازادی. هەروەها نیوسەعاتی کۆتایی تەرخانکرا بۆ گفتوگۆی ئازاد لە پێناو چۆنیەتی بەرفراوانکردن و بەهێزکردنی ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیە و فشار خستنەسەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ پابەندبونیان بە ئازادی فکر و بیروڕادەربڕین لە کوردستاندا، کە گەلێک خاڵی بەنرخی تیا باس کرا.

(کەمپینی بەرگری لە ئازادی– دانمارک) و کۆڕی ماتەمینیەکە پێداگریان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کرد:

1– ئەو لیژنەیەی کە ئێستا بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی تیرۆری سەردەشت عوسمان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پێکهێنراوە، جێگەی متمانە نیە و شەرعیەتی نیە.

2– بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی ئەم تاوانە، ئەبێ لیژنەیەکی بێلایەن و سەربەخۆی جەماوەری بە هاوکاری ئۆرگانە نێودەوڵەتیەکان پێک بێت و دەستبەکار بێت.

3– کەمپینی بەرگری لە ئازادی– دانمارک هاوئاهەنگ کردنی کار وچالاکیەکانی لەگەڵ کەمپین، لیژنە و کۆمیتەکانی وڵاتانی تر و لەگەڵ هەفتەی بێدەنگ نابین لەناوخۆی کوردستان بە پێویست ئەبینێتەوە بۆ پەرەپێدان و بەهێزکرنی ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیە دژی تیرۆری سیاسی و بۆ بەئەکام گەیاندنی یاسایی ئەم کەیسەیە؛ واتا دۆزینەوەی تاوانباران و دانیان بەدادگا.

4– ئازادی بێقەید و شەرتی فکری و سیاسیە کە ڕێگرە لەبەردەم تیرۆر، سەرکوتی فکری و سیاسی.

5– "کەمپین" پشتیوانی و لایەنگری خۆی بۆ پرۆژەی پەیکەری ئازادی وەک سومبولێک لە کوردستاندا ڕادەگەێنێت.

6- "کەمپین" هەڵدەستێت بەپەیوەندیکردن بە پەرلەمانتاران، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپی و هەروەها بە ناوەندە ئەوروپی و نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆ سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردوستان بەمەبەستی فشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ پابەند بونیان بە ئازادی بیروڕادەربڕینەوە.

کەمپینی بەرگری لە ئازادی- دانمارک.

2010-6-26

**چەواشەکارییەکانی "لێژنەی لێکۆڵینەوە" لە تیرۆری سەردەشت عوسمان.**

بەرواری 15-9-2010 ئەو لێژنە تایبەتەی کە "سەرۆکی هەرێم" پێکی هێنابوو، بەناو بۆ لێکۆڵینەوە لە ترۆری ڕۆژنامەنوس "سەردەشت عوسمان"، ڕاگەیاندنێکی خستۆتەڕوو کە گوایە باندی ترۆریستی "ئەنسار ئەلئیسلام" فڕاندویانە و ترۆریان کردوە. ئەوەش چونکە "سەردەشت" گوایە "بەلێنی بەم گروپە دابوو کە هەندێک کاریان بۆ بکات بەڵام کارەکانی بۆیان ئەنجام نەدابوو"!

چۆنیەتی پێکهێنانی ئەم "لێژنە"یە و شێوازی کارکردنەکەی و دەرکردنی یەکەمین ڕاگەیاندنی، زۆر بەئاشکرا ناوەرۆکی ئەم لێژنەیە و ئەرکێک کە پێشوەخت بۆی دیاریکرابوو دەردەخات لە چەواشەکردنی ڕاستیەکان بۆ پاکانەی "ترۆری دەوڵەتی" دژی هاوڵاتیانی ناڕازی بەتایبەت رۆژنامەنوسان و نوسەرانی ئازادیخواز.

نەک هەرئەوەش بەڵکو هەوڵدان بۆ پەیوەست کردنەوەی سەردەشت عوسمان بە گروپێکی ترۆریستیەوە، پەیامێکە "پارتی" و "پاراستن" و "بنەماڵە"کەیان لەڕێگەی ئەم لێژنەیەوە ڕایدەگەێنن کە مامەڵەکردنی نارەزایەتیە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و هەموو دەنگێکی ئازادیخوازی دژی گەندەڵی و سەرکوتی فکری و سیاسی، وەک کارێکی ترۆریستی مامەڵە دەکەن.

لێرەوە ئەم ڕاگەیاندنە نەک ئاکامێکە لە هەوڵێک بۆ لێکۆڵینەوە لە ترۆری سەردەشت عوسمان بەڵکو هەڵمەتێکە بۆ سەر ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیە بەرینە جەماوەریە ئازادیخوازەی کوردستان و لەکەدارکردنی کە بەدوای ئەم ترۆرە سیاسیەدا هاتە ئاراوە، چونکە دەسەڵاتدارەتی "پارتی" و دەزگای "پاراستن" و "بنەماڵەی سەرۆکی هەرێمی" خستە ژێر پرسیارەوە.

چەواشەکاریەک کە لێرەدا بۆ چاوبەستەگی خەڵکی کوردستان "بەناوی لێکۆڵینەوە لەم دۆسیە" خراوەتەڕوو، ئەو بەشە لە ڕۆشنبیران و نوسەرانی لیبراڵی کوردستانی توشی شۆک و بێ ئومێدی کرد کە چاوەڕوانیەکیان هەبوو لە "سەرۆکی هەرێم"ەکەیان و شەرعیەتێکیشیان بە "لێژنەکەی"دەدا. ئەم هەوڵە لیبراڵانەیە، ئەمڕۆ لەشکڵ و شێوازێکی تردا بەردەوامن بۆ ڕاگرتنی جەماوەری ناڕازی و ئازادیخواز لە چاوەڕوانیدا و "داواکاری بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی ئەو لێژنەیە" و "بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەیەکی شەفاف و تەندروست" دەکەن.

هەرجۆرە پێشڕەوویەک لە لێکۆڵینەوەی ئەو تاوانە و ئەم ترۆرە سیاسیەدا پەیوەستە بە ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی کوردستان بە چونە ژێرباری لێژنەیەکی جەماوەری سەربەخۆ لە "حکومەتی هەرێم" و حیزب و دامودەزگا جاسوسیەکانیان. ئەمەش ئەستەمە بەبێ هاتنەمەیدانی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان. لەو پێناوەدا هێنانەدی بەرەیەکی ڕادیکاڵ لەدەرونی ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیە دیموکراتیکەدا بە دەوری پلاتفۆرمێکی چەپەوە بۆ ڕەواندنەوەی ئاسۆی زاڵی ناسیوناڵ-لیبرال بایەخێکی مانونەمانی هەیە بۆ ئەو بزوتنەوەیە. "ڕەوەند" لە بڕیارنامەی خۆیدا لە چلەی ترۆری سەردەشت عوسمان کە لە 15-6-2010 دا خستویەتیەڕوو، ئەرکی خۆی بە هەوڵوکۆشش لەو ڕاستایەدا پێناسە کردوە. ئێمە جارێکی تر لێرەدا بانگەوازی ئازادیخوازانی کوردستان، هەڵسوڕاوانی چەپ، ڕادیکاڵ و کۆمۆنیست دەکەین کە بۆ بردنە پێشەوەی وەها ئەرکێک هاوئاهەنگی کاروچالاکیەکانیان بکەن و لەدیالۆگدابن بۆ هێنانەدی پلاتفۆڕمێکی هاوبەش.

ڕەوەندی سۆشیالیستی کرێکاریی

2010\9\16

**ڕوانگەی کوردستان نێت دەربارەی ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان**

هەینی, 17 ئەیلول 2010 01:42

ڕوانگەی کوردستان نێت دەربارەی ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان

وەک ئاشکرایە لە ڕۆژی 4-5-2010 دا ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان خوێندکاری کۆلێژی زمانی ئینگلیزی، لەلایەن چەند کەسێکەوە لە هەولێری پایتەخت لە بەردەم کۆلێژی ئاداب لێی دەدرێت و پاشان بە ئۆتۆمبێل بۆ شوێنێکی نادیار دەیرفێنن. پاش ڕۆژێک تەرمەکەی لە شاری موسڵ دەدۆزرێتەوە و ئاشکرا دەبێت کە بەشێوەیەکی دڕندانە شەهیدیان کردووە، دواتریش تەسلیم بە خێزانەکەی دەکرێتەوە.

ئەم ڕووداوە هەموو ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە کوردستان و هەندەران هەژاند و دەنگی ناڕەزایی لە هەمووولایەکەوە بەرزبۆوە و پەنجەی تاوان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان درێژکرا. بەسەدان کەس لە سلێمانی و هەولێر و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزاییان بەرامبەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان دەربڕی.

ئەم ناڕەزایەتییە بووە هۆی ئەوەی سەرۆکی هەرێم خۆی بێتە گۆ و ئیدانەی ئەو تیرۆرکردنە بکات و بڕیار بدات، کە لیژنەیەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕوداوە پێک بهێنرێت. چوار مانگ لە دوای ئەو ڕووداوە و چاوەڕوانییەکی زۆر بە پەرۆشی گشت لایەک، لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو تاوانە ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە.

ڕوانگەی کوردستان نێت:

بەم ڕاگەیاندنەی لیژنە، کۆتایی بە کێشە نەهاتووە. تاوان لە دادگادا یەکلا دەبێتەوە، تاوانباریش هەتا کاتی سەلماندن، تاوانکار نیە. لەبەر ئەو هۆیە سەردەشت بە تایبەت لای ئێمە و بە گشتی لای هەموان هەر سەردەشتی بوێر، شەهیدی ئازادی، ڕادەربڕین و قەڵەمە.

ئەم هەواڵە ئێمەو سەرجەم ئازادیخوازنی تووشی شۆک کردووە. ئێمە لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە نیگەرانین، کە ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی هەرکەسێک هەڵوێستی دژ وەرگرێت ببێتە هۆی کەنارخستن، مۆرکردن بە لایەنگری تەروریست و گێرەشێوێن بناسرێت.

لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خودی لێکۆڵینەوەکە سەرسامین و ئەنجامەکەی جێی باوەڕی کوردستان نێت نییە. بە تۆمەتبارکردنی گرۆپێکی یاخی لەدەست یاسا، تاوانلێکراو دەکرێتە تەرۆریست.

لێکۆڵینەوە لە تاوان لە تەواوی جیهاندا بەرەو ئاستێکی پێشکەوتوو هەنگاوی ناوە. لە جیهانی تەکنیکدا بۆ زۆربەمان گەلێک ئاسانە (بە شێوەیەکی یاسایی) بتوانین سەرچاوە و زانیاری جیاواز لەسەر نێردەر و جێگەی ناردن بزانین. ئێمە وەک کوردستان نێت، لە چاوڕانیی ئەوەدا بووین لیژنەی لێکۆڵینەوە، بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشمان بکات و داوای سەرچاوەی هەموو ئەو ئیمایلانە بکات کە سەردەشت عوسمان بابەتەکانی بۆ کوردستان نێت پێدا ناردووە. تاوەکو لیژنە بزانێت بە کام ناو بابەتی ناردووە و لە کام کۆمپیوتەرەوە نێردراوە. ئێمە زۆربەی کات لەکوردستان داین و ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنەکەمان لەسەر کوردستان نێت بەرجەستەکراوە.

بێ لەوەی کە بە پەرۆش بووین بۆ دۆزینەوەی بکوژان، پێمان وا بوو کێشەکە ڕێچکەی یاسایی خۆی دەگرێت. بۆیە ئێمەش لەو کاتەدا بێ دەنگ بووین لە ئاشکرا کردنی ئەو زانیاریانە، تاوەکو پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە نەشیوێنین. کوردستان نێت وەک هەمیشە

ڕەچاوی یاسا و ڕێساکانی بواری ڕۆژنامەگەری دەکات. پاش پەیوەندیمان بە یاساناسێک ددانمان بە خۆماندا گرت و وەک کەرەسەیەکی لێکۆڵینەوە زانیاریکانمان پاراست. هۆکارێکی تریشی ڕێزلێنان بوو لە کەسوکاری شەهید.

کوردستان نێت کۆدی ئیمایڵەکەی شەهید سەردەشتی لا نەبووە!، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ میدیاکانی تردا هیچ زانیاریمان نەبووە. لە 30–10–2008 وە شەهید سەردەشت، بە ناوی (سەرۆ عەلی) یەوە یەکەم هەواڵی بۆ ناردوین، لەو کاتەوە جگە لەیەک بابەت نەبێت، هەموو بابەتەکانی بەیەک ئیمایڵ بۆ کوردستان نێت ناردووە و هەمووشیان بەناوی (سەرۆ زەردەشت) ەوەیە و بەیەک کۆمپوتەر نووسراون.

دەکرا لیژنەی لێکۆڵینەوە لەو نامانەی خۆی و بابەتەکانی کە پەیوەستن بە نووسینەکانی ئەو کە بەدەستی ئێمە دەگەشت سوودمەند بن لێکۆڵینەوەکە بە ئاقارێکی دروستدا بەڕێ بکەن.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ڕووداوەکەی بە کارێکی سیاسی ناساند و لە تاوانی کوشتنی مەدەنی دووری خستەوە، ئەوەش پرسیارگەلێکی تازەی لای ئێمە دروست کرد:

* گرووپێکی تەرۆرستیی وەک ئەنسار ئیسلام هەتا ئێستا کارە تەرۆریستیەکانی بە نهێنی نەکردووە و هەمیشە بە مەبەستی ترس چاندن و تۆقاندنی خەڵک، بە ئاشکرا تاوانەکانی خۆیان ئاشکرا دەکەن، بەڵکو بەفەخرەوە بڵاوی دەکەنەوە. ئیدی خێرە لەم تاوانەیان بێدەنگ بوون؟

* گرووپی ناوبرا دەیانتوانی لە بری ڕفاندنی شەهید سەردەشت دەست بە جێ لەوێ بیکوژن. ئەو تاوانە نە 3 کەسی پێویستە و نە کاری ڕفاندنەکەش بۆ ئەوان ئەو هەموو مەترسییەی دەهێنا.

* تاوانی تەرۆریستی کەم جار ئاشکرا دەبێت و دادگای مەدەنیش کێشەکە ناگرێتە ئەستۆ. واتە ئەو جۆرە دادگاییانەش بۆ گەل ئاوەڵا نین! ئیدی سەرچاوەی هەواڵی بەڕێوەبردنی دادگا ڕۆژنامەنووسێک نابێت، بەڵکو زووبان حاڵێکە کە دادگا تایبەتەکان بەکاری دەهێنن.

* ئەگەر سەردەشت پەیوەندی بەو باندەوە هەبێت، بۆ بە ئاشکرا و لەنووسیندا دەڵێت زەنگی کوشتنم لێیدا؟ ئەگەر ترسەکەی لەو باندەبوایە، دەکرا وەک هەر مرۆڤێک کە دووچاری هەڕەشە دەبێت پەنا بۆ بنکەی پۆلیس بەرێت. بە وتەی خۆی لە بابەتەکەیدا دەڵێت پەنای بۆ پۆلیس بردووە، واتە دەبێت پۆلیس بەڵگەنامەی سکاڵاکەی لابێت.

وەک کوردستان نێت داواکارین، سەرەڕای تێوەگلانی تەرۆریستان ئەم کێشەیە وەک تاوانێکی یاسایی مامەڵەی لەتەک بکرێت، هەرچی دۆسیە و لێکۆڵینەوە کە لیژنەی لێکۆڵینەوەی گەیاندۆتە ئەنجام و پرۆسەی دادگاییکردنە، دەبێت بە ئاشکرا و لەپێش میدیاکان بە

شێوەیەکی شەفافانە بۆ هەموو میللەت بگوازرێتەوە. ڕوونکردنەوەی هەموو هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە لە بەردەم میدیاکاندا باس بکرێت.

شەهید سەردەشت عوسمان، خاوەنی چەند نووسینێکی ڕەخنە ئامێزبوو لەدەسەڵاتی کوردی و بوێرانە بیرو بۆچوونەکانی لە چەند سایتێکدا بڵاو دەکردەوە. ئەو بابەتانەی کە بەناوی (سەرۆ سەردەشت) ەوە لە کوردستان نێت بلاوی کردۆتەوە بریتین لە:

- نە سەرۆک خوایە نە کچەکەی ... سەرۆ زەردەشت
- من عاشقی کچەکەی بارزانیم
- هەموو راکەن ئازادیی هات ... سەرۆ زەردەشت
- یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا ... سەرۆ زەردەشت

عومەر فارس عەزیز

بەرپرسی کوردستان نێت

2010–9–16

**لیژنەی لێکۆڵینەوەی کەیسی شەهید سەردەشت عوسمان خەریکی چەواشەکارییە نەک لێکۆڵینەوە**

دوای ئەوەی دوێنێ ئەو لیژنەیەی بە فەرمانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکهێنراوە دووەمین ڕاگەیاندنی سەبارەت بە کەیسی تیرۆرکردنی شەهیدی ڕۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان) بڵاوکردەوە، ڕای گشتی کوردستان و جیهانی توشی شۆک کرد و جگە لە کۆمەڵێک ڕستەی چواشەکارانە شتێکی ئەوتۆمان تێیدا بەدینەکرد.

ئێمە لە (کەمپینی سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی ڕادەبڕین) بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنین کە ئێمە هیچ متمانەیەکمان بەو لیژنەیە نییە کە تەواوی ئەندامەکانی لە بەرپرس و دەرەجەدارانی دەزگای پاراستن و ئاسایشی پارتی پێکهاتووە. تەواوی ئەو ڕاگەیاندنە ئیدانە دەکەین و ڕەتی دەیکەینەوە چونکە تەنانەت یەک وشەی ڕاستیشی تێدا نییە. بەڕوونی ئەوە دیارە کە ئەو ڕاگەیەیاندنە جگە لە سیناریۆیەکی ئاسایشی پارتی بۆ چەواشەکاری لە کەیسی شەهید سەردەشت عوسمان هیچی دیکە نییە. بۆیە تەواوی ئەو بەیاننامە لە چیرۆکێکی هەڵبەستراوی خەیاڵێکی نەخۆش دەچێت.

دانەپاڵی تۆمەتی تیرۆریست بوو بۆ شەهید سەردەشت هەوڵێکی نەزۆکی ئاسایشی پارتییە، هەروەک بە روونیش ئەوە دەبینرێت کە راگەیاندنەکە ئەوە رەت دەکاتەوە کە سەردەشت عوسمان رۆژنامەنووس بووبێت و بە قوتابی پێناسەی دەکات.

ئێمە هەر لە سەرەتاوە پێمانوابووە ئەو لیژنەیە خەریکی چەواشەکارییە لە کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان نەک لێکۆڵینەوە. دوای ئەوەی لە راگەیاندنی یەکەمیشدا چەندین چەواشەکارییان بڵاوکردەوە و بانگهێشتی سەرنووسەری چەند دەزگایەکی ئەهلییان کرد بۆ لێپرسینەوە، بۆ خەڵکی کوردستان و تەواوی ئازادیخوازان روونبووییەوە کە پارتی لە هەوڵی بەلارێدا بردنی کەیسی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانە.

ئێمە وەک کەمپینی سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی رادەربڕین داوا لە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکەین کە هەوڵی پاراستنی ژیانی تەواوی ئەندامانی خێزانی شەهید سەردەشت بکەن کە ئێستا دانیشتووی هەولێرن و لەژێر دەسەڵاتی پارتیدان. هەروەها دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی بنەماڵەکەیان و پێمانوایە ئەوەی ئاسایشی پارتی لەو راگەیاندنەدا باسی دەکات هەڵبەستراوە و راستی تێدا نییە، بۆیە هەر راگەیاندنێکی دیکەی ئەو لیژنەیە جێگای گومانە و تەنیا بۆ شاردنەوەی راستی ئەو مەسەلەیە کە سەردەشت عوسمانی لەسەر تیرۆرکراوە کە نوویسن و رۆژنامەنووسییە.

کەمپینی سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی رادەبڕین

هەولێر

**کێ سەربە تیرۆریستانە؟ سەردەشت یان ئەو مافیایانەی سەردەشتیان تیرۆر کرد!**

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان –16 ی سپتمبری 2010

پاش چەندین مانگ لە چاوەڕوانی، سەرەنجام لیژنەی بەناو لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت، لە ڕوونکردنەوەیەکی شەرمئامێزدا دووبارە ئەوەیان سەلماند کە ئەوان دوور لە هەموو پرەنسیپێکی مرۆی و سیاسی، وە بێگوێدانە هیچ بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەگەری، بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەواندا، هیچ کەس بۆی نییە دەمهەڵبێنێ و ڕەخنە لە گەندەڵییەکانیان بگرێت.

هەرکەس نووسینەکانی سەردەشتی خوێندبێتەوە لەمەڕ دامودەزگانی دەسەڵاتداران وە بە تایبەتیش ڕەخنەو پەردەهەڵماڵین لەسەر گەندەڵییەکانی حکومەتی حیزبی و قۆرغ کردنی دەسەڵات و پارەو پوڵ و داهاتی کوردستان بۆ خۆیان و حیزب و عەشەرەتەکانیان، ئەوا

بێسێ دوو ئەوەی لا ڕۆشن دەبێت کە هۆکاری تیرۆرکردنی سەردەشت تەنها چالاکبوونی ئەو لە بواری ڕۆژنامەگەری و سڵ نەکردنەوەی بوو لە دانەجیرەی سەرکوتگەران.

ئەوەی جێگای سەرنج و مەهزەلەیە لەم نێوەدا، ئەوەیە کە لە ڕوونکردنەوەی لیژنەی بە ناو لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشتدا هاتووە. بەڕاستی بێشەرمیە تۆمەتی تیرۆریستی، بدرێتە پاڵ مرۆڤێکی چەپ و ئازادیخوازی وەک سەردەشت، وە بەوە تاوانبار بکرێت کە ئەم ڕۆژنامە نووس و قوتابییە ئازادیخوازە سەر بە گروپی تیرۆریستی ئەنیار ئیسلامە!!

ئێمە لەسەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان، بە توندی ئیدانەی ئەم ئیتیهامە بێ بنەمایەی لیژنەی ناوبراو دەکەین. وە پێمان وایە کە ئەم قسانە دووبارە تیرۆر کردنەوە و سوکایەتی کردنە بە سەردەشت و هەموو ئەو ئازادیخوازانەی کە لە دژی تیرۆری سەردەشت لە کوردستان و سەرتاسەری دنیادا هاتوونەتە مەیدان، وە نـــــــــــــــــا دەڵێن بە ڕونکردنەوەی لیژنەی بەناو لێکۆڵینەوە لە تیرۆری سەردەشت، وە دەلێن بەڵـــــــــــــــــــــــــــــێ بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری و دەربڕین، بەردەوام دەڵێن بەڵـــــــــــــــــێ بۆ ئاشکرا کردنی تیرۆریستان و محامەکە کردنیان.

هەروەها جارێکی تر لە پەنا ڕاوەستانی خۆمان بۆ خێزان و کەس کاری سەردەشت دووبات دەکەینەوە و پشتیوانی لە داواکانیان دەکەین.

ڕێسوایی بۆ ئەو دەستە چەپەڵانەی لە پشتی تیرۆری سەردەشتەوە ڕاوەستان، و هەڕەشەی ئیرهاب و سەرکوت دەکەن.

**کەمپەینی بەرگری لە ئازادی رادەربرین**

یاداشتی کەمپەینی بەرگری لە ئازادی رادەربڕین لە کوردستانی عێراقدا

ماوەیەکە فشاری دەسەڵات لە کوردستانی عیراق لەسەر ئازادی رادەربڕینو میدیای ئازاد چڕتر بۆتەوەو گەیشتۆتە ئاستێک کە مەترسی خستۆتە سەر ئازادی رادەربڕینو ئەزمونی حوکمرانی لە کوردستانی عیراق. ئەو فشارەی دەسەڵات گەیشتۆتە ئاستی تۆقاندنی سیاسی بۆ ترساندنی رۆژنامەنوسو رۆشنبیرو نوسەران تاکو نەتوانن رەخنە لە دەسەڵات بگرنو باسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤو کەموکوری حوکمرانیو بەهەدەردانی سامانی گشتیو دەستێوەردانی حزبی لە دامودەزگاکانی حکومەتو دادوەریدا بکەن. هەوڵەکانی دەسەڵات بریتین لە رێگرتن لە بەدەستهێنانی زانیاریو، تۆمەت خستنەپاڵ دەزگا میدیا سەربەخۆکان تا رادەی تەخوینکردنو، لەمپەردانان لەبەردەم کاری رۆژنامەگەریدا لە لێدانو گرتنو راوەدونانو هەڕەشەکردن لە رۆژنامەنوسان لە کاتی رۆماڵکردنی هەواڵەکاندا،هەروەها فشارخستنەسەر کەسوکاری رۆژنامەنوسان و تەگەرەدروستکردن لەبەردەمیان لەکاروباری

فەرمیی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا. دواترین هەوڵیشیان بۆ بەرتەسکردنەوەی سنوری ئازادی رادەربڕین داواکردنی قەرەبووی مادی خەیاڵیە لە شکاتەکانیان لە رۆژنامەو دامودەزگا ئیعلامییەکان. هەر بۆ نمونە، ئەو شکاتانەی لەم دواییەدا لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژنامەکانی رۆژنامە (دوو شکات کە یەکێکیان ملیارێک دۆلارو ئەوی تریش پێنجسەد ملیۆن دینار) ، هاوڵاتی (پێنجسەد ملیۆن دینار)، ئاوێنە (پێنجسەد ملیۆن دینار)و گۆڤاری لڤین ( دوو شکات بە بڕی یەک ملیار دینار) و هەندێک لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی تریش کراون.

لەم هەڵمەتەیاندا کار بە یاسای کارپێکراوی رۆژنامەگەری ژمارە 35 ساڵی 2007 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق ناکەن، بەڵکو بۆ بەگژاچوونەوەی ئازادی رادەربڕینو میدیای ئازاد کار بە یاساکانی سزادانی عیراقی ساڵی 1969 دەکەن. لێرەوە بەرپرسیارێتی کۆتاییهێنان بەم حەملە نارەوایە ئەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئازادی رادەربڕین وەک مافێکی بنەرەتیو دەستکەوتێکی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو قوربانی زۆری بۆ دراوەو وەک یەکێک لە مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ لە دنیادا تەماشا دەکرێتو ئەرکی هەموو ئازادیخوازانە لە هەموو شوێنێکی دنیا بێدەنگ نەبن کاتێک ئەم ئازادییە دەکەوێتە بەر هەڕەشەو مەترسییەوە. بۆیە داواکاری پشتیوانیتانین لە کەمپینەکەمان بۆ بەدیهێنانی:

1. پشتیوانیکردن لە ئازادی رادەربڕینو میدیای ئازاد لە کوردستانی عیراق.

2. راگرتنی فشارو دەستێوەردان لە کاروباری دەسەڵاتی دادوەری بۆ فشار خستنە سەر میدیای ئازاد.

3. فشار خستنەسەر حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بۆ کۆتاییهێنان بەو هەڵمەتەی لە دژی میدیای ئازاد دەستیان پێکردووە.

4. داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانو هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری بکرێ کار بە یاسای ژمارە 35 ی 2007 ی پەرلەمانی کوردستان بکەنو رێگە نەدرێ ئازادی رادەربڕین لەسەر حسابی بەرژەوەندی تاکە کەسو حزبی بەرتەسک بکرێتەوە.

کۆمپانیای وشە بۆ راگەیاندن campaign@wusha.net

**هەولێر: هەردوو سەرنوسەری ئاوێنەو هاوڵاتی ئامادەی بەردەم دادگابوون**

هەولێر ئاوێنە: پاش وەرگرتنی وتەکانی هەریەک لە سەرنوسەری ئاوێنە، شوان محەمەدو سەرنوسەری هاوڵاتی کەمال رەئوف، داوایان لە دادگاکرد بە هۆکاری ئەوەی کە هەردوو لا

دانیشتوی شاری سلێمانین‌و ئۆفیسی سەرەکی رۆژنامەکانیان لە سلێمانییە، پرۆسەی دادگایی کردنەکەیان بگوازرێتەوە بۆ دادگای شاری سلێمانی.

بەڵام بریکار فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو داوایەی رەتکردەوەو بە دادەوەری راگەیاند کە هەردووڵا ئۆفیسیان لەشاری هەولێر هەیەو لە رێگەی ئەو ئۆفیسانەوە بانگهێشتکراون کە بێن بۆ بەردەم دادگا.

دواتر دادوەر بڕیاریدا کە پرۆسەی دادگایی کردنی هاوڵاتی لەشاری هەولێر بەڕێوەبچێت، بە هۆی ئەوەی کە ئۆفیسەکەیان لە شاری هەولێرەو لەوێشەوە بانگهێشتی دادگا کراون. لەبەرامبەردا سەرنوسەری هاوڵاتی، کەمال رەئوف ئەو بڕیارەی دادوەری رەتکردەوەو خوازیاری پێداچوونەوە بەو بڕیارە بوو.

سەبارەت بە بڕیاری رۆژنامەی ئاوێنە، دادوەری دادگایی بەرایی هەولێر بڕیاریدا کە نوسراوێک بکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە سلێمانیو هەولێر، تاکو بزانرێت کۆمپانیای ئاوێنە لەکوێ ناونوس کراوە. ئەگەر لە شاری سلێمانی بوو پرۆسەی دادگاییەکە لە سلێمانی بەڕێوەدەچێتو ئەگەر لەهەولێریش تۆمارکرابوو ئەوا لە هەولێر دادگایی دەکرێت.

بریکاری کۆمپانیای ئاوێنە، غەفارمحەمەد بە سایتی ئاوێنەی راگەیاند "بە هەموو پێوەرێک ئەوە روونبووەتەوە کە لەبەر ئەوەی سەرنوسەری رۆژنامەی ئاوێنەو کۆمپانیاکەی لە سلێمانین لە رووی قانونەوە دەکرێت داواکاریی لەو جۆرە بکرێت کە پرۆسەی دادگایی کردنەکە بگوازرێتەوە بۆ دادگای شاری سلێمانیو ئەو داوایەشمان بەنوسراوێک ئاراستەی دادوەری دادگای بەرایی شاری هەولێر کردوە".

لەسەر بڵاوبوونەوەی چەندین بابەت لە رۆژنامەکانی هاوڵاتیو ئاوێنە، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی سکاڵایەکی یاسایی لەسەر هەردوو رۆژنامەی ئاوێنەو هاوڵاتی تۆمارکردوە و خوازیارە هەردوو رۆژنامەکە بە بڕی 500 ملیۆن دینار غەرامە بکرێن.

**ژمارەیەک رۆژنامەنوس سەردانی گۆڕی سەردەشت عوسمانیان کرد**

ئاوێنە: نیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە 9/19 ژمارەیەک رۆژنامەنوس لە شاری هەولێر سەردانی گۆڕی خوێندکارو رۆژنامەنوسی شەهید سەردەشت عوسمانیان کردو بە دانانی گوڵ رێزیان لێگرت.

هەولێر، ئاوێنە: لەمبارەیەوە سەرنوسەری رۆژنامەی ئاوێنە، شوان محەمەد بە سایتی ئاوێنەی راگەیاند "نیوەڕۆی ئەمڕۆ بۆ رێزگرتن لە یادی شەهیدی قەڵەم سەردەشت عوسمان

سەردانی مەزارەکەیمان کردو بە دانانی چەپکەگوڵ لە سەر گۆڕەکەی ویستمان پاش ڕێزلێگرتن لە یادی ئەو شەهیدی قەڵەمە، دوپاتی بکەینەوە کە ئێمە بەگومانین لەو ئەنجامە بەراییانەی کە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری سەردەشت ڕاگەیاندوە".

وتی "هەروەها خوازیاری ئەوە بووین بکوژانو ڕفێنەرانی سەردەشت بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکرێن، چونکە خەڵکی کوردستان گومانی لەو ڕاپۆرتە هەیە کە لیژنەی لێکۆڵینەوە بڵاوکردوەتەوەو سەردەشتی لە شەهیدی ڕێگەی ئازادی قەڵەم وەک هاوکاری تیرۆریست نیشان داوە، هەربۆیە داواکارین لیژنەی لێکۆڵینەوە هەرچی دیکۆمێنتو بەڵگە هەیەتی لە شاشەی تەفەلەفزیۆنەوە نیشانی خەڵکی بداتو ڕاستییەکان ئاشکرا بکات".

ڕۆژنامەنوسان پاشان سەردانی ماڵی سەردەشت عوسمانیان کردو هاوپشتیو هاوخەمی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەکەی دوویات کردەوە.

**نامەیەکی کراوە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان**

لە کاتێکدا هەموو خەڵکی کوردستان بەپەرۆشەوە چاوەروانی ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆکردنی سەردەشت عوسمانیان دەکرد، بەو پێیەی تارادەیەکی زۆر لەناو ڕای گشتیدا کەیسەکە بەکەیسی تیرۆرکردن لەسەر ئازادی بیروراو ڕادەربرین ناسرابوو، ئێستا ئەنجامە بەراییەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وا پێشان دەدەن کە جوانەمەرگ جۆرێک لەجۆرەکان پەیوەندی بە "ڕێکخراوێکی تیرۆریستیەوە" هەبووەو هەر لەبەر ئەوە تیرۆرکراوە.

ئەم ئەنجامە بەراییە نوسەرانو ڕای گشتی خەڵکی کوردستانی توشی شۆکردو گومانی لەسەر دۆسیەی لێکۆڵینەوەکە خەستتر کردووە، لەکاتێکدا ڕای گشتی کوردستان سەردەشت عوسمانی وەک شەهیدی قەڵەمو بیرورا ناسی، کەچی ئێستا ئەنجامە بەراییەکانی لیژنەکە، ئەم قوتابیو ڕۆژنامەنوسە شەهیدەی لە قوربانییەوە کرد بەوەی کە گومانی تێوەگلانی لە گرووپێکی تیرۆریستیەوە لێبکرێت.

ئەو ئەنجامە بەراییانە دەمانخاتە بەردەم ئەوەی بەپێویستی بزانین کە داوا بکەین:

یەکەم: ڕای گشتی خەڵکی کوردستان لەسەرجەم لێکۆڵینەوەو بەڵگەکان لەڕێگای میدیاکانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆو شەفاف بەئامادەبوونی نوێنەرانی کەناڵەکان بڵاوبکرێنەوە.

دووەم: هەرچەندە ئێمە نامانەوێت پێش ڕووداوەکان بکەوینو دەستلەکاروباری لێکۆڵینەوەکان وەردەین، هاوکات ناشمانەوێت کەیسێکی گرنگی ئەوەها کە چەند مانگێکە

مایەی گرنگی پێدانی رای گشتی کوردستانو چاودێرانی ناوەوەو دەرەوەیە، بە ئاقارێکدا ببرێت کە گومان زیاتر بکاتو ویژدانی خانەوادەو خەڵکی کوردستان ئازار بدات.

سێهەم: ئێمە پێمان وایە لێڵیو ناڕۆشنیی راپۆرتەکە کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر سەربەخۆییو سەروەریی یاساو بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەیەکی شەفافو تەندروست، ئەمەش لەئەنجامدا پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ رەوتی بەرەوپێشچوونی دیموکراسیەتو مافی مرۆڤو ئازادی رادەربین لەکوردستاندا.

( جەوهەر نامیق– سیاسەتمەدار) (د. رەفیق سابیر – شاعیرو نوسەر) (مەریوان وریا قانع نوسەر) (ئاراس فەتاح نوسەر) (بەختیار عەلی– نوسەر) (شێرکۆ بێکەس شاعیر) (ئاسۆس هەردی– نوسەر و رۆژنامەنووس) (شوان محەمەد رۆژنامەنووس) (ئەحمەد میرە– رۆژنامەنووس) (کەمال رەئوف – رۆژنامەنووس) (شیرزاد حەسەن– نوسەر و رۆشنبیر)

(ژمارەیەک نوسەرو رۆژنامەنوسی عێراقی: عماد الخفاجی، عماد العبادی، زیاد ئەلعجیلی، یوسف التمیمی ، سرمد الگایی، سرمد الگایی، هادی جلومرعی ، بشار المنلاوی، د. حەسەن کامیل ، صابرین الساعدی ) (رەحمان غەریب– رۆژنامەنووس) یاسین تەها– رۆژنامەنووس) هەڤاڵ ئەبوبەکر نوسەر و مامۆستای زانکۆ) رێبین هەردی– نوسەر) ( فایەق گوڵپی – سیاسەتمەدار ) (رەئوف بێگەرد نوسەر) (کامەران مەنتک نوسەر و مامۆستای زانکۆ) (فەتاح زاخۆیی – سیاسەتمەدار) (سمکۆ محەمەد– رۆژنامەنووس) (روناک فەرەج – هەڵسوراوی بواری ژنان) (هانا رەئوف هەڵسوڕاوی مەدەنی) (کاژاو جەمال رۆژنامەنووس) (سەردار محەمەد – رۆژنامەنووس) (ئازاد سوبحی – نوسەرو رۆژنامەنووس) (ئاڵا لەتیف رۆژنامەنووس) (ئاڵا لەتیف –رۆژنامەنووس) (وریا حەمە تاهیر رۆژنامەنووس) (نەبەز گۆران – رۆژنامەنووس) (هێمن باقر رۆژنامەنووس) (ئیدریس عومەر رۆژنامەنووس) (شۆرش خالید رۆژنامەنووس) (شۆرش ئەمین کۆمەڵگەی مەدەنی) (ئارام جەمال– کۆمەڵگەی مەدەنی) (فەلاح مراد حەمەخان – کۆمەڵگەی مەدەنی) (سیروان حسین – رۆژنامەنووس) (رابەر تەلعەت – کۆمەڵگەی مەدەنی) (دەرون عەبدولکەریم – پارێزەر) (تاریق فاتیح – رۆژنامەنووس) (خەبات عەبدوڵا چاودێری سیاسی) (سەنگەر سابیر – خوێندکاری زانکۆ–) (یەحیا بەرزنجی– رۆژنامەنووس) (سارا قادر رۆژنامەنووس) (حاکم شێخ لەتیف دادوەر) (زانا رەئوف – ئەندامی پەرلەمان) (هوشیار عەبدوڵا رۆژنامەنووس) (ئارا ئیبراهیم– رۆژنامەنووس)( هانا رەئوف – رۆژنامەنووس) (زانکۆ ئەحمەد رۆژنامەنووس) (بریار نامیق – رۆژنامەنووس) (هەردی ئەحمەد – رۆژنامەنووس) (خالید سلێمان – رۆژنامەنووس) (ئیبراهیم عەلی – رۆژنامەنووس) (زانیار محەمەد رۆژنامەنووس) (محسین ئەدیب رۆژنامەنووس) (کەمال غەریب – رۆژنامەنووس) (نامۆ شەریف – کۆمەڵگەی مەدەنی) (سمکۆ جەباری چاودێری سیاسی) (ئاوات عەلی– رۆژنامەنووس) (ئارام محەمەد رۆژنامەنووس) (سیروان غەریب رۆژنامەنووس) (محەمەد سالار (پاشا) رۆژنامەنووس) (ئازاد بەرزنجی – نوسەر) (ئارام

عەلی – رۆژنامەنووس) (کامیل عومەر– رۆژنامەنووس) (محیدین کەریم رۆشنبیر) (هۆرین غەریب هونەرمەند) (شۆرش جوانرۆیی رۆشنبیر) (جوانرۆ عومەر عارف– هونەرمەند) (شیروان فاتیح – هونەرمەند) (پەروا عەلی – رۆژنامەنووس) (عەتا فەیزوڵا رۆژنامەنوس) (پشتیوان جەمال – رۆژنامەنووس) (ئاسۆ سەراوی – رۆژنامەنووس ) (سامان حەمەکەریم –رۆژنامەنوس) (هێمن مامەند رۆژنامەنوس).

**بەهۆی ئەنجامەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە برایەکی سەردەشت عوسمان لەئاسایش دەستیلەکارکێشایەوە**

هاوڵاتی: دوابەدوای راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، لەدرێژەی نارەزاییەکاندا دژ بەو ئەنجامە، مولازمی یەک هەژار عوسمان برای سەردەشت لەئاسایشی بازگەکان دەستی لەکارکێشایەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست هاوڵاتی کەوتووە، مولازم ئەوەل هەژار عوسمان برای سەردەشت، رۆژێک دوای راگەیاندنی ئەنجامە، کەلوپەلەکانی تەسلیم بەبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی بازگەکان کردووەتەوەو دەستی لەکارەکەی کێشاوەتەوە.

لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، لەراگەیاندراوێکدا کە 15ی ئەم مانگە بڵاویکردەوە، تێیدا رووداوەکەی دەخاتە ئەستۆی باندێکی سەر بەگرووپی (ئەنسارولئیسلام) هۆکاری تیرۆکردنەکەش بۆ ئەوە دەگەرێنێتەوە کە سەردەشت عوسمان بەڵێنی کارکردنی پێدوانو جێبەجێی نەرکردووە.

ئەو ئەنجامە، رووبەرووی رەخنەو گومانێکی توندی رۆژنامەنوسانو پەرلەمانتارانو رێکخراوە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکان بووەتەوەو بەسیناریۆ دەزانرێت.

**خۆپیشاندان لە هێلسنکی**

با لە بەرامبەر ساختەکاریەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پارتیدا بێ دەنگ نەبین!

ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کەیسی تیرۆری قوتابیو ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان سەرتاپای درۆو ساختەکاری و چەواشەکاریە، راستەوخۆ تۆمەتی بێبناغەی خستۆتە پاڵ سەردەشت عوسمانو وەکو هاوکاری گروپی تیرۆریستی ئەنسار ئیسلام تۆمەتباری کردوە. گوایە هەرئەوان لەسەر بەجێنەگەیاندنی بەڵێنو پەیمان تیرۆریان کردوە.

ئەم تۆمەتەی پارتی لە دژی سەردەشت نەک هەر سوکایەتیکردنە بەگیانی سەردەشت و غەدرێکی دیکەیە لە سەردەشت و خێزانە دڵشکاوەکەیان دەکرێ، بەڵکو سوکایەتیکردنیشە

بەخەڵکی ئازادیخوازی کوردستان کە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان دژی تاوانی تیرۆری سەردەشت رژانە سەرشەقامەکان و پەنجەی گومانیان بۆ پارتی درێژکردو داوای ئەوەیان کرد کە دەبێ پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەو ئاشکراکردن ودادگاییکردنی تاوانباران لەلایەن دەزگای بێلایەن و لەژێرچاودێری نێودەوڵەتیدابێت، چونکە ئێمە و خەڵکی ئازادیخواز بە هەق پێشبینی داڕشتنی سیناریۆیەکی قێزەونی لەوجۆرەمان کردبوو.

بۆیە ئێمە، کۆمیتەی فنلاندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە دژی ئەم پیلانە قێزەونەی پارتی دەنگ هەڵئەبڕینو خۆپیشاندان ڕێک دەخەین. بانگەوازی هەموو ئازادیخوازن دەکەین کە پەیوەستبن بەم خۆپیشاندانەوە بۆ دەربرینی نارەزایەتی بە سەرانی پارتیو لیژنەی بە ناو لێکۆڵینەوەکەی!

کات: ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 22.9.2010

کاتژمێر: 15،45

شوێن: کاتژمێر 15،45 لە ئێزگەی میترۆی کولۆساری کۆ دەبینەوە، لەویوە بە ڕێپێوان بەرە و سەفارەتی عێراق بە ڕێ دەکەوین

بەشداریکردنتان مایەی پیشاندانی قەبوڵ نەکردنی ئەو ساختەکاریی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پارتییەو بەرگرییە لە ئازادی سیاسیو ڕا دەربڕین!

**وەڵامی نامەی سوسیال دیموکراتی سوید بۆ ئەو نامەیەی کە لەلایەن چەندین ڕێکخراوی مەدەنی ئاراستەیانکرابوو**

ئەمەی خوارەوە وەڵامی Jenny Salaj کە ڕاسپێردراوە لە بری موناسالین لیدەری پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید وەڵامی نامەی نارەزایەتی کۆمەڵێک ڕێکخراوی مەدەنی لە سوید بداتەوە لە بەرانبەر سەردانی موناسالین بۆ بەشداری لە کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانیدا.

لەو وەڵامەدا دەردەکەوێت کە سوسیال دیموکراتەکان گەشە سەندنی عێراقیان پێ گرنگە، و ئەو دوو حیزبە کوردیەش پێویستیان بە مۆدیرنیسەکردن و کارکردن لەسەریان هەیە، و ئەو نوقسانیانە کە یەکێتیش هەیەتی وەک ئەوانەی ڕێکخراوی فەتح لە فەلەستین هەیەتی وایە. ئەوەی جێی سەرنجە لەم نامەیەدا، کە هیچ ئاماژەیەک بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک هێزێکی سۆسیال دیموکرات ناکات، و یەکێتی و پارتی هەروەک ڕێکخراوی فەتح و ANC سەیردەکەن.

کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی

**ئاگادارییەک بۆ رای گشتی سەبارەت بە هەڕەشەکانی پارتی بۆسەر گیانی کەسوکاری سەردەشت عوسمان!**

ئێمە لەرێگای ئەم راگەیاندنەوە هەموو هاولاتیانی کوردستان لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان و لایەنە سیاسی و جەماوەری و رۆشنبیریەکان و هەموو لایەنگرانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و لەدەرەوەی کوردستان ئاگاداردەکەینەوە کە بەدوای بلاوکردنەوەی سیناریۆی ساختەکارانەی لیژنەی لێکۆلینەوەی سەرۆکی پارتی لە رۆژی ٢٠١٠/٩/١٥دا سەبارەت بە کەیسی سەردەشت عوسمان، باری ئاسایش و سەلامەتی خێزانی سەردەشت بەتوندی روبەرووی مەترسی بۆتەوە.

لیژنەی لێکۆلینەوەی سەرۆکی پارتی، سەردەشت عوسمانی بەهاوکاری گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام ناساندوە وگوایە هەر ئەو گروپەش لەسەر ئەوە ناوبراویان تیرۆرکردوە کە لەفەرمانی ئەو گروپە دەرچووە. پارتی بەم تۆمەتەی بۆ سەردەشت، هەم دەستی باندو شەقاوەکانی خۆی بۆ زەربەدان لە کەسوکاری سەردەشت کە ئێستا لەژێر دەسەلاتی پارتیدا دەژین، ئاوەلاکردوەو هەم دەیەوێ لەکاتێکدا تاوانێکی لەوجۆرەیان لەدژی ئەو خێزانە ئەنجامدا بەئاسانی بۆیان بچێتەسەرو روبەرووی رەخنەو نارەزایەتی خەلکی ئازادیخوازی کوردستان نەبنەوە، وەکو ئەوەی لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەورووی بوونەوە! ئەوە بێچگەلەوەی کە بەردەوام باندو گروپە تیرۆریست و شەلاتیەکانی سەر بەپارتی بەهەرشێوەیەک بۆیان بکرێ خەریکی ئیستفزازکردنی کەسوکاری سەردەشت عوسمانن. ئێمە لەکاتێکدا ئەو پیلانگێریەی پارتی بەئاگاداری ئێوە رادەگەیەنین و داواکارین کە بەهەرشێوەیەک بۆتان دەکرێ و بەگونجاوی دەزانن بەرگری لە ژیان و سەلامەتی ئەندامانی خێزانی سەردەشت عوسمان بکەن و ئەم پیلانگێڕی و گێچەلبازیەی پارتی ریسوابکەن و پوچەلی بکەنەوە، چونکە ئەوە ئەرکێکی سەرشانی هەریەکە لەئێمە ئازادیخوازانە لەپشتی ئەو خێزانەوە بوەستین کە کوڕەکەیان بوە رەمزی بەرگری لە ئازادی و وەستانەوە بەرامبەر بە ملهوڕی و سەرکوتگەری پارتی، هاوکات سەلامەتی گیانی ئەندامانی خێزانی سەردەشت عوسمان دەخەینە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و شەخسی سەرۆکی ئەو حیزبە.

رێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

٢٠١٠/٠٩/١٩

**لە دژی تۆمەتبارکردنی سەردەشت عوسمان بە تیرۆریزم نارەزایەتی دەردەبرین**

چەند رۆژ بەرلەئێستا لیژنەی لێکۆلینەوە لەسەر تاوانی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان راگەیاندنێکی بلاوکردەوە کە جێگای بێزاری و نارەزایەتی هەموو ئازادیخوازانی کوردستانە. ئەم لیژنەیە کە لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێکهێنراوە، بریار وابوو هەول بدات بکوژانی سەردەشت بدۆزێتەوەو بیانناسێنێت، لە ماوەی

چەند مانگی ڕابردووشدا چەندین جار ڕایگەیاندووە کە سەرداوی گرنگی لەم بابەتەوە دەست کەوتووە، کەچی پاش چوار مانگ وێڕای هۆنینەوەی چیرۆکێک کە ناتوانێ جێگای باوەڕی هیچ کەس بێت، دەیەوێت تۆمەتی تیرۆریست بوون بۆ سەردەشتی قوربانی دەستی تیرۆریزم دروست بکات.

ئاشکرایە کە ئەم تۆمەتە بێ ناوەرۆکە سەرەڕای گاڵتەکردن بە عەقڵو شعوری خەڵکو بریندار کردنی هەستی خێزان و کەس وکاری سەردەشت، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لە ئەمنیەت و ژیانی ئەوانو هەموو نەیارانی دەسەڵات. هەر کەسێک کە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی ئێستای کوردستانەو هەر ئازادیخوازێکی کوردستان لە دوو توێی ئەو ڕاگەیاندنەدا پەیامێکی هەڕەشە ئامێز دەخوێنێتەوە بەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە سەرەڕای لەدەستدانی ژیانی کەسایەتی سیاسیشی تیرۆر بکرێت.

ئێمە وێڕای ئەوەی کە ئەم تۆمەتە بێ بناغەیە ڕەتدەکەینەوەو ئەم هەوڵە سەرکوتگەرانەیەو ئەو شێوازە ناشارستانیە لە داتاشینی تۆمەت ئیدانە دەکەین، ڕای گشتیو ناوەندە سیاسیەکانی سوید لە ڕاستیەکانی ئەم هەڕەشەیە ئاگادار دەکەینەوە، هاوڵاتیانی کوردستانی دانیشتووی سوید بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە بەرانبەر ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە بانگەواز دەکەینو خوازیاری ئەوەین کە:

یەکەم/ لیژنەی ناوبراو و حکومەتی هەرێم و دەزگاکانی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوکات لەگەڵ کێشانەوەی ئەو تۆمەتە نارەوایە، داوای لێبوردن لە خێزانی سەردەشت و جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان بکەن.

دووەم/ لیژنەیەکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە بە بەشداری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان، ڕۆژنامەنووسان، ڕیکخراوە نێودەوڵەتیەکان و نوێنەری خێزانی سەردەشت پێکبهێنرێتو هەموو سەلاحیەتێکی یاسایی بۆ لێکۆڵینەوەو هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی تاوانکاران پێ بدرێت.

سێهەم/ دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو بەرپرسیارێتیەک بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ژیانی خێزانی سەردەشت لە ئەستۆ بگرێتو هەموو ڕێگاوشوێنێک بۆ زەمانەتی ئەوە بگرێتە بەر.

کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی

یۆتۆبۆری/سوید

10/09/19

**سیناریۆیەکی تری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پێشێلکردنی ئازادی رۆژنامەگەری و بزووتنەوەی نارەزایەتی خەلکی کوردستان دژ بە تیرۆری سەردەشت عوسمان**

پاش چوار مانگ لەچاوەروانی خەلکی کوردستان بۆ ئاشکرا کردنی تاوانابارانی تیرۆری سەردەشت عوسمان لە 2010/9/15 لیژنەی لیکۆلینەوە لە تیرۆری سەردەشت عوسمان راگەیاندنێکی بلاوکردۆتەوە، لەو راگەیاندنەدا ئەنجام دانی ئەو تیرۆرەی خستۆتە پال رێکخراوەی ئەنسار ئەلئیسلام، کە گوایە سەردەشت عوسمان بەلێنی بە رێکخراوەی ئەنسار ئەلئیسلام داوە لەگەلیان کار بکات،بەلام لەبەر ئەوەی لە بەلێنەکانی خۆی پاشگەزبۆتەوە ئەو ریکخراوە تیرۆریستە سەردەشت عوسمانیان تیرۆر کردوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی بۆ پێشگرتن و سەرکوت کردنی بزووتنەوەی نارەزایەتی خەلکی کوردستان، لەدژی گەندەلی و بەتالان بردنی سەروەت و سامانی خەلکی کوردستان و نەبونی ئازادی سیاسی و ئازادی رۆژنامەگەری کەوتوونەتە تەوتیئە دورست کردن و پیلان دانان لە دژی هەلسوراوانی سیاسی و رۆژنامە نوسانان و پێش گرتن لە ئازادی رۆژنامەگەری.

بۆیە لیژنەی لیکۆلینەوە لە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان لە بارودۆخێکدا ئەو راگەیاندنە بلاو دەکاتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەچەند هەفتەی رابردودا دەستی کردوە بە هێرش کردنە سەر رۆژنامە نووسان و رۆژنامەی هاوولاتی و ئاوێنەو لڤین،ئەو راگەیاندنەی لیژنەی لیکۆلینەوە لە تیرۆری سەردشت عوسمان نەک ئاشکراکردنی بەکوژانی سەردەشت عوسمانە نەبوو، بەلکو پشتوانی کردنی راستەوخۆی ئەو هێرشانەیە کەپارتی دیموکراتی کوردستانە لەدژی بزووتنەوەی داخوازی ئازادی سیاسی و ئازادی رۆژنامەگەری دەستی پێکردوە.

لیژنەی لیکۆلینەوە لە تیرۆری سەردەشت عوسمان کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکی هێناوەو هەر سەرۆک سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە دەکات، زۆر ئاشکرایە ئەو راگەیاندنەی کە لیژنەکە بلاوی کردۆتەوە لەژێر کاریگەری سیاسیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وچاودێری سەرۆک نوسراوەتەوە،بۆیە ئەو راگەیاندنەی کە لیژنەکە بلاوی کردۆتەوە دورە لە راستی و هیچ واقعیەتێکی نیە .ئەگەر هەر کەسێک لە نزیکەوە سەردەشت عوسمانی ناسیبێت و یان نوسراوەکانی خوێندبێتەوە، دەزانێ سەردەش عوسمان کەسێکی ئازادی خواز و پێشکەوتوخواز بووەو رەخنەی لە کۆمەلگای دینی و عەشیرەتی و خێل و بنەمالە و تاک حیزبی و کۆمەگای نایەکسانی گرتووە. بەلام لەبەر ئەوەی ئەم لیژنەیە سەر بە پارتی دیمەکراتی کوردستانەو لە بەرژەوەندیەکانی ئەو حیزبە ئەو بنەمالەیە کار دەکات پەنا بۆ دورست کردنی سیناریۆیەک دەبات کە جێگای باوەری هیچ کەسێک نیە.

ئێمە وەکو کۆمیتەی بەرگری لە کریکارانی عێراق سەرەرای مەحکوم کردنی لێژنەی لێکۆلینەوە لە تیرۆری سەردەشت عوسمان ئەم بریارەی لێژنەی لێکۆلینەوە بە مەترسیدار دەزانین لەبەرامبەر ئازدی و مافە مەدەنییەکانی خەلکی کوردستان،وە ئەو راگەیاندنە بەپشتیوانی راستەوخۆی سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەزانین بۆ سەرکوت و هێرش کردنە سەر ئازادی سیاسی وئازادی رۆژنامەگەری،

داوا لە هێزە رادیکال و کەسانی ئازادیخواز و رێکخراوە مەدەنیەکان و سەرجەم خەلکی کوردستان دەکەین بۆ بەدەست هێنانی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتییەکان لەهەولی پێک هێنانی ناوەندێکی سەربەخۆدابن بۆ بەدەست هێنانی مافەکان و پێش گرتن لەوهێرشانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان پێکردووە بۆ لێسەندنەوەی ئەو دەستکەوتانەی کە خەلکی کوردستان لە چەند سالی رابردوو بەدەستیان هێناوە. هەروەها هەولدان بۆ پێک هێنانی لێژنەیەکی سەربەخۆ بە مەبەستی لێکۆلینەوە و ئاشکراکردنی ئەنجامدەرانی تیرۆری سەردەشت عوسمان.

کۆمیتەی بەرگری لە کریکارانی عێراق

2010/9/20

**روانگەی ئازادییە رۆژنامەوانییەکان داوای دوبارە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی کوشتنی سەردەشت عوسمان دەکات**

(سبەی): ئەمڕۆ (دوشەممە) روانگەی ئازادییە رۆژنامەوانییەکان داوایکرد دوبارە لێکۆڵینەوە بکرێت لەبارەی رفاندن و کوشتنی خوێندکار و رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان بەڵام بە بەشداریی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و دادوەرانی سەر بە ئەنجومەنی باڵای دادوەری، هاوکات داواشی لە هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان کرد پۆزش بۆ بنەماڵەی سەردەشت عوسمان بهێننەوە سەبارەت بەوەی کە تۆمەتباریان کردبو بە لایەنگری بۆ تیرۆر.

زید عەگیلی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری روانگەی ئازادییە رۆژنامەوانییەکان بە سایتی (سۆمەریە نیوز)ی راگەیاند: بەیاننامەکەی گروپی (انصار الاسلام) کە تێیدا بێبەریبونی خۆیان لەو تۆمەتە راگەیاندوە کە خراوەتە پاڵ سەردەشت عوسمان، دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی گەورە بۆ ئەوەی داوای دوبارە لێکۆڵینەوە بکەین لەو دۆسیەیە بەشێوەیەکی شەفاف و بێخەوش.

پێشتر گروپی (انصار الاسلام) لە بەیاننامەیەکدا رەتیکردەوە کە بەرپرسیار بێت لە رفاندن و کوشتنی سەردەشت عوسمان، هاوکات بەرپرسیارێتی ئەو تاوانەشی خستە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان.

عەگیلی راشیگەیاند: تۆمەتبارکردنی سەردەشت عوسمان بە لایەنگری بۆ گروپە توندڕەوەکان کارێکی نامەعقولەو دورە لە راستییەوە، هەروەها لەلایەن رای گشتیی جیهانییەوە رەت دەکرێتەوە بەرلە رای گشتیی ناوخۆیی.

داواشیکرد کە دوبارە لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە بکرێت لەلایەن لیژنەیەکی نوێوە کە لە دادوەران و ئەنجومەنی دادوەری پێکهاتبێت بە سەرپەرشتی چەند پەرلەمانتارێکی هەرێمی کوردستان، بەمەرجێک ئەفسەرانی هێزە ئەمنییەکانی هەریچم بەشدالار نبن لەو لیژنەیە لەپێناو پاراستنی شەفافیەت و بێخحەوشیی لیژنەکەدا.

بەڕێوەبەرەکەی روانگەی ئازادییە رۆژنامەوانییەکان داواشی کرد لێپێچینەوە لە لیژنەی لێکۆڵینەوە بکرێت بەوەی کە سەردەشت عوسمانیان بەلایەنگری گروپی تیرۆرستی تۆمەتبار کردوە و زۆر بەبێئاگایانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو دۆسیەیە کردوە.

وتیشی: ئەو ئازادیەی کە کەناڵەکانی راگەیاندن لە عێراقا پەیڕەوی دەکەن، رۆژنامەنوسان بەزەبری هێز بەدەستیان هێناوە و بەپێی یاسا و دەستور چنگیان نەکەوتوە.

رۆژی 2010/5/4 خوێندکار و رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان لەبەردەم کۆلێژی ئەدەبیاتی ڤزانکۆی سەلاحەدین لەلایەن چەند کەسێکەوە رفێنراو دوای چەند رۆژێک تەرمەکەی لە شاری موسڵ دۆزرایەوە.

رۆژی 18ی ئەم مانگەش کۆمپانیای وشە بۆ راگەیاندن کەمپینی ئازادیی رۆژنامەوانیی لەشەرتاسەری هەریچمی کوردستان راگەیاند وەک فشارێک لەسەر دەسەلآت لەبەرامبەر بەرتەسککردنەوەی ئازادی رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان.

**راگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەرۆکی هەرێم، سەبارەت بەکەیسی تیرۆرکردنی "سەردەشت عوسمان" بۆ شاردنەوەی تاوانباران و شێواندنی راستیەکانە**

1592010 لیژنەی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی کەیسی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، کە سەرۆکی هەرێم بۆ بەدواداچوونی ئەو تاوانیفڕاندن و تیرۆرکردنەکەی پێکیهێنابوو، دوای 5 مانگ و 10رۆژ و ئەویش لەژێر گوشاری ئەو هەموو نارەزایەتیە فراوان و بەردەوامەی خەڵکی کوردستان و جیهاندا، تەنها راگەیاندنێکی بەرایی بڵاوکردۆتەوە، کە لەراستیدا رانەگەیاندنە نەک راگەیاندن.

لەو رانەگەیاندنەی لیژنەکەی سەرۆکی هەرێمدا، شەهیدی ئازادی " سەردەشت عوسمان" کراوە بەهاوکار و هاودەستی گروپێکی تیرۆریستی ئیسلامی و تاوانی تیرۆرکردنەکەش

دراوەتە پالڕ ئەوان. ئەگەرچی ئەوە هیچ پێویستی بە لێکۆلینەوە و سەلماندن نیە کە سەرلەبەری راگەیاندنەکەی لیژنەی ناوبراو سیناریۆیەکی هەڵبەستراوە و لەهیچ رێگایەکەوە ناچێتەوە سەر هیچ راستیەک، بەڵام ئەم بوێری و رووقایمییەی پارتی بۆ شێواندنی راستیەکان و ئەو پرکێشییە بێباکانەی بەبەرچاوی هەمووانەوە دەیکاتە سەرئازادی و ئەو دژایەتی و سەرسەختەی لەبەرامبەر رای گشتی کوردستان و جیهاندا دەینوێنێت، خۆی جێگای تێرامان و هەڵوێستەکردنی جدیە، لەبەر ئەوەی هەموو ئازادیەکانی خستۆتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە.

ئێمە هەر لەبنەڕەتەوە لەو بڕوایەدابووین کەسپاردنی لێکۆڵینەوە بەلیژنەیەک کەخودی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرپەرشتی بکات و هیچ چاودێریکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تیانەبێت هیچ مێداقیەت و شەرعیەتێکی نیە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کەئەو تاوانە لەهەولێرو لەژێر دەسەلاتی خودی پارتیدا ئەنجامدرا. دوای راگەیاندنەکەی لیژنەی ناوبراو بۆ هەموو لایەک ئاشکرابوو کە کاری ئەو لیژنەیە لەم ماوەدوورودرێژەدا سازکردنی سیناریۆیەک بووە نەک دەرخستنی راستیەکان و دۆزینەوەی تاوانباران.

ئێمە راگەیاندنی ئەو لیژنەیە رەتدەکەینەوەو دیسانەوە پێداگری دەکەین لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک بەبەشداری رۆژنامەنووسانی ئازادیخواز و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی لایەنی نێودەوڵەتی. لەلایەکی ترەوە بەتوندی نیەت و مەرامە دژی ئازادیەکانی پارتی دیموکرات ئیدانەدەکەین کەلەرێگەی ئەم کەیسەو هاوشێوەکانیەوە دەیەوێت سنور بۆ ئەو پەراوێزەش لەئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەری دابنێت و بەتۆمەتی هەڵبەستراوی بێبنەما هەرێمی کوردستان بکات بەهەرێمی ترس و تۆقاندن و تیرۆر و داسەپاندنی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەری میرنشینی بارزان، هاوشێوەی میرنشینەکانی کەنداوی عەرەبی.

کەیسی سەردەشت عوسمان کەیسی ئازادی و دیموکراسیە لەکوردستان، ناڕەزایەتیەکان دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان ئەوەی بۆ دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە خستەڕوو کە هەوڵی سەرکوت و خنکاندنی ئازادی و سەپاندنی ئیستبدادی سیاسی خەونێکە بەسانایی نایەتەدی و لەگەڵ وەلام و ناڕەزایەتی گەورەی جەماوەری بەرەورووەبێتەوە کەسەرەنجام بنەماکانی دەسەلاتی سیاسی ئەوان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دەهێنێتە لەرزە.

بەڵام نەهاتنەدی ئەم خەونە، مانای وانیە مەترسییەکان لەسەر چارەنووس و ئازادی خەڵکی کوردستان کەمن، ئەم شێوازی مامەڵەیە لەگەڵ رووداوەکان و تاوانەکان و ئەمجۆرە لەبەڕێوەبردنی وڵات و پیادەکردنی دەسەڵات، وادەخوازێت بەجدییەتی زیاترەوە لەبەرامبەریدا بووەستینەوە و رێگانەدەین چارەنووس و ئازادی خەڵکی کوردستان ببنە قوربانی بەرژەوەندی تاقمێک کاربەدەستی چاوچنۆکی گەندەڵ.

وە ئێمە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ هەموو دەنگە نارازیەکان و خۆمان بەبەشێک لەو کەمپەین و هەوڵانە دەزانین کە بۆ ڕیەرچدانەوە و پوچەڵکردنەوەی ئەو سیاسەتە دەگیرێتە بەر و بانگەوازیشمان بۆ خەڵکی کوردستان و هەموو لایەنگرانی ئازادی ئەوەیە بەشداریبکەن لە رەتکردنەوەی ئەم سەرکوتگەرییە کە مەترسی گەورەی هەیە لەسەر ئایندەی ئەم هەرێمە.

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق

کۆمیتەی ناوەندی

20 ئەیلولی 2010

**بەختیار عەلی پێشنیار دەکات وەزارەتێکی تایبەت بە درۆکردن دابمەزرێت**

ئاوێنە: نووسەر و رووناکبیر، بەختیار عەلی لە وتارێکدا پێشنیاری کردوە لە هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی تایبەت بە درۆکردن دابمەزرێت.

سلێمانی، ئاوێنە: بەختیار عەلی نووسەر و رۆژنامەنووسی ناسراوی کورد لە ستوونی "ژوورێک لە ئاوێنە"ی رۆژنامەی ئاوێنەدا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە و ئاماژە بۆ راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری سەردەشت عوسمان بە زمانێکی تایبەت باسی دیاردەی درۆ و درۆکردنی کردووە و پێشنیاریشی کردووە، بۆ کردنی درۆی مەعقوڵ وەزارەتێک یان ئینستیتۆیەکی تایبەت بە درۆکردن لە هەرێمدا دابمەزرێت.

بەختیار لە وتارەکەیدا نووسیویەتی، ئەم پێشنیارەی تەنیا بۆ گاڵتەپێکردن نیە بەڵکوو تۆزێک لە جیدیەتیشی تێدایە و لانیکەم درۆزنێکی باش بۆ دەزگا گەورە و رەسمیەکان ئەوەیان لە کۆڵ دەکاتەوە کە بەردەوام بەیاننامە ئیمزا بکەن و ستوون بنووسن.

لە نووسینەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەش کە زۆربەی دەزگا گەورەکانی هەرێم بەردەوام درۆ دەکەن و بەوتەی نووسەر درۆکان ئەوەندە دانەپۆشراو و بێباکانەن کە ئەگەر ئەوانە ئیحراج و شەرمەندە نەکات کە دەیکەن، ئەوانە شەرمەندە دەکات کە دەیبیستن.

وتارەکەی بەختیار عەلی لە لاپەڕە 5ی رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە 242 بخوێننەوە

**ئێوارەی ناڕەزایی  وداکۆکی لە کەیسی سەردەشت عوسمان**

**ئەمڕۆ 20ی سێپتێمبەر لە شاری یۆتۆبۆری ئێوارەیەکی ناڕەزایی لە شاری یۆتۆبۆری لە لۆکاڵی هاوپشتی ڕێکخرا. لەم ئێوارەیەدا**

**بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئازادیخوازان، بە نوێنەرایەتی لایەنە سەرەکییەکانی کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی، لەوانە نوێنەری بزووتنەی گۆڕان و حیزبی کۆمۆیستی کرێکاری کوردستان .. لەگەڵ بەشداری چەندین کەسایەتی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەم ئێوارەیە بەڕێوەچوو.**

**سەرەتا لە لایەن برای ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ( بەکر عوسمان) قسەوباسێک پێشکەشکرا کە جەختی لەسەر بەردەوامی خەبات و تێکۆشانی زیاترکرد بۆ ڕسواکردنی ئەو سیناریویەی لیژنەی بەناو لێکۆڵینەوە.**

**لەم ئێوارەیەدا هەموو سوور بوون لەسەر کاری بەردەوام و دەستخستنەناودەستی یەکتر، بۆ بەرگری لە ئازادی  ڕادەربڕین و بەرگری لە ژیان و گیانی هەر تاکێکی خەڵکی کوردستان و ڕێگەنەدان بە هەر لایەنێک کە تیرۆری گیانی و کەرامەتی ئینسانی هاوڵاتیان بکات.**

**کۆبوونەوەکە لەنێو شۆڕ و شەوقی ئامادەبوواندا و پەیماندان بۆکاری بەردەوام کۆتایی پێهات.**

**کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی**

20 ی سێپتیمبەری 2010

**سایتی سەردەشت عوسمان**

**سەردەشت عوسمان، گیانبەخشی ڕێگای ئازادی دەربڕینو ئازادی سیاسیە لە کوردستان. ڕەخنەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسە لاوە لە نایەکسانی و ستەم لە کوردستان، دەسەڵاتدارانی بێزار کرد. ئەو چەند جار هەڕەشەی مەرگی لێ کرا، بەڵام ئامادەنەبوو دەست لە ڕەخنە و بەرەنگاری ببێتەوە. سەردەشت سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 4ی ئایار لەبەردەم کۆلیجی زمانی زانکۆی سەلاحەددین لە لایەن ژمارەیەک چەکدارەوە بە بەرچاوی پاسەوانەکانی زانکۆ و زێرەڤانیەوە، بەزۆر سواری سەیاریەک کراو ڕفێندرا، ڕۆژی دواتر تەرمەکەی لە شاری موسڵ فڕێ درا.**

سەردەشت یەکەمین قوربانی سەرکوت و خوێنڕشتنی ڕۆژنامەنووسان نەبوو، بەڵام بێزاری لەدەست ئەو تاوانکارییە بە بۆنەی ئەو ڕووداوەوە تەقیەوە، کوژرانی سەردەشت شەپۆلێکی فراوانی لە نارەزایەتی جەماوەریی لە کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا. جەماوەرێک کە تینووی ئازادینو لە نایەکسانی و سەرکوت بێزارن، سەردەشتیان وەک نموونەی جەسارەت و ڕاوەستاوی کردۆتە سیمبولی ئازادیخوازی یەکسانیخوازی خۆیان.

ئەم سایتە بۆ ڕێزگرتن لە یادی سەردەشت، بەمەبەستی بەدواداچوونی مەسەلەی سەردەشت و گەیاندنی بە ئەنجامی خۆی کە ئەویش ئاشکراکردنی تاوانبارانو بکوژانیەتی، بۆ ڕێگاگرتن لە هەرەشەو تاوان دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسان، و لە پێناوی داکۆکی لە ئازادی بێقەیدوشەرتی دەربڕینو ئازادی سیاسی لە کوردستان دامەزراوە.

لەم سایتەدا تەواوی نوسراوەکانو بابەتەکانی سەردەشت، هەموو ئەو نوسراوانەی سەبارەت بە تیۆرکردنی ئەو نوسراون کۆدەکرێتەوەو ئەرشیف دەکرێت. هەروەها بابەتی جۆراوجۆر کە پەیوەندی هەبێت بە ئازادی سیاسیەوە بڵاو دەکرێتەوە.

بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە دژی کوشتنی سەردەشتو بە ئەنجامگەیاندنی خواستی ئاشکراکردنی بکوژانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆ داکۆکی لە ئازادی بێقەیدو شەرتی دەربڕین، بۆ سایتی سەردەشت بنووسە، سەردانی بکە و بە دۆست و ئاشنایانی خۆتی بناسێنە!

www.sardasht-osman.org

ستافی بەڕێوەبردنی سایتی سەردەشت عوسمان

20-09-2010

**لیژنەی لێکۆڵینەوەکە چی پێوتین؟**

هاوڵاتی – کەمال ڕەئوف

سەرەتا پێش ئەوەی هیچ لەبارەی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەی لیژنەکەوە بوترێت، دەبێت ئەوە بڵێین، سەردەشت عوسمان ڕۆژنامەنووس بووبێت یان قوتابی، هاوڵاتییەکی ئەم هەرێمەیەو ئەرکی سەرشانی حکومەتو دەزگا پەیوەندیدارەکانیش ئەوەیە، پارێزگاری لەسەرو ماڵی هاوڵاتیان بکاتو خۆی بەبەرپرسیار بزانێت لە بەرامبەر پارستنی ژیانو سەلامەتی هاوڵاتییاندا، بەڵام جەختکردنە سەر ئەوەی کە سەردەشت عوسمان تەنها بەقوتابی ناو ببرێت، پرسیار دروست دەکات لەوەی، ئاخۆ لیژنەکە ئاگاداری ئەوەنەبوون کە سەردەشت لەگەڵ ئەوەی قوتابی بووە، لەهەمانکاتیشدا ڕۆژنامەنووسیش بووە؟ یان لێسەندنەوەی

شەرەفی ڕۆژنامەنووسییەکەی مەبەستێکی تێدایە؟ ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ لیژنەکە بەجێدەهێڵینو هیوادارین لێسەندنەوەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسییەکەی سەردەشت، کارئاسانییەکی بۆ لێکۆڵینەوەکە دروستکردبێت!

دواجار ئەوەی لێکۆڵینەوە بەراییەکانی لیژنەکە پێیوتین، هیچ نییە جگە لەو مەسجەی کە پێمان دەڵێت، هاوڵاتیانی کوردستان، ئێوە سەلامەتی ژیانتان ڕۆحتان، ئازادیتان، لەدەستی گرووپی ئەنسارولئیسلامدایە، چونکە لەهەرکاتو شوێنێکدا بێت، گەر ئەوان ویستیان ئەوا دەتوانن بە ڕۆژی ڕووناک لەناوچەرگەی پایتەخت دەستیان پێتان بگاتو بە یانزە سەیتەرەی پۆلیسو ئاسایشدا بەدەمو دەستو قاچ بەستراوی تێتان پەڕێننو دواتر وەک گەمەی مەرگی مشکو پشیلە پێش کوشتنەکەتان یاریتان پێی بکەنو دواتر ڕۆحتان بکێشن.

ئەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە ڕایگەیاندووە، هیچ نییە جگە لە ڕەتکردنەوەی ئەو هەموو فەزڵفرۆشتنەی ساڵانێکە دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە لەمەڕ ئارامیو ئاسایشی ئەم وڵاتەوە وەک دەستکەوتێکی گەورەو گرنگ پێمانی دەفرۆشنەوە، چونکە ئەم ڕاگەیاندنە، پێش هەرشتێک هەیبەتی دەزگا ئەمنییەکانی پایتەختو حکومەتی هەرێمی خستووەتە ژێر پرسیارەوەو بە هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە دەڵێت، ئێوە سەلامەتی ژیانتان، ژیانی ڕۆڵەکانتان لەدەستی گرووپێکی توندڕەودایەو دوعا بخوێنن تاخوا بکات (أ.أ) لێتان تووڕەو زیز نەبێت، چونکە گەر ئەوان تووڕە بوون، ئەوا چاوەڕێی ئەوە نەبن دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیسی ئەم هەرێمە بتوانێت لەتووڕەیی ئەوان بتان پارێزێت.

ئێمە چاوەڕێبووین، لیژنەکە قسەیەکی ترمان پێبڵێت، یان هیچ نەبێت، لە چوار مانگ چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەدا، دەریایەک زانیاریی وردیان کۆکردبێتەوەو وردو درشتی کەیسەکەمان بۆ بخاتە ڕوو، تاخەڵکی ئەم هەرێمە لەدڵەڕاوکێو ترس قوتاربنو ئەو بڕوایەمان لا بەهێز بکات کە لەم هەرێمەی ئێمە ئارامی بەرقەرارەو ئەگەر ڕووداوێکیش فەلتە بکات، تێپەڕێتو لەکاتی خۆیدا نەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوا لەدواساتدا حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرپرسیارێتی دەخەنە سەرشانی خۆیانو لەهەموو ئەوانە دەپرسرێتەوە کە کەموکورتیان هەبووەو سەرپێچیکارانی یاساش ڕادەستی دادگا دەکرێت، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی خەڵک، ڕاگەیەنراوەکە باس لە بوونو دەسەڵاتێکی گرووپێکی تیرۆریستی دەکات، بەمەرجێک ئەم گرووپە لە زاکیرەی خەڵکدا تا ئاستی فەنابوونو ناویان نەماوەو پتر لە حەوت هەشت ساڵیشە ناوی خۆیان گۆڕیوەو بەو ناوە کار ناکەنو چالاکییان بەتەواوەتی کەمبووەتەوە.

بەکورتی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنی لیژنەکە، زۆر بەسانایيو سەرپێییانە پێمان دەڵێت، تیرۆریستێک لەدەرەوەی هەرێم، مەرگو ژیانی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمەی ئێمەی بەدەستەو دەتوانێت بە ڕۆژی ڕووناک بێتە ناو ماڵەکانمانەوەو چی بوێت لێمان بکات، بۆیە سەردەشتی قوتابیشیان ڕفاندووەو تیرۆریان کردووە، چونکە لێی تووڕەبوونو بەڵێنەکانی بۆ ئەوان جێبەجێ نەکردووە. ئەم بەشە لە لێکۆڵینەوەکە، بەبێ سەلماندنو وردەکاری، لەسەر زاری

گیراوێکی سەر بەو گرووپەوە سەردەشتی لە شەهیدی قەڵەمەوە، کردە هاوکاری گرووپێکی تیرۆریستی. بەدیوێکی تردا، ڕاگەیاندنی لیژنەکە ئەو پرسیارەش لای هاوڵاتیان دروست دەکات، ئاخۆ ئەگەر ئەنسارولئیسلام توانیبێتی کەسێکی وەک سەردەشت عوسمان بۆ خۆیان کەسب بکەنو بەڵێنی کارکردنو هاوکاریکردنی لێوەربگرنو کەسیش پەیی بەم نزیکایەتیو پەیوەندییە گرنگە نەبردبێت، ئەی دەبێت ئاخۆ ئەم گرووپە چەندین کەسی ترو چەندین خەلایەی نوستووی تری وەک ئەویان لەناو ئێمەدا چاندبێتو دەزگا ئەمنییەکانیش لێی بەئاگا نەبن؟ باشە ئاخۆ ئەگەر ڕۆژنامە ئەهلییەکان پێشتر هەواڵێکی وایان بڵاو بکردایەتەوەو بیان وتیایە، ئەنسارولئیسلام خەلایەی نوستووی لە هەرێمی کوردستانو ناو زانکۆکاندا هەیە، بەشکاتێکی پێنج سەد ملیۆنی وەڵامی ئەو ڕۆژنامەیە نەدەدرایەوەو بەوە تۆمەتبار نە دەکرا، کە ئەمنی قەومیو ئارامی ئەم وڵاتە دەخاتە مەترسییەوە؟ ئێستا ئەم ڕاگەیاندنە پرسیاری گەورەی تری دروستکردووە، کە هیچ پرسیارێکیان لە پرسیاری تیرۆرکردنی سەردەشت کەم بایەختر نییە، حکومەتو دەزگا ئەمنییەکانی پایتەخت لەبەردەم دووڕیانێکدان، یان دەبێت دان بەڕاستیو دروستی لێکۆڵینەوەکەدا بنێنو بەرپرسیارێتی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان بخەنە سەر شانی خۆیانو لێپیچینەوە بکەن لەوانەی کەموکوڕییان هەبووە، یان ئەوەتا بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاکامی لێکۆڵینەوەکە قبوڵ نەکەنو لەرێگەی دادگاوە لێپێچینەوە لەگەڵ لیژنەکەدا بکەن.

پشتیوانی نامەی کوردانی تاراوگە لە دەرەوە بۆ کەمپینەکانی بەرگری لەئازادی ڕادەربڕین لەکوردستان

ئێمەی کوردانی تاراوگە نیگەرانین بەرامبەر بەسەرکوتی ئازادی رادەربرین وبەرتەسککردنەوەی مافەمەدەنی وسیاسیەکانی کۆمەلگەی کوردستان لەلایەن دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان،ئەم دیاردەو روداوانەی ئەمرۆ لەژیانی رۆژانەی خەلکی سڤیلی کوردستان رودەدات،زەنگێکی خەتەر ناکە بۆسەر دیموکراسی بەمەدەنی بووونی کۆمەلگەی کوردستان،دژ بە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ وئەو بانگەشانەیە کە دەسەلاتی کوردی لەماوەی هەژدە سالی رابردوو ئیدیعای بۆدەکا،لەم ماوەی رابردوودا بەتەوای میدیای ئازادو رۆژنامەنووسان کەتونەتە ژیر چاودێری ودادگایی نایاسایی توندی دەسەلاتەوە،بۆیە ئێمە وەک رەوەندی کوردی لە ئەلمانیا و وولاتانی تری تاراوگە پشتیوانی خۆمان رادەگەیەنین بۆ هەر کەمپینێک کە داکۆکی لە ئازادی رادەربرین دەکات،وەبەتوندی سەرجەم توندوتیژیەکانی دەسەلات رەتدەکەینەوە بۆسەر رۆژنامەنووسان.

ناوەکان

( جەلال سۆفی کەسایەتی سیاسی و ئازادیخواز ) (تافگە محە مە د میراودەلی چالاکوان کۆمە ڵگە ی مەدەنی) (جوان یونس چالاکوان کۆمە ڵگە ی مە دە نی) (یوسف منتک ڕۆژنامەنووس) (محمد مینە) (میران میراودەلی نووسەر وچالکوانی بواری کۆمەلی مەدەنی) (شەهاب کەریم پێشمەرگەی دێرین) (عەلی سابیر زیندانی سیاسی) (دلێر جمیل محمد)

(بورهان سالح نووسەرو رۆژنامەنووس) (ئازاد محمد يوسف) (هە ڵكە وت محە مە د حە سە ن) (خاليد شەيدا نووسەرو شاعير) (خۆشە وى ئە نوە ر چالاكوان كۆمە ڵگە ى مە دە نى) (كە مال ڕە حيم ئە نجومە نى ڕەوەندى عراقى / ئە ڵمانيا) (جە لال عەلى چالاكوان كۆمە ڵگە ى مە دە نى) (ئە ركان ساڵح شاعر) (ئاكۆ ساڵح چاودێرى سياسى) (سە لام كە مال زيندانى سياسى) (ئاوات ڕە سول چالاكوان كۆمە ڵگە ى مە دە نى) (ئامانج فە تاح) (بە رزان يە حيا عوسمان مامۆستا) (ئاسۆ شێخ غە ريب)

( تافگە محە مە د ميراودە لى چالاكوان كۆمە ڵگە ى مە دە نى) (احسان محە مە د شاكر) (سە لام ئەمين)

**هەڵبەستنى سيناريۆى ساختە، بەرپرسياريتى پارتى لەتيرۆركردنى سەردەشت عوسمان، رزگارناكات!**

بەدواى تێپەڕبوونى چەند مانگ بەسەر تيرۆركردنى سەردەشت عوسمان و هەوڵەكانى سەركردايەتى پارتى بۆ خۆ قوتاركردن لەتاونێك، كەخەڵكى كوردستان لەهاتنە مەيدانێكى دەيان هەزاركەسيدا هوشيارانە پەنجەى تاوانباريان بۆ ڕاكێشا، ليژنەى دروستكراوى دەزگاى پاراستنى پارتى، ڕۆژى 15ى ئەم مانگە لەسيناريۆيەكى ساختەو هەڵبەستراودا، ئەنجامى لێكۆڵينەوەكانى خۆى لەزمانى دادگاو ياساوە بەوە ئاشكرا كرد كەگوايە سەردەشت عوسمان لەڕێگاى باندێكى تيرۆريستى سەر بەئەنسارولئيسلامەوە نەخشەى فڕاندو تيرۆركردنەكەى بەڕێوە براوە!!.

ئەم سيناريۆيە، سەرتاپا ساختەكاريەكى ئاشكرا ومايەپوچە وهەڵبەستراوە ودوورە لەسەرەتايى ترين ڕاستيەوە وئامانجيش لێ ى بەرائەت نيشاندانى پارتى و لێڵ كردنى قەناعەتێكى ڕاستگۆيانەى راى گشتى خەڵكى كوردستانە سەبارەت بەتيرۆريك كەدەرهەق بەخەڵكى ئازاديخوازى كوردستان ئەنجام دراوە. بەتايبەتى ليژنەيەكى لێكۆڵينەوە و دادگاو پۆليس و دەزگايەكى ئاسايش كەبەم ئەنجامە هەڵبستراوە گەيشتبێت وهەمووشيان بەشێك بن لەدەسەلاتى ميليشيايى و حزبى و ئەوانيش لەپشت ڕاى هاولاتيانى كوردستانەوە و بەنهێنى و بەپارەو ئيمكاناتێكى پۆليسى وئەمنى زۆرەوە، لەكاردابن، زۆر سادەيە كەبەرگى دادوەر بەبەر تاوانباردا بكەن و"سەردەشتى تاوان لێكراو" بە "تاوانبار وهاوكارى گروپێكى تيرۆريستى"، بەخەڵكى ئازاديخوازى كوردستان بناسێنن.

بەلام ساختەكارى و سيناريۆسازى بۆ شاردنەوەى دەستى تاوان و فريودانى هاولاتيان، لەبەرگى ياسا و ليژنەى لێكۆڵينەوە وشتى لەمجۆرەدا، يەكێك لەڕەوشتە سياسيەكانى دەسەلاتدارێتى بۆرژوازى كورد وحزبە ميليشيايە عەشيرەتيەكانيەتى، كەلەمێژووى كوردستاندا نمونەى زۆرى هەيە. ئەوەشى كەئەنجامەكانى ليژنەى لێكۆلينەوە، تيكۆشاوە تا سەردەشت عوسمان بەگروپێكى تيرۆريستيەوە گرێ بداتەوە، بۆ تانە لێدانیَكى سياسيە،

لەو بزوتنەوە جەماوەریەی کە دەسەلاتداریێتی پارتی و دەزگای پارستنەکەی تیا مەحکوم بەتاوانیکی تیرۆریستی لەدژی ئازادی کرد، تا بەم هۆیەوە پارتی تۆڵە لەخەڵک بکاتەوە.

ئەنجامی ڕاگەیەندراوی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی پارتی، جارێکی تر سەلماندی کە سەرتاپای حکومەت وپەرلمان و یاساو دادگایەک کەبەدەستی بۆرژوازی کورد وحزبە ناسیونالیستەکانیەوەیەتی، دەسەلاتێکی میلیشیایی و سەروخەڵکی و دژ بەئازادی و خواستەکانی خەڵکی کوردستانە و لەڕێگای چەک و سەرکوتگەری وساختەکاری و فریودانەوە خۆی بەسەر کۆمەڵگای مەدەنی کوردستاندا داسەپاندووە. لیژنەی لێکۆلینەوەیەک کەسەر بەپارتی ودەزگای پارستن بێت، ناشەرعیەو هیچ ئیعتبارێکی لای خەڵکی کوردستان نییەو ئەنجامێکیش کەڕای گەیاندووە ڕیسوا و هەڵبەستراوە و ناتوانێ بەرپرسیارێتی پارتی لەتاوانی تیرۆری سەردەشت عوسمان و ئازادی پاک بکاتەوە. بۆیە دەبێت خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەنگی ناڕەزایەتی بەڕووی ئەم سیناریۆیەدا هەڵبڕن و ڕێگا نەدەن ئەم کلاوەی دەزگای پاراستنی پارتی بچێتە سەری ئازادیخوازانەوە. دەبێ داوا بکرێ لیژنەیەکی سەربەخۆ وبەبەشداری لایەنی نێو دەوڵەتی ئەرکی خستنەڕووی ڕاستی تاوانبارانی سەردەشت عوسمان لەئەستۆ بگرێ.

ئەم هەنگاوەی پارتی لەبەرامبەر کەیسی سەردەشت عوسماندا، تەواوکەری هێرشێکی سەرکوتگەرانەیە بۆ سەر ئازادی بیروڕاو ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی کەماوەیەکە بەنەخشەوە دەستی بۆ بردووە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەتەواوی توانایەوە لەسەنگەری دیفاع لەئازادی و کەیسی سەردەشت عوسمان ڕادەوەستی و کرێکاران و ژنان و لاوان و ڕۆشنبیران بانگەواز دەکات کە بەدژی ئەم سناریۆیە پەلامادانەکانی پارتی رابوەستن وبۆ زامن کردنی ئازادیەکان و ئاشکراکردنی تیرۆریستان بێنە مەیدانەوە.

مەکتەبی سیاسی

حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان

2010/9/16

**سەردەشت عوسمان دوو جار تیرۆر کراوە**

**هاوڵاتی**

**خانەوادەکەی: سکاڵامان لەسەر دەستگیرکراوەکە نییە**

خانەوادەی سەردەشت عوسمان، ڕەتیدەکەنەوە لە دادگا سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو کەسانە تۆمار بکەن، کە لیژنەی لێکۆڵینەوە وەکو تۆمەتبار بە کوشتنی سەردەشت ناوی بردوون‌و

پێشیانوایە تۆمەتبارکردنەکەیان بەشێکە لە سیناریۆکەو ئەوان دەستیان لە تیرۆرکردنەکەدا نەبووە.

هاوکات نیگەرانییەکانی خانەوادەکەی سەردەشت بەرامبەر تۆمەتبارکردنی کوڕەکەیان لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەوە تادێت زیاتر دەبێتو جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەردەشت دووجار تیرۆر کراوە، جارێک تیرۆری جەستەییو جارەکەی تر تیرۆری کەسایەتی.

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، لە راگەیاندراوێکدا کە 15ی ئەم مانگە بڵاوی کردەوە، تێیدا رووداوەکەی دەخاتە ئەستۆی باندێکی سەر بە گرووپی (ئەنسارولئیسلام)، هۆکاری تیرۆکردنەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سەردەشت عوسمان بەڵێنی کارکردنی پێداونو جێبەجێی نەکردووە.

ئەو ئەنجامە، رووبەڕووی رەخنەو گومانێکی توندی رۆژنامەنووسانو پەرلەمانتارانو رێکخراوە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکان بووەتەوەو بە سیناریۆ دەزانرێت.

خانەوادەی سەردەشت سکاڵا ناکەن

خانەوادەی سەردەشت عوسمان، رەتی دەکەنەوە سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو کەسانە تۆمار بکەن کە تۆمەتبار کراون بە کوشتنی سەردەشت.

لەگەڵ راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی لێکۆڵینەوەی لیژنەکەدا، کەسێک بە ناوی (هیشام) لە رێگەی راگەیاندنە حیزبییەکانەوە وەکو تۆمەتباری دۆسیەکە نیشاندرا، هەروەها ناوی چەند تۆمەتبارێکی تریش هاتووە.

بەکر عوسمان برای سەردەشت عوسمان، جەختی کردەوە کە وەکو خانەوادەی سەردەشت، بە هیچ شێوەیەک سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمەتبارکراوەکان بە کوشتنی سەردەشت تۆمار ناکەن، چونکە »ئەوانیش بەشێکن لە سیناریۆکە.«

ناوبراو وتی »تۆمەتبارەکانیش تێوەگلێنراون لە دۆسیەی سەردەشتدا گەر بە تاوانی تر نەگیرابن قوربانین، چونکە ئەوان سەردەشتیان تیرۆر نەکردووە.«

ئەو برایەی سەردەشت عوسمان، پێیوایە سیناریۆی لیژنەکە، هیچ «بنەمایەکی نییەو گاڵتەجارییە.«

«سەردەشت دوو جار تیرۆر کرا»

بە بڕوای بەکر عوسمان، براکەی دوو جار تیرۆر کراوە، جارێک تیرۆری جەستەییو جارەکەی تر تیرۆری کەسایەتی، چونکە تۆمەتبار کراوە بەوەی بەڵێنی هاوکاریکردنی بە ئەنسار داوە.

بەکر عوسمانی برا گەورەی سەردەشت، وتی »بۆ وەستانەوە بەرامبەر سیناریۆکە هەرچیمان پێ بکرێت دەیکەین.«

هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە تیرۆری دووەمی سەردەشت، هیچی لە تیرۆری یەکەم کەمتر نییە.

ئەندامانی لیژنەکە کێن؟

هەرچەندە چوار مانگ بەسەر پێکهێنانی لیژنەکەدا بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی سەردەشت تێدەپەرێت، بەڵام تا ئێستا رای گشتیو خانەوادەی سەردەشتیش زانیاریی تەواویان لەسەر ئەندامانی لیژنەکە نییە.

بەکر عوسمان، وتی »نازانین لیژنەکە کێن، تا ئێستا نەمانبینیونو پرسیاریشیان لێ نەکردووین.«

ناوبراو باس لەوە دەکات کە سەرەتا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەتەوە گوایە بەڕێوەبەری پۆلیسو ئاسایشی هەولێر لە لیژنەکەدا ئەندامن، بەڵام دواتر بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئەندامبوونی خۆی رەتکردووەتەوە.

لەلایەکی ترەوە، مەسعود عەبدولخالق بەرپرسی دەزگای ستاندارد کە وەکو شایەت لەلایەن لیژنەکەوە وتەی لێ وەرگیراوە، ئاماژە بەوە دەدات کە لیژنەکەی سەرۆکی هەرێم زۆر بچووک بووەو لە ئاست گەورەیی مەسەلەکەدا نەبووە.

ناوبراو وتی »مەسعود سنجاری کە حاکمی ئاسایشە لەگەڵ چەند پلەدارێکی سادە لە لیژنەکەدا بوون، لە کاتێکدا دەبوو ایە لیژنەکەی سەرۆک زۆر گرنگیی پێبدرایە.«

لای خۆشیەوە، محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، ئەوەی خستەڕوو کە نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمو وەزارەتی ناوخۆ، لەگەڵ داواکاری گشتیو دادوەرێک ئەندامی لیژنەکە بوون.

«هەڵەکانی پارتی»

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە حکومەتی هەرێم، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هاتنە سەرخەتی سەرۆکی هەرێمو پێکهێنانی لیژنەکە لە بنەڕەتدا بۆ پارتی هەڵە بووە.

سەرچاوە ئاگادارەکە، ئاماژە بەوە دەدات کە بڵاوکردنەوەی راگەیاندراوی لیژنەکە زۆر هەڵە بووە، چونکە مەسەلەکە بە شێوەیەک باس کراوە کە »رێی تێناچێتو خەڵکی بڕوای پێناکات.«

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ئەوەشی خستەڕوو کە هەرچەندە خەڵکو شەقام رووی دەم لە پارتی دەکەن لە مەسەلەی تیرۆرکردنی سەردەشتدا، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێک بە فەرمی پارتیی تۆمەتبار نەکردووە، بۆیە »نەدەبوو پارتی کاردانەوە بنوێنێت.«

هەروەها پێی وابوو هاتنە سەرخەتی سەرۆکی هەرێم بۆ مەسەلەکە هەڵە بووە، چونکە لیژنە کە پێکهێنرا، دەبێت «ئەنجامێکی هەبێت جێی متمانەی خەڵک بێت، نەک ئەو ئەنجامە کە هێندەی تر ئیحراجیی دروست کرد.«

بڕوای خۆیشی نیشاندا بەوەی هەرچەندە بەنیسبەت خەڵکو رۆژنامەنووسانەوە دۆسیەکە کۆتایی نەهاتووە، بەڵام بە راگەیاندنی ئەنجامی لیژنەکەو دیاریکردنی کەسێک وەکو بکوژ، «مەسەلەکە بە فەرمی داخرا.«

سەرچاوەکە هێما بۆ ئەوە دەکات کە کاتێک لە سیاسەتدا هەڵەیەک دەکرێت پێویستە هەوڵی چاککردنەوەی هەڵەکە بدرێت، بەڵام ئەگەر بەدوایدا هەڵەی تر کرا، ئەوا مەسەلەکە وەکو یاری دۆمینەی لێدێتو هەڵە لەدوای هەڵە روودەدات.

هەروەها وتی »هەڵەی یەکەمی پارتی خۆتووڕەکردن بوو، هەڵەی دووەمیش راگەیاندنی ئەو ئەنجامە بوو کە رێی تێناچێت.

#### هەندێک وردەکاری ژیانی سەردەشتو هەڕەشەکانی پێش رفاندنی

ئاوێنە: هاوڕێیەکی نزیکی رۆژنامەنووسو خوێندکاری تیرۆرکراو (سەردەشت عوسمان)و بنەماڵەکەی باس لەژیانی تایبەتی سەردەشت دەکاتو جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ کاتێک سەردەشت "پەیوەندی بەگروپە ئیسلامییەکانەوە نەبووە"و تەنانەت دەڵێت "سەردەشت وەک هەر کەسێکی دیکەی موسڵمان، باوەڕی بەخواو ئیسلام هەبوو، بەڵام نوێژی نەدەکردو حەزی لەئاهەنگو خواردنەوەش بووە".

دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە، لەتیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) کە تیایدا هاتووە"سەردەشت بەڵێنی کارکردنی بەگروپی ئەنسارئیسلام داوە، بەڵام دوای جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکەی، ئەویان رفاندووەو تیرۆریان کردووە"، ئاوێنە هەوڵیدا لەزاری هاوڕێیەکی نزیکی سەردەشتو بنەماڵەکەیەوە هەندێک لەوردەکاری ژیانی تایبەتی بڵاوبکاتەوە.

کەی هەڕەشەی لێکرا؟

قوتابییەک کە هاوڕێی نزیکی سەردەشت عوسمانەو بەهۆی ئەمنییەتی ژیانییەوە ئامادەنەبوو ناوی ئاشکرا بکات، باسی لەهەندێ نهێنیو ژیانی تایبەتی سەردەشتی کردو ئاماژەی بەوەدا

"لەمانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا یەکەمین هەڕەشە لەسەردەشت کراوەو لە17ی نیسان ئەمساڵدا بۆ جاری دووەم هەڕەشەی لێکراوەو تەنها ماوەی 7 ڕۆژی بۆ دانرابوو، کە واز لە نووسینەکانی بهێنێت، ئەگینا دەیکوژن"، هەروەها وتیشی "بەیانییەک کە هات بۆ دەوام، بێتاقەت بوو، وتی هەڕەشەم لێکراوەو پێیانوتوم ئەگەر واز لەنووسینەکانت نەهێنیت دەتکوژین".

بەپێی قسەی ئەو هاوڕێیەی، دوای هەڕەشەکان، سەردەشت بەتەلەفۆن بەڕێوەبەری پۆلیسی ئاگادارکردووەتەوەو ئەویش داوای ژمارەکەی لێکردووە، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەکە لەسەر مۆبایلەکەی نەبووە، بۆیە نەتوانراوە هیچ کارێک بکرێت، باسی لەوەشکرد کە دواتر خۆیو سەردەشت چوون بۆ لای راگری کۆلێژ، بەڵام راگرەکەیان لەشوێنی خۆی نەبووەو سەردەشت بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ کرد، ئیتر نازانم ئێوارە یان شەو تەلەفۆنی بۆ کردبوو، راگریش پێی وتبوو "نازانم لەناو زانکۆ چیت بۆ بکەم".

پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە

ئەو هاوڕێ نزیکەی سەردەشت کە زۆرێک لەنهێنییە تایبەتییەکانیشی زانیوە، بۆ یەکەمجار باسی لەپەیوەندی خۆشەویستی نێوان سەردەشتو کچە هاوڕێیەکی کرد لەزانکۆو وتی "3 مانگ بەر لەرفاندنی، کچێک زۆر حەزیدەکرد پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ سەردەشت هەبێت، لەڕێگەی کەسێکەوە لەگەڵ سەردەشت یەکتریان ناسی، کچەکە وتبوی حەز دەکەم بیناسم کوڕێکی قۆزو جوانە"، وتیشی "سەردەشتو کچەکە تەلەفۆنیان پێکەوە هەبوو، کچەکە لەڕێگای ئەو پەیوەندییەوە زۆر زانیاری لەسەر سەردەشت وەرگرتبوو، پێشموابێت بووبوو بەخۆشەویستی"، بەڵام ئەو هاوڕێیەی ئاماژەی بەوەدا کە "ئەو کچە 10 ڕۆژ پێش رفاندنەکەی لەسەردەشت دوور کەوتبووەوە".

باوەڕی بەخواو ئیسلام هەبوو، بەڵام نوێژی نەدەکرد

سەبارەت بە راپۆڕتەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لەزاری تۆمەتبارەکەوە دەڵێن "سەردەشت بەڵێنی کارکردنی داوە بەگروپی ئەنسارئیسلام، بەڵام دوای جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکەی، ئەوان رفاندوویانەو تیرۆریان کردووە"، ئەو هاوڕێیەی کە ماوەی چوار ساڵ لەزانکۆ لەگەڵ سەردەشت بووە، وتی "سەردەشت لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا هەرگیز باسی ئیسلامیی سیاسی نەدەکردو، تەنانەت نوێژیشی نەدەکرد".

هەروەها بەشداری برای سەردەشت وتی "سەردەشت کەسێکی مەدەنی بوو، وەک هەر کەسێکی دیکەی موسڵمان باوەڕی بەدین هەبوو، بەڵام نوێژی نەدەکردو وەک کەسێکی ئاسایی دەژیا".

ئاوێنە، کتێبخانەکەی سەردەشت دەکاتەوە

لەدوای تیرۆرکردنییەوە، ئاوێنە وەک یەکەم کەناڵی میدیا، دەرگای ژوورو کتێبخانە خنجیلانەکەی سەردەشتی بۆ کرایەوە، ژوورەکەی دوانزە مەتری سادە بوو، لەو ژوورەدا سەردەشتو بەشدار پێکەوە دەخەوتن، تەنانەت سیسەمی نوستنی نەبووەو تەنها کەنتۆرێک لەژوورەکەیدا دانراوە".

هەر لەژوورەکەیدا کە لەنهۆمی دووەمە، جگە لەکتێبخانەیەکی بچوک، تەلەفزیۆنێکی شاشە 14و هەندێک جلی هەڵواسراو بەدیوارەکەوەیە، بەشدار کتێبخانە بچکۆلانەکەی سەردەشتی کردەوەو زۆر بەڕاشکاوی وتی "لەهەموو کتێبخانەکەیدا یەک کتێبی تێدا نییە پەیوەندی بەئیسلامیەکان یاخود بەدینەوە هەبێتو سەردەشت خوێنبێتیەوە".

حەزی لەدەنگی چ گۆرانیبێژێک بوو؟

بەشداری برای لەدوای کردنەوەی کتێبخانەکەیو پیشاندانی کتێبەکانی لەلای کتێبخانەکە دانیشتو کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکەی بەدەستەوە بوو، لەگەڵ گۆڕینی کەناڵەکاندا باسی لەوەکرد کە خۆی دەیزانی سەردەشت حەزی لەکام گۆرانی بووەو دەڵێت "دەمزانی حەزی لەچییە بۆیە کە دەهاتەوە یەکسەر دەمخستە سەر ئەو گۆرانیانەی ئەو حەزی لێبوو، زۆر حەزی لەدەنگی داریوشو زەکەریاو رۆژ کەریمو عەدنان کەریمو مایکل جاکسۆنو تایتانیک بوو، تەنانەت هەموو گۆرانییەکانی تایتانیکی لەبەر بوو، جگە لەوانەش حەزی لەهەڵپەرکێو سەما بوو".

بەشدار هەر لەژوورەکەیاندا ئەوەی خستەڕوو کە سەردەشت هیچ هاورێیەکی نەبووە لەسنوری موسڵ بێتو وتی "تەحەداش دەکەم پێش رفاندنەکەی، بەدرێژایی تەمەنی سەردەشت تا بازگەی موسڵ چوبێتە دەرەوە"، ئاماژەشی بەوەکرد کە هەموو هاورێکانی سەردەشتیشی ناسیوەو زۆرجاریش سەردەشت لەگفتوگۆکانیاندا جەختی لەسەر ئەوەکردووەتەوە کە "نابێت دین بەسیاسەتەوە بلکێنرێت".

لەکاتی قسەکانی بەشداری برای سەردەشتدا، (سێوێ)ی جەرگسوتاوی دایکیان هاتە ژوورەکەوەو وتی "قەت باوەڕتان کردوە سەردەشت دەستی لەگەڵ ئیسلامییەکان هەبێت، نەمدیتوە رۆژێک نوێژیش بکات، لەدەوامی خوێندنیو ژوورەکەی زیاتر، شوێنێکی تری نەبوو"، وتیشی "ئەو قسانەی دەربارەی ئیسلامی بوونی کوڕەکەم دەکرێن، وا دەزانم دوێنێ تەرمی کوڕەکەمیان بۆ هێنامەتەوە"، دوای کردنی ئەو قسانە، راستەوخۆ ژوورەکەی بەجێ هێشتو بەدەم رێوە دەیوت "خودایە حەقمان بسێنێت، خودایە حەقمان بسێنێت".

بەشدار، سەبارەت بەپەیوەندی خۆشەویستی سەردەشت، وتی "سەردەشت پەیوەندی لەگەڵ کچ زۆر ئاسایی بوو، خۆشەویستیشی کردبوو، زۆر باوەڕی بەخۆشەویستی هەبوو، کچانیش حەزیان کردووە بیناسن، ئەوەی من بزانم لەسەرەتای هەرزەکاریشدا پەیوەندی خۆشەویستیشی هەبوو".

سەرکەوت، برایەکی دیکەی سەردەشتە کە هاتە ژوورەکەی، بەدەم خۆیەوە وتی "توخوا ئەو جلوبەرگە چ پەیوەندی بەڕاپۆرتەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەوە هەیە، ئێمە وێنەکانی سەردەشتیان بۆ دەخەینە روو، ئێوەو خەڵکی بڕیار بدەن، ئایا کەسێک ئیسلامی بێت یان پەیوەندی پێیانەوە هەبێت، وێنە لەگەڵ کچە هاوپۆڵو هاوڕێکانی دەگرێت؟"

بەکر: ئەو تۆمەتە هێندەی تیرۆری جەسەدییەکەی تاوانە

بەکر، برا گەورەی سەردەشت عوسمان کە ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی سوید، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەئاوێنەی راگەیاند "ئەوەی ئێستا راستەوخۆ بەڕۆژی رووناک لەبەر چاوی خەڵکەوە جارێکیتر کەسایەتی سەردەشت لەکەدار دەکرێت، بەئەندازەی تیرۆری جەسەدییەکەی تاوانە"، هەروەها وتیشی "لەهەموو شوێنێکی دونیا سەیری ئەو مەسەلەیە بکەیت لەڕووی قانونییەوە ئەوانەی کە لەسەر تاوانێک سیناریۆ دروست دەکەنو تاوانبارانی راستەقینە دەشارنەوە بەرەو رووی دادگایکردن دەبنەوە، ئەمڕۆ لەسەر دۆسیەی سەردەشت دەیانەوێت تاوانبارانی راستەقینە پەنابدەنو بەهەڵبەستنی تۆمەت، لەکەسایەتی سەردەشت کەمبکەنەوە، کە ئەوەش بەئەندازەی تیرۆری جەسەدییەکە تاوانەو قابیلی بێدەنگ بوون نییە".

## بۆ کەمپینی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین لە کوردستان

ئیمە لە کۆمیتەی سەردەشت عوسمان لە وڵاتی سوید دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئێوە بۆ داکۆکی لە ئازادی ڕادەربڕین(وشە)لەکوردستاندا لای ئیمە ڕون بوو کە ئەم شاڵاوە شکوایە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لەدژی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە و هاوڵاتی و ئاوێنە و گۆڤاری لڤین بە بەرنامەیەکی داڕێژراو ئەنجامی دەدەن، مەبەستی ئەساسی لەم شکوایانە پێش ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی بەناو لێژنەی  لیکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان ئەنجامیاندا،بۆ ئەوەی لەکاتی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەیان ئۆپۆزیسیۆن و میدیای ئازادا و خەڵکانی ئازادی خواز پێ دەمکوت بکەن، کەس زاتی ئەوە نەکات لە ڕویاندا بوە ستێتەوە، لیرەوە کۆتای بە کەیسی سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامە حەمە و عەبدول ستار  بهێنرێت و بکرێتە ژێرەوە.

بە پێویستی ئەزانین ئەوە لێرەدا تەئکید بکەینەوە کە ئیستا مەسەلەی سەردەشت عوسمان، گرنگترین خاڵی وەرچەرخانی ئازادی و ئازادی دەربرینە لە کوردستان. مامەلە و چۆنیەتی هەڵوێستگیری بەرەی ئازادیخوازی و و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆژنامەنوسان و حزبە سیاسیەکان لە کوردستان ئەو چارەنووسە یەکلا ئەکاتەوە. بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ باسی ئازادی و ئازادی دەربڕین بکرێ بەبێ پێداگری لەسەر یەکلاکردنەوەی مەسەلەی سەردەشت

عوسمان بە دادگایی تاوانبارانی ڕاستەقینە و ڕیسواکردنی سیناریۆ گاڵتەجاریەکەی لێژنەی لێکۆڵینەوە. ئەوا دوورکەوتنەوەیە لە سەنگەری بەرگری لە ئازادی و ئازادی دەربڕین.

لەکۆتایدا بە پێویستی دەزانین لیرەوە داوا لە تەواوی خەڵکانی ئازادیخواز و ریکخراوە مەدەنیەکان و لایەنە سیاسیەکان بکەین لەبەرانبەر ئەم حەملە لە تیرۆر و پیشێلی ئازادی و ئازاردان و تۆقاندن جا چ بە هەڕەشە یان داواکاری ماڵی زۆر بیدەنگ نەبن، پێویستە لە ڕویان بوەستینەوە و پڕبەگەرو هاوار بکەین بەڵێ بۆ ئازادی نا بۆ تیرۆری ڕۆژنامەنوس و پیشێلی ئازادی.

کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی– سوید

2010/9/22

**ئازادی خوازان..وەرنەدەنگ،بۆ داکۆکی لەئازادی بیروڕا..**

**بێ دەنگ مەبن لەبەرامبەر ڕاپۆرتی  لیژنەی لێکۆلینەوەی "سەردەشت عوسمان"..**

ئازادی خوازان،دۆستان، داکۆکی کەرانی مافی مرۆڤ...

هەروەک ئاگادارن لەدوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 4مانگ و لە 15ی سپتەمبەردا ،لیژنەی تایبەتی لێکۆڵینەوە لە ڕفاندن و تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ،کە لەسەرڕاسپاردەی سەرۆکی هەرێم دانرا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بە تاوانبارکردنی تاوانلێکراو"سەردەشت" تەواو کرد وبە تیرۆریستی سەربەگروپی تیرۆریستی "ئەنساروالاسلامی"ناوبردووە.

دیارە ئەم تاوانبارکردنەی ئەو لیژنە هەروا لەخۆوەبێ ئامانج نیە ،بەڵکو مەبەستی سیاسی لە پشتەوە یە،ئەویش ئیرهابی دەوڵەتی و هەرەشەو چاوسوورکردنەوەیەکی تری دەسەلاتە لەخەڵکی ئازادیخواز کەبەدوای ئەو تاوانەی سەردەشت دا هاتنە دەنگ و ڕژانە سەرشەقامەکان وبێ دەنگیان قبووڵ نەکرد.

ئێمە هەموو کەس ، لایەن ،گروپ ،حیزب ورێکخراوێک ،کە بڕوای بە مافی مرۆڤ وئازادی بیروڕا هەیە ،بانگەواز دەکەین بۆئەوەی دەنگیان یەکبخەن ،بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر ئەنجامەکانی ئەولیژنەیە.

بانگەوازی کۆبوونەوەیەکی گشتی هەموولایەک دەکەین بۆ نارەزایەتی دەربرین وبۆ ئەوەی بتوانین بەیەکەوە دەنگ وهێزمان یەکخەین و بەربگرین بە و هێرشەی کە دەکرێتە سەر

ئازادی بیروڕا. بۆ دانانی لیژنەیەکی تەواو "بێ لایەن" کە لەژێر سەرپەرشتی دەزگایەکی بەئیعتیباری نێودەوڵەتیەوە بەڕێوە ببرێت.

کات/ ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی 26 –9–2010 . 2:00–5:00 PM

شوێن/ 850 Coxwell & Mortimer ) .Coxwell Ave )

بۆپەیوەندی کردن/(416) 877–3577

(416) 826–3433

**خۆپیشاندانی نارەزایەتی لەلەندەن لەدژی سیناریۆی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پارتی**

ئەمرۆ ٢٢ی سێپتێمبەر، لەبەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێم لە لەندەن، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی بەبەشداری کۆمەڵێک لە ئەندامان و دۆستانی حزب و چالاکوانانی ئازادیخوازی نیشتەجیی لەندەن بەڕێخرا. خۆپیشاندانەکە بەمەبستی سەرکۆنەکردنی راگەیاندنەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری سەردەشت عوسمان بوو، کە ناوبراوی لە رۆژنامەنوسێکی ئازادیخوازەوە کردۆتە هاوکاری تیرۆریستانی ئیسلامی و تیرۆرکردنەکەشی دەخاتە ئەستۆی ئەوان، لە کاتێکدا سەرجەم جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لەناوخۆو دەرەوەی کوردستان بەدروست پەنجەی گومانیان بۆ خودی پارتی درێژدەکرد و هەر لەسەرەتاوە داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆو بێلایەنیان دەکرد بۆ لێۆڵینەوە لەوکەیسە.

خۆپیشاندەران کە نیگەرانی و تورەییان بەرامبەر بەو تۆمەت وساختەبازیەی لیژنەی لێکۆڵینەوە دژی سەردەشت بڵاوی کردۆتەوە، پێوەدیاربوو، بەهەر سێ زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی شیعارەکانیان دەوتەوەو داوای هەڵوەساندنەوەی لیژنەی ناوبراو پێکهێنانی لیژنەیەکی بێلایەن بوو لەژێرچاودێری نێودەوڵەتیدا بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت. هەروەها بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد (بژی ئازادی سیاسی و بیروڕاو رۆژنامەگەری لە کوردستان)،(ئازادی بێدەنگ ناکرێ، ئازادی سەرکوت ناکرێ!)، (پارتی بەرپرسیارە لە تیرۆری سەردشت عوسمان) و ( پارتی تیرۆریستە، سەردەشت رۆژنامەنوس بوو).

شایانی ئاماژەیە دەشتی جەمال بەناوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/ رێکخراوی دەرەوە، ئاسۆ گۆران بەناوی گروپی چەتری ئازادی لە لەندەن، نزار ئاکرێی بەرپرسی رێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و نادیە مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی وتەیان پێشکەشکرد. هەروەک پرشنگ ئەحمەد بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی تاوانی تیرۆری سەردەشت

و ڕاگەیاندنە پڕ لەدرۆو بوختانەکەی پارتیەوە قسەوباسی بۆ ئامادەبوان و ئەوکەسانەکرد کە لە خۆپیشاندانەکەدا کۆبوبونەوەو گوێدێری ئەوەبوون کە بزانن چی دەگوزەرێ. جێی ئاماژەیە کە پلاکاردەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کە بەبۆنەوە بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی نوسرابوون، لەلایەن ئامادەبوانەوە بەرزکرابونەوە.

جێگای ئاماژەیە کەشوێنی خۆپیشاندانەکە لەناوەندی شاری لەندەنە و ووتنەوەی شیعارەکان و بەرزکردنەوەی پلاکارتەکان سەرنجی خەڵکی ئەو ناوەی ڕادەکێشاو بەدەیان کەس نزیکدەبونەوەو پرسیاریان دەکرد.

دوای نزیکەی سەعاتێک خۆپیشاندانەکە لەناو ئامادەیی و پەیمانی بەشداربوان بۆ درێژەدان بە چالاکی و تێکۆشان بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانەی پارتی و سەرجەم هەوڵەکانی بۆ خنکاندنی ئازادی لەکوردستان، کۆتایی پێهات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/ ڕێکخراوی بەریتانیا

٢٢ی سێپتێمبەری ٢٠١٠

Website: Tel: 0044 (0) 785 324 3011, _ Email: wpk.abroad@gmail.com

www.hkkurdistan.org

**لە هێلسنکی دژی بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە خۆپیشاندان کرایەوە**

دووبارە لە هێلسنکی لە پەیوەند بە تیرۆری سەردەشت عوسمانەوە خۆپیشاندان ئەنجامدرا، ئەمجارەیان لە دژی بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی پارتی. لە خۆپیشاندانەکەدا، کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕێکیخستبوو، دەیان کەس لە دانیشتوانی فنلاندا بەشداری خۆپیشاندەکەیان کردو بە شیعاری "دەسەلاتی میلیشیا، سەرکوت دەکاتە ڕێگا"، "دوێنی سۆران ئەمڕۆ سەردەشت، نا بۆ دەسەڵاتی بێ دەربەست"، "بڕیاروو یاسای بازانی، جێێ نەفرەتی هەمووانی" لە بەردەمی سەفارەتی عێراق کۆبوونەوە.

هەریەک لە مستەفا باهر، سکرتێری کۆمیتەی فنلاندی حزبی کۆمۆنئستی کرێکاریی کوردستانو ڕەزا کەمانگەر لە حزبی حیکمەتیستەوە وتەیان بۆ خۆپیشاندان پێشکەشکرد. دواتر مستەفا باهر وەک نوێنەری خۆپیشاندەران دیداری نوێنەرانی سەفارەتی کردو پەیامی خۆپیشاندەرانی پێ گەیاندن.

لە لێدوانێکیدا بۆ هاوپشتی مستەفا باهر وتی"بە سەفارەتمان ڕاگەیاند، کە ئەنجامی ئەو لیژنەیە جێگەی باوەڕ نییەو ئێمە کۆتای بە ناڕەزایەتیو چالاکیەکانمان ناهێنین، تا

لیژنەیەکی سەربەخۆ پێکنەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە." هەروەها یەکێک لە سەرپەرشتیارانی خۆپیشاندانەکە، ڕێباز نجم بە هاوپشتی ڕاگەیاند، کە "ئەم خۆپیشاندانانە گرنگن، تا دەسەڵاتداران بزانن کە ناتوانن ئاسان خەڵکی هەڵخەڵەتێننو تۆمەت بدەنە پاڵ سەردەشتعوسمانو دەنگی ناڕازی خەڵکی." دواتر بە کۆمەڵێ وتار کۆتای بە خۆپیشاندانەکە هات.

پەیامنێری هاوپشتی لە هێلسنکی

22.9.2010

**ژمارەیەک لەکەسایەتی سیاسی و ڕۆژنامەنووس و نوێنەری یەکیتی کرێکاریی بەریتانیا داوای پێک هێنانی لیجنەیەکی سەربەخۆ دەکەن بۆ لێکولینەوە لە تیرۆری سەردەشت عوسمان**

دۆێنی 21–9 لە زانکۆی لەندەن ئێوارە کۆرێک بە بۆنەی 70 ساڵ بەسەر مەرگی تروتسکی یەکێک لە ڕابەرانی شۆرشی ئۆکتۆبەر لە رووسیا ، بە بەشداری پارتە سیاسیەکانی بەریتانیاو فەرەنساو ئەمریکاو ئەندام پەرلەمانێکی بەریتانیا سازکرا.

دەشتی جەمال یش بە شداری ئەو بۆنەیەیکرد ، لەدرێژەی زنجیرەیەک چالاکی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان سەبارەت ڕاگەیاندنی چەواشەکارانەی تیرۆری سەردەشت عوسمان، خۆی و کارن جۆنسن چالاکەوانی سیاسی لە ووتەیەکدا سەرنجی بەشداربوانی بۆ سیناریووی گاڵتەجارانەی لیجنەی لێکولینەوە پارتی سەبارەت بە تیرۆری سەردەشت عوسمان خستە روو کە تیرۆری سەردەشت دەخاتە پال ئەنسار ئیسلامو گوایە بەڵێنی هاوکاری پێداون و پەشیمان بۆتەوە، هەروەها ئەوەی بۆ ئامادەبوانەوە روونکردەوە تیرۆری سەردەشت عوسمانی گرێدایەوە بەنوسراوەکانی سەبارەت بەرەخنە لە نابەرابەری کۆمەلایەتی و قورخ کردنی سەروت سامانی کۆمەڵگا لەلایەن کەمایەتیەکەوە کە دەستی بەسەردا گیراوە، پێی ڕاگەیاندن ئەو رۆژنامەنووس وقوتابیە بوێرەی لەدەورەی رابردوودا ئێوە پشتیوانیتان کرد لە سمبولی ئازادیەوە کرایە تیرۆریست. ئەو سیناریۆیەی چاوەروانکاروا بوو بۆ تیرۆری ئەم ئینسانە شۆرشگیرە سازکرا .

پاشان داوایکرد کە هەروەک چۆن لە دەورەی رابردوودا بەرگریان لە ئازادی سیاسی لە کوردستانکردو دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان دەنگیان هەڵبری، ئێستاش لە دژی ئەم سیناریۆو گاڵتە جاریە دەنگ هەڵبرنەوە.

شایەنی باسە دەشتی جەمال یاداشتێکی خستە بەردەم ئامادەبوان کە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کرا بوو ، ئەم دوو داخوازیانەی لە خۆگرتبوو (پێک هێنان لیجنەیەکی سەربەخۆ بە بەشداری لایەنە نێو دەوڵەتیەکان بۆ لێکولینەوە لە تیرۆری سەردەشت عوسمان لە ئەستۆ

بگرێ، بەرگری لە ئازادی هەڵسورانی سیاسی، بیراوا دەبریرین و چاپەمەنی لە کوردستاندا بەرەسمی بناسرێ).

سەر ئەنجام ژمارەیە لە کەسایەتی سیاسی و نۆینەرای یەکیتی کریکارییەکانی بەریتانیاو پارتە سیاسیەکانی فەرەنساو ئەمریکا کە لەو کۆرەدا ئامادەبوون ئیمزای خۆیان دا لە خواستەکانی ئەو یاداشتە دا کە ئەمەی خوارەوە دەقی یاداشتو ناوەکانیانە .

**ئاگادارییەکی گرنگ لە ماڵپەڕی سەردەشت عوسمانەوە**

خوێنەری بەڕێز ،

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان ماڵپەڕی هەمووانە ، ماڵپەڕی هەموو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانەیە کە لە پیناو بەرقەراکردنی ئازادی ڕادەربڕین بۆ ئێستا و نەوەکانی داهاتوو تێئەکۆشن . خۆت بە خاوەنی بزانە و بە ناردنی هەواڵ و بابەت و ڕیپۆرتاژ هەرچی زیاتر بە زیندویی رایبگرە و دەوڵەمەندی بکە. ئێمە هێشتا لە سەرەتای کاردایین و هەنگاونانی زیاتر و سەرکەوتنمان پەیوەستە بە هاتنەپێشەوەی هەمووومان. ئێمە خوازیاری دەرخستن و جێخستنی راستیيەکان و دابینکردنی کایە و هەلومەرجێکی ئازادین کە حورمەت و ڕێز بگەڕیتەوە و بۆ مرۆڤەکان و چیتر هیچ کەس لە سەر ڕای جیاواز ئازار نەدرێ و مافەکانی پێشێل نەکرێت.

ئێمە تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە هەواڵ ، وتار، ڕیپۆرتاژ و گفتوگۆمان لە ماڵپەڕ ئامادە کردووە . بەڵام لەوەش دڵنیاین کە هێشتا ژمارەیەکی زۆری تریش دانەنراون ، ئێمە خوازیارین لە ڕۆژنامەنووسان و نوسەران کە هەر بابەتێکیان لەو بارەیەوە لە کاتی خۆیدا ئامادەکردووە و نوسیوە ، بۆ مالپەڕی سەردەشتی بنێرن . ئێمە بە پێی توانا هەموو ئەو بابەتانە لێرەدا کۆ ئەکەینەوە. تکایە ئەگەر پێت وایە کە بابەتێکت لەو بارەیەوە ئامادەکردووە و هێشتا لێرەدا نییە ئەوا دوودڵ مەبە و بە زووترین کات بۆمان بنێرە.

هەر وێنەو ڤیدۆیەکی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئێوە هەیە و هێشتا لای ئێمە دانەنراوە ، تکایە ئاگادارمان بکەرەوە . وێنەکان بە فایلی پەستێنراو ( ZIP ) بنێرە بۆمان . لەگەڵ ڕۆژ و کاتی خۆپیشاندانەکان

لەگەڵ ریزمان

دەستەی بەڕیوەبەری ماڵپەڕ

**ڕاگەیاندنی "کەمپینی بەرگری لە ئازادی- دانمارک**

**ئەڵقەیەک لە ملهوڕی و دەستدرێژیەکی بەرنامەدارێژراو**

**"کەمپینی بەرگری لە ئازادی– دانمارک" لەدواین کۆبونەوەی خۆیدا، ئێوارەی پێنج شەممە 23–9–2010، لە دووتوێی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان، بەدوای تیرۆری "سەردەشت عوسمان"دا، پێداگری لەسەر ئەوخاڵە کرد؛ کە ئێستا زیاتر لە هەرکاتێکی تر دەستەکانی پشت ئەم تیرۆرە ئاشکرابون لای خەڵکی کوردستان، ئەویش بە شانۆسازیەک کە "لیژنەی لێکۆڵینەوە" لە 15–9–2010 خستویەتیەڕوو لە سەر تیرۆری "سەردەشت عوسمان". بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئامادەیی جەماوەری ئازادیخواز بۆ خرۆشان و هاتنەسەرشەقام و دەربڕینی ناڕەزایەتی سستیەکی بەخۆیەوە بینیوە، بەهۆی هەوڵە سەرکوتگەریەکانی "پارتی دیموکراتی کوردستان"ەوە.**

**بە مەبەستی بەشداریکردن لە هێنانەدی دیوارێکی بەهێزی جەماوەری لەبەردەم دەستدرێژی، پێشێلکاری و ملهوڕی دژی ئازادیە سیاسی، فکری و ڕۆژنامەوانیەکان لەلایەن حیزب و هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە، "کەمپینی بەرگری لە ئازادی – دانمارک" ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بەپێویست دەزانێت:**

**1– هەڵمەتێکی بەربڵاوی ڕاگەیاندن بۆ پوچەڵکردنەوە و ڕیسواکردنی شانۆسازیەک کە "لیژنەی لێکۆڵینەوە" خستویەتیەڕوو، لە تۆمەتی "تیرۆریست" خستنە پاڵ "سەردەشت عوسمان"ی قوربانی بەرگریکەر لە ئازادی. کە ئەمەش زەنگێکی خەتەرناکە بۆ مامەڵەکردنی هەردەنگێکی ئازادیخواز وەک تیرۆریست لە کوردستاندا.**

**2– چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هێنانەدی فشارێکی نێونەتەوەیی بۆسەر "پارتی" لەڕێگەی پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، حیزبە سیاسیەکان و پەرلەمانتاران، کەناڵەکانی میدیا، دامەزراوەکانی یەکیەتی ئەوروپا....هتد.**

**3– هەوڵدان بۆ پەیوەندیگرتن بە کەمپین و کۆمیتەکانی بەرگری لە کەیسی سەردەشت عوسمان لە وڵاتانی جۆراوجۆر لەدەرەوەی وڵات، بە مەبەستی هێنانەدی هاوئاهەنگیەک لە کارەکان و بۆ کەنالیزەکردنی توانا و ئینێرژیەکان بە ئاقارێکی هاوبەشدا.**

**4– هەوڵدان بۆ بەرپاکردنی پەیوەندیەکی توندوتۆڵی کەمپینەکانی دەرەوەی وڵات بە کەمپین، کۆڕوکۆمەڵ و مەڵبەندەکانی هەڵسوڕاو لە کەیسی سەردەشت عوسماندا لە ناوخۆی کوردستان.**

**لەڕێگەی ئەم ڕاگەیاندنەوە، "کەمپینی بەرگری لە ئازادی– دانمارک" بانگەوازی تەواوی کەمپین، کۆمیتەکان، هەڵسوڕاوانی ئازادیخوازی کوردستانی و عێراقی دەکات کە لەهەوڵی هێنانەدی پەیوەندی و هاوئاهەنگکردنی کار و چالاکیەکانیاندا بن لە دەرەوەی وڵات. نابێت**

ڕێگە بدرێت ئەم تاوان و دەستدرێژیە بۆسەر ئازادیەکان لە کوردستاندا، هەروا بەئاسانی تێبپەڕێت، چونکە ئەمە ئەڵقەیەکە لە ملهوڕی و دەستدرێژیەکی بەرنامەدارێژراو بۆ داسەپاندنی ئیستیبدادی فکری و سیاسی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا.

کەمپینی بەرگری لە ئازادی– دانمارک

**ئەنجامی بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە، جێگەی باوەڕی ئێمە نیە**

"کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی لە هۆڵەندا" بۆ هەڵسەنگاندنی بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆزی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان دوێنی 2010/09/25 لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتی ناسراو و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هۆڵەندا کۆبووەوە.

ئامانجی ئەو کۆبوونەوەیەی کۆمیتەی سەدەشت عوسمان بۆ تیشک خستنە سەر بڕیارەکەو وەڵام دانەوەو گرتنە بەری ڕێوشوێنی تازەبوو بۆ دژوەستانەوەو پێداگری جالیەی کوردی بە هاوکاری کۆمەڵەو ناوەندە سیاسیە هۆڵەندی و ناودەوڵەتتیەکان بۆ دۆزی شەهیدی ئازادی و ووشە سەردەشت عوسمان.

به کۆدەنگی سەرجەم ئامادەبووان لەسەر ئەوە بڕانەوە کە، وەلامدانەوەی ئەو لیژنەیەو خودی لیژنەکە نابێتە جێگەی متمانەی خەڵکی ئازادی خوازو لیژنەیەک کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پێکهاتووە و ڕاستیەکیش کە پەنجەی گومان بۆ دەسەڵاتی پارتی و سەرۆکی هەرێم ڕادەکێشرێن، تەواوی ئەم کارەو و لیژنەکەو پێکهاتنی و بڕیارەکانی خستە گومانەوە، لەلایەکیتریشەوە خودی لیژنە نهێنیەکەو بەشدار نەبوونی هیچ کەسایەتی و ڕێکخراوێکی بێلایەن، نادیاری سەرجەم پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەو، دوا هەنگاویش ڕاگەیاندنی لیژنەکە لەمیدیاکانی هەولێرەوە بەو ناوەڕۆکەوە کە سەردەشت لە ڕۆژنامەنووسێکی ئازادیخوازی ستەملێکراوەو تیرۆرکراوەوە دەکاتە هاوکاری گروپێکی تیرۆریست کە ساڵانێکە نەک هەر توانای تیرۆریان بەڵکو ناویشیان نەماوە، نەک نابێتە جێگەی باوەڕی ئێمەو کۆڕو کۆمەڵەکانی گۆمەڵگای مەدەنی،و کەسایەتی و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، بەڵکو دەسەڵاتدارانی کوردستان و ناوچەی زەرد بەتوندی دەخاتە ژێر پرسیارەوە هێڵی سور بەژێر سەرجەم کارەکانی تریاندا دەکێشێت لە بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان و هەرەشەو تیرۆرو تۆقاندنی دەنگە ئازادەکان و هەوڵدان بۆ کردنی کۆمەڵگای کوردستان بە کۆمەڵگایەکی دەستەمۆ و خێڵەکی و بێدەنگ.

کۆمیتەی سەردەشت عوسمان لەچەند مانگی ڕابردوودا ناوەندە هۆڵەندیەکانی لەم تاوانە ئاگادارکردەوە و لەم پێناوەدا خۆپیشاندان و یادێکی بۆ شەهیدی قەڵەمو ئازادی سەردەشت ڕێکخست و دەسەڵاتدارانی هەرێم و هەولێری لەم تاوانە ئاگادارکردەوەو نارەزایەتی خۆی

پێڕاگەیاندن، لەئێستاشدا هەموو هەوڵەکانی خۆی بە پشتیوانی ئازادیخوازان و نارازیەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەم ناحەقیە دەخاتە گەڕ و جارێکیتر داوادەکەین :

١- دۆزی تیرۆری سەردەشت عوسمان دۆزی ئازادی ڕۆژنامە نووسی و مافی مرۆڤەو لای ئێمە بەهەمان هێزی جارانی کاردەکات و ئەم لیژنەی لێکۆڵینەوەیە فاشل و لایاندارەو هەوڵەکانی تائێستای بەئاقاریکی زۆرخراپداچوون و ئێمە لامان وایە کەدەبێت لیژنەیەکی هەمەجۆرو پرۆفیشناڵ و ئاشکراو بێلایەن لەم دۆزەو هەروەها لەکارەکانی ئەم لیژنەیەش بکۆڵێتەوەو لەسەر هەڵەو لایەنگریەکانیان سزایان بدات .

٢- خوازیاری ئەوەین و کار بۆئەوە دەکەین کە کۆمەڵگای ئازادی ناودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی و کەسایەتیە سیاسیەکان، پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپی و لیژنەکانی مافی مرۆڤی پەرلەمانی ئەورپپاو بەرگری لەئازادی و لەم سیناریۆیە ئاگاداربکەینەوەو، هەموو توانای خۆشمان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگای کوردی دەخەینە گەڕ بۆ ئەنجامدانی کۆڕو و کۆبوونەوەو نارەزایەتی دەربڕێن دژی ئەم ناحەقیی و سیناریۆسازیەی دەسەڵاتدارانی هەولێر کە بەرانبەر دۆزی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان و مرۆڤی کوردو وشەی ئازاد دەکرێت ،دەمانەوێت هەموو لاپەڕە نادیارو گوماناوییەکانی ئەم دۆزە بخرێنە بەر ڕوناکی و تاوانباران لەهەر پلەو پایەیەکدابن سزای یاسایی خۆیان وەربگرن.

کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی لە هۆڵەندا

**لە کۆڕێکی جەماوەریدا" کۆمیتەی کەمپینی بەرگری لە ئازادی لەکوردستان" بۆبە دواداچوونی کەیسی سەردەشت عوسمان لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا پێکهات.**

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 19ی سپتێمبەری 2010 دا بە هەوڵی کۆمەڵیک کەسایەتی و حیزب وڕێکخراو توانرا کۆڕێکی نارەزایەتی بەرامبەر ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی ڕۆژنامەنووس " سەردەشت عوسمان" ،کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دیاری کرابوو بەڕێوە چوو.

کۆڕەکە لەلایەن سامان سەعید ەوە بەڕێوە چوو.ئەم بەڕێزانە بەدوای یەکتر قسەوباس و بەیانی حیزب و ڕێکخراوەکانیان خوێندەوە( جەمال " نامەی بنەماڵەی سەردەشت عوسمان"، دارای محامی ،عادل احمد" حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، هیوا جەمیل " بەیاننامەی مە کتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانی خوێندەوە"،سەرگول ئەحمد وسەمیر نوری لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عیراق،جەلال سەعید " فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراق" ،گۆران عبداللە " سایتی دەنگەکان"،ئاراس ،ئازاد حەمەکەریم).

هەموو لایەن و کەسایەتیەکان جەختیان لە نادروستی ناڕاستی کارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەو ئەنجامەکەی کردەوە .

بەرپرسانی حکومەتی کوردستان و بە دیاری کراویش پارتی دیموکراتی کوردستانیان تێدا تاوانبار کرد بەرامبەر بە فراندن وئنجا تیرۆر کردنی سەردەشت و پرۆسەو ڕەوتی لیژنەو لێکۆڵینەوەکە.

پاش گفتو گۆو قسەو باس کردن ،کۆمیتەیەکی بەدواداچوونی کەمپینی بەرگری لە ئازادی لە کوردستان بەگشتی و کەیسی سەردەشت عوسمان بە تایبەت پێکهات.

کە خاڵە بنەڕەتیەکانی بریتی بوون لە ( باوەڕنەبوون بە ئەنجامەکانی لیژنەکە،و هەڵوەشاندەنەوەی ئەو لیژنەیەو دانانی لیژنیەکی بێلایەن کە لایەنی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی و نوێنەری ڕۆژنامەنوسان وبنەماڵەی شەهیدی تێدا بێت) هەروە ها لێوبوردنی رەسمی بکرێت لە بنەماڵەی سەردەشت دوای ئەوەی کە بە تیرۆریستی سەربەئەنسار وئەلئیسلامیان لە قەڵەم دابوو،خاڵیکی دیکە دەست نەبردنی دەسەڵات بوو بۆ ئیرهابی دەوڵەتی لە بەرامبەر وەڵامەکانی خەڵکدا.زامن کردنی سەلامەتی بنەماڵەی سەردەشت وهەموو ئەو کەس ولایەن و ئازادیخوازانەی کە داکۆکیان لە کەیسی سەردەشت دەکرد.

بڕیار درا ئەو کۆمیتەیە لە هەوڵی بەدواداچوونی ئەو کەیسە بێت و پەیوەندی بکات بە زوربەی ڕێکخراووحیزب ودام ودەزگای دەوڵەتی وڕێخراوەئازادیخوازەکانی باکوری ئەمەریکا بە تایبەت.

تێبینی : هاوپێچ ،بڕیارنامەی ئەو کۆبوونەوەیە.

بۆ/ پارتی دیموکراتی کوردستان

پاش سڵاو:

لە ڕێگای ئەم بەیاننامەیەوە بە ئاگارتان دەگەیەنین ، کەوا ئێمەش هاوشانی هەموو ئەو نارەزایەتی و نیگەرانیانەی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، سەبارەت بە کەیسی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ماوەی زیاتر لە ٤ مانگە بەڕێکەوتووە ، بۆ دوزینەوە و ئاشکراکردنی تاوانباران ، ئەمرۆ لە شاری تۆرۆنتۆ لە کەنەدا کۆبونەوەیەکی نارەزایەتیمان بەرپاکردووە . کۆبوونەوەی ئەمرۆمان ئەم داخوازیانەی هەیەوە :

1– ئیمە هیچ باوەڕمان بەو لیژنەیە نیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دانراوە ، راپۆرتی ئەوکارانەی تا ئێستا بلاویان کردۆتەوە لە جیاتی گەران بەشوین تاوانباراندا.خەریکی نوسینەوەی سیناریوو دەرهێنانی شانۆگەریەکن بۆ هەڤدان بە تاوانباران و تاوان بارکردنی تیرۆرکراو ، ئەمە بەسە بۆ لێسەندنەوەی شەرعیەت لەو لیژنەیە. بەو پێ یەی زۆرترین

پەنجەی تاوان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕادەکێشرێت ، ناکرێت لیژنەی لێکۆڵنەوە بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و خستنەڕووی ڕاستی یەکان .لە لایەن پارتی و لیپرسراوانی حکومەتی سەر بەو حیزبە دروست بکرێت.

پیویستە ئەو لیژنەیە هەلبوەشیتەوە و لیژنەیەکی سەربەخۆ ، بە بەشداری رێکخراوە کانی کۆمەلگای مەدەنی ، رێکخراوە نێودەولەتیە سەربەخۆکان ، نوێنەرانی میدیاو و رۆژنامەکان و بنەماڵەی شەهید سەردەشت بەرێوە بچێت.

2- لەبەرامبەر هەڵبەستنی بۆختیان بەوەی سەردەشت ئەنسار اسلام بووە . پیویستە لە خودی سەرۆکایەتی هەرێمە وە داوای لێبوردن لە بنەماڵەی سەردەشت و رۆژنامەنوسان و سەرجەم خەڵکی کوردستان بکرێت.

3- بەدوای ڕاگەیاندنی ئەو لیژنەیە ، بنەماڵەو و کەسوکار و هاوڕێ یانی نزیکی شەهید سەردەشت لە ژێر مەترسی دان ، بۆیە ئیمە سەلامەتی ژیانی ئەوان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێم دەزانین.

4- دەستبردنی دەسەلآت لە کوردستان بۆ بەرێوەبردنی ئیرهابی دەوڵەتی، بەکاربردنی یاسا بۆ دەم بەستنی خەڵک و تاوانبارکردنی ئەوانەی وەک دەسەلآت بیرناکەنەو ، جیگای نەفرەتی ئێمەیە، دواکارین دەسەلات واز لەو کارانە بهێنێت . خەلکی کوردستان قوربانی ئیرهابی دەولەتی بەعس بوون و ئیرهابێکی تری لەو جۆرە جارێکی تر قبوڵ ناکەن.

ئێمە بو لەقاودانی ئەوکارانەی دەسەلات لە کوردستان، سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی و بە تایبەتی باکوری ئەمریکا بۆ ڕەوشی ئازادیەکان و مافی مرۆڤ رادەکێشین.

کەمپینی بەرگری لە ئازادی لە کوردستان/تۆرۆنتۆ/کەنەدا

September 26-2010

**کەمپینی بێدەنگ نابین درێژە بە چالاکیەکانی ئەدات**

هاوڵاتیانی ئازادیخوازی کوردستان،

کوردستانیانی دڵسۆز لە هەندەران،

وەک ئاگادارن پاش تێپەڕبوونی نزیکەی پێنج مانگ بەسەر تیرۆرکردنی شەهیدی قەڵەم سەردەشت عوسماندا، هێشتا "لیژنەی لێکۆڵینەوە"و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، ئەنجامێکی جێگەی قەناعەتیان سەبارەت بە تاوانەکەو بەدادگا گەیاندنی تاوانباران

پێشکەشی خەڵکی کوردستان نەکردوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەست پێکردووە بۆ گوشار خستنە سەر راگەیاندن بەگشتیو راگەیاندنی ئازاد بەتایبەتی. لێشاوێک سکاڵایان لەسەر رۆژنامەو گۆڤارەکان تۆمارکردووە، کە بەدەرن لە یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری ساڵی 2007، ئەو یاسایەی کە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەخولی پێشووی پەرلەماندا بە کۆی دەنگ پەسەندی کردووەو ئیمزای سەرۆکی هەرێمی لەسەرە، کە لەهەمان کاتدا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە.

لەم روانگەیەوەو بۆ جەختکردنەوە لەسەر داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لە تیرۆری رۆژنامەنووس سەردەست عوسمانو رەتکردنەوەی بەرتەسکردنەوەی ئازادی رادەربڕینو رۆژنامەوانی لەکوردستاندا، بەهەر بیانوویەکو لەژێر هەر ناوێکدا بێت، کەمپینی بێدەنگ نابین زنجیرەیەک چالاکی مەدەنی سازدەکات.

ئەم چالاکییانە کاتژمێر (3:30)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی (2010/10/2) لە (پارکی نالی) لەسلێمانی دەست پێدەکاتو ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێت.

داوا لەخەڵکی ئازادیخوازی شاری سلێمانی دەکەین، بە ئامادەبوونیان لەم چالاکییانەدا، وەک هەمیشە سووربوونی خۆیان لەسەر داکۆکی کردن لەئازادی دووپات بکەنەوە.

هەروەها داوا لەخەڵکی ئازادیخوازی سەرتاسەری کوردستانو کوردستانیانی دەرەوەی وڵات دەکەین، بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێو لەهەر کوێیەک بن، لە رێگەی سازدانی چاکی مەدەنیی جۆراوجۆرەوە پشتیوانی خۆیان بۆ ئازادی رادەربڕینو رەتکردنەوەی گوشاری دەسەڵاتداران لەسەر رۆژنامەگەری ئازاد، رابگەیەنن.

کەمپینی بێدەنگ نابین

2010/9/30

**داوای سەر لەنوێ پێکهێنانەوەی لیژنەیەکی لیکۆڵینەوە دەکەن**

سبەی/ سلێمانی: کەمپەینی (بێدەنگ نابین) دەستی بە چالاکیەکانی کردەوە و بۆ ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێت

سەعات 3:30 خولەکی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، کەمپەینی بێدەنگ نابین لە باخچەی نالی لە شاری سلێمانی بە ئامادەبونی ژمارەیەک لە رۆژنامەنوسان و نوسەران و رۆشنبیران و پەرلەمانتارانی سێ فراکسیۆنی پەرلەمان، دەستی بە کار و چالاکیەکانی کردەوە و سبەینێ لە پارکی نالی چالاکییەکانیان درێژە پێدەدەن.

لە مەراسیمی دەستپێکردنەوەی کەمپەینەکە، جگە لە وتاری ڕێکخەران، لەلایەن دکتۆر ڕێباز فەتاح، لە فراکسیۆنی گۆڕان و حەمەسەعید حەمە عەلی، لە فراکسیۆنی یەکگرتو، سەرگوڵ قەرەداغی لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی وتارخوێندرایەوە.

سەبارەت بە بەرنامەکانی سێ ڕۆژی کەمپەینی بێدەنگ نابین، شۆڕش ئەمین، یەکێک لە ڕێکخەرانی کەمپەینەکە لە لێدوانێکدا بۆ (سبەی) وتی: کەمپەینی بێدەنگ نابین نەوەستاوە و بەردەوامە، بەڵام لەم سێ ڕۆژەدا هەوڵدەدەین چالاکیەکان زیاد بکەین.

ئەوەشی وت: لە چالاکیەکانی ئەمڕۆیاندا چەند پەرلەمانتارێک لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانیان بانگهێشتکردوە و سبەینێش لەهەمان شوێن، پێشانگایەکی وێنەیی و ڤیدیۆیەکی بەڵگەنامەیی پەخشدەکەن.

دەربارەی داواکاریە ڕەسمیەکانی کەمپەینەکەش ئەوەی خستەڕو: داوا دەکەن سەرلەنوێ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە کەیسی تیرۆرکردنی شەهید سەردەشت پێکبهێنرێت و ئەو فشارانەش کەمبکرێنەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە خراونەتە سەر میدیای ئۆپۆزسیۆن و سەربەخۆ.

**دوارۆژی چالاكییەكانی كەمپینی بێدەنگ نابین لەسلێمانی بەڕێوەچوو**

هاوڵاتی – ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە، لەپاركی نالی لەشاری سلێمانی، دوا ڕۆژی چالاكییەكانی كەمپینی بێدەنگ نابین بەئاراستەكردنی یاداشتێك بۆ پەرلەمانی كوردستان، بەڕێوەچوو.

دوا ڕۆژی چالاكییەكان كە بەئامادەچوونی ژمارەیەكی بەرچاو لەڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیرانو ڕێكخراوەكانو كەسایەتی بەڕێوەچوو، چەند وتارێك پێشكەشكراو دواتر هیوا قادر پارچە شیعرێكی خوێندنەوە.

هەر لەو مەراسیمەدا، ناوەڕۆكی یاداشتێك خرایەڕوو كە وابڕیارە ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانو سەرۆكی سەرجەم فراكسیۆنەكانی پەرلەمانی كوردستان بكرێت.

لەیاداشتەكەدا، كەمپینی بێدەنگ نابین داوا دەكات، پەرلەمان بەبڕیارێك لیژنەیەكی سەربەخۆ بۆ لێكۆڵینەوە لەكەیسی تیرۆركردنی سەردەشت عوسمان پێكبهێنێت. هەروەك داواكراوە پەرلەمان لەپێشێلكردنی یاسای كاری ڕۆژنامەگەری كە خۆی پەسەندیكردووە، بێدەنگ نەبێتو لێپێچینەوە لەو كەسو لایەنانە بكات كە ئیعتیباری بۆ دانانێن.

**کەمپینی بێدەنگ نابین خوازیارە پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێک لیژنەیەکی سەربەخۆ پێک بهێنێت**

**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ داواکاری**

ئەمڕۆ ماوەی پێنج مانگی تەواو بەسەر رفاندنی قوتابیو رۆژنامەنووس سەردەشت عوسماندا تێدەپەڕێ، تاوانێک کە خەڵکی کوردستانی هەژاندو دۆستەکانی هەرێمەکەیشمانی تووشی شۆک کردو نیشانەی پرسیاری خستە سەر هەلومەرجی ئازادی رادەربڕینو توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیاندا. ئەمەش دوای تیرۆرکردنی شەهید سۆرانی مامە حەمە هات، کە ساڵی 2008 لەبەردەمی ماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکرا. ئەوەبوو بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ بەدواداچوونی تاوانەکەو دەستنیشانکردنو دادگایی کردنی تاوانباران پێک هێنرا، بەڵام ئەندامانی لیژنەکە بۆ رای گشتی ئاشکرا نەکران. پێشتریش سەرۆکی هەرێم لەچەند بۆنەیەکدا کەسوکاری شەهید سۆرانی ئاگادارکردبۆوە کە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەی دەکات.

ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، کێشەکەی شەهید سۆران بەتەواوی فەرامۆشکراوەو هیچ کەسێک خۆی بە خاوەنی نازانێت. ئەو لیژنەیەش کە بۆ کەیسی سەردەشت پێکهێنراوە، نەیتوانیوە ئەنجامێکی جێگەی بڕوا بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکات. راگەیاندنەکانی لیژنەکە، نەک هەر نەیانتوانیوە وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوەو گومانەکان بڕەوێننەوە، بەڵکو ئەوەندەی تر پرسیارو گومانیان لای کەسوکاری شەهید سەردەشتو خەڵکی کوردستان دروستکردووەو تەنانەت رێکخراوو چاودێرە نێودەوڵەتییەکانیشی تووشی گومان کردووە لە ئایندەی ئازادی بیروڕادەربڕینو پاراستنی سەروماڵی رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا.

هەر لەچوارچێوەی ئەم مەترسیانەدا، ماوەیەکە هەست بە هەڵمەتێکی گوشار بۆ سەر رۆژنامەنووسانو بەتایبەت رۆژنامەو گۆڤارە ئازادەکان دەکرێت. هەر لە قەدەغەکردنی چوونە ژوورەوەی رۆژنامەنووسانەوە بۆ ناو هۆڵی گفتوگۆکانی پەرلەمان، تا دەگاتە ئەو لێشاوی سکاڵایانەی لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەسەر رۆژنامەو گۆڤارەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنو راگەیاندنی ئازاد تۆمارکراون. بێگومان ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ یاسادا نییە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمەیەو وا پێویست دەکات جێگەی تێڕامانی ئێوەش بێت ئەوەیە، ئەم سکاڵایانە بەدەر لە یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی ساڵی 2007 تۆمارکراون. یاسایەک کە لەخولی دووەمی پەرلەمانەوە دەرچووەو ئیمزای سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لەسەرە. هەروەها زۆرێک لەو سکاڵایانەی تۆمارکراون، لەسەر بابەتگەلێکن کە پتر لە چوار مانگ بەسەر بڵاوبوونەوەیاندا

تێپەڕیوە. یاساکەش لەمادەی هەشتەمی خۆیدا دەڵێت: "نابێ پاش تێپەڕبوونی (90) ڕۆژ لەمێژووی بڵاوکردنەوە هیچ جۆرە ڕێکارێکی یاسایی بەرامبەر ڕۆژنامەنووس بگیرێتە بەر". لەمادەی دوازدەیەمیشدا دەڵێت: "کار بەهیچ دەقێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت". بنەمایەکی گشتی یاساییش هەیە کە دەڵێت "الخاص یقید العام"، واتە مادام بواری ڕۆژنامەوانی یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، ئیدی یاسا گشتییەکان نایگرێتەوە. لێرەشەوە پێمان وایە دەبوو دادوەرە بەڕێزەکان ئەم سکاڵایانە وەرنەگرنو ڕەتیان بکەنەوە. کە ئەمەش نەکراوە، بێگومان دەبێ ئێوەی بەڕێز هەڵوێستتان هەبێو هیچ نەبێ لەبەر پاراستنی سەنگو قورسایی پەرلەمان، وەک تاکە مەرجەعی یاسادانان لەکوردستانو، بۆ دڵنیابوون لە ڕێز گرتنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو دەسەڵاتی دادوەریش لەو یاسایانە، کاردانەوەتان بەرامبەر بەم ڕووداوانە هەبێت.

بۆیە دواکارین لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە پەرلەمان، بە فراکسیۆنو بیروبۆچوونە جیاوازەکانیانەوە:

یەکەم، بۆ ڕەواندنەوەی هەموو گومانەکانو بەهێزکردنی متمانەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو خەڵکی کوردستان، بۆ گێڕانەوەی دڵنیایی بۆ خەڵکو ئاسوودەکردنی ڕۆحی شەهید سەردەشتو کەسوکارو بنەماڵە بەڕێزەکەی، پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێک لیژنەیەکی سەربەخۆ پێک بهێنێت لە خەڵکی خاوەن ئەزموونو سەربەخۆو نوێنەری بنەماڵەی هەردوو شەهیدو نوێنەری ڕۆژنامەنووسان (وەک شاهید)، بۆ بەدواداچوونی هەردوو تاوانەکەو ئاشکراکردنو بەدادگا گەیاندنی تاوانباران. هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بەرپرسیار بکات لەوەی هاوکاری تەواوی لیژنەکە بکەن، بە پێشکەشکردنی زانیاریو بەڵگەنامەی پێویست.

دووەم، لەسەر پێشێلکردنی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەگەری کە لەلایەن پەرلەمان خۆیەوە دەرچووە، بێدەنگ نەبێتو لێپرسینەوەش لەو دامودەزگایانە بکات، کە ئیعتیبار بۆ یاساکە دانێن.

سێهەم، بۆ جەختکردنەوەو سەلماندنی ئەو ڕاستیەش کە پەرلەمان نوێنەرو پارێزەری ڕاستەقینەی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانەو هیچ شتێکی نییە لە خەڵکی کوردستانی بشارێتەوە، بەزووترین کات بڕیاری قەدەغەکردنی چوونە ژوورەوەی ڕۆژنامەنووسان بۆ هۆڵی پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، بۆئەوەی پەرلەمان ببێتە نموونەی شەفافیەت لەکوردستانداو بناغەو سەرەتای بە شەفاف کردنی هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا

کەمپینی بێدەنگ نابین

سلێمانی 2010/10/4

**سىو شەش هەزار میدیای جیهانی نامەیەک ئاراستەی بازرانی دەکەن**

سایتی ئاوێنە: کۆمەڵەی جیهانی رۆژنامەو گۆڤارەکان کە کۆمەڵەیەکە 36 هەزار کەناڵی میدیا ئەندامن تیایدا داوا لەبارزانی دەکەن کە لەبری کوشتنو دادگایکردنی میدیاکان، کەشوهەوایەکی باشتریان بۆ برەخسێنێت تا کارە رۆژنامەوانییەکانیان بکەن .

تایبەت بەئاوێنە: لەنامەیەکدا کە سەرۆکی کۆمەڵەی جیهانی رۆژنامەو دەزگا هەواڵییەکان، گاڤین ئۆ ریللی لەرۆژی 9/30دا بۆ بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان ناردووەو رایگەیاندووە »دەمانەوێ نیگەرانی خۆمانت نیشانبدەین بەرامبەر ئەو پەیرەوە ترسناکەی بەرامبەر میدیاکان گیراوەتەبەر کە بریتییە لەکوشتنی رۆژنامەنووسانو دادگاییکردنیانو ترسو تۆقاندن بەرامبەریان لەسەر پەیامی رەخنەگرانە «.

هەروەها ئاماژەی بەوەداوە »چەندەها حاڵەتی تری ناوزڕاندن لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دراوەتە دادگا، دژی رۆژنامەکان لەنێویاندا رۆژنامەی رۆژنامەو ئاوێنەو هاوڵاتیو گۆڤاری لڤین، لەدۆسیەکەی رۆژنامەدا کە سەر بەئۆپۆزسیۆنە، پارتی داوای یەک ملیار دۆلار قەرەبوو دەکات لەگەڵ داخستنی رۆژنامەکەدا «.

کۆمەڵەکە نووسیویەتی »ئەوەمان قبوڵە کە رۆژنامەنووسانی کوردستان لەوانەیە باشترینو پرۆفیشناڵترین رۆژنامەنووس نەبن یاخود نەتوانن کە جیاوازی بکەن لەنێوان راستیو تۆمەتدا، بەڵام دەمانەوێ بەرێزەوە ئەوەت بیر بێنینەوە کە خەڵاتێکی مەدەنی بۆ زەرەرێکی مەعقول باشترین حاڵە لەحاڵەتەکانی ناوزڕاندن، هەروەها خەڵاتی قورس دەورێکی هێواشکەرەوەی دەبێت لەرۆژنامەگەریی تەحقیقیو ئازادی رۆژنامەوانی، دوای ئەوەش دەبێت بەرپرسانی گەورە چاوەڕوانی ئەوەبن کە زیاتر لەکەسانی تایبەت بکەونە بەر لێکۆڵینەوە لەلایەن میدیاکانەوە، ئێمە بڕوامانوایە کە هاندانی بەرنامەی پێشخستنی بنەماکانی رۆژنامەوانی کارێکی بەرهەمدارترە لەوەی بخرێنە دادگایکردنێکی ترسێنەر یان دەستگیرکردن وەک تاوانباران«.

هەروەها کۆمەڵەی ناوبراو لەنامەکەیاندا نووسیویانە»لەوەش زیاتر ئەوەت بیر دێنینەوە کە واجبی دەوڵەتە کەشوهەوایەکی وا برەخسێنێت کە رۆژنامەنووسان بتوانن تیایدا کاری پرۆفیشناڵی خۆیان ئەنجامبدەن بەبێ ترسی ئەوەی تووشی توندوتیژی ببنەوە، ئێمە نیگەرانین کە لێدانی فیزیکیو یاسایی دەگیرێتەبەر کە دەبێتە هۆی تۆقاندنو کپکردنی رۆژنامەوانی، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لەناوبردنی رەخنەو چەقبەستن، بۆیە بەرێزەوە داوات لێدەکەین کە کۆتایی بەو کەمپەینە ترسێنەرە دژی میدیا بهێنیتو هەموو هەنگاوێکی پێویست بگریتەبەر بۆ پاراستنی رۆژنامەنووسان«.

لەبەشێکی دیکەشدا هاتووە »داوات لێدەکەین کە لێکۆڵینەوەیەکی دڵنیا لەکوشتنی رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان بکرێتو بکوژانی بدرێنە دادگا، داوات لێدەکەین تەئکیدی ئەوە بکەیت کە وڵاتەکەت بەتەواوی رێزی بنەما نێودەوڵەتییەکان دەگرێت لەبارەی ئازادی رۆژنامەگەرییەوە«.

کۆمەڵەی جیهانی رۆژنامەو دەزگا هەواڵییەکان نوێنەرانی (18000) بڵاوکراوەو (15000) ماڵپەرو زیاتر لە(3000) کۆمپانیا لەزیاتر لە(120) وڵاتدا دەکات.

2010/10/6

**ئەو فیلمەی لەهەولێر رێگری لێکرا، لە پۆڵەندا نمایشدەکرێت**

فیلمی دۆکیومێنتەری (دەنگی قەڵەم) کەماوەی (25 خولەک) و باس لەپێشێلکارییەکانی بەرامبەر بەرۆژنامەنوسان دەکات لەهەرێمی کوردستان، لەفیستیڤاڵی نێودەوڵەتی "کامێرا ئۆبسکورا" (cameraobscura) وەرگیرا کە لەکۆتای مانگی نۆڤەمبەر لە وڵاتی پۆڵەندا بەرێوە دەچێت.

ئەم فیلمە کە بەشێکی باس لە چیرۆکی تیرۆرکردنی هەردوو رۆژنامەنوس سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمان دەکات، لە شاری هەولێر رێگری لێکرا نمایشبکرێت، هەروەها لیژنەی فیستیڤاڵی فیلمی دۆکۆمێنتەری هەڵەبجە لەبەرێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی فیلمەکەیان وەرنەگرت بۆ نمایشکردن.

فیلمی (دەنگی قەڵەم) لەدەرهێنانی (ئاوات عەلی) یەو یەکەم بەرهەمی رادیۆ و تەلەفزیۆنی نالیا (NRT) یە، ئەحمەد مەحمود کاری مۆنتاژ و رێبین جەلال و حەیدەر عومەر کاری وێنەگرتنیان بۆ کردووە.

فیلمی (دەنگی قەڵەم) پێشتر لە چلەی ماتەمینی شەهید سەردەشت عوسمان لەهۆڵی رۆشنبیری شاری سلێمانی نمایش کرا.

ئاوات عەلی - دەرهێنەری فیلمی (دەنگی قەڵەم)

07701435822

**لیژنەکەی بارزانی، کەمترین متمانەی بەدەستهێنا**

2010/10/13 لڤین پرێس:

به پێی راپەرسییەکی ماڵپەری لڤین پرێس کە 4108 کەس بەشدارییان تێداکردووە، تەنها 6%ی بەشداربووان متمانەیان بە ئەنجامی ئەو لیژنەیە هەیە، کە مەسعود بارزانی بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان پێکهێنا.

رۆژی 2010/09/15، لیژنەی لێکۆڵینەوەکە؛ راگەیاندێکی بلاوکردەوەو تێیدا سەردەشتی بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەنساروئیسلام تۆمەتبارکرد.

بە پێی ئە راپرسییە کەلەسەر ماڵپەڕی لڤین پرێس لەماوەی رۆژانی رابردوودا دانرابوو، 91%ی بەشداربووان متمانەیان بە ئەنجامی لێکۆڵینوەکە نییەو تەنها 6%ی بەشداربووان متمانەیان پێی هەبووە.

هەروەها بە رێژەیەکی کەمیش بە نازانم یاخود بە تارادەیەک دەنگیان بۆ راپرسییەکە داوە.

سەردەشت عوسمان، رۆژنامەنووسیێک بوو پێش رفاندنی لە 5/4 لەبەردەم کۆلێژەکەی خۆیدا لەشاری هەولێر، چەندین جار لەسەر نووسینەکانی هەڕەشەی لێکرابوو.

پاش رفاندن و کوشتنی ناوبراو، شەقامی کوردی لەسەر تیرۆرکردنی جوڵاو، لەژێر فشاری جەماوەریدا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی ناوبارو پێکهێنا، بەڵام ئەندامانی لیژنەکە نەناسراوبوون.

لە راگەیەنراوی لیژنەکەدا ئاماژە بەوەدەکات کە کەسێکی سەر بە گروپی (انصار الاسلام) بەناوی (هشام محمود اسماعیل) تەمەن (28) ساڵ بەرەگەز کوردەو دانیشتووی شاری( موصل)ە، دەستی هەبووە لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا.

بە پێی راگەیەنراوی لیژنەکە؛ هۆکاری کوشتنی (سەردەشت عوسمان حەسەن) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەلێنی بە ئەنساروليسلام داوە هاوکارییان بکات، بەڵام کارەکانی بۆیان ئەنجام نەداوە، بۆیە کوشتوویانە".

لە راگەیاندراوەکەدا وردەکاریی کوشتنەکەی بلاونەکرایەوەو هیچ ئاماژەیەکیش بەوە نەکرا، کە سەردەشت عوسمان رۆژنامەنووس بووە. هەروەها ئاماژە بەوە نەکراو کە چۆن رفێنراوەو چۆن بە بازگەکاندا تێپەڕێنراوە.

دوابەدوای راگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش، کەسوکاری شەهید سەردەشت رایانگەیاند کە کوڕەکەیان پێشتر لە تاریکیدا تیرۆرکراوە، بەڵام راگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوە کە

تۆمەتی ئەنسارولئیسلامی دابوویە پاڵی، بە ئاشکراو بە رۆژی رووناک تیرۆریان کردووەتەوە.

**بەیاننامەی ڕەوەندی کوردی ئوسترالیا سەبارەت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی جوانەمەرگ سەردەشت عوسمان**

سەرەڕای ئەو تەمومژەی دەوری لیژنەی لێکۆڵینەوەی تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان، وە بێ دەنگ بونیان زیاتر لە پێنج مانگ، ئێمەش وەک هەموو خەڵکی کوردستان هیوا بڕاو نەبووین کە دادوەرییەک بگاتە جێ. بەڵام بەداخەوە هەواڵەکانی ئەم دواییە بەجۆرێکی نەشیاو توشی شۆکی کردین و بازنەی گومانەکانمان گەورەتر بووە چ لە کارەساتی تیرۆر کردنەکە وە چ لە سیناریۆیی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان،

بۆیە ئەم داواکاریانە دەخەینە بەردەست حکومەتی کوردستان و ڕێکخراوە کانی مافی مرۆڤ لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات .

1- پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی بێ لایەن لە پسپۆڕانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات وە کەسوکاری سەردەشت عوسمان.

2- ئاشکرا کردنی هەموو بەڵگەو لێ کۆڵینەوەکان بەزوترین کات.

3- گەلی کوردستان سەدان هەزار شەهیدی داوە بۆ دامەزراندنی ئەم حکومەتە، بۆ یە دەبێت حکومەتی کوردستان دەوری خۆی ببینێ لە پاراستنی گیانوماڵی هاووڵاتیان و مسۆگەر کردنی ئازادیەکان بەتایبەتی ئازادی ڕۆژنامە گەری وە ڕێز گرتنی لە کوردستان وە کوردستانیەکان.

مەڵبەندی کوردی ڤیکتۆریا

ئینیستیوتی خۆێندنی کوردی لە ئوستراليا

ڕێکخراوی ژنانی ڤیکتۆريا

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد مەکتەبی ئوسترالیا

٢٠ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

**ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی: لیژنە نهێنییەکەی بارزانی بۆ لێکۆڵینەوەلە تیرۆری سەردەشت عوسمان ئەنجامی یەکلاکەرەوە بەدەستەوە نادات**

**هاوڵاتی – 2010/11/1**

**ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ رایگەیاند، ئەو رۆژنامەنووسانەی لەهەرێمی کوردستان رەخنە لە حکومەتی ناوچەیی دەگرن، رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوەو بەو هۆیەشەوە لەچەند مانگی رابردوودا چەندین سکاڵایان بەرزکردۆتەوە، بەشێکیشیان هەڵاتوون بۆ دەرەوەی وڵات.**

**ڕێکخراوەکە رۆژی هەینی رابردوو 2010/10/29 لەسەر پێگەی خۆی لەتۆڕی ئینتەرنێت، راپۆرتێکی لەسەر بارودۆخی رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستانو دەرەنجامەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان به ناونیشانی (هەرێمی کوردستانی عێراق: رۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەدان) بڵاوکردۆتەوە.**

**هیومان رایتس وۆچ، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی تایبەتە بە چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ، لەساڵی 1978 دامەزراوەو بارەگای سەرەکی لە نیویۆرکەو نوسینگەی لە لەندەنو برۆکسلو مۆسکۆ و سان فرانسیسکۆ و هۆنگ کۆنگو واشنتۆنو لۆ ئەنجلۆس هەیە، لەو شوێنانەی کە پێویست بکات نوسینگەی کاتی دادەنێت.**

**ڕێکخراوەکە لەراپۆرتەکەدا رایگەیاندووە، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و شەفاف بکات لە دۆسیەی کوشتنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان کە لەئایاری رابردوودا کوژرا.**

**راپۆرتەکە ئاماژەی بە دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمەوە کردووەو نوسیویەتی کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی لیژنەیەکی نهێنی لەسەر ئەو دۆسیەیە پێکهێنراوە کە نابێتە هۆی ئەوەی ئەنجامەکان یەکلایی بکاتەوە.**

**جو ستورک جێگری بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفەریقا لە ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ رایگەیاندووە لێکۆڵینەوەی نهێنی لە دۆسیەی کوشتنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ئەنجام بەدەستەوە نادات.**

**هەروەها ئاماژەی بەوەکردووە کە پێویستە حکومەت لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەو دۆسیەیە ئەنجام بدات.**

**راپۆرتەکە ئاماژەی بەوەشکردووە لیژنە نهێنییەکە کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکانی هێنا بەوەی کە گروپێکی ئیسلامی چەکدار بەناوی (ئەنسار ئەلئیسلام) بەرپرسە لە رفاندنو کوشتنی**

سەردەشت عوسمان پاش ئەوەی چەند وتارێکی رەخنەگرانەی لەسەر بەرپرسە حکومییەکان بڵاوکردەوە.

رێکخراوەکە نوسیویەتی کە تائێستاش ناسنامەی ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دیار نییە.

لەچواری ئایاری رابردوودا چەند کەسێکی نەناسراو رۆژنامەنووس‌و خوێندکار سەردەشت عوسمانی 23 ساڵیان لەبەردەم زانکۆی سەلاحەدین رفاند، دوای رۆژێک لەسەر رێگەی موسڵ تەرمەکەی دۆزرایەوە، لەسەر تەرمەکەی ئاسەواری ئەشکەنجەو فیشەک بەسەریەوە دیاربوو.

هاورێ‌و بنەماڵەکەی سەردەشت عوسمان، باوەڕیان وایە سەردەشت بەهۆی رەخنەکانییەوە لە دوو حیزبە سەرەکییە دەسەڵاتدارەکە (پارتی‌و یەکێتی)و بەرپرسەکانیان‌و سیستەمی هەرێمەکە کوژراوە.

یەکێک لە نزیکەکانی سەردەشت وتی تەرمەکەی سەردەشتی بینیوە کە فیشەک لە دەمی سەردەشت دراوە.

سەردەشت عوسمان لە وتارێکدا کە لەکانونی دووەمی رابردوودا بڵاویکردەوە، تابۆکانی ئەو هەرێمە پارێزگارەی شکاندبوو، پاش ئەوەی ئاماژەی بە کچەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی پارتی کردبوو.

وتارەکەی بەناونیشانی »من عاشقی کچەکەی بارزانیم« بڵاوکردەوە، کە تێیدا بەدیدێکی خەیاڵییەوە باس لەوەدەکات کە ئەو کوڕی چینێکی هەژاری کۆمەڵگەیەو دەیەوێت کچەکەی بارزانی بخوازێت.

بەشدار عوسمان برای سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووسی تیرۆرکراو بە هیومان رایتس وۆچی راگەیاند کە دوای بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە، سەردەشت رووبەڕووی چەندین هەڕەشە بووەتەوە لە کانونی دووەمی رابردوودا، بەبڕوای خێزانەکەی ئەو هەڕەشانە لەلایەن حکومەت‌و هێزە ئاسایشییەکانی سەر بە حزبەوە بوون.

بەشدار وتی کە هەڕەشەکان هەموویان ئاماژەبوون بۆ نوسینەکانی سەردەشت‌و سەرەڕای ئیهانەکردنی پێیان دەوت کە دەبێت «باجەکەی بدەیت«.

بە وتەی بەشداری برای، سەردەشت عوسمان دواتر پەیوەندی بە بەرپرسی پۆلیسی هەولێرەوە دەکات‌و ئەو ژمارە تەلەفونانەی پێدەدات کە هەڕەشەیان لێکردبوون، بەڵام بەرپرسی پۆلیس هاوکاری نەکردوو پێی راگەیاند کە هەولێر ئارامەو هیچ کەسێک ناتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت.

بەشدار ئاماژەی بەوەشکرد کە براکەی لەو چەند هەفتەیەدا ترسەکەی بەردەوام زیادیدەکردو ترسیان هەبوو لەوەی لەهەر کاتێکدا بە دەمانچەی بێدەنگ بکوژرێت.

لەوتارێکی دیکەدا پێش تیرۆرکردنی، سەردەشت عوسمان رایگەیاند کە ئەو لەمردنو لە ئەشکەنجەدانی ناترسێت «پێیان وتم کە وادەی مردنت هاتووە«.

دینیس ناتالی کە یەکێکە لە ئەکادیمییەکان لەزانکۆی ئەمەریکی لەسلێمانیو شارەزایە لە ناسنامەو سیاسەتو نەتەوەی کورد، لەکتێبێکدا نوسیویەتی کە رۆژنامەنووسان ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە ئەگەر هێڵی سوور ببەزێنن لەرێگەی رەخنەگرتن لە بنەماڵەی بارزانیو تاڵەبانی، یان نوسین لەبارەی هەڵسوکەوتی مالی حکومەتو بەرپرسەکانی.

ناتالی لەکتێبەکەیدا کە لە تەمموزی رابردوو بڵاویکردەوە نوسیویەتی هەندێک لە رۆژنامەنووسان روبەڕووی دەستگیرکردنو رفاندن هەتا کوشتن دەبنەوە دوای ئەوەی هێڵی سوور دەبەزێنن.

هیومان رایتس وۆچ لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە نارەزاییەکان لەبەرانبەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان کردووەو نوسیویەتی لەبەرپەرچی کوشتنی سەردەشتدا، 75 رۆژنامەنووسو رۆشنبیری کورد لە 6 ی ئایاری رابردوودا بەیانێکیان بڵاوکردەوەو حکومەتی ناوچەییان بە بەپەرسیار دانا لەکوشتنی سەردەشت.

هەروەها لە 10 ی ئایاردا، بەسەدان خوێندکاری زانکۆ لەهەولێر لەو شوێنەوە کە سەردەشتی تێدا رفێنرا تا بەردەم پەرلەمانی کوردستان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، خۆپیشاندەران حکومەتو هێزە ئەمنییەکانیان بەکوشتنی سەردەشت تۆمەتبارکرد.

خۆپیشاندەران تابوتێکی رەمزییان بەرزکردبۆیەوە کە لەسەری نوسرابوو «ئازادی«و چەندین دروشمی تریشییان بەرزکردبۆیەوە.

ئەو مانگە بۆیە مانگی خۆپیشاندان لەدژی تیرۆرکردنی سەردەشت، دواتر لەشاری سلێمانی بەبەشداری هەزاران کەس گەورەترین خۆپیشاندان ئەنجامدرا.

خۆپیشاندانەکان لەدژی تیرۆری سەردەشت ناوچەکانی تری عێراقیشی گرتەوە، لە 27 ی ئایاری رابردوودا خۆپیشاندان لەبەغدای پایتەخت ئەنجامدرا. لەخۆپیشاندانەکەدا هەوڵدەدرا ئاگایی خۆپیشاندەران بشێوێنرێت کاتێک قسەکەرێک بەناوی مەسعود بارزانییەوە بەیانی دەخوێندەوە.

خۆپیشاندەران دەیانوت کە حکومەت بەشێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تێوەگلاوە.

لەوەڵامی ڕاگەیەنراوی ئەو لیژنەیەی ئەندامەکانی نادیارن، کە پێش چەند مانگێک لەلایەن بارزانییەوە پێکهێنرابوو، تێیدا ئەنسارئەلئیسلام بە کوشتنی سەردەشت تۆمەتبارکرابوو، ئەنسارولئیسلام لە بەیانێکدا کە لە 21 ی ئەیلولی رابردوو دەریکرد رەتیکردەوە کە بەرپرسیاربێت لە کوشتنی سەردەشت عوسمان.

هیومان رایتس ووچ نوسیویەتی کوشتنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، کوژرانی رۆنامەنووس سۆران مامە حەمەی بەبیری رۆژنامەنووسان هێنایەوە کە رۆژنامەنوسێکی گۆڤاری لڤین بوو لە تەمموزی 2008 لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لەشاری کەرکوک کوژرا.

هەر لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بە سکاڵاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە کەلەسەر رۆژنامەکان تۆماریکردوون بەدەر لە یاسای رۆژنامەگەری کوردستان.

جو ستورک وتی »لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە پاڵپشتی لە ئازادی رۆژنامەوانی بکات«.

**ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی دۆسیەی خوێندکار و ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) لەڕوانگەی ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری لە دانیمارک**

**ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژ: هیدایەت مەلا عەلی**

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ڕفاندن و تیرۆرکردنی خوێندکار و ڕۆژنامەنووس (سەدەشت عوسمان) لە ڕۆژی 2010/9/15 ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە، ئەم ڕاگەیاندنەی لیژنەی لێکۆڵینەوە نەیتوانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و نوسەران و ڕۆشنبیران و هەڵسوڕاوانی سیاسی قانع بکات بە ناوەڕۆکەکەی، ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە چیرۆکێکی دروستکراو دەچوو وەک ئەوەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەیەکی تایبەت کرابێت، ئەوەی لەم ڕاگەیاندنەدا مایەی نیگەرانیە ئەوەیە کە قوربانی کراوەتە تاوانبار و تاوانبار لە شانۆگەریەکدا بەرائەتی خۆی وەرگرتووە.

بڕوانە درێژەی بابەت ... بە پی دی ئێف لە سایت هەیە

کۆبوونەوەی کەمپینی بەرگری لە ئازادیی لە دانمارک لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی گەلیی دانمارکی (SF).

لەدرێژەی کار و چالاکیەکانی کەمپینی بەرگری لەئازادی_دانیمارک ئەمڕۆ هەینی ڕێکەوتی ( ٣) ی دیسەمبەر کاتژمێر(٩) ی بەیانی وەفدێکی کەمپینی بەرگری لەئازادی_دانیمارک کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان(عوسمان ئەحمەد، لوقمان مستەفا، ئیبراهیم حاجی حەمەشەریف، ئاراس وەهاب) لە (کۆپنهاگن) لە تەلاری پەرلەمانی دانمارکی لەگەڵ وتەبێژ و نوێنەری پارتی (SF) ی دانمارکی، کە خاوەنی (٢٣) ئەندامە لە پەرلەماندا کۆبوونەوەیەکیان سازدا.

وەفدی میوان لە هۆڵی تەلاری پەرلەمان لەلایەن (هۆڵگە)ەوە نوێنەر و وتەبێژی پارتی (SF ) لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا پێشوازییان لێکراو بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکە بەڕێکران.

لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا وتەبێژی کەمپینی بەرگری لە ئازادی_دانیمارک سوپاسی پارتی (SF) کرد و ڕۆڵی ئەو پارتەی وەکو لایەنێکی کارا لە بواری سەقامگیرکردنی پرۆسەی دیمۆکراسی و ئازادی لە بەگشتی و پشتیوانی لەداخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت بەرز نرخاند. لە دوای ئەوە کورتەیەکی دەربارەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دەڤەری باشووری کوردوستان بۆ (هۆڵگە) باسکرد و تیایدا ئاماژەی بە هەوڵەکانی (حکومەتی هەرێم) بۆ خنکاندن و کپکردنەوەی دەنگی ئازادیی لە کوردستان کرد. پاشان هاتە سەر باسی کارەساتی کوشتن و ڕفاندن و ئازاردانی ڕۆژنامەنووسان و کەسانی ئازادیخواز. وتەبێژی کەمپینی بەرگری لەئازادی_دانیمارک لەدرێژەی قسەکانیدا بەدیاریکراوی باسی ڕفاندن و پاشان کوشتنی ڕۆژنامەنووسی گەنج (سەردەشت عوسمان)ی کرد، هەمانکات ئەوەی ڕونکردەوە کە چۆن لەژێر گوشارێکی جەماوەری گەورەدا (لیژنەی لێکۆڵینەوە) کەبەفەرمانی ( مەسعود بەرزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوو، ڕاپۆرتێکی زۆر لاواز و بێ بنەما ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەی کەیسەکەیان ڕاگەیاند. ڕاپۆرتی ناوبراو لە بری ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی لۆژیکانە و دروست بوایە و کۆمەڵێک بەڵگەی بدایە بەدەستەوە چۆن و کێ ئەم تاوانەی بەرامبەر بە ئازادیخوازێکی میللەتەکەمان ئەنجامداوە، هاتوون بە تاوانبار لەقەڵەمیانداوە و لکاندویانە بە یەکێک لە توندڕەوترین بزووتنەوەی ئیسلامی سوننی سیاسی بەناوی( ئەنسار ئیسلام)!!!!

دواتر باس لە مەترسیەکانی سەر ژیانی خێزانی خوێندکار و ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراو ( سەردەشت عوسمان) کرا کەلە (هەولێر)ی پایتەختی کوردستان دەژین،و، جەخت لە نائارامی بارودۆخی خێزانی (سەردەشت عوسمان) کراو پرسیاری ئەوەکرا ئایا دەتوانرێت چییان بۆ بکرێت!

پاشان پرسیار لە (هۆڵگە) کرا ئایا بە پێی ئەزموونی سیاسی و دیبلۆماسی ئەوان و بە ئەندازەی ئەو پەیوەندییەی ئەم پارتەسیاسییە هەیانە لەگەڵ (حکومەتی هەرێم) و دەسەڵاتدارانی کوردستان و (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەتوانرێت چی بکرێت و چۆن ئەم گوشارە جەماوەرییە دەخرێتە خزمەت پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی و فروانکردنی مەوداکانی ئازادی لە کوردستان.

لە سەرەوەختی کۆتایی دانیشتنەکەدا ئەندامانی وەفدەکەی کەمپینی بەرگری لەئازادی_دانیمارک بابەتی داوەتکردنی هەندێک لە ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆی کوردوستان و کەسایەتی ئازادیخواز و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیان بۆ پەرلەمانی سویدی کرد، کە تیایدا برای شەهید (سەردەشت عوسمان)یش بانگهێشت کرابوو. لێرەدا داوا لە( SF) کرا گەر بکرێت بەهەمان شێوە لە ڕێگەی ئێمەوە چەند کەسایەتییەکی ئازادیخواز و چالاک لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا بانگهێشت بکرێن و ڕێگەیان پێبدرێت لە تەلاری پەرلەمانی دانیمارکیدا

باسێکی تێر وتەسەلی بێلایەنانەی پرۆسەی بەرەوپێشەوە چوونی ئازادی ڕادەربڕین بکرێت و ڕۆڵی ئەو ئازادییە لە سەرخستنی پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردیدا هەڵبسەنگێنرێت.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا (هۆلگە) نوێنەری پارتی (SF) گرنگی بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەکو حوکومەتێکی نیمچە ئۆتۆنۆم پیشاندا و ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەوان هەمیشە پرۆتێستۆی خۆیان کردووە و زووتریش هەڵوێستیان بەرامبەر بەو پێشێلکارییانە هەبووە. لە پەیوەست بە بابەتی بانگهێشتکردنی کەسایەتی ئازادیخوازو بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆژنامە نووسانی ئازاد لای خۆی یاداشتی کردو بەڵێنی ئەوەیدا، کە کاری لەسەر بکات. بەهەمان شێوە لە پەیوەست بە بارودۆخی خێزانی (سەردەشت عوسمان) هەمان بەڵێنی دووبارە کردەوەو لای خۆی یاداشتی کرد.

دواتر پێش بەجێهێشتنی شوێنی کۆبوونەوە و تەلاری پەرلەمان (هۆلگە) کارتی بزنزی خۆی بەسەر ئەندامانی کەمپینەکەماندا دابەشکرد و داوای لێکردین کە کەناڵێکی پەیوەندی دروستبکەین تا لەڕێگەی ئەو کەناڵەوە بتوانین ئاگاداری هەوڵەکانییانبین لەو بوارەدا.

لە دوای کۆتایهاتنی کۆبەنەوەکەو بەڕێکردنی وەفدی میوان و تێپەڕبوونیان بەناو هۆڵێکی پێشوازیدا، کە نزیک بوو لە ژووری کۆبوونەوەکەی (هۆلگە) وە بەڕێکەوت سکرتێری پارتی( SF )(ڤیلی سۆندەیل) دانیشتبوو توانرائەو هەلە بقۆزرێتەوە بۆ یەکترناسین و وێنەیەکی یادگاریش لەگەڵ ناوبراو گیرا.

کەمپینی بەرگری لە ئازادی_دانیمارک

kampiniazadi@yahoo.com

4/12/2010

"بڕیارەکە بەپێی یاسای شارستانی ساڵی 1969 دەرکراوە"

(سبەی): دادگای بەرایی شاری هەولێر سزای 35 ملیۆن دیناری بەسەر گۆڤاری لڤیندا سەپاند بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێک کە پەیوەندی بە کوشتنی ڕۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان)وە هەبوە و سەرنوسەری ئەو گۆڤارەش بڕیارەکەی دادگا بە بێڕێزی دەزانێت بەرامبەر بە یاسای ڕۆژنامەگەری و داوا دەکات دادگا و دادوەرەکانی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بن و ڕێز لە یاسا و میدیای ئازاد بگرن.

لە لێدوانێکیدا بۆ (سبەی)، ئەحمەد میرە سەرنوسەری گۆڤاری لڤین ڕایگەیاند: لە چوارچێوەی ئەو داوایانەی پارتی تۆماری کردوە لەسەر میدیای ئازاد، دادگای بەرایی

هەولێر بەیاسای شارستانی 1969 و دور لەپەیڕەوی یاسای رۆژنامەگەری و یاسا نوێیەکانی پەلەمانی کوردستان، بریاڕی دا بە غەرامەکردنی گۆڤارەکەمان لەسەر یەک داوا بە بڕی 35 ملیۆن دیناری عێراقی، بەبێ ئەوەی ئێمە ئامادەی دانیشتنەکەی دادگا بین.

وتیشی: پێشتر ئێمە لەرێگەی پارێزەرەکەمانەوە داوامان کردبو داواکە بگوازرێتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام لەبری ئەوەی داواکە بگوازنەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ ئەوەش کە ئێمە چەند تێبینیەکمان لەسەر ناوەڕۆکی داواکە هەبو، بەبێ ئامادەبونی ئێمە دادگا بڕیاری غەرامەکردنی منی داوە بەبڕی 35 ملیۆن دینار ئەمەش پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرییە.

ئەحمەد میرە تەئکیدیکردەوە کە ئەو بڕیارەی دادگا بێرێزیەکە بەرامبەر یاسای رۆژنامەگەری و لەهەمانکاتیشدا بێرێزیە بەرامبەر واژۆی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەناوی سەرۆکی هەرێمەوە واژۆی لەسەر یاساکە کردوە، ئێمە ئامادە نین ئەو برە پارەیە بدەین کە پارتی غەرامەی ئێمەی پێ کردوە، پێشم وایە دادگا سەربەخۆ نیە و هیچ بنەمایەکی یاسایی تێدا نەبوە تا ئێمە بچینە بەردەم دادگا و داوای پێداچونەوە دەکەم لە دادگای تەمیز و داواش لە دادوەرەکان دەکەم کە رێز لە یاسا بگرن و گاڵتە بە یاسا نەکرێت، هەروەها ئەرکی رێخراوە نێودەوڵەتیەکانیشە کە فشاری زیاتر بخەنە سەر پارتی و کۆتایی بەو مەهزەلەیە بهێنێت بۆ سەر یاسا و میدیای ئازاد، وتیشی: ئەو بابەتەی غەرامە کراوم لەسەری تایبەتە بە روداوی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان لە ژمارەی 126ی گۆڤاری لیڤیندا.

## بۆ بەرگری لەئازادیی بیروڕا و ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە دانیمارک سیمینارێک سازدەکرێت

کەمپینی بەرگری لە ئازادی_دانیمارک هەڵدەسێت بە سازدانی سیمینارێک سەبارەت بە ئازادیی بیروڕا، ئازادیی ڕۆژنامەگەری و چەمکی ئازادی خۆی. لەم سیمنارەدا قسەوباس دەکرێت لەسەر ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی کوردستان و پەسەندکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی نوسەران و ڕۆشنبیران و سەرجەم ئازادیخوازان.

لەم سیمینارەدا بەڕێزان (هیدایەت مەلا عەلی) نوسەر و هەڵسوڕاوی سیاسی و (ئاراس وەهاب) جێگری کۆمیتەی دانیمارکی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید/چاک بەشداری دەکەن بە دوو بابەت.

بابەتی یەکەم: لەلایەن (هیدایەت مەلا عەلی)ەوە لە ژێر ناوی (ئازادی لە بۆتەی دەسەڵات و ئیسلامی سیاسی)دا.

بابەتی دووەم: لەلایەن (ئاراس وەهاب)ەوە لە ژێر ناوی (چەمکی ئازادی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە)

ڕۆژی یەکشەممە 2011/2/6

کاتژمێر: 2ی پاش نیوەڕۆ

شوێن : کلتور هوسی ڤالبی

نهۆمی: 3، لۆکاڵی 4

ئەدرەس:

VAIGÅRDSVEY 4_8

VALBY 2500

ئامادەبوونتان لەم سیمنارەدا پشتیوانیەکی گەورەیە لە ئازادی لە کوردستان.

تێبینی: ڕۆژی یەکشەممە 2011/2/6 هاتوچۆ بە قیتار بەخۆڕایە.

کەمپینی بەرگری لەئازادی_دانیمارک

**خوێندکارێک لەسەر داکۆکیکردن لە سەردەشت عوسمان فەسڵ دەکرێت**

ڕۆژنامەی هاوڵاتی – لە یەکێک لە خوێندنگا ئامادەییەکانی ناو شاری هەولێر ، قوتابییەک لەبەر ئەوەی بەرگری لە ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراو سەردەشت عوسمان کردووە ، لە لایەن دەستەی کارگێڕی خوێندنگایەکەیەوە کێشەی بۆ دروستکراوە و دواتر دەریانکردووە .

لە ئامادەیی بازرگانی کچان لە شاری هەولێر مامۆستایەکی سەر بە دەسەڵات بە ناوی مامۆستا) ل) لە کاتی وانە وتنەوەدا هێرش دەکاتە سەر خۆپیشاندەرانی شار و شارۆچکەکانی سلێمانی و بە "تێکدەر و ئاژاوەگێڕ" ناویان دەبات و دواتر دەڵێت "ئەگەر ئەوانە تێکدەر و ئاژاوەگێڕ نەبن بۆ ڕەسمی سەردەشت عوسمان بەرز دەکەنەوە لە کاتێکدا ئاشکرا بوو سەردەشت کێ تیرۆری کردووە".

بە پێی زانیارییەکانی هاوڵاتی قسەکانی ئەو مامۆستایە نارەزایی قوتابیانی لێدەکەوێتەوە و قوتابییەک بە ناوی (ە ،س) وەڵامی مامۆستاکەی بە توندی داوەتەوە و دەڵێت " ئێمە قەبوڵ ناکەین تۆمەت بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسە دروست بکەیت و لای هەمووومان ڕۆشن بوو کە کەیسی ئەو ڕۆژنامەنووسە لەسەر کی ساغبووەوە و ئەو کەسێکی پاک و ڕاستگۆبوو".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە رووداوەکە ، ئاماژەی بەوەدا کە دواتر مەسەلەکە براوەتە ئیدارە و بەرێوەبەری قوتابخانەکە لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی سەر بە پارتی چەند جارێک ئەو قوتابییەی بانگکردووە بۆ ئەوەی لە قسەکانی خۆی پەشیمان ببێتەوە و هەڕەشەی لێکراوە.

سەرچاوەکە ، وتیشی کە ئەو قوتابییە سوور بووە لەسەر قسە و هەڵوێستەکانی ، دواتر بە سێ رۆژ دەرکردن لە قوتابخانە سزا دراوە.

**بەرەو( 5/5)رۆژی ئازادی رادەربڕین لەکوردستان..**

بەشدار عوسمان :

لەم بەروارەدا رۆژنامەنوسێک لە پایتەختی هەرێمێکی سێ شارییدا، بەدەستی جەلادانی ئازادی و دوژمنانی عەدالەت و یەکسانی رفێندرا و خەڵتانی خوێن کرا، تەنها لەبەر ئەوەی خەون و خولیاکانی باڵاتر بوو لە خەونە و خولیاکانی جەلادەکان، تەنها لەبەر ئەوەی گەرەکی بوو قسە لەسەر هەموو شتێک بکات، دەمیان پڕ گوللە کرد !

لە 2010/5/5 مەرگەوەرەکانی تاریکی چاویان چویە سەر رووناکیەک کە پەیامی رووناکی و بەختەوەری و خۆشبەختی لە کۆڵی خۆی بۆ برا بچوکەکانی هەڵگرتبوو، لە رۆژێکی رۆشندا و لەبەردەم کۆلیژەکەی و لەبەرچاوی هەموو خوێنکاران و پاسەوانانی کۆلیژ (سەردەشت عوسمان )ی بیست و سێ بەهارییان بەزۆر راپێچی مەرگ کرد و جارێکیتریش بە هەموو دنیایان گوتەوە کە ئیتر دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان لەگەڵ ئازادی بیروڕا زۆر ناکۆک و ناتەبایە، بەدەرکەوتنی کەسانی ئازاد و سیماکانی ئازادی هەست بەنەمان و ئاوابوونی خۆیان دەکەن، بۆیە پەلامار دەدەن !

ئەوان ویستیان دەمی گەنجێک ببەستن، بەڵام هەمومان هاوارمان کرد تا گوێچکەکانیان ئازاری پێگەیشت ئیتر دوایی ئەو بەرواره رامانهێنان لە بیستنی کۆمەڵێک رستە کە پێشتر نەیانبیستبو بەڵکو بەبیستنیان توشی هستریا دەبون، ئەوان ویستیان سەردەشت نەمێنێت، بەڵام هەمومان بوین بە سەردەشت و پێمان گووتن هیچ کەس و شتێک نیە کە لای ئێمە پیرۆز و مقدس بێت و هەموو شتێک و کەسێک دەبێت قسەی لەسەر بکرێت، ئەوان ویستیان بەر بە خەون و خەیاڵاتی قەڵەم بەدەستێک و رۆژنامەنوسێکی مەملەکەتێکی قەتیس بەبوو لە ترس و تۆقاندن بگرن، بەڵام خۆشبەختانە هەموومان قەڵەمەکانمان تیژتر کردەوە تا پەیامە تەواونەکراوەکانی سەردەشت تەواوبکەین و رۆحی بۆ هەمیشە شاد بکەین، ئەوان ویستیان بەر بە ئازادی بیروڕا بگرن، بەڵام هەر سەردەشت خۆی لە خۆییدا بوو بە رەمزی رادەربڕین و سەرەتایەکی بەهێز بۆ ( نا )ووتن .

ئەم رۆژانە ساڵێک بەسەر قرتاندنی گوڵێک تێپەڕ دەبێت کە بەدەست دوژمنانی ئازادی تیرۆرکرا ، ئیتر شانازییەکیش بە ئەمن و ئاسایش و ئازادی پایتەختی هەرێمەکەیان نەمایەوە ، دواجاریش سەردەشت بە چاونەترسی و گوێنەدان بە هەرەشە و گورەشەکانیان پێی گوتن: ئەگەر ئێوە بەرگەی دێرەکانی من نەگرن کە لەوپەڕی دڵسۆزیمەوە دەینوسم ، ئیتر کەواتە ئێوە هیچ نین و بە کزە باییەک دەرۆن و نامێنن وەرن ئەو کارە بکەن تا ماهیەتەکەیان باشتر دەرکەوێت ، بەداخەوە ئەو کارەیان کرد و بچوکی خۆیان سەلماندەوە .

سەردەشت عوسمان، بە مەرگەکەی وەزعیەتێکی لە کۆمەڵگای کوردستان دورستکرد کە هەمومان بێ جیاوازی  بە ئازادی کەمتر رازی نابین،بە کەمتر لە یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی رازی نابین، رازی نابین بەبەرچاوەکانمانەوە سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە بە تالان ببەن و نوسین و قسەکردنیشمان پێ رەوا نەبینن، رازی نابین سات و سەودامان پێبکەن، رازی نابین.....

سەردەشتی هەمیشە زیندوو، بەوپەڕی دڕندەیی و لەحاڵەتێکی بەربەریەتدا تیرۆرکرا ،بەڵام ئەمە خاڵی کۆتایی نەبوو ، دەسەڵاتی سیاسی لەرێگای کۆمیدیایەک بەناوی( لیژنەوە ) پەیامێکی مەترسیداری بۆ هەموو نوسەران و رۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان نارد، بەڵام خۆشبەختانە نەک پەیامەکە نەگەیشت بەڵکو ئەو ( تیرۆریستە )لای هەموان خۆشەویستر بوو و هەموان ئامێزیان بۆ باوەشی میهرەبانی ئەو ( تیرۆرستە ) شیرنە کردەوە، ئیتر پاکی و بەرائەت و راستگۆیی سەردەشت لای خەڵک  زیاتر رۆشن بویەوە و دەرگای لەسەر کۆمەڵێک بابەت کردەوە کە بەڵگە و دیکۆمێنتی دایە دەست هەمووان بۆ قسەکردن و گفتوگۆکردن و داکۆکی زیاتر لە سەردەشت و ئازادی.

ئیستا سەردەشت لەناوماندا نیە،بەڵام وێنە و پەیام و پێکەنین و زەردەخەنە شەرمنەکانی لەنێو کوچە و کۆڵان و شار و و ماڵەکانمان دێن و دەچن و بۆ هەمیشە لەنێو دڵ و دەروونی ئازادیخوازان و رۆژنامەنوسان بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ئەوان وویستیان ئازادی لە رێگای سەردەشتەوە تیرۆر بکەن ، بەڵام سەردەشت و ئازادی بوون بە دوو ناوی لەیەک جیانەکراوە بۆ هەتا هەتایە و سەردەشت بوو بە دەروازەیەکی گەورە بۆ گەیشتنی خەڵکی کوردستان بە ئازادی.

بژی سەردەشت ، بژی سەردەشت ، بژی ئازادی !

**ڕۆژنامەنوسانی بێسنور داوای دادگاییکردنی بکوژانی سەردەشت عوسمان دەکات**

**ئاوێنە : لە ساڵیادی رفاندنو تیرۆری رۆژنامەنوسو خوێندکار سەردەشت عوسمان، رێکخراوی نێودەوڵەتی رۆژنامەنوسانی بێسنور لە راپۆرتێکدا لە ژێرناوی "رێزێک بۆ سەردەشت عوسمان" داوا لە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەکات چۆنیەتی ئەو تاوانە ئاشکرا بکات.**

**لە راپۆرتەکەدا هاتووە: ساڵێک بەسەر کوژرانی سەردەشت عوسمان تێپەڕی. ساڵێک تێپەڕیو هێشتا بکوژەکانی بەئازادی دێنو دەچنو سزا نادرێن. دوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر ئەوەی رفاندنی لە4ی ئایاری 2010 لەبەردەم زانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر، رۆژنامەنووسانی بی سنوور رێز لەم رۆژنامەنووسە گەنجە تەمەن 23 ساڵە دەنێت کە دوو رۆژ پاش رفاندنی تەرمەکەی لەموسل دۆزرایەوەو فیشەک نرا بوو بەکەللەی سەرییەوە. سەردەشت چەند وتارێکی نووسی بوو، کە دیارترینیان بەناوی "من عاشقی کچەکەی بارزانیم" لەکوردستان بڵاویکردەوە.**

**رۆژنامەنوسانی بێسنور پرسەو سەرەخۆشی خۆی ئاڕاستەی بنەماڵەو هاوڕێیانو هاوکارانی دەکاو لەحکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەپرسێت کە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم تاوانە ئاشکرا بکاو ئیدانەی**

**نەبوونی شەفافیەتیش دەکات لەهەلومەرجی لێکۆڵینەوە لەم تاوانەدا.**

**راپۆرتەکەی رۆژنامەنوسانی بێسنور دەنوسێت: ئەم یادەوەرییە دڵتەنگە لەکاتێکی زۆر پشێودایەو هێزەکانی ئاسایشی سەر بەحیزبە سیاسیەکان سڵ لەهێرشکردنە سەر ئەو رۆژنامەنووسانە ناکەنەوە کە دەیانەوێ رووماڵی خۆپیشاندانو نارەزاییە جەماوەرییەکان بکەن لەکوردستانی عێراق لەناوەڕاستی شوباتەوە. لەم هەفتانەی دواییدا، دەستدرێژی کردنە سەر ئازادی رۆژنامەنووسان زیادی کردووە: هەڕەشەی کوشتنو تۆقاندنو دەستدرێژی جەستەییو هەوڵی کوشتنو بەتاڵانکردنی میدیا لۆکاڵییەکان بووە بەنانو ئاوی رۆژانەی رۆژنامەگەری هەرێمەکە.**

**رۆژنامەنوسانی بێسنور دەنوسێت: سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی لەمبارەیەوە کۆمیتەیەکی تایبەتی دروستکرد تا لێکۆڵینەوە لە رفاندنو تیرۆری سەردەشت عوسمان بکات، ئەگەرچی بنەماڵەی سەردەشت رەخنەیان لە سەربەخۆبوونی ئەم لیژنەیە گرت.**

**لیژنەکە لە 15ی ئۆکتۆبەردا یەکەم بەیاننامەی دەرکردو لەو راگەیەنراوەدا وتویەتی کە کوژرانی سەردەشت عوسمان بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە کاری رۆژنامەنوسییەوە نەبووەو پەیوەندی بە گروپی ئەنسارولئیسلامی سەربە ئەلقاعیدە بووەو لەم پەیوەندەشدا کەسێکیان دەستگیرکرد.**

بنەماڵەی سەردەشت بە خێرایی ئەم ڕاگەیەنراوە ڕەتدەکاتەوەو لە بەیاننامەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو کەسێک سەردەشتی ناسیبێت دەزانێت کە ئەو کەسێک سێکۆلارو دوور لە ئایدۆلۆژیای تیرۆریستی بووە.

ڕۆژنامەنوسانی بێ سنور ئاماژە بەوەش دەکەن کە گروپی ئەنسارولئیسلامی لەبەیاننامەیەکدا لە 23ی ئۆکتۆبەر هەرجۆرە پەیوەندییەکی خۆی لەسەر ئەم تیرۆرە ڕەتکردەوە.

ئێستاش پاش ساڵێک لەمەرگی سەردەشت عوسمان، بکوژانی تا ئێستا دەستگیر نەکراون. ئەو تەنهاگەنجێکی ڕۆژنامەنوس بووە لەکورستانی عێراق کە بەدوای کوژرانی ڕۆژنامەنوسی گۆڤاری لڤین سۆرانی مامەحەمە کە لە ساڵی 2008 لەکەرکوک کوژرا.

ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەنوسانی بێ سنور ئاماژە بەوەدەکات کە ڕۆژی 15ی ئایاری ئەمساڵ بەرکێک لە کتێبی ڕێنما بۆ ڕۆژنامەنوسان کە بە هاوکاری یۆنسکۆ ئامادە کراوە بە هاوکاری دەزگای ئاراس بەزمانی کوردی بڵاودەکاتەوە.

خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکی یادی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان-یان کردەوە

محەمەد بابەکر

ئەمڕۆ کۆمەڵێکی زۆر لەخوێندکارانی زانکۆی ئەمریکی، لەناویشیاندا چەند مامۆستایەک، هەستان بەئەنجامدانی چالاکیەک لەناوەکەمپی زانکۆ بۆ بەرز ڕاگرتنی سالیادی شەهیدکردنی ڕۆژنامەنوس و خوێندکار سەردەشت عوسمان.

چالاکیەکەبریتی بوو لەخوێندنەوەی چەند وتارێک لەلایەن خوێندکارانەوە کە تێیدا ڕووداوی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان–یان ئیدانەکردو بەکپکردنی دەنگی ئازادو پێشێلکردنی مافەسەرەتاییەکانیان لەقەڵەم دا. هەروەها ڕایانگەیاند کەسەردەش تەنها دەنگێک نەبوو بەڵکو دەنگی هەموو ئەوانەبوو کەداوای یەکسانی و سەروەری یاسا دەکەن.

هەر لەمیانەی وتارەکاندا جەخت کرایەوەلەسەر بەردەوام بوون و درێژەدا بەڕێبازی سەردەشت عوسمان کە داکۆکی کردن لەئازادی ڕادەربڕین و گەیاندنی ڕاستیەکان بوو.

چالاکەیەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆگیانی پاکی سەردەشت عوسمان کۆتایی هات.

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان ئازاد بکەن**

ماوەیەکە ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە هەولیر فلتەر کراوە و ماڵپەڕ ناکرێتەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی. ئێمە وێرای ئیدانەکردنی توندی ئەم هەنگاوەی پارتی کە بە زیندانیکردنی ماڵپەڕی سەردەشت ئەیناسێنین و بە هێرش کردنێکی تری دەسەڵاتدارانی ئەزانین سەر ئازادی ڕۆژنامەگەریی و ئازادی رادەربڕین خوازیارن کە سەرجەم نوسەران و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراو و بلاوکراوە ئازادەکان هاوشان لەگەڵماندا ئەم پەلامار و زیندانیکردنەی ماڵپەڕی سەردەشت سەرکۆنە بکەن و هەوڵی جدی بدەن لە ئازادکردنیدا.

ئازادی ڕۆژنامەگەریی و ئازادی دەستڕاگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە زانیاری ڕاست و دروست یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە و پێویستە دەسەلاتداران لە ژێر هیچ بیانوویەکدا پێشێلی نەکەن و ڕێزی لێ بگرن.

خوازیارین بە زووترین کات ئەم فلتەرە لابرێت و ماڵپەڕەکەمان ئازاد بکرێت .

دەستەی بەڕێوەبەری ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان

٨ ی مەی ٢٠١١

ئێوە ئەتوانن لە ماڵپەڕ فلتەر شکێنەکان سوود وەربگرن بۆ کردنەوەی ماڵپەڕی سەردەشت

**خوێنی شەهیدانی قەڵەم لەئەستۆیبارزانیدایە... گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوری کوردستان**

بۆ: ڕایگشتی

ئیمڕۆ ساڵێک تێدەپەڕێت بەسەر تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان). ئەم ساڵیادە لە کاتێکدایە کە تا ئێستا بکوژانیهەریەکە لە(عبدالستار تاهیر شەریف و سۆران مامەحمە) دەستگیرنەکراون و ڕەوشی ڕاگەیاندن لە هەرێمیکوردستان تادێت ڕوو لەخراپیدەکات، چونکە ئەم ساڵیادە لە کاتێکدایە کە لە ماوەی 70 ڕۆژی ڕابردوو خراپترین ئەو ڕۆژانەبوون بۆ ڕاگەیاندنی کوردی بە تایبەتیو بەگشتی لە هەرسێ پارچەکەی تری کوردستان ڕەوشی هاوڕێو هاوکارانمان خراپ بووە بەلآم بەبەراورد بەڕەوشی هەرێم تەنیا لەسێ پارێزگاکەی هەرێم پلەییەکەم وەردەگرێت.

بەپێی زانیارییەکانیئێمە چونکە لەم ماوەیەدا سەدان ڕۆژنامەنووس هێرشیان کراوەتە سەر و کەناڵی(نالیا) سوتێنراوەو کەناڵی (پەیام)لەلایەن هێزێکی ئەمنیەوە گەمارۆ دراوەو کەناڵی(کەیئێن ئێن)یش تەشویشی خراوەتەسەر ڕادیۆی دەنگیش لەکەلار

وێرایپەلاماردانیتالاَن کراوەهەموو ئەم ڕووداوانە ئێمە وەکو گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوری کوردستان لەم ساڵیادە بێدەنگیدەسەلاَتیکوردیلەمەڕ تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان دەخاتەژێر پرسیارەوە، سەرۆکیهەرێم بەبەرپرسییەکەم دەزانێت لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان ئەمەش بەهۆی ئەوەی ک ەسەرۆکی هەرێم و بەرپرسانیتری پارتەکەیهەمیشەشانازی بەئارامی هەولێرەوە دەکەن هەروەها سەرجەم کونسوڵخانەی وولاتان لەهەولێر بەهاوبەشیکردن لە تیرۆری سەردەشت عوسمان دەزانین، چونکە بێدەنگی ئەوان نیشانەی ڕازیبوونیانە بەم کردەوانەی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی لێرەوە جارێکیتر ڕووی داوامان لە بارزانی دەکەین کە بەپەلە تاوانبارانی هەرسێ شەهیدی قەڵەم ئاشکرا بکات و ڕاپێچی دادگایان بکات ئەگینا ئێمەناچاردەبین چەند وێنەیەک لە جەستەی ئازاردراوی (سەردەشت عوسمان) بڵاوبکەینەوەد واجار کاردانەوەکانیهەرشتێک بێت ئێمە لێیبەرپرسیارنین.

وەکو ڕێزگرتنیش لەخوێنی هەر سێ شەهیدی قەڵەم وەکو پێشتر ڕامانگەیاندبوو یادی ڕۆژی ئازادی ڕۆژنامەگەری ناکەینەوە.

گرووپیڕۆژنامەنووسانیبێسنوریکوردستان – هەرێمیکوردستان

**کوردستانی عێراق: هەوڵی بەردەوام بۆ بێدەنگکردنی میدیا**

سبەی

هیومان رایتس ووۆچ

ڕۆژنامەنوسان لێیاندەدرێت، داوایان لەسەر تۆماردەکرێت، دەستگیردەکرێن و هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێت.

نیو یۆرک، 23ی ئایار، 2011: ڕێکخراوی هیومان رایتس ووۆچ رایگەیاند کەبەرپرسانی حکومی و هێزەئەمەنییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەک، کەلە زیادبوندایە هێرش دەکەنە سەر ئازادییەکانی کارکردنی رۆژنامەنوسان لەکوردستانی عێراق. هیومان رایتس ووۆچ رایگەیاند کە پێویستە بەرپرسانی هەرێم کۆتایی بەسەرکوتکاری دژی رۆژنامەنوسان بهێنن بەشێوازی جیاجیای وەک داوای تەشهیر و لێدان و گرتن و هەڕەشەی کوشتنەوە.

دەسەڵاتداران چەندینجار هەوڵیانداوە گۆڤاری لڤین، کەیەکێکە لەگۆڤارە بەناوبانگە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان و میدیاکانی تر بێدەنگ بکەن. هیومان رایتس ووۆچ رایگەیاند کەپێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆتایی بەبێدەنگبونی لەئاست ئەم هێرشەبەرفراوانبوانەبهێنێت و سەرکۆنەی بکات.

لەمبارەیەوە، سارا لی ویتسن، بەڕێوبەری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهیومان رایتس ووۆچ رایگەیاند: "حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی هێنانەدی سەردەمێکی نوێیدا لەئازادی بۆ کوردی عێراق، بەڵام وادیارەکەرێزگرتنی بۆ مافی ئازادی رادەربڕینی کورد زیاتر نییەلەحکومەتەکەی پێشو. لەکاتێکدا کەدەنگی داواکاری کۆتایی هێنان بەسەرکوتکاری لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەپەرەسەندندایە، دەسەڵاتدارانی کورد هەوڵی بێدەنگکردن و تۆقاندنی رۆژنامەگەری رەخنەئامێزدەدەن".

رۆژی 17ی ئایاری 2011، پارتی دیموکراتی کوردستان، کەسەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، داوایەکی تەشهیری دژی ئەحمەد میرە، سەرنوسەری گۆڤاری لڤین، تۆمارکرد لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک سەبارەت بەوەی گوایەپلانێک لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هاوبەشی لەحکومەتدا، هەبوەبۆ تیرۆرکردنی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن. بەپێی بەڵگەنامەکانی دادگا کەنوسخەیان لەلای هیومان رایتس ووۆچەپارتی دیموکراتی کوردستان داوای یەک ملیار دینار (864 هەزار دۆلار) قەربو و بڕیارێک دەکات بۆ داخستنی گۆڤاری لڤین لەرێی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردن.

لەدەقی داواکاندا هاتوە، کەپارتی دیموکراتی کوردستان داوای لەسەر ئەحمەد میرەتۆمارکردوەچونکەبابەتەکەی لڤین، "نەک هەر هیچ بنەمایەتی راست و دروستنی نییە بەڵکو دیاردەیەکی مەترسیدارەبۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و پێشێلکردنی پیرۆزی و سەروەریەکان و دەستکەوتەمەزنەکان"ی گەلی کوردستان.

لەکاتێکی پێشتری مانگی ئایاردا، جەلال تاڵەبانی سەرۆکی عێراق و سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەلایەن خۆیەوەداوایەکی دژی لڤین لەسەر هەمان بابەت تۆمارکرد. ئەحمەد میرەبەهیومان رایتس ووۆچی رایگەیاند، کەبەهۆی ئەو داوایەوەرۆژی 5ی ئایار، پۆلیس ئەو و پەیامنێری لڤین، ژیار موحەمەد، یان بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر دەستگیرکرد.

سارا لی ویتسن، بەڕێوبەری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهیومان رایتس ووۆچ وتی: "ئەو جۆرەداوایانەی تەشهیر لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمەوەهیچ نین جگەلەهەوڵی پەردەپۆشکراو بۆ سزادانی رەخنەگران و دروستکردنی کەشێکی پڕ لەترس و سانسۆر لەسەر خۆدانان. هێرشەکانی بارزانی و هاوکارەکانی بۆ سەر رۆژنامەنوسانی سەربەخۆ زیانیان لەسەر "پیرۆزی" و "سەروەریەکان" زیاترەوەک لە بڵاوکردنەوەی هەر شتێک لەمیدیاکاندا".

رۆژنامەنوسێکی لڤین، بە هیومان رایتس ووۆچی وت، کەکاتێ رۆژی 24ی نیسان تەلەفۆنی بۆ شێخ جەعفەر موستەفا، وەزیری پێشمەرگە، کرد وەزیر هەڕەشەی کوشتنی لەسەرنوسەری گۆڤاری لڤین، ئەحمەد میرە، کرد. رۆژنامەنوسەکەی لڤین تەلەفۆنی بۆ شێخ جەعفەر موستەفا کردبو بۆ وەرگرتنی بۆچونی وەزیر لەسەر مەسەلەیەک. دەقی پەیوەندییەتەلەفۆنییەکەتۆمارکراوە. رۆژنامەنوسەکەوتی، کەشێخ جەعفەر موستەفا

بێزاربو ، چونکەلەبابەتێکی گۆڤارەکەدا ئەو بەراوردکرابو بەیەهود باراک، وەزیری بەرگری ئیسرائیل. ئەحمەد میرەوتی، کەبڕیاریدا پێش ئەوەی هەواڵی ئەو هەڕەشەیە بۆ رای گشتی بڵاوبکاتەوە یان پۆلیس ئاگاداربکات مەسەلەکە بگەیەنێتە سەرۆکی حکومەت.

ئەحمەد میرەوتی: "دوای هەڕەشەکەی شێخ جەعفەر موستەفا دەستبەجێ بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانم ئاگادارکرد و داوای هاوکاریم لێکرد. شریتی تۆمارکراوی هەڕەشەکەم هەیەبۆ سەلماندن، بەڵام بەداخەوە، سەرۆکی حکومەت هیچ هەوڵێکی نەداوەبۆ لێکۆڵینەوەلەهەڕەشەیەکی کوشتن کەلەلایەن ئەندامێکی کابینەکەی خۆیەوەکراوە"، هەربۆیەئەحمەد میرەبڕیاریدا کەهەواڵی ئەو هەڕەشەیە بڵاوبکاتەوەو رۆژی 7ی ئایار بابەتێکی لەو بارەیەوەبڵاوکردەوە.

هیومان رایتس وۆچ داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کەلێکۆڵینەوەلەمەسەلەی هەڕەشەکردن لەئەحمەد میرەبکات، ئەگەر دەرکەوت کەهەڕەشەکردنەکەرویداوەئەوا شێخ جەعفەر موستەفا لەپۆستەکەی لاببرێت و روبەروی دادگابکرێتەوە.

لڤین، گۆڤارێکی سەربەخۆیەو لەساڵی 2002دا لەسلێمانی دامەزرێنراوەو مانگی سێ جار و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەهەرێمی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوەو زۆرجار بابەتی تەواو رەخنەئامێز لەسەر دو پارتە دەسەڵاتدارەکە بڵاودەکاتەوە. هەروەها چەند نوسەرێکی گۆڤاری لڤین روبەروی هەڕەشەیان گرتن بونەتەوەیان لەوڵات هەڵهاتون. ساڵی 2008، سۆران مامەحەمە، پەیامنێری گۆڤارەکە، لەبەردەم ماڵی خۆیدا لەگەڕەکێکی کەرکوک، کەلەژێر دەسەڵاتی کورددایە، تیرۆرکرا پاش ئەوەی راپۆرتێکی لەبارەی لەشفروشی لەکەرکوک بڵاوکردەوەو ئاماژەی بەتێوەگلانی چەند بەرپرسێکی کوردەوەکرد.

لەو کاتەوەی کەهەستان بەسەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان لەرۆژی 18ی نیساندا لەسلێمانی، دەسەڵاتدارانی کورد زنجیرەیەک هێرشیان دژی رێکخەرانی خۆپیشاندان و رۆژنامەنوسان ئەنجامداوە. هەڕەشەی لێدان و گرتن هەندێ کەسی ناچارکردوەکەخۆیان بشارنەوە.

شەوی 11ی ئایار، هێزەئەمنییەکان لەشاری سلێمانی، کەوتنەلێدانی بڕیار نامیق، پەیامنێری کەناڵی KNN، و دەستگیریانکرد. بڕیار وتی، کەبەهۆی ئەو لێدانەوە دەستێکی شکاوە. بڕیار نامیق بەهیومان رایتس وۆچی وت: "دوای ئەوەی چەند تەقەیەک لەنزیک نوسینگەی پەرلەمانەوەکرا، چوم بۆ ئەوەی رومالّی روداوەکە بکەم و پرسیارم لەمەفرەزەیەکی یەکێتی کرد کەچی رویداوە. کاتێکم زانی، شەش کەس بەجلی مەدەنییەوە دەرکەوتن و پەلاماریاندام، تەلەفۆن و کامێراکەیان لێسەندم و بردمایەنە بەردەم ماڵی بەرێوەبەری ئاسایشی شار. لەوێ چەندین ئەندامی هێزەکان ئاسایش سوکایەتییان پێکردم و لێیاندام، و گۆێم لێبو یەکێکیان پرسیاری لەئەفسەرەکەکرد کەئەکرێت بمکوژێت. سەرمیان داپۆشی و خستمیانەپشتی سەیارەیەکەوەو لەناوچەیەکی تری شارەوە فرەیاندام".

رۆژی 18ی ئایار دو رۆژنامەنوس، کەلەترسی تۆڵەسەندنەوەنەیانوسیت ناویان ئاشکرابکرێت، بەهیومان رایتس ووچیان وت کەلەکۆتایی مانگی نیساندا هەشت کەس بەجلی مەدەنییەوەلەهەولێر شوێنیان کەوتون. هەشت کەسەکەکەلەدو ئۆتۆمبیلدا بون، لەهەمان ئەو شەقامەدا دەرکەوتن کەبڕیاربو دو رۆژنامەنوسەکەتێیدا چاویان بەبەرپرسێکی هەرێمی بکەویت کەداوای کردبو دیدار لەگەڵ هەندێ راگەیاندندا ئەنجامبدات. رۆژنامەنوسەکان باوەڕیانوایەئەو کەسانە، کەجلی مەدەنییان لەبەردابو، سەر بەهێزەئەمنییەکانن و ئاگاداری ئەو دیدارەبون و لەهەوڵی رفاندنیاندابون.

سۆران عومەر، کەیەکێک بو لەرێکخەرانی خۆپیشاندان و رۆژنامەنوسێکی سەربەستە، وتی، کەلەرۆژی 19 نیسانەوەخۆی شاردوەتەوە، "لەو رۆژەوەلەماڵی خۆمدا نەخەوتوم. تاوانەکەم ئەوەیە کە رەخنە لە رەفتارە نادیموکراتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دو حزبەدەسەڵاتدارەکەدەگرم، ئەوەهەمو تاوانەکەمە. هێزە ئەمنەییەکان هەوڵی رفاندنمیانداوەو فرمانی دەستگیرکردنیان داوم. تەنانەت هەوڵی رفاندنی کوڕەکشمیان دا".

زمناکۆ ئیسماعیل، وێنەگری سەربەست، کەچالاکانەخۆپیشاندانەکانی سلێمانی رومالّکردوە، رۆژی 14ی ئایار بەهیومان رایتس ووچی وت، کەخۆی شاردوەتەوە، "چەندینجار شوێنمکەوتون، و لەمەترسی لێدان و گرتندام. لەبەرئەوەتەنها بەیەک تەکسی هاتوچۆ ئەکەم، سایەقەکەئەناسم و متمانەی پێئەکەم، ناشتوانم بچمە شوێنەگشتییەکان. لاپەڕەی فەسیبوک و ئیمەیڵەکەم هاککراون و ناتوانم بەکاریان بهێنم. هەمان شت بەسەر چەند کەسێکی تردا هاتوەکە تێوەگلاون لە خۆپیشاندانەکاندا".

رۆژنامەنوسێکی تر کەبابەتی رەخنەئامێزی لەسەر بەرپرسانی هەرێم نوسیوەلەکۆتایی مانگی نیساندا وتی، کەچەندین هەڕەشەی لەلایەن کەسانی نەناسراوەوەپێگەیشتوە، "زۆر لەهاوڕێکانی فەیسبوکم وتیان کەهێزەئەمنییەکان تەلەفۆنیان بۆکردون و هەڕەشەیان لێکردون و پێیان وتون کەباشترەبۆیان لەلیستی "هاوڕێ"کانی فەسیبوکیان من بسڕنەوە. پاش ئەوەی چەندین هاورێم ئەو کارەیان کردوە".

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لەرۆژنامەنوسان ئاماژە بەوە دەکات کە لەرۆژی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە لە17ی شوباتدا تائێستا زیاتر لە200 حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر بەرۆژنامەنوسان تۆمارکردوە. رێکخراوی رۆژنامەنوسانی بێسنور رایگەیاندوە کەبەپێی ئامارەکانی 44 رۆژنامەنوس و کارمەندی راگەیاندن هێرشی جەستەییان کراوەتەسەرو 23یش دەستگرکراون.

لەمبارەیەوەسارا لی ویتسن، بەڕێوبەری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهیومان رایتس ووچ پرسیاریکرد، "حکومەتی هەرێمی کورستان بەڵێنی دابیکردنی چ جۆرەئایندەیەک بۆ گەلەکەی دەدات لەکاتێکدا کەخۆی چەقی بەستوەلەهەمان شێوازەکۆنەخراپەکەی ناوچەکەدا کەبریتییەلەلێدان و هێرشکردنەسەر رۆژنامەنوسان؟" پاشان وتی: "سەرکردەکانی کوردستان،

بەتایبەت، ئەرکێکی قورسیان لەسەرە، ئەویش ئەوەیەکەرێزی ماف و ئازادی گەلەکەیان بگرن، بەو پێیەی کەهەمویان دەیان ساڵ مەینەتیان چەشتوە".

هیومان رایتس ووچ داوای لەهاوکارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد– بەتایبەت ولایەتەیەکگرتوەکان و وڵاتانی ئەوروپا– کەسەرکۆنەی ئەم پەراوێز خستنە ئاشکرایەی ئازادی رۆژنامەگەری لەلایەن حکومەتی هەرێمەوەبکەن.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، کەپشتیوانی سەروەری یاسا و ئازادی رۆژنامەگەری لەسەرانسەری عێراقدا کردوەو تائێستاش دەسەڵاتێکی بەرچاوی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی بێدەنگ بوەلەئاست پێشێلکارییەترسناکەکانی ئەم داوییانەی مافەکانی مرۆڤ دژ بەرۆژنامەنوسان و خۆپیشاندەران. هیومان راتیس ووچ رایگەیاند، کەبەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کەولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا، سەرکردایەتی هێزەفرەنەتەوەکانی کرد لەهەوڵدانیدا بۆ روخاندنی سەرۆکی پێشو سەدام حوسێن، بەشێکی لەبەر ئەوەبوەکەئەو رژێمەمافی کوردی پێشێل دەکرد، بۆیەبەرپرسیارێتییەکی تایبەت لەسەر شانی ( ئەمەریکا)یەلەتەئکیدکردنەوەلەوەی کەبەرپرسانی هەرێمی کوردستان رێز لەمافەکانی هاوڵاتیانییان دەگرن.

سارا لی ویتسن وتی: "هەشت ساڵ دوای ئەوەی کەولایەتەیەکگرتوەکان سەدام حوسێنی لابرد لەژێر دروشمی پاراستنی مافەکانی کورد، ئێستا بەبێدەنگی وەستاوە لەکاتێکدا ئەو حکومەتەی کەبەهاوکاری ئەو لەکوردستان دامەزرێنراوەمافەکانی دانیشتوانەکەی پێشێلدەکات و سەرکوتیان دەکات" هەروەها وتی: "بارک ئۆباما، سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوەکان، لەوتارەکەی رۆژی 20ی ئایاردا ئاماژەی بە بەرەوپێشچونی دیموکراسی لەعێراقدا کرد، بەڵام واقیعەکەئەوەیەکەترس و سەرکوتکردنی حکومی لەوێ لەپەرەسەندندایە".

کەشێکی پڕ لەترس بۆ رۆژنامەنوسانی کوردستان

داواکانی دژ بەگۆڤاری لڤین: یاساکانی عێراق و کوردستان

ماددەی 38ی دەستوری عێراقی زامنی ئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەری و چاپەمەنی و رێکلامکردن و راگەیاندن و بڵاوکردنەوەدەکات "بەهەمو شێوازێک کەنەبێتەهۆی پێشێلکردنی رێسای گشتی و ئاداب".

زیادبونی داوای تەشهیر لەسەر ئەو بابەتانەی کەرەخنەئامێزن بەرامبەر بەسیاسەتمەداران و پارتەسیاسییەکان یان بەرپرسانی حکومی سەرەکیترین بەربەستن کەروبەروی رۆژنامەنوسان دەبنەوەلەکوردستانی عێراقدا، و وادەردەکەوێت کەدادگاکانی کوردستان رێسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەکارناهێنن بۆ زامنکردنی ئازادی رادەبڕین. پارتی دیموکراتی کوردستان پێشتر داوای وەک ئەوەی ئێستا تۆمارکردوە، بەتایبەت ئەو داوا تەشهیرەی کەلەساڵی 2010دا دژی رۆژنامەیەکی هەفتانەی ئۆپۆزسیۆن تۆماریکرد و داوای یەک ملیارد دۆلار

قەرەبو ی کرد، پاش ئەوەی لەبابەتێکی رۆژنامەکەدا هەردو حیزبی دەسەڵاتدار تۆمەتبارکران بەسودمەندبون لەبازرگانیکردنی نایاسایی ناردنی نەوت بۆ ئێران.

عوسمان سدیق، پارێزەری ئەحمەد میرە، سەرنوسەری گۆڤاری لڤین، بەهیومان رایتس وۆچی وت کەرەنگەداوا تەشهیرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی قانونی مەدەنی ساڵی 1951 تۆمارکرادبێت، کەسنور بۆ داواکردنی قەرەبو دانانێت، نەک یاسای کاری رۆژنامەوانی، کەلەساڵی 2008دا لەلایەن پەلەمانی کوردستانەوەدەرچوە، یان قانونی عقوباتی عێراقی ساڵی 1969.

یاسای کاری رۆژنامەوانی سنور بۆ قەربوکردنەوەلەسەر بڵاوکردنەوەدیاریدەکات و رێگریدەکات لەبەرپرسان کەدەزگا میدیاییەکان دابخەن. بەڵام، ئەو یاسایە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارناهێنرێت، دادگاکانیش رێگەیانداوە کەچەند داوایەک بەپێی یاسا زۆرتر سەرکوتکارەکانی وەک قانونی مەدەنی 1951 و قانونی عقوباتی 1969 تۆماربکرێن.

بەپێی قانون مەدەنی، کەسێک، (رۆژنامەنوسیش دەگرێتەوە)، دەکرێت دەستبەسەردەکرێت لەسەر "زیانی مەعنەوی" لەنێویاندا "هێرشکردن بۆ سەر ئازادی و کەرامەت و شەرف و ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتی و پێگەی دارایی و ...هتد. بەپێی بەندەکانی ئەو یاسایە، کەرێگەبەقەرەبوی ئێجگار گەورەو زیندانیکردن دەدات، تاوانەئەگەر "تەشهیر" بەکەسێک یان "سوکایەتی" بەشێوەیەکی ئاشکرا بە دامەزراوەگشتییەکان بکرێت. بەندەکانی هەردو یاساکەکەدارشتنیان بەشێوەیەکی گشتین سەبارەت بەناوەرۆکی ئاخاوتن و ناگونجێن لەگەڵ پێوەرەنێودەوڵەتییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بۆ دەربرین.

**یاسای نێودەوڵەتی**

یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ ئازادی رادەربرین وەک مافێکی بنەرەتی مرۆڤ دادەنێت، کەپێویتسن بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی و کەرامەتی تاکی مرۆڤ. مادەی 19 لەجارنامەی گەردونی مافەمەدەنی و سیاسییەکان (جارنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ) کەعێراق ئیمزای لەسەرکردوە، دەڵێت کە"هەمو کەسێک مافی ئازادی گەران و وەرگرتن و گواستنەوەی هەمو جۆرەزانیاری و دیدوبۆچونێکی هەیە بێگوێدانە سنورەکان، بەزارەکی بێت یان نوسین یان چاپکردن یان بەشێوازی هونەری یان هەر شێوازێکی تری گەیاندن بەویستی خۆی".

لەیاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤدا بەشێوەیکی چەسپێنراوە کەپێویستە سیاسەتمەداران و کەسایەتییە گشتییەکانی تر تەحەمولی چاودێریکردنی فراوانترو وردتر بکەن لەسەر رەفتارو کردەوەکانیان. بەپێی "مبادیٔ سیراکیوزا المتعلقة بأحکام التقید و عدم التقیید" لەجارنامەی گەردونی مافەمەدەنی و سیاسییەکان، نابێت کۆتوبەند بۆ سەر ئازادی رادەربرین "بەکاربهێنرێت بۆ پاراستنی دەوڵەت و دەسەڵاتدران لەبۆچونی گشتی (الرأي العام) یان رەخنە."

لەساڵی 2000دا، بڕیاردەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پەرەپێدان و پاراستنی مافەکانی دیدوبۆچون و ئازادی، لیستێکی لەسەر ئەو بنەمایانەئامادەکرد کەپێویستە، بەلایەنی کەمەوە، لەهەر داوایەکی مەدەنی تەشهیر رەچاوبکرێن بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ مادەی 19ی جاڕنامەی گەردونی مافەمەدەنی و سیاسییەکان، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی کەکۆتوبەند نەخرێتەسەر ئازادی رادەربڕین: نمونەی ئەو بنەمایانە:

• نابێت سزاکانی تەشهیر ئەوەندەگەورەبن کەببنەهۆی بەکارهێنانی (سانسۆری خود) لەسەر ئازادی دیدوبۆچون و رادەربڕین و مافی ئازادی گەڕان و وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاری... و قەرەبوکردنەوەی زیان پێویستەبەراوردبکرێت بەو زیانەفێعلیەی کەدراوە.

• نابێت رێگەبەدامەزراوەحکومی و بەرپرسەگشتییەکان بدرێت کەداوای تەشهیر تۆماربکەن.

• دەبێت یاساکانی تەشهیر رەنگدانەوەی گرنگی دیالۆگی کراوەبن دەبارەی ئەو مەسەلانەی کەپەیوەندییان بەبەرژەوەندی گشتییەوەهەیەو ئەو بنەمایەی کەپێویستەبەرپرسی گشتی تەحەمولی رێژەیەکی زیاتری رەخنەبکەن وەک لەهاوڵاتیاتی ئاسایی.

• لەو حاڵەتانەی کەبڵاوکراوەکان پەیوەندیان بەو مەسەلانەوە هەیە کەجێی بایەخی گشتین، گەیشتن بەراستی ئەستەمە بۆ ئەوەی خۆ لەبەرپرسیارییەتی تەشهیر بپارێزرێت: لەجیاتی ئەوە، دەبێت ئەوەندەبەس بێت کەنوسەرەکەهەوڵی فێعلی داوەبۆ بەدەستهێنانی راستی.

• ئەوەی کەپەیوەندی بەدیدوبۆچونەوەهەبێت، ئەبێت تەنها کاتێک شایەنی (داوای) تەشهیربن کە(نابەجێ) نامەعقولبن، و هەرگیز نابێت داوالەسەر تۆمارکراو داوای لێبکرێت کەراستی دیدوبۆچونەکانی بسەلمێنێت.

• بەرپرسیارێتی سەلماندن بۆ هەمو رەگەزەکانی داواکەپێویستەلەسەر ئەو کەسەبێت کەبانگەشەی ئەوەدەکات کە تەشهیری پێکراوە نەک لەسەر داوا لێکراوبێت.

• دەبێت جگەلەقەرەبو، کۆمەلێک چارەسەری تر دەستەبەربکرێت وەک داوای لێبوردن کرن و/ یان راستکردنەوە.

نەقانونی مەدەنی و نەقانونی عقوباتی عێراقی بەشێوەیەکی تەواو رەچاوی ستانداردەکانی یاسای نێودەوڵەتی ناکەن. قانونەکانی عێراقی رەچاوی ئەوەناکەن کەبڕی قەرەبو دەبێت بەراوردبکرێت بەزیانی فێعلی، هیچ بارێکی تایبەت بۆ ئەو بابەتانەدانانێن کە"بەنیازی باش"ەوەبڵاوکراونەتەوە.

سەبارەت بەهەڕەشەکانی سەر رۆژنامەنوسان، مادەی 6 لەجاڕنامەی گەردونی مافەمەدەنی و سیاسییەکان (جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ) لەسەر هەمو دامەزراوە حکومییەکانی عێراق پێویستدەکات کەرێز لەمافی ژیان بگرن. ئەمەش هەروەها بەو مانایەدێت کەدەزگا

جێبەجێکارەکانی یاسا دەبێت هەنگاوی بەجێ (مەعقول) بهاون بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی کەدەزانن هەڕەشەی جدییان پێگەیشتوەلەسەر ژیانیان، دەبێت دەسەڵاتداران دڵنیایی لەوەبکەنەوەکەهەر کوشتنێکی نایاسایی لێکۆڵینەوەی لەسەردەکرێت و ئەنجامدەرانی روبەروی دادگا دەکرێنەوە.

هەڵمەتی سەرکوتکاری

هێزەئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتەدەسەڵاتدارەکان رێوشوێنی سەرکوتکارانەیان بەکارهێناوە دژی رۆژنامەنوسان و خۆپیشاندەران، لەو کاتەوەی کەرۆژانەخۆپیشاندان لەپارێزگاری سلێمانی دەستیپێکرد لەرۆژی 17ی شوباتدا، دژی گەندەڵی و بۆ داواکردنی مافی سیاسی و مەدەنی زیاتر.

لەمانگی ئازاردا، هیومان رایتس ووچ لەکوردستان چاوپێکەوتنی لەگەڵ زیاتر لە20 رۆژنامەنوسدا ئەنجامدا کەرومالی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد. لەئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانەوەدەرکەوت کەهێزەئەمنییەکان و هاوکارەکانیان بەردەوام سەرکوتی رۆژنامەنوسان دەکەن لەرێی هەڕەشەو گرتنی رەمەکی (عەشوائی) و لێدان و هەراسانکردن و دەستبەسەراگرتن و شکاندنی ئامێری رۆژنامەوانی.

رۆژنامەنوسان و رێکخەرانی خۆپیشاندان بە، هیومان رایتس ووچیان وت کەرۆژی 18ی نیسان هێزەئەمنیەکان بەزەبری هێز کۆنترۆڵی بەردەکی سەرا یان کرد، کەرۆژانەخۆپیشاندانی تێدا ئەنجامدەدرا، لەو کاتەوەرێگەیان لەئەنجامدانی خۆپیشاندان گرتوە.

رۆژی 27ی نیسان، حکومەتی هەرێمی کوردستان راپۆرتێکی 19 لاپەڕەیی لێکۆڵینەوەلەسەر ئەو توندوتیژییانەبڵاوکردەوەکەلەماوەی 60 رۆژی خۆپیشاندانەکان رویاندابو، کەتیایدا گەیشتوبویەئەو ئەنجامەی کەتوندوتیژی لەلایەن هێزەئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانەوەئەنجامدرابو وەپۆلیس و هێزەئەمنییەکان بەباشی مەشقیان پێنەکرابو بۆ مامەڵەکردنی گونجاو لەگەڵ بارودۆخەکە. بەڵام راپۆرتەکەهیچ ئاماژەیەکی بەتوندوتیژیەکانی دژ بەرۆژنامەنوسان نەکرد، لەنێویاندا هێرشکردنی دڕاندانەبۆسەر کەناڵی ئەهلی نالیا لەسلێمانی. بەوتەی ستافی کەناڵەکە، لەو هێرشەدا کە20ی شوبات ئەنجامدرا، دەیان چەکدرا هەڵیانکوتایەسەر کەناڵەکەو پاش تەقەکردن لەئامێرەکانی پەخش و بریندارکردنی پاسەوانێک، بەنزینیان رژاند بەبیناکەداو ئاگریان تێبەردا. کەناڵی نالیا کەرومالی خۆپیشاندانەکانی کردبو، تەنها دو رۆژ پێش هێرشەکەدەستی بەپەخشکردبو.

ساڵرۆژی کوشتنی سەردەشت عوسمان

ساڵێک دوای کوشتنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەکی سەربەخۆو شەفافی بۆ دیاریکردنی ناسنامەو ڕاپێچکردنی بەپرسیانی تاوانەکەبۆ دادگا ئەنجامنەداوە.

چەند هێرشبەرێک ڕۆژی 4ی ئایاری 2010 ڕۆژنامەنوسی سەربەستی 23 ساڵە، سەردەشت عوسمان، یان ڕفاند. تەرمەکەی ڕۆژێک دواتر دۆزرایەوەو نیشانەی ئەشکەنجەدان بەجەستەوەیەدیاربو وەدو گوللەلەسەری درابو. هاوڕێکان و خێزانەکەی باوەڕیانوایەکەسەردەشت لەبەر نوسینی ڕەخنەئامێز دژی دو پارتەدەسەڵاتدارەکەو سەرکردەکانیان و سیستەمی حوکمڕانی هەرێمەکەکوژراوە.

بەبڕیاری مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوەلەرووداوەکە، بەڵام ناوی ئەندامانی لیژنەکەئاشکرانەکران. بەپێی ڕاپۆرتێک کەلەڕۆژی 15ی ئەیلولدا بڵاوکرایەوە، لیژنەکەگەیشتبویەئەو ئەنجامەی کەگروپی ئەنسار ئەلئیسلام بەرپرس بوەلەکوشتنی سەردەشت عوسمان. بەڵام، ڕاپۆرتە430 وشەییەکەی لیژنەکە، نەیتوانی ئەنجامەکانییەهیچ بەڵگەیەکی تر ببەستێت جگەلەدانپێدانانی کەسێک کەگوایەیەکێک بوەلەئەنجامدەرانی تاوانەکە.

لەوکاتەدا ژمارەیەک لەئەندامانی خێزانەکەی سەردەشت و هاوڕێ و هاوکارەکانی بەهیومان رایس ووچیان ڕاگەیاند کەهیچ یەکێک لەلێکۆڵەرەوەکان (محقق) بەهیچ شێوەیەک پەیوەندییان پێوەنەکردبون وەهەروەها ڕەخنەی زۆریان لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکان گرت. لەوکاتەوەحکومەتی هەرێم هیچی بڵاونەکردوەتەوەسەبارەت بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر یان گرتن یان هەر دادگاییکردنێکی پەیوەست بەو قەزییەوە.

ڕۆژی 16ی ئایار، بەشدار عوسمان، برای سەردەشت، بەهیومان رایس ووچی ڕاگەیاند، کەدەیان نامەی هەڕەشەی لەلایەن کەسانی نەناسراوەوەپێگەیشتوەبەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕۆژنامەوانییەوەکەدوای کوشتنی سەردەشت دەستیپێکردوە.

هیومان رایتس ووچ جارێکی تر داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کەلێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆو شەفاف لەکوشتنی سەردەشت عوسمان بکات کەببێتەهۆی دیاریکردنی ناسنامەی ئەوانەی کەبەتاوانەکەهەڵساون و ڕوبەڕوی دادگا بکرێنەوە.

جاک ستۆرک، لەواشینتۆن، بۆ زمانی ئینگلیزی:

4327-612-202-1+

storkj@hrw.org

سار لی ویتسن، لەنیو یۆرک، بۆ زمانی ئینگلیزی:

+1 212-216-1230 یان +1-718-362-0172

whitsos@hrw.org

ویێنزڵ میخالسکی، لەبەرلین، بۆ زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی:

+49-151-419-24256

michalw@hrw.org

سامر موسقاتی، لەتۆرنتۆ، بۆ زمانی ئینگلیزی:

+961-71058890

muscats@hrw.org

جان ماری فاردیو، لەپاریس، بۆ زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و پۆرتوگالی:

+33-1-43-59-55-35 یان +33-6-45-85-24-87

fardeaj@hrw.org

تۆم پۆرتیۆس، لەنیو یۆرک، بۆ زمانی ئینگلیزی:

+1-646-203-3090

porteot@hrw.org

**پەیامنێرانی بێ سنور نامەیەک ئاراستەی بارزانی دەکات**

ئاوێنە: ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور لە نامەیەکیاندا کە ئاراستەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمیان کردوە، نیگەرانی خۆیان بەرامبەر پرۆژە یاسای دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن لە کوردستان دەردەبڕن و ڕایدەگەیەنن کە ئەم ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندنە ناتوانێت وەک دەستەیەکی سەربەخۆ دابنرێت.

ئاوێنە: لە نامەکەدا کە لەلایەن سکرتێری ڕێکخراوەکە نێردراوە، سەبارەت بە ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن هاتووە "ئێمە ترسمان هەیە ئەم ئەنجومەنە ڕاستەوخۆ لەلایەن دو حیزبە سەرەکییەوەکەوە کۆنترۆڵبکرێت، پارتیی دیموکراتیی کوردستان کە تۆ سەرکردایەتیی دەکەیت و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کە جەلال تاڵەبانی سەرکردایەتیی دەکات".

**دەقی نامەکەی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور:**

**مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر**

**پاریس، ٢٦ی مایسی ٢٠١١**

**بەڕێز سەرۆک بارزانی...**

**پەیامنێرانی بێ سنور، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی ئازادیی ڕاگەیاندنە، حەزدەکات لەگەڵ تۆدا، نیگەرانیی خۆی لە بەرامبەر پڕۆژە یاسای دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن لە کوردستانی عێراق ئاڵوگۆڕ بکات، کە لە ١٣و ١٤ی مایسی ٢٠١١ لە کوردستان تاوتوێکرا.**

**ڕێکخراوەکەمان پێشوازی لە ویستی ڕاگەیەنراوی حکومەت دەکات بۆ هاندانی پلورالیزمی میدیا و ڕێزگرتن لە ئازادیی ڕادەربڕین و بیروڕا، لە هەمانکاتیشدا، جەختدەکاتەوە سەر پتەوکردنی پرانسیپەکانی ئەخلاقیاتی میدیا و پڕۆفێشناڵی.**

**لەگەڵ ئەوەشدا، لە دیدگای ئێمەوە لە فۆڕمی ئێستایدا، یاسای پێشنیازکراو یارمەتیی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە نادات.**

**ئێمە زۆر پەشۆکاوین دەربارەی هەندێک لە بەشەکانی پڕۆژە یاساکە، پەیوەستن بە سەربەخۆیی ئەنجومەنەکەوە.**

**هەر لە دروستکردنیەوە ئەوە ڕونە کە ئەم ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندنە ناتوانرێت وەک دەستەیەکی سەربەخۆ دابنرێت، بەگوێرەی مادەی چوارەمی پڕۆژە یاساکە، ئەنجومەنەکە نۆ ئەندامی دەستنیشانکراوی دەبێت؛ سێیان سەرۆکی هەرێم بۆ ماوەی شەش ساڵ دەستنیشانیان دەکات، سەرۆکی پەرلەمان سێی تر بۆ ماوەی ٥ ساڵ و سەرۆک وەزیران سێی تر بۆ ماوەی ٤ ساڵ دەستنیشان دەکەن.**

**نیگەرانیەکانمان دەربارەی ناسەربەخۆیی بونی ئەنجومەنەکە زیاد دەکرێن بەهۆی بەندەکانی مادەی پێنج، بەگوێرەی بەندەکان سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنەکە لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندەدرێن، لەهیچ شوێنێک ئاماژە بەوە نەکراوە کە ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن پێویستە پسپۆڕ بن لە بواری ڕاگەیاندن و زانیاری، لە هیچ شوێنێک ئەوە نەگوتراوە کە ئەندامێتیی ئەنجومەنەکە ناکۆکە لەگەڵ هەندێک پۆست، وەکو پۆستە سیاسییەکان، بۆچی زاراوەکانی ئەندامە جۆراوجۆرەکانی ئەنجومەنەکە لە درێژی جیاوازن و ڕوننەکراونەتەوە؟ ئەمە کاریگەریی سیاسیی زیاددەکات بەسەر ئەو پێکهاتەیەدا، کە وا دانراوە سەربەخۆ بێت.**

ئێمە ترسمان هەیە ئەم ئەنجومەنە راستەوخۆ لەلایەن دو حیزبە سەرەکییەوەکەوە کۆنترۆڵبکرێت، پارتیی دیموکراتیی کوردستان کە تۆ سەرکردایەتیی دەکەیت و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کە جەلال تاڵەبانی سەرکردایەتیی دەکات.

وەک دەستنیشانکردنی ئەندامەکانی، ئەو شێوازەی ئەنجومەنەکەی پێ تەمویلدەکرێت گومانی زیاتر دەربارەی سەربەخۆییەکەی بەرزدەکاتەوە، مادەی سێ باس لە سەربەخۆیی ئیداریی و دارایی دەکات کە ئەنجومەنەکە وا دانراوە لەسەری بڕوات، بەڵام لە مادەی سێزدە رونە کە بەشی تەمویلی خۆی لە بودجەی گشتی هەرێمەکەوە دێت، بەندەکانی دیکەی تەمویلکردن پێویستە لەلایەن کابینەکەوە قبوڵبکرێن، پڕۆژە یاساکە هیچ بەندێکی نەنوسیوە دەربارەی بودجەیەک، هەر هیچ نەبێ یەکێکی بچوک.

ئێمە هەروەها نیگەرانین دەربارەی پڕەنسیپەکانی بنچینەی دروستکردنی ئەم ئەنجومەنە، مادەی حەوت ئاماژەدەکات بە زۆر لە پڕەنسیپە بنچینەییەکان کە راگەیاندنی عێراقیی پێویستە رێزیانبگرێت، هەردوکیان، پڕەنسیپە نێودەوڵەتییەکان و ئەوانەشی کە تایبەتن بە تایبەتمەندییەکانی ناوچەکە، بەڵام پڕۆژە یاساکە ئەم پڕەنسیپە گشتییانە پێناسەناکات و ئەو سزایانەشی ئاماژە پێنەکردوە، کە روبەڕویان دەبێتەوە ئەگەر هاتو هەر میدیایەک سەرپێچیی کرد.

پڕۆژە یاساکە دیارینەکردوە ئاخۆ بەرپرسیارێتیی ئەنجومەنەکە تەنها میدیای پەخش دەبێت یان ئاخۆ ئەوان هەمان یاسا بۆ میدیای چاپ و ئینتەرنێتیش جێبەجێدەکەن، پێویستە دیاربکرێت کە خۆرێکخستن بۆ میدیای چاپ و ئینتەرنێت پەسەندترە.

نوسینی ئامانجەکانی ئەنجومەنەکە لە مادەی هەشتەم ناڕونە، ئاماژە بە هیچ شتێکی سەرچاوەی هەبو نەکراوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە، هەندێکیش لە ئامانجەکان دژ دەردەکەون لەگەڵ سروشتی سەربەخۆی ئەنجومەنەکە، مادەی ٨ A–٤، بۆ نمونە، دەڵێت ئەنجومەنەکە "خزمەتی ئامانجەکانی میدیا دەکات لە هەمو مەجالێکەوە."

بەهەمان شێوە پڕۆژە یاساکە بەتەواوی ناڕونە سەبارەت بەدەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە و بەرپرسیارێتییەکانی و ئەو رێکارانەی بەکاریدێنێت.

داڕشتنی زنجیرەی دەسەڵاتەکان لە مادەی نۆیەم زۆر نادەقیقە، وا دەردەکەوێ سەر لێشێواوییەک هەبێ لەنێوان ئامانجەکان و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە، لەکاتێکدا دەڵێت ئەنجومەنەکە بەشداریدەکات "لە هاوکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتە باڵاکان و لە رێکخستنی سیاسەتی زانیارییدا: (مادەی نۆ– A) و یارمەتیی "رەشنوسی ئەخلاقییاتی پیشەیی بە هاوکاریی لەگەڵ دەستەڵاتە باڵاکان." (مادەی نۆ– C)، هیچ شتێک لە پڕۆژە یاساکەدا دەربارەی ئامرازێک نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە، ئێمە پێمان نەگوتراوە ئاخۆ

ئەنجومەنەکە ڕێنمایی دەدات یان ئامۆژگاری، یان ئاخۆ دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی سزاکان دابنێت.

بەشە لاوەکییەکانی و ا لەو مادەیەدا دەڵێن کە ئەنجومەنەکە دەسەڵاتی هەیە بۆ پشکنینی ئەندازەی جێبەجێکارییەکان بۆی، و بۆ "سوڵحکردن لەو حیزبانەی توشی ململانێ بون لەگەڵ کێشەکانی میدیا"، بەڵام ئەوان گومانیان لە مەبەست و ڕۆڵەکەی دەربڕیوە، مانای ئەوە دەدات کە ناوبژیکار بێت، حوکمبدات یان دەسەڵاتەکانی دادگای هەیە؟ هەروەها هیچ ئاماژەیەک بەو میکانیزمانە نەکراوە بۆ تانەدان لە بڕیارەکانی.

پەیامنێرانی بێ سنور باوەڕدەکات، وەک هەڵوێستیشی وایە، ئەم پڕۆژە یاسایە بە بەردەوامی دژایەتیی هۆکاری پلوڕالیزمی میدیا دەکات، ئەو هۆکارەی کە ئێمە بەرگریی لێدەکەین، ئەنجومەنێکی وا پڕەنسیپی ئازادیی میدیا پێشێلدەکات لەبەرئەوەی داڕشتنی نادەقیقیی ئەم پڕۆژە یاسا پێشنیازکراوە دەتوانرێت بۆ کۆنترۆڵکردن و سزادانی ڕۆژنامەنوس و دەزگاکانی هەواڵ بەکاربێت.

بۆیە، ئێمە پێتڕادەگەیەنین تۆ دروستکردنی ئەنجومەنەکە وەک لە پڕۆژە یاساکەدا باسیکراوە، بوەستێنی.

ئێمە ئامادەین گفتوگۆ دەربارەی چاودێرییەکانمان بکەین و بەردەوام بین لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ تۆدا.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز،

جان فرانسوا جولیارد، سکرتێری گشتیی پەیامنێرانی بێ سنور

**لە پشتی خۆپیشاندان ونارەزایەتیە جەماوەریەکانی 17 شوباتەوە، سەردەشت عوسمان وپەیامی ئازادی ڕاوەستاوە**

وتەی دەشتی جەمال، بەرپرسی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لە یەکەم ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان لە پەرلەمانی بەریتانیا، چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/١٥

ئازادیخوازان ، ئامادەبوانی بەڕێز!

سەرەتا بەناوی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقیەوە بەگەرمی بەخیرهاتنتان دەکەم بۆ ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان ... زۆر سوپاسی (جۆن ماکدۆنێل) دەکەم بۆ بەڕیکخستنی ئەم کۆبوونەوەیە. دڵنیام لەوەی هەمووتان(جۆن ماکدۆنێل)دەناسن، بەلام پێمخۆشە ئەوە بلێم کەجۆن ماکدۆنیل یەکێکە لەو پەرلەمانتارە سوسیالیستانەی کەبەردەوام

بەرگری لە ئازادی کردووە، لەدژی هەڵگیرساندنی جەنگی ئەمریکا لەعێراق ڕاوەستاوەتەوە و بەوپەڕی تواناوە داکۆکی لەمافە رەواکانی پەنابەران بەگشتی و پەنابەرانی کوردو عیراقی بەتایبەتی کردووە، کەلەم بارەوە شایەنی ئەوپەری سوپاسگوزاریە. هاوکات هەرلێرە بەپێویستی دەزانم سوپاسی ووتاربێژانی ئەم شەو لەیەکیتی کریکاری ئار ئیم تی وحزبی سەوز و بەریز مەریوان قانیع کەبەشدارن لەگەڵمان.

بەڕیزان:

من نامەوێت قسەکانی چەتری ئازادی دووبارە بکەمەوە لەسەر ئەوەی سەردەشت عوسمان کێ بوو وەچۆنو لەسەرچی تیرۆر کرا؟ هێندە نەبێت کەبڵێم سەردەشت عوسمان لاویکی 23 سالە لەخیزانیکی کریکارو زەحمەتکیش و چەپو کۆمۆنیست بوو، سەردەشت هەروەک باسکرا لەسەر نووسینی مقالەیەک بەتایبەتی ئەو نوسینە"من عاشقی کچەکەی بارزانیم" وەک کەسیکی هۆشیار ورەخنەگر لەنایەکسانی و ناعەدالەتی کۆمەلایەتیەی بەرامبەر بەدەسەڵاتداران هاتە هەلوێست وقسەکردن وسەرەنجام پەیامی ئازادی وخۆشگوزەرانی بەکۆمەڵگای کوردستان ڕاگەیاند وئاڵای تێکوشانێکی ئینسانی وپێشکەوتنخوازی لەدژی ستەم وجیاوازی چینایەتی و بیکاری نەبوونی دایەدەستمان . بەڵام بەسەرهاتی سەردەشت بەسەرهاتی تەنها لاوێکی ناڕازی نییە، بەڵکو کەیسی ئەو کەیسی کۆمەڵگا و هەقیقەتی دەسەلات و کۆمەڵە حزبێکە کەبەناوی کوردایەتیەوە ژیانی 4 ملیۆن ئینسانیان زنجیرکردوە. بۆیە لەساڵیادی ئەودا پێویستە ئاوڕیک لەهەقیقەتی ئەم دەسەلاتەو ژیانی ئەم 4 ملیۆن ئینسانە بدەینەوە.

هەروەک ئاگادارن ساڵی 1991 و هەڵگیرساندنی جەنگی خلیجی یەکەم خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە رژیمی سەرکوتگەری بەعس بەرامبەر بەستەمو چەوسانەوە زولمی قەومی راپەرین. خەڵکی کوردستان راپەرین تا لە ئازادی و یەکسانی وعەدالەتی کۆمەلایەتی بەهرەمەند بن. ئەوان بەئومیدی کۆتایی هێنان بە نایەکسانی وباشبوونی ژیان وبەدەست هێنانی ئازادی، بەخۆشباوەڕیەکی زۆرەوە پشتیوانیان لەحزبە قەومیەکانی کوردستان کرد، بەلام بەداخەوە ئەم حزبانە هەر زوو ناوەرۆکی پێچەوانەی خۆیان بەئۆمێدەکانی خەڵک دەرخست و لەماوەی 20 ساڵی رابردوودا، دەسەلات وسیستەمیکیان بەسەر خەلکدا حاکم کرد کەشتێکی کەمتر نەبوو وەنییە لەدەسەلاتە دیکتاتۆر ومشەخۆرەکانی ناوچەکە. ئەم حزبانەو سەرکردەکانیان کەوەک نۆینەری چینی سەرمایەداران و دەولەمەندانی کوردستان شوێن پێی خۆیان گرت، ژیانێکی شاهانەیان بۆخۆیان دامەزراند وگرانی وبیکاری ونەبونی وبیمافیشیان کردە نسیبی زۆرینەی هاولاتیان، و تەواوی سەرەوەت و داهاتی کۆمەڵگایان لەنیو خۆیانو دەستو پیوەندەکانیاندا دابەشکرد. بەووتەی هاوڵاتیەک ئەم حزبانە کەلەشاخەوە هاتنەوە ناوشار بەشیعاری کوردستان یانەمانەوە تێکەڵ بەخەڵک بوون، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کەکوردستانەکەیان جۆخۆیان برد و"نەمانەکاشیان دا بەخەڵک!".

لەماوەی ئەم 20 ساڵەی رابردوودا و لە ژێر سایەی دەسەڵاتی یەکیتی و پارتیدا، هەزاران ژن بە بیانووی ناموسەوە کوژراون، لەسایەی جەنگی ناوخۆی هەر ئەم دوو حزبەدا نزیکەی 10 هەزارلە گەنجو لاوی کوردستان کوژران وکەمئەندام وبوون و بەسەدان کەسیش بیخانەو لانەو ئاوارەو دەربەدەربوون. هەروەها بەدەیان نەیاری سیاسی و هەڵسوراوانی کۆمۆنیست و رۆژنامەنووس تیرۆر کراون، سەدان لاوی کوردستانیش ناچاری بە هەڵبژاردنی ژیانی پەنابەری وەیان لەریگای ژیانی پەنابەریدا لەدەریاکان خنکاون یان بەدەستی پولیسی ئیرانو تورکیا کوژراو بیسەروشۆین بوون.

ئەم دەسەلاتەی کوردستان جگە لەمانە سەرکوتی سیاسی و وەلامی نەیارانی سیاسی خۆیان هەمیشە بەچەک داوەتەوە. یاسای کۆنەپەرستانەیان بەسەر سیستەمی خۆیندن و پەروەردەدا داسەپاندووە. لەژێرسایەی دەسەڵاتی ئەماندا چەندین عاداتو سونەتی دواکەوتوانەی ئیسلامی وعەشیرەتی بوژاوەتەوە؛ لەوانە خەتەنکردنی ژنانو یاسای چەند ژنە لەکوردستان، بێبەشبونی لاوان لە ئازادیەکان؛ لەوانە ئازادی هەلبژاردنی شوێنی ژیان، ئازادی خۆشەویستی.. ریژەی بیکاری لەو پەری پەرەسەندندایە، لاوان تا دەخۆینن پاشان زانکو وەریان ناگریت، ئەگەر زانکۆش تەواو بکەن سەر بە یەکیک لەو دووحزبەی دەسەلات نەبیت تەعین ناکریت ، بە پیچەوانەشەوە بەدەیانو سەدان ملیۆنەر لەنیو کەسایەتیەکانی ئەو دەسەلاتەدا دروستبوون گەندەلی هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە لەکوردستان.

سەردەشت عوسمان بەرامبەر بەو جیاوازیە سیاسی و کۆمەلایەتیو چینایەتیە وتاری نووسی، هەربۆیە تیرۆریان کرد. نەک هەر سەردەشت عوسمانی نوسەرو رۆژنامە نووس بەڵکو (سورانی مامە حمە،عبدولستار شەریف) دواتریش 10 لاوی و مندالی خوارتەمەن 12 ساڵ لەکوردستاندا لەچەند مانگی رابردوودا بەدەست ئەم دەسەلاتە کوژراون.

ئەگەری چی خەڵکی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا بەچاوی رِق وتورِەییەیەوە لەم دەسەلاتەو زولم و ستەم گەندەڵیەکەی دەیان رِوانی و بۆ کۆتایی پێهێنانیشی خۆپیشاندانو نارەزایەتی جۆراجۆریان بەرِێخست، بەتایبەتی لەدوای 2006 وە، بەلام دوای تیرۆری سەردەشت ئیتر تورِەیی خەڵک لە دەسەڵات کە20سالە داهات وسەروەت سامانی کۆمەلگا بەتالان دەبات، بە خۆپیشاندانی و نارەزایەتی گەورە وەڵام درایەوە لەشارەکانی کوردستان و تەنانەت وولاتانی ئەوروپاشی گرتەوە. ئەم خۆپیشاندان و نارِەزایەتیانە ماوەیەکی زۆری خایاند و دەسەلاتدارانیش بەبێ ئەوەی ئاورِێک لەخواستەکانی خەڵک بداتەوە، کەوتە پیلانگێرِی وهێنانەوەی بەهانەی جۆراوجۆر، جاریک بەوەعدەو بەڵێندان و جارێکیتر بەپێکهێنانی لیژنەی لێکوڵینەوە وجارێکی تر بەترساندنو گرتنەبەری رِێگای سەرکوت توانی چەماوەر لەچاوەرِوانیدا رِابگرێ و رِاستیەکانی تاوانی سەردەشتیش پەردەپۆشبکات. دواتریش بەهینانی "یاسای خۆپیشاندان"کە ویستیان بەدەرکردنی ئەو یاسایە خۆپیشاندان قەغە بکەن بەرامبەر بەخەلکی نارِازی رِاوەستانەوە. بەڵام وەلامی خەڵک دەستدانەوە بوو بەخۆپیشاندان وگرتنەبەری رِێگای شەقامەکان و بەم هۆیەشەوە لەدژی یاسای خۆپیشاندان نارەزایەتی

گەورە لەئاستی بەرینی کۆمەلایەتی و رۆژنامەنوسانو نوسەرانو روناکبیران بەرێکەوتەوە و دریژەی کیشا، کە دەرەوەو ناوەوەی کوردستانی گرتەوە.

بەریزان!

هەموو ئاگاداری سەرکەوتنەکانی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیشی تونسو میسر هەن بۆ راوەستانەوە ڕووی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان ولابردنیان، ئەو سەرکەوتنانە تینو تەوژم و هیزی بەخشیەوە بە خەڵکی کریکارو زەحمەتکیشی ناوچەکە، لەشیوەی سونامیەکی سیاسیدا هەموو ناوچەکانی باکوری ئەفریقاو خۆرهەلاتی ناوەراست و تەنانەت خۆپیشاندانە ملیونیکەی یەکیتی کریکاری سەراسەری بەریتانیاو ئیسپانیاش ، ئیلهامی لەو سەرکەوتنانە وەرگرتووە و کوردستانیشی گرتەوە.

رۆژی17 شوبات وەرچەرخانیکی گەورە بوو لەکوردستانی عیراقدا، ئەویش ئەوەبوو کە نارەزایەتیەکانی خەڵک لەشیوەی بزووتنەوەیەکی شورشگیرانەدا سەری هەڵدا کە هاتنە مەیدانی هەزاران هەزار لاو و چینو تۆیژی جۆراجۆری کۆمەلایەتی بوو بۆ راوەستانەوە بەرامبەر بەو زولمو ستەم و ناعەدالەتی کۆمەلایەتیەی لەکوردستاندا لە 20سالی رابردوودا بەریوەبراوە. خەڵکی نارزای چەندین مەیدانی ئازادیان لە سنەتەری شارەکان پیکهێنا.

بەداخەوە لەو نارەزایتیانەدا 10کەس بوونە قوربانی و سەدانیش بریندا بوون، دوای 62 رۆژ بەرپاکردنی خۆپیشاندان بە زەبری چەکو هینانی هیزی سەربازی و چەکی قورس لە رۆژی ٤/١٩ خۆپیشاندانەکان سەرکوتکران.

ئیستا لە 19-4 بەرودوا لیدانو دەستگیرکردن وفشارو راونانو داوای یاسای بۆسەر هەلسوراوانی خۆپیشاندانەکان و رۆژنامەنوسان بەردەوامە، بەپیی راپۆرتی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنوسان و مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان ئاماژەبەوە دەکەن لە 3-3-2011 تا 29-3 37 حالەتی پیشیلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان تۆمارکراوە لەلیدان سوکایەتی ودەستدریژی بۆ سەریان. ئەمە جگە لە بەریوەبردنی غەرامەکردن رۆژنامە ئەهلیەکانو سەرنووسەرەکانیان .

یەکی ئایاری ئەمسال ریگەیان لە کریکارانی کوردستان گرت یادی یەکی ئایار رۆژی جیهانی چینی کریکاران بکەنەوە ، لەهەولیری ژیر دەسەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی هەموو کۆبوونەوەو مەراسیمو خۆپیشاندانیکی جەماوەری قەدەغەیە. تەنانەت پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆن لیدەدریت و ئیهانەتو سوکایەتی پیدەکریت. تازەترین هەوال ریگایان بە فیدراسیۆنی ئیمە نەدا لەبەردەم نوسینگەی پەرلەمانی عیراقی لە سلێمانی کۆبوونەوەی جەماوەری ساز بدەین بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی عیراقی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ریکەوتننامەکانیان لەگەل حکومەتەکانی ئەورووپا بەژیان و چارەنووسی پەنابەرانەوە.

ئەمەیە ئەو دیموکراسیەی کەحزبەکانی بزوتنەوەی قەومی بەسەر هاوڵاتیانی ژێردەستی خۆیاندا دایان سەپاندووە.

بەریزان!

ئەمریکاو غەرب لەم خۆپیشاندانو نارەزایەتیانەی کوردستاندا بەرامبەر بە زولم و ستەمو چەوسانەوە ناعەدالەتی کۆمەلایەتی ریگای پشتیوانیان لە دەسەلاتداران هەلبژارد لەکوردستان، لەکاتیکدا بەرواڵەت پشتیوانیان لە جەماوەری راپەریو لە میسرو تونس و لیبیاو سوریاو یەمەنو بەحرین دەکرد کە بۆ هەمان مەبەست کەتوونەتە بەرامبەر بە دەسەلات. ئەمەش ئەوپەری هەڵوێستی دوررویی رۆژاوا نیشان ئەدات لەکاتیکدا خەلک خۆینی داوە بەرامبەر بەو دەسەلاتە سەرکوتگەرانە.

میدیاکانی رۆژاواش سەرپۆشیان دا بەسەر ئەوراستیانەدا کە" رەسمەکانی لەبەردەستمدایە"! چۆن منالانی 12سالان دەکوژنو بەفیشەک وەلام بەخۆپیشاندەران کوردستان دەدریتەوە و لەوبارەوە کەمترین هەواڵو راپۆرتیان بلاو نەکردەوە.

ئەوەتانی هەروەک ئاگاداران بەدەیان پەنابەر قوربانی ئەو دەسەلاتانەش دەستگیرکراون لەلایەن ئەم حکومەتە ئەوروپیانەوە حکومەتی کونیسرڤەتیڤەوە گیراو دەستبەسەرکراون و دیپۆرتی ژیر ئەو ستەمکارو زالمانەیان دەکەنەوە.

بەلی دەمەوێ قسەکانم بەوە کورت بکەمەوە کە سەردەشت عوسمان ئالای ئازادی هەلکرد لەکوردستاندا و دایە دەستی بزووتنەوەی شورشگیرانەی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیشی کوردستان. ئەگەرچی ماوەیەکە ئەم بزوتنەوەیە بەزەبری چەک سەرکوتو خامۆشکراوە، بەلام هەموو ئیمەو ئیوەو دەسەلاتیش خۆی لەوە دڵنیاین کە ئەم خۆپیشاندانانە سەر هەڵدەداتەوە، چونکە خەلکی کوردستان ئالوگۆری ریشەییان دەویت.

لیرە داوا لە ئیوەش دەکەم کە خواستەکانی خەڵکی کوردستان لەپیناو ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتیو هینانەدی دەسەلاتیکی سکولارو مەدەنی بە فەرامۆشی نەسپیرن. ئەمرۆ لەهەموو کات زیاتر خەڵکی کوردستان پیویستی بە پشتیوانی هاوکاری ئێمە هەیە، ئەوانەی دژ بە جەنگی عیراق راوەستانەوە بەرگریان لەمندالانی عیراق کرد لەپال خەڵکی کوردستاندا رابوەستن.

بەریزان!

ئیمە سەردەشت عوسمانو سورانی مامەحەمەو 10قوربانی نارەزایەتیەکانی ئەم دووایانەمان دا، ئەوان دەرس و تەجربەیان فیری ئیمەکرد. ئەوان بوونە سمبولی ئازادی بۆ ئایندەیەکی ئازادو خۆشگوزرەران بۆ کوردستان.

هاوکات داواکارم بتوانیین بەناوی هەموو بەشداربوانی ئەم کۆبوونەوەیە:

1. ئیدانەی تیرۆری سەردەشت عوسمان بکەین، وداوابکەین کەلیجنەیەکی بیلایەن بەبەشداری لایەنی نیو دەولەتی کە خواستی کەوسوکاری سەردەشتە پیک بهینریت بۆ لیکولینەوە لەتیرۆری سەردەست عوسمان وگرتنو دانی تاوانبارانی بەدادگا.

2. داوای هەلوەشاندنەوەی "یاسای خۆپیشاندان"بکەین لە پەرلەمانی کوردستان

3. ئیدانەی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی کوردستان بکریتو وبکوژەکانی خۆپیشاندەران بدریتە دادگا.

4. فشار بۆ دەسەڵات کە وەلامی داواکاریەکانی خۆپیشاندەران بداتەوە.

5. ئازادی رۆژنامەگەری و هەلسورانی سیاسی وخۆپیشاندانو چاپەمەنی بەرەسمی بناسریت لەکوردستان.

بەرزو بەریز بیت یادی سەردەشت عوسمانو هەموو ئەو ئەزیزانەی لەڕۆژی 17 شوبات ورۆژانی دواتردا گیانیان لەپێناو ئازادی ویەکسانی وکۆمەڵگایەکی خۆشگوزەرانی ئینسانیدا بەخت کرد... ئێوەش سەرکەوتووبن!

**یەکەم ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان لە پەرلەمانی بەریتانیا بەرز راگیرا!**

ئێوارەی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١١/٦/١٥ کاتژمێر ٧-٩ بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوڕاوانی سیاسیو کەسایەتی کوردی و ئینگلیزی لەیەکێک لە هۆڵەکانی پەرلەمانی بەریتانیا لە لەندەن، یادی یەکەمین ساڵرۆژی تیرۆری سەردەشت عوسمان لەلایەن چەتری ئازادیەوە بەرزراگیرا.

سەرەتا گۆنا سەعید هەڵسوڕاوی گروپی چەتری ئازادی دەستپێکی یادەکەی کردەوەو پاشان جۆن ماکدۆنال، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیاو ئەندامی پارتی کرێکاران(لەیبەر) کە میوانداری یادەکەی لە پەرلەمان رێکخستبوو، وتەیەکی پێشکەش کرد کە تیایدا ئاماژەی بە تیرۆری سەردەشتو ئەو زوڵموزۆرە کرد کە روبەرووی رۆژنامەنوسانو ئازادی رادەربڕینو هەڵسوڕانی سیاسی دەبێتەوە لە کوردستان. هەروەها پشتیوانی جێرمی کۆربن ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا و ئەندامی پارتی لەیبەری بۆ یادەکەو بۆ مافەکانی خەڵکی کوردستان نیشاندا و داوای لێبوردنی کرد کە بەهۆی سەرقاڵیەوە فرسەتی نەبوە ئامادەبێت ئەگەرچی زۆری هەوڵداوە کە بەشداری کۆبونەوەکە بێت.

دوابەدوای ئەو نامەیەکی بەکر عوسمان برای سەردەشتی جوانەمەرگ کە بۆیادەکەی ناردبوو خوێنرایەوە. پاشان هۆزان مەحمود وتەی چەتری ئازادی پێشکەش کرد کە تیایدا ئاماژەی بە ژیاننامەی سەردەشت، هۆکارو چۆنیەتی تیرۆرکردنی، نارەزایەتیەکانی خەڵک دژی تیرۆرەکە کردو ، لەونێوەشدا باسی لەدایکبونی چەتری ئازادی وەکو گرووپێکی ئەکشن لەلەندەن کرد بۆ رێکخستنی دەنگی نارەزایەتی هاوڵاتیانی کوردی دانیشتوی بەریتانیا دژی ئەو تاوانەو دواتریش دەوری چەتری ئازادی لە پەیوەند بە خۆپیشاندانو خرۆشانەکانی مانگی شوبات-نیسانی کوردستان.

دەشتی جەمال، بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی کە هاوکات هەڵسوڕاوێکی چەتری ئازادیە، ئاماژەی بە زەمینەی کۆمەڵایەتیو سیاسی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان کرد بەتایبەتی لە ٣-٤ ساڵی رابردودا و سەردەشت عوسمانی وەکو دەنگێکی نارازی لە دژی نایەکسانیو هەژاریو پێشێلکردنی ئازادی ناساندو باسی لەوەکرد کە خۆپیشاندانەکانی کوردستان هەمان ئەو پەیامەی سەردەشتی هەڵگرتبوو کە بەزەبری هێزی چەک سەرکوتکراو بەشێوەیەکی کاتی بێدەنگکرا!شایەنی باسە جگە لەسەردەشت عوسمان هەریەک لە { سۆرانی مامەحەمە و د.عبدالستار تایر شریف } دووقوربانی دیکەی دەسەڵاتی نادیموکراسین کوردستانن.

پاشان Ute Miche ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپاو کەسی دوەم لە پارتی سەوز، وتەیەکی پێشکەشکردو هاوکات بەناوی جین لامبێرت کە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپایە لەسەر لیستی حیزبی سەوز پشتیوانی خۆیانی بۆ ئازادیو مافەکانی خەڵکی کوردستان راگەیاند. دوای ئەویش د.مەریوان وریا قانع مامۆستا لە زانکۆی ئەمستەردام، بابەتێکی زانستیانەی تایبەت بەئەوخروقاتانەی کەلەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێتەسەر ڕۆژنامە نوسە ئازادەکان و هۆکاری ئازارو ئەشکەنجەو تیرۆری رۆشنبیران لەلایەن دەسەڵاتەوە، وە باسی لەوەکرد کە سیستەمی دەسەڵاتی کوردستان دەسەڵاتێکی نادیموکراتیکە.

دواهەمین قسەکەری یادەکە Glenroy Watson یەکێک لە بەرپرسانی لقی لەندەنی یەکێتی کرێکارانی شەمەندەفەر(RMT) بوو کە سەرباری دەربڕینی هاوسۆزی لەگەڵ تیرۆری سەردەشت عوسمانو سەرجەم قوربانیانی خۆپیشاندانەکانی کوردستان، پشتیوانی خۆیو یەکێتیەکەشی بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان لەپێناو ئازادیو مافەکانیان دەربڕی.

شایانی ئاماژەیە کە یەکێتی سەراسەری رۆژنامەنوسانی بەریتانیا بە ئیمزای میشێل ستانیستریت- سکرتێری گشتی یەکێتیەکە بە نامە بەشداری لە یادەکەدا کردو هاوسۆزی خۆی بەوجۆرە رادەگەیەنێ:" کوشتنی سەردەشت عوسمان تاوانێکە دژ بە ئازادیو دیموکراسی کە بانگەوازی عەدالەت دەکات. تیرۆری سەردەشت سەرچاوەیەکی بەردەوامی دڵتەنگی خێزانەکەیەتی کە ئێمە لەم کاتەدا هاوسۆزیانین."

لە بەشی کۆتایی یادەکەدا وەلآمی پرسیارو سەرنجی بەشداربوان درایەوەو لەوێدا هەریەکە لە جۆن ماکدۆناڵ، ئوتە میشێ Ute Miche و گلەنرۆی واتس Glenroy Watsonبەڵێنی ئەوەیان دا کە کاری جدی بکەن بۆ ئەوەی پەیامی کۆبونەوەکە بگەیەنن. هەر لەوبارەوە جۆن ماکدۆناڵ لەوە لآمی پرسیارێکدا سەبارەت بە گروپی( ئەی پی پی جی){APPG} لە پەرلەمانی بەریتانیا کە ماوەیەک لەمەوبەر راپۆرتێکی چەواشەکارانەیان لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابوری و رەوشی مافی مرۆڤ پێشکەش پەرلەمان کردبوو، وە داوای لێکرا کە ئەو مەسەلەیە لەناو پەرلەماندا بوروژێنێ، بەڵێنی دا کە هەوڵی جدی خۆی ئەدات کە ئەو مەسەلەیە بخاتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر رۆشنایی ئەو بەڵگانەی کە چەتری ئازادی لەسەر رەوشی مافی مرۆڤو ئازادیەکان بەدەستی دەگەیەنن. هەروەها باسی لەوەکرد کە هەوڵی خۆی و بەهاوکاری جێرمی کۆربنو ئەندام پەرلەمانتارانی حیزبی سەوزو یەکێتی کرێکاری (RMT) ویەکێتی سەرانسەری رۆژنامەنوسانی بەریتانیا{NUJ چەند یەکێتی دیکە کە کار لەسەر کەیسی سەردەشت و مەسەلەی پێشێلکردنی ئازادیو مافەکانی خەڵکو راکێشانی پشتیوانی بۆ خەڵکی کوردستان بکەن. هەر لەوێشدا ئەندام پەرلەمانی حیزبی سەوزو سەرۆکی لقی لەندەنی (RMT) بەڵێنی پشتیوانیو هاوکارییان دا.

هە روەها سەرجەم بەشداربوانی کۆبونەوەکە یاداشت نامەیەکی نارەزایەتی {5} خاڵیان ئیمزاکرد کە دواتر ڕەوانەی هە ر 3 سەرۆکایەتیەکەی کوردستان دەکرێت.

چەتری ئازادی– لەندەن

٢٠١١/٦/١٦

**کۆبوونەوەی چەتری ئازادی لەگەڵ جۆن ماکدۆنێل ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤو مەسەلەی ئازادیە مەدەنیەکان لە کوردستان!**

ئێوارەی رۆژی ٢٠١١/٩/٧ لە باڵەخانەی پەرلەمانی بەریتانیا، ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی گروپی چەتری ئازادی کە پێکهاتبون لە فوئاد سەلام، دەشتی جەمال، موحەممەد عەلی، هۆزان مەحمود، فەرهاد مارف و موحسین کەریم

لەگەڵ جۆن ماکدۆنێل ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا لە حیزبی کرێکاران(لەیبەر پارتی) کۆبونەوەیەکیان ئەنجام دا. کۆبونەوەکە لە درێژەی ئەو کۆبونەوەیەدا بوو کە لە ٢٠١١/٦/١٥ لە ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان لە پەرلەمانی بەریتانیا بە میوانداری بەڕێزی سازدرا.

سەرەتا هۆزان مەحمود بە نوێنەرایەتی هاورێیانی چەتری ئازادی ئامانجی کۆبونەوەکەی روون کردەوە، کە پێکهاتبوون لە:

- بەدواداچوونی کەیسی سەردەشت عوسمان
- بارودۆخی مافی مرۆڤو ئازادی سیاسیو رۆژنامەگەری لە دوای خۆپیشاندانەکانی کوردستانەوە
- یاسای خۆپیشاندانی هەرێم
- تۆپباران‌و هێرشەکانی دەوڵەتی ئێران‌و تورکیا بۆسەر خەڵکی مەدەنی کوردستانی عێراق
- راپۆرتی گروپی (ئەی پی پی جی) لەسەر کوردستان

پاشان سەبارەت بە هەریەکە لەبەرنامەی کۆبونەوەکە قسەوباسکراو هەریەکە لە دەشتی جەمال، فەرهاد مارفو موحەمەد عەلی تێبینیو سەرنجی پێویستیان بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەسەلەکان خستەروو. سەبارەت بە کەیسی سەردەشت تەئکید لەوەکرایەوە کە لیژنەیەکی سەربەخۆ لەژێر چاودێری نێودەولەتیدا لێکۆڵینەوە لە کەیسی تیرۆرەکە بکاتو پەرلەمانی بەریتانیا لەوبارەوە هەنگاوی گونجاو هەڵگرێ. هەروەها سەبارەت بە پێشێلکردنی ئازادی سیاسی، ئازادی بیروراو رۆژنامەگەریو سەرکوتی خەڵک لەلایەن حکومەتی هەرێمو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، رێگریەکانی دەسەڵات بۆ هەرجۆرە خۆپیشاندان‌و کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی خەڵک قسەوباسی پیویستکرا. باسی ئەوەکرا کە بەپێی یاسای خۆپیشاندانی هەرێم دەبێ مۆڵەت بۆ خۆپیشاندان‌و کۆبونەوە وەربگیرێ، بەڵام لەراستیدا بێجگە لەو خۆپیشاندان‌و چالاکیانەی کە لەبەرژەوەندی خۆیانە رێگا بەهیچ خۆپیشاندان‌و کۆبونەوەیەک نەدراوە. باسی رێگری مەراسیمی یەکی ئایاری سلێمانی کرا. باسی کوشتنی خۆپیشاندەران‌و راونانی هەڵسوراوانی سیاسیو لێدان‌و رفاندنی ئاسۆس هەردیو ئەحمەد میرە کرا. بۆئەو مەبەستەش داواکرا کە بەرێز جۆن ماکدۆنێل بەهاوکاری چەند ئەندام پەرلەمانی هاورێی نامەیەک( ئێرلی دەی مۆشن) سەبارەت بەکەیسی سەردەشت عوسمان وسەرکوتی ئازادیەکان ئامادە بکەن بۆ پەرلەمان تا پەرلەمان و حکومەتی بەریتانیا لەرێگای خۆیانەوە هەنگاوی پیویست هەڵگرن. بەرێزی ئامادەیی بۆئەوکارە راگەیاندو بریارە لە هەفتەی داهاتودا ئەنجامی بدات.

هەروەها سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤو مەسەلەی ئازادیە مەدەنیەکان بەرێزی داوایکرد کە چەتری ئازادی راپۆرتێکی کورت ئامادەبکات تا ئەو بیگەیەنێت بەدەستی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا. هەروەها پێشنیاری کۆبونەوەیەکی فراوانی تایبەتیی کرد بۆئەومەبەستە لە پەرلەمان سازبدرێ کە چەند ئەندام پەرلەمان، نوێنەرانی رێکخراوەکانی لە بابەتی ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال، هیومان رایتس وۆچ، سەرۆکی یەکێتی گشتی رۆژنامەنوسانی بەریتانیاو رابەرانی چەندین یەکێتی کرێکاری بەریتانی ئامادەبن. هەروەها گروپی (ئەی پی پی جی)یش بانگێشت بکەین بۆ کۆبونەوەکە. بریارە ئەم کۆبونەوەیە لە مانگی دیسەمبەری ئەمساڵدا لە هۆڵێکی پەرلەمان بەرێبخرێ.

لە پەراوێزی کۆبونەوەکەدا باسی چەند مەسەلەیەکی دیکە لەوانە؛ کێشەی ژنان لە کوردستانو کێشەی پەنابەران کرا. بەڕێزی ئامادەیی بۆهاوکاری لەسەر هەردوو مەسەلەکە دەربڕیو پێشنیاریکرد کە کۆبونەوەیەکی تایبەت لەسەر کێشەی ژنان بکرێو چەندین ئەندام پەرلەمانی دیکە بەتایبەتی پەرلەمانتاری ژن بانگێشت بکرێ چونکە دڵنیام کەسانێکی دیکە هەن کە بایەخ بەو مەسەلەیە دەدەن. سەبارەت بە کێشەی دیپۆرتی پەنەبارانیش ئامادەیی هاوکاری بۆپشتیوانی کارەکانی فیدراسیۆن دەربری لەوبارەوە نامە ئاراستەی وەزیری ناوخۆدەکات.

شایانی ئاماژەیە بەبۆنەی یادی ٦٠ ساڵەی لەدایکبوونی بەرێزیەوە هەڵسوراوانی چەتری ئازادی پیرۆزباییان لێکردو ئەویش بە خۆشحاڵیەوە سوپاسی کردن. لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا سەرباری گەیاندنی سوپاسی خێزانی سەردەشت عوسمان بەناوبراو بەهۆی هەڵوێستی مرۆڤانەی بەرێزیانەوە دەربارەی کەیسی سەردەشت، کۆمەڵێک دۆکیومێنت سەبارەت بە پێشێلکاری مافی مرۆڤو لیدانو کوشتنی خۆپیشاندەران پێشکەش بەبەرێزیان کراو کۆبونەوەکە سەرکەوتوانە دوای نزیکەی یەک کاتژمێر کۆتایی هات.

گروپی چەتری ئازادی

٨-٩-٢٠١١

**سەردەشت نیشانەی مرۆڤدۆستیی و ئازادیی ڕادەربڕینە...**

سڵاو هاورێیان لە سایتی (ئەمرۆ)

دەستی کار و خەباتتان دەکوشین، ئەوەی ئێوە کردووتانە بەجدی بەرگرییە لە ئازادیی ڕادەربڕین و دەمکوتکردنەوەی دوژمنانی ئازادیی و مرۆڤایەتیی، هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن و ڕێکخراو و دەستە و کۆمەڵە لە بوارە جیاجیاکان ئەگەر بانگەشەی ئازادیی و مرۆڤپەروەریی و مەدەنیەت و خۆشگوزەرانیی دەکەن دەبێت وەکو ئێوە بکەن، لە ساڵیادی دامەزراندنیان، لە ڕۆژ و بۆنە جیاجیاکانیان دەبێت پەیامی سەردەشت و سەردەشتەکان هەمیشە زیندوو ڕابگرن، بۆ ئەوەی دوژمنانی پەیامی ڕاستی و عەدالەت و ئازادیی و مرۆڤدۆستیی سەردەشت چاویان کوێر بێت، چونکە لای هەمووان ڕۆشن بوو کە سەردەشتی جوانەمەرگ کاروانی ڕێگەی ئازادیی و قوربانی دەستی نەبوونی ئازادیی و زاڵبوونی سەرکوت و زۆردارییە...

دووبارە دەستتان خۆش کەلەساڵیادی دامەزراندنی سایتەکەتان کردە ڕۆژی ڕێزگرتن

لەسەردەشت و ئێمەش ڕێبواری ئەو ڕێگەیە و سەربازی کارە تەواونەکراوەکانی سەردەشتین تا ڕیسواکردنی بکوژانی ئازادیی و یەکسانیی و فرێدانیان لە زبڵدانی مێژوو...

بەشدار عوسمان( بەشدار عەلی)

**ڕوونکردنەوەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی هەولێر**
**سەبارەت بە وەڵام نەدانەوەی بەرپرسانی حکومی و دەزگا ئەمنییەکان لە هەولێر.**
**هاونیشتیمانیانی ئازادیخواز..**

ئێمە وەک بەشێک لەرۆژنامەنووسانی هەولێر، چەند ڕۆژێک پێش چلەی شەهیدی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، داوامانکرد کە لە ڕۆژی چلەی شەهید سەردەشتدا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرا بکرێت، یان هۆکارەکەی بخرێتە ڕوو، هاوکات لەسەر هەوڵە مەدەنییەکانیشمان بەردەوام بووین و داوای دیداری ڕاستەوخۆی بەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنمان کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە داوای ڕوونکردنەوەی پێویستییان لێبکەین وگوێبیستی وەڵام و ڕوونکردنەوەکانییان بین، بۆیە بەپێویستمان زانی لە ڕێگەی ڕاوێژکاری سیاسی دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵحەوە داوای دیداری سەرۆکی حکومەتمان کرد، لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای دیدارمان کردووە، هەروەها لە ڕێگەی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئاسایشی گشتی هەرێم (هەولێر) داوای دیداری بەرپرسی ئاسایشی گشتیمان کردووە، بەڵام هیچ کام لەو بەڕێزانە ئامادە نەبوون ڕۆژنامەنووسانی هەولێر ببینن و بەبێ دیاریکردنی هیچ هۆکارێک وەڵامییان نەدایەنەوە.

بۆیە لێرەدا بە ڕایگشتی ڕادەگەیەنین، وەک ڕۆژنامەنووسانی هەولێر، لەوە بێئومێد بووین کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا وەڵامێکی تەواوی پێبێت بۆ داوای ئێمە، کە خستنە ڕووی ڕاستی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و دۆزینەوەی بکوژانی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، لێرەوە بەپێویستی دەزانین داوا لە ڕای گشتی خەڵکی کوردستان و سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان بکەین، کە لە پێناو ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت و ڕێگە گرتن لەو جۆرە مەترسییانەی کە بۆ سەر ژیانی ڕۆژنامەنووسان درووست دەبێت، فشارەکانییان زیاتر بکەن، بۆ ناچارکردنی دەزگا ئەمنییەکان و حکومەت، تا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرا بکەن و چیتر ئەو کەیسە لە نێوان ئەو لێژنانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دروستکراون، دەستاو دەستی پێنەکرێت و تەمومژاوی نەکرێت.
ڕۆژنامەنووسانی هەولێر

(شوان سدیق) (بەهمەن عومەر) (بیلال سەعید) (ڕێبوار ڕەزا چوچانی) (عیسا خدر) (نزار گزالی ) (نەجات ئەحمەد) (هەڵگورد سەمەد) (ئیبراهیم عەلی) (کەمال چۆمانی) (سالار بابە شێخ) (سۆران عەزیز) (دڵدار عەبدوڵڵا) (ئیبراهیم عەباس) (ئاودێر نەسرەدین) ئیبراهیم بەهلەوی) (بۆکان هیوا ئەحمەد) (ئاڤان فارس جاف) (کامەران محەمەد) (نیاز عەبدوڵڵا) (عەلی سدیق) (ئاوارە حەمید) (سامان بەشارەتی) (کۆشان عەلی زەمانی) (هۆگر غەریب) (سەلمان کۆچەر) (مەحمود یاسین کوردی) (هەڤاڵ نەژاد) (شەوقی کانەبی) (حەیدەر جەمیل جاف) (عەلی حەمە ساڵح) (مەولود ئافەند) (مەریوان مەلا حەسەن ) (بارزان حەسەن ) (هەژار ئەنوەر) (دلشاد هە رتلی ) (شەوقی کانەبی) (ئاڤان فارس جاف) .

**کوردستان... هەرێمێکی نائارام بۆ ڕۆژنامەنوسان**

ئاوێنە / ئا: بارام سوبحی

لەماوەی کەمتر لە چوار ساڵداو لە کوردستان، شەش حاڵەتی تیرۆرکردنو 234 سکاڵاو 125 پێشێلکاری جۆراجۆر دژی ڕۆژنامەنوسان تۆمارکراوە. ئەوەش وای لەڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەکو هیومان رایتس وۆچو ڕۆژنامەنوسانی بێسنورو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد، ڕەخنە لەڕەفتاری حکومەتی هەرێم بگرن. لەبەرانبەریشدا حکومەتی هەرێم خۆی وەکو یاسا پارێز وێنادەکات.

بەوتەی ڕۆژنامەنوسان توندوتیژیو پێشێلکاری دژی ڕۆژنامەنوسان ساڵ بەساڵ ڕوو لە زیادبوونە، بەڵام لەبەرانبەردا وەکو لە ڕاپۆرتەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنوساندا هاتوە لەهەمبەر ڕەفتارەکانیان، کەمترین لێپێچنەوە لەو بەرپرسو دەزگا ئەمنیەکان کراوە کە مافی ڕۆژنامەنوسان پێشێلدەکەن.

سلێمانی.. پێشەنگی پێشێلکاری

بەگوێرەی شەش ڕاپۆرتی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، لە 2008/1/1 – 2010/12/31، شەش ڕۆژنامەنوس لە شارەکانی سلێمانیو هەولێرو کەرکوکو موسڵ تیرۆرکراون، هەروەها دوو هەوڵی تیرۆرکردنو دوو ڕفاندنو هەوڵی ڕفاندن هەبووەو 24 ڕۆژنامەنوس لێیاندراوەو 43 حاڵەتی دەسدرێژی دژی ڕۆژنامەنوسان هەبووە. سەرباری ئەوانە 34 حاڵەتی هەڕەشەو 48 حاڵەتی زیندانیکردنی ڕۆژنامەنوسانو 96 پێشێلکاری جۆراوجۆر هەبووە.

ئامارەکانی سەندیکا دەریدەخەن لەو ماوەیەدا (234) سکاڵا لەدژی ڕۆژنامەنوسانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن تۆمارکراوەو پانزە ڕۆژنامەنوس غرامەکراون، بەجۆرێک بەهای نۆ حاڵەتی غرامەکردن گەیشتۆتە 77 ملیۆن دینار. بەگوێرەی حاڵەتە تۆمارکراوەکان

لەشارەکاندا، لە هەرِەشەکردندا لە سلێمانی پانزە حاڵەتو هەولێر چواردە حاڵەتو لەکەرکوک حەوت حاڵەت تۆمارکراوە. گرتنی رۆژنامەنوسانیش بیست حاڵەتی لە سلێمانیو نۆی لە هەولێرو دووی لە کەرکوکو حەوتی لە دهۆک بووە.

لەو پێشێلکارییانەی دژی رۆژنامەنوسان کراوە سلێمانی بەپلەی یەکەم دێتو سی حاڵەتی تیا تۆمارکراوە، لە هەولێر 21 حاڵەتو لە کەرکوک بیست حاڵەتو لە دهۆکیش پێنج حاڵەت هەبووە، بەڵام لە تۆمارکردنی سکاڵادا هەولێر بە پلەی یەکەم دێتو 42 سکاڵا لە هەولێر تۆمارکراوە، لە بەرانبەردا لە سلێمانی 29 سکاڵاو لە دهۆک پێنج سکاڵاو لە کەرکوک دوو سکاڵا تۆمارکراون.

سەندیکای رۆژنامەنوسان لە راگەیەنراوی ژمارە سێدا کە لە 2011/5/31 بڵاویانکردۆتەوە، دەڵێن "کاتێک بەرپرسانی حکومەتو هێزە ئەمنیەکان سکاڵا لەسەر رۆژنامەنووسان تۆمار دەکەن، لەماوەی تەنها چەند سەعاتێکدا فەرمانی گرتنو لێکۆڵینەوەیان بۆ دەردەکرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە زۆر بەدەگمەن سکاڵای رۆژنامەنووسان بەرانبەر بەدەزگا ئەمنیەکان بگاتە ئەنجامو لە دادگاکان بانگهێشت بکرێن".

پەلاماردانی کەناڵەکانی راگەیاندن

لەدوای زنجیرە خۆپیشاندانو روداوەکانی (17/شوبات)ی ئەمساڵەوە، بەتایبەتی لە سنوری پارێزگای سلێمانی پێشێلکارییەکان دژی رۆژنامەنوسان رووی لە هەڵکشان کردو چەندین رێکخراوی ناوخۆییو دەرەکی پەیوەندیدار بە رەوشی رۆژنامەنوسانو مافی مرۆڤی ناچارکرد لەسەر ئەو رەوشە بەدەنگ بێنو ئیدانەی رەفتاری حکومەتی هەرێم بکەن. دواین حاڵەتی ئەو زنجیرە پێشێلکارییەش پەلامارادانو بریندارکردنی بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئاوێنە رۆژنامەنوس ئاسۆس هەردی بوو.

سەندیکای رۆژنامەنوسان، وەکو تاکە رێکخراوی رۆژنامەنوسانی کوردستان بەهۆی زۆربونی رووداوەکانەوە لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا سێ راگەیەنراوی لەسەر رەوشی رۆژنامەنوسان بڵاوکردەوە، پاشان راپۆرتی حەوتەمی تایبەت بە ماوەی 1/1– 2011/6/30 بڵاوکردەوە، کە تیایدا هاتووە: لەو ماوەیەدا 29 پێشێلکاریو حەڤدە هەرِەشەی کوشتنو 13 حاڵەتی دەستگیرکردنو زیندانیو 16 حاڵەتی لێدانو چوار حاڵەتی سزادانو غرامەی رۆژنامەنوسانو کەناڵەکانی تێدا تۆمارکراوە.

لەمساڵدا جگەلە پەلاماردانی رۆژنامەنوسان، کەناڵەکانی راگەیاندنیش کەوتنە بەر هێرشو پەلامار. لە 2011/2/17 لەهەولێر هێزێک پەلاماری رادیۆو تەلەفزیۆنی (گۆڕان)یان داو سوتاندیان. لە شەوی 2011/2/20 کەناڵی ئاسمانی نالیا (NRT) دوای تەنها چەند رۆژێک لە پەخشکردن سوتێنرا. لە 2011/3/7 لەلایەن هێزێکی چەکدارەوە رادیۆی دەنگ تاڵانکرا. لە 2011/4/19 هێزێکی سەربازیی گەمارۆی کەناڵی ئاسمانی پەیامی لە شاری سلێمانی دا.

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان، رایگەیاند لەرۆژی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە تا تەواوبونی زیاتر لە (200) حاڵەتی پێشێلکاری بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان تۆمارکردووە. رێکخراوی رۆژنامەنووسانی بێسنوور رایگەیاند بەپێی ئامارەکانی (44) رۆژنامەنووسو کارمەندی راگەیاندن هێرشی جەستەییان کراوەتەسەرو (23)یش دەستگرکراون.

سەنتەری میترۆ لەراپۆرتەکەیاندا نیگەرانن لە بەردەوامبونی پێشێلکاری بە رۆژنامەنووسانو دەڵێن "بێدەنگی حکومەتو بەرپرسان لە ئاست ئەو پێشێلکارییانە مایەی نیگەرانینو قابیلی قبوڵکردن نیین".

کاردانەوەی نێودەوڵەتی

لەدوای ئەو بارودۆخەی کوردستانی گرتەوە، رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ راپۆرتێکی بڵاوکردەوە، لە راپۆرتەکەداو لەزاری سارا لی ویتسن، بەرێوبەری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی رێکخراوەکەوە هاتووە "حکومەتی هەرێمی کورستان بەڵێنی دابینکردنی چ جۆرە ئایندەیەک بۆ گەلەکەی دەدات، لەکاتێکدا کە خۆی چەقی بەستووە لە هەمان شێوازە کۆنە خراپەکەی ناوچەکەدا، کە بریتییە لە لێدانو هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان؟". حکومەتی هەرێمیش لە وەڵامی ئەم رێکخراوەدا دەڵێت "دادگا لە هەرێمی کوردستان لە زۆر لە پرسەکان، بڕیارەکانی بەپێی یاسا لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسان بووە".

پاشتر وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا راپۆرتی ساڵانەی خۆی تایبەت بە رەوشی مافی مرۆڤ بڵاوکردەوە، لە راپۆرتەکەداو لەباسی ئازادی رادەربڕین لە کوردستاندا دەڵێت "لە هەرێمی کوردستاندا یاسایەکی ساڵی (2008) ئازادی راگەیاندن فەراهەم دەکاتو لەم یاسایەدا چیدی بەندکردنو سزایەک نییە بۆ تاوانەکانی هاوپەیوەند بە بڵاوکردنەوەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گرتنو سزادانو بەندکرنی رۆژنامەنووسان بە یاسای ساڵی (1969) بەردەوام بووە". هەروەها دەڵێت "بەرپرسان زۆرجار لەرێگەی سکاڵای یاساییەوە لەدژی دەزگا راگەیاندنەکانو نووسەران، لەبەر بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێک لە سەر ئەگەری هەبوونی گەندەڵی، پەنایان بۆ غەرامە بردووە".

**ئیستبداد ڕێگەی وەلامدانەوە بە داخوازیەکانی خەلکی کوردستان نیە !**

**دوابەدوای دەستگیرکردن بەناهەقی ( ئیبراهیم کاکە ئەحە ) یەکێک لەهەڵسوڕاوانی ناسرای خۆپیشاندانەکانی شاری هەلەبجەی شەهید لە دوای ڕووداوەکانی 17 شوبات، هاوکات لەگەل ڕاگەیاندنی کەمپەینی ئازادکردنی ( ئیبراهیم کاکە ئەحە ) جموجوڵێکی بەرچاو کەوتە نێو خەلکی کوردستانەوەو نارەزایەتیەکی بەرفراوان دژ بە دەستگیرکردنی ناوبرو بەرپابوو، کەتێدا چەندین کۆڕو کۆمەڵ وگروپ بەمەبەستی داکوکیکردن لە ئازادی ئەم ئینسانە ئازادیخوازە لە کوردستان و هەندەران هاتنە مەیدان. هەر لەمبارەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەلکی ئازادیخوازی هەلەبجەی شەهید سەرباری نارەزایەتی دەبرینی خۆیان، هاوکات لەهەوڵی ئەوەدابوون کە لەم ڕۆژانەدا خۆپیشاندانێک بەرپابکەن بە مەبەستی ئازادکردنی ( ئیبراهیم کاکە ئەحە).**

**بۆیە کاتێک کە نوێنەرانی ئەم خۆپیشاندانە دەیانەوێت لەڕێگەی یاسایەوە کارەکانیان بەرنەپێشەوە دەچن سەردانی قایمقامی شار دەکەن بۆ  داوا کردنی مۆلەت، لەوەلامدا قایمقام پیان دەڵێ:( بچن بۆ لای ئاسایش مۆلەت وەرگرن)، هەروەک ئەوەی ئەوە قایمقامی ئەم شارە سەرۆکی وحدەی ئیدارەی ئەم ناوچەیە نەبێت کە مۆلەتی خۆپیشاندان بدات، پاشان بە نووێنەرانی خۆپیشاندانەکە ڕادەگەینت کەدەبێ تا 48 سەعات چاوەڕوانبن، سەرئەنجام پاش تیپەربوونی 48 سەعات پێنان ڕادەگەیەنن کە مۆڵەتی خۆپشاندانتان نیە.**

**ڕەنگە دوابەدوای پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان لەپەرمانی کوردستان چاوەڕانیەکی سەیر نەبێت لەوەی کە ئاخۆ پێوانەکانی ئەم دەسەلات بۆ ڕێگەپێدانی خۆپیشاندان دەبێت چی بێت وچۆن ڕێگە بەخۆپشیاندانێک بدات کە دژ بەدەسەلاتە چەوتەکەی خۆیەتی !**

**ئەمەش نموونەیەکی تری ڕۆشنی شێوازی شارستانیانەی خەلکی کوردستانە بۆ نارەزاەیەتی دەربڕین دژ بە دروستکردنی سیناریۆیتر بۆ زیادکردنی ژمارەی قوربانیان و دەسگیرکراوەکان دەیانەوێت لە ڕێَگەیەکی گونجاوەوە نارەزایەتیەکانی خۆیان دەبرن. بەلام دەسەلاتی سیاسی لە هەرێم تائیستا لەم فۆرمە مەدەنییە تینەگەیشتوەو بەردەوامە لە سیاسەتی سەرکوتکارانەو ستەمکارانەی لە ریگەنەدان بە خۆپیشاندانی ئاشتیانە.**

**ئێمە لێرەوە بە دەسەلاتی ڕادەگەیەنین کە هەرجۆرە دەستدریژیەک بۆ سەر کەسان و هەر دەستەو گروپێک کە بیانەویت نارەزایەتی خۆیان دژ بە دەستگیر کردنی قوربانیان ئەنجام بدەن ئەوا ئێمە وەک کەمپەینی ئازادکردنی ئیبراهیم کاکە ئەحە لێبراوانەدینە وەلام . لەمبارەشەوە بەدلنیای زۆر بە ووردی چاودێری بارودۆخەکە دەکەین و هەر پەرچەکرداریکی ناشایستە دژ بەخەلکی ناڕازی کوردستان وکەسانێک کە بۆ ئازادی ( ئیبراهیم کاکە ئەحە) هاتوونەتەمیدان بەتووندی مەحکوم دەکەین و هەنگاو بەهەنگاوی هەر دەستدریژیەک دەگەیەنین بەهەموو ڕێکخراو نیهاد نیونەتەوەیەکان و پەرلەمانی ولاتانی ئەوروپا، لەمبارەشەوە پشت بەستوو بە دەنگی ئازاری خەلکی کوردستان و دەیان ڕێکخراو لایەن**

ونیهای ناوخۆی و نیونەتەوە ڕێگە نادەین هەلسوراوان و ئازادیخوازان هیچ کۆر کۆمەل و گروپیک رووبەرووی هیچ سەرکوت و سوکایەتی پیکردنێک بکرێتەوە .

بۆیە داوا لەخەلکی کوردستان دەکەن بەهەرشێوەیەکی گونجاو کەبۆیان دەرەخسێ دەنگی نارەزایەتی خۆیان دەربرن و دووپاتی ئازادکردنی دەستبەجێی ئیبراهیم کاکە ئەحە بکەنەوەو خوزیاری دادگایکردنی و سزادانی تاوانباران نەک زیندانکردن و ئازاردانی قوربانیان.

کەمپەینی ئازادکردنی ئیبراهیم کاکە ئەحە

26.10.2011

**ئاگادارییەک بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنوسان**

داوا لە هەموو ئەو نوسەر و ڕۆژنامەنوسە بەڕێزانە ئەکەین کە پێشتر هەر بابەتێکیان لە پەیوەند بە دۆزی تیرۆری خوێندکارو ڕۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان)ەوە نوسیوە و تاوەکو ئێستا لە ماڵپەڕەکەیدا بڵاونەبۆتەوە تکایە هەوڵ بدەن بە پێی توانا بە دەستمان بگەیەنن.

ئێمە هیواخوازین کە ئەو بابەت و ڕیپۆرتاژانەمان تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بە دەست بگات. تکایە با بابەتەکان بە وۆرد بە دەستمان بگات نەک پی دی ئێف.

هەر هونەرمەند و وێنەگرێکیش کە لە پەیوەند بە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و دەرەوە وێنەی گرتووە و لە ئەرشیفی ئێمەدا نییە ئەوا بۆمان بنێرن تاوەکو بە ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتردا گەلەریەکی شیاو بەو وێنانە بکەینەوە لە ماڵپەڕەکەیدا.

پێشەکی سوپاس بۆ ماندووبونتان و لەگەڵ ڕێزمان

دەستەی بەڕێوەبەری ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان

**خەڵاتی ساڵانەی (سەردەشت عوسمان) بۆ ئازادی بیروڕا**

هیدایەت مەلا عەلی

پێشنیارێک بۆ گفتوگۆ

ڕۆشنبیران و نوسەران و ڕۆژنامەنووسانی ئازادیخواز

**ڕۆژنامەو بڵاوکراوە ئازادەکان**

**ماڵپەڕ و ڕادیۆ و ڕێکخراوە مەدەنیەکان**

**خێزان و پارێزە خۆبەخشەکانی دۆسییەی (سەردەشت عوسمان)**

**سەرجەم کەمپین  و کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات**

**سەرجەم لایەنگرانی ئازادی بیروڕاو ئازادی ڕۆژنامەگەری**

**دوای سڵاو ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەمووتان**

**بەڕێزان ڕفاندن و تیرۆرکردنی خوێندکار و ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) ئەرکی بەرگری کردنی هەموومانی  لەئازادی بیروڕا و ئازادی ڕۆژنامەگەری قورس کرد، ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسییەی (سەردەشت عوسمان) ئەم ئەرکەی چەند جار قورستر کردەوە، چونکە ڕفاندن و تیرۆرکردن و ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەگەر لە شێوەدا کارەکانیان جیاوازبووبن، ئەوا لە ناوەڕۆکدا هەڵگری یەک پەیامی هاوبەشن، ئەویش سەرکوتکردنی ئازادی بیروڕاو شێواندنی کەسایەتی ئازادیخواز و تۆمەت دروستکردنە بۆ دەنگی نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.**

**ئەم قۆناغە هەستیارە پێویستی بەوە هەیە کە ئازادیخوازان و بەرەی سەنگەری بەرگری لە ئازادی و مافە مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان، چەندین میکانیزم و شێوازی بەرجەستەو کۆمەڵایەتی بدۆزنەوە بۆ زیندوو ڕاگرتنی دۆسییەی ( سەردەشت عوسمان) کەلە کۆتاییدا دەکاتە زیندوو ڕاگرتنی فەزای ئازادی لە کۆمەڵگادا.**

**من بەم نامەیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە هەموومان بتوانین گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیەک بکەین کە ناوی خەڵاتیساڵانەی (سەردەشت عوسمان)بێت بۆ ئازادی بیروڕا، واتە هەموو ساڵێک لەڕۆژی 5/4 دا ئەم خەڵاتە ببخشرێتە کەسێک کە بەکارەکانی توانیبێتی مەوداکانی ئازادی بیروڕا و ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا بردبێتە پێشەوە، دەکرێت ئەو کەسە ڕۆژنامەنووس، نوسەر، لێکۆڵەرەوە، کەسایەتی سیاسی، شاعیر، چالاکی بوارەکانی ژنان، لاوان، یان هەر بوارێکیتر بێت.**

**ئەرکە سەرەتاییەکانی ئەم پرۆژەیە**

**یەکەم: پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ سەرپەشتی ئەم کارە و دیاری کردنی ئەو کەسەی کە ئەم خەڵاتەی پێدەبەخشرێت، دیارە دەبێت لیژنەکە کەسانی شایستەو پسپۆڕبن و زۆر سەرڕاستانە ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنن.**

دووەم: دەکرێت خەڵاتەکە شێوازێکی شیاو سادەی هەبێت کە تەعبیر لە ئازادی بیروڕا و ئازادی ڕۆژنامەگەری بکات، مەرج نیە خەڵاتەکە لە کانزایەکی گرانبەها دروست بکرێت بەوپێیەی بەرەی بەرگریکەری ئازادی خاوەن سەچاویەکی مالی دیاریکراو نیە.

سێیەم: دەکرێت لەسەرەتادا خەڵاتەکە لە مەراسیمێکیدا لە باخچەی نالی لە سلێمانی پێشکەش بکرێت، وەک ئەو کارانەی کە کەمپینی بێدەنگ نابین ئەنجامی دەدات، ئەگەر ئەم پرۆژەیە سەرکەوتنی بەدەستهێنا دەکرێت دواتر بیر لە شیواز و جێگای باشتر بکرێتەوە.

چوارەم: بۆ سەرچاوی مالی ئەم پرۆژەیە دەکرێت سود وەربگیریت لە کۆمەک، سپانسۆر، دانانی سندوقی هاوپشتی لەڕۆژی دابەشکردنی خەڵاتەکەدا، دابینکردنی بڕیک هاوکاری لەلایەن هەر دەزگایەکەوە کە بەشداری ئەم پرۆژەیە دەکات و بەلایەوە گرنگە، دیارە بەپێی توانا.

ئەم هانگاوانە سەرەتان، دەکرێت بەهاوبەشی و هاوکاری ئازادیخوازان ئەم پرۆژەیە تۆکمەتر و فراوانتر بکرێتەوە و ڕێگای باشتر بدۆزرێتەوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی، ئەم نامەیەی من تەنها پێشنیارە و لێدانی زەنگێکە بۆ کردنەوەی دەرگایەک، بەوهیوایەی بتوانین هەمووومان بیروڕای لەبارەوە بگۆڕینەوە.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی کوردستان ڕێگری دروست دەکەن بۆ دانانی پەیکەری (سەردەشت عوسمان) ئەوا پرۆژەی خەڵاتی ساڵانەی (سەردەشت عوسمان) بۆ ئازادی بیروڕا دەتوانێت ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە، من بڕوام وایە ئەم کارە لەتوانادا هەیەو دەستی دەسەڵات بۆ ڕێگری لەم پرۆژەیە بڕێک کورترە.

لەگەڵ سڵاوی دووبارەم

**چۆنیەتی دۆزینەوەی نا و ژیان و وێنەی ڕۆژنامەنوس ( سەردەشت عوسمان ) لە یەکێک لە گەورەترین مۆزەخانەکانی دنیا لە واشنتنی پایتەختی ئەمەریکا**

بەدواداچونێکی ڕۆژنامەنوس هێمن کریم مامە ڕەشە:

چۆنیەتی دۆزینەوەی نا و ژیان و وێنەی ڕۆژنامەنوس ( سەردەشت عوسمان ) لە یەکێک لە گەورەترین مۆزەخانەکانی دنیا لە واشنتنی پایتەختی ئەمەریکا، لەپاڵ ئەو نوسەر و ڕۆژنامەنوسانە نێودەوڵەتیانەی کە لەپێناوی ئازادی گیانی خۆیان بەختکردوە.

... ئیمرۆ ٢٩–٠٢–٢٠١٢ لەگەل هاوپۆلەکانم لە زانکۆی جۆرجیا مۆسیۆن سەردانی یەکێک لە دەزگا گرنگەکانی ئەمەریکامان کرد لە شاری واشنتۆن دیسی،لە کاتێکدا بەشەکانی ئەو زانکۆیەمان بەسەر دەکردەوە لە یەکێک لە بەشەکان کۆمەڵێک کەسم بینی، وتیان ئەوانە رۆژنامە نووسانی وڵاتانن کە بە ئازادی ئەنووسن و لە کەس ناترسن ،نزیک بوومەوە لێیان بینیم کورێکی گەنجی روخۆش وەستاوە ،هەر زوو هەستم بە لای ئەو گەنجە چوو،پاش لێوورد بوونەوە بینیم سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس و هاورێی سەردەمی کۆلیژمە،ئەو بینینە لە ناخەوە هەژاندمی ،سەرم سوورما کە بینیم لەنەو ئەو هەموو رۆژنامەنووسانەیە،چونکە بە گوێرەی قسەی خەڵک دەبوو ئێستا لە شوێنێکی تر بێت،دوای لەیەکتر روانینێکی کەم،ئەویش بیری تیژ بوو هەرزوو منی ناسیەوە،قسەمان لەگەڵ یەکتر کرد، بەڵام بە شێوازێکی جیا لە جاران،ئەو زۆر دڵخۆش بوو،لەوێش هەر خەندەکەی لەسەر لێو بوو،پێدەچوو تازە نوکتەیەکی نوێیان بۆ گێرابێتەوە.وتم دەبێ راست بێ تۆ زیندوویی؟وتی بەڵێ من زیندووم و زۆر بەختەوەریشم کە چارەنوس منی گەیاندۆتە ئێرە..هەربۆیە چەند وێنەیەکمان.

سەردەشت عوسمانم چۆن دۆزیەوە:بەشی دووهەم:

منیش وەکو هەموو خەڵک گومانم هەبوو لە دیارنەمانی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس،چونکە وایان باس دەکرد کە لە ریزی تیرۆرستەکان بووە،ئەوەی من بینیم یەکێکی جیاواز بوو!!!!ئەو شوێنەی ئەوم لێ بینی شوێنی رۆژنامە نووسان بوو نەک مۆڵگەی تیرۆرستان،هاورێکانی ئەو هاوشێوەی خۆی ئەهلی قەڵەم بوون،هیچیان لە زەرقاوی وبنلادن وئەبوئەیوبی بەغدادی نەدەچوون،دوای بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە لە پەیجەکەم،زۆر خەڵک پەرۆشی ووردەکاری ئەو بینینەن،ئەوەیان نیشانەی دڵسۆزیانە بۆ ئەو رۆژنامەنووسە،لەلایەکی دیکەش دیارە کاک سەردەشت لە تەمەنیدا نەیهێشتووە کەس لێی زویر بێت و لای هەمووان جێگەی رێزە.

هەندێک لە هاورێیانیشم گومانیان لە قسەکردنم هەیە،هەندێک نووسیانە،هێمن خواردویەتیەوە ،هێمن خەوی بینیوە،هێمن وورێنە دەکات ،یان دەڵێن هێمن دەیەوێت ناوبانگ دەربکات،شانازییە من لە رێگەی رۆژنامەنووسێکی وەکو کاک سەردەشت ناوبانگ دەربکەم،بەڵام خۆ هەرمن نەمبینیوە ،ئەو کاتەی کاک سەدەشتم بینی خۆم بۆ نەگیراو تێر گریام ،هەموو یادگاریەکانی سەردەمی خوێندنمان لە کۆلیژ بیر کەوتەوە..بۆ ئەوەش زیاتر گریام و خۆم پێنەگیرا چونکە من قەت باوەرم نەدەکرد کە لە ئەمەریکا ولەو شوێنە ببینم ،هاورێیەکی ترم کە کچێکی وڵاتی کەنەدایە ،پێی سەیر بوو من بەرانبەر بەو کورە وا دەکەم ،سەردەشت و بەسەرهاتەکەیشیم بەو کچە رۆژنامەنووسە ناساند.،دوای گێرانەوەی بەسەرهاتی کاک سەردەشت بۆ ئەو، ئەویش حەزی کرد وێنەیەکی لەگەڵ بگرێت،هەرسێکمان وێنەیەکی ترمان گرت.

سەردەشت عوسمانم چۆن دۆزیەوە بەشی کۆتایی: قەت لەو باوەڕە نەبووم لەو دوورە وڵاتیە ولەو شوێنە بینینم،لەو دەزگایەی کە ئێمە سەردانیمان کرد وێنەی هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانە هەڵواسرابوو کە لە پێناو قەڵەمی ئازادو ئازادی بیر وڕاو ڕۆژنامەگەری ببونە قوربانی،زیاتر لە ٦٠٠ وێنەی ڕۆژنامەنووسی شەهید هەلواسرابوو،هەندێکیان ژیاننامەکانیشیان لەگەڵ بوو،هەرزوو چاوم گێڕا بەدوای هاوڕی شیرینەکەی خۆم شەهید سەردەشت عوسمان،دوای چاوگێڕانێکی زۆر دۆزیمەوە،ئەگەر چی لە ناخەوە هەستم بە هەژانێکی گەورە کرد بەڵام سەد ئەوەندە دڵخۆش بووم بوەی کە لەڕیزی ئەو کەسانەیە کە لە پێناوی ئازادیدا شەهید بوون.

هاوکات هەستم بە شانازیەکی گەورە کرد کە هاوڕێکەم لە لایەن گەورەترین وڵاتی زلهێزی دنیا کە ئەمەریکایە دانیپیانراوە کە شەهیدی ڕێگای ئازادی بیرو ڕاو ڕۆژنامەوانیە نەک تیرۆریست. جگە لەوە کە شانازیەکی گەورەیە کە وێنەو ژیاننامەی شەهید سەردەشت لە گەورەتیرین مۆزەخانەی گەوەرەی تایبەت بە ڕاگەیاندن وئازادی ڕۆژنامەوانی هەڵواسراوە ،بە گوێرەی ئامارەکانی ئەو مۆزەخانەیە ساڵانە زیاتر لە دوو ملیۆن کەس سەردانی دەکات. ئەگەر چی لەدەست دانی گەنجێکی وا خوێن گەرم وهەست ناسک و خاوەن هەڵوێست کۆستێکی گەورە بوو بۆ بنەماڵەکەیان و ئێمەی هاوڕێ و ڕەوتی ئازادی ڕۆژنامەوانی ،بەڵام لە دڵیشەوە حەزم دەکرد لە شوێنی ئەو بوومایە ،چونکە لە ژیاننامەکەیدا کە لە ئاژانسی فەرەنسا پرێس وەرگیراوە ئاوا نووسراوە.

"Osman, a Kurdish university student who contributed to a newspaper and serval news websites, was kidnapped and shot to death in Mousl. He reportedly had received threatening phone calls telling him to stop writing about the Kurdish regional government and its officials. Friends said that his critical articles had angered major political leaders. He was 23."

بە کوردی:

سەردەشت عوسمان خوێندکاری کورد بوو لە زانکۆ لە ڕۆژنامەو سایتەکان دەینووسی ڕفێندرا و دواتر لە موسڵ کوژرا ،پێشتر لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا پێی وترابوو دەست لە نووسینی بابەتەکانی هەڵبگرێت کە دەربارەی حکومەتی کوردی دەیانی نووسی ،هاوڕێکانی دەڵێن نووسینەکانی ئەو سەرکردە سیاسیەکانی توڕە کردبوو،ئەو تەمەنی ٢٣ساڵ بوو. من پێم وایە ئەمەریکا ئەوەندە نەزان وکاڵفام نییە ئەگەر نەزانێت کەسێک لەسەر ئازادی ڕۆژمانەوانی کوژراوە یان نا تا لە گەورە مۆزەخانەکانی خۆی و لە پایتەختی وڵاتەکەی وێنەو ژیاننامەکەی هەڵواسێت... سڵاو لە ڕۆحی پاکت..سڵاو لە قەلەمە ئازادەکەت..سڵاو لە گۆڕی پڕ نوورت کاکە سەردەشت. ئەوەبوو چیرۆکی دۆزینەوەی سەردەشتی ڕۆژنامەگەڕ لە پایتەختی ئەمەریکا.

**سەردەشت عوسمان، ڕۆژنامە نووسە تیرۆرکراوەکە**

شاخەوان کەریم: سەرەتای مەترسی و هەڕەشەکان: لە یەکێک لە ووتارەکانی (سەردەشت عوسمان) دا، بەناوی (یەکەم زەنگی کوشتنم لێیدا...) کە لە ڕێکەوتی 21-1-2010 لە ماڵپەڕی کوردستانپۆست دا بڵاو کراوەتەوە، ئاماژەی بەوە کردوە، لەلایەن کەسانێکی نادیارەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە لەسەر ئەو بابەتانەی کە بڵاویکردونەتەوە. سەردەشت لە ووتارەکەیدا دەڵێت

" لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ یەکەمین جار پێیان ووتم تەمەنت چەندی نەماوە، یان بە گوتەی خۆیان مۆڵەتی هەناسەدانم لەم شارەدا نەماوە، بەڵام نە باکم بە مردنە و نە ئازاردان. لە چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەمم تا دیداری بکوژەکانی خۆم بکەم، دوعاش دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت. بۆیە ئەم قسانە دەکەم تا بزانن گەنجانی ئەم ووڵاتە مردن سادەترین هەڵبژاردنیانە "

هەر لەو ووتارەیدا زیاتر ئاماژە بە هەڕەشەکان دەکات و دەڵێت "زۆر بەسادەیی، تاکە نیگەرانی من لەم هەڕەشانە ئەوەیە، کە هێشتا زۆر شت ماون قسەیان لەسەر بکەین، بەد بەختی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە کە باکی بە مردنی نەوەکانی خۆی نیە" هەر لەو وتارەدا ئاماژە بەو لایەنانە دەکات کە داوای یارمەتی و پاراستنی ژیانی لێکردون و دەڵێت دوێنێ ڕاگری کۆلێژەکەم ئاگادار کردەوە کە شەوی ڕابردوو ئیهانە و تەهدیدی کوشتنیان کردوم، بەڵام ئەو وتی ئەمە کێشەی پۆلیسە" ئاماژە بە پۆلیس دەکات و دەڵێت "پەیوەندیم بە عەمید عەبدولخالقی بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێرەوە کرد، پێی وتم لەوانەیە ئەم ژمارەی مۆبایلە هی دەرەوەی ووڵات بێت، یان کێشەیەکی شەخسی بێت، لەوانەیە چەند جارێکی تر دوبارە بێتەوە، بەڵام هەولێر ئارامە و شتی وا لێی ڕونادات "

هەر لەو ووتارەدا دەڵێت ئەزانم ئەمە یەکەمین زەنگی مردنی خۆمە کە لە کۆتایدا ئەبێت بە زەنگێک بۆ هەموو گەنجەکانی ئەم مەملەکەتە، بەڵام ئیدی ئەمجارە نە سکاڵا تۆمار دەکەم و نە لایەنە بەرپرسەکان ئاگادار دەکەمەوە، هەنگاویکە ناوەمە و ئازارەکەشی خۆم ئەیگرمە ئەستۆ " هەروەها لە کۆتایی وتارکەدا دەڵێت" خۆشحاڵم کە هەمیشە شتێکم هەیە بۆ ووتن و کەسانێک نایانەوێ بیبیستن، بەڵام هەرکاتێک ئێمە بە چرپە قسەدەکەین ئەوا ئەوان گوێچکەکانیان نا ئارام دەبن" لە ووتاری (نە سەرۆک خوایە و نە کچەکەی) کە لە 2-1-2010 لە هەمان سایتدا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت" لەبەر ئەوەی زۆرێک لەم ئیمەیڵانەی بۆم هاتبوون هەڕەشەیان دەکرد و داوای وێنە و ناسنامەیان دەکرد وەک ئەوەی شۆفێربم و لە ترافیکی سورم دابێت،.... وێنەی خۆمم بۆ ناردن " لە ژمارە 242 ی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا یەکێک لە هاوڕێکانی سەردەشت کە نەیویستوە ناوی خۆی ئاشکرا بکات لەبەر مەترسی ژیانی، باس لە هەڕەشەکان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە لە مانگی کانونی دووەمی

2010 یەکەمین هەڕەشە لە سەردەشت عوسمان کراوە و لە 17 ی نیسانی هەمان ساڵدا دوبارە بۆتەوە و تەنها ماوەی 7 رۆژیان بۆ داناوە کە واز لە نوسینەکانی بهێنێت لەسەر دەسەڵات، ئەگەر واز نەهێنێت ئەوا دوای ئەو ماوەیە دەیکوژن. هەروەها ئەو هاوڕێیەی سەردەشت ئاماژەی بەوە کردوە کە هەڕەشەکان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە کراون و بە شێوەیەک کە ژمارەی مۆبایلەکان دەرنەچوە و سەردەشت-یش پۆلیسی هەولێری ئاگادار کردۆتەوە و لەبەر ئەوەی رەقەمەکان نادیار بوون نەیانتوانیوە هیچ شتێک بکەن .

لێرەوە دەتوانین سەرەتای هەڕەشەکان و خەمساردی پۆلیس و لایەنە پەیوەندی دارەکان بە ئاشکرا ببینین و بۆمان دەردەکەوێت کە هەڕەشەکان لەسەر ئەو نوسینانە کراون کە سەردەشت بڵاوی کردونەتەوە و بریتی بوون لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت و گوزەرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی.

بەیانیی رۆژی 4-5-2010 بەردەم کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر: سەردەشت عوسمان خوێندکاری قۆناغی چوارەمی کۆلێژی زمان- بەشی ئینگلیزی- زانکۆی سەڵاحەدین بوو. لە بەیانیی رۆژی 4-5-2010 کاتژمێر 8،30 لەبەردەم زانکۆدا فڕێندرا.

لە ژمارە 223 ی رۆژنامەی ئاوێنەدا (هەڤاڵ سەباح) کە هاوڕێی سەردەشت عوسمانە دەڵێت" کاتژمێر 8،20 دەقەی بەیانی کە سەردەشت دەگاتە بەردەم زانکۆ، ئوتۆمبێلێکی جۆری هۆندا کە تەنها ناوی شارەکەی لەسەر تابلۆی ئوتۆمبیلەکە دیار بووە کە دهۆکە، دەوەستێت و چەند کەسێکی بێ دەمامک لێی دادەبەزن و پەلاماری زەردەشت دەدەن و بەزۆر دەیخەنە سەیارەکەوە، لەو کاتەدا پاسەوانەکانی کۆلێژ سەیری روداوەکە دەکەن و بەدەمیەوە ناچن"

(کاروان عوسمان) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە هەمان ڕۆژنامەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە نێوان هەولێر تا موسڵ 11 بازگە هەیە، 3 خەندەقی گەورە بەدەوری هەولێردا هەیە، بۆ هەر بازگەیەکیش 20 خولەکی دەوێت تا لە ناو هەولێرەوە دەیگەیتێ، ناوبراو دەڵێت "ئێمە گومانی زۆرمان لەلا دروست بووە، ئەو ئوتومبێلەی سەردەشتی پێبراوە، چۆن لەو 11 بازگەیە تێپەڕیوە ئەگەر ئوتۆمبێلەکە حکومی نەبووبێت"لە ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەشدا باس لە ڕفاندنەکە کراوە و هاتووە (لە ڕێکەوتی 4-5-2010 قوتابی کۆلێژی زمان بەشی ئینگلیزی (سەردەشت عوسمان حسن) ڕفێنرا لە بەردەم پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە دەکەوێتە بەرامبەر کۆلێژی ئاداب.... ناوبراو بە ئوتۆمبێلێکی جۆری هۆندا مینی پاس ڕەنگی سپی ژمارە فەحس بغداد براوە (دوای فراندنی سەردەشت عوسمان، لە لایەن خێزان و هاوڕێکانیەوە ئاسایش و پۆلیس ئاگادار دەکرێنەوە، بەڵام بە ووتەی بەکر عوسمانی برای سەردەشت کە بۆ ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (223) دوواوە ئاماژەی بەوە کردوە کە پۆلیس و ئاسایش کەمتەرخەمییان کردوە و هیچ هەوڵێکیان نەداوە.

دوای 24 کاتژمێر لە ڕفاندنی سەردەشت عوسمان لە ڕێگای کەناڵی (کوردستان تی ڤی)ەوە کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، ژمارە مۆبایلێک بڵاو دەکرێتەوە، کە هەرکەسێک دەیەوێت هەواڵی سەردەشت بزانێت دەتوانێت پەیوەندی پێوە بکات.

٦ی ئایاری 2010 تەرمی سەردەشت عوسمان لەلایەن خێزانەکەیەوە لە مەیتخانەی موسڵەوە "پزیشکی دادوەری" دەهێنرێتەوە بۆ هەولێر. هەمان ڕۆژ بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی پۆلیس دەرکەوت کە سەردەشت هیچ کێشەیەکی شەخسی نەبووە.
خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان و ئاماژەکان:

دوا بەدوای بڵاو بونەوەی هەواڵی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، تەواوی ئازادی ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر پرسیارەوە. خۆپیشاندان و دروست کردنی کەمپینی ناڕەزایی لە لایەن خەڵکانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆوە دەستی پێکرد و بەتایبەتی لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری و ئەم هەوڵە مەدەنیە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەرتی دیموکراتی کوردستاندا زۆر کەمتر دەبینرا. هەر لەسەرەتاوە تا ئێستاش ئاماژەکانی ڕۆژنامەنووسان و نوسەران و کەمپین و خۆپیشاندانەکان ڕوو لە پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەتایبەتی روو لە بنەماڵەی بارزانی و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمە. بە دەیان بەیان نامە لە لایەن دامەزراوە مەدەنیە بیانی و ناوخۆییەکانەوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوسەران و فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان و خوێندکاران و ڕۆژنامەنووسەن و ئازادیخوازانەوە ئیدانەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان کرا و لە کەمپینی (بێدەنگ نابین) دا تێکڕا داوایان کرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی ڕونکردنەوە بدات لەسەر تیرۆرکردنەکە و داوا کرا کە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو کەیسە دروست بکرێت لە کەسانی سەربەخۆ و نوێنەری سەربەخۆی ڕۆژنامەنووسانیش لەو لیژنەیەدا هەبن و لە هەمان کاتدا خێزانی ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراو داوایان کرد کە یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە ئەندامی خێزانەکەی سەردەشت بێت .

دوای ئەوەی کە ڕۆژنامە نووسان و نوسەران و تەواوی میدیا ئەهلیەکان لە ڕێگەی کاری مەدەنی و ڕۆژنامەوانییەوە بەردەوام بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بریاری دا لیژنەیەک لە وەزارەتی ناوخۆ پێکبهێنرێت. بە پێچەوانەی ویستی ڕۆژنامەنووسان و خێزانەکەی سەردەشتەوە لیژنەیەکی نەناسراو پێکهات بۆ لێکۆڵینەوە و پاش 4 مانگ لیژنەکە ڕاپۆرتی خۆی ئامادەکرد.

لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە یەکێک لە تۆمەتبارەکانی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان دەستگیر کراوە کە سەر بە گروپی تیرۆریستی (انسار اسلام)ە و دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و ئاماژەی بەوە کردوە کە سەردەشت بەڵێنی پێداون هەندێک کاریان لە هەولێردا بۆ ئەنجام بدات بەڵام بەڵێنەکەی نەبردۆتە سەر بۆیە ئەمانیش ڕفاندوویانە و تیرۆریان کردوە.

دوای ئەوەی خێزانەکەی سەردەشت ئەنجامەکەیان بە دووبارە تیرۆرکردنەوەی سەردەشت وەسف کردو رایانگەیەند کە هیچ سکاڵایەکیان لەسەر ئەوکەسە نیە کە لیژنەکە دانپێدانانی لێوەرگرتوە و لە هەمانکاتدا ڕای گشتی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بە سیناریۆ وەسف کرد و گروپی تیرۆریستی (انسار اسلام)یش لە وەڵام دانەوەیاندا بەفەرمی ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەوان دەستیان لەو کارەدا نیە و دەستگیرکراوەکەش ناناسن و تیرۆری سەردەشت عوسمانیان ئیدانە کرد و بە کاری پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی لیژنەکە و خودی مەسعود بارزانییان وەسف کرد.

بە شێوەیەکی گشتی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان لە دوای تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە و دکتۆر عبدولستار شەریف سێیەم کردەوەی تیرۆریستی ئاشکرایە لە دژی نوسەر و ڕۆژنامەنووس و کەسایەتی ڕۆشنبیری سەربەخۆ و ڕەخنەگر لە ناوچەکەدا لە ساڵی 2008 تا ئێستا و بە دەیان رۆژنامە نووسی سەربەخۆش لە ئێستادا لەناو مەترسی تیرۆر و هەرەشەی تیرۆر و چاوەڕوانی تیرۆردا کاری ڕۆژنامە وانی دەکەن.

ئێستاش کە دوو ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسماندا تێدەپەڕێت، بەیان نامە و ناڕەزاییەکان بەردەوامە و بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش پەنجەی ئاماژەکان رویانکردۆتە سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو کەیسەش وەک هەمان ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی کە لە ڕابردوودا بەرامبەر ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانی مەدەنی و سەربەخۆ ئەنجامدراون، لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەت و پەرلەمانەوە پشتگوێخراوە.

# وتارەكان

**هەفتەیەک تێپەڕی و پارتی بۆی پینەنەکراوە!**

**کاردانەوەیەکی سەرتاسەری یەکپارچەمان پێویستە**

ڕێبوار ئەحمەد

هەفتەیەک بەسەر ڕفاندنو تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی خوێندکارو ڕۆژنامەنوسدا تێپەڕی، بەلام سەرباری بەلێنەکانی مسعود بارزانیو بەرهەم صالحو دامودەزگاکانی تریان، هێشتا هیچ ڕونکردنەوەیەکی واقعی لەو بارەیەوە نەدراوە. لەڕاستیدا ئەگەر تۆزقالێک ڕاستیو حەقیقەت لە بەلێنەکانی ئەو جەنابانەدا هەبوایە، هەفتەیەک کاتێکی زۆرە بۆ دانی لانی کەم یەکەمین ڕوونکردنەوە لەسەر ڕووداوێک

کە کۆمەلگایەکی بەتەواوی خرۆشاندوەو بە ڕیزی هەزارانکەسی هاولاتیان داوای ڕوونکردنەوە دەکەن.

لانی کەم ئەگەر بەڕاستی تا ئێستا بکوژانی ئەم لاوە ڕۆژنامەنوسو ڕەخنگرەی پارتیو دەسەلاتی کوردایەتی نەزانراویش بوایە، ڕوونکردنەوەو وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە کە ئایا جگە لە پارتیو دەسەلات کێ دەتوانی لەناو شاری هەولێردا سەیارەی جام تاریک لێبخوڕێت؟ بۆچی کاتێک لەبەردەم کۆلیجو بەپێش چاوی ئاسایشەوە ئەم لاوەیان پەلکێش کردوەو ئاسایش کاردانەوەی نەبووە؟ چۆن کرا ئەم سەیارەیە کەسێکی ڕفێنراو بەو هەموو سەیتەرەیەی پارتیدا دەرکات بیگەیەنێتە موصل؟...و چەندین پرسیاری دیکەی لەم بابەتە کە لەلایەن دەیان هەزار هاولاتیو دەیان دەزگای ڕاگەیاندنەوە ئاراستەی پارتیو مسعود بازانی دەکرێت، کاتو لێکۆلینەوەی ناوێت، بۆ لایەنێک ئەگەر پێی خۆی لەناو تاوانەکەدا نەبێت، ڕونکردنەوەی ئەمانە کارێکی سادەیە.

ئەگەر جگە لەوان کەس بۆی هەبێت سەیارەی جام تاریک لێبخوڕێت، ئەوە ڕاگەیاندنی ئەمە بە قازانجی خۆیانە. ئەگەر کارنەدانەوەی ئاسایشەکانی بەردەم کۆلیج لە بێدەربەستی خۆیان بووە، ئەوە دیسان ڕاگەیاندنی ئەمەش ئەگەر بە بەلگەی واقعیەوە بێت سەدقات لەوە سوکترە کە ئەو ئاسایشانە ڕاسپێراوبوون بۆ نیشاننەدانی کاردانەوە. خۆ ئەگەر دەرپەڕاندنی

سەيارەيەكى جام ڕەش بە كەسێكى ڕفێندراوەوە لە هەموو سەيتەرەكانى پارتى، ديسان ناكارامەيى سەيتەرەكان بێت، ئەوەش هەزارجار ئەهوەنترە لەوەى كە خەڵك بيرى لێدەكاتەوە. با مسعود بازانى فەرمان بدات ئەم پرسيارانە وەلامبدرێنەوە، پاشان باسى ليژنە بكات بۆ لێكۆلينەوەو دۆزينەوەى تاوانباران.

هەموو خەڵكى كوردستان ئەو ڕاستيە ئاشكرايە دەزانن، كە ئەمە يەكەمجار نيە كە ڕەخنەگران لە گەندەڵىو تاڵانچيانى كۆمەڵگاى كوردستانو ئيمپراتۆريەتى بنەماڵەكان دەكوژرێن، عەبدولسەتار تاهير شەريف چەند ڕۆژ دواى گفتوگۆ ڕەخنەگرانەكەى لە پارتىو بارزانى بەر دەستڕێژى گولە دراو كوژرا، سۆرانى مامە حەمە هەر بەو جۆرەو ئەوە سەردەشتيش نموونەيەكى ترە...بڵێى باندێكى خۆڕسكو خواكردى بێ پەيوەند بە دەسەڵاتو دام ودەزگا سەركوتگەرەكانى ئێستا، پەيدابووبێت بۆ ئەوەى هەركەس بە بنەماڵەى بارزانى بڵى پشتى چاوت برۆيە بيكوژێت؟!

بەڕاستى ئەم حيزبانەى بزووتنەوەى كوردايەتى ميژوويەكى ڕەشو پڕ تاوانكاريىو تيرۆريزميان هەيە، لە شاخو لە شار هەزاران كەسيان بە ديلێتىو بە دەستى بەستراو لە خوێندا غەرق كردووە، ناشرينترينو دڕندانەترين تاوانيان بەرامبەر نەيارانو ڕەخنەگرانى سياسى خۆيان كردووە، ڕيسواترين داستانو بوختانيان بۆ پينەوپەڕۆى تاوانەكانى خۆيان هەڵبەستووە. بەلام ئەم تاوانە ناشرينو دڕندانەيەيان بەرانبەر سەردەشت عوسمان نەک هەر لە ئاستى كوردستان بەلكو لە هەموو جيهاندا ڕيسواو ڕەزيل بووە. ئەمڕۆ بارزانىو دەسەڵاتى كوردستان خۆى لەبەرامبەر زەختو فشارێكى ئەوەندە گەورەدا دەبينێت، كە ناتوانن وەكو هەميشە گوێى خۆيان لە بێزارىو خواستى خەڵک بخەوێنن، بۆيە بەمەبەستى كاتكڕين بۆ كۆنبونى مەسەلەكەو هێوربوونەوەى خەڵک، بەڵێنى لێكۆڵينەوەو پێكهێنانى ليژنەى تايبەت دەدەن، بەلام ئەمانە خۆڵكردنە چاوى خەڵكە، ئەوان ئەگەر مەبەستيان ڕوونكردنەوەى ڕاستى بوايە بۆ خەڵک ئەم هەموو بێنەوبردەيەى نەدەويست. ئەوپەڕى ئەوەى لەم دەسەڵاتە ميلليشيايانە چاوەڕى دەكرێت، ئەوەيە كە لەژێر زەختێكى زۆرو بەردەوامى خەڵكدا، سيناريۆيەک بەناوى ڕوونكردنەوە ساز بكەن.

بۆيە سەرنجى خەڵكى كوردستان، خوێندكارانو لاوان، ڕۆژنامەنوسو ڕۆشنبيران، ژنان، كرێكاران، وهەموو لايەنەكانى دژى تيرۆرو بەدەنگهاتوو بەرانبەر تيرۆرى سەردەشت عوسمان، بۆ ئەوە ڕادەكێشم كە هوشيارانە ئاگادارى پيلانەكانى دەسەلاتو پارتى بن. لەوە زياتر نابێ كات بدرێت بە بارزانىو دەسەلات تا ڕاستى مەسەلەكە بۆ خەلک ڕوونبكەنەوە، دەبێ دەستبەجێ وەلامى پرسيارەكانى خەڵک بدەنەوە، دەبێ هەموو ئەو لێكۆڵينەوانەى لەبارەى ئەم مەسەلەيەوە دەكرێت ئاشكراو لەبەرچاوى خەڵكو ميدياكان بيت، دەبێ نوێنەرى حزبە ئۆپۆزيسيۆنو ڕێكخراوە جەماوەرىىو دامەزراوە مەدەنيەكان لەناو ليژنەكانى لێكۆڵينەوەدا هەبن.

نابێ خەڵکی کوردستان باوەڕ بە هەموو سیناریۆیەک بکەن کە بەناوی ڕونکردنەوەی ئەم مەسەلەیەوە بڵاودەکرێتەوە. ئیتر وا دیارە توڕەییو بێزاری خەڵک گەیشتۆتە ئاستێک دەیەوێو، ئەگەر بڕیارێکی هەمەگیر بدرێت، دەتوانرێت سنورێک بۆ ملهوڕیو تیرۆرو کوشتاری نوسەرانو ڕەخنەگرانی دەسەڵات دابنێت، لەوەش زیاتر سنورێک بۆ گەندەڵیو تاڵانو مشەخۆری ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە دابنێت. بەڵام ئەمە چاوکراوەییەکی زۆری دەوێ. پێویستی بەوەیە ئەو هێزەی هاتۆتە مەیدان، مەیدان بەجێنەهێڵێت تا بە خواستو مەبەستە واقعیەکانی خۆی دەگات.

هەفتەیەک تێپەڕیو وەڵامی پرسیارەکانی خەڵک دیار نییە. کاتی ئەوە هاتووە ئەمجارە خەڵکی کوردستان لە سەراسەری ووڵاتدا پێکەوە دەستدەنە هەنگاوێکی یەکپارچە، بۆ نمونە مانگرتنێکی سەراسەریو یەکپارچەو هاوکات لە هەموو کوردستاندا، هاوکات لە هەموو وڵاتانی تری دنیا کە ئیمکان دەبێت بۆ پشتیوانی لەو حەرەکەتە سەراسەریەی کوردستان، کاری پێویست لە چەشنی بەرپاکردنی میتنگ بکرێت.

ئەمە کارێکە دەبی حزبو لایەنو دەزگاو دامەزراوەکانی بەدەنگهاتوو لە دژی تیرۆرو ڕەشەکوژی بە گشتیو ڕفاندنو تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بە تایبەتی، هاوئاهەنگی لەسەر بکەنو بڕیاری لێبدەن، ئەگنیا مەترسی ئەوە هەیە ئەم حەرەکەتە پێش ئەوەی بە ئەنحامێکی گونجاو بگات، بە پیلانو دەستیدەستی پێکردن یان ئەوپەڕی بە سازکردنی سیناریۆی چەواشەو ناڕاست، خاوبێتەوە. بۆ بەرگری لەم مەترسیە دەبی هەنگاوی بەپەلە هەلبگێرێت. ئەم دەستیدەستی پێکردنەی ئەوانەی لەبەرامبەر پرسیارو داوای ڕوونکردنەوەی خەلکدا قەراریانگرتووە، نیشانەی ئەوەیە کە مەبەستیان نیەو ڕەنگە بۆیان نەکرێت ڕاستیەکان بۆ خەڵک ڕوونبکەنەوە. خەلک دەتوانێتو دەبێ بە زەحەتی خەباتو هاتنەمەیدانی زیاتری خۆی پەردە لەسەر ڕاستیەکان هەڵماڵێت.

ڕیسواییو مەرگ بۆ هەرچیەک کە مانەوەو بەڕێوەچونی پێویستی بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانەکانە.

12–05–10

**تەنیا دیکتاتۆرەکان لە ڕەخنە دەترسن**

**ئەمجەد شاکەلی**

لە کوردستانی "ئازاد" دا، کە سەرانی بەردەوام و بێشەرمانە، هەمیشە باس لە کراوەیی و ئازادی ڕادەربڕین دەکەن، لە ماوەی ئەم 19 ساڵەی دەسەڵاتداریەتی کورددا، چەندین

ڕۆژنامەنووس، نووسەر، دەنگی جیاواز، کە دواییینیان سەردەشت عوسمان بوو، کوژراون. بێجگە لە کوشتن، دەیانی دیکە، هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە، تۆقێنراون و ترسێنراون.

لە لایەن دەسەڵاتەوە هەر پاساوێکیشی بۆ بهێنرێتەوە، کوشتنی ئەوان، تەنێ یەک هۆی هەیە، جیاوازیی بیروڕا و ڕەخنە لە دەسەڵات و دەسەڵاتداران و بەرپرسان.

ئازادی ڕادەربڕین لە هەموو جڤاکێکی ئەم جیهانەدا، نیشانەی پێشکەوتن و کراوەیی ئەو کۆمەڵگەیەیە. دەستەبەرکردنی ئەو ئازادییە، نیشانەی ڕاستگۆیی ئەو سیستمە سیاسییەیە، کە کارگێڕیی هەر وڵاتێک وەئەستۆ دەگرێ. ئەگەر میدیا دەسەڵاتی چوارەم بێت، وەک دەگوترێ، ئەوا ئەگەر لە سێ دەسەڵاتەکەی تر، قانووندانان، جێبەجێکردن و دادوەری، گرنگتر نەبێت، هیچی لەوان کەمتر نییە. ئازادی ڕادەربڕین، ئازادییەکی ڕەهایە و تەواوی لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە. لە سیستمێکدا، لە جڤاکێکدا، کە باوەڕی بە ئازادی ڕادەربڕین هەبوو، هەموو شتێک، کە بە بیردا دێت، دەخرێتە ژێر پرسیارەوە و خەڵک بۆیان هەیە، بێ هیچ سنوور و سانسۆرێک، قسەی لەسەر بکەن و بیروباوەڕی خۆیان لەبارەیەوە دەربڕن. ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و دەسەڵاتداران، ئایین، کۆمەڵگە، هزر، فەرهەنگ و هەموو پیرۆزیی و لایەنەکانی دیکەی ژیان، بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئازادییەیە. کە مرۆڤ یا میدیاکاران، لە هەر جڤاکێکدا، بە بێ ترس لە نانبڕین و ڕاونان و سزا و چاولێسوورکردنەوە و تۆقاندن و کوشتن، توانییان ئەو ئازادییە پیادە بکەن، ئەوە دەکاتە ئەوەی، کە ئەو کۆمەڵگەیە لەشساغە و چ کێشەیەکی ڕادەربڕینی نییە و دەسەڵاتەکەیشی(چ لە باری سیاسییەوە یا ئایینی و هزری) هێندە سەقامگیرە و هێندە لەسەرپێی خۆی ڕاوەستاوە، چ باکی نییە و لە هەمان کاتیشدا، تەواوی ئەو ڕەخنە و بۆچوون و سەرنجانە، وەک هاندان و هۆشیارکردنەوە و وەئاگاهێنانەوە دەزانێت. ئەوەی ڕەخنە لە جڤاک و دەسەڵات و ئایین و سەرخانی وڵاتێک دەگرێ، لە پێناوی چاککردنی ڕەوشی ئەو وڵاتەدا، وەها کارێک دەکات. وەها کەسێک دەیەوێت جڤاکێکی چەقبەستوو و مێشکێکی داخراو بشڵەقێنێ و گەرەکیەتی تاریکستانێک ڕۆشن بکاتەوە و گۆڕینێک بهێنێتە گۆڕێ. ئەوەی وەها کارێک دەکات، دەنگێکی جیاوازە، دەنگێکە دەربڕی هەستی زۆرینەی خەڵکە، دەنگێکە باس لە نەهامەتی و نادادی و ئازاری مرۆڤ دەکات. دەمکوتکردن و کڵۆمکردن و کپکردنەوەی دەنگی جیاواز، بەشێکە لە فەرهەنگی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی خۆسەپێنەر. دەسەڵاتێک، هەمیشە، تەنێ چاوەڕوانی پەسن بێت، دەسەڵاتێکی بێگیان و مردووە. دەسەڵاتێک، هەردەم چاوەڕوانی ئەوە بێت خەڵک، بە خراپی و ناڕەوایی و نادادی و ناتەواوی و هەڵە و گەندەڵی و تەواوی شتە دزێو و قێزەوەنەکانیشیدا هەڵبڵێت، دەسەڵاتێکە، ترسەنۆک و دژ بە خواستی خەڵک.

سەرانی دەسەڵات لە کوردستان، وشترمەل ئاسا، سەری خۆیان لە بن لم ناوە و خۆیان نەبا دەکەن لە باری ژیانی خەڵک، خەڵکانی دەرێی بازنەی دەسەڵات و لەوەی لەو وڵاتەدا دەگوزەرێ، دەنا زۆرینەی خەڵک لە ڕەوشی کوردستان و لە هەڵسوکەوت و هەڵوێست و گوتاری سیاسەتکاران و بەرپرسانیان، ناڕازین و دژ بە سیاسەتیانن. ئەوەی ڕوومەت و

سەروسەکوتی ئەوان(دەسەڵاتداران) دەڕازێنێتەوە و ئارایشت دەکات، ئەو لەشکرە مشەخۆر و لەمیش و هەلپەرست و چڵیسەی "ڕۆشبیر" و "نووسەر" و "ڕۆژنامەنووس"ە قەڵەمفرۆشانەیە، کە پاشاخوڕی دەسەڵات دەخۆن و لەسەر خوانی دەسەڵات دەلەوەڕێن. دەسەڵات و ئەو لەشکرە ڕەدووکەوتووەیشی، لە دەنگە جیاوازەکان زەندەقیان دەچێ و لەوە دەترسن، هەموو عەیب و کێماسی و کارە خراپەکانیان بخرێنە بەر باس و ڕوومەتە دزێوەکانیان بۆ خەڵک هەڵماڵرێن، هەربۆیە هەمیشە لە کۆششدان بۆ تاساندنی ئەو دەنگانە و لەنێوبردنیان.

دەسەڵات لە هەموو جێیەکی ئەم جیهانە، بەرپرسە لە تەواوی ورد و درشتی شتگەلێک، کە لە وڵاتدا ڕوودەدات. دەسەڵات بەرپرسە لە بزربوونی مریشکێکەوە تا دەگاتە پاراستنی سەر و ماڵی تەواوی دانیشتووانی وڵات. کە ڕووداوێک دەقەومێ، دەسەڵات دەبێ هۆکارەکەی بزانێت و بچێتە بنجوبناوانییەوە و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. دەسەڵاتدارانی کوردستانیش، وەک بەشێک لە دەسەڵاتدارانی جیهان، ئەو بەرپرسیاریەتییەیان لە ئەستۆیە. کوشتنی سەردەشت عوسمان و پێشتریش سۆرانی مامەحەمە و عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف و سەربەست مەحموود، دەستخستنە ناقرە و کپکردنی دەنگگەلێکی جیاوازە، شکاندنی قەڵەمە، دڕین و سووتاندنی کاغەز و ڕۆژنامە و کتێبە، تیربارانکردنی ڕەخنەیە، کوشتنی وشەیە، هەڵواسینی پەیڤە، لەسێدارەدانی ئازادیی دەربڕینە، کە تەنێ لە پەنای دەسەڵاتێکی، لەڕەخنەترساو، لەپرسیارترساو، لەڕاستگۆیی هەترەشچوودا ئەنجام دەدرێ. دەسەڵاتدارانی کوردستان دەبێ باش لەوە تێبگەن کە: ئەوەی ئەمڕۆ مامەحەمەییان بۆ دەکات و ماستاویان بۆ سارد دەکاتەوە و مەراییان بۆ دەکات و پێیان ناڵێ ڕووتن و بە پۆشتە ناویان دەبات و سەریان بۆ دادەنەوێنێت، لە ترسا و لە برسا و بۆ گیرفانپڕکردن، ئەوەیان بۆ دەکات، دەنا هەر کە باریان لار بوو، کەس بە دەوری خۆیانەوە نابینن و سبەی لێیان دەخوێنن و نەفرەتیان لێ دەکەن.

وروژاندنی پرسیار و ڕەخنەگرتن، نیشانەی زیندوویی جڤاکە و نەبوون و تاساندنیشی دەکاتە مردوویی کۆمەڵگە. کۆمەڵگەی کوردستان، کە نەتوانرێ پرسیاری تێدا بکرێ و ڕەخنەی تێدا بگیرێت، هەرگیز ناکرێ ناوی کۆمەڵگەیەکی زیندووی لێ بنرێ. وەها جڤاکێک دەبێ لە ڕەگەوە بگۆڕدرێت و دەسەڵاتدارانیشی وەک هەر کەسێکی دیکەی هاووڵاتی ئەو وڵاتە، مل بۆ قانوون کەچ کەن و سەر بۆ ڕەخنە دانەوێنن، دەنا خوێنی سەردەشت عوسمان و شەهیدانی دیکەی ڕێگەی ئازادی ڕادەربڕین، هەمیشە وەک گەواڵە هەورێکی تووڕە بە سەر سەریانەوە دێت و دەچێ و نەفرەتیان بەسەردا دەبارێنێت.

2010-5-9

**سەری بەرزی سەردەشت عوسمان لە نێو ئاپۆڕەی نەفرەتدا!**

**حەمە غفور**

**ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو (سەردەشت عوسمان)ی ڕۆژنامەنووسو خوێندکاری کۆلێژی زمانی ئینگلیزی، لەبەر دەرگای کۆلێژەکەیو بە بەرچاوی خوێندکارانو پاسەوانانی زانکۆوە لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە بەزۆرەملێو بە زەبرو زەنگ ڕاپێچی ناو ئۆتۆمبیل ئەکرێو بە نێو هەولێری "ئارامدا" بۆ شوێنێکی نادیار بێ سەرو شوێن ئەکرێ. دوای دوو ڕۆژ تەرمی سەردەشت لە گەڕەکێکی شاری موسڵ ئەدۆزرێتەوە. "خەتاو تاوانی" سەردەشت تەنها ئەوە بوو کە وەکو ڕۆژنامەنووسێکی لاو بە قەڵەمەکەی بیروڕای خۆی سەبارەت بە دەسەڵات ڕەخنە کردووەو وەکو خوێندکارێکی چاوکراوەو نەترس لە ناو زانکۆو هاوڕێکانیدا سەری بەرزی دیار بووە!**

**ئەم تاوانە شەرمهێنەرە، ئەم شوێنبزرکردنە ئاشکرایەی مرۆڤ لە کوردستان، ئەم تیرۆرو تۆقاندنە لەژێر سایەی دەسەڵاتی هەرێمو پارتی دیموکراتدا، ئەزموونی کوردو دیموکراسیو ئیدیعای پووچی بەرقەرابوونی ئاسایشو ئارامی کوردستانی بردە ژێر نیشانەی پرسیارێکی گەورەو سەراتاپاگیرەوە! خودی ڕوداوەکە گومانێکی گەورەی بەرەوڕووی دەزگا ئەمنیەکانی هەولێر کردەوەو ئاماژە بۆ تێوەگلانیان دەکات لە تاوانی تیرۆرکردنی کاکە سەردەشتدا. پارتی وەکو دەسەڵاتداری شاری هەولێر لەژێر گوشارێکی گشتگیردایەو دەبێ وەڵام بداتەوە. وەڵامیش ئاشکراکردنی تاوانبارانە لەبەردەم ڕای گشتیدا.**

**پارتیو دەسەڵاتی کوردی ئەگەر بە نیازە دەسەڵاتدارو ئیدارەی کۆمەڵێکی "ملکەچو بێ ئیرادە" بکات، بۆی ناچێتەسەر! ئێستا هەموو داتاکان کە ئاماژە بۆ بەرپرسیارێتی پارتی دەکەن لەم تاوانە، خرۆشانی سەرتاسەری کوردستانیش بۆ ڕیسواکردنو شەرمەزارکردنی تیرۆری کاکە سەردەشت، ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە چ ئەژمارێک لە خەڵکی کوردستان بۆ ڕێزلێنان لە سەربەرزی (سەردەشت عوسمان) دەنگیان هەڵبڕیەوەو ڕژاونەتە سەر شەقام! کوردستان ڕایگەیاند سەربەرزی دەوێو مل بۆ هیچ دەسەڵاتێکی سەپێنراو کەچ ناکات! هەر بۆیە کوردستان لێوان لێو بووە لە وێنەی سەربەرزی کاکە سەردەشت! "ئەو کەسە کەسە، ئەلفێکی بەسە!"**

**لە ئاستی ڕای گشتیشدا، بڵاوبوونەوەی هەواڵی تیرۆری (سەردەشتی جوانەمەرگ)، بە تەنیشت گوێ لێ خەواندنو چاونوقانێکی گوماناوی پارتیو دەسەڵاتدارانەوە، ئێمە شاهیدین کوردستان یەکپارچە گڕکانی نەفرەتو بێزاریی لێ هەڵئەقوڵێت. زانکۆکان، خوێندنگاکان، شارەکان، میدیاکانو تۆڕی ئینتەرنێت، جمەی دێت لە تووڕەییو نەفرەتو ناڕەزایەتی بۆ ئیدانەکردنو شەرمەزارکردنی ئەم تاوانەو ئەم ئینسان دزینو تیرۆرو تۆقاندنە. ڕۆژنامەکاران، ڕووناکبیران، ئازادیخوازانو خەڵکی شەریفی کوردستان بە یەک دەنگ، هەر لە هەولێرەوە تا ڕانیەو هەڵەبجەو کەلارو دەربەندیخان، تا بگا بە هەندەران، تووشی**

شۆكێكی گورچكبڕ هاتوونو دەنگیان هەڵبڕیوەو دەسەڵاتی كوردی بە بەرپرسیار دائەنێنو خوازیارن دەسبەجێ بكوژانو تاوانباران ئاشكرا بكرێنو سزای شایستە وەرگرن.

ئەم شەپۆلی تورەییە، ئەم گڕكانی نەفرەتە بەرامبەر ئەم غەدرە گەورەیەو ئەم تاوانە قێزەونە، هێماو ئاماژەیەكی تەواوە بۆ ئەوە كە خەڵكی كوردستان دەسەڵاتی كوردی بە شایستەی خۆیان نازانن، دوو ئیدارەییو دەسەڵاتی جووتحیزبی بە سەرچاوەی گرفتەكانیانو ئەو دۆخەش دائەنێن كە ئەم حیزبانە فەراهەمیان كردووەو تیایدا ڕۆژانە ئازادیەكانی خەڵكی پایماڵ ئەكرێن، مافی ڕۆژنامەنووسیو ڕەخنەگرتن ژێرپێ دەخرێو نەک هەر ئەوەش بەڵكو لە نێو جەرگەی شارداو لە ناو پیرۆزیی زانكۆداو بە بەرچاوی خوێندكارانەوە هاوڕێیەكیان ئەفڕێنرێو بە نێو بازگەو خاڵە كۆنترۆڵەكاندا بێسەروشوێن دەكرێو دواتر ترسنۆكانە ئەكوژرێت!

ئێستا خەڵكی كوردستان دەنگیان هەڵبڕیوەو یەكپارچە خوازیارن، دەسەڵات بە خێرایی لێكۆڵینەوەی ووردو خێرا دەسپێ بكاو بڕیاردەرو جێبەجێكارانی تاوانەكە ئاشكراو دەسنیشان بكرێنو لەبەردەم ڕای گشتیدا ڕابگەیەنرێت. بە پێچەوانەوە هەر مانۆڕێک بۆ كپكردنەوەی دۆخی نارەزایەتی بەبێ ئاكامی درووست، چەند بەرامبەر دەسەڵاتو حیزبەكان دەباتە ژێر پرسیارو گومانەوە.

لە دواییدا، وێڕای بەشداریم لە پەژارەو خەمی كۆستی گەورەی بنەماڵەی كاكە سەردەشت، بە كەسو كارو هاوڕێیانو خوێندكارانو ڕۆژنامەنووسانی كوردستانیش دەڵێم؛ لەم ڕۆژگارە سەختو پڕ لە دڵتەنگیو پڕ لە پەژارەیەدا، هەقیانەو سەد جار شایستەی شانازی كردنن بە هاودڵیو هاوسۆزیو ڕاوەستانیان لەپاڵ بنەماڵەی سەربەرزی جوانەمەرگدا! هەقی خۆیانە سەربەرزانە ڕاگەیەنن كە مێژوویەكیان تۆمار كرد لە كوردستان بۆ بەرگری لە ئینسان، لە ئازادی، لە مافەكانی مرۆڤو لە دژی تیرۆرو فڕاندنی ئینسان.

بەو ئومێدەی شەپۆلی ئیدانەكردنو دەربڕینی نارەزایەتی سەرتاسەری هەم بكوژانی كاكە سەردەشت ئاشكرا بكات، هەم دەسەڵاتو حیزبەكانی كوردستانیش وادار بكات كە پابەند بن بە ڕێزگرتن لە ئازادیەكانو لەوانەش ئازادی دەربڕینو ئازادی ڕەخنەگرتن. وە سنووریش بۆ دیاردەی فڕاندنو شوێنبزركردنی مرۆڤ دابنرێت!

9ئایار2010

**من نەک کوردستان بەڵکو هەولێریشیان بۆ جێ ناهێڵم.. ئەوشەڕەم درێژەی دەبێت! .**

مستەفای حەسەنە گەورە

مێژووی پارتی و بارزانی پڕە لەنەهامەتی بۆ گەلی کورد، لەکاتی ئاشبەتاڵەکەی بارزانی باوک لە ئۆردوگای سەرابی گەرم بووین

کاتێک هەواڵی ئاشبەتاڵمان بیست من وەک لاوێکی ١٣ ساڵە لەداخی ئەو کارەساتە ، بیرم لەخۆکوشتن دەکردەوە، لەهەرکوێیەیەک وێنەی موحەمەد ڕەزا شام دیبا تفم لێ دەکرد، کەچی بارزانی لەکاتی ئاشبەتاڵدا سەررەڕای کوشتنی دەیان زیندانی سیاسیی لەناو زیندانی ڕایەت. چەندین ملیۆن دۆلاریشی ئاودیوی ئێران کرد.

کاتێک بۆ یەکەمجار کۆنە ساواک و ڕیکخەری پەیوەندیەکانی شای ئێران و بارزانی عیسای پەژمانم لەپاریس بینی، چاو پێکەوتنێکم لەگەڵی ئەنجامدا ئەوسا بۆم دەرکەوت کەب ارزانی باوک چ جۆرە سەرکردەیەک بووە، داخم خواست بۆ ئەو هەموو لاوانەی بوونە قوربانی شەڕی بەعس و بارزانی.

سەردەشت گیان..

کوڕ و کوڕەزاکانی بارزانی بەحسابی خۆیان ویستیان بتکوژن بەڵام

تۆ نەک هەر مەسعودت کوشت، بەڵکو هەموو بنەماڵەکەشیانت، هەولوەشاند و لەبەر دەم مێژوودا ڕاتگرتن و خستتە ناو زەلکاوی لاپەڕەکانی مێژووەوە.

سەردەشت گیان لە بیرت دێت کاتێ یەکەم نامەی دەستخۆشیم بۆ ناردی، کات ١٢ و١٨ دەقیقەی نیوەڕۆ بوو بەکاتی دانیمارک، من و کاک کەمال لەسەر بابەتەکانی کوردستانپۆست،گفتۆگۆمان دەکرد.. بابەتی دووەمت بەناوی نەسەرۆک خوایەو نە کچەکەی. ئیتر زەنگی مردنت لێدرا.

من یەکەم نامەی دەستخۆشیم ڕاستەوخۆ بۆ ناردی، کە ئەمە وێنەی نامەکەی ئەوسام بوو

dast xosy

Fra: mustafa ahmad (msto123@hotmail.com)

Sendt: 3. januar 2010 12:18:14

Til: saro.zardasht@yahoo.com

دەست خۆش بۆ ئەم بابەتە و بوێرییەت

بابەتەکەت لە خوارەوەی کوردستانپۆست بوو، بەڵام لەو کاتەدا لەگەڵ نووسەر ێکی تری کوردستانپۆست و کاک کەمالدا قسەمان دەکرد. ئەو برادەرە نووسەرە وتی ئەم بابەتە بابچێتە سەروە شایەنی ئەوەیە گرنگی پیّ بدریت.

بەهیوای بەردەوامی و سەرکەوتنت

دەبێت بتەکانی سەری ڕەش تێک بشکێننرێن

مستەفای حەسەنە گەورە

سەردەشت گیان، نازانم تۆ چەند ئاگاداریی هەواڵ و ڕووداوەکان بوویت، سەرەتا ئەوان واتەماڵە خەزورانت وڕڕ و کاس بوون.

تا هەفتەیەکیش هیچیان نە ووت، یان زاتیان نەکرد هیچ بڵێن، کاتی بینیان سەدان بابەت و وتار و هەزاران پێڵاو بۆ ناو پەرلەمان نێردرا و خۆپێشاندانە گەورەکەی سلێمانییان بینی

کە چۆن دەنگە توورە و نارەزاییەکان نەک هەر کوردستان، بەڵکو هەمووو جیهانی گرتەوە، سەدان نووسەر و ڕۆژنامە نووسی بیانیش هاتنە پاڵ نارەزایەتیکانمان، ئەوسا شێتگیرتر بوون،١٨٠ پلە بایاندایەوە و کەوتنە هەڕەشە کردن لێمان.

سەرۆ گیان ئیستاش نایانەویّ بە تۆ بڵێن ڕۆژنامە نووس، دەڵێن قوتابیەکی جوانەمەرگ،

ئاخر سەرۆ گیان تۆ لەسەر قوتابی بوونت، تیرۆر نەکرای، لەسەر ئەو بابەتە تۆیان لەناوبرد، کە بەخەیاڵ ئاشقی کچە کەی بارزانی بوویت، ئیستاش هەندێک نەفام هەن لە نامەکەت تێناگەن، یان نایانەوێت تێبگەن، بەتایبەت شیوعیە پارتییەکان.

دەزانی سەرۆ گیان ئەو کەونە شوعیانە کاتێک دەبنە پارتی دەیانەوێت تۆڵەی چەند ساڵی ڕابوردشیان بکەنەوە یەکسەر دەبنە پاراستن؟

ئیستا ئەوانە دەستخۆشی لەشەهید کردنی قەڵەمێک دەکەن، زیندوو ترین نموونەشمان ئەندام پەرلەمانەکەی سەر لیستی شیوعی / پارتی هاژە سلێمانە کە دەست خۆشی لە هەڕەشەکانی ئەم دوایەی مەسعود کرد لەناو پەرلەمانە کارتۆنیەکەی کەمال کەرکوکی.

سەردەشت گیان

ئێوارە درەنگانێک کە گەیشتمە لای کۆمپیتەرەکەم وەک هەمیشە بەڕێزەوە سڵاوت لێکردم و پرسیت ئاخۆ کاتم هەیە، ووتم لە سەفەرم سەرۆ گیان بەڵام فەرموو با قسە بکەین ووتت نا کە گەڕایتەوە قسە دەکەین.

ووتم هیچی تاز هەیە ووتت کە گەڕایتەوە بۆت باس دەکەم

مالئاوایت خواست لەسەر هێڵ نەمای

دوای چەند ڕۆژێک دیسان بە سڵاوێک دەستت پێکرد و پرسیت کە گەڕاومەوە..

لەترسی ئەوەی وەک دواجار نەڕۆیت ووتم بەڵی ئەمڕۆ گەڕامەوە، ڕاستیەکەی من لە ڕۆژ تیڤی بووم..لە برۆکسل

ووتم فەرموو سەرۆگیان چی هەیە

ووتت هەر مەسەلە کۆنەکەیە، ئەو برادەرانەی سەری ڕەش وازم لێ ناهێنن

ووتم چی تازە هەیە ، ووتت ئەوان بەردەوامن لەسەر موراقەبە کردنم هەست دەکەم لە ئان و ساتدا پەلامارم دەدەن، بەتایبەت سەر لە ئێواران کە دەگەڕیمەوە بۆ ماڵەوە

ووتم سەرۆ گیان چیت بۆ بکەم، دەوەرە بۆ دەرەوەی وڵات، من بەهەموو شتێک لە خزمەتدام.

ووتت دەزانم زۆر سوپاس بەڵام من نەک کوردستان بەڵکو هەولێریشیان بۆ جێ ناهێڵم.. ئەوشەڕەم درێژەی دەبێت.

دەباشە گیانەکەم ئاگات لەخۆت بێت..

قسە دەکەینەوە...

ڕۆژی یەکی ئایار واتە سێ ڕۆژ پێش فڕاندکەی.

هاتیتەوە سەر هێڵی مەسنجەر دوای سڵاو

ووتت هەواڵێکم ناردووە لەسەر پاراستنێکی عەینکاوە، بەڵام لە کوردستانپۆست دانەبەزیوە

وتم هەر ئێستا سەیری دەکەم.

ئیمەیلەکەم کردەوە، ناردم بۆ کوردستانپۆست، تێبینی ئەوەم نووسی کە تکایە ئەم بابەتە بە زووترین کات دابەزێنن.

ئەوکەسە ی ئەو بابەتەی ناردوە من دەیناسم..

دوای کەمێک بابەتەکە دابەزی و ئەمە دوا نووسین و دوا پەیوەندیی من و تۆ بوو، بەڵام لێرەوە منیش پەیمان دەدەم، کە ئەوە دوا نووسینم نابێت بۆ تۆ.

سەرچاوە : کوردستانپۆست

**تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان ، شەرمەزاریەکیتری دەسەڵاتی کوردیە**

**ئەحمەد عەلی**

سەردەشت عوسمان، دوای ئەوەی چەنجار لە ڕێگەی مۆبایل و ئیمایلەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ و ئاگاداری پۆلیس دەکاتەوە، ڕۆژی 04.05.2010 لە بەردەم کۆلێژەکەی خۆیدا لە شاری هەولێر،بە بەرچاوی خەڵک و پۆلیس و دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتەکەی هەرێمەوە دەڕفینرێ و 2 ڕۆژ دواتر لە شاری موسڵ تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە .

سەردەشت عوسمان قوربانیەکیتری دەست و پلانی دەسەڵاتی خوێنڕێژ و خوێنمژی کوردستانە ، هیچ لەوە ئاسانتر نیە لەم حەقیقەتە تێبگەین، کەم نین ئەوانەی بە بەرچاوی دونیاوە بە دەستی یەکێتی و پارتی و ئیسلامیەکان خەڵتانی خوێنکران.. شەرمەزاریەکی یەکجار گەورەیە بۆ پارتی ئاوا هەڵسوکەوت لە گەڵ هاولاتیانی کوردستاندا دەکات.. شەرمەزاریە کە لە تەواوی دونیادا ئیدعای ئارامی کوردستان دەکەن و دواتر بە دەستی خۆیان و بە بەرچاوی خۆیانەوە سەردەشت دەڕفێنن و دەیکوژن.دەسەڵاتی کوردی و هاوپەیمانەکانیان دەبێ بە کردار سنوریان بۆ دابنرێ .. ئەمانە کە بە ئاسانی دەستیان دەچێتە گیانی هاولاتیانی کوردستان ، دەستیان دەچێتە جەرگی دایکان و لەت لەتی دەکەن، دەبێ لە تەواوی دونیادا ئەم دەسەلاتە ریسوا بکرێت و نەخشەکانیان ناکام بکرێنەوە.پێویستە تەواوی لایەنە جیهانیە پەیوەندیدارەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، نەتەوەیەکگروەکان و .... ئاگادار بکرێنەوەو پەردە لە ڕووی دزێوی ئەم دەسەلاتە هەڵبماڵین. سەردەشت و سۆران و شاپورو قابیل و سەدانیتر ،ئەمانە کەسی ئێمەن،ئەمانە بەرگریکاری داخوازی و بەژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان بوون،

ئێمە بەرەی ئازادیخواز ناکرێ لە خوێنی ئەم ئازیزانەمان خۆشببین.. دەبێ نەک بکوژەکانی سەردەشت ،بەڵکو یەکێتی و پارتی کە ڕاستەوخۆ بەرپرسی ئەمنیەتی خەڵکی کوردستانن بدرێنە دادگا .. ئەمانە ڕێگەیان بۆ هێرش و پەلاماری تەواوی ئازادیخوازان خۆشکردوە.ئەمانە سەردەمی پێغەمبەروحوکمی ئیسلامیان لە کوردستان تازەکردۆتەوە. ئەمانە دەستی خوێناوی خۆیان و ئیسلامیەکانیان لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتیو ڕەخنەگرو قەبوڵنەکەری خۆیان و هاوپەیمانە ئیسلامیەکانیان کردۆتەوە .دواکەوتوترین حوکم ،حوکمی ئەمانەیە. لە کام شاری دونیادا هەیە بەم شێوەیە بە ئاشکرا خەڵک بفرێنرێ و بکوژرێ، ، ئەگەر ئەمە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستانی تیادا نیە ،ئەی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانیان لە کوێ بوون کە سەردەشتیان فڕاند؟ کامەتا ئارامی و ئەمنیەت؟حکومەتی هەرێم و بە تایبەت پارتی ئەگەر بکوژانی سەردەشت ئاشکرا نەکەن ئەوا نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە خۆیان دەستیان لە کوشتنیدا هەیە. ئاخر ئەمانە خۆیان کەوتونەتە گیانی خەڵکی بێدیفاع بانگەشەی پاراستنی گیانی خەڵکیان لە چی؟ من سەرەخۆشی لە خێزان و کەسوکارو

هاوڕێیانی سەردەشت عوسمان و بە تایبەت بەشدار و ئارام عەلی برایانی سەردەشت دەکەم و خۆم بە بەشداری خەم و دەردەکانیان دەزانم،

07.05.2010

**با پرسەنامەی سەردەشت عوسمان بکەینە پرۆسەیەکی جەماوەری لە جیهاندا**

مەریوان هەڵەبجەیی

داواکارم لەهەموو ڕێکخراوو کۆمەڵەو ناوەندو سەنتەرە فەرهەنگی و پیشەیی و دیموکراتی و جەماوەری و سیاسیەکانی سەرجەم وڵاتانی جیهان، هەر یەک لەوڵات و شاری خۆی، پرسەنامەیەک بۆ شەهیدی قەڵەم، شەهیدی ئازادی، شەهیدی وشەو ڕۆژنامەگەری سەردەشت عوسمان بەڕێوەببەن.

بەڕێوەچوونی پرسەنامەی سەردەشت سەرەڕای پێزانینە بە پیشەی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری و ڕێزلێنانە لەکارو چالاکییەکانی ڕۆژنامەنووسانی وەک سەردەشت هەروەها ئەرکێکی فکری، سیاسی، مەعریفی، شارستانی، ئەخلاقی هەموو ئەو ئازادیخوازانەیە کەبڕوای تەواویان بەئازادی ئینسان و ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەری هەیە، لەکوردستان یاخود لەهەر شوێنێکی جیهاندا بێت.

قوربانییەکەی ئەمجارەمان فێرخوازێکی زانکۆو کەسایەتییەکی جیهانی ڕۆژنامەگەری و بانگخوازێکی ئازادییە، پێگەی بیرکردنەوەی سەردەشت لای ئازادیخوازان پەسەندەو لە کۆمەڵگایەکدا پیشەکەی خۆی مومارەسە کردووە کەتێیدا کوشتن و تۆقاندن بووتە ڕێساو ئاکارێکی ڕۆژانەی ئەو گورگانەی کەبەهای ئینسانیان لەلا نەماوە. بەلامانەوە بەڕێوەبردن و بەشداریکردن لەپرسەیەکی ئاوها جەرگبڕدا پێویستی بەخوێندنەوەی جۆراوجۆر نییە، خوێندنەوەو ململانێی سیاسی و مشتومڕی ڕێکخراوەیی پێویست نییەو ئازادیخوازی ڕاستەقینە ئەو کەس و گروپ و لایەنانەن کەپێش هەموو کەسێک سەردەشت بەڕۆڵەی خۆیان و بەشێک لەخۆیان دەزانن.

بەجێگەیاندنی پرسەیەکی لەم شێوەیە لەشارو کۆمۆنەکانی وڵاتانی جیهاندا پشتگیریەکی ڕاستەقینەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریەو وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەقینەو خێرایشە بۆ تیرۆرستان. پرسەیەکی لەم چەشنەش با ببێتە پرۆسەیەکی جەماوەری و هەرکات قەڵەمێکی دیکەی وەک سەردەشتمان لێ تیرۆرکرا پێکەوە کردەکە ڕیسوا بکەین و بەتیرۆرستان بڵێین هەموومان سەردەشتین.

### تەنگهەڵچنین بە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان

ئاسۆ حامدی

لەم دواییانە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان هەروا تەنگ بە ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان هەڵدەچنێ، ڕۆژێک تەقە لە خۆپیشاندەرانی خەڵکی ناڕازی دەکات کە بۆ چاککردنی ژیان و گوزەران داواکاریان هەبووە و ڕۆژێک مەلا یەکان تیژدەکرێنەوە دژی نوسەران و ڕۆشەنبیرانی سەربەخودی دەسەڵات و ڕۆژێکی تریش لە هەڵسوڕاوانی سیاسی حزبە جیاجیاکان دەدرێت لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا. دەسەڵات کەڵتووری چاوسوورکردنەوەو تۆقاندن و کوشتن و ڕفاندنیان وا لەسەرەخۆ زیندوو کردۆتەوە، ئەم ڕەوشە بەم شێوەیە پێش هەموو کەس زیانی بۆ خودی دەسەڵات و ئیدیعاکانی بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە و کۆمەڵگایەکی نائارام ونا ئاسایش دروست دەکات و هەر لە دوا هەنگاودا بە زیانی کۆمەڵگا کۆتایی دێت و لە پێشیانەوەش دەسەڵاتداران.

مێژووی کۆمەڵگای کوردستان پڕە لە قوربانی دان و گیان فیداکردن، گەلێ دەسەڵات هاتن و ڕابردن بەڵام ئەمجارە لە هەموویان جیایە، خەڵکی کورد بە هێزی نەتەوەیی و حزبی خۆی سەرکوت دەکرێت و بەڕۆژی ڕووناک ڕۆژنامەنووسان بەبەر شەق دەدرێن و دەرفێنرێن و دەکوژرێن، کەچی دەمی هەر یەک لە مەسولێنی شار و پەرلەمان و سەرۆک و وەزیر و هتد دەکەیتەوە هەمووی باسی سەروەری یاسا و ئازادی و یەکسانی یمان بۆ دەکات. لە واقعیش کۆمەڵگایەکی بێ یاسا و حزبی و سەرکوت و گرانی و نەبوونی و بێکاری و هەڵاوسانی مالی و بێ سێنترال و مەرکەزیەت و تەنانەت بێ کوالیتی لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا هەر حزبە و لە ئیدارەیەک دەوڵەتە و حکومەتی یەکگرتووشیان تەنها بۆ چاو بەستنی هێزە دەرەکیەکانە و بەس. دیارە گەلی کورد قوربانی زۆری داوە و توانای بەرگری ئەم جۆرەشی هەیە. زیندانەکانی بەعس و کوشتن و بڕین و کیمیایی و هتد کۆتایی بە هێزو باوەڕی ئینسانەکان لەم دەڤەرە نەهێنا ئەوەی وا بیر دەکاتەوە کوشتن و تۆقاندن و بڕین دەبێتە بەردەوامی ژیانی سیاسی با تۆزێ مێژووی حکومەتەکانی خودی عێراق بخوێنیتەوە.

بەداخەوە خەڵکی کوردستان هەروا پشدێنی گرانی و نەبوونی و بێکاری و ئازادی بەیان و بیروباوەر و ئازادی مانگرتن و ڕاپەڕین و ڕێکخراوبوون هتد لێیان توند دەکرێتەوە. ئەم سیاسەتە زیانی زۆر بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرهەمی نەتەوەیی دەگەیەنێ و ناتوانێ کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێشکەوتوو بە بیمە کۆمەلایەتی و تەندروستیەکان و ئازاد و دیموکرات دروست بکات.

حزبە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ بۆ ئەوەی گرفتە ناوخۆیەکان و قەیرانەکانی دەسەڵات ومۆدێلی بەڕیوەبردنیان و گەندەڵیەکانیان پەردەپۆش بکەن ئەوا هێرش دەکەنە سەر خەڵکی ستەم دیدەدی کوردستان و داغی فەشەلەکانیان بەوان دەردەکەن.

خەڵکی کوردستان شایستە ژیانێکی مرۆڤایەتی و شارستانیە وەکو هەموو کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەند و بەتوانا کەرەستە خاوەکانی ووڵات و داهاتەکانی دەبێ لە خزمەتی تەواوی کۆمەڵگا دابێت وداهاتی ووڵات دەبێ شەفاف بێت و خەڵکی لەم نیوەدا حکومەت بە حکومەتی خۆیان بزانن، نەک دوو واقعیەتی جیا وەک ئەوەی کە هەیە، لە نێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا دەرزێکی گەورە هەیە. هاووڵاتیان دیسان ترسیان لە ئاسایش و پۆلیس و سەرباز (پێشمەرگە) تایبەتەکانە و بە هەمان سلوکی سیاسی کۆن سەیریان بکەن.

لە جیاتی دەزگاکانی هەواڵگری و هێزە ناوخۆییەکان و سوپای کوردستان هێزی پاراستنی ووڵات بێت ئەوە بۆتە هێزی سەرکوتی مرۆڤەکانی کوردستان، تا ئەم وەزعە بەردەوام بێت ئەوا ئازادی لە کوردستان دەبێتە خەونێکی خۆش و دەسەڵاتدارانیش هەر زیاتر تووشی نارەزایەتی جەماوەر دەبنەوە.

دوا ڕووداو ڕفاندن وکوشتنی ڕۆژنامە نووسێکە لە هەولێر کە قوتابی زانکۆی سەلاحەددین بوو، نا خۆ سوتاندن و کوشتنی ژنێکە لە سلێمانی یان زاخۆ و دهۆک، یان لە کەرکوک تەحەددای جنسیە لە ژنە پێشمەرگەیەک لەلایەن کوڕی مەسولی پۆلیسەوە نا بەبەر شەقدانی هەڵسوڕاوانی گۆڕانە لە هەولێر یان لە جادەی سەهۆڵەکە لە سلێمانی نا تەوقکردنی بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیە لە هەولێر. ئەم سیناریۆیانە دروستکراونین بەڵکو هەندێکیان لە لاپەڕەی خودی ڕۆژنامە حزبیەکانی دەسەڵاتداردا دەبینرێن. تەنانەت پارتیەک لە سلێمانی لە وەزعێکی زۆر نا مناسب دایە و دەڵێ ئێمە وەکو سەفارەتین لە سلێمانی لەلایەکی تریش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ لە دهۆک و هەولێر هیچ دەسەڵاتمان نیە و سەرۆک وەزیرانیش یەکێتیە.

ئەی ئەمە مەهزەلەی مێژوو نەبێ چیە؟ ئەم دەسەڵاتە ئاوا دەبێتە نموونەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەند. ئاوا دەوڵەتی نەتەوەیی لە کوردستان قەرارە دادەمەزرێنن. تەنانەت خودی پێشمەرگەکانی کە بۆ براکوژی بەکاریان دەهێنان ئێستا هەموویان دەستبەرداریان بوون و چەوساوەترین مرۆڤێکن لە کوردستان.

تاکە ڕێگا گەڕانەوەی حکومەتە بۆ خەڵکی کوردستان، سەروەری یاسا و جیابوونەوەی هێز و سوپا لە سیاسەت و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی تاکە لە بڕیارەکاندا و فراوان بوونی ئازادی یە لە هەموو مەیدانێکدا و چاککردنی باری ئابووری خەڵکی کوردستانە، لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵە گەندەڵێ بیخوات دەبێ هاوسەنگیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگادا هەبێت، ئەگینا کۆمەڵگا دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە. بەڵام تا ئەم سلوکەی دەسەڵات بەردەوام بێت ئەوە ئەم ووشانە هەر بە ووشە دەمێننەوە.

خەڵکی کوردستان تاڕرادەیەک هۆشیارە و بایی ئەوەندە تاقیکردنەوەی هەیە و قوربانی زۆری داوە دەتوانێ ئەم دەورانەش گوزەر بکات، بەڵام مێژوو ڕەحم بە کەس ناکات ، هیچ کەسیش ناتوانێ بەر بە شەپۆلی جەماوەری ناڕازی بگرێ ئەگەر بتەقێتەوە. لێپرسراویەتی ئەم وەزعەش حزبە دەسەڵاتدارەکانن لە دوو ناوچەی جیاجیادا. خەڵکی هەقی خۆیەتی کەرامەتی ئینسانی بپارێزێ و ئازاد و سەربەست داوای مافەکانی بکات ، لە جگەر گۆشەی خۆی و قوربانیەکان بپێچێتەوەو دەسەڵاتی شاریش مەسولی یەکەمە لەم هەموو تجاوزاتانەی کە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان دەکرێت. ئەمەش باجەکەی کەم نیە.

**نامەیەک بۆ سەرەدەشتی جوانەمەرگ**

**ئیمان بۆتانی**

کە نوچەی شێوەی ڕفاندن و تیرۆرکردنتم خوێند کۆمەڵێ هەستی خەست دایگرتم؛ لە وانە: قێز؛ خەفەت؛ شەرم؛...هتد و گوتم واخ؛ واخ پارتی بەعس چەند بەهێزە لە کوردستان؟ وا لە قۆناغی دووەمدان؛ کە قۆناغەکانیان لە سێ بەش پێکهاتووە:

١ـ بەبێ دەنگ خەڵک لەناوبردن .

٢ ـ بە ئاشکرا خەلک لەناوبردن .

٣ ـ ساندنەوەی پارەی گوللە لە کەسووکاری قوربانییان .

واتاە قۆناغی سییەم ئەوەندەی نەماوە سەربار وەرگرتنی پارەی گوللە شێوەن گێرانیش بەربەست کەن لە کەسووکاری شەهیدەکان .

بە سەرۆ گیان؛ سەرۆ گیان دەمەوێت بەردەوام بم؛ بەڵام بە خوێنی تۆ ناکرێت و قورسە؛ نەک لە بەر ئەوەی لە نزیکەوە ناتناسم و تەنها بێگانەیەکم؛ نا؛ هۆی ئاشناییی بوونم پێت دەگەڕێتەوە بۆ نووسینیکی پڕ سەرنـجـڕاکێشت کە چەند مانگێک لە مەوبەر لە کوردستان پۆست دا خوێندمەوە؛ نــــــــا؛ لە بەر ئەوەی وەک خۆت دەڵێت: «کاری منیش خۆشبەختی برا بچوکەکانمە؛ نەک خۆم»؛ کە مەبەستت لە وەدا نەوەی داهاتووی گەلەکەمانە. ئینجا منێکی دوورە وڵات؛ لە تۆ بەتەمەنتر؛ پێت ناڵێم گیانە! با منداڵێکی بێ نازی وڵاتەکەمان بێبار نەکەم لە گیانی دەگمەنی پەیوەستی پاکی تۆ .

ئەی هۆۆۆۆ لاوە پیرۆز و ڕۆشەنبیری گەلەکەم؛ پێت وانییە کە کوردستان پۆست خوێنی بەهاریی تۆی خستە کاسە؟

کە کەسایەتی خۆتت ئاشکرا کرد؛ وەک شێرێک بەرپرسی نووسینەکەتت گرتە ئەستۆ؛ دەبوایە کوردستان پۆست وێنە و ناوی تۆیان دانەبەزاندبایە! دەزانم پێم دەڵێت:

ـــ ئاخر ئەمەیان لەسەر خواستی خۆم بوو ـ

ـــ منیش دەڵێم: دەبوایە بە گفتوگۆ تۆیان لادابا لەم بڕیارە؛ هێژا ئەوە تۆیت لە ناو لەپی دڕندە؛ نەک سەردانی ماڵپەرەکەی خۆیان بە تۆ و کەسانی وەک تۆ سەربارکەن؛ چ بە مەبەست یان بێ مەبەست ـ

ئەوان بە پەیامنێری کوردستان پۆست ناوت دەبەن ـ منیش دەڵێم پەیامنێری: لاوی کوردی دڵسۆز؛ کوردی پاک؛ خوێن گەرم؛ ئەنفالەکان؛ دوعاکان؛ بیرمەند و نەوەی نوێ ـ ئەگەر پەیامنێری ئەوان بوویت بۆچی خەمخۆری تۆ نە بوون؛ سێهەم بابەتەکەتیان بڵاوو نەکرد کە تییایدا بە زەقی مەترسی لە سەر ژیانت بەدی دەکرێت؟

ئەوان دەڵێن کە گوایە بە پوڵا سەعید سەرقاڵ بوون؛ ئایا نەیان دەتوانی بە شێوەیەکی سوود بەخش بەراوردییەک لە گەل تۆ و پوڵا سەعید بکەن لە باتی ئەوەی بابەتەکەت پشتگوێخەن؛ بەڵام لە هەمان کات دا چەندین بابەتی بێ تامیان دابەزاندوە؟

گلەییم هەیە لە تۆ سەرۆ(ی) پیرۆز؛ گلەیی؛ دەزانم پێم دەڵێت:

ـــ ئیمەی کورد تەنها بۆ گلەیی زۆر زیرەکین و زوو شتمان لە بیر دەچێت؛ ئەنفالمان لە بیر کرد؛ ڕاپەڕین و سوکایەتی پێکردنی دوژمن کە چی توانامان نییە تۆزی تۆی کەرەوس لە ناو ئینجانەیەکی خۆمان بروێنین؛ قوربان کەرەوسی تورکی و ئیرانی نەبێت نایخۆین؛ گلەیی لە هێڵی فرۆکەخانەکان دەکەین گوایە لە پاسی ناو شار و هێش خراپترن خەلک بە پێ رادەوەستێنن و زۆر شتی تر ... .

ـ ڕاست دەکەی لە گەڵتام بەڵام لە گلەیی خۆم پەشیمان نابم؛ بۆچی زوو ماڵئاوایت کرد و لیستی شەهیدانت سەربارکرد خۆ دەزانیت جار جار لە یەک خولەک لە سەرپێ وەستان وەک ڕێزلێنان هیچی ترتان پێنادرێت؛ دەبوایە زۆرتر ژیانی خۆتت بنرخاندایە؛ بپارازتایە؛پێێویستیمان پێتە سەردەشت گیا .. ئا خەریک بوو؛ ببورە سەردەشت پیرۆز کەسانی وەک تۆ بڵێسەی چاوی گەشی بێ نازی وڵاتەکەمانن؛ چۆن دڵت هات بیکوژێنی؟

بەڵام نا لە مەرگیشدا نەیان توانی بتبەزینن؛ پەنجە پێنووس هەڵگرەکانی پیرۆزت بە بێ شێواندن لە گەڵ خاکی کوردستان تێکهەل بوون؛ ئەو خاکەی کە برا بچوکەکانت نیازیان هەیە تۆوی کەرەوسی نیشتیمانی لێ بڕوێنن.

بە نهێنییەک ماڵئاواییت لێ دەکەم؛ بەڵام تۆ و خوا با لە نێوان من و تۆ بێت:

دامنابوو بە ناوێکی خواستراو ئەم بابەتە بڵاو بکەم؛ شەرم دایگرتم لە خوێنی تەڕت و ئەو جلی مەرگەت(کفن) کە جارێ سپییە.

٠٨/٠٥/٢٠١٠

دەستی تیرۆر و دژە ئازادی بیرورا ماڵی کورد دەهەژێنێ

هەورامان علی تۆفیق

تیرۆر لەگەڵ ئەوەی بەهەموو شێوەکانیەوە و ئەوانەی کە بەرلێشاوی ئەم شێوە هێرشانە دەبنەوە لەبنەمادا هێرشن دژ بە مرۆڤایەتی و ئازادی و ئارامی و ئاینده ، بێ گومان ئەم وەبایە تەنها لەدەرگایی ئێمەی کوردا نیە و هەموو جیهانی گرتۆتەوە و یەک دەنگی و کۆک بوون لەسەر پرۆسەی دژە تیرۆر و خەبات کردن لەو پێناوەدا و بەتایبەت ئەو لایەن و وڵاتانەی کە بەتوندی ڕووبەڕی ئەم شێوە هێرشانە دەبنەوە کاروبەرنامەن و لەباواری جێ بەجێ بوون دایە لەسەر ئاستی جیهان ..

عێراق  ئەو وڵاتەیە کە ئێمەی کوردی پێوەی بەستراوین و دەبێ بەبێ ویستی خۆمان تێیدا بژین ، ئەمڕۆ بۆتە کارگەیەک بۆ دروست بوونی مەرگ و دەرگایەک بۆ ترانسپۆرتی تیرۆر و خوێندگایەک بۆ پێگەیاندنی تیرۆرستان ..

ئەوەی لێرەدا پێویستی بە هەڵوەستەیە و جێگای پرسیارە ، هەرێمی کوردستان و ئەو هێرشە تیرۆرستیانە سەچاوەکانیان و ئەنجام دەرانیان کێن و لەکوێوە دێن ... ؟ گەر دەرەکی بن و گەر دەستی ناوخۆیی بن و گرفتەکان بەدەر لەو لێشاوە تیرۆرسیانەی عێراق و ناوچەکە بێت ، ئەوە هێندەی دی ترس و ئاستەنگی لە تەواوی ئەو پەیامەدا دروست دەکات کە ئەمڕۆ پارت و لایەن و سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵوەستەی لەسەردەکات و وتاری سیاسی و دروشمی هەڵبژاردنەکان و دیموکراتیەت و ئازادی بیروڕاو و شەفافیەت هەموو ئەو پەیامانەن کە لە ڕاستی ژیانی ئەمڕۆدا کەموو کوڕیان پێوەدیارە و پێویستیان بە چاکسازی و گۆڕان هەیە .

بەدەر لەوەی کە تیرۆر جیاوازی نیە گەر بەرامبەر خەڵکی ئاسایی ئەنجام بدرێت یان کەسایەتی ئازادی خوازو خاوەن پەیام و ڕادەربڕی بەردەوام ، هەمووی لەخانەی تیرۆرە دژ بە مرۆڤایەتی .. بەڵام ئەوەی جێگای داخە و ماوەیەکە ڕۆژنامە نوسان و خاوەن بیروڕاو کەسایەتی ڕۆشنبیر بە زۆر بیانووی جیاوازەوە کەوتوونەتە بەرهێرش و تیرۆر جەستەی گرتونەتەوە ولەوانەش دوا تاوان شەهید کردنی سەردەشت عوسمان بەوشیوازە دڕندانەیە ، و فڕاندنی  خوێندکار محەمەدی 16 لە سلێمانی و دواتر کوشتنی ، کە ئەم تاوانە بۆ پارە ئەنجام درابوو ، بەڵام دیاردەی تیرۆر و بەزاندنی ئەو هێڵە سورەی ئاسایش و ئارامی ئەم هەرێمە پێویستی بە پێداچونەوە هەیە لە ڕێکخستنەوەی دەزگا ئەمنیەکان و سزادانی تاوان

باران و ئاشکراکردنی ڕاستیەکان بۆ هاوڵاتیان ئەرکی دەسەڵاتە بۆ جەماوەر ، چونکە ئەم شێوە تیرۆرانە ئەو ڕۆژانەی تاوانەکانی بەناو شێخ زانامان دێنێتەوە یاد ، بۆیە بەجدی وەرگرتنی ئەم پرسە و بەدواداچون و لێ پێ چینەوە هەنگاوی گرنگن بۆ هێورکردنەوەی ڕای گشتی ناوخۆ دڵنیابوون لە باری ئارامی ئەم هەرێمە ، ئەمەش لەسەرەتادا ئەرکی حکومەت و دەزگاپەیوەندی دارەکانە تا دەگاتە دوا تاکی ئەم کۆمەڵگایە و هەست کردن بە ئەرکی مێژوویی بەرامبەر بەم نەتەوەیە ...

هەڵوێست وەرگرتن و ناچارکردنی دەسەڵات بەلاکردنەوە بەلای باری ئەمنی و پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و سزادانی تاوانبارانیش بەپێی یاسا و بەشێوازێکی ئاشکرا ، چونکە ئەمڕۆ پرسی کورد لە ڕوبەڕوبوونەوەی پیلان و کاری تیرۆرستی سیاسی شۆڤێنیەتی عەرەبی دەبێتەوە و لەدوای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاڵۆزی لە سیاسەتی ناوخۆیی عێراقدا بەدی دەکرێت و ئاستەنگیەکان لەبەردەم پێک هێنانی حکومەتی ناوەندی و ئەو هەوڵانەی کەهەن بۆ وەلانانی کورد وکەم کردنەوەی هێزی لە تەواوی پرۆسەکەدا ..

کەواتە هێرشە ڕێکخراوەکانی تیرۆرستی بۆ سەرگیانی نوسەران و ڕۆشبنیرانی کورد زەنگێکی ترسناکە بۆ ئایندەی ئەم هەرێمە و دەرگایەکە بۆ واڵابوونی کاری تیرۆرستی و ماوەدان و زەمینەخۆشکردنە بۆ دوژمنانی کورد بۆ بەئەنجام گەیاندنی پلانەکانیان .. و کپ کردنەوەی دەنگی ئازادی و خەفەکردنی ئەو بیرو ڕا جیاوازەی کە هەنگاو دەنێ بۆ بەدیموکراتی کردن و مەدەنیەت بوونی ئەم کۆمەڵگایە ..

دەبێ تەنها ئیدانەکردن و بەیاننامە نوسین چەکی ڕوبەڕوبونەوەی ئەم دیاردە ناشارستانیەتە نەبینەوە ، چونکە پیویستە بە کردارو هەنگاوی جدی لەم لایەنەوە ئەنجام بدرێت و ڕێگاو شوێنی پێویستیش بۆ پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنوسان بگیرێتە بەر ، تا کۆتایی بەم هێرشانە بێت و نوسەران و ڕۆشنبیران بتوانن ئازادانە داکۆکی لە بیروڕای جەماوەربکەن و ڕاستیەکان بخەبەردەم رای گشتی ئەم کۆمەڵگایە .

09.05.2010 ئەڵمانیا

**نامەیەکی کراوە بۆ: بەڕێز هادی مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق**

**تیرۆری سەردەشت عوسمان ی ڕۆژنامە نووس دەبێت ڕاتبچڵەکێنێت وە دەست لە کارەکەت بکێشیتەوە!**

نزیک بە پانزە ساڵ پێش ئێستاو ڕێک لە 05.12.1995 و لە زنجیرە سمینارێکدا کە ڕێکخراوەکانی ژنان لە هۆڵی میدیا ی شاری هەولێر سازیان کردبوو، ئێوە ئەو ڕۆژە بۆ سمیناری هەردوو بەڕێزان دکتۆرە نادیەو بەهارعەلی کۆڕەکەتان دەگێڕا و لە کاتێکدا ویستتان نەزەری خۆتان بدەن سەبارەت بە کاری ڕێکخراوەکانی ژنان و چۆنێتی بەرەو پێشبردنی، جگە لەوەی کە هەندێک بە شانو باڵی ئاینی ئیسلام و چاکسازییەکانی ئەو

ئاینەدا لەمەڕ مەسەلەی ژناندا هەڵتاندا و ئیمامی عەلیتان کرد بە نمونەی ڕەهبەری ڕزگاری بەخشی ژنان، پێشنیارێکیشت کرد بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان کە گوایە دەتوانن هەر هەموویان پێکەوە تەنانەت لەگەڵ ڕێکخراوی خوشکانی موسڵمانی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامیشدا بەرەیەک یان هاوئاهەنگییەک دروست بکەن گوایە بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانیان وە لەپێناو باشتر کردنی باری ژناندا.

جا لەدوای ئەوەی کە من چەندین جار وەک ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق "دیارە لەو کاتەدا" داوام کرد تا بتوانم قسەیەکم هەبێت وە بەتایبەت لە ڕەخنەگرتن لە قسەو پێشنیارەکە ی ئێوە، دواجار ماوەی ٣ دەقیقەتان پێدام تا بتوانم زۆر بە کورتی قسەکانم بکەم، بەڵام کاتێک تەنها ٢ دەقیقەش تێنە پەڕیبوو وە تەنها توانیم کە بڵێم بەڕێزان "دیارە مەبەستم ئێوە و بەهار عەلی..... بوو " ئێوە بۆ دەتانەوێ بە شێوەیەکی تر وەسفی ئیسلامیەکان بکەن ئەو "برا موسڵمانە"* ڕاستدەکات، ئیسلام ئەوەیە کە ئەو باسی دەکات ئەو بانگەوازی حیجابی ژنان لە کونجی ماڵەوە خزاندنیان ئەو باسی فرە ژنی ئەو باسی هەڕەشە لە ژنانی مۆدێرن وە ئەو خاوەنی مێژوویەکەپڕە لەتاوان بەدژی ئازادی ژنان، ئیتر ئێوە چۆن ئەتوانن تەرحی پێکەوە ژیان و پێکەوە هاوکاری کردن لەگەڵ ئەوجۆرە ڕێکخراوانەدا بۆ ژنانێک دەکەن کە دەیانەوێ لەپێناو ئازادی کاملی ژن و پیاودا خەبات بکەن؟!!وە ............بەڵام ئیتر لەوە زیاتر ئەو گەنجە تیرۆریستانە خۆیان پێڕانەگیرا و کەوتنە نەڕەنەڕی ئەللاهو ئەکبەر وبانگەوازی جیهاد کردن ولەو کاتەدا ئێوەش داواتان لەمن کرد کە قساکانم کۆتایی پێ بهێنم وە شانۆ جێ بهێڵم، ئەگەرچی کاتەکەم تەواونەبوبوو، ئیتر ڕێگە تان بۆ ئەو چەند گەنجە ئیرهابییە خۆش کرد تا هاتو هاوارەکەیان زیاتر بکەن وە بە خۆیان و چەقۆکانیانەوە هەستان بەهێرشکردنە سەر من . گەر خەڵکی ئازادیخواز و چەپ و کۆمۆنیستەکان لەوێدا زۆر نەبوونایە وە لە دەوری من کۆنەبوونایەتەوە ئەوا بەبەرچاوی تۆوە بە چەقۆ خەڵتانی خوێن دەکرام.

ئەمەم تەنها وەک وەبیر هێنانەوەیەک باسکرد بەو دەلیلەش کە ڕێزێکی دۆستانەم بۆت هەیەو چەند جارێک یەکترمان بینیوەو ڕای خۆمت پێ بگەیەنم کەبەڕێزت هەر لەسەر هەمان ئەو ڕوانگەیەی ئەوساو ناو ئەو هۆڵەوەیە، کە پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمت وەرگرتووەو، بەو هەموو کارەساتانەوە کە لەم پانزە ساڵەی ڕابردوودا لە سایەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و ئیسلامیەکاندا بەسەر خەڵکی کوردستان وەبەسەر مافە مەدەنی و سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستاندا هاتووە، هێشتا لەو خەیاڵەدا دەژین کە بتوانن لەو شوێنەدا خزمەتێک بە ئازادی وە بەتایبەت ئازادیی ڕادەربڕین وە ئازادیی بیرکردنەوە وە یان خزمەت بە ڕۆشنبیری وە ڕۆشنبیران بکەن!!!! بەڵام من دڵنیام کە ئەوە ئێوە نین کە بتوانن بڕیاردەر بن بەڵکو ئەوە تەنها تەنها میلیشیای یەکێتی پارتی و ئیسلامیەکانن بڕیاردەر و ئێوە تەنها ئیمزای جێبەجێکردن دەدەن.

من پێم وایە ئیترئەمە وەهمە و هۆکارەکەی یان دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیەکی شەخسی و ماددی وە یان هاوجووتی لەگەڵ ئەو یاساو بیرو ڕایانەدا کە لەسایەی ئەو دەسەڵاتەو ئیسلامیەکاندا پیادە دەکرێت و بەڵام ئەمەی دواییان گەر بە کاڵ وکرچیش بێت جار جار نەهی لێدەکەیت.

ئەوە ئێستا بەڕێزتان وەزیری ڕۆشنبیرین وە لەسایەی وجودی ئێوەدایە کە نەک هەر تەواوی مینبەری مزگەوتەکان بووەتە مۆڵگەی تیرۆریستان بانگەشەی بەزۆر داخستنی ڕۆژنامەو گۆڤار ودەرگای ئەو چاپخانانە دەکەن کە ئەو بڵاوکراوانە چاپ دەکەن کە ڕەخنە لەوان و لە سیاسەتەکانیان دەگرێت و بانگەشەی کوشتاری نوسەران و ڕۆشنبیران دەکەن بەڵکو خەریکە تەواوی قوتابخانەو زانکۆکانیش کە هەمیشە ڕەمزی پێشکوتنی کۆمڵگایە بەدڵی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن و جەوی کۆنەپەرستی و ئیرهابیی تیا دەسەپێنن ولە جیاتی زانست وپێشکەوتن جەهل و خورافە تیا بڵاو دەکرێتەوە.

ئیتر بە نیازی چی بڵێیت وە چی بکەیت کاتێک بەبەرچاوی خۆتەوە قوتابیی لاوو ڕۆژنامە نوس سەردەشت عوسمان هەر لەبەردەم زانکۆکەی خۆیدا دەرفێنن وە لەدوای دوو ڕۆژ لاشەکەی بە کوژراوی فرێدەدەن؟؟!!!!

ئیتر تا ئێستاش پێت وایە کە دەتوانی لەو شوێنەدا خزمەت بە ئازادیی بیرو ڕاو بە گەشەی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بکەیت؟؟!!! نا، هەروەک لەسەرەوە وتم دەبێت بەڕێزت یان ئەوەتا دوای بەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆت دەکەویت و لەوێوە سەرمایەگوزاری خۆت دەکەیت لە ڕێگای ئەو پۆستەوە کە وەرتگرتووە، یان دەبێت لەمەودوا بە کردەوە دوای ناوەرۆکی زۆرێک لەوقسەوباسانە بکەوی کە لەدەرەوەی پۆستەکەت ئیدیعای دەکەیت، لەوێنەی مافە مەدەنیەکانی کۆمەڵگا و ئازادیەکان. دەنا دڵنیا بە کە بەڕێز مامۆستا جەمال عەبدول لەهەردوو پۆستی پارێزگاری سلێمانی و وەزارەتەکەی ئێستای جەنابتان چەندی پێکرا ئێوەش نەک لەوە زیاترتان پێناکرێت بەڵکو ئەمجارەیان گەر کار وا بڕوات ئەوا مەلا عەبدولخالقی ڕوناکی ئیمزای تۆبە کردن بە ئێوەش پڕدەکاتەوە!!!

بۆیە باشتر وایە کە لەشوێنێکدا کار نەکەیت، کە لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێت وابووبێ شوێنی تۆ نیە، وە یان باشتر بڵێم با نامەی ماجستێر وەیان دکتۆراکەت ڕەخنەی جەریئانە وە واقیعی و سکۆلار بێت وە بیخەیتە خزمەت بەرەی پیشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگاو بەهێزکردنی چەپ و کۆمۆنیزم کە جارجار ئیدیعای بۆ دەکەیت نەک لەخزمەت بەرەی کۆنەپەرستی جەهل و خورافە کە هەر لەسەرەتاوە حیزبەکەی(حیزبی شیوعی کوردستان)ی ئێوە هەم لە کوردستان وە هەم لە بەغداش ئەمەی دووەمیان بەرنامەیەتی. وە من پێم وایە کە ئێستاش دەتوانیت وە باشترین هەڵوێستە گەر نارەزایەتیی توندی خۆت بەرانبەر بەم تیرۆر کردنەوەحشییانەیەی سەردەشت عوسمان دەربڕیت وە بە دەستکێشانەوەت لە پۆستەکەت دەتونیت هەڵوێستێکی ئینسانانە ڕابگەیەنیت.

دڵنیام کە بەرەی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگا، بەرەی چەپ و کۆمۆنیستی هەر سەردەکەوێت وە نەک هەر پاشەکشە بە بەرەی کۆنەپەرستی دەکا بەڵکو بۆ هەتا هەتا یە لە گۆڕی دەنێت. جا با بۆ مێژوو ئێوەش لای خۆتانەوەباشترە بڕیارتان هەبێت کە دەتانەوێ لە کام بەرەیەی کۆمەڵگادا دابنرێن.

بژی ئازادیی بیروڕا

بژی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی

بمرێ دەسەڵاتی ڕەشی کۆنەپەرستی وترس و تۆقاندن

سەری ڕێز بۆ سەردەشت عوسمان، فەرهاد فەرەج، نەزیر عومەرو شاپورو قابیل و عەبدولخالق مەعروف و هەموو قوربانیانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی دادەنەوێنم.

ستار حەمە عەلی (ستاری چیمەنتۆ)

هەڵسوڕاوێکی بزوتنەوەی کرێکاری وکۆمۆنیستی

08.05.2010

وێنە بۆ تەواوی میدیاکان

*مەبەستم لەو کەسە بوو کە زۆر بە توندی لەو کاتەدا باسی لە تاکە ڕێگا چارەی ئیسلا میانە کرد بۆ کێشەی ژنان و وتی کە گوایە "پێغەمبەر" پشیلەیەکی ئازار نەداوە ئیتر چۆن ئازاری ژنان دەدات و مافی ژنان پێشێل دەکات!!!!!

**کێ بەرپرسە لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان؟**

موزەفەر عەبدوڵا

بە پێی هەواڵە باوەڕپێکراوەکان ڕۆژی 4 ئەم مانگە بە شێوازێکی چەتەگەری و مافیایی و بە ماشێنیکی بێ ژمارەو بە ڕۆژی روناک وئاشکراو بە بەرچاوی خوێندکاران و پاسەوانانی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینەوە و پاش دەستەویەخە بونێکی زۆر، سەردەشت عوسمانی خوێندکارو ڕۆژنامەنوسیان بە زەبری چەک ڕاپێچی ناو ماشینەکەیان کردو ڕفاندیان بۆ شوێنێکی نادیار و ڕۆژی شەشی مانگ لە گەڕەکێکی شاری موسل تەرمەکەی فریدراوە.

هەڵبەت کوشتن و تیرۆری سەردەشت نە یەکەم تیرۆر و نە دوا تیرۆریش بوەو دەبێت کە لە سایەی دەسەڵاتە پڕ ئاسایش و دیموکراسی یەکەی پارتی و یەکێتی رووەدات لە کوردستان بە گشتی و هەولیر و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بە تایبەتی.

بۆ هەر کەسێکی ئازادیخواز ،چ لە ناوەوەی کوردستان بێت یاخود لە دەرەوە، کە ئەم هەواڵە دەبیستێ دەست بەجێ کۆمەڵی بەڵگە کە ئەم شێوازی تیرۆرە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتوە ناچاری دەکات بەر لە دۆزینەوەی تاوانباران،پەنجە ڕاکیشێ بۆ تۆمەتبارکردنی پارتی و ئیسلامی یەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەو بیان کاتە قەفەسی تاوانباری یەوە.

بەڵگەیەکیان ئەوەیە کە وەک لە هەواڵەکەدا هاتووە چۆنە ئەم کۆمەڵە چەکدارە بە ڕۆژی ڕوناک توانیویانە بچنە ناو کۆلیژەوە و دەستەو یەخە ببن لەگەڵ سەردەشت و بە زۆری چەک بیکەنە ناو ماشینەکەیانەوە پاشانیش بەناو9–10 بازگەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دەری بکەن و بچن لە موسل لاشەی کوژراوی فرێ بدەن.

کێ دەتوانێ کارێکی وا بکات لە شارێک دا کە پارتی ڕۆژانە خۆی بانگەشەی بونی ئاسایش و ئازادی و دیموکراسی و باس لە چاو کراوەیی دەزگا جاسوسی و چەکدارەکانی تری دەکات!!

بەڵگەیەکی تری ڕاستی ئەوەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوو دا دەیان کەسی ڕۆژنامە نوس و کەسایەتی ناکۆکی سیاسی بە پارتی و ئیسلامی یەکان لە ژێر دەسەڵاتی پارتی تیرۆر کراون بەڵام تا ئێستا تیرۆریستانیان دەسگیر نەکردوەو، خۆ ئەگەر دەستگیریشیان کردبێت ئەوە سزایان نەداوە.لەوانە تیرۆری ئارام و ڕووف کامل و ڕیناس و شاپور و قابیل و سۆرانی مامە حەمەو عبدالستار تاهیر شەریف و دەیانی تر.

بەڵام لەم لاوە هەر هەوڵێکی تیرۆر درا بیت لە دژی خودی سەرانی دەسەلات ئەوە بێ سێ دوو دۆزیویانەتەوەو بکەرانیان دەستگیر و زیندان وبە سزای توندو لە سیدارەدان گەیاندوە. نمونەی ئەم زیرەکی و چاو کراوەیی و بێ خەوی یەی دەزگا بەرپرسیارەکانی پارتی لەم بارەیەشەوە دیار و ئاشکران.

بەڵگەیەکی واقعی تر کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە هەمووی چەند ڕۆژێک تێپەری کردوە بەسەر بانگەشەی بکوژو ببڕی مەلاکانی یەکگرتوی ئیسلامی و یەکیتی مەلایانی پارتی و یەکێتی و ئیسلامی یەکانی تر و هێشتا قیرە قیریان لە گویماندا دەزرینگێتەوە کە لە بلندگۆی مزگەوتەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ترەوە دەیان قیراندو هەڕەشەی کوشتن و سزادانی کەسانی ڕۆشنبیر و ئازادیخوازیان دەکرد بە بەرچاوی پارتی دەسەڵاتدارەوە، بەڵام تا ئیستاش نەمان بیست شایەدی دادگایی کردن و سزادانی ئەم بانگشەکارانەی تیرۆر نەبوین لە لایەن پارتی یەوەو تا شایەی تیرۆری سەردەشت عوسمانینیش بوین و ئەم کەیسی تیرۆرەش وەک کیسەکانی تر دزە بە دەرخۆنە دەکریت.

جا ڕەنگە بە ڕواڵەت وا بێتە پێش چاو کە بانگشەی مەلاکان بۆ کوشتنی کەسانی ڕۆشنبیر، بە تایبەتی ئەوانەی ڕەخنە لە ئیسلام و ئیسلامی یەکان دەگرن چ پەیوەندی بەم ڕووداوی تیرۆرەوە هەیە!!.

لە کۆمەڵگایەدا کاتێک کۆمەڵێ مەلای کۆنەپەرست و دەستەو تاقمی ئیسلامی تیرۆریست بە هەزار یەک شێوە لە مزگەوتەوە تا قوتابخانەو پەیمانگاو فەرمانگەو بازار و شوێنی گشتی بە ئازادانە باسی سەرکوت و خەفەقان و کوشتن و سزادان و تیرۆر دەکرێت و سی دی و کاسێتی وتارەکانی ڕۆژانی هەینی مەلا کۆنەپەرست و تیرۆریستەکان پەخش دەکرێتەوەو دەسەڵاتیش لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکات و لە ڕیشەوە دەریان ناکێشێت بگرە ئاویان دەکاتە ژێرەوە تا باشتر چەکەرە بکەن و ببوژینەوە ئەوە ئیتر هەموو ئەم لایەنە کۆنەپەرستە یەکتری تەواو دەکەن و دەبنە سەرو بنی یەکتری.

سەرنج بدەن !لە چەند ساڵی ڕابردوو دەیان و بگرە سەدان ڕۆژنامەنوس و نوسەرو کەسایەتی ئازادیخواز و چەپ و کۆمۆنیست، لە لایەن خودی دەسەڵات و داواکاری گشتی سەربە دەسەڵات و مەلاکان و سەرانی ئیسلامی یەکان، ئەگەر تیرۆریش نەکرابن ئەوە دەرگای دادگا بێ دادەکەی پارتی و یەکیتی یان لێگیراوەو دادگا کراون و زیندان کراون، یاخود ناچار بە هەڵاتن کراون .دەیان نمونەی ئەو کەسە ئازادیخوازانەمان لەبەر دەستە کە لە لایەن سەرانی پارتی و ئیسلامی یەکان و دەزگای ئەوقاف و یەکیتی مەلایانەوە هەڕەشەیان لێکراوەو دادگا کراون، یان ناچار بونە ڕابکەن و کوردستان بەجێ بێڵن.

هەموو ئەم هێرشانە تەنها بە بەهانەی ئەوەی ئەم کەسە نوسەرو ڕۆژنامەنوس و ڕۆشنبیرو چەپانە ڕەخنەیەکیان لە ئیسلام و ئیسلامی یەکان و داب و نەرتی باوو یان گەندەڵی و سەرکوتی پارتی و یەکیتی و ئیسلامی یەکان گرتوە .

بۆیە هەر بەم بەڵگە سیاسی یە واقعیانە تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان پارتی لێی بەرپرسە و لە باری نەدۆزینەوەی بە پەلە و ئاشکرای تاوانبارانی ڕاستەقینە ئەوە پیویستە هەر پارتی تاوانبار بکرێت .

بەڵام واقعێک هەیەو پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەویش ئەوەیە کە لەهەر شوێنکی جهان کە دەسەڵات ڕۆڵی هەبێت لە تیرۆر کردن دا و مەبەستی نەبێت تاوانباران و تیرۆریستان بدۆزرێتەوە ئەوە هەرگیز ئاشکرا نابن و ناکرێن و بە سزا ناگەن، چونکە بێگومانە کاتێک دەسەڵات هەستێ بە ئەنجام دانی کارێکی تیرۆریستی ئەوە وا پێێ هەڵدەستێ کە هیچ سەرەداوێکی نەدۆزریتەوە.

بەڵام ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەی چارە چی یە؟

ئێمە کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەمێکە ڕامان گەیاندوەو دەڵێین کە تیرۆر دیاردەیەکی سیاسی و عەمەلی بزوتنەوەیەکی لۆمپەنی سیاسی یەو فەردی نی یە.بۆیە هەر

دیاردەیەکی سیاسی دەبێت لە سیاقی مێژویی خۆی بە بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوپەڕی رادیکال وەلامی بدرێتەوەو پەرچە کرداری لە بەرانبەر بکریت تا لە ڕیشەوە دەربکێشریت.

بۆیە لە ڕیشە دەرکێشانی دیاردەی تیرۆریش ئەمڕۆ لە گرەوی بەرێخستن و گەشەو هەڵدانی بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی مۆدیرن و سکولار دایە کە ڕابەری یەکەی بە دەست بزوتنەوەی کۆمۆنیستی مارکسەوە بێت کە دابینی خواستی بە یاسایی و بە کردەوەی ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی هەمەلایەنە بکات .دیارە ئەمەش بەدی نایەت بە بێ بەدی هێنانی بە کردەوەی خواستی جیایی دین و، هەر ناسنامەیەکی تری قەومی و تایەفی و عەشیرەتی ، لە دەوڵەت و خوێندن و فێرکردن و وشک کردنی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە تیرۆریزم سەری لێی هەڵداوەو گەشەی کردوە.

2010–5–7

**(قەڵەم) ێک شکا، بەڵام مێژوویەک دەستی پێکرد!**

یەکێک لە هەوڵە بەردەوامەکانی پارتی ئەوە بووە، کە قەڵەمە بوێرەکان بشکێنێت، وشیارترینی نارازی یەکان تیرۆر بکات، درۆ بکات، خەڵک بترسێنێت، خزمەتکاریی سەرمایەداران و دەزگا جاسوسی یەکانی ئەم وڵات و ئەو وڵات بکات،... تەنیا بۆ ئەوەی ئەو مێژووە دەستپێنەکات، کە چەند کەسێک بەیەکەوە پێی بڵێن ئێمەش ئازا و بوێرین و ناترسین، ئێمەش وشیارین و ئێوە چاک دەناسین، ئێمەش دەزانین ئێوە درۆزنن، ئێمەش...!

ئەمە وای کردوە، کە سەرانی پارتی لەو دەسپێکردنەدا کۆتایی ببینن. ئەوان بەر لە هەموو کەس لەوە دڵنیان، کە مانەوە و بەردەوامی ئەوان لەسەر ئەو پایانە وەستاوە و ئەوا ئیتر ئەم دەنگە بوێر و وشیارە دەیەوێ هێڵە سوورەکانی ئەوان ببەزێنێت و ببێت بە چەند کەسێک و بە ئاگری ئیرادە و گەرمی بیروباوەڕیان پایە سەهۆڵی یەکانی مانەوە و بەردەوامی یان بتوێننەوە. هەربۆیە هەمیشە لەسەر ئەعسابن و( وەک ئیسلامی یەکان) لە وتارێکدا، لە بەیانێکدا، لە موعتەبەر بوونی کەسایەتی یەکدا، لە ئازایەتی یەکدا، لە وشیار بوونەوەیەکدا، ئەو چارەنوسە دێتە بەرچاویان و بە هەموو توانایان پەلاماری دەدەن.

مێژووی پارتی پڕە لەو هەوڵانە و تا ئێستاش بۆی چوەتە سەر: زۆربەی خەڵکی کوردستان لەوە دڵنیان کە پارتی نەزیر عومەری کۆمۆنیست و ڕەوف ئاکرێیی کوشت و هیچ گومانیشیان لەوەدا  نی یە کە چرا سەوزی بۆ تیرۆریستە ئیسلامی یەکان( بە دیاریکراوی بە فتوای مەلا بەشیری ناو پەرلەمانەکەی خۆیی و یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامی یەکانی تر) هەڵکرد بۆ ئەوەی ڕابەرانی ئاوارەکانی کەرکوک( شاپوور و قابیل) تیرۆر بکەن. کەس گومانی لەوەدا نی یە، کە پارتی دەستی هەبووە لە کوشتنی سۆرانی مامە حەمە.

بەڵام لە کوشتنی(سەردەشت عوسمان) دا ئەو مێژووە دڵخوازەی پارتی کۆتایی هات و مێژوویەکی تر دەستی پێکردا مێژوویەک، کە بە ڕاستی دەبێت، لە مێژووی خەباتکردن بۆ ئازادی ڕادەربڕیندا، وەک خاڵێکی وەرچەرخان دابنرێت و لە کالێندەرەکەیدا، وەک ڕۆژێکی تایبەت بە( سەردەشت عوسمان) زۆر بە گەشی دیاری بکرێت. چونکە بەشێکی گەورەی ئەم گۆڕانە نەوعی یە، دەگەڕێتەوە بۆ وردی و لێبڕاوی سەردەشت لە دیاریکردنی ئەو زوعفەی پارتیدا و تەحەدا کردنێکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەوەی ببێتە تایبەتمەندیەکی بەرجەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەرنجی لاوان بخاتەوە سەر ئەو پێداویستی یەی کە هەموو گۆڕان و شۆڕشێک قەرزاریەتی. ئەویش( تەحەددا کردن) ی سەرسەختانە و بوێرانەی وەسیلەکانی دەسڵات و هێزە سەرکوتگەرەکانە بۆ دەستەمۆ کردنی ئینسانەکان، ئەویش پووچەڵکردنەوەی ئەو خەوەیە کە سەرکوتگەران پێیان وایە دەتوانن هەموو (ئینسان) ێک بۆ قازانجی خۆیان بکەن بە ( خزمەتکار و کارەکەر و ماستاوچی و پیاوکوژ و درۆزن و دووڕوو و ترسنۆک و پیاوی دەربارەکەی خۆیان).

(سەردەشت عوسمان) توانی ئەوە وەبیر لاوان بێنێتەوە، کە تا جیاوازی لە نێوان ژیانی ئینسانەکاندا هەبێت، تا ستەم و سەرکوت هەبێت، ئەوا(تەحەددا کردن) یش یەکێکە لە مانا باڵاکانی ژیانی (ئینسان).

08.05.2010

**با درێژە بە نارەزایەتییەکانمان بدەین لە پیناوی: پیکهینانی لیژنەیەکی سەربەخۆ و ئاشکرا کردنی بکوژانی سەردەشت و لە دژی سەرکوتو کوشتاری پارتی**

موزەفەر عەبدوڵا

دوای زیاتر لە 4 مانگ تیپەر بوون بەسەر تیرۆری رۆژنامەنوس و قوتابی سەردەرشت عوسمان و، تەقینەوەی نارەزایەتی ئازادیخوازانەی خەلکی کوردستان بە گشتی لە دەرەوەو ناوەوەو نارەزایەتی دەربرینی دەیان ریکخراوو دەولەت بەرووی پارتی داو ، تۆمەتبار کردنی پارتی بەم تاوانە، لە ئاکامدا پارتی ملی دا بە پیکهینانی لیژنەیەکی لیکۆلینەوە لە دامو دەزگا تۆقینەرەکانی خۆی، لە پاراستنو ئاسایشو پولیس لە ژیر پەردەی دادگاو یاسادا تا نارەزای یەتی یەکان کۆتایی پی بینی و خۆی رزگار بکات لە ژیر هەر فشارو تۆمەتباری یەک.

بەلاَم هەروەک جەماوەر کە بی بنەما نەبوو پەنجەی تاوانبارییان بو پارتی دریژ کردو تاقی کرنەوەیان لەگەلَی هەبوو و چاوەریی ئەم سیناریۆ گالتە جاری یە بوون ، ئیستا ئەم ئاکامە گالتە جاری یە راستەو خۆ مۆری دا لە تاوانباری پارتی و لە سیناریۆی لیژنەی لیکۆلینەوە گالتە جاری یەکەی و هەم لە راست و دروستی و پیشبینی و چاوەروانی خەلکی .

جا ئەوەی تاوانەکەی سەرانی پارتی و دامو دەزگاکانی و، هەر لایەنیک کە بچیتە پشتی بەرگری لە پارتی، گەورەتر دەکاتەوە ئەوەیە کە پارتی و بنەماڵەکەی خۆیان هەستاون بەو کردەوە تیرۆریستی یەو رۆژنامە نوسیکی بی تاوانیان تیرۆر کردوە بەلاَم ئیستا دەیاناویت تیرۆر کراو بە تیرۆریست دابنین تا لە گەورەیی ئەم کیشە سیاسی یە کەم کەنەوەو بی ئیعتباریکەن و بەمەش جەماوەریش تاوانبار بکەن و نارەزایەتییە بەرهەقەکانیان خەوشدار بکەن.

بەلاَم بە پیچەوانەی سیاسەت و کردەوە دژی جەماوەرییەکانی پارتی یەوە، نارەزایەتی خەلَکی و چاوەروانی و داواکانیان بەرهەقن و هەرگیز ناتوانن بیشیونن و خەوشداری بکەن .بۆیەش پیویستە و لە تواناداییە بە هیزی یەکگرتوانەو ریکخراوو بەردەوامیدان و بە بەرزکردنەوەی خواستی پیکهینانی لیژنەیەکی سەربەخۆ لە ریکخراوە مافپەروەرە نیو دەولَەتییەکان و لە نوینەری خیزانی سەردەشت و رۆژنامە نوسە سەربەخۆ و ئازادەکان ،تاوانباران بدۆزننەوەو ئاشکرا بکرین و بدرینە دادگایەکی سەربەخۆ و ئاشکراو دادپەروەرو بە سزا بگەیەنرین .وە هاوکات هەمو ئەو کەسانەش کە تا ئیستا تیوە گلاون لەم لیژنەی لیکۆلینەوەیەو دادگا گالتە جاری یە دەبیت دادگا بکرین و سزا بدین ،چونکە بوونەتە بەشیک لەم تاوانە.

بۆ ئەم مەبەستانە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسان و هەلسوراوانی سیاسی و رۆژنامەنوسان و رۆشنبیران و بەرگریکارانی مافی مرۆڤ و هەر کەسو لایەنیکە کە لە دژی سیاسەتو کردەوەی ملهورانەی پارتی دووبارە بیننەوە مەیدان و دەست بەرنەوە بۆ بەریخستنی کەمپەینی نارەزایەتی و هەر شیوەیەک لە نارازایەتی کە مەیسەرە تا بەدی هینانی ئەو خواستانە

2010–9–16

**لیژنەی تەحقیقی بارزانی دەبێت لابدرێت ودادگایی بکرێن!**

**سامان کەریم**

پارتی دیموکراتی کوردستان و بەناونیشانی نوێنەرێکی واقعی بزوتنەوەی کوردایەتی تەواوی سیماو خەسڵەتی ئەم بزوتنەوەیە نەک نیشان دەدات لە هەلسوکەوت و کاروباری عەمەلی سیاسی و ئیداری و ئابوری و ڕۆژانەی حوکمرانیدا و بەڵکو نوێنەری سەرسەخت و بێ مونافسی بزوتنەوەی کوردایەتییە. پارتی دیموکراتی کوردستان دوێنی ڕیکەوتی 15 سێبتمبەر 2010 و لەپەیوەند بەکەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانەوە و ڕاگەیاندنێک وەک ئەنجامی بەرایی لیکۆلینەوەی لێژنەی تەحقیق بلاودەکاتەوە و کە بەراستی شایانی ئەم حزبەیە و دروست بەبالای ئەم حزبە دەخوات.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەک نوێنەری چینی بورژوزای لەکوردستان و ودەسەلاتەکەی لەناوچەکانی هەولێرو دهۆک وەک دەسەلاتی گەورە سەرمایەدارنی کوردستان و بەدروستی لە مەوقعیەت و جیگاو ڕیگای خۆی گەیشتوە. بەدروستی دەتوانێت نوێنەرێکی سەرسەختی سەرمایەی مۆنۆپۆل بێت و ئەمەریکاو تەواوی وولاتانی زلهیزی سەرمایە لە ئێستادا میدالیای ئەم ڕۆل بینیەی پێدەبەخشن. پیرۆزی بێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆر باش لە کاروکردەوەیدا نەک تەنها وەک دیکتاتۆریکی حزبی بەلکو وەک ئیمپراتۆریک کارەکانی جیبەجیدەکات. رۆشنە ئیمپراتۆر بڕیارەکانی ڕەتناکرێتەوە مەگەر لابخرێت. پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی ئەم حزبە کەلەسەر فەسادو پارەی کەلەکە بووی خەلکی کوردستان و فەرهوکردنی بونە خاوەنی گەورەترین سەرمایەی دنیا و بیل گەیتس دەبیت شەفاعەتیان لا بکات و بۆ بەرێخستنی پارەو پول و نۆژەنکردنەوەی مایکرۆسۆفت و وهەروەها لە ڕیگای سیستەمی شەریکردنی گەورە لیپرسروان و جەنەراڵە خانەنیشینەکانی ئەمەریکاوە دەیەوێت بەهەشتێک بۆ گەورەبەرپرسانی حزبەکەی و گەورە سەرمایەدارنی کوردستان بخولقێنێت و خەڵکی هەولیرو دهۆک و ئامیدیو ئاکرێو شێخانیش لە جەهەنەمی سەرکوت و بێدەنگکردن و هەژاریدا بژین.

ئەمە پەیامو ناوەرۆکی واقعی ڕاگەیاندنی لێژنەکەیە. دیارە ڕاگەیاندنەکە بۆ سەردەشت نییە و ئەو لە ژیاندا نەماوە و ئەگەرچی ئەو جاریکی دیکە لەلایەن لیژنەی بارزانیەوە تیرۆر دەکریت و بەڵکو ئامانجی پارتی دیموکرات هیرشکردنێکی ملهوڕانەیە نەک تەنها بۆ سەرکرێکاران و زۆربەی هەرە زۆری خەلکی هەژارو تەنگ دەست و بەڵکو بۆ نەیارانی سیاسی خۆی و هاوپەیمانانیشی لە تەحالوفی کوردستانیدا.

لێژنەی تەحقیقی و ڵیژنەی ئیعدامکردنی مردوەکان و شاردنەوەی ڕاستیەکانە

ڕاگەیاندنی ئەم لێژنەیە چەند تەوەرەیەک دەگریتە خۆ بەلام گرنگترینیان و بەخەڵکی کوردستان وە بەتایبەت بە خەڵکی هەولێرو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی دەلێت ناڕەزایەتی نەک قەدەغەیە و بەڵکو تاوانە و تاوانبار دەکرێت بە تیرۆریست و جەماعەتی ئەنسارولئیسلام. پێیاندەلێت وە بەتایبەت لە بەرانبەر تیرۆکردنی سەردەشتدا هەرکەس دەنگ هەڵبڕیت ئەوە ئەنسار الاسلامیەو تیرۆریستە یان لەوانەیە لایەنگریان بێت. ئەمە مانای سەرکوتی ڕا دەربڕینە و دەمداخستنی کۆمەڵگایەکە... بەلام بڕواتان بێت ئەگەر بۆماوەیەک بخوات هیچ هێزیک نییە لە دنیادا بتوانیت هەتاسەر بمنێت بەهەمان سیاسەتەوە و کۆمەلگای کوردستان تینوی ئازادیە و تاسەر ئەمە قبوڵ ناکات.

بەلام تەوەرەیەکی دیکە لە ئەنجامەکانی ئەم گالتەجاریی و سیناریۆ سازیەدا ئەوەیە و کە ئەم لیژنەیە و تۆمەت ئاراستەی ئینسانێک دەکات کە توانای پارێزگاری کردنی لەخۆی نییە. ئەمە ئیعدامکردنی کەسایەتی سەردەشتە بە مردویی و لەراستیدا فەرهەنگی پارتی

دیموکراتی کوردستان هەر ئەوەیە. هەڵدانەوەی قەبرو و فڕاندنی حەستەی مردو و کوشتنی زیندانی و ئەسیر و تەسلیمکردنی ئۆپۆزیسیۆن. من دڵنیام ئەگەر ئەو ئەنجامە زەڕەیەک راستی تیدا بوایە هیچ پێویست نەبوو پارتی دیموکرات و لێژنەکە ئاشکرای بکات و وەکۆمەلگاش زۆر سادە لە ڕانەگەیاندنی دەگەیشتن و بۆیان دەردەکەوت کە مەسەلە چیە.

پارتی دەیەوێت بەم ڕیگایە مەسەلەکان تیکەلاو بکات. دەیەوێت نیشانی بدات کە سەردەشت پێشتر ئەنسار بوەو پەیوەندی هەبوە و بەلام وادیارە خۆی دابڕاندوە لێیان و کارەکەی بۆ نەکردون.. لەم ڕێگاوە نەک تەنها دەیەوێت گشت کەیسی سەردەشت لە چوارچیوەی بەرپرسیاتی خۆی دەربکێشت و بەڵکو تاوانباری دەکات و فڕێی دەداتە سەر ئەنسارولئیسلام لە ڕیگای دروستکردنی سیناریۆیەکی گالتەجارانەوە کە زیاتر لە پیشەسازی فلیم سازی هۆلیۆد دەچێت... بەلام لیرەدا پارتی سەڕەرای هەر هیرشو ملهوڕیەک کە دەیکاتە سەر خەلکی کوردستان و لەهەمانکاتدا و ناشیبونی خۆی نیشان داوە و چونکە پیش خەلکی کوردستان و خەلکی دینا وە ڕیکخراوە جیهانیەکان دەزانن کە سەردەشت عوسمان و تەواوی خێزانەکەیان نەک هەردورن لەو گروپە تیرۆریستیانەوە بەڵکو هەمیشە لە ریزی دژایەتی ئەواندا بوون و پارتی ئەمە لەهەموو لایەن و کەسیک باشتر دەزانێت. بەلام پارتی وادیارە چاڵەکەی قولەو بۆی پڕناکرێتەوەو ناچار بوە پەنا بەرێ بۆ ئەنێارو تیرۆریستەکان بۆئەوەی لە چاڵ'کەی دەریبهێنن...

پارتی ناتوانیت ئەم کلاوە بخاتە سەری خەڵک وە پێویستە بەشیوەیەکی ڕۆشن تاوانباری ڕاستەقینە ئاشکرا بکات. ئەویش لە ڕێگای هەڵوەشانەوەی لیژنەی شاردنەوەی راستیەکانو رازی بونی بە لیژنەیەکی سەربەخۆو هەروەها دادگایکردنی ئەو لێژنەیە چونکە راستیەکانی شاردۆتەوەو ڕیگای لە خەلکی کوردستان ونکردوەو هەروەها تۆمەتی دروستکردوە بۆ سەردەشت عوسمان. کریکارانی کوردستان وە خەلکی ئازادیخوازو دژ بە ئیمپراتۆریەت لەهەرکوێیەکی دنیا بن پیویستە لەبەرانبەر ئەم هێرشە ریسوایەی پارتی دا بیدەنگ نەبن و بەرهەرشیوەیەک خەلکی شارەکانی کوردستان وە خەلکی کوردستان لەدەرەوە وە ئازادیخوازانی دنیاو ڕیکخراوەکانی بۆیان دەکرێت برژینە سەر جادە بە خۆپیشاندان یان مانگرتن یان ناردنی فاکسی ناڕەزایەتی بۆ پارتی و بۆ حکومەتی بەغدا دریغی نەکەن.

16ئەیلول 2010

**تیرۆر، بەرهەمی ترسە لە ئازادی**

**عەبدولا مەحمود**

ڕفاندنی خوێندکارو ڕۆژنامەنووس "سەردەشت عوسمان" بەم شێوازە لە ڕفاندن و تیرۆر جێگای هەڵوێستەو لێرامانێکی تایبەتە و جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ رفاندن و

تیرۆرەکانی پێشتر. هەموو ڕفاندنەکانی پێشوو، بە شێوەی نهێنی کراون، یان هەوڵدراوە بەوپەری نهێنیەوە تێپەڕێنرێن و زوربەیان بەشەو یان لەشوێنی دوور لە چاوی خەڵکی ئەنجام دراون، پاشان لەهەمان شارو ناوچەی نزیک بە ڕفاندنەکەدا، تەرمەکەیان فڕێدراوە، کەچی ڕفاندنی سەردەشت عوسمان بە ڕۆژی ڕوناک، لەبەردەم شوێنێکی بەرچاو و گشتی وەکو زانکۆ. هاوکات بەبەرچاوی پۆلیس و هێزی زێرەفانی، ئەنجامدراوە و تەرمەکەی دوای ماوەیەکی زۆر کەم لە شارێکی دەرەوەی هەرێم" موسڵ" فڕێدراوە ئەمەش پەیامێکی ڕۆشنە بۆ ڕاگەیاندنی جەنگێکی نوێی بە شێوەی تیرۆر بۆسەر ئەو دەنگانەی هەڕەشەی جدی لە دەسەڵات دەکەن یان سنورەکان و هێڵەسورەکانی ئادابی گشتی، پیرۆزیەکانی نیشتمان و نەتەوە، مقدەساتەکانی ئیسلام و دین و ڕەمزەکانیان، هێڵە بەئەلغام دەورە دراوەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتدارێتی، .... دەبەزێنن.

ئەم شیوازە لە تیرۆر لەگەڵ ئەوەدا کە بەرهەمی ترسی دەسەڵات و کۆنەپەرستییە، لە هوشیاری و ڕابونی دەنگی ئازادیخوازی، هاوکات بەیانی ئەوە دەکات کە تیرۆریزمی دەسەڵاتی میلیشیایی وهێزە کۆنەپارێزەکانی، سنورێکی بۆ کپکردنەوەی دەنگی ڕەسای ئازادی نییە، سڵ ناکاتەوە لە چاوی شەقام.

پێمان دەڵێن حەوسەلەمان نییە، دەست ناپارێزین و هەموو شیوازێکیش بۆمان کراوەیە. پێمان دەڵێن بە سۆرانی مامە حەمە چاوترسێنتان دەکەین، بە ئاشکرا ڕفاندن و کوشتنی سەردەشت عوسمان کپتان دەکەینەوە، بە تیرۆری سەردەشتەکانی سبەینێ هێڵە سورەکانمان دەمەزەرد دەکەینەوە، ئەمە پەیامی تیرۆرستانە.

ئەم کوردستانەی کە دەسەڵاتی کوردی بانگەشەی ئارام بوونی دەکات، شانازی بە دەزگا ئەمنیەکانی دەکات، ئارامە بۆ دەسەڵات و بەرپرسە حزبی و حکومی و بنەماڵەیەکان و سەرمایەدارانی تالانچی و کۆنەپەرستان. وە نا ئارامە بۆ نوسەران و سیاسی و ڕۆشنبیرانی نەیاری سازش هەڵنەگری دەسەڵات. نائارامە بۆ ئەوانەی رەخنە کە کۆنەپەرستی ئیسلامی دەگرن، نائارامە بۆ ئەوانەی خۆشەویستی بە پیرۆز دەزانن و سنورەکان و تەلبەندەکانی دیلکردن و پەلبەستکردنی خۆشەویستی، ریسوا دەکەن. نائارامە بۆ کرێکارانێک کە دەنگیان بەرزدەکەنەوە بە دژی بیمافیەکان و سەختی گوزەرانیان، نائارامە بۆ هەلسوراوانی ژنان کە دەڵین دەستی ئیسلام و یاسا کۆنەپەرستە سەرچاوەگرتوەکانی ئیسلام و مەلا لەسەر ژنان هەڵگرن، نائارامە بۆ ئەو هونەرمەندو نووسەرو میژونووس و تویژەرانەی، بەدەنگی بەرز لەدژی بیروباوەری زاڵی ناو کۆمەڵگا، لە دژی دەسەڵاتی تالانچی و نۆکەر، لەدژی پاوانکردنی دەسەڵات، هاتوونە دەنگ.

دەسەڵات لە کوردستان تۆڕێک دەزگای سیخۆری هەیە ئاشکراکانی" پاراستن، زانیاری، دوو دەزگای دژە تیرۆر، دوو ئاسایش، دوو هێزی پۆلیس" هاوکات سەدان باندی نهێنی سەر بە بەرپرسەکانی دەسەڵات، هەیە. جگە لە میلیشیایی پان و پۆری حزبەکان بەسەدان پاسەوانی

بەرپرسە باڵای حزبەکان و حکومەت، ئەژدیهایەکی هەزارسەرە کە دەیەوێت جوڵەی تەندروست و دەنگی "نا" بەدژی هەلومەرجی زاڵ و باو، پەل بەست بکات.

داهاتێک کە دەکرێت بە گەروی ئەم هێزە چەکدار و جاسوسییە حوت ئاسایەدا، خەیاڵییە و ئەرکیشی نەک پاراستنی کۆمەڵگا و تاکەکانی، نەک هیزی پاریزگاری لە دژی هێزی دەرەکی و هەرەشەی ناوچەیی، بەڵکە بۆ پاراستنی دەسەڵات و کپکردنەوەی دەنگی ئازادیخوازی و سەرکوتی داواو مافە ژێرپێنراوەکانی کۆمەڵگایە.

بکوژانی سیاسیەکانی نەیاری دەسەڵات، بکوژانی رۆژنامەنووسان، بکوژانی ژنان، بکوژی ئازادیخوازی بەسانایی لەژێر دەستی ئەم هەموو هیزە چەکدارو دەسەڵاتدا،ووندەکرێن، دەشاردرێنەوە. دەسەڵاتیک کە دژی ئازادییە نایەوێ بکوژانی ئازادیخوازی، پەلبەست بکات.

دەسەڵاتیکی پارێزەری کۆنەپەرستی دینی، ناتوانی و نایەوێ فتواچیەکان و مەلاکان و رەوتگەلە ئیسلامیەکان، لە کۆمەڵگا دوور بخاتەوە. دەسەڵاتی دژە ژن، دەست نابات بۆ بەسزاگەیاندنی ژن کوژان. دەسەڵاتی دژی ئازادی بەیان و بلاوکردنەوە و ڕۆژنامەگەری، خەمی لێدان و سوکایەتی پێکردن و زیندانیکردن و تیرۆری رۆژنامە نووسانی نییە.

دەسەڵات خۆی بەرپرسی ئەم دۆخە و بەرپرسی ژینگە سازکردنە بۆ کوشتارو تیرۆرو کۆنەپەرستی و پاراستنی دۆخی باو.

کوان بکوژان و کاراکتەری پشت ڕفاندن و تیرۆری رەئوف ئاکرەیی، نەزیرعومەر، بەکر عەلی، شاپورعەبدولقادر و قابیل عادل، فەرهاد فەرەج، سۆرانی مامە حەمە، عەبدلستار تاهیر شەریف، سەردەشت عوسمان....تاد؟ کوان ئەو قارەمانە جەربەزانەی! بەدەیان و سەدان جار هێرشیان کردۆتە سەر رۆژنامەنوس و نەبەز گۆرانەکان؟. کوان ئەو هەزاران بکوژەی ژنان، .... کوان؟ بۆچی ئەم لیستە لە تاوانبارانی زنجیرەیی بۆسەر ئازادی سیاسی و رۆژنامەگەری و ژنان و نوسەران و ئازادیخوازان.. کەمترینیان نەدۆزرانەوەو راپێچی لێپرسنەوە نەکران، کوا دادگا؟ ئاخر دادگا دەستی بە هەزاران تاوانبار نەگات، چ دادگایەکە. یاسا دەستی نەگاتە هەزاران تاوانبارو بکوژ، چ یاسایەکە.

هەموو ئەمانە پێمان دەڵین، دەسەڵات تاوانباری سەرەکییە. ڕفاندنی سەردەشت عوسمان و دەربازکردنی بە چەندین بازگە و پاشان تیرۆرکردنی، ترس و کاردانەوەی دەسەڵات و کۆنەپەرستییە لەبەرامبەر ئازادی و ئازادیخوازیدا.

بەرگرتن و بەئاگاهینانەوەی دەسەڵات لە یاریکرن بە ئاگر، وە دەست کۆتاکردنی بەتەنها بە ئیمزا کۆکردنەوە، بەماتەمینی نیشاندان، بەمەراسیم سازکردن، بە وروژاندن و وتار و نوسین، بە خۆپیشاندان.... ناکرێت، بێگومان ئەمانە هەموو پێویستن و جێگای خۆیان هەیە، و لەوبارەیەشەوە ئەزمونێکی زۆر لەبەردەستە، کە سەرباری ئەوەی بۆتە گوشارێکی کاتی و کەمپەینی، بەڵام دەسەڵاتی کاس نەکردووە، سەری تەسلیم بوونی پێدانەداوە،

تاوانباران و کاراکتەری پشت تاوانەکانی ئاشکرا نەکردووە. بۆیە پێویستە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەستببرێت بۆ ئەو ئامرازانەی کۆمەڵگا فەلەج دەکات. هەر بزوتنەوەیەک پایەکانی دەسەڵات نەلەرزێنی و هەڕەشەی لێنەکات، دەسەڵات تەکان نادات و ناترسێنێ.

وەرێخستنی مانگرتنی سەراسەری لە ناو زانکۆکان و ڕاگرتنی خوێندن، ڕاگرتنی کاری چەند کارگەیەکی بەرهەمهینان کە شادەماری تالانی دەسەڵات ببەستێ. مانگرتنی شارەوانیەکان تا شاری تیرۆر نا ئارام، زبڵ و پسایی دایبپۆشێ. داخستنی دوکان و بازاڕەکان و هاتووچۆ، تاجوڵە ڕابگرێ. وە لێک هەڵپێکانی نارەزایەتیەکان و سەراسەری کردنەوەی... تا ئاشکراکردنی دەست و باند و بکوژەکان درێژەی پێبدرێ. ئەگەر لەبەرامبەر ناحەقی و تیرۆرێکدا، دەست بۆ ئەم شیوازە ببرێت، بە دڵنیایەوە دەسەڵات لە بەرامبەر بە ئیرادەی شەقام داگرتوو و کۆمەڵگا فەلەجکراودا، تەسلیم دەبێت.

تیرۆری نوسەر، سیاسی و ڕۆژنامەنووس و ژنان...، هەرەشە نییە تەنها لە توێژێک، هەڕەشەیە لە هەموو کۆمەڵگا. بەرگری لە ئازادی کورتناکرێتەوە لە ئازادی بەیان و بڵاوکردنەوەو رادەربڕیندا، یان کورتناکرێتەوە لەئازادی رۆژنامەنووسیدا، کورت ناکرێتەوە لەئازادی مانگرتن و خۆپیشانداندا، لە ئازادی دینداری و بێدینیدا، لە ئازادی رەخنەگرتن و تویژینەوە لە هەموو بیروباوەر و ئەخلاقیات و کەلتورو رەمز و رابەرو خورافات و سرود و ئاڵا، بە داستانکراو و قارەمانەکان... بەڵکە بەرگری لە ئازادی پانتایەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری، یاسایی ...هەیە. بەرگری لە کۆیی هەموو ئەمانە، ئەرکی رۆشنبیران و ئازادیخوازانە.

لە کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیایدا هەموو ئازادیەک لە ژێر هەڕەشەدایە، لە ئازادی عیشق و ئینسانیەتەوە تا ماف و دادوەری و ئازادی تاک، لە هونەرو داهێنانەوە تا زانست و حەقیقەت، لە ئازادی سیاسیەوە تا ئازادی رۆژنامەگەری و بەیان، لە ئازادی جموجۆڵی ئابوریەوە تا ئازادی کەلتوری و ...تاد. بزوتنەوەی سیاسی و رێکخراو، بزوتنەوەی رۆشنبیری و ئازادیخوازی و ڕۆژنامەگەری، پیویستە لەهەموو ئەم زەمینانەدا و بێ ئەماو ئەگەر لە مەیداندابێت و ئاوانس بە هیچ لایەک و زەمینەیەک نەدات.

گوشارهێنان بۆ دەسەڵات بۆ ئاشکراکردنی باندی ئینسانکوژی بکوژی سەردەشت عوسمان، جیاناکرێتەوە لە خەباتێکی سەراسەری لە پێناو ئازادی و گێرانەوەی ئارامی بۆ کۆمەڵگادا. جیاناکرێتەوە لەڕەخنەو خەباتێکی لێبڕاوانە لە دژی دەسەڵاتی سیاسی، پێویستە بۆ ئەم بەرامبەرکێیە سەنگەری تازە بکرێتەوە و دەستی بۆ ببرێ. وە نابێ کەیسی تیرۆری سەردەشت عوسمان، سەنگەری پاشەکشەکردن بە مەلا و باندە ئیسلامیەکان و فتوادەرانیان، لاواز بکات.

٩–٤–٢٠١٠

## دەسەڵات ، شاهیدی تیرۆرکردنی مرۆڤ و ئازادی

**هۆزان هەڵەدنی**

تیرۆر کردنی ڕۆژنامە نوس سەردەشت عوسمان دڵی هەموو لایەکی هەژاند و چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیر ، ناوەند ، ڕێکخراو ئیدانەی ئەو کردەوە دژە ئینسانیان کرد . بەڵام ئەوەی هەموومانی بەکۆڵێک گومانەوە لە کەناردا هێشتۆتەوە فڕاندی ڕۆژنامە نوسێکە لەبەردەم زانکۆ لە هەولێری پایتەخت ! دەسەڵات تا چەند لەوە تێدەگات تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنوس واتای چی و چ پێناسەیەک بۆ ئەقڵی بەڕێوەبردنی وڵات هەڵ دەگرێت ئەوە بۆخۆی بەجێدەهێڵین ، بەڵام هەموو ڕای گشتی دەبێت ئەمجارە تێڕوانینی خۆیان بۆ خوێندنەوە و ڕوماڵ کردنی تیرۆکردنی نوسەران لە دەسەڵات و دەزگا ئەمیەکاندا چڕبکەنەوە و هەستین بەهەڵوێست وەرگرتنی فعلی ، چیدی بەیان و نارەزای دادی دایک و باوکی جەرگ سوتاو نادات ، دادی ژیانی باقی ئەو هەموو ڕۆژنامەنوس و نوسەرانە نادات کە ژیانیان لە مەترسیدایە.

لە کاتێکدا ناوەندە ئەمنیەکان تەسرحی ئارامی و بونی دیموکراسیەت دەدەن ، هەر لەم هەرێمەشدایە هەڕەشە و هەوڵی تیرۆکردنی نوسەران و ڕۆژنامەنوسان دەدرێت ، بۆیە بەر پرسی یەکەم سەرۆکی هەرێمە و دەبێت وەڵامی پرسیاری ئەوە بداتەوە فڕاندنی ڕۆژنامەنوسێک لە بەردەم زانکۆ و پاشان بەرەو موسڵ و تێپەڕاندی ئەو هەموو بازگانە کێ کردی ؟؟؟ هەرگروپ و تاقمێکە تا وەڵامی ڕاستی ئەم پرسیارە سەرۆکی حکومەت بەرپرسیارە . پاشانیش ئەو دەستە ڕەشە ئاشکرا دەبێت کە سۆرانی مامەحەمەیان شەهید کرد کە تا ئێستاش مەلەفەکەیان بە هەڵواسراوی داخستوە و کەس نەی زانی ئەمە کێ کردی ؟؟؟ پاشان باقی هەوڵە تیرۆریستیەکانی دی دێنە گۆ هەر وەک چۆن بە سەر ڕۆژنامە نوس ئەحمەد میرە و باقی نوسەر و ڕۆژنامەنوسانی دیکە هات . هەردوک حیزبی دەسەڵات داربوون کە ئاڵای دژە تیرۆرتان هەڵ کردبوو بەڵام وا ئێستا لە ژێر ئەو دروشم و ئاڵایەدا ڕۆژنامەنوس تیرۆر ئەکرێت !! ئەوسا پێتان وتین ئەو هێز و تاقمانە کێن ، ئەدی ئەمرۆ ئەو تاقم و هێزانەی ڕۆژنامەنوسان تیرۆر دەکەن کێن ؟؟؟ خۆ ئێوە واتان خستۆتە گوێی خەڵکی کە دەزگای پاراستن و زانیاری ئەتوانن مێشی نێر و مێ بە ئاسمانەوە لە یەک بکەنەوە ، لێرەشدا پێمان بڵێن ئەو دو دەزگایانەلە کوێ بون کە لە بەردەم ناوەندێکی گەورەی وەک زانکۆ ڕۆژنامەنوسێک دەفرێندرێت و پاشانیش بەرەو موسڵ و لەوێش تیرۆر کردنی ؟؟؟

ئێوە لە مینبەرەکانەوە لاف و گەزافی ئەوەتان لێدەدا کە هەرێمەکەمان نمونەی ناوچەیەکی دیموکراسیەو عەرەب دەتوانێت وەک نمونە بۆ دەوڵەتی داهاتوی ئێراق تەماشای بکات ، بەڵام وا لەو هەرێمەدا دڵی ئازدی و دیمۆکراسی تیرۆر دەکرێت !! کاتێک ڕۆژنامەنوسێک تیرۆر دەکرێت دەبێت بڵێین ئازادی و دیمۆکراسی تیرۆر دەکرێت ، کاتێکیش ئازادی و دیمۆکراسی تیرۆر کرا واتا خەڵک تیرۆر دەکرێت ، دەسەڵات گەر بەم جۆرە لێکدانەوەو تێگەیشتنی نەبێت بۆ تیرۆر کردنی ڕۆژنامە نوسان و دور لە هەرمۆنتاژێک و بە ڕاستی و

درسوتی ئەو دەستەڕەشە ئاشکرا نەکات و نەیان داتە داگا ئەوا دەسەڵات هیچ نیە جگەلە شاهیدی ئۆباڵ بەگەردنی تیرۆری مرۆڤ و ئازادی و دیمۆکراسی .

**ئازادی و داهۆڵ!**

**کازم قادر**

**دەربارەی ئازادی و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی.**

بەبۆچونم لە مێژووی فکرو فەلسەفەو هزگەریی(ڕۆشنبیری)دا هێند سوکایەتی بە ماناو واژەی ئازادی کراوە،مەگەر بە خودی مرۆڤ کرابێت،واتە سوکایەتی و ئەتککردنی ئازادی خۆبەخۆ سوکایەتی و ئەتککردن و کۆیلەتی مرۆڤیش بووە. مەلایەک کە شمشێرێکی بەدەستەوەیە ئازادی دەقیرێنێت،جەلادێک کە خەریکی کردەی خنکاندنە هەمان هاوار دەکات، دیکتاتۆرێکیش کە کۆمەڵگە دەکاتە زیندانێکی گەورە هەمان قیڕەقیڕی ئازادی دەکات.

ئەوە کە دیکتاتۆرو جەلادو ئاخوندێک هاواری ئازادیخوازی دەکەن(ئەگەرچی هاوارێکی درۆزنانەیە)بەڵام لە قووڵاییدا گەوهەرێک هەیە،خەونێکی مەزن هەیە کە خەونی ڕەهای ئازادییە.خەون و خولیایێک هێند ڕەگ و ڕیشەدارە،جەلادیش بە نێچیرەکەی دەستێوە ناچار دەکات درۆ بکات،ناچارە ڕۆخساری خوێناوی خۆی بەڕەنگ و بۆنیتر بگۆڕیت.خەون و جەنگ بۆ ئازادی،لە بەرەبەیانی مێژووی کۆیلەتییەوە چەکەرەی کردووەو دەستی پێکردووە،ئەم خەون و جەنگە تاکو ئێستاش بەردەوامەو بەردەوامیش دەبێت.ئەم جەنگە،ئەم ئامادەگییە مەیدانییەی جەلادو قوربانی،یان جەلادو ئازادی،ئەم شێواندن و ئەتککردن و پارچەپارچەکردنەی ئازادی،ئەو حەقیقەتەش بەیان دەکات،کە ئازادی لە خەملێوترین گۆشەوکەنارەکانی ئەم سەرزەمینەدا تەنها درۆێکی گەورەیە،درۆیَکی سیاسی فکریی و فەلسەفییە چ سیستەم و چ ئەوانەی بەم دونیا سەروخوارەی سەرمایەداری قایلن دەیکەن.تاکو یاسایەک هەبێت سنور بۆ ئازادی دانێت دەبێت گومان لە هەبوونی ئازادی بکەین،واتە ئەوە ئازادی_ ئاسمانی ئازادییە(یاسا)دروست دەکات نەک بە پێچەوانەوە.

لێرەدا نامەوێت بۆچوونی خۆم لە مەڕ ئازادی بەیان بکەم،دەکرێت ئەوە باسێکی سەربەخۆ بێت و هیوادارم لە داهاتوودا لەو بارەوە نوسینم هەبێت،بەڵکو دەمەوێت لەم سەرەتا کورتەوە بچمە نێو باسێکەوە کە کایەی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەرییە.ئەوەش بێژم کە لەم نوسینەدا واژەی ئازادی بەهەمان ماناو تێگەیشتنی باو دێت کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی(کراوەو ئازاد!)دا دەتوانێت ڕای خۆی دەربڕیت،نەک ئەوە کە من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەو گوزارش و ماناو تێگەیشتنەدا نەبێت.

بەبۆچوونم ئەو هاوارە بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەکەی پارتی و یەکێتیدا، کە ماڵپەڕو ڕۆژنامەومیدیاکانی پڕکردووەو ئەو دەنگەش کە لە کۆمەڵگەوە بۆ هەمان مەبەست بەرز دەبێتەوە، هێندە پشتی بە وەهم بەستووە نیوهێندە پەیوەندی بەلۆژیک و زەمینەیەکی واقیعییەوە نییە.دیارە مەبەستم ئەوە نییە هاوار نەکرێت، کەس قسە نەکات و هیچ نەنوسرێت و نەگوترێت..نا، وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە ئەوە بەشێکە لە جەنگەکە، جەنگی جەلادو ئازادی.بەڵکو وەهم و کێشەکە ئەوەیە داوای ئازادی لە جەلاد بکەیت، ئەو جەلادەی کە بۆ خنکاندن دەتباو تۆش داوای لێبکەی:دەکرێت بڕۆم بژیم!یان بەمانایەکیدی ئەوەیە کە بەرەی ئازادیخوازی، ئەوانەی داوای پچڕاندنی زنجیرەکان دەکەن نەزانن لەگەڵ چ دەسەڵات و سیستەمێکدا ڕووبەڕون، لە بەرامبەرکێی چ ماشێنێکی ترسناک و ستەمگەردا قەراریان گرتووە!

دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردی کە یەکسانە بە پارتی و یەکیتی و لە هەناویشیدا موتوربەی هێزە دینی و کۆنەپەرست و فتواچییەکانە(داهۆڵەکان)تاقیکردنەوەی خۆی داوە.ئەم دەسەڵاتە نزیک بە نۆزدەساڵە خەریکی گەمەی جەلادو قوربانییە، زەبروزەنگ، سەرکوت و ترس و تۆقاندن، تیرۆر، پەرەدان و دەستگرتن بە کۆنەپەرستترین نەریتی سیاسی و فەرهەنگی، مانەوەی هەتایی بەهەر نرخێک بێت لە دەسەڵاتدا، بووە بە ڕێچکە، بەپێکهاتەیەکی ئۆرگانیکی زیندو لە جەستەی ئەم دەسەڵات و حکومەتەدا.ئەم دەسەڵاتە لە سەر کوشتنی بەرەی ئازادیخوازی بە پێوە ڕاوەستاوە، بەهێزبوونی ئەم بەرەیە یەکسانە بەلەرزاندن و پوکانەوەی ئەو دیوارەی لە سەر ڕۆح و جەستەو کەلەسەری ئازادی هەڵچنراوە.ئەم دەسەڵاتە دەقی خۆی گرتووە، وەک چۆن لە ڕێگەی زەبروزەنگ و ستەمەوە دەسەڵات و باڵادەستی خۆی بە سەر کۆمەلگەدا سەپاندووە، هاوکات هەڵگری تەواوی ئەو خەسڵەتانەشە کە دەکرێت لە کارەکتەرو پێکهاتەی دەسەڵاتێکی ستەمکارو دیکتاتۆردا هەبێت.دەسەڵاتی کوردی لەوە کوێرتر ئازادی کوژترو کۆنەپەرسترە داواو چاوەڕوانی ئازادیخوازی و ئازادیی لێبکرێت، ئیمزاکۆکردنەوەو مەحکوم کردن لە ڕێگەی بەیاننامەوە گاڵتەجاڕییە، دەکرێت بەیاننامە مەسرەفێکی سوک وسانا بێت بۆ ئەو کەس و گروپ و(ڕۆشنبیرانە)کە دەستێکیان بۆ پارەو عەرزەوەرگرتن لەو دەسەڵاتە کوێروگەندەڵە پان دەکەنەوەو بە دەست و پەنجەێکی لەرزۆک و گۆجیش بەیاننامەی مەحکوم کردن بنوسن!(وەک ئەو بەیانی پرۆتێست کردنەی برێک لە(ڕۆشنبیران)لە بەرامبەر چەقۆکێشانی یەکگرتوی ئیسلامی و مەلا کەلە ڕەشەکاندا بڵایان کردەوە، کە دەکرێت بە بەیانی تراژیدیای کایەی هزرگەریی(ڕۆشنبیریی) بزانین، نەک بەیانێک باکگراوندێکی فکریی ڕۆشنگەرو ڕادیکاڵ ئاراستەی کردبێت)

دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا بەیانی خۆی کردووە، نەک ئێستاو ئەمڕۆ، نەک لە شاڵاوی شەمشەمەکوێرەی ئەشکەوتەکاندا بۆ سەر گۆڤارەکانی"خەڵک"و"وێران"و دواجارو تەڕترین خوێنی ڕژاوی"سەردەشت عوسمان"دا، بەڵکو لە بەرەبەیانی ئازاری ساڵی91وە، ئەو کاتەی کە بەڕەشەکوژی ژنان و ڕفاندن و تیرۆرکردنی نەیارانی خۆیان دەستیان پێکرد، لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانەوە کە تەنها داوای ئاوو کارەبایان دەکردن و گولەباران

دەکران،ئەو کاتەی بە تیرۆرکردنی نەزیر عومەر لە بادینانەوە دەستی پێدەکردو بەنێو خوێنی سوری ڕژاوی کۆمۆنیستەکاندا لە سلێمانی گوزەری دەکرد!

پرسیار ئەوەیە لە کوێی مێژووی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و پارتەکانیدا ئازادی هەبووە تا ئازادی ڕۆژنامەگەریی هەبێت،ئایە ئەم دەسەڵاتە لە مێژووی خۆیدا بۆ یەکجارو یەک ڕۆژ باوەڕی بە ئازادی هەبووە!لە کۆمەڵگەیەکداو لەسایەی دەسەڵاتێکدا دەیان هەزار ژن ڕەشەکوژی بکرێت،تێزاب بەڕۆخساریاندا بکرێت،لەسەر شەقامەکانداو بەبەرچاوی دونیاوە بەبلۆک سەریان پان بکرێتەوە،گاڵتەجاڕی نییە داوای ئازادی ڕۆژنامەریی بکرێت!چی لەوە بێماناترە داوای ئازادی ڕۆژنامەگەریی لەسەدەڵاتێک بکەیت کە نیوەی پیاوەکانی دوێخان (پەرلەمان)ـەکەی دەنگ بەیاسای کۆیلەتی فرە ژنی بدات،لەپاڵ وەزارەتی تەوروشمشێروجەهلدا(وەزارەتی ئەوقاف) ئازادی چ واتاو خەسڵەتێکی هەیە.

بەبۆچوونم دەبێت دەسەڵاتی کوردی_واتە حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی_لەپاڵ دەیان ناو و زاراوەی تردا کە ڕۆژانە لە ئەدەبیات و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەدرێتە پاڵیان و گوزارش لە گەندەڵی و ستەم و زەبرو زەنگی ئەو دەسەڵاتە دەکات،ناوی حکومەت و دەسەڵاتی داهۆڵیشیان بۆ زیاد بکرێت.ئێستا ئەم داهۆڵانە لە هەموو شوێنێکدان،لە ئاودەسخانەی مزگەوتەکانەوە تا دەگاتە زانکۆکان و شەقامەکان و باخچەکان و...تاد. داهۆڵەکان بەتەنها هێزە دینی و مەزهەبییەکان نین،هەڵەیەکی گەورەو ترسناکە باوەڕمان وابێت ئەوە تەنها مەلاو ئیسلامییەکانن فتوای کوشتن و دەمداخستن و لەغاوکردنی قەڵەمەکان دەدەن،ئەو باکگراوندە سیاسی و کولتورییە کە پاڵ بە ئیلامییەکانەوە دەنێت،هەر ئەوە نییە کە مەلاو ئیسلامییەکان لە هێزێکی دینی ڕووت بەهرەمەندن و لەڕوانگەی هاوسەنگی ئەو هێزەوە سەرکێشی بکەن و خەسڵەتی ڕاستەقینەیان نمایش بکەن،بەڵکو ئەو فەزا سیاسی و فەرهەنگی و ئیداری و حکومییە کۆنەپەرستەشە کە ناوی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی ناسێونالیزمی کوردە، فەزایەکی سەرکوتگەرانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاواڵەی ڕیشەدار کە نزیک بە نۆزدە ساڵە لە سەر مەرگ و کوشتنی ئازادی خۆی دروست دەکات.ئەگەر ئیسلامییەکان جاڕی لەغاوکردنی قەڵەمەکانیاندا،ئەی ڕژانی خوێنی سەردەشت کێ بوو!کێ لەپشتی ئەو فەزا سیاسی و کۆمەڵایەتییە ترسناکەی کاتی هەڵبژاردنەکانی 07.03وە بوو، مەگەر فەزای فاشیزمێکی خەوتوو نەبوو...!

بەباوەڕم دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی ترسناکە،لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان هێشتا بێئاگەیە لەوەی لە ژێر سایەی چ هێزو سیستەمێکی ڕەشدا ژیان دەکات،هێزێک کە تەواوی ئەو ماک و خەسڵەتانەی لە هەناودایە کە بشێت کۆمەڵگە نوقمی خوێن و تاریکی بکات.دەتوانم بێژم نمونەیەک لەو بێئاگەییە کۆمەڵایەتییە بەیاننامەی پرۆتێستەکەی بەشێک لە هزرگەران(ڕۆشنبیران)بوو،کە مرۆڤ لە هەژاریی مەعریفی ئەو بەیاننامەیە سەرسام دەبێت!بەیانێک کە لەیەک وشەشدا نە ئاماژە بەبەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم و نە ئەو فەزا سیاسی و فەرهەنگییە ترسناکە دەکات،کە زەمینەی

خۆشکردووە بۆ شمشێر هەڵکێشانی ئیسلامییەکان!وەک ئەوەی ئیسلامییەکان لەسەر ئەستێرەو ئەتمۆسفێرێکی ترەوە هاتبێتن و فتواو شمشێرو قیرەقیرپیان بەم فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییە نامۆ بێت!جارێ ئیسلامییەکان ڕەنگدانەوەی واقعیەتی یەک سەرخانی کۆمەڵایەتی سیاسی و کولتورییە کە ناوی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییە،ئەو واقیعە دۆزەخییەیە کە تێیدا بەبلۆک سەری ژنان دەپژێین،ژنان ڕەشەکوژی دەکەن،ڕۆژنامەنوسان تیرۆر دەکەن و لە سەر بیروڕای جیاواز نان و بژێوی خەڵکی دەبڕن.

داهۆڵەکان لە هەموو شوێنێکن،نە جارێ لەغاوکردنی نوسەران لەلایەن ئیسلامییەکانەوە دواجارڕ دەبێت و نە ڕفاندن و تیرۆری سەردەشت عوسمان دوا تیرۆر دەبێت،تارماییێکی ڕەش بەبان کوردستانەوە دێت و دەڕوات،گۆماوی خوێن لە سبەینێدا...!

09 ئایاری 2010

**با چیتر کوردستان نەبێتە لانکەی کاری تیرۆرکردنی ژنان و رۆژنامەنوسانی ئازادی خواز!!!**

**تاهیر حاجی حەسەن**

ئەگەرچی دیاردەی کوشتنی ژنان لە کوردستان هەرچی مۆراڵی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ئازادی خواز هەیە تێیپەڕاندوە و خۆی شۆڕ کردۆتەوە بۆنێو پێگەی دوور کەوتنەوە لە بەهای گرنگی مرۆڤایەتی. تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوسانیش بەجۆرێکی تر هێندە وێنای دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆ دەبێت سەرانی دەسەڵاتداری (ینک، پدک) لە زۆرینەی لێدوانەکانیاندا منەت بکەن بەسەر خەڵکی کوردستان و پێیان بڵێن ئەو ئاسایش و ئارامی و ئازادیەی لێرە هەیە لەکەم جێگای دنیا دەست دەکەوێت؟ ئاخۆ ئاسایش و ئارامی بۆکێ بەرقەرارە، بۆ دەسەڵات یان بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەرەی ئازادی خوازیش لەکۆمەڵگا بەتایبەتی؟ خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان تا بونی ڕژێمی فاشیستی بەعس هەبوو، زۆرترین تاڵی و سوێری ئەو دەسەڵاتەی چەشت، زۆرترین قوربانی دا لە پێناو ڕزگاربون لەو دەسەڵاتە قەومیە فاشستیە.

دوای 19 ساڵ لەدەسەڵاتی کوردی، خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان نەک هەر نەیانتوانی هێزو ئیرادەی سیاسی خۆیان بناسن، بەڵکو ئەوەی لە توانایاندا هەبوو بەخشیان بەو دەسەڵاتە کوردیە بەو ئومێدەی سەربەستانە و ئازادانە بتوانن لە ژیانیاندا برەو بە ئێستاو ئایندەیان بدەن. کاتێک ڕوداوە دڵتەزێنە ڕۆژانەییەکانی نێو ژنان دەبیستین لە هێرش کردنە سەریان تا دەگات بە کوشتنیان، بۆخۆی چ جیاوازیەکی نیە لە نێو پرۆسەی کاری تیرۆر کردندا، ئیتر چۆن دەتوانن بڵێن کوردستان لانکەی ئازادی و دیمکراسیە لە رۆژهەڵاتی ناویندا؟ بۆ ژنان وەک ئەوەی مرۆڤن لە حیساب کردن نایەن؟ کاری تیرۆریستی ناکاتە ئەوەی تەنها خۆکوژێک بێت و خۆی بتەقێنێتەوە، بەڵکو تیرۆرکردن جۆری زۆرە. هێرشی حیزبە

ئیسلامیەکان و مەلاکان بۆسەر نوسین و ڕەخنەی ئازادی خوازان بۆخۆی سەرەتایەکە بۆ هەنگاو نانی بەکردەوەیی بۆ دەست بردن بۆتیرۆرکردنی شاراوە. ئاخۆ تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنوسان کە ژمارە سێی لە کوردستاندا دیاری کرد، بە چ پێوەرێک دەتوانرێت بێدەنگە کردنی دەسەڵاتی هێزە ئەمنیەکانی ناوخۆی کوردستان نەخاتە ژێر پرسیارەوە؟ بۆ دەتوانن دزێکی دوکان بڕ یان دزێکی ماڵ بڕ بدۆزنەوە کەچی تا ئێستا نەتوانراوە ئەوانەی هەستان بتیرۆر کردنی ئەو سێ ڕۆژنامەنوسە بدۆزنەوە(ستار عەبدولشەریف، سۆرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان)؟ ئەرکی بەرپرسیاریەتی سەرۆکی هەرێم چیە لە بەرپاکردنی ئەو هێرشە بەردەوامەی پیاوانی ئاینی لە مزگەوتەکانیانەوە دەیکەنە سەر ئازادی خوازان؟ ئاخۆ ئەگەر ئیسلامی سیاسی لە کوردستان چەند هانگاوی دیکە چوە پێشەوە نابێتە ئەو خۆرەیەی دەسەڵاتیشتان لێبسێننەوە؟ یان سەرۆکی هەرێم و سیستمەکەیان بۆخۆیان هەمان ئایدۆلۆژیای ڕەوتە ئیسلامیەکانیان هەیە بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان.

کاتی ئەوە هاتوە سەرجەم ئازادی خوازانێک هەست بەو دێوەزمە ڕەشە دەکەن بۆ سەر ژیان و ئایندەیان چیتر بێدەنگەی هەڵنەبژێرن و ببن بە ڕێکخەری سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری مەزن. چونکە بەردەوامی ئەو کارە تیرۆریستیانە دەبێتە سەرهەڵدانی دەیان کاری نامرۆڤانەی دیکە، چ بۆسەر ئازادی خوازان چ بۆسەر خەڵکی سادە، ئەگەر هاتو نارەزایەتیەکی هەبو بەرانبەر دەسەڵات یان حیزبە ئیسلامیەکان و مەلاکان. با چیتر ڕێگا نەدرێت کوردستان بکرێت بەلانکەی کاری تیرۆریستی و ئەو خەونە مەزنەی خەڵکی ئازادی خواز هەیانە لە گۆڕ نەنرێن. خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان بۆخۆیان پێگەیەکی کۆمەڵگایەکی مەدەنیان هەیە، بەردەوام بونی تاریک پەرستی و شۆڕبونەوەی بۆ نێو پەروەردەی کۆمەڵگا پەیوەندی بەو ڕەوتە سیاسیە چەوسێنەرەی ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتی چەوسێنەری کوردستانەوە هەیە.

دۆزینەوەی ئەو لایەن و گروپانەی هەستاون بەتیرۆر کردنی کەسانی سیاسی مێژوی دەورەی ڕابردوو لەگەڵ بکوژانی ئەو ڕۆژنامەنوسانە و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگایەکی ئاشکرای جەماوەری، تەنها گەواهی دەری ئەو ڕاستیە دەبن کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان خۆی بەبەرپرسیار دەزانێ لە پاراستنی ئەمنیەتی سەرجەم تاکەکانی کوردستاندا. بەپێچەوانەوە بێدەنگە کردنی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان دەکاتە ئەوەی ئەو دەستە شاراوەیە تەنها لە نێو دەسەڵات خۆیدایە.

2010/05/07

**بۆ سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت، بەرپرسانی حکومی و دوو حزبە دەستەڵاتدارەکەی کوردستان**

**کاوە حەسەن**

من زۆر لەو باوڕەدا نیم کە سەرۆک و سەرکردەکانی کوردستان لەو باوەڕەدا بن لەڕێگەی ئاخاوتن و نامە گۆڕینەوەوە هەڵوێستە دەکەن لەبەرامبەر ئەو کردارە چەوتانەی کە لەپەنا دەستی ئەواندا ڕوودەدات. بێمتمانەبوون بە ئەوان لەئەزموونێکەوەیە، کە نەک بەتەنیا من، بەڵکو خەڵکانێکی زۆر دەنگی نارەزایەتی و تووڕەبوونیان بەگوێی دەستەڵاتداراندا چپاندووە، کەچی ووەڵامێکیان چنگ نەکەوتووە. لەکاتی کوشتنی دوعادا نامەیەکی تری لەم بابەتەم ئاراستەی ئەوان کرد، بەڵام هەڵوێست وەرنەگرتن و ناجدی بوونیان لەبەرامبەر ئەو کردارە پڕ لە شەرم و دژە مرۆییەدا، وای لێکردم کە زیاتر سوور بم لەسەر ئەو باوەڕەی کە زۆرجار دەستەڵات تەمبەڵترین یەکەیە لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕپێکردن یاخوود ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ڕوودا و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی لەگۆمەڵگادا. وا بۆ جارێکی تر لە هەستێکی پڕ تووڕەیی و شەرمەزاربوونم لەوەی کەرۆژکارێک هاوڵاتی هەرێمێک بووم کە تێیدا جێگەی دەنگێکی ئازادی لەچەشنی سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنووسی تێدا نابێتەوە، وە دێوەزمەکانی تیپونی خوێن دەستی پڕتاوانی خۆیان بەجەستەی تیینوی ئازادی سەردەشت سووور کرد. سەرباری بێئومێد بوون لەدەستەڵاتدارانی هەرێم، بۆ جارێکیتر ئەم نامەیە ئاراستەی ئەوان دەکەمەوە.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، ئێوە کاتێک باس لەئازادی و ئاسایشی هەرێم دەکەن، بانگێشەکانتان تەنانەت گوێی ئاسمانیش کەڕ دەکات. کاتێک لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانتانەوە سەرقاڵی چاوپێکەوتن و پێشاندانی مانۆرە سیاسییەکانتانن، مرۆڤ شاگەشکە دەکەن بە بەڵێن و پەیمانە یۆتۆپیاییەکانتان. کەچی لەپایتەختەکەتاندا، کەزۆر جار بە قەڵای دیمۆکراسی، یاخوود بە شاری ئایدیاڵی پێکەوە ژیان لەعێراقدا دەیشوبهێنن، چەندین کاری قێزەوەن و پڕ لەشەرمەزاری ئەنجام دەدریت، کە دوا کارەستیان تیرۆرکردنی سەردەشتە. کەچی ئێوەش زۆر بیدەربەستانە لەڕێگەی بەڕۆتینکردن و ئاسایکردنەوەی ئەو تاوانە، لەمیدیاکانەوە دەڵێن هەندێ سەرەدوامان دەستکەتووە . ئەم جۆرە تاوانانە و چۆنێتی هەڵوێست نواندنتان لەبەرامبەریان، ئەو هۆکارانەن کە ئەزموونی دەستەڵاتداریتی ئێوە ڕۆژ دوای ڕۆژ ناشرینتر دەکات. بێهەڵوێست بوونتان لەئاست ئەم جۆرە ڕفتارە دژە مرۆییانەدا، پێچەوانەی تەواوی بانگێشەو بەڵێنەکانتانە. چونکو لەسایەی دەستەڵاتدارێتی ئێوەدا کوشتنی خەڵکانی چالاک لەبواری ڕەخنەگرتن لە کارە چەوت و گەندەڵییەکانتان بووەتە کارێکی ڕووتین و ئاسان.

ئێوە بۆ یەک چرکە هەڵوێستەیەک بکەن، سەردەشتی ڕۆژنامەنووس چەند ڕۆژێک پێش ئێستا هەناسەی دەدا، کۆمەڵێک خەون و ئارەزووی هەبوو. ئەو تاکە ڕێگە بۆ گەیاندنی پەیام و بەدەستهێنانی ئارەزووەکانی، بێجگە لەنووسین وقەڵەم و دایەلۆک کردن هیچ شتێکی تری نەبوو. ئێوە بیهێننە پێش چاوی خۆتان، مرۆڤێک لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە

دایەلۆک و ڕەخنە بکاتە فەرهەنگ لەووڵاتەکەی خۆیدا، کەچی لەپەنا دەستی ئێودا تیرۆر کرا.

ئێوە بۆ چرکەیەک وورد ببنەوە لە مێژووەی دەستەڵاتداریێتی ئێوەدا چەند خەڵکانی چالاک لەبوارە کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆژنامەوانیەکاندا زۆر ناجوامێرانە لەناو چوون. ئاخر ئێوە خۆ داوای لێبوردنتان لەخەلک کرد بۆ ئەو کوشت و بڕەی کە لە کوردستان بەرپاتان کرد کە تاکو ئێستاش برینەکانی سارێژ نەبوون. کەچی ڕفاندن و ئازاردانی کەسانی چالاکی سیاسی ئەو دیاردانەن کە بەرهەمی دەستەلاتی چەند ساڵەی ئێوەن. ئێوە لەو ماوە دوور و درێژەی حکومڕانیتاندا، هەمیشە لەبەرەیەکی نیگەتیڤەوە مامەڵەتان لە گەڵ خەڵکانی ڕۆژنامەنووس و چالاکەوانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا کردووە. ئێوە هەمیشە دوور بوونە لە هەلوێست نواندنی پۆزەتیڤانە بەرامبەر بەو کردارانەی کە گۆمەڵگا ناشرین دەکات و زیان بە مرۆڤەکان دەگەیەنێت. بە نیگەرانییەوە مێژووەی دەستەلاتداریتی ئێوە بریتیە لەو تابەتمەندیانە کە ئێوە لەبەرەی مرۆڤی پۆزەتیڤ جیاکردوەتەوە و داتاندەماڵێت لە گشت سۆزێکی مرۆڤ دۆستی. ئێوە لەبەرەی پوزەتیڤی خەڵک ناژمێردرێن و کەلێنێکی زۆر قووڵتان لەنیوان خۆتان و خەڵکی ئازادیخواز درووستکردووە. چونکو مۆرڤی پۆزەتیڤ لەهەر بوارێکدا چالاک بێت، هەوڵەکانی ئەو هێما کردنە بۆ لایەنی چاکەی مرۆڤ، کە بییتیە لەخۆشویستین ژیان و کارکردن بۆ قووڵکردنەوەی نەریتەکانی ئاشتی و ئازادی، نەوەک لەناوبردنیان. کەچی لەژێر دەستەڵاتدارێتی ئێوەدا ئەم جۆرە کەسانە لەنێو دەبردرێن.

سەبارەت بە هەڵوێست نواندن و چۆنێتی مەمەڵەکردنتان لەگەڵ نەیارو کەسانی جیاوازدا پێمخۆشە نمونەیەک لە چۆنێتی هەڵوێست نواندنی پۆزەتیڤانەتان بەبیر بێنمەوە، هەرچەندە بەهێچ شێوەیەک چاوەڕوانی هەڵوێستێکی لەوە بابەتە نیم لە ئێوە، چونکو ئەو جوامێرییە لە کەسانی وەک ئێوەوە زۆر دوورە. نیڵسن ماندێلا کە لەبەرامبەر نەیارەکانی خۆیدا زۆر جوامێرانە رفتاری کرد، وە لەڕێگەی کردارەکانییەوە ئەوانیشی فێر ماناکانی پێکەوەژیان لەگەڵ جیاوازی و ئازادییەکاندا کرد. ماندێلا ڕابەری خەڵکێکی کرد کە بەئەندازەی خەڵکی کوردستان دەردەسەری و زوڵم و کوشتن بڕینیان بینی یان بیینی. بەلام ئەو بوو بە ماندێلا و ئێوەش ڕۆژ دوای ڕۆژ لەخەڵکی دروو دەکەونەوە و لەسەنگەری دوژمنکارانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکەن کە نایانەوێت چاوپۆشی لەکارە ناشرینەکانی ئێوە بکەن. ماندێلا بۆ زیاتر لە 27 ساڵ لەلایەن دەستەلاتدارانی وولاتەکەیەوە زیندانی کرا. کاتێک کەئازاد کرا، زۆری پێ نەچوو لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بوو بە سەرۆکی وولاتەکەی. ماندێلا سەرۆک بوو وەکو ئێوە، بەلام جیاوازی ئەو لەوێدا بوو کە کاتێک هاوڕێکانی ماندێلا لێیان پرسی ئێستا تۆ سەرۆکی وولاتی و پێمان خۆشە بزانین ئەتەوێ چی لەو کەسانە بکەین کە تۆیان بۆ ئەو ماوە دوورو درێژە زیندانی کرد. ماندێلا لە ووەلامی ئەو پرسیارەدا پێیان دەڵێت: ئەگەر من نەتوانم لەو کەسانە ببورم باشتر وایە بچمەوە زیندان. بەرزی ئەم هەڵوێستەی ماندێلا لەوەدایە کە فەرهەنگی ئاشتی و پێکەژیانی بەرقەرارکرد لەنێوان سپی پێست و ڕەشپێستەکانی وولاتەکەی. کەچی ئەوەی لەمێژووی هەرێمدا لەژێر دەستەڵاتدارێتی ئێوەدا

تۆمارکراوە، بەهیچ شێوەیەک قابیلی بەراورد کردن نییە لەگەڵ رفتارێکی لە چەشنی ئەوەی ماندێلا. لەژێر دەستەڵاتی ئێوەدا، بێجگە لەو ماڵوێرانیانەی کەبەسەر خەڵکدا هێناتان، چەندین کەس بەشێوازی زۆر نا جوامێرانە تیرۆکران لەبەر ئەوەی زۆر ئاشکرا ڕەخنەیان لەئێوە گرت و گەندەڵییەکانی ئێوەیان ئاشکراکرد. هەر لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، ئەگەر کەسێک شتێکی نووسیبێت و دڵی ئێوەی "سەرکردەی مەزنی" ڕەنجاندووبێت، ئەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و زیندانیکرن، یاخوود کوشتن بووەتەوە.

ئێوە زۆر جار باس لە شەفافیەت دەکەن و بڕیارە بەشێک لەسەرقاڵییەکانی ئەم دەورەیەی دەستەڵاتداریتیتان بۆ ئەم گرفتە لەکوردستاندا بخەنەگڕ. بەڵام شەفافیەت بەتەنیا ئەوە نییە کەبزانیین کام ووزارەت، یاخوود داهاتی فلانە وەزیر چەندە و چۆن مامەڵە لەگەڵ بوودجەی ووزارەتەکەیدا دەکات. شەفافیەت پێویستە لەگشت بوارە جیاوازەکانی دەستەڵاتکردندا بێت. کەچی تاکو ئێستا بۆ زۆربەی حاڵەتی تیرۆرکردنەکان پشتگوێخستن هەوڵی سەرەکی ئێوە بووە و هێچ کەسێکی تایبەت تاوانبار نەکرا و دیاریش نەکرا کێن ئەنجام دەرانی ئەو کارە پڕ لەشەرمەزارییانە. لەژێر دەستەڵاتداریتی ئێەوەدا، ئەم جۆرە مامەڵەکردنە بووە بە بەشێک لەفەرهەنگی سیاسی لە کوردستاندا. ئەگەر بۆ چەند ساڵێک بگەڕێینەوە، کەیسی تیرۆرکردنەکان گەواهی ئەم فەرهەنگە پڕ شەرمەزاریەن. لێرەدا بەتەنیا هەندێ ناو ڕیزدەکەم کە ئێوە هیچ کارێکتان نەکرد بۆ ئاشکراکردنی ئەو دەستە خوێناویانەی کە لەپشت ئە تاوانانەوە بوون و تیرۆرکردنی سەردەشتیش خەریکە بەهەمان شێوە بەڕی دەکەن. لە سلێمانی بەکر عەلی، فەرهاد فەرەج هتد، لە هەولێر شاپوور، قابیل و هتد، لە بادینان، کامیل رووف، نەزیر عومەر. من دڵنیام ناوی زۆرم لەبیر چووە، بەڵام تیرۆرکردنی ئەم کەسانە، لەو ناوچانە بووە کەدەستەڵاتی ڕەهای هەردوو حزبە سەرەکیەکەی تێدا زاڵ بووە. گومانکردن لەئێوە و هەڵوێستەکانتا سەبارەت بەم رفتارە دژە مرۆییە تەنانەت هەندێ جار لەدەرەوەی سنووری کوردستانیشدا بووە. بۆ نمونە، سۆرانی مامە حەمە کە لەکەرکووک تیرۆرکرا و پەنجەی گومان بەئاشکرا خرایە سەر لایەنێک، بەڵام ئەو تاوانەش لەژێر تارمایەکی زۆردا خرایە نێو دەفتەری بێدەربەستی و هێرشەکانتانەوە بۆ سەر خەڵکانی ڕۆژنامەنووس و چاڵا لەبوارە سیاسیەکاندا.

دیارە گێڕانەوە و ناوهێنانی ئەو قوربانیانەی دەستی تیرۆر وەک کوڵاندنەوەی برینێکی قووڵ وایە بۆ زۆرێکمان. بەڵام ووردبوونەوە لێیان، ئەو لێکچوونەمان پێشان دەدات کە لەشیاوازیهەڵوێستوەرگرتن لە ئاستی تیرۆرکردنەکاندا هەیە. ئەوەمان پیشان دەدات کە ئەو کەسانەی دەیانویست و دەیانەوێت ئازادی بیروڕا و یەکسانی لەبوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا بەرقەرار بێت، دووژمنی ئێوەی "سەرکردەی مەزن" لەبەر ئەوەی ئێوە قەڵسدەبن نەک بە تەنیا بە دەمووچاوی ئەوان بەڵکو دووژمنی سەرسەختی ئازادیشن کە ئەوان هەڵگری پەیامەکەین. ئێوە بەنیازن کۆمەڵگا بەکوێ بگەیەنن لەڕێگەی ئەم جۆرە مامەڵەکردنانەتانەوە

سەبارەت بەئەم جۆرە تاوانانە. ئێوە باس لە بنەماکانی سۆسیالدیمۆکراتی و مافی مرۆڤ و ئەو کۆدە مۆراڵیانە دەکەن کە لەکۆمەڵگا دیمۆکراسییەکاندا بەرقەرارن، کەچی ڕۆژ دوای ڕۆژ خۆتان لەهەر پرەنسیپێکی مۆراڵی دادەماڵێنن و سنوورەکانی ئازادی لەخەڵک تەسکتر دەکەنەوە.

ئێوە زۆرکەسی سیاسی ئاکتیڤیستتان لەزیندانەکانتان توند کرد لەژێر بیانووی جۆراوجۆردا، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە بانگێشە بۆ یکتری قبووڵکردن و ژیان لەگەڵ جیاوازیەکاندا بکەن. کاتی ئەوە هاتووە، دوور لە ئەجیندای حزب و بەرژەوەندیە بۆرەکانتان، لایەنی چاکەی مرۆڤ بوونتان بەکار بێنن و کێ لەپشت ئەو جۆرە تیرۆرانەوەیە بەسزاری خۆی بگەیەنن و کۆمەڵگایان لێ بپارێزن. ئێوە ئەرکتانە ئاسایش و ئارامی خەڵک بپارێزن، خەڵکی (بەهەر شیوازێک) بێت بۆ ئەوە دەنگی بە ئێوەدا تاکو بە ئاسوودەی لەگەڵ ئێوەدا بەهەرەمەندبێت لەگشت خێر و خۆشییەکانی ئەو وولاتە، نەوەک پێچەوانەکەی، کە ڕۆژ دوای رۆژ دیواری ئەو جیاوازییە بەرزتر و بەرزتر دەکەن لەنێوان خۆتان و خەڵکدا. ئەگەر ئێوە بەڕاستی وەک خۆتان بانگێشەی بۆ دەکەن بە "باوکی" نەوەکانی ئەو وولاتە دەزانن، ئەوە ئاشکراکردن و سزادانی بکوژانی سەردەشتان لەئەستۆیە. ئێوە کە ئامادە نین بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری کورسی و پۆستەکانتان بن، ئەبوایە تیرۆرکردنی سەردەشت وای لێبکردبنایە کە بەشەرمەزارییە دەست لەپۆستەکانتان هەبگرن و دوای لێبوردن بکەن لە فاشل بوونتات لەپاراستنی گیانی ئەو دەنگانەی کەدەیانەوێت کۆمەڵگا بخەنە سەر ڕێچکەیەکی درووست. ئێوە کە هێندە تینووی دەستەڵاتن باشتر وایە بکوژانی سەردەشتەکان ئاشکرا بکەن، وەئەو بەرپرسیارێتیە لەخۆتاندا پیشانبدەن کە دەتوانن گیانی هاوڵاتییانتان دەپارێزن، ئەگینا خەڵکی کوردستان چیتر ئەوەتان لێقبووڵ ناکەن.

بەهاری 2010

**بۆ ئەوەی کوشتنی (سەردەشت عوسمان)ە کان کەمتر دووبارە بێتەوە**

**بە دواچوونی کۆمەڵایەتی-دەروونی**

**ئاسۆ بیارەیی**

**١٢-٥-٢٠١٠ باشووری سوێد**

تیرۆرکردنی سەردەشت، کوشتنی دوعا، پیاوسالاری و کپکردنەوەی ڕۆژانەی بیری ئازاد و هەڕەشە لە نووسەران و دەنگانی جیاواز، دیارەدەیەکە کە لە هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەم و لە زۆربەی ولاتانی گیتی برەوی هەیە وبەردەوامە، بۆ؟

لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا تاک بە شێوەیەکی فراون هیچ بوونێکی نیە و سەروەر نیە، تاک لە دەرەوەی بازنەی پێوەرەکانی کۆمەڵگە ناتوانێت هەنگاو بنێت و کارێک بکات کە لەگەڵیان دژ بێت. ئەگەر ناجۆریش بوو ناکۆکی دروست دەکات و هەندێ جاریش دەگاتە ئاستی پاکسازی جەستەیی(کوشتنی).

کوشتنی دوێنی دوعا کە ئاشقی کوڕێکی دەرەوەی ئاینەکەی بوو و کوشتنی (سەردەشت عوسمان) لە باشوور بە هۆی ڕای جیاواز و لە سێدارەدانی پێنج گەنجی تر بە دەستی ئاخوندەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، باشترین نموونەیە. ئەو جۆرە تاکانە ئەگەر بوێریش بن، لەلایەن تاکەکانی تری ئەو کۆمەڵگەیە پەراوێز دەکرێن. تاکی ئەو کۆمەڵەگە داخراوانە سوپایەک ڕەبۆتن و مێشکیان بە پێوەرگەلێک پرۆگرام کراوە و ئامادەشن بۆ سەرخستن و پاراستنی پێوەرە هەرەوەزیەکانی کۆمەڵگە ( پێوەرەکانی بنەماڵەو ئاین و سەرکردە) نزیکترین کەسی خۆیان لەناو بەرن.

لەو کۆمەڵگە داخراوانەدا گیان و دەروونی تاکەکان بە هۆی دابونەریت و ئاین..هتدەوە پێکەوە گرێدراون و هەر کەسێکیش بیەوێت ئەو گرێیە( بپسێنێت) ژیانی خۆی دەخاتەوە مەترسییەوە. هەرکەسێک بیەوێ تابوکان ( لەشی ئافرەتان، سێکس، پیرۆزی ئاین و پێغەمبەرو و سەرۆک بنەماڵە و پارتییەکان..) ئاشکرا بکات و بیانخاتە بەردەم پرسیار، نابێ ئیدی خۆی وەک ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیە بزانێت.

پاکسازی جەستەیی سەردەشت یان هەرکەسێکی ناڕازی بەو مۆڵەقە پیوەرانە پێوەرانە کە زۆر جار پیاوان بناغەیان بۆ داناون، دایان ڕشتوون و پیرۆزیان کردوون. کارێکی چاوەڕوانکراوە و هەزار بارە دەبێتەوە ئەگەر هێزەکانی تری نێو کۆمەڵگەی کوردی گوڕ نەخۆنەوە و خۆیان ئۆرگانیزە نەکەن. لێرەدا دەبێت پارلەمانی باشووری کوردستان خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا یەکلای بکاتەوە ئەگەر دەیەوێت کۆمەڵگەیەکی سێکولار و شارەستانی بۆ پاشە ڕۆژی نەوەکانی دی دروست بکات:

• دەبێت بریار و دەزگاکانی پارلەمان دور بن لە کاریگەری ئاین و دابو نەریت و پیاوسالاری. ئەگەر بۆ نموونە پارلەمان دوور بوو لە کاریگەری ئاین(بە تایبەتی ئیسلامی سیاسی)، ئەوسا ڕێز لە هەموو ئاینی و بۆچونەکانی دی دەگیرێت و هیچ ئاینیکی ناتوانێت خۆی بەسەر ئاینێکی تردا بسەپێنێت.

• پێویستە پارلەمان بە چاوێکی یەکسانی سەیری هەموو هاوڵاتیان بکات و جیاواز نەکات بە هۆی ڕەگەز، ئاین، پێگەی کۆمەڵایەتی، باری سێکسی و رامیاری..هتد لە جیاوازییەکان. دەبێت هەموو ڕەنگەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە کورد و هاونیشتمانی بزانێت. دەبێ ئەو مەسەلەیە لە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیدا ڕەنگ بداتەوە، لەوانە: دایەنگە، فێرگەکان، زانکۆ و

دەزگا میری و تایبەتیەکان، ئەگینا هاوڵاتی خۆی بە هاوبەشی ئەو کۆمەڵگەیە نازانێت و هەستی کۆمەلایەتی و پابەندی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی لە دەست دەدات و ئەو پارلەمانە بە هی خۆی نازانێت ( بەرزکردنەوەی پێلاوەکان بۆ پارلەمان نموونەیەکی زیندوە، بڕوانە سایتی کوردستان پۆست. ١١-٥-٢٠١٠). ئەگەر داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل و بودجەی هەرێم کەمێک بە یەکسانی بۆ هاوڵاتیان تەرخان بکرایە هەرگیز تویژێک یان بنەماڵەیەک باڵا دەست نە دەبوو و یەکێکی دیش بن دەست و چەوساوە. دەبێت هاولاتی خۆی بەبەشدار بزانێت لە پرۆسە کۆمەڵایەتیەکاندا.

• پێویستە پۆستەکانی پارلەمان لە سەر بنچینەی تواناو لیهاتووی بە هاوڵاتیان بدرێن، نەک خێڵ و بنەماڵە وەک ئەمڕۆی هەندێ پۆستی ناو پارلەمان و دەزگا هەستیارەکانی تر( نموونە قوباد تاڵەبانی، مسرور و نێچیرەڤان بارزانی ..هتد

• لەبەر ئەوەی گیتی بە هۆی ئینتەرنێت و جیهانگیریەوە بەرەو بچوکبوونەوە و کراوەیی دەڕوات، مرۆڤەکان ئاسانتر دەتوانن ئاشنای یەکتر بن و زانیاری لە بارەی خۆیان و کەسانی ترەوە پەیدا بکەن. لێرەدا دەبێت تێگەیشتنێکی زانستی هەبێت لە پێوەندی (کچان و کوڕان) بە جیهانی ناوە و دەرەوە و نابێت پێوەرەکانی کۆمەڵگە و دەقەکانی ڕێگر بن لەو پێوەندییە نوێیانە، لە ژێر بیانوی کالبوونەوە داب و نەریت و ئاین و ڕەوشتدا کە لەگەڵ ئەمرۆدا ناگونجێن و هەندێکیشیان بەرەو نەمان دەچن.

• پێویستە پارلەمان دەزگایەکی هەبێت کە بێ لایەنانە چارەی زانستی بۆ دیاردە و کێشە نوێکانی کۆمەڵگە کوردی لە باشوور بدۆزێتەوە کە بە هۆی پێشەوە چوونی ئیینتەرنێت و شۆرش زانیارییەوە دروست بوون.

• سزادانی ئەو بەرپرسانەی کە پاسەوانی تایبەتی، چەکداری هەرێم، پێشمەرگە و سامانی گشتی بۆ ئامانجی بنەماڵەیی و پێگەی سیاسی خۆیان بە کار دەهێنن. دەبێت یاسا سەرەوەی هەبێت.

• ناردنی ئەندامانی پارلەمان و بەرپرسانی دی پایەبەرز بۆ کۆرسی وانەکانی دیموکراتی و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ.

• دواجار بۆ دوبارە نەبوونەوە و کەمکردنەوەی ڕادەی کوشتنی( دوعا و سەردەشت)ەکان، پێویست ئیدی کار بەو پێوەر کۆنانە نەکرێت کە بۆ نموونە ئابڕو و سەروەری ئینسانی کورد لە جەستەی ئافرەتەوە سەیربکرێت. پێویسی سنوورێک بۆ پیرۆزکردنی ئاین، خێڵ، بنەماڵە . سەرکردە و پەرستنیان دیاری بکرێت، کە سەرچاوەی ناکۆکیە لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا. لێ هەموو مرۆڤەکان هەمان بەهایان هەیە و بەنرخن، نەک وەک ئەمرۆ کۆمەڵێ خۆیان بکەنە قوربان و بن بانی سەرۆک. پێویستە سەرۆک تەنها وەک کەسێکی ڕێکخەر(نەک کەسێکی خوایی و پەیام هەڵگر) سەیر بکرێت.

• دەبێت پارلەمان سەرچاوەیەک بێت بۆ نوێکردنەوە و پێشخستنی ژیانی خەڵکی کوردستان، نەک چەمە و ئامرازی وەبەرهێنانەوەی ئەو پێوەر و دابو نەریتە کۆنەی کە دەبنە هۆکاری پاشکەوتنی تاکەکان و کۆمەڵگە. کە دەبنە هۆی دوورخستنەوەی چینەکان لە یەکتر و ئاژاوە نانەوە. پێویستە دەزگایەکی تایبەت هەبێت کە سەرپەرشتی و بە دواچوون بکات.

**بەنەریتبوونی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس**

گۆران فەتحی

لەهەواڵەکانی چەند کەناڵێکی ئاسمانی کوردیدا خوێندکارە تووڕەکانی زانکۆی سەلاحەدین بینی، باسیان لەچۆنێتی لێدان و رفاندنی هاورێیەکان دەکرد کە لەلایەن چەند چەکدارێکەوە بەئاشکراو لەبەردەم کۆلێژەکەیان بەئۆتۆمبێلێک رفاندبوویان، هەندێکیان باسیان لەوەکرد کوڕە خوێندکارەکە هیچ کێشەیەکی نەبووە، ئەوەندە نەبێت وەرگێڕانی بۆ چەند رۆژنامەیەک کردووە.

هەواڵەکە نیگەرانی کردم و لەدڵی خۆمدا وتم چۆن دەبێت گەنجێک بەو شێوەیە لەبەردەم زانکۆیەکی هەولێردا ئاوا بەئاسانی لێیبدرێت و بفڕێنرێت.

لەو بڕوایەدا بووم رفێنەرەکان دواتر گەنجەکە ئازاد بکەن و خەیاڵم بۆ ئەوە نەدەچوو، ئەو گەنجە بکوژن و دوای دوو رۆژ لەرفاندنی تەرمەکەی لەموسڵ فڕێبدەن.

ئەو رۆژنامەنوسە لاوە کە هێشتا ژیانێکی زۆری لەبەردەمدا بوو، خوێندکارێکی خوێن گەرمی دوا قۆناغی کۆلێژی ئەدەبیات – بەشی ئینگلیزی بوو، ئەوەی کردبووشی تەنها وەرگێران بوو، لەبواری رۆژنامەنوسیشدا لەسەرەتای کارکردنیدا بوو، باشە مەترسی ئەو بۆ سەر کێ بووە وا بەو شێوە دڕندانەیە تیرۆری بکەن.

ئەی ئەوانەی ئاوا بەئاسانی و لەناو جەرگەی شاری هەولێری تۆکمە لەرووی ئاسایشەوە کێبوون ، کە وا بەکاملی ئیسراحەتەوە لەبەردەم کۆلێژەکە ئەو گەنجە رۆژنامەنوسەیان رفاندو گەیاندیانە موسڵ و لەوێ دەستی رەشیان لێ وەشاند..

ئەی کوا هێزی ئەمنی، کوا دەسەلاتی حکومەت و ئاسایشی ئەو پایتەختەی هەرێم کە هەمیشە لاف و گەزافی ئارامی و باڵا دەستی هێزی ئاسایشی بۆ لێدەدرێت.

باشە رفێنەران و بکوژان بۆ چەند رۆژێکی دوای یادی ئازادی رۆژنامەگەریی جیهانییان هەڵبژارد بۆ تیرۆرکردنی سەردەشت، ئایە ئەوە زەنگێکە بۆ رۆژنامەنوسان و نووسەرانی ئازادیخواز لەم هەرێمەدا، بەوەی مەسەلەی ئازادی و شکاندنی تابۆکان بڤەیە و نابێت کەس خۆی لەقەرەی بدات.

تیرۆرکردنی سەردەشت هەموو رۆژنامەنوسان و راگەیاندکارانی سەرسام کرد، کەوتنە ئیدانەو بەیاننامەی نارەزایەتی دەرکردن بۆی..بەڵام ئایە ئیدانەو بەیاننامە ریگری دروست دەکات لەبەردەم دروست نەبوونەوەی حاڵەتی تری لەو جۆرە.

بۆ تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمەو عەبدولستار تاهیر شەریفیش ئیدانەو بەیاننامە دەرکرا ئەی چی لەمەسەلەکە گۆڕاو کوان بکوژانی ئەوان.. ئایە بکوژانی سەردەشتیش بەهەمان جۆری بکوژانی سوران، عەبدولستار یاسا بێتوانا دەبێت لەدەستگیرکردن و دۆزینەوەیان .

دەبێت رۆژنامەنوسان خۆپیشاندانی نارەزایەتی ئەنجام بدەن و فشار بخەنە سەر دەسەڵات بۆ دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت و بکوژانی سۆران و عەبدولستار تاهیر شەریفیش بۆ ئەوەی کوشتنی رۆژنامەنوس لەم هەرێمە نەبێتە نەریتێکی باو و نەبێتە کارێکی ئاسایی.

**حکومەت و دەسەڵاتی پارت دیموکراتی کوردستان بەرپرسی یەکەمن لە تیرۆرکردنی خوێنکاری رۆژنامە نووس سەردەشت عوسمان**

مەحمود ئەحمەد

بێ دەنگە لێکردن و خۆ دزینەوەی پارت و دەسەڵاتی کوردی لەبەرامبەر چارەنووس و ژیانی دەنگ و ڕەنگی ئازادی چاپەمەنی و ، بڵاوکراوەو ، ڕۆژنامەگەری لەکوردستان زۆر دەمێکە خامەبەدەستانی ئازادی خوازی خستۆتە ناو ئەم پەلامارە دڕندانەو تیرۆرو ئیرهابەوە ... ئەمە زەنگێکی لەڕادەبەدەر ترسناک و خوێن ئامێزە کەدەبێت خەڵکی ئازادی خوازو ڕۆشنبیران بەتووندی ڕابچڵەکێنێ ..

دزین و ڕفاندن و تیرۆری خوێندکاری ڕۆژنامەنووس ڕاستەوخۆ لەئەستۆی دەزگاکانی پارتیدایەو ، ئیهانەیەکی گەورەو بێ ئەملاو ئەولاشە بەخودی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان ..

خۆ گێل کردن لە پەلامارو فتوای یەک لەدوا یەکی مەلای مفتەخۆری کوردستان و ڕەوتی ئیسلام سیاسی و دەست ئاوەڵا هێشتنەوەیان لە بێ ڕێزی کردن بەرامبەر بە ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان و ئازادی ڕۆژنامەگەری و دەنگی ئازاد لەلایەن دەسەڵاتداری کوردستانەوە، ئیتر گومان و ڕاڕایی یەک ناهێڵێتەوە لەیەک سەنگەری وهاوهەڵوێستی ئەوان لەگەڵ ڕەوتی ئیسلامی بۆ دژایەتی کردنی دەنگی جیاوازو بیروباوەڕی مرۆڤ دۆستانەی خەڵکی کوردستان..

لێدان و ڕفاندنی خوێندکارێک لە ناو حەرەمی زانکۆی هەولێردا بەڕۆژی ڕوناک و بەبەرچاوانی پۆلیس و ئاسایشی وڵاتەوە ئیتر ناکرێت گومان بهێڵێتەوە بۆ هیچ کەسێک کەدەزگایەکی زەبەللاح لەپشتی ئەم تاوان کاری یەدایە. لەڕاستیشدا ئەم دەزگا زەبەللاحە

ڕێگری بەردەوام وئامێری کوتانەوەی ئازادی و ئازادی ڕۆژنامەگەری یە لەکوردستان .. مەسەلەکە بە بیانووی کەم تەرخەمی هێزەکانی ئاسایشی هەولێرهەرگیز پاساو هەڵناگرێت لە کاتێکدا دەزگاکانی ئاسایش ئاگایان لەخشەی مارومێرووە و وەک کاسپەر دارو دیوار ئەبڕن لەچرکە ساتێکدا ، ئەم پاساوە نالۆجیکە تەنها گرتنی ڕێگایەکی زیکزاکی یەو خۆ گێل کردنێکی کورت ماوەو ، پێدانی تیشکی سەوزە لەئاست ئەو کردەوە دڕندە تیرۆریستی یەدا کە لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکی ئەم تیرۆرە دەست ئەنقەستانانە لەدژی ڕۆژنامە و دەنگی جیاوازو لەدژی نووسەران کەلەبچە کردن و سەرکوت کردنی ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و مافە هەرە سەرەتایی یەکانی خەڵکی کوردستانە.. ئەم تاوان کاری یە ئیتر تەنانەت جێگای سەرنج و تێڕامانێکی قوڵی ناوێت و کردە تیرۆری یەکە نابێت گومان و ڕاڕایی یەک بهێڵێتەوە . ئەم جۆرە لە تیرۆری بەرنامە بۆ داڕێژراو نموونەی زۆرە لەکوردستاندا..

ئەبێت ڕۆشنبیران و نوسەرانی قەڵەمی ئازاد، خەڵکی شەرافەتمەندی کوردستان بێنە مەیدانەوەو بڕژێنە سەرشەقامەکان و داوای دەست بەجێ یان بەرزبکەنەوە بۆ ئاشکرا کردن و بکوژانی ئازادی خوازان و ڕۆژنامەنووسان ی کۆن و نوێ ، تا ئەم دەزگای ئیرهاب و تیرۆرە ئاشکرا بکرێت بۆ ڕای گشتی جەماوەری کوردستان و خاوەنانیشی ڕیسواو تەریک بکرێنەوە و ، تیرۆرستانیش سزای توندی خۆیان وەرگرن ...

ئەگەر ڕۆشنبیران پێیان وابێت بەکۆکردنەوەی ئیمزاو خۆش باوەڕی یەک کە هەیان بوو لە بەیان نامەی ناڕەزایەتی ئەمجارەیاندا لەدژی پێشێل کاریەکان لەدژی نوسین و دەنگی ئازاد تا بتوانن بەربەشەپۆلی سوکایەتی و فتوای کۆنەپەرستانی ئیسلامی بگرن و حکومەت و دەسەڵاتی کوردی لێ ئاگادار بکەنەوە جارێکی تر، ئەوا بەبێ شک یەک یەک تیرۆر کردنی ئەوانیش سەرەیان دێت و کات تەنها ئەمڕۆ یان سبەینێ یە یان لەباشتری حاڵەتدا ئاوارە بوون و دەربەدەری یە.. ئەم خەتەرە ناتوانرێت دوور بخرێتەوە لەسەر ژیانی هەزاران سیاسی و چەپ و ئازادی خواز، لەسەر ژیانی سەدان ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیر، بە کۆکردنەوەی ئیمزاو بەهەڵوێستی ئەخلاقی یان خۆ نواندن و هەڵوێست نیشان دانێکی کاتی ، بەڵکو خەتەرەکە لەوە گەورەترە و کاریش دەمێکە لەکار ترازاوە ، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەم خەتەرەش بە پلەی یەکەم لەدەستوورو یاساکانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندایە و بە مەرسومی حیزبی لە یەخەی خەڵکی کوردستان دراوە .. تەنها ڕێگا چارەو ئاڵتەرناتیڤ هەرئەوەیە کە دەبێت ڕۆشنبیران و جەماوەوری ئازادی خوازی کوردستان هەرچی زووترە بڕژێنە سەرشەقامەکان و داوای دەست بەجێ ی هەموارکردن و گۆڕینی دەستوورو یاساکانی پەرلەمان بکەن بە دەستوورو یاسایەکی مرۆڤ دۆستانەو ڕادیکاڵ کە هاو تەریب و جووت بێت لەگەڵ ئازادی و لەگەڵ بەها بەرزەکانی مرۆڤدا، هاوتەریب بێت لەگەڵ لۆجیکی ئەقڵ و پێشکەووتنی سەردەمیانەی مرۆڤی ئەم چەرخە، ئەمە لانی کەمی مسۆگەر کردنی دوورخستنەوەی بەڵای ئیسلامی سیاسی و ئیرهاب و تیرۆرە لەسەر ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان بەژن و پیاوەوە .. ئەبێت دەسەڵاتی کوردی بەتووندی ڕاوەشێنرێت لەئاست بەڕەسمی ناسینی بێ ئەملاو ئەولای بزووتنەوەی ڕادیکالیزمی ڕۆشنبیری لەکوردستان ..

دەیان سیاسی و ڕۆژنامەنووس و ئازادی خوازو چەپ لێرەو لەوێ تیرۆکران، کۆمەڵگای کوردستان بەئاشکرا گێڕدراوەتەوە بۆ سەردەمی جاهیلی و بووەتە خانەقای فتواو تیرۆرو بێ مافی ، هەزاران هەزار ژن و کچ خەڵتانی خوێن کران ، خوێندنگا و دانشگاکان کراونەتە مزگەوت وبارەگای دینی ، لەمەقنەعە و حیجاب هەڵکێشانی کچان و بە مۆدێل کردنیان لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا ، هەوڵی بەردەوام بۆ بەکۆنەپەرست کردنی کۆمەڵگاو زیندوکردنەوەی دەیان ئالگۆی ڕزیوی سەدەکانی ناوەڕاست ، ئەمانە دەست و دیاری پارتی کوردی بووە لەماوەی چەندین ساڵەی دەسەڵات و حکومڕانی یاندا .. ئەوان هەوڵی باشیان داوە بۆ یاسایی کردنەوەی ئەم پان–کۆنەپەرستی یە لەدەزگای فەرمی و بەناو حکومیەکاندا کە بەهۆیەوە ئیتر ڕێگایەک بۆ ئازادی نەماوەتەوە .. ئیتر چلۆن تیرۆرکردنی ڕۆژنامە نووسانی ئازادی خوازو چەپ و مرۆڤ دۆست دیزە بەدەرخۆنە ناکرێت ؟! چۆن کار ئاسان ناکرێت بۆ سەرکوت و لەخوێن هەڵکێشانی سەنگەری ئازادی و مرۆڤ دۆستانە ؟! چلۆن پەلامارو فتوای دڕندانە لە دژی ئازادی خوازان و ڕۆشنبیران کۆتای دێت ؟!

ناکرێت ئیتر لەسەرەدا بوەستین بۆ وەرگرتنی مافی بێ قەیدو شەرتی سیاسی و فیکریمان .. ناکرێت بوەستین و چاوەڕێ ی هیمەتی بێ دەربەستی دەسەڵات و پارتی کوردی بکەین تا ببنە فریادڕەس و تیرۆرو بەڵای فتواو ئیرهاب دوورخەنەوە کە لەڕاستیدا خۆیان ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هۆی گەورەن لە خولقاندنی ئەم کەش و هەوایە لەکوردستاندا .. کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو بێینە مەیدانی ڕاستەقینەی ئەم نەبەردە مرۆڤ دۆستانەیە و لەگەڵ جەماوەری سکولارو ئازادی خوازی کوردستان یەخەی دەسەڵات و حکومەتی کوردستان بەتووندی ڕاوەشێنین و ئیتر بەڕاستی ناچار بکرێن کە مل بۆ ئیرادەو بۆ ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان دانەوێنن ..

7 ی ئایاری 2010

**تیرۆری سەردەشت، بەهای بەزاندنی هێڵ سورەکان** !

ئیبراهیم

لە پشتی تیرۆری هەمجیانەی سەردەشتەوە، هەر کەس دەتوانێت ئەو پەیامە بخوێنێتەوە و تێبگات، کە هەڕەشەکانی سەرۆکی هەرێم لە بارەی ئەوەی کە هەر کەس لە هێڵی سور تێپەڕاند لە کوردستاندا جێگەی نابێتەوە، تەنیا هەڵچوون و توورڕەبونێکی کاتیی بێ ئامانج و بەرنامە نییە، کە هەروا فڕێدرابێت و هیچ ئاکامێکی بەکردەوەی لێ نەکەوێتەوە، بەڵکو دەستوور و فەرمانێکە لە هەر کات و شوێنێکی گەنجاودا دەکرێت جێبەجێ بکرێت. هەر وەک چۆن هاتو هاواری مەلا عەبدوخالق و مەلا بەشیر و خێڵی مەلاکانی ئەوقاف و یەکگرتوو، لەبرامبەر گۆڤاری وێران و گۆڤارەکاندی تردا، تەنیا بانگەشەیەکی بەریئانەی

کۆمەڵێ مەلای ئیماندار و بێوەیی و ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسی وەک یەکگرتوو نییە، بۆ بەرگری کردن لە بیروباوەڕێ دینی خۆیان و یان هەر وەک خۆیان پێی دەڵێن بۆ بەرگری کردن لە ئادابی گشتی، بەڵکو ڕاگەیاندنی فتوای لغاوکردن و دەمبەستن و ئەتککردنی ئازادییە،ڕاگەیاندنی ئاشکرای ئیرهابی فیکرو ویژدانە بۆئەوەی نوسەران و ڕوناکبیران و ئازادیخوازان لە بارەگای ئەم جووڵانەوە فاشست و دژە ئازادیەدا ملکەچ بکەن و چارەنووسی کۆمەڵگا و ئازادی لە بەردەستی ئەم هێزانە بە زەلیلی و داماوی جێبهێڵن ومەلاعبدلخالق وتەنی تۆبە بکەن.

لە مەملەکەتێکدا کە بەڕەسمی لە دەستوورەکەیدا مافی ڕەخنەگرتن لە سیمبۆلە نەتەوەیی وپیرۆزیە  ئاینیەکان قەدەغەکراوە و وەک هەڕەشەیەکی تۆقێنەر پێناسە کراوە و سەرۆکی مەملەکەت بە ئاشکرا هەڕەشەی دەربەدەرکردن و بێ نان ونەوا کردنی کەسانێک دەکەن کە ئەو هێڵە سورانەی دەسەڵات دەبەزێنن، هیچ سەیر نیە کە میلیشیای ڕێکخراوی دەسەڵات ودەرەوەی دەسەڵات بە ئاسانی بتوانن دەستبەرن بۆ مرۆڤ رفاندن وتیرۆر و بێ سەروشوێن کردنی موخالیفان و ناڕازیانی خۆیان وئەوانەی کە لەبەرگری کردن لە ئازادیداجورئەتی ئەوە دەکەن بێ حساب کردن بۆ پاساوانەکانی ئەخلاق وئادابی گشتی وپیرۆزیەکان، گوزارشت لە خۆیان بکەن ،هیچ سەیر نیە کە خێلی مەلاکانی ئەوقاف ویەکگرتوو بتوانن فتوای لغاوکردن و تەکفیری نوسەران ئەدیبان وڕوناکبیران وئازادیخوازان ڕابگەیەنن وبە ئاشکراوبە دەنگی بەرز هانی توندوتیژی بدەن وکەش وهەوای نەفرەت وکینە وترس وتۆقادندن ونائارامی بەسەر مەملەکەتدا زاڵ بکەن.

تیرۆری هەمەجیانەی سەردەشت وهێڕشی ئەوقاف ویەکگرتوو بەسەرئازادی پەرەسەندنێکی دراماتیک ومەترسیداریترە کە سەرجەم ئازادی وئینسانیەتی لەکۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستاندا نیشانە گرتوە و سیگنال وئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەو ڕاستیەی ئیتر دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان تاسەر ناتوانێ ئەو برە لەکراوەیی وئەو مەودا بەرتەسکەی ئازادی کە بەناچاری چەند ساڵە درێژەی هەیە قبوڵ بکا.

چاوەڕوانکردنی بەرقەرار کردنی ئاسایش وئارامی بۆکۆمەڵگا دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ خەڵک لەدەزگاودامەزراوەی دەسەڵاتێک کەخۆی بەرپرسیاری خولقاندنی ئەم دۆخەیە بەبێ هاتنەمەیدانی بزووتنەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئیرادەنواندنی جەماوەری کە بیەوێ دەستی هەبێ لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ولەچارەنووسی کۆمەڵگادا چاوەڕونیەکی بێهودەیە .یاسا ودادگاو عەدالەتێک کە لەکوردستانی ژێرسایەی دەسەڵاتی میلیشیا و ڕەوتەفناتیکەکانی ئیسلامی سیاسی دا لەبری ئەوەی دەروازەیەک بێ بۆ دادوعداڵەت وئارامی بۆهەموان کراوەتە دەروازەیەکی تر بۆ دەبەستن وبێدەنگ کردنی ئەوانەی کە سنوری ئادابی گشتی وپیرۆزیەکان دەبەزێنن، بە بێ بوونی جوڵانەوەیەکی جەماوەری کەخوازیاری کۆتایی پێهێنانی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەو هێزانە بێ وخوازیاری هەڵوەشانەوەی ئەو یاساو دەستووره کۆنەپەرەست ودژی ئازادیە بێ کە ئێستاکاری پێدەکرێ ،هەربەئەندازەی خودی ئەودەسەڵاتە دەتوانێ

عادیلانە بێ لە کێشانەدادگای باندەکانی تیرۆرو ڕفاندن ولە محکوک کردنی فتوادەرانی جیهادوبانگەشەکەرانی توندوتیژی.

بۆیە ئەوە تەنیا بەرزبوونەوەی هاواری میلیۆنی ئازادیە لەکوچەوکۆڵانی شارەکان وشوێنەکانی کاروکارخانەو فەرمانگەوقوتابخانەو زانکۆکانی کوردستان کە دەتوانێ کوردستان لەم قۆناغە مەترسیدارە دەرباز بکا و هەلومەرج بە قازانجی کوردستانێکی ئازادترومەدەنی تر،کوردستانێکی ئارامتروتۆلێرانستر وەربچەرخێنێ.بێگومان ڕوناکبیران ونوسەران وسەرجەم ئێلیتەی روناکبیری بەبەرگریکرنی سەرڕاست وبێ ئەملاوئەولا لە قودسیەتی ئازادی وبەها ئینسانیەکان دەتوانن ڕۆڵێکی پێشەنگ لە بەدیهێنانی ئەوئاڵوگۆڕە بە قازانجی ئازادی ومەدەنیەت لەکوردستاندا بگێڕن!

9.10.2010

**لالۆ سەردەشت دەهەستەوە**

مەحمود ئەحمەد

هەستەوە ئەی تروسکایی خامەی ئازاد .. دە هەستەوە ئەی ڕێبواری ناو هەناوی ژیانەوەی نوێ .. وا پۆل پۆل هاوڕێ یان و حەشاماتی دەنگی دلێر جمەیان دێت لە کۆڵان وکوچەو شەقامەکانی ترس و تۆقان .. دەهەستەوە و سەیرێکی ئاپۆڕەی ئازادی خوازان بکە کە چۆن تاوان کارانی تووشی شۆک و خۆ دزینەوە کردووە.. وا جەماوەرە تورەکەت کوردوستان و دنیای هەژاند .. جەماوەری ئازادی خواز ، جەماوەری وەتەنگ هاتووی ناو بتەکان ، تەپڵی ڕسوا بوون و بەدناوی بۆ جەلادانی دەیان ساڵەت دەکوتن ..

دەهەستەوە ئەی ڕێبواری تەمەنی کورت ، خۆ تۆ توانیت بەم تاوانە دەستی پیری تاوان کاران کورت تر بکەیت ، خۆ تۆ توانیت بە گیانی خۆت تەڵەی پیری ئەم مێژوی تاوان کارانە بە دەنگی بەرز لەقاو بدەیت

دەهەستەوە لالۆ سەردەشت وا هەموومان بەرەو هاوارەکەت بەڕێ کەوتین ، ئەمانەوێت ئا ئەم جارە نیشان بدەین کە چۆن بە تەووژمی گڕو تینمان بتی سەردەم ڕسوا ئەکەین .. هەستەو ببینە کە چلۆن لەناو دوو توێ ی خرۆشانێکی مەزندا خەڵکی خامەکەتیان کردۆتە چقڵی چاوو هەموو بەیەک دەنگ هاوار ئەکەن کە هەر ئێمەین مێژووی شانازی و مرۆڤ دۆستی و ئازادی یەکان ، ئێوەش ئەی ترسنۆکی جەللادانی دڕندەو هار هەر بە تەنها بەشتان ڕسوایی یەو پێشکەش بە ئێوەو هاو ڕەگەزەکانتان فاشست بوون و سەروەری بت..

دەهەستەوە کاکە سەردەشت با پێش ئەوەی کفنی سوری ئەم تاوانەت ڕەنگ بگۆڕێت ، ڕەنگی تاوان کارانت ببینە زەرد هەڵگەڕاو ، ڕەش داگیرساو ، خوێن تیا نەماو لەترساندا ، ترس لە ڕسوایی زیاترو لە شاربەدەرکردن ، ترس لە تورەیی جەماوەرو ترس لە لە دەست دانی هەموو شتێ ..هەستەو ببینە مێژوویەکی نوێ ی داهێنان لە بەرەنگار بوونەوەی بتەکانی کوردستان ، مێژوی شەپۆلی هەڵگەڕانەوە ، مێژوی وەرچەرخان بەرەو ئایندەی دەنگی ئازاد دەستی پێ کرد .. هەستەو ببینە کە چۆن ووتت کاتێک مردم با هاوڕێ کەم خاڵێک دابنێ و لەسەری دێڕێکی تردا دەست پێ بکاتەوە ، وەسیەتەکەت وا هاتە دی بەڵام نەکەی زیز بیت لێمان تەنهاو تەنها تاقە یەک دێڕ ئەنووسین و دێڕەکانی تر بەجێ دێڵین بۆ نەوەکانی داهاتوو تا ئەوان لەساو پەنای دێڕی ڕسواکردنی بتەکاندا هەناسەی تۆ بەقووڵای هەڵمژن و ، شەقاو شەقاو بەرەو ئاسۆی پرشنگداری ئازادی یەکا ن بێ وەستان و پسانەوە ڕانەوەستن

### ناوت بە رەنگ و بۆ و ناوی ئەڵوەن بەرزراگیرا

سەلام عەبوڵا

لەوانەیە کاکە سەردەشت رووباری ئەڵوەنی نەدیبێ، بەڵام ئیمرۆ ناو و وێنەکەی لەگەل دەیان لقی دارە زیتون و دەیان مۆمی داگیرساو بۆ هەمیشە لەگەڵ ئەڵوەن و ئەڵوەنیان تێکەڵ بوو. خوێندکارانی کۆلیجی ئاداب و چەند رۆژنامەنووس و نووسەر و هونەرمەند سەریان بۆ تۆ دانواندو بە ئەڵوەنیان وت: ئەوە برامانە، کوڕێک لە وشەو، وشەیەکی خەڵتان بەخوێن، خوێنەکەی لێوانلێوە لە هیوا و هەندێ چرکەساتی نائومێدی؛ کوڕێک بە سیمای قەڵای هەولێر، چایخانەی عەبۆ، باخچەی گڵکەند؛ دەریایەک لە چاوەڕوانی بۆ لەدایکبوونی جیهانێکی نوێ بەناو(سەردەشت عوسمان).

سەردەشت لە کاتژمێرێکی نەحس، لە رۆژێکی رەش وەک دڵی ئەنفالچییەکان، بەدەست کەسانێکەوە کوژرا کە چیتر ناتوانن سەری شەرەفمەندی لەبەردەم خەڵک و منداڵ و کەسوکاریان بەرزبکەنەوە. پاشان بە جلوبەرگی خوێنینەوە بۆ باوەشی دایک و خوشک و براو هاوڕێ و خۆشەویستەکەی گەڕاندیانەوە.

ئەڵوەنەکەمان! ئەوە کاکەمانە، بە لقی زیتون و مۆم و ماددەی19ی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لەگەل شەپۆلەکانت تانسی ژیان و بەرخۆدانی ئازادی و دادوەری کۆمەڵایەتی دەکات...

ئیمڕۆ رۆژێکی تایبەتی بوو بۆ هەموو لایەک: سەردەست و ئەڵوەن و قەڵەم و داری زیتون لەبەرەیەک و پیاوە ترسنۆکەکان لەبەرەیەکی تر...

یەکەمەکەیان بە چاوی گەش، ئەمما خەمگین، پرسیارەکان دەورووژێنن و بۆ وەڵامی شیاو دەگەڕێن، ئەوانیش پێکەنینێکی رەنگ زەردو مرداربووی سەر رووی رەشی تاوانبارێکی بێ ئەقڵ و ویژدانن!

برام زەردەشت!

هیوادارم دوا چرکەساتەکانی ژیانت بە ئەشکەنجەو ئازاردان و سوکایەتی بەسەر نەبردبێ...

ماڵئاوا عەزیزم...سەفەری خێرتان بێت ودڵنیابە ئەڵوەن ئاگادارتان دەبێت و ئێمەش ناوتان بۆ هەمیشە

**بێدەنگی سەرۆک** !

شوان سدیق: هەولێر

چەند رووداوێکی نەخوازراو و نامۆ  روویان داوە، لە هەرێمی کورستان لە ئێستا و رابردوودا، لەلایەن دەسەڵاتەوە، هیچ روونکردنەوەیەکی لەسەر نادرێت، ئەوە خۆی بۆ خۆی دەزگاکانی پەیوەندیدار بە کاروباری ئەمنی دەخاتە ژێر رۆشنایی پرسیارەوە و هەموو تاکێکی کۆمەڵگاش بۆی هەیە یان هەقی خۆیانە گومان لەو بێدەنگییەی دەسەڵات بکەن.

کە بۆچی لە هەرێمی کوردستان، ئەوان خۆیان بە خاوەنی ئەو پرسانە نازانن، یان روونکردنەوەی لەسەر نادەن، بۆ ئەوەی لای خەڵکی روونببێتەوە کە حکومەتی هەرێم. حکومەتی هەموو خەڵکە و جیاوازی لە نێوان هیچ پێکهاتەو بۆ چونگەل و ئایدۆلۆژییایەک ناکات و لەپێناو بەدیهێنانی مافی خەڵک و ژیانبینی تێدەکۆشێت.

ئەم بێدەنگییەی دەسەڵاتیش بە پلە یەک سەرۆکی هەرێم لێی بەرپرسیارە و هەموومان مافی ئەوەمان هەیە داوای روونکردنەوەی لێبکەین، چونکە ئەو باڵا دەسترین دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستان و بە زۆرینەی دەنگی خەڵکیش بووە بە سەرۆک.

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە ئەمە قسەی خۆیەتی لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا، لەگەڵ دەزگا حکومییەکان، دەڵێت "من سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی خەڵکم واتە سەرۆکی ئەو کەسانەم کە دەنگیان پێداوم هەروەها خۆیشم بە سەرۆکی ئەو کەسانەش دەزانم کە دەنگییان پێنەدوام"، ئەم وتانەی سەرۆک جێگای دڵخۆشین بۆ خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی چینێکی باڵا دەستی کۆمەڵگا کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنن و نوێنەریان رەوانەی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

بەڵام بێدەنگی سەرۆک خەڵک نیگەران دەکات، لەوەی کە تا ئێستاکە لەسەر بچوکترین پرس تا گەورەترین پرس کە کوشتنی قوتابیەکی گەنجە لە هەولێرەوە بڕفێندرێ و رەوانەی موسڵ بکرێت و لەوێوە تەرمەکەی بهێنرێتەوە بۆ ئەو جێگایەی کە سەرۆک بەرپرسییەتی. گومان لە ئەم بێدەنگییەی دەکرێت.

خۆ ئەگەر هەر ئاوا بڕوات، بێدەنگیەکەی سەرۆکی هەرێم لە ئیٍٍَساتدا. وەڵامی ئەوەمان دەداتەوە، کە ئەو ناتوانێت ئەو هاوسەنگییەی لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا هەیە رایبگرێ و لەگەڵ خەمی خەڵکەکەی ژیان بکات.

خەڵکی کوردستان تا ئێستاکەش کوشتەی دەستی ئازارەکانی بەعسی عێراقین نەوەکانی رابردووی ئێمە هەمیشە بەو خەیاڵەوە دەژیان کە رۆژێکی ئاوا دروست بێت، سەرۆکەکەت بە کوردی قسە بکات و سەرۆکەکەت بۆ خەڵکی کوردستان فرمێسک برێژێت، یان لە خۆشییەکانت بەشداربێت.

سەرۆکێکت هەبێت لای بێگانەکان ئەوانەی کە چاویان بە کوردبوونی خەڵکی کوردستان هەڵنایە شانازی پێوە بکەیت، بەڵام حەیف وا دەردەکەوێت ئەو خەونەیان نەهاتە دی و ئەمڕۆ سەرۆک دەیەوێت خۆی بەجیا پیشان بدات!!

هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە بۆی هەیە بپرسێت بۆچی سەرۆک بێدەنگە چونکە مەسعود بارزانی هەڵبژێردراوی خەڵکە و نابێت بە تەنیا پارتییەکان، شانازی پێوە بکەن، مافی ئەوەشیان هەیە رەخنەی توندیش لەسەرۆک بگرن، چونکە ئەگەر بە دەنگی ئەو خەڵکە نەبوایە ئەوا بەدڵنیاییەوە بارزانی هەڵنەدەبژێرا بۆ سەرۆکی هەرێم.

ئەگەر لەڕوانگەی مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن و هەڵبژێراو دەنگدان بڕوانین، بۆ سەرۆکی هەرێم بێت یان ئەندام پەرلەمان، ئەوا هەقە هەردوولایان بێنە ناو خەڵکی و بزانن لە ناو کۆمەڵگادا ژیان چۆن دەگوزەرێت، خەڵکیش ئەو مافەی هەیە کە بزانێت ئەوان چۆن دەژین، تاچەند ئەو کارانەی دەیکەن لە بەرژەوەندی ئەواندایە، خەڵکی کوردستان بۆشیان هەیە لە دوای گەڕانەوەی سەرۆک لەسەفەرەکانیدا دوای ئەوەی لێبکەن چەندت خەرجکردووە، ئینتاج و بەرهەمی گەشتەکەت بۆ ئێمە چی بووە لەو سەفەرەتدا، چونکە سەرۆک و پەرلەمانتاریش بە دەنگی خەڵک رۆیشتوونەتە سەر کورسی دەسەڵات و رۆژێکیش دێت، هەر بەدەنگی ئەو خەڵکە ئەوان یەکلای دەکرێنەوە داخۆ دووبارە کورسی دەسەڵات دەبیننەوە یان لا دەبرێن.

بەڵام ئەمڕۆ خەڵک دەپرسێت بۆ سەرۆک خۆی جیادەکاتەوە لە ئێمە و نایەوێت هیچ هەڵوێستێکی وا نیشان بدات؟ کە ئاگایی لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ژینگە و زۆر شتی تری کوردستان نییە، یان ئەگەر ئاگاشی لێبێت، بۆچی وەڵامی ئەو گومانانە ناداتەوە کە لای خەڵک گەڵاڵە بوون و ئەو بێدەنگە لێیان؟!

**هەمومان لە دوای خاڵەکەی (سەردەشت) وە دەنوسین**

**سیروان علی**

زۆر جار لە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری باوی دەسەڵاتدا مرۆڤەکان هەر چەند وریا بن دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو تەوژمەوی ڕاگەیاندنانەوە کە بە هۆی مەزنی ئۆرگان و کەرەسە و توانای پاگەندە و جەواشەکاریەوە کە دەیکات. یکێک لەو بۆچونانەی دەسەڵات وەصف کردنی نەوەی ئەمرۆیە بە نە خوێندەوار و نەزان و برۆا نەبوو بە خۆ و تەنانەت خۆپەرست وە هەروەها ئاگاداری مێژوی خۆی نیە و هەلویستی لاوازە .بەڵام (سەردەشت )) وڵامێکی جریئانە و هوشیارانە و جوامێرانە بوو .کە باڵای لە داستان و نەبردیؘکانی پێشمەرگە دەچێت . سەردەشت پاڵاوانێکی نوێیە و لاوانی ئەمرۆ دەتوانن شانازی پێوە بکەن . سەردەشت هاواری ویژدانی نەوەی نوێیە بۆ شۆڕشێکی نوێ ، وا جارێکی تر لە دشتایە کاکی بە کاکێکەی هەولێرەوە کەوتۆتە ڕێ . گیانی بەرخودانی خستە جەستەی دۆڵ بە دۆڵی کوردستان ، وە مژدەی ئاوەدانی دەدات بە لوتکە سەختەکانی قەندیل کە شۆڕش هەر بەردەوامە، هەر لەو ڕۆژەوەی کە بەفری سپی هاتە خواری ( کە بۆ پەند و عبیرەت کلکی چەند جاشێکیان بڕی ) ئاوێزان بە قەڵمە ناو قەد باریکەکانی شار هەمان پەند بە کۆنە جاشەکان دەدەن .

سەردەشت حاڵتێکی مرۆیە نیە تا سەرە خۆشی بۆ خانەوادەی بێت بە تەنها بەڵکو وێنەی (سۆرانی مامە حەمە) ئەم جارەیان بوون بە دیاردە .بۆیە دەسەڵات دەبێت لە مەو و دوا سێدارەکانشی ئامادەکات و زیندانەکانی ئاوەدان کاتەوە جەلادە نهێنێکانی بەرگێکی ڕەسمیان بکاتە بەر. لە بەر ئەوەی لاوانی کوردستان چونە قۆناغی ژیرو ژوور کردن . باکیان بە گاڵۆکە بە هێزەکەی ئێوە نەما تۆقیان بە مەرگ ناچێت . بەڵکو لە پێش مەرگ ئەوان ژوان بۆ مەرگ دادەنێن . پێشمەرگەکانی ئەمرۆ زۆر جیاوازن، ناو ماڵاکانیانن بە دەستی پەتی بە ئاشکرا چەشنی(( غاندی )) بە کراسێکەوە دەجنگن . پێشمەرگەکانی ئەمڕۆ لوتکەی شاخەکانیان هێنایە پێش چاوی شار بۆسەکانیان لەگەڵ هاوڵاتیان ئامادە دەکەن . گۆڕپانەکانی شەڕیان بە دستی خۆیان دیاری دەکەن وە ناوێکی تریان هەیە(( ڕۆژنامەنووس)) یان پێدەڵێن ... زمان زبری و دژە پیرۆزی و باوەکانە ناوبنگیان ، نە جامانەی سور دەیان ترسێنێت نە گۆچان . بۆ پارە ئیش ناکەن بۆ پارت ئیش ناکەن نە بۆ مەلاو نە بۆ مزگەوت . چەمکێ نیە لغاویان کات بەرزایەک نیە نشێویان کات. ئەوکاتەی هەورازە ئەڵێن بە نسبت ئێمەوە خەونی نەوەکانی دوای ئێمە سەختە و ئامانجێکی بەرزە . سەنگەرەکانیان لە ناو زانکۆیە . بەردەوام هەگبەی ئەوان لاپتۆپێکی پڕ لە دیکومنتی گەندەڵی دەسەڵاتیان پێیە . چالاکێکانیان دەچنە سەرەوە بۆ ناو هەموو تابۆکراوەکانی سەری ڕەش و قەڵا چۆلان. کە هەر جارەی چیرۆکێکی ئەوێ هەڵدەبژێرن هەڵێدەڕێژن بۆ چاو ساغی خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان خۆیان دەکەن بە قوربان .

بۆیە سەردەشت بێ پەیام نەبوو بێزار لە ژین چاوەڕوانی مەرگ نەبوو وەک خۆی دەڵێت هێشتا زۆر ماوە بێڵێن بەڵام زۆر جوامێرنە وە ک قارەمانێ مەرگی بە گەورەترین دیاری زانی

بۆ بەرخودان لە بەرامبەر تیرۆرستان .وەک بەرپرسیاریتی کەسایتێکی ڕابەر ئەم نەبردییەی تۆمار کرد . پێشکەش کردنی خۆی بۆ جەلادەکان شکاندنی سنوری ترسە لە کوردستان وە چاندنی ترسە لە دڵی دەسەڵات . سەردەشت چاو ساغی هەمومانی کرد کە لاوانی ئەمڕۆ بێ ئاگا نین بێ پەیام نین. سەردەشت پێشبینیکە و گەشبینیکە هیوایایەکە چووە ڕوخی هەمووومان .

2010/5/14

**لە پرسەی زەماوەندێکی خوێناویدا**

**جەنابی سەرۆک:دەکرێ سەردەشتێکی دیکە وەک کوڕی خۆتان قبوڵکەن؟**

**بەکر ئەحمەد**

**١٢ ی مەی ٢٠١٠**

سەردەشت عوسمان بە چەند وتارێکی کورتەوە خۆی لە مێژووی ئازادی ڕادەربڕیندا وەک ئەستێرەیەکی درەخشاوە نەخشاند. کەم کەس شانسی ئەوەی بۆ هەڵدەکەوێت بە کەمترین بەرهەم، هێندە خوێنەر بۆ خۆی پەیدا بکات و ببێتە خۆشەویستی زۆرینەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان.

بەڵام سەرنجدانی هەردوو وتاری " من عاشقی کچەکەی بارزانیم" و "نە سەرۆک خوایە و نە کچەکەی"، هەستدەکرێت هەندێک لایەنی نارۆشن لەم وتارانەدا ئامادەیی هەیە کە دەبێ تیشکی بخرێتەسەر. هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە دەبوایە سەرۆک و لەشکری پارێزەرانی سەرۆک، خەڵاتی نووسەرییان بکردایە، نەک تێرۆرکردنی.

هۆکاری خەڵاتکردنی سەرۆک بۆ سەردەشت لەوەدایە کە پەیامی هەردوو وتاری ناوبراو، شۆڕشگێڕییەکی زۆر گەورە و سەرسوڕهێنەری تیدا نییە تا ئینسان لەسەری بکوژرێت. تەنانەت بۆ سەرۆکی هەرێم و ئەو حزبەی سەرۆک نوێنەرایەتی دەکات. هەڵبژاردنی چەمکی شۆڕشگێڕێتی لەلای من، بە مانای کەمکردنەوەی ئەو ڕۆحە چاونەترس و شۆڕشگێرەی سەردەشت نییە کە لە مەملەکەتی ژێر دەسەڵاتی سەرۆکدا دەنگهەڵدەبڕێ و داوای دەستی کچەکەی سەرۆک دەکات. لە هەلومەرجێکدا کە کەس ناوێرێ، قسەیەکی بەرز و نزم لە بەرانبەر سەرۆک و حزبەکەی ئەودا بدرکێنێ تا دەیەها حساب و کیتاب بۆ ئەوە نەکات کە ئایا گیانی دەکەوێتە مەترسییەوە یاخود نا. من لێرەدا مەبەستم لەو ڕۆحە شۆڕشگێرە نییە کە لە سەردەشتدا بەرجەستەیە و ئەوە دەڵێ کە کەس ناوێرێ بیدرکێنێ ، بە تایبەتی لە هەولێردا. بەڵکو مەبەست لە شۆڕشگێڕێتی لە ناوەڕۆکی پەیامێکدایە کە داوای دەستی کچی

سەرۆک، پاش وردبوونەوەیەکی زیاتر لە مانا شاراوەکانی ئەم داخوازییە و ئەو دەرئەنجامە سیاسییانەی لێدەکەوێتەوە، هیچ شتێکی دیکەمان پێ نالێ جگە لە ڕەخنەیەکی زۆر سادەیی دیموکراتییانە لە دەسەڵاتی سەرۆک. جەخت لە ڕەخنەیەکی دیموکراسییانە دەکەمەوە نەک رەخنەیەکی شۆڕشگێرانە کە سەرتاپای سیستەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

با پێکەوە سەرنجێکی ئەم دوو وتارە بدەین و بزانین دەسەڵاتی سەرۆک بۆچی رەخنەیەکی سادەی دیموکراسییانەش قبوڵناکات، نەک رەخنەیەکی شۆڕشگێرانە کە دەکرێ زەربێک بەسەر دەسەڵاتی سەرۆکا بێنێت.

لە وتاری "من عاشقی کچەکەی بارزانیم" نووسەر بە شوین خەیالێکی سادەوەیە. دەیەوێت وەک هاوڵاتییەکی سادەی ئەم مەملەکەتەی سەرۆک سەرۆکایەتی دەکات، ببێتە کوڕی ئەو و دەستی کچەکەی ئەو بخوازێت.

کاتێک کاردانەوەکانی دەسەڵات و قەڵەمبەدەستەکانی دەسەڵاتی پارتی، دەکەونە تەقاندنی وشەی گڕدار، سەردەشت بە وتاری " نە سەرۆک خوایە ونە کچەکەی"، ناوەڕۆکی پەیامی وتارەکەی ئاشکرادەکات.

مەگەر منێکی گەنجی کۆمەڵگای کوردستان مافی خێزان پێکهێنانم نییە لەگەڵ کچی سەرۆکدا کە کەس نازانێ شیوەی چۆنە؟

وەڵامی سەرۆک و دارودەستە تفەنچییەکەی، بە نەخێرە. بۆیە سەردەشت تێرۆردەکرێت.

بەڵام سەردەشت سوورە لەسەر ئەوەی کە نەسەرۆک خوایە و نە کچەکەیشی، بۆیە شێلگیرانە لەسەر تێزی خودانەبوونی سەرۆک کاردەکات.

سەردەشت نییەتێکی خراپی نییە، ئەو هیچ مەبەستێکی شاراوە و نهێنی لە پشتی وشەکانییەوە دانەناوە تا بڵێی" معنی الشعر فی قلب الشاعر".

بەڵام سەردەشت فێل لە خۆی ناکات و دەشزانێ کە سەرۆک خودایە. ئەو خوایەکە و تەواوی خەسڵەتەکانی خوایەتی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. سەرۆک خودای زەمەنی گلۆبالیزەیشنە کە تۆڕەکانی نێت و ماڵە ئاسمانییەکانی سەتەلایت و ڕادیۆو گۆڤارە بێ ئەژمارەکانی دەسەڵاتەکەی شوێنی کتێبی پیرۆز و جوبرائیل و ئەسحابەکانی بۆ گرتۆتەوە.

سەرۆک توانای وەرگرتنەوەی ژیانی لە ڕەعییەتەکەی بەدەستەوەیە و تەنانەت نانی ئەوانیش.

سەرۆک لەگەڵ ئەو دەسەڵات و شکۆیەی بەدەوریەوەیەتی، بووەتە ئینسانێکی خودایی و لەوە کەتووە ئینسانێکی دنیایی بێت.

سەردەشت و سەردەشتەکانی دیکەی کوردستان هەست بەم دابڕانە گەورەیەیی نێوان خۆیان و سەرۆک دەکەن. ئەو لەسەرەوە و ئەمان لە خوارەوە. ئەو خودا وئەمانیش عەبدی خودا.

بەڵام سەردەشت بە شوێن ئەوەوەیە کە سەرۆک بیێتەوە بە ئینسانێکی دنیایی و خەسڵەتی سەرو ئەرزی لەسەرۆک وەربگرێتەوە و بیکاتەوە بە ئینسانێکی سەر ئەرزی. واتا لە کائینێکی خوداییەوە بیکاتەوە بە کائینێکی ئینسانی.

داوای دەستی کچی سەرۆک ئەو کەناڵەیە کە ئەم پرۆسەی بە ئینسانیبوونەوەی سەرۆکی پیا تێدەپەڕێت. ئاخر سەردەشت دەیەوێت، ببێتە کووڕی سەرۆک. هەروەک چۆن لە زمانی کوردیدا، زاوا وەک کوڕێکی دیکەی باوکی کچە سەرنجی دەدرێتێ: "هاتووین سەردەشتمان بۆ بکەنە کوڕی خۆتان"، دەربڕینێکی سادەی کوردەوارییانەیە لە پرۆسەی ژنو ژنخوازیدا ناودەهێنرێت.

هەموو کۆششی سەردەشت لەم وتارەدا ئەوەیە کە بەسەرۆک بڵێ: زەماوەندی من و کچەکەی تۆ، ڕزگارت دەکات لەو مەسافە گەورانەی کە کەوتۆتە نێوان تۆ و ئێمەوە و. تۆش دەکاتەوە بە بەشێک لە ئێمە. تۆ کاتێک منت وەک کوڕی خۆت قبوڵکرد، ئەوسا دەبیتە باوکی میللەت، بەڵام ئەوەی لە دەستی دەدەیت، خوایەتییە. ئاخر خوداوەند لە جنسی بەشەر نییە و ناتوانێت لەگەڵ بەشەردا بژی.

گرفتی گەوری بێمتمانەیی هاوڵاتییان لە بەرانبەر دەسەڵاتی سیاسیدا لە کۆمەڵگای کوردستاندا  تەنها لەم شوێنەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕۆژ بە ڕۆژ مەسافەکانی نێوان دەسەڵاتی سیاسیی و هاوڵاتییان لە درێژبوونەوەدایە. ئەوان لەسەرەوە و ئێمە لە خوارەوە، باشترین دەربڕینی شیاوە بۆ ئەو دوو جیهانە جیاوازەی نێوان ئەوان، خواوەند ، ئێمە، ڕەعییەت.

بەڵام سەردەشت وەک هاوڵاتیەک کە بەتەنگ چارەنووسی کۆمەڵگاکەی خۆیەوەیەتی، بە شوێن سروشتیکردنەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان خۆیی و سەرۆکەکەیەوەیەتی. بۆیە پێشنیاری عاشقبوونی خۆی بۆ کچەکەی سەرۆک، وەک تاکە ڕێگاچارەیەک دەخاتە بەردەم تا لە ڕێیەوە سەرۆک بکاتەوە بە ئینسانێکی دنیایی و بەرگی خودایی لەبەر ئەو داکەنێت.

کەواتە ئەگەر بە چاویلکەیەکی سادەوە لەم پەیامە وردبیتەوە، هەستدەکەیت سەردەشت داوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرۆک ناکات، بەڵکو پێیدەڵێت:" دەکرێ لە ڕێگای پەسەندکردنی ئەم داخوازینامەیەی منەوە ببیتەوە بە بەشێک لە ئێمەی خوارەوە؟" ئاخر کاتێک سەرۆک ئەم داخوازینامەیە قبوڵدەکات، واتا کوڕێکی سادەی کۆمەڵگای کوردستان دەکاتە کوڕی خۆیی و پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان دوو کائینداا دروستدەبێت کە پەیوەندییەکی ئینسانییە. ئاخر خواکان لەگەڵ بەنی بەشەردا تێکەڵ نابن و بەمەش خوایەتی خۆیان دەپارێزن.

بۆیە سەردەشت دەکراخەڵاتبکرایە لە جیاتی تیرۆرکردن. خەڵات بە و مانایەی کە دەسەڵاتی سیاسی دەبێ سووپاسگووزار بێت کاتێک هاوڵاتیەکی کۆمەڵگاکەی بە شوێن ئەوەوەیە کە سەرکردەکەی ببێتەوە بە بەشێک لە هاوڵاتییان .

بەڵام لایەنێکی تری چیرۆکی کچەکەی بارزانی و سەردەشت، لە شوێنێکی دیکەوە دەکرێ سەرنجبدرێت. سەرنجدانێک کە تیایدا سەردەشت نەک تەشهیری بە کچی بارزانی و بنەماڵەی سەرۆک نەکردووە، بەڵکو وەک دەرئەنجامێکی سروشتی خواوەندبوونی سەرۆک دەکرێ چاوی لێبکرێت. لەم گۆشەنیگایەوە، سەردەشت ڕۆحسووکترین کائینەکانی کوردستانە و فەنتازیایەکی هەبووە کە لە زەینی سەرتاپای خەڵکی کوردستاندا ئامادەیی هەیە.

با جارێکی دی سەرنجی پرۆسەی خواوەندبوونی سەرۆک بدەین.

کاتێک سەرۆک دەچیتە کەشکەڵانی فەلەک و هیچ هاوڵاتییەک زانیارییەکی ئەتۆ سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەی ئە و و کەسوکارەکەی نازانێت. نازانرێت سەرۆک لەگەل منداڵدا چۆن رەفتاردەکات، بەیانییان چی دەخوات، گوێ لە چ گۆرانییەک دەگرێت، سەما دەزانێت، کاتێک وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئینسانە سادەکان لە سەرۆکدا وندەبێت، ئەوا ئینسان وەک کائینێکی فزولی، بەشوێن ئەم وردەکارییانەوەیە و ئارەزوویەکی سەیری لەلا دروستدەبێت بۆ کەشفکردنی. ونبوونی ئەم جومگە سەرەتایی و سادانەی ژیان، لە لای سەرکردە سیاسییە تۆتالیتارەکان، هەمیشە لە مێژوودا وەک گەمەیەکی دەسەڵات کۆمەڵێک مەغزایی سیاسیی لە پشتەوە بووە تا گەوەرەبوون و بە شکۆ نیشاندانی دەسەڵاتی پێ بەرهەمبهێنرێتەوە. بۆیە کاتێک هاوڵاتییان دەستییان بەم لایەنانەی ژیانی بەرپرسیارانی دەسەڵاتی سیاسیدا ناگات، ئەوا لە ڕێگای چەکەکانی فەنتازیا و نوکتەوە، دەچنە ژوورەکانی سەرۆک و دارودەستەکەیەوە. .

نیشاندانی وێنەی سەددام حوسەین لە ڕۆژنامەی میرەری بەریتانییەوە بە دەرپێیەکی کورتی ژێرەوە لە زیندانەکەیدا، سەددام حوسەین دەکاتەوە بە ئینسانێکی سادەی کۆمەڵگا کە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق قەت وێنەیەکی جەللادەکەی خۆیان لەبەرگی ئینسانیدا نەبینیوە. دەرپێیەکەی ژێرەوە بەس بوو بۆ ئەوەی خەلکی عێراق قەناعەت بەوە بێنن کە سەرکردەکەیان خوا نەبوو، ئەها ئەویش دەرپێی ژێرەوە لە پێدەکات؟ بەڕاستی چ سیحرێک لە دەرپێیەکی پیاوانەی ژێرەوەدا هەیە کاتێک لە کۆنتێکستێکی سیاسیی کۆمەڵگای عێراقدا جێدەکەوێت.

ئەمڕۆ لە خۆرئاوادا، سەرکردەی وەک سەرکردەکانی مەملەکەتی ئێمە لە ڕۆڵی خوایەتی خراون. بەڵام گۆرانیبێژان و ئەکتەرەکانی سینەما، کراونەتە خواوەندێکی وەک سیاسییەکانی مەملەکەتی ئێمە. بۆیەش کاتێک مادۆنا و بیۆنسێ و براد پیت و لەیدی گاگا لە ئاسمانەکانی خواوەندیدا قەراردەگرن، ئیتر مەراقی گەوری زۆرێک لە هاوڵاتییان ئەوەیە کە لەیدی گاگا چۆن خۆی دەشوات، منالە تازەکەی مادۆنا چی لەبەردەکا و مایکل جاکسۆن،

چۆن دەخەوێت. بۆیەش ڕۆژنامەگەری خۆرئاوا،ا هەزاران دۆلار دەدات بە وێنەیەکی ئەنجێلینا جولی لە کاتی نانخواردندا بە تیشێرتێکەوە لە قاوەخانەیەکی چەپەکی پاریسدا.

وێنە و ڕیپۆرتاژی ئەستێرەکانی مۆسیقا و فیلم لە خۆرئاوادا و بوونی بازاڕێکی گەرمی ڕۆژنامەگەری زەموزەمکاری لەم بوارەدا، کۆششێکی بە ئینسانیکردنەوەی خواکانی مۆسیقا و هۆلیودە. هەوڵدانێکە بۆ نزیکخستنەوەی ئەوان لە عاشقانی ئەوان و کردنەوەیانە بە ئینسانێکی سادەی وەک خۆیان . بە واتایەکی دی، ڕۆژنامەگەری خۆرئاوا، هەم ئەو ئەستێرانە دەکاتە خواوەند و هاوکاتیش دەیانکاتەوە بە ئینسان.

لە غیابی رۆژنامەگەرییەکی لەم چەشنە لە کۆمەڵگای کوردستاندا، خواوەندەکانی سیاسەتی مەملەکەتی ئێمە، بە سەرۆکەکەی پارتییەوە کە ڕۆڵی خوای گەورەی کۆمەڵگای کوردستان دەبینێت، تەواوی ژیان و لایەن ئینسانییەکانی ئەوان لە نادیارییەکی گەورەدا بە جێدەهێڵێت.

کۆششی سەردەشت عوسمان لەم دوو وتارەدا، ڕێک دەچێتە خانەی ئەو جۆرە لە ڕۆژنامەگەری خۆرئاواوە کە بە شوێن بەشێک لە خواوەندەکانی کۆمەڵگاکانی خۆرئاواوەن.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پەیامی ئەوەی کە شۆڕشگێڕییەکی گەورە لە پەیامی کردنەوەی سەرۆکدا نییە بە ئینسانێکی سەرئەرزی و داماڵینی بەرگی خودایی لەو، کاتێک لە بەتەنگەوەهاتنی هاوڵاتییەکی ژێر دەسەڵاتی مەملەکەتی سەرۆکەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ سەرۆک، ئەوسا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە چ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر و دڕندە لە کوردستاندا بوونی هەیە و گوێ لە باشترین ئامۆژگاری هاوڵاتیانی خۆیشی ناگرێت.

سەردەشت تا تیرۆرکردنی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نەسەرۆک خوایە و نە کچەکەی. بۆیە بەشوێن ئەم عەشقەدا ، گیانی بەخشی. بەڵام لە زەماوەندە خوێناویەکەی ئەودا، کۆمەڵگای کوردستان بۆیان دەرکەوت، سەرۆک لە خوایەتی خۆی واز ناهێنێت و ئامادە نییە لە کەشکەڵانی خوایەتی خۆی بێتە خوارێ.

## تیرۆر و یاخی بوون

ڕزگار عومەر

هەڵوێستی جەماوەریی بەرامبەر بە تیرۆری ( سەردەشت عوسمان) لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئاستێکدایە، کە دەکرێ وەکو "زەنگی یەکەمی " مەرگی نێو وتارەکەی سەردەشت، بکرێ بە سەرەتای زەنگی بەرەنگاری و هەنگاوێک بۆمەرگی ئەم شێوازە لە حوکم کردن . پێڵاو بەرزکردنەوەی قوتابیان لە خۆپیشاندانیبەرامبەر پەرلەمان و تێگرتنی بتڵی ئاوی خواردنەوە

لەسەرۆکی پەرلەمان ، لە پێ کردن وخاش کردنی ئەو وەهم و پیرۆزیە بەزۆر سەپێنراوانەیە کە سەردەشت و سۆران دەرسی هەموومانیان دا لە ڕچەشکێنی .

سەردەشت مرۆڤێکی بێ پەروا نەبوو بەرامبەر بە ژیان ، یان ژیانی خۆشنەویستبێ و بە هەڵبژاردنی خۆی چاوەڕوانی مەرگی خۆی کردبێ . ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم مرۆڤە، ناوەڕۆکی نێو نووسینەکانی هەمووی مەشغەڵەتی کەسێکی جدی نیشان دەدەن بەرامبەر بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو و برادەرەکانی ، خێزان و خەڵکی کۆڵان وگەڕەکەکەی ژیانی تیا بەسەر دەبەن . دەسەلات بە شوێن سەردەشتەوە بوو تیرۆری بکا ، بەر لەوەی پلانەکە سەربکەوێ سەردەشت بە ووتاری ( زەنگی یەکەمی کوشتنم لێدا) ویستی چەند مەسیجێک بنێرێ، کە یەکێک لەو مەسیجانە ئەوەبوو لە رێگەی ئاگادار کردنی کۆمەڵگەوە بەر بەکوشتنی خۆی بگرێ .

سەردەشت ناوێک بوو وەکو دەیان ناویتری گەنج ، کە لە نێومیدیای کوردی بە ناحەق و لەبەر نەخۆشی پاوانخوازی نێو نێوەندی ڕۆشنبیری ناوبانگیان نیەو تەنیا مەرگ چانسێکی وایان بۆ دروست دەکا کە هەموو بەرهەمەکانیان کۆبکرێتەوەو جوانیەکان و چاونەترسیەکانی نێودەقەکانیان کەشف بکرێت . لە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی ئەوانەی کە ناویان هەیە،کە هەڕەشەیان لێکرا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو نێوەندەکە زۆر بەجدی چوونە پشتیان وپاڵپشتیان لێ کردن ، ئەم پاڵپشتی کردنە پاراستنی ئەو ناوانەیە لە هەڕەشەو تۆقاندن . بەلام،پرسیارێک کە زۆر جدیە لە خۆمانی بکەین ئەوەیە : کە بۆچی هەڕەشەی مەرگ لە سەردەشت و سەرجەم نووسینەکانی تری ، هەمووی لە سووچێکی ئەرشیفی سایتەکان وڕۆژنامەکان هەڵگیرابوون ، بۆ وا بە ئاسانی کەیسی ئەم مرۆڤە بە سەر ئەم نێوەندە تێپەڕی ؟ ئەم بێ خەمیە لە چ شێوەیەکدا زاڵە بەسەر مامەڵەی ئەم نێوەندە ،کاتێک لەبەرامبەر گەنجێکی نەناسراودا کە نووسین بلاودەکاتەوەو بە ئاشکرا دەڵێ " بە شوێنمەوەن تا بمکوژن ، من ئێرەش جێناهێڵم .." ئەم نێوەندەهیچ ناکاو هیچ ناڵێت ! ئەمە هەمووی نیشاندەری ئەوە نیە کە ئەم نێوەندەش کاتی ئەوەی هاتووە زەنگ بەسەر خۆشیا بکێشێ بۆ بێدار بوونەوە ، لەبەرامبەر نەخۆشیەکانی خۆی ؟

هەموو نارەزایەتی دەربڕینێک لەبەرامبەر کوشتنی سەردەشت و سۆران و قوربانیەکانیتری دەستی تیرۆری سیاسی لە ئاستی تاکەکەس و بەکۆمەڵ جێگای رێزگرتنە . هەموو ئەو کەسانەی ووتار ، شیعر ، گفتوگۆی ڕادیۆیی ساز دەکەن وئیدانەی ئەم کارە دەکەن جێگای ڕیزەو دەبێ درێژەی هەبێ . بەلام ، لەزۆر حاڵەتدا ئەم بەشداری کردنانە بە شێوەیەک خۆی دەنوێنێ کە ئەسڵی مەسەلەکە دەشێوێنێ وتەنانەت زەربەش لە یەکڕیزیی ئەم بەرەنگاریە دەدا، بۆ نموونە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی ئەهلی لە کاتی لێدوان لەسەر ئەم بابەتە لە گفتوگۆی ڕادیۆیدا ناتوانێ شارچێتی تێکەڵ بە لێکدانەوەکانی نەکا، گوایە هۆی مێژوویی هەیە کە هەولێرو سلێمانی لێک جیا دەکاتەوە بۆیە پارتی دەتوانێ ئەمە بکا ! لە لایەکیتر دوو سایت شەڕ دەکەن لەسەر ئەوەی میراتی سەردەشت هی کێیەو پەیامنێری کامیان بووە !

هەموو ئەمانەو دەیان نموونەیتر دەلیلی مشەخۆری سەر تراژیدیا دەدەن کە لەم نێوەندەدا ئیشی خۆی دەکا.

چاونەترسیەکانی سەردەشت ، پێش ئەوەی" دەق " بێت " کردارە " . ئەم چاو نەترسیەی کە لە شێوازی تەحەدایەکی تاکەکەسیدا خۆی نواند ، درێژ کراوەی یاخی بوونێکی گەورەتری گەنج بە تایبەتی وکۆمەڵگەیە بە گشتی . ئامانجی تیرۆر کردنی سەردەشت پێش ئەوەی وەڵام بێ بۆهەر کەسێک کە بیر لە تێک شکاندنی هێڵی سوورو پیرۆزیەکانی بنەماڵەی حاکم بکاتەوە، وەڵامێکە بۆ تۆقاندنی کۆمەڵگەیە، تۆقاندنی گەنجە کە ئەم دەسەڵاتە وەکو دیاردەیەکی نەگۆڕو ئەبەدی قبوڵ بکا. خۆپیشاندانی بەرەنگاری لەسەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستان ئەوەی نیشان دا بە پێچەوانەی ئامانجەکانی تیرۆر کردنی سەردەشت یاخی بوونی خەفە نەکرد بەڵکو هەنگاوێکی هێنایە پێشەوە ، بەرز کردنەوەی پێڵاویش لەبەرامبەر ئەفەندیە ئەکتەرو ئەڵقە لەمستەکانی حیزب لە تەلاری پەرلەمان جورئەتی لوول دانی هێڵی سورو پیرۆزیەکانی دوو هەنگاو هێنایە پێشەوە . بە پێچەوانەی بازاڕی " دەق "ی یاخیش لە نێو نێوەندی ڕۆشنبیریش ، لەمەودوا هەموو دەبینین بزوتنەوەیەکی تری بەرەنگاری جەماوەری دەست پێ دەکا بە ڕابەرایەتی توێژی گەنج ، کە ماناکانی یاخی بوون لەلایەن توێژی گەنج و ناوە نەناسراوەکانیان چەندە سادەو چاونەترسن دە ئەوەندەش دوورن لە " دەق " و نزیکن لە " کردار" .

هەلبژاردنی توندو تیژی هەڵبژاردنی جەماوەری کوردستان نەبووە بەڵکو هەلبژاردنی دەسەڵات بووە. یەک هێما نیە کەئەم دەسەڵاتە بێجگە لە توندوتیژی زمانێکی تر تێبگا یان پیادە بکات . 19 ساڵە جەماوەری کوردستان زوخاوی چاوەڕوانی دەخواو وەڵامی گولەی دەسەڵات وتاوانکاریەکانی بە ناڕازایەتی هێمنانەو و ووشەو ئیمزا کۆکردنەوەو دەداتەوە ، تێگرتنی بتڵی ئاوی بەتاڵ وبەرزکردنەوەی پێڵاو لەباری سیاسیدا زەنگی دەست پێکردنی خولێکیتری مێژووە کە چەندین ساڵە بەسەرکوت بەر بەهاتنی دەگیرێ، کە دوورنیە سەرلەنوێ لە کوردستان وەکو بەهاری 1991 لەبەرامبەر گولەو جەورو ستەمدا :– پێڵاو ، دار و بەرد ،هەوری گۆڕانێکی گەورە خۆی مەڵاس دابێ.

**سەرۆک ، بۆ بێ هەڵوێست و بێ دەنگیت ؟؟!**

**کامەران عەزیز**

سەرۆکی هەرێمی کوردوستان ، گەر بڕوای بە ژێردەستی میللی و سەرکوت و بێ مافی و ئازاد نەبونی تا ئێستای میللەتی کوردە .. ئەوا کار و ئەرکی هەر ئێستای سەرۆک دەبێت بۆ بە دەستهێنانی ئازادی و دیموکراتی بێت ، وە ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە ساڵ .. لەم ( پارچە بچوکەی کوردوستانە کەم ئازادەدا ) .. دەبێت ئازادی و دیموکراتی ، فراوان و فراوانتر بکات

...!! تا خەڵکی کوردوستان بە ئازادی ڕابێت و گەرووی زیاتر فراوان بێت بۆ داواکاریەکانی ، تا بە دیموکراتی ڕا بێت بۆ هەموو چالاکیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەری و ڕۆژنامەگەری و ئاکسیۆن و خۆپیشاندانە رۆژانەکانی ، وە بۆ ئەوەی جارێکی دی بۆ مێژوو هیج دەستەڵاتێکی تری داگیرکار نەتوانێت لە کوردوستان ئەم میللەتە سەرکوت و ژێر دەستە بکات ..!!

لەم چەند ڕۆژەدا بە هەزاران پرسیار لە سەرۆک و دەستەڵاتەکەی کراوە و دەکرێ ، بەڵام سەرۆک وەک بایەک بە لای گوێدا تێ دەپەڕ ببێ ..!! دەنگی لێوە نایە و هیچ وەڵامێکی ئەم پرسیارانە نایەتەوە ؟؟

هەر ڕۆژە لە شار و شارۆچکەیەک خەڵک خۆپیشاندان و پرسەو و ماتەمینیدەگێڕێت ، بەڵام سەرۆک وونە و ورتەیەک لە لێویەوە نایە..! نازانین لە کوێیە ..؟!! لە ناوەوە یان لە دەرەوەی ئەم وڵاتەیە ؟! .

هەرچی نوسەر و ڕۆشبیر و شاعیر و ڕۆژنامەنوسی سەربەخۆ و ئازاد و مرۆ دۆست هەیە ، هەست و پرسیارەکانی خۆایان بەیان کردوە ... وە زۆربەی پارێزەر و ماف ناس و دادوەر هەیە هەڵسەنگاندن و پرسیار و لێکۆلێنەوەی یاساییان هەموو تۆمار کردوە ، تا بتوانن سەرچاوەی ئەم تاوانە بدۆزنەوە .. بەڵام دەستەڵات و میدیاکانی سەرۆک و حکومەت مێشێک میاوانیان نیيە .!!

وە لە نێو خێزانەکان و لە نێو پاص و تاکسی و ڕێگاو بان و زۆربەی تەلەفون و ماڵپەڕ و چاتی ئەلەکرۆنیدا ، باس هەر باسی ئەم تاوانە بەربەریەتەیە کەچی سەرۆک و پێوەندەکانی کپ و بێ دەنگن و نە بە خاس نە بە خراپ دەنگێکیان لێوە نایە ..؟!

هەموو خەڵک خەمبارە و بۆ ئەم لاوە تەعزێبارە بەڵام ، ( سەرۆک ) ، نە ڕەنگی دەبینین .. نە دەنگی دەبیستین .. نە هەست و شعور و خەمی هەست پێ دەکەین !!... بەڵام سەیرە هەر دوێنێ بە سەر پرسەی ئەم پرسە گەورەیەی ( سەردەشت عوسماندا ) نازانم لە کوێوە ، نوێنەریەکی گەیاندە ناوچەی پشدەر و و لە شاری قەڵادزێ بەشداری پرسەیەکی کرد..! بەڵام لەم پرسە جەرگ بڕڕ و پرسە گەورەیەی هاوڵاتیانی کوردوستاندا بە هیچ شێوەیەک بروسکەیەکی سەرۆک بونی نيیە ؟! ئەبێ نهێنی لەم وون بون و بێ دەنگیەی سەرۆک لە چیدا بێت ؟!

گەر ئایەتوڵایەکی کۆنە پەرست .. شێخ و العەرەبێکی بێ هۆش .. سیاسەت مەدارێکی فاشی .. بازرگاندارێکی چاوچنۆکی نێو دەوڵەتی ،هەرئێستا زەنگێکی بۆ لێ بدا ، بێ سێ و دوو دەچێت بەرەوپیریان و لە فڕۆکخانە فەرشی سور لەبەر پێی گڵاویاندا ڕا دەخات و بە

**پێکەنینەوە پێشوازیان دەکات و نیوەڕۆخوان و ئێوارە خوان و شەوخوانیان بۆ ساز دەکات بەڵام لە بەرامبەر تاوانێکی گەورەی ڕۆژنامە نوسێکدا هیچ بەشداریەکی نی‌یە..؟؟!!**

**هەموو خەڵک لە چاوەڕوانی ئەوادەیە کە سەرۆک لە بێدەنگی‌یەوە بێتە دەنگ ..!! هەموو لە ڕاڕایی و پرسێکی قوڵدا دەژین و وەستاوین و چاوەڕێین .. وە پرسیار لە خۆمان دەکەین و دەڵێین ، تۆ بڵێ ی سەرۆک سەرقاڵی ئەم کێشەیە بێت ؟ .. وە لە ڕێ‌ی ئەوە وەستابێت کە سەرچاوەی شێوەی تیرۆرکردنی ( سەردەشت ) بدۆزێتەوە و بە هەواڵ و مژدەیەکی خۆشەوە لە ڕێ‌ی میدیا کانەوە یان لە کۆبونەوەیەکی گەورەی جەماوەریەوە خۆی پیشانی هاوڵاتیان بدات ..؟؟! یان بە کێشەی خۆی نازانێت و دەیەوێت بە بێ دەنگی خۆی لەم کێشەیە دەرباز بکات ..؟!**

**نا بڕوا ناکام ...!**

**لەوانەشە لەم تاوانە و پرسە گەورەیەدا نەیەوێت بێتە گۆ و وشەیەک بڵێت ، بییەوێت کات زوو بڕوات .. چونکە دەزانێت ڕۆشتنی کات خەڵک لەو حەماسەتەی ئێستای خاڵی دەکات و ئەویش وەک جاران بێ دوو دڵی دەست دەکاتەوە بە کاری سەرۆکایەتی خۆیی تەنها خۆی ..؟!**

**بەڵام سەیرە هەر لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ، لەبەر خاتری بردنەوەی کورسی سەرۆکایەتی ، ئامادەیە کێچێک لە هاوڵاتیان بکات بە فیلێک .. وە خۆی زۆر ناسک بکاتەوە و سەر و بنی زمانی هەر باسی تراژیدیای ئەنفال و کیمیایی و کووشتنی منداڵ و لاوی بێ تاوان بکات ..!! وە یان باسی زیندانی کردن و لە سێدارەدان و شەهیدکردنی هاوڵاتیان بکات کە بە دەستی ڕژێمێکی دڕندەو دیکتاتۆری وەک صەدام ڕووی داوە .. بەلام لە تیرۆر کردن و شەهید کردنی ئەم لاوە بێ تاوانە بێ دەنگە ؟؟!! وە باش دەزانێت کە سەردەشت وەک ڕۆژنامە نوسەکانی دی بە گولەی وێڵی ڕوداوێکی توند و تیژ نەکوژراوە ... خۆ وڵات ئارامە و جەنگیش لە ئارادا نی‌یە تا بە پارچە هاوانێک لە کاتی بۆردومان کردنی شوێنێکدا کوژرابێت .. وە لە نێو زانکۆشدا ئەم لاوە هیچ کێشەیەکی تایبەتی و شەخسیشی نەبوە .. تا لە تۆڵەیدا تیرۆر کرابێت ..؟! سەرۆک ، ئەی دەبێت بە چی وە چۆن وە بە دەستی کێ کوژارابێت ؟؟!!**

**بەڵام خۆت باش دەزانیت ئەی سەرۆک ... کە سەرۆکی وڵاتانی دی بۆ ئەنفلۆنزای بالندەیەک .. بەرازێک .. یان کوشتنی ئاسکێکی کێوی ..! وبڕینەوەی چەند دارێکی دارستان و کاراساتێکی سروشتی یان تەقینەوەیەک ..... هتد ، بە زوویی لە هەمان ساتی ڕووداوەکاندا بە وتەیەک خۆی پیشان خەڵکی دەدات و کۆمەڵگا لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکاتەوە و خەڵکیش بە وەڵامی پرسیار و گومانەکانی لە لایەن سەرۆکەوە ئارام دەبێتەوە ..!!**

**کەواتە گەر سەرۆک سەرۆکی خەڵکی هەرێمی کوردوستان بێت ، لە ڕووداوەکاندا دەبێت دەنگی هەبێت ..! سەرۆک گەر سەرۆکی بەڕێوەبردنی وڵات و بەردەوامی ژیان و پاراستنی**

ئەمن و ئاسایشی کوردوستان بێت، دەبێت لە ڕووداوەکاندا دەنگی هەبێت ..! سەرۆک گەر سەرۆکی دەستەڵاتێکی پێشکەوت و مەدەنی بێت ، دەبێت ڕۆژانە لە ڕووداوەکاندا هەڵوێستی بێت ..!! سەرۆک گەر بڕوای بە چەوسانەوە و سەرکوت و ئازاردان نیە ئەوا دەبێت بە گژ هەموو جۆرێکی ئازادان و ئەشکەنجەیەکدا بچێت و هێڵی سوری بۆ دابنێت ..! سەرۆک گەر بڕوای بە پشێوی و ئاژاوە و نا ئارامی نیە دەبێت هەموو هەلوێست و وشە و وتەکانی هەلوێستی _ ئارامی ببەخشێت ...! سەرۆک گەر بڕوای بە مافی ئازادی و دیموکراتی و عەدالەت و یەکسانی هەیە لە نێو هاوڵاتیان و گشت حیزب و ڕێکخراوەکاندا ئەوا دەبێت بە شەهامەتەوە پارێزگاری لەو یاسایانە بکات کە دەتوانێت سەرۆک و دەستەڵاکەی لە گەڵ هاوڵاتیەکدا هەمان مافی یەکسانی یاسایی هەبێت ...!!

ئەی سەرۆک .... چۆن لە کاتی هەڵبژاردنی ئەمساڵدا شەهامەتت نواند بۆ گۆڕینی تەنها وشەیەک لە ( پێشمەرگەوە بۆ میلیشیا ) لە تەلەفزیۆن و میدیاکانەوە بە تووڕەیی و دەم لەرزینەوە هێڵی سورت بە زاند و هێڵی سورت بۆ نوسەرەکەی داناو و هەڕەشە ی دەرکردنە دەرەوەت لەم وڵاتە وێرانەیە لێ کرد ...!! هەر ئاواش شەهامەتی سەرۆکایەتیت بۆ وشەکانی ڕۆژنامە نوسی لاو (سەردەشت ) بنوێنە و ، بە لەگەڵ بون لە گەڵ نەبونی ، وتەی خۆت بڵێ .. بە دژایەتی یان بە پارێزگاری لێکردن لەم لاوە ، وەک سەرۆکێکی ئازادی خواز وتەی خۆت بڵێ ..! بۆ ڕفاندن و شێوەی تیرۆرکرنی وتەی خۆت بڵێ ..! وە بۆ دروستی و نا دروستی نوسینەکانی ئەم ڕۆژنامە نوسە سەرنجی نەترسانەی خۆت بدە ..!!

ئەزانم سەرۆک ... تۆش تیرۆرکردنی ئەم لاوە هەراسانی کردویت و خەوی لێ زڕاندویت ..!! لەبەر ئەوەی ، بوەتە کێشەی هەموو خەڵک و خەڵک خرۆشاوە بەرەو ڕووی دەستەڵاتت بۆتەوە .. وە قورسایی و ڕێزی پەرلەمانەکەت ، هاوڵاتیان بە بنی پێڵاوەکانیان پێوانەیان کرد ..!! ئەمەیە وات لێ دەکات کە بە دوای وەڵامێکدا بگەڕێێت کە هاوڵاتیان بتوانن بڕوای پێ بکەن ..!! بە دوای وەڵامێکدا دەچیت ، کە بە تەوای پرسیار و گومان لە زهن و مێشکی خەڵکدا بسڕێتەوە..!! بە دوای وەڵامێکدا دەچیت ، کە بتوانێت سەرۆکایەتی هەڵبژاردنێکی دیی ، بۆ داهاتوت مسۆگەر بکات..! بۆیە ئەم وەڵامە کاری چەند کاتژمێرێک و چەند ڕۆژێک نیە..!!

13.05.2010

**کاتی ئەوە هاتووە کەداوا لە سەرۆکی هەرێم بکری دەست لە کار بکێشێتەوە..!**

**عوسمان حاجی مارف**

کارەساتی تیرۆری سەردەشت عوسمان بە جیا لەوەی ڕاستیەکانی پشتی پەردەی دەسەلاتی ئاشکرا کردووە، تەواوی خەلکی کوردستانی هەژاندووەء نارەزایەتیەکی فراوانی لە بەرامبەر دەسەلاتدا هێناوەتە مەیدانەوە، بەلگەکان و رەوتی روداوەکەش بە بێ گومان و بێ

لێکۆڵینەوە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم کارە لە ئەستۆ و لێپرسراویەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەسەلاتەکەیدایە، جگە لەمەش ئەوەی زیاتر لەمەزاجی خەلکدا بەرجەستە بۆتەوە ئەوەیە تیرورکردنی سۆرانی مامەحەمە و کەسانی تر لەهەمان ئەو چوارچێوەیەدایە کە نابێ رەخنە لە خانەوادەی بەرزانی بگیرێت و هەر کەسیکیش بەم کارە هەستا لە گەل رفاندن و تێرۆر بەرەوەروو دەبێتەوە، بەم جۆرە رەخنەگرتن لە بەرزانی و بنامالەکەی بە هیلی سوری نیوان ژیانء مەرگی ئازادی خوازان گۆردراوە.

لەلایەکی تریشەوە رەوتی نارەزایەتی بۆ بەرگری لەئازادی سیاسی و ئازادی رۆژنامەگەری و بیرورا دەربرین و بەرزکردنەوەی دروشمی بێ دەنگ نابین لەبەرامبەر دەسەلاتدا، کە داوای ئاشکرا کردنی تاوانباران و دەست لە کار کێشانەوەی وەزیری ناوخۆ و بەرێوەبەری ئاسایش دەکرێت، ئەم هەنگاوە ئەگەرچی لەسەرەتای بەرەو روبونەوەی جەماوەریدا خۆی بە مانای بەر پرسیار کردنی دامودەزگاکانی دەسەلاتە لە روودانی تاوانێکی گەورەدا کە بەرامبەر بە دانیشتوانی کوردستاندا کراوە و دەکرێت. بەلام بەدوای پەرگرتنی ئەم نارەزایەتیانە گرنگترین خالیک کە لە ئێستادا بۆ بەرگری و پاراستنی ئازادی سیاسی و هاوکات بە قازانجی بەرینکردنەوەی نارەزایەتیەکانی ئیستا، گەشە پێدانیەتی لە شێوازی جۆراوجۆردا و هێنانەکایەی دروشمێکی رۆشنترە.

لە کاتێکدا ئەم رووداوە نا ئینسانیە کە کەوتۆتە بەر پرسیاریەتی دەسەلاتەکەی پارتی و لەپایتەختی هەریم و لەژێر سایەی سەرۆکایەتی مەسعود بەرزانیدا روویداوە ء بە رۆشنی هێرش ودەستدرێژیە بۆ سەر خەلکی کوردستان، لەجێی خۆیدایە داوای دەست لە کار کیشانەوەی سەرۆکی هەریم بکرێتە دروشمی نارەزایەتیەکانی ئیستا و لەپاڵ خواستی ئاشکراکردنی تاوانباران و سپاردنیان بەدادگایەکی ئاشکرا بەرزبکریتەوە.

بەو مانایەی کە مەسعود بەرزانی کەبە لە 70% ی دەنگدەران بۆتە سەرۆکی هەریم، ئەو ئەرکەی لەئەستۆیە کە لە هەر رووداویکدا نوینەری خواستی هەر ئەو خەلکەبیت. بەلام لەئێستا کە نارەزایەتی خەلکی کوردستان بەدژی دەسەلات و پارتەکەی هاتوتە کایەوە و بەرۆشنیش دیارە کەتاوانی تیرۆری سەردەشت بەرهەمی نوسراوێکە کە لەسەر خانەوادەی مسعود بەرزانی نوسیویەتی و تیرۆرکردنەکەشی پەیوەستە بەو نوسینەوە، لەحالەتیکی ئاوادا کە پارتی ودەسەلاتەکەی پاش زیاتر لەهەفتەیەک هیچ ئەنجامیک بەدەستەوە نادەن و بەرائەتی خۆیان ناسەلمێنن، خودی تاوانەکە و نارەزایەتی خەلک شەرعیەتی پۆستی سەرۆکایەتی دەخاتە ژیر پرسیارەوە. بەتایبەتیش لەهەرووڵاتیکدا کەلانی کەمی پرەنسیپی دیموکراسی رەعایەتبکرێ و ریز بۆ رای خەلکی دابنرێ، سەرۆکەکان وکاربەدەست و وەزیرەکان لەهەر فەزیحەیەکی مالی وئەخلاقیدا کە نەتوانن بەرائەتی خۆیان بسەلمینن، یان خۆیان دەست لەکاردەکیشنەوە وەیا بەرای گشتی ناچار بەم هەلویستە دەکریت. لەکاتیکدا تاوانی رفاندن و تیرۆری سەردەشت عوسمان لەکردەوەیەکی مالی وئەخلاقی واوەترەو یەک کارەساتی کۆمەلایەتیە کەسەرتاپای دەسەلاتی خستۆتە ژیر پرسیارەوە و شەرعیەتی

لەبەرپرسیاران سەندۆتەوە ودەنگی زۆرینەی دوینێی خەلکی بەتال کردۆتەوە. لەم روانگەیەوە خەلکی نارازای یان دەبێت تەسلیم بە بینەوبەردەی دەسەلاتداران ببن و دوای کەفوکولیک بەدەستی خالی بچنەوە مالەوە و فایلی سەردەشت وەک فایلەکانی شاپۆرو قابیل و عەبدستار تاهیر شەریف و سۆرانی مامەحمە بچنە خانەی لەبیر چوونەوەوە، یان دەبیت لەدەوری خواستیکی بالاتر دریژە بەبزوتنەوەی نارەزایەتی خۆیان بدەن، لیرەشەوە خواستی دەست لە کارکیشانەوەی سەرۆک وەک دروشمیک بەدەستەوە بگرین. ئەمە لە کاتیکدایە کە بەدی هاتنی ئەم دروشمە جگە لەوەی خەباتی جەماوەری هەنگاویگی گەورە لەدابین کردنی پاراستنی ئازادی سیاسی و ئەمنیەتی دانیشتوان دەباتە پیشەوە، هاوکات زەمینەیەکی لەبار بۆ کرانەوەی دەسەلات و ئیحترامگرتنی رای خەلکی لەلایەن دەسەلاتدارانەوە دەکاتە سونەتیک کەراستەوخۆ لیدانیکی گەورەیە لە فەزای سەرکوت و تۆقاندن کەوەک بەشیکی جیانەکراوەی دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی ژیانی هاولاتیانی پێ لەقالب دراوە.

14.5.2010

**بنەماڵەی کۆنەخواز و ترسنۆک، سەردەشت عوسمانی ئازادیخوازی تیرۆرکرد..**

حەمەی ئەحمەد رەسوڵ

دوای تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس سۆرانی مامە حەمە لە کەرکوک و دیزە بەدەرخۆنە کردن و ونکردنی ئەو کەیسە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، ریگەی بۆ ئەوە خۆشکرد کە ئەمجارەش رۆژنامەنووسێکی دیکەی ئازادیخوازو بوێرو جەربەزە، بە شێوەیەکی دڕندانەو ترسنۆکانە، لە شێوەی تیرۆری دەوڵەتدا، بە شێوازی تێهەڵدان لە رۆژی نیوەڕۆدا و بە بەردەم ئەو هەموو زێرەڤانییەوەو لە بەردەم دەرگای کۆلێژداو لە پایتەختی کوردستانی باشووردا و پاشتر ڕفاندنی و تیرۆرکردنی و گواستنەوەی بۆ شاری موسڵ بۆ ئەوەی ئەم کارە تیرۆرستییە دڕندانەیە لە جوگرافیای کوردستان و ونکردنی، ئەوا ئێستا بۆ هەموو کەسێکی نەزان و کاڵفامیش ئاشکرایە کە ئەمجۆرە بەرنامەڕێژییە کاری دەزگا ئەمنییەکانی حزبی کوردییەو حزبی دەسەڵاتدار ئەم پلانەی داڕشتووەو ئەمێستاکەش لێی بێدەنگەو زۆر شەرمنانە لە میدیاکانی خۆیەوە بە سەرە قەڵەم و کورتە هەواڵێکی تیژ تێپەڕ باسی لێوە دەکات و هیچی تر..

بەداخەوە، حزبێکی گەورەو خاوەن خەباتی چەکدارانەو شۆڕشگێڕی چەندان ساڵەو خاوەنی چەندان قارەمان و شەهیدەو، ئاوەها لە وشەی رۆژنامەنوسێکی لاو بترسێت، لە بری وەڵامدانەوەو چاکسازی کردن لە دەزگا گەندەڵ و مشەخۆرو جەردەکانی خۆیدا، لە بری تەسلیم کردنی گەندەڵکاران و ماشەرەوەکانی سامان و پارووە نانی خەڵکی کوردستان بە دادگا بارگاوییەکانی بە ئایدیۆلۆژیای حزبی و خزم خزمێنەو مەحسوبییەت..

لە بری ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی باشتر بکات و بێکارەبایی و بێسووتەمەنیمان چاکتر بکات.. لەبری ئەوەی حزب لە حکومەت جیا بکاتەوەو هاوولاتی بە نیشتمانە هەتیوەکەی ئاشت بکاتەوە.. لە بری ئەوەی ڕوو لە مرۆڤدۆستی و خوداپەرستی و دادوەری و شەفافییەت و دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین و بوژاندنەوەی ژیانمان و گەڕاندنەوەی پێکەنین و متمانەو خۆشی و ئینتیما بۆ نیشتمان و حکومەت و خاک و ژیانمان بۆ بگەڕێنێتەوە.. لەبری ئەوەی هەوڵ بدات دووبارە یەکترمان خۆش بوێت و هاوکارو هاوڕێی یەکتر بین.. ڕامان بێنێت لەسەر لێبووردەیی و یەکتر قبوڵکردن و بە ئاشتی ژیان و پێکەوە ژیانی جیاوازەکان قبوڵ بکەین.. کەچی خۆی لە ڕۆژنامەنوسێکی لاو تۆقیوە، لە قەڵەمێکی ئازادو ئازا دەترسێت..

ئەم دەسەڵات و حزب و بنەماڵە تۆتالیتارو خۆسەپێنە کوردییە، دەیەوێت ئێمەی تاکی کورد، ترسنۆک و بودەڵ و دزو درۆزن و لەشفرۆش و داوێن پیس و دەستپیس و جاسووس و ڕاپۆرت نوس و هەواڵدزو مەسینەدانەرو سەرشۆڕو ملکەچی پارەو سەیارەو سۆزانی و سەماکەرو مرۆڤی بێنرخ و هیچ و پووچ بین.. دەیەوێت دەستەمۆ بین بۆ ئەوەی مەرامە گڵاوەکانمان پێ مەیسەر بکات و تەمەنی گەندەڵی و دزینی سامان درێژتر بکاتەوە.. دەیەوێت هەتاکو مەحشەر و ڕۆژی قالوبەلا مۆنۆپۆلکردنی کورسی و داهات و بودجە بە کارو کردەوەی خۆی و بنەماڵەکەی خۆی بزانێت.. دەیەوێت لە پلەی خوداو یەزدان و خواوەندەکاندا هەتاکو ڕۆژی بێکۆتا هەر سەرمەدی و ئەزەلی بمێنێتەوە..

بەڵام خەیاڵی خاوە، لە سەدامی دیکتاتۆر تەمەن درێژترو بەهێزترو فیرعەونترو کەڵەگاتر نابن.. ئێوە لەوەوە پەڕۆیەک دادڕن و فێر ببن کە دیکتاتۆرییەت بێکۆتا نییە.. هەتاکو کەی نوسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنوسان دەکڕن و دەیانکەن بە کۆیلەی خۆتان و بنەماڵەکانتان.. ئایدیۆلۆژیاکانتان بنەبڕ بووەو ئەگەر پارەتان نەبێت کەسێک نییە قەناعەتتان پێ بهێنێت.. ئەو دەزگاو ڤێلاو سەیارەو سەماکەرانەی بۆ ئەو خۆفرۆشانەتان کڕیون بەپارەی میللەت، هەتاکو مەحشەر بە پێوە ناوەستن، ئێوە لە بورجی بابلیشدا بن کۆتاییتان دێت.. ئێمەش پشوومان درێژەو ئازادو ئازاین..

هەموومان سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمانین، ئەگەرچی ناوەکانمان بە پیتی( س) یش دەست پێنەکات.. دروشمی ئێمەی کوڕی سپینۆزاو ماندێلاو گاندی ئەوەیە کە (کەم بژی بەڵام کەڵ بژی).. سەرمان بۆ ئێوە و پارەکانتان شۆڕ ناکەین.. ئێوەیەک کە 36 هەزار براتان لە براکوژیدا کوشتبێت دەتوانن دوو یان سێ و چوار ڕۆژنامەنوسیش بکوژن.. بەڵام ئێمە دەبینە جۆردانۆ برۆنۆو ژان دارک و عەبدولخالق مەعروف و ئۆڵف

**تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، هەوڵێکی پووچەڵ بۆ تیرۆر کردنی ئازادی رادەربرین!**

**ناسک ئەحمەد**

**کارەساتی تیرۆرکردن و کوشتنی وەحشیانەی لاوێکی بیست ساڵانە، رۆژنامەنووسێکی ئازادیخواز و قەڵەمێکی ئازا برینی بیست ساڵ لە سەربرینی ئازادی رادەربرین و تیرۆرکردنی ئازادیخوازانی لە کوردستان لە جەستە و دڵماندا جاریکی تر هەڵکەند ، ویژدانی هەزاراران ئینسانی جووڵاند ، سەدان قەڵەمی هێنایە نووسین ، دەنگی هەزاران گەرووی هەڵبڕی و هەزاران ئینسانی هێنایە مەیدان بۆ بەرگریکردن لە ئازادی ووشەو بەیان.**

**تیرۆرستان و نەخشەدارێژەرانی تیرۆری سەردەشت، سەردەشتی خۆشەویست ومنداڵی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان ئاشکراو رۆشنە و وەک رۆژی رووناک دیارە. ئەمرۆ هیچ کەسیک بە ئەندازەی سەرە دەرزییەک شکی لەو راستییە نەماوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە دەستی دەزگا جاسوسییەکەی بە ناوی پاراستن هەڵسا بەم کارە ترسنۆکانەیە. بەییاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئیعتراف ودانانیکی ئاشکراو و شەفافە بەم راستیەدا.**

**کوشتنی سەردەشت عوسمان، هەوڵە بۆ کوشتنی ئازادی و trووسکایی نێو دڵی ملێۆنەها لاوو گەنجی کوردستان ، هەوڵە بۆ کووشتنی ئەو هاوارە قووڵ و ئەو دەنگە بەرزەی کە لە کوردستان بۆ ئازادی هاوار ئەکات . ئەیانەوێت بە تیرۆرکردنی سەردەشتەکان دەنگی ئازادی، دەنگی یەکسانی، هاوار بۆ ژیانیکی شایستەی ئینسانی و باشتر لە گەرووی کۆمەڵگەی کوردستاندا خەفە بکەن و نەوەیەکی بێدەنگ و رازی بە هەژاری و کۆنەپەرستی و قەڵەم فرۆش و سەرلەخوار و دەبەنگ بەرهەم بێنن. ئامانج لەم کارە نەک هەر بێدەنگەکردنی رۆژنامەنووسان و خەفەکردنی ئەندێشە وبیرکردنەوەیان و شکاندنی قەڵەمەکانیانە، بەڵکو تۆقاندنی هەموو خەڵکی کوردستان و بێدەنگەکردنی هەرکەسیکە کە داوای گۆرین دەکات، کە داوای گوزەرانیکی باشتر ، کاری شیاو، مووچە و مەسکەنی گوونجاوو، ئازادی رادەربرین، مافی ژن و لاو و سیستمێکی مۆدێرنی خۆیندن دەکات. بەم کارە پارتی و دەسەڵاتداران دەیانەویت هەژموونی بێ ئەملاولای دەسەڵاتیان مسۆگەربکەن و وەک هێزێکی بەلامونازیع و قابیلی نەگۆر لە مەیداندادا بن و ئازادی دەسەبەسەراگرتنی پارەو پوولی کوردستان و سیاسەتکردن و قسەکردن بۆ خۆیان پاوان بکەن. هەرکەسیک بە شانوباهوویاندا هەڵدا ئەوا لە نازو نیعمەت و ژیانی شاهانەدا دەیژێنن و دەرگا و مینبەری تەلەفویۆن و رۆژنامە و گۆقارەکانی بۆ دەخەنە سەرپشت. هەر کەسێکیش قەڵەمەکەی پێنەفرۆشتن و لە ئاست ناحەقی و نا یەکسانی و بە هەژارراگرتن و سەرکوتکردنی جەماوەری خەڵکی کوردستان بێدەنگ نەبوو، لە پاڵ بەرەی خەڵک و جەماوەردا راوەستا، ئەوا پاسەوانانی دەسەڵات و دەزگا ئەمنیەکانی دەسەڵات بۆی لە مەیداندان، یان شار بەدەری ئەکەن، یان دەبێ لە ژیاندا نەمێنێ.**

سەردەشت ئەو دڵە ئازایە بوو، کە تا دووایین ساتی ژیانی چۆکی دانەداو پڕ بە گەرووی هاواری ئازادی کرد، بە مەرگی خۆشی هەزاران هەزار گەرووی بۆ ئازادی کردەوە، کە ئەمرۆ وەک سەردەشت هاواری ئازادی دەکەن و دەجەنگن. تیرۆرکردنی سەردەشت عەسمان مێژووی پێش خۆی گۆڕی و دووارۆژیکی تری نیشان خەڵکی کوردستان دا. بەستەڵەکی بێدەنگی پچراند و مەسەلەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ئازادی رادەربڕینی کردە مەسەلەی هەموو تاکێکی کوردستان. هاتنەمەیدان و بێدەنگەنەکردنی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لەم تاوانە گەورەیەی کە بەرامبەر رۆڵیەکی کرا توانی ئەو مەرام و نیازە چەپەڵەی کە لە پشت پیلانی رفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشتەوە بوو پوچەڵڕ بکاتەوە. ئەگەر لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان رەخنەگرتن لە بنەماڵەی بەرزانی و دەسەڵاتیان هێڵی سووریان بێت کە بۆ ئازادیخوازان و خەڵکی کوردستانیان دەستنیشانکردووە، ئەوا ئێمەش پێتان دەڵێین کە رفاندن و تیرۆرکردن و چاووسوورکردنەوە لە سەردەشتەکان هێڵی سوورمانەو بۆتان نییە بەسەریدا برۆن. ئەمە بریار و مەبەستی سەرەکی هاتنەمەیدانی خەڵکی کوردستانە لە مەلەفی سەردەشت عوسماندا. ئەم بریارو قانوونەی خەلکی کوردستان کە لە هەموو خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانیاندا دووپاتی دەکەنەوە ، پەیام و ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ هەموو دەسەڵاتداران و پارتە سیاسیەکان لە کوردستان.

مەرگ بۆ تیرۆر و تیرۆرستان!

ژیان بۆ سەردەشت و سەردەشتەکان!

15 ی مەیی 2010

**سیناریۆکانی پارتی دەستی پێ کرد !!**

**مامە خولان**

16 مایس 2010

دوابەدوای هاتنە سەرشەقام و نمایشێکی بێوێنە و نوێ لەمێژووی هەڵگەڕانەوە لەدژی دەسەڵاتدارانی کوردستان لە ئەنجامی تیرۆر کردنی کاکە سەردەشت عوسمان ، لەڕاستیدا وەڵامی دەست بەجێ ی جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان بوو لە دژی تیرۆر کردنی دەنگ و خامەی ئازاد و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان کە زۆر لەمێژە نوسەرانی بوێرو چەپ و ئازادی خوازانی خستبووە ناو گێژاوی سیاسەتی بێ دەنگ کردن و تیرۆرو پەلاماری یەک لەدوا یەکی بێ ئەملاو ئەولای پارتی کوردی و بەتایبەت تر پارتی بنەماڵە .. ئەم نەبەردە مرۆڤ دۆستانەیە زرنگانەوەو ڕاوەشاندنی دەسەڵاتی کوردی بوو کە بەدرێژایی نزیک بە دوو دەیەی ڕابردووە لە دژایەتی سەرسەختانەی ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان نەک

هەر سڵیان لێ نەکردبووەوە و ، بەڵکو بەهەموو هێزێکیانەوە ڕێگری یان دەکرد بۆ بەلاڕێدا بردن ، چەواشەکردن و سەرکوتی بێ پەردەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی یەکانی خەڵکی کوردستان ...

ئەبێت ئێمە هەموومان سوپاس گوزاری پارتی دیموکراتی کوردستان بین و ئیتر هیچ دوودڵی یەک نەمابێتەوە کەلەڕێ ی بەیان نامەکەی مەکتەبی سیاسی یانەوە جارێکی تر دووپاتیان کردەوە کە نەک هەر نوێنەری خەڵکی کوردستان نین و بەهێزی میلیشیاوچەکداریان لە سەنگەری دژ بە ماف و ئازادی یەکاندان ، بەڵکو ئەمجارەیان بە ئاشکراو بێ پەردە ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ لەخوێن هەڵکێشانی جەماوەری ئازادی خوازی کوردستانی " گێرەشێوێن" .. جەماوەرێک کە هاتە مەیدانی ڕاستەقینەی نەبەردێکی مرۆڤ دۆستانە لەدژی سیاسەت و کارو کردەوەی ئەم جۆرە لە پارتێکی مافیایی وەک پارتی پارتان .. ئەوان لەڕێگای نووسەری ڕەزیل و کاسە لێسیانەوە ، لەڕێ ی نوسەرانێکەوە کە هەمیشە لە بارەگای بارزانیدا چۆپی ڕوو زەردی خۆیان لەبەرامبەر جەماوەری ئازادی خوازی کوردستاندا بەدەستەوە گرتووەو بە نرخی ڕۆژ پارووی چەور ئەگێنن ، دێن پینەو پەڕۆو ڕەتوشی سیاسەتی شکست خواردووی پڕ لەتاوان کاری شێخەکانی بنەماڵە ئەکەن و باندەکانی تیرۆریان بە پارێزەرو پارێزگارانی ئاسایش لە ژیان و ماڵی هاووڵاتی ئەم دەڤەرە ئەناسێنن ، وەک ئەوەی کە کارو کردەوەو سیاسەتی کۆنەپەرستانەو دژی مرۆڤی ئەم دەستەو تاقمە بۆ خەڵکی کوردستان ئاشنا نەبێت کە بەدرێژایی مێژوویان جگە لە تیرۆری پەنهانی و تالان و بڕۆی قوتی خەڵکی کوردستان ، جگە لە پاوان کردنی هەموو جومگە ماددی یەکانی کۆمەڵگا و کۆنترۆڵ کردنیان ، جگە لە لایەنی ئەسڵی وەک دەست کەلای دەستی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە دژی خەڵکی کوردستان هیچی تریان نەکردۆتە دیاری ..

لەئەنجامی ئەم مستە ددان شکێنەی جەماوەری ئازادی خوازو وەتەنگ هاتووی کوردستانەوە پارتی بە ئەندازەیەک تووشی هیستریا کردووە کە خوای دەسەڵاتیشیان ناتوانێت لەم گێژاوە ڕزگارو دەربازبکات و درەنگ یان زوو ئەبێت باجی ئەم ڕسوا بوونە لە سیاسەتیان لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی زیاتر بەرفراواندا بدەنەوە.. بەم هۆیەوەو تا نەبادا تەنانەت ڕیزەکانی خۆیشیان بکەوێتە گومانەوە و یەکجێ دەسەڵاتیان بکەوێتە ژێر پرسیاری جدی ترەوە ، ئەبێت هەروەک پیشەی هەمیشەییان تان و پۆی سیناریۆیەک بچنن و چەند کەسێک ئامادە بکەن بۆ ئەم مەبەستەو بە پارەیەکی مۆڵ بیان کەن بە ئەکتەری باش و باشترین ڕۆڵیان پێ ببینن لە پێشکەش کردنی شانۆگەری یەک کە بکرێ و بتوانرێت یارمەتی دەرێکی تۆکمە بێت بۆ بەلاداڕی بردن و چەواشە کردنی خەڵکی کوردستان .. پارتی کوردی لەم جۆرە شانۆگەری یانەدا دەستی باڵایان هەیەو بە پارە کەوڵی شێر ئەکەن بە بەرگی گوێ درێژەوە ..

ئەوەی کە گرنگە ئەبێت ئازادی خوازانی کوردستان و خەڵک لەدەوری هێزی مەزنی خۆیان کۆ ببنەوەو پەنا ببەنە بەر دادگای نێو دەوڵەتی ، یان لانی کەم نەتەوە یەک گرتوەکان بانگ هێشت بکەن کە لە نزیکەوە ووردەکاری پێویست ئەنجام بدەن لەم کەیسە ، ئەگینا هەموو

ڕێگایەکی وورد گیراوەتەبەر بۆ شاردنەوەی بکوژانی ڕاستەقینەی ئەم تاوانە گەورەیە ، تەنانەت بۆ لایەنگران و بەشێکی لەبەرچاویش لە دەسەڵاتدارانی ووردو درشتی خۆی ، چونکە کەشف بوونی ئەم مەسەلەیە مانەوەو ژیان و چارەنووسی پارتی لەسەر بەندەو هەردزەکردنێک لە ڕاستی و دروستی ئەم تاوان کاری یە ڕاستەوخۆ پارتی لەهەناسەدان ئەخات ، ئەمەش بۆ پارتی مانای یاسینی مەرگی خۆیەتی و بەهەر نرخێک بووە لەهەوڵی جدی ئەوەدایە بەشێوەیەکی ئەندازیارانە ئەم بەڵایە لەخۆی دوور بخاتەوە ...

**تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان زەنگێکی مەترسیدار بۆ کۆمەڵگا**

فەرەیدون حەمەڕەشید – سویسرا

ڕۆژی 2010/5/4 خوێندکار و ڕۆژنامەنوسی لاو سەردەشت عوسمان لەلایەن چەند چەکدارێکەوە لەبەردەم کۆلێژەکەی لە هەولێر ڕفێندراو ڕۆژی (پێنجشەممە) 2010/6/5 تەرمەکەی لە شاری موسڵ دۆزرایەوەو هێنرایەوە بۆ شاری هەولێر،ئەمەترسناکترین ئاماژەیەبۆ ئەو ئەتمۆسفێرەیەی باڵی کێشاوە بەسەر کپکردنی ئازادی ڕادەڕبڕن وڕۆژنامەگەری لەکوردستان ،کەهەمووکاتێکیش لەم زەلکاوە بۆگەن کردووە کەدەسەڵاتی کوردی وەستای درووسکردنی گۆمی زەلکاوەکەیە، ڕەووتە کۆنەپەرستەکان دەست ئاوەڵاتردەبن بۆ گووتار و کرداری کۆنەپەرستی،ئەم تاوانە مافیاییە ئەوەمان بۆپشت ڕاستدەکاتەوە کەئیتر کەس نەتوانێت لەگومانکردن لە دەسەڵات بەڕێوبردنی ئەم هەرێمە قسەیەک نەکات، ئەم دەسەڵاتە بێ مۆراڵە نەک ناتوانێت هاوڵاتییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بپارێزێت،بەڵکو خۆی بەرپرسی سنورداركردنی ئازادی و فراندنی ڕۆژنامەنووسان و نوسەرانە .

ئەمڕۆ هەمووومان لەگەڵ ئەوەکۆکین کە هێرشێکی بەربەریەت لەبەردەم وتنی ڕاستییەکاندا هەیە، دەسەڵاتی کوردی بەوە قەست وياخی دەبێت کە پرسیاری ئامارو بودجەو پرۆتۆکۆڵە کانی نەوت و بازرگانی لێبکەیت، وەک تیمساحێکی برسی پەلامارت دەدات گەر باسی مجامەلەی سیاسی و هەڵە سیاسییەکانی بخەیتە سەر ڕووبەری ڕۆژنامەکان، گەر باسی خاڵە نێگەتیڤەکانی حیزب و کەسایەتییە شەهوانییەکانی حیزبی لەڕاپۆرتێکدا بکەیت وەک سۆرانی مامە حەمە دەکرێت لەناو خوێنی خۆتدا باجی گوتنەکانت بدەیت، گەر وەک ڕۆژنامە نوسێکی تازە پێگەیشتووش بدەوێ لەناو هاوڕێکانی زانکۆدا سەرکێشی لە هەواڵ و زانیاری بکەیت و جەرائەتی نەخێرکردن بۆدەسەڵات بڵێیتەوە، ئەوە وەک زەردەشت عوسمان ی جوانەمەرگ وەکو مافیاکانی ناوفلیمەکانی هۆلیوۆد لەبەردەم حەرەمی زانکۆ بە بەرچاوی خوێندکارەکانی هاوڕێتەوە ڕاپێچی ناو ئۆتۆمبیلێکی هۆندات دەکەن و بەتێپەڕبوونی چەندان خاڵی پشکنینی هەرێمەکەت دوورتدەخەنەوە و دواتریش بەکوژراوی وەک ئەوەی کەسێکی کریمیناڵ بیت لاشەکەت فڕەدەدرێت. من دڵنیام سەردەشت عوسمان هەمێشە وەک خەڵکێکی

ئەم کوردستانە دڵی بۆهەموو پێشمەرگەو کارمەندەکانی ئەوبازیتانە لێیدەدا کەلەهێڵەکانی تەماس بەرگری وداکۆکیکەری وپارێزەری خەڵکی کوردستانن ،بەڵام مافیاکانی دەسەڵات تۆیان بەوخاڵانەی پشکنیندا فڕاند و کارمەندو پێشمەرگەکانی بازیتەکان بۆیان نەکرا بەرگریت لێبکەن، لەبەرئەوەی بکوژانی تۆ لەسەرو دەسەڵاتی ئەوانەوەبوون،یان بەپێچەوانەوە دەسەڵات لەوشارو هەرێمەدا بوونی نیە !!

بێگومان زەردەشت گیان تۆش ناو و کاراکتەرت دەچیتە پاڵ بەکرعەلی وفەرهاد فەرەج وسۆران و عەبدولخالق مەعروف و هەموو ئەو شەرافەتمەندانەی کەبۆ ئازادی و کوردستان گیانیان سپارد، ئەمڕۆ تازە کاروانەکە بەڕێ کەوتووە و مل بە چاوسورکردنەوەی دەسەڵاتی خۆسەپێن و بنەماڵەی سیاسی نادرێت،هاوکارەکانت لەگەرمیان و شارەزوور و هەڵبجەو ڕانیە و سلێمانی و هەولێرو بادینان لەدژی تیرۆری تۆ پەیمانی جەسارەت بە تۆ و بە هەمووئازادیخوازانی کوردستان دەدەن ،تا نوکی قەڵەمە بوێرەکانیان تیژتر بکەن بۆ ڕەخنەگرتنی سیاسی وئابووری لەدەسەڵات وبەسکاندالکردنی هەموو ئەوناموڕاڵی و گەندەڵییەی لەسەرملی کومەڵگای کوردی دەچێتە پێشەوەو بەناوی دەسکەوتی نیشتیمانی وخەباتی شاخ و بنەماڵەی سیاسییە وە پێمانی دەفرۆشنەوە، تائەوکاتەی دەسەڵات دەبێتە دەسەڵاتی خەڵک و دەبێتە ئامرازێک بۆپاراستنی ڕۆڵەکانی لەهەرکوشتن و فڕاندنێکی مافیایی، دڵنیایە ململانێکان بەردەوامن بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ و دەسەڵاتێکی جەماوەری و سەرخستنی دەسەڵاتی چوارەم ..

## هـەمـوومان "ســـەردەشـت" یـن!

عومەر محەمەد

ئێمە هەموومان سەردەشتین، سەردەشت نەک وەک جەستەیەکی ساردەوەبوو بەڵکو وەکو ناوێک کە سومبلی ململانێی ووشەو گوللەو قەڵەمی بوێروخۆڕاگر، سەردەشت وەک قەڵەمێکی تری ستەم لێکراو وەک سومبلی غەدرلەبوونو جورئەت، وەک سەرئەنجامی خەمساردیو بێ باکی دەسەڵاتدارانی کوردستان وەکو واتایەکی زەقی بوونی تیرۆرو کۆنەپەرستی لەم هەرێمە، سەردەشت وەک قەڵەمی میللەتێکی جینۆسایدکراو، بۆیە بەسەربەرزییەوە دەتوانین بڵێین ئێمە هەمووماان سەردەشتین، لەبەرئەوەی قەڵەم کوژان ریسواترینو ترسنۆکترین سیستەمو بوونەوەرن، ئێمە هەمومان سەردەشتین بۆ ئەوەی بەدنیا بڵێن چیدی ئەو بوونەوەرە بێدەنگانە نین کە جارێکی تر لەسایەی بێدەنگیدا وەک میگەل ئەنفالمان بکەن، دەمانەوێ خەیاڵی ستەمکارانە شکست پێبێنین، لەهەقیقەتیشدا ستەمکار شکستخواردووە، بەو واتایەی ئەوکاتەی کاتێک تیرۆر دەکاو خۆی بەسەرکەوتوو دەزانێت لەهەموو کات دۆڕاوترە، چما ترسنۆکی لەتیرۆر زیاتر چیە؟ ئەوان بەنیازن بمانکوژنو تیرۆرو تڕۆمان بکەن، ئێمەش بەنیازین نیازو رەفتاریان ریسواو ریسواتر بکەین، بۆیە دەڵێین: بێدەنگ

نابین بابفەرموون لەوان گوللەو لەئێمەش ووشە، بزانین دوارۆژ کێ ریسوا دەکاو کێ سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ..؟

ئەگەر بەلۆژیکی تیرۆرستان سەردەشتو سۆرانو قەڵەمە بوێرەکان شایستەی ژیان نەبنو قابیلی کوشتن بن، ئەوا ئێمەش هەموومان لەکوشتنو تیرۆر بێباکین، چونکە بۆ ئێمە چەندە ژیان گرنگ بێت هێشتا ئازادیمان لەلا گرنگترە بۆیە مردنمان لەپێناوی ئازادیدا پێ باشترە لە ژیانێک کە بەملکەچی بەرێوەبچێ ، من نازانم کێ تاوانبارە لەکوشتنی سەردەشت بەڵام هەموومان بەرپرسیارین لەژیانو سەلامەتیو ئابڕوی یەکتری.. بەتایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانو وەزیری ناوخۆو هێزە ئەمنیەکانی هەرێم ..بەرپرسی یەکەمن ، چ شەرمەزارییەکە لەناو هەراو غەڵبەغەڵبی پروپاگەندەی ئازادیو مافی مرۆڤدا هاوڵاتی بڕفێندرێو بکوژرێ ..؟ خوێندکاران بەترسودڵەراوکێوە بچنە زانکۆ منداڵان بترسن ..؟ ئەمە چ درۆیەکی گەورەیە بەناوی ئازادیو مافی مرۆڤەوە دەکرێ..؟ بەواتا زۆر سادەوساکارەکەی ئازادی ئەوەیە هەموومان قسەبکەین، هەموومان خاوەنی خۆمانو کەرامەتی خۆمان بین هەموومان ژیانو کەرامەتو ئاسایشمان پاریزراوبێت بەڵام کە ئەمانە نەبوون .. ناچارین کاربۆ بەدەستهێنانیان بکەین، ناچارین دەست بەلۆجیکی ژیانەوە بگرینو تێبکۆشین بۆ ئەوەی ئازادی بەدەستبهێنین بۆئەوەی رێز بۆ قسەو قەڵەمو ووشە بگێرینەوە.

**وەڵامێکی دانشکێنی جەماوەری بە تیرۆر و کۆنەپەرستی و خاڵێکی وەرچەرخان!**

**هیوا ئەحمەد**

بوون و بەدەستهێنانی نزمترین ئاست لە ئازادی سیاسی و دەربرینی بیرورا لە ناو هەر کۆمەڵگەیەکی سەر رووی ئەم زەمینە بە ئاسانی و بەبێ خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان بەدەست نەهێنراوە و بەدیناهێنرێت. هیچ دەسەڵاتێکی زۆردارو دیکتاتۆر و ئاینی و چەوسێنەر و سەروخەڵکی بە سیستمە پەرلەمانییەکانی ووڵاتانی رۆژئاواشەوە، بە خۆشی خۆیی و بە ئاسانی وەک خیر وسەدەقە لە گیرفانی خۆیەوە ئازادی و مافە مەدەنیەکانی خەڵکی نەداوە و نەبەشیوەتەوە، بەڵکو لەلایەن ئازادیخوازان و جەماوەری بێبەش لە هەناسەی ئازادی، شەریان لەسەر کراوە و بەدەستهێنراوون. ئەمرۆ کۆمەڵگەی کوردستانیش هەمان رەوەند تەی دەکات و درێژەدانە بەو رێگا و ئاسۆ وئامانجە.

دەربرینی نارەزایەتی و خەباتی جەماوەری ئەمرۆی خەڵکی کوردستان لە دژی رفاندن و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان و پێش ئەویش سۆرانی مامەحەمە و دەیانی تر لە هەڵسوراوانی سیاسی و رۆژنامەنووس و نوسەران و رەخنەگرانێک لە مەزهەب و کۆنەپەرستی و دەسەڵاتی حیزبە بۆرژوازیەکانی دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا،بەشێک و درێژەدانە بەهەمان رێگای خەباتی سەراسەری وجیهانی ئازادیخوازان

کە لە مێژووەیە لەم کۆمەڵگایەی ئێمەشدا بەرێکەوتووە وشەڕ لەسەر ئەو مافانە دەکات. ئەم هەوڵدان و قووربانیدانە لە پێناو بەدەستهێنان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بوونی بەها مرۆڤایەتییەکانە تیایدا. تێکۆشانە لە پێناو بەدەستهێنانی مافی ئازادی دەربرینی بیروراو ئەندیشە و رەخنەگرتن لە دەسەڵات و حکومەت و حیزب و سەرۆک و نەتەوەپەرستی و ئاین و مەلا و قەشەو هەموو ئەو پیرۆزیانەی بەزۆر لە لایەن دەسەڵات و زۆردارانەوە بە بەرگی خەلک دووراون و بەسەر کۆمەڵگەو جەماوەردا سەپێنراون و وەک هێڵێ سوری ئەزەلی وهەتاهەتایی کە بەزاندنیان نییە بە خەڵک ناسێنراوون.

بەداخەوە ئەمرۆ لە کوردستان بڵێسەی ئەم بزووتنەوەیە بە تیرۆرکردن وگیان لەدەستدانی رۆژنامەنووسی ئازیز و بوێر سەردەشت عوسمان وپێش ئەویش سۆرانی مامەحەمە گڕیگرت وتەقییەوە. بەڵام ئەمرۆ ئەوان بوونە هێما و سومبل و ناونیشانی نارەزایەتییەکی جەماوەری بەرفراوانی کۆمەڵایەتی سەراسەری خەلکی کوردستان دژ بە تیرۆر و ترساندن و هەرەشەی دەسەڵاتی کوردی و مەلا و ئیسلامیەکان لە ئازادی و پێشکەوتنخوازی و کپکردن وشکاندنی قەڵەم و زمانی رەخنە و خنکاندن و تاساندنی رۆژنامەی ئازاد و دەربرینی بیرورا جیاوازەکان.

بۆ یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستاندا بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەی بەرفراوان بەم شێوەیە لە دژی تیرۆر و کۆنەپەرستی و سەرکوتکردنی ئازادی دەربرینی بیرورا، کە زۆربەی توێژ وناوەندە نارازی وچەوساوەکانی کۆمەڵگە تێیدا بەشداربن، دێتە مەیدانی ململانێی سیاسی وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لەگەڵ دەسەڵات و کۆنەپەرستی ئاینی و ئیسلامیدا. دێت و وەڵامێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی هەمە لایەنە و دانشکێن بە بەرەی کۆنەپەرستی و تیرۆر و بەرتەسکردنەوەی ئازادی دربرینی بیرورا دەداتەوە. جەماوەری نارازی لە نەبوونی ئازادییەکان و مافە مەدەنیەکان و پێشێلکردنی بەردەوامیان، بۆ یەکەمجارە بە دوور لە نەریت و شێوازی میلیشیایی و چەکداری و دواکەوتووی حیزبە کوردی وئیسلامییەکان، بەم شێوە بەرفراوانە کۆمەڵایەتی وسەراسەرییە دەستدەداتە بەدەستەوەگرتنی شێوازی خەبات وتێکۆشانێکی مەدەنی وشاری و نوێ بۆ دەربرینی نارەزایەتییەکان و بەدەستهێنانی دواکاری ومافەکانی. کەئەمە بۆخۆی خاڵێکی پۆزەتیڤ و گرنگە لە درێژەدان و بەردەوامبوون و بەرفراوانبوونەوەی هەرچی زیاتری ئەم بزووتنەوە نارەزایەتیە. دیارە ئەم شێواز و رەوەندە لە خەبات لە ئاستێکی بەرتەسکتر و نزمتر و نوخبەییدا ساڵانێکی زۆرە لە کوردستاندا خۆی نیشانداوە. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بە تایبەتی بەهۆی رووخانی رژیمی بەعس و ئەو ئاڵوگۆرە سایسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و جیاوازییە چینایەتی وشێوازی ژیانەی لە کوردستاندا شکڵیان گرتووە، نەخش وکارکردی سەرەکیان هەبووە لە فەراهەمکردنی زەمینەو هەلومەرجە مادییەکانی شکڵگرتن و خۆدەرخستنی ئیستای ئەم شێوازە مەدەنی وشاریە نوێیە لە خەباتکردن و بەرێخستنی نارەزایەتیدا و بەرەوپێشتریش دەچێت.

ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستاندا ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بۆ ئازادی هەڵسورانی سیاسی، ئازادی ئەندێشە و دەربرینی بیروورای جیاوز، ئازادی رەخنەگرتن لە پیرۆزیی وسەروەرییەکانی دەسەڵات و ئاسایشی نەتەوەیی و ئایین و حیزب و سەرۆک و بەرپرس،هەروەها ئارەزوو و خواستی پێشکەوتنخوازی و نوێخوازی ملیۆنەها مرۆڤی ئەم دەڤەرە، پێیناوەتە ئاستێکی بەرز و چارەنووساز لە خەبات. خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە بە قازانجی ئازادیخوازی و مۆدیرنیزم و ئازادی دەربرینی بیرورا لە ململانێی سیاسی وکۆمەلایەتی و فەرهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی حیزبە کوردی و ئیسلامیەکان و پارێزەرانی فەرهەنگ و داب ونەریتی کۆن و خێڵەکی و کۆنەپەرستی و دواکەووتوویی لە کۆمەڵگای کوردستاندا. بزووتنەوەی ئازادی دەربرینی بیروراو و ئەندێشە لە کوردستاندا، ئەمرۆ لە نوخبەیەک و چەند دەنگێکی ئازادیخواز و رەخنەگر و رۆژنامەی ئازاد و هەڵسوراوانێکی سیاسی و حیزبی تێپەری کردوەو خەریکە ریگا و رەوەندی کامڵبوون و بوون بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی گەورە و کاریگەر دەبرێت. بەجۆرێک کە بۆتە قورسایی و مەترسی و هەرەشەیەکی هەستپێکراو و گەورە بۆسەر دەسەڵاتی قۆرخکراو و پارێزەرانی فەرهەنگی ئیسلامی و خێڵەکی و دواکەوتوو لە هەرێمی کوردستاندا. دەسەڵاتێک کە نزیک بە دوو دەیەیە لەژێر چەتری ئەم پیرۆزی و سەروەری و هێڵەسورانەدا سەروەت وسامانی کوردستان بە تالان دەبەن و مفت دەیخۆن. بۆ پاراستنی هێڵەسورەکانی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و میلیشیایی و خێڵەکی و بیر تەسک و کۆنەپارێزەش، دەکوژن و دەبرن،شەری ناوخۆ بەرپادەکەن وپەلکێشی سوپای تورکی و پاسداری ئیرانی و گاردی کۆماری رژێمی بەعس دەکن بۆ ناو کوردستان و بە سەروەری و سەرکەوتنی نەتەوەیی ناودەبەن،رفاندن وترس وتۆقاندن و تیرۆر بەرێدەخەن،دەمی ئازادیخوازان و رۆژنامەو رەخنەگران و نوسەران دەبەستن،فەرهەنگ و داب ونەریتی دواکەوتوویی خێڵەکی و ئاینی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستی زیندودەکەنەوە و بەهێزی دەکەن، دەچنە پشتی مەلا و گروپە ئیسلامییە تیرۆریستەکانی فکر و جەستە تا ئازادی دەربرینی بیرورا سەرببرن و رەخنەگرتن لە دەسەڵات و ئایین و ئیسلام بکەنە حەرام و بەری پێبگرن.

پێش پەرەگرتنی نارەزایەتیەکان و تیرۆری سەردەشت عوسمان مەلا وگروپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی پارە وەرگر و سەربە کۆماری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی و مقاشی دەستی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردی بۆ بەکارهێنانیان لە بەرامبەر هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز و مەدەنیدا، ئەرکی سەرکوتکردن و پاشەکشەکردن بە بزووتنەوەی ئازادی دەربرینی بیرورا و رەخنە لە دەسەڵات و ئایین و ئیسلامیان گرتە ئەستۆ، بەڵام هەر زوو لەلایەن جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان و رۆشنبیران و نوسەران و رۆژنامە و رۆژنامەنوسانی ئازادەوە وەڵامیان پیدرایەوە و ناکام مانەوە. لێرەشەوە لە بەرامبەر گەشە و پەرەگرتنی زیاتری ئەم بزووتەوە ئازادیخوازییە ئیتر مقاشبەدەست و هیزی راستەوخۆی پشتی هێرشی مەلا و ئیسلامیەکان کە ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردییە ئاشکراتر مەرام وهێرشەکانی خۆیان بۆسەر رۆژنامەنووسان و ئەم بزووتنەوەیە ئاشکرا تر نیشاندا و راستەوخۆ لە بەرامبەریدا وەستان. دەستیان دایە تیرۆر و تۆقاندن و راگەیاندنی حەملەیەکی

دواکەوتوو و سواو بەمەبەستی چاوترساندن. وەک پیشەی هەمیشەییان و کارتێکی سوتاو دەستیان دایە تاوانبارکردنی جەماوەری نارازی و رۆژنامە ئازادەکان و رۆشنبیران و نارەزایەتییەکانیان دژ بە تیرۆر و بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان، بە تابوری پینج و دەسیسەی سیاسی و ئەحزابی تر و بە مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریەکانی سەرۆک و پارتی سەرکردە و حکومەت وکورد لە قەڵەمیان دان. بەڵام پەرەگرتنی نارەزایەتیەکان ودرێژەکێشانیان تا ئێستا و ناکام مانەوە و سەرەگێژەی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردی لە بەرامبەر ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە نارازییەدا ئەو راستیە دەسەلمێنن کە خەلکی کوردستان چیتر گوێگری ئەو شێوازە دواکەوتوو و تۆقێنەرەی دەسەڵاتداران نین و پولێکی قەڵب ناکات لەلایان. خۆیان ئیتر بەشێوازێکی تر بە ئاسۆ و لە روانگەی بەرژەوەندی خەلک و ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازییەوە وەڵامی خۆیان بەم هێرشانە دایەوە و بەردوامیش دەیدەنەوە و تا بەدەستهێنانی ئامانجی کۆتایی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە درێژە بەهەوڵ وخەباتی خۆیان دەدەن.

2010/5/16

**بەرگری لە ئازادی بیر و ڕا سەردەشت عوسمان و لاش ڤیلکس دوو نموونەی زیندوو**

**فەهد گردەوانی**

زەنگی ئازادی بیروڕا بەهێز تر دەبێت و ریسواکردنی دەسەڵاتی داپلۆسینەر فرەوانتر دەبێت . پێناسەی ئازادی بیر و ڕا بە زمانەکانی عارەبی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی و سویدی لە خوارەوەی ئەو نووسینە دانراوە و سەرچاوەی گەلێک زۆر دەربارەی نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە . مرۆڤ کە لەدایک دەبیت بە ئازادی دێتە سەر دەست و وورده وورده بیروهۆشی فرەوان دەبێت . ئەوە مێشکی مرۆڤە بڕیار دەدات وەکو باوکودایک بیربکاتەوە یا بیروڕایەکی تر وەربگرێت . وەکو باوکودایک ببێتە مرۆڤێکی دیندار یا بیر لە بوونی خودا و پیغەمبەران نەکاتەوە . وەکو دایکوباوکی جگەرەبکشێت و بخواتەوە یان دژی کێشانی جگەرەوخواردنەوەبێت . وەکو دایک و باوکی حەج بکات یان بەلای کەعبە و کەلیسا و شوێنی پەرستگای ئایینی دانەڕوات . ئەو کەسە ئازادە لە بیرکردنەوە و بیروڕای جا ئەوەی بیەوێت سەنسووری بکات یان رەقابەی بخاتە سەر دەبێتە داپلۆسینەوەر و دەیچەوسێنیتەوە . حەلاجی بەستەزمان پارچەپارچەدەکرا کەچی هەر دەیگوت انا الحق و انا الحق ، خۆی کردە گانفیدای ئەو بیروڕایەی باوەڕی پێ هەبوو . فەهد [یوسف سەلمان یوسف]ی دامەزرێنەری حزبی شیوعی عیراق لە کاتی هەڵواسینی گووتی شیوعیەت لە مردن بەهێزترە و لە سێدارە بەرزترە ، ئەوەش هەر تەعبیری لەو بیروباوەڕەی دەکرد کە باوەڕی پێی هەبوو . مرۆڤ بتوانیت لە پێناوی بیروباوەڕی مردن هەڵبژێریت یان ڕێگای سەخت هەلبژێریت هەر سەرکەوتن بەدەست دەهینێت . ئەوانەی دەیانەوێت کاریکاتۆریستی سویدی بێ دەنگ بکەن

هەردەم فەشەل دەهێنن و ریسوابوونیان بۆ دەمینێتەوە چونکە ئەو هونەرمەندە بیروباوەڕی بەو جۆرەیە و نایەوێت کەس سەنسووری بکات ، خۆ ئەوە چەند جارە ژیانی دەکەویتە مەترسی کەچی واز لەو ئازادی یەی خۆی ناهینیت . ئەوانەی سەردەشت عوسمانیان شەهید کرد مرۆڤی نەخۆش و دۆڕاون چونکە دەیان سەردەشتی ئاوا پەیدادەبێت کە بیروباوەڕی خۆی بە ئاشکرا بەیان بکات . روو زەردی هەر بۆ ئەو بکوژانە دەمینێتەوە کە توانیان گەنجێکی ئاوا بفڕینن و تیرۆری بکەن . ئەو جۆرە گەنجانە بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە تۆقاندن و ترس بیروباوەری خۆیان دەهێننە سەر کاغەز و هەندێک جار سەر شانۆ و شەقام . ئەوانە دەیانەوێت پەیامی خۆیان بگەینن و تاقە رێگاشیان قەڵەمە .

دەبێت ئاسایشی کوردستان بخرێتە بەر پرسیار و گەلێک پرسیار رووبەڕووی ئەو دەزگایانە بکرێتەوە کە ئەرکی سەرشانی پاراستنی رووحی مرۆڤی کوردستانە . ئەوانەی بیانەوێت کەیسی سەردەشت عوسمان ئاشکرا بکەن و بکوژەکان بگەیینە دادگا و تاوانباران ئاشکرابکرێن دەبێت ئەو دەزگایە حکومیانە بێت کە پاراستنی کوردستان و ئاسایشی خەلکی دەپارێزێت خۆ ناکرێت کەسانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بانگهێشت بکرێت بۆ ئەوەی تاوانباران بدۆزیتەوە . ئەوەتا هەر لەپاش یەک ڕۆژ ئەوکەسەی ئاگری لەماڵی رەسامی سویدی ڤیلکس بەردا پۆلیسی سویدی دەستگیری کرد و دایە دەست یاسا . دەبێت حکومەتی هەرێم ریگا نەدات وازی بە بیروباوەی جیاواز و بیروباوەری ئایینی جیاواز و بیروباوەری حزبایەتی جیاواز بکرێت و بە هێز و دەسەڵات تاوبداتە بێ هیز و بێ دەسەڵات . ئەوە دەبێت لە کوردستان بنبڕ بکریت چونکە میللەتی کورد لە جیهاندا تاقە میللەتە لەسەر زەوی ماوەتەوە و ڕێگای پێ نادرێت هەتا بە زمانی خۆی تەعبیر لە بیروباوەری خۆی بکات . کوشتنی مرۆڤ لەسەر بیروباوەر کوشتنی سیستەمی دیموکراتی و ئازادی و سەربەخۆی مرۆڤە .

2010/5/17ستۆکهوڵم

**پێشێل کردنی ئازادی سیاسی ڕۆژنامەنوس و بیروڕادەربڕین و ڕاگەیاندنەکان لە کوردستان**

سەعید سەدیق

ئازادی سیاسی ڕۆژنامەنوس و بیرو ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن واتا مرۆڤ دەبێ ئازاد بێت لە دروستکردنی حیزب و ڕێکخراو سەنتەرو خۆپیشاندان و نارەزایەتی نوسین و قسەکردن رەخنەو ڕازو گلەیی شانۆو نواندن و لاسایی کردنەوە و وێنە کێشان ئازادی کتێب و بەیان و بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەوانی

پۆشین و لە بەرکردنی جل و بەرگ بەشێوەی ڕۆژانە و مۆدێرن ئارایش کردن و جوانی و خۆرێک خستن زەمانەت و نیشتەجێ بوونی هەرفەردێک لەهەرشوێنێکی ئەم جیهانە بێت پێویستە بەچاوێکی مرۆڤانەوە سەیربکرێت و بخوێندرێتەوە چونکە مرۆڤەو بۆ ژیان هاتووە ؟

هەروەها ئازادی خواردن و خواردنەوە ئازادی کچان و کوڕان لە هەڵبژاردنی چارەنوسی ژیانی یەکتریدا....هتد

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ لە کوردستان نەک ڕێگاپێدانی جموو جۆڵ و چالاکی ئازادی سیاسی نی یە بەڵکو خەڵکانی پێشکەوتنخوازو نوسەرو شاعیرو ڕوناکبیرو ڕۆژنەمەنوس لێ ئەدرێن و ئەگیرێن ، ئیهانە و هەڕەشە و سوکایەتی پێ ئەکرێن ، ئەفرێندرین و سەرنگوم ئەکرێن ، توشی ترس و دڵەڕاوکێ ئەکرێن ، ئەتۆقێنرێن و تیرۆر ئەکرێن نمونەش زۆرە لەوانە سۆرانی مامە حەمە سەردەشت عوسمان و چەندەهای تر ...هتد بەڵام سەردەشت عوسمانی لاوو خونکارو ڕۆژنامە نوس زۆر بەشێوەیەکی دڕندانەو نامرۆڤانە دوور لەسیمای مرۆڤایەتی وشارستانی بەڕۆژی ڕوناک لە پایەتختی هەرێمی کوردستان کە هەولێرە بە بەرچاوی قوتابیانی زانکۆو پۆلیسی پرسگەی زانکۆوە بە بەرچاوی خەڵکەوە بەسەیارە ئەفرێنریت و بە بەردەم تێپەڕبوونی دە دوانزە خاڵی پشکنینەوە ئەیبەن تیرۆری ئەکەن و لە موسڵ لاشەکەی فڕێ ئەدەن ، ئەم کردەوەیە دەستێکی ڕەشی تیرۆری لە پشتەوەیە هەرکەس و لایەنێک ئەو کارە تیرۆرە دژ بە مرۆڤایەتیەی ئەنجامداوە نەک هەر دەستی تێکەڵە لەگەڵ گروپە تیرۆریستەکان بەڵکو خۆیشی تیرۆریستەو ئاگایشی لەهەموو کارە تیرۆری یەکانە خۆیشی هاوبەشە لەگەڵیاندا . ئەمڕۆ لەکوردستان جارێکی تر ئەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی چاخەبەردینەکان سەردەمی تاریکستان و جەنگەڵ و خورافیات گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمی مرۆڤی نیاندرتاڵ و ئەشکەوتەکان گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمی قەڵاو قەبیلەو ئاغاو دەرەبەگایەتی گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمی بەعس و سەردەمی زوڵم و زۆری و زەبرو تۆقاندن لێدان و کوشتن و ڕاونان . پێنوس لەهەموو سەردەمێکدا مۆم و چرای ڕووناکی بەرچاوی کۆمەڵگاکانە چونکە مێژوی پێ تۆمارکراوەو ئەکرێت؟ ئەو کەسەش کە پێنوس بەکار ئەهێنێت زانایەو ڕێگا دۆزەرەوەیە ، ئەگەر ڕۆژنامەنوس و پێنوسەکەی نەبوایە هەرگیز شارستانی بەم شێوەیە نەئەچۆ پێشەوە ئەی کەواتە بۆچی ڕێزیان لێ ناگیرێت و حسابیان بۆ ناکرێت بۆ ئەبێ بەو دەردە ببرێن ؟ بەڕاستی ئەم کارە تیرۆرستیانە شەرمەزاری یە و ئەبێ بەرپێبگیرێت پێویستە لەسەر خەڵکانی ڕۆشنبیرو ئازادیخوازو لایەنگری مافەکانی مرۆڤ و هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە کە ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریەو نابەجێ و ناڕەوایانە بکەن و هەمووی تێکڕا بڕژێنە سەرشەقامەکان و دەنگی خۆیان بکەن بەیەک دەنگ بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەوکارە تیرۆریستی یە.. ئێمە لێرەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەو خزم و کەس و کارو هەموو دۆست و هەڤاڵانی سەردەشت عوسمان و هەموو قوربانیانی هاوشێوەی ئەو ئەکەین و سەبرو ئارام و دڵ نەوایش بۆ بنەماڵەکەیان.. بە سەردەشتی لاوو خوێنکارو ڕۆژنامەنوسیش ئەڵێین تۆ نەمردویت ماویت خۆزگە ئەتبینی چۆن کوردستان خرۆشاوەو کە هەموو خەڵکی شارەکان و ناوچەکانی ڕژاونەتە سەرجادە وشەقامەکان لایانگرانی تۆ بۆ ناڕەزایەتی مەرگی تۆ دەسەڵاتیان هێناوەتە زەلزەلە ؟

**سەردەشت، یەکەم خوێندکاری ناڕازی بوو، پێش ئەوەی خوێندن تەواو بکات، دەسڵاتداران دایانمەزراند!**

**ئامانج پیرۆت**

**١٧ ی مەی ٢٠١٠**

نە من و نە کەسی تریش ئەوەمان لا سەیر و چاوەڕواننەکراو نەبوو، کە کاتێک دەمانبیست وەیان دەمانبینی، کە دەسڵاتدارانی پارتی و یەکێتی، خوێندکاری وایان دادەمەزراند، کە هێشتا دوا پۆلی خوێندنی تەواو نەکردبوو! چونکە ئەم هەواڵە هەمیشە هاوپێچ بوو لەگەڵ ئەو ڕوونکردنەوەدا، کە ئەو خوێندکارە ئامادەیی ئەوەی تیابووە کە ببێتە خزمەتکارێکی گوێڕایەڵتر. ئەمەش بۆ هەموو دەستە و تاقمێکی مافیایی ئاسایی یە و ئەولەویەت لای ئەوان ئەوە نی یە ئەو کەسە چی لە ئاستی کۆمەڵدا دەکات، بەڵکو ئەوەیە کە چ خزمەت و کۆیلەتی یەک لەو کۆمەڵگەدا بۆ تاقمە مافیاکە ئەنجام دەدات!

بەڵام ئەوەی بە لای منەوە سەیر بوو، ئەوە بوو لەم دوایی یەدا بیستم ، دەسڵاتداران خوێندکارێکیان وەک مامۆستا دامەزراندوە، کە هێشتا یەک دوو مانگی مابو بۆ تەواو کردنی خوێندن. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو، کە ئەو خوێنکارە نەک هەر نەدەبوو بە خزمەتکار و کۆیلە، بگرە کەسێکی ناڕازی بوو لە جیاوازی چینایەتی و فریودان و ترساندن و سەرکوت و خاوەن قەڵەمێکی ئازاش بوو!

ئەگەر بڕواش ناکەن بڕۆن لە یەک بە یەکی خەڵکی کوردستان بپرسن، بزانن ئێستا ئەو خوێندکارە نەبوەتە مامۆستا و لە یەک کاتدا، چەندین وانە بۆ سەرلەبەری خەڵکی کوردستان( لە کرێکارێکەوە بگرە تا سەرکردەکان ، لە منالێکەوە بگرە تا پیرێک) نالێتەوە؟!

ئەو ئێستا وانەی مێژوو بە هەموان دەڵێتەوە و سەرنجیان دەخاتە سەر ناوی هەر هەموو ئەوانەی کە بە فریودان و ترساندن و سەرکوت، دەیانویست بەر بەوە بگرن کە چەوساوەکان بێدەنگ بن و جگە لە پێشبڕکێی دەستەمۆ بوون و خزمەتکاری و ملی یەکتر شکاندن شتێکی تر فێر نەبن. سەرنجیان دەخاتە سەر ئەوانەی دەیانویست، چەوساوەکان هەرگیز نەزانن دەچەوسێنەوە، ئەگەر زانیشیان ئەوا هەرگیز نەوێرن یاخی بن، ئەگەر یاخیش بوون ئەوا هەرگیز نەتوانن یەکبگرن و بەهێز بن. مێژوو هەموو ئەمانەی بەخۆیەوە بینی. هەزاران سەرکردەی گەورە گەورە، هەموو ڕێگاکانیان تاقیکردەوە تا لە شوێنێکدا ڕوباری ئەو پرۆسەیە ڕابگرن. بەڵام ڕوبارە بەردەوامەکەی ژیان، یەکە یەکەی ئەوانی وەک بەردێک فڕێدایە کەنار و هەر ڕۆژەی قەتماغەیەک قەوزە و قوڕولیتەیان لەسەر دەنیشێنێت و خۆیشی درێژە بە ڕێڕەوە هەتا هەتایی یەکەی خۆی دەدا و هەموو ئامانج و شیعار و خواست و ویستێکی ئەوەیە کە نەوەستێت و کەسیش نەتوانێت ڕێگەی پێبگرێت! هەڵمەت و ڕەوتی ئەم ڕوبارە نەمر و سەرسەختەی ژیان هەمیشە هاوڕێی لرفە و هاژە و خوڕەی توڕەیی و پەلامار و گۆرانی و سرودەکانی ئەو چینە بووە کە بە بەرهەمەکانیان ژیانی کۆمەڵگایان ڕاگرتووە.

چینە مشەخۆر و سەرکردە دڕندە و دژی ئینسانەکانیش هەمیشە بوونەتە لەمپەر، هەمیشە دزین و دەسبەسەراگرتنی بەرهەمەکانی ئەوانیان لە پەیامە ئینسانی یەکەی چینە بەرهەمهێنەرەکان و ئامانجی ڕوبارەکەی ژیان لا پیرۆز تر بووە و تاقە دەنگێک کە هەڵیانبڕیبێت، دەنگی ئیعازی ڕێگرتن بووە بەو ڕوبارە و تاقە دەسکەوتێکیش کە لەکۆتاییدا بۆیان مابێتەوە، سەرەنوێلەکانی مێژوو بووە.

سەردەشت، ئێستا مامۆستای بواری دەروونیشە و ڕاشکاوانە بە هەموو دنیا دەڵێت:

ـ ترس، کە گەورە دەبێت، دەبێت بە ئازایەتی! ئەمە ئەو ڕاستی یەیە کە هەمیشە ئەوانەی مایەپووچ کردوە، کە ویستویانە کۆشکی مانەوەی خۆیان لەسەر پایەی ترساندن دابڕێژن. ئەوان بە ناچاری هەر ساتە نا ساتێک خشتێکیان بۆ ئەو پایەیە زیاد کردوە، کە دوایین خشتیان، ئازایەتی بەرهەم دێنیت و لێیان یاخی دەبێت و سەرلەبەری کۆشکەکەیان هەرەس پێدێنێت!

سەردەشت ئێستا مامۆستای دۆزینەوە و دەرخستنی (تاوانباران) ە، ئەو ئێستا نەک هەر ئەوەندە زانیاری داوەتە هەموو کەسێکی ئەم دنیایە، کە بزانێت تاوانبارەکانی کوشتنی خۆی کێن، بەڵکو ئەوەندە زانیاری داوەتە خەڵکیش کە بزانن ئەوانەش کێن کە سبەی بە بیروباوەڕەکانیان ، سیاسەتەکانیان، تاوانی تر ئەنجام دەدەن!

ئەو ئێستا بە ناوەکەی خۆی کلیلێکی دروستکردوە، کە هەموو کەس بە ئاسانی دەزانێت لە مێشکی ئەوانی تردا، چەند وشیاری، چەند ئازایەتی، چ جۆرە بیروباوەڕێک هەیە، هەموو کەس بەو کلیلە دەزانێت لە دەروونی ئەوانی تردا، چەند ویژدان، چەند پاکی، چەند ئینسانیەت هەیە!

تەنانەت هەموو کەس دەتوانێت بەو کلیلە لە (گووگڵ) بگەڕێت و نەک هەر قەڵەمە ئازادیخواز و نەترسەکان، بەڵکو( قەڵەمە کۆیلە و ترسنۆک و جاسوسەکان) یش بدۆزێتەوە!

**مەلا بەختیار بکوژانی سەردەشت ئاشکرا دەکات!**

موحسین کەریم

ئەمڕۆ دووشەممە 17ی ئایار، مەلا بەختیار لە ماڵپەڕی "چاودێر"دا وتارێکی لەژێر ناونیشانی "شەهید سەردەشت و ئازادی"دا بڵاوکردۆتەوە. لەو وتارەدا مەلا بەختیار راستەوخۆ ئاماژە بەو لایەنو دەزگایە دەکات کە هەستاون بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان!

مەلا بەختیار سەرەتا ئاوا دەستپێدەکات کە دیموکراسی پرۆسەیەکی مێژوویەو بەقۆناغ دێتەدی. بۆیە ئەوکەسانەی کە خەیاڵی ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی دەکەن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن، چونکە زۆری ماوە کۆمەڵگای کوردستان بتوانێ ئەو دروشمە پەیڕەوبکات، لەبەرئەوەی کە نە حیزبە سیاسیەکان قبوڵی دەکەن و نەدەسەڵات و نە ئاین و مەزهەبەکان! هەربۆیە مەلا بەختیار پێی وایە کە شیعاری ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی زۆرتر خزمەتی بە دوژمنانی ئازادی کردوە! هەڵبەت مەلا بەختیار دان بەوەشدا دەنێ کە ئەم دروشمە لەلایەن کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە هاتۆتەناو رۆشنبیری سیاسی کوردستانی عێراقەوەو خۆشی ماوەیەک بڕوای پێ بوە.

من لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە ئەم بەشەی لێکدانەوەکەی مەلا بەختیار بخەمە بەر سەرنج، بەڵکو زیاتر بۆئەوە ئاماژەم پێکردوە تا خوێنەر بزانێ کە مەلا بەختیار دان بەو راستیەدا دەنێ کە ئەوەی رێگرە لەوەی کۆمەڵگای کوردستان دەستی بە ئازادی بێقەیدوشەری سیاسی بگات حیزبەکان) هەڵبەت دەسەلاتدارەکان) و دەسەڵات و دین ومەزهەبە و دانیش بەوەدا دەنێ کە ئەمانە دوژمنانی ئازادین!! دەنا ئەوەی کە دیموکراسی وەکو پرۆسەیەکی قۆناغ بە قۆناغی دیموکراتیزەبوونی هێزە کۆنەپەرست و دژی ئازادیەکان لێکدەداتەوە، نە لەباری فەلسەفیەوە راستەو نە لەدنیای راستەقینەی مادیداو نە لە هیچ شوێنێکی دنیادا وابوە! بەڵکو هەمیشە دیموکراتیزەبوونی دەسەڵات یان دروستتر، ملدانی دەسەڵات بەبەشێک لە ئازادیەکان ئاکامی خەبات و رەنج و قوربانی جەماوەری بەشخوراو و فشاری خوارەوە بووە لەسەر دەسەڵات، هەرئەوەی کە جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستان چەندین ساڵە دەستیان داوەتێ و سەردەشت عوسمانیش یەکیک بوو لە رێبوارانی ئەو کاروانە و یەکێک لە قوربانیەکانی رێگای گەیشتن بە ئازادی!

بەڵام گرنگترین مەسەلە لە وتارەکەی مەلا بەختیاردا ئەوەیە کە پێی وایە سەردەشت بەهۆی ئەوەی لەناو خەیاڵی ئازادیی بێقەیدوشەرتی سیاسی دا نقوم بوە بۆیە سنورەکانی نەناسیوە، نەیزانیوە کە نە حیزبەکان و نە دەسەلات و نە دین لێی قبوڵ ناکەن و سەرەنجام بەمەرگی خۆی باجی ئەو خەیاڵکردنەی دەدات! مەلا بەختیار دەڵێ:

".. لاوێکی ئاوا،.. ئەگەر لەناو ئەو فەزای ئازادیی بێ قەیدو شەرتی سیاسییە، خەیاڵدانی وا لەمێشکیدا دروست نەکرابێ، چۆن نوسینە خەیاڵێکی وای دەنوسی!؟ پێشوەخت دیارە، هیچ رێساو یاسایەک، رێگەی نادات. ... من دەپرسم: ئەگەر ئێستا شەهید سەردەشت بمابایە، نوسەرێکی تر، لەسەر خوشکی خۆی، لەسەر دایکی، یان لەسەر تەنانەت خزمێکیشی، بەم شێوەیەی کە خۆی نوسیویەتی، نوسیبای، ئاسان بوو قبوڵی بکات؟ لەو باوەڕەدام ئاسان نەدەبو. ... تەنانەت لە ئەوروپاش ئازادی نەگەشتۆتە ئەوەی پەلاماری ژنو خوشکی یەکتر بەبێ بەڵگە بدرێ. پەلاماریش بدرێ، سزای یاسایی توندی لەسەرە.

ناوەڕۆکی قسەکەم لەسەر ئەو فەزایەی ئازادییە کە خەیاڵدانی وا لای چەند نوسەرێک دروست دەکات. کە جاری واهەیە روداوی جەرگبڕی وەکو شەهیدکردنی سەردەشتی لێدەکەوێت."

بێگومان ئەم وتارەی مەلابەختیار دوای کۆبونەوەی هەردو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیە کە ئەو خۆشی ئامادەبوە و یەکێک لەبابەتەکانی (و رەنگە هەموو) کۆبونەوەکە لەسەر مەسەلەی تیرۆری سەردەشت عوسمان بوە. پێش لەو کۆبونەوەیە مەلا بەختیار خۆی، سکرتاریەتی جەلال تالەبانی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی و چەند دەزگای یەکێتی ئیدانەی تیرۆرەکەیان کرد و تەنانەت مەکتەبی سیاسی و خودی مەلا بەختیار تیرۆرەکەیان وەکو هەوڵێک بۆ سەرکوتی دەنگە ئازادەکان و بیری ئازاد ناوزەدیان کرد.

کەواتە دوای کۆبونەوەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی ویەکێتی ئیتر قۆناغێکی دیکە دەست پێدەکات. مەلا بەختیار کە پێشتر هیچ پاساوێکی بۆ تیرۆرەکە قبوڵ نەدەکرد(" ئەنجامدانی تاوانی وا، لەسەر هەرچیەک بێت، تاوانە، چ جای لەسەر بیری ئازادبێ." مەلا بەختیار/ 8ی ئایار / چاودێر.) بەوە پاکانەی تیرۆرەکە دەکات کە سەردەشت پەلاماری کچی سەرۆکی هەرێمی داوە و هیچ کەسێکیش ئەوە قبوڵ ناکات پەلاماری ژن وکچ و خوشکی بدرێ! جا ئەگەر لە ئەوروپا، بەپێی قسەی مەلا بەختیار، سزای یاسایی توندی لەسەر بێت ئەوا لە سایەی دەسەڵاتی میلیشیایی و بنەماڵەییدا بێگومان حوکمی عەشیرەت و ناموسپەرستی لەسەرەو تاوانەکەشی کوشتنە! ئەمە مانای راستەقینەی ئەو پەیامەیە کە مەلا بەختیار دەیەوێ پێمان بڵێت، دیارە ئەوەشی لە وەفدەکەی مەکتەبی سیاسی پارتیەوە وەرگرتوە. هەڵبەت جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوەی سەردەشت نوسیویەتی لەسەر کچی بارزانی ناچێتە خانەی پەلامارو ناوزڕاندنەوە، ئەوەی کە مەلا بەختیار دەڵێ تەنانەت لە ئەوروپاشدا سزای توندی یاسایی لەسەرە! چونکە سەردەشت سوکایەتی بە کچی بارزانی نەکردوە، ئەوەندە نەبێ وتویەتی خۆشمدەوێ(ئەمە ئەگەر چاو لەوە بپۆشین کە مەبەستی نوسینەکەی سەردەشت خۆشەویستیە خەیاڵیەکەی بۆ کچی بارزانی نیە، بەڵکو رەخنەگرتنێکی ساتیریکە لە دەسەڵاتی نایەکسانی دەسەڵاتی کوردایەتی و بە دیاریکراوی دەسەڵاتی پارتی.) بەڵام بێگومان خۆشەویستی بەپێی حوکمی ناموسپەرستی بنەماڵەو عەشیرەت تاوانە بۆیە نەک هەر سەردەشت، بەڵکو ساڵانە دەیان کەس لەژێردەسەڵاتی ئەو حیزبە عەشیرەتی و بنەماڵەییانەی کوردایەتیدا لەسەر خۆشەویستی خەڵتانی خوێن دەکرێن.

لەکۆتاییدا؛ ئەگەر لەوە بگەرێین کە مەلا بەختیار و یەکێتی پێشتر لەبەرخاتری بەرژەوەندی سیاسی خۆیان و بۆ فشار خستنەسەر پارتی تیرۆرەکەیان ئیدانەکرد و ئێستاش هەر بەهەمان مەبەست مەلا بەختیار180 پلە دەسوڕێتەوەو نوسینەکەی سەردەشت وەکو هێرش و پەلاماردانی شەرەفی بنەماڵەی بارزانی ناولێ دەبات و بەمەش پاکانەی کوشتنەکەی سەردەشت دەکات، بەڵام بەسادەیی ئەمە دانپیانانێکی ئاشکرای مەلا بەختیارە بەوەی کە بڕیاردەرو ئەنجامدەری تیرۆری سەردەشت ئەندامانی بنەماڵەی سەرۆکی پارتی و دەزگا

ئەمنیەکانی پارتیە! بۆیە دوای بەیانەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی، ئەم نوسینەی مەلا بەختیار بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆئەوەی ئەو گومانەی خەڵک بەرامبەر پارتی و پاراستن هەیانبوو بکاتە یەقین!

2010/05/17

## پارتــی شـــــپرزە....... هـەڕەشـە دەکــات

تــاهــــیر حەســـــەن

ڕۆژی 13ی ئەم مانگە ، واتە دوای تێپەڕبوونی 9 ڕۆژ بەسەر کارەساتی کوشتنی عەمدی (سەردەشت عوسمان) دا. مەکتەبی سیاسی پارتی بەیاننامەیەکی خوێناوی دەرکرد. سیمای بەرجەستەی ئەو بەیانە ، وێڕای فتوای قەتڵ و هەڕەشەی دەست بڕینەوە و شمشێربادان.

سەرتاپا شپرزەیی و دەستوپێ وونکردن و هستریای مەکتەبی سیاسی پارتی لەبەرامبەر جەماوەری بەدەنگهاتووی کوردستاندا نیشان دەدات. هەر بۆیە بەیانەکە کەوتۆتە تۆپبارانێکی بێ ڕەسەدو کوێرانە بەهەموولایەکدا.

ئەگەر ئەو بەیاننامەیەی مەکتەبی سیاسی پارتی تەرجەمەی زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی بکرێت و فرسەتی ئەوە هەڵکەوێت لە پەرلەمانی ئەوروپا بیخوێنیتەوە، یان بینێریت بۆ ڕۆژنامەی وەک (نیۆیۆرک تایمز) یان (واشینگتۆن پۆست) یان (گاردیان) ، وبە سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامانە یان ئەندامانی پەرلەمان نەڵێی ئەوە بەیانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە سەرۆکەکەی ناوی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانی لەخۆی ناوە!. هەموو وادەزانن ئەو بەیانی دەست و قاچ پەڕاندنە بەیانی بزووتنەوەی تاڵیبانی ئەفغانیە. سەرنج بدەنە ئەم قسانە: (...جائەگەر زوو دەستی ڕەشی نەگریسیان نەبڕینەوە. .... بەو تاقمە گێرەشێوێنە تاوانکارەش ڕادەگەیەنین، کە ئەوان لای ئێمە ناسراون و سەرەداوەکانی پیلانەکەیان و ئامانجەکانیان ئاشکرا بووە...!!) .

ئەگەر بەڕاستی دەزگایەکی یاسادانان لە کوردستان هەیەو ناوی پەرلەمانە ؟، ئەگەر بە ڕاستی دەزگایەکی بەڕێوەبردن لە کوردستان هەیەو ناوی حکومەت و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانە؟ . چۆن دەکرێ حزبێک بەبەیاننامەیەک و بەپێشچاوی حکومەتەوە ئەم هەموو هەڕەشەی کوشتن و دەست و پێ قرتاندنانە بکات و کەسیش نەبێت بڵێ پشتی چاوت برۆیە!. لەهەر ووڵاتێکدا کە لەلانی کەمی ستانداردی حکومەت و پەرلەمانی ئەم سەردەمە بەهرەمەند بێت، بڵاوکردنەوەی بەیانێکی وەک ئەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی، بەسە بۆ ئەوەی دەوڵەت ئەو حزبە لە لیستی ئەحزابی قەدەغەکراودا تۆمار بکات. چ جای ئەوەی سەرۆکەکەی سەرۆکی ووڵات بێت !!.

بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی هەوڵدانە بۆ ڕەنگڕشتنی ئاشووبێک لە کوردستان، کە چەند ڕۆژێکە تەواوی بڵاوکراوەکان و کەناڵەئاسمانیەکانی پارتی و مووچەخۆرەکانی یەکێتی قووتابیان و ڕۆژنامەنووسەکانیان لە میدیاکانیانەوە سەرقاڵین. پارتی ئاگاهانەو ئامانجدارانە دەیەوێت سەرنجی خەڵکی کوردستان لەسەر خوێنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) و مەسەلەی ئازادی بگوێزێتەوە وئاشووبی تێکهەڵچوونی سۆرانی و بادینی و هەولێری و سلێمانی لە جێگای بخولقێنێ. بۆ ئەمە ئاگاهانە تێدەکۆشێ تەواوی خرۆشانەجەماوەریەکانی کوردستان و دەرەوە لەدژی تیرۆری ( سەردەشت عوسمان) بدات بە ملی بزووتنەوەی (گۆڕان) داو، خۆی لەخواستی جەماوەری بەگیانهاتووی خەڵکی کوردستان بدزێتەوە. خۆ کەڕکردنی بزووتنەوەی (گۆڕان) یش ئەوەیە، کە دەزانێت بەهەر حاڵ سبەینێ دەبێ ئەندامەکانی بچنەوە هۆڵی پەرلەمان وسەرئەنجام مووچە و بودجەو نەسریەی حزبەکەیان لە پارتی وەربگرن. ناکرێ لەسەر خوێنی ڕۆژنامە نووسان پارتی زۆر زووير بکەن لە خۆیان!.

ڕیشەی پایەی ماددی و کۆمەڵایەتی هاتنەمەیدانی خەڵکی کوردستان لە جێگەیەکی تردایە، ئەم هاتنە مەیدان و بەخۆداهاتنەی کۆمەڵگە، کە هەرجارەی لە دەوری مەسەلەیەکی دیاریکراو تەوەرە دەبەستێ، لەخۆوە و کتوپڕ نیە. ئەم خەباتە مێژوویەکی هەیە، خاوەنی قوربانی ئێجگار قوورسە، چەندین جار کەوتووەو هەستاوەتەوە، چەندین جار خامۆشکراوە و پشتی ڕاستکردۆتەوە، چەندین جارسەری لێتێکدراوەو خۆشخەیاڵ کراوە. بەڵام هەتا هاتووە ئەزموونی زیاتری پشتسەر ناوەو بەرچاوی ڕۆشنتر بووە. بەڵام هیچ کەسولایەنێک نەیخولقاندووە. ئەگەر مەکتەبی سیاسی پارتی یان هەر کەسێکی تر لەو باوەڕدا بێت ، کە بەکردەوەی سیاسی دەرهێنانی کۆمەڵگە بۆ هەر مەسەلەیەک کەوتۆتە سەر میزاج و حەزو ئارەزوو، یان قازانجی هەر حزب و لایەنێک و هەرکاتێک مەبەستی بوو دەتوانێت ئەو پلاکە داگیرسێنێت، ئەوا یان بێئاگایی خۆی لە سیاسەت و قانوونمەندی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگە نیشان دەدات، یان مەبەستیەتی بەزۆر بیخاتە خانەیەکەوە کە خۆی دەیەوێ.

شۆڕش ، خۆپیشاندان، مانگرتن، یاخیبوون، هەموویان میکانیزمی کۆمەڵایەتی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگەی چینایەتین بۆ گۆڕین. هیچ کەس و تاقمێک ناتوانێت بیانخولقێنێت یان بەرپایان بکات. ئەحزابی سیاسی جۆراوجۆر دەتوانن کاریگەریان لەسەر ئاسۆی بەڕێوەچوونیەوە هەبێت، بەڵام ناتوانن دروستی بکەن. کۆمەڵگەیەک ئامادەی هاتنەمەیدان و کردەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبێت، کەس ناتوانێت بەزۆر بیهێنێتە مەیدان . کۆمەڵگەی کوردستانیش وەک کۆمەڵگەیەکی چینایەتی هاوچەرخ لەم ڕێسایە بەدەر نیە.

مێژووی زیاتر لە نیوسەدەی ژیانی خەڵکی کوردستان تا بەر لە ڕاپەڕینی ئازاری 1991 سەرتاپا کوشتارو ئەنفال وکیمیاباران وڕاگواستن وئیعدام وگوولەباران وشەڕو زیندان وئەشکەنجەو سەرکوت بووە بەدەست ڕژێمی بۆرژوا فاشستی بەعسەوە. وا زیاتر لە 19ساڵیشە ژیانی خەڵکی کوردستان بە دەست دوو تاقمی میلیشیای تفەنگچی بۆرژوا

ناسیونالیزمی کوردیەوە دەناڵێنێ. دزی وتاڵانی و گەندەڵی و ڕاووڕووت و فەسادی ئیداری، بێحکومەتی وبێ قانوونی، سەرگەردانی سیاسی ونەبوونی ناسنامەی وولاتی، کۆشکی شاهانە بۆ خۆیان و دەستوپێوەندەکانیان و ژیانی دەستتەنگ وتەحقیر ئامێز بۆبەشی هەرە زۆری دانیشتوان. سەرکوت و ڕاوەدوونان و هەڕەشەی نانبڕین و تەقەلەخۆپیشاندەران، کوشتنی نامووسی سەدان هەزار ژن، دزین وتیرۆری ڕۆژنامەنووسان، لەپەراوێزی سیاسەتدا ڕاگرتنی خەڵک وبازرگانی حزبی بە چارەنووسی خەڵک وکۆمەڵگەوە ، هەموو ئەمانە سیمای تراژیدی ژیانی زیاتر لە 19ساڵی خەڵکی کوردستانە. خەڵکی ئیتر دەیەوێ ئەم تراژیدیایە بگۆڕێ، خەڵکی ئیتر ئەم دەسەڵاتەی ناوێ. خەڵک عەدالەتی کۆمەڵایەتیان دەوێ، قانوونی ئینسانی و دەسەڵات وحکومەتی هەڵبژێردراوی دوور لە هەڕەشەی چەک ونانبڕینیان دەوێ، دابەشکردنی وەک یەکی سەروەتوسامانی کۆمەڵگەیان دەوێ، ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی وڕۆژنامەگەری و بیروڕاو عەقیدەیان دەوێ، ژیانێکی شایستەی ئینسانی ئەم سەردەمەیان دەوێ. ئیتر هەڵڕشتنی فەردە پێڵاوی لاستیک کە دەسەڵات دەڵێ بەشاخەوە دڕاندوومانە ناتوانێت نیوەی دانیشتوانی کوردستان کە لاوان بخەڵەتێنێ. ئێمە زۆر زوو ووتمان، ئەگەر کابووسی هەڕەشەی هەموو ڕۆژەی گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس بۆ کوردستان بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە نەمێنێ، خەڵکی مۆدێرن و غەربی کوردستان ناتوانن دەسەڵاتی جەماعەتێک عەشایەری تفەنگچی کە بەزۆری چەک وگووللە خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە، قبووڵ بکەن. داواکردنی خەڵک بۆ وەرگرتنەوەی خوێنی سەردەشت عوسمانەکان تەنیا ئەمە بنەما کۆمەڵایەتیەکەیەتی نەک هیچ شتێکی تر. ئەوەی کە پارتی ئاگاهانە دەیەوێ تەواوی ئەم دیاردە سیاسی وکۆمەڵایەتیە بدات بە ملی (گۆڕان)دا، ئەمە لەلایەکەوە هەوڵێکە بۆ بچوک نیشاندانی هاتنەمەیدانی خەڵکی کوردستان، و بوارکردنەوەی بۆدەستوپێ قرتاندنی ناڕەزایەتی خەڵک لەلایەکی ترەوە. وەک ڕۆژی ڕووناک دیارەو هیچ بەڵگەهێنانەوەیەکی ناوێ، بزووتنەوەی (گۆڕان) یش هەتا ئەو ئاستە لەگەڵ ناڕەزایەتی خەڵکدا دەبێت، کە تۆزێک فشاری پارتی لەسەر هەڵسوڕانی ڕەوتەکەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا لەسەر خۆی کەم بکاتەوە. دەنا ئەویش سەرئەنجام وەک ڕەوتێکی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد دەچنەوە نێو کاسەی یەک بزووتنەوە کەپارتی ویەکێتی نوێنەرایەتی دەکەن.

هاوسۆزی و هاوخەباتی و بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لەسلێمانی و چەمچەماڵ و گەرمیان و هەڵەبجەو ڕانیەو قەڵادزە وە تا هەولێرو ناوچەکانی دەوروبەری ، چاو بەفرمێسک و دەست لەسەر دڵ و دەست لەنێو دەستی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ، گەرووی هاوار بەیەک تێکەڵکردنی خەڵک لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان بۆ ئازادی و ئاشکراکردنی تیرۆریستان، زۆر لەوە تۆکمەتر و مەحکەمتر خۆی نیشانداوە، کە بتوانرێت بە پیلانی منداڵانەی سۆرانی و بادینی و هەولێرو سلێمانی، ڕیزەکانی خەڵک شەق بکرێت. هیچ گومانێک لەوەدا نیە، ئەگەر سێبەری سەرکوت لە بادینان کەمتر بوایە شاری دهۆک و زاخۆ و سومێل و ناوچەکانی دەوروبەری شانۆی خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسی وەک هەولێر وسلێمانی دەبوون. ناڕەزایەتی چەندین ساڵەی خەڵکی کوردستان لە دژی تاڵان

وبرۆیی، لەدژی گەندەڵی سیاسی و ئیداری، لەدژی بێ قانوونی و بێ حکومەتی، لەدژی تیرۆر و نائەمنی و کوشتارو سەرەتانی شەڕی ناوخۆ و ... هیچ کاتێک بەسنووری هیچ شارێکەوە سنووردار نەبووەو تەواوی کوردستانی داگرتووە. هەمووپێکەوە باجەکەیمان داوەو هەمووپێکەوە لە دژی هاتووینەتە مەیدان.

کۆمەڵگەی کوردستان ئیتر بەگیان هاتووەو دەیەوێ پارێزگاری لە ڕۆڵەکانی خۆی بکات. هەر حزبێکیش دەیەوێ گۆشەیەک لە ئینسانیەت و پارێزگاری لە کەرامەتی ئینسانی و مافەخوراوەکانی خەڵکی کوردستاندا لە مێژووی خۆیدا تۆمار بکات، بێ چەند و چوون بێتە پەنای جەماوەری ناڕازی و هەقخوازی خەڵکی کوردستانەوە.

پارتی مولزەمە تیرۆریستان تەسلیم بە دادگای ئاشکراو بێلایەن بکات و سەر بۆ خواستی ملیۆنی خەڵکی کوردستان بە ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی، ئازادی عەقیدەو ئەندێشە، ئازادی ڕۆژنامەگەری و هەڵسوڕانی سیاسی دابنەوێنێ و پێشێلی نەکات.

17 ئایاری 2010

**ڕۆحیانەتی سەردەشت عوسمان لێمان ئەپرسێت ؟**

نەوزاد شێردڵ

کامیان ؟ ئایا هەمان چاوەڕوانیی پڕ دڵە خوورپەی قەزا و قەدەرێکی !! گرێنتیی تر ، یاخوود لە سووراغی هۆکار و دەستنیشان کردنی ئاڵتەرناتیڤەکان ؟!

ئاخر ئەگەر فیشەک وەڵامێکی شاییستە و چارەساز بووایە ، ئەوا لە مێژ بوو تەواوی وولاتە پێشکەوتوو خوازەکان بە دەستووری – تالیبان – ڕەفتاریان ئەکرد ، یا ئەگەر ڕێگای ئێجگار ئاسانی وەڵام دانەوەی دەیان و سەدان ڕەخنەی من و سۆران و عەبدولخالق و حەللاجەکانی دوێنێ و ئەمرۆ و سبەییش بە قەڵەم کەمێک دووریش بن ، خۆ گرتنە بەری ڕێگا یاساییەکان بە پێی ئارتیکڵی – تەشهیر = فراژە – زۆر دوور نەبوون و نین ، خۆزگە بەم تاقە باڵەی قەڵەمەوە ئاوا بێ کەس کووژتان نەئەکردم ، ئێوە دەتان توانی زۆر شت لە ژیانە تراژیدیاکەی منەوە فێر ببن ، ئەمرۆ فریشتەیەک ناوی بکووژەکانی خۆمی نیشان دام ، ئەفسووس !! من پێم وا بوو تەنها هەر ئەو دوو کەسە بوون کە نەک لە هەموو ژیانیاندا ڕۆژنامەیەکیان نەخوێندبۆوە ، بەڵکوو لە خوێندنەوەشدا هێندە کۆڵەوار بوون ، سەریان لە یەک دێڕی نووسینە هەجووە ئەدەبیی و بێ غایەت و وەسیلە ئاساکەشم دەر نەئەکرد ، بەڵێ ئەفسووس ، لیستی دەستی پڕ نووری ئەو فریشتەیە تا چاو بڕ کات تژیی و سەر لێو بوو لە ناوی چەندان بە ناو ڕۆشنفیکری گوایا ڕۆشنگەر و فێرخواز و بە ڕوواڵەت وەرچەرخان خواز !! ، ئێستا لەگەڵ سۆراندا لە پێشوازیی پێنج ئەسپ سواری یاڵ خوێناویی و سپی پۆشی

خزمانی ئەودیودابن ، سەر قافڵەکەیان خاتوو – شیرین – یکی دەم بە خەندەی هێند شیرین دیمەنە ، چیتر لە دڵی خۆمدا دەڵێم خۆ ئەگەر شیرینەکەی هەولێرم لێم زویر نەبوایە ، هەر ئێستا حەزم ئەکرد لێرە بە فەرهاد بانگ بکرامایە ، ئامانەتی ئێوە و خانەوادەی مامە حەمە و ماڵە پڕ گوڵاڵە سوورەکەی مام عوسمانی باوکم .

دوای ڕاپەڕین دووبارەمان کردەوە و ووتمان ، بە پێی سیستەمی پەیڕە و کراوی – یۆنسکۆ – و جیهانی یاسا و سیاسەتی نێو دەوڵەتیی ، کە نزیکی پەنجا و شەش ساڵە لە دەیان لاوە بیرمەندان و مامۆستایانی زانکۆ باڵاکانی جیهان تووێژینەوە ی – جدیی = سەریایی – و ووردیان لەسەر کردووە ، ئیتر ئێمەی کوردیش چ وەک خاوەن هەڵکەوتەیەکی جیوپۆڵیتکیی و ستراتیژ ئەندازەی دەڤەرەکە ، یاخود چ وەک ئەندامێکی ئاکتیڤی ئەم خێزانە گەورەیەی سەر ئەم هەسارەیە ، دەبوو هەر لە سەرۆک و جێگر و لێپرسراوانی باڵا و وەزیران و پارلەمانتاران و گەورە فەرمانبەرانمان بە گشتیی ، تا ئەگاتە هێزە فەرمییە چەکدارەکانی هەرێمەکەمان زۆر بە تایبەتیی ، بەر لەوەی هیچ کام لەمانە بچنە سەر کار و کورسیی دەسەڵات ، یاخود لە پاڵ مومارەسەی وەزیفەکانیاندا ، یەک دوو تێرم ، یاخود چەند کۆرسێکی تا بڵێی گرنگ هەن ، زۆر پێویست بوو سەرجەمیان بە ئیجباریی بیانخوێنن ، ئەویش کۆرسەکانی سایکۆلۆژیای ئیدارە و ، ئەتەکێتی دیپلۆماسییەت و ، زانستەکانی – بوواری دەروونی گشتی – ( جو النفسی العام ) و هتد .. ، بەڵام چەندان ڕێنمایی ئاوامان فەرامۆش و پشت گوێ خران و ، ئەوەتا ئاکامە ئێجگار خراپەکانی وەک تەشەنەی ( نەک بە تەنها بیری یەکتر قبووڵ نەکردن ، بەڵکوو بۆدی تەکنیکی یەکتر قبووڵ نەکردنیش !! ) + غافڵە کووژیی بە مەزاج و ، ئیزدیواجییەت لە پەیڕەو کردنی دەستوور ، یاخود چ بە ئاشکرا و نهێنیی بەزاندنی بێ منەتانەی هێڵ و قوودسیاتەکانی یاسا و سەرهەڵدانەوەی ڕێچکەی خەتەرناکی – هەر کەس بۆ خۆی – و ، تاعوونی سادیستیەتی بیری هەندێک تاکی – تەکساسی کۆن ئاسا – دوو چواردە خۆر لەبەر پشتوێن و ، سیوکراتیزمی گرووپ و کوتلە و خێڵ بازیی و ، هاو ڕوواڵەت و شێوە لە ناکاو هەڵتۆقیوەکانیان لە غیابی ئەو خوێندنە باڵا ناوبراوەی سەرەوەدا ، هەموویان لە فەزایەکی نیمچە جەنگڵ ئاسای دوو لەت کراوی هەرێمەکەدا ، زۆر بە ڕوونیی و بە هەردوو چاووی سەرمان ڕۆژانە ئەیانبینین ، بەڵی هەر ئەو ساڵانە دەستجەمعیانە و بە نووسراوی زۆر چڕ و متمانە دار ، یا بە کۆڕ و سیمیناری زۆر دڵسۆزانەی دوور لە هەر بەرژەوەندییەک ، نووسیمان و ووتمان :– دڵنیا بن ئەگەر بێتوو ئەو تێرمانە لە هەرێمە ئازادەکەی ئێمەدا و ، وەک یەکەم ئەزموون لە نێوان ئەو دەوڵەتە سیستەم بە سەر یەکدا ترشاو و مەتەڵ ئاسایانەی دەور ر بەردا ، سەراپایان بە خەستیی و دوور لە خۆ دزینەوە بۆ کاری کاریکاتۆریی ئایدیۆلۆژیای ئێکسپایەر و ، دوور لە – دیپلۆمی بە هەڕەشە مۆر کراو – نەخوێندرێن ، ئەوا ئەبێت جاویدیانە و بۆ ئەبەد ، بەردەوام چاوەڕێی زۆر تراژیدیای تری پڕ ماڵوێرانی و ، ئەگەری دیسان پێکدا هەڵپژانی تری چەکدارانە و ، گەرمە هەڵچوونی تری تاک و گرووپەکانی سبەینێ و ، سەدان غافڵە کووژ کردنی تری سەردەشتەکان و عەشاماتێک ئەدای خوار و خێچی دەسەڵاتداری ووردی تازە پێدا کەوتووی تر و ، موختەسەر بۆ هەمیشە و دڵ لە ناو مست چاوەڕێی بەرجەستە بوونی دەیان

کاری پڕ سەرکێشیی و خوێناویی کەسانی وویژدان مردوو و ، تا دڵسۆزانی خوێنی ئەنفال و شەهیدانی دوێنێ و سەلەف ببین ، وەر گرتنی ئەو کۆرسانە ( هەروەک لە کرۆکی نووسینەکانی پێشوودا زۆر گشتگیرانە باس لە تێز و خاسییەت و ئیمتیازاتە لۆکاڵیی و گلۆباڵییەکانی دیپلۆمەکە بە پلەی – باچلەرس دگریی = بەکالۆریۆس کراوە ) ، بە واتا فێر کردنی ناوبراوان بە ڕاڤەی هێمنیی لە گووفتار و کرداردا ، + چۆنێتی قبووڵ کردنی ڕەخنە ی بەرامبەر و مامەڵە کردن لە تەک – تەشهیر = فراژە – ی خوودیی = شەخسیی و ، حیزبیی و حکومیی و پیشەیی و عەشاییریی و بنەماڵەیی و هتد .. ، + ڕاهێنانیان لەسەر هەڵنەچوونی هیستریانە و ، لە بری تووڕە بوون و دەست بردن بۆ هێزی چەک ، پەنا بردن بۆ وەڵامی قەڵەم و بڕیاری یاسا ، کە هەموو ئەم کۆرسانە بە نەزەریی و پراکتیک ئاوێتەی یەکتر کراوون ،

ساڵی 97 بۆ 98 پیاوێکی سەر ماش و برنجیی یابانیی ، بە ناوی – هیرانۆ کایکۆ – لە چەند کۆرسێکی ناوبرادا و لە یەکێک لە زانستگاکانی ئامریکای باکووردا ، نزیکە کورسیی و هاو پۆلم بوو ، ئەو سەردەمە هیرانۆ – باڵیۆز = – سەفیر – ی یابان بوو لە مەکسیک ، من کەمێک بینینی ئەوم وەک قووتابیی بە لاوە سەیر بوو ، هەڵبەتە نەک لەبەر ئەوەی باڵیۆز بوو ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی یابانییەکان بە گشتیی ، بەر لەوەی بچنە پۆلی یەکەمی سەرەتایی چوون حوجرەی مەلاکانی خۆمان ، لە پەرستگاکانی سیدهام ی بوزیی یاخوود کۆنفۆشیوزیدا ، سەرەتا داستانە مەزهەبیی و فەلسەفیەکانی – هائیکی – ( سەبر ، مەعریفەت ، هێمنییەکانی ڕۆح و هتد .. بە ئیجباریی دەخوێنن ، ) کە ساڵی 1190 ز نووسراوە و دوای پەنجا ساڵ کۆتایی پێ هاتووە ، هاوکات فێر ی هەموو وانەکانی دان بە خۆدا گرتن و ئۆقرە و ئیرادە و کۆنترۆڵی زات لە ئاست لەزەتە شەهوانییەکان و ، دوور کەوتنەوە لە گیانی تۆڵە سەندن و کین و بوغز و هتد .. ، هەموو ئەمانەش لە ڕێگای میسۆلۆژیا و ڕیتۆری یۆگای کلاسیک و ، چۆنێتیی بە ناخی خوودا شۆڕ بوونەوە و ، بینینی هەڵەکانی ناخ و خاوێن کردنەوەیان لە ماجەڕای هەڵتووریی و سەرە ڕۆییەکانی وادەی مێرد منداڵیی ، + دیسان ئۆرگەناییز کردنەوە و پڕ کردنی خانەکانی کرووسی مێشک بەو فەلسەفە باڵایانەی کە من چەشنی – غوسڵ دەرکردنێکی سەرتاسەریی ڕۆح ئەیان بینم – ، هاوکات یابانیەکان لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندنیشدا وانە پڕ ڕێنماییەکانی دەیان هونەرمەند و بلیمەتی ڕۆحیی کۆن و نوێی خوودی یابانیان پێ دەخوێنن ، لەوانە هەوڵی خۆ دۆزینەوە و متمانە بە خۆ بوون ، ئسلووبی بە کار هێنانی زمان و هەڵسووکەوتی لە سەر خۆیانە ، چ لە ڕێگای باوکی میوزیک ژەنەکانی یابان – یوسکی هۆنما – ، یاخوود ئامۆژگارییە دەگمەنەکانی – ئاوکوبۆ توشیمینتشی – مێژوو نووس و خاوەن خەڵاتی – نۆبڵ – ی ئاشتی ، ئەمانە دەربارەی تەواوی قوتابیانی یابان ، کە وەک هەڵسەنگاندنێک لەگەڵ باکراووندی وادەی مێرد منداڵیی منێکی کوردی چەواشە کراو لە مێژووەکەمدا و ، سەر لێشێوێندراو لە جووگرافیاکەمدا و ، خەڵەتێندراو بە دەیان وانەی نامۆ و نەگوونجاو ، کە هیچیان مسقاڵە زەڕڕەیەک و ، دوور و نزیک لەگەڵ کلتوور و زمان و فەرهەنگ و هتد .. ی مندا یەکناگرنەوە ، بێ گوومان پانتایی جیاوازیی ئەو پێوانەیەش لە نێوان من و بەڕێز – کایکۆ – دا هێندەی

ئاسمان و ڕێسمانە ، لە هەموو ئەمانەش گرنگ تر تەواوی سیاسەتمەداران و گەورە فەرمانبەرانی زۆر کۆن و ئەمڕۆی یابان بە ئیجباریی پێویستە لایەنی کەم فەلسەفەکانی نێو کتێبی – ئومێدە لێکدراوەکان = مانغا ، ئانمی – زۆر بە ووردی شارەزا بن ، جا بەر لەوەی بێمە سەر پرسیارەکەم لە – مستەر هیرانۆ – ، بە واتا هەموو سیاسییەکی ئێمەش پێویستە لە پاڵ پسپۆڕیی لووتکە لە زمانی داییکدا بە هەموو شێوەزار و دیالێکت و واتا ڕێزمانییەکانیان + سەرباری شارەزایی تەواو لە مێژووی سەدان ساڵەی ناوی یەک بە یەکی سەرکردە و شۆڕش و ڕێکەوت و هۆکار و ئەنجام ، یاخوود ناوی شار و شارۆچکە و گووند و شێوازی کلتوور و هەڵکەوتەی جوگرافیا و تەواوی بابەتە پەیوەندارەکان بە خۆشیی و ناخۆشیی و گووزەران و بازرگانی و پیشەسازیی و پەیوەندییە سیاسیی و ئابووریەکانی ئەوانەوە کە ئەمە بەشی یەکەمی ئومێدەکەیە = مانغا ، ئینجا لەسەر هەمان سیاسەتمدار پێویستە کە وەک تاقی کردنەوەیەکی فیکریی و مەیدانیی درێژ خایەنی پڕ دڵسۆزیی و دەیان هەڵوێستی مەردانەی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیی و زانستیی و – ئەمڕۆ تەکنەلۆژیش – ، بە شاهێدی و پشتگیریی جەماوەر و زانایان و دادوەران قۆناغەکانی ئەو بەشە ببڕێت ، تاکوو ئامادە بێت بۆ بەشی هەرە قوورسی دووەم – ئانمی – ، کە بۆ نموونە و بە پێی دەستووری یابان سەرۆک وەزیران لە لایەن ئیمپڕاتۆر خۆیەوە دەست نیشان ئەکرێت ، ئەگەر بێت و یەکێک لەم سیفەتانەی تێدا نەبێت یاخوود لە تاقی کردنەوەدا دەر نەچووبێت ، ئەبێت تاکوو دیسان خوێندنی ئەو بەشە و دەرچوون تێیدا کورسییەکەی بە بەتاڵیی بمێنێتەوە ، ئەمانە و سەرباریشیان تەواوی خێزانە یابانییەکان لە ماڵەوە وەک بەشێک لە کلتووری خۆیان لەسەر وانەی گوفتاری ستاتیکیزمی و ڕەفتاری دوور لە موبالەغە و خۆ سەغڵەت کردن و لووتکەی هێمنیی فەلسەفەی – یوسکی هۆنما = کە بە واتای – بەڕێز و خۆشەویست دێت و ، هەزاران ساڵە بە بێ جیاوازیی گەورە و بچووک ، لێپرسراوی گەورە و کاسبکاری نەخوێندەوار دوای سەر دانەواندن بۆ یەکتر وەک سڵاو هەموویان ڕادەهێنرێن ، بە کورتیی ئەوەی لە سڵاوی یابانیدا و جیاواز لە هەموو کلتوورەکانی جیهان جوانتر و یەکسان خواز تر بێت ئەوەیە ، کە دەسەڵاتدار و گەدا ، سەرۆک و ڕۆژنامە نووس ، وەزیر و حەماڵ ، ئەندام مەکتەب سیاسیی و چاپچیی لە یەک کات و ساتدا پێکەوە سەری سڵاو کردن بۆ یەکتر دائەنەوێنن ، ئاخر هەر ئەمە هۆکاری ئەو پرسەم بوو کە بە هاوڕێی ڕیزی هەرە دوواوەی پۆلم بڵێم :– ئێوەی یابانی کە سەرلێو بن لەم هەموو وانە و پەند و عیبرەت و بگرە زانست و تەکنەلۆژیایەش ، ئیتر ئەبووایە تۆ خۆت دەمڕاست و ڕدێن سپیی ئەم زانکۆیە بیت ، نەک قووتابی کۆلیژێکی ، – هیرانۆ کایکۆ – ی قووتابیی و – سەفیر – دوای گلە و گازندەیەکی زۆر لە دوو هەڵسووکەوت و ڕەفتاری ئێجگار زەقی پێشتریی خوودی خۆی ، ( کە سەرەتا پێم وابوو داخۆ بازرگانیی هێرۆیینی کردبێت ، یاخوود چەند دەفتەرە دۆلارێکی وەزارەتێکی لووش دابێت ) ووتی :– لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی وەزیفەمدا دوو هەڵەی ئێجگار نەگونجاووم کرد ، یەکەمیان لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامە نووسیدا ڕۆژنامە نووسێکی گەنجی یابانیی هاوزمانم لە هۆڵی – یو ئێن – پێی ووتم ، تۆ خزمی – یوکیتو هاتویاما – ی سەرۆک وەزیرانیت بۆیە کراویتەتە باڵیۆز ، منیش لە حاڵەتێکی کوت و پڕدا ووشەی –

ناڕاستگۆ – م لە بەرامبەر ئەو گەنجەدا بە کار هێنا ، خۆ لە ڕاستیشدا من خزمی سەرۆک وەزیران نیم و بەر لەویش لەم وەزیفانەدا بووم ، بەڵام ئسلووبی وەڵامەکەم نە بە دڵی خۆم بوو نە بە دڵی هاوسەرەکەشم ، بۆیە خێرا چ بە تێلیفۆن و چ لە ڕێگای ڕۆژنامەکەشیانەوە ، دوو جار داوای لێبووردنم لەو ڕۆژنامە نووسە کرد و ، دوو جارییش لە پەرستگای – سیدهام – قووربانییم بەخشی تاکوو خواوەند لەو هەڵەیەم ببوورێت ، داخەکەم هەر دوای یەک ساڵ و لە ئاهەنگی ئافرەتانی هەشتی مارچدا ، دیسان لە وەڵامی ڕۆژنامە نووسێکی – پەنەما – ییدا ، کاتێک پێی ووتم هاوسەرەکەت زۆر جوان و گەنج ترە لە خوودی خۆت و بە کچت ئەشێت ، لە ڕاستیدا ئەوە – جی کایکۆ – ی کچیشم بوو کە بۆ ئاهەنگەکە لەگەڵم هاتبوو ، بەڵام بە بێ ئیرادەی خۆم بە ئاستەم تووڕەیی بە ڕووخسارمەوە دەرکەوت و پێم ووت زۆر سوپاست ئەکەم کە وەسفی جوانیی ئەووت دا ، بەڵام خۆزگە پەلەت لە پێناسەی ئەودا نەکردایە ، ئەمە کچمە نەک هاوسەر ، وەڵامەکەم هەڵەی تیا نەبوو بەڵام ڕووخساری کەمێک لە شەرم داگیرساووم کە وابەستەی کلتوورەکەمە هەڵەیەکی زۆر نەگوونجاو بوو ، هەر بۆیە بە پەلە و لە پێناوی ڕوو نەدانی هەڵەی سێیەم ، کە وەک دەڵێن هەمیشە هەڵەی سێیەم جار قوورس و ناقۆڵا تر ئەبێت ، داوام لە – کاتسویا ئۆکادا – ی وەزیری دەرەوە کرد کە لە پاڵ وەزیفەکەمدا مۆڵەتی خوێندنی ئەم کۆرسانەشم پێ بدا ، تاکوو کەم تا زۆر لە کۆبوونەوە ڕۆژنامە نووسیەکان و وەڵامی ڕەخنە گاڵتە ئامێز و بگرە لە نووسینە سووکایەتی پێ کردنەکان و هتد .. ی داهاتوودا ، وەک لێپرسراو و نوێنەری ووڵاتەکەم زۆر دوور لە هەر تووڕە بوونێکی ناپێویست هێور تر و دیپلۆماسی تر زمان و قەڵەمێکی نەرم تر لە جاران شک بەرم ، هەر بۆیە منیش وەک نووسەری ئەم چەند دێڕە و پاڵ پشت بە ووتەکانی سەرەوەم دیسان ئەڵێم ، لە کۆمەڵگایەکی وەک ئەوەی ئێمەی کورددا کە پێویست بە شیکاری پێناسە و چمک و ڕەهەندە جیا جیا و ئاشکراکانی ناکات ، وە چوون پارچەیەک لەو خۆرهەڵاتە کۆکتێل لە ڕەگی – فیودالیی = عەشایریی – و عاشقانی تفەنگی دەسک شەوق دار و میل هەمیشە سوار ، کۆمەڵگایەکی تاکوو کوونە لووت نێر سالار + سرووشتێکی بۆ گەشتەوار فەردەوس ئاسا و ، بۆ جێ نشینە بەردەوام کاوول کراو و گووزەران سەخت و ، پشتاو پشت ماندووە نەحەساوەکانیشی ، بەردەوام مرۆڤی تووڕە – خووڵقێن ، + تابوورێک لێپرسراوی چەکدار و ڤێلای شارستانیی و پڕ تەقەنیاتی تەکنەلۆژیا و بەتاڵ لە قەڵەم و کتێبخانە ، + دەیان دیوەخانی بە دۆلار و کلاشینکۆف ئاخنراو و زۆرینە کەم خوێندەوار و وەڵام – زبر ، خەشن – و هەمیشە خاوەن دوژمنداریی کۆنی نهێنیی و ئاشکرا ، کە هەڵکەوتەی جیوپۆڵیتیکیی و سیسیۆلۆژییمانی تژی و سەر لێو تر کردووە لە تاکی ترادیسیۆنی چاو سوور و ، کەسایەتیی فەندەماڵیستی نەدیی و بدیی و ، ڕۆشنگەر داپڵۆسێنی شەقاوە ئاسای ناو سیستەمی گاڵتە جار بە فەلسەفە و لۆژیک کووژ ، ئەمانە و جار جارەش خۆ سەپاندن و هەست کردن بە نەشونمای باڵای بەچکە دیکتاتۆرییەت بازیی نێو تاکەکان و ، تەمتوومانی گەمەکانی پشت کەوالیسی یاساکان و ، ترسی نەمانی کەمێک متمانە بە گەورە پارێزانی هەرێمەکە و ، زاڵیەتیی ڕیتمی دەستگەریی و میتۆدی سامناکی – نیپۆتیزمیی = خزم خزمێنە – ی چەکدارە نیشان شکێن و قەڵەم نەناسەکان ، یاخوود زیهنیەتی بڕێکی کەم

لە چۆنێتیی بە مێگەل کردنی هاو وولاتیی و هتد .. هتد ، بەلام دیسان کە ناکرێت – لە بەر خاتری دەستەسرێک قەیسەرییەک بسووتێنرێت – ، یاخوود ڕەش بینانە دەست لە هەموو جوانییەکانییش بشۆرێت ، ناچار بیرۆکەی کردنەوەی ئەو تێرم و کۆرسە گرنگە باس کراوانەوەم ئەدەمەوە بە گوێی سەکۆ نشینانی پارلەمان و ، مینبەری ئەنجوومەنی وەزیران و دامەزراوە حکوومییەکاندا – زۆر بە تایبەت تەواوی دەزگای ڕاگەیاندنەکان – و ئەڵێم :– ئەگەر بیرتان بێت بەر لە شەڕی برا کوژیی ئەم پێشنیارەمان خستە بەر دەمتان و ، مامۆستایانی خۆبەخشی ئەو کۆرسانەش لە کورد و بێگانە ئامادە باشیی خۆیان ڕاگەیاند ، ئەوە بوو یەکتر قڕ تێ خستنی براکان هات و ، بە دوایدا بەر لە کووشتن و ڕاوەدوو نانی ڕۆژنامە نووسان و غافڵە کووژی هەمە چەشنە و بەخشینەوەی بێ سەر و بەرەی تفەنگ بەو مالانەی کە زیاتر پێویستیان بە نان و قەڵەم بوو ، دیسان داوای خوولقاندنی ئەم کۆرسە وەرچەرخان سازانە بە نووسین خرانەوە بەر دەمتان ، بەلام سەر لە نوێ لە ئەرشیفی حیزب و چەکمەجەی مێزی کاربەدەستانی هەرێمدا ژەنگیان هەڵهانیی و تاقە یەک هەنگاویان لێ پراکتیک نەکرا ، هەر بۆیە بەر لە قەومانی هیچ کارەساتێکی تری لەم جۆرانە ، کە ڕۆژ بە ڕۆژ و سەرباری زیاتر بڵند بوونەوەی دیواری لێک ڕەنجانی نێوان جەماوەر و حکوومەت ، وا بۆ جاری سێیەم داوای هەڵوێستی جدییانەی یەک بە یەکی پارلەمانتارانی کوردوستانی هێشتا نەزیف لەبەر چۆڕاو ئەکەین ، بەر لە هەر شت و دوور لە موجامەلە و موبالەغەی ئەژنۆ شکاوی سیاسەت بازیی و کات بە فیڕۆ دان ، سەرەتا فشاری یاسای قەدەغە کردنی چیتر دیاردەی ئەم چەک بەخشینەوە عەشوایییانەی ناو شار و شارۆچکەکان بخەنە بەر باس و ، بە دوایدا داوا بکەن کە خوێندنی کۆرسە ناو براوەکانی سەرەوە بکەنە یاسایەکی ئیجباریی لەسەر کۆی لێپرسراوان و تەواوی کادێرانی حیزب و بەڕێوەبەرانی دام و دەزگا حکوومییەکان ، جا ئەگەر لایەنە پەیوەندارەکان بە ڕاستیی مەبەستیانە کە چیتر نە ڕۆژنامە نووسان و نە سادە ترین هاو وولاتیش تووشی زیانی مادیی و مەعنەویی نەبێت ، ئەگەر بە ڕاستیی ئەمانەوێت ئەو برە متمانەیەی جەماوەر بە حکوومەت وەک خۆی بمێنێت و ، ئاژاوە و فەزاحەت و بێ حوورمەتیی زیاتر ڕوو لە کۆمەڵگاکەمان و ئاساییشی نەتەوەیی و ڕێزی شەقامی ئێجگار پاکی کۆمەلایەتیمان نەکات ، ئەوا کادێر و مووچە خۆرە کەم خوێندەوارەکانی ناوخۆ و دەرەوە فێری خوێندەواریی باش و لایەنی کەمیش زانستەکانی کۆمپیوتەر بکەن ، خوێندەوارەکانیشیان بخەنە بەر ئەو تێرم و کۆرسانەی کە لەم وولاتە پێشکەوتووانەدا سەدان و هەزارانی وەک – هیراتۆ کایکۆ – ی یابانی بە بێ جیاوازیی تەمەن و مەنسەب و ئینتیمای حیزبیی و مەزهەبیی و هتد .. زۆر لە خۆ بووردوانە و بێ هیچ لووت بەرزییەک دەی خوێنن و ، دوواجار لە ڕێگەی دیپلۆمێکی نۆرماڵی ئەو بووارانەوە باڵا تریین فەرمانبەر و کادێر و کەسایەتیی لێهاتوو و پسپۆڕی هێمن و ، بە تەوازوع و دیپلۆمات ناس ئەبنە جڵەو گری قافڵەی زیاتر بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگای ئێمەش ، کە چەندان ساڵە دوور لە هەر درووشمێکی ئایدیۆلۆژیانەی کەڕوو گرتووی پڕ ماڵ وێرانیی زیاد لە حەفتا ساڵەی پێشتر و ، نزیک لەو شۆڕشە سەراپا گیرەی ڕۆشنبیریی و – هۆشداریی = تەوعیەی – هەمە چەشنە کەمێک فەرامۆش کراوەوە ، ئیتر ئێمەش بە دڵنیایی ئەگەینە ئەو قۆناغە پڕ

ڕاچەنین و گشتگیرەی ، کە بە پێچەوانەی ئەم قۆناغە کاریزمییە دۆگمایەی ئەمڕۆوە ئەگەینە دامێنی سێ گۆڕانکاریی هەرە گرنگ و باوی سەردەم ( زانست ، تەکنەلۆژیا ، ئابووریی پتەو ) ، نەک خوولانەوەی گێژانە لە ناو هەمان ئەم بازنە ناوبراوەی – کاریزمییەت – و ، تەقدیس کردنی تاکی باڵا دەست و ، ئاووڕی بەردەوام بۆ پشتەوە و بەردەمی خوود نەبینین ، یاخوود لە بری ئەو شۆڕشە ڕۆشنبیریی و زانستییەی سەرەوە ، کە سوپایەک کوردی شارەزا و پسپۆڕ لە ناوخۆ و دەرەوە ، زۆر ئامادە باشانە ئەتوانن بە تۆکمە ترین شێواز ، تا مەنزڵی دوا هەنگاو ڕابەرایەتیی بکەن ، بەڵام لە بری تەواوی پشتیوانیی و ڕاوێژ پێ کردنیان ، لە بری دەرگای گوێ گرتن کردنەوە لێیان و کەمێک ڕێگا چۆڵ کردن بۆیان ، ئەبینین نەک هەر گرنگیی بەو هەموو ڕێنماییە بە پڕۆژە و بابەتگەلە نەخشە سازە هاوچەرخانەیان لەم سایت و لەو گۆڤار و هتد .. نادرێت ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە و تەنها لەبەر هۆی ئەم ئەنفلۆزای حیزبیی بوونە و ئەو بێ لایەنیەی زۆربەیان ، نەک دەرگا بەڵکوو پەنجەرەکانیش بە ڕوویاندا کلۆم دراوە ، ئەمە لە کاتێکدا کە بە سەدان داهێنەری بێ لایەن هەن ، لە هەزاران لایەنداری مووچە دار دڵسۆز تر و بە پەرۆش تر ، ساڵانێکە تاقە باڵ و خۆ بەخشانە خزمەتی لەبەر چاو و ئاشکراو بە بێ کەس منەت کردنی کوردوستانەکەی خۆیان ئەکەن ، هەڵبەتە لە دڵەوە حەز ئەکەین هەموو قەڵەم بە دەستێک مووچەیەکی تایبەت و باشی هەبێت ، خۆ ئەگەر نەشبوو ئەوا وەک هەمیشە وتوومە کارێکی زۆر چاک و فاکتەرێکی زۆر هاندەرە ئەگەر لە بری دوو سەد مەتر زەوی ، دوو دێڕ سوپاسگووزاری کەسانێکی دڵسۆز و ماندووی تاقە باڵی بوارێکی خزمەتگووزاریانە بکرێت ، چوونکە بە ئازار ترین دیاردە ئەوەیە کە دەوڵەت ڕۆڵە بە وەفا زیندوو و مردووەکانی خۆی لە بیر بکات ، ئای چەند جێی داخە کە ئەمڕۆ ئەبینم ، ئەو سەربازە وون و بە ئەمەک و داهێنەر و دڵسۆزانەی نیشتیمانەکەم ، کە لە هیچ مینبەرێکەوە تاقە جارێک ناویان نابرێت ، خەریکە ژمارەیان ئەگاتە ژمارەی قافڵەیەک لە قافڵەکانی ئەنفال و ، بگرە خەریکە وەک ئەوانیش ناویان لە زاکیرەی هەندێک وویژدانی کڕ بوودا بە یەکجاریی و ڕووە و نەمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاڵ تر ئەبێتەوە .

**فەتوای تیرۆر لەقسەکانی" مەسعود بارزانی" و میدیای پارتیدا.**

ئاکۆ خەلیلزادە

تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس "سەردەشت عوسمان" لە 2010/5/6 لە ناوشاری هەولێر بەرۆژی روناک و لەبەردەم حەرەمی زانکۆ کە هێندەی بەردەم دەزگایەکی جاسوسی پۆلیس و چەکبەدەستی لێیە ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئینسان کوژو دەزگا جاسوسیەکانی پارتی دەستیان هەیە لەم تیرۆرەدا، هەڵبەتە ئەم تۆمەتبارکردنە لەخۆوە نەهاتوە بەڵکە بەپشتبەستن بە رابوردوی برتیرۆرو سەرکوتگەرای ئەوپارتە و زمانی هەرەشەی تەواوی میدیاکانی پارتی تا دەگاتە فەتوای راستوخۆکانی سەرۆک بارزانی دژ بەرەخنەگران و خەڵکانی ئازادیخواز

سەلمێنەری ئەوراستیەن کە ئەوانن بکوژی سەردەشتی رۆژنامەنوسن.بۆیە بەپشتبەستن بە هەرەشەو فەتواکانی مەسعودبارزانی و پارتەکەی کە لەخوارەوە باسی دەکەم من پارتی دیموکراتی کوردستان بە رفێنەرو تێرۆرکەری سەردەشتی نوسەرو رۆژنامەنوس ئەزانم.

1– لەسەروبەندی ناوزەندکردنی پێشمەرگە بە میلیشیا و سوکایەتی کردن بە پێشمەرگە وەک گوێی سەرۆکی هەرێم و تەواوی نەیارانی بزوتنەوەی گۆران وەهایان بیست ،مەسعود بارزانی بۆ جارێکیتر و لە وتارێکی حەکیمانەیدا لەساڵیادی دامەزراندنی رێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان فەتوای کوشتنی بۆ هەموو ئەوکەسانە دەرکرد کە رەخنە لە هێڵەسورەکان و موقەدەساتەکانی ئەوان ئەگرن،سەرۆک فەرموی "ئەوەی سوکایەتی بە پێشمەرگە بکات لەسەر ئەم خاکە جێنابێتەوە"ئەگەر ئێمە سادەترین شیکردنەوە بۆ ئەم قسەیەیی مەسعودبارزانی بکەین ئەوا جگە لەفەتوای کوشتن هیچیتر بەدی ناکەین،چونکە بۆ کەسانێک کە رەخنە لە دەسەڵاتی خێڵەکی ئەوانبگریت و پرسیاری جدی لە سەر سەروەت و سامانە دیارو شاراوەکانیان بکات تادەگاتە ئاشکراکردنی پلانی کوشتنی هاولاتیان و گەندەڵی و ئەو سات وسەودایەی کە لەگەڵ دوژمناندا سازیانداوە بۆ دەستکەوتنی دەسەڵات و پارەوپول وە لەبەرامبەردا هێنانی داگیرکەران و بێدەنگبوون لەتاوانەکانیان ئەمانەو سادەترین رەخنەی دیکە بەزاندنی ئەو هێڵەسورەکانەیە کە سەرۆک فەتوای کوشتن و شاربەدەری بۆ رەخنەگران دەردەکات، بەپێی وتە هەرەشە ئامێزەکەی ماندێلای کورد، هەموو ئەوکەسانە یان دەبێت سەری خۆیان هەڵگرن و راوبنرێن لەم وڵاتە، یانیش دەبێت بکوژرێن، وشەی" لەسەر ئەم خاکە جێی نابێتەوە" یانی دەبێت ببرێتە ژێرخاک و بەدەستی پیاوەکانی سەرۆک و دەزگا هەواڵگریەکانیان وەک هەزاران کەسیتربرێنە ژێرخاک و تیرۆر بکرێن ئەگەر نا ! خۆ جەنابی سەرۆک بە رێزەوەو بەفرۆکە نەیارانی رەوانەی دەرەوەناکات؟!، هەرەشەکردنی پیاوێکی سیاسی وەک سەرۆک حیزب و وەک سەرۆکی هەرێمێک یان وەک سەرۆک بنەماڵیەکی دەسەڵاتدار دەبێت جێگەی مەترسی و ئیعتیباربێت لای هەرەشەلێکراوان.

2– ئاشکرایە مەسعود بارزانی هەمیشە زمانی زبرو هەرەشەی بەکارهێناوە لەبەرامبەر نەیارانیدا، وەلێ ئینسان بە ویژدانەوە بڵێت جار جار سەرۆک هەرەشەی فشەڵ و خۆگیڤکردنەوەش لە برا تورک و عەرەب و فارسەکایش دەکات ،بەڵام وەک بینیومانە ئەوە تەنها بۆ فریودانی خەڵکی کوردستان و دەروێشەکانی خۆیەتی تا بڵێن ئەها سەرۆک چەندە کوردپەروەرو نەتەوەپەرستە!! بۆیە لێرەدا من تەنها هەرەشەیەکی تری بارزانیتان بیردێنمەوە کە لە 2009/6/24 لەسەر مەسەلەی دەستوری هەرێمی کوردستان بۆجارێکی تر و لەسەرو بەندی بانگەشەی لیستی کوردستانیدا لە یاریگای هەولێر بارزانی فەرموی "دەستور دەبێتە چقڵی چاوی دوژمنان " وشەگەلی زبری وەک " چقڵ و ناحەزان و دوژمنان" وشەگەلێکن کە پڕپڕن لە هەرەشەو چاوسورکردنەوەو فەتوای کوشتن.

ئاشکراشە مەبەستی سەرۆک لە ناحەزان و دوژمنان تەنها خەڵکی کوردستانە، ئەوخەڵکانەی کە بۆ تێنەپەراندنی دەستور کەمپینیان رێکخست و رەخنەیانگرت، نەک داگیرکەرانی دراوسێ

کە بەرێزەوە فەرشی سور بۆ خۆیان و سوپا و دەزگا ئیستخباراتیەکانیان دادەخرێت، هەرەشەی سەرۆک لەو کەسانەیە کە نەیانویست وەک سەرۆک و پارتەکەی ئیمزای تێپەراندن لە دەستورەکەی بنەماڵە بدەن،کەسانێک و خەڵکانێکی ئازادیخواز کە لەکۆمەڵگەدا ئازایانە وە بە هەستێکی پر لە مرۆڤانەو ئەخلاقیانەوە لە خەمی نەوەکانی داهاتودا داوای پەسەندنەکردنە ئەودەستورەیان کرد کە گەرەنتی و پارێزەری دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی سەرۆک و پارتەدواکەوتوە کۆنەپەرستەکانی هەرێمەکەن،دەستورێک کە پربوو لە بەندو ماددەی دژ بەئازادی و دیموکراتی و تەنهاو تەنها هێشتنەوەی سەرۆک وەک خوداو بەس.

3-دەرکردنی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتیدا لە 2010/5/13 دژ بە کەمپینی" بێدەنگ نابین" و بێنرخ کردن و بەلارێدابردنی ئەو بزوتنەوە جەماوەرییەی کە دژ بە تێرۆرکردنی سەردەشتی رۆژنامەنوس و بەردەسکردنەوەی ئازادی رادەربرین لە زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان هاتەدەنگ، بەتەواوەتی ئەوە ئەسەلمێنێت کە خودی پارتی هەستاوە بە تێرۆرکردنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان لە پایەتەختی هەرێمی کوردیستان، زمانی پرلەهەرەشەی هەمیشەیی وتازەترین بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی و زمانزبری و جنێودانی کۆیلەکانی ئەوپارتە لە سەرجەم کەناڵە میدیاییەکانیانەوە ئەوە ئاشکرا ئەکات کە خۆیان بکوژی ئەورۆژنامەنوسەن.

نوسینی رستەگەلێکی وەک " جا ئەگەر زوو دەستی رەشی نەگریسیان نەبڕینەوە، لەو بڕوایەداین کار و کردەوەی دڕندەتریشیان لە بەرنامەدایە " کە لە بەیاننامەکەی مەکتەب سیاسی ئەوپارتەدا هاتوە پرلە وشەو رستەی پرلە هەرەشەو تێرۆر بەئاشکرا بۆنی خوێن و مەرگ دۆستی لێدێت، ئەمە جگە لەتۆمەتبارکردنی ئەوخەڵکانەی کە دژ بەتێرۆر و کوشتنی هاوریێ و هاوکارەکەیان هاتونەتە سەر شەقامەکان.

هێژایانی پارتی دەڵێن " جەماوەری خەلکی کوردستانیش دڵنیا دەکەینەوە کە ئەم پیلانە و دارێژەر و ئەنجامدەرانی لە گۆڕ دەنێین " بێشک لێرەدا مەبەستیان لە گۆرنان و کوشتنی رۆژنامە نوسان و رەخنەگران و خەڵکانی ئازادیخوازە دەنا بۆ هێندە بە هاتنەسەرشەقامی خەڵک ئەترسن و تۆمەتباریان ئەکەن بە پیلانگێر و نەگریس و ئاژاوەچی داوای لەگۆرنانیان ئەکەن، سەیرە ؟!!؟ ئەوان هاوبیرو هاورێیەکی ئێمەیان تێرۆر کردوەو کەچی بەعس ئاسا رێگە لە پرسە و فرمێسکەکانمان ئەگرن مافی تورەبون وپرسیارکردنمان پێرەوانابینن،تورەدەبن کە دەڵێین کێ ؟وە بۆ؟ سەردەشتی رۆژنامەنوستان تێرۆرکرد،لەبری ئەوەی میدیای پارتی وەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەنوسان و خەڵکی ئازادیخواز بداتەوە کەچی زۆر شەرەنگێزانە دێت و بەرگریکاران لە ئازادیرادەربرین تۆمەتبار ئەکات،وە هەوڵ و تێکۆشانە جەماوەرییەکانیان بە ئاژاوەگێرو دەست لەپشت و خەتەر بۆسەر ئاسایشی هەرێم تۆمەتبار ئەکات، بەزمانێکی مەرگدۆستانەوە وەک سەرۆکە ئاشتی خوازو نەفەس درێژە کەیان، داوای لەگۆرنانی ئەوکەسانە ئەکەن کە بۆ پرسەی هاوریێ رۆژنامە نوسەکەیان

هاتونەتە سەرشەقام و داوای ئاشکراکردن و دۆزینەوەی تیرۆرستان ئەکەن و لەبری زمان زبری بە شێوەیەکی مۆدێرنانە دەڵێن نەفرەت لە تیرۆر ،بژی ئازادی.

بۆیە بە بۆچونی من وتاردان و بەکارهێنانی زمانی زبرو پر لەهەرەشەکانی سەرۆک و پارتەکەی و دژ بە رۆژنامەنوسان و نوسەران و خەڵکانی ئازادیخواز و نارازی بەدەسەلآتی پرلەستەمکاری ئەوان رێگە خۆشکەرە بۆ ترساندن و سەرکوتی ئازادی وە ئەم وتەو فەتوایانەی سەرۆک بارزانی پشتیوانی و دەست خۆشییە لەو کەسانەی کە بەئاشکراو بەرۆژی روناک لە سەرعەرشی سەرۆکدا سەردەشتی رۆژنامەوسیان تیرۆرکردو بەردەوامن لە تیرۆری هاوکاران و هاورێو هاوبیرانی سەردەشت.

**پارتی( کەلەبچەی ئۆتۆماتیک) ی لە دەستدایە، چەند بجوڵێ، ئەوەندە توندتر دەبێتەوە !**

**ئامانج پیرۆت**

بە داوای لێبوردن لە هەموو ئەوانەی کە لە سەردەمی بەعسدا، لەسەر هەڵسوڕانی سیاسی، گیراون و ئێستا بە هۆی ئەم نوسینەوە، ئەو کەلەبچانەیان بیر دەکەوێتەوە، کە بە جوڵاندنی دەست، توندتر دەبوو.

لێرەدا مەسەلەکە زۆر جیاوازە و قسە لەسەر بەکارهێنانی ئەو جۆرە کەلەبچەیە بۆ (تاوانبار) ان نەک هەڵسوڕاوی سیاسی و رێک بە پێچەوانەوەیە، ئێستا ئەوە بزوتنەوەی ئازادیخوازی یە کە کەلەبچەی کردوەتە دەستی ئەو هێزانەی کە بۆ پاراستنی توانا مافیایی یەکی خۆیان و تاڵانکردن و دزینی سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایە و زەمینە خۆشکردن بۆ چەسانەوەی لە ڕادەبەدەری چینی کرێکار و توێژە بەشخوراوەکان، لە لایەن کۆمپانیاکانی خۆیان و ناوچەکە و جیهانەوە، سڵیان لە هیچ دڕندایەتی یەک نەکردوەتەوە و بە هەموو شێوەیەک لەهەوڵی ئەوەدا بوونە، کە (لاوان) ی ئەم وڵاتە دەستەمۆ و ترسنۆک و بێئیرادە بکەن، تا بتوانن بە ئاسانی بیانچەوسێننەوە و بیانکەن بە کۆیلەی دەزگا جاسوسی و پۆلیسی یەکان و کۆمپانیاکانی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکانی ناوخۆ و تورکیا و ئێران و ناوچەکە و جیهان( چونکە ئەوان زۆر لەوە دڵنیان، کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیەکی هەرچی زیاتری ئەو لاوانە لە هەموو ئیمکاناتێکی خوێندن و خۆ پێگەیاندن، دادەبڕێن و تەنیا کرێکاری و پۆلیسی و ئاسایشی یان بۆ دەمێنێتەوە) ئەوەش دەزانن، قازانجی زۆر لە گرەوی ئەوەدایە کە ئەم نەوەیە سادە و ترسنۆک و بێئیرادە بێت و سەرمایەداران و دەسڵاتەکەیان هەرچی پێوتن، نەڵێن نا!

یەکەم ساتی ئەم کەلەبچە کردنە، دوای ئەوە دەستی پێکرد کە بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان( لە دادگایەکی جەماوەریدا) بە تاوتوێکردنێکی زۆر لۆژیکیانە و زانستی یانەی

سەرجەم بەڵگەکان( کە هەمووی ئازادانە خراونەتە بەردەستی خوێنەران و خەڵکی کوردستان و دنیا) پارتی و دەزگا ئەمنی یەکانی وەک تاوانبار ڕاگەیەند.

پارتی بەمە تووشی شۆک بوو، تا چەند ڕۆژێک نەیتوانی بێتە گۆ و تەنانەت سەرکۆنەی کوشتنەکەیشی نەکرد! چونکە وایدەزانی، ئەو فرتوفێڵەی(خۆیی و یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامی یەکان) ی بۆ چوەتە سەر کە گوایە کوردستان خاوەنی دامودەزگای مەدەنی و بێلایەنە و توانیویشیەتی ئەوەندە بزوتنەوەی ئازادیخوازی بترسێنێت و سەرکوت بکات، کە لە بەرزکردنەوەی (سکاڵا) یەک زیاتریان لەدەست نایەت و دوای چەند مانگێک ئەگەر پێویستی کرد، بە ڕستە باوەکەی( لعدم وجود الأدلة الكافية) وەڵامیان دەدەنەوە. پارتی نەیزانی هەرکاتێک خەڵک جورئەت بکات، ئەوە لەو ڕاستی یە زیاتر دەرنابڕن، کە دەیزانن. خەڵکی کوردستان سوور دەزانن هەردوو دەزگا ئەمنی یە دەسرۆشتوەکەی هەولێر( پاراستن و ناوخۆ) هەر سەر بە پارتین و سەرچاوەی ئەمرو ئەوامرەکانیان لە چەند کەسێک تێناپەڕێت. هەر لێرەشەوە وەڵامی ئەو پرسیارە لای ئەوان زۆر ڕۆشن بوو، کە ئەگەر پارتی خۆی کارێک بکات، چۆن دوایی دامودەزگاکانی خۆی وەک تاوانبار دەسنیشان دەکەن؟! بەڵام دوای ئەوەی هۆشی هاتەوە و جووڵا و هاتە زمان ، سەردەشتی وەک ڕۆژنامەنوس ناو نەبرد! ئەمە یەکسەر بەڵگەیەکی تری دایە دەست دادگا جەماوەری یەکەی خەڵک و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و پلەیەک کەلەبچەکەی توند کردەوە، چونکە ئەو دەیویست کەس ئەوە نەزانێت کە سەردەشت لەسەر  نوسین کوژراوە و لەوێشەوە کەس نەزانێت نوسینەکەی چی بوە. دواتر ناچار بوو جووڵەیەکی تر بکات تا تۆزێک دەستی ئیسراحەت بکات. بۆ ئەم مەبەستە ئاژانسی پاراستن بەیانێکیان نوسی و مەکتەب سیاسی یەکەیشی بەیانێکی کۆنی سەدام حسەینی تەرجومە کرد و لەگەڵ بەیانێکی کاتی شەڕی ناوخۆدا تێکەڵی کرد و ئاراستەی خەڵکیان کرد. بەیانەکان ئەوەندەی تر بەڵگەی خستە بەردەستی خەڵک. بەمە کەلەبچەکە توندتر بوو و بە هەڵداوان پەنای بۆ هەموو ئەو ڕاپۆرت نووسانە برد کە لە ماوەی چل پەنجا ساڵی ڕابردودا، یەکە یەکە و دەستە دەستە بەڵێننامەی کۆیلەتی یان بۆ ئەو حزبە مۆر کردبوو، ئەمە تەنانەت هەموو ئەوانەشی گرتەوە، کە بۆ ڕۆژی ڕەش هەڵیگرتبوون و دەمامکی جۆراوجۆری دابوو بەسەریاندا و لێرەولەوێ لە سایت و ڕۆژنامە و ڕێکخراوە مەدەنی یەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، ئەرکی تریان جێبەجێ دەکرد! لەمەدا نەگبەتی پارتی لەوەدا بوو، کە ئەم کۆیلە داماوانە، هەرچی زۆریان لە خۆیان دەکرد و گنگڵیان دەدا، نەیاندەتوانی لەو بازنەیە دەرچن کە بەیاننامەکەی پاراستن و مەکتەبی سیاسی کێشابوویان! کاتێک کە بینی ئەم قەڵەمە کۆیلانە نەک هەر نەیانتوانی ئاهێک وەبەر دەستە کەلەبچە کراوەکانیدا بێننەوە، چاو بە گریان ڕوویکردە یەکێتی و ئەوانیش دوکتۆر مەلا بەختیاریان ڕاسپارد چارێکی دەردی هاوپەیمانە ستراتیژیەکەیان بکات. دوکتۆر مەلا بەختیاریش وای بەباش زانی لە پێشدا چاوەکانی بسڕێ و تۆزێک کلیشی تێبکات!

داماو پارتی! مەلا بەختیاریش ئەوەندەی تر بەڵگەی ڕژاند بەسەریدا و بە چاودێری شەخسی خۆی، بەڵگەکانی دایە دەست کۆمەڵانی خەڵک!

ئێستا کەلەبچەکەی دەستی پارتی تەنیا دوو دایسی ماوە دەستی ئیفلیج بکات: یەکەمجار جووڵەیەک بکات و پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە و هێڵێکی سووری جوگرافیش بۆ هەولێر و دهۆک بکێشێت و لە سنورەکەیدا هەرچی ئازادی هەیە قاچاخی بکات. دووەم جاریش تەنازولاتێکی باش بۆ حەدبا و تورکیا بکات، تا لە خەڵکی کوردستان بیپارێزن!!

19.05.2010

**سەرئەنجام پارتی مەسەلەکەی ڕوونکردەوە!**

ڕێبوار ئەحمەد

هەرچەندە سەرۆکی پارتی بەلێنیدابوو بەزوویی هەموو هەوڵێک دەخرێتەگەڕ بۆ لێکۆلینەوە لە تاوانی فڕاندنو تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانو دۆزینەوەی تاوانباران، بەڵام دوای زیاتر لە هەفتەیەک دواکەوتن، سەرئەنجام ڕۆژی 13ی مانگ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەک و دەزگای پاراستنی پارتی لەلایەکی ترەوە، سەروبەری مەسەلەیەکەیان خستە دەستی خەڵکی کوردستانەوە. هەرچەندە ناوی هیچ لایەن و کەسێکیان نەبردوە، بەڵام ناونیشانەکەیان بە ڕۆشنیو بە خەتێکی ڕەش لەسەر کاغەزی سپی خستۆتە بەردەستی خەڵکی کوردستان.

با پێکەوە سەرنجی ئەم ناونیشانو بەڵگانە بدەین!

بەڵگەی یەکەم: ڕۆژێک پێش بەیاننامەو ڕونکردنەوەکەیان، باوکی جگەرسوتاوی سەردەشت عوسمانیان "میوانداری" کرد بۆسەر تەلەفزیونەکەیان، نەک بۆ ئەوەی ئەگەر زانیاریەکی هەبێت یان سەرەداوو شوێنپێیەکی ئەو جانەوەرانەی لابێت کە ئەم تاوانەیان ئەنجامداوە، بەڵکو بۆ ئەوەی لەژێر زەختو فشاردا بڵێت هیچ سەرەداوێک دیارنیەو نابێ کەس تاوانبار بکرێتو... لە کاتێکدا هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە بەڕێز کاک عوسمان لانی کەم وەکو هاوڵاتیانی تری کوردستان ئەزانێ کە کوڕەکەی وتاری نوسیوەو باسی گەندەڵی دەسەڵاتو ئیمپراتۆریەتی سەری ڕەشی کردوە، پاشان هەڕەشەی لێکراوە، پاشان وەکو خۆی لە وەسیەتنامەکەیدا باسی کردوە، لای ڕاگری کۆلیجو بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر شکاتی کردوەو دوای بێئومێدبوون لەوانە، وەسیەتنامەی نوسیوە. هەروەها گومان لەوە نیە کە بەڕێز کاک عوسمانیش وەکو هاولاتیانی تر ئاگادارە کە سەردەشت لەبەردەم کۆلیج بەزۆرو لێدان بۆناو سەیارەیەک راپێچ کراوەو ئاسایشی ئەوێ کاردانەوەی نیشان نەداوەو بەناو ئەو هەموو سەیتەرانەدا بە ئاسانی دەرپەڕێندراوە بۆ موصل. بەڵام ئەو ناتوانێ ئەم ڕاستیانە بڵێت، بۆ ئەوەی ژیانی باقی خێزانەکەی نەخاتە مەترسیەوە. خەڵکی کوردستان زۆر لە کۆنەوە بەم سیناریۆیانە ئاشنان، سەردەمانێک رۆڵەکانی ئەم کۆمەلگایەیان بە ئاشکرا دەکوشتو پاشان باوکیان ناچار دەکرد ستایشی بکوژەکانو "سەرۆکی فەرماندەی" بکوژەکان

بکات. ریسوایی و داڕزینی ئەم ڕەوشتە بەجێگای خۆی، بەلام ئەگەر ئەمە 20 سال لەمەوبەر کارەسات بوو، ئەمڕۆ ئیتر دوبارەکردنەوەی مەهزەلەیە. ئەمە بەڵگەیەکەو ناونیشانی تاوانبارانمان پێدەڵێت.

بەڵگەی دووەم: پارتی نەک هەر زۆر توڕەیە، بەڵکو توشی هیستریا بووە لەم ڕووداوە، بەڵام نەک لە تیرۆرو فڕاندنی سەردەشتو لە بکوژەکانی، بەڵکو لەو جەماوەرە خرۆشاوەی کە بە ناڕەزایەتی دەربڕین دژی ئەم کارە قێزەونەو بەرزکردنەوەی خواستی ناساندنی تاوانبارانو ڕێزگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین، و بە دژایەتی تیرۆرو تیرۆریزم "ئاسایشی هەرێمی کوردستانیان خستۆتە مەترسیەوە"!!

بەڵگەی سێهەم: پارتی هەڕەشەیەکی زۆر توندی کردوەو بەڵێنو بڕیاریداوە کە تاوانبارانو ئەوانەی لە "یاسا" دەرچونە دەداتە دادگا، بەڵام نەک تاوانبارانی فڕاندنو تیرۆری سەردەشت، بەڵکو ئەوانەی کە بەڵگەیان پێیەو دەیانەوێ شوێنپێی بکوژەکان هەڵگرن.

بەڵگەی چوارەم: پارتی بڕیاری داوە کە ئیتر ئەویش بێدەنگ نەبێتو ئەوەی پێویست بێت بیڵێتو ئەوەی پێویست بێت بیکات، بەڵام نەک لە دژی بکوژانو تاوانبارانی ئەم تاوانە چەپەڵە، بەڵکو لەدژی ئەوانەی کە خرۆشاونو لە دژی ئەوانەی کە خواستی ئاشکراکردنی تاوانبارانو سزادانیان بەرزدەکەنەوە.

هەر هاوڵاتیەکی سادە ئەو بەڵگانە لێکبداتەوە دەتوانێ ئەنجامگیری خۆی لێبکات. سەرباری ئەوانەش، پارتی لە مدیاکانیەوە توڕەیی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە ئەم ڕووداوە بەڕای ئەو "بچوکە" بۆ ئەوەندە گەورە کراوەتەوە. بەلام ئەمەیان ئیتر لە دەسەڵاتی کەسدا نیە. ئەمە بەڵگەی ناکۆکی معیارو پێوەرەکانی خەڵکی کوردستانو پارتیە بۆ ئەندازەگرتنی ئەم کارە رەزیلانەیە. پارتی ئەمەی پێ ڕووداوێکی بچوکە. ناحەقیشی نیە چونکە هەرگیز ناوچەکانی دەسەڵاتی پارتی ئەم جۆرە ڕووداوانەی لێ نەبڕاوە. لەم ڕووانگەیەوە پارتی ئەم ڕاپەڕینەی خەڵکی کوردستان دژی تیرۆری نوسەران بە بێمانا دەزانێو دەڵێ دەبێ نەفەستان درێژبێتو ئارام بنو چاوەڕێ بن تا دەزگا پەیوەندیدارەکان بە خوێنساردیەوە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن. وەکو ئەوەی کە بکوژانی سۆرانی مامە حەمەو عەبدلستار تاهیر شەریفو سەدان تیرۆری دیکەی پێشووتر، لەلایەن پارتیو ئەو دەزگا پەیوەندارانەوە چاک ئاشکرا کرابێت!!

من چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئەو ئاگاداریەم دا بە خەڵکی کوردستانو پێشبینی ئەوەم دەکرد کە ئەگەری ئەوە هەیە لە ژێر زەختی خرۆشانی خەڵکدا، سیناریۆیەک بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک سازبکرێت. ئێستا لە ڕاگەیاندنی پارتیدا شەبەحی ئەو سیناریۆیە بەدیدەکرێت. ڕۆژی 13ی مانگ ڕاگەیاندنی پارتی دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی گومانی ئەوەی کە ئەم تاوانە نەگریسە لەلایەن هەمان ئەو کەسانەوە ئەنجامدرابێت کە کەمپین لەدژی تاوانەکە بەرپادەکەن. ئەوکات تەنها بەڵگەیان ئەوەبوو کە ئەگەر وانەبێتو پێشتر هەم نەخشە بۆ تاوانەکەو هەم نەخشە بۆ کەمپینەکەی، ئامادە نەکرابێت، چۆن وا خێرا ئەم هەموو

کاردانەوەیە بەرێخرا؟! بەڕاستی لەچاو ئەو هەموو بەڵگەو سەرقداوانەی تر، مەگەر توانای مەزنەی بەهێزی پارتی سەرنجی بڕواتە سەر بەڵگەی لەم جۆرە!! بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ هەر بەم توانابیەوە تاوانبارانی تیرۆرەکانی پێشوتر دەستنیشان نەکران؟

سەیر ئەوەیە لەبەرامبەر ئەم هەموو خرۆشانەی خەڵکی کوردستاندا، حکومەتو دامودەزگاکانی جگە لە مەحکومکردنێکی ڕواڵەتی ڕووداوەکە، ئێتر هیچ کاردانەوەیەک لەخۆ نیشاننادەنو ڕوونکردنەوەیەکیشیان لەم بارەیەوە نیە، بەڵام لە بری حکومەت مەکتەبی سیاسی پارتیو لەبری ئاسایش دەزگای پاراستن دێنە وەڵامو هەڕەشە دەکەن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە دەیان پرسیارو بەڵگە لەسەر رووداوەکە لە هەزاران گەروەوە ئاراستە دەکرێت، پارتی گوێی خۆی لە هەموویان خەواندوەو هیچ وەڵامێک ناداتەوە، کەچی لەبری ئەوانە چەند خاڵێکی لاوازی لەو دنیا ڕاگەیاندنو نوسینە بەدەستەوە گرتوەو بە حەماسەوە رەتیاندەکاتەوە، کە ڕەنگە هەر بۆ یەکجار لە بێدیقەتیدا بە مەبەستەوە بێت یان بێمەبەست لە دەمی یەک کەسێکەوە ووترابن. وەکو ئەوەی سەردەشت لەناو کۆلیج دەرکراوە، یان لە سمیناری مەسرور بارزانیدا ئامادەبوەو رەخنە توندی لێگرتووە. بەلام جیاوازی چییە لەنێوان ئەوەی لە ناو کۆلیج دەرکرابێت یان لەبەردەم کۆلیج بەبەرچاوی خەڵکو ئاسایشەوە پەلکێش کرابێت؟ جیاوازی چیە لەنێوان ئەوەی لە سمیناردا ڕەخنەی گرتبێت یان لە ووتاردا؟ بۆ وەلامی ئەمانەی دووەم نادەنەوە؟!

پارتی هەر وەکو نەریتی هەمیشەیی ئەم حزبانەی بزووتنەوەی کوردایەتی، لەو کاتەدا کە خەلک لەسەر تاوانکاریو تاڵانو برۆو پاوانکردنی هەموو شتێکی کۆمەڵگا یەخەیان دەگرێت، ئەوان لەوەڵامدا دەکەونە مەدحو سەنای خۆیانو شانازیکردن بە دەسکەوتەکانیانەوە. ئەمە وەلامیانە بۆ ئەو جەماوەرە خرۆشاوەی گومانی گەورەیان ئەوەیە سەردەشت لەسەر ئەوە تیرۆر کرابێت، کە ووتاری دەربارەی پاوانکردنی داهاتو سامانی کۆمەڵگا لەلایەن بنەماڵەی سەرۆکی پارتیەوە نوسیوە.

مسعود بارزانی شانازی بەوەوە دەکرد کە لەلایەن لەسەدا حەفتای خەلکی کوردستانەوە هەلبژێردراوە بۆ سەرۆکی هەرێم، بەلام ئێستا هاوکات کە خۆی لەو جێگاوشوێنە دەبینێتەوە، لەولاوە مەکتەبی سیاسی حزبێک بە سەرۆکایەتی ئەو، هەروەها دەزگایەکی موخابەراتی حزبیی کە لە دەرەوەی یاساکانی حکومەتەکەی خۆیان دروست بووە، دیسان هەر بە سەرۆکایەتی ئەو، هەڕەشە لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان دەکات. لە کاتێکدا ئەگەر بەپێی ئەو پرەنسیپەی بکردایە کە هەڵبژێردراوی خەڵکە، دەبوو لە جیاتی هەڕەشە، بیگوتایە بەو هۆیەوە کە سەردەشت وتاری ڕەخنەگرانەی لەسەر من نوسیوەو ئێستاش ئەو جەماوەرە بەرینە پێیانوایە ئەو لەسەر ئەو وتارانەی تیرۆرکراوە، کەواتە پێیانوایە لەسەر من تیرۆرکراوە، بۆیە ئەگەر نەمتوانی بکوژانی ئاشکرابکەم لە پۆستی سەرۆکی هەرێم ئیستقالە دەدەم.

بەلام لە کوردستاندا هەڵبژاردنیش وەکو هەموو چەمکەکانی تری دیموکراسی، کارتۆنیە، دەسەلاتو هەموو پۆستەکان میلیشیایین، چاوەڕوانی لەو جۆرەش لە دەسەلاتی میلیشیایی خەونە. تاقە ڕێگا ئەوەیە خەڵکی کوردستان بە هۆشیاریو یەکگرتوویی‌و چاوی کراوەوە، پەرە بە خەباتی ڕەوای خۆیان بدەن، مەیدان بەجێنەهێڵن تا خواستەکانیان جێبەجێ دەبێت، لە ووتاری پێشوترمدا لەسەر شێوەی خەباتو خواستەکانی ئەم بزووتنەوەیە قسەم کردوە بۆیە پێویست نیە لێرە دووبارەیان بکەمەوە.

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی "لەبەرامبەر تیرۆری ڕۆژنامەنوسان بێدەنگ نابین"!

ریسواییش بۆ تیرۆریستان

2010–5–15

**مێژووی دوای سەردەشت**

مەحمود ئەحمەد

خەونەکانی سەردەشت کە لە نامەکانیدا بەیانی دەکات مێژووی گێڕانەوەی دوودەیەیە لەژیانی خەڵکی ئەم وولاتە ، خەونێک کە لێوان لێوە لە جیهانێکی نایەکسان و مەرگ بارو بێ ئابڕو .. خەونی شەڕو کوشتارگای شەڕی ناوخۆو خوێن ڕشتن.. خەونی چەند بەرەکردنی کۆمەڵ و پاوان خوازی .. خەونی دزی و بەتالان بردن و کۆنترۆڵ کردنی قوت و ژیان و گوزەران و ڕاگرتنی خەڵکەکەی لەبرسێتیدا ....خەونی پرۆسەی بەکۆنەپەرست کردنی کۆمەڵگا .. خەونی ژیانی ئاوارەیی وبێ سەرپەناو موحتاج بۆ پارووییەک نانی شێو .. خەونی تێرو تەسەل بوون و بێ خەم بوون بۆ ژیان .. خەونی گێڕانەوەی بزەو پێکەنینی ڕاستەقینە ، گێڕانەوەی شەوق و زەوق بۆ ڕوخساری ئەم وولاتە..

خەونی سەردەشت وێنەی ئەو دایکەیە کە چۆن بەدەست ئازارو ناڵەو نەخۆشی و بێ ئۆقرەییەکانیەوە گیرۆدەیەو ساتەکانی ژیانی پڕ لە زوخاوی ئەژماردە دەکات لەچاوەڕوانیەکی درێژدا بۆ لەشێکی تەندروست کەنەی بینی و نەی ووت ئۆخەی ئەوە من بووم وەک دایکی دەسەلاتداران ، کە نایەڵن هێشتاش هەناسەیەکی بێ خەم وپڕ لە ئۆقرە لەکەناری دەردەکانیەوە بەقوڵی هەڵکێشێ و خاوێنیش بیداتەوە ... دایکێک کە لەژیانیدا خێری لەخۆی نەبینیوەو هەزاران خۆزگە پەنگاوتەی قوڕگی بووە و ڕەش پۆشە بۆ ژیانی و بۆ منداڵی بێنازو بۆ مەرگی جگەرگۆشەکانی ..

خەونەکانی بۆ باوکێکە کە چۆن تەمەنی لاوێتی بەفیڕۆدا لەپێناوی کوردایەتیدا، کە چلۆن بەهەزارو یەک قوڕ بەسەری منداڵەکانی لەناو دەیان چەرمەسەرێ ی ژیاندا گەورە دەکات تا

بەرهەمی ببینێت و لە ساو پەنایاندا بحەوێتەوە ، کەچی دەسەڵاتداران لەبەرهەمی ڕەنجەکەی ئەخۆن و لەسەنگەری دژ بەیەکدا ڕایان دەگرن ، کەچۆن ئاسایش و ژیانی منداڵەکانی تێک ئەدا لەپێناوی باوەڕێکدا کە خۆی هەڵی ئەبژاردو ئەمێستاکەش لێپرسراوەکانی ووڵات زۆر بێ دەربەستانە ئاوڕێکیش لە ڕیشی سپی نادەنەوە و فرمێسک بارانی دەکەن لەشەڕەکانیاندا ..

خەونی سەردەشت بۆ براکان و گەنجانی ئەم دەڤەرەیە کە بە گیرفانی پەنجا کەسیان هێشتا ناتوانێت پارەی یەک بتڵ شەمپانیای تاقە لێپرسراوێک بێت .. کە هەموویان ئاوارەی هەندەران بوون ، کە بەتاڵ و بێ کار شۆستەکانی ئەم مەملەکەتە ئەپێون ، کە دووچاری دەیان دەردی کۆمەڵایەتی ئەبنەوە لە بەتاڵی گیرفانیاندا ، کە زۆربەیان قەیرە بوون بەدیار چارەنووس و داهاتوی نادیارە وە ونازانن تام و لەزەتی ژیانی گەنجانەو جیهانی خۆشی یەکانیان چی یەو چارەنووسیان بەچی ئەبێت..

خەونی سەردەشت خەونی کوشتنی" ناموس "ی ژنان و کچانی ئەم ووڵاتە بوو ،خەونی لەخوێن هەڵکێشان وئەتک کردنی ئەوان بوو ،خەونی زنجیرکردنی ئەوان بوو بەکلتوری کۆنەپەرستانەی سەردەمی چاخەبەردینەکان ،خەونی بێ ڕێزکردن و کوتەک کاری ئەوان بوو لەلایەن پیاوسالارانەوە .. خەونی بە مرۆڤ نەزانینی ژنان و ئازادی یەکانی ئەوان بوو ، خەونی بە مرۆڤ بوونەوەی ژنان بوو، خەونی بەفەرمی ناسینی چەند ژنەو یاسا نامرۆڤەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو ، خەونی بە عەیب و عارکردن و بێ ڕێزی کردنی ئەوان بوو خەونی " شەرەف " ی بێ شەرەفی بوو ، خەونی هاتنە دەرەوەی سەربەستانەی ژیانی دەرەوەی ماڵ و خەونی ژیان کردن وەکوکچ و خوشکی دایکی لێپرسراوان و بە دیلۆکس ترین ئۆتۆمۆبیل وفرۆکە گەشت وهاتۆچۆکانیان ڕێک بخەن ..

خەونی سەردەشت خەونی نەوەی نوێ بوو ، خەونی سەدان هەزار خۆزگەو ئاواتی پەنگ خواردوی گەرووی گەنجانی ئەم مەملەکەتە بوو ، خەونی دەست ڕاگەیشتن بوو بە هەموو توانستە ماددی یەکان بۆ گەنجان و بۆ ژیانێکی شایستەی مرۆڤانەی ئەوان ، خەونی ئازاد بوونی ماچ و عیشق و خۆشەویستی و پێکەوە ژیانی هاوسەری بوو، خەونی ئەو خەونی پیر بوونی گەنجانی ئەم دەڤەرە بوو، خەونی ژیانێکی ئاسودەو پڕلەخۆشی و بەختەوەری ئەوان بوو ، خەونی چۆنیەتی زیندە بەچاڵ کردنی خۆزگەو ئاواتی ئەوان بوو...

خەونی پیرو پەک کەوتەو بێ سەرپەنایان بوو کە چۆن شەوانە بەلای لایەی دیموکراسی و حکومڕانی خۆماڵی لەسەر شەقامەکاندا خەویان لێ دەخەن ، خەونی دایکان وباوکانی بوو کەڕێزی پێویستیان لێ ناگیرێت ، کە تەمەنێکی دوورو درێژ ئێمەیان پێ گەیاند کەچی ئێستا کەسێک نیە کەوچکێک شۆربایان بەدەممەوە بکات و لێ یان بپرسرێتەوە و خزمەتێکیان بکات ، خەونی بەدەممەوە چوون وقەرەبوو کردنەوەی باوکان و دایکانی ئەم ووڵاتە بوو کە ساڵەهای ساڵ خەبات کاری ماددی بوون لە بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگە و ژیانی هەموو لایەکیان لەئەستۆ گرتبوو ئەمێستاکەش پەک کەوتەی دەیان نەخۆشی و بێ دەرەتانی و

چاوەڕێ ی چەند هەزار دیناریکی پچڕ پچڕلە قوتی دزراوی خۆیان ئەکەن.. خەونی ڕاگرتنی کسپە و هەڵقرچانی جەرگی لەناکاوی ئەوان بوو.. خەونی ئەو خەونی نوێ کردنەوەو بە مرۆڤ بوونەوەی ئێمە بوو..

خەونی منداڵانێک بوو کە بەناچاری بەخێوکردنی خێزانێکیان لەئەستۆ گرتووەو پێلاو خاوێن دەکەنەوە ، کە کاری تاقەت پڕوکێن دەکەن و کۆڵان و شەقامی شار تەی ئەکەن بۆ کڕینی دوو قەڵەم و دەفتەرێک بۆخوێندنی خوشکە بچکۆلانەکەیان، بۆ منداڵانێک کە شانیان داوەتە بەر قورس ترین کارو تروسکایی لەدەم وچاویاندا بەدی ناکرێت، کە بێ بەش بوون لە سێبەری خوێندگاو ئاواتە خوازبوون وەک هەر منداڵێکی ترفێری زانست و زانیاری یەکان ببونایە ، لەکاتێکدا ئەو سەروەت و سامانەی کە لە بودجەی خەڵکی ئەم ووڵاتە خەرج دەکرێتەوە بۆ دەم کوتی ئێمە و ئازادی یەکانمان بەزیادەوە خوێندەواری لەم ووڵاتەدا ئەگەیەنێتە ئاستی ووڵاتانی جیهان.. خەونی سەردەشت ئەمانەو خەونی کۆتایی هێنان بوو بە مەرگەساتەکانی ئەم دەڤەرە ...

سەردەشت چیرۆکی ژیانێک دەگێڕێتەوە کە هەمومان بەئاواتەوەین و بەدێژایی مێژوو خەباتی بۆ ئەکرێت ، چیرۆکی ژیان و ئایندەیەکی پڕ لەگەشەو هەڵدان ، چیرۆکی ژیان و دنیای بێ چەوساندنەوە ، چیرۆکی ژیانەوەو دەستەبەرکردن و پاراستنی ئازادی یەکان ، چیرۆکی بەهاووڵاتی کردنەوەو بەیەک چاو سەیرکردن و بێ جیاوازی ، چیرۆکی خۆش گوزەرانی و پڕ لەئاسایش وبێ تۆقان ..چیرۆکی گێڕانەوەی ڕێزو بەها و چیرۆکی گێڕانەوەی ئیرادەی مرۆڤەکان بۆ دەستی خۆی ..

سەردەشت مێژویەکی نوێ ی تۆمار کرد لەکوردستان و یەکەمین سەروەریشی بۆخۆی تۆمار کرد ، کەسێک خەونی نەبێت ناتوانێت مێژوو بنوسێت ، خەونی ئازادی یەکانی مرۆڤ و هەوڵ و خەباتی بێ ووچان بۆ هێنانەدی ئایندەو ژیانێکی گەشترو باشتر.. خەونی بە مرۆڤ ی کردنەوەی کۆمەڵگا و خەونی ئازادی و بەرابەری ... ئەمە سەردەشت کردی و مێژوی دوای سەردهشت گۆڕاو ئیتر مێژوویەکی نوێ لەخەباتی ئازادی خوازی و مرۆڤ دۆستانە لەکوردستان بەهیمەتی بێ دەنگ نابین هاتۆتە پێشەوە .. بۆئەوەی وەسیەتەکەی وەک سومبولێکی مەزن لە هۆش و بیرو هرزدا بمێنێتەوە جێ ی خۆیەتی هەمoومان ببینە ڕێبواری ئەم پەیام و نەبەردە مرۆڤانەیە ، لێرەیە سەمای گوڵ ، وەرن با پێکەوە دەست بگرین ....

21 ی ئایاری 2010

**پشتگوێ خستنی کەیسی سەردەشت عوسمان کەلێنێکی تر دەخاتە شەقامی کوردییەوە**

**لە گۆشەنیگای ئۆرگانیزمی کۆمەڵناسیانەوە**

**ئاسۆ بیارەیی**

**٢٠-٥-٢٠١٠ سوێد**

کۆمەڵگەی کوردی وەک کۆمەڵگەکانی تری جیهان ڕەنگا و ڕەنگ و لە کۆمەڵێک چین و توێژ پێکهاتووە. هەر یەکە لەو چینانەش ئاستی ژیان و جۆرێکی تایبەتی بیرکردنەوە و دابونەریتی خۆیان هەیە، کە سەرجەم دەرژێنە ناوی یەک کەناڵی تۆکمەی کۆمەڵایەتی – نەتەوایەتی کە پێی دەڵین کۆمەڵگەی کوردی. ناکۆکی و لێک نەچون شتێکی ئاساییە و سوودی تەواو بە پێشەوە چوونیەوە دەگەیێنن.

تێڕوانینی هەمەلایەنەی ژیان و بیرکردنەوە لە چەند گۆشەنیگایەکەوە دەبێتە هۆی کە ئەو هێزانەی کە ئەو کۆمەڵگەیە دەبن بەڕێوە و کە کاری گۆڕانکاری دەکەن و بزۆزن، ببنە تەواوکەری یەکتر. لەهەمان کاتدا دەبێت ئەو هێزانە ئەو ناکۆکیانە بە ئاراستەیەک بەرن بەڕێوە کە لە گەڵ قازانجی گۆڕانکاری بێت، نەک بیکەنە دروستکردنی زەمینەیەک کە پێکهاتە جیاکان لە یەکتر دورکەونەوە و سەنگەری دوژمنایەتی لە یەکتر بگرن. دەبێت هەموو ڕوداوەکان(نەرێنی و ئەرێنی) بیەوە بۆ سەرخستن و گەشەکردنی هەمەلایەنە تەرخان بکرێن و ئەزمونیان لێوە وەربگیرێت. لێ ناکرێت بۆ نموونە کارەساتێکی وەک ئەنفال هەروا بە سانایی و بێ خوێندنەوەیەکی زانستی تێپەڕێت کە زیانێکی زۆری گەیاندوەتە جەستەی کۆمەڵگەی کوردی.

تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان یەکێکە لە ڕوداوە زیندوەکانی ڕۆژ، کە دەبێت لە ڕوی یاساییەوە کاربکرێت بۆ دۆزینەوەی بکوژانی و هەنگاوێکی پێشڕەوت بێت بۆ پتر سەروەریکردنی یاسا بە شارەستانی کردنی ژیان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە. ئەو بەهێزکردنە مافی هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی دەپارێزێت و بەربەستێک دەبێت لە دووبارە نە بوونەوەی ئەو جۆرە ڕوداوانە کە دەسەڵاتداران یان هەر کەسێکی دی یاسا بۆ دەسکەوتی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت. ئەوە وەک زامنێک دەبێت کە چیدی شوێن و کاتی کوشتن جێگەی لە کۆمەڵگەدا نە بێتەوە.

دۆزینەوەی بکوژانی سەردەش عوسمان و دادگایی کردنیان کۆمەڵێک خاڵ و وەرچەرخانی گرنک بۆ کۆمەڵگەی کورد پێکەوە گرێ دەدات و سوودمەند دەبێت:

- لێک نزیکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە بری دوورخستنەوەیان

• مسۆگەرکردنی سەروەری یاسا و پارێزگاری کردنی مافی تاک و ئەو لایانانەی کە کەمینە و بە ئاوایەکی تر بیردەکەنەوە یا خود خۆیان دەنوێنن.

• پتەوکردنی بڕوای خەڵک بەو دەسەڵاتەی کە دەنگی بۆ داوە، ئەگەر ئەو بڕوایە لاوازبوو، هاوکایەی کۆمەڵایەتی ،سیاسی و ئابوری هەمەلایەنە چیَ نابێت و چەند جەمسەرێکی گرژ دروست دەبن.

• سەرخستن و گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی لە باشوری کوردستان و بەربەست دروستکردن لە بەردەم ئەو هێزەی کە دەخوازێت تاکڕەوانە و بەبیَ گۆیَ دان بە لایەنی دی خۆبسەپێنێت.

• ڕێگەگرتن لە داگیرکەرانی کوردستان کە هەمیشە لە پلاندان بۆ پەڕوازەکردنی کورد وەک کۆمەڵگە و تاک و تێکشکاندنی کەسایەتی.

• ئارامکردنەوەی گشتی لەلای ئەو تاک و لایەنانە دروست دەکات کە ڕمی گۆڕانکارییان لە دەستە و خواستی ژیانێکی شارەستانین کە لە گەڵ پێوەرە جیهانیەکاندا شان بە شان برەویی هەبێت.

• دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت عوسمان سنوورێک بۆ چاوسورکردنەوە و هەڕەشە دیاری دەکات کە ئەگەر لایەنێک یان کەسێک بیەوێت بە هۆی پێگەی کۆمەڵایەتی یان سیاسیەوە سەروەری لایەنێک یان کەسێکی تر بشکێنێت و پێشێلی بکات، ئەو سنوور دانانە بۆ سەقامگیرکردن و بناغە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی پێویستە کە مافی تاکەکان(مافی بیرکردنەوە، مافی چاپ و نووسین، مافی ڕکخستن..هتد لەمافەکانی تر) تێدا کە دەستەبەر بکرێت.

پیوێستە بۆ ئارامی و چەسپاندنی گۆڕانکارییە ئەرێنیەکان(پۆزەتیڤەکان) لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆ نموونە ڕێزگرتنی ڕەوتی دیموکراتی، هەموو هێزە بزوینەرەکان(کرێکاران، پارتە سیاسیەکان، ئاینپەروەرەکان و میدیا..هتد) بەیەک دەنگ ئەوە بکەنە ئامانجی دور و نیزیکیان، نەک بەکارهێنانی هێز و زمانی هەڕەشە و هەوڵدان بۆ شکاندن و سووکایەتی بە لایەنی بەرامبەر و بە نەیار ناساندنی. ئەگەر پێچەوانەکەی بێت، واتە هێزەکان پتر لە یەکتر گوشەگیر دەبن و ئاستی ئاشنابوونیان بەیەکتر لاواز دەبێت و بە دروستکردنی شورایەک خۆیان پەراوێز و گوشەگیر دەکەن، ئەوسا بە چاوی گومانەوە تەماشای یەکتر دەکرێت و هەر لێک نەچوونێکی بچوک لە بیرو ڕا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکێکی و دوریش نیە ببنە سەرەتای شەڕێکی خوێناوی..چارەسەرکردن و دۆزینەوەی بکوژان لە کەیسی سەردەست عوسمان ، یەکێکە لەو داخوزیانەی شەقامی کوردی کە دەبێت دەسەلات بە شێوەیەکی شارەستانی کاری بۆ بکات..پشت گویَ خستنی گەورەترن کەلێن دەخاتە بڕوای ئەو جەماوەرە بەو دەسەڵاتە..

**هیچ هێز و دەستەیەکی رامیاریی بۆی نییە کێشەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرژەوەندیی تاکرەوانەی خۆی بەکاربێنێ.**

ئەرسەلان عەبدولا

لە هەر شوێن و کۆمەڵگەیەکی ئەم جیهانە ئەگەر تاوانێک یان پێشلکاریەک، یان پەیڕەوکردنی یاسایەکی گەندەڵ و نایەکسان کە بەرامبەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵە ئەنجام دەدرێ و پەیڕەو دەکرێ ،ئەوە بێ سێ و دوو میریی و دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە لێی بەرپرسن، هاوکات هەر تاکێکی کۆمەڵ مافی سروشتی خۆیەتی کە وەک دەنگێکی نارەزایی بێتە سەر شەقامەکان و دەنگ خۆی هەڵبڕێ، تا ئەو کاتەی تاوانباران دەستنیشان دەکرێن، یاخود یاسا و رێسایە گەندەڵەکان دەگۆڕێن بۆ یاسا و رێساگەلێکی یەکسان کە بەرژەوەندیی گشتیی تێدا دەبێ و هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لێی بەهرەمەند دەبن.

ئەوەی دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر ئەوەیە کە فڕاندن و تیرۆرکردنی کاکە (سەردەشت عوسمان) لە شاری هەولێر بە رۆژی رۆناک کە تاوانێکی گەورە و دژ بە ئازادیی نووسەران و گشت هاولاتیانی کوردستانە.. پارتی دیموکراتی کوردستان وەک هێزێکی دەسەڵاتی ناوچەکە و حکومەتی هەرێم لێی بەرپرسیارە. هەر بەم پێیەش کە هەموو مرۆڤە ئازادییخوازەکان و کەسانی خاوەن ویژدان و زۆرێک لە رۆژنامە و ماڵپەرە ئازادەکان لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان هەلوێست وەردەگرن و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان بە بەرپرسیار دەزانن بەرامبەر ئەو کارە تیرۆرستیە. بۆیە ئەستەمە دەسەڵاتدارانی پایتەختی کوردستان بتوانن بەرپرسیارەتی ئەم تاوانە گەورەیەی دژ بە هەموو هاولاتیانی کوردستان لە سەرخۆیان تێبپەرێنن و وەک پیشەی هەمیشەیان بەو دەنگە نارەزایەتییە کە هاتۆتە سەر شەقامەکان بڵێن دەستێکی لە پشتەوەیە. هەرچەندە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان .. کە بۆنی جەنگێکی مەترسیداری لێدەکرێ .. لە هەڵدانەوەی پەڕە رەشەکانی مێژووی سەرۆکی بزووتنەوی گۆڕان کە باس لە کوشتن و تیرۆرکردنی چەند کەسانێک دەکا بە دەستی نەوشێروان مستەفا یاخود لە رێگەی ئەوەوە لە ناوبراون تا رادەیەک راستی و دروستی تێدایە، بەلام خەڵکی کوردستان ئەو راستیە باش دەزانن و پێویستییان بە پارتی نییە تەنیا لەو کاتانەی کە خۆی تەنگاو دەبێ ئەو لاپەڕانەیان بۆ هەڵبداتەوە، بەڵکە ئەوانیش هاکا کاتی خۆیان دابێ و بە هەمان چارەنووسی پارتی بگەن کە ئێستا تێیکەوتووە.

پارتی بەو قسانەی هەرگیز ناتوانێ پەرێزی خۆی پاک بکاتەوە یان وا پیشان بدا کە دەستی سوور نییە بە خوێنی کەسانی ئازاد و پێشکەوتنخواز و خۆی بێبەریی بکا لەو هەموو تاوانانەی کە لە نۆزدە ساڵی رابردوو دەرهەق بە خەلکی هەژار و زەحمەتکێشانی کوردستان ئەنجامی داون.. لەسەرووی هەمووانیش کارە تیرۆریستتەکان و شەڕی کۆنەپەرستانەی ناوخۆ و هێنانی هێزی ولاتانی ناوچەکە بۆ بەگژدادانی هێزی بەرامبەر تەنها بۆ مانەوەی

کورسی و دەسەلاتەکانی، ئەمانە مشتێکن لە خەرمانێک، بۆیە من پەیامم بۆ گشت خەلکی کوردستان ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک لێنەگەڕێن پارتی و گۆڕان لەپێناو بەرژەوەندییە تەسک و تاکڕەوییی خۆیان بازرگانی بە کێشەی(سەردەشت عوسمان)ی جوانەمەرگ بکەن و ڕێڕەوی نارەزایەتیی پەنگخواردووی چەند ساڵەی جەماوەر لە بەرامبەر ئەو هەموو تاوان و سەرکوتکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و تەواوی ئازادییەکانیتر بشێوێنن و بە قازانجی خۆیان بەلایەکیتریدا ببەن.لە ناوبردن و کوشتنی پێنووسێکی ئازاد و بوێر واتە لە ناوبردنی گشت ئەو پێنووسانەی کە بۆ دەسەلات نانووسن .. واتە کوشتنی گشت دەنگێکی ئازاد و ناڕازی لە کوردستان.

10/5/20

**دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە**

یوسف کانی مارانی/ فەڕەنسا

دوای تیرۆرو شەهید کردنی خوێندکارو ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان شەپۆلێکی گەورەی خۆپیشاندان ونارەزایەتی بەنوسین ولێدوان سەرانسەری کوردستان و هەتا دەرەوەی کوردستانیشی گرتۆتەوە وڕۆشنبیرانی کوردستان توانیویانە بەجوانترین ئاڕاستەوبەدڵسۆزیەکی بێ وێنە گوزارش لە پەستی ونائاسودەیی خۆیان بکەن بەرانبەر بەو کارە قێزەونە، بەپێچەوانەوەش دەسەڵات وبەتایبەتیش ئەو بەشەی دەسەڵات کە پارتی وبنەماڵەی بارزانی دەستیان بەسەراگرتوە زۆر نە مەنتیقیانە مامەڵە دەکەن،هەڕەشەکردنی مەکتەبی سیاسی پارتی بەدادگایی کردنی نوسەران و ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان تاڕادەیەک کاردانەوەیەکی هەبووە لە سەر گۆڕینی شێوازی ئاخاوتنەکانی هەندێک لەو نوسەرانە بەتایبەتیش ئەو ڕۆشنبیر ونوسەرانەی کە لەکوردستان لە پێناوی ڕاستیەکاندا مل لە چەقۆ ئەسوون ، بەدیوێکی تردا نایانەوێت بێ بەڵگە کەس تاوانبار بکەن بەتیرۆروشەهیدکردنی کاک سەردەشت، بەکارهێنانی ئەو زمانەی نوسەران کە زۆر سەردەمیانەوشارستانیانە ترەلەوەی پارتی و بنەماڵەی بارزانی ومەکتەبی سیاسیەکەیان بەرانبەر خەڵک بەکاری دەهێنن خەریکە ئاڕاستەکە بەقازانجی پارتی ئەگۆڕێت، بۆیە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەئاشکرا بەپارتی بڵێین ئەگەر بەڕێزسەرۆکی هەرێم و خودی کاک نێچیربارزانیش وەک جێگری سەرۆکی پارتی وهەرێم خۆیان لەپشت ئەو کارەساتەوە نین هەروەک تیرۆری شەهید سۆرانی مامە حەمە کە ئێستا خودی کاک نێچیرزۆرباش ئەزانێت کێیە لەناودەزگاکانیانەوە ئەوجۆرە کارانە دەکەن ومەبەستی سەرەکیش ناشیرین کردنی پارتیە زیاتر لەوەی کەهەیە ،ئەگەر نا لە جیاتی لۆژیکێک دەیان لۆژیک هەیە کە ئێوە شەهید سەردەشتتان تیرۆرکردوە، ئەودەزگای پاراستنەی کە ئێوە هەتانە و دەیان ساڵە بنەماڵەکەتانی لەناوەوەودەرەوەی وڵات پێدەپارێزن و ناحەزانتانی پێ تەسفیە دەکەن چی خێرە لەم وەختەدا وادەستەوەستان

کەوت نەتوانێت ئاسایش وئارامی بۆ ڕۆژنامەنوسان دابین بکات، مەگەر ئێوە نازانن کە هەموو خەڵکی کوردستان باش لەوە تێدەگات کە سەردەم هەر سەردەمی دووحوکمەتیەوئێستاش شەڕی ساردی ناوخۆتان بەردەوامەوهەر کامێکتان لە ژێردەسەڵاتی خۆیدا بەرپرسیاری یەکەمە..

پارتی ودەزگا گوماناویە ناشەرعیەکەی ئەگەر خۆیان بەشدار نین لەتیرۆری شەهید سەردەشت بۆ ئەوەندە قەڵس ئەبن بەوەی کە خەڵکی کوردستان داوای دۆزینەوەو دادگایی کردنی بکوژان ئەکەن، بۆ جگە لە پارتی کەسی تر نەکەوتە سەنگەری دژ بەخەڵک وبەرگری کردن لە بکوژان، کەواتە ئەو پەندە ڕاستە ((دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە)) ئەوە ئێمە بووین بێدەنگ نەبووین بەرانبەر تیرۆری کاکە سەردەشت دارمان هەڵبڕی ومەکتەبی سیاسی پارتیش ئەو سەگەبوو کەوتە کلکە فرتێ.

**جگەلە (پارتی)، تۆمەتبارکردنی هەر لایەنێک چەواشەکاریە**

**گۆران دوکانی**

تائێستاشی لەگەڵدابێت ڕاگەیاندن و فەرمانبەرەکانی پارتی بە چەندین سیناریۆ و بڵاوکردنەوەی سیستەمی دیماگۆجیەت کەوتونەتە بەشینەوەی تۆمەت بۆ مێدیای ئەهلی و تۆمەتبارکردنی چەندین لایەن و کەسایەتی سیاسی کە دەستیان لە پشتەوەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا هەبوە، بەجۆرێک هەندێک لەو سیناریۆیانە بەدڵنیایەوە کە خۆشیان باوەڕیان پێی نیە نەک ڕاِی گشتی هەرێم، لە هەمان کاتدا بە بڵاوکردنەوەی سێ بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیان وئاسایشی گشتی(هەولێر) و سەرۆکایەتی هەرێم هەڕەشەی دەست بڕینو تۆمارکردنی سکاڵایان لەو کەسولایەنانە کرد کەتۆمەت دەخەنە پشت پارتی سەبارەت بەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان.

تیرۆرکردنی ئەو خوێندکارە ڕۆژنامەنووسە کەسەرۆکی هەرێم لەبەیاننامەکەیدا (تەنها بە قوتابی ناوی هێنا) ئەمە لە کاتێکدایە کارەکانی سەردەشت لەهەردوو مێدیای (ئاشتی نامە وسامال پۆست وچەند ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنی)دا دەلالەتە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەی سەردەشت عوسمان ڕۆژنامەنووس بوە، بەڵام سەرۆکی هەرێم لەو بەیاننامەیەدا گەرەکیەتی لە ئەرزشی سەردەشت و خودی کەیسەکەش کە تایبەتە بەتیرۆری ڕۆژنامەنووسان کەمبکاتەوە!.

لەلایەکی دیکەوە مەکتەبی سیاسی پارتی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کەسەرلەبەری پڕەلە هەڕەشەو بوغزوقینە، ئەمە جگەلەبەلارێدابردنی کەیسی سەردەشت بەتێکەلکردنی لەگەڵ ئەورووداو وکارە نا نیشتیمانیانەی کەلەڕابردوودا ئەنجام دراون،کەئەمەش خۆیلەخۆیدا سیناریۆیەکی دیکەی پارتیە بۆچەواشەکردنی خەڵک لە هەمبەرشاردنەوەی ڕاستیەکانی

تیرۆری ڕۆژنامەنووسان، من لێرەدا باس لەدیمەنی بەیاننامە جەنگاویە هەڕەشەئامێزەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی ناکەم کەڕوبەڕوی سەدان ڕەخنەی جدی نوسەرو ڕۆژنامەنووسان بویەوەو بەس لەبەیاننامەی مەکتەب سیاسی حیزبیًک نەدەچوو کەشانازیەکی ڕەها بە ئاستی مەعریفەی خۆیەوەدەکات، وەلێ تەنها ئەوەندەنەبێت ئەگەر کەمێک بەووردی بڕوانینە ئەوبەیاننامەیە دەگەینە ئەوڕاستیەی کە پارتی بەر لەئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت عوسمان هەر لە ئێستاوە خۆی یەکلایکردۆتەوە کە ئەوان دەستیان لە تیرۆرکردنیدا نیە!، هەروەها لەوبەشەی بەیاننامەکەدا کە جەوهەری هەڕەشەکانی تیادا چڕبۆتەوە دەڵێت: (هەموو ئەوانەی لەو ماوەیەی ڕابردوودا بوختانیان بە دام و دەستگا ئەمنیەکانی هەرێم و بە پارتیمان کردووە و بە بێبەڵگە و هەروا لە خۆڕا، تۆمەتباریان کردوون ، ڕاپێچی بەردەم دادگا دەکرێن و لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا دەکرێت)، کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە هەموو ئەو هەواڵانەی بڵاوەکرێنەوە سەبارەت بەوەی کە پارتی بەنیازە کەسانێک بێنێتە سەر تەلەفزیۆنەکان وسیناریۆیەک دروستبکات سەبارەت بەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تاکو تاوانەکە لەسەرخۆی لابەرێت نزیکن لەڕاستیەوە؟!، دەنا چۆن بەرلەئاشکراکردنی بکەرانی ئەو ڕووداوە پارتی دەتوانێت سەتاسەت ئەستۆپاکی خۆی نیشان بدات؟!، (ئەمە لە کاتێکدایە کە دیارە خۆیان باش دەزانن زۆرترین پەنجەی تاوان بۆپارتی درێژدەکرێت،کە ئەمەش تەنها تۆمەتی بێبنەمانیە وەک دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی باسی لێوەدەکەن،بەڵکو گومانی هەمووئەو واقعە تاڵانەیە کە ئەمڕۆلەهەموو گومانەکانیدیکە گەورەترنوپارتی بەتۆمەتیان ناوزەد دەکات!).

تەنانەت هەموو ئەو شکو گومانانەی کە پارتی تۆمەتباردەکات بەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان سەدبەرامبەر گەورەترن لەئاست ئەو سیناریۆیانەی کە پارتی دروستیان دەکاتو لایەنەکەنی دیکەی پێ تۆمەتباردەکات!، ئەوە پارتیە کەبکەرانی کردەوەیەکی تیرۆرستی وەک یەکی شوبات وگروپێکی تیرۆرستی وەک گروپەکەی شێخ زاناو شتگەلێکی دیکەی لەژێردەست قوتار نابێت، ئەوە هەرپارتیە لە ڕابردوواو تا ئەمڕۆش شانازی بەوەدەکات کەئەوان لەڕێگەی هێزەکانیانەوە خەریکە ئارامی وئاسایش بۆشارێکی پڕکێشمەکێشی وەک موسڵیش دەگێڕنەوە!،کەچی عەجەب بەڕۆژی ڕوناک و بەناو ئەو هەموو ترافک لایت و کامێرانەی سەر ڕێگای مەسیفدا خوێندکارێکی ڕۆژنامەنووس دەرفێندرێتو پاش تیرۆرکردنی بەچواربازگەدا دەبرێتە موسڵ ولەوێ تەرمەکەی فرێدەدرێت؟!، بۆ پۆلیسێک؟ بۆ مروورێک؟ بۆپاسەوانێکی بەردەم کۆلێژەکە؟ تەنانەت بۆ هاوڵاتیەکی ئاسای نەهاتە جواب لەکاتی ڕفاندنەکەیدا ئەگەرئەمە پلانێکی پێشوەختەی بۆدانەڕێژرابێت؟!، وەبۆچی دوای تیرۆرکردنەکەشی جگە لە شایەد حاڵەکان کە بەسەرچاوە قسە بۆ ڕۆژنامەکان دەکەن هیچ داموودەزگایەکی ئەمنی هەولێر ڕونکردنەوە ولێدوانێکی ڕوون نادەن فزەیان لێوەنایەت کەهەرهیچ نەبێت کەمێک گومانەکان لەسەرخۆیان برەوێننەوە؟!،هەموو لایەک پەنجەی گومان بۆ دەزگای پاراستنی پارتی ڕادەکێشێت،کەچی عەجەب ڕای گشتی هەرێم ورۆژاوە وبەدەیان خۆپیشاندان ئەنجام درا بۆپرۆتستۆکۆدنی تیرۆری سەردەشت وچەندین بەرپرسوڕێکخراوی نێودەوڵەتی

**هاتونەگۆ،تەنانەت سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو تەواوی بەرپرسانی باڵای ئەم هەرێمە دێنە قسە، کەچی مەسروربارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستن بێدەنگی هەڵبژاردوە؟!.**

**لەلایەکی دیکەوە ئەوگومانانەی کەلای خەڵکی بونەتە یەقین سەردانەکەی مەسروربارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستنە بۆکۆلێژەکەی سەردەشتو قسەکردنیەتی بەزمانی ئینگلیزی!،جارێ بەرلەباسکردنی ئەوسەردانە پێویستە ئەوە بڵێین لەچی کونجێکی ئەم دنیایەداڕویداوە بەرپرسی دەزگایەکی موخابەراتی حکومەتێک نەک حیزبێکیش سەردانی دەزگایەکی مەعریفی وەک زانکۆ بکات و کۆڕ و سیمیناری بۆ سازبکرێت؟!، ئەوپرسیارە جەوهەریەی کەلێرەدا دروست دەبێت ئەوەیە ئایا مەبەست لەو سەردانە چیبوە؟! بۆچی مەبەستێک بەرپرسی دەزگایەکی وەک پاراستن سەردانی زانکۆ دەکات؟!، مەبەست لەقسەکردنی بەزمانی ئینگلیزی چیبوە؟!، بۆچی دوای ماوەیەک خوێندکارێکی ئەو کۆلێژە تیرۆردەکرێت؟!.**

**خاڵێکی تر کە لێرەدا جێگەی باسکردنە ئەوەیە بەستنەوەی تیرۆرکردنی قوتابیەکی ڕۆژنامەنووس بەکۆمەڵێک کاری نانیشتیمانی کە حیزبە کوردیەکان لەسەردەمی شاخدا کردویانەو ئەگەر بێتەسەر باسکردن(خودی پارتی پشکی شێری لەوکارە نانیشتیمانیانەدا بەردەکەوێت)، هۆکارێکی تری شاردنەوەی خودی تاوانەکەیە، یاخود ڕوونتر بڵێین بە لاڕێبردنی کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشتە، کە ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لەو شڵەژانەی کە ڕوبەڕوی پارتی بۆتەوە و لەماوەی نزیکەی ئەم بیست ڕۆژەدا لایەن و گروپ و کەسەیاتی سیاسی نەماوە تۆمەتباری نەکەن بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، تەنانەت یەکێتیش کە دۆست و حیزبە ستراتیژ و حاکمەکەی خۆیانە!.**

**لەلایەکی ترەوە ئەو هەموو فەرمانبەرەی پارتی کە هاتونە تەسەرخەت لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی حیزبەکەیانەوە سەبارەت بەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان خۆیلەخۆیدا جێگەی گومانە،بێسەروبەرەیەکی گەورە بەلێدوانوقسەو ڕوونکردنەوەکانیانەوە دیارە،بەشێکی زۆری ئەوقسانەشی کەدەیکەن یان ئەوڕەخنانەی کەدەیگرن بە ئاشکرا دیارە کە لەکوێوە سەرچاوەیان گرتوە، زۆربەی بۆچونەکانیشیان لەیەکتری جیاوازە، بۆ نموونە لەماوەی نزیکەی ئەم بیست ڕۆژەدا کە تێپەڕبوە بەسەرتیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا بەس خۆیان واتە(پارتی)یان تۆمەتبارنەکردوە، لایەن نیە بەحیزبی و ناحیزبی، ئۆپۆزسیۆن، گروپە تیرۆرستە ئیسلامیەکان، کەسایەتی لایەنە سیاسیەکان، تەنانەت لە هەندێک ماڵپەڕدا دەرویشەکانی پارتی (میدیای ئەهلیان تۆمەتبارکردوە بەکوشتنی سەردەشت عوسمان!)، تەنانەت ئەو شڵەژانەیان وایلێکردن ڕەخنەی توند لەو خۆپیشاندانە جەماوەریانە بگرن کەسازکران ولە هەموو چین وتوێژە جیاجیاکان پێکهاتبو! پارتی بەجۆرێک چەواشەکاری بڵاودەکردەوە کە گوایە ئەو خۆپیشاندانە جەماوەریە بەرفراوانە لەلایەن کەسانێکەوە ئامادەکراوە کە کاریان ئاژاوەگێڕیە!.**

**کەم نین ئەو سیناریۆو فریودانانەی حیزبەکوردیەکان بەگشتی و(پارتی ویەکێتی) بەتایبەتی بۆچەواشەکردنی ڕای گشتی، بۆنموونە ئەم شڵەژانو پەلاماردانەی پارتی لەئێستایدا هەمان**

سیناریۆی کەیسی ئازادکردنی (تارق رەمەزانی) فڕۆکەوانمان بیردێنێتەوە کە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی هەر ڕۆژەی سیناریۆیەکیان دروست دەکرد بۆشاردنەوەی چۆنیەتی ئازادکردنی ئەو فڕۆکەوانە کەدواجار بە هەموو ئەو بەڵگەو دیکۆمێنت و سەرچاوە هەواڵیانە هەرهەمان ئەو میدیا ئەهلیانەی کەئەمڕۆ لەلایەن ئەو لەشکرە ڕاگەیاندنانەی پارتیەوە پەلاماردەدرێن و تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەسترێت سەلماندیان کە بەبڕیاری خودی تاڵەبانی فڕۆکەوانەکە ئازادکراوە، یاخود خیانەتێکی گەورەی وەک (31ی ئاب) کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت زۆرینەی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی بەتایبەتیش (پارتیەمحافزکارەکان) بدوێنە نەک هەر بەخیانەتی نازانن، بەڵکو شانازیشی پێوەدەکەن!.

دواجار هەموو ئەوگومانانەو دەیان بۆچون و شرۆڤەی دیکە دەمانگەیەنێتە ئەوڕاستیەی جگە لەپارتی تۆمەتبارکردنی هەرکەسایەتی ولایەن و حیزبێکی دیکە چەواشەکاریە تا ئاشکراکردنی بکوژانی لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆی بێلایەن، هەروەها دەستگیرکردنی بکوژەکانی لەلایەن هێزێکی ئەمنی سەربەخۆوە نەک ئەو هێزە ئەمنیەی کەئەمڕۆ هەرخۆی بەشێک لەگومانی تیرۆرکردنی ئەوخوێندکارە ڕۆژنامەنووسەی لەسەردروست بوە!،چونکە ئاشکرایە و هیچ گومانی تیادانیە نەک بەتەنهاسەبارەت بەدۆسیەی شەهید سەردەشت بەڵکو لەوکاتەوەی دەسەڵاتی کوردی وبەتایبەتیش پارتی شانازی بەسەربەخۆبونی دادگاکانو دامودەزگائەمنیەکانەوە دەکات،سەدان بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دەلالەتن بۆسەلماندنی ئەو ڕاستیەی کەدادگاکانی ئەم هەرێمە سەربەخۆو بێلایەن نین و لەژێر ڕەحمەت و هەیمەنەی حیزبدا بەڕێوەدەبرێن، زیندوترین بەڵگەش بۆسەلماندنی ئەم ڕاستیە تا ئەمڕۆش گشت دادوەرەکانی خانەی دادی شاروشارۆچکەکانی ئەم هەرێمە، هەروەهابەرپرسانی ئاسایش و پۆلیس بەتەسکیەی حیزب دادەنرێن.

**دەترسن لەسەردەشتەکان و تۆقیون لە ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی!**

ستاری چیمەنتۆ

مەلا بەختیار: "ئەرێ توخوا خەڵکینە من لە وەحشی دەچم؟!!" منیش دەڵێم: مەلا بەختیار، تۆ بە هیچ شێوەیەک لە وەحشی ناچیت وە نەچویت، بەڵام تۆ هەمیشە وە بە کردەوە لەدەورانی ڕاپەڕینەوە تا ئێستا دیفاعی سەرسەختانەت لە هەموو ئەو وەحشیگەریانە کردوە کە حیزبەکەی تۆ وەدەستە خوشکەکانی، پارتی وە ئیسلامیەکان، لە کوردستان بە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخوازیان کردووە. با سەیر کەین وە باش لەو نوسینەی ئەم دواییەی کە لەسەر تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان وە بە ناونیشانی" شەهید کردنی سەردەشت و ئازادی" لە ڕۆژنامەی چاودێر لە ڕۆژی 17.05.10 دا بڵاوی کردووەتەوەورد بینەوەو بزانین چۆن هێرش دەکاتە سەر ئازادی بێ قەید وشەرتی سیاسی دەیەوێت و دیسانەوە، هەر وەک پیشەی هەمیشەییان ، جەوی سەرکوت تۆقاندن، دیسانەوە شەڕی

وەحشیانە وە بە قەولی خۆی کەتنی سیاسی گەورە بنێنەوەو نەهێڵن کە خەڵکی کوردستان بە ئارامی دابنیشێت وە بیرێک لە ئاڵوگۆڕەکانی ژیانی داهاتووی خۆی بکاتەوە، چونکە گەر ئەمە ببێت و ئەو ئازادییە بەسەر ئەواندا بسەپێنرێت بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتیان دەکەوێتە لەرزین وە ناتوانن بمێننەوە.

سەرەتا مەلا بەختیار بە چەند دێڕێکی کورت دەیەوێت وا نیشان بدا کە ئەوکوشتنە بەبێ دادگا قێزەونەو نارەزایی سەر شەقام دەجوڵێنێ.! مانای چی کوشتن بە بێ دادگا!؟ جا ئەگەر ئەو کوشتنە لە دادگا بوایە جوان و یاسایی دەبوو،. وە ئەوا جێگای ئەم رەخنەیەی لای مەلا بەختیار نەدەبووەوە.. ئنجا دەست دەکات بەوەی کە بچێتە سەر ئەسڵی ئەو مەسەلەیەی کە خۆی بۆ ئامادەکردووەو دەیەوێت لەم نوسینەوەو بەبەهانەی سەردەشتەوە هێرش بکاتە سەر هەموو سەردەشتەکان. بەوە دەست پێدەکات کە کۆمەڵگای کوردستان بە دواکەوتوو دادەنێت وە دەڵێت ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی ڕەچاوی گەشەکردنی دیموکراسی نەکردووە. مەلا بەختیار خۆیشی زۆر باش دەزانێ کە ئیتر لەم جۆرە قسانە دەمێکە کۆن بوون وە خەڵکی ئازادیخواز زۆر باش دەزانن کە هەر ئاڵو گۆڕێک کە هەنگاوێک ژیانی خەڵک و ماف و ئازادیەکانی بباتە پێشەوە، ئەوە بەرهەمی ماندوو بوون و قوربانیدانی خودی ئەو خەڵکە ئازادیخوازو شۆڕشگێڕە خۆیەتی نەک خێرو سەدەقەی مەرحەلەبەندیەکانی مەلا بەختیارو حیزبەدەسەڵاتدارەکان.

دووجار بەرزکردنەوەو تاجەگوڵینە بۆسەری هاوڕێ مەنسور حیکمەت وە بۆهەموو پەیڕەوانی کۆمۆنیزمی کرێکاری. یەکەمین جار جەلال تاڵەبانی لە وەڵام بە پرسیارێکی ئیحراج کەردا کەپێیان وتبوو بۆچی شوراکانتان پێچایەوە لە کاتێکدا بەرێزت باس لە دیموکراتی دەکەیت؟ وتبووی شوراکان دەستکردی مەنسور حیکمەتە و ئەو کەسەش گومانلێکراوێکە سەر بەڕژێمی بەعسەو ئێمە بە بەکرێگیراوی ئەمریکا دادەنێ. بۆیە مەنسور حیکمەت لەبەشێک لە وەڵامەکەیدا وتی جەلال تاڵەبانی دوور لە خواستی خۆی منی دووجار بەرز کردووەتەوە بەوەی دووڕووداوی مێژوویی هاوچەرخی کوردستانی خستووەتە پاڵ من یەکێکیان دامەزراندنی شوراکانی کوردستان وئەویتریان دوورکەوتنەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران لەجۆگا ئەسڵیەکەی نەتەوەگەریی کوردو پەیوەستبوونی بەبزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستیی سەراسەریەوە.(بۆ ئەمە کتێبی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عێراق –مزەفەری محەمەدی سەیربکەن)

دووەمین جار مەلا بەختیار لەم نوسینەیدا بە ئاشکرا دەڵێت کە مشت ومڕی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی زۆرتر لە ڕێگەی پەیڕەوانی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە هاتە ناو هاوکێشە سیاسی یەکانی کوردستانی عێراقەوە. منیش دەڵێم ئەوە جێگای گەورەترین شانازیە بۆ ئێمە، کۆمۆنیستە کرێکاریەکان، وە بەوپەڕی توانامانەوە هەوڵ دەدەین کە ئەو دەستکەوتە گەورەیە پەرە پێبدەین.

وە پاشان مەلا بەختیار دەڵێ: هەڵەیەکی گەورەیە کە لەناو نوسین نوسەراندا خەیاڵدانێکی ئەوتۆ بخوڵقێندرێ کە گوایە دەشێ پەیڕەوی لە ئازادی بێ سنور بکرێ (کەدیارە مەبەستی لە ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسیە و هەدەفمەندانە تەعبیرەکەی گۆڕیوە). منیش دەڵێم هەڵەیەکی گەورەیەکە ئەگەر کۆمۆنیستە کرێکاریەکان وە تەناتەت خەڵکی ئازادیخوازیش پێیان وابێ کە لە سایەی ئەم دیمکراتیەتی ئاگرو ئاسنە وپڕلە کۆنەپەرستی جەهل و خورافەیەی مەلا بەختیار وتاڵەبانی مالیکی و بارزانیدا، بە بەشداری لە پەرلەمانەکەیاندا دەتوانرێت گۆڕانکاریی پۆزەتیف و بە قازانجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بێتەدی.!

مەلا بەختیار دان بەوەدا دەنێت کە پارتی بکوژی (سەردشت عوسمان) ە، بەڵام مەلا بەختیار دەڵێت:لاوێکی ئاوا،.... ئەگەر لەناو ئەو فەزای ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسییە، خەیاڵدانی وا لە مێشکیدا دروست نەکرابێ، چۆن نوسینە خەیاڵێکی وای دەنوسی!؟ پێشوەخت دیارە، کە هیچ ڕێسا و یاسا یەک ڕێگەی نادات (خەتی تەئکید هی منە). ئالێرەدا مەلا بەختیار هەڕەشەی توند دەکات و دەڵێت هیچ ڕێسا و یاسایەک ڕێگە نادات کە نە سەردەشت و نە هیچ نوسەرێکی تر بە خەیاڵات و ئەندێشەکان و بیر کردنەوەی خۆی بنوسێ، بەڵکو دەبێت ئێمە چۆنمان دەوێت، وەبەو یاساو ڕێسایەی کە ئێمە حیزبە دەسەڵاتدارەکان دامان ناوە، ئاوا بنوسن و لانەدەن. وە ئەو جەرائەتە ڕۆشنبیرانەیەی سەردەشت کە بۆ ڕەخنە گرتن لە بنەماڵەیەکی عەشیرەتیی دەسەڵاتداری یەکەمی کوردستانی عێراق بەو ڕێگایەی کە ویستوویەتی دەریببڕێ و تیایدا باس لە دڵداری خۆی و کچی بارزانی بکات، بەپەلامار دانی کچ وە یان خوشک و برا ئەچوێنێ و دەیەوێ تەنانەت ئیحساساتی تەواوی خەڵکانێک بجوڵێنێ کە ئەو نوسینەی سەردەشتیان نەخوێندبێتەوە، وەیان لێی تێنەگەیشتبن مەبەستی چی بووە. هەر بەوەشەوە نەوەستاوە و ئەو جۆرە بیر کردنەوەیە بەتاوانێکی گەورەی وا لە قەڵەم دەدات کە بە هیچ کەسێک و تەنانەت بە خودی سەردەشت خۆی قوت ناچێ و قبووڵ ناکرێ ولە ئەوروپاش هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە و سزای توندی لەسەرە. وە هەمووئەمەش تاوانەکەی دەداتە پاڵ ئەو کەسانەی کە باس لە ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی دەکەن وە دەڵێت گەر ئەوان نەبوونایە ئەم لاوە تووشی ئەم کارەساتە جەرگبڕە نەدەبوو. ئاوا پێمان دەڵێت کە پارتی کوشتوویەتی بەڵام بەهیچ شێوەیەک پارتی تاوانبار نیە!!!!

مەلا بەختیار پێی وایە ئێستاش هەر ئەو ساتانەیە کە باس لە گەشەی دیموکراتی ڕووخان ڕووخان ی کۆمۆنیزم دەکرا، وە پێی وایە کە ئێستاش خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە دەهۆڵی دیموکراتییەکەی ئەو هەڵدەپەڕن.

ئێستا ئیتر ئەو دەورانە بەسەرچوو وە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان زۆر لەوە هوشیار ترن کە ئەم فەلسەفانەی مەلا بەختیار کاریان تێ بکات وە هەرگیز لەتاوانی ئاوا گەورە خۆش نابن و درەنگ یا زوو، دەبێت ئازادیی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، تەواوی حیزبە دەسەڵاتدارەکان وە بەتایبەت پارتی وە بنەماڵەی بارزانی و یەکێتی بەڕەسمی بیناسن وە

ملکەچ بن بەداخوازیە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، وە چیتر نەتوانن دەسەڵاتی ڕەها بۆخۆیان بێت وە بە ئارەزووی خۆیان سەروەت و سامانی کوردستان تەنها لە ناو خانەوادەکە ی خۆیاندا ببەخشنەوەو ڕێگە خۆش بکەن بۆتەواوی کۆنەپەرستی حیزبەکانیان کە چیان بویّ بیکەن وە ئەوەی خەڵکانی تر ئەوەی کە بەرەی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگا بیکات مەحکومی بکەن بەوەی دەست براوە بۆ شتە پیرۆزەکانی کۆمەڵگاو خەتی سور بەزاندن.!

بەشی کۆتایی نوسینەکەی مەلا بەختیار مەهزەلەی کۆتایی هاتنی بیرکردنەوەی مەلا بەختیاریەکانە و شتێکی ئەوەندە گاڵتەئامێزی نوسیوە کە بە غەیری ئەوەی نیشاندانی بەرز بوونەوەی دڵەڕاوکێ و هیسیریاکەیەتی هیچی تر نیە. تەماشاکەن چی دەڵێت: ..لیتاوی ئەو ئاوە ڕژاوەی بیّ قەید و شەرتی سیاسی، مەترسیم هەیەکارەساتی گەورەتری لێبکەوێتەوە.وە پێشبینی دەکەم، هەبن، لەم ڕێگەیەوە بیانەویّ، کەتنی سیاسی گەورە بنێنەوە. وە داواش دەکات ودەڵێت ...وریای ئەوەش بین، ڕووداوی وا، جڵەوی سۆزمان نەداتە دەست ئەو کەس و لایەنانەی، دەمێکە خۆیان بۆ کەتنی سیاسی مەڵاس داوە.

لە چ سەردەمێک وە لەکام شوێنی دنیا وە بەپێی کام مەنتیقی بیر کردنەوە شتی وابووە کە گەر لەکۆمەڵگایەکدا تەواوی ئینسانەکان مافی بیرکردنەوەو ڕادەربڕینی خۆیان هەبێت، ئازاد بن لە نوسین و بڵاوکردنەوە، دەزگاکان بەڕوویاندا ئاوەڵا بێت بۆ کتێب ڕۆژنامە ونوسینەکانیان، بیّ هیچ سانسۆرێکی پۆلیسیانە، ئازادبن لە ڕەخنەگرتن و وەڵام دانەوە، ئازاد بن لە ڕۆیشتن بۆ دادگا دانانی شیکایەت و داخوازیەکانیان، ئازاد بن لە پێکهێنانی هەر ڕێکخراوێک و حیزبێک کە بیانەویّ، ئازاد بن لە خۆپیشاندان و مانگرتن کۆبوونەوە و ڕێپێوان تەنانەت لەلایەن پۆلیس و دەزگاکانی دەوڵەتەوە پارێزگارییان لێبکرێت، واتە بوونی ئەم ئازادی بیّ قەید و شەرتی سیاسی یە بە پێی کام بیر کردنەوە دەکرێت مەترسیدار بێت وە کەتنی سیاسی گەورەی لیّ بکەوێتەوە!؟

نا ئەمە هیستیریایەو مەلا بەختیار زۆر باش دەزانێت کە ئیتر ئازادی بیّ قەید وشەرتی سیاسی ڕێچکەی خۆی گرتووەو ناتوانن بەری پیّ بگرن، وە دەبێت تەواوی حیزبە دەسەڵاتدارەکان ملکەچ بن لە ئاستیدا وە بەڕەسمی بیناسن.! بۆیە کەوتووەتە هەڕەشەی هیستیریانەو دەیەوێت هەموو ئەو تاوان و کەتنە گەورانەی لە مێژووی حاکمیەتیاندا لەکوردستاندا (گەر باسی مێژووی شاخیشیان نەکەین) بە خەڵکییان کردووە، هەر لە تیرۆری موخالیفینی سیاسیانەوە تا تیرۆری ژنان شەڕی نەگریسی چوارساڵەی نێوانیان کوشتاری هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوان و دەست گرتنی جمهوریی ئیسلامیی ئێران بۆ ناو کوردستان، پشتیوانی کردن لە گەورەترین وتیرۆریستترین تاوانبارانی حیزبە ئسلامیەکان ولەباوەشگرتنی تەنانەت کۆنە بەعسیە جەللاد و خوێنڕێژەکانیش، بشارێتەوەو ئێستا ئەو دەیەوێت بڵێت گەر ئاوابڕوات ئەوا ئێمە دەکوژین ودەبڕین ڕێگەتان پێنادەین ئاوەها بەڕووماندا هەڵگەڕێنەوەو بۆتان نیە ئاوا ڕەخنەمان لێبگرن وە هەر شتێک ڕوویدا ئۆباڵی

لەملی خۆتانە.! واتە دەویت درێژەدانیان بەکەتنە سیاسی و دکتاتۆریەتەکەیان ئەمجارە بە تەواوی بخاتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە باس لە ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی دەکەن و هەر لەسەرەتاشەوە دەڵێت کە ئاوی ئەم ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسیە کۆمۆنیستە کرێکاریەکان ڕشتوویانە.

لەدوا قسەمدا بۆ مەلا بەختیار تەنها ئەوەندە دەڵێم کە لەم سەردەمەی ئەزمەیەدا کە زۆر بەتوندیش لەهەموو ڕوویەکەوە بەربینی بەئێوەش گرتووە، هوشیاریی خەڵکی کورسدتان ئیتر گەیشتووەتە ئاستێک کە تەواوی ئەو شیعارانەی کە ئێمەی پێدەناسراینەوە بوونەتە خواستی جەماوەریی بەرفراوان و ئێوە ناتوانن بەری پێبگرن وە ئێمە ئیتر زۆر لە جاران بەتین تر لە مەیداندا دەبین تا بەدیهاتنی ئازادی و یەکسانی ودنیایەکی شایستە بە ئینسان. بەڵام تۆ بڵێی ئەمجارەش مەلا بەختیار هەرهەمان ئەو پرسیارەی پێش پانزە ساڵ دووبارە بکاتەوەو بڵێت: ئەرێ توخوا خەڵکینە من لە وەحشی دەچم!!!!؟؟؟؟؟

21.05.2010

**بۆ ئەوەی ئاسایشی هەرێمە کەمان تێک نە چێت..، با لە مەرگی سەردەشت خۆش بین...!!!**

عوسمان ئەحمەد

جەماوەری کوردستان ، کاتیک کەسێک یا ئازادی خوازێک ، یا نوسەرێکمان تیرۆرکردو شەلاڵی خوێنمان کرد ،دەنگی نارەزایەتی بەرز مەکەنەوە، کاتێک پاروی سەر سفرەی بە تاڵتانمان فراند، هیچ دەنگ مەکەن ،کاتێک داهات و سەروەتی خەڵکی کوردستانمان بە تالان بردو،کردمانە خەرجی دەسەلاتەکەمان و کردمانە خەرجی ژیانی شاهانە بۆ خۆمان ، هیچ دەنگ مەکەن ، کاتیک پێویستی کرد لاوەکانتان بکەینە سوتەمەنی سەروەت و دەسەلاتەکەمان هەردەنگ نەکەن ، کاتیک شوێنی کارو ژیانتانمان کردە مەیدانی شەڕی ناوخۆ ، نەخۆشخانەو دەزگا خزمەتگوزاریکانمان کردە مەیدانی شەرو نیشانی تفەنگ و بۆمبەکانمان ،هەر دەنگ نەکەن ، کاتیک دەستی دەووڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەمان گرت و هێنامانە سەر ئۆپزسێونی پارچەکانی تری کوردستان تا لە کوردستان دەریان پەڕێنن ، هەر دەنگ نەکەن. ئەگەر کوردستانمان کردە جیگای تەراتێنی باندە تیرۆریستەکان بۆ لە خوێن هەڵکیشانی کەسانی ئازادی خواز، دەنگ هەڵنەبڕن، لە بەر ئەوەی بۆ پاراستنی ئاسایشی هەریمەکەمانە..ئەگەر کاتی هەڵبژاردن هات ، وەرن دەنگمان پێ بدەن تا لەگەل هێزە دینی و تایفی وقە ومی وکۆنەپەرستەکانی تری عێراق حکومەتی فیدراڵی پێک بهێنین تا شەریکمان بکەن لەو دەسەلاتە بۆ برینی هەرچی بەشێکی زیاتر لە و دەسەلاتە ، ئەوە ئەرکی هەموو تاکیکی کوردستانە بێنە بەر دەمی سندوقەکانی دەنگ دان و دەنگمان پێ بدەن....!!!!!

ئەم دەستە واژانە ی سەرەوە لەماوەی حکومڕانی ئە م 18 ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتی کوردی ،هەمێشە بە کارو کردەوە پەیامی دەسەڵات بووە بۆ خەڵکی کوردستان، لادان لێی وە بەزانندنیان هێڵی سوورە و ئاسایشی هەرێمەکەمان ئەخاتە مەترسییەوە،وە نزیک بە دوو دەیەیەی دەسەڵاتیان ،ئەمانە نمونەی مشتیک بووە لە خەرواریک، بۆیە ئیستاش دەنگ هەڵبرینی خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان و دنیا بە دژی ئەم کردەوە تیرۆرستیەیان ، ئەڵین ئاسایشی هەریمەکەمان ئەخاتە مەترسییەوە، بەڵام خۆیان کەی پێوەستی کردوە کۆمەڵگەیان تووشی دەیان چەرمەسەری کردووە وە غەرقی خوێن کردووە، بۆ پاراستنی ئاسایشی هەریمەکەمان بووە.!!

کارەساتی تیرۆر کردن و کوشتنی وەحشیانەی لاوێکی بیست ساڵانە ، ڕۆژنامە نوسێکی ئازادیخوازو قەڵەمێکی ئازا، برینی بیست ساڵ لە سەربرینی ئازادی رادەربرین و تیرۆرکردنی ئازادیخوازانی لە کوردستان لە جەستە و دڵماندا جاریکی تر هەڵکەند ، ویژدانی هەزاراران ئینسانی جووڵاند ، سەدان قەڵەمی هێنایە نووسین ، دەنگی هەزاران گەرووی هەڵبڕی و هەزاران ئینسانی هێنایە مەیدان بۆ بەرگریکردن لە ئازادی ووشەو بەیان .

هەر بەدوای ئەم تاوانە وە حشیانەیە کە زەنگێکی ترسناک بوو بۆ هەموو کۆمەڵگای کوردستان، بەزوویی جەماوەری ئازادی خوازی کوردستانی هێنایە سەرشەقام و، نمایشێکی بێ وێنەو نوێ بوو لە مێژووی هەڵگەرانەوە لە دژی دەسەڵاتدارانی کوردستان .

هاتنە مەیدانی جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان بە زوویی ،وەڵامی شایستەو دەست بە جێی ی ئەم جەماوەرە ئازادی خوازە بوو لە دژی تیرۆرکردنی دەنگ و خامەی ئازاد و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان، .. ئەم نەبەردە مرۆڤ دۆستانەیە زرنگانەوەو ڕاوەشاندنی دەسەڵاتی کوردی بوو وە دەسەڵاتی تووشی شۆک و خۆ دزینەوەکرد کە بەدرێژایی نزیک بە دوو دەیەی ڕابردووە لە دژایەتی سەرسەختانەی ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان نەک هەر سڵیان لێ نەکردبووەوە و ، بەڵکو بەهەموو هێزێکیانەوە ڕێگری یان دەکرد بۆ بەلارێدا بردن ، چەواشەکردن و سەرکوتی بێ پەردەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی یەکانی خەڵکی کوردستان...

ئەم هاتنە مەیدانەی جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان و وەڵامی توندو دەست بەجێی جەماوەری کوردستان ، دەسەڵاتدارانی لە خەویکی قووڵ ڕاچڵەکاند، وە تووشی شۆکی کردن،چونکە ئەمان پێیان وابوو،تەنها دوو مانگ پیش ئیستا بەشیکی زۆری خەڵکیان ڕاپیچی بەردەم سندوقەکانی دەنگ دانکرد، ئیتر سەرپشکن لەوەی بە ئارەزوی خۆیان هەر کەسێک سنووری دەسەڵاتەکەیانی بەزاند،بیکوژن وهەمو دەنگێک خە ڵتانی خوێن بکەن ، ئەمە ئەو وەڵامە بوو لەو خەوە قوڵە ڕایچڵەکاندن ،وە بەئەندازەیەک دەسەڵاتی تووشی هیستریا کرد کە ناتوانیت بە ئاسانی لەم گیژاوە خۆی دەرباز بکات،هەر زوو ئەو خەیاڵەیانی برد بە هەوادا، چونکە باش ئەزانن درەنگ یان زووئە بیت باجی ئەم ریسوابوونەیان بدەنەوە..

بۆیە هەر وەک پیشەی هەمیشەییان بە زوویی کە ووتنە هەولّی ئەوەی جەماوەر تووشی چەواشە بکەن ، بە چەندین شێوە خەریکی ئەوەن لەم پرسیارە گەورەیەی جەماوەری ئازادی خواز خۆیان رزگار بکەن ،لە لایەکەوە لە میدیاکانیانەوە کەوتونەتە هەرەشەو چاوو سوور کردنەوە لە جەماوەر،هەروەک لە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی هاتووە بانگەشەی دەست برینەوە ئەکات.وە لە هەولّی ئەوەدان  هاتنە مەیدانی دەنگی جەماوەری ئازادی خواز بەر تەسک بکەنەوە بۆ ئەو ئاستەی بە تۆمەتبارکردنی دەستی رەقیبێکی تری خۆیان لەناو پەرلەمانەکەیان،وە دەرکیشانی توورەیی جەماوەری ئازادی خواز لە کارو کردوەکانیان، بۆیە هەر بەمەوە نەوەستاوون و وە هەر لە ریگەی دەزگا ئیعلامێکانیانەوە، بە هێنانی چەند نووسەرو قەلّەمێکی شکاو ی کاسە لێسی بەر دەمی دیووەخانەکەیان، کە ئەمان دژی تیرۆری رۆژنامەنووسی لاو کاک (سەردەشت عوسمان) ن و. وە دەستێک لە پشتی تیرۆری سەردەشتەوەیە کە ئەیەوێت ئاسایشی هەرێمەکەمان لیَ تێک بدات،وە هاتنە مەیدانی جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان بە دژی ئەم تاوانە سامناکە، بە تێکدانی ئاسایشی هەریمەکەمان ناوزەند ئەکەن. لە کاتیکدا بەرژەوەندی خۆیان کەی پێویستی کردوە،کۆمەلگای کوردستانیان غەرقی خوێن کردووە لە ماوەی ئەم دوو دەیەیەی دەسەلاّتیان، وەک لەسەرەوە باسم کرد، بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکەمان بووە..!!!

بەمانەو چەندین شێوەی تری جیاواز ئەیانەوێت شانی خۆیان خالّی بکەنەوە لە ئاست ئەم تاوانە گەورەیە ، ئیتر بەم شێوەیە ا ،ئەوەمان پیَ ئەلّێن پاراستنی دەسەلاّتەکەیان لە هەموو شتیک پیرۆزترە، دەست بردن بۆی ئەوە ئیتر هێلّی سوورەو بۆتان نیە بیبەزێنن ،

بەلاّم بە پیَ چەوانەی خەیالّی خۆیانەوە ،جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان ئەو پەیامەی دا بە گوێیاندا ،ئیمە گیانی سەردەشتەکانمان لەلا پیرۆزو بەرێزە، دەست بردن بۆی بۆ ئیمە هێلّی سوورە،وە بۆتان نیە سەروەری ژیان و ئازادی خەلّکی کوردستان ژێر پێبنێن...

**نامەیەک بۆ بەهەشت: بگات بە دەستی کاکە ( سەردەشت عوسمان )**

ئارێز سمکۆ ( دهام )

سلاّو و رێز ئازیزم کاکی برا سەردەشت...

دەستپێک دەبیَ بلّێم پلەی بەرزی شەهادەتت و نازناوی شەهیدی قەلّەمت پیرۆز، ئاخر خۆت گوتەنی مردنێک لە پێناو میللەتەکەم شانازییە، بشبووورە رەنگە درەنگ بێت بۆ ناردنی ئەم نامەیەم، هەرگیزیش ئەم نامەیەم بە موناسەبات تێمەگە چونکە کار وابڕوات بە بۆنەکان ڕاناگەین، دەمویست شیعریشت بۆ بنووسم یان ڕاستتر شیعر گەرەکی بوو بۆ خاتری تۆ بمنووسێتەوە بەلاّم کوا دەهێلّن تامی شیعر بکەین، کوا بوار ماوە خەیالّ بکەین و فانتازیا بنووسینەوە، دەزانم تۆ ئێستا زۆر بێکاتی و سەرقالّیت و بە پەرۆشەوە کارەکانت ڕایی

دەکەیت، دڵنیاشم قەت دەستبەرداری هەواڵپرسینی ئەم نیشتمانە و خەڵکەکەشی نابیت دیارە ئەمەش کاتێکی زۆری پێویستە و تۆش دەبێ بە کارەکانت رابگەیت، لێ هەندێک شت هەیە دەبێ بۆتی روون بکەمەوە و پێت بڵێم دوای تۆ زۆر شت روویدا، هەموو هاورێ هاوپیشە هەولێرییەکانت لەلایەن برادەر و خزمانیانەوە گلەیان لێ دەکرێت، هەموویان پێمان دەڵێن واز بێنن و چیتان لەم سەر ئێشییە با شتێکتان بەسەر نەهێنن.

براگیان هەمووومان بۆت نیگەران بووین بەڵام ئەوەی نیگەرانمان دەکات ئەوەیە تۆ ئێستا بە سەدان کەسی فزوڵی بۆتە هاورێت بۆیە دەبێ لەمەودوا ئەوەندەی سەیرت بە تیرۆکردنی خۆت بێت، ئەوەندەش سەیرت بەوە بێت هەندێک خەڵک هەیە بۆ لە دوای تیرۆرکردنت بوونتە خەمخۆرت، بە تایبەت ئەوانەی تۆ دەتخستنە ژێر پرسیاری جیدی و دواجار بەرانبەر تۆ و میللەتەکەت شەرمەزار دەبوون ئێستا بوونەتە پارێزەر و برای گیانت، بەراستی سەیرە برا بکوژەکانت خەمیشت بۆ بخۆن و نیگەرانیشبن، ئاخر دێن بۆ پرسەت و سەرخۆشی لە بنەماڵەکەت و هەڤاڵانیشت دەکەن، بەوەش واز ناهێنن بەڵکو رووداوی تیرۆرکردنەکەت دەشێوێنن تا کەس گومانیان لێ نەکات، لێ خەمت نەبێ بۆ هەمووومان روونە با خۆیان بکەن بە ئەستێرەی سیویلیش هەر دەیانناسینەوە و دەیانبینین.

چاک لە بیرم نەماوە لە چ رۆژێک بوو یەکتریمان ناسی، ئەوەندە دەزانم هێشتا نەمان دەزانی دونیا ئەوەندە جەنجاڵ و پەنهان و پڕ لە نەهێنییە، هێشتا بە خەمە گەورەکان ئاشنا نەبووین، دوای زەمەنێک دابڕان قەدەری ئەم میللەتە منی لە (دهام)کرد بە (ئارێز)، تۆی لە (سەردەشت) کرد بە (سەرۆ و دەشتی)، ئێمە نەمانویست بنووسین ئێمە هەوڵی خۆ دەرخستنمان نەبوو، ئەم خەمە گەورانە ئێمەیان دەرخست، ئەم هەموو نیگەرانییە قەڵەمی لەناو دەستەکانماندا بە گەڕ خست، ئێمە ویستمان لە ناو مێژوودا ئێشێک بکەین بۆ ئەم میللەتە کەچی مێژوو ئێمەی لە نێو خۆیدا تواندەوە و پەراوێزی خستین و بە نیگەرانیەکانی سپاردین، ببورە ئیدی رەوتی ژیان دەڕوا و چاوەڕێی کەسمان ناکات.

بیرمە سەردەشتی برا، لە باخچەکەی کۆلیژی زمان کە من و تۆ چەند هاورێیەکی تر باسمان لە نیگەرانیەکانی ئەم نیشتیمانە دەکرد، باسمان لە جگەرگۆشە بێنازەکەی پەشێو دەکرد باسمان لەو قات و قوڕیە بێتامەی ئەم مەملەکەتە و خۆزگەمان دەخواست رۆژێک بکوژانی تەیرەکەی سەر منارەی مزگەوتی خانەقا دادگایی بکرانایە، تۆ بە زەردەخەنەیەکی بێئومێدانە پێمت وت: ئەوەندە دەم بە رەخنە مەبە برا بۆ هەولێر چی بۆ نەکراوە ئەو هەموو دار خورماییان لەسەر شەقامی شەستی چاندووە! ئەورۆ سبەکی دەیکەنە دەستەخوشکی دوبی، دوایش برا با ئەو پیاو چاکانەی خۆمان (پخت) نەکەن، لێ قەدەر وای ویست و جەلادەکانیش ماڵیان نەشێوێ تۆیان زوو فڕاند ئەوان نەیان دەزانی تۆ سەدان پرۆژەت بۆ ئەم مەملەکەتە پێیە، هەستیان بەوە نەکرد تۆ ئەم وڵاتەت چەند خۆش دەوێت و ئامادە نەبوویت شارەکەی خۆت بۆ بکوژەکانت چۆڵ بکەیت، نەیانتوانی لەوە بگەن تۆ پەپولەیەکیت و بە شیلەی هزرت گەرەکتە هەنگوینی سەرفرازی بۆ کوڕان و کچانی ئەم گەلەی خۆت بەرهەم بهێنیت، دەزانم

بەلای تۆوە گرینگ نییە تیرۆرکرای، دەزانم ئازار بەوە دەخۆیت ئەوان لە خەیاڵ تێناگەن و سزای خەیاڵپلاوانیش دەدەن، باش ئەوە دەزانم تۆ زوو زوو لە بکوژانت خۆش دەبیت، تۆ ناتەوێ چیتر مەرگی جەلادەتی کۆترەکان ببینیت، تۆ لەوە پاکتر بوویت رقت لە ئینسان بێت، چونکە تۆ هەستت بەوە دەکرد ئەو کۆمەڵگایەی جەلاد بەرهەمدەهێنێت پڕە لە نایەکسانی و نا دادی، باش واقیعی ئەم جڤاکەت هەڵسەنگاندبوو بۆیە دڵنیام هیچت لە دڵ نەمایە و ئێستا دەتەوێ هەنگاوەکانت دەست پێبکەیتەوە، برا چاک دەزانم ئەگەر بۆشت باس نەکەم تۆ هەر پێی دەزانی، ئێستا تۆ بوویتە باشترین کەرستەی موزایەدەکردن و بازرگانی بە خوێنت دەکرێت، بە داخەوە کاکە سەردەشت هەرچەندە ئێمە نیگەران بووین بە هەواڵی تیرۆرکردنت بەم شێوە دڕندانەیە بەڵام دڵنیام ئێستا تۆ لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم نامەیە زەردەخەنەت دێت چونکە ئەو شوێنەی تۆی لێیت دوورە و دەستی مرۆڤکوژەکانیان ناگاتێ، ئاخر دڵنیام بەهەشت کەسانی دوو ڕوو بەخۆوە ناگرێت، ئەو کەسانەی کە لەسەر شاشەکان وەک کۆتری ئاشتی خۆیان نمایش دەکەن و، لە ژێرەوەش هەزران پیلان بۆ سڕینەوەی خەیاڵ و بیروڕای جیاواز و هونەر و ئەندێشەی جوان و هزری ئازادمان دادەڕێژن، سەیرە برا سەیر لەناو شارێکی ئەمین وەک بەرپرسانمان ناوزەندی دەکەن، سەرباری بەهەدەر رۆیشتنی سەدان هەزار دۆلار بۆ دەزگا ئەمنیەکان کەچی تۆ دەبەن و دوای ئەوەی بەدەیان بازگەتدا دەپەڕێننەوە لە شارێکی تر تیرۆرت دەکەن، بریا وایان نەکردایە هاوڕێ نازانم چۆن دەستیان چووە خوێنت تۆ بڵێت ئەم بکوژانە ئیحساسیان نەبێ، نازانم چۆن دەتوانن تۆ بڵێت خۆیان منداڵیان نەبێت دەبێ ئەوە نەزانن کە جەرگسوتاوکردنی دایک و باوک چەندە بە ئازارە، ببورە برا رەنگە زیاد لە پێویست کاتتم گرتبێت، بەڵام دڵنیابە تۆ لە هەموومان ئاسوودە تریت، ئاخر تۆ خۆت رات وابوو لە پێناو ئەوەی میللەتەکەم هۆشیار بکەمەوە سەرم پێشکەش دەکەم، بنوو هاوڕێ تۆ دڵخۆشترین ئینسانی کوردیت چونکە نەتتوانی زارت ببەستی و دەست بە شەبقەی بێباکیتەوە بگریت نەوەک بای مەرگی نا وەخت بێت و راپێچت بکات.

سەرم ئێشاندیت هەر بە خۆشی بژیت و سەرکەوتوو بیت

تێبنی: برا پەلەش مەکە هەر کاتێک ئەم لیژنەیە کارەکەی خۆیان تەواو کرد، نامەت بۆ دەنووسم و ناوی بکوژەکانیشت پێ دەڵێم، هاوکات کە وێنەی ئاهەنگی دەرچوونەکەشت هاتەوە بۆتی دەنێرم.

لەگەڵ رێزدا....

برات: ئاریێز سمکۆ _ هەولێر

## لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەی(سەردەشت) گەیشتوەتە کوێ؟

به پێچەوانەی ڕای هەموو ئەوانەی که کەیسی( ڕفاندن و کوشتنی سەردەشت عوسمانی قوتابی و ڕۆژنامەنوس) بە کەیسێکی ئاڵۆز دادەنێن، ئەم کەیسە یەکێکە لە کەیسە هەرە سادەکان و ئەگەر ( زانیاری یە مێژوویی یەکان و زانیاریەکانی پێش ڕوداوەکە ، زانیاری یەکانی تایبەت بە ڕفاندن و کوشتنی و شێوازی کوشتنەکەی، زانیاری یەکانی تایبەت بە مامەڵەی دەسڵاتداران و کەسایەتی و دەزگا جۆراوجۆرەکانی لەدوای کوشتنەکەی) بخرێتە بەردەستی سەدان کەسی(شارەزا و نەشارەزا) لە بواری لێکۆڵینەوەی تاواندا( بە مەرجێک کەسیان نەترسێنرابێت و نەکڕرابێت) ئەوا وەک چۆن لە وەڵامدانەوەی مەتەڵی(چاوی زەقە، لە مەتبەقە، کلکی ڕەقە، ئەمیاوێنی*) دا، نەکەسیان هەڵە دەکات و نەکەسیشیان هەست بەوە دەکات زیرەکی یەکی زیاتری لەوانی تر بەکارهێنابێت، ئاوا لە ماوەیەکی کورتدا، دەگەنە یەک ئەنجامی زۆر سادە و ڕوون و هاوبەش!

من لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەر یەکە لەو زانیاری یانە دەکەم( کە بە شێوازی جیاجیا لێرەولەوێ لە لایەن نوسەر و ڕۆژنامەنوسی جۆراوجۆرەوە لە سایت و بڵاوکراوەکاندا ، ئاماژەیان پێکراوە و بڵاوکراونەتەوە)

یەکەم: زانیاری یە مێژوویی یەکان و زانیاریەکانی پێش ڕوداوەکە

1. بیرەوەری خەڵکی کوردستان، پڕە لە هەواڵ و دیمەن و دەنگی شانازی کردنی حزبە گەورەکانی کوردستان( بە تایبەتی یەکێتی و پارتی) لەسەر کوشتنی ئاشکرای نەیارە سیاسی یەکانیان.

2. بیرەوەری خەڵکی کوردستان پڕە لە (گومانی نزیکە یەقین) لەسەر کوژرانی نەیارانی سیاسی، لە ناوچەکانی ژێر دەستی یەکێتی و پارتیدا.

3. بەشێک لە خەڵکی کوردستان ئەوەیان لەبیرە، کە سیناریۆی مەلا بەشیر و یەکگرتوو، لە ساڵی 1998 دا بە کوژرانی شاپور و قابیل تەواو بوو. بەر لە کوژرانی سەردەشتیش، هەمان مەلا و هەمان حزب و لە سایەی دەسڵاتی ڕەهای هەمان حزبدا، سیناریۆیەکیان سازدا!

4. نوسینەکانی عەبدولستار و سۆرانی مامە حەمە و چارەنوسی خۆیان و کەیسەکەیان.

5. نوسینەکانی نەبەز گۆران و چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵیدا، وتارەکانی سەردەشت و زانیاری یەکانی ناوی، شایەتی یەکانی نەبەز گۆران لەسەر کەسایەتی ئەو.

6. سەردانی سەرۆکی کۆنترین و گەورەترین دەزگای ئەمنی بۆ (تەنیا) ئەو کۆلیژەی کە سەردەشت تیایدا خوێندکار بوو.

دووەم: زانیاری یەکانی تایبەت بە ڕفاندن و کوشتن و شێوازی کوشتنەکەی

1. سەردەشت بە ئاشکرا، لە نزیک پاسەوان و چەکدارەکانی سەر بە دەزگا ئەمنی و پۆلیسی یەکانی پارتی یەوە و لە شەقامێکی سەرەکی، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە، بە لێدان خراوەتە ناو سەیارەیەکەوە. پاسەوانەکان هیچ کاردانەوەیەکیان نیشان نەداوە! ئایا ئەگەر هەر لەو شوێنەدا، کەسێک جنێوێکی بە بارزانی بدایە، پاسەوانەکان چی یان دەکرد؟

2. دوای کەمتر لە نیو سەعات هەموو دەزگا بەرپرسەکان ئاگادار کراون. دەزگاکان ئەوەندە ماوەیان بەدەستەوەیە کە بازگەکان ئاگادار بکەنەوە، بەڵام نەیانکردوە!

3. بە ناو شاردا و بەناو چەندین بازگەدا(بە زیندوویی یان بە کوژراوی) گەیەنراوەتە ناو شاری موسڵ.

4. دوای دوو ڕۆژ تەرمەکەی لە موسڵ دەدۆزرێتەوە.

5. بکوژەکان فیشەکیان ناوە بە دەمیەوە.

سێیەم: زانیاری یەکانی تایبەت بە مامەڵەی دەسڵاتداران و کەسایەتی و دەزگا جۆراوجۆرەکانی لەدوای کوشتنەکەی

1. دوای بیستنی هەواڵی ڕفاندنەکە، دامودەزگا ئەمنی یەکان:

ـ نە لەگەڵ خەڵک و نە لەگەڵ پاسەوانەکانی ئەو نزیکانە، هیچ لێکۆڵینەوە و ئیجرائاتێکیان نەکرد بۆ ئەوەی بە زوویی زانیاری لەسەر ڕفێنەرەکان کۆبکەنەوە.

ـ هیچ ئیجرائاتێکیان نەکرد بۆ ئەوەی نەهێڵن ڕفێنەرەکان بچنە دەرەوەی هەولێر.

2. لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا کە سەردەشت ڕفێنرابوو، دامودزگا ئەمنی یەکان هێشتا هیچ لێکۆڵینەوە و ئیجرائاتێکیان نەکرد.

3. دوای دۆزینەوەی تەرمەکەی، دەسڵاتدارانی ناوچەکە، دەیانویست وەک ڕوداوێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

4. کە بیستنی هەواڵەکە خەڵکی هەژاند و خەڵک بە شێوەیەکی خۆڕسک ناچاربوون، لێکۆڵینەوە بکەن، بەپێی ئەو زانیاری یانەی کە لای بەشێکی زۆری خەڵک هەن و منیش پێشتر ئاماژەم پێکردن، دۆزینەوەی تاوانبارەکە زۆر ئاسان بوو.

5. پارتی بەمە زۆر شپرزە بوو، تا یەک دوو ڕۆژێک نەهاتەوە سەر خۆی.

6. بەیاننامەکەی پاراستن( کە مەسرور بارزانی سەرۆکیەتی) و ئەوەی مەکتەبی سیاسی پدک( کە بارزانی سەرۆکیەتی) بێجگە لە تێکەڵ کردنی مەسەلەکە بە چەندین مەسەلەی تر، کە مێژوویان بۆ کاتی پێش لەدایکبوونی سەردەشت دەگەڕایەوە، دەیانویست خەڵک بترسێنن! ئەمە تەنانەت ئەو خەڵکەیشی گەیاندە یەقین، کە تا ئەو کاتە گومانیان لەو لێکدانەوەیە هەبو، کە پارتی بۆ ترساندنی خەڵک ئەو کارەی ئەنجام دابێت! چونکە لە باڵاترین ئۆرگانەکانی ئەو حزبەوە، خەڵک هەڕەشەی دەسبڕین و لەگۆڕنانیان دەبیست و دەخوێندەوە!

7. ناونەبردنی تا ئێستای سەردەشت بە ڕۆژنامەنوس لەلایەن پارتی یەوە( بە قیادە و قاعیدە و ڕاگەیاندن و نوسەرە ئاشکرا و نهێنی یەکانیەوە) لە کاتێکدا، ئەو مەسەلەی خوێنی سەردەشتی کردە کاسەوە، ئەوە بوو کە ڕۆژنامەنوس بوو( وە نوسەری چەند وتارێک بوو، کە کەسی پێ نیگەران نابێت، ئەوان نەبێت!).

8. لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەی دوای کوشتنی سەردەشتدا، پارتی چەندین گەمەی سیاسی تاقیکردوەتەوە، چەندین هێزی ئاشکرا و نهێنی و هاوپەیمانی ستراتیژی خستوەتە کار، کە هەر هەموویان نەک نەیانتوانیوە، خزمەتێک بە حاڵی بکەن، بەڵکو کارێکیان کرد جەماوەرێکی زیاتر بە تاوانباری بزانن!

9. ناچار بوونی سەرۆکی هەرێم( کە سەرۆکی پارتیشە) بەوەی کە جارێکی تر و بە زمانێکی جیاواز لە زمانی مەکتەب سیاسی بدوێت.

10. باسکردنی سەرۆکی هەرێم لە سەروەری یاسا! و سوور بوونی لەسەر ئەوەی کە دەزگاکانی پارتی( کە خۆیان گومانلێکراون) خۆیان لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسەکە دەکەن! بەپێی چ یاسایەک گومانلێکراوی کەیسێک دەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات؟!

11. زۆرێک لە دەزگا ئاشکرا و تازە ئاشکراکانی پارتی، نەوشیروان و گۆڕانیان بە کوشتنی سەردەشت تاوانبار دەکرد، ئایا نەوشیروان و گۆڕان و پارتی، کامیان بە لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی کەیسەکە ڕازی نابن؟

12. بەم پێیە (ئەو دادگا جەماوەری یەی کە لە بەشێکی بەرینی خەڵکی کوردستان و کەسانێکی دەرەوەی کوردستان پێکهاتووە) لە لێکۆڵینەوەی کەیسی سەردەشتدا، بە پشت بەستن بەو زانیاری یانەی سەرەوە، توانیویانە زۆر بە ئاسانی بگەنە ئەنجام و( تاوانبارەکە) یان دیاری کردوە! کەچی تاوانبارەکە هێشتا بە ئینکاری کردن هەر ڕۆژە بەڵگەیەکی تر دەخاتە ڕوو!

—26.05.2010—

ئەم مەتەڵەم لە (کۆمێنت) یێکی برای بەڕێز عەباس ڕۆستەمەوە وەرگرتوە، کە بۆ وتارەکەی شێرکۆ بێکەس ( مافیا لەناو مافیا) دا لە سایتی سبەی دا، نوسیویەت

**تیــرۆری ســــەردەشـــت و (کاتـــی هەســـتیار) و (مەترســـی بـــارودۆخ)!!!!**

**هیوا ناسیح**

دەقی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمم بە وردی خوێندەوە، ئەوەی کە سەرنجی راکێشام ئەو دو دێرە بو (ئێمە لە کاتێکی هەستیاردایین و زۆر بابەتی گرنگی نەتەوەیی پەیوەست بە بەرژەوەندی گەلەکەمان لە سەر ئاستی کوردستان و عێراقدا لە کایەدان) هەروەها (مەترسی پلان و هەڕەشەی تێکدانی بارودۆخی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتیش لەناونەچون و پێویستیمان بەوریایی و هاودەنگی هەیە).

ئەوەی لەو دو رستەیەدا جێگەی هەڵوێستەکردن و لەسەر وەستان و لێوردبونەوەیە وشەکانی (کاتی هەستیار) و (مەترسی تێکدانی بارودۆخ)ن! من هەقی خۆمە گەر وەک هاوڵاتییەکی کوردستان پرسیارێک لام دروست ببێت و بڵێم: ئەرێ بەڕاست لە کەیەوە وا لێپرسراوان بە گشتی و سەرۆکی هەرێم بە تایبەتی، کە بە فەرمی سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستانە و دەکرێت لێدوان و پەیامەکانی ئەو وەک قسە و لێدوانی لێپرسراوانی دو حیزبە باڵادەستەکەی هەرێم بە گشتی وەربگرین، هەستیان بە (هەستیاری کات و مەترسی بارودۆخ) کردوە؟ ئەری جەنابی سەرۆک، بۆ ئەو کاتانەی تر هیچ پێویستمان بە (وریایی و هاودەنگی) نەبو؟ ئەو کاتانە هیچ مەترسی بارودۆخ تێکدان نەبوە و نییە، کە:

– کاتێک (ئێوە و یەکێتی) شەڕی ناوخۆتان هەڵگیرساند، زیاتر لە دە هەزار گەنجی خێرلەخۆنەدیوی ئەم گەلە بونە سوتەمەنی و قوربانی و بە هەزاران ماڵ و خانەوادەش ئاوارە و سەرگەردان بون؟.

– کاتێک لە نەوەدەکاندا سوپای دراوسێ و داگیرکەرانی دژ بە کورد بۆ هەرێم کێشکران؟.

– کاتێک ماڵ و سەروەت و سامانی ئەم گەلە دەچێتە گیرفانی چەند کۆمپانیایەکی سەر بە دو حیزبەکە و کەس نازانێت ئەو پارانە و دەسکەوتی نەوتی بەدزیی فرۆشراوی کوردستان بەرەو کام حساب بانکی و کۆنتۆی کێ حەواڵە دەکرێت؟.

– کاتێک زۆر لە لێپرسراوانی باڵای دوحیزبەکە بونەتە نیمچە حکومەتێک، دەزگای راگەیاندنی خۆیان و گروپی کوشت و بڕ و رفاندنی خۆیانیان هەیە؟.

– کاتێک زۆربەی بڕیارە هەستیار و گرنگ و چارەنوسسازەکان بێ پرسی میللەت و لە نێو ژورە داخراوەکان و بە تەنها لە لایەن بیرۆی سیاسیی هەردو حیزبەکەوە دەدرێن؟.

**– کاتێک گەندەڵی و بە هەدەردانی سەروەت و سامانی گەلەکەمان گەیشتۆتە سەر ئێسک و تا ئێستا هیچ لێپرسراوێکی پلە حەوتیش لەسەر ئەو دۆسییەیە دادگایی نەکراوە؟.**

**– کاتێک نوسەرانی ئازا و بە هەڵوێست و جەسوری وەک سۆران مامە حەمە و سەردەشت عوسمان لە خوێنی خۆیاندا دەگەوزێنرێن؟ و تائێستاش تەنها لێپرسراوێکیش دەستی لەکار نەکێشایەوە؟.**

**نا ببمبورە جەنابی سەرۆک، هەرگیز باوەڕ ناکەم، کە ئێوەی لێپرسراوان و سەرکردەی ئەم گەلە بێبەشە تازە بە تازە هەستتان بەم (هەستیاری کات و مەترسی تێکدانی بارودۆخ)ە کردبێت، نا، نەخێر ئەمە جێگەی گومانە، پێشم وابێ لە گومانەکەم لەسەر هەقم.**

**جەنابی سەرۆک باش ئاگادارن، لە یەکەم تیرۆری سیاسی کوردیی کەسایەتی نوسەر و رۆشەنبیرانەوە لە دوای راپەرین، کە کەسێکی روناکبیر و نوسەر و خۆشەویستی رەنجدەران و زەحمەتکێشان (رەوف ئاکرەیی) لە بەرواری 26– 27 /5/ 1993 دا کردە ئامانج، تا دەگاتە دوا قوربانیی ئەم رێگەیە (سەردەشت عوسمان) لە 2010/5/6 دا، تائێستا چەند بکەر و تاوانبارتان لەسەر ئەو کەیسە دادگایی کردوە؟ ئایا (مەترسی تێکدانی بارودۆخ) و (هەستیاری کات) پاڵپێوەنەنان کە بکەرانی ئەو کوشتن و تیرۆرانە بدەنە دادگا، یان بەراست ئەوە خێر بو وا هیچ یەک لە تاوانبارەکان نەدۆزرایەوە؟ تۆ بڵێی پرۆسەی بەدواداچون و لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانیان مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد دروست کردبێت؟!.**

**بیرمەندێکی فەرەنسی دەڵێت: ( دو شت زۆر مرۆڤ ئازار دەدات، سزا بێ تاوان و تاوانیش بێ سزا)، باشە کوا سزای تاوانکارانی بکوژانی سۆران مامە حەمە و شێخ ستار، تا بۆ کەسانی تر ببێتە پەند و پەنا بۆ کاری وانەبەن، تا کەس جورئەت نەکات و(سەردەشت)یش تیرۆر نەکرێت؟ باشە چێ بو تاوانی ئەو نوسەرانەی وا پەپولەی گیانیان هەڵوەرێنران، غەیری رەخنەگرتنی دڵسۆزانە و خۆشەویستی خاک و گەل و نەتەوە بەشمەینەتەکەمان؟.**

**ئەوە نەکرا تەنها نوسەرێکی رەخنەگری دەسەڵات، کە جاروبار بەوە تاوانباریان دەکەن، کە سەر بە داگیرکەران و دوژمنانی کوردن، گەر ئەو گومانەتان لەجێی خۆیەتی، بێن بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و بیانهێننە بەردەم دادگا و سزایان بدەن و تاوانباری و ناپاکیکردن و هاندراوی دەستی دەرەوەییان بسەلمێنن، بەڵام تیرۆر نەکرێن؟ ئەوە رێکەوتە و خێرە وا لەو هەمو تیرۆرە، بکەری هیچیان ئاشکرا نەبو، تۆ بڵێی تاوانکارەکان بە (دەفری فڕیو) و لە ئاسمانێکی ترەوە هاتبن و پاش روداوەکان یەکسەر و راستەوخۆ گەرابێتنەوە بۆ بۆشایی دەرەوە؟ ئاخر خەڵک ناهەقییەتی گومان بکات جەنابی سەرۆک، کە دەسەڵاتدارانی کورد دەستیان لەو تاوانانەدا هەیە؟ ئایا گومان هەر لە خۆوە دێت؟ ئەوە خێرە ئەوانەی تیرۆر دەکرێن کەسیان لە نوسەرانی موچەخۆر و سەر بە دو حیزبەکە نین؟ ئەوە خێرە وا ئەوانەی لەم نۆزدەساڵەدا تیرۆرکراون، لە تاک تاکی کەسانی بوێر و دڵسۆز و بژاردە و چاونەترس و قەڵەمتیژ و رەخنەگرانی دەسەڵاتدارانی کوردین؟.**

نا سەرۆکی هەرێم نا، بڕوا ناکەم، تازە هەستتان بەم ڕەوشە هەستیارە کردبێت و وریا و بە ئاگا بوبێتنەوە، دڵنیام گومانەکانمان لەجێی خۆیەتی، داوامان لێدەکەیت بێ بەڵگە کەس تاوانبار نەکەین، داوای بەڵگەمان لێمەکە بەڕێزم، ئاخر بکوژانی ئەو شەهیدانەی قەڵەم کەسانی ئەوەندە ناشی و نەشارەزا و مەشقنەکردو نین و دەزگایەکی ناوخۆیی وا سادەش لە پشتیانەوە نییە، کە وا بە ئاسانی بۆ ئێمەمانان ئاشکرا بکرێن، بکوژانیان شارەزای کوچەو کۆڵان و ماڵەکانمانن، بە دڵنیایی و پشتئەستوریی تاوانەکان ئەنجام دەدەن، دەشاردرێنەوە و داڵدەدەدرێن، دڵنیاشن نادرێنە دەست یاسا، ئاخر ئەوە کاری پۆلیس و ئاسایشە، گەر بەراستی بەدوایدا وێڵبن و شێلگیرانە لێکۆڵینەوەی لێ بکەن و بەڵگەکان بخەنەڕو، نەک ئێمەی رۆژنامەنوس.

جەنابی سەرۆک گومانمان هەیە گومان، ئاخر ئاشکرایە یاسای دەسەڵات لەم هەرێمە حوکم دەکات نەک دەسەڵاتی یاسا، گومان لە گومانەکانمان مەکە، تکایە تیرۆرکەر و بکوژان ئاشکرا بکەن و سزا بدەن، بەکردەوە هەوڵی کەمکردنەوەی گومانەکانمان بدەن، لابردنی گومان بە دواداچونی جددی حکومەت و شەفافانە و دڵسۆزانە دەکرێت لەو تاوانانە، بە سەپاندنی یاسا دەبێت، نەک بە تێکەڵکردنی کارتەکان و هەڵدانەوەی لاپەرە کۆنەکانی دوێنێی براکوژی، چما گەر لێکۆڵینەوە لەو رابردوانە بکرێت، چ سەرکردەیەکی کوردی سەردەمی شاخ پەرێزی پاک دەردەچێت؟ بە سزادانی تاوانباران دەکرێت، نەک بە بەکارخستنی لەشکرێک لە رۆژنامەنوسی حیزب، ئەوانەی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆوە فێری شەڕەجوێن و تۆمەت داتاشین بونە، ئەوانەی کیبۆردەکان و قەڵەمەکانیان فەرمانییان لە بیرۆی حیزبەکانتانەوە بۆ دێت. ئەوانەی کاریان تەنها ئەوەیە رەش و سپی تێکەڵ بکەن و راستی و گومان بخەنە جێی یەکتری.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم جەنابی سەرۆک بڕوا بکە، کاردانەوەی تیرۆرکردنی شەهید سەردەشت خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژوی بزوتنەوەی رۆشەنبیری و رای گشتی و جەماوەری گەلەکەمان. سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم پێی خۆش بێت یان نا، تازە میللەتەکەمان چاوی کرایەوە و ترس و سامی لە شکۆی دەسەڵات شکا. ئیتر کەس ناتوانێت خۆڵ بکاتە چاوی، تازە کەس بێدەنگ نابێت لە تیرۆری رۆڵە دڵسۆز و رۆشەنبیرەکانی گەلەکەمان، با هەمو لێپرسراوانی باڵای دو حیزبەکەش دڵنیابن، ئەمڕۆ وەک دوێنێ نییە، تازە کاروان بە رێکەوتوە و هەمو کارێکیش هەر سەرەتاکەی سەختە، سەرەتای ئەم کارەش وا تێپەڕی، دەبێت چاوەڕێی هەنگاوی تر بن لە میللەت، گەر هەر لەسەر ئەو کارانەیان سور بن.

جەماوەر لە ئێستاوە پێویستی بە پەیامی کارە نەک پەیامی گوتار. ئەرێ دەکرێت چاوەڕێ بین جەنابی سەرۆک؟!.

## ئــەی شـــکۆمــەند تـــۆ نــــــەمـــریت !

**بەشدار عوسمان (بەشدار علی)**

لەوەتەی چاوم بەژیان هەڵهێناوە بە تۆ ئاشنابووم سەردەشت گیان،بۆیە تا ئیستاش بروا ناکەم تۆ ئیتر هیچیتر لەگەڵما نابیت،لە بازار و لە کتێبخانە ،لەماڵ و لە ئاشتی نامە،لە سەفەر و لە سەردان و لە نەخۆشخانە،لە بەسەرکردنەوەی خزم و دۆست و برادەران تۆ لەتکما نابیت، نا بروا ناکەم جارێکی تر شەوانە لەتەکما پاڵناکەویت و کتێبەکانی ئۆرهان پاموک و کازانتراکس و بەختیار لە تەنیشتی خۆت پاڵ ناخەیت،بڕواکردن بۆ وونبونی تۆ بەم شێوەیە کتوپڕ و زۆردارییە بۆمن زۆر قورسە..

بەراستی چەند هەفتەیە بیر لە دڵرەقی و زاڵمی ئەو کەسانە دەکەمەوە کە ئازاریانداى،پێیان سەرسامم جورئەتێکی زۆریان هەبوە و دڵنیاشم لەسەر کوشتنی ئینسانەکان راهێندراون ئەگینا دەستیان نەدەچویە جەستەی پڕ لە بەرائەتی تۆی دڵ ناسک،ئاخر تۆ هەموو تورەبونێکی بەرامبەرت بە زەردەخەنەیەک وەڵام دەدایەوە هەرگیز گرژیت لە روخسارتدا بەدینەدەکرا،چۆن توانیان گیانت لێ بسنەوە؟! من دڵنیام ئیستاش تۆ زیندوبیتەوە زات ناکەی و دڵت نایەت ئەو کەسانە ئازاربدەی کە گیانیان لێ سەندی و لە ئێمە و رۆژنامە وکاری وەرگێڕان و زانکۆ و هاوپۆلەکانت و کچە نەشمیلەمانیان کردی، بیرمە هەموو کەرەتێک دەتگووت (ئەوەی خراپە بەرامبەرت ئیهمالی بکە خۆی چاک دەبێت،خراپە بە خراپە وەڵام مەدەرەوە،ئەگینا ئێمەش جیاوازنابین لەخەڵک)

سەردەشتی رۆح، مرۆڤدۆستی و میهرەبانی تۆ لەحەد بەدەربوو، راستگۆیی و دڵسۆزی تۆ پێوەر ناکرێت، بۆیە ئیستا شار و گوند و گەنج و لاو و پیر و پەککەوتە لەپشتەوەی سەنگەری ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی و حەقدۆستی تۆوە سەنگەریان گرتوە بۆ ئاشکراکردن و شەرمەزارکردنی ئەو جەلادانە..

ئاخر تۆ نەبوونی و برسیەتی و بێ جل و بەرگیت قبوڵ بوو، نەک نامەردی و سەردانواندن بۆ ژیانی شاهانەی سەرکزی،بە دیان کەرەت و دەیان هەفتە بەیەکەوە بە گیرفانی خاڵی گوزەراندنمان و زەردەخەنەیەکی دەستکردیشت بۆ کەس نەکرد،خۆ تۆش دەتوانی خاوەنی هەموو شتێک بیت و بەمەدەردەش نەدەچوی،بەڵام بیروباوەڕی پۆڵاینی تۆ بە ئازادی و یەکسانی و مرۆڤدۆستی رێگای پێ نەدای و باشیشتکرد،ئەوەندەی بیرت لە ژیانی خەڵک کردەوە نیو هێندە بیرت لە گیرفانی خۆت نەدەکردەوە،بۆیە لەکاتی شەهیدبونیشت تەنها 12 هەزارت لەگیرفاندا بوو،چونکە تۆ بۆ خەڵک دەژیایی،ئاخر شکۆمەند تۆ ئیستا بویتە خاوەنی مێژوویەک بۆ شار و مەملەکەتەکەی خۆت،بویتە رەمزێک بۆ هاوپیشەکانی خۆت،بویتە سیمبولێک بۆ ئازادی و حەقبێژی...با بودەڵە و قەزەم و بۆگەخۆرەکانیش ئەو ژیانەیان پیرۆز بێت ...

برا گیان، وەسیەتنامەکەی خۆت ڕێک دەرچوو،چۆن ژیانێکی تراژیدیت هەبوو بەهەمان شێوە ماڵئاواییەکەشت تراژیدی بوو و هەموو دنیای هەژاند. هەموو گەنجانی شەرەفمەندی ئەو مەملەکەتە هەزاران خۆزگە و ئاوات بە سەفەرەکەت دەخوازن چەند سەربەرزانە ژیایت و سەفەرتکرد، من ئیستا ئۆقرەم نەماوە زۆر ئەترسم ئەو سەفەرەی تۆ کردت بە نسیبی من نەبێت و بە پەنا کەلاوەیەک بە پیری گیانم دەرچێت ئەی شکۆمەند..

گیانەکەم منیش دەنگم دەخەمە پاڵ ووتەکانت (کاتی ماڵاواییکردنی ئێمەش دێت هاورِێ، من دڵنیام سپێدەیەک دێت کە ئێمەش جانتاکانی خۆمان پێپاوەتەوە، ئێوارەیەک دەستی دایکمان ماچ دەکەین و دەڵێن" ببوورە دەبێ جێتبهێڵین"، لە نیوەشەودا مێسجێک بۆ خۆشەویستەکەمان دەنێرین و بۆیدەنووسین" بەداخەوەم، کەبەیانی هەڵدەستی من لەمشارە نیم، ماڵاوا ،خۆشحاڵم برا کە بەسەرکزییەوە نەتمبینی، دڵخۆشم کە جوامێری خۆت لەدەست نەدا....)

**ئازادی لە نێوان هستریای پارتی و فتوای مەلابەختیاردا ؟**

**ڕیبوار عارف**

ئەمڕۆ دوو هەفتە بەسەر کارەساتی تیرۆری سەردەشت عوسماندا تێپەڕدەبێت، ئەم هەواڵە لەسەرەتادا بۆ زۆرێکمان بووە هەوێنی سڕبوونێک کەسەراپای هەناومانی داگرت ونیگەرانی ونائارامیەکی زۆری پێ بەخشین. بەلام ئەمە دیوی تراژیدی کارەساتەکەبوو، دیوەکەی تری ڕاچەنین وهاتنەمەیدانی بزوتنەوەیەکی بەرینی خەلکی ئازادیخواز بوو دژ بەم کردەوە قیزەونە. هەربۆیە لە هەولێر تا سەیدنی، لە لەندن تا سلیمانی، کوردستان بەگشتی و چەندین ولاتی ئەوروپای نارەزایەتیەکی توند دژ بەپارتی هاتەمەیدان. سەدان دەزگای ڕاگەیاندن باس لەمەرگی خوێندکارێک دەکەن کە لەحەرەمی زانکۆی (پایتەختی) هەرێم، مەڵبەندنی دیموکراسی وئاسایشدا دەرفێنرێت ودواتر لاشەکەی بە تیرۆرکراوی لە موسل دەدۆزرێتەوە. بینمان ئەم ڕووداوە چۆن کۆمەلگایە لە دەوری دەنگ وشیعاری ئازادی ئازادی کۆکردەوە. هاوکات ژمارەیەکی یەکجار زۆر نووسەروکەسایەتی و رێکخراوەی جەماوەری لەسەراسەری جیهاندا هێنایە دەنگ. ئەم ڕووداوە وەک چۆن لەسەرەتاوە هەڵوێستگرتنی بەحزبە دەسەلاتدارەکان تەحیملکرد، دواتر بینیمان هەندێ لایەن وویستیان لەنێو ئاوێکی لێخندا ماسیەک بگرن، کە بۆیان قوتنەدرا ناچاربوون بەوەی کەبچنەوە قاوغەکەی خۆیان وپاش هێنانەوە سەر خەتیان لە کۆبوونەوەی ئەم دوایانەی نیوان پارتی ویەکیەتی ناچار بە یەک هەلویستی بوونەوە، تابتوانن پێکەوە خۆیان لەئافات وئاکامەکانی ئەو بومەلەرزە سیاسیە بپارێزن کە لەهەناویدا دەنگی ئازادیەوە بیستراو بووە هەنگاو هەلهینانەوەیەک بۆ گۆڕینی هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستان.

**مەرگی سەردەشت و ئازادی**

**ڕاپەرینی بەهاری91 خەلکی ڕاپەریو ئازادیخوازی کوردستان دژ بەحکومەتی بەعسی فاشیستی بۆ ڕزگاربوون لەستەم و چەوسانەوەو بەدیهینانی ماف وئازادیەکانی خۆیان هاتنەمەیدان. واتە خەونی ئازادی داینەمۆی سەرەکی ئەو خەلکەبوو. بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە نەرامالینی بەعس ونەتەنانەت لە گۆرانیشی ماف وئازادیەکانمانی دەستەبەر نەکرد. هەربۆیە پاش 19 ساڵ خەڵکی کوردستان ناچار بەهێنانەوە گۆڕی هەمان داواکاری دەبن کە ئازادیە. بەو جیاوازیەوە کە ئەمە نەڕاپەرینەوە نەرامالین. کەدەبوو پاش تیپەڕبوونی دوو دەهە گومانێک لە مسۆگەربوونیان نەکرایە. بەلام ئەفسوس ئەمڕۆ سەردەشتێک کە ڕەنگە لەبەراهاری هەمان ساڵدا چاوی بەدنیا هەڵدێنێت بەتاوانی دەربرینی بیرورا واتە لەبەر نەبوونی ئازادی بیروارادەربرین تیرۆر دەکرێت. ئایا بەراستی ئەم فەرهەنگ و سوونەتە سیاسی پاشماوەی چ دەسەلاتیکە ؟**

**هەموومان دەزانین کە 19 سالە هێزە ملیشیاکان ودەسەلاتی کوردایەتی دەخوازێ کە مل بدەین بەشەڕی ناوخۆ بە برسیەتی، بیکاری، نەداری و جۆرەکانی ئەو نەخۆشیانەی کەشانخالیکردنەوەی ئەم دەسەلاتە بەرهەمی هێناوە...پێیان ووتین خەونی شاعیرانە مەبینن وباس لەجیابوونەوەی کوردستان و هەلسپاردنی یاساکانی بەعس ولەگۆرنِانی قانونی ئەحوال شەخسی مەکەن با لەگەل نەعرەکەی بەعسدا ڕووبەڕووی کۆرەوێکیتر نەبینەوە. باس لە گرانی وهەژاری مەکەن وچاو لەو قڵشە گەورە چینایەتیە بنوقێنن کەفیرعەونئاواکان ومیلیاردرەکانی هەولێرو سلیمانی بەرهەم هێناوە. شوکرانە ژمێرین بەبۆردمان ولەشکر کێشیەکانی تورکیاو ئیران دەنا ئەزمونەکەمان هەڵدەپێچن. نەکەن کای کۆن بەبا بکەن وگۆڕی قوربانیانی شەڕەکانی ناوخۆدا هەڵدەنەوە دەنا جگە لەهەردوو سەرۆک مسعود بەرزانی وجەلال تالەبانی دەبێ هەموومان راپیچی بەردەم دادگاکرین. بەویژدانەوە قسەبکەین دیاریدەیەک کە گەورەو بچوکیان ناچاربوون پێی لێنێن گەندەلیە، خۆشحالانە ئەویش ئەوەندە کەم بووتەوە کە سەرۆکۆمار پاداشت دەدات بە هەر کەسێک کە گەندەڵیەک ئاشکرا بکات. نیگەران مەبن سەنگەری پاراستنی کوردایەتی وبرایەیتی هەموو قەوم وعەشیرەت وهۆزو ئاینیک تۆکمەو بەهیزەو تۆی هاولاتیش ئەگەر ڕازی نیت وێڵبەو سەرپەنایەکی باشتر بۆ خۆت بدۆزرەوە. بەلام ئەوکاتانەی کەسەردەشت دەلێ لێرە ناڕۆم وەرن گیانم دەرهێنن تا ئازادی سەردەرهێنێتەوە، ئیتر تای ترازوی هاوکێشەکان بەئاراستەیەکی تردا دەچەرخێن، ئیتر ئەوە دیموکراسیەتە کە ناخوات. هەربۆیە سەبری ئەیوبی مەکتەب سیاسی پارتی لەگەڵ هەڵکشانی بارۆمەتری نارەزایەتی خەڵکی کوردستاندا هاتەخوارو ئەمجارەیان پاش هەفتەیەک تیپەڕبوون بەسەر تیرۆری سەردەشتدا، ڕاگەیاندنێکی لەخوێن هەلکێشراویان دەرکردو ناچاربوون خۆیان بلین ئیست، پیرۆزیەکان پیرۆزڕاگرن. هەقیقەت ئەوەیە کە ئەم راگەیاندنە تەنیا هەڕەشە نەبوو لەخەڵکی کوردستان بەڵکو بەکردەوە ئەو کای کۆنەی بەباکردنەش بوو کە سالەها دەلێن کوردایەتی لەبەرژوەندیدا نیە مەلەفی شەڕی ناخۆ**

هەڵدەینەوە، عەیبی نیە کاتێک کوردایەتی پیویستی بێت،ئاساییە کەپارتی وئەم حزبانە گۆڕەکانی قوربانیانی شەڕی ناوخۆ هەڵدەنەوە.

**ترسی دەسەلات و دیۆزمەی ئازادی**

ئازادی تەنیا ئەو دەنگە نەبوو کە دەسەلاتی دووچاری هستریایەکی کەم وینَەی لەوچەشنەکرد، بەڵکو زەنگی ووشیارکردنەوەی ئەو دەسەلاتەش بوو کەناتوانێ ئازادی قبوڵ بکات. ئەم ڕۆژانە شیعارێک کە خەڵکی کوردستان لەدەوری کۆبوونەوە بۆ داکوکی کردن لەماف وئازادیەکانی خۆیان، بەزەرەبینیش هیچ پەیوەندیەکی بەشیعاروئامانجەکانی حزبە دەسەلاتدارەکانەوە نیە. بازنەیەک کەئەوان کایە سیاسیەکانی خۆیانی تێدا تاودەدەن، ماف و ئازادیەکانی قەوم وعەشیرەت وهۆزو ئاین وداب ونەریتەکانیانە بۆیە تەحەمولکردنی ئەو دەنگە ئیتر مەحال و دوور لە بەرژەوەندیانە. هەربۆیە دەلێن ئەستمە ئازادی لەژێر سایەی ئەم حزب و لایەنە قەومی ومەزهەبیانەدا ئیمکانی هەبێت و بەکردەوە ئەو حزب و لایەنەنانە خۆیان لەمپەری ڕاستەخۆی بەردەم ئازادی بەیان وئازای ڕادەربرینن. لێرەدا بابگەڕینەوە لای ووتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی کاک مەلا بەختیارو بزانین هۆی چیە بەو هەلەداوانە هێشتا (مرەکەبی) نووسینەکەی چەند ڕۆژ پێشتری وشک نەبووتەوە دەکەوێتە جەمسەرێکی ترو هەوالی پلان و گۆبەنێکیتر ڕادەگەینیت و لەدواین وتاریدا بەناونیشانی ؛؛ شەهید سەردەشت و ئازادی ؛؛ لە مالپەری چاودێر بلاوکرایەوەو بە زمانێکی ڕۆشن و شەفاف، خەلکی کوردستان لەو مەترسیە ئاگادار دەکاتەوە تاخۆیانی لێ بپارێزن، دەنا دوورنیە کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا بهینت. لەم وتارەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە شیعاری ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی زۆرتر پەیرەوانی کۆمۆنیزمی کریکاری ئەم تێزەیان هێنایە ئاراوە. دواتر دەلێ: ((دروشمی واناخوات، لەناو حزبە سیاسیەکانی ئێستەدا قبول ناکرێ، لەبەرامبەر دەسەلاتدەکاندا، ستەمە، لەبەرامبەر بەئاین ومەزهەبەکاندا، مەحالە)) ئەم هەلویستەی مەلا بەختیار وەبیری ڕووداوەکانی بەهاری91 دەخاتەوە کاتێک کەبزوتنەوەی شورای زۆربەی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستانی تەنیەوە، بەڕێز جەلال تالەبانی لەبەردەم مەترسی ئەو بزوتنەوەیەدا پەنای برد بۆ هێرشکردنە سەر کۆنیزمی کریکاری و منسوری حیکمەتی بەوە تاوانبارکرد کەگوایە ئەو خەت ونیشانی بزوتنەوەی شورای دەکێشن بۆیە هاوکات کەوتنە تەهیدی کردنی کریکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان وبزوتنەوەی شورایی بە گومان لێکراو داردەستی حکومەتی بەعس لەقەمداو خوازیاری دەست بەجێ هەلپیچان و قەدەغەکردنی بزوتنەوەی شورای بوو. ئەمڕۆ پاش نزیک بە دوو دەهە مەلابەختیار هێمای مەترسی گەڕانەوەی ئەم دەستە کەتندەرە دات وخەلکی کوردستان لە مەترسی ئەو کەتننە سیاسیە ئاگادار دەکاتەوە کە لەلایەن ئەو هێزەوە خۆی مەلاس داوە. جێگەی خۆیەتی ئاوڕێک لە باسی ئازادی بی قەیدو شەرتی سیاسی بدەینەوە. جیاواز لەوەی کە مەلابەختیار بە چ مەبەستێک دەیگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی نێوان کۆمەلەو حزبی دیموکرات بەلام هەقیقەتەکەی ئەوەیە کەمێژووی ئەم یاسە دەگەڕیتَەوە بۆ سەرەتاکانی شۆڕشی 1979ئیران و بۆ یەکەم جار منسوری حیکمەت لە نووسراوەیەکدا لەبەرامبەر بە

چریکە فیدایەکانی ئیراندا باسی ئازادی بێ قەیدو شەرتی هێنایە گۆڕێ، ئەم باسە ئەگەرچی لەو سەردەمەدا هەموو چەپی ئینرانیش لەبەرامبەریدا ڕاوەستانەوە بەلام دواترو تائێستەش هەموو حزب ولایەنە چەپ و رادیکالەکانی ئیران، ئازادی بێ قەیدوشەرت بەشیعاری خۆیان دەزانن. سەیرەکە لەوەدایە کە ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی ئەوەندە ئەم بەرێزە تووڕەو بێ ئوقرە دەکات کە کار بگات بە فتودانی سزای سەرلەنوێ سەردەشت عوسمان. ڕۆژکارێکی سەیرە، لە نێوان دوو وتاری (( هەلویستی ئەمرۆ))ی یەک هەفتەدا، مەلابەختیار لە دەربرینێکی بەم شێوەوە (( ئەنجامدانی تاوانی وا، لەسەر هەرچیەک بێت، تاوانە، چ جای لەسەر بیری ئازادی بێ)) دەگات بەوەی هەرپاش کۆبوونەوەی نیوان هەر دوو مەکتەبی سیاسی خەرمانی قەلەمەکەی بەو ئاراستیەدا شەن بکات کە بلێ (( ئەگەر ئێستا شەهید سەردەشت بمایە، نووسەرێکی تر لەسەر خۆشێکی خۆی یا لەسەر دایکی یا تەنانەت لەسەر خزمێکی بەم شێوەیەی کەخۆی نووسیویەتی بنووسیبایە ئاسان بوو قبولی بکات ؟ لەوباوەردام ئاسان نەدەبوو،.. تەنانەت لەئەوروپاش ئازادی نەگشتووتە ئەوەی پەلاماری ژن وخۆشکی یەکتر بەبی بەلگە بدرێت)) کارەساتەکە هەر ئەوە نیە کە مەلابەختیار لە بەشی یەکەمی نووسینەکەیدا دەلێ (( تاوانی ئاوەها، قێزەون ونامەردی ومۆری شەرمەزاری هەمیشەیی یە کەهەرگیز لیان نابیتەوە )) چەند ڕۆژ دواتر پیمان دەلێ: ئەگەر کەسێک لە ئەوروپاش ئەم کردەوەیە ئەنجام بدات سزای یاسای توندی لەسەرە)). بەویژدانێکی زۆر ئاسوودەوە پێمان دەلێ تەنانەت لە ئەوروپاش ئازادی نەگەشتووەتە ئەوەی کە پەلامالای ژن وخۆشکی یەکتر بەبێ بەلگە بدرێ. ئەری بەڕاستی ئەم تاوانبار کردنە لەپای چی ئایا ئەمە بەکردەوە دادگای کردنەوەی سەرلەنۆی سەردەشت عوسمان نیە؟ بەلام جیاواز لە هەر ئامانجیکی ئێوە، ئەو کە کاتیک یەک جار بێ باکانە بەهەمووتانی ڕاگەیاند ئەم شارە جێناهێلم و وەرن تیرۆرمکەن. گریمان پاش ئەو دادگایەش جاریکیتر سزای مەرگتان دا بەسەریا. بەلام کەی ڕەوایە تشهیرو تاوانبارکردنێکی لەم جۆرە بخەنە پال کەسێک کە بە خەونی قەلەم بە سەرۆک بلێ کچەکەتم خۆش دەوێ، ئەوە چ راستگۆییەکە داواکاریەکی خەیالی لەوچەشنە بەپەلامار بجوێنرێ. مەگەر خەلکی کوردستان نازانن ((تاوانی سەردەشت)) تەنیا ئەوەیە کەبیروڕای خۆی بەنووسین راگەیاندوە، بەراستی پێدەچێت کە لەم ولاتەدا مۆڕالی سیاسی لە موی بەرلوت بارکترو ئیزعاجتربێت دەنا بەکام پێوانەی و یاساو ڕێسا دەکرێت ووتەبێژی حزبێک ڕێگە بەخۆی بدات وەها بۆچوون وداستانیک بخاتە پال کەسێکەوە کەبووە ڕەمزی ئازادی. لەپال هەموو ئەو هەڕەشانەدا بەپێویستی دەزانم وەک یەکێک لە پەیڕەوانی ئەو بزوتنەوەیەی کە مەلا بەختیاری لێ نیگەرانە، دان بەو ڕاستیەدا بنێم ئەوەی کە ئەم بەڕێزە ئاماژەی پێ دەکات ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کەئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی شیعارو هەلوێستی پەیڕەوانی کۆمۆنیزمی کریکارییە. بەلام کاک بەختیار دلنیابە زەنگی ئەو کەتنە سیاسیەی گەورەی کە ئاماژەی پێ دەدەن ئەگەر بۆ ئێوە مەترسیدارە ئەوا بۆ خەلکی کوردستان مزگینیەکە کە نزیک بە دوو هەفتەیە دەستوپەنجەی لەگەلدا نەرم دەکەن وشیعاری ئازادی ئازادی کۆمەلگایەکی ئومێدەوار کردوە. بۆیە پیناچێت لەم دۆخەدا لەپشتی ئەم نارەزایەتیە جەماوریە بیرتان لە میهرەبانیەکی تری لە چەشنی

ڕووداوەکەی 14/ 7/ 2000 دژ بەو حزبە کەتنکەرەی کە بەهاوخەباتی دەیان ڕۆشبیرو نووسەرو هەزاران ئازادیخوازو بوونەتە پەرچەم دارای شیعاری ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی، کاک بەختیار دلنیابن بەڕیگەی سەرکوت وقەدەغە کردن مەحالە بتوانن ڕێگە بە نەعرەکەی ئەم بزوتنەوە بگرن. مەخابە ئێوە دەڕۆن وئالا هەلگرانی ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی دەمێننەوە !

**مەسعود بارزانی دیکتاتۆر بە دوو بەیان ئەیەوێت خۆی بدزێتەوە لە وەڵام بە خەڵک**

**عامر سابیر**

مەسعود و پارتەکەی تا ئێستا خۆیان کڕ کردووە لە وەڵام بە هاواری خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و هیچ وەڵام نادەنەوە. تا ئێستا جگە لە دەرکردنی دوو بەیان کە لە یەکێکیاندا دیکتاتۆرانە هەڕەشە ئەنووسێ و خۆیان بێزراوتر و ڕیسواتر ئەکات و لەویتریاندا بە خەڵکی ئەڵێ بۆچی بۆ تیرۆری تاقە ڕوحێک خۆتان وا ناڕەحەت کردووە

1) ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی کوردستان کە داوای ڕوونکردنەوە لە مەسعود بارزانی و پارتی ئەکەن لەسەر تیرۆری سەردەشت عوسمان، مەبەستیان لە ڕوونکردنەوە ئەوەیە کە ئەگەر هەر بەڵگەیەکیان هەیە کە پێیان وایە بێتاوانیان ئەسەلمێنێ لە تیرۆری سەردەشتدا، با بە خەڵکی کوردستانی بڵێن. بەڵام تا ئێستا پارتی و مەسعود بارزانی نەیانتوانییوە هیچ بەڵگەیەک بە خەڵکی کوردستان بڵێن کە بێتاوانیان بسەلمێنێ لەو تاوانە گەورەیەدا.

2) مەسعود و پارتەکەی تا ئێستا خۆیان کڕ کردووە لە وەڵام بە هاواری خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و هیچ وەڵام نادەنەوە. تا ئێستا جگە لە دەرکردنی دوو بەیان کە لە یەکێکیاندا دیکتاتۆرانە هەڕەشە ئەنووسێ و خۆیان بێزراوتر و ڕیسواتر ئەکات و لەویتریاندا بە خەڵکی ئەڵێ بۆچی بۆ تیرۆری تاقە ڕوحێک خۆتان وا ناڕەحەت کردووە و سەیری عێراق بکەن کە بە سەدان تیرۆر ئەکرێ، جگە لەمە هیچی تریان نییە بە خەڵکی بڵێن.

3) کە لە (سوید)دا فادیمە سەهیندال (کە کچێکی کوردی کوردستانی تورکیا بوو) ئەکرێتە قوربانی ناموسپەرستی و بیری عەشایەری و دواکەوتوویتی، حکومەتی سوید هێندەی گەورە ئەکات تا جارێکی تر هیچ ناموسپەرستێک جورئەتی ئەنجامدانی تاوانی وای نەبێت. بەڵام مەسعود بارزانی و پارتی چونکە خۆیان بێ بەڵگەن و پێدەچێت بیانەوێت تیرۆر هەر هەڕەشە و باقی بێت لە کوردستاندا، بۆیە ناڕەحەتن و گلەیی لە خەڵکی کوردستان ئەکەن کە بۆچی تیرۆری سەردەشتیان ئاوا گەورە کردووە.

4) میدیاکانی پارتی چەند کەسی بە ناو ئەکادیمیست و پارەخۆرەکانی خۆیان هێناوەتە سەر شاشەی (تی ڤی)یەکانیان و ئەڵێن ئازادی بێ سنوور لە هیچ کوێی دنیادا نییە و داوا لە

خەڵک ئەکەن کە کوردستان بە فەرەنسا بەراورد نەکەن، بەڵکو بە سوریا و ئێران بەراوردی بکەن. بەڵام ئەم دکتۆرە گەمژە و بەناو ئەکادیمیست و پاشکۆیانەی دەسەڵات ئەبێت ئەوە بزانن کە خەڵکی کوردستان ئەوەی لا ڕۆشنە کە لە سایەی دیکتاتۆرەکانی وەک مەسعود بارزانیدا نەبێت، لە هیچ کوێی دنیادا نووسەرێک تیرۆر ناکرێت تەنها لەبەرئەوەی کە وتارێکی کۆمیدی ڕەخنەگرانە لەسەر کچی سەرۆک بنوسێ کە لە ڕێگەیەوە ویستبێتی جیاوازی چینایەتی بەیان بکات.

2010/5/31

**وتەکەی مەسعود بارزانی، پەیامێکی ترسناک!**

**کازم قادر**

مرۆڤ کاتێک وتە_خوتبەکەی(سەرۆک)مەسعود بارزانی دەخوێنێتەوە، کەلە هۆڵی پەرلەمان لە 29.05.2010 خوێندییەوە، هەرچی دیواری درۆ و چەواشەکاریی ئەم دەسەڵاتە هەیە لە مەڕ ئازادیی و شتەکانیدی هەرەس دێنێت. بەڕاستی نایشارمەوە کاتێک ئەو وتەیەم خوێندەوە تەنانەت بەبێ ئەوەی بیر بکەمەوە،شریخەی شمشێرم دەبیست کە لە کیلان دەردەهات و کەلە سەری قوربانیم دەبینی کە لەبەر پێی جەلادانا دەکەوت،دەمانچەو قەناسی بێدەنگم دەبینی کە لەژێرزەمینە تاریکەکاندا پڕ گولله دەکران،دەمی پڕ لە هاواری بۆ ئازادیی(سەردەشت)م دەبینی گولله وێرانی دەکردا!

بە داخەوە کە دەبێت من و سەدانیتر برێک لە کاتی خۆمان بە فیرۆ بدەین و لە سەر وتەکەی سەرۆک قسە بکەین و تەفسیری بکەین،ڕووی ئەم دونیایە ڕەش بێت کە(بۆ خۆی ڕۆخسارێکی ڕەشە)مرۆڤەکان ناچار دەکات کارێک بکەن کە نەدەبوا بیکەن،شتێک بنوسن کە نەدەبوا بینوسن...

دەبوا ئەو وتەیەی بارزانی نەک قابیلی کات لەسەر کوشتن بوایە،بەڵکو دەبوا وەها وتەیەک قەدەغە بوایە،وەک چۆن لێدانی منداڵ لە برێک شوێنی دونیا قەدەغەیەو دەبێت قەدەغە بێت،وەک چۆن سوکایەتی و لێدان و کوشتنی ژنان بەبیانووی پیس و ناشیرینی ناموس پەرستی و شەرەف سالارییەوە دەبێت قەدەغە بکرێت،وەکچۆن ڕاسیزم دەبێت قەدەغە بێت و وەک زۆر شتیدی...

گومانم نییە ئەگەر مەلا کرێکار یان بنلادن ئەو خوتبەیەی بدایە،سەدان قەڵەم ڕاست دەبوونەوەو هاواریان دەکرد:ببینن ئاخوندەکان چۆن فتوای کوشتن و مەرگی ئازادیی دەدەن،بەڵام چوونکە سەرۆک دەمامکێکیتری پۆشیوەو لە مزگەوتەوە نا،بەڵکو لە تەلاری پەرلەمانەوە!بە ڕێی قورئان و شەریعەتەوە نا، بەڵکو بەڕێی ڕێساکانی دیموکراسییەوە فتواو

جاڕی مەرگی ئازادیی و کوشتار دەدات ،کەسێک ئێخەی ناگرێت و بێژێت:ماشاللە سەرۆک چ فتواچییێکی بوێرە!

لە نوسێنێکی پێشووترمدا باسی ئەو زەمینەو فەزا سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەم کردبوو کە چۆن دەستی ئیسلامییەکان واڵادەکات شمشێرەکانیان ڕاوەشێنن و جاڕی دەم داخستن و لەغاوکردنی نوسەران و قەڵەمەکانیان بدەن،واتە فەزای ترسناک و کۆنەپەرستیی ژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی،واتە قیڕاندنی ئەو پەیامە ڕەشەی ئیسلامییەکان،قیرەی قەلەڕەشکەیەکی ناوەخت نەبوو کە نەزانێت لە چ سەرزەمینیکداو بۆ چ مەبەستێک قیڕاندویێتی، بەڵکو قەلەڕەشکە لە هەمان منارەوە دەیقیڕاند کە دەسەڵات و سەرۆک مێژوویێکە لێیەوە بەسەر  ئازادییدا دەقیڕێنن، وتەکەی سەرۆک سەدجار ئەو حەقیقەتەو ئەو بۆچوونەو ئەو فەزا ترسناک و کۆنەپەرستییەی بەرجەستەتر کردەوە.

جاو لەم دوو نمونەیە بکەن.

بڕگەیەک لە ڕاگەیاندنەکەی یەکگرتووی ئیسلامی:

(... لەم ڕۆژانەدا  گۆڤارێک بە ناوی(وێران)ەوە، کەوتە بازاڕ، تیایدا بە شێوازێکی زۆر ناشیرین هێرش دەکاتە سەر مەقامی پیرۆزی پێغەمبەرانی خوا و، سوکایەتیان پێ دەکات، جگە لەمەش بە زمانێکی سێکسیانەی قێزەونو وروژێنەر چەندین بابەتی بڵاوکردۆتەوە، کە تەواو نامۆن بە کلتوری جوانو ڕەسەنی کوردەواریمانو، هەموو بەها پیرۆزەکانی پێشێڵ کردووە)...( دژایەتی ئادابی گشتیو موقەدەساتی گەلی کوردی موسڵمانی کردووە، بەمەش یاساکانی هەرێمی بە گشتیو یاسای ڕۆژنامەگەریی بە تایبەتی پێشێڵ کردووە. ئێمە لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو، بەتوندی ناوەرۆکی ئەم(گۆڤارە ئەدەبی یە نوێخواز)ە! ئیدانەو ڕەتدەکەینەوەو،بەهەوڵێکی نەزۆکی تێکدەرانەی دەزانین و ،باوەڕمان وایە ئامانجی (وێران) وێرانکردنی باری ئەخلاقیو تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتییو

بچڕاندنی شیرازەی خێزانە لە کۆمەڵگەی کوردستانداو، هەوڵێکی ترسناکە بۆ پەلکێشکردنی گەنجەکانمان بەرەو هەڵدێری بێهودەییو عەبەسیەتو بەدرەوشتیو، دوورخستنەوەیان لە هەموو ئاکارێکی جوانو بەهایەکی بەرز)

قسەکانی بارزانی:( ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوە دەکرێت ئازادی نییە، ئەمە فەوزایە خەریکە رەوشتی کوردیەتیو مرۆڤایەتی تێکدەچێت، بەناوی ئازادییەوە بەبێ بەڵگەو بەبێ سەبەب هجوم دەکرێتە سەر مافی هەر کەسێکو ئەوجا ئەو مافە بەخەڵک رەوا نابینین بەپێی یاسا بەرگری لەمافی خۆیان بکەن.. ) ئەمە ئازادی نییە ئەمە خراپ بەکارهێنانی ئەو کەشە ئازادەیە کەلەکوردستان بەتێکۆشانی هەموولایەک هاتۆتە ئاراوە،نابێت چیتر ئەمە قبوڵ بکرێت...)( زێدەڕۆیی هەندێجار دەگاتە ئەو حەدەی کەسوکایەتی بەئاینی پیرۆزی ئیسلام بکرێت، لەکوردستاندا بەوە سەربەرزین کەفەرهەنگمان فەرهەنگی تەساموحو پێکەوەژیانە،

جیاوازی نییە لەنێوان ئاینەکان، نابێ سوکایەتی بەهیچ ئاینێک بکرێت جاچ بگاتە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کەئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە. تێپەڕاندنی ئەم سنوورانە لەمەودوا قابیلی قبوڵ نییەو... بەڵام رێگە نادرێت قیەمی میللەتێک تێکبدرێت تەنیا لەبەرئەوەی ژمارەیەکی کەم لەگەڵ ئەو قیەمانە ناگونجێ)

کارەساتی مرۆڤی کورد زمان لە ئێستاو مێژوودا هەر ئەوە نییەو نەبووە کە دەوڵەتیان نییەو نەبووە،هەر ئەوە نییەو نەبوو ژەهر باران دەکران و بە ناوی ئایین و خوداوە ئەنفال و کۆمەڵکوژیی دەکران، بە تەنها ئەوەش نییە کە کۆمەڵگەو سیستەمی بەڕێوەبردن چینایەتییەو چینی کرێکارو بەشمەینەتانی لە نێو مەنگەنەی نابەرابەرییدا وردوخاش کراون،بەڵکو ئەوەشە دوای تێپەڕاندنی برێک لەو کارەساتانە، دواجار سەرۆک خێڵێک دێت و حوکمیان دەکات،سەرۆکی خێڵان دێن و باسی ئازادیی دەکەن و پێت دەڵێن چ بکەو چ مەکە،بە لۆژیکی تەکیێ و دوێخان و حوجرەکان،تەفسیری چیێتیی و چۆنێتیی ئازادییمان بۆ بکات!

بەڕاست ئەو وتەیەی سەرۆکبارزانی و خوتبەی ئەو هەزاران مەلامشەخۆرانەی کوردستان کە نزیک بە بیست ساڵە لە مزگەوتەکانەوە دەقیرێنن و ئازاری مێشک و گوێچکەی خەڵکی دەدەن و جەهل و خورافات پەخش دەکەنەوە چییە!مەگەر مەلاکانیش ناڵێن کەس بۆی نییە رەخنە لە موقەدەساتی خەڵکیی بگرێت، نابێت باسی ناشیرینیی ئایین بکرێت و ئەگەر کراش ئەوە بەزاندنی هێڵی سورە،ئازادیی سنوری هەیەو دەیان و سەدان پڕوپووچییتر.

بەڵی سەرۆک،نەک گوتارێکی تازەت نەدا،بەڵکو پەیامێکتدا کە مێژوویەکە داوتانەو گوێی تەواوی ئازادیخوازانی کۆمەڵگە پێی ئاشنایە،بەڵام شتێک کە تازە بوو نوێکردنەوەی هەمان پەیمانت بۆ کۆمەڵگە،جەختکردنەوە لە هەمان فەزای سەرکوت و تۆقاندن و بەرتەسکردنەوەی تەقەلاکان بۆ ئازادیی و دواجاریش هەڵدڕینی گەرووی ئازادیی خوازان بە گوللەی دەمانچەی بێدەنگ!

من گومانم هەیە کە هاتنی بارزانی بۆ دوێخانی پەرلەمانتاران پەیوەندی بە یاساوڕێسای پەرلەمانەکەیانەوە هەبێت،بەڵکو تەنها بۆ ئەوە بووە ئەو پەیامە بەکۆمەڵگەو ئازادییخوازان بگەیەنێت،کە پارت و حکومەتەکەی هیچ بەهایەک بۆ ئەو هاوارە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە دانانێت کە سەرەتایکە بۆ هاوارو هاتنە مەیدانێکی مەزنترو بەزەبرتر.

پرسیارێکیش لێرەدا ئاراستەی پەرلەمانتارانی بکەین ئەوەیە:دەبێت لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەو چاو سورکردنەوانەی بارزانیدا چ هەڵوێستێکیان بووبێت؟ئایا پەرلەمانتارێک هەبووە هەستابێتە سەرپێ و گوتبێتی سەرۆک لە سایەی ئەو پەیامەی تۆدا سبەینێ دەمی سەدان(سەردەشت)یتر پڕ لە گوللە دەکەن؟ ئایا پەرلەمانتارانی گۆڕان جورئەتیان کرد دیسان بە کورسییەکاندا بکێشن!

دواجار دەمەوێت بێژم:ئەو گوتارەی بارزانی ترسناکە..ترسناکە هێندەی ترسناکیی ئەو باندەی دەمی (سەردەشت)ی پڕ لە گولــــــە کرد!

31.ئایار.2010

**لەودیوو ووتارەکەی بارزانی لە پەرلەمانی کوردستاندا**

نەبەز ئەحمەد

ڕۆژی 29ی ئایاری 2010 بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم لە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردسناندا وتارێکی خوێندەوە کە وەک پێشتر ڕاگەیاندنەکان باسیان ئەکرد بۆ باسکردن و شیکردنەوەی سەردانەکەیەتی بۆ تورکیاو فەڕەنسا،وە بەڵام بەشێکی گرنگی وتارەکەی لەژێر ناوی باری ناوخۆی هەرێم تەرخانکرد بۆ هێرشکردنە سەر میدیایی ئازادو هەموو ئەو دەنگە ناڕازیانەی کە ئەم دوایە بەهۆی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمانەوە دروستبوبوون .

لە ڕاستیدا ئەمجۆرە قسەکردنەی بارزانی ڕەوایدان و دەمەزەردکردنەوەی هەمان ئەو بەیاننامە توندە ئاگرینەی ئەو حیزبەیە کە خۆی سەرۆکێتی،ئەو لە پەرەگرافێکی وتارەکەیدا ئەڵێت:  ئەو گرژیو ئاڵۆزییەی ئەو ماوەیە کەلەکوردستاندا سەریهەڵدا لەڕاستیدا ئیستغلالی ڕووداوێک بوو بۆئەوەی ئیمتیازاتی سیاسی لەسەر حسابی خوێنی گەنجێکی کورد بەدەستبهێنرێت، ڕووداوی تیرۆرکردنی جوانەمەرگ سەردەشت عوسمان لەقالبی خۆی دەربڕاو هیچ ڕێزێک لەیاساو ڕەوتی لێکۆڵینەوە نەنرا،لە ڕاستیدا زۆر سەیرە ئەم سەرۆکەی ئێمە وەکو هیچ کارێکی لەم هەرێمەی ئێمەدا نەبێت و وا دیارە بۆ چەند دەمێکیش سەربەخۆیانە چاودێری بارودۆخی کوردستانی نەکردووە وە هەر تەنها دەنگی مووچە خۆرەکانی خۆی دەبیستێت،ئەگەرنا هەموو ئەو خۆپیشاندان و نا ڕەزایانەی کە لە کوردستان و دەرەوەش کراون چ گرژی و ئاڵۆزییەکی تیابووە،چ کەس و لایەنێک ئازارو زیانی بەرکەوتووە،ئایا ئەم دەنگە ناڕازیانەی سەر شەقام ئاژاوەو ئاڵۆزیان دروستکردووە یان ئەو هەڵمەتە ڕاگەیاندنەی میدیایی حیزبەکەی کە پڕە لە هەڕەشەو دەستبرین و دەم بەستن و ئاواکردنی تاوانی کوشتن و زەنگی دوبارەکردنەوەی شەڕی ناوخۆ بارودۆخی کوردستان تێکدەدات؟؟؟.پاشان سەرۆک زۆربێباکانە دێت ئەلێت هیچ ڕێزێک لەیاساو ڕەوتی لێکۆڵینەوە نەنرا،دیارە ئەم بەڕێزە دیسانەوە وەک ئاگایی لە بارودۆخی یاساو ڕەوتی یاسا لەو مەملەکەتەی کە فەرمانڕەوایەتی ئەکات نەبێت،دادگایەک کە لەکە لەم کێشەیەدا ئەمە وەزعی بێت و وە هەموو کەس ئەزانێت کە چۆن لەو کێشەیەیی کە بۆ کەمالی سەید قادریان دروستکرد زۆر ساروخیانەوە دەمودەست چالاک بوو توندترین سزای لەماوەیەکی کەمدا بەسەردا سەپاند،وە بەڕێز بارزانیش زۆر باش ئەزانێت کە یاساکەیو داواکاری گشتییەکەی

چەند پرۆفێشناڵانە بە ئەرکی خۆی هەستا کاتێک کە لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی حیزبەکەی هەموو کوردی بە (خۆشییەوە) بە سەگ شوبهاند کاتێک وتی میللەتی کورد سیفەتی سەگی وەرگرتووە تا نانی پێنەدەی دەنگت پێنادات، کاتێک کە ئەو بەڕێزە لە کێشەی تیرۆرکردنی (سەردەشت)دا، داوای دان بەخۆداگرتن لە جەماوەر ئەکات، با پێشمان بڵێت، دان بە خۆدا گرتن تا کەی؟! چونکە سەردەشت یەکەم کەس نییە لەم هەرێمەدا تیرۆر کرابێت، تا جەماوەر دان بە خۆدا بگرێت و چاوەڕوانی ئەنجامی پشکنین و لێکۆڵینەوەی ئەو لیژنەیە بێت کە گوایە بۆ ئەو مەبەستە دروست کرابێت. چەند دۆسێی ەی لەو بابەتە هەیە کە ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتووە.

بێباکی دەسەڵاتدارانی هەرێم و فەرامۆش کردنی دۆسییەی تیرۆرکراوان، گوومان لەسەریان زیاتر دەکات و متمانەی جەماوەر بە داموەزگا بە حیزبی کراوەکانی ئاسایش و بگرە دادگاش کەم دەکاتەوە. هەر ئەوەش وای کردوە جەماوەر رۆژ بەڕۆژ شێوازی نوێ و گوشاری زیاتر بەکاربهێنێت بۆ بەرەنگاربونەوەی کاری تیرۆریستی و هەموو رەفتارێکی دژ بە ئازادی و دیموکراسیەکان.

ئەوەی گوومان لەسەر دەسەڵات زیاتر ئەکات ئەوەیە کە هەموو ئەو کارە تیرۆریستییانە زۆر بە پشت ئەستوری ئەنجام ئەدرێت و شوێن و بارودۆخیی روداوەکەیە کە وا لە جەماوەر دەکات گومانی تاوان ئاڕاستەی دەسەڵاتداران بکەن ئەگەرنا بۆچی دوایی تێپەڕبونی نزیکەی یەک مانگ تائێستا نە توانرا ناسنامەو شوێنی ئەو تاوانبارانە دیاری بکەن کە ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە لە کاتێکدا ئەم دەزگا هەواڵگرییانە بۆ زۆر لەو کەس و لایەنانەی کە هەڕەشە بوون لە سەردەسەڵاتی خۆیان نەک لە هەرێم بەڵکو لە دەرەوەی هەرێمیش بەشێوەیەکی زۆر خێراو ساروخییانە ئەیاندۆزنەوەو پەلکێشی دادگایان ئەکەن.

دەسەڵاتدارانی هەرێم نابێت ئەوە لە یاد بکەن کە خەبات ی دەیان ساڵەی ئەم خەڵکە، لە پێناوی ئازادی و ئاسودەیی دا بوە. نابێت ناڕەزایی و دەربڕین و شێوازی شارستانیانەی خەبات و تێکۆشان ی لە پێناوی دابینکردن و پاراستن ی مافە رەواکانیدا بە پیلان گێڕان لێک بدرێتەوە و رێگیری لێ بکرێت. چونکە ئێش و ئازاری چینە هەژارو بەشخوراوەکان، هەموو سنورێکی بەزاندوە. هەر لەبەر ئەوەشە رۆژ بە رۆژ دەنگی ناڕەزایی لە هەومو لایەکەوە بەرز دەبێتەوە.

وە پاش ئەوەش سوربوون و جەختکردنەوەی پارتی و بارزانی لە سەر قوتابیبوون و ڕۆژنامەنووس و ڕوشنبیرنەبوونی سەردەشت عوسمان ،گومانی قاتڵ بوونیان زۆر تۆخدەکاتەوە،لەبەرئەوەی زۆر ئاشکرایە کە تائێستا لە کوردوستاندا نەمانبینیووە هیچ قووتابییەکی ئاسایی بەو شێوە دڕندانەیەو بە بێ هیچ کێشەیەک لەناوببرێت،وە گریمان کە خوێنکاریش تیرۆر ئەکرێت بەلام دەم پڕکردن لە فیشەک بۆ؟؟.

دوای ئەوەش پەنجەی تۆمەت درێژکردن بۆ ئەو هەموو جەمعە لە خەڵک بەتاوانی تێکدانی ئاسایشی هەرێم یەک کۆمەڵی زۆر لە ووشەی نابێت و قوبووڵ نیە پێشینەیەکی زۆر مەترسیداروو دەمشکێنەرانەیە بۆ ئەو پەراوێزە لە ئازادی ڕادەربڕین و تەنانەت بۆ ئەو یاسا ڕۆژنامەگەرییەش کە سەرۆک خۆی ئیمزای کردووە ،چوونکە بەپێی ئەو یاسایەش ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر بەند ناکرێو ئازار نادرێ لە قورسترین حاڵەتدا سزایی مادی دەدرێت،دیارە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە سەرۆک بەس ئیمزایی پڕۆژە یاساکان دەکات و تاقەتی خوێندنەوەیانی نییەو بە بە ئیمزایەک لە کۆڵ خۆی ئەکاتەوە.

پاشان سەرۆک لە پەرەگرافێکی تردا ئەڵێت: ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوە دەکرێت ئازادی نییە، ئەمە فەوزایە خەریکە ڕەوشتی کوردیەتیو مرۆڤایەتی تێکدەچێت، بەناوی ئازادییەوە بەبێ بەڵگەو بەبێ سەبەب هجوم دەکرێتە سەر مافی هەر کەسێک، ئەمە ئازادی نییە ئەمە خراپ بەکارهێنانی ئەو کەشە ئازادەیە کەلەکوردستان بەتێکۆشانی هەمووولایەک هاتۆتە ئاراوە، نابێت چیتر ئەمە قبوڵ بکرێت، نابێ چیتر ئازادیی هاووڵاتییانو مافیان بەناوی ئازادییەوە پێشێل بکرێت.

دیارە ئازادی لای بەڕێزیان تا ئەو شوێنە بڕئەکات که بە شانو باڵی سەرۆک و کەس و کارە دەسەڵاتدارەکەیدا هەڵبدەیت و وە نابێت ئیدی لەمەو دوا کەس بڵێت نا بەرانبەر هەموو ئەو کارە دزێوانەی کە ئەوان بە ناوی کوردایەتی و کوردستانەوە ئەیکەن ، تەنانەت ئەو بەڕێزە مافی ئەوەش بە خەڵک نادات لەبەرانبەر کوشتن و خەڵتانی خوێن کردنی داوایی ڕوونکردنەوەو لێکۆلینەوەی تاوانەکە بکەن ،کەواتە بۆچی سەرۆک هاتنە مەیدانی خەڵکی لێدەبێت بە فەوزا،کەس نازانێت سەرۆک بە چی لۆژیکێک فەوزا پۆلێن دەکات،لە هەموو فەوزایەکدا خۆ دەبێت شتێک یان کەسێک زیانی پێبگات یان خۆ دەبێت ئیشێکی نایاسایی ڕوبدات بەڵام هەموو کەس باش دەزانێت کە لە هەموو ئەو چالاکییە شارستانییانەی کە بە دژی تیرۆری ڕۆژنامەنووس ڕویاندا بە قەد دەستدرێژی کردنە سەر کۆمەڵێک خەڵکی ڕۆژنامەنووس لەلایەن پیاوانی پاراستن و پارتی یەوە لە بەردەم پەرلەماندا فەوزا ڕوینەدا.

هیچ نەبووایەلە جیاتی ئەوەی کە سەرۆک لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و خەڵک دا دانی بەوەدا بنایە کە ئەنجامی کەمتەرخەمی هێزە ئاسایشییەکانی هەرێم ڕووداووی تیرۆری سەردەشتی لێکەوتۆتەوە بەڵێن بدات کە لێکۆڵینەوە لەم هێزانە بکات و ئەوانەی کەمتەرخەمن سزا بدات،کەچی دێت زۆر بێباکانە ڕەوایی بە کەتەرخەمی و تەنانەت تاوانباریشیان ئەدات و بەڵێنی سزادان بە خەڵکی سەر جادەو تەنانەت زوڵملێکراویش ئەدات کە ئەمەش زۆر بە سادەیی بێلایەنی خۆی پاتەکەی لە تاوانەدا ناسەلمێنێت.

پاشان سەرۆک باس لە ڕەوشی کوردایەتی و مرۆڤایەتی ئەکات کە گوایە ئازادی قسەکردن و ڕەخنەگرتن ڕەوشی مرۆڤایەتی تێک ئەدات بەلام لە ووتارەنوسراوەکەیدا تەنانەت بەیەگ ووشەش باسی ئەوەی نەکردووە کە کوشتن و هەڕەشەو تیرۆر ڕەوشی مرۆڤایەتی تێکدەدات و وە تێکشی داوە کە ئەمەش ناوەرۆکی هەموو قسەکانی بەو ئاقارەدا دەبات کە ئیتر ئەو هیچ

بەهاو نرخێک بۆ ئازادی خوازان و ڕۆشنبیران دانانێت و دەیەوێت ئەوە بدات بەگوێماندا کە تا ئێرە هێڵی سوورەو ئیتر لەمەو دوا ئەم جۆرە نارەزایانە دەمکووت دەکرێن کە ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەوەکو ببێتە سەرەتایەکە بۆ هاتنە مەیدانی فراوانترو بە زەبرتر کە دیارە ئەمجارە سەرۆک خۆی زۆر باش هەستی بەئەو نارەزایی و توڕەییەی خەڵک بەرانبەر بە دەسەلاتەکەی کردووە بۆیە ئەمجارەیان بەتایبەتی دەچێتە پەرلەمان و لەژێر دەماکی شەرعییەتی خەڵی کوردستاندا ئەو ووشانەی کە لەنێو مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیدا ووترابوو دێت لەناو پەرلەمان زیندوویدەکاتەوە،کە لێرەوە هەموو ئەو دەمامکانەی لابرد کە سەرۆک وەک سەرۆکی هەموومان بە قەڵەم دینارو ئەندام و لایەنگرانی خۆیی خەڵکی نارازی و ڕەخنەگرەوە مامەڵە ئەکات ،کە سەرئەنجام ئەوەمان دەستکەوت کە ئەم بەڕێزە بە ڕووکەشانەش تا ئەو کاتە وەک یەکی ڕەفتار ئەکات کە ڕەخنە جیدیو ڕژانە سەرجادەی خەڵک بە دژی سەرکوتگەری داپڵۆسین لە ئارادا نەبێت .

جەختکردنەوەی سەرۆک کە دەڵێت نابێت چیتر ئەمە قبوڵبکرێت ئاماژەیەکی زۆر مەترسیدارە بۆ ڕەوایدان بە گرتن و شاربەدەرکردن و فەلاقەکردن و پاشانیش تیرۆری ڕۆژنامە نوسان و ڕەخنەگران ، وەک ئەوەی کە لە ئێستاوە دەستیانکردووە بە هەڕەشەلێکردن و ڕاونانی ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکانی هەولێر بەرەو سلێمانی.

بۆیە دەبێت کە لە ئاماژە ترسناکەکانی دیووی ئەمدیووی ئەم ووتارە تێبگەین کە لێوانلێوە لە هەڕەشەوە وە سفرکردنەوەی ئەو پەراوێزە ئازادییەی کە لە یاسایی ڕۆژنامەگەری 2008 ی پەرلەماندا هەیە،وە ئەگەر فشاری ڕۆژنامەنوسان و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خەڵکی ئازادی خواز نەبێت دوور نییە کە ئەمجارەیان لە ڕیگەی شەرعییەتی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان وە پاشانیش لەڕیگەی داپلۆسین و تیرۆری هێزە سەرکوتگەرەکانەوە بارودۆخ بەشێوەک بۆ دواوە بگەڕێتەوە کە نەک دیموکراسێتی هەرێم لە ئەوەی تورکیا نزیکناکاتەوە بەڵکو بگرە لەوەی سعودییەو ئیرانیش دواکەوتووتری ئەکات.

### کۆتو مەرج دانان بۆ ئازادی داخستنی دەمی هاوڵاتیانە!

### سەبارەت بەووتارەکەی مەسعود بەرزانی لەنێو هۆڵی پارلەمانەوە

حەمەغەفور

لەدەسپێکی ووتارەکەیدا مەسعود بەرزانی سەبارەت بەنارەزایەتیەکانو بارودۆخی گرژو ئاڵۆزی دوای ڕفاندنو تیرۆرکردنی ڕۆژامەنووس (سەردەشت عوسمان) بەم شێوەیە دەسپێئەکات؛ "تێکدانو شێواندنی نارەوای کەسایەتیی مرۆڤی کورد تاوانێکەدەرهەق بەنەتەوەیەک. ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوەدەکرێت ئازادی نییە، ئەمەفەوزایەخەریکەرەوشتی کوردایەتیو مرۆڤایەتی تێکدەچێت، بەناوی ئازادییەوەبەبێ

بەڵگەو بەبێ سەبەب هجوم دەکرێتەسەر مافی هەر کەسێکو ئەوجا ئەو مافەبەخەڵک ڕەوا نابینین بەپێی یاسا بەرگری لەمافی خۆیان بکەن". لەکاتێکدا لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا تاوانی ڕفاندنو دواتر کوشتنی سەردەشتی جوانەمەرگ ڕوویداوە، لەکاتێکدا تاوانەکەهێند قێزەونەکۆمەڵی توشی شۆک کردوەو خەڵکی هاتوون بەشێوەیەکی ئارام دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرزکردۆتەوەو دەنگدانەوەی جیهانیشی بەشوێندا هاتووەو ئەمەش بۆتەهۆی ڕیسوایی‌و سکانداڵێک بۆ کوردایەتی، کەچی بەرزانی بەبیانوی لەپشت بوونی بزووتنەوەی گۆڕانەوەهێرش ئەکاتەسەر خەڵکی کوردستانو ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی شارەکانی کوردستان. ئەمەتۆمەتێکی ناڕەوایەو ئەدرێتەپاڵ خرۆشانی خەڵکی کوردستان.

بەرزانی ئەوەی لەیاد چووەکەئەو سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتی دیموکراتەو ئێستا ئەو بەرزترین پۆستی وولاتی لەدەستدایە، کەچی خەریکەئازادی وا لێکئەداتەوە کەڕێکخستنی پەیوەندی ئاسۆیی نێوان هاولاتیانو دەسەڵاتدارانو حکومەت یان دەسەلات بێت! ئەمەهەڵەیەو بەهوشیاریەوەبێت یان نا هەوڵێکی ناشایستەیەبۆ شێواندنی ماناو گەوهەری ئازادی. ئازادی بەواتای پارێزراوبوونی مافی دەربڕینو ڕەخنەی خوارەوە، یانی هاولاتیان لەبەرامبەر سەرەوەواتەدەسەلات یان دەوڵەت. هەمیشەدەسەلات خوارەوەو خەڵکی کۆنترۆڵو سانسۆر ئەکات نەک بەپێچەوانەوە. بۆیەچەمکی ئازادی بیروڕاو ئازادی بەیانو ڕەخنەمافی هەمیشەیی‌و دەسبەجێی هاولاتیانەلەبەرامبەر دەسەلاتدا. هەر شتێکی تر لەئارادا بێت، وەهەر چارەنووسێک چاوەڕوانی وولات بکات یاخود بەهەر ئاراستەیەکدا کۆمەڵ بیەوێ بڕوات، نابێت بیانو یان بوار بۆ هیچ هێزو دەسەڵاتێک بڕەخسێنێ تا هیچ سنوورو مەرجێک بۆ ئەم مافانەهەموار بکات. دەسەڵاتو حکومەتێکی مۆدێرنو ئازاد دەبێ بەیاسا ئەم مافانەبۆ تاک تاکی هاولاتیان دابینو مسۆگەر بکات. بەپێچەوانەوەئیتر سەردەمی داخران دێتەئاراوە. نەک بەناوی قیەمی میللەتو شتی ترەوەشەرتو زنجیر بکاتەگەردنی ئازادیەکانەوە.

هیچ شتێک لەوەبەرهەقترو ڕەواترو ئینسانی ترو شارستانی ترو تەنانەت شەفافتریش نیە، هاولاتیانی وولاتێک ئازادانەبڕیاربدەنو بڕژێنەسەر شەقامو ناڕەزایەتی‌بنوێنن، بەشێوازێکی مۆدێرن نەفرەتو تووڕەیی‌و بێزاریی بێئەوپەڕی خۆیان بەرامبەر بەکارەساتی شۆکهێنەری ڕفاندنو شوێنبزرکردنو دواتر کوشتنی ترسنۆکانەی ڕۆڵەیەکی کۆمەڵگاکەیان نمایش کەن. ئەمەکارێکی بەتەواوی لەجێی خۆیدایەو دروستەو جێگای پێشوازی‌و شانازی پێوەکردنە. خەڵکی هاتوون سوودیان لەمافی ئازادی بیروڕاو ئازادی دەربڕینی خۆیان وەرگرتووەو بەشێوازێکی هاوچەرخو سەردەمیانەهەستو تێڕوانینی خۆیان سەبارەت بەو کارەقێزەونەبەڕاشکاوانەبەیان کردووە. کاتێک حکومەت یان دەسەڵات نەتوانێت یاخود نەیەوێت پارێزگاری سەرو ماڵی هاولاتیان بکات، تەنانەت سەدان هەزار پەنجەی ئاماژەبۆ تێوەگلانی دەزگا ئەمنیەکانو دەزگا نهێنیەکانی بەرزکراوەتەوە دەربارەی تیرۆری سەردەشت عوسمانو هیچ ڕوونکردنەوەو وەلامێکیش بەخەڵکی نادرێتەوە، ئیدی کەی مسداقیەت بۆ ئەو لێدوانەئەمێنێتەوەکەئەڵێ؛ "ئەمەئازادی نیەخراپ بەکارهێنانی کەشی ئازادی کوردستانە"!

لەبەشێکی تری ووتارەکەیدا بەرزانی بەمجۆرەهەم هێرش ئەکاتەسەر ئازادیو هەم سەر خەڵکی کوردستانیش؛ "ئەمەئازادی نییەئەمەخراپ بەکارهێنانی ئەو کەشەئازادەیەکەلەکوردستان بەتێکۆشانی هەمولایەک هاتۆتەئاراوە، نابێت چیتر ئەمەقبوڵ بکرێت، نابێ چیتر ئازادیی هاوڵاتییانو مافیان بەناوی ئازادییەوەپێشێل بکرێت.". لەکاتێکدا ئازادی بەیانو ئازادی بیورڕا مافێکی یۆنیفێرساڵی ئینسانە، یانی مافی تاک وەکو زات لەو ساتەوەختەوەی چاوی بەدنیای ڕۆشن هەڵدێنێ بەبێ لەبەر چاوگرتنی ڕەگەز، زمان، میللەت، ئایینو ڕەنگی پێستو ئەم شتانە، بەڵام ئەسڵێکی هەرەحەیاتی چەمکی ئازادی بیورڕاو ئازادی دەربڕین لەوێدایەکەئەم مافەهەقی هاوڵاتیانەلەبەرامبەر دەسەڵاتدا، مافی خەڵکەلەبەرامبەر دەوڵەتدا لەبەرامبەر کۆمەڵگادا بەسەرجەمی قەڵەمڕەوەکانیەوەو دەبێت پارێزراو بێت، بەڵام سەیرکەن بەرزانی چۆن ئەم مافانەی پێ قبوڵناکرێو خەڵکی بەوەتۆمەتبار ئەکات کەبەناوی ئازادیەوەمافی پارتیان پێشێلکردووەو بەناهەق تۆمەتباریان کردوون بەتیرۆری سەردەشت وەهەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەلەخەڵکی ئەکات.

کاتێک جەماوەری بێزار بێنەپێشەوەو بیوڕای خۆیان، ڕەخنەی خۆیان، ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەغەدرێکی گەورەو ناهەقیەکی بێپاساو دەربڕنو بەدەنگی بەرز هاوارکەنو شیعار بنووسنو هوتاف بڵێنو ئەحساسی خۆیان سەبارەت بەڕووداوێکی دڵتەزێن بەیان کەنوەدەنگی خۆیان بیگەیەننە دەسەڵاتو داوای ئاشکراکردنی تاوانباران بکەن، ئەم دەنگەبگەیەنن بەڕای گشتی ناوخۆو جیهان وەسەرنجی تەواوی میدیاو ناوەندەنێودەوڵەتیەکانی بۆ ڕاکێشن، جوامێرانەترین هەڵوێستگیری کۆمەڵایەتیە، شایستەترین وەڵامی کۆمەڵگایەبەدەسەڵاتێک کەتا ئەم ساتەوەختەش بچوکترین وەڵامی بەخەڵک نەداوەتەوەجگەلەهەڕەشەو چاوسوورکردنەوە!

لێرەشدا بەرزانی ئاوا ئازادی بیوڕاو ئازادی ڕەخنەگرتن کۆتو بەند ئەکات؛ "ئێمەپێشوازی لەڕەخنەی ئیجابی دەکەینو پێمان باشەکەموکوڕییەکان دەستنیشان بکرێت، بەڵام وەزعەکەلەوەدەرچوەو بۆتەناشیرینکردنی سەرتاپای وڵات، تۆمەت هەڵبەستنو ناوناتۆرەدروستکردن بۆ یەکتری پەیوەندیی بەڕەخنەو ئازادیی رادەربڕین نییە". بەرزانی گەرەکیەتی بەڕۆژی ڕووناک لەبەر دەرگای زانکۆ وەبەبەر چاوی ئاسایشو هێزەکانی زێرەڤانیەوە، ڕۆژنامەنوسێک برفێنرێتو بەناو چەندین بازگەو خاڵی پشکنیندا تێپەڕێنرێو دوای دوو ڕۆژ تەرمەکەی بدۆزرێتەوە، بەڵام خەڵکی بڵێن؛ ئەمنو ئاسایش بەرقەرارەو ئەوەشی ڕویداوەهونەری هێزەتیرۆریستیەکانی ئەلقاعیدەیان ئەنسان ئیسلامو جوندولئیسلامەکانە، ئەگەر نا ئەوەئیتر ڕەخنەگرتنی ئیجابی نیەتۆمەت هەڵبەستنەبۆیان! مافی ووتنی ڕای تاکەکەس، ئازادی ڕەخنەگرتن، هیچ مەرجو سنوورێکی بۆ دانانرێت لەچەشنی ڕەخنەی ئیجابی یان ڕەخنەی بنیتنەرو ئەم شتانە. خەڵکو هاوڵاتیان مافێکی سروشتیو ڕەوای خۆیانەڕەخنەلەهەر دیاردەیەک، هەر هێماو ڕەمزو پیرۆزیەک بگرن بەبێ ئەوەشی باکیان لەوەبێت کێ بەئیجابی دائەنێت یان نا، وەدەبێ هەموو مافەکانیشی پارێزراو

بن لەوانەش مافی ڕەخنەگرتنیش. چونکەکەسنورو مەرجت بۆ ئازادی ڕەخنەدانا مانای وایەخەریکی دەمی هاوڵاتیان دائەخەیت. ئەوەش ئیتر قبوڵ نیە.

لەدوا برگەی ووتارەکەیدا بەرزانی ئەم رستەیەبەدی ئەکرێت؛ "ئازادی هەیەو خەڵک مافی نارەزایی دەربڕینو رەخنەگرتنیان هەیە، بەڵام رێگەنادرێت قیەمی میللەتێک تێکبدرێت". ئەمەئیتر ئازادی نیەکەبەرزانی باسی ئەکات. ئەمەزنجیرو شەرت دانانەبۆ ئازادی دەربڕینو بۆ ئازادی ڕەخنەووتن، لەژێر ناوی قیەمی میللەتی کورددا. ئیتر ڕاگەیاندنی نفیری عامەو سەردەمی خەفەقانو داخران جاڕ ئەدرێت.

هەر هێزێک یان هەر حزبو لایەنێک موزایەدەبەسەر خەڵکو کۆمەڵگاوە ئەکاتو ڕائەگەیەنێت کەئازادی بەرقەرارە، یان خۆی بەلایەنگری ئازادی بیروڕاو ئازادی دەربڕین دائەنێ، بەر لەهەر شتێک دەبێت لەم ڕۆژانەی وا بەشێوەیەکی سەرتاسەری جەماوەری کوردستان بەئارامترینو شارستانیترین شێوەئیدانەی کوشتنی سەردەشتیان کرد، لەهەمان کاتدا نایەکی گەورەشیان ووت بەڕفاندنی مرۆڤ، بەتیرۆری ڕۆژنامەنوسانو تەنگپێهەڵچنینی نەیارانی سیاسی، لەپاڵ خەڵکی نارازیو بەشۆکهاتووی کوردستاندا ڕاوەستێو هەڵوێستی مەردانەیان بەرز بنرخێنێ.

لەکاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتیو گشتگیردا بەرامبەر بەتیرۆری سەردەشت، خەڵکی کوردستان بە دروست هاتنەمەیدانو بەو خرۆشانەجەماوەریەیان هەڵوێستو بەرپرسیارێتیو هەستو سۆزی خۆیان دەربڕیو نیشانی هەموو لایەکیان دا کەچیتر ڕێگانادەن بەربەر چاوی خۆیانەوەرۆڵەئازاو چاونەترسەکانیان بەدەردی سەدەشتو سۆرانی مامەحەمەو ئەوانی پێش ئەوان ببرێن. بەرپاکردنی ئەم شەپۆلی ناڕەزایەتیانە مافێکی سروشتیو ڕەواو بێئملاولای هاوڵاتیانەو هیچ ئیرادو خەوشو نارۆشنیەکی تێدا نیەو لەژێر هیچ بیانویەکدا هیچ کەسو هیچ پلەو مەقامێک ناتوانێ ئەم هەقەی هاوڵاتیان زەوت بکات یاخود سنووورداری بکات. ئەسڵو بنەمای چەمکی ئازادی بیروڕاو ئازادی دەربڕین وا ئەڵێت.

ئەگەر بێتو کۆمەڵگاو دەسەڵات هەوڵی داخستنی دەمی هاوڵاتیان بدات، ئیتر ئازادی شتێکی شکڵیەو داخرانو سەرکوتو خەفەقان دێتەکایەوە!

مەسعود بەرزانی ئەگەر بەهەق وەکو سەرۆکی فەرمی هەرێم هەڵسوکەوتی بکردایەو خۆی لەپلەوپایەی بەرپرسی ڕەسمی لەئاسایشو سەقامگیری کوردستانو ژیانو سەلامەتی هاوڵاتیان ببینایەتەوە، ئەیتوانی ئەم ڕۆڵەببینێو خۆی نەخاتەجێگاوڕێگای ئێستایەوە. یانی وەکو سەرۆکی پارتی مامەڵەی نەکردایەو تەماشای خرۆشانی خەڵکی کوردستانی لەسۆنگەی پارتیەوەنەکردایەو خۆیو حزبەکەشی نەهاویشتایەبەرەی بەرامبەر بەهاوڵاتیانو خواستەڕەواکانیان! بەرزانی کاتێک ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی ئەگێڕا ئەگەر دەزگا ئەمنیەکانو سەرکردایەتی پارتی ناچار بکردایەوەڵامی بەجێ، یان ڕوونکردنەوەی دروستو شایستەسەبارەت بەو بۆشاییەئەمنیەی (سەردەشت عوسمان)ی تێدا بویەقوربانی بۆ خەڵکی

کوردستان ڕابگەیەنن. ئەم بەرپرسیارێتیەبەکردەوەناسەلمێنیت، نابێت چاوەڕوانی ستایشی خەڵکو جەماوەر بکەیت. تادێت نارەزایەتیەکان شەفافترو بەرفراوانتر ئەبێتەوە.

31ئایار2010

**بـۆچـــی بـکوژان شــــەرمەزار نیــــــن ؟!**

**بێریڤان جەمال حەمە سەعید**

کارەسات هەر لەوەدانیە، کە بکوژان لەسیستەمی سیاسی تۆتالیتاریدا،بە بەردەوامی زەبروزەنگو تۆقاندن ئەنجامدەدەن، بەڵکو کارەساتی گەورە لەوەدایە، کە تاوانباران لەم سیستەمدا، نەک هەر ڕاستگۆیانە دان بەتاوانی خۆیان ناهێنن‌و هەستی شەرمەزاری‌و بەخۆداچونەوەیان نییە، بەڵکو وپەری ئاگاییەوە ڕەوایەتی خۆیان بەرامبەر کوشتن‌و تۆقاندنی مەدەنی بێبەرگری دەردەبڕن‌و سەبارەت بەوەش بەرگری لەواقعێکی نارەوای نامۆ بەکردار دەکەن. لێرەدا پرسیار دەکرێت، ، ئایا ئەمجۆرە کەسایەتیانەی کە تاوانبارن لەکپکردنی دەنگی ئازادو سەرکوتکردن‌و تەفروتوناکردنی خەڵکی مەدەنی بێبەرگری، هەست بە بەهای ئینسانی‌و هەبوونی خۆیان دەکەن؟ هەست بەخۆشی‌و ناخۆشی دەکەن؟ ویژدان رایاندەچڵەکێنێت؟ یان هەر کەسانێکی ساردوسڕ لەئامرازێک زیاتر هیچی تر نەبن کەچی لەدەوروبەریان دەگوزەرێت، مەبەستیان نەبێت. ئەم پرسیارانەو چەندەها پرسیاریتر لەلای کەسانی ڕوناکبیرو پسپۆڕو لێکۆڵەوەرەکانی کۆمەڵکوژی جولەکە لە هۆلۆکۆستدا، بۆ نمونە ژنە جولەکەی فەیلەسوف هانا ئاردنت دروست بوو،

هانا ئاردنت لە 1961 لە ئورشەلیم، لە کاتی دادگایکردنی فەرمەنباری باڵای نازی ئەڵمانی " ئادۆلف ئەیشمان"، "Adolf Eichman" هەوڵیداوە لەو کەسایەتی‌و بارودۆخە تێبگات، کە چۆن فەرمانبەرێک بگاتە ئەو ئاستەی بەفەرمانی ئەو، هەزاران‌و هەزاران جولەکە لەکەمپدا بەغاز بخنکێنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا تاوانباری گەورە لەدادگای باڵادا بەو پەڕی ئاگاییەوە، بەبێ پەشیمانی لەکاری نامرۆڤایەتی‌و دڕندەیی‌و بە بێگرژی‌و چرچو لۆچی دەموچاو، ڕەوایەتی خۆی بداتە ئەو کارەی کە ئەنجامی داوە، چۆن کەسێک بە بێ بیرکردنەوەو تێگەیشتن‌و هەڵسەنگاندنی خۆی، ملکەچو گوێڕایەڵ لەژێر فەرمانی دەسەڵاتی سیاسی هیتلەردا، خراپکاری پروپوچ ئەنجامبدا. چۆن کەسێک بڕوای بەمەسیح بێتو کتێبەکانی ئیمانوێل کانتو گۆتە بخوێنیتەوە، گوێبیستی موزیکی شوبەرت بێت، هاوکات دەستی لەکوشتنی ملیۆنەها جولەکەدا هەبێت؟ لێرەوە هانا دینی مەسیحی بەدینێکی بێکەڵکو بێسود ناوزەد دەکرد. ئەویش لەبەرئەوەی دینی کریستیان، دینێکە بایەخ بەڕۆح، لەدنیای دوای مردن دەدات، نەک بەژیان لەئێستاو ئێرەدا. هانا هەروەک سۆکرات پێیوابوو

"باشترە ناهەقیت بەرامبەر بکرێت، نەک لەوەی ناهەقی بکەیت"، بەڵام کێ ئەم بڕیارە دەدات؟ "خودی کەسەکە" واتە من، کەواتە "من" کرۆکی بابەتەکەیەو لەهەڵسەنگاندنی مۆراڵ لەرەوشتی مرۆڤدا بەرپرسە. بەڵام ئایا ئەم "منە" چۆن بڕیاری باشترین چاکە دەدات؟ هانا پێیوایە کە من یەکێکم، یان دوان لەیەکێکدا، لەوانەیە، ئاشتی یان نائاشتی لەگەل بووندا هەبێت. بەڵام ڕاستییەک هەیە کە "من" ناتوانیت لەخود هەڵبێت. گەر من ناڕەوایەک ئەنجام بدەم، ئەوا بەناچاری تێکەڵاویو زۆر نزیکی لەگەڵ ناهەقکار بەسەردەبە م. واتە من لەگەڵ خوددا. بەتیۆری هانا دیالۆکو مشاوەرە لەگەل "من" خاڵی دەستپێکردنی بیرکردنەوەیە کە بەهۆی ئەوەوە یەکەیەک لەمۆراڵ دێتە ئاراوە. لێرەوە ڕەوشتو هەڵسوکەوتی نازی تاوانبار "ئە یشمان" ڕووندەبێتەوە کە کەسێکی بێ مۆراڵ، لەناوەوە لەتکراو، سەیرو ترسناکو نائاساییی کە توانای بیرکردنەوەی نیە، بێتوانایی بیرکردنەوەش کەس دەکاتە بەدخوازو خراپکارو پڕوپووچ . ئەمەش دارمانی هۆشو هەستو ڕەوشتە. لەخۆم دەپرسم گەر لەکوردستاندا ئەمڕۆ تاوانبارانی ئەنفالو کیمابارانی هەڵەبجەو بکوژانی ڕۆژنامەنوسان بیگیرێنو دادگا بگرێن، ئایا تاوانباران بوێرو ڕاستگۆن، دەتوانن داوای لێبووردن لەمیللەتو شەرمەزاربنو پەشیمانی خۆیان دەرببڕن؟ ئایا دەربڕینی پەشیمانیو لێبووردن بیرکردنەوەی ناوێت؟ ئەو بیرکردنەوەیەی کە هەڵێنجانێکی ئەقڵانی شارستانی دەخوازێت. بەڵام گەر تاوانباران هێشتا سنوری عەقڵەییەتی شێخو خێڵو بنەماڵەو تایەفەیان نەبەزاندبێت چی لەلێبوردنو هەستی شەرمو ڕاستگۆییو بەخۆداچونەوە دەگەن؟!

**بارزانی، کێ ئاسایشی هەریمی کوردستانی تێکداوە؟!**

**ناسک ئەحمەد**

ڕۆژی سێشەمە، ڕێکەوتی 25ی مەی مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەلڕ ژمارەیەک لە نوێنەرانی فیدراسیۆنی قوتابیان و خوێندکارانی کوردستاندا کۆبونەوەیەکی ئەنجامدا. ئەو کۆبوونەوەیە دیاربوو سەرجەم باسەکانی تایبەت بوو بە دووسیەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان و ئامانج لێی گەیاندنی پەیامێک بوو بە خەڵکی کوردستان و جەماوەری نارازی دژ بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان. ڕاستییەکەی ووشە بە ووشەی قسەکانی بارزانی پێویستە لەسەری هەڵوێستە بکرێ، لە دوو توێی قسەوباسەکانی بارزانییەوە دەتوانرێ حەقیقەتی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان کە مەسعوود بارزانی بە ووشیارانە تەنها وەک قووتابییەک ناوی دەهێنێ ببینرێ، ئەمەیان ئیتر لێکدانەوە و گیرانەوەی قسە نییە ، بەلکوو ووتەی ڕەش لەسەر سپی نووسراوی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیە، ببورن سەرۆکی هەریمی کوردستان!!

مەسعود بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا دەڵێ: هەندێ موقەددەسات هەیە تۆ ناکرێ پێشێلییان بکەیت، ئازادی سنووری هەیە، هەڵبەستنی بووختان و ئستغلاکردنی هەندێ کەمووکوری بۆ

بەرژەوەندی تەسکی حیزبی شتێکی خراپە، تۆ رای خۆت بە مەعقولی بدە، بەڵام شتی ژەهراوی مەرێژە، چوونکە فیتنەی لێ دروست دەبێت. ئێمە ناڵێین کەموکوری نییە، بەڵێ هەیە و خەریکی چارەسەرکردنیانیین، بەڵام تۆ بێی ئەو هەموو شتە چاکانە نەبینی و تەنها کەمووکورییەکان ببینی و بە شێوەیەکی نادرووست بیانوروژێنی، ئەمە پێچەوانەی ئەخلاقیاتی رۆژنامەنووسیە، سەبارەت بە ئێمە تەشهیرکردن بە ئایین و مەزهەب یان بە هێما نەتەوەییەکانمان یانیش کارکردن بۆ نەهێشتنی ئەو بەها ئەخلاقیانەی کە کۆمەڵگەی کوردستانی پێوە ناسراوە و هەروەها، دورووستکردنی پشێوی لە نێوان لایەنە سیاسیەکاندا، هێڵی سوورن و تا لەو پۆستەشدا بمێنم، بواری ئەوە نادەم لە ژێر پەردەی ئازادی پشێوی درووست بکرێت،.... ئەگەر لایەنێک پێچەوانەی ئەمە جووڵایەوە ئەو کات من هەڵوێستی بەرامبەر دەگرم. ئەمە بەشێک لەدەقی قسەوباسەکانی بارزانییە کە لە سایت و رۆژنامە رەسمییەکانی خۆیاندا بڵاوکراونەتەوە.

هەروەها لە چەند رۆژی رابردوودا بارزانی لە پەرلەماندا، ئەم قسانەی لە پەیامێکی هەڕەشە ئامێزی تردا دووبارەکردەوە .

با بۆ چەند ساتێک چاوی خۆمان لە ئاست ئەو هەموو راستی و فاکتەرانە بنوقێنین کە پەنجەی تاوان بۆ پارتی و دەزگای پاراستنەکەی درێژ دەکەن و بۆ لەحزەیەک بروامان وابێت کە پارتی دەستی نییە لەم تاوانە چەپەڵەدا و ئەو گریمانە وەربگرین کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە تاوانی تیرۆرکردنی سەردەشت بێبەرییە . کەوایە لە بەرامبەر مسەلەیکی ئاوادا کە سەرجەم خەڵکی کوردستان لێی هاتۆتە دەنگ و تیرۆرەکەش لە شارێکی ژێردەسەڵاتی پارتی کراوەو بەرامبەر ئینسانیک کە لە ژێر دەسەڵاتی پارتیدا ژیاوە، و خەڵکی کوردستان و بەشێکی بەرچاویش لە ریکخراوە جیهانی و رۆژنامەنووسانی دنیا پەنجەی تاوان یان لانی کەم چاوی گومانیان بریوەتە پارتی، گەر پارتی لەم تاوانە بێبەریبوایە دەبوو یەکەمین کارێک کە بیکردایە و لە پەیامی سەرۆکەکەیدا بە رۆشنی دیاربوایا سەلماندن یان هەوڵدان بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆیان بوایە.بەڵام پارتی نەک ئەم کارە ناکات بەڵکو هەڕەشەدەکات و تادێت توونددتریشی دەکاتەوە. وەنەبێ پارتی و سەرۆکەکەی نەزانن چی دەڵێن و ئاگایان لە ڕەوشی مەسەلەکە و ئەوە نەبێ کە پارتی بەم کارە تاوانبارکراوە. پارتی خۆی ووشیارانە نایەوێت ئەو باوەڕەی کە پێی وایە پارتی هەڵسا بە تیرۆری سەردەشت چونکە هێڵی سووری بەزاندبوو برەوێنێتەوە.

بە پێی وەرگرتنی فەرەزیەی بێتاوانی پارتی لانی کەم چاوەرێی ئەوە دەکرێ کە سەرۆکی پارتی چاوێک لە تیرۆرستان سوور بکاتەوە و لە بەرامبەریاندا توونددییەک نیشان بدات. بەڵام بە پێچەوانەوە سەرۆکی پارتی چاو لە خەڵکی راپەریووی کوردستان و رۆژنامەنووسانێک کەلە ریزی سەردەشتدان سوور دەکاتەوەو خەریکی دیاریکردنی سنوورەکانە بۆ نووسین و دەربرینی بیرووڕایان. هیچ هەلسووکەوت و راگەیاندنیکی پارتی یان سەرۆکەکەی ناتوانێ فەرەزیەی بێتاوانی مەسعود بارزانی و دەسەڵاتەکەی بسەلمێنێ،

بەڵکو تەنها خەڵکی بەرەو پێچەوانەکەی دەگەیەنێ. راستیەکەی پارتی ئەوەی بۆ گرنگ نییە کە خەڵکی کوردستان وا حاڵی ببن کە پارتی دەستی لە تێرۆرکردنی سەردەشتدا نییە، بەڵکو بە جۆرێک دەیەوێت خەڵکی لەو باوەرادا بهێڵێتەوە کە پارتی ئەم کارەی کردووە، هەر بۆیەشە نە بەیانی رەسمی مەکتەبی سیاسیان نە پەیام و ووتەکانی بارزانی ناچنە سەر ئەوەی کە بڵێن ئێمە بەم کارە هەڵنەستاوین. بەڵام پارتی دەیەوێت جەماوەری خەڵکی کوردستان باش حاڵی ببن کە بۆچی سەردەشتیان تیرۆر کرد، وە تەواوی قسەو پەیامی بارزانی لە نێو ئەو تەوەرەیەدا خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر ئەو نارەزایەتیانەی کە بەرامبەر تیرۆرکردنی سەردەشت لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و ناوخۆییدا بمایایاتەوە ئەوە پارتی وەک هەفتەی یەکەم بێدەنگەی لێدەکرد و سەرۆکەکەشی زەحمەتی ئەوەی نەدەکێشا ئەم هەموو روونکردنەوە ناروونانە بدات و دەیووت کەواتە خەڵکی باش حاڵی بوون و موشکلەیەکیان لەگەڵ ئەم سیاسەتەی پارتیدا نییە. مەسعود بارزانی دەیەوێ بڵێ سەردەشت چەمکی ئازادی خراپ بەکارهێنا وە، موقەددەساتی ئێمەی پێشێل کردووە ، رای خۆی بە مەعقوولی نەداوە و تەنها کەمووکورییەکانی بینیوەو ژەهری رشتووە و بە پێچەوانەی ئەخلاقیاتی رۆژنامەگەرییەوە جووڵاوەتەوە. بەکورتی هەر بۆیە بەم سەرئەنجامە گەیشت. تەواوی پەیامی بارزانی بریتییە لە دیاریکرنی تابۆکان و هێڵە سوورەکان بۆ رۆژنامەنووسان و نووسەران بە تایبەتی و خەڵکی کوردستان بە گشتی. ئامانجیش لە تیرۆرکردنی سەردەشت هەر گەیاندنی ئەم پەیامە بوو بە خەڵکی کوردستان و هاوبیر و هاوپیشەکانی سەردەشت، بەڵام ئێستا پارتی و سەرۆکەکەی دەبینن کە خەڵکی کوردستان خەریکی بەرگریکردنن لە خۆ َیانن و بۆ ئازادی بیرورا هاتوونەتە مەیدان و دەرسێک کە پارتی لە رێگەی تیرۆرکردنی سەردەشتەوە وویستی بیدات بەخەڵکی نەک ناچێت بە گوێیادا بەڵکو داوای تەسلیمکردنی بکوژانی سەردەشت ونەخشەکێشەرانی ئەم تیرۆرەدەکەن، ئینجا دەیانەوێ دەرسیک کە بە تیرۆر پێیان نەگەیەنرا لە رێگەی چاووسوورکردنەوەو ئامۆژگاری و پەیام و شتی لەم بابەتەوە بیدەن بە خەڵکی. دەڵێن، سەردەشت لە هێلی سوور لایدا بۆیە تیرۆرمان کرد، خەڵکینە ها، ئیوەش لێرە بە دوا ئاگاداربن، ئەوە جارێکی تریش هێلە سوورەکانتان بۆ دەژمێرینەوە نەکا تای خۆ َپیشادان و نارەزایەتییەکانی دژ بە تیرۆری سەردەشت بیری بردبنەوە! هەر کەس لێی دەرچێ وەک سەردەشتی لێدێ.

ئەگەر نووسەران و رۆژنامەنووسان لە ووتار و ریپۆرتاژەکانیاندا ئەو هێلەسوورو بەندانەی کە بارزانی بۆی دیاریکردوون رەچاوبکەن ولێی دەرنەچن ئەوە بەدڵنیاییەوە تەنها ئەو کۆمەڵە تاریکبیرە دەمێنێتەوە کە پارتی بە پارەو مەنسەب لە دەوری خۆی کۆیکردونەتەوە! ئەگەر هەڵسوراوانی سیاسی بە پێی قسەکان و پەیامەکانی بارزانی کارەکانیان دیاری بکەن ئەوە تەنها پارتی و حیزبە کارتۆنییە معاش خۆرەکانی دەوری پارتی لە ژێردەسەڵاتی خکومەتەکەیاندا دەمێنێتەوە، ئەگەر هەڵسوراوانی بزووتنەوەی ژنان لە هێڵە سوورەکانی بارزانی لانەدەن، ئەوە دەبێ لە ئاست تیرۆرکردنی هەزارڕن ژن لە کوردستان بێدەنگە بکرێ و سوپاسی تیرۆرستان بکرێ کە بەرگرییان لەهێماکان و مەزهەبی بارزانی و کلتوورەکەی کردووە. ئەگەر و ئەگەر....

بەراستی من نازانم گەر کۆمەڵگەی کوردستان بەپێی قسەکانی بازانی بڕوات بەرێوە، ئیتر چ شتێک دەمینێتەوە ئینسان لە کوردستاندا رەخنەی لێ بگرێت و چاکی بکات، ئەوە دەبێ ووشەی رەخنە هەر هەڵگیرێ و خەڵکی کوردستان دەست بکات بە رەشبەڵەک و شایی و رۆژنامەنووسانیش سەرچۆپی بگرن لە پرسەی سەردەشتدا.!

بەڵام پارتی و بارزانی دەبێ خەبەرییان ببێتەوە و کەمێک دوورتر لە سەری رەشەوە سەیری دنیا بکەن. خەڵکی کوردستان چیتر فریوی ئەو هێما و هێلەسووره پووچانە ناخوات کە ئێوه باسی دەکەن، خەڵکی توانای سەیرکردنی دنیای مۆدێرنی دەووروبەری خۆی هەیە، خەڵکی ژیانی پر ناز ونیعمەت وقەسرە شاهانەکانی ئێوه لەگەلڕ ژیانی بێ نازونیعەتی خۆی وخانووه داروخاوو بێ کارەباکانی خۆیان دەتوانن بەراورد بکەن. وەرگرتنەوەی توانایی بیرکردنەوە و رەخنەگرتن نەک لە توانایی ئێوەدا نییە بەڵکو بە درێژایی مێژوو ئەمە هەوڵێکی بێ ئاکامی دیکتاتۆری زۆر لە ئێوه بەهێزتر و قودرەتمەندتر بووه ، چونکە رەخنەگرتن و نارەزایەتی بەرامبەر ژیانی مەوجوود خەسلەتی جیاکەرەوەی ئینسانە، ئەگەر ئەم خەسڵەتە لە ئینسان وەربگیرێتەوە، ئیتر جیاوازییەک لە نێوان ئینسان و گیانلەبەرانی دەوروبەریدا نامێنێتەوە.

بارزانی باتایبەتی و دەسەڵاتدارانی ئەمرۆی کوردستان بە گشتی هەر وەختێک لە بەرامبەر جەماوەرو نارەزایەتییەکانی خەڵکیدا تەنگەتاو دەبن، ئیتر دەستدەگرن بە کۆمەڵێ چەمکی سواوەوە وبۆ جڵەو کردنی خەڵک و ووروژاندنی ئیحساساتی دوواکەوتوترین بەشی کۆمەڵگە پەیتا پەیتا ئەو چەمکانە دەڵێنەوە، کە ناتوانی بەدەردی کۆمەڵگەی ئەمرۆیی و بەشەری سەدەی بیست و یەک بخوات، وە تەنها لە فەرهەنگی عەشیرەت و بنەماڵەیەکی داخراوی وەک بارزان و دەسەڵاتدارانێکدا جێگای دەبێتەوە کە بۆ پایەدارکردنی کورسی و دەسەڵاتیان پێویستیان بە جەماوەری نەزان و بێ ئاگا ونەخوێندەوار هەیە. مەزهەب و کلتوور و ئایدۆلۆژیا هەر چییەک بن و تەعبیر لە هەر جۆرە بۆچوونیک بکەن، مۆدێرن بن یان دوواکەوتوو، زۆرینەی خەلک پابەندیان بن یان کەمینە موقەددەس نین و قابیلی رەخنەلێگرتن و تەنانەت گاڵتە پێکردن و نووکتە لەسەردروستکردنن. هێما نەتەوایەتییەکان نەک هەر موقەددەس نیین بەڵکو نەتەوە خۆی ناموقەددەسە .

موقەددەس ئینسان و ژیان و مافی ئینسانە کە دەبآ لەسەروو هەموو شتێکەوە بێت، موقەددەس بۆ خەڵکی کوردستان ژیانی سەردەشتەکانە.

پشێوی درووست مەکەن، ئاسایشی هەرێمی کوردستان مەخەنە خەتەرەوە و هەلوومەرجەکە ناسکە، چەمکێکی تری دەسەڵاتداران و ئەمجارەشی بارزانییە بۆ رووبەروبوونەوە لەگەلڕ نارەزایەتییەکانی خەڵک و خامۆشکردنەوەی.

رفاندنی ئینسانێک بەرۆژی رووناک و لەبەردەم دەرگای کۆلیژەکەیدا و تیرۆرکردنی و دواتریش فرێدانی جەستەکەی پشێوی درووست کردن و تێکدانی ئاسایشی هەرێمی

کوردستانە! یاخود بانگەواز ونارەزایەتی دەربرین بۆ ریسواکردنی ئەم سیاسەتە چەپەڵ و تاسەر مۆخ نا ئینسانییە؟! شمشیر بەرزکردنەوەی مەزهەب بەرووی خەڵکیدا و فتوای کوشتن و برین و هەڵڕشتنی ژەهراوی پیاوسالاری و دژ بەژنی مەلا بەشیرەکانی دیووەخانی بارزانی پشێوی دروستکردن و تێکدانی ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵکی کوردستانە یاخود داوای دانانی دادگای ئاشکرا و عادیلانە بۆ تیرۆرستان و گەیاندیان بە سزای موستەحەقی خۆیان؟! درووست کردنی دەزگای لەشێوەی مافیای پاراستن و زانیاری پشێوی بۆ خەڵکی کوردستان دروست ئەکەن یان ئەو سەردەشتانەی کە تەنها چەکی دەستیان قەڵەمەکانیانە بۆ دیفاع لەجوانی ژیان و باشتر کردنی ژیانی پر لە نەبوونی و بێناز ونیعمەتیان؟!

هێنانی لەشکری دڕندەی بەعس لە 31ی ئابی 1996دا بۆ کوردستان و لەو رۆژەشدا گرتنی سەدان ئینسان بە دەستی سەربازەکانی بەعس و دواتر ئیعدامکردنیان وبە ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستان و هەڵپروچقاندنیان لە شوێنی ژیان و کاریان پشێوی دروستکردن و تێکدانی ئاسایشی خەڵکی کوردستانە، یان خەباتی حەقخوازانە بۆ بەرەسمی ناسینی ئازادی و یەخەگرتنی دەسەڵاتتان کە دەستتان گرتووە بەسەر تەواوی ناز ونیعمەت و پارەوپوولی خەڵکی کوردستاندا ومۆنۆپۆلتان کردووە بۆ خۆتان؟! راستییەکەی گەر تەواوی ئەو پشێوییانە بژمێرم کە دەسەڵاتەکەتان بۆ خەڵکی کوردستان درووستی کردووە، ئەوا ڕەنگە پێویستم بە دەیان لاپەرەی تر وهەڵدانەوەی دەیان دۆسیەی ترتان بێ.

ئاسایشی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی لەگرەوەی بەرقەراربوونی ئازادی بێقەیدو شەرت و بێ ئەمما و ئەگەری سیاسیدایە، لە گرەوی هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکانی تیرۆر و رفاندنی لە بابەت پاراستن و زانیاری دایە، لە گرەوەی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میلشیایی و عەسکەرتاریەتی حیزبی و جێگرتنەوەیان بە دەسەڵاتی نۆێنەرانی هەلبژێردراوی خەڵکدایە.

31.05.2010

**نامەیەک بۆ سەرجەم کەمپین و دەستە و کۆمیتەکانی بەرگری لە ئازادی لە کوردستان و لەدەرەوە**

**هیدایەت مەلا عەلی**

بەڕێزان سلاو ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەمووتان و دەستان بە گەرمی دەگوشم .

ئەگەر چی تیرۆر کردنی خوێندکار و رۆژنامەنوس ( سەردەشت عوسمان ) زامێکی قوڵ و برینێکی سەختی کردە جەستەی ئینساندۆستی هەمووماں ، ئەگەر چی کوژاندنەوەی مۆمێکی پڕ ڕوناکی وەک ( سەردەشت عوسمان ) هەموومانی ئازاردا،بەڵام هەمان کات گوڕوتینێکی گەورەو پڕ لە جۆش و خرۆشی ئینسادۆستی و بەرگریکەرانەی ئازادی لە هەناو ویژدانی هەمووماندا داگیرساند . یەکەم جاربوو دەسەڵاتدارانی کوردستان بەم شێوەیە ڕووبەڕوی

لێشاو ئاپورای خەڵک ببنەوە بۆ بەرگری لە ئازادی و دەنگ هەڵبڕین لەدژی ڕفاندن و تیرۆر کردن،یەکەم جاربوو خەڵک و دەسەڵات بەم جۆرە لە دوو سەنگەری جیاوازدا تەعبیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن ، دەنگ و هاواری خەڵک لەدژی ڕفاندن و تیرۆر،بژی و سەربەرزی بۆ سەردەشت عوسمان ، نایەڵین دەنگی ئازادیمان کپ بکەن ، ئەو شیعارانەبوون کە دەسەڵاتدارانیان هێنایە لەرزین و زمانی هەڕەشەیان پرژاو پەنجەی تۆڵەیان لە بەرەی ئازادیخواز و ناڕازی کۆمەڵگا ڕاوەشاند .

ڕاستە هەمووومان ماندوبوین و کارمان کرد، ڕاستە چوینە سەر شەقامەکان و سەرما و گەرمامان چەشت ،ڕاستە چاوسورکردنەوەو هەڕەشەو تۆقاندن بەردەوام ئامادەبوو،ڕاستە ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات چەواشەکارانە دەیانویست نارەزایەتیەکانمان ناشیرین و لەکەدار بکەن ،ڕاستە دەسەڵات دەیویست ئەم تاوانەش وەک ئەوانەی پێشوو تێپەڕێنێت و بازێکی بەسەردا بدات ، بەڵام ئەوە ئێمەبوین ،هەمووومان دەنگمان هەڵبڕی و نەمانهێشت ئینسان کوشتن و ئینسان ڕفاندن لە کوردستان بەئاسانی تێبپەڕێت و کۆمەڵگا بەبێ خاوەن سەیر بکرێت .

بەڕێزان : ئەوەی ئەنجاماندا بەشێکبو لە کارەکانمان، بەڵام هەموو کارەکانمان نیە ،سەرەتا و قۆناغێکی گەورەمان بڕیوە بەڵام ئاستەنگ و مەترسیەکان بەڕێگاوەن ، گرەوەی فەراهەم کردنی فەزای ئازادی و پاراستنی حورمەتی تاکەکان لەبەردەوام بونی کارەکانماندایە ،بۆ ئەوەی بتوانین دەسەڵاتدارانی کوردستان مەجبور بکەین کە ڕێز لە ئیرادەو ئازادیەکانی خەڵک بگرن ، دەبێت کاروانێک بۆ بەرگری لە ئازادی لە دژی تیرۆرکردنی ( سەردەشت عوسمان ) بەڕێمانخست بەهێز و بەردەوامی بکەین و بەردەوام گیانی بکەینەوە بەبەردا .

دەسەڵاتدارانی کوردستان خەریکی سیناریۆسازین ،خەریکی فریودان و هەڕەشەکردنن ، کۆبونەوەکانی ( مەسعود بەرزانی و مەسرور بەرزانی ) لەگەڵ قوتابیان و خوێندکاران و لاوان و پەرلەمانی کوردوستان ، وتار و شیکاریە چەواشەکارانەکەی ( مەلا بەختیار ) بۆ ئازادی نیشانەی سەرهەڵدانی گەمەیەکی ترسناکە ، ئەو گەمەیە ئێمە ناچار دەکات کە نەیەڵین کوانوی خەبات و گەرمی نارەزایەتیەکانمان ساردبێتەوەو پاشەکشەمان بەسەردا بسەپێنن ، دەبێت کارەکانمان بەردەوام بێت و بەهەمان گوڕوتینی سەرەتاوە ئاراستەی نارەزایەتیەکانمان ڕووەو پانتایەکی فراوانی کۆمەڵگا برەو پێبدەین ،دەبێت شێواز و میکانیزمی تازە بۆ بەردەوام بونی نارەزایەتیەکانمان بدۆزینەوە ، دەبێت هەموو ڕۆژێک و بە دەیان شێوازی جۆراو جۆر یەخەی دەسەڵات بگرین بۆ ئاشکراکردنی تیرۆریستان و ، سنورێکیش دابنێین بۆ هەڕەشەو چاوسورکردنەوەی دەسەڵاتدارانی کوردستان . با نەیەڵین کارەکانمان خاوبونەوە و خامۆشی بەسەردا بێت ، ئەمڕۆ لە هەموو کات زیارتر پێویستمان بەوە هەیە کە بەرەی ئازادیخوازی و ئینساندۆستی لەیەکتر نزیکبین و تێگەشتنمان بۆ ئەرکێکی مێژوی کە لەسەر شانمانە ڕۆشنتر و بەرپرسانەتربێت ، دەبێت هەوڵبدەین بەرگری لە ئازادی بیروڕا بکەین بە ئەرک و وەزیفەی سەرجەم کۆمەڵگاو ئاسۆ و ئامانجی

ئینساندۆستی و ئازادیخوازانە بکەینە فەرهەنگ و تێگەشتنی خەڵک،تەنها زامنی بەسەرئەنجام گەیاندنی ئەم پەیامە ئینسانی و گەورەیە لە بەردەوامبونی کارو خەباتماندایە ،( سەردەشت عوسمان ) بە جەستە لەناوماندا نەما بەڵام بەردەوام کە ئەو خاڵێک دادەنێت ئێمەش لەسەری دێرەوە دەست پێدەکەینەوە .

سەرکەوتوبن

**کێ هەڕەشەو موزایەدە دەکات؟!**

**(دەربارەی وتارەکەی مەسعود بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان)**

موزەفەر عەبدوڵا

ڕۆژی شەممە 29 –6 مەسعود بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان ، بە بەهانەی گەشتی دبلۆماسی بۆ تورکیا و فەرەنسا ،قسەوباسێکی بۆ ئەندامانی پەرلەمان کرد .کە لە ڕاستیدا مەبەست و ناوەڕۆکی سەرەکی لەو قسانە هەڕەشەو موزایەدە بوو بەسەر خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانو لە پێشیانەوە ڕۆژنامەنوسان و نوسەران و ڕۆشنبیران و هەڵسوڕاوانی سیاسی ،و تەنانەت هەندێک لە لایەنە سیاسی یە ناڕازی یەکان لە دەسەڵاتی یان.

گوایە مەبەست لە کۆبونەوەکەی تاووتوێ کردن و گفتوگۆ کردن و خستنە ڕووی ناوەڕۆکی سیاسی و عەمەلی گەشتەکەیەتی لەگەڵ سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان.

بەڵام ئەگەر هەر چاودێرێک بە خیرَایی چاوێک بخشێنێت بە وتارەکەیدا پێم وایە هەر ئەو ئەنجامیگیرییە سادەیەی لێ دەکات کە من لە تایتڵی نوسینەکە لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە.وە ڕەنگە زۆرێک لە ئەندام پارلەمانەکانیش ، کە لە هۆڵی پەرلمان چونەتە دەرەوە، لەبەرخۆیانەوە پرسیبێتیان ئەرێ باشە مەسعود بارزانی لە پای چی و تاکەی ئەم هەموو هەڕەشەو موزایەدەیە بەسەر خەڵکیدا دەکات؟؟!!

بێ گۆمان ئەمە یەکەمجار نی یە کە بارزانی ئەم هەڕەشەو موزایەدانە بەسەر خەڵکیدا دەکات. وە هەر کاتێ بارزانی و حزبەکەی کەوتبێتنە ژێر فشاری جەماوەرەوە ئەوە یەکسەر پەنجەی هەڕەشەو موزایەدەی لە خەڵکی ڕاوەشاندوەو ووتویێتی، ئێمە هەڕەشەو موزایەدە لەکەس قەبوڵ ناکەین .لە کاتێکدا ئەو بە ئاشکراو لەناو هۆڵی پەرلەمانەکەیان، کە بە حیسابی خۆیان باڵاترین دەزگای تەشریعییەو سەرچاوەی دەسەڵاتی جەماوەرو دیموکراسی یە ئەم هەڕەشەو موزایەدانە دەکات.

دیاره بارزانی ئەگەرچی بە ڕواڵەت لە قسەکانیدا دەیەوێت لەسەر چەند تەوەرەیەک بەر لە گەشتەکەی هەڵوێستە بکات و ئەندامانی پەرلەمانی لێئاگادار بکاتەوە، وەک بارودۆخی عیراق و کوردستان و توندکرنەوەی پەیوەندنی لەگەڵ ڕژیمی تورکیای دۆستیان و دەوڵەتی فەرەنسا .هەڵبەت ئەو لەسەرەتاوە هیچ ئاماژەیەک بە ڕووداوی تیرۆری سەردەشت عوسمان و ئەو نارەزایەتی یە بەرینە ناکات کە لە ئاستی کوردستان و دەرەوەدا ڕووبەڕوی بونەوە، کە وێرای بەرپرسیارێتی ئاشکرای سیاسی ئەو ڕووداوەیان کردە ئەستۆی بارزانی و حزب و دەسەڵاتەکەی، هاوکاتیش زۆرێک لە چاودێران و نوسەران ئاماژەیان بەو بەڵگانە داوە کە ئەگەری ئەوە زۆرە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پارتی لە پشتی ئەو تاوانەوە ڕاوەستابێت بەهۆی ئەونوسینە تەوسئامیزەسیاسیانەوە کە سەردەشت لە بارزانی حزب و دەسەڵاتەکەی نوسیوێتی. بەڵام بارزانی سەرەتا، سەرەڕای فشارێکی دەرونی زۆر گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە پێوەی دیارە، وا نیشان دەدات کە لەبارەی نارەزایەتی یەکانەوە مێشیش میوانی نی یە.بەڵام کاتێک دێتە سەربارودۆخی ناوخۆیی کوردستان بێ سێ و دوو، شەلم کوێرم ناپارێزم، دەست دەکات بە هەڕەشەو موزایەدەکردن.

وە خاڵی هەڕەشەو موزایەدەکانی لەوێدا دەردەکەوێت کە ئەو لە جیاتی ئەوەی سوپاسی خەڵکی ناڕازی کوردستان بکات کە ئەوەندە حەساس بوونە بە تیرۆری سەردەشت و دەنگی نارەزایەتیان دونیای پڕ کردوە، ئەو دێت ئەمە بە شێواندن و دەستێوەردانی لایەنەکان و دەستی دەرەکی تێدەگات و بۆیە دەکەوێتە هەڕەشە کردن لە خەڵکی ناڕازی.

تەنانەت لە جیاتی ئەوەی جەختی زیاتر لە بەرقەرارکردن و بونی ئازادی سیاسی و دیموکراسی بکاتەوە ڕێک دیت هەڕەشەی زیاتری شکاندنی قەڵەمەکان و برینی زیاتری زمانەکان دەکات و بۆنی دکتاتۆری ڕەها لە وشەکانی یەوە دێت .تەنانەت چەمکی ئازادی و ڕەهەندەکانی دەشێوێنێت و هێشتا ئەو بە خەڵکی دەڵێت بە هەڵە لە ئازادی گەیشتون و خراپ کەڵکی لێوەردەگرن.وە لەپاڵ ئەم قسانەش دوبارە هەرەشە دەکاتەوەو دەڵێت کە ئیتر ڕێگە نادەین لە بەناوی ئازادیی یەوە پارتی تۆمەتبار بکەن.

بۆیە بە بروای من بارزانی ئەگەر بە ڕاستی و واقعی سەرۆکێکی ئازادیخواز و یەکسانیخوازو بوایەو بەکردەوە بەرگری لێبکردایە ئەوە دەبوو لە جیاتی ئەو هەرەشەو موزایەدانە لەبەردەم پەرلەمان داوای لێبوردنی لە پای کوشتنی سەردەشت لە خەڵکی کوردستان و خانەوادەکەی بکردایە، نەک پەنجەی هەڕەشەی ڕاوەشاندایە. چونکە لە سایەی دەسەڵاتی ئەو و لەپاڵ بانگەشەکانیدا بۆ ئازادی و ئاسایش ئەم کارەساتە ڕووی داوە.بەڵام ئەو تەنانەت لە جیاتی بەرگری لەخۆی و دەسەڵاتەکەی و بانگەشەکانی دێت هیرؚش دەبات و ئەو تێزە پیادە دەکات کە دەڵێت بۆ بەرگری لەخۆ هێرش بەرە.

بەڵام تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە بە لایەنی موزایەدەکەشی یەوە، ئەوەیە کە بارزانی ئەمە نە یەکەم جارەو نە، لەو باوەڕەدام، دوا جاریش دەبێت بە ناوی وەڵام دانەوەی موزایەدەکەرانەوە، ئەو دێت و بە فعلی موزادەیە بەسەر خەڵکی دا دەکات.بەڵگەی ئاشکرای

ئەم موزایەدەیەشی ئەوەیە یەکسەر ئەو باسی ئەوە دەکات کە لە سەدا حەفتای خەڵکی دەنگیان بەو داوە. بۆیە تا ئەو جێگەیەی خەڵکی ئەو دەسەڵاتەیان بەو داوە نایەڵێت خەلکی و هیچ لایەنێک لەسەرو یاساوە بێت و موزایەدەیان بەسەردا بکات. بەڵام بەڕاستی ئەو پروپاگەندەیە خۆی لە خۆی دا جگە لە موزایەدە هیچی تر نی یە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەموو کەسێکی ئازادیخواز دەزانێت خەڵکی لە چ هەلومەرجێکدا بەو ڕێژەیە دەنگیان بەو داوەو گومانەکان لەو بارەیەوە ڕوون و ئاشکران.

ئەوە ئیتر لێرەدا پێویست ناکات ئێمە بێینە سەر ناوەڕۆکی کۆمەڵێک قسەی تر کە لە وتارەکەیدا هاتوون وەک ئیسلامی بوونی کۆمەڵگای کوردستان و پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگای کوردەواری و کۆمەڵێ چەمکی تری کۆنەپەرستانەی باووی ئیسلامی و دەرەبەگی و خێڵەکی تر.

بەڵام پێویستە بارزانی و حزبەکەی و، تەنانەت یەکێتی و حزبە ئیسلامی یەکانی هاوپەیمانەکانیشیان باش بزانن کە خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازی کوردستان ئەگەر چەندین ساڵە تەحەمولی هەموو وەعدەو بەڵێن و،هەروەها هەڕەشەو گوڕەشەو موزایەدەکانی ئەوانیان کردوەو ڕەنگە خۆشخەیالیش بووبن لەبەر چەندین هۆ، ئەو هەموو ستەم و فشارەیان پێ قبوڵ کراوە، ئەوە لێرە بەدواوە خەڵکی ئەمانە تەحەمول و قەبوڵ ناکەن.وەخەڵکی ئازادیخواز دوای ڕووداوە پڕ تاوانە ئیتر بە دوای تولە ڕێی خەبات و نارەزایەتی و تێکوشانی ترەوەن و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا هەموو ئەم تولە ڕێیانە دەکەوێتە سەرشاڕێی خەباتێکی شکۆدارو ئاسۆ ڕوون بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە ئازادی و یەکسانی ڕاستەقینەو واقعی.

2010–6–1

## کەس بە بێ بەڵگە یەخەی نەگرتون!

(سەرنجێک لەسەر بەشێک لە قسەکانی بارزانی لە کۆبونەوەی"پەرلەمان"دا!)

موحسین کەریم

4 ی حوزەیرانی 2010

بەشی زۆری وتەکەی مەسعود بارزانی لەکۆبونەوەی 29ی ئایاری "پەرلەمان"دا بۆ مەسەلەی ڕوادوەکانی کوردستانی دوای تیرۆری سەردەشت عوسمان تەرخانکرابوو. زۆر مەسەلەشی لەخۆ دەگرت کە بۆ خەڵکی نارازی و ئازادیخوازی کوردستان و لایەنە سیاسی و جەماوەری و لایەنگران و هەڵسوڕاوانی ئازادی و ئازادی بیروباوەرو ڕاگەیاندن جێگەی

هەڵویستەکردنە. سەرتاپای ئەوبەشە لە قسەکانی ناوبراو هەڕەشەیە لە خەڵک وئازادیەکانیان. مەسعود بارزانی لەو قسانەیدا نارەزایەتیە جەماوەریەکان لە دژی سەرکوت و تیرۆر و خواستی ئازادی رادەربڕین و رێزگرتن لە مافەکانی ئینسان و پاراستنیان لەبەرامبەر دەسەڵاتی رەهای میلیشیاییدا، بە فەوزاو ئاشوب و تێکدانی بەهاکانی کۆمەڵگا ناودەبات و فەرمانیش بە دەستوپێوەندەکانی دەدات کە چیتر قبوڵی نەکەن؛ بە زمانێکی پاراوتر سەرکوتیان بکەن و رابەران و هەڵسوڕاوانیان ئەوەندەی کرا بە نهێنی بکوژن و ئەگەر نەشکرا ئەوا بەبیانوی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و "خیانەتی گەورە"وە رەوانەی زیندانیان بکەن!

من لێرەدا تەنها لەسەر گۆشەیەکی وتەکانی بارزانی قسە دەکەم کە دەڵێ:".... ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوە دەکرێت ئازادی نییە، ئەمە فەوزایە خەریکە رەوشتی کوردایەتیو مرۆڤایەتی تێکدەچێت، بەناوی ئازادییەوە بەبێ بەڵگەو بەبێ سەبەب هجوم دەکرێتە سەر مافی هەر کەسێکو ئەوجا ئەو مافە بەخەڵک رەوا نابینین بەپێی یاسا بەرگری لەمافی خۆیان بکەن...... بەڵام نابێ ... بیر بکرێتەوە کەهەندێ کەس حەسانەی ئەوەیان هەبێت کەبەکەیفی خۆیان مافی خەڵک پێشێل بکەنو بوختانو تۆمەت لەسەر خەڵک بڵاوبکەنەوە، ئەوجا گەر کەسێک بەپێی یاسا داکۆکیی لەمافی پێشێلکراوی خۆی کرد ئەم کارەی بەدژی ئازادیی رادەربڕین لەقەڵەم بدرێت....

زێدەڕۆیی هەندێجار دەگاتە ئەو حەدەی کەسوکایەتی بەئاینی پیرۆزی ئیسلام بکرێت،... نابێ سوکایەتی بەهیچ ئاینێک بکرێت جاچ بگاتە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە. تێپەڕاندنی ئەم سنورانە لەمەودوا قابیلی قبوڵ نییە..."

مەبەستەکەی بارزانی رۆشنە. دەڵێ:" ئەوەی بەناوی ئازادیەوە دەکرێ ئازادی نییە، فەوزایە و پێشێلکردنی مافی خەڵکی ترە( مەبەستی خۆیانە)! بارزانی لێرەدا بە ئاشکرا هەموو خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی کوردستان کە سەرجەم چالاکی سیاسی مۆدێرن بوون و تەنانەت کەمترین توندوتیژی تێدا بەکارنەهات، بێجگە لەوەی کە زۆر بە رۆشنی خواست و شیعاراتی سیاسی بەرزکردبوەوە بە فەوزا دادەنێت! بەڵام رفاندنی خوێندکارێکی زانکۆ لەبەردەم کۆلیژەکەیداو لەناو تەلبەندی دەزگاکانی ئاسایش و پاراستن و رێکخراوەکانی پارتیدا و بەبەرچاوی ئەوانیشەوە بگەیەنرێتە موسڵ و بکوژرێ و خۆیانی لێ بێدەنگ بکەن وەکو ئەوەی پوشێک لەسەرە شەقامەکانی هەولێر نەجوڵابێت، بەفەوزا و تێکدانی ئاسایشی ژیانی خەڵک و لاوان نازانێ! کاتێک خەڵکی ئازادیخواز بەرپرسیارێتی خۆیان بەرامبەر بە کۆمەڵگاو ماف و ئازادیەکانی و ژیانی تاکەکانی نیشان دەدەن لای مەسعود بارزانی کە گوایە سەرۆکی کوردستانە، بە ئاژاوەگێڕێ و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و رەوشتی مرۆڤایەتی دەژمێردرێ! رەخنەی پێشکەوتنخوازانەو مۆدێرن لە دواکەوتویی دینی بە سوکایەتی بە بیروباوەڕی خەڵک دادەنێت و مافی ئازادی بیروراو رەخنەگرتن لە خەڵکی تامەزرۆی ئازادی زەوت دەکات، بەڵام دەمی مەلاو بانگەوازخوازە ئیسلامیە تیرۆریستەکان دەکاتەوە بۆ

هێرشکردنە سەر بەها ئینسانی و سەردەمیەکانی مرۆڤ و سوکایەتیکردن بە نەیاران و ڕەخنەگرانیان و دەرکردنی فتوای کوشتن و تیرۆریان! بێگومان پێوانەکانی ئاسایش و مافەکان و ئازادی و بەهاکانی ئینسان و مرۆڤایەتی لای خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان شتێکەو لای مەسعود بارزانی و دەسەڵات و حیزبەکەی شتێکی دیکەیە!

دەکرێ بپرسین کەبۆچی ئەمرۆژانە مەسعود بارزانی ئەوەندە لە ئازادی سیاسی و بیروڕاو ڕەخنەگرتن نارەحەتە و ئەوەندەش سەری ڕێز بۆ بەها کۆنەپەرست و دواکەوتوانەکانی دەیان ساڵ لەمەوبەری کۆمەڵگای کوردستان و بەهاو پێوانە ئیسلامیەکان دادەنەوێنێت کە بەئاشکرا کەوتونەتە بەرامبەر شەخسیەت و  مافەکان و خواست و ئارەزوەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ژنان و لاوانەوە؟ بۆچی بەو حەماسەتەوە کەوتۆتە دژایەتی ئازادی و بەرگریکردن لە پیرۆزی و ڕەمزە نەتەوەیی و دینیەکان!؟

وەڵامەکە ڕۆشنە. مەسعود بارزانی دەیەوێ پیرۆزیی بنەماڵەکەی خۆی وەکو بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری کوردستان رابگرێ.  پیرۆزکردنی بەها ئیسلامی و ڕەمزە نەتەوەییەکان ئەو زەمینە بە پیتەیە کە پیرۆزکردنی دەسەڵاتی بنەماڵەکەی مەیسەردەکات. دەیانساڵ پیرۆزراگرتنی سونەت و بەها دینیەکان بەسەر سەری خەڵکەوە تاریکستانی دەسەڵاتی شێخەکانی سعودیە، چەتەکانی تاڵیبان، جمهوری ئینسانکوژی ئێران، ملهوڕیەکانی حەماس و حیزبوڵلای لوبنان بەسەر خەڵکەوە،  باندە قەمە بەدەستەکانی جەزائیر و سۆماڵ، تیرۆریستە ئیسلامیە نیشتمان پەروەرەکانی لای خۆمان و فتوای مەلا بەشیری ئەندام پەرلەمانی پارتی بۆ تیرۆری کۆمۆنیستەکان و ژنانی یەکسانیخوازی لێدەکەوێتەوە! هەروەکو پیرۆزکردنی ڕەمزە نەتەوەیەکانی لەبابەتی ئەتاتورک و  جەمال عەبدولناسر و سەدام حسین، شۆڤێنیزمی نەتەوەپەرستی تورک و عەرەب و سەرکوتی هەموو دەنگێکی نارازی ناوخۆیی و زیندان و ئەشکەنجەو کوشتنی نەیارانی سیاسی و ئازادیخوازانی لێکەوتەوە! ئەمە تەجروبە زیندوەکانی خەڵکی ئازادیخوازو کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاوڵاتیی ئەو وولات و  ناوچانەن لەگەڵ ئایدیاو کەڵچەری سیاسیی پیرۆزکردنی ڕەمزە دینی و نەتەوەییەکان! مەسعود بارزانی دەیەوێ لە پیرۆزیەکانی نەتەوەو ئاینەوە بە پیرۆزکردنی بنەماڵە بگات. بارزانی باوک و باپیر و کوڕەزا لە پرۆسەیەکی نەوە بەدوای نەوەدا وەکو میرنشینەکانی کوەیت و سعودیەو کەنداو میراتی پیرۆزییان بۆ بگوازرێتەوە و دەسەڵات و داهاتی"میرنشینی کوردستانی عێراق"، دوای ئەوەی کە تاڵەبانی نەیاری دەیانساڵەی ملی بە ئەمری واقیع دا، پشتاوپشت بۆخۆیان مسۆگەربکەن! هەرکەسیش بەدڵی ئەوان نەجوڵایەوە وونی بکەن!

من لێرەدا قسەی هاورێیەک دەگێڕمەوە کە لەگەڵ ئەو وەفدەی حیزبدا بووە کە دوای تیرۆری هاوڕییان شاپور عبدالقادرو قابیل عادل لە نیسانی 1998دا سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتیان کردبوو بۆ گفتوگۆ لەسەر هەڵوێستی نابەرپرسانەی پارتی دەربارەی ڕوادوەکە. کاتێک هاورێیانی ئێمە نامەیەکی کراوەی ڕێبوار ئەحمەد سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی حیزب

بۆ مەسعود بارزانی دەدەنە دەست مەکتەبی سیاسی پارتی، کە تێیدا بەرپرسیارێتی مەسعود بارزانی بەرامبەر بەو روادوە راگەیاندبوو، ئازاد بەرواری–ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بە تورەبونەوە دەڵێ: "هەرچی بە پارتی دەڵێن بیلێن، بەڵام بە بارزانی ئەوە قابیلی قبوڵ نیە، بارزانی سەرۆکە!" کەواتە پیرۆزکردنی سەرۆک بارزانی پرەنسیپی سیاسەت و ئایدیۆلۆژی پارتیەو مەسعود بارزانیش دەیەوێ وەکو چۆن ئەندامانی حیزبەکەی ملیان بەو پێوانەو بەهایە داوە، سەرجەم خەڵکی کوردستانیش والێبکات ملی پێبدەن!

لە تاوانی تیرۆری سەردەشت عوسماندا، مەسعود بارزانی خەڵکی ئازادیخوازو هوشیاری کوردستان بەوە تاوانبار دەکات کە بەبێ بەڵگەو هۆ هێرش دەکەنەسەریان، بەڵام کاتێک دەیانەوێ لەرێگای یاساوە بەرگری لە خۆیان بکەن، بەوە تاوانباردەکرێن کە ئازادی سیاسی پێشێل دەکەن!

رەنگە کەم کەس هەبن، تەنانەت لەناوخۆی پارتیشدا هەروەکو لە راگەیاندنە شەرفرۆشانەکەی مەکتەبی سیاسیاندا لەسەر ئەو روادوە خستیانەروو، بروا بەو قسەیەی مەسعود بارزانی بکەن! گوایە ئەم بەرێزەی کە هەزاران چەکدار و چەندین دەزگای نهێنی و سەدان کادری مەشقپێکراوی مۆسادو ساواک لەژێر فەرمانیدایە، بەشێکی دورودرێژ لە مێژووی کوردستان مێژووی کوشتن و شەرو پیلانی تیرۆرکردنی هەڵسوروانی کۆمۆنیست و چەپ و نەیارانی سیاسی پارتەکەی و خۆیان وەکو بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری ناو بزوتنەوەی کوردایەتییە و ئیستاش نیوەی زیاتری کوردستانیان بە زەبری چەکو تۆقاندن و پیرۆزکردنی خۆ خستۆتەژێر فەرمانرەوایی خۆیانەوە، ئەوەندە بێدەسەڵات بێت کە ناچارە پەنابەرێتە بەر یاسا تا وەکو هەموو هاوڵاتیەکی کوردستان پارێزگاری لە مافەکانی بکرێت! ئەو قسەیەشی کە دەڵێ بە بێ بەڵگە و هۆ تاوانبار کراون، لەلایەن هیچ ئینسانێکی هوشیاری کوردستان و تەنانەت دەرەوەی کوردستانیشەوە، مەگەر ئەوانەی بەرژەوەندی سیاسی و مالی تایبەتیان لەگەڵ پارتی وپارزانیدا هەبێ، جێگای بڕواپێکردن نیە!

سەردەشت عوسمان وتارێکی نوسیوە بەناوی"من عاشقی کچی بارزانیم!". دواتریش لە وتارێکی دیکەدا بەناوی "نە بارزانی خوایەو نە کچەکەی!" دوبارە رەخنەی لە دەسەڵات و تاپۆکانی بنەماڵەی بارزانی گرتوە کە بە قسەی ئازاد بەرواری بارزانی سەرۆکە و پیرۆزەو لەسەروو رەخنەوەیە! ئەم مەسەلەیە دوای تیرۆری سەردەشت ئیتر لە سنوری زانیاریەکانی دەزگا نهێنیەکانی پارتی و چەند خوێنەرێکی ئەو نوسینانەدا نەماوەتەوە، بەڵکو دەیانهەزار کەس نەک لەناوخۆی کوردستان بەڵکو لە ئاستی جیهانیشدا ئاگاداری ئەم نوسینانە بوون. کەواتە کرۆکی مەسەلەکە لە کەیسی سەردەشت عوسماندا رەخنەگرتن و بەزاندنی سنوری پیرۆزی بنەماڵەی بارزانیە!بەڵام لەپاڵ ئەم بەڵگە راستورەوانەدا، ئەگەر:

1– کەڵچەری کۆمەڵایەتی داخراوی ئەو بنەماڵە سیاسیەی کوردستان بێنینە پێشچاو و قسەکانی داود باغستانی دۆستی دێرین و هەمیشەیی بنەماڵەی بارزانی و پاشان

ئیعترافاتەکانی مەلا بەختیاریشی بۆزیادبکەین کە هەردوکیان پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە ناکرێ هێرش بکرێتەسەر ناموسی کەسی تر،

2- بێجگە لەدەیان بەڵگەی دیکەی لەبابەتی ئەوەی کە لەژێر دەسەڵاتی پارتەکەی بارزانیدا ئەو تاوانە ئەنجامدراوە، بۆ ماوەیەک لێی بێدەنگ دەبن و دواتر بە هەڕەشە لە خۆپیشاندەران دێنە وەڵام،

3- بەردەوام لەزمانی خودی بارزانیەوە ئینکاری ئەوە دەکرێ کە سەردەشت رۆژنامەنوس بوبێتو تەنها وەکو قوتابییەک ئەیناسێنن، لەکاتێکدا وتارەکەی"من عاشقی کچەکەی بارزانیم" راستەوخۆ رووی لە بارزانیە،

4- ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوەندەی بارزانی لە خۆپێشاندانەکانی خەڵک توڕەیە و بەسەدان زمان و چەندینجار دەیڵێتەوەو هەڕەشە دەکات، نیوئەوەندە نارەحەتیی خۆی لەتیرۆرەکە نیشان نەداوە،

5- هەروەکو شاردنەوەی پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەو دیارنەبوونی هیچ سەرەداوێک و دواخستنی سەرجەم کەیسەکە بەئومێدی سازکردنی سیناریۆیەک کە لەکەمپەینی پڕوپاگەندەی حیزبەکەشیاندا بەشێکیان نیشاندا،

ئەمانە هەمووی بەڵگەو هۆی لۆژیکین کە بکرێ ئەوانی پێ تۆمەتبار بکرێ.

کەواتە جەنابی سەرۆک خەڵک بە بێ بەڵگەو هۆ ئێوەیان تۆمەتبار نەکردوە، ئەوە ئێوەن کە سەرەڕای بوونی بەڵگەی رون و ئاشکراش لەسەرتان کەچی هێشتا نەک هەر ئینکاری لە دەوری خۆتان لەو تاوانەدا دەکەن، بەڵکو خەڵکی کوردستانیش بە ئاژاوەگێڕو تێکدەری بەها ئینسانیەکان تاوانباردەکەن! بۆیە ئەگەر دادگایەکی بێلایەن و عادیلانە هەبێ دەبێ ئێوە، سەرەڕای کەیسی تیرۆری سەردەشت، دەبێ لەسەر تۆمەتەکانیشتان بۆ خەڵکی کوردستان و هەڕەشەی دەمکوت وسەرکوتکردنیان و پێشێلکردنی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ دادگایی بکرێن.

**جەنابی سەرۆک سەردەشت بەتەنیا خوێندکار نەبوو، ئەو ی رۆژنامەنووس بوو**

کاوەحەسەن

چەند جارێک لەمیدیاکانەو دسەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی ئەوە دووپاتدەکاتەوە کەگوایە سەردەشت عوسمان رۆژنامەنووس نەبوو، بەڵکو خوێندکار بوو. ئەوەی جێگەی سەرنج و مەسخەرەیە لەم دەربڕینەی سەرۆکدا بەکارهێنانی ووشەی خوێندکارەکەبۆ تەم ومژاویکردنی

سەیلقەڕۆژنامەنووسیەکەی سەردەشت عوسمان بەکاری دێنێت. لەڕێگەی ئەم جۆرەدەربڕینانەوەسەرۆک پێی وایە ئەو مرۆڤەی لەژێر دەستەڵاتەکەی ئەودا تیرۆر کرا خوێندکارێک بوو نەوەک ڕۆژنامەنووسێک. بۆیە سەرۆک پێمان دەڵێت تیرۆرکردنی خویندکارێک زۆر گەورە نەکەین. ئەم دەربڕینەی فەخامەتی سەرۆک لەوێوەسەرچاوەدەگریت کەئەو ئەیەوێت تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنووس بەخێرا تێپەڕێنێت و ئەو بەهایانەی کەسەردەشت گیانی لەپێناویاندا بەخشی بێنرخ بکات. ئەم هەوڵەچەوتەی سەرۆک بەمەبەستی هێورکردنەوەی شەپۆلی تووڕەبوونی خەڵکی کوردستان بوولەبەرامبەر دەستەڵاتەکەی ئەو و هاوپەیمانەکانی کەدوا دیارییان بۆ خەڵکی کوردستانتیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسێک بوو کەگشت هەوڵەکانی خستبوو گەڕ بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی و چاسوورکردنەوەی حزبەکان و تووڕهەڵدانی ئەو بتەبێکەڵکەبەناو پیرۆزانەی کەبۆ چەندین دەیەیەخەڵکی کوردستان ناچار کراونبیان پەرستن.

سەرۆکی هەتایی،سەردەشت عوسمان دەکرا ببێت بە بەشێک لە سیمای ئازادی خوازی و ژیانێکی پڕمانای نەتەوەیەک، کەچی لەچاوتروکاندنێکدا لەپەنای دەستەڵاتەکەی تۆدا لەنێو چوو. هەڵوێستە چەوتەکانی سەرۆک لەبەرامبەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشتدا بەتەنیا لەڕێگەی دەربڕین چاوسوورکردنەوەکانەوەنییەلەخەڵکی، بەڵکوئەم دەربڕینەی تێگەشتنە هەڵەکانی تری سەرۆکمان سەبارەت بەزۆر گرفتی تر پیشان دەدات. دەرئەنجامی ئاخافتنەکانی سەرۆک گیرۆدەبوونی نەتەوەیەکەمان پێڕادەگەیەنن کە سەرۆک و سەرکردەکانی هێندە بێدەربەست "یاخوود" ناحاڵین کەنازانن سیمبول یاخوود سیما بەرچاوەکانی نەتەوەکان چیتر بەکەتافەلەبەر و پاڵەوانەکانی شەڕەخوێناویەکانیان ناناسرێنەوە. نەتەوەکان بەسەرکردەسیاسییەکانیانناناسرێنەوەکە بۆ چەندین دەیەیە سەرۆکن و کەچی کەکەسێک تانەیەکیان لێدەگرێت، بیجگەلەلولەی تفەنگ و زبانی هەڕەشەو پاوانخوازی خۆیان و بنەماڵەکانیان بۆ حوکمڕانی هیچ شتێکی تر بەبیریاندا نایاتەوە.

جەنابی سەرۆک، ئەمڕۆ پۆپیولاّرەتی نەتەوەکان بەتەنیا بیرەنەوتەکان نییە، بەتەنیا زیندوو ڕاگرتنی سەرکردە مردووەکانی نییە، ئەمڕۆ سیما و سامانی نەتەوەکان بەبەرزکردنەوەی باڵەخانەی بەرز و میوانداریکردنی کۆمەڵێ کۆمپانیای دز و سەرکردەی سیاسی تاوانکار و خوێنڕێژ نییە. جەنابی سەرۆک ئەمڕۆ سیما و سامانی نەتەوەکان، ئەو توانایانەیەکەژیان لەسەر گۆی زەوی ئاسانتر و ئارامتر دەکەنەوە، ئەمڕۆ نەتەوەکان بەوە ئەناسرێنەوە چەند لەکاروانی پێشکەوتن و ئاشتی و ئارامی و ڕاگرتنی حورمەتی ئینسانی تاکەکان و هاوڵاتیانی خۆیاندا دوا نەکەوتوون. سیمای نەتوەکان بەوە دەناسرێنەوەکە سەرکردەو دەستەڵاتەکانیان چەند ئازادییان، نەک بەتەنیا لەبازاڕدا، بەڵکو لەگشت چەمکەکانی تری ژیاندا بەرقەرار کردووەلەکۆمەڵگاکانیاندا.

جەنابی سەرۆک، لەگشت ئەمانەش گرنگتر، سیمای وولاّتان بەوە دەناسرێتەوە کەچەند مۆرڤی کاراو لێهاتوویان بەرهەم هێناوەیاخوود هەیە. جەنابی سەرۆک، کاتێک باس لەتبێت

دەکرێت، مرۆڤ ناتوانێت ئارامی و ئارەزووی ئاشتی خوازانەی "دلای لاما" پشتگوێ بخات. کاتێک باسی مێژووی خەباتی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی هندستان دەکرێت، ئێمە ناتوانین چاوپۆشی لەوینەووشک و زڕهەڵاتووەکەی گاندی بکەین کە نیگای تەپوتۆزای ئەو، وانەیەکە خەباتکردن بە بێ توندوتیژیمان فێر دەکات. سەرۆک نمونەزۆرەبۆت ڕیزبەکەم، تۆ تەماشای خوێندکارێکی تر بکە " Terry Fox" کەتەمەنی ئەویش لەتەمەنی سەردەشتی ژێردەستەڵاتەکەی تۆ درێژتر نەبوو، بەڵام ئەو سەرباری ڕەخنەتوند و تیژەکانی لەدەستەڵاتدارانیووڵاتەکی "کەندا" سەبارەت بەکەمتەرخەمی کردنیان و دابین نەکردنی پارەوپووڵی پێویست بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ نەخۆشی شێرپەنجە. کەچی ئەو نەک تیرۆر نەکرا، بەڵکو بوو بەسیمبولی ووڵاتەکەی لەگشت دنیادا. ئەو توانی بەتەنیا یەک قاچەوەهەزاران کیلۆمەتر ڕابکات و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی چارەسەر بۆ نەخۆشی کوشندەبکاتەنەک بەتەنیا کێشەی ووڵاتەکەی ، بەڵکو زۆربەی دانشگاکانی دنیاش شپرزەبکات بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی چارەسەر بۆ نەخۆشی شیرپەنجە.

فەخامەتی سەرۆک، سەردەشت بەتەنیا خوێندکار نەبوو، ڕۆژنامەنووسیش بوو، وەئەگەر حەوسەڵەی تەسکی سیاسی هەرێمەکەی تۆ بەرگەی قسەو ووتارەکانی ئەوی بگردابایە، گشتمان سوودمەند دەبووین و رزگارمان دەبوو لەو گەندەڵی و پاشاگەردانییەی کەلەدەستەڵاتی کوردی لەگەڵێدا خەریکەپیروخەڕۆ دەبێت. فەخامەتی سەرۆک، هەرچەندەئەم دێڕانەی سەرەوەهاویشتنی تیرێکەبۆ نیشانەیەکی زۆر دوور کەچانسی پێکانیشی زۆر زۆر کەمە، بەڵام دەکرێتتۆ دەستبەرداری ئەو جۆرەپاساوەنادرووستانەببیت. دەکرێت لەبری ئەوەی هەڕەشە لەخەڵکی کوردستان بکەیت کەئاسایشی هەرێم دەشێوێنن وپاساو بۆ تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسێک بهێنیتەوە، دان بەوەدا بنەیت کەئەو ڕۆژنامەنووسێکی خویندکار بوو، تیرۆر کردنەکەشی بەتەنیا لەبەر هەڵوێستەسیاسیەکانی بوو بەڵام هیچی تر.

سەرەتای مانگی شەش 2010

**کوشتنی (سەردەشت)، گومان و پەیام**

سیروان بابەعەلی

(بۆئەوەی نەبمە تێرۆریست، بوومە ژۆرنالیست!)، ئەو گوتەزایە دەربڕینێکی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی بەنەژاد جوو (هێنریک برۆدەر *١٩٤٦)ە لە پەڕتووکی (ئۆخەی! خۆمان بەدەستەوە دەدەین)دا. هەرچەندە ئەو لەوێدا لە کۆنتێکستی تێرۆرسازیی پەڕگرە ئیسلامییەکان دەدوێت؛ بەڵام لە کورتەی گێڕانەوەیەکی ژیانی خۆیدا، ئەوە جەخت دەکاتەوە

کە (یەک مووی مابوو ببێتە تێرۆریست) هەربۆیە لە هەڵوێستێکی پێچەوانەدا بووە ڕۆژنامەوان.

زۆربەی پێناسەکان سەرەڕای فرەییان، لەسەر ئەوە کۆکن، کە (تێرۆر)، واتە ترساندنو تۆقاندندن، بە مەبەستی ئاڕاستەکردن بە بارێکدا (زۆربەی کات بارێکی رامیاریی) سەرهەڵدەدات، سەرەتاش بە فشار لەسەر بەرزەفتکردنو نووچانەوەی هزر دەست پێدەکات تا دەگاتە لەناوبردنی جەستەیی. ئەوەش ئاشکرایە کە زەقتریین خەسڵەتی تێرۆر سەرچاوە داپۆشراوەکەیەتی.

لە بەرانبەردا، دیارتریین خەسڵەتی رۆژنامەوانیی، ئاشکراکردنو رووهەڵماڵینی داپۆشراوەکانە. کەواتە رۆژنامەوانیی گەورەترین دوژمنی تێرۆریزمە؛ رۆژنامەنووسانی ئازادیش بەدفەساڵترین ناحەزانی تێرۆریستانن.

دەسەڵاتی کوردیی لە پرۆسەی هێشتنەوە لە بێپەروەردەییدا، بەردەوام هەوڵی نابووتکردنی کۆمەڵگەی داوە. کارەساتێکی مەزنە، کاتێک ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆ، زامدار بە تاوانی کوشتنی (سەردەشت)، لە تەلەفیزیۆنەوە بڵێن: (بە چ تاوانێک کوشتیان!)... وەک ئەوەی خودی چەمکی (کوشتن) رەوایەتییەکی هەبێت؛ لە کاتێکدا پرسیارەکە نابێت تەنانەت ئەوەش بێت: (بۆچیی کوشتیان!). وادیارە ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناخەی فشار بەرەوە گۆڕانی راستەقینە لە کۆی سیستمێکدا دروست بکەین؛ ئەگینا پرسیاری راستەقینەمان دەکرد. گوتەی راستەقینە لەوێدا بە بڕوام ئەوەیە بڵێین: (ئێوە کوشتتان؛ دەبێت بچنە بەردەم دادگایەکی دادپەروەر، ئەگینا ناهێڵین بەو شێوازە بەردەوام بن). چونکە لە سەرزەمینی رەوایەتییدان بە کرداری (کوشتن)دا، ئەوە تەنها پێگەی دەسەڵاتدارییە، خواستی (کوشتن) بە هەرهۆیەک بێت، لەنێوان دەسەڵاتو هێزێکی کۆمەڵایەتییدا لەیەکتر جیادەکاتەوە.

کاتێک مرۆڤێک بە خواستی ئازادانەی خۆی، لە پێناوی دۆزێکدا (بۆ نموونە: نیشتیمان) گیانی خۆی بەخت دەکات تایبەتە بە خواستی خودی مرۆڤەکە؛ بەدەر لەوە، لە فەلسەفەی ئازادیی تاکدا، بەهای تاک هاوشانی بەهای گشتە؛ تەنانەت رزگارکردنی سەدان کەسیش، پاساو نییە بۆ کوشتن یان بەکوشتدانی تەنها مرۆڤێک!

هێشتا هیچ بەڵگەیەکی لەڕووی یاساییەوە بەرجەستە (مەلموس) لەبەردەستدا نییە (کێ سەردەشتی کوشتبێت)، منیش راستەوخۆ کەس تاوانبار ناکەم؛ بەڵام دەیان گریمانەی بەرهەستە (مەحسوس) لەبەردەستدان، کە کام پارت بەرپرسە لە تاوانکارییەکە.

گومانو گریمانە، بەشی تاوانبارکردنی یاسایی پارتێکی رامیاریی ناکەن، نەخاسمە لە رەوشێکیشدا کە پارتەکان خۆیان هەموو یاسایەکن؛ رۆژانە هەتکی هەموو رێسایەک دەکەن. بەڵام کوشتنی لاوی خوێندکارو رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) کۆمەڵگەیەکی هەژاندووە. (بەرە)ی دەسەڵات تەنک تەنک بووەو وادەی دڕانی هاتووە؛ گەر تاوانباران نەهێنرێنە بەردەم

دادگا، بارودۆخەکە هەروا تێناپەڕێت. گوتەزایەکی سەرەتای شەستەکانی (ماندێلا) هەیە دەڵێت: (تیرۆری دەوڵەت بۆیە کاریگەریی زیاترە، چونکە توندوتیژیی بەرانبەر، بەرهەمدێنێت).

پیشەی (سەردەشت)؛ هەڵوێستو نووسینەکانی؛ گریمانەکان سەبارەت بە مۆتیڤی تاوانەکە؛ شوێنو شێوازی تاوانەکە؛ پەیامی تاوانەکە؛ توانای راپەڕاندنی تاوانەکە؛ هەروەها لەیەکچوونی تاوانەکە لەگەڵ تاوانی کوشتنی (سۆران)دا...هتد؛ ئەوانە هەرهەموویان، گومانی زۆر گەورەو گریمانەی زۆر ژیربێژانەی لا دروستکردووین کە دەزگا نهێنییەکانی (پدک) بەرپرس بن لەو تاوانە.

ئێمە هەمووومان دەزانین، کە ئەو پارتە تا ئێستاش لە ناوچەکانی خۆیدا دەسەڵاتی خودایەکی هەیە، توانای سیخوڕیو هەواڵگریی هێندە راهێنراوو بەهێزە؛ تەکنیکو تەکنۆلۆژیای بەردەستی هێندە کاریگەرن، کە بتوانێت زۆربەی تاوانەکان بەگشتییو ئەو جۆرە تاوانە بە تایبەتیی، بدۆزێتەوەو ئاشکرایان بکات. گریمانەمان ئەوەیە، تەنها لە کاتێکدا ناتوانێت ئەو تاوانە (کوشتنی سەردەشت) ئاشکرا بکات، کە نایەوێت ئاشکرای بکات؛ کە رایەڵەکانی پچنەوە سەر خۆی.

گومانێکی تر لە (پدک) بە بڕوام ئەوەیە:

ئێمە بەدڵنیایی دەزانین، کە دەزگا نهێنییەکانی (پدک، ینک) لەدوای راپەڕینەوە تا ئەمڕۆ، دەیان کەسیان شوێنبزرو رەشەکوژ کردووە. بەڵام گەر ئەوان لە مەرامو ئامانجیشدا جیاوازییان زۆر نەبێت، هێشتا لە میکانیزمدا جیاوازییەکی کەمیان هەیە. ئەو جیاوازییە وا دەکات، ژمارەیەکی زیاتری شوێنبزرەکان لەسەر کاوەنتی (ینک) بنو ژمارەیەکی زیاتری راستەوخۆ تیرۆرکراوەکان لەسەر کاوەنتی (پدک) بن. ئەو دیاردەیە پەیوەستە بە ستروکتوری بنەڕەتیی دروستبوونی ئەو دوو پارتەوە.

(ینک) لە سەرەتای دروستبوونیدا رێکخراوی خێزانو بنەماڵە نەبوو... تا ئەمڕۆش بەگڕوفڕو پڕۆپاگەندە پارتێکی سۆسیالدیموکراتەو هەوڵ دەدات رێگەنەدرێت تۆمەتبارکردن لەسەری زەق ببنەوە. هێندەی ئەوەی کار لەسەر ناوزڕاندن؛ کڕین؛ نانبڕین؛ دروستکردنی تۆمەتی یاسایی؛ کلکلەمستیی؛ هەتککردن دەکات؛ ژێراوژێر لەمپەڕەکانی بەردەمی لادەباتو ئاسەوار دەسڕێتەوە... ئەوەندە بایەخ بە تۆڵەی راستەوخۆ نادات.

بەڵام (پدک) تەواو پێچەوانەیە. ئەو وەک هەرخێڵو بنەماڵەیەکی کۆنەپارێز، هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە، سروشتی وەهایە؛ تۆڵەی خوێنو پرێستیژی بریندارکراوی بنەماڵە راستەوخۆ بکاتەوەو هەر بەوەشەوە نەوەستێت، بەڵکو بەو کارە پەیامێکیش وەکو هەڕەشە ئاڕاستەی ئەوانیتر بکات.

وەک گوتم، بەڵگەی بەرجەستەمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام وەک دیارە، کوشتنی (سۆران) پەیامێک بوو بۆ (سەردەشتەکان)و کوشتنی (سەردەشت)یش پەیامە بۆ هەمووان!

(سەردەشت) لەو وتارانەیدا کە بڵاوبوونەوە، جگە لە کۆمەڵێک راستیی بەرهەست، هیچی دیکەی نەگوت؛ لە خراپترین داوەرییدا، گەر شتی ناڕاستو بەدیشی گوتبا، دەبا بدرێتە دادگا، نەک بکوژرێت... ئەو تاوانە دواپلەی بێڕۆمەتییە. گەر (پدک) دەیەوێت گومانەکان بڕەوێنێتەوە، با تاوانکاران بهێنێتە بەردەم دادگا.

بەڵام ئاگادار بێت، کۆمەڵگە ئەمڕۆ زۆر وریایە، با سیناریۆی خستنەسەرتەلەفزیۆنو لەسێدارەدانی خۆبەخۆ ئامادە نەکات... نابێت ئەو دەسەڵاتەی گومان لەخۆی دەکرێت، پرۆسەی دادگاییکردن بۆ تاوانباران لەژێر دەسەڵاتیدا رێکبخرێت!

**با لە چلەی سەردەشتدا کۆمەڵگە ڕابگرین !**

تاهیر حەسەن

ئەمڕۆ سیوحەوت ڕۆژ بەسەر ئەو چرکە ساتانەدا تێدەپەڕێ ، کە دایکوباوک و برا و هاوڕێیان و کەسوکار و خۆشەویستان و سەرجەم خەڵکی کوردستان لەوە دڵنیا دەبن ، کە ڕۆڵەیەکی ئازاو جەسووری خۆیان (سەردەشت عوسمان) یان لە دەستدا. سیوحەوت ڕۆژ تێپەڕی و تا ئێستا هیچ نیشانەیەک لە ڕووخساری ئەو گیانەوەرە چەکدارە دڕندانەوە ، کە ئەو تاوانەیان ئەنجامدا دیار نیە!. سیوحەوت ڕۆژ تێپەڕی و جگە لەپووچترین و پڕدرۆترین ڕاپۆرتی (لیژنەی لێکۆڵینەوە)کەی بارزانی ( کە دەڵێ لەهەموو کەس نارەحەترم بەو ڕووداوە) شتێکی ترمان نەبینی!. تۆ بڵێی کێشەی ئەو لیژنەیە(دیارە ئەگەر بەڕاستی هەبێت) چی بێت؟. هەر لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی هەر کارێک پێک بێت ، دەتوانێ لەماوەی کەمتر لەچلوهەشت سەعاتدا ڕاپۆرتی خۆی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکات و بڵێ لێرەوە دەستمان پێکرد و گەیشتوینەتە ئەوێ ، فلان کێشەمان هەیەو لە فلان نهێنی هێشتا حاڵی نین. بەڵام دیارە ئەگەر لیژنەیەک خۆی تەرەفی سەرەکی بێت لەو هێزەی کە کارەساتەکەی خوڵقاندووە ، ئیتر سەختە بەئاسانی بێت وکلافەی درۆ بچنێت وبیکاتە ملی خەڵک. کەسانێک کە خۆیان نەخشەکێش وجێبەجێکەری خوڵقاندنی بەئاشکراو بەڕۆژی ڕووناکی تراژیدیایەک بووبن ، هەوڵدان بۆ نیشاندانی ڕوویەکی پێچەوانەی ئەوتراژیدیایە کارێکی ئاسان نیە. هەر بۆیە لەماوەی ئەم سیوحەوت ڕۆژەدا هەرچی لێدوانێک کە پارتی و دەزگاحزبیەکانی ولیژنە بێ ناوو بێ دەموچاوەکانی داویانە بۆ خەڵک ، نەک هەر شکوگومانی خەڵکی کوردستانی بە تێوەگلانی پارتی لەتیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسماندا نەڕەواندۆتەوە ، بەڵکو خەڵکی بە پێچەوانەکەی گەیاندووە.

ئێستا ئیتر هیچ کەسێک ، ئەگەر ویژدانی بەبەرژەوەندیەک نەفرۆشتبێ ، گومانێکی لەوە نەماوەتەوە کە پارتی و دەزگای پاراستنەکەی بە تیرۆری سەردەشت عوسمان تاوانبارە. بەڵام ئەم ڕاستیە هێشتا نیوەی مەسەلەکەیە. نیوەکەی تری ئەوەیە کە چۆن و چی بکرێت بۆ ئەوەی تاوانباران بکێشرێنە دادگاو دادگایی بکرێن ؟. تا ئەگەر تاوانەکەیان سەلمێنرا سزای تاوانەکەیان وەربگرن وئەگەریش بەرائەتیان سەلمێنرا ئازاد بکرێن ودەست لەیەخەیان بکرێتەوە. بەڵام لایەنی داواکراو لەلایەن دادگای عادیلانەو سەربەخۆ و ئاشکرای خەڵکەوە ، کەسانێک نین کە لەدادگا هەڵهاتبن و لە هەمووان بخوازێت کە زانیاری لەسەریان کۆبکەینەوەو هاوکاری دادگاو پۆلیس بکەین بۆ دەستگیرکردنیان . لایەنی تاوانبار بارەگای مەکتەبی سیاسیەکەی و ئۆفیسی سەرۆکەکەی وان لەشاری هەولێرو دووهەواری هاوینەی گەورەو گرانی خەڵکیان داگیر کردووە . سەرۆکەکەی بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان پێری لە ئەنکاراو دوێنێ لە بەرلین و ئەمڕۆ وسبەی قەرارە بچێتە پاریس !. بۆیە هێزێکی گەورەی جەماوەری ڕێکخراوو بەرچاو ڕۆشنی فراوان چ لەدەرەوەو چ لەناوەوەی کوردستان پێویستە ، تا بتوانێ تاوانباران ڕاپێچی دادگایەکی عادیلانەی سەربەخۆی ئاشکرا بکات .

بەیاننامە پڕ هەڕەشەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی و دواتر لێدوانەکەی مەسعودبارزانی لە پەرلەمان ، ئەو ڕاستیە دەخاتە نێو ووشکترین کەللەوە. کە دەزگا نهێنیە ئینسانکوژەکانی پارتی ، بەوهۆیەوە کە سەردەشت عوسمان کۆمەڵێک ووشەی لەدژی دەسەڵاتی فیرعەونی مشتێک سەرمایەداری کورد خستووەتە سەر کاغەز و بەمەش هێڵەسوورەکانی ئەوانی بەزاندووە ، ناوبراویان تیرۆر کردووە. پەیامی دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان دەمێکە گەیشتووە. ئەگەر کەسێک تائێستا لە ناوەڕۆکی پەیامی سەرمایەدارانی دەسەڵاتداری کوردستان ، لەمەڕ مافە سەرەتاییەکانی خەڵک بۆ بیرکردنەوە و عەقیدە ، بۆهەڵسوڕانی سیاسی وڕێکخراوەیی ، بۆ ئازادی ڕادەربڕین وچاپەمەنی وڕۆژنامەوانی حاڵی نەبووبێ ، تیرۆری سەردەشت عوسمان وهەڕەشەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی و هەڕەشەکانی مەسعودبارزانی دەبێ ئیتر حاڵی کردبێ. پەیامی ئەوان گەیشت ، ماوەتەوە پەیامی شایستەو پڕ بەپێستی جەماوەری ناڕازی ملیۆنی خەڵکی کوردستانیش بگات بەوان . هاتنەمەیدانی شایستەی خەڵکی شاروشارۆچکەکانی کوردستان ، خوێندکاران و لاوان و ژنان و ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان لە دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان ، سەرباری ناڕێکخراوی و پەرشوبڵاوی و نەبوونی ناوکۆکەیەکی مەحکەمی ڕابەرایەتیەکی بەردەوام وئاسۆیەکی ڕۆشن ، سەرەتای ئەو پەیامەیە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان دەیانەوێ بیدەن بە دەسەڵاتداران.

بۆیە بەبێ هیچ پێچوپەناو ئەمما وئەگەرێک . ئەگەر سەربەخۆ لەوەی چۆن بیردەکەینەوە ، ئەگەر سەربەخۆ لەوەی چ بیروبڕوایەکی جیاوازمان هەیە وبەسەرلایەنگری لە چ حزب وپارت و کۆمەڵەیەکدا دابەشبووین ، ئەگەر بەهەق دەمانەوێ خوێنی سەردەشت وئەو سەردەشتانەی کە ماون وئاواتەخوازی ئەوەن لە کۆمەڵگەیەکی ئارام وئازاد وئینسانیدا ژیان بەسەر بەرن وجارێکی ترنەکرێنە قوربانی دووقسەی نێو ڕۆژنامەو میدیاکان ، یان فەنتازیایەکی هونەری

وئەدەبی ڕۆژنامەوانی. ئەگەر دەمانەوێ بەخوێنی سەردەشتی دوێنێ ، خوێنی سەردەشتە زیندووەکانی ئەمڕۆ بپارێزین ، ئەگەر دەمانەوێ خوێنی سەردەشتیش وەک خوێنی سۆرانی مامە حەمە و دەیانی پێش خۆی لەئەرشیفی تاوانەکانی ئەحزابی دەسەلاتداردا هەلْنەگیرێ ، ئەگەر سەردەشت ووتەنی قەرار بێ لەو شوێنەدا کە ئەو نوقتەی داناوە ، بواری ئەوە هەبێت هاوڕێیەکی تری بێ ترس بچێتەوە سەری دێڕ. دەبێ نەهێلْین ئەم زیانە گەورەیە لە کۆمەلْگەکەمان هەروا بەئاسانی بڕوات.

بڕوا بکەن خۆ کوژیە ، ئەگەر کەمترین گومانمان لەو ڕاستیە هەبێت ، کە ڕادەی کرانەوە یان داخرانی کۆمەلْگەی کوردستان بە ڕووی ئازادیدا لە دوای تیرۆری سەردەشت عوسمانەوە بەتەواوی بەستراوەتەوە ، بەڕادەی لەمەیداندا مانەوەی جەماوەری ناڕازی خەلْکی کوردستان و پێداگری جەماوەریان لەسەر ئاشکراکردنی تیرۆریستانی سەردەشت و هەموو ئەوانەی نەخشەکێش و جێبەجێکەری ئەو تاوانە بوون . ئەم بزمارە تیژە ژەهراویە بە جەستەی کۆمەلْگەدا بچێتە خوارەوە ، نەخۆشی سەرەتانی تیرۆر و دەم بەستن دەبێتە کاری هەمە ڕۆژە ، ئامانج لەم سیاسەتە ئەنفالی تەواوی ئازادیە . ئەوانە بانک بڕ نەبوون بۆ بڕینی بانکەکە ناچار بووبێتن پاسەوانێکی نێو بانکەکە بکوژن تا دەربازبن. نەخشەکێشەرانی تیرۆری سەردەشت دەزانن بۆچی و بەچ مەبەستێک تیرۆری دەکەن و سبەینێ چی لێ دەچیننەوە.

بۆ ئەمە دەبێ ناڕەزایەتیەکانمان بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەبێت. ئەوە ڕاستە کە خەلْک ناتوانێت هەموو ڕۆژێک خۆپیشاندان بکات . بەلام دەکرێ هەر ئەم چەند ڕۆژەی کە بەدەستەوە ماوە لە چلەی سەردەشتدا خۆمان بۆ مانگرتنێکی سەراسەری لە کوردستان ئامادە بکەین . داوابکەین کە قووتابخانەکان دابخرێن ، دووکانەکان نەیکەنەوە ، زانکۆکان چۆلْ بکرێت ، کارگاکان کار ڕابگرن ، ئەگەر بۆ تەنیا یەک سەعاتیش بێت . پاسەکان و تاکسیەکان و هۆیەکانی تری هاتوچۆ ڕابوەستن ، نادیەکان و سەنتەرەکان دایبەخەن . بە کورتی هەموومان ئاگاهانەو بەمەبەستی داواکردنی پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆ لە پارتی بۆ بەدواداچوونی بکوژانی سەردەشت عوسمان و ڕاکێشانیان بۆ دادگایەکی ئاشکراو عادیلانەی سەربەخۆ ، کۆمەلْگە ڕابگرین . ئەمە کارێکی کردەنیە. هەر لەم مانگەدا بوو خەلْکی کورستانی ئێران بۆ دەربڕینی نەفرەت وناڕەزایەتیان لە دژی ئیعدامکردنی پێنج زیندانی سیاسی کۆمەلْگەیان بە مانگرتنی سەراسەری ڕاگرت . ئەوە ئاشکرایە کە تەنیا کار بەمە تەواو نابێت . بەلام ئەم کاردانەوە جەماوەری و فراوانەی کۆمەلْگە پەیامی چەندین ملیۆن ئینسان بوو بە دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی ، کە ئێمە تۆمان ناوێت .!

بچووکبوونەوەی دنیا و تێکەلاوبوونی سەرسوڕهێنەرانەی بەیەکتری ، بەهۆی گەشەی بێ ئەوپەڕی تەکنۆلۆژیای گەیاندن وبیستن وبینینەوە ، شتێک نیە تەنیا بۆ کۆمەلْێکی کەم لە سەرۆکی دەولْەتەکان و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان داهێنرابێت . ئەو توانایە لەبەر دەستی ئێمەشدایە . دەتوانین لە ئاستی نێو دەولْەتیدا گەورەترین پشتیوانی بۆ خواستی خەلْکی

کوردستان بە ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت عوسمان ڕابکێشین ، کەم نین تا ئێستا ئەو ناوەند وڕێکخراوو کەسایەتیانەی بەدەنگمانەوە هاتوون وپشتیوانیان کردووین ویەخەی سەرۆکی پارتی وپەرلەمانیان گرتووە. دەتوانین وا بکەین کە سەرانی دەسەڵاتدارانی کوردستان لەهەر جێگایەکی دنیاوە دەرکەوتن ، لەگەڵ نارەزایەتی ئێمە بەرەو ڕوو ببن . نابێ بهێڵین لەکوردستان بەڕۆژی ڕووناک ڕۆژنامەنووس بدزن ودواتر تیرۆری بکەن و لەدەرەوەی کوردستانیش وەک نوێنەری خەڵکی کوردستان ولایەنگرانی ئازادی ودیموکراسی خەریکی ڕازاندنەوەی ئێوارە خوان بن . چارەنووسی ئازادی لە کوردستان بە تەواوی لە گرەوی کێشمەکێشی بەرەی ملیۆنی ئازادیخوازانی کۆمەڵگە لەگەڵ دەسەڵاتدایە ، نەک هیچ شتێکی تر.

10 حوزەیرانی 2010

**سەردەشت "مەسیح"ێک بۆ ئازادیی!**

**کازم قادر**

لە چیرۆکی مەرگی مەسیحدا،ئێمە مەسیحێک دەبینین لەمەرگ هەڵنایەت،بەرپێی چیرۆکەکە،مەسیح ئاگەرداری نەخشەی کوشتنەکەیێتی،واتەئەو دەزانێت دەیگرن و سوکایەتی پێدەکەن و دواجاریش لەخاچی دەدەن. هەڵبەتەلێرەدا قسەلەسەر ڕەهەندی خورافیی چرۆکەکەو ژیان و سەربوردەکانی مەسیح لەڕوانگەی میتافیزیکیێوەنییە،ئەوەکەلەوانەیەئەو چیرۆکەو هەموو ئەوانەی لەبارەی ئەوەوەگوتراون،هەر لەبنەڕەتەوەجۆرێکیتر بووبێتن،بەڵکو قسەلەسەر حیکایێتی ڕاستگۆیی و لەو پێناوەشدا ئامادەیی ئەو (مەسیح)ـە بۆ مەرگ.مەسیح لەپێناو باوەڕەکەیدا نەک لەمەرگ هەڵنایەت، بەڵکو لەڕێگەی نان و شەرابەوەکەئاماژەن بۆ جەستەو خوێنی ئەو،مەرگی خۆی بە هاوەڵانی ڕادەگەیێنێت،پێیان دەڵێت ئەو نان و شەرابە،جەستەو خوێنی منە،لەپێناو ئێوەدا بەخت دەبێت و دەڕژێت.

(سەردەشت)یش دەڵێت:(لەچەند رۆژی رابردوودا بۆ یەکەمین جار پێیان گوتم، کە تەمەنت چەندی نەماوە، یان بەگوتەی خۆیان مۆڵەتی هەناسەدانم لەم شارەدا نەماوە، بەڵام نە باکم بەمردنە و نە ئازاردان، لەچاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەمم تا دیداری بکوژەکانی خۆم بکەم)

لێرەدا خاڵی لێکچووی مەسیح و سەردەشت چاوەڕوانیی جەلادو ئامادەگییانەبۆ مەرگ،ئەوەکەهێشتا مەسیح و سەردەشت لەژیاندان و هەناسەدەدەن،پەیوەندی بەکاتەوەهەیە،لەوانەیەبتوانین بێژین ئەوان بەر لەساتی هاتنی جەلاد، زیندوویێکی مردوو بوونە،سەردەشت وەک مەسیح_وەک خۆیشی لەنوسینێکیدا ئاماژەی پێدەدا:( هەوڵ دەدەم هێندەی حەزرەتی مەسیح راستگۆبم لەگوتەکانما...)هوشیار بووەهەم بەتەحەدا کردنەکەی و

هەمیش بەڕاستگۆییەکەی خۆی، هەروەها دەتوانین ئەوەش بێژین کەسەردەشت تا ڕادەیێکی زۆر لەمەرگی خۆی دڵنیا بووە، ئەو جۆرەلەدڵنیابووەنەش بەشێکی پەیوەندیی بەبیرتیژیی وهەستیاریی سەردەشتەوەهەبووە(واتەناسینی ئەو دەڤەرەی ئەو تێیدا دەژێت و دیتنی ئەو ژێرزەمینانەی تێیدا شانەی دەمانچەکانی بێدەنگ پڕگوللەدەکەن!) بەشەکەی تریشی بەو فەزا سیاسیی و ئاساییشییە ترساناکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردییێوەو بەتایبەتیش بەپارتی دیموکراتەوە وەک کوێخایێکی ڕەفتار دیکتاتۆری ئەو دەڤەرە.

بەڵام خاڵی لێکجیای جەوهەریی مەسیح و سەردەشت ئەوەیە کە یەکەمیان"مەسیح"ڕاستگۆیانەو ئازایانە لەپێناو باوەڕو ئامانجەکانیدا کۆیلەتیی هەڵدەبژێرێت و خۆی تەسلیمی هێزێکی میتافیزیکی"خودا"دەکات و لەوێشەوە کۆیلەتیی مرۆڤایێتیی بۆ هەمان هێزی خورافیی سەروو مرۆڤ و سەروو سروشت بانگەواز دەکات، واتە ئامادەگیی مەسیح بۆ مەرگ لەپێناو ئازادییدا نییە، بۆ ئەوەنییەخۆیی و مرۆڤایەتیی لەزنجیریی کۆیلەتیی ڕزگار بکات، بەڵکو بۆ کۆیلە بوونێکی هەتایی و بۆ کڕنوشبردنێکی هەتاییەبۆ خۆو بۆ مرۆڤایەتی.

ئامادەگیی دووەمیان "سەردەشت" بۆ مەرگ، بۆ ئازادیی خودو لەوێشەوەبۆ تەواوی مرۆڤایەتییە، ئامادەگیی" مەسیح"ێکیترەلەدونیاو سەردەمێکی تردا، نەک بۆ کۆیلەتی، بەڵکو بۆ ئامانج وخەون و خولیایێکی هەرەمەزن و هەرەباڵا، کەئازادییە.

بەبۆچوونم ئەم جەوهەرە_خۆ ئامادەکردنی سەردەشت بۆ مەرگ، ڕاوەستانی و هاوارکردنی لەبەردەم قەڵای جەلادانا بۆ ئازادیی، شتێک نییەبتوانین ئاسان بەسەریدا بازبدەین.نابێت ئەوەش بێت کەهەر کەس و لایێنێک سەردەشت بکەنەبابەتی پڕوپاگەندەبۆ ئامانجی سیاسیی و ڕێکخراوەیی نزم و بێبەها (ئەگەرچی هەندێک ماڵپەڕو لایەن تەواوی هەوڵ و تێکۆشانیان لەو پێناوەدا بوو)بەڵکو سەردەشت پەیکەرو ڕۆح وجەستەی خودی ئازادییە، سەردەشت جەنگی ئازادیی بوو لەبەرامبەر نەیارانی ئازادییدا، سەردەشت گەرووی ئازادیی بوو بەڵام بەگوللەهەڵیان دڕیی.واتەکوشتنی سەردەشت کوشتنی مرۆڤێکی ڕووت و بێڕەگ وڕیشەنییەو نەبوو، (ئەگەرچی هیچ مرۆڤێک ڕووت و بێڕەگ نییەو هیچ مرۆڤێک و لەژێرهیچ بیانوویێکدا قابیلی کوشتن و لەژیان دەرکردن نییە) کوشتن لە"سەردەشت"دا ئاماژەیێکی ترسناکە، کوشتن لەسەردەشت دا کوشتنی ئازادییە، ڕۆخساری هەلاهەلای ئازادییەلەژێر سایەو چەپۆکی دەسەڵاتێکی تاریکدا.کوشتن لە"سەردەشت"دا ئەوەی پێگوتین ئێمەلەنێو دێوزمەی چ دەسەڵاتێکدا دەژین و هەناسەدەدەین و هاوار بۆ ئازادیی دەکەین، لەنێو چ قەفەسێکداین کەهەر کاتێک ڕاوچییێکان ئارەزووی خوێن ڕشتن بکەن، چڵێک لەقەفەسەکە بکەنەوەو بیچەقێننە سەر دڵمان، بیکەن بەدەمماندا و دەنووکی هاواری بۆ ئازادیمانی پێوێران بکەن...!

لەم ڕوانگەیێوە، بەباوەڕم  بە هێمابوونی سەردەشت بۆ ئازادیی، دیتنی سەردەشت وەک مرۆڤێکی مەزن، یان دیتنی وەک تەقەلایێکی بوێرانەبۆ شکاندنی بتەکان و دواجار گەیشتن بەسەرزەمینی ئازادیی، کۆمەڵگەو بەتایبەت ئازادیخوازان دەخاتەبەردەم تێکۆشان و

بەرپرسیارێتیی هەمیشەیی، بەرپرسیارێتیی هەمیشەیی بەو مانایە، نابێت سەردەشت لەبیر بکرێت،لەبیرکردنی سەردەشت لەبیرکردنی ئازادییەو ئەو لەبیر کردن و کەمتەرخەمییەش دواجار لەکوشتنی ژیاندا کۆتایی دێت. مەزنیی سەردەشت،یا بە سیمبول بوونی سەردەشت و بەرجەستەکردن و گرێدانەوەی بەخودی ئازادییێوە، هەویرێک نییە قەڵەمەکان بەئارەزووی خۆیان بیشێلن و شتی جۆراوجۆری خورافیی لێدروست بکەن، یان لەبۆتەی زمان درێژیی و گەمەی زمانییدا ئەفسانەی خەیاڵیی و ناواقیعیی لێدروست بکەن، بەڵکو سەردەشت قوربانیی نەک بەرتەسکیی و نەبوونیی ئازادییە،بەڵکو قوربانیی نێو دونیاو جوگرافیاییکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی هێند ترسناکە،شتێک کەئاسان بتوانێت بەپێکەنینەوەپێی لەسەر دانێت ئازادییە،ئەوەش سەردەشت بوو وەک"مەسیح"ی ئازادیی لەچاوەڕوانیی جەلادەکانیدا بوو تا لەخاچی بدەن.

واتەلەدەرەوەی چەواشەکاریی و ڕیباکاریی ڕاگەیاندنەکانی پارتی و برێکی قەڵەم فرۆشان،کەزمانیان لەئاستی ڕۆژنامەنووسبوون و نوسەربوونی سەردەشتدا بەگۆ نایێت و نەدەهات،ئەوەکەدەڵێن سەردەشت خوێنـــدکـــار بـــــوو..گوللـــــە لە پێـــشـــــی ســـەری دراوە نەک لەدەمـــــی و زۆر بەد مۆراڵییتر...! بەڵکو سەردەشت قوربانیی نوسینە، قوربانیی وشەیە،ئەو وشانەی وەک تاشەبەرد ئاراستەی سەردڵی بت و پیرۆزییێکانی خێڵ و دەسەڵاتی بەزۆر سەپاوی کوردیی دەکردن.

تەقەلاو جەنگ،هاوار کردن بۆ ئازادیی،بەدەنگ هاتن لەبەرامبەر ستەم و زۆرداریی‌دا،دواجاریش نوسەربوون و ڕۆژنامەنوسبوون،گرێدراوی نوسینی زۆر بەڵام پووچ و نوسینی کتێبی زل و زرو بێناوەڕۆک نییە،مێژووی فکرونوسین پڕەلەهەزاران کتێبی قەبەو بێناوەڕۆک کەهیچ کاریگەرییێکیان لەسەر ژیانی مرۆڤ و هیچ مەترسییێکیان بۆ سەر دەسەڵاتی ستەم و زۆرداریی نەبووە.

زۆر جاران،ئەوە وشەیە باڵ بە ئازادیی دەبەخشێت، وشەیە ئاسمانی ئازادیی ناکۆتا دەکات، ئەوە وشەیە نەک کتێبە زل و زڕەکان.بەگۆ دێت و گوێی بتەکان،خواکان ئازار دەدات و هەرەسیان پێدێنێت.. بەڵێ وشە،وەک وشەکانی سەردەشت.سەردەشت خاوەنی کتێبی زل و بێناوڕۆک نەبوو،ئەو هیچ کتێبێکی نییە،سەردەشت وشەی هەبوو،وشەکان بوون چەکیان بەپیاوکوژان هەڵگرت،وشەکان دەستەوپەنجەلەرزۆک و ترسنۆکەکانی بەجوڵەخست و لەسەر بەلەپیتکەی دەمانچەکانی بێدەنگی دانا!

بەڵێ.. دەبێت لەهەموو کوچەو کوڵانێکدا پەیکەری سەردەشت دروست بکرێت،پەیکەری وشەکانی سەردەشت ،پەیکەری سەرو ڕۆخسارێک گوللەکونکونی کردووە، پەیکەری دوو دەست...دوو باڵی گەورەتاشەبەرد بۆ بتەکان دەهاوێت..پەیکەری دوو باڵ،ئەمیان لێرەو ئەویتریان لەوسەری زەمین!

## زەبروزەنگ و فەنتازیاكانی

ئاسۆ جەبار

زەبروزەنگ تەنها كوشتن و رفاندن و داپڵۆسین نییە، زەبروزەنگ تەنها كردەیەكی دیاریكراوی دەروونی یان جەستەیی یان كۆمەڵایەتی یان كولتوری نییە، وەكچۆن زەبروزەنگ بەبێ شیكردنەوەی لەكۆی ئەو پەیوەندی و یەكە كاریگەرانەدا كە كۆی پرۆسەی زەبروزەنگ بەرهەمدەهێنن مەحاڵ و ئەستەمە، هاوكات رووتكردنەوەی بۆ ئاستێكی بینراو بێجگە لەهەژارییەكی مەعریفی و سیاسی هیچی دیكە نییە، چونكە داماڵینی زەبروزەنگ لەهەر پەیوەندی و كاریگەری و پێكهاتەیەكی زیندوو بێجگە لەبەرجەستەكردنێكی ناكامڵ و بۆش هیچی دیكە ناگەیەنێت..لەكاتێكدا كوشتنی رۆژنامەنوسێک تەنها بریتی نیە لەكوشتنی تاكەیەک ئینسان، بەڵكە هەوڵێكی بەرنامەرێژە بۆ پەخشكردنی جەبەروتی زەبروزەنگ بۆ ئاستێكی فەنتازی و مەترسیدار و جەهەنەمی. هاوكات هەڕەشەكردن لەكۆی كۆمەڵگە و هەر نارەزاییەكی رۆشنبیریی و كۆمەڵایەتی و میدیایی تەنها ترساندن و تۆقاندنی كۆمەڵگە و ئینسانەكان نییە لەئێستادا، بەڵكە هەوڵێكی جەهەنەمییە بۆ كوشتن و ناشرینكردنی هەر روانینێكی جیاواز و هەر نارەزاییەكی مەدەنی و ئیساندۆستانە و هەوڵێكە بۆ تۆقاندنی ئاینده و هەر گۆڕانكاری و دنیابینییەكی جیاواز.

زەبروزەنگ وەک پیشەسازییەكی راستەقینە

لەبەرئەوەی زەبروزەنگ تەنها كردەیەكی نادیار و شاراوە نییە، بەڵكە كردەیەكی ئاشكر و و بینراوە چ لەسەر ئاستی سیاسی یان كۆمەڵایەتی یان یاسایی، فەرهەنگی، ملیتاری، مەزهەبی یان ترادسیۆنی. كەواتە تەنها بەرهەم و دەرەنجامەكانی زەبروزەنگ نابنە دەرخەری ئەو حەقیقەتەی كە لەپەنهانەوە دارێژەر و نەخشەسازی زەبروزەنگ و توندوتیژیین.

زەبروزەنگ خاوەن شوناسێكی دیاریكراو نیە، بەڵكە لەقوناغێكی هەلاهەلای بەر لەشوناس و كۆكردنەوەی فەرهەنگیدایە، ئەو فەرهەنگە لەدەرەوەڕا فەرهەنگێكی بچوكە كە لەدوتوێی پێكهاتەیەكی دیاریكراو و سنورداردا هەڵئەسوڕێ، بەواتایەک بازنەیەكی بەرفراوانی ئەخلاقی و نەریتی و پارێزەری ئەو هەژارییە فەرهەنگی و رۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەیە كە مرۆڤەكان لەرێی دابەشكراوێكی ئەخلاقییەوە دابەشدەكاتەوە بەسەر كۆمەڵگە و پێكهاتە و یەكە كۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەكاندا، رووبەرێكی ئەخلاقی گەورەیە بۆ غەرقكردنی هەر روانینێک لەخۆیدا و بچوككردنەوەی هەر حیكایەتێک لەخۆیدا، ئەم فەرهەنگە لەرێی میكانیزمی جیاواز و شەرعیەتی جیاوازەوە كاردەكات بۆ بەردەوامبونی خۆی، ئەو لەململانێی گەورەدایە بۆ مانەوەی خۆی و بەرفراوانكردنی پانتاییەكانی خۆی لەرێی زیادكردنی رووبەرە داخراوە فەرهەنگیی و میدیایی و حیزبی و خێڵەكییەكانەوە.

کولتوری هەڕەشەکردن خوێناویترین کولتور و بکوژترین میکانیزمە بۆ بێدەنگکردن، هەڵبەت لێرەدا تەنها باس لەو دەسەڵاتە ستەمکار و زۆردارو دیکتاتۆرانە دەکەین کە بۆ بیدەنگکردنی کۆمەڵگە لەڕێی بەکارهێنانی کۆمەڵێک میکانیزمی هەمەجی و شەڕانگێزی و توندوتیژیی هەڕەشەئامێزەوە هەر دەسەڵاتە و بەپێی تواناو توانستی ئیرادەی هێز و هەژمونی باڵادەستی خۆی کارلەسەر بێدەنگکردنی کۆمەڵگە دەکات، بۆنمونە سەرەتا کۆمۆنیستەکانی روسیای بەلشەفی هەڕەشەیەکی شۆرشگێرانە بوون بۆ سەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی روسیای گەورە، بەڵام دوابەدوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتەدەست هەڕەشەیان لە بۆرژوازیەت و جیاوازییەکان و ئاین دەکرد، دەرەنجام پاش مەرگی لینین و هاتنی دەسەڵاتی ستالین بوونبە دەسەڵاتێکی تۆتالیتار و ستەمکار بۆ بیدەنگکردنی کۆمەڵگە و کوشتنی رایگشتی و میدیای ئازاد و ئۆپۆزیسیۆن و رۆشنبیرو ئەدەب. بەڵام نازییەکان لەرێی میکانیزمی هێزی سەربازی و دەزگا نهێنیەکانەوە، لەرێی جەنگەوە لەگەڵ هەموو هێزە جیاوازەزییەکاندا هەڕەشەیان لەتەواوی کۆمەڵگەو جیهان دەکرد بۆ بێدەنگکردنی کۆمەڵگەو شارستانیەکانی دیکە، هەروەها دەسەڵاتی سیستمی دیکتاتۆریی لەعێراقی سەروەختی سەدام حسێندا لەکۆلێکشنێکی سیستماتیزەکراوەوە بوونبە دەزگاگەلێکی بەهێز بۆ هەڕەشەکردن لەتەواوی کۆمەڵگەو خەساندنی هەموو جیاوازییەک و دەستەمۆکردنی تاکەکەس و بێدەنگکردنی سەرلەبەری رۆژنامەنوسان و رۆشنبیران و رایگشتی و دەزگا رۆشنبیرییەکان لەرێی کونترۆڵکردن و بەحیزبیکردنی سەرلەبەری دەزگاو مەڵبەند و ناوەندە فەرهەنگی و رۆشنبیری و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و سازکردنی دەزگاگەلێکی نهێنی وەک گرتوخانەو تەعزیبخانەو کوشتنخانەو ترسخانەو ئیفلیجخانە. ئەم دەزگایانە سەرباری ئەوەی دەزگاگەلێک بوون بۆ پیشاندانی هێزو خۆگیڤکردنەوە لەکۆمەڵگە و تاکەکەس و دروستکردنی مەترسییەکی هەنوکەیی هەڕەشەئامێز، هاوکات سەرزەمینێکی گەورەش بوون بۆ بێدەنگکردن و دەستەمۆکردن و غەمگینکردنی کۆمەڵگە و هاوڵاتیان. ئاشکرایە ئەو میراتە گەورەیەی بەعس و دەسەڵاتە پۆلیسییەکان بوونەتە سەرمایەیەکی گەورە بۆ حیزبە باڵادەست و دەسەڵاتدارانی کورد.. هەر بۆیە کوشندەکان جیاوازیان نییە گەر عەگال بەسەر بن یان جامەنە بەسەر یان بە جلی سەربازیەوە بن.

زەبروزەنگ تەنها کردەیەکی بینراو و یان زەبروزەنگێکی دیاریکراو نییە، کە تاکەیەک مەهامی سیاسی یان حیزبی لەپشتەوە بێت، نەخێر زەبروزەنگ بەرلەوەی هەوڵێکی ناشارستانی بێت بۆ سفرکردنەوەی بەرامبەر، فەنتازیایەکی کوشندەشە بۆ شەرعیەتدان بە ترس و لێدان و رفاندن و کوشتن و سڕینەوەی ئەوی جیاواز.

لەڕاستیدا ئەو ماشێنە فەرهەنگییە تەنها کار لەسەر رامکردنی مرۆڤەکان ناکات لەچوارچێوەیەکی فەرهەنگی بچوکدا، بەڵکە رووبەرەکانی کارکردنی خۆی فراوانتر دەکات و سەرلەبەری ناوەند و دامەزراوە حکومی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان داگیردەکات و مۆنۆپۆلی دەکات، هاوکات ئەو داگیرکارییە فەرهەنگییە تەنها رامکردن و گوێڕایەڵکردن و کوشتنی خەون و جیاوازییەکان ناگرێتەوە، بەڵکە زەبرێکی کوشندەیە لەشوناسی

راستەقینەی ئەو ناوەند و دەزگا زیندووانەی کۆمەڵگە و زەبروزەنگێکی حیزبی و ئابوری و وەحشیگەرییە. هاوکات زەبروزەنگ کاردەکات بۆ دروستکردنی متمانەیەکی ئەخلاقی خێڵەکی درێژخایەن بۆ تۆخکردنەوەی پەیوەندی و پێبەندی نەریتی و ئەخلاقی لەئاستێکی نادیار و نهێنیامێزدا، هاوکات بەرهەمهێنەری دڵنیاییەکی گەورەیە بۆ حیزب و گروپ و خێڵە کوشندەکان، ئەوەی کار لەسەر بێدەنگی دەکات تەنها هێزی ئەو فەرهەنگە ترادسیۆنی و لۆکاڵییە نیە، بەڵکە رووبەرەکانی ئەو حیکایەت و یادەوەرییە وردودرشتانەن کە مرۆڤگەلێک دڵنیادەکاتەوە لەپاراستنی نەریت و ئەخلاقیاتی باوی یەکەیەکی فەرهەنگی و سیاسی و حیزبی و ئاینی، ئەو فەرهەنگە سنورەکانی جیاوازیی ئەستوردەکات و میکانیزمەکانی رامکردن وماڵیکردن لەڕێی پەروەردە و فێرکردن و تەلقینەوە بەگەڕدەخات و شوراکانی نێوان خۆی و کرانەوە بەرزتر دەکاتەوە.

دواجار ئەم فەرهەنگە دڵنیاکەرەوەیەکی ئەخلاقی بەهێزە بۆ رامکردنی مرۆڤەکان لەتاکەیەک دنیای راڤەکراودا، لەتاکەیەک حیکایەتی دیاریکراودا، بەئەندازەیەک دڵنیاکەرەوەیەکی فەرهەنگییە بۆ سڕینەوەی هەر روانین و دنیابینییەکی جیاواز، بۆ سڕینەوەی پرسیارە گەورەکان و بەدگومانییەکان، بۆ بەرپاکردنی ناوەندێکی خەیاڵی و پانتاییەکی وەهمی بێسنور لەخۆشباوەڕیی. هاوکات دڵنیاکەرەوەیەکی شارستانییە بۆ رامکردنی مرۆڤ لەکۆمەڵێک موقەدەسات و سەروەریدا، بۆ دەستەمۆکردنی تاکەکەس بە ئیرادەیەکی گشتی کوشندە و پڕ لەحیکایەتی بچوککردنەوەی مرۆڤ لەبەردەم سەروەرییە وەهمییەکاندا.

فەرهەنگی حیزب زادەی ئەم فەرهەنگەیە و سنورەکانی ژیان و بیرکردنەوە و گفتوگۆ و جیاوازی لێکنەچوون بەرتەسکدەکاتەوە و ئاستەکانی روانین بچوکدەکاتەوە، میتۆدی سیاسی لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا سەرباری ئەوەی میتۆدێکی هەزیل و کۆن و ژەنگگرتووە، هاوکات میتۆدێکی ئەخلاقی و ترادسیۆنیشە، نەگۆڕینی ئەو ستراکچەرە ژەنگرتوە و قبوڵنەکردنی هەر گۆڕانکارییەکی دیار لەدەرەوەی خۆی و نائەکتیڤی و شەرعیەتدان بە شێواز و سەروەرییە دیکتاتۆرییەکانی سەرۆک و مشەخۆرەکان لەکڵێشەیەکی ستەمکاریی نەگۆڕ و نائەکتیڤدا بەرهەمهێنەری مرۆڤگەلێکی تەلقینکراوی گوێڕایەڵی رامکراوە لەچوارچێوەی ئەو حیکایەتە بچوکانەی کە سەروەختێک دەبن بە ستەم و زەبر و هزر و کردەگەلێکی کوشندە، نابنە بەرهەمێنەری هیچ خەونێک و ئیرادەیەکی جیاوازی روانین، هەموو ئەو فەنتازیانەش دەکوژێت کە خەون بە کرانەوە و جیاوازی و دەرچون لەو حیکایاتانەوە دەبینێت. دواجار تاکە فەنتازیای گەورە فەنتازیای زەبروزەنگە کوشندەکانە.

ئەو فەرهەنگە هێندە داخراوە کە لەبازنەیەکی داخراو  و کارەساتبار و وێراندا دەخولێتەوە. ئەم فەرهەنگە بەرهەمهێنەری دۆگمایی و خولقێنەری فەزایەکی نائینسانی و ناشارستانییە بۆ شەرعیەتدان بە زەبروزەنگ و هەر کردەیەکی نائینسانی.

لەکۆتایدا مەترسیدارترین و جەهەنەمیترین دۆخی زەبروزەنگ، ئەوکاتانەیە کە زەبروزەنگ دەبێتە فەنتازیا، هەر لەفەنتازیای کوشتنەوە تا فەنتازیای لێدان و داپڵۆسین و رفاندن و

شەرعیەتدان بە هێشتنەوەی نهێنی و حەشارگە و کارائەکتەر و هێز و جەبەڕوتی سڕینەوەی بەرامبەر و خامۆشکردنی هەر جیهانبینی و کردەیەکی زیندووی شارستانی و رۆشنبیریی و هەڕەشەکردن لەرۆشنبیران و رۆژنامەنوسان و تەواوی کۆمەڵگە.

**سەردەشت عوسمان...**

بەشدار عوسمان (بەشدار علی)

سەردەشتی جوانەمەرگ، کوڕی مناڵە هەژار و جوتیارێکی چەوساوەی دەستی رژێمی گۆڕبەگۆڕی دەشتی شەمامکی هەولێر بوو، لەهەناوی شەڕ و ئاشوب و جەنگە یەک لەدوایی یەکەکانی ئەم رژێمە لە کۆتاییەکانی سالآنی هەشتاکان چاوی بەدنیا هەڵهێنا،لە یەکەم چاوکردنەوەی نیگاکانی ئاشنا بوون بە زوڵم و زۆرداری و برسیەتی و نەبونی و ئاوارەیی و دەربەدەری،هێشتا مەلۆتکە بوو خێزانەکەی ئاوارەکرا و لە گوندەکەیان گواسترانەوە شار ،بەڵام بۆیەک ساتیش نیگاکانی لە دیمەنە شەرهێنەرەکان وون نەبوون،کاتێک چاوەکانیشی ماندوو بوو، دەستی برد بۆ قەڵەم، بۆ ئەوەی خەمی کۆمەڵگاکەی بگرێتە کۆڵ و رووداوەکان وەکو خۆی بگوازێتەوە و کۆتایی بە بێ مافی و نایەکسانی و چەوسانەوە بێت، بۆ ئەوەی گەنجانی مەملەکەتەکەی هیواو خواستەکانیان وورد و خاش نەکرێ، بۆئەوەی مناڵانی کوران و باداوە و تەعجیل و کانی سپیکە لەگەڵ چاوکردنەوەیان قوڕ و تۆز و خۆڵ بە چاوە جوان و ناسکەکانیان ئاشنا نەبێت،بۆئەوەی پەککەوتوانی گەڕەکی کرێکاران و کوردستان و ئازادی رێزیان لێبگیرێت، بۆ ئەوەی کەرامەتی هەمووان لە بارەگای کۆمەڵدا پارێزراوبێت ،ئەفسوس مەرگەوەرەکانی تاریکی چاویان بە هەست و نەستی پڕ لە بەرائەت و ئینسانذۆستی و هیواو ئاوات و بەرنامە و پرۆژە گەلێک هەڵنەهات کە سەردەشت لەبەرنامەی خۆی دابنابوو، خۆیان زیاتر بچوک ریسواکردەوە و شکۆ و شەوکەتی سەردەشت و خانەوادە و دۆست و هاورێیانیشیان باڵاترکرد..

راستە هیچ شتێک ناتوانێ جێگای سەردەشت بۆ خانەوادە و دۆست و هاورێیانی پڕ بکاتەوە،هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان ناتوانێ فرمێسکەکانی رابگرێت لە ئاست ئەو زوڵمە گەورەیە،تەنانەت ئەوانەشی ویژدانیان بە بەرژەوەندییەک فرۆشتبوو لە ئاست کوژاندنەوەی جموجۆڵ و بینینی زەردەخەنە پڕ بەرائەتەکانی سەردەشت مووی لەشیان بەرزدەبێتەوە،بەڵام ئێوە سەیرکەن چۆن ریسوایی و شەرمەزارییان بۆخۆیان تۆمارکرد بۆ هەمیشە کەوتنە بەر نەعلەتی خەڵکی دنیا،رێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ دیفاع لە رۆژنامەنوسان دادەمەزرێ،دەزگای راگەیاندنی سەردەشت عوسمان دەست بەکاردەبێ،پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان لەزۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و هەتا دەرەوەش بەرزدەکرێتەوە،دەیان دایک و باوک بڕیاریانداوە کۆرپەی ئایندەیان ناوبنێن سەردەشت،وەرزە کتاب و نوسراوی سالآنەی سەردەشت بڵاودەبێتەوە،دەستەی پارێزەرانی

سەردەشت عوسمان دەست بەکاردەبن،چەندین کۆمپانیا و نوسینگە لە بوارە جۆراو جۆرەکان لە سەرەی وەرگرتنی ناو و ناونیشانەکانیانن لە شارەوانیەکان بەناوی سەردەشت عوسمان ،دواجاریش هەمووان شانازی بە گەنجێک دەکەن کە خۆی هەڵگری دەیان کێشە و گرفت بوو،بەڵام کۆڵێک خەم و کێشەی مەملەکەت و شار و گەڕەک و دۆست و هاوڕێکانی لە پشتی هەڵگرتبوو ،ئامادەش بوو لەم پێناوە گیانی خۆی ببەخشی... ئەو دەیزانی ئەو ڕێگایەی گرتویەتیە بەر بێ مەترسی نیە،ئەو دەیزانی هەر شەش لاکانی تەندراوە بە هێڵی سوور،بەڵام وێرانی کۆمەڵگاکەی و بوونی دەیان دیاردەی نەشاز و ناشیرن ویژدانی ئازاردەدا و بۆ خۆچیبەختی هەمووام نەیتوانی ڕێگا لە پەیامەکەی بگرێت.

دوایی زیاتر لە چل ڕۆژ بەسەر شەهیدکردنی سەردەشتی جوانەمەرگ،لای هەموان روون و ئاشکرایە،ئەوانەی سەردەشتیان تیرۆرکرد دژی ئازادی و یەکسانین،لەگەڵ رەخنە و شەفافیەت و کرانەوە هەڵناکەن، لەگەڵ چرۆکردن و گەشەکردنی پرۆژە و بەرنامەی سەردەشتەکان ئیتر ئەوان کۆتاییان پێدێت،بۆیە ئامادەن ریسوایی و شەرمەزاریی زیاتر بۆخۆیان تۆماربکەن و سڵیشیان لە قرتاندنی ناسکترین و بێ گوناهترین مرۆڤ نەکردەوە.

ئەوەیە گەورەیی و پیرۆزی ،مەرگی سەردەشت بویە تابوتێکی بەهێز بۆ شکاندنی بتەکان، سەردەشت چوە ڕیزی پیاوە مەزنەکانی دنیا و بۆ هەتایە ناوی بەبەرزی دەمێنێتەوە...

**پەیوەندی نێوان گروپی ( ف) و تیرۆری سەردەشت عوسمان**

ڕێبوار عارف

دواین کەس نابم کە لەو پرسیارە دەست پێ بکەم کە ئایا لێکۆلینەوەی تاوانبارانی تیرۆری سەردەشت عوسمان پاش سێ هەفتە بە کوێ گەشت ؟ بۆیە جێگەی خۆیەتی بەر لەبیستنی هیچ وەلامێک ونمایشکردنی هیچ داستانێک بەبەرچاومانەوە، بەرلەوەی کە هیچ کەسانێکی تری وەک ( ئازاد فاتح ڕەحیمی) بەتاوانی تیرۆر ڕاکێشرێتە بەردەم دادگا، جاریکتر خودی داستانی ( ئازاد فاتح ) ببیستینەوەو دواتر جاریکیتر گۆمان و تیاڕامانێک بخەینە ڕوو. ئەم جارەیان لەدەزگا ئاسیشەکانی پارتی بپرسین ئەرێ بەراست کەس لە کادرو گروپە جیاجیاکانی ئێوە ؛؛ بەهەڵە ؛؛ سەردەشت عوسمانی تیرۆر نەکردوە؟ دەکرێ پرسیارەکە هەڵە بێت، بەیەقینەوە هەڵەیەک لە گۆڕێدا نیەو ئەوەی ئەنجامدرا بەوپەڕی وشیاری وئامانجدارانە بەئەنجامدراوە. ئەوەی کە هەڵەیە لێکدانەوەو محاسەباتێکی لگەنگەوقوچی ئەو لایەنەبوو کە ئەم کردەوە قێَزەونەی ئەنجامدا. پێدەچێت فەرماندەرانی تیرۆری سەردەشت، گەلێک لەخۆڕازیانە لە خۆدەرچووبن ودڵ ئارخابووبن لەوەی کە لەناوبردنی (( ئەو گەنجە هەرزەکارو )) سنووربەزێنە پێ ناچێت شتێکی وا بخولقێنێت. نە لە نەزیر عمرو.. نە لە سۆرانی مامە حەمە زیاترنیە. دوورنیە لێکدانەوەیان وابووبێت کەمەرگی ئەم کەسە

لەهەوالێکی چەند ڕۆژی کۆمەلێک نووسەری دەم هەراشو ڕۆشنبیرانێکی بێکارو لایەنگەلێکی زیاتر بەدواوە بێت کەهەمیشە لەسەنگەری دژایەتی کردنی ئەم ئەزموونەدان. بەکورتی سەرمەستی خۆشخەیالیەک بوون کە ئەگەر بێتو ئاو لەئاویش تەکان بخوات ئەوا دەکرێ وەک ڕابردوو بە چاوسوورکردنەوەیەک و دوو هەڕەشە فاتحەی هەموو شتێک بخوێنن. هەقیقەت ئەوەیە، ئەوەی کە وەک خەونەکانی سەردەشتیش بیریان لێ نەدەکردەوە، هەستانێکی لەچەشنی هاتنەمەیدانی بەوجۆرەی خەلکی کوردستان بوو بەدەوری دەنگی بەرزو شەقام هەژێنەری ئازادی ئازادیدا. ڕەنگە هەلّە نەبم گەر بلّێم تەنیا فاکتەری ئەم هاتنەمەیدانە نائەمنتربوونی ژیان وگوزەرانی خەلکی کوردستان و تیرۆرو کوشتارو گەندەلی و ناعەدالەتیەک بێت کە بالی بەسەر ئەم کۆمەلگایەدا کێشاوە. خەلکی ئەم کۆمەلگایە لێوان لێو بوون ولیان دەچووڕێت وچیدی ناتوانن لەوە زیاتر مل بەم ژیانە بدەن کەسەراپا ناعەدالەتی و چەوسانەوەیەکی ئاشکرایە لەسایەی ئەزموونێکدا کە نزیک بە دوو دەهەیە کۆمەلێک مافیاو ملیۆنینەری چەند هێزێکی میلیشاو روخینەرو کەمایەتیەکی گەندەل و چەوسینەری بەرهەم هیناوەو لەولاتریشەوە زۆربەی زۆری خەلیکی ئەم کۆمەلیگایە هیشتا ڕەنج دەبەن لە بێ بەشبوونیان لە ماف وئازادیە سەرەتایەکانی خۆیان بۆیە دەبیت دەربرینی بیروراو ئازادی بەیان بە فیشەک وەلام بدریتەوە . لێرەدا بابینِەوە سەر ئەو گۆمانەی کە ئێمە لە زمانی ( ئازاد فاتح رەحیمی )یەوە دەیخەینە سەر دەزگا ئەمنیەکانی یەکیەتی نـــا پارتی . چونکە تیرۆری سەردەشت عوسمان لە پایتەخی کوردستانی ژێر دەسەلاتی پارتیدا ئەنجام دراوە. کەواتە بابزانین ئازاد فاتح چی دەگێڕیتەوە. ژمارە 244ی بلاوکراوەی هاولاتی چاوپێکەوتنێکی لەگەلّ ( ئازاد فاتع ڕەحیمی ) ئەنجامداوە لە پەیوەند بە ئەرکێک کە دەزگایەکی ئەمنی یەکیتی نیشتمانی کوردستان پێیان سپاردبووە، سەبارەت بە تیرۆرکردنی کەسێک کە گوایە ئەمیرێکی ئەنساروئیسلامەیەکانە. ئازاد لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی بەوەکردوە کە پێشمەرگەیەکی دێرینی یەکیەتیەو یەکێک لە کادرە دیارەکانی دەزگایەکی ئەمنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بووە لە شاری کرکوک کە چەندین کاری تیرۆریستیان ئەنجامداوەو بە گروپەکەی ( ف ) کاری کردوەو ئێستە زیاتر لە سالێکە لە زیندانی ئاسایش هێلاویانەتەوە بەبی ئەوەی کە ڕێگەی پێ بدرێت نە پارێزەر بگرێت و نە هیچ کەسێک سەردانی بکات. ناوبراو لەم چاوپێکەوتنەدا چۆنیەتی داستانی تیرۆرکردنی کەسێک دەگێڕێتەوە کە بە فەرمانی دەزگایەکی ئەمنی نهێنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان پێِی هەستاوە.

( چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە ڕۆژێک کارێکی پێدەسپێرن و وەک خۆی باسی دەکات پاش سێ مانگ بێنەوبگرەو چەند دانیشتنێک لەسەر ئەو مەوزعە ڕیکەوتوون. ئازاد دەلێ: پێیانووتم کابرایەکی ئەمیری تیرۆریست هەرجارەی بەشێوەیەک دێتە ناو کەرکوک، ئێستا ئەندامێکیان بەناوی مەلا مەحمود سێ ڕۆژە گیراوەو ئەو ئەمیرە مەوعیدی لەگەل مەلا مەحمود هەیە، بەلام ئەمیرەکە مەلا مەحمود ناناسیت .. ئازاد فاتح ئاماژەی بەوەکردوە کە دەزگا ئەمنیەکە ڕایانسپاردووە کە بڕۆن خۆیان بە مەلا مەحمود بەو کەسەی کە بەحساب ئەمیری ئەنساروئیسلامە بناسێنن..)) سەرئەنجام بەپێی نەخشەیەکی پێشتر

ئامادەکراو کەسێک کەبەحساب ئەمیری گروپێکی تیرۆریستی بووە دەکوژن. پاشان ئازاد دەگێڕێتەوە کە چۆن لە دادگای بۆی دەرکەوتووە کە دەزگا ئەمنیەکە کەسێکی تریان پێکوشتووە نەک ئەمیری گروپێکی تیرۆریست. دواین پەیام و داواکاری ئازاد لەکاتی دادگای کردنا بەم شێوەبوو : ... ڕاستە من ئەمڕۆو سبەی لەسەر ئەم قەزیەیە حوکم دەدرێم ، بەلام با ئەمە دووبارە نەبێتەوە لەناو کۆمەلدا، کە حیزبەکەم کلاوی کردووەتە سەرم ).

وێنە هاوشیوەکانی ئەم تیرۆرانە گۆمانەکان زیاتر دەکەن

هێنانەوە گۆری ئەم باسەو ئەم دانپانانەی کادریِکی یەکیەتی بە ئەنجام دانی تیرۆری کەسێک بە فەرمانی دەزگا ئەمنیەکانی یەکیەتی لێرەدا بەمەبەستی هەڵدانەوەی هەمان لاپەرە یا هیچ بەدواچوونێک نیە لەوبارەوە نیە، چونکە من هەرکاتی خۆی لەمبارەوە بابەتێکم نووسی و لە هاولاتدا بلاوم کردەوە نە یەکیەتی نەهیچ دەزگایەکی ئەمنیەتی یەکیەتی هیچ داکۆکیان لەخۆیان نەکردو منیش لە گۆمان کردنیک زیاتر لەنێوان تیرۆری سۆرانی مامە حەمەو ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە کردەوانە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی یەکیەتی هیچ بەدواچوونێکی ترم نەبوو. ئیستە پاش تیپەڕبوونی ماوەی دوو ساڵ بەسەر ئەم گۆمانەدا تیرۆری سەردەشت عوسمان لە شکل و شێوازێکی تر زۆر ڕۆشنتر ئەو پرسیارە بەدوای خۆیدا کێشدەکات کە ئایا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەنگە گەورەی کە ئاماژە بەتیرۆری سەردەشت عوسمان دەکەن لەلایەن دەزگانی سەربە پارتی، جێگەی خۆی نیە کەبلێین دانپیانانەکەی ( ئازاد فاتح )یش پالپشتیکی تری ئەو دەنگەیە کەپێ لەسەر ئەوە دادەگرێ تیرۆری سەردەشت عوسمان لەلایەن دەزگاکانی سەر بە پاتیەوە ئەنجام درابێت ؟ خەلکی کوردستان هەقیانە بۆهەر تیرۆرێکی لەم چەشنە یەکەمین پرسیارو یەکەمین گۆمانیان لە حزبە دەسەلاتدارەکان خۆیان بێت. ئاخر ئەمڕۆ لە کوردستان جیاواز لە دەزگاکانی زانیاری و پاراستن کە هیچ شەرعیەتێکی یاسایشیان نیە هاوکات جۆرەها دەزگای بەناو ئەمینشیان دروستکردوە بۆ نائەمن کردنی ژیانی ئەو خەلکە. ئاخەر کاتیک کە سەرنجی دانپیانانەکەی ئازاد فاتح دەدەین باس لە ئەنجامدانی چەندین عەمەلیات و تیرۆرکردنی چەندین کەسی تر دەکات، بۆیە جیگەی خۆیەتی ئەو دانپانانە ئەو پرسیارە بوروژێنێ کە ئایا گروپە هاوشێوەکانی لە چەشنی گروپەکەی ( ف )و بە فەرمانی دەزگا ئەمنیەکانی ئەم حزبانە نەبووە کە فیشەک بە دەمی ئەو کەسانەوە دەنێن کە سنووری پیرۆزیەکان دەبەزینن و گوێ شەیتان کەڕ بیت مەترسیان بۆ سەر ؛؛ ئەمنیەتی قەومی ؛؛ هەیە ؟ تا ڕۆشنکردنەوەو یەکلای کردنەوەی فایلی تیرۆرکردنی سەردەشت  عوسمان ڕەنگە هیچ کەسێک  یەقینی نەبێ لەوەی کە کێ و چ لایەنیک ئەو کارەی ئەنجامداوە. بەلام هەرچۆن بێت (( خودایە )) بمانپارێزی لە بیستنەوەی داستانێکی تری لە چەشنی ئەوەی کە بە ( ئازاد فاتح رەحیمی)یان ئەنحامداو دواتر هەر خۆشیان پێ تاوانبار کردەوە

**لە دوای تیرۆری سەردەشتەوە کوردستان وەک پێشتر نامینێ!**

نادیە مەحمود
مێژوو ئەو پاڵەوانانە دروستی دەکات، کە ترسیان لەمەرگ نییە. سەردەشت، مێژوویەکی نوێی دروست کرد. هەزاران کەس هاتنە سەر شەقام بۆئەوەی بڵێن" ئێمە هەموومان سەردەشتین"! خۆپیشاندان هەموو شوێنێکی لە کوردستانی عێراق و لەدەرەوەی ولات گرتەوە و سەدان کەسیش وێنەی سەردەشتیان لەپایتەختی ولاتانی دنیا بەرزکردەوە و دەیان کۆرو سمینار بەسترا و جەماوەری کوردستانیش داوای دەست لەکار کێشانەوەی وەزیری ناوخۆیان کرد.
بەو هۆیەوە کە ئێمە لەسەردەمی جەنگەڵدا دەژین، ئەوە ڕاستییەکی ئازاردەرە، کەدەبێ بەناچاری خوین برژێ و زیندوەکان ببنە قوربانی، بەرلەوەی هەزاران کەس مشتەکانی خۆیان بەرزکەنەوە، تا هەرەشەی بکوژان ڕابگرن و دەزکان دەست لەتاوانەکانیان هەڵگرن!. ناچاریە و دەبێ سەردەشت تیرۆر بکرێ تا جەماوەر بۆ خواستی ئازادی ببزوآ! ناچاریە و پێویستە، تا ڕەوڕەوی مێژوو بەسەر جەستەی زیندووی پاڵەوانانداا بەرەوپێشەوە بڕوات! سەردەشت مێژوویەکی بەقەڵەم و بە ژیان و خەونەکانی دروست کرد.. مێژووش ئەوانە دروستی دەکەن کەخەونیان هەیە.

بەرزانی خوایەک نییە و لەوانەیە کەسێکی"عەوام" بیر لە کچەکانی بکاتەوە.

سەردەشت خەونی بەدانەوەی پاداشت بەدایک وباوکیەوە دەبینی. وەفاداری کوڕێک بۆ باوکێکی ماندوو کەڕۆژێک لەڕۆژان خەباتکاربووە و ئەویش خەونی بەڕزگاری لەستەمکێشی، لەدەست ناسیونالیزمی عەرەبی دەبینی، تا وولاتێکی سەربەخۆ بێتە کایەوە کەچی ستەمکێشی چینایەتی کوردانە بەبەرگ و زمانی کوردیەوە وبەبێ ڕەتوش و هەڵخەڵەتاندنی نەتەوەیی، شوێنی گرتۆتەوە.

سەردەشت خەونی بەیارمەتی دانی براکەیەوە دەبینی کەدەرچووی زانکۆیە و ئەویش وەک سەدان هەزار لاوای تر، ئارەززوی سەفەری بۆ هەندەران هەیە و خەون بەژیانی ئەوروپاوە دەبینآ. سەردەشت خەونی بەیارمەتی دانی خوشکەکەیەوە دەبینی تا ئەو ژیانە ببینێ کەلەپشتی دەرگای داخراوی ماڵەکەیانەوەیە، خەونی بەیارمەتیدانی دایکیەوە دەبینی کەگەڕان بەدوای چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیدا، زەحمەتێکی هەر ڕۆژە بوو. بەهەق خەونەکانی سەردەشت سادە و واقعیی بوون، ئەو تەواوی چیرۆکەکەی بۆگێڕایەنەوە، چیرۆکی سەرتاپای ژیان، چیرۆکی کۆمەڵگایەک کە هاولاتیانی لاوی ئیشێک نادۆزنەوە مەگەر ئەوەی بەزەیی وچاوی خواوەند پێیان ببەخشآ، وەیا لەخێزانی "خواوەند"دا لەدایک بووبن هەروەک ئەوەی سەردەشت ناوی لێناوە. کۆمەڵگایەک کەبیمەی خانەنشینی و فرسەتی کاری تیا نادۆزرێتەوە و ژنانی تیا سەرکوێر دەکرێ.

خەونەکانی سەردەشت تەواوی قوناغێکی مێژووییمان بەهەموو گەندەڵی و ڕاو وڕوتیەکانیەوە، بەشاردنەوەی ژنان لەماڵدا، بەخوێن ڕیژی و کوشتاری "سەرکردەکان"ەوە بۆ دەگێڕێتەوە. قوناغێک کەباوکی سەردەشت شان بەشانی ئەم"خواوەندانە" لەپێناو ئازادیدا جەنگا ودەستی لەهەموو خزمەتێکی خۆی هەڵگرت وکاتێکیش گەلای سەوز وەک باران بەسەر دەسەلاتدارانیدا باری خەڵکی لای ڕاستی خۆیان مایە پوچکرد، چونکە ئەمانە تەنها هەقیان بە مایە پوچکردنی خەڵکی لای ڕاستیی خۆیانەوە هەیە. بەلام لەمەدا نەک بەرزانی بەتەنها خۆی، بەڵکو هەموو ئەو سەرکردانەی کەسەنگەریان لەخەباتی شاخەوە گوێزایەوە بۆ خەباتی بانکەکان و بەخوێنی خەڵک بوونە عیفریت، بەشدارن.

خەونەکانی سەردەشت کەلەسێ ووتاردا بونەتە بەڵگە، لیستی خواستەکانی تەواوی کۆمەڵگای لەخۆگرتووە، کۆمەڵگایەک کە بەدوای بیمەی خانە نشینی و فرسەتی کار بۆ بێکاران و بیمەی تەندروستی بۆ نەخۆشانی بەسالاچوودا وێڵە. ئەمانەش ئارەزووەکانی نەوەیەکی لاوە کەبەرگری دەکەن ودەیانەوێت ژنان ئازاد بن! بۆچوونەکانی سەردەشت ڕۆشن و هەست پێکراوە و خەونەکانیشی تا ئەوپەڕی مەعقول و بەویژدانانەیە!

سەردەشتی خەوناوی بەئازادی نوسی وبەڕووخساری ئاشکرایەوە بەنێو شەقامەکاندا دەڕۆیشت چونکە زۆر بەسادەیی ئەو نوێنەرەوەی خواستەکانی هەموو خەڵک بوو. بەلام دوژمنانی سەردەشت کەبەچەک پارێزراو بوون و لەشوێنگەی ملیارات ملیار دۆلاردا دەژین، سەردەشتیان کوشت و ڕووخساری خۆشیان شاردەوە. چونکە هەقیقەتی خۆیان دەزانی: هەرچۆنێک حکومەتەکەیان بڵێت کەلیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ دوزینەوەی بکوژان پێکدەهێنین، بەلام دزان و بکوژان هەر خۆیانن ! –بەدڵنیاییەوە هەوڵی بکوژان هەرئێستا لەشاردا بۆ ڕاگرتنی وەزعەکەیە ونەهیچی تر.

پێدەچێت دەرسێک کەتائێستا بکوژان وەریان نەگرتبێت ئەوەیە کەبەشەریەت لەبیری ناچێتەوە، هەروەک چۆن کەجیڤارا مرد بەلام هەزاران جیڤارای مەترسیدار تر زیندووە، خەڵکی کوردستان نەک هەرتەنها سەردەشتیان لەبیرناچێتەوە بەڵکو ئیتر وەک پێشوو تر نابن. چونکە ئەوان پەیامی خۆیان بەخۆین نوسیوە و ڕاوەستانیان لەسەر زەوی ڕەق هەڵناکێشرێ، چونکە خەڵکی کوردستان هیچیان بۆ نەماوەتەوە، نەکار نەشوێنی حەوانەوە نە کەمێک دەرمان و نە کەرامەتی ئینسانی!

خەڵکی کوردستان لەڕووداوی تیرۆری سەردەشتدا پەیامی ڕۆشنی خۆیان لەناوخۆ و هەموو شوێنێکی ئەم دنیایەدا بەدەستەوە دا، ئەوان ئیلهامیان وەرگرت و ئەو دەرسەی لێفێربوون، کە نایانەوێت نمونەی ئەم ڕووداوە بۆجارێکی تر دووبارە ببێتەوە.

کوردستان ئیتر بەدوای تیرۆری سەردەشتدا وەک پێشوو تر نابێت، ئەوان بەڕاستگۆییەوە ووتیان" بێدەنگ نابین و تیرۆر نامان ترسێنآ" ووتیان"بەڵێن بەخوێنەکەت سەردەشت کەئێمە

کاروانەکەت درێژە پێدەدەین"، چیرۆکێک کەبەرزانی خاڵی کۆتاییەکەی دانانێ، بەڵکو جەماوەری وەدەنگ هاتوو دەینوسێتەوە !

**سەردەشت عوسمان و مەهزەلەی نووسەران! ...**

**کامەران عەلی ئاغۆک – دانیمارک**

بابگەڕێینەوە بۆساڵی پار سەروەختی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان و بەکورتی هەندێ لەو نووسینە مەهزەلە ئامیزانە تاووتوێ بکەین کەبوونەتە بەشێک لەسیمای کەسایەتی خاوەنەکانیان

بەدران حەبیب:

من خوێنەریکی بەردەوامی نووسینەکانی کاک بەدرانم، بەڵام مانای وانیەنابێ رەخنەی لێ بگرم. کاک بەدران لەکاتی شەهیدکردنی شەهید سەردەشت نووسیبووی پارتی نیو قەرن زیاترەخەبات ئەکات هەرگیز باوەری بەتیرۆر نیەبۆیەنابێ تاوانی کوشتنی کەسی بدرێتەپاڵ.

ئەو نووسینەی کاک بەدران پێش ئەنجامەپەردەپۆشکەرەکەی بەناو لیژنەی لێکۆڵینەوەبوو نازانم کاک بەدران

بەچی هەقێک پێش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەوتی، ئەمەئەوەدەرناخات کەتۆ خۆت گومانت لەپارتی هەیەو پێش وەختەبەرائەتنامەت بۆی نووسی؟ پاشان کاک بەدران کەی تەمەنی درێژی حیزبێک پێوانەی بێ غەل و غەشی حیزبێکە؟ کاک بەدران کەس لەتۆ باشتر لەراستی مەسەلەکەتێناگات تۆ کەسێکی زۆر خزمەتی کەلتوری نەتەوەکەمانت کردووە، حەزم نەدەکرد ناوت لەناو ئەو نووسینەم بێت، بێدەنگی تۆ دەبوو بەجوانترین هەڵوێست، کەئەگەر لەپێش ئەو نووسینەنۆڤلیتی عەریف رەمەزانی فەرهاد پیربالْت بخوێندبایەوە رەنگەهەلوێستی بێدەنگیت هەڵبژاردبووایە.

داود باغستانی :

پێی وابوومادەم سەردەشت باسی شەرەف و ناموسی سەرۆکی کردوەهەقی خۆیەتی تۆڵەی لێ بکرێتەوەدەڵێ ئەگەر قسەی وا بەمنیش بگوترێ قبوڵی ناکەم.

ئەو قسەیەلەگەڵ ئەوەی تاونبارکردنێکی ئاشکرای پارتیە، (نازانم لەسەر مام داود عەبر بووەیان بۆی خراوەتەناو نانێکی گەرم هەتا کاتی خۆی). لەهەمان کاتدا لێکدانەوەیەکی زۆرمەهزەلەئامێزە، کەهەرگیز لەکەسێک ناوەشێتەوەخوێندەوار و مۆدێرن بێت چ جای گۆڤارومۆڤارانیش بنووسێ یەعنی غەزەتەچی بێت، ئەو قسەیەچیرۆکەکەی عەزیز نەسینم

دێنێتەوەیاد کەوا باشەمام داود بیخوێنێتەوە بەناوی (تا لێم نەدەن نابم بەپیاو) لەوەرگێڕانی هیمدادی حوسێن (نازانم ئەم یائە چیە بەناوی کاک هیمدادەوە؟)

مەلا بەختیار:

دەڵێ نابێ هانی گەنج بدرێ خەیاڵدانی وەهای بۆ دروست کرێ تا شتی وا بنووسێ کەخودی ئەوانەی دیفاعی لێ ئەکەن شتی وای لێ قبوول نەکەنەوە.

جارێ لەرووی زمانەوەخەیاڵدان ڕاست نیەچونکەخەیاڵ وەک شتێکی ماددی نیەتالەسەر وەزنی( خوێدان، شەکردان، مەمکدان، کادان، . . هتد. کورد دەڵێ بیرۆکەی یان خەیاڵی وەهای بۆ دروست کرێ!!!! ئینجا بابێمەسەر مەبەستی نوسینەکەتان کەئەتانەوێ بڵێن کەس بۆی نیەباس لەسەلبیاتی سەرکردەکان بکات و ڕەخنەیان لێ بگرێ. بەرێز مەلا بەختیار من پرسیارێکت لی ئەکەم، ئەگەر ئێستا هاوپەیمانی پارتی نەبوویتایەو سەردەمی شەری براکوژی بوایەئاخۆ هەمان هەڵوێستت دەبوو یان لەئاسمان دەتقۆزتەوەبۆ خۆش کردنی ئاگرەکە؟ پاشان ئایا هەر بۆ نموونەئەگەر کەسێکی سیاسی کەخۆی بەکەسێکی میسالی دائەنێ بانگەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات لەهەمان کاتدا دەستدرێژی بکاتەسەر نامووسی خەڵک و هاو خەباتی خۆی دەکرێ ڕەخنەگرتن لەمکردەوەدزێوەی بەدروست کردنی (خەیاڵدان!!) لێ حساب بکرێ، لێی قبووڵ نەکرێتەوە؟ ئاخر هەروەکوو خۆت ئەفەرمووی واقعی کۆمەڵایەتی ئێمەقبووڵی ناکات. باشەبۆ کارێکی وا بەسەر واقع دا ئەسەپێنرێ ئەبێ قبووڵ بکرێ، بەڵام ڕەخنەلێ گرتنی قەبووڵ ناکرێ؟ ئەمەبەرهەم وئاکامی (شۆڕشی شاخەکان و ڕاپەڕینی شارەکانە) بەریز؟؟

نەجات حەمید:

نووسیبووی رۆژانەسەدان کەس لەناوەراست و خوارووی عیراق دەبنەقوربانی تیرۆر کەس باسیان ناکات، بۆچی مەسەلەیەکیا بچووکی وەک کوشتنی سەردەشت عوسمان دەبێ هێندە گەورە بکرێ؟

کاک نەجات ئەو سەدان کەسەی کەرۆژانەتیرۆر دەکرێن لەبەشێکی تری ئەم وڵاتەتیرۆر دەکرێن کەهەموو سەرکردەو سیاسیەکانیان دەڵێن ئەم بەشەی ئێمەپڕەلەفەوزاو ئاژاوەو نەبوونی ئاسایش و یاسا. بەڵام سەردەشت لەشوێنێک تیرۆر کراوەکەئەو حیزبەی تۆ لەبەرەکەی دەخۆی بەر لەهەموو حیزبەکانیتر بەموناسەبەو بێ موناسەبەمنەتی ئەوەمان لەسەر دەکات کەشەوی خستۆتەسەر رۆژ بۆ ئاساییشی هاوڵاتیان و لافی ئەوەلێ دەدات ئەو هەرێمەی ئێمەهێمن ترین هەرێمی ناوچەکەیەو هەر خۆشی بەخاوەنی ئەم دەسکەوتەئەزانێ!!. پاشان تۆ کەخۆت بەرۆشنبیرێکی مۆدێرن دائەنێی دیارەتەنها ئەوکاتەتاوانێک بەشایستەی سەرکۆنەکردن ئەزانی کەسەدان کوژراوی لێ بکەوێتەوە، بەڵام گەر کورەهەژارێک لەم دەڤەرەئارامەی ئێمەبەو بێ منەتی وبێ ترسیەبکوژرێ نابێ سەرکۆنەبکرێ؟ نابێ داوای

لێکۆڵینەوەلەو تاوانەبکرێ؟ ئەگەر سەرکۆنەکردن و داواکاری لەبەدواداچوونی تاوانێکی وەها بەکار گەورەکردن لەقەڵەم بدرێ، ئەی بەڕای جەنابت چیبکەین باشە؟ هەر تەنها بڵێین ئەجەلی هاتبوو خوا لێی خۆش بێ و تاونباریش لەناوماندا بسووڕێتەوە؟ خۆزگەهێندەی لەنووسینەکانت باس لەئازادی نووسەر دەکەیت کەدەبێ تەعبیر لەخودی خۆی بکات و نەبێتەپاشکۆی هیچ دەسەڵاتێک ئەو وشانەت ئاراستەی خۆت ئەکردو وەک نووسەرێک هێندەنەدەبوویتەپاشکۆی دەسەڵات و هێندەلەنانبڕاوکردن نەترسابووای. بەڵام ئەسەف! هەلوێست نرخی گرانەو ئازایەتی ئەوێت، ئەمەش بەهەموو کەسێک ناکرێ! وەک (لۆرانس) لەکورتەچیرۆکی (نووسەری پەڕۆ)دا باسی دەکات، خۆزگەدەتخوێندەوە. کەچۆن نووسەرێک لەئەنجامی یەک هەڵەی زمانەوانی خۆی هەموو کتێبەدانراوەکانی خۆی دەسووتێنێ و هەتا مردن لەشەرمان بایکۆتی نووسین دەکات!!

ئەردەڵان عەبدوڵلا:

دەڵێ لەهەولێر ئازادی رۆژنامەنووسی هەیەو پارتی بەرپرسیار نیەلەکوشتنی سەردەشت عوسمان بەڵگەشی بۆ ئەمەئەوەیەکەواسەدان رۆژنامەی ئازاد دەدەچن و رەخنەلەدەسەڵات ئەگرن و کەسیش قسەیان لەگەڵ ناکات!!!!

کاک ئەردەڵان منیش لەگەڵتام، باسی چ ئازادیەک دەکەیت برۆ مەحکەمەی هەولێر و سلێمانی مەلەفی سکاڵاکانی دەسەڵات ببینەلەرۆژنامەنووسان برۆ هەواڵی قەرەبووی ملیۆنی و ملیاری بخوێنەوە، برۆ لەپۆلیس و ئاسایش لیستەی ناوی رۆژنامەنووسانی هەڕەشەلێکراو ببینە، برۆ ئەرشیفی نەخۆشخانەی فریاگوزاری هەولێر بەسەربکەرەوەتا بزانی لەم چەند ساڵەدا چەند رۆژنامەنووس دەم و لووتیان شکێنراوە؟ بەڵێ. . . رەخنەلەئاوو کارەبا بگرەئازادی، رەخنەلەفەرمانبەر و مامۆستایەک بگرەئازادی، بەڵام برۆ رەخنەلەکاربەدەستێکی حیزبی بگرە، رەخنەسەرکردەیەک بگرە، برۆ باسی نەوتی قاچاغ بکە، برۆ رایەکی خۆت لەسەر سەرکردەیەکی سیاسی دەرببڕەئینجا بۆت دەرئەکەوێ ئازادی رۆژنامەنووسی لەچی ئاستێکدایە. بەڕاستی پێم سەیر نیەکەسانی وەکوو ئێوەبە شان و باڵی پارتیا بخوێنن، لەکاتێکا دوێنێت لەبیر چووەوەکە هێشتا پارتی دەسەڵاتی موتڵەقی لەهەولێر نەبوو بەناوی خۆت و خوازراوەوەبەئاشکراو بەنهێنی ئەو نوسەرانەت بەنەعلەت دەکرد کەبەقسەی جەنابت (بێزیان دێت لە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی شت بنووسن)، ئەمرۆش پارتی حاکمی موتڵەقی کوردستانە، نەوت هی خۆیانە، خەزێنەهی خۆیانە، پێم سەیر نیەئەمرۆ سووکانەکەبادەنەوە چونکەدونیا دونیای کەسانی وەکو ئێوەیە، بەچەند نووسینێکی وەها خۆتان لەدەسەڵات نزیک بکەنەوە، ئەردەڵان ڕاستەدۆشاوی ماڵی پاشا لەمشمشەیە، بەڵام لەبیرت نەچێ زاکیرەی خەڵک لەدۆشاوەکەخەست ترە. دیارەمرۆڤی وەکو جەنابت لەهەموو شوێنێکی دونیا هەن ئەگینا ئەستۆریاس لەکوێ دەیتوانی لەو هەموو هەلپەرستانەبدوی لەرۆمانی (جەنابی سەرۆک)!!

ئاسۆ عەلی فەرەج

لەنووسینێکدا زۆر بەڕوو قایمی نووسیبووی ئێمەش بێدەنگ نابین!

ئە گەر بەوردی لەم رستەیە وردبینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کەئاسۆ بەئاشکرا دەڵێ ئێمەسەردەشتمان کوشتووە، کەئێوەلەسەری دێنەجواب و بێدەنگ نابن ئێمەش تاوانی ئێوەدەخەینەروو و بێدەنگ نابین. وەئەگەر ئێوەلەم تاوانەی ئێمەبێدەنگ بن ئەوا ئێمەش بێدەنگ دەبین و هەرکەسمان لەماڵی خۆمان. زۆر بەداخەوەکەئاستی ئەخلاق و شەرەفمەندی مرۆڤ بگاتەرادەیەکی وەها لەپێناوی ئافەرینێکی سەرووی خۆی بەڵێ تەنها بۆ ئافەرینێک رووقایمانەخوێنی مرۆڤانی تر حەڵاڵ بکات. هەموو کارو کاسبیەک مایەی دەستخۆشی کۆمەڵگەیەتەنها ویژدان فرۆشتن و بەکەم سەیرکردنی مرۆڤ و بازرگانی کردن بەموقەدداستی مرۆڤ ئەوپەڕی خۆ سووک کردن و دابەزینی ئاستی ئەخلاق و شەرەفە، بەداخەوەکەکاک ئاسۆ لەهەموو نووسینەکانیا ئالوودەیە بەم کاسبیە. کاک ئاسۆ تۆ رووقایمانەپایەی کورسیەکەت بە مِنووسینانە بەرز دەبێتەوە، ئەم نووسینەی منیش زیاتر پایەت لای بەرپرسەکانت بەرز دەکاتەوە. پیرۆزت بێت، بەڵام ئەو ڕاستیەبزانەهەرگیز ئەوانەی درۆ لەگەڵ خۆیان و خەڵک دەکەن یان بەپیا هەڵدان و ماستاوچیەتی دەیانەوێ خۆیان لەماڵی میر نزیک نزیک بکەنەوە، بەر لەهەموو کەس میر بەچاوی سووک تەماشایان دەکات ئینجا خەڵک. سەیر کەئەونووسەرانەی زیاتر لەسی ساڵ بەشان و باڵی سەدامیان هەڵدا پاش ئازاد بوونی عیراق چۆن بوونەریسواترین و زەلیلترین توێژی ناو کۆمەڵگە. بەڵام کەسیان خۆیان نەکوشت چونکەوەک شێخ رەزا لەشیعرەکەیدا دەڵێ روویان لەقالتاغی بنەپێڵاوان قایمتر بوو. واباشەبەهەموو قەلەم بەدەستێک نەوترێ نووسەر بەڵکو بەهەندێکیان بوترێ رووقایم، یەکێ درۆ و دەلەسەبنووسێ و بەرووقایمی ناوو وێنەی خۆی (بەقات و ریباتەوە)لەگەڵ بڵاو بکاتەوەئەوەئەو پەڕی ڕووقایمیە لەمارکەی شێخ رەزا، کاک ئاسۆ وا بزانم چاوقایمیش هونەرەبەهەموو کەس ناکرێ وانیە؟

مافپەروەرهوشیار ئەحمەد رۆژبەیانی:

کاک هۆشیارکەخۆی بە(مافپەروەر) ناوزەد دەکات، هەقی خۆیەتی بەو مەرجەی ماف بپەروەرێنێ، لە نوسینێکا نووسیبووی نابێ لەبەرخاتری کوژرانی سەردەشت عوسمان رەخنەلەدەسەڵات بگیرێ. نازانم ئەوەبەپێی چ ماددەو فەقەرەیەکەلەقانوونی هەرێمی کوردستان کە(مافپەروەر!) هوشیار رۆژبەیانی بەسەر خەڵکی دا دەسەپێنێ؟؟؟

هەڵبەتەئەگەر یەک هۆی ماقوڵ بۆ ئەو پێشنیارەی (مافپەروەر) هوشیار هەبێ ئەوەدەتوانین بڵێین تەنها لەترسی لەدەست نەدانی مێزو کورسیەبریقەدارەکەیەتی، ئەگینا بێ دەنگ بوون لەخوێنی رژاوی رۆلەیەکی ئەو میللەتە، چ مافپەروەریەکە. نازانم مافپەروەری چیەجەناب کەخۆتی پێ هەڵکێشی؟ ئایا دەسکەوتنی شەهادەیەکی بەقۆپیەو دوعای شێخ و مەشایەخان، یان شەهادەیەک کەبە واستەو بەرتیل و دەست ماچ کردن وەرگیرابێ مرۆڤ دەکات بەمافپەروەر یان مافپەروەری هەڵوێستی مەردانەو چاونەترسانەیە؟ بەڵام وەک نووسەری عەرەب احمد نعروس لەزمن السقوط الاقنعة دا دەڵێ یەکێ بەماسکی ساختەکەسایەتی خۆی

بباتەپێشەوەچۆن لەو وشەقورسانەی وەک مەردایەتی و ئازایەتی و هەلوێست تێدەگات؟؟؟خۆزگە(مافپەروەر!!!)هۆشیار رۆژبەیانی ئەوەی دەخوێندەوە.

بڵند نەورەس:

وێنەیەکی بەقات و بۆینباغێکەوەبەشیشەو نێرگەلەلەتەک نووسینێک داوەو دەڵێ ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی باس لەکوشتنی سەردەشت عوسمان دەکەن گێرەشێوێنن.

عەرەب قسەیەکی هەیەدەڵێ کە بە ئەنگوست بتەوێ مانگ نیشانی کەسێکی ئەحمەق بدەیت ئەوکەسەمانگ نابینێ بەڵکو تەنها ئەنگوستی تۆ دەبینێ. بەڵام کاک نەوروس کەبکوژانی سەردەشت بەگێرەشێوێن دانانێ و رۆژنامەنووسان بەگێرەشێوێن دائەنێ لەکاتێکدا هەمیشەبکوژەکان ئاژاوەدەگێرن. وەکو ئەوکەسەنیەکەتەنها ئەنگوستەکەدەبینێ، ئەم لەو مەقام و سەڵتەنەتەی خۆی بۆ دیفاع لەرۆژنامەنووسانی رووت و ڕەجاڵ بکات ؟بۆ دیفاع لەدەسەڵاتێک ناکات کەبەکەماڵی ئیستراحەت نێرگەلەی لەپاڵ بکێشێ؟ رەحمەت لەدکتۆر عەلی وەردی کەلەکیتابی مەهزەلەی عەقلی بەشەریدا دەڵێ مرۆڤی ئەحمەق لەفەقیری خۆیەتی ناتوانێ راستی و ناراستی لەیەکتری جیابکاتەوە، بەڵام مرۆڤی هەڵپەرست و درۆزن و فێڵباز بەمەبەست بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان جێگۆرکێ بەراستی و ناڕاستی دەکەن. بۆیەمن کاک بڵند نەوی ناکەم و دوور لەرووی حازریان ئەو بەئەحمەق دانانێم!.

تاریق ئەحمەد جاف:

دەڵێ ئەوەی باسی سەردەشت عوسمان بکات بانگەشەی شارچیەتی دەکات، بەڵام هەولێر شاری ئاشتی و ئاوەدانیەبەکوێرایی چاوی هەموو ئەوانەی کەچاویان بەهەولێر و هەولێریەکان هەڵنایە.

سەیرکەن کەر لەکوێ کەوتووەو کوندەلەکوێ دڕاوە؟ با منیش بەو زمانەنالۆژیکیەی بەرێزتان وەڵامتان بدەمەوەتۆیەک کەخەڵکی هەولێرنیت و هەولێر بۆتۆ تەنها بۆ دادۆشین و موزایەدەیە، بەو هەموو خێرو بێرەی لەهەولێر دەستت کەوتووەهەق وایەوەک وەفاو پیاوەتی لەهەموو کەس زیاتر بەرامبەر بەکوشتنی رۆڵەیەکی بەناهەق کوژراوی ئەو شارە( ئارام و ئاوەدان)ەبێیتەدەنگ، نەک چاوی ئەوانەکوێر بکەیت کەلە سەر ڕۆڵەیەکی ئەو شارەدێنەجواب. تادوێنێ هەوڵیریە هەژارەکانی لەمەجلیس و کۆڵانەکان بەوشەی (زێرە)و (هەولێرە ماست) وسەدان نوکتە یبێتام دەشکاندەوەو یەکەم ئاڵا هەڵگری شارچیەتی بوو ئەمرۆ بۆتەمحامی هەولێریەکان. ئای هەولێری هەمیشەقوربانی بەدەستی کەسانی وەک کاک تاریق جاف کەئیشیان پێت نیەپیت دەڵێن پاشکەوتوو، بێ هەڵوێست، ترسنۆک بێ عەقڵ، کەنانیان دەکەوێتەدەستی تۆو داڵدەیان دەدەیت دەتکەن بەشاری شاران، ئەو هەڵوێستەی کاک تاریق جاف نوکتەی چەرخ و فەلەکەکەی مەلا مەشهوورم دێنێتەوە بیر. هەڵبەت عوقەلا

ئەزانن لەگەڵ کام نوکتەمە، کاک تاریق ئەگەر تۆ نایزانی (بروانەکیتابی مەلای مەشهور کۆکردنەوەی گیوی موکریانی- چاپخانەی کوردستان)

زانکۆ محەمەد ئەحمەد:

پێی وایەهەرکەسێ لەشەهید کردنی سەردەشت بدوێ، دەیەوێ بوختان بۆ ئاسایشی پایتەختی دیموکراتی کوردستان هەڵبەستێ.

کاک زانکۆ نازانم ئەوەچی پایتەختێکی دیموکراتیەکەکەسێک نەوێرێ رەخنەلەدەسەڵات بگرێ؟ ئەوەچ پایتەختێکی دیموکراتیە سەرۆکەکەی خۆی هێندەبەپیرۆز و موقەدەس بزانێ کەکەس نەتوانێ ڕەخنە لەخۆیی و خانەوادەکەی بگرێ؟ تەنانەت ئەگەر ئەندامانی خانەوادەکەی زوڵمیش لەخەڵک بکەن کەس جورئەت و حەددی ئەوەی نەبێ پێیان بڵێ بۆواتان کرد؟ برۆ لەو پایتەختەدیموکراتیەپرۆژەیەکی وەبەر هێنان بکەئینجا دەزانیکێ خۆی لەگەڵت دەکات بەشەریک ئەوەمن و تۆین یان ئەفرادی خانەوادەن؟ دەئەو کاتەبزانم دەتوانی فزە بکەیت؟ پاشان ئەگەر تۆ هێندەخەمی ئەو پایتەختە دیموکراتیەتە بەویژدانت سوێندت ئەدەم ئایا بەجواب هاتنی خەڵک لەکوشتنی رۆڵەیەکی ئەوشارەدەبێ بەبوختان هەڵبەستن لێک بدرێتەوەیان بە دلسۆزی خەڵک بەرامبەر بەپایتەختەکەیان؟ ئەگەر ئەمرۆ چاو لەسەردەشت بپۆشین دڵنیابەبەیانی نۆرەی من و تۆش دێت. ئەگەر باوەریش ناکەیت برۆ چیرۆکی مەملەکەتی درۆ بخوێنەوە، کەچۆن وەزیرەکەبۆ پەردەپۆش کردنی تاوانەکە ی پاشاخیتاب بۆ خەڵک دەدات، دوای چەند ساڵێک کەخەڵک لەپاشا رادەپەڕن پاشا بۆ رازی کردنی دڵی خەڵک دێ لەبەرچاویان، وەزیرکەی خۆی لەسێدارەدەدات و دەلێ کەس بەقەد درۆیەکانی ئەو وەزیرەنەهامەتی بەسەر مەملەکەتدا نەهێناوە!!! سەیرەهەندێ جار رەعیەتەکان لەخودی پاشا درۆزن ترن!!

کاروان موحەمەد سابیر:

لەژێر ناوی (جەرنافیزەکەی نەوشیروان کار لەئێڤەرستی پارتی ناکات) وادەزانێ باسکردنی سەردەشت عوسمان بەفیتی نەوشێروان مستەفایە دژی پارتی.

لێرەوەمن خۆم بەدەرویش و موحامی نەوشێروان نازانم تا دیفاعی لێ بکەم، لەرووی سیاسیشەوەزۆر لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەو ناکۆکم، بەڵام بەڕاستی شوورەییە ڕێگا بدرێ ئەو وشەناشیرینانە بێنەناو فەرهەنگ و میدیای کوردیەوە، ئەو جۆرەوشانەبەقەدەر ئەوەی خاوەنەکەی لەبەر چاوی خوێنەرانی سووک دەکات هێندەئەو ئامانجەناپێکێ کە لەپێناویدا نووسراوە، کەسێکی وەک کاروان موحەمەد سابیر کەلەسەر شاشەکان خۆی سوور دەکاتەوەو بێ نوقتەو فاریزەمەجالی موقابیلەکەی نادات وا باشەبەر لەوەی بێت لەسیاسەت و رووداوەکان بدوێ، هەوڵ بدات فێری جیاوازی بێ لەنێوان زمانی نووسین و زمانی سەرجادەو کۆڵانان هەوڵ بدات فێر بێت بەئەدەبەوەقسەبکات تا رۆژێک وەکو عەلی کیمیایی ئاخ و داخ

هەڵنەکێشێ. دەڵێن عەلی کیمیاوی‌لەلووتکەی دەسەڵاتدا بێ ئەدەب ترین پیاوی رژێم بووەلەکاتی ئاخاوتندا، دەڵێن ئەو کاتەی لەزیندان بووە، وتوویەتی من هیچ تاوانێکم لەژیانی خۆمدا ئەنجام نەداوە، تا لێی پەشیمان بم، تەنها لەشێوازی ئاخاوتنەکانم پەشیمانم. !!!!!سەیر کەعەلی کیمیاوی ئەنفال و جینۆساید بەتاوان نازانێ بەڵام زمانی بێ ئەدەبی بەتاوان دەزانێ!!!!

یونس حەمەد قادر (مەهزەلەترین شتی 2010)

کەلیژنەی لێکۆڵینەوەسیناریۆ لاوازەکەی بڵاو کردەوە، نەک هیچ کەسێ باوەڕی پێ نەکرد بەڵکو بوو بەمایەی گاڵتەجاڕیش، کەچی زەلامێک بەو ناوەی سەرەوەنووسیبووی( ئەی هاوار وەختەمێشکم بتەقێ). نووسیبووی ئەوەلیژنەئەنجامەکانی ئاشکراکرد نازانم بۆ ئەو خەڵکەبروا ناکەن لەداخان وەختەمێشکم بتەقێ!!!!

دەڵێن کاتی خۆی ئوستاد بەشیر موشیر وتبووی لەداخی ئەم کوردەوەختەخەنجەرێک بدەم لەدەماغی خۆم زەلامیکیش پێی وتبوو لێشی بدەی بەر هیچ ناکەوێ، بەڵام کاکەیونس بەخوا ئەگەر تۆش باوەرت بەو ئەنجامەی لیژنەهەبێ بەخوا هینەکەی تۆش بتەقێ هیچی لێ دەرناپەڕێ!!! موژدەی ئەوەش ئەدەم پێت کەئەو شتەی جەنابت مەهزەلەترین شتێک بووەلەساڵی 2010 خوێندبێتمەوە، دەستخۆش هیچ نەبی لەو سەردەمە دەیان کەسی هێناوەتەپێکەنین، ئەوە ئەگەر دە کەسێک خوێندبێتیانەوە.

### کوشتنی زەردەخەنەکەی حەی عومال

رەحمان غەریب*، هەولێر

تیشکە ئاڵتونێکانی خۆر هێدی هێدی لە پشت پەردەکەوە دەکشایە نێو ژورەکەی سەردەشت عوسمان. بەشداری برای لەخەو بەخەبەری هێنا. سەردەشت پێڵوی چاوەکانی بۆ رۆژێکی نوێ هەڵبری. پێخەفەکەی بەجێهێشت، پەنجەرەکەی خستە سەرپشت ولە کۆلانەکانی گەرەکی هەژارنشینی کرێکارانی ڕوانی، تیشکی خۆری ئەو بەیانییە گەیشتبویە نێو پانتایی ژوورە بەرتەسکەکەی، لە قەدو باڵای کتێبخانە بچکۆلانەکەی ئالابوو.

بەبێ خوێن نابێ

(قەلای سپی) ئورهان بامۆک، (زۆربا) و (فرانسیکوس قەدیسی من) و (راپۆرت بۆ گریکۆ) ی نیکۆس کازانزاکیس، (ملوانکە) ی شێرکۆ بێکەس، (عەشق هەمیشە تەنیایە) ی سوهرابی سپهری، (دواهەمین هەناری دونیا) ی بەختیار عەلی، (بەیادی سۆزانییە غەمبارەکان) ی گابریل گارسیا مارکیز، (یەک کاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو) ی فاروق رەفیق، (تاوان و سزا)

ی دیستۆفسکی، (بەبێ خوێن نابێ) ی ئەلیکساندرۆ باریکۆ، بەشێک بوون لە ناونیشانی ئەو کتێبانەی کە لە کتێبخانەکەیدا. کتێبەکان نەینازانی ئەو بەیانییە دوا ماڵئاوایی خوێنەرەکەیانە.

بەکر عوسمان برای جوانەمەگ، رۆمانی دواهەمین هەناری دونیای بەدەستەوە گرت وتی، " ئەو شەوە ئەم کتێبە بە تەنیشت براکەمانەو بوو."

به زەردەخەنەوە دایکی جیهێشت

ئەو بەیانییە سەردەشت بە قادرمەکاندا هاتە خوارەوەو رویکردە دایکی و بێ ئەوەی هیچ وشەیەک بدرکێنێت، بە زەردەخنەی سەر روخسارییەوە، تەماشای سێوێ حەمەدمینی دایکی دکرد.

سێوێ وتی" یەک کەلیمە لە زاری نەهاتە دەرێ تەنها بە زەردەخنەیەکە تەماشای دەکردم".

ئەو لەم دیمەنەی سەردەشت سەرسام بوو، پرسیاریکرد" کورم لۆ پێدەکەنی" بێ ئەوەی هۆکارێکی قایلکەر بۆ زەردەخەی ئەم بەیاننیەی سەر روخساری بدکێنێ ماڵەکەی جێهێشت.

زەردەخەنەی ئەو بەیانییە سەردەشت ببوە چیرۆکی دایک و خوشکەکەی. ئەوان باسیان لەو ساتە بەختەوەریە دەکرد کە سەردەشتی تیادەژیا. پرسیاریاندەکرد بۆ سەردەشت هۆکاری ئەو زەدەخەنە و شادییەی لێشاردنەوە؟

ئاسایش دەفتەرەکەیان برد

لە ژورەکەی شەهید سەردەشت، بەکر بەدەم خوێندنەوەی ناونیشانی کتێبەکانی جوانەمەرگ، لەسەر ناونیشانی کتیبەکەی دیستۆفسکی (تاوان و سزا)، کەمێک وەستا، بەهێمنییەوە وتی، " تاوان و سزا، بەڵام برام تاوانی تۆ چی بوو؟"

بەکر، کە لە ئەوروپا دەژی، وتی کە سەردەشت خوێنەرو عاشقی راستەقینەی کتێب بوو، هەر کتێبێک کە دەیخوێندەوە لە دەفتەرێکی تایبەتی خۆیدا سەرنج و هەندێ رستەی ناو کتێبەکەی لەو دەفتەرە دەنوسییەوە،"ئاسایش ئەو دەفتەرەیان برد، تا ئێستا نەیانگەڕاندۆتەوە."

دواهەمین جار سەردەشت کە پەیوەندی بە بەکرەوە کردووبوو، داوای ناونیشانی هەندێ کتێبی کردوە کەر بە زمانی ئینگلیزی بوون، بەکر ئەو کتێبانەی بۆی ناردووە وتی، " ئەوەی بیرم مابێت کتێبێکیان تویژینەوەیەک بوو لەسەر هەلبژاردنی ئۆباما بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا".

دوا گۆرانی

هەموو بە یانییەک سەردەشت عوسمان لە ماڵی خۆی کە دەکەوێتە ناوەڕاستی گەرەکی کرێکاران (حی العمال) ی شاری هەولێرەوە دەهاتە دەرەوە، رویدەکردە ناوجەرگەی شار بۆ زانکۆی سەلاحەدین کولیژی ئەدەبیات بەشی زمان. وەک ئەندامانی خێزانەکەی باسیدەکەن، یان سەردار یان بەشداری برای بە ئۆتۆمبێل دەیانگەیاندە زانکۆ، ئەو رۆژانەیش ئەوان نەیانتوانیایە باوکی بەم ئەرکە هەڵدەستا.

ئەم بەیانییە سەردار ئۆتۆمبێلەکەی هێنایە بەردەم ماڵەوەیان، سەردەشت لە پێشەوە دانیشت بە سەرداری ووت" کوی برام؟" .

سەردار باسلەوەکات کە سەردەشت هێمن و کەمدوو بووە، زۆر جار بەهۆی خوێنەدنەوە شەکەت و ماندوو دیاربوو. بەڵام ئەو بەیانییە روخۆش و بەکەیف بوو. سەردار نەیدەزانی چی بەخیاڵی براکەیدا گوزەر ئەکات. سەردەشت لەبەر خۆیەوە ئەو گۆرانییەی ئەوتەوە کە لەسەر موسەجلی سەیارەکە بوو.

ئەو بەیانییە سەردەشت بۆ قوتاربوون لە ژاوەژاوی ئۆتۆمبێلەکانی پایتەخت لە رێگەی ریکۆردەری ئۆاتۆمبێلەکی سەرداری برای گوێی لە گۆرانی" دەمەگری مەگری" یەکێک لە گۆرانیبێژە میلییەکان گرت. سەردار هێنایە قسەکردن لەسەر گۆرانییەکە، ئەوەندەی پێنەچوو، سەردەشت رویکردە براکەی ووتی، " ئەم گۆرانییە زۆر خۆشە."

عاشقەکەی میسی

بەشدار عوسمان وتی کە سەردەشت وەرزشەوان بووە لە تیپی تازە پێگەیشتوانی یانەی هەولێر بەڵام بەهۆی خوێندنەوە لەو یانەیە دورکەوتەوە، " کەیفی بە تیپی ئەرجەنتین و میسی دەهات"

دایکی سەردەشت وەک ئاماژەکردن بۆ یارییەکانی جامی جیهانی لەبەر خۆیەوە دەیووت" نەیانهێشت کورم تۆپانێ ببینێت"

دوا بەیانی کە سەردەشت ماڵەوە بەجێدەهێڵێت ، ئەندامانی خێزانەکە هێشتا لەژێر کاریگەری و ئەفسونی پێکەنین و شادی ئەو بەیانییەی سەردەشتەکەیاندا بوون ، هەواڵی رفاندنەکە خۆی کردە ماڵەکە.

سێوێ وتی" جەرگی منیان سوتاند، کورم رۆییشت بزربوو"

سەردەشت بێئاگا لەوەی لە دەرەوەی ماڵەکەیدا تیمێکی تایبەتی مەرگ لە بۆسەدان بۆ کوشتنی زەردخەنەکەی سەر روخساری، روخسارێک کە ئەندامانی ئەو خێزانە تا هەتایە لە زاکیرەیان وون نابێت.

دایکی وتی" قەت قەت بیرم ناچێتەوە کورم بە دەم بەخەندە چووە دەرێ" پرسیاریکرد، "نازانم چۆن زەفەریان بەو زەدەخەنە برد؟"

## ئازادی دەسەڵات یا ئازادی جەماوەر

ئاسۆ کمال

ڕووداوی تیرۆری سەردەشت عوسمان نمایشی ئازادی هێنایە سەر شانۆی سیاسی کوردستان. هەرکام لە ئاکتەرەکانی ئەم نمایشە کە جەماوەری کوردستان و دەسەڵات بوو دوو وێنای جیاوازی ئازادیی‌یان نەخشاند. دەقی ئەم نمایشە کێشمەکێشی نیوان ئەم دوولایە بوو لەسەر ئازادی ڕادەربڕین ،کە تیایدا جەماوەر ئەم ئازادیەی بە مافی خۆی دەزانی و دەسەڵاتیش نەفرەتی لێدەکرد. ئەمە ڕوداوێکی مێژوویی بوو کە وەک ڕووداوە مێژووییەکانی تر کاریگەریی‌یان تەنها بە زەمەن ناپێورێت بەڵکو بەڕادەی قوڵی کاریگەری ئەم ڕووداوە دیاری دەکرآ لە پانتایی بیرکردنەوەی جەماوەر لەسەر ئازادی خۆیان بەرامبەر بە دەسەڵاتدا . خەڵکی کوردستان بەتەجروبەی خۆیان بینیان کە دەسەڵات ئازادی ڕادەربڕینی ئەوانی بە پێشیلکردنی "یاسا"ی دەسەلاتداریێتی خۆی دەزانێ و دەیەوێت " ئەم فەوزایە " نەهێڵێت. دەرسێک کە لەسەر شەقام جەماوەر فێری بوو ئەوەیە ئەوەی خەڵک بە ئازادی خۆی دەیزانێ دەسەڵات بە مۆتەکەی خۆی دایدەنێ. ئەوەی دەسەڵاتیش بە یاسای ئازادی دایدەنێ لای جەماوەر پێوەری قسەکردنە بەدڵی دەسەڵات و پیاهەڵدانە بە کۆیلایەتی سیاسیدا.

سەردەشت وەک کاراکتەری ئازادی جەماوەر ئەم نمایشەی بە نوسین و ڕەخنەکانی لەدەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و دەسەڵاتدارانی کوردستان دەست پێکرد و دەوری خۆی بە لێدانی زەنگێک دانا کە خەڵکی کوردستانی هێنایە مەیدان لە پێناو ئازادی دا. جەماوەریش وەک ئاکتەرێکی بەرپرسیار لە ئازادی نەوەکانی خۆی، شەقامەکانی کوردستانی بەدەستەوە گرت و هەموو شوێنێکی کردە تەختەی نمایشی ئازادی . لەبەرەی بەرامبەریشدا، دەسەڵات بە دوو ڕووی ترس و هەڕەشەکردنەوە خۆی نیشاندا. ترسی دەسەڵات لەو کاتەدا دەستی پیکرد کە ئازادی مانای ڕاستەقینەی خۆی پەیدا کرد لەدوای ئەوەی ئەم قسانەی سەردەشت لە زمانی ملیۆنەها ئینسانەوە بەرز بوەوە کە دەڵێ " ئێرە ئەم وڵاتەیە کە نابێت بە سەرۆکەکەت بڵێی موچەکەت چەندە؟ بۆ کوڕو نەوە و خزم و کەسوکارت ئەم هەموو پۆستە سەربازی و حکومییەیان پێدراوە؟ نەوەکانت ئەم هەموو سامانەیان لەکوێ بووە؟ جا ئەگەر یەکێک جورئەتی ئەوەی کرد و ئەم پرسیارانە بکات، ئەوا سنووری ئەمنی قەومی وڵاتەکەی بەزاندووە و دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی تفەنگ و قەڵەمەکانی ئەوان".

هەر لێرەوە جەماوەری کوردستان بەزمانی سەردەشت کەوتنە جەدەل لەگەڵ دەسەڵاتدا، خۆپیشاندانەکانی کوردستان و دەرەوە دژی تیرۆری سەردەشت پەیامی نەترسی ئازادی

ڕەخنە و جورئەتی ڕەخنەگرتنی جەماوەر بوو لەبەرامبەر دەسەڵاتدا. ترسی دەسەڵاتیش لەم پەیامە بو کە ئەم نمایشی ئازادیە هەڵیگرتوە،پەیامی ئەوەی ئازادی بآ قەیدوشەرتی ڕادەربڕین بەمەرجی پاراستنی خوارەوە لە دەسەلاتی سەرەوە دادەنآ. پەیامی پاراستنی ئەم ئازادیەی لە کوردستاندا خەڵک بە قوربانیدان بەدەستی هێناوە و بەدرێژەپیدانی خەباتیش دەیپارێزآ. ئەم پەیامە لە بەردەرکی سەرای سلێمانیەوە زۆر بەڕۆشنی درا بەگوآی دەسەڵاتداراندا کاتێک ئاسۆس هەردی ووتی" لەرێگەی تیرۆری سەردەشتو سۆرانەوە دیانەوێت پێمان بڵێن تەنها ئێمە خاوەنی ئەم سەرزەمینەینو ئەوەی بە پێوەرەکانی ئێمە قسە نەکات... ئەوە ئەنجامەکەیەتی... ئێمەش لێرەوە پێیان دەڵێین سەردەمی تاریکی بەسەرچوو، سەردەمی تیرۆری نهێنی بەسەرچوو، ئەوەی پێیوایە بەم رێگەیە دەتوانێ خەڵکی کوردستان دەستەمۆ بکات، جگە لەلێدانی زنگی مردنی خۆی هیچی دەستناکەوێت، مردنێک کە ئەمجارەیان وەک بڕیارەکانی ئێوە لە ژووره تاریکەکاندا نادرێت، بەچەک جێبەجێ ناکرێت، مەرگێکە بەهێمنیو بە ئاشتیو لەرێی دەنگی ئێوەی جەماوەری کوردستانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت".

هەربۆیە دوای خامۆش بونەوەی خۆپیشاندانەکانیش دەسەلات دەیەوێت حسابی خۆی لەگەلڕ ئەم ئازادی بێقەیدوشەرتی جەماوەر یەکلایی بکاتەوە. ئەمە بەڕۆشنی لە ووتاری هەردوو حزبی دەسەڵاتداردا هاتوە  لەلایەک هەڕەشەکانی بارزانی لە خەڵک بەوەی " پێویستە عاقڵانیتر هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتی ئازادی و رادەربڕین لەهەرێمدا بکەین و دەبێت وریا بین و بەناوی ئازادییەوە مافی کەس پێشێل نەکرێت" و"تێپەڕاندنی ئەم سنورانە لەمەودوا قابیلی قبوڵ نییە" . هەروەها یەکێتیش لە زمانی مەلا بەختیارەوە کە دەڵآ" وردە وردە لیتاوی ئەو ئاوە رژاوەی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، مەترسی هەیە کارەساتی گەورەتری لێبکەوێتەوە ". ئەمانە نیشاندەری ئەو ڕاستیەن کە خەڵک دوای ئەم تەجروبەیەی شەڕی لەگەلڕ دەسەڵاتدا لەسەر ئازادی ڕوبەڕوی دەسەڵاتێکە کە لەدوێنآی ناچێت و هەرچۆن دەسەلات دەزانآ جەماوەریش جەماوەرەکەی دوێنآی پێش مەرگی سەردەشت نیە.  ئەم کێشمەکێشە بەردەوام دەبێ و لەکاتێکدا پارتی و دەسەلات دەیانەوآ ئەم جەماوەرە بەدیار لیژنەی لیکۆڵینەوەی تیرۆری سەردەشت بێ شێو سەرپێنێنەوە و خۆیان خەریکی سەپاندنی یاسای قەیدوشەرتی ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان بن، پێویستە بەرەی ئازادیخوازی کوردستانیش تەفسیر و دەرسەکانی خۆیان لەبارەی ئەم نمایشی ئازادیەی خۆیان و یاسای ئازادی بآقەیدوشەرت ڕۆشنتر بەیان بکەن وە تەسلیم بە ڕوانگە و لیکدانەوە و بیانوەکانی دەسەلات بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادی نەبن. لەڕوانگەی ئەم بەرە ئازادیخوازەوە لێرەدا هەوڵدەدەم لەسەر سیناریۆکانی کپکردنەوەی ئەم ڕوداوە و ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی و یاساکانی دەسەلات و نەخشەکانی داهاتوو و کارکردی ئۆپۆزسیۆن و بزوتنەوەی بێدەنگ نابین قسەبکەم.

**سیناریۆکانی بەلاڕێدابردنی کەیسی سەردەشت**

دوای بێدەنگیەکی سەیر و زۆری دەسەڵات پارتی بە بەیانێکی مەکتەبی سیاسیان هەوڵی بەلاڕێدابردنی فشارەکانی سەرخۆی دا و بۆ ئەمەش مەسەلەی تیرۆری "سەردەشت"ی خستە چوارچێوەی کێشەی بزوتنەوەی گۆڕان و دەسەڵاتەوە . کەوتە هەڕەشە لەگۆڕان و لەم ڕێگەیەوە هەڕەشە لە هەموو ئەو کەسانەی لە دژی پارتی قسەیانکردوە و ڕژاونەتە سەرشەقامەکان. ئەمە سیاسەتێک بوو کە کەیسی ئازادی کە لە ڕووداوی تیرۆری سەردەشتەوە هاتبوە ڕوو تیکەڵاو کرد بە کەیسی ململانآی نیوان گۆڕان و پارتی ،تاکو پارتی هەم بتوانآ هەڕەشەکانی لە خەڵکی ناڕازی بە شێوازێکی وا بکا کە ئاگری ناڕەزایەتیەکان کڵپە نەکا و گۆڕانیش لەم مەیدانە دەربکا. ئەوەی گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن قازانجی لەم ناڕەزایەتیانە کردوە بەرامبەر بە پارتی ناتوانێ پارتی لە ژێرباری بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە تیرۆری سەردەشت دەربازبکا. شەڕی گۆڕان وپارتی لەسەر دەسەڵات شەڕی خەڵک نیە و سود وەرگرتنی گۆڕان لەو ناڕەزاتیە بەدژی پارتیدا بۆ خزمەت بەم شەڕی دەسەڵاتەیەتی نەک شەڕی ئازادی. ئەم حزبانە دەکرآ لەسەر دەیان شت کێشەیان بێت و ڕوداوەکان بەقازانجی خۆیان بقۆزنەوە بەڵام ئەمە هیچ ناگۆڕێت لەوەی کە خەڵک بەرامبەر بەدەسەڵات لەسەر ئازادی ڕادەربڕینی خۆی هاتۆتە وەڵام و ئەم مافەی خۆی دەوآ بەسەر دەسەڵاتداراندا بسەپێنآ. ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان هەر بەهرەبەرداریەک لەم ڕوداوە بکات ئەوە کاری جەماوەری ئازادیخوازە کە بەدوای ئامانجەکانی خۆیەوە بێت لەم حەرەکەتەدا و نەبێتە پاشکۆی ململانێکانی نیوان گۆڕان و دەسەڵات. ئەوەی ئاشکرایە ئەمە بیانویەکە لەلایەن پارتیەوە بۆ هێرش کردنە سەر داخوازی جەماوەر و پارتی بەیاسای "هێرشکردن باشترین بەرگری لەخۆکردنە " دەیەوێت خۆی لە بەرپرسیارێتی ئاشکراکردن و دادگایی ئاشکرای تاوانبارانی تیرۆری سەردەشت دەربازبکا. ئەمەش بەلاڕێدابردنێکی ئاشکرایە و سیناریۆیەکی تەمەن کورتە بۆ داپۆشینی کەیسێکی کراوەی تەمەن درێژ.

هاوکات سەرۆکی پارتیش وەک سەرۆکی هەرێم کەیسی تیرۆری سەردەشتی کرد بە کەیسی تیرۆری قوتابیەک کە یاسا لیکۆڵینەوەی لەسەر دەکات و بکوژان دەگرێ و دادگاییان دەکا و ڕایگەیاند کە "ڕوداوی تیرۆرکردنی جوانەمەرگ سەردەشت عوسمان لەقالبی خۆی دەربڕاو هیچ ڕێزێک لەیاساو ڕەوتی لێکۆڵینەوە نەنرا، ناکرێ هەمو شتێک ئیستغلال بکرێتو فەوزا دروستبکرێتو ڕێگە بدەن بۆ ئەو ڕوداوە یاسا دەور ببینێت"وە" خەڵکانێک سەرقاڵی شتی ڕواڵەتو لاوەکین و زۆرینەی شتەکان ئیستغلال دەکەن بۆئەوەی پەیامێکی چەواشەیی لێ دروستبکەن". ئەمە لەقاڵبدانی کەیسی ئازادی یە بۆ کەیسی گەڕان بەشوێن تاوانباراندا بەپآی یاسای دەسەڵاتداران و چاوەڕێ بوون کە لیژنەی لیکۆڵینەوە تیرۆریستان بدۆزێتەوە و" گەر پێویستی کرد داوای هاوکاریی فەنی لەهەر پسپۆڕێکی دەرەوەی هەرێم بکەن، تاکو لەپرۆسەی لێکۆڵینەوەدا یارمەتیدەربن.". کەیسی سەردەشت کەیسیکی جنائی نیە بەتەنها تاکو وەک هەر کوشتنێکی تر بەپآی یاسای جنائی چارەسەر بکرێ ، بەڵکو کەیسێکی سیاسی یە. کەیسی ئازادیخوازێکە کە لە شەڕی ڕەخنە لەدەسەڵاتدا تیرۆرکراوە. کەیسی ئازادی ڕادەربڕینە کە یاسا نەیتوانیوە بیپارێزآ لە بنەماڵەی دەسەڵاتدار . ئەمە کەیسی هەڕەشە و گرتن و لێدان وکوشتنی ڕۆژنامەنوسانە لە کوردستان کە تائەم ڕوداوە لیژنەیەکی

لیکۆلینەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە دانەنراوە و کەسێک لە تاوانباران نەدۆزراونەتەوە و دادگایی بکوژێک نەکراوە و تەنانەت پێش تیرۆری سەردەشت سەرۆکی هەرێمیش باسی نەکردوە. ئیتر چۆن دەکرآ کەیسی تیرۆری سەردەشت بەو یاسایە و بەو دەسەڵاتە بسپێردرآ . ئەم یاسا و دەسەڵاتە ناتوانێ بکوژانی ئازادی بدۆزێتەوە و سزایان بدا چونکە یاسا و دەسەلاتێک نیە بۆ پاراستنی ئازادی ڕەخنەکانی سەردەشت و ئازادیخوازان لە کوردستان دانرابآ . هاربۆیە هەر لەقالبدانێکی کەیسی تیرۆری سەردەشت لەقالبدانی کەیسی ئازادیە لە کوردستان لەلایەن دەسەڵاتەوە و بەلاڕێدا بردن و کپکردنەوەی ئەو هەوڵ وخەباتە جەماوەریەیە کە دەیەوێ ئازادی بێقەیدوشەرت بکاتە یاسایەک کە دەسەڵاتداران نەتوانن بەناوی یاساوە دەمکوتی خەڵک بکەن.

سەرەڕای ئەم دوو هەوڵەش بۆ بەلاڕیدابردنی کەیسی تیرۆری سەردەشت و لەقاڵبدانی بەڵام قورسایی ئەو کاردانەوەی جەماوەری ئازادیخواز لە کوردستان ودەرەوە دەسەڵاتدارانی ناچارکرد کە بەزمانێکی ڕاستەوخۆ وبآپەردەتر بێنە جەدەل و ململانآی خواستی ئازادی خەڵک تابتوانن داوا و تەنانەت خەونەکانی خەلک لەمەڕ ئازادی بگۆڕن. هەربۆیە ئێمەش پێویستە رۆشنتر جیاوازیەکانی ئازادی دەسەڵات و ئازادی جەماوەر بخەینە ڕوو.

ئازادی دەسەلات یا ئازادی جەماوەر

بەڕای هەردوو حزبی دەسەڵاتدار تیرۆری سەردەشت بەرهەمی بوونی ئازادی یە لە کوردستان. ئازادیەک کە سنور نازانآ لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدا. پرسیاری کفرئامێز لە بنەماڵە و سەرۆکی دەسەڵات دەکات و سڵ ناکاتەوە. بەلای دەسەڵاتەوە ئەمە ئازادی نیە، مەسعود بارزانی لەپەرلەمانی کوردستاندا دەڵێ" ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوە دەکرێت ئازادی نییە، ئەمە فەوزایە خەریکە رەوشتی کوردایەتیو مرۆڤایەتی تێکدەچێت، بەناوی ئازادییەوە بەبێ بەڵگەو بەبێ سەبەب هجوم دەکرێتە سەر مافی هەر کەسێکو ئەوجا ئەو مافە بەخەڵک رەوا نابینین بەپێی یاسا بەرگری لەمافی خۆیان بکەن،" و " ئەمە ئازادی نییە ئەمە خراپ بەکارهێنانی ئەو کەشە ئازادەیە کە لە کوردستان بەتێکۆشانی هەمولایەک هاتۆتە ئاراوە، نابێت چیتر ئەمە قبوڵ بکرێت، نابێ چیتر ئازادیی هاوڵاتییانو مافیان بەناوی ئازادییەوە پێشێل بکرێت. ".لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم لەو وڵاتەدا یاسا دەبێ سەروەر بێت بۆ هەموانو کەس لەسەروی یاسا نەبێت، ئازادی هەیەو خەڵک مافی ناڕەزایی دەربڕینو رەخنەگرتنیان هەیە، بەڵام ڕێگە نادرێت قیەمی میللەتێک تێکبدرێت تەنیا لەبەرئەوەی ژمارەیەکی کەم لەگەڵ ئەو قیەمانە ناگونجێ، ڕێگەی یاسایی بۆ هەر تاکێکی کورد کراوەیە، بەڵام نابێت پێشێلکردنی یاسا دوای هەر رووداوێک ببێت بەدیاردەیەکی هەمیشەیی".

ئەمە تەفسیری دەسەڵاتە بۆ ئازادی. ئازادی بریتیە لە ڕێزگرتن لە یاسایەک کە دەسەڵات دایناوە. ئازادی واتە ڕێزگرتن لە داب ونەریت و موقەدەسات و قیەمێک کە بەناوی میللەتەوە

ناونراوە. ئایا ئەمانە پێناسەی ئازادی خەڵکە لەبەرامبەر دەسەڵات یان پێناسەی ئازادی دەسەڵاتە لەبەرامبەر خەڵکدا؟ لەکاتێکدا باسی ئازادی باسکردنە لە ئازادی بیروڕا و ئازادی تەعبیر لەخۆکردنی تاک و جەماوەرە لەبەرامبەر دەسەڵاتدا. باسی ئازادی خۆدەرخستنی سیاسی ئینسانەکانە و بەپلەی یەکەم مسۆگەرکردن وپاراستنی مافی هاوڵاتیانی خوارەوەیە کە سەرەوەی دەسەڵاتدار دەبێت پابەندبێت پێی. ئەگەر ئەم ئازادیە بەیاساکانی دەسەڵات قەیدوشەرتی بۆ دابنرآ ئیتر هیچ وەسیلەیەکی پاراستن و داکۆکیکردن و بەدیهێنانی مافەکانی تاک و جەماوەری خوارەوە نامێنێتەوە و دەسەڵات هەرچۆن سەرچاوە وداهات ودەسەڵاتی کۆنترۆل کردوە ئەوا ئیرادە و ئارەزوو و هەوڵەکانی خوارەوەش کۆنترۆل دەکات. دانانی ئەم قەیدوشەرتانەی یاسا و داب ونەریت بۆ ئازادی واتە دژایەتی هەر ئاڵوگۆڕێک لە کۆمەڵگادا ،واتە چەق بەستنی دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئیستا. نەبونی ئازادی ڕەخنەگرتنە لە دەسەڵاتی میلیشیایی ،کە بارزانی لەسەر ئەم ڕەخنەیە بەئاشکرا لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە ڕایگەیاند لەکوردستان ڕەخنەگرێکی وا شاربەدەردەکا. نەبونی ئازادی ڕەخنەگرتنە لە ئیسلام کە بەپآی یاسا کۆڵەکەی یاسادانانە و ڕێگا نەدان بە ڕەخنەگرتن لە فرەژنیە لەبەرئەوەی یاسای باری کەسێتیە. نەبونی ئازادی ڕەخنەگرتنە لە فەرهەنگی بەسوک سەیرکردنی ژنان و ڕێزنەگرتن لە منداڵان کە بەپآی ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی زاڵە . کەواتە ئەوەی دەسەڵات لەمەر ئازادی باسی دەکا ئازادی دەسەڵاتە لە هێشتنەوەی وەزعی مەوجوددا کە بەرژەوەندیەکانی ئەو دەپارێزآ نەک ئازادی جەماوەر لە دەربڕینی خواست و بەرژەوەندیەکانی خۆی.

بەڵام بارزانی ڕۆشنی ناکاتەوە کە ئەگەر ڕاستە "لەو وڵاتەدا یاسا دەبێ سەروەر بێت بۆ هەموانو کەس لەسەروی یاسا نەبێت" بۆچی دەزگایەکی ئەمنی وەک پاراستن لەسەروو یاساوە هەیە و سەربە هیچ بەشێکی حکومەت نیە؟ بۆچی نیچیرڤان بارزانی کە ئیستا هیچ پۆستێکی حکومی نیە پیشوازی سەفیری سویدی و کۆری دەکا ؟ بۆچی بنەماڵەکەی سەروەت و سامانەکەیان ئاشکرا ناکەن بەپآی یاسا؟ بۆچی کاتی هەلبژاردنەکان کە لە دهۆک و هەولێر بارەگای حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان دەسوتێنرێ و هێرش دەکرێتە سەریان یاسا سەروەر نیە و کاتێک رۆژنامەنوسان دەگیرێن و دەرفیندرێن ودەکوژرێن خەبەرێک لەم دەسەڵاتی یاسایە نیە؟ بەڵام کاتێک خەڵک ڕژانە سەرشەرقام دژی کوشتنی سەردەشت باسی خراپ بەکارهێنانی ئازادی لەلایەن دەسەڵاتەوە هاتە ئارا. گوایە ئەوانە ئازادی ومافی هاوڵاتیان پێشێل دەکەن و کەسایەتی کورد تێک دەدەن لەبەرچاوی دنیا و ئەمانە سنوری ئازادی بەزاندنە وڕێگەی پآنادرێ.! ئاشکرا نیە ئازادی کآ پێشلکرا کاتێک سەرجەم کوردستان دژی تیرۆری ڕۆژنامەنوسێک ڕاپەڕی ؟!. ئازادی دەسەڵات پێشێل کرا لەوەی ڕێگانەدرا بەربەم خۆپیشاندانانە بگرآ؟ هەموو بەڵگەکان لەسەر پارتی و دەزگای پارستنەکەی باسکرا لە تیرۆری سەردەشتدا و کآ مافی پارتی پێشێل کرد کە بەپآی یاسا بەرگری لەخۆی بکا و بیسەلمێنآ کە بێتاوانە؟ یان چ یاسایەک پیشیلکراوە لەلایەن خەلکی کوردستانەوە کە داوای ناساندن و سزادانی بکوژان و لیپرسینەوە لەدەسەڵاتداران دەکەن؟ بارزانی دەزانآ ئەم خۆپیشاندانانەی پارتیان بەبەرپرسیار زانی لە کوشتنی سەردەشتدا چیتر باوەڕیان بەم

"بانێکە و دوو هەوای" دەسەڵات سەبارەت بە " یاسا دەبێ سەروەر بێت بۆ هەموان‌و کەس لەسەروی یاسا نەبێت" نەماوە و " ژمارەیەکی کەم" کە ڕژانە سەر شەقامەکانی کوردستان " لەگەڵ ئەو قیەمانە ناگونجێ " کە دەسەڵات دایناوە و پێشێلکردنی ئەم "یاسا"یانە دوای هەر ڕوداوێکی هێرشی دەسەڵات بوەتە دیاردەیەکی هەمیشەیی.

ئەم دیاردەیەی مەسعود بارزانی تازە پآی ئاشنا بوە و پآی وایە بە وتنەوەی وانەی سادە لەوحی " سەروەری یاسا" دەتوانآ "عاقڵی" بکا ،بەڵام لای مەلا بەختیار ڕۆشنتر دەزانآ کە ئەم دیاردەیە ڕیشەی لەکوردستاندا هەیە و ڕام کردنی لەلایەن دەسەڵاتەوە بەو ئاسانیە نیە. ئەو دەڵآ:" کاتێک دیقەت لە فەزای ئازادی ئێستا دەدرێت، بەئاسانی هەست پێ دەکرێت، ئەم ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسیو یاساییە، ئەم ئازادییەی رەچاوی قۆناغەکانی گەشەکردنی دیموکراسی تیا ناکرێ،..هەڵەیەکی گەورەیە، لەناو ناوەندێکی نوسەرو نوسیندا، خەیاڵدانی ئەوتۆ بخوڵقێندرێ، کە گوایە دەشێ پەیڕەوی لەئازادی بێ سنور بکرێ. بۆ ئەوەی رەگو ریشەی ئەم هەڵەیە دیاری بکەین، ئاوڕێک لەرابردو دەدەینەوە. لەمەڕ ئازادیی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، ..ئەم مشتومڕە لەدوای ڕاپەڕینەوە، هەر لەڕێگەی بانچەپەکانەوە، هاتە ناو هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستانی عێراقیشەوە. زۆرتریش پەیڕەوانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەم تێزەیان هێنایە ئاراوە... ".ئەمە دانپێدانانێکە بە کاریگەری دەوری کۆمۆنیزمی کریکاری لە خولقاندنی "خەیاڵدانی ئازادی بآسنوردا" لەکوردستان و ئەو فەزای ئازادیەی هێناوەتە ئارا کە خەڵک بەرامبەر بەدەسەڵات ڕادەوەستن و ڕەخنەدەگرن . ئەمە جێگای شانازی یە بۆ کۆمۆنیزمی کریکاری و نیشاندەری تەعبیری ئەم ڕەوتەیە لە خواستەکانی خەڵکی ستەملیکرا و ئازادیخوازی کوردستان ،هەرچەندە دەسەڵاتداران لە ڕێگای کوشتار وسەرکوتی کۆمۆنیستەکانەوە توانیان ئەو حزبە لاواز بکەن بەڵام سونەت و ئایدیاکانی کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستاندا ڕیشەی هەیە و زیندوە. ئەم سونەت و ئایدیا ئینسانیانە وەڵامی نیاز و تینویـتی کۆمەڵگەی کوردستان دەدەنەوە بۆ ئازادی و هەربۆیە لەهەر دێڕێکی سەردەشت و سۆران و ڕۆژنامەنوسان و خۆپیشاندەران و ژنان و لاوانی کوردستاندا دەیبیننەوە.  هەرچەند مەلا بەختیار و دەسەڵاتەکەیان هاوار بکەن " هێشتا زۆرمان ماوە، بگەینە ئەو ئاستەی ئەمجۆرە ئازادابیە، پەیرەو بکەین. لانی کەم، لەناو ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی ئێمە، دروشمی وا ناخوا. لەناو حزبە سیاسیەکانی ئێستادا، قبوڵ ناکرێ، لەبەرامبەر دەسەڵاتەکاندا، ستەمە. لەبەرامبەر ئاین‌و مەزهەبەکانیشدا، مەحاڵە. " بەڵام جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان نیشانی دا کە لەبەرامبەر ئەم هەموو ناخوا و قبوڵ ناکرآ و ستەم و مەحاڵەدا بێدەنگ نابآ و خەتە سورەکانی دەسەڵات بە خەتە سورەکانی ئازادی بێقەیدوشەرتی جەماوەر دەسڕێتەوە و لەبەرامبەر هەر ڕووداوی پیشیلکاریەکی ئازادی لەلایەن دەسەڵاتەوە پیشیلکاری یاساکانی دەسەڵات دەکاتە دیاردەیەکی هەمیشەیی. ئەمە ئەو جیاوازیە  ئاشکرایەی نیوان ئازادی دەسەڵات وئازادی جەماوەرە کە لەم  ڕوداوەوە خۆی نیشاندا. جیاوازی نیوان ئازادی قەیدوشەرتی "یاسایی" دەسەڵات لەگەڵ ئازادی بێقەیدوشەرتی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان.

**ئازادی مەترسی یە یاخود پاراستنی ئاسایشی کوردستانە؟**

ئەو جیاوازیەی لەسەر ئازادی لە نیوان دەسەلآت و جەماوەردایە سەرچاوەکەی بەرژەوەندیە جیاوازەکانی ئەم دوو لایەنەیە.لەلایەک دەسەلآتێک کە بودجەی حکومەتی مەرکەزی و داهاتی نەوت وگومرگی کوردستان و هەموو سەرچاوەکانی تر دەرژێنێتە گیرفانی دوو حزبی چەکدارەوە و سەرجەم ژیانی سیاسی و کۆمەلآیەتی لەرێگای حزب و میدیاکان و وەزارەتەکان و مزگەوتەکانەوە کۆنترۆل کردوە . ئەم دەسەلآتە ئازادی بەوە دەزانێت کە هیچ رێگریەکی نەبآ لە پاراستنی ئەم ئیمتیازات و بەهەشتەدا، وە ئەگەر خەلک ئازادی ئەوەی هەبآ لەدەسەلآت بپرسێتەوە ئەم داهاتە چی لێدەکەن و بۆچی دەزگای ئەمنی نهێنیتان هەیە و بۆچی دوو بنەمالە لەدەسەلات وسەروەت وسامانڈا غەرق بێت و زۆربەی ئینسانی کوردیش لەژێرباری گرانی و بآخانەولانەیی و نەبونیدا بنالێنآ ؟ ئەمە ئیتر مەترسی یە و سەرۆک تورە دەبآ و دەلآ " رەوشی ئەمنی دەشێوێنن‌و خەلک توشی ترس‌و نیگەرانی دەکەن ". بۆچی ئەگەر ئازادی ئەوەت هەبوو تەعبیر لەم وەزعەی خۆت بکەیت و نارەزایەتی دەربرى دەسەلآت بەسەراحەتەوە پێت رادەگەیەنآ هۆی کوشتنتان "دروستکردنی خەیالدانی ئازادیی بێ قەیدو شەرتی سیاسی"یە.

زیندومانەوەی ئەم خەیالدانەی ئازادی بێقەیدوشەرت سەرەرای کوشتاری کۆمۆنیستەکان و سۆرانی مامە حەمەکان و سەردەشتەکان و خۆپیشاندەرانی نارەزایەتیەکانی کوردستان زادەی ئەو بارودۆخەیە کە دەسەلآتی گەندەلر و میلیشیایی خولقاندویەتی و خەلکی کوردستان بێدەنگ نابن لەبەرامبەریدا. هاتنە مەیدانی سەدان هەزار خویندکار و رۆژنامەنوس و مامۆستا و کریکار و ژن و خەلکی ئازایخواز لە سەرتاسەری کوردستاندا نیشانی دەسەلآتی دەدا کە ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی بزوتنەوەیەکە بێدەنگ نابآ لەئاست تیرۆر و گەندەلیدا . کوردستان نە ئیمارەتەکانی خلیجە و نە ئەفغانستان بەلکو کۆمەلگەیەکی مەدەنی کراوە بەسەر فەرهەنگی مۆدیرنی ئازادی بیر و رەخنەگرتن و نارەزایەتیە بەرامبەر بە نا عەدالەتی کە بەدەسەلآتی سەرکوتی نهێنی و میلیشیایی ناترسێنرێ و سەرەرای ئەم هەرەشانە خەلک خوازیاری گۆرینی ئەم دەسەلآتەیە بە دەسەلآتێکی مەدەنی.

دەسەلآتداران دەتوانن سەروەت وسامانی کوردستان بخەنە خزمەت دروستکردنی بازار و تەلاری بازرگانی وەک دوبەی و مەسئولەکان وەک شێخەکانی خلیج بژین وە دەشتوانن یاساکانیان وەک ئەفغانستان بەپآی شەریعەت دارێژن بەلآم ناتوانن فەرهەنگ و چاوەروانیەکانی خەلکی کوردستان بۆ دەورانی عەشیرەتی و سەدەکانی ناوەراست بگێرنەوە. ناتوانن ئازادیەک کە خەلک بەمافی خۆی دەزانآ لە ژێر هیچ ناوێک وبیانویەکدا زەوت بکەن. ئەوەی بارزانی دوای خۆپیشاندانەکانی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەرەشە دەکا کە " ئەم سنورانە لەمەودوا قابیلی قبول نییەو دەبێ رێز لەمەشاعیری خەلک بگیرێت " مەبەستی لە مەشاعیری خەلک و موقەدەساتی خەلک ئەو دەسەلآتە ئابوری و سیاسیە کە پارتی لەژێردەستی دایە و ئەم ئیمتیازاتانە لەراستیدا ئەو مەشاعیر وموقەدەساتانەیە کە دەیەوێت

ڕێزی لێبگیرێ و بەناوی ئازادیەوە جەماوەر هێرشیان نەکاتە سەر. ئەوەتا بەئاشکرا لەهەمان مینبەروە دەڵآ" خۆمان لەلێدوانی وا کەڕەوشی ئەمنی دەشێوێنن‌و خەڵک توشی ترس‌و نیگەرانی دەکەن بپارێزین. گەر ئەمن‌و ئاسایش نەما گەشەکردنی ئابوری‌و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی هەرێمیش نامێنێت‌و گەلەکەمان لەهەمو رویەکەوە زیانمەند دەبێت". ئایا ئەوە خەڵکی کوردستانە لە خۆپیشاندانەکانی هەولیر و سلیمانی و کەرکوک وخانەقین و باقی شوینەکانی تری کوردستان ترساوە و نیگەران بوە یان دەسەڵات ولقەکانی حزبە؟ ئایا تیرۆری رۆژنامەنوسان و لیدان و فراندنی ئازادیخوازان ڕەوشی ئەمنی تیکداوە یاخود ناڕەزایەتیە جەماوەری و جیهانیەکان دژ بەم سەرکوت وپیشیلکاریانە؟ ئاشکرایە مەبەستی بارزانی لە ترس ونیگەرانی خەڵک، ترس و نیگەرانی کۆمپانیاکانی نەوت و بازرگانی وولآتانی دەرەوەیە. لەکاتیکدا دەبینن خەڵک دژی تیرۆر ڕاپەڕیوەو کوردستان تیرۆر و کوشتنی تیدا هەیە ئامادەی سەرمایەگوزاری نابن. کێشەی بارزانی ئەوەنیە کە تیرۆری رۆژنامەنوسان لەسایەی دەسەڵآتی ئەودا دەکرآ و ئەمە بە تیکدانی ئەمن وئاسایشی کوردستان نازانآ و خەڵک نیگەران ناکات لە ژیان وئاسایشیان وە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بەوە نازانآ کە بوەتە مایەی ترس ونیگەرانی خەڵکی کوردستان و سەرنجی میدیاکانی جیهانی بۆ ڕاکێشراوە. کێشەی بارزانی تێکچونی ئەو بەهەشتەی بنەماڵەیە کە "گەشەکردنی ئابوری‌و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی نامێنێت " .ئەگینا بەشی خەڵکی کوردستان لەو داهاتە ملیارەها دۆلارە و کۆمپانیکانی نەوت و گەشەی ئابوریە چی‌یە ؟ معاشی مانگانەی 100دۆلار بەمەرجی وەلائی حزبی؟ ئەمە ئەو بەشەیە کە خەڵک زەرەری تێدا دەکا ئەگەر سەرکوتی دەسەڵات قبوڵ نەکەن و پیشیلکاریەکانی دەسەڵات بەڕووی جیهاندا ئاشکرا بکەن تا فشارێک دروست بکەن؟ سەیر لەوەدایە لەلایەن حزبە دەسەلاتدارەکانەوە هێنانی لەشکری دەولەتانی ناوچەکە و بەعسیش ،رۆژآ لەرۆژان بە مەترسی بۆسەر ئەمن وئاسایشی هەرێم باس نەکراوە و ئەم حزبانە ئازادبوون لە بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆ و دەیان کاری عەسکەری تر کە دەرگا وپەنجەرەی بە کوردستانەوە نەهێشت بەڵام ئێستا بوونی ئەو ئازادیەی خەڵک کە ناڕەزایەتی لە وەزعی ژێردەستەیی خۆیانی پآدەردەبڕن بوەتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هەرێم و " ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوە دەکرێت ئازادی نییە، ئەمە فەوزایە خەریکە رەوشتی کوردایەتی‌و مرۆڤایەتی تێکدەچێت ".ئەمە بەڕاستی "چیرۆکی مەڕو گورگ" ی دەسەڵاتە و هیچی تر.

دەبی بپرسین کە چی ئەزمونی کوردستانی ناشیرین کردوە و " تێکدان‌و شێواندنی ناڕەوای کەسایەتیی مرۆڤی کورد تاوانێکە دەرهەق بەنەتەوەیەک" کآ لێی بەرپرسیارە؟ ئەوانەی تیرۆری سەردەشتیان کرد یان ئەوانەی خۆپیشاندانی مەدەنیانەیان کرد دژی تیرۆری ئازادی ؟ میدیاکانی جیهان چۆن باسی دەسەڵاتیان کرد کە تیرۆری رۆژنامەنوسان لەسایەیاندا ڕوودەدات وە لەبەرامبەردا چۆن باسی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی ئازادیخوازیان دەکرد؟ تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی ئازادی لەلایەن خەڵکەوە تەنها قسەی دەسەڵات ودەست و پیوەندەکانی بوو نەک یەک رۆژنامەنوس و هەواڵنێر و ریکخراوەیەکی جیهانی و دەوڵەتیکەوە بە ئەمریکاشەوە کە ئاگاداری ڕوداوەکانی کوردستان بێت سەبارەت بە تیرۆری سەردەشت. لە

ڕاستیدا ئەمەیان پەیامی تۆڵە سەندنەوەیە لەوانەی نەیانهێشت ئەمجارە لە کوردستان خوێنی ئازادیخوازێک بەفیڕۆ بڕوات و ئەمە پەیامی شکاندنی ئەو قەڵەمانەیە وەک سەردەشت خەیاڵدانی ئازادی بیقەیدوشەرتیان بێکۆتایییە . پەیامی سورترکردنی ئەو خەتی ئەمنیانەیە کە دەیانەوآ رۆژنامە وگۆڤارە بێدەنگ نەبوەکانی پآ قەدەغەبکەن. بەڵام جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان هیچ بەرژەوەندیەکی نیی‌یە لە پەشیمان بونەوە لەو دەرسەی داویەتی بەدەسەڵات لەسەر ئازادی بیقەیدوشەرتی سیاسی. ئەم جەماوەرە نە گۆڕانە ترسی لە ئیمتیازاتی پەرلەمانی و بودجەکەی بێ و لەگەڵ هەڕەشەی دەسەڵاتدا ڕایگەیەنآ" ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان هاوڕای بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانین لەوەی خراپ بەکارهێنانی ئازادی مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی کوردستان دروست دەکات " و نە نانی سەرسفرەشی لە چەپڵە لیدان بۆ هەڕەشەکانی سەرۆک لە "خراپ بەکارهێنانی ئازادی" دایە. ئەم بزوتنەوەی ئازادیخوازە ڕیزێکی سەربەخۆی پێویستە کە ئازادی جەماوەر بۆی ستراتیژ بآ نەک تاکتیکی فشاری وەرگرتنی ئیمتیازات لە دەسەڵات ،وە بتوانێ ڕێگا بگرێت لە یاریکردنی هەر هێزێک بە ناڕەزایەتیەکانی خەڵک . ئەم بزوتنەوەیە ناتوانێ بیدەنگ بێ تاکو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بەردەوام بآ. جەماوەری ئازادیخواز ڕێگایەکی تری بۆ پاراستنی ژیان وئاسایشی خۆی لەبەردەمدا نیە ئەوە نەبآ قەمەڵەکەی سەردەشت جارێکی تر بەرزکاتەوە و بچیتە سەر دیرێکی نوآ و سەر لەنوآ دەست پیبکاتەوە و بنوسآ بژی ئازادی بیقەیدوشەرتی سیاسی . ئەمە مانای واقعی ئازادی جەماوەرە و ئەمە زامنی پاراستنی ئازادی بیروڕا و ئاسایشی خەڵکی کوردستانە.

**فتواکانی سەرۆکی پارتی بەرەو کوێ ؟!**

کاتێک جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان شەقامی شارو شارۆچکەکانی کوردستانیان بە دەیان لافیتەو پۆستەر لەناو گڕو ڕق و تووڕەیی یەکانیان لەدژی هەڵوێستی خۆدزینەوەو زیکزاکی پارتی لەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تێکەڵ و ئاوێزان کرد ، بەناچاری و بۆ بەرگرتن و شەرفرۆشی بە بزووتنەوەی مرۆڤ دۆستانەو ئازادی خوازانەی خەڵکی کوردستان کە هاتۆتە پێشەوەو خەریکی تۆمارکردنی مێژوویەکی نوێ یە لەکوردستان ، سەرۆکی پارتی بەناچاری و بۆجاری چەندەیەم فتوای لەخوێن هەڵکێشانی ئەم بزووتنەوە ڕادیکالەی دووپات کردەوە..

سەرۆکی پارتی لە فتوای ئەم دواییانەی ناو پەرلەمانی کوردستان بەڕوونی و ڕاشکاوانە ئەڵێت :

" ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادی یەوە دەکرێت ئازادی نیە ، ئەمە فەوزایە ، خەریکە ڕەوشتی کوردایەتی و مرۆڤایەتی تێک ئەچێت " .

**کامەیەڕەوشتی کوردایەتی ؟!**

**لەڕاستیدا " ڕەوشتی کوردایەتی " هەرئەم کارو کردەوەی ئێستای پارت و دەسەڵاتی کوردی بووە کە خەڵکی کوردستان بەدرێژایی مێژووی ناسیونالیزمی کورد بەهۆیەوە سەرگەردان و ئاوارەو ماڵ وێران دەربەدەر بووە ، بەهۆی سیاسەت و کاروکردەوەی ئەمانەوە ئەنفال و ئیعدام و کوشت و بڕ کراوەو لەسەرەتایی ترین مافەکانی بێ بەش کراوە . خەڵکی کوردستان کاتێک کەڕاپەڕیوون بۆ سەندنەوەی مافی زەوت کراویان لەلایەن حکومەتە شۆڤێنیست و هارو دڕندە یەک لەدوا یەکەکانی ناوچەکەوە ، لەهەرسەردەمێکیدا هەمیشە شێخ و مەلاو دەرەبەگەکانی کوردستان سوار شەپۆلی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بوون و لەپێناوی دەسەڵات و بەتاڵان بردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی دواجار بەنرخێکی هەرزان و لەئەنجامی ڕێکەوتن و پیلان گێڕی یان خەڵکەکەیان بەئاسانی تەسلیم بەچارەنووسێکی ڕەشتر کردۆتەوە .. ئێستاش هەرلەلایەن ڕۆڵەکانی ناو خێزانی کوردایەتی یەوە کەڵەکەی سەرمایەو پاوان خوازی دەسەڵات ، دزین و بەتاڵان بردنی ژیان و قووتی خەڵکی کوردستان ، شەڕو قین و کێشەی کۆن و نوێ یان ، دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە ، چەمینەوە و کڕنووش بردن و چاوساغی کردن بۆ حکومەتە فاشست ودڕندەکانی ناوچەکە لەپێناوی کورسی دەسەڵات و بەرژەوەندی یەکانیان ، کوتان و بێ ڕێزی کردن بەرامبەر بە کەرامەت و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان، بوار ڕەخساندن و بەخێوکردن و باوەشێنی ئیسلامیەکان لەدژی بەرەی ڕایکاڵ و لەدژی ئازادی و فەرهەنگی ڕوولەسەروو پێشکەوتووی خەڵکی کوردستان و...تاد ئەمانە تەنها بەشێکی کەم پێک ئەهێنێت لەدەریایەک تاوان کاری ڕەوشتی کوردایەتی ناسیونالیزمی کوردو پارتەکانی لەبەرامبەر چارەنووسی خەڵکی کوردستاندا.. بۆیە جێگای خۆیەتی خەڵکی کوردستان بەڕاستی بێتە مەیدانەوە نەک تەنها بۆ تێکدانی ڕەوشتی کوردایەتی ، بەڵکو ڕەوشتی کوردایەتی لەڕەگ و ڕیشەوە بۆ هەمیشە دەربهێنن و کۆتایی بە بەم غودەی سەرەتانە بهێنن کە بەردەوام بووەتە هۆی بێ مافی یەکانی خەڵکی کوردستان ..**

**بۆچی سەردەشت تیرۆرکرا؟**

**خەسرەو سایە**

**هەیە پێی وایە نوسینەکانی سەردەشت ئەوەی نەدەهێنا کەبەتاوانێکی ئاوا نامرۆڤانە بکوژرێت.. كێواية كاریگەری نوسینەکانی سەردەشت چییە، واپارتی ناچاربكات بەتیرۆرکردنی؟**

**لێوێلامي ئێم ترسيارێدا.. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کەسەردەشت عوسمان زیاتر بەهۆی ئەو ووتارەوە کەوتە بەرهەڕەشەی تیرۆرەوە کەبەتایتڵی"من عاشقی کچی بەرزانیم" نوسراوە، ووتارێکی ئاواش کەبەشێوازێکی تەنز و خەیالاوی ڕەخنە لەناعەدالەتیەکی گەورەی**

کۆمەلایەتی دەگرێ و جیاوازیەکی چینایەتی نێوان هاولاتیان بەگشتی و بنەماڵەی بەرزانی مۆدێلێک لە دەسەلاتداریتی دەخاتەڕوو کەحزبە میلیشیاییەکانی کوردستان ژیانی نابەرابەری وژێر دەستەیی لاوان و خەڵکی زەحمەتکێشیان پێ لەقاڵبداوە. دیارە شێوە دەڕبڕینێکی ئاوا و بگرە زیاتر لەمەش لەئەدەبیاتی سیاسی و ڕۆشنبیری چەند ساڵی ڕابردووی کوردستاندا نمونەیەکی یەکجار زۆری هەیە. بەلام لەبارەی ئەوەوە کەئایا نوسینی ووتارێک لەنمونەی ئەوەی سەردەشت نوسیویەتی ئەوەی دەهێنا کە لاوێکی تەمەن 23ساڵەی بۆ بکرێ بەقوربانی؟ دەبێ ئەوە بلێم کە بۆ پارتی ئیحای ناموسی و ئەخلاقیات وموقەدەساتێکی لێ دەخوێندرێتەوە کەجێگای قەبوڵکردن نییە. ئەمە لەکاتێکدایە کەلە هەر وولاتێکی دیموکراسیدا کەئەم موقەدەساتانە جیگایان نییە، ڕۆژانە سەروک و وەزیرو کاربەدەستانی وولات و هەڵسوکەوتی شەخسی و خێزانیان دەکەوێتە بەردەم تانە لێدان و کۆمیدیای نوسەران و هونەرمەندانەوە و کەسیشی لەسەر تیرۆر ناکرێ. بەلام بۆ پارتی وبنەماڵەکەی مەسەلەکە دیموکراسی و قەبوڵکردنی خەیالاتی لاوێک نییە، بەڵکو بڕینی سنوری موقەدەساتێکە کەبنەمای دەستڕۆیشتوویی و دەسەلاتی خێڵەکی لەسەر دامەزراوە. بەتایبەتی بۆ پارتی وەک یەکێک لەحزبە تەقلیدیەکانی ناسیونالیزمی کورد، بنەماڵەو سەرۆک، پلەو پایەی شا و مەلیک و میری هەیە کەگشت بونیادەکانی دەسەلات و حزبی لەسەر دامەزراوە. ڕاگرتنی ئەم پێکهاتوانەش وەک "موحەڕاماتێکی ئاینی" لەسەروکۆمەڵگاوە، پێویستی بەپیرۆزکردنە، تائاستی "مەوهیبەیەکی ئیلاهی" و دەبێ هەمووان لەئاستێدا ملکەچ بکرێن. شاردنەوەی نەهێنیەکانی بنەماڵەو ژیانی سەرۆک وپێچانەوەی لەئاکارو ئادابێکی ناموسی و ئاینیدا، تاڕادەی ئەوەی کەخەیاڵ لێدانی هەرلاوێک لەمێشکی خۆیدا وەک "نامەحرەم" لێک بدرێتەوە، سنورێکە کەنابێ هیچ هاولاتیەک بیبڕێ. بەلام لەم تابلۆیەدا ئێمە نمونەی سەرۆکی ئەمارەتەکانی بۆتان وبەرزان وبابان ومیرنشینەکانی کەنداو دەبینین کەچۆن بنەماڵەی دەسەلاتدار ترۆپکێکە کەدەبێ نەک هەرهاولاتیانی سادە بەڵکو وەزیرو کاربەدەستانی پلەی خوارەوە لەبەردەمیدا بچەمێتەوە و بۆ ڕاپەڕاندنی هەرکارێکیان دەبێ لەپێشدا دەست ماچ بکرێ و لێشاوی پێدا هەڵدان هەڵبرێژێ وهەرکەسیش لەم سوونەتەدا کەم بهێنێ، ژیانی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لەنمونەی ناسیونالیزمێکدا کەپارتی کۆرپەی باوەشیەتی خەرواریێک لەپێداهەڵدان بەبنەماڵەی بارزانی و سەروەریەکانی دەبینن، کە"شۆڕشی بارزان وسەرکردە وشەهیدەکانی" جیاوازیەکی گەورەیان لەپلەو پایەی سەرکردە و شەهید و شۆڕشەکانی پێش وپاشخۆی هەیە، وەک ئەوەی کەمێژووی کۆمەڵگای کوردستان لەم بنەماڵەیەوە دەستی پێکردبێت. لەکۆمەڵگای ئەمرۆی کوردستاندا پاراستنی ئەم ترۆپکە و ئەم سیستەم و فەرهەنگە هەرچەند قاچی لەڕابردوودایە، بەلام ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەڕاگرتن و بەئەبەدی کردنی بەبنەماکانی دەسەلاتدارێتی بۆرژوازی کورد وبازاڕێکەوە هەیە، کەلێشاوی سەرمایەو ژیانی فیرعەونی بۆ بەرپرسیارانی ئەمرۆی کوردستان پێکهێناوە و هەرجۆرە تانەدانە لێدان و ڕەخنەگرتنێک لێی، مەرگی هاوشێوەی سەردەشت دێنێتە کایەوە.

28ئایاری 2010

**ڕۆژنامەی " الحياة" و شاردنەوەی ڕاستیەکان لە لایەن" مەسعود بارزانی" یەوە سەبارەت بە دۆسیەی" سەردەشت عوسمان"**

سەردار عەبدوڵا حەمە

ڕۆژنامەی الحياة لە پاریس چاو پێکەوتنێکی گشتی لە گەڵ مەسعود بارزانیدا کردووە سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و کوردستان کە من ناچمە سەر وەڵام بە هەموو ئەو پرسیارانەی لێ ی کراوە ، تەنها دەچمە سەر ئەو پرسیارەی کە سەبارەت بە دۆسی "سەردەشت عوسمان "وەڵامی داوەتەوە.

لەم وەڵامەیدا مەسعود بارزانی سەردەشت عوسمان تەنها بە قوتابی ناو دەبات ، بە ڕۆژنامەنوس ناوی نابات ، هەروەک چۆن سەرجەم ڕاگەیاندن و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم کا ناچار بکرێن باس لەم دۆسیەیە بکەن هەر بەو جۆرە سەردەشت دەناسێنن کە تەنها قوتابی بووە . ئایا ڕاستە سەردەشت عوسمان هەر قوتابی بووە و لە سەر قوتابی بوون تیرۆر کراوە ؟ ئەگەر وایە قوتابیەکی تربۆ تیرۆر نەکرا ؟تۆ بڵێی سەردەشت کوڕی دەوڵەمەندێک بووە و باندێکی تیرۆریستی بۆ مەسەلەی پارە وەرگرتن لە باوکی ئەم کارەیان کردبێ ؟ هەروەک چۆن لە چەندین شوێنی تر کاری لەم جۆرە ئەنجام دراوە . وەڵامی ئەم پرسیارانە بە پێی هەموو بەڵگەکان ، نەخێرە ،نە سەردەشت تەنها قوتابی بووە و ڕۆژنامە نوس نەبووە ، نە باوکی سەردەشت دەولەمەند و مەسول بووە و کورەکەی بۆ ئەم مەبەستە بفرێێنن نە هیچ کەسێکیش پەیوەندی بە باوکی وکەس وکاریەوە کردوە وداوای پارە بکەن ئەنجا کوڕەکەیان ئازاد بکەن . کەوایە مەسعود و پارتی و ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار بۆچی سەردەشت بە قوتابی ناو دەبەن؟ و بۆچی بە هیچ جۆرێک دان بەوەدا نانێن کە سەردەشت ڕۆژنامە نوس بووە ؟ تەنانەت هەرگیز ئەوەش ناڵێن کە هیچ نوسینێکی هەبێ، لە کاتێکا نوسینەکانی لە چەندین ماڵپەری کوردیدا بڵاو کراونەتەوە بە چەندین زمان وەرگێڕدراون و لە ماڵپەرو ڕۆژنامە جیهانیەکاندا چاپ کراون بڵاو کراونەتەوە. تۆ بڵێی مەسعود بارزانی ئەوەندە نەزان بێ و نەزانێ مەڵپەرەکانی ناو ئەنتەرنێت ئێستا هەمان ڕۆڵی ڕۆژنامەیان هەیە بە ماڵپەرەکانی خۆشیەوە ( خەبات و پەیامنێر و ئەوانی تر ) ، پێم وانیە ئەم ڕاستیە نەزانێ ، تەنها مەبەستێک لە شاردنەوەی ئەو ڕاستیەی کە سەردەشت ڕۆژنامە نوس بووە ئەوەیە کە بە ڕای گشتی بڵێن سەردەشت لە سەر نوسینەکانی تیرۆر نەکراوە ، هەموو دونیا دەڵێ سەردەشت عوسمان ڕۆژنامە نوس بووە بۆیە تیرۆر کراوە کەچی مەسعود وپارتی دەڵێن نا تەنها ئەو قوتابی بووە . سەدان کەسایەتی و ڕێکخراوەی ڕۆژنامەگەری و مەدەنی و سیاسی لە جیهان و دونیای عەرەب و عێراق و کوردستان و جەماوەری ملیۆنەها کەسی لە خەلکی کوردستان و دەرەوەی کوردستان کە ئەم کارە تیرۆریستەیان ئیدانە کردووە و مەسعود و دەسەڵاتەکەی بە بەرپرس زانیوە، سەردەشتیان وەک ڕۆژنامە نوس ناسیوە تا ئەوەندەی قوتابی بووبێ چونکە نوسینەکانی ئەو بەڵگەو دۆکیمینتن بۆ ئەم مەبەستە ،

لێرەدا پارتی و دەسەڵاتەکەیەتی بێ بەڵگە یە وە ئەم خەڵکە بە نەفام و گێل دەزانێ دەڵێ نا سەردەشت رۆژنامە نوس نەبووە .

فریوکاریەکەی پارتی و بارزانی لە پێناو چیدایە؟ بۆ چ مەبەستێکە؟ دیارە بەو مەبەستەیە کە دەیانەوێ دیمەنێکی درۆزنانەی کوردستان نیشانی خەڵکی کوردستان و دونیا بدەن ئەویش ئەوەیە کوردستان دیموکراتیە و ئازادی هەیە، کەس لە سەر بیروڕا و نوسین و کەسی رۆژنامە نووس ناکوژرێ و تیرۆر ناکرێ وە هیچ رۆژنامە نوسێک لە کوردستاندا تێ ی هەڵنادرێ و کامێراکەی ناشکێنرێ و زیندانی ناکرێ و حوکم نادرێ ....هتد. چاو لە مێژووی دەسەڵات بکەن لە کوردستان کە ئەم دیمەنە چەندە ساختەیە و درۆزنانەیە چەندە دیمەنێکی تەزویرە ، ئەوەندەی هەڵبژاردنەکەکانیان گاڵتە جاری و تەزویرە .

تۆ بڵێی بارزانی و پارتی خەمی لە دەست دانی ئەزموونەکەیان بێ ، بۆیە ئەم راستیانە دەشارنەوە نەوەک دەستێکی بێگانە بێت و ئەم ئەزمونەیان لە ناو بەرێ ، هەروەک خۆشیان زۆر ئەمە دەڵێنەوە کە ئەم ئەزمونەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قوربانی و شەهیدانێکی زۆر بە دەست هاتوە. منیش دەڵیم ئەوە ڕاستە ئەم بارودۆخەی ئەمرۆ بە هەوڵ و خەباتی خەڵکی کوردستان بە دەست هاتوە بەڵام ئەوەی پارتی و بارزانی باسی ناکەن بەرهەمی ئەم خەباتەیە دەچێتە گیرفانی کێوە ؟ ئەو خەڵکەی قوربانیەکەی داوە ؟ یا دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوە؟ وەڵامەکەی رۆشنە بۆ نموونە دەچێتە گیرفانی بارزانی بە هەموو نەوەکانیە وە ، لەوانەیە زۆربەی خەڵک لە سەر یۆتۆب ڤیدیۆی دانپێدانانی کەسێکی میتی تورکیان ببینیێ کە دەڵێ :تەنها نێچیرڤان بارزانی رۆژانە 2 تا 3 ملیۆن دۆلار لە ریگای ئیبراهیم خەلیلەوە بە لۆری دەنێرێتە بانکەکانی تورکیا. بەڵێ ئەوەێ لە بوونی ئەم ئەزمونەدا بەهرەندە تەنها دەسەڵاتدارانن بە پارتی بە یەکێتیەوە ،بەشی خەڵکی کوردستانیش نەک هەر بێکاری و مەینەتی و هەژاری و ئاوارەیی ونا ئاسودەیی و نابەختەوەرییە بەڵکو داسەپاندنی ترس و تۆقاندن و کوشت بڕو تیرۆریشە . بارزانی هەقی خۆیەتی ئەم ئەزموونەی بۆ پیرۆز بێ ، بەڵام بۆ دەبێ بۆ خەڵکی کوردستان پیرۆز بێ بەم دەسەڵات و بارودۆخەیەوە وە لە ژێر زەبرو زەنگ و ستەمدا بن ، ستەم هەر ستەمە ماناکەی ناگۆڕدرێ ئەگەر بە کوردی بکرێ یا بە عەرەبی و تورکی و فارسی وئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی ..هتد .حکومەتی بەعسمان لە بیرە هەر نارەزایەتیەک بکرایە بە ئاگر و ئاسن وەڵامی خەڵکی دەدایەوە چونکە بەوە تومەتباری دەکردن کە دژی حکموتی نیشتمانین ،دەستی بێگانەی لە پشتە . بۆ سەدام و بەعسیش ئەو حکومەتە پیرۆز بوو بەڵام بۆ خەڵکی عێراق هیچ پیرۆزیەکی نەبوو کە تیایدا خەلک بکوژرێ و هەژار و نابەختەوەر بکرێ و ترس و دڵەراوکێ و تۆقاندن بەسەردا بسەپێنرێ بۆ دەبێ پیرۆز بێ ؟!!. دەبێ بۆ خەلکێ کوردستانیش ئەم ئەزموونەی حکومەتی هەرێم چ پیروزیەکی هەبێ کە تیایدا خەلک لە سەر بیروراى دەکوژرێ ، هەژارو نابەختەوەر دەکرێ،لە ناو فەزایەکی ترس و تۆقاندندا ژیان بە سەر بەرێ .ناچار بکرێ وولات بە جێبهێڵێ و ئاوارە بێ. کاتێ ئەم ئەزموونە پیرۆز دەبێ کە ئەم فەزایە نەبێ .

لە بەشێکی تری وەڵامەکەی بارزانی بە" الحیاة "ووتراوە ئەم ڕوداوە ئەمرۆلە کوردستاندا گەورە کراوە بە ناوی رۆژنامە نوسانی ئازادەوە پیلانیکی لە پێشدا دارێژراوە لە لایەن لایەنێکەوەیە!! ئایا ئەم ڕوداوە بچوکە لە دەست دانی گیانی کەسێک کە تەنها ووشەی پێ بووە؟ ئایا نەخشەو پیلانی پێش وەخت چەندە راستە ؟بارزانی چەندە بەڵگەی نیشاندا کە پێش ڕووداوکە دەستی کەوتبێ ؟ چۆن توانی ئەمە بسەلمێنی ؟ دیارە نەک بەڵگەیەکی نیە لە سەر ئەوە بەڵکو خۆشی چاک دەزانێ کە نەک پیلانی پێش وەخت نیە بەڵکو هۆشیار بوونەوەی خەلکی کوردستانە لەبەرانبەر ستەمەکانی دەسەڵات و پر بوونی جامی تەحەمولیانە ، خەڵک ئیتر لێ ناگەرێ دەسەلات زوڵمی لێ بکا دیارە پێشتریش خەلکی کوردستان هەر ئەم کارەی کردووە . خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە ماوەی چەندین ساڵی دەسەڵاتەکەی پارتی و یەکتیدا کە بە ئاگر و ئاسن وەڵامیان داوەتەوە ، ئەو بەڵگە رۆشنەیە کە وەڵامەکەی بارزانی بە درۆ دەخاتەوە ، ئەو کاتانە نە ئەو لایەنە هەبوو نە رۆژنامەنوسانی ئازادیش رابەرایەتی نارەزایەتیەکانیان دەکرد. هەروەها بەڵگەیەکی تر بۆ بە درۆ خستنەوەی بارزانی بەوەی کە تەنها لایەنێک لە پشتی ئەم خۆپیشاندان ونارەزایەتینەوەیە کە دیارە مەبەستی "گۆڕان" ە ئەمە نەک هەر راست نیە و بێ بەڵگەیە بەڵکو زۆر هەدەفمەندانە ئەم ئێدیعایە دەکا ، زۆر تر دەیەوێ نارەزایەتیەکان بە ناهەق پیشان بدات وە بە پیلانێکی نیشان بدا ،و ئەوە نیشان بدا پارتی هیچ گوناهێکی نیە هەموو خەڵک لە پارتی رازیە تەنها" گۆران" نەبێ . چاو بگێرن بە ناو ئەو خەڵکانەدا کە لە کۆرو کۆبونەوەکان خۆپیشاندانەکاندا دەبینرێن چەندیان لایەنگری "گوڕان" و چەندیان کۆمۆنیست خەلکی ئازادی خوازن ،چاو لەو کەمپینانە بکەن کەلەم ماوەدا کراون بە دەست "گوران "ەوە بووە یا بە دەست کۆمۆنیستەکان و خەلکی ئازادیخوازەوە بووە ، چاو لە دەیان ماڵپەر و رۆژنامەی سیاسی و ئازاد بکەن کە مپینیان بەرێ خستوە لەم پێناوەدا .ئەمانە بەڵگەی ئەوەن نەک تەنها لایەنێ نیە و پیلانێکی ئەو نیە لە دژی پارتی و بارزانی بەلکو دەیان لایەنی مرۆڤی وسیاسی و مەدەنی ومالپەرو رۆژنامەی ئازاد ی کوردستان و جیهان رابەری ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتی و کەمپینەنانە دەکەن بێ ئەوەی بە تاڵە دەزوویەکیشەوە بەسترابنەوە بە" گۆڕان "ە وە بەلکو موخالیفشن بە " گۆڕان" .

لە بەشیکی تری وەڵامە چەواشەکاریەکەیدا دەڵی لە کوردستان یاسا هەیەو دەبوایە چاورێی ئەوە بکرایە لیژنەی لێکۆلینەوە کارتۆنیەکەی ئەنجامی لێکۆلینەوەی خۆی بدایە لە سەر رووداوەکە ئەوکاتە کێ تاونبارە یاسا بریار ئەدا!!!! ئایا کەسێک هەیە لە کوردستان بە خودی ئەندامانی پارتی و یەکێتیشەوە نەزانێ کە لە کوردستاندا یاسایەک نیە هەموو هاوڵاتیان بە چاوێکی یەکسان تەماشا بکات!! .یاسا و دادگا تەنها لە دژی خەلکی بەشمەینەتی کوردستان کار دەکا!!. تا ئێستا کام بەرپرس دادگایی کراوە حوکم دراوە ؟! چ جای ئەوەی بارزانیەکان بهێننە دادگاوە، کەس هەیە نەزانێ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی هەر لە سەر بنەمای واستەو بەرتیل و تەزکیەدا بەرێوە دەبرێ هەر کەس واستەی نەبێ و بەرتیل نەدات وتەزکیەی نەبێ نەک هەر لەدادگا دەیدۆرێنێ بەلکو ناتوانێ ژیان بکات لەو مەملەکەتەتدا. کامە دادگا ؟کامە حوکم؟ کامە یاسا ؟بۆ نەگەر بەرپرسێک حوکم بدرێ بە

واستە ئازاد ناکرێ ، ئەمە لەکاتێکا ئەگەر گریمان دادوەرێکیش ئەم حوکمەی دەرکرد ،ئەگەر وادا بنێین مەسعود و کورو کەسانی سەر بە بنەماڵەکەی حوکمیان بە سەردا درا( دیارە ئەمە ئەفسانەیە )،بۆ ملیشیاکانی بنەماڵە ناچن ئازادیان بکەن و تەڕو وشک پێکەوە بسوتێنن ودادگا تێک پێک بدەن ودادوەر بکوژن کارێکی وا بکەن کەهیچ دادوەرێ نەبێ هەرگیز جورئەتی ئەوەی هەبێ کاری وەها بکا.

ئایا بارزانی راست دەکا ئەگەر یاسا بریاری دا ئەو تاوانبارە یەکەم کەس دەچێتە بەردەم دادگا ؟ ئەمە نەک راست نیە بەلکو جێگای پێکەنینیشە. جارێ لە ژێرِ حوکمرانی ئەودا کەس هەیە بتوانێ بڵێ تۆ تاوانباری کەس دەتوانێ سکاڵا لە سەر ئەو تۆمار بکا، نە خێر هیچ کەس ناتوانێ ، هەروەک چۆن کەس ناتوانێ لە حکومەتە دیکتاوریەکاندا جورئەتی کاری لەو جۆرە بکا لەماوەی کەمتر لە 24 سەعاتدا سەرنگون دەکرێ و لە ناو دەبرێ لەکوردستانیشدا هەر وا دەبێ،مێژوو ئەمەی نیشان داوە. بارزانی دەڵێ دەبی چاوەروانی ئەوە بکرایە تا لیژنەی لێکۆلێنەوە بریاری خۆی بدایەو نە دەبوو خەلک خۆپیشاندان و نارەزایەتی ئەنجام بدایە وە نەدەبوو کوردستان بە ناشرینی پیشان دونیا بدرایە.مەبەستی ئەو لێرەدا هەر ئەوەیە هەرچی دەسەلاَت و پارتی وبارزانی دەیکات دەبێ قبول کرێ کەس نارازی نەبێ.پاشان کامە لیژنەی لێکۆلینەوە ؟ . بە رای من و زۆربەی خەلکێ کوردستان و دونیاش شتێک نیە ناوی لێژنەی لێکۆلینەوە بێ بۆ دۆسیەی سەردەشت عوسمان بە مانایەکی واقیعی و مەنتێقی. لیژنەی لێ کۆلینەوەکەی بارزانی تەنها شتێکی کارتۆنیەو تاکتیکێک بوو بۆ دامرکاندنەوەی توڕەیەکانی خەلکی لە دەسەلاَت. وا ئەمرۆ ئەمە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان رۆشن بووەتەوە کە ئەولیژنەی لێکۆلینەوەیە دەبێ هەلوەشێتەوە و لێژنەیەکی سەربەخۆ دابنرێ کەچی پارتی و دەسەلاَت خۆیان لەم داوایەی خەلک بێ دەنگ کردووە ، لیژنە کارتۆنیەکەش هیچ کارێکی نەکردووە وە هەرگیزیش نایکات .

بارزانی لە وەلامی الحیاة دا وا خۆی دەرئەخات کە ئەویش نیگەرانە لە کوشتنی قوتابی (بە قەولی ئەو) سەردەشت عوسماندا. ئەگەر ئەو وەلاَمانەی ئەو لەم بارەوە چاو لێ بکەی هیچ نیگەرانی ئەو نابینرێ چونکە ئەم ڕووداوە بە بچوک دەزانێ خۆی و لیژنەکەیشی نایانەوێ هیچ کارێ بکەن بۆ ئەم دۆسیەیە، لەوەش خراپتر بارزانی و پارتی لە رێگای ریکخستنەکانی خۆیانەوە بە خەڵک دەڵێن سەردەشت عوسمان بۆیە کوژراوە چونکە ئەو باسی ناموسی مەسعود بارزانی کردووە ووتوویەتی( هەرکەس کچی مەسعودی دەوێ من دەوانم بۆی بێنم). لەوانەیە خەڵکی نەخوێندەوار و ئەوانەی سەردەشت ونوسینەکانی نەناسن باوەڕ بکەن بەلاَم ئەوەی نوسینەکانی سەردەشتی خوێندبێتەوە دەزانێ کە ئەم پروپاگەندەیە چەندە ساختەو درۆیە و چەندە پوچە بە ناوی ئەوە وە دەکرێ .تەنها بەڵگەیەکیشیان نیە لەم بارەوە چ نوسینێکی سەردەشت بێ یا دەنگی ئەو بێ . لە نوسینێکی سەردەشدا کە بە ناوی ( من عاشقی کچەکەی بارزانیم ) تەنها ناکوکی چینایەتی لە کوردستاندا پیشان ئەدات نە مەبەستی ئەو ئەوەیە کە عاشقێکی واقیعی کچەکەی مەسعودە نە هێچ جنێوکی داوە و نە هێچ سووکایەتیەکی شەخسی کردووە بە کچی مەسعود بارزانی ، ئەو نەک هەر ئاوا نەبووە بەڵکو

ئینسانیکی خەباتکار بووە بۆ لە نێو بردنی ئەو عەقلە پیاو سالاریەی دەسەڵات کە ژنان و کچان بە سووک و کەم عەقل چاو لێ دەکەن بۆیە خوێندنەوەی ئەو بۆ ژنان زۆر لەوە واوە ترە کە سوکایەتی کردبێ بە کچی مەسعود بارزانی بنەماڵەکەی . ئەگەر راست بێ لە دەمی پارتیەکانەوە ئەم پروپاگەندەیە کرابێ ئەوا گۆمان زیاتر دەکا کە کوشتنی سەردەشت عوسمان راستەوخۆ لە لایەن بنەماڵەی بارزانیەوە کراوە ئەمە بێجگە لە بەڵگەکانی تر کە لە سەرەوە باس کراوە . شاردنەوەی راستییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە پێویستیەکی حەیاتیە بۆ دریژە دان بە تەمەنی دەسەڵاتە ناعادیلانەکەیان بۆ دەوڵەمەند کردنی خۆیان بۆ هەژار کردنی خەڵک ، بۆ سەپاندنی کۆنەپەرستی و سەرکوت و وەگرتنەوەی ئازادی . بەڵام هەرگیز ئەمەیان بۆ ناچێتە سەر ،تا چەوساندەوە هەبێ خەباتیش لە بەرانبەریدا بەردەوام دەبی ،تا ئازادی و یەکسانی نەبێ خەبات بۆ بەدەست هێنانیان بەردەوام دەبی . بەری خۆریش بە بێژنگ ناگیرێ .

2010/6/22

**سەردەشت عوسمان بۆ رۆژنامەنووس نەبوو؟**

ڕەها ڕێبین

سەردەشت بەدوای نووسینی چەند وتارێکی ڕەخنەگرانە و تەنز لە ناعەدالەتی و دونیای تەقدوسی کۆمەڵگای کوردستان. لەلایەن چەند کەسێکەوە وەڵام ئەدرێتەوە داوای ئاشکراکردنی ناسنامەی سەردەشت ئەکەن. سەردەشت بە هیوای ئەوەی کە لەگەڵ ڕەخنەگرەکانی لە نزیکەوە گفتوگۆ و قسەباس بکەن، بێباکانە بە وێنە و ناوی خۆی وەڵامیان ئەداتەوە. لەسەرەتای مانگی یەکی 2010 لە ڕێگای تەلەفۆن و ئیمێل هەڕەشەی لێدەکرێ، بێدەنگ و ملکەچ بێت لەبەرامبەر کێوی دەسەڵاتی خێڵ و پیرۆزیەکانی. لەو کاتەدا سەردەشت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و ڕاگری کۆلیژەکەی ئاگادار ئەکاتەوە لە مەترسی ئەو هەڕەشەیەی لێی کراوە. بەپێی دوایین وتاری سەردەشت "یەکەمین زەنگی کوشتنم لێدرا" نەک هەر داواکەیان بە جدی نەگرتووە بەڵکو گاڵتەشیان پێ کردووە ئەوە ڕاست نییە بەڵکو ئەتەوێ خۆت گەورە بکەی و ناو دەربکەی. بۆیە سەردەشت لە" پارێزەرانی ئەمن و ئاسایشی کوردستان" نائومێد ئەبێت و لەچاوەڕوانی بکوژانی ئەبێت.

لە بەیانی 4–5–2010 لە بەرامبەر پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلیژی ئاداب، بە ڕۆژی ڕوناک و بەبەرچاوی پۆلیسی زێرڤانی. لەلایەن 3 کەس بە جلی مەدەنی و سەیارەیەکی سپی ژمارە کاتی دهۆک بەزۆر ئەڕفێندرێ. بەدوای نزیکەی " نیو سەعات" بەسەر ڕفاندنی سەردەشت هاوڕێیان و بنەماڵەی سەردشت، پۆلیس و ئاسایشی شاری هەولێر و تەواوی خاڵەکانی پشکنینی هەولێر لەو ڕوداوە ئاگادار ئەکەنەوە بۆ ڕزگارکردنی. تەنانەت چەندین

جار پەیوەندی ئەکەن بە دەزگا ئەمنییەکان "ئاسایش و پۆلیس" کە ئەو رۆژە تاکو "6 ئێوارە " جەرەسی تەلەفۆنەکەی ئەڕوات، ئەتوانن لە ڕێگەی تەلەفۆنەکەی شوێنەکەی بزانرێت. بەڵام هیچ نەکرا..

لە ئێوارەی 5–5–2010 تەرمی سەردەشت لە گەڕەکێکی شاری موسل ئەدۆزرێتەوە، بە فیشەکێک لە نێو دەمی تیرۆر ئەکرێ وەک هێمایەک بۆ بێدەنگکردنی سەردەشت و هەموو سەردەشتەکانیتر کە گوێڕایەڵی پیرۆزی و موقەدەساتی داڕزیو و ناعەدالەتی نابن.

بەدوای تیرۆری سەردەشت  بە دوای پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت. تاکە شتێک کە دیار بوو هەڕەشە لە رۆژنامەنووسان ئەکرا کە بێدەنگ بن و خۆیان لەم مەسەلەیە بەدور بگرن. لە ئاکامی ئەو هەڕەشانە چەند رۆژنامەنوسێک بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بە ناچاری هەولێریان جێهێشت.

ئەوەی جێگەی مەبەستمە لێرەدا ڕۆشنایی بخەمە سەر، لە رۆژەکانی یەکەمەوە تاکو ئەمڕۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی" بینراو، بیسترا و نوسراو". ئینکاری ڕۆژانامەنووسی سەردەشتیان کرد. لە دوایین دیمانەی رۆژنامەی " الحیاة" لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و پارتی "مەسعود بارزانی" هەمان شت دوپات ئەکاتەوە ئەڵێ: " سەردەشت قوتابی زانکۆ بوو، نەک ڕۆژنامەنووس".

لێرەدا بە پێویستی نازنم بێمە سەر سەلماندنی کاری رۆژنامەنوسی سەردەشت، زیاتر لەچەندین بەڵگەی ئاشکرا و ڕۆشن لەبەردەستدایە کە سەردەشت ڕۆژنامەنوسێکی بوێر و سەرکەوتوو بووە. ئەندامی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی "ئاشتینامە" بوو، بە کاری وەرگێران و نوسینی وتاری ڕخنەگرانە لە زۆرێک ڕۆژنامەکانی کوردستان و ماڵپەڕە کوردیەکان کاری کردووە. ئێستا هەندێک لە وتار و بابەتەکانی بۆ زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی و چەندین زمانیتر وەرگێردراوە و بڵاوکراوەتەوە. بەپێی هەڵسەنگاندنی زۆرێک لەنووسەران و ڕۆژنامەنووسانی گەورە و ناودار و ناسراوی کوردی و دونیا، بابەتەکانی بە کارێکی گەورە و جوانی ڕۆژنامەوانی هەڵسەنگێنراوە. هیوادارم چەندین خەڵاتی رۆژنامەگەری لە ئاستی دونیادا بە ناوی سەردەشت ناوبنرێ کە شایەنی کارەکانی ئەون.

پرسیاری سەرەکی من ئەوەیە: بۆ سەردەشت عوسمان ڕۆژنامەنوس نییە؟ ئامانج لەوە چییە ئەبێ بە قوتابی زانکۆ بهێلرێتەوە؟ بۆ ئەبێ ئینکاری ڕاستیەک بکرێ کە مەحاڵە کەس باوەڕ بکات؟

بێگومان ئینکاری ئەو ڕاستیە بەڵگە نەویستە هەر کارێکی ڕاگەیاندن نییە. ئامانجەکە لەوە زیاترە و تەواوی دەزگاکانی پارتی بە جدی کاری لەسەر ئەکەن. ئەو دڵنیایی و باوەڕ پتەوییەی سەرۆکی هەرێم و پارتی لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەڵێ: " سەردەشت

قوتابی زانکۆ بوو، نەک ڕۆژنامەنووس". چۆن لەوە دڵنیایە کە هیشتا لێژنەی لێکۆڵینەوە " لەسەر قسە و فەرمانی ئەو پێکهێنراوە" هیچ ڕونکردنەوە و ئەنجامێکی بەکەس نەداوە.

بە پێی پیوەرەکانی تاکو ئێستای پارتی و دەزگاکانی، هەر کەسێک قسە و باوەڕەکانی "بارزانی" بشکێنی واتە تێکشکانی شکۆمەندی و موقەدەساتی خەڵکی کوردستان و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد و چارەنوسی کورد. چۆن " بارزانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی" تەواو دڵنیان "سەردەشت قوتابی زانکۆ بوو، نەک ڕۆژنامەنووس". منیش ئاوا دڵنیام کە ئاکامی کۆتایی لێکۆڵینەوەی کەیسی سەردەشت هەر ئەوە ئەبێت کە ئەوان ئەیڵێن و لە پێشدا بڕیاریان لەسەرداوە. سیناریۆکە لە ئێستاوە بۆ هەموو ڕۆشنە، ئاراستەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی تیرۆری سەردەشت، دادگاییکردنی ڕۆژنامەنووسان و ناڕازایەتیەکانی خەڵکی کوردستان و هەموو کۆمەڵگای کوردستانە. نەک ئاشکراکردن و دادگایکردنی بکوژان و ئەوانەی لە پشتی تیرۆری سەردەشت بوون.

## تیرۆر شەرمەزاریەکی تری دەسەڵاتە لە کوردستان

بابان عوسمان

لە مێژە دەسەڵات خۆی فڕێداوەتە زەلکاوی درۆنەوە لە بەرامبەر مافی مرۆڤە ئازادی خوازەکانی کۆمەڵگا و هەرگیز خۆشبەختی بۆ هیچ کام لە چین و توێژانەکان لە هەگبە پڕ ترس و تۆقاندنیدا هەڵنەگرتوە و لە توند و تیژی و تیرۆر زیاتر هیچی تری پێ نەکراوە... بێ برانەوە دەسەڵاتی کوردیش درێژە دەری ئەم ترۆهاتانەیە.. کاتێ سەرکردەیەکی ترسنۆک چاوە خیانتکارەکانی لەبەردەم کامێراکانی ڕاگەیاندن دا زیت ئەکاتەوە و باسی ئازادی ئەکات، لەم چرکەیەدا شەرم و خەجاڵەتی بۆ دوورکەوتنەوە لەو سەرۆکە فریودەرە هەنگاوەکانیان گەورەتر ئەکەن.. ئەی سەرۆک تۆ کاتێ بیر لە مەرگی ڕۆڵەیەکی خۆت ئەکەیتەوە شەهیدانی ڕێگای ئازادی نیشتیمانت بیر دێتەوە..؟؟؟؟ یان وەک پیشەیی هەمیشەییت درۆزنانە خۆت گێل ئەکەیت..؟؟؟.من باوەڕم وایە کە تۆ ئەی سەرۆک هەرگیز منداڵەکانی خۆت وەک منداڵەکانی تری کۆمەڵگا تەماشا ناکەیت ئەگەر نا چۆن ئەتوانی لە دژی نوسەر و ڕژنامەنووس و مرۆڤە ئازادی خوازەکاندا بەم شێوەیە بڕیار تیرۆر کردنیان مۆر بکەیت..من باوەڕم بەوە نیە تۆ ئاگاداری ئەم کارە دزێوە نەبیت. گریمان با بڵێن تۆ ئاگادار نیت تۆ کاری گرنگ تر هەیە کە بە تاڵان بردنی سەر و سامانی میللەتە. بەڵام بێدەنگ بوونی تۆ لە دوای ڕووداوەکان بەڵگەن و مۆر و ئیمزای تۆیان پێوە دیارە..وەک چۆن تۆ لە پاش ئەم هەموو ساڵ لە تاوانە هێشتا خۆت بە خاوەنی خەبات و شۆڕش ئەزانی بێ پرس خۆت کردوە بە حاکم و دەم ڕاستی ئەم میللەتە و ڕۆڵەی هەژاران و شەهیدانیش وەک دوژمن تەماشا ئەکەیت کاتێ پەردە لەسەر ڕوی تاوانەکانتان هەڵئەماڵن و ئەبنە دەنگێکی پڕ لە سەدای ئازادی لە گۆمەڵگادا.

من کوڕی هەموو سەردەشت ەکانی ئەم شۆڕشەم و ڕەنگم بۆنی ئەم نا یەکسانیەیی لێدێ.لە پاش مەرگ و شەهید بوونی ئەم مرۆڤە ئازادی خوازانەدا دەمێکە بێ دەنگ بووم و خۆم ئەخۆمەوە، بەڵام ئەم شەو کاتێ نامەیەکم بەر چاو کەوت لەو نامەنەی کە سەبارەت بە ڕێگرتن لە دروست کردنی پەیکەری ئازادی پەیکەری ڕۆژمانەنوس سەردەشت عوسمانی شەهیدم خوێندەوە بڕیارم دا ئەم بێدەنگیە لە خۆما بسڕمەوە و ئەم پەیامە بنێرم بۆ تۆی سەرۆک و دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانت. ئەو دەسەڵات دارانەی کە وەک پیشەی سەرۆکانیان لە نابووتی زیاتریان پێ نیە بۆ ئەم کۆمەڵگایە.من کۆی ئەم نووسینە لە خاڵانەدا جڕ ئەکەمەوە.

1/ کاتێ سەرۆکێک وێنەو پەیکەرەکانی خۆی و بنەماڵەکەی بەسەرجەم کۆڵانەکانی شاردا بڵاو بکاتەوە و لە هەموو فەرمانگاکاندا وێنەکانی چاودێری جمووجوڵی کارمەندەکان بکات بۆ ڕێگرە لە بەردەم پەیکەری ئازادی.؟؟؟

2/کاتێ سەرۆک ئەوەندە بە بەیاخەوە باسی شەهیدان بکات بڵی ئەم ئازادیە بە خوێن ئەوان بەدی هاتووە. منیش ئەڵێم کامەیە ئازادی کە تیرۆتان هەڵبژاردوە.؟؟؟

3/ئەو ترسەی کە سەرۆک و دەسەڵاتدارەکانی شار هەیانە لە بەرامبەر دروست کردنی پەیکەری ئازادی ئەمە نیشانەی ئەوە نیە ئەوان یەکەم و داواهەمین تاوانبارن لە بەرامبەر تیرۆرکردنی نوسەر و ڕۆژنامەنوسان.؟؟؟

4/ کاتێ هەموو گۆڕەپان و شووێنە گشتیەکانی وولاتتان بۆ پەیکەرەکانی خۆتان داگیرکردوە ئەگەر خۆتان دژی ئازادی نین بۆ ڕێگری ئەکەن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پەیکەری ئازادی.؟؟؟ خۆ پەیکەری ئازادی خەرج و مەسرەف لە ئێوە داوا ناکات، وەک چۆن سەد بەرامبەرتان بۆ تیرۆری ئەوان تەرخان کردوە.

5/ئەمەیە وەڵامی قسە پووچەکانی پارێزگارە کاتێ باس لە لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەکات . کاتێ خۆیان خاوەنی هەموو بڕیاریکی لەم چەشنەن بەدەر لە بڕیارەکانی سەرۆک هیچ لیژنەیەک مانای نیە.

6/ بۆ پرێزگار لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ گەندەڵ و دز و جەردەکانی ئەم حکومەتەی گەندەڵە دانانێت.؟؟؟

7/ پەیامی من بۆ دەسەڵات بە ڕەسمی ناسین و ڕێگە دانە بە دانانی پەیکەری ئازادی.

لە کۆتایی ئەم نوسینەدا بانگەواز ئەکەم بۆ سەرجەم نوسەر و ڕۆژنامەنووس و خەڵکانی ئازادیخواز کە تۆڕێک بەرنگاری دروست بکرێت بۆ بەرگرتن لەم نایەکسانیانەی کە دەسەڵاتی کوردی پیادەیی ئەکات لە کوردستاندا.

**کار کردن بۆ بەدستهێنانی ئازادی بیر و باوەڕ و ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان و دروست کردنی ئەم پەیکەرەش با بگاتە ئەنجام...**

2010/7/1

**پارتی ژان گرتی، مشکێکی بە مردویی بوو!**

**ئامانج پیرۆت**

**دوا بەدوای کوژرانی ڕۆژنامە نوسی چاونەترس( سەردەشت عوسمان) و زیاتر لە سەدو بیست ڕۆژ لەمەوبەر، مەسعود بارزانی و حزب و قەڵەم بەدەستە ڕسواکانی، لە ترسی وشیاری و تووڕەیی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراو و کەسانی ئینسان دۆست و ئازادیخوازی دنیا، پەنایان بۆ( کات) برد و لەگەڵیدا جووت بوون! بەو ئومێدەی دوای چەند ڕۆژێک (ئاوس) بوونی خۆیان رابگەیەنن و جار جارە لە یەکێک لە خەستەخانە ئەهلی یەکانیاندا، سۆنەرێکی موخابەراتیانە بکەن و وێنەی( بەڵێن) ەکەیان پیشانی خەڵکی ناڕازی و تووڕە بدەن و هێمنیان بکەنەوە! هەر مانگ تێدەپەڕی و نەیاندەزانی بڵێن ئەو گیاندارە چی یە! مامانەکان سەریان لێشێوا بوو، هەر ڕۆژەی قسەی یەکێکیان قەبووڵ دەکرا و مژدانەی پێدەدرا و چەند دەقەیەک دوای ئەوەش پەشیمان دەبونەوە و پێیان دەوت: ئەمەش هەر نابێت و لەبەر خۆیانەوە دەیانوت: ئاخ بۆ سەردەمی ڕێبەری گەورەی کوردایەتی! ئەو کاتە کوا خەڵک ئەوەندە زانیاری یان لەسەر گیانداران هەبوو؟ کورە هەر دوور مەڕۆ 14 ساڵ بەر لە ئێستا لە 31 ی ئابدا مەعرەزێکی گەورەمان کردەوە و بە هەڤاڵانی خۆمانمان وت: ئەوانە حەرەس کۆماری نین، ئەوانە زێرەڤانین! ئا ئەوانە دەبابە نین، ئەوانە ئەسپی ڕەسەنی عەرەبین و هەڤاڵ سەدام بە دیاری بۆ کوڕ و نەوەکانی بارزانی نەمر هێناونی! یەک کەسیش چیە، نەیوت وا نیە! تەنانەت دواتریش توانیمان تاڵەبانی و حزبەکەیشی بگەیەنینە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی لە 31 ی ئابدا ئەوان لێی ترسان خەو بوو! کاتێکیشیان وتیان ئەی ئەو هەموو خوێنە بۆ ڕژا بووە سەر جادەکانی هەولێر و دەوروبەری؟ بە پێکەنینەوە وتمان عاقڵینە ئەوە نەوت بوو، ئەگەر بڕوا ناکەن فەرموون تا بەشی کەین! ئیتر لە ڕێگای( ئاشتی) یەوە،( بەرهەم) ەکەیشیمان براوبەش کرد و ئەوانیش زۆر (بەختیار) بوون و هەستیان بە ( ئازاد) ی کرد!**

**یەکێکی تریان وتی: هێشتا هەر باشە.**

**بارزانی تووڕە بوو:**

**- کوێی باشە گەمژە؟**

ـ قوربان ئەوە نی یە بە نەوشیروان و دەستەودایەرەکەی دەڵێین: ئێوە خۆتان مەشغوڵ بکەن و (تەپە تەپ)یش نەکەن و مۆمەکەیش بکوژێننەوە، تا ئێمە ئەم مشکە مردوە پیشانی خەڵک دەدەین و پێیان دەڵێین ئەمە:

ـ کۆرپەی ئەو هەڵۆ بەرزەفڕەی سەر ئالاکەی کوردایەتی یە و ئێستا خەوتوە!

ئەوەتا ئەوانیش بە قسەیان کردووین.

بارزانیش بە دەنگێکی ئاوسەوە وتی :

ـ دەی دەست پێبکەن و مامانەکان بانگ بکەن و ڕای بگەیەنن!

گوناح پارتی! دوای ئەو هەموو کاتی ئاوس بوونە، دوای ئەو هەموو نقە نقە! مشکێکی مردووی بووا مەگەر تەنیا ئەو کەسانە باوەڕیان پێبکەن کە لە خوێنی ڕژاوەوە نەوتیان کۆکردەوە و کۆدەکەنەوە ! مەگەر تەنیا ئەوانە باوەڕیان پێبکەن کە باوەڕیان وایە، ئەوە تەنیا تەپە تەپی ناو پەرلەمانە مشکە مردوەکان ڕادەچڵەکێنێت و ئەوە تەنیا مۆمەکەی نەوشیروان و گۆڕانە کوردستان ڕوناک دەکاتەوە!

15.09.2010

**پارتی بۆ سەردەشتی ڕۆژنامەنوسی کرد بە تێرۆرست؟!**

ئاکۆ خەلیلزاد

پاش زیاتر لە 6 مانگ فرتوفێڵ وخۆدزینەوە لە ئاشکراکردنی بکوژانی " رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان" بەدەستی جەلادەکانی حیزب و بنەماڵە ، لەسیناریۆیەکی گەم ژانەدا کە پاراستن بۆلیژنەی بەناو لێکۆلینەوەکەی رێکخستوە، شەهید سەردەشتی رۆژنامەنوسیان بە تێرۆریست ناساند و لەبری دروستکردنی سیناریویەکی کەمتر گوماناوی ،دەزگای پاراستن کە خۆی بە دەزگایەکی سیخورو شارەزائەزانێت لە داتاشینی سیناریو و تۆمەتهەڵبەستن، ئەمجارەش روی رەش و تاوانکاریانەی بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان و تەواوی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئاشکرابوو لە دروست کردنی سیناریویەکی ساویلکانە و تێوەگلانی بە تێرۆرکردنی رۆژنامەنوس و خوێندکاری لاو سەردەشت عوسمان.

ویست و رەهەندەکانی و دەزگا دادوەری و سیخوریەکانی پارتی لە تاوانبارکردنی شەهیدی قەڵەم سەردەشت زۆرن ،ئەوان بە هێنانە سەرشاشەی کەسێک کە دورونزیک پەیوەندی بە کەیسی تێرۆری سەردەشتەوەنیە ،جارێکیتر سەلماندیان کە هەرخۆیان بکوژو رفێنەری سەردەشتن و لەسەر ئەو نوسین و رەخنانە تێرۆریانکرد کە لەبارەی بنەماڵە و خانەوادەی

بارزانیەوە نوسیونی،بەڵام پارتی بۆ کاڵکردنەوەی گومان و ونکردنی بکوژانی سەردەشت بەدەستی جەلادەکانی دەزگای پاراستن پاش 6 مانگ سیناریویەکی قێزەون و پرلەتاوانی بۆ کەیسی تیرۆری سەردەشت دارشتوو، لە راپۆرتێکی پر لە درۆ و هەڵبەستراودا دەستی تیرۆری خۆیانی ئاشکراکرد. ئاخر بە کامە مەنتیق خوێندکارێکی وریا و رۆشنبیر و رۆژنامەنوسێکی رەخەگری وەک سەردەشت ئامادەیە کاربکات لەگەڵ گروپێکی تیرۆریستی ئیسلامی؟؟؟ بۆچ مەبەستێک؟ بۆ کامە ئامانج و لە پێناوی چیدا؟ لەکاتێکدا هەم سەردەشت و هەم خانەوادەکەی هەڵگری بیری چەپن و ساڵەهایە لە بزوتنەوی چەپدا خەباتی ئینسانی خۆیان درێژەپێئەدەن، ئەم تاوانبارکردنەی پارتی جگەلەوەی کە مەترسیەکی گەورەیە بۆسەر ژیانی خانەوادەکەی، تاوانێکی قێزەونە بەرامبەرکەسایەتی مەعنەوی کاکە سەردەشت و لەکەدارکردنی مێژوی کەسایەتی و ناو ناوبانگی خۆی و خێزانەکەی، پارتی لە رێگەی داتاشینی سیناریویەکی وەهاوە ئەیەوێت هەم لە کەسایەتی مەعنەوی شەهید سەردەشت بدات کە تەواوی هاورێ خوێندکارو مامۆستاو خەڵکی کوردستان ئەزانن کە خاوەن چ کەسایەت و کار و بیرکردنەوەیەک بووە، وەهەم ئەیەوێت تاوانبارانی سەردەشت بەجۆرێک ونبکات کە ئاسان کار بۆ دۆزینەوەو قسەلەسەرکردنی نەکرێت،وە سەپاندنی ئەم تاوانە بەسەر گروپێکی ئیسلامی تیرۆریستیدا کە ویست و توانای کوشتنی هەزارە ئینسانیان هەیە، وە رابوردویەکیان هەیە لە کاری تیرۆریستیدا ئاسانە،بەڵام بەپێچەوانەی سیناریوکەی پارتیەوە تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان کاری گروپێکی تیرۆریستی وەک (ئەنسار ئیسلام) نیە،بەدەلیلی ئەوەی کە سەردەشت پێشتر بەهۆی بڵاوکردنەوی رەخنەو نوسینەکانیەوە لەسەر خێزانی بارزانی هەرەشەی لێکراوە وە سەردەشت چەندجار تەواوی دەزگا ئەمنیەکانی پارتی لێ ئاگادارکروەتەوە، ئەمەجگە لەوەی کە کەسایەتیەکی وەک سەردەشت ئەوەندە بۆ گروپێکی وەک ئەنسار ئیسلام گرنگ نەبوە لەوکاتەدا تا هەوڵی رفاندن و کوشتنی بدەن، لەبری سەردەشت سەدان کەسایەتی حیزبی و خێڵەکی تر لە هەولێردا هەیە کە بۆ ئەوان جێگەی بایەخبێت و بشیانەوێت هەم باری ئاسایشی هەولێری پێ تێکبدەن وە هەم نێوانی پارتی و حیزبەکانی تر تێکبدەن،وە بێبنەمای سیناریوکەی پارتی لەوەدایە دەرفەتی ئەوەیان بۆ پرسیار و بیرکردەوەی خەڵک نەهێشتوەتوە تا خەڵک گومانی ئەوەبکە کە رەنگە ئەمە کاری ئەوگروپە تیرۆریستیەکەبێت بۆ تێکدانی باری ئەمنی کوردستان، لەبری ئەمە هەرخۆیان وەڵامێکی ساویلکانەو درۆیەکی شاخداریان فێری کاکی فیتەر (هشام محمود اسماعیل) کردوە تا رۆژنامەنوس شەهید سەردەشت بەوە تاوانباربکات کە پەیوەندی بە گروپێکی تیرۆریستی ئیسلامیەوە هەبوە و بەهۆی جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکانی تیرۆریان کروە؟!! ئامانجێکی تری پارتی بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سەردەشت، رێگرتنە لەو پەیکەرە برونزیەی کە وەک سیمبولی ئازادی قەڵەم لەلایەن" کەمپینی پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان" بە کۆمەکی خەڵکی ئازادیخواز لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان دروست کراوە، چونکە پارتی پێی وایە کە تەنها سیمبولەکانی خۆی شایان بە هەڵواسینی وێنە و پەیکەرن، جگە لەوەی کە دانانی پەیکەری برونزی شەهیدی قەڵەم

سەردەشت عوسمان لەبەردەم کۆلێجەکەی ئەبێتە چقلی چاوی پارتی و بنەماڵکەی کە لەسەر ئازادی بیرورا تێرۆریانکرد.

وە ئامانجێکی دیکەی پارتی لەداتاشینی سیناریویەکی وەها ،رێگەخۆشکردنە بۆ تێرۆرکردنی خەڵکانێکی ئازادیخواز و رەخنەگر و چەپ و لیبراڵ لەرێگەی تاوانبارکردنی گروپە تێرۆریستیە ئیسلامیەکانەوە ،ئەم فێڵ و تاکتیکە نوێیەی پارتی مەترسیەکی فرەگەورەیە بۆ ژیانی هەرکەسێکی ئەم هەرێمە کە لەدەرەوەی بیری حیزبی و خێڵەکی ئەوان بیربکاتەوە و بیەوێت لە پێناو ئازادی و عەداڵەت و کەرامەتی ئینسانەکان و خۆشگوزەرانیدا رەخنەبگرێت و بیەوێت درێژە بەجەنگی پێنوسەکان بدات و هێڵە سورەکانی ئەوان ببەزێنێت.بۆیە ئەبێت هەموو کەسێکی مرۆڤدۆست لەهەرکارو پیشەیەک و لایەنێک بەگشتی و نوسەران و رۆژنامەنوسان بەتایبەتی، وە تەواوی خەڵکی کوردستان لەدەرەوەو ناوەوە بەهەماهەنگ لەگەڵ رێکخراوە مەدەنی و مرۆڤدۆستەکانی ئەوروپاو ئەمریکا هەڵوێستی بەپەلە بنوێنن لەبەرامبەر ئەم تاوان و چەواشەکارییەدا، کە ئێمە هەرلەسەرەتاوە ئەمانزانی کە پارتی و لیژنەی لێکۆلینەوەکەی سەرقاڵی دیزەبەدەرخۆنەکردنی کەیسەکەن.لای هەموان ئاشکرایەکە هەرەشە و دەمکوتکردن و تاوانبارکردنی رۆژنامەنوس و نوسەر و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی لەلایەن یەکێتی و بەتایبەت پارتیەوە شتێکی تازەنیە،کەلتوری داتاشین و لغاوکردنی کەسانی رەخنەگر و نا پارتی هەرلەسەردەمی شاخەوە تا ئێستا درێژەی هەیەو یەکێک بوە لە چەکە ترسناک و گەمە ئاشکراکانی ئەوان بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان و بێپشت و پەنا.سەردەمێک بوو بە تاوانی تابوری 5 و بەعسی بون و یەکێتی بونی و ئیسلامی بون و بەکرێگیراوی بێگانە و دەست لەپشتی ئێران و تورکیاو تەنانەت پەکەکە بون و کۆمۆنیس بون،کەبەپێچەوانەی ئەوەوە خیانەت و دەستێکەڵکردن بۆ خۆیان و پارتەکانیان ئافەرین و کوردایەتی و ئازایەتی بوە،کەچی تەنها بۆ رەوایدا بە دژایەتی و گرتن و کوشتن و دەمکوتکردنی خەڵک لە زۆربەی خۆپێشاندانەکاندا و لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا نوسەر و رۆژنامەنوس تەنانەت خوێندکاری خوێندنگە و زانکۆکانیان پێ تۆمەتبارەکردن و بەعس ئاسا بێبەشیان ئەکردن لەخوێندن و بەتۆمەتی نارەوا توشی لێدان و سەرکوت بونەتەوە.بۆیە ئەم گەمەی کە پارتی و دەزگا سیخوری و دادوەرە خۆفرۆشەکانیان لەکەیسی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسماندا کردیان، نەیەکەمینجارە وە نەبەوزوانە کۆتاییپێدێت، بەڵکو ئەنجامێکی وەها زۆر چاوەروانکراوبوو، ئاخر چی چاوەروان ئەکرێت لە دەسەلاتێک تا بکوژانی سەردەشت ئاشکرا بکات لەکاتێکدا خۆی هەستاوەبە تێرۆرکردنی؟؟!! بۆیە ئەبێت کەسانی سەربەخۆ لە رۆژنامەنوس و رێکخراوە مەدەنیەکان لەگەڵ پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بەچاودێری نەتەوەیەکگرتوەکان سەرلەنوی بەدواداچون بۆ کەیسی تێرۆرکردنی سەردەشتی رۆژنامەنوس بکەنەوە،تا بکوژانی ئازادی ریسواوبکرێن و سزای مێژوی و یاسای و ئەخلاقی خۆیان وەرگرن و چیتر لەژێر ناوی دیموکراتیەت و ئازادیدا ،ئازادی و ئازادیخوازان بەرۆژی روناک تێرۆر نەکەن

**لیژنەتایبەتەکەی سەرۆکی هەرێم هیچ شەرعیەتێکی نیە!**

**(سەبارەت بەڕاگەیاندنی دووهەمی لیژنەی لێکۆڵینەوەلەدۆسێی سەردەشت عوسمان)**

**حەمەغەفور**

زیاد لەچوار مانگ بەسەر تیرۆری (سەردەشت عوسمان)دا تێپەڕیوە، تازەئەو "لیژنەتایبەتە"ی سەرۆکی هەرێم پێکیهێنابوو گوایا بۆ شوێنگرتنی کردەوە تیرۆریستیەکەو بەدواداچوون بۆ دەسگیرکردنی تاوانباران، دوێنی 15ئەیلول سکێچی تێپەڕاندنی سیناریۆی شوێنبزرکردنی ڕاستیو واقعیەتی چۆنێتیو شێوازی تیرۆرکردنی سەردەشتی لەڕاگەیاندنێکی تەمو مژاویو بێبناغەدا بلاوکردەوە.

گەوهەری ڕاگەیاندنەکە بەگوێرەی لۆژیک بێت یان بەپێی یاسا نەک هەر دۆسێکەی ئاڵۆزتر کردووەو دوورتری خستۆتەوەلەچوارچێوەو دەسەڵاتی دادو دادوەری، بەڵکو بەئاشکرا وەڵامدانەوەبەئامانجێکی سیاسی تایبەتمەندیش وێناو بەرجەستەئەکات. ڕاگەیاندنی ئەم لیژنەتایبەتەلەڕوانگەی لۆژیکیەوەخۆی لەخۆیدا سەربەخۆییو سەروەریی یاسای کوردستانی بردۆتەژێر پرسیارەوە. وەلەشەئنو ڕێوشوێنی فەرمیو دەسڕۆیشتوویی دادگای باڵای کەم کردۆتەوەو بەرجەستەییو پراتیکبوونی دەسەڵاتی قەزاییکوردستانی لەکەدار کردووە. نەک نزیکخستنەوەی پرسەکە لەڕۆشکردنەوەو نیشاندانی سەرەداوەکانی خستنەڕووی ڕاستی ڕوودانی کاری تیرۆرکردنەکە!

ئەگەر ئامانجی سەرۆکی هەرێم لەبنەڕەتدا پێچەوانەی ئەمەبووایە، ئەوسا وەکو کەسایەتی یەکەم لەڕووی شەرعیەتی دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنیشەوەدەبوایەڕێزی بۆ سەروەریو سەربەخۆیی دادوەریو یاساکانی کوردستان دابنایەو شوێنگرتنی دۆسێکەی بەدەسەڵاتی قەزاییو دادی کوردستان بسپاردایە، نەک فەرمان بدات بەدرووستکردنی لیژنەی تایبەت کەلەهیچ فەرهەنگێکی دیموکراسیو هاوچەرخدا جێگای نابێتەوە. لیژنەیەک کەکەس نازانێ میکانیزمی کارکردنو پرەنسیپی تێفکرینو لێکۆڵینەوە لە دۆسێکەی چۆنەو کامەیە. لیژنەی تایبەتی لەو چەشنەزۆرتر پەیوەست ئەبێتەوەبەدەسەڵاتی حزبیو فەرماندەیی دەسەڵاتەتۆتالیتاریو سەروو خەڵکیەکانەوە، کەپلاتفۆرمی سیاسیان هەمیشەبریتی بووەلەگرتنەدەستی جڵەوی سەرلەبەری دەسەڵاتەکانو چڕکردنەوەی لەژێر چنگی دیکتاتۆرێکدا.

ئەگەر میدیای دەسەڵاتو ڕاگەیاندنی جووت حیزبەکە تەنانەت هەروا بەردەوامیش بن لەسەر کوتانی دەهۆڵی بەتەنگەوەبوونی سەرۆکی هەرێم بۆ یەکالاکردنەوەی دۆسێی تیرۆری سەردەشت عوسمان، بەوەی کەلەسەر فەرمانی بەرزانی "لیژنەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ئەو پەروەندەیە" پێکهاتووە، وەبیانەوێ ئەم هەنگاوەی سەرۆک وەکو پەرۆشیو بەتەنگەوەبوونی ئەو بۆ بڕشتی دەسەڵاتی قەزاو دادوەری کوردستان بەخەڵکی

کوردستان بفرۆشنەوە، بەڵام پێبزانن یان نا، خودی ئەو فەرمانەی سەرۆکی هەرێم بۆ درووستکردنی ئەو لیژنەیە سنووربەزاندنو خەرقێکی گەورەی سیاسی، ئەخلاقیو یاساییەلەکوردستان، وەرێزو حورمەتی یاساو سەروەریەکانیشی پێشێل کردووە. کارنامەی لیژنەکەئەمەمان پێ ئەڵێت!

پاراستی سەقامگیری کوردستان، چاودێری سەلامەتی سەرو ماڵی هاوڵاتیان، بەرگرتن بەتیرۆری هاوڵاتیان لەوانەش کارەساتی تیرۆری ڕۆژنامەنووسێکی لاوی وەکو سەردەشت، گرنگتر لەوەش گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بۆ لێکۆڵینەوەو دەسگیرکردنی تاوانبارانی بکوژی سەردەشت عوسمان کەبەڕۆژی ڕووناکو بەبەرچاوی هاورێکانیو تەنانەت بەپێش چاوی پاسەوانانی زانکۆشەوە ڕوویداوە، مەسەلەو پرسی ئارامیو ئاسایشو ئۆقرەیی کۆمەڵگای کوردستانەو بەر لەهەر شتێک یان پێش هەر دەسەڵاتو پایەو مەقامێک پەیوەست دەبێتەوەبەدەسەڵاتی باڵای دادوەریو یاسایی کوردستانەوە نەک هیچ شتێکی شاز یاخود لیژنەیەکی تایبەتی بەدواداچوون کەهیچ شەرعیەتو ڕەسمیەتێکی فەرمیشی پێنەدرابێت لەڕێگای دەسەڵاتی باڵای یاساییو دادگای سەراسەری وڵاتەوە.

پرسی ئۆقرەییو دۆسێی ئارامیو سەقامگیری وڵات پێش هەر شتێک جێگیرییو سەقامگیریی سەربەخۆییو سەروەریی دەسەڵاتەقەزاییو یاساییودادپەروەریەکانیەتی. پۆستی سەرۆکی هەرێم لەووڵاتێکدا کەڕۆژی هەزاران جار بانگەشەی دیموکراسی بوونی بۆ ئەکرێ، دەسەڵاتێکی سیاسیو فەرمایشیەنەوەک شتێک لەسەرەوەی یاساکانو دەسەڵاتەکانەوە. لەپەروەندەی سەردەشت عوسماندا سەرۆکی هەرێم خۆی پێش لەهەر کەسو ئۆرگانێکی تر، سەروەریو سەربەخۆیی دەسەڵاتییاساو دادگاکانی خستەژێر پێوە. ئیتر هیچ پاساوێک ناتوانێ بەر بەداڕمانی مسداقیەتی بانگەشەو ئیدیعای سەرۆکایەتی هەرێم، هی پارلەمانو سەرۆکایەتی حکومەتیش بگرێت لای هاوڵاتیان سەبارەت بەپڕووپووچی سەروەری یاساو بەرقەراربوونی ئاسایشو سەقامگیریی لەکوردستان.

ووردبوونەوەلەڕەواڵی شکڵدان بەڕاگەیاندنی فەرمی ووتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یانی لێدووانی کاوەمحمود شاکر کە ئەمڕۆ سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنی ئەو لیژنەتایبەتەسەبارەت بەدۆسێی سەردەست عوسمان بڵاوی کردۆتەوەو تیایدا دەڵێ؛ "ڕاگەیاندنی ئەو دەرەنجامانەلەدەزگایەکی ڕەسمی سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوەدەرچووە، کەوەزارەتی ناوخۆیە، بۆیەلەهەمان کاتدا ئەو ڕاگەیەنراوەهەڵوێستی ڕەسمی حکومەتیش دەگەیەنێت. ووتیشی؛ ئەو لایەنەی لێکۆڵینەوەی لەدۆسێکەکردووە، دەزگایەکی سەر بەدامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمەو هاوکات تەعبیر لەبیرو بۆچوونی حکومەتیش دەکات"! جوانتر شێوازی چنینی ئەم سیناریۆیەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان نیشان ئەدات بۆ تێپەڕاندنی ئەو سکانداڵەی بەهۆی تێوەگلانی دەسەڵاتی پارتی لەهەولێرو بەتایبەتیش دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی لەتیرۆری ڕۆژنامەنووسی لاو سەردەشت عوسمان، یەخەیانی گرتووە! کێ پرسیای لەحکومەت

**کردووەکەئەم لیژنەیەکێیەو سەر بەکوێیە!؟ ئەم وەڵامەی کاوەمحمودیش ئەڵقەیەکی دیکەی سیناریۆی پارتیەسەبارەت بەدۆسێی سەردەشت.**

**ئەو لیژنە تایبەتە هیچ شەرعیەتێکی نیەو پابەندیش نیەبە هیچ جۆرەپرەنسیپێکی دادپەروەرانەو دیموکراسیانەوە. ئەو لیژنەیەئامرازێکی تەواوی دەستی بنەماڵەی بارزانیەبۆ چەواشەکاریو تێپەڕاندنی سیناریۆی سازکراوی دەزگای پاراستنی پارتی بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی دۆسێی تیرۆری سەردەشت عوسمان.**

**ئەم هەڵوێستەی پارتیو سەرۆکایەتی هەرێمیش پێناچێت ببێتە خاوەنی ناچیزترین متمانەی جەماوەریو بێگومان بەرەورووی شەپۆلێکی دیکەی نەفرەتو ئیدانەو ناڕەزایەتی نواندن ئەبێتەوە، چ لەناوخۆی کوردستان وەچ لەدەرەوەی کوردستان. ڕەنگەهەڵوەشاندنەوەی ئەو لیژنەتایبەتەو تەسلیمکردنی ئەندامانی بەیاسا بۆ لێکۆڵینەوەلێیان سەبارەت بەم چەواشەکاریانەی تا ئێستا سەبارەت بەدۆسێی سەردەشت بڵاویان کردۆتەوەهەنگاوێکی باش بێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ناو پارتی مل بدەن بەسەروەری یاساو ڕێزدانان بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لەکوردستان، هەتا بەشێوەی فەرمی ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ بەدواداچوونی دۆسێی تیرۆری سەردەشت عوسمان! هەنگاوی دواتریش پابەندبوون پارتیو ملکەچ بوونیان بۆ ئازادی بیروڕاو ئازادی ڕەخنەو دەربڕین لەکوردستان بسەپێنرێت بەسەریاندا!**

16ئەیلول2010

**من عاشقی لیژنەکەی بارزانیم**

**گۆران دوکانی**

**لیژنەی لێکۆڵینەوە لەدۆسیەی شەهید کردنی سەردەشت عوسمان ،کەبەبریاری بارزانی سەرۆکی هەرێم دامەزرابوو ،ئەو لیژنەیەی کە بەبێ نوێنەرایەتی هیچ مێدیایەک، بەبێ نوێنەرایەتی کەسوکاری سەردەشت ،بەبێ نوێنەرایەتی هیچکام لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وبەتایبەتیش ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ،(کەهەر لەسەرەتاوە داواکرا بونیان هەبێت)، ئەو لیژنەیەی مەگەرقودرەتی قادربزانێت چۆن دامەزراو کارەکانی چۆن بەڕێوەچوون، کەهەرلەسەرەتاوە هەزارویەک هێمای پرسیاری لەسەر دروست بوو، دوای تێپەڕبونی نزیکەی چوارمانگ بەسەر تیرۆرکردنی سەردەشتدا ،ئێوارەی 9/15 بۆجاری دووەم کەسایەتی سەردەشت عوسمان تیرۆر دەکەنەوە!، بۆجارێکی دیکە دوای فرمێسکە قەتیسماوەکانی دایکە جەرگ سوتاوەکەی و باوکە پشت شکاوەکەی وخوشک وبرا دڵبریندارەکانی لەنۆجەژنەیدا کەبەهەناسەی ساردوو کولانەوەی برینەکانینەوە ڕۆژانی جەژنیان بەڕێکرد ،کەچی لەوسەروبەندەدا لیژنە لێکۆڵینەوە، دیاری جەژنانەیان بۆ**

خانەوادەی کاکەسەردەشت بەتیرۆریست ناساندنی کوڕەکەیانە!....بەڕاستی ئافەرین سیناریۆکەتان ئەوەندە ناوازەیە وەک برادەرێکی هەندەرانم ووتی:ڕاگەیاندنەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان وەک کەیسەکەی من وایە هەموودنیا ئیقامەی وەرگرت کەچی ئەوە دەساڵە من جوابم نیە!!.

ئەوەی کەلەهەمووشی زیاتر بێویژدانیە لەوسیناریۆیەداو ئازاری هەموو کەسێکی بەویژدان دەدات ئەوەیە کە لیژنەی لێکۆڵینەوە بەبێ ئەوەی بگاتە ئەنجامی کۆتای هاتوە لەزاری تاکە کارەکتەرێکی تۆمەتبارەوە سەردەشت عوسمان بەتیرۆریست ناودەبات لەکاتێکدا هێشتا سەرۆکی باندەکەو ئەندامێکی دیکەی ئەوباندە ماون کەدەستگیربکرێن!.

ئەوپرسیارە جەوهەریانەی کەلەم سەروبەندەدا دروست دەبێت: ئەرێ بەڕاست ئەگەر بەئاوازی قانونەکەتان، ببورن ئەگەربەسەروەری قانونەکەی خۆتان کاردەکەن بۆناچن خانەوادە داماوەکەی سەردەشت ڕاپێچی زیندان بکەن؟ چۆنەبیرتان لەوەنەکردۆتەوە؟ کێدەڵێت کەسێکیدیکەی ئەم خانەوادەیەش پەیوەندی بەو باندە دروستکراوە وەهمیەوە نیە، کەلەئایدیا خۆتاندا دروستتان کردوە وگەرەکتانە هەربەزۆر دەرخواردی هزری ئەو میللەتەی بدەن؟! خۆهەرچەندە بەدوورنازانرێت کەئەوکارەش بکەن بۆدرێژەدان بەسیناریۆکانتان!. بەدوور نازانرێت سبەی ڕۆژێ ئەندامێکی دیکەی خێزانەکەی سەردەشتیش بێننە سەرشاشەو بۆشاردنەوەی مەرامەکانتان بەتیرۆریستی ناوببەن؟!.

ئەرێ بەڕاست هۆکارچیە چەند کاتژمێرێک پێش ڕاگەیاندنەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە هەرچی بەرپرسی حکومی هەرێمە بێئاگای خۆی لەبارەی ڕاگەیاندنی لیژنەکەوە نیشان دەدات، بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک بەسەرتێپەڕبونی ڕاگەیاندنی لیژنەکەدا، وتەبێژە نازدارەکەی حکومەت دێت وپێمان دەڵێت(دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان گوزارشتە لەهەڵوێستی ڕەسمی حکومەتی هەرێم)و تەنانەت ئەولیژنەیە بوە بەکابوسێک کەس ناتوانێت تانەی لێبدات بەسەندیکا بێهەڵوێستەکەی ڕۆژنامەنووسانیشەوە؟!.

ئەرێ بەڕاست هۆکارچیە ڕاگەیاندن ودەروێشەکانی پارتی لەسەرەتاوە لایەنی سیاسی هەرێم نەما تۆمەتباری نەکەن بەوەی دەستیان لەپشتەوەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانەوە هەیەو تەنانەت پەنجەی تۆمەتی ئەخلاقیشیان بۆڕادەکێشا، کەچی ئەمڕۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی ئاسایش وپاراستنی سەربە پارتی دێت لەکەسایەتی سەردەشت عوسمان دەدات وبەتیرۆریست وێنای دەکات؟!.

ئەرێ بەڕاست ئەوەی کەلەنزیکەوە خانەوادەی سەردەشت عوسمان بناسێت، بەتایبەت براکانی وخودی سەردەشت خۆی، باش دەزانێت کە ئایدیایەکی ێرف چەپیان هەیە، (هەروەک لەدوایین ڕونکردنەوەدا بەکر عوسمانی برای شەهیدسەردەشت خۆشی باسی لێوە دەکات)، ئەی ئەمڕۆخێرە خوێندکارو ڕۆژنامەنووسێکی ئەوخانەوادەیە دوای تێپەڕبوونی

چوارمانگ بەسەر تیرۆرکردنیداو هۆنینەوەی دەیان قسەی بێبنەما دواجار تۆمەتبارە بەوەی کەهاوکاری گروپێکی تیرۆریستی توندڕەوی کردبێت؟!.

ئەرێ بەڕاست لەڕوداوێکی ئاسای هاتوچۆدا ئێمەی ڕۆژنامەنووس شێت وهاردەبین تا سەرەداوێکی ڕوداوەکەمان لەئەفسەرێک دەست دەکەویًَت، هیچ کەس ئامادەنیە لێدوانمان بۆ بدات (بەبیانوی لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکەو لەبەرسەلامەتی ڕێڕوی دۆسیەکە)، ئەی عەجایب لیژنەی لێکۆڵینەوە لەڕووداوی تیرۆرکردنی خوێندکارو ڕۆژنامەنووسێک کە هێشتا سەرۆکی باندەکەی دەستگیرنەکردوە وبە (ڕ.ڕ) لەگەڵ ئەندامێکی دیکەی ئەوباندە کەبە(ڕ.م)ناوی دەبات وبەبێگوێدانە سەلامەتی لەڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکە سەرلەبەری دۆسیەکە ئاشکرا دەکات؟!، ئەمەلەکاتێکدا یەکێک لەتاوانبارەکان ناوی سیانی بڵاو دەکرێتەوە وبەووردی لەزاری تاوانبارەوە تەواوی چۆنیەتی جەریمەکە بڵاودەکرێتەوە!. کەچی ئەوەی لەهەمووشی زیاتر جێگەی پێکەنینە لەڕاگەیاندنەکەدا هاتوە(لەهەوڵی بەردەوامداین بۆدەستگیرکردنی تۆمەتبارانی تری ئەم باندە)!، وەک ئەوەی بڵێی تۆمەتبارەکانیتر هەرسبەی زووترنیە خۆیان پەیوەندی بەلیژنەی لێکۆڵینەوە بکەن تابچن دەستگیریان بکەن!.

ئەوەی دواجار ماوەتەوە بۆ وتن بەڕاستی سیناریۆکەتان ئەوەندە بێپێزە جێگەی پێکەنینە ،لیژنەیەک لەسەربڕیاری بارزانی دروست ببێت وئەوە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیبێت، ئیدی هەرئەوەشە واملێدەکات پڕبەگەرووم هاوارکەم وبڵێم من عاشقی لیژنەکەی بارزانیم!.

**مەبەستی پارتی هەڵبەستنی سیناریۆی ساختە بۆ چاوبەست نییە**

**بەڵکو پێداگرتنە لەسەر هەڕەشەو پەلامارە بۆ سەر ئازادی**

**شەماڵ علی**

رونکردنەوەیەک کە دوێنێ لەلایەن لیژنەی –گوایە– لێکۆڵینەوەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر تیرۆری سەردەشت عوسمان بڵاوکراوەتەوە نیشانەی لە عەقڵی کەس نەگرتووە. بۆ خۆڵ لەچاوکردنی کەس و پەردەپۆشکردنی تاوانی تیرۆرکردنی سەردەشت نییە، بۆ خۆدەربازکردنی پارتی لە ژێر گوشاری ڕەخنەی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان نییە. بەڵکو بۆ درێژەدانی ملهوڕی و داپڵۆسینی نەیارانی پارتیە. ستراتیجی ئەم دەورانەی پارتی لەسەر بڵاوکردنەوەی وەهم و یاریکردن بە عەقڵ و هوشیاری جەماوەر دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر هەڕەشەو تۆقاندن و پەلامار داڕێژراوە.

پارتی دەیتوانی سیناریۆی جۆراوجۆر بهۆنێتەوە، کارەکە وەک تاوانێکی ئاسایی نیشان بدات، یان لە خراپترین حاڵەتدا بێ دەنگەی لێ بکات و بەبیانووی ئاڵۆزی کەیسەکەوە ڕایبگەیەنێت کە کاتی زۆرتری پێویستە بۆ لێکۆڵینەوەو هەروا لەسەر سیاسەتی کۆنکردن و

بیربردنەوە قومار بکات. بەڵام کاتێک بەم جۆرەو لە ڕێگای ئەم ڕاگەیاندنەوە تۆمەتی تیرۆریست بوون دەداتە پاڵ قوربانی تیرۆریزمی خۆی، لەڕاستیدا هەڕەشە لە هەموو ئازادیخوازیی کۆمەڵگا دەکات و چنگ و ددان نیشان دەدات. ئەم هەنگاوەی پارتی دەبێت لە درێژەی کردەوە ئیرهابیو سەرکوتگەریەکانی ساڵی ڕابردووی دابنرێتو لە فەزای گوشاری بەردەوامی ئاشکراو نهێنی، یاساییو نایاسایی، ئەمنیو سیاسی و ئابووری ئەو بۆسەر نەیارانی خۆی و تەواوی دەنگە نارازی و ئازادیخوازەکانی کوردستاندا ببینرێتو هەڵبسەنگێنرێت.

پارتی ملهوڕی دەکاتو ئەم ملهوڕیەی بێ بنەما نییە. ئەو لە کێبەرکێی دەسەڵات لە ئاستی کوردستاندا براوەی یەکەمە، ئەمڕۆ گەورەترین کۆمپانیای سەرمایەدارو زەبەلاحترین دەسەڵاتی کوردستانە. بەو فەرهەنگە سەرکوتگەرانەو بەو پێکهاتە عەشیرەتیو هەرەمیو مەرکەزیە کە هەیەتی، هەموو کەرەستەکانی دەسەڵاتێکی فاشیستی لەبەردەستدایە. پارتی بەندو بەستی لەگەڵ هەموو کۆنەپەرستو دەوڵەتە بۆرجوازیەکانی ناوچەکەو زۆرێک لە کۆمپانیا سەرمایەداریەکانی دنیا سازکردووە. گۆڕانی پارتی بۆ دەسەڵاتێکی فاشیستو مەملەکەتێک لە ترسو تۆقاندن لەسەر ئاستی کوردستان، ئەگەرێکە تەنها بە بەرەنگاریەکی یەکگرتووانەو ڕێکخراوی ئازادیخوازان بەری پێ دەگیرێت.

کەیسی سەردەشت زۆرتر لە تاوانێک و تیرۆرێک، سیمبولی بەرانبەرکێیەکی چارەنووسسازە. ئازادیخوازیی لە کوردستان ئەگەر نەیەوێت لە ژێرپێلەقەی ملهوڕی پارتیدا وردوخاش ببێت، هیچ بژاردەیەکی تری جگە لە بەرەنگاربوونەوەو هێرشی بەرانبەرو هاتنەمەیدان بۆ خواستی ئاشکراکردنی تاوانکارانو بکوژانی سەردەشت لەبەردەستدا نییە. هەر نەیارێکی پارتی چارەنووسێکی تری غەیری دەستەونەزەر وەستانو گوێڕایەڵی لەبەردەمی بارەگای پارتیدا بۆخۆی داناوە، دەبێت زۆرتریش لە دەنگ هەڵبڕین، بچێتە مەیدانی بەرەنگاریەوە. ڕۆژ تەنها ڕۆژی تەشهیرکردنو ڕیسواکردنی تیرۆریزم و سەرکوتگەریی پارتی نییە، هیچ کردەوەیەکی پارتی لە کەس شاراوە نییە. ڕۆژ ڕۆژی هێنانەمەیدانی هێزی جەماوەرو بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزمی پارتیە. هەموو هێزێک دەبێت بۆ ڕیکخستنی ئەمە بخرێتە کار. شەقامەکانی کوردستانو دەرەوەی وڵات دەبێت دووبارە ببنەوە شانۆی دەربڕینی نارەزایەتی و بێزاری لەدەست سەرکوتی پارتی.

2010.09.16

## پارتی و تۆمارکردنی ریسواییەکی دیکەی سیاسی

### لەپەراوێزی ساختەکاریەکانی لیژنەی بەناو لێکۆڵینەوە لەکەیسی سەردەشت عوسمان

عرفان کریم

رفاندن وتیرۆرکردنی رۆژنامەنوسی لاو سەردەشت عوسمان لە بەرواری 06.05.2010 لەشاری هەولێر لەژێر سایە ودەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا .نارەزایەتیەکی بەرفراوانی جەماوەری ومەدەنی لەناوخۆی کوردستان وئەوروپاو زۆربەی وولاتانی جیهاندا هێنایە ئاراوە. ئەو رۆژنامەنوسەی کە بەچەند مانگێک بەر لەتیرۆرکردنی و لەرێگای چەند نوسینێکدا ئاماژەی بەرادەی گەندەڵی و جەبەروت وملهوری سیاسی دەسەڵاتەکەی مەسعود بارزانی وپارتی کردبوو.

هەر لەرۆژانی یەکەمی دوای ئەم کردەوە نائینسانیەدا، دەسەڵاتدارانی پارتی هەوڵیاندا بەهەر شێوازێک بێت خۆیان لەقەرەی وەڵامدانەوە بەو داخوازیە رەوایانەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وجیهان نەدەن و بەهەر قیمەتێک بێت ئەم مەسەلەیە بەفەرامۆشی بسپێرن، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم پیلان وهەوڵە نەزۆکانەی پارتی بۆ خۆ دزینەوە لە تاونبارێتیان، نارەزایەتیە بەرهەقەکانی بەرەی ئازادیخوازو ئینسادۆستی و کۆمۆنیستی لەکوردستان و لەسەرئاستی جیهانیدا، رۆژبەرۆژ پەرەی سەندو ئاستێکی بەربلاو وهەڵمەتێکی بەرین لە خۆپیشاندان وکۆبونەوەی نارەزایەتی وکۆرو سیمیناری ماتەمینی وهاوخەمی وهاوپشتی، هاوکات سەدان نوسین وپێشکەشکردنی چەندین نمایشی هونەری، لەلایەن خەڵکانی ئازادیخوازو رۆشنبیران و رۆژنامەنوسان هونەرمەندانەوە بوونە هۆی ئەوە کە مەسەلەی تیرۆری سەردەشت عوسمان دەنگێکی مەزن لەزۆربەی میدیاو دەزگاکانی دونیادا بداتەوەوە و دەسەڵاتداریەتی پارتی ناچار بکات بێتە قسەو وەڵامێک بەم خواستانەی خەڵک بداتەوە، سەرەتا لەرێگای هێنانی چەند رۆژنامەنوسێکی هەلپەرست وقازانجچیەوە بۆ سەرشاشەکانی تەلەفزیۆن و بەهێرشکردنیان بۆ سەر کاری رۆژنامەگەری ئازاد دەستیان پێکرد، پاشان بەبلاوکردنەوەی پروپاگەندەی بێبنەما لە پەیوەندی سەردەشت بە بزوتنەوەی (گۆران)ەوە تێوە گلانی کاری رۆژنامەگەری ئازادانەی سەردەشت عوسمان بە کێشمەکێشێکی سیاسی نێوان پارتی و بزوتنەوەی گۆرانەوە، دواجاریش هەر لەژێر فشاری ئەونارەزایەتی یە جەماورەیەی خەڵکی کوردستاندا، پارتی ناچارکرا بەوەی بەڵێنی دامەزراندنی لیژنەیەکی لێکۆلینەوە بۆ بەبەدوادا چوونی کەیسی سەردەشت عوسمان بدات، بەدوای تێپەر بوونی 4 چوار مانگ بەسەر پێکهێنانی ئەم لیژنەیەدا، لەبەرواری 15.09.2010 ولەدەزگاکانی راگەیاندنی پارتیەوە ئەنجامەکانی ئەم لیژنەیە راگەیێندرا، کەتیایدا سەردەشت عوسمانیان بە تومەتی پەیوەندی بوون لەگەڵ گرووپێکی تیرۆریستی بەناوی (ئەنساروالئیسلام ) تاوابنار کردوەو هۆکاری تیرۆرەکەشی دەگەرێنێتەوە بۆ ئەنجامنەدانی کارێک لەلایەن سەردەشت عوسمانەوە کە گوایە ئەم گروپە تیرۆریستیە پێی سپاردوبوو .

لەڕاستیدا هەر بەچاوخشاندنێکی سادە بەو ڕەفتارو کاردانەوە جۆراو جۆرانەو و سیناریۆ ودرۆ ودەلەسەو وچەواشەکاریانای دەسەڵاتدارانی پارتی هەر لەرۆژانی یەکەمی دوای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانەوە تاوەکو ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی ئەم لیژنەی بەناو لێکۆڵینەوەیە، زۆر بەڕوونی پووچی وناڕاستی ئەم پڕوپاگاندانە دەردەکەوێت، هاوکات ئێمە بەر لەراگەیاندنی ئەم درۆنامەیەی لیژنەکەی پارتی و لەدووهەفتەی رابوردودا، شاهیدی هێرش وتۆمارکردنی چەندین سکاڵابووین بۆسەر دەستەیەک لە رۆژنامەو گۆڤار لەکوردستاندا، لەوانە (هاووڵاتی) و(ئاوێنە) و(رۆژنامە) وگۆڤاری (لڤین ) لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارتیەوە، بەتایبەت هێرشی ترسنۆکانەی راگەیاندەکانی پارتی ودەزگا جاسوسیەکەی پاراستن بۆ سەر گۆڤاری (لڤین) کە چاوپێکەوتنێکی قانعی فەردی بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژەی بەرابردوی سیاسی مەلا مستەفا کردبوو، بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە لەم کاتەداو تومەتبارکردنی رۆژنامەنوسی ئازاد سەردەشت عوسمان بە(تیرۆریست) درێژەی هەمان سیاسەتی ملهوری و شەقاوەچێتی پارتی یە بۆ سەرئازادی رادەربرین ومافە سەرەتاییەکانی خەڵک کە بە ئامانجی داسەپاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی میلیشیا ـ عەشیرەتی لەکوردستاندا دەستی بۆ بردوە، داشکانی باڵانسی هێزو دەسەڵات لەکوردستاندا بەلای پارتیدا ولاوازبوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەنەدا، هێندەی دیکە ئیشتهاو چاوچنۆکی پارتی زیاتر کردووە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە تاریکە وتاڵانکردنی زیاتری سەروەت وسامانی خەڵک، بەڵام بەدبەختی سیاسی پارتی لەوەدایە کە ئەمان لەوڕاستیە تێناگەن کە ئەمڕۆ لەکورستاندا بەرەیەکی بەرفراوان وبەهێز لە ئازادیخوازان و ئینساندۆستان و کۆمۆنیستی لە مەیدانی خەبات وتێکۆشاندا هەمیشە لە ئامادەباشیدان بۆ بەربەرچدانەوەو ریسواکردنی سیاسەتی سەرکوت وداسەپاندنی ملهوری میلیشیایی و وەڵامێکی توند بەو سیاسەتە چەوتانە دەدەنەوە، لەبیرکردنەوەی تەسکی عەشیرەتی وکۆنەپەرستی ئەم حزبەدا جێگایەک بۆ ڕاو داخوازیەکانی کرێکاران وخەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستان نیە ونابێتەوە، هەربۆیە هەرهەنگاوێکیان لەڕاستای دەستدرێژیکردن بۆسەرمافە سەرەتاییەکانی خەڵک ئاکامەکەی هەر ریسوایی سیاسیە، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی درۆینەی ئەنجامەکانی لیژنەی لێکۆلینەوە، ئەو جۆرە لە لیژنەی ساختەکاری وچەواشەکاریەو تومەتبارکردنی خەڵکانی ئازادیخواز بە تیرۆریست وئاژاوەگێر، هەر هەمان جۆر لەریسوایی بەنسیب دەبێت .

17.09.2010

**سەردەشت لە خاچ درایەوە.**

**لە ستاییشی مەرگی سەردەشتدا، بژیٚ وەها مەرگیٚک!**

**کازم قادر**

**بۆ ئەوەی لە بابەتیٚک بدویٚین،پیٚویستە خالٚیٚک بۆ دەستپیٚکردن هەبیٚت،یان دەتوانین بەم جۆرەش بیٚژین:هەر بابەتیٚک(ئۆبیٚکتیٚک)هەمیشە خالٚیٚک و پتر لە خالٚیٚکی هەیە بۆ دەستپیٚکردن و پەیبردن بە جەوهەرەکەی.بەلاٚم لەوەش گرنگتر ئەوەیە چۆن بتوانین کارەکتەروخەسلەٚتەکانی بابەتی نیشانەلیٚگیراو بناسین و بەر نەشتەری رِەخنەی ویٚرانکردن_لە باریی دارِزانیدا_یان بەرەو بیناکردن_لە باریی کەم و کورتیدا_بدەین؟**

**ئیٚستا تیرۆری"سەردەشت عوسمان"و جاریٚکیتر لە خاچدانەوەی لە باریی مەرگیدا_واتە کردنی بە تیرۆریست لەلاییٚن پارتییٚوە_ئەو پنتەیە،ئیٚمە دەتوانین لەلاییٚک خەسلەٚت و کارەکتەری بەرزو قارەمانیی سەردەشت_ی پیٚبناسین و لاییٚکیش کارەکتەری پارتیی وەک دەسەلاٚتیٚکی سیاسیی مۆرالٚ ترسناک!**

**هیٚندەی بە سەردەشت دەگەرِیٚتەوە،ئەو قوربانیی قارەمانیٚتیی خۆییٚتی_هەلٚبەتە قوربانیی لەپیٚناوی ئازادییدا_چوونکە قارەمانبوون دواجار تەنها قوربانییٚکە، ئەگەرچی مرۆڤ هوشیارانە خەریکی گەمەی خۆبەخشینە،بەلاٚم پیٚویستییٚکی ناچاریشە،چوونکە مرۆڤ بە سروشت ناخوازیٚت بمریٚت،بەلکٚو لە قولاٚییدا ویستی ژیانکردنی هەیە.واتە مرۆڤ بەر لەوەی ببیٚتە قارەمان و ئامادەی گیانبازیی و گیان بەخشین بیٚت، هەمیشە خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ ژیان،خودی خۆبەخشینەکانیشی دیسان بۆ دروستکردنی مالٚیٚکی ئازادو ئاسودەیە لەنیٚو ژیاندا.**

**بەلاٚم ئایێ قارەمانبوون چۆنە؟ قارەمانبوونی سەردەشت ئەوە نییە کە وەک نەریٚت یان ئەوە کە لە کلاسیکدا دەیبینین،قارەمان بە خۆیی و چەکیٚک_شمشیٚریٚکەوە_دەچیٚتە مەیدانی جەنگەوەو رِاست و چەپ دووژمنانی لە خویٚن دەگەوزیٚنیٚت و بەچۆکیاندا دیٚنیٚت، بەلکٚو قارەمانبوونی سەردەشت لە سەردەمیٚکدایە لەدەرەوەی ئەو رِۆلٚە کلاسیکییٚیە بۆ قارەمان،سەردەمی تەکنۆلۆژیا.**

**مرۆڤ لە بەرامبەر بۆمبیٚکی ویٚرانکاردا ویٚران دەبیٚت،لە بەرامبەر باندیٚکی ترسنۆکی وەک ئەوەی سەردەشتدا،ون دەکریٚت و گوللە بە دەمیٚوە دەنریٚت.بەلاٚم ئەوە کە خەسلەٚتی قارەمانیمان پیٚدەبەخشیٚت ئامادەییمانە بۆ مەرگ،"وەک ئامادەیی سەردەشت بۆ مەرگ" واتە گۆرِانی رِۆلٚی قارەمان لە ویٚرانکردنی ئەویترەوە بۆ ئامادەیی ویٚرانبوونی خۆی لە بەرامبەر ئەویتردا.ئەوە کە چۆن و لە کویٚدا چاوەرِوانی مەرگ دەکەیت و چۆن دەمریت! چۆن بە مەرگت کۆمەلٚگە بەدوای مەرگ و تەرمی خویٚناویی خۆتدا کیٚش دەکەیت،چۆن بتوانیت دونیا لەمەرگتدا بەژان و بەدەنگ بیٚنیٚت، چۆن لە مەرگتدا هاوخەمیی دونیا بەدەست بیٚنیت و**

لەهەموو ئەوانەش پڕبایەخ وگرنگتر ئەوەیە:چۆن لەمەرگتدا جەلادان و بکوژانت بە دونیا دەناسێنیت،چۆن لەمەرگتدا ناشیرینی و ستەمی ڕەشی دەسەڵات بۆ دونیا ئاشکرا دەکەیت،چۆن سەرقاپی زێرابێک هەڵدەدەیتەوە کە بریتییە لە فەرهەنگ و کولتورو ئەخلاقێکی بەدو ستەمگەرو کۆنەپەرست کە منداڵدانی ڕۆحی دەسەڵاتە،ئەوێ_زێرابێک_کە دەسەڵات وەک سەرزەمینی سیمبول و پیرۆزەییەکان دەرخواردی کۆمەڵگەی دەدات و هەر لەوێشەوە نەخشەی کوشتنەکانمان دادەڕێژێت.

سەردەشت لەمەرگیدا ئەستێرەی پاڵەوانبوونی بەدەست هێنا.سەیر بکەن:جەلادانی سەردەشت بەمردوویش لێیناگەڕێن،دەیانەوێت شکۆی مەرگی ناشیرین و سوکبکەن.ئێستا ئەوەی دەسەڵاتی پارتیی شێت و نیگەران کردووە، ئەوەی بزمارێکی لە تابوتەکەدا،نوسینەکانی سەردەشت نییە_مەبەستم لەکەمکردنی نوسینەکانی نییە_ بەڵکو مەرگی پڕبەهاو شکۆی سەردەشتە، ئەوە مەرگی سەردەشتە پارتیی هەراسان کردووە،مەرگێک کە تەواوی کۆمەڵگە بۆی لە پرسەدایێو داوای ئاشکراکردنی بکوژانی دەکەن،پرسەییێکی سەیروبێوێنە،هەموومان تێیدا سەما دەکەین و سرود دەڵێین،پارتیش تاک وتەنهاو لە گۆشەییێکدا بۆ بێکەسیی خۆی دەگرێت!

بە تیرۆرستکردنی سەردەشت و_ئەگەرچی سیناریۆیێکی کرچ و کاڵ و کۆمیدییە یەک کەس باوەڕی پێناکات_ هەوڵ ونەفرەتی قێزەونی پارتیی لە مەرگی پڕشکۆی ئەو هەر ئەوەیە.هەموومان وپارتییش دەزانین و دەزانێت ئیتر سەردەشت وەک جەستەیێکی زیندوو لێرە نییە،بەڵام یادی ئەو،مەرگی ئەو هەمیشە لێرەیە،واتە زیندوێتیی سەردەشت مرد،بەڵام مەرگی بۆ هەمیشە زیندووەو دەژێت!ئەوەش کە پارتیی لێی تۆقیوەو لە داخاندا سەری خۆی لە تاشەبەرد دەدات،درەوشانەوەی سەرمەدیی مەرگی سەردەشتە.دیسان ئەوەش کە خوێن بەدەماری زیندەگیی و ئازادیخوازیی ئێمەدا،دەکات هەر ئەو درەوشانەوەی مەرگەیە...(داواکارم خانەوادەی سەردەشت ئاسودەبن!)

ئەوە وێنەییێکی بچووک بوو لەبارەی مەرگێکی هەردەم زیندوو،بەڵام پارتیی چیی!لەم سیناریۆیێدا_واتە سیناریۆی سوککردن و بێنرخکردنی مەرگی سەردەشت عوسمان_دەتوانین زۆر بابەت و ڕەهەندی هەم گرنگ و هەم ترسناک کەشف بکەین.ڕەهەندی ترسناک لەم سیناریۆەدا ئەوەیە پارتیی نەک_پابەندبوون_بەڵکو هەموو مۆراڵ و ویژدان و بەهاوڕێزێکی کۆمەڵایێتیی،سیاسیی،فەرهەنگیی و مرۆیی خستەژێرپێ،ئەمەش کارێکی سەیروسەمەرە نییەو کارنامەی هەموو مێژووی پارتیی و دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم و بۆرژوازیی کورد هەر ئەوەیەو ئەوەش دەبێت!بەڵام لەم نێوەدا تەنها شتێک نوێ بێت ئەوەیە،پارتیی بەبێپەردە جەختی لەسەر ملهوڕییێکەی کردەوە.هەموو خەڵکی چاوەڕوانی ئەوە بوون،یان خوازیاری ئەوە بوون بەڵکو سەرەداوێکی ئەو تاوانە گەورەیە دەرکەوێت و بکوژانی سەردەشت ئاشکرابن،کەچی وەڵامی پارتیی بەو هاوارە پڕژانە کۆمەڵاتییە ئەوە بوو کە سەردەشت

پەیوەندیی بە گروپێکی تیرۆرستییەوە بووەو هۆی کوشتنەکەشی ئەوە بووە!ئەم ستەمکاریی و ملهوڕییەی پارتیی تەنها گرێدراوی هێز نییە وەک لێرەولەوێ لەهەندێک نوسیندا دەیخوێنینەوە،کە گوایێ پارتیی بەهۆی بالادەستیی و سەرکەوتنێکی زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا دەستی بۆبردووە.هەڵبەتە دەکرێت دەسەلاتێکی ستەمگەروملهوڕ لەدۆخی بەهێزییدا ستەمکارتربێت،بەلام ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕیشەی ستەمکاریی و ملهوڕیی لە فەرهەنگ و کولتورودونیابینییدایە.چ مێژوو و کارنامەی پارتیی و چ بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد بەشێوەیێکی گشتیی،بریتییە لەستەم و زۆرداریی و لەنێوبردنی نەیارانی خۆیان.ئەم ستەم و ملهوڕیی و کوشتنی نەیارانە لەهەموو دەورانەکانی هەبوونی ئەم بزوتنەوەیەدا ئامادەیی هەبووە،واتە ئەم پارت و بزوتنەوەیە لەکوێدا دەستەیێکی چەکداری هەبووە ستەمی کردووە،خەڵکی ئازار داوەو کوشتووە،ملهوڕیی پارتیی ملهوڕییێکی فەرهەنگییە پێش ئەوەی هێز بێت.

لایێنێکی تر کە جێی پرسیارەو هەڵبەتە راوبۆچوونی جیاوازی لەسەرە،ئەویش مەهزەلەو کرچووکاڵیی سیناریۆەکەی پارتییە بۆ تیرۆری سەردەشت عوسمان.هەموان دەڵێن سیناریۆیێکی لاوازەو کەس باوەڕی پێناکات،بەلام ئەوەی نادیارە،وەلامێکی دروستی ئەو کرچ وکاڵییەیە.ئەو کۆمیدیایەی پارتیی لەوەوە نەهاتووە کە بابەتەکەی بەهێند وەرنەگرتبێت،بەڵکو لە قەیران و پەشۆکانێکی سایکۆلۆژییەوە هاتووە.بەبۆچوونم بەبێ تێگەیشتن لەودەنگ و نەفرەتە کۆمەلایەتییە لە بکەرانی تیرۆری سەردەشت عوسمان،بەبێ تێگەییشتن لە قورسایی و فشارێک کە ئەو هێزە گەورەیە لەسەر پارتیی داناو پارتیی تەنهاو تەریک کردەوە،ناتوانین نە لە خودی شانۆگەرییێکە بگەین و نە لەو شێواوییە دەرونییە کە دەستی پارتیی بە سووریی پیشانی دونیادا!

ئەو سادەگۆییێی پارتیی کە بەشێوەیێکیش دەچێتە چوارچێوەی ملهوڕیی و ویستی تۆڵەکردنەوە لەکۆمەڵگە،بەرئەنجامی ئەو چەپۆکە کۆمەلایێتییە بوو کە لە سەری پارتیی درا. پارتیی هەر دەبوا سیناریۆیێکی سازبکردایە، بەلام سیناریستێکی دەرون شێواو لە دۆخی پارتییدا، لەوە زیاتری پێناکرێت کە دەستە سوورەکان ئاشکراتر بکات!

دوا سەرنجێک کە پێویستە لێرەدا بینوسم ئەوەیە:بەبۆچونم ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنێکی جدیی و شۆڕشگێر لە کوردستاندا هەبوایە،دەیتوانی ئەو دەنگ و ویستی نا گوتنە بە پارتیی لە تیرۆرکردنی سەردەشت دا،پارتیی لە دەسەلات بخستایە،یان تا کەناری مەرگی ببردایە.سەرباری ئەوەش بەبۆچوونم تاکو ئێستاش کەیسی سەردەشت عوسمان کەیسێکی زیندووە،پشتیوانیی گەورەو بەرینیی کۆمەلایێتیی هەیە.لە بارێکدا ئەگەر هەر نەتوانرا بکوژانی ئاشکراو دادگەیی بکرێن،پێویستە مەرگ و تارمایی سەردەشت ئاوێتەی ژیانی کۆمەلایێتیی و سیاسیی و ئەدەبیی و هزرگەرییمان بێت.لە زیندووڕاگرتنی ئەو مەرگ و تارماییێدا،پارتیی باجی قورس دەدا!

**سکاڵایەک دژ بە رۆژنامەنووس و نووسەرە تیرۆریستەکان.**

**سەلام عەبدوڵا**

**لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی"قوتابی زانکۆ"سەردەشت عوسمان پاش چەندین مانگ بە"بەڵگەوە"سەلماندی کە سەردەشت دەستی لەگەل تیرۆریستان تێکەڵ کردووەو کوشتنیشی پەیوەندی بەوە هەبوو کە ئەرکێکیان پێ سپاردووەو ئەنجامی نەداوە.**

**ئەگەر من حکومەت بم، ئەوا دەست بەجێ سەرجەم رۆژنامەنووس و ئەندامانی رێکخراو و کەمپین و کەسوکاری سەردەشت دەستگیردەکەم، چونکە بە ئاشکرایی لە رۆژنامەو گۆڤارو سایتەکان پشتیوانیان لە کابرایەکی تیرۆریست کردووە. ئەمە مافی یاسایی حکومەتەو کەس بۆی نییە گلەیی و گازندەی لێ بکات: گەل سەرچاوەی حکومەتەو بە دەنگدانی نهێنی هەڵیبژاردووە!**

**پاش راگەیاندنی لیژنەیەکی"بێلایەن و دەستپاک"ی راسپارد بۆ لێکۆڵینەوەو پێداچوون لە دوسییەی نابراو، بەڵام سەیر ئەوەیە رۆژنامەنووسە تیرۆریستەکان دیسان هانی خەڵک دەدەن دژ بە ئەنجام و ماندووبوون و شەونەخونی ئەو لیژنە"سەرراست"و"بێلایەنە".**

**ئێستا لەم کاتە سەختە کە ئەزموونە ساواکەمان تێدا تێدەپەڕێ، قورەکە ئەوەندەی تر خستتر بووەوەو سەرۆکی حکومەتیش لەماڵەوە نییە!.**

**"بەداخەوە"رۆژنامەنووسە"بێویژدانەکان" لەبری دەستخۆشی و سوپاسگوزاری لە ئەندامە بەڕیزەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە، ئەوەندەی تر ئەرکیان زیاترکردووە، چونکە دەبێ لە سایت و رۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ ناوی سەرجەم ئەو کەسە گومانلێکراوانە بگەرێن کە پشتیوانی لە تیرۆریستەکانی ئەنساروئیسلامیان کردووە و سکاڵایان لەسەر بەرزبکەن، چونکە دەرکەوت کە:**

**1- رۆژنامەنووسان چاویان بە"سەرکەوتنی ئەزموونە پیرۆزەکەمان" هەڵنایەت و پشتیوانی لە ئەنسارولئیسلام دەکەن و تاوانەکەیان بۆ دەپۆشن!**

**2- گومان دەکەن لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکەیان!**

**3- خراپ بە کارهێنانی کەشوهەوای ئازادی!**

**4- هەوڵی لەکەدارکردنی دەزگا پایەدارەکانی هەرێم دەدەن کە بە قازانجی دوژمنانمان دەکەوێتەوە!**

**تاقە مەترسی ئەم هەنگاوە ئەوەیە، رۆژنامەنووسە پیلانگێڕو فرەبێژەکان زماندرێژی دەکەن و تۆمەتی رەشبگیری دەخەنە ئەستۆی دەزگا پایەدارەکان.**

"بەڕاستی"ئەقڵ و حیکمەت لە وەڵات باڵادەستە، ئاخر ئەوە چاکەی حکومەتە بە هێمنی ماوەتەوە و ڕۆژنامەنووسەکان دەستگیر.

من نیازم نەبوو لەم بارەیەوە بنووسم، جا نووسین سوودی چییە؟!

هەندێ پەندی پێشینان هەیە دەڵێن(بێدەنگی وەڵامی ئەحمەقەکانە) یان(...بێدەنگی ئاڵتونە)، بەڵام ناکرێ لە نێوان تیرۆریستی دەوڵەتی و"تیرۆرستی ڕۆژنامەنووسەکان، بەبێدەنگی بمێنمەوەو بەخۆم"ئەعتراف"دەکەم کە بە ئاشکرا دژ بە ئیسلامییەکانم و"ژێربەژێر"یەکێکم لەوانەی پشتوانیم لە تیرۆریستێک وەک سەردەشت کردووەو دەکەم، ئەمەش مەسەلەیەکی ئاساییە و ئەمجارەیان پەتای شیزۆفرین منیشی گرتەوە، لە وەڵاتەکەم هەمیشە بە دوو روویی رەفتار دەکرێ:

ئەوەی لەسەر شەقام سەڵاوی لێدەکەی، کەسێکیتری لەناوخۆی شاردۆتەوەو مەحاڵە بیناسی: بەناوی ئازادییەوە، ئازادی لە سێدارە دەدەن، بەناوی عەداڵەتەوە، عەداڵەت دەسترێژدەکەن، بەناوی حەقخوازییەوە، حەقی ملیونان کەس لەژێرپێ دەنێن، بەناوی رەوشت بەرزییەوە، گەندڵترین و خوارترین رەوشت باڵادەستەو بەهەمان شێوە بە ناوی قانونەوە، بە ئارەزووی خۆیان عودو کەمانی لێدەدەن و تۆش دەبێ هەڵپرکێ بکەی و بڵێی ئامین.

مەسەلەکە زۆر ئاسانە، بۆ نموونە حکومەتی ئەڵمانی چەندین ئەندامی لەشکری سووری لە زیندانی(شتامهایم)، تیرۆرکرد، کەچی وتیان ئەوانە خۆکوژی بە کۆمەڵیان ئەنجام داوە و بەهەمان شێوە کۆماندۆی تایبەتی پۆلیسی ئەو وەڵاتە بەبەرچاوی خەڵک (ئەندریاس)یان لە وێستگای شەمەندنەفەری (باد کلاینن)کوشت، کەچی لە میدیاکان رایانگەیاند کە خۆیی کوشتووە!

لە نموونەی کاکە سەردەشت، دەستە نهێنییەکان پێمان دەڵێن: ئاگاتان لە قەڵەمەکانتان ببێت، بە پێچەوانەوە مەمنون ببن بە کوشتن، چونکە پاش کوشتنتان ئابروشتان دەبەین...وەک ئیسلامییەکی تیرۆریست دەتناسێنین و نەفرەتی دنیاتان بۆ دەهێنین و کەسیش ناتوانێ هیچمان پێ بکات!

لێرەدا "ئامۆژگاری" تیرۆریستە قەڵەم بەدەستەکان دەکەم کە:

1– بێدەنگ ببن و واز لە کەمپین و مەمپین بهێنن.

2– بە بۆنەی دووبارە تیرۆرکردنی سەردەشت، دووبارە پرسەی بۆ دابنین و سەرەخۆشی لە کەسوکارەکەی بکەن.

3– داوای لێبوردنی گشتی لە حکومەت بکەن و سوپاسیشی بکەن و هیوابخوازن داواکەتان جێبەجێ بکات.

4– سوپاسی خودا بکەن کە لە رۆژی لەدایکبوونی سەردەشت، ئەمەی لە نێوچەوانی نووسیوە. ناسزایی جۆرێکە لە"کوفر"و دەبێ شکوربن!

5– رۆژنامەنووسان و نووسەران لە ئێستاوە سیڤی خۆیان بە وێنەوە لە هەموو شوێنێک بڵاوبکەنەوە تا بیسەلمێنن کە پیشەکەیان راپۆرت و هەواڵ و وتارنووسینە.

ئەوەی ئەم کارە نەکا، خۆی بەرپرسە ئەگەر وەک پیاوکوژ، جەردە، تیرۆریست، بێ رەوشت و زەوتکەر بە خەڵک ناسرا. دیسان ئەمەش زۆر ئاساییە، ئاخر لە وەڵاتەکەم شتی سەیر و عەنتیکە روودەدا، ئەوە نییە من بە خۆم شایەتی کۆچی دوایی(رەشید باجەڵان)م کە هەژارترین مرۆڤی شارەکەم بوو، لەبەر ئەوەی ناوبراو ناسنامەی کەسێتی پێ نەبوو، بەهۆی مرۆڤدۆستانەوە، بەناوی خۆی نەنێژار. سوپاس بۆ ئەو کەسە کە لەسەر کێڵەکەی نووسی(خاڵۆ رەشید)!

من هەقم بە کەسەوە نییەو لە ماڵی خۆم دانیشتوم و"یا خوا"بۆ خاتری ئەم جەژن و پاش"جەژنە"ملشکاوە کە بووە هۆی گرانی و رەنگ زەری دایک و باوکانێکی زۆر، هیچ کەس بەهۆی بیروبۆچوون "با ناپەسەندیش" بێت، دووجار لەسەر یەک تیرۆر نەکرێت و، کەس نەکوژرێ و هیچ کەس بە درۆ شت بۆ هیچ کەس هەڵنەواسێ!

خوێنی هاورێ سەردەشت بۆ چارەکە سەدەیەک وون دەبێ، بەڵام پاشان بکوژانی ئاشکرا دەبن..."خودایە"

پارتی کەوتە ناوتەڵەکەوە!

موحسین کەریم ٢٠١٠/٠٩/١٧

راگەیاندنەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان ئەو تەڵەیە بوو کە پارتی نەزانانە خۆی تێهاویشت! رەنگە کاتی تیرۆرەکەی کەسانێک هەبووبن گومانیان لەبوونی دەستی پارتی لەو تیرۆرەدا کردبێ، بەڵام پێموایە راگەیاندنەکەی ٢٠١٠/٩/١٥ی لیژنەی لێکۆڵینەوە کە راستەوخۆ لەلایەن مەسعود بارزانیەوە پێکهێنراوە، گومانی لای ئەو کەسانەش نەهێشتەوە!

نەک هەر تۆمەتی دەستێکەڵاوکردنی سەردەشت عوسمان لەگەڵ گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام و دواتر تیرۆرکردنی لەلایەن ئەو گروپەوە بەمێشکی هیچ ئینسانێکی ژیردا ناچێ، بەڵکو شێوازی نوسینەکەو بەڵگەهێنانەوەکانی راگەیاندنەکەی پارتی ئەوەندە

نەزانانە نوسراوە کە هەر لەیەکەم سەیرکردندا ئینسان دەتوانێ لەوە تێبگات کە هیچ پێوانەو ستانداردێکی لێکۆڵینەوەی تێدا نیە. لەبەرئەوەی کە سەرتاپای سیناریۆکە دروستکراوە بۆیە نوسەری ڕاگەیاندنەکە نەیتوانیوە وەکو لێکۆڵەرەوەیەکی شارەزا درۆکانی پێکەوە بچنێت و شتێکی لێبەرهەم بهێنێ کە هیچ نەبێ کەمێک گومانەکان لەسەر پارتی کەمبکاتەوە! ڕاگەیاندنەکەی پارتی نەک نەیتوانیوە لەوەدا سەرکەوتوبێت کە تاوانی تیرۆرەکە لە ملی خۆی دابماڵێ و بیکاتە ملی لایەنێکی تر کە بەحوکمی کارنامەی ڕەشی لەناو جەماوەری کوردستاندا چاوەڕوانی ئەو کارانەی لێدەکرێ، بەڵکو بە هەوڵی فاشیلانەی بۆ تۆمەتبارکردنی سەردەشتی گەنجی مۆدێرن و ئازادیخوازی پەروەردەی ناو خێزانێکی پێشکەوتنخواز و چەپی شاری هەولێر، کە دوو دەیەی لە خەباتی دژی کۆنەپەرستی ئیسلامی و ناسیۆنال عەشیرەتی و نایەکسانی ناوەتە پشت سەری، بەدەستو قاچەوە خۆی خستە ناو ئەو تەڵەیەوە کە هەر لەیەکەم جارەوە تێیکەوت و بڕیاربوو لیژنەی ناوبراو لەو تەڵەیە ڕزگاری بکات!

ئەگەر پارتی لە ڕوداوی تیرۆری سەردەشتدا ڕیسواییەکی بەنسیب بوو کە بەهیچ شێوەیەک لە حساباتی خۆیدا داینەنابوو، ئەوا ڕاگەیاندنەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەو تاوانبارکردنی سەردەشت بەدەستێکەڵکردن لەگەڵ تیرۆریستانی ئیسلامیدا، نەک هەر ڕیسوایی، بەڵکو ڕقو نەفرەتی خەڵکی بەرادەیەکی فراوانتر کردە نسیبی پارتی. کاردانەوەی لایەن و کەسایەتی سیاسی و جەماوەری و ڕۆشنبیری و خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگای کوردستان و تەنانەت هەندێ دەزگای نێو دەوڵەتی بە سادەیی ئەو ڕاستیە دەخاتەروو.

ئەوانە کەم نەبوون کە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە پێشبینی ئەم سیناریۆسازیەی پارتیان دەکرد، چونکە گومانیان لە دەوری پارتی نەبوو لە ئەنجامدانی ئەو کارە، لەبەرئەوەی هۆکاری کوشتنەکەی ئاشکرابوو، سەردەشت خۆی سەرەداوەکانی دابووە دەست و تاوانباریش شاراوە نەبوو! مەلا بەختیاریش لە وتارەکەی (سەردەشت و ئازادی)دا ئەوەی پشتراستکردەوە. بەڵام نەگبەتی بەختی پارتی ئەوەبوو کە دوای ٦ مانگ تلانەوە بەسازکردنی ئەو سیناریۆیەوە کەچی بینەرێکی دەست نەکەوت بێجگە لە بینەرانی دەربار!

بەڵام دەبێ ئاماژە بەیەک ڕاستیش بکەین، ئەویش ئەوەیە کە پارتی تەجروبەی لەگەڵ ئەو جۆرە ڕیسوابوون و سکاندالانەدا هەیە، بۆیە ناکرێ بەوەندە کۆتایی بە پانورامای نارەزایەتی و وەستانەوە بەرووی ئەو دەسەڵاتە خێڵەکی و میلیشیاییەدا بهێنرێ. پارتیەک کە دوای ئەوەی ڕەنج و زەحمەتی دەیانهەزار کەسی کردە قوربانیی بەرژەوەندی شای ئێران و لە زمانی باوکی ڕۆحیەوە ڕایگەیاند کە کاری ئەو تەواوبوو، پارتیەک کە شانبەشانی سوپای پاسدارانی ڕژێمی دڕندەی ئیسلامی لە سەرەتای هەشتاکاندا پەلاماری دانیشتوانی شارە کوردنشینەکانی ئێرانی دەدا، و پارتیەک کە بەفەرمان و پارەی دەوڵەتی نەتەوەپەرستی تورکیا پەلاماری ئەندام و لایەنگرانی پەکەکەی(هاوخوێنی نەتەوەیی خۆی) دەدا، پارتیەک کە بۆ بەشکستێشانی حەریفی دوێنێ و دۆستی ستراتیژیی ئەمڕۆی سوپای بەعسی هێنایە سەر

هەولێرو سەرۆکەکەشی لەبەرامبەر نیگەرانی ئەندامەکانی حیزبەکەیدا سەبارەت بەو ریسوابوونە بڵێ "دان بەخۆتاندا بگرن و هەرماوەیەک هێرشێکی راگەیاندمان لەسەردەبێ و تەواو دەبێ"، پارتیەک کە ئەمانەی هیچ پێ شەرمەزاری نەبێ و بوبێتە بەشێک لە ژیان و مێژووی سیاسیی، بێگومان لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی و مادیی خۆیدا لەهیچ ریسوابوونێک سڵ ناکاتەوە. ئەو دەیەوێ بەهەرجۆرێک بێت بەرگری لە دەسەڵات و سامانی خەیاڵی سەرکردەکانی و سەرمایەدارانی دەرباری لەچوارچیوەی قودسیەتی بنەماڵەی بەرزانیدا بکات! بۆیە زنجیرەی سکانداڵی ئەو حیزبە بەردەوام دەبێ تائەوکاتەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان خاڵی بۆدادەنێن!

**یوسفەکەی ئێمەش گورگ خواردی!**

**ئومێد گێلەرەیی**

یەکێک لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسییەکاندا، برێک پارە لە تورەکەیەکدا دەدۆزرێتەوە، بۆ پەیداکردنی خاوەنەکەی بانگەشە بۆ دۆزینەوەی ئەو برە پارەیە دەکرێت. ئەوەی خەڵکی توشی شۆک دەکات ئەوەیە کە دوو کەس لە ناکاو و لە یەککاتدا پەیدا دەبن‌و خاوەندارێتی خۆیان بۆ ئەو پارە دۆزراوەیە رادەگەیەنن!، بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئالۆزییەش، کێشەکە دەگوێزرێتەوە بۆ لای (قازی) دادوەری شار.. ئەویش داوای هەردوو کەسی خاوەن پارەی وون بوو دەکات، تا چەند پرسیارێکیان ئاڕاستە بکات. سەرەتاش پرسیاری کارەکانیان لێدەکات، یەکێکیان (ماسی فرۆش)و ئەوەیتریش (خوێ فرۆش) دەبێت، پاشان داوای ناونیشان‌و بری پارەو چەندین پرسیاری تر، هەردووکیان کتو مت وەڵام‌و ناونیشانەکانیان هاوشێوەی یەکترەو هەردوولاش شاهیدیان هەیە کە بەڕاستی ئەو برە پارەیەیان بزر کردووە.. هەر بۆیە جەنابی دادوەر هەردووکیان‌و خەڵکەکەش بەڕێدەکات‌و دەڵێت سبەینێ خاوەنی پارەکە ئاشکرا دەکەم.. رۆژی دووایی هەمان خەڵک لەبەردەم دادوەردا کۆدەبنەوە. بێ هیچ گومان‌و دوودڵییەک رایدەگەیەنێت کە ئەو پارە دۆزراوەیە پارەی کابرای خوێ فرۆشە!. لێی دەپرسن چۆن ئەم نهێنییەت دۆزییەوە، لە وەڵامدا پێیاندەڵێت: دوێنێ من دڵنیا بووم کە ئەم دوو کەسە هەر یەکەو بەڕاستی لە دوو شوێنی جیاوازدا دوو برە پارەیەیان وونکردووە، بەڵام ئەم تورەکە پارەیە تەنها یەکێکیان خاوەنێتی‌و پێویست ناکات ئازاریان بدەم بۆ دۆزینەوەی. هەر بۆیە لەماڵەوە ئەو برە پارەیەم رشتە ناو جامێک ئاوی کوڵاوەوە!. بەهۆی پیشەکانیان‌و دەستلێدانی ئەو پارانەوە لەلایەن خوێ فرۆش‌و ماسی فرۆشەوە، ئەگەر ئاوەکە سوێر بوو ئەوا خوێ فرۆش خاوەنییەتی، ئەگەریش ئاوەکە چەور بوو ئەوا پارەی ماسی فرۆشەکەیە...

ئێمەی رۆژنامەنوسان‌و پاشانیش خەڵکی بەگشتی پێویستمان بەکەسایەتییەک یان توێژەرێکی وەک (شارلۆک هۆڵمس) یان ئەو قازی‌و دادوەرە زیرەکەی خوێ فرۆش‌و ماسی

فرۆش نەبوو تا پێمان بڵێت بکوژانی (سەردەشت عوسمان)یش بەپیشەو دەستو مەچەکو پێنوسەکەی سەردەشتدا دەدۆزرێنەوە.. بەڵام دەمانزانی کە لە ئێستای کوردستاندا پێویستمان بە دادوەرێکو داواکارێکی گشتیو بێلایەنو ئازاو چاونەترسو زیرەکو بوێر هەیە بۆ ئەو دۆسیەیە!.

زۆرینەی خەڵک بەچاوی پڕ لە گومانەوە سەیری راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەیان کرد بۆ دۆسیەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، بەتەنها بینینو خوێندنەوەی ئەو راپۆرتە چەندین تێبینی لەلای هەر یەکێکمان دروستدەکات. کە بە دڵنیاییەوە منیش یەکێکم لەو خەڵکەو مافی خۆشمە بپرسم: دەبێت ئەو کارە گرنگە چیبێت کە (انصار الاسلام) بە سەردەشتیان سپاردبێتو ئەو جێبەجێی نەکردبێت! ئەویش بەپێی ئاماژەی راپۆرتی ئامادەکراو لەلایەن ئەو لیژنەیەوە! ئەگەر داواکەیان هێنانو بردنی مادەی تەقەمەنی بێت بۆ کاری تیرۆرستی یان هەر کارێکی تر کە پێویست بە چوونو هاتن بکات، ئەوا تەنها هاتنو رفاندنەکەی ئەو گروپە دەیسەلمێنێت کە ئەوە نییەو ئەوان بە ئاسانی دەتوانن بە نێو بازگەکاندا جرتو فرتی خۆیان سەربەستانە ئەنجامبدەنو دەشتوانن بە ئەندازەی کێشی لاشەو هێندەی قەبارەی سەردەشت! هەر جۆرە مادەیەکی یاساخ بهێننو ببەنو کەسیش تێبینیی ئەو کارەیان نەکات!، کەواتە بەهیچ شێوەیەکیش بریتی نییە لە داواکارییەکی لەو شێوەیە!. بەدڵنیایشەوە داوای نوسینو وەرگێڕان بۆ زمانی ئینگلیزییان لێنەکردووەو ئەو گروپانە لەو بوارانەدا دەستەوسان نینو پێویستیان بە کەسێکی کەم ئەزموونی وەک سەردەشت نییە!. یان ئایا بۆ کوشتنی کەسێکی هاوشێوەی سەردەشت لەلایەن گروپێکی وەها ترۆرستو یاساخەوە، پێویست دەکات بەو شێوەیە خۆیان بخەنە مەترسیو بێنە ناو شاری هەولێرو بۆ جاری دووەمیش خۆیان بخەنە مەترسیو بگەڕێنەوە بۆ شاری موسڵو بیاباکانە بە نێو ئەو بازگە تۆکمانەدا هاتوچۆ بکەنو ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە!.. کە تەنها ئەو هاتنو گەڕانەوەیەیان دەسەڵاتو هێزەکانی ئاسایشو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخاتە ژێر پرسیارگەلێکی پڕ لە گومانەوە!. بەتایبەتیش کە پێشتر دەزگای ئاسایش لە شاری هەولێردا، ریزەکانی خۆتێخزاندنی تیادا کراوەو پچڕێنراوە لەلایەن گروپێکی تیرۆرستی هاوشێوەوە!.. کە ئەمەش جارێکی تر بەڵگەیە بۆ پەند وەرنەگرتن لە هەڵەکانی رابردوو.

ئەو راپۆرتە کەموکورتە کە نەیتوانی پەیامە دروستو دیاریکراوەکەی خۆی بە باشی بگەیەنێتە جەماوەر، لە مانا نهێنیو شاراوەکەیدا تەنها توانی پێمان بڵێت: هەرکەسو هەر گەنجو لاوێکی ئەم کوردستانە پەیوەندی بەو گروپە تیرۆرستیانەوە هەیە، ئەوا ئەو کارانەی پێیان دەسپێردرێت با بەباشی بۆیان جێبەجێ بکەنو هیچ پاشگەز نەبنەوە لەو پەیوەندییە نهێنییەیان، ئەگەریش پەشیمان دەبنەوە ئەوا دەسەڵاتو دەزگا بەرپرسە کوردستانیەکان هەتا ئێستا لە توانایاندا نییەو دەستەوسانن لە پارێزگاریلێکردنتان. بەتایبەتیش کە پۆلیسی شاری هەولێر لە ئاستی بەدوواداچونی سکاڵاکانی سەردەشتدا نەبوونو بازگە تۆکمەکانی سنورەکانیشمان نەیانتوانی بەر بەلاشە دزراوەکەی بگرن لە کاتی رفاندنو گوزەرکردنیدا.

بەپێی راپۆرتی ئەو لیژنە بەڕێزەش بێت، ئێستاش قوتابییەکی وەک سەردەشت پێویستە جوانترین پەیکەری بویری‌و ئازایەتی بۆ دروستبکرێت، کە هێندە دلێرانە توانیویەتی داواکاریی گروپێکی تیرۆرستی بێبەزەیی رەتبکاتەوەو ژیانی خۆی بخاتە مەترسی کە ئەوەش تەنها هێمایە بۆ پاشگەز بوونەوەو بە هەڵە بینینی کردەوەکانی ئەو گروپە تیرۆرستیانە لەلایەن سەردەشتەوە.. ئەم تێبینیانە تەنها وەک ویژدان ئاماژەی پێدەدەم.. ئەگین لەلای منی تاک ئەو راپۆرتە هاوشێوەی کراسەکەی یوسفەو ئەو گروپە تیرۆرستییەش گورگە بێئاگاکانن.

**تیرۆرکردنەوەی** (**سەردەشت**)

سیروان بابەعەلی

لە بەرسڤی دۆستێکدا کە مەبەستی ئەوەبوو بزانێت، بۆچیی ماوەیەکی درێژە نووسیینی رامیاریيم بەدیی ناکرێت، گوتم: چەند هۆکارێکی هەیە؛ گرنگترینیان ئەوەیە، بەداخەوە ئێمەش لە تامەن دەرکردووە؛ کاریگەریی شڕەنووسیی‌و پەیڤیینی رووت بۆ نێو جەستەی کۆمەڵگە، وەک بوونی سەرئاسایی (زیاد لەپێویستی) رێژەی خڕۆکەی سپییە لە خوێندا؛ دواجار دوورنییە جەستەی کۆمەڵگە، تووشی خوێنسپێتیی (لۆکیمیا) بکات...

گەر نووسراوی رامیاریی، لە بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا، نەتوانێت وەک نووسیینەکانی (سۆران‌و سەردەشت)و هاوهەڵوێستە زیندووەکانیان تەلاری دەسەڵات بهەژێنێت، زیانی زیاترە!

شێوازی پرۆسەکردنی هەڵبژاردن‌و دەرەنجامی دەنگدان لە دواهەڵبژاردنی پارلەمانیی هەرێمدا، ئەو گریمانەیەی جەخت کردەوە، کە هەڵفریواندن، کۆمەڵگەی ئێمەی زۆر سامناک لەخشتە بردووە؛ ئەم کۆمەڵگەیە، زۆر خورتترو کاراتر لەوەی دەنووسرێت، ئاتاجی بە هۆشیارکردنەوەو بەئاگاهێنانەوەیە.

روونکردنەوەکەی (لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی رفاندن‌و کوشتنی سەردەشت)یش، ئەو راستییە تفتەی سەلماندەوە، کە هەرێمی کوردستان لەبەردەستی خودی کوردیشدا، هەمان گۆڕەپانی تیرۆرکردنی فیزیکیی‌و لەکەدارکردنی پرێستیژی ئازادییخوازانی کوردە.

هەموو جۆرەکانی تیرۆر دزێون، پاساوو هەنجەتیان نییە؛ لێ ئەو شێوازە لە تیرۆر، کە تەنانەت پاساوی ئیدیۆلۆژییشی لەپشتەوە نییە، دزێوترین جۆری تیرۆرەو دەچێتە چوارچێوەی مێتۆدەکانی مافیاگەرییەوە.

ئەزیش وەک زۆر کەسی دی، هەر لە سەرەتای روودانی تاوانەکەوە، گریمانەم وابوو، کە پاشان سیناریۆی ناجۆر بۆ دییزەبەدەرخۆنەکردنی تاوانەکە ریک دەخریت.

لە وتاری (کوشتنی سەردەشت، گومانو پەیام)دا، کە نیوەراستی مانگی حەوت لە رۆژنامەی (هاولاتی)یدا بلاوبووەوە، نووسیبووم: (...کۆمەلگە ئەمرۆ زۆر وریایە، با ئەو پارتە سیناریۆی خستنەسەرتەلەفزیۆنو لەسیدارەدانی خۆبەخۆ ئامادە نەکات؛ نابیت ئەو دەسەلاتەی گومان لەخۆی دەکریت، پرۆسەی دادگاییکردن بۆ تاوانباران لەژیر دەسەلاتیدا ریک بخریت!).

بە هەوانتە بە داهینانو پیشکەوتنە تیکنۆلۆژییەکانی بواری پەیوەندییو زانیاریی نەگوتراوە (شۆرشی زانیاریی)؛ زۆر لە رژیمە چەپینەرەکان لەگەل دەرکەوتنی شۆرشی زانیارییدا لەنیوچوون؛ ئەوانەی ماویشن لەگیانەلادان...

لە کۆتاییەکانی سالانی نەوەتدا، کە هیشتا خزمەتەکانی تیکنۆلۆژیای زانیاریی (مۆبایل، ئینتەرنیت)، لە هەریمی کوردستان لەبەردەستی مرۆڤی کورددا نەبوون؛ تاک تەنها بە دەهۆلی دیماگۆگیای پارتەکەی هەلدەپەریی، زۆر لام سەیر بوو، کاتیک دەمبینیی، تەنانەت خویندەوارەکانی (پدک)ش، سەرسەختانە پاساویان بۆ راوکردنو کوشتنی گەریلا دەهینایەوە؛ زۆر سەیر میشکیان بە سەدان درۆی شاخدار سەبارەت بە هەلسوکەوتو رەوشتی ئازادیخوازەکانی (پکک) پرکرابوو.

لە سۆنگەی ئەو یادەوەرییەوە، زۆر دەترسام، تاوانی کوشتنی خویندکاری رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) لە گەلای کیشەیەکی کۆمەلایەتییدا بپیچریتەوە؛ بەپشتبەستن بە وتارە تەنزئامیزەکانی خودی (سەردەشت)، چیرۆکی (بە نەریتی ئیمە نامۆ)ی دوابخریتو نەخویندەوارو کەچەخویندەوار دەماودەمی پیبکەن!

بەلام خۆشبەختانە وا نەبوو... بروناکەم ئەو چیرۆکەی ئیستا، کە وەک تەواوکەری تیرۆری فیزیکیی، تیرۆری مۆرالی رامیارییو هزریی زەردەشت دەکات، نەک خویندەوارەکان، تەنانەت نەخویندەوارەکانی نیو (پدک)ش گومانیان لیی نەبیت؛ دیارە خۆ لەگیلییدان شتیکی دیکەیە!

خۆشبەختانە بەرهەمەکانی شۆرشی زانیاریی لە کۆمەلگەی ئیمەشدا تەنگیان بە دەسەلات هەلچنییوەو فشاریکی گەورەی شارستانییانەو دیمۆکراسییانەی لەسەرە... چیرۆکی (سەردەشت)و پەیوەندیی ئەو بە گروپیکی تیرۆریستی ئیسلامییەوە، دەیان بۆشایی تیدایەو سەدان گومانو پرسیار هەلدەگریت. ئەو چیرۆکە ئەوە دەخاتەروو، کە جیهانی دەسەلاتی کوردیی، جیهانیکی لە جڤاک دابراوی سەربەپووشەو... هیشتا ئەو دەسەلاتە بە پیوەری پازدەسال لەمەوبەر دیاردەکان دەپیویتو تواناکانی شۆرشی زانیاریی نادیدە دەگریت.

لێرەدا وەک ڕێزی پەتیی لە یاساو دادوەریی، تەنها لە گومانو گریمانە دەدوێم؛ بڕیاری پێشیینە سەبارەت بە کاری ئەو (لیژنە)یە نادەمو وەک هەر مرۆڤێکی دەربەستی کورد چاوەنواڕی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانم، بەڵام:

نابێت ڕێگە بدرێت، لێکۆڵینەوەو دادگایی کەیسی (سەردەشت) لەژێر خێوەتی (پدک)دا بەڕێوە بچن.

نابێت کەیسی (سۆرانی مامەحەمە) پشتگوێ بخرێت.

نابێت ڕێگە بدرێت، تەنانەت ئەو مرۆڤانەی وەک تیرۆریست نێوزەد دەکرێنو تاوانبارو دەستبەسەرن، (نموونەی کەسانی وەک هیشام مەحمود)، لە تاریکییداو دوور لە دادگای دادپەروەر، پێناسی ڕاستەقیینەی خۆیان لێبکرێتەوەو بکەونە ژێر داروپەردووی سیناریۆی رامیاریی هەڵبەستراوەوە!.. بیرمان بێت، کە هەمیشە لە سایەی ڕژێمە مافیا خەسڵەتەکاندا مرۆڤی هەژارو گومناوو بێکەس بۆ پەردەپۆشکردنی تاوان دەکرێنە سووتەمەنیی!

دواجار گەر (پدک)، لە دروستیی چیرۆکی (لیژنە)کەی بەو شێوەیە دڵنیابێت، دەبێت لای ئاسایی بێتو تەنانەت بە پەسەندتری بزانێت، گەر دواکرا، گشت کەرەستەو چاودێتو تاوانبارەکانی کەیسی تیرۆری (سەردەشت)، بداتە نێوەندێکی دادوەریی بێلایەن!

**ئەنجامەکەیان بە »سیناریۆ« دەزانرێت**

**لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنیسەردەشت عوسمان هەرای نایەوە**

دڵشاد ئەنوەر

ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، ناڕەزایی گەورەی لێدەکەوێتەوەو ئەنجامەکەش بەسیناریۆ دەزانرێت.

لەئەنجامی لیژنەکەدا کە ڕۆژنامەنووسانی تووشی شۆک کردووە، تۆمەتی ئەوە خراوەتە پاڵ شەهیدی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان کە بەڵێنی کارکردنی بەئەنسارولئیسلام داوەو جێبەجێی نەکردووەو بۆیە لەلایەن باندێکی ئەو ڕێکخراوەوە تیرۆرکراوە.

کاردانەوەکان فراوانتر دەبێت

کاردانەوەی ڕۆژنامەنووسانو ڕێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤو داکۆکیکار لەئازادی رادەربڕین لەبەرانبەر ڕاگەیاندراوی لیژنەی لێکۆڵینەوەکردن لەدۆسیەی سەردەشت عوسمان تادێت فراوانتر دەبێت.

دوای راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە کەتۆمەتی کوشتنی سەردەشت درابووە پاڵ گروپی ئەنساروئیسلام، سەردەشتیش تۆمەتبارکرابوو بەوەی بەڵێنی هاوکاریکردنی بەو گروپە دابووە، دەیان بەیاننامەی ئیدانەکردن لەدژی راگەیاندراوەکە بڵاوکرایەوە.

لەبەیاننامەیەکدا، بەکر عوسمان برای سەردەشت عوسمان بەتوندی ئەنجامی لێکۆڵینەوە بەراییەکانی رەتکردووەتەوەو پێیوایە تۆمەتبارکردنی سەردەشت بەبەڵێنی هاوکاری بۆ «گروپە تیرۆریستەکان» دیسانەوە تیرۆرکردنی براکەیەتی.

لەبەیاننامەیەکی دیکەشدا، گروپی چەتری ئازادی لەلەندەن، راپۆرتی لیژنەکەیان بەسیناریۆ ناوبردووەو پێیانوایە ئامانجەکەی بۆ چەواشەکردنی خەڵکی کوردستانو دەمکوتکردنو شکاندنی کەرامەتو کەسێتی رۆژنامەنوسانە.

لای خۆشیانەوە، دەستەی داکۆکیکردن لەئازادی رادەربڕین، ئەنجامە بەراییەکانی لیژنەکەیان رەتکردووەتەوەو جەخت لەوەدەکەنەوە کە راگەیەندراوەکە لەسیناریۆیەک دەچێت بۆ شاردنەوەی دیوی راستەقینەی کەیسەکە.

هەروەها ژمارەیەک نوسەرو شاعیرو رۆژنامەنووسو سیاسەتمەدارو پەرلەمانتار، لەنامەیەکی کراوەدا بۆ رای گشتی، سەرسوڕمانی خۆیان بەرانبەر ئەنجامە بەراییەکانی دۆسیەی تیرۆرکردنی سەردەشت دەربڕیووە، ئەنجامەکەیان بەچاوەڕواننەکراو وەسفکردووە.

لەنامەکەدا، هاتووە «پێمانوایە نارۆشنی راپۆرتەکە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر سەربەخۆیی‌و سەروەری یاسا».

لەمبارەیەوە، سەرچاوەیەک لەخانەوادەی شەهیدی قەڵەم سەردەشت عوسمان، بە هاوڵاتی وت »راگەیاندراوەکە هیچ راستییەکی تێدا نییەو لەئەلیفەوە تا یائی رەتدەکەینەوە.»

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی «ئەو راگەیەندراوە چەواشەکارییە ئەوەندە نیگەرانی کردووین، وادەزانین سەردەشت چەند رۆژێکە تیرۆرکراوە.»

ئەنجامەکە سەرۆکی هەرێمی

«عەیبدار» کرد

بەبڕوای بەرپرسی دەزگای ستاندارد، بڵاوکردنەوەی راگەیاندراوەکە لەلایەن لیژنەکەوە بووەتە هۆی عەیبدارکردنی سەرۆکی هەرێمو بەپێویستی دەزانێت سەرۆکی هەرێم سزایان بدات.

مەسعود عەبدولخالق، وتی «راگەیەندراوی لیژنەکە ئەوەندە لاواز بوو سەرۆکی هەرێمی عەیبدار کرد، چونکە لیژنەکە بەبڕیاری بارزانی پێکهێنرابوو.»

بەرپرسی دەزگای ستاندار کەپێشتر لەلایەن لیژنەکەوە وەکو شایەت وتەی لێوەرگیراوە، سەرەڕای جەختکردنەوە لەسەر بنەمانەبوونی یاسایی‌و لۆژیکی شایەتیدانەکەیان، لیژنەکەش تۆمەتبار دەکات بەوەی بێ لایەن نەبوون لەکارەکانیاندا.
بە وتەی مەسعود عەبدولخالق، ئەو لیژنەیەی وتەی هەندێک راگەیاند کاریان وەکو شایەت وەرگرتووە، بەناوهێنان‌و باسکردنی دەسەلآت توڕەبوون‌و شایەتیدانەکانیان بە «بوختان» وەرگرتووە.

بەرپرسی دەزگای ستاندار، باس لەوەدەکات کە دادوەرێکی لیژنەکە لێی پرسیوە، کە ئێوە وابلآوتان کردووەتەوە گوایە ئەو ئۆتۆمبیلەی سەردەشتی پێرفێنراوە بەرەو مەسیف رۆیشتووە، ئەویش لەوەلآمدا وتوویەتی ئەوە زانیارییەو وەکو لیژنەکە دەتوانن سودی لێببینن.

ناوبراو وتی «لەو کاتەدا دادوەرەکە خۆی تورە کردو وتی تۆ بوختان دەکەیت، دەبێت بدرێیتە دادگا.»

مەسعود عەبدولخاق، دەپرسێت »لیژنەیەک کە ئەوەندە لایەنگیرن بەناوهێنانی دەسەلآت توڕە دەبن، ئیتر چۆن چاوەڕێیان لێدەکرێت بکوژە راستەقینەکان بدۆزنەوە؟»

«راگەیەندراوەکە جێی متمانە نییە»

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، بەئەرکی پەرلەمانی دەزانێت بانگهێشتی ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکردن لەدۆسیەی تیرۆرکردنی سەردەشت بکات، بۆ ئەوەی لەبەردەم پەرلەماندا وردەکاری مەسەلەکان ئاشکرا بکەن.

عەبدوڵلا مەلا نوری، بەپێویستی دەزانێت لانی کەم لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان تۆمەتبارکراوەکان بەتیرۆرکردنی سەردەشت ببینن، بەپێچەوانەوە «ئەو راگەیەندراوە ناتوانێت قەناعەت بەخەڵکی کوردستان بکات.»

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان، جەخت لەوەکردەوە کە ئەو لیژنەیەی ئەرکی لێکۆڵینەوەکردنیان لەدۆسیەکەدا پێسپێردراوە، لیژنەیەکی نەناسراون، بۆیە دەبێت لەبەردەم پەرلەماندا وردەکاری شێوازی لێکۆڵینەوە کردنەکەیان ئاشکرا بکەن‌و هەموو بەڵگەکانیان بخەنەڕوو.

«سیناریۆکە زۆر کرچو کاڵە»

سەرنوسەری گۆڤاری لڤین، پێیوایە ئەو تۆمەتەی لیژنەکە داویانەتە پاڵ سەردەشت، تۆمەتێکی زۆر قورسو نائەخلاقییە، دروستکەرەکانیشی بیریان لەلایەنە ئینسانیو یاساییەکەی نەکردووەتەوە.

ئەحمەد میرە، راگەیاندراوی لیژنەکە بەسیناریۆیەکی کرچو کاڵ ناودەباتو ئاماژە بەوەدەدات کە «ئەگەر بەدوای کەلێنی سیناۆکەدا بگەڕێیت، کەلێنی زۆر زەقی تێدایە.»

بەبڕوای سەرنووسەری لڤین، ئەگەر ئەنسارولئیسلام بتوانێت لەبەردەم زانکۆی سەلاحەدینو بەبەرچاوی ئەو هەموو ئاسایشو پۆلیسو زێرەڤانییەیەوە خوێندکارێکی زانکۆ برفێنێت بۆ موسڵ، کەواتە «هەولێر لەژێر هەڕەشەی ئەنساردایە.»

میرە وتی »ئەگەر رۆژنامەنوسێک باسی هاتنی ئەنساری بۆ هەولێر بکردایە، بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندن راپێچی بەردەم دادگا دەکرا، کەچی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە بێت ئەنسار لە رەگی بن گوێمان لێمانەوە نزیکترە.»

ناوبراو، جەختیشیکردەوە کە «راگەیەندراوی لیژنەکە حیزبە هاوپەیمانەکانی پارتیشی توشی شۆک کردووە، تەنانەت کەناڵەکانی راگەیاندنەکانی خۆشیان گرنگیان بەبڵاوکردنەوەی سیناریۆ مەترسیدارەکە نەداوە.»

«قەناعەتی بەخەڵکە عەوامەکەش نەکرد»

بێستون ژاڵەیی نوسەرو رۆژنامەنوس، راگەیەندراوی لیژنەکە بەسیناریۆیەکی بێتام وەسف دەکاتو پێیوایە ئەوەندە بەوردی دانەڕێژراوە کەخەڵک بڕوای پێبکات.

ژاڵەیی، بە هاوڵاتی وت »لیژنەکە ئەگەر بوێرانە رایبگەیەندایە کەئەنجانی لێکۆڵینەوەکەیان بەهیچ ئاکامێک نەگەیشتووەو ناتوانێت بەو کارە هەستێت، روو سورانەتر بوو لەو راگەیاندراوەی بڵاوی کردووەتەوە.»

هەروەها وتی «ئەو بەرپرسیارێتییە مەترسیدارەی لیژنەکە گرتییە ئەستۆ، شێواندنی حەقیقەتی بەدواوە بوو.»

حکومەت: لیژنەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ئاماژەبەوە دەدات کە لیژنەی لێکۆڵینەوەکردن لەدۆسیەی تیرۆرکردنی سەردەشت نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێم، وەزارەتی ناوخۆ و داواکاری گشتی تێدا بووە.

محەمەد قەرەداغی، ئەوەی خستەڕوو کە لیژنەکە نهێنی بووەو »گرنگ ئەوەیە بەئەرکی خۆی هەستاوە.

هەروەها وتی «لیژنەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە مەسەلەی سیاسی تێکەڵکراوەو دۆسیەکەش تاوانی کوشتنی تێدایە و لەدادگایە».

**سەردەشت عوسمان تەنها ئازادی خوازێک بوو نەک سەر بە ئەساروئیسلام!!**

**تاهیر حاجی حەسەن**

دوای بڵاو کردنەوەی ئەو ڕونکردنەوەی لیژنەی بەدوادا چون لە سەر کەیسی تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، نەک هەر نەبوو بە جۆرێک لە دڵخۆشی بۆ سەرجەم خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان و بە تایبەتیش بۆ ئەو توێژە لە ڕۆشنبیران و سیاسەت مەدارانی ئازادی خواز. بەڵکو ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆیەک لە زۆرترینی ئەو خەتە ڕۆشنبیر و نوسەر و ئازادی خوازانەوە، وەڵامی نەرێ بەو لیژنەیە دەدرێتەوە، یانی ئەو لیژنەیە نەک بۆخۆی سەر بە دادوریەکی سەربخۆ نەبوو، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی دەسەڵاتی پارتی دیمکراتەوە سەر پەرشتی کراوە. بۆیە بەهیچ ئاراستەیەک و پێوەرێک ناچێتە جێی بڕوای هەرچ ئینسانێکی ئازادی خوازەوە کە ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان سەر بە گروپێکی ئیسلامی سیاسی بوو بێت، چونکە ئەو تەنها لە دوای بڵاو کردنەوەی نوسینەکانی و ئاشکرا بوونی کە ئەوە نوسینی ئەو کەسەیە، دەڕفێندرێت و دواجار بە کوژراوی تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە لە شاری موسڵ. ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە سەیری ئەو کەیسە بکرێت دەبینین هەر لە دوای ئەو دەنگە نارازیە مەزنەی ڕژانە سەرشەقامەکان و داوای دەست بەجێ گرتن و ئاشکرا کردنی تاوانباران و ئەو دەستەی لە پشتیەوەیەتی، دەکرا. دوای ئەو هاتنە مەیدانە مەزنە بۆ داکۆکی کردن لە مافی ڕەوابوون بۆ ئازادی سیاسی و دەربڕین، دواجار دەسەڵات ناچار بوو بە دروست کردنی لیژنەیەک بۆ بەدوادا چوون لەسەر ئەو کەیسە، کە بۆخۆی شەرمەزاری بۆ دەسەڵاتی کوردی نیشان دەدات، کە لە هەر سات و کاتێکدا پروپاگەندەی ئاسایش و هێمنی و کرانەوە و ئازادی سیاسی و دەربڕین دەکەن، چۆن توانرا لە ڕۆژی روناکدا و لە کاتی دەوامی ڕەسمیدا کەسێکی خوێندکار بڕفێندریت و بە کۆی ئەو بازگانەدا ئاودیوو بکرێت!! ئەگەر بێت و دەستێکی زۆر بەهێزی لە پشتەوە نەبوبێت؟ ئینسان لێرەدا دەگاتە ئەو بڕیارەی بڵێت، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بۆخۆی لە پشت ئەو کارە نامرۆڤانەیەوە نەبێت، دیارە سەرجەم بازگەکان لە( کۆیەکدا) لە پشت ئەو کارە تیرۆریستیەوەن و، واش بێت کەواتە کۆی ئەو بازگانە لەلایەن ئەنسارولئیسلامەوە کڕدراون؟ ئەگەر وابێت دەبێت دەسەڵاتی سیاسی دادگای کوردستان بانگهێشتی کۆی بەرپرسانی ئەو بازگانەش بکات بۆ لێپرسینەوە! ئاخۆ دادگا ئامادەیە ئەو کارە بکات و بە بەشداری خەڵکیش لەو دادگایەدا چۆنیەتی پرسیار و لێپێچنەوەکان بە ئاشکرا بخرێنە ڕوو؟

یان هەندێک پێیان وابێت ئەو بازگانە تەنها ئەرکیان پشکنینی ووردی ئەو سەیارانەیە کە دێنە ناو هەرێمەوە و دەبێت زۆر بە ووردی پشکنینی سندوق و سەرجەم جێگاکانی سەیارەکان

بکرێت، کەواتە هۆکار چیە وا ئەو بازگانە بێگوێدانە ئەو کارە شەراکەتیەی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا هەیانە بە هەمان شێوە ئامادە نین بە ووردی کۆی ئەو سەیارانە بپشکنن کە لەو بازگانەوە بەرەو شارەکانی دیکەی تری عێراق دەڕۆن؟ خۆ ئەگەر وابێت ئەوا بە ئاشکرا کاری خیانەت کردن لەو هاوشەریکایەتیەدا دەر دەکەوێت؟ چونکە تیرۆریستان لەو کاتەدا دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان تەقەمەنی لە وڵاتانی دیکەوە بهێنن و هەر لەوێشەوە بیگوازنەوە بۆ شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی تا کاری تیرۆریستی پێئەنجام بدەن!

ڕەنگە دەستی تیرۆر ترسناکترین شێوازی کاری سیاسی بێت، لە کۆی پیادە کردنی سەرجەم ئەو ناعەدالەتیانەی تر کە بەسەر کۆمەڵگادا دەدرێت، ئەنجام دانی کاری تیرۆریستی لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە لایەنی جێبەجێکار و پلان داڕێژەر بەشوێن بەرژەوەدنیەکی تایبەتی خۆیانەوەن و دەخوازن بە شێوەی ترس و تۆقاندن خۆیان بسەپێنن بەسەر کۆمەڵگادا. ناخوازن لە دوا مەنزڵدا بدۆزرێنەوە و هەر لە وێشەوە دەخوازن درێژە بە هەمان بەرنامەی کاری خۆیان بدەن لە نێو کۆمەڵگادا تا گەیشتنیان بە مەرامە سیاسیەکانیان. دەست بردن بۆ کاری تیرۆریستی دەکرێت لەلایەن گروپەوە ئەنجام بدرێت بە هەمان شێوەش دەکرێت لەلایەن خودی دەوڵەت و دەسەڵاتیشەوە ئەنجام بدرێت.

ئێستا لە کوردستاندا هێزێکی ناڕازی بەم بارودۆخەی ئێستای دەسەڵاتی سیاسی هەردوو حیزبی گەورە و بنەماڵەی ئەو دوو دەسەڵاتدارێتیە هەیە لە کوردستاندا، بەرانبەر بە کۆی ئەو ناعەدالەتیانەی بەرانبەر بە خەڵکی کەم دەرامەت و توێژی ڕۆشنبیری ئازادی خواز دەکرێت، دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا ڕۆژ بەڕۆژ لە هەوڵی ئەوەدایە بە هەرچ نرخێک و بە هەرچ شێوازێک بۆی دەکرێت دەست بگرێت بەسەر کۆی ئەو ئازادیەی هەیە لە کوردستاندا و بەبەرهەمی ڕەنجی خۆی بزانێت و هەر لەو ڕێگایەشەوە دەیەوێت تەنانەت کەس نەتوانێت ڕەخنەش لەو دەسەڵاتە بگرێت. ئەم دژایەتی کردنەی دەسەڵات بەرانبەر بەو توێژە لە ناڕازیانی کۆمەڵگە، وا دەکات دەسەڵات بە شێوازی جۆراوجۆر دەست ببات بۆ کاری سەرکوت و ترس و تۆقاندن و دروست کردنی باندی تیرۆریستی بۆ تەسفیە کردنی خەڵکانی دیاری نێو ئەو خەڵکە ناڕازیە(دیارە هەر لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 یشەوە زۆر کاری تیرۆریستی ئەنجام دراوە دژی کۆمۆنیستەکان و خەڵکانی ئازادی خواز کە دژی ئەو ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیە بوون کە لەلایەن دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبەوە سەپێنرابوو بەسەر خەڵکی کوردستاندا).

ئەوەی بۆ دەسەڵاتی ئیستای سیاسی کوردستان گونجاوە، لکاندنی ناوی خەڵکانی ناڕازیە(لەکاتێکدا کۆی ئەو خەڵکە ناڕازیە خوازیاری کۆمەڵگایەکی مەدەنی و یەکسانی خوازن، چۆن دەتوانرێت تاوانبار بکرێن بەوەی سەر بە گروپ گەلی ئیسلامی سیاسین؟) بە گروپە ئیسلامیەکانەوە و بە تایبەتیش گروپی ئەنسارولئیسلام. دەکرێت ئەم گروپە لە کوردستاندا خەڵکێکی کەمی خۆیانیان هەبێت، بەڵام ڕێی تێناچێت کەسایەتیەک هەموو بیرکردنەوە و خولیاو ئامانجی گەشتن بێت بە دینیایەکی ئازاد و بێترس و تۆقاندن،

بتوانرێت بە هاوبەشیکاری گروپێکی تیرۆریستی وەک ئەنسارولئیسلام لە قەڵەم بدرێت!، ئەوە ڕەنگە گەورەترین تاوان بێت بدرێتە پاڵ جوانەمەرگ ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان!!!!. ئەگەر هەرکەسێک برێک بە ویژدانەوە ئەو چەند نوسینەی سەردەشت بخوێنێتەوە، تێدەگات ئەم ئینسانە کەسێکی هەلپەرست و خۆپەرست نەبووە، یان کە سێک نەبوە ئومێدی ئەوە بکات خەڵکی کوردستان بکەونە ژێر داگیرکاری بیرکردنەوە ئیسلامیەکان و لە دەسەڵاتی ئێستای کوردی پێباشتر بووبێت، نەخێر سەردەشت عوسمان کەسێکی ئازادی خواز و یەکسانی خواز بوە و کۆی ئامانجیشی هەر لەو خەتە چینایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت و لەو گشتە هەژارەشەوە سەیری خۆیشی کردوە کە بێبەرین لە کۆی ئومێدێکی ئینسانیانە بۆ ئێستاش و ئایندەشیان، لە کاتێکدا بە تیلەیەکی چاو کۆی ئەو سامانە گشتیەشی دەبینی کە لە دەستی کەمایەتیەکی سەرانی دەسەڵاتداردا یەخسیر کراوە و بەبێ کڕین و تەسلیم بوون ئامادە نین کەسێکیش لە دائیرەیەکیشدا دابمەزرێنن، دەبووە هۆکاری ئەوەی ئیتر نەتوانیت بێدەگ بێت و تەنها کارێکیش لە دەستی هات نووسین بوو، بەڵام نوسینێک کە بەیانی واقعی ژیانێکی تاڵی دەگێڕایەوە. بەڵام دەستی ڕەشی دژە ئازادی و یەکسانی خوازی ناخوازێت ئەو جۆرە لە ئینسانی ڕاستگۆ لە مەیداندا بێت، بۆیە تەنها کارێک لە دەستیان بێت کاری تیرۆر کردنە. بەڵام ئاخۆ لە دوای تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، وێنەکانی سەردەش زیادیان کردوە یان بەرەو لە ناو چوون دەچن؟ ئەوە هێزوبزوتنەوە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانن کە هەمیشە دەنگی نارەزایەتی خۆیان ڕێکخراو دەکەن و خەبات دەکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەهرەمەند بێت لە ژیانێکی ئازادی خوازانە بۆ گشتی، دەکرێت بڵێین تا کاتێک ستەمی چەوساندنەوەی چینایەتی هەبێت و تا ئەو کاتەی دەنگە ناڕازیەکان لە جوڵەی بەردەوامی خۆیاندا بن بۆ سەپاندنی داخوازیەکانیان بەسەر دەسەڵاتدا، نەک ژیان کردن تەنها بۆ چینێکی مشەخۆر کە خۆیان سەپاندوە بەسەر کۆی پایەکانی ژیاندا، ئەوا وێنەی ڕۆژنامەنوسی ئازادیخواز سەردەشت عوسمان هەمیشە لە زیاد بووندایە.

پەیامە مەترسیدارەکەی "لیژنەی لێکۆڵینەوە"

بنار مستەفا

سەرەنجام ڕاپۆرتە پڕ درۆو شەرمەزاریەکەی "لیژنەی لێکۆڵینەوە" لە تیرۆری سەردەشت عوسمان ڕاگەێندراو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە. بە جیا لە درۆو دەلەسەی بێ ماناو سوکایەتی کردن بە سەردەشتو خێزانەکەی، هاوکات پەیامێکی مەترسیداری بەرامبەر بە کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە.

ئەم لیژنەیە کە بە فەرمانی مسعود بارزانی پێکهات، هەر لە سەرەتاوە ئاشکرابوو کە ئامانجی شاردنەوەی تاوانبارانی ڕاستەقینە بووەو هەوڵ بدات ئەو دەنگە ناڕازییە فراوانە،

که بەرامبەر دەسەلاتدارانی هەولێر لە دوای تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان هاتە مەیدان، هێوربکاتەوە. چاوەڕوان دەکرا ئەم لیژنەیە کات بکڕیتەوەو بە شیوەیەک کۆتای پێ بهێنیت، تا لە بیر خەڵکی بچێتەوەو هەلو مەرجەکە بڕێک بگۆڕێتو ئارامی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی باسی لێوە دەکەنو ڕایانگەیاندوە، درۆیەکی هێندە گەورەو شاخدارەوە، کە پێویست بە وەڵام دانەوەی ناکات، بەڵکو دەبێت ڕاستەوخۆ ڕیسواو ئیدانە بکرێت.

دیارە ناتوانریت هیچ بڕیارێکو وتەیەکی لیژنەکە بە هەند وەربگیرێت، چونکە هەر لەسەرەتاوە لە دوای بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕاگەیاندنی لیژنەکە، لە لایەن بکر عوسمان (ئارام عەلی) برای سەردەشتەوە، ڕوونکردنەوەی لەسەر دراو چەندین خاڵی تێیدا بە درۆ خرایەوە. کاتێک کە بەرنامەی درۆهەڵبەستن هاتە ناو کاری لیژنەکەوەو درۆکان لە یەکەم ڕاگەیاندنیاندا دەرکەوت، ناتوانریت هیچ یەک لە قسەکانو لێدوانەکانی تری بە بێ نیشانەی پرسیارێکی گەورە مامەڵە بکرێت.

لە سەرەتاوە ڕۆشنبوو کە ئەم لیژنەیە کار بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت ناکات، بە پێچەوانەوە شاردنەوەی تاوانبارە ڕاستەقینەکان ئەو ئامانجەبوو کە بۆی پێکهێنرا. ئەم ڕاگەیاندنەشیان، کە هێندە لاوازو پڕ لە درۆیە، لە کەم تواناییانەوە نییە، لە بێ ئاگاییو ساویلکەییانەوە نییە. بێ گومانم لەوەی کە ئەم لیژنەیە دەیتوانی بە چەندین ڕێگەی گونجاوتر هەوڵی شاردنەوەی تاوانباران بداتو بابەتەکە لە خەڵکی بگۆڕێت، بەڵام زۆر ئاگاهانە ئەم ڕێگەیەی تریان هەڵبژارد، تا ناڕاستەوخۆ هەڕەشە لە هەموو دەنگێکی ناڕازی بکەن!

تۆمەتی تێکەڵبوون بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەدەنە پاڵ ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانەوەو هەر ئەو ڕێکخراوەش دەکەنە تاوانبار. ئەمە مانای وایە کە تازە دەسەڵات هیچ باکێکی بەوە نەماوە کە خەڵکی چی پێ دەڵێتو چۆن تەماشای دەکات. ئامانجدارانە درۆیەک دەکات، کە دەزانێت نابێتە جیگەی باوەڕ، تا هەڕەشە بکاتو ڕاشکاوانە دەڵێت: "دەتوانم هەموو کارێک بکەمو هەموو تاوانێکیشت بخەمە پاڵ."

ئەم هەڕەشانەی پارتی لە ڕێگەی ڕاپۆرتی "لیژنەی لێکۆڵینەوە"وە لە درێژەی ئەو زنجیرە کارانەیە کە چەند مانگی ڕابردوودا بەرامبەر بە دەنگی ئازادو ناڕازیو ڕۆژنامەنووسانو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەستیداوەتێ. دەیەوێت لە بەرامبەر ئەو نارەزایەتیانەی بەرامبەری سووربوونی خۆی لەسەر هەڕەشەکانی پیشان بداتو دڵنیامان بکاتەوە، کە هەموو کارێکی لە دەست دێتو دەشیکات.

لە لایەکی ترەوە زۆر ئاگاهانە دەسەڵاتدارانی هەولێر دەڵێن، کە ئێمە ڕێگر نابینو بەرپرس نین لەو کارە تیرۆرانەی کە ئەنسار ئیسلام بەرامبەر هاولاتیانو بە تایبەتی دەنگی ناڕازی دەیکات. ئەنسار ئیسلام دەتوانێت بە بەرچاوی پۆلیسو هێزەکانی زێرەڤانی لە نێو جەرگەی شارو لە بەردەم زانکۆ ڕۆژنامەنووس بفڕێنێتو بە بازگەکاندا دەرییەڕێنێت، ئێمەش دوای

چەندین مانگ لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە، کە ئەگەر بارزانی فەرمانی دروستکردنی بدات، ڕایدەگەیێنین.

ئەم هەڕەشانەی پارتی زۆر مەترسیدارە لەسەر کۆمەڵگاو ئازادیخوازان. ئەم هەوڵی سەرکوتکردنی دەنگی ئازادە دەبێت هەر زوو لە جێگەی خۆی دابنرێتەوەو لە لایەن ئازادیخوازانەوە پوچەڵ بکرێتەوە. ئەم سوکایەتیانەی پارتی دەبێت کۆتاییان پێ بهێنرێتو بێ مەترسی بکرێتەوە!

16.9.2010

**سیناریۆی چەواشە کاری یان سیاسەتی لەخوێن هەڵکێشانی ئازادی خوازانی کوردستان ؟!**

**لە پەراوێزی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی بارزانیدا**

مەحمود ئەحمەد

کام لیژنەی لێکۆڵینەوە !

ڕێکخستن وهەوڵی بێ ووچانی دەسەڵاتدارانی پارتی بۆ گێڕانەوەی حورمەت و ئابڕوی تکاویان لەئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا سەبارەت بە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی ئازادی خواز سەردەشت عوسمان ، پەلەقاژەیەکی بێ ئاکام بوو لە دانانی لیژنەیەک کە نەک تەنها هیچ پێودانگ و پرەنسیبێکی یاسایی تێدا نیە ، بەڵکو خود بەخود دادگاو کاری دادگایی خستە ژێر پرسیارو هەڵوێستی جدی ترەوە، جگەلەوەش نەک هەربەهاو قیمەتی بۆ یاساو دادگاکانی خۆشیان نەهێشتەوە ، بەڵکو تائەوپەڕی سوکایەتی کرد بە دادوەرو لێکۆڵەرەوە قانوونیەکانی خۆشیان.. لیژنەکەی بارزانی نەک هەر سەردەشتی تیرۆرکردەوە ، بەڵکو تاوانباریشی ئەکات بە ئەندامی گروپێکی تیرۆریست ، بۆیە بەڕاستی دەبێت ئەم لیژنەیە و ستافەکانی بدرێنە دادگاو بخرێنە قەفەسی تاوانبارانەوە..

ئەگەر هەرمرۆڤێکی سادەو ساکاریش ڕێبوارانەو زۆر بەسەرپێ ی سەیرێکی ئەم تەزبێح هۆنینەوەی لیژنەکەی بارزانی بکات ، زۆر ئاسایی لەوە تێ دەگات کە ئەم لیژنەیە تەنها دەمەتەقێ یەکی نەفامانەی هەڵەشە ئامێزە کە مەبەست جگە لە چەواشەکاری هیچی تر نی یە.. هەوڵ و خۆماندوو کردنێکی گێلانەیە کە پێ ی وایە چەند ملێۆن کەس لەخەڵکی کوردستان هەروا پێ فریوو ئەدات.. بەڵام لیژنەکەی بارزانی خۆش بەختانە نەک هەرنەیتوانی " براءة ذمة " ی ئیمپراتۆریەتی پارتی بەدەست بهێنێت ، بەڵکو سەد بەرابەر و بەیەکجاری و لەئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا پارتی خستە ناو گێژاوێکی سەختەوە کە هیچ حەزرەتێکی زەمانە فریای ناکەوێت و درەنگ یان زوو لەلایەن جەماوەری ئازادی خوازی

کوردستانەوە باجەکەی لێ وەردەگیرێتەوە .. ئەبێت خەڵکی کوردستان بێنە مەیدانەوە بۆ گێڕانی ئەم نەبەردو ئارایشتە نوێ یە..

لەڕاستیدا ئەمە تەنها دیوێکی ئەم پلان و نەخشە کەشف و دۆڕاوەیە ، دیوی ڕاستەقینەی ئەم کایەو مەرامە تەنها یەک ستراتیژی ڕۆشنی هەیە ئەویش لەخوێن هەڵکێشانی دەنگی ئازادو ئازادی خوازی یە.. کپ کردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستانە لەدژی دەسەڵاتی مل هوڕانەی ئەوان و خێڵی عەشیرەت و میلیشیای کوردی .. خنکاندنی دەنگ و نوزەی مرۆڤ دۆستی و سکولاریستی یە .. مل پێ کەچ کردنی جەماوەری کوردستانە لە بارەگاو دەرگای پڕ شەرم و عاری پارتی کوردیدا .. ئەوان و هاوشێوەکانیان لە خێڵی ناسیونالیزمی کوردی هەر ئەمە لۆژیک و سیاسەتی ڕاستەقینەو بنەڕەتیان بووە بەدرێژایی مێژوویان و هەمیشەش بێ باک بوون لە بە ناهەق ڕشتنی خوێنی هەزارەها ئازادی خوازو نەیاری خۆیاندا .. مێژووی بنەماڵەی ناسیونالیزمی کوردو پارتەکانی مێژووی خوێن و دیکتاتۆری و مێژووی تیرۆری ئازادی بووە .. ئەگینا سکولاریستێک و ئازادی خوازێکی وەک سەردەشت عوسمان کە نەک هاوکاری کردن لەگەڵ " ئەنسارو ل ئیسلام " ی بە تاوان زانیوە ، بەڵکو هیچ بۆرە خزمایەتیەکیشی لەگەڵ خودی ئیسلام و فەرهەنگی مەزهەبیدا نەبووە کە پارتی وویستی لەم قومارە لەپێشدا دۆڕاوەیدا تاوانباری بکات هەروەک جاری پێشووتری بە کاری ئەخلاقی .. سەردەشت ئازادی خوازو یەکسانی خواز بوو ، ئەو ڕێبواری بەتین و تاوی یەکسانی بوو، ئەو دەیویست کوردستان ئازاد بێت ، هەموو کەس بەپێ ی یاساو بەیەکسانی چاوی لێ بکرێت ، هەموو کەس مافی ژیان و زیندوو مانەوەی هەبێت ، تێرو تەسەل بێت ، حورمەت و ئازادی یەکانی پارێزراوبێت ، ژن بە مرۆڤ بزانرێت و هەروەک پیاوان مافی بەرابەریان هەبێت... تۆمەت بارکردنی گروپێکی مرۆڤ کوژی وەک "ئەنسارول ئیسلام " بەتیرۆرکردنی سەردەشت هەرگیز ناتوانێت یەک هەنگاو ڕووسوری پارتی لەم کەیسە نیشان بدات ، ئەمە لەکاتێکدایە کە هیچ ئیسلامێکی سیاسی بەتووند ڕەوەکانیشیانەوە نەک هەر ناتوانن کارێکی گەورەی لەوچەشنە بەئاشکراو بەبەرچاوانی خەڵکەوە و لە قەرەباڵغ ترین جێگادا بەئەنجام بگەیەنن ، بەڵکوبەپێچەوانەوە ئەوان هەمیشە لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی دەزگا ئەمنیەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستاندان و کارێکی لەوچەشنە بەئاسانی و ، بە تێپەڕکردنی بە چەندین بازنەی کۆنترۆڵدا کارێکی هەرقل ئاسایەو، لەتواناادا بوونی ئەم موهیمەیە دژوارەو سەخت و لە زەینی هیچ کەسێکدا جێگای نابێتەوە ..

ناواخنی ئەم سەردەشت – گەیتە مێسەجی شەڕێکی ڕاستەقینەیە لەدژی خەڵکی کوردستان لەلایەن پارتی یەوە کە ئیتر دەست بردن بۆ سومبول و موقەدەساتەکانی ئەوان ، پڕکێشی کردن لە قیل و قاو لەدژی ئیمپراتۆریەتی بارزانی ، دژایەتی کردن و لەقاو دانی خێڵی ناسیونالیزمی کورد لە ئاستی ناوخۆو دەرەوە ، ناڕەزایەتی وخۆپیشاندان لەدژی سیاسەتی ئەوان و ڕوماڵ کردنی کارو کردەوەو سیاسەتەکانیان ، دیسانەوە مل کەچ نەبوونیان لەبەرامبەر ئیرادەی زاڵمانەی ئەوان ، زەنگێکی ترسناکە بۆ خەڵکی کوردستان کە ئاکام و نموونەکەی سەردەشت و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و مرۆڤ دۆستی یە ..تەنها ڕێگایەک کە

لەبەردەم ئازادی خوازان و جەماوەری خەڵکی کوردستاندا مابێتەوە هەرئەوەیە کەلەدەوری یەکتر کۆببنەوە و یەکگرتوانە بێنە مەیدانەوە بۆ گۆڕینی ژیان و چارەنووس و ئایندەیان تا داهاتوو گەش ترو ئازادترو مرۆڤ دۆستانەتربۆ خۆیان و نەوەی داهاتوو بنەخشێنن...

20 ی سپتامبری 2010

**نامەیەکی کراوە لە د. کەمال میراودەلی یەوە**

بۆ سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن و پەرلەمانتەرانی کوردستان

بەرێز کاک نەوشیروان مستەفا سەرکردەی بزوتنەوەی گۆڕان

بەریز مامۆستا سەلاحەددین بەهائەددین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

بەرێز مامۆسات عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

ئەندامانی بەرێزو دلسۆزی پەرلەمانی کوردستان

سلاوی دلسۆزی و هەق و راستیی

من ئەم نامە کراوەتان دوای راوێژکردن لەگەڵ کۆمەلێک کەسی دلسۆزی کوردستان لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان بۆ دەنووسم. هیوادارم بی وەلام نەمێنێتەوەو بە بایەخەوە سەرنجی بدەن.

راپۆرتەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی فراندن و کوشتنی شەهید سەردەست عوسمان جگە لەوەی لە کاردانەوەی راستەوخۆو یەکسەریدا لای هەموو کەسێکی هوشیار شۆک و داخ و هەستی باوەرنەکردن دروست دەکا، لە کاریگەری درێژخایەنیدا مانای سیاسیی و کۆمەلایەتی قوولترو کاریگەرتری هەیە کە کار دەکاتە سەر پرۆسەی سیاسیی و یاسایی و دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان و پاشەرۆژی هەرێم.

کەیسی شەهید عوسمان لە زۆر رووەوە کەیسێکە تایبەتمەندی مێژوویی و دەستووری و یاسایی و سیاسیی گرنگی بۆ پاشەرۆژی سیاسی هەرێم و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی خەلکی کوردستان لەگەل دەسەلاتی سیاسییدا هەیە، کە بەداخەوە دوای 19 ساڵ حوکمی خۆیی تا ئێستا دەسەلاتی حیزبییەو نەچۆتە چوارچێوەیەکی دەستووریی یاساییەوە کە حکومەتێکی یەکرتووی دەستووریی بە شیوەیەکی یاسایی روونکارو داپەروەرانە مومارەسەی بکات.ئەمە سەرچاوەی تاوان و هەڵەو ناتەواوییەکانە کە کەیسی شەهید سەردەشت بە ئاشکراتر دەری خستن.

لە حەوت رووی سەرەکییەوە کە حەوت چەمکی گرنگی ژیانی سیاسی و مەدەنی و دیمۆکراسی مۆدێرن دەگرێتەوە یەکلاکردنەوەی کەیسەکە گرنگە:

هاولاتێتی: گەر ئێمە حکومەت و ولاتی خۆمان هەبێ دەبێ هاولاتیان لەوە دلّنیا بن کە ئەو حکومەت و دەسەلاتە ئاسایش و ئازادی و مافی مرۆڤایەتی ئەوان دەپارێزێ. فراندنی خوێندکارێکی زانکۆ لە بەردەم کولێژەکەی خۆی و بە رۆژی رووناک و بە ناو خەلک و هێزی ئاسایش و بە چەندین بازگەداو دوایی کوشتن و فرێدانی لاشەکەی، ئەو متمانە لای هیچ کەس ناهێلێ کە وەک هاونیشتمانی ژیان و مافی مرۆڤی کورد لە هەرێم پارێزراوە.

ئازادی رادەربڕین: گەر وەک گومان دەکرێ، لە سەر رادەربڕێن و نووسین وەک رۆژنامەنووسێکی گەنج و رووناکبیر سەردەشت کوژرابێ، ئەوا بنەمایەکی تری گرنگ لە ژیانی دیمۆکراتی کە ئازادی بیروراو دەربینە لە هەرێمدا دەکەوێتە گومانەوە.

دیمۆکراسی: دیمۆکراسی مانای حوکمی گەلە. خەلک بۆیان هەیە بە شیوەی جیاواز رازیبوون و نارەزایی خۆیان لە دەسەلاتی خۆیان دەربڕن. بە دەیان هەزار کەس لە خەلکی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوەی ولات دژی کوشتنی نارەوای سەردەشت کۆبوونەوە خۆپیشاندانیان کرد. ئەم کەمپینە هێشتا بەردەوامەو جەماوەر هێشتا چاوەروانەو نائارامە. راپۆرتەکەی لێژنەی لێکۆلینەوە هیچ حیسابێکی دیمۆکراتی بۆ ئەو جەماوەرە نەکردووە. راپۆرتەکە زیاتر هەستییان بریندار دەکاو گالتە بە خواست و خەمەکانیان دەکا.

دەوری یاساو دادوەریی: بە بێ یاسا نە ئازادی، نە ماف، نە حوکمی دیمۆکراتی ، نە ئاسایش بەرقەرار دەبێ. دوای 19 سالّ لە دەسەلاتی خۆمان، دەبوو تا ئێستا باشترین و بەتواناترین و سەربەخۆترین و بە متمانەترین سیستمی دادوەریمان هەبایە. یاسا نوێنەری عەقلی بەکۆمەلی و ئیرادەی بە کۆمەلّی نەتەوەیەک یان کۆمەلێک دەکا. ژیانی شاریی مۆدێرن بێ ئاسانکاری و حوکمی یاسا لە هەموو مەیدانەکان و بوارەکانی ژیاندا مومکین نابێ. جا گەر یاسا و ادوەریی لە ئەرکی هەرەسەرەتایی خۆی کە پاراستنی ژیان و نەهێشتن و سزادانی تاوانە، فەشەل بێنێ ئەوە مانای وایە ئەو کۆمەلە توانستی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نامێنێ و کەس لە گیان و ژیان و سامانی خۆی دلنیا نابێ. خۆ گەر دەسەلات خۆی لە پێکهێنان و پاراستن و ریزگرتن و بەکارهێنێکی سەربەخۆو بێلایەنانەو کاریگەری یاسا و دادوەریی کەمتەرخەمی بکا، یان خۆ بدزێتەوە، ئەوا مانای وایە پێوەندی نێوان دەسەلاتی و خەلک بە قەیرانێکی ترسناکدا دەڕوا و ئەنجامەکانی زۆر بە خراپی بۆ پاشەرۆژی سیاسیی و دیمۆکراتی هەرێم دەشکێنەوە.

دەوری پەرلەمان و دەزگا دیمۆکراتییەکان: لە کاتی گرفت و قەیرانی ئاوادا لە هەموو کۆمەلێکی ئاسایی و دەزگاییدا، دەزگاکان لە پێشەوە ئۆپۆزیسیۆن و پەرلەمان ئەوسا رۆژنامەی ئازادو سیندیکایەکان و کۆمەلگای مەدەنی و رای گشتی دەوری خۆیان دەبینن. گەر پەرلەمان بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆن لەم کەیسە گرنگەی سەردەشتدا نەتوانێ دەورێکی بەرچاو

و کاریگەر ببینیّ ئەوا گەل بیّ هیوا دەبی لە دەور و مانای بوونی پەرلەمان و ئۆپۆزیسیۆن. ئەمەش بێهێوایی و  بنبەستێکی تر بۆ پێوەندی نێوان خەلک و دەسەلات و بنیاتنانی کۆمەلگای دیمۆکراتی و دادپەروەری دروست دەکا. خەڵکی ئێمە ئێستا هوشیارەو چاوەڕێی ئەوە لەو کەسانە دەکا بەتایبەتی ئەندامانی پەرلەمان کە دەنگیان پێداون کە ئەرکی ئینسانی و دیمۆکراتی خۆیان وەک نوێنەری گەل و ئازارو ئاواتەکانی ببینن. ئێوە ئاگادارن کە خوویندکارانی زانکۆی سەلاحەددین چ خۆپیشاندانێکی کاریگەریان رێکخست و جۆن پێلاوەکانیان بەرامبەر پەرلەمان بەرز کردەوە. ئەمە پەیامیکی گرنگ بوو هیوادارم هەموو ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان لێی حاڵی بووبن و هەست بە لێپرسراوی خۆیان بەرامبەر خوێن و کەرامەتی سەردەشت عوسمانی شەهید و هەست و خواستی جەماوەری کوردستان بکەن.

پرینسیپ و پرۆسەی لیکۆلێنەوەی زانستی و پرۆفێشنال و شەرعیی: لە هەموو کارێکدا پرینسیپ و پرۆسە گرنگن. بە بیّ پرینسیپی راست و پرۆسەی پرۆفێشنال و دروست لە سەر بنەمای زانسی بنیاتنراو، گەیشتنە ئەنجامی دروست و رەوا مەحاڵە. لیزنەی لێکۆلێنەوەی مەرگی سەردەشت گەر فەرمانەکەش لە سەرۆکی هەرێمەوە دەرچووبایە دەبوو دروستکردنەکەی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە بیّ بە سەرپەرشتی و بەشداری و چاوەدێری پەرلەمان. بەلام دەبینین پەرلەمان لە هەموو کارەکەدا وەلا نراوە. هەروەها دەبوو یارمەتی پسپۆری جیهانی لە دی.ئێن.ئەی و لیکۆڵینەوەی لەم چەشنە بەکارهێنرابایە و پرۆسەی چاوپێکەوتن و تۆماری بەلگەو بلاوکردنەوەیان لە پێشەوە دیاریکرابایە. ئەو راپۆرتەی لیژنەی لێکۆلێنەوە کۆڵی و بێباکی لە هەموو ئەمانەدا پێوە دیارە.

ئەو کەیسە دەری خست کە باسی حکومەتی یەکگرتوو ئەفسانەیە، کە حکومەت و وەزارەتی ناوخۆو پەرلەمان بی دەسەلات و بێکارن لە پرسە گرنگەکانی ژیانی میللەتدا، کە ئۆپۆزیسیۆن بێدەنگ و بێهەلوێست و خۆپەنادەرە.

تێرۆریزمی دەوڵەت: لە هەمووی ترسناکتر ئەوەیە کە هێشتنەوەی کەیسی سەردەشت عوسمان بە چارەسەنەکراوی و قبولکردنی بیّ پرسیارو پێداچوونەوەی تەواوی راپۆرتی لێژنەکەی لێکۆڵێنەوە، ئەو گومانە لە میشکی زۆربەی خەلکدا دەکاتە راستیی کە دەسەلاتی سیاسی و ئەمنی هەولێر خۆی سەردەشت عوسمانی کوشتووەو هەر خۆشی لە جیاتی سەندنەوەی هەقی شەهیدەکە، بە تاوانی پێوەندیبوون بە تێرۆریستانەوە بە مردوویی تۆمەتباری دەکا. ئەمە جەوهەری تێرۆڕیزمی دەولەتە بەرامبەر بە هاولاتییان کە دەولەتی تورکیا چەندین سالە بەرامبەر بە براو خوشکەکانمان لە باکوور پراکتیسی دەکات.

گەر دەسەلات، سەرباری ئەو هەموو گەندەڵی و تاوانکارییە بەردەوامەی بەرامبەر بە مرۆڤی کورد، ئاوا بروانیتە بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر بە ژیان و خوێن و ئازادی هاولاتییان، بەرامبەر بە پرۆسەی حوکمی یاساو دادوەریی لە هەرێمدا ، بەرامبەر بە داواکاری و هەستی

ئینسانیی جەماوەری کورد، و بە ئاشکرا تێرۆریزمی دەولەت دژی هاولاتی بەکاربێنێ و یاسا بخاتە ژێر پێوە، ئەوا هیچ هیوایەک بۆ پاراستنی ژیانو کەرامەت و ئازادی مرۆڤ و بەرقەراربوونی حوکمی یاساو پاراستنی هاولاتییان بە یاسا لە هەرێمی کوردستاندا نامێنێ و مەترسییەکێ گەورە بۆ پێکەوەژیانی هیمنانەی نێوان دەسەلات و گەل دروست دەبێ کە لەم کاتە ناسکەی عێراق و کوردستاندا کاریگەری چارەنوسسازی بۆ سەر پاشەرۆژی گەل و ولاتەکەمان دەبێ..

ساغنەکرنەوەی کەیسی شەهید عوسمان و رێگەدان بە کوشتنی کەسێتی شەهید دوای ئەو تاوانە گەورەیەی بە کۆتاییپێهێنانی جوانەمەرگانەی ژیانی لێی کرا، هەموو ئەزموون و پرۆسەی هەبوون و حوکمی یاساو دادوەریی ودادپەروەری و دیمۆکراسی و هەیبەتی حکومەت و دەزگاکانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لە هەر ولاتێکی یاساداری تردا بوایە لیژنەی تایبەتی بۆ لێکۆلینەوە لە کەمتەرخەمی و گومانلێکراویی و دەسەلاتی ئاسایشی هەرێم لە وەزارەتی ناوخۆو هێزی پۆلیس و پاراستن دروست دەکرا نەک لێژنەیەک بۆ هەراسانکردن و تۆقاندنی رۆژنامە ئەهلییەکان و بە تێرۆریست دانانی شەهید سەردەشت.

بۆ راستکردنەوەی ئەم پرۆسەیە، وەک سەرۆکی هەلبژێردراوی خەلکی کوردستان لە ناوچەی سەوزو تەزویرلێکراو لە ناوجەی زەرد، و وەک کوردێکی دلسۆزی گەلەکەمان و حکومەتەکەمان، بە ئەرکی خۆمی دەزانم تکا لە بەرێزتان بکەم ئەم کەیسە گرنگە فرامۆش نەکەن. ئەمە نابێ ببێتە کەیسێک لە کەیسەکانی تر کە دەکرێ لە بیرببردرێتەوە. وەک لە سەرەوە روونم کردەوە بۆ پاشەرۆژی گەلەکەمان و ناوبانگی پرۆسەی سیاسیی و یاساییمان لە ناوەوەو دەرەوە ساغکردنەوەی ئەم کەیسە و راستکردنەوەی هەلەکانی لێژنەکەو دۆزینەوەی تاوانباران پێویستییەکی جەوهەرییە کە نابێ فرامۆش بکرێ و نابێ رێگە بدرێ هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی یاساوە بێ و رێگە لەم پرۆسەیە بگرێ.

بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیازی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەکەم:

داواکرنی ئۆپۆزیسیۆن بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی تازەی بەدواداچوون و لێکۆلینەوەی سەربەخۆ

دیارە وەک لە هەموو ولاتیکی دیمۆکراتیدا باوە دەبێ پەرلەمان دەوری سەرەکی لە پێکهێنانی ئەم جۆرە لێژنانەدا هەبێ. بۆیە پێشنیاز دەکەم کە لیژنەکە:

پێکهاتنی: پێکبێت لە نوێنەری هەموو قەوارە پەرلەمانییەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان. واتە: نوێنەری پارتی دیمۆکراتی کوردستان، نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، نوێنەری گۆڕان، نوێنەری یەکگرتوو، نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ نوێنەری بنەماڵەی

شەهید و نوێنەری خویندکارانی زانکۆی سەلاحەددین کە ئەویش بەرێز بەکر عوسمان برای شەهید هەڵی بژێرێ

دوو نوێنەری کۆمەڵگای مەدەنی کە کەمپەینی 'بێدەنگ نابین' دەسنیشانیان بکات

نوێنەری ئەمنێستی ئێنتەرنیشال و رۆژنامەوانانی بێسنوور وەک چاودێر.

خەبیرێکی لێکۆلێنەوەی تاوان کە حکومەتی بەریتانیا دابینی بکا بۆ لێژنەکەو لەگەلیان کار بکات تا دوایی.

ئەرک و دەسەڵاتی لێکۆلینەوە لەگەڵ لیژنەی پێشوو–و چۆنێتی گەیشتنیان بەو ئەنجامەی بەدەستیان هێناوە.

بەدواداچوونی راستی و فاکتی رووداوەکان لە پێش فراندن و کوشتنی شەهید سەردەشت تا ئێستا و ساغکردنەوەی رووداوەکان و هۆکارەکان و راستییەکان بۆ خەڵک.

دەسەلاتی ئەوەی هەبێ چاوپێکەوتن لەگەل هەر بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم و حیزبەکان بکا هەر لە بەرێز سەرۆکی هەرێم و بەرپرسی دەزگای پاراستنەوە تا وەزیری ناوخۆو کاربەدەستانی پۆلیس و زانکۆو هەر کەس و لایەنێک کە پێوەندی بە کەیسەکەوە هەبێ یان بشێ زانیاری لا هەبێ.

ماوەی کار

ماوەی سێ مانگ بۆ لیژنەکە دابنرێ تا کارەکانی تەواو بکات و تەنیا گەر سەلمێنرا زۆر پێویستیان بە کاتی زیاتر هەیە ماوەکە درێژ بکرێتەوە.

پرۆسەو روونکاریی

پرۆسەکە دەبێ ئەوەندەی کار ناکاتە سەر کارەکە روونکارو شەففاف بێت و میدیا ناو بە ناو لە دۆزینەوەکان و پێشکەوتنەکان ئاگادار بکرێ و لە کۆتاییشدا هەموو بەلگەکان بلاو بکرێنەوەو وێبسایتێکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دروست و تەرخان بکرێ

ئۆپۆزیسیۆن دەبێ چ بکا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە:

ئۆپۆزیسیۆن پێویستە داواکاری بۆ دروستکردنی ئەم لیژنە پێشکەش بە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان بکاو ماوەی دوو حەفتە بۆ وەلامدانەوەی ئەوان تەرخان بکات. گەر دەسەلات لە ماوەی دوو حەفتە دا وەلامی نەدایەوە یان روونی نەکردەوە داخۆ ئەم هەنگاوەی قبولە ئەوا بە رای من گرنگی و خەتەرناکی کەیسەکە وا لە ئۆپۆزیسیۆن دەخوازێ کە بە شێوەیەکی فەرمی لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و هاوکاری حکومەت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو

بکشێنەوەو کاری فشاری مەدەنی جەماوەری بەیەکەوە ئەنجام بدەن تا دەسەڵات ئەم هەنگاوە شەرعی و یاسایی و مەدەنییە قبووڵ دەکات.

برایانی بەرێز سەرۆکی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن

خوشک و برایانی پەرلەمانتەری کوردستان

پاڵنەرو مەبەستی ویژدانی و نیشتمانی من لەم پێشنیازەو نامە کراوەیە بۆ ئێوەی بەرێز و خۆشەویست پاراستن و چەسپاندن و بەهێزکردنی حکومەت و دەسەڵاتی خۆییمانە. هێشتنەوەی ئەم کەیسە بەم شێوە ئەوە نیشان دەدا کە ئێمە نە یاسامان هەیە نە حکومەتێک کە بیر لە گەل بکاتەوە. ئەوە نیشان دەدا کە کەس بە تایبەتی رووناکبیرو رۆژنامەنووسان و خاوەن رایان ناتوانن لە ژیان و ئازادی خۆیان دڵنیا بن. ئەوە نیشان دەدا کە سیستمی دادوەری لە ولاتی ئێمە دا نییە. ئەوە نیشان دەدا کە دەسەلات دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی تیرۆری دەوڵەت دژی هاولاتییان بەکاربێنێ. بۆیە ئەو هەنگاوەی ئێوە کارێکی مێژوویی رێچکەشکێن و کاریگەرو پیرۆز دەبێت و سەرەتایەکی نوێی بەهێز بۆ حکوماتی یاساو سیستمی دادوەری لە هەریمدا دادەمەزرێنێ و باوەری خەلک بە دەسەلات و دەزگاکانی پەرلەمان و حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن بەهێز دەکات.

گەر ئەم کارە بکەن جەماوەری کورد لە دەرەوەو ناوەوە بە گەرمی پشتگیریتان دەکات. گەر نەیکەن ئێوە نەک تەنیا لە کەمترین و سادەترین ئەرکی خۆتان بەرامبەر هاولاتییان و دەنگدەران کە پاراستنی مافی ژیان و ئازادییەکانیانە کەمتەرخەم دەبن، بەلکو دەبنە شەریکی دەسەلاتیش لە دروستکردنی دەسەلاتێکی ناوچەگەریی نادیمۆکراتی بێ دەستوورو یاساو و دادوەری و مومامەرەسەی تیرۆری دەولەت و داپەلۆسینی میدیای ئازاد.

بە هیوای کاری هەرەوزی دڵسۆزانە بۆ پاشەرۆژێکی رووناکترو دادپەروەرانەتر بۆ خەلکی کوردستان

لەگەل رێزو خۆشەویستی زۆرم بۆتان

براتان

د، کەمال میراودەلی

لەندەن 2010/9/19

**عوزری لیژنەی لیکۆلینەوەو قەباعەتی دانپیانانی " تاوانباریبکوژی" سەردەشت!**

**سامان کەریم**

**کوردستان تیڤی کەناڵی ئاسمانی پارتی دیموکراتی کوردستانء زاگرۆس تیڤی پارتی، هەردوکیان پێکەوەو یەک لەدوای یەک ئەمشەو 21ی سیبتمبەردا "تاوانبار"ێکیان هێنایە سەر تەلەفیزیۆن و وەک کەسیکی تیرۆریستی سەر بە ئەنصارولئیسلام و ئاگادار لە تیرۆرکردنی سەردەشت قسەی کرد.**

**سیناریۆی دانپیانانی ئەم برادەرە سەیرو سەمەیەرە، نەک یەک پرسیار بەڵکو سەدان پرسیار دروست دەکات کە هیچیان بەقازانجی لێژنەی لیکۆلینەوەی پارتی نییە. ئەگەر لیژنەکە بە ڕاگەیاندنەکەی خۆی وازی بهینایە قازانجی بوو، بەهەرحال خەلک بڕوای پێنەدەکرد، بەلام ئیستا بەم سیناریۆی دانپیانانە، پارتی لێکۆلینەوەکەی لەسەر خۆی قەبەترکردوەن ئەوەندەی دیکە لێکۆلینەوەی لێژنەکەی بێئعتبار دەکات. پرسیاریکی سادە ئەوەیە، کە سەردەشت دەفڕیندرێت بۆ لەشەرقات ناکوژریت؟ یان پێش شەرگات بۆ ناکوژریت؟ چ پێویست بە بانگهێشتنی کاکی "تاوانبار "دەکات لەبێجیەوە بۆ شەرگات و لەوێوە بۆ موصل، تۆ بلێی تاکە دەلیلی سەر بەم گروپە تیرۆریستیە لەوناوچەیەدا هەر "هشام" بێ ؟! پاشان ئەگەر مەسەلەکە تێکدانی فەزای ئەمنی هەولیرَە بەقەولی " تاوانبار" بۆچی لەنیو هەولیر و لەبەردەمی زانکۆدا سەردەشت ناکوژریت؟ کە حەتمەن ئەمەیان بەهیز ترە بۆ سوکردنی دەزگا ئەمنیەکانی هەولیرو تیکدانی باری ئەمنیەتی شارەکە، پاشان تیرۆریست تیرۆریستە بۆچی لە نیو هەولیردا لەبەردەمی سەردەشتدا خۆیان ناتەقینەوە، هەم سەردەشت و هەم تەواوی باری ئەمنی هەولیرو زانکۆی تێک دەدات ودەیان کەسی دیکەیان خەڵتانی خۆین دەکردا!! وەلامی ئەم پرسیارانە کە گرێ گویرەی ئەم دانبپیانانەیە، دەبێت بەڕیزانی لێژنەی لیکۆلینەوە بفەرمون خەڵکی کوردستان قەناعەت پێبکەن. بەلام هیشتا وەلام بە سەیرو سەمەرەیی ئەم سیناریۆیە ناداتەوە..**

**پێش ئەمە پێویستە سەرنج بدەینە راگەیاندنەکەی ئەنصارولئیسلام، ئەوان بەرۆشنی تیرۆرکردنی سەردەشت لەلایەن خۆیانەوە ڕەت دەکەنەوەو بەکاری پارتی دەزانن!! بەرۆشنی دەلین ئەگەر ئیمە کەسیک تیرۆربکەین ئەوا ڕایدەگەیەنین!! ئەمە تەنها قسەی ئیعلامی ئەوان نییە، بەلکو گشت سیستەمی فکری و سیاسی ریکخراوو گروپە تیرۆریستییەکانە. ماهیەتی ئەوان هەر ئەوەیە، خەباتی ئەوان هەر ئەوەیە، واتە تیرۆرکردن و خۆتەقاندوەو ڕاگەیاندنی بەشێوەیەکی ئاشکرا، کاری سەرەکی ئەوانە. چونکە کاریکی دیکەی سیاسیان نیيە و فەلسەفەی بونء مانەوەیان بەستراوەتەوە بە چالاکییە تیرۆریستییەکانیانەوە، بەقەولی خۆیان واجبی " ئیمانی" خۆیان جێبەجێدەکەن. وە لەوەدا راست دەکەن ئەوان خەریکی غەزای خۆیانء بەواجبی ئاینی و ئیمانی خۆیانی دەزانن‌ء واجبی ئیمانیانە کە چالاکیەکانیان ڕابگەیەننن ئەگەر ڕیکخراو پێکهێنان و چالاکی کردنی تیرۆریستی، هیچ مانایەکی نابیت بۆ ئەوان.**

ئەم دانپێنانەی ئەم برادەرە، قەباعەتی کاری لیژنەی پارتی زۆر گەورەتر کرد. پارتی ئیستا لەبەردەم یەک مەسەلەی جدیدایە، لیژنەو تەحقیقاتی پارتی کەس گویگری نابێت، یەک ڕیگای لەبەردەمدایە ئەویش ئاشکرا کردنی تاوانبارانی ئەصلییە، سیناریۆسازی لەوانەیە چەند مانگ وە سالێک یان زیاتر پارتی بتوانێت خەڵک مەشغول بکات پێوەیو سەرقاڵیان بکات. بەلام خەلک دیسان سورە لە حەقیقەت، سورە لەسەر ئاشکرا کردنی تاوانباران نزیکترین ڕیگا ئەوەیە پارتی خۆی تاوانباری سەرەکی ئاشکرا بکات یان مل بدات بەلێژنەیەکی لیکۆلینەوەی سەربەخۆ. پارتی قازانجی خۆیەتی زۆر زوو ئەم لێژنەی لێکۆلینەوەیە بشارێتەوە، ئەگەر نا لە ڕاگەیاندنی دوهەمیدا کە ڕۆشن نییە کەی دەبێت، ئەوا چاڵەکەی پارتی قوڵتر دەکات. سەردەشت ناتوانرێت بەپارەی کەڵەکەبوی فەساد لەکەدار بکرێت، هەزاران هەزار ئینسان پاریزگاری لێدەکات.

9.2010 .21

**پارتی وئەنساروالاسلام و سەردەشت عوسمان!**

ابراهیم حسین 22.9.2010

دوابەدوای ڕاگەیاندنی لیژنەی بەناو لێکلینەوەکەی پارتی سەبارەت بە تیرۆری سەرەشت عوسمان، .ئەنسارالاسلام لەرگەیاندنێکدا ڕەتیان کردەوە کە ئەوان دەستیان لە تیرۆری سەدەشت دا هەبێ و بۆ تیرۆری ئەوانەی بە گوتەی خۆیان ئەهلی کوفرن پێویستیان بە پاساووبەهانە نیە وبگرە وەک کاری جیهاد لە ڕیگەی خوا دا بەرپرسیارێتی هەر کردەوەیکی تیرۆریستی وئینسانکوژی خۆیان لە ئەستۆ دەگرن و شانازی پێوەدەکەن. تیرۆر بۆ ئەنسار وبۆ سەرجەم ئیسلامی سیاسی و گروپە ئینسانکوژەکانی تەنیا کاتێک دەتوانێ ماناو ئەرک وئامانجی سیاسی خۆی بپێکێ کە ڕاستەوڕاست بەناووئیمزاو فتوای مرجعەکان ولەژێرئالأی جیهاد دژی کوفروهێزەکانی کوفر ئەنجام درابێ. شێوازەکانی کاری مرۆڤکوژی دەستەوتاقمەکانی ئیسلامی سیاسی لە عێراق ورۆژهەلأتی ناوەڕاستەوە تا دەگا بە دوورترین گۆشەکانی دنیابەتەواوی ناسراون و بوون بەبەشێک لە پێناسەی سیاسی ئەو هێزانە.

تیرۆری سەردەشت جۆرێکی ترومۆدێلێکی تیرۆرەکە زۆرترلەگەل نەریتی تیرۆرورەشەکوژیەک دا دێتەوە کە لە کوردستان لە دژی نەیارانی دەسەلأتدا پیادەکراوەو دەکرێ،تیرۆری سەردەشت هەم لەڕووی پەیام ومەبەستە سیاسیەکەیەوە هەم لە ڕووی پێشینە وشێوازەکانیەوە بە جۆرێک درێژکراوەی تیرۆری سۆرانی مامەحمەو عبدلستارشریف وڕێناس ونەزیر عمرەووەک هەموو ئەی کەیسانە لە کەیسی سەردەشتیش دا ناوچەی زەردی پارتی جۆرێک لە ڕەخنەگری،جۆرێک لە نارەزایەتی ،جۆرێک لە جەرائەت لەڕەخنەگرتن لە

کاریزماو ڕەمزو هێماکانی پارتی بە خۆیەوە دەبینێ و سەرەنجامی هەموو ئەوانەش بە لەنابردن وتیرۆرکردن کۆتایی پێ دێ.

سەردەشت ڕووبەڕووی فتوای کفرو مردتدو هەڵگەراوەی گروپەشەقاوەئینسانکوژەکانی ئیسلامی سیاسی نابێتەوە بەڵکو دوای ئەوەی کە وتاری (من عاشقی کچەکەی بارزانیم) ی بڵاکردەوە کەوتەبەر شاڵاوی هەڕەشە و پێش تیرۆر کردنیشی (دوازەنگی کوشتنم لێیدا)ی نووسی و زانکۆو پۆلیسی ئاگادار کردبویەوە کە ژیانی هەڕەشەی لەسەرە ودواتر بە ڕۆژی نیوەڕۆ ڕفێنراو بەناوکۆنترۆلی بازگە کانی هەرێمی زەردا ئاودیوی موسڵ کراو تەرمەکەی فڕێدرا!

بەوپێە سیناریۆی پەیوەندی ئەنساروسەردەشت کە لەڕێگەی لیژنەی لێکۆلینەوەکەی پارتی هەڵبەستراوە ئەگەرچی لەڕاستی دا ولە ڕواڵەتدا ناشیانەو بێدەربەستانە نووسراوە، بەڵام مەبەست وئامانجی دیاریکراوی ئەوەیە کەڕەوایی ئەو کێشەیە بشێوێنێ ولەکەداری بکات وڕوالەتی مەسەلەکە بەجۆرێک بگۆڕێ بتوانێ لە وسکاندالە بە کەمترین زیان دەربچێ، تاسەرەنجام تۆفانی ناڕەزایەتی وگومان بنیشێتەوە وئیتر ناوچەی زەرد وەک ناوچەیەکی پەرژین کراوی ترس و بێدەنگی لە کوردستاندا ببێتە ئەمری واقیع!

بەڵام ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەو دواتریش سیناریۆی دانپێدانانەکەی پارتی ڕەوایی وبەرهەقی مەسەلەی سەردەشتی نەشێواند،ڕەوایی ئەو خواستەی نەشێواند کە پارتی پێویستە ودەبێ لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەوتاوانە قبوڵبکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە پارتی بە عوزرخوازیەکی ڕەسمی لەبەردەم حورمەت وشکۆی ئازادیخوازانەی سەردەشت وبنەماڵەکەی وسەرجەم ئازادیخوازان قەرزارکرد.

**یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا ...**

مەلا فرمان

گفتوگۆیەکی چوار قۆڵی

شەهید: من تفەنگێک ، 7 مەخزەن، نارنجۆکێک ، قەمەیەک و کۆڵە پشتێکم هەڵدەگرت

سەردەشت : من تەنها خاوەنی یەک پێنوسی نوک تیژ و چەند پارچە کاغەزێک بووم

شەهید : من لە سەردەمی بەعسدا شەڕم لە پێناوی ئازادیدا دەکرد

سەردەشت : من لە سەردەمی حکومەتەکەی خۆماندا. ئەو حکومەتەی تۆ گەنجیت لە پیناوی بەخشی، داوای ئەو داوایەی تۆم دەکرد. گیانم بەخشی!.

شەهید: چۆن ! بڕوا ناکەم! لەم ڕۆژەدا بۆ ئازادی مرۆڤ گیان ببەخشێ، من بە ئاواتی ئەو ڕۆژە شارم بە جێهێشت، دایک و باوکە پیرەکەم زیندانی کران، کچێنی خۆشکە تاقانەکەمیان نەهێشت و پاشان لەبەر تانەی دراوسێکان خۆی سوتاند، لاوێتی خۆم نەکرد ، بوکی یەک شەوەم بە جێهێشت، ، گیانم بەخت کرد!

سەردەشت : گەر بڕوا ناکەی لە هاوڕێ شەهیدە زیندوەکانت بپرسە

شەهید : هاوسەنگەرانم، تکایە وەڵامم بدەنەوە

پێشمەرگە: بەڵێ سەردەشت راست دەکات.

شەهید : هاوڕێ زیندوەکانم بۆ نایەنە دەنگ؟ ئەوانیش وەک ئەوانیان لێهاتووە؟

سەردەشت: دونیاکەیان شێواندووە، هاوڕێی شەهید، گەر دەتەوێ وەک خۆی ببینی، فەرموو، داوای مۆڵەتی چەند چرکەیی بکە، سەرێ لە گۆڕ ببە دەرێ و تیشک ئاسا لەسەرتاسەری وڵات بڕوانە.

شەهید : لە ئێوە تێناگەم، سەرم سوڕماوە لە قسەکانی تۆ و هاوسەنگەرەکەم.

سەردەشت : هاوسەنگەرانت، ئەوانەی هاتونەتە دەنگ و داکۆکی لە خوێن و تەواوکردنی ئەرکەکانی تۆ دەکەن. نانبڕاو کراون، دوور خراونەتەوە، هەندێ جار پێیان دەڵێن خائین. دونیاکە گۆڕاوە، ئێستا مەبدەء لای هەندێ لە ناو هینی هیناندایە، لە پارە و ڤێللا و ............

شەهید : باشە هەموو شتێک تێگەیشتم، ئێستا دەچم عەرشی خودا دەلەرزێنم، داوای مۆڵەتی لێ دەکەم، تا بۆ یەک جارێ بگەڕێمەوە.، لەوێ ....

سەردەشت: گەر گەڕایتەوە پێنوسەکەی من و سۆران لە جێ قەڵەمی سەر قۆڵی جلە خاکیەکەت دابنێ. بەشێکی وڵات شەوەزەنگ و تاریکییە، لایتە قەڵەمیەکەت بییر نەچێت ، ئەو لایتەی پیلەکانیت سەرەو ژێر دەکرد لە کاتی پەڕینەوەتان لە جادە قیرەکانی نێوان رەبایەکان . بۆ دەشتی کاکی بەکاکی گەرمیان مەتارە ئاوەکەت پێ بێت باشە. کیسە خەوەکەت بدە بە کۆڵتا، نەک ئەو تاک تاکە ماڵەی گەرمیان دات نەکەن. کە گەیشتییەوە، تو خوا، نەکەی وەک جاران ببیتەوە بە هی فلان...... زۆر قێزەوەرە. نەکەی لە سەر لوتکەی کڵاو قاسم شەڕ بکەیتەوە، لە راست فەرماندەکەت زمانت ببەسترێت ........ ئاگاداربە، زۆر ئاگاداربە، لای هەندێ هەڵوێست زۆر لە کزییە. یادت نەچێ بپرسە، بکوژەکەی خۆت و ریشەی هاوسەنگەرت ئێستا چین؟ بیرت نەچێت ئەم جارە، گەر کەوتنە رێ و مەسافەتان وەرگرت لە خانەقینەوە دەست پێ بکەن، لە لادێکانی گەرمیان شاورەکەت دەربێنە و تا تینت تێدایە فوی پێدا بکە. هەواڵێکی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئەنفال بپرسە.

سەیرێکی ئەو تەندورخانانە بکە کە جاران کولیرەی گەرمی بەیانیانیان بۆت دەبرژاند، دەستێ لە دەستی ئەو دەستە چرچ و لۆچانە بنێ کە جاران ساوەری بۆ لێ دەنان، بە بزەی چاو سەیری ئەو دەموچاوە رەش هەڵگەڕاوانە بکە. زویر مەبە! لەسەرخۆبە ، ئەگەر تەنوور گەرم نەبوو یا خاتوون رووی نەدایێ و دەستی نەدایە دەستت.

بەر لەوەی گەرمیان بەجێبهێڵی سەردانی کاکە ئەحە نۆکە بکە. بە وردی گوێ بۆ شیعرە تازەکەی بگرە. گەر لە ماڵ نەبوو رەنگە بە چونی تۆی زانیبێ و نەیویستبێ وەک جاران لە ئامێزت بگرێ و بە وشەکانی شیعرەکەی ئەوەندەی تر ماندوت بکات. گەر بە ویش نەگەیشتی هەر گەنجێکت بینی داوای ئەو شیعرەی لێ بکە، لە مۆبایلەکان ( مۆبایل ئامێرێکی بچوکە لە جیاتی تەلەفۆن و هۆکی تۆکییەکەی بەر تاخمەکەت بۆ قسەکردن بە کار دەهێندرێت) تۆمار کراوە. ئەو شیعرە باسی جاران و ئێستای هاوسەنگەرە دەسەڵاتدارەکانت بۆ دەکات. رەنگە لە هەندێ وشەی وەک مۆنیکا و وەنەوشە ....تاد نەگەی، بپرسە با گەنجەکان بۆت رونبکەنەوە.

لە کەرکوکیش سەری گەڕەکی شۆرجە بدە ، ئەو نامەیەی وەک نامەکانی جارانی خۆتان توند توند چوکلێتیانە بە تێپ پێچراوەتەوە بگەێینە دەستی ئەو لاوەی بە جلێکی رەش و هیوایەکی زۆرەوە لای فلکەی ریشە چاوەڕوانت دەکات. شۆڕیجە دەتوانێ چیرۆکی عەشقی سۆرانت بۆ بگێڕێتەوە. کەمێ خوارتر خوێندکارەکانی دکتۆر کۆڕیان بەستووە، دەخوازن گوێ بیستیان بی.

گەر گەیشتییە سەر زێی بچوک، کەمێ لە پردەکە لادە و هەواڵێکی کەڵەکەوانەکانی جاران بپرسە. یان کەمێ بەرە و سەروتر برۆ و سەرێکی پاشماوەی پردە هەڵواسراوەکانی پۆڵای موهەندس بدە، هەر لە پردەکەش هەواڵیکی ئەو هاوڕێ دێرینەت بپرسە، تێبگە، بۆ سەری خۆی هەڵگرتووە. لەو رێگایە ئەگەر توانیت جار جارە وەک جاری جاران سرودی ( رێی خەباتمان بچڕە).. دەزانم وەک جاری جاران سەرێکی بوکی یەک شەوەت دەدەیت، ئەگەر لە ئامێزی گرتی، سەرێ بخە سەر دڵە پڕ لە حەسرەتەکەیی و گوێ بۆ چیرۆکەکانی ئەویش شل کە. دڵگران مەبە گەر پێی گوتی " بۆچی لە رێی عەشقی مندا نە ژیای".

شەهید : بە یارمەتیت کاک سەردەشت، ئەمە خەونە خەیاڵە. چۆن بڕوا بەم خورشید و خاوەرە بێنم

سەردەشت : پێم گوتی، بچۆ لای بوکی یەک شەوەت، دەزانم وەک چۆن نالی چاوی خێل و خێچی مەحبوبەی بە سوچی ئاوێنە دەزانی، ئاواش تۆ بە چیرۆکەکانی ئەو مەست دەبیت، ئەوسا لە راستی قسەکانی من دەگەی.

شەهید: بۆم باسکە ، کاک سەردەشت، دواتر چی بکەم

سەردەشت : ببورە، زۆر ماندویان کردووم، دەمەوێ پشویەک بدەم.

سۆران: بە گەیشتنت بە کەرکوک بەر لەوەی نامەکە بکەیتەوە نەکەی یەک هەنگاو بنێی، نەخشەی شار زۆر شێواوە، وەک خانەی چندراوی جاڵجاڵۆکە وایە، لە نامەکەدا بە نوکی تیژی قەڵەکەم نەخشەیەکی شارم بۆ کێشاوی. ئەو نەخشەیەی بوو بە مایەی شکاندنی نوکی ئەو قەڵەمە. سەرەتای ئەو نەخشەیە لە بیرە نەوتەکەی باباوە دەست پێدەکات. لێی بپرسە، چۆن بۆڕی هەناسەیان لە نیوەی ڕێگا کونکردووە. دوای ئەوەی ئێرە و ئەوێی شار دەگەڕێی، بڕۆ لە ژورەکەم پشویەکی باش بدە. نەکەی لە گەڵ ماڵئاوایی ڕۆژدا بەدەم هەموو دەنگێکەوە بچیتە دەرگاو دەرگایان لێ بکەیتەوە.

شەهید: سۆران، چیتر ناتوانم ئۆقرە بگرم، هەر ئێستا دەچم توند توند عەرشی خودا دەلەرزێنم، ئەو چیرۆکەی سەردەشتی بۆ باس دەکەم، دەڵێن زۆر بە بەزەییە. پێی دەڵێم " گەورەم دەمەوێ سەردانێکی بوکی یەک شەوەم بکەم".

سۆران : زۆرم پێباشە.

شەهید: سەردەشت، ئەوە مۆڵەتم وەرگرت، دەتوانی درێژە بە باسەکەت بدەی، باسێکی هەولێر و ئەولاترم بۆ بکەی.

سەردەشت:

" لەچەند رۆژی رابردوودا بۆ یەکەمین جار پێیان گوتم، کە تەمەنت چەندی نەماوە، یان بەگوتەی خۆیان مۆڵەتی هەناسەدانم لەم شارەدا نەماوە، بەڵام نە باکم بەمردنە و نە ئازاردان، لەچاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەمم تا دیداری بکوژەکانی خۆم بکەم، دوعاش دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت. ... تا ئەو شوێنەی کە ماوین ئەبێت قسەبکەین، لەو شوێنەش، کە تەمەنمان کۆتاییهات با هاوڕێکەم خاڵێکم بۆ دابنێت و بێتە سەر دێڕێکی نوێ و سەر لەنوێ دەستپێبکاتەوە".

لە پایتەخت سەردانێکی زانکۆ بکە، بڕوانە لە کوێ دوو تا سێ کەس لە قوژبنێ، پاڵ دیوارێ، بن سێبەری دارێ فسکە فسکیان بوو، بە ئاسپایی وەک چۆن جاران لە کەمینی شەوانە گوێت بۆ خشەی پێ و هێنانەوەی میلی تفەنگ خەڵدەخست، ئاوهاش لێیان نزیک بەوە، ئەوان ئەو چیرۆکە و هەموو چیرۆکەکانی دی دەگێڕنەوە. گەر بوارت بوو چاوێ بە لاپەڕەی رۆژنامە نوێیەکاندا بخشێنە کە وێنەی دواڕۆژ و ئێستا و رابردووی وڵاتیان کێشاوە. دوا بڕیاریش لای خۆتە کام ڕێچکە دەگریت، بەرەو کوێ هەنگاو دەنێی.

یادت نەچێت، کە گەڕایتەوە چەند نامەیەکی بە تێپ پێچراومان بۆ دەنێرن، لە گەڵ دەستا بیانهێنە. دەزانم، ماندوو و شەکەت دەبیت، بۆ حەسانەوەی خۆت لە ئاسمانی بەرزی شینی تۆخی شاری شێخەوە زۆر بە وردی لە باڵای هیوای نوێ بڕوانە.

کەرکوک، 2010/6/11

**بێدەنگیی سەرۆک دەربارەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان**

**شوان سدیق**

**چەند ڕووداوێکی نەخوازراو و نامۆ ڕوویان داوە، لە هەرێمی کورستان لە ئێستا و رابردوودا، لەلایەن دەسەلاتەوە، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر نادرێت، ئەوە خۆی بۆ خۆی دەزگاکانی پەیوەندیدار بە کاروباری ئەمنی دەخاتە ژێر ڕۆشنایی پرسیارەوە و هەموو تاکێکی کۆمەڵگاش بۆی هەیە یان هەقی خۆیانە گومان لەو بێدەنگییەی دەسەڵات بکەن.**

**کە بۆچی لە هەرێمی کوردستان، ئەوان خۆیان بە خاوەنی ئەو پرسانە نازانن، یان ڕوونکردنەوەی لەسەر نادەن، بۆ ئەوەی لای خەڵکی ڕوونببێتەوە کە حکومەتی هەرێم. حکومەتی هەموو خەڵکە و جیاوازی لە نێوان هیچ پێکهاتەو بۆ چونگەل و ئایدۆلۆژییایەک ناکات و لەپێناو بەدیهێنانی مافی خەڵک و ژیانبینی تێدەکۆشێت.**

**ئەم بێدەنگییەی دەسەلاتیش بە پلە یەک سەرۆکی هەرێم لێی بەرپرسیارە و هەمووومان مافی ئەوەمان هەیە داوای ڕوونکردنەوەی لێبکەین، چونکە ئەو باڵا دەسترین دەسەلاتە لە هەرێمی کوردستان و بە زۆرینەی دەنگی خەڵکیش بووە بە سەرۆک.**

**مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە ئەمە قسەی خۆیەتی لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا، لەگەڵ دەزگا حکومییەکان، دەڵێت "من سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی خەڵکم واتە سەرۆکی ئەو کەسانەم کە دەنگیان پێداوم هەروەها خۆیشم بە سەرۆکی ئەو کەسانەش دەزانم کە دەنگییان پێنەدوام"، ئەم وتانەی سەرۆک جێگای دڵخۆشین بۆ خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی چینێکی باڵا دەستی کۆمەڵگا کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنن و نوێنەریان ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کردووە.**

**بەڵام بێدەنگی سەرۆک خەڵک نیگەران دەکات، لەوەی کە تا ئێستاکە لەسەر بچوکترین پرس تا گەورەترین پرس کە کوشتنی قوتابیەکی گەنجە لە هەولێرەوە بڕفێندرێ و ڕەوانەی موسڵ بکرێت و لەوێوە تەرمەکەی بهێنرێتەوە بۆ ئەو جێگایەی کە سەرۆک بەرپرسییەتی. گومان لە ئەم بێدەنگییەی دەکرێت.**

**خۆ ئەگەر هەر ئاوا بڕوات، بێدەنگیەکەی سەرۆکی هەرێم لە ئێستادا. وەڵامی ئەوەمان دەداتەوە، کە ئەو ناتوانێت ئەو هاوسەنگییەی لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا هەیە ڕایبگرێ و لەگەڵ خەمی خەڵکەکەی ژیان بکات.**

**خەڵکی کوردستان تا ئێستاکەش کوشتەی دەستی ئازارەکانی بەعسی عێراقین نەوەکانی ڕابردووی ئێمە هەمیشە بەو خەیاڵەوە دەژیان کە ڕۆژێکی ئاوا دروست بێت، سەرۆکەکەت بە**

کوردی قسە بکات و سەرۆکەکەت بۆ خەڵکی کوردستان فرمێسک برێژێت، یان لە خۆشییەکانت بەشداربێت.

سەرۆکێکت هەبێت لای بێگانەکان ئەوانەی کە چاویان بە کوردبوونی خەڵکی کوردستان هەڵنایە شانازی پێوە بکەیت، بەڵام حەیف وا دەردەکەوێت ئەو خەونەیان نەهاتە دی و ئەمڕۆ سەرۆک دەیەوێت خۆی بەجیا پیشان بدات!!

هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە بۆی هەیە بپرسێت بۆچی سەرۆک بێدەنگە چونکە مەسعود بارزانی هەڵبژێردراوی خەڵکە و نابێت بە تەنیا پارتییەکان، شانازی پێوە بکەن، مافی ئەوەشیان هەیە رەخنەی توندیش لەسەرۆک بگرن، چونکە ئەگەر بە دەنگی ئەو خەڵکە نەبوایە ئەوا بەدڵنیاییەوە بارزانی هەڵنەدەبژێرا بۆ سەرۆکی هەرێم.

ئەگەر لەڕوانگەی مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن و هەڵبژێراو دەنگدان بڕوانین، بۆ سەرۆکی هەرێم بێت یان ئەندام پەرلەمان، ئەوا هەقە هەردوولایان بێنە ناو خەڵکی و بزانن لە ناو کۆمەڵگادا ژیان چۆن دەگوزەرێت، خەڵکیش ئەو مافەی هەیە کە بزانێت ئەوان چۆن دەژین، تاچەند ئەو کارانەی دەیکەن لە بەرژەوەندی ئەواندایە، خەڵکی کوردستان بۆشیان هەیە لە دوای گەڕانەوەی سەرۆک لەسەفەرەکانیدا دوای ئەوەی لێبکەن چەندت خەرجکردووە، ئینتاج و بەرهەمی گەشتەکەت بۆ ئێمە چی بووە لەو سەفەرەتدا، چونکە سەرۆک و پەرلەمانتاریش بە دەنگی خەڵک رۆیشتوونەتە سەر کورسی دەسەڵات و رۆژێکیش دێت، هەر بەدەنگی ئەو خەڵکە ئەوان یەکلای دەکرێنەوە داخۆ دووبارە کورسی دەسەڵات دەبیننەوە یان لا دەبرێن.

بەڵام ئەمڕۆ خەڵک دەپرسێت بۆ سەرۆک خۆی جیادەکاتەوە لە ئێمە و نایەوێت هیچ هەڵوێستێکی وا نیشان بدات؟ کە ئاگایی لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ژینگە و زۆر شتی تری کوردستان نییە، یان ئەگەر ئاگاشی لێبێت، بۆچی وەڵامی ئەو گومانانە ناداتەوە کە لای خەڵک گەڵاڵە بوون و ئەو بێدەنگە لێیان؟!

### قــەڵـــەم و بکـــوژ

نەبەز گۆران

کوشتنو بێدەنگکردنی قەڵەم لەناو ئێمەدا کارێکی نوێ نیە، دیاردەیەکی تازەش نیە، بەڵکو یەکێکە لەو بیرکردنەوانەی لەسەرەتای شەستەکانەوە دەستیپێکردوە، سەرەتای شەستەکان بۆکوردی باشوور یەکێکە لەسەرەتا مەترسیدارەکان، ئەو پایانەی ئەو کاتانە داکوتران بونەهۆی درۆکردن لەگەڵ ئازادییەکانی ئێستادا، بەبێ ناسینی ئەو سەرەتایانە قورسە بتوانین تەفسیری ئێستا بکەین، هەر لەو کاتەوە قەڵەمو ئازادی دابەشکران بەسەر دوو فۆرمدا، ستایشکەران بوونە کوردە راستەقینەکانو رەخنەگران بوونە کوردە خراپەکان،

یەکێک لەمەترسیدارترین پایەکانی سەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی کورد، نەهێشتنی دەنگی جیاواز بوو، هەرکاتێکو لەهەرشوێنێک دەنگێکی جیاواز دوور لەو بەرەیە دروست بووبێت یان بەتۆمەت کوشتویانە یان بەتفەنگ، وەنەبێت پەلاماردانو کوشتنی رۆژنامەنووسان لەم سەردەمەدا بێ رەچەڵەک بێت، بەلاکردنەوەیک بۆ دواوە لەوە تێدەگەین کارەساتی لەوەی سەردەشتو سۆرانی مامەحەمە زیاتر دەبنو بەردەوام هێزێکی ترادسیۆنی لەبەرگی دیموکراسیدا مەترسییە بۆسەر ئازادییەکانی ئەوانیدی.

یەکەمین ستایشکەرو یەکەمین تۆمەت لەشەستەکانەوە دەست پێدەکات، رونتر بڵێین شۆرشی ئێمە، هەمووی شۆرش نەبووە بۆ وەرگرتنی ئازادی ئینسانەکان، بەڵکو بەشێکی شۆڕش بۆ کوشتنی هەموو رەنگەکانیترو بەباڵاکردنی تاقە رەنگێک یان خێڵێک، موسیبەتیشە بە بێ هەڵتەکاندنەوەی ئەو کۆڵەکە ناکاملانە بتوانین لەئێستادا قەناعەت بەحزبێک بکەین لەماناکای ئازادی تێبگەن، ئازادی بریتی نییە لەو گوتارە حزبیەی پەخش دەکرێت، ئازادی بریتیە لەهەڵتەکانەوەی ئەو پایە مەترسیدارانەی نزیکەی پەنجا ساڵە بەهێزدەکرێن، قبوڵکردنی ئەویتر وەک خۆی، ئەو پایانەی حزبێک لەسەر بنەمای خێڵو ترادسیۆنو موقەدەست بنیادی نان، ئەم سێ پایەیە لەئێستادا بەردەوام هەڕەشە لەئەوانیتر دەکات، ئەوانەی کە نایانەوێت بکەونە ژێر چەترێکی لەوجۆرە، تاقە هێزێکیش بتوانێت ئەم سێ پایەیە تێک بشکێنێتو بنیادێکی دی بخاتە شوێنیان قەڵەمە، بۆیە هەرکاتێک قەڵەمی بەهێز دروستبوو بکوژی راستەقینەش دروستدەبێت، پاسەوانانی ئەو سێ کۆڵەکەیە تفەنگ بەدەستن، نەک قەڵەم بەدەست، دەشزانن هێزیتر جگە لەقەڵەم، کار لەو سێ پایەیە ناکەن، بۆیە هەمیشە دەبنە هەڕەشە لەسەر قەڵەم بۆئەوەی ئەو جەنگەڵەی لەسەرەتاوە بنیادیان نا بەهەمان ماهیەتەوە بیهێڵنەوە، ئەگەر لەبنەڕەتەوە کوردی ئەم ناوچەیە لەسەر جیاوازیو لەسەر بیرکردنەوە بنیات بنرایە لەئێستادا شەڕی ئازادییەکانی خۆمانمان نەدەکرد، بەڵام چونکە لەبری دابەشکردنی کتێبو قەڵەم بەسەر کۆمەڵگەدا تفەنگو بوغز دابەشکرا دەرکەوتەکانی لەئەمڕۆدا یەخەی ئەم نەوەیە دەگرێت، چونکە لەبری مانادان بەرۆشنبیران، مانا بەموقەدەسو خێڵ دراو نەخۆشییەکە هاتە بەردەم ئەم نەوەیە، دەست هەڵگرتن لەم نەخۆشییانە لەئێستادا ئایندەیەکی تاریکتر دەباتە بەردەم نەوەکانی دوای ئێمە.

رابردوی ئێمە پڕە لەکوشتن لەسەر جیاوازی، پرە لەتۆمەت لەسەر بیرکردنەوەی جیاوازی، پڕە لەناکاملیو وەهمی موقەدەس، پڕە لەهەموو ئەوپێتانەی کە شەرمە جارێکیتر دووبارە بکرێنەوە، ئێمە رابردوەکەمان بەسەقەتی دەستیپێکرد بۆیە ئێستاشمان لەبەردەم مەترسیدایە، کەمنین ئەوانەی کوژراون لەسەر ئەوەی لەحزبێک نەچون، یان نەیان ویستوە بچنە ژێر چەتر رەنگێک، بەڵام چونکە وەسیلەیەک نەبوە بۆگەیاندنی ئەم شتانە خەڵک پێی نەزانیون، بەس بۆ ئێستا مەترسییەکە لەوە زیاترە وەک رابردوو تەماشایکەین، لەبەر ئەوەی حزب بەزمانو بەفۆرم دیموکراسییەو بە ماهیەت ستەمکار دێتە بەردەمانو لەناسکترین ساتەوەختدا دەچێتەوە سەر رابردوی خۆیو دەشیەوێت مانا بەکوشتنی جیاوازییەکانو قەڵەمەکان بدات، دەشیەوێت ئەو رابردوە ناتەندروستەی خۆی لەبیربکاتو شێوەیەکی جوان

ببەخشێتە کوشتن، دەیەوێت ستایشەکان گەورەبکاتو ئازادییەکانی ئەوانی تریش بە بیاونووی جۆراو جۆر بکوژێت، ئیدی پێیوایە کەس رەچەڵەکی ئەو ناناسێتو کەسێک نیە بزانێت ئەو کوشتنی قەڵەمە لەناو ئەو حزبەدا رەگورِیشەی هەیە، نمونەی سەردەشتو سۆران باشترین نمونەن بۆناسینی حزبو بۆ ناسینی رەگورِیشەکانی خنکانی ئازادی لەسەرەتاوە بۆ ئێستا. بۆناسینی ئەو ماهیەتەی هەمیشە لەبەرگێکیتردا خۆی دەرخستوە، بکوژانی قەڵەم هەمیشە ئامادەن کاتێکیش دەردەکەون ئازادی پانتایەکانی فراوان بوبنو کۆڵەکەکانی ئەوانیش کەوتبنە مەترسییەوە، سەردەمی سەردەشتو سۆران ئەو سەردەمەیە ئازادی باڵەکانی خۆی دەکاتەوە بکوژەکانیش دەردەکەون.

**لەنهێنییەکانی پاراستن: لەشێخ زاناوە بۆ هیشام مەحمود**

**د. کەمال سەید قادر**

هەر کەسێک زیندانی دەزگایەکی ەەواڵگری بوبێت، کەم یا زۆر دەبێتهەەڵگری کۆمەڵێک نەێنی، بەندەش کەوا نزیکەی شەش مانگ لەزیندانی پاراستن لهەولێر زیندانی بوم بێگومان بەبەشێک لەنهێنییەکانی ئەم دەزگایەکەوتوم، لەوانەشەلەحاڵەتی بەندەدا رادەکەمیش نەبێت بەحوکمی ئەوەی کەوا من لەناو زیندان نەبوم بەڵکو لەنێو بەشێکی سەرەکی پاراستن خودی خۆی دەستبەسەر بوم ( بەشی حرکات لەژێر فەرماندەی بارزان قەساب) لەژورێکا کەوا هەمو ئەم بەرێزانەی سەردانیان کردوم دەزانن ژورەکەبەرامبەر ژورەکەی فەرماندەی بەشی حەرەکات بو دەرگای ژورەکەش شەوو رۆژ کراوەبو بەبەردەوامیش لەگەڵ کارمەندانی پاراستنی ئەم بەشەپەیوەندی دۆستانەمان ەەبو متمانەی زۆریشیان بەمن بو بۆیەزۆر نەێنی یان لا باس دەکردم کەوا منیش تا ئێستا بەئەمانەتەوەپاراستومەنەبادا دوژمنانی کورد سودی لێببینن یا کار بکاتەسەر ئاسایشی ەەرێم، بەڵام لەوەتەی ئەم بوختانەگەورەیەیان بەشەەیدی جوانەمەرگ سەردەشت عوسمان کردوە، بەپێویستی دەزانم لایەنێک لەم نەێنی یانەکەوا پەیوەندی نارِاستەوخۆی بەدۆسی یەکەی شەەید سەردەشتەوەەەیەئاشکرا بکەم، ئەمیش چۆنی یەتی رێکخستنی سیناریۆکانی دانپیانانەتەلەفزیۆنی یەکانە. بێگومان مرۆڤی نوسەر لە هەر شوێنێکا بێت پرسیاری زیاتری لا دروست دەبێت بەدوای وەڵامەکانیانا دەگەرێت، بە هەمان شێوەش بەدوای وەڵامی زۆر پرسیارا لەسەر پاراستن دەگەرام لەکاتی زیندانی کردنما، یەکێکیش لەم پرسیارانەچۆنی یەتی رێکخستنی ئەم سیناریۆی دانپیانانەتەلەفزیۆنی یانەبو کەوا بەشێوەیەکی نارِاستەوخۆ لە ئاخاوتنەکانمدا لەگەڵ کارمەندانی پاراستن بەدوای زانیاری زیاتر لەسەری دەگەرام. رۆژێکیان پاش گفتوگۆیەکی دورودرێژ لەسەر د نیا و قیامەت لەگەڵ کارمەندێکی پاراستن بەدەم پیاسەکردنەوە لەحەوشی ئاسایشی هەولێر کلکەپرسیارێکی سەرپێیم ئاراستەی ئەم کارمەندەکرد لەم بارەیەوە. ئەمیش هەر بەردەوامی قسەکردنەوەووتی: ئەگەر بمانەوێت ئەکبەر واعیدی دەکەینەبلبلی سەر تەلەفزیۆن! جا لێرەدا پرۆسەی وەڵامدانەوەکە دەستی پێکرد. بەپێ ی ووتەی ئەم کارمەندەکە

وا بە هیوام ڕۆژێک لەپێش دادگایەکی بێ لایەن و سەربەخۆ ڕوبەڕوی ووتەکانی بکەمەوە وەکو شایەتێک نەک تۆمەتبار چونکە هیچم دژی ئەو کەسە نی یە، سیناریۆکانی دانپیانانی سەر تەلەفزیۆنی پاراستن بەسێ ڕێگای سەرەکی ڕێکدەخرێن:

1. ڕێگای نەرم: لێرەدا زیندانی مامەڵەی باش دەکرێت وە پێ ی دەوترێت کەوا گرتنەکەی ئەو هەڵەی چەند برادەرێکە ئەوان دەیانەوێت ڕاستی کەنەوە لەڕێگای لێبوردنێکی سەرۆکی پارتی بەڵام دەبێت پاساوێکی یان لەدەست بێت لەشێوەی داوایەکی لێبوردن وەجۆرە دانپیانانێک تا هیچ لایەنێک زیانمەند و ئیجراج نەبێت پاداشتی مادی باشیشی دەکرێتەوە، بەڵام چونکە سەرۆکی پارتی خۆی ناتوانێت ئامادەی دانیشتنەکەبێت دەبێت داوایەکە تۆمار بکرێت وەبەردانەکەشی پاش ئەوە ڕۆتینی یە لەچەند ڕۆژێک تێناپەڕێت. کارمەندانی پاراستن لێرەدا بۆیان هەیە درۆ بەناوی سەرۆکی پارتییەوە بکەن وە بۆ لابردنی هەر گومانێک سوێند بەگۆڕی مەلا مستەفاش بخۆن جگە لەتەڵاق و شەرەفی خۆشیان. بۆ نمونە کە منیان برد بۆ دادگا وەبە30 ساڵ حوکمیاندام ئەو ئەفسەرەی منی برد بۆ دادگا سوێندی بەگۆڕی مەلا مستەفا خوارد کەوا تازە لە مەسیف هاتۆتەوە فەرمانی ئازادکردنی منی لە مەسعود بارزانی یەوە پێ یە بەڵام وەکو ڕۆتینیات دەبێت بچینە پێش حاکم دوای ئەوە دەڕۆمەماڵەوە. من لەدادگاش ئەم قسەیەم گێڕایەوە ناوی ئەم ئەفسەرەشم هێنا بە هیوای دیداری لەپێش دادگایەکی تر. لە هیچ حاڵەتێکدا بەزیندانی ناوترێت کەوا ئەم دانپیانانەبۆ تەلەفزیۆنە. جاریش وایەپاراستن بەزیندانی دەڵێت کەوا ئەو هیچی لەسەر نی یەدەتوانێت بەم زوانەبڕواتەوە وە ئەگەر بیەوێت هاریکاری پاراستنیش بکات ئەوا لە دەاتوش دەپارێزرێت جگەلە پاداشتی مادیش بەبێ ئەوەی کەسیش بزانێت. جا ئەگەر زیندانی بەم پێشنیارە قایل بو ئەوا داوای لێدەکرێت وەکو کارمەندێکی نوێی پاراستن ئەم کارە بۆ ئەرشیڤی پاراستن بکات وەکو هەمو کارمەندێکی تر. جا ئەگەر پرۆسەکەبەهەر جۆرێک سەری گرت ئەوا پاشان برینی گرتە ڤیدیۆیی یەکەدەست پێدەکات بەجۆرک کەوا ئەم بەشانەی لێدەسڕێتەوە کەوا داوای لێبوردن لە سەرۆکی پارتی دەکات وە سوپاسی دەکات بۆ بەردانی وە تەنها دانپیانانەکە دەمینێتەوە، ئەمەش ئەو پوختەیەیە کەوا بینەری تەلەفزیۆن دەیبینێت.

2. لەڕێگای فشارەوە: ئەگەر ڕێگای نەرم سەری نەگرت ئەوا ئەشکەنجەدان و هەڕەشە دەست پێدەکات. شیخ زانا بۆ نمونە ئامادە نەبو لە ڕێگای نەرمەوە دانپیانان تۆمار بکات بە ئەشکەنجەدان پێی کرا هەروەکو لەخوارەوەبەدرێژی باسی لێوە دەکەین. ئەگەر ئەشکەنجەدان سەری گرت وەزیندانی لەژیانی خۆی بێزار بو ئامادە بو هەر کارێک بکات تا لەئەشکەنجەڕزگاری بێت، ئەوا بۆ چەند ڕۆژێک پێشی تۆمارکردنەکەمامەڵەی باشی لەگەڵ دەکرێت لەگەڵ چارەسەری پزیشکیو خواردنی چاک تا بینەران وا هەست بکەن کەوا زیندانیان مامەڵەی باشیان لەگەڵ کراوە. ئەم پزیشک و برینپێچانەش دەناسم کەوا بەشداری ئەشکەنجەدان دەبون یەکێکیان بەبەردەوامی سەرخۆش بوو دەستی دەلەرزی، با چاوەڕوانی ڕۆژی دادپەروەری بن! دوای ئەوە زیندانی دەبێت چی پێ بوترێت ئەمە دوبارەبکاتەوە لەکاتی تۆمارکردندا.

3. لەڕێگای دەرمانەوە: ئەگەر ئەم دوو ڕێگایەی سەرەوەسەریان نەگرت ئەوا ڕێگای بەکارهێنانی هەندێ دەرمان دەگرێتەبەر کەوا گوایە ویستی مرۆڤ دەشکێنێت دەیکات بەجۆرێک لە رۆبۆت، بەڵام بەپێ ی قسەکانی ئەم کارمەندە کاریگەری ئەم میتۆدە سنوردارەوە لەمرۆڤەوە بۆ مرۆڤ دەگۆڕێت بۆیە بە دەگمەن بەکار دێت. هەر بەقسەی ئەم کارمەندە کاریگەرترین میتۆد ڕێگای نەرمە دوای ئەوە ئەشکەنجەدان دێت وەکو لەحاڵەتی شێخ زانادا. گومانم لەوەدا نی یەکەوا سیناریۆی دانپیانانەکەی هیشام مەحمودیش لەسەر تەلەفزیۆن هەر لەڕێگای یەکێک لەم میتۆدانە بوە.

ئەوجا چوزانی شێخ زانا کێ بو؟

ئەمە وەڵامی یەکێک لەکارمەندەکانی پاراستنەکاتێ باسی شێخ زانام لەلا کرد. لەماوەی ئەم شەش مانگەی زیندانی کردنم لای پاراستن تەنها جارێک شێخ زانام بینی ئەمیش چەند هەفتەیەک پاش فڕاندنەکەم کاتێ بەچاوو پێو دەست بەستراوەیی هێنایانەبارەگای حەرەکات لەوێوە سواری پاسێکی بچوکی بێ پەنجەرەیان کرد بۆ شوێنێکی نادیار. ئەوەی من لەسەرچاوە جیا جیاکانی ناو پاراستن لەسەر شێخ زانا بیستم، بۆ نمونە لەوانەی لەگرتنەکەی بەشدار بون، یا لەزیندان پاسەوانیان کردبو، یا لەدادگایی کردنەکەی ئامادەبون بەم جۆرەبو: پاراستن بەناچاری شێخ زانای دەستگیر کرد ئەمیش پاش ئاشکرابونی بەبارمتەگرتنی منداڵێک لەلایەن یەکێک لەهاوەڵەکانی، کەگرتبوشیان هێنابوویانە زیندانی ئاسایشی هەولێر نەک ئاسایشی گشتی کەوا بۆ ئەو کەسانەیە بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر دەکرێن وەقورسترین جۆری ئەشکەنجەدانی لێیە. شێخ زانا لەسەرەتاوە مامەڵەی کارمەندێکی زیندانی کراوی پاراستنی بۆ دەکرا. ەەر بۆ رونکردنەوەلەناو زیندانی ئاسایشی هەولێر بەشێک تەرخانکراوەبۆ زیندانی کردنی ئەو کارمەندانەی پاراستن کەوا توشی هەڵە دەبن وە ئیمتیازاتی زۆریان ەەیەوەکو کلیل نەدانی دەرگای ژورەکەیان وەەێنانی خواردن لەدەرەوەبۆیان. یەکێک لەو کارمەندانەی پاراستن کەوا بەڕێککەوت لەەەمان کاتی سەرەتای زیندانی کردنی شێخ زانا لەزیندانی ئاسایش بو بۆی گێڕامەوەکەوا شێخ زانا لەەەمان بەشی ئەوان ژورێکی تایبەتی هەبو دەشیتوانی تێکەڵی کارمەندەزیندانی کراوەکانی پاراستن بێت هەر لەگەڵ ئەمانیش نانی دەخوارد وەەەمان ئیمتیازاتی هەبو وەزوو زووش دەیدرکاند کەوا ئەو زۆری نەماوەئازاد دەکرێت، ئەو بۆی گێڕامەوەکەوا شێخ زانا پێ یەووتوە ئەگەر خواردنی خۆشت بۆ هات بانگم کە! کارمەندێکی تری پاراستن کەوا جار جار ئەرکی پاسەوانی شێخ زانای پێ سپێردرابو بۆی گێڕامەوەکەوا ئەوان زۆر جار بەئۆتۆمۆبیلی جامڕەش شێخ زانایان بردوەبۆ شار و هەتا سەردانی چەند پرۆژەشیان کردوەپێشی وتراوە ئەم پرۆژانە تەواو نابن تۆ بەردەبیت. شێخ زانا تاکو چەند رۆژێکیش پێش تۆمارکردنی دانپیانانەکەی مامەڵەی کارمەندێکی پاراستنی زیندانیکراوی بۆ دەکرا، تا کاتێ ئامادەنەبو بەئارەزوی خۆی دانپیانان تۆمار بکات، ئەو کات گواستیانەوەنێو زیندانێکی تاکەکەسی ڕاستەقینەوەشەوو ڕۆژ دەستو پێ ی بەسترابوەوە. پاش تۆمارکردنی دانپیانانەکەلەڕێگەی ئەشکەنجەدانەوەشێخ زان ەەستی کرد کەوا کۆتایی

هاتوەبۆیەڕۆژێکیان هەوڵی خنکاندنی ئەو پاسەوانەدەدات کەوا خواردنی بۆ دەبات بەزینجیرەکەی دەستی یەوە. شێخ زانا بەم جۆرە مایەوە تا ڕۆژی دادگایی کردنی، ئەم ڕۆژەش ڕۆژێکی زۆر گرنگەبۆ مێژوی ئێمەمن شایەدم لەسەر پاراستن وەناوی هەموو ئەشایە دانە دەزانم کەوا لەدادگایی کردنەکەی ئامادەبون. یەکێک لەم شایەدانەچەند ڕۆژێک پاشی دادگایی کردنەکە کاتێک لەحەوشەکەی ئاسایشی هەولێر پیاسەم دەکرد لەگەڵ منا دەستی بە پیاسەکرد ووتی ئەو رۆژە شێخ زانامان برد بۆ دادگا! منیش هیچ قسەم نەکرد ووتم بەبادا ئەم بیەوێت قسەیەکم پێ بکات. بەڵام دوایی ەەر خۆی گوتی: حاکم لەشێخ زانای پرسی ئایا تۆ ئەم کارانەت ئەنجامداوە؟ شێخ زانا لەوەڵامدا ووتی بەڵێ، بەڵام! حاکم ووتی من تەنها یەک پرسیارم لەتۆ کرد تەواو بو حکمی مردنەبیبەنە دەرەوە! دیاربو شێخ زانا ویستبوی بەحاکم ڕابگەیەنێ کێ لە تاوانەکانی ئاگاداربوەوەچۆن بوە بۆ پاساو هێنانەوە، بەڵام ئەمەدوا قسەی بو لەگەڵ حاکم. شیخ زانا ڕاستەخۆی ناتوانێت ببێتەشایەد لەدادگا بەڵام ئەمانەی پەیوەندی یان بەگرتنەکەیو دادگایی کردنەکەیەوەەبو دەیانناسم دڵنیاشم ئەڕۆژەنزیکەکەوا لەپێش دادگا وەکو شایەد دێنە دوان. وا پێدەچێت پاراستن بۆیە سەری منی کردۆتە ئامانجی هێرشە تیرۆرستی یەکانی تاکو ئەم زانیاری یانە ڕەشکاتەوە، جا با بابزانین کێ سەری کێ دەخوات!

تا ئەو کاتەشە هەزاران سڵاو لەگیانی شەهید سەردەشت و هەمو شەهیدانی تری قەڵەم، بەڵێن بێت خوێنتان بەفیڕۆ نەڕوات!

**تکایە کەس سەردانی پایتەخت نەکات**

ڕێبوار ئەوڕەحمان

ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێن، زیاتر لەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی رووداوێک بن، لە سەرەقەڵەمەکانی نووسینی نۆڤلێتێک دەچنو بەداخەوە نەک هەر ناتوانن ئەزمەی متمانە لای ئێمەی هاوڵاتی کۆتایی پێ بهێنن، بەپێچەوانەوە گومانەکان زیاتر دەکەنو متمانەمان لەقترو ترسیشمان زۆر زیاتر.

سەیرترین ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە دنیادا ئەو ئەنجامەیە کە نەتوانێت بڕوا بە هاوڵاتییەکانی بهێنێتو هەر چینو توێژێک بەجیاوازیی ئاستی رۆشنبیری‌و بۆچوونی سیاسییانەوە قسەو تێبینییان لەسەری هەبێتو هەموو قسەو تێبینییەکانیش شایەنی مشتومڕ بن.

چەند مانگێک پێش ئێستا لە سلێمانی هۆتێلێک سووتاو چەندین قوربانی لە هاوڵاتیانی کوردستانو خەڵکی بیانی لێ کەوتەوە، بەڵام ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو لیژنەیەی بۆی پێکهێنرابوو، تا رادەیەک ئۆباڵی بەشێکی زۆری کارەساتەکەی خستە سەرشانی پۆلیس‌و پۆلیسی هاتووچۆو چەند ئامبوڵانسێک کە تەمەنیان بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکان دەگەڕێتەوە!

بەڵام کەس لە لیژنەکەی نەپرسی (برادەرینە! لە کاتێکدا بۆ سەدەها ستوونی بە ئاسماندا چوو تەنها یەک پەیژەی ئاگرکوژاندنەوە هەبێتو بە لایتی شەحن لەناو دووکەڵدا بۆ کەسانێک بگەڕێن کە ژیانیان لە مەترسیدایە، ئیدی پۆلیسو پۆلیسی هاتووچۆو ئامبولانس بڵێن چی؟).

هەفتەی رابردوو، دوای چەند مانگێک چاوەڕوانی، لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) ئەنجامەکانی خۆی راگەیاند، بەڵام ئەنجامێک کە هەمووانی تووشی شۆک کرد. لێرەدا کێشە کێشەی تیرۆرکردنی هاوڵاتییەکی ئەم وڵاتە نییە، بەڵکو جارێکی تر کێشەی متمانە خۆی دێنێتەوە بەر باسو مافی هەموو هاوڵاتییەکە بۆ بەدەستهێنانەوەی متمانەی خۆی چەندین پرسیار ئاڕاستە بکات.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریخست، رێکخراوێکی وەک رێکخراوی ئەنسارولئیسلام کە نەک هەر لە کوردستان بگرە لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەشدا رێکخراوێکی قەدەغەکراون، بەڵام تا ئێستا خاوەنی رێکخستنێکی بەهێزن لە کوردستانداو ئاسایشیش لە ئاستیاندا دەستەوەستانە، ئەگەر نا ئەم رێکخراوە چۆن لەناو پایتەختی وڵاتدا کە ڕۆژانە سەدانو بگرە هەزاران گەشتیاری بیانی رووی تێ دەکەن، توانی لە شوێنی قەرەباڵغو بە ئۆتۆمبێلێکی ئاشکرا، هاوڵاتییەک برفێنێتو بەسەر چەندین بازگەشدا باز بداتو خۆی بگەیەنێتە موسڵو لەوێ هاوڵاتییەکە بکوژێت؟! ئەگەر ئەنسارولئیسلام هێندە بەهێزن، ئاخۆ چەند ساڵە ئاسایش کاری چییە؟

خاڵێک کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا زۆر سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوەو بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم پێکهاتووە، کەچی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لیژنەکە، وتەبێژی حکومەت رایدەگەیەنێتو خۆیو حکومەتیش دەکاتە خاوەنی لێکۆڵینەوەکە، لە کاتێکدا بەپێی ئوسوڵ دەبوو وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو ئەنجامەی رابگەیاندایە.

دوا جار، ئەگەر ئاسایشی پایتەخت بتوانێت ئەوەندە سەروماڵی هاوڵاتییەکانی بپارێزێت، کەوابوو چیتر با کەسمان سەردانی هەولێر نەکەین، ئەگەر رێکخستنەکانی ئەنسارولئیسلام تا ئێستا لە پایتەختدا ئەوەندە بەهێزن، کەوابوو چۆن داوا لە وەبەرهێنە بیانییەکان بکەین سەرمایەکانیان لە پایتەختەکەماندا بخەنەگەڕ؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن پێویستە لە سایەی ئاسایشو ئارامی وڵاتدا، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە وەڵامەکەیمان پێ بڵێت.

**سەرئەنجام پارتی دانی نا بە تاوانەکەیدا !**

**تاهیرحەسەن**

**هەروەکو چاوەڕوان دەکرا ، سەرئەنجام پاراستنی پارتی سیناریۆیەکی سازکردو هەموو خەڵکی کوردستانی تووشی شۆک کرد. سیناریۆکەی پاراستنی پارتی دەڵێ (جەماعەتی ئەنسارولئیسلام سەردەشت عوسمانیان تیرۆر کردووە ، بەوهۆیەوە کە سەردەشت بەڵێنی هەندێک کاری پێدابوون کە بۆیان بکات وبۆی ئەنجام نەداوون بۆیە ڕفاندوویانەو دواتر تیرۆریان کردووە.)**

**هەرچەندە کەم ڕووداوی تیرۆریستی وەک ئەوەی سەردەشت هەیە کەبەرلەڕوودانەکەی ، تیرۆرکراو تیرۆریستانی خۆی بۆ خەڵکی بەڕۆشنترین شێوە ئاشکرا کردبێ .پاشان شێوەو ڕادەی وەحشیانەی تیرۆرکردنەکەی ، ڕفاندنی لەبەردەم کۆلیژەکەی خۆیداو بەپێشچاوی پۆلیسەوە، دواتر دەرکردنی بە نێو ئەو هەموو پرسگانەی پارتیدا کە پارتی شانازی بە چاوکراوەیی وشەونخونیانەوە دەکات . گومانێک ناهێڵێتەوە لەلای هیچ کەسێک کە پاراستنی پارتی ئەو کارەساتەی خوڵقاندووە . بەڵام پارتی دەڵێ جەماعەتی ئەنسارولئیسلام هەستاون بەم کارە!. ئەگەر جەماعەتی ئەنسارولئیسلام ئەوەندە توانایان هەبێت کە بە ڕۆژی ڕووناکو بە چەند سەیارەی جام ڕەشەوە بێنە بەردەم کۆلیژی ئاداب لەناوەڕاستی پایتەختدا و بەلێدان وراپێچ و بەپێش چاوی پۆلیسەوە کەسێک بخەنە نێو سەیارەوەو ئینجا بەم هەموو بازگانەی پارتیدا بیگەیەننە موسڵ ، ئێستا نیوەی شاری هەولێر بەدەست ئەوانەوە دەبوو ،ئێستا دەیان لێپرسراوی پارتیان بەڕۆژی ڕووناک تیرۆرکردبوو!.**

**سەرکردایەتی پارتی خۆشی دەزانێ کە تەنانەت معاشخۆرەکانی خۆشی ئەگەر ترسی نانبڕانیان نەبێت وبوێرن قسە بکەن، گاڵتەبەم سیناریۆیەدەکەن. بۆیە سەرکردایەتی پارتی ئەندازیاری معاشخۆری هەڵبەستنی کلافە درۆی زۆر لەوە کارامەترو پرۆفیشناڵتری هەیە، تامەجبوور نەبێت سیناریۆیەکی ئاوها منداڵانە ساز بکات. بەڵام مەسەلە ئەوەیە پارتی خۆی وای دەوێت. ئەمجارە بەپێچەوانەی هەمووجارەکانی ترەوە، ئامانجی پارتی لەسازکردنی ئەم سیناریۆیەدا، خۆڵکردنەچاوی خەڵک نیە، بەلاڕێدابردنی سەرنجی خەڵک لەسەر خۆی نیە، ڕەواندنەوەی تەمووژی گومانی خەڵک بە تێوەگلانی پارتی لە تیرۆری ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)دا نیە. دروست بە پێچەوانەوە . سەرکردایەتی پارتی نایەوێ خەڵکی بەو تەسەورە بگەن کە کەسێک هێڵی سووری بنەماڵەی بارزانی بەزاندووەو لەگوڵ کاڵتری پێنەووتراوە .**

**بۆ تێگەیشتن لەو سیناریۆیەی پارتی سازی کردووە ، گەڕان بەناو کتێبخانەکەی سەردەشتدا ، یان دواندنی هاوپۆلەکانی سەردەشت تا لە تەرزی بیرکردنەوەی سەردەشت حاڵی بین و ڕادەی دوورو نزیکی ئەومان لەگەڵ ئیسلامی سیاسی بۆ دەرکەوێت، سەرلێتێکدەرو درکنەکردنی ڕادەی مەترسی مەسەلەکەیە. بۆ تێگەیشتن لە سیناریۆکەی سەرکردایەتی پارتی**

کە دواتر مۆری حکومەتی هەرێمیشی لێدرا. دەبێ ڕادەی دەسەڵاتی بێ مونافیسی ئێستای پارتی وهەوڵدانی سەرکردایەتی ئەو حزبە بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی شادەمارەکانی سیاسی وئابووری و سەربازی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لەبەرچاو بگرین. ئەو پەیامەی سەرکردایەتی پارتی دروست ڕاڤەی جێگاوڕێگای دەسەڵاتی سیاسیو سەربازی و ئابووری ئەو دەکات لە کوردستاندا ، نەک شتێکی تر.

سەرکردایەتی پارتی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ڕوو دەکاتە خەڵکی کوردستان ، کە بەتاسەوە چاوەڕوانی پەلکێشکردنی تیرۆریستانی جگەرگۆشەکەی خۆیان بوون بۆ دادگایەکی عادیلانە . پێیان دەڵێ : ئەو سەردەشت عوسمانەی کە ئێوە بۆی هاتنە مەیدان و شەقامەکانی هەولێرو سلێمانیتان پڕ کردو دەستی گومانتان بۆ پارتی ڕاکێشا، دەرکەوت کە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ گروپێکی تیرۆریستیدا و بەڵێنی ئەوەشی پێدابوون تا کاریان بۆ بکات. بۆیە ئەگەر دڵ گەورەیی ئێمە نەبێت هەقمانە بە تۆمەتی پارێزگاریتان لە تیرۆریزمی ئیسلامی هەمووتان بدەینە دادگا .

ئێستا دەبێ یەکێتی و حزبی شیوعی و حزبەکەی کاکە حەمەو زەحمەتکێشانەکان زۆر ستایشی عەقڵی خۆیان بکەن ، کەلەسەر کارەساتی تیرۆری سەردەشت هیچیان نەووت . دەنا ئێستا دەبوو بەپەلە بۆ ڕازیکردنی دڵی پارتی بەیاننامەی نەدامەت وپاشگەزبوونەوە دەربکەن تا معاشەکەیان نەبڕن. ئێستا ئاشکرایە بۆچی پارێزگاری هەولێر لەسەر دانانی پەیکەری ئازادی لە شاری هەولێر بە (بەکر عوسمان)ی برای سەردەشتی ووتبوو دەبێ چاوەڕوانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکەین بزانین بە چ دەگەن !. ئەو خۆی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیەو دەیزانی چ سیناریۆیەک لەسەروبەندی سازکردندایە.

پارتی ڕەوەندێکی بەرچاوی لە داسەپاندنی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا بڕیوە. ئێوە تەماشاکەن. بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە دەوڵەتێکی بەڕەسمیەتناسراوی نێو دەوڵەتی هەبێت ، بەبێ ئەوەی هیچ حکومەت و پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی ئازادانەی خەڵک لە ئارادا بێت ، پارتی بە هێزی زەبەلاحی سەدان هەزار چەکدار، بەقۆرخکردنی تەواوی سەروەتوسامانی کۆمەڵگە ، لەکۆمپانیای فرۆشتنی نەوتەوە تا بەشی هەرە زۆری کۆمپانیا زەبەلاحەکانی هێنان وبردنەدەرەوەی کاڵا لەکوردستان ، تا دەستگرتن بەسەر بوودجەی هەرێمدا کە لەبەغداوە دێت. تەواوی ئەحزابی ڕەسمی و ڕێگەپێدراوی لەکۆمەڵگەدا کردۆتە معاشخۆری خۆی .

تیرۆری سۆرانی مامەحەمە لە کەرکوک و دکتۆر عبدولستارتاهیرشەریف لە بادینان و سەردەشت عوسمان لە هەولێر،و هەڕەشەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی لەئازادیخوازانی ناڕازی کوردستان لە کەیسی سەردەشت عوسماندا، ودواتر هەڕەشەکانی مەسعودبارزانی لە پەرلەمان لە خەڵکی کوردستان، و پاشان مەهزەلەی غەرامەکردنی ڕۆژنامەکانی هاووڵاتی ولڤین و ئاوێنە وڕۆژنامە بە ملیارەها دینار لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی (فازل میرانی)ەوە ، هەڕەشەی کوشتنی(گروپی گەنجانی پاراستنی پارتی بۆ داکۆکیکردن لە

سەروەری و پیرۆزی نەتەوەیی) لە سەرنووسەرو ستافی گۆڤاری لڤین، تادەگات بە ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی پاراستنی پارتی لەمەڕ کەیسی سەردەشت عوسمان، ئەمە وێڕای ڕاهێنانی هەزارەها گەنجی ژێرو سەرو بیست ساڵی بارزان لە سەربازگەی تایبەتی پارتیدا لە بادینان بەبێ پرس و ئاگاداری تەنانەت ئەو کلێشەیەش کە ناویان ناوە وەزارەتی پێشمەرگە ! .هەموو ئەمانە گۆشەگۆشەی یەک سیاسەتن کە سەرکردایەتی پارتی بەمەبەستی داسەپاندنی دەسەڵاتی تاقانەی خۆی بەسەر تەواوی کوردستانداو بەرتەسکردنەوەی ئازادی و پێشێکردنی مافەسەرەتاییەکانی خەڵک گرتوویەتیەبەر. ئەگەر ئەم ڕەوەندی ملهوڕیەی پارتی لەلایەن بەرەی ئازادیخوازی جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستانەوە ناکام نەکرێتەوە . ئیمپراتۆریەتی سبەینێیەکی زۆر نزیکی بارزان جێگای ئیمپراتۆریەتی عۆجەی دوێنێی بەعس دەگرێتەوە.

بۆیە ئەگەر مەسەلەی کەیسی سەردەشت بۆ پارتی هەنگاوێکە لەڕاستای بەرتەسکردنەوەی ئازادی وچەقاندنی زیاتری حزبی قائید ، ئەوا سەد ئەوەندە بۆ خەڵکی کوردستانو چارەنووسی ئازادیخوازی و کرانەوەی کۆمەڵگە بەڕووی ئازادی وعەدالەتی کۆمەڵایەتیدا چارەنووسسازە. چارەنووسی ئازادیخوازی ونەدوورینی دەمی ئازادی بیرورا لەژێر ناوی پووچی موقەدەساتەکان وتابۆکان وهێڵەسوورەکاندا بەستراوەتەوە بەڕادەی یەکڕیزی و هاتنەمەیدانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ودەرەوە لە دژی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی پارتی و پێکهێنانی دەستبەجێی لیژنەیەکی سەربەخۆ لە پارتی بۆ لیکۆڵینەوەو بەدواداچوونی کەیسی سەردەشت عوسمان و گەیاندنی تیرۆریستان بۆ بەردەم دادگایەکی ئاشکراو عادیلانە .ئەمە بەرپرسیارەتی مێژوویی تەواوی ئازادیخوازانێکە کە بەتیرۆری سەردەشت عوسمان وسۆرانی مامە حەمەو ئەوانی تر فرمێسکیان بۆ ڕانەگیراو دەنگی نارەزایەتیان بەڕووی پارتیدا هەڵبڕی .

21 ی سێپتێمبەری 2010

**پارتیو چیرۆکەکەی هیشام مەحمود**

حەمەغەفور

لەو شانۆییەڕووتو ڕەجاڵەتەلەفزیۆنیەدا، کەپارتی دیموکراتی کوردستان ئێوارەی سێشەممە لەڕێگای تەلەفزیۆنی کوردستانو زاگرۆس تیڤیەوەپەخشیکردەوە، کەسێک بەناوی (هیشام مەحمود ئیسماعیل)ەوەئامادەکراوە تاچیرۆکێکی سەرتاپێ درۆو هەڵبەسراو بۆ کۆمەڵگای کوردی بگێڕێتەوە، سەبارەت بەڕفاندنو تیرۆری سەردەشت عوسمان. پارتیو تەلەفزیۆنەکانی بەم سیناریۆیەئەیانەوێ (هیشام مەحمود) بکەن بەپەیامبەری ئەو درۆ شاخدارەیکەگوایا (سەردەشتی سکۆلار، سەردەشتی سەرکەشو ئازادو چاونەترس)، سەر

بەگروپی ئەنسارولئیسلام بووەو بەڵێنی کاری تێکدەرانەی پێیان داوەو دواتر بەئەنجامی نەگەیاندووەبۆیەکوشتوویانە. ئەمەش دەرەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پارتیەو ئاکامی پرۆسێسی "عادلانەو بەئەمەکی شوێنگرتنو توێژینەوەکەیانە!" لەدۆسێی سەردەشت عوسمان. میدیای پارتی بەم فیلمەویستی دوا پەیامی پارتی بەخەڵکی بداو بڵێ؛ ئیتر مەسەلەی سەردەشت تەواو بوو! خەڵکینە، ئێوەش‌ئاو بێننو دەست بشۆن! چیتر ئۆباڵی سەرنگومگردنو کوشتنی سەردەشت مەخەنەگەردنی پارتیو دەزگای پاراستنەکەی!

بەگوێرەی ئەم حیکایەتەی پارتی بێت،ئەو ووتارەڕەخنەییو تەنزئامێزانەشی کەسەردەشت ئاراستەی پارتیو دەسەڵاتی کوردی کردوون، بوختانەو بۆ سەردەشت هەڵبەسراوە. چونکەبەقسەی سەرۆکی هەرێم بێت ئەو نەڕۆژنامەنووسەو نەهیچ. تەنها خوێندکارێک بووەوکەوتۆتەداوی ئەو گروپەئیسلامیەوەو بۆتەقوربانی. بەڵام سەرنجێکی خێرا لەسەرجەمی ووتارو نووسینەتەنزاویو بەهێزو شیکاریەکانی سەردەشت عوسمان لەپارتیو دەسەڵاتی کوردی، ئەو ڕاستیەڕەهایەئەخەملێنێت کەبەبارستایی تاڵەموویەکیش سەردەشت نزیکایەتی لەگەڵ بیرو باوەڕی ئیسلامیو تیرۆریستیانەی ئەنسارولئیسلامو جوندولئیسلامیەکانو نەریتی سیاسیو کۆمەڵایەتیشیاندا نیە.

بیرۆکەی ئەم داستانە هەژارەی لیژنەی تایبەتی پارتی لەیەک ڕستەدا ئەوەیە؛ کەدۆسێی جیهانیی ڕفاندنو تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) بەڕۆژی ڕووناکو بەبەرچاوی خەڵکی کوردستانەوەدیزەبەدەرخۆنەبکات! دیزەبەدەرخۆنەمانای ئەوەئەگەیەنێت، لەکاتێکدا پارتی بەنیاز بووە بەئەسپایی سەردەشتی ئازاو چاونەترس لەپای ڕەخنەکانی لەپارتیو دەسەڵاتی کوردی، شوێنبزرو سەرنگومکا، بەڵام بۆی نەچۆتە سەرو نەفرەتو ڕەخنەو بێزاریی کۆمەڵگای کوردستانی بەسەردا داباریوە، بەڵام ئێستا گەرەکیەتی بەم سیناریۆ تەلەفزیۆنیە گاڵتەجاڕەی جارێکی تریش بەختی خۆی تاقیکاتەوەو هەوڵی خۆدزینەوەبداو خۆی لەژێر ڕەخنەو گومانی کۆمەڵی کوردستاندا ڕزگار بکات. بەڵام پێناچێت لەمەشدا شانس یاوەری پارتیو لیژنەکەشی بێت!

لەکاتێکدا پارتی لە نێو دەریای گومانی کۆمەڵگای کوردی و جیهانیدا نوقوم بووەسەبارەت بە تیرۆری سەردەشت عوسمان، هەموو لایەکیش جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە ئەکەنەوە، وەتەواوی داتاو ئاماژەکانیش هێما بۆ تێوەگلانی دەزگای پاراستنی پارتی ئەکەن لەڕفاندنو تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا، کە پارتی بۆ تۆڵەکردنەوەلەسەردەشتو چاوترساندنی هەر دەنگێکی ئازادو ڕەخنەگر سەبارەت بەسیماو ئەدای واقعی دەسەڵاتی پارتیو حکومەتەکەی، لەپای ڕەخنەتەنزئامێزەکانی سەردەشتی ڕۆژنامەنووسی لاوی بەو دەردەبردووە! سەدان هەزار کەس لەخەڵکی کوردستان بەشوێن ڕفاندنو تیرۆری سەردەشت عوسماندا ڕژانە شەقامەکانی کوردستانو جیهانەوەو یەکپارچەو یەکدەنگ خوازیاری ئاشکراکردنی تاوانبارانو تەسلیمکردنیان بوون بەیاساو دادوەری.

ئەم خرۆشانە جەماوەریە و ئەم نەفرەتە سەرتاسەریەخۆی لەخۆیدا بەڵگەی پشتڕاسکردنەوەی ئەو هێماو ئاماژانەبوون کەپەنجەی تاوانیان بۆ پارتیو دەزگای پاراستن درێژ ئەکرد. ئەگەرچی تا پەخشکردنی ئەو فیلمەچەواشەکارانەیە، ڕەنگەکەلێنێکی بەرتەسک لەویژدانی جەماوەریدا بەجێ مابێت بۆ دوودڵیو کەمبوونەوەی گومانەکانی سەر پارتی، بەڵام بەشوێن نیشاندانی (هیشام مەحمود) لەتەلەفزیۆنەکانیەوەئەو کەلێنەش ساڕێژ بووەو چیتر گومانەکانی سەر تێوەگلانی دەزگا جاسووسیەکانی پارتی لەتیرۆری سەردەشت عوسماندا بەرجەستەتر ئەبنەوەو پەنجەی تۆمەتی درێژکراو بۆ سەر پارتی زۆرتر لەیەقینەوەنزیک ئەکاتەوە. بۆیە پێویستەپارتی حسابی جددی بۆ ئەو گومانەگەورەو بەرفراوانەی کۆمەڵگای کوردی بکاتو مل بدات بەداخوایەکانی جەماوەر.

فیلمی هیشام مەحمود ململانێی خەڵکی کوردستانو ئازادیخوازانی لەگەڵ دەسەڵاتی خۆسەپێنی پارتیدا بردە ئاستێکی باڵاترەوە. سەرەنجام پارتی بە نیشاندانی ئەم سیناریۆ تەلەفزیۆنیە کەوتۆتە بەردەم دووڕێیانێکەوە؛ لەنێوان هەڵوێستی ملدانەواندن بۆ خواستی خەڵکی کوردستان و تەسلیمکردنی تاوانبارانی بکوژی سەردەشت عوسمان بەدادگاو دەسەڵاتی قەزایی، وە یان هەڵوێستی ملهوڕیو خۆسەپاندن بەسەر کۆمەڵگای کوردیو ڕای گشتیدا دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرێت. ئەوەی دووهەمیان زۆر دژوارەو ڕۆژ دوای ڕۆژ گوشارەکانی سەر پارتی توندتر دەبنەوەو تەجروبەی چوار مانگی ڕابردووی نارەزایەتیەکانی کوردستانیش نیشانیداوە. ڕێگای عەقڵانی تر بۆ پارتی هەڵوەشانەوەی ئەو لیژنەتایبەتەیەو ڕێگا دانەبەدرووستبوونی لیژنەیەکی سەربەخۆو بێلایەن کەنوێنەرانی بنەماڵەی سەردەشتو ئۆرگانەنێودەوڵەتیەکانو جەماوەری ناڕازی کوردستانی تێدا بێت، هەتا دۆسێی سەردەشت عوسمان ڕەوالّی ئاسایی دادوەریانەی خۆی بگرێتەبەرو ئەم پرسەو ئەم گرفتەی کۆمەڵگای کوردی وەڵامی شایستەی پێبدرێتەوە.

23ئەیلوول2010

### چی لە پشت تیرۆر(یست)کردنی سەردەشت عوسمانەوەیە؟؟؟

حسن حسین

لەروی زمانەوانییەوە جیاوازی نێوان ئەوەی کە تیرۆر بکرێیت و بکرێیتە تیرۆریست بەتەنها پاش و پێش خستنی کردارێک و زیادکردنی سێ پیتە، بەڵام لەواقیعدا سەروبن کردن و هەڵگێڕانەوەی چەمکێکی سیاسی و حقوقی و تەنانەت ئەخلاقیشە، بەوەی لە قوربانییەوە بکرێیتە جەلاد، لە ستەملێکراوەوە بکرێیتە ستەمکار، لێرەوە کەسی تیرۆرکراو دەبێتە بکوژ و تیرۆریستێک کە ئەگەر گروپە تیرۆریستییەکە خۆشیان تەسفیەی حسابی لەگەڵدا نەکەن ئەوا دەسەلاّت و حکومەت هەر دەبێت حسابی لەگەڵدا بکەن.

لێرەدا قسەم لەسەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە نییە کە تەنها کەسانێک بەو دوعایە دەڵێن ئامین کە ویژدانی خۆیان کردۆتە بارمتەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان و بە نرخی رۆژ نان دەخۆن، بەڵکو دەمەوێت پەنجە بخەمە سەر ئەو ئاماژە و دێڕە نەنوسراوانەی کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا هاتوون:

1. تیرۆرکردنی کەسایەتی شەهید سەردەشت و رووت کردنەوەی لەو بەها جوان و مرۆییانەی کە ئەو مرۆڤە خۆی لەپێناویدا بەکوشتدا. واتە دەیەوێت سەردەشت عوسمان لە هەموو جۆرە سیمبۆلیزمێک رووت بکاتەوە.سەرنج بدەن دەسەلاتی پارتی چۆن سەیری سیمبۆڵەکانی خۆی دەکات و چۆنیش سەیری سیمبۆڵەکانی کۆمەڵگە دەکات.

2. چاوترساندنی دەنگە نارازییەکان، رۆژنامەنوسان و قەڵەم بەدەستە بوێر و رەخنەگرەکان بەوەی لەدوای کوشتنیشیان بیانکاتە تیرۆریست، قاچاخچی، تلیاک کێش، پیاوکوژ و دەیان سیفەتی نائەخلاقیان بداتە پالڕ.

3. چەواشەکردنی رای گشتی دەرەوە، بەتایبەت ناوەند و رێکخراوە نێودەوڵەتییە رەسمیی و نارەسمییەکان، چونکە گروپی ئەنسار ئیسلام مارکەیەکی تیرۆریستییە و بوونی پەیوەندی لەگەلڕ ئەو گروپەدا مانای تەکینەوەی هاوپشتی و هاوسۆزیی ئەو نێوەندە نێودەوڵەتییانەیە لەگەلڕ کەیسی شەهید سەردەشتدا.

4. سەندنەوە و زەوت کردنی پاساو و بەڵگەی پیشەیی و سیاسی لە رۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان لە بەرگری کردن و بێدەنگ نەبوون لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بەوەی هەر کەسێک بەرگری لێبکات مانای وایە بەرگری لە تیرۆر و تیرۆریستان دەکات، هەر بەو مەبەستەش راپۆرتەکە ئاماژەی بەوە نەکردووە کە سەردەشت عوسمان رۆژنامەنوس بووە، ئەنجامی ئەمەش ئاشکرایە چی دەبێت.

ئەوەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا گوێمان لێبوو پەخشان و سیناریۆیەکی ستۆک و ئیستهیلاکی بوو کە رژێمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە( بەرژێمی بەعسی رووخاویشەوە) دەیان ساڵە لە وەڵامی ئەو تیرۆرە گوماناوییانەدا هۆنیویانەتەوە کە کۆمەڵگەیان هەژاندووە. هەمیشە لەو راپۆرتانەدا عەلاگەیەکی زەمانە ئامادەیە بۆ ئەوەی ئەو کردەوە تیرۆریستییانەیان پیا هەڵبواسرێت.

ئەمرۆ تیرۆریزمی ئیسلامی ئەو شەماعەیەیە کە رووداوە گوماناوییەکانی پیا هەڵدەواسرێت ئێمە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوود و لە جەزائیر و میسر بینیمان چۆن ئەو دەنگانەی کە بەگوێی دەسەلاتداران نەشاز بوون و نارەحەتی دەکردن، دەنگی کەسایەتی ئۆپۆزسیۆن و چەپ و سۆسیالیستەکان لەنێو تەپ و تۆزی شەڕی تیرۆریزم و شەرشفرۆشی تیرۆریزمدا گۆڕیان گوم کرا، ئەمرۆکە لە پاکستان و لە عێراقیشدا دەبینین کە لە نێو ململانێی بالڕ و

کەسایەتییە سیاسییەکاند و لە سایەی چالاکییەکانی قاعیدە و گروپە تیرۆریستییەکانی دیکەدا دەیان کەس دەکرێنە قوربانی و تەنانەت تەسفیە حسابیشی تێدەکەوێت .

مەگەر کەس هەیە باوەڕ بەوە بکات ئەوە بەتەنها قاعیدەیە چالاکی تیرۆریستی و خۆکوژی لە شارەکانی عێراقدا ئەنجام دەدات تا باوەڕ بەوە بکات لە ناو پایتەختی هەرێمدا( کە رۆژانە بانگەشەی بۆ دەکرێت بەوەی ئارامە) گروپێکی تیرۆریستی بتوانێت لەبەردەم پاسەوانەکانی زانکۆدا بە شەق و زۆرە ملێ خوێندکارێکی رۆژنامەنوس بفرێنن و دواتر تیرۆری بکەن؟؟

لە راستیدا ئەو راپۆرتە کاری بنەماڵەی سەردەشت و رۆژنامەنوسانیشی سەختتر کرد بەوەی دەبێت لەمەودوا بەپاڵڕ خواستی ئاشکراکردنی تاوانبارانی تیرۆرکردنی سەردەشتەوە داوای گێڕانەوەی کەسێتی مەعنەوی و حورمەت بکەن بۆ شەهید سەردەشت.

**کێوێک ژان گرتیو مشکێکی بوو!**

**ئاسۆس هەردی**

ئەوەی هەفتەی رابردوو وەک "ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەتیرۆری سەردەشت عوسمان" بڵاوکرایەوە، لەسادەترین پێناسەدا دەبێ بڵێین هیچ شتێکی تێدا نەبوو جێگەی بڕواو قەناعەت هێنان بێت. چوار دانە مانگ لیژنەیەک کە مەگەر هەر خوا بزانێ ئەندامەکانی کێن(!)، هێنایانو بردیان، سەرەنجام بەچەند سەد وشەیەک، هەندێ شتی نامەنتیقیو سەیروسەمەرەیان پێ وتین، وەک ئەوەی بیانەوێ کۆتایی بەمەسەلەکە بێنن‌و بڵێن: هەر ئەوەیەو تەواو.

روونکردنەوەکە دەیەوێ قەناعەتمان پێبکا کە سەردەشت عوسمان بەجۆرێک لەجۆرەکان پەیوەندی بە گرووپی (ئەنسار)ەوە هەبووە. دۆستێکم کە گوێی لەم قسەیە بوو، بزەیەک گرتی وتی: "وایە.. وایە.. سۆرانی مامە حەمەش سەر بە تالیبانی ئەفغانستان بوو، بۆیە تیرۆرکرا"!!

هەموو قورسایی روونکردنەوەکە لەسەر "دان پێدانان"ی تاکە کەسێکە، کە بە وتەی لیژنەکە سەر بە ئەنسارەو بەشدار بووە لە تاوانەکەدا. بەڵام رۆژی 19ی مانگ گرووپی ئەنسار لەراگەیاندنێکدا کە لەسایتی (کوردستان نێت)دا بڵاوکراوەتەوە، زۆر بەتوندی ئەو زانیاریانە بەدرۆدەخاتەوە. دەزانم ئێستا یەکسەر ئەو برادەرانە دەپرسن: بۆ بڕوا بە ئێمە ناکەیتو بە گرووپێکی تیرۆریستی دەکەیت؟ لەوەڵامدا تەنها ئەوەندە دەڵێم: ئێوە خۆتان هەموو روونکردنەوە سەیروسەمەرەکەتان لەسەر "وتەکانی تۆمەتبارێکی دەستگیرکراو"ی گرووپەکە بنیاتناوە. باشە بۆ بڕوا بە تۆمەتبارێکی دەستگیرکراو بکەین، کە نازانین کێیەو لە چ بارودۆخێکدا وتەی وەرگیراوە، بەڵام باوەڕ بە لێدوانی رەسمیی گرووپەکە نەکەین کە دەڵێن

ئەوان ئەگەر کەسێک بکوژن نایشارنەوە، بەکردەوەش لێمان بینیون؟ ناشمەوێ بچمە سەر لێکدانەوەی روونکردنەوەکە، تەنها دەپرسم: ئەگەر ئەنسار بیەوێ کەسێک بکوژێ، بۆ دەبێ ئەو موجازەفەیە بکاو بە رۆژی رووناک لەبەردەم زانکۆ بیرفێنێ، پاشانیش بەو هەموو خاڵی پشکنینەدا بیبات، ئینجا بیکوژێت؟ خۆ ئەگەر لەتواناشیدا هەبێ بەو ئازادییە شتی وابکات، دەبێ چی بە بەرپرسە ئەمنییەکان بڵێین؟

لەلایەکی ترەوە، سەیرە تەنها چەند رۆژێک پێش بڵاوبوونەوەی روونکردنەوەکە، زنجیرەیەک سکاڵای بەحساب "یاسایی" لەسەر راگەیاندنی ئازادو کۆمپانیای وشەی سەر بە ئۆپۆزسیۆن تۆمارکران! تۆبڵێی ئەمە چاو سوورکردنەوەیەکو هەوڵێکی دەمکوتکردنی پێشوەخت نەبووبێت، لەلایەن هەندێ عەقڵیەتی کونزێرڤاتیڤی ناو حیزبەوە؟ هیوادارم وانەبێتو ئەمە تەنها رێکەوت بووبێت، بەڵام ئەگەر کەسێک هەبێ بەراستی بەم شێوەیە بیری کردبێتەوەو تا ئێستاش لەسەر ئەو عەقلیەتە مابێ کە دەتوانێ بە ترسو تۆقاندن خەڵک بێدەنگ بکات، با لەئێستاوە پرسە بۆ داهاتووی سیاسیی خۆی دابنێ. با لەوەش دڵنیابێ، ئەو خەڵکەی لەتاریکترین سەردەمەکاندا ترسو تۆقاندنی بەعسو ئەنفال ملی پێکەچ نەکردن، بەم رەفتارەو لەم سەردەمەدا جگە لەسووربوونی زیاتر لەسەر ئازادیو داکۆکی کردن لەمافەکانی خۆیان، هیچ کاردانەوەیەکیان نابێت.

دوا وتەم بۆ کەسوکارو بنەماڵەی شەهیدی قەڵەم سەردەشت عوسمانە: ئازیزان، دڵنیابنو دڵتان گەرد نەگرێ. ئێوە نموونەی خەڵکی ئازادیخوازو سەربەرزی ئەم نیشتمانەن. ئێمەو نەوەکانی داهاتووش خۆمان بەقەرزارتان دەزانینو سەری رێزتان بۆ دادەنەوێنین. لەرێگەی خۆراگریی ئێوەشەوە تێدەگەین بۆچی سەردەشتی جوانەمەرگ ئەوەندە ئازاو سەربەرزو دەنگ دلێر بوو.

## یەکەمین جەژن بێ سەردەشت

بەشدار عوسمان (بەشدار علی )

بەداخەوە ئەم رۆژانە یەکەمین جەژنمان بێ سەردەشت بەرێکرد،ئەو لاوە رۆژنامەنوسە خوێن گەرمەی کە چوار مانگ لەمەوبەر لەبەردەم کۆلیژەکەی فرێندراو و دواتر بە وەحشیانەترین شێوە دەستی ناپاکیان گەیاندێ و رقی وەحشیانەی خۆیان تیایدا خاڵی کردەوە و تیرۆرریان کرد و بۆ هەتا هەتایە لە خوێندنەوە و نوسین و کاری راگەیاندن و ئاشتینامە و کۆلیژ و پیرە هەولێر و دۆست و هاورێیانی و کچە نەشیمیلەکان و خۆشی و رەفاهیەتی ژیان بێ بەشیانکرد. لە مێژووی خێزان و خانەوادەکەی کە دەیان کارەسات و رۆژە رەشی و دەربەدەری و ئاوارەییان بە دەستی رژێمە یەک لەدوایی یەکەکانی عێراق بینیوە ،ئەمە ناخۆشترین جەژن بوو،چونکە جەژنێک بەر لە ئیستا سەردەشتی جوانەمەرگ لەنێو

خانەوادە و دۆست و هاوڕێیانی خەریکی سەردان و بەسەرکردنەوەی خزم و دۆست و هاوڕێیانی بوو،خەریکی لە ئامێز گرتنی منالآن و بەشینەوەی نوقڵ و شیرینی و پێکەنین و زەردەخەنەکانی بوو،کەچی ئەم جەژنەیە تەنها گۆڕێکی سارد و ووشک و بێ دەنگ و جوڵە شک دەبەرین، بە هەستی دۆستان و هاوڕێیان و رۆژنامەنوسانیش( کە لەم جەژنەدا لەگەڵمان بوون)،جەژنێک بوو پڕ لە گریان و بیرکردنەوە،چونکە جەژنێک بەر لەئیستا سەردەشتی رۆح سوک بە مەسج و تەلەفۆن و نوکە و قسە خۆشەکانی بەسەریدەکردنەوە،جەژنێک بەر لە ئیستا هاورێیەکیان هەبوو، هاوپیشەیەکیان هەبوو کە لە کاتی ناخۆشی و تەنگانە و کێشە و گرفت هانای بۆ بەرن و ئەویش بەوپەڕی دڵسۆزی هاوکارییان بکات و کێشە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات،بەلآم لەم جەژنە وەکو هاورێیان لەکاتی جەژن ئاماژەیان بۆکرد:ئەو شاخەی پشتمان شک نابەرین و ئەو زاڵمانە رووخاندیان

ئاخر ئەوان دەیانزانی بەمانای ووشە ئەو گەنجە شاخە و دەبێتە بەبەبەربەستێکی بەهێز لەبەردەم خائینان و وڵات فرۆشان،دەبێتە دڕکێکی تیژ بۆ نێو چقڵدانی گەندەڵان،بۆیە هەر زوو بیریان لە لەناوبردنی کردەوە،بەلآم خەیاڵیان خاو بوو،نەک هەر نەیانتوانی رێگا لە پەیامی سەردەشت بگرن،بەڵکو پەیامی سەردەشتیان بۆ هەتا هەتایە بە زیندووی هێشتەوە..

ئەوەی ئەو جەژنەی بە سوێتر کرد بۆ ئێمە ئاشکرانەکردنی بکوژانی سەردەشتی جوانەمەرگ بوو،چونکە گەورەترین زوڵمێک لەخانەوادە و رۆژنامەنوسان و هەولێر و ووشە و ئازادی کراوە و تائیستاش بکوژانی دەستگیرنەکراون سەرەڕایی لەبەردەستابونی زۆرترین ئیمکانیانی ماددی و مەعنەوی..

ئێمە رۆژانە بە بێ سەردەشت بەرێدەکەین،بەلآم تیرۆرستان و بکوژانی چرکە دوایی چرکە ریسوایی و شەرمەزاریی زیاتر بۆ خۆیان تۆماردەکەن و دەکەونە بەر نەفرەتی هەموو ئازادیخوازانی دونیا،راستە جەژن و موناسباتەکان بێ سەردەشت بەرێدەکەین،بەلآم لەگەڵ هەموو خەڵکی ئازادیخوازی دنیا بەڵێنمانداوە گەورەترین خەونی سەردەشت کە زیندوراگرتنی پەیامە ئینساندۆستەکەیەتی،بەدیبێنین و هەموو کار و پرۆژەکانمان بۆ فراوانترکردنی مەوداکانی ئازادی و یەکسانی و خۆشبەتی و رەفاهیەتی کۆمەڵگا تەرخان دەکەین کە ئەمە خەون و خولیای سەردەشتی جوانەمەرگ بوو..

لەکۆتاییدا دەمەوێت ئەمەش دووبارەبکەمەوە،ئەگەر باوەشی میهرەبانی خەڵکی کوردستان و هەست و سۆزی ئازادیخوازانی دنیا نەبوایە،کارەساتی لەدەستدانی سەردەشت بەسەر شانی ئێمە زۆر زۆر قورستر دەبوو،بەلآم هەموو ئێوە ئەم کۆستە گەورەیەتان لەگەڵ ئێمە بەشکرد و بەردەوام لەگەڵمانن و لەم جەژنەشدا لەتەک ئێمە وەستان و نەتانهێشت بێ سەردەشتیمان زۆر پێوەدیار بێت..

بژی سەردەست، بژی سەردەشت، بژی ئازادی

**سەروکێ هێژا ئەز جەوا باوەر بکەم ؟؟؟**

**ئارارات گولی / نەرویج**

**پارتی دیموکراتی کوردستان هەر ژ روژا دامەزراندنێ وهەتا ئەڤروکە زور کریارێن هوڤانە ونەمروڤانە ئەنجامداینە ج ب شێوەکێ بەرجاڤ یان نهێنی ، بەلێ ئەڤە وێ جەندێ خویا ناکەت ئەم بێژین پارتی هیج تشتەکێ باش نەکری یە دژیانا سیاسی وخەباتا جەکداری دا ژ بو دوزا گەلێ کورد ، دڤێت مروڤ راستگو بیت ، رویدانا تیرورکرنا قوتابی وروژنامەڤان سەردەشت عوسمان خەلکێ کوردستانێ خەمگین وتورە کرن جونکە نە  تشتەکێ نورمالە کەسەک ب روژ ل پایتەختێ هەرێمێ بهێتە تیرورکرن،پشتی جەندین نەرازیبوون وخونشاندان هاتینە سازدان ل کوردستانێ ، سەروکێ هەرێمێ بەرێز مەسعود بارزانی بریاردا لژنەکا تایبەت بهێت دروستکرن ژ بو لێکولینێ ودیڤجوونا تاوانباران ، بەلێ پشتی ئەنجام هاتیە راگەهاندن ژ لایێ ڤێ لژنێڤە، کە گروپا ئەنسار ئەلئیسلام  ئەڤ کریارە ئەنجامدایە ، تەخا روژنامەڤانا وخێزانا سەردەشتی پێ رازی نەبوون ، ئەز وەکو کوردەکێ دلسوز وئازادی خاز باوەر ژ ئەنجامێت ڤێ لژنێ ناکەم جونکە براستی دیرووکا پارتی گەلەک ژ ڤان جورە سیناریویان تێدا هەنە ، دێ هەولدەم هندەک ژ وان بینم بیرا خاندەڤانێت هێژا :**

**١_ دەمێ سەرکرداتیا پارتی هەمی ل ئیرانێ ،دەست هەلاتا ئیرانێ گوتە: ئیدریس بارزانی دڤێت هین شەرێ حزبا دیموکراتا ئیرانێ بکەن یان هین ژ ڤێرێ بارکەن ، ئیدریس بارزانی هندەک کەس بشەڤ هنارتن سەر گورێ مەلا مستەفای وکێلیێت وی شکاندن وهەلکولان ، پارتی پروپاگندەک مەزن دناڤ کوردان دا کر ودگوت: ئەڤە ئەندامێن حزبا دیموکراتا ئیرانێ ئەڤ کریارە ئەنجامدایە ، شەری دەست پێکر پارتی بسەروکاتیا ئیدریسی هەتا بجیکێت دلاندکاندا کوشتن ، ئەڤ هزرا نە هەژی ئیدریس بارزانی کرە راستی ، پشتی هینگێ راستی ئاشکرابین .**

**٢_ کارەساتا زاخو ل 27 شوباتێ ل بازارێ دولاری هاتە رویدان ، پارتی ئێکسەر ئێکەتی پێ گونەهبارکر ، هاولاتیەک بناڤێ ئەحمەد سالح ئینات سەر شاشا تەلەفزیونێ ودحەفتینا پەیماندا زمانحالێ پارتی بوو ل دهوکێ جاڤپێکەفتنەکا درێژ بەلاڤەکر کا جەوا ئەڤی کەسی پارە ژ کوسرەت رەسولی وەرگتینە ژ بو ئەنجامدانا ڤی کاری ، پشتی پارتی وئێکەتی پێک هاتین گوت ئەڤ کریارە ژلایێ میتا تورکان ڤە هاتیە دروستکرن ، نزانم وەکی فلمێ ئاشوپی لێکر لبەر جاڤێت خەلکی ، ئەحمەد سالح ج لێ هات ؟؟ بەس خودێ دزانیت**

**٣_ ل 6 / 12 / 2005  پارتی هێرشکرە سەر بارەگایێت یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لدەڤەرا بەهدینان ودوو کەس لدهوکێ هاتن کوشتن (موشیر ئەحمەد ئەحمەد ، عسمەت بەندی) وهەروەسا لزاخو دوو کەس هاتن کوشتن (مەلا شەفیق کێستەی ، عبدالرحمن**

هروری)، سەروکێ هەرێمێ ئیدانا ڤان رویدانا کر وبریاردا لژنەکا تایبەت دروست کەت ، تشتێ سەیر وعنیکە ژ لایێ پارتی ڤە کەسەک هاتە دەستنیشان کرن ببیت ئەندامێ لژنێ ، خەلکێ دەڤەرا بەهدینان هەمی دزانیت کا جەعفەر ئیبراهیم  کی یە وجی کری یە ل دهوکێ دەمێ گەنجەکێ هێشتا ژ بهارا ژیێ خوە تێر نە بووی دایە بەر گولێت دبانجان لسەر شەقامی ل نێزیک مزگەفتا مەلا مستەفای ، ل وی دەمێ جێگرێ موحمەد مەلا قادری بی بەرپرسێ لەقا ئێک ، ئەرێ ئەڤە بەر ئاقلە کەسەکێ کوژەک  ببیت ئەندامێ لژنێ ودیڤجوونێ لسەر کوژەکان بکەت ؟؟؟ گورگ ببیت شڤانێ پەزی

ب هزرا من دێ هینگێ ئەڤ تاوانە ئێن ئاشکراکرن دەمێ دووبەرەکی دکەڤیت دناڤ پارتی دا وەکی ئێکەتی ، بەلێ کەنگی ؟؟؟

براستی من گەلەک هەولدان ئەز باوەریێ بو خوە دروستکەم ب ئەنجامێت ڤێ لژنێ بەلێ من نە شیا جونکە لژنەکا لیشت پەردێ هاتیە دروست کرن دێ جەوا دەرئەنجام راست ودروست بن ؟؟

هزار سلاڤ لسەر گیانێ ڤان روژنامەڤانا بیت یێن ب دەستێن جەپەلان هاتینە شەهیدکرن وتیرورکرن

**ڕێبازی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەروەندەی سەردەشت ڕێک دەقاودەقی ڕەوتی سازمانێکی تیررۆریستیە**

مام ناوەندی سەر شەقام

ئایا پزشکی قانوونی و دامودەزگای پۆلیس زانستی دی، ن، ئا( زانستی زگماگی) یان ژینەتێکیان لە لێکۆلینەوەی پەروەندی سەردەشت بکار هێناوە؟

جگە لەوەی ئەندامانی لێژنەی لێکۆلینەوەی پەروەندی سەردەشت بۆ خەڵک و بنەماڵەی سەردەشت نە ناسراون و موشەخەس نیە ئەوان کێن و لە چ خێڵ و هۆز و دەستەیەک و داموودەزگایەکن، ناوەرۆقی راگەیاندراوەکەش پڕ لە کەموکۆری و مەسایلی بێ رەبت و شک و گومان و پرسیارە.

پرسیار، ئایا لێژنەی لێکۆلینەوەی پەروەندی سەردەشت پەسندکراوی دەوڵەت و پارلەمانی هەرێمە؟

ئایا وزارەتی دادوەری ئاگاداری ئەو لێژنەیە بووە، ئایا هیچ هەماهەنگیی یەک لە نێوان پۆلیس و پاراستن و وزارەتی دادوەری و پارلەمانی هەرێم لە ئاراد بوو؟

ئاشکرایە ڕەوت و شێوازی بکار هێنراو لەو لێکۆلێنەوە دەگەل هیچ ڕێبازێکی لێکۆلێنەوەی زانستی نەک هەر نایخوێنێتەوە بەڵکوو ناوەرۆکەکەی زۆر ساکارو و بێ موحتەوایە و زیاتر لە ڕێبازێکی داسەپاوی و دێکتەکراو کە پێشتر لە لایەن سازمانێکی تیرۆریستی و سیخوری بۆ کردەوەیەکی موشەخەسی سازماندراوە ئامادەکراوە دێتە بەرچاو تاکوو لێکۆڵینەوەی دەستەیەکی بێ لایەنی شارەزا و لێزان و لێهاتووی ئەو کارە.

بۆ سەلماندی کەموکۆرییەکان لێکۆلێنەوەکە و ئەوە کە پێشتر سیناریۆی لێکۆلێنەوەی پەروەندەی سەردەشت لە لایەن سازمانێکی جاسوسی و تیرۆریستیەوە سازدراوە و دەقی ڕاگەیاندراوی لیژنەی لێکۆلێنەوەی دیکتە کراوە، پێویستی بە کارشناسییەکی بالا نیە و تەنانەت مام ناوەندی سەر سەقامیش دەزانی کە ئەو ڕاگەیاندراوە سازدراوی ناوەندییەکی تیرۆریستیە وسیخورییە و دوور لە ڕاستیە و زیاتر درۆ هەڵبستن و ناوەرۆکەکەشی بی ئەرزەشە، چەند نمونە دە خێنە بەرباس کە جێ شک و گومانن:

یەکەم، بەڵگەیەک یان سەرچاوەیەک بۆ سەڵماندن یان ڕەتکردنەوەی ئیدەعاکانی لیژنەی لێکۆلێنەوە لە ئارادا نیە. تەنانەت لە کەسێک بەناوی گومان لێکراو کە ناسنامەو ئەدرەسی بۆ کەس مەعلوم نیە وەک بەڵگە بۆ تۆمەتبارکردنی عوسمان سەدەشت ناو دەبات، ئەوکەسەش پێش چاوی داپۆشراو بۆ ئەوەی گومانی ناسێنەوە لە لایەن خەڵک درووست نبێ.

دووهەم، ڕاپۆرتی پزشکی کە وەردەکاریەکانی لێکۆلێنەوەی لەسەر تاوانلێکراو لە باری پزشک دخاتە بەردەست و گەلێک گرینگە و ڕوونی دەکاتەوە کە تاوانلێکراو کەی، چۆن، و چەند فیشک و لە چ وەزعییەتێک دا هێرشی کراوەتەسەرو ئایا تاوانلێکراو توانیویەتی لە خۆی بەرگری بکا باسێکی لێنکردوە؟

ئایا تاوانلێکراو بەرنگاری هێرش کەرانی کردوە، ئایا تێکهەڵچۆنێکی لە بەینی تاوانلێکراو و هێرش کەر (کەران) دا لە ئارا دا بوو، ئەوانە موشەخەس نکراوەن و لە حاڵەتێک دایە کە ئەو زانیارییە دەتوانی کۆمەڵێک شتی تازە ئاشکرا بکا؟

ئایا بۆ ئاکام وەرگرتن و موشەخەس کردنی بکۆژان لە لێکۆلێنەوەی پزشکی قانوونی لە عیلمی دی، ن، ئا واتە زانستی ژێنەتێک( زانستی زگماگی) کەڵکی وەگیراوە، ئەگەر ئیستفادە لەو ڕێبازەکراوە ئاکام چ بوون، ئەگەر زانستی دی، ن، ئا بۆ ناسینی بکۆژان بکار نەگیراوە هۆکارییەکانی چ بوون؟.

سێهەم، مەسەلەی هەرە گرینگ گۆزارەشتی پۆلیسە، ئەو بەشە دەتوانی زانیارێکی زۆر بدەداتە دەستەی لێکۆلەرەوان. بێگومان سەردەشت هەر وەک لە ڕاپۆرەتە ناقیسەکەی لیژنەی لیکۆلێنەوە دێتە بەرچاو بە ئۆتۆمۆبێلێک دەگۆازتراوەتەوە و چەند کەسیش لەو گۆازتنەوە دا بەشداری بوون کە گوایە یەکێک لەوان هشام ئیسماعیل بووە.

پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا پۆلیس راپۆرتێکی لەو ڕووداوە هەڵگرتووە؟ ئەگەر ئەو راپۆرتە هەیە ئایا پۆلیس داویەتە لێژنەی لێکۆلینەوە؟

ئایاپۆلیس لە زانستی دی، ن، ئا ( زانستی زهماگی) واتە زانستی ژێنەتێک بۆ دیاری کردنی بکۆژان کەڵکی وەگرتەوە، ئەگەر ئیستفادە لەو ڕێبازەکردوە ئاکام چ بوو، ئەگەر کەڵکی وەرنگرتووە هۆکارییەکان چ بوون دەبێ پۆلیس ئەو قەزییە روون کاتەوە؟.

ئێستا کە بە پێی راگەیاندراوی لێژنەی لێکۆلینەوە هشام ئیسماعیل تاوانباری خۆی قەبووڵ کردوە، ئایا نمونەی دی، ن، ئا، لە هشام بۆ لێکۆلینەوە هەڵگیراوە، بۆ ئەوەی بزانن هشام ئیسماعیل لە رەفاندەنی سەردەست دا دەستی بووە یان؟

ئەگەر ئەوکارە کراوە ئایا ئاکامی دی ،ن، ئای هشام لە گەڵ ئاکامی ئەسەر یان ئەساراتی دی، ن، ئای بەشدارانی ڕووداوە کە ئۆتۆمۆبێلەکەیان بکار هێناوە موقایسەکراوە، ئەگەر کراوە ئاکام چ بوونو ئەگەر بە جێ نەهاتوە هۆکارییەکە چێین؟

هەنوکە کە بۆ دۆزینەوەی تاوانباران پۆلیس لە زانستی دی، ن ئای گومان لێکراوان، واتە زانستی ژێنەتێک کە یەکێکە لە ڕێبازەکانی پێشکەتوویە ئیستفادە دەکا و زۆریش سەرکەوتویە و پۆلیس بەو هۆیەوە توانیویەتی زۆربەی تاوانەکان کە دەکرێن بە ئاکام بگینێت، جێ خۆیەتی بۆ کارەساتیکی ئاوا لە هەرێم لەو تکنەلۆژیا کەڵک وەربگیرێت بۆ ئەوی جێ هیچ پرسیارو گومنێک نە هێڵێتەوە.

چوارەم، جێ سەر سوورمانە، بۆ و لە بەر چێ پۆلیس و لێژنەی لێکۆلێنەوەی ڕووداوە سەردەشت بانگهێشتنی بنەماڵەی سەردەشت و میدیا و ڕۆژنامەوانان و نیزکان و ئاگادارانی ڕووداوەکەی نکردوە؟.

ئایا لێژنەی لێکۆلێنەوە بۆ ئەو کارەی دەلیلێکی هەیە، یان بە مەنزورو مەبەستەوە بوو؟

لیرەدا دەردەکەوەی لێژنەی تەرخانکراو بۆ دۆزینەوەی بکۆژ یان بکۆژانی سەردەشت لە بواری لێکۆلێنەوە نەک هەر لێهاتووی ئەو کارە نیە و کەمتەرخەمیێەکی زۆری کردوە، بەڵکوو لە هەڵبستنی درۆ و سازدانی سناریۆیەکەش سەرکەوتوو نەبووە و زۆر لاوازە.

ئەوەش ئەوە دەسەلمێنی کە ئەو لێژنە بەکرێگیراوی داموودەزگایەکی تیرۆریستی و سیخۆرییە و دەقی راگەیاندراوەکەشی لە پێشدا بۆ سازدراوە و پێیان دیکتە کراوە.

تۆمەتبار کردنی سەردەشت لە لایەن سازدرانی سناریۆکەی سەردەشت بە ناوەندی تیرۆریستی ئەنسار ئەلئیسلام دەتوانی بەدوو دەلیل بووبێ.

یەکەم، مەترسی سازادرانی سناریۆکە لە دەسەڵاتان و خەلکانی دەرەوە. هەنوکە حەرەکەی ئیسلامی لە دونیا و بەتایبەت لە عێراق بە کردەوەی تیرۆریستی ناسراوەن و مروڤ دەتوانی

هەموو کردەوەیەکی تیرۆریستی بەئەوان ڕەبەت بدا و سازدرانی سیناریۆی پەروەندەی سەردەشت پێیان وابووە کە لە لایەن دەسەلاتان و خەڵکانی دەرەوە بە ئاسانی دەتوانن ئەو تۆمەتە بەسەلمێنن و خۆیان بەو شێوەیە لە کێشەی تیرۆرکردنی سەردەشت دەرباز بکن.

دووهەم، پێدەچیت سازدرانی سناریۆکە کوردیان بە میللەتێکی ساکارو ناحاڵی بەراوورد کردبێ و پێیانوابووە کە لەوانەی ئەو تۆمەتە واتە کە سەردەشت عوسمان بەڵێنی هاوکاری بە ناوەندی تیرۆریستی ئەنسار ئیسلامی داوە و چۆن کاری لەگەڵ نەکردون تیرۆریان کردوە بێ پرسیار خستنە سەر دەقی سناریۆکەو دروست کردنی دەردەسەری بۆ سازدرانی ئەو چیرۆکە تۆمەتەکە قەبوول بکرێ و پێلان گێران خۆیانی لە مەحرەکەیە دەرباز بکن.

ڕیکەوتی ٢٠١٠/٠٩/٢٣

**تەوقیتی سکاڵاکانی پارتی و ئەنجامەکانی تیرۆرکردنی سەردەشتی تیرۆریست!**

گەرمیانی حەمەی پوور

چەند مانگ خەڵکی کوردستان بە گشتی و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و قوتابیان بە تایبەتی لە چاوەڕوانی ئەنجامەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بوون لە دۆسیەی شەهید کردنی خوێنکارو ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) بەڵام ئەو ئەنجامەی لیژنە نادیارەکەی لێکۆڵینەوە بڵاویان کردەوە، خەڵکی کوردستانی تووشی شۆک کرد، هەڵبەتە کەسانێکیش هەبوون کە ئەو ئەنجامەیان بەلاوە شتێکی سەیر نەبوو، چونکە چەندین سیناریۆیان دەهێنایە پێش چاوی خۆیان کە بۆ پەردەپۆش کردنی ئەو کارە تیرۆریستی و دڕندەو نامرۆڤانە ڕێک بخرێت.

ئاخر ئێمە هەر ئەبێ چاوەڕوانی وەها سیناریۆیەک بین، ئەگەرنا کێ باوەڕ بەوە دەکات کە بە بێشەرمانەترین شێوە لە ناو پارێزراوترین شوێنی کوردستان بە بەرچاوی پاسەوان و خەڵک و قوتابیانەوە کەسێک بەڕۆژی ڕووناک بخزێنرێتە ناو ئۆتۆمبێلێکەوە بە پاڵ و لێدان دواتر بەو شێوە دڕندانە تیرۆر بکرێت، دواتریش لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە، ڕاستییەکانی ئەو کارە تیرۆریستییە ئاشکرا بکەن.

هەڵبەتە ڕەنگە ئەمە بە حوکمدان دابنرێت کە ئەو تاوانە بخرێتە ئەستۆی پارتێکی دیاری کراو، بەڵام ئاخر عەقڵ بڕوا بەوە دێنێت کە لەشارێکی وەکو هەولێرداو بەو شێوەیە کەسێک بڕفێنرێت و پارتی ئاگای لێ نەبێت. ئاخر خۆ هەر ئەو ڕۆژانە بوو کە کورە شێخێک لە دەستی تیرۆریستان دەرهێنرا هەرچەندە تەرمەکەی بوو نەک خۆی، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن بوو پارتی ئاگای لە کاری ڕفاندنی وا هەیە، بەڵام سەردەشتیان لەو هەموو زاڵگەیەی ژێر دەسەڵاتیدا ڕفاند؟!

بێگومان لە سنووری عەقڵ و مەنتق بەدەرە کە کەسێک کاری وای لێ بوەشێتەوە ڕاستی نتاوانەکانی خۆی ئاشکرا بکات، پێم وایە گەوجانەشە هەر کەسێک چاوەڕوانی وەها ئەنجامێکی ڕاستی ئەو لێکۆڵینەوەیە بێت.

لە ڕۆژانی سەرەتای ئەو کارە تیرۆریستییەوە و ڕووماڵ کردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی خەڵک لەلایەن کەناڵەکانی سەربەکۆمپانیای وشەوە بە تایبەت کەناڵی KNN پارتی و زوڕناژەنەکانی هەڕەشەی ئاشکرا کردنی بکوژەکەیان دەکرد بە شێوەیەک کە نەوشێروان مستەفا بکوژی ئەو لاوە ڕۆژنامەنووسەیە.

ئاخر چۆن بوو دواتر لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی شەهید کردنی سەردەشت عوسمان ئاشکرای کرد کە تیرۆریستانی ئەنسار ئەو کارەیان کردووەو خودی سەردەشتیش تیرۆریست بووە! تۆ بڵێی نەوشێروان مستەفا بۆ خۆی سەرپەرشتیار و دەمەزرێنەری ئەنسار نەبێت؟

ڕەنگە دروست کردنی سیناریۆیەکی وەها بۆ ئەو کارەش بەلای دەسەڵاتەوە کە گەزو مەقەست بە دەست خۆیانە کارێکی دژوار نەبێت.

من بۆ خۆم هەر لەگەڵ ئەو سکاڵا سەیرانەی مەکتەبی سیاسی پارتی کە داوای قەرەبووی پێکەنیناوی دەکات، گومانم لەوە نەما کە سیناریۆیەکی سەیری بۆ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەردەشت پێکهێناوەو دەیەوێت لە ڕێگەی سکاڵا سەیرەکانییەوە بە جۆرێک میدیای ئەهلی و ئازاد سەقاڵ بکات لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەو ئەنجامە سەیرەی لێکۆڵینەوەکەدا نەیان پەرژێتە سەیر وورووژاندنی ئەو سیناریۆیەو بەکاری خۆیانەوە سەر قاڵ بن و تارادەیەکیش بترسن لەوەی کە ئەمجارەیان شتی بفە هەڵبەتەی بە دەستووری ئەوان دەست لێ نەدەن. تەنها شتێک کە پارتی ئەبێ بیزانێت ئەوەیە نەخەڵکی کوردستان ئەوەندە گێلە بڕوا بەو ئەنجامە سەیرانە بکات نە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی هاوشێوەی شەهید کردنی سەردەشت دەبێتە هۆی ترساندنی ڕۆژنامەنووسان و خنکاندنی ئازادی، چونکە ئازادی ئەوە نییە کە بنەماڵەکانی خاوەن دەسەڵات لە کوردستان بەئێمەی بدەن، بەڵکو ئەوە ئێمەین دیکتاتۆریەت و تاک ڕەوەی قەبووڵ ناکەین و خۆمان ئازادی وەدەست دێنین، ئەگەر خوێنیشی لە پێناودا بڕێژین هەروەک چۆن ڕێژاومانە.

**ئێمەی تیرۆریست**

سەیوان ئازاد

جۆرجیو ئاگامبین ئەم ناونیشانەی سەرەوەی وەک (ئێمەی پەنابەر)، بەکارهێناوە بۆ خوێندنەوەی کامپ وە کامپی، بەڵام من بە مەبەستێکی دیکەو هەنوکەیی بەجۆرێکی دیکە ئەم ناو نیشانە بەکار دەبەم، ئەویش بۆگوتاری بەتیرۆریستکردنی ڕۆژنامەنوسانە، تیرۆر لەبەر

ئەوەی ستراکتورێکی دیاریکراوی نیە دەکرێت هەمووان ساتێک لە ساتەکان لەلایەن گروپێکەوە بکرێنە تیرۆریست، پێم وایە گرنگی تیرۆر لەوەدا نیە کە هەبێت بەڵکو گرنگیەکەی لە نەبونیدایە و بینا دەکرێت بە وەهم بە مانایەکی سادەتر تەنها ناوێکەو بەس،تیرۆر بۆ شاییەکە هەر ڕۆژەو دەستەڵات بە یەکێک پڕی دەکاتەوە لە بەر ئەوەی تیرۆر هەمیشە لە دۆخی ناکاودایە دەبێت بەبێ پرسین چاوەڕێی هاتنی بین،ترسناکی لەوەدایە کە ئەو دەمەی دەستەڵات دەڵێت هەیە دەبێت ئێمەش بڵێین هەیە دورنیە ڕۆبۆتی گەلێک قەشەنگ و لەهەمانکاتدا ترسناکیشیان لێ سازبکرێت بۆمان بهێنن و بڵێن پێمان ئێمە تیرۆریستەکەین ئێمە بکوژەکەین،هەبون بەمانای زمان بەمانای کردەی ئاشکرا،بەمانای خۆ مانفێستکردن،بەمانای توانای خۆ دەرخستن و ناسین بەلام ئەوەی گروپە تیرۆریستەکان پێی هەڵدەستن کردەیەکی نهێنی لابەلایە،ساتێک دەردەکەون و نامێنن تەنها دەتوانین بڵێین تیرۆرە بەلام ناتوانین بڵێین کێیە و لەچ کاتێکدایە،تیرۆریست لە هەیکەلی مرۆڤایەتیدا شوێنێکی نیە تیایدا جێنشین بێت ئەو هەمیشە لە پەراوێز و خۆبەپەراوێزکردندا دەژی بەمانایەک لەماناکان ئیدی ئەوە تیرۆرە ناتوانێت بژی لە ناومانداو لە دۆخی سڵ لێکردنەوەدایە،کەواتە دەکرێتە دەرەوەی مرۆڤایەتی،تیرۆریست کەسانێکن دەبێت لەدەرەوەی خانەی مرۆڤایەتی بن بە هۆی ئەوەی ئەمانە دژبەهەموانن،ئەوان بە پارچە پارچەی و بە نایەکانگیری لە مالاندا دەژین لە سەر شەقامەکاندا دێن و دەڕۆن وەک ئێمە،بەلام هیچ لەوە ناگۆڕێت ئەمانە مرۆڤ دەکوژن بەلام ناتوانین بڵێین خاوەن خیتابێکی دیاریکراون لەبەر ئەمەیە دەکرێت بە شەڕی دوو کۆلانیش بگوترێت شەڕی تیرۆریستان چونکە خیتابێکی سیاسیان نیە کە بەرائەت یان بەرپرسیارێتی خۆیان بدەن لەوەی کردویانە یان نا،بەوە ناسێنراون کە هەموان دەکوژن بۆیە ئالۆزیەکی زۆر هەیە لەوەی کێ تیرۆریستە یان نا لەبەر ئەمەشە گرنگیەکی ناوازەی هەیە ئەمڕۆ نەک بۆ دەستەلاتی کوردی بەڵکو بۆ زلهێزێکی وەک ئەمەریکایش،بۆیە بۆ ئەوەی هەرکەسێک کە بەتیرۆریست ناسرا ببێتە جێگەی بێز لێهاتنەوەی خەڵکی هەموان و بێتە جێگەی ترس و سڵ بکەنەوە لە ناوهێنانیشی پێویست وایە بکرێتە تیرۆریست،چونکە لەبەردەم حەرەمی تیرۆردا کەس ناتوانێت بڵێت نا بەمانا ئاگامبینیەکەی هەموو ئەوانەی کە لە کەمپ دەگەڕێنەوە ناتوانن بگێڕنەوە چونکە مردوو ناگێڕێتەوە و قسە ناکات شایەتیش نادات سەردەشتیش ناگێڕێتەوە کێ تیرۆری کردووە (من تیرۆر بە مانای تیرۆری ئەنسارولئیسلام وەک ئەوەی دەستەڵات بەکاریدەهێنێت بەکارناهێنم)،من هەمیشە گومانم هەبووە لە یاسای تیرۆر لە کوردستاندا چونکە سەخیفترین شتێک کە ناتوانریت بەرائەتی کەسێکی پێ بدەیت یاسایە بەرامبەر یاسای تیرۆر،چونکە درۆی قەبەکردنی تیرۆر هێندە گەورەکراوە ئەوەشی بیەوێت بڵێت نا بەڵگەکانی ناتوانن کاربکەن،تیرۆر بۆتە گوتارێک بەرائەتی بەبەڵگە نادرێت،بوەتە تورەکەیک هەموو پیس و چەپەڵی ئەوانی دیکەی پیادا هەڵدەواسرێت،چونکە تیرۆر بێدەنگە،جێگەی پێکەنین نیە دوای بە تیرۆریست ناساندنی ڕۆژنامەنوسێک ئیدی کەیسەکەی بدرێتە دەست یاسای تیرۆر،کامپی ڕۆژنامەنوسان خەریکە لەم هەرێمەدا دروست دەبێت کامپی قڕکردن وەک چۆن پارتی نازی سەرەتا ناسنامەی لە جولەکەکانی ئەڵمانیای نازی دەسەندەوە و لە هەموو مافێکی هاولاتی

بوون دەخران پاشان دەنێردران بۆ کامپی قڕکردن لێرەش سەرەتا ناسنامەی ڕۆژنامەنوسی لێدەسەندرێتەوەو وەک ڕۆژنامەنوس ناناسێندرێت بگرە لەوە سەیرتر پێشتر بۆ سەردەشت عوسمان وەک شەهید سەردەشت دەناسێنرا بەڵام پاش ڕاگەیاندنەکەی ئاسایشی هەرێم وەک کوژراو لە هەندێ ڕاگەیاندنەوە ناسێنرا، پاشان دەکرێتە شتێکی گونجاو سەیر کە ئەمڕۆ وەک تیرۆریست پێمان دەناسێنن، مانایەکی دیکەی کامپ بێدەنگییە واتە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا هاوڵاتییان بێدەنگ نابن ئەگەر کەسێک بە تیرۆریست نەناسرێت تەنیا تیرۆرە سیحری بێدەنگکردنی هاوڵاتیان لەدەست نادات و بەوسیحرەوە کاری قەشەنگ نەک بۆ دەستەڵاتی کوردی بەڵکو بۆ هەموو دەستەڵاتێک دەکات ئەمڕۆ لە جیهاندا، ئەوەشی بەرگری لەم کەیسە بکات دورنییە بەهەمانشێوە بکرێتە تیرۆریست وە ئەوانەیشی پێشتر دەنگیان لەسەر شەهیدکردنی ڕۆژنامەنوسان هەڵبڕیوە لە کوردستاندا دوبارە لەلایەن دەستەڵاتەوە چاویان پیادا بخشێنرێتەوەو بەمانای (حەق و حساب)یان هیچ نەبێت پێیان بگوترێت بەرگریکارن لە تیرۆریست بەدوری نازانم نەک داواو دو داوا بەڵکو کاری سەمەرەی لێ بکەوێتەوە، پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنوسان لەگەڵ تیرۆریستاندا لە چیدایە واتە ڕۆژنامەنوس لە کویادا لە تیرۆریست دەچێت:

سەرەتا سەرنج ڕادەکێشمە سەر خیتابی تەخوین لە ساڵانی ڕابردودا و بەراورد بە تیرۆر تەخوین کاتێک سیحری خۆی هەیە کە دوژمنێک لە وبەرەوە بێت، یا ئامادەبێت بۆ لەناو بردنی نەیاران هێزێک پەنا دەباتە بەر خیتابی بە تەخوینکردن، بەڵام خیتابی تەخوین لەگەڵ دۆخی شەڕدا دەتوانرێت کاری پێبکرێت کار بە مانای ئەنجامدانی لە ناوبردن و کوشتن، چونکە لەساتەوەختی شەڕدا هیچ ئارگیۆمێنتێکی ناوێت هۆی کوشتنەکە، تەنها ئەوەیە کە هاوڵاتیان لە خیانەتکاری کوژراو بەرائەتی بکوژ ئاگادار بکرێنەوە، ئەوەی تەخوین ساڵانێکە بەردەوامی دەداتە شەڕێکی وەک شەڕی ناوخۆ بەر ئەنجامی ئەو دیدە بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەو سیحرەی نەماوە ناتوانێت ببێتە خیتابی دور مەودا، لەبەر ئەوە گوتاری تیرۆر گەلێک کار ئەنجام دەدات ئەمڕۆ زۆر ئاسانە بۆ ئەوەی دەستەڵات بەو چاوە ئێمەی پێ ببینێت، بەو چاوە کێی بوێت ڕای بکێشێتە کامپەوە.

ڕۆژنامەنوس تیرۆریست نیە بەڵام دەکرێت، بکرێتە تیرۆریست زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ زیندانەکانیان لێ پڕ کراوە تەنها گوتراوە تیرۆریستن بەڵام ساڵانێکی درێژە دادگای ناکرێت، وە بۆ هەمیشەی ناکرێن چونکە یاساکانی تیرۆر ترسناکترینە لە یاساکان کە حورمەتی مرۆڤایەتی و یاساو ئەخلاق و هەموو بەهایەکی ئینسانی ژێر پێ دەخات، یاسا ئالێرەدایە وەک چۆن یاسایەک هەیە بۆ ڕزگاربوون یاسایەک هەیە بۆ کوشتنی هۆمۆساکەری ئاگامبینی. هۆمۆساکەر ئەوکەسەیە کە یاسایەک نیە ئیدی لەخوێنی کوژراو بپرسێتەوە بەڵکو هەمووان دەتوان کەسی هۆمۆساکەر بکوژن، پەنابردنە بەر گوتاری تیرۆر وەک وتم بۆ شاییەک دروست دەکات دەستەڵات کێی بوێت پێی پڕ دەکاتەوە، شتێکە نیە بەڵام تیرۆر ئیدی دەبێت ڕۆژنامەنوسان لەوە بگەن ئەوان لەبەردەم ڕەحمەتی تیرۆردان وەک تیرۆریست بناسرێن، وەک تیرۆریست باسبکرێن، چونکە ناتوانیت بڵییت فڵانەکەس تیرۆریست نەبووە و

نەخێر ئەمە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەیش بەرگری لەم کەیسانە دەکەن بکرێتە هاو خەمی تیرۆریستان،بەتیرۆریست ناساندنی رۆژنامەنوسان ونکردنی ڕاستیە لە ناو تەمتومانی تیرۆردا چونکە مرۆڤ دەتوانێت لە پێگەی دەستەڵاتەوە بکوژێت بەناوی تیرۆریست لەناو بردنەوە،دابەشکردنی بلیتی تیرۆرو دروستکردنی تیرۆریستی ڕۆبۆت و هێنانیان بۆ سەر تەلەفزیۆن هیچ نیە جگە بەڵگە هێنانەوە بۆ مەبەستێک،لەکۆتایدا ڕۆژنامەنوس لە ویادا لە تیرۆریست دەچێت کە دەستەڵات ناتوانێت ئازادی و هاوڵاتی بوون و ئازادی تاک قبوڵ بکات،ئیدی دنیا لەنێوان خۆی و تاکەکاندا بەدیوارێک هەڵدەچنێت،دنیا دابەشدەکاتە سەر دۆست و دوژمن ئیدی ئەوەی هەڵسوڕێنەری ئەم کارەی دەستەڵاتە تەنیا گوتاری تیرۆرە لەبەرئەوە ئەوەی لەگەڵ دەستەڵات بە هەمان نەغمە نەخوێنێت بە دەستی تیرۆریستان کەیسەکەی دیزە بەدەرخۆنەدەکرێت، بۆیە ئەگەر هەموو ڕاستیەکە دەرنەخرێت کە چۆن ڕۆژنامەنوسێکی وەک سەردەشت تیرۆرکراوە ئەوا ڕازیبونی بێ پرسیار هەمووان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی مێژووییەوە، بۆیە ئەمە سەرەتایە بەرەو قڕکردن بەناوی تیرۆری (ئەنسارو ئیسلام)ەوە.

## شانوگەری پاراستنی پارتی

ئالان عزیز

لە ئێوارەی ڕۆژی ( 2010/09/22) پارتی فەسلی دووەمی شانوگەریە بێ شەرمانەکەی لەسەر تیروریکردنی وەحشیگەریانەی ،شەهیدی قەلەم سەردەشت عوسمان، لەسەر شاشەی کوردستان TV بەخشکرد.

دوابەدوای بلاوکردنەوەی هەمان دەزگای میدیای پارتی لە ( 2010/09/15 ) ڕاپۆرتی پڕ لەساختەو بۆختانی، بەناوی لیژنەی لێکۆلینەوەکەی بارزانی، لە تیرورکردنی قوتابی ورۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ، هات وهاوارێکی ناڕەزایەتی گەورەی بەدوای خویدا دورست کرد لە سەرتاپای کوردستان و دەرەوەی وولات ، بەشێوەیەکی گشتی لەناو کۆڕو کۆمەڵی خەڵکی ئازادیخوازومرۆڤ دوست ، وبەتایبەتی لەناو ریزەکانی زوربەی ڕۆژنامەنوسانی ئازادیخوازو قەلەم نەترس. پارتی بۆ چواشەکردن و خۆڵ رشتنە چاوی خەڵک ، کە باوەریان بە درو وبۆختانەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆلینەوەی بارزانی نەکرد ، هەستا بە بە هێنانی یەکێک لە ئەکتەرەکانی دەزگای پاراستنی حیزبەکەی ، بۆ سەر شاشەی تەلەفزیونی کوردستان TV ،و هەولی دا لە ڕێگای سیناریویەکی پڕ لە ناکوک و بێ بەڵگە ، کە بویان ڕێکخستبوو ، ئەو تاوانە بخاتە ئەستووی خۆی ، کەبەشداربووە لە رفاندنو تیرۆرکردنی نەمر سەردەشت ، و کە لە پشتی ئەم تاوانە وەحشیگەریە گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام ڕاوەستاوە، نەک پارتی! سەردەشتی تاوانلێکراویشی کردە ئەندامێکی

ئەوگرۆپە تیروریستیە، بە ئومێدی ئەوەی پارتی رزگاربکات لەم تاوانە، کە زۆربەی هەرەزوری خەڵکی کوردستان پەنجەی گومانیان بۆدرێژ دەکات.

پارتی بەم شانوگەریە قێزەونە ،هەوڵدەدات کۆمەلێک مەرام و ئامانجی کونەپەرستانەی خوی بکاتە ئەمری واقیع بەسەر خەلکی ئازادیخوازی کوردستاندا بەگشتی ، و بەر بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆژنامەوانی لەکوردستاندا بەتایبەتی ، کە لەماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا بە قوناغێکی زۆربەرچاوو چووتە پێشەوە ، وبوتە سنگەرێکی گرنک لە ڕۆبەڕوبونەوە لەگەڵ دەسەلاتی عەشیرەتگەری هەردوو پارتی دەسلاتدار و تالانوبڕیان بو زۆربەی سەروەت وسامانکانی خەڵکی بێ بەشی کوردستان ، بو گیرفانەکانی خویان و دارودەستەکانیان . ولەهەمان کاتدا هەوڵدەدات لەگرنگی ئەو ڕوداوە ناڕەزایتە گەورەی جەماوەری کە بەدوای تاوانی تیروکردنی گیان بەختکردوو نەمر سەردەشت عوسمان سەری هەڵدا ،کە عەرشی بارزانی هێنایە لکاندن و لەرزان ، بێ نرخ بکات و شەخسیەت وحورمەتی ئینسانی و جەسارەتی خودی نەمرسەردەشت لەکەداربکات و نارەزایەتی کەس وکاری دەمکوت بکات.

پارتی بەم سیاسەتە کونەپەرستانەی خوی خەڵکی ئازادیخوزو ناڕازی کوردستانی خستوتە بەردەم قوناغێکی زور چارەنوساز و حەساسەوە ،کەیان ملکەچکردنە بە دیکتاتوریەت و ملهۆریەکانی دامودەزگاکانی ، یان بەرپەرچدانەوەیەکی زۆر بەهێزترو کومەلایەتی تر لە خوپێشاندانەکانی مانگی ئایاری ڕابردودا، کە بەدوای تیرورکردنی سەردەشت سەریهەڵدا لە زوربەی شارو شاروچکەکانی کوردستان، و ملکەچکردنی پارتی بە:

هەڵواشاندنەوەی بەناو لیژنەی لێکۆلینەوەی بارزانی ، ودامەزراندنی لیژنەیەکی سەربەخو و بی لایەن بۆ سەرلەنوێ لیکۆلینەوە لە تیرورکردنی سەردەشت ، کە پێکهاتبێت لە پسپورانی یاسا یی بێلایەن ونوێنەری خێزانی سەردەشتو نوێنەری رێکخراوکانی مافی مرۆڤی سەربەخو، و نوێنەری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوردستان.

ملکەچکردنی پارتی بە پاشگەزبوونەوە لە داواکەی 22 ئابی 2010 لەسەر ڕۆژنامەکانی : هاولاتی، لڤین ئاوێنە، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە. وڕێزلێگرتن لە ئازادی ڕادەربرین و ڕۆژنامەوانی و خۆپێشاندان و مانگرتن .قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مینبەری مزکەوتەکان لەلایەن ئەحزابی دەسلاتدارەوە ، بۆ ناوزراندن و هێرشکردنەسەرنەیارانی سیاسی، وبزاڤی مودرێنیزم و پێشکەوتنخواز لەکوردستاندا.

کوتایی هێنان بە بالا دەستی دەزگاکانی پاراستن و زانیاری لە دەست تێوەردان لە باری ئاسایشی خەڵکی کوردستان ، ئەم دووەدەزگایە دەزگای حیزبین ، . دەزگای پاراستنی ئاسایشی هاوولاتیان وکومەڵگا ،دەبێت بەشێک بێت لەدەوڵت و سەربەخوبێت لەئەحزاب.

لندن 2010/09/30

## ئەو گۆڵەی پارتی لە لێکۆڵینەوەی تیرۆر کردنی سەردەشت عوسماندا کردی

گەرمیانی حەمەی پوور

ڕاگەیاندنی ئەنجامە نامەنتقییەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە شەهید کردنی سەردەشت عوسمان، بۆ خەڵکی کوردستان و بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران شتێکی نائاسایی بوو و چاوەڕوانی وەها دەرئەنجامێکیان نەدەکرد بەتایبەت ناساندنی سەردەشت بە تیرۆریست و هاوکار یا ئەندامی گروپێکی تیرۆریستی وەک ئەنسارلئیسلام، بەڵام لای من ئەوەی کە جێگەی نارەحەتی و نیگەرانییە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەو ڕێکخستنی سیناریۆ و بە تیرۆریست ناوبردنی شەهید سەردەشت نییە، بەڵکو نیگەرانی من لەو بێ هەڵویستییەی شەقام و بە تایبەتیش ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانە کە ئەو سیناریۆیەی پارتییان بەسەر دا تێپەڕی.

تیرۆر کردنی ئەو تەنها تیرۆر کردنی مرڤێک نەبوو، بەڵکو تیرۆر کردنی ئەو بەو شێوەی کە ڕوویدا، تیرۆر کردنی مرۆڤێکی ئازادی خواز و هاوکات تیرۆرکردنی قەڵەم و ئازادی بیرو ڕاو و چاو ترساندنی ڕۆژنامەنووسان و هەوڵدان بۆ بەرتەسک کردنەوە ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن بوو لە هەرێمی لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر تەنها لە بەر ئەمەبوو تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان بە جارێک شەقامیی کوردی و ناوەندەکانی خوێندن بە تایبەت زانکۆو پەیمانگاکانی ووروژاند و شەپۆلەکانی نارەزایەتی و دەربڕینی بە شێوەی خۆپیشاندان و وتنەوەی دەیان دروشم ناوەوەو دەرەوەی وڵاتی هەژاند، ئەوە دەبوو ئەو ئەنجامە گاڵتە جاڕییەی لیژنەکەی لێکۆڵینەوە ڕاگەیاندووەو شەهیدێکی قەڵەم بە تیرۆریست تاوانبار دەکات، دەبوو نەک هەر لە زانکۆکان و چەند شوێنێکی دیاری کراوی وەک ئەوەی شەهید بوونی ، بەڵکو دەبوو شەپۆلی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان تەنانەت لادێکانی ئەم وڵاتەشی بگرتایەتەوە، هەر وەک دەبوو ڕۆژنامەنووسان داینەمۆی ئەو شەپۆلە نارەزایەتییە بوونایە، چونکە ئەگەر تیرۆر کردنی کاکە سەردەشت لە سەر چەند پارچە نوسینێک مەرگی پێ ڕەوابببینرێت بە مانای تیرۆر کردنی ئازادی بیرو ڕا بێت، ئەوە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ئەو لیژنەیە ئەوەمان پێ ئێژێت کە ئیتر هەر کەسێک "زمان درێژیی" بکات و دەست بۆ "بڤە"کان ببات و "پیرۆزییەکان" بخاتە ژێر پرسیارو دەستیان بۆ ببات و "هێڵە سورەکان" ببەزێنێت نەک هەر تیرۆر دەکرێت و ناو دەمی بەر گوللە دەدرێت، بەڵکو ئەوە تیرۆریستەو ڕەواش نییە کەس پشتیوانی لە تیرۆریست بکات، مەگەر تەنها تیرۆریستان و هەر کەسێکیش دژی بڕیار بێت بێگومان پشتیوانی تیرۆرە.

بەداخەوە کە ئەمە بەسەر ڕۆژنامەنووساندا تێپەڕی بەتایبەت ڕۆژنامە ئەهلی و ئازادەکان، بەڵام دیارە پارتی زۆر لەوە دوور بین ترەو وەک یاریزانێکی بە ئەزموون لە گۆڕەپانەکەدا دەستی بەیارییەکانی کرد و لە ڕێگەی سکرتێرەکەی مەکتەبی سیاسییەوە بە تۆمار کردنی

چەند سکاڵایەک کە ڕەنگە بۆ خۆشیان پێکەنینیان پێ بێت داوای قەرەبووی خەیاڵییان کرد، بەڵام ئاشکرایە کە پارتی مەبەستی وەرگرتنی ئەو قەرەبووە نییە، ئەوەندەی کە مەبەستی مراوغەو سەرقاڵکردنی میدیای ئەهلی و ئازاد بوو بە کێشەکانی خۆیانەوە تا نەیان پەرژێتە سەر دۆسیەی لێکۆڵنەوەی تیرۆر کردنی سەردەشت و بە کێشەکانی خۆیانەوە سەر قاڵ بن، ئەویش بۆ خۆی ئەو ئەنجامە ڕابگەیەنێت کە ڕایگەیاند و هەمووشمان بینیمان کە وەک یاریزانێکی بە ئەزموون چۆن گۆڵی خۆی کردو بەفریودانی گۆڵچییەکانی میدیای ئازاد نازناوەکەی بردەوە.

**تاوانبارەکانی تری کەیسی سەردەشت عوسمان ئاشکرا بوون!**

**ئامانج پیرۆت**

ئەگەر بۆ چەند ساتێک کوشتنی سەردەشت عوسمان وەک تاوانێکی دابڕاو لە کۆمەڵگای کوردستان، وەیان وەک هەر کەیسێکی تاوان لە وڵاتێکی خاوەن پێکهاتەی حوکمڕانی و دامودەزگای تا ڕادەیەک سەربەخۆدا تەماشا بکەین، دەتوانین زۆر بە خێرایی تێبینی ئەوە بکەین، کە تەرازووی هیز لە ناو ئەم کەیسەدا ئەوەندە لاسەنگە، کە گەیشتن بە بڕیارێکی یاسایی زۆر ئاسان بێت و تەنانەت لاسەنگیەکە بە ڕادەیەکە، کە هیچ بواریکی بۆ تاوانبار نەهێشتوەتەوە تا تاوانباربوونی خۆی بشارێتەوە و ببێتە خاوەنی حاڵەتێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگا و لە ئاست ئەو پێکهاتە جیاجیایانەی کە سیستەمی حوکمڕانی لەم جوگرافیایەدا پێکدەهێنن( پەرلەمان، دەزگای قەزایی، حکومەت)! کەچی بە پێچەوانەی ئەم تێبینی و لێکدانەوەوە، نەک هەر بەدەسهێنانی ئەو بڕیارە یاسایی یە بوو بە مەحاڵ و تاوانباریش نەکەوتە ئەو حاڵەتە نائاسایی یەوە لە ئاست کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی سیستەمی حوکمڕانی و دامودەزگاکانیدا، بەڵکو هەر لە هەفتەی یەکەمەوە زۆر بە ئاشکرا چ لە چوارچێوەی ئەو کەیسەدا و چ لە ئاستی کۆمەڵگاشدا (وە لە هەموو ئەمانەش سەیرتر) هەر بە پشتیوانی هەمان ئەو پێکهاتە و دامودەزگایانە هێرشێکی هەمەلایەنەی بۆ سەر هەر جۆرە دەنگێکی ناڕازی دەستپێکرد و بێجگە لە کێشانی هێڵی سووری تازە و تۆخ کردنەوەی کۆنەکان، سەردەشتیشی تاوانبار کرد و چەندین بڵاوکراوە و نوسەریشی دایە دادگا!

ئاشکرایە ئەو لێکدانەوە ناکۆکە ناتوانێت بەبێ پێچەوانە کردنەوەی یەکێک لە تەرەفەکانی ئەو حوکمانە بڕەوێتەوە: یان دەبێت بوترێت پارتی و بنەماڵەی بارزانی تاوانبار نین! یان هەرچی ئەو پێکهاتانە و دامودەزگاکانیانە( پەرلەمان، حکومەت، دەزگای قەزایی، وەزارەتەکان،...) مانایەکی سەربەخۆیان نیە و سەرچاوەی هێز و ئامرازی دەستی تاوانبارەکەن( چ لە ئەنجامدانی تاواندا و چ لە پەنکوێر کردنیدا) و سەرجەم ئەو کەس و لایەنانەی تریش کە لەو پێکهاتە و دامودەزگایانەدا هاوبەشن، خزمەتکار و شەریکی ئەوانیشن لە تاوان و قازانج و دەسکەوتەکانیدا!

بەڵام یەکەمیان هەروا ئاسان نیە. چونکە بە جیا لە هەموو ئەو بەڵگانەی کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ئاستی ملیۆنی خەڵکدا تەسدیق کراون، هەر خودی چۆنێتی هەڵسوکەوتی پارتی و بنەماڵەی بارزانی لە چوارچێوەی کەیسی سەردەشتدا، لە سەرجەم بوارە سیاسی و ئیداری و حزبی و ئیعلامی و حکومی و قەزایی و ئەمنی و دیبلۆماسی یەکانیان ( لە ناوخۆ و دەرەوەدا) ئەوەیان نیشان دەدا، کە پارتی و بنەماڵەی بارزانی نەیانەوێت بەرپرسیارێتی سیاسی( نەک یاسایی) تاوانەکە بشارنەوە! هەڵبەتە ئەمەش مانای خۆی هەیە و دەبێتە پایەیەکی گرنگی مەحاڵ بوونی گۆڕینی ئەو حوکمە ( کە پارتی و بنەماڵەی بارزانی تاوانبارن) لەهەمان کاتیشدا وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ( کە بۆچی بنەماڵەی بارزانی لەلایەک دەیەوێت بەرپرسیارێتی سیاسی خۆی نیشان بدات و لەلایەکی ترەوە دەیەوێت بەرپرسیارێتی یاسایی بشارێتەوە؟) دەبێتە پایەیەکی گرنگی ئاسان بوونی نەفی کردنەوەی دوەم. واتە بۆ لابردنی ئەو ناکۆکی یە لە لێکدانەوەکەماندا تەنیا دەتوانین ئەم تەرەفەی حوکمەکان بگۆڕین( کە هەبونی پێکهاتە و دامودەزگای حوکمڕانی سەربەخۆ لە تاوانبارەکە، لە کوردستاندا بە فەرز وەردەگرێت)!

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی سەرەوە:

بە بڕوای من ئەم هەڵوێستە دوو فاقی یەی بنەماڵەی بارزانی و پارتی( کە لەلایەک دەیانەوێت بەرپرسیارێتی سیاسی ڕابگەیەنن و لەلایەکی ترەوە دەیانەوێت بەرپرسیارێتی یاسایی بشارنەوە) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە:

1. کپ کردنەوەی دەنگە ناڕازیەکان و سەرکوتکردنی نەیارانی سیاسی، سەرچاوەیەکی گرنگ و دەسبەردار نەبووی هێز و باڵادەستی بنەماڵەی بارزانی و پارتی یە و دەبێت بە بەردەوامی بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرامبەر کەسێک، لایەنێک پیادە بکرێت و ئەمە لە ڕووی سیاسی یەوە جێگیر بێت و خەڵک بەم چاوەوە پارتی و بنەماڵەی بارزانی بناسن. واتە ئەوان بە ناچاری دژی ئەوەن کە خەڵکی کوردستان تەسویرێکی وایان لەسەریان هەبێت، کە دژی دەنگە ناڕازی یەکان و نەیارە سیاسی یەکانیان نین!

2. پارتی و بنەماڵەی بارزانی لەوە دڵنیان، کە تا ئێستاش لە کۆمەڵگای کوردستاندا، دەرکەوتنی بەرپرسیارێتی سیاسی یەکسان نیە بە بەرپرسیارێتی یاسایی! شەڕی نێوان خۆیان و یەکێتی(کە31 ی ئابیشی تیا تۆمار کرا) و بوو بە هۆی کوژرانی هەزاران و ئاوارە کردنی دەیان هەزار( کە شەخسی مەسعود بارزانی وەک داننانێک بەو پەرپرسیارێتیەدا لە کۆنگرەکەی یەکێتیدا داوای لێبوردنی لە خەڵکی کوردستان کرد!) ، شایەتیەکانی نەوشیروان و تاڵەبانی لەسەر یەکتر،... کەچی هیچ کام لەو پێکهاتانە( پەرلەمان، حکومەت، دەزگای قەزایی) نەهاتن ئەم دانپیانانە بگۆڕن بۆ بەرپرسیارێتی یاسایی!

3. یەکێک لە تایبەتمەندی و کۆڵەکە سەرەکیەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردستان، دوای ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوری یەی کە لە پرۆسەیەکی مافیاییدا( کە پارتی و یەکێتی دەوری سەرەکی یان

تیا گیڕا) بەسەریدا هاتوە و کردویەتیە کۆمەڵگایەکی چینایەتی( لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد) و بنەماڵەی بارزانی یەکێک لە بنەماڵە هەرە سەرمایەدارەکانی پێکدێنن، بریتی یە لە وەبەرهێنانی سەرمایە( جا ناوخۆیی بێت یان دەرەکی). لەناو ئەم سیستەمەدا یاسا (بە مانا گشتیەکەی) توانیویەتی لە زۆربەی دنیادا دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبێت بۆ ترساندن و سەرکوتی دەنگە مەترسی دارەکان بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی سیستەمی سەرمایەداری و سەرمایەداران و هەمان ئەو ئەنجامانە بدات بەدەستەوە کە ترساندن و سەرکوتی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان پیادەیان دەکرد. بنەماڵەی بارزانیش وەک هەر سەرمایەدارێک و وەک هەر سیاسەتمەدارێکیش ئیتر ناتوانن دەسبەرداری ئەم (بڕنەو) ە تازەیە بن و لە ئەهەمیەتی بڕشتەکەی بۆ پارێزگاری کردنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و چینە داراکان، کەم بکەنەوە، چونکە پێداویستیەکی شەڕی چینایەتی ئێستایە( کە هەم بەش بەشی سەرمایەداران لەو شەڕەدا ڕێک دەخات و یەک دەخات و هەم دوژمنە چینایەتیەکانیش بەش بەش دەکات و کۆت و کەلەبچەیان دەکات). ئەگەر سەرنجی قسەکانی مەسعود بارزانی و پارتی و یەکێتی و حکومەتەکەیان و ئیعلامیەکانیان و سکاڵا یەک لەسەر یەکەکانیان لە دژی ڕۆژنامەنوسان و نوسەران و بڵاوکراوەکان بدەین، بە ئاشکرا ئەم ڕێزە بۆ یاسا و ئەم چاوەڕوانیە لێی دەبینرێت.

هەرچی ئەو قسانەی سەرەوەشە بە ئاسانی دەمانگەیەنێتە سێ کۆمەڵە ڕاستی:

کۆمەڵەی یەکەمی راستیەکان:

1. سەرکەوتن و شکستهێنان لە بە دەسهێنانی بڕیارێکی یاسایی، لە کەیسی سەردەشت عوسماندا نەکەوتوەتە گرەوی تەرازووی هێزی (بەرە) کانی ناو کەیسەکەوە، بەڵکو زۆر بە توندی گرێی خواردوە بە تەرازووی هێز لە بازنەیەکی فراوانتردا( کە بریتین لە کۆمەڵگا و ئەو پێکهاتە و دامودەزگایانە) و بە خاڵە بەهێز و لاوازەکانیانەوە.

2. لەگەڵ ئەوەشدا، کە پارتی و بنەماڵەی بارزانی لەسەر خەزێنە و جبەخانەی دەسکەوتەکانی سەرکەوتنەکانی ڕابردویان لە کەیسە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا و ئەو دامودەزگایانەدا( کە حەتمەن خاڵی لاوازیشیان تیادایە بۆیان) دانیشتوون، بەڵام توانیویانە لە کەیسێکی وەک کەیسی سەردەشت عوسماندا( کە بە هۆی تایبەتمەندیەکانیەوە، چەرمی شاردنەوەی ماهیەتیانی تەنک کردوە) زۆر سەرکەوتوانە قەڵغان و خشڵی ئەو سەرکەوتنانە بەکاربێنن و لاوازیەکانی خۆیانی پێبشارنەوە! بەڵام:

3. هەرچی بزوتنەوەی ئازادیخوازی یە بە شێوەیەکی سەرەکی لەو ململانێیەدا دوو خاڵی لاوازی سەرەکی هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی کەیسەکەدا خۆی قەتیس کردوە و دەیەوێت تەنیا بە پشت بەستن بە تەرازووی هێزی ناو کەیسەکە بڕیارێکی یاسایی بەدەست بێنێت و دوەمیشیان ئەوەیە کە دەیەوێت ئەو پێکهاتە و دامودەزگایانە ( پەرلەمان. حکومەت،

دەزگای قەزایی و وەزارەتەکان،...) بکات بە ئامرازی خستنەگەڕی دەسکەوتەکانی ناو کەیسەکە و بڕیاردەری سەرکەوتنەکە!

کۆمەڵەی دووەمی راستیەکان:

1. هەموو ئەو لایەن و کاربەدەستانەی بە جۆریک لە جۆرەکان ئیعتبار و ڕەسمیەت دەدەن بە هەر یەکە لە: پەرلەمان، حکومەت و هەندیک لە وەزارەتەکان، دەزگای قەزایی و یاساکانیان و خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز فریودەدەن، ئەوا بە جۆرێک لە جۆرەکانیش هێزی خۆ ڕزگار کردن دەدەن بە تاوانبارەکەی ناو کەیسی سەردەشت عوسمان و تاوانبارن تیایدا و هاوبەشیش دەبن لە هەموو ئەو تاوانانەی کە لەمەودوا ڕوودەدەن! ئەگینا پەرلەمانێک مانای چیە ئەگەر نەتوانێت لە کەیسێکی ڕۆشنی وەک کەیسی سەردەشت عوسماندا جاودێری ڕەوشی سادەترین یاسا( یاسای سزادان) بکات و لە حکومەت و لە دامودەزگاکانی بپێچێتەوە؟ ئەی حکومەت لێرەدا مانای چیە؟ ئەی دەزگای قەزایی و ئەو هەموو حاکم و پارێزەرە زمان درێژانەی باسی( ڕەوشی داد و یاسا و ڕێساکان) ی دەکەن دەچنە چ خانەیەکەوە، ئەگەر نەک تەنیا لەبەرامبەر کەیسەکەدا، بەڵکو لەبەرامبەر یاسا و دەزگاکانیشیدا هەڵوێست وەربگرن؟ ئایا هەموو ئەمانە( پەرلەمان، حکومەت، دەزگای قەزایی) پێکەوە چەقۆی تاوانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانیان تیژ ناکەن و نەشبونەتە قەڵغانی خۆپاراستنیان؟

2. ئەمڕۆ هەموو ئەمانە لە تەنکایی کەیسی سەردەشت عوسماندا، جگە لە تاوانبار شتێکی تر نین. زوو بێ یا درەنگ( کە دڵنیام تەمەنی قەرزاری پڕ لە زەبونی و تاوانبارێتی زۆرێک لەو پەرلەمانتار و وەزیر و کاربەدەست و حاکم و پارێزەرانە، فریای دەکەوێت) ئەمانە ڕوبەڕوی دادگایەک دەبنەوە، کە پرسیاری هەڵوێستی ئەوان دەکات لە سەروبەینی کەیسی سەردەشت عوسماندا. باشتر وایە تا زووە هەڵوێستی ئاشکرای خۆیان سەبارەت بەو کەیسە و سەرجەم پێکهاتەکانی حوکمرانی و دامودەزگاکانی و یاساکانی ڕابگەیەنن و نەفرەتیان لێبکەن( ئەگەر خۆیان بە خزمەتکار و چڵکاوخۆری تاوانباران نازانن!)

کۆمەڵەی سێیەمی راستیەکان:

1. ، بەرەی ناڕازی و ئازادیخواز ناتوانێت بەبێ بە دەستەوە گرتنی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە و کارکردن لەسەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆیی و دوژمنە جۆراوجۆرەکانی لە کۆمەڵگادا لە کەیسی سەردەشت عوسماندا( کە زۆربەی دوژمنەکانی لە تەنکایی یەکی بێ سابیقەدان) سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

2. مامەڵە کردن لەگەڵ هەموو ئەو پێکهاتە و دامودەزگایانە( پەرلەمان. حکومەت، دەزگای قەزایی) دا، وەک سەرچاوەی هێزی تاوانبار و ئامرازی تاوان، پێشمەرجی بەدەستەوەگرتنی بەشێکی گرنگی ماتریاڵ و خاڵە بەهێزەکانی بزوتنەوەی ناڕازی و ئازادیخوازە و ئەگەر

نیشانە و بەڵگەیەکی هێزی ئەم بزوتنەوەیە لە کەیسی سەردەشت عوسماندا، تا ئێستا ئەو پرۆسەی ڕسواکردنە بوە کە بنەماڵەی بارزانی و پارتی کردوەتە ئامانج، ئەوا سەرەتایی ترین پێداویستی سەرکەوتن لەم کەیسەدا بریتی یە لە بەسەرەنجام گەیاندنی پرۆسەیەکی هەمان شێوە بۆ ڕسواکردنی هەموو ئەم پێکهاتە و دەزگا و کاراکتەرەکانیان.

03.10.2010

**زمانی جەستەی سەردەشت دەڵێت، ئارامبگرن هاکا نامەیەک لە بەهەشتەوە هات**

**سالار توتمانی** 2010/10/4

بزەو زەردەخەنەکانی سەر لێوی سەردەشتو دەرئەمجامە بەراییەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە مەڕ تیرۆرکردنی دژو ناتەریبنو بەپێوانەی ئەو لەشو لارە بلورییەی نایەتەوە، ئەو دەستو قامکە لۆکەییانەی کە گوڵیان گرتوە گەواهی ئەوە دەدەن، تەنیاو تەنیا بە گەردنی پێنوسەوە دەتوانن گرمۆڵە ببن، مرۆڤ پێشبینی ئەوەیان لێناکات بۆنی تیئێنتیان لێبێت، گومانی ئەوەیان لێناکرێت رۆژێک لە رۆژان بۆ تەوقەکردن لەگەڵ گروپێک کە لە مێژە کۆمەڵگای کوردی رەتیکردونەتەوە کە لە ئێستادا ناو و ناونیشانێکیان نەماوە، درێژبووبن.

ورد زۆر وردتر تەماشای کەن، ئەگەر لەسەر ئەو شێوەو روخسارەی خودا بە سەردەشتی بەخشیوە، بمانەوێتو بەنیازبین ریشی بۆ دروستبکەینو سمێڵێکی باریکەلە بنێین بەبەر هەناسەیەوە، ئەگەر گوڵەکانی ناو دەستی بسڕینەوەو تەزبیحێکی بۆ بەدەستەوە بگرینو بۆینباخەکەی لە گەردنیدا ئازادبکەینو دەستێ جلوبەرگی سەدەکانی ناوەڕاستیشی لەبەر بکەین، ئەوا وێنای سۆفییەکی نورانیمان پێدەبەخشێت، نەک تیرۆرستێک.

ئەو «زۆربا» لە ژورەکەیدا باوەشی کردبێتەوە لە سەر رەنگێکی شین، چاوەکانی بەسەر دێڕی بە یادی سۆزانییە غەمبارەکانی رۆمانەکەی مارکیزەوە سەفەری کردبێت، چۆن دەتوانین باوەڕبکەین بیلبیلەکانی ئەو پیاوە بەسەر میلی کاتژمێرەکەی مەچەکیدا تەوقیت بکاتو چاوەڕوانی کارێکی تێکدەرانە بێت، ئەو بۆنی سوهرابی کردبێتو عاشقی هەمیشەیی تەنیایی ئەو بوبێت، چۆن تێکەڵی شمشێر گەلێک دەبێت، سەری گوڵ لە چاوی هەنگو پەپولەدا دەپەڕێنن، دەی ئیتر هەر ئەمەیە عەقڵمان نایبڕێت تیرۆکراوێک بکرێت بە تیرۆرست.

ئەگەر وردتروردتر لەم کوڕە تەمەن بیستو دووساڵییەی خوێندکاری قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی ئینگلستانی بڕوانن، هەرگیز خەیاڵو ختورەی خراپ لەئەودا بەدڵتاندا وەسوەسە ناکات، چونکە خاوەنی ئەم جەماڵە پێمان دەڵێت، لەگەڵ کەماڵیدا یەکیگرتوەو درۆی دوو

روی نازانێت، ناتوانین باوەڕ بەوە بهێنین، چاوڕای لێکردبینو دەمامکی لە زهنماندا کردبێت.

ئەو هاوڕێی کتێب بوبێتو بە رۆحی وەرزشی ئاشنایەتی پەیدا کردبێت، مەنتق دەڵێ کەواتە جێگایەک لەودا نەماوەتەوە بۆ چاندنی رق، دەی ئیتر هەر ئەمەیە عەقڵمان ئەم لێکۆلینەوەیە نابڕێتو ناتوانین گوێ لەم لیژنەی لێکۆڵینەوەیە بگرینو پلەو میداڵی شەرەفی شەهیدبونی لێوەربگرینەوەو لەپێش چاوماندا رەشی کەین، نازانم بۆ وەهایە ئەو تادێت سپی ترو بێگەردتر بالاَ دەکات، هێمنیو ریکپۆشی ئەو دەڵێت، ئارامبگرن هاکا نامەیەک لە بەهەشتەوە هات.

سەردەشت خۆی شاهیدی خۆیەتی دەڵێت باش تەماشای چاوەکانم بکەن، دواجار ئەوەی لە سەر کەیسی من دەرێسرێت، دەبێتەوە بە خوریو کراسەکەی بەرم گەواهی ئەوەتان دەداتێ، مادام لە بیریان چوو بیدرێنن کەواتە گورگ نەیخواردوم، بەڵکو بنیامینی زڕبرام ئەم چیرۆکەی سازاندو منیان لە یەعقوبی باوکم شاردەوە، چونکە سێوەی دایکم خەونی دی بوو کەمن لە دوا رۆژدا دەبمە باشترین نوسەرو رۆژنامەنوس. ئەو لە خەونەکەیدا بینیبوی، پێنوسێک لە دەستە چەپمداوەک نور گڕاوەو لە دەستی راستیشمدا مەلی خەیاڵ دەنوکی لە گەنمەواقیعیەکانی ژیانداوە.

**ئەنسار الائیسلام وەڵامی داوەتەوە، لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەروەندەی سەردەشت بێدەنگە و دەوڵەت و پارلەمانی هەرێمیش قسە ناکەن.**

تویژەران، هێمن، ڕیکەوتی ٢٠١٠/١٠/٠٥

چۆنە گۆران بێ هەڵوێستە؟ ئەوە لە کاتێدایە کە پرسی تێرۆرکردنی سەردەشت و ئاکامی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەیتوانی هەرەس بە حکومەتی هەرێم بهێنێ.

ئەنسار الاسلام لە ڕیکەوتی ٢٠١٠/٠٩/٢٠ لە بەیاننامەیەک دا ڕوونی کردوە نە هیچ پەیوەندییەکی بە تیرۆری کردنی شەهید سەردەشتەوە بووە و نە موخالیفانی خۆشی بە شێوەیەکی شاراوە تێرۆری دەکا.

پەیێچەوانەوی ڕاگەیاندراوی لێژنەی داسەپاوی پەروەندەی شەهید سەردەشت، ئەنسار الائیسلام پێداگرە کە کردەوەی تیرۆریستی خۆی بە سیاسەتێکی ئاشکرا بۆ تۆقاندنی موخالیفانی بکار دەگرێ و بە پێویستیشی نازانی لەلاوە و یان بە شێوەی شاراوە موغالیفان و دابڕاوانی خۆی بکۆژێ و سەردشتی بە موغالیف و دابڕاوی خۆی نازانی تاکوو تێرۆری بکا.

ئەنسار الائیسلام بەو بەیاننامەی کوتایی بە هەموو شک و گۆمانێک هێنا و یەکلا و شەفاف لە نوسراوەکەی دا ئاشکرای کرد تێرۆرکردن و دزینی ئینسان و کۆشتنی لە بێ دەسلاتی دا هەلاواردێکی یەکجار زۆری لە گەڵ سیاسەتی وڕێبازی تێرۆرکردنی موخالیفانی ئەنسار الائیسلام هەیە.

ئەوە لەکاتێدایە کە لێژنە لێکۆلێنەوەی پەروەندەی شەهید سەردەشت مودەعیی و پێداگر بوو کە ئەنسار الائیسلام شەهید سەردەشتی رەفاندوە و لە فەزایەکی شاراوەدا تیرۆری کردوە.

هەر چەند پرسیارێکی زۆر لە سەر ڕێبازی لێژنەی لێکۆلێنەوەی پەروەندی شەهید سەردەشت بێ وەلام ماونەوە، بەلام ئەگەر لیژنەی لێکۆکۆلێنەوەی پەرەوەندی شەهید سەردەشت بەمەبەست و مەنزورەوە دەستنیشان نەکرابوو دەبووا لانی کەم وەلامی ئەنساری دابایەوەو تەنانەت بە درۆشی خستباوە.

بێدەنگی و سکوتی لێژنەی لێکۆلێنەوەی پەروەندەی شەهید سەردەشت لەمەڕ ڕاگەیاندراوی ئەنسار ئەوە دەسەلمێنی کە تێرۆری کردنی شەهید سەردەشت بە پێی بەرنامەیەکی سازماندراو و لە لایەن هێزێکی بەدەسەلاتی سەر بە داموودەزگایەکی سیخۆریەوە بووە.

بێ هەلۆیستی و خۆلادانی و بێدەنگی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و گۆران لە لێدوان سەبارەت بە تێرۆر و ئاکامی لێژنەی لێکۆلێنەوەی پەروەندەی شەهید سەردەشت ئەو پرسیارانەی خوارەوە سازدەدا.

یەکەم، هۆکاری ئەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تائیستا هیچ هەلۆیستێکی ئەوتۆ بەرامبەر بە ڕاگەیندراوی ئاکامی لێژنەی لیکۆلێنەوەی پەرەوەندەی شەهید سەردەشت و بەیاننامەی ئەنسار الائیسلام لە خۆی نیشان نەدواە چێیە؟

ئایا حکومەت بە ئەنقەست و بە مەبەستەوە بێدەنگیی لەو مەسەلەیە کردوە یان گۆشاری لایەن یان کەسانیکی لەسەر بووە؟

ئەگەر گیروگرفتێک لەو ڕابەتەدا لە ئارادان چن؟ بۆ وەزیرەکانی دادوەری و ناوخۆ و تەندروستی هیج بەرپەرەچییەکیان لە مەڕ بەیاننامەی ئەنسار لەخۆ نیشان نەدواە؟

ئەوە لەکاتێکدایە کە ئاکامی لێکۆلێنەوەی دەستەی پزشکی تەرمی شەهید سەردەشت و پۆلیسی جەنایی دەریایەکی پرسیاری بێ وەلام هێشتونەوە.

دووهەم، هۆی چێیە کە پەرلەمان بێدەنگە و بی هەلۆیست بوو و هیج بڕیارێکی دەرنەبڕیوە؟ مەگەر پەرلەمان مالی خەلک وجێگەی نیشان دان و ڕاگایندنی دەنگی نارەزامەندی توێژەکانی

کۆمەڵگانیە؟ ئەی چۆنە بێدەنگە و لایەنی خەڵکی نگرتوە و بەلای حکومەت و داموودەزگای گومان لەسەری پاراستن و سەرۆکی حکومەت کەوتوە؟

ئەوە لە کاتێک دایە کە پەرلەمان ئەرکەکەی ئیمرازی ڕکێف و هەڵسەنگاندی کاری دەوڵەت و سەرۆکی هەرێمە و لێپرسینەوەی لێژنەی لێکۆلێنەوەی پەروەندەی تێرۆر کردنی شەهید سەردەشتیش یەکێک لەو ئەرکانەی پەرلەمانە.

ئەنجوومەنی هەلبژاردراوی خەڵک دەبوا لێژنەیەکی سەربەخۆی بێلایەن سازبدا و وەزیری کاروباری ناوخۆیی، وەزیری دادوەری و بەرپرسیارانی بالای حکومەتی و داموو دەزگای پاراستن و وەزیری تەندروستی کە بەشی لێکۆلێنەوەی پزشکی دەگرێتەوە بانگهێشتنی پەرلەمانی کردبا و لەسەر ڕاگەیاندراوی ئاکامی لێژنەی لێکۆلێنەوە لێپەرسینەوەی کردبا؟

سێهەم، بەڵام لە لایەکی دیکە جێ سەرسوورمان و پرسیارە کە چۆنە گۆران لەو ناوەدا بێدەنگە و هیچ کردەوەیەکی بەرپرسیارانە و مسئولانەی لە رابەتەی بەدرۆ خستنەوەی لێژنەی لێکۆلێنەوەی پەروەندەی شەهید سەردەشت لە لایەن ئەنسارەوە لەخۆی نیشان نەداوەو مەتەقیش ناکا؟

ئەوە لە کاتێکدایە کە چاوەڕەوانی دەکرا گۆران لە ڕێگەی پەرلەمانەوە گۆنگەڵێکی ئۆپۆزسییۆنی ساز بداو بەپێی یاسای ناوخۆیی پارلەمان داوای استیضاء یان لێپەرسینەوەی وەزیرانی بەرپرسیاری ئەوە پەروەندیە بکا و سەرۆکی حکومەت بۆ لێپەرسینەوەی ئەوە مەسەلەیە بانگهێشتنی پارڵەمان بکا و دەوڵەت بەرەورووی پرسی استیضاء بکا.

پرسیارە لە گۆران ئەوەیە، ئایا گۆرانیش پەیڕوی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمە و شێوازی حکومەتی ئەوانی پەسندە یان شتی تر لەو بێدەنگیی گۆران دا شاراوەن؟ بۆ گۆران مەتەق ناکا؟

ئاشکرایە کە بێدەنگی گۆران لەو وەزعەدا پرسیارێکی زۆری درووست کردوون و هەڵبەت خەڵکیش گۆرانی هەڵبژاردن کرد بۆ هەڵاواردکردنی لە سیاسەتی رێکخراوەکانی نەریتی و سونەتەی باشووری کوردستان و وەک ئۆپۆزیسیۆنێک کە لە کاتی هەستیاری ئاوادا لێپرسینەوەی حکومەت و بەرپرسانی داموودەزگای دەوڵەتی وەگەربخا تەنانەت لە ڕێگای پەرلەمانەوە هەرس بە حکومەت بە هێنی.

لانی کەم گۆران دەیتوانی وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لە پەرلەمانی هەرێمی باشووری کوردستان گۆشار بخاتە سەر دەوڵەت و وەزیرانی کاروباری ناخۆیی و دادوەری و تەندروستی، و سەرۆکی هەرێم و بانگهێشتنیان بۆ پەرلەمان ولێدوانی ئاکامی لێژنەی لێکۆلێنەوەی پەروەندەی شەهید سەردەشت و تەنانەت لێپرسینەوە بەرپرسیارانی حکومەتی واتە استیضاء کردنیان و لە ئاکامدا لێکهەڵوەشان و هەرەسی حکومەتی هەرێمی لێبکەویتەوە.

**لە خەوما...**

نووسینی: عەبە خەوخۆش

هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەترو لە ئینسان بێبەهاتر نەبوو. کوڕە گەورەی پاشای واقواق، کە ناوی عەدۆلکە بوو، کابرایەکی ئاشووری پاسەوانی بوو. عەدۆلکە ڕۆژێکیان توڕە بوو دارێک لە خۆیەوە بەرز بووەوەو بەر تەوقی سەری پاسەوانی بەستەزمان کەوتو کوشتی! عەدۆلکە زۆر لەوە نازدارترو خانەدانتر بوو کە تەنانەت بۆ ساتێکیش خەڵکی بڵێن خوا نەخواستە دارەکە پێش ئەوەی بەرز بێتەوەو سەری کابرای نەگبەت بپێکێت، بە سودفەو بە تەسادوف خۆی بە دەستی پڕ خێری عەدۆلکەوە نوساندبوو... لەبەر ئەوە پادشای وەلی عەسرو زەمان کە ناوی یەدەمۆلکە بوو، بڕیاریدا لیژنەیەک کە پیاوماقوڵانی بەر دەرگای دیوەخانەکەی پێک بێنێت تا لەم تاوانە بکۆڵنەوە .

چەند مانگێک تێپەڕی، لیژنەی ڕووسوور دەنگی نەبوو، لە پڕا هاتنە قسەو فەرمویان: دوای بەحسو تەحەرری بۆمان دەرکەوت کابرای ئاشووری ژێربەژێر سەر بە ڕێکخراوی (کوردستان تەنیا بۆ کوردە) بوو. ڕێکخراوی ناوبراو رایانسپاردبوو کاری تیرۆریان بۆ بکات، بەڵام پاسەوان پەشیمان ببووەوە، بۆیە لە کۆشکی پاشا بە ڕۆژی ڕوناکو بە بەرچاوی خەڵکەوە فڕاندیانو بە دەیان سەیتەرەی سەربازیدا بە دەمو دەست بەستراوی گەیاندیانە شوێنی مەبەستو کوشتیان .

یەدەمۆلکە شورای بەڕێوەبردنی عەسرو زەمانی کۆکردەوەو وتی: ئەوە لیژنەی ڕووسوور وا دەڵێن، رای ئێوە چییە؟ بوێرێکیان وتی: گەورەم! ئاخر ئاشووریو (کوردستان تەنیا بۆ کوردە) کوجا مەرحەبا؟ ئەی بۆ نەڵێین دارەکە سافو لووسو تەڕ بوو خلیسکا؟ بەم شێوەیە عەدۆلکە نووری چاوی هەموومان بە کوشتنی بێقەیێد تاوانبار دەکەینو بۆ شەوێک لە ژوورەکەی خۆی زیندانی دەکەینو میللەت رادەسپێرین بێنە سەرجادەو داوای بەردانی نووری چاومان بکەن، ئەوسا دڵی مەعالیتان نەرم دەبێتو نووری چاومان بە فەرمانی لێبوردنی سوڵتانی لەو میحنەتەی ڕزگاری دەکەیت.

پادشای عەسرو زەمان نەڕەیەکی توڕەی وەهای لێ بەربووەوە، لە ترسان خەبەرم بووەوەو منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ، بەڵام کوڕگەل، خەمتان نەبێت! ئەمشەو نیازمە ئەمەندە بخۆم پەلەپیکەم لێ بدەیت بتەقم، بەڵکو خواو هیممەتی چاکان ئەو خەونە تەواو بکەمو ئینجا بۆتانی بگێڕمەوە پادشای وەلی عەسرو زەمان بڕیاری چی دەدات.

2010/9/26

**خائینەکانی وڵاتی من...!!!**

**بەشدار عوسمان**

**گەورەترین بەدبەختی کۆمەڵگا ئەوەیە، شەرمەزاری بە شانازی پێیان دەفرۆشرێت، رەشیان لێدەکرێتە سپی و تاڵیان بە شیرن دەرخواردەدرێ و خائینیش بە نیشتمان پەروەر و دز و و ئینسانکوژ و وڵات فرۆشیش بە شۆرشگێڕ تۆماردەکرێن!، کارەساتەکە لێرەدا قوڵتردەبێتەوە و دەبێتە جێگای مەترسی بۆسەر تاکەکان کە ئەم لۆژیکە نا مەنتقیە لەکۆمەڵگادا جێبگرێت و بەرنامە و هێزێک هەبێت بۆ جێگیرکردنی، وەکو ئەوەی ئیستا لە کوردستان دەیبینین .**

**با زۆر نەگەرێینەوە دواوە، رژێمی گۆڕ بەگۆڕی بەعس هێندە بە بەرنامەیەکی نا عەقڵانی تاکەکانی گۆش کرد، تا نەوەیەک لە فیدائی هێنایە بەرهەم، ئەوان کاریان کرد بۆ ئەوەی لۆژیک و مەنتق بوونی نەبیت ،بۆ ئەوەی تاکەکان راست و چەپی خۆیان تیکەڵی یەکتر بکەن ، بۆ ئەوەی تاکی گویرایەڵ و یەخسیر لە زیادبووندا بیت، بۆ ئەوەی پرسیارکردن نەبیتەمەشخەڵی تاکەکان، بەداخەوە بەعس نەوەیەکی دورست کرد خاڵی لە جوڵە و بەرهەم ،لیواو لیو لە خورافە و گویرایەڵی و بێ بەرنامەیی ،بۆ ئەم مەبەستەش بەهێزترین وەسیلە و میکانیزمی ئیفلیجکرنیان ئاویتەی خۆیان کرد کە دین و کەلتور و داب و نەریتە .**

**ئیتر وەکو بینیمان بەعس بە هەموو دڕندایەتیەکەی تا دوایی سەرەو گوم بوونیشی بە هەزارەها گەنج و لاو ژیانی خۆیان دەکەنە قوربانی زیندووبونەوەی ئەو دەسەڵاتە دژە ئینسانیە، رۆژانە بە دڕندانەترین شیواز لاشەی ئینسانەکان لە خوین هەڵدەکیشن و سەریان لەلاشەیان جیا دەکەنەوە وسەرچاوەیەکیش شک دەبەرن و شەرعیەتیشی پیدەدەن،نەک هەر ئەوەندە ئەوەی ئامادە نەبێت بە سەر و بەماڵ لە خزمەتیاندابێت خائین و خۆفرۆشی بێگانەیە ! هەموو ئەمانە پەروەردەیەکی ناعەقڵانی لە پشتەوە خۆی مەڵاس داوە کە کۆمەڵگا نەک ئیفلیج دەکا، بەڵکو بەرەو وێرانی و خاپورکردنی هەموو مەبناکانی ژیان و هەناسەدان هەنگاو دەبرێ و تەنهاش خەڵک و کۆمەڵگاکەی دەبێت باجەکەی بدەن وەکو ئەوەی لە عێراق و کوردستان دەیبینین،ئاخر ئەگەر ترۆپکی خاڵی بوون نەبێت لە عەقڵ و هەست و شعور و ئیحساس ، چۆن ئینسان گەلێک هەن و ئامادەن بەبێ پرسیارکردن گوللە بنێن بە دەمی سەردەشتی بیست و سێ بەهاری،کە ئەو دەمانەی جگە لە خەندە و پێکەنین بە هیچ شتێکیتر ئاشنا نەبون،کارکردنی بیستساڵی دەسەڵاتی سیاسی لەسەردورستکردنی ئەو کائینە ترسناکە بوە لە کۆمەڵگا.**

**دوایی چەندین دەیە لە نەمانی بەعس لە کوردستان ئەم کەلتور و فەرهەنگە بەهۆی نەگۆڕینی سیستەمەکانی کۆمەڵگا و جێگیرنەکردنی عەقڵ و مەنتیق لە کایەکانی بەرێوەبردن، ئەم لۆژیکە لە نێو هزر و بیرکردنەوەی تاکەکان کاڵنەبۆتەوە، خەڵک بە ماددەی ئیکسپایەر ژەهر خوارد دەکرێت، رووداوەکانی هاتووچۆ بۆتە مۆتەکەیەک و لە پەنجەی دەستەکانمان زیاتر لێمانەوە نزیکە و رۆژانە دەیان کەس دەبنە قوربانی، رۆتینات**

و گاڵتەکردن بە شعور و ئیحساسی تاکەکان لە دامودەزگاکانی میری بۆتە دیاردە، جیابونەوە و تێکچونی شیرازەی خێزانەکان و پێکنەهێنانی ژیانی هاوسەری لای گەنجان سیمای بەرچاوی کۆمەڵگای کوردییە، بێ سەروبەری و بێ سیستەمیەک بە کۆی سیستەم و کایە ئیدارییەکانەوە دیارە ، دەنگ هەڵبڕین بۆ ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و شەقام و کەمکردنەوەی کارەساتەکان و هەموو ئەو دیاردانەی سەرەوە ، بەشێوەیەک لە شێوەکان (خیانەتێکی) بەدواوەیە، بەڵام کارەساتەکە لێرەوەیە زۆرێک لەمانەی رۆڵیان لە دورستکردنی ئەم دیاردە و کارەساتانە هەیە کەسانێکی باش و جێگای شانازی بە کۆمەڵگا دەناسێندرێن. بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی دەیانەوێت سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە تاڵان نەکرێت و هەمووان بە یەکسانی سوودمەند بن، ئەوانەی دەیانەوێت مەرگی ئینسانەکان هێندە ئاسان نەبێت و سنورێک بۆ رووبەڕووبەنەوەی ئەو دیاردە نەخوازراوانە دابندرێت، بە خائین و خۆفرۆش بە خەڵک دەناسێندرێن.

کە رژێم لە کوردستان گۆڕی گوم کرد، زۆربەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ قەتل و عامی بەعسیەکان نەبوون، بەڵام داوایانکرد پلەوپایەییان نەدرێت و لە بەرێوەبردنی وڵات دووربخرێنەوە،بەداخەوە ئەمە نەکراو بەڵکو بە پێچەوانەوە بەسەر سەری خەڵک و تێکۆشەرانی فەرزکران و ئیستاش ( دڵسۆز و تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەری ئەم مەملەکەتەن) ئەمەش بۆ هەتایە وەکو مۆتەکەیەک لەسەر دڵ و دەروونی خەڵک شوێنەواری جێهێشتوە، ئەوانەشی کە سامانی ئەم وڵاتە بۆ بەرژەوەمندی خۆیان سەرفدەکەن و بازرگانی بە سەروەتەکەی دەکەن و خواردنی ئیکسپایەر دەرخواردی خەڵک دەدەن و پرۆژەی سەقەت جێبەجێدەکەن و کە بەم هۆیەشەوە کارەساتی دڵتەزێن بەدوای خۆییدا دێنێت، بەهۆی دەسەڵاتیان خەڵک دەچەوسێننەوە و ئازاردەدەن...،ئەمانە خائینن و دەبێت لەبەرێوەبردن دووربخرێنەوە. ئەگینا مێژوو لێیان خۆشنابێت !

دیمەنە شەرم هینەرەکانی کارەسات و مەرگ و نەهامەتیەکان ژیانی ویران کردین،چاوەکانمان پیویستی بە بینینی رەنگی جیاوازتر هەیە،چونکە رەنگە باوەکان ساختە دەرچوون، گویچکەکانمان دەبیت دەنگی جیاوازتر ببیستن، ئەگینا نەوەیەکی کویرترو کەڕتر دەبیتە نسیبی ئەم کۆمەڵگایە !

**کاتێک درۆزنێک دەیەوێت لە پردێک بپەڕێتەوە**

بەختیار عەلی

لەرۆمانی دۆنکیشۆتی نوسەری ئیسپانی سێرفانتسدا، لەبەشی دووهەمو چاپتەری پەنجاو یەکدا چیرۆکێکی قەشەنگ هەیە کە شایستەی ئەوەیە بۆ خوێنەرانی بەرێزی کورتبکەمەوە. چیرۆکەکە پەیوەندی بەو دەمەوە هەیە کە سانشۆپانزا، کاراکتەری دووەمی رۆمانەکە،

لەدورگەی باراتێریا دەبێت بەفەرماندار، لەوێ کێشەیەکی تووشدەبێت کە شایەنی تێرامانە، من کێشەکە ناودەنێم کێشەی « درۆی مەحکەم»... درۆیەکی باش کە کەس نەتوانێت بڵێت درۆیە. بەپێی چیرۆکەکە روبارێک ئەو دەڤەرەی کردوە بە دووکەرتەوەو پردێک لەسەر ئەو روبارە دروستکراوە، لەسەرێکی پردەکەدا بینای دادگایەکو سێدارەیەک لەنزیک یەکەوە دانراون، هەرکەس بیەوێت لەدونیای ئەمبەری روبارەکەوە بۆ ئەوبەر بپەڕێتەوە، دەبێت بۆ ئەو دادگایەی روونبکاتەوە کە بۆ کوێو بە چ مەبەستێک دەڕواتو چ کارێکی هەیە. گەر راستی وت دەپەڕێتەوە، گەر درۆشیکرد لەسێدارە دەدرێت. دوای ئەوە خەڵکانێک دێنو مەبەستو ئاڕاستەی خۆیان بۆ دادگا ئاشکرادەکەنو بێ هیچ کێشەیەک دەپەڕنەوە، ئەمە ماوەیەک بەردەوام دەبێت، تا رۆژێک کەسێک دێتو لەبەردەم دادگادا سوێند دەخوات کە بۆیە هاتووە تا لەسەر ئەو سێدارەیە بمرێتو جگە لەوەی هەڵیواسن بۆ هیچی دی نەهاتووەو نیازو مەرامێکی تری نییە. قسەی ئەم کابرایە تەواوی دادگاکە دەخاتە دوودڵییەکی گەورەوە، چونکە گەر بڵێن کابرا راستی وتووە دەبێت لێیگەڕێن بڕواتو بپەڕێتەوەو لەسێدارەی نەدەن، بەڵام ئەگەر کابراش پەڕییەوەو لەسێدارەی تێپەڕاند، ئەوا ئاشکرا دەردەکەوێت کە درۆیکردوە، بەوەش دادگا تووشی کاری نایاسایی دەبێتو وەها دەردەکەوێت وەک دەستووری خۆی شکاندبێت، لەهەمانکاتدا گەر کابرا بەتۆمەتی درۆش لەسێدارەبدرێت، بە لەسێدارەدانی دەردەکەوێت کە کابرا راستی وتووەو دادگا راستگۆیەکی لەسێدارە داوەو بەوەش حاکمەکان یاسا شکێنیان کردوە .

ئەم درۆیەی کابرا یەکێکە لەدرۆ هەرەچنراوە باشەکان، درۆیەکە دەکرێت ناوی بنێنین «درۆی ئیدیال». چونکە هەر کات وتمان درۆیە بەر دیوە راستییەکەی دەکەوین، کەووتیشمان راستە هێشتا هەستێکمان هەیە کە درۆیە. بە مانایەکی دی ئەو پیاوە دەیەوێت لەپردەکە بپەڕێتەوە بێئەوەی حەقیقەت بڵێت، بەڵام ناشیەوێت درۆیەک بکات کە لەحەقیقەت نەچێت، نایەوێت درۆیەک بکات راستەوخۆ وەک درۆ بناسرێتەوەو بە هەموو لۆژیکێکی سادەو هەموو بیرکردنەوەیەکی منداڵانە بسەلمێنرێت کە درۆیە ... واتە جەوهەری چیرۆکەکە ئەوەیە کە درۆزنێک هەیە دەیەوێت لەپردێک بپەڕێتەوە، بێئەوەی کەس بتوانێت بیسەلمێنێت کە درۆزنە .

کە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەو لیژنەیەم لەسەر شەهیدکردنی سەردەشت خوێندەوە، راستەوڕاست هەستمکرد لەبەردەم ئەو چیرۆکە ناکامڵو سەرنەکەوتووو پڕ لەکونو کەلێنەدا، دەزگا رەسمیو حکومییەکانی ئێمە پێویستیان بە درۆزنێکی وەک ئەو پیاوەی ناو رۆمانەکەی سێرفانتس هەیە، یەکێک فەنتازیای هەبێت، یەکێک بتوانێت وابکات درۆ تۆزێک لەحەقیقەت بچێت، یەکێک کە درۆیکرد شتێکی تێدابێت کەمێک لەڕاستییەوە نزیک بێت، درۆیەک کە خوێندتەوە یەکسەر سەراسیمە نەوەستیتو هاوار نەکەیتو بڵێت «وای لەو درۆیە ... ئامان لەو درۆ گەورەیە» . لەڕاستیدا من کێشەکە تەنیا لەو مەسەلەیەی سەردەشتدا نابینمەوە، بە گشتی زۆربەی دەزگا گەورەکانی دەڤەری ئێمە بەردەوام درۆ دەکەن، درۆ گەلێک کە ناخۆشییەکەیان لەوەدایە کە ئەم درۆیانە بەجۆرێک زەقو زۆپو دانەپۆشراوو مەکیاج

نەکراوو بێباکانەیە، گەر ئەوانە ئیحراجو شەرمەندە نەکات کە دەیکەن، ئەوانە شەرمەندە دەکات کە دەیبیستن .

بەوەدا خەڵکی کوردستان کەسی بەتەمای شۆڕش نییە، لێرەوە هەقی ئەوەیان بەسەر دەسەڵاتدارانەوە هەیە کە تۆزێک درۆی مەعقولیان بۆبکرێت. من دڵنیام بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان ئێستا وازیان لەوە هێناوە داوای ئەوە بکەن راستی لەم ئیدارەیە ببیستن، ئیتر لەکێشەی فڕۆکەوانەکەوە کە ئازادکرا، بۆ کێشەی فرۆشتنی نەوت بە قاچاغ، بۆ کێشەی لێدان لەڕۆژنامەنوسان، بۆ تیرۆرکردنی سەردەشتو تادەگاتە دەیان چیرۆکی گەورەو بچوکیتر، بوارێک نەماوە خەون بە بیستنی راستییەوە ببینین. بەڵکو تەنیا شتێک داوایبکەین ئەوەیە بڵێین حکومەتی ئێمە بەڕاستی پێویستی بە فەنتازیایەکی زیاتر هەیە لەپینەکردنو شاردنەوەو ونکردنی راستیدا، لێرەوە من پێشنیاردەکەم یان وەزارەتێکی تایبەتی بەدرۆکردن لەهەرێمی ئێمەدا دابمەزرێت، یان ئەنستتیوتێکی تایبەت کە تێیدا سوود لەبەهرەی رۆژنامەنوسو چیرۆکنوسو رەخنەگرەکانی سەر بەدەسەڵات وەربگیرێت، کە دەشێت فەنتازیایەکی باشتریان لەفەنتازیای وەزیرێک یان پیاوێکی ئاسایش هەبێت. لەڕاستیدا ئەم پێشنیارەم تەنیا بۆ گاڵتەپێکردن نییە، بەڵکو بڕێکی زۆر لەجیدییەتیشی تێدایە، لانیکەم درۆزنێکی باش بۆ دەزگا گەورەو رەسمییەکانی ئێمە ئەوە لەکۆڵ ئێمە دەکاتەوە بەردەوام بەیاننامە ئیمزابکەینو ستوون بنوسین. چونکە من بەش بەحاڵی خۆم ماندووبووم لەوەی هەموو سێ مانگ جارێک وەک منداڵی ناو چیرۆکەکەی هانز کریستیان ئەندرسن هاواربکەین «پاشا رووتە ... پاشا رووتە». کاتی ئەوە هاتووە بەرگدرووەکانی پاشا بەجیدی بیر لەچارەسەرێک بکەنەوەو ئێمەش لەو هەموو ئازارە رزگاربکەن. چونکە درۆزنێکی باش کە لەمجۆرە ئانو ساتانەدا هونەری خۆی بخاتەکار، زۆر سوودی بۆ هەموومان هەیە. واتە گەر درۆزنێک بێت لەبابەتی درۆزنەکەی سێرفانتس، ئەوا خەڵکیش ناچاردەکات زۆر دەنگ بەرزنەکەنەوە. هەڵبەت کە خەڵکیش دەنگیان بەرزنەکردوە، ئەوکات کەس تۆمەتی ئەوەیان ناخاتە پاڵ کە گوایە «ئازادی خراپ بەکاردەهێنن». ئیدی جۆرە رێکەوتنێکی بێدەنگو نهێنیو نەنوسراو دروستدەبێت، بەوپێیەی کە ئیدی خەڵک ئازادی خراپ بەکارنەهێننو فەرمانڕەوایانیش درۆ خراپ بەکارنەهێنن.

لەڕاستیدا حکومەتی هەرێم دەبێت بەم ئاڵوگۆڕە بەختەوەر بێت، جاران خەڵک داوای زۆریان هەبوو، دواتر هەموو داواکان بیرچوونەوەو کورتکرانەوە بۆئەوەی بانگەشە بۆ ئەوە بکرێت کە خەڵک هەقیان هەیە تەنیا راستی بزانن، ئێستا لەبەردەم ئەوەداین وردە وردە داوابکەین کە راستیشمان ناوێت، چونکە سەفەری گەڕان بە دوای ڕاستیدا لەناو سیستمی ئاڵۆزی حکومەتی هەرێمدا، لەگەشتی پاڵەوانی رۆمانی «کۆشک»ـی کافکا مایەپوچترو بێدەرەنجامترە. بەڵام وەک مرۆڤ، وەک هاوڵاتی مافی ئەوەمان هەیە کە درۆیەکمان گوێ لێ نەبێت، یەکسەر هەموو دونیا بزانێت درۆیە، چونکە ئەگەر باوەڕی پێنەکەین ئەوا یەکسەر

پیاوانی دەسەڵات دەمانکەن بە ئاژاوەگێڕ، ئەگەر باوەڕیشبکەین لەبەرچاوی دونیا دەبین بە میللەتێکی کاڵفامو کەم هۆش، واتە حکومەتی هەرێم دەمانخاتە بەر دوو هەڵبژاردنەوە کە هەردووکیان تاڵە. یان ئەوەیە وەک میللەتێکی ئاژاوەگێڕ دەربچین یان وەک میللەتێکی گەمژە. ئیدی بۆئەوەی درۆزنەکەی وڵاتی ئێمە بتوانێت لەپردەکە بپەڕێتەوە، بۆئەوەی ئێمەش تووشی ئەو هەموو ناڕەحەتیو هەڵبژاردنە قورسانە نەبین، باشترە دەزگایەکی پسپۆڕی درۆمان هەبێت کە کاروباری درۆکردن لەمەملەکەتدا ڕێکبخات.

دیارە من دەزانم درۆکردن باش نییە، دەزانم مەسیح لەمێژە فەرموویەتی «وای لەوەی کە چاک دەکات بە خراپو خراپ دەکات بە چاک، وای لەوەی تاریکی دەکات بە روناکیو روناکی دەکات بە تاریکی، وای لەوەی شیرین دەکات بە ترشو ترش دەکات بە شیرین» ... بەڵام پێویست ناکات دەسەڵاتدارانی ئێمە لەمجۆرە قسانە بترسن، چونکە ئەو قسانە بۆ زەمانی مەسیح راستبوو، ئێستا درۆزنێکی باش دەتوانێت چاک بکات بە خراپ، روناکی بکات بە تاریکی، شیرینی بکات بە ترشی، تاوانبار بکات بەبێ تاوان، قوربانی تیرۆر بکات بە تیرۆریست، گەنجێکی بێگوناهـ بکات بە ئەنسارول ئیسلام، بێئەوەی هیچ رووبدات. ئەمڕۆ درۆ زۆر لەسەردەمی مەسیح بەهێزترە، قسەیەکی تشارلز سپارگیۆن هەیە بە روونی ئەو هێزەی درۆ دەردەخات، دەڵێت «ئێستا درۆ سێ جار بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، پێش ئەوەی حەقیقەت هێشتا پێڵاویشی لەپێکردبێت». یان مامۆستای گەورەی ساتیر مارک توین سەبارەت بە هێزی درۆ دەڵێت «تەنها جیاوازی لەنێوان درۆو پشیلەدا ئەوەیە، کە پشیلە تەنهاو تەنها حەوت رۆحی هەیە»، واتە درۆ لەحەوت رۆح زۆر زیاتری هەیە. بەڵام هەڵبەت بۆئەوەی درۆیەکی وا باشت دەستبکەوێت دەبێت درۆیەکی مەحکەم بێت، درۆیەک بێت داڕێژرابێت، درۆیەک بێت لەبابەتی درۆ نمونەییو ئیدیالەکەی کابرای سەر پردەکەی باراتێریا بێت، نەوەک لەبابەتی ئەم درۆ خواروخێچانەی ئێمە لەوڵاتی خۆماندا دەیبیستین، کە بەڕاستی هەر تەوهینکردن نییە بە راستی، بەڵکو تەوهینکردنە بە درۆش.

نوسەری دێرینی ئەڵمانی «گۆتفرید ئەوگۆست بورگەر» دەیووت «مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لەبەڵگە کە دەیسەلمێنن، هیچ زەحمەت نییە حەقیقەت بکوژرێت، درۆیەکی باشیش نەمرەو دەتوانێت بۆ هەتاهەتایە بژی». هیوادارم سیاسەتمەداران لەوشەی «درۆیەکی باش» لەڕستەکەدا وردببنەوە. لێرەدا گەر درۆی باش دەستنەکەوت باشترە خەڵکانی دەسەڵاتداری ئێمە سوود لەحیکمەتی سیاسەتمەدارێکی گرنگو گەورەی وەک تالێران وەربگرن کە دەیووت «من درۆناکەم، بەڵام کەسیش ناتوانێت وام لێبکات راستی بڵێم». سیاسەتمەدار کە درۆیەکی باشی نەدۆزییەوە، باشترە خۆی وا دەرنەخات کە راستی دەڵێت. چونکە یەکێک لەکێشەکانی درۆی خراپ ئەوەیە کە زۆر بەزوویی‌و زۆر بە ئاسانی راستی ئاشکرادەکات.

2010/9/23

**پێویستە دۆسیەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ببرێتە دادگای نێودەوڵەتی لاهای**

**هیوا ئەحمەد**

**بەدوای تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، لە ماوەی رابردودا چەند هەنگاو و هێرش و سایسەتی سەرکوتگەریانەی ترمان لە لایەن دەسەڵاتی پارتییەوە بۆ سەر ئازادی و هەوڵدان بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادی بەگشتی و ئازادی رۆژنامەگەری و دەربرینی بیرورا بەتایبەتی بینی. سەرەتا لیستی ئەو داوایانە بوو کە بەبری چەندین دەفتەرە دۆلار لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی، فازل میرانی، بە پێشێلکردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسی پەرلەمانی کوردستان و بە پێی یاسای 1969 ی رژێمی بەعس، لەسەر رۆژنامەکانی هاوڵاتی و ئاوێنەو لڤین و رۆژنامە.. تۆماری کردوون. ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی گەندەڵی و پێشێلکاریەکانی پارتی و بەرپرسەکانیان ئاشکرا کردوە و ئەو هێڵەسورانەیان بەزاندوە کە تەنها بەقازانجی پارتی و بنەماڵەی بارزانی کێشراون و پیرۆزکراون. مەبەستی ئەم داوا سەیرو سەمەرانەش زەمینەخۆشکردن بوو بۆ هێرشێکی قێزەوونتر کە ئەویش دەرهاویشتنی ئەنجام و سیناریۆی چەواشەکارانەو ساویلکانەی لیژنەی بەناو لێکۆلینەوە کارتۆنی و نهێنییەکەی بارزانی لە رفاندن و تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان و کردنی بە تیرۆریست و هاوکاری گروپە ئیسلامیەکان بوو. عەجەب لیکۆلینەوەیەک !!**

**بەڵام لە لایەکی ترەوە بە ئاراستەیەکی زۆر پێچەوانە، هەر لەم ماوەیەدا لە لایەن بەرپرسانی پارتییەوە، زۆر موعەزەز و موکەرەم، پاراستن و داڵدەدانی تاوانبار و کۆنە موستەشاری رژێمی دیکتاتۆری بەعس قاسم ئاغای دەست سور بوو بە خوێنی دەیان پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی و یەکێک لە قارەمانانی پرۆسەی ئەنجامدانی ئەنفالمان بە چاوی خۆمان بینی. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی کەمپینی داواکردن بۆ دەستگیرکردن و دادگایکردنی قاسم ئاغای کۆنە موستەشاری بەعس لە کۆیە لە لایەن کەسوکاری قوربانیانی دەستی ئەم تاوانبارە، هەر بەهەمان شیوە موعەزەز موکەرەم لە لایەن بەرپرسانی پارتی و پاریزگاری هەولیرەوە لە فرۆکەخانەی هەولیرەوە رەوانەی دەرەوەی ووڵات کرا. ئەمەش تا لەدەستی سزای کەسوکاری قوربانیان و تەنانەت ئەو یاساو دادگا گاڵتەجاریانەی خۆیان رزگاری بکەن و بە سزا نەگەیەنرێت .**

**ئەمە نموونەی ئەو سیستمی دادپەروەری و یاسای سزادان و دادگایانەیە کە لە کوردستان لە لایەن پارتی ودەسەڵاتی کوردییەوە بەرێوەدەچێت. لەسەر دەربرینی ئازادانەی بیرورا و ئازادی رۆژنامەگەری، لەسەر نوسین و رەخنەی مەدەنیانە لەدەسەڵات و بەرپرسان، لەسەر داواکردنی ئازادی و دابینکردنی مافەکانی خەڵک ، لەسەر ئاشکرا کردنی گەندەڵیەکان و پێشێلکاریەکانی دەسەڵات و بەرپرسان، رۆژنامە و نوسەرەکانیان دەدرێنە دادگا و بۆ دەمکوتکردن و داخستنی دەرگاکانیان بەسەدان هەزار دۆلار غەرامە دەکرێن. لەسەر نووسینی چەند ووتارێک لەسەر بارزانی و دەسەڵاتی بنەماڵەکەیان سەردەشتی رۆژنامەنووس لە لایەن**

پاراستنەوە دەرفێنرێت و تیرۆردەکرێت. لە جیاتی ئاشکراکردنی تیرۆریستانیش، قوربانی دەکرێتە تیرۆریست و هاوکاری گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیەکان، ئەمەش بۆ سەرکوتکردنی هەموو ئەو دەنگە ئازاد و نارازیانەی تیرۆرکردنی سەردەشتیان سەرکۆنەو ریسواکرد و لەبەرامبەر دەسەڵاتی پارتیدا نارەزایەتیان هێنایە سەرشەقامەکان و بەردەم پەرلەمان .

بەڵام لەولاشەوە بەرۆژی رووناک و لەناو گەرماوگەرمی دۆسیەی تیرۆرکردن و بەتیرۆریستکردنی سەردەشتدا، پێشوازی لە تاوانبار و کۆنە موستەشاری رژێمی بەعس و قارەمانی ئەنفال قاسم ئاغا دەکەن و لە نزیک بارەگاکانی سەرۆکی پارتی جێگای بۆ دەرازێننەوە و دەیپارێزن و دواتریش بە رێزەوە لە جیاتی دەستگیرکردن و دادگاییکردنی رەوانەی دەرەوەی وولاتی دەکەن.

ئەمە ئەو سەروەری ئەو یاسایەیە کە هەموو رۆژێک بەرپرسانی پارتی و دەسەڵاتی کوردی بە خەڵکی کوردستانی دەفرۆشن. بەڵام زۆر دەمێکە بۆ خەڵکی کوردستان ئەوە زۆر باش ئاشکرا بووە کە ئەم سەروەری یاسایە تەنها لەبەرامبەر خەڵک و نوسەران و رۆژنامەکان و رۆژنامەنووسان و ئازادیخوازاندایە و سادەترین بەرپرس وکاربەدەستی ناو حیزب و بنەماڵەو دەسەڵاتەکەی خۆیان ناگرێتەوە. رۆژێک نەمان بینی ئەندامێکی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی یان بەرپرسێکی پارتی و ناو دەسەڵاتی کوردی وحیزبە دەسەڵاتدارەکانی لەسەر تاوانەکانی شەری ناوخۆ و 31ی ئاب و بێسەروشوێنکردن و زیندانیکردن و کوشتنی سەدان کەس و پێشێلکاری و گەندەڵیە دارایی و رامیارییەکانیان بدرێنە دادگاو سزا بدرێن. بەڵام رۆژنامەنووسان تیرۆر دەکرێن و هەموو رۆژێک بە رێگای دادگاوەن تا لەسەر داوای بەرپرسان و دەسەڵات و حیزبەکان سزا بدرێن!!

هەرچەندە لە چاو سیستمی دادوەری تا رادەیەک سەربەخۆ و مۆدێرنی زۆربەی وولاتانی جیهان، دادوەری و یاسای سزادان و دادگاکان لە کوردستان لە رادەبەردەر دواکەوتوو و دیکتاتۆریانەن، کە نەک هەر سەر بەحیزبی دەسەڵاتدارن، بەڵکو بەتەواوی لەخزمەت بنەماڵەی دەسەڵاتداردایە و تا ئێستا هەمان یاساکانی رژێمی دیکتاتۆری رژێمی بەعس بەکاردەبرێن، بەڵام بەدوای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس و راپێچکردنی رۆژنامە ئازادەکان بۆ دادگا لە لایەن پارتییەوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی ئەنجامی گاڵتەجاریانەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری سەردەشت و پاراستنی قاسم ئاغآ و رەوانەکردنی بۆ دەرەوەی وولات، هیچ مسداقییەت و شەرعییەتێکی تەنانەت بۆ خودی ئەو یاسا دیکتاتۆری و دواکەوتوە نەهێشتۆتەوە و بەتەواوی کەوتۆتە ژێر پرسایر و جیگای متمانەی هیچ کەسێک نەماوە.

هەربۆیە لەژێر سایەی هەلومەرجێکی سیاسی و سیستمێکی دادوەری لەم شێوەیەی کە پارتی پیادەی دەکات، ئومێد بەستن و چاوەروانیکردن لە دەسەڵاتێک و لیژنەیەکی نهێنی و سەر بە بنەماڵەی بارزانی بۆ ئاشکراکردنی تاوانباران و تیرۆریستانی سەردەشت و دادگایکردن و بە سزاگەیاندنیان لە دادگاکانی کوردستاندا ئاکامێکی لەوە باشتری نابێت کە ئەمرۆ ئەم

لیژنەیە رایگەیاندوە، کە قوربانی و ئازادیخوازان دەکاتە تاوانبار و تاوانبارانی راستەقینەش دەشارێتەوە یان رەوانەی دەرەوەی وڵاتیان دەکات.

لێرەوەیە پێویستی وەگەرخستن و هێنانە ئاراوەی ئەڵتەرناتیڤێکی تر بۆ لێکۆڵینەوە و بەدادگایی گەیاندن و ئاشکراکردنی تیرۆریستانی سەردەشت گرنگی خۆی پەیدا دەکات و پێویستە ئازادیخوازان بیری لێبکەنەوەو بەدەستیەوە بگرن و هەنگاوی عەمەلی بۆ بنێن. پەلەکردن و چڕکردنەوەی هەوڵ و فشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەو لیژنە نهێنی و حیزبی و بنەماڵەیەی ئێستا و پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆی ئاشکرا لە پسپۆڕانی شارەزا لە بواری لێکۆڵینەوەی تیرۆر و تاوان و هەڵسوراوان و رێکخراوە مەدەنییەکان و رۆژنامەنووسان و کەسوکاری سەردەشت و چاودێرانی رێکخراوە مرۆڤ دۆستە جیهانییەکان، یەکێک لەو ئەڵتەرناتیڤانەیە کە دەبیتە فشارو ئامرازێکی کاریگەری ناوخۆیی و جیانی بەهێز و پێشمەرجێک لە پیناو ئاشکراکردنی تیرۆریستانی سەردەشتدا. لەهەمان کاتدا بەهۆی ناسەربەخۆبوون و نامەدەنی بوونی دادگاکان و بەکاربردنی یاسایەکی دواکەوتوو و سەرکوتگەریانەو نایەکسان لە کاتی بەرێوەچوونی پرۆسەی دادوەریدا، پێویستە دۆسییەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان کە لە لایەن حیزبێکی دەسەڵاتداری وەک پارتییەوە ئەنجام دراوە، لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە ئامادە بکرێت و بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی لاهای لە هۆڵەندا تا لە لایەن نیهادێکی نێودەوڵەتی و دوور لە دەست تێوەردانی پارتی و دەسەڵاتی کوردی پەیگیری لێبکرێت ولە هەولی بەئاکام گەیاندن و سزادانی تاوانباراندا بین.

2010/10/06

نامەیەک بۆ میرەکەی لای خۆمان!

میرم! راستیمان ئەوێت

ئاریان ئومید عارف 2010/10/6

سڵاو میرم! من سەندرێلام بەڵام ئەو سەندرێلایەی ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکە نیم، هەرچەندە بەسروشتی خۆم وەک هەمو کچەکانی تری ئەم دونیایە پڕم لە ناسکیو میهرەبانیو لەهەمان کاتدا پڕیشم لە ئازاییو جەربەزەیی واتە سڵناکەمەوە لەوەی ئەگەر ناڕەواییەک ببینمو هیچ نەڵێم، من وا پەروەردە بوم خەونیشم گەیشتن نییە بەمیری وڵات وەک سەندرێلاش بە دوای جوانیدا وێڵ نیم.

ئەو سەندرێلایەم کە وەک زۆربەی هەرە زۆری گەنجو لاوانی وڵاتەکەم بە قۆناغی هەرزەکاریدا نەرۆیشتینو چێژی ئەو تەمەنە نازانین چۆنە، بەتایبەتی ئێمەی راستەوخۆ

دوای راپەڕین کە لەسەرەتاکانی قۆناغی هەرزەکاریدا بوینو دەبوو تەمەنی هەرزەکارانەی خۆمان بژین، بەڵام بەداخەوە ئێمەی چینی گەنجانو هەرزەکارانی ئەو سەردەمەو وەک هەموو رۆڵەکانی تری میللەت، بێبەش نەبووین لە زەبرو زەنگو تاڵیو نەهامەتییەکانی شەڕی ناوخۆ و ململانێی سیاسی، هەر بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ئەو قۆناغەمان تێپەڕاندو یەکسەر هاتینە نێو تەمەنی کامڵییەوە.

سەرباری ئەوەش زۆربەمان چەند ساڵی یەکەم بە هەموو جوانیو ناشرینیەکانیانەوە بە سەرکردەکانمانو حیزبە سیاسییەکانمان سەرسام بوین، ئەگەر باشتریش وەسفی بکەین، نەک هەر سەرسام بگرە هێندەمان خۆش ئەویستن کە چاومان ناشیرینییەکانیانی نەئەبینی، جاری واش هەبوو ئامادەبووین ژیانی خۆمانیان لەپێناودا بەختبکەین! هەروەک گەورەکان. بۆ سەلماندنی ئەمەش کچێکی خزممان بەردەوام وێنەی سەرکردەکانی کوردو میرەکانی پێبوو بەهۆی ئەو وێنانەوە رۆژێکی تەواو لەلایەن ئاسایشەوە لەبەیانیەوە تا ئێوارە بەندکراینو دونیایەک جنێو و قسەی ناشرینو سوکایەتیمان پێکرا ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی ئامادە نەبوین تف لەو وێنانە بکەین. لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا ساڵی 1997 ئەوکات تەمەنم تەنها 20 ساڵ بوو لەگەڵ ئەوهاوڕێیەم ویستمان لە سلێمانیەوە برۆین بۆ ڕانیە. ئەو لە جانتاکەیا وێنەی یەکێک لەسەرکردەکانو کوڕەکانی پێبوو ئەوەبوو گەیشتینە سەیتەرەکەی باخی بەختیاری، چەند چەکدارێک بە سەرنشینەکانی وت: دابەزن برۆن بۆ پشکنین، من وکچەکەی هاوڕێم وەک ئەوەی چەکدارەکە وتی وامان کرد، لەو نێوەشدا جانتاکانمان لەگەڵ یەک گۆڕا بۆیە لە کاتی پشکنینا هەروەک ئەوەی تی ئین تیم پێ گیرابێت، چواردەوریان گرتین، چونکە لە جانتاکەی ئەودا کە بە من بوو چەند رەسمێکی رەشو سپی سەرکردەو میری تیابوو ئیتر نەک هەر نەیانهێشت بڕۆین بۆ سەفەرەکەمان، بەڵکو بەرەوڕووی سەدان سینو جیم بوینەوە، سەیارەیەکی ئاسایش هاتو هەردوکمانیان برد بۆ لای بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەو سەردەمە، هەرچی قسەی سوکو ناشرین هەیە لەسەر ئەو رەسمە پێمان وترا، کچەکەی هاوڕێم هەر زوو هەوڵیدا کە من لەو وەزعە دەربازکاتو پێیووتن کە ئەوە جانتای ئەوەو هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، هەرچەندە ئەو راستی ئەوت، بەڵام منیش بە پێچەوانەوە بەرگریم لەو ئەکرد. بەهەرحاڵ کار گەیشتە ئەوەی زۆر زۆریان هەوڵدا لەگەڵمان کە تفێکمان لە وێنەی ئەو سەرۆکە پێبکەن، هەتا یەکێکیان پێیوتین ئەگەر وا نەکەن ئەوا ئەمشەو لای ئێمە ئەمێننەوەو هەر خۆیشی پرسی، ئایا تێئەگەین ئەوە مانای چییە؟! منیش بە ئازایەتیەوە وتم، بەڵێ تێئەگەین بۆ تێناگەین! ئنجا وتی دەی کەواتە بۆ تفی لێ ناکەنو ئیتر برۆن بۆ سەفەرەکەتانو لەدەست ئێمەش رزگارتان ئەبێت! منیش وتم ئاساییە بۆ منو ئەتوانم تفکەم، تف چییە زۆر ئاسانە! بەڵام ئەی باشە تۆ رازی ئەبیت لای ئەوانیش تف لە سەرۆکەکەی ئێوەکەین. مودیرەکە بەتوڕەییەوە وتی ئینجا حەدت چییە، کچێ ئەزانی تۆ زۆر دەمت درێژە!. لە رقا کردینیانە ژورێکەوە تا ئێوارە، دواتر یەکێکیان هاتو وتی هائێستا ئەڵێن چی؟ ئێمەش وتمان هەر لەسەر قسەی خۆمانینو تف لەکەس ناکەین، وتی دەباشە جنێویکی پێبەن، بەڵام ئەوەشمان نەکرد. باوەڕ بێت ئێستاشی لەسەر بێت هیچ کام لەئێمە ئامادە نەبوو ئەو کارە نەشیاوە بکاتو ئەوانیش دوای ئەوەی زانییان کە لەسەر قسەی

خۆمان سوربوین، ئیتر نازانم چی وای لێکردن دڵیان نەرم بێتو ئازادیان کردین. ئەوە واقیعێک بوو رۆژێکی تەواو لەگەڵی ژیاین، بەڵام ئەزمونێکی باشیش بوو بەتایبەتی بۆ زانینی رادەی ئازایەتیو بوێری لەو ساتە هەستیارانەدا.

لەم سەردەمەی ئێستاشدا کە خۆشبەختانە هێواش هێواش بەتێپەڕبونی زەمەنو بەهاتنە مەیدانی میدیای ئازادەوە، ساڵ لەدوای ساڵ هەم ئێمەو هەم جیلەکانی پێشو دوای ئێمەش زیاتر بەرچاومان رۆشن کرایەوەو توانیمان رەشو سپی لەیەکتر جیابکەینەوە، هەر بەو رەسمە رەشو سپییەشدا کە تفمان لێنەکرد، با بێینە سەر باسی رەنگی رەشوسپی هەرچەندە هێشتا خەڵکانێک ماون کە نایانەوێت ئەو هێڵانە ببینن کە ئەو دوو رەنگە لەیەک جیا ئەکەنەوە. رەنگە ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بێت کە هێڵو وێنەی رەشوسپی لەتاریکاییدا خۆیەتیو لەروناکیشدا پێچەوانە ئەبێتەوە، رەنگە زۆربەشتان تاقیتان کردبێتەوە ئەتوانی تۆش ئەزمونی کەیت: بۆ چەند چرکەیەک لە دوو بازنەی رەشو سپی یاخود وێنەیەکی رەشو سپی بڕوانە، دواتر راستەوخۆ سەیری دیوارێکی سپی بکە لەسەر دیوارە سپیەکە ئەو هێڵکارییە رەشو سپییە پێچەوانە ئەبێتەوە واتە لەسەر دیوارەکە بەشە رەشەکەی سەر هێڵکارییەکە کەلەواقیعدا هەیە سپییەو سپییەکەش رەشە!!

وایە؟ تاقیت کردەوە؟ هەرچەندە نەخۆشییەکی چاو هەیە پیی ئەوتریت (عمى الألوان) واتە کەسەکە ناتوانێت بەباشی رەنگەکان لەیەکتر جیابکاتەوە. بۆیە بەداخەوە ئەم تاقیکردنەوەیە هەمان ئەنجامی نابێت لای توشبوانی ئەو جۆرە نەخۆشییە. دوورنییە دەسەڵاتیش توش بووبێت! ئەوەش پەیوەندی بە شەپۆلەکانی کورتبینیو درێژبینی چاوەوە هەیەو ئەوەش پسپۆڕی خۆی هەیە لە بوارەکەدا بۆیە من نامەوێت لابدەم لە بابەتەکەم.

کەیسەکەی کاکە سەردەشتی شەهیدی قەڵەمیش هەر بە چەشنی ئەو هێڵکارییە رەشو سپییەی سەر لاپەڕەکە هەیە کە منیشو ئێوەشو دەسەڵاتیشو ئەنسارولئیسلامیش ئەیبینێت کە لەسەر خامە جۆرێکەو لەسەر دیوارەکەش پێچەوانە ئەبێتەوە!

هەمو جارێکیش لەگەڵ بینینی کەیسی تیرۆرکردنەکە لەسەر خامە، هەموان وەک ئەوەی هەیە ئەیبینینو لەسەر دیوارەکەش بەهۆی ئەو یارییانەی شەپۆلەکانی چاومانەوە پێچەوانەکەی ئەبینین، گرنگ ئەوەیە هەمومان لەوێنەکەدا (لەسەر خامەکە) بزانین کامیان رەشەو کامیان سپییە، چونکە هیچ کام لەئێمە ناتوانێت ئەو پێچەوانەیەی سەر دیوارەکە ببینێت بەرلەوەی چەند چرکەیەک لەوێنە راستەقینەکە نەڕوانێت.

بۆیە تەنانەت ئەگەر بشکوژرێمو دواتر بشکرێم  بە کچی ئوسامە بن لادن، هەر ئەڵێم سەردەشتەکەی ئێمە تیرۆریست نەبوەو نییە. سەردەشتەکەی ئێمە جگە لە قەڵەمەکەیو لاپەڕە سپییەکانی دەستی کە بە وشە بوێرەکانیو بە ئازایەتیو جەربەزەیی خۆی رەشی کردبونەوە جگە لەلاوێکی دڵگەرمو رۆشنبیرو رۆژنامەنوسو خۆشەویست لەنێو هاوڕێکانیدا هیچی تر نەبوو. کوڕە کەچەڵەی ئێمە جگە لەکوڕێکی عاشق جگە لە کوڕێکی چاونەترس جگە

لەنوسین بە قەڵەمە رەشەکەی دەستی لەسەر لاپەرە سپییەکان هیچ کارێکی ترو هیچ پلانێکی تری نەبوو.

بۆیە میرم! بە قەڵەمەکەی سەردەشت سوێندت ئەدەم... بە هەموو ئەو سەعاتو خولەکو چرکانەی بەهۆی تۆوەو بنەماڵەکەی تۆوە لەگەڵ هاورێ کچەکەما لەبەندیخانە رۆژیکی تەواومان بەسەر برد، سوێندت ئەدەم سەردەشت بۆ تیرۆرکراو کێ تیرۆری کرد؟ راستیمان ئەوێت، میرم لیژنەی لێکۆڵینەوەکە نەیتوانی قەناعەتمان پێبکات بەو سیناریۆیە هەروەک چۆن ئاسایشی ئەو سەردەمە نەیتوانی تفمان لە وێنەکانی ئێوە پێبکات.

### تابلۆ شێواوەکەی هەولێر

سەلام مارف

لەماوەی رابردوودا، لەناو  رووداوەکانی کوردستان، دوو رووداو بۆ من لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر بوو. تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانو دەربازکردنی قاسم ئاغا. سەرچاوەی هەردوو رووداوەکەیش لە هەولێری پایتەختەوە دەستیانپێکردو سەر بەوێنو هێشتا وەک دوو کەیسی پایتەخت دەناسرێنەوە .

لە یەکەمیاندا، رۆژنامەنووسێکی بێتاوان، کە هیچ تاوانێکی وەهای نەبووە شایانی کوشتنو تیرۆر بێت، تیرۆر دەکرێت. لە دووەمیاندا تاوانبارێک، کۆنە موستەشارێک کە هەموو تەمەنی لێوان لێوە لە تاوانو دەبێت دادگایی بکرێت، دەرباز دەکرێت .

ئەم دوو نموونەیە، یان ئەم دوو دیمەنە، ناتوانن بچنە ناو چوارچێوەی دیمەنێکی مەعقولەوە، مەگەر سەراپای چوارچێوەکە لە بێلۆژیکییەکی ئاوێتە بە گەمژەیی چەنرابێت. ئەگەر وا نییە، چی وا دەکات، لە مەملەکەتێکدا کە تا ئێستاش پێیخۆشە خۆی بە وشەکانی ئازادیو دیموکراسییەوە با بدات، دوو رووداو دەخولقێت، کە سەراپایان جیا لە گاڵتەکردن بە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی هۆشیار، هیچی تر نییە، کە جیا لە مەسخەرەکردن بە ئازادیو جیا لە بەمەدەلیاکردنی دیموکراسی، هیچ دی نییە .

ئەو رووداوانە ئێمەیان خستە بەردەم تابلۆیەک، کە بەشێکی لە رەشو بەشەکەی تری لە سپی پێکهاتووە، بەشێکی تاریکەو تۆنەکانی لە شەوەزنگ وەرگیراوەو بەشەکەی تریشی سپیو روونترە لەهەر رووناکییەک. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین، کە هێشتا گرفتێک لێرەدا نییە. کۆکردنەوەی دوو لەیەکنەچوو، تەنانەت دوو دژ لە یەک شتدا، کارێکی نەکردە نییە، گرفتەکە لە شوێنێکی تردایەو لەوێوە سەر هەڵدەدات، کە تێکەڵکردنەکان تەواو ئاوەژوون. کەسیش ناتوانێت بەشێوەیەکی سادە، بێ وەستانو سەرپێیانە بڕوانێتە دیمەنە جیاوازەکانی ئەو تابلۆیەی بەشەکانی ئاوەژوو دانراونو هەر یەکەیان لە شوێنی ئەویتریاندا دانرابێت. لە

بەشێکی تابلۆکەی بەردەماندا، بێتاوانی سزای هەیەو سزاکەش مردنە، سڕینەوەو پاکتاوی جەستەیە، لە بەشەکەی تریاندا تاوانباربوون کارێکی ئاساییەو دەتوانرێت لەبیر بکرێتو سزای نییە.

ئەگەر رۆژنامەنووسێک لەسەر ئەوە دەکوژرێت، کە چەند وشەیەکی نووسیوەو دواتریش ئەو رۆژنامەنووسە دەکرێتە تیرۆریستێک، ئەوا لەو لاترەوە، تیرۆریستێک، بەواتایەکی تر، تاوانبارێک کە بە ئاشکرا دەستی سوورە بە خوێنی نەوەکانی ئێمە، سواری فڕۆکە دەکرێتو لەم مەملەکەتی تووڕەییو شڵەژانە دەرباز دەکرێت.

دیمەنەکانی ئەم تابلۆیە پێماندەڵێت، ئەگەر سەرەتاییترین واتاکانی دادوەری، عەدالەتو تەنانەت سادەترین ئەو داوەرییە ئاساییانە لەبەر چاو بگرین، کە هەر یەک لە ئێمە لەبارەی رووداوەکانەوە دەتوانێت بیکات، ناتوانین بێمانایییەکی لەو جۆرە لەژێر ترسو هەڕەشەیشدا قبوڵ بکەین. بێمانەترین شت ئەوەیە، یەکێک بێتو رووداوەکان بە دڵی خۆی بنووسێتەوە، کەسایەتییەکان بە دڵی خۆی بگۆڕێتو سیناریۆکان بەشێوەیەکی دڵخوازانە بنوسێتو چ کاتێکیش پێویستی کرد هەروا بە دڵخوازانە دایانبڕێژێتەوە.

ناتوانرێت بەتاوانبارکردنی بێتاوانێک کۆتایی بە شڵەژانێکی گشتی، کۆتایی بە هۆشیارییەکی گشتی، بهێنرێت، شڵەژانو هۆشیارییەک، کە بە ئاشکرا هەست دەکات درۆی لەگەڵدا دەکرێتو بە ئاشکرا هەست دەکات ئیهانەی خۆیو چواردەوری دەکرێت. بەهەمانشێوەش ناتوانرێت چنگ سورێک بە خوێنی خەڵک تەنیا وەک «نا مەرغوبێک» ناو بباتو رێگای بدات وەک بەرزەکی بابان بۆی دەرچێت، لەو لایشەوە خۆی بێئاگا بکات.

ئەوەی لەبەر چاوماندایە تابلۆیەکی شێواوە. تابلۆیەکە کە بەشەکانی ئاوەژوو کراونو سەروبن دانراون، سەیرکردنی تابلۆیەکی لەو جۆرە نە لەگەڵ زەوقو سەلیقەی مرۆڤی ئاساییو تەندروستدا دێتەوە، نە لەگەڵ هەستێکی دروستو ئاوێتە بە مرۆڤ خۆشویستن دێتەوە. مرۆڤ لەرێگای بەدەستهێنانەوەی عیزەتو هەستی ئازادی خۆی، ناچارە باشتر چاو بکاتەوەو باشتر ببینێت. لەدۆخێکی لەو جۆرەدا، بەدڵنیاییەوە یەکەم شت کە بەرەوڕووی ئەو مرۆڤە دەبێتەوە تابلۆ سەروبنەکەی لەمەڕ خۆمانە، بەرکەوتێکی لەوجۆرەش نەخوازراوەو بەرچاو لێڵ دەکات، بۆیە یەکەم شتیش کە دەیکات ئەوەیە دیمەنەکانی تابلۆکە راست بکاتەوە.

2010/10/7

**لێکۆڵینەوە لەکەیسی، سەردەشت عوسمان کاری دادگایە نەک لیژنەی تایبەت!**

**د. شۆڕش حەسەن**

**لەوەتەی حوکمی خۆماڵی لەو هەرێمەی ئێمەدا بەرقەرارە هەر کێشەو تاوانێکی کاریگەر بەسەر کۆمەڵگادا روویدابێ، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆدراوە، کاری زۆرینەی ئەم لیژنانەش ئاکامێکی بەدەستەوە نەداوە لەئاشکراکردنی تاوانبارانی ئەو کێشەو تاوانانەو تەنیا دیزە بەدەرخۆنەکردن بووە.**

**لەهەمو وڵاتێک کەلافی سەقامگیری دیموکراتییەتو ڕێزگرتنی پرنسیپەکانی سەروەری یاساو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لێدەدرێ بەدواداچونو لێکۆلینەوە لەسەر هەر تاوانو کێشەو کەیسێک لەئەستۆی دەسەڵاتی دادوەری ئەو وڵاتەیەو بۆ هیچ کەسو دەسەڵاتێکیتر نیە دەست بخاتە کاری ئەم دەسەڵاتەوە، یاخۆی لەسەروی ئەم دەسەڵاتەوە بزانێ، جا هەر پلەو پایەیەکیان هەبێ، نمونەش زۆرە لەو وڵاتانە. چۆن ئەوانەی بەرزترین پۆستو پایەیان هەیە لەکاتی پێویستدا ئامادەبون یا ئامادەکراون لەپێش دادگا بەسیفەتی شاهید بێ یا تاوانبار وەک هەر هاوڵاتییەکیتر دادگا مامەڵەی لەگەڵ کردون. کەچی ئەم هەرێمە ستەمدیدەیەی ئێمەی ژێر دەیان جۆر ناعەدالەتیو زوڵمو زۆری رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەدوای رزگاربونمانەوە تەخسیرمان نەکردوە بەقسە لەبانگەشەی دیموکراسیەتو دەستەبەرکردنی پرنسیپەکانی بەدروشمی بریقەدار بۆدونیای دەرەوە، بەڵام بەداخەوە بۆ ناوخۆمان ئەوەی باوەڕمان پێی نەبێ دیموکراسیەتەو ئامادەنین هیچ شتێ لەیەکتر قبوڵ بکەین، ئەگەر لەگەڵ بۆچونو لێکدانەوەمان نەگونجێو بەهەمو شێوەیەکیش دژی دەوەستینەوە تاڕادەی سڕینەوەو لەناوبردنی بەرامبەر، ئەگەر بەوردیش ئاوڕێک لەمێژووی ئەو ماوەیەمان بدەینەوە ئەو راستیەمان زۆر بەئاسانی بۆدەردەکەوێ.**

**ئێمە لەدوای دامەزراندنی دەسەڵاتە فەرمییەکانی هەرێم خاوەنی(دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆین کە نابێ جگە لەقانون دەسەڵاتی کەسیتر بەسەر ئەو دەسەڵاتەوە بێو بۆ هیچ دەسەڵاتو کەسێکیش نیە دەست بخاتە سەربەخۆیی دادگاکانو کاروباری دادپەروەرییەوە)، بەپێی مادەی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی ژمارە (14)ی ساڵی 1992. (هەروەها دادگاکان ویلایەتیان بەسەر گشت کەسانی سروشتیو مەعنەوییەوە هەیە بەحکومەتیشەوە، حوکمدان لەسەر گشت دژکاریو تاوانێکدا کاری تایبەتی ئەوە)، مادەی (3)ی هەمان یاسا. بەهەمان شێوەش دەستوری عێراقی ساڵی (2005) کە ئێمە زۆر ئومێدمان پێیەتی، لەمادەکانی (88، 87، 19)دا جەخت لەسەر سەروەریو سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریو دەست نەخستنە کاری ئەو دەسەڵاتە دەکاتەوە. دواتریش یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە(23)ی ساڵی 2007ی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەرهەمان ئەو بنەماو پرنسیپانە داوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری، کە لەمادەی(5)دا دەڵێ (دادگاکان دەسەڵاتیان بەسەر هەمو کەسێکی سروشتیو مەعنەویەوە هەیە، تادەگاتە حکومەتیشو تایبەتمەندە بەیەکلاکردنەوەی هەمو کێشەو تاوانەکان). لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە لێکۆلینەوەو حوکمدان لەهەر تاوانێک**

کەڕووبدات لەم هەرێمە کاری دەسەڵاتی دادوەرییەو بۆ هیچ کەسو دەسەڵاتێکیتر نیە دەست بخاتە ئەو بوارەوەو دادگاکان لەم دەسەڵاتەیان دابڕن، یاسای ئسولی موحاکەماتی سزادانی ژمارە (23)ی ساڵی 1971 جەخت لەسەر سەربەخۆیی دادگاکانو تایبەتمەندییان بۆ لێکۆلینەوەو بەدواداچونی هەرتاوانێک دەکاتەوە کە لەو هەرێمە رووبدات. ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربنەماو پرنسیپو خاسیەت لەدەسەڵاتی دادوەریو دادگاکان هەیە، بەڵام لەهەیئاتەکانیتری دەسەڵات وەک تەنفیزیو یاساداناندا نیەو نایەتەدی.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە هەمو ئەو لیژنانەی بۆ لێکۆلینەوە لەسەرکێشەو تاوانەکاندا پێکهێنراون شکاندنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بوەو پێشێلکردنی زەقی دەستورو قانون بوە، ئەم لیژنانە هیچ بنەمایەکی قانونییان نەبوە، بەواتایەکی روونتر نایاسایی بونو لەسەر بنەمایەکی پووچەڵ بنیاتنراون، هەر شتێکیش بنەماکەی پوچەڵبێ خۆشی پووچەڵە(المبنی علی الباطل فهو باطل).

ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەت بگەڕێینەوە سەر کەیسی (سەردەشت عوسمان)و تەنیا لەڕووی قانونییەوە دوور لەهەر تێڕوانینێکی ترو بەدەر لەپیشەکەی هەرچییەک بوە، بەڵام وەک مرۆڤێک وەک هەرتاکێکو هاوڵاتییەکیتری ئەم هەرێمە، ناوبراو بەپێی مادەی (15) دەستوری عێراق (مافی ژیانو ئاسایشو ئازادی هەیە، نابێت لەم مافانەیدا بێبەشبکرێت یا ئەومافانەی سنوردار بکرێت، مەگەر بەپێی یاسا یا بەبڕیاری لایەنێکی دادوەری تایبەتمەندەوە نەبێ) ئەم مافانەش دەسەڵاتەگشتییەکانی هەرێم بەرپرسن لەدەستەبەرکردنی بۆهاوڵاتیان وە ئەگەر دەستدرێژییان کرایە سەر، ئەو وەختە بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتی دادوەرییە لەم دەستدرێژییە بپرسێتەوەو ئیجرائاتی پێویست بگرێتەبەر.

بەپێی هەمو زانیارییە سەرەتاییەکان، تاوانلێکراو رۆژی 2010/5/4 لەشوێنێکی قەرەباڵغی ناوشاری هەولێر (نزیک لەزانکۆکەی لەبەرچاوی هاوڕێکانیو خەڵکی تریشەوە بەزۆرو لەئەنجامی بەکارهێنانی هێزەوە رفێنراوە) بێگومان ئەم بەزمە راستەوخۆ لەشوێنی رووداوەکە بێنەو بەردەو هاتو هاواریشی لێکەوتۆتەوە، کەواتە ئەم تاوانە تاوانێکی بینراو (جریمە مشهودە)بوە، بۆیە مومکین نیە دادگای لێکۆلینەوەی تایبەتمەند بەکێشەکانی ناوچەی سنوری تاوانەکە، بەهۆی ئەندامانی زەبتی قەزاییەوە یا لەڕێگەی کەسو کارو هاوڕێکانی تاوانلێکراوەوە ئاگادارنەکرابێتەوە، تاوەکو ئیجرائاتی پێویست وەربگرێ دەرهەق بەو تاوانە، بەپێی مادەی (1)ی یاسای ئسولی موحاکەماتی سزایی ژمارە(23)ی ساڵی 1971.

پاشان لاشەی تاوانلێکراو بەکوژراوی لەنەخۆشخانەی موسڵ وەردەگیرێتەوە لەگەڵ راپۆرتی پزیشکی دادوەری ئەو نەخۆشخانەیە لەسەر ئەو لاشەیەو حاڵەتی کوشتنەکەی. واتە ئەنجامی رفاندنەکە تاوانی کوشتنی عەمدی لێکەوتەوەو هەمان دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێری تایبەت بەرفاندنەکە بەرپرسو پابەندە بەدرێژەدان بەلێکۆڵینەوەکانی خۆی هەم لەسەر چۆنیەتی رفاندنو هەروەها بارودۆخی تایبەت بەکوشتنەکەش.

ئەمە ئەرکو بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتی دادوەری هەرێمە بەشێوەیەکی گشتیو بەتایبەتیش ئیشی دادگای لێکۆلینەوەی هەولێری تایبەتمەند بەو تاوانەیە لەبەراییدا، بەهەمان شێوەش داواکاری گشتیش بەرپرسیاریەتی بەدواداچونی هەڵدەگرێت بەپێی مادەی (2)ی یاسای داواکاری گشتی ژمارە(159)ی ساڵی1979. ئیتر ئەو تاوانە هەرجۆرە پەرچەکردارێکی لێدەکەوێتەوە گرنگ نیە، وەک لێی کەوتەوەو ناڕەزاییو خۆپیشاندانی بەرفراوانی جەماوەری بەدواداهات، واتە ئەگەر تاوانەکە هەرجۆرە شێوەو حەجمێکو کاریگەرییەکی هەبێ یا تاوانلێکراو هەرکەسێک بێو هەر پۆستو پایەیەکی هەبێ بەهەمان شێوەش تاوانبار یا تاوانباران هەرکەسێک بنو لەهەر پلەو پایەیەکدابن، ئەوا دەبێ بزانین کەکەسیان لەسەرووی یاساو دەسەڵاتی دادوەرییەوە نینو دەبێ تەنیا ئەو لایەنە دادگای تایبەت بێ کە لێکۆلینەوەی خۆی لەسەر ئەو تاوانەو لایەنەکانی بکا، چونکە ئەم تاوانەش هەمان روکنی هەر تاوانێکی تری هەیەو جیاوازیەکی نیە لەگەڵیاندا تا لەبەر چاوی دادگا دوور بخرێتەوەو لێکۆلینەوەی بەلیژنەیەک بسپێردرێ کە مەرجە سەرەکییەکانی دادوەرییان تیانیەو مافی لایەنەکانی داواکەی تیا دەستەبەرناکرێ، بۆیە، هیچ پاساوێک نیە بۆدەستخستنە ناوکاری دەسەڵاتی دادوەریو دوورخستنەوەی لەم ئەرکە پیرۆزەو سەرەکیەیدا، کە لێکۆلینەوەو حوکمدانە لەسەر ئەو تاوانەو هەرتاوانێکی تریش کە لەم هەرێمە رووبدات. بەڵام ئەوەبو بەبڕیارێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەپێچەوانەی هەموو ئەو مادە دەستوریو یاساییانەی ئاماژەمان پێدان ئەم کارە بەلیژنەیەکی تایبەت سپێردرا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنی سەروەری یاسایە کەبەردەوام بانگەشەی بۆدەکەینو دەڵێین لەسەرووی هەمومانەوەیە، هەروەها پێشێلی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریشە کەزۆر شانازی بەسەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتەش دەکەین. بۆیە ئەگەر لەڕووی قانونییەوە ئەو لیژنەیە هەڵبسەنگێنین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم لیژنەیە هیچ بنەماو ئەساسێکی قانونی دروستی نیەو بەدژ لەگەڵ رێساو بنەماو پرنسیپە قانونییەکان بنیاتنراوە، بۆیەش نەخودی لیژنەکە بەهایەکی قانونی هەیە، نەبڕیارو راگەیەندنەکانیشی کەدەریاندەکات، بەپشتبەستن بەو بنەما قانونییەی کەدەڵێ هەر شتێ لەسەر پوچەڵ بنیاتنرابێ خۆشی پوچەڵە، چونکە بەهیچ شێوەیەک تایبەتمەندی (الاختصاص) لێکۆڵینەوەو موحاکەمەکردنی نیە، کە تایبەتمەندبونیش (الاختصاص) بەروکنێکی گرنگو پێویست دادەنرێت بۆ سەلامەتیو بێ خەوشی بڕیاری هەیئەتە گشتییەکان جا تەنفیزی بن یا قەزایی.

بۆیە لەپێناو پیشاندانی روویەکی جوانتری هەرێم لەسەرەتادا بەهاوڵاتییانی خودی هەرێم کە هەردەم پشتو پەنای بزوتنەوەی کوردایەتیو ئەو ئەزمونەن دواتر بۆدونیای دەرەوەش، وەلەپێناو پیادەکردنی کردارەکی بنەماو پرنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسیەتو رێزگرتن لەیاساو سەروەریەکەیو پاراستنی سەربەخۆییو سەروەری دەسەڵاتی دادوەری، بەتایبەتی کەئەم کەیسە دونیای دەرەوەشی لێ ئاگادارە، بەپێویستی دەزانین کە لێکۆلینەوە لەم تاوانەو هەرتاوانێکی تریش بخرێتەوە ژێر رکێفی دەسەڵاتی دادوەری، لەبەرئەوەی هەمومان دەڵێین کەس لەسەرووی یاساو دەسەڵاتی دادوەرییەوە نیە، کەواتە بائەمە هەر قسەی رووت نەبێو کرداریش بێ چونکە (کردار شەرتە) وەک دەڵێین، بەتایبەتی کە ئەم دەسەڵاتە جێگای

متمانەی هەمو لایەکە، بەپێچەوانەی لیژنەی تایبەت پێکهێنراو بۆلێکۆلینەوە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، بەو پێیەی کۆمەڵێ گەرەنتی دەستوریو قانونی هەنە کە سەربەخۆییو بێلایەنیو نەزاهەتی دەسەڵاتی دادوەری دەستەبەردەکەن، بەڵام ئەولیژنانە لەوخاسیەتانە بێبەرین، رووی جوانی هەر کۆمەڵگایەکیش ئەوەیە تاچەند دادگاکان تیایدا سەربەخۆو نەزیهنو لەسەرووی هەموو تاکێکی کۆمەڵگاوەن لەوەزیرەوە تا گزیر.

**مامزو زێرەڤانیو سەردەشت**

ئاری ئەبوبەکر

لەرێگەی دۆستێمکەوە ئاگادارکرامەوە، کە لەدوابەرنامەی (ZOOM IN)ی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستان تی ڤی دا، شتێکی سەرسوڕهێنەری بینیوە، ئەویش گرتنی مامز (ئاسک) ێک بووە، لەلایەن هێزەکانی زێرەڤانی پارتییەوە، لەکاتی ئاودیوکردنیدا بۆ موسڵ، وە لەبەرنامەکەدا سوپاسی زێرەڤانی پارتی کراوە، بەوەی کە نەیهێشتوە ئەو مازە کوردییە بەرەو ناوچەکانی تری عێراق ئاودیوبکرێت.

مەسەلەی ئەو مامزە ئەوەندە کاریگەری کردبووە سەر دۆستەکەی من، بۆیە داوایلێکردم کە شتێک لەسەر مامزەکە لەدەمی ئەوەوە بنووسم، کە ئایا بە ریشی کێ رەوایە کە هێزەکانی زێرەڤانی پارتی دیموکرات ئاگای لەمامزێک بێت کە ویستراوە ئاودیوی موسڵ یان هەر جێگەیەکیتری دەرەوەی هەرێم بکرێت، وە هەوڵی رێگەگرتن بدات لەئاودیوکردنی مامزێک (زێرەڤانی جێگەی دەستخۆشیلێکردنە لەوەی کە نەیانهێشتوە ئەو مامزە ئاودیوبکرێت)، وە سەرکەوتوش بێت تێیدا، بەڵام هەر هەمان زێرەڤانی (یان راستتر پارتی دیموکراتی کوردستان) لەڕابردویەکی نزیکدا، ئاگای لەفڕاندنی سەردەشت عوسمان بەڕۆژی رووناک نەبێت، نەک هەر ئەمە بەڵکو بەناو بازگەکاندا ئاودیوبکرێتو ببرێتە موسڵ؟ دۆستەکەم نەدەچوو بە عەقڵیداو هەرچەندی دەکرد بۆی هەزم نەدەکرا، کە چۆن رێگە لەمامزێک دەگیرێت، کەچی بێئاگان لەسەردەشت؟

لەڕاستی، خۆشم هەر وەک دۆستەکەم ناچێت بە عەقڵمدا، کە حیزبێکی وەک پارتی بەو هەموو کۆنترۆڵەیەوە، بەو هەموو ئیمکانیەتو قودرەتی عەسکەرییو ئاژانسی هەواڵگرییەوە، بتوانێت ئاگاداری ئەوە بێت کە هەوڵێک لەئارادایە بۆ ئاودیوکردنی مامزێک، کەچی بێئاگابێت لەپلانداڕشتنو هەوڵدان بۆ فڕاندنو ئاودیوکردنی رۆژنامەنووسێک بەڕۆژی رووناکو لەحەرەمی زانکۆدا؟

بۆیە رەنگە سادەترین پرسیار روبەڕووی پارتیو هێزی زێرەڤانی پارتی بکرێتەوە، ئەوەبێت، کە ئایا ئەوانیش وەک ئێمە بە عەقڵیاندا ناچێت، کە چۆن بە ئاگان لەئاودیوکردنی مامزێکو بێئاگان لە ئاودیوکردنی رۆژنامەنوسێک، یان قوتابییەک؟ بۆ ئەوەی رۆژنامەی ئاوێنە

نەدرێت بە دادگاو داوای ملیارێک دیناری لێنەکرێت، ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە جێدەهێڵین بۆ پارتیو هێزەکانی زێرەڤانی.

## ترس لە ئازادی

شێرکۆ عادل

ئازادی، مافی سروشتیو خۆڕسکی خەڵکییە، لەناو یاسادا هەوڵی لە چوار چێوە گرتنو یەکسانیکردنی ئەدرێ بۆ گشت خەڵکی، بەڵام ئەوە دەستەڵاتی حکومەتو هێزە، چەکدارەکانن بەبەردەوامی ئازادی لە قاڵب دەدەنو هەوڵی خستنە ژێر کۆنترۆڵی سنوری فەرمانەکانیان ئەدرێت بە هەر جۆرە رێگایەک بێت .

لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتیو لەم هەرێمەی ئێمەدا ترس هەیە لە ئازادی، ترس لە ئاشکرابوونی نهێنیەکانیان، ترس لە لێکۆڵینەوەو والابوونی دەستو چاوی رۆژنامەو کامێراو میدیاکان، ترس لە پێنووسو پەرەو سکرێنی ئازاد، ترس لە بانگی حەقو دادپەروەری، ترس لە گۆرانیو هۆنراوەی ئازاد، ترس لە چیرۆکو خەونەکانی، ترسو گومان لە هەموو پێنووسو چاوی کامێرایەک لە هەمان ناوچەو هەرێمدا ترسێکی تر هەیە لە ئازادی، لە خنکاندنو سنووردارکردنو لەپاوانە کردنی ئازادی، ترس هەیە لە ملکەچ پێکردنی پێنووسو دەنگی ئازادی، ترس هەیە لە کوشتنی خەونی شاعیرو حیکایەت خوانەکان، ترس لەکپکردنو خەفەخانکردنی ئازادی هەیە .

لەسەر گۆی زەویو بەتایبەت لەئاسیادا، نزیکەی ملیارێک ئادەمیزادو کلتورەکانیان وشەی (ئازادی)و فەرهەنگەکانی بەکاردێننو ناوی دەبەنو خەونی پێوە دەبینن، کەچی هێشتا هەر ترس هەیە لە ئازادی، ترس لە وشکە کەڵەکی : (دارو کێبڵو بۆمبی فرمێسکو کەلەپچەو زیندانو گوولە) لە دەوری ئازادیو دەستبەسەرکردنی، هەموو ساتێ گوومانی قەومانی کارەساتێ دەکرێ، ترس هەیە لە شەوە زەنگێ کە هیچی کەمتر نیە لە کوشتنو لەناوبردنی ئازادی وەک لەساڵانی سەدەی رابردوو .

ئا لەم هەرێمەی ئێمەداو لە سەدەی رابردوودا، لەلایەن هەردوو حیزبی حاکم دارو دەستەڵات داری ئێستامانەوە، سەدان ژنو ئافرەتی تێکۆشەرو هەزاران پیاوی خەباتگێر خۆیان گیان فیدای ئازادی کرد لە شاخو لە شار، لە بەردەم گوولەو پەتی سێدارەدا سرودی ئازادییان دەوتو قسەی سەر زمانو بنی زمانیان هەر ئازادی بوو ئازادی، کەچی ئێستاوا هاوار هەستاوە لە دەست دادو بێدادی بەدەست خنکاندنو لەکەدار کردنی ئازادییەوە!

رۆژنامەی ئیندیپیندنیتی بەریتانی کونو کەلەبەری حکومەتو پەرلەمانو ئۆپۆزسیۆنو تەنانەت بەماڵی شاژنیشەوە شوێنێک نەماوە بەتووندی قسەیان لەسەر نەکەنو گیرفانو

قاسەکانیان هەڵنەداتەوەو نهێنیەکانیان باس نەکەنو کەسیش پێیان ناڵێت دەستی قاعیدەو ئێرانیان لە پشتەوەیە، لە ئەڵمانیا گۆڤاری هەفتانەی (دی شپیگل) یەخەی حزبو بەرپرسو لایەنی دەستەڵات نەماوە نەی گرێتو نە یان خاتە ژێر زەرەبینەوە، کاتێکیش وێنەی براکەی سەرۆک شرۆیدەری حکومەتەکەی پێشویان نیشاندا لەناو کونی زێرابەکاندا کار دەکات، ئەوەندەی تر روی خۆیان گەشتر کردو مەفرەزەی ئاسایشیش نە چووە سەریان، لە هۆڵاند چی بە بەرپرسو حکومەتو پەرلەمان ناکرێت، بەقەولی خۆیان پیاوە سیاسییەکان هەر ئەوەندە ماوە رۆژنامەو کامێراکان نەچنە ژووری نووستنەکانیانەوە، تەنانەت پۆلیسێکیش بەشەقو زلە دوای کەسیان نەکەوت، لە پاریسو فەرەنسا رۆژنامە شەڕ بەکێ نافرۆشێت بێ لە حکومەتو پەرلەمانو ئۆپۆزسیۆنو سووپا شەڕ بەماڵی خواش ئەفرۆشن لە هەموو ئاینەکانی ئاسمانو سەر زەوی، کەسیش بەبیکەیسی سەر پیکابەکان تەقەیان لێناکات، دەیان نموونەو باسو خواسی تر، کەچی رۆژ بەرۆژ زیاتر بەرەو پێش دەچنو متمانەی خەڵکی زیاتر بە ژیان دەبێتو ئاسایشو ئارامی زۆرتر بەر قەرار دەبێتو لەولاشەوە ئابووری دە ئەوەندەی تر بەرو پێش هەنگاو ئەنێو حکومەت ئەوەندەی تر پایەدار دەبێت.

کەچی لەلای ئێمە هەر ترس هەیە ترس!، بەردەوام رۆژنامەو پێنووسو کامێرا لەژێر زەبری چەکو کەلەپچەو کێبڵو گوولەدایە!، بەردەوام رۆژنامە نووسێ، نووسەرێ، رۆشنبیرێ، لەژێر سێبەری ترسی تێهەڵدانو راونانو تێسرەواندنو لەکەدارکردنو برینداریو کوشتندایە !!، ساڵانە دەبێت بە پێوانەی تێهەڵدانو زیندانیو برینداریو کوشتن ئازادی هەڵسەنگێنینو مەترسییەکانی بنرخێنین!، بزانین ئەم هەفتەو مانگو ساڵە لە چەند رۆژنامە نووسو کامێرامانو رۆشنبیر هەڵ نەدراوە!، بەردەوام مەراقمانە بزانین کێ هەڕەشەی لێکراوەو کێ ئەتکراوەو کێ زەفەری پێبراوەو کێ لەکەدار کراوە؟

لە سەردەمی بەعسی تاوانکاردا، ناوی چەندین لەهونەرمەندو ئەدیبو نووسەرانو رۆشنبیرانمان وەبیر دێتەوە لە قوربانی دەستی دیکتاتۆرییەتو بەرهەڵستکاری سەربەرزانەی خەڵکی دا، هەرواش زۆر بەئاسانی لە سەردەمی حکومەتی کوردستان دا ناوی چەندین لە هونەرمەندو ئەدیبو شاعیرو نووسەرو رۆژنامە نووسو رۆشنبیرانمان بۆ تۆمار دەکرێت لەگرتنو تێهەڵدانو بریندارکردنو لەکەدارکردنو کوشتن بە گوولە، ئەم سەردەمە بە چ سەردەمێک ناوبانگ دەردەکات؟ لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان بەخوێنی خۆیان بە گیان فیداکاری سەدان ئافرەتی تێکۆشەرو ژنی قارەمانو پیاوانی خەباتگێڕو منداڵانی بێناز کراوەتە قوربانی ئازادیو ئێستاش ترسمان هەیە لە ئازادی!!

لەندەن

2010/10/10

## هەمووومان تیرۆریستین

**هیدایەت ئیبراهیم**

بەپێی ناوەڕۆکی راپۆرتی لیژنەی پێکهێنراو تایبەت بە دۆسیەی کوشتنی قوتابی و رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) بێت، کە رۆژی 2010/9/16 لە میدیا کوردییەکان بەشێوەیەکی فەرمی بڵاوکرایەوە، بەهۆی کاری تیرۆریستییەوە، بەدیویێکی تردا بەهۆی لەدەستدانی متمانەی تیرۆریستان گیانی بەخشیوە، ئەمەش نەک جێگای مەترسییە بەڵکو جێگای کۆمیدیایەکی گەورەیە، لەکاتێکدا پێش 48 کاتژمێر هەمان لیژنە هەواڵێکی بڵاوکردەوە لە میدیاکاندا وا دەریدەخست کە دۆسیەکەی لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە نزیک بێت نەک سیاسیو بەزمانی ئەوان تیرۆریستی!، ئەمە دیارە لەنێوان چەند سیناریۆیەک ئەمەی کە بڵاوکرایەوە جێی رەزامەندی لیژنەکە بووە، کە لە کۆمیدیایەک زیاتر هیچی تر نییە، چونکە هەموو هاوڵاتییەکی دانیشتووی ئەم هەرێمە دەزانێت کە هەم تەمەنو هەم باکگراوەندی ئەو لاوە لە ئاستێکی وادا نەبوو کە بگاتە حاڵی رێکەوتن لەگەڵ گرووپی تیرۆریستی، خەمی گەورەی ئەو لاوە تەنها بەدیهێنانی عەدالەتیو یەکسانی بووە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا، ئەمەش بە زمانی ئەو چەند نووسینەی کە هەیبووە دیارەو هەروەها کاری رۆژانەشی دیار بووە کە قوتابی بووە لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین، ئیتر خستنە پاڵ، یان دروستکردنی سیناریۆیەک بۆ ئەو لاوە پێویستی بەوەیە نەک رۆژنامەنووسان یان هاوپۆلەکانی هەڵوێست وەربگرن، بەڵکو دەبێت هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە بەرامبەر ئەو ئەنجامی بەناو لێکۆڵینەوەیە دەنگی هەبێتو رای خۆی دەربڕێت، چونکە بێدەنگبوون لەم ئەنجامەی کە لەسەر ئەو دۆسیەیە بڵاوکراوەتەوە، بێدەنگبوونە بەرامبەر بە سوکایەتیی پێکردن بە بوونی مرۆڤ لەم وڵاتە، هەروەها ئەمە سەرەتایەکی تراژیدیە کە لە ئایندەدا بەرۆکی رۆژنامەنووسانو رەخنەگرانی دەسەڵاتی سیاسی دەگرێت لە کوردستان، ئاماژەیەکی ترسناکە کە رۆژنامەو میدیای ئازادی پێ بێدەنگ بکرێت، بۆیە پێویستە هەموومان دژی ئەم ئەنجامی لێکۆڵینەوەیە بینو داوا بکەین کە لیژنەیەک لە نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانو نوێنەری رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کوردو هەروەها پەرلەمانی کوردستان پێکبێت بۆ بەدواداچوونو لێکۆڵینەوە لەو ئەنجامە، چونکە ئەمە تەنها سڕینەوەی ناسنامەی قوتابییەکو رۆژنامەنووسێک نییە، بگرە ئەمە سووکایەتیکردنە بە شوناسی مرۆڤو هەروەها سڕینەوەی مێژووی ئەو کاراکتەرە بوێرەیە کە بەهۆی دەربڕینی بیروڕاکانی ژیانی لەدەستداوە، (سەردەش عوسمان) یەکێک لە گەورەترین قوربانییەکانە کە دەشێت وەک قوربانی بیر تەماشای بکەین، کوشتنی مرۆڤ لەسەر بیروڕا بەرلە دەیان سەدە لە رۆژئاوا روویداوەو ئێستاش شەرم لەو مێژووە دەکرێت، لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەسەدەی بیستو یەکدا مرۆڤ لەسەر بیرباوەڕ دەکوژرێتو مێژووشی دەشێوێنرێت، بۆیە بەتیرۆر ناساندنی ئەو رۆژنامەنووسە، بە تیرۆر ناساندنی هەمووومانەو نابێت ئەمە بە رووداوێکی ئاساییو سروشتی تێپەڕێنرێتو لە کەشێکی ئارامدا بشاردرێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەم دۆسیەیە تەنها دۆسیەی یەک مرۆڤو یەک قوتابیو یەک رۆژنامەنووس

نییە، بەڵکو ئەمە دۆسیەی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەیە کە لەکاتی وتنی نەخێردا ئەم ئەنجامە بەرۆکی دەگرێتو هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر ئەو ئەنجامە، هەڵوێست وەرگرتنە لەبەرامبەر بوونی ئازادیو رادەربڕین لەهەرێمی کوردستان .

**مەدلولەکانی کەیسی سەردەشت**

**ئاری ئەبوبەکر**

ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەکەیسی سەردەشت عوسمان بەو پەلەپروزکێیە (هەڵبەت پەلەپروزکێ نەک لەڕووی کاتەوە، بەڵکو لەڕووی ناوەڕۆکەوە)، کۆمەڵێک واتاو مەدلولی بەگوێی تاک بەتاکی کوردستاندا دا، بەشێوەیەک کەپێویستی بەهەڵوێستە لەسەرکردنو تێرامان هەیە، چونکە هەمووان، وەک بنەماڵەی سەردەشت رایانگەیاند، چاوەڕوانی سیناریۆی دروستکراو بووین بۆ کەیسی شەهیدکردنی سەردەشت، بەڵام بەبیری کەسدا نەهاتووە کەسیناریۆیەکی ئا بەوشێوە تراژیدیاو کۆمیدیە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ئەو لیژنەیەی کەخودی سەرۆکی هەرێم پێکیهێناوە، بڵاوبکاتەوە.

یەکەم مەدلول کەدەسەلاَت لەرێگەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی سەردەشتەوە بەگوێماندا دەدات، دابڕانی پیشەی رۆژنامەنووسییە لەو کەڵە پیاوە نەترسە، چونکە لەراگەیاندنەکانی ئیمارەتی زەردد، بەهیچ شێوەیەک بۆ تەنیا جارێکیش بێت نەمانبیست کەسەردەشت بەرۆژنامەنووس ناوبهێنن. بەمەش دەسەلاَت دەیەوێت پێمان بڵێت، کەمن بڕیاردەرم لەپیشەی ئێوە، ئەوە منم کەناونیشانی پیشەکەتان دیاریدەکەم، ئەگەر گوێڕایەڵم بن، ئەوە مەقامی پیشەکەتان دەگەیەنمە کەشکەلانی فەلەک، خۆ ئەگەر یاخی بن لەمن (دەسەلاَت)، ئەوا تەنیا ئەو پیشەیەتان دەخەمە پاڵ، کەخۆم گەرەکمە. بۆیە دابڕانی پیشەی رۆژنامەنووسی چ لەلایەن کەناڵەکانی سەر بەدەسەلاَتەوەو چ لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەکەوە، ئەوە دەدات بەگوێی زیندووەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا، کە لادان لەحیزب، یەکسانە بەسڕینەوەی پیشەکەتان.

دووەم مەدلول لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، تێوەگلانی سەردەشتە بەگروپێکی ئیسلامی توندڕەو و تیرۆریستییەوە، کەئەمەیان لەهەمووی ترسناکترو بەسوێ ترە، چونکە ئەم بەشەی سیناریۆکە، ترسێک لای زیندووەکانو کەسوکاری ئەو کەسانەی کەگوێڕایەڵی حیزب نین، دروستدەکات، کەدەشێت مەرگێکی پاڵەوانانە، مەرگێک کە لەسەر کارێکی نیشتمانیو رەخنەگرتن بێت لەدروستبوونەوەی دیکتاتۆری حیزبی کوردی بگرێت، ببێتە مەرگێکی تراژیدایی وا، کەمرۆڤ شەرمبکات لەناوهێنانی قوربانییەکەی. بەواتایەکی تر، ئەگەر تاکێک، رۆژنامەنووسێک، نووسەرێک، بەویستی دەسەلاَتو حیزب جولاَیەوە، ئەوا ئەگەر بەکارەساتی سروشتیش بمرێت، حیزب دەتوانێت بیکاتە شەهیدی نیشتمانی، خۆ ئەگەر بێت

هەر هەمان تاک یان رۆژنامەنووس زیانی گەیاند بەبەرژەوەندییەکانی حیزب وبنەماڵە یا هێڵی سووری حیزبی بەزاند، ئەوا جگە لەوەی کەمافی ژیانی نامێنێت، هۆکاری مردنەکەی وا ناشیرین دەکرێت، کەدواجار تاکەکە بەتیرۆریستو ناپاک لەقەڵەمدەدات.

ترسناکی ئەم هەڵگەڕاندنەوەیەی هۆکاری کوشتنی مرۆڤ تا ئەو رادەیەیە، کەدەشێت بەیانی رۆژنامەنووسێکی تر لەپەنایەکا شەهیدبکرێت، پاشان توهمەی ئەخلاقیو هەزاران شتی تری بخرێتەپاڵ. چونکە دواجار ئەوە وەلائی حیزبە کەبڕیار لەسەر ئێمەو چاکو خراپی ئێمە دەدات، نەک تەنیا ئەو کاتانەی کە لەژیانداین، بەڵکو دوای مردنیشمان.

ئەگەر ئەو دوو مەدلولەی سەرەوە لایەنی نێگەتیڤی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بن لەکەیسی سەردەشت، ئەوا دەتوانم رێگە بەخۆم بدەم، باس لەیەک مەدلولی پۆزەتیڤ بکەم لەو لێکۆڵینەوەیە، ئەویش ناچارکردنی دەسەڵاتە بەوەی کەئەنجامێک بداتە دەستەوەو بێتەگۆ لەسەر کوشتنی مرۆڤەکان. واتا دروستبوونی ڕای گشتی لەسەر ئیدانەکردنی شەهیدکردنی سەردەشت، دەسەڵاتی ناچارکرد، کە بەهەرشێوەیەک بێت بێتە قسە، ئەمەش لەدواجاردا پێماندەڵێت، ئەگەر شەقامی کوردی جولا، ئەگەر رای گشتی هەبوو، ئەگەر هەموو هاتینە قسە، ئەوا دەسەڵات ناچاردەبێت کەبکەوێتە کار (هەتا ئەگەر بەدروستکردنی سیناریۆی داتاشراویش بێت)و خۆکۆکردنەوە، بۆ ئەوەی کەشەقامی کوردی لێنەتۆرێت و رای گشتی زیاتر نەخرۆشێت.

ئەمەش لەدواجاردا ترسێک لەلای دەسەڵات دروستدەکات، کەئەگەر ئارەزووی کارێکی نەشیاویکرد، ئەوا دەبێت چەند جار بیری لێبکاتەوە، بۆئەوەی کەشەقامی کوردیو رای گشتی لێنەوروژێت.

مەدلولەکان زۆرن، بەڵام بەبڕوای من، ئەمانەی سەرەوە، گرنگترینی ئەو مەدلولانە بوون، کەدەشێت هەمووڵایەک ئاگاداری بن، بۆ ئەوەی نەتوانرێت جارێکی تر سیناریۆی لەوشێوەیە بەسەرماندا تێپەڕێت.

**سەردەشت شەهیدی ئازادی قەڵەمو رادەربڕین**

**ستارە عارف**

*شەهید سەردەشتی رۆژنامەنوس لە نامەکەیدا کە لێوان لێوە لەهەستو سۆزی پاکی گەنجێتیو تێزی جوانو بەنرخ بۆ ژیانو نوسیویەتی "تا ئەو شوێنەی کە ماوین دەبێت قسە بکەین، لەو شوێنەش کە تەمەنمان کۆتاییهات با هاوڕێکەم خاڵێکم بۆ دابنێتو بێتە سەری دێڕێکی نوێو سەر لەنوێ دەست پێبکاتەوە".

*بەڵام من دەڵێم ئێمە لەنوێ وە دەست پێناکەینەوە بەڵکو لەسەر ئەو میراسە ئازادیخوازەی ئەو، کە بەدەنگی زوڵاڵی جاڕی بۆ داو گیانی بەنرخی خۆی پێشکەشکرد بەردەوام دەبین، لەدوای تەدارەکی کاروانەکەی ئەوو سۆرانەوە دەڕۆین، زەردەشت بوو بەسیمبۆڵی مێژووی ئازادی قەڵەمو رادەربڕین، سەرەتای ئەم مێژوەش پڕە لەخۆڕاگریو تێکۆشان بەتێڕوانینێکی نوێ، ئەوان مانیفیستۆکەیان بۆ نوسینەوەو رێچکەی ئەم کاروانەشیان شکاند.

*لەوڵاتانی وەک ئێرانو فەلەستینو عێراق، رۆژنامەنوسان شەهید دەکرێنو دەکرێنە قوربانی قەیرانە سیاسیو حیزبیەکان، لەکاتی روماڵی هەواڵێکی هەستیار یان بەدواداچونی کێشەو پرسێکی تایبەت بەگەل یان ئاشکراکردنی رووی شاراوەی بەرپرسێکی گەندەڵ کە سامانو داهاتی میللەتی بەفیڕۆداوەو خەڵکی خستۆتە خزمەت مەبەستە تایبەتیەکانی خۆیەوە، ژیانی ئەو رۆژنامەنوسانە کەوتۆتە مەترسیەوەو گەر لەلایەن ئەو بەرپرسو دەسەڵاتەشەوە شەهید نەکرابێت، ئەوا رووبەڕوی ئازارو زەحمەتی کراونەتەوە.

*وڵاتانی رۆژئاوا کە لەسەرەتادا دووچاری ئەم تیرۆرو رەفتارانە بونەتەوە، ئەم کردە نامرۆییە بەمافەکانی مرۆڤ رایچڵەکاندونو خۆپیشاندانو نارەزایی میللەت دەستی پێکردوەو بێدەنگ نەبوون، هەتا پەرلەمانی وڵاتەکەیان ناچار کردوە بەدەرکردنی یاسای داکۆکیکار بۆ پاراستنی گیانی رۆژنامەنوسانو سزادانی هەر کەسو لایەنێک کە دەستدرێژی کردبێتە سەر گیانی رۆژنامەنوسانو هەتا هاوڵاتیانیش بەگشتی.

*بێگومان دەرکردنی یاسا لەهەرێمی کوردستانو ئەو دەڤەرانەی وێنەی هەرێمەکەی ئێمەن بەتەنها ناکاتە چارەسەری کێشەکە، دەبێت لایەنی جێبەجێکار کاراو پڕ رۆڵ بێتو دڵسۆزی پاراستنی گیانی هاوڵاتیان بەگشتیو رۆژنامەنوسان بەتایبەتیو توێژەکانی کۆمەڵگە بێت، سەربەخۆیانە یاسا جێبەجێ بکاتو پەرلەمانیش توانای لێپرسینەوەی هەبێت، ئەگەر نا لەرەوشێکی وەک هەرێمی کوردستاندا یاساکان هەمیشە لەسەر کاغەز دەمێننەوە ئەگەر فشاری مەدەنیانەیان لەسەر نەبێت.

*شەهیدکردنو سزادانو پەلاماردانی رۆژنامەنوسان لەکەسایەتی رۆژنامەنوس زەردەشت عوسماندا گەیشتە لوتکە، ئیدی ئەم رەوتە ئازادیخوازەی قەڵەم ناکشێتە دواوەو ناگەڕێتەوەو کە تا ئێستا کەمپینی بێدەنگ نابین بەڵگەیەکی ئەم راستیەیە، تا ناچارکردنی پەرلەمانو حکومەت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان.

*بەداخەوە لەسایەی دەسەڵاتی کوردییدا رۆژنامەنوس شەهید دەکرێتو خوێن رشتن بۆتە کەلتورێک، کەرۆژێک بەتەواوی خەڵک لەدژی ئەم کردە بەدە رادەپەڕێتو پێیان دەڵێن، جام کە پڕ بو لێی دەڕژێت، ئەو کاتەش دەسەڵات ناچار دەبێت یان روو لەمەدەنیەتو رێزگرتن لەئازادی قەڵەمو دیموکراسی بکات، یان رێگای دووەم هەڵبژێرێتو پاشەکشە بکەن، هەردوو رێگەکەش بۆ سیستەمی سیاسی لەهەرێمدا مەحاڵە مەگەر بەفشارو چالاکی جۆراو جۆر نەبێت کە ناچاریان بکات.

*زەردەشت قوربانی ئەم کەلتورە سیاسییە کە نە ئامادەیە بەخۆیدا بچێتەوەو دەست لەکورسی هەڵگرن یان مافی تاکو کۆمەڵگە قۆرخ نەکەن، شەهیدبونی زەردەشتی رۆژنامەنوس کۆمەڵێک گۆڕانی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێناو دەیهێنێت، وەک ئەو کۆبونەوەو خۆپیشاندانە گەورەیەی لەشاری هەولێرداو لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا یەکەمجارە لەو ئاستەدا ببینرێت، ئەمە هەیبەتی تێکۆشانەکەی زەردەشت بو لەناو گەنجو چالاکانی هەولێردا تەقییەوە، خۆپیشاندانو چالاکییە لەسەر یەکەکان لەسەرجەم شارو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانداو دژی شەهیدبونی رۆژنامەنوس یەکەمجار بوو، بەو کۆ دەنگیە میللەتو توێژەکان لەدۆزێک کۆبکاتەوەو یەک گوتار بن کە کۆتکردنی ئازادی رادەربڕینە.

*شەهیدبونی زەردەشت وەک رۆژنامەنوسێک کۆیکردینەوەو کۆ دەنگیو یەک گوتاریەکی لەناو رۆژنامەنوسانی هەرێمو دەرەوەی هەرێمدا دروستکردوە، بۆیە پاراستنو بەردەوام بون لەسەر رێچکەکەی زەردەشتو شەهیدانیتر، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئێستای رۆژنامەنوسانی ئازادیو ئەهلی، بە رای من کاتی ئەوە هاتووە هەوڵ بدرێت، فیدراسیۆنێک یان سەندیکایەک یان هەر شتێکی لەو شێوانە دروست بکرێت، بۆ کۆکردنەوەو داکۆکی لەرۆژنامەنوسانی ئازاد، بۆ ئەوەی هەمیشە گردو تەیار بین، لەرووبەڕوبونەوەی ئەو ئاستەنگیانەی دێنە رێگای رۆژنامەنوسان، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کۆ دەنگیەی کە ئێستا تارادەیەک لەنێوان رۆژنامەنوسانی ئەهلی بەتایبەتی هەیە، فراوانتر بکرێتو هەستبکرێت، شوێن بڕیارو جێگەو هاو بیرییەک هەیە بۆ کۆکردنەوەیان.

*پێموایە ئەم گردکردنەوەیە دەبێتە زیاتر راهێزانو بەهێزکردنی رۆژنامەنوسانی ئازادو موخاتەبێک بۆ داکۆکیو دانانی پێنگاوی گرنگ دەبێت، یەکەم بڕیاری ئەم فیدراسیۆن یان کۆمەڵە یان هەر شتێکی تری لەو جۆرە کە ناوی لێبنرێت، گەیاندنی ئەو پێشنیارەی لیژنەی کەمپینی بێدەنگ نابین بێت بەپەرلەمان، کە رۆژی2010/5/5بەرۆژی ئازادی رادەربڕین بناسێنرێت، کە لەچلەی شەهید زەردەشتدا پێشنیار کرا.

**بۆ ئەوەی سەردەشتمان لەبیربەرنەوە..قاسم ئاغایان بۆ هێنایین!**

هێمن مەحمود

قسەکانی پارێزگاری هەولێر (نەوزاد هادی) دەربارەی هەڵهاتنی قاسم ئاغای کۆیە لەنوکتە دەچوو تاوەکو حەقیقەت، نوکتەیەکی بێتامی وەها کە هەرکەس دەبوو بێگرێتەوە نەوزاد هادی نەبێت، چونکە ئەم پارێزگارە بەرێزە لای کەسانێکی زۆر مایەی قبوڵکردن و رێزو خۆشەویستی بوو ئەویش بەهۆی کارە چاکەکانی لەهەولێردا.

گێڕانەوەی نوکتەیەکی وەها دەبوو کەسانێکی دیکە پێ هەڵبسن، بۆ نمونە لەجۆری لیژنەی لێکۆڵینەوەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان، یاخود ئەو قەڵەمانەی حزب کە بونەتە سەرمایەدار بەناوی رۆژنامەنوسی و نوسەرییەوە.

نوکتەکانی (نەوزاد هادی) چەندە لەنوکتە دەچون هێندەی ئەوەش مایەی دڵتەنگی و ئازاربوون، چەندە فریودەرانە بوو، هێندەی ئەوەش حەقیقەتێکی تاڵ بوو، ئاخر چ کەسێک بڕوا بەوەدەکات پارێزگارێک نەزانێت کۆنە ئەنفالچی و بکوژی پێشمەرگەیەک تاوانبارە، بۆ چما بەرێز پارێزگار خەڵکی ئەم وڵاتە نیە؟ ئەدی خەڵکی کوێیە؟.

من باوەڕ بەقسەکانی دەسەڵاتدارانی هەولێر ناکەم، بڕواشناکەم کەسێک هەبێت باوەڕیان پێبکات، دەسەڵاتدارانێک چەندین دەزگای ئەمنی و ئاسایشیان هەبێت، چەندین راپۆرت نوس و زانیاری پێدەریان هەبێت، دەسەڵاتدارانێک شانازی بەوەوە بکەن نەهێڵن هیچ کردەوەیەکی تیرۆرستی ئەنجامبدرێت لە هەرێمەکەیاندا، تیرۆرست بەرلەوەی بیرلەوەشبکاتەوە ببێت بەتیرۆرست ئەمان بیدۆزنەوەو ئاشکرای بکەن ، ئیدی چۆن نەیانزانی قاسم ئاغا کێیە و بۆ کوێ هاتوەو بۆ کوێ دەڕوا؟.

دەسەڵاتدارانی کوردی چەندین ساڵە فێرە دروستکردنی سیناریۆی سەیر سەیربوون، بگرە دروستکردنی سیناریۆی وەها کە هەموو کەسێک هەر لەرێگاوە دەزانێت کە سیناریۆکانیان چۆن چۆنی دروستکردووە، تەنها ئامانجیش لەم سیناریۆیانە لەبیربردنەوەی مەسەلەگەلێکە هیچ وەڵامدانەوەیەکیان بۆ پرسیارەکانی پێ نیە، مەسەلەگەلێکی وەها کە توشی ئیحراجبونی کردون.

بانمونەیەک وەربگرین، ئەگەر هەندێک لەبیرمانبێت بەر لەهاتنەوەی قاسم ئاغا هەموو شەقامی کوردی بە مەسەلەی تیرۆرکردنی سەردەشت و ئەنجامە سەیروسەمەرەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی مەشغولببوو، هەمومان باسمان لەمەترسی لێکۆڵینەوەی وەها لیژنەیەک دەکرد کە ئەوەی پیشەیی بون و زانستی بون و واقیعیەتبون بوولەو لیژنەیەدا نەبوو.

پارتی دیموکرات کە وەڵامێکی گونجاو و راستەقینەی پێنەبوو، کە نەیدەتوانی لیژنەیەکی بێ لایەن و پیشەیی و راستگۆ دروستبکات، توشی پرسیارگەلێکی جیدی هاتبوو کە نەدەیتوانی وەڵامیان بداتەوە و نەتواناشی هەبوو خۆی لێ قوتاربکات، دەبوو شتێکیش بکات.

بەبڕوای من هاتنەوەی قاسم ئاغای کۆیە کتومت بۆ ئەوەبوو هەڵایەکی گەورەی وەک ئێستای لەسەر دروستبکرێت و دۆسیەی سەردەشت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت لەبیری شەقامی کوردی بباتەوە.چونکە ماقوڵ نیە پارتی مێژوو کەسایەتی ئەم پیاوە نەزانێت و وەک کەسێکی ئاسایی تەماشای بکات.

هاتنەوەکەی ئەم پیاوە جیاواز لەهاتنەوەی کەسەکانی دیکە بوو، لەلایەک بۆ لەبیربردنەوەی خوێنی سەردەشت و لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی بچوکی پارتی بوو بۆ

یەکێتی نیشتمانی، ئاماژەی ئەوەی نزیکبونەوەتان لەگۆڕان هاوکێشەی نوێ دێنێتە کایەوە و هەموو مەسەلەکان دەگۆڕێ، پارتی ویستی بەبەردێک دوو نیشانە بشکێنێ ، بەڵام بێ ئاگابوو لەوەی ئەم میللەتە میللەتی سالآنی نەوەدەکان نیە، ئەم خەڵکە خەڵکی سەردەمی شەڕی ناوخۆ نیە، دونیاکەشی دونیای پاوانکردن و شاردنەوەی حەقیقەت و لەخشتەبردنی جەماوەر نیە.

هاتنەوەکەی قاسم ئاغا نەک هەر تێکشکێنرا بەڵکو دۆخێکی تازەی دیکەی دروستکرد کە کۆدەنگیەکی نیشتیمانی هێناوەتە کایەوە لەسەر مەسەلەیەکی جیدیتر و چارەنوسازتر کە ئەویش ڕێگەخۆشنەکردنە بۆ گەڕانەوەی تاوانباران.

ویستیان بە قاسم ئاغا خوێنی بەناهەق ڕژاوی سەردەشتمان لەبیربەرنەوە، بەڵام هەیهو لەخەیاڵیان، ئێمە نەک هەر سەردەشتمان لەبیرناچێت بەڵکو سورترو مکوڕتر دەبین لەسەر دۆزینەوەی تاوانبارانی ئەو خوێنە بەناهەق ڕژاوە.

بەختیار عەلی وتەنی تکایە درۆیەکمان بۆ بکەن هەندێک لەحەقیقەت بچێت، درۆیەک کە هەموومان یەکسەر هاوار نەکەین (پاشا روتە ...پاشا رووتە)!.

**سەکۆیەکی ئازاد لەهەولێر تەنها چوار مەتر زەوی بۆ ئازادی..**

**ئیسماعیل حەمەئەمین**

زەوی وەرگرتن لەم وڵاتەدا بۆتە گرێیەکی دەروونی، ئەوەی زەوییەکی هەیە حەزدەکات بیکات بەدوو، ئەوەی وەرینەگرتووە هەوڵدەدات بەهەزارەها تەزکیەی حزبی وەریبگرێت. ئەوەی یەکدانەی وەرگرتووە هەوڵدەدات بۆنەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیکات بەدووانو سیانو چوار. من ئەمە ناو دەنێم (تالێهاتنی زەوی یان فێلێهاتنی زەوی)، هەر لێپسراوێک ئەو فێیەگەرمە گرتییەوە، تایەکەی سارد نابێتەوە تاوەکو نیوەی ناوچەکە لەسەر خۆی تاپۆ نەکات. هەر هونەرمەندێکی ڕەسمیو شاعیرێکی دڵسۆزی کوردایەتی ڕەسەن ئەو تایەگەرمە گرتی، ناوەستێتەوە تاوەکو دووسەد مەترێکیتر نەخاتە سەر دەستکەوتە ئەدەبیو ڕۆشنبیریەکانی. ئاوەها بەڕێزان تالێهاتنی زەوی وەرگرتنو کڕینو فرۆشتن، بابەتی سەرەکین کەتێکەڵ بەباتەکانی دیکەی ژیان دەبن. دیارە کارێکی باشە حکومەت ئەم زەوییانە دابەشدەکاتو لەگەڵیشیدا یارمەتی خانوبەرە بۆ خانەوادەکان دابین دەکات. هەرچەندە ئەوە کاری سروشتی حکومەتەو پێویست ناکات بیکات بەمنەت بەسەر کەسەوە، حکومەتیش لەسەر ئەو بنەمایە پارەی نەوت وەردەگرێت کەئێمەی هاوڵاتییان هەڵمانبژاردووە، گەر حکومەت کار بۆ خەڵک نەکات ئەوا مەشروعییەتی مانەوەو دەسەڵاتی نامێنێت، هەڵبژاردنیش هەمیشە ئەگەری سەیری شاردۆتەوە بۆیان، لەبەر ئەوە لەپشت هەر زەوی دابەشکردنێکەوە کارکردنێک بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو خۆی حەشارداوە.

گەر زەوی هەبێت بۆ خانوبەرە، بۆ باخچە، بۆ بارەگاکانی حیزبو بۆ تەلاری سیاسییەکانو بۆ ئەمو ئەو.. ئەی کەواتە بۆچی زەوییەک نەبێت بۆ ئازادی رادەربڕین؟. بۆ سەکۆیەکی چوارمەتری نەبێت بۆ ئەوەی بێ چەندوچوون لەوێ، لەسەر ئەو چوارمەتر زەوییە خەڵکان کۆببنەوەو رای خۆیان، نارەزاییەکانیان، خەمەکانیان تەعبیر لەخۆیان بکەن. بۆ هیچ نا، حاکمدارانی بەڕێزم بۆ ئەوەی بیکەن بەشانازییەک بۆ خۆتان، بڵێن: ئاها ئێمە خاوەنی سەکۆی ئازادیین!. ئاها لەم شوێنەدا، لەم هەولێرەدا کەئێمە باڵادەستینو دڵی حکومەتو سەرۆکە خەڵکی دەتوانێت بەسەربەستی قسەبکاتو هیچ پۆلیسو ئاسایشو دژەتیرۆرو پاراستنێک، ناتوانێت ئازاری بدات.

من دەزانم زەوی بەخشین زەمەنی خۆی تێپەڕکردووە، بەڵام ئەم زەوییەی لەخەیاڵی مندایە لەئێوەی داوابکەم، شوێنەکەی پایتەختی کوردستانی ئازادە، لەهەولێری خۆشەویستە، زەویدەکە دەشێت لەخەیاڵدا هەبێت، بەمانای چرکەساتی بیرکردنەوە لێی چرکەساتی بوونێتی، چرکەساتی پێویست نەبوونیشی بوونی نابێت. بۆئەوەی زیاتر ئەم رستەیەم روونبکەمەوە دەتوانم بڵێم دەکرێت ئەم زەوییە خەیاڵی بێت، بەمانای تەنها لەئەو کاتەدا بوونی واقیعی هەبێت کەبیری لێدەکەینەوە، بەمانای ئەو کاتەی بیری لێبکەینەوە ئەو ساتەوەختە بوونی هەیە. هەر کاتێک بیرمان لەئازادی کردووە، کەس گوێی لێنەگرتین، سکاڵاکانمان خرانە تەنەکە خۆڵی بیرۆکراتی حیزبەوەو هەستمانکرد ئازادییمان لەمەترسیدایە، بتوانین لەو چوارمەتر گۆشەیەدا تەعبیر لەخۆمان بکەین. دوور لەو رستە میتافیزیکییە قسەبکەم کەدەڵێت: (دنیا کاتێک بوونی هەیە کەبیری لێدەکەمەوە)، دەتوانم بڵێم: مادامەکی حکومەت سەرقاڵە بەبیناکردنەوەی دیموکراسیو کارە گرنگە ستراتیژییەکانی نەتەوە، با ئێمەی نوسەرانیش ئەوەندەی دیکە سەرقاڵیان نەکەین، ئەرکیان لەسەر شان کەمبکەینەوەو داواکارییەکانمان لەچوارچێوەی لۆجیکدا فۆرمولەبکەین. ئەم زەوییەی من داواکاریم، لەدوای شەهیدبوونی ئەو گەنجە جوانەمان(سەردەشت عوسمان)بەخەیاڵمدا هات. من ناچمەوە ئەو وردەکاری ئەو سیناریۆ سەیرانەی لیژنەکانی لیکۆڵینەوە ئاشکرایان کرد، ئەمە هەڵدەگرین بۆ زەمەنێک، کاتیک چیرۆکی ئەم زەمەنە سەیرە دەنوسینەوە، چیرەی ئێمەی نوسەران لەهەموو دەسەڵاتێکی دنیا درێژترە، تەنانەت دوای مردنو کوژرانیشمان، لەم دەڤەرەدا وەک ئەو خێوە دەمێنینەوە.

لەمانیفێستیدا مارکسو ئەنگلس نوسیویانە( خێوێک بەنێو ئەوروپادا هەنگاو دەنێت، ئەو خێوە کۆمەنیستییە)، لەوانەیە بۆ داواکردنی سەکۆیەکی ئازاد ئەم دەستەواژەیەی مارکسو ئەنگلس بەکار بهێنمو بڵێم: خێوێک، تارماییەک بەنێو هەولێردا هەنگاو دەنێت، ئەو خێوە ئازادی رادەربڕینە. ئەو تارماییەقورسە لەپارتی دیموکرات بۆتە کابوسو بەردەوام هەوڵی ئەوەدەدات ئاسەواری ئەو تارماییە لەو شارەدا بڕەوێنێتەوە. بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی حکومەتی هەولێرو پارتی دیموکراتی بەڕێز نیەتپاکی خۆی نیشانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دۆزی بیروڕای ئازاد بدات لەکوردستاندا، بابێت بانگەشەی سەکۆیەکی ئازاد بکات لەهەولێر. باشتروایە ئەو سەکۆئازادە ناو بنێین ((سەکۆی ئازادی سەردەشت عوسمان))، سەردەشت وەک کوڕێکی

بێتاوانی ئەو شارە، وەک رۆحێکی ئۆدیسۆسی تینو بۆ ئازادی وەک گەنجێک، کەخەونی ئەوەی هەبوو ئەم کۆمەڵگەیە بەسەر دنیایەکی جواندا بکرێتەوە.

ئەم سەکۆی ئازادە گرنگییەکی خۆی دەبێت لەچەند رووبەکەوەیە، یەکەمیان ئەوەیە ئەم سەکۆیە دەبێتە رووبەکی گەشی ئەو شارەو هەمەڕەنگییەک دەبەخشێت بەپایتەخت. دووهەمیان، نەبوونی سەکۆیەکی ئازاد لەو شارەدا ئاماژەیە بۆئەوەی کەهێزێکی سیاسی باڵادەست رێگرە لەبەردەم ئازادی رادەربڕین لەمشارەدا. دەنا چۆن دەبێت هەموو کەمپینەکانی بێدەنگی، دەنگە نارەزاکان، کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی دەرەوەی دەسەڵات، لەسلێمانیدا، لەسەکۆی ئازاد یان لەپارکی نالی رێکدەخرێت‌و میدیاکانیش بەشداری تێدادەکەن‌و بەوپەڕی ئازادی قسەدەکرێت، (بێگومان گەرهاتوو کەس گوێشت لێنەگرێت)، ئەوا هەر نیشانەیەکی پۆزەتیفە بەوەی شتێک هەیە لەئازادی‌و دەکرێت کاری لەسەربکرێت. پێویستە ئاماژە بەئەوەش بکەم کەئەم ئازادییەی لەشاری سلیمانی سەروەری یەکێتی نیشتمانی‌و هیچ هێزێکی سیاسی نییە، بەڵکو ئەمشارە لەلەدایکبوونییەوە سروشتی وەهابووە، یەک بست لەڕای ئازادو شەڕی رۆشنبیری دووری بخەیتەوە ناژیت، لەمشارەدا زمانی کوردی لەدایکبووە، لەمشارەدا نالی یەکەم قەسیدەی بەکوردی دەنوسێت. لەبەرئەوە سروشتی ئەمشارە لەزەمەنی دیکتاتۆریەتی بەعسیشدا هەروا سەرەڕۆو بەرگریکار بووە لەئازادی. ئەمە مانای ئەوەنییە کەهەولێری خۆشەویست لەدەوەرەی ئەم هاوکێشەیەدا دەخوێنرێتەوە، بەڵام شارەکان لەدنیادا کلتوری تایبەتیان هەیە بەخۆیان. لەبەرئەوە بائەم نەریتە جوانە پێویستە بێتە هەموو شارێکەوە، نەریتی سەکۆی ئازاد. سەکۆیەک بۆ ئەوەی هەناسەی ئازادی لەسەر هەڵکێشین‌و گەر شوێنێکمان نەبوو لێی کۆبینەوە، چ قەیدییە لەسەر ئەو سەکۆ چوارمەتر گۆشەییە بتوانین قسەبکەین‌و توڕەبین‌و تەعبیر لەخۆمان بکەین. بەمشێوەیە یەکەم شوێنمان دەبێت کەناویدەنێین، (شوێنێک بۆ گفتوگۆی ئەقڵانی لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی‌و خەڵکدا). ئامانج لەم سەکۆیانە نیشاندانی نیەتپاکی دەسەڵات‌و حکومەتە بەرامبەر بیروڕای ئازادو رۆژنامەنوسان‌و خەڵکانی دیموکراتخواز. لەسەر ئەو سەکۆیەدا ئازادین قسەبکەین‌و کۆبینەوەو نارەزایی دەربڕین، بێئەوەی ئاسایش‌و زانیاری‌و پاراستن‌و خوادەزانێت چەند دەزگای راپۆرتنوسیتر هەن، بەخۆیان‌و پۆلیس‌و ئاسایش‌و هێزەتایبەت‌و دژە تیرۆرەکانەوە وەک تیرۆریست مامەڵەمان لەگەڵدا نەکەن، بەڕێزان تەنها داواکارین لەسەر ئەو چوارمەتر زەوییە ئازادبین. بەڵام تکایە دوای ئەوەی لەو سنورە هاتینە دەرەوە ئازارمان مەدەن، بائەو چوارمەتر زەوییە حەسانەیەک بێت بۆمان. ئەوەی لەوێ دەگوترێت سەربەستەو ئێوەش سەربەستن گوێی لێدەگرن یان فەرامۆشی دەکەن، مەرج نییە هەموو نارازییەک لەسەر هەق بێت، ئەمە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام بوونی کەشوهەوای ئازاد لەم کارەبچوکانەوە دەستپێدەکات.

من پێموایە پێویستە هەمووان کار بۆ ئەوە بکەین سەکۆی ئازاد لەهەولێردا بوونی هەبێت، ئەم سەکۆیە لەڕوویەکی ترەوە ئەوە دەسەلمێنێت کەهەولێر تەنها شاری بازاڕی گەورەو بازرگانی نییە، بەڵکو شارێکی شارستانییە بەمانا فراوانەکەی. چونکە بەڕێزان

شارستانییەگەورەکان بەبێ بوونی دیموکراتی هیچ مانایەکیان نییە. بائەوەندە بیر لەنموزەجی وڵاتانی کەنداو نەکەینەوە بمانەوێت بیکەین بەدوبەی، بەڵکو بابیر لەوەبکەینەوە شارەکانمان وەک بەرلینو ستۆکهۆڵمو لەندەن، جوانو ئازادو سەربەستو پڕژیاری بێت، من مرۆڤی کورد بەشایانی ئەو جۆرە شارەگەورانە دەزانم کەکلتور رووی دیاریو یەکەمێتی، پاشان باڵاخانەو تەنکەلۆژیاو بازرگانی. من پێموایە لەهەموو روویەکەیە مرۆڤی کورد توانای دروستکردنی شاری ئاوەهای هەیەو بەشی ئەوەندەش شەڕی بۆ ئازادی کردووە. شارەکانی کەنداو لەهەموو روویەکی تەکنەلۆژیاوە جوانو رازەوەن، بەڵام خودایە تائەم سەدەی بیستو بنەماڵە خێڵەکییەکان حوکمدەکەنو ئەمیرەکانی نەوت چیرۆکی گەندەڵییان زۆر سەیرو سەمەرەیە، لەبەر ئەوە باشتروەهایە دوور کەوینەوە لەخەونبینین بەنموزەجی شارەکانی کەنداو کەتاوەکو ئێستاش خانمان بۆیان نییە دەنگبدەنو نمونەی دواکەتوویی کۆمەڵایەتیین. من دەزانم شاری سلێمانی ئێستا لەبەر شەڕی تەکەتولو لاوازی حکومەت بۆتە کەلاوەیەکی ناشرین، شەقامەکان ناڕێکو بیناکان داڕزاوو شاری کۆن لەگوندێک دەچێت نەک شارێکی دێرین. ئەوەندەش دەزانم کەسلێمانی سزادراوە لەبەر ئەوەی بەردەوام شوێنی نارەزایی گەورەو بەرگری بووە دژی داگیرکەران. ئەوە وەبیر پارتی دیموکراتی خۆشەویست دەهێنمەوە کە بەهەشتی، (مەلا مستەفا) سلێمانی کردبووە شوێنی کارو چالاکی خۆیو لەوێوەوە شۆڕشی ئەیلولی پەرەپێدا. بەهەشتی لەسروشتی ئەو شارە تێگەیشیبوو، بەڵام ئێوە بەداخەوە ئێوەو یەکێتی نیشتمانی سزای دەدەن، ئێستاشی لەسەر بێت بەردەوام لەسەر زاری بەڕێز دکتۆر بەرهەم دەڵێن (لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆن لەمشارەدا بوونی هەیە، پرۆژەکانی ئاوادانکردنەوە دواکەوتووە)، خودایە بۆچی دەبێت لەسەر ئۆپۆزسیۆنبوون، کەنیشانەی ژیاریو پێشکەوتنە، شارێک سزابدرێت، پارادۆکسەکە لەوەدایە کەئەم وتەیە لەسەر زاری بەڕێز دکتۆر بەرهەم تەعبیر لەخۆی دەکات کەزۆربەمان وەک پیاویکی مۆدێرن تەماشای دەکەین. گەر ئەوە سزا نەبێت، بۆچی هەولێر ئاوادانەو سلێمانیش ئەوەندە وێرانە. ئەم جیاوازییە بۆچی روویداو پرۆژەکان بۆچی لەسلێمانی بەسەر پشتی کیسەڵی تونێلەکەیەوە بەرەو پێشەوە دەڕوات.

رایەک هەیە لەنێو خەڵکدا دەڵێت سلێمانی سزادەدرێت، لەبەرئەوەی بەردەوام رای ئازادی تێدا گەشەدەکاتو کەمپینی تێدا دەگەشێتەوەو سەرچاوەی رۆژنامەی ئازادە، لەبەر ئەوە دەسەڵاتی سیاسی لەڕووی خزمەتگوزارییەوە بەبەراورد بەپایتەخت فەرامۆشیکردووەو قسەکانی دکتۆر بەرهەم ئاماژە بەوەدەدەن. بەگشتی واهەستدەکەین هێزیک هەیە دەیەوێت پێت بڵێت: ئازاد بیت سزاتدەدەم، سەکۆت هەبێت وێرانت دەکەم لەتەپۆتۆزو بێ کارەباییو بێحکومەتیدا. ئۆپۆزسیۆن بیت نانبڕاوو ڕیسواتدەکەم. ئەمە خوێندنەوەیەکی سادەی منە بۆ ئەو ئەقڵییەتەی ئەمڕۆ دژی بیروڕای ئازاد قسەدەکات. دیوی دووهەمی ئەم دیاردەیە لەوەدایە کەدەیەوێت وێنەی هەولێر ناشرین بکات، دەیەوێت بڵێت، ئاها هەولێر بەقسەی دەسەڵات دەکاتو هەموو شتێکی بۆ دەکرێت. بەجۆریکیتر قسەبکەم دەیەوێت بڵێت کەهەولێر دەتوانێت هەموو شتێکی هەبێت، بەڵام دەنگی ئازاد بەئەو نامۆیەو لەگەڵ سروشتی ئەو شارەدا ناگونجێت، لەبەر ئەوە ئەنسارولئیسلام تێیدا باڵادەستەو ئەوەی کار بۆ ئازادی بکات،

دەفرێنرێتو بەبەرچاوی حکومەتەوە دەکوژرێت. ئەمە ئەو وێنەیە کەدەیەوێت بڵێت هەولێر شاری بێدەنگیو باڵادەستی ئیسلامییەکانەو سەکۆی ئازاد بۆ هەولێر نەگونجاوە.

بۆ ئەوەی بتوانین دەرگایەک لەسەر لێکتێگەیشتنێکی ئەقڵانی بکەینەوە پێویستمان بەوەیە، یەکە بەیەکەی ئەم خاڵانەی سەرەوە لەگەڵ یەکتریدا باسبکەین، بالەگەڵ یەکتردا بکەوینە گفتوگۆ، بادیالۆگ بکەین، باگوێ لەیەکتری بگرین، ئەمە سەرەتایەکی دروستە بۆ ئەوەی کۆمنیکاسیۆنمان، پەیوەندیداریمان هەبێت لەگەڵ یەکتریدا. چونکە کاتێک مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا قسەدەکەن، گەر کێشەکانیش بەتەواوەتی چارەسەرنەکەن، ئەوا پەیوەندییەکی مرۆڤدۆستانەو هیومانی لەنیوانیاندا دروست دەبێت.

ئەو سەکۆ ئازادەی لەسەرەوە باسم لێوەکرد کەدەبێت (ساتی بیرکردنەوە لێیی هەمان ساتی بوونی بێت)، پێشنیارێکی ریالستیە وەک لەوەی خەیاڵی بێت. مەبەستم ئەوەیە گەرچوارمەتری ئاوەها دەستەبەر نەبێت، دەکرێت ئەو شوێنە بۆ نمونە لەبەردەم چایخانەی ئەدیبان (مچکۆ ) بێت، یان دەکرێت لەو باخچە بچوکەی بەرامبەری بێت، بەتەباشیر چوارمەتر گۆشە بکێشرێتو کەمپینەکان لەوێ بکرێت، یان لەقەڵابێتو لەچوارمەترەکە زیاتر نەبێتو دوای تەواوبوونی نارەزاییەکە تەباشیرەکە بکوژێنینەوەو ئەو شوێنە وەک پارکی نالی لەسلێمانی ببێتەوە بەشوێنێکی ئاسایی. بەمانای کەی بیرمان لەئازادی کردەوە لەچەند شوینیکی دیاریکراودا بتوانین بەتەباشیر لەو چوار مەترەدا قسەبکەین. خۆ ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەولێر ئەو چوارمەتر ئازادییە جێگیربکەن، ئەوا دەستخۆشییان لێدەکەین.

لێرەوە من لەهەولێری پایتەختی کوردستانی ئازاددا، بۆ خۆم ناو بۆ هیچ کەسێک نا، بەڵکو بۆ ئازادی، داوای چوارمەتر زەوی دەکەم. تەنها چوارمەتر زەوی بۆ ئازادی. داواکارم کە رۆژنامەنوسانو هاورێیانی هونەرمەندو ئەکتیڤیستە کۆمەڵایەتیو سیاسییە جدییەکانو رۆشنبیران پشتگیری ئەم داوایەم بکەن. تەنها چوارمەتر زەوی بتوانین لەهەولێردا کەمپینی بێدەنگ نابینو چەندەها پرۆتێستیتری لەسەر نمایشبکەین. بتوانین بەدەنگی بەرز بڵێین: من پرۆتێست دەکەم، بڵێم من رازینیم بەم دنیایە....

---

**تیرۆری سەردەشت عوسمان و ئایندەی ئازادی سیاسی لە کوردوستان**

جەبار مستەفا

راگەیاندنی لیژنەی لیکۆلینەوە لە رفاندن و تیرۆری قوتابی و رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان و بیدەنگی 39 حزبی ئیجازەپیدراو لە کوردوستان نەک هەر جەماوەری ئەمدەڤەرەو و ئازادیخوازانی هەندەرانی توشی شۆک و بیمتمانەییەکی قوڵکرد بە دەسەڵاتی پارتی و حکومەتی هەریمی کوردوستان، بەڵکو خودی کیشەو ململانی نیوان دەسەلاتداران و جەماوەری

کوردستان بردە ئاستێکی چارەنوسازەوە لەسەر مەسەلەی ئازادی سیاسی و ئازادیە مەدەنیەکان.

پارتی دیموکراتیی کوردوستان کە 19 ساڵە کۆنترۆڵی بەشیکی کوردستان دەکات و خۆی بە شایستەی فەرمانڕەوایی سەرتاپای هەرێم دەزانیت و بە تاقیکردنەوەش نیشانداوە کە بۆ بەدیهنانی ئەم ئامانجە سڵ لە هیچشتیک ناکاتەوە، لەبەرامبەر ڕەقیبەکانی ولە بەرامبەر جەماوەردا، بەو راگەیاندنە و بە کۆمەڵیک هەڕەشەوگوڕەشەی دادگاییکردنو داخوازی قەرەبووکردنەوە دژ بە کۆمەڵیک رۆژنامەو نوسەر کە لە دوای تیرۆری سەردەشتەوە پەنایبۆبردوە، بە ئاشکراو بە کوردی رایدەگەینێت کە ئازادی دەربڕین، ئازادی رۆژنامەگەری ، خۆپیشاندان ، ئازادی سیاسی لە کوردەستان ئیتر قەدەغەیە ، لە زمانی مەلا بەختیارەوە دەڵیت: ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات ، لە تراديسیۆن ، لە بنەماڵەو لە ئاین قەدەغەیەو سەرپیچکردنیش لەم قەدەغەکراوانە، ڕەخنەگر یان ، بە قەولی مەسعود بەرزانی لە کوردستان جێنابێتەوە، یان چارەنوسی وەک د. ستار تاهیر شەریف ، سۆرانی مامە حەمە ، سەردەشت عوسمان دەبیت.

سەرنجدانێکی خیرای بارودۆخی هەنوکەی کوردوستان چەند راستیەکمان نیشاندەدن :

یەکەم : لە دوای راپەرینی 1991 باردۆخیک لە ئاوەڵەیی سیاسی هاتە کایەوە ، تا ئیستاش بە جۆریک بەردەوامە ، ئەم باردۆخە نە خیرومورحەمەتی دیموکراتیانەی پارتیە و نە نازونیعمەتی سۆشیال- دیمکراتیانەی یەکیتی بەڵکو دەرئەنجامی خەباتی دەیان سالەی جەماوەرەی کوردوستان و بەردەوامی ناکۆکیوشەری هەردوو حزبی گەورە ، بە قەولی خۆیان یەکنەخستنی ( ماڵی کوردە)، سەرەڕاری بەرگری بەردەوامی ئازادخوازان و کۆمۆنیستەکانی کوردوستان و هەولی بەردەوامیان بۆ فراوانکردنی ئەو بارودۆخەیە.

دوهەم : پارتی ئەمڕۆ حزبی دەسەڵاتداری یەکەمە و سەرقاڵی داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیەتی لە سەرانسەری کوردستانی عیراقدا ؛ پاشەکشەی یەکیتی نیشتمانی لەبەرامبەر پارتیدا بە تایبەتی دوای جیابونەوەی نەوشیروان مستەفا ، لیستی گۆران وهەڵبژارندی پەرلەمانی کوردستانەوە بوەتە واقعیەتی سیاسی حاشا لینەکراوی کوردوستان و ئەمەش چەند جاریک بە شیوەی جۆراجۆر لە لایەن سەرانی یەکیتیەوە سەلمیندراوە. دەمیکە پارتی لە ناوچەکانی ژیردەسەلاتی خۆیدا بوەتە هیزی تاقانە کە نەک هەر مل بە ئازادی سیاسی ، ئازادیە مەدنیەکان نادات بەلکو بە شیۆیەکی ترسناک سەرقاڵی بەهیزکردن و داسەپاندنی سونەتە کۆنەپەرستەکانی کۆمەلگە و رەمزە ئاینی و ناسیۆنالیستەکانە.

سیهەم : بە پەیوەست بە تیرۆرو تاوانبارکردنی سەردەشتەوە، بە رواڵەت وادیارە کە بیدەنگی 39 حزبی کوردوستان و بە تایبەتی سات وسەوسەودا یان چاوسورکردنەوەی پارتی لە یەکیتی و گۆرینی هەلۆیستی لە مەسەلەی رفاندن و تیرۆرکردنی و پاشان بیدەنگی لە ئەنجامەکانی لیژنەی لیکۆڵینەوە، هەرەش ەو دەمچەورکردنی لیستی گۆران و هەلۆیستی

جەواشەکارانەی ئەم ڕەوتە بۆ بەلاریدابردنی داخوازی و نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردوستان پارتی سەرکەوتنیکی تری بەدەستهینا بەسەر ڕەقیبە سیاسیە گەورەکانیدا ، بەلام ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە پارتی هەنگاوێکی تری نا پۆ پیشەوە بە یەکخستنی ( ماڵی کورد) یانی هینانەدی یەکریزی بۆرجوازی کورد بەرامبەر جەماوری کوردوستان ؛ دیارە بە ڕابەری پارتی.

ئەوەی کە پارتی هیزیکی سیاسی سونەتی و عەشیرەتگەری بنەماڵەییە و هە میشە دژی ئازادی سیاسیە، ڕاستیەکی دیارە، ئەوەی کە لە ماوەی دەسەلاتیدا بە بێبەشکردنی جەماوەری ناوچەکانی ژیردەسەلاتی خۆی لە سادەترین مافە ئابوریوکۆمەلایەتیەکانیان داهاتی بیشوماری ئەو ناوجانەی تەرخانکردوە بۆ بەهیزکردنی دەزگا سەرکوتکەرەکانی دیسان ڕاستیەکی دیارە ؛ بەلام هیشتا ئەم ڕاستیانە وەلامی پەلاماری پارتی بۆ سەر ئازادیە سیاسیەکان ، تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و داسەپاندنی ڕەمزە ئاینیو ناسیۆنالیستەکان لە ئێستادا، ناداتەوە .

بە بۆچونی من ڕەوتی سەرکوتکەری پارتی دەبی لەبەر ڕۆشنایی ئالوگۆرە ئابوری سیاسیەکانی ئەم چەندساڵەی دوای کوردستان لیکبدریتەوە.

گەشەی ئابوری و کۆمەلایەتی لە کوردوستاندا لە ماوەی دەسەلاتی هەردوو حزبی گەورەدا بە تایبەتی دوای ڕوخانی بەعس ، کرانەوەی بازاری کوردوستان بە ڕوی سەرمایە و سەرمایەدارانی ناوچەکە و جیهان و دامەزراندنی دەیان پرۆژەی سەنعەتی گەروەو بجوک، کردنەوەی دەیان ریگاو بانی نیۆ شارەکان و لە نیۆان شارەکاندا، سەرهەلدانی چەندها گەڕەکی تازەو جیابونەوەی گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکان" فرعەونوکان" و گەڕەکە هەژارنشینەکان، فراوانبونی شارەکان و چۆلبونی لادیکان ، بە کورتی هستیریای سامانکۆکردنەوەو دەولەمەندبوون بەهەرنرخیک بیت...لە ئەنجامدا کۆبونەوەی سەروەت و سامانیکی خەیالی لای کەمایەتیکی بچوک لە گەورە لیپرسراوانی حزبەکان و سەرمایەداران، قەڵشتی چینایەتی نیوان کریکاران و زەحمەتکیشان لە لایەک و کەمایەتیەکی کەم لە سەرمایەداران، قول و فراون کردۆتەوە.

مەعلومە کە ئەم باردۆخە بە ڕەنجو ماڵۆیرانی هەزاران هەزار کریکارو زەحمەتکیشی کوروستان هاتۆتەتە دی، بەردەوامبونیشی تا کردنی کوردستان بە " دبي" هیزی کاری ملکەچ و جەماوەری خامۆشی دەوێ.

سەرکوتی سیاسی ، پیشیلکردنی مافە سیاسی و مەدنیەکانی جەماوەری کوردستان ، بەهیزکردنی کۆنەپەرستی ، ئایین و مەزهەبەکان ،زیاترکردنی هیڵەسورەکان ، پیرۆزراگرتنی ڕەمزە ناسینولیستەکان ؛ پێویستیەکی چارەنوسازی گەشەی سەرمایەداریە لە کوردوستان ؛ ئەمە قازانجی هاوبەشی گشت تۆێژەکانی بۆرجوازی کوردستانە.

تایبەتمەندی پارتی وەک حزبێکی لەرادەبەدەر مەرکەزیو کۆنترۆلکراو لە لایەن خانوادەی بارزانیەوە کە سەرچاوەی سەرەکی بڕیاردانە ، دەیکاتە لەبارترین ئامرازی سیاسی بەدەست بۆرجوازی کوردستانەوە بۆ دابینکردنی هەلومەرجێکی کۆمەلایەتی گونجاو بۆ کەڵەکەی سەرمایە لە روانگەی قازانجی سەرمایەوە لە کوردستاندا.، یانی زاڵکردنی فەزای سەرکوت بەسەر کۆمەڵگەدا و بەرەسمی نەناسینی ئازادیە سیاسی و مەدنیەکانی جەماوەر. هەر لەم روانگەیەشەوە دەکرێت ملکەچی یەکیتی نیشتمانیو زمانبەستراوی گۆران و هەلپەرستی هێزە ئیسلامیەکان تێبگەین. لیرەدا پیویستە ئەوە بلیم کە لەناوچونی مۆتەکەی بەعس و خیراتربونی رەوتی رەوینەوەی ئەو خۆشباوەریەی کە ناسیۆنالیزم سەرمایەی لیدەگرت بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو گەندەڵی و سەرکوت و کۆنەپەرستیە، جەماوەری کوردوستانی تینۆ بە ئازادی و خاوەنی میژویەکی ئەفسانەیی پڕلە قوربانیدانی جاریکی ت رهینایە جۆشوخرۆش بۆ بەدیهینانی ژیانیکی ئاسودە و بیدەردی سەری، دور لەسەرکوت و چەوسانەوەی رژیمە ناسیونالیستەکانی بەغدا، دور لە دڵەراوکیي کیمیا باران و ئەنفال و کۆمەڵکوژی، بەهرەمەند لەسەرەت و سامانی زۆرزەبەندی کوردوستان خوازیاری رژیمیکی کۆمەڵایەتی کە لانی کەمی عەدلاەت و یەکسانی بەدی بهینیت ، مافە بەرحەق و داخوازیەکانی ژنان مسۆگەربکات. ئەوەندەی ئەم واقعیەتە دروشمە چەواشەکاریەکانی ناسیۆنالیزمی( سەری بەرزمان بۆ موچە نانەۆێنین، کەرکوکی دڵو قودسی کوردستان) پوچەلکردەوە ، ئەوەندەش سەرکوتی سیاسی کردە پێویستیەکی چارەنوساز بۆ دەسەلاتی سیاسی لە کوردوستاندا.

لە لایەکیترەوە هەر خودی رەوینەوەی ئەو خۆشباوەریە بە ناسیونالیزم مانای وەلانانی کۆسپێکی بەرچاوەی بەردەم خەباتی کرێکاران و جەماوەری کوردستانە بۆ جیاکردنەوەی ریزەکانیان لەم بزوتنەوەیە و لە حزبە جۆراجۆرەکانی کە ئەمەش مەرجی گەشەکردنی خەباتیانە بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسیو ئابوریەکانیان.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم کە ئایندەی سیاسی کوردستان بەندە بە رەۆتی گەشەکردنی ناکۆکی نێوان هێزە کۆمەڵایەتی ، سیاسیە سەرکیەکانی کوردستانەوە ، لە لایەکەوە بەرەی بۆرجوازی و سەرمایەداری کوردستان بەرابەری پارتی کە گەرکیەتی بارودۆخی ئاوەڵەی کوردوستان بسپێرێت بە مێژو و ئازادیخوازان لە دەڤەرەدا بە چرپەش لە مافە سیاسی و ئابوریەکانیان نەدۆێن ، لە لایکی ترەوە بەرەی کرێکارو ئازادیخوازی کوردستان کە بەدەستهێنانی ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی ئامانجی هەنوکەیی ئەم قۆناغەی خەباتیانە، ئەوەی کێ سەرکەوتن بەدەست دێنی لەم ناکۆکیە سەختەدا ئەوە بەندە بە ئامادەیەکانی بەرەی ئازادی و رزگاریخوازی کوردستانەوە. .

ئەگەر لە 39 حزبی ئیجازە پێدراو تەنها حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردوستان ، کە هێشتا ئیجازە ی نیە ، بە رۆشنی و بە ئاشکرا دژی ئەنجامەکانی لیژەکەی پارتیە ، ئەگەر تەنها ئەو حزبە مەترسی سیاسەت و هەوڵە دزێو کۆنەپەرستەکانی پارتی دەخاتە روو بانگەوازی ئازادیخوازان دەکات بۆ وەستانەوە دژی مەترسیەکانی ، ئەوە ئەرکی گشت لایەنگرانی ئازادیە

که له دەوری ئەم سیاسەته کۆببنەوه و بەهەر جۆرێک بۆیاندەکرێت بەرەی خەبات بۆ ئازادی سیاسی ، ئازادی دەربرین، رۆژنامەگەری بەهێزبکەن......

سدنی 2010/10/17

**"چەکی سەردەشت قەلەمەکەی بوو"**

مایکل ڕۆبین – ماڵپەڕی کوردیش میدیا 2010/05/14

وەرگێڕانی له ئینگلیزیەوە: ڕێمان عومەر

له 04 ی مایس، ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمانی 23 ساڵه له زانکۆی سەلاحەدین له هەولێر ڕفێنرا. دوای دو ڕۆژ، تەرمەکەی له موسڵ دۆزرایەوە که نیشانەی ئەشکەنجه و برینی گوللـەی پێوه بو. وەک هاوڕێ ڕۆژنامەنوسەکانی، چەکی سەردەشت قەڵەمەکەی بو و خەونی ئەو کوردستانێکی باشتر و ئازادتر بو.

به داخەوه، که سەردەشت شەڕی بۆ کوردستان کرد، ڕوبەڕوی جاشی نوێ بوەوه. له شەستەکان، حەفتاکان و هەشتاکاندا، بۆ بەرەنگار بونەوەی هێزی نیشتمانپەروەری کورد که ئەوسا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی مەلا مستەفای بارزانی و ئینجا دوای 1975 لەلایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی جەلال تاڵەبانیشەوه ڕابەرایەتی دەکرا، حکومەتی عێراق ئەو کوردانەی بەخۆوه گرت که دەستییان لەگەڵ بەغدا و بەعس تێکەڵ کرد بو.

پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی سەرکەوتوانه بۆ کوردستان جەنگان و تا ساڵی 1975 به ڕادەیەکی باش سەرکەوتو بون. بەڵام له 1975 دا، وەزیر هێنری کیسینگەر، ڕاپەڕینی کوردی کرده قوربانی و، سەودایێکی له نێوانی بەغدا و تاراندا هێنا ئاراوه. واشنتۆن بەلاوه وەستا که هێزەکانی سەدام حوسێن گەڕانەوه باکوری عێراق و خەڵکی کوردستانیان تۆقاند. لەگەڵ ئەمەشدا، به هێزی پتەوی ئیراده، پێشمەرگه له چیاکان له شەڕ کۆڵیان نەدا و له 1991، لەگەڵ تێکشکانی سەدام له کوێت و ئۆپەراسیۆنی پەناگەی ئارام، جارێکی دی سەرکەوتنیان بەدەست هێنایەوه.

بەداخەوه مەلا مستەفای بارزانی ئەوەنده نەژیا که سەرکەوتنی کورد ببینێ، له ساڵی 1979 به نەخۆشی شێرپەنجه مرد. مەلا مستەفا به شەرەفەوه مرد. مەلا مستەفا سەری لەمه دەرناچێ که چۆن کوڕ و کوڕەزای خۆی دواتر له پێشمەرگەوه دەبن به جاش.

مەسعود، وەک عوبەیدوڵای کاکی، دەستی لەگەڵ بەعس تێکەڵ کرد. تەنها هەشت ساڵ دوای ئەنفالەکان، له ساڵی 1996، مەسعود سەودای لەگەڵ سەدام کردو ڕێگای دا که حەرەسی جمهوری ئاڵای عێراق لەسەر پەرلەمانی کوردستان هەڵکەن.

لەوانەیە مەسعود بارزانی وای هەست کردبێ کە بەمە ئیشێکی چاک دەکا. لەکاتێکدا مەسئولەکانی پارتی حەز ناکەن باسی ڕوداوەکانی 1996 بکەن، ئەگەر تەنگاو بکرێن پاساوی سەودایەکەیان وا دەهێننەوە کە پێویست بوە، بە ڕەچاوکردنی دەست تێکەڵکردنی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکاندا. بەڵام ئەوەی خەڵکی ئاسایی کورد دەیزانێ ئەوەیە کە شەڕی ناوخۆ شەڕێک بو لەسەر پارە بو، نەک لەسەر کوردایەتی. پێشمەرگە بەشەرەفن، بەڵام مەرامی سەرکردەکانیان هەمیشە ئاوا شەرەفمەندانە نیە.

پێشمەرگە ڕۆڵەی شاخ بون و بەرگریان لە کورد دەکرد. کوڕەزاکانی مەلا مستەفا و کوڕەکانی مام جەلال دەیانەوێ میراتگری پێشمەرگە بن، بەڵام ئەوانە پێشمەرگە نین. لە دهۆک لە ساڵی 2001 کە بەقەد چیادا هەڵدەزنایین، پێشمەرگە دێرینەکان باسی ئەو ڕوەکە جیاوازانەیان بۆ کردم کەخواردبویان و ئەو ئەشکەوتانەیان پێشان دام کە پەنایان بۆ برد بو. مەسرور و نێچیرڤان و قوباد و بافڵ ناتوانن بڵێن جیاوازی نێوان ئەو ڕوەکانەی کە دەخورێن لەگەڵ ڕوەکە ژەهراویەکان چیە، بەڵام پسپۆڕن لە جیاوازییەکانی نێوان سویتەکانی هوتێلی ڕیتز کارڵتۆن و سویتەکانی هوتێلی فۆر سیسنز. لەوانەیە ئەو کاتەی کە دورەوڵات بون لەگەڵ باوکیاندا لە سەفەری دەرەوەیاندا گەڕابن ، بەڵام ئەوانە هەرگیز بۆ مەسەلەی کورد گیانی خۆیان وەک پێشمەرگەی ڕاستەقینە نەخستۆتە خەتەرەوە.

ئەمڕۆ نەوەی نوێی پێشمەرگە، ئەوانەی لە پێناوی دوارۆژێکی باشتردا پێش لە مەرگ دەگرن، ڕۆژنامەنوسەکانن. ئەمانە کوڕی گەنجن وەک سەردەشت و نوسەرەکەی لڤین سۆرانی مامە حەمە. ئەمانە دەبێ بەرانگاری جاشە نوێکان ببنەوە، ئەو کەسانەی کە خۆیان خستۆتە بەرگی کوردایەتیەوە بەڵام ڕوی تفەنگەکانیان لە کوردی خۆیان دەکەن. مەلا مستەفا بوایە شەرمەزار دەبو بە کوڕەزاکەی خۆی، ئاواش دەبێ مەسعود شەرمەزار بێ بە کوڕەکەی.

کوردستانی عێراق لە 1991 ەوە موعجیزەیان خوڵقاندوە. ئەم گەواهینامەیە بۆ سەرکردایەتی کورد نیە ، بەڵکو بۆ بلیمەتی و هێزی ئیرادەی خەڵکی ئاسایی کوردە. پێشمەرگە شەڕی کرد و قوربانی دا بۆ ئەوەی هەلێک بۆ کورد برەخسێنێ. پێشمەرگە بەسەر جاشی بەغدادا زاڵ بون، بەڵام پێویستە ئەمڕۆ بەسەر جاشی هەولێر و سەری ڕەشدا زاڵ بن. کوردستان پێویستی بە ڕوناکبیران هەیە. بەرهەم سالحی لاو کە ئەوسا بە چالاکی کوردپەروەرانەی خۆی ڕژێمی بەعسی لە خۆی هار کرد بو، ناوبانگی دەرکرد کە لە زیندان تاقیکردنەوەی ئەنجام دا. لە ڕوبەڕو بونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانێکی هاوشانی بەعس لە دڕندەییدا، سەردەشت بەختی وەک بەرهەم سالح باش نەبو. بەڵام قوربانی سەردەشت نابێ بەخۆڕایی بڕوا.

مایکڵ ڕۆبین لە ئەنیستیتۆی ئەمێریکان ئینتەرپرایز کارمەندی ئەکادیمیە و لە کۆلێجی خوێندنی باڵای زەریاوانی لە کالیفۆرنیا و لە زانکۆی جۆن هۆپکینز لە واشنتۆن مامۆستای دیراساتی ئاسایشی نەتەوەییە.

**پارێزگاری هەولێر لە نێوان قاسم ئاغاو سەردەشت عوسماندا**

پشکۆ حەمە فەرەج 2010/11/1

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردودا شریتی ڕوداوەکان چەندین جار قاسم ئاغایان هێنایەوە پێشچاوی خەڵک و ئەو گرتە ڤیدیوٚیەی کەسوکایەتی بەدو پێشمەرگەی دیلکراوی حیزبی شیوعی دەکرێت لەلایەن قاسم ئاغاوە لەناخەوە هەموو ئەوانەی هەژاند کەخاوەنی تۆزقاڵێک هەستی نیشتیمانی و نەتەوەین. ئەو وێنەو باسانەی قاسم ئاغا بەدوای خۆیدا هێنای زامی ئەنفال و ئازارەکانی خەڵکی وەبیر هەمومان هێنایەوەو جارێکی دی خەمساردی و بێدەربەستی دەسەلاتی کوردی پیشاندایەنەوە کە چەندێ کەمتەرخەمە بەرامبەر سۆزو ئازارەکانی ئەم میللەتە. ڕێگەدان بەهاتنەوەی قاسم ئاغاو دەربازکردنی جگە لەکۆمیدیایەک و سوکایەتی بەڕۆحی ئەنفالکراوەکان و سوکایەتی بەهەست و شعوری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان شتێکی تر نەبوو.

مەبەستی ئەم نوسینەی ئیمە ئەو هەڵە کوشندەیەیە کە نەدەبوو پارێزگاری هەولێر بیکات و دەست بۆ وەها کارێک بەرێت نەکارو نەپیشەی ئەو بەڕێزە بوو. ئەو سیناریۆیەیی کە نەوزاد هادی ئەکتەری سەرەکی نمایشکردنی بوو مایەیی سەرسامی هەموو ئەوانە بوو کەبینەری شانۆگەریەکە بون ئەوەی پارێزگار لەپرێس کۆنفرانسەکەدا ڕایگەیاند جگە لەکۆمیدیایەک و غەرق بون تاڕادەی غەفڵەت مانایەکی دیکەی نەدەبەخشی. ئەو قسانەی پارێزگار کردنی بۆ هەموو کەس مایەیی تێرامان و پرسیاری قوڵ بوون لەبەر دوو هۆی زۆر سادە یەکەمیان کەیسێکی تەواو ئەمنی و تایبەت بەکوشتن و لەنێوبردنی مرۆڤ تاڕادەی جینۆساید کەی کاری پارێزگارێکی ئەندازیارە؟ ئەوەی دەبو لەم کەیسەدا قسەی هەبێت دەزگای ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆو وەزیرەکەی و وتەبێژە فەرمیەکەی حکومەت بوو بەلام سەر بەژێر خۆڵەوەکردنی ئەولایەنانەو وەقسەهاتنی پارێزگار پێماندەڵێت ئەم ماستە لەبری موو گوریسێکی ئەستوری تیدایە! دووەم شتێک کەدیان پرسیاری بەدوای خۆیدا هێنا ئەو وتەیەیی پارێزگار بوو(قاسم ئاغامان ئاگادارکرد بڕوات پێمان وت بۆت نیە لەهەولێر بمێنیت) لەڕوی یاساییەوە هیچ کەس و لایەنێک مافی دەرکردنی هاولاتیەیەکی نیە بەبێ فەرمانی دادوەر بەلام ئەم کارەی نەوزاد هادی جگە لە سوکایەتی بەدادگاو سەروەری یاسا شتێکی دیکەمان پێنالێت. پارێزگار لەرۆژنامەی هەولێر دەڵێت(من خەڵک ناگرم، ئەوە ئیشی پۆلیسە، ئەویش بەبڕیاری دادوەر، نەک بەبڕیاری من) لەسەر پاریزگارە بۆ خەڵکی ڕونبکاتەوە کەبەفەرمانی کێ قاسم ئاغای بەڕێکرد؟ لە کاتێکدا خۆی دەڵێت ئەوە ئیشی من نیە! ئەم سوکە سیناریۆیانە هەموو هاولاتیەکی سادە توشی سەرسامی دەکات کەتۆ ئەزانیت گرتنی خەڵک کاری پۆلیسە بەفەرمانی دادوەر ئەدی دەرکردن و ڕاونان ئەکەونە کوێی یاساو بەکام بڕگەی یاسا تۆ قاسمت قوتارکرد؟ کە جەنابت دەڵێیت (قاسم ئاغا:دوورو نزیک بەدرێژای تەمەنم نە بینیومە و نە دەشیناسم) ئەی پێمان ناڵێیت کە نایناسیت نازانیت چۆن کەسێکە بۆ

دەربازتکرد؟ یان لەبەرزاییەکانی سەرێ فەرمانی دەرکردنی قاسمت پێکرابووا! تۆ تەنها فەرمانی کش کردنت لەو مەلیکەی ڕۆژگاری ئەنفال پێکرابوو تەنها کارێک بە تۆ سپێرابوو کش بوو لە قاسم نەک هیچی تر! بۆ نەتتوانی لە قائیمقامی کۆیە بپرسی ئەم قاسمە ئاغایە کێیە وا سۆزی هەزاران کوردی وروژاندوەو خەڵک کەمپینیان لە دژی بەرێخستوە؟ دڵنیام پرسیوتە بەڵام مافی تیگەشتنت پێنەدراوە لە داواکانی خەڵکی خاوەن قوربانی.

پارێزگاری پایتەخت ئەم وەدەنگ هاتنەت لەکەیسی پاڵەوانێکی کوردکوژو ئەنفالچی وەک قاسم ئاغادا ئەوپرسیارەت ڕوبەڕو دەکاتەوە ئەوکاتەی لەنێوجەرگەی شارەکەتداو بەڕۆژی ڕوناک سەردەشت عوسمانیان لەبەردەم کۆلێژەکەیدا فڕاندو کوشتیان تۆ لەکوێ بویت و بۆچی ئەوکات تۆ جگە لەبێدەنگی کارێکی دیکەت پێنەکرا؟ بیدەنگیت لە کەیسی سەردەشت و بەدەنگ هاتنت بۆ دەربازکردنی قاسم ئەوەمان پێدەڵێت کە ئێوەمانان ئەکتەری نێو شانۆگەریەکن بەشداری کردنتان هەرگیز بەدستی خۆتان نیە ئەگەر سیناریۆکانیش زۆر سادەو فریودەرانە بێت و دەورەکانیش زۆر دور بن لەکاسایەتی و لێهاتوی ئێوەوە، ئەوە سیناریستەکانن ڕۆڵ بەئێوە دەبەخشن و ئێوە کەسانی جێبەجێکەری ڕۆڵەکانن با ڕۆڵەکان بچوک و ڕەزیل و زۆر جاریش دوربن لە واقیعەوە! ئاخر ئەچێتە عەقڵی کام مرۆڤی عاقڵەوە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی قەدەغە هێندە بەوردی چاودێری گەنجێکی ڕۆژنامەنوسی خویندکار بکات و بەلایەوە گرنگ بێت بەسزای بگەیەنیت بەڵام دەسەڵاتێک خاوەنی دەیان هەزار چەکدارو چەندین دەزگای ترس و تۆقاندن بێت ئاگای لەسیڤی تاوانبارێکی وەک قاسم ئاغا نەبێت! ئەم سیناریۆ بۆشانە سەردەمێکە لەم هەرێمەدا نمایش دەکرێن و ڕۆژ بەڕۆژ هۆڵەکانی نمایشکردنیان خاڵی و خاڵیتر دەبنەوەو تەنها ئەوانە بەتەماشاکەر دەمێننەوە لە مێژە بڕیاریانداوە نەبینن و نەبیستن و بیرنەکەنەوە، ئەودەسەڵاتەی پیشەی بوە بەدارشتنی کۆمەڵێک سیناریۆی سادە لە سادەتر کاتی ئەوەیەتی بیر لە پەیداکردنی سیناریستێکی لێزان بکاتەوە بۆ ئەوەی لەمەودوا سیناریۆکانیان لەگەڵ عەقڵی سەردەمەکەدا بگونجێت و پیاوی وەک نەوزاد هادی نەکەنە قوربانی نێو ئەو دەقە لاوازانە کە نەک مایەیی باوەڕی کەس نین بەڵکو هێندە لاوازن مایەیی قاقای پێکەنین بەو عەقڵەی لەپشتی بیرۆکەی ئەم سیناریۆ گاڵتەئامێزانەوەن، بەم سیناریۆ کۆڵەتان ڕۆحی (سەردەشت) تان ئاسودەتر کردو (قاسم)یشتان کردە ئاغای هەموو ئەنفالچیەکان؟ ئەو پیاوەش ناوی نەوزاد هادی بوو زۆربەمان بەپارێزگارێکی سەرکەوتو شایستەمان دەزانی ئێستا هەزاران گومانمان هەیە لە نیشتیمان پەروەری و دڵسۆزی ئەو بۆ ئەم میللەتی کوردو خاکی کوردستانە...

## منیش عاشقی کوڕەکەی بارزانیم

2010/5/12

ئاریان ئومێد *

هەرچەندە ئەو نوسینەی سەردەشت عوسمان لە ناوەڕۆکدا، تەنها مەبەستیدەرخستنی ئەو جیاوازییە گەورەیەینێوان چینەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەیە و رەخنەیە لە ناهەقیو نارەوایی و جیاوازی چینایەتیو کۆمەڵایەتی خیزانیکورد، هیچ پەیوەندییەکی بەعاشقبوون و شەیدابوونی سەردەشتەوە نییە بەکچێک، بەڵام گریمان واشبوو. دەکرێت ئیمە لەسەر خەونو خەیاڵَەکانیشمان بکوژرێینو سزا بدرێین؟! دەکرێت ئەو لایەنانە«جا دەسەڵات خۆیانن یاخود هەر لایەنیکیترە» لەخەونو خەیاڵەکانیشمان، سڵبکەنەوەو لەترسیزیادنەبونیبیروڕایئازاد، هەستن بە کردەوەیناشایستەو تیرۆریستی.

گریمان، منیش وەک مێینەیەک عاشقی کوڕەکەیئەبم! دەکرێت بێنو منیش بکوژن؟ جا تۆ بڵێیبمکوژن؟! نا بڕواناکەم، چونکە «حکومەت بەجدیکار بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژیژنان ئەکات»، ئیدیچۆن دڵیدێتو دەستیتێدەچێت، کچەر ۆژنامەنوسێک بکوژێت، یان لەبەرئەوەنا کەدڵییان نەیەت، لەوانەشە بۆ ئەمەرایەکی تریش هەبێت، کەتەنها کچ شەرەفو کەرامەتیخیزانەکانەو کچ خەتیسورەو نابیت خۆی لیبدرێتو باسیلێوەبکرێت.

تۆ بڵێیبەم نوسینە، کچی سەرۆک زیاتر روشابێتو باری دەروونیئاڵۆز بوبێت، یان بەکوشتنو جوانەمەرگ کردنی سەردەشت؟! هەرچەندە، هێشتاش کەم کەسمان هەیە، بزانین سەرۆک چەند منالی هەیەو ناویان چییەو چەندیان کوڕەو چەندیان کچە، جگەلەخیزانەکەی نێچیرڤان. ئەو تەنها مێینەی خانەوادەی بارزانییە، کەتائیستا لە میدیاکانەوەد ەرکەوتبێت.

سەرۆک تۆ و دەستو پێوەندەکانت، خەیاڵیشمان دەکوژن خەونەکانیشمان دەخنکێنن. گریمان ئەم گومانەلەجێیخۆیدا نییە، بەڵام خۆ ئەوەتا بەبەرچاویئیوەوە، ئەم کردەوەتیرۆریستییەئەنجامدرا! سەرۆک من لەمنداڵیم دا چیرۆکیکوڕەکەچەڵەو کچی پاشام بەرگوێ کەوتووە، کەئەو کوڕەهەژارێکەو عاشقیکچیپاشا ئەبێت، بەڵام لەو سەردەمە کۆنەیژیانیشدا، بەو هەمو دواکەوتوییەشەوە، پاشا کوڕە کەچەڵە ناکوژێت بەڵکو لەگەڵ کوڕی پاشاکانی تری دراوسێ، لەکیبڕکێیەکی ئازایەتیو چاونەترسیو بوێریدا هەلی ئەسەنگێنێتو لەئەنجامیشدا، پاشا کچەکەی پێشکەش ئەکات، چونکەکوڕەکەلەهەمو کوڕەپاشاکانیتر بەجەرگترو بەشەرەفترو ئازاو بوێرترە.

سەرۆک، میدیاکانت زۆر راشکاوانە باسی ئەوە ئەکەن، کەئەو تۆمەتانە، ناکرێت بخرێتە پاڵ لایەنیک، یان بنەماڵەیەک! بەڵام ئەمە گوناهی ئێمە نییە، ئەگەر گومان بکەین، چونکەبەڕێزتان، رۆژێک بەر لەهەڵبژاردنەکەی7/22 هەڕەشەیخۆتان لەشاشەی تیڤییەکانەوە نیشاندا.

سەرۆک، وا منیش، وەکو ئەو خەیاڵە منداڵانەیەی کە لە منالّییە وەلە فیلم کارتۆنی سەندریللا بینیومە، عاشقی کورەکەت بووم! تۆ ئەمەیانت پێ چۆنە؟ نوسەری‌ئەمەشیان هەر قابیلی کوشتنە؟ یان چی؟ یان لەوڵاتی‌ئیمەدا ئەمەیان ئاساییەو هیچ ئابڕو چونێکو کەرامەت روشانیکی‌بە دواوەنییە؟ چونکەئەمەیان، باسی کورە نەک کچ. سەرۆک گیان، بەس بۆ ئەمەش نەڵێن دەستێکی‌لەپشتەوەیە. سەد دەر سەد، دڵنییات ئەکەمەوە، هیچی‌لەپشتەوەنییە. دەکرێت هەر ئێستا هەروەک هیلاری‌کلینتۆن، چۆن لە کاتی‌وتارێکیدا، پیاوێکی‌رەش پێست خوازبێنی‌کچەکەی‌لێکرد، هیلاری‌بە زەردەخەنەیەکەوەوەڵامی‌دایەوە، تۆش هەروا وەڵام بدەیتەوە، یان بەفیشەک.

سەرۆک، گەنجەکانمان، هێند لەهەژاریدا ئەژین، هێند لە بیکاریدا ئەژین، هێند لەناحەقیدا ئەژین، رۆژانەنایەکسانی‌و لاسەنگی‌ژیان بەبەرچاوییانەوەدێتو دەچێتو کەسێکیش نییەبیتەوەلام، دادیک نییە رەوایانەدادوەرییان بکات، سەنگێک نییەتەرازوەکان هاوسەنگ بکات، لە سوێی‌ئەم نارەواییە، گەنجەکانمان هێند خۆیان دا بەدەم رێی‌هاتو نەهات، زۆریشیان کەوتنەناو بەحری‌ئیجە، زۆریشیان کەوتنەبەر شاڵاوی‌جەندرمەو ریژنەی‌گوللە، زۆریشیان لەشەری‌ناوخۆ و برا کوژیدا تیاچونو زۆریشیان بون بەقوربانی. با بەس بێت سەرۆک ئیستاو لەژیر سایەی‌دەسەڵاتی‌ئێوەدا، با چیتر گەنجەکانمان بەر لەپشکوتنی‌هیواو ئاواتەکانیان، نەکرێنەقوربانی. سەرۆک بابەس بێت کوشتنی‌بیروڕای‌ئازاد، بابەس بێت شکانی‌قەڵەم، بابەس بێت کوشتنی‌سەردەشتەکانمان، بابەس بێت کوشتنی‌سۆرانەکانمان.

ئەم داستانەی شەهیدبونی‌سەردەشت و سۆرانی‌مامەحەمە، خستییاننە نێو میژوی مرۆڤایەتی و مێژوی رۆژنامەنوسی کوردییەوە و سەربەرزی بە باڵای رۆژنامەگەری‌کوردی‌و سەرشۆڕی بۆ تیرۆریستانو پیاوکوژان و تاوانباران تۆمارئەکات.

* ناسراو بەئارینا

**سیمبول لە تەنیایدا**

ڕزگار عومەر

تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) ڕووداوێکی سیاسی تایبەت بوو ، چونکە بە ووردی قۆناغێکی تازەی نیشان دا لە بارودۆخی سیاسی، کە ئێستا کۆمەڵگە ژیانی تێدا بەڕێ دەکا. هەر لە ساڵی 1991 تیرۆری سیاسی لە کوردستان دەستی پێکردووە ، هیچ ئاماژەیەکیش نیە کەی کۆتایی دێ . تیرۆری سەردەشت چەند تایبەتمەندیەکی هەبوو کە جیایی دەکاتەوە لە وانیتر، هەڵ و مەرجی مێژوویی یارمەتیدەر بوو کە ئەم کەیسە تواناکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ خۆی ببا، ببێتە فاکتەری فشار هێنان بۆ دەسەڵات و ئیحراجی دروست کردن .

ئەم كەیسە لەبەرامبەر فاكتی " كات " دا گەرمایی لە دەستدا . بۆ زۆر كەس ئەم تێگەیشتنە قابیلی قبوڵ نیە،چونكە هەموو لەو باوەڕەن سەردەشت و سۆران لە بیرەوری و لە ویژدانی هەزاران كەسدایە ، هەموو لەوباوەڕەدان كە ئەو " سیمبولە " هەمیشە لە یادمانە. بەڵام، كێشەكە ڕێک لێرەدایە ، لە میكانیزمی بە " سومبوڵ " بوون دایە ، میكانیزمێک كە بە خێرایەكی زووتر لە حازر بوون و ئامادەبوونی زەمینەی مێژوویی ، چاونەترسی و سایكۆلۆژیای تاكە كەسێكی هەستیار بە زوڵم ، كەسێكی هۆشیار بە مانا چینایەتی و قوڵەكانی " نامۆبوون " ی دانیشتوانی گەڕەک بە سیستەمی سیاسی ، پاڵی پێوەدەنێ لە ساغ بوونەوەیەكی پڕ لە مەترسی لە جیاتی هەموان هاوار بكا .

لە بەرامبەر ئەم هاوارە زۆر تایبەتە كە لێواو لێو بوو لە حەرام شكاندن ، یەكەم كاردانەوە دژ بە سەردەشت هەڕەشەی مەرگ بوو . ئەو دەمە ، سەردەشت دڵنیایە لە جدی بوونی ئەم هەڕەشەیە ، بەشێكی هەڕەشەكە بریتیە لە " كۆچ " كردن ، واتە یان مردن یان كۆچ . لەم قۆناغە سەردەشت مانەوە هەڵدەبژێرێ ، مانەوە بەو مانایەی درێژە دان بە هەمان شێواز لە ژیانی ڕۆژانەو ئاسایی خۆی . ئەم شەهامەتە لە بڕیار بەرووبوومی ئەوە نیە كە ئەو سەپۆرتی بۆ دروست بوو لە ئەنجامی هاواركردن لە جیاتی هەمووان ، بەڵكو بەرووبوومی گیانێكی قارەمانانەیە :- كە لە دەرەوەی ئامادەییەكانی كۆمەڵگەو یاساكانی مێژوو، لەدەرەوەی ئاشنا بوونی كۆمەڵگەو ئاگادار بوونی بە نووسین وهاوارەكانی، سەردەشت خۆی دەكا بە قوربانی، دەكا بە قارەمانێكی تراژیدی، دەكا بە سیمبول .

كۆمەڵگەی كوردی بە توێژی ڕۆشنبیریشەوە،ناتوانی لە دەرەوەی " تراژیدیا " و " سیمبوڵ " خەباتی كۆمەڵایەتی و سیاسی ڕێک بخا . ئەم نەتوانینە لە باری سایكۆلۆژیەوە بەرهەمهێنانی گیانی خۆ بە قوربانی كردنی وەكو جەبری مێژوو بەرهەم هێناوە لە نێو بەشێكی زۆر لەو كەسایاتیانەی كە لە هەڵ و مەرجی تایبەتی كۆمەڵایەتی- سیاسیدا ، دڵنیان یان نیمچە دڵنیان لە نزیک بوونەوەی مەرگ لێیان كەچی ناڕۆن ، ڕاناكەن ، دەمێننەوەو چاوەڕوانی مەرگی خۆیان دەكەن . ڕەئوف كامیل و نەزیر عومەر دوو نموونەی قوربانی دەیەی نەوەدەكانن لە بادینان ، كە ماوەیەكی زۆربەر لەتیرۆركردنیان هەڕەشەیان لێكرابوو، بەكرعەلی لە سلێمانی ، سۆران و عەبدولستار تاهیر شەریف لە كەركوک هەڕەشەیان لێكرابوو، هەموویان مانەوەو بوون بە سیمبول ، ئەو سیمبولانەی كە لە دووا ئەنجامدا هیچ كاریگەریەک لەسەر جێ وشوێنی سیستەمی دروست ناكەن .

لەبەردەم ئەو لیستە لە سیمبول و قوربانیەكانی تیرۆری سیاسیدا ، گرنگە ڕەخنە لەم نەخۆشیە سیاسی - ئایدیۆلۆژیەی موحتاج بوون بە تراژیدیا و سیمبول لە كۆمەڵگەی كوردی بكرێتە مەنهەجی تازەی ڕێكخستنی چالاكی سیاسی وكۆمەڵایەتی . چیتر پێویست بەوە نیە سیمبول زیاد بكرێن . خەباتی سیاسی و كۆمەڵایەتی دەبێت دەرگا لەسەر ئەوەی تا ئێستا گوزەراوە بە تەواوەتی دابخا . كاتێ نووسەرێک حەرامێک تێک دەشكێنێ دەبێ پێشوەخت نەخشەی خۆپاراستن لە دەمانچەی حەسحەس و جاسوسەكان ی لا دیار بێ ، كاتێک

ووتارێک دەنێرێ بۆ ئەنتەرنێت ئەگەر بەرێوەبەری وێب سایتەکە داوای لێکرد وێنەو زانیاری خۆت بنێرە با پێ ی بڵێ " سەرت دای لەبەرد هیچیانت بۆ نانێرم " . کاتێک ئەکتیڤیستێکی سیاسی هەڕەشەی مەرگی لێ دەکرێ دەبێ پێشوەخت ڕێگای خۆشاردنەوە،بارکردن،تەنانەت کۆچیشی لا مەعلوم بێ ، چونکە خەباتی سیاسی تەنیا " باوەڕ " نیە، بەڵکو هونەری " مانەوەو بەردەوام بوونە " .

سیمبول و تراژیدیا نەک تەنیا ناتوانن شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنن ، بەڵکو تەنانەت ڕیفۆرمی بچوکیش لە ئەمڕۆی کوردستان ناتوانن بەدەست بێنن . سیمبول وتراژیدیا دەتوانن ببن بە کەرەستەی گەرمی کەمپینێکی کاتی ، دەکرێ ببنە کەرەستەیەکی ئیعلامی گەورە. بەڵام،هەرگیز شوێنی " ڕێکخستن " ی خەباتی سیاسی و گۆڕانخوازی ناگرنەوە ،خوێندنەوە بۆ ئامادەییەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگای خەباتێکی وردی سیاسی دەکرێت ،بۆ نموونە ئەگەرخۆپیشاندانێکی ڕێگە پێنەدراو ژمارەی ئامادەبووانی کەمتر بێ لە ژمارەی حەسحەس وپۆلیسەکان ئەوە نەکرێ باشترە ، با پاراستنی تواناکان هەڵبگیرێ بۆ کاتێک کە دڵنیان ژمارەی ئامادەبووان سەدقاتی ژمارەی چەکدارانی بەرامبەرە.

گیانی قارەمانی ، ئیحساسی شەریفانەی نامۆ بوونی کۆمەڵایەتی تاکێک لە کۆمەڵگەدا ووزەیەکی قوڵ و پڕ مانایە ناکرێ چیتر خەمی هەمووان نەبێ ،ئەم جۆرە لە مرۆڤ کە ماوەی نێوان بە قارەمان بوونیان و سیمبول بوونیان زۆر کورتە دەکرێ لە جیاتی کەنالی "تراژیدیا" لە کەنالی"مانەوە " خۆیان بدۆزنەوە . سیاسەت فوارەی سۆز نیە، سیاسەت بە تایبەتی لە ئەمڕۆی کوردستان مەرگ و ڕاونانی بەدواوەیە، سزای قانوونی بە دواوەیە، ئەمانە بارودۆخی زۆر جدین لەبەردەم هەموو عەقلێکی حەرام شکێن ، لەبەرامبەر هەموو ئەکتیڤیستێکی سیاسیدان ، ئێمە لەبەردەم سیستەمێکی شمولی داین ، خەباتی سیاسیش لەبەردەم هەرسیستەمێکی شمولی جا چ عەگالی لەسەر بێ چ جامانەی کوردی بریتیە لە زەمانەت کردنی بەردەوامی و سەپاندنی گۆڕانی ڕیشەیی لە ڕێگەی هونەری ئەم مانەوەیە .

**مێژووی دوای سەردەشت.**

مەحمود ئەحمەد

خەونەکانی سەردەشت کە لە نامەکانیدا بەیانی دەکات مێژووی گێڕانەوەی دوودەیەیە لەژیانی خەڵکی ئەم ووڵاتە ، خەونێک کە لێوان لێوە لە جیهانێکی نایەکسان و مەرگ بارو بێ ئابڕو .. خەونی شەڕو کوشتارگای شەڕی ناوخۆو خوێن ڕشتن.. خەونی چەند بەرەکردنی کۆمەڵ و پاوان خوازی .. خەونی دزی و بەتاڵان بردن و کۆنترۆڵ کردنی قوت و ژیان و گوزەران و ڕاگرتنی خەڵکەکەی لەبرسێتیدا ....خەونی پرۆسەی بەکۆنەپەرست کردنی کۆمەڵگا .. خەونی ژیانی ئاوارەیی وبێ سەرپەناو موحتاج بۆ پارووبەک نانی شێو ..

خەونی تێرو تەسەل بوون و بێ خەم بوون بۆ ژیان .. خەونی گێڕانەوەی بزەو پێکەنینی ڕاستەقینە ، گێڕانەوەی شەوق و زەوق بۆ ڕوخساری ئەم وولاتە..

خەونی سەردەشت وێنەی ئەو دایکەیە کە چۆن بەدەست ئازارو نالەو نەخۆشی و بێ ئۆقرەییەکانیەوە گیرۆدەیەو ساتەکانی ژیانی پڕ لە زوخاوی ئەژماردە دەکات لەچاوەڕوانیەکی درێژدا بۆ لەشێکی تەندروست کەنەی بینی و نەی ووت ئۆخەی ئەوە من بووم وەک دایکی دەسەلاتداران ، کە نایەڵن هێشتاش هەناسەیەکی بێ خەم وپڕ لە ئۆقرە لەکەناری دەردەکانیەوە بەقوڵی هەڵکێشێ و خاوێنیش بیداتەوە ... دایکێک کە لەژیانیدا خێری لەخۆی نەبینیوەو هەزاران خۆزگە پەنگاوتەی قوڕگی بووە و ڕەش پۆشە بۆ ژیانی و بۆ منداڵی بێنازو بۆ مەرگی جگەرگۆشەکانی ..

خەونەکانی بۆ باوکێکە کە چۆن تەمەنی لاوێتی بەفیڕۆدا لەپێناوی کوردایەتیدا، کە چلۆن بەهەزارو یەک قوڕ بەسەری منداڵەکانی لەناو دەیان چەرمەسەرێ ی ژیاندا گەورە دەکات تا بەرهەمی ببینێت و لە ساو پەنایاندا بحەوێتەوە ، کەچی دەسەلاتداران لەبەرهەمی ڕەنجەکەی ئەخۆن و لەسەنگەری دژ بەیەکدا ڕایان دەگرن ، کەچۆن ئاسایش و ژیانی منداڵەکانی تێک ئەدا لەپێناوی باوەڕێکدا کە خۆی هەڵی ئەبژاردو ئەمێستاکەش لێپرسراوەکانی وولات زۆر بێ دەربەستانە ئاوڕێکیش لە ڕیشی سپی نادەنەوە و فرمێسک بارانی دەکەن لەشەڕەکانیاندا ..

خەونی سەردەشت بۆ براکان و گەنجانی ئەم دەڤەرەیە کە بە گیرفانی پەنجا کەسیان هێشتا ناتوانێت پارەی یەک بتڵ شەمپانیای تاقە لێپرسراوێک بێت .. کە هەموویان ئاوارەی هەندەران بوون ، کە بەتاڵ و بێ کار شۆستەکانی ئەم مەملەکەتە ئەپێون ، کە دووچاری دەیان دەردی کۆمەلایەتی ئەبنەوە لە بەتاڵی گیرفانیاندا ، کە زۆربەیان قەیرە بوون بەدیار چارەنووس و داهاتوی نادیارە وە ونازانن تام و لەزەتی ژیانی گەنجانەو جیهانی خۆشی یەکانیان چی یەو چارەنووسیان بەچی ئەبێت..

خەونی سەردەشت خەونی کوشتنی" ناموس "ی ژنان و کچانی ئەم وولاتە بوو ،خەونی لەخوێن هەڵکێشان وئەتک کردنی ئەوان بوو ،خەونی زنجیرکردنی ئەوان بوو بەکلتوری کۆنەپەرستانەی سەردەمی چاخەبەردینەکان ،خەونی بێ ڕێزکردن و کوتەک کاری ئەوان بوو لەلایەن پیاوسالارانەوە .. خەونی بە مرۆڤ نەزانینی ژنان و ئازادی یەکانی ئەوان بوو ، خەونی بە مرۆڤ بوونەوەی ژنان بوو، خەونی بەفەرمی ناسینی چەند ژنەو یاسا نامرۆڤەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو ، خەونی بە عەیب و عارکردن و بێ ڕێزی کردنی ئەوان بوو خەونی " شەرەف " ی بێ شەرەفی بوو ، خەونی هاتنە دەرەوەی سەربەستانەی ژیانی دەرەوەی ماڵ و خەونی ژیان کردن وەکوکچ و خوشکی دایکی لێپرسراوان و بە دیلۆکس ترین ئۆتۆمۆبیل وفڕۆکە گەشت وهاتۆچۆکانیان ڕێک بخەن ..

خەونی سەردەشت خەونی نەوەی نوێ بوو ، خەونی سەدان هەزار خۆزگەو ئاواتی پەنگ خواردوی گەرووی گەنجانی ئەم مەملەکەتە بوو ، خەونی دەست ڕاگەیشتن بوو بە هەموو توانستە ماددی یەکان بۆ گەنجان و بۆ ژیانێکی شایستەی مرۆڤانەی ئەوان ، خەونی ئازاد بوونی ماچ و عیشق و خۆشەویستی و پێکەوە ژیانی هاوسەری بوو، خەونی ئەو خەونی پیر بوونی گەنجانی ئەم دەڤەرە بوو، خەونی ژیانێکی ئاسودەو پڕلەخۆشی و بەختەوەری ئەوان بوو ، خەونی چۆنیەتی زیندە بەچاڵ کردنی خۆزگەو ئاواتی ئەوان بوو...

خەونی پیرو پەک کەوتەو بێ سەرپەنایان بوو کە چۆن شەوانە بەلای لایەی دیموکراسی و حکومڕانی خۆماڵی لەسەر شەقامەکاندا خەویان لێ دەخەن ، خەونی دایکان وباوکانی بوو کەڕێزی پێویستیان لێ ناگیرێت ، کە تەمەنێکی دوورو درێژ ئێمەیان پێ گەیاند کەچی ئێستا کەسێک نیە کەوچکێک شۆربایان بەدەمەوە بکات و لێ یان بپرسرێتەوە و خزمەتێکیان بکات ، خەونی بەدەمەوە چوون وقەرەبوو کردنەوەی باوکان و دایکانی ئەم وولاتە بوو کە ساڵەهای ساڵ خەبات کاری ماددی بوون لە بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگە و ژیانی هەموو لایەکیان لەئەستۆ گرتبوو ئەمێستاکەش پەک کەوتەی دەیان نەخۆشی و بێ دەرەتانی و چاوەڕێ ی چەند هەزار دینارێکی پچڕ پچڕلە قوتی دزراوی خۆیان ئەکەن.. خەونی ڕاگرتنی کسپە و هەڵقرچانی جەرگی لەناکاوی ئەوان بوو.. خەونی ئەو خەونی نوێ کردنەوەو بە مرۆڤ بوونەوەی ئێمە بوو..

خەونی منداڵانێک بوو کە بەناچاری بەخێوکردنی خێزانێکیان لەئەستۆ گرتووەو پێلاو خاوێن دەکەنەوە ، کە کاری تاقەت پڕوکێن دەکەن و کۆڵان و شەقامی شار تەی ئەکەن بۆ کڕینی دوو قەڵەم و دەفتەرێک بۆخوێندنی خوشکە بچکۆلانەکەیان، بۆ منداڵانێک کە شانیان داوەتە بەر قورس ترین کارو تروسکایی لەدەم وچاویاندا بەدی ناکرێت، کە بێ بەش بوون لە سێبەری خوێندگاو ئاواتە خوازبوون وەک هەر منژاڵێکی ترفێری زانست و زانیاری یەکان ببونایە ، لەکاتێکدا ئەو سەروەت و سامانەی کە لە بودجەی خەڵکی ئەم وولاتە خەرج دەکرێتەوە بۆ دەم کوتی ئێمە و ئازادی یەکانمان بەزیادەوە خوێندەواری لەم وولاتەدا ئەگەیەنێتە ئاستی وولاتانی جیهان.. خەونی سەردەشت ئەمانەو خەونی کۆتایی هێنان بوو بە مەرگەساتەکانی ئەم دەڤەرە ...

سەردەشت چیرۆکی ژیانێک دەگێڕێتەوە کە هەمومان بەئاواتەوەین و بەدێژایی مێژوو خەباتی بۆ ئەکرێت ، چیرۆکی ژیان و ئایندەیەکی پڕ لەگەشەو هەڵدان ، چیرۆکی ژیان و دنیای بێ چەوساندنەوە ، چیرۆکی ژیانەوەو دەستەبەرکردن و پاراستنی ئازادی یەکان ، چیرۆکی بەهاووڵاتی کردنەوەو بەیەک چاو سەیرکردن و بێ جیاوازی ، چیرۆکی خۆش گوزەرانی و پڕ لەئاسایش وبێ تۆقان ..چیرۆکی گێڕانەوەی ڕێزو بەها و چیرۆکی گێڕانەوەی ئیرادەی مرۆڤەکان بۆ دەستی خۆی ..

سەردەشت مێژویەکی نوێ ی تۆمار کرد لەکوردستان و یەکەمین سەروەریشی بۆخۆی تۆمار کرد ، کەسێک خەونی نەبێت ناتوانێت مێژوو بنوسێت ، خەونی ئازادی یەکانی مرۆڤ و

هەوڵ و خەباتی بێ ووچان بۆ هێنانەدی ئایندەو ژیانێکی گەشترو باشتر.. خەونی بە مرۆڤ ی کردنەوەی کۆمەڵگا و خەونی ئازادی و بەرابەری ... ئەمە سەردەشت کردی و مێژووی دوای سەردهشت گۆڕاو ئیتر مێژوویەکی نوێ لەخەباتی ئازادی خوازی و مرۆڤ دۆستانە لەکوردستان بەهیمەتی بێ دەنگ نابین هاتۆتە پێشەوە .. بۆئەوەی وەسیەتەکەی وەک سومبولێکی مەزن لە هۆش و بیرو هرزدا بمێنێتەوە جێ ی خۆیەتی هەمووومان ببینە ڕێبواری ئەم پەیام و نەبەردە مرۆڤانەیە ، لێرەیە سەمای گوڵ ، وەرن با پێکەوە دەست بگرین ....

**مەرگی سەردەشت و مۆنۆلۆگی دەسەلات***

**سەعید عارف باپیر**

پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوە بۆ تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، لەسەر بڕیاری سەرۆکی هەرێم، خۆی لەخۆی دا مانای تایبەتمەندی و گرنگی ئەو کێشەیەی گەیاند، جیاواز لەڕای شارەزایانی یاسا کە تێبینیان هەیە لەسەر ئەو بڕیارەو بەدەست تێوەردانی دادگای دەخوێننەوە.** بەلام بەحوکمی کەسایەتی

سەرۆک لەپلەی دەوڵەت و پێکهاتەی حیزبێکی گرنگ دا ، بۆخۆی هێمایەکی بێ چەندو چونی بەرزترین دوودەسەلاتی دەوڵەت و حیزبێکی دەسەلاتدار دەکات .

(باوەڕ) سیفاتێکی سەیرە لەتاکی مرۆڤ دا ، بەوەی دەتوانێت بڕوابە هەبونی دێو درنج و هەژدیهاو ئەسپی باڵدار شتی نادیار بکات ، لەهەمان کاتیش دا باوەڕ بەڕاستیەکی بەرجەستەی نێو ژیانی خۆیشی نەکات ، بەلام جۆرێکی تر (بڕوای جەماوەر)یە کە بەپێچەوانەی (بڕوای تاکە کەس)ەوە چەسپاوەو گران تر جوڵە وگۆڕانی تیا دەکرێت .

لێژنەی ناوبراو ،پاش چوار مانگ لە ڕودانی کێشەکەوە ، لە ڕاگەیاندنێکی 440 وشەییدا ، لەسەر دانپیانانی تاوانبار (هیشام مەحمود ئیسماعیل) ، کوردێکی فیتەر پیشەی شاری( بێجی) یە ، نهێنیە گرنگەکانیان بلاوکردەوە ، پاش سازندەکردنی (تەشویقدان) بە دانانی 48 کاتژمێر ، بۆ چاوەڕوان کردنی هەواڵەگرنگەکە بۆ جەماوەری چاوەڕوانکەری چەند مانگە .

پێش دەوروبەری هەزار ساڵ ( حەسەن سەباح) بەناوبانگترین پێشەوای ترس و تۆقاندن بووە لە قەلای (ئەلموت) لە وسەری ( ڕەی) و (خۆراسان)ەوە کە خۆی تیا حەشارداوە بۆ ئەمسەری وولاتی (شام)و (میسر) توانیویەتی کاری کوشتن و تۆقاندن بەرامبەر بەنەیارەکانی جێ بەجێ بکات بە هۆی تیپی شوینکەوتووە باتینیەکانی ئاینزای ئیسماعیلی شیعەییە وە ، کە بەتاکە خۆبەخشەکانی گوتراوە (فیدائی) یان لەئەو روپا بە (ئەساسین ـ حەشاشین) ناسراون ، (حەسەن سەباح) کێی ویستبێت لەناوی بەرێت ، ئەم موریدە خۆبەخشانەی بۆ ناردون لەهەرکوێیەک بوبێت ، لەزوربەدا جارەکان دا بەشێوەی خۆکوژی بەفەرمانی ئەو ، لەناویان

بردووە . (نیزام و مولک) و( سەلاحەدینی ئەیوبی) بەناوبانگترین کەسانی ئامانجی تیرۆرکردنەکانی بوون ، جگە لەزۆر کەسانی تریش.

بەڵام ، لەدانپیانانەکەی کاک( هیشام) دا ، ئەمیری (ئەنسارولئیسلام) ی ناو قەڵا سەخت و نهێنیەکەی (نەینەوا) ، لە (حەسەن سەباح)ی مێژویی زۆر بەتواناترو پڕ جەبەروت ترێکە لەئێستاکەدا . چونکە ئەمیری (نەینەوا) ، دەتوانێت نێچیرەکەی لە قەرەباڵغترین جێگاو پڕ ئارامترین شوێن دا ، بە گروپێک موجاهید بڕفێنێت و پەلبەستی بکات ، بە موجاهیدێکی تر بە پایتەختی هەرێمی پڕ لە هێزی نەیارو بازگەی هەستیاردا بهێنێت بۆ قەڵانهێنیەکەی لە( نەینەوا)ی کۆنە پایتەختی ئاشوری داو لەبەر تەختی ئەمیردا فڕێی بدات ، دواتر بە وردیان و دەستو پێوەندەکانی ناو قەڵا کەی ، بە شێوازی گەمەی پشیلە وازی پی بکرێت و دواتر بەگولەی ناودەم بکوژرێت ، لەسەر بەجێ نەگەیاندنی گفتێک لەلایەن ئەم تابیعە تازە کورەیەوە . بەوەش سزای کورتی بهێنان و قسور کردن لەئەرک دا ، لەم بارەکەوە بێ فێڵە بکەنەوە ، بە مەبەستی عیبرەت گەیاندن بە موجاهیدەکانی تری ئەمیر .

ئەم سەربوردە ، نەک بۆ سەردەمی هەزار ساڵەیی( حەسەن سەباح )دەستنادات ، بەڵکو بۆ سەردەمی سێ هەزار ساڵەیی سەردەمی نەینەوا ، زەحمەتە بە(کۆباوەڕ)ی جەماوەری ئاشوریەکانیش بەئاسانی پەسەندی بکەن . لەبەر هۆیەکی زۆر ساکار ، ئەویش ئەوەیە ئەو هەموو خۆخستنە مەترسیەوە بایی عیبرەتێک ناکات کە ئەمیرەکەی نەینەوا دەیەوێت بی نوینێت بۆ موجاهیدەکانی .

بەڵام ئەو لایەنەی دەسەڵات ، هەر لەسەرەتاوە بە لێسەندنەوەی سیفاتی نوسەری و ڕۆژنامەنوسی لە قوربانی ، تا دەگات بە مۆر لێدانی تیرۆریستی ئێستاکەی ، دەیەوێت سەری ناشیرینیەک دابپۆشێت ، لەکاتێک بەو کارەی توشی ناشیرینی و عەیبەیەکی گەرەتر تردەبێت ، بەوەی کە دەکاتە دان پیانان بە هەبونی دەلاقەیەکی گەورە لە توانستی دابین کردنی ئاسایشی پایتەختی هەرێم دا. کە تاکە دەرسکەتەدەیدەن بەچاوی جەماوەرداو شانازیەکە بەدنیادا دەیگێڕن .

(بەجۆرێک ئەو لایەنەی دەسەڵات لێفەیەکی پێ یە، کاتێک سەری خۆی پێ دادەپۆشێت قاچی دەکەوێتە دەرەوە ، کاتێکیش قاچی پێ دادەپۆشێت سەری دەکەوێتە دەرەوە ).

بەڵام ئەو دانپیانانەی کاک( هیشام) ، سیناریۆکەکی سەرتاپا پوچ و بەتاڵ نیە چونکە ، زۆر پردی گەڕانەوەی بۆ هێڵراوەتەوە ، بەوەی هێشتا سێ تاوانباری فڕێنەری سەردەشت دەسگیر نەکراون ، کەناوی دوانیان زانراوەو بەپێت بەجێ هێڵراون ، ئەوانیش قسەی خۆئان دەبێت و جۆرێک دەبن لەپردەکانی گەڕانەوە ، یان ئیفادە گۆڕینی کاک( هیشام) پردێکە هەمیشە بەدەستەوەیە ، یاخود بە شێت و دێوانە کردنی ناوبراو ، هەموو ئەمانە تەوقی نەجاتن لە خنکان و تەنگانەی کێشەکەداو بەدەست لێژنەو لایەنی ناوبراوەوەن .

(بەکورتی ، ئەو دانپیانانە ، دەکرێت بە هەربارێک دا بەپێی پێویست کاری تیا بکرێت . یان زیاتر ، لەشێوەی تفێک دایە ، ڕۆنەکراوە تا نەتوانرێت هەلبگیرێتەوە ، بەڵکو لە دەمی ئەو لایەنەی دەسەڵات دایە ، لەم گوپەوە دەیبات بۆ ئەو گوپەی تری ، سات بەسات بۆقی تفەکە لەدەمی دازلتردەکات تادەیکاتە بەڵغەمێکی گەورە و ئامادەی دەکات بیدات بەناوچەوانەی ئەو نەیارە جارسکەرەدا ،کە خۆی دەیەوێت . یان ئەوەی زیاتر جەسارەت دەکات زۆر نزیک ببێتەوە لێی) .

بەڵام ، ئەو لایەنەی دەسەڵات لەگەڵ جەماوەرێک دا ، سەرجەم هەموو ئەمانەی بۆ دیالۆگێک کرد . وەلێ مەخابن ، کارەکەی بەمۆنۆلۆگی ماوەتەوە تائیستا تەنها خۆی دەدوێنێت !!!

## سەردەشت و ئازادی، دەسەڵات و تیرۆر!

ئەمیر قادر

دوای چوار مانگ لە کێشەو نێوان گرژی بەرەی ئازادی کۆمەڵگاو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر تیرۆری سەردەشت عوسمان سەرئەنجام لێژنەی بەناو لێکۆڵینەوەو بەدواداچونی دۆزی ڕۆژنامەنوس سەدەشت عوسمان ئەنجامێکی راگەیاند ،من بە پێچەوانەی زۆرێک لەڕای نووسەران کە لەبەرانبەر ئەم ئەنجامەدا شۆکبوون و تاسان گرتنی، بۆمن ئەم ئەنجامەی کە لیژنەکە دای چاوەڕوان کراوبوو لاشم وایە ئەم یاریەی دەسەڵاتداران بەشی تریشی بەدوادابێت.

ئەنجامی ئەم لیژەیە بەبێ باسکردن لەلیژنەکە هیچ نادات بەدەستەوە،لیژنەکە هەڵبژێدراو دیاری کراوی مەسعودبارزانی و دەسەلاتداران هەولێربوو،هەموو ئاماژەو هێماکانی تیرۆری سەردەشت عوسمانیش و گومانەکان لە پارتی دیموکرات و خێزانی بارزانی تێنە دەپەڕین، ئەوبابەتانەی سەدەشت وروژاندبوونی ڕووبەوان بوو، نارەزایەتی گەنجێکی ڕۆژنامەنووسی هوشیار بوو بەدەسەڵاتی تۆتاڵیتار،گەمەی وشەی ئەدیبێک بوون لەگەڵ چەک و دەسەلاتێکی سەپێنراودا،بۆیە قەبووڵ کردنی ئەم لیژنەیەو چاوەڕوانی بوون لێی لەلایەن تەرەفی بەرانبەرو لایەنگری ئازادی کۆمەڵگا هەڵەیەکی کوشندەبوو،بەجێی خۆم هەمیشە داواکاری لیژنەیەکی واقعی و بێلایەن بووم لانی کەم بۆچاودێری لێکۆڵینەوەکە، پێم وایە لۆژیک وایە کە (ئەلف) قەبووڵکرا (بێ ) بەگرانتر ڕاست ئەکرێتەوە، بۆیەش کاری ئەوانەی ئێستا بۆدۆزی سەردەشت کاردەکەن گرانترو وردترە،ئەمە بۆ پارتی دیموکرات و هاوپەیمانەکەیان و ئەوانەش کەلە حکومەتەکەی ئەواندان دیسان دژاورتردەبیت، بەتایبەت کەلەسەرەتاوە ڕاستەوخۆ ملیان بۆ ئەم تیرۆرە نەداو بەهەر هۆیەکەوە بێت کەمێک نارازی بوون بەلام ئێستا کە قسەکەری حکومەتی هەرێم و دەزگاکانی سەربەحکومەت و حیزبەدەسەڵاتدارەکان چوونە

بەرەی پلانی تیرۆری ئازادیەوەو ئۆكەیان بۆ ئەو سیناریۆیە كرد لەوانەش سەندیكای بەناو ڕۆژنامەنوسان و ڕێكخراوەكانی سێبەری ئەم حیزبانە .

لەبارەی ئەنجامەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە زۆر قسەكران و نارەزایەتیش بەتایبەت لەلایەن ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنیەوە لە چوونەسەردایە،من بەو هۆیەوە خۆم لەدووبارەكردنەوەی ئەپارێزم،بەڵام ڕەنگە گرنگ تر لەزۆرێک لەوانە دوو خاڵ پێویستیان بە ڕوون كردنەوە بێت، یەكەمیان ئاشكراكردنی شەرێكە كە دەسەڵاتدارانی پارتی هەرلەگەڵ تیرۆری سەدەشتدا كێرڤی تورەبوونیان چووە سەر، بەجۆرێک هەموو قسەو هەڵوێستێكیان بەدژی خۆیان ئەبینی و ئەوانیش بەوهۆیەوە هەرلە یەكەم ڕۆژەوە لەسەرئەوە كاریان كرد كە ئەم تاوانە لەملی كەسێكی تر بپێچن لەسەرەتاوە كۆسرەت ڕەسوڵیان دانا و دواتر گۆڕێان بە گۆڕان و دواتر وتیان كێشەی شەخسیە و ئێشتاش خستیانە ملی (گروپی ئەنسار)،بەسەرنج دان لەسەر سەرجەمی پرۆسەكە دووهێڵ هەن،لایەنی بەرانبەر پەنجەی تۆمەت بۆ پارتی ڕادەكێشن و زۆربەی ئەرگومێنتەكانیش ڕوو لەوەن و دەست و خەتی هێزێكی دەسەڵاتداری وەک پارتی لەم تیرۆرەدا دەناسرێتەوە، لەبەرانبەردا پارتی و شەخسی سەرۆكەكەی تورەو نارەحەتەو هەرلەیەكەم ڕۆژەوە خۆی خستە تەنگژەوە بە پەلاماردان و وتاری ئاگراوی و خۆسەپاندن لەپەرلەمانداو لەو لایتریشەوە وەڵام نەدانەوەی هێچ پرسێک و هەوڵدان بۆ داپڵۆسینی هەموو جوانیەكانی كەسایەتی سەدەشت عوسمان ! .

گەمەی دەسەڵات و ئازادی لەكوردستانی عێراقدا تازەنیە، ڕەنگە لانی كەمی مێژووەكەی لەگەڵ سەرهەڵدانی میرنشینەكانەوە بووبێت، ئەگەر لەسەر حیزبەسیاسیەكانی قسەبكەین،لانی كەم پارتی و یەكێتی،ڕەنگە ژمارەی قوربانیەكانی شەڕی ناوخۆو ئازادیان زۆر لە هی بەعس كەمتر نەبێت،ئەم حیزبانە كە ئەوكاتەش ئۆپۆزیسۆن بوون و لەكوێرە دێیەكدا هێزیان هەبووە هەمیشە نەک هەرخەڵک بەڵكو هەمیشە ئەندام و لایەنگرەكانی خۆشیان لەبەرانبەر هەرملنەدانێكدا ئەتككردووە سزای مردن داوە،سوتاندنی قوربانیەكان، زمان بڕینایان،ئەتككردنیان،لەشاخ بەردانەوەو هەزاران ڕێگای تری دڕاندانە هاوتەریبە لەگەڵ مێژووی ئەم دوو هێزەدا،ئەوەی كە كەسانێک چاوی خۆیان لەسەرهەموو ئەم تاوانانە دائەخەن و مل بەم هەموو نادادیە ئەدان،تەنها دەستی جەلادەكان وتیرۆری سیاسی بەهێزناكەن، بەڵكو خەریكی هەڵكەندنی گۆڕێكن بۆ سەرجەم ئازادیاكانی كۆمەڵگای كوردستان كەزۆر دوور نیە هەرخۆشیان یان منداڵ و نەوەی داهاتوویان ببنە نێچیری ئەم دەسەلاتە .

ملنەدانی پارتی بۆ ئەو هەموو نارەزایەتیەی خەڵک لەدۆزی سەدەشتداو سیناریۆ سازیەكەی كە پتر وەک دژایەتی بۆ ناشیرین كردنی بەرەی خەڵک و گاڵتەپێكردن وملهوڕی دەچێت تا چیرۆک و لێكۆڵینەوە، لەشتێک دڵنیامان دەكاتەوە ،خێڵ و خوێن و دەسەڵاتەكەی باهەزاران قەڵەم كێش و معاش خۆری خوێندەواریش دەوریان دابێت باهەزاران باق و بریقی ئازادی و دیموكراتی بەخۆشیەوە هەڵواسێت بەڵام سنورەكانی مەنتقی لە سنورەكانی خوێن و ڕق و

چوارچێوەکانی مۆنۆلۆگ دەرناچێت و، ناتوانێت بۆ تەنها جارێکیش بپەڕێتەوە سنوری دیالۆگی واقعی، کێشەی ئەم هێزە کێشەی هێزێکە کە لەسەر دەسەلات وەستاوەو نایەوێت بەملیم کەس باسی دابەزینی بکات و چارەنووسی خۆی بەهێزەوە دەبەستێتەوە، بەرپرسانی ئەم هێزانە چەندین جار باسیان کردووە کەبەخوێن هاتوون و بەخوێن ودەڕۆن، ئەمە گەورەترین پرسیاری کۆمەڵگای کوردیەو هەموو هێزێکی سیاسی کەدێتە مەیدان و هەموو تاکێکی کۆمەڵگاش تووشی ئەم پرسەدەبن،نوسین و نارەزایەتی لەسە پیرۆزیەکانی ئەم هێزانە و داواکردنی کۆمەڵگایاەکی کراوەوە ئازاد و بەڕێز دەکرێت یاری کردن بەخوێن بێت؟، پرسیاری واقعی تر ئەوەیە دەرسوەرنەگرتی ئەم هێزانەیە لەمێژوو لەوانەی کە لەوان بەهێزتربوون و بورکانی ڕقی خەڵک و خوێن لەمێژوودا سڕینیەوە.

دوو قسەی واقعیش گرنگە لەسەر بەدەنگ نەهاتنی هێزەکانی ئۆپۆزیسۆن بکەین، بزوتنەوەی گۆڕان هاوکارو هاوتا لەگەڵ نارەزایەتی خەڵک لەتیرۆری سەردەشتدا،ئەم نارەزایەتیەی بردپێشەوەو ئەوەشی بە دەسەڵاتدارانی هەولێر ڕاگەیاند کە ئەو دەیەوێت بێدەنگ نەبێت و هەرئەوەش وایکرد کە ئەم بزوتنەوەیەی خۆشەویست کرد، وێڕای ئەوەش کە پارتی شەڕێکی ئیعلامی دژی دەستپێکرد، بەڵام بارە ڕاستیەکەی ئەوەبوو کە کەپتر لە فیغانی پارتی دەچوو تا ڕووبەڕوو بوونەوەو لە بوارێکی تریشەوە بێلیاقەبوونی ئەو هەموو کادیرو بەناو ئیعلامیەی پارتی پیشاندا کە لە چ هەژاریەکی فەرهەنگیدا ئەژین، بێدەنگبوونی یان کەم دەنگی گۆڕان دەکرێت لایەنێکی ئەوەبێت کە خۆی لەشەڕفرۆشی پارتی لابدات و کاتی لا گونجاو نەبێت بۆ ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە، یان لای وابێت کە ئەم کەمپەینی ئازی ڕادەربڕینە کە زۆر جێگەی دەست خۆشیە ئەم ئەرک و شەڕەی لە کۆڵدەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا گۆڕان ڕوو بەڕووی زۆر پرسیاری جدی ئەکاتەوە، بەدنگ هاتنی هەندێک هێزی تر بەتایبەتی و هێزەچەپەکان بێشانازی نیە، بەڵام ئەویش پتر بەکەمپینی خۆ ناساندنەوەو مۆری خۆدان لەڕووداوەکان دەچێت تا ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی حساب بۆکراوو بە هێزو جەماوەر،خۆ بەهەموو شت زانین و فڕێدانی هەموو کارتەکان بۆهەر ڕوداوێک و جەماوەری نەبوون کێشەی ئەم هێزەن و هەر بەوهۆیەش ناتوانێت هێزێک گەورە بداتە ئەم نارەزایەتیە. سەرجەم ئەمانەش ناتوانێت هیچ لەوەکەم بکاتەوە کەدەست پێشکەری و ڕاستی ووتن دەچنە مێژووەوە.

سەرجەم ڕووداوەکان و بەشی داهاتووی سیناریۆی دژی دۆزی سەردەشت عوسمان،لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە کێشەی ئازدی و مافە ئاسایەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا، ڕووبەڕووی ڕێگری و تەنگپێهەڵچنین بۆتەوە و بۆ هەرکەسێک کە ئازادی لاگرنگەو پانتایی ئەم مافە بەهیخۆی دەناسێت ناکرێت بێدەنگبێت،بەڵام بەڕاستیش دەبێت وردبین وبەحساب بێت و چۆن بەرگری لەئازدی دەکات ئاواش لەکایەی ئازادیدا کاربکات و ڕەنگ و هێماکانی تێبگات ،نەفەس درێژی و ووردەکاربوون و هەمەڕەنگی و تولەرانسی ڕەنگە باشترین وەڵامی ئەم دۆزەبن، کێشەی تیرۆری سەدەشت و قەڵەمەکانی تر و خوینی ئەم برینە ساڵانێکی

زۆردەمێنێتەوە، سەردەشت بەقەڵەمی ئازادو بێخەوش و تیرۆریستەکانی بە خوێن ڕێژی لە بیرەوەری مێژووی ئێمەدا زیندوو دەمێنێتەوە.

**شقارتەکەی محەمەد بوعەزیز و قەڵەمەکەی سەردەشت !**

ئاریان ئومێد، بەشدار عوسمان

هەموو ئەوانەی لە پێناوی ئازادیی و سەربەستی تاکەکاندا هەمیشە دەکۆشن، جا لەسەر ئاستی تاکە کەس بن یان کۆمەڵ گرنگ ئەوەیە ئیرادەیان هێند بەهێز بێت، کە توانای ئاڵوگۆڕکردن و خاپورکردنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییان هەبێت بەتەنها.

ڕووداوو جەنگ و تێکۆشان و بەسەرهاتە مێژووییەکان لە پێناوی بەدەستهاتنی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانیدا زۆرن، لەسەر ئاستی گرووپ و کۆمەڵ و حیزبی موعارەزەو کایە سیاسییەکانی کۆمەڵگادا. بەڵام ئەوەی بە پەنجەکانی دەستێک ئەژمێردرێن، ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانە زەق و گەورانەیە کە لەسەر دەستی تاکە کەسێکەوە ڕوودەدەن.

ئەو ڕووداوو بەسەرهاتەی وڵاتی تونس، لەم ڕۆژانەی دواییدا زۆر بە خێرایی بە تەواوی جیهاندا وەک هەواڵێکی مژدە بەخش بڵاوبووەوەو دوورو نزیک پەیامی گەشبینی و دڵخۆشکەری بە گوێی هەموو وڵاتە ژێر دەست و چەوساوەکان، گیرۆدە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا، چرپاند. کە بێگومان نابێت هەرگیز قارەمانێتی و جەربەزەیی محەمەد بوعەزیزمان لە یادبچێت. کە دەکرێت وەک پاڵەوانی ئەم ڕووداوە مێژوویە باس لە ڕۆحی پاکی بکرێت و درود و ستایشی بۆ بنێردرێت.

ڕاستە ژیانی ئینسانەکان خۆشە و هیچ مرۆڤێک پێیخۆش نییە تەمەنی کورت بکاتەوە، بەڵام مردن لە پێناوی ئازادی و سەربەستی وەکو (سەردەشت و محەمەد) زۆر کاریگەرتر و خۆشترە لە ژیانێک لەژێر سایەی نەبوونیی و برسێتیی و دیکتاتۆریی، بۆیە بە بڕوایی ئێمە ئەوان خۆشبەختن.

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمانە ڕووناکی بخەینەسەر، ئەو لەیەکچوونەیە کە لە نێوان قەڵەمەکەی شەهید کاکە سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنووس وحەماسەت و ئازایەتی و ئیرادەی شەهید محەمەد بوعەزیزە. کە بەڕای من سەردەشت لەباتی دەنکی شقارتە، نوکی قەڵەمی بەکارهێناو نارەزایەتییو بێزاریی خۆی لە بەرانبەر هەموو ناعەدالەتیی و نایەکسانیی و ناڕەوایەتیی دەسەڵاتی کوردی بۆ مافی تاک لە کۆمەڵگاکەی خۆماندا خستەڕو لە دووتوێی زنجیرە وتارێکەوە کە زۆر باشیش سەردەشت دەیزانی ئەو ڕێگایەی گرتوویەتییە بەر ڕێگای مەرگ و کۆتاییهێنانە بەژیان هەر زوو ئەمەشی پێشبینیکرد و عەقڵیەتی بەرانبەرەکەی خوێندبووەوە و نووسی (دوعا دەکەم مردنێکی تراژیدیایم پێببخەشن کە

شایستەی ژیانە پڕ تراژیدیاکەم بێت)، بەڵام پەیامی ئازادیخوازی سەردەشت و ژیانی ناعەدالەتی و نەبوونی تروسکایی ئازادی ڕێگەی نەدا دەست لە قەڵەمەکەی هەڵگرێت.

ئەو ئاگرەی سەردەشت کردیەوەو بەتەنها خۆی پێ سووتاند، ئاگرێکی هێواش بوو. ئاگرێک بوو کە دوای خۆی، لە دڵی هەموو تاکێکی خاوەن ویژدان و خاوەن شەرەف و خاوەن بەها کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقییەکانی بەردا. زەنگێکی گەورەی بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگای کوردیش بوو، جگە لەوەی بازێکی دێوەزمانەی بە ڕاگەیاندن و میدیای خەوتووی کوردیش لێدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی زیاتر زامەکەی قووڵتر کردینەوە نەبوونی کاردانەوەیەکی بەهێز بوو لە بەرانبەر ئەو بوختانە نا مەنتیقیەیی ئەنجامەی لیژنەکەی سەرۆکی هەرێم کە بە هەموو ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازانی دنیا هۆنیانەوە و ویستیان شەخسیات و کەرامەتی پاکترین هاوپیشە و گەنجی وڵاتەکەیان لەکەدار بکەن، هەرچەندە جێگای بڕوای کەس نەبوو، بەڵام پێویستی بە کاردانەوەیەک بوو لە بابەت ئەو شۆڕشەی تونس، تەنها لەبەرئەوەی سەردەشت ڕەمزێکە لە دەرەوەی ئەمان.

چونکە دەسەڵاتێک ئاوا مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە کەیسانە بکات هەڵوێستی خراپتریشی لێ چاوەڕوان دەکرێت، دەبوایە کاردانەوەکان و هەڵوێستەکان زۆر توندتر و بەهێزتر بوونایە، چونکە دەسەڵاتی کوردی پەیامێکی بۆ هەموو ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنووسان نارد ئەویش ئەوەبوو (هەموو شتێک لای ئێمە ئاسانە و قبوڵیش ناکەین ڕەمزێک لەدەرەوەی ئێمە دروست بێت بە تایبەت لە هەولێر!)

مێژووی پێش تیرۆری سەردەشت و دوایی تیرۆری سەردەشت لە کوردستان زۆر جیاوازە، هەروەکو مێژووی پێش خۆسووتاندنی محەمەد لە تونس، سەردەشت بە مەرگی پەیامی ئازادی و عەدالەت و چاونەترسی و بوێری لەنێو دڵ و دەروونی گەنجان و لاوان و پیر و پەککەوتوان ڕواندەوە، سەردەشت بە مەرگی هۆشیاری زیاتر و (نا)ی بەخشیە کۆمەڵگا، پێیوتین هیچ کەس لەم کۆمەڵگایە موقەدس نییە و هەموو شتێک دەبێت قسەی لەسەر بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، دواجاریش وەکو مەرگی محەمەد پێیوتین بەهێزترین هێز لە بەرانبەر ڕقی جەماوەر خۆی ناگرێت و فڕۆکە فریای ناکەوێت.

لە کۆتاییدا دەڵێین گەنجەکەی تونس خۆش بەخت بوو، چونکە بە گڕی جەستەی جاڕی شۆڕش و ڕزگاربوونی بۆ وڵاتەکەیدا و هەر دەسەڵاتێکی داهاتوو ناتوانن وەک ڕەمزی ئازادی نەیناسێنن، بەڵام کاکە سەردەشتی خۆمان دوایی شکاندنی قەڵەمەکەی و تیرۆر و کۆتایهێنان بە ژیانی تازە بەهاریی و کوژاندنەوەی خەون و خولیا و هیواو ئاواتەکانی بوختانیان بۆ هۆنییەوە و تۆمەتیشیان بۆ دروستکرد.

## حەلاجێکی دیکە

(پێشکەشە بە رۆحی سەردەشت عوسمان)

کامەران محمد

ئەو بەیانیەی کتیبەکانت بەدەستەوە گرت و بەرەو کۆلیژ بەرێکەوتی، دنیایەک خەون و حەزی گەنجانەت لەگەڵ خۆتدا هیَنابوو، لە کۆی رستەکانی هەرچی نوسراوی نێو دەستت هەبوو، وشەی کوشتنی تیا بەدی نەدەکرا،کەچی لە بەردەم کۆلیژ رستەیەکی قەرقوش بەدەستی چەند بودەڵەیەکەوە بوو، تیَیدا هاتبوو کە دەبێ تۆ بکوژرێی. ئەو ڕۆژە وەکو هەموو ڕۆژەکانی دیکە ژیان بەلاتەوە بە هەموو ناشرینەکانیەوە هەر جوان بوو.ئەو ڕۆژە حەزت دەکرد

"هەناسەکەت" لە بەردەرگای کۆلیژ وەستابیَت و چاوەڕیَی بەیانی باشت لیَبکات. ئەو ڕۆژە بیرت لە هەموو شتیَکی جوان دەکردەوە. خاڵی بووی لە ڕق، کەچی ئەو ڕۆژە ئەهریمەنەکان لەوێدا چاوەڕێمان دەکردی. نوسراوەکەی دەستی ئەوان، جگە لە کوشتن و خوێن، شتێکی دیکەی تێدا نەبوو. ئەوان ئەوەندە ترسنۆک بوون، لە تروسکایی قەلەمەکەت دەترسان، دەترسان چاویان کوێر بێت، چونکە بەرگەی ڕوناکیان نەدەگرت. ئەوان لەو بونەوەرانەن،بە لۆژیکی هێز بارگاوی کراون، کە توڕە بوون بە بۆنی خوێن مەست دەبن. ئەوان لەبەردەم مەڵبەندی عیشق نەبەئەدەبەوە هاتنە حزورو نەبەحەیاوە سوجدەیان برد...

لە دوای تۆ، هەموو شتێک گۆڕا، بۆ یەکەمجار رۆحی حاجی لەقلەقە تیرۆرکراوەکانی سەردەمی شەڕی کورد کوژی، سەریان بە ئاسمانی شاردا کردەوە. هاتن لەماڵەکەی خۆیان، لەسەر منارەی مزگەوتەکەی خانەقا تێرگریان ، چیرۆکی هەبوو نەبوو نا، چیرۆکی هەبوو هەبووی بونەوەرە چرنوک درێژژەکانی وڵاتیان بۆ تۆ دەگێڕایەوە. باسیان لەو ڕۆژە دەکرد، کە پیاوانی قەرەقوش چۆن تیرۆریان کردن. ئەو ڕۆژە دکتۆر سەڵاح هەورامی بە پەلە هاتە بەردەم کۆلیژ و لەو کتێب و دەفتەرانەی تۆ کە لەوێدا کەوتبوون، پەڕەیەکی لێکردەوەو پەیامێکی بۆ عەبدولخالق مەعروف نوسی، هەواڵی هاتنی حەلاجێکی دیکەی پێدا. ئەو ڕۆژە سۆرانی مامە حەمە هاتە لات و بە قۆشمەوە گوتی "سەردەشت گیان، تۆش زەرەرت لە پەزەکان دا ؟". ئەو ڕۆژە قەلاَ سەری ڕێزی بۆ نەوی کردی و منارەش دەستی رێزی خستە سەر سنگی خۆی.

لە دوای تۆ، بەپێچەوانەی بۆچونی مافیاکان، شار شڵەژا، ولاَت هەژا.. مافیاکان لە پەیامەکیاندا سەرچیخ چوون، ئاخر ئەوان ویستیان تۆو لە ڕێگەی تۆوەش هەمووومان بێدەنگ بکەن، کەچی هەمووومان هاوارمان لێهەستا. ئەوان ویستیان لە سەر تەختەی شانۆی ژیان بتهێننە خوارەوە، بۆ ئەوەی نەتوانیت تەنانەت ڕۆڵی کۆمبارسێکیش ببینی، کەچی

تاجی پاڵەوانیت لەسەر نا. ئەوان چاوەێیی تازیمانەیەکی سێ ڕۆژەی کەسوکارت بوون، کەچی کونج و کەلەبەری ولات نەما جلی رەش نەپۆشێ. ماڵیک نەما سەری پێدا نەگری، ئاسمانیَک نەما تێیدا نەدرەوشێیەوە. ئەوان ویستیان چیتر تۆی دەمبەخەندە نەبینن، کەچی هەرچی دیواری ئازاد هەیە لەم ولاتەدا وینەی لیوانلیو لەخەندەکەی تۆیان بەسنگی خۆیان هەڵواسی. هاوێییان و هاوپیشەکانت لە فیَس بوک لە جیاتی وێنەی خۆیان، وێنەی تۆیان دانا.

لە دوای تۆ، ڕۆژنامەنوسە ئازادەکان ئازا تر و ڕۆژنامەنوسە کۆیلەکان کۆیلەتر بوون.لە بەدبەختی کۆیلەکان بەرەی ئازادی فراوانتر بوو. هەموو چین و تویَژەکان لەسەر ئەو سفرەیە کۆ بوونەوە، کە تۆ خاوەنداریت دەکرد. لەناوەڕاستی شەقام لە پێشم رۆژنامەنووسێک، لە دواوەم قوتابیەک، لە لای چەپم شوفیَریَک و لە لای ڕاسێ حەماڵێک، هەموویان هاواریاندەکرد "ئازادی... ئازادی". لەو کاتەدا قسەی ئەو شیوعیە عیراقیەم بیر کەوتەوە،کە دەڵیت " جیاوازی ئێمە و ئەوانەی لەسەر شۆستەکە وەستاون تەنیا چەند سانتیمەترێکە، پێویستیمان بە قوربانی هەیە تا ئەوانەی سەر شۆستەکە لەو چەند سانتیمەترە دابەزن". ئەوە تۆ بووی سەر ئامەدی ئەو قوربانییە. خۆزگە لەویَ بویتایە ئەو ڕۆژەی کەمپینەکە ڕاگەیێندرا. ئەو سەرنوسەر و بن نوسەر و لا نوسەرانەی ،کە شاباش لە تەنکەی باخەڵی رازاوەی پاشای رووت دەردیَنن. چەند بە سەر کزی لە دورەوە وەستابوون، نەبادا بکەونە بەر رەحمەتی کامیرایەک و سوڵتان گومان لە کۆیلە بوونیان بکات.

لە دوای تۆ هاوپیشەکانت کەوتنە بەر فشاری خێزانەکانیان.ڕۆژنامە نوسیَکی ئازاد نەما پێینەڵین "ئاگاداری خۆت بە، قسە مەکە ئەگینا دەتکوژن". دایکم کە بە بەکاری ڕۆژنامەوانی دەڵێت مقۆ مقۆ، بە توڕەییەوە دەیگوت " مقۆ مقۆی ئێوە، شینی بەدواوەیە"، هاوسەرەکەم منالەکەمی بەرز کردەوەو هاواری کرد "سەردەشت منالی نەبوو، تۆ ئەگەر بەزەییت بە منیش نایەتەوە، بەزەییت بەم کورە جوانەمان بێتەوە" بێئاگا لەوەی تۆش کوڕی دایک و باوکیَکی جەرگ سوتاوی.بیَئاگا لەوەی تۆش حەزت دەکرد ماڵێک ئاوەدان کەیتەوە، چرایەک داگیرسێنی. سەرینێکی ساردو سڕ لەگەڵ "هەناسەکەت" گەرم کەیتەوە.

## زمانی بکوژ چیه؟

شوان حەسەن

"لە چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکەمم تا دیداری بکوژەکانی خۆم بکەم، دوعاش دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت" سەردەشت عوسمان

ئایە چەندان مرۆڤی ترمان دەوێ بۆ ئەوەی خەڵک مەترسی دەسەڵاتی کوردی بە هەند وەرگرێ.

هەواڵی شار دەڵێت رۆژانە دەسەڵات خەڵک تیرۆر دەکا خەڵک غەمبار و تووڕە دەبێ بە چەند سیناریۆیەک رایدێنێتەوە و دوایی ماوەیەک لەبیری دەچێتەوە.

دەکرێ مرۆڤ بە راشکاوانە بڵێ هیچ کۆمەڵناسێک سەر لە کۆمەڵگەی کوردی دەرناکا لەبەر ئاڵۆزیی هۆیەکان و تێکچوونی شیرازەکەی ئەو هۆیانەی کە زەمەنێکە بۆ داگیرکەرمان دەگەڕاندەوە کاڵبۆوە، گەر ویستمان هەبووایە نموونەی وڵات زۆرە کە هەڵسانەوەسەرپێ یا سەرلەنوێ دروستبوونەوە.

ئایە ئێمە لەوە گەیشتووین کە دەسەڵات بە خاڵە مرۆڤایەتییەکانیان جودادەکرێتەوە نەک بە زمان و جلوبەرگ.

ئایە لە دنیای پێشکەوتوو هەر دەسەڵاتێک کە هاولاتی وڵاتەکەی خۆی کوشت ڕەوایەتی خۆی لەدەست نادا لە کاتێکدا یاسا و لێپرسینەوەش ئەو مافەی لێستاندۆتەوە ئەی چۆن دەسەڵاتێکی کوردی بە خۆی رەوا دەبینێ ئەو کارە بکا و سنوورێک بۆ هاوڵاتیبوونی مرۆڤ نەهێڵێتەوە.

ئایە ریسواکردنی ئەو دەسەڵاتە جوانییەک بە نەتەوەیی و مرۆڤبوونمان نا گەیێنێ؟ تادێ چەمکی مرۆڤایەتی نامۆ نابێ بە کۆمەڵگەکەمان؟

ئەمن لەوە دەگەم کە خەڵک ماندووە و لە نائارامیی دەژی و زەمەنێکی زۆر لە شەڕ و جەنگ ژیاوە بەڵام دیوێکیتری راستیی پێمان دەڵێ دەسەڵاتێکی تینوو بە خوێن تا دێ گەنجتر دەبێ و رەگی قووڵتر لەو خاکە ڕۆدەچێ، پاول سیلان گوتەنی دەبێ گۆڕێک لە هەور هەڵکەنین لەوێ جێگەمان تەنگ نییە.

با لە نەفرەتکردنیان یەک دەنگ بین و دەستخۆشییان لە هیچ کارێک لێنەکەین و تاوانەکانیان لێک جودانەکەینەوە.

با نەڵێین ئەوە کاری پارتیە یا یەکێتی چونکە ئەوانە یەک ئەنجامیان هەیە و گەر داینێین یەکێک لەوان کردوویەتی دەبێ ئەوە بزانین پەیمانێک لە نێوان ئەو دووە بەستراوە کە هەرچی تاوان و دزی هەیە بۆ یەکتری پینە بکەن بە ناوی بەرامبەر بۆ شاردنەوەی شتێک لە یەکتری وەردەگرن و پێکەوە سیناریۆیەک دروست دەکەن هەمان کار لەگەڵ ئیئتلافی شیعەش کراوە.

تکایە با لەگەمەی ناوچەگەریی دوور بین، ئەوە کاری کۆمەڵێک خەڵکی ترسنۆک و قەڵەم فرۆش و نەفەس نزمە.

دەکرێ جوانیی خۆشەویستیی بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێنەوە هیوادارم دەنگە نارەزایەکان دووبارە سەرهەڵدەنەوە، ئەو کۆمەڵە خەڵکە جوانەی کە دوای ڕاپەرین ئەو هەموو دزی و تاوانانەی دەسەڵاتی کوردیان قەبوول نەکرد ئەو برە پارەیەی کە ناویان لێناوە خانەنشین بە چاویان دابدەنەوە و لە کاتێکی نزیک ئاوەڕووی ناوەکانیان ببینین و چیتر ئاو لەو کانیە نەخۆن کە دز و تاوانباران لێیدەخۆن بە لێبوردنەوە نیازم نییە کەس بریندار بکەم بەس دەبێت لە شوێنێک هەنگاو باوێین.

لە کۆتایی دەڵێم کاکە سەردەشت خۆزگە بە کوشتنی تۆ و کچ و کوڕی وڵاتەکەم دەسەڵات ڕیسوا نەدەبوو بەڵکو بە دزی و گەندەڵیەکانیان، هیوادارم ئەوانەی لەدیار وێنە و وشەکانت دانیشتوون هەر بەڵێنێک دێتە سەر زاریان و کە دەیدەن وەفایەک بێت بۆ شەهامەتیان.

**بەدبەختی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە، کە باکی بەمردنی نەوەکانی خۆی نییە !**

ئەزمر

بەڕاستی براینە، من لەم سەردەمەدا بەچاوێکی دی لە بەرخەلە گومبووەکەم دەگەڕێم (فریدریک نیتشە)

سۆرانی مامە حەمە ، تەنهایی ماندووی کردبوو ، دەبوو گەنجێکی تری وولاتە بەدبەختەکەم ببوایە بە میوانی ، سەردەشت بڕیاری دابوو بەمردنێکی تژی لەتراژیدیا ، وەک ژیانی تراژیدیای خەڵکی وولاتەکەم ، ژیان جێبێڵێت و بچێت ببێتە میوانی سۆران ، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەدوای بکوژە ترسنۆکەکاندا نەگەڕێین ، چونکە بکوژەکان دەرچووی قوتابخانەی دەسەڵاتن و لە دەزگا تیرۆریستە شەوکوتەکانەوە ئیلهام وەردەگرن. گرنگ نییە کێ سەردەشتی کوشت ؟ بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێ ئیتر کۆمەڵگای کوردی دانەنیشێت و فرمێسک بۆ ئەم لاوە جوانەمەرگە بڕێژێت ، دەبێ ئێمە ئەو دەسەڵاتە تەفرو تونابکەین کەوا سانایی باکی بە مردنی نەوەکانی نییە...

خزمینە بیرتانە کاتێک پۆلیسی یونانی بەڕێکەوت گەنجێکی یۆنانییان کوشت خەڵکی ئەو وولاتە چیان کرد شاری دێرینی ئەسینایان گرتێبەردا ، هەموو مرۆڤایەتیان لەبەردەم پرسیاردا ڕاگرت، تاکو ئیستاش حکومەتی یۆنانی خاوەنی خۆی نییە ، ئەوەتانێ ئەو وولاتە قەیران دوای قەیران توشی دەبێت ، ئەوەتانێ بە یارمەتیی و قەرز و قۆڵە وولاتی فەیلەسوفان ژیان بەڕێوە دەبات، بەڵام لە نیشتمانی ئێمەدا پارە هەیە ، ڕاستە دەسەڵات قۆرخی هەموو شتێکیان کردوە، هەموو شت بۆ ئەوان بەس ئازادیمان لێزەوت نەکەن ، نەمان کوژن بەترسنۆکی و بەدەستی چەقۆ کێشەکانیان.

ئەوانەی لە قوتابخانەکەی بەعس و بارزانی و تالەبانیدا پەروەردە بوون ، ئەمڕۆکە بەئارەزووی خۆیان خەڵک دەکوژن و چەند ڕۆژێک مێدیا ڕووزەردەکان لەم وڵاتەدا باسی دەکەن ، پاشان کوژراوەکە وەک هەموو شتەکان کاڵدەبێتەوە ، (سۆران)ەکان ، (دوعا)کان و ئەمڕۆش (سەردەشت)ەکان تیرۆر دەکرێن، کەچی دەسەڵات دەڵێی مێش میوانی نییە ، ئەزان بۆ؟ ئەگەر ئێمە لە یەکەمین مەرگەوە بهاتینایەتە دەنگ ، هەنوکە ئازادی خەنی دەکردین.

ئێمە هەموو تاکێکی کورد کە لەم نیشتمانە دا دەژین، کۆیلەین ، کۆیلەی دەسەڵاتێکی ترسنۆک، کە بۆ ئێمە شێرە و لەئاستی دوژمنانیشماندا ڕێویەکی گەڕ و پەڕپوت و ترسنۆک. دەسەڵات کوناوکون بەدوای مرۆڤە یاخێکانەوەیە ، بەڵام جەلادەکانی بەعس داڵدە دەدات

دەسەڵات نیشتمانەکەمانیان پڕ کردوە لە ئیتلاعات و میت و دەیان دەزگای سیخوڕی تر، کەچی چەندین دەزگایان ئاواڵاکردوە سیخوڕی بەسەر خەڵکە بەشمەینەتەکەوەی دەکات.

کۆمیدیای ئەم وڵاتەی ئێمە لەوەدایە کام ماڵپەڕ دەکەیتەوە ، ڕیزێک نووسەری قەڵەم هەراج ناوی خۆیان نووسیوە و پرۆتێستی تیرۆرەکەی سەردەشت دەکەن ، ژمارەیان زۆرە، بەڵام ئەگەر ئەوانە شەریف و ڕاستگۆن، با دەروازەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان کلۆم دەن ، تا دەسەڵات ئیتر پێمان نەڵێت ئاها ئازادیی ڕۆژنامەگەریی هەیە.

سەردەشت هاوڕێم... من خەمی ئەوەمە هاوڕێی کۆلیژەکەت بچنەوە بۆ زانکۆ سبەینێ وەک ئەوەی هیچ نەبوبێ، ئەو مامۆستایەی کە ئاگاداریی هاڕەشەکردنەکەت بۆ باسکردبوو لەوەلامدا ووتی: ئەوە ئیشی پۆلیسە، پاش تیرۆرکردنی تۆ ئەگەر کەرامەتی هەبێت دەبێ سبەینێ لەبەردەمی کۆلیژەکەدا ئاگر لەجەستەی خۆی بەردات تاپاک بێتەوە لە تاوان و ساختەکاری.

بنوو هاوڕێم بنوو ساڵێکی تر بەناوی ئازادیی ڕۆژنامە گەرییەوە خەلاتەکەت مەدالیاکەت دەکەن بەبەرۆکی مەسروری قارەماندا.. پاساویشی بۆ دەهێننەوە دەڵێن لەبەر ئەوەی ئاسایشی هەولێری راگرتوە ، دەشیدەن بەنێچیر، چونکە ئەو خوای بەرگریە لەرۆژنامەنووسان، ئەی گوایە ئەو نەبوو، کە بە ئەحمەد میرەی ووت وەرە بۆ هەولێر وەک چاوم دەتپارێزم .

بنوو هاوڕێم بنوو شەوباش سلاو لە سۆران بکە بەس پێی مەڵێ خەلاتەی تۆیان داوە بەعیماد ئەحمەد و بە شێرکۆی بەهەلویست.

**کەسمان ناتوانین وێنەیەکی پیری سۆران و سەردەشت بکێشین!**

ڕزگار ڕانگور

کەم نەبوون ئەو گەنجە جوانانەی، کە لە شەڕەکانی ناوخۆدا ڕۆحیان کێشرا. کەم نەبون ئەو لاو، کچ و کورانەی شەرەفیان دەدایە دەست قاچاخچییەکان و لەخەونی گەیشتن بۆ نیشتمانێکی پەمەیی.

ماسێکانی دەریای ئیجەش بەتامی لاشەی گەنجەکانی کورد چەشەببوون. کەم نەبوون ئەو کەسە جوانانەی کەوتنە ناو کێڵگەی مینەوە، هەپرون بەهەپرون بوون. ئیستاش کەم نین لێرە و لەوێ ئەو کچ و کوڕانەی خۆیان دەکوژن و خۆیان هەڵدەواسن و خۆیان دەسوتێنن و لەووڵاتانی ئەورپاوە قۆڵبەست دەکرێن و دەیانگەڕێنەوە بۆ نیشتمان و لەوێش لەبەر دەم قۆناغی تفەنگ و سوکایەتیی پێکردندا ڕادەوەستن .

هەموو ڕۆژێک کەم تا زۆر، گوێبیستیی هەواڵێکی تراژیدیی وڵاتەکەمان دەبین، کە لە یەکێک لەڕۆژنامەکان یان ماڵپەرەکاندا بەرچاومان دەکەوێت . هێندە خەڵک خۆی سوتاندووە بۆنی نەوت و گۆشتی مردوو، تێکەڵ بە ئازارەکانی دەروونیان کردووین. ئەمەندەش خەڵک خۆی هەڵواسیوە ژمارەی گوریس فرۆشەکان هەڵدەکشێن، گوللەش هەمیشە دەنگی دێت لێرە و لەوێ ، ئێمە لەتەقەی خۆشیشدا دەبێ خوێنێک بدەین . بەکامە گەڕەکدا دەگوزەرێیت لافیتەیەکی ڕەشی قەترانی دڵت داناخورپێنێت؟ ئەم مەملەکەتەی ئێمە گۆڕستانێکە بۆ هەمووان، کەسمان بەدەر نین لە مردنی تراژیدیایی . کە بەلای باخچە ڕازاوە جوانەکانیشدا دەڕۆین، هەر دەبێ پۆلیسێک حیمایەیەکی تفەنگ بەدەست ببینین ، ئەوان پاسەوانی گوڵەکانن نەبا کەسی بیقرتێنێ و کەسێک بەپێڵاوەوە بە چیمەنە سەوزەکەدا بڕوات و دەستدرێژیی لەدارێک بکات کە بەدەستی سەرۆک نێژراوە، یان بۆنی ئەو گوڵە بکات، کە ژنی دووهەمی بەرپرسەکان حەز بەبۆنی دەکەن.

سۆران و سەردەشت خۆکوژیان نەکرد و قەتیش بیریان لەوە نەکردبۆوە خۆیان بدەنە دەست قاچاخچێەک، شار و وڵات جێبهێڵن و چارەنووسیان بدەنە دەم دەریای ئیجە و ژیان لەمەملەکەتی چاوەڕوانیدا بگوزەرێنن، دوای وەک پاکەتی لۆکراو بەفرۆکەیەک بیان گەڕێنەوە بۆ ووڵات.

ئەوان ڕێگەیەکی تریان گرتە بەر و قەڵەمیان هەڵگرت تا لەو ڕێگەیەوە خەمی گەنجان و ئازاری ووڵاتەکەیان بنووسنەوە. سۆران و سەردەشت وەک دوو لاوی بزێو، تاجی پاشایان داگرت و بۆ یەکتریان هەڵدەدا و دەتریقانەوە، دەستیان بۆ مەترسییەکان برد.

سۆران بە سەردەشتی دەوت: شەرم نییە مرۆڤ، بە پارووی خیانەت بژی و لە فێڵ و پلانی شەیتان سڵکاتەوە؟ سەردەشت دەیوت هاوڕێم دێم بۆ لات دەشزانم یەکێک لەهۆکارە چارەڕەشەکانی مرۆڤ ئەوەیە، کە سود لە ئەزمونی خەڵکی تر وەرنەگرێ . من دێم تا

موەکانی لاجەنگم سپی نەبووە لەداخی ئەم شارە دێرینەم، لەداخی ئەم جەنگەڵستانی تفەنگە گەنجە سووتاوەکان، گەنجە خنکاوەکان، گەنجەکانی بەر ڕووداوی ئۆتۆمۆبێل ڕۆیشتن، کە هۆنراوەشیان بۆ ووترا هەموو ئەمڕۆ بیرچوونەوە، کەچی سۆران سەردەشت تابێت لەناخمانا دەژی و پرسیارە قاچاغەکانمان لەلا دروست دەکەن.

لای ئەم دوو نووسەرە گەنجە ژیان ناوەستێ و پیر بوون نییە و نووسینەکانیشیان ڕیاکاریی تیا نادۆزیتەوە . سادە سادە وەک خۆیان دوور لە وەرگرتنیی پارە، چونکە پارە نووسەر، بێ ئابڕو و سازشکار دەکات . سۆران لە بیری مردندا نەبوو، سەردەشت ئارەزوویی مردنێکی تژی لە تراژیدیا بوو .هەردوکیان دەیان ووت لە کوێ شەڕ هەبێ ئێمە لەوێین و کۆڵەکەی دەسەڵات دەڕوخێنین و بەختەوەریتان دەلەرزێنین. ئاخر ئێوە تەنها بەقازانجی ماڵ ومنداڵتان کاردەکەن.

ئەوان دەیانزانی هەرکەسێک، کە دەمرێت چەشنێک لە ئاسودەیی فەراهەم دەکات . بۆیە پێشبڕکێی مردنیان دەکرد . چەند گەورەییە مرۆڤ لە مردندا خوێنی لەبەر بڕوات کەسمان ناتوانین وێنەیەکی پیری ئەم دوو مرۆڤە گەورەیە بکێشین، هەرچەند بیریشی لێبکەینەوە . بەڕاستی ئیرەییتان پێدەبەم جوانترین مردنتان هەڵبژارد، کە لەژیانی ئێمە زۆر خۆشترە . شادەمارەکانم پڕن لەخۆشەویستی بۆتان. سەرگەرمی پرسە پڕشکۆکەی سەردەشت بووین.

هەواڵی پێشمەرگەیەکی تەنها 21ساڵمان پێگەیشت، کە لەسەر دەریای نەوت لەشاری کەرکوک خۆی کوشت، دەشێ ئەویش هەر ئیرەیی بەسۆران و سەردەشتی بردبێت، مردن چەند جوانە بەگەنجی .. سەردەشت و سۆران وەک نموونە .

**سەردەشت عوسمان: راساوێک لەترسخانەدا**

هەندرێن

"ئازار و زەجرکێشان لە پێناوی راستییدا هێزی تایبەتی خۆی هەیە کە زۆر لە هێزی شمشێر و ئاسن بەهێزترە." (گاندی)

(رێنمایی خەباتی نافەرمی مدەن، پەر هەرنگرێن، و: سیاوەش گۆدەرزی)

راستییەکەی ئەگەر ترسێنەرانی ترسخانەی کوردستان پێیان وابێت کە بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، رۆحی ئازادیی دەترسێنن، کەچی بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو کردە کرێتەدا خودی ئەو ترسخانە لە کوردستاندا خۆی ریسوا دەکات. هەروەک لە ئاکامدا وادەرچوو. دوای ئەو پێشهاتە، ئەو ترسخانەیەی کە دەسەڵاتی خێڵ ئاکاری کوردستان خەریکە لەناو رۆحی هاووڵاتییانی کوردستاندا هەڵیدەچنێت، دەنگی ئازادیی

بەرزتر کردەوە. دەکرێ ئەو دەسەڵاتە بە سەرمەستبوونی بە پارە و بە پاڵپشتی سەرمایەی نەریتی بۆماوەی خێڵەوە لە پاراستنی ئەو ترسخانە نەبینراوە بەردەوام بێت ، لێ دواجار خودی ئەو ترسخانەیەی کە ئێستا جڤاکی تێیدا بە کۆیلەکراوە، بە رەفتارە هاودژ و ترسنۆکییەکانەوە جەوهەری خۆی ئاشکرا دەکات و قەدەری خۆشی لەو ترسخانەیەدا کۆتایی بێت. کەواتە سەردەشت لە راسانە سەرەڕۆیەکەیدا، وێڕای تیبینیمان لەسەر ساوایی زمان و ئەزموونی، داهێنانێک بە دژی ئەو ترسخانەی کوردستاندا ئەنجامدەدا، چونکە تەنیا قسەی بە دژی ئەو ترسخانەیە نەکرد، بەڵکو کردەی نواند، روحی خۆی بەخشی. لێ داهێنانەکەی ئەو گەنجە جوانناسیی، ئێستێتیکیی نییە، بەڵکو ئێتیکییە؛ کردە ئێتیکییەی وی، جا بکوژەکەی هەر کەس یان لایەنێک بێت، ئەو ترسخانەیە ریسوا دەکات؛ ئەو بەو دەنگهەڵبڕین، بەو کرداندنەی وشەوە بۆ کردار ئەو ترسخانە کوردییە نەبینراوە رادەچڵەکێنێت. بەمەش بوێری بە فرەترین دەمی بەستراوی نووسەر، هاووڵاتیی و هێزە جیاوازەکان بەخشی کە بە دژی ئەو ترسخانەیەی ناو ناخی خۆیان و دەرەوەی خۆشیان رابسێن.

بەڵێ، سەردەشت عوسمان گەنجێکی سادە بوو، لێ لە جڤاکێکدا کە دژی لە دایکبوونی تاکەکەسی سەربەخۆ و جیاوازە، بوو بە کەسێکی ئازا. ئەو گەنجە لە جڤاکێکدا کە مەراقی سازاندنی پاڵەوانی بێ پاڵەوانییە، بوو بە پاڵەوان. ئەو کوڕە سەرمەستە لە رۆژگارێکی مێشسالار و سۆزورووژێنی نەساغدا، بوو بە ئیدۆلێکی سەروەر. تۆ سەیری ئەو هەموو نووسینە سەردوولکە ئاسایانەی موفە-کیر و نووشتەنووسانەی کوردیی بکە کە بۆ ئەو گەنجە لە مێدیای کوردیی بڵاودەکرێنەوە! راستییەکەی زمانی کوردیی لەسەر بنەمای دیالۆگ و بەڵگەدارییدا بەرەو ئامانجێکی هاوبەش، بەختەوەریی گشتیی و داهێنانی ژیانێکی شکۆمەند و پاڵەوانییەکی بەرهەمدار رێناکات، بەڵکو بە شێوازێک لە سۆز خەریکی گێرەکردنە لەناو وەهمی ئەو ترسخانەیەدا. هەڵبەت ئەوە خودی کولتووری کوردیی و ئەو دەسەڵاتە ترسخانەساز و مەرانگاز بە نایەکسانییەیە کە ئەو تەرزە ژیان و پاڵەوانەمان بۆ دەسازێنن. بۆیە دواجار ناچارین هەمیشە سەرگەرمی لاواندنەوەی نەبوون یان نەهاتنی ئەو پاڵەوانە بین، تاکوو لەو ترسخانەی ناخماندا رزگارمانبکات.

لێرەدا ئەم نووسینە نیازی نییە وەک نووسینگەلی تر بەڵگەی وەهمیی لەسەر هێزێکی دیاریکراو بسازێنێت، تاکوو بکوژی سەردەشت دەستنیشانبکات. لێ بەڕاست گەنجێک، کە تەنیا بە رێگای چەند وتاری بێسانسۆر، مەیلدار بە شکاندنی پەنجەرەکانی ئەو ترسخانەی کوردستانەوە ئاشنای بووین، نە عەداوەتی عەشائیری لەلەڵ کەسدا هەبێت، نە ژنی هەڵگرتبێت و نە سیاسیی و بازرگانیش بێت (چونکە ئەو هۆکارانە دەماری کورد دەهەژێنێت)، بۆچی و چۆن بەو پلانە داڕێژراوە تیرۆرکرا؟! لێرەوە ئەوە "دەزگای ئاساییش"ی هەولێرە کە دەبێت بە کردە نەک بە قسەی گوتراو ئەو نهێنییەمان بۆ ئاشکرا بکات، تاکوو لەو وەهمەی کە لە هەمبەر ئەودا هەیە رزگارمان بکات. ئەوەی وادەکات کە ئەمڕۆ هاووڵاتیانی کورد پەنا بۆ وەهم و مەزەندە ببەن، چونکە لە ترسخانەیەکدا دەژین کە هەموو تشتێکی کردۆتە سێبەر؛ چونکە کاتێک کە هاووڵاتییان نەتوانین هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر بودجەی

حیزبی دەسەڵاتدار، داهاتی هەرزانفرۆشی نەفت، تاڵانکردنی سامانی کوردستان، هۆکردی مێگەلێک مووچەخۆر و تەقاویتی مشەخۆر، کۆمپانیای بەرپرسەکان و نهێنی کۆی ئەو گەندەڵکاریی و داخراوییانەی حکومەتی پارتیی و یەکێتی هەبێت، چۆن دەستبەرداری ئەو وەهماندنە بن؟! بۆیە کاتێک خەڵک "ئاساییش"ی پارتی لە کوشتنی سەردەشت و کۆی گەندەڵییەکانی تردا بە بەرپرسیار دەزانێت، پەیوەندی بەو دەسەڵاتە وەهمییەی ئەوەوە هەیە کە ئەو هەم وەک حیزب و هەمیش وەک حکومەت لە هەولێر و دەڤەرەکانی تردا هەیەتی. هەروەک ئەگەر ئەو تێرۆرکردنەی سەردەشت لە سلێمانی بووایە، بەهەمان شێوە خەڵک یەکێتیی تاوانبار دەکرد. لێرەدا نابێت لە بیرمان بچێت کە یەکێتیی و کۆی حیزبە بەشدارەکان لە حکومەتی کوردستاندا، بەرپرسیارن لەو تێرۆرە و نەهامەتییانەی کورد. چونکە ئەوانیش بەشدارن لەو حکومەتەی کە وێدەچێ هەرگیز هەراش نەبێت. لێ کاتێک لە کردەدا تەنیا پارتی لە هەولێردا باڵادەست دەبێت، ئیتر بوونی ئەو حیزبانەی تر لە حکومەتدا، دەبێتە گاڵتەجاڕیی.

جێگەی سەرنجە کە لەو سوێدەی من تێیدا دەژیم، کە گرفت و گەندەڵییەکانی لەگەڵ "حکومەتی کوردستان" بەراورد ناکردرێت، مانگانە چەندین خۆپیشاندان بەدژی دەسەڵات دەکردرێت، کەچی لەو هەولێرەدا بە دەگمەن خۆپیشاندانێکی ئازادانە لەسەر ئەو هەموو نادادپەروەریی و تاڵانکارییەی پارتی بەرچاو دەکەوێت. لە دەڤەری دهۆکیش بگەڕی کە دەڵێی مێش میوانیان نییە. ئەوەتا زانستگای دهۆک خۆپیشاندان لەسەر پاراستنی بن زاراوەی بادینییدا دەکات، کەچی سەبارەت بە کێشە نیشتمانیی و گەندەڵییەکانی حکومەتی حیزب، بۆ جوانیش قسەیەکی نییە. بۆیە ئەگەر پارتی بخوازێت خۆیی و خەڵک لەو وەهماندنەدا ئازاد بکات، دەبێت بە کردە پرینسپی دیالۆگ، کرانەوەیی، گوێگرتن لە رای تاکەکەسە جیاوازەکان و ... تاد بگرێتەبەر، ئەگینا لە داهاتوودا خودی خۆی لە ناو چاڵەکانی وەهمی ئەو ترسخانەیەدا دەخنکێت.

بەڵێ، کاتێک مرۆڤ لە یەکەم نیگادا کە چاوی بە دیمەنی ئەو نووسین و شەپۆلی نارەزاییانەی نووسەر و هێزە جیاوازەکان لە کوردستان و هەندەراندا دەکەوێت، وا دەزانێت کە تێرۆرکردنی ئەو گەنجە، کە بە بەخشینی روحی خۆیەوە ژیانە نائازادەکەی خۆی ئازادکرد، لە جڤاکی ئێمەدا کە حیزب و هێزگەلێکی کۆنخواز بە مجگێزی خێڵ دەیرەتێنێت، کارێکی ناچاوەڕوانکراو بێت. لێ راستییەکەی ئەگەر پێشتر کۆی خەڵکی کوردستانی باشوور بە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتانەوە لەناو ترسخانەی رژێمی بەعسدا دەمکوت و هەتکراو کرابێت، کەچی لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991ەوە تا ئێستا لە ترسخانەی پارتیی و یەکێتیی و کۆی دەسەڵاتە ئایینیی و خێڵەکییەکانی کوردستاندا لە ژیانێکی ترسێنەر و رۆح تێرۆرکراودا دەژین. لە کاتێکدا زۆرێک وادەزانن کە ئەمڕۆ لە کوردستانێکی ئازاددا دەژین، لێ راستییەکەی، بە واتای ژان پۆل سارتەریی، ئێمە لە هەموو کات نائازادترین.

ئەگەر لە سەردەمی بەعسدا ئێمە لەناو ترسخانەی رژێمێکی دڕندە ژیابین، کەچی هەنووکە لە سایەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا ترسخانەیەکی گەورە لە ناو رۆحماندا دەژیت. چونکە ئەوکات هەرنا ویستی بەرانگاربوونەوەمان تێدا بوو کە رووبەڕووی ئەو ترسخانەیەی رژێمی بەعس ببینەوە، بەڵام ئێستا کە گوایە لە چەوسانەوەی نەتەوایەتیی رزگارمان بووە، (هەڵبەت ئەمڕۆ لە کوردستاندا ویستی نەتەوە، بووە بە ویستی کالا)، بۆیە نەک هاووڵاتییانی ناوەوەی کوردستان، کە لە ترسی بژێویی ژیان یان مۆدەی لاساییکردنەوەی بەرپرسە لۆرت، خاوەن کۆمپانیا یان زیندانییکردنیان یانیش کوشتنیان بە دەستی چەکدارێکی "نادیار" و لە ژێرەوەش سەر بەو دوو حیزبە دەسەڵاتدار و ئسلامییەکانەوە ویستی بەرەنگارییان تێیدا نەماوە، بەڵکو ئەو ترسخانەیە لە ناخی ئەو هاووڵاتییانەش دەژیت کە لە هەندەراندا دەژین. بە کورتی ئەو دەسەڵاتە ئاڵۆزکاوەی کوردستان تەنیا بە رێگای خوێنتاڵکردن و تێرۆرکردنەوە ئەو ترساخانەیەی لەناو روحی ئێمەدا هەڵنەنەچنییوە، بەڵکو بە رەفتارەکانییەوە توانی وابکات کە خودی خۆمان ئەو ترسخانەیە لە ناخماندا ئەستوور بکەین. ئەو دەسەڵاتە بۆ ئەوەی ئەو ترسخانەیە ئەستوور و ئەبەدیی بکات تەنیا بە هێزگەلی جیاواز لە چەکدار، نووسەرو مشەخۆر ئەو کارە ناکات، بەڵکو هەوڵدەدات خۆمان ببین بە بەشێک لەو ترسخانەیە.

بەمجۆرە ئێمەی هەندەراننشین، کە بە هەر هۆیەک بێت ناچارین سەفەری ئەو کوردستانە چەتەسالارییە بکەینەوە، ناچارین ببین بەشێک لەو ترسخانەیە. ئەوەندە بەسە کە ئەو زیندانییکردنە 30 ساڵییە عەنتیکەیەی کەمالی سەید قادر، لەوەش بترازێ، کە رەفتاری ئەو مرۆڤە پێش و پاش گرتنی چەند عەنتیکە بوو، لەسەر ئەو چەند نووسینە رووکەشانەی بە یادی خۆمان بێنینەوە. هەروەک نەمانزانی سۆرانی مامە حەمە و عبدالستار تاهیر شەریف بۆچی و کێ تێرۆری کردن. وادەی ئاشکراکردنی ئەو تێرۆکارانەش، وەک وەک حیکایەتی مادەی 140 و کەمکردنەوە نەک لە ناوبردنی گەندەڵی، هێشتا دیار نییە. ئەوەندە بەسە کە ئێمەی هەندەراننشین کە گوایە دەچینەوە زێدی خۆمان، کەچیی دەبێت بۆ "ئیقامە وەرگرتن" سەردانی "ئاساییش" یان "زانیاریی و پاراستن" بکەین، کە لەوێدا رەفتارەکانی "ئاساییش"، قەرەپەستانێ و هێنان و بردنت بۆ شەش ژوور و کارمەندی خوێنسارد لە لایەن مووچەخۆرانی ئاساییشەوە، وا لە مرۆڤ دەکەن، بێز لە خۆی و رابردووشی بکاتەوە.

لەوەش ناخۆشتر، هەندەراننشینە دڵسۆزەکان هەمیشە لەگەڵ هەر پێشهاتێکی بەد کە لە کوردستاندا روودەدات، جا ژنکوژیی بێت یان گەندەڵی یان گرتن و کوشتنی نووسەران یانیش سازشی نیشتمانی بێت، دەبێت شەرم دایانبگرێت و بە ناچارییش داکۆکی لە رەفتارەکانی دەسەڵاتی کورد بکات کە خۆشی بڕوای پێی نییە. لێرەوە ئەو رووداوانە هەر تەنیا ئاڵۆزکردنی دڕدۆنگییەکانی ژیانی هاووڵاتیانی کورد نییە، بەڵکو ئەستوورکردنی ئەو مەترسیانەشە کە لەسەر ئایندەی کوردستاندا لە ئارادایە. چونکە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە ژیانی هاووڵاتیانی خۆی رێکنەخات ناتوانێت بەرانبەر نەیارەکانی کوردستانیش خۆی رێکبخات. هەر بۆیە ئێستا کورد خەریکە دۆزی کەرکوک و زامنکردنی مافەکانی کورد و بۆردومان و

کەڵەگاییەکانی تورکیا و ئێران و عێراقیش لەسەر کوردستان فەرامۆشبکات. ئێستا کە دێهات و چیاکانی کوردستان لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە کاولدەکرێت، کەچی ریسواکردنی ئەو دەستدرێژییکردنە بۆ سەر خاکی ئێمە وەک بەرپرسیارییەکی ئێتیکی سەیر ناکرێت.

بەمجۆرە ئەو ترسەی کە لە ناوماندا ئامادەیە مەرج نییە تەنیا ترسێک بێت لە گرتن یان کوشتنمان لە پایەی ئەوەی کە رەخنەیەکی توندمان لەو ترسخانەی دەسەڵاتی کوردیی گرتووە، بەڵکو ئەو ترسە بەشێکە لە بەرهەمی ئەو گەندەڵییە زەبەلاح، نادادپەروەرییە بێسنوور و سووککردنەی بەهای مرۆڤ کە بوونەتە مۆدەیەکی چەسپاو لە ژێر سایەی چەکداری حیزبەکان و بگرە ناوەندی نووسەرانی سەر بە دەسەڵاتیشدا. لەوەش بترازێ، کە لە ترسی مێگەلێک مەلای خوتبەدەر و دەمڕاستی حیزبە ئیسلامییەکان تۆ بۆت نییە قسەیەک لەسەرئەو ئیسلامگرییە پاشکۆیەی جیهانی ئیسلامی یان ئازادی ژن یانیش ئەو مزگەفتخانەیە بنووسیت کە چاکە و خراپە دابەشدەکەن. بەمجۆرە رۆحی ئێمە لە ناو تۆڕێک ترسخانەی حیزبی دەسەلاتدار، ئیسلامییەکی توندرۆ، ئاغا و نووسەرگەلێکی بالادەست لە کوردستاندا گەمارۆدراوە. هەر بۆیە ئێستا بەرامبەر ئەو ترسخانە نەبینراو و لەپێناسەکردنە بەدەرەدا دۆشداماوین کە لە ناخ و رۆحماندا پەلدەهاوێژێت. ئەوەتا لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی حکومڕانی خۆماڵییدا، لە ترسی ئەو ترسخانە و گەندەڵخانەیەی یەکێتیی و پارتیی و ئەو ئیسلامخوازییە توندڕۆیەدا بە هەزاران هاوولاتییانی کورد بەرەو ئەوروپا سەریانهەڵگرت، کەچیی بەرپرسە گەندەڵەکان و ئەو نووسەرانەی کە پاسەوانی ئەو ترسخانەیەی حیزبەکان دەکەن نەک هەر بیر لە رەهەندە نەتەوایەتیی و هۆکردی ئەو بێزارییەی هاوولاتییان ناکەنەوە، بەڵکو بە پاساوی بنکۆڵ، جەماوەر و خۆشیان چەواشە دەکەن. لەوەش بترازێین، کە سەدان لەو کۆنە پێشمەرگە و هاوولاتییە جیاوازانەی کە دوای هێرشەکانی ئەنفال و لە دەستی رژێمی سەدام لە جیهاندا ئاوارە بوون، بە هۆی ئەو ترسخانەو گەندەڵخانەیەی کە کوردستانی تەنیوەتەوە ناتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

کەواتە هەڵەیە کە ئێمە لەو ژیانە دڵەخورپێیەماندا وابزانین کە جاروبارێک بە نووسینی رەخنەیەکی سادە یان کەمێک توند لەسەر نادادپەروەریی، گەندەڵی حیزبەکان یان تێرۆرکردنی سەردەشتەکاندا ئازاد دەژین. نەخێر. هەر یەک لە ئێمە باش دەزانین کە دوای هەر جۆرە رەخنەیەکی توند دەبێ دەست لەوە بشۆین کە ئیتر لە ژێر ئەو دەسەلاتە دێزەیەی کوردستاندا جێگەمان ببێتەوە. دواجاریش ئەگەر حەز بکەین لەو ترسخانەیەی حیزبە "قائیدەکان"دا وەک کۆیلەیەکی ئازاد بژین، گەرەکە پەشیمانییەکی شەرمهێنەرانە رابگەیەنین. ئەوکاتەش ئیتر وەک کەسانێکی بوودەڵە ناچار دەبین ببین بە بکوژێک یان پاسەوانییکردنی ئەو ترسخانەیە. بۆیە لە خۆڕا نییە کە ئەو بەناو نووسەر و هاوڕێ کۆنانەی ئێمە، کە هەرچەندە سالانێک هاوڕا بووین و لە ئێمەش زارقەڵەباڵغتریش بوون لە رەخنەگرتن لە هەمبەر نادادپەروەریی دەسەلات ، کەچیی کاتێک لە پێناو پارە و دەسەلاتدا بوون بە دەمڕاستێکی ئەو ترسخانەیەی حوکمڕانی حیزب نەک هەر شەرم لەو ئەخلاقە بوودەڵەیان ناکەن، بەڵکو ئێمەی کۆنە هاوڕێش لە یادەوەرییاندا توور هەڵدەدەن.

بەڵێ، بەردەوامیی ئەو ترسخانەیە بەرهەمی ئەو ئەخلاقە مێشسالار و مجگێزە خێڵەکییەی ئەو دەستە و تاقمە بەناو سیاسەتکار و نووسەرانەیە کە رەگی لە نەریت و پەیوەندییەکانی خێڵدا داکوتاوە. ئەمرۆ گرفتەکە لەوەدایە کە ئەو پێڕە لە سیاسەتکار و نووسەرە لە جیاتی ئەو پەیوەندییە نەریتییەی نێوان رەعیەت، جووتیار و ئاغاکاندا خۆی لە شێوەی پەیوەندییەکی مۆدێرنی رووکەشدا دەنوێنێت.  هەنووکە ئەو پێڕە لە نووسەرە بە پاشگر و پێشگری "دکتۆر"، "پسپۆڕ"، "نووسەر" و ... تاد، ئەو پەیوەندییە خێڵەکییە تازەباوە پەرە پێدەدات. بۆیە ئەو پێڕە تا حەز بکەی ئاوقاتن لە زارقەڵەباڵغییکردندا. ئەو پێڕە نووسەرە تازە رەعیەتە زۆر لە ئێمە باشتر باس لە ئازادیی و مافی مرۆڤ، گەندەڵیی و نادادەپەریی سیستەمی خێڵ دەکەن. هەروەک  زۆر ئاوقاتانە گوتەی فێلەسووفان لە نووسنەکانیاندا هەڵدەڕێژن، تاکوو خوێنەری سافیلکە چەواشە بکەن.

بۆ ئەوەی خوێنەر بەو پێڕە نووسەرە دەمامکدار و زارقەڵەباڵغە ئاشنا بێت،  گەرەکە، تەنیا وەک نموونە، سەیری خوتبەکانی (د) فاروق رەفیق و (د) فەرهاد پیرباڵ و (د) رەفیق سابیر بکات کە لە نووسین یان تیڤی حیزبەکاندا سەبارەت بە "ئازادیی را دەربڕین"، "ستەمکاریی"، "پەروەردەی لیبرال"، "نەتەوە و دەوڵەت" و "پانتۆڵی بێزنجیری گەنج"ە پێشکەشی دەکەن. کاتێکیش پێشهاتێکی هەژەندهێنەری وەک تیرۆکردنی سەردەشت عوسمان لە ژێر ئەو دەسەڵاتە مجگێز ستەمکارە خێلەکیی و  بێبەرییە لە "لیبرال"، "نەتەوەیی"ە و "ئازادی زنجیر"ە دا  دەقەومێت، ئەو سێ (د)  و هاووێنەکانیان،  لە  بێدەنگیەکی شەرمهێنەردا چاوەڕێی هێوربوونەوەی ئەو نارەزاییانە دەکەن، تاکوو بێنەوە سەر شاشەی تیڤییەکان و خوتبەمان بۆ بدەنەوە.

بەڵێ، یەکێک لە هۆکردەکانی بەردەوامی ئەو دۆخە هەژەندهێنەرەی کە 20 ساڵە لە کوردستاندا لە ئارادایە، کە رەنگە هەمیشەش بەردەوام بێت، پەیوەندیی بەو بونیادە نەزۆکە خێڵکەیی و ئاکارەی نووسەری کوردەوە هەیە کە خولیای بۆ ئازادیی تەنیا لە زارقەڵەباڵغییدا دەخوولێتەوە نەک لە بیرکردنەوەیەکی کردەیی، داهێنەرانەدا. ئێمە ئەگەر هەڵوەستەیەکی سادە لە کۆی ئەو نووسەر، شاعیرە "گەورە"، رۆژنامەوان، موفە–کیر و ... تاد بکەین کە شین و واوەیلا بۆ ئازادیی دەکەن، ئاسانە جیاوازییەکانی نێوان زار و ئاکاریان بناسینەوە. ئەو پێڕە نووسەرە بە مەیلی گەیشتن بە دەسەڵاتێک، جا ئابووریی بێت یان ناوداریی، قسە لە ئازادی دەکەن، ئەگینا بێبەریین لە ئاکاری ئازادیی. بۆیە کاتێک گەیشتن بە ئامانجەکانیان، وێنەی راستینەکەی ناخی خۆیانمان بۆ وێنە دەکەن.

بەمجۆرە سەردەشت عوسمان بە پلەی یەکەم قوربانیی 20 ساڵەی ترسخانەکەی حکومەتی کوردستانە. مخابن دوای بەرتەکی خەڵک بە دژی تیرۆرکردنی سەردەشتەوە ئەو حکومەتە زیاتر خۆی ئاشکراکرد کە هیچ دەسەڵاتێکی کردەیی نییە. چونکە حکومەت کەوتە پەراوێزەوە و پارتی بوو بە دەمڕاستی. پارتی خۆی بە رەفتارەکانییەوە وای نیشاندە کە لە لە هەولێردا

خاوەنی هەموو دەسەڵاتێکە. بۆیە دوور لە تاوانبارکردن، دەبێت خودی پارتی بکوژی سەردەشت ئاشکرا بکات.

دیارە هەمووکەس دەزانێت کە تا ئێستاش لە ئاستی کردەییدا کوردستان بەسەر دوو ئیدارەدا دابەشکراوە: حکومەتی هەولێر و سلێمانی. بۆیە بینیمان کە لە سلێمانییدا کۆی هێزە جیاوازەکان بە ئازادیی هاتنە سەرشەقام و لە هەولێریش بێجگە لە رۆژی ناشتنی سەردەشتی جوانەمەرگدا خۆپیشاندانێکی تری بەرچاو رووی نەدا.

بەمجۆرە کاتێک خەڵک ئەوها بەدژی کردەی تیرۆرکردنی سەردەشتەوە دەنگ هەڵدەبڕن، لەبەر ئەوە نییە کە رۆژنامە نووسێک بەو شێوە دڕندانەیە تیرۆر کرا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە کۆی هێزە جیاوازانەی کوردستان هەستدەکەن رەنگە رۆژێک بە هەمان شێوە لەو ترسخانەی حیزبدا بە نادیاری بکوژرێن، بێ ئەوەی دەسەڵاتێکی مەدەنیی و قانوونی هەبێت بکوژ و هۆکردەکانی تیرۆرکردنیان ئاشکرا بکەن.

لەو روانگەیەوە ئەگەر پارتیی بخوازێت هەم وەک حیزب و هەمیش وەک حوکمڕانی حکومەت لە هەولێر و دەڤەراکنی تردا ئاییندەی رووناک بێت، هەقە دوای تیرۆرکردنی سەردەشت و ئەو نارەزاییانەی کە بە دوایدا هات، بە قووڵیی بیر لە مێژوو و دۆخی ئێستای خۆی بکاتەوە. پارتی هەقە بزانێت نە لە هەشتاکان خاوەنی خەباتێکی بەرچاوە و نە لە راپەڕینی بەهاری 1991دا، بۆیە دەبێت سوپاسی ئەو جەماوەر و هێزانەی تر بکات کە لەو بوونە کۆڵەڵەی ئەو لە ئێراندا رزگاریان کرد. هەروەک یەکێتییش دەبێت بزانێت، کە ئێستا بەرپرسەکانی لەسەر حیسابی سامان و قوربانی خەڵک بوون بە خاوەن کۆمپانیا و لۆرتی گەورە، بۆیە ئەگەر بە خۆیدا ناچێتەوە، ئاییندەی لەوەش کڵۆڵتر دەبێت کە هەنووکە تێیدا دەژیت. پارتیی لە کاتێکدا باسی کوردایەتیی دەکات، کەچیی پەناگەی فرەترین سەرۆک جاش و کۆنە بەعسییەکانە. پارتیی لە کاتێکدا لەسەر بەرد و دیوارەکان دروشمی "یاسا لە سەرووی هەمووماندە"ی نەخشاندووە، کەچی لە کردەوەدا بە مجگێزی خێڵ، واسیتە و خزم خزمێنە، حیزب حیزبێنە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییانی کوردستاندا دەکات. لێرەوە ئەوە خودی کردەکانی پارتیی و یەکێتییە کە ئەو زمانە توندو تیژییەی بەرهمهێناوە کە ئەمڕۆ گەنجەکان بەکاری دەهێنن. ئەوە خودی ئەو حکومەتەی کوردستانە، بەهای ژیان، دادپەروەریی، جوامێریی و ویستی نیشتمانی لە کن ئەو نەوەی دوای راپەڕیندا بێبەهاکردووە.

من پێم وانییە ئەمڕۆ هیچ حیزبێکی کوردی هەبێت هەڵگری پرینسیپی دیمۆکراتیی و دادپەروەریی بێت. بۆیە هەر یەک لەو حیزبانە بە جیاوازی کەمەوە بەشدارن لەو ترسخانەی کوردستاندا. لە سنووری یەکێتییدا چەندین ساڵە هەمان بەزمی ئەو بێقانوونیی و کەڵەگاییەیە کە لە 96 لە هەولێردا هەیە. لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتییدا بە هۆی ئەو پێکهاتە لێکدژەی کە لە هەناوی ئەو حیزبەدا هەیە، جۆرە ئازادییەکی رووکەش هەیە، لێ ئەو ئازادییە لە جەوهەردا بەهایەکی نییە، چونکە ئەگەر ئەو ئازادییە گوتاری سیاسی یەکێتی بووایە نە ئەو هەموو گەندەڵییە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەبوو و نە بەرپرسەکانی سەرەوەی

ئەو حیزبەش دەبوون بە دووکاندار و لۆرتی گەورە. هەروەک نە تووشی ئەو لێکداپچڕان و پێڕبازییەش دەبوو. دواجار ئەگەر یەکێتیی بە راستیی "سۆسیال دیمۆکرات" بووایە، خاوەن سیستەمێکی حوکمڕانی نوێباو بووایە، ئەوکاتە لە بری "رێککەوتنی ستراتیژیی" لەگەڵ پارتییدا، کە دیارە تەنیا رێککەوتنێکی بازرگانییە نەک رێککەوتنێک لە پێناوی بەرژەوەندیی هاوولاتییاندا، لەگەڵ هێزە چەپەکاندا دەبوو بە ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا.

بەهەمە حاڵ، لێرەدا ئەم نووسینە لە پێشهاتێکی هەژەندهێنەر دەدوێ کە لە ژێر دەسەلاتی پارتییدا روویداوە، بۆیە مەبەستی نییە باس لە کۆی گرفتی یەکێتیی و گۆڕانیش بکات. دەکرێ کێشەی پارتی ئەوە بێت کە ناتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو نەوە گەنجەی ئەمڕۆ کوڕی سەردەمی گلۆبالیزمە نەک کۆیلەی خێ، بۆیە ناتوانێت لە ژیانێکی تۆقێنەر و لێوانڕێژ گەندەڵدا بژیت. هەروەک پارتیی لە کاتێکدا خاوەن میدیایەکە، کە کوردستانی لە تیڤییەکانییەوە لە بەزمی باڵەخانە، شەقامی ناقۆلا، بازاڕگەی گەورە، کولتووری هەڵپەڕین و سازاندنی ئیدۆلی لە چاوەشان کورتکردووەتەوە، کەچی لەوە تێناگات کە ئەو سیاسەتە شلکێنەیە کاردانەوەی خۆی لەسەر ئەو نەوە گەنجە دادەنێت.

ئاخر عەنتیکەیە لە ستۆدیۆی تیڤییەکانی هەولێردا مەیلی عەشقبازی زۆر گەرمە، کەچی ساڵی پار کە بە هۆی سەرئێشەوە لەسەر گیای "پارکی شاندەر"دا لە تەنیشت کچە هاوڕێیەکەمدا پاڵم دابووەوە، لە هیکڕا رەوە پۆلیسێکی بەر دەرگای ئەو پارکە ، هەروەک لە گوندێک بین، هەڵیانکوتایە سەرمان و نەخوێندەوارانە دوای ناسنامەیان کرد. کە نەشیازانی پاسەپۆرتەکەم بخوێننەوە، کەوتنە پرسیاریی بێمانا. کاتێک پێم گوتن، لە کاتێکدا حیزبەکەتان کوردستانی لە تیڤییەکانیدا کردۆتە شامی شەریف، کەچی پاڵدانە لە پارکی شاردا بە عەیبە دەزانن. بەلام لە هەموو پایتەختێکی دونیادا پارک و باخچە شوێنی ئازادییە، ئەدی لێرە بۆچی پاڵدانەوە عەیبە؟ لە جیاتی وەلامدانەوە، بە مۆنی سەیری کیژە هاوڕێیەکەمیان کرد. ئاخر قەول وایە هەولێر ببێتە ئەو دوبەیەی کە جێگەی بازارگان و گەشتکارانی جیهانە. بەمجۆرە دەکرێ لەو ترسخانەیەدا هەموو پێشهاتەکان، عەشق، کوشتن و کۆی ژیان لەمدیو دیوارەکاندا بە نهێنی رووبدەن، کەچی لەو ترسخانەیدا لەگەڵ گەرمکردنی دروشمە رازاوەکاندا، سنوورەکانی ئازادیی تەسکتر دەبنەوە. بۆیە تۆ بۆت نییە لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا دەمامکی ئەو نەریت دووڕوویيە بپۆشین کە ئەو ترسخانەیە بۆی سازاندووین.

راستە ئەمڕۆ لە ئاستی رووکەشییەوە دەسەلاتی خێڵ لە کوردستاندا کاڵبووەتەوە، لێ نەریتی خێڵ لە شێوەیەکی ئاڵۆزدا لە سیستەمی ئێستای حکومەتی کوردستاندا دەژیت. بۆیە لەو دۆخەدا ئەگەر تاکەکەسێکی نووسەر یان غەیرە نووسەر کە هیچ خزمێکی بەرپرسی لەناو ئەو دوو حیزبە یان لە دەرەوەی ئەو دوو حیزبەدا نەبێت و کەسێکی نەناسراویش بێت و بە ئازادانە رووبەڕووی ئەو پێڕە دەسەلاتدارەی ناو ئەو ترسخانەیە ببێتەوە، چارەنووسی وەک

سەردەشت هەژەندهێنەر دەبێت. لە سیستەمی خێڵدا ئەگەر کەسێک سەر بە خێڵێکی تر ڕەفتارێکی ناباو بکا یان ڕووبەڕووی زوڵمی خێڵێکی تر بێتەوە، ئەوکات یان دوو خێڵ دەبێتە شەڕیان یان بە ڕێگای پیاوماقولێکەوە کێشەکەیان چارەسەر دەکەن. سەردەشت عوسمان قوربانی ئەو خێڵسالارییە دەمامکدراوە بە بۆیاخی دیمۆکراتییە بوو. بۆیە نە پیاوماقوولێک ماوە و نە ئاساییش و نە قانوونێکیش هەیە بکوژەکەی ئاشکرا بکات. ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەگەر تۆ کەسێکی ناسراو یان خزمێکی دەسەڵاتدارت لەناو پارتیی و یەکێتییدا نەبێت، دەکرێت لەسەر سادەترین هەڵوێستدا زۆر بە ئاسانیی نەک هەر بێبەش بکرێیت لە هەموو مافێکتدا، بگرە زۆر بە خوێنساردیش تێرۆر بکرێیت. دواجار بەزمەکە بەوە کۆتایی دێت، کاتێکی حیزبێکی تر وەک بیانوویەک تۆ بە دژی ئەو حیزبێکی تر بەکار دەهێنێت، وەک ئەوەی کێشەی سەردەشت بوو بە هەڵدانەوەی کێشەی نێوان پارتیی و گۆڕان و ئیسلامیی و یەکێتیی.

هەلبەت دەبێت خوێنەر ئەوەی لە یاد بێت، کە کاتی خۆی خەڵکی هەڵەبجە پەیکەری شەهیدانیان شکاند، یان لە کاتی خۆپیشاندانی شارۆچکەکانی گەرمیاندا چۆن پارتیی هەمان ئەو رۆڵەی گێڕا کە ئێستا حیزبەکانی تر لەسەر سەردەشت عوسمان دەیگێڕن. بەڵام کێشەی حیزب و جڤاکی کوردیی ئەوەیە کە ناتوانن لە جیاتی ئەو کولتووره داخراو و تۆڵەخوازە بیر لە ڕێگای گفتوگۆیەکی ئاوەڵا بکەنەوە، تاکوو بتوانن ئازادانە باس لە کێشەکانی خۆیان بکەن. کاتێک کە مرۆڤ هەستی کرد بە ئازادیی دەتوانێت قسە بکات، ئەوکات مرۆڤ ناچار نابێت چاوەڕێی بیانوویەک بکات، تا بڕوای خۆی رابگەیەنێت یان داوای مافەکانی خۆی بکات. بۆیە لەوەدەچێت ئێمە تا بمێنین بە دەست کولتووری داخراویی و نائامادەیی دیالۆگدا بتلێینەوە.

سەبارەت بە بەهای کولتووریی گفتوگۆی ئاوەڵا، بێسوود نابێت ئەگەر ئەوە بە یادی خوێنەر بهێنمەوە کە لە وتاری "پرسیاری زمان، ویستی کۆزانینێکی هاوبەشە" دا، نووسیبووم: "کۆی هزر، زانست، چەمک، شۆڕشە کولتووریی، پشەسازیی، گۆڕانە جڤاکیی و... تاد لە ڕۆژئاوادا لە ئاکامی کردەی گفتوگۆ کردن و نووسیندا لە دایکبوون. ئەو مەیلەی مرۆی ڕۆژئاوا بۆ ئاخاوتنێکی هاوبەش، لە گریکی کۆن و بە تایبەتیش لە دیالۆگەکانی پلاتۆ (ئەفلاتوون)ەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. ئەو گفتوگۆیانە مانای گوتنی هەموو ڕاستییەکان نین، بەڵکو دەربڕی مەیلی گەڕان و پرسیارکردنن. ئاخێوەرانی ئەو کتێبە بەرەو تێگەیشتن لەمدیوی بۆچوونە داسەپاوەکانەوە، بیرۆکە، پرسیار و وەڵامەکان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ دەکەن. وەلێ ئەو ئاخاوتنانە ڕۆشنایییەک لە ئاوەز یان زانینیان لە پشتەوەیە. ئەو شێوازی ئاخاوتنەش پەیوەندی بەو ڕۆشنبیرییە جیاوازانەوە هەبوو کە بەرهەمێک بوون لەو جڤاکە نوێیەی گریکەوە.

بە کورتی لە "کۆمار"دا ئەوە پرسیارە نەک وەڵامدانەوە کە ئاراستەی گفتوگۆیەکانی سۆکرات دیاریدەکا. لێرەوە هونەری زمانی پرسیارکردن دەبێتە بنەمای کۆویستی زانین و تێگەیشتن لە

رەهەندە فرەوانەکانی بوون. ئەگەر کردەی زمانی ئاخاوتن مەیلێک لە گەڕان بە دوای پرسیارکردن و ژیانێکی شکۆمەند بێت، کەواتە زمانێکی ئاوەڵاش کۆویستی ڕێبەدیکردنی مرۆڤە بەرەو ئەو ژیانە."

لەو دیدەوە بینیمان کە چۆن پارتیی، وەک حیزب و حکومڕانیش، لە بری ئەوەی ڕێگای گفتوگۆکردن لەگەڵ جەماوەردا و پرسیارکردن لە خۆی و لە هۆکاری ئەو بەرتەکە ڕاشکاوانەی کورد و جیهانیش هەڵبژێرێت، کەچی دێت لە بەیاننامەیەکدا ماسوولکە بە خاڵک و گۆڕان نیشاندەدات. چونکە گوایە بزوتنەوەی گۆڕان دەیەوێ بە پاساوی تیرۆکردنی سەردەشت عوسمانەوە تۆڵەی خۆی لە پارتیی بکاتەوە یان جەماوەری لە دژ هانبدات. ڕەنگە لەوەدا گۆڕان بەرپرسیار بێت، چونکە ئەگەر ئەو نارەزاییانە خودی بزاڤە جەماوەرییەکان سەرپەرشتیان بکردایە، ئەوکاتە دۆزی سەردەشت لە بوغزی نێوان پارتیی و گۆڕاندا هەڵەتە نەدەبوو. هەڵبەت زۆر گرینگە کە لە کوردستاندا ئەو بزاڤە جەماوەرییە سەربەخۆیانە، بە ئازادی بێمننەوە. چونکە یەکێک لە هۆیەکانی سەقەتبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا، خولیای گۆجکردن و حیزباندنی هەموو بزاڤێکی مەدەنییە.

بۆیە بە بێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە وەهمییەی خێڵ، نابێت چاوەڕێی ئەوە بین کە ئەو کولتووری دیالۆگ و کرانەوەیە لە کوردستاندا لە دایک بن. هەروەک بێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە، مەحاڵە مەیلی قووڵکردنەوەی ئەو ترسخانەیە لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە کۆتایی بێت. ئەو کولتووریی داخراوییە لە ناو خودی نووسەراندا زۆر ئاڵۆزترە. هەر بۆیە کاتێک تۆ بە کراوەیی ڕەخنە لە نووسەرێک یان گۆڤارێک یان هەر ڕەفتارێکی نووسەران بگریت، ئیتر لە لایەن ئەو نووسەر و پێرەکانیشیەوە یان ئەو خاوەن گۆڤارەوە دەبوغزێنرێیت. دواجار ئەو نووسەرە خاوەن دوکانە ڕۆشنبیرییانە لە فرسەتێکدا بە دەگەیەکی خێڵەکیی تۆڵەت لێدەکەنەوە. هەڵبەت ئاکامی ئەو ئاوەزە خێڵەکییە تۆڵەخوازە بێجگە لە ئەستوورکردنی بوغز لە ڕۆحی جڤاکدا، هیچ بەرهەمێکی تری نابێت.

لەو دیدەوە دوای ئەوەی کە کێشەی تیرۆرکردنی سەردەشت بووە شەڕی نێوان پارتیی و بزوتنەوەی گۆڕان و نووسەران، ئیتر دەبێ گومان بکەین لەوەی کە پارتیی نەک هەر بکوژەکەی ئاشکرا بکات، بەڵکو بە قووڵیی بە خودی ئەو دۆخە گەندەڵساز و ترسخانەیەشدا بچێتەوە کە خەڵکی هەولێر و کۆی دەڤەرەکانی تر بە کۆیلەکردووە.

دەزانم دواجار ئێمە بە دیار حیکایەتەکانی دۆزینەوەی بکوژیی سەردەشت بێزار دەبین، بۆیە دەبێت بە هەڵپە لە چاوەڕوانی پێشهاتێکی هەژەندهێنەری تردا بژین. دواجاریش دیسانەوە وەک کەلەشێری وەهمدار لەناو ئەو ترسخانەیەدا بقووقێنین، تاکوو بە یادمان بێتەوە کە ئێمە هێشتا لەو ترسخانەیەی، کە سەردەشت بە بەخشینی مەرگەکەیەوە خۆی تێدا رزگار کرد، زیندانین.

بەڵێ، وتمان سەردەشت داهێنانێکی ئێتکیی کرد نەک ئێستێتیکیی کرد. بۆیە زمانی نووسینەکانی هی رۆژنامەنووسێکی نوێ بوو یان خوێندکارێکی دادپەروەرخواز بوو، لێ ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو گەنجە بە دوو یان سێ نووسینی سادە، توانی بە راسانێکی سەرگەرمانە شادەماری ئەو رۆح خێڵەکییە بگرێت کە خاوەن دەسەڵاتێکی ئاڵۆزە.

بەهەمەحاڵ، سەردەشت لە راسانێک، کردەیەکی ئێتێکیدا توانی ئەو ترسخانەیەی کە سیستەمی خێڵ بۆمانی سازاندووە ریسوا بکات. بەمەش وایکرد هەمووومان بەرهەڵستکاریی خۆمان لەپێناو ئازادیی لە بەرامبەر ئەو ترسخانەیەی خێڵدا رابگەیەنین کە لە ناخماندا زاوزێ دەکات. کەواتە دەکرێ مەرگی سەردەشت مەترسیی ئەوە ترسەمان بەیاد بێنتەوە، لێ ئەوە تەنیا خۆمانین کە دەتوانین ژیانمان لەو ترسخانەیە ئازاد بکەین.

بەڵێ، وتمان سەردەشت داهێنانێکی ئێتکی کرد نەک ئێستێکیکیی. بۆیە زمانی نووسینەکانی هی رۆژنامەنووسێکی نوێ بوو یان خوێندکارێکی دادپەروەرخواز بوو، لێ ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو گەنجە بە دوو یان سێ نووسینی سادە، توانی بە راسانێکی سەرگەرمانە ئەو ترسخانەیە راچڵەکێنێت.

کەواتە سەردەشت لە راسانێک، کردەیەکی ئێتێکیدا توانی ئەو ترسخانەیەی کە سیستەمی خێڵ بۆمانی سازاندووە ریسوا بکات. بەمەش وایکرد هەمووومان بەرهەڵستکاریی خۆمان لەپێناو ئازادیی لە بەرامبەر ئەو ترسخانەیەی خێڵدا رابگەیەنین کە لە ناخماندا زاوزێ دەکات. کەواتە دەکرێ مەرگی سەردەشت مەترسیی ئەوە ترسەمان بەیاد بێنتەوە، لێ ئەوە تەنیا خۆمانین کە دەتوانین ژیانمان لەو ترسخانەیە ئازاد بکەین.

ستۆکهۆلم

**هەڕەشەی بارزانی و سەودای ئۆپۆزیسیونی بورژوازی**

ریبوار ئەحمەد

لە راگەیاندراوێکی رەسمیدا کە لەلایەن مەکتەبی سەرۆکایەتی مسعود بارزانیەوە دەرچووە، لەژێر ناوی دادگایی کردنی تاوانباراندا، دەستی داوەتە هەڕەشەیەکی ئاشکرا لە جەماوەری نارازی و راپەڕیوی کوردستان.

راگەیاندراوەکە دوای ئەوەی بە خێرایی بەسەر ئەوەدا تێدەپەڕەبێت کە گوایە ئەوانەی تەقەیان لە خەڵک کردوەو تەقەکردنەکەیان بووە بە هۆی کوشتن و برینداربونی خەڵک، دەدرێنە دادگا، پاشان بە وردەکاری و راشکاویەوە هەڕەشەی گرتن و دادگایی لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بەردێکیان گرتوەتە مەقەرێکی پارتی، یان لە یاساکەی ئەوان بۆ سەرکوت

و قەدەغەکردنی خۆپیشاندان، دەرچوبێت، تەنانەت هەمان هەڕەشە لە هەموو ئەوانەش دەکات کە هانی خەڵکیانداوە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان.

هەر هاوڵاتیەکی سادەی کوردستان کە 20 ساڵ گەندەڵی و کارکردی چەپەڵ و چەواشەکاری دەسەڵاتی میلیشیایی ئەم حیزبانەی لەبەرچاو بێت، جگە لەوەی سەد و یەک گومان لەوە دەکات کە ئەم دەسەڵاتە بەپآی ئەم راگەیاندراوە، بە کردەوە هەستن بە ناساندن و دادگایی کردنی عادلانەی تەقەکەران و بکوژانی خەڵکی کوردستان، گومانی لەوە نابێت کە ئەگەر لە بەندی یەکەمی ئەم راگەیاندنەدا چەواشەکاریەکی زۆر خۆی مەڵاس دابێت، ئەوە لە چەند بەندی دواتردا نیازو مەرامیکی قین لەدلانە و مەترسیداری دەسەڵات بەرامبەر خەڵکی بە مەیدان هاتوی کوردستان خۆی حەشارداوە.

تا ئەو جێگایەی بە ناساندن و دادگایی کردنی تەقەکەران و قاتلەکان دەگەڕێتەوە، ئەوەی لەم دەسەڵاتە گەندەڵ و جەماوەر کوژە چاوەڕوان دەکرێت، هەر وەکو رابردوو سازکردنی چەندین سیناریۆی ریسوایە بۆ دەربازکردنی کەسانی تاوانباری سەر بە دام و دەزگا داپلۆسینەرو و ئینسان کوژەکانی خۆیان. تیرۆری سەردەشت عوسمان و سازکردنی سیناریۆی تۆمەتبارکردنی بە تیرۆریست، لەبەرچاوی هەموانە. بەڵام دیسانیش ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لە پەیوەند بە جآبەجآ کردنی بەندەکانی تری ئەم بڕیارەی بارزانیەوە، ئەوە گومان هەڵناگرێت کە ئەگەر بۆیان بلوێت بەوپەڕی لێبڕاویەوە، بەندەکانی تری ئەم راگەیاندنە بۆ راونان و سەرکوتکردنی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستای کوردستان بەڕێوە دەبەن.

هەر ئەوەی کە جەنابی بارزانی قاتلینی خەڵکی کوردستان و ئەوانەی بەردیان گرتوەتە مەقەری پارتی، لەگەڵ ئەوانەی گوێیان بە یاسا سەرکوتگەرانەکەی ئەوان بۆ رێگرتن لە خۆپیشاندان نەداوەو تەنانەت ئەوانەی هانی خەڵکیانداوە بۆ ئەوەی لە پێناو بەرگری لە خواستەکانی خۆیان بێنەمەیدان، نیشانیدەدات کە بارزانی و دەسەڵاتی ئێستا بە هیچ جۆرێک لە بیری ئەوەدا نین کە نەک هەر وەڵامی داخوازیەکانی خەڵک بدەنەوە، بەڵکو بەردەوام لە سەنگەردان بۆ پەلاماردانی خەڵک و یاری کردن بە ماف و چارەنوسیان. بڕیارو بەرنامەی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە کە بە چنگ و ددان دەسەڵاتی بنەماڵەیی و میلیشیایی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا رابگرن، بەبآ ئەوەی سەرەتایترین مافە ئینسانیەکان بە خەڵکی کوردستان رەوا ببینن. دەنا لە کوێ و بەپێی کام پێوانە بکوژان و ئەوانەی بەردیان هاویشتووە، دەخرێنە تای تەرازویەک و چوارچێوەی بڕیاریکەوە. ناوەڕۆک و مەرامی سەرەکی ئەم بڕیارە ئەوەیە کە ئەگەر بۆ چەواشەکاری هەر بڕیارێکی بآ برەو بۆ دەستگیرکردنی بکوژێکیش دەربکرێت، وە ئەگەر هاوسەنگی هێز بواربدات، لە بەرامبەردا بڕیاری دەستگیرکردنی بە کردەوەی دەیان هەڵسوڕاوی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بەڕێوە دەچێت. هەر وەکو دەبینین کە تا ئێستا دەیان کەس دەستگیرو تەنانەت رفێندراون بەبێ ئەوەی یەک قاتل دەستگیرکرابێت.

پێویست دەکات ئەم راگەیاندن و بڕیارەی بارزانی بکەوێتە بەرامبەر ناڕەزایەتی و نەفرەتی خەڵکی راپەڕیوی کوردستانەوە. تەنها خەباتی لێبڕاوانەی خەڵکی کوردستان دەتوانآ داخوازی رەوای خەڵک بۆ ناساندن و دادگایی کردنی قاتلینی خەڵکی کوردستان بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنآ و بوارێک نەهێڵێتەوە بۆ هیچ لایەک کە پەنادەری بکوژان بێت. هەر ئەم خەباتە دەتوانآ و دەبێ بە پێچەوانەی فەرمایشتەکانی بارزانیەوە، یاسای سەرکوتگەرانەی خۆپیشاندان هەڵوەشێنێتەوەو دەرگا بەرووی خەڵکدا بکاتەوە بۆ هاتنەمەیدان و ناڕەزایەتی دەربڕین لە پێناو مافەکانی خۆیان بەبآ هیچ قەیدو بەندو رێگریەک.

بەڵام ئەوە جێگای پرسیارە کە چۆن و بۆچی ئەو مسعود بارزانیەی هەفتەیەک لەمەوبەر بە پەشۆکاویەوە دەست بەدامانی جەماوەری راپەڕیو بوو بۆ ئەوەی هێوربنەوەو سآ چوار مانگ مۆڵەتیان بدرێتێ بۆ ئەوەی خواستەکانی خەڵک جآبەجآ بکەن، کەچی ئەمرۆ هێز کەوتوەتە دەمارەکانیەوەو هەڕەشەی گرتن و دادگایی کردن لە خەڵکی راپەڕیو دەکات. وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لە نێو ئەو سات و سەودایانەدا پەیدابکرێت کە لە نێوان دەسەڵات و لایەنە ئۆپۆزیسیونە بۆرژوازیەکانەوە، دور لە چاوی خەڵک و لە پشتی پەردەوە بەڕێوە دەچێت. "بزووتنەوەی گۆران" یەکێک لەو لایەنانەیە کە خۆی هاویشتوەتە ناو بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکەوەو خۆی بەبەشێک لەو بزووتنەوەیە دەزانآ و وا دەنوینآ کە ئامادە نیە لە خواستەکانی خەڵک بێتە خوارەوە. بەڵام لەو لاوە دور لە چاوی خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتی گەندەڵی ئێستا خەریکی سەودایە و دەیەوآ هاتنەمەیدانی خەڵک و داخوازیەکانیان بکاتە فیدای بەدەست هێنانی ئیمتیازاتێک بۆ خۆی.

هەروەها یەکگرتوی ئیسلامی کە دیسان خۆی داوەتە پاڵ جەماوەری راپەڕیوو گوایە لە پێناو داخوازیەکانی خەڵکی راپەڕیودا خەبات دەکات، بە هەمان شێوەو لە پشتی خەڵک و نوێنەرانی خۆپیشاندەرانەوە، لەگەڵ دەسەڵات بازاڕی سات و سەودای بەرێخستوە. تەنانەت نوێنەری یەکگرتوو لە کۆنگرەی رۆژنامەنوسی دوای کۆبونەوەیان لەگەڵ لایەنەکانی دەسەڵات، پێداگری لەسەر هەمان بەندەکانی راگەیاندراوی مەکتەبی مسعود بارزانی دەکات بۆ راونان و دادگایی کردنی جەماوەری خۆپیشاندەرو رابەرانی. نوێنەری یەکگرتوو لەو کۆنگرە رۆژنامەگەریەدا راستەوخۆ بووە قسەکەری دەسەڵات و مەکتەبی بارزانی نەک جەماوەری راپەڕیوی کوردستان. کەچی هەوڵیشیدەدا پۆزی نوێنەرایەتی خەڵک و خواستەکانیان لێبدات و ئەم بڕیارە پیلانەویە بە نرخی جآبەجآ بونی خواستەکانی خەڵکی خۆپیشاندەر دەرخواردی جەماوەربدات. ئەمە نەک تەنیا هەوڵێکە بۆ هەراج کردنی بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی جەماوەر، بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵک لە پێناو ئەو بەڵێن و ئیمتیازانەی لەلایەن دەسەڵاتەوە بە خۆیان دراوە.

ئەم سات و سەودایەی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوی ئیسلامی، کە بڕیارە دواتر کۆمەڵی ئیسلامیش بڕواتە ناو ئەم پرۆسەی سات و سەودایەوە، هەر لە هەنگاوی یەکەمدا دەستی دەسەڵاتی ئاوەڵا کردوە بۆ هەڕەشەو چاوسورکردنەوە لە جەماوەری راپەڕیوو. بۆیە مانا

عەمەلیەکەی دەکاتە پیلانێکی مەترسیدار دژی جەماوەری راپەڕیوو و بەشکست کێشانی خەباتەکەیان. ئەم هەنگاوەی ئەو لایەنانەی کە تا ئێستا خۆیان وەکو بەشێک لە بزووتنەوە نارەزایەتیەکە پێناسە دەکەن، سەنگێکی واقعیە بۆ لە محەکدانی جێگاوڕێگای ئەوان لەم بزووتنەوەیەداو پێویستە ئەوەی کە بزووتنەوەکە بۆ بەسەرکەوتن گەیشتنی ئەو لایەنانە تێپەڕێنآ و ریزی خۆی لە ریزی ئەوان جیا بکاتەوە. هەر لایەنێک خۆی بەبەشێک لەو بزووتنەوەیە و لایەنگری خواستەکانی خەڵکی راپەڕیو بزانآ، ناتوانآ و نابێ رێگا بەخۆی بدات لەگەڵ دەسەلآت و دور لە چاوی خەڵک بچێتە ناو پرۆسەی گفتوگۆوە. بە تایبەتی لە کاتێکدا جەماوەری بەرینی خەڵک لە مەیدانەو دەسەلآتە وەلآمی خواستەکانیانی نەداوەتەوە. ئەمە لە رووی سیاسیەوە مانایەکی نیە جگە لە بەجێهێشتنی سەنگەری جەماوەری راپەڕیو. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و جەماوەری راپەڕیو دەبێ هۆشیارانە رێگا لەبەردەم ئەم جۆرە سات و سەودایە بە خەبات و قوربانیدانیانەوە دابخەن. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو لایەنانە خاڵی لاوازی بزووتنەوەکەن و لە رەوتی چونەپێشی بزووتنەوەکەدا بەرەو سەرکەوتن، بە ناچاری دەبی سیاسەتی سازشکارانەی ئەوان ناکام و پوچەڵ بکرێتەوە.

2011–3–30

### بۆ سەردەشت ئەو گەنجەی هەرگیز نەمبینی

ئاسۆس هەردی

چەند پەستم لەوەی نەمناسیت! چەند داخە لەدڵما کە پێش ئەوەی تیرۆریستان دەستیان پێت بگا، دەرفەتێک نەڕەخسا یەک ببینین، دەستەکانت بگوشم، بۆ ساتێک لەگەڵت دانیشم، گوێت لێبگرم و گوێم لێبگری.

کە نووسینەکانتم خوێندەوە، ئیینجا تێگەیشتم چیم لەکیس چووە! چۆن نەمناسیت و نەمبینیت؟ هەر وشەیەک لە وشەکانت ئەوەندەی تر داخەکەیان گرانترو گەورەتر دەکرد. ئەو قەڵەمە جوانە، ئەو رۆحە جوانە، ئەو هەستە ناسک و هەستبزوێنانە، ئەو ئازایەتییە بێوێنەیە... جوانترین نموونە و وێنەی گەنجی ئەم وڵاتە بوویت. چەند شانازی دەکەم بەوەی خەڵکی وڵاتێکم گەنجی وەکو تۆی تێدا هەڵکەوتووە.

ئەی ئەو گەنجە ئیسک سووک و قەڵەم رەنگینەی نووسینەکانت شایەتیی بەهرەیەکی گەورەو رۆحێکی یاخیت بۆ دەدەن، خۆزگە دەمبینیتو دەمناسیت. خۆزگە تەنها بۆ یەکجار یەکمان دەگرت و لەداخی دەموچاوە دزێوەکانی نیشتیمان، پێکەوە کەمێک رازو نیازمان دەکرد، تووڕەیی و داخی دڵمان هەڵدەڕشت. ئاخر بۆ یەکمان نەناسی و یەکمان نەدی؟! من دەمویست کەمێک گوێ لە خەمەکانت بگرمو پێت بڵێم تۆ بەهرەیەکی وردە وردە دەگەشێتیەوە. تۆ قەڵەمێکی هەڵکەوتوویت و تازە خەریکە دەکەویتە سەر رێی داهێنان.

دەمویست پێت بڵێم تۆ دەبێ بمێنی، تۆ دەبێ بەردەوام بی، نابێ جێمان بهێڵی.. نا. ئێمە و داهاتوو پێویستمان بە تۆو گەنجی خوێنگەرم و ئازادو ئازای وەکو تۆیە. چ قەدەرێکی دڵڕەق و بێدادە، کە تا ڕۆحت بەرەو بەهەشتی نەمری نەفڕی، نەمبینیت و نەمناسیت!

ئای چەند گریام کە بۆ یەکەمجار گوێم لە "زەنگی مردن"ەکەت بوو... چەند گریام کە وشەکانتم خوێندەوە... گریام بۆ تۆو نەفرەتم کرد لەو قەدەرەی پێش ئەو ساتە نەیگەیاندم بە تۆ. خۆ ناشزانم... بەڵام ڕەنگە بمتوانیبا قەناعەتت پێبکەم کەمێک ئاگات لەخۆت بێ، نەک لەبەر خۆت، بەڵکو لەبەر نیشتمانەکەت و ئەو گەنجانەی چاوەڕێ بوون تۆ نموونە و ڕێبەریان بیت. خۆ ناشزانم... ڕەنگ بوو ڕۆحە یاخییەکەت بەهیچ شتێک ئارام نەگرێ، بەڵام داخم ناچێ کە نەمناسیت و لانیکەم درەفەتی ئەوەم نەبوو قسەیەکت لەگەڵ بکەم.

چەند شەرمەزارو ڕووڕەشە ئەوەی دەستی چووە خوێنی تۆ! ئای لەو وڵاتەی خوێنی گەنجەکانی خۆی دەڕێژێ! ئای لەو نیشتمانەی جەللادەکانی ون دەبن و ئازادیخوازەکانی دەخرێنە لیستی گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتنەوە!

بەڵام ئازیزم، بێخەم و دڵنیابە... دڵنیام ئێستا لە پەنجەرەی ژوورێکی بەهەشتەوە بەچاوی خۆت هاوڕێ گەنجەکانت دەبینی. دەزانم ئەوکات تۆ زۆر تەنیا بووی، زۆر بێکەس و بێدەراتان بووی. بەڵام ئەوە ئەمڕۆ سەدان و هەزاران هاوڕێ و هاوتەمەنت، پەیامەکەی تۆیان پێیە و بەپێوە وەستاون. هەموومان دەڵێین: پەیامەکەت.. پەیامی ئازادی، هەرگیز ناکەوێ و ناکوژێتەوە. ئەمە تاکە شتە کە سەبووریمان پێدەدات.

**گشت پیس و چەپەڵەکان دەیانەوێ لە ڕووبارەکەی سەردەشت خۆیان پاک بکەنەوە!**

– پەیوەست بە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان و ڕۆژی جیهانی ڕۆژنامەنووسی –

دارا ئەحمەد

سێی مایس ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕۆژنامەنووسییە لە سەرتاسەری جیهان – هەرچەندە ئەو ڕۆژە لە لایەن دامودەزگایەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشانکراوە کە خودی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەلقەیەکە لە پەنجەکانی وڵاتە زلهێزە چەوسێنەرەکان و سیستەمی پڕ لە ستەمی هەنووکەی جیهان و ئەو دەزگایانەش چەندین ڕۆژی ئاوەها نێوەرۆک پووچیان دامەزراندووە و هەندێک جاریش دەبنە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی ئەو جۆرە ڕۆژانە بە شێوازێکی ئەرێنیی کە خزمەت بە ڕەوت و چالاکییەکانی ئەو کایانە بکا کە ڕۆژەکانیان لە پێناو دادەمەزرێن... لێ هەبوونەکەی هەر باشترە لە هیچ.

**هیچ گومانێک نەماوە:**

**پێنجی مایسی ٢٠١١ رۆژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی جەربەزە (سەردەشت) عوسمان)ە، کە بە پێی زۆربەی سەرچاوە میدیاییە ئازدیخوازەکان و قسەی نێو جەماوەر هیچ گومانێک نەماوە لەوەی کە سەردەشت لە لایەن دەسەڵاتەوە تیرۆرکراوە بە دیارکراوییش پارتی و دەزگایە سیخوڕییەکەی کە ناویان ناوە (پاراستن، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە کە تا ئێستا بکوژەکان ئاشکرا نەکراون و پارتیش رێگەی نەداوە پەیکەرێکی سەردەشت لە هەولێر و لەو شوێنە دابندرێ کە لێی فڕێندرا و پاشانیش تیرۆر کرا.**

**هەندێک رێزگرتن هەیە بێڕێزییە:**

**لە رۆژی ٢٠١١\٤\٢١ ئەوەی پێیدەگوترێ (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی حیزبەکانە بە تایبەتییش هی پارتیە.. لە دوور و نزیکەوە پەیوەندیی بە ئازادیی و ئازادیی رۆژنامەنووسییەوە نییە.. لە ساڵرۆژی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی – کە لە لایەن هەندێک سیاسەتمەداری خێڵەکیی خێڵی بەدرخانییەنییەکان دەرچووە کە ئێستا لێمان بوونەتە دامەزرێنەر و پێشڕەوی رۆژنامەگەریی کوردیی کە بە هۆیە تا ئێستاش رۆژنامەگەریی کوردی تەپوتۆزی فەرهەنگی دەرەبەگیی و کۆنەپەرستیی بەرنەداوە – بە ناوی رێزگرتن لە شەهیدانی رۆژنامەگەریی کوردی بێڕێزییان بە رۆژنامەنووسی شەهید سەردەشت عوسمان کرد، ئاخەر ناکرێ دەربارانی ئەو دەسەڵاتەی کە بە تیرۆرکردنی سەردەشت تاوانبارکراوە بێن ریز لە شەهید بگرن.. واتە بشتکوژن و شینشت بۆ بگێڕن، لە هەمووشی جەرگبڕتر ئەوە بوو کە بنەماڵەی شەهید ئەو بێڕێزییەی بەناو سەندیکایان بەرز نرخاند و دەستخۆشییان لێکرد!!!**

**تا سەر بمێنێ قوون عاجباتیان دەبینێ!:**

**(سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان!) بە بێ هیچ شەرمێک بەیاننامە لەسەر (رۆژی جیهانیی ئازادیی رۆژنامەنووسیی) دەردەکا!!! ئاخەر سەندیکایەکی حیزبیی کە لە (شانۆگەرییەکی بەناو هەڵبژاردن) راستەوخۆ دەبێ کادیری حیزبەکان ببنە ئەنجوومەنی.. دەبێ چ پەیوەندییەکی هەبێ بە ئازادیی رۆژنامەنووسیی؟! بۆ ناچن بۆ خۆیان (رۆژی جیهانی بۆ رۆژنانووسیی حیزبیی) دابنێن.. هەروەک لە کردەوەدا راپۆرتنووسن و دژبە ئازادیی رۆژنامەنووسین با بە قسەش لەگەڵ خۆیان راستگۆ بن.. هەر گەللەک باشترە بۆ ئەوان!**

**هەڵویستی حیزبایەتیی:**

**هیچ حیزبێک بە بێ پلانێکی سیاسیی تەسکبین و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە سیاسەتبازییەکانی خۆی کە هیچ کاتێک – ئەگەر بە دەگمەن نەبێ و بۆ لە خشتەبردنی جەماوەر نەبێ – لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەل و ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵ تێک ناکاتەوە.. ناتوانێ هەڵوێستی راست و دروست و خزمەت بە گەل بنوێنێ. بزووتنەوەی گۆڕان**

کە لە لایەن خوێنڕێژ و ناوچەگەر و پیاوسالارێکی وەک نەوشێروانی داگیرکەری گردەکە بە تاکتیکێکی زۆر بێزەوەر بۆ پەیداکردنی جەماوەر و بۆ ململانێی لەگەڵ پارتی کەیسی سەردەشت عوسمانی بەکارهێنا. کێ هەیە نەزانێ – ئەگەر خۆی لە گێلیی نەدا – کە گۆڕان باوەڕی بە سادەترین و سەرەتاییترین ئازادیی نییە، بەڵام وا دیارە کە کەسانی پیس و چەپەڵ لە هەموو کەسێکیتر پتر پێویستییان بە رووباری روون هەیە خۆیانی تێدا پاک بکەنەوە.

ناوبانگ و پارەی گەندەڵیی بۆ رەشبیران:

زۆربەی کاتەکان زۆربەی ئەو کەسانەی پێاندەگوترێ رۆشنبیران لەنێو سیستەمێکی کۆنەپەرست و چەوسێنەر بە پێی پێگە چینایەتییەکەیان و بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانیان دەبنە دەرباری دەسەڵات و ناتوانن بکەونە نێو بەرەی گەل، لە کوردستانەکەی خۆمانیش هەر وایە، وەک دیتمان چۆن ئەو بە ناو رۆشنبیرانە تەنیا لە پێناو بە دەستهێنانی ناوبانگ و برێک پارەی گەندەڵیی هەر رۆژەو بە تەپلی ئایدۆلۆژیایەک و حیزبێک و سەرکردەیەک هەڵدەپەڕن، بەرچاوترین نموونەی ئەوەش رەشبیرەکانی لە بابەتی گرووپە دژە ئازادییەکەی رەهەند و ماڵوێرانییەکەی فەرهاد پیرباڵ و ئەڵاهو ئەکبەرەکەی رێبین هەردی و فارووق رەفیقی مامۆستای فەلسەفەی هەڵپەرستی و کۆڵەوارەکانی ئیسلامییە کۆنەپەرستەکان و... هتد بوون کە چۆن دەیانەوێ بۆ مەرامەکانی خۆپەرستییەکانی خۆیان بەسەر پشتی کێسی سەردەشت و سۆران و نارەزیەتییەکانی جەماوەر و ماف و ئازادییەکانی گەل و دۆزی سەربەخۆیی کوردستان سەرکەون کە لە راستییدا واتە ژێر بکەون.

گەرەلاوژێی کەناڵە بە ناو ئازادەکان:

زۆربەی کەناڵە میدیاییەکان لە سەرتاسەری جیهان لە بن دەستی سەمایەداران و دەسەڵاتدارانە، میدیای کوردیش بە هۆی فەرهەنگە دواکەوتووەکەمان و کەمیی ئەزموونەکەی هەر بە تەواویی لەنێو گەرەلاوژێی سیاسەتبازان و رۆژنامەنووسانی سەر بە حیزب و دەسەڵات نوقوم بووە، باسی رادیۆ تەلەفزیۆن و دەزگایەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەسەلات و حیزبەکان ناکەین کە هیچ خێرێکیان بۆ جەماوەر پێوە نییە و تەنیا بۆ سەرلێشیواندنی جەماوەر دامەزراون، بەلکە کەم ماڵپەڕ و رۆژنامەی بە ناو ئازاد و (ئەهلی)یش هەیە پانتاییەکی زۆریان بۆ کێسی سۆران و سەردەشت و ئازادیی رۆژنامەگەریی تەرخان نەکردبێ کەچی لە بنەوە سەر بە دەسەڵات و حیزبەکان و تەنانەت هەندێک سەرکردەی سیاستبازیشن و هەر لە لایەن ئەوانیشەوە خەرجی دەزگایەکانیان و بژێویی ژیانی کارمەندەکانیشیان لە پارەی گەندەڵیی بۆ دابین دەکرێ، نموونەی بەرچاویش لەوانە – بێجگە لە (ماڵپەڕی ئەمرۆ) و هەندێک ماڵپەڕ کە لە دەرەوەی کوردستانن – زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکانیتر کە دوو قسەی سیاسییان تێدایە بە تایبەتییش ئەوانەی لەنێوخۆی کوردستانن.. وەک هاولاتی و ئاوێنە و ... هتد لەو بابەتەن و بە هیچ شێوەیەک نە ئازادن و نە سەربەخۆن.

سەرەنجام: هەر کەس و لایەنێک بە تایبەتییش ئەوانەی کە نێرگزیین و لەبەر بێ توانایی و ناشیرینی پیسیی و چەپەڵیی خۆیان دەیانەوێ هەرکووەکی هەیە خۆیان وا پیشان بدەن کە جوانن و سەر بە بەرەی گەلن.. دەچن خۆیان لە رووبارە روونەکەی سەردەشت و ئەو رووبارانە پاک دەکەنەوە کە سەرچاوەکەی لە قووڵایی نێو هەناوی گەڵەوە هەڵدقوڵێ، وەلی حەتمەن دەبێ ببوورن کە ئێستا گەڵ زۆر لەوە هۆشیارترە و ئیدی سەردەمی ئەو سیاسەتبازییی و پلان و پیلانە چرووک و رووهەڵماڵدراوانەی سەندیکای زەردی رۆژنامەنووسان و گۆڕانی نەگۆڕ و ئیسلامییە کۆنەپەرستەکان و تاریکبیرەکان و میدیایە دەربارەکان و تەنانەت بەناو چەپەکانیش نەماوە و چیدی جەماوەری چەوساوە و زەحمەتکێشی کوردستان باوەڕیان پێ ناکەن.

**بەرز و بەرێزە، یادی سەردەشت عوسمان!!!**

**عوسمان مەلا**

سەردەشتیان کۆشت بۆ کوشتنی ئازادی و ترساندنی ئازادیخوازان. سەردەشتیان کوشت تا بەڵکو خۆیان بپارێزن لە شەپۆلی رقی پەنگ خوادوی دەیان ساڵەی جەماوەری چەوساوەی کوردستان. سەردەشتیان کۆشت تا پێش بە هەڵوەشانی قودسیەتی درۆینەی بنەماڵەیەکی گەمژە و لۆمپن و خوێنرێژ و تالانچی بگرن. سەردەشتیان کوشت تا لە دوریشەوە و تەنانەت لە دەرونیشەوە کەس نەوێرێت باسی خۆشەویستی و خۆشویستنی کچکەی بارزانی بکا. بەلام بە کوشتنی سەردەشت رەوتی رسواییيان، هەڵوەشانیان، زەلیل بونیان، خێراتر و بە هێزتر و فراوانتر و بەریتر لە جاران دەستی پێ کرد، بە جۆرێک کە وەک هەمو دیکتاتۆرەکانی مێژو تەنیا بە کۆشتار و گرتن و زیندان و شکەنجە ترۆر خۆیان راگرتوە.

ساڵ یادی سەردەشت بوەتە خەمێکی قۆرس و ترسێکی تۆقێنەر لە گیان و قەلای ستەم و وجودیاندا. سەردەشت بو بە سومبولی ئازادی و خۆشەویستی، ئەوان بون بە پەن و پەست و جێگای نەفرەت. ناوی سەردەشت بو بە ئەستێرەی سنگی کچان و گوڵی سەر دڵی کوڕان بۆ عەشق و خۆشەویستی، ناوی ئەوان چوە لیستی خوێریترین خوێرێژەکانی مێژوی بەشەر. بە سەدان دایک و باوکی چاوکراوەی کوردستان لە بەر خۆشەویستیی سەردەشت ناوی منداڵە تازە بوەکانیان ناوەتە سەردەشت و، بە سەدانیتر ناوی خۆیان و منداڵەکانیان کە هاوناوی ناوەکانی ئەو بنەماڵەیەن گۆریوە و دەیگۆڕن.

ئەگەر جاران یەک سەردەشت جاروبار وتارێکی لە رۆژنامەکەیدا دەنوسی و باسی خوشویستنی کچەکەی بارزانی و گەندەڵی و گەمژەیی دەسەلات و بنەماڵەی بارزانی دەکرد، بە کوشتنی سەردەشت ئێستا بە لەحزە و لە هەر لەحزەیەکدا بە هەزاران سەردەشت لە

رۆژنامە و رادیو و تەلەویزیون و فەیسبوک و پالتوکەوە وتەکانی سەردەشت دەنوسن و دەیڵێنەوە.

لە ساڵ یادی سەردەشتی بوێر و بە هەیبەتدا، هاوکات یادی کارنامەی خەیانەت و خوێناوی و درندەییەکانی دەسەڵاتی کوردی و بنەماڵەی بارزانی دەر حەق بە میلەتی کورد دەکرێتەوە. یادی سەردەشت بۆ سوێند خواردن بە خوێنی سەردەشت بۆ نەسرەوتن و بەردەوام بونی رێاکەی تا گەیشتن بە ئازادی، وە یادی دەسەڵات و بنەماڵەی بارزانی بۆ نەفرەت و بێزاری و بریاردانی وەلانانیان.

یادی سەردەشتی گەنج و عاشقی کرێکاران و زەحمەتکێشان و عاشقان، دوبارە ئاگری رقی لە دەرونی هەموان دا بڵێسەدار کرد. راستە سەردەشتیان کوشت، بەڵام یاد و ناوی سەردەشت ئەمرۆ ئەو پیک و چەکوشەیە کە دەسەڵاتی جەهل و گەمژەکان لێی تۆقیون و دڵنیان لە سەریان دەدرێ و بە دەردی زوحاکیان دەبا.

هەر ئێشتا بە هەزران هەزار سەردەشت لە خوێنی سەردەشت رواوە و چاویان لە چاوی دیکتاور بریوە، وە بە بزەیەکی ژەهراوی خەت و نیشان بۆ ترسنۆکانی ماساوچی و سیاسەتبازانی ساختەچی و هەلپەرەستانی بێ شەرمی پاساوگەر دەکێشن. بە هەزاران سەردەشت قورس و پتەو پێ لەسەر رێگاکەی سەردەشت دادگرن، ددانەکانیان لەسە یەک دادەنێن و باوەریان بە خۆیانە و سرودی: "ئامانجت ئامانجمانە- رێگات رێگامانە سەردەشت" دەڵێنەوە تا گەیشتن بە ئامانج، ئامانجێک کە چیتر نە نیشانەیەک لە جەلاد هەبێ، نە شەرمەزاریی هاوکاری لەگەڵ جەلاد، نە رفاندن و ترۆر، نە کوشتن و شکەنجە، نە درۆ و ماساوچیەتی، نە گەندەڵی و پەستی و هەڵاواردن.

ترۆر کردنی سەردەشت راستە داخی نایە سەر دڵی هەمومان، بەڵام لە لایەک بو بە پشتێنەی یەک بونمان لە دژی بێداد و، لە لایەکی دیکەوە ناوەرۆکی درندانە و دژی ئینسانیی دەسەڵاتی کوردیی بە گشتی و بنەماڵەی بارزانی بەتایبەتی نمایش کرد، ناساندی و رسوای کرد. هەروەها پەستیی ئەو کەسانەی نیشاندا کە بۆ پارە و پلەیەکی هاکەزایی خۆیان و کەرامەتی خۆیان فرۆشتوە و بێدەنگی لە ترۆری سەردەشتەکان و سۆرانەکان دەکەن. ترۆری سەردەشت زیاتر گومانەکانی لای جەماوەر رەواندەوە بەرانبەر بە دەسەڵاتی نەگریسی کوردی و بنەماڵەی بارزانی، وە ئاشکرای کرد کە ئەم دەسەڵاتە و ئەم بنەماڵەیە هیچ مەنتقێک سەریان ناچیت و چاک نابن.

بە ترۆری سەردەشتەکان و کوشتاری ئەم راپەرینە دوایی، بەم راستیە دەگەین کە تەنیا رێگای گەیشتنی جەماوەری کوردستان بە ئازادی و عەدالەتی ئینسانی، وەلانانی ئەم دەسەڵاتە دینی و ناسیونالیستیەیە بە سەرۆکایەتی رێبەرانی ئەحزابی دینی و قەومی.

یادی سەردەشت بەرز و بەرێز بێت! بژی ئازادی.

**کاتێک بەهای مەرگ، زیاترە لە بەهای ژیان**

**عەبدوڵا مەحمود**

**بەڵگە نەویستە کە ژیان خۆشترە، لەمەرگ. بەهای ژیان زۆر گەورەترە لە بەهای مەرگ و کەس خوازیاری مەرگ نییە. مەرگ دۆستی، خولیایەکی شێتانەو گەمژانەیە کە یەخەگیری ئومێدبڕاوەکان، بێداهاتووەکان دەبێ. هەربۆیە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ژیانێکی باشتر، هیواو خولیایەکی بێ کۆتای ئینسانە. مێژووی تائێستای بونەوەرەکانی گۆی زەوی، مێژووی خەباتێکی نەپساوەیە بۆ ڕەنگینترکردنی ژیان و بە پیرۆز ڕاگرتنی.**

**هەمیشە وا باوە، ئەو ئینسانانەی لە ژیانیاندا، ئەفراندنێک، دۆزینەوەیەک، گۆرانکارییەک، وەرچەرخانیک، خزمەتێکی دیاریان... کردوە بە کۆمەڵگا یان بەلایەنێکی دیاری کۆمەڵ، ناسراو بوون و ناوبانگیان دەرکردووە، بە وێنەی ڕەمز لە کۆمەڵگادا، ناسراون و مرۆگەلی زۆر هەوڵیانداوە یان ئارەزوویان بووە، وەک ئەمان بن و ببنە سومبل. ببنە ناودارانی کۆمەڵی خۆیان و کەسانی دیاری ناو ژیانی نەوەکانی داهاتوو.**

**دەگمەنن ئەو ئینسانانەی بە مەرگ و تراژیدیای مەرگ، بەهایان لە بەهای ژیانکردنیان بەرزتر بووبێت. دەشێت ئەو مرۆڤانەی بەهای مەرگی تراژیدیان لە بەهای ژیانیان گەورەتر بووە، لە ژیانیاندا بە مانەوەیان لە ژیاندا، بە داهێنانیک، بە دۆزینەوەیەکی زانستی، بەگەورە کارێک، بە نمایشکردنی توانایەکی پڕسەلیقەو دیاری هێنانێک بۆ ڕەنگینترکردنی ژیان، بەهای ژیانیان بە ئاراستەی ترۆپکدا کێش کردبا. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە ناوازەن ئەو ئینسانانەی بەهای مەرگیان لە بەهای ژیانیان لە چاوی کۆمەڵگادا گەورەترە.**

**سەردەشت عوسمانی خوێندکارو ڕۆژنامەنووس، سەردەشتی تازە تەمەن لاوی چرۆ کردوو، مەرگە تراژیدی ئامێزەکەی، بەهایەکی گەورەی پێبەخشی، کە زۆر گەورەتر بوو لە بەهای تەمەنی ٢٣ ساڵەی.**

**سەردەشت تا ئەو ڕۆژەی مەرگچینەکان، گیانیان لێسەندو ژیانیان بۆ هەمیشە لێ تاراند، کوڕی خێزانێکی هەولێر، خاوەن کەس و کارو خزمانێکی دیاریکراو، خۆشەویستی چەند هاوڕێی کۆنی تەمەنی منالی و قۆناغەکانی خوێندن، خۆشەویستی ژمارەیەک هاوپۆل و هاوڕێیانێکی لە زانکۆ، ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و هاوپیشەی، و خۆشەویستی چەندین دۆست و هاوڕێی ناو دنیا تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و ... بوو. بەڵێ سەردەشت خۆشەویست و خاوەنی ئەمانە بوو، لەگەڵ دەریایەک لە خولیاو ئارەزووی وەدی نەهاتوو کە لەدڵی هەموو لاوێکی هیواخنکێنراوا، هیواجوانەکانی ژیانن.**

سەردەشت لەدیدی بەرابەری خوازییەوە، لە "نا" وتنی بۆ ژیانی شاهانەی کەمینەیەک کە ژیانی ملیۆنەها ئینسانیان لەهەموو زەمینەیەکی ژیاندا بە دەسەڵاتی زۆرو داسەپاویان زنجیر کردووە، هەزاران حەرام و حەڵاڵی درۆزنانەیان بە پیرۆز راگرتووەو لە قاڵبی یاساییدا، دایان سەپاندۆتە سەر کۆمەڵگا و نەوەی دڵپڕ لە ئارەزوو خولیا، گیانی لێدەسەنرێتەوە. ئەو کاتەی هەواڵی سەندنەوەی ژیان لە سەردەشت بە خێرایەکی بێئەوپەڕ کۆمەڵگا دەتەنێ و وەکو هەوا دەچێتە ناو خانەکانی کۆمەڵگاوە، ئیدی زوو سەردەشت دەبێتە خۆشەویستی هەموو ئەوانەی لە خۆشەویستی ژیان تێدەگەن و مانای ئازادی بۆیان، "نا" وتنە بە دەم بەستن و سنوردانان بۆ بەیان و دەربرینی پەیفی ئازاد، مانای ئازادی بۆیان "نا" وتنە بە نابەرابەری، و دەنگ هەڵبڕینە بەرووی دەسەڵاتی کەمینەیەک و لە ناو کەمینەکەشدا، ئیلێتی" بژاردە"ی بنەماڵە.

خۆشەویستان و غەمبارانی دوای مەرگی پڕ تراژیدی سەردەشت ئێستا هەر خیزان و کەسوکار و هاوڕییانی منالی و قۆناغەکانی خوێندن و زانکۆ و چەند رۆژنامەنووس و هاوپیشەکانی پێشووی نین. ئێستا خۆشەویستانی لێوان لێوی کۆمەڵگای کوردستان و دەنگی رەسایی ئازادیخوازیی دنیای داواکراوی ئازادی و بەرابەریخوازییە. لەهەر شوێنێکی کوردستان باسی ئازادی هەیە، سەردەشت ئامادەییە، لەهەر گۆشەیەکدا باسی ڕەچەشکێنی لە ئارادایە، بابەتی من عاشقی کچی بارزانیم، وێردی زمانە. لەکەنار هەر کۆرو کۆبونەوەیەکدا، کە باسی نابەرابەری و دەسەڵاتیی بنەماڵەیی بوونی هەیە، سەردەشت لەوێیە. وە لەهەر پانتایەکدا باسی نەفرەت لە ڕفاندن و تیرۆرە، سەردەشت یەکێک لە زیندوترین کائینی ئەو پانتایەیە.

تیرۆری سەردەشت، نەدەنگی ئازادی و نە هاواری دژ بە نابەرابەری، پێ لاواز کرا. نا، تیرۆری سەردەشت بوو بەزەنگی بێدارکردنەوەی زیاتری کۆمەڵگا. راسانی ئازادیخوازی و دادپەروەری گەورەتر کرد. ژیان رفاندنیشی، کردە هاوارێکی غولئاسا بۆ ژیان.

بۆیە مەرگی سەردەشت پڕ بەهاتر لە ژیانی بوو، چریکەی گەروەکانی بۆ ئازادی و ژیان، بۆ نەوەی دڵپڕ لەهیوا، بۆ ئاییندەی گەشاوە، بەرزتر کرد.

٢٠١٠/٧/٢

**دوای ئەم کارەساتە ، دەبێت ئیمارەتەکەی بارزانی بروخی!!**

رعد سليم

هێشتا بازاڕ بە تەواوی جوڵەی تێنەکەوتبوو، عەباس خۆی دەگەیاندە لای عارەبانە دارەکەی، لە گەراجێکی ناو بازاڕ، کە چەندین ساڵە کاری حەمباڵی پێ دەکات، عەباس هەر لەو گەراجە خۆی بە شێلمانێکی سەقفی گەڕاجەکەوە هەڵدەواسێ و خۆی دەخنکێنێ.

هاوڕێیەکی عەباس دەڵێ "عەباس نەیدەتوانی بەو عارەبانەیە بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات".

سەر لەبەیانی 2011/5/14 لەناو بازاڕی هەولێر گەنجێک بەناوی عەباس سەعید فەرەج ، تەمەن27ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی خانزادی شاری هەولێر، خۆی خنکاند. عەباس باوکی دوو منداڵە، دوو ژنی هێناوەو ژنی یەکەمی تەڵاق داوە، بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ژنی دووەمیشی داوای تەڵاقی لێکردبوو. " سایتي رووداو"

سایتی رووداوی نزیک بەدەسەڵاتی پارتی دەنووسێت " خۆکوشتن و خۆلەنێوبردن دیاردەیەکی جیهانییە، بەهۆی نائومێدبوون لە ژیانی ئەو کەسەی خۆی دەکوژێ، پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات، هەرچەندە خەڵکی کوردستان زۆرینە موسڵمانە و لە ئیسلامیشدا خۆکوشتن بە گەورەترین تاوان دادەنرێ، بەڵام لە کوردستانیش خەریکە دەبێتە دیاردە".

ئەم کارەساتە لە هەولێری پایتەختی دەسلاتی ئیمارەتەکەی بارزانی ڕوودەدات ، ئەم رووداوە دڵتەزێنە لە "دوبەی " کەی مسعود بەرزانی دا دەخولقی ..

هەولێر بە ڕێوەیە ببێت بە دوبەی و پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە دینیەوە! لە هەولێر دا هە ژاری و برسێتی نییە ! لە هەولێردا خەڵک خۆشگوزەران دەژی و باری ئابووری خەڵک زۆر باشە! ئەمە سلێمانی نییە ، خەلک لە حوکمی دەسلاتی پارتی رازییە و خۆپشاندان ناکات ! ئەمە قسەی زوربەی بەرپرسانی دەسلاتی هەولێر و میدیاکاني سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن.

بەلام ئایا ئەم پروپاگەندەی پارتی و دەسلاتی کوردایەتی چەند لە راستیەوە نزیکە ؟ ئەم گالتەجاریە دەتوانی لایەنگرانی خۆشیان قەناعەت پێبکات، ئەگر وایە ، سەرقەبرانەکانی هەولیر دەبێتە شوینی خەوی بێ خانەولانەکان" بەرنامەی " ، ئەگەر وایە بۆچی خەڵک پەنا داباتە بەر خۆکوژی .....

دریم ستی ، گوندی ئیتالی و انگلیزی ، شوقاکانی بەناو زەکریا ، عینکاوە سیمایەکی کەمی شاری هەولێرە کە شوینی بەرپرساني حزبین، سیمای گەوەی شاری هەولێر گەرەکەکانی باداوا ، مەنتیکاوا، ، خانزاد ، کوران وگەرەکە هەژار نیشنینەکانە کە بەسەدەها هەزار کەسي لە ژیانی کولەمەرگیدا تێدا دەژی.

ئەم رووداوە دڵتەزێنە لەکاتێکدا روودەدات کە کوردستان و هەولیر بۆتە بەهشتێک بۆ بەرپرسانی حزبی و سەرمایەداران کە تێدا بەملێونەها دولار لە پارەی بودجەی خەڵک رۆژانە دەچێتە گیرفانی خۆیان و حزبەکانیانەوە. مانگانە ٧٠ ملیون بە نقدی لە بودجەی گشتي کوردستان واتە ٨٤٠ ملیون دولار لە سالێکدا دەخنە گیرفانەانانەوە، ئەمە جگە لەوەی تەواوی خەرجی جەکدارەکان و بلطجیەکانیان لە بودجەی خەلک دەدرێت ، کە دەگاتە ٤٠% بودجەی گشتی ، هەروەها جگە لە قۆرخکردنی تەوای بازاڕ لەلایەن کومپانیاکانی سەر بەخۆیان و

پرۆژە وەهمیەکانیانەوە، باخەلک بپرسێت سەرمایەی ئاسیا سێل و کۆرەک تلیکۆم ، نۆکان ، .....هتد کە دەیاها ملیار دولار مەزەنە دەکرێت لە کوێوە هات ، وە هەموو دەزانین اسیا سێل هي یەکێتیە و کۆرەک هی پارتي..

عەباس لە تاو هەژاری ، لە ئەنجامی ئەوەی نەیدەتوانی ژیانی خۆی و خیزانی دابین بکات ، لەپاش ئەوەی لە دەسلاتی فرعەونیەکانی مەسیف و هەولێر بێ هیوا بوو کە ناتوانن کارێکی بۆ بکەن خۆی هەڵواسی و کوتایی بە ژیانی کولەمەرگی خۆی هینا . ئەگەر تەنیا ٥٠٠ هەزار دینارت لە پارەی مانگانەی فازل مەتنی و شێخ جەعفەری وەزیری بلطجیەکانی کوردستانت کە دەگاتە ٢٠ ملیون دینار بدایە بە عباسی بەدبەخت خۆی هەڵ نەدەواسی و دەیتوانی پاروە نانێک بۆ خێزانەکەی دابین بکات.

محمد بوعزیزی عەرەبانچي لە تونس خۆە سووتاند ، شوڕشي تونسي بەدواوە هات ، رووخانی سەوۆکي ولات زین عابدین بن علی بەدواوە هات. محمد بوعزیزی لەتاو نالەباری باری ژیانی و شکاندنی عەرەبانەکەی لەلایەن بەرپرسانی شارەوانیوە کە نانی رۆژانەی پێدابین دەکرد خۆی سووتاند، عەباس بەهەمان شیوە ، بەلام بەداخەوە ئەوەی لە تونس روویدا لە ئیمارەتی هەولێر روونەدا ، تەنانەت خەلکیش هەواڵەکەیان نەبیست ، تەنانەت بەرپرسانیش بە ڕوداوی لەقەلەم دەدەن و دەیخەنە قاڵبی نەخۆشی دەروونیەوە. بەداخەوە دەبوایە تەرمی عباس لە شێلمانەکە نەکرایەتەوە تاکو مسعود بەرزانی لە سەری رەش دەهێنرایەتە خوارەوە، دەبوایە تەرمی عباس نەنێژرایە تاکو دەسلاتی میرەکان لەهەولیر و کوردستان پاکدەکرانەوە .

عەباس دەبێت بە رمزی شورشی ئێستاو داهاتووی کرێکاران و برسیەکانی کوردستان بەرووی دەسلاتی بەلتەجیەکان ، حاکمان و میرەکانی کوردایەتی دا. عەباس سەردەشت عوسمانیکی ترە ، سەردەشت لە پیناو ئازادی دا لەلایەن بەلطجیەکانەوە تیرور کرا ، عەباس لە پیناو نان دا گیانی خۆی بەخشي. با نان و ئازادی سەردەشت و عباس ببێتە هۆیەک بۆ روخاندنی ئیمارەتی بارزانی و دەسەلاتی کوردایەتی لە کوردستان .

**کاکە سەردەشت مردنەکەت تراژیدیایانە بوو**

**دانا حسین**

کاکە سەردەشت تۆ مامۆستا بویت، مامۆستای وانەی ئازادی، بە کردار سەلماندت کە مەرگ باشترە لە ژیانی کۆیلایەتی، کۆیلە بوونی دەسەڵاتێک کە لە هەوڵدایە هەموو نەفسێکی نیشتمان بکاتە کۆیلە، ( تۆ سەلماندت مرۆڤ شەرت نیە چەند ئەژی، شەرت ئەوەیە چۆن ئەژی ) کاکە سەردەشت تۆ نمونەی بوێریی و ئازایەتی بوویت، هەڕەشە و چاوسورکردنەوەکانی دەسەڵاتی خۆسەپێن نەیانتوانی چۆکت پێ دابەن، نەیان توانی ڕێڕەوی

تۆ بگۆڕن کە بەرەو مەملەکەتی ئازادی، تۆ هەمیشە لە نوسینەکانتا جەختت لەوە ئەکردەوە کە سەرۆکیش وەک ئێمە ئینسانێکە، بۆ ئەبێت خۆڵی بەر پێی بە پیرۆز بزانرێت !!! بۆ ئەبێت ئەو جیاواز بژی جیاوازتر لە هەموو کەسێ، سەرەڕای ئەو هەموو زۆرداری و بێ ئاگاییەی لە گوزەرانی خەڵکی، کەچی هەر چەپڵەی بۆ لێبدرێ و بژی بژی بۆ بکرێ، کورسی دەسەڵات لە دوای خۆی بۆ کوڕەکەی بێ و لە دوای کوڕەکەی بۆ کوڕەزاکەی ی‌ی و پشتا و پشت هەر ئاوا بێ، کاکە سەردەشت تۆ وتەنی کەی ڕۆژێ سەرۆک هاتۆتە ناو شەقام و بازاڕەکانی شار و لە موعاناتەکانیانی خەلکی بپرسێ ؟ یان کەی چۆتە سەردانی ئەو دێهاتانەی کە هەمیشە ماڵەکانیان مەقەڕی پێشمەرگە بوو، یان بۆ ئەبێت ڕۆژنامەنوسێک بۆی نەبێت سەبارەت بە سەرۆک هیچ بنوسێ ؟ یان بۆ ئەبێت بە دوربینیش بۆت نەبێ سەیری کۆشک و تەلاری سەرۆک بکەی، یان سەبارەت بە داهاتی سەرۆک و حیزبە دەسەڵاتدارەکان بۆت نەبێ سوئال بکەی، سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت عوسمان و دەیان ڕۆژنامەنووسی حەق بێژ و ڕاستگۆ و نیشتیمان پەروەر بونە نێچیری دەسەڵات، خوێنیان تێکەڵ بە گڵی نیشتیمان کرا و جەستەیان سارد کرایەوە بۆ هەمیشە ! داوات کردبوو تراژیدیایانە بمریت، تراژیدیایانەش مردیت، ، ، بۆیە ئەڵێم " دڵ لە دڵ مەدەن شۆڕشگێڕە ئازاکانی وڵات، ئێستا هەموو گەنجێکی بە ئەمەک و دڵسۆزی وڵات، بوون بە سەردەشت و سۆران، پینوسەکانتان نەکەوتۆتە زەوی بەڵکوو لەو شوێنەوە ئەنوسێ کە ئێوە هێزی پەنجە و مەچەکتان نەما بۆ تەواوکردنی، کاکە سەردەشت خۆزگە ئەتبینی کە لە دوای مەرگی تۆ، چۆن پایەکانی دەسەڵات کەوتە لەرزین، چۆن سەرجەم شارەکانی کوردستان کەوتنە خۆپیشاندان و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی سەوز و زەردی حکومڕان، کوڕ و کچ و پیر و مناڵ فرمێسکیان بۆ ئەڕشتی، کارەساتی تۆیان بە هەنسکەوە لەبیر نە ئەچووەوە .

### حەیرانێک بەیادی سەردەشت عوسمانەوە

هێمن مەخموری

لەسەردەست عوسمانەوەفێربووین کەتامابین لەدژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و پاوانخوازی سەروەت و سامانی ئەم وولاتەبێدەنگ نەبین، لەسەردەشت عوسمانەوەفێربووین کەتامابین ئازادیخواز و هەڵگری پەیامی دیموکراسیی و پێکەوەژیان بین، لەسەردەشتەوەیەک دنیا پەیام و هەلوێستی جوان و مەردایەتی فێربووین. سەردەشت تەنها شۆڕشگێڕێکی قەڵا و منارەنەبوو، ئەو هەڵگری پەیامێکی پیرۆز، پیرۆزتر لەپیرۆزی سەرۆکی وڵاتێک کەهەناسەجوانەکان دەکوژێت و گەنجەئازادیخوازەکان زیندەبەچاڵ دەکات.

بەر لەساڵیادی شەهیدکردنی کاکەسەردەشتی هەڵگری ناسنامەی ئازادی و پەیامی جوان پەرستی، ئەمێستاکەهەولێر شانازی بەرۆلەیەکی قارەمانی وەک تۆ دەکات کەلەناو جەرگەی قەڵا و بەرزی منارەکەی چۆلی هاوارت دەکرد: نا بۆ گەندەڵیی و دیکتاتۆری. . نا بۆ

پاوانکردنی دەسەڵات و دزینی سەروەت و سامانی ئەو گەڵە. ئەمێستاکەهەولێر داوای لێبوردنت لێدەکات لەوەی بکوژان و تاوانبارانی تۆ لەو شارەباڵا دەستن و بەئوتومبێلەجام رەشەکانیانەوەجەبانانەبەبەردەم دەرگای ماڵەکەت دێن و دەچن. . شاری هەولێر بەگەورەیی خۆی بە5 هەزارەی مێژووەکەی بۆ یەکەمجار داوای لێبوردن لەرۆلەیەکی خۆی دەکات و سەری رێز نەوازش بۆ سەردەشتەکەی دادەنوێنێت.

بیرمەئەوکاتەی لەمەخموری مەغدوورەوەرووم لەشارەکەی پیرەهەولێر کردوو بەدەنگێکی بەرز دەمووت: (هەمووومان سەردەشتین. . هەموومان ئازادیخواز و مرۆڤ دۆستین). ئەمرۆکەش بۆ جارێکی دیکەو بۆ دەیان جاری تریش هەر دەڵێن هەموومان سەردەشتین. . ئەوەی تۆیان لەخاچ دا. . ئەوەی کورەخوێن شیرین و دەم بەخەندەکەی حەی عومال و کۆلیژی ئادابی هەولێریان خنکاند. . ئەگەرچی ئەمرۆکەرێگەبەپەیکەرێکی تۆ نادەن و تەنانەت لەپەیکەرەکەشت دەترسن، دڵنیاین رۆژێک دێت جگەلەریسوایی بۆ بکوژانت شتێکی دیکەبەفریایان ناکەوێت و جگەلەسەرشۆری لەلاپەرەی مێژووی رەشیان شتێکی دیکەیان بۆ نانوسرێت.

دیارەزۆرن ئەوانەی بەدرێژایی مێژوو هەوڵیان داوەبۆ بەرز راگرتنی ئەو شارەو جوانترکردنی هەولێری پایتەخت، بەڵێ زۆرن ئەوانەی گیان و ماڵی خۆیان لەپێناو پیرۆزی هەولێر بەخت کردووە، بەڵام تۆ ئەی سەردەشتەکەم لەریزی پێشەوەی هەموو ئەوانەی کەلەم شارەدا قوربانیان داوەو گیانی خۆیان لەپێناو ئازادی و خۆشگوزەرانی پێشکەش کردووە. تۆ ئەی سەردەشتەکەم باڵات بەقەد باڵای منارەکەی چۆلییەو مێژووی جوامێری و هەقبێژی تۆ لەتەک مێژووی پڕ سەروەری هەولێر دەنووسرێت.

باسکردنی ئازایەتی و بوێری تۆ بەدێرێک و دووان و سەدان دێریش تەواو نابن، بەڵام ئەوەتا ئازایەتی و مەردایەتی تۆ منێکی لەدەڤەرێکی فەرامۆشکراوی کوردستان هێناوەتەگۆ، خۆزگەم دەخواست تۆ ئەی (سەردەشت)، خەڵکی مەخمورو قەراج و کەندێناوەبویتایە تاوەکو پەیکەرێکم لە بەردە پیرۆزەکانی چیای قەرەچوغی سەرکەش دروست بکردایە، دواتریش لەبەردەم گومبەتەکەی برایماغا دامنابایە. ئینجا حەیرانێکم بەناوی تۆوە بهۆنیبایە دواتریش هەڵمبدایەلەزوورگەزراوی خۆمان، لەکەندی کەندێناوێ لەگاوەرەو کەنداری، ناوەڵا لەتەلەرخێم و مەلاقەرەی تادەگاتەقەراجی دڵ بریندار و قەرەچووغی بلباسان، لەوێشەوەبەرەو پیرەقەراتی هەولێری تا دەگاتە سەفینە شێتی خۆشناوان. . ئینجا بەناوەپیرۆزەکەی تۆ (سەردەشت) سەرووبەند و دوابەندی حەیرانەکەم کۆتایی پێ بهێنایە.

لەکۆتاییدا ئاواتەخوازم لەدوای تیرۆرکردنی هەناسەکانی سەردەشت، هەرچی رۆحی پیس و ناشیرینی ناپاکان و بکوژانی ئەو بوایە بهاتبوایە دەرو بەدرێژایی شەقامە شەست مەترییەکەی هەولێر خەڵک بوەستانایەو بەدەنگێکی بەرز نەفرتیان لەو رۆحە ناپاکانە بکردایە. من دڵنیام هەموو شار و شارۆچکەیەکی ئەم سەر گۆی زەمینەئەگەر ئازایەتی و بوێری سەردەشتیان پێ بگەیشتایەئەوا خۆزگەیان دەخواست کەتۆ خەڵکی شارەکەی ئەوان

بويتايە، بەڵام ئەمڕۆكەشارەكەی تۆ هەولێر لەنێوان (شانازی و لێبوردن)ەوەچاوەڕێی نەوەكانی دوای تۆ دەكات كەبۆ هەتا هەتايی رووڕەشی بكوژانی تۆ بخاتەنێو زبڵدانی مێژووەوە.

**شه هيد سەردەشت سڵاو!**

د. كەمال سەيد قادر

شەهيد سەردەشت عوسمان

بەڵێنم دابو ئەمڕۆ لەيادی شەهيد بونتا چەپكێ گوڵ لەگەڵ ئاڵايەكی كوردستاندا لەنێوان وێنەی پيرۆزی خۆتانو شەهيد سۆران مامە حەمەدا لەسەر گۆڕی پاڵەوانی تونسی (محمد بو عزيزی) لەتونسی ئازادا دابنێم، بەڵام بەهۆكارێكی تەكنيكی سەفەرەكەم بۆ هەفتەی داهاتو دواكەوت زۆر لێم ببورە، بەڵێنيش هەر بەڵێنەخودا كۆسپ نەخاتەپێشم هەفتەی داهاتو گوڵ بەناوی ئێوەو هەمو شەهيدانی كوردستان بخەمەسەر گۆڕی ئەو پاڵەوانەی بوەئيزرائيلی جەلادەكانت و هاوشێوەكانيان. زياتريش داوای لێبوردن دەكەم كەوا تا ئێستا سەردانی گۆڕەكەتم نەكردوە، بێگومان لێرەش لێم دەبوريت چونكە لە وەتەی لە چەقۆی خوێنڕێژەكانت دەربازم بوە، هەمو سنورەكانی كوردستانيان بەسيخوڕەنێودەوڵەتی يەكان لێچنيوم نەبادا بگەڕێمەوە ببينم چۆن كوردستانيان بەسەر زەمينو ژێر زەمينی يەوە هەراجی چاوچنۆك و دزەگەورەكان كردوە بەرامبەر بەمانەوەی خۆيان لەسەر دەسەڵات. بەڵام هەروەكو خۆتان لە بەهەشتی خوا ئاگادارن ئەم زوڵمەش هەر بە چارەنوسی ئەوەی بەعسی تكريتی دەچێت. بەڵێنيشم داوە ڕۆژێک يەخەی خوێناوی بكوژەكانت بگرم، بڵێم هەی بێويژدان ئەم گەنجە بێگوناهەت بۆ كوشت؟ با بۆت بگێڕمەوە هەر چەند هەفتەيەک پاش شەهيد كردنت ئەو دڕندەيەی تۆمەتبارەبەخوێنت سەردانی مەفتەنی غەريبی منی كرد، منيش هيچم لەدەست نەدەهات هەر ئەوەندە نەبێت لەبەرامبەر هۆتێلەبيست ئەستێرەيی يەكەی بەداماوی دانيشتم قومی قوڵم لەتوندترين توتنی بێتوێن دەدا وا دياربو يەكێک لەدەستو پێكانی پەيوەندی بەپۆليسەوە كردبو گوايە من پلانێكم لە دەستە دژ بەم دڕندەيە، كاتێک ئەفسەرێكی ئاسايش بينی من لەدوكەڵی توتن لولدراوم زانی هەر لەداخا وا داماوم سەری لەقاند تێپەڕی، جا بزانە مرۆڤی دڕندە چەند ترسنۆكە! باوەڕيش بكەئەم بەناو مرۆڤەلەتاوی ئازاری دۆزەخی دەرونی دەرپەڕيبوە ڤيەننای ئاشتی و تەبايی چونكە هەر مرۆڤێک چەند دڕندەش بێت ويژدانی هەر هەيە، ئەگەر لەگۆمێكيش لەخوێندا نقومی كردبێت، ژيانی هەر هەموی دۆزەخە، خواردنی ژەهرە، خەوی مۆتەكەيە، كۆشكو تەلاری زيندانە، باخچەكەی گوفەكە، سامانەكەی پاشماوەی بۆگەنە، چارەنوسی هەر ڕسوايی يەكەی سەدام و مبارەک و بن علی و قەزافی يە، جا ئەو كاتە لەڕۆژی دادپەروەری ئەم بەڵێنەی خۆم دێنمەجێ، يەخەی دەگرم دەڵێم هەی زاڵم چۆن دەستت چوە خوێنی ئەم گەنجە؟ با لە بيرم نەچێت بەڵێنێكی تريشم پێداويت چونكە لە

پەیکەرەکەشت دەترسن، بەڵێن بێت پەیکەرێکت لەبەردی چیای کوردستان بۆ بتاشم لە شێوەی پەیکەری ئەبی هۆلی میسری دەمەتر بەرز، دوا بابەتی خۆتانی لەسەر هەڵکەنم، لەسەر گردی قوڕەبەگ بەرزی کەمەوە بەرامبەر بەگۆڕی ڕەحمەتی باپیرانت تا ببێتە مێژوی سەربەرزی ئەم گەلە، ئەم بەڵێنەشیان ئەوەندەی نەماوە بێتەدی دەزانم ئەم بەردە زەبەلاحانەش لەکوێ دەست دەکەون هەر نەختێک لە سەروی زیندانی جەلادەکانت. دەزانی ئێمە چەند قەرزاری ئێوەین هەتا هەتایەسەرتان بۆ دانوێنین هەر کەمەجا گەورەترین پاداشت بۆ قوربانیتان کوردستانێکی دادپەروەرانەو ئازادە، ئەمەشیان گەلی کوردستان بەڵێنی پێداون توخوا سەبرێکمان لێبگرن چونکە دەزانم گەنجان نەختێک بێ سەبرن.

مامت

**یەکێتی بەئەو هەڵوێستی بێی دەنگیەی لەتیرۆر کردنی سەردەشتدا زیاتر ڕووی خۆی زەرد کرد!!!**

ستار کولەجۆیی

فڕاندنی ڕۆژ نامەنووس سەردەشت عوسمان لەڕۆژی 4\5 \ 2010 لەهەولێرەزەلیەکەی ژێر دەسەلاتی بنەماڵەی بارزانی، دوای ڕۆژێکیش تەرمەکەی بەکوژراوی لەشاری موسڵ دۆزرایەوە. دەر ئەنجامی ئەم تاوانەدژ بەمرۆڤایەتیەی پارتی، شەپۆلێک ناڕەزای و توڕەبوونی هاویشتەناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردیەوە، لەکوردستان و عێراق و دەرەوەی کوردستانیش، بەتایبەتی توێژی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران ئازادیخوازانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی جیهانیش. بێی گومان ئەم توڕەبوون و نا ڕەزایانەی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان، لەدژی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانەقێزەوونە. بنەماڵەی بارزانی و پارتی توشی شۆک کرد. چونکو نەپارتی و نەبنەماڵەکەی وارسی پارتی لەو باوەڕەدا بوون، لەدوای تیرۆر کردنی سەردەشتدا ڕوو بەرەو ڕووی ئەو تووڕەبوونو نا ڕەزایانەی جەماوەری کوردستان و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی جیهان ببنەوە. لە هەموویشی زیاتر کەبنەماڵەی بارزانی تووشی هیستریای کرد، کاتێک زۆرینەی جەماوەری کوردستان بێی چەندو چۆن و کێی و کێی بوو، یکسەر بنەماڵەی بارزانیان تاوانبار کرد لەتیرۆر کردنی سەردەشتدا. چونکە بنەماڵەی بارزانی و پارتیەکەیان ڕیکۆردێکی دوورو درێژیان هەس لەتیرۆر کردن و کوشتنی ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە بنەماڵەی بارزانی و پارتی گرتووبوو بێت و وە بەپێچەوانەی ئەوانیش بیریان لەکوردایەتی کردبێتەوەلەکۆمەڵگای کوردیدا هەر بۆیشە جەماوەر یەکسەر پارتی تاوانبار کرد. ئەم تیرۆر و تۆقاندنەی ئەمڕۆی کوردستان، نریتێکی پارتی بووەهەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە تاوەکوو ئەو ڕۆ کە، بەئەم ستایەڵی سیاسەتی تۆقاندن و تیرۆر کردنە، بنەماڵی بارزانی خۆیانیان داسەپاندوە لەکوردستاندا و کوردیان خستۆتە ژێر چەپۆکی ڕەشیانەوە. گەمژەیی پارتی و بنەماڵەی بارزانی لەئەوەدایە، کەهەرگیز بیریان لەکات و ئاستی ڕۆشنیری و

**پێشڕەفتی کۆمەڵگای کوردیان نەکردۆتەوەو وەلایانیش گرنگ نەبووە، بۆیەلەئەم سەردەمی گڵۆبلازسیۆنەو های تاک و دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و ئەنترنیت و ساتەلایت و تکنەلۆجیای سەردەمەدا عەقڵ و فەهمی بنەماڵەی بارزانی بەهێزو تفنگە، بەتیرۆر کردن تواناى خۆیان نمایش دەکەن. ئەوەتا، بەگولەولامی ڕەخنەی موخالیفینیان دەدەنەوە گولەو داپلۆسینایان خستۆتەپێش زمانی گفتو گۆو دایەلۆگەوە، ئەیانەوێت وڵاتێکی پڕ لەترس و تۆقین و هەڕەشەو گرتن و کوشتن و تیرۆرمان بۆ دروست بکەن. خۆ شبەختانە لە ئەوەتەی ئۆپۆزسیون وەکو هێزێک خۆیی بەیانکردوەبۆ بەشداری کردن لەکایەو ململانی سیاسیەی لەکوردستان و عێراقەدا. ئەنرجیەکی داوەتە ڕێکخراوە جەماوەریەکان لەکوردستاندا ئەو بێ دەر بەسیەی و بێ گێوێ نەدانو حساب نەکردنەی بنەماڵەی بارزانی و پارتیان بەدەنگی خەڵک، خستۆتەژێر زەختو فیشاری گشتیەوەکەچیدی پارتی ملوڕانە نەکەوێتە وێزەی جەماوەری کوردستانەوە، کەلەکاتی پرۆتۆستۆ کردنی تاوانە ئاشکرا و نهێنیەکانی پارتیدا جەماوەر پێی هەڵدەستێ. ئاشکرایەهەردەم پارتی پەنای بۆ هەڕەشەی تیرۆر کردن و تۆقاندن و دمکوتکردنی جەماوەر بردوە. ئەو ڕۆ گۆڕان، ستۆپ ساینی لەبەردەم ئەو تاوانو هێڕش و پێشێلکاریەکانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی داناوە. ئیدی بەپشتیوانی جەماوەرو ڕیکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و ئازادیخوازانی کوردستان و جیهان، نا هێڵن لەباشوری کوردستاندا میللەت لەچاوەڕوانی شیو ەن و گریان و فرمێسک دا بێت بۆ دەیانی تری وەکو سۆران و سەردەشتەکانی دی. لەئەمڕۆ بەدوادا ئەرکی ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان، ڕێگە نەدانە بە بنەماڵەی بارزانی و چکدارەکانی چوونەگوڕگی برسی بکەونە گیانی ڕۆژنامەنووس و ئازادیخوازان لەخوێنی خۆیاندا بیان تلێنەوەو دوایش بەدرۆی بێی وژدانەیان، قوربانی بکەنەتاوانبار و خۆیشیان لەلای خەڵک بکەن بەشەڕیفی شام. دیارەیەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەرامبەر تاوانەکانی پارتیا خۆی لێی کوێر و کەڕ و گێل کردوە، ئەگەر هەر کەسێکیش باس لەتاوانەکانی پارتی بکات، کەلەژێر دەسەڵاتیاندا دژ بەڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان ئەنجامی دەدان، پێی کزو قەڵز ئەبن و ئەڵێن! ئێمە ئیتفاقی ئیستراتیجیمان هەس لەگەل برایانی پارتیا نامانەوێت ئەو ئیتفاقەی نێوانمان بەکوشتنی چەند ڕۆژنامەنووسی تێک بدەین!! باشتر وایەیەکێتی نیشتمانی بڵێت ئێمە لەگەڵ پارتی دا (ڕەفیقە قافڵەو شەریکەدزین گەر شکات بکەن تۆزێ پێی کزن) هەر وەکو حەزرەتی قانع ئەڵێت (ڕەفیقە قافڵەو شەریکەدزن گەر شکات دەکەی تۆزی پێی کزن) ئەمەبێی هەڵوێست و بێی دەنگیەی یەکێتی ئەوەندە یەکێتی بچوک کردۆتەوە تەنانەت یەکێتی لەتەنیشت پارتی دا سێبەرکەشی دەر ناکەوێت ئەو ەتا حەجمی یەکێتی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو بچوکی دەچێت و ڕ ەنگە سەوزەکەشی بەرەو زەرد بوون دەچێت. ئەگەر یەکێتی بە ئەوو بێی هەڵوێست بوونەی بیەوێت دڵی پارتی لەخۆی ڕازی بکات و ئەو ئیتفاقی ستراتیجیەی نێوانیان بەپارێزێ، ئەو یەکێتی زۆر سەوە! پارتی بەئەو رەنگە سەوزە کاڵەی ڕووە زەردەی یەکێتی ڕازی نابێت. باشتر وایەیەکێتی چاوەڕوانی پایز نەبێت لەنرخی خۆی کەم بکاتەوە. پارتیش ئنگلیز وەتنی بڵێت ( it's too late) واتا زۆر دەرنگە، ئێمەزوو پێتانمان ووت: جەلالیەکان تا کات بەسەر نەچووە وەرنەوە**

نەهاتنەوە. ئێستا ئێمەیش هەر چۆن سەدام لەکاتی خۆیدا ووتی: ئەوەی ڕۆژێ لەپێش ئێوەدا هاتۆتەوەلەئێوەبەشەرەفترە.

**شەهید سەردەشت... دوای بێدەنگی**

**ئاگرین ئالمەمانی**

مانەوەی هەر سیستەمێکی دواکەوتوو و دیکتاتوری و فیودالیزمی بەندە بە شێوازی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا ، بێگومان لە کۆمەڵگایەکدا کە ئاستی رۆشنبیری تاک بەرز بیت ، ئەوا مەحاڵە سیستەمیک بتوانێت سەرکردایەتی بکات کە خوی لە بازنەیەکی خێڵەکیدا بخولێتەوە.. کۆمەڵگای کوردی تا هەنووکەش کۆمەڵگایەکە لێوانلێوە لە رەگەزە نیگەتیڤەکان و ژینگەیەکە بۆ چەکەرەکردنی دیکتاتۆری و ئەقلی فیودالیزمی ، دیارترین هوکاریش وەک باسمان کرد لاوازی ئاستی ڕۆشنبیریمانە ...

لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا سەختە مرۆڤێک دروست ببێت بتوانێت پێچەوانەی گەورەکانی بیر بیکاتەوە ، چونکە هەر لە منداڵییەوە وانەکانی گوێڕایەڵی و چەپڵەلێدانمان پێ دەگوترێتەوە ..

هەردوو حزبی باڵادەست لە وڵاتدا هەر لە یەکەم رۆژی گەڕانەوەیاندا دوای راپەڕین دەستییان بە گوتنەوەی وانەکانی بیدەنگبوون و گوێڕایەلی، مەبەستیش لەمەدا دروستکردنی کۆمەڵگایەکی کێگەڵئاسا بوو ، تاوەکو تاکەکانی شێوە ژیانی رۆبۆت بژین و هەمیشە ملکەچ بن ..

لە نێو ئەم قوتابخانەیەی دەسەڵاتی کوردیدا و دوای 19 ساڵ وانەگوتنەوە دروستبوونی دەنگێک کە بتوانێت بە بوێرییەوە نا بۆ فرمانەکانییان بڵی ، دەسەڵاتی تووشی شۆک کرد ..

سەردەشت دەنگێک بوو بۆ سڕینەوەی بتە سەپێنراوەکان و کاڵبوونەوەی سومبڵە پیرۆزکراوەکانی حزب ، هاوالای ئازادی لاوان و هەڵگری خەمی چەوساوان بوو ، ئومێدبەخشی لێقەوماوان و ڕێبەری راستبێژانی وڵات بوو ، هەر ئەوەش بوو وای کرد کە دەسەڵات بەرگەی ژیانی گەنجێتییەکەی نەگرێ و بڕیاری سرینەوەی جەستەیی بدات ..

بەڵێ ، شەهید سەردەشت دەنگێک بوو دوای 19 ساڵ بێدەنگی ، شەهیدبوونەکەی هەزاران گەنجی لە خەوی بێدەنگی 19 ساڵەدا بە ئاگا هێنایەوە ، تووڕەیی خەڵکی گەیاندە ئاستێک کە مایەی بەرگەگرتن نەبێت و هەوڵی تێک شکاندنی بتەکان بدات ..

گەر ئاستی وشیاری کۆمەڵگاکەمان بەرز بووایە ئەوا هاوشێوەی توونس دەبوایە ئێمە پێشەنگی شکاندنی بتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بووینایە ، دەبوایە

سەردەشت لە جێگای شەهید محەمەد بوعزیزی یەکەم شەهیدی راوەدوونانی دیکتاتورەکان بوایە..

سەرەڕای درەنگ کەوتنمان بەڵام هەتا ئێستاش کاتمان لەبەردەستە ، درەنگ گەیشتنمان چاکترە لە نەگەیشیتنمان ، بەڵام ئەمجارەیان دەبێت لە سەرەتادا هەوڵی شۆڕشێکی رۆشنبیری بدەین و بە دڵنیاییەوە رۆشنبیرییەتیش بناغەی دیکتاتورییەتی فیودالیزمی لە کوردستان هەڵدەتەکێنێت ..
2011 / 6 / 6

هەولێر

**ژیانی کێ پاریزراوە...!**

بەشدار عوسمان

ئەمە پرسیارێکی جەوهەرییە بۆ وەزعیەتی ئەمرۆی کوردستان، ژیانی کێ پارێزراوە؟! بەبڕوای من لە هەزاری کەسێکان دەست ناکەوێت ناوی خۆی بخاتە نێو لیستێک کە ژیانیان پارێزراوە، شەخێیات و کەرامەتیان لەکەدارناکرێ، شعور و ئیحساسیان لەلایەن بەهێزەکانەوە یاری پێناکرێت، ئەمەش هەموو ئەو ئیدعایانە بەتاڵدەکاتەوە کە دەسەڵاتدارانی ئەو مەملەکەتە رۆژانە دەهۆڵی بۆ دەکوتن، رای جیاواز و جیاوازی بیرکردنەوە نەک گومان و پرسیاری لەسەرە، بەڵکو رفاندن و تیرۆر و تێهەڵدانی بەدواوەیە، ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنیەکان نەک باسێکی نیە، بەڵکو بە سیستەم کاردەکرێت بۆ پێشێلکردنی سەرەتاترین ماف و ئازادییەکان وورد و خاشکردنی ئیرادەی گەنجان و لاوان و تازە پێگەیشتوان، ناعەدالەتی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی خەڵک و جیاوازی وەزعیەت و گوزەرانی خەڵک و کاربەدەستان هێندە قوڵبۆتەوە و رێکخراوە هیچ هێزێک ناتوانێ لەنێو ئەو سیستەم و پێکهاتانە بەر بەم تاڵانیە بگرێت،ئیتر ئەمەیە وەزعیەتێک هەموو ئینسانێک ئەگەر ویژدانی بە بەرژەوەندییەک نەفرۆشتبێت بە ئاسانی هەستی پێدەکات و پێویستە دەسەڵاتی سیاسی و رێکخراو و سەندیکا و زورنا ژەنەکانیتریان سوپاسی رێکخراو و نێردراو و چاودێرە سیاسیە بیانیەکان بکەن کە واقعیەتەکەیان وەکو خۆی نەگەیاندووە و لە دەرپایەک دڵۆپێکیان باسکردوە !

بە هەموو پێودانگ و لێکدانەوەکان ، رفاندن و تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان،پەیامێک بوو بۆ هەموو نوسەران و رۆژنامەنوسان و زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ خەڵک و ئازادیخوازان کە ژیان و چارەنوسی هەمووان لەژێر رەحمەتی لولەی تفەنگەکاندایە نامەیەکی ئاوەڵابوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی جیاواز بیردەکەنەوە پێیان

گووتین نابێت دەنگتان بەرزبکەنەوە، بەڵام پەیامەکە نەک نەگەیشت بەڵکو ئەوانەشی جیاواز بیریانەدەکردەوە پڕ بە گەروویان هاواریان کرد و ئیتر زوڵم و زۆری بەسە .

تیرۆری ئەو رۆژنامەنوسە گەنجە و هاواری هەموو دنیا دژی ئەو بەربەریەتە نەبویە هۆی وەستانی خوێن و هێرش و پەلاماردان و ئازاردانی جەسەدی و نەفسی خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەموو ئەوانەی دیفاع لە سەردەشت و ئازادی و یەکسانی دەکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە میکانیزمی قێزەوەنتریان هێنایە نێو کەلتور و فەرهەنگی کۆمەڵگا بۆ دەمکوتکردنەوە و ناشیرنکردن و سەرکوتی ئازادیخوازان. ئەمە خاڵی کۆتا نەبو، تۆمەت و سیناریۆ گاڵتەجارەکەیان دووپاتیکردەوە کە شەخێیەت و کەرامەت و ئیعتباری هەمووومان لەژێر رەحمەت و میزاجی گروپێکی نەخوێندەواردایە و بە ئارەزووی خۆیان یاری پێدەکەن و گاڵتەشیان بە رادەی هۆشیاری خەلک دێت و ئەوەی بیانەوێت بۆ پاراستنی خۆیان و بچوککردنەوەی بەرامبەرەکەیان سڵ لە گەورەترین درۆش ناکەنەوە.

بەداخەوە لەم مەملەکەتەی ئێمە دەسەڵاتی سیاسی لەرێگای سیستەمێکی ئیفلیج و موتوربەکراو لەدەسەڵاتەکانی پێش خۆی هێندە درۆ و ناراستی و ئاوەژوکردنەوەی دەرخواردی خەڵکدا ، بۆیە جیاکردنەوەی رەش و سپی ، راستی و ناراستی، جوان و ناشیرنی و باش و خراپ ، بۆتە کارێکی ئەستەم.

هێندە کاریان لەسەرمان کرد تا جیاکردنەوەی راست و چەپی لای خۆمان لا ئاسان نەبێت، ئەگەر پێشکەوتنەکانی دنیا و هۆشیاری خەڵک نەبوایە ئیستا تاکی کورد جگە لە رۆبۆتێک شتێکیتر نەدەبوو وەکو هەر هاوڵاتیەکی ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتە دکتاتۆر و تۆتالیەکانی دنیا ، رۆژنامەنوس ئاسان دەکەن بە تیرۆریست، داواکارانی ماف و ئازادییەکانی خەڵک دەکەن بە ئاژاوەگێر، خائین و خۆفرۆش بە ئاژاوەگێر و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام خۆشبەختانە

ئاستی هۆشیاری خەڵک هێندە بەرزە توانیویەتی سیناریۆکانی پشتەوەی کەسە نەخۆشەکانی نێو دارێژەرانی ئەو فیلمە بێتامانە بخوێننەوە و پێش نمایشکردنی کاراکتەر و دەرهێنەرەکانی ئاشکرا دەبن.

جارێکیتر دەیڵێینەوە دەسەڵاتی سیاسی و دەزگا ئەمنیەکان بەرپرسن لە سەلامەتی گیانی هەمومان، زۆرترین سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە بۆ دەزگا ئەمنیەکان سەرف دەکرێ کەچی ژیانی کەسمان پارێزراو نیە و بێ موبالاتانە بەدیار هەرەشە و تێهەڵدانەکانمان دانیشتون و سەیری دیمەنەکان دەکەن، بەڵام ئەوە ناتوانێ شانیان خاڵی بکاتەوە بەرامبەر بەرپرسیاریەتیەکی ئیداری و ئەخلاقی، ئەگەر ئەمرۆش بۆیان بچێتە بەڵام مێژوو لێیان خۆش نابێت و بە توندترین سزای رۆژگاریان دەگەیەنێ.

2011/6/6

**دەریایەک تاوان، بەس نییە تا سەرۆکی هەرێم ناچار بکرێت دەست لەکاربکێشێتەوە؟**

**عەبدوڵا مەحمود**

**ڕفاندن و تیرۆری ئاشکرای سەردەشت عوسمان، نارەزایەتی و نەفرەتێکی بەرینی بەدوای خۆیدا هێنا و شەقامی کوردستان و رەوەندی کوردی دەرەوەی وڵاتی تەکاندا. هەروەها زۆر لایەنی رەسمی و نارەسمی و میدیای جیهانی کەوتنە ئیدانەکردنی ئەو تاوانە. بێگومان زۆرجاریتر لەئاکامی کردەوەیەکی تیرۆریستیدا، چ ئیسلامیەکان یان حزبە قەومی و دەسەڵات بەدەستەکان، ئەنجامیان دابێت، تورەیی و غەزەبی رەوتی ئازادیخوازی کۆمەڵگای کوردستانی بەدوای خۆیدا هێناوە. بەڵام ئەمجارەیان بەوهۆیەوە تاوانەکە ئاشکراترو بەرچاوترو گەورەترە، رادەی تورەیی و نەفرەتی خەڵکی ئازادیخواز، گەورەترو فراوانترە.**

**ئەوەی جێگای هەڵوێستەیە، ئەوەیە، کە دروشمی رەوتی نارەزایەتیەکان زۆرتر داواکردنی ئاشکراکردنی تاوانباران و پەلکێشکردنیانە بۆ بەردەم دادگا، دیارە ئەمە خواستێکی رەوایەو جێگای پشتیوانی لیکردنە. بەڵام ئەمە نە بە تەنها کافییەو نە تائێستاش بکوژانی نەیارە سیاسیەکان، رۆژنامەنوس و چەپ و ئازادیخوازەکان، دۆزراونەتەوەو دراونەتە دادگا!. هەروەها ئەوەی کە باسی ناکرێت یان زۆر لایەن و رەوتی سیاسی و ئایدۆلۆژی، بە ووردبینیەوە خۆیان لە وروژاندنی دەدزنەوەو بە قازانجیان نییە خۆ بدەن لە قەرەی، باسی زەمینەکانی تیرۆرە، خۆلادانە لە باسی کاراکتەرە سەرەکیەکانی خولقێنەرانی کەش و هەوای نائەمنی و تیرۆر. هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی خاوبونەوەی نارەزایەتیەکان و چونەوەیە بۆ دۆخی باوی پێش تیرۆرەکان و هێنانەخوارەوەی ئاستی تاوانەکان بۆ ئاستی باسی ئەکادیمی سەفسەتەی بیئاکام. و راگرتنی کۆمەڵگا بە دیار هیرشەکان و مەرگەسات و تیرۆرەکانی داهاتودا.**

**ئەمە بۆ وایە؟ بۆ تەنها نارەزایەتیەکان بزوتنەوەکان لەگەڵ کارەساتە دڵتەزێنەکان دەست پیدەکەن و پاشان بە دوای چەندین وادەی بێبنەما و بەڵێنی دەستپێکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوە، دەرکەوتن سەرەداوی بێسەر... خاودەبنەوەو بە سەمەر ناگەن؟**

**بۆ بەرەی رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگاو رۆشنبیران و قەڵەمبەدەستانی . هیچ لەوە سادەتر نییە کە بنەمای تیرۆر و تیرۆریزم سەرچاوەکەی ئایدۆلۆژیایە. کە بەر لە رووداوەکان، ئامادەیی هەیە. ژینگە سازکردنەکە پیش مەرگەساتەکان، کاریان بۆکراوە. تەوجیهەکان پێش تیرۆرەکانن. تیرۆر ئەوکاتە دەست پێناکات کە هەواڵی تەقینەوەیەک ئەبیستین، کە لاشەی رفێنراو و تیرۆرکراو ئەدۆزرێتەوە. کە داروخانی کتیبخانەو سوتاندنی ساڵۆنەکانی ژنان و شوێنەکانی گەشت و گوزارو دوکانەکانی مەیفرۆشی و رفاندنی نەیارانی سیاسی و ئازادیخوازان و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان ومناڵان... دەبیستین. بەر لەوە ئایدۆلۆژیاکە خاوەنانی دیارن. تیکەڵی ئایدۆلۆژیای ئەم ئینسانکوژانە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی، لە پەروەوەردەو خوێندندا، لەیاساکاندا دەبینین. خاوەنان و قسەکەرانی هێڵە**

سورەکان، مقەدەساتە دینی و نەتەوەییەکان، پاسەوانانی ئادابی گشتی... ئاشکران و هاواردەکەن. دەیان بڵندگۆو مینبەرو بنکەی بارهێنانیان هەیە، دەریایەک لە داهاتی تاڵانکراوی لەبەردەستە، سەدان رۆژنامە و نوسەری موچەخۆری هەیە، سەدان دەزگای ئاشکراو نیوە ئاشکراو نهێنی و سەدان باندی پەروەردەکراوی هەیە و....

بۆیە بەر لە تەقینەوەکان، رفاندنەکان، تیرۆرەکان، درندایەتیەکان، ئاراستەکرن و وروژاندنەکان قێزەونترن.

چ لەوە دڕندایەتی ترە کە یاسای دژە ژن دەمەزەرد دەکرێتەوە، پەرلەمان یاسای فرە ژنی پەسەند دەکات. لەژێر ناوی شەرەف و ناموسدا رۆژانە ژنان دەکوژرێن یان ناچار بە خۆکوشتن دەکرێن. زوربەی هەرە زۆری تاوانبارانیش، ئازادن.

چ لەوە قێزەونترە کە مەلای فتواچی وەکو مەلا بەشیر ئەندامی پەرلەمانە، چ لەوە ناحەقترە کەسانیک بە ئاشکرا خۆیان کردۆتە کوێخاو پاسەوانی ئادابی گشتی، پیرۆزی دین و نەتەوەو هێڵی سور و.... ماف بەخۆیان دەدەن، فتوا بدەن و ئیحساساتی خەڵکی و دەرویشەکانی خۆیان بوروژێنن بۆ دەست وەشاندن و تاوانکاری ئەنجام دان.

ئاخر بەر لەوەی سەردەشت تیرۆر بکرێت، دوو هەفتە بوو زۆرێک لە مەلاکان و یەکگرتووی ئیسلامی لەدژی دەزگای سەردەم و ئاراس، لەدژی فەرهاد پیربال و گۆڤاری وێران، لەدژی گۆڤاری ئێوە، کەوتبوونە بانگەشەی لغاوکردنیان. هەروەها فتوای مەلا عەبدولخالقی مزگەوتی روناکی لەهەولیر، تا ئێستا بەردەوامە لە نووسەران.

ئەمانە بەبەرچاوی سەرۆکی هەرێم و حکومەتەوە روودەدەن.

وە خودی سەرۆکی هەرێم ماوەیەک لەمەوبەر بوو بە ئاشکرا ووتی ئەوەی بە پێشمەرگە بڵێت" میلیشیا" لەکوردستان جێگای نابێتەوە. و دەیان هێڵی سوری تر کە نوسەران و تاکی ئەم کۆمەڵگایە ناچار دەکات دەمیان ببەستن لەوەی بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و هاوکات دەستی هەزاران دەروێشی حزب و باندی دڵسۆزی سەرۆک ئاوەڵا دەکات، پەیامی سەرۆک جێبەجێ بکەن.

لە ژێر سایەی سەرۆکی هەرێم و حکومەت و یەکێتی و پارتیدا، فتوا ئازادە و مەلاکان و ئیسلامیەکان، لەبەرامبەر هەموو داهینان و توێژینەوەیەکی زانستیدا، لەبەرامبەر هەر دەق و هۆنراوە و چیرۆک و .... کە رەخنە لە ئیسلام و رەمزەکانی بگرێت، دەست دەبەن بۆ فتواو هەرەشە.

لە ژێر سایەی سەرۆکدا، بۆ چرکەیەک چییە شەری دژی ژن، لەژێر ناوی بەرگری لە ناموس و شەرەفدا، وەستانی بۆ نییە و ئاماری کوشتنەکان، ناچاربوون بە خۆسوتاندنەکان، چەند بەرابەری قوربانیانی هەڵەبجەو تیرۆرەکانن.

لە ژیر سایەی سەرۆکدا، ئەوەی لەبەرامبەر بە سرودی ئەی رەقیب، ئالآی کوردستان، سەرکردە بە قارەمانکراوەکاندا، سنور، کەلتور... رەخنەی ریشەیی دەربڕێت باجی ریزنەگرتن لە مقەدەساتی قەومی و نیشتمانی دەبێ بدات.

لەژێر سایەی سەرۆکدا، ئازادی بێدینی تاوانە.

لەژیر سایەی سەرۆکدا، بەخەیاڵیش بیرکردنەوە لە بنەماڵە، تاوانە.لەژێر سایەی سەرۆکدا، ئازادی تاک و دەربرینی بۆچونی ئازادانەی تاکەکان، سزای قورسی هەیە.

لەژێر سایەی سەرۆکدا، تالآنی ئاشکرای داهاتی خەڵکی کوردستان دەکرێت، پەرلەمان دزترین دەزگای یاسایی و رەسمییە. ئەندام پەرلەمان بوون یانی موچەی سەدان قاتی کرێکارو کارمەندیکی ئاسایی، ئەوە جگە لە ئیمتیازەکانیان.

لە ژێر سایەی سەرۆکدا، دەیان باندی جاسوسی ئیران و تورکیا... مۆڵگەیان هەیە.

لە ژیر سایەی سەرۆکدا، تۆپبارانی ئێران و زیدەڕەوی ئاسمانی و زەمینی تورکیا، بێ هێڵی سورە.

لە ژێر سایەی سەرۆکدا، هەموو رۆژێک هیرش بۆسەر نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، میدیای نەیاری دەسەلآت، گەرمە. سزادان و بانگهێشتکردنیان بۆ دادگا!! بەردەوامە، کەچی نابینرێ مەلایەکی فتواچی، سەرکردەیەکی حزبی دەسەلآت، دادگا و یاسا پێی بگات.

لەژیر سایەی سەرۆکدا، دەیان رۆژنامەو گۆڤار داخراون، کەچی یەک مینبەری مزگەوت، یەک رۆژنامەو گۆڤاری ئیسلامیەمان و حزبی دەسەلآت، راناگیرێن.

لەژیر سایەی سەرۆکدا، حزب و لایەنی سیاسی نەیاری دەسەلآت، هەمیشە لەژێر گوشارو زۆر بۆ هێنان و بیدەنگکردندان.

لە ژیر سایەی سەرۆکدا،بە جیا لە پاراستن و زانیاری، تائیستا دوو هێزی ئاسایش، دوو هێزی پێشمەرگە، دوو دەزگای دژە تیرۆر، هەن. کەچی بکوژانی ئازادیخوازان و نوسەران و رۆژنامەنوسان و نەیارانی دەسەلآت... ئاشکرا ناکرێن.

لەژێر سایەی سەرۆکدا، هەردوو حزب هەموو جومگەکانی ژیانی ئابوریان قۆرغ کردوەو تائیستا پاروی دەمی خەڵک، بە بارمتەگیراوە.

لەژێر سایەی سەرۆکدا، رۆژانە بەردی بناغەی مزگەوت دائەنرێت و قوتابیانیش لەبەر بێجێگایی ٤٠ کەسیان لە پۆلیکدا دائەنرێن.

بە بەرچاوی سەرۆکەوە، دەسەڵات خەریکی دامەزراندنی مەلایە، کەچی بە هەزاران دەرچوی زانکۆکان بێکارن.

لە ژێر سایەی سەرۆکدا، پارەوپولێکی خەیاڵی تەرخانی مزگەوت، تەکیەوخانەقاکان، مەرقادو شێخ و مشایەخەکان، تەرخانی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی بۆنەو یادە ئیسلامیەکان، بۆنەو یادە قەومیەکان و کەسایەتیەکانیان دەکرێت. کە بەراسی تیرۆری ئابوری کۆمەڵگایە.

لەژێر سایەی سەرۆکدا، بڵاوبونەوەی سیدی فتوا ئامێز، کتێب و نامیلکەی ئاگراوی، ئازادن.

بەراستی هەموو ئەمانە، تیرۆری کۆمەڵگا نییە؟ تیرۆری هەوڵە مەدەنیەکان و بۆنەو یادە ئینسانیەکان نییە؟

ئەم هەموو زەمینە سازکردنە بۆ تیرۆر، ئەوەمان نیشان نادات، کە تەوجیهی تیرۆرەکان، سەد ئەوەندەی تیرۆرەکانە؟ بەراستی لە دۆخێکی ئاوادا، تیرۆرەکان لە تەوجیهەکانی تیرۆر کەمتر نین؟ تیرۆرەکان لە پەیامی تیرۆرەکان لەخوارتر نیین؟

ئایا تیکەڵکردنی دین و قەومپەرستی لەگەڵ دەسەڵات و یاسا و پەروەردەو فیرکردن، سەد بەرابەری تیرۆری جەستەیی کارەساتبار تر نییە و تیرۆری جەستەیی بەرهەمی تیرۆری فکری و یاسایی کۆمەڵگا نییە؟

ژینگەی تیرۆر، تەوجیهی تیرۆر، بەر لە تیرۆری باو، تیرۆری راستەقینەی کۆمەڵگایە. ئەم دەسەلاتە سیاسیەی لە کوردستان هەیە و سەرۆکی هەریم بەرپرسی یەکەمیەتی، مەیدان و زەمینەی تیرۆرەکانی سەدەشت و سۆرانی مامە حەمەو....و هەرەشە کردنە لە ئازادی و ئازدیخوازی.

لە ژێر سایەی سەرۆکدا، هەر یاساو بریاریک، هەر پەیام و دنیابینییەک، بەرگری لە مافی تاک و مافە مەدەنیەکانی ئینسان کردبێت، بەرگری لە ئیرادەی ئازادانەی فەرد کردبێ و رەخنەی رۆشنی ئاراستەی ئیسلام وعەشیرەت و قەومچێتی کردبێت، هەردوو حزب لەدژی وەستاونەتەوە. هەرەشەکان، نانبڕینەکان، رفاندنەکان، تیرۆرەکان کە لەدژی روناکبیر، رۆژنامەنووس، مامۆستای زانکۆ، هونەرمەند، گۆرانی بێژ، سیاسی، چەپ و کۆمۆنیست.... کراوە، ریشەی لەو راستیانەی سەرەوەدا بووە.

ئایا کاتیک خەرمانەیەک تاوانی یاسایی و نایاسایی، بیمافی و سەرکوت و کۆنەپەرستی و رفاندن و تیرۆر ....لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی و سەرۆکی هەرێمدا، بەڕیوە دەچیت، بەس نییە بۆ ئەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری داوای توردانی برگەو دەستەواژەکانی وەکو ئادابی گشتی، مقەدەساتی دینی و نەتەوەیی و نیشتمانی و تایەفەو بنەماڵەیی، بکات.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بزوتنەوەی ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی کوردستان، بزوتنەوەی دژی ژنکوژی، بزوتنەوەی دژی دەسەڵاتی میلیشیایی، بزوتنەوەی بەرگری لە مافە فەردی و مەدەنیەکان، بزوتنەوەی دژی کۆنەپەرستی دینی و عەشایەری و قەومچیتی، بزوتنەوەی دژی تیرۆر بە دەنگی بەرز داوای دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم بکات.

بە تایبەت کاتێک سەرۆکی هەرێم، خۆی بە ئاماژەدانی بە هێڵە سورەکان، بە راگەیاندنی ئەوەی هەرچی دەستەواژەو دەربرینی نامۆ بە هێڵەسورەکان! بەیان بکات، لەکوردستان جیگای نابێتەوە و تەمێ دەکرێت.

هەروەها نەک بکوژانی سەردەشت، بەڵکە بکوژانی دەیان نوسەر و رۆشنبیرو سیاسی و نەیاری دەسەڵات، تا ئێستا ئاشکرا نەکراون و لیژنەو بەدواداچونەکانیان!، بە شوێنێک نەگەیشتوون.

هەموو ئەمانە پێمان دەڵێین، سەرۆکی هەرێم پیویستە دەست لەکار بکێشێتەوە. بۆیە بزوتنەوەی نارەزایەتی ئێستای کوردستان، لەکاتیکدا پیویستە سەراسەری تر و رێکخراوتر بێت، پیویستە کرێکاران و کارمەندان بە راگرتنی کار بە بزوتنەوەکەوە پەیوەست بن، هاوکات پیویستە دروشمەکەشی ببێتە دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم.

١٤-٥-٢٠١٠

**ئەی شاپور و قابیل سەردەشتەکانی کێن ؟!**

بەشدار علی – بەشدار عوسمان

ئەوانیش نووسەر بوون،گەنج بوون ، نارازی بوون بە وەزعیەتی موجود، خەون و خەیاڵیان زۆر بوو، بەهیوابوون بە خەڵکی کوردستان بۆ گەیشت بە دنیایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران و بێ چەوساندنەوە وەکو سەردەشت عوسمان، بەڵام دوژمنانی ئازادی و یەکسانی و قەڵە رەشکەکانی تاریکی تاکو ژیانی شاهانەی خۆیان بەردەوام بێت ببن بەو بازرگانانەی ئیستا ، خەون و خولیاکانیان بەگۆڕ سپاردن.

شاپور عبدلقادر و قابیل عادل ، دوو چالاکوانی ماف و ئازادییەکانی ژنان و لاوان و کرێکاران و بێکاران و چەوساوانی کوردستان بوون ، بەرۆژی رووناک لەنێوجەرگەی شاری هەولێر سیانزە ساڵ پەر لە ئیستا تیرۆرکران و دواتریش دەسەڵاتی سیاسی نەک دیزەبەدەرخۆنەی بە کەیسەکە کرد بەڵکو وەکو کەیسەکەی سەردەشتی رۆژنامەنوس دوای تیرۆریشیان ویستی وەکو کارتێک بۆ زیاتر دەمکوتکردنەوەی خەڵک بەکاریبهێنێت ، خۆشبەختانە ئەمەیان بۆ نەچوە سەر .

هەموو شتێکیان کرد بۆ تەموموژاوی ئەو کەیسانە ، بەڵام ئەوان گیانبەختکردووی ڕێگای ئازادی و یەکسانی و خۆشبەختی ئینسانەکانن و بۆ هەمیشە لەنێو دڵ و دەروونی ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنوسانی دنیا بە زیندووی دەمێننەوە .

شاپور و قابیل دەیەیەک پێش ئیستا ووتیان ، ئەو دەسەڵاتە خێڵەکیە بەم عەقڵیەت و بیرکردنەوەیان لە ژیان و حوکمڕانی نەک ناتوانێ ببێتە خۆشبەختی بۆ کۆمەڵگا ، بەڵکو خۆی دەبێت بەبەدبەختی بۆ گەنجان و لاوان و خەڵکی ئەم مەملەکەتە ، دەیەیەک پێش ئیستا هۆشدارییاندا حوکمڕانانی ئەو وڵاتە نەک ڕێز لە ئازادی بیروڕا و بیرکردنەوە ناگرێت ، بەڵکو بە سیستەم و یاسا لە هەوڵی بەگۆڕ سپاردنی جیاوازییەکانی و سڕینەوەی ڕەنگە جیاوازییەکان و یەکڕەنگی و یەکدەنگیە ، دەیەیەک پێش ئیستا ووتیان ئەو دەسەڵاتە لە سەرکوت و ئازاردان و پەلاماردان ڕێک کۆپی دەسەڵاتە دکتاتۆر و تۆتالیەکانە ، تائیستاش ئەم هێرشانە کۆتای نەهاتوە و ڕۆژنامەنوسان و نوسەران و ئازادیخوازان لەژێر هەڕەشەی مەرگدان و سەدان سەردەشتیتری بەدوای خۆییدا هێنا . بەداخەوە دوایی تێپەڕبوونی دوو دەیە و پێشکەوتنەکانی دنیا هێشتا لە کوردستان موخالیفانی دەسەڵات لەژێر هەڕەشەدان، کە دەبوایە ئەو باسانە نەک باسی ئێمە نەبن بەڵکو ئەو قۆناغە سەرەتاییانەمان تێپەڕاندبوایە لەقۆناغی دورستکردنی دەوڵەت و کیانی سەربەخۆ بوینایە.

بەڵام بە داخەوە دەسەڵاتی سیاسی هێندە کاری لە سەر ناوەخۆ و موخالیفینی ناوخۆ کرد نیو هێندە بیری لە راماڵینی کۆسپ و ئاستەنگەکانی دەرەوە بۆ خەونە مەزنەکانی خەڵکی کوردستان نەکردەوە، ئەمەش نەک ئەزمونەکەی لەخاڵێک چەقاند بەڵکو ڕۆژلەدوای ڕۆژ،هەڵوێست دوایی هەڵوێست ،کارەسات دوایی کارەسات ( ئەزمونەکەی ) هێندە بچوککردەوە ئیتر بێ ئومێدی لەنێو دڵ و دەروونی هەزارەها لاو و گەنج و ژن و پیر و پەککەوتە و شۆرشگێڕی ئەو وڵاتە دورستکرد.

لەگەڵ ئەوەی باش دەزانین ئەگەر قوربانیەکان دابەشبکەین بەسەر بەرپرسان و دەسترۆیشتوانی ئەو مەملەکەتە ، بێ دوودڵی هەر دانەیەکیان دەیان سەردەشت و شاپور و قابیلی بەردەکەوێتو پێویستە لە کۆمەڵگا دووربخرێنەوە ، بەڵام ئێمە کەیسەکانی ئەو گیانبەختکردووانە ئاوا بچوک ناکەینەوە بەسەر بەرپرسانی ئەو مەملەکەتە دابەشیان بکەین کە ئەمە ئامانجی ئەو ئەحزابانەیە بۆ درێژەدان بە تەمەنی خۆیان و تێکنەچونی ژیانی شاهانەی خۆیان ، بەڵکو دەبێت بە لەگۆڕنانی سیستەمی موجود، کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی میلیشیایی ، دوورخستنەوەی ئەو جەلادانە لە کۆمەڵگا ،گێڕانەوەی موڵک و ماڵی خەڵک لەدەستی چەتەکان ، گێڕانەوەی خۆشبەختی و ئازادی و یەکسانی سزای بکوژان و خولقێنەرانی وەزعیەتی پڕ کۆیلایەتی و زوڵم وچەوسێنەرانەی بیست ساڵی رابردوو بدرێت، هەر هیچ نەبێت وەزعیەتێک دورست بێت ناو و ناوبانگ و شەخێیات و کەرامەتی ئینسانەکان نەبێتە بارمتە بەدەستی دەسەڵاتداران و لەکاتی ( نا ) ووتندا لەکەدار بکرێت ، ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە لەسەر ووتنی ووشەی نان و ئازادی قڕ نەکرێن .

2011/6/11

**کوردستان، دۆزەخێک بۆ رۆژنامەنوسان!...**

**کاروان محەمەد فەتاح**

**هەرچەندە نوسین و قسەکردن لەسەر کردەوە ناجۆرەکانی ئەم دەسەلاتە بۆ بێدەنگکردنی مرۆڤە دەنگدارەکان، ئەو مرۆڤانەی کە پرسیاری گرنگ دەوروژێنن، کارەکانی ئەم دەسەلاتە دەخەنە ژێر نەشتەری یەککالاکردنەوەو وردو درشتی سیستەمەکە شیدەکەنەوە و کێومالّی دەکەن بۆ کۆمەلّگاو، نوسین لەمەڕ هەولّی حیزبەکانی دەسەلاتدار بۆ کۆنترۆلّکردنی کۆی پنت و لق وپۆپەکانی ژیان، کارکردن بۆ داخستنی دەرگای کۆمەلّگا بەڕوی مۆدیرنەو جیهانگیری، بۆتە حیکایەتێکی زۆر بێتام و دوبارەبوەوە، کە چیدی کەس حەز بە خوێندنەوە و بیستنی ناکات، وەلێ روداوپێشهاتەکان ومامەلّەی ئەم دەسەلاتە دەبنەوە بەکەرەستەی خاوی نوسین وقسەکردن و ناچارمان دەکەن لەنێو هەمان بەستێندا بخولێینەوە، ناچار بین بنوسین و بەرخورد بکەین و دەست وپەنجە نەرم بکەین لەگەلّ ئەم هێزە بالادەستانە، تائەو ساتەی بەرەو کرانەوە دەڕۆن و سیستەمێک بەرهەم دێنن جیا لەم سیستەمە، کە خەلّکی هەش بەسەرو بەشمەینەتی کوردستان جگە لەستەم هیچی دی لێنەبینیوەو بۆ ساتێکیش لەژێر حکومدارییان هەستی بەئارامی نەکردوە.**

**ئەو کەسەی کەمێک موئەنگیو (وردبین) بێت و ئاگاداربێت لەبارودۆخی کۆمەلّگای کوردی، باش لەو راستییە تێدەگات لەئێستادا ئەو کەشەی کە دەسەلات لەم هەرێمەدا بۆ توێژێکی گرنگی کۆمەلّگا (رۆژنامەنوسان) دروستی کردوە، کەیلە لە ترس و بیم و دلّەڕاوکێ و نادلّنیایی، بەجۆرێک کە رۆژنامەنوسان بەرانبەر ژیانی خۆیان و ئاییندەیان یەقیندار نین، دلّنیاییان زیاتر لە وەهمێک دەچێت تا واقیع لەژێر سایەو چەتری ئەم دەسەلاتە لە کوردستان.**

**لەهەمو ئەو کۆمەلّگایانەی کە لە ئەلفوبێی دیموکراسی تێدەگەن، دەسەلات گرنگیەکی زۆر بە رۆژنامەنوسان دەدات، چونکە هەر رۆژنامەنوسانن کە دەنگی کۆمەلّگا دەدەن بەگوێی جیهاندا، هەوالّەکانی ناوەوە رومالّ دەکەن بۆ هەمو دنیاو دەبنە چاویلکەی چاوی کۆمەلّگا، پردی پەیوەندی نێوان میللەتانن، کەچی لە کوردستاندا رۆژنامەنوسان لە بری ئەوەی جێی قەدرو حورمەت بن، بەچاوی رێزەوە سەیربکرێن و شانازییان پێوە بکرێت، هیچ ئیعتیبارێکیان بۆ دانانرێت و وەکو مرۆڤێکی سادەش مامەلّەیان لەگەلّدا ناکرێت. نەک هەر ئەوە، بەلّکو هێرش دەکرێتە سەریان و تیرۆر دەکرێن، دەسەلات بەوەش بەرۆکیان بەرنادات و وازیان لێناهێنێت، بەلّکو تۆمەتیشیان دەخاتە پالّ و پێیان دەلّێت "تیرۆریست!، دەستی**

دەرەکی!، هەڕەشە بۆ سەر ئەزمونەکەمان!" هەمو ئەم واژە بێمانانە دەدەنە پاڵیان بۆ ڕەوایی بەخشین بۆ کارە ناڕەواکانیان.

لەتازەترین کاری ئەم هێزانە کەهیچ پەیوەندییەکیان بەدنیای نوێیەوە نییە نەک دواین، چونکە تا خاوەنی ئەم هێزانە بین دەبێت چاولەڕێی کاری هاوشێوەی ئەم کارە بین، ئەویش هەڵکوتانە سەر ڕۆژنامەنوس "ئاسۆس هەردی" کە خاوەنی کەسایەتییەکی پتەو بەهێزە، کارەکتەرێکی هێمن و لەسەرخۆی مەیدانی ڕۆژنامەنوسییە لەهەرێمی کوردستان و کارەکانی خۆی بەشێوەیەکی زانستیانە جێبەجێ دەکات، ڕۆژێک بەر لەجەژن بیری لە خۆشی ئەو ڕۆژە دەکردەوە، دەمەوئێوارە لەنوسینگەکەی خۆی بەرەو ماڵ ملی ڕێی گرت، کەچی ئازارو ناخۆشیان وەکو جەژنانە بۆ خۆی و خانەوادەکەی هێنا و بەشێوەیەکی نامرۆڤانەو بەکلکە دەمانچە شەلاڵی خوێنیان کرد. لەپشتی ئەم چەتەگەراییەوە بۆ سەر "ئاسۆس هەردی" ئەوە هەڵدەهێنجرێت و دەخوێنرێتەوە، کەئەم دەسەڵاتە نەک هەر دارکاری ئەو ڕۆژنامەنوسانە دەکات کەقسەی بەردەوامیان هەیە لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتیان، بەڵکو لاقەی ئەو ڕۆژنامەنوسانەش دەکات کە بەجۆرێک لەجۆرەکان کەمترین مەترسیان هەیە لەسەر ئەم هێزە بالادەستانە.

لەبنەتادا هیواخوازم دەسەڵات کۆتایی بەم دۆزەخە بهێنێت کە بۆ ڕۆژنامەنوسانی دروست کردوە، مامەڵەیەکی شیاو جوانیان لەگەڵدا بکات و بەچاوی دوژمن تەماشایان نەکات، چونکە هەر ڕۆژنامەنوسان ئێمە دەناسێنن بە جیهانی دەرەوەی خۆمان.

### سەردەشت و بەناز و پارتی

نەبەز گۆران

دوو کەیسی گرنگ لەبەردەستماندان کە چۆن ڕاگەیاندنی حیزب دەیانشێوێنێت و ئاراستەیەکی دیان دەداتێ بۆئەوەی کەمێک لەو خاڵە ڕەشە سپی بکاتەوە دەکەوێتە سەر تەوێڵی، کەیسی سەردەشت عوسمان و بەناز جەواد دوو کەیسی زیندون کە ڕاگەیاندنی حیزب بۆ خاتری حیزبەکەی دەیەوێت بیانگۆڕێت و پێی ناگۆڕێن، ئەوەی سەردەشت بریتیە لە فڕاندن و تیرۆرکردنی گەنجێکی قەڵەم بەدەست کە دەیەوێت لەشارەکەی خۆی بەدەنگی بەرز قسەبکات و ئەو چیرۆکانە بۆ گەنجانی شارەکەی بگێڕێتەوە کەبونەتە برین، پاش ڕفاندنەکەی بەشێوەیەکی چەتەیی دەیکوژن و تەرمەکەی لەدەرەوەی هەولێر فڕێدەدەن، ئەودەسەڵاتە حیزبیەی کە فەرمانڕەوایەتی ئەو شارە دەکات و بەرپرسیاری یەکەمە لەهەر کردەوەیەکی لەو جۆرە لەبری ئەوەی هەوڵی دەستگیرکردنی بکوژەکان بدات، هەڵدەستێت بەسیناریۆیەکی بێمانا جارێکی دی سەردەشت تیرۆردەکاتەوە، حیزب و ڕاگەیاندنەکەی لەو ناوچانە بەبێ ئەوەی دەرک بکەن کارەکانیان نە خەڵک ڕازی دەکات و نە دەموچاوی حیزب

جوان دەکات بەبێ گوێدانە هیچ ئاکارێکی ڕۆژنامەوانی ئەو پەیامە دەگەیەنن کە پەیامی ڕۆژنامەنووسی نییەو پەیامی بێحورمەتی کردنە بە ڕۆژنامەنووسی و بە ژیان و دیدی خەڵک، کاتێک حیزب هەڵدەستێت سەردەشت تیرۆردەکاتەوە ڕاگەیاندنی حیزب وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی ئەو دەهۆڵە دەکوتێت کە ناشرینترین دەنگی هەیە، ئیدی خۆ لەناو کۆی ئەو لێشاوی ڕاگەیاندنی حیزبەدا کەسێک نابینی پیشەییانەو ئاکاریانە بیربکاتەوە و دەنگ بەرز بکاتەوە بڵێت ئەوەی ئێوە دەیکەن جگە لە شێواندنی ڕاستیەک شتێکی دی نییە، حیزب پێیوایە بەم لۆژیکی ئیشکردنە دیدی خەڵک تێکدەدات و هەمووومان دەخاتە ئەو دۆخە قایلکەرەوە کە خۆشی باوەڕی پێی نییە، ڕەنگە حیزب و ڕاگەیاندنەکەی سەری خۆیان بیەشێنن و سیناریۆی گەورە بۆ هەموولایەک دروست بکەن، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە هەر هەڵەیەکی ئەوان لەم کردەوانە توڕەبوونی کۆمەڵێک خەڵکە، ڕۆمانەکەی جۆرج ئۆروێل پێمان دەڵێت ئەو جۆرە ڕاگەیاندنانە بۆئەوە دروست بوون حەقیقەت ئاوەژوبکەنەوە، دوریش نییە ناوی ڕاگەیاندنەکەیان وتنی حەقیقەت بێت، بەڵام حەقیقەتێک کە بۆتاقمێک گرنگە نەک بۆکۆی گشتی، لەکەیسی سەردەشتدا ئەو ڕاگەیاندنە حیزبیە هەمان ئەو دەورەی گێڕا کە لەرۆمانەکەی ئۆروێڵدا بەدیدەکرێت. پێمانوابوو ئیدی حیزب پاش کەیسی سەردەشت کەمێک عاقڵ بووەو بەخۆیدا دەچێتەوە و دەست بۆ حەقیقەتە گەورەکان نابات، کەچی بەهەمان دۆخی جارانەوە خۆی خستەوە ناوماڵەکان.

کەیسی بەناز جەواد، کەیسێکی شەرم هاوەرە هەم بۆ حکومەت و هەم بۆحیزب، حیزب ئەوەندە بەدبەختانە بیر دەکاتەوە پێی وایە لەسنورەکەی ئەو هیچ ڕوداوێک ڕونادات و سنوری ئەو ئەو بەهەشتەیە هەموو مرۆڤەکان خەونی پێوە دەبینن، بۆیە بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو شارە بەرەنگێکی بزرکاوەوە سیناریۆ بۆ کوشتنی کەسێکی خۆکوژ دەخولقێنێت، ئیدی خۆ بیر ناکاتەوە ڕۆژێک دێت ئەو لەو پۆستە نەماوەو ئازادیەک هاتووەتە بوون و لەسەر ئەو جۆرە کەیسانە دەبێت جارێکی دی بێتەوەو بەجۆرێکی دی قسەبکات و داوای لێبوردن بکات لە شێواندنی حەقیقەتەکان، ڕاگەیاندنی حیزب لەکەیسی بەنازدا هەوڵیدا کچێکی بێ گوناح کە بەشوێن ژیانێکی شەرەف مەندانەدا وێڵەو قبوڵی نەکردووە بەجۆرێکی ناتەندروست دابمەزرێت، ئەم ڕاگەیاندنە لەم کەیسەشدا بەلاوازی و خۆ خەڵەتاندنەوە هاتەوە ناو دیدی خەڵک، ئێمە ناخوازین ئەو ڕاگەیاندنە ڕاستگۆبێت و تەشریفاتی و ستایش ئامێز نەبێت، چونکە دەزانین ئەوکارەی پێناکرێت، بەڵام دەرچوون لەئاکاری ڕۆژنامەنووسی تائەو ڕادەیەش ئەمە جێگەی سەرسوڕمانە، بەناز بەدەنگی بەرزی خۆی کە دەنگێکی ڕاستگۆیانەیە دەڵێت لەپێناو ژیانێکی شەرەف مەندانە خۆم کوشت، خۆ ئێمە دەزانین بەناز گەر بیویستایە بە ڕێگەی ناتەندروست دابمەزرێت شوێنی باشیشیان بۆدادەنا، بەس ئەوەی قبوڵ نەکرد، کەچی پۆلیس و ڕاگەیاندنە حیزبیەکە بەچاو سورکردنەوە لەخانەوادەکەشی دەیانەوێت ڕاستیەک بشێوێنن کە بەناز بەدەنگی خۆی دەیڵێت، ئەم دوو کەیسە بەسن بۆ گەنجانی هەولێر لەوە تێبگەن کە ئیدی ئەو حیزبە هەموو بێحورمەتیەک بەژیانی گەنجی ئەو شارەوە دەکات تەنها لەبەر خاتری مانەوەی خۆی، ئێمە نەباوەڕمان بەو سیناریۆیانەی حیزب و ڕاگەیاندنەکەیەتی نە گومانیشمان لەوە هەیە حیزب بەم دوو کردەوەیەی بتوانێت

تۆسقاڵێکیش ڕەشایی سەر دەموچاوی خۆی لابدات، هەرچەندە جێگەی شەرمە بۆئێمە ئەوانە بەرۆژنامەنووس بزانرێن کە بەو شێوەیە راستەقینەکان تێکدەدەن. ئاواش جێگەی دڵخۆشیە کە لەناو گەنجاندا کەسی شەرەفمەندی وەک بەنازی تێدایە خۆکوشتنی پێ باشە تا خۆی بداتە دەست هەوەسی بەرپرسەکان تا بژێت.

**شار ئامنە.. ؟!**

**بەشدار عوسمان**

پاراستنی سەر و گیانی تاکەکان و دڵنیابوون لە هەناسەدانی بەیانی ، بێ شک لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە ،ئەگەر ئینسان لە گیان و ماڵ و منداڵ و خێزانی خۆی دڵنیا نەبێت و ئازاد نەبێت لەچوون و هاتن و کارکردن لە تاریکیدا کەڵە گورگ ببینێت ، بێگومان هیچ شتێک قیمەتی نیە و باڵەخانەی شوشە و ڤێلا و سیارەی جوان تەنها بۆ 100 کەسی ئەو وڵاتە باشە !

زیادەڕۆی نیە بڵێم کە هەولێر شوێنێکی لەبار نیە بۆ کاری سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەنوسی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی سیاسی و ئەستەمە بتوانی کارێک ، پرۆژەیەک ، گردبونەوەیەک ،بەرنامەیەکی رۆشنبیری ببەیتە پێشەوە . ئەگەریش لەدەرەوەی ئەو بازنەیە دەستی بۆ بەریت بە باجی قورس تەواو دەبێت و هەمیشە هەڕەشە و بەگۆڕ سپاردنی خۆت خانەوادەکەت و داروخانی هێزی مەعنەویت وەکو مۆتەکە لێت نابێتەوە .

سەرەرای ئەو هەلومەرجەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد ، لەماوەی تەنها دوو مانگی رابردوو بەداخەوە زیاتر لە 40 حاڵەتی کوستن کە زۆربەیان لە کرداری تیرۆر دەچن لەنێو هەولێر روویداوە .ئەمانە دیارترینیانن ،عرفانی تەمەن 27ساڵ لەنێو بازاری شاری هەولێر دەدرێتە بەر چەقۆ و هەر ئەو کات گیان لەدەست دەدات ، محمدی پاسەوان لە گەراجەکەی خۆی هەنجن هەنجن دەکرێت ، ئاراسی شۆفێر دەبرێتە دەرەوەی شار و دەدرێتە بە فیشەک ، لە کەسنەزانی نزیک هەولێر دوو تەرم لە چەند ساتێکدا دەکەوێت و تا ئیستاش هۆکارەکەی نارۆشنە ، بەهۆی سەرپێچی کوڕی بەرپرسێک لەیەک چرگەدا لە رووداوێکی هاتووچۆدا 24 قوربانی لێکەوتەوە، سیارەیەک بەبەرچاوی خەڵکەوە کرێکاران دەداتە بەر رێژنەی گوللە و یەکێک دەکوژێت و دووانیتر بریندار دەکا و وەکو بەرزەکی بانانیش بۆی دەرچوو، بێجگە لەو نوسەر و رۆژنامەنوس و چالاکوانانەی کە خۆیان لە سوچێکدا حەشارداوە و وەکو حەبی کەپسول رۆژانە هەڕەشەکان بۆیان دەچێتە ماڵەوە...، سەرەڕای تیرۆرکردنە مەعنەوییەکانیتر، ئەو وەزعیەتە نەک ناتواندرێت ئامن بێت بەڵکو مەترسیشە بۆ سەر کۆی سیستەمەکانی کۆمەڵگا. ( نمونەکەمان بە هەولێر هێناوەتەوە ، بێگومان وەزعیەتی شارەکانیتر ئەگەر لەهەولێر خراپتر نەبێت باشتر نیە )

لەماڵ چونە دەرەوە و نەگەڕانەوە لەم مەملەکەتە ( ئازادە )ی ئێمە ئاساییە ! ، چونکە ( قەزا و قەدەرەکانیان ) هێندە زۆر کردوە بەشی هەمووومان دەکات !

ئەمانەی کە روودەدا نە قەزاو قەدەرە ، نە رووداوی ئاسای و سروشتین ، بەڵکو دەرئەنجامی پەیڕەوکردنی سیستەمێکی دژی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی و رەفاهیەتی مرۆڤەکانە کە هەمیشە سوود لە کوشتن و برین و دورستکردنی کێشە و گرفت لەکۆمەڵگا دەبینێت ، بوونی ژینگەیەکی ئارام و خۆشگوزەران بە مەترسی لەسەر ژیان و چارەنوسی خۆی دەزانێت بۆیە هەمیشە لە هەوڵی دورستکردنی کێشە و ترس و دوو دڵییە لەنێو دڵ و دەروونی خەڵک ،ئەگینا دەکرێ هەڕەشە و چاو سورکردنەوەکان و داروخاندنی هێزی مەعنەوی چالاکوانان کۆتای پێبێت ، دەسەڵاتی ئەمنیش هێندە چاوکراوەن دەزانن لەژێرەوەی قەمیسەکانمان چی نوسراوە بە ئاسانی ئەو هەموو تاوانکارییە تێپەڕنەبێت کە ئاشکرا نەبونی بکوژەکان بەشێکە لە ترس و دڵەراوکێکان.

بەڵام بەداخەوە ئیستا شار تەنها بۆ ئەو کەسانە ئامنە کە قافڵەی پاسەوان و سیارەیان بەدوادا دەروات ،ئاخر وڵات و نیشتمان و دەسەڵاتی خۆماڵی بۆ کەسانێک چ مانایەکی هەیە کە لەچونە دەرەوەی خۆی دڵنیا نەبێت ؟ لە کەرامەت و شەخصیاتی خۆی دڵنیا نەبێت و دەبێت ئاگانە قسە بکەین و بجوڵێیتەوە تاکو نەکەوێتە بەر رەحمەتی کەسە نەخۆشەکانی حزب و دەزگا سیخورییەکانیان ؟

پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بە خۆیدا بچێتەوە ، با بگەرێینەوە مێژوو یان چاوێک بە وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە بخشێنین کامە هێز تونیوەیەتی بە دورستکردنی ژینگەیەکی پڕ ترس و تۆقاندن و داروخاندنی هێزی تاکەکان ،بەر بە کرانەوەی زیاتر و بەدیهێنانی خواست و ویستی گەنجان و لاوان و منالآن و ژنان بگرێت ؟!

ئەوە کامە سیاسەت و ئایدۆلۆژیایە بەرێگای لەناوبردنی بەرامبەرەکەی دەیەوێت پایەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵگا بچەسپێنیٚ؟! ؟!دەست بردن بۆکاری کوشتن و تیرۆر و تۆقاندن تەنها لەسیستەم و بەرنامەی حیزبە فاشی و دیکتاتۆرەکان جێگای دەبێتەوە،بەڵام بە شێوەیەکی کاتی و بێگومانیش پەشیمانی بەدواوەیە .

پێویستە هەموو لایەک لەوە تێبگەن ، شار و ژیان بە جیاوازی رەنگەکانەوە جوانە، رەخنەکانی ئێمەش لەو پەڕی دڵسۆزییە .

**داخوازیی**

**نووسینی: سۆران عەبدولقادر کۆستە**

**دوو کوکوختی لەسەر سنەوبەرێک نیشتبوون بەدەم ئاوابوونی ڕۆژەوە زۆر خۆش دەیانخوێند لەپڕ دێوێکی ناشرین هاتوو نەوتی کردە ژێر سنەوبەرەکە ئەوانیش بەرەو غەریبی هەڵهاتن ملیان ناو جارێکی تر ناگەڕێنەوە..**

**سەردەشت عوسمان زامی سۆرانی مامەحەمە نوێ دەکاتەوە ئاخۆ کێ بێ زامی سەردەشت بکولێنێتەوە؟ پرسێک دەستی بەستوین هیچی ترمان پێ ناکرێت.. ئەمڕۆ، چەند بابەتێکم نووسی، بەڵام پاش پیاچوونەوەی کۆتایی هیچیم بەدڵ نەبوو! چەند وتارێکم ئامادەکرد بۆ ئێوەی ئازیز هیچی جوان دەرنەچوو، هەمووی ڕەنگ بزرکاو لۆجیک شێواو تەرە وەک پاساری دوای ڕەو.. لە فلتەری کوالیتی دەرنەدەچوون، نووسینێک نەبوون بڵێم ئۆخەی بەبڕواوە دەچمە بەردەمی خوێنەرانم. هەستم بەشەرم دەکرد، وەک ئەوە وابوو لەپرسەی ئازیزێکدا سەرچۆپیم گرتبێت. ئەم پرسەیە پرسەی ئازادیە، هەموو هۆش و فکری ئێمەی داگیرکردوەو چیتر ناتوانین بەرامبەر پرسیارەکان شیکردنەوەو وەڵاممان هەبێت، تا پرسیاری گەورە وەڵام نەدەینەوە.. ترۆمای گوناهی تیرۆر هێندە گەورەیە هەموومانی تووشی تایەکی گەورە کردوە. ئێستا کاتی ئەوەیە خۆمان بابەتی وەڵام بین، نەک پرسیار درووست بکەین. بۆیە داخوازیی دەکەم:**

**بکوژانی سەردەشت عوسمان دەستگیر بکرێن و دادگاییەکی عادیلانە دادگایی بکرێن.**

**هەردوو وەزیری ناوخۆ و خوێندنی باڵا و بەڕێوەبەرەکانی پۆلیس و ئاسایشی شاری هەولێر بێقەید و شەرت بێ پرس، دەست لەکار بکێشنەوە، چونکە سەردەشت بەدیار چاوی پاسەوانەکانی ئەوانەوە فڕێنراوە.**

**حکومەتی هەرێم داوای لێبووردن لەکەس و کاری سەردەشت عوسمان بکات و قەرەبووی مەعنەوی و مادی بکرێنەوە. حەصانەی ڕاستەقینە بۆ خوێندکارەکانی زانکۆ، ڕۆژنامەنووسان دابین بکرێت، بەهەر نرخێکە.**

**عەمیدی کۆلیجی ئاداب لەسەر پۆستەکەی لاببرێت و ئەنجامی کەمتەرخەمی سزای یاسایی بدرێت، چونکە خەمساردی بەرامبەر مردنی هەر کەسێک هیچی جیاواز نیە لەبەشداریکردن لەکوشتنیدا.**

**بەرپرسی بازگەکان دەستگیر بکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت. ئەنجومەن و دەستەی بەڕێوەبردنی سەندیکای ڕۆژنامەوانی دەست لەکار بکێشنەوە، بەتایبەت لیژنەی پارێزگاری لەئازادی ڕۆژنامەنووسان دەبێت سزا بدرێت.**

ئەگەر ئەمانە نەکرێت، بەتایبەت بکوژانی ئەو شەهیدانە دیاری نەکرێت ئەوە دەسەڵات شەریکە! یان ئەنجامی گێلی و هەست نەکردن بەبەرپرسیارێتی شەریکە، یان پرۆسەی تیرۆری ڕێکخراو بەبڕیاری دەسەڵات بەڕێوە دەچێت. دڵنیام خواستەکان و داواکاریەکانی من داواکاری هەموو ئازادی خوازێکە، ئومێدم وایە بتوانین داواکانمان بێنینە دی. بەڵام دڵنیام و گومانیشم نیە کە نەئەو دەسەڵاتەماڵی ئەو شەهامەتەیە، نە ئەو ئەقڵەش توانای جێ بەجێکردنی داخوازیەکانی ئێمەیان هەیە. ئەم داخوازیە گەرچی چکۆلەیە، ڕەتکردنەوەی تێکڕامان لەیەک و دوو تەرە دەکات، قبوڵکردنیشی ئەگەری هەیە لەگەڵ یەکتر ئاشتمان کاتەوە.

**ئازادی ڕەخنە و نووسین، مافی مەیە بۆی دەمرین**

**مەرگی سەردەشت و سۆران، ئامان ترسینێ لێتان**

هەڤاڵ سەید حەسەن

09 / 05 / 2010

ڕێزوو خۆشەویستیم بۆ خانەوادەی شەهیدی پێنووس کاکە (سەردەشت عوسمان)، هیوادارم هاتنە وەڵامی سەراسەری خەڵکە باشەکەی کوردستانوو دوونیا، شتێ لە خەموو پەژارەی گیان لەدەستدانی ڕۆڵە کەیان کەم کاتەوە. بەڕای من ئەمڕۆ بار بەوە گەیشتووە کە لەبەرچاوی خەڵک، خوێدەواروو ڕۆناکبیران بکەونە بەر زەبری ئەوانەی نەزانانە بوونی خۆیان ژێرپێ دەخەن و بە بوونی ئازادانەو و خورتانەی مرۆڤەکان شاگەشکەن، بەڕەخنەی بەجێ شێتگێڕن.کوژرانی گەنجێکی وا کەم تەمەن لەبەردەمی زانکۆکەیدا، مایەی ڕووزەردییە بۆ هەمووان، شەرمەزارییە جەسارەتی ئەم دەستە چەپەڵە کراوەییەی، بێ سڵەمینەوەو بێ بەزییانە ئامادەییە بۆ تەقەو تیرۆرو تاساندنی تاکێکی سڤیلوو بێ دیفاع. زۆر شت زانراوە لەسەر چەپەڵیوو بێویژدانی ئەم تاوانباروو مرۆڤکوژانە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە بۆ ئەمڕۆی بەشە ڕۆناکبیروو ڕامیارە ڕەسەنوو ڕاستگۆکانی نێو چینوو توێژە بەدەنگهاتووەکانی کۆمەڵ، کە هەڕەشەکان بە جدی وەرگیرێن، چاوەڕوانی هاوکاریوو دەستگیرۆیی خەڵکانێک نەبن، کە لەباشترین باردا ئەگەر خۆیان داڕێژەری نەبن، ئەوا لەسێبەری ئەوانوو بە تەبارەکیو خۆشحاڵی ئەوان ڕوویداوە. بۆیە چاوەڕوانییەکان دەبێ لەخۆتانەوە سەرچاوەبگرێ، پشت بەخۆبەستنوو هاوکاری خۆبەخۆی ئەوانەی قبووڵی تیرۆروو هەڕەشەو سوکایەتی ناکەن، دەستەبەری مانەوەو پاراستنی سەروو کەرامەتیان دەکات. وشیاریوو ئاگایی لە تێبینی کردنی هەرشێوازێکی خەراپەکاری گرنگی خۆی هەییە، گرنگە خەلکی ڕووناکبیر خوێندنەوەو پێشبینییەکانی خۆیان بەڕاشکاوی بخەنە ڕوو. گەیاندنی زووبەزووی هەر گەفوو لادانێ، تەنانەت ئەگەر پەیامە دزێوەکە هەڵگری کەمترین ڕادەی هەڕەشەو ڕقی

سەرزارەکیش بێ، گەر وەک خۆی خوێندنەوەی بۆ بکرێ و ویستە شراوەکانی ناوی ئاشکرا بکرێ، کارێکی بەسوودە. ڕیوشوێنی پاراستنی گیانی گرووهی قەلەموو راستیوو ویژدان، پێویستی بە ئاشکرابوونی هەڵوێستی تاکوو کۆمەڵانی خەڵکە بەرامبەر بە توندووتیژی، بەرامبەر بە کوشتنی ڕۆژنامەوان، یا هەر کەسێکی چالاکوان لەهەر بوارێکی خزمەتگەیاندن بە کۆمەڵانی خەلک. هۆشیاری و مەدەنییەتی ئێمە لە سەرووفەساڵی کەسێک یا ڕووڕێکی و جوانی (ڕۆژنامەو ماڵپەڕە)کان، ژمارە زۆری ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، یا هەر شتێکی تری بێ جەوهەر کۆنابێتەوە، بەڵکوو کارێکی جۆرییەوو زۆر جیاوازە لە هەڵپەوو فشەی ئەوانەی دڵیان بە شارێک یان دیوی ناوەوەی تاقە ڕێکخراوێ یان دانە حیزبێ خۆشەو بەدوای کاری سەرپێییوو قازانجی خیرای سیاسی کورت مەودادا کەوتوون،وەک هەمیشە دوابەدوای گەیشتن بە مەراموو پارەو پێگە ی ویستراو، سحری کار بەتاڵ دەبێتەوە، دووبارەخۆمان لە کەوانەی، مریشک لە هێلکەیە یان هێلکە لەمریشکە، دیسان لە تراوماو پەندی جاشی یەک ماکەروو فەرخە مشکی هەمباندڕ دەرنابەین. کەشی گشتی هەرێم هەموو شارو دێهاتەکانی کوردستان و سەراسەری ڕەوتوو ڕێکخراوە حیزبیو سڤیلەکان دەگرێتەوە. ئەوانەی پێیان وایە مۆدێرنوو جیاوازن، خاوەن فەرهەنگ و سەلیقەو روانگەن، گەرەکە باشتر هەست بە گرنگی کرانەوەمان بۆیەکتر بکەن. کورتی هێنانوو بچووک بوونەوەو متبوون یا پێچەوانەکەیی، هەر لە بەرهەموو چنەی دەستی خۆمانەو شتێک نییە لەدەرەوەی ئەتمۆسفێری گشتی وێناکرێ. گەشەدان بە لێکحاڵی بوونوو دەرخستنی پێناسوو ڕاستی ویستەکانمان، تا لەڕۆشنایی ئەمەدا، لەگەل یەکا، تەکاموول بە پرۆسەی گونجانوو تێپەراندنی دۆخوو قۆناخێکی وەک ئەمڕۆ بدرێ بەهادارە. گرنگی هاوپشتی و هاوبەندی لەسەر ئاستی سەراسەری کۆمەڵگە بۆ پرسێکی وا گشتگیر پێویستییەکی حاشا هەڵنەگروو حەیاتییە. گرنگی دابینکردنی کەشێکی تا ئەندازەییەک ئازادوو پاکژ لە توندووتیژی پێویستییەکی مرڤانەی سەراسەریمانە، ئەوەی مەبەستی کاروو خەباتە لەو پێناوەدا، گرنگە بە گۆشوو گیانێکی گەورەتر لەوەی دوێنێ پێی ئاشنابووین بێینە ناو ئەم کەمپینە هەمیشییەی مانەوەو پاراستنی کەرامەتوو گیان، سەختی زاموو کۆستەکان پێویستی ئەوە دێنێتەگۆڕێ کە گشتمان هاندەربین بۆ یەکتر لەم پێناوەدا، ئەوەندەی لە دەستماندێ و بەوەی کە بۆمان گونجاوە کاری دڵڕەقانە مەحکوومکەین. گومانی تیانییە کە نوسینوو قسە گرنگی خۆی هەییە. بەڵام دونیایەک تێکستوو قسەی نەستەق، بە پێنووسوو قوڕگی بوێروو پڕهاواروو بە گڵپە، خۆ بەیانکردن بە پانترکردنی لافیتەی ڕەشوو شیوەنە تێکستی قەڵەوی ماڵپەڕوو ڕۆژنامەکان نییە ئەمانە هەمووی ناکاتە ئاکاری جدی یەکێکمان لە نێو کایەی ژیاندا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆو مەیدانیدا، دژ بە توندووتیژی. ئالێرەدا گوتەو نووسین زیندووەو زیاتر لایەق بە ژیان و پێویستییەکانی خەڵکی ئاساییە، بەدڵنیاییەوە سودی دەبێ بۆ کەسوو گرووپە تووڕەو شەڕەنگێزوو دەسوەشێن و مرۆڤکوژە دەروون شیواوو نەخۆشەکانیش، تا لەوە زیاتر زیان بەخۆیان نەگەیەنن. خەسڵەتی جیاوازی مرۆڤی کاراوو خاوەن خەونوو هیوا، لەسەری دەسەپێنێ کە ئاکارەکانی لە بۆتەی سەرمێزوو پشت میکرۆفۆن زیاتر مەودا وەرگرێ، ئەوکاتە شتەکان لە جوغزی خۆش خەیاڵی و خۆپەرستی و

ترسی نابەجێ دەردەچێ و دەبێتە کارێکی ئافەریدەو بەسوود، لەو دوڕیانەدا کە مرۆڤەکان جیادەبنەوە لە سلبییەتوو داماویوو خۆ خەڵەتاندنوو خۆ پێکەمی، کۆڕێی گونجاوی ژیانێکی باشتر، هەڵدەبژێرنوو چاوەڕوانی مەعجیزەو هێزیکی خاریقوو دەرەکی ناکەن تا دوونیایان بۆ بکاتە بەهەشتی بێ کێشە، بەڵکوو بە ئامرازە ساکارەکانی خۆیان بە مرۆڤبوونیان، بە پردی زمان و دڵی پڕ عەشقوو هیوای گەنجانەییان، ئەڵتەرنەتیڤی ناتووندووتیژیی دێننە ناو کایەی ژیان. تەنها ڕێگای بەرخودانوو جوڵانەوە بۆ سەندنەوەی مافە گشتییەکان لەژێر ویستی وەستاندنی تیرۆروو شەمەزارکردنی زەبرووزەنگ، دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ و هوومێدی پێشگرتن بە تاوانی قەتلوو ئەشکەنجەی لێ بکەوێتەوە. بە ڕوونی، ویستی بێ سازشی بەردەوام بوون لەژیان، تایبەتمەندی و خەسڵەتی تازە بۆ بزاڤێکی وا فراهەم دەکات. ژەهر بەژەهر چارەسەر ناکات کوشتن بە کوشتنێکی تر ڕاناگرێ، شکان بە شکانێکی تر تەواوناکات، بەڵکوو بزاڤی نوێ ڕێگە نادا هەموو دەرووبەر ژەهراوی بێ و ژمارەی قەبروو وێرانی زیادکا. سنوور بۆ هەموو ئەو شتە خەراپانە دەکات تایبەت مەندیوو میکانیزمی کاری خۆی، خۆی پێشاندەدا بەوشێوەییە کە جیاوازە لە ڕەگەزی ڕقوو زۆرداراییی و خۆخۆرییەک کە بوونی هەییە لە نیو هەر کۆلانوو بەردەرکی هەر زانکۆو مەحکەمەو وەزارەتوو پەرلەماندا. بۆیە دووبارە دێژم وەستانەوە لەڕووی دڵڕەقی و سوکایەتی و کوشتن، پێویستی بە هاوپشتی سەراسەری کەسایەتییە بە مروەتوو شەریفوو دڵسۆز بەخۆوو خەڵکە.

**هەولێری تیرۆر یان" دوبەی" بارزانی!!!**

**حوکمڕانی لە هەولێر لە حوکمڕانی " ئەشرەف "* دەچێت!**

ناوی دوبەی لەم ساڵانەی دواییدا ،بۆتە سونبولی ئارامی سەرمایە گوزاری لە دنیا.واتە هەر شوێنێک کە سەرمایەگوزاری زۆرێک لە وولاتانی دنیای لێکرا ،یەکێک لە مەرجە سەرەکی و بنەڕەتیەکان دابین کردنی ئەمن و ئاسایش و سەروەری یاسایە! بۆ ئەو جێگایە ،تاوەکو سەرمایەداران لە گیان و سەروەتی خۆیان دڵنیابن .

چەند ساڵیک لەمەوبەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان ،بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەبێت هەولێر بکات بە " دوبەی"!هەر وەک لە سەرەوە ئیشارەمان پێکرد،هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوە ،دابین کردنی ئەمن وئاسایش و سەروەری یاسایە! لە هەولێر.

بەڵام وا پێ دەچێت بارزانی و حکومەتەکەی بە شێوەیەکی کە لەو کارە گەیشتبن،بۆیە پێش دابین کردنی مەرجەکانی سەرەوە ،هاتوون بیناو ڤیلای لە شوشە دروست کراویان سازداوە ،تەنانەت" ئاوو کارەبا" ی تەواویشیان بۆ دابین نەکردوە چ جای ئاسایش و سەروەری یاسا!

ئەوەتانێ ،پیاوانی زێرەڤان ، بە ڕۆژی ڕووناک و لە ناوجەرگەی شوێنی فێربوون و بە تەنیشت هاوەڵە زێرەڤانیەکانیانەوە کە پاراستنی حەرەمی زانکۆیان لە ئەستۆیە،

"سەردەشت" ی لاوی دڵ خۆش بە دوا ساڵی خوێندنی و دڵ پڕاوپڕ لە هیوا ،" سەر سوور ئاساکانی بەعس" بێ منەتانە دەڕفێنن و بەناو ئاسایش وپۆلیس و بازگەکانی پایتەختی کوردستان و دوبەی کوردستاندا دەگەیەننە ناوچە بەناو کێشە لە سەرەکانی کوردستان

" موسڵ" و ئەو دڵە گەرمە بۆ دوا ڕۆژ ،سارد دەکەنەوە و دەیکەنە دیاری بۆ ئەوەی سەرۆکمان بیکات بە دوبەی!!

بەڕاستی شەرم هێنەرو قێزەونە،لە کوردستانی خاوەن کارەساتی" بەکر علی ،نەزیر عومەر،رەوف کامیل ،شاپورو قابیل ،دوعا،سۆرانی مامە حەمە،حەمەی حەلاق وتا دواییینیان کە رەنگە دوایین نەبێت کاکە سەردەشت" ناوی شارستانیەت و دیموکراسی ومافی مرۆڤ و سەروەری یاسا وهەڵبژاردن و ئازادی رۆژنامەو بیر ڕادەربڕین شتی تر بێنی!

بەڵام ،وادیارە دەسەڵاتدارانی کوردستان ،تاوەکو ئێستاش هەر وەک " ئەشرەف" بیر دەکەنەوەو خەڵکی کوردستانیش هەروەک شارەکەی ئەشرەف چاولێدەکەن!

هەربۆیە بێ سڵ کردنەوە ،ئەشرەف ئاسا حوکم دەکەن و دەکوژن و دەخۆن وگاڵتە بە خەڵک دەکەن!

بەڵام، دەبێ دەسەڵتدارانی کوردستان و دوبەی سەرۆک، باش بزانن کە جەماوەری خەڵکی کوردستان لە نمونەی "سەردەشت" چاویان کراوەو زیتە،بیریان ڕۆشن وئاسۆیان ئەوەندە بەڕوونی لێ دیارە ،کە ناهێڵن ئەم جارە ملهوڕیەکانیان 35 ساڵی وەک حاکمی پێش خۆیان بخایەنێت و تەمەنی ئەو ئەشرەفانەش ناهێڵدرێت بە ساڵا بچێت!

بکوژانی سەردەشت ،دڵنیا بن لەوەی، ئەو کارەی ئەوان کردیان لە " ڕووداوێکی کوشتنی ئاسایی"یەوە بووبە" مەسەلە و قەزیەیەکی کۆمەڵ و هەموو ئینسان دۆست و پێشکەوتو خوازی کوردستان.

سەروەری بۆ گیانی پاکی کاکە سەردەشت!.

ڕیسوایی و زەبوونی بۆ پیاوکوزان!

ئاراس ڕەشید

١٠ ی مەی ٢٠١٠

* ئەشرەف: زنجیرە درامایەکە لە تەلەفزیۆنی کەنالی ئاسمانی کوردستان تیڤی یەوە بڵاو دەکرێتەوە،کە بیرۆکەکەی لە برایم زەبۆک ەوە وەرگیراوە.

**ئەشکەنجەو خوێن دوو باج بۆ ئازادی**

**سۆران عەبدولقادر کۆستە**

**تا ئەو جێیەی بڕیار دەدەین دیموکراسی ببێتە سیستەمی ژیانی سیاسی ئەشکەنجەو قوربانی دوو کردەی پێویستن لەسەر خەڵک بیانکاتە دوو شێوازی باج بەخشین بۆ گەیشتن بەئازادی. تا ئەو ساتەی داگیرکاری فۆرمی ژیانی نیشتمانەو کۆلۆنیالیک یان سووکە جاشێک حاکمە ئەشکەنجەو خوێن سرووتێکە بۆ خەبات، پەیامێکە بۆ مقاومەتء سەلماندنی ویستی ئازاد. بەڵام لەو ساتەوە سیستەم ناوی سیستەمێکی دیموکراتء نشتمان لەخودموختاریا دەژی ئیدی ئەشکەنجەو خوێن تیرۆرە یان تیرۆری دەوڵەتە یان تیرۆری تاقمگەریء باندەکانی تۆقاندن کەئەویش هەر دەوڵەت لێی بەرپرسیارە.**

**هەموو کارەساتی خێڵی حەمەو یەکی شوباتمان بەنەفرەتکرد. هاتنی تورکء پاسدارانمان ڕەشلیستکردن.. دەستە ناوخۆییەکانی سەرکوتی ئازادیمان خستوەتە ژێر پرسیار. بەڵام ئەمڕۆ کاتێک پرسیار وەڵامی نیەو تاوان بەردەوامە، تاوان تاوانی تیرۆرە، خەم خەمی ئازادیء پرس پرسی پێگەی دیموکراسیە، ئەوا مافی هەمووومانە بکەوینە گومانەوە لەدەسەڵات. دەست بدەینە شێوازێکی تر لەلێپرسینەوەو بەدوادا چوون. ئیدی نارەزاییء بەیاننامەی پرۆتێستۆ، دەردی دایکء باوکی جگەر سووتاو خەمی نووسین تیمار ناکات. ئیدی دەبێت ئاکسیۆنی گەورەتر بەڕێوە بچێتء فەرمانگەو خوێندنگەو دووکانء بازاڕ داخرێن. دزینء فڕاندنی کەسێک "ئەویش نووسەرە، ڕۆژنامە نووسە" لەبەردەم کۆلیجی ئادابی زانکۆیەکی پایتەختی کوردستاندا هەر وا گەمەیە؟ "خۆتان واتەنی". ئەم کارە بەکێ دەکرێت؟ تێپەڕبوونی تاوانبار بەخودی قوربانی تاوانەوە بەچەند بازگەیەکی نێوان هەولێرء نەینەوادا بەکێ دەکرێت؟**

**کێ بوون ئەوانەی ویستیان ئەحمەد میرەی سەرنووسەر تیرۆر بکەن؟ کوان سزاکان چۆن بوون؟ ئەی ئەوانەی سۆرانیان کوشت؟ مەلەفەکەی ئەم شەهیدە لەبیرکرا! زۆر زۆر سەیرە پەڵە هەوری ڕەشی شێخ زاناکان بەردەوامە! بۆ؟ خۆ لەسێدارە درا! تا ئێستەش تیرۆر بەردەوامە؟ خۆ ئەنسارء لئیسلام کۆنترۆڵکرا! جاران دژی یەکێتیء پارتی بوو، ئێستا دژی ئازادیە، ئەوسا کێ بوو؟ ئێستا کێیە؟.. کێن ئەوانەی لەنەبەز گۆرانیان دا؟ ء چەند جارێک ویستیان تیرۆری کەن؟ کێ بوون ئەوانەی منیان فڕاند؟ هەمان دەستوور هەمان شێوەی کاکە سەردەشت بەسەر منیشدا هات، هەشت مانگێک لەمەوبەر. ئایا کاکە سەردەشتیش وەک من بەتەما بوو پۆستی باشتری دەستکەوێت لەلای بزووتنەوەی گۆڕان؟ ئایا کاکە سەردەشت دەیویست مافی پەنابەری وەرگرێت؟ ئایا حکومەتی هەرێم تاکەی ئەم مەلەفەش بەهەڵواسراوی دەهێڵێتەوە؟ یان لەبەر ئەوەی لەنەینەوا تەرمەکەی دۆزراوەتەوە ئیتر لەپسپۆڕی هەرێمدا نیە؟ ئایا دەکرێت ئیتر بەتەنیا بەیاننامەو پرۆتێستۆ بەس بێت بۆ**

سەلامەتی ژیانی نووسەران؟ ئەوەی لەپوولء پارەی بەرپرسان دەپێچێتەوە؟ ئەوەی مێژوویان ئاشکرا دەکات؟ ئەوەی پرسیار لەمۆراڵء گەندەڵیەکانیان دەکات؟ ئەوەی بەدوای گرێبەستە نەوتیەکانیان بکەوێت؟ ئەوەی لەسەر سەردانەکانیان پرسیار دابنێت؟ یان دەیکوژن یان دەیکوژن، ئیدی بەهەر جۆرێکە دەیکوژن، لەزیندانی گومناوا، لەئاوارەییء تاراوگەدا، لەڕاستیداو بەجەستە تیرۆری دەکەن، تیرۆر بەردەوامە.. دەپرسمەوەو دەڵێم ئایا ئەمجارەش نووسەرێک، ئەمجارەش لەشوێنێکی گشتی وەک بەردەم زانکۆدا، ئەمجارەش فڕاندن پاشان تیرۆرکردن؟ ئەمجارەش هەڵواسینی مەلەفێکی ترە؟ ئەمجارەش دڵی خۆمان بەڕاپۆرتێکی ئەمنستی خۆش بکەین؟ ئایا هێشتا دەڵێین کوردستان ئارامەو ئاسایش بەردەوامەء بابێتە ئەزموون بۆ بەشەکەی تری ئێراق؟ ئەی ئەو هەموو دەزگا ئەمنیء ئیستخباراتیە چی؟ ئەی پاش ئەوەی بەزمی شێخ زاناو ئەحمەد میرەو نەبەز گۆڕانء مەرگی کاکە سەردەشت وەزیری ناوخۆ بیر لەئیستیقالە ناکاتەوە؟ ئەی لیژنەی ئەمنی پەرلەمان دەڵێ چی؟ یان ئاسایش و پۆلیس دەڵێن کێشەی خێزانیە؟ ئەی بۆ نووسەر؟ جارێکی تریش هەر نووسەر؟

نا پێم وایە ئیتر بەسە، با پەرلەمانتاران بێنە دەر دەوام نەکەن، دووکانەکان داخەن، خوێندنگەمان بۆچیە بۆ ئازادی و زانین نەبێت؟ خۆ ئاو هەر ناتەندرووستء کارەباش هەر کزە، کەسیش ناتوانێت لەسامان بپرسێتەوە یان لەخێڵء بنەماڵەی حوکمڕان پرسیار بکات؟ ئیتر دەبێت بەس بێت لەشوێنێکا جام سارێژکاو وەڵام هەبێت.

**لەزاری خامەکەی (سەردەشت عوسمان) دوە...**

سۆران عەبدولقادر کۆستە

بەر لەهەر شت، سەری ڕێز بۆ شەهیدێکی تری قەڵەم، بۆ دەنگێکی تری ئازا دژ بەتاوانێکی تری ترسنۆکانەو پڕ شەرم.

بەیانی 4/5/ 2010 بوو خامە لەبەر خۆیەوە دەستی پێکرد:

"من و شەهید دواساڵی زانکۆمانە و ئەزموونەکان تەواو دەکەین ئەمڕۆ دوای لەماڵ چوونەدەر بەرەو زانکۆ خەیاڵمکرد، لەمەوپاش من و نووسەر پێکەوە دێین و دەچین، بولبوول ئاسا ئازادانە دەچڕین. سەرەدەشت گیان، سەرەی هاوعەشقی من، تۆ بێژە و منیش خوێنی دڵمت بۆ دەکەمە سەر نامەکانی بەردەمت. ئیتر بابەهەموو ئەو زمانانە بنووسین کەپڕن لەعەشقی نووسین، کەپڕن لەجوانییەکانی ژیان، کەبەهرەمەندن لەئازادی بیروڕاو جیاوازی بۆچوون. تۆ بۆم بڵێ و منیش دەینووسمەوە، بەڵێن بێت لەگەڵتا پێکەوە تا پیر و خەڕۆ دەبین دوو عاشقی لاپەڕە و ئازادی بین، دە تۆش بڵێ "بەڵێن". ئەم ڕۆژنامەو ئەو ڕۆژنامە پڕ دەکەینەوە، لەگۆڤاردا دەنووسین، کتێبی خۆمان چاپدەکەین.. باوەڕم پێبکە هەر چۆن ناوی عاشقەکەتم لەخەیاڵی دڵداریدا هەڵکۆڵیوە، ئاوا بەجوانترین خەت ناوی مناڵەکانت بۆ

دەنووسمەوە، بەئارەزووی تۆ.. تۆ بەڵێنم بدەرێ، پێکەوە هاوعەشقی نووسین بین، من ناخەوم پێکەوە هەر دەنووسین..

لەناکاو خامە پرسی: "سەرەگیان سەرەی عاشق ئەم بەیانیە بەرچاییت کردوەتەوەتەوە؟".. "تکایە بەسکی ناشتا بێزارانە یاری بەلاشەی پڕ هەستی من مەکە، ئەمڕۆ ڕۆژێکی درێژە"..

خامەی داماو، خامەی بێئاگا، وەک منداڵێکی بێگوناە و چاوەڕوانی چیرۆک، نەیدەزانی ئەوە دوا گفتگۆی نێوانیانە و ئێستا هەر چاوەڕوانە سەردەشت بێتەوە و پێکەوە خەونەکانیان تەواوبکەن، ئەم چیرۆک بۆ ئەو بخوێنێتەوەو ئەویش بەزمانێکی جوان بینووسێتەوە.. خامە لەزمانی تر بێزار بوو بوو، خامە لە (زمان و پەنجەکانی سەردەشت) ەوە چێژی نووسین و وەرگێڕانی کردبوو.. خامە هندێ جار دەسڵەمیەوەو هەندێ جاریش بەور ئاسا دەکەوتە ڕێ.. ئیدی لەسەر مێزەکەی بەردەمی شەهیدەوە وەک مناڵێکی پێگرتووی نوێ سەمای دەکرد... بەلام ئەم لەبری ترپەی پێ هەناسەی وشەی هەڵدەڕشت.. ئەو ساتانەی سادە دەدوا ڕۆژنامەکان بەڕەنگی زمانی سەردەشتەوە دەتریقانەوە.. ئەو ساتانەش چابوگ دەبوو ڕکابەریی پێنووسەکەی سۆرانی شەهیدی دەکرد و پێی دەوت: "هاوڕێ لەنێو نەوەی نوێدا نایەڵم تۆ تەنیا بیت، دەگەمە لات و پێکەوە بەهەموو بەعسێکی تیرۆریست دەڵێین: ئێمە زۆرتر دەبین ئێوە کەمتر و کەمترین. تاڕۆژێ دێ خوێنی خامەو نووسەر پێکەوە دەبینە هەور، دەبینە لافاو، تا بەسەر کۆتەی پیرە دارەوە چاوچیسکۆکان زەندەقتان لەناوەکانمان بچێ".

دوای دوو ڕۆژی ڕەش لەکونێکی زۆر تاریکا، لەناو لەپی دەستی جەلادێکی هەست کوێر و هزر باریکا.. لەناکاو هەواڵی تەرمی سەردەشت گەیشتە خامەی بێکەس. ئەو خامەیەی کەس نازانێت لەکوێ جێ ماوە؟ لەسەیارەیەکی جام نووتەکا، لەپۆستاڵی سەربازێکی ناوبازگەیەکی خەمساردء شەریکا، لەوڵاتێکی بێ ئاسایش و پڕ لەعەسکەرو پڕ لەخانەی ئەمنیء دەزگای نایاساییدا، ئەوەی لەگەڵ تەرمی ڕۆژنامەنووسدا گەڕایەوە وەسێتێکی خامەبوو بەتەوێڵی شەهیدەوە، بەلام ئەمجارەیان بەڕۆحی سەردەشتء هەمووومان نووسی: کەس نەمفرۆشێت، قەڵەم سازەی بەسەء ئیدی ئەوانەی دەربارن شوورەییە بۆتان باسی ئازادی مکەن. بمدەنە دەست یەکێک تاسەر ئازادانە بنووسێ، بمدەنە دەست ئەوکەسەی چیتر لەزەبر و لەشەهید بوونیش ناترسێ.

**سیناریۆی پارتی ناحەقیەکی گەورەیە بەرامبەر دنیابینی و حەقیقەتی سەردەشت عوسمان**

عەبدوڵا مەحمود

سەرئەنجام لیژنەی پارتی نەک بۆ لێکۆڵینەوە بەڵکە بۆ سازکردنی سیناریۆیەک، دوای زیاتر لە ٤مانگ لە ڕاگەیەنراوێکدا شانۆگەریەکی قێزەونی، سەبارەت بە دۆسیەی رفاندن و پاشان تیرۆرکردنی سەردەشتی خوێندکارو ڕۆژنامەنووس، ڕاگەیاند. پاشانیش لەبەرامبەر

کاردانەوەکان بەرووی ئەم سیناریۆیەدا، شەوی ٢١ لەسەر ٩/٢٢ کەسێکیان هێنایە سەر ڕووی تەلەفزیۆنەکەیان تاراستی سیناریۆی ناو ڕاگەیاندنەکە، نیشان بدەن.

بۆ هەموو کەسێکی هوشیارو وە چاودێری سیاسی چاوەروانکراو بوو کە پارتی پێویستی بە سیناریۆیەکە لەپەیوەند بە دۆسیەی سەردەشتەوە. چ بە سازکرنی شانۆی هێنانی چەند زیندانییەکی نهێنییەوە یان هێنانی چەند قوربانییەک بۆ سەر تەلەفزیۆنەکەیان، تا تاوانباربوونی خۆیان ڕابگەیەنن، و پارتیش لەو ڕێگایەوە چەواشەکاریەک نیشانی ڕای گشتی بدات و تورەیی و نەفرەتی شەقام و دنیای دەرەوەی پێ خاوبکاتەوە.

بۆ کەسانیک کە دەزگای فکری و سیاسی و هاوکات پراکتیکی پارتی باش دەناسن چاوەروانکراو بوو کەپارتی نایەوێت ئەم کەیسە بشارێتەوەو سیناریۆیەک سازبکات کە تیایدا خۆی بێبەری بکات و وا نیشان بدات کە پارتی دەستی لە تیرۆری سەردەشتدا نییە. هەر وەکو ڕووداوی ٣١ ئاب کە تائێستاش ئەنجامدانی بە بەڕەوا دەزانن.

بە پێچەوانەوە لە یەکەم رۆژی رفاندن و پاشان تیرۆری سەردەشتەوە، پارتی هونەری نەشاردنەوەی ئەم تیرۆرە و بەرەوا نیشاندانی ئەم کردەوە قیزەونە، ئاراستە دەکات. تا چاوی کۆمەڵگا، تا دەنگی نارەزایەتی جەماوەری، تا چاوی کامیرا و میدیا و تا سنوردانان بۆ کاری رۆژنامەگەری، تا قەبلاندنی هێڵە سورە نیشتمانی و نەتەوەیی دینی و بنەماڵەیی و کەلتوری و ئەخلاقی... بەسەر کۆمەڵگای بێداربووەوەی کوردستاندا بسەپێنێت.

پارتی بە حاشانەکردنی لەم تاوانکارییە، دەیەوێت چ حزبە موچە خۆرەکان و حزبە شەرمنۆکە نارازیەکانی تری نەیار بە خۆی و چ نوسەرو قەڵەم بەدەستە سازشکارەکان چاوترسێن بکات و بە بیریان بهێنێتەوە کە هەموویان باڵ و لق و پۆپی بزوتنەوەیەکن کە پارتی دایکیانە!! کە هەموویان خاوەنی دەیان تاوانکاری و هاوکات خاوەنی تۆرێک هێڵی سورن بۆ سەرکوتی ئازادی و سیاسی و ئازادی بەیان و رادەربڕین و رۆژنامەگەری و ترساندنی کۆمەڵگا لە دەست بۆبردنیان.

لیژنەی پارتی بۆ سازکردنی سیناریۆیەک زیاتر لە ٤ مانگ کاتی ویست، بۆ سیناریۆی دوای ئەوەش کە پێویست بێت و بەسەریدا بسەپێنرێت کاتێ دەوێت، بەڵام بەئاسانی رێگا بە هیچ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بێلایەن نادات پێک بێت و بەدواداچوون بکات، هۆکەشی ئاشکرایە، پارتی چۆن سیناریوداڕێژەرانی خۆی باش دەناسیت، ئاواش رۆڵی هەرکام لە ئەکتەرەکان و نەخشەبۆ کێشەران و بکوژانی سەردەشتیش لای شاراوە نییە.

لە سیناریۆی پارتیدا، ئەوەی پارتی و لیژنەکەی بۆیان مەسەلە نییە و ناکریت بدرکێنرێت و درکاندنی چارەنووسی ڕەشی بەدواوەیە نەخشەدارێژەران و بکوژانی سەردەشتن. بۆیە نەنەخشە سازان و نە بکوژانی دیار نیین، تەنها سایەقێکی لێهاتوو شارەزا دیارە کە سەردەشتی دەم و دەست و قاچ بەستراوەی گواستۆتەوە!

لە سیناریۆی پارتیدا، ئەوە ئازادی سیاسی و رادەربڕین و رۆژنامەگەری نییە، کەلایەن دەسەڵاتەوە چ بەزۆرو هەڕەشەو چ بەیاسای میلیشیای و بەعسی پێشێل دەکرێ، بەڵکو ئەوە ئەنسار ئیسلامە!! دەستی دەگاتە ناو جەرگەی شارو لە بەردەم زانکۆدا و بەبەرچاوی زێرەفانی و پۆلیس و دەیان کەسی سەر بەدەزگای پاراستن و ئاسایشەوە، نوسەر و خوێندکار بەزۆر دەرفێنرێت و پاشان دەکوژرێت.

هەروەها بێ هۆ نییە یەکێتی نیشتمانی، گۆڕان، حسک و دوو زەحمەتکێشانەکە، کۆمەڵ و یەکگرتوو، هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتخانەکانیان!! و میدیاکانیان خۆیان کردووە بەکەرەی شەربەت و لەبەرامبەر راگەیاندنی بەناو لیژنەی پارتی و لە راستیدا موچەخۆرانی نیشاندانی شانۆیەکی دروستکراودا، بونەتە بتی بەردەم کەڵەگایی دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی تا دەیان هەزار ئینسانی ناڕازی بە سەرکوتی ئازادی بە بەرگری لە تیرۆریستانی ئەنسار ئیسلام، لەقەڵەم بدات.

واقعیەت ئەوەیە، چاوەروانکراو بوو پارتی سیناریۆی لەم چەشنە دەبڕێژێت، چاوەراونکراو بوو کە پارتی لەم سیناریۆیەدا نەخشەدارێژەران و بکوژانی نیشان نەدات، چاوەروانکراو بوو پارتی نایەوێت پاشەکشە لەم تاوانکارییەی بکات، چاوەروانکراو بوو حزب و لایەنە سیاسی و نوسەرو قەڵەم بەدەستە موچە خۆرەکانیان بێدەنگ ببن. چونکە دەنگ هەڵبڕینیان مۆڵەتی پێویستە. چاوەروانکراو بوو ئەوانەی خۆیان تۆڕێک هێڵی سوریان هەیە، ناتوانن بە واقعی لە پشت بەرگری لە ئازادی سیاسی و ئازادی رادەربڕین و بلاوکردنەوە و... بوەستن.

ئیستا پارتی بە نیشاندانی ئاکامی راگەیاندنی لیژنەکەی و نیشاندانی کەسێک وەک بەشدار لەم تاوانەدا، دەیەوێت کۆمەڵگا و رای گشتی پاشەکشە پێبکات و ئەم دۆسیەیە لای خۆیەوە دابخات.

خەڵکی بێدارو بلۆکی رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازی کوردستان و هەر حزب و لایەنێکی سیاسی و هەر رێکخراوەو کۆڕو کۆمەڵێکی جەماوەری و پیشەیی ئازاد و ئازادی سیاسی و ئازادی بەیان و رادەربڕین و بڵاوکردنەوەو ئازادی رۆژنامەگەری، لەبەردەم هەڕەشەی واقعی دەسەڵاتدایە. پەیامی ڕاگەیەنراوی بەکردەوەی پارتی و ئەو سیناریۆیەی کە لە پەیوەند بە دۆسیەی سەردەشت عوسمانەوە ڕای گەیاندراوە جگە لەوەی ناحەقیەکی گەورەیە بەرامبەر دنیابینی و حەقیقەتی سەردەشت، هاوکات هەڕەشەیەکی ئاشکرایە لەئازادی و ئازادیخوازی کۆمەڵگای کوردستان، ئەمە پێویستی بە وەڵامە.

هەموو ئینسان و هیزو حزب و لایەنێکی سیاسی و جەماوەری و هەموو دەنگ و رەنگێکی میدیای ئازادیخواز، پێویستە روبەرووی ئەم هەڕەشەیە ببنەوە، روبەروووبونەوەی ئەم هەڕەشە و کەڵەگاییەی پارتی پیویستی بە نەخشەیەکی ڕۆشنی بەرەنگاربوونەوە هەیە، پیویستی بە رێکخراوبوون و سەراسەری کردنەوەی هەیە، هاتنەمەیدانی شەقامی دەوێ، دەستدانە مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبونەوەی جەماوەرییە دەخوازی، پێویستی بە

هاوئاهەنگکرنی دەنگی نارەزایەتی کوردستان و دنیای دەرەوەیە... تاد، لەم نێوەدا نەخشی کەسایەییە ئازادیخوازەکان، رابەرانی بزوتنەوە جەماوەرییە نارەزایەتیەکان، قەڵەمە بوێرەکان، میدیا رەچەشکێنەکان، دەوری بەرجەستە دەگێڕن.

پێداگرتن لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بێلایەن و بەچاودێری رێکخراوەوکانی مافی مرۆڤی جیهانی، کە ئازاد بێت لە کارەکانی و هەموو بەڵگە و دیکیۆمێنت و شایەدحالەکان ببینێت. تا تاوانباران و نەخشەدارێژەرانی رفاندن و تیرۆرکردنەکە، ئاشکرا دەکات.

چاوسورکرنەوەو هەرەشەو سزا میلشیا و بەعسیەکان لەسەر رۆژنامەکان و ڕۆژنامە نووسان هەڵبگیرێت.

ئازادی بێقەیدو سیاسی و ئازادی بەیان و رادەربرین و رۆژنامەگەری، بەرەسمی بناسرێت.

بەیان( مانفیستی) ئازادی بنوسرێت کەبەیانی ئازادی بێت و ڕێگە بگرێت لەوەی لە ژێر ناوی هێڵی سورەکان، پیرۆزییە نیشتمانی و نەتەوەیی و دینی و بنەماڵەیی و کەلتوری و ئەخلاقی....تاد، ئازادی سنوردار بکەن یان پێشێلی بکەن.

پیویستە بزوتنەوەی ئازادیخوازی بەردەوامی پێبدرێت تا تەواوی ئەم داخوازیانە

دادەسەپێنرێن. ئەمەیە زامنی پاشەکشەی دەسەڵات و پارتی بەتایبەتی.

٢٠١٠/٩/٢٢

**سەردەشت بوو بەقوتابی...دواتریش ئەنصارالاسلام...!!**

ئا.. سیان

گەندەڵی بووەتە بەشێک لە ژیانی بەرپرسەکانی کورد..ئەگەر ئێمەی هاولاتیش توانیمان باسی یەکێک لە گەندەڵیەکانی ئەو بەرپرسانە بکەین لە یەکێک لە

رۆژنامەکان ئەوا واتە لە موقەدەساتی ڕێبازەکە گەندەلیزمەکەیان لامان داوە .. ئەو ڕێبازە لەوەتەی دروست بووە خۆی حەشار داوە..هەمیشە خەریی خوێن رشتن بووە..هەردەم نزیک بووە لەو کەسانەی کە ترسنۆکێکی بێ بەزەیی بوونە و خۆشیان تەقلیدیان کردوونەتەوە..

لە رۆژی 4 ی ئایاری 2010 رۆژنامە نووس و قوتابی (سەردەشت عوسمان حسن) لەبەر دەم دەرگای سەرەکی کۆلێژی زمان و ئەدەبیاتی و زانکۆی صەلاحەدینی هەولێر لەلایەن چەند تیرۆریستێکی دڵ رەقی بێ بەزەییەوە رفێنرا کە خۆمانە بوون !! ئەم تیرۆرکردنەش نیشانەی

پرسیار دروست دەکات لەبەر دەم دەزگا ئەمنییەکانی پایەتەختی هەرێم کە خۆیان بە ئارامترین شاری ناوزەند دەکەن .. سەردەشت بۆ کوژرا .. ؟کێ کوشتی .. ؟ چۆن کوژرا .. ؟ کوا راپۆرتی تەندروستی ئەو پزیشکانەی کە لە لاشەی شەهیدیان کۆڵیوەتەوە .. ؟ ئەمانە چەند پرسیارێکن .. کە بەرۆژی رووناک کاکە سەردەشت لەبەر چاوی پۆلیس و ئاسایش رفێنرا..

بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی گشت خەڵکی و بنەماڵەی سەردەشت و رۆژنامە نووسانە بەتایبەتی .. بەرێز سەرۆکی هەرێم لە کۆنگرەیەکی رۆژنامە نووسی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بە ئامادە بوونی سەرۆک سارکۆزی لە وەلامی رۆژنامە نووسێک کە ئایا سەردەشت قوتابی بووە یان رۆژنامە نووس .. ؟

بەرێز سەرۆک فەرمووی رۆژنامە نووس نەبووە بەڵکو قوتابی بووە!!ئەمە لە کاتێک دایە کە سەردەشت عوسمان رۆژنامە نووس بووە لەهەمان کاتدا قوتابیش بووە .. بەهەر حاڵ ....!!

دوای تیرۆر کردنی شەهید سەردەشت بە 4 مانگ و نیو لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان لە رێکەوتی 15–9–2010 ئەنجامی بەرایی دەربارەی کەیسەکە رایگەیاند کەوا سەردەشت عوسمان نەک رۆژنامە نووس نەبووە بەڵکو سەر بە گروپێکی وەکو انصارالاسلام بووە !! دوای ئەوەی بەرپرسێکی ئەو گروپە کارێکی بە شەهید سپاردووە ئەویش کارەکەی ئەنجام نەداوە .. بۆیە ئەندامانی ئەو گروپەش هەڵساون بە شەهید کردنی ...

ئەو سیناریۆیە نەک خەلکانی رۆشنبیر بەڵکو خۆشیان باوەریان نایەت کە سیناریۆیەکی لەم بابەتەیان نووسیبێت...

وە کاتێک ئەم وتەیەی لیژنەکەمان گوێ لێبوو وەک ئەوەی بڵێی ختوکەیان کردبێنیتەوە...چونکە ئەگەر بە منداڵێک بڵێیت باوەرت پێ دەهێنێت کە سەردەشت بۆ کوژراو چۆن کوژراو نووسینەکانی چۆن بوو و خۆی لەکام بەرە دەبینێتەوە ئایا کەسێکی لیبرالی و چەپە یان کەسێکی ئیسلامیە ...

هەولێر

## خوێندنەوەیەک بۆ بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی

ئارام ڕەفعەت

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 2010/5/13 بەیاننامەیەکی دەرهەق بە کاردانەوە جۆراوجۆرەکانی شەقامی کوردستان لەهەمبەر تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنووسی لاو سەردەشت عوسمان بڵاو کردەوە. بەیاننامەکە بە چەمک و شێواز و ناوەرۆکەوە

وەرچەرخانێکە بۆ دواوە و دابڕانێکە  لە گوتار و ئاکار و کرداری ئەم چەند ساڵەی دوایی پارتی(بەتایبەت دوای 2003). ئەو وەرچەرخانەی پارتی دەکرێت لە سێ تێز دا کورت بکرێنەوە: تێزی قائیدی زەرورە، تێۆری پیلانگێڕی، وە تێزی بە خائین (تەخوین) لەقەڵەم دانی دەنگە نارەزاییەکان،   ئەم سێ تێزەش بەسەریەکەوە سێکوچکەی حوکمڕانی رژێمە شمولیەکان پێک دەهێنن.

دێڕی یەکەمی بەیاننامەکە بە "سەرکەوتن و پێشکەوتنە یەک لە دوایەکەکان"  لە "ماوەی ساڵانی ڕابردوودا" دەست پێ دەکات. ئەم "سەرکەوتن و پێشکەوتنانە" هەموو بوارەکانی ژیان و ژیاری کۆمەڵگای کوردستان دەگرێتەوە لەوانەش "سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی" وە "سەقامگیری باری ئاسایش و ئەمنیەت". ئامانجی بەیاننامەکە لە قەبە کردن و زەبەلاح وێناکردنی دەسکەوتنەکان بە کەرەستە کردنیەتی وەک جومگەی پێکەوە گرێدانی سێ تێزەکە، کە بەیاننامەکە وەک سێ پایە یان هەڵقەی لە پچڕان نەهاتوو بۆ سیستەمی حوکمڕانی کوردستان بەرجەستەی کردووە.

یەکەم تێز، ڕۆڵی ئەفسانەیی کاک مەسعود بارزانی و پارتییە. بەیاننامەکە فەزڵی "سەرکەوتن و پێشکەوتنەکان" لە پارتی و لەسەرووی پارتیشەوە لە کاک مەسعود دا کورت دەکاتەوە. بە گوێرەی بەیاننامەکە پارتی و بارزانی نەک هەر لە "پێشەوەی بەدی هاتنی ئەو دەسکەوتانەن" بەڵکو "داینەمۆی" ئەو "ێشڤەچوون و گەشە کردنەشن". ئەو ڕۆڵە "پێشڕەو"یەی "پارتی" و "سەرۆکی هێژا"، هێندە بەرفراوانە سنووری کوردستان دەبەزێنێت و دەچێتە سەر "ئاستی ...عێراق و ناوچەکە و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی". بێجگە لەوە، ئەو ڕۆڵە هەر لە بونیاد نان و بەرقەرار کردنی حکومەتی هەرێم دا قەتیس نامێنێت، بەڵکو لە کاتی مەترسیش دا هەر پارتی و بارزانین "ئەزمونەکەمان لەو جەنجاڵی و ئاڵۆزیانە رزگار دەکەن" کە دوژمنانی گەلەکەمان "دەیانەوێ لەم هەرێمە ئارام و پێشکەوتووەماندا بەرپای بکەن."

ئەگەر دیوێکی ئەم ئایدیایە پاسیڤ کردن و سڕینەوەی ڕۆڵی تاک و کۆی کۆمەڵگای کوردەواری و بە کارتۆنی کردنی هێز و ڕێکخراوە سیاسی و جڤاکیەکانی دەرەوەی پارتی و نەخوێندنەوە و ناچیزە کردنی ڕای گشتی کوردستانی بێت، ئەوا دیوەکەی تری بە پێشڕەو کردنی پارتی و بە (قائیدی زەرورە) کردنی بارزانییە. بێ بەها کردنی ڕۆڵی کارەکتەرەکانی دەرەوەی بازنەی پارتی و بارزانی و تەنانەت بە خائین پیشان دانی  ئەوانەی لە دەرەوەی پارتی دان (کە دواتر ڕوونی دەکەمەوە) بەجۆرێکە ئەگەر کاک مەسعود و پارتی نەبن ئەوا کوردستان بە خاک و وڵات و حکومەت و دەسکەوتەکانەوە گورگان خوراو دەبن و لە دەست دەچن. لەم ڕووەوە بەیاننامەکە پێمان دەڵێت: ئەگەر "هەنگاوەکانی پارتی سڕ" بکرێن و پارتی و بارزانی "سەرقاڵی کێشەی لاوەکی و شەڕی لا بەلا" بکرێن ئەوا لە "جەرگەی ئەزموونە دیموکراتیەکەی هەرێم و سەرکەوتنەکانی گەلی کوردستان" دەدرێت. لێرەدا، کاک مەسعود و پارتەکەی لە جوغزی یاسا و رێسا سیاسیەکان دەردەچن و دەبنە زەرورەتێکی مێژوویی و بێ بەدیل کە بوون و مانی گەلی کوردستان و هەرێمەکەی پێوە بەندە. بە واتایەکی تر کاک

مەسعود وەک قائیدی زەروره هەم "داینەمۆ"ی بونیاد نانی هەرێمی کوردستان و هەم لە پاراستن و بەردەوام بوونیشیدا پاڵەوانێکی بێ ئەلتەرناتیڤ و بێ هاوتایە. گەلی کوردستان پێش هەر گەلێکی تر مارانگازی بیرۆکەی بە زەرورەتی مێژوویی نیشان دانی سەرکردەکانە و ئەم بیرۆکەیە کرۆکی فەلسەفەی بە دیکتاتۆر کردنی وێنە قێزەونەکانی مێژوو لە بابەتی سەدام حوسێن و حافز ئەسەد و ئەتاتورک...هتد پێک دەهێنێت، کە بەداخەوە مەکتەب سیاسی پارتی دوای (نیمچە) دابڕانێکی چەند ساڵە جارێکی تر بۆ ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە.

پایە و هەڵقەی دووەم کە پانتاییەکی زۆری ناو بەیاننامەکەی داگیر کردووە، تێزی پیلانگێڕیی (تیوری موئامەرە)ی "ناحەزان و پیلان گێڕان"ە. جێگای سەرنجە کە لە بەیاننامەیەکی دوو لاپەڕەیی دا زیاتر لە 50 جار تێرمگەلێک بەکار هاتوون کە تەعبیر لە تێزی موئامەرە دەکەن، لەوانەش 8 جار تێرمی "پیلانگێڕان" و 4 جار پەیڤی "تاوانکار"، وە 3 جار هەریەک لە چەمکی "ناحەز" و "نەیار" و "لە دژمان" و "شالاو"، "تیرۆر"، وە 2 جار هەریەک لە وتەی "هێرش" و "گێرەشێوێن" و تێکدان" و "بکوژان"، دووبارە کراونەتەوە، وە 1 جاریش هەر یەک لە وشەی "پەلامار" و "دەمامک" و "گورز وەشاندن" و "نەگریس" و "دڕندە" و "بەدکار" و "دوژمنکار" و "تێکدەر" و "دوژمن" و "شەڕ" و "فەوزا" و "ئاشوب" و "تۆقاندن" و "پشێوی" و "بوختان" "تۆمەتبار" و "پەکخستن" و "پرۆپاگەندەی ژەهراوی" و "جەنجاڵی" و "ئاڵۆزی" و "مەترسی" و "نەهێشتنی ئەخلاق"، وە "دەستی ڕەش" بەکار هاتووە. ئەگەر ئەو چەمکانە بکرێنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی پارتێکی دەسەلات داری خاوەن هێزی چەکداری و بودجە و دەزگای ئاسایش و لە هەمووش گرنگتر ماسمیدیای تایبەت بەخۆی دەرهەق بە دەنگ و ڕەنگی جیاواز، ئەوا ئومێد بە کۆمەڵگایەکی فرەیی و لێبوردە و دیموکرات لەم کوردستانەدا، دەبێتە جۆرێک لە خۆش خەیاڵی.

بەیاننامەکە لە ریزێکی دوور و درێژ دا پیلانەکانی ڕیز و پۆلێن کردوە و دەڵێت "دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەمان .....بەردەوام پیلانیان گێراوە بۆ تێکدانی......سەقامگیریی باری ئاسایش و ئەمنیەت...... گەشەکردنی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان و .... بارودۆخی سیاسی و ڕاگرتنی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و پەکخستنی کاروانەکەمان" لە هەمووشی گرنگتر "لێدانی ئاسایشی نەتەوەییمان." لەبەر ئەوەی بە لۆژیکی "قائیدی زەروره" بەیاننامەکە "ئەزموونە دیموکراتیەکەمان" هاوتا دەکات بە حوکمڕانی پارتی و "سەرۆک بارزانی"، ئەوە چاوەڕوان کراوە کە "ناحەزان و پیلانگێڕان" بۆ لە باربردنی ئەزمونەکەمان و هەرەس پێ هێنانی حکومەتی هەرێم، "پارتی" و "سەرۆک" دەکەنە ئامانج. لەم سۆنگەیەوە دەڵێت: "بۆیە هەمیشە سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیان لەسەرەوەی لیستی پیلانەکانیان داناوە، بۆ ئەوەی ئازاریان بدەن و زیانیان پێ بگەیێنن." بەم شێوەیە، "پیلان گێڕان" هەوڵ دەدەن کە "ئەو ڕۆڵە پێشڕەو و واقعبینیەی پارتی و سەرۆکی هێژا کۆتایی پێ بهێنن". لە حاڵەتێک دا ئەگەر "پیلانی ناحەزان" سەری گرت ئەوا "دەستیان دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ناوجەرگەی ئەزمونە دیموکراتیەکەی هەرێم و دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی گەلی کوردستان بدەن".

ئەم لێکدانەوەیەی بەیاننامەکە بە تەنها گومانێک نییە، بەڵکو "ماوەیەکە شاڵاوێکی هەمەلایەنە لە دژی پارتی....سەرۆک (مسعود بارزانی) بەرپایە". بەیاننامەکە، تیشک دەخاتە سەر خەسڵەت و شێوازی ئەو "هێرش"انە و دەڵێت "ناحەزان و نەیاران"ی "ڕۆژگارە پرشنگدارەکان"ی چەند ساڵی ڕابردووی "پارتی"، "سەرلەبەر خەریکی هۆنینەوەی تەونەکانی پیلانن لە دژمان و بەهەر کلۆج و ئەنجامێک بووە" دەیانەوێ لە ڕێگای بڵاو کردنەوەی "دیعایە و پرۆپاگەندەی ژەهراوی" و "بەرپا" کردنی "گومان و دڵەڕاوکێ و نائومێدی" "بە ناو خەلکی کوردستاندا" " گورزێ لە پارتیمان بوەشێنن". ئینجا بەیاننامەکە " سەرەتاکانی دەست پێکردنی پیلانی" ناحەزان ئاشکرا دەکات و ئاماژە بە "ورووژاندنە ئیعلامیەکان ، پاشان ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی رابردوو"ی دوای تیرۆر کردنی سەردەشت دەکات. بەمانایەکی تر، بەیاننامەکە نارەزایی و کەمپینە جۆراو جۆرەکانی کوردستان و هەندەران بۆ پرۆتستۆ کردنی تیرۆری سەردەشت بە "وروژاندنە ئیعلامیەکان" و "دیعایە و پرۆپاگەندەی ژەهراوی" و وەشاندنی "گورز" لە پارتی و بارزانی و "سەرقاڵ کردنیان" بە "کێشەی لاوەکی و شەڕی لابەلا" لە قەڵەم دەدات، ئەمەش تاوانێکە و ڕێگا بۆ ناحەزان و پیلان گێڕان خۆش دەکات بۆ ئەوەی لە "ئاسایشی نەتەوەیی"مان بدەن.

بەستنەوە و تۆمەتبار کردنی دەنگە نارەزایەتیەکانی دژ بە تیرۆر کردنی سەردەشت بە "پروباگەندەی ژەهراوی" و پیلانگێڕی "دوژمنانی گەل" پێناسەیەکی سادەی تیۆری موئامەڕەیە کە سەرەکی ترین پایەی ڕژێمە فاشیست و تۆتالیتاریەکان پێک دەهێنێت، نزیکترین نموونەش عێراقی سەردەمی بەعسە. تەنها بۆ بیرهێنانەوە و بەراورد بەشیک لە پەرەگرافێکی لاپەڕە 63 ی (التقریر المرکزی للموئتمر القطری التاسع) ی حیزبی بەعس کە لە ساڵی 1982 دا بڵاوکراوەتەوە و لە زانکۆکان دەخوێنرا دەکەمە نموونە. لە تێزی موئامەرەی بەعسییەکان دا، جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان وەکو "موئامەرەیەکی دوژمنانی عێراق زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و ئێران و.... هتد بۆ تێکدانی ئەمن و ئاسایشی ناوچەی باکوری وڵات" تۆمەتبار کردوە. هەر ئەم تێز و ئایدیۆلۆژیەتەش بوو کە شەرعیەتی دایە ئەنفال و کیمیاباران و بەسوتماک کردنی کوردستان و لەوانەش بێ سەرو شوێن کردنی 8 هەزار بارزانی. بەم جۆرە، کوردستانیەکان، وە لە وانەش پارتی و خودی کاک مەسعود و بنەماڵەکەی ڕۆژگارێک قوربانی هەمان ئەو تێزی "موئامەرە"یە بوون کە لە بەیاننامەکە هاتووە.

سێیەم تێزی ناو بەیاننامەکە، بە خائین یان "تەخوین" کردنی ئەو پارت و ڕێکخراوانە وە ئەو میدیا و ڕاگەیاندنانەیە کە لە دەرەوەی فەرمانی یان هاوپەیمانێتی پارتی دان، بەتایبەت ئەگەر ڕەخنە و نارەزایی بەرامبەر پارتی و سەرۆک پیشان بدەن. وەک ئاماژەمان پێدا، بە پێی بەیاننامەکە، لە بونیاد نانی هەرێم و پاراستنی ئەزمون و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان پارتی وەک (حیزبی قائید) و بارزانی وەک (قائیدی زەرورە) وێنا کراون وە ئەو هەرێم و ئەزموونەش "بەردەوام جێنیشانی دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەمانن" لە ڕێگای پیلان گێران لە دژی پارتی و بارزانی. بەڵام هەروەک چۆن "ئەوانەی لە پشت ئەو هێرشەوەن"

دوژمنێکی وەهمی نین و "لای پارتی.... ناسراون و ناسنامە و شێوازی کار و جێپەنجەی تاوانکاری و دوژمنکارانەیان ئاشکرا و دیارە."، بەهەمان شێوەش ئەوانە نین کە لەو دیو سنورەوە خۆیان مەڵاس داوە. واتە برا چاوڕەشەکانی بەغدا و رژێمەکانی سوریا و تورکیا و ئێرانی داگیرکەری کوردستان نین. بەڵکو دوژمنانی گەلەکەمان "تاقمێکی هەڵتۆقیوی گێرەشێوێن"ی ناو کۆمەڵگای کوردەوارین و "شار و شارۆچکەکانی هەرێم"یان کردۆتە "مەیدانی فەوزا و ئاشوب". ئەو "نەریتەی" کە ئەو تاقمە "لەسەری ڕاهاتوون" بریتییە "لە تیرۆر و تۆقاندن و پشێوی نانەوە و نەهێشتنی ئەخلاق" و خستنە "مەترسی...ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی هاولاتیان."

بەیاننامەکە هەر بە لۆژیکی بێ بەها کردنی هەموو دەنگ و ڕەنگەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان کە لەدەرەوەی فەلەکی حیزبی پێشڕەو دان و لە ژێر سێبەری قائیدی زەرورە دا نین ناوەستێت. بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لە کوردستان و هەندەران جورئەتیان کردووە بڵێن نا بۆ تیرۆر و بێ دەنگ نابین لە سەرکوت کردنی ئازادیەکان بەشیوەیەک پۆلێن کراون و بچوک کراونەتەوە کە لە بەیاننامەکەدا بەئاسانی خراونەتە قەفەسی تاوانبار بوون بە "بکوژانی هەڤاڵانی تێکۆشەری" پارتی لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. تۆمەتباریەک کە "فرمێسکی تیمساحانە بۆ شەهید (سەردەشت) تاوانەکانیان ناسڕێتەوە". بەم جۆرە، لە ڕوانگەی بەیاننامەکەوە لە کوردستان دا شتێک نییە بە ناوی میدیای ئازاد، ڕای گشتی، کەمپینی سەربەخۆ، ڕۆشنبیر و ئەکادیمیست، کاراکتەر و گروپگەلی لیبرال و نەتەوەیی و کوردستانی و کۆمۆنیستی و ئیسلامی و بێلایەن. بۆ هەموو ئەوانە ناونیشانی تاقمێکی "تاوان و بەدکار" ی بۆ دانراوە کە دەستیان بە خوێنی "هەڤاڵانی پارتی" سوورە و ئێستاش "بوختانیان بە دام و دەستگا ئەمنیەکانی هەرێم و بە پارتی کردووە و بە بێبەڵگە و هەروا لە خۆڕا، تۆمەتباریان کردوون".

بەمانایەکی تر، بەیاننامەکە ساحەی کوردستان دابەش دەکات بۆ "پارتی و جەماوەرە دڵسۆزە بەرفراوانەکەی" وە تاقمێکی "تاوان و بەدکار"، کە دەبێت "هەرچی زووە دەستی نەگریسیان" ببڕێتەوە و "لەگۆڕ" بنرێن، چونکە بەیاننامەکە "لەو بڕوایە" دایە کە "کردەوەی دڕندەی تریشیان لە بەرنامە دایە". بەم جۆرە پەیامی بە خائین-کردنی و دواتریش لە "گۆڕنانی" دەنگ و ڕەنگی ناڕازی پایەی سێیەمی ئەو سیستەمە پێک دەهێنێت کە بەیاننامەکەی م.س پارتی وەک دەستورکاری حوکمڕانی بۆ کوردستان و "ئەزموونە دیموکراتیکەکەی" پێشکەش کردووە. تەخوین کردنی دەنگە جیاواز و ناڕازی و بەرهەڵستکارەکان عەقڵیەتی پارتە شموولی و تۆتالیتاریەکانی هاوشێوەی بەعسە. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لای بەعسیەکان هەموو دەنگێکی ئازادی خوازی کوردستانی لە پارتی و پاسۆک و یەکێتی و کۆمەڵە و کۆمۆنیست و ئیسلامی و سۆسیالیست، هەمان ناونیشانیان هەبوو کە ئەویش "موخەڕیب" یان "عەمیل" بوو. پارتی کە خۆی مێژوویەکی پڕ لە قوربانی دانی لە سای ئەو تێزە شمولیەدا هەیە نەدەبوایە لە ژێر هەر فشارێک دا بووە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ تێزی تەخوین کردن.

هەرچەندە بەیاننامەکە پێ داگری دەکات کە "پێشبینی" ئەو وروژانە ئیعلامیە" ی دەکرد کە بەدوای تیرۆرکرنی سەردەشت دا هاتن، بەڵام هەڵە زمانەوانی و پانتایی تێرمە زبرەکان و ستراکچە و شیوازی بەیاننامەکە گەواهی شۆکی نوسەرانی بەیاننامەکەن لە قەوارەی ئەو وروژانە گەورەیەی کۆمەڵگای کوردستان و دەنگدانەوەی بەو ڕادەیەی تیرۆر کردنی سەردەشت لە میدیاکان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان. شۆکێک، کە بۆ دەرباز بوون، م.س خستۆتە ناو هەڵەیەکی مێژوویی. هەڵەی گەڕانەوە بۆ سێ تێزی بەسەرچووی سەردەمی جەنگی سارد، کە سێکوچکەی حوکمڕانی دەوڵەتە شمولیەکانی ئەوسای پێک دەهێنا، کە ئەویش سێ کوچکەی قائدی زەرورە و موئامەڕە و بە خائین تۆمەتبار کردنی دەنگ و لایەنە بەرهەڵستکارەکانە. بەو هیوایەی کە پارتی و مەکتەب سیاسیەکەی چاوێک بەو بەیاننامەیەدا بخشێنێتەوە، عەقڵیەتی پشت نوسینەوەی بەیاننامەکە نەبێتە فەلسەفەی حوکمڕانی پارتی و کوردستان بە جوانی و ناشیرینی و بە دەسکەوت و کەموکوڕیەکانیەوە بە هی هەموان بزانێت.

**نامەیەک بۆ سەردەشت و سۆران**

سایتی مانشێت– مەستورە مەحمود

نامەوێت منیش وەک هەموان بە ناوهێنان ڕاتانچلەکێنم، دەمەوێت وێنە تازەکانی ئەم وولاتو کوردستانە سەیرو سەمەرەتان بۆ بنێرم، هەموو ئەو وێنانەی لە دواتانەوە جێماون و هەر ڕۆژە و بە جۆرێک ئێوە دووبارە و دەبارە دەبنەوە لەگەڵێشیا برینمان دەکولێنەوە و وێنەکەتان دێتەوە پێش چاومان.
ئێستا ئێوە تەنها نین کە شەهید بوون ئێستا هاوڕێتان زۆر بووە لە پیرەوە بۆ گەنج و منداڵ و تەنانەت خێزانداریش. بەڵام باوەڕبکەن هەموان وەک ئێوەیان بەسەر هات. ئەوانیش وەک ئێوە هەڵمەتی داکۆکیکردن لێیان گڕو کفێک بوو، ئەوانیش ماوەیەک ڕاگەیاندنەکانیان داگیرکرد و دواتر باسیان نەما و تەواو بوو. چەند ساڵ بەسەر شەهیدبونتان تێپەڕی تا ئێستاش مافی ئێوە نەسەنرایەوە تەنانەت بە تیرۆرستیش لە قەڵەم دران.

شەهیدانی (2/17) وا خەریکە ساڵیادیان دەکرێتەوە تا ئێستا بکوژانیان وەک بەرزەکی بانان دێن و دەچن کەس پێیان ناڵێت بەری چاوتان کلی پێوەیە. بێ لەوەش دێن ئەو کەسانە دەسگیردەکەن کە بەشداربوون. دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم ئێوە لە پێناو ئامانجێک یان باسکردنی هەندێک نەک هەموو گەندەڵیەکان قسەتان کرد ئاوایان لێکردن. ئەوانەی (2/17) ش داوای مافی خەڵکیان کرد و وتیان بەسە چیتر ماندوبووین لە دەست گەندەڵیتان . بەڵام ئاوایان پێکرا جا زیاتریان بکردایە ئەوا سلێمانی دەکرایە لافاوی خوێن .
ئێستا ئەم کوردستانە لە ناو بەرژەوەندی لایەنە سیاسیەکان نوقم بووە کەس بیری کەسی نیە جگە لەوەی ئۆپۆزسیۆنەکان جارجارە دەڵێن مافی گشتی بەس لەوەش ماندووبوین. چونکە بە قسەیان ناکرێت تەنانەت دەیانەوێت ئەوانیش پەلکێشی ناو کایەی گەندەڵی بکەن و

ئەوانیش قایل بکەن کە ببنە برا بەشیان و ئیتر قسە نەکەن، جاریّ ئەم وێنەیەیان ڕوون نەبۆتەوە. بە قسەیان دەکەن یان نا.

ئێستا ڕۆژنامەنووس زۆر زۆرە لە ژماردن نایەن، بەڵام زۆربەیان ئێوەن زۆربەیان بە زیندووی مردوون و خەفەکراون، ئەوانیش سەیر دەکەن دوای ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەیسەکەتان کرا هەمان شت بەرامبەر ئەوانیش دەکرێت. ئەوانی تریش بە سەر لایەنەکاندا دابەش بوون و پارە و ئیمتیازی زۆریان دراوەتی تا بێدەنگ بن. بڕوا بکەن چۆنتان جێهێشت هەر وایە خراپتر بووە باشتر نەبووە ئەگەر لە چەند شتێکدا باش بووبیّ لە چەندی تردا خراپتر بووە.

نامەوێت بەم قسانە برینتان زیاد بکەم. ئەمانە چەند وێنەیەک بوون پێویست بوو باسیان بکەم بەڵام دڵنیا بن لەگەڵ ئەوەی ئێوە شەهیدکران و جێتان هێشتین، لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا مافی ئێوە و داوای ئێوە و خوێنی ئێوە وون کراوە، بەڵام ئەوە ڕوونە ئەمڕۆ بێت یان سبەی قەرز وون نابێت هەر دەدرێتەوە خوێنی ئێوەش قەرزێکە و بە گەردنی ئەوانەوەیەوە کە ئاوایان لە ئێوەش و شەهیدانی(2/17)ش کرد، ڕۆژێک دێت پەنجەی پەشیمانی خۆیان دەقرتێنن و خوێنەکەی وێنەی ئێوە دروست دەکات. لێرەشەوە ئەودیوی نامەکەم بۆ خەڵک و هەموو بەرگریکارانی مافی مرۆڤ و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیشە. دەمەوێت بەم نامەیەم بیری هەمووان بخەمەوە کە خوێنی ئەو شەهیدانە لە ئەستۆی هەمووانە کە نەهێڵین وون بێت .

ئەگەر هەمیشە باسیان بکەین بکوژانیان سەخڵەت بکەین و ئەوا ناهێڵین هەناسەی ئیسراحەت و بیّ خەمییان بۆ خوێنی خەڵکی و ئەو شەهیدانە هەڵمژن .با لێرەوە نەهێڵین ژمارەی ئەو شەهیدانە زیاد بکات با هەموان داکۆکی بکەین و چیتر سازش نەکەین. با ئەوانەشیان بیر بخەینەوە کە ئەوان خەڵک کردنی بەم دەسەڵاتانە نەک خۆیان پشت تێکردنی خەڵکیش گەورەترین زیانە بۆ یان.

**سوکراتەکەی هەولێر**

بۆ سەردەشت عوسمان

ئازاد حەمە

ئەسینا و هەولێر دوو جوگرافیای سیاسی و ڕوناکبیری جودامان بیردەخەنەوە. ئەسینا و هەولێر، هەردوو دێرینن وەلیّ هەقایەتی دێرینیەکەیان ناهاوشێوەن. ئەسینای ئێستا کە لەگەلیّ ڕووەوە لەسەر دێرینی مێژوویی و شوهرەتی هزرەڤانی ئەسینای کۆن مشەخۆرە بێئایندە دەژی. هەولێری هاوچەرخیش کە بەزۆرەملێکی سیاسی دەویستریّ بکریّ بە شاریّ

پۆستمۆدێرن لە مشتی تۆقان دەژی. زۆر ئەفسووس مێژووی زۆرداری و قەیرانی سیاسی لەم دوو شارە دێرینەدا بەڕێکەوت لەیەککاتدا خۆیان لە فۆڕمی جیادا دووپاتدەکەنەوە. تەماشای ئەسینای ئەمڕۆ بکەن لە چ قەیرانێ ئابووری دەگەوزێ ، و تەماشایێکی هەولێریشبکەن بەچشێوەیێک دوێنێ مامۆستا عەبدولخالق مەعرووف و ئەمڕۆش هێژا سەردەشت عوسمان لەدەست دەدات.

بۆ زۆرینەمان ئاشکرایە مەرگی سوکرات بە یەکێ لە ڕووداوە ناسراوەکان لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەقەڵەمدەدرێت. هەقایەتی ئەم مەرگە فەلسەفییە لە ئێوارە بەهارێکی ئەسینای یۆنانی کۆن دەستپێدەکات، کە دەکات 399 ساڵ

پێش لەدایکبوونی مەسیح، لەم ئێوارەیەدا داوا لە سوکرات دەکرێت ئەو ژەهرە بخواتەوە بۆیان گرتۆتەوە ،کە بەخۆی لە گیراوەیێک لە ژەهر و جۆرە گیایێکی کێوی پێکهاتبوو، . ئەو دەمەی ئەم بڕیارە بەسەر سوکراتدا دەدرێت سوکرات پیاوێکی پیری تەمەن 70 ساڵان دەبێت بەڵام سیاسیەکانی ئەو دەمەی ئەسینا لەبەرئەوەی لە بۆچوونەکانی سوکرات دەترسان بەلایانەوە گرینگنەبووە سوکرات لە تەمەنی چەند ساڵیدایە ئەوی بۆئەوان گرینگبووە سوکرات لە ژیانا نەمێنێ و خۆیان لە مەترسی هەبوونی سوکرات بپارێزن.

ئەو دەمەی جەنگ و تاعوون باڵبەسەر شاری ئەسینا دەکێشێ و مەرگیش گشت شوێنێکی شار دەتەنێتەوە سوکرات سەبارەت بە دۆزی شاری ئەسینا لە هەڵوێستەکردنداداەبێت و بەگشتشێوازێکیش لە دۆزی شار دێتەگۆ. وەلێ هاتنەگۆی سوکرات لە دۆزی کۆمەڵگەی ئەسینا لە چوارچێوەی ئەو ئازادی ڕادەربڕینە بووە ئەوکات ئەسینا شانازی پێوەکردووە. دوژمنانی سوکرات کە دوژمنی هەرەگەورەی ڕاستی بوون نەیاندەتوانی سوکرات بەوە تاوانبارکەن ئازادی تێپەڕاندوە وەلێ زۆر بەئاسانی دەیانتوانی بەوە تاوانباریکەن گوایە سوکرات ""گاڵتەی بە خواکانی یۆنان کردووە""بەمە دەسەڵاتدارانی ئەسینا بەجۆرێتر شیاوییان بۆ مەرگی سوکرات بینییەوە چونکە بۆ سیاسیەکانی ئەسینا ئەم گاڵتەکردنە بە خواکانی یۆنان واتە گاڵتەکردن بە خواکانی ئەوان. ئەڵبەتە ئەم جۆرە تۆمەتەش لەو دەمەدا گەورەترین تۆمەت بووە و سزاکەشی زۆر لەوە گەورەتربووە کە ڕەخنەگرانی دەسەڵاتی سیاسی دەکرا دووچارییبنەوە. کەوابێت دروستکردنی سیناریۆیێک لەمجۆرە ئاسانتر مەرگی سوکرات مسۆگەردەکات تا هەر سیناریۆیێکی دی.

سەرەتا  سوکراتی پیرەهزرەڤان بۆ دادگا بانگهێشتدەکرێ و بۆ ئەو مەبەستەش ناوبراو "وتاری داکۆکیکردن" ئامادەدەکات و زۆر بە هێمنی و بەو پەڕی هوشیاریشەوە داکۆکی لە بینینەکانی خۆی لەبەردەم دادوەر و سیاسیەکانی شار دا دەکات. پاش ئەو ڕێوڕەسمە دەنگدان دەستپێدەکات و بەزۆرینەی دەنگ بڕیار لەسەر مەرگی سوکرات دەردەکرێت. ڕاستە ئەوانەی بڕیاری مەرگی سوکراتیان دەرکرد دادوەرەکان بوون بەڵام ئەوەی لە پشت وروژاندنی دادوەریەکەوە بوو دەسەڵاتی شار بوو. ئەڵبەتە پاش ئەوەی بڕیاری دادگا دەردەچێت سوکرات لە بەندیخانە قایمدەکرێ و لەوماوەیەدا ئاهەنگێ ئاینی لە شاردا بەڕێوەدەچێت کە

دەبێتەهۆی ئەوەی سوکرات 30 ڕۆژێک لە بەندیخانەدا چاوەڕوانبێت. لەو دەمووەختەدا هاوڕێیانی سوکرات پێشنیاریئەوە دەخەنە بەردەست سوکرات لە بەندیخانە هەڵبێت و سوکراتیش ئەو پێشنیارە قبووڵناکات و ، پاش تەواوبوونی 30 ڕۆژەکە سوکرات گیراوە ژەهرەکەی دەدرێتێ و هاوڕێکانیشی داوایئەوەیلێدەکەن یەکسەر گیراوەکە نەخواتەوە ئەمەش لەبەرئەوەی گوایە زۆربەی ئەوانەی ژەهرەکەیان وەرگرتووە پاش ماوەیدواتر خواردویانەتەوە بەڵام سوکرات ئامادەنەبووە ئەوەبکات.

هەقایەتی مەرگی سوکرات ئەوەشمان پێدەڵێت شیاوی لەبەردەم سوکراتدا بۆ نەخواردنەوەی ژەهرەکە هەبووە ئەڵبەتە ئەوەش بە پاشگەزبوونەوە لە ووتراوەکان یان هەڵهاتن لە بەندیخانە بەڵام سوکرات دلێرانە و ئازادانە ژەهرەکەی هەڵقووڕیوە و ویستی ناوەوەی خۆی پێتێرکردووە.

ئەوی لایسەرەوە وترا تاڕادەێک هەقایەتی سوکراتەکەی ئەسینا بوو هەرچی هەقایەتی سوکراتەکەی هەولێرە شتێ جوداترە. چونکە سوکراتەکەی هەولێر وەک سوکراتەکەی یۆنانی کۆن دەستینەدەچووە کوشتنی خۆی وەلێ نەبەردانە لە چاوەڕوانی مەرگی خۆیدا بوو. هەر دوو سوکراتەکە بەبێگومانەوە دەیانزانی دەمرن بەڵام بەو جیاوازیەی سوکراتەکەی هەولێر بە ئازادی نەمرد و ئەویتر بە ئازادی مرد. بەس هەردوو مردنیان لە پاداشتی ئەوی ووتوبیان دووچارکرایەوە. واتە ئەم دوو سوکراتە ووتنەکانیان لەپشت مەرگیانەوە بووە نەک شتێتر.

سوکراتەکەی هەولێر شەرابی ژەهراویان نەخستەبەردەستی تا لەوی وتویەتی پاشگەزببێتەوە بەڵکو بەبێ ئازادی، بێئەوەی داوای پاشگەزیلێبکەن لەوی ووتویەتی کوشتیان.هەروەها سوکراتەکەی هەولێر لە شوێنێک و لە دەورەێکدا دەژیا کە دەبایە هەڵوێستە لەئاست ئەو پەتای گەندەڵی و بۆگەنی ئازادی ڕادەربڕینە بکا کە زۆرینەی خەڵکی گێژکردووە ، بەڵام موخابن ئەم هەڵوێستەکردنە دەرهەق بەو پەتا و بۆگەنیە چووە خۆێنیەوە.

ئەڵبەتە مەرگی بەوجۆرەی سوکراتی ئەسینا قووتابیانی سوکرات و هزرەڤانانی سەردەمی خۆی لە جوڵە و تەکانی هزری ئەسیل نەوەستاند. هەرلەبەرئەوە و لەپاش مردنی سوکرات ، قووتابیەکەی –واتە ئەفلاتوون– لەو دیالۆگەی لەبارەی مردنی مامۆستاکەیەوە نووسیویەتی، ئەوەی بۆ گشت لایک یەقینداركردووە چۆن دادوەرەکان لەژێرفشاری سیاسیەکانی شار دا بڕیاری مەرگی سوکرات دەردەکەن و سوکرات لەسەر ئەوە ژەهرخواردوودەکەن گوایە ""لاوانی شاری لەڕێدەرکردووە و ئینکاری خواکانی شاریش دەکات"". مامۆستاکەی ئەوەشمان پێدەڵێت، دوای ئەوەی ئەم تاوانە دەدرێتە پاڵ سوکرات داواڵە ناوبراو دەکرێت لەوی ووتوویەتی پەشیمانببێتەوە بەڵام سوکرات ئامادەنەبووە ئەمەبکا و مەرگی خۆی بە ئازادی هەڵبژاردووە. گەڵێک لە هزرەڤانان پێیانوایە ئەوی سوکراتی ئەسینا وەدووی وێڵبووە بە سیاسیەکانی ئەودەمە هەرسنەبووە و بۆیە دەستەبژێری سیاسی ئەو وەختەی ئەسینا وەدوی تۆمەتێ دی گەڕاون تا سوکراتی پێوەبگلێنن بۆیە ئەو تاوانەی دراوەتەپاڵ سوکرات دروستکراوی ئەو دەستەبژێرە سیاسیەی ئەو دەمەی

یۆنان بووە کە دیتنە فەلسەفییە سیاسییەکانی سوکراتیان وەکجاران پێقبوولْنەبووە. لەمحالْەتەدا پرسیارەکەی ئێمە لەسەر کوشتنی سەردەشت ئەوەیە تاوانەکەی سەردەشت چی بووە؟ ئەلْبەتە تاوانی سەردەشتەکانی تریش (کاکە سۆران و شێخ ستار)؟

مردنی سوکرات و مردنی سەردەشت دوو ڕووداوی هاوشێوەی مێژووین یەکەمیان سەرچاوە لە دیسپۆتیزمی (زۆرداری) ڕۆژئاواییەوە هەلْدەگرێ و ئەویتر ڕۆژهەلاتی. سوکرات قووربانی باوەڕە فەلسەفیەکانیەتی کە دەیویست ڕەوتی شارستانی ڕۆژئاوا ڕوەو ئاڕاستەێ تر بگۆڕێ. هەرچی سەردەشتە قووربانی ئازادیێ گەندەلْە کە ڕێتدەدات ووتنەکانت بلْێیت وەلێ دواتر مەحفتدەکاتەوە.

گەورەترین پرسیارێک پاش مەرگی سوکرات کە تائەمڕۆ ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە ئەوەیە چۆن کۆمەلْگەیێکی نموونەی لەشێوەی کۆمەلْگەی ئەسینا دەستی چووە کوشتنی سوکرات؟ بۆ ئێمەی کوردیش پێویستە ئەوە ببێت بە پرسیار ئێمەی کورد کە دەمێک نیە لە گەرووی ستەم و مەرگ قووتارمانبووە چۆن دەستمان چووە کوشتنی سەردەشت و سەردەشتەکانی تر(کاکە سۆران و شێخ ستار) ؟ ئێمە کە بەخۆمان قووربانی ئەو جۆرە دیاردا نەین، واتە کوشتن، چۆن ئاوا زوو توانیمان جێی بکوژانی شاعیری ئازیزمان دلْشاد مەریوانی و هێژا عەبدولخالق مەعرووف بگرینەوە؟ ڕەنگە بۆ چەتە سیاسییەکان، ئەوانەی بە کوشتنی ئەویتر دەیانەوێ تەمەنی مانەوەیان درێژەپێبدەن، سەختبێت وەلامێ قەناعەتپێکراومان تایبەت بەم جۆرە پرسیارانە پێبدەن بەلام بۆ ئێمە و بۆ لەمەبەدواش زۆر ئاسانە دەرکبەوەکەین کوشتنی بەوجۆرەی سەردەشت خەونی بوونی هەولێر بە شارێ پۆستمۆدێرن بەتالْدەکاتەوە.

هەولێر، لەبەرئەوەی دەسەلاتی سیاسی شانازی بەوەوەدەکات خەریکە بیکات بە شارێ لە شارەکانی جیهانی یەک و مۆدێلی سیاسی و ئاوەدانکردنەوەکەی ئەم شارە نیازوایە بەرەو شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ببرێت ، ڕۆژنامەوان لەم شارە نموونەیە بەتازەترین شێوە، کە خۆی کێویترین شێوەیە، تیایا هەلْدەفڕێندرێت و دواتر دەشکوژرێت.

مەرگی سەردەشت و سەردەشتەکانی تر ڕێنومای ئەوەمان دەکەن پێویست و گرینگە ئازادی ڕاستەقینە لەو ئازادیە بەشمەککراوە جیاکەینەوە گشت گیانی ساختەکارییە و دەرگای تەنیا بۆ ئەو دەجالانە لەپشتە کە ژێراوژێر لەگەلْ دەسەلاتن و وەکیتریش لە شوێنە گشتیەکانا نوێنەری لاوان و قووتابیانن و هەمووشەوێکیش بە ڕوناکبیریێ سەرخۆشانەوە دێنەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و پووچی لە ڕێگای ووتنەکانیانەوە هەلْدەڕێژن. بیرمانەچێت، ئازادی گەندەلْ شتێ ترسناکە و تابلێی ساختەکارە. ئەو گەندەلْیەی لە هەنووکەدا لە شارەکانی کوردستان لەناو شادەمارەکانی مێدیادا خۆی پەنهانکردوە دۆزێ فریشتاوی بۆ مێدیا خۆشکردووە تەنیا دەجالەکان بکارن تیایا زمان درێژبن و ئازادانەش بیربکەنەوە. دەشێ لێرەدا پرسیارەکە ئەمەبێت: بۆلەمەولا دەکرێ بێزمانبێتەوە ڕۆژنامە بخوێنینەوە؟

یانیش دەشێ ئامادەبین گوێ لەو پرۆگرامە تەلەفزیۆنیە سوفستاییانە بگرین لەژێر بیرۆکەی""ووتنی ڕاستی"" سەرقاڵی چاڵهەڵکەندنن بۆ یەکتر ؟ بەدڵنیایەوە دەکرێ بڵێین پێویستە ئەو ڕۆژنامانە بخوێنینەوە و لەو پرۆگرامانەشدا بەشداربین کودەتا دەکەنە سەر ئازادی گەندەڵ، ئەو ئازادیەی بکوژە و بێباکانە گوزەردەکا و خومخانەئاساش وتار و نووسینی ناکاریگەرمان بۆ بەرهەمدێنێ.

چش با گەندەڵی باڵبە سەر ئازادیا بکێشێ بەڵام تاکی تازەی کۆمەڵگەی کوردی پێویستە لەوەبگات ئەویتر کوشتن شتێکی کولتووری نییە بەڵام وەک دیاردە تەنیا بۆئەوانە چارەسەرە لەڕێگای کوشتنەوە دەیانەوێت کولتوورێ بێننەکایەوە تۆقاندن بچێنێ. ڕاستە ئەمە(ئەویتر کوشتن یان چاندنی تۆقاندن) بەرهەمی ئەو ئازادیە گەندەڵەیە بەهۆی مێدیایێ مشەخۆر و دەجالەوە توانیویەتی تاکی ئاواپەروەردەکا بکارێت بکوژبێت بەڵام هێزە باشەکان و دژە بەدەکان ڕۆژانە کار بۆ وەلاوەنانی ئەم جۆرە کولتوورە دەکەن و ئەو دەنگانەش لێرەو لەوێ پاش مەرگی سوکراتەکەی هەولێر بەرزبوونەوە نیشانەبوون لەسەرئەوەی دەیڵێین. هەروەها ڕاستە بکوژەکان تائەندازەێک توانیویانە کولتووری کوشتن بۆ سڕینەوەی ئەویتریجیاواز لەناومانا بچێنن بەڵام ئەمجۆرە کولتوورە ، کە لە کولتووری بەعسیزم پۆلاینتر نییە، تابڵێیت کەمتەمەن و بێ ئایندەیە.

هەروەها ڕاستە کوشتنی ئەویتر هەمیشە هۆی جیا لەپشتیەوەیە بەڵام کوشتنی لەمجۆرەی بەسەر سەردەشت دا هات سەرچاوەێ سیاسی هەیە و باشترین داڵدەی ئەم جۆرە سیاسەتەش زۆنی گەندەڵیە. ئەم جۆرە کوشتنە هەمیشە خۆی وەک گوماناویترین شێوەکانی کوشتن نیشاندەدات وەلێ لەناو گەندەڵی مێدیادا نووقم دەبێت و مێدیای ناوبراویش وەک شتێ سەرەزارەکی گوزارەی لێدەکات. کوشتنی لەم شێوەیە کە خۆی وەک جۆرە کوشتنێ بێ بەڵگە نیشاندەدات ئەفسووس لەتەککاتدا پیردەبێت و دەشکەوێتە زۆنی بیرچوونەوەوە. چونکە ئەوە کوشتنی سیاسیە ئەو سێستەمە بێ بەڵگەیە دروستدەکات و شیاویش بۆ لەبیرچوونەوەی ئەوی ڕوویداوە خۆشدەکات. بۆیە کوشتنی سیاسی هەمیشە بە ئیدانەکردنی ئەنۆنیمەوە (نەناسراو، بێناو) سەرقاڵتدەکا. بیریشماننەچێت کە بەهۆی کوشتنی ئەنۆنیمەوە خستنەژێرپرسیار زۆرترین هێزی دەدرێتێ بەڵام ئەمە هیچ بەرهەمناهێنێت. چونکە ئەنۆنیمیەتی کوشتنەکە خەیاڵی پرسیارکردن پەرتدەکا و هەموانیش لە دەوری گومڕای و بێ ئاکامی کۆدەکاتەوە. بۆیە ئێمە ئێستا لەژێرسایەی مێدیای گەندەڵدا لە قۆناغی ئەنۆنیمیەتدا دەژین.

لەپاش کوشتنی سەردەشتەوە و پێشتریش زۆربەی تاوانەکان دراونەتە پاڵ ئەنۆنیمەوە. لەمحاڵەتەدا پرسیارەکە ئەوەیە تاکەی ئەم ئەنۆنیمە لەناو ئێمە دەژی و بەئارەزووی خۆشی کەتنی گەورەگەورە دەکات؟ هەرێمێک کە هێندەی ولاتێ زەبەلاح مێدیای هەیە و زۆرترین پارەش لەم مێدیا ناکاریگەرە سەرفدەکات بۆ ناکارێ شیکارەی ئەم ئەنۆنیمەمان بۆبکات؟ لەبەرئەوەی دیسانەوە ئەنۆنیم مێدیاکە بەڕێوەیدەبات ناکارێ ئەم شیکارە بەدەستەوە بدات.

ئەمەو بەپێیئەوەی کولتووری کوشتن وامانلێدەکات لە ڕەها بژین و زۆرترین پێوەندیش لەتەک ئەنۆنیمدا خۆشکەین ئەم کولتووره لەلایی پێماندەڵێت بوون و نەبوونی ئازادی من لەگەڕناخا و لەلایتریش پێماندەڵێت من هەم تا تۆڵەبکەمەوە و تا ئەویتر بۆ هەمیشە لە هەناوی تۆقان بژێنم. ئەم کولتووره کە خۆی وەک دوا چارەسەر نیشاندەدات هەرگیز ئەوەی بیرناێتەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەویش قووربانی نەرێتی تۆقان بووبێت. ئەم کولتووره لێکسیکۆنی خۆی هەیە و ئازادیت بۆ فەراهەمدەکات تالەوسەرەوە وا لە ئازادیبکات بچێتە خوێنتەوە بەڵام بەفیعلی ئەوە ئازادی نییە لە خوێنتا دەگەڕێ ئەوە گەندەڵییە. بۆیە کولتووری کوشتن ئازادی قێزەوەندەکات و خۆشی وەک چارەسەر دەبینێتەوە (پێشنیاردەکات).

ئەوەشمان بیرنەچێت، کوژراو گەر سەربازێکی مارنزی ئەمەریکی یان پاسەوانێکی بەرەگەز بیانی بەردەم کونسلخانەکانی هەولێر بایە دەستبەجێ بە هەلیکۆپتەر بەسەر سەری باڵاترین باڵاخانەی سیاسیمانا دەخولانەوە و مۆڵەتی 24 سەعاتیان دەداینێ تا بکوژیان تەسلیم بکەینەوە. باشە گەر ئێمە ئاوا بکوژی یەکتربین چۆن بۆلەمەولا ڕوومان دێت باس لەو زۆرداریە سیاسییە بکەین لە بەشەکانی تری کوردستان دا دەرهەق بە تاکی کورد پیادەدەکرێن؟ هەروەها گەر ئێمە چاوقایمبین و تەنانەت ئەوەش بکەین(واتە ببین بە بکوژی یەکتر) بەدڵنیایەوە پێویستە بۆلەمەولا شەرمدامانگرێت و ڕوومانندەێت باس لەوەبکەین ئازادی ڕادەبڕین لە هەرێمەکەمانا سەرداره؟ چونکە ئەو ئازادیەی هەیە بۆ مسۆگەرکردنی بژێویە بۆئەو دەجالانەی لە شوێنە گشتیەکانا، لە کۆڕوکۆبوونەوەکانا، لە سمینار و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانا، قسە بە دەسەڵات دەڵێن و وەکی تریش لەژێرەوە کەباب لەگەڵ بەرپرسانی بڕیاره سیاسیەکان دەخۆن و پێشنیاری ئەوەشیان بۆدەکەن " قووربان من دەکارم ببم بە ڕاوێژکارت".

کوشتنی سەردەشت و سەردەشتنەکانی تر، کە دەبێت بە بەشێ لە مێژووی ڕۆژنامەوانی هاوچەرخی کوردی، پێویستە ئەم ڕۆژنامەوانیە نەبەردانە لەتەک هێزی کولتووری کوشتن، کە ڕۆحی سیاسەتی ئازادی گەندەڵ پێکدێنێ، لە پێکداداندا بێت.

**تیرۆرکردنی سەردەشت:تیرۆرکردنی نەوەی ئەمرۆ**

فەرهاد پیربال

وەک چۆن لە یەکەم ڕۆژی شەهیدکردنییەوە، لە ڕێگەی رادیۆی (نەوا) وە، پڕ بە بارتەقای هەموو ئاسمانی کوردستان، بەر لە هەموو رۆژنامە و سایتێک هاوارم کرد.. پاشانیش لە ڕێگەی رۆژنامە ناوخۆکانی کوردستانەوە ئیدانەی شەهیدکردنی قوتابیی زانکۆ و ڕۆژنامەنووسی گەنج (سەردەشت عوسمان) م کرد.. جونکە بە ئەنجامدانی ئەو کردەوە

قێزەوەنە، جارێکی تر عەقلی کۆن و کۆنەبەرست و تیرۆریستان دووپاتیان کردەوە کە ئەوان لە بۆسەدان بەرامبەر یاخیبوونی گەنج و قوتابیانی ئازادیخواز... لێرەدا دووبارە داوا دەکەم هەرچی زووە، لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەتایبەتی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆی هەرێم، بە جیدی بکەونە خۆ، بۆ دۆزینەوە و دەستگیرکردنی تاوانباران و بکوژانی خوێندکاری شەهید (زەردەشت) و هەموو ئەوانەی دەستیان لە پشتەوەی وەها کردەوەیەکی قێزەوەندا هەیە و ڕەوانەی بەردەم دادگا بکرێن، چونکە ئەم ڕووداوە ویژدانی هەستیارترین توێژی ئەم کۆمەڵگایەی زامدار کرد: توێژی خوێندکاران کە بڕبڕەی پشتی ئایندەی ئەم وڵاتەن.

بە تیرۆرکردنی (زەردەشت) ی قوتابی، دەنگی گڕی خوێندکار و گەنجانی ئازادیخوازی کورد، هەرگیزاو هەرگیز خامۆش نابێ.

**تیرۆرکردنی سەردەشت تاوانێکی گەورەیە**

لەم رۆژانەدا، دوای فراندنی، خوێندکارو رۆژنامەنوس، تەرمی زەردەشت عوسمان، لەنزیکی پارێزگای موسڵ دا، دۆزراوەتەوە، بەمەش، تاوانێکی گەورە دەرهەق دیموکراسیو ئازادیو پیرۆزی زانکۆو بزوتنەوەی خوێندکاران ، ئەنجام دراوە.

ئەنجامدانی تاوانی وا، لەسەر هەرچیەک بێت، تاوانە، چ جای لەسەر بیری ئازادبێ.

ئەنجامدەرانی تاوانەکە، هێندە لەنوسینو نوسەرانو رەخنە دەترسنو ترسنۆکن، تەنانەت نەیانتوانیوە خۆیان لەبەردەم ئازایەتی سەردەشت عوسمان، دوای فراندنیشی، بۆ چەند رۆژێکیش رابگرن، بۆیە هەر زوو شەهیدیان کردووە.

ئەو هۆیانەی پاڵنەری تاوانی ئاوەهان، بۆتاوانباران هەر پاساوێکی هەبێ، بێگومان، بۆ نوسەرو ئازادی خوازانو بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردستان، تاوانی ئاوا قێزەونو نامەردیو مۆری شەرمەزاری هەمیشەیی یە کەهەرگیز لێیان نابێتەوە.

ئێمە نازانین هۆی ئەنجامدانی تاوانەکە چی یە، هەتا هۆیەکانو بکوژەکانیش دەرئەکەوێ، ناتوانین حوکم لەسەر تاوانبارانو هۆکاری تاوانەکەش بدەین، بەڵام ئاماژەکانو هەڵسەنگاندنی میدیاکان، باسی بیروڕای ئازادو رەخنەی سەردەشت دەکەن، کەنوسیونی، ئەگەر تاوانی سەردەشت ئەمەبێ، دەک نەفرەت لەوانەی لەوشەو لەنوسینو لەرەخنە دەترسن، هەرکەسێک هەرلایەک، لەسەر نوسین و رەخنە تاوانی شەهیدکردنی نوسەر ئەنجام بدات، ئیتر ئەو کەس و لایەنە، هەتا بیناقاقایان نوقمی زەلکاوی شەرمەزارینو بەدڵنیایشەوە، ئەم جۆرە کەس و لایەنە، بەشەرمەزاریەکی بێ وێنە، شانۆی سیاسەتو ژیان جێ دێڵن.

سڵاو لەگیانی پاکت سەردەشت

نەفرەت لەکردەوەکانتان بکوژان

مەلابەختیار

8/5/2010

**شەهید سەردەشت و ئازادی**

١٧ی مای ٢٠١٠

مەلا بەختیار

سەرەتای ئەم مانگە، گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، رووداوی دڵتەزێنی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان، هەژاندی. ئەم روداوە، جارێکی تر دەیڵێینەوە، هەرکەسو لایەک، لەسەری بسەلمێ ئەنجامی داوە، شەرمەزارییەکی گەورەی بۆ دەمێنێتەوە. ئەمە جگە لەوەی پێویستە بەسزای یاسایی بگات..

بەڕاستی، رفاندنی مرۆڤ، کوشتنیشی بەبێ دادگا، تاوانێکە هەتا بڵێی قێزەونە. جاری واهەیە تاوانی وا، لەسنوری کوشتنی کەسێک دەردەچێتو دەبێتە پێوانەیەک کە هەموو کەسێکی بەویژدان هەست بکات، تاوانەکە بەرامبەر بەخۆی ئەنجامدراوە. بۆیە لەکاتی ئاشکرابونی تاوانی وادا، شەقام دەجوڵێو نارەزایی فراوان دەبێت.

بەڵام لەکاتی رودانی وادا، پێویستیشە، هەمەلایەنە، روداوەکە لێکبدرێتەوەو بنجو بناوانی کۆی ئەو هەڵانەی روداوی وایان لێدەکەوێتەوە، ساغبکرێنەوە. لەروانگەی ئێمەوە، ئەزمونی تازە بنیاتنراوی کوردستانو ئەو ئازادییەی لەسایەیدا بەدیهاتوە، دەبێ بابەتیانە ببینرێو بەعەقڵانیش هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ. دیموکراسی پرۆسەیەکی مێژوییەو بەدرێژایی مێژوش بەقۆناغ هاتۆتەدی. یەک ئەزمونی دیموکراسی نیە، بەقۆناغ ئەرکەکانی نەهاتبێتەدیو رێڕەوێکی مێژویی دورو درێژیشی نەویستبێ. بەتایبەتی لەناو گەلانی دواکەوتوی بێ پێشینە رێنیسانسو رۆشنگەریو شۆڕشی پیشەسازی. لەبەر رۆشنایی ئەو راستیە مێژوییە لەمەڕ دیموکراسی، کاتێک دیقەت لە فەزای ئازادی ئێستا دەدرێت، بەئاسانی هەست پێ دەکرێت، ئەم ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسیو یاساییە، ئەم ئازادییەی رەچاوی قۆناغەکانی گەشەکردنی دیموکراسی تیا ناکرێ، هەقوایە لەکاتی روداوی ئاوادا، هەڵوێستەی لەسەر بکرێو سەرلەنوێ ئاراستەکانی ئازادی بخرێتە خزمەتی سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسیەوە.

هەڵەیەکی گەورەیە، لەناو ناوەندێکی نوسەرو نوسیندا، خەیاڵدانی ئەوتۆ بخوڵقێندرێ، کە گوایە دەشێ پەیڕەوی لەئازادی بێ سنور بکرێ. بۆ ئەوەی رەگو ریشەی ئەم هەڵەیە دیاری بکەین، ئاوڕێک لەرابردو دەدەینەوە. لەمەڕ ئازادیی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، لەناو شۆڕشدا، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەنێوان کۆمەڵەی زەحمەتکێشانو حزبی دیموکراتدا، مشتومڕێکی زۆری لەسەر پەیدابوو. یەکێکیش بو لەهۆیەکانی ساڵەهای یەکتر کوشتنیان. پاشان ئەم مشتومڕە لەدوای راپەڕینەوە، هەر لەرێگەی بانچەپەکانەوە، هاتە ناو هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستانی عێراقیشەوە. زۆرتریش پەیڕەوانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەم تێزەیان هێنایە ئاراوە. خۆشم یەکێک بوم لەو کەسانەی، کەمێک کەوتمە ناو ئەو فەزایەش. هەتا ساڵی 1991 بۆ 1992 چەند جارێک ئەو دروشمەم وتۆتەوە. بەڵام ئەزمون دەریخست، دروشمێکە، لەناو واقعدا جێگەی بکرێتەوە. تەنانەت خزمەتی ئازادایش ناکات. بەڵکو هەمو ئەوانەی ئاڵاهەڵگری ئەو دروشمە بون، لەهیچ شوێنێکی کوردستانو دنیا سەرکەوتنیتان بەدەست نەهێناوە. تەنانەت لەناو خودی حزبەکانیشیاندا. هەر بۆیە، لەناو هێزە چەپەکانیشدا، بەلایەنەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی رۆژهەڵاتیشەوە، ئەم تێزە، ئێستا کەم پێزە.

لەکوردستانی عێراقدا، هێزی سیاسی نابینم، ئەو دروشمە زەقو رەقە بەرزبکاتەوە، بەڵام بەکردەوە، هەم لەناوەندی رۆژنامەگەریو هەم لە هەندێک بابەتی جۆراوجۆردا، پاشو پێش سەرهەڵدانی بزوتنەوەی گۆڕانیش، بەکردەوە کار بەم تێزە کراوە. ئەمەش لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە، لەناو چەندین نوسەرو ئێستا لەناو بزوتنەوەی گۆڕانیشدا، خەیاڵدانی وای دروستکردوە، کە ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، مافێکی رەهایە. هەڵبەتە بەڕواڵەت، بەرزکردنی ئەم دروشمە، یان جێبەجێکردنی بەبێ بەرزکردنەوەی دروشمەکەش، بەڕواڵەت داوایەکی لۆژیکیە. بەڵام جێبەجێکردنی زۆر دژوارە. بەش بەحاڵی خۆم، پێموایە، هێشتا زۆرمان ماوە، بگەینە ئەو ئاستەی ئەمجۆرە ئازادابیە، پەیڕەو بکەین. لانی کەم، لەناو ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی ئێمە، دروشمی وا ناخوا. لەناو حزبە سیاسیەکانی ئێستادا، قبوڵ ناکرێ، لەبەرامبەر دەسەڵاتەکاندا، ستەمە. لەبەرامبەر ئاینو مەزهەبەکانیشدا، مەحاڵە. کەوابێ، دروشمی وا تەنها لەخەیاڵی نوسەری دەستەبژێردا جێگەی دەبێتەوە.

دروستکردنی خەیاڵدانی ئازادیی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، وەنەبێ بنەمایەکی فەلسەفیو کۆمەڵایەتی هەبێت. یان لانی کەم، تێگەیشتنێکیش لەسەر لیبراڵیزم، تەنانەت لەناو بەشێکی نوسەرانیش سەریهەڵدابێت. ئەوە هەر هیچ هێزی لیبراڵ لە کوردستاندا نیە. کەچی ئەو خەیاڵدانە، لای دەستەبژێرێک لە نوسەران، دروست بووەو ئەم ئاراستە ئازادییە، لەستونو نوسینەکانیاندا پەیڕەو دەکەن. خۆم باوەڕم وایە ئەم ئازادابیە، کەمتر خزمەتی ئازادی کردوە؛ بەڵکو خزمەتی دوژمنەکانی ئازادی زیاتر کردوە. دڵنیاشم ساڵەهای ئایندە، سەرەنجامی پێشکەوتنی دیموکرسی لە کوردستاندا، ئەم رەوتە دەگۆڕێ. بۆ سەلماندنی ئەم قسانەشمان، ئێمە هەڵوێستەیەک لەسەر نوسینە خەیاڵاویەکەی سەردەشتی شەهید دەکەین.

لاوێکی ئاوا، کە خوێندکاری زانکۆیەو دوارۆژێکی گەورە چاوەڕوانی بوو، ئەگەر لەناو ئەو فەزای ئازادیی بێ قەیدو شەرتی سیاسییە، خەیاڵدانی وا لەمێشکیدا دروست نەکرابێ، چۆن نوسینە خەیاڵێکی وای دەنوسی!؟ پێشوەخت دیارە، هیچ رێساو یاسایەک، رێگەی نادات. کەچی چونکە خەیاڵدانی وای هەبوە، خەیاڵە نوسینەکەی نوسیوە. من دەپرسم: ئەگەر ئێستا شەهید سەردەشت بمابایە، نوسەرێکی تر، لەسەر خوشکی خۆی، یان لەسەر دایکی، یان لەسەر تەنانەت خزمێکیشی، بەم شێوەیەی کە خۆی نوسیویەتی، نوسیبای، ئاسان بوو قبوڵی بکات؟ لەو باوەڕەدام ئاسان نەدەبو. لەو باوەڕەدام ئەو نوسەرانەی کەماویشن‌و بەرگری لەو جۆرە خەیاڵدانی ئازادیی بێ قەیدو شەرتی سیاسیەو خەیاڵە نوسینی وا دەکەن، دڵنیام ئەمانیش لەو بابەتە نوسینە دژی ژنیان، کچیان، خوشکیان‌و کەسێکی نزیکیان بنوسرێ، پێیان قوت ناچێ. تەنانەت لە ئەوروپاش ئازادی نەگەشتۆتە ئەوەی پەلاماری ژن‌و خوشکی یەکتر بەبێ بەڵگە بدرێ. پەلاماریش بدرێ، سزای یاسایی توندی لەسەرە.

رێگا زۆرە، بەڵگەش زۆرە، لەسەر گەندەڵی بەرپرسان، حزبەکان، دەسەڵاتەکەمان‌و هەر ناوەندێکی سیاسی‌و ئابوری تر بنوسرێ. کەسیش ناتوانێ رێگە لەمە بگرێ. بەمەرجێ بەبەڵگەبێ‌و بەئامار سەلمێندرابێ. ئیتر چ پێویست دەکات خەیاڵە نوسینی وا بنوسرێ، کە بێگومان هەقیش دەکا بەناهەق.

ناوەڕۆکی قسەکەم لەسەر ئەو فەزایەی ئازادییە کە خەیاڵدانی وا لای چەند نوسەرێک دروست دەکات. کە جاری واهەیە روداوی جەرگبڕی وەکو شەهیدکردنی سەردەشتی لێدەکەوێت. کەمن بەدوری نازانم ئەم ئاوەی رژێنراوە، بەناوی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسیەوە، راستە سەرەتا لەلایەن دەستەبژێری نوسەرانەوە پەیڕەوکراوە، بەڵام ئێستا تێکەڵاو بەهاوکێشە سیاسییەکان‌و ستراتیژە جیاوازەکان بوە. بۆیە وردە وردە لیتاوی ئەو ئاوە رژاوەی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، مەترسیم هەیە کارەساتی گەورەتری لێبکەوێتەوە. پێشبینی دەکەم، هەبن، لەم رێگەیەوە بیانەوێ، کەتنی سیاسی گەورە بنێنەوە. مێژوی دەوروبەرمان‌و زۆرێک لەوڵاتانی دنیا، پڕن لەکەتنی وا. بۆیە هیوادارم، چەند پێویستە، هەمو کەسێکی ئازادیخواز، سوربێ لەسەر دۆزینەوەی تاوانبارانی شەهیدکردنی سەردەشت‌و بەسزا گەیاندنیان، لەهەمان کاتدا، وریای ئەوەش بین، روداوی وا، جڵەوی سۆزمان نەداتە دەست ئەو کەس‌و لایەنانەی، دەمێکە خۆیان بۆ کەتنی سیاسی مەڵاس داوە.

جێی خۆشیەتی، دیالۆگێک لەسەر ئەو فەزا ئازادییەی ساڵانی رابردو، بکرێ‌و لایەنە گەشەکانی گەشتر بکرێن‌و لایەنە خامۆشەکانیشی نەدرێنە دەست چارەنوسی نادیار!!

**کوردستان پێویستی بە بەرپرسیارێتی لێکۆڵینەوە هەیە**

**نوسینی: مایکڵ ڕوبن**

**وەرگێڕانی:  ئارام عزیز**

**لە 2 ی دیسەمبەردا ،بەو بێیەی باس دەکریت بە هاندانی مەلاکان لە نویژی هەینیدا تیکدەران بەنێو زاخۆدا بلاوەیان کرد و پێش ئەوەی دەست بە سوتاندنی چەندین دوکانی مەیفرۆشی و ئوتێل بکرێت دوکانێکی مەساجیش تێک درا. لەبەرامبەردا  ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانانی پارتی دیموکرات هێرشیان کردە سەر ئۆفیسەکانی یەکگرتووی ئیسلامی و نوسینگە ئیعلامیەکانی لە دەوروبەری دهۆک و سیمێڵ. لیرەدا تەنها یەک کێشە هەیە کە چالاکوانێکی یەکگرتوو بۆم ڕوون دەکاتەوە " ئەوکاتەی یەکگرتووی ئیسلامی لە زاخۆ دوو ئیمامی هەبوو هەر زوو لەلایەن حکومەتەوە لەسەر کار لابران". پارتی دیموکرات مزگەوتەکان ڕێک دەخات و وتاربێژی بۆ دائەمەزرێنێت".  ئیسماعیل عوسمان کە ئەو مەلایە بوو کە هانی نویژخوێنەکانی دابوو بۆ هێرش کردنە سەر دوکانی مەساجەکە بە (هاولاتی) ووت کە ئەو ڕقی لە یەکگرتووی ئیسلامیە و ئەو پارتییە.**

**سەرۆکی هەرێم مەسعود بەرزانی سەرکۆنەی توندوتیژیەکەی کرد و پەیمانی ئەوەیدا کە لیژنەیەکی تایبەت بۆ لیکۆڵینەوە لە ڕوداوەکە پێک بهێنێت. بەلام بەداخەوە،بەرزانی لیژنەیەک دادەنێت کە لێکۆڵینەوە لەو هێرشکردنانە دەکات کە لە دژی پارتی و ئاسایشە بەجۆرێک  هێرشبەرەکان لە حیزبەکەی خۆیەوەن وەک ئەو ڕێویەن کە بۆ لێکۆڵینەوە لە هێرشکردنە سەر ماڵی مریشکێک نێردراوە، یاخود وەک بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا وان کە پەیمانی لێکۆلینەوە لەو هێرشکردنانە دەدات کە لەلایەن هێزە ئاسایشیەکانی خۆیەوە کراونەتە سەریان. لەوانەیە بەرزانی ڕاستگۆبێت بەلام پاش چەندین هێرشی هاوشێوە کە لەلایەن حیزبەکەی و دەربازبونیان لە سزا و لە هەندیک حاڵەتدا لەلایەن خانەوادە نزیکەکەیەوە بۆسەر حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕۆژنامەنوسانی ئازاوە ئەنجام دران  بەرزانی لە مەسەلەی دادپەروەری و مافی مرۆڤدا میسداقیەتی خۆی لەدەست داوە.**

**ژمارەی ئەم  لیکۆڵینەوە ئەنجام نەدراو و هێرشە سزانەدراوانە لە دژی نەیارە سیاسیەکان لە کوردستاندا لە گەشەدایە. لە مانگی ئۆکتۆبەری 2005 دا  هێزەکانی ئاسایش لە هەولێر کەمالی سەید قادری نوسەری نەیار و هاولاتی نەمسایان خستە زیندانەوە.  پاش دادگایی کردنێکی یەک سەعاتی مەحکەمە بە حیزبی کۆنترۆڵکراوەکە سزای 30 ساڵ زیندانی بەسەر کەمالدا سەپاند.   لەوەی کە ئایا ڕۆژنامەنوسیی دکتۆر کەمال پرۆفیشناڵە یاخود نا ئەوە ڕوونە کە پرۆسەی دادگایی کردنەکە  پرۆفیشناڵی نەبوو. ئەوەبوو کە قوباد تاڵەبانی کوڕی جەلال تاڵەبانی سەرۆک یەکەم کەس بوو کە کەیسەکەی بە کەسانی نێو واشتنت دی سی گەیاند، ئەمەش پێدەچێت لەبەر ئەوەبووبێت کە ئەو پێشێلکاریە ئەوەندە زەق بوو کە ئەو نوێنەرەی کورد هەستی بەوە کردبوو  کە وێنەی هەرێمەکەی لە دەرەوەی وولات زیاتر**

ناشرینتر دەبیت وەک لەوەی بۆ سەری ڕەش دەبینرا.لەکاتێکدا کە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کەیسەکەدا بینراوە پارتی دیموکرات کاردانەوەی زیادەڕەوی تێدا کردووە و تێوەگلانی ئەندامانی بنەماڵەی بەرزانی لە زۆرێک لەو پێشێلکاریانەدا وایکرد کە نیگەرانیەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا بێتە ئاراوە.

پاش دوو مانگ لە زیندانی کردنی کەمال چالاکوانەکانی پارتی دیموکرات لەپێش هەڵبژاردنەکاندا بە توندی هێرشیان کردە سەر لقی یەکگرتووی ئیسلامی لە دهۆک و کوشتنی سەرکردەی ئەو لقە. ڕوداوەکە لە کۆشکی سپیدا باسی لێوە کرا ، ئەمەش نەک تەنها لەسەر ئاستێکی نزم بەڵکو ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرۆک بۆش و چینی جێگریدا. بەداخەوە لەکاتیکدا بەرزانی نیگەران بوو بەو وێنەیە کاتێک دەچێتە دەرەوە پێی وایە دەبێت ئەو ڕێزەی لێبگیرێت کە خۆی پێی وایە شایەنیەتی ، بەلام زۆرجار بڕیارەکانی خۆیەتی کە لە خراپترین حاڵەتی ئۆتۆکراتیدا دەبینرێنەوە و هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە خۆی و کوڕەکانی زیاتر لە هەر ئۆفیسێکی دیکە دەورژێنێت کە زۆر بەسەریا هەڵنادەن یاخود لە پێگەیەکی ئەوتۆ بەرزدا نایبینن.

لەوانەیە لەبەر ئەوەبیت کە بەرزانی بڕوای وابێت کە دەتوانێت لەو تاوانانە ڕزگاری بێت ، کوردستانیش هەر زوو ببێت بە شوێنێکی زۆر مەترسیدار بۆ ڕۆژنامەنوسان یاخود بەلایەنی کەم بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارە سەربەخۆکان کاردەکەن و پەیوەندیان بە باڵە کۆمەلاَیەتیەکانی حیزبی سیاسیەوە نەبێت. لە ساڵی 2008 دا سۆرانی مامە حەمە کە پەیامنێری گۆڤاری لڤین بوو لەمەڵەکەی خۆی لە کەرکوک بە گوللە کوژرا، ئەمەش پاش بلاَوکردنەوەی چیرۆکێک لەسەر باندێکی لەشفرۆشی کە خەلکی ناوخۆی و ئەندامانی حیزبی تیدا بەشدار بوون.چیرۆکەکە پەیوەندیدار و دژ بە ئەوان بوو. ئامادەکاری دەزگا ئاسایشیەکانی کورد بۆ بەکارهێنانی لەشفرۆشی بۆ هێشتنەوەی بەرپرسە بیانیەکان زۆر ناسراو بوو لەلایەن ئەو ئەمریکیانەی کە لە ناوچەکەدا کاریان دەکرد و هەروەها وەک هەڕەشەیەکیش لە دژی کۆلۆنێلیکی ئەمریکی بەکارهێنرا کە لە هەولێر جێگیر بوو.کەیسی کوژرانی سۆران بە چارەسەر نەکراوی مایەوە و هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر ئەوەی کە لایەنە بەرپرسە کوردیەکان تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جیدییان ئەنجام دابێت. نەجمەدین کەریم کە پاریزگاری تازەی کەرکوکە هیچ ئارەزویەکی نیشان نەدا لە شوێنکەوتنی کەیسەکەدا.

دوای دوو ساڵ لە مەرگی سۆران فڕاندن و کوشتنی سەردەشت عوسمان بەدوایدا هات کە واپێدەچوو پەیوەندی بەو شیعرە ڕەخنە ئامیزەوە بووبێت کە لەسەر دەوڵەمەندی بنەماڵەی بەرزانی نوسیبووی.دوبارە مەرگی سەردەشت بووە سەردێڕی میدیاکانی جیهان لەبارەی ئەوەی کە لە بەرپرسە کوردەکان پێشبینی دەکرێت.لەکاتیکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئاشکراکرد و سەردەشتی تۆمەتبار کرد بەوەی پەیوەندی بە تیرۆرەوە هەبووە بەلاَم تۆمەتەکانی حکومەت هیچ بەڵگەیەکی پاڵپشتی نەبوو وە ئاماژەشیان بەوە نەکرد کە چۆن دەکرێت تیرۆرستەکان دەتوانن لە ڕۆژی ڕوناکدا و لەنێو

حەرەمی زانکۆدا قوتابیەک لە ناوجەرگەی هەولێردا بفڕێنن و لەگەڵ ئەو بازگانەی پارتی بەڕێوەی دەبردن ڕوبەڕوو نەبنەوە.

ئایا دەسەلاَتی کوردی فێری ئەوە بووە کە ناتوانن بەبێ ڕزگاربوون لە دەرەنجامکان کەسێک بکوژن ،وەک ئەو تراژیدیایەی مانگی فێبرایەری ڕابردوو ڕویدا و خۆیانی لێ بەدوور بگرن.کاتێک کۆمەڵێکی بچووک لە خۆپیشاندەران بەرد دەگرنە لقی پارتی لە سلێمانی و چەکدارێک لەناوەوەی بیناکە بەشێوەیەکی کوێرانە تەقە لە قەرەباڵغیەکە دەکات و گەنجێک دەکوژێت. لەماوەی چەند هەفتەی داهاتودا توندوتیژی بلاَوەی کرد و دەسەڵاتی کوردی زیاد لە دوازدە کەسیان کوشت و چەند سەد کەسێکیشیان بریندار کرد.لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدابیت ئەو چەکدارەی پارتی دەبێت لە زینداندا بێت جا بۆ تاوانی بە ئەنقەستیش نەبێت لەبەر کوشتنەکەیە.هەر سەرۆک وەزیرانێکی بەڕێز بێت لەپاش توندوتیژیەکی لەوجۆرە لە نوسینگەکەیدا نامێنێتەوە ،بەلاَم لە کوردستاندا پاش بەدەستهێنانی نوسینگەیەک لەوانەیە جێهێشتنی زەحمەت بێت تەنانەت ئەگەر بەمانای ڕیفۆرم خوازیش ئەو کارە بکرێت.

ئەوەی کە ئایا یەکگرتوو بەلای زۆرێک لە کوردەکان یاخود ولاَتانی ڕۆژئاواوە تەحەفوزی هەیە یان ڕادیکاڵیە نابێت ببەسترێتەوە بەو تونوتیژیانەی لە زاخۆدا ڕویاندا و پارتی تۆڵە لەوان بسێنێتەوە و لەکاتێکدا هەموو ئاماژەکان بۆ پارتیە. لەوانەیە بارزانی سەرکۆنەی هێرشەکەی کردبێت بەلاَم گەر ئەو جددی بێت لەسەر قەبوڵ نەکردنی ئەو کارە ئەوا چەند هەنگاوێک هەیە کە دەتوانێت ڕاستەوخۆ بیانگرێتە بەر.

یەکەم هەنگاو بریتیە لە لەسەرکارلابردنی وەزیری ناوخۆ کە زۆرەی هێرشەکان بەچاودێری ئەو ئەنجام دراون. گەر پارتی جدی بێت لەسەر لێکۆڵینەوەی کوشتنەکەی سەردەشت عوسمان ئەوا کەریم سنجاوی ئەوە ئاشکرا دەکات کە ڕێگەی داوە کە ڕێگەی بە تیرۆریستەکان داوە کە بینە ناوجەرگەی هەولێرەوە.لەهەمان کاتدا گەر لێکۆڵینەوەکان شانۆگەرییەک بن ئەوا وەزیری ناوخۆ بەردەپۆشی بۆ نەبونی یاسا دەکات کەوا لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا ئەرکی ئەو ئەوەیە کە گوێ بە حیزبی تاوانبار و پەیوەندی خانەوادە نەدات.

هەنگاوی دووەم دەبێت دەست لەکارکێشانەوەی سەرکردەی هێزی ئاسایشی پارتی بێت. ئەوەی کە دەزگای هێزی پاراستنی هەریمی کوردستانی عێراق کوڕە گەورەکەی و جێنشینەکەی بێت دەبێت دوور بخرێتەوە. دوای هەموو ئەمانەش کاتێک کوڕەکەی جەلال تاڵەبانی چەند بڕیارێکی لاوازی پەیوەندیدار بە هێزی ئاسایشی یەکێتیەوە دا دایک و باوکی یەکسەر بۆ ئەوروپا دوریان خستەوە. ئەوە لەوانەیە دادوەرانە نەبێت بەلاَم ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاوانێک ئەنجام دراوە.

لە کۆتایدا گەر بەرزانی ڕاست دەکات لەو پەیمانەی کە دەبێت لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام بدرێت ئەوا دەبێت ئەو لێکۆڵینەوەیە تەواو بێلایەنانە بێت . لێرەدا لەوانەیە بۆ بارزانی

کاتی ئەوەبێت کە بانگی کۆمەڵگەی نەتەوەیی و دیبلۆماتەکان و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی غەیرە کوردی و عێراقی و ئەو ئەکادیمیانە بکات کە بەهیچ شێوەیەک لە کۆمەڵگەی کوردیدا سەرمایەدارییان نەبێت و لێکۆڵینەوەکان بگرنە دەست. بارزانی دەیتوانی بەئاسانی هەموو پشتگیریەکیان بکات و رێگە بۆ لێکۆڵینەوە لەهەر ئەندامێکی حیزبێکیان پێ بدات و رازی بێت لەسەر پشتگیری کردنی رێنماییەکانیان. بەلاَم ئایا بەرزانی کاتێک لە 2005 دا ئەو کێشەیە سەری هەڵدا لەسەر ئەو جۆرە کردارە رازی بوو کەوا لەوانەیە بەهۆیەوە ژیانی زۆرێک لە خەڵک رزگار بکرایە و پاشان کوردستانیش زیاتر پێش دەکەوت لە دەستەبەرکردنی دیموکراسی و سەروەری یاسادا.

**لە هەولێر سوپەرمان دەفرێت، سەردەشتیش تیرۆرستە !**

ڕێکان سەباح

چەند فەرش راخراوی بەردەم پێ لە کوردستان لە شوێنی رۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی، سیاسەتوان ، ئیتر لە بەرپرسیاریەتیش جۆرەها بەرپرسی، لە هەولێر هەن، کە

هەموو ئەو ئیمکانیاتە زۆرەی کە وەکو فەرشە سورەکان راخراون، وەک یەک رستەی سەردەشت عوسمان بۆ ئێمە بەمانا نیە، چونکە لە بنەرەتەوە بنەمای ئەو کارانە یان ئەو هەموو دەرکەوتنە لە گۆرەپانی هەرێمەکەمان یان بەتایبەتی لە هەولێر ، هیچ سودێکی جگە لە وەرگرتنی ئیمتیازی شەخسی بۆ ئەوان هیچی تر پێ نیە بۆ ئێمە. نزیک بوونەوەمان لە رۆژی تیرۆر کردنی رۆژنامەنووس و خوێنکاری زانکۆ و کورە بێنازەکەی هەولێر سەردەشت عوسمان، دوساڵ تێپەریوە کەچی هێشتا سەردەشت تیرۆرست و بکوژانی سەردەشتیش ئەنسار و درۆی لەو چەشنە. بەڵام شتێک لە بیرکراوە ئەوەش فکرەکەی سەردەشت و خەم خواردنەکەی سەردەشتە بۆ نەوەی داهاتوو، کە لەناو شاری هەولێر و هەرێمی کوردستان بەگشی ئامادەیە. گۆڕانکاریەکانی هەرێمەکەمان شایەدی ئەو راستیەن کە هەنگاوەکان بە پێی سەردەشت و هاوفکرانی سەردەشتە، بەڵام وەکو سەردەشت ووتەنی"

ئێمە بەدیار بەردێکەوە دانیشتووین و چاوەڕوانی هەڵهێنانیشین" هەرچەندە لەپاش تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس، رەچەڵەکی ئەو بەردە بەدیار کەوت و شوێن و مەکانی لە ووتەکەی دا لەق بوو، کە دەڵێن "بەرد لە شوێنی خۆی بە سەنگە" بەردێک کە لە شوێنی خۆی نەبێت هیچ کات وەکو شوێنی خۆی نیشتەجی و قەدر و قیمەتیشی نابێت .

بۆیە تاکو جێگر نەبوونی بەردی شیاو ، لە شوێنی شیاو بۆ بەرگری گەل و ووڵات، لە خاڵەکەی سەردەشت بەدەیان گەنج و سەدان گەنج دێنە سەرە دێڕ و ئەنوسن.

بێچاوێنی بێت ئەمرۆ لە یاد کردنەوەی سەردەشتدا لە کونجی ماڵەکانمان بە نوسن و دەربرینی بۆچوونەکانمان زۆر بە بوێرانە کە بەرهەمی بوێری سەردەشتە،

هەنگادەنێین بۆ رۆژگارێک، کە بچینە ناو هۆڵەکان و گۆڵ پێشکەش بە پەیکەرەکەی بکەین. سەردەشت تەنها مێژوویێکی نەنوسیەوە لە ناو رۆژنامەنووسی دا، بەڵکو سەردەشت و تیرۆری سەردەشت بووە قۆناغێکی زۆر گەورە لە شکاندنی بێدەنگی، دەرکەوتنی بوێری و تەکانێکی دا بە نارەزایەتی، سەردەشت عوسمان بوە بنمایەک لە جورئەتی بوێری و ئەو بەربەستانی کردەوە کە تێیدا فکرە و بوونی هۆشیاری کۆمەلایتی تێدا بەند کرا بوو، سەردەشت بووە کاوەیەک لە سەر زوحاکی گەندەڵکاران و راستیەکی هێنا کایەوە کە ئەویش دانپێدانانی پێشەڵکاریەکانی ئەو وولاتە لە لایان بەرپرسانی ئەو وولاتە. سەردەشتە پێشەنگی نارەزایەتیەکانی ئەو وولاتە.

ئەوەی کە سەردەشت کردی هەرگیز رۆڵێکی وا لە ناو فەرش راخراوەکانی بەردەم پێی ئەو بەناو رۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی و سیاسەتوانانە، نابینرێت و هیچکاتیش بە ووشەیەکی سەردەشت عوسمان یان بەخاڵی کۆتای سەردەشت و پێش دەسپێکردنی سەرە دێرەکانی سەردەشت ناتوانن بەتوانا بن و شانازی بدەن بەهەولێر.

هەرچەندە سەردەشت مولکی هەرێمەو بەلام رۆلەی هەولێرە، بۆیە سوپەرمانی ئەوان با هەر لە فرین بێت، کاتێک فرینی ئەوان بە خاڵێکی سەردەشت گرینگی نەبێت بۆ گەل و نیشتیمان.

**خێزانی سەردەشت عوسمان، خێزانێک پڕ لەجوامێری و نەبەردی**

شوان محمد

لە 22 ساڵی حوکمی پارتیو یەکێتیدا زۆر خێزان کوڕیان کوژرا، بەلاَم هێندەی نەبرد لەژێر زوڵمو زۆرو فشارو، دواتر دەم چەورکردنی پارتیو یەکێتیدا ملیان کەچ کرد و، سوڵحی عەشاریان کرد و خوێ َنی کورەکەیان بە پارەیەکی باش بەپارتیو یەکێتی فرۆشت، ئیتر هیچ شتێک نەمایەوە بۆ دادگاو دۆسییەی تاوانبارەکان

داخران. پارتی و یەکێتیش درێژەیان بەهەمان سیاسەتدا پەنابەرە بەر توندوتیژی و کوری خەڵک بکوژەو لەماڵومولکی گشتی پارەی خوێنەکەی بدە. پێویستە لەروداوێکدا لەخاڵێکدا کەسێک، خێزانێک، پارتیو یەکێتی بوەستێنێت، پێیان بڵێیت فەرموون با دادگا حوکم بدات، ئێمە نە لەژێر فشاو زوڵمو زۆری ئێوەدا سوڵح دەکەین، نە خوێنی کورەکەشمان لا زیادە تا بیفرۆشین، فەرموو ئێوەو دادگا، با ئەو کێشەکە یەکلای بکاتەوە. بەدرێژایی ئەو 22 ساڵەی حکومی پارتیو یەکێتی رەنگە هیچ خێزانێک نەبووبێت هێندەی خێزانی ماڵی سەردەشت عوسمان جوامێر بووبن. ماوەی دوو ساڵە سەرباری فشارێکی زۆرو هەرەشەو تۆمەتبارکردن،

ئەم خێزانە جوامێرە سورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان کە ئەویش بەدادگاییی گەیاندنو ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشتە، ئەمەش ئەو پەری جوامێریە بۆ ئەو خێزانەو، یەکێکە لەو هەڵوێستە جوانانەی بەدرێژایی 22 ساڵە زۆر دەگمەنە خێزانێک بەرووی پارتیو یەکێتیدا وەستابنەوەو بڵێن( نەخێر)، نە فشارو نە هەرەشەو نە ئیغرائاتی ئێوە ناتوانێت ملمان پێ کەچ بکات، بۆیە هەقی خۆیەتی هەموان سەری رێزو نەوازش بۆ ئەم خێزانە جوامێرە دانەوێنین.

**کاکە سەردەشت لێم ببورە**

هەڵمەت گۆران :

ئەم کاتەت باش هاورێ نەناسەکم چۆنت لێ بروانم بەم هەموو بیتاقەتتیەوە کە بومە هۆی نارەحەتی تۆ و منیش وەک تۆ تیرۆر کرام بە پلانی هەمان حزبە رەنگ زەرد و خێلەکیەوە ، چۆن لیت بروانم بەم هەموو ئازارەوە چۆن بتهینمە بەر چاوم ؟

بەکام تاوانەوە بروانمە روخسارە جوان و شێواوەکەت ،باریکە لاوی بەر زانکۆ رەنگ زەردەکەی پایتەختە داگیر کراوەکەم .بەو هەموو ئازارەوە بەروی دەرکەوتنی خۆری ئازادیەوە قاقای پیکەنینت دێت . تۆ مندالی باوکە جوتیارو زەحمەت کێشە شەروال دراوەکەی شارەکەی هۆلاکۆ بەزین .کە هەمیشە دەت ویست مژدەی خۆشی و ئازادی و نان بینیت بۆ سەر سفرەی مالە هەژارو زەحمەت کێشەکان .

تازە لاوی میللەتە بەش مەینەتەکەی کوردی بەش مەینەت ، ئەلف و بێی ئازار و چەرمە سەری ستەمی دەرسی خوێندنگاکان .چۆنت بێنمە بەر چاوەکانم کە بە وێنە نەبێت نەم دیویت؟ ئارەزوم بوو ئەو روخسارە شێواوەت تێر ماچ بکەم بۆ جارێکیش بێت .پیم خۆش بوو شان بەمە ژێر تەرمەکەتە کەمێک گوێم لە ئاخر وتەکانی ژیانت بێت ، کە چاو لە وێنەکانت دەکەم هەرچی جوانی مرۆڤەکانە دەیبینم لە نیگاکانت ،ئەوەی تۆ دەستت پی کرد بوو تاوان نەبوو بەلام دەزانم گیان بەخت کردن لە پێناو ئازادی بۆ ولات و بۆ مندالە هەژارەکان ،وەک خۆت فەرموت نامەردیە لەم خیانەت کارانە بترسیت ،تۆ ئەو کورە نەبویت لەو جاشو خۆفرۆشانە بترسیت ،کە وتت ئازادی و یەکسانی سەرت دانەنەواند هەتا بالا بەرزو جوانەکەت هەروا بە راستی بمێنێت سەربەرزی هاورێ گیان هەموو کوردیک شانازیت پێوە دەکات ،دوای هەنگاوەکەی تۆ بە سەدان سەردەشتت دروست کرد ،ئەو خەیالەی دوژمنان سەر نەکەوت بگرە وات شەرمەزار کردون کە بۆ هەتایە مۆریکی رەشت لە نێو چاوانی ئەو حیزبە داوە ،

مەرگی تۆ مردنی ئەو خێلە بوو. ئەو رۆژەی تۆ مردیت ژیانت دەستی پی کرد ،مەرگی تۆ مژدەی هەلهاتنی ئازادی بوو ،ئێستا ئاواتی هەموو گەنجێکی ئەم ولاتە مەرگی تۆیە ،لە

دایک بونی هەر مندالێک لە دامێنی ئەو ولاتە ئێمە سەردەشتیک دیتە دونیاو بۆ ئەوەی وەجاخی ریبازەکەی تۆ کوێر نەبێتەوە ،ئارام بگرە لەو شارە داگیر کراوە ،پێش تۆش زۆر کەس سەریان بۆ ئەو ولاتە سپارد .وەک سۆرانی مامە حەمە ، ئارام ، رەوف ئاکرێی ، شاپور ،قابیل ، هیتد

هاوڕێ گیان پێم بلی دەمەوێت بزانم ئاخر وشەت چی بوو کە دوژمنان ناچار بوون لە خوێندا بتگاوزێنن دەمەوێت فێربم . ، کام شعر کام سرود، کام گۆرانیت دەگوتەوە ؟پیم بلّی دەمەوێت بزان بۆ ئەوەی مندالاکان فێر بن کە وەک تۆ چاو نەترس بن خۆراگر بن بەرانبەر بە مافیاو دوژمنەکانی کورد ،

بەدیدار هەموو کورد شانازیت پێوە دەکات

**پێنووس و گولله... سەردەشت و خێڵی تیرۆریستان!!**

**مێژوویەک لە دەستپێکی ئازادیدا، دەسەڵاتێک لە کۆتایی مەرگیدا!!**

هەردی ئەحمەد

درووود لە ڕوحی پاکت (سەردەشت عوسمان).. لە دەستپێکی خەیاڵ و لە ئاونگی وشەت.. لە ئومێدە یاخیەکانت و لە پیرۆزی ئازایەتیت! دونییایەک سڵاو، سڵاو ئەی عەزیزترین شەهیدی قەڵەم و ئازادی و مرۆڤایەتی و جوانی..

لە جیهانە پڕ لە مەخسەرەکەی هەر دوو پارتی دەسەلاتداری ناشەرعی هەرێمی داگیرکراوی کوردستان، لە لایەن دو خێڵ و بنەماڵە و هێزی خاوەن میلیشیاو چەندان هێزو فەیلەق و دەزگای دەمامکداردا، شتێکی ئاسای و بێ کێشەیە، کە باس لە ئازادی و دیموکراسی بکەن لە کۆمەڵگای کوردیدا، لە بەر ئەوەی گێڵێتی خۆیانو چەوتی پیادەکردنی سیاسەتەکەیان هەر هێندەی لە باردایە، ئەوان پێیان وایە، کە خاوەن چەندان دەزگای راگەیاند و ڕۆژنامەو دەنگی بیستراون، ئیتر دەتوانن خۆیان لە زەلکاوی خیانەتی تیرۆردا پاک ڕابگرن، و بە خەم سارديەکەوە بڵێن، ناوبراو تیرۆرکراو، و دەستێکی ڕەش شەهیدی کرد! لێ بیریان چوبۆیەوە، کە ئەوەی ئەو دەسەڵاتە شانازی پێوەدەکەن و پێوەیدەنازن، هەتا ئێستا ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بو، بە تایبەتی هەولێری پایتەخت! لێ بە داخەوە لە سپێدەی ساڵحانداو لە بەردەم موقەدەسترین لوتکەی ڕۆشنبیریدا، کە زانکۆی سەلاحەدینە، خویندکارێکی ڕۆژنامە نوس و ئازاد دەرفێندرێت و پاشان بە شەهیدی لە شارێکی دیکە، کە هەمان هێز و دەسەڵات تێیدا تەراتێن دەکات تەرمە پیرۆز و نەمرەکەی دەدۆزرێتەوە! لێ

دەسەڵاتی ناشەرعی بنەماڵەکان هێندە کاڵفام و گێل و بەستەزمانن، پێیان وایە، تاکی کورد و چینی ڕوناکبیرو ڕۆشنبیری کورد، وەک ئەو ڕۆژنامە نوس و نوسەرە بێ ئاوبرو بێ مۆراڵانەی دەسەڵاتی کوردی خاوەن بیرێکی ڕۆبۆتین، و بڕوا بە درۆ شاخدارەکانی ئەو دەسەلاتە تا قیامەتە ڕوڕەشە دەکەن، کە لە میدیا بێ ئابڕوکەیانەوە دەڵێن، دەستێکی ڕەش ئەم کارەی ئەنجام داوە!..

من دەپرسم، لە ئیوە بیر ڕەش تر و دەست ڕەشتر کەسی تر هەیە؟ ، دژ بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و جوانی، تیرۆر کردن و کوشتن و بڕین و لە ناو بردن و سوتاندن و تۆقاندن و ڕفاندن و بێ سەرو شوێن کردن، لە ئێوە زیاتر کەسێک و لایەنێکی تر زاتی ئەوەی هەیە؟

پاشان، دەشێ هەندێ کەس بڵێن وایە، لێ من و هەزارانی وەک من، گاڵتە نەبێت بەو بیرو عەقڵە کۆن و دواکەوتو بێ مۆراڵە نایەت، لە کاتێکدا پارتی لە گەڵ ئەوەی خاوەن پیشینەیەکی ڕەشترو ڕابردویەکی پڕ لە گومانەویە، دەرهەق بە ڕۆژنامە نوسان و نوسەرانی دەرەوەی بازنەی بیری تەسکی حیزبایەتیەکەی خۆی، و چەندان نمونەش وەک سۆرانی مامە حەمە و شیخ ستار تاهیر شەریف و ، هەزاران ڕۆژنامە نوس و نوسەری دیکە، کە ڕفێندراون و ئەشکەنجەدراون و کەوتونەتە ژێر گوشارو فشاری زەبرو زەندی ئێوە و حیزبەکەتانەوە، دەکرێت بڵێن، لە کاتێکدا پاکانەی ئەوە بکەن بڵێن ئێمە بەر پرسیار نین و ئاگادار نین، لێ ئەوەی مرۆڤ بێت و لە جوانیەکانی ژیان گەیشتبێت، ئەوە درک بە دوژمنایەتی ئێوە دەکات لە مێژەوە کە ئێوە دژ بە هەمو جوانیەک بون دژ بە دەنگ و سەدای ئازادی و دیموکراسی بوون.

پارتی و بنەمالەی مەسعود، بەرپرسی یەکەمی ئەم کردەوە تیرۆرستیەن ،ناکرێت و نابێت بە هیچ بیانو و پاساوێک، خۆیان لە گۆمی شڵەقاوی ئەم کردەوە ڕەش و نامرۆڤانەیە دەربکەن، لە بەر ئەوەی لای هەموان رون و ئاشکرایە، کە هێز و دەسەڵاتێکی سەر بە بنەماڵە نەبێت، هیچ هێز و کەسێک نییە، بتوانێت لە سپێدەی ساڵحاندا مرۆڤێکی بێتاوان و خویندکاری زانکۆیەک بێ سەرو شوێن بکات، و لە پاش بێسەرو شوێنکردنەکەشی، کە ناوجەرگەی دەسەڵاتی پارتی و هێزە ئەمنی و ئاسایشەکەی بە شەهیدی لە پارێزگای موسڵ جەستەو ڕوحی نەمری دەگەڕێتەوە بۆ گەڕەک و ئەو شارەی لە پێناو جوانی کردنیدا خۆی کردە قوربانی، ڕوحە نەمرەکەی جوانەمەرگ ئەرک و کاری گرینگترو ڕوبەڕبونەوە شێتگیرانەتری خستە سەر شانی هاوڕێ و هاوخەباتەکەی، کە ئێمەی ڕوناکبیرو ڕۆشنفیکری دەرەوەی دەسەڵاتی بنەماڵە چەتەو بێ ئابڕوکانی کوردستانین. بۆ دریژە پیدان بە خەبات و بیرە جوانەکەی. کە خەباتکردنێکی شارستانییانە بو، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و دیموکراسی و مافی تاک لە کۆمەڵگایەکی دیلکراودا!.. بە ناوی خۆم و سەرجەم هاوبیرەکانمەوە، بەڵێن دوپات دەکەینەوەو، سوێند بە ڕوحی پاکی تۆ و سۆرانی مامە حەمەو سەرجەم قوربانییانی

دەستی رەشی تیرۆری بنەماڵەکانی بنەماڵەی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، درێژە پیدەری جەنگی جوانی بین ، لە تەک ئەو دەسەڵاتە ناشەرعییەی کە چاوی بە دەنگ و ڕەنگی ئازادی و یەکسانی کۆمەڵگا هەڵنایەت..

لە گەڵ ئەوەی ئەم نوسینە کۆتایی نییە، لێ لە کۆتایی ئەم بەشەدا، پرسەو سەرە خۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەو دۆست و هاوڕێ و هاوپیشەکانی جوانەمەرگی پینوس، کاکە سەردەشت عوسمان دەکەم و بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە شەرمەزارو ڕیسوا دەکەم، و بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، وەک کوردێک و پاشانیش وەک ڕۆژنامە نوسێکی ئازاد و سەربەخۆ، کە داوا لە سەرجەم دام ودەزگا ئەمنی و ئاسایشیەکان و سەرجەم لایەنی پەیوەندیدار دەکەم، کە بە دواداچونی ڕاستەقینە بۆ بکەرانی پشت پەردەی دەزگا نهێنیەکانی ئەو ڕوداوە بکەن و بکەرانی لە بەر دەم دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەندا بڕیاری ڕاستەقینەی خۆی بدات، بە بێ سڵەمینەوەو ترساندن و تۆقاندن و هەڕەشەو چاوسورکردنەوەی کوڵە پیاوەکانی بنەماڵە..

**بەکەمتر لە پەیامەکەی سەردەشت ، رازی نابین ..!**

بەشدار عوسمان

ڕاستە پەیامەکەی سەردەشت زیندوە ،ڕاستە دنیا بینی وئامانجی ئینساندۆستی سەردەشت بە کۆمەڵگا ئاشنایە ، بەلام ئەو ئامانجەی سەردەشت لەپێناویدا گیانی بەختکرد هێشتا نەهاتۆتە دی ،ئەو هێزە تاریکەی کە رێگای تیرۆری سەردەشتەوە ویستی هەمو کۆمەڵگا بێدەنگ بکات هێشتا هەڕەشە دەکا و مەترسیە لەسەر ئازادییەکان ، بۆیە هێزی ئازادیخوازی پێویستی بەکاری زیاتر و بەرنامەی رۆشنتر و رووبەروبونەوەی زیاترە، بۆ ئەوەی بە کەمترین قوربانی کۆمەڵگا لەزوڵم و زۆرداری و ژێردەستەیی و نایەکسانی رزگاری بێت کە سەردەشت لە پێناویدا گیانی بەختکرد ،ئەگینا ئەو هێزە تاریکانەی کە هەمو هاوارێک و دەنگ بەرزکردنەوەیەک بە مەترسی دەزانن لەسەر خۆیان و کۆمەڵگای پێدەترسێنن و شەرعیەت بە سەرکوتەکانیان دەدەن، دەستیان ئاوەلاتر دەبێت و ژیان لە ئیستا تاریکتر دەبێت و هەر رۆژە و لەکوچەیەکدا لەسەر ووتنی ووشەی ( ماف و ئازادی ) دادگای و فەلاقەی ئینسانەکان بەرێدەخەن .

سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنوس، لەسەر فراوانکردنی ماف و ئازادییەکان ،لەسەر نایەکسانیەکان و دابەشنەکردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا بەسەر هەمووانداا، لەرەخنەگرتن لە پاوانکردنی دەسەلات لەناو بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەتدا تیرۆرکرا، لەسەر بەلارێدابردنی چارەنوسی کۆمەلگا و یاریکرن بە هەست و شعوری خەڵکی کوردستان و هۆشیارکردنەوەی گەنجان و لاوان و خوێنکاران تیرۆرکرا، لەسەر نوسین و قسەکردن بۆ

ژیانێکی باشتر ،چارەنوسێکی رۆشنتر ببێتە نسیبی خەڵک کە ئیمکانی هەیە،تیرۆرکرا، ئەو لەپێناوی خۆشبەختی و ئارامی کۆمەڵگا گیانی بەخشی بۆیە لەهەر شوێنێک سەرکوت و نایەکسانی و دواکەوتویی هەبیت، سەردەشت و پەیامەکەی ئامادەیی هەیە .

بەداخەوە دوایی دوو ساڵ لە تیرۆری ئەو رۆژنامەنوسە و لەسەر خەت بونی هەمو دنیا کەچی بکوژانی راستەقینەی سەردەشت ئاشکرا ناکرێن لەهەوڵی پەردەپۆش کردنی تاوانەکەن ،لەوەش مەترسیدارتر بەرەی ئازادیخوازی سەردەشت لەژێر هەڕەشەی بەردەوامدایە ،کە هەمیشە ژیان و ماڵ و منداڵ و کەرامەتی بکەوێتە بەر پەلاماردانی هێزە ڕەش و تاریکەکانی کۆمەڵگا کە کۆنترۆڵی جومگەکانی ژیانیان کردوە لەهێرشدابونە بۆ تاریکی زیاتر ،بەدبەختی زیاتر ،بێکاری برسیەتی و نەبونی زیاتر ،سەرگەردانی و سەرلێشێواوی زیاتری خەڵک، بۆیە پەیامی ئازادیخوازی سەردەشت دەبێت زیندوتر رابگیرێت تا کۆتایی بەو هەمو ناهامەتیە بێت .

هەر لەسەرەتای تیرۆری رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان،بەردەوام کار کراوە بۆ شیواندن و لەکەدارکردنی سەردەشت و پەیامەکەی و دۆست و هاوڕێ و هاوپیشە و خانەوادەکەی ،جۆرەها تاکتیک و مامەڵەی مافیایی و نائینسانی و سات و سەودا و پەیڕەوکراوە لەم بارەیەوە، ئەو جۆرە مامەڵەیە پەیامێکی ئاگایانەیە دەدرێت بە کۆمەڵگا و هەمو خەڵکی نارازی کوردستان ، پێویستە رووبەرووی نارەزایەتی زیاتری خەڵک ببێتەوە،چونکە ئەگەر ئەو سیاسەتە بچێتە پیشەوە و سەردەشت و هاوفکر و هاوپیشەکانی هەمیشە لەژێر هەڕەشەی تیرۆرکردندا دەبن و فویەکێش لەو چرایە کزا دەکرێت کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە بەنیازین گڕبگرێ و قوربانی بۆ دەدەین و ئیتر کۆمەڵگا نقومی تاریکی و بێ مافی زیاتر دەبێت.

کارکردن لەسەر شێواندنی پەیامی سەردەشت کارێکی مایە پوچە،تاڵی بێت ترشی بێت بۆ هەر کەس و هێزێک ئیستا سەردەشت رەمزی ئازادییە لە هەمو دنیا ، مێژویەکی پرشنگدارە بۆ خەڵکی کوردستان،ئومیدیکی گەورەی گەنجان و لاوانە ، دۆسیەیەکی گرنگ و کراوە لای نوسەران و رۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان ،ئەمە بۆتە سروشت و بیروباوەڕی خەڵکی ویژدان زیندوی کوردستان و هەموو دنیا ، دەست بردن بۆ هەر کاریکی پێچەوانە ئەنجامدەرانیان دووچاری ریسوایی زیاتر دەکاتەوە و لەگەڵ رق و بیزاری و تورەیی زیاتری خەڵک بەرەو روو دەبن، چونکە ئیستا سەردەشت موڵکی هەمو کۆمەڵگایە بەبێ جیاوازی بیرکردنەوە ،هەر بۆ خەڵک ژیا و هەر بۆ خەڵک مرد و هەر چویەوە لای خەڵکیش !

دادگایی و هیرش و پەلاماردانی شەخصیاتی سەردەشت و دەست و هاوپیشە و کەس و کارەکەی ئەنجامێکی نابێت ، تاوانباران و بکوژانی راستەقینەی سەردەشت دەبێت بۆ کۆمەڵگا ئاشکرا بکرێت ،ئەو سیناریۆ و فیلمە کۆمیدیایانە لەمێشکی خەڵکی هۆشیاری کوردستان مایەی پێکەنینە ، سەردەشت پێگوتن ئیتردەبێت ماف و ئازادییەکانی خەڵک بە رەسمی بناسرێت ،کۆتایی بە دەسەلاتی تاکڕەوی بهێندرێت و جیاوازی نێوان چینەکان گەیشتۆتە لوتکە و دەبێت ئەو سەروەت و سامانە هی خەڵکە و بۆ خەڵکیش بێت ،ریز لە

ووشە و قەڵەم و فکر و جیاوازی بیرکردنەوە بگیرێت، ئەمە واقعیەتێکە و سەردەشت دورستیکرد بەنوسین وکارەکانی و هەڵوێستەکانی ، دواتریش بە تیرۆرکردنەکەی لە کۆمەڵگا چەسپاندی ،ئیستاش هەزاران خەڵک پشتیوانی لەو پەیامە دەکەن و بەرز و بەرێز رایدەگرن .

دوایی دوو ساڵ لە تیرۆری سەردەشت ،لەو ماوەیەدا بەردەوام کۆمەڵگا هاواری کردوە بە کەمتر لە پەیامەکی سەردەشت رازی نابین،ئازادی و خۆشگوزارانی و دەستکۆتاکردنی دەسەلاتی تۆلیتاری و دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە یەکسانی لەو هەمو سەروەت و سامانە، کە پەیامی سەردەشت بوو، خواست و داواکاری هەموو نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بوە، ئازادبونی بیر و هۆشی گەنجان و خوێنکاران و رزگاربونی ژنان و منالان لەیاسا و دەستوری دواکەوتوانە کە دنیا بینی سەردەشت بوو، خەونی و خولیای لاوان و منالان و ژنانی کوردستان بوە و بە دەیان شێواز گوزارشتیان لێکردوە ، بۆیە ئیستا کۆمەڵگا بەکەمتر لە خەون و خولیای سەردەشت رازی نابێت ،بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگاش لە پشتەوەی ئەو خواست و داواکاریانە وەستاوە.

2012–4–21

**ئەری بۆ کەس باسی سەردەشتی نەکرد؟**

هێمن کەریم

چەند قسەیەک لەسەرکۆبونەوەکەی سەرۆکی هەریم لەگەڵ رۆژنامەنوسان:

بەداخەوەم بۆ هەندێک لەبرادەر کەتائیستاش لەکاری رۆژنامەنوسیدا رەخنەی جدی دەگرن لەسەر کاخەز، بەڵام کاتێک لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆبونەوە هیچ قسەیەکم گوێلی نەبوو کە پیشەی کاری رۆژنامەنوسان بێت، هەندێکیان تەنها باسی سەفرەو سیاحەتی بارزانیان دەکرد تاوەکو چیکردوە، بەراستی ئەمە بۆ خودی سەرۆکی هەرێم پرسیارێکی زۆر بیمانایە چون دەبێت سەرۆکی وڵاتێک بڕواتە دەرەوەو کاتێک هاتەوە کەس نەزانێت چیکردوە بەتایبەتی رۆژنامەنوس. هەندێکیش لەو رۆژنامەنوسانە بەراستی لایمن ئەوانە نە رۆژنامەنوس نین بەڵکو رۆژنامەرەشن. ئەوانە نەک بەردێک دەخەنە سەربەرد بەڵکو بۆیان بکرێت کۆی کاری رۆژنامەنوسی دەروخێنن .

ئایە رۆژنامەنوسێک بۆ بیری سەردەشتی نەبوو بۆ پێی نەووت قوربان کوان لیژنەکەی سەردەشت عوسمان؟ بۆچی ئیستا لەژورەکەی تۆ رۆژنامەنوسێکت دەستگیرکردوە لەکاتی زینداندا؟ بەڵام بۆ ئەنفالجیەک رەوانەی دەرەوە دەکەیت؟ ئایە ئەمە چوانترین پرسیار نیە تاوەکو سایکۆلۆژیای سەرۆکی هەرێمی پێبزانین .

بەریزان خودی سەرۆکی هەرێم تاوەکو ماڵی خۆی پێ پاکنەکرێتەوە ماڵی کەسامانی بۆ پاک ناکرێتەوە.

سە رۆکی هە رێم لە کۆبوونە وە ی لە کە ڵ رۆژنامە نوسانی کوردستان ووتی : برسیارێکم لادروستبووە ئە ویش ئە وە یە کە (( بۆچی هاولاتی کورد ئینتیماو خۆشە ویستی بۆ نیشتیمان نە ماوە)) چەند مەهزەلەیە رۆژنامەنوسێک نەبێت لەوی قسەی پێببرێت و جوابی نەداتەوە. پیی نەڵێت ئینتیمای جی قوربان کورەکەت تەمەنی 19 ساڵەو عەمیدبێت؟ قوربان ئینتیمای جی کورەکەت سەیارەکەی بای 400سەد هەزار دۆلاربێت .

ئەزیزم ئینتیمایەک لەکوی دەبێت کە ولاتمان فرۆشراوە.

کوان رۆژنامەنوسەکان بەراستی ئەوانەی کەمێک قسەکانیم بەدڵبوون تەنها شوان محەمەد و کەمارەئوف بوون. ئەویش هەمووی نا بەڵکو هەستم دەکرد ئەوانیش وەک چاودێری سیاسی قسەیان دەکرد. باقیاتی تر هەمویان وەکو کادری حیزب قسەیان دەکرد. ئەوانە نوکتەن رۆژنامەرەشەکان جەنابی سەرۆک قسەکانی تۆش بۆ ئەوان بیمانان جونکە دەزانن تەنها بۆ ئیعلامەو تەواو. بۆ ئیمەش تەنها کۆمیدیایە و هیجیتر .

بۆیە من لێرە دەیڵێمەوە هیج کاتێک ئامادەیم نیە لەکەل سەرۆکی هەریم دانیشم کاتێک رۆژنامەنوسێک لەبنباخەڵی شاردبێتەوە بشڵێت رۆژنامەنوس نابێت بکوزریت و بکیریت.

**سەردەشت عوسمان بۆ هەمیشە لە یادماندا زیندووە**

سوهام عەلی

سەردەشت ئەو پەپولە ڕوح سوک و ئەو خوێندکارە زیرەک و ووریاو ووشیارەی دواین قۆناغی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەشی زمانی ئینگلیزی و ئەو ڕۆژنامەنوس و وەرگێڕە بوو کە بە کەمترین و کورتترین نوسین و وەرگێڕانەکانی عەرشێکی هێنایە لەرزین.

با بزانین سەرەشت لەسەر چی نووسی و بۆچی نووسی، ئەگەر بە خێرایی چاوێک تەنها بە ناونیشانی بابەت و وەرگێڕانەکانی سەردەشتدا بێ چوونە نێو ناوەرۆکی بابەتەکانەوە بگێڕین ئەوا ئەتوانین لەوە تێبگەین کە سەردەشت لە چ بەرەیەک بووە و داکۆکی لە خواست و خەون و ئارەزووەکانی کام توێژەی نێو کۆمەڵگای کوردستانی کردووە.

من بۆ وەبیر هێنانەوەو ناساندنێکی کورت و پوختی ئەو بلیمەتە تەنها ئاماژە بە ناونیشانی ئەو بابەتانە ئەکەم کە لە زمانی خامە و بیری سەردەشتی نەمرەوە هاتوونە دەر و داڕێژراون .

١–داڵەکە دوای چەند مانگ و لەسەر شانی کێ دەنیشێتەوە؟

٢–مرۆڤە گەورەکان

٣–کارەســــاتێک بەڕێوەیــە...

٤–لە گەنجێکی شەقامەکانەوە بۆ نەوشیروان مستەفا

٥–داهاتووی عێراق بەرەو کوێ

٦–هەرێمی کوردستان، لەنێوان مەبەستی ئۆپۆزسیۆن و شەڕی بەغدا

٧–ئەوان هاتن و...

٨–دەرگاکان دامەخەن ، دنیا لەپەنجەرەوە دەمانبینێ!

٩–سڵاو مردن، زۆر لێتەوە دوور نیم!

١٠–هەموو ڕاکەن ئازادیی هات...

١١–شەڕی ژنەکان دهستی پێکرد!

١٢–ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان

١٣–هەولێر تورکیایەکی بچووکە!

١٤–من عاشقی کچەکەی بارزانیم

١٥–نە سەرۆک خوایە نە کچەکەی!

١٦–یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا

ئەمانە هەرچەندە چەند بابەتێکی کەمن بەڵام پوخت وپڕ ماناو پڕ فکرو عەقڵ ومەعریفەیەکن، کە هەڵقوڵاوی فکری کەسێکە کە لە بەرەی چەپ و ئازادی خوازانە و نە تەنها ڕۆشنفکرە بەڵکە ئەیەوێت و بە تەواوی ڕۆ بچێت بە ناخ و دەرونی خەڵکی کرێکارو بەشمەینەت ژنان لاوان و هەر مرۆڤێکی تری برسی و ڕەش و روت، هەر کەسێک بە دیقەتەوە بڕوانێتە ئەم بابەتانە وا هەست ناکات کە کەسێکی گەنجی ٢٣ بەهاری هەڵگری ئەم هەموو ڕۆشنبیریی و ئەم هەموو عەقڵ و فکر و سیاسەتە بێت کە لە ڕێگەی قەڵەمەکەیەوە دەستی بردووە بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵک، هاتووە و ئەمانخاتە بەردەم بیرکردنەوەیەکی قوڵ لە ناعەدالەتیەک کە یەخەی بە زۆربەی خەڵکی بەشمەینەتی مەملەکەتێک گرتووە کە تەواوی

سەروەت و سامانەکەی لە لایەن کەمینەیەکی کەمی بنەماڵەکانەوە بە ناوی سەرۆکایەتی کوردستانەوە داگیریان کردوە و سەرۆکایەتییان وەک مەملەکەت لە نێوانی کور و باوک و براو برازا و نەوە وخزم وعەشیرەتدا دابەش کردووە و بە حەقی خۆیان نەبێت بە کەسی تری بە ڕەوا نابینن وەک ئەوەی کە بە تەنها ئەوان لە سەردەمانێک شۆڕشیان کردبێت وبە تەنها و تەنها ئەوان بووبن سەرما و گەرما وبێ نانی و بێ خەوی شاخەکانی کوردستانیان چەشتبێت بۆیە کەوا ئەم دەسەڵاتەیان بە زەبری چەک و ترس و تۆقاندن دابەش کردوە لە نێوانی خۆیان و هەر کەسیش ڕەخنەی هەبێت لە شکڵ و شێوەی دەسەڵات و بەڕێوەبردن و بەهەدەردانی بەشی خەڵکی بەشمەینەتی ئەم کوردستانە ئەوە بێ سێ و دوو و بە رۆژی ڕوناک و لە ناو ئاپۆرای بەرزترین توێژی خوێندکاران کە زانکۆیە دەفرێنن و بەم دەردەی ئەبەن کە بۆتە هۆی ئەوەی ئێمەش قەڵەمەکانمان بگرینە بە دەستەوە و بڵێین بەڵێ ئەزانین کە بە ئاگاهیەوە پلانتان داڕشت بۆ فراندن ولەناوبردنی ئەم کەڵە مرۆڤە نەمرە .

پیت بە پیتی بابەت و وتارو وەرگێرانەکانی سەردەشت خراونەتە ژێر چاودێرییەوە و لەوە تێگەیشتبوون کە گەنجێکی نەک هەر وشیارو وریایە بە ماف و خەون و خواست و ئارەزووەکانی گەنجانی کوردستان سەرباری ئەمانەش خاوەنی زمانێکی پاراوی ئەدەبی بوو کە هەموومانی ئەخستە بەردەم بیرکردنەوە و تێڕامان... بەڵێ ئەم جۆرە کەسانە دەگمەن هەڵئەکەون بەم هەموو سیفاتەوە، گومانی تێدا نییە کە ئەم جۆرە مرۆڤانە و بارکراو بە فکر و ئەدەب و مەعریفەی ڕۆشن بەردی بناغەن بۆ شۆڕشی داهاتووی گەنجانی بەشخوراو و هاوتای لەشکرێکی بێشومارو مەشقپێکراو و پڕ چەک و ئامادەباشن لە کۆمەڵگادا. ئا لەم روانگەیەوەیە دەست برا بۆ فڕاندن و تیرۆری کەسێک کە بناغەی شۆڕشیک بوو بۆ سەر دەسەڵاتێک کە تا کاتی تیرۆرکردنی ١٩ساڵ بەسەر گەندەڵی وناعەدالەتی و بێ سەرەو بەرەی ئەو دەسەڵاتەدا تێپەڕی.

بەڵی سەردەشت هەروەک خۆی وتی لە خەمی برا بچوکەکانی و نەوەیەکی تازە پێگەیشتوو بوو کە خوازیارن وەک مرۆڤی هاوچەرخ بژین،بۆیە ئێمە بە گەنج ولاو پیر و ژن و منداڵەوە خۆمان بە قەرزاری سەردەشت و بە هاوخەم و هاودەم و هاوئازاری خانەوادەو کەس و دۆستی سەردەشت ئەزانین و هەردەم و بۆ هەمیشە درێژەپێدەری ڕێبازەکەی سەردەشتین و ئەچینەوە سەری دێڕ و تەواوکەری بابەت وڕێبازەکەی ئەبین و ڕێگە نادەین نە قەڵەم و نە خوێن و نە بیرکردنەوە و یادەوەرییەکانی وون بکرێن لەبەرچاومان.

بەرزو بەڕێز بێت یادی سەردەشت و خامە بوێرەکەی!

**عەبدوڵا پەشێو لە نێوان گۆڕی زامدار و سەردەشت عوسمان دا**

باوکی ڕێژوان:

لەگوگل بەدوای شیعری ماچی پەشێودا دەگەڕام، کەوتمە ناو یەکێک لەپەیجە هەوادارەکانی پەشێو. هەواڵێکم بەرچاو کەوت، زۆر سەرنجی ڕاکێشام . ئەویش ئەوە بوو، کە عەبدوڵڵا پەشێو سەردانی گۆڕی مەحمود زامداری کردووە . بەهۆی ئەوەی عەبدوڵڵا پەشێو بۆ هەر شوێنێک بچێت،

یان هەر سەردان و دیدارێک بکات بە ملیم لێکی دەداتەوە، بۆیە منیش ئەوەم لە پەشێو چاوەڕێی نەدەکرد ئاوا بکەوێتە هەڵەیەکەوە، با هاوڕێی کۆنی، یان لە ژێر دەستی ئەودا هەندێ زانیاری وەرگرتبێ . ئاخر مەحمود زامداری حەفتاکان زۆر جیایە لە چاو زامداری ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، بۆیە پێشنیاز دەکەم با عەبدوڵڵا پەشێو کەمێک لە خەڵکە بەمۆراڵەکانی هەولێر بپرسێت، ئەو زامدارە لە ماوەی ئەو ٢٢ ساڵەدا، ئایا ڕۆژێک ئازار و ویژدانی بەرامبەر سەدان تاوانی پارتی و یەکێتی جوڵاوە و سەرزەنشتیی و ڕەخنەیەکی لێگرتون؟ ئایا زامدار نمونەی ڕۆشنبیرە هەلپەرست و تێکشکاوە نەبووە ؟ ئەمە جگە لەوەی لە قۆناخی دەسەلاتی بەعسیشدا قسە لەسەر هەلپەرستی و ئیتمای بەعسی بوونی دەکرێت ... کۆی ئەمانە هەرگیز لەگەڵ شیعر و وتەی کۆر و لێکدانەوەکانی پەشێودا بەرامبەر ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانە یەکناگرێتەوە؟ هاوکات بەرەیەکی گەورەی قەڵەم بەدەستە هەڵپەرستەکانی هەولێر، بەنیازبوون گۆڕستانێکی گەورەی هەولێر ، لەبری سەدان سیمبولی جوانی هەولێریەکان لە عەبدولخالق مەعروف و جەمیل ڕەنجبەر ەکاندا بەناوی ئەو بکەن؟

ئەگەر هەر کەسێک ئەو مافە بەپشێو دەدات، کە سەردانی گۆڕی هاوڕێیەکی بکات، ئێمەش ئەو مافەمان هەیە بە پەشیو بپرسین، ئیوە کە خاوەنی ئەو هۆنراوە جوان و نیشتیمانییەدا، بۆ وەکو هەڵویستێک، تا ئێستا سەردانی گۆڕەکەی شەهید سەردەشتی نەکردیە؟ ئاخر ئەو دەنگە گەنجانە هاوبیر و هاورای شیعر و ووتەکانی تۆ بوون، نەوەک مەحمود زامدارەکان. سەردەشتێک لە ناو شاری ئیرهاب و تاواندا ئەو بوێرییەی هەبێت ئەرکی هەموو کەسێکی ئازادیخوازە سەردانی گۆرەکەی بکات، بەتایبەتی ئەمڕۆ سەردانی گۆڕی سەردەشت لە هەولێر ، واتا هەلوێست و پرۆتستۆی تیرۆر، راستگۆیی ئاخافتن و نووسینەکانی؟ ئەی خێرە ئێستا هاوشیوەی زامدار سەردانی گۆڕەکەی ناکەی؟ یان سەردانێکی بنەماڵەی ئەو شەهیدە بوێرەی شارەکەت ناکەی؟

قسەی کۆتایشم ئەوەیە لیرەدا دڵنیات دەکەم سەردەشت تازە بۆتە سیمبولی دەنگی ئازاد و بوێریی، گەرچی زۆر کۆندەبەبۆی دەسەڵات هەوڵی هۆنینەوەی چیرۆکی دروستکراوی بۆ دەدەن ، بۆیە بەبێ سەردانیکردنی تۆش ئەو جوانی ، بۆ قەڵا و منارە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورەتر دەبێت . وەلێ سەردانی نەکردنی تۆ بۆ سەر گۆڕەکەی بەتایبەتی کە لەساڵیادی

تیرۆرکردنەکەی نزیک بوینەتەوە ، روبەروی گەلێک پرسیارت دەکاتەوە؟ . بۆیە داواکارم ئەو هەڵەیەت بەسەر نەیەت ، کەبکەویە بەرەی تەزکیەی بەسیمبول ناسینی زامدارەکان نەوەک سەردەشتەکان ؟

**وانەکانی مەرگی سەردەشت**

نوسینی: ساڵح میراودەلی :

مەرگی پڕ تراژیدیای سەردەشت هێندە بە سوێ بو، لە دڵەوە هەمومانی گریاند، بەڵام مەرگێک بو بۆ خۆی دەیخواست، کە هاوتا لەگەڵ ژیانە پڕ تراژیدیاکەی بێتەوە، ئەوە خەونی گەنجێکی تازە پێگەیشتوی ئەم مەملەکەتە پڕ ئەهریمەنەی ئێمەیە، خەونی خوێندکارێکی دوا قۆناغی زانکۆیە،

هیواو ئایندەی قەڵەم بەدەستێکی ئەم نیشتیمانە ئەتک کراوەیە، ئەمە تێڕوانینی ڕوناکبیرێکی ئەم وڵاتە پڕ تاوانەیە بۆ داهاتوی خۆی،سەردەشت یەقین بو لەوەی بە هەر کلۆجێک بێت، ژیانی لێدەستێننەوە و مەرگ دەکەنە دوایین ئەڵقەی زنجیرەی ژیانی و خوێنی دەکەنە پێکێک لەو پێکانەی نۆزدە بەهارە ئەهریمەنەکان پێی ئاڵودەبون، کە بەردەوامی ژیانیان بەستراوە بەمەرگی سەردەشت و سەردەشتەکان و لە پۆلی ڕەگەزی سەردەشتەکان دەترسن و دەرەقەتیان نایەن، بۆیەشە بە تیرۆر کردنیان عەهدی دەسەڵات نوێدەکەنەوە،کێ هەیە نەزانێت کێ و کام دەستانە بون سۆران و سەردەشت و چەندانی تریان تیرۆر کردن، چەندانی تریشیان فەلاقە و شار بەدەر و ئاوارەی وڵاتان کردون،بەڵێ هەموتان دەزانن کە ئەوانە بەعسیە جەللادەکانی دوێنێ نین، ئەوانە تورک و عەجەم و عەرەب نین، ئەوانە بکوژەکانی شاکر و عەبدولخالق نین، بەڵکو ئەوانە کەسانێکن بە ڕانکو چۆخەو مێزەری کوردیەوە دریژە بە کەلتوری ئەوان دەدەن و سێبەری دەسەڵاتیان مەرگی لێدەبارێ،دەبیڵێن جگە لە مەرگ، جگە لە تاوان، جگە لەتاڵان،جگە لە خوێن ڕشتن،چیدی دە هزر و کرداریاندا بوە،ئەوە ئەوانن بە ڕۆژی ڕون و بەبەرچاوی هەمومانەوە، ڕاوی قەڵەم و ڕۆحی پەپولەکانی ئازادی ئەم نیشتیمانە دەکەن، ئەوە ئەوانن سنورەکانی ژیان و مەرگمان بە نوکی خەنجەر بۆ دەکێشن، دەیانەوێ مێژوی یەک یەک بە یەکمان بە گوللەی تفەنگەکانیان بنوسنەوە و لە لولەی تفەنگەکانیشانەوە بۆ ئایندەی خۆمان بڕوانین،تف لەوانەی بولبول بۆ گۆشت سەردەبڕن،نەفرەت لەوانەی بە مەرگی پەپولەکان سەرخۆش دەبن و بە خەزانی تەمەنی بەهارێک سەوز دەبنەوە.

سەردەشت هەمو بەیانیەک کە لەماڵەوە دەهاتە درەوە و بەرەو زانکۆ ملی ڕێ دەگرت، دەیزانی کە دەچێت بۆ خوێندنی وانەکانی مەرگ و کۆتایی ژیان، دەمێک بو پێیان گوتبو ئەوە

سیستەمی تازەی پەروەردەی ئەم وڵاتەیە بۆ تۆ و هاوشێوەکانت، ئەو بەهەموانی گوت، لە زانکۆ، لە کاربەدەستانی میری، بە ئێمە، بەڵام کەس و کەس هاوخەمی ئازار و پێشبینیەکەی نەبو، بۆیە تەنیا و تەنیا ئازایانە هەمو ڕۆژێ وانەکانی مەرگی وەردەگرت، تادوایین زەنگی ئەم وانەیە لێیدا، لەوانەی پێش کۆتاییشدا پێمان دەڵێت دەبێت خاڵی کۆتایی بۆ ئەو نادادپەروەری و نەهامەتیانە دانێین، کە ڕۆژانە دەسەڵات ئاوێتەی هەناسەمانی کردوە، ئەوەی کە دەمێنیتەوە بۆ ڕوناکبیران و خەڵک بەگشتی، وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی دانانی ئەو خاڵەیە و دەبێت لەو پێناوەشدا هەمومان دەنگەکانمان بیروبۆچونەکانمان پێنوسەکانمان، بکەینە هێزێک و بەرەنگاری ترس و سامۆتکەکان ببینەوە، دەستەکانمان بکەینە دەستێک و نوکی قەڵەمەکان تیژ بکەینەوە، چیدی باوەڕ بە سیناریۆکانی دەسەلات نەکەین، بەناوی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون، چونکە زەمەنێکە دەسەڵات کاوێژی ئەو شتانەمان بۆ دەکات و جار لە دوای جار، بەشیوازی جیا و لە شوێنی جیا پیلانەکانی خۆی جێبەجێدەکات، دواتریش بالۆری هاوخەمی لێدەدات، ئەگەر ئەمجارە بەهەر هەوڵێکی دەسەڵات فریو بخۆین و بە بەڵینەکانی ئەوان بێدەنگی هەڵبژێرین، دڵنیابن ئەوە زەنگی مەرگی هەمومانە.

## مەسیح و سەردەشت لەیەک دەچن!

عیسا خدر

لەوەتەی هەم هەمیشە هەست دەکەم ئازادی لەم وڵاتەی ئێمەدا هەر قەدەغە بووە، مرۆڤەکان نەیانتوانیوە بە ئازادی بیروڕای خۆیان بڵێن، نەیانتوانیوە باس لەعاشقبونی خۆیان بکەن، نەیانتوانیوە باس لەکۆیلەی بوونی مرۆڤ بکەن، نەیانتوانیوە بە ئازدانە بڵێن ئێوە دەتانەوێت بمان گەوجێنن و هەمیشە ویستان ئەوەبووە بەرەو بە مێگەڵبونمان ببەن، ئەوە ئێمەشین ئێوە دەکەین بەو دێوەزمەی هەمیشە بەدوای کوشتنی ئازادییەوەیە، چونکە دەست لەسەر سنگ دەوەستن و بەقەد پەرستن ئەنوشتێنەوە بۆ جەنابی شێخ! ئەوە ئێوەشن بە پارەی خۆمان تفەنگ دەکڕن و پیاوی کرێگرتە دەگرن و دەشمانکوژن، بەڵام بەکوشتنی هەر یەکێکمان سەدانی تری هاوشێوەمان دروست دەبێت! هەزارانی تر لەبچوکی ئێوە تێدەگات، بەڵام داخەکەم کەسانێک هەر بە هەمان کۆیلەیەتی سەردەمی جەهل کڕنۆش دەبات بۆ ئەوەی لەخزمەتی شێخەکەی بنوشتێتەوە!

دوو ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی شەهید "سەردەشت" تێدەپەڕێت و تائێستاش بکوژەکەی نەگیراوەو نەزانراوە، ئەمەش لەکاتێکدا پیاوێکی گیراوە کە خۆی وتویەتی من کوشتومە، بەڵام لەدوو مانگی ڕابوردودا ئەو پیاوە کراوە بە بکوژی سەردەشت لەبەردەم دادوەر وتی: دوو ساڵە من گیراوم! لەکاتێکدا دوو مانگ بۆ ڕۆژی شەهیدکردنی سەردەشت مابوو، سبحانەللە

دەبێت ئەو پیاوە پێشتر تیرۆری کرد بێت و ئیزنیشی هەبووبێت سەردەشت بۆ ماوەی دوو مانگی تر لەگەڵمان بمێنێتەوە!!! ئەوەی تائێستا لەئاستی کەیسی سەردەشت بە کەمتەرخەم و بێدەنگ بزانم سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانە، چونکە سەرۆکی حکومەت ئەو کات دەبوو کەیسی سەردەشتی یەکلایی بکردابوایەوە، تەنانەت دەبوو خودی سەرۆکی حکومەتی ئەو کات"د. بەرهەم" لەم کەیسە بێدەنگ نەبوایە، چونکە تیرۆرکردنی سەردەشت تیرۆرکردنی هەموو کۆمەڵگا بوو، تیرۆرکردنی زمانی ئاشتی و تەبایی و لەیەکترگەیشتن و ئازادی و دیموکراسی بوو، کوشتنی هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی بوو، کوشتنی یەکەم خالی وەچەرخانی ئازادی و یەکسانی و دادپەوەری و دیموکراسی بوو، سەردەشت هات پێیوتین بۆچی عاشقبون گوناە بێت، بۆچی کۆیلەیەتی بەردەوام بێت، بۆچی مرۆڤەکان هێندە پیرۆز بکرێن و بەقەد خوا بپەرسترێن، هەزار و یەک شتگەلی تری پێوتین، بەڵام سەرۆکی حکومەت رۆیشتوو کەیسی سەردەشت هەر وەک خۆی ماوەتەوە!!!. ئەو پەرلەمانتارەی "سەرۆ" دەنگی بۆیدا هەقوایە لەبەردەم پەرلەمان خۆی هەلبواسێت و شەرم بکات لەوەی تائێستا هەناسە دەدات، چونکە لە111 پەرلەمانتار کە بەنوێنەری میللەت ناسراون هیچیان ئاگادار نین و نەیانتوانیوە ئەو پیاوە ببێنن کە ئێستا خۆی کردوە بە پالەوان تەنها بەوەی کە وتویەتی من سەردەشت-م کوشت، ئەی نەفامی عەقل کاڵ سەردەشتت کردە تیرۆرست تەنها بۆ ئەوەی خۆت بکەیتە گاڵتەجاری ئەو میللەتە! نازانم پەرلەمان بۆچی هێندە شەرمن دەرچوو لەئاست کەیسی سەردەشت، لێژنەی تایبەتمەند هەیە کەچی لێژنەکە وادەزانن ئیتر تەواو بکوژی سەردەشت لەقەفەسی زیندان دایە، ئەرێ هیچ پەرلەمانتارێک دوای رۆژی دادگایی تۆمەتبار "هیشام" سەردانی ئەو پیاوەیان کردوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەن؟! ئەو لێژنانەی تایبەتمەند بە ئازادی و مافی مرۆڤ و ئاسایش و ناوخۆ ....هتد نازانم بۆچی تائێستا بێدەنگ بوون و ناپرسن بکوژەکە سەردەشت بۆ گەڕایەوە بۆ بەندیخانە بەبێ ئەوەی دادگایەکەی تەواو بکرێت گەڕێنرایەوە بۆ بەندیخانە، ئەی ئەو پەرلەمانتارەی سەردەشت دەنگی بۆ داویت و هەزاران سەردەشتی تریش دەنگی بۆ داوی ئەگەر ویژدانت ئاسودەیە بخەوە لەگەڵ ویژدانت، ئەگەرنا پێویستە هەڵوێستت هەبێت تەنها بەرامبەر بە دۆسیەکەی و بتوانە لەئاستی دەنگی سەردەشت بیت.!

تیرۆرکردنی "سەرۆ"م بەدرێژایی مێژوو هاوشێوەی هەیە، بەدرێژایی مێژوو مرۆڤەکانی وەک سەردەشت بوونیان هەبووەو هەر بەردەوامیشن، مرۆڤێک دەکوژن، بەڵام هەزار مرۆڤی هاوشێوەی دروست دەکەن، مرۆڤێک تیرۆر دەکەن، بەڵام هەزاران کەس پەیڕەوەکەی دەکەنە ئامانج، یەکێک لەو شێوە کوشتن و تیرۆرکردنانەی لەگەڵ سەردەشت زۆر لەیەک دەچێت "مەسیح"ە، رەنگە بلێن چۆن و چۆن شتی وا دەبێت، بەڵام لەیەکەم رۆژی تیرۆرکردنی سەردەشتەوە ئەوە لەناو هزرمدا دەخولێتەوەو هەست بەبوونی هەردووکیان دەکەم بە چ ئازارێک و بە چ پەیامێک رۆژگار خیانەتی لەگەڵکردون! یاخود هاو پیشەو هاو ئایینەکانیان خیانەتیان لەگەڵکردون، نازانم بۆچی هێندە یەقینم "تیرۆرکردنی سەردەشت و لەخاچدانی عیسا لەیەک دەچن" چونکە مەسیح هاوڕێکەی بەوەی گەیاند کە لەخاچ بدرێت و بەبەر چاوی

هەموو خەڵکەوە لەداریاندا و خوێن بە جەستەی پیرۆزی هاتە خوارەوە، ئەریَ خۆ پەیامی مەسیح هیچ کاتێکی لەگەڵ کۆیلەبوونی مرۆڤ نەبوو، ئەریَ خۆ مەسیح نەیوت تەنها پیاوانی دەسەڵات پلەو پایەیان لەلای خوا بەرزەو دەبێت ئەوانیش دوای خودا بپەرسترێن، مەسیح وتی لێگەڕێن مرۆڤەکان وەک خۆیان بژین و زوڵم و زۆرداری بەرامبەر بە یەکتر مەکەن، ئەگەر کەسێک شەقێکی لێدایت لایەکەی تریشی بۆ رابگرە بۆ ئەوەی شەقێکی ترت لێبدات، ئەی بۆچی خیانەتت لەگەڵ کرد ئەی هاوڕێی ڕێگەی دوری مەسیح؟! بەڵێ سەردەشت تۆش پەیامەکەتان هەمان پەیام بوون، تۆش دەتویست مرۆڤەکان هەمووی وەک یەک پیرۆز و یەکسان بن، هەموو دەنگەکان مافی ئازادییان هەبێت، هەموو زارێک بتوانێت وشەکانی ناخی دەرببڕێت، تەنانەت عاشقبونیش کەس نەتوانێت کۆنترۆڵی بکات، چونکە ئەوە خودایە عەشقی خۆش دەوێت و خوداش دژی ستەم و زۆرداری و چەوسانەوەو توندوتیژییە، خۆی بینای کردوین و نایەوێت بەوشێوە قێزەونە بمرین، نازانم بۆچی لەیەکەم ڕۆژەوە تیرۆرکردنەکەم بە سادەیی نەهاتە بەرچاو ئەوانەی هاوپۆڵەکانی دەیانگێرایەوەو چۆنیەتی بردنەکەی هەرگیز بەو ئاسانییە ناکرێت بووبێت، بۆیە راستەوخۆ هاوڕێ خائینەکەی "مەسیح"م بیرکەوتەوە، ئێستاش هەر هەمان شتم لەمێشکدایە، کوشتنی مرۆڤێک بەم هەموو پیرۆزییەوە ناکرێت بەم ئاسانییە بەردەستی بکوژەکانت بکەویت، لەخاچدانی مەسیح و تیرۆرکردنی تۆ لەدەمەو ئێوارەو زەردەی خۆر ئاوابوون بوو ئای چەند لەیەک دەچن ئێوە! ئێمەش لەئێوە دەچین و دیێنەوە بۆ لای ئێوە.!

**سەردەشت وەک مەشخەڵێکی نەکوژاوە،لەپێناوی لەناوبردنی بیرەتاریکەکان و هێنانە ئارای ئازادییەکی بەرفراوان!**

قاسم ئەحمەد

بیروو بۆچوونو نوێخوازییەکانی خاوەن پێنووسێکی پڕوادار بە ئازادییەکان تەنها لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە وەک هەر نووسەرێکی تر ناوی ڕۆژنامەنووس یان نووسەری بە باڵادا بکەیت،بەڵکو لە نێوان نووسەرو ڕۆژنامەنووساندا سەدان جۆر ڕۆژنامەنووسوو نووسەرمان هەیە،

هەریەکەو بە بەرگو بە ڕەنگو بە دەنگێک خولیای پێنوسوو پەڕاوو خوێندنەوە دەکات بە هەر هەمویان دەوترێت ڕۆژنامە نووس یان نووسەر،بەڵام هەموویان یەک ئاستو یەک توانایان نی یە لە ڕاستیدا.

لە هەموو گرنگترو شایستەی باسو بیر هێنانە ئەو مرۆڤە نەترسو ئازادی خوازانەیە کە لە هەرکوێدا بۆشاییەک لە بواری نووسین بە واتا ڕاستەقینەکەی بوونی هەبێت ئەو خۆی دەکات بە کەسی یەکەمو لە پێناوی ڕزگارکردنی ئەوڕەوشەی کە بە ترسو تۆو نا یەکسانی ناسراوە

وەک سەربازێکی خۆنەویست، گەر بە تەنهاش بێت دەڕواتە سەنگەری بەرگری لە مافی ئازادی تاکەکانو بە دنگی زوڵاڵو بە نووسینی بە پێزو بە ئیرادەی پۆلاییینی شۆڕشێک بەرپا دەکاتو، دەبێت بە مەشخەڵێک بۆ دەستاودەست پێکردن لە نێوان تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگەدا، تا ئەوکاتەی ئازادییەکان بەرفراوانو نەیارەکانی دەبنە پەندوو دەکەونە بەر شەپۆلی نارەزاییەکان بۆ هەتاییو، مێژوو بە خراپترین شێواز باسیان لێوەدەکات.

سەردەشتی هەمیشە زیندوو لەو بوارەدا گەیشتە ئاستی لوتکەو ئەوەی کە بەکەم تاکی نێو ڕیزەکانی مرۆڤایەتی دەکرێت ئەو ئەنجامی داو لەوپێناوەشدا گیانی خۆی فیدا کرد، سەردەشت ناتوانرێت هەروا بە سانایی پێی بووترێت ڕۆژنامەنووسێک بوو لە پێناوی ئازادیدا گیانی خۆی بەخت کرد، بەڵکو لەوە گەورەترو شایستەی ناولێنانی بەنرخترو تۆمارکردنی ناویەتی لەوشوێنانەی کە تامەزرۆی ئازادی دەکەنومەشخەڵێک شک نابەن بۆ لە ناوبردنی بیری تاریکو، ڕەوینەوەی هەوری ترسو فۆبیاکانی هەرجۆرێک لە دەسڵاتی بە زۆر داسەپاو، بە سەر ئیرادەو خواستەکانی چینو توێژەکانی کۆمەڵگەدا

**بکوژانی سەردەشت دەبێ دادگایی بکرێن یان ئێمە؟**

مستەفای حەسەنە گەورە:

سەرەتایەکی پێویست: شێوەی کوشتنەکەی سەردەشت دوو فیشەک بۆ ناو دەمی و بوونی شوینەواری ئەشکەنجەدان بەسەر جەستەیەوە ئەوەمان پێ دەڵێت کە سەردەشت لەسەر نوسینەکانی تیرۆر کراوە..پارتیش چ لێکدانەوەیەکی ساختەکارانەی بۆ دەکاتوو بەچی شێوەیەک دەیەوێت کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت بەلاڕیدا بەرێت کەس بە پولێکی قەڵب لێی ناکرێت،

خۆشیان ئە وڕاسیە تاڵە دەزانن ، سادەترین ئەندامی پارتی تا سەرکردیاەتیە خێڵەکیەکەیان کە پارتی ئەمجارە نەک هەر هەڵەیەکی مێژوویی کرد بەڵکو دەبێ باجێکی قورسی سیاسی بدات.

هەڕەشە بە تەلەفۆن، هەڕەشە بە ئیمەیل، فڕاندنی بەبەرچاوی خەڵکو پۆلیس و زێرەڤانیەوە، لەکار کەوتنی هێڵی تەلەفۆن لەکاتی فڕاندنەکەی... بڕینی ئەو هەموو بازگەیە تا موسڵ چ پرسیارێک لای خەڵک دروست دەکات ؟

هەموو ئەمانە نەک شک بەڵکوو بێ شکمان دەکات، کە دەزگای بەدناوی پاراستنی پارتی ئەم کارەی ئەنجام داوە

خۆدزینەوەی پارتی بۆ؟

ئەم ڕوداوە ئەگەر لەوڵاتێکی لە هیچ چوو چووبا..ڕویدابا.

جگەلە دەست کار کێشانەوەی دەیان وەزیرو کارە بەدەست ئەوا هیچ دوور نەبوو حکومەتیش ژێرو ژوور بێت

بەڵام لەو دەڤەرەی ئیمە کە ناوی کوردستانی باشورەو هەتا ئێستا ش خێل و عەشیرەت بە ڕێوەی دەبەن.

هەڕەشەکانی پارتی زۆر بڕ ناکەن، چونکە خۆشیان باش دەزانن کە هەڵەیەکی مێژویان کردوە.

دوا لێداوانەکەی بارزانی لەمەڕ هێور بوونەوەی بارودۆخەکەو ناو هێنانی سەردەشت بە قوتابی خۆ دزینەوە لەوەی کەناوی وەک نوسەرو ڕۆژنامە نوس بهێنێت خۆی لە خۆیدا گومان لەسەر پارتی و بارزانی زیاتر دەکات

بەتایبەت کە کێشەکەو نوسینەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەلیکی کوردستان بوەو بەخەیاڵ باسی کچەکەی کراوە

لەسەدەکانی ناوەڕاستیش کوڕە هەژارێک بۆی هەبووە خەون بە کچە پاشایەک ببینێت یاخود خەیاڵی بە زاوا بوون بکات، بەڵام دیارە بنەماڵەی بارزانی بیرکردنەویان لە شیخ و پاشاکانی سەدەکانی ناوەرستیش لە دواوە ترە...

پارتی و هەوڵی بەلاڕێ دا بردنی کەیسی سەردەشت

سەرەتا پارتی بەوە دەستی پێ کرد کە جارێک زووە بۆچی دەبێت یەکسەر پەنجەی تاوان بۆ پارتی و دەزگای پاراستن درێژ بکرێت؟

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ بابەتی یەکەمی سەردەشت و ئاشقی کچەکەی مەسعود دەبیت و کە تا ئێستاش کەس نازانێت ئە وکچە بوونی هەیەو تەمەنی چەندەو چەند خوشکی هەیەوە سەردەشت مڕی لەکامەیان خۆش کردبوو؟

کە ئەمە جگە لەخەیال و موعاناتی لاوێکی حەسرەت دیدە هیچی تر نیە..

سەردەشت لە و بابەتەیدا موعانات و نابەرابەریەکانی هەموو لاوان و هاوتەمەنانی خۆی لە و بابەتەدا کۆکردبۆوە.

لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایە لە ئەشکەوتە سەختەکانی ئەفغانسنی ژێر دەسەڵاتی بنلادنیش کەسێک لەسەر نامەیەکی ئاوا تیرۆر ناکریت.

هەچەندە مەلا بەختیار لە فتواکەیدا حەق بە بنەماڵەی بارزانی دەدات بۆ تیرۆری سەردشت گیان بەڵام مەلاش خۆی لەو بەنەماڵەیە شەریف تر نیە، بەیەک دوو بابەت وەڵامی مەلا درایەوە بۆیە لێرە پێویست ناکا لەسەری بدوێین.

بەدوای بڵاو بوونەوەی بابەتی یەکەمی لە ڕێگای نوسەرێکی ناو کوردستان نێت جگە لە هێرش و ناوزەند کردنی بە جنێو فرۆشێکی کوردستان پۆست

داوای خۆئاشکرا کردن لە نوسەر دەکریت و داوای وێنەکەی لێ دەکرێت

لە بڵاو بوونەوەی بابەتی دووەمدا کە وێنەی خۆی و ناوی ڕاستەقینەی خۆی لەسەرە، هێشتا پارتی و پاراستن دڵنیا نین لەوە ئایا ئەو کەسە خۆیەتی یان، ئەم جارە لە ڕێگای بەرپرسی کوردستان نێت کە عومەر فارسە بەشوێن دڵنیا بوونی زیاترەوەون بۆ ئەنجامدانی پلانەکەیان پاشانێس چێوەڕی کرد تا ئەوکاتی بابەتێک لەسەر کۆسرەت ڕەسوڵ بڵاو دەکرێتەوە، بەخەیاڵی خۆیان وایان دانابوو کەبەردێک دوو نیشان بشکێنن

ئەم تاوانە بخەنە پاڵ کوسرەت ڕەسوڵ و هەولێر بۆ هەتاهەتایە ببێتە شارێکی پاوان کراوی خۆیان.

پارتی دەزانێت چی کردووە.

بەڵام بەهۆی ئەوەی گۆڕان هاتە پاڵ جەماوەری ناڕازیوو میدیای ئازادەوە دەبوایە هەر ئاواش بێت، ئەی کەواتە ئۆپزسیۆن مانای چیە؟

پارتی بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکۆنەکان و فایلە ڕەشەکان خۆشبەختانە بنەماڵەی بارزانی بەشی شێری بەردەکەوێت.

کەواتە ئەوهەوڵە نەزۆکەشی نەهاتە دی ولە وتەنگژەیە ڕزگاری نەکرد و هێرش و چاو سورکردنەوە لە ڕۆژنامە نوس و میدیا ئە هلیەکان هێندەی تر قوڕەکەی لێ خەستکرد..

لەدوا شانۆگەری پڕ گاڵتە جاری ڕاگەیاندەکانی پارتی ئێستا بانگەشە ئەوە دەکات ئەو نوسەرو سایتوو رۆژنامانە دەستی تاوانیان بۆ پارتی درێژکردوە دەڵێ دەبێ دادگایی بکرین و دەیەوێت ئەوە بیر ڕای گشتی بباتەوە کە خەڵک داوای دادگایی ئەوان دەکات..

ئایا پارتی هەر وەک بەرزەکی بابان بۆی دەرباز دەبێت؟

دەبێ ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی ناڕەزایەتیەکانمان درێژەی هەبێت؟

نە پارتی و نە هیچ حزبێک و لایەنێکی دژە دیموکراتی و دیکتاتۆر و کۆنە پەرست، ئۆباڵی تاوانێکی ئاوا گەورە ناخەنە ئەستۆی پڕ تاوانی خۆیان.

هێچ هێزێکی گەورەی ئۆپۆزسیۆنی ئەوتۆش نیە، فشارێکی ئاوا گەورە بکاتە سەرپارتی بە ڕادەست کردنی تاوانباران و بکوژانی سەردەشت، کە زوربە شک و گومانەکان لە دەزگای پاراستن و خودی مەسرور بازانین.

ئەگەر سەردەشت لە سلێمانیش تیرۆر کرا ئەوە شک و گومانەکە هەر لەسەر پارتی دەبوو، بەڵام لەو کاتەدا ئاسایش و پۆلیسی سلێمانیش دەکەوتنە ژێر پرسیارەوە؟ بەڵام ئەگەر ڕۆژنامە نوسێکی تر بایە ئەوسا هەموو خەڵک بە پارتیشەوە پەنجەی تاوانیان بۆ یەکیەتی درێژ دەکرد کە حزبی باڵا دەستە لە سلێمانی ..

ئایا کەسێکی پارتی و پاراستن بە بێ هەڵکردنی گڵۆپی سەروزی بنەماڵە ئەو کارە تیرۆریستیە قێزونە دەکات؟

هەزاران ئەندامانی پارتی بێ گومان دژی تیرۆری سەردەشت عوسمانن

بەڵام هیچیان زاتی ئەوە ناکەن بە وشەی نایەکیش بێنە زمان..پارتی وەک حزبێکی بنەماڵەیی و دیکتاتۆر ئەگەر ئەندامێکی کارێکی ئاوا بکات تەنانەت لە خەون و خەیاڵێشدا بێت نەک نان بەڵکو زمانیشی دەبڕێت..

لە کۆتایدا دەبێ ئەوە بڵێە کە:

قۆناغی یەکەمی نوسینی سەدان بابەتوو ڕژانە سەرشەقامانی هەزاران هاوڵاتی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێت..

پارتیش ئەمەی بەدڵە ئەمجار ئەو دەکەوێتە هێرش بردن هەر لە بزوتنەوەی گۆڕان و نەوشیروانەوە تا ئاوێنەوە هاوڵاتی و لڤین و ستاندەرو کوردستانپۆست و دابەزین بۆ هەندێک نوسەرو ڕۆژنامە نووس

پرسیارەکە لێرەر ئەوەیە خۆ ناکرێت هەتاهەتایە هەر بابەت بنوسین. یاخود هەر بڕژیینە سەر شەقام و گریمان لیژنەیەکی نێو دەوڵەتیش پێک هات و هاتنە کوردستانو کە ئەمە ئەگەرێکی لاوازە.

باشترین چارەسەر ئەوەیە ئەندام پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆن دەست بدەنە مانگرتن لە ناو پەرلەمان خۆ ئەگەر ئەندام پەرلەمانی تریشیان لەگەڵ بێت نموونەی یەکیەتی ئەوا فشارێکی گەورە تر دەبێت.

لەولاشەوە دەورری میدیاکان و شەقام و کوردانی دەرەوەی وڵاتیش لەهەر وڵاتێکی ئەوروپی بتوانن کەمپین و لیژنەی نارەزایی پێک بهێنن و فشار بخەنە سەر پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەک ئەمنێستی و مافی مرۆڤ..

بۆ ئەوەی ئەم نارەزاییە بە زیندووی بمێنێتەوە.

هیوادارم نوسەرانی ترسیش لەم بارەیەوە ڕاو سەرنجەکانی خۆیان بنوسن

کوردستانپۆستیش بە پشو درێژیەوو سەکۆ ئازادو بوێرەکەی نارەزایی خەڵک دەبێت

ئەم قسەوباسانەمان درێژەی دەبێت.

مستەفای حەسەنە گەورە

25-05-2010

**کووشتنی سەردەشت لە ناووبردنی دەنگیک بوو حەقیقەتیکی ئاشکرا کرد !**

**فاتیمە**

کووشتن تا ئێستاکەش چاوەروانی لی ئەکرێت و یادەکانیش وەک هەمیشە لەبەردەوامیدان ،

مردنە تراژیدیاکان لە سیاسەتی کوردیدا شتێکی نامۆ نیە . وە یەکێک لە دەرەنجامە ترسناکەکانی ئەخلاقی سیاسی کوردی لە 22 ساڵی دوای راپەریندا نە هێشتن و لەناوبردنی بەهاو ریزی مرۆڤە ،کە تەنها بە بەرامبەر ناو هێنانی دەسەلاتی بالادەست لێمان ئەسەنرێت .

لەم هەرێمەدا کاری دەولەت هیچ کات نەیتوانیوە ژین بە خش بێت ، بەلام بێ دوو دڵی و هیچ یاسایەک لە ناوبردنی ژیانی هەریەکێکمان بوە هەڵبەت دەسەلاتیک گەربنەمای درووست بوونی لەسەر پایەیەکی مەعریفی و رابردوویەکی پاک نەبوو .لەداهاتووشدا چاوەرێی دەست چوونە لەناوبردنی دەنگە ئازادەکان ورەخنەییەکان ئەبێت ..

کووشتنی سەردەشت کووشتنی مرۆڤێک نەبوو تەنها .بەڵکوو لە ناووبردنی دەنگیک بوو حەقیقەتیکی ئاشکرا کرد کە ئێمەی گەنج تا ئەبەد وەک پەڵەیەکی مەترسیدار ئەیبینین کە تێمان ئەگیرێت .

## یادێک لە سەردەشت

### پاڵەوانەکان هەموویان لەیەکئەچن!

کەمال چۆمانی

هەر رۆمان، دراما یان چیرۆکێکم خوێندبێتەوە، یان هەر فیلمێکم بینیبێ کە پاڵەوانەکەی بە گژ بتەکانی کۆمەڵگە و شەیتانەکانی ناو جڤاکدا چوبێتەوە، جۆرێک لێکچونی گەورەم بینیوە لەنێوانیاندا.

هەفتەی رابردو، درامای 'تاڵی داندا' (سزادان بە سەرپەڕاندن) ی نوسەری بەناووبانگی هیندی 'گریش کارناد'م خوێندەوە. لێکچونێکی زۆرم بینی لەنێوان پاڵەوانی دراماکە 'باساڤاننا' و سەردەشت عوسمان. باساڤاننا، ریفۆرمخوازی گەورەی سەدەکانی ناوەڕاستی هیندستانە. ئەو بەگژ کۆی بتەکانی کۆمەڵگەدا چوەوە و خۆی و هەمو پشتیوانانی بونە قوربانی. شۆڕشی باساڤاننا بوە سەرەتایەک بۆ تێکشکاندنی جیاوازیی 'کاست–چینە کۆمەلایەتی و دینییەکان' کە وەک ئەهریمەنێکی کۆمەلایەتی و ئاینی، ئێستاش کۆمەڵگەی هیندیی پێیەوە ئەناڵێنێ.

لەپاڵ دروستبونی مەترسیی لەناوچونی 'شانشینی کالیان'ی 'شا بیجێلا' لەلایەن لایەنگرانی باساڤاننا کە ژمارەیان لە سەدان هەزار خەڵکی رەش و روت و 'بێ کاست' رەتیکردبو، زەماوەندی کوڕێکی 'بێ کاست–بێ چینی کۆمەلایەتی یان رونتر چین نزم' بە ناوی شیلاڤانتا و کچێکی بەرزترین کاستی کۆمەڵگەی هیندی و ئاینی هیندوییزم کە ناسراون بە 'براهمین' بە ناوی 'کالاڤاتی'، بوە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی وا کە مێژوی ئەو وڵاتە کەم بە خۆیەوە بینیوە.

باساڤاننا و سەردەشت لەیەکئەچن. هەمو پاڵەوانەکان لەیەکئەچن. من زۆرجار وا بیرئەکەمەوە هۆکاری خۆشەویستبونی رۆمان لای خوێنەر، خۆدۆزینەوەیەتی لە رۆحی یەکێک لە کارەکتەرەکان، بەتایبەت پاڵەوانەکان.

لە خوێندنەوەی دراماکە تێئەگەین بەگژاچونەوەی بتە دزێوەکانی کۆمەڵگە، مەحاڵە بێقوربانیدان.

### بۆسالیادی تیرۆر کردنی سەردەشت

پشتیوان ئەحمەد

سەردەشتەکەی هەمووان، تۆ زیندە بەچاڵی سیستەمێ کرای کەپریەتی لەتۆقان، لە زوڵم، لەبەد ئینسانی، ئەوەتا بکوژانت بەئاشکرا ناتوانن جورئەد بکەن دەنگ هەڵبڕن بەئاشکرا

بڵێن ئێمە بکوژی ئەو ئینسانەین، دەزانی بۆ؟ چونکە ئینسانی بکوژ لە ڕووناکی جورئەتی تێدانیە تەنهاو تەنها لەتاریکی پەلاماری نێچیر دەدات.

سەردەشت تۆ دنیایەک خیاڵی جوانت بۆ هەموان پێبوو بەڵام ئەفسون ڕێگەت ندرا ڕێبکەیت لەگەڵیا تا ئەو خەیاڵانە بکەیت بە واقع بۆئەوەی پێکەوە شان بەشانی برایانت ڕێگاکە تەواو بکەیت، بەڵام نیگەران مەبە سەردەشتی هەمووان تۆ ڕێگاکەت نیشاندەری ڕاستیە خۆ بیستووتە ڕێگای ڕاستیش هەر دەمێنێ، ئەوەی لەناو دەچێ ڕێگای تاریک و چەوتە، لەو ڕۆژانە لاپەڕە بەلاپەڕەی نوسینتەکانم خوێندەوە لەوێوە ئاشنا بووم بە تۆ، لەوێوە سڵاوم بۆناردی لەوێوە دەستم بە ئاسودەیی گیانت کرد، دوبارە سڵاوت لێدەکەم سەردەشت بڕوا ناکەم کە نەماوی چونکە هیچ شتێکی نەشیاوم لە نوسینەکانت بەدی نەکرد کەشایەنی ئەوە بێت لەسەری تیرۆر بکرێی تەنها شتێکم بەدی کرد ئەویش ڕاستی.

جورئەد نەکردن لەلایەن ئەو پیاوانەی کە دەنگی حەقیان پێ قبوڵ ناکرێ، هەمیشە لە کەناری مەرگ چاوەڕێیانە تا خۆیان بەدەستی خۆیان زیندە بە چاڵ دەکرێن، کامانەن ئەوانەی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان لە خوێنی سەردەشت بەجوابن؟ ئەو کەسانە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەو کەسانەی بە پەرۆشن بۆ خوێنی سەردەشت هەمیشە وەک سەردەشت ڕێگری لە بیروو بۆچونیان دەکرێ، هەمیشە تیرۆری دەروونی دەرخوارد دەدرێن، ڕژانی خوێنی سەردەشت ڕژانی خوێنی هەموو ئازادی خوازان بوو، سەردەشت بە تەنها کوڕی مام عوسمان نەبوو کوڕی میللەتێک بوو کە شانازی کردن بە ڕۆڵەیەکی ئاوا لە ئاسودەیی دەروونی هیچی ترنیە میللەتێک کە ساڵەهای ساڵە دەچەوسێتەوە بۆ شانازی پێوە نەکەی کە لەڕێگەی ڕاستی بوو بەقوربانی، نوسینەکانی سەردەشت زادەی چەندین ساڵ خەباتی میللەتێکە ئەو میللەتەی کە دژی دڕندە ترین دەسەڵات دوێنێ لەشاخ ئەمڕۆ دژی چەند کۆمپانیایەکە لەشار، سەردەشتەکان هەمیشە گومان دەکەن لە مەرگیان هەمیشە مەرگیان پێش خوێندنەوەی نوسینەکان هەڵبژاردووە، لە مەملەکەتێکی داگیر کراو بەدەستی چەند تاقمێکەوە چۆن مەرگ هەڵنەبژێرین کە دەبینین ڕۆژانە میللەت لەسەر هیچ دەخرێتە ژوورە تاریکەکان و فەلاقەو ئەشکەنجە دەدرێن.

ڕەوایەتی دان بە سیستمە تۆتالیتارەکان هەمیشە کۆمەڵگا دەکات بە باخچەی ئاژەڵان، بۆیە سەردەشت نەیویست بکرێ، وتی من ڕازی نیم وەک ئینسان مەمەڵەم لەگەڵ نەکرێ، کەچی نەیان کرد ئەویان قبوڵ نەبوو لەم مەملەکەتە گوزەر بکات ئەویان قبوڵ نەبوو هەوای ئەم ئاسمانە هەڵمژێ، هەزار سڵاو بۆ ئەو ڕۆژانەی سەردەشتەکان لە پێناوی خەباتیان کرد، هەزار سڵاو بۆ ئەو سەردەشتانەی کە ئەمڕۆکە لە خەبات دان، دوێنێ سەردەشت ئەمڕۆش ئازادی خوازان ئەو ڕێگا قورسە ڕێدەکەن.

هیلاک بوون لە لای ئازادی خوازان کۆتای نایە تائەو کاتەی کەمتر لە ئازادی بەدەست نەیا، کەمترێک کە پڕاو پڕی بێ لەوەی ئینسانەکان دڵ خۆش دەکات کەمترێک کە ئاسوودەیی ببەخشێ بەتاک تاکی کۆمەڵگا.

سەردەشت گیان ئاسوودەبە ئەو خاڵەی تۆ دات نا ئێمە ئێستا دێڕ بەدێری تەواو دەکەین تا دەگەین بە هیواکەت بۆ ئەوەی زیاتر ئاسوودەت کەین.

تۆ فەلسەفەی ڕۆنامەگەریت خزاندە ناو هزری ئێمە بۆیە دەڵێم گۆڕت پڕ نوور

**سەردەشت عوسمان ڕەمزێک بۆ ئازادی!**

جەمال موحسین

سەرەتای مەی ٢٠١٢

دوو ساڵ بەسەر ڕفاندن و تیرۆرکردن سەردەشت عوسماندا تێپەڕ ئەبێت و هێشتاش بکوژان نەک ئاشکرا نەکراون بگرە دەسەلآت هەمان سیناریۆی لیژنەی بە ناو لێکۆڵینەوەکەی بە دەستەوە گرتووە.

سەردەشت تەنها گەنجێک نەبوو کە فەنتازیا و خەیاڵەکانی بخاتە سەر پەڕە. سەردەشت لە وەتەرێکی حەساسی کۆمەڵگای دا، دەمی لە تابۆیەکی گەورەی کۆمەلآیەتی کوتا! کە ئەویش دەستبردن بوو بۆ ڕەخنەی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بەرامبەر بنەماڵەی دەسەلآتدار. سەردەشت گوزارشی لە خواستی دەیان هەزار لاو و گەنجی ئەم وولآتە کرد کە ئەیانەوێ بە یەکسانی بژین و نایانەوێ هەر چاوبڕکێیان بێ لەگەڵ ئەو هەموو پارە و پولەی کە ڕژاوەتە ناو گیرفانی دەسەلآتەوە و تەواوی جەماوەری دەستەنگی کۆمەڵگاشی، کە زۆرینەن، لە بێبەشیدا ڕاگرتووە. سەردەشت دەنگی هەموو ئەو ئینسانانە بوو کە ناعەدالەتی کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئابوری تەنگی پێهەڵچنیون و ڕۆژانە گوزارش لە ناڕەزایەتییان بەم دەسەلآتە ئەکەن کە بێمافی پاراستووە. هەربۆیە قەڵەمی سەردەشت هەر تەنها قەڵەمێک نەبوو چەند ووشەیەک برازێنێتەوە و دایڕێژێ، قەڵەمی ووتنی حەقیقەتی دەسەلآتی فیرعەونی بنەماڵە و دەسەلآتی عەشیرەتگەری ناسیۆنالیزمی کورد بوو. قەڵەمێک بوو لە ڕوانگەی چینێکی بەرینی کۆمەڵگاوە دەنگی "نا" ووتنیان هەڵبڕیوە لە دژی دەسەلآتێک کە تاکە خەمی کۆکردنەوەی سەرمایە و سەپاندنی بێمافییە بەسەر سەری خەڵکەوە. دەنگی "نا" ووتنی خەڵک بوو بە نەبوونی ئازادی و دەم کوتان لە تابۆ و شتە بڤەکان!

ئەگەر سەردەشت ئەو دەنگە بوو، ئەوەشی کە ڕفاندی هێندەی تر سەلمانی کە تا چ ڕادەیەک دژی ئازادی و پارێزەری سەرمایەیە لە کوردستاندا. لای هەمووان لە ڕۆژی ڕووناک ڕۆشنترە کە ئەوەی ئەو کارەی بە نەخشەوە کرد پارتی بوو! پارتیش بەو کارەی لە لایەک هێندەی تر سەرکوتگەری خۆی نیشان دا و لەلایەکی تریشەوە حوکمی مەرگی خۆی لە نەزەری خەڵکی

ئازادیخوازەوە هێندەی تر نزیک کردەوە. پارتی هەرچەندە سیناریۆیەکی سازدا کە وویستی ئازادیخوازی سەردەشت ناشرین بکات و خۆشی لەژێر ئەو نارەزایەتییە جەماوەری و کۆمەڵایەتیە فراوانەی کە بە تیرۆرکردنەکەی هاتە کایەوە بدزێتەوە، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو کە رق و بێزاری خەڵک بەرامبەر بە خۆی برەوێنێتەوە. تیرۆرکردنی سەردەشت لە پاڵ تیرۆرکردنی سۆرانی مامەحەمە هەنگاوێکی تر خەڵکی لە دەسەڵات دوور خستەوە و نەک وەک "حکومەتی خۆماڵی" سەیری نەکرد بگرە مۆری دوژمنی ئازادیەکانی خۆی دایەوە لە ناوچەوانی دەسەڵاتەکەی. مەرگی سەردەشت کە رەنگدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەو پەیامەی دایەوە بە دەسەڵاتداران کەبەرەی ئازادیخوازی لە کوردستاندا فراوان و گەورەیە و هەر دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوێ دەسەڵات لە بەردەم دادگای جەماوەری خۆیدا دائەنێت.

بەڵام یادکردنەوەی سەردەشت نابێ تەنها بو نووسینی بابەت و ووتار قەتیس بخوات بگرە ئەبێ ریزی ئازادیخوازی لە دژی دەسەڵاتی سەرکوتگەری پارتی رێکخراوتر و یەکدەنگتر بکات تا سەپاندنی ئازادی بیورا و ئەندێشە و بیرکردنەوە رادەربرین.

یادی سەردەشت عوسمان هەمیشە لامان زیندووە و رێبازە ئازادیخوازەکانی رێبازی هەمووانە.

**سەردەشت عوسمان**

**هوشیار عەبدوڵا**

ویستم ناونیشانی وتارەکەم گوزارشتێک بێت پر بە باڵای بوێری ئەو لاوەی قەڵەمەکەی بۆنی هەناسەی ئازایەتیەکی بێ ئامانی لێدێت بێگومان وەک ئاو وەک ئاگر، نەمدۆزیەوە... چەندین گوزارشتم سریەوە لە دوا هەمینیاندا تەنها لەسەر ناوەکەی وەک خۆی (سەردەشت عوسمان) گیرسامەوە، چون ناوی ئەو لە هەمو گوزارشتەکان بۆ ناساندن و وەسفی ئازایەتی ئەو پر ماناترە و ئیدی کە گوتت سەردەشت عوسمان واتا وتوتە ئازادی، ئازایەتی، وشە، قەڵەم، بێدەنگ نەبون، چونەوە بە گژ بتەکاندا، هاتنە دەرەوە لە ئەشکەوتی نەبینین و دەربازبون لە کۆت و بەندی نە وتن... زۆر زۆری تریش...

سەردەشت عوسمان وەک چۆن گوزارشتێکە بۆ نەمریەکی گەورە و خاوەنی مردنێکی جوانە، ئەگەر چی وەک خۆی داوایکردوە تراژیدیە، بەڵام کارەساتی تیرۆر و غەدری سورکردنی دەمی دیسان مێژویەکی رەشە بۆ ئەو دروشمەی هەمو جارێک بەناوی ئارامی وڵات پێمان دەفرۆشنەوە...

لەوەش خراپتر ئەوەیە کە دیسانەوە دوای غەدر و خوێنی بە ناحەق رژاوی سۆران و بێدەنگبونی بەرپرسان لێی و نەگەیاندنی تاوانباران بە دەستی دادگا، دیسانەوە دەنگەکانی کۆیلەیی و هەناسە خنکاوەکانی ناو ئەشکەوت و دەربارەکانی سوڵتان پێمان دەڵێن: بۆ دەڵێن: ((بێدەنگ نابین)) پێویست بو بڵێن ئێمە یەک وشە ناڵێین و فەرمون ئێوە خۆتان وەک خوێنی سۆران بزری بکەن یان لە باشترین دۆخدا سیناریۆیەکی بۆ ئامادە بکەن و بڵێن ئاگادارن ئێمە چ هێزێکی پاراستنی راستەقینەی ئێوەین...

تا سەردەشتەکان زیندو بن ئێمە بێدەنگ نابین، تا تاریکی ئۆغر نەکات مۆمی وشە هەر دایسێت، تا ئازادی نەبێتە ماف نەک مەکرەمەی ئێوە، ئێمە لە سەدان خۆپیشاندانی تردا پڕ بەگەروی نەوەکانی داهاتوشمان هاوار دەکەین ئازادی، ئازادی... ئازادی...

ترس لە وشە ترسێک نیە لە ئێوەوە دروست بوبێت، کەم نین ئەو دیکتاتۆر و خوێنرێژانەی لە نوکی خامەی ئازاکانی وڵات ترساون و نەشیانتوانیوە بیشکێنن، ئەگەر توانیاتان ئاسمان داگیر بکەن ئەتوانن هەمو قەڵەکانیش داگیر بکەن، ئەگەر توانیتان بیچنە ناو خەیاڵی ئازادیخوازانەوە ئەشتوانن نەهێڵن کەس هیچ بڵێت، بەڵام تا خەیاڵ و رۆحی پڕ لە تەحەدای سەردەشتە کوردەکان هەبن هیچ هێزێک نیە بتوانێت بڵێت: من بەر بە شاڵاوی وتن و هاواری حەق دەگرم...

زوڵم و زۆر هی هەر ناو سەدەمێک بێت هی بێگانە بێت هی یان خۆماڵی، تەمەنی کورتە، هاربون و نەخوێندنەوەی تورەیی خەڵک و بە هێند نەگرتنی وشەی (نا) لە راستیدا بێباکی نیە هێندەی نەخۆشیە، نەخۆشی دەسەڵات، بە کورە هارە 5 ساڵەکەی خۆمم وت کورم بۆ هێندە هاریت؟ وتی: ئاخر، چونکە نەخۆشم! سەرەتا پێکەنینم هات پاش ماوەیەک وەستام و وتم: پاساوەکەی حەمەی کورم چەند نا لۆژیکیە بۆ حاڵەتەکەی خۆی، هێندە بۆ دۆخی دەسەڵاتدارانی کورد راستە، هاربون، چونکە نەخۆشن.

**نیشتمانێک لە سەردەشت عوسمان**

هونەر تۆفیق

... هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە رۆژێک سەبارەت بە کەسایەتیەک بنوسم ، جا زیندوو بێت یان مردوو . بە رەخنەوە بێت یان ستایش کردن . بەڵام سەردەشت عوسمان وەک پەیام ، وەک مومارەسەیەکی ئازایانەی ئازادی ، زۆر زیاتر لەنوسین و یادکردنەوەمان لێ داوادەکات .

سەردەشت بە تەمەنێکی کورتی دنیای نوسین و گوزارش کردن لە خود و بەهاکانی مرۆڤ بوون ، بە تەنیا تەحەدای شمشێرەکانی نەکرد ! ، هێندەی فاسیلەی نێوان ملی خۆی و تیژایەتی شمشێرەکان ، ئەو فاسیڵەی نێوان واقیع و خەیاڵیشی جڵەوکردبوو .

باسکردن لە ئازادی ڕووبەرێکە زۆربەی نوسەرەکان قسەی تیادا دەکەن ، بەڵام ئەو قسانەی سەبارەت بەئازادی یە مومارەسە نەکرێت ، وەک ئەوەیە گوڵی باغە بفرۆشیت بە شەرتی گوڵی بۆندار . ئەوەیە فاسیلەی نێوان شمشێر و مل ، نێوانی خەیاڵ و واقیع چونکە بابەتی ئازادی وەک شەمەندەفەرێکە لەدوو هەڵبژاردن زیاتری نیە ، یان ئەوەیە سواری ئەبیت و لەگەڵ خۆی ئەتبات یان ئەوەیە دەکەویتە ژێریەوە و کۆتایت پێ دێنێت .

هەیبەتی عەقڵ لەدیاری کردنی ئەو ئیختیارەدایە ، لەو تاڵە باریکەدایە کە خەیاڵ لە واقیع جیادەکاتەوە . ئەقڵ ئەگەر کەرتێکی تەرخان بێت بۆ فەنتازیا و خەون بینین و نەست و خەیاڵ ، کەرتەکەی دیکەشی بۆ ئەزموون و فێربوون و ئیدراکەکانی مرۆڤ ، تێکەڵاوی ئەو دووکەرتە ، مانای لەدەستدانی هاوسەنگی نێوان خەون و ئاگایی ، تێکەڵاوی ڕاستی و درۆ ، ئازادی و کۆیلایەتی .. نزیکی هەردووکەرتەکە تەنیا بە فاسیڵەی کات ، هەستکردن بەکات ، دیاری کردن و گرنگی کات دێتەدی . کات لە نوسینەکانی سەردەشتدا ئەو ئێستایەیە کە ئەو مەسولیەتە مرۆییەکەی خۆی تیادا بەجێ دەهێنێت ، هەرکاتێک کات تەواو بوو ، خاڵێکی بۆ دیاری دەکات و لەوێوە دەیسپێرێت بە نەوەکانی داهاتوو ، واتە ئەو بەر لەوەی ئەندامی خێزانێک بێت ، تاکێکی کۆمەڵگەیەکی مەزڵوم بێت ، لە هەست و بەرپرسیاریەکی مێژوویەوە کاتی نوسین و کاتی مومارەسە و کاتی جیاکەرەوەی خەون و ئاگایی دیاری کردووە .

کاتێک مێژووی نەتەوە و کۆمەڵگەیەک زیندوو و شکۆدارە وابەستەی هیچ کەسایەتی و گروپێک نەکرێت . سەردەشت بۆ ئەوەی لەمێژوویەکی زیندوو و ڕاستەقینەدا بمێنێتەوە دەبێت ڕووبەڕووی بتەکان ببێتەوە ، لەوەێوە جەنگێکی نابەرابەر دەست پێدەکات .

هێزی پەڕەیەک لە نوسین بەرانبەر هێزێکی زەبەلاح کە ئەزموونی شەڕی لەگەڵ هەموو شتێکدا هەیە ، تەنیا ئازادی نەبێت . بردنەوەی سەردەشت لەو شەڕەدا لەوێوە مسەوگەرە کە ئەو هێزەی لەبەرانبەریدایە بەهەمووشتێک دەوێرێت بە ئازادی نەبێت هێزی ئازادیش لەوەدایە کە پێوانەی هەموو شتێکی پێ دەکرێت ، بەڵام خودی ئازادی خۆی نەبێت هیچ شتێک نیە بتوانێت پێوانەی ئازادی بکات . سەردەشت نهێنی هێزەکەی خۆی دۆزیبویەوە کە ئاسوودەیی و ئازایەتی لەناو ئازادیدان . هەرگیز ستەم و ئازادی ناتوانن پێکەوە هەڵکەن ، شەڕنەبێت ئەو دوو ئەخلاقە لەیەک شوێندا کۆبکاتەوە ، هیچ بەهانەیەکی تر نیە بتوانێت کۆیلایەتی و سەربەستی پێکەوە گرێ بدات . سەردەشت نایەت وەک ئەوەی هێزی ستەم ،تیئۆرەی دەکات ، لەبری ئازادی ، بە پلەکانی مافدا خۆی لە خشتەبەرێت . چونکە ماف دیاردەیەکە ، دەکرێت سازشی لەسەر بکرێت ، بەڵام ئازادی رادیکالانە فەرمانێکە ئەبێت مومارەسە بکرێت و بەجێ بهێنرێت . مرۆڤ یان ئازادە یان ئازادنیە ، لەوە زیاتر هیچ کەم و زیادەیەکی تری نیە

چونە مەیدانێکی وەها ترسناکەوە کە بۆ سەردەشت مەترسیەکانی ئازادی بەلاوە باشترە لە ئاشتیەکی کۆیلانە . جەنگێکە بۆ گەڕان بەدوای خود خۆیدا ، گەڕانە بەدووی دۆزینەوەی ئەرک و دۆزینەوەی ڕێگایەکی تر بۆ گەشەکردن . ئەگەر هەر نەوەیەک دروێنەی بەرهەمی نەوەکانی پێش خۆی بێت ، سەردەشت تۆوی ئازادیەکی وەشاند ڕاستەوخۆ تەسلیم بە نەوەکانی پاش خۆی کرد . ئیتر خۆی ڕووبارێکە تا درەنگتربێت ، تا ئارامتر و ڕێڕەوی درێژتربێت ، بەدڵنیایەوە قوڵ و قوڵتر دەگاتەوە بەو نەوەیەی ئەوەی ئێمە قبوڵمانە ئەوان لەبەریەک هەڵیدەوەشێننەوە.

زێڕ بە ئاگر ئیمتحان دەکرێت و مرۆڤیش بەزێڕ ، ئیمتحانەکەی سەردەشت بەسەر ژیانەوە بوو ، ئەگەر بەخۆی پاڵەوانی نوسینەکانی نەبوایە هێزی شەڕەکە و بردنەوەیەی نەدەبوو ، سەردەشت بەخۆی هەم نوسین و هەم ئیمتحانە . لە ڕێگەی مەرگی مسەوگەری خۆیەوە ، ملی لەبەردەم ڕەحمەتی شمشێرە بێ ڕەحمەکانی جەنگەڵدا دانابوو ، تا بیسەلمێنێت ، ئەو دەستەڵاتەی ئازادی مرۆڤێک زەوت دەکات ، شایەنی ئازادبوون و حوکمداری نیە . ئەو ڕێگر نیە لەوەی کوندەپەپووکان بە ڕاسەریەوە بفڕن ، بەڵام قبوڵیشی نەکرد لەناوی سەری ئەودا هێلانە بکەن ، وەک چۆن لەسەری زۆربەماندا پڕیان کردووین لە هێلانەی شەمشەکوێرە و کۆندەپەپوەکان. نرخی ئازاد بوونەکەی سەردەشت ، بەس تەنیا گوللەیەک بوو ، بەڵام نیشتمانێکی لەسەردەشت عوسمان خولقاند

**لە یادی سەردەشت عوسمان-دا**

**هیمداد ئەمجەد _ سوید**

ئەمرۆ بوو بە دوو ساڵ دوورین لە تۆ، دوور لە وتار و نوسین و بیر و ڕاکانت .دوور لە دونیا بینی وخەونی جوانت، دوو ساڵ لەمەو بەر لە ئاسمانی وولاتەکەم ئەستێرەیەکی گەش ڕژا . بەنیازی کوژانەوەی بەلام ڕووناکایی هەموو دونیای گرتەوە ، هەموو شتێک هاتە دەنگ تەنیا ئاسمان نەبێ ! قەلەمەکان بەسەر شانی کاغەزەکانەوە دەگریان و عەشق گریا و خەونی ڕەنگاو ڕەنگیگەنجانی وولاتەکەم زڕا . شۆرابەی هەورێکی نەوی هێدی هێدی فرمێسکی دەخستە زەوی ، کێڵگەکانیش وەرس ببوون لە میوانداری گوڵە گەنمەکان، بۆیە باوەشیان خستبووە سەر پشت و چاوەڕوانی قەلەمێکیان دەکرد تا سەربردەی خۆی بگێڕێتەوە ، ژیان وەک ڕەشەبا تێدەپەڕی و بەدوای قەلەم بە دەستێکدا دەگەڕا چونکە پەیمانی بە کێڵگەکان دابوو، دواجار گەردەلوول کۆترێکی سپی لەگەل خۆی هەڵگرت وبەرەو باوەشی زەوی ڕێگای گرت. ...

سەردەشت گیان ، تۆ ئیبراهیم ئاسا هاتی هەموو ئەو بتانەت تێکشکاند کە لە مەعبەدەکانی ئەم وولاتە دایاننابوو ، تۆ دەزانی ئیبراهیم کە بتەکانی شکاند ، تەورەکەی لەسەر شانی

(هوبەل) دانا بۆ ئەوەی وا لە خەڵکەکە بگەیەنێ کە کاری ئەوە، بەڵام تۆ زۆر ئازایانە تەورەکەت خستە سەر شانی خۆت و بەو پەڕی جورئەتەوە ووتت ئەوە منم بتەکان تێکدەشکێنم ، چۆن شکانێک ؟!

بە جۆرێک هێندە جوانت وورد و خاش کرد ، هیچ هێزێک نەیتوانی پارچەکانی کۆکاتەوە..

هاوڕێ ....

ئەوان بەو هەموو هێز و دەسەڵات و پارەیەوە بەرگەی قەلەمەکەی تۆیان نەگرت، ووشەکانت هێندە شپرزەی کردن تەنانەت نەیانتوانی حیکمەتەکانت بخوێننەوە .

هاوڕێ ...

لەدوای تۆ ئەم ووڵاتەی ئێمە چووە قۆناغێکی تازەوە ، دەزانی ئێستا دەڵێن کوردستانی پێش سەردەشت و کوردستانی دوای سەردەشت ، دوای ئەوەی رستەکەی تۆ کۆتایی هات و خاڵێکمان دانا، هەموو گەنجانی ووڵات هاتین و لەسەرەتای دێرێکی تازەوە دەستمان پێکردەوە ، هاموومان بووین بە کۆرسی ئەم سرووده تازەیەی کە تۆ ئاوازەکەت بۆی دانا ، ئێمەی کۆرس و تۆی مایسترۆ ، فێری نۆتەکانی ئازادیت کردین ، فێرت کردین دەنگ هەڵبڕین ، هاوار بکەین ، بقیژێنین ، تەنانەت بەوانەشمانەوە لەخەوێکی قوڵ بووین بە دەنگی تۆ هەڵسانەوە.

دووبەهارە

ئازادی نوقمی ئازارە

دووبەهارە دوورین لە تۆ

دوور لەهەست و لە نوسین و

دوور لەخەونی حەوت رەنگی تۆ

دووبەهارە

ئازادیمان بۆتە پەرجۆ

هاوڕێ ... سەردەشت

لەدوای تۆدا هەموو فێربووین

خەونی پاشا بتارێنین

فێرت کردین دەنگ هەڵبڕین

هاواربکەین ، بقیژێنین

فێرت کردین وەک ئیبراهیم

ئەو بتانە تێک بشکێنین

هاوڕێ .. سەردەشت

ئەوان هەر هێز و دەسەڵات

تۆش رەمزی ئازادی ووڵات

هاوڕێ .. سەردەشت

کوردستانت کرد بە دوو بەش

ئەوەی یەکەم چاخی پڕ هەش

ئەوەی دووەم هەموو پێکرا

چاخی ئازادی بیر و ڕا

**سەردەشت عوسمان سیمبولی ئازادییە لە کوردستاندا**

ئاسۆ گۆران

بۆ سەردەشتیان تیرۆر کرد؟!

سەردەشت چی وت و چی نوسی ؟

سەردەشت وەک رۆژنامەنوسێک و گەنجێکی ناڕازی بە سیستەمی دەسەڵات چەند بابەتێکی سادەی تەنز ئامێزی نوسی بەزمان و فۆرمێکی سادە ، بەڵام ناوڕۆکێک پڕبو لە وروژاندنی حەقیقەتێک کە ئێمە کەمتر دەمان توانی وەک سەردەشت دایبڕێژین یان نوسینی ڕەخنە بە شێوەیەکی تەنز ئامێز سەلیقەو تایبەتمەندی خۆی دەوێت کە بەداخەوە لە ناو ئەدەبی کوردیدا زۆر کەم بوە ئەوانەی بەم جۆرە بابەتەکانیان نوسیوە لە پەنجەکانی دەست تێناپەرن ،بەڵام سەردەشت هات و لەسەرەتای تەمەنیدا نوسینەکانی جۆرێکی تر بون لە داهێنان .

به زمانێکی سادەو به عەقڵێکی لۆژیکی بەم دەسەڵاتەی وەت ئێوه بتن یان مرۆڤ ؟! ئێوه حەقیقەتن یا درۆ؟! مرۆڤن یا درندە ؟!بۆ ئەوەندە ستەمکارن ؟! وەڵامی ئەم پرسیارە سادانە قورس بو بۆ ئەوان کە لە حەقیقەت و ناوەڕۆکی تێبگەن .

سەرجەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرو ستەمکارەکانی دنیا بێتەحەمولن لەبەرامبەر ڕەخنەوە نارازەیەتیدا نەفەس کورتن لەبەرامبەر ئازادیدا ، دەسەڵاتی کوردیش لە تیرۆری سەردەشتدا جاریکیتر ئەو پەیامەی بەهەمومان گەیاندەوە .

دەسەڵاتە ستەمکارەکەی لەمەڕ ئێمەش ئەوەندە نەفەس کورتو ترسنۆک و بێتەحەمول بو توانای قبوڵکردنی چەند دەقێکی ڕەخنەیی تەنزئامێزی ڕۆژنامەنوسێکی گەنجی نەبو ،کە گومانی تیانیە سەردەشت ئەگەر فورسەتی ژیانی هەبوایەو بەو سەرەتا ڕۆشن و جیهانبینیەیەوە ئەبو بە کەسێک خزمەتی کۆمەڵگاکەی خۆییو مرۆڤایەتی دەکرد.

بەڵام ئەو دەسەڵاتەی هەر چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت ئەوکارە بکات کە بەرامبەر بە سەردەشت کردی، چونکە مێژووی ئەم دەسەڵاتە بەم جۆرە گەورە بوەو لەوێوە سەرچاوەی گرتوە کە مێژوەکەی بەم کارانە دەوڵەمەندتر بکات .

دیکتاتۆرەکان و ستەم کارە سەرسەختەکانی دنیا بەم ناعەدالەتی و خۆێن ڕشتنە گەورەدەبن .کەیسی سەردەشت یەکێکە لەو کەیسانەی کە زۆرترین کاریگەری هەبوە لەسەر کۆمەڵگا ، چونکە بەربەریەت و وەحشیەت گەیشتە لوتکە ،بۆیە تائێستاش توڕەیی و نارەزایەتەکانی خەڵک لەسەر کەیسی سەردەشت کپ نەبۆتەوە چونکە مافیاکن بە نائینسانی ترین شێوە تیرۆریان کرد هەربۆیە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی ڕژانە سەر شەقام تا لوتکەی نارەزایەتی دیارە ئەوە ئاشکرایە کە نارەزایەتەکانی 17 شوباتیش ڕاستەخۆ پەیوەندی بە درێژەی نارەزایەتەکانی تیرۆر کردنی سەردەشتەوە هەبوو چونکە ئەو مافیایانەی سەردەشتیان تیرۆرکرد ترسنۆکانە دەستیان برد بۆ ئەو کارە . هەربۆیە دڵی کومەڵگای کوردستان و ئازادی خوازانیان بە جۆرێک هەژاند تا ئێستا کە دوو ساڵە تێدەپەڕێت بەسەر مەرگیدا تورەەیی و نارەزایەتی خەڵک هەر لە قوڵپداندایە.

گەرچی ئەم دەسەڵاتە باکی بەم هەمونارازیەتی و ڕەخنەو سەرکۆنە کردنە نیە. چونکە بەڕاستی دەسەڵاتێکی چاوقایمە! بەڵام هەرچیەکبن لە دەسەڵاتەکانی( موبارەک و، زین لعابدین و قەزافی و، ساڵح، ...) کە ئەمانە عومرێک خەریکی بەهێزکردنی پایەی دەسەڵاتەکانیان بون و ڕۆژ بە ڕۆژ بتەکانی دەسەلاتیان بەهێزدەکرد بەڵام لەبەرامبەر هێزی خەڵک وسەدای ئازادیدا چارەنوسیان ئەوە بو کە بینیمان .

بەداخەوە ئەم بەهارە مان بەڕێکرد بێ سەردەشتین و چەندین بەهاری تریش بێ سەردەشت دەبین ،بەلام پەیامی ئازادیخوازی ئەو بۆ هەمیشە لامان زیندوە و ڕێزی لێدەگرین .

سەردەشت بوو بە سیمبولی ئازادی لە کوردستاندا و لە دڵێ هەمو ئەوانەدا هەمیشە زیندوە کە ئازادیخوازن و شەڕ لە پێناو ئازادیدا دەکەن.

دەسەلأت هەر سینارۆیەک بۆ مەرگی سەردەشت دروست بکات وەک لەڕابردودا کردیان زیاترو زۆرتر دەکەوەنە بەر تورەیی خەڵک و پەتی درۆکانیان کورتر دەبێتەوە و خۆیان زیاتر ریسواتر دەکەن ،هەر بۆیەش کەیسی سەردەشت کەیسی هەمو خەڵکەو هەر بەکراوەیش دەمێنێتەوە و دەبێت تاوانبارانیشی ئاشکرا بکرێن ولە دادگایەکی سەربەخۆو عادیلانەدا دادگایی بکرێن .

تۆ لە دڵی هەموماندایت

بەرزو بەڕێز بێت یادی سەردەشت عوسمان

**تیرۆر کردنی (سەردەشت عوسمان) ئەزموون و وانەکانی**

هیدایەت مەلا عەلی

لەهەر جێگایەکی گۆی ئەم زەمینە، هەر هێزێک و دەستەوتاقمێک کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن، ئامانجیان (پاراستنی پایەکانی دەسەلأت، بێدەنگ کردنی ئازادی، سەرکوتکردنی نارەزایەتیەکانی خەڵکە)، بۆ ئەم مەبەستە زۆر نمونەی ناوخۆی و ناوچەی و جیهانی لەبەر دەستدایە،بەلأم هەندێک جار ئەو پیلانە وەک ئەوەی هێزە سەرکوتگەر و تیرۆریستەکان دایدەرێژن ناگاتە مەنزڵگای خۆی، لەباری فیزیکیەوە تەنها کارە قیزەونەکەی تیرۆر ئەنجام دەدرێت، پاشماوە و ئامانجی تیرۆرەکە هاوکێشەکەی پێچەوانە دەبێتەوە بۆ ڕسوابونی تیرۆریستان.

لە ڕفاندن و تیرۆرکردنی خوێندکار و ڕۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان) پێچەوانەبونەوەی هاوکێشەکەی تیرۆریستان، تەواو پڕ بە پێستی ئەو نمونەیەیە کە دەسەلأتداران و تیرۆریستانی تیدا ڕسوابوون و کەوتنە بەردەم نارەزایەتی و نەفرەتی خەڵکی ئازادیخواز.

ڕفاندن و تیرۆکردنی (سەردەشت عوسمان) ئەوەندە کارێکی نائینسانی و شەرمهێنەربوو، سنوری ئارامی و بێدەنگی بری و شەپۆلێکی گەورە لە نارەزایەتی و نەفرەت کۆمەڵگای کوردستانی گرتەوە، تیرۆکردنی (سەردەشت عوسمان) بوویە خاڵی وەرچەرخان لە ڕووبەڕبوونەوەی نێوان خەڵک و دەسەلأتداراندا، بۆ یەکەم جاربوو پریشکی نارەزایەتی دژی تیرۆر بەم جۆرە خۆی بگەیەنێتە شەقام و (نا)یەکی ڕاچڵەکێنەر بدات بەڕووی دەسەلأتدا.

ڕفاندنی (سەردەشت عوسمان) لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، بەڕۆژی ڕوناک، بەبەرچاوی هێزی چەکداری (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە، لەبەردەم زانکۆ، گوێزانەوەی

بەناو دەیان بازگە و خاڵی پشکنیندا، پاشان تیرۆرکردن و دۆزینەوەی تەرمەکەی لە شاری (موسڵ)، سەرگوزشتەی کار و کردەوەی دەسەڵاتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە باکی بە نەبوونی هیچ مۆڕاڵیکی ئینسانی نیە، زانینی ئەم چیرۆکە ئەفسوناویەی مەرگی (سەردەشت عوسمان) لە هەناوی خەڵکی کوردستاندا، زەمینەیەکی ڕەخساوی بۆ نارەزایەتیەکانی ١٧ شوباتی ٢٠١١ فەراهەم کرد، لە هەناوی هەگبەی وەستانەوە لە دژی تیرۆکردنی (سەردەشت عوسمان)دا، ٦٢ ڕۆژ خەبات و نارەزایەتی فراوانی خەڵکی کوردستان خۆی هەڵگرتبوو، دەنگێک هاتە مەیدان کە قڵشتی نیوان خەڵکی ناڕازی و دەسەڵاتدارانی کردە ئاسمان و ڕێسمانێک.

ئەگەر لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی کوردستان بە گشتی و (پارتی دیموکراتی کوردستان) بەتایبەتی، تیرۆکردنی (سەردەشت عوسمان) زەمینەسازی بووبێت بۆ سەرکوتی هەردەنگێکی ئازاد، پێشبینیەک بوو بێت بۆ ئەگەری ڕودانی ئاڵوگۆڕ لە کوردستان و ناوچەکەدا، سەرەڕای داخ و ئازاری زۆرمان بۆ مەرگی (سەردەشت عوسمان)، بەڵام مەرگی (سەردەشت عوسمان) بوویە سەرەتایەک بۆ هەندێک هەنگاو کە ئەنجامدانی لە کاتێکی ئاساییدا ئەرکێکی گرانبوو، هەر ئەم هەنگاوانەش بوو هاوکێشەکەی دەسەڵات و پیلانی تیرۆرەکەی پێچەوانە کردەوە.

پەرچەکرداری تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) لەلایەن خەڵکەوە، ئەو ئامادەسازییەی بەرهەم هێنا کە هێڵی گشتی بۆ کۆکردنەوەی تواناکان بدۆزرێتەوە، بەرگری لە ئازادی وەک پێداویستیەکی چارەنوسساز سەیر بکرێت و هەموومان بە هەستیاریەوە لەدەوری کۆببینەوە، تیرۆری (سەردەشت عوسمان) ئازادیخوازانی خستە بەردەم شەڕێکی دەستەویەخە لە پێناوی ئازادی بیروڕادا.

سەرەڕای هەرکەموکوڕیەک و نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتدارن لە هێرشیان بۆ سەر ئازادی و مافەکانی خەڵک، بەڵام جۆش و خرۆشی دەنگی ناڕازی ئازادیخوازان، بۆ یەکەم جار غرور و ئامادەیی هاتنە مەیدانی بردە ئاستێکی بەرزەوە، یەکەم جار بوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان بەگشتی و (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەناو قەفەزی تاوانباریدا ڕابگیرێن و لە لایەن خەڵکەوە دادگایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکرێن و، پێیان بوترێت ئێوە تیرۆریست و سەرکوتگەرن.

ڕەنگدانەوەی تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) توانی لە مێژووی ژیانی خەبات و نارەزایەتی خەڵک لە دەرەوەی کورستان، لە (ئەوروپا، کەنەدا، ئوستورالیا) هەنگاوێکی گەورە بهاوێژێت، ئەگەر سەردەمانێک دەسەڵاتدارانی کوردستان خەڵکی دەرەوەی کوردستانیان وەک خەڵکانێکی نەفی کراو سەیر دەکرد. ئەگەر دەسەڵاتدارانی کورستان پێیانوابوو کە ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە ناتوانن کاریگەریان لەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان هەبێت، ئەوا تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) بەشێک لەو بەستەڵەکەی ئەقڵی دەسەڵاتدارنی تواندەوە. هەموو بینیمان کە بەشێکی زۆر لە پایتەخت و شارە گەورەکانی جیهان بوونە مەیدانی ناڕازایەتی و شانۆی مەحکوم کردنی تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان)، سەدان وێنەی (سەردەشت عوسمان) بوونە پلاکێت و لافیتەی دەستی

خەڵکی لەبەردەم سەفارەت و نوێنەرایەتی حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان، سەردان و پەیوەندی لەگەڵ دەیان پەرلەمانتار لە پەرلەمانی وڵاتان و حیزب و ڕێکخراوە جیهانیەکان بەڕێوەچوو، بەهەر کەموکوڕیەکەوە کۆبونەوەی ڕەوەندی کوردی لە دەوری ئاسۆیەک کە ئامانجەکەی فراوانکردنەوەی مەوداکانی ئازادی و مەحکوم کردنی تیرۆر بوو، بوویە تایبەتمەندی قۆناغێک لە هەڵسوڕان لە دەرەوە، مەرگی (سەردەشت عوسمان) بورکانی ڕق و بێزاری خەڵکی تەقاندەوە و دەرەوەی کوردستان و ناوەوەی کوردستانی کردەوە بە یەک سەنگەر لە دژی تیرۆر و سەرکوتکردن، تیرۆکردنی (سەردەشت عوسمان) ڕایەڵەی چالاکی دەرەوەی کوردستانی کردە جەمسەرێکی بەهێز و دانەبڕاو لەگەڵ ناوەوەی کوردستاندا.

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بە سەر تیرۆرکردنی خوێندکار و ڕۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان) ئەم دۆسیەیە بە کراوەی ماوەتەوە لە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکی کوردستاندا، شکاندنەوەی ئەم دۆسیەیە بە قازانجی ئازادی و خەڵک، لەگرەوی هاتنە مەیدانی خەڵکی کوردستاندا بۆ بەدەست هێنانی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی.

**لەیادی دووساڵەی تیرۆرکردنیدا سەردەشت عوسمان مرۆڤێکی بێناسنامە**

حەسەن حسێن:

یەکێک لە ناسنامەکانی مرۆڤ ناسنامەی هاوڵاتیبوونە کە بەهۆیەوە لەو کۆمەڵگایانەی پێیان دەووترێت دیموکراسی، کەرامەتی مرۆڤ پارێزراوەو خاوەنی هەندێک لە ماف و ئازادییەکانییەتی، بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی لەژێر دەسەڵاتێکی زۆرداریدان، لە جیاتی ئەم ناسنامەیە،

مرۆڤ گیرۆدەی ناسنامە گشتگیرەکانە، وەک ناسنامەی ئاینیی و نەتەوەیی کە ئەم ناسنامانە هێندەی ئەرک و پابەندێتی دەسەپێنێت بەسەرمرۆڤدا نیو هێندە نایکاتە خاوەنی ماف و بگرە مرۆڤ ناچار دەکەن، لەپێناو مانەوەی بەزیندوێتی، دەستبەرداری مافەکانی بێت و قوربانییان پێبدات، چونکە لە دەسەڵاتی زۆرداریدا مرۆڤ تەنها بونەوەرێکی داوالێکراوە نەک داواکار.

لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەگەر بەدیوێکدا کوشتنی سەردەشت پەیوەندی بە ئازادی دەربڕینەوە هەبێت ئەوا بەدیوەکەی تریدا پەیوەندی بە پرسی مافەکانەوە هەیە وەک مافی هاوڵاتیبوون.

چونکە سەردەشت لە وتارەکەی (من عاشقی کچەکەی بارزانیم) ڕەخنەی لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات گرتووە، لەلایەن فەرمانڕەواکانی کوردستانەوە کە پۆست و پلەو ئیمتیازاتە مادی و مەعنەوییەکانیان لەسەر بنەماڵەو کەسە نزیکەکانیان قۆرخ کردووە، تیرۆرکردنیشی لەسەر ئەم ڕەخنەیە دەچێتە خانەی پێشێلکردنی ئازادی دەربڕینەوە.

بەڵام بەدیوێکی تریشدا سەردەشت ویستی بپرسێت ئایا هاوڵاتییەکی سادە یا (بە دەربڕینی د.هۆرجۆن) هاوڵاتییەکی پلە نزم دەتوانێت و مافی هەیە خۆشەویستی و هاوسەرگیریی لەگەڵ کچی کاربەدەستێکی باڵای وڵات یا خانەدانێکدا بکات؟ وەڵامەکەشی دیارە کە کوژرانی خۆی بوو. چونکە لە کەلتووری دەرەبەگی و خێڵەکیدا سنوری پەیوەندییەکانی مسکێن لەگەڵ دەرەبەگ و شێخەکان دیاریکراوەو بەزاندنی ئەم تخوبە لەلایەن مسکێنەکانەوە دەشێت بەکارەسات و تراژیدیا بۆ ئەنجامدەرانی کۆتایی بێت.

سەردەشت ویستی بە وروژاندنی مشتومڕێکی سوکراتییانە ئاستی ئازادی دەربڕین و دۆخی مافە بنەڕەتییەکانی تاک لەکوردستاندا نیشان بدات کە لە چ ئاستێکدایە، بەڵام لەجیاتی دیالۆگ و مشتومڕی عەقڵانی تیرۆرکرا. ئەمەش ئەوەی سەلماند کە دەستەی فەرمانڕەوا لە کوردستاندا نەک هەر رازی نین تاکەکان لەناسنامەی هاوڵاتی پلە نزم زیاتریان هەبێت، بەڵکو هەر کەسێکیش رەخنە یا ناڕەزایی هەبێت و دژبەم دابەشکاری و پلەبەندییە بوەستێتەوە ئەوا ناسنامەی هاوڵاتی پلە نزمیشی لێ دەسێننەوەو دەیکەنە تیرۆریست، ئاژاوەگێڕو تێکدەری سەقامگیریی و ئاسایشی کۆمەڵگە. واتە لە کوردستاندا ئەوە پۆلێنبەندی کۆمەڵناسی و سیستمی سیاسی(دەستور، یاساکان و ... هتد) نییە کە ناسنامەی تاکەکان و پرەنسیپەکانی هاوڵاتیبوون دیاری دەکەن، بەڵکو ئەوە ویستی دەسەڵاتە کە ئەو ناسنامەیە دیاری دەکات. خەڵکی کوردستانیش بەتەواوی لەو پۆلێنکارییە بەئاگان و ئەم پلە دوویی و پلە نزمییە بەئەندازەیەک لە نەستیاندا رەگی داکوتاوە کە لەخۆڕا نییە لە کاردانەوەیاندا بەرامبەر بە کوشتنی سەردەشت، زۆربەیان بەشێوەیەکی نائاگا دەڵێن ئێمە هەموومان سەردەشت عوسمانین، بەمانای ئێمە هەمووومان مرۆڤە بێناسنامەکانین.

دەیان ساڵە لەم کۆمەڵگەیەدا، مرۆڤەکان بەهۆی بێبەش بوونیان لە مافی هاوڵاتیبوونەوە لە بۆشاییەکی ناسنامەییدا دەژین. ئەگەر حکومەتەکانی ناوەند لە عێراقدا بەپەیڕەوکردنی سیاسەتی نەتەوەپەرستیی عەرەبی تاکی کوردیان بێبەش کردبێت لە مافەکانی هاوڵاتیبوون، ئەوا فەرمانڕەوای کورد سەرەڕای بانگەشەو قسەی بریقەدار لەبارەی دیموکراسی و چەمکی هاوڵاتیبوونەوە، بەڵام بە قۆرخکردنی سەرچاوەکانی دەسەڵات، واتە سامان و هێز، ئامادە نەبووەو نییە چەمکی هاوڵاتیبوون بۆ ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە بسەلمێنێت و کۆمەڵگەی دابەش کردووە بۆ سوپەرمرۆڤ(هاوڵاتی)و هاوڵاتی پلە نزم.

ئەگەر ئێستا سەردەشت زیندوو بێتەوە(هەرچەندە ئەمە ئەگەرێکی میتافیزکیشە)و ئەم مشتومڕانە ببینێت کە بارزانی سەبارەت بەدروست بوونی دەوڵەتی کوردی وروژاندوویەتی، ئەوا بێگومانم کە سەرەڕای ئەوەی وەک هەر کوردێک خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نەمانی ستەمی میللی بوو، بەڵام هێشتاش ئەو لایەنگری ئەو پرۆژەیە نابێت و بەهیچ شێوەیەک دڵخۆش نابێت پێی، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوە نا کە ئەو پرۆژەیە هەر بۆ فشارێکی سیاسییەو هیچی تر، تەنها لەبەرئەوەش نا کە ئەو لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانیدا تیرۆرکرا. بەڵکو پرسیاری سەرەکی سەردەشت ئەوە دەبێت کەچەمکەکانی ئازادی بیروڕا،

عەدالەت لە کوێی پرۆژەکەی بارزانیدا دەبن؟ .. مافەکانی ئەو مرۆڤانەی پێیان دەگوترێت هاولاتییان(چونکە پێشتر ئاماژەم بەوەدا کە هاوڵاتیبوون بەمانای ماف لەکوردستاندا بوونی نییە) لەدەوڵەتە پێشنیارکراوەکەی بارزانیدا چی دەبێت؟ .. داخۆ سەردەشتە زیندووەکان هەر هەمان هاوڵاتی پلە دوو و پلە نزم نابن؟ ..

**لەیادی سەردەشت عوسماندا بیرکردنەوەو دەربڕینی تاکەکان ژەهرە بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان**

لاوژە جەواد:

ئەزمونی کۆمەڵگای بەشەری ئەوەی سەلماندوە کە بەهەر ڕادەیەک تاکەکان ئازادترین لە بیرکردنەوە و دەربڕین وە داهێنان، توانیویانە خاوەنی کۆمەڵگایەکی هۆشیار، پێشکەوتو و بەختەوەرتر بن. وە ئەو ڕاستی یە زۆر دەمێکە سەلمێندراوە کە کلیلی ئاسودەیی و بەختەوەری و ژیانی شایستە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگاوە.

ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر بە ڕونی دەبینین کە جیاوازیەکی زۆر هەیە. لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا بنەمای بەڕیوەبردنی کۆمەڵگا لەسەر پایەی هۆشیاری و ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگا دامەزراوەو وە بە قەولی خۆیان تاکە زامنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەختەوەریان پەیوەندە بە گەشەپێدان و هۆشیاری کۆمەڵایەتیانەوە هەیە. لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا تاکەکان بەڕادەیەک ئازادییان پارێزراوە کە هیچ چوار چێوەو بەربەستێک نی یە بۆ بەرتەسک کردنەوەی شێوەی بیرکردنەوەو دەربڕین. ئینسانەکان ئازادن لەوەی چۆن هەڵوێست و بۆچونی خۆیان دەرببڕن سەبارەت بە هەر بابەتێک هەر لە خودای ئاسمانەوە بیگرە تا دەگاتە پاشا، حکومەت تا دەگاتە بچوکترین دیاریدەی کۆمەڵگا.

بەڵام لە ڕۆژهالاتی ناوەڕاستدا، تاکەکان هەر لەیەکەم ڕۆژی لەدایکبونیانەوە چوارچێوەیان بۆ دەتاشرێت و بە دەرزیەک تلقیح دەکرێن و وە لە سیستەمی پەروەردە و خێزان بەجۆرێک ڕایان دەهێنن کە لەو چوارچێوە تەسکەدا بمێننەوەو بیریان ئازاد نەبێت. پرۆگرامێکی تایبەت لەسەر مێشکی تاکەکان دادەبەزێنن کە وەک ڕۆبۆت بێجگە لە پرۆگرامە کەی حافظەی خۆی هیچی تر ناناسێت و هەمو شتێکی تر بە کۆفر و هەڵە دەزانێت. ئەوەش تەنها یەک هۆکاری هەیە ، هێشتنەوەی کۆمەڵگا لە جەهالەت بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتدارێتی خۆیان و دەستپێوەگرتنی خۆرافاتی مەزهەبی.

هەمیشە دیکتاتۆرەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە کۆمەڵگا لە بەرژەوەندی خۆیان قورمیش بکەن. ئەگەر ئەمەیان بۆ نەچێتە سەر ئەوا هەوڵی سەرکوتکردنی دەدەن.

لە نیزامە دیکتاتۆرەکاندا

بۆ نیزامە دیکتاتۆرەکان باشترین و بێ ئاژاوەترین شێوازی کۆمەڵگا ئەوەیە، کە هەموو تاکەکان بێ شعور و نارۆشەنبیربن، هەرچی سەرۆک فەرموی کرنۆشی بۆبەرن و بە تاکە ڕێگای هەتاهەتایەی بزانن، وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ ئیسلام و کەلتووری ئیسلامی بوەتە کلێشەی ژیانی بەشەر، کەس بۆی نیە بیر لە ڕاست هەڵە بوونی بکاتەوە تا بگات بەوەی ڕەخنەی لێبگرێت،دەبێت هەر ئەوە بکەیت کە مەلا فەرمویەتی، ئەرکی بەشەرەکان ئەوەیە کە دەبێت جێبەجێ کەر و عیبادەت کەری باشبن.

سەرۆک یان با بڵێن دیکتاتۆر، هەرچی باش یان خراپ بە مێشکی دا هات، دەبێت بە ئاوی زێڕ بنوسرێت و هەموو کۆمەڵگا ملکەچی بێت.

خراپ ترین شێوازی کۆمەڵگا بۆ دیکتاتۆر ئەوەیە کە کۆمەڵگا هۆشیار و رۆشەنبیر بێت، هۆشیاری و رۆشەنبیری ژەهر بەرهەم دێنێت بۆ لاواز کردن و ئیفلیج کردنی دیکتاتۆر.

رۆشەنبیران لە کۆمەڵگا دیکتاتۆرەکاندا

لە کۆمەڵگا دیکتاتۆرەکاندا، رۆشەنبیران دوو ڕێگاچارەیان هەیە، یەکەم ئەوانەی کە هۆشیارانە و بە پێی پلان ویژدان و هەستی مرۆڤانەی خۆیان لەگۆڕ دەنێن و دەبن بە مشەخۆر و داردەستی، دەستی دیکتاتۆر و کرمی گەندەڵی کۆمەڵگاو بەردەوام سەرقاڵی چەواشەکاری و شاردنەوەی ڕاستیەکان دەبن و خۆڵ دەکەنە چاوی کۆمەڵگاوە.

دووەم ئەوانەی کە رۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان دەبینن و لە هەمو هەلومەرجێکدا پەردە لە سەر ڕاستیەکان هەڵدەمالن و بەهۆشیاری و بیری تیژیان ئەودیوی دیوارەکانی ستەم و چەوسانەوە دەبینن و بێ باکانە هەوڵی بنیاد نانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و باشتر دەدەن.

بێگومان سەردەشت عسمان، ڕێگای دووەمی لە پێشگرت، ئاخرین دڵۆپی خوێنی خۆی کردە پێنوسەکەیەوە بۆ گەیاندنی ڕاستیەکان.

بەڕای من سەردەشت بە شێوەیەکی جیاوازو داهێنەرانە هات وەزعیەتی کوردستانی پێناسە کرد و دەربیڕی. بەشێوەیەکی تایبەت بە خۆی مەسەلەی گەندەڵی، جیاوازی چینایەتی و نەبونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرجەستە کردەوە. ڕەخنەکانی سەردەشت هەمان ڕەخنەو نارەزایەتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە کە رۆژانە بە شێوەی جۆراو جۆر دەر دەبڕدرێت. تاوانەکەی سەردەشت تەنها ئەوە بو کە ڕاستەوخۆ ئیشارەتی بە بنەماڵەی بەرزانی و کچەکەی کردبوو کە ئەمانە لە کوردستان خەتی سورن.

پارتی بە زەبری فیشەک وەڵامی ڕۆژنامە نوسێکی دایەوە. ئەو وەڵامەی پارتی بە سەردەشت بەڕای من زەنگێکی خەتەر بوو. هەرەشە بوو بۆ سەر هەمو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ئازادی ڕادەربڕین.

دەسەڵاتدارانی کوردستان سینالێکیان دا بە خەڵکی ناڕازی کوردستان بۆ چاو ترساندن و سەرکوتیان.

تیرۆری سەردەشت دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو،هەم لە ئاستی ناوخۆی کوردستانەوە و هەم لە دەرەوەی کوردستانیش، بوە مەجالێک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵکی ناڕازی کوردستان و کاردانەوەی گەورەی لێکەوتەوە.

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ کپ کردنەوەی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان پێک هێنا، بەڵام ئەم لیژنەیە زۆر گاڵتە جاڕانە و کارتۆنی بوو، هەر لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا سازی ڕسوایی و تەپڵی مەرگی خۆی لێدا، لەجیاتی لێکۆڵینەوە لە ڕاستیەکان و دادگایی کردنی تاوانبارەکان، کەوتنە دروستکردنی بوختانی بێ ئەساس، بەڵام خۆشبەختانە خەڵکی کوردستان لەوە هۆشیارترن کە بەکەونە داوی ئەوجۆرە سیناریۆیانەی دەسەڵاتەوە. بەو سەناریۆیە هەرچی زیاتر داماوی و سەرکزۆڵەکی خۆیان ڕاگەیاند.

ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوامەو کەیسی سەردەشتیش بە کراوەیی ماوەتەوە. ئەو کەیسە بۆ پارێزەرانی ئازادی ڕادەربڕین لە کوردستان هەرگیز داناخرێت و ساڵانە یادی دەکەنەوە.

سەردەشت عسمان بوەتە ڕەمزی خەبات بۆ ئازادی ڕادەربڕین، یادکردنیشی وبۆتە دەرفەتێک بۆ یەکخستن و دەربڕینی ناڕەزایەتی.

یادی دوهەمین ساڵرۆژی تیرۆری سەردەشت عسمان لەمساڵدا تایبەتمەندی خۆی هەبوو. بینیمان بەشێوەیەکی بەرچاو لەلایەن، لایەنگرانی ئازادی ڕادەربڕین، بەشێوەی جۆراو جۆر یادی کرایەوە. لەهەموو میدیاو ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە وێنەو نوسراوەکانی سەردەشت عسمان دەبیندرا. ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی ئازادی لە ناوەو دەرەوەی وڵات نوسینیان دەربارەی مەحکومکردنی تیرۆری سەردەشت عسمان بڵاو دەکردەوەو جەختیان لەسەر ئازادی ڕادەربڕین دەکردەوە. لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان کەسوکاری گیانبەختکردو، ڕۆژنامەنوسان خوێندکارانی ڕێکخراوو حیزبە ئازادیخوازەکان بەبێ گوێدان بەدەسەڵات یادی ئەو ڕۆژەیان کردەوەو. ئازادیخوازانی دەرەوەی وڵات بەهەمان شێوە ئەو یادەیان بەرز ڕاگرتوو جێگەو ڕێگەیەکی تایبەتیان پێداو جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە بێدەنگ نابین. ئەو ڕۆژە ئەوەندە بەرز نرخێندرا کە مەراسیمی شاری گۆتۆبۆرگی سوئید ڕاستەوخۆ لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە پەخش دەکرایەوەو سەدەها کەس تعقیبیان دەکرد.

بەرزو بەرێز ڕاگرتن و یادکردنەوەی ئەو ئینسانە شۆڕشگێڕە، لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا، ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی ئازادیخواز چی تر بێدەنگ نابن بەرامبەر بە بەرتەسککردنەوەی ئازادی و تیرۆر کردنی ڕۆژنامە نوسان، ئەوەی دەگەیاند کە خەڵکی ئازادیخواز باوەڕیان بەو لیژنە لێکۆڵینەوە کارتۆنی یە نەکردوە، بەو توهمەتەی کە بۆ سەردەشت یان دروستکرد، وەک ئەوەوایە جارێکی دی ترۆریان کردەوە، بەم کارە تەنها ڕەق و توڕەیی خەڵکیان زیاتر کرد.

تاوانباران بۆ خەڵک ئاشکران و داوای سزادانیان دەکەن. دەسەڵاتدارانی هەولێر بە تاوانبارانی ڕەسمی دەناسن و داوای دەستلەکارکێشانەوەی لایەنی بەرپرس دەکەن.

هەر شکۆداربێت یادی سەردەشتەکان!

**من ئاشقی کچەکەی بارزانیم .. دەرسێک سەبارەت بە ئازادی**

مستەفای حەسەنەگەورە:

ئەمە ئەو دێڕەبوو ، ئەو کورتە نامەیەبوو ، ئەو خەیاڵ و روئیایە بوو بۆ پێوانەکردنی ئازادی لەسایەی حوکمداری بارزانیدا .. شەهید سەردەشت بەتاکە نامەیەک و فیداکاری گیانی خۆی ، بە ڕستەیەک و ئاڕاستەیەکی زۆر سادە ، حەقیقەتێکی نیشاندایـن ،

سیحرێکی بەتاڵکردەوە لە نوشتەی ئازادی و ئەفسانەی ماف و تەلیسمی درۆینەی یەکسانی کوردێک بە کوردێکی تر .. بە تەنیا دێڕێک دەماری کۆنەپەرستی و خێڵەکیانەی هەموو مێژووی بنەماڵەی بۆ سەلماندین .. گرنگ ئەوە نەبوو سەردەشت ئاشق بوبێت بە خانم بارزانی ، ئەوەی لەو پەیامە کورتەوە دەری بڕی نیشاندانی هەموو ئەو پیرۆزیانە بوو کە بنەماڵە بەسەر ئێمەدا فەرزیان کردووە ، پیرۆزی ئاخی بارزان ، پیرۆزی شێخی بارزان ، پیرۆزی تەریقەتی بارزان ، پیرۆزی فەشەلەکانی خەباتی بارزان ، پیرۆزی ٣١ی ئاب ، پیرۆزی هەزارپیاوەکە و بەکەعبە کردنی سەری ڕەش .. سەردەشت تەنیا شەهید و قارەمانێک نیە ڕاستەوخۆ لەناو جەرگەی ئەو پیرۆزیانەی بە زرێڤانی و پاراستن و ماکینەی پروپاگەندەکردن دەرخواردی ژیانی خەڵکی ئەدەن ، ئەو لە چەقی ئەو هەمووبتە جۆراوجۆرەی وێناکانی پیرۆزی بارزانیدا ، ئیبراهیم ئاسا کەوتە شکاندنی بتەکان ، دەیزانی مەنجەنیقێک لە تۆڵە چاوەڕوانی دەکات ، بەڵام ئاشق بوون کەی ئاگای ترس و سڵەمینەوە دەزانێت ، سەردەشت ئاشق نەبوو بە خانمەکەی کچی بارزانی بەڵکە ئاشق بوو بە ئازادی ، بە ژیانێک بێ بت و پیرۆزی درۆینە . ئازادی بەرلەوەی دیاردەیەک بێت ، غەریزەیەکی ئینسانیە ، غەریزەی ئازادی سەردەشت لەترۆپکی نەشوە و پێگەیشتندابوو ، کەم کەس هەیە

بتوانێت ژیان بگۆڕێتەوە بە ئازادی ، مەگەر ئەم فیداکاریە لە توانای عاریف و سۆفیەکدابێت مەنسوری حەلاج ئاسا لەپێناو حەقدا ، خۆی بکاتە پاروی حەقیقەتە درۆزنەکان .. ئەو ئازادیەی لە کوردستانە زەردەکەی بارزانیەوە باسی دەکرا ، حەقیقەتە درۆینەکەیە کە سەردەشت لەواتا و ماناکانی گەیشتبوو چ هەڵخەڵەتاندنێکە ، چ زیف و گاڵتەجاریەکە .. مەشقێکی ترسناک بوو بە هەموو رۆشنبیر و فەلسەفەیەک نەدەکرا ، چونکە بەرلەوەی هەر شتێک بڵێت دەبێت حساب بۆ مانەوە و پاراستنی گیانی خۆت بکەیت ، بەڵام مەشقەکەی سەردەشت ئەوەبوو ، کە بیسەلمێنێت ، ئەوەی ئێمە پێمان وایە ئازادیە و لە کوردستان مومارەسەی دەکەین ئەو فەزای ئازادی نیە ، بەڵکە فەزایەکە پڕیەتی لە بت و پیرۆزیەکانی .. پیرۆزی لەبری ئازادی دەرخواردی ئینسانی کوردی ئەدرێت ، دەنا لە کەمترین ئاستیدا ئازادی ئەوەیە توانا و بواری قسەکردنم هەبێت ، ئەگەر سەیرکردن و تێرامان لەبتەکان و پیرۆزیەکان ئازادی بن ، ئەوە شکاندنی زمانە و کەڕولاڵ کردنی ئێمەیە . بەم مەشقەوە سەردەشت لەبەردەم جەلادەکانیدا بەدەست و چاوی بەستراوەوە لەبەردەم دوو ئیختیاردا دەمێنێتەوە ، یان ئەوەیە وەک هەندێک لەو نوسەرە سێرکیانەی ئەکرۆپاتانە بازبازێن دەکەن پەشیمان ببێتەوە و بچێتە ژێر سێبەری خێوەکانی پیرۆزیە درۆینەکان و لەسەر گۆڕەکەی بارزانی بەفاتیحایەک بڵێت من هەڵەبووم ، یان ئەوەیە مەنسوری حەلاج ئاسا بڵێت ئەگەر بشمکوژن ، شەهادەتەکەم لە پێناو عیشقێکدایە ئازادیە ، لە پێناو ژیانێکدایە بێ لە بت و بێ لە تەسلیمبوون بە گەوجاندن .

سەردەشت تەنیا شەهیدێک نیە ، ڕوداوێک نیە ، رۆژنامەنوسێکی قوربانی قەڵەمەکەی نیە ، ئەو وانەیەکە ، ئەگەر ئەمڕۆ باسکردنی لەناو چاوگوێ ی بتەکاندا حەرامە ، ئەوا سبەی نمونەیەکە نەوەکانمان لە فێرگەکان بەدەم دەرسی ئازادیەوە باسی دەکەنەوە و جەلادەکانیشی وەک هوبەلەکان بەر نەفرەتی مێژوودەکەون .

رۆحت شاد هاوڕێم ، ئەی سۆفیە عاشقەکەی ئازادی و کچەکەی بارزانی .

**شەوێک لەگەڵ سەردەشت**

بەهزاد شێخ موحسین:

بۆ من وایە، ئەوا ساڵێ بەسەر چاولێکنانی سەردەشت تێدەپەڕێ، ئەو مێردمنداڵە بێئەوەی پێشتر بینیبێتم، هەمیشە لەبەرچاومە. هەندێ جار تیژتێپەڕە و سڵاوێک دەکا و دەڵێ با کاتت لێنەگرم، جارێ ماڵئاوا! دواتر دێمەوە، کەسانێک هەن دەبێ سەردانیان بکەم و پەیامەکەمیان پێبگەیەنم.

هەندێ جاریش بە تایبەتی شەوان کە دەزانێ کاتم هەیە، زۆر دەمێنێتەوە. من بەدەست خۆم نیە بە سۆزەوە، بە سۆزی مەزلۆمترین گەنجی ئەم شارە لێی دەڕوانم، بە چاوێکی پڕ لە سکسوتانەوە سەیری دەکەم، ئەویش بێئاگا لە غەریبی خۆی و لە سۆزی من، سەیری هەواڵی تیڤیەکان دەکا و لەگەڵیاندا جارجارە سەربادەدا. من دەمەوێ دوای هەواڵەکان هەندێ پرسیاری لێبکەم و ئەو دەڵێ ئەم بەرنامەیە باسی خۆپیشاندەران دەکا، با سەیری بکەین. من چاوەڕآ دەکەم دوای بەرنامەکە پرسیارەکانمی لێبکەم، کەچی ئەو چارەگێک پێش تەواوبوونی بەرنامەکە دەڵێ تیڤیەکە بۆ کەناڵە محەللییەکان بگۆڕە. ئەمشەو بەرشە یاریی هەیە. زۆر بەتاسەوە سەیری یارییەکە دەکا. هەرکە میسی چەند یاریزانآ تێدەپەڕێنێ و گۆڵێک تۆمار دەکا، لەسەر بالیفەکەی هەڵدەبەزێتەوە ء دەڵێ: دەمزانی، "هەرکە لەسەنتەرەوە هات، دەمزانی گۆڵ دەکا". هێندە سەرسام ء دڵخۆشە بەم یارییە و جوڵەکانی میسی، مەگەر هەر تیرۆریستە عەلمانیەکان هێندە بەتیرۆرکردنی قەڵەم بەدەستێکی ئازادیخواز دڵخۆش بن.

یارییەکە تەواو دەبێ ء من پێی دەڵێم نەمدی نوێژی عیشا بکەی. هەرچەندە من نوێژ ناکەم، بەڵام بەرماڵمان هەیە. هەڵدەستێتە سەرپێ ء دەڵێ: دەبێ من بڕۆم، لەگەڵ یار ژوانم هەیە. من دەڵێم: جوند ء ئەنسارە تیرۆریستەکان نوێژ بە ژوان نادەن. ئەو بزەیەکی تاڵ، هێندە تاڵ دەیگرێ، ڕێک لەو لەحزەیە من لەجێی خۆم، خۆم ء شار ء پەرلەمان ء حکومەت ء سەرۆکایەتیی هەرێمەکەم هێندە شەرمەزار دەبین، لە شەرمان ڕەنگمان زەردتر دەبێ، لە زەردیی کفنی جەستەی گەنجێکی ئەم شارە، کە لە ژێر خاکدایە. بەڵام بۆ لەحزەکانی دواتر بە جۆرەها ماسک ء میکیاژ ڕەنگە زەردەکان سپی دەکرێنەوە.

بۆ من وایە، بەم نیوەشەوە سەردەشت دەڕوا ء بۆ من شنەیەک ء لەگەڵ خۆشیدا گەردەلول ء زریانێک بەرپا دەکا ء بە هەزاران گەنج لەگەڵ خۆیدا سواری مەوجەکە دەکا. ڕوەو ئاسمان بەرزبەرز دەبنەوە. من لە پەنجەرەوە سەیری ئاسمان دەکەم، پۆلە گەنجەکە سەردەشت بە ئەستێران دەسپێرن ء خۆیان دەگەڕێنەوە شار ء لە ترسی شەشەمەکوێرەکان لە تاریکیی شەودا خۆیان لە پەنای فەیسبووک ء چات ء کۆلێژ ء چایخانەکاندا دەشارنەوە. من وام دیت، سەردەشت بەئاسمانەوە بووە ئەستێرەیەکی گەش ء هەردوو حەفتەوانەی گەورە ء بچووک خۆیان لێکهەڵوەشاندەوە ء بە دەوریدا خەرمانەیان بەست. دوای هەندێ جوڵەی هارمۆنی ئەستێرەکان شێوەی گەنجێکی مەشخەڵ بەدەستیان وێنا کرد. مەشخەڵێک هێندە ڕووناک ء گەش جگە لە مەشخەڵی ئازادی، لە هیچ مەشخەڵێکی دیکە نەدەچوو. خەریک بوو پەنجەرەکە داخەم ء بچم بخەوم، وێنەی گەنجە مەشخەڵ بەدەستەکە بە هەمان هارمۆنیا هەڵوەشایەوە ء مەشخەڵەکە کە گەشترین ئەستێرەیان بوو، ڕژا ء سەرەتا بەسەر شاردا ء دواتر بەسەر گەڕەکێکدا ء دواجار بەسەر ماڵێکی دیاریکراودا پژا.

پێنەدەچوو لەمێژبووبێ خەوتبم، سەردەشت لە پەنجەرەی خەونەوە هاتەوە، گوتم ژوانەکە چەندە کورت بوو! گوتی نا، دیاربوو یار دوای چاوەڕوانیەکی زۆر خەو بردبوویەوە ء منیش دڵمنەهات بەئاگای بێنم. گوتم بۆ من وایە هەمیشە کە بیر لە تۆ دەکەمەوە، نازانم لە کوێرا

دەستپێبکەم. نازانم پرسیار لە کتێبخانە بێنەواکەت یان لە قەڵەمە سەرمابردوەکەت بکەم. پرسیار لە دڵۆپە فرمێسکە گەورەکانی یار یان لە هەنسکە ساردەکانی دایکت. دەمەوێ بپرسم کاتێک گوللەیەک لە دەمتەوە ڕەوانە دەکرێ و لە پشتی سەرتەوە دێتەدەرێ، حەرفی ڕۆمانەکانی کازانتزاکیس یان پامۆک یان بەختیار عەلی، کامە ڕۆمانەی هەلاهەلا کرد. تۆ پێم بڵێ تۆیەک کە لە نێو تەبارەی گەنم گەورە بووی، گوللە چۆن جورئەتی کرد بتبڕێ! دەمەوێ بڵێم کاتێک کەسانێک بۆ دڵدانەوە دەچنە لای باوکت و ئەویش وەک شەرمێکی پیاوانە زۆر لە خۆی دەکا بۆ تۆ نەگری و کەچی خۆی پێناگیرێ و فرمێسکەکانی دێنە خوارێ، گەر تۆ لەوێ بی، هەستت چی دەبێ؟ ئەم گۆڕستانە لەم دەشتە چۆڵە بەم تاریکی و بەم ساردییە ناتترسێنآ؟ پێم بڵێ تۆ زۆر تەنها نی...؟ من سەر بەرز دەکەمەوە و چاوەکانی ئەو پڕ دەبن لە ئاو، ئەو نایەوێ چاوەکانی دابخا، نەوەک دڵۆپە قەتیسماوەکان بڕژێنە سەر ڕومەتەکانی.

دوای کەمێک بێدەنگی گوتی منیش پرسیارێکم هەیە. ئێوە من چۆن دەبینن؟ گوتم: من نازانم خەڵک چی دەڵێن، بەڵام من تۆم دیت "هەرکە لە سەنتەرەوە هاتی، ئەم یارینەزانە پیرانەت تێپەڕاند و جوانترین گۆڵت تۆمار کرد". گۆڵێک کە دڵنیام دەبێتە جوانترین گۆڵی ئەم سەدەیەی وڵاتەکەم. بەڵێ، جوانترین گۆڵی سەردەشت. سەردەشت!ئەی بچوکتر لە هەموان، ئەی براگەورەی هەموان.

## سەردەشت عوسمان و مەرگێکی سوقراتیانە

**هاوژین غەریب**

چەند بەداخم هاوڕێم سەردەشت ئەوە دوو ساڵ تێپەڕی بەسەر مەرگی پیرۆزی تۆدا بەڵام ئەمانەی وڵاتی من، ئەوانەی کە هیچ بە کۆچی تۆ بێزار نەبوون، بەڵکو خۆشحاڵ بوون هیچیان نەکرد، ئەوان وتیان ئەوەی رای خۆی بە قوڵی و فراوانی دەربڕێت بێگومان ئەنجامی سەردەشت ئەنجامی ئەوانیش دەبێت ئەوان بە تیرۆری جەستەی تۆ نەیانتوانی رۆحت بکوژن، من لەوە تێگەیشتم خەڵکی تا زەمەنێک چالاکی دەکات هەندێک هەن لەگەڵ موچەکەیان کەمبویەوە یەکسەر دەکەونە قسە کردن و پاش زیادکردنەوەی موچەکەی دەمی دادەخات، هەندێکیتر هەن دەتوانێت بۆ زەمەنێک روبەڕوی هەموو هێزە گەندەڵ و خیانەتکارەکان ببێتەوە، هەندێک هەن دەتوانن تا قۆناغێکی وڵات کار بکەن و رووبەڕوی نایەکسانی و کۆنەپارێزی ببنەوە. بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی مرۆڤایەتی تا ئێستاش هێشتونیەتەوە و هەرگیز نامرن هاوڕێم ... سەردەشتی ئازیز تۆ دەزانیت سوقرات کە ئەسینایيەکان ژەهریان دەرخوادا بەڵام تا ئێستاش نەمردووە و هەر ماوەتەوە، زۆر کەمن ئەوانەی مرۆڤایەتی بەم شێوەیە هێشتونیەتەوە. هاورێم تۆ زۆر لەوانە زاترت کرد کە چالاکی ئەنجام دەدەن بۆ ئازادی تۆ مەرگەکەشت چالاکی بوو ئەوەتا ئێستاش چالاکی دەکەیت.

سەردەشت تۆ لە هەندێک رووەوە کامەرانیت کە ئەم چارەنوسەیان پێدایت چونکە ئەوان دەمرن و مێژوو پێیان دەڵێت ئەوانە خراپەکارەکانی رابردوو بوون ئەوانە ئەوانەبوون کە رۆڵەی ئەم گەلەیان تیرۆر دەکرد، ئەوانە ئەو کەسانەبوون کە هیچ بەخەم منداڵی خەڵکەوە نەبوون، هەر کەسێک قسەی بکردایە بە ئەنجامی سۆران و سەردەشت دەرۆشت، پێیان دەڵێت ئەوانە ئەو کەسانەن کە دەستیان بەخوێنی مرۆڤەکان سورە، بەڵام ئەی نوسەرانی مێژوو چی بەرامبەر مەرگی تۆ دەڵێن بێگومان ناتوانن بەرامبەر مەرگی تۆ وابڵێن بەڵکو دەڵێن گەنجێک لە دوای تەواوکردنی زانکۆ بەهیوابوو هاوسەرگیری بکات بەڵام بەهۆی ئەوەی گەنجێکی لێهاتوو گەنجێکی هێژابوو نەیدەتوانی چاو لە تابۆکان بپۆشێت قسەی لەسەر تابۆکانیش کرد، ئەو دەستی بۆ شتە قەدەغەکان برد لەسەر ئەوەی دەستی بۆ ئەو شتە قەدەغانە برد تیرۆر کرا.

هاوڕێم سەردەشتی هێژا... تۆ مەرگێکی سوقراتیانەت پێبەخشرا ئەوان هاتن ئەو چەکەی بەکارت هێنا کە لێوەکانت بوو هەر لەوێدا بە چەکەکانی خۆیان جەستەتیان تیرۆر کرد. سەردەشتی ئازیز ئەوان وایانزانی ئیتر بە کوشتنی تۆ دەنگێک نامێنێت بەرگری لە ئازادی بکات بەڵام لەدوای تۆ وەک خۆت پێشنیارت کردبوو کە خاڵەکەت دانا ئیتر هاورێکانت لەوێوە دەستیان پێکرد، ئەوان وەسێتەکەی تۆیان جێبەجێ کرد ئەوان نەیانهێشت دەنگی تۆ کپ بکرێت بەڵکو ئێستا بوویتە سوقرات ئەوانەی کە ژەهریاندا بەسوقرات دواتر زانیان چی هەڵەیەکیان کردووە بۆیە پەشیمان بوون لە کارەکەیان ئەوانەشی کە جەستەی تۆیان تیرۆر کرد دواتر زانیان چی هەڵەیەکیان کردووە ئەنجام زەرەرمەندی گەورە هەر ئەوان بوون، بێگومان بە مێژوو بە روونی بکەران دەستنیشان دەکات وەک چۆن پێشتر تیرۆریستانی دەست نیشان کردووە چونکە راستی شتێکە تاسەر ناشاردرێتەوە.

ئەزیزی من سەردەشتی هاورێم... لە سەر زەوی نەیانهێشت هەوایەکی ئازادی هەڵمژیت و بە دەنگی بەرز بڵێی من فلانە کچ دەخوازم بۆ داهاتووم ببێتە هاوژینم، وەک چۆن نەیانهێشت بە دەنگی خۆت بڵێی ئێمە گەلێکی هۆشیار و ئاشتی خوازمان دەوێت ئێمە سیستمێکی دیموکراتیمان دەوێت ئەمڕۆ کە خاوەن ناوبانگ و مێژوی لەم سەر زەوینەی کە تیرۆریستان ژیانێکی هەژارانەشیان پێ ڕەوا نەبینیت و تیرۆریان کردیت، دڵێکی بچوکی دایە و بابە کە بە بینینی هاوسەرگیری تۆ خۆشحاڵبوون کپیان کرد و بۆ هەتا هەتا تۆیان لێسەندنەوە ئیتر ئەوان ئەمڕۆکە جگە لەو وێنانەی لەدوای خۆت بەجێتهێشتن، جگە لە چەند مەترە خاکەی لە گۆرستان وەک گڵکۆ بۆت بەجێ هێشتوون و ئێستا باوە عوسمان کردوویەتیە گوڵ و هەرکەسێک بیەوێت گوڵی جوان ببینێت دەبێت بچێتە سەر گۆڕەکەی سەردەشت عوسمان چونکە باوە بە باشی خزمەتی گوڵەکان دەکات. بەو هیوایەم لە ئاسمانەکاندا بتوانیت بە ئازادی خواستەکانی دڵی خۆت بڵێی، چونکە ئەوە خواستی هەموومانە کە ئەگەر لە خەونیشدا بێت ئازاد بین بەڵام کێن ئەوانەی ناهێڵن ئازاد بین؟ هاورێم بێگومانم تۆ دەزانیت کێن.

**سەردەشت عوسمان...عاشقی ئازادی ووشە و ئەندێشە بوو بۆ مرۆڤی کورد**

**تەها ڕەئوف :**

**تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان...هەڕەشەی تیرۆرکردن بوو بۆ سەر پێنوسە ئازا و ئازادەکان و ئازادی هەمووما‌ن...!؟**

**تیرۆری سەردەشت عوسمان...تاقیکردنەوەیەک بوو کە دەسەڵاتی بنەماڵە نەک تیایدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو مۆری تاوان و تیرۆرستیان دا لە ناوچەوانی خۆیان...!**

**لە هەمان کاتدا دووبارە دەریخستەوە، کە ئەوان تا چەند بروایان بە مافی تاک و ئازادی بیرو باوەڕ و ڕا دەربڕین و میدیای ئازادە ...!؟**

**لە لای دیکتاتۆرەکان قەدەغەیە و هێڵی سوورە گەر بێت و لە ئەندێشە و خەون و خەیاڵیشماندا دەسەڵات و ژیانی بەهەشتی ئەوان بخەینە ژێر پرسیارەوە...؟**

**سەردەشت عوسمان تازە بووبە شەهیدی قەڵەم ...هەرچەند ئەو زۆر شتی تری مابوو پێمان بڵێت و بە تیرۆرکردنی ئەو مافەیان نەک تەنها لەو سەندەوە، بەڵکو ئێمەشیان بێبەشکرد لە ووشە و ڕەخنە و ووتار و نووسینە بەنرخەکانی کە هەمیشە لە دڵ و دەروونماندا دەمێنێتەوە تا ئەم دیاکتاتۆرانە دەگۆڕدرێن و دەچنە زبڵدانی مێژووەوە...!**

**سەردەشت عوسمان وویستی بە زۆردارەکان و دیکتاتۆرەکانی بنەماڵە بڵێت:**

**"ئێوە و هەموو دەسەڵاتە بنەماڵەیی و چەوسێنەرەکان پیرۆزنین و هەتا هەتایی نین و ئێوەش کۆتایی تان دێت..." ئەوان توانیان سەردەشت عوسمان تیرۆربکەن، بەڵام ووشەکانی ئەو هەمیشە بە زیندوویی وەک چقڵی چاویان دەمێننەوە...! ئەوان ناتوانن نووسینەکانی تیرۆربکەن، گەر بۆیان بکرایە، ئێستا ووەشەکانی سەردەشتیش لە زیندانی تایبەت بە ووشەی ڕێستی دەبوون و کلیکی ئەو زیندانە تایبەتەش لە لای مەسعود بارزانی دەبوو...!؟ بەڵام زیندانێکی تاوا بەس تەنها لەخە و خەیاڵیاندا بوونی هەیە ...!؟**

**لەبەرئەوەی ووشەی ڕاستی نووسەرانی ئازا و بوێر هەرگیز چۆک دانادەن لە ئاست هیچ دیکتاتۆرێکدا و بەردەوام دەبن لە بەرگریکردن لە ئازادی و مافەکانمان. ئێمەش هەمووما‌ن هەوڵدەدەین کە ببینە تەواوکەری پەیامە پیرۆزەکەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگریکردن لە ئازادی و یەکسانی مرۆڤی کورد...! ١**

لەگەڵ سەندنەوەی مافی ژیان لە سەردەشت عوسمان

شەرعیەتی دەسەڵاتیان دووبارە سەندەوە لە خۆیان...!!

وا بڕیار بوو ئەوان بەرگری بکەن لە مافی هاوڵاتیان

نەک لەسەر بیر و ڕای جیاواز بێبەشیان بکەن لە ژیان

پێمان دەڵێن ئەوە بەس تەنها خودایە کە مافی ژیانمان لێدەسێنێ

بەڵام نەخێر ئەوە دیکتاتۆرە کە مافی خودایەتی بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێ

کاتێک سەردەشت وویستی خوایەتیان بخانە ژێر پرسیارەوە

هاتن و غەزەبیان لێگرت و کردتانە خۆڵەمێشی دۆزەخی تیرۆرتانەوە

تیرۆری سەردەشت عوسمان بووبە سەرەتای کۆتایی دەسەڵاتی تیرۆر و تۆقاندنیان و بۆ هەموو خەڵکی ناڕازی دەرکەوت کە ئەوان چەند دیکتاتۆرێکی دڵڕەق و خۆپەرستن!؟

تیرۆری سەردەشت عوسمان...بووبە تەقینەوەی بورکانی ووشەی نووسەران و مرۆڤی ڕاستگۆ و بە وویژدان، کە تینووی ئازادی و یەکسانین بۆ هەمووان بێ جیاوازی ...!!

سەردەشتێکتان تیرۆرکرد، بەڵام سەدەها سەردەشتی تر پەیمانیان داوە کە پەیامەکەی ئەو بگەیەنن بە ئامانج....!!

**سەردەشت عوسمان، تیرۆرستە جوانەکە ..!**

عەزیز ڕەئووف:

بۆ مەرگی سەردەشت عوسمان پێویستمان بە زیاد لە خوێندنەوەیەک هەیە بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگە، پێویستە لەسەر ئەو ئەگەرانە بوەستین کە پاڵنەرە بۆ مەرگ و کوشتن و لەپاڵیشیا ئەو کارخانەیەی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ بیرچوونەوە و فەرامۆشکردن.

بەتەسەوری من ئەم مەرگە لەسەر سێ ئاستی گرنگ پێویستی بە خوێندنەوە و هەڵوێستە لەسەر کردنە:

یەکەم: تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان سەرەتای کوشتنی ئینسانە بەبێشەرمی. ئەگەر پێش ئەم مەرگە لەم کۆمەڵگەیەدا کوشتن شەرم بووبێت ئەوا تیرۆرکردنی ئەم گەنجە سەرەتایەک بوو بۆ تەحەدایەکی گەورە بەرامبەر بە دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان. ئەگەر پێش ئەم مەرگە تیرۆرکردنی ئیسنانەکان لە لە تاریکیدا ئەنجامدرابێتن و سڵکردنەوەیەک هەبووبێت لەسەر کوشتن، ئەوا گرتن و ڕفاندن و کوشتنی سەردەشت عوسمان بە ڕۆژی ڕووناک، سەرەتای دەرکەوتەیەکی نوێی کوشتنی ئینسانە بەبێ شەرم و بەبێ ترس و بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک. سەندنەوەی مەرگ لە ئینسان پرۆسەیەکە لە تاریکی و بە کەمێک شەرمەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە سەردەشتەوە ئێمە لەبەردەم دەستێکی تاریکداین کە شەرم لە کوشتن ناکات و ئەگەری ئەوەش هەیە خۆی بۆ کوشتنی زیاد لە سەردەشتێکی تر ئامادە کردبێت.

دووەم: ئەم مەرگە سەرەتای دەرکەوتەیەکی نوێیە لە دروستکردنی سیناریۆ. ئەگەر پێش سەردەشت هەستمان بە سیناریۆکان نەرکردبێت، هەڵوێستەمان لەسەر پلانە درۆزنانەکان نەکردبێت، ئەوا مەرگی ئەم کوڕە گەنجە سەرەتایەکی لە دروستکردنی سیناریۆ و شاردنەوەی حەقیقەت بۆ خەڵک پیشاندابن. لە دوای ئەم مەرگەوە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی دوای مردنمان دەبێت چ درۆیەکمان بۆ هەڵبەستن. هەڵبەستنی سیناریۆ و دروستکردنی لیژنەیەک لە مەخلوقی بێ ویژدان تا ڕاستیەکان بەلاڕێیەکی تردا ببەن، سەرەتای دەرکەوتەیەکە لەدوای مەرگی سەردەشتەوە بەئاشکرا هەستی پێ دەکرێت. مەرگی سەردەشت عوسمان چەندە خەمباری کردین بە پێشێلکردنی کەرامەتی ئینسان، ئەوەندەش بێ ئومیدی کردین لە پێکهێنانی لیژنە لە بەرپرسانی وڵات بۆ لێڵکردنی ئاوەکە تاکو لەنێوان ڕەواو ناڕەوادا جیاوازی نەکەین. لە دوای مەرگی ئەم کوڕە گەنجەوە کە باس لە لیژنە دەکرێت وەک نوکتەیەکی بێتام پێکەنینمان دێت، پێکەنینێک زیاتر لە گریانەوە نزیکە، بەوەی کە دۆخی وا هێندە تراژیدیە کە شایەنی گریانێکی دەستەجەمعیە.

سێیەم: لەدوای مەرگی سەردەشت عوسمانەوە تێگەیشتین کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کارخانەیەک هەیە بۆ لەبیربدنەوەی تراژیدیا و مەرگی ئینسانەکان. لەم هەرێمە زیاد لە دەزگایەک و زیاد لە میدیایەک و زیاد لە دامەزراوەیەکمان هەیە کە مەرگی ئیسنان ئاسایی دەکەنەوە و ڕووداوەکانمان لەبیر دەبەنەوە. لەم هەرێمە کارخانەیەک بۆ لەبیرچوونەوە و فەرامۆشکردنی مەرگ یان سادەکردنەوەی مەرگ و کوشتن دەبینین. بەتەسەوری من کوشتن چەندە تراژیدیە فەرامۆشکردنی وەها مەرگێک کارەساتترە. بازدان بەسەر تەرمی ئیسنانەکان و دروستکردنی لیژنە بۆ بیرچوونەوەی ڕووداوەکە، خەسڵەتێکی دیاری ئەم جۆرەیە لە حوکمڕانی.

هەر هێزێک لە کۆمەڵگەدا مەیلی ستەمکاری تێدابێت ئەوا ترسی گەورەی هەیە لەو لێوانەی قسە دەکەن و بەردەوام لە هەوڵی دروستکردنی مەخلوقگەلێکیشدان کە لێویان بلەرزێت یان نەجوڵێت. هۆکاری مەرگی سەردەشت عوسمان هیچ نیە جگە لە ترس لە زمانی ئەم کوڕە. هەر هێزێک لە زمانی قسەکەر ترسا، بێشک هەوڵی بڕینەوی زمانەکان دەدات، بەڵام خۆشبەختانە لەدوای ئەم مەرگەوە زمانی زۆرێکمان درێژتر بووە بێ ئەوەی لە بڕینی بترسین. دەممان هەراشتر بووە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە ئەم سەرە سەری خۆمانە یان نا. دوای ئەم مەرگە نابێت کەسمان بیر لەسەری خۆمان بکەینەوە کە پارێزراو بێت، بەڵام سەرەکان ئەوەندە زۆرن کە هەموو ئەو دەستانە شل دەبن گەر بیانەوێ بیدەنگیان بکەن.

ئەگەر کارخانەیەک هەبێت بۆ فەرامۆشکردنی ئەم مەرگە، دەبێت زیاد لە هەوڵێکمان هەبێت بۆ مانەوەی ئەم کەیسە بە کراوەیی. ئەگەر دەستێکی ڕەش هەبێت بیەوێت ئەم مەرگە وەک مەرگەکانی تر تێپەڕێنێت، ئەوا دەبێت زیاد لە هەوڵێکیشمان هەبێت بۆ وەستان لەسەر ئەم مەرگە و فەرامۆشنەکردنی. سەردەشت ئەو تیرۆرستە جوانەیە کە نابێت فەرامۆشی بکەین.

**سەردەشت لە ڕفاندنەوە بۆ فڕاندن ..**

**محەمەد هەریری**

ڕفاندن و فڕاندن دوو وشەن یەکەمیان لە سلێمانی ودوەمیان لە هەولێر بۆ یەک مانا بەکاردێن، وهەژاریش لە هەمبانە بۆرینەکەی لەگەڵ یەکی ڕیزکردوون وەک هاوواتا

لەبەرامبەر ڕفاندن هەژار نوسیویەتی فڕاندن. لە بۆ فڕاندن دەنوسێ: باڵ گرتنەوە، ڕفاندن

کەوابوو هەردوو وشەکە یەک مانایان هەیە یان لە ڕێگای هەولێر بۆ سلێمانی لە فڕاندنەوە بۆتە ڕفاندن، یانیش لە ڕێگای سلێمانی بۆ هەولێر لە ڕفاندنەوە بۆتە فڕاندن.

کەوابوو لە سلێمانی لەسەر شێوازی بەرنامە بەناوبانگە عەرەبیەکە [قل.... ولاتقل] بڵێ ڕفاندن ومەڵێ فڕاندن، لە هەولێریش بڵێ فڕاندن ومەڵێ ڕفاندن بەبێ خۆتێکدان وپێکەنین.

ئەوانەی بەرگەی ڕەخنەکانی شەهید سەردەشتیان نەگرت، هەرچەندە توندیش بوون، هەردوو ماناکە وهەردوو شێوازی نوسینی وشەکەیان بەکارهێنا.

پاش ئەوەی کەسایەتی سەردەشت بە دەستی خۆی ئاشکرا بوو، دەبوایە بیانزانیبا کە ئەو گەنجە زۆر هوشیارانە تەحەدا دەکات و باکی لە مەرگ نییە، بۆیە دەبوایە نەچنە ناو ئەو

شەڕە دۆڕاوە، چونکە ئەگەر سەردەشت گیانی لە دەستدا، بەڵام بکوژانی هەموو ڕۆژێک ئیدانە دەکرێن وجوێن باران دەکرێن لەبەر خودی سەردەشت و لە پێناو مەرامی تریش بۆ حیساب ساف کردن، من گومانم نییە کە ئەو هەموو شینەی بۆ سەردەشت دەکرێت، هەمووی بۆ خودی سەردەشت نییە وبەشێکی زۆری وەک دەڵێن [بۆ حوسێن نییە، بەڵکو بۆ هەریسەکەیە]! بەڵام ئاسۆی مرۆڤی توڕە زۆر بچوکە، بۆیە نەیانتوانی ئەو سەرەنجامانە ببینن و هەزار جار بیرکەنەوە بەر لەوەی دەستی بۆ بەر.

لە ئەنجامدا سەردەشتیان ڕفاند [بە سلێمانی] وفڕاند [بە هەولێری] لە سیناریۆیەکی زۆر لاواز و دزێودا کە ئەگەر ئەو برادەرەی سیناریۆکەی داناوە دەرهێنەری تەمسیلی تەلەفزیۆنی بوایە بێگومان خەڵاتی خراپترین دەرهێنەری بە نسیب دەبوو.

کە ڕفاندیشیان [بە سلێمانی] وفڕاندیان [بە هەولێری] لە خراپترین بەشی ئەو سیناریۆ فاشیلەدا دەبوایە بیریان بۆ هەرشتێک بچوبا بۆ خوێن ڕشتنی نەچوبا، بەڕاستی ئەگەر سەردەشتی جوانەمەرگ لەبەر ناحاڵی بوون لە هەندێک لە قسەکانی بە ڕوشێنەر وجوێن ودژی کەرامەتی کەسانێک لێکدراوەتەوە، بەڵام ئەوەی سەردەشت گوتبووی دەربڕینێکی ئەدەبی ڕووت بوو، هەرگیز نابێت بە حەرفی لێی وەرگیرێت وئەو پەنای بۆ کەرەستەیەک برد بۆ گەیاندنی واتاکانی پشت کەرەستەکانی کە ژینگەگە هێشتا ئاشنا نەبوون یان لە ئاستی کەرەستەکان وهێماکان وئاماژەکانیدا نەبوون، وەک ئەو ڕادیۆیە بوو کە دەڵێن یەکەمجار کە گەیشتە سعودیە [جەزیرەی عەرەبی] زاناکانی وەهابیەت فەتوایان لە دژی دەرکرد، گوایە جنۆکە لەناو ئەو دەفرە داخراوەوە قسە دەکات، کە گوتیان باران لە هەڵمی ئاوەوەیە فەتوایەکیان دەرکرد بۆ بەکافرکردنی هەموو ئەوانەی وادەڵێن وبەناونیشانی:

السيف البتار في الرد على الكفار، القائلين بأن المطر من البخار!!!

سەردەشت پرۆژەی نووسەرێکی زۆر گەورە بوو بە ڕفاندن و کوشتنی بەو شێوەیە دڕەندانەیە سەردەشتیان فڕاند بە مانای دووەم واتە باڵیان تێڕواند چەند بەرز بوو، بەرزتریان کردوە وفڕاندیانە کەشکەڵانی ئاسمان...

پێش شەهید بوونی نوسەرێکی نەناسراو بوو ولەژێر ناوی خوازراوەوە دەینوسی، لەوانەیە ژمارەی خوێنەرانی چەند سەد کەسێک تێپەڕی نەکردبا، بەڵام پاش شەهید کردنی بە ناهەق ژمارەی ناسراوانی لە کوردستانیش تێپەڕیوە بە ملیۆنەهایە.

سەدان کەس قەڵەمی داوەتە دەست قسەی وا بە بکوژەکانیان دەڵێن کە قسەکانی سەردەشت لە چاو قسەکانی ئەوان تەسبیحات کردنە!! ئەوەیە فڕاندن!

دەیەها ڕێکخراو وگروپ بەناوی سەردەشت عوسمانەوە دروست بوون! ئەی ئەگەر ئەوە فڕاندن نەبێت چی فڕاندنە؟

دەڵێن هەزاران دوکان لە بازاڕەکاندا داوای مۆڵەتی ناولێنانی دوکانەکانیان کردوە بە ناوی ئەوا! ئەوە لوتکەی فڕاندنە بەبێ باڵ!

دەڵێن هەزاران کەس منالی خۆیان بەناوی سەردەشت دەکەن لە خۆشەویستی ئەو جوانە مەرگە. ئەی ئەگەر ئەوە شکاندنی ژمارەی پێوانەیی نەبێت لە فڕاندن دەبێت چی بێت؟

براله سەردەشت بکوژەکانت هێندە پەشیمان بونەتەوە لە کوشتنت ئەگەر بۆیان بکرێ ئەوەی هەیانە دەخەنە ڕێی کڕینەوەی ژیانی تۆ، چونکە لە پاش مەرگتدا ژیانی ئەوانت نارەحەتتر کردوە.

**بۆ ساڵیادی سەردەشت عوسمان**

**ئاراز شاد**

ئەوا دوو ساڵ بەسەر یەکێک لە قێزەونترین ئەو تاوانانەدا تێدەپەڕێت کە لەمێژووی کوردیستاندا پەڵەیەکی ڕەشە بەناو چەوانی دەسەڵاتدارانی کوردیستان.

ساڵیادی تەرۆری ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان وەکو ڕۆژی ئازادی لەکوردیستان بەرز ڕادەگرین.

غاندی: دوای تیرۆرکردنی و بەر لەوەی گیانی بسپێرێت بەبکوژەکەی خۆی وت: هیوادارم کەس ئازارت نەدات و نەتکوژنەوە، چونکە ئەگەر زانیبات، مرۆڤەکانم چەندە خۆشدەوێن، نەک نەتدەکوشتم، هەرگیز بیریشت لەکوشتنم نەدەکردەوە،

سەردەشتیش وتی: لەچەند ڕۆژی ڕابردودا بۆیەکەمین جار پێیان وتم، کە تەمەنت چەندی نەماوە، یان بەوتەی خۆیان مۆڵەتی هەناسەدانم لەم شارەدا نەماوە، بەڵام نەباکم بەمردنە و نەئازاردان، لەچاوەڕوانی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەمم، تابەدیداری بکوژەکانی خۆم بگەم، دوعاش دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت، بۆیە ئەم قسانە دەکەم تابزانن ئەوەی ئێمە دەترسێنێ بەردەوامی ئەم ڕۆژگارەی ئێستایە بۆ نەوەیەکی داهاتوو، نەک مردنی خۆمان، کاری منیش خۆشبەختی برا بچوکەکانمە، نەک خۆم، زۆر بەسادەیش تاکە هۆکاری نیگەرانی من لەم هەڕەشانە ئەوەیە، کەهێشتا زۆر شت ماون

قسەیان لەسەر بکەین و هەرئاوا بەجێیان بێڵین، بەدبەختی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە، کەباکی بە مردنی نەوەکانی خۆی نییە. بەڵام تائەو شوێنەی کە ماوین دەبێ قسە بکەین، لەو شوێنەش کەتەمەنمان کۆتایی هات با هاوڕێکەم خاڵێکم بۆ دابنێ و بێتە سەر دێڕێکی نوێ و سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە.

دوو ساڵ لەمەوبەر و لە بیست و سێهەمین بەهاری تەمەنیدا ، لە ٥ی ئایاردا گەنجێک کە دەسەڵاتێک ڕۆحی لە پێنوسەکەی چوو بوو، لەم هەولێرەی کە دەسەڵاتدارانی میرنشینی زەرد سەری قسەو بنی قسەیان ئەوەیە کە پایتەخت شارێکی سەقامگیرە و بەقەولی خۆیان مێرولە دەربازی نابێت، بەڵام سەردەشتەکەم لەبەر دەم زانکۆکەیدا بەبەرچاوی خەڵکەوە، بەبەرچاوی پۆلیس و ئاسایشەوە، دەڕفێندرێت.

دوای ڕۆژێکیش بەقودرەتی قادر لە دەیان بازگەی چڕو توند ئاودیو دەبێت بەرەو موسڵ. بۆ ئەوەی گومانەکانیش بەلایەکی تردا بڕۆن دوای شەهید کردنی تەرمەکەی لە نزیک کۆمیتەیەکی یەکێتی نیشتیمان کوردیستان فڕێدەدرێت. سادەترین بەڵگەش بۆ یەکلایی کردنەوەی گومانەکان بۆ لای بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداردا، ئەمەنە بەسە کە فیشەک بە ناو دەمیەوە نراوە، ئەم دەمەی کە بە قەولی خۆیان شەڕەفی ئەوانی پێ لەکەدار کراوە. جارێ هەتا ئێستا من نازانم ئەم شەڕەفە چییە؟ لە کوێیە؟ ڕەنگی چۆنە؟ ئەم شەڕەفەی ڕۆحی مرۆڤی قوربان دەکرێت من ناتوانم نە بیبینم ، نە دەستی لێدەم، نەبیدۆزمەوە، داخەکەم زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی هەموو شەڕەف و نرخی ژیانیان لەناو ڕانی ژن و کچەکانیاندا ئەدۆزنەوە، لای هەندێک بنەماڵەی دەسەڵاتداریش تەنها شەڕەف خەتی سورە، نەک ڕۆحی مرۆڤ، بەڵام لەڕاستیدا شەڕەف هەرچیەک بێت، زۆر لەوە بچوکترە کە مرۆڤی لەسەر بکوژرێت، بەڵام سەردەشت نەک شەڕەفی کەسی لەکەدار نەکردووە، بەڵکو تەنها وتی من عاشقی کچەکەی سەرۆکم، ئەرێ باجی ئەم قسەیە کوشتنە؟ ئاخر ئەگەر من کچێکم هەبوایە و سەردەشت عاشقی بوایە، من کچەکەمم پێشکەش دەکرد نەک بیکوژم.

دیارە وەک بنەماڵەکەی دەڵێن تەنها بەیەک وشەش بێت، هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەبووە جگە لەو بابەتەی کە بەناونیشانی (عاشقی کچی سەرۆکم) کە بەڵگە نەویستە و وە هەموو دونیا دەزانێت لەسەر تەنها ئەم بابەتە کوژرا، ئەو منداڵەی کە هێشتا لەناو بێشکەدایە و تەنها دایە و بابە فێر بووە، ئەگەر لێی بپرسین ئەرێ سەردەشت کێ کوشتی، تەنها بۆ ئەم وەڵامە دێتە گۆ و وەڵامی دروستمان ئەداتەوە.

سەردەشت چەمکی موقەدەساتی بنەماڵەی کاڵ کردەوە، و ئەمەی چرپاند بەگوێی دەسەڵاتداران کە لەم وڵاتەدا هیچ بنەماڵەیەک موقەدەس و مەرجەع نییە، وە کچی سەرۆک خەتی سور نییە، بەڵکو تەرۆر و کپ کردنی دەنگی ئازاد خەتی سورە.

لەسەرەتای ڕووداوەکە، خەڵکی ئازادیخواز و گەنجانی وڵات و ڕۆژنامەنوسان هەموو هاواریان کرد بێدەنگ نابین، بەناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری لەشارو شارۆچکەکانی کوردیستان فشارێکی توندیان خستە سەر دەسەڵات، بەبێ ئەوەی پەنجەی تۆمەت بۆ کەس درێژ بکەن، بەڵام وەک پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت (دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە) بۆیە هەر زوو بنەماڵەی بارزانی توشی قەلەقی هاتن و هەروەک لەلایەن خۆپیشاندەران ختوکە بدرێن، ئیتر لەهیکەوە پارتی توشی بەرز بونەوەی زەخت و شەکرە بوو.

ئێمە تەجروبەیەکی تاڵمان هەیە لەگەڵ لیژنە و لیژنەکاری، بەبۆچونی من هەر کەیسێک کە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدا نەبوو لیژنەی بۆ پێک دێنن، تەنها بۆ ئەوەی وەک دەرفەتێک هەتا سیناریۆیەک دادەڕێژن بۆ گەوجاندنی خەڵک. ئەو لیژنەیەی کە سەرۆکی هۆزی بارزان پێکی هێنا، نەک شتێکی دڵخۆشکەر بدا بەدەستەوەو جەللادەکان دەستنیشان بکات، بەڵکو سیناریۆیەکی فاشلی داڕشت کە کاری ئەوەڵی هەستا بەهەڵگێڕانەوەی ڕاستی ڕووداوەکە، وە مخابن سەردەشتی جوانەمەرگیان لەقوربانیەوە کرد بە جەللاد، بۆیە لەڕووی مەعنەویەوە جارێکی تر ڕۆحی سەردەشت تیرۆر کرایەوە.

وەک مەعلومەیەکی تازەش باوکی سەردەشت دەڵێت ئەو کەسەی کە پارتی هێنایە سەر تی ڤی و ئیعتیرافی کرد کە گوایە سەردەشت ئەو کوشتویەتی، هەمان تۆمەتبار دە مانگ پێش شەهید بوونی سەردەشت بەتاوانی تیرۆر لەزینداندا بووە !!! ئەرێ پێم بڵێن نمونەی ئەم دەسەڵات و ئەم حوکمڕانیە لە کوێی دونیادا بوونی هەیە؟ تیرۆری دەنگی ئازاد دەکات، دواتر خۆڵ ئەخاتە چاوی خەڵکەوە و وەڵامێکی مەنتیقی نییە بۆ ئەم پرسیارگەلەی لای ڕای گشتی دروست بووە، لەمەش سەیروسەمەرەتر ئەوەیە کە نە شەرم دەکات، نە حیساب بۆ دادگا و یاسا دەکات، نە ترسی هەیە، نە گوێ دەگرێ، نە تێدەگا، نەک هەر تێناگا بەڵکو بڕیاریداوە تێنەگا.

تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، کوشتنێکی ئاسایی و تاوانکاری نەبوو، بەڵکو سەردەشت ڕۆژنامەنوس بوو، کوشتنیشی هێما بوو بۆ کوشتنی ئازادی، بۆیە سەردەشت لەوە دەرچووە کەتەنها کوڕی بنەماڵەیەک بێت، ئێستا موڵکی نیشتیمانە، موڵکی هەریەکێک لە ئێمەیە، کەیسەکەشی بەنەتەوەیی کراوەو هاوشان لەگەڵ سۆرانی مامە حەمە نازناوی سومبول و ڕەمزی ئازادیان پێبەخشراوە.

بەگوێرەی ئەم داتایەی لای من هەیە دەبێژێت: سەبارەت بەسەردەشت لەئینتەرنێت بەدیاریکراویش لە گۆگڵ و یوتوب یەک ملیۆن دۆکومێنت و ڕاپۆرت هەیە. هەروەها چل هەزار پەرەگرافی لەسەر نوسراوە، ئەمە شتێکی دەگمەنە لەمێژوودا، بۆیە ئێمەی ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنوسان، ئەم لیژنەیە وە ئەم ئەنجامی سیناریۆ ئامێزە ڕەت دەکەینەوە، وە هەرگیز ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەین ئەم کەیسە دابخات، بەڵکو بەکراوەیی دەمێنێت هەتا ئەو ڕۆژەی

لیژنەیەکی سەربەخۆ لەژێرچاوەندێری نێودەوڵەتی و دادگایەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی جددی دەکات. چەند مانگێک لەمەوبەر بەپێداگری لەسەر هەمان سیناریۆی گاڵتە ئامێز لەدادگای هەولێر لەهەولی تێپەڕاندن و داخستنی کەیسەکە بوون. سەردەشتی رۆژنامەنوس، بە گیانی خۆی ئاڵای ئازادی بەرز کردەوە، ئێمەش بەهەر فیداکاریەک بێت ئەم بەرزیە شەکاوەتر و بەرز و بەرزتر دەهێڵینەوە، هەر بەکوێرایی چاوی دوژمنانی ڕێگای ئازادی. چونکە ئازادی بۆ مرۆڤ ناهێتە خوارەوە بەڵکو دەبێت مرۆڤ بۆی بچێتە سەرەوە.

ئێمە کە ئەمرۆ یادی هاوڕێ و هاوپیشەمان دەکەینەوە، بەهەمان شێوە سۆرانی مامە حەمەش کەقوربانی هەمان ڕێگا و هەمان دەستی ڕەشە، لەیادمانە و دەبێت کەیسی ئەویش بەکراوەیی بهێڵرێتەوە، وە هیچ گومانێک نییە کەوا بکوژەکانی سەردەشت و سۆران دوو دەستی یەک جەستە و یەک بنەماڵە و یەک عەقڵیەتن، بەردەوامیدانی یادکردنەوەی ئەم دوو شەهیدەی ڕێگای قەڵەم وەک کولتورێک بچەسپێ و لەهەر ساڵوەگەڕێکدا، کورزێکی کوشندە و شەرم ئامێزە بۆ دەسەڵاتدارانی ویلایەتی زەرد و هەم سەوزیش، بۆیە میرنشینی سەوزیشی دەخەمە پاڵ چونکە، ئەم ئینتیفاقەی دابەشکردنی پارەوپول و دەسەڵات، وایکردووە کە لەبەرانبەریەکتریدا و لەئاستی تاوانی ئەوا قێزەوندا بێدەنگ بن، یەکێتی و پارتی هێندە بەخراپ باوەشیان بەیەکا کردووە، کە قسەیەک هەیە دەڵێت جیاوازیەکانی یەکێتی و پارتی تەنها وەک کۆکاکۆلا و بیبسی کۆلا وایە.

**باجی راستی قورسە..!**

بەشدار عوسمان ( بەشدار عەلی )

سەرم سورماوە لەم هەموو کێشە و ڕووداوانە دەسەڵاتی سیاسی چون فریای چاودێریکردنی زمانەکانمان دەکەویت،لێتان ناشارمەوە لەوەیاندا زۆر موعجیبی ئەو دەسەڵاتەم ! باکی بەهیچ شتێک نیە،خەڵک بە ماددەی ئیکسپایەر ژەهر خوارد دەکرێت،ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆتە مۆتەکەیەک و لە پەنجەی دەستەکانمان زیاتر لێمانەوە نزیکە و لەسایەی نەبونی ڕێگاوبانی گونجاودا رۆژانە دەیان کەس دەبنە قوربانی،رۆتینات و گاڵتەکردن بە شعور و ئیحساسی تاکەکان لە دامودەزگاکانی میری بۆتە دیاردە،جیابونەوە و تێکچونی شیرازەی خێزانەکان و پێکنەهێنانی ژیانی هاوسەری لای گەنجان،سیمای بەرچاوی کۆمەڵگای کوردییە، بێ سەروبەری و بێ سیستەمیەک بە کۆی سیستەم و کایە ئیدارییەکانەوە دیارە و وەکو دارستان گەورە بچوک دەخوات و هەنگاوێکیش نابینین بۆ بەدواداچوون،خەڵکی کوردستان لەنێو دەیان کێشە و گرفتی وەکو بێ خانە و لانەی و کرێی گران و نەبونی سەرەتاترین خزمەتگوزارییەکان دەناڵێنن،کەچی دەسەڵاتی سیاسی هەر خەریکی چاودێریکردنی دەمی رۆشنبیران و نوسەران و رۆژنامەنوسانە و خەڵکی نارازی

کوردستانە،بەداخەوە زۆرجار قسەکردن لە هەموو ئەم ناعەدالەتی و دزی و فەسادییە بە قوربانی گەورە تەواو بوە و تەواو دەبێت،ئەمجارەشیان لەسەر ئاشکراکردن و خستنەڕووی کەمێک لە فەزیحەتەکانی بەناو دادگای سلێمانی (قوبادی جەلیزادە) سزای بەسەردا سەپێندرا...،برۆن مێژووی هەموو دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆلیتارەکانی دنیا بخوێننەوە،ئەم جۆری سزادانانەی قوبادی جەلیزادە بەشێکە لە کار و کردەوەی ئەو جۆرە دەسەڵاتانە و لەم دەسەڵاتانە جێگای دەبێتەوە کە کێشەیەکیان لەگەڵ شەفافەیەت و راستی و یەکسانیەوە هەیە.

19 ساڵە ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی سات و سەوا بە خەڵک دەکات،بە سەرکوت و زیندان و کوشتن و بڕین دەنگە نارازییەکانت خامۆش دەکاتەوە، دواکەوتوترین سیستەمی لە کۆمەڵگادا چێکردوە،بە یاساو دەستورە مەتاتیەکانیان( کە تەنها خەڵکی بێ دەسەڵات دەگرێتەوە و خۆیان لەسەرووی هەموو شتێکن) فەرهەنگی خەڵکیان تا خوار هێلی سفر بردوە،19 ساڵە حکومەتیان دامەزراندوە نەیانتوانیوە کێشەی کارەبا و ئاو رێگاوبان چارەسەر بکەن لە کاتێکدا تاکو ئەو ساتەش زۆرترین ئیمکانیاتیان لەبەردەستا بوە،کەچی هەر خەریکی قوفڵکردنی دەم و زمانی خەڵکن،ئەگەر ئێوە دەسەڵاتێکی تەندورست بەڕێوەبەرن و لە کەرامەت و شەخێیاتی خۆمان دڵنیابین و چارەنوسی کۆمەڵگا نەخەنە دەستی هێزە رەشەکان و سەروەت و سامانی خەڵک بەیەکسانی دابەش بکرێت و سیستەمیک بونی هەبێت و میزاج و بەرژەوەندی رۆڵی سەرەکی نەبینێت لە کار و پرۆژەکان وەکو ئیستا هەیە، ئێمە بۆ رەخنەدەگرین؟

لە کوردستان کوشتن و کۆتای هێنان بە ژیانی ئینسانەکان و پەراوێزخستنیان لە کۆمەڵ و کۆمەڵگا ئاسانە،بەهانە و ناو و ناتۆرە و تۆمەت دورستکردن هێندە زۆرە بە شەو و رۆژێک جەلاد دەکەنە فریشتەیەکە و لە ئاسمانەکانی هەولێر و سلێمانی دیفرێنن و پاکترین و دڵسۆزترین کەسیش (ئەگەر لەگەڵیان نەبێت) دەیکەن بە سیخور و بەکرێگیراو و جەلاد و تیررۆریس و حوکمی مەرگی بەسەردا دەسەپێنن) هیچ داموودەزگایەکیش نیە بەرگری لە گیانی تاکەکان بکات.

چاوەرێ کردن بەدیار تەرمەکان ،تەنها نیگەرانی و بێ ئومێدی دەکاتە نسیبمان،ناکرێت ئێمە هەر چاوەرێ بکەین و رۆژانە دۆست و ئازیزەکانمان ببنە قوربانی و رۆژێکیش بە تۆمەتێک و بەهانەیەکی پوچ سرەی ئێمەش دێت،با بەیەکەوە لە دژی کەلتور و فەرهەنگێکی نامەدەنی ، یاسا و دەستورێکی دواکەوتوو،دەسەڵاتێکی نامەدەنی کە رەخنە جێگای نابێتەوە،بێینە مەیدان و بە یەکجارەکی کۆتای بەم مەرگە هەرزانانە بێنین،تەنها راپەرین و ژێرەو ژوورکردنی تەواوی سیستەمەکانی نێو کۆمەڵگا، زامنی بەرگرتنە بە دووبارە نەبوونەوەی سزادانی قوبادەکان.

## سەرانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی خۆیان گێلن

## بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگێل دەزانن

**یوسف کانیمارانی**

دوابەدوای ڕفاندن و شەهید کردنی نوسەروخوێندکار سەردەشت عوسمان بەدەستی دەزگاسیخوڕیەکانی پارتی وبەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بنەماڵە، بەهۆی نوسینی بابەتێکی فانتازی لەسەر بنەماڵەی بارزانی ، پارتی ودەسەڵاتدارانی کوردستان ڕووبەڕووی نارەزایەتیەکی جەماوەری بەرفراوان بوونەوە کە هەرگیز چاوەڕوانیان نەدەکرد،هەربەوهۆکارەش سەرانی پارتی کەوتنە هەوڵ وتەقەلا بۆ ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە وپێکهێنانی لیژنەیەک بەناوی لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لە بنچینەدا ئەو لیژنەیە هیچ بوونیەتێکی نیە وباشتر وایە بڵێم لە کوردستانی باشوردا بەرانبەر تاوانەکانی بنەماڵەی بارزانی هیچ کەسێک بوونی نیە هەتا یەکێتی و حزبەکانی تریش ، پارتی وسەرانی پارتی ئەوەندە گێلن کە پێیان وایە خەڵکە ویژدان زیندووی کوردستان بەدرۆ بێبنەماکانیان باوەڕدەکات وەک ئەوەی کە بەناولیژنە بەدناوەکەی پارتی باس لە تیرۆرکردنی شەهید سەردەشت ئەکات ، پارتی تاکو ئێستاش بەئەقڵیەتی چەرخی بەردین مامەڵە لەگەڵ هەست ونەستی خەڵکی کوردستان ئەکات ، پارتی چونکە خۆیان گێل بوون لەوەی زیاتر لە پێنج ساڵ گروپێکی تیرۆرستی بەناوی شێخ زانا لە ژێربالی ئەواندا کەرامەتی مرۆڤی کوردیان پێشێل دەکردوو ئەوانیش ژنەکانی خۆیان بەشێخ زانادا ئەنارد بۆ حەج کردن ، بەهەمان شیوە کەوتنە هەڵە کردن هەر لەڕفاندن و تیرۆرکردنی شەهید سەردەشت تا ڕاگەیاندنی دەرەنجامی لیژنە نامەردەکەیان ، پارتی وسەرانی پارتی بەتیرۆر کردنی هاوڕێ سەردەشت تاوانێکی گەورەیان خستە سەرخەرمانی تاوانەکانیان و بەدناوکردنی ئەو شەهیدە نمونەیە سەربەرزەی قەڵەمیش ئەوەندەی تر تاوانبارتریان دەکات..

من وەک تاکێکی کۆمەڵگای کورد بەوپەڕی هەستکردن بەبەرپرسیارێتیەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و نوسەروڕۆشنبیرانی کورد ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتێکی مێژووی گەورە ئەکەمەوە ئەگەر لەوەزیاتر بەرانبەر بەو هەمووتاوانکاری وپێشێلکاریانەی دەرهەق بەتاکی کوردی دەکرێتەوەلەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردی و بەتایبەت سەرانی گەندەڵی پارتی ، بەپێوستی دەزانیم هاوکات وەک بایکۆت کردنێکی دەزگا چەواشەکاریە ڕاگەیاندنەکانی پارتی خەڵکی کوردستان لەدەرەوەوناوەوەی کوردستان چیتر کەناڵ وبەرنامە سەختەکاریەکانی پارتی سەیرنەکەن وگوێ لێنەگرن چونکە هەمووی شەڕی تایبەتە دەرهەق بەخەڵکی کوردستان، هاوکات هەموو ئەوکەسایەتیانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسی وجەماوەریەکانی دنیای دەرەوەوە هەیە و ئاگاداریان بکەنەوە لە تاوان و چەواشە کاریەکانی پارتی بۆئەوەی وەک کە خۆیان گێلن چیتر ئێمەش بەگێل نەزانن..

## سەردەشت و بارزانی و هەڵوێست

کاردۆ ئەمین

پەنجا ڕۆژ دەبێت کاکە سەردەشتی جوانەمەرگ بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە تیرۆر کراوەو، لەم ماوەیەدا وەکو تاکێکی کوردستانی بەردەوام چاودێری وردو درشتی ڕووداوەکانم و ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانە بێنازەکەمم کردووەو، لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئێستا چاوەڕێ هەلوێست و پەرچەکردارێکی تەندروست و ساغ لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی کوردستانم، لە شەخسی جەنابی کاک مەسعودی بارزانی کە سەرۆکی هەڵبژردراوی کوردستانی باشوورەو بەپێی قسەکانی خۆیان 70% خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەی ئەم خاکە زوڵم لێکراوە متمانەی پێی بەخشیووەو شانازی دەکەن کە ئەو سەرۆکیان بێت.

منیش بمەوێت نەمەوێت تازە ئەو سەرۆکەو لە شوێنە گشتی و نێودەوڵەتی و تورکیەکان هەرکەس و لایەک بە شێوەیەک پێشوازی لێدەکەن و باوەڕتان هەبێت کە هیچ گرفتێک لەو بارەیەوە نییە کە ئەو سەرۆکی منیش بێت وەکو تاکێکی کوردستان، بەڵام بەمەرجێک ئەویش دەبێت بەراستی و بەجدیەتەوە وەکو تاک مامەڵە لەگەڵ من و هەموو تاکێکی کوردستان و کوڕ و برازاکانی و ئەوانیتری هۆزەکەی بکات و هیچ جیاوازێک لە نێوانمان نەکات.

من لێرەدا نامەوێت باس لە ڕابردووی دوور بکەمەوەو ئەوانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکانی دەستی ئەو یان کەسانی نزیکی تێوەگلاوەو خەڵکی جیاجیا بە هۆیەوە تێیاچووەو ئێستا لەنێوانماندا نیین.

دەمەوێت پرسیارێکی زۆر جددی و ئاسان لە جەنابی سەرۆکی هەرێم، ببورن سەرۆکی کوردستان کاک مەسعود بارزانی بکەم بۆ ئەوەی منیش ئەو (30)ەکەی دیکە، وەکو ئەو 70% کە دەنگیان بۆ داوە بەمەرجێک کە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە یان بەڕاست و مەسوولانە بەدوای وەڵامەکەی بگرێت، ئەگەر وەڵامی حازری و ڕاست و دروستی ئامادەی نەبوو. تاکو شانازی بە کاکە مەسعودەوە بکەین.

پرسیارەکەش ئەمەیەو چاوەڕێی هەڵوێستی سەرۆکانەت لێدەکەم و ئەمەش بەیاد دەهێنمەوە کە سەدان کاربەدەست لە وڵاتە زلهێزەکان لە دیموکرات و دیکتاتۆرەکانیش تەنها لە بە هۆی ڕووبەروو بوونەوەی پرسیارێکی لەو چەشنەو وەڵام نەدانەوەی دەستیان لەکار کێشاوەتەوە.

بەهەرحاڵ کاک مەسعوود بارزانی ئەمەش پرسیارەکەو چاوەڕێی هەڵوێستم.

دەکرێت کوڕێکی گەنج و قوتابی بە وتەی بەڕێز و بە وتەی هەموو تاکەکانی کوردستان قوتابی و رۆژنامەنوس، بە ئاشکرا و چاونەترسانە بڕفێنرێت و لەو قەڵا دژە تیرۆرەکە ببرێتە دەرەوەو پاشان بەو شێوەیە کە دەزانن تیرۆر بکرێت و تاکو ئەمڕۆ سەرەداوی تیرۆریستەکان ئاشکرا نەکرێت؟ لەکاتێکدا ئێوە بەڕاست لە ڕابردوو ئەو هەموو تیرۆریستەتان دەستگیر کردووە یان بەڕێکەوت دەستگیر کراون؟

**پەیامێک بۆ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە دۆزی سەردەشت عوسمان.**

**شەماڵ عەلی**

هەولێریش ببێتە دوبەی، هیچ بنەماڵەیەک نابێتە بنامەڵەی ئال نەهیان. ئەگەر کەسێک پێی وابێت دەتوانێت لاسایی ماڵی ئال سعود بکاتەوەو خۆی و بنەماڵەکەی بکاتە بەشێک لە موقەدەساتی داسەپاو بەسەر خەڵکدا، هەڵەیەکی گەورە دەکات. کوردستان نە ئەو نەوتە زۆرەی هەیە و نە مەککەو مەدینەشی لێیە.

گوێ لە ناڕەزایەتیەکانی خەڵک بگرن! بۆ خۆتان باشترە.

ئەم پەیامەم بە کوردی و بە کورتی لە چەند خاڵدا دادەڕێژم:

یەکەم/ مانگێک زیاتر بەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا تێپەڕیوەو تا ئێستا خێزانی سەردەشت و خەڵکی کوردستان لە هەڕەشە زیاتر لە تۆیان نەبیستووە. ئەمە لە خودی خۆیدا لە کردەوەی تیرۆری سەردەشت خەتەرناک ترە. پێتان خۆش بێت، یان پێی نیگەران بن، بە دروست، یان وەک خۆتان دەڵێن بە نادروست، خەڵک ئێوە بە بەرپرسی یەکەم لەبەرانبەر ئەو کردەوە تیرۆریستیە دەزانێت. هەڕەشەکانتان بە هەموو ئەوانەی کە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتەکەتانو بەوانەی وا بیردەکەنەوە کە نە ئێوەو نە ڕابردووی بنەماڵەکەتانو نە هیچ مەسەلەیەکی تایبەتیتان موقەدەس نین دەڵێ: کە ژیانی هەمووان لە مەترسیدایە. باوەڕ بکە خەڵک ئەم هەڕەشانەیان بۆ قوت ناچێتو ناتوانن لەگەڵیدا هەڵکەن. دۆزی سەردەشت عوسمان بە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە کۆتایی نایەت. مل بە ئاشکراکردنی تاوانباران بدەن و متمانە بە خەڵک بدەن کە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێوە بن ژیانیان لە مەترسیدا نییە و ناکرێن بە قوربانی دوو فیشەک.

دووەم/ هەڕەشە و گوڕەشە و گوشار بۆ سەر خەڵک و خێزانی سەردەشت داد نادات. کارەکە لەوە گەورەتر بۆتەوە ئەو جۆرە کردەوانە کۆتایی پێ بهێنێت. ئەوانەی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڕەشە دەنێرن با باش بزانن، هیچ شتێک ئەمڕۆ لەوە ئاسانتر نییە هەموو

کەسوکاری سەردەشت لە ژێر هەڕەشە دەربازبکرێن‌و هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی توندکردنەوەی گوشار لەسەر خێزانی سەردەشت کارەکە گەندتر دەکات و ڕیسوا بوونەکەش هەمەلایەنە تر. ڕەنگە تا ئێستاش دەسەلاتداران ئومێدیان ببێت کە کارلەکار نەترازاوە، بەلام ئەو کاتەی خێزانی سەردەشت ناچاردەکرێن پەنا بۆ جێگایەکی تر بەرن، ئیتر ئەو ئومیدە دەبێ بخرێتە چالەوە.

سێهەم/ دۆزی سەردەشت، دۆزی خەلکە. سیاسەتی گۆڕینی ئەمە بە کێشەی نێوان خۆتان و لایەنێکی سیاسی داد نادات‌و کەس تەفرە نادات. پێویستە بە ژیریەوە بۆ ڕێگاچارەیەکی سیاسی و هێمنانە بگەڕێن. فرسەتی ئەوە لەبەر دەستدا نەماوە، ئەم دۆزە تێکەل بە ململانێی سیاسی ناوخۆی هەرێم بکرێت‌و ئەمنیەت و ئاسایش و مافەکانی خەلک بکرێتە بارمتەی ترسیان لە تەقینەوەی ناکۆکیە ناوخۆییەکان. ئەم ڕێگایە بەستراوە و ڕەنگە ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابردوو ئەوەی سەلماندبێت، کە ئەو کۆلانە داخراوە.

چوارەم/ قومارکردن لەسەر ئەوەی کە کات کێشەکان چارەسەر دەکات‌و سیاسەتی کۆنکردن دۆزەکە بیری خەلک دەباتەوە، هەلەیە. دۆزی سەردەشت عوسمان تەنها پەیوەندی بە ئازادی ڕۆژنامەنووسی یان تەنانەت ئازادی دەربڕین بە گشتیەوە نییە. ئەم دۆزە نوکی شاخێکی گەورەیە کە پێکهاتووە لە ناڕەزایەتیەکی فراوان لەنێو جەماوەری خەلکی کوردستانداو هەتا بارودۆخی پڕ نایەکسانی‌و سەرکوتی ئازادی درێژەی هەبێت ئەم دۆزە و هی تر دەردەکەون‌و زیندوو دەمێننەوە. خەلک خواستی گەورە و ئارەزووی قوولی بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخەی کوردستان هەیەو، دلنیابە هەروا سادە دەستیان لێ هەلناگرێت. ئەگەر کردەوەیەکی تیرۆریستی بەم جۆرە دەبێتە هەوێنی دۆزێکی گەورە، مانای وایە کات بۆ ئەنجامدانی ئالو گۆڕ پێ گەیشتووە، ژیر ئەو کەسەیە ئەم ڕاستیە درک دەکات.

پێنجەم/ هەولێریش ببێتە دوبەی، هیچ بنەمالەیەک نابێتە بنامەلەی ئال نەهیان. ئەگەر کەسێک پێی وابێت دەتوانێت لاسایی مالی ئال سعود بکاتەوەو خۆی و بنەمالەکەی بکاتە بەشێک لە موقەدەساتی داسەپاو بەسەر خەلکدا، هەلەیەکی گەورە دەکات. کوردستان نە ئەو نەوتە زۆرەی هەیە و نە مەککەو مەدینەشی لێیە. کوردستان زۆرتر بە ئاراستەی گۆڕان بەرەو کۆمەلگایەکی مەدەنی هەنگاو دەنێت. سەرکوتی دەیان سالەو داپلۆسین تینوێتیەکی وەهای بۆ ئازادی دروست کردووە کە وا ئاسان ناشکێت. خواستێکی قوول کە بۆ مۆدێرنیزەبوون و ڕاگەیشتن بە وەتیرەی خێرای پێشکەوتنی دنیا لە دلی لاوو بگرە پیری ئەم ولاتەشدا هەیە، وێنەی کەسانێک کە دەیانەوێت ئەم ولاتە وەک کێلگەی باوکیان بەڕێوە بەرن دەکاتە کاریکاتێر.

شەشەم/ هەموو ئازادیخوازان بەرژەوەندیان لەوەدایە کە ململانێکان بە هێمنی و سیاسیانە چارەسەر بێت. ئومێد ئەوەیە کە ئێوەش لەم بەرژەوەندیەدا خۆتان بە هاوبەش بزانن، باوەڕ بکەن ئەمە بۆ ئایندەی خۆشتان باشترە.

سڵاویش لەو کەسەی لانی کەم پێڕەوی لە عەقلانیەت دەکات...

2010\6\10

**ناواخنێک و چوار پەراوێز بۆ کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی ئەم وڵاتە**

فازڵ قەرداغی

بەیاننامەکەی 13ی ئایار و یاسای دژە تیرۆر.

من یاسای دژە تیرۆرم نەخوێندۆتەوەو نایخوێنمەوە چونکە بیخوێنمەوە مەزاجم تێک دەچێت.. چونکە شتێکم لەبارەیەوە بیستووە.. چونکە دەزانم ئەو شتە ناهەقیی تێدایە.. چونکە دەزانمو هەموو کەسێک دەزانێت یاساکە کاڵایەکە بەقەد باڵای مەبەستەکانی دەسەڵات، بەڵام منیشو هەموو کەسێکیش دەزانین کە یاسا لەئاست دەسەڵاتدا بێدەنگە بۆیە پێویستە منیشو هەموو کەسێکیش بزانین کە لەکۆتاییدا ئێمە سیرخۆری زۆرنالێدەرینو کەس، تەنانەت داواکاری گشتیش، ناتوانێت کەلەپچەی یاسای دژە تیرۆر بکات مەچەکی دەسەڵات.

هەمووان باسی هەڕەشەکانی بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتییان کرد، کە لەژمارەی ڕۆژێکدا دەرچوو لای عەقڵی خوڕافی ژمارەیەکی شوومە (بەڵام شوومە بۆ کام لا؟)، ناشزانم چەند کەس تێبینییان کرد بەیاننامەکە ڕستەیەکی تێدایە کە دڵنیام یاسای دژە تیرۆر کە نەمخوێندۆتەوەو حەز ناکەم بیخوێنمەوە بەسەریدا دەچەسپێت. ڕستەکە هەڵمەتی ناڕەزایی دژی ڕفاندنو کوشتنی سەردەشت عوسمان بە پیلان دژی پارتیو سەرۆکەکەی دەزانێت، لەهەموو هەڕەشەکانیش گەڕێ، لە باسکردنی دەستبڕینیش گەڕێ، لە وریاکردنەوەی بەرامبەریش گەڕێ کە پارتی دەزانێت کێنو کێ نین، ڕستەی مەبەست لەکۆتایی بەیاننامەکەدایەو دەڵێت: ((جەماوەری خەلکی کوردستانیش دڵنیا دەکەینەوە کە ئەم پیلانەو داڕێژەرو ئەنجامدەرانی لەگۆڕ دەنێین)).

ئەگەر سەرنج بدەین باس تەنها باسی لەگۆڕنانی ((پیلانەکە)) نییە، کە ئەمە قسەیەکی ئاساییەو بەدڵنیاییەوە مافی پارتییە ئەگەر بەڕاستی پیلان بێت، کە بەدڵنیاییەوە پیلان نییە، لەگۆڕی بنێت، بەڵکو باسەکە هەروەها لەگۆڕنانی ((داڕێژەرو ئەنجامدەرانی)) پیلانەکەشە کە ئەمە هەڕەشەیەکی جەستەییە بۆ مرۆڤانێکی دیاریکراو. تەنهاش ئەوە بەسە بۆ ئەوەی بیر لە یاسای دژە تیرۆر بکەینەوە، بەڵام بەیاننامەکە لەوەش بێباکترە چونکە لەهەمان بەیاننامەدا ئاماژە بۆ بزووتنەوەی گۆڕانو نەوشیروان مستەفا کراوە کە ئەمە دەکاتە هەڕەشە لە کەسانی دیاریکراو بەناوو نازناوی ئاشکراوە. ئەگەر یاسای تیرۆر کە

نەمخوێندۆتەوەو حەز ناکەم بیخوێنمەوە ئەو هەڕەشەیە نەگرێتەوە با هەموو لایەنە ناکۆکەکان دەست بدەن چەکو بیکەنە تەقەو تۆقاندنو تەقینەوە.

پارتی بۆچی تووڕە بووە؟

ئەوەی پارتیی نارەحەت کردووە هەر خۆی بەرامبەر کەسانی تر، بەتایبەتی ئیسلامییەکان، کردوویەتی. زمانی تەشهیرو ناوزڕاندن لای پارتی ئاسایی بوو کاتێک بەرامبەر ئیسلامییەکان دەیکرد بێئەوەی باسی ئەوە بکەین کە ئەو تەشهیرو ناوزڕاندنە چەند لەڕاستییەوە دوور بوو یان نزیک، بەڵام ئەمجارە قسەکردن لەسەر کوشتنی سەردەشت پیلانەو پارتی بەڵێن بە جەماوەری کوردستان، جەماوەری بێباک لە سومعەی پارتیو هەموو حزبەکانی تر، کە دەستی پیلانگێڕان دەبڕێتو لەگۆڕیان دەنێت. ئایا پارتیو ڕاگەیاندنەکەی ئێستا بیردەکەنەوەو دەپرسن: ((دەبێت ئیسلامییەکان چەند بەو تەشهیرەی ئێمە نارەحەت بووبن))، ئایا پارتی بۆ دوارۆژ ئەو تاڵاوەی لەبیر دەمێنێتو سیاسەتی ڕاگەیاندنی خۆی دەگۆڕێت؟ گومانم هەیە.

ئەی سەرۆکی پارتی بۆچی تووڕە نەبووە؟

بیرمانە سەرۆکی پارتی لە وەسفی پێشمەرگە بە میلیشیا زۆر تووڕە ببوو و هەڕەشەی وڵاتبەدەرکردنی دەکرد، بیریشمانە کە ئەو تووڕەبوونەیمان زۆر لا سەیر بوو چونکە لەجێی خۆیدا نەبوو. ئێستا هەرچەندە جێگەی خۆیەتی بەڵام سەرۆک نابینین بەم کوشتنی ڕۆژنامەنووسانە تووڕە ببێت. کەی سەرۆک تووڕە دەبێت؟ با چاوەڕێی قوربانییەکی تر بکەین.. بەڵکۆ!

ئایا ئەمە تەنها شەڕی گۆڕانە؟

پارتی دەیەوێت هەموو نارەزاییەکان بکاتە پیلانێکی بزووتنەوەی گۆڕان. بەرلەوەی پرسیار لە هۆکەی بکەین دەڵێین ئەگەر بەڕاستی گۆڕان لەپشت ئەو هەموو نارەزاییانەوە بێت پێویستە سوپاسی بکەین کە نەیهێشت کوشتنی سەردەشت بەئاسانی تێپەڕێت چونکە ئەگەر بەئاسانی تێپەڕێت لێکۆڵینەوەش دەبێتە گاڵتەوگەپو ئەنجام یەکێک دەبێت لە دوان: یان دەوترێت بکەر نادیارە، ئێوەش بچنەوە ماڵەوە، میزەکەتان بکەنو بنوون، یانیش داماوێک دەکرێتە تاوانبارو دەکرێتەوە بە قوتابیی جاران پەخشانی تاوانێک کە نەیکردووە لەبەر بکاتو بۆمانی بڵێتەوە، ئینجا ئەم بێت یان ئەوی تر ڕاستییەکە ون دەبێتو ونبوون دەبێتە دەرگایەک بۆ کوشتنی هەر کەسێکی تر بڵێت من سەردەشتێکی دیکەم. باشە ئەی بۆچی پارتی دەیەوێت ورووژاندنەکە بە تەنها هی گۆڕان بزانێت؟ ئەوە تەکتیکێکی زیرەکانەیە: کە هێرشت کرایە سەر بەرەی جەنگ بچووک بکەرەوە. مەڵێ فلانو فلانو فلان لایەن پیلان دەگێڕن.. بڵێ فلانە لایەنەو ئەوانی تر بە بێدەنگیی خۆت بەرامبەریان بێدەنگ بکە. ئەو تەکتیکە بۆ

ئیسلامییەکان سەرکەوتوو بوو، ئەمجارە با بۆ گۆڕان بێت، سەرکەوتوو دەبێت یان نا.. ئەمجارەش با چاوەڕێ بکەین.

چێشتی تەعزیە

ئەوسا خەڵکانێک هەبوون چاویان بۆ پرسە دەگێڕا بۆ ئەوەی نانێکی تێدا بخۆن. ئەم هەڵمەتی نارەزاییەش کە ڕووبەڕووی پارتی بۆتەوە، کە بۆ پارتی وەک پرسە وایە، شوێنی لەوەڕێکی چەورە بۆ ژمارەیەک نووسەرو ڕۆژنامەنووس، زۆربەشیان تازە بوونەتە پارتیو دەیانەوێت بیسەلمێنن لە پێشمەرگەکانی ئەیلوول پارتیترن، بۆیە ئێستا بیردەکەنەوە: شەڕێکی چەورە ئەمجارە خۆمان هەڵمانەگیرساندووە، قەڵەم دەردەهێننو دەڵێن فرسەتە، بڕبەنگ لە زمانیان دەدەنو بۆیاغی زەرد لە دەموچاویان هەڵدەسوون، دەگرینو پێدەکەنن، نانی پرسەی پارتی دەخونو لەدڵی خۆیاندا دوعا دەکەنو دەڵێن: یاڕەبی هەموو ڕۆژێکی پارتی پرسەو تەعزیە بێت.

## جەنابی سەرۆک نا بۆ تیرۆر بەڵی بۆ ئازادی

فەرەیدون حەمەڕەشید

دەکرێت هەموولایەکمان بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەڕەشەیەکی مەرگ ئامێز بۆئازادی وەسفبکەین،سەرەتا بەیاننامەکە هەناسەسواری و هیستریابوونی پێوە دیارە،دەکرا پارتی لەکات و ساتی خۆی دا واتە ڕۆژی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان 2010/5/6 سەرخۆشی و دڵتەنگی بۆ بنەماڵەی ڕۆژنامەنوسی کۆچکردوو دەرببڕیایە، نەک 2010/5/13 ، دوای ترس و زەندەق چوونی لەو بزووتنەوە نارەزایەتییەی دژ بەتیرۆری زەدرەشت عوسمان لە هەفتەی بێدەنگ نابین وکاردانەوەکانی کوردستان و کامپینەکانی وڵاتانی ئەوروپا هاتە کایەوە،بەیاننامەیەکی ئەوهابێ جیکەڵانەی بڵاوکردایەتەوە..

ئەوەی خەڵکی ئەم هەرێمە نەبێت و گوێبیست وخوێندنەوەی دێڕ بەدێڕی ئەم بەیاننامەیە بکات، هەست و شعوری ئەوە ناکات سەرۆکی ئەم حیزبەی بەیاننامەکەی بڵاوکردۆتەوە خۆی بەسەرۆکی هەموو هەرێمەکە بزانێت،چونکە لەم نێوەدا ئەوەندە خۆی لەجەماوەر و ڕووداوەکان دوورخستۆتەوە تا ئەوپەڕی دوورگەی واق واق ڕۆیشتوە ،نەوەک ئەوەی ئیدی هەستی ئەوەمان مابێت جەنابی سەرۆکی ئەم هەرێمە لەخۆشترین هاوینەهەواری ئەم کوردستانە کەسەری( ڕەش) ە لێمانەوە نزیک بێت و ئاگای لەڕۆڵەکانی گەل بێت ..

ئەوەی ڕاستی بێت بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی نەهاتووە دژبەتیرۆرو ئازادی ڕاگەیاندن قسەیەک بکات، بەڵکوهاتووە وشە و دەستەواژەی دەستی دەرەکی بوون

بەکاردەهێنێت، بەرامبەر بەو عەشاماتە جەماوەرییەی بەرێکەوتووە و هاتوونەتە سەرشەقام و داوای ئاشکراکردنی دەست و باندەکانی تیرۆری عەقڵ دەکەن کەسەردەشت عوسمانیان فڕاند و تیرۆرکرد.. نە بەیەک پەرەگراف و نە بەیەک وشە بەیاننامەی ناوبراو باسی ئازادی ڕاگەیاندن وتیرۆری عەقڵ ناکات و بەهیچ شێوەیەکیش ئاماژە بەزەردەشت عوسمان نادات وەک ڕۆژنامەنوسێک،بەڵکو وەک قوتابییەک دەیناسێنێ. لەکاتێکدا جەوهەر و ناوەڕۆکی پەیدابوونی ئەم پێکدانە جەماوەرییە لەگەڵ لایەنی دەسەڵاتدا فڕاندنی ڕۆژنامەنوس و تیرۆرکردنی ئازادی بیرکردنەوەیە لەکوردستاندا..

ئەمە مەترسیدارترین قۆناغی سیاسی ئەمڕۆمانە کەلەسەردەستی دەسەڵاتی سیاسی وبەناوی بەرگریکردن لەدەستکەوتەکانی گەل وحیزب هەڕەشە و تەوهین دەبەخشرێتەوە بەسەر ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییەی کە ئەمڕۆ مەرگی ڕۆژنامەنوسێک بەدوای خۆیدا هێناویەتی و لەسادەترین داواکاری وپێناسەدا بەرگریکردنە لە سەقامگیری ئاسایش و ژیانی هاوڵاتیان لەدەسەڵاتیک کە لەسەر بودجەو پارو وقوتی منداڵانی ئەم کوردستانە زیاتر لەچەند هێزی کردۆتە بخۆربەگ لەژێرناو و دەزگای جیاواز جیاوازدا ..

ئەم بێ ئاگایی و دوورکەوتنەوە لەجەماوەری خەڵک حیکایەت و بەسەرهاتەکەی لویسی شانزەهەممان بیردێنیتەوە،کاتێک 14 تەموزی 1789 ڕق و نارەزایەتیەکانی خەڵکی فەرەنسا پەلاماری قەڵای سەخت وزیندانی باستیلیان دا وقەڵای باستیل کەوتە ژێردەست شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا ،لویسی شانزەهەم لەڕاو و شکار دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی دا بۆکۆشک لەدەفتەری یاداشتی ڕۆژانەی کۆشکی ڤێرسای دەنوسێت ئەمڕۆ هیچ شتێک لەوڵات ڕووی نەداوە ، دەکرێت جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەیاداشتی ڕۆژانەی سەری ڕەشدا ڕۆژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان و هەفتەی کەمپینی بێدەنگ نابین بۆئازدی کەلەنارەزایەتیەکی بەرفراونی چین وتوێژەکانی گەل بەرێکەوتوە، بنوسێت هیچ شتێک لەکوردستان ڕووی نەداوە؟؟

لەکاتێکدا ڕۆژنامەنوسێک لەم هەرێمەدا لەسەر ڕادەربڕین و نوسینی ووشەکانی لەخوێنی خۆیدا سوورکراوە و بە بەیاننامەیەکیش بە هاوڕێکانی و نارەزایەتییەکانی ئەم کامپینە دەڵێن دەستی دەرەکی و ئاشوب، بۆیە هەموو خەڵک پێت دەڵێن جەنابی سەرۆک نا بۆ تیرۆر بەڵێ بۆ ئازادی سیاسی و بیرورا دەربڕین ..

## دیسان دەسەڵات و قەڵەم

نالە حەسەن

دیارە هیچ گومانێک لەوەدا نیە ، کە هەر دەسەڵاتێک لەهەر زەمان و مەکانێکدا بێت ، کاتێک شەپۆڵەکانی جەور و ستەم و دڕندەیی ، ترس و تۆقاندن و کوشتن و بڕین ، کارە نا

مرۆڤایەتیەکانی بە ئەوپەڕی دەگات ، ئەمە شتێک نیە جگە لەوەی کە ئەمە زەنگێکی ئاشکرایە بۆ بێ ئیرادەیی و لاوازی و بوونی عەیب وعار و باوەڕبەخۆنەبوونی ئەم دەسەڵاتە یان نزیکبوونەوەی ئەم دەسەڵاتە لە مەرگ ، یان بەرینتر بوونەوەی قڵشتی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە ، یان زیاتر بێدەربەست بوونی دەسەڵاتە بەرامبەر ژیان و ئاینده و چارەنووسی کۆمەڵگە ..! لەلایەکیتر ، هەر دەسەڵاتێک بەرپرسە لە پاراستنی ژیان و ئاسایشی هاووڵاتیانی خۆی ، کاتێک ژیانی هەر تاکێک یان تەواوی گۆمەڵگە دەکەوێتە بەر مەترسیەوە ، ئەوا بێ هیچ شک و گومانێک بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات .. دەسەڵات بیەوێ یان نا ، مرۆڤ پیرۆزترین و بەبەهاترین بوونەوەرە ، هیچ شتێک لەسەرووی پیرۆزیەکانی مرۆڤەوە نیە . لە وڵاتە پێشکەوتوو و مۆدێرنەکان لایەنی کەم مرۆڤەکان ژیانێکی ئاسایش و ئارامیان بۆ دابینکراوە ، ماڵەکان و زانکۆکان و شوێنە گشتیەکان شوێنێکی ئارامن بۆیان ..! کەس لەسەر نووسینێک و ڕەخنەیەک و نارفێندرێ و ناکوژرێت ..! مرۆڤەکان ئەوپەڕی ئازادن ، لە نووسین و قسەکردن و دەربڕینی ڕوئیاکانیان ، ئەوەی ئەمرۆ لە کوردستان ڕوودەدات مایەی ئەوپەڕی خەم و تووڕەیی و شەرمەزاری و نائومێدییە ..!

کوشتنی " سەردەشت عوسمانی " خوێندکار و لاو ، نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش هەمان ئەومانایەی هەیە کە لەسەرەوەدا باسمان کرد .. وە بێدەنگبوونی دەسەڵات و بێدەربەستی پێشاندان لەبەرامبەر ئەم کارە دڕەندەیی و نامرۆڤانەیە ، لەلایەک پرسیار و گومانەکان زیاتر دەکاتن و لەلایەکی تر ، بێبەهابوون و نا بەرپرسیارێتی ئەم دەسەلاتە پێشان دەدات . گومانەکان لێرەوە سەرچاوەیان گرتووە کە تاوانەکەی ئەمجارە ، بە ئاشکرا و هێندە دڕندانە و هێندە هیستریکانە و هێندە نا مرۆڤانەیە ، وا پێدەچێت / مرۆڤکوژەکان و بکەرەکانی مەرگی" سەردەشت "، هێندە بەهێز و باڵادەست بن ، دەسەڵاتەکانیان لەسەرووی دەسەڵاتی زانکۆکان و بازگەکان و چەتە و ڕێگر و تەنانەت ئەهریمەنەکانیش بووبێت ..! بۆیە دۆزینەوە و ئاشکرا کردنیان کارێکی هێندە ئاسان نیە .. یان بە بڕوای من خۆ خەریککردن بە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی مرۆڤکوژەکانی ڕاستەقینە شتێک نیە جگە لە چاوەڕوانکردنی هاتنی گۆدۆ و هیچی تر ..! لێرەدا پرسیارێک لە دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە ، ئایا بۆ هەر نووسەر و قەڵەمێکی ئازاد ، گەر ئامادەی ملکەچی و دەستەمۆیی قەڵەمەکەی نەبێت ، یان دەبێت پەراوێز بخرێت ، یان دژایەتی بکرێت ، یان لە هەوڵی شکاندنی قەڵەمەکەی دا دەبن ..! بەڵام تاوانەکەی ئەمجارە جیاوازە ، بکوژەکان هەرکەسێک بن ، لە جیاتی شکاندنی قەڵەمەکەی " سەردەشت " ، من پێموایە شووشەی چاویلکەکانی خۆیان شکاند ..! یان دەهۆڵی دیموکراسیەت و نیشتیمانپەروەرێتیەکەی خۆیان دڕاند ..! بەڵام مرۆڤکوژەکان بۆ دەبێت بە چەند نووسینێک و چەند وشەیەکی ئەم لاوە خوێنگەرمە ، تا ئەو ئەندازەیە هیستریا بیانگرێت ، تا ئەو ئەندازەیە هاوسەنگی خۆیان لە دەست بدەن ، بیر لە هەڕەشە و کۆتایی هێنانی ژیانی بکەنەوە ..! ئایا دەبێت چ شەهامەتێک لە کوشتنی ئەم خوێندکارە گەنجە دا هەبووبێت ..؟!

ئەم لاوە خوێنگەرمە کە خاوەنی قەڵەمێکی ئازا و چاونەترس بوو ، دڵی لێوانلێو بوو لە عەشق و ئازادی و هیوا بوون بە ژیانێکی باشتر و سکۆلار و مەدەنی .. هەموو نووسینەکانی ئەم خوێنکارە ئازیزەمان جگە لە خەونێکی گەنجانە و جگە لە باسکردنی ئومێد و خواستێکی گەنجانە ، جگە لە باسکردنی حەقیقەتەکانی جوانی و حەقیقەتەکانی ژیان ، شتێکی تر نەبوون ..! بۆ دەبێت مرۆڤ لەسەر ئەم نووسینە ئاساییانە بکوژرێت ..؟! بۆ دەبێت یان تەسلیم بە مەرگ بین و یان قەڵەمەکانمان فڕێبدەین و قوڕقاپی لێبکەین و نقەمان لێوە نەیەت ..؟! بۆ دەبێت لەسەر باسکردنی ڕاستیەکان ، بەیانکردنی حاڵ و گوزەران و موعاناتەکانمان ، گەڕەک و شەقامەکان سوور بکەن بە خوێنمان و ماڵەکانیشمان پڕ بکەن لە ترس و نیگەرانی ..؟! چ شەرمەزاریەکە ئەم ئافاتە ..!! بۆ دەبێت ئێمە نامورادترین و بەدبەختترین مرۆڤی سەر ئەم ڕووی زەمینە بین ..؟! چ قەدەرێکە ئەم چارەنووسە ڕەشەی ئێمە ..؟! پرسیار ئەوەیە ، ئایا مەرگی ئەم ئازیزەشمان بە دەردی مەرگی ئازیزەکانی ترمان ناچێت ..؟! ئایا ئەمجارەش بە سیناریۆیەکی گاڵتەجاڕانە خۆڵ ناکەنە چاومان ..؟! ئایا ئەمجارەش بە هاتوهاواری نێو گومبەز و مزگەوتەکان بەلاڕێماندا نابەن ..؟! ئایا ئەمجارەش بەدیار سەرەداوەکان باوەشک نادەین و نا چینەوە نێو باوەشی خەوە قووڵەکانمان ..؟! بە کوشتنی هەر مرۆڤێک و شکاندنی هەر قەڵەمێکی ئازاد ، ئایا بە بێدەنگبوونی قەڵەمەکانیتر ، بەهای قەڵەم و مەعریفە ناکەوێتە ژێر پرسیارەوە ..؟! کە مرۆڤ لە بەها مرۆییەکانی داشۆرا و ژیانیش بوو بە جەنگەڵستانێکی تاریک ، ئایا نووسین و داهێنان چ مانایەکیان دەمێنێ ..؟! ئایا مەعریفە و سەفسەتەبازی و تەنانەت فەلسەفەش نابنە شتێکی توڕەهات و بێمانا ..؟!

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بیر لە ژیان و ئایندەمان بکەینەوە .. کاتی ئەوە هاتووە خەونەکانی مرۆڤە گیانبەختکردووەکانمان بهێنینە دی .. کاتی ئەوە هاتووە قوتابیانی زانکۆ ، هاوڕێ و هاوخەمەکانی سەردەشت بیر لەوە بکەنەوە ( لە جیاتی جانتاکانیان ، دەسەڵات بگرنە دەست ..! ) ، هەموومان لە چاوەڕوانی ئەوەین قوتابیانی زانکۆ ، هاوڕێیان و هاوخەمەکانی سەردەشت لەپاڵ وانەکانی ماتماتیک و زمانەوانی و .. وانەکانی عەشق و ئازادی و ژیانیشمان بۆ بڵێنەوە ..! کاتی ئەوە هاتووە هەر هەموومان ، یان تەسلیم بە مەرگ بین ، یان وەک و مرۆڤ ئازاد و سەرفراز بژین ..! ئێستا ماڵەکانمان ، گەڕەکەکانمان ، زانکۆکانمان لە جیاتی ترس و نیگەرانی ، داوای ژیان و ئارامیمان لێدەکەن ..! ئێستا شەقامەکان تێنوون بۆ ڕاسان و هاوارەکانی ئێمە ..! دەبا هەموومان پێکەوە بەڕێکەوین ، بەرەو کاروانسەرا و دوامەنزڵگەکانی ئومێد و خەونەکانمان ..! دەی دەبا هەر هەموومان بەڕێکەوین ، ژیان لەسەر پشکۆکانی ئاگر لە چاوەڕوانیمان سروود دەڵێ ..! دەی دەبا هەر هەموومان پێکەوە بەڕیکەوین ، دەی دەی دەی ..!

## تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان

### تیرۆرکردنی نەتەوەیەکە لە بوونیدا و تراژیدیاکەش هی هەمووانە

د. بورهان ا. یاسین

لە مێژووی میللەتاندا زۆرن نمونەی ئەو رووداوانەی کە لە رواڵەتدا بوویەری تاکەکەسین، بەڵام لە ماهیەت و ماناکانیاندا رووداوی نەتەوەیین و بەم مانایەش تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای هەژاندووە و پەیوەندیداری کردون. تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس و خوێندکار سەردەشت عوسمان هەر زوو بووە یەکێک لەو رووداوانەی کە سنوور و پانتایی تاکەکەسی دەبەزێنن و بەم مانایەش بووەتە رووداوێک کە بە کۆمەڵ گوزارەشی لێدەکرێ؛ بووەتە تراژیدیای نەتەوەیەک.

ئەو گوللانەی ئاراستەی سەردەشت عوسمان کراون لە راستیدا ئاراستەی نەتەوە کراوون لە هەر سێ رەهەندی بوونی نەتەوە و نەتەوەییبوونیشدا: رەهەندی دوێنێ؛ رەهەند و روانگەی ئەمڕۆ؛ وە رەهەندی داهاتووی نەتەوە: 1) گوللەکان ئاراستەی دوێنێی نەتەوە کراون، ئەو دوێنێیەی کە تیایدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەمان گیانیان بەخشی لە پێناو دواڕۆژێکی ئازاد و ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ کوڕ و کچانی نەتەوە، بەڵام ئەوەتا بە رۆژی نیوەڕۆ ئاراستەی هەمان ئەو نیمچە ئازادیە دەکرێ کە لە باشووری کوردستان هەیە، کە دەسەڵاتداران لە موفارەقەیەک (پارادۆکس)ێکی بەردەوامدا پێمان دەڵێن "بەرهەمی خەباتی شەهیدەکانمانە". کەواتە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان کردەیەکە کە شەهیدانی وڵاتەکەمان لە قوڵایی خاک و مێژووی ئەم نەتەوەیەدا تیرۆر دەکاتەوە: ئەوان بۆ رۆژێکی باشتر و ئازادیەکی راستەقینە خەباتیان کرد نەک بۆ روِژێک و وڵاتێک کە تاکەکان تیایدا تیرۆربکرێن لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتدارانێکی تەماح و چاوبرسی؛ 2) لە رەهەندی یا روانگەی ئەمڕۆ و هەنوکەشیدا ئەم رووداوە ئەو روانگە سیاسیە و ئەو نیمچە ئازادیەی کە ئەمڕۆ لە بەشێکی وڵاتەکەماندا (لە باشووری کوردستان)دا هەیە دەخاتە ژێر مەترسیەکی جدی و جورێک لە تاریکی، لە راستیدا هەڕەشەیەکی جدی لە بوون و ماهیەتی روانگەکە دەکا. دەبێ دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە ئەوەش بزانن کە ئەو گوللانەی ئاراستەی سەردەشت عوسمان کراون لە راستیدا ئاراستەی ئەو ئاسایش و هێمنیە کراوە کە تاکە ناز و شانازی دەسەڵاتی باشووری کوردستانە؛ 3) جگە لەمەش، هەڕەشە لە روانگەی سیاسی ئەمڕۆی نەتەوە لە باشووری کوردستان دواجار بە ئەگەری زۆر دەبێتە وێستگەیەک لە پرۆسەی تاریککردنی سبەینێ و داهاتوی ئەم نەتەوەیە و هەڕەشەیەکی جددیشە لەم ئاراستەیەدا.

لە رێگای تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان)ەوە جارێکی تر ئەو تێزە چەواشەکارانەی رژێمە دکتاتۆری و تۆتالیتارەکان سەر هەڵدەداتەوە، کە گوایە گۆمەڵگا بە بەردەوامی وە لە زۆر لاوە دەوری بە کۆمەڵێک هەڕەشە گیراوە وە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەش دەبێ تاکەکان ئامادەبن مەسەلەی باسکردن لە ئازادیە تاکەکەسیەکان دوابخەن! لە رونگەی

دکتاتۆریشەوە هەڕەشە دەرەکییەکان بەردەوام هەن و کۆتاییان نایەت. خۆ ئەگەر هەڕەشەی ڕاستەقینەش نەبوو ئەوا هەر نەبێ دەسەڵاتە تاکڕەوەکان کۆمەڵێک هەڕەشەی دەرەکی وەهمی بەرهەم دەهێنن و وەک هەڕەشەی ڕاستەقینە بە خەڵکی دەدەنە قەبووڵکردن. لە جیهانبینی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە حوکمڕانی دکتاتۆری و تۆتالیتاتۆری هەیە دەبێ تاکەکانی کۆمەڵگا ئامادەبن ئازادی خۆیان بکەنە قوربانی بۆ پاراستنی سەروەری نەتەوە. لەو جیهانبینیەشدا شتێک نیە بە ناوی ئاسایشی مرۆیی یا ئاسایشی تاکەکان (هاووڵاتیان)، بەڵکو ئەمە هەمووی دەکرێتە قوربانی بۆ، گوایە، ئاسایش و سەروەری نەتەوە. کەچی ڕوانگە ڕاستیەکە ئەوەبووە کە مەسەلە نە ئازادی نەتەوەیە و نەش سەروەریەتی بەڵکو ڕێک و ڕاست مەبەست پاراستنی دەسەڵات و درێژکردنەوەی تەمەنی عەرشی دکتاتۆرە. لە ڕاستیدا دکتاتۆر لە پێناو پاراستنی ئەو عەرشە نەک هەر دەخوازێ تاکەکان لە ئازادییەکان بێبەش بکات بەڵکو، بە لۆژیکی ئەو (واتە دکتاتۆر)، ترساندن و تۆقاندنی تاکەکان زامنی وەدەستهاتنی ئەو هێمنی و ئاسیش و یەکڕیزییەیە کە گوایە نەتەوە پێویستیەتی بۆ خۆپاراستن لە "هەڕەشە دەرەکیەکان". ئەم لۆژیکە سالآنێک باڵادەست بوو لە ئەزموونی حوکمڕانی سۆڤیەتی پێشوو و سیستەمە هاوشێوەکانیدا، وە هەر ئەو لۆژیکەش بووە کە بۆ ساڵانێکی زۆر باڵادەست بووە لە حوکمڕانی ڕژێمە تاکڕەوەکانی جیهانی سێهەم و جیهانی عەرەبیدا. بەم مانایە هەر ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمە دەسەڵاتدارانێک هەن هەڵگری هەمان ئەو کولتورە سیاسیەن کە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بیرۆکەی بوونی هەڕەشەی وەهمی بۆ سەر نەتەوە و وڵات وە بگرە ویناکردن و گوناهبارکردنی کاری ڕۆژنامەوانی ئازاد و دەربڕینی وشەی ئازاد، وەکو ئەوەی کە بەشێک بن لە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، دەخوازن کۆمەڵگەیەکی داخراو و تاکێکی تۆقیو بەرهەم بهێنن. لە ڕاستیدا هەندێ لە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، هەر بەوە نەوەستاون کە میدیا و ڕۆژنامەوانی ئازاد بە هەڕەشە لەسەر ئاسایش و هێمنیی ناوخۆی کۆمەڵگا بدەنە قەڵەم بەڵکو بەشێکیان، لە سابیقەیەکی زۆر ترسناکدا، ئەو جۆرە میدیایەیان ڕاستەوخۆ بە هەڕەشەی دەرەکی ئیقلیمی و دەزگا سیخوڕیەکانی ئەو هێزە دەرکیانەوە پەیوەندیدار کردوە. ئەوەی لەم لۆژیکە بەرهەم دێت حەڵاڵکردنی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی خوێنی ئەکتەرەکانی ئەو ڕۆژنامەگەری و میدیایەیە؛ هەر ئەو لۆژیکەشە کە دەخوازێ پێمان بڵێ ئەوانەی بە پێی خواست و حەزی دەسەڵات قسە نەکەن "جێگەیان لە کوردستان نابێتەوە"؛ بەمەش ترسناکی ئەو لۆژیکە دەگاتە لوتکە !

وەڵامدانەوە بۆ ئەم لۆژیکە دەبێ نەک هەر دەرخستنی نادروستی جیهانبینیەکە و ڕەدکردنەوەی بێت، بەڵکو دەبێ پێداگریش بێت لەسەر ئەلتەرنەتیڤێک بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردن و تێگەیشتن لە سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی. ئەم ئەلتەرنەتیڤە هی ئازادیخوازان و دیموکراسیخوازانە و پێهەڵدەگرێ لە دوو بنەما و چمکی هاووڵاتیبوون (لە حاڵەتی ئێمەدا کوردستانیبوون) و دیمۆکراسی. لە ڕاستیدا، وە بە تایبەتی لە 30/20 ساڵی دواییدا، لە زۆر لێکۆڵینەوەی بەرفراواندا پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە بۆ چمکەکانی سەروەری نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی کراوە. لەم پێداچوونەوەیەدا جخت لەسەر ئەوە کراوەتە کە هەر چەند هاوڵاتیان ماف و ئاسایشی تاکەکەسی و ئازادیەکانیان پارێزراو بێت و تاک

توانیبیەتی دەربڕینی ئازادانە لە سەروەری خۆی بکات و تاکەکانی نەتەوە لەسەر بنچینەی سیستەمێکی دیمۆکراسی بەیەکەوە بەسترابنەوە ئەوەندە ئاسایشی نەتەوە پارێزراوتر و خۆڕاگرتر و تەندروستتر دەبێ. بە مانایەکی تر ئاسایشی نەتەوە لە کۆی ئاسایشی هاوڵاتیەکان پێک دێت وە ئازادی نەتەوەش کۆی ئازادی تاکەکانیەتی لە ڕێگەی بەیەکەوە گرێدان لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراسیدا.

لە لایەکی ترەوە لە دەرهاوێشتەی تراژیا مرۆیی و نەتەوەییەکەی سەردەشت عوسماندا شتێک بەدیدەکرێ کە دەبێ بۆ کوڕ و کچانی وڵاتی ئێمە، هەڵبەتە لە روی سیاسیەوە، "دڵخۆشکەر" بێت و بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی کە تا ئەمڕۆش باوەڕیان بە تێرۆر و تۆقاندن هەیە جێگەی ترس و نیگەرانی بێت: دەڵێم دڵخۆشکەر بۆ کوڕان و کچانی وڵاتی ئێمە، چوونکە ئەو رووداوە تراژیدیاوییە فرەڕەهەندە نەک هەر بۆتە هۆی تورەبوون و بێزاری خەڵکی کوردستان بەڵکو بۆتە هۆکاری جۆشوخرۆشدانێکی سەرنجراکێشی توێژە جیاجیاکان هەر لە رۆژنامەنووسان و رەوشەنبیران و نوسەران و خوێندکاران و . . . هتد، کە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەردەبڕێ، کە لە ئاراستە گشتیەکەشیدا یەکانگیرە. بەم مانایەش تراژیدیایەکی مرۆیی بووەتە کەرەسەی هەژان لە هوشیاری و ویژدان و هەڵوێستەی سیاسی بەکۆمەڵدا. . . لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم جۆشوخرۆشدانە بە ئاراستەیەکی تەندروستدا دەبێتە وزە و دەربڕینێکی داهێنەر بۆ رێگرتن لە تاریککردنی زیاتری ژیان و روانگەی سیاسی ئەمڕۆ و سبەینێی وڵاتەکەمان. لەم جۆشوخرۆشانەدا گوزارەش لە پەیامێکی گرنگ دەکرێ ئەویش ئەوەیە کە ئیتر خەڵکی کوردستانیش هەر وەک خەڵکی ئۆکرانیا و جیورجیا و زۆر وڵاتی تر لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانێکی ملهوڕ و تێرۆرکردنی بیر و رادەربڕین و پێنووس و وشەی ئازاد بێدەنگی هەڵنابژێرێ، بە ڵکو دەتوانێ هەروەک نەتەوە زیندووەکانی جیهان لە ڕێگەی بزواندنی کۆڵان و شەقام و گۆڕەپانەکانی کوردستانەوە سنوورێک بۆ ئەو دەسەڵاتدارانە دابنێت کە ئەمڕۆش باوەڕیان بە بەهاکانی کۆمەڵگەی داخرا و تێرۆرکردنی پێنووس و وشەی ئازاد هەیە. لە لایەکی ترەوە هەر ئەو راستی و ئەگەرانەن کە دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە لە ناخیاندا دەتۆقێنن: دەڵێم دەتۆقێنن چونکە هەڵگرانی کولتوری سیاسی دکتاتۆری و باوەڕبوون بە پاراستنی دەسەڵات لە رێگەی تێرۆرەوە نەک هەر هەڵگری پرەنسیپ و مێتودی تۆقاندنی جەماوەرن، بەڵکو هەر خۆشیان زۆر لە جەماوەر و هێزی بنەهاتووی دەترسن؛ هەر ئەوەشە رێک ئەو جەدەلەی کە بوونی دکتاتۆرەکانی پێوە بەندە: دکتاتۆر دەتۆقێنێ چونکە خۆی لە ترس و تۆقانێکی بەردەوامدا دەژی. ئاخر شێوازی تێرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تا بڵێی "ترسنۆکانە" بوو، لە راستیدا ترساندنێکی ترسنۆکانە بوو لە وشە و پێنووسی ئازاد!

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی رۆژنامەنووس و خوێندکار سەردەشت عوسمان، کە لە رێگەی تراژیدیای قوربانیدان بە گیانی خۆی سەرلەنوێ دەرفەتی ئاخافتن دەربارەی وە هەڵوەستەکردن لە مەسەلەگەلێکی زۆر گرنگ وەک ئازادی رادەربڕین و کێشەی ئازادییەکان بە گشتی بۆ کوڕان و کچانی وڵاتەکەی رەخساند. ستایش بۆ ئەو روحە کە لە رێگەی نەمانیەوە

دەروازەیەک بۆ مەسەلەی بوونی نەتەوە و گوزارەشکردن لە کێشەکانی، لە رەهەندەکانی رابردوو و هەنووکە و داهاتوویدا، کرایەوە؛ دەروازەیەک کە لە ڕێگایەوە ئیرادەی بەرگریکردن لە دەنگ و پێنووسی ئازاد بە جوانترین و پڕ ماناترین شێوە خۆی دەنوێنێ.

گرنگە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئەوە بزانن کە ئەمڕۆ نەک هەر روحی سەردەشت عوسمان بە تەنیا نیە بەڵکو هەموومان سەردەشت عوسمانین...

2010\5\10

**بێ وەڵامی و ئاشکرانەکردنی تیرۆرستان لەلایەن دەسەڵاتی پارتییەوە**

**پرسیارێکیترە لە بەرامبەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان**

سەرگوڵ ئەحمەد

لە درێژەی ئەو هەموو تاوان و بێ مافیانەی کە دەسەڵاتی کوردی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی دەدەن، دیاردەی فڕاندن و زیندانیکردن و تیرۆرکردن زۆر ئاسایی بۆتەوە. بە ڕۆژی ڕووناک و لە ناو جەرگەی زانکۆ بە بەرچاوی پاسەوان و خوێنکارانەوە، دڕندە و مرۆڤکوژەکان بەعس ئاسا لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (سەردەشت عوسمان)ی ڕۆژنامەنووس و خوێنکاری زانکۆی سەلاحەدین دەفڕێنرێت و بە بەرچاوی ئاسایش و بە ناو چەندین بازگەدا دەبرێت و لە شاری موسڵ تیرۆری دەکەن و تەرمەکەی لە نزیک کەرتی ڕێکخستنی یەکێتی فڕێ دەدرێ ؟؟؟

ئەم تاوانە گەورەیەی لە بەرامبەر سەردەشتی رۆژنامەنووس ڕوویداوە یەکەم تاوان نییە و دوا تاوان نابێت هەتا ئەم دەسەڵاتانە لەسەر حوکم بن، هەر لە ژێر دەسەڵاتی پدک دا بوو (نزیر عومەر) تیرۆر کرا،(قابیل و شاپور) تیرۆر کران، (بەکر عەلی)لە خۆپیشاندانی جەماوەری لە ژێر دەسەڵاتدارانی ی ن ک تیرۆر کرا، تەقەکردن لە خۆپیشاندان، تیرۆرکردنی (سۆرانی مامە حەمە)، (رەئوف کامیل)و چەندین مامۆستا و کەسی ئازادیخواز و پێشکەوتووخواز ڕووبەڕووی هەڕەشە و فڕاندن و کوشتن بوونەتەوە. دەسەڵاتداران لە لایەکەوە دەستە و تاقمی ملشیایان دروست کردووە و بەربوونەتە گیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادییەکان دەخنکێنن و دەیانەوێ بەم جۆرە ڕفتارە قیزەونە ترس و تۆقاندن پێشانی کۆمەڵگای کوردستان بدەن.. ڕۆشنبیران و پێشکەتخوازان بخەنە بەردەم هەڕەشەی تیرۆرەوە لەلایەکی تریشەوە دەستی ئیسلامییەکانیان ئاوەڵاکرد و شەریکیان کرد لە دەسەڵات و دەستیان دەهێنا بە پشتیاندا بۆ هەڕەشە و فتوادانی کوشتنی نووسەران و ئەدیبان و کەسانی ئازادیخواز و کۆمۆنیست.

بەڵام تیرۆرستان دەبێ ئەوە بزانن کە عەزم و ئیرادەی سەردەشتەکان لەوە بەهێزترە کە بە تیرۆر و تۆقاندن پاشەکشە بکەن، لە دەربڕینی بیروبۆچوون و خەباتیان لە پێناو ئازادی و یەکسانی خۆشگوزەرانی تەواوی کۆمەڵگادا.

دەسەڵاتدارانی کورد لە هەولێر لە تیرۆرکردنی( سەردەشت عوسمان) ئەوەیان ئاشکرا کرد کە ئەمەیە دیموکراسییەکەیان ،ئەمنیەت و ئاسایشی خەلکی ئاوا دەپارێزن. بەڵێ ئەوە کوردستانە پڕ ئاسایش و دیموکراسییەکەیانە کە بەشێکی زۆری گەنجانی کوردستان لەدەست نەبوونی ئازادی و ئەو هەلومەرجە تاڵ و دژوارە ناچار بە هەڵهاتن دەکرێن و بەرەو چارەنووسی نادیار کۆچ دەکەن و دایک و ئازیزەکانیان بەجێ دەهێڵن، بەشەکەی تری دەبێت لەگەڵ ئەو دنیا پێچەوانەیەدا بجەنگێن و ڕەخنە لە واقعی ئەمڕۆی کوردستان بگرن، لەم کۆمەڵگا بەناو دیموکراسییەدا کوشتن و تیرۆر وەڵامدانەوەی ڕەخنەکانە.

بەڵام ئەبێ ئەوە بزانرێ کە هەتا تیرۆرستان ئاشکرا دەکرێن. دەسەڵاتی پارتی دیمکراتی کوردستان بەرپرسە لە تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان).

دەسەڵاتداران شەرم بتانگرێت، کارەساتەکانی ڕابردوو ئێستاش پەڵەیەکی ڕەشە بە ناوچاوانتانەوە. ئێوە سەرۆکی ئۆقیانسێک لە تاوانن. ئێوە سەرۆکی وولاتی پڕ تاوان و تیرۆر و شەڕ و کوشتاری چەند ساڵەی ناوخۆن کە گیانی هەزارەهاتان کردە قوربانی مانەوەی دەسەڵاتەکانتان و وە هەزارەهاتان ئاوارەی وولاتەکان کرد. تۆزێک شەرم بتانگرێت، واز لە دەسەڵاتەکانتان بهێنن، کوێخایەتی و ئاغایەتی با بەس بێت. ئەگەر ئێوە تۆزقاڵێک بەرپرسیارێتیتان لە خۆتان نیشان بدایە، یا ئەگەر ئێوە شەریک نەبن لەو تاوانانە ئەوا دەبێت واز لە پۆستەکانتان بهێنن لەبەرامبەر ئەو کارەساتە گەورانەدا کە دووچاری خەڵکی ئەو وولاتە دەبێتەوە، بهێڵن با کۆمەڵگای کوردستان ئازاد بێ. با خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. مێژووتان شاهیدە ئێوە لەوە زیاترتان پێ ناکرێ.

ئێوە دەسەڵاتدارانی کورد بەرپرسن لە بەرامبەر ژیان و سەلامەتی ئارامی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان دا، چونکە بە هێڵی سووری پیرۆزی جۆراوجۆری فەرزکراوکە بتوانن دەسەڵاتەکەتانی لە ڕێگەوە فەرز بکەن چواردەوری بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستانتان گرتووە، چ مانایە ک بۆ ئازادی ڕادەربرین دەمێنێتەوە کەلەسەر ئازادی بیروڕا بە پێی چوارچێوەیەک کەداتان ناوە نابێت رەخنە لەسیستەم و دەسەڵات و دین و موقەدەساتی فەرزکراوی کۆنەپەرست و دواکەوتویی کۆمەلگا بگیرێت ،ڕەخنە لە گەندەڵی وفەسادی بگیرێت ،نابێت موچەو داهاتی دەسەڵاتداران ئاشکرا بکرێت. زیندانیکردن و تیرۆرکردنی هەر کەسێک کە لەسەر ئەمانە دەنگ هەڵبرێت .وە شەرعیەت دان بە یاسای لەسێدارە دان، وەدادگایی نوسەران و ڕۆشنبیران دەست و پێشکاندنیان ،بە دەلیلی ئەوەی ئاسایش و ئەمنێتی وولات دەخەنە مەترسییەوە. هەموو ئەو ترس و تۆقاندن و مەترسیانە ئێوە سەرچاوەکەین کە

پێویستە ئێوە بەهۆیانەوەدادگایی بکرێن. هەروەکو هەموو سەرۆکە تاوانبارەکانی دنیا. بەیانکردنی ووشە باق و بریقەکانتان لە لاپەرەی ڕۆژنامەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان تاندا لەسەر ئازادی و دیموکراسی بە تایبەت لە کاتی هەڵبژارنەکاندا بۆ فریودانی خەڵک لە ئێستادا خۆشباوەڕیەکی بۆ هیچ کەس نەهێشتوەتەوە.

هەر لێرەوە من ئەم کارە تیرۆرستی یە ئیدانە و مەحکوم دەکەم، دووبارە لێرەوە ڕایدەگەیەنم کە پارتی دیمکراتی کوردستان بەرپرسە لە تاوانە و دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە بێ سوودەکانیان برینی دایکانی جگەرسوتاو سارێژ ناکا.

نەمری وسەربەرزی بۆ گیانی سەردەشت و هەموو ئەوانی گیانیان لە پێناو ئازادی و یەکسانی دا بەخت کرد.

مردن و سەرشۆڕیی بۆ تیرۆرستان .. بژی ئازادی بیروڕادەربڕین.

2010\5\12

**کوشتنی سەردەشتەکان**

پشکۆ ئەمین

پاش زیاد لە هەژدە ساڵ لەبانگاوازی بەرقەراری ئاسایش و گوێزانەوە و دابەشکردنی دیموکراسێتی بەعێراقدا، پاش ١٨ ساڵ چاوەڕوانی خەڵکی کورد بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، مافی مرۆڤ، مافەکانی تاکەکان لەم هەرێمەدا ! دوێنێ لە پایتەختی کوردستاندا، لەبەردەم حەرەم و شەرەفی هەمووماندا، لەبەردەم حەرەمی زانکۆدا، لەبەر چاوی گەشی حیزبدا، لە ژێر پەرچەمی دروشمە چاو زەقەکاندا بەرزانکۆدا، لە نزیک دام و دەستگای تەنفیزیدا، لەبەردەم وەزیر و وەزارەتی ناوخۆ دا، لەبەردەمی کۆلیژی زماندا کە ڕاگرەکەی بێزمانە! لەبەردەم پارەگای زرێڤانیدا کە تەنها هی حیزبن و حیزب ناسن!لەبەردەم پاراستن و ئاسایشدا، لە بەردەم سەد و ئەوەندە پەرلەمنتاری بێ جورئەتدا لەبردەم ..لەبەردەم ..چاوی خواو چاوی سەدەی بیست و یەک گشت سفارەتەکانی وڵاتانی ئەوروپادا زەردەشت عوسمانی کورد، زەردەشتی خوێندکار، زەردەشتی ڕۆژنامەنووسی بێسەندیکای تەمەن ٢٣ ساڵ، بە ڕۆژی ڕووناک لەبەردەمی ئاپورەی قوتابیاندا، بەلێدان و ئیهانە کردن ئەرفێنرێت و پاش دوو ڕۆژ لاشە پیرۆزەکەی لە موسڵ فڕێدەدرێت، ئەمە چ واتایەک دەبەخشێت و چیمان پێدەڵێت، پێمان دەڵێت ئەو هات و هواری بەرقەراریەی ئاسایش ڕاست نەبوو، دیموکراسێتی کورستان هەر زۆر درۆ بوو! ئاخر لەوڵاتێکدا کە مرۆڤ وەک جگەرەیەک وابێت بەدەمی دەستگاکانی ئاسایش و حیزبەوە هەرکاتێک بیانەێت یان دەیکێشن یان فرێی دەدەن، دیموکراسیەتلەچ کونێکەوە دیارە ، چ مانایەک دەبەخشێت!جگە لەوەی کە ئازادی ودیموکراسیەت تەنها بۆ

کۆمەڵێک پۆلیس و دەست وپێوەندەکانی حیزب ودەسەڵاتە! لەوڵاتی نەهامەتیدا لە کوردستانی نائومێەکەی ئێمەدا هەموو شتێک لە خزمەت سەرۆکدایە و لەپاش سەرۆکیش حیزبە گیان دێت! خاک و نەتەوەش لەوێ قڕەیە! ئای لەم نەهامەتیە گەورەیە!

بۆیە وەک دەیبینن ئەوا ئێستا بەهۆی تاوانە یەک لە دوای یەکەکانەوە، رۆشنبیران و خەڵکانی وڵاتی ئێمە رووە و هەڵچوون و تورەیی دەچن! وا ئەم هەڵچوون و تورەییە خەریکە دەبێتە بزوتنەوەیکی جەماوەری کە تیایدا داواکاری بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان دەکرێت! ئاپورای خەڵک بریاریان داوە بێدەنگ نەبن و دەنگیان زوڵاڵترکەن لەپێناو بنبڕکردنی گەندەڵی و پاوانکردنی دەسەڵات و پێشێل کردنی ئازادی و ئەو هەموو ملیار دۆلارەی سەرنگوم کراوە، بێدەنگ نابن تا دەسەڵاتی نوستوو و پەڕلەمانی کەڕ بەخەبەردێت، بکوژانی وشە ئاشکرا دەکەن ،کۆڵ نادەن لە خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا! لە پێناو دروستکردنی وڵاتێکدا کە هەموو مرۆڤاکان تیایدا بە ئازادی و بێترس بیروڕای خۆیان دەربڕن! بڕیاریان داوە کە چیتر گوێ بە دەزگاکانی پاراستن و ئاسایش نەدەن کە دەیانەوێت مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەی ئێمە کە ئەوان بەئارەزووی خۆیان خێێر و بێرەکەی دەخۆن و یاری بە چارەنوسیشیان دەکەن دەیانەوێت وەک عەبد بین! ئەوان رێگە نادەن و نایانەوێت ئێمەی مرۆڤ لەسەرمافە مەدەنیەکانمان لەسەرمافە نەتەوەییەکانمان بەدەنگ بێین! دەیانەوێت کە ئێمە کەڕبین، لاڵ بین، کوێربین، باسی هیچ نەهامەتیەک هیچ دەردەسەرێک نەکەین کە لە وڵاتەکەماندا روودەدات! ئەوە خەونێکە کە تەنها ئەوان دەیبینن! ئێمەی ئازادیخواز، ئێمەی داواکەرانی بیری سەربەست، ئێمەی هەڵگرانی بیری چاک و ووتەی چاک و کردەوەی چاک لە ئاتەشگەکەی زەردەشتەوە هاتووین و بووینەتە مۆتەکەی تاڵی خەونی شەوانی سوریان

و سواری کۆڵەکەی سنگیان بووین و داوای خوێنی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کیمیاوی بارانیان لێدەکەین، ئەوەتا هاواری ئێمە گوێی دنیای پڕکردوە، پێیان دەڵێین کوا ئەو ئازادیەی بەڵێنتاندا؟ کوا سەربەخۆیی کوردستان؟ گشتان فرۆشت بۆ شەوی سوری خۆشیتان، پێیان دەڵێین ئێوەی دوژمنانی ئازادی و بیری رووناک دەبێت روو لە ئاهورا بکەن و تۆبەبکەن لەو هەموو نەهامەتیەی بەسەر خەڵکی کوردتاندا هێناوە! ئەو شوێن و کورسیەی کە ئێوە لەسەری دانیشتوون بەرهەمی خەباتی ئێمە و باب و باپیرانمانە بەخوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمان دروست بووە!

پێیان دەڵێین ئێمە گەواڵە هەورەکەی هاوینەی ئێوە نین تەنها کەمە گرمە گرمێک بکەین، ئیتر دانامرکێینەوە تابەهەق نەگەین! ئیتر بەقسەکانتان دڵخۆش نابین، سەر بۆ وەعد و بەڵینەکانتان نالەقێنین. ! ئیتر رێگە نادەین وەک شتومەک بازرگانیمان پێوە بکەن ئەی چاو چنۆکینە!

(نە شاریش جێدەهێڵین و نەسکاڵاش لای جەلادەکان تۆماردەکەین و نە ئەمەش دوا وشەمان دەبێت، چونکە ئەوانەی دوای ئێمە تەواوکەری ئەم کێشەیەن،تەواوکەری ئەم وێنە و چیرۆکەن) یەک یەکتری تەواو دەکات! ئەم چیرۆکی جەوسانەوە و دەم داخستنە دەبێت تەواو

بێت، ئێمەی گەل لێتان بێزارین، ئێمە لێزمەی بارانێکی پڕ لەژانین، عاشقان و شەیدایانی ئازادیین، خەون بەگوڵە گەنم و مناڵانی پێخاوسی ئەنفال و شەهیدانەوە دەبینین! خەون بە وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆوە دەبینین!کە تیایدا گشت (سەردەشتێ)ک و (سۆران)ێک و (دوعا)یەک بەئارەزووی خۆی بە مافەکانی خۆی بگات لەو وڵاتەدا هیچ جەلادێکی بیرکوێر نەبێت رێگەی ئازادی لێبگرێت و بە بلۆک سەری پانکاتەوە و بەفیشەک ناودەمی داخات! رێگە نەدات نەبەزەکانی وڵاتەکەم بەئارەزووی خۆی گۆرانی بچڕێت!ئەوەتا بەبرچاوی هەمو دنیای نوستوەوە لەپیناو هەمان ئامنجدا و بۆ ئازادی ( شیرین و فەرزاد و فەرهاد و عەلی) شم وەک زەردەست شەهیدەکرێن و هەڵئەواسرێن !

ئێوە ئەی دوژمنانی ئازادی و بیری رووناک روو لە ئاهورا بکەن و تۆبە بکەن لەو هەموو نەهامەتیەی بەسەر خەڵکی کوردتاندا هێناوە! باش بزانن کە ئێمەی عاشق خەڵکانی بازاری عکاڤ نین وشەکانمان بفرۆشین بە گەڵا و دەفتەرو ئەرزە!یان شاعیرانی سەردەمی عەباسی نین تا بەسەر جوانیی جاریاکانتاندا شیعر هەڵدەین و باسی جوانی و خێرایی ئەسپەکانتان و تفەنگەکانتان بکەین! ئێمە بڕوامان بە سەرکەوتنی نەتەوەکەمان هەیە و کاری بۆ دەکەین و ناترسێین لە نۆکەر و لە جەلادانی داگیرکەر. خەونەکانمان هیواکانمان هەر بەردەگرێت! دەبێت ئێوەش باش بزانین کە ئێمە، ئێمەی گەل ئێمەی زۆرینە نە ئەمرین و نە لەناو دەچین چونکە ئێمە ملیۆنانین و لەسەر هەقین! رێگەی راستیمان گرتۆتە بەر و هەنگاوەکانیشمان بەرە و خۆر و، بەرە و ئازادیی ملیۆنانە! پێتان دەڵێین گوێمان لێبگرن، گوێ لە خەڵکی وڵاتەکەتان بگرن، ئێمە دژین بە چەوساندنەوە! دژین بە پۆل پۆل کردن و جیاوەزی دروستکردنەی کە دەکرێت لە بەینی کۆمەڵانی خەڵکدا بەناوی حیزبی بوونەوە.

خەڵکی ولاتەکەم ئیتر ناترسین و سڵتان لێناکەینەوە، ئەوەی بەراستی دەزانین دەیڵێین نەتفەنگەکانتان نە هەڕەشەکانتان نەزیندانەکانتان نامان ترسێنن! یەکێکمان شەهید دەکەن دەیانی ترمان لێتان راست دەبێتەوە، هاواردەکات دوژمنی چەوساندنەوەین، دەمان داناخەین دژین بەگەندەڵی، نا بۆ عیراقچێتیتان،نا بۆ دزینی سەروەت و سامانی کوردستان! نا بۆ دژایەتی کردنی ئازادیی رۆژنامەگەری نا بۆ داخستنی دەمی مرۆڤ، نا بۆ گەڕانەوەی رەورەوەی مێژو لەلایەن مەلا کۆنەپەرستەکانەوە! بەڵێ بۆ وشەی جوان و پیرۆز! بەڵی بۆ کوردستانێکی ئازاد و یەکسان! کەتیایدا مرۆڤ بەری رەنجی خۆی بخوات نەک سەروەت و سامانی کورد بدزێت!

ئێوەش ئەی زەردەشتەکانم چاوەکانتان لێکنێن دڵنیابن کە نەتەوەکەتان هەر بردەوام دەبیت پەیامەکانتان تەواو دەکات،منیش ئەمەی لێرەوە دەینووسم، بۆ گشتانە و بۆهەمو شەهیدێکی وڵاتەکەمە، بۆ ئەوانەی کە دوێنی بەفەرمانی ئاخونەکان لە ئێراندا لەسەر کوردبوون هەڵواسرانو شەهیدکران،بۆ ئەو گەریلایانەی کە لەپێناوی ئازادیی مرۆڤی کورددا خەبات دەکات دژ بە دوژمنانی ئازادی. و سەرفرازی.

2010\5\11 – شتووتگارت

**سەردەشت و تۆقین لەسەردەشتەکان**

**مەحمود ئەحمەد**

**ئەو دەستە لەرزۆکانەی کە بەخوێنی پاکی سەدردەشت سوورکران کێ بوون ؟! لەکام ئەستێرەی ترەوە هاتوون و پەروەردەی کام کلتووری ترن ؟! لە چ خوێندنگا و زانکۆیەکدا وانەی خوێنڕێژیی فێربوون ؟! بڕوانامەی تاوانکارییان لەلای چ پایەبەرزێکی دەسەڵاتداری مافیاوە وەرگرتووە ؟!**

**لەخوێن هەڵکێشانی سەردەشتەکان نە بەدەستی جەللادانی کورد کراوە و نە سەرۆک و دەسەڵاتی مافیای کوردیش لێی بە ئاگایە !! کوشتنی سەردەشت تەنها بەدەستی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و بەفیتی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ڕادیکال و مرۆڤ دۆستانی ئەم دەڤەرەجێ بەجێ کراوە .. چونکە خەڵکی کوردستان بە نووسەرو ئازادیخوازیەوە دەستی ئەو دەسەڵاتەی گرت و لەلای سەری سەرەوە، لەسەر سەری باوک و باپیر و گۆڕی ئازیزانیەوە، لەسەروو شکۆمەندیی و کەرامەتی خۆیەوە کورسی دەسەڵاتی ڕەهای پێ بەخشی و ئەویش تاجی تاوانکارییەکانی لەسەرخۆ نا..**

**بکوژانی سەردەشت ئەوانە بوون کە سفرەی ناو ماڵی کوردیان بێ ڕەونەق کرد و پارووی دەمی هەژارو بێ نەوایانی ئەم وولاتەیان لەدزی یەکانیاندا کردە ڕابواردنەکانی خۆیانەوە و ماشەڵایان ئەکرد لە ئیرادەی خواکەیان کە بەچ نازو نیعمەتێکی گەیاندوون .. بکوژانی سەردەشت ئەو مشە خۆرانەن کە خۆیان کردۆتە کەسانی موقەدەس و ئەبێت خەڵکی هەمیشە لەبارەگای پڕ شەرم و عاریاندا کڕنووش بەرێت و داوای بەخشندەیی و تۆبە کردن لەوان بکات.. بکوژانی سەردەشت بازرگانانی هێڵی سورن ، هێڵی سوری کارو کاسبی وژیانی ئێمە ، هێڵی سوری ووشەی ئازادو ئازادی ، هێڵی سوری بەئاگا بوونمان لە هەموو بڤەکانی ئەوان ..**

**بکوژانی سەردەشت ئەو ئامێرو ڕۆبۆتانەن کە کڕنووش بەری جامانەیە و کەرامەتی خۆی لە ڕەنگێکدا ئەبینێتەوە .. ئەوانەن کە لەسەرەوە جلی کوردی ئەکەنە ڕەمزی چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان .. ئەوانەن کە دارجگەرەی کوردەواری ناگۆڕنەوە بە پایپ و هەنگوینی شانەی سروشتیش نەبێت بەگەرووی دا ناچێتە خوارێ ..**

**بکوژانی سەردەشت ئەوانەن کە دەیان ساڵە فێرکراوون چۆن ڕێز لە کەرامەت و ئازادی بەرامبەر نەگیرێ ، چۆن بەهاو نرخ بۆ گیان و ژیانی بەرامبەر دانە نرێت.. چۆن لە ڕێ ی مقاشەکانیانەوە هەموو دەنگێکی ئازادی خوازی چز بکەن و خۆشیان ڕووسور نیسان بدەن .. ئەوان ئەو فاشستە ترسنۆکانانەن کە بەدزی یەوە و بەدرێژایی مێژووی کۆنیان خوێنی نەیارو قەڵەم ئەڕێژن .. بکوژانی سەردەشت بت و خوای پەرستگان و ئەبێت جەماوەر ملی کڕنووش و سوپاس گوزاری هەمیشە بۆ خوارەوە ڕابگرێت لە ئاستیاندا ..**

بکوژانی سەردەشت ئەوانەن کە سەدان ملیۆن دۆلار بۆ بێ دەنگی پێ کردنی ئێمە بەخەرج ئەدەن و لەرێ ی کەناڵ وراگەیاندن و نوسەری کاسە لێسیانەوە ستایشی کارو کردەوی قێزەوون و پڕ تاوانیان بە سەروەری و مرۆڤ دۆستی باوەشین ئەکەن تا لەم رێگایەوە دەستی رەش و تاوان کاری یان بشارنەوە لە خەڵکی کوردستان ...بکوژانی سەردەشت ستایش کەرانی بارەگای تاوانن و بۆ پارووی چەور کلکیان پان و پۆڕ کردۆتەوە ..

ئەوان سەردەشتیان کوشت تا رێگا بۆ کوشتنی ئازادی خۆش بکەن ، تا کەس زات نەکات بڤەکان باس بکات ، تا کەس نەتوانێت سری مقدساتی ئەوان روماڵ بکات ، تاکەس زاتی ئەوە نەکات باسی مێژووی پڕ لەتاوانیان بکات ، تا کەس پرکێشی نەکات باسی بەناو سەروەری یەکانی ئەوان بکات و کۆمەڵگا لە خەتەری ئەم باندانە ئاگادار بکاتەوە .. بکوژانی سەردەشت بەدەستی کارمەندانی کارگەکانی مەرگی ئەوان ، کارگەی داپڵۆسین و خوێن و وون کردن ، کارگەی جەنگ و ماشێنی جەنگی ئەویش تەنها لەدژی خەڵکی کوردستان نەک لەدژی دوژمنانی .. بکوژانی سەردەشت دەست کورتەکانن کە ناتوانن دەستیان بگاتە باڵای دوژمنانی ئازادی کورد ، کە قومار لەسەر مقدرات و چارەنووسی نەوەکانی ئەم وولاتە دەکەن ..

بکوژانی سەردەشت ئێمە خۆمانین ، ئێمەیەک کە هەتا ئێستاش دەنگیان بۆ ئەدەین ، گەورەیان ئەکەینەوە ، شەڕیان لەسەر ئەکەین ، خۆمان ئەکەین بە دوژمنی یەکتر لە سەر ئەوان .. شەق ئەخۆین و بێ رێزی ئەکرێین لەسەریان .. ئێمە خۆمانین و خۆشمان ئەبێت باجەکانی بدەینەوە .. ئەبێت یەخەی خۆمان بگرین و بە توندی راپچڵەکێین و هۆش بێتەوە بە بەرمان ، تا بتوانین رێ لە تیرۆر کردنی سەردەشتەکانی تر بگرین کە بەرێوەیە ...

**لە سەردەشتی کیمیاخوردەوە بۆ سەردەشتی سەربڕاو**

سەردار پشدەری

ئەو رۆژەی شاری سەردەشت کیمیاباران کرا، باوکی شەهید سەردەشت بڕیاری دا مناڵی داهاتووی ناو بنێ سەردەشت، نەیزانی ئەو سەردەشتەش وەک شاری سەردەشت دەخنکێنرێ. نزیکبوونەوەی کلتوری کوردی لە کلتوری رۆژئاوا، گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی گەنجانی دوای 1991 دروست کردوە، کاتێک گەنجانی کورد خۆیان و کۆمەڵگا لەژێر پێشێلی دەسەڵات دا دەبیننەوە، خۆیان بۆ راناگیری و هەر یەکەی بە شێوەیەک دەردی دڵی خۆی دەردەبرێ، لە کلتوری رۆژئاوادا، هیچ نوسەرێک لەسەر جنێو، داستانی بریندارکەر، چیرۆک وێنەی تێکشکاوی کارتۆنی سزا نادرێ، رۆژانە رۆژنامەو گۆڤارەکانی رۆژئاوا پڕە لە (جنێو، داستانی بریندارکەر، چیرۆک وێنەی تێکشکاوی کارتۆنی بەرامبەر بە سەرۆک و دەسەڵاتدارەکانیان)، بەشێک لەو گۆڤارو رۆژنامانە دێنە کوردستان و دەکەونە دەست ئەو

گەنجانەی کە دەیانەوێ بە قەڵەمەکانی خۆیان دەنگی نارەزایی خۆیان یان کۆمەڵگا دەربڕن. لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی کوردی وەک دەسەڵاتێکی خێڵەکی سەدان ساڵی پێش ئێستا فەرمانڕەوایی خۆیان دەکەن و گۆڕانکاری لە هەلسوکەوتی خۆیاندا ناکەن، رۆژانە توشی سەدەها نوسینی توندو تیژ دەبنەوە لەلایەن گەنجانەوە. لەکاتێکدا کە دەسەڵاتدارانی کورد نوسینە توندەکانی هەندێ نوسەر بە هەند وەرناگرن و بێمنەتی خۆیان بەرامبەر بەو نوسینانە دەردەبڕن و پەنا دەبەنە بەر هەڕەشەو پەلاماردان و کوشتن و بڕینی نۆسەران، ئەوە نوسەرەکان بریندار دەکات و نوسینی توند تر دەنوسن و چاوپۆشی لە ژیانی خۆیان دەکەن.

دەسەڵاتی کوردی داری بێمنەتی لەکۆمەڵگا هەڵگرتوەو ئاوڕ لە نوسینی هیچ کەس ناداتەوە، ئێمە 20 ساڵە بەزمانێکی زۆر شیرین دەنوسین و رەخنە دەگرین، تاوەکو ئێستا دەسەڵات نەهاتوە قسەمان لەگەڵ بکات و بپرسێ چۆن چارەسەری ئەو بارودۆخە بکەین، لە جیاتی ئەوەی کە نووسینەکانمان بە وردی بخوێننەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، بە میدیاکان دەڵێن نووسینەکانی سەردار پشدەری بڵاو مەکەنەوە، کاتێک دەبینن رەخنەیەکی زۆر خراوەتە ناو کتێبەکانمانەوە، رێگا نادەن کتێبەکانمان لەناو پێشەنگای کتێبەکاندا لە کوردستان دابنرێن. دەسەڵاتی کوردی کاتێک بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێمەی بریندای خاوەن 40 ساڵ خەباتی هیچ پێنەبڕاو دەکات، کە لەوە زیاتر هیچیان لەدەستیان نایەت چونکە دەستیان پێم راناگات، نامەی سەردەشتەکان ناخوێننەوە و سەری دەبڕن و پێیان وایە بە لەناو بردنی سەردەشتەکان خەڵک دەترسێنن. ئەوا سەردەشت بەم شێوە لەناو برا، بابزانین سەردار پشدەری چۆن لەناو دەبەن، کە زۆر باش ئاگاداری پیلانەکانی کەریم سنجاری و حاکم قادرین لەدوور خستنەوەی خەڵک لێمان و هەوڵی لەناو بردنمان. 10\5\2008 – لەندەن

**ئەمجارەیان بکوژان خراپ تێئالاون**

سەلاح مەزن

تیرۆر دیاردەیەکە لە لایەن ئەو کەس،گروپ ودەزگایانە پێڕەو دەکرێت، کە هیچ دەرقەتێک بۆ لەیەکترحالیبون لەگەڵ بەرانبەرەکەیان ناهێڵنەوە، لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی ئایدۆلۆژی ، سیاسی و براگماتیکی خۆیان بڕیاری کردەیەکی دڕندانە دەدەن، تیرۆری سیاسی دیارترین جۆرەکانیەتی کە چ لە رابردو یان لە ئەمرۆدا پیادە دەکرێت، لە ناوەراستی سەدەی رابردء دواتریش لە وڵاتانی رۆژاوای سەرمایەداریء بە ئەمەریکاوە، هەروا لە وڵاتانی سۆسیالستی پێشوشدا دژ بە تێۆشەرانی سیاسیء رۆژنامەوانء بیرمەندانی ئازادیخواز وەک دیاردەیەک دەبینرا، دیارە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمی سیستەم سەربازی وتوتالیتاری ئەو دیاردەیە تا بە ئەمرۆ دەگات درێژەی هەیە، بە پێی راپۆرتی دەزگاکانی ئازادی رۆژنامەوانی و

مافەکانی مرۆڤ، کە ساڵانە وەک ئامارێک بڵاوی دەکەنەوە، تیرۆرکردنی رۆژنامەوانان زیاتر لە وڵاتانی پاشکەوتوء دیکتاتۆری دۆسیەی ئەستوری هەیە.

کەواتە وڵاتێک یان هەرێمێکی سەربەخۆخوازی وەک کوردستان، کە خۆی دەباتە ریزی وڵاتانی پێشکەوتوو شارستان لە پیادە کردنی دیموکراسیء دەستەبەرکردنی ئازادییە گشتییەکان لەوانەش ئازادی رۆژنامەوانی!! بەڵام وا خەریکە لەو هەرێمە ( بێ وێنەیە لە دیموکراسی !! ) دیاردەی توندو تیژی لە بەرانبەر رۆژنامەوانانء تیرۆرکردنیان رۆژ لە دوایی رۆژ مەترسیدارتر دەبێت. بە پشت بەستن بە راپۆرتەکانی نێونەتەوەیی لە ساڵی رابردوو دۆسیەی هەرێم لە تەنگ هەڵچنین بە ئازادی کاری رۆژنامەوانیء نەبادا تیرۆری رۆژنامەوانان لە چاو عێراقء وڵاتانی وەک کولومبیا، مەکسیک روسیا ،تورکیا، ئیسرایل، ئێرانء مەغریبءزۆرانی دیکەش لە وڵاتانی ناشارستانء نادیموکرات، تا رادەیەک دۆسیەی هەرێم قسەی زۆری لەسەر نەبو، بە تایبەتیش کە لە ژێر فشاری رۆژنامەوانانی ئازادیخواز یاسای کاری رۆژنامەنوسی لە لایەن پەرلەمانء سەرۆکی هەرێم واژۆ کرابو!! تەنانەت داوای پەیمانی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەوانان دەکرا. راستە یاساکە واژۆکرا، پەیمانەکەش ریکخرا ، بەڵام ئاخۆ زەمانەتی دەستوری هەیە بۆ جێبەجێکردنی ، کە ئەو یاسایە لەسەر ئەرزی واقیعء لە لای دامەزراوەکانی پۆلیس، ئاسایشء دادوەری رێزی لێبگیرێت، بەو پێیەی کە سەرۆکی هەرێم باڵاترین دەسەڵاتە لە هەرێمدا، چونکە هەرێم دەستورێکی تایبەت بە خۆی نییەو دادگایەکی دەستوری نییە تا چاودێری جێبەجێکردنی یاساکان بکات، دەبوایە رۆژنامەوانان هەر زوو ئەو زەمانەتەیان لە سەرۆکی هەرێم داوا بکردایە، ئەگەرچی بێ ئەو داواکردنەش ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ دەبێت، چونکە ئەو یاسایە لای خۆیان بڕیاری کۆتایی لەسەر دراوە.

تیرۆرکردنی ( سۆران ) ی رۆژنامەوان ، دواتر فراوانبونی شێوازی توندوتیژی لە بەرانبەر رۆژنامەوانان لە گەرمەی هەلبژاردنەکانی 25ی تەموزی 2009ء 7ی ئاداری 2010دا، زەنگێکی مەترسیداربو، ئەوەتانێ وا لە کاتێکا هەر لەم ماوەیەدا، یادی جەژنی 112مین ساڵەی رۆژنامەوانیء رۆژی رۆژنامەوانی جیهانی بەرز راگیران، کە ئاکام ئا لە وەختێکی ئاوادا ء بە بە رۆژی رۆژان و لە بەردەم حەرەمی زانکۆ (سەردەشت) ی خوێنکارو رۆژنامەوان لە لایەن بکەری نادیار دەرفێنرێ و بە پێی پلانێکی پێشوەخت دارێژراو لە بەینی دەبردرێ، دیارە لە دنیای ئەمڕۆدا، گەمەکان زوو ئاشکرا دەبنء بکەری نادیاریش درەنگ یان زوو ئاشکرا دەبێت.

بەڵام ئەمجارە بکوژان، باش تێئاڵاونء هەڵەیەکی زەقیان کردوەء زەحمەت بە ئاسانی لێی دەربازبن، چونکە تیریۆرکردنی رۆژنامەنوسێکی گەنج، خوێنکار ء ئازادیخواز، لە سەرێکەوە تەواوی رۆژنامەوانء نێوەندەکانی مرۆییء بگرە رای گشتی نێوخۆییء نێونەتەوەیی وروژاندوە، وا پێشبینی دەکرێت، کە ئەو تاوانە وەک تاوانەکانی پێشو بەسەر نەچێء فشارء بەدواداچونی لەسەر پێکدێت، چونکە لەسەرێکی دیکەوە تەواوی رۆژنامەوانی خوێندکاری

کولێژو پەیمانگەکانی راگەیاندنء زانکۆکانی کوردستان لەشکرێکە لە ژمار نایەن ، حەتمەن لە گەڕانء بەدواداچونی دۆسیەی ئەو تاوانە نارەواو دژە مرۆییە، بە هەقی رۆژنامەوانێکی گەنجی خوێنکارو ئازادیخوازی هاوڕێیان ء ئاشکرا کردنی بکەرانی تاوانەکە ، سرەوتن نازانن.

بۆ ئەوەی دۆسیەی ئەو تاوانەش وەک دۆسیەکانی پێشو بە بەیاننامەو نارەزایی و مەراسیمی فرمێسک دابەراندن کۆتایی نەیێ، با رۆژنامەوانانی ئازاد، پارێزەرو یاساناسە سەربەخۆکانء دامەزراوەکانی مەدەنیء زانکۆکانی کوردستانء تەواوی رای گشتی کوردستانی لە ناوەوەو دەرەوەدا، لەمەڕ ئەو روداوەو مەترسییەکانی بۆ سەر داهاتوی پرۆسێسی دیموکراسیء مافء ئازادی سیاسی، مەدەنیء رۆژنامەوانی هەماهەنگی بکەنء هەلویست وەرگرن ء وەک هێزێکی فشار دەربکەون، جارێ بەر لە هەمو کارێک و هەرچی زووە ، بکوژانی کاکە سەردەشت بدۆزرێتەوەو رادەستی دادگایەکی سەربەخۆ بکرێت، ئەگەر ئەو دادگایە لە هەرێمء عێراق بونی نییە یان دەسەلاتی لاوازە، با را دەستی دادگایەکی نێونەتەوەیی بێلایەن بکرێن، ئەگەر نەوەی کۆنء سونەتی ئەو کارەی پێ هەلناسوڕێت ، با چیتر ئاستەنگ لەبەردەم هاتنە پێشەوەی نەوەی نوێی ئازادیخواز نەنێتەوە.

---

**نامەیەک بۆ پیاوە ترسنۆکەکان**

سەلام عەبدولا

ئێوە هەر کێیەک هەن، هەر پلەوپایەیەکی میری یان حزبیتان هەیە، بە هەموو مانایەک ترسنۆک و بێویژدان و کەرامەتن. ئێوە تەنها مرۆڤکوژگەلێکی نامەردن، سووک و رسوان لە نەوەی بەعس و قاعیدەو نازییەکانن. ئێوە نە ژیان، نە مێژوو، نە منداڵ و نە کەسوکار و نیشتمان و باوەشی گەرمی هەژارەکان شانازیتان پێ ناکەن...بڕۆن گۆڕی خۆتان بەدەستی خۆتان هەڵکەنن، تازە کار لەکار ترازا: لە هەموو شەقام و چیاو دۆڵ و دەشتەکان و رووبەری رۆژنامەو گۆڤار و سایتەکان و تا ماون نەفرتتان لێدەکرێ. ئاخر چۆن بە فیشەک یان پەتی خنکاندن، وەڵامی خاوەن قەڵەم دەدەنەوە؟! من کاکە(سەردەشت)م نەبینیوەو نە دەیناسم و نە وتارێکم خوێندۆتەوەو لەوانەیە لەبەرەی نەیارانم بێت یا وتارێکی دژ بە خۆیشم نووسیبێ. هیچ یەک لەو خاڵانە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تاوانباران لەپێستی مرۆڤ دەرچوون و وەک دڕندەیەکی بی هەست و سۆز، ئەقڵیان لەدەستدا و لەگەل ئەو خاوەن قەڵەمە، بەشێوەیەکی زۆر ترسنۆکانە رەفتاریانکردو بەو کارە قیزەوەنە رووی خۆیان و ئەو لایەن و حزب و گروپە کە لەپشتیانەوە وەستاون، رەش کرد.

ئێوە(سەردشت)تان کوشت، بەڵام بە بەرچاوتانەوە دەبینن چۆن سەدان و هەزاران(سەردشت)ان لێ پەیا بووەو گاڵتە بە لولەی چەکەکانتان دەکەن! ئێوە هەر کێیەک هەن و هەر پلەوپایەیەکتان هەبێت، بەو کردەوە چەپەڵە سەلماندتان کە شایەنی تف و نەعلەت و نەفرەتن.

ئێوە هەر کێیەک هەن سوور بزانن ئەوە سنگ و فکرو عیشق و هیوای ئێمەیە کە زۆر بەرینترو جوانترو پڕ سۆزترە لە ئێوە، بۆیە دەمانکەن بە نیشانەی فیشەکەکانتان...ئێستا هەموومان سەرەڕای بیروبۆچوونی جیاوازمان، سەردەشت دەکەین بە سمبۆلی ئازادی بیروباوەڕ...سمبۆلی نەوەی نوێی رۆژنامەنووس و نووسەر و رۆشنبیری سەرکەشی کوردستان...

ئێوەش بڕۆن شانازی بە کەتن و بێناموسی تیرۆرکردن بکەن، بە زیندانکردنی نووسەرێک لەسەر تێڕوانین. ئێوە هەر کێیەک هەن، سەردەشت براتان بوو و نامەردانە غەدرتان لێکرد، دەبڕۆن لە رزێوترین و ترسنۆکترین بەری خۆتان بخۆن،ئەی گروبی تیرۆرکردنی خاوەن بۆچوونی تر و ئێمەش درێژە دەدەین بەو کارانە کە ئاسۆی ئازادی بیروبۆچوون و دیالۆک و رزگاری ئینسان لە کوردستان بەرفراوانتر دەکات!

**بۆ فەرزاد و سەردەشت و هاوڕێیانیان**

رەسول سەفەریانی

ئەمشەو بایێک لە مزگەوتەوە هەڵیکرد و چرای چەن ماڵی کوژاندەوە ،ئەمشەو هەناسەی سەهۆڵاوی ئیسلام کە لە کۆڵانە تاریکەکانی مێژووەوە دە هاتەدەر،جەستەی چەند داری دایە بەر قامچی مەرگ،کە جیهانێک لە بۆنی گوڵە پەمەییەکانیان سەرخۆش دەبوون.ئەمڕۆ دەستی پانتۆڵ کوڵە ریش پانەکان، کوانوی چەند ماڵی کوژاندەوە و تاقە سەرچاوەی گەرما و نانی خوانی بەتاڵیانی بڕی. دیسان خوا خۆی لە شکڵی چەند پاسداردا نواند و گوللەی بە دڵی چەن خۆشەویستی گەلەوە نا و پەرداخێک ئاویان لەگەڵ "الحمد"ێک خواردەوە.هەر تەنیاچەند رۆژ پێشتر بوو کە خوا خۆی کرد بە تروۆریستێک و زەردەشت عوسمانی رفاند و پاشان خوێنەکەی هەڵمژی و جەستەکە فرێ دا.هەر ئەمڕۆش لە قورگی خوداوە، لە بڵندگۆی مزگەوتی قەزایی ئێرانەوە بەیانی زۆر زوو، رێک ئەوکاتەی کە خەو تێکەڵاوی خوێن دەبێت و ژیان بەنەرمی رەگ دەپێوێت تا جەستە بە گوڕێکی نوێوە رۆژێکی تر دەست پێبکات،هاواری "وقاتلوهم" هاتەدەر و پێنج ئەستێرەی بە تاوانی هەڵگرتنی روناکی لەداردا. ئەمڕۆ دیسان تەوربەدەستانی جەنگەڵ بڕ، جەستەی قەڵەمێکیان شکاند کە جگە لە کێشاننەوەی هاوارە خنکاوەکانی هەژاران چ تاوانێکی نەبوو.

ئەمڕۆ فەرزاد و چوار چالاکی سیاسی کورد لە کاتێکدا لەدار دران کە لایەنگرانی روناکی، بە قەڵەم، دیوەزمەکەی بکوژی زەردەشت عوسمانیان دەکێشا تا هێزی یەکگرتوی جیهانی، هاورێیانی زەردەشت لە هەناوی بۆگەنیان بپارێزێت. زیندانیش قەڵەمی فەرزادی بێدەنگ نەکرد،باڵی وشەی نەبڕی. ئەو قەڵەمە ئەفسوناویەی فەرزاد هەراس و خەوی لە خێڵی شەوپەرەست سەندبوو. وشەکانی فەرزاد هەر ماسیە بچوکە رەشەکەی سەمەدن،کە کوشتیان تا زیاد نەکات،بەڵآم ئەمرۆ سەر لە ملوێنان ئەدەن. وشەی فەرزاد لە گوللەی ئەوان بەهێزتر و تیژتر بوو. دڵیان لە لێدان خست بەڵام وشەکانی هەتا هەتایە بە ئاسمانی مێژودا هاواری روو رەشبونی حاکمان دەکات.

**خوێنی خەڵک و سەمای دەسەڵات..!**

دارا مەحمود

دوێنی سۆران مامە حەمە، ئەمڕۆ سەردەشت عوسمان، سبەینێش یەک یەکی ئێمە..! پەیامەکە گەیشت: یان ملکەچی و بێدەنگی لەبەرانبەر ڕەفتاری سەدامییانەی پارتە دەسەڵاتدارەکان، یانیش هەڕەشەیەکی تەلەفۆنی و پاشانیش ترۆر...
تیرۆریستان لە موسڵەوە نایەن بۆ هەولێر، و موجازەفەی بڕینی ڕێگاوبانی پڕ لە خاڵەکانی پشکنین بکەن تاکو ڕۆژنامەنووسێکی لاو بفڕێن و ترۆربکەن. ئەمە شێوازی کاری تۆڕەکانی تیرۆریستی نییە. و ئەگەر کاری ئەوان بوایە وەک هەمیشە بەرپرسیارێتییەکەیان بەشانازییەوە دەگرتە ئەستۆ. ئەگەر واش بێت دیسان بەرپرسیارێتییەکەی هەردەکەوێتەوە ئەستۆی دەسەڵات. چونکە یەکەمین و گرنگترین ئەرکی هەردەسەڵاتێکی سیاسی و هەر حکومەتێک دابینکردنی ئاسایشی هاووڵاتیانێتی و ئەگەر هەردەسەڵاتێک ئەم ئەرکەی پێ ڕانەپەڕێنرا، دەسەڵاتێکی فاشیلە.
ڕاستە لەژێر سایەی هەردەسەڵاتێکدا تاوانی کوشتن دەتوانێ ڕووبدات و کوشتنی تاکە مرۆڤێک مەرج نییە بەواتای فەشەلی ئەودەسەڵاتە بێت. بەڵام ترۆرکردنی سەردەشت، تەنیا لەناوبردنی تاکە مرۆڤێک نییە. بەڵکو ترۆری ئازادی و لەناوبردنی پرێنسیپی ڕەخنەو بڵاوکردنەوەی ترس و وەحشەتە لە نێو هەمووواندا. تا دەمداخستن و گوێڕایەڵی و کڕنۆشبردن بکەن بە کولتوور.. من ئێستا هیچ بەڵگەیەکی گردەبڕی یاساییم بەدەستەوە نییە تا بکوژو تاوانباری ڕاستەقینە دەستنیشانکەم. بەڵام، ئەم دەسەڵاتەو زهنیەت و ئایدیۆلۆژیاکەی زۆر بەئاسانی ئەوەی لێدەوەشێتەوە کەلەقەڵەمی ڕۆژنامەنووسێکی لاو، یان بوێری خوێندکارێک بترسێت. و ئەو ترسەی خۆی بە ترۆر برەوێنێتەوە. دەسەڵاتێک کەهیچ پرۆژەو پلان و میکانیزمێکی بۆ لە ناوبردنی گەندەڵی و تاڵانی سامانی وڵات نەبێت و لەبری ڕەواجبەخشین بە داهێنان و خەلاقییەت لەبواری زانست و سەنعەت و کاری بەرهەمهێناندا، ڕەواج بە

کولتووری پارەپەرستن و دەمچەورکردن و خەڵاتکردنی لات و پات و تەمبەڵ و گەللۆرانی ناو حزب و مانەوەی دەسەڵات لەبازنەی خێڵ و ماڵبات بدات.. دەسەڵاتێک کە هەررۆژ بەسەردەچێ مەوداو بۆشایی نێوان خۆی و خەڵک پتر دەکات.. پتر وامان لێدەکات کە بکوژ و تاوانبار بە خودی خۆی بزانین. هەروا خەمساری و گوێ پێ نەدان، بەرانبەر تاوانێکی ئاوا ڕاچڵەکێنەر،و نەبوونی هەواڵێک دەربارەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە.. ئایا ئەگەر لە جێگای سەردەشت، کوڕی بەرپرسێک بوایە کاردانەوەکان هەربەمجۆرە دەبوون..؟ ئایا تیمەکانی پۆلیس و ئاسایش و دادوەری... هەرئاوا بەخەمسارییەوە ڕەفتاریان دەکرد..؟ کەسێک کوژرا، بەیاننامەیەک دەرکەو خوا لێی خۆش بێت..!؟ ئەمڕۆ کە ئەم چەند دێڕە بۆ کوشتنی سەردەشت دەنووسم هەواڵەکان لەسێدارەدانی پۆلێک ئازادیخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستی ڕژێمی ئێران ڕادەگەیەنن. بەڵام سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی سەر بە پارتەکانی دەسەڵات لەباشووری کوردستاندا بکەن و ببینن چ سەماو سوڕدانێکە. خەڵکینە لێرە بەدوا نە وڵات واتایەکی هەیەو نە نەتەوە..! نە ئازادی کەڵکێکی هەیەو نە مافە سروشتییەکانی مرۆڤ..! سەربڵندو براوە ئەو کەسەیە گیرفانی چاکەتەکەی لەهی ئەوانی تر گەورەتر بێت و جێگای زۆرترین پارەی تێدا ببێتەوە..! سەرکەوتوو ئەوکەسەیە بۆئەوەی زۆرترین پارچە زەوی و بڵندترین کۆشک وبەدەسەڵاتترین پلەی حزبی و حکومی بەدەست بخات، زۆرترین ماستاو بکات و چاکترین زانست ببینێتەوە بۆ لستنەوەی بەری پێی بەرپرسە ڕووزەردەکانمان.

لە کاتێکدا لەوەزیری ناوخۆ بێهیوام، ڕوو لە وزیری خوێندنی باڵا دەکەم و دەڵێم: بەڕێز پرۆفیسۆر دلاوەر! ئایا لەبیرتە کاتێک پێکەوە بەشداریمان لە پرۆگرامێکی تەلەفزۆنی کرد، تۆ لەدەرەوەی بەرنامەکە بە منت گوت، دەبێ هەمیشە لەئەرکی ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات ڕانەوەستین و ئەگەر ڕۆژێک بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لەپارچەکەنی تری کوردستاندا سەرکەوتنیان بەدستهێناو جۆرێک لەدەسەڵاتیان گرتە دەست دەبێ هەرئاواش ڕەخنە توندو ئاگراویەکانمان ئاراستەی ئەوانیش بکەین و منیش لەگەڵت هاوڕابووم. بەڵام پاشان ئەودەسەڵاتەی کەدەبووایە بەردەوام ڕەخنەی لێبگری تۆ بویتە بەشێک لێی. هەندێک ڕەخنەیان لێگرتی و هەندێکی تریش هانیاندای کە بەڵکو کەسانی وەک ئێوە ڕێڕەوی ئەم دەسەڵاتە بگۆڕن و تۆزقاڵێکیش بێت پاشەڵە پیس و گەندەڵەکەی خاوێن کەنەوە. وا ئەمڕۆش تاوانێکی گەورەی وەک ترۆری سەردەشت عوسمان لەقەڵەمڕەوی وەزارەتەکەی تۆدا ئەنجام دەدرێت. لەتۆو گشت ئەو بەڕێزانەی بەنیازی پاک چوونە ناو دەسەڵاتەوە دەپرسم: ئایا ئێوە شتێکتان لەدەست دێت..؟ ئەگەر ئا..! چییە و چاوەڕێی چین..؟ و ئەگەریش نا چۆن ویژدان و شەرەفتان قبوڵ دەکات لەسەر کورسی بێدەسەڵاتیدا دانیشن.

گەوجی هەردەسەڵاتێک کاتێک بەدیاردەکەوێت کە هەوڵبدات بە ترۆرو تۆقاندن خۆی بەسەر کورسی دەسەڵاتەوە ڕابگرێت. سۆران و سەردەشت ئەو دوو درەختەبوون کە تۆوی ئازایەتی و

بوێریان لەبەرانبەر ملهوڕی پارت و دەسەڵات دەرکردبوو. بەڕاوەشاندن و ڕیشەکێشکردنی ئەو دوو درەختە هەزاران دانەتۆو بەسەر بست بە بستی خاکی کوردستاندا بڵاوبوونەوەو سبەینێ زوو لەگەڵ زەردەی خۆرەتاودا چرۆدەکەن...

**کێ ڕۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان)ی تیرۆرکرد؟**

**جەلال دەباغ**

"بەبەرچاوی هێزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستانەوە، لەکۆلێژی ئادابی زمانی ئینگلیزی لەناو پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی 2010/5/4دا خوێندکاری ڕۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان)یان ڕفاندو دواتریش لەموسڵ بەتیرۆرکراوی تەرمەکەی دۆزرایەوە".! ئەمە دیسان تاوانێکی گەورەیەو دەرهەق بە هەموو ڕۆژنامەنووسان ونەقابەکەمان و، لەدژی ئاسایشی گەلی کوردستان ولەدژی چەمکە دیموکراسییەکان، ئەنجامدرا.

ڕۆژنامەنووسان بەدرێژایی ئەم ساڵانەی دوایی چەندان دەستدرێژییان کراوەتەسەرو، توندوتیژی و بێ یاساییان بەرانبەرکراوە، بێ ئەوەی وەک پێویستە دەستی یاسا بگاتە تاوانباران و بەسزای خۆیان بگەن.

هۆکاری دەستدرێژی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان تا ڕادەیەکی زۆر ئاشکراو دیارەو لەپێش هەموو شتێکدا ئەوەیە کە ئەم توێژە ڕۆشنبیرە ئەرکی ڕۆژنامەنووسی خۆیان بەچاکی ئەنجامدەدەن و، بە شێوازو گیانێکی سەردەمییانە ڕەفتاردەکەن بۆ ئاشکراکردنی هەموو دیاردە دزێوو نێگاتیڤەکانی ناو کۆمەڵگا بەهەموو دامەزراوە شارستانییەکانیەوەو، ریسواکردن و ئاشکراکردنی گەندەڵکارییەکان و، پشتگیری و ڕاوەستان لە پاڵ مەسەلەکانی گەلداو، ڕەخنە گرتن لەدژی ناتەواوی و کەموکورتییەکان و پێشێلکارییەکانی دەسەڵات. مەرجیش نییە ڕۆژنامەنووسان یان هەندێکیان، بەتایبەتی لاوە چالاکەکانیان هەڵەنەکەن و کەم و کوڕییان نەبێ و لە هەموو شتێکدا نیشانیان پێکابێت، لە ئاست هەر دیاردەیەکی لەم چەشنەدا. بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە لە هەموو بوارەکاندا یاسای ئاشکرا هەن بۆ لێپێچینەوە و سزادان و، نابێ هیچ کەس و لایەنێک پەنابەرێتە بەر کارو کاردانەوەی نایاسایی و تۆڵە سەندنەوەوەو، لێدان و هەڕەشەو فڕاندن وجۆرەکانی تیرۆریستی و شتیوا.

بێگومان سەرژمێرە لای نەقابەی ڕۆژنامەنووسانە کە چەندان ڕۆژنامەنووس، وێڕای جیاوازیی ڕەوت و ڕێبازیان نایاساییان لەدژکراوەو، کەوتوونەتە بەر جۆرەها کاروکردەوەی توندوتیژی. کارێکی زۆر ناڕەواو دزێوە خەڵکی ئەم وڵاتەو بەتایبەتی کەسانی سەربە توێژی

رۆشنبیران و نووسەران و ئەوانیتر، دوای ئەوەی لە رژێمی ئەنفال و جینۆسایدو کیمیایی و رافڕاندن و رەشەکوژی رزگاریان بووە، لەهەلومەرجی دەسەلاتی کوردا دیسان بکەونەوە بەر کرداری توندوتیژی و، نەتوانرێ ژیانی ئەوخەلکە پارێزگاری بکرێ و تاوانباران بدۆزرێنەوەو سزابدرێن! ئەی کوا ئەنجامی کاری ئاسایشەکان و دام و دەزگای پۆلیس و دامەزراوە فەرمییەکانەتر؟ ئەی کوا لیستی گومانلێکراوان لای ئەو دەزگایانە کە دەشێ ئەم چەشنە تاوانە ئەنجامبدەن؟

هەڕەشەکردن لەنووسەرانی وەک شاعیرانی ناسراوی گەلەکەمان شێرکۆ بێکەس و حەمەسەعید حەسەن و لە رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران وهۆنەرمەندانی پەیکەرتاش و شێوەکاران و موزیک و گۆرانیبێژان و شانۆکاران و ئارتیست و ئەکتەران و ئەوانیترو، دواجارتێرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) و فڕێدانی تەرمەکەی لە موسڵ بە هەرمەبەستێکی ونداکردن و شاردنەوەبێ، لەلایەن هەر جۆرە نامەردو تێرۆریستێکەوەبێ، کارێکە جێگەی داخەو چەندان پرسیاری گرنگ بەدوای خۆیدا دەهێنێت: چۆن ئەم تاوانەکرا؟ کێن ئەوانەی لەدوایەوەن؟ چۆن لەناوجەرگەی پایتەختدا بڕفێندرێ و بەچ مەبەستێک بگەیەندرێتە موسڵ؟ ئەم هەموو بازگانەی رێگا ئەرکیان چییە؟ لەسەرچی ئەمەکراوە؟ کەی تاوانکاران و داووتۆڕیان ئاشکرا دەکرێن؟

بەهەرحاڵ ئێمە بەتوندی پڕۆتێست و بێزاریمان لەدژی ئەم تاوانە دەردەبڕین و، داواکارین کاربەدەستان لەم هەڕەشەو گوڕەشانەو، لەم تاوانە بێدەنگ نەبن و بەزووترین کات ئەنجامەکانی لێکۆلینەوەکانیان بخەنە بەردەست جەماوەری گەل. بەرەو پاراستنی گیان و ئاسایش و ژیانی هاونیشتیمانان! بەرەو سزای رەوای تاوانکاران! بەرەو رێگەبڕینەوە لە هەموو جۆرێکی تێرۆریستی! بەرەو بەرینکردنی ئاستی پڕۆتێست و بێزاری و ریسواکردن و شەرمەزارکردنی تێرۆریستان! بەرەو هاوپشتی و هاوکاری لەگەڵ رۆژنامەنووسان و نووسەران و هونەرمەندان! سەرکەوتنیش هەر بۆ بەرەی گەل و ئازادیخوازانە!

### کاکەبرام سەردەشت، ئەمە سەردێڕە نوێکەیە!

سەلام عەبدوڵا

لەو کاتە درەنگە کە هێشتا هەولی سکترکردنی دەنگی عەبدێکی تاریکسان بووم لە پایتەختی وەلاتەکەم؛ عەبدێک دلی بە زیندانکردن تا کوشتنی دەنگی بەرامبەر خۆشە، لەو کاتە هەولمدەدا بەر بە خزمەتچییەکانی سەرمایە بگرم وپێیان بلێم نووسینەکانتان هیرۆئینە بۆ گەلە هەژارو ستەمدیدەکەم، لەو کاتە کە بێدەنگی بالی بەسە دنیا راگرتبوو، هەوالی کوشتنی قەلەم بەدەستێکم بیست!\

ئەمە چ کاتێکی تەڵخ و دڵگوش و ڕەشە براکەم، براکەم؟

ئەوە چ ڕوویداوە؟

سەردەشت لە کوێیە؟

چ دەکات لە موسل؟

کام دەستی ڕەش؟

تیرۆرکرا؟
سیناریۆیەکی ئامادەکراو دووبارە دەکرێتەوە: نەناسراوێک بە تەلەفۆن هەڕەشە کوشتن لە خاوەن قەڵەم دەکات و پاشان ئۆتۆمبیلێکی ئامادەکراو، پەتی خنکاندن، ڕفاندن، دەمانجەی بێدەنگ، تۆردانی گیانی بێتاوانی قوربانی لەشوێنێکی نادیار، ئەوجا خوێندنی مانشێتی هەواڵی کوشتن لە ماڵپەڕو ڕۆژنامەکان!

ئێمە چی تر ناپرسین کێ و بۆ و کەی و لە کوێ هەموو زانیارییەکان بایی پوشێک نرخیان نەما، چونکە کۆپی میتۆدی کوشتنی ڕێکخراو بە وێنە بەعسییەکەی دەستپێکردووە!

دەزگاکانی پۆلیس، ئەمنییەت و حزبەکان ئاگادارنین و وەک هاوڵاتیان بە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاگاداری ئەو جۆرە تیرۆرەن! تاوانبار: نادیارە! قوربانی: ڕۆژنامەسە یا نووسەر!

برا دڵنیابە کاروانی بەرەنگاری هێزە کۆنەپەرەست و گەندەڵ و چەوسێنەرەکان درێژەی دەبێت و ئەگەر ئیمڕۆ نامەردانە زەفەریان بە سەردەشت برد، سبەی هەوڵدەدەن زەفەر بە خاوەن قەڵەمێکی تر ببەن، بەڵام یەک ڕاستی هەیەو هبێ هێزە تیرۆریستەکان بیزانن: مەحاڵە ئێوە بەو ئەقڵە بۆگەن و دەستە خوێناویە بتوانن کاروانی ئازادی ئینسانی لە جەوروستەم ڕابگرن و لەو پێناوە،نە سڵ لە فتواتان دەکەینەوە، نە لە زیندان و سنگمان زۆر بەرفراوانترە لە فیشەی قینەکانتان!

یان ئازادی مرۆڤ لە ستەمکاری، یان مردن!

# هۆنراوەکان

**بۆ سەردەشت عوسمان** !

<u>شێرکۆ بێکەس</u>

**دوێنێ قەڵەمێک لە شێوەی کۆترێکدا**

**بەدەم شەقژنەوە کوژرا**

**دوێنێ کۆترێک لەشێوەی قەڵەمێکدا**

**بەدەم نوسینەوە کوژرا .**

**ئاسمان گریاو**

**وشە گریاو**

**شەقام گریاو**

**شیعریش رەنگی هەڵبزڕکا .**

**دوێنێ درەختێ لەشیوەی رۆژنامەدا**

**بەدەم جریوەوە کوژرا .**

**دوێنێ رۆژنامەیەک لە شێوەی درەختدا**

**بەدەم خویندنەوەوە کوژرا .**

**وتار پژاو**

**هەواڵ رژاو**

**ستون شکاو**

**خەونیش سەر بەرەو خوار کشا !**

ئەمڕۆ باخان

لەمەرگی جۆگەلەیەکدا

هەرهەمویان

پڕو پۆی رەشیان پۆشیوە

ئەمڕۆ قەڵەم

لەگوێ زامی (( سەردەشت )) ێکدا

هەرهەمویان،

بەسور هاژەیان نوسیوە

شار بێ رەنگ و

( با ) بێ دەنگ و

خوا دڵ تەنگ و

تاوانیش بۆ خۆی رائەکا !

غەریب

<u>دلاوەر قەرەداغی</u>

بەیادی سەردەشت و سۆران

دوو کوڕەغەریبەکەی شارەکانمان!....

لە سبەینێوە ئەدەمەغەریبیی

ئەدەمە شارانی گوڵ

لەسبەینێوە مناڵ ئەبمەوە تا سەرەتای کۆڵان

تا بۆنی خۆشی کتێب

لەسبەینێوە چاکەت و پانتۆڵە ئوتوودراوەکەم لەبەر ئەکەم

نیشتمان لەپاشکۆی ئەسپێکی غەمگین ئەنێم و

ئەڵێم: هاوڕێیان

ئەی هاوسەفەرانی بێ وەفا

خۆتان بگرن ئەوا دێم!

لەسبەینێوە بەرگی غەریبیی ئەپۆشم

تەنیای تەنیا بەکتێبێکی بچکۆلەوە لەگیرفاندا

وەک ئەوەی شتێکم لێ ون بووبێ

بەباغەکاندا ئەگەڕێم

لەسبەینێوەزۆر بیری دایکم ئەکەم

لە دەرسی سێیەمەوە ئیزن لە مامۆستا وەرئەگرم و

پەلەپەل خۆم ئەگەیەنمەوە لای

لەسبەینێوە پاییز هەڵدەکا

هەست ئەکەم سووکەتایەکم لێهاتووە

ئەڕۆم و

لەپاڵ تەلاَنێک گوڵەشیلاندا

سەرخەوێک ئەشکێنم و

خەونی سەیر ئەبینم!

لە سبەینێوە حەزم لەخوێندنەوەی شیعری جوانترە

لە کڕینی کتێبی هاروهاجتر

لە هەڵقوڕاندنی ئاوی ساردتر

لەسبەینێوە بە ویقارێکی ترەوە خۆم ئەکەم بەزانکۆدا

پڕ پڕم لەبەیانیباش

پڕ پڕم لەتەماشاکردنی ئەو کچانەی

کەتا ئێستا پڕ بەچاوی بینین

نەمدیون

پڕم لەتەوقەکردن و باوەشکردنەوەبۆ ئەو کوڕەزویرانەی

کەهێشتا پڕاوپڕی ئاشنایی

نەمناسیون

لە سبەینێوە وەک ئەکتەرێکی پیری شانۆنامەیەکی چیخۆف

خۆم ئەکەم بەقاوەخانەکەی "ناتاشا" دا و

هاوارئەکەم: ئەرێ "ڤاسیلی ڤاسیلیۆڤیچ "

" _ئاگات لێیەلەدەرەوەچ بەفرێک ئەبارێ؟ "

**وا ئەڵێم و غەمگین .. غەمگین**

**ئەکەوم بەپشتدا و قاقا پێئەکەنم!**

**لە سبەینێوە ئەبمە گالیسکەچییەک کە چوار ئاسکی تەنیا**

**ڕامئەکێشن**

**کۆڵانەو کۆڵان ئەگەڕێم و عەتر ئەفرۆشم**

**ئەو دێڕەجوانانەبۆ خەڵک ئەخوێنمەوە**

**کەشەوانەلەباغی کتێبەکان**

**چنیومن**

**لەو تامی ڕەنگە مێخۆشانەیان بەش ئەدەم**

**کە یەک یەک ل ەدارهەناری شیعرە غەریبەکان وەریون**

**ئەڕۆین و مناڵان سوار کۆڵ و ملمان ئەبن**

**پەپوولەتێماندەئاڵێن**

**گوڵ تێمان ئەوروکێن**

**پیاوانی پیر بەقەفەسی چۆڵەوەد ەستمان ئەگوشن**

**ژنانی تینوو بەسەتڵی بەتاڵەوە دوامان ئەکەون**

**من هەر ئەڕۆم و سەر بائەدەم و هاوار ئەکەم :**

**عەتر ... عەتر ... عەتر**

**خەڵکینەوەرنەوە... نەما**

وەرنەوە.. وەرنەوە

وەرنەوەبۆ عەتر!

لە سبەینێوە ئەڕژێمە شارەکانتانەوە

بە جاددەکانتانا پیاسەئەکەم

بە کۆڵانەکانتانا ئەگەڕێم

لەبەر دوکانەکاتانا ڕائەوەستم

کە دوکاندارە پیرەکانتان نیوەڕوان ئەچن بۆ نوێژ

من ئاگام لەدوکانەکانیان ئەبێ و

نوقڵ و دەمانچەی ئاو و کۆلارەیان بۆ ئەفرۆشم

بەیانیان زوو نانەواخانەکانتان ئەکەمەوە

جەریدەی جوان ئەگەیەنمە کتێبخانەکانتان

کتێبفرۆشەکانی سەر جاددەبەسەر ئەکەمەوە

کەباران باری لەگەڵیاندا

نایلۆن بەسەر ڕۆژنامەکانیاندا ئەدەم

دڵیان ئەدەمەوە

قاچ هەڵئەکەم ... ئەچمەناو ڕەشەباکانەوەو

لاپەڕەی زویری کتێبەکانیان

بۆ دێنمەوە

لەخۆپیشاندانەکانا قوت ئەبمەوەو

وەک چۆلەکەیەکی تەڕ و بزێو

میکرۆفۆن بۆ کوڕ و کچەتووڕەکانتان دەگرم

لەهۆڵی شانۆنامەو کۆڕەکانی شیعردا

بەلیڤاکسێکەوەلەپێشی پێشەوەدائەنیشم

کوێرەکانتان لەمبەری جاددەوەئەپەڕێنمەوەئەوبەر

چوارشەمموان ئەچم بۆ مواجەی عاشقەکانتان

لەخەستەخانەو

گوڵ و شەربەتی شیعریان بۆ ئەبەم

بە گۆرانیبێژەدەنگ ناخۆشەکانتان دەڵێم

وس بن جارێ ... با گوێمان لەگمەی ئەو کۆترانەبێ

گسک لەکەناسەکانتان ئەگرم تا ئارەقەیەک بسڕن

بەکرێکارەکانتان ئەڵێم: هاوڕێیان هەر بژین...

ماندووییتان گوڵ!

ئەبمەهاوڕێی باغەوان و بەقاڵەکانتان

ئێواران بەکیسەی پڕ لەقۆخ و پرتەقاڵ و هەڵووژەوە

بەو هەموو بۆنی عەترەوە

خۆمبەحەوشەی ماڵەکانتانا دەکەم!

لە سبەینێوە لەبەردەم زانکۆدا

بکوژەکانی خۆم ... هاوسەفەرەبێ وەفاکانم ئەبینم

بەبۆنیاندا ئەیانناسمەوەکەهەمان ئەو بۆنەیە

لەجاددەو کۆڵانی شەڕەکانی ناوخۆ و

بازاڕ و کۆشک و بەردەم بانق و

لەڕاڕەوی حەکایەتەترسناکەکانی

مناڵییدا هەڵممژتوون

بەو دەمارانەدا ئەیانناسمەوەکەلەباسک و لاملیاندا هەڵتۆقیون

بەو بوغزەئاوساوەدا ....

بەو ڕوخسارانەدا کە لەکتێبە ڕووناکەکاندا نەمدیون

ئەیانناسمەوەو لەخۆمەوەترسێکی ناکاوم لێئەنیشێ

لەخۆمەوەبیری دایکم ئەکەم و بیری ئارام*

پێیانئەڵێم هاوڕێیان .. ئەی هاوسەفەرانی دڵڕەق

ئاخر ئێستا بەم بەیانییەجوانە

کەی کاتی ئەم هەموو تووڕەییەیە!

ئەڵێن چی بچینەقاوەخانەیەک و

بەیادی "لەغوربەتا" کەی حەمەعومەر عوسمانەوە

قاوەیەکی پڕ لەژەهر فڕکەین

یان وەرن با لادەینەباخچەیەک و

بەدەم خوێندنەوەی شیعرەکەی "بۆدلێر" ەوە

پیاسەیەکبەناو گوڵەکانی شەڕدا بکەین

یاخود وەرن با بچینەبەردەم کتێبخانەیەکی پشتکۆماوەی

عەینەک لەچاوی کن سێتاقانو

بپرسین: ئەرێ مامۆستا ئەمڕۆ چ کتێبێکی جوان بەڕێوەیە؟

چما قوربان ئەمڕۆ چ شیعرێکی ناسک چاپ دەبێ؟

یان ئەوەش قەینا .. بفەرموون بابچینە باغچەی زانکۆ و

وێنەیەکی بەکۆمەڵ بگرین بۆ یادگار

ڕێگەم بدەن من لەوێنەکەدا

چەپکێک گوڵی غەریبم بەدەستەوەبێ و

تام لێهاتبێ و بیری دایکم بکەم

ڕوخسەت بدەن دونیا بانگکەمەناو وێنەکەوە

ئەو شارانە بانگکەم کەسەفەرم بۆ نەکردوون

ئەو شەقامانە بانگکەم کە پیایاندا نەڕۆیشتووم

ئەو نامانەی نەمنووسیون

ئەو کتێبانەی نەمخوێندوونەتەوە

ئەو عەترانەی لەخۆمم نەداون و

ئەو ئاوێنانە بانگکەم کەهێشتا خۆمم تێدا نەبینیون

ڕوخسەت بدەن هاوڕێیان ... هەژاریی بانگکەمەوێنەکەوە

قاووقیژەکانی مناڵیی و

جانتا پێچانەوەو گەڕانەوە لە پاییزانێکی درەنگدا بەرەو ماڵ

لێگەڕێن باران بانگکەمەوێنەکەوە

وێنەگرە غەمگینەکان بانگکەم و

هەڵلەرینی کرمێک کەخەریکەئەبێتەپەپوولە

لەبەر هەتاو

ڕوخسەت بدەن دونیا بانگکەمەوێنەکەوە... هاوڕێیان

دەست ڕاوەشاندن بۆکەسێک لەوبەرەوەو

پەڕینەوەلەشەقام

گوژمخواردنەوە بۆ بازێکی توند و

خۆدانەواندن و هەڵگرتنەوەی گوڵەیەخەیەک

لەناو چاڵێکی بچکۆلەباراناو

لێگەڕێن هەموو شت بانگەکەمەوێنەکەوە... هاوڕێیان

ڕاکردن بەدوای زەمیلەیەک مزرەسێوی ڕژاو

باوەش گرتنەوەبۆ کەسێک کەدێتەوەو

خواحافیزیی کردن لەکەسێک کەدەڕوا

پچڕانی ملوانکەیەک لە قەرەباڵخیبازاڕێکدا و

قۆڵ هەڵکردن و کۆکردنەوەی

گوڵدانێکی ڕەنگاوڕەنگ دڵی شکاو !

دەی دەڵێن چی هاوڕێیان

ئەی هاوسەفەرانی خەمسارد

وای خودایەخۆ ئێوەقەت هیچ ناڵێن!

ئاخر بەم بەیانییە جوانە

کەی کاتی ئەم هەموو تووڕەییە!

ئاخر بەم بەیانی سەفەرە

کەی کاتی ئەم هەموو غەریبییەیە!

دەی وەرن داوەتی من بن ...

با بڕۆین دۆندرمەیباران بخۆین

با بڕۆین گوڵ ئاو دەین

وەرن با بەناو گەڕەکی کتێبەکان بکەوین و

عەتر ببەخشینەوە

وەرن هاوڕێیان

وەرن ئەی هاوسەفەرانی بێ باک

دەی وەرن ... با بڕۆین

با بڕۆین

وێنەیەکی غەریب بگرین بۆ یادگار

دەی هاوڕێیان

با

بڕۆ

ین !

کۆتایی ئایاری 2010

•ئارام ناوی دووەمی هاوڕێم بەکر عوسمان برای سەردەشتی جوانەمەرگە...

**ئەگەر چاوەڕێت بکردایە کچەکەی خۆمم ئەدایتێ**

*شەزا ئەحمەد

گوناحی تۆ چیە گەر دیوارەکان روخابن
چ تاوانیکەگەر لەناو سینەت دڵێکی زیندوو هەبێت
بۆچیتاوانە بۆتۆ گەر عاشقی ئەو جوانیەبیت کەلە باوەشیا لەدایکبوی.......
لەسەر چ تاوانیک سزات دەدەن، گەر بەرز بەئاسمانیئازادیدا بۆ لایخەونەکانی شکسپیر بفری.
بەچ شەرعێک باڵەکانی تۆ بەشمشیریغەدر دەبرنەوە،
ئەوبالأنەیبەدریژایی تەمەنی تۆ سڕ ببون،
تا هاتیو کردتەوەو بەئاسمانێکیپڕ لەزوڵم وچەوسانەوەفریت..

گەر چاوەڕێت بکردایەدڵدارەکەم، کچەکەی خومم پێئەدای..
دەبوو سەبرت بگرتایە، تۆزێکیترو زیاتر بتخوێندایەتەوە،

هێشتا زووبوو، لەئەدەبی ئینگلیزیدا دێڕی وەها هەن، دەبوایەووردترو بەدیقەت تر بویتایەو بتخوێندایەتەوە.
هەموو ئەو چیرۆکانەی خویندبوتەوەپاک و بێگەرد نەبوون.
هەموو ئەوچاوانەی چاوبازیان بەجوانی ئینگلیزەکان لەگەڵئەکردی، چاوێکی بێگوناه نە بوون.
هەموو گفتوگویکی خڕبوونەوەی چوار دەوری مێزێکی خڕ بێخیانەتو غەدرو زەم کردن نەبوو.
هەموو شمشێری سوارچاکەکان بریقەدارو بەعەدالەت وسەرکەوتوو نەبوو.

گەر سەبرت بکردایەهەموو ئەو شتانەفێر ئەبووی
گەر سەبرت بکردایە، باسی تۆم بۆ کچەکەی خۆم ئەکرد...
پێم ئەوت، عیراقیەک هەیە، وەک جوانی دۆڵەکانو دلڕفێنی تاڤگەکانیو ئازارەکانی مەملەکە تەکەی.. بەدوای دڵداریکدا دەگەڕێ.

پیم ئەوت ... گەر گەورەبووی زیاتر ئەبێ بیر بکەیتەوەلەو گەنجانەئەوانەی کاتی گونجاویان نیەبو کات بەسەر بردنو قۆشمەکردن، ئەوانەی شۆڕشێک بەرپادەکەن ، دژی ئەو هەڵانەی کەناتوانن بەجەستەیان بیانگۆڕن.

گەر سەبرت بکردایە، داوای ئیمیلی تۆم ئەکرد، بەکچەکەی خومم ئەوت ئەمەخوازبێنیکە رێکی راستەقینەیە، عاشقێکی بەوەفایە، هەر ئەوەش وای لێدەکات خیانەت لەدڵدارەکەی نە کات.
ئەبێ بەجدی بیر لەداواکەی بکەیتەوە.

ئەگەر سەبرت بکێشایە، دەتوانی فیشەکی بەرایی و قێزەونیی و ریسوایی لەشوێنێکیتر، بگۆڕی بەزوبانی خۆشەویستی و سەرکەوتن،
ئەوسا گەرانەوەتی بەهێز دەکرد، بۆ ئەوەی خۆت بتەکێنیت وەک ئەو خۆڵەی بەکراسەکەتەوە مەڵاس بووە.
لەناو دۆڵو شاخەکاندا بەئارەزووی خۆت تۆوی یەکسانیو ئینسانییەت بچێنی.
گەر تەنها... گەر تەنها... تۆ چاوڕێت بکردایە
بەڵام ئەگەر ئەوانەت بکردایە، من نەمئەناسیتو تەمەنام نەئەکرد کەببیتەدەسگیرانی کچەکە م.
ئەوسا جوانی شاخ و دۆڵی هەولێرم لەناو دێڕەکانتا نەئەبینی
دەنگەبەرزەکەت لەناو دەنگی مەلیونەها دەنگ لەجیهاندا دەرنەئەکەوت و پێی ئاشنا نەئە بووم،
فرمێسکیشم بۆ نەئەڕشتی.

وێنەکەیخۆشم بڵاونەئەکردەوە، وەک پاڵپشتییەک لەو رۆحەت کەماڵئاواییمان لێناکات......

ئەی.... ئەو دڵدارەی بەهیوا بووم ببیتەدەسگیرانیکچەکەم .

* شژیأحمد شاعیرێکیعەرەبییئەو شیعرەیبۆ مەرگیناوادەیسەردەشت عوسمان نوسیوە.

**پێشکەشە بە سەردەشت عوسمان**

**(هیدایەت مەلا عەلی)**

سەردەشت عوسمان هەموو ساڵیک
لەگەڵمانا گەورە ئەبێت
لە ناخمانا چرۆی عیشق و
تۆوی ئازادی ئەڕوێنێ
سەردەشت عوسمان
هەموو ساتێک لەگەڵمانا پێئەکەنێ
تریفەی مانگ
تیشکی هەتاو
لە ڕووخساریا پەیامێکی زۆر ئینسانی دەگەیەنێ

**بـــــەرەو ئـــــــــــازادی**

( بەندی عەلی )

بەری دەروازەکەی ئاسمان

بەداڵ بگرن

هەورەگرژو مۆنەکانیش

لەکازیوەی بەیانەوە تازەردەپەڕ

بەردەنەگیانی خۆرەتاو

چاوەشینەکانی ئاسۆش

پڕکەن لەدڕکی ڕەشەبا

گەورەترین قوفڵیش بدەن

لەگشت گۆشەکانی نیگا

لەهەر بستێکی گەردوونا

هەزاران پاسەوان هەبن

من لەیەک شت بێگومانم

زەڕنەقووتەتەڕەکانی پاساریەکان

هەر فێری باڵەفڕکێ دەبن

لێکۆڵینەوە

(بەندی عەلی )

گوڵەمێخەکێ لەباخی میرا لەتوپەت کرا

ووتیان .. ئەو بۆ خۆی ماخۆلانی بوو

دەستبازی لەگەڵ دڕکی پیر ئەکرد

ڕەنگاڵەیەکی باڵ ئەرخەوانی

لەئاسمانەکەی ماڵی پاشایا درایەبەر تیر

ووتیان .. ئەو بۆ خۆی هارو لاسار بوو

ڕێی لەتیر ئەگرت

لەکارێزەکەی ماڵی کوێخایا

سوورەماسیەکی عاشق ڕاوکرا

ووتیان .. ئەو بۆ خۆی غەریب مەزاج بوو

لێوی لەلێوی قولاپ گیر ئەکرد

ڕۆژێ میرو شاو کوێخا فەنا بوون

ووتم .. بەدۆزەخ

مووەیەک لەجەستەم نەنگەبزوێ

ئەوان بۆ خۆیان گێل و نەفام بوون

دەست و پەنجەیان تێکەڵ بەکاری

عیزرەئیل ئەکرد

**ویژدان** !! ..

(حەمید عەزیز)

نەمزگەوتێک هاتەگۆو

نەمەلایەک هاتەوەهۆشی

نەموسوڵمانێک بەکووڵ گریاو

نەفەقێ یەک ڕەشی پۆشی

نەمنارەیەک وتی..

لەم جەنگەڵستانەکێ خودایە

نەدیندارێک وتی..

کێ لەسەر بەرماڵی ئێمەپێکی خوێنی ئێوەی نۆشی.

( پێشکەشە بە ڕۆژنامەنووس کاکە سەردەشت عوسمان )

گە ر قە ڵە مێ*

(نالی پێنجوێنی)

گەر قەڵەمێ،بە وشەکانی

گەر نووسەری،بە بابەت و ڕستەکانی

ڕۆشنبیرێ، بە پەیڤین و وتەکانی

شاعیرێکیش، بە هۆنراوە و شیعرەکانی

دە م بەخەندە،لای فیرعەونێ،ڕاوە ستابوون

لە دیوەخانی سوڵتانێ ،خەریکی بادە نۆشی بوون

تا پێت ئەکرێ،هاوڕێیەتی قەڵەم مەکە

تا پێت ئەکرێ،دۆستایەتی نووسەر مەکە

تا ئەتوانی،گوێ لە ڕۆشنبیرێ مەگرە

تا ئەتوانی ،بە شاعیرێ سەرسام مەبە

گەر نووسەرێ، لەدەڤەری هەر پاشایە ،ئازار درا

گەر کوانووی ڕۆژنامەنووسێ ،لای پاشایە خەفە کرا

گەر قەڵەمێ،لای سوڵتانێ لێی ئەدرا

گەر قەڵەمێ،لای سوڵتانێ،تیرۆر کرا

بە دەنگی بەرز،بقیژێنە دژ بەپاشا،دژ بەسوڵتان

پڕ بەگەروت،هاوار بکە،بمرێ پاشا ،بمرێ سوڵتان

هۆ "سۆرانی مامە حە مە"، ئە ی "سە ردەشت" گیان

ئێوە نموونەی ئازایی و بوێری گەنجی سەردەمن

ئێوە شەهیدی ئازادی و پەیڤین و وشەو قەڵەمن

ئێمە بەڵێنتان پێ دەدەین ،هەتا ماوین

بێدەنگ نابین،لە بکوژان قەت خۆش نابین

* تێبینی: ئەم پەیڤانە ، یەکەم بەرهەمە شیعری نووسەرن،پێشکەشە بەڕۆحی شەهیدانی قەڵەم ، کاکە سە ردە شت عوسمان و سۆرانی مامە حەمە.

**سەردەشت**

(سمکۆ ئەحمەد)

تکایە بەبا بڵێن

نەتۆریت و

دەست لەم دەڤەرە هەڵنەگرێت

بە ئاسمان بڵێن

نەگۆڕیت و

ڕق لەڕەنگی شین هەڵنەگرێت

بپارێنەوە لەدار

تا بەشوڵکەکانی

فەلاقەی ڕەنگی سەوز نەکات

تکایە

بەقەلاًش بلێن

چاو لە دیمەنی شار دانەخات

بەحاجی لە قلەقەکەی شێخەوڵاش بلێن

لەخوێنی دایکی خۆش نەبێت و

لەفڕینی ئاسمان بێزار نەبێ

بەدایکەکانیش بلێن

مەمکی خۆیان نەکەنە چەقۆ و

لەباتی سنگی نەرم

ئاسن نەخەنەدەمی منالەکان

بەهەولێریش بلێن

ئاگر لەدەشتەزەردەکان بەرنەدات

چونکەئەو شارە

بەسەردەشتەکانەوەشارە

**سەردەشت**

(سەردەشت )
خەو بەسیەتی بەیانە هەستە کوڕەکەم
تۆ زێک بنوسە لە دەفتەرەکەم
مەکێشەئازار دایکی شیرینم
هە ر کوڕی تۆ نیم کوڕی هەموانم
زانست و ژینت بۆتە ئاواتم
خەم بارم ئەلێن من تاوان بارم
تاوانم نیە زۆر بێتاوانم
پێنوس دە ست چقلی چاویانە
ژیرو زیرە کی چاو نەت سانە
پێنوس ئەکەیت بە قەتلی سەرت
دەرئەچێ لەماڵ چاوەرێ مەرگت
نەک چاوەرێبێت ئیزرا ئیلەکەت
ئا لەم دنیایە زولمت لێکرا
بۆ هەتا هەتا لە تائریخ نوسرا
کورم تۆ مەڕۆ چاوم لە رێتە
زە میرو ویژدان لە جە ستە و خوێنتە

**"لە کلۆڵی ئەم حەرفە شێتەیە زەمەن دەوەستێ"**

پێشکەش بەڕوحی سەردەشت وسۆران
جەبار عەزیز

تۆ کە غەریبترین مەخلوقی خشۆکی
هەنگاوت نیە بەسەر زەویدا ڕێ بکەی
کوا حەقی ئەوەت هەیە عەشقی هەتاو بیت ؟

کوا حەقی ئەوەت هەیە لە خزمانی بارانبیت ؟
کوا ئازیزم چلۆ چێوی ئەم بەندەرە دۆستایەتی ئێمەی پێوەیە ؟
تۆ کە میدالی موقەدەست بەسنگتدا هەلنەواسیوە
بۆ دەتوێت تەعبیری بروسکە بکەی
تۆ کەخشۆکی ژێر زەمینێکی شێداری
چۆن دەتویًت خزمایەتی عەمامەی لوتکە بکەی؟
تۆ کە لە سەوزبوونی حەرف دەڕوانی
ئەی چیدەڵێی کە لیباسێکت بۆ بچنم
رەنگی تۆخی ئەرخەوانی
*****

ئەی هاوڕێ گیان بەدیدارت خۆشحاڵم
لەمێژە چاوەڕوانیم ئەم ڕۆژەیە
ئاخر وەک ومن زانیومە وشە سنووری نیە
ئەی تۆ بۆدەتەوێ سنوربەندم کەی
قەڵەم موڵکی قەفەس نیە
تۆ بۆ دەتەوێ لەقەفەسم بکەی
ئێمە تۆوی حەرف دەچێنین و رستەی نەستەق دەچنینەوە
ئەی تۆ هاوڕێم ؟
پێم بڵێ بەیانیەک گوێت لە چریکەی خالقی و
ئێوارەیەک گوزەرت کردووە بەنێو دونیایی پاکی پەشێودا
دەپێم بڵێ هاوڕێم
من و تۆ هەردووک قوربانین
تۆ دەتەوێت پایەداری کورسیەکی شەل ببەیتەوە و
منیش دەمەوێت لەم زەمینە حەر ف شین بێت
تۆ کەئەم چرنوکانە شک دەبەی
چ کارت بەسەر نەرم ونیانی ووشەیە
******

لەداوێنی پەڕەی رەشی رۆژنامەیەکدا
ئەم مانشێتەم خوێندەوە
هێشتا ئومێدێک هەیە بۆ سەوزبوونی شەقام
ئومێدێک هەیە هاوڕێم
لەبەردەم خەیاڵی عارفی خۆمان دانیشین
بەرچنەیەک لیکدانەوە بەدیاری بنێرین بۆتان
هاوڕێم چ مەستە ئەم بەیانیە؟
لەبەردەم کەرنەڤاڵی شیوەنی ئێمەدا

سەوزبوونی شەقام چ خەندەیەکی گەورەیە؟
بەیانیەک لەنێوان خەو بێداریدا
تریفەیەکی ئەرخەوانی پێچی مەچەکی گرتم
رۆشنایمی ئالأنده سەرو ملی قەڵەمەکەی کاکە سەردەشت
سۆرانم دیت لەسەر مێزی
عەبدالخاق مەعروف دانیشتبوو بەیەکەوە
لەگەشتی مەریخی مەنگوڕی ووردەبونەوە
دوای تاوێک گوڵەگەنمێکی ئەسمەر
بەوەسێتێکی خوێناویەوە هات و روخسەتی دانیشتنی خواست
گوڵە گەنم کە رەنگ و دەنگی سەردەشت بوو
بە فەرهەنگێکی رەنگ شینی ئۆکسفۆردەوە
داڵغەی وەرگێڕانی وتارێک لەسەر عیلمی مەنتق بوو
هاوڕێم داڵغەی غەریبی خۆت نەبێت
لەم وولأتە قەڵەم زگی کەسمان تێرناکا
بەڵام وەک شەراب خوێنمان فڕدەکا
ئەمە تەعبیری خەونێک نیە بە شەبقەیەکی کلاسیکیەوە
نەدەرکەوتنی ئێوارانی خەبەرە گەرمەکانی ئەم وولاتەیە
ئێوە لە ئاوێنەوە دەڕوانن رقتان لەڕوونی شوشەیە
تروسکایی مۆمێکتان پآ تەحەمول ناکرێت
لەکاتێکدا ژووری خەوەکانتان گەورەترین گڵۆپی پێوەیە
*****
"ئەی حەرف قەبرێکم بۆ هەڵکەنە بەپانتای عەڕش"*
چیرۆکی من زەلیلی ئەم تنۆکە خوێنەیە
کاروانی من پێکی ژەهری سوقرات و
مێخی مەچەکی مەسیحی پێوەیە
لە کڵۆڵی ئەم حەرفە شێتەیە زەمەن دەوەستێ
کوا نیشتیمانی من شایانی ئێوەیە
ئەی حەرف ئەم حەقە کڵۆڵی زەماوەندی وشەی پێوەیە
تیراژی سەبرم زۆر لەوە بەرزترە کەهیوای ئێوەیە
کوا هەناسەی مەندی ئێمە موسیبەتی فرۆشتنی نیشتیمانی پێوەیە
قەڵەم دەردێنم لەسەر سەبرم دەنوسم خەرمان برەکەت وشە
فڕکردنی خوێنی من شایانی بەخشندەی ئێوەیە .......

*نیوە دێڕێکی ڕێبوار سیوەیلە

**پشکەشە بە دایکی شەهیدی ئازادی پێنووس کاکە سەردەشت ی نەمر**

پشکەشە بە دایکی شەهیدی ئازادی پێنووس
کاکە سەردەشت ی نەمر
مەهاباد بەکر

دایە گیان تۆ فێرت کردم

دڵم بکەمە شارێک خانووەکانی پڕ بن لە خۆشەویستی
شەقام و کۆڵانەکانی پڕ بن لە ئاسوودەیی..
فێرت کردم..
لە پێناوی ئازادی نیشتیمان دا

هەرچیم هەیە پێشکەشی بکەم

بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بم.
دایە گیان ،فێرت کردم..
ڕاستگۆ بم لەگەڵ خۆم

بۆ ئەوەی بتوانم ڕاستگۆ بم لەگەڵ نەتەوەکەم،نیشتیمانەکەم،دراوسێکانم،هاوڕێکانم
دایەی شیرینم،فێرت کردم
لە خۆم تێ بگەم ،پێش ئەوەی داوا بکەم خەڵک لێم تێ بگات
فێرت کردم..
بە دڵێکی گەورەوە بڕۆم بە پیر شەکەستیەکانمەوە

بۆ ئەوەی بگەمە سەرکەوتن..
فێرت کردم

هەرگیز خەم نەخۆم،پەشیمان نەبم بۆ ڕابووردوویەک کە گەڕانەوەی نیە
شیرینەکم دایە،فێرت کردم..
هیوا بکەمە مۆمێک لەگەڵما بێت بۆ کوێ بڕۆم

لە هەر شوێنێک بم، لەبەر ئەوەی هیوا بەردەوامی ژیانە
فێرت کردم..

چۆن پردێک درووست بکەم لە هیوا و خۆزگەکانم

بەسەر دەریای شەوەزەنگ، خەم ..پەژارە، چەوسانەوە، بۆ ئەوەی کەسی خەمبار نەبێ
چاوی من دایە ،فێرت کردم..

زەردەخە لەسەر لێوم بێت هەمیشە

بۆ ئەوەی زەردەخەنەی منداڵانی وولاتەکەم ببینم
فێرت کردم، لە هەڵەکانمەوە فێر ببم

بۆ ئەوەی لە ئەزموونی مرۆڤایەتیەوە
فێری ئازادی مرۆڤ ببم
ئاوا فێرت کردم لە قوتابخانەکەت،دایە گیان
کە ببمە مۆمێک و بسووتێم

خوێنم ببێتە ڕووبار
هەتا ڕۆژ ئازادیمان دێ..دایە گیان

**یاخیبوون**

پێشکەشە بەهەموو ئەوانەی وەک (سۆران‌و سەردەشت) بە هەڵویستن!

ئای چەند نەمامێکی سرک بوو !
ئێرەپنتی دەستپێکی بوو
لێرەپنتی کۆتایی،
ڕێگەکەی راستەڕێیەک بوو
راستەهێڵێکی ئاسایی
نێزیک نێزیک تا دوایی؛
لێرەهەر لەراکشاندا،
کەسک‌و ملئەستوور دەکراو
وەکو نیشان

**گەڵای پان پان**
**دەدرا لەسنگو سەرشانیو**
**دەکرا بەکوێخای دارستان؛**
**ئەو دوو مەرجەی بۆی دانران،**
**فەرمان لەدەوەن وەربگریو**
**جارجاریش وەک بزەڵەبەراز**
**تێر خەنیی بێت بەلیتاوی دەمی درەختەگەورەکان ...**
**ئای چەند نەمامێکی سرک بوو !**
**ئەو لەمێژبوو، خەونی بەوەوەدەبینیی**
**بەخوازی خۆی،**
**سێوی ئەهریمەنی ئاوەز**
**بکاتبەخۆراکی گیانو**
**دەرباز بێت بۆی؛**
**ئەو بەهارەبەنەفرەتکاو**
**بەدوای گەڵا زەردەکاندا، بەپێی پەتیی،**
**رێی دەشتو رووتەنیی تەیکا؛**
**ئەو نەیدەویست**
**تەنها ئەو کاتەبەهەست بێت**
**کەناچارە،**
**قوتووی زیوییني شکاوی**
**سەری نەمامی کوژراوی**
**کۆنەهاوڕێی لەنێودەست بێت؛**
**ئەو نەیدەویست**
**تەنها ئەو کاتەبەهەست بێت،**
**کەدەترسێت نۆرەی خۆی بێت...**
**ئای چەند نەمامێکی سرک بوو !**
**حەزی دەکرد،**
**تەنها چڵەچیلکەیەک بێو**
**بەپێوەبێ؛**
**سێبەرێکی باریک باریک وەک دەزوو بێو**
**لەسەرزەمینێکی دێمدا،**
**توولەنەمامێکی تینوو**
**توولەنەمامێکی برسیی**
**توولەنەمامێکی کون کون وەکو شمشاڵ**
**لەسێبەریا هەڵاژێتو وەنەوزی بێ !**

سیروان بابەعەلی

"جوانی" بەبەرچاومانەوەسەربڕدرا و ئێمەدەستەوستان ڕاوەستاین!

**تەرزەجاف**

هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ!

ئەمڕۆ چلەی تۆ بوو، وێنەکانت جادەیان ڕازاندبۆیەوەوئێمە

شەرمەزار بەلاتدا ڕەت دەبووین.
وەک ئەوەی بزانیت کەتۆ جوانترین وێنەدەبیت کەجادەکان وەک گوڵەنێرگزێک لەیەخەی خۆیانی بدەن

راوەستاوی و چاوەکانت دەبریسکێنەوە!

ئەی قیرسیچمە،

تۆ وەک چۆن هاری پۆتەر سواری گەسکەسیحریەکەی دەبوو تۆش سواری قەڵەمەکەت بویت و باڵت گرت، بەرز فریت.. سەری خۆت خوارد و ئێمەت ڕووڕەش کرد.

تۆ دەتزانی دەڕۆیت، کەچی ئەوەندەچاوقایم بووی تەنانەت پێش کوژانەوەت ڕەنگەتفت لە چڕوچاوی بکوژەکانت کردبێت، یاخود بەخەندەیەک دەستی خوێناوی ئەوانت لەخۆت وە شاندبێت!

تۆ بوویتەبرینێک، پرسیارێک، بەو منداڵی و جوانیەتەوەئێمەت بۆ شەرمەزاری خۆمان جێهێشت.

تۆ چلەت چوو، بکوژەکانیشت هێشتا، نادیار و ئازاد ڕەنگەلەم ترافیکلایتەدا لەسەیارەیەکی جامڕەشەوەگاڵتەبەفرمێسکەکانی من بکەن.

دایکت نەمێنێ!

**تۆ چلللەت چوا!**

**منیش چل رۆژ و چل شەوەلەکوردبوونم شەرمەزارم،**

**من دەبێت رۆژانەسەیری تۆ بکەم و فرمێسک لەچاوانم بڵێم وەیش دایکت نەمێنیٚ!**

**کۆلیژی ئاداب تا جوانەمەرگبوونی تۆ دەیان یادگاری سەوز و سووری دەهێنایەوەیادم، من ئێستا بەوێدا تێدەپەڕم و بێز دەکەمەوەبەوێدا دێم و تۆ هێشتا گوڵەکەبەدەستتەوەو چەقاوەسوو هێشتا بەقۆزیی خۆت دەنازی،**

**وەی دایکت بمریٚ!**

**دەڵێی بەکوێری لەدایکبووی!**

**مەگەر نەتبینیبو ، نەتبیستبوو ئەم شەقامانەبەخوێنی گەنجانێکی وەک تۆ ئاودراوەکەبەتاوانی تەنانەت کراسێکی زەرد یاخود سەوز گۆشاوگۆش سەردەبڕدران؟**

**تۆ ، گوڵەکەی دەستت هێشتا گەشەو چاوەکانت بیرمان دەخەنەوەکەتۆ کوڕێک بووی شاگەشکەبەجوانی و جەربەزەیی خۆت بەدنیا پێدەکەنی.**

**وەی جەرگەکەم،**

**تۆ سەیری دوور دەکەی، رەنگەئەو دوورەکچێکی عەیاری مەکرباز بیٚ و تۆی خافڵاندبیٚ لەوەی کەجۆگەلەی خوێنی بەرپێیەکانت ببینیت.**

**ئەو وێنەیەی تۆ بۆسەیەکەو بۆ ئێمەت ناوەتەوە، تا هەرچەند بەجادەکاندا تێپەڕین بەبیرمان بێتەوەکە"جوانی" بەبەرچاومانەوەسەربڕدرا و ئێمەدەستەوستان ڕاوەستاین!**

**سەفەر !**
<u>**شێرکۆ بێکەس**</u>
**لە سەفەرێکی شیعردا**
**لە قەراغ دڵی (( چەمچەماڵ ))**
**دوو لق هێرۆی سەرلق سپی**
**بەرزم بینی و ناسیمنەوە و**

به راکردن چوم بۆ لایان
وتم: تۆ (( سەردەشت عوسمان )) نیت
ئەویش (( سۆران ))؟!
ڕێگەم ئەدەن بۆ یادگاری ئەو دڵەی
داتان بە رۆژنامەی باران
رێگەم ئەدەن
پێکەوە وێنەیەک بگرین؟. !
))با )) یەک هات و
پێکیشەوە سەریان لەقان
))سۆران )) وتی:
ئەی کێ وێنەکەمان بگری؟. !
شیعرێکم پێش خۆم هاتە جواب:
خەمت نەبێ
لە دوولاوە ئەمانگرن
(( عەبدولخالق )) لەسەر قەڵای هەولێرەوە و
لەسەر قەڵای مەقاماتی عەشقیشەوە
(( عەلی مەردان))!

### ئێوارەیەک لەگەڵ نمەی باران و جریوەی چۆلەکەکاندا گەرمیان دەگەڕێتەوە

بەدایکی گەرمیان بڵێن : کتێب و دەفتەرو قاتەکوردییەکەی گەرمیان هەڵگرێ رۆژێک دێ گە رمیان دەگەڕێتەوەلەگەڵ نمەی باران و جریوەی چۆلەکەکاندا

ئێوارەیەک لەگەڵ خۆر ئاوابووندا
خۆی دەکات بەدڵی شارا
بەئەسپایی لەدەرگای ماڵ دەدا
دایکی دەڵێ : ئەوەکێیە؟
گەرمیان دەڵێ : دایەگیان منم من
دەرگاکەبکەرەوەبا کەس نەمبینێ
نەک چەکدارەهارەکان ماڵمان گوللەباران بکەن
دایەدەرگاکەبکەرەوەئێستایش برینەکەی سەر دڵم خوێنی لێ دەچۆڕێ
دایەدەرگاکەبکەرەوەبا کەس نەمبینێ
دایکی دەرگاکەدەکاتەوەو
گەرمیان دەبینێ بەباوەشێک گوڵی سپییەوەوەستاوە

دەیەوێ هاوار کات و بڵێ : گەرمیانەکەم گەڕاوەتە
بەڵام باوەشی پێدا دەکاو هیچی بۆ ناوترێ هیچ
ئا دەڵێ : جگەرگۆشەکەم وەرەژوورەوەخوشکەکەت لەتەنیاییدا وا شێت دەبێ
وەرەژوورەوەبرادەرەکانت لەدوای مەرگی تۆ یاریکردنیان لەبیر چۆتەوە
وەرەژوورەوەکورەکەم ئەی کۆترەباڵشکاوەکە
وەرەمەترسێ گەرەک و شار بەهاتنەوەت دڵشاد دەبن
وەرەژوورەوە
خوێنی تۆ و ڕێژوان و شێرزاد و ئومێد و
سورکێوو سەرکارو بیلال و محەمەد ڕەشید و عەلی
چەکدارەهارەکانی شار بەدەرو نیشتیمان بەدەرکرد
وەرەژوورەوەهیچ ترست نەبێت هیچ
خوێنی ئیوەبەردەرکی سەرای گۆڕی بەسەرای ئازادی
بەخوێنی ئێوەخەونەکانمان هاتنەدی
گەرمیان دەڵێ : دایەهیچ ترسم نەبێ ؟
چیرۆکی غەدر و کوشتن و خوین ڕشتن
بۆ منداڵانی شار بگێرمەوە
بۆیان بگێرمەوەچۆن چۆنی ئێوارەیەک
لەشەقامی شارەکەم
چەکدارەهارەکان شەڵاڵی خوێنیان کردم
بۆیان بگێرمەوەبەدڵێکی پڕ لەخەون و خەیاڵەوە
بە دەم ڕێژنەی گوللەی چەکدارەهارەکانەوەمردم
ئای دایەگیان چ مردنێکی پڕ ئازار بوو
تا دوا هەناسەو
دوا نیگام روخساری شێواوی تۆم لێوەدیار بوو
ئای دایەگیان دەتوانم ئەم چیرۆکی کوشتن و غەدرە
بۆ منداڵانی شار بگێرمەوە
دایکی دەڵێ : گەرمیانەکەم هەموو منداڵانی شار وەک سرودی نیشتیمان
چیرۆکی غەدر و کوشتنی ئێوەیان لەبەرە
وەرەگیانی گیانم
کسپەی دڵ و فرمێسکی سووری چاوانم
ئیتر نابێ بۆیەک ساتێ بەبێ تۆبم
من لەدوای تۆ کانگای غەم و ئاسەواری نائومێدی و
گریان و ئازار و ژانم
گەرمیان دەڵێ : نا دایەگیان دەبێ بڕۆم
ئەو گوڵانەبگرەتا دێمەوە

**دەبێ بڕۆم**

**من لەشەهیدەکانی تر منداڵترم**
**ڕاسپاردەی هەموویانم هێناوەتەوەدەبێت بڕۆم**

**ئەنسک و هاوسەرەکەی ئومێد ببینم**
**ئومێد نیگەرانی ئەوەبوو ئەنسک تا قیامەت ژیر نەبێتەوەو**
**بڵێ: باوکەشیرم ناوێ بەس خۆت وەرەوەخۆت**
**وەرەوەو جارێکی تر وەک لەوینەکەدا پێکەوەین ئاوا لەئامێزم بگرە**
**ئومێد دەیوت بەهاوسەرەکەم بڵێ؛ گوللەی چەکدارەغەدارەکان ئێمەیان لەیەک کرد**
**کوا من دڵم دەهات بۆ ڕۆژێکیش بەجێیانبێڵم،**

**نامەیەکی شێرزادم پێیەتا بیدەم بەخۆشەویستەکەی**
**شێرزاد دەیوت: بەخۆشەویستەکەم بڵێ : لێم نەرەنجێ**
**من خاوەنی بەڵێنی خۆم بووم ، بەڵام ئاخ**
**چەکدارەهارەکان**
**چەکدارەبێدڵەکان**
**عەشقی ئێمەیان گۆڕی بەکوشتن و نائومێدی،**
**شێرزاد دەیوت: وای چەند تاسەی بینینەوەی باوکم و دایکم و**
**خوشکەغەمبارەکانم دەکەم،**

**دایەگیان دەبێت بڕۆم بەناوی ڕێژوانەوە**
**بەباوکی ڕێژوان بڵێم ؛ ڕێژوان دەیوت:**
**بەباوکم بڵێ دەرگا لەهیچ ئەژدیهایەک نەکاتەوە**
**ڕێژوان دەیوت من دڵم پڕبوو لەشیعر**
**زۆر شیعرم مابوو بینووسم بۆ عەشقی خاک**
**کەچی خۆم بووم بەشیعرێکی شەهیدی خەمناک**

**سورکێو دەیوت بەباوکم بڵێ ؛ هەرکاتێک تاسەی بینینی منی کرد**
**با بچێت بۆ سەرای ئازادی من لەوێم و هەر لەوێ دەبم.**
**تا دەستی غەدر دەشکێ.**

**ئای دایەبیرم چوو دەبیت بڕۆم بۆ کەلار**
**بەماڵی بیلال و شاری کەلار بڵێم : ئاگاداربن ئەو چەکدارانەترسناکن**
**بیلالێکیان کوشت هەموو ناوەکانی خودای لەدڵدابوو**

ئەوان دڵێکیان دایەبەرگوڵلەماڵی ناوەکان خوا بوو.

دایکی گەرمیان دەڵێ: نا کۆترەباڵشکاوەکەم بەتەنیا ناڕۆیت
منیش دێم،
گەرمیان دەڵێ: باشەدایەگوڵەکانیش بهێنە
دەبێت لەکەلارەوەبچینەکەرکوک و لەوێیشەوەبچینەهەولێر
ئەو گوڵانەدەخەمەسەر گۆری سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت عوسمان.

حەمەکاکەڕەش
2011

**سلۆگانێ بۆ کاکەسەردەشتی جوانەمەرگ**
***پێشکەشەبەهەموو دایکان***
هەڤاڵ سەید حەسەن
هەڕەشەدەنگم کپناکا، قەت لەنوسینم ناکا
ئازادی ڕەخنەو نووسین، مافی مەیەبۆی دەمرین
مەرگی سەردەشتوو سۆران، نامان ترسینێ لێتان
سزای قاتیل ڕەوایە، کوا یاساو دەستوور مایە ؟
درۆ و دزی و ساختە، قبووڵکردنی سەختە
بۆ وەستانی زەبرووزەنگ، لەبەر شەپۆڵ وەک نەهەنگ
خۆگروو زۆر بەهێزین، کچوو کوڕی بەڕێزین
جوندان، درۆ، دەستبڕین، کاری تۆیەدڵ بەقین
سەردەشت نەترسا لێتان، وێنەو ناوی دا پێتان
بۆچی هێندەقرپۆکن، دەستوەشێن ترسنۆکن
دەستی خوێناوی کێیە، جێبوو دەمانچەی پێیە
لەبەر دەرکی زانکۆدا ،لەبەر ڕوناکی خۆردا
دەیڕفێنێ تەمەنمان، دەتەقێنێتن سەرمان
من خوێندکارم سەردەشتم، من ئازادوو بەجەرگم
کەی تێردەبن سەرۆکان، دڵمان ئێشاوەلێتان
هیچ شتێ نادەن بەکەس، هەمووی بۆ بۆخۆتانەو بەس
قسەتان زۆربەی درۆیە، کارتان دزی و بڕۆیە
لەسەر دوو گوتار، ڕەخنە،بۆ کردتان ئەم کەتنە
فرمێسک و خەم دەشۆرین، لەمەیدانین وەک شێرین
تیرۆر، کوشتنو زیندان، بێهوودەیەبۆ بوونتان

شیعروو گوتاروو پەخشان، بۆچوونی دڵوو ویژدان
قەڵەم کەڵوو بوێرە، سەربەرزەو دڵ دلێرە
هاوپشتیمان بەپێزە، بۆبون کۆڵەکەو هێزە
چاوتان کوێرەزۆرداره، دڵی دایکان زامداره
بۆ هەست بەئێمەناکەن، لەکێشەکانمان ناگەن
ڕەبەن، بێ ژن بێکارین، خوێنکارو قەڵەم دارین
بیرمان بۆ خراپەناچێ، هەرگیز ژیان ئاوا نابێ
ئاهو نزا بەکاربێ، لەمەسئولو سەردار بێ
بۆبیستنی ویستەکان، بۆ بینینی خەمەکان
گوێتان وەک کەر دێژبێ، چاوتان تیژوو بەهێزبێ
چاوەڕوانی باشەبووم، دژ بەدزی و خراپەبووم
بۆ ڕێزوو ئەوینم بوو، نەک بۆ فرتەنەو فەوتان
هەی دەست ڕەشی بێ ویژدان، زۆر زوو دەستی خۆت وەشاند
تاکتیکی خۆت گۆڕیوە، بەبێ دەنگی، بەپەنهان
بەبێ هەڕەشەو جوێندان، دەڕفێنن، دەکوژن، لەهیچ شتێ ناترسن
بێ باکن لەهەموومان، بەهیچ نازانن بوونمان
نووسینوو قسەیبەسوود، بۆ کەڕوو کوێری بیرپوچ
داهێنانی گەرەکە، دەربازی کەر لەقوڕەکە
دەماری زۆر ئێشاندم، دڵم زۆر تەنگە بۆتان
نەعلەتتان لێبێ سەدجار، حاشا کوردنینەئێوە.
نەفرەتتان لێبێ سەدجار، قەت مرۆڤ نینە ئێوە

**ئەستێرەکان ڕەشپۆشن ... سەردەشت ئاوای گووت!**

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن، چونکەباڵندەزمانی فڕینی لێ قەدەغەئەکرێ، چونکەدار زمانی بە روبوومی لێ ئەسەنرێتەوە، چونکەگژوگیا زمانی سەوز بوونی زەرد هەڵئەگەڕێ. ڕەشپۆشن چونکەهەتاو مانی لەهەڵهاتن گرتووە. "با" لەسەر جێگەی مردنەو شاخەکانیش لەڕیزێکی درێژدا چاوەڕوانن بەڵکەناویان لەنێو لیستی لێبووردنی گشتی بەغدا هاتبێتەوە. ڕەشپۆشن، چونکەسۆرانی مامەحەمەلەگۆڕەکەی یاخی بووەو دەیەوێ گۆر بۆ شەمشەمەکوێرەکان هەڵبکە نێ. ڕەشپۆشن چونکەمن لەمەرگ هەڵگەڕاومەتەوەو دەمەوێ بەدەستەکانی خۆم پەردەی پە نجەرەی گۆڕەکەم لا ببەم وچاوم لەهەتاوی ڕەشی ژیان بێت. ڕەش ئەپۆشن چونکەلێرەلە کوردستان، شەمشەمەکوێرەی چاخەکانی بەردین و ئەشکەوتەدژ بەهزرەکان فتوا ئەدەن دژ بە

وشەوشیعر و جوانی. دڵەڕەش و تاریکەکان چاویان بەهەتاو هەڵنایێ وهەموو ڕۆژێ مۆمێک لەمۆمدانی خەیاڵ سەرئەبڕن و ڕاپۆرت ئەدەن لەئازادی. ڕەنگەکان هەموو ڕەشپۆشن. گۆرانییەکان ڕەشپۆشن. ئازادییەکان ڕەشپۆشن، چونکەوشەنایەوێ دڵ جێبهێڵێ، چونکەعەشق لەسەر سینی سیاسەتا لەسەر بان و سەر کۆلیتەنزمەکانی بەرژەوەندی ئەدرێتەخۆر. ڕەشپۆشن چونکەکلتوور کوژەکان سەری ئەفسانەکان شۆڕ ئەکەن و نەورۆز و حامورابی بەدەست بەستراوەیی لەباخچەکانی یادەوەری ڕائەگرن و بەشمشیری زولفوقار و زولشتەکانی تر ئاڤێستا لەتوپەت ئەکەن. سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن چونکەلەهەنگووچکەکەی دایکم شیعرم ئەشاردەوەو ئێوارانیش گوێم لەبەسەرهاتی پیرەقەرات ئەگرت. ئەچوومەپارکەتازەکان،بەڵام دڵم هەر لەلای کۆلیت و کوخەکانی کلک مشک و باداوەبوو. ئەچوومەپۆل بەڵام دڵم هەر لەلای تاقیکردنەوەی ئازادی بوو. ئەچوومەباژێڕ و کەچی دڵم هەر لای ئەو کەنیشکەبوو کەبەتیلەیەک بۆی ببووم بە عاشق. ئەچووم بۆ ئاهەنگ و سەیرانەکانی زانکۆ،بەڵام دڵم هەر لای ئایەتولکورسییەکەی دایکم بوو. دڵم نەئەهات پیاسەکانم جێبهێڵم تا کۆترەکانی شێخەڵڵام لێ زویر نەبن. ئای ئێستاش بیری هاوڕێکانم و زانکۆ ئەکەم. سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن چونکەلەتای تەرازووی دادپەروەری کوردستانم حەرام و بێدەنگ بوون لەتایەک و تیرۆر لەتایەکەی ترە. چونکەقەدەغەیەگوڵ بدەی لەیەخەی خۆشەویستی. چونکە ناکرێ مۆڵەت لەزمان وەربگری تا نەیەتەگۆ، چونکەناکرێ داوا لەدەم بکرێ خۆی دابخات. چونکەناکرێ پەپوولەکان باڵیان بسووتێ بەمۆمی بەرژەوەندی دەسەڵات. ناکرێ لەحیکمەتەکانی جوانییەوەببینین ژیان ئەڕژێ بەسەر کوخەکانی نەهامەتی مرۆڤ و کەچی سوڵتان خۆر زیندانی ئەکات و تریفەسەرئەبڕێ. سوڵتان تەوقێکەلەملی ئازادیدا و هەتا دێت تەنگتر ئەبێتەوە. سوڵتان خەون کوژە.سەردەشت ئاوای دەگووت.

کۆچی من کۆچێکی سادەیە، ئاڵۆز و موعەمما نییە. کۆچی من لەسەر نەخشەیەک بوو بەر لە هەڵهاتنی خۆر و پێش فڕێدانی دەمامکەکان. من نەلەگوناهەکان هەڵگەڕابوومەوەو نە ڕوخساری ویژدانێکم ئازاردابوو. لەشانشینی خەمەوەخەریک بووم مەرگم کاتاگۆری ئەکرد، لەناکاو لۆزەندەکانی سوڵتان بەسەر پردی تاریکییەوەپەڕاندمیانەوەبۆ ئەو مێرگەتاریک و تەنیایانەی کەهیچ کەس نەبینیویەتی و نەئەشتوانێ هەستی پێبکات. تەنیایی مژۆڵ و ئازاربەخشەو من لەم ئارامگایەخەریکی نووسینێکم لەسەر برینەکانی ئازادی و هەتوانەکانی. سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن چونکەڕێگەی خەوبینینم لێگیراوە، چونکەبۆم نییەبەفەنتازیا هەڵگەڕێم،نابێ بڤەکان ماچ بکەم، چونکەبۆم نییەلەسەمای ئێوارانی شارەکەما ، چاکەتەیەکپۆشەکەم دابکەنم و بەپەنجەی دۆشاومژەما بیدەمەسەر شانی چەپم و لەسەر یەک پێ جاویدانەوەک سەرخۆشێک بەشەرابی حەقیقەتەوەخۆم بکەم بەئاپۆرەکەی لای باتاوەو لەبە

ردەم گەس فرۆشەکەی سەر جادەکەهەڵوەستەیەک لەسەر پەڵەخوێنی ئاراس بکەم و بڵێم سڵاو ئەی مۆمەنەکوژاوەکەی ڕێگای ڕاستی، سڵاو ئەی گوڵەژاکاوەکەی بەهار. ئینجا بچم لە بەردەم باڵەخانەی پارێزەرانی ئاسایشی سوڵتانەکان، تا ئەتوانم وەک نەوڕەسێکی بریندار بقیژێنم. ئای کەچەند تووڕەم ئازادی. سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن چونکەگزنگ ئەبینن کیسەی شەویان لەسەر ئەکرێ و ئەبردرێن بۆ هە رێمەقاچاخەکانی بوون، چونکەبەهار ئەبینین گەڵا لەپایز قەرز ئەکا و گوڵ ئەبینین هەر بە خونچەیی سیس ئەبێ و ئەژاکێ. چونکەنیشتمان عەجمانی لێبڕاوەو بەبێ تاقەتی لەسەر تیلە ی کۆڵانەڕیشنەکان چاوەڕوانمەبرۆمەوەو گلەیی دوواکەوتنم لێبکات، چونکەزنارەکان بەپۆلێ مەلی سپییەوەخەریکن خۆیان دەهاونەباوەشی گەرمەسێری بیابانی بێکەسیمان. سەردەشت ئاوای گووت.

بەدوای فەلسەفەیەکدا ئەگەڕێم بەقەد دڵی دایکم میهرەبان بێ. تووڕەش بێ وەکو ئاخەکانی ئێمە. فەلسەفەیەک دڵگیر بێ تا چەمی ژیان پڕ لەسۆز بێ و تاڤگەی خۆشەویستی قەڵبەزە بکا. وێڵم بەدوای ڕێگایەکدا نەمباتەوەبەرەو بانە،بەڵکو بەرەو قووڵایی دەریاکانی بیرکردنە وەو ڕامانم ببات. بمبات بەرەو کەنارەکانی خۆشنوودی. بەدوای ماچێکدا عەوداڵم تازەماچ بێ و بەهیچ لێوێک ئاشنا نەبێ، ماچێک لەگەڵ خۆیدا هەڵم بگرێ و بمبا بەرەو زەردەپەڕە ونبووەکانی شارەکەم، بمبا بەرەو ئۆقرەیی و دانووسان لەگەڵ ئەندێشە. سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن و هەر بەڕەشپۆشیش دەمێننەوەتا بڵێسەکانی تووڕەییم خۆیان نە سپێرن بەئەڤین و تا خەمەکانم لەژێر کانیاوی کامەرانیی کاڵ نەبنەوە. تا خەونەکانم بکوژرێن، تا وێنەکانی دایکم و کچەدەزگیرانەکم لەباخەڵ نەبێ،تا نەیەمەوەنێو پۆلەکانی زانکۆ و ڕۆژنامەی ژیانم دەرنەکەم و وەک سەرنووسەری عاشقێکی شێت و گومڕای ڕۆژنامەیە ک خۆم نەنووسمەوە. تا کڵاوی دەرچوونم لەئاهەنگی ڕۆژی دەرچوونم هەڵنەدەم بەئاسمانا، تا منداڵانی گێمەدێ و ڕەحیماوەو گشت ئۆردوگا و خانووەگڵ و نزمەکانی کوردستانم برسی بن. تا قەڵەم لەسێدارەبدرێ من هەر لەوێم و لەناوتانم. لەئاهەنگ و لەکۆڕو کۆمەڵتانم و بەردەوامیش یادتان ئەکەم. سەردەشت ئاوای گووت.

**ژێرنووس:**

کلک مشک و باداوە : دوو گەڕەکی هەژار نشینن لەشاری هەولێر

باتا : شەقامی باتا کەوتۆتە ناوەڕاستی شاری هەولێر

ئاراس : پێشمەرگەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و گیانبەختکردویی ڕێگای ئازادی و یەکسانی

گێمەدێ : گەڕێکێکی هەژارنشینە لە هەولێر

ڕەحیماوە : گەڕەکێکی هەژارنشینە لە کەرکوک

تێبینی : ئەم پەخشانە شیعرە لەڕ ۆژنامەی هەواڵ ژمارەی ساڵی 2010 بڵاو کراوەتەوە

**لەچلەی ماتەمینی کاکەسەردەشت**

**وەک شەهیدی قەلەم و ئازادی،پەیامێک بۆمیراتگرانی تورک و عەجەم و بەدوو !!**

هۆ ، هۆ ، هۆ

هۆنراوەی :

قاسم ئەحمەد:

هۆ

ئەوانەی

جەستەی پاکی قەڵەمێکتان

لەناو بردو و کوردستانتان

پڕ کرد لەمەرگ لەئازاروو

فۆبیای پڕ ئێش !!

هۆ ئەوانەی بەبێ ئاگا

وەک گەلەگورگ

لەسەر ڕێگا

بۆ مەرازی گڵاوتان،

بۆ دڵ خۆشی ئاغاکانتان

بێرێکی نوێ و پێنوسێکی

شارەکەمتان

شوێن بزر کرد

لەلاڕێدا..

ئێوەئێوەنەمرۆڤن

نەکەسانی

سەردەمێکی خاوەن

هۆزن..

رووتان رەش بێت دەستان کۆڵ بێت

دەمتان بۆگەن

ئاغاکانتان

زیاتر لەوەسەرەرۆ بێت،

نەتان زانی ئەم سۆرانی،پایتەخەتەی من
بێ تاوانە
رۆحێکی پاکی سەردەمە،
نەتان زانی فریشتەیەلەسەر بەرزی
زیاتر بەو لا
هیچ نازانێ!!
نەتان زانی ،
رووتان رەش بێت
هەتا هەبن لەوەزیاتر ناوتان زڕ بێت،
نەتان زانی
ئەم سەردەشتەبێ تاوانە
هێشتا تەمەن رێی نەداوە
باغی ژینی چرۆ بکات،
فریشتەیەو لەئازادی شارەکەم دا
بێترس بێترس
لەپاڵ ناوی کوردستانێکی نا ئازاد
سەما بکات !!
رووتان رەش بێت
نەتان زانی
بەو کارەتان وولآت هەموو نەیار دەبن بەرابەرتان
دژ بەدەستی ڕەشی پڕ تاوانتان،
ئەوەکێ بوو پێتانی ووت
قەڵەم بکوژن؟
نوسسین بدڕن؟
بۆ مێژووتان
بەرگی رەشی دەستەمۆیی
لەبەر بکەن ؟
بڕۆن بڕۆن
بۆ هەتایی سەرتان شۆڕە
دەمووچاوتان
داپۆشراوە
ترۆمبیلتان بێژمارەس
ئەی کەسانی خۆین مژ، ناپاک
بێ بیروو هۆش !!
بڕۆن بڕۆن هەتا ماون تاوان باران

کەسانێکی نا لەبارن
بەرابەر گەل،
ئێوەمەرگن مەرگێکی رەش
کەسانێکن کرێ گرتە
بێ بیروو هۆش،
بۆ سەواداو هەل.
لەئەو شارەی کەسەردەشتان تێدا فڕاند
بەنامەردی..
بەهەزارانی وەک سەردەشت،
دژ بەئێوە
دەنگیان بەرزەروویان سوورە
دژ بەئێوەو ئاغاکانتان
بەسەر بەرزی
هۆ ئەوانەی بەبێ ئەوەی کەبزانن مانای ژیان
ئازادی ژین
ئەوەکێ بوو پێتانی ووت
سەردەشت بێنن؟!
ئەو پەپولەباڵ نەخشینەزۆر ئارامە
بێ تاونە
بۆ تاریکی بیرەکانتان
بسوتێنن ؟!
نەتان زانی بوونی مرۆڤ ئائەو کاتەدەبێتەبوون
کەبێترس بێت
کەئازاد بێت
رەوورەش نەبێت
تووخوا
توخوا ئێوەی روو رەش
چۆن دەتوانن
رووتان دەرخەن
کەرووخسارتان
بەبۆیاخی زەردی روو رەش
داپۆشراوە
بەبێ ئەوەی کەبزانن
نەپاکیتان لەلای بەدوو، عەجەم وتورک،
فاڵ دراوە !

نەتانزانی بەم کارەتان بیرەوەری تاوانێکی
قیزۆون تر
خۆفرۆشتر
بۆ مێژومان
تۆمار دەکەن ؟
برۆن برۆن سەر نەوی کەن
مێژوو ئێوەی باش ناسیوە،
لەدەفتەری بیرەوەی هەر کەسێکدا
سەرنج دەدەی
31 ئاب!
تەزویر کردن،
ملەت کوشتن،
ئاش بەئاش و
خۆفرۆشی
تیا نووسیوە!
برۆن برۆن ئیتر نەکەن جارێکی تر
دەستان بەرن
بۆ سێبەری پیرۆزیەکان
بۆ سنەوبەری قەدو باڵای ئازادیەکانی،
ئەم کۆمەلگەبێنازەی من
لەبازاری سەوداکاندا سەوداکەنو ،
هاوەڵانی
سۆرانەکەم ،
سەردەشتەکەم
بەچاو پۆشین شەهید کەنو ،
گشت رۆژێکیش لەمیمبەری
دەسەڵاتەوەشینمان بکەن
بەو مانایەی کەباوکمانن
تەنها بەناو،دوور لەکردە
منیش دەڵیم خاک بەسەر بێت لەوەزیاتر
ئەگەر ئێوە،باوکیان بن
سەرۆکیان بن
ئەم وولاتە
ئا ئەم هەموو گرۆی کوردە
وەک مۆنۆپۆڵ وەک سەرۆکو وەک

سەرکردە .!!

**هەولێر ئەی شارەکەی شیرین بەهارەم**

هۆنراوی ناڵە حەسەن

هەستە هەولێر لەم کەرنەڤالی ڕاسان و لەم ڕەشبەڵەکی ژیان و لەم دایکبوونەوەیەدا

دەستی دەستە خوشکە چاو گەشەکەی سلێمانیت بگرە

دەستی شار و شارۆچکەکان و لادێ و دێهاتەکانت بگرە

هەستە هەولێر

دەسماڵەکەت بەدەست بگرە

عاشقە خوێن گەرمەکان و سەرچۆپیە دڵ پڕ لە هیواکان

لە گۆڕەپان ولەسەر شەقام چاوەڕێتن

ڕەشبەڵەکە ڕەشبەڵەک، ڕەشبەلەکی ئازادییە

ڕەشبەڵەکی نان و گوڵ وروناکیە

هەستە هەولێر

ئەو شارەکەی سەردەشت عوسمانم

شارەکەی عبدلخالق معروفم

ئەی شارەکەی راپەڕین و شارەکەی هۆلاکۆ بەزێنم

ئەی شارەکەی شیرن بەهارەم

شارەکەی کەڵە کوڕان و ئاسکە کچانم

رابە هەولێر

ئەی شارەکەی لانەواز و بێ سەرپەرشتانم

ڕەشبەڵەکە و ڕەشبەڵەک ،ڕەشبەلەکی ئازادییە

ڕەشبەڵەکی نان و گوڵ ورووناکیە

هەستە هەولێر

ئەی شارەکەی هەژارانم

ئەی مەنزڵگەی پڕ بەرائەت

شارە دێرینەکەی شەهیدانم

ئەی شارەکەی سەری ڕەش و

هاوینە هەوارە جوانەکانم

ئەی هەولێرم

سلێمانت دەستی بۆت ڕاگرتوە

کرکوک دەستی بۆ ڕاگرتوە

هەڵەبجە دەستی بۆت ڕاگرتوە

گەرمیان و دەربەندیخان ،خانەقین و هەورامان دەستیان بۆت ڕاگرتوە

دەتۆش هەستە دەستەکانت بۆ دهۆک و زاخۆی دەلالم ، ئاکرێ و ئامێدی جوانم

هەموو شوێنەکانیتری کوردستانم

دەی گشت پێکەوە زەماوەندەکەتان بگێڕن

**رەشبەڵەکە رەشبەڵەک، رەشبەڵەکی ئازادییە**

**رەشبەڵەکی ئازادییە ، رەشبەڵەکی نان و گوڵ و روناکیە**

**هەستە هەولێر**

**لەنێو دڵی گۆرەپان و لەئامێزی قەڵایە سەربەرزەکەت**

**بەستە و سەمفۆنیای ژیانێکی نوێ بچرە**

**کورِ و کچانی دڵ پرِ لە عەشقت بێنە لەرزین و**

**لاوک و حەیرانی سەرفرازیت بچرە**

**هەستە هەولێرم**

**ببە بە گەردەلول ورەشاب و تۆفان**

**رایانماڵە کۆشک و سەرای مشەخۆر و گەندەڵەکان**

**رایان ماڵە تاج و تەختی گشت خوداکان**

**دەنگ و زایەڵەی ئەم هەستانەت بگەیەنە بەگوێی جیهان**

**رەشبەڵەکە رەشبەڵەک، رەشبەڵەکی ئازادییە**

**رەشبەڵەکی ئازادییە ، رەشبەڵەکی نان و گوڵ و روناکیە**

**بەشێک لەخوتبەی چوارشەممەی پیرۆز:**
**هۆنراوی سابیر سدیق**
**وەختە ئیتر**
**بە ویقارەوە لە پێدەشتا غاردا ئەسب**
**لەبورجە بەرزەکانەوە،بەگرِەوە بفرِی کۆتر**
**وەختە ئیتر**

چوارشەمە بێ، مۆمەکان داگیرسێنم
زهنی خۆم رۆشن کەمەوە
ئیتر سەرقاڵی چەپە کردنی گوڵەکان یتەنهایم و
دەنە کردنی هەناری غەریبی بم
ئومێد بکەم بە سفرە بۆ ئێوارە خوانێ
لە دڵی خۆما رێکم خستەوە
بۆ کۆڤان و بۆ تروسکەی تابلۆکانی
بۆ سەردەشت و بۆ بروسکەی نامەکانی
بۆ رێژوان و بۆ تریسکەی خەونەکانی
وەختە ئیتر
لە کوچە و خیاباندا غاردا ئەسپ
لەبورجە بەرزەکانەوە بە گڕەوە بفڕێ کۆتر
وەختە ئیتر
چوارشەمە بێ، زهنی خۆمان کۆکەینەوە
مۆمەکانمان داگیرسێنین
وەختە ئیتر
بەگڕەوە لە کوچە و خیابانا غاردا ئەسپ
لەبورجە بەرزەکانەوە بە گڕەوە بفڕێ کۆتر
وەختە ئیتر

**ئێوە چین بێجگە لە پیاو کوژێک**
کازم قادر

ئێوە چین بێجگە لە پیاو کوژێک
ئێوە تەنها پیاو کوژێکن!

لە پەناتەورەکانی ئێوەدا
ئێمە هەمیشە دراوسێی مەرگین
هەمیشە لەپەنا ماڵی دۆزەخداین
هەمیشە پێیەکمان لەنێو پشکۆدایەو
هەمیشە لە خەونماندا دەسووتێین
ئێمە لەخەونماندا دەفڕین و
ئێوە لە خەونماندا ئاگر لە ئاسمان بەردەدەن
ئێمە نەورەسەکانی زەریا و

ئێوە واشە ڕاوچیەکانی مەرگ
ئێمە بڵێسەی زیندەگی و
ئێوە دوکەڵی وێرانە
ئێمە قریشکەی ئازادی و
ئێوە دەمی پڕ ژاوەژاو
ئێمە لرفە لرفی کەشتی زەریاگەڕ و
ئێوە کرمە خشۆکەی نێو زەلکاو
ئێمە لە زایەڵەی هاوارمان بۆ ئازادی
خوێن لە کونی شمشاڵی گەرومان دەچۆڕێت و
ئێوە خوێن لە تەورەکانتان !
ئێمە دەستامان پڕ روناکی
دەستی ئێوە بەتاڵ ، بەتاڵ
دەستی ئێوە پڕ لە خەنجەر
هێی ئێوە ، چەند جوانە هیچمان لەیەک ناچێت

**بۆ سەردەشت عوسمان**

**عبداللە پەشێو**

لەو ساتەوە کە هاتن و دار چنارە شیکەکەیان لولدا و ڕفاند
لەو ساتەوە کە هاتن و گوڵە جۆیە گڕتێزاوەکەیان کرتاند
کۆتری خەم هەتا ئێستاش هەر گمەی دێ
کۆڕی پرسەی هەموان تەواو
پرسەکەی من بەردەوامە و هەر جمەی دێ
داخی ئەوەم لە دڵدایە
نەیگەیشتمێ تا پێی بڵێم
ئاگادار بە لەم وڵاتە ئەوەی قەڵەم چۆرە چرا و ئاورگی بێ
دەبێ زمان چەقۆی تیژی سەر قورگی بێ
نە دەزانم نە دەشپرسم کێ بوون داباریننە سەری
ئیدی بۆ من وەک و یەکە بنیادەم بوون یان کەمتیار
بە چی هاتن
بە جام ڕەشێک یان بە جام ڕوون
بێ نمرە بوون یان نمرەدار
ئیدی بۆ من وەکویەکە
بەڵام پرسیم

پرسیم و دیسان دەپرسم
ئەو سبەینەی نرکە و بۆڵەی ئەو هەورەیان مت وکڕ کرد
ئەو سبەینەی ئەو تەلارە نەخشینەیان خاشەبڕ کرد
ئەوێ ڕۆژێ یاسای سەروەر
بۆ کام بەرخی کەڕەواڵە چوو بۆ کەمین
گیرفانی کێی دەپشکنی
لە ئاسمان بوو یان لە زەمین
هەر پرسیم و پرسیمەوە
هەندێک دەڵێن
یاسای سەروەر مایەسیری گیری دابوو دوورەدەست بوو
هەندێک دەڵێن زۆر سەرقاڵ بوو
شورەی دەوری کۆشک و سەرای هەڵدەچنی خەمی خەست بوو
هەندێک دەڵێن ئاسمانی ژوور باخەکەی خۆی تەلبەند دەکرد
لە چریکە و فڕکەی باڵی باڵدار پەست بوو
هەندێک دەڵێن نەخێر
بێشکەی حکومەتە ساوایەکەی ڕادەژەنی
ناوە ناوە داییەکی لەپێ دەکرد
ناوە ناوە داییەکی دادەکەنی
هەندێک دەڵێن
نا ئەو ڕۆژە
بە شەرابی زەماوەندی بە شودانی کەرکوک مەست بوو
هەندێک دەڵێن لە بانکێکا پارەی دەژمارد
لە بەرچاوی (ڕژدیاندا زڕ و زڕت و ) لەسەر هەست بوو
منیش دەڵێم کەس نەیزانی
یاسای سەروەر
سکچووی لێبوو لە ئاودەست بوو

**وەهای گوت سەردەشت***!

ئەو بێدەربەست مرد.. وەک بێدەربەستیی گولەی کوڕەکانی قەڵا لە دەمیدا
بە عەشقەوە ڕژا، وەک پڕانی عەشقی دوعا
وەک ڕژانی گوناهە جوانەکانی دوعا بەرەو دۆزەخ
وای لە عەشق، وای لە چیرۆکی تاڵی عاشق و مەرگ!

ئەو بێباک لەمەرگ، بەبزەیێکی کاڵ و تاڵ و لێوڕێژ لە ژەهر وتبوی:
من عاشقم، عەشقی ژنێک لەو دیو دیوارەکانی قەڵاوە
ژنێک دەکەوێتە ئەو دیوی ژیانەوەو
ژنێک ماڵی لە گەڕەکی دۆزەخ و..وای ژنێک هەر لە ئەزەلەوە دۆزەخیی بوو
ئەو عاشقی ژنێکی قەڵانشین بوو، قەڵایێک بەتاڵ لە عەشق
قەڵایێک هەزار مێردو هەزار ڕێی تێدایە بۆ زیندانەکان
بۆ فەلاقەخانەکان و بۆ سەردابەکان
وەلێ بەتاڵ
بەتاڵ لە کوێرە ڕێیێک، لە ڕچەیێکی باریک .. بتباتەوە ناو ماڵی عەشق
قەڵا بەتاڵ لە ماڵی کتێبان، لە گەڕەک و قاوەخانەی شیعر
خامۆش لە گڕە گڕی گیتارو لە لورە لوری شمشاڵ و لە ناڵەی دەف.

ئەو ئەستێرەی سەر شانی شکۆو ئازادیی بوو
بە ئالای پیرۆزییەکان پێڵاوی خوێناویی ئازادیی دەسڕیی
"کە بە تیری ڕاوی ئەوان پێکرابوو"
ئەو باڵی گەورەی ئازادیی بوو
هەڵقە هەڵقە زنجیرەکانی دەپچڕاند
ئەو عاشقە سەرەڕۆیە بوو
بێباک لەو پاسەوانانەی تەنها تیریان بە چراو ڕوناکییەوە دەنا
بە بروسکەی عەشقی ئازادیی سنورەکانی قەڵای موستەحیلی بڕیی
ژوانی نەکەردەی لەگەڵ شازادەی بێنازو پێوەندکراودا گرێدا
لەناو دڵی داخراوی قەڵای پڕ نهێنیی و نەگیراوی ئەواندا
حەقیقەتی گەورەو ترسناکی دۆزییەوە
ئەو کە لە دوورەوە عاشقی شازادەخانم ببوو
نەیدەزانی حەبیبە لە چ وێرانەیێکدا دیلە
ئەو کە دەستی بەر جەستەی حەبیبە کەوت
وەهای هەست کرد پەنجەکانی بەر لێوی زوقمبەندی مەرگ کەوتبێت
یان ژنێک لە خۆڵەمێش..
یار..ڕەنگی جەنگ و بۆنی جەنگ و دووکەڵی براکانی لێدەهات
بۆنی عەشقی ئەو جامانە ئەرخەوانییەی لێدەهات
"جامانە گوڵ ئەرخەوانییەکەی بابە"
ئەو جامانە ئەرخەوانییەی هەردەم دەژیێ و..هەردەم سەرمان دەخوات
ئەو لە گەڕان بەدوای عەشق و حەبیبەدا سەری بەر بەردی مێژوو کەوت
بەناو توونێلی مێژوودا گوزەری کرد
بە سەر ئەو تەرمە وێرانانەدا کەوت

کەس نەیدەزانی لە چ گەڕەکێکی عەشقەوە ڕاپێچ کرابوون
لە ماڵی چ کتێبخانەیکەوە، لە ج کۆڵانێکی هەژارو بێ نانەوە فڕێنرابوون
"کەس نەیدەزانیی لە کام سەرای ئازادییدا دیل کرابوون"

لە پێچی جامانەی هەنار ڕەنگدا گشتمان ژیانێکین وەک کرم
شتێکین باڵامان لە باڵای پێڵاوەکانی سەرۆک خوارتر
کۆیلەین بە زنجیرەکانمانەوە
هەمووومان لەبەر پێ و پێیڵاوەکانی سەرۆکدا مەسیحێکی گوناهـ بارین
سەرۆک بێ ئەوەی لە ڕۆخسارمان بڕوانێت
لە قوولەکانی قەڵاوە، خوێنساردانە وەک بێژێت گەڵایێک لە دارێک بکەنەوە
لە پێچی جامانە ڕەنگ خوێناوییەکەیدا
مەرگنامەمان فڕێدەداتە بەر چەکمەی جەلادەکان
لە ڕیتوالەکانی قەبیلەدا هەمووومان مەسیحی هەڵگەراوەین
دەبێت بە زامەکانمانەوە خاچەکانمان تا دۆڵی مەرگ بەکێش دەکەین.

لە ساڵنامەی قەڵادا هەمووومان نەوەی"زۆڵین"
ئێمە کە ناچینەوە سەر خوانی گەنیوی هیچ قەبیلەیێک
ئەو باڵندە نەفرەتییانەین
"دەبێت بە بازی کوڕە ڕاوچییەکانی قەڵا ڕاو بکرێین"
ئەو جروجانەوەرە کێوییانەین
"دەبێت پڵنگەکانی قەبیلە دەم لە گەرووومان هەڵژەنن"
قەڵا حیکایێتێکی گەورەیە..."سەردەشت وەهای وت"

کازم قادر
28.04.2012

تێبینیی:
)*وەهای گوت زەردەشت) ناوی کتێبێکی نیتشەیە، ئەو کتێبە لای من هیچ بەهایێکی نییە، هەڵبژارنی من بۆ ئەو "تایتڵ"ـە(لەبەر هەر شتێک بێت کە پێویست ناکات بیڵێم)بەڵام لە سەرسام بوونم بەو کتێبەوە نەهاتووە

**لەسەرەتادا وشەبووە**

کاتێ کەتەورات دەنووسرا
ئەوسا مێژوو لەدایکبوو
کاتێ لەسەر زاری مەسیح
ئینجیل وەک کانی سازگار
ئاوەکەی هاژەی دەهات
چەوەکانی ئەڤین بوون
ئەوسا مرۆڤ لەدایک بوو
کاتێ کەقورئان کۆکرایەوە
ئینجا گۆڕەپانی ژین چڕتر بوو
لەوساوەپیت خەنجەرە
وشەشمشێری دووسەرە
ڕستەپەیکەری پاڵەوانانە
گوتار دوژمنی دوژمنانە

هەمیشەهەر بەهار جوانە
کەچی لەلای سەرکێشان
پڕکێشان و سەرشێتان
گەرمای هاوین بەفری زستانە
دەڵێن بەڵێ ئازادی خواستمانە
بەڵام تەنها هەر بۆ خۆمانە
ئەوانەی سوار کەشتی نابن
شەپۆلی زەریا قامووسیانە

جوامێری وشەیەکی ڕاستە
ڕاستی هەڵوێستەنەک هێزە
جوانی و واتای ژیانمانە
هەرچەندەڕاستی دیلی هێزدارانە
پیاوکوشتن سانایەزەحمەت نییە
بۆیەهەمیشەکاری ناپیاوانە

خەنجەر تیژەبەڵام دڕندەیەژەنگدارە
قەڵەم تیژترە، مەردەو نموودارە
کاروانی شەهیدانی وشەنزیکەلەسەرا

**بۆیە ئەمڕۆ سەردەشت وەک عیسا لەخاچدرا**

**هاشم بازرگان**

**چۆن دڵتان هات ..؟**

**چۆن دڵتان هات ، ئەم دەمەپڕ لەپێکەنینەپڕ لەخوێن کەن**
**چۆن دڵتان هات ، ئەم دەستەناسکانەلەگوڵ و لەکەمەری پڕ لەسۆزی هاورێیانی بقرتێنن**
**ئەوان نەیانتوانی سەردەشت لەئێمەبکەن**
**ئەو لەنێو جەنگەی هەڵدێر و سەنگەری مەرگەوەگەڕاوەتەوە**
**ئەو شەقامانەی ئەوان وویستیان بیکەن بەتاریکستان،سەردەشت کردی بەچراخان بۆ ریبواران**

**ئەوەکەرنەڤاڵی سەرکەوتنی تۆیە،**
**هەموو شەقام و پارک و زانکۆکانی گرتۆتەوە**
**ئەوەزەنگی هەرەشەو تەقەی سەر جەستەی تۆیشە**
**لەنێو مۆبایلی رۆحو وخۆشەویستی یەکەبەیەکەماندا پارێزراوەو بەردەوام گوێی لێدەگرین و رقی پیرۆزمانی پێهەڵدەچێت**
**ئەوان نەیانتوانی رووبەروو لەگەڵتدابدوێن**
**زمانی گفتوگۆیان لەوەلاڵتر بوو رووبەرووت قسەبکەن**
**زمانی تۆ ئاسودەییەکی بەلەشی شەکەتی ئەم وڵاتەدەدا**
**بەڵام هەردەبێت ئەوەبزانن**
**(سەردەشت) گەڵێک لەوەزیاترەکەبتوانن هەناسەی بێزاری و دەنگی گرگرتویان بتاسێنن**
**سەردەشت گیان،ئێمەناتوانین گریانێکی ئاساییت بۆ بکەین**
**ئایا مرۆڤ بۆ گزینگی بەیان و تریفەی مانگ و جریوەی ئەستێرەدەگری؟**
**ئایا مرۆڤ شین بۆ گرکانێک دەکات،کەدنیایەکی خامۆش بێنێتەدەنگ؟**
**تۆ جوامێرێک بویت بەدەر لەخوێنی گەرم و سەرکێشیەکانی ئێمە**
**تۆ بەدوایی خۆتەوەقەڵەمێک و چەند لاپەڕەیەکی رەشنوس و کۆمەڵێک کتێب و چەند سێدیە کی شەجەریان و داریوش و تایەر تۆفیق و تابلۆیەکی رۆمیۆ و جۆڵێتت لەژوورەکەت بە جێهێشت**
**سەردەشت گیان ،تۆ ئیستا سەردەشتەکەی جاران نیت**
**نەتەنیا قوتابیەکی شیکی زانکۆ و نەرۆژنامەنوسێکی بێباکیت**
**هیچ شتێک ناگاتەدوا هەڵوێست و دوا دەنگی بەرەنگاربونەوەی( ئەم شارەجێناهێڵم)ەکەت**

**تۆ ئیستا زریانێکی ناو دەریای هەست و رۆحی هەمومانیت**
**کەبەردەوام هەڵدەکەیت و شەپۆلەئارامەکان دەهەژێنێت**
**تۆ جاران تاقەماڵێکت هەبوو**
**ئیستا لەماڵی هەمومان خانەخوێیت**
**لەدەنگی یەک بەیەکەماندا ،سترانێکی هەمیشەییت....**

**سەرۆکەمان**

**بچن بۆ کوێ ئەو لەوێیە**
**لەناو پۆلدا کتێبێکی کراوەیەو**
**پەنجەرەیەکی والآیەو چاویلکەکەی مامۆستایەو**
**لەناو قژی کچەکاندا**
**مانگێکی یەک شەوەی نوێیە**

**لە گەڕەکە برسیەکاندا نانێکی بەدەم نامۆیەو**
**لە پرسگەی سەری کاسی وولآتیشدا**
**هەتا ئێستا**
**پرسیارێکی خوێناوییەو پرسیارێکی بێ وەلآمەو**
**ڕێبواری ناو تەمتومان و هاتوچۆیە!**

**هەناسەیەک لە نیوان خەون و قەڵەمدا**

**لە یادی پەپوولە ی رۆح سەردەشت عوسمان**

**باوکی دوین:**

**ئەمە نیشتمان نیە**
**ئەمە پارچەی**
**بازنەیەکە**
**لە گەورەیی نیشتمانە**
**ئەمەژیان نیە**
**ئەمە کۆمەڵگای زۆرداری و**

زەوتکردنی
پارووی دەمی منداڵانە
ئەمە سورمەی خاک نیە
ئەمە کۆسپی نیشتمانە
ئەمە یاسای مرۆڤ نیە
ئەمە یاسای
هەڵوەرینی
گوڵاڵە  لاوەکانە
ئێمە هەرگیز زیندوو نەبووین
مردوویەیەکی ژیان بەخش بووین
ئەم وولاتە  دەریا نەبوو
بەلام  لە گۆر دەریاتانە
نوقم ئەبین
ئەم کۆشکانە
بۆ خەونی سەردەشت نەبوو
بەلام شوێنی چەپۆڵەی
سەدرەشتی
پێوە دیارە
هەتا منیش
مرۆڤ نیم
لە پاڵتانە
مرۆڤ بوونم
نادیارە
من خاڵێکی دەستی ژانم
سکی خاوی خاکی برسی
هەڵی گرتم
دوایی بوومە
نیشانەی
ڕەنگی دەستت

ئەستێرەیەکی عەودالم
دایانی خاک
دەستی گرتم
دوایی بەجلە کانی
دایپۆشیم

من شوێن پەنجەی
لم و ئاوم
من لاشەیەکی بێ کەلکی
پەخشی نازم
بۆکوێ بڕۆم و
چۆن بووم و ؟
هیوا خوازم
لە پەنجەرەی ئارەزووی
بێ باوانت
بڕوانمە دیدەی هەستم
لە گیرفانی وورگتانەو
بڕوانمە جەستەی بێهێزی
نەسرەوتم
من دونیام و
دونیاش بێ سەر
من چرکەی بێ هەستی رۆژم
دوایی ڕۆژم نادیار

لەو رۆژەی سەردەشت دیار نەما
دڵم ووتی هەتاهەتایە من ئیتر نایبینمەوە..
بەڵام دڵم هەڵەی کردو ئەو وەختەی چوومە بەر زانکۆ
هەرچی کوڕێکم ئەبینی، هەر سەردەشت بوو
هەرچی کتێب و دەفتەرو قەڵەمێک بوو،کە ئەمبینین، هی سەردەشت بوون
هەرچی دڵۆپە فرمێسکی چاوی

کچ بوو بۆ سەردەشت بوون
دڵم هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد
ئەوەتا نیشتیمان خۆی بە دار و بەرد و ئاوەوە بۆتە سەردەشت!

"شێرکۆ بێکەس"

**سەردەشت...**

**شوان عوسمان**

**"بەدبەختی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە، کە باکی بەمردنی نەوەکانی خۆی نییە". (سەردەشت)**

**ڕۆژێک نیە بێت و**
**ڕۆژێک نیە بڕوات ،**
**ڕۆژێک نیە ئەو نێت و**
**ئەو نەڕوات ...**
**من هەمیشە ڕۆژێک نەبینم لە ناو سنگێکدا ،**
**لەگەل سەحەری بەیاندا دەرنەکەوێت...**
**لە ئاسمانی غەدرلێکراوی ئێمەدا ،**
**ڕۆژ چەند حزووری پیرۆزو پڕ غەدری هەیە ،**
**کاتێک وەکو شەهیدێک ناتوانێت دەرنەکەوێت...**
**لە بن ساباتی هەورێکی منۆخ وگرژدا ،**
**ئەو شەهیدە چیتر بێدەنگ نابێت..**
**ئەو ڕۆژە چەند جوانە ،**
**چەند جوان سەری دەرئەهێنێ و**
**چەند جوان لە قاقایەک ئەدات ،**
**کاتێک عەقڵی ئەو سەرۆکانە ئەبینێت ،**
**ناموسی خۆیان لە گیانی نەوەکانیان ،**
**بە موقەدەس تر ئەبینن...**

**شەوێک نیە بێت و**
**شەوێک نیە بڕوات ،**
**ئەستێرەیەک لە چاوی هەولێر نەبینم ،**
**وەکو فرمێسک بە خوڕ نەڕژێت...**
**کاتێک شەو لە ناو تاریکی خۆیدا بزر ئەبێت ،**
**ئەستێرەیەکی عاشق دێت و**
**لە ناو تریفەدا خوڕخوڕ ئەڕژێ و**
**خوڕخوڕ ئەبارێت..**
**هەموو شەوێک شاعیرێکی عاشق ئەبینم دێت و**
**لە سەر قەڵای هەولێری دێرینم ،**
**بە تریفەی وشەو ڕستەوە ،**
**زریانێک لە کوفرو**

ڕەحمەتێک لە باران ئەڕێژێت..
بە خوێنی گەوزاوی خۆی لەو ئاسمانە ،
هێدی هێدی ئەفڕێ و
بەتاو ئەنوسێت و
ئەلێت :
من ئێستاش هەر عاشقی کچی سەرۆکم ،
ئەگەر جارێکی دیکەش بکوژرێم...

ئەگێڕنەوە لە سەردەمی ئێستاماندا :
هەبوو نەبوو ،
کۆترێکی گەلێک سپی ،
دڵسپی وباڵ ئاوریشمی هەبوو ،
هەر لە بەفرو ئاوی بەفر ئەچوو...
عاشقێکی بوێر بوو ،
لە ناو دونیای خۆیدا باخێکی ،
لە وشەو رستەو
کۆشکێکی لە خەیاڵی ئاگر داهێنا...
بە قوللەی قافە هەڵچوو...
بە تەلیسمی ئیرادەو قەدەری جادوو ،
کڵاوی سووری لبادی سیحری لاوێنی ،
لە سەرنا...
تا ئەو هیچ چاوێک نەبینێت ،
کەسیش چاوی ئەو نەبینێت..
بە دوای سەربوردەی کچی پاشای کۆترەکان ،
سەری هەڵگرت..
بۆ ئەوەی کچە بە داستانی ئەو ئاشنا بێت ،
کڵاوی دانا..
سیحری جادوو وتەلیسم بەتاڵ بوونەوە ،
قوللەی قاف بە ئاگا هات..
بەرلەوەی بە تیلەچاوێک ،
نیگای یەکتر بپێکن ...
پەلاپیتکەیەک ،
خوێنی لە کڵاوی سەری دەرهێنا ،
ناموس سەری پێ دانا ،

**ئەگەرچی ئەو قەت بێناموس نەبوو..**
**بەڵام لە سەر ناموس کوژرا...**

**٢٠١٢\٥\٤ – هۆلەندە**

**بۆ سەردەشت عوسمان**
**هەناسە سپیەکانت**
**ڕۆژانەم یللەت هەڵیان دەمژیت**
**تۆ گەر چی دەستەڕەش و پیسەکان**
**خەلتانی خوێنیان کردی**
**بەڵام تۆ شەهیدێکی سەربەرزی**

**هەرگیر لەبەر چاوان و لەناو دڵانی**
**تۆ هەمیشەهەتا دەنیا مابێ**
**لەناو مێژوو دایی**
**قەد لەبەرچاوان وون نابی**
**ئەی شۆرەسوارەکەی**
**مەیدانی قەڵەم و ئازادی**

**<u>خالید شەیدا</u>**

**سەردەشت**
**تەنها یەک پەیکەری سپی نابێ**
**شەقامێ یان گۆڕەپانێ ماچی بکاو**
**لە گلێنەی خۆیا داینێ!**
**هەموو هەموو**
**درەختەکان خۆیان ئەکەن**

**بە پەیکەری سەوز بۆ ئەو**
**گوڵە بەرۆژەو تیشکی خۆر**
**خۆیان ئەکەن بە پەیکەری**
**سەرومل زەرد بۆ یادی ئەو**

**سەردەشت تەنها یەک پەیکەری سپی نابێ**
**لەناو شیعری سروودێکدا دانرابێ**
**تۆ بروانە لەناو هەزاران هەزار دەروونندا**
**چۆن وەستاوەو گوڵ بە دەست و**
**روو لە سبەی**
**پەیکەری ئەو.!**

**دایکێک جەرگی سوتا و سەدان دایک فێری**
**بەخشینی ڕۆڵەکانیان بوون**
**کچێک دڵی شکا و هەزاران کچ ترسیان شکا**
**لە ووردوخاشبوونی دڵیان**
**پێی تۆ لە شەقامەکان هەڵکەندرا و ئێمە**

**هەمووومان دێینە سەر شەقامەکان**
**ئەم ئاوە شیرینە چیبوو ڕشتت؟**
**ئەم پەیامە جوانەت لە کوێ هێنا؟!**

**<u>هێمن رەئوف</u>**

**بەیتێکی سوێر**
**پشکەشە بە دایکی سەردەشت عوسمان**
**<u>نوسینی کەژال نوری:</u>**
**دایک !**

**منیش هەروەک تۆ دایکم ،**
**ژنێکیشم خۆش ئەوێ کە دایکمە ،**
**خوشکەکەم دایکە و نەنکم دایکە وپورم دایکە وهاوریکەم دایکە و ژنی دراوسێ کەم دایکە و**
**ئێمەو ئێمەو ئێمەو ئێمە هەمومان وەک تۆ دایکین**
**، ، درود ئەی دایک ، درووووووود**
**بگری بائاگر هەلقرچێ ،**
**بگری بائاسمان هەموو ئەستیرەکانی لەبارچێ**

بگرێ باهەور لەشەرمدا عارەق بەسەر زەویدا بکاتەوە ،
بگری با ( زمان ) ی دەریا وشک بێت ،
بگری و ئاو لەهیچ جیگایەک مەهیلە و هەموی بکە بەفرمیسکی خۆت ،
جاوەکانی تۆ دەبێ رۆژێکی ( ساڵ ) یان هەبێ بۆ گریان ،
دەبا زەوی ئەمرۆ ئاوی لێ ببرێ !
ئاو ،
ئاو
جگە لەچاوەکانی تۆ ئەمرۆ لەیەک شوێنی گێتی دا ئاو نی یە ،
ئەمرۆ دەریا و زەریا و کانی وجۆم و
روبارەکان لەبری ئاو تەنیا هەر ( خوێن*(
ئاو ئەمرۆ هەموی فرمێسکە
وای ی ی ی ! ئەمرۆ زەوی چەند سوێـــــــــــــــــــــرە!!!!!!
بگری با زەوی بێتە ( پرس – ە )*ەوە ،
بگری باجاوەکانی زەردەپەر سورهەلگەرێن ،
بگری با لەگەل تۆدا ( با ) بگری
دەبگری با (باران ) بگری ،
تف هەڵدە ، با تەرزە خۆی بکێشێ بەناوچاوی پیاوکوژا
تۆ لەخۆت بە با ( دەهۆل )* ی یاساش خۆی بابەسنگی دادگادا ،
خۆت برنە با پایز پرچی جەلاد برنێتەوە ،
لە ( خەم )دا سەرت سپی کە دەبازستانیش لە ( تاوان )* دا
پیر پیر پیربێت،
بگری باهاوین لەقرچەی جەرگی تۆدا بەقرچەی گەرما بسوتێ،
وەک چۆن نەیار تۆی بەقرچەی گەرم سوتاند
بگری دەبگری هەر بگری ، بەشکە رۆژێک تەمەنی سەرۆک لەخەما کشایە دەشتی پێتەوە ،
وەک چۆن ئەستیرەی کورەکەی تۆیان کشاند!
تۆ بەیتی واوەیلێ بلێ و دەباژنانی ناو حیزب لەدەوری تۆ راوەستن و سنگیان بکوتن ،
وەک جۆن پیاوەکانی ئەوان بوو یەخەتیان بەخۆت دادراند ،
بەشکە !!!! ئێ ئەمە بەشکە و ؛
دە بەشکە !
، ،خەمت لەگەڵ سەنگ دا بەشکە
خۆهیچ نەبێ کچەکەی ( سەرۆ –ک )ئەزانێ ،
ئالەوێدا ( سەرۆ – ک ) ە ی تۆ راکشاوەو
چەند هێندەی ( وشکانی ) ئەو وشکە!
چاوی تۆش هیندە بەئەشکە
٥ ئایاری ٢٠١٢ \ هۆلەندا

*١ تێبینی– ئەو وشانەی ناوکەوانەکان دووواتا دەبەخشن بەشئیوەیەکی مەجازی دام رشتوە تکایە

**بۆ سەردەشت**

چیرۆکەکەت ئەنووسمەوە، بۆ هەموو ئەو منالانەی ئەیانبینم، بۆ هەموو چۆلەکەکان، بۆ هەموو دارو دارتێلەکان، بۆ هەموو چەمو کانییەکان، بۆ هەموو ئەستیِرەکان، بۆ ئاسمان، بۆ خودا کە خۆی شایەتی مەرگی تۆ بووە ئەگێڕمەوە.
من تۆم نەناسیبوو، نەشمدیبووی، خۆشمویستیتو تێگەیشتم تۆ لە نوتفەی ئیبراهیم بوویت و بتشکێنێکی مەزن بوویت، چیرۆکەکەت بۆ گوڵ، بۆ گەلا، بۆ بولبول، بۆ ئاژەڵە کێوییەکان ئەگێڕمەوە.
لەم زەمە

نە ناشرینەی کوردایەتییدا، لەم ولاتە تەنراو بە بۆگەنییە، لەم زۆنە بچووک، بەلام گەورە بە دزێوییەدا، لە چەرخی کوردایەتی داڕزیودا، وەک چۆن جەمال عیرفان–م ناسیو سوێندم خوارد بیرمنەچێتەوە، وەکو چۆن هەمیشە بە ئەوپەڕی راستگۆییەوە فیشەکەکانی سۆرانی مامە حەمە ئەنێمەوە بەخۆمەوە، ئاواش تۆ لەبیرناکەمو برینەکانت هەڵئەگرمو ئەیانلکێنمەوە بە جەستەمەوە.
ئەی کوڕە شیکەکەی پایتەخت؛ لە ساڵیادی شەهیدبوونتا بۆ ئازایەتییت سەردادەنەوێنمو نەوازشی گۆڕە نەمرەکەت ئەکەم

پێشکەشەبەڕۆحی سەردەشت عوسمان
(1)
ئاخر،
پێمگوتی عاشق مەبە،

لەمەملەکەتی دوعادا...
کەڕەشەبای ژیانکوژی هەڵیکرد
هیچ پەپولەیەک پرچی گوڵ شانەناکا..
بۆ خەیاڵی ژوان،
دار زەیتونێک،
گاشەبەردێک داڵدەمان نادا....

(2)
ئەوێ ڕۆژێ،
تیرۆریستەکانی هەموو دونیا..
بۆ فێربوونی وانەیەک،
چیرۆکی تۆیان نارد بۆ سەرۆک..
ئەو،
لەتاوا کەوتەسەر چۆک..
(3)
ئاااى سەرۆ...
بەم زەردەخەنەپەلکەزێرینەییەت..
چۆن هەموو ڕۆژێک
ئەوان دەخەیتەوە ناو زەلکاوی درۆ..
چەند بەهێمنی،
بەگوێی (شارورانی کۆچک و سەرا)* دا دەچرپێنی..
پاشا ڕووتە.. پاشا ڕووتە
تەیری گوڵ ئاشق بەداری زەقنەبووتە..
(4)
لەبەهەشت..
لەگەڕەکی مەسیح
کۆشکێک لەتیشکی خۆر چنراو
بەرامبەرماڵی حەلاج،
لەنێوان کوخی سۆران و عەبدولخالق مەعروف
نوسراوەماڵی سەردەشت....
ئەو، هەموو ئێوارەیەک
مەدەدم بۆ دەنێرێ..

کامۆ

**سەیری چی دەکەن ؟**
**هۆشیار عبدالله**
بۆ مەلولن ؟
بەدیار غەدری کوشتنمەوە دانیشتون ؟
ووشەکانم دەخوێننەوە و دەتانەوێت زەردەشتانە بەدوار خوێنی منەوە بن ؟

تکایە دامەنیشن ، ووشەکانم هەڵگرنەوە
رستەی زۆر و هاواری زۆرم مابوو
ئیستا ناو هێلانەی دەمم پڕ گوللە یە
کۆترەکانی ووشە ناتوانن لە شەقەی باڵ بدەن
ئێوە بڵێن ، ئێوە هاوار بکەن
بە دایکم بڵێن توخوا با نەڵێت
بەفرمێسکی چاو و
بە خەمی نەبونی و بەبرینی دووری و بەهەناسەی سارد
بۆ ئەوە گەورەم نەکردی وا زوو ئۆخر بکەی
پێی بڵێن ، سەردەشت دەڵی : درەنگ بوو درەنگ !
ئاخر ئازادی هاواری دەوێت و قەلەم نیازی بە راستگۆییە و
سەردەشتەکەی تۆش عاشقی نەمری
هاورێیانی قەلەمم:
دەمەوێت پێتان بڵێم کە گەیشتمە مەنزڵ
سۆرانەکەی مامە حەمە چاوەڕێ بوو
هێشتا مل پێچەکەی لە ملدایە و
کە باوەشی پیا کردم گوتی:
سەرۆ گیان بۆنی گوڵاو لە دەمت دێت
بەدەم ماچ کردنی روخسارمەوە پیی گوتم
بۆنی رۆژنامە ئازاکان و بۆنێ ئازادین لێ دێت!

**سەردەشتەکەمان !**

بچن بۆ کوێ ئەو لەوێیە
لەناو پۆلدا کتێبێکی کراوەیە و
پەنجەرەیەکی والآیە وچاویلکەکەی مامۆستایە و
لەناو قژی کچەکاندا
مانگێکی یەل شەوەی نوێیە
لەگەڕەکە برسیەکاندا نانێکی بەدەم نامۆیە و
لەپرسگەی سەری کاسی وڵاتیشدا
هەتا ئێستا
پرسیارێکی خوێناوییە و پرسیارێکی بێ وەڵامە
رێبواری ناو تەم تومان و هاتوچۆیە !

**سەردەشتەکەم کوانێ ..؟!**

هێمن کریم خورشید

سەرۆک سەردەشتەکەم کوانێ ؟
سەرۆک بە کوڕەکەت بڵێ ، لەئاستیدا نەجمەکانی شانی دانێ
سەرۆک لە خەیاڵ تێ ئەگەی ؟سەرۆک خەون ئەخوێنیتەوە ؟
لەئاستی دایکی شەهیدان سەرۆک قەت ئەچەمیتەوە ؟
قەت ویژدانت ئازاری داوی ؟
شەوێک بەدیار ناڵێکی ئەنفالەوە قەت گریاوی ؟
سەرۆک، لەقەلا بپرسە بۆ جوامێری و بۆ سەرکەشی
قەت ناڵی وەک ( سەردەشت )ی ڕاژاندوە لە باوەشی ؟
سەرۆک ئەم غەدرە بۆ کوڕی کوڕەکانم ئەگێڕمەوە
سەرۆک ئەم پەڵە ڕەشانە قەت ناهێڵم کاڵ ببنەوە

**گوڵە نێرگزی ئەم بەهارە بۆنی سەردەشت عوسمانی لێ دێ**

بەهار مونزیر

قەلە ڕەشەکان و ڕاوچیەکانی جەنگەڵستان لە هەولێر، توانیان کۆترە سپی و چاو گەشەکەی باخچەی گڵکەند و زانکۆ ڕاو بکەن، سەردەشت گیان تۆ تەنهانیت، وەک ئەوکاتەی بەتەنهای جەستەی شەکەت و هیلاکت لە کۆلانیکدا جێهێلرا، من دڵنیات ئەکەم ئازیز تۆ نەک هەر خێزانەکەت، بەڵکو ئێستا هەموو هاوڕیکانت، زۆربەی لاوانی کوردستان خۆیان بە هاوڕێت ئەزانن، خۆیان بە هەڵگری مەشخەڵ و گوڵە نێرگزەکەی ناو دەستت ئەزانن .

ئێستا ئیتر تۆ بەتەنها کوڕی دایک و باوکێکی جەرگ سووتاونیت، تۆ ئێستاکە چرای ئازادی ناو ماڵی هەموو ئەو خێزانانەی کە دڵیان بۆ ئازادی لێ دەدات، ئێستا ئیتر تۆ وینەکەت تەنها لە ژووره خامۆشەکەی خۆت هەڵنەواسراوە، بەڵکو ناو دڵمان، ناو ویژدانمان، هەموو شەقام و کۆلانەکان هەر وێنەی تۆن، هەموومان بەردەوام و بۆ هەمیشە وێنەی تۆمان لەبەر چاوە.
پەیامێک کە ڕێژوان و سورکێو بۆیان هێنایت پەیامی لاوانی کوردستان بوو ، دڵنیابە ئەو خاڵەی داوات کرد دایاننا و سەری دێڕیان دەست پێ کردەوە، سەردەشتی ئازیز ئەوەش بزانە کە هەموو خەندە جوانەکانت بونەتە تەلیسمێک پڕ پڕ لە میهرەبانی، وێنەکانت بوونەتە جوانترین دیمەنەکانی کوردستان.

سەردەشت گیان ئازایەتی تۆ بووەتە ئیلهام و ورەی لاوان، بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەو دەسەڵاتەی تۆی کردە قوربانی پیلانە تاریک و دژی ئازادیەکەی، سەردەشت گیان من نازانم ئەو پەیامەت

پێگەشت کە بکوژانت وایان ئەزانی دوای تیرۆرکردنت ئەتوانن لە هەناو لە بیرماندا بتسڕنەوە، بەڵام نەیانزانی نەک ناتوانن بتسڕنەوە بەڵکو خەڵکی کوردستان داوای پەیکەرت بۆ ئەکەن و ئەیانەوێت تۆی بەهای بەرزی ئازادی بۆ هەتا هەتایە بمێنیتەوە، سەردەشت گیان تۆ نەک هەر گوڵە نێرگزی بەڵکو گوڵە نێرگزی ئەم بەهارە لەسەر هەر پەڕێکی نوسراوە سەردەشت عوسمان.

**ئەنفالی قەڵەم..**

**ڕێگا شیاو**

**حەزین مەبن کە گوللە لە تابوتی ئازادی دراوە**

**نا،حەزین مەبن ..**

**حەزین مەبن کە ئازادێک لە بەهاری عومریا پێکاوە**

**نا عەزیزانم حەزین مەبن ..**

**حەزین مەبن کە لەبەر دەرگای قەڵەم بەدەستەکان دەشتی براوە**

**نا ،ڕەفیقانم حەزین مەبن ..**

**چون ئەگەر تیرۆرستێک بتوانێ هەزارەها قەڵەم تێک بشکێنێت**

**ئەوا قەڵەمێک دەتوانێت هەزارەها تیرۆرست و سەرۆکەکەیان بوروژێنێت**

**مەپرسن مەملەکەتی ڕۆحە بێ دەنگەکان ئێستا بۆ بێ دەنگە ؟!**

**مەپرسن خیابانی ئەم شارە بۆ چۆڵ و هۆڵە ؟**

**چون لە ترسی وشە ئاسمان و ڕێسمان پڕ دێوەزمە کراوە ..!**

**مانگی خەیاڵ مانگی سەردەشت**

**سالار توتمانی**

**دەتوانی بڵێی**

**لە مانگی سۆران دا**

**لە دایکبوم**

**دەتوانی بڵێی لە مانگی گەرمیان دا**

**ژیانی هاوسەرم گواستەوە**

**دەتوانی بلێی**

**لە مانگی ئومێد دا**

**ئەنەسی کوڕمان خەتەنە کرد**

**دەتوانی**

**بلێی**

له مانگی بیلال دا
چومه قوتابخانه
ئەمه ناوی مانگه نوێکانی کوردییه
ئەز بەری بکه
کچەکەم
ڕۆژدێ
له ئیمتحانی مێژودا
به پرسیاردێتەوه
ڕۆژێ دێ
له بۆشای کوردیدا
دەنوسرێت
مانگی پێنج مانگی بۆشای
تۆیش دەنوسی
مانگی خەیاڵ

مانگی سەردەشت

**زەنگ**

هەڤاڵ سەید حەسەن

هاوڕێ گیان،
نەتتوانی پەی به دڵڕەقی پیاوه دەمامک دراوەکان بەی،
ئاماژەوو گەفوو، نامه و ڕوانینه گرژوو تیژەکانییان تێبگەی،
ئاخر ناخی تۆۆ پارچەییەک خۆروو جوانیوو میهرەبانی بوو،
نامۆ به مەملەکەتی ڕقوو تاریکیوو وێرانی بوو.
بۆچوونەکانت سادەوو پڕ عەشقوو بووێری بوو.
ژیانوو حەزوو خەونەکانت، بەهەشتێکی پەتی بوو.
ئاشتی و جوانی دونیاییەکی تیادا قەتیس بوو.
تۆ برژانگی ساکارترین ڕاستیت هەڵێنا،
تاقانەی خەیاڵی سرکوو بێ باکت،لەدەماری شەوا دەرێنا
جوانترین خەونی کۆڵانەکانی بەهەشتی پاکی،.
گوتاروو ڕاکانت، تەلیسمی ڕقی شکاند،
چاوی سیخناخ له خوێنی پیاوه سەرپێچراوەکانی پڕکرد له خۆروو قووچاند.

لە نێو تۆرنادۆی زەردوو زەبراوەرا، وەستایوو نەکشاییەوە،
وەک چرای نێو ڕەشەبا نەکوژاییەوە،
هەر بە هەڵی و کەڵی  مایەوە..
لەگەڵ باڵدارە شەهیدەکەی سەر خانەقا،
ئەمڕۆ کۆتەڵتان وا لەناو دڵوو هزری هەزارانە،
خەیاڵی تۆ باڵدارێکی پەڕسپیی، خوێن شیرنوو لەبەر دڵانە..
واز لە هێلانەی سەر منارەوو فڕینی سەر قەڵا ناهێنیَ،
بۆ هەمیشە لە گەڕانوو  لە فڕانە.

سەردەشتەکەم

حەمەگۆپاڵە

ئەی کوڕەجوان وبوێرەکەی کوردستان
ئەی چاوی ڕاگەیاندن و میدیا بوێرەکان
تۆ لەپەڕەی ئەو گوڵانەدەچیت
کەوا تەنها سەما بۆ جوانی با دەکەن
لەو وشەبوێرانەدەچیت
کەوا ئاوێزانی بیرو هۆشەو
لەقوڵایی ئاوەزەوەهەڵدەقوڵێت و
شەڕ لەگەڵ دەسەڵات دا دەکەن

سەردەشتەکەم

ئەی هاوڕێ باشەکەی کوڕان و کچان
ئەی برای ئێمەو دڵسۆزی خاک و نیشتیمان
تۆ لەتیشکی ئەو هەتاوەدەچیت
سەرەتاتکێ لەگەڵ گەڵای درەختەکاندا دەکەن
لەشەونمی سەر ئەو گەڵایانەدەچیت
کەوا هەموو بەیانیەک شۆڕ دەبنەخوارەوەو
گوڵێک ئاو دەدەن

سەردەشتەکەم

ئەی خوێنەری چیرۆک و هۆنراوەو ڕۆمانەکان
ئەی خوێندکار و ئازیزی قوتابخانەکان
تۆ لەنوسینی ئەو کتێبانەدەچیت
کەوا ماڵی خوێنەرێک ئاوەدان دەکاتەوە
نەخوێندەوارێک دەکات بەخوێندەوار
لەمەرەکەبی سەر ئەو ڕۆژنامانەدەچیت
کەوا پێش ڕۆژنامەکانی تر دەکەویتەبازاڕەوە
تاوەکو بەسەرۆکەکەت، بەحیزبی قائید
بەسەرکردە و گەندەڵەکان بڵێیت نا

سەردەشتەکەم

ئەی عاشقی پەڕەو قەڵەم و هەمووومان
ئەی عاشقی ڕۆژنامەو ڕۆژنامە نوسان
تۆ لەهەنسکی دایکێکی ئەنفال و هەڵەبجەدەچیت
لەعومەری خاوەرو هابیلەکەی کوردستان دەچیت
کەوا لەلایەقابیلی برایەوەدەکوژرێت
لەهەموو ئەو شەهیدانەدەچیت کەوا
بەر گولەیئەنقەستی دەسەڵات کەوتوون
سەردەشتەکەم
ئەی کوڕەئازاکەی کوردو نیشتیمان
ئەی گەنجەنازدارو قات لەبەرەکەی کوردستان
تۆ لەگەڵای ئەو دارخورمایانە شدەچیت
هەموو بەیانیەک قژی خۆیان دەڕننەوە
لە قەندیل، لەلوتکەی ئەو چیایانە شدەچیت
هەموو کاتێک بەسەر گەلەکەیاندا دەڕوانن
لەخەونی ئەو منداڵەدەچیت
کەوا بەبەردەوامیلەپارادیس دەچێت

سەردەشتەکەم

تۆ لەمامەخەمەکەی کوردستان دەچیت
خەمی هەژاری و گەندەڵی و ڕۆژنامەنوسان
خەمی نەبوونی ئازادی و یەکسانی
خەمی نەبونی یاساو عەدالەتی کۆمەڵایەتی

خەمی ژن و گەنج و پیروو پەککەوتەکان
خەمی ئاڵاو ئێمەو گەل و نیشتیمان

سەردەشتەکەم

تۆ لەو ئاوێنەیەدەچیت هەمیشە
جەماوەر بەجوانی پیشان دەدات
لەو ئاوێنەیەش دەچیت
دەسەڵات ناتوانێت سەیری خۆی پێ بکات

سەردەشتەکەم

تۆ لەو چرایەدەچیت
کەوا ڕوناکی بۆ خۆی نیە
بەڵکو بۆ دەوروبەرەکەیەتی
سەد مەخابن
ئەم چرایە
هەناسەیەکی بۆگەن
فویەکی خێرا
ڕەشەبایدەسەڵات
پەلاماری دایت و
خێرا شەهیدیان کردیت

**بۆ خاوەن شکۆکانی وڵات:**

بەرهەم خالید

خۆزگە لەبری دەسەڵاتدار
هەمووتان بزمار بوونایە
پینەچییەک لە پێڵاوی
منداڵێکی ئەم وڵاتەی بدانایە

خۆزگە لەبری شۆڕشگێڕ
هەمووتان مێشکوژ بوونایە

پیرەمێردێک لە شەوێکی بێ کارەبای گەرمی هاوین
مێشولەی پێ بکوشتنایە

خۆزگە لەبری خەباتگێڕ
دەنکە شقارتە بوونایە
پیرەژنێک لەگوندێکی دوورەدەستی ئەم وڵاتە
چرای پێ دابگیرساندنایە

بەڵام جەخار
نە بزمارو
نە مێشکوژو
نە دەنکەکانی شقارتەن
پێڵاون لە پێی دوژمندان
مێشولەن لەسەر برینمان
ئاگرن بۆ ئایندەمان

پەیکەری ئازادی و رەنگە جوانەکانی ژیان!

ناڵە حەسەن

من پەیکەرەکەی سەردەشت
لە نیو دلما هەڵدەکۆڵم
گەر دڵمیان خەڵتانی خوێن کرد
پەیکەرەکە لە نێو چاوەکانم دەپارێزم
گەر چاوەکانمیان دەرهێنا
پەیکەرەکە لە نێو هەناسەم دادەنێم
گەر هەناسەیان لەبەربڕیم
پەیکەرەکە دەگوازمەوە نێو خەیاڵم
گەر خەیاڵەکانمیان سەربڕی
پەیکەرەکە دەبەمە نێو خەونەکانم
گەر خەونەکانمیان خنکاند
پەیکەرەکە دەبەمە نێو با
گەر بایان کوشت
پەیکەرەکە دەبەمە نێو ئاو

گەر ئاویشیان کوشت
پەیکەرەکە دەبەمە نێو درەخت
گەر درەختەکانیان بڕیەوە
پەیکەرەکە دەبەمە نێو هەور
گەر هەوریان تیرۆر کرد
پەیکەرەکە دەبەمە نێو خۆرەتاو
گەر جەستەی خۆرەتاویشیان
بە خوێن سوور کرد
شوێنێکی تر
تا ئەو دەمەی جەللادەکان
لەبەردەم پەیکەری ئازادی
چۆک دادەدەن
تەور و شمشێر و تفەنگەکانیان
فڕێ دەدەن
ئەوسا
پەیکەرەکە دەهێنمەوە نێو دڵم
یەکێکی تر بۆ نێو خەیاڵەکانم
یەکێکی تر بۆ نێو خەونەکانم
یەکێکی تر بۆ نێو با
یەکێکی تر بۆ نێو ئاو
یەکێکی تر بۆ نێو درەخت
یەکێکی تر بۆ نێو هەور
یەکێکی تر بۆ نێو خۆرەتاو
لە هەر هەموو شوێنەکان دا
تا ژیان ڕەنگی پەیکەری ئازادی دەگرێ
پەیکەری ئازادیش ڕەنگە جوانەکانی ژیان.

**قەڵەم کوژەکان!**

سەرکەش

بۆ چلەی یادی زەردەشت عوسمانی جوانەمەرگ!
دوا دەنگ و باسم ئەمەیە:
من شێت دەبم

**که شێتیش بووم!**
**شرینخەیەک  لەتەرمی ڕاستی دەدەم و**
**لە گۆڕەپانێکی شاردا،**
**لەسەر پشتی تاتەشۆری چەپڵەکانتان**
**وەک منالێک**
**زیت و زیندووی دەکەمەوە!**
**بەزەنگیانەی درۆکانتان یاری دەکەم!**
**( پەشێو )**

**قەڵەم کوژەکان!**
**ئێوە لە کوشتن،**
**کوشتنی مرۆڤ!**
**ئێوە لە تیرۆر،**
**تیرۆری هزر و بیری پێشڤەچوون**
**ناپرنگێنەوە!**
* * * * *
**قەڵەم کوژەکان!**
**ئێوە و**
**هەڕەشە**
**ئێوە و**
**زەبر و زەنگ**
**ئێوە و**
**میتوودی،**
**ترس و تۆقاندن**
**ڕووی یەک دراون**
**لێک هەڵچنراون**
**لێک جودا نابن.**
* * * * *
**قەڵەم کوژەکان!**
**ئێوە و**
**گەف و گوڕ**
**ئێوە و**
**شێوازی،**
**چاوسوورکردنەوە**
**وەک شادەماری دڵی**

**ستەمکار**
**لەیەک ئالآون**
**چوونەتە ناویەک**
**لێک دانابڕێن.**
* * * * *
**قەڵەم کوژەکان!**
**ئێوە و**
**دڕدۆنگی**
**ئێوە و**
**نامۆیی**
**بە ژیان!**
**بە جوانی:**
**جوانی سروشت و**
**جوانی مرۆڤ و**
**جوانی هزر وبیر،**
**جوانی و**
**پیرۆزی**
**(عیشق و ئازادی)٢**
**پێکڕا هاتنە بوون**
**پێکڕا گەورە بوون**
**دەست لەملانن**
**بێ یەک هەڵناکەن**
**لەیەک ڤەنابن.**
* * * * *
**قەڵەم کوژەکان!**
**ئێوە و**
**ڕق و کین**
**ئێوە و**
**ڕەفتاری**
**ڕەش و**
**بە گەمار**
**ئێوە و**
**بیرتەنگی**
**بێ هزر و**
**هەستی**

**وەکو:**
**مافیا**
**ئەو مافیایەی سنوور ناناسێ،**
**بۆ تاوانکاری،**
**ئەو مافیایەی سنوور ناناسێ،**
**بۆ دەستدرێژی و**
**ئەتک و**
**زۆرداری**
**ئاوێتەی یەکن**
**ئاوێنەی یەکن**
**لێک هەڵناوێرێن!**
*** * * * ***
**قەڵەم کوژەکان!**
**ئێوه**
**دەردەدار**
**ئێوه**
**ئاڵوده**
**به دەردەکانی:**
**دەروون،**
**ڕەفتار،**
**ئاوەز،**
**وەک:**
**چەته و**
**ڕێگر،**
**چەته و**
**ڕێگره**
**شمشیروەشێنه**
**شمشێر بەخوێنه**
**ئەنفالچییەکان!**

---

**١. بۆ بازرگانان ع پەشێو ١٩٧٣شەو نییه خەونتانپێوه نەبینم ل ٢٨٩/٢٨٨ له پشت له نەواو ڕوو له کرێوه ١٩٦٥– ١٩٧٩.**
**٢. ناونیشانی شیعرێکی هێمن ی شاعیره، بڕوانه تاریک و ڕوون، چەندان دەنگبێژ ئاوازیان بۆ ئەم شیعره چێکردووه و بەدەنگی به سۆز چڕیویانه.**

**کەربەلای سەردەشت**

**کامیل ژیر**

ئەوە دە ڕۆژە
لام هەزار ساڵە
فەرهەنگی وشەم وەها پێکراوە
بۆم کەوی نابێ
زیز و تۆراوە
فەرهەنگی وشەم
ئەڵێ دە ڕۆژی عاشورای شینم
خەڵتانی خوێنی زام و برینم.
* * *
ئەوە دە ڕۆژە
پێنووسم کۆڵە
جیهانم لەلا کەلاوەی چۆڵە
نە جریوەی مەل، نە بزەی لێوێ
نە گەڕان و گەشت
دە ڕۆژ عاشوورای کەربەلای سەردەشت.
* * *
ئەوە دە ڕۆژە
هەرچی ئەنووسم
هەرچی ئەڕێژێ دەست و پێنووسم
زیاتر لە تەرزە و لافاوی دوای وەشت
ئەیاندڕێنم
ناگەنە ئاستی کەربەلای سەردەشت.
* * *
کوشتنی سەردەشت
تەنیا کوشتنی پێنووسێک نییە
ئەشێ ئەژدەهاک
بلێ جا مەرگی پێنووسێک چیە!؟
کوشتنی سەردەشت
کوشتنی بەهای بەرزی رەوشتە
کوشتنی من و

بیر و ئازادیی ورد و درشتە
کوشتنی هەموو نەتەوەی کوردە
دەسی کەسێکی سووک و نامەردە
زەنگە بۆ تۆشە
یا ئەبێ کۆیلە
یا ئەوە بەشتە
کەربەلای هەموو ئازادیخوازێ
وەکو سەردەشتە!
* * *
ئەوە دە ڕۆژە پێنووسی وشەم
بۆتە مایە خەم
دارێکی زڕە، نایەتە بەرهەم
خامە خۆراکی بیری زانایە
لای گێل و گەندەڵ: بلوێر بۆ گایە
رابن لە گوند و لە شار و لە دەشت
رابوونە چاری کەربەلای سەردەشت.

سلێمانی
14\5\2010

# گــفتوگۆ و دیـــمانە

**کەمال ڕەئوف بۆ ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان : سەردەشت خۆی کوڕی سیناریۆی غەدر بوو، لە دایکبوون و ژیانیشی پڕبوون لەو سیناریۆیانەی کە مرۆڤ خۆی دەستی نییە لە دارشتنیاندا**

سایتی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟

کەمال ڕەئوف: ئەستمە بروا بەوە بکەین مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا لەسەر وشە بکوژرێت، بەڵام سەردەشت لە پایەتەختی کوردستانی باشور لەسەر وتن سزای مەرگ درا. تیرۆرکردنی سەردەشت ئەو پرسیارانەی بەرووی دەسەڵاتدا کرد کە توانای وەڵامدانەوەیان نەبوو، سەردەشت یان هەر کەسێکی تر هەرچییەک بنوسن و بڵێن، نەک شایستە بە تیرۆرکردن و کوشتن نین، بگرە دەبێت کەسیش ئەو مافە بەخۆی نەدا رێگە لەوتن بگرێت، بێدەنگی هەمیشە لای ئەوانە پیرۆزکراوە کە یا ترسنۆکن، یان لەوتن دەترسن، سەردەشت نەترسنۆک بوو نە لەوتنینیش سڵی دەکردەوە.

سایتی سەردەشت عوسمان :شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

کەمال ڕەئوف: سەردەشت کاروانێکی راگوزە نەبوو کە بەشوێن خۆیدا هیچی بەجێنەهێشتبێت، هەروەها سەردەشت و وتەکانی بە ئێمە نامۆ نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرگی ئەو، یان ئەو غەدرەی لەو کرا هەموومانی خستە گریان، گریانێک کە بەشێکی بۆ جوانەمەرگ و بەشەکەی تری بۆ خۆمان بۆ ئایندەو ئێستەمان بوو، ئێمە بەقوڵی بۆ ئەو کارەساتە ئەگریان و ئەوانیش بەقوڵی شەرمیان دەکرد لەو کارەی کە کردیان، سەردەشت کۆمەڵێک پرسیاری بەشوێنخۆیدا بەجێهێشت و پێوتین نەک تەنها هەر هاوتەمەنەکانم بەڵکە ئەبێت بەساڵاچووەکانیش بەشوێن وەڵامەکاندا بگەرێن، ئەو مەرگی خۆی کردە هیبە بۆ ئەوەی هاوتەمەنەکانی لەمانای ژیان باشتر تێبگەن، سەردەشت جەنگاوەرێکی یاخی لاو و بیرێکی رامنەکراوبوو، بۆیە ترس لە بوونی هەبوو، ترس لە وتەکانی هەبوو، ئەوانەی کوشتیان وایان زانی مەرگ سەردەشت و خەونەکانی ئەومان لەبیر ئەباتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە سەردەشت لەمەرگەکەشیا باڵاتر بوو لەهەموو ئەوانەی بەرامبەری

وەستابوونەوە. سەردەشت هات و رۆیی، بەڵام بەتەواتی بەجێی نەهێشتین تارماییەکەی بەردەوام بەسەر سەرمانەوەیە. تارماییەکەی ترسە لای ئەوان و پەیامی هەرەشەی خستنە ژێر پێیەوە، لای ئێمەش هێشتا شەوقی سەردەشت بەسەر سەری گوێسەبانەی ئایندەمانەوە دیارە و ماڵئاوایمان لێناکات و پەیامەکیمان لەبیرنەکردوە.

سایتی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

کەمال ڕەئوف: کاتێک هەوڵدەدرێت سەردەشت بێ گیان و بێ جوڵەو بی خەون و بێ وتن بکەن، ئەوانە بەڵگەن بۆ ئەوەی زۆر شت ماوە کە هێشتا نەوتراون و نەکراون و زۆر خەونیش ماوە هێشتا لەناو منداڵانی بیرکردنەوەی سەردەشت و هاوتەمەن و هاوبیرەکانیدایە و لەدایک نەبوون، میژووش پریەتی لەکارەساتی شەری ئەوانەی کە دەیانویست مافی وتن زەوت بکەن، تاوانی گەورە ئەنجامدراوە تاکو کۆمەڵگە بی جوڵەو بێ گیان بکەن، بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوەیە کە ئەو بیرو بۆچوونانە خۆیان بوونە سوتەمەنی و میژوو بێ رەحمانە بەجێهێشتن...مێژوو ئەوەی نمایش کردوە کە سەنگەری ئازادی هەمیشە خوێناوی بووە، بەڵام هەمیشە مرۆڤی بەشکۆ و بوێر و جوامێرو زرنگ میوانی بووە. سەردەشتیش ئەو سەنگەرەی هەڵبژارد و لەگەڵ ئەو کاروانە بەرێکەوت.

سایتی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

کەمال ڕەئوف: سەردەشت و ئەوانەشی وەک ئەو بیردەکەنەوەو بەنەبەردی دەژین و کاردەکەن بۆ ژیانێکی پر شکۆمەندانەتر.... نوێنەرایەتی توێژێکی غەدرلێکراو و نوێخواز دەکەن، نوێنەرایەتی ئەو دەنگانەش دەکەن، کەهێشتا تەمەن بواری ئەوەی پێنەداون زمانیان بەباشی بگەری و پر بە گەرویان بانک بکەن بۆ ئازادی، ئەوان ئەگەر بەلاشەش لامان نەبن بە پرسیارەکانیان دەمان بزوێنن، بەسۆزەکەیان دەمانخەنە سەر کانیاوی ئەو بیرکردنەوەیەی کە سازگارەو بۆنی دادپەروەری لێدێت، بۆنی بەهارێکی تازەو دەورانێکی تری دور لە راکە راکەی بەرژەوەندیخوازی و خوێنبەربوون و کاڵفامیی... ئەوان باقین و نەیارەکانیشیان بلْقی سەر ئاو و گوز.

سایتی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژووی

ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو توڕەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

کەمال ڕەئوف: ئەگەر چی بکوژان واتێگەیشتبوون کوشتن و تیرۆرکردنی سەردەشت بەمانا یاساییەکەی تەنها کوشتنی کەسێکە و بەس، کە ئەمەش لەم دنیاییەی ئەواندا زۆرەو قابیلی لەبیرچوونەوەیە، بەڵام بۆ هەموو ئەوانەی ڕێز لەمانای ئازادی دەگرن و عەشقی وشەن و حورمەتی ژیانی ئینسان دەگرن، تیرۆرکردنی سەردەشتیان زۆر بەلاوە گەورەتر بوو لەوەی کە بکوژەکان تەسەوریان ئەکرد، چونکە سەردەشت لەسەر کەیسێکی کۆمەڵایەتی و بەرووداوێکی کتوپرو بە مردنێکی ڕێکەوت ژیانی لەدەست نەدا، بەڵکە بەبریاری بوغزێک مەرگی بەسەردا سەپێنرا، کە تاسەر ئێسک دژی ئازادی و دژی هەموو ئەوشتە جوانانە بوو کە لەسەردەشتدا کۆبووەوە، بۆیە بەرپەچدانەوەی ئەو کارە، هەرچەندە گەورەش بوبێت، هێشتا ئەتوانین بڵێین بۆ مەرگی سەردەشت و شەردەشتەکانی تریش زیاتر ئەهێنی.

سایتی سەردەشت عوسمان: بە دارشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

کەمال ڕەئوف: سەردەشت خۆی کوری سیناریۆی غەدر بوو، لەدایکبوون و ژیانیشی پربوون لەو سیناریۆیانەی کە مرۆڤ خۆی دەستی نییە لە دارشتنیاندا، ئەو بۆ تەحەداکردنی ئەو سیناریۆیانە قۆڵی هەڵمالیبوو، بۆیە بەو لاوێتیەوە دەردەکەوت کە لەسیناریۆکان گەورەتربنوێنێت، ئەو بروای بەوە نەبوو مرۆڤ خۆی ملکەچی سیناریۆکانی دەرەوەی ئیرادەی خۆی بێت، مرۆڤی لاگەورەتر بوو لەوەی کە دەستەوسان بێت و ملکەچی حوکمە بەپیرۆزکراوەکان بێت، بۆیە پەیامەکەی وشەکانی هەلسوکەوتەکانی رۆژانەشی ڕێگە بەوەنادەن ئەو سیناریۆیانە بکرێت بەکراسی مەرگی یاخی بوویەکی وەک ئەودا، هەر بۆیە نەسیناریۆ داتاشراوەکە بەرهەمێکی بۆ ئەوان هەبوو، نەمەرگی سەردەشت. چونکە ئەوەی ڕوویدا جگە لەوەی سەردەشت بەمەرگی خۆی وێنای دنیایەکی جوانتری پیشانی هاوتەمەنەکانی خۆیدا، ئەوانیشی ناچار بەداتاشینی بەسیناریۆیەک کرد کە وێنای حەقیقەتی خۆیان لەدنیایەکی پر فرت و فێڵ و دورلەراستیمان پیشانبدەن.

**شوان حەمە: سەردەشت کوریکی پڕ ئومێدو قەلەمێکی ئازا بوو. ئەو نەیدەویست وەک ئەوانی پێش خۆی بنوسێت، ئەو دەیویست ئەو تابۆیانە تێکبشکێنێت کە پێشتر کەس دەستی بۆ نەبردبوون.**

ماڵپەری سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەرێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە

پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

شوان حەمە: سەردەشت کوریکی پڕ ئومێدو قەلەمێکی ئازا بوو. ئەو نەیدەویست وەک ئەوانی پێش خۆی بنوسێت، ئەو دەیویست ئەو تابۆیانە تێکبشکێنێت کە پێشتر کەس دەستی بۆ نەبردبوون. خەونی سەردەشت بە ئەندازەی ئازایەتیو دیدی خۆی گەورە بوو، بەئەندازەی گەورەیی خۆی مەترسیدار بوو! هەر بۆیە گیانی خۆی لەو پێناوەدا دانا، خەونی سەردەشت هێندە گەورە بوو کە مەرگی خۆیشی نەیتوانی ڕێگەی لێ بگرێت. ئێستە خەونی ئەو کوڕە گەنجە دەم بە پێکەنینە، چەندین شوێنکەوتوی هەیە.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

شوان حەمە: ڕفاندنو تیرۆرکردنو دۆزینەوەی تەرمی سەردەشت عوسمان وێنەیەکی دڕاندانەترو دڵڕەقانەترمان پێشان دەدات، لە هەموو ڕفاندنو تیرۆرەکانی پێش سەردەشت، کەسانێک دەستگیردەران، شوینبزر دەکران، تەرمەکانیان دەکرا بەژێر گڵەوە بەئامانجی شاردنەوەی تاوانەکە لە ڕای گشتی. کەمترین شت لەسەر نمایشی ڕفاندنو تیرۆرکردنی سەردەشت عوسان بوترێت ئەوەیە کە نمایشێکی هێسترییایانە بووا! لیجنەی لێکۆڵینەوەو بڕیاری لێژنەکەش بەهەمان ڕۆحی هێسرتیاییەوە جوڵایەوە! پەشیمانبووونەوەش لە بڕیاری لیجنەکە هێسترییایەکی تر بووا! ئەوانەی سەردەشتیان کوشت ویستیان بە خوێنی ڕژاوی ئەو، ڕۆژنامەنوسانو نوسەرانی بواری کۆمەڵی مەدەنی چاوترسێن بکەن، بەڵام ئەنجامەکان پێچەوانە کەتنەوە.دواجار میدیای ئازاد سەردەشتی کردە سیمبولی ئازادی ڕادەربڕین لەکوردستان. لێرەوەشەو سووربووی قەڵەمە ئازادەکان لە هاتنە دەنگو دەرخستنی ڕاستییەکان زیاترو زیاتر پەرەی سەند.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕووبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

شوان حەمە: پایەی سەرەکی سەرکوتی سیاسی لە کوردستان پاوانکردنی هەموو مەوداکانە لەلایەن حیزبەوە. نەبوون یا جێبەجێنەکردنی یاسایە، بارگاویکردنی دادگایە بە دەستێوەردان، بوونی هێزی سەربازیو ئابووری زەبەلاحی حیزب پێش تیرۆرکردنو دوای تیرۆرکردنی سەردەشت ڕووبەڕووبونەوەی ڕۆژنامەنوسانو نوسەران

لەگەڵ دەسەڵات هەر هەبووە، بەلام ئەوەی خاڵی جیاکەرەوەیە لە تیرۆری سەردەشتدا، ئەو ڕاستییەیە کە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دەسەڵاتو میدیای ئازاد چووە قۆناغێکی پێشکەوتوترەوە. مەرگی سەردەشت نەک نەبووە ڕێگر، بەڵکە بووە هاندەرێکی نوێ بۆ بەردەوامبوون لە نوسینو ئازادی ڕادەربڕین

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

شوان حەمە: سەردەشت کوڕی زەمەنی پێش خۆی بوو، ئەگەر نا.. ئەمرۆ نەدەبووە سیمبولێکی خەمبار بەڵام خاوەن حەق! کوشتنی سەردەشت عوسمان داردەیەکی راگوزەر نەبوو، ، بەڵکە راستییەکی جێگیرە. هەر لەبەر ئەوە ڕاستییەشە ئێمە دوای دوو ساڵ لێرەدا گفتوگۆ دەکەین .

**ناسیح هەڵەبجەیی:تیرۆری سەردەشت عوسمان ئاوینەیەک بوو بۆ بینینی چارەنووسی هەرهەموومان لەم وولاتەدا لەسایەی حوکمڕانی بنەماڵەی بارزانی**

سەردەشت بە نوسین پیی گوتین کە ئەو دەمرێت بە مەرگەکەشی پێی گوتین فریاکەون و خۆتان رزگار بکەن مەرگ لەبەر دەرگای مالەکانتاندایە ئەو سیناریۆیەی کە بۆ بە تیرۆرست ناساندنی شەهیدی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دارێژرابوو لەلایەن پارتییەوە ئەگەر هیچی پینەگوتبین ئەوا گومانەکانی ئیمەی لەبارەی کوشتنی سەردەشت بەدەستی پارتی بۆ کردیینە یەقین

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەرێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

ناسیح هەڵەبجەیی:من پێم وایە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بە بیانوی ئەوەی کە بەرگری لە فەرهەنگی پیاوەتی و نامووس پارێزییەوە ئەوا بۆخۆی گەورەترین سوکایەتیە بە فەرهەنگی پیاوەتی و چەمکی نامووس سوکایەتی کردنە بەکۆی مانای نامووس ، ، پیم وایە ووتارەکەی سەردەشت عوسمان ئەوەی بە بنەماڵەو خیزانە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ووت کە ئیوە تابوو نین .هەرکەسیک بیەویت بنەمالەو عەشیرەت وخیزان و عائیلەکەی بباتە

دەروە سروشتی مرۆڤ و سوشتیکی خودایی پیبدات ئەوا بەدەستی خۆی دونیا لەخۆی تاریک دەکات بەشیوەیەک کاتیک دەزانیت کە هەموو پیرۆزیەکانی کە ئەو پیی وایە پیرۆزن ووردوخاش کراون و ،ئەوەی بیەویت بەزۆر پیرۆزیەکان و سیمبولەکانی خۆی بکات بە سیمبولی کۆمەڵگا هیچی نەکردووە جگە جاردانی مەرگی پیرۆزکراوەکانی خۆی.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

ناسیح هەڵەبجەیی :لە تیرۆرکردانی سەردەشت عوسماندا دەسەلات ئەو رووە نهینیەی خۆی بۆ ئاشکرا کردین کە نەک تەنها بەهیزی سەربازی و سەرکوتکردن و تەزویری هەلبژاردن بەلکو ئەگەر بەتیرۆرکردن و کاری تیرۆرستیش بیت ئامادەین هەموو ریگایەک بگرینە بەر بۆ هیشتنەوەی دەسەلاتی سیاسیی وبنەمالەیی خۆی،لە تیرۆری سەردەشت عوسماندا دەسەلات ئەوەی پیگوتین لە نیوان بی سومعەیی و دەسەلاتدا بیگومان دەسەلاتیکی بیسومعەمان دەویت ،چونکە ئەوان ئەو کارەی دەیکەن گرنگ نییە بەلایانەوە تاچەندە لە سومعەی سیاسیان دەکەویت بەلکو ئەوەیان بەلاوە گرنگە تاچەندە پایەکانی دەسەلاتیان بەهیز دەکات،واتە ئەم دەسەلاتە بۆ هیشتنەوەی کورسی دەسەلاتی خۆی ئامادەیە هەموو ریگایانە بگریتە بەر کە پیویست بکات بۆ مانەوەی لە دەسەلاتدا.

پیرۆزی و بەزۆر سەپاندنی بەسەر خەڵکانیتردا لە شەهید کردنی سەردەشت عوسماندا لە لوتکەوە بەروەو خوار دیتەوە هەتا پیش نوسینەکەی سەردەشت عوسمان دەسەلاتی بنەمالەو خیزان کاریان بۆ ئەوە دەکرد پیرۆزکراوەکانی لای خۆیان بەزۆر بکەن پیرۆز موقەدەست بەسەر خەلکی کوردستانەوە بەڵام وتارەکەی سەردەشت عوسمان یەکەمین پایەی ئەو بینایەی تەکاند کە دەسەڵات لەسەری بینای خۆی کردبوو ،بە پیرۆزکردنی خودو خانەوادەو بنەمالە یەکیکە لە پایە ئەساس و سەرەکیەکانی سیستمە بنەمالەیەکەی کوردستان لە دۆسیەی سەردەشت عوسماندا شەری داروخانی بینای خۆسەپاندن بەسەر کۆمەلگادا دەستی پیکرد بە ئاشکراو لەسەر شەقامەکان ،ئەگەر پیش سەردەشت عوسمان شەر بۆ ئازادی لەناو کتیبەکان و وتارەکان وکۆفارو رۆژنامەکاندا هەبووبیت ئەوا لەدتیررکردنی سەردەشت عوسمان شەر بۆ ئازادی هاتە سەر شەقام،واتە تیرۆری سەردەشت جورئەتی ئەوەی دا بەخەلک بۆ شەری ئازادی بینە سەر شەقام،

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

ناسیح هەڵەبجەیی : پایە سەرەکیەکانی دەسەلاتی سیاسی لە کوردستاندا پیرۆزکردن وپیرۆز بە پیرۆز پیشاندانی سیاسیەکان و سەرنی شۆرشە،من پیم وایە یەکیک لەو کارانەی کە بکریت بۆ تیکشان و لەناوبردنی ئەوئیستبدادە سیاسیەی ئەویە کە سیاسیەکان بنەمالە دەسەلاتدارەکان دارنین لە هەموو ئەو بەرگە ئەفسوناویە شۆرشگیریەی کە بەبەری خۆیاندا کردووە واتە بتوانین حەقیقەتیان و رابردوویان بەجوانی بخەینەوە بەرچاوی خەلک ،لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسماندا رووو بەرووبوونەوە ی ئازادیخوازان و دەسەلاتی بنەمالەیی لە کوردستان گەشتە قۆناغی تەقینەوە پیم وایە بزووینەری شۆرشی 17 شوبات شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان بوو لە 17 شوباتدا چیتر خەلک شەری ناو ئاوی نەکرد بەلکو دەیویست ئەو شەرو ململانیە دریژە پیبدات لەسەر شەقامەکان کە سەردەشت عوسمان لە نوسینەکانیدا سەرەتایی ململانیەکەی دەست پیکردبوو.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

ناسیح هەڵەبجەیی /سەردەشت نوینەرایەتی ئازادی دەکات نوینەرایەتی هەموو ئەو دەنگانە دەکات کە تیرۆری سەردەشتیش بیدەنگی نەکردن،تیرۆری سەردەشت عوسمان دەر خەری ئەو راستیەیە کە نەوەی نوێ نایەویت کۆپی نەوەی پێش خۆی بێت و نایەوێت تەسلیمی ئەو واقیعە بێت ،بەڵێ دەرکەوتنی سەردەشت وسۆرانەکان دیاردەیەکی ڕاگوزەر نییە بەڵکو دیوی ئاشکرا ئەو ململانییە دریژخانەیە کە چەندین سالە بە نیهینی ولەناو کتیب و دیرە نوسراوەکاندا تەعبیر لەوململانیە کۆمەلایەتیە دەکریت بەلام لە سەردەشت عوسماندا ململانیەکەی هاتە سە شەقام.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژووی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو توڕەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

ناسیح هەڵەبجەیی شەقامی کوردی بەدریژای میژوو هەرگیز لەهیچ کاتیکدا بیدەنگ نەبووە لەبەرامبەر ئەو تیرۆر کوشتارەی رووبەرووی ئازادیخوازانی کورد بووەتەوە چ لەسەردەستی بەعس و چ ئەو تیرۆرانەی لەسەر دەستی حوکمڕانی بنەمالەی تالەبانی وبەرزانی رویان داوە ،بەلام خرۆشانی شەقام و خەلکی ئازادیخواز و کادرنەوەکانی لە سەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بۆ چەند هۆکاریک تیرۆری سەردەشت عوسمان لەدەرەوە هەموو ئەخلاقیاتیکی سیاسیی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و بوو تیرۆرێک بوو کە شعوری تاکی کوردی راچەڵەکاند من پیو وایە هیچ تیرۆریک هیندەی تیرۆری سەردەشت عوسمان نەیتوانی ناخی

تاکی کورد بهەژێنیت و پیم وایە ئەو کاردانەوەیەکی خەلک بەشیکی پەیوەنی بەو پەنگخواردنەوەیە هەیە کە بەهۆی تیرۆرو کارە خراپەکانی و سانسۆری ئازادی ریگری لە کاری رۆژنامەنووسی کە لەسایەی حوکمڕانی بنەماڵەیی لە کوردستان ئەنجام درابوون. تیرۆری سەردەشت عوسمان پیی گویت تیرۆر ئەوە نییە لەدەرەوە و خۆمانی لی بپاریزین بەلکە تیرۆر ئەوەیە کە لە ناوەوەی کوردستانەو لەبەردەرگاکانماندایەو هەموو ساتیک ئامادەیە بەناوی پارستنی گیانمانەوە تیرۆرمان بکەن،بۆیە پیم وایە لەتیرۆری سەردەشت عوسماندا هەمووومان تیرۆری خۆمان بەدەستی دەسەلاتی کوردی بەچاوی خۆمان بینی ،واتە بەو مانایەی تیرۆری سەردەشت عوسمان ئاوینەیەک بوو بۆ بینینی چارەنووسی هەرهەمووومان لەم وولاتەدا لەسایەی حوکمڕانەی بنەماڵەی بارزانی .هەر ئەمەش بوو هەرهەمووومان هاوارمان لێ هەستاو هاتینە سەرشەقام .هاتنی ئیمە بۆ سەرشەقام تەنها بۆ گیانی سەردەشت عوسمان نەبوو بەڵکو بۆ خۆڕگارکردنمان بوو لەدەستی دەسەلاتی حوکمڕانی بنەمالەیی هەتا هەمووومان بە دەردی سەردەشت عوسمان نەبرین،سەردەشت بە نوسین پیی گوتین کە ئەو دەمرێت بە مەرگەکەشی پێی گوتین فریاکەون و خۆتان رزگار بکەن مەرگ لەبەر دەرگای مالەکانتاندایە و بەناوی پاریزگاریەوە لەکەمیندایە بۆتان بۆ ئەوەی تیرۆرتان بکات.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بە دارِشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

ناسیح هەڵەبجەیی:ئەو سیناریۆیەی کە بۆ بە تیرۆرست ناساندنی شەهیدی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دارِیژرابوو لەلایەن پارتییەوە ئەگەر هیچی پینەگوتبین ئەوا گومانەکانی ئیمەی لەبارەی کوشتنی سەردەشت بەدەستی پارتی بۆ کردیینە یەقین...من لیتان ناشارمەوە زۆر دلخۆش بووم بەو سیناریۆەی کە بۆ سەردەشتیان دروست کرد چونکە سیناریۆستەکەی لەغیابێکی عەقلیی و مەنتقیدابووە کاتیک ئەم سیناریۆیە دارشتووە، ئەتوانم بلیم ئەوەی ئەم سینارۆیە دروست کرد بۆ سەردەشت عوسمان حەق وایە مەمنوونی بین چونکە نەک هەر نەبووە جێ باوەری شەقامی کوردستان و خەلکی ئەم وولاتە بەڵکو تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی کرد ماڵ بەسەر پارتیەوە ،چونکە ئیتر لە دوای ئەو سیناریۆە ناشیرینەوە پارتیەکانیش لەروویان نەهات باسی بکەن و بیانو بهیننەوە بۆ دەربازکردنی پارتی لەو کارە دزیوە...شکستی ئەو سیناریۆیە لەوەدا بوو کە نەبووە جێی قەناعەت و باوەری کادران و ئەندامانتی پارتی چ جای خەلکی ئازادیخوازی کوردستان..بۆیە من پیم وایە بەتیرۆرست ناساندنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان هەڵەیەکیتر بوو کە پارتی کرد لە هەڵەی تیرۆرکردنەکەی زیاتری لەسەری کەوت ئەو سیناریۆیە ئیعرتافیکی پارتی بوو بەوەی کە بکوژی سەردەشت عوسمان ئەوان بوون..

**تیرۆری سەردەشت پێی وتین ئیدی ئومێدی دەسەلاتێکی ئازادیخوازوو دیموکراسی نەماوە**

**وەڵامی رۆژنامەنووس محەمەد رەئوف بۆ سایتی سەردەشت عوسمان**

سایتی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەرێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمباریەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

محەمەد رەئوف : دەسەلاتە ستەمکارەکان لە پێناو درێژەدان بە مانەوەیان ئەو نەریت و عەقلە بەسەرچووانە پیرۆزدەکەن کە کۆمەڵکە لە خەیاڵدانیدا دەمێکە فرێیداوە. ئەوان پێیان وایە ناوهێنای خێزانیان پرسیارکردن لە چۆنیەتی ژیانیان دەچێتە خانەی تاوانەوە بەو پێوەدانگەی ئاشکرابوونی نەریتی خێلەکیان بۆ کۆمەڵگە عەقلی سیاسیشیان دەکەوێتە بەرچاوو دەستی کۆمەڵگە کە لەسەر عەقلی دواکەوتوووی خێڵەکیانەی سەدەکانی رابردوو بونیاد نراوە.. ئەوان باسکردنی کچەکانیان بە ئەتککردنی پیاوەتی و ناموس ئەزانن. بەڵام کوشتنی مرۆڤەکان و دزینی سامانی میللەت و نابووتکردنی نیشتیمان و رەشکردنی رووی سیاسەت بە پیاوەتی و شەهامەت لەقەلەم دەدەن.. پێم وایە تیرۆرکردنی سەردەشت و بڵاوبوونەوەی بیرو هزری سەردەشت تەواوی پیرۆرزیە ( ناپیرۆزیەکانی ) ئەوانی خستە روو ئەمرۆ بەهەزاران هاوڵاتی ئەم هەرێمە لە دوای تیرۆری سەردەشتەوە قێز لەو پیرۆزیانە دەکەنەوەو لە 17ی شوباتیشدا ئەوەی ناوی پیرۆزی خیلەکی و حیزبی بوو هاولاتیان ریسوایان کردوو بە چاوی تیژوو گەرووی پر لە تاسەوە دژایەتی ئەو پیرۆزیانەیان کرد . کە کۆمەڵگەی کوردی دەیان ساڵ پێ براوەتە دوواوە .

سایتی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

محەمەد رەئوف : پێم وایە زەمەنی تیرۆری عەڵە ئازادەکان و درووستکردنی سیناریۆکان بەسەر چووە، ئەوان چ سیناریۆیەکیان بۆ سەردەشت درووست کرد بەڵام لە هزری تاک بەتاکی کۆمەڵگەدا شێوازی تیرۆری سەردەشت و کارەکتەرەکانی پشت تیرۆرکردنی دیارن و لەبەرچاوون، لەدوای تیرۆری سەردەشتەوە قۆناغێکی نوێی لە سیاسیەتی تیرۆری حیزبی و سیناریۆی شاردنەوەی تاوانەکان هاتەکایەوە، کە ئیدی خەڵکی ناتاونێت بە ئاسانی بروا بە سیناریۆکانی دەسەڵات بکات کە بەردەوام لە رووداوەکاندا درووستیان کردووەو لە رابردووشدا سەدان کەسیان لەسەر شێوازی سەردەشت تیرۆرکردووە بەناووی جاسوس و خیانەتکارەوە تەنها لەبەر ئەوەی بە سیناریۆو پلانەکانی ئەوان رازی نەبووە.. پێم وایە هەنگاوەکانی ئازادی رادەربرین دیواری ستەمی حیزبەکانی رووخاندووەو بە ئاسانی ناتوانن بونیادی بنێنەوە بەتایبەتیش لەمرۆدا بەهاری عەرەبی و بەهاری رووخانی دیکتاتۆرو سیستمە ستەمکارەکان لە ئارادایە... پێم وایە سەپاندنی پیرۆزیەکان ئەمرۆ لەلای حیزبەکان شکڵێکی بە دەسەڵات بەخشیوە بەبێ ئەوەی خۆیان بزانن حیزبی کردووە بە حیزبی تۆتالیتارو ستەمکارو زاڵم ، وێنای حیزبی دەسەڵاتدارە کوردیەکانی نزیک کردۆتەوە لە قەزافی و ئەسەد و بن عەلی ، کە رەنگە لە هەندێک وێستگەشدا ئەوانیان تێپەراندبێ، بۆیە ئەم پیرۆزیانە رووحی تۆڵەکردنەوەو هیوای ئازادی لە ناخی تاکی کوردا پەنگداوەو رۆژێک لە رۆژان دەیکاتە راپەرینێکی جەماوەری گەورەو ئەوکاتیش هیچ هێزێک توانای خۆگرتنی نابێت لەبەریدا..

سایتی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

محەمەد رەئوف : تیرۆری سەردەشت پێی وتین ئیدی ئومێدی دەسەڵاتێکی ئازادیخوازوو دیموکراسی نەماوە ئەوەی ئەمرۆ مومارەسەی دەسەڵات دەکات جگە لە کۆمەڵک کارەکتەری زاڵًم و دەسەڵاتێکی ستەمکار هیچی دیکە نیە.. تیرۆری سەردەشت ئیمەی بردە قۆناغێکی نوێی لە مامەڵەکردن و تێروانین بۆ دەسەڵات بەوەی ئیدی نەئومێدی گۆرانکاری نە چاکسازی نەماوە .. ئێمە ئەمرۆ لەبەردەم هێز گەلێکداین کە ناتوانرێت بە ئاسانی لەگەڵیا هەڵ بکەیت، بۆیە پێم وانیە هیچ مامەڵەو هەنگاوێک بتوانێت ئەم هێزگەلە بکاتەوە بە هێزگەلی دیموکراسی و ئازادیخوازی ، بەڵکۆ ئەم هێزانە ناتوانن یەک لەحزە پاشەکشە لە ستەمکاری خۆیان بکەن چوونکە مەرگی خۆیان لێدەدەن، بۆیە چارەسەر تەنها چاوەروانی هەلی گۆرانکاری ریشەییە... پێشم وایە لە دوایی تیرۆری سەردەشتەوە.. ئاسۆکانی سەرکەوتن و جولانەوەی بزووتنەوەی ئازادی خوازی لە کوردستان ئەگەر پێشتر لە ژێر لێوەوەو بەشەرمەوە وترابێت بەڵام ئەمرۆ بە ئاشکراو رووبەروو بە دەسەڵاتی ستەمکار دەڵێن (

یاریەکە تەواو بووە ) و ئیدی تۆ ناتوانیت لەگەڵ عەقلیەتی پێشکەوتنخوازی و دیموکراسی هەڵکەیت.

سایتی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

محەمەد رەئوف : ئەمرۆ سەردەشت نوێنەرایەتی ئەو دەنگە ئازاد و بوێرە دەکات کە چاونەترسانە بەرامبەر بە ستەمکاران وەستاوەو پێیان دەڵێت ئیدی زەمەنی ئەو عەقلە پیرانە بەسەرچووە کە بە پاڵپشتی خێڵ و عەقلی کۆنخوازیان دەیانەوێت سواری شەپۆلی رەوتی دیموکراسی خوازانەو ئازادیخوانە بن و لەگەڵ گۆرانکاریەکان و پێشکەوتنە خێراکاندا هەڵکەن.. تیرۆری سەردەشت پێی وتین عەقلی هاوڵاتیانی سادەی وڵات زۆر لەعەقلی سیاسیە پیرەکانی ئەم مەملەکەتە پێشکەوتوترەو سپەیسێکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دوو نەوەو عەقلیەتەدا، کێشەکە لەوەدایە کارەکتەرگەلێکی بێشوومار کە بەعەقل پیرو دواکەوتوو کۆنترۆلی ژیانی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیان کردووەو دەیانەوێت پێمان بڵێن کە ئەوە ئەوانن جیلی پێشکەوتووی کۆمەڵگەو رۆشنگەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەڵام بەپێچەوانەوە تا ئەمرۆش عەقلیەتی و مامەڵەی سیاسیان نەک هەر عەقلیەتی کۆنی خێڵەکیان تێنەپەراندووە بەڵکو بەردەوام عەقلە خێلەکیە نابووتەکانی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێننەوە کە هاوڵاتی سادەی کۆمەڵگە زیاتر لە سەدەیەکە بەلاشیا ناچێت...

سایتی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژووی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو توڕەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

محەمەد رەئوف : پێم وایە رق و تووڕەیی پەنگ خواروودووی هەمووی ئەو تاوانانەی کە لەرابردوودا ئەو هێزگەلە بەرامبەر بە تاکی کۆمەڵگە دەیکات لەگەڵ پێگەیشتنی عەقلیەتی تاکی کوردی و ئاشنابوونی تەواویوەتی بە سیاسەتە ستەمکارو ئیستبدادیەکانی.. گۆرانکاری کۆمەڵایەتی گەورە لە کوردستان روویداوە تاکی کوردی ئەمرۆ هۆشیار بۆتەوە لەگەڵ کرانەوەی کوردستان بەرووی دونیادا بەوەی ژیانی سیاسی و سیستمی حوکمرانی لە وڵاتان چۆنە لە هەرێمی کوردستانیش چۆن سیاسیەکانمان قۆرغی دەسەڵات و سامان و سەروەتی میللەتیان کردووەو دەستبەرداریشی نابن.. تیرۆری سەردەشت تەواو پەردەی لەسەر رووی ستەمی ستەمکارانی کوردی هەڵداویەوە چونکە خەڵکی کوردستان زانیان کە تەنانەت تیرۆرستان و گروپە تیرۆرسیتەکانیش بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکاندا ناکەن..

سایتی سەردەشت عوسمان: بە دارشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

محەمەد رەئوف : پێم وایە دەسەڵاتی کوردی راهاتووە لە گەڵ تیرۆرو کوشتن و رفاندن و فەلاقەکردندا ئەستەمە سەرکردەیەکی سیاسی ببینیت بەبێ ئەوەی کەسێکی کوشتبێت یاخود تیرۆری مرۆڤی کردبێت یان بەشداربووبێت لە دارشتنی پلانی تیرۆرکردن گەیشتبێتە ئەو شوێنە، بۆیە ئەوانەی لەدەسەڵاتدان بەجۆرێک لە جۆرەکان هەموویان ستەمکارو بەشی زۆریشیان پیاویان کوشتووە، مێژووی ئەم هێزانەی ئێمە پریەتی لە کارەساتی وێنەی سەردەشت و بکوژانیشی ئەمرۆ حوکم دەکەن ، بەلام گرنگ نیە ئەوان ئەیانەوێت تاوانەکە داپۆشن یاخود بیشێوینن، گرنگ ئەوەیە لای کۆمەلانی خەڵکی کوردستان روونە بکوژان کێن ؟ لە کوێ پەنادراوون ؟ کێ پەنای داوون؟ ئەمرۆش نەبێت لە داهاتوودا دادگایی دەکرێن یاخود مێژووی خۆی دادگاییان دەکات و فرێیان دەداتە ناو خانەی خیانەتکاران و ستەمکارانەوە

**ڕوانگەی‌نوسینەکانی‌سەردەشت دروست ئاماژەن بۆ ئەم قڵشتەفراوانەی‌نێوان ژیانی‌شاهانەی‌ئەوان و مەمرەو مەژی‌ملیۆنە ها خەڵک**

زمناکۆ عەزیز بۆ ماڵپەری سەردەشت عوسمان

سایتی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەرێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمباریەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

زمناکۆ عزیز: لەم یادەدا سەری‌ڕێز بۆ یادی‌سەردەشت دائەنوێنم و یادی‌بەرز ڕائەگرم. بە بڕوای‌من تیرۆری‌سەردەشت عوسمان بەتەنیا بەهۆی‌فەرهەنگی‌پیاوسالاری‌و ناموسییەوەنیە، بەڵکو بەهۆی‌لەرزینەوەی‌عەرشی‌بنەماڵەیە، بەهۆی‌ئەو ترسەوەیەکەڕەنگەخەڵکانیتریش فێرببن و قسەبکەن و بێترس و سڵەمینەوەبنوسن ئیتر ئەو (قودسیەت)ەی‌بنەماڵەڕۆژێک دێت بکەوێتەژێر پێوە. چ پارتی‌وەک حزبێکی‌کۆنەپەرست، وەچ بارزانیەکانیش وەک عەشیرەت، پارێزەری‌فەرهەنگی‌پیاوسالارین و تاسەرئێسقان ناموسپەرستن و ئەمەشیان نەک نەشاردۆتە وە، بەڵکو شانازی‌ئەکەن بەم فەرهەنگەیانەوە، بەلام لەم کەیسەدا مەسەلەکەبەتەنیا ناموس و شەرەف نیە، بەڵکو ئایندەی‌دەسەلاتی‌ئەو عەشیرەت و بنەماڵەیەکەبەهۆی‌ڕەخنەو سە رنج و تێبینیەکانی‌خەڵک و ئازادیخوازانەوە، خەریکەدەسەلاتەکەی‌ئەکەوێتەژێر رسیارەوە. سەبارەت بەو ساتیرەیەی‌کەئاماژەتان پێکردوە، من وای‌نابینم کەمەسەلەکەناو هێنانی‌کچی

سەرۆک یان ژنەکەی‌یان..هتد، بێت، بەڵکو قسەلەو ناعەدالەتی‌و ستەم و تاوانانەیەکەلەم کۆمەڵگایەدا و لەسایەی‌ئەو دەسەڵاتدارانەوەتادێت ڕەواج زیاتر پەیدا ئەکەن. ڕوانگەی‌نوسینە کانی‌سەردەشت دروست ئاماژەن بۆ ئەم قڵشتەفراوانەی‌نێوان ژیانی‌شاهانەی‌ئەوان و مەمرەو مەژی‌ملیۆنەها خەڵک، ئەو جیاوازییەچینایەتیەی‌کەلەنێوان چینەکانی‌هەر ئەم کۆمەڵگایەدا هەیە، بۆ ئەبێت کەسانێک بەهرەمەند بن لەتەواوی پێداویستی‌ژیانیان و لەلوتکەی‌ریفاهیە تدا ببن، لەولاشەوەزۆربەی‌زۆری‌خەڵک کەئەوان خاوەنی ئەسڵی ئەو داهاتەن، کەچی خۆیان لەخراپترین و سەختترین هەلومەرجدا ژیان ئەگوزەرێنن.

سایتی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

زمناکۆ عزیز: دەسەڵات ئەیەوێ هاوشێوەی بەعس بەتیرۆرو زەبری‌چەک و پڕکردنی‌زیندانە کان ل ەئازایخوازن، حاکمیەتی خۆی‌فەرز بکات بەسەر خەڵکیدا. ئەمەناوەڕۆک و خاڵی‌هاوبە شی زۆربەی زۆری دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بەڵام دیوی بەرامبەریش کە خۆی‌لە بەرەی ئازادیخوازان و خەڵک ئەبینێتەوە، بەهەمان شێوە ملنادەن و تا بکرێت داوای چاکسازی‌و ئاڵوگۆڕی زیاتر ئەکەن و ئەمەش زەمینە خۆش ئەکات بۆ بەیەکجاری‌لەناو بردنی‌ئەو دەسەڵاتە.

بۆیەلەکاردانەوەی‌جەماوەریدا بینیمان کەچۆن دەسەڵاتداران سەریان لێشێواو لەلایەک تە واوی‌هێزەکانیان خستەئینزارەوەبۆ سەرکوتی‌زیاتری‌خەڵک ئەگەر پەلاماریاندان، لەولاشەوە کەوتنەدامەزراندن و دروستکردنی‌لیژنەکانی‌لێکۆڵینەوە، بۆئەوەی‌وای‌نیشان بدەن کەتاوانەکە بەدەستی‌ئەوان نەبووەو ئەوەتا خۆشیان بەشوێن تاوانبارەکەیدائەگەڕێن!

ئامانجی‌ئەوان لەتیرۆری‌سەردەشت ئەوەبوو کەبەخەڵک و نوسەران و ئازادیخوازان بڵێن کە هەرکەس نارِازی‌بێت و تورییەکەی خۆی بەیان بکات، وەک سەردەشتی‌لێدەکەن، هەرکەس بتوانێ‌دەمی‌لەئاست سەرۆک و کچ و کوڕو تەنانەت شوانی ئاژەڵەکانیشیان هەڵبێت، ئەوا بە فیشەک دەمی‌کوناودەر ئەکەن. بەڵام بەم تاوانەنەک هەر نەیانتوانی‌دەنگی‌تورەی سەردەشتە کان کپ بکەن، بەڵکو بەدەیان و بگرەسەدان سەردەشتیان لێ ڕاست بووەوەو ئەوەتا تا چاو بڕ ئەکات سەردەشتەکان ڕیزیان بەستوەو چاوەڕێی فرسەتن و ئەیانەوێ‌تۆڵەی‌سەردەشت بکە نەوە.

سایتی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر

**تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟**

**زمناکۆ عزیز: فەرزکردنیفەزایسەربازیو عەسکەرتاری، داسەپاندنیکۆنەپەرستیو دواکە وتوییلەژێرناویموقەدەساتیخەڵکی، فەرزکردنیکەسایەتیسەیرو سەمەرەبەعنوانیڕابەرو پێشەواو باوکیڕۆحی، ناچارکردنیخەڵک بەدانانیوێنەکەی، بەرتەسک کردنەوەیئازادییەکان و پێشێلکردنیمافەفەردیو مەدەنیەکان، داسەپاندنییاسایکۆنەپەرستانە، پێشێلکردنیمافە کانیژنان و منالان و لاوان و کرێکاران...هتد ئەمانەپایەکانیئیستبدادن لەکوردستان، بۆ بە رگرتن بەمانەئەبێت برەو بەدروشمی(ئازادیبێقەیدومەرج) بدەین، ئەبێت بزووتنەوەینارەزایە تیڕیزەکانیفراوانتر بێت و ئاستیووشیاریخەڵک ببرێتەسەرەوەو سەرەنجام ڕابەرانیبەبە رنامەیەکیڕۆشنەوەبچنەپایئەو جەنگەوەو ئاسۆیسەرکەوتن نیشانیکۆمەڵگا بدەن. بۆیەلێرە وەیەکەمن پێم وایەکەهێشتا ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکەلەتاوانیسەردەشتدا لەنێوان خەڵک و دەسەلات ڕوویدا، کۆتایینەهاتوە. ئەگەر ئەو لایەنانەیکەساتو سەودایان کرد بەو کەیسەوە لەو بزووتنەوەنارازییەوەدەرنرێن، ئاسۆیسەرکەوتنیزۆر ڕوونە.**

**سایتی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟**

**سایتی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژووی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو تورەییە بهێنیتە سەر شەقام؟**

**زمناکۆ عزیز: پێشتریش تورەییخەڵک هەر ووجودیهەبووە، بەڵام هۆکارەکان ئەمجارەئەوە بوون کە:**

**١- جاران خەڵک چاوپۆشیئەکرد لەزۆر تاوانیهەردوو پارتەدەسەڵاتدارەکەلەترسیگەڕانەوە یبەعس، بەڵام دوایڕووخانیبەعس ئەم ترسەنەما و خەڵک دەستیان کراوەتر بوو.**

**٢- گەشەکردنیئەزموونیبزووتنەوەینارەزایەتیخەڵکیکوردستان، کەپێش تاوانیسەردەشت ڕابەرایەتیکردنیچەندین خۆپیشاندان و مانگرتن و چالاکیجەماوەریگەورەیکردبوو.**

**٣-گەشەکردنی ڕاگەیاندنیدەرەوەیبازنەیدەسەڵات، چونکەجاران تەنها کەناڵەکانیسەر بەدە سەڵات هەواڵیچالاکیو جمجوڵەکانیان بلاو ئەکردەوە، بەڵام ئێستا ڕاگەیاندنیئەهلیو ئە وانیتریش کاریگەریئیجابیان هەبووەلەو بارەیەوە.**

دیارەهۆکاریتریش هەن کەتا ڕادەیەک لاوەکین، بەڵام کاریگەریان هەبووەلەسەر هێنانەمە یدانیخەڵک لەدژیدەسەڵات، بۆنمونە، خراپی ئاستی ژیان و گوزەرانیخەڵک، کەمی موچەو کرێ، تووڕەیی ناو ڕیزەکانی ناو هەردوو حزبیدەسەڵاتدار، چەوتیسیاسەتەکانیئەو دوو حزبەباڵادەستە، نەبوونیستراتیژێک بۆ ئایندەیکوردستان و دانیشتوانەکەی..هتد.

سایتی سەردەشت عوسمان: بە داڕشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

زمناکۆ عزیز: ئەم سیناریۆیەیکەبۆ سەردەشت هەڵبەسترا و دروست کرا، بەئەندازەیتاوانی کوشتنەکەیئازاردەر بوو، چونکەلەلایەک داتاشینیپاساوێک بوو بۆ شەرعیەتدان بەکوشتنە کەی، لەلایەکیترەوەپەیامێک یان دروستتر بڵێم تەحەدایەک بوو بۆ ئازادیخوازان و ئەو دە نگەفراوانەیکەلەسەر تاوانیتیرۆریسەردەشت هاتنە سەرشەقام، پارتیبەڕۆشنیووتی: ئە شتانکوژم و تاونباریشتان ئەکەم، بۆشتان نیەقسەبکەن.

ئەمەسوننەت و کارکردیهەموو دەسەڵاتەستەمکارو سەرکوتگەرەکانە، کاتێک کەسایەتیەک لە دەرەوەیبازنەو خێڵو عەشیرەتەکەیئەوان سەرهەڵبدات، ئیتر بەدەیان ناوناتۆرەو بوختان ناویئەزرێنن، بەڵام خۆشبەختانەهەر زوو دەستەکەیان بۆ خەڵک ئاشکرا کرا، ئەوەتا لە دوایئەو لیژنانەیکەبۆ لێکۆڵینەوەلەکەیسیسەردەشت و سۆرانیمامەحەمەدانران، ئێستا ئەو شتەی کەزۆر بێئیعتبارە و مایەیگاڵتەو نوکتەیە لەلایخەڵک (لیژنەیلێکۆڵینەوە)ەیە، ئەمە ش ئاکامی ئەو ووشیاریەیەکەلایخەڵک گەشەیکردوە. لەهەر فرسەتێکیشدا خەڵک دەست ئە بات بۆ سەندنەوەیتۆڵەلەدەسەڵات و ئەم تاوان داتاشین و سیناریۆ هەڵبەستنەوەک قەرز وایەبەسەر دەسەڵاتەوە، ئەبێت بیدەنەوە، لەیشوبات 2011 بەشێکیئەو توڕەییەیخەڵک لەسلێمانیلەبەرامبەر پارتیبەهۆیکەیسیسەردەشتەوەوەیەو دانیشتوانیشوێنەکانیتریش بە هەمان شێوەتوڕەن و لەهر فرسەتێکدا بەشێوازیکونجاو تەعبیر لەم توڕەییەئەکەن.

**قادر نادر : پارتی هەولی دا لەتیرۆری شەهید سەردەشتدا پەیامی ئەوەبدات بنەماڵەی سەرۆکی هەرێم پیرۆزن و نابێت بەفەنتاسیاش ووشە بەرامبەریان هەبێت**

سایتی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمباریەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

قادر نادر : ئازادی بیرورا هەر رەخنەگرتن نیە لەدەسەڵاتی سیاسی ، بەڵکو ئاماژە پێکردنە بەسەرجەم ڕێگریەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا ... ئەوەی بەوردی سەیری نوسینەکانی شەهید سەردەشت بکات، هەست دەکات کە پەیامی ئەوەبووە ، سەرۆکی پلەیەی کوردستانی باشورر چ دواکەوتوییێکە ؟ واتا تەنزەکەی سەردەشت سیاسی و رەخنەگرتن بوو لەمامەڵەی سەرۆک نەوەک مەسەلەی ناموس پەرستی . ئاخرسەرۆکی وولاتان هەموو ژیانیان ، لەهەر کەلێن وکەم وکورتیەک هەیبێت تادەگاتە مامەڵەی شەخسی لەگەل مالەوەی دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر و بیسەر . بەبیرورای من ئەوانەی دەلێن شەهید سەردەشت مەسەلەکەی دەست بردن بوو بۆ ناموس ، نەوەک ئازادی بیرورا . ئەوانەن دەیانەوێت پاساو بۆ تیرۆر و هەلپەرستی ولەرزۆکی خۆیان بهێنەوە تا رەخنە لە تیرۆرکردنەکەی نەگرن . ئێمە لەهەنگاوی وادا دەبێت سەیری ژیانی سەرۆکەکانی ولاتانی پێشکەوتوو بکەین کە بچوکترین رەفتاری خۆی و مالەوەی بەردەوام لە میدیاکان دەبێتە گفتوگۆی ڕۆژانە بانمونەیەک لەم بارەوە سەیری کچەکانی پادشای سوید بەتایبەتی مادلینە بکەین کەبەردەوام جولەو هەلسوکەوتی شەخسیشی دەبتە مانشیتی ڕۆژنامەکان .. راستە ئەمە بەرۆژێک لەولاتێکی دواکەوتوی وەک کوردستان پێی ناگات بەڵام ناکرێت بەو پاساوەش ووتەکەی چینیەکان لەیاد بکەین ( ڕێگای هەزار میل بەشەقاوێک دەست پێ نەکەین ))

سایتی سەردەشت عوسمان: شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

قادر نادر : پارتی هەولی دا لەتیرۆری شەهید سەردەشتدا پەیامی ئەوەبدات بنەماڵەی سەرۆکی هەرێم پیرۆزن و نابێت بەفەنتاسیاش ووشە بەرامبەریان هەبێت . ئەگەرنا تیرۆر چاوەڕییان دەکات . بەڵام کاردانەوەکان زۆر پێچەوانە بۆوە ، کەلەخەیالی ئەوانیش نەبوو ئاوا بەگەورەیی لێ بێتە ئاراوە وەئەم دۆسیە نهێنیە سەرۆکی هەرێم کەوتە ناو هەموو مالیک و ڕۆژنامەنوسێکەوە . بەواتای نوسینەکەی سەرەدشت گەورەترین ترس و پیرۆزی تێکشکان چونکە دوای تیرۆرردنی بەسەدان بابەت لەسەر ئەمە نوسرا و چاوی خوێنەری چووە سەر ئەو لایەنە کەم و کورتیەی بارزانی . باشترین نمونە تەنیا سەیری نوسینەکە لەمالپەری کوردستان پۆست بکە ژمارەی خوێنەری تەنیا ئەو بابەتە و لەو مالپەرە گەیشتۆتە ٢٠٢ هەزار کەس لەو دوو سالەدا ... ئەمەش ژمارەی پێوانەیی نوسینە کە چاوی خوێنەری بۆ خۆی کێشابێ دەبێت بلێن ئەمە تەنیا لەو مالپەرە ، جگە لەسەدان مالپەرو ڕۆژنامەی تر .

سایتی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕووبەڕو بونەوەیەی لەسەر

**تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟**

**قادر نادر : دیارە تیرۆری شەهید سەردەشت نەیەکەم تیرۆرە نەکۆتاییشی پێ دێت، کە تیرۆری دەنگە ئازادیخوازەکان سەرەتاکەی بۆ سالانی ۲۰ی سەدەکانی پێشوو دەگەڕێتەوە ماﻣۆستا جەمال عیرفان لەشاری سلیمانی و لەژێر دەسەلاتی شیخ مەحمود تیرۆر کرا ، دواتر هەزاران تیرۆرەکردنی تیرۆرەکردنی سەردەمی ڕژێمی بەعس... تادەگاتە ۲۲ سالەی دەسەلاتی کوردی کەگەورەترینی تیرۆری شەهید رەئوف ئاکرەیی بۆیەکەم جار چاوی میدیاکانی چووە سەر و تائێستاش تیرۆری جەسەدی مرۆڤە جوانەکان بەردەوامە ... ئەوەی وای کرد تیرۆری شەهیدان سۆرانی مامە حەمە و عەبدولستار شەریف و سەردەشت روبدات ئەوکەلتورە درێژ خایەنەی پارتیە بە لەناوبردنی رەخنەگرەکانی و چاوترساندنی پێکردنی خەڵک کەلێی راهاتبوو بەڵام لەکاردانەوەی تیرۆری شەهید سەردەشت ، سیگنالی ئەوە بەپارتی درا زەمەنی تیرۆری ئازادیخوازان گەلێ قورس لەسەری دەکەوێت ئەگەر درێژەی پێ بدات . پێم وایە نارەزایەتیەکانی ۱۷ شوباتیش کاریگەری ئەو نارەزایەتی و کاردانەوانەی تیرۆرکردنی سۆران و سەردەشتی بەسەرەوە بوو هەم لە رقی پیرۆزی خەلک هەم لەگەشەکردنی نارەزایەتیەکان .**

**سایتی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟**

**قادر نادر : بەهۆی ئەوەی رەورەوەی مێژوو ناوەستێت بۆیە دەبێت بەروداوێک گۆرانکاریەکان بتەقێتەوە. ئیستا ئێمە لەزەمەنیک دەژین کە تەکنەلۆجیا رۆژانە هەیمەنەی سیستەمە دیکتاتۆرەکان تیک دەشکێنی و هوشیاری بۆ خەلک بەئاسانی دروست دەکات و داخوازیەکانی خەڵک و گەنجان لەناو عەقلی سیستەمە کلاسیکە سیاسیەکان نابینرێتەوە . بۆیە ئەمرۆ نەوەیەکی گەنجی هاوشیوەی سەردەشت لەململانێیە لەگەل ئەو دەنگە کلاسیکیانەی کوردستان کە ٦٠ سالە ئەو کۆمەلگایە بەئارەزوی خۆیان هەراج بۆ بەرژەوەندیە شەخسیەکانیان دەکەن . مەحالە ئەو دوو گروپەش بتوانن لەگەل یەک گفتوگۆ بکەن چونکە بەرژەوەندی داخوازیەکان زۆر لەیەک دورە . بۆیە دەبینین ماوە ماوە بەروداوێک ململانێکان دەتەقێتەوە . ئەوەی دەمەوێت بڵیم راستە تیرۆری شەهید سەردەشت بۆ بنەمالەکەی کۆستێکی گەورەیە ، بەڵام گەنجان و خەلکی هەولێر دەمێکە پێویستیان بە سیمبولێکی وەک شەهید سەردەشت بوو دوای عەبدولخالق مەعروف کەئیلهام و بوێری و داهێنان لەنوسین بەرامبەری وەربگرن .**

سایتی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژوی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو توڕەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

قادر نادر : خالی سەرەکی لەگەسەکردنی لوتکەی تورەیی خەلک لەدۆسیەی شەهیدکردنەکەی کات بوو ..چونکە لەسەرەتای نەوەدەکان بەئارەزوی خۆیان خەلکیان تیرۆر دەکرد کەمترین نارەزایەتی تەنانەت هەواڵی میدیایشی لێ دەهاتە ئاراوە بەلام لەتیرۆری شەهید سەردەشت بونی دەیان مینبەری راگەیاندنی (ئەهلی و مالپەر و ئۆپزسیۆن ) بوونی هێز و سوپایەکی گەورەی ڕۆژنامەنوسی بوێر گەشەکردنی یان هاتنە ئارای بەرەیەکی نوێی سیاسی کەبەئۆپزسیۆن دەناسرێ ، ڕۆلی باڵای کوردانی هەندەران لەخۆپیشاندان و هێنانە سەرخەتی دەیان پەرلەمانتار و پارتی سیاسی وەرگێرانی نوسینەکانی سەردەشت عوسمان هەر لەرۆژانی یەکەمەوە لەلایەن ستافی کوردستان پۆست بۆ ئینگلیزی و عەرەبی و ناردنی بۆ ناوەندە جیهانی ومیدیاکان دا .

بێزاری خەلک لەم دەسەلاتە بەگشتی وتیرۆری دەنگە جوانەکانی ناوکۆمەڵ کاردانەوەی یانتەقێنەوەی لەتیرۆرکردنی شەهید سەرەدشتدا

سایتی سەردەشت عوسمان: بە داڕشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

قادر نادر : پارتی لەتیرۆری سەرەدشت عوسمان توشی تەنگەژەیەکی گەلێک گەورە بوو ، کەمرۆڤ لەتیرۆرکردنەکەی شەهید سەردەشتەوە هەستی کرد چ ئەقلیەتیکی مەترسیدار و دواکەوتوو نەزانانە ئەمنیەتی چەندین شاری لەبەردەستە ؟ هاوکات شیوەی داپۆشینی تاوانەکە لەتاوانەکە ناخۆشتر بوو وەدوبارە نیشانی دایەوە کە هێزێکی نەخوێندەوار وەزۆر گاڵتەجار بەکۆمەڵ چۆن رەفتار دەکات . هاوکات تۆ لەشیوەی تیرۆرکردنەکە و بەناو لیژنەی لێکۆلینەوەوە تێ دەگەی چ هێزێکی دڵرە قی خێلەکی ومیزاجی بریاردەری وولاتە ؟ ئەوان لەهەموو حالتێکەوە دەیانەوێت بڵێن ئێمە دەولەت و کۆمەلین ، ئێوەش کۆیلە بەڵام زەمەنی ئەو عە قل و رەفتارە بەسەرچوو ، هەر رۆژەی نارەزایەتی و ململانێکان بەشیوەیەک دەتەقێتەوە . بێدەنگی ئێستاش مانای ئەوەنیە شەرەکە کۆتایی هاتووە

**کەمال چۆمانی بۆ ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان : خۆپیشاندانەکانی دژ بە یاسای خۆپیشاندان و تا ئەگاتە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی خوێناوی، بەشێک لە هۆکارەکانی، دەرەنجامی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان بوو**

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمباریەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

کەمال چۆمانی : من بەتەواوی پێچەوانەی ئەوانە بیرئەکەمەوە کە تێرۆرکردنی سەردەشت عوسمان ئەبەستنەوە بە نوسینی وتارێکی سەتایەر (satire) کە ناوی کچێکی بارزانیی تێدا هێنابو. تیرۆرکردنی سەردەشت تەنها پەیوەندیی بەوەوە هەبو کە کوڕێکی گەنج لە شارێکی تارادەیەکی بێدەنگی وەک هەولێر پێگەیشتوە و هیچ سنورێک ناناسێ و هێدی هێدی خەریکی شکاندنی بتەکانە. دەستەڵاتێک لەبەردەم کوڕێک وەستاوە کە سبەی رۆژێ لەوانەیە ببێتە یەکێک لە رۆژنامەنوسە هەرە دیارەکانی ئەو شارە. بۆ ڕێگرتن لە گەورەبونی تواناکانی گەنجێک کە نە بە پارە دەکڕدرێ، نە بە ئارەزو هەڵدەخەڵتێنرێ، نە بە دەستەڵات و هەرچی ئیمتیازاتی دیکەیە فریودەدرێ، دەستەڵات ناچارە ڕێگایەک بگرێتەبەر کە ترسنۆکانەترین ڕێگایە، بەڵام باجەکەی هەرچی بێ، باشترە لەوەی گەورە بێ.

ئەم جۆرە کوشتنە، لە هەوڵی ڕێگەگرتنی فیرعەون ئەچێ لە گەورەبونی هەرچی منداڵە لە ترسی (موسا)یەک. چیرۆکی پێغەمبەر موسا، سەلامی خوای لەسەر بێ، نیشانمانئەدا چۆن دەستەڵاتی تاغوت سڵ لە هەرچی بەربەرییەت هەیە ناکاتەوە بۆ ریگرتن لە دروستبونی ئەو ئینسانانەی کە بە قسەی خۆیان 'مێشکی کۆمەڵگە' ئەشێوێنن.

سەردەشت توانی، هەرچەندە خۆی بوە قوربانی، بەڵام بە هەرچی بنەماڵە و هۆز و بتی دروستکراوی موقەدەسکراو هەیە بڵێ؛ ئەوەتا کوڕێک لەوپەڕی بەرائەتی خۆیەوە، خۆیی و قەڵەمێکی تیژکراو بە خەونی گەورە، هەمو بتەکانتان تێکئەشکێنێ.

پیرۆزکردنی بنەماڵە و هۆزەکان، چەندە ریشەیەکی مێژویی و کولتوری هەبێ، ناکاتە ئەوەی نەگەیشتبێتە خاڵی کۆتایی. هەرچەندە بنەماڵەکان و هۆزەکان بیانەوێ ئەو قەداسەتەیان بمێنێ، بەڵام نەوەیەک دروستبوە چیتر ئەو موقەدەسکردنەی لا قبوڵ نییە.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربرین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

کەمال چۆمانی: شەڕی تیرۆرکردنی دەنگی ئازاد و یاخیی لە نایەکسانی و نادادپەروەری و دیکتاتۆرییەت، پێش سەردەشتیش کراوە، بەڵام لە سەردەشتدا ئەگاتە لوتکەی بەربەرییەت.

تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە دو ساڵ بەر لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، ئاماژە بو بەوەی کە شەڕی سەرکوتکردنی ئازادی لەڕێی تیرۆرەوەیە و دەستەڵات گەیشتۆتە رادەی لەرزۆکبون لە بەرامبەر ئەو دەنگە ئازادانەی سەریانهەڵداوە. ئەو تیرۆرکردنانە هیچ پەیامێکیان پێ نییە جگە لە پەیامی 'لە هەر کوێیەک هەوڵی فراوانکردنی ئازادی و دیموکراسییەت هەبو، ئێمە لەوێین بۆ بێدەنگکردنی ئەگەر بە تیرۆرکردنی کارەکتەرەکانیش بێ'.

بەدرێژایی مێژوی حیزبە کوردییەکانەوە، هەوڵیانداوە خۆیان موقەدەس بکەن. زۆربەی موقەدەسکردنەکانیش هەوڵدان بوە بۆ بەخواکردنی کەسی یەکەم. هەر لە بەر ئەوەشە قسەکردن لەسەر کەسی یەکەمی حیزبە کوردییەکان بە 'سنوربەزاندن' دانراوە. لە تیرۆری سەردەشت عوسماندا بۆمان رونبوەوە هێشتا حوکمڕانیی کوردستان لەژێر رەشماڵەکانەوە ئەکرێ نەک لە کۆشکێک کە پێیدەگوترێ پارلەمان یان ئەنجومەنی وەزیران. ئەو رەشماڵە خەتەرێکە و تا ئێستاش وەلانەنراوە. تا حوکمی کوردستان لەژێر رەشماڵەکانەوە بێ، تیرۆری سەردەشتەکان بەردەوامیی ئەبێ.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

کەمال: پایەکانی هەڵکشان و زەقبونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستان رۆچونەتە نێو عەقڵییەتی سیاسیی حیزبە حوکمڕانەکانەوە. سەرەتا ئەو پایانە پێویستە لە عەقڵییەتیان بێنە دەرەوە ئینجا قسەبکرێ لەسەر لە رەگوریشە دەرهێنانیان لەناو سیستەمی سیاسییدا.

هێزە حوکمڕانەکان وا تەماشای دەستەڵات ئەکەن کە بە 'خوێن هاتونە و بە خوێنیش لائەچن'. بیناکردنی بیرکردنەوەی هەر هێزێک لەسەر ئەو تێڕوانینە جگە لە کارەسات شتێکی تر بۆ گەل و وڵات بەرهەمناهێنێ. فەڕەنسای دوای جەنگی جیهانی دوەم و پاوانکردنی دەستەڵات لای نوخبەیەکی پاوانخواز بە بیانوی رزگارکردنی وڵات، شۆڕشی گەنجانی فەڕەنسای لێکەوتەوە. کوردستانی دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و پاوانکردنی کۆی جومگەکانی دەستەڵات و حوکمڕانیی کوردستان و تیرۆرکردن و راوەدونانی ئازادیخوازان و ریفۆرمیستەکان، ١٧ی شوباتی لێکەوتەوە.

لە تیرۆری سەردەشت عوسمانەوە، کوردستان پێی نایە قۆناغێکی نوێترەوە. تا کوشتنی سەردەشت، هێزە سیاسییە حوکمڕانەکانی کوردستان خەڵکیان ئەکوشت و خێزان و جەماوەری کوردستانیش بێدەنگئەبون، چونکە لە بێدەنگنەبونیان، مەرگی خۆشیان ئەبینیەوە. بەڵام لە روداوی سەردەشتدا، هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بوەوە. دەستەڵات

هەرگیز بیری لەوە نەکردبوەوە کە ئەو کۆدەنگییە جەماوەرییە و ئەو خۆپیشاندان و کەمپین و نارەزایەتییانە لە تیرۆرکردنی گەنجێک سەرهەڵئەدەن.
خودی تیرۆرکردنی سەردەشت سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ هەمو ئازادیخواز و رۆژنامەنوسانی کورد. شەهیدبون بالابونە نەک شکست. ئەو تیرۆرکرا، چونکە کاریگەریی ئەو بەسەر جڤاکدا باڵی ئەکێشا. دەستەڵات بۆچی کەسێک تیرۆرئەکا ئەگەر هەست بەوە ناکا مەترسییە بۆ سەر ئەو. لە خەباتکردن بۆ ئازادی و دیموکراسی، سەرکەوتن و ژێرکەوتن نییە، چونکە خەباتێکە لە خاڵێکدا وەستانی بۆ نییە؛ بەڵکو خەباتێکی بەردەوامە. ئەمەش لەبەرئەوەیە، تا دەستەڵات هەبێ، ئەبێ خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی هەبێ. لە کوێدا دەستەڵات هەستیکرد خەبات وەستاوە، لەو خاڵدا دەستەڵات دەست بە ئیستیبدادییەت ئەکاتەوە. سروشتی هەمو دەستەڵاتێک پاوانخوازانەیە، ئەوە خەباتی ئازادی و رێکخراوە ناحکومی و یاساکانن دەستەڵات لغاوئەکەن و لێیناگەرێن ئەو سنورانە ببەزێنێ کە مەترسین بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ.

تیرۆرکردنی سەردەشت جارێکی تر ئازادیخوازنی کۆکردەوە و تێیگەیاندن کە خەبات بۆ ئازادی نابێ بوەستێ. هەرچەندە خوێنیش ببەخشرێ لەپێناویدا، ئەبێ بەردەوام بێ. بەردەوامیش بو، بەردەوامیشە و بەردەوامیش ئەبێ.

ماڵپەری سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

کەمال چۆمانی: سەردەشت نوێنەرایەتی هەمومان ئەکا. ئەو نە تەنها نوێنەری توێژی رۆژنامەنوسان و ئەوانەیە کە سەروکاریان لەگەڵ نوسین و رۆژنامەوانیدا هەیە، بەڵکو نوێنەری هەموانە، بەوانەشەوە کە لەناو حیزبە حوکمڕانەکان دان و جورئەتی ئەوە ناکەن دەنگهەڵبڕن. نوێنەری نەوەیەکە کە لەنێوان وابەستەبون بە دونیای دۆگمای سەرکردە بەناو شۆڕشگێڕەکان و یاخیبون لێیان، دوەمیان هەڵئەبژێرن. سەردەشت نوێنەری هەر دەنگێکە کە بێدەنگ کراوە. ئەو نوێنەری دژی بێدەنگبونە. نوێنەری ئازادییە.

ئەگەر لە فیکری سەردەشت وردبینەوە، ئەو لە گەڕان بو بە دوای جیهانێک جیا لەو دونیا کۆن و دۆگمایەی هێزە بەناو شۆڕشگێڕەکان تا ئەمڕۆ وێنایان کردوە. نیگەرانییەکی زۆر لە تێڕوانینەکانی بەدیئەکرێ بەرامبەر گوتاری باوی ئەوان. ئەو دواجار بڕیارئەدا کە دونیای کۆن تەلاق بدا، هەر بۆیە دەست بۆ کۆمەڵێک تابو ئەبا کە دواجار خۆی ئەبێتە قوربانی. سەردەشت دابڕاو نەبوە لە کۆی ئەو نەوەیەی کە بەتایبەت لە دوای ئازادکردنی عێراقەوە بونە سیمبولی گۆڕان و چاکسازی.

دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان دەرەنجامی کەڵەکەبونی ناعەدالەتی، نادیموکراتییەت و سیستەمی تۆتالیتارییانەی دو هێزەکەیە لە هەرێمی کوردستاندا. دەرکەوتنی ئەو دەنگە ناڕازییانە، پەیوەندی بە ململانێی نەوەی کۆن و نەوەی نوێ هەیە. نەوەی کۆن باوەڕی بە موقەدەسکردنی دەستەڵات و هێشتنەوەی دەستەڵاتە لە فۆڕمێکی کلاسیکیی عەشایەری و نەوەی نوێش باوەڕی بە موئەسەسەکردنی دەستەڵاتەکان و حوکمی قانونە. نەوەی کۆن ئازادی لەوەدا ئەبینێتەوە کە باڵەخانە دروستبکا و عەقڵ گەمارۆبدا، نەوەی نوێ باوەڕی بە روخاندنی باڵەخانەکانی حیزب و بنیاتنانی باڵەخانەکانی عەقڵ و مەعریفەیە. ئەتوانم بڵێم ململانێی جەهل و مەعریفەیە.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژوی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو توڕەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

کەمال چۆمانی: تیرۆری سەردەشت عوسمان، هەم شوێن و هەم کاتەکەی وایکرد جیاواز بێ لە کۆی تیرۆرکردنەکانی دی. سەردەشت بە نوێژی نیوەڕۆ شەهیدکرا. لە شارێک کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە و بە یەکێک لە ئەمینترین شارەکانی عێراقدا دائەنرێ. جگە لەوانە، هۆکاری هەرە سەرەکی ئەو دەنگدانەوە گەورەیە، هۆشیاریی کۆمەڵگەی کوردەواریی بو. ئێمە ئەوکات لە چۆمان خۆپیشاندانمان کرد کە ئەمە بۆ خۆی گۆڕانکارییەکی گەورە بو بۆ یەکەمجار خۆپیشاندان بۆ ئازادیی رادەربڕین و ئیدانەکردنی تیرۆر ناوچەیەکی وا دور لە سەنتەری شارە گەورەکان بگرێتەوە. کۆمەڵگەی کوردی چیتر ئەو کۆمەڵگەیە نییە کە لە ٩٤ لەپێناو ویستی دو حیزبدا یەکتر بکوژن. هۆشیاریی خەڵک گەیشتۆتە ئاستێک کە هەموان هەستئەکەن لە بەرامبەر کارەساتێکی گەورە وەستاوینەتەوە و ئەگەر هەمومان دەنگهەڵنەبڕین، ئەوا سبەی رۆژێ وەک سەردەشت ئەکوژرێین.

بە تەماشاکردنێکی خێرا، بۆمان رونئەبێتەوە هۆشیاریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو شار و شارۆچکانەی کە تێیدا جوڵانەوەی رۆشنبیریی زیاترە، بەرفراوانترە لە شار و شارۆچکەکانی تر. بۆ نمونە، خۆپیشاندان و کەمپینی گەورەتر لە سلێمانی بۆ سەردەشت پێکهێنرا وەک لە هەولێر. لە هەمو شار و شارۆچکەکانی سنوری پارێزگای هەولێر، تەنها لە چۆمان خۆپیشاندانکرا بە شێوەیەک کە ببێتە جێی سەرنجی دەستەڵات و میدیا. ئەمە فەرزکردنی سلێمانی نییە بەسەر هەولێردا، بەڵام لەوانەیە ئەگەر ئەمڕۆ سەردەشت شەهیدکرابوایە لە هەولێر، دەنگدانەوەی گەورەتری دەبو وەک ئەوەی لە ٢٠١٠ هەیبو.

بە باوەڕی من، خۆپیشاندانەکانی دژ بە یاسای خۆپیشاندان و تا ئەگاتە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی خوێناوی، بەشێک لە هۆکارەکانی، دەرەنجامی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان بون. سەردەشت عوسمان بوە هەوێنی ئەو خۆپیشاندانانە. لە تیرۆری سەردەشت

عوسمانەوە هەموان تێگەیشتین ڕێگایەکی ترمان نییە بۆ دەربازبون لەو دۆخە چەقبەستو و سیستەمە سیاسییە تۆتالیتارییەی کوردستان جگە لە دەنگهەڵبڕین و بەرگریکردن لە ئازادییەکانی ئینسان.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بە دارِشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

کەمال چۆمانی: سیناریۆکان هێند بازاڕییانە بون کە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی لەسەر بیروباوەڕ دڵنیاکردەوە. کاتێک سیناریۆکانمان بینین، شتێکیان بۆ نەهێشتینەوە کە گومانمان هەبێ لە هۆکاری تیرۆرکردنی سەردەشت جگە لە هۆکاری رادەربڕین. ئامانج لەو سیناریۆیانە، بە هیچ تەماشاکردنی کۆمەڵگە و ئازادیی رادەربڕینە. لەپاڵ ئەوەشدا، دەسەڵات ئەبوا هێندێک سیناریۆی دروستبکردبانایە بۆ قەناعەتپێهێنانی لایەنگرانی خۆی. خۆشبەختانە، لایەنگرانیشیان شەرم دایانئەگرێ کە باس لە تیرۆری سەردەشت عوسمان ئەکرێ. لە چلەی ماتەمینی سەردەشت عوسمان، بەسودفە لەگەڵ سەیارەیەک سواربوم کە تێیدا کەسێکی عەسکەری تێدا بو. ئەو کەسە عەسکەرییە لە تەواوی شەڕەکانی ناوخۆدا بەشداربوبو. هەمو شەڕەکانی ناوخۆ، وەک خۆی باسیئەکرد، هێندەی کوشتنی سەردەشت عوسمان نیگەرانی نەکردبو. ئەوە لەپاڵ دڕندەیی کوشتنەکەی سەردەشت، ئەوەمان بۆ رونئەکاتەوە عەقڵییەتی زۆرێک لە خەڵکەکەش کە تا دوێنێ شەڕیان بۆ هێزە حوکمڕانەکان ئەکرد، گۆڕاوە.

سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامەحەمە، کۆدەنگییەکی نیشتیمانییان دروستکرد. لە ئاستی جیهانیش دەنگدانەوەیەکی گەورەیان بە دوای خۆیاندا هێنا و وایانکرد هەرچی سیناریۆیە، جێگەی پێکەنین بێ.

تیرۆری رۆژنامەنوسان لە هەمو ئەو سیستەمە نادیموکراتییانە شتێکی باو بوە کە ترسیان لە دەسەڵاتی خۆیان هەبوە. بەڵام دواجار بکوژان هەر راپێچی دادگا کراون.

ئەگەر تیرۆرکردنی هرانت دینک، رۆژنامەنوسی تورکیی بە رەگەز ئەرمەنی، سکانداڵێکی گەورە بوبێ بۆ تورکیا و ژەندەرمە و پۆلیسی وڵاتەکە بەتایبەت دوای بڵاوبونەوەی فۆتۆکانی پۆلیس و ژەندەرمە کە پێئەکەنن وەستاون لەگەڵ بکوژەکە لە بەرامبەر کوشتنی رۆژنامەنوسێک، ئەوا کوشتنی سەردەشت عوسمان و سیناریۆکانی سکانداڵێکی زۆر گەورەترە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئاداری ساڵی رابردو، رێکخراوی جیهانیی پەیامنێرانی بێ سنور، پێشوازیی لە راگەیاندراوێکی داواکاریی گشتیی ئۆکرانیا کرد لە بەرامبەر کردنەوەی کەیسێکی لێکۆڵینەوەی تاوان بۆ رۆڵی سەرۆکی پێشوی ئۆکرانیا، لیۆنید کوشنا، لە تێوەگلانی لە کوشتنی رۆژنامەنوسی ئۆپۆزسیۆن، جیۆرجی گۆنگادزە کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا رفێندراو و کوژرا. ئەمە سەرەڕای بەرێوەچونی چەندان دادگاییکردن و کێشمەکێش لەسەر ئەو روداوە.

تیرۆری سەردەشت و سۆران، کەیسەکەیان یەکلایی نەبونەتەوە و رۆژنامەنوسان هەمیشە بەردەوام ئەبن لە داواکارییان بۆ ئاشکراکردنی بکوژانیان. ئەمڕۆش نەبێ سبەی، ئەم کەیسانە هەرگیز وننابن.

**ئارام ئەحمەد علی بۆ ماڵپەری سەردەشت عوسمان: *سەردەشت عوسمان جەنگاوەرێکی سەرسەختی رێگای دەربڕینی ئازادی ڕادەربڕین بوو،ئەو قەڵەمەکەی ڕوو بە شمشێرێک هەڵکێشا***

ڕوانین وخوێندنەوەی ئەقڵی حیزبی وخێڵەکی،بۆ دنیاو دەوروبەرو دیاریدەکان،نابێت نیگە رانمان بکات،دەمانێکە ئێمە بەم هەڵگێڕانەوەی ڕاستی و چەواشەکاریانە ڕاهاتووین،خوێندنە وەکانی ئەم ئەقڵە،هەمیشە لەناو کایە سیاسی ،ئەدەبی و فەرهەنگیەکاندا وجودی هەبووە،تێکدانی بابەتەکەی سەردەشت و داتاشین و بەزۆر درووستکردن و هەڵهێنجانی ناواقعی لەخودی بابەتەکە،بۆ مەرامی حیزبی و ئەقڵی خێڵگەرا، ڕەوایەتی دانە بە خودی تیرۆرەکە،کە ئەقڵی سەلیم ناتوانێت ڕەدی نەکاتەوەو لەقاوی نەدا،ئەگەر ڕەوایەتدان بەتیرۆری سەردەشت،بەقەولی خودی ئەقڵی پشت تیرۆرەکە،بەسرابێت بە مەسەلەی ناموسییەوە،دەکرێت بپرسین،تیرۆری سۆرانی مامە حەمەو،نەزیر عومەرو ڕەوف کامیل وشاپورو قابیل وفەرهاد فەرەج وسەدان تیرۆری تر کە کراوە بۆ؟،کوشتنی ڕێژوان وزمناکۆو گەرمیان و چەندانی تر لە کاتی دەربڕینی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکدا بۆ چی بوو؟خۆ لەوێ مەسەلەی ناموسی لە گۆڕێدا نەبوو،وەلێ بۆ جەللاد دیسان پاساوێک هەبوو،تا ئەو جێگایە بێشەرمی ڕۆیشت،منداڵ کوژەکان داوایان دەکردو دەکەن،کە ئەوکەسانەی خەڵکیان هەڵخراندوە ناڕەزایەتی دەربڕین،دەبێت دادگایی بکرێت،قسەیەک لەسەر دادگای کردنی بکوژەکان لە گۆڕێدا نەبوەو نییە،هەموو لیژنەکانیش بڵقی سەر ئاو بوون. کەواتە کام وەسیلە هەڵدەبژێریت،بۆ ئەم بەرد خستن و ناڕەزایەتی دەربڕین و نووسینە، بناغەیی نییە،ئەوەی بۆ ئەو گرنگە دەست نەبردنە بۆ خودی بەردەکە،لێرەوە بە درێژایی مێژووی کارکردی ئەم حیزبانە هەمیشە،بۆ هەموو تیرۆرێ ،پاساوێک ئامادەگییە خۆی هەبوەو هەیە.

ئەوکاتەی مەلا بەختیار هاتە سەرخەت وسەنگەری دیفاعکردنی هەڵبژارد لە تیرۆرستان بابەتەکەی سەردەشتی بە"بقە"دانا ووتم،سەردەشت لەنوسینەکەیدا"من عاشقی کچەکەی

بارزانیم"نەبەواقعی و نەبەخەیاڵیش،عاشقی کچی سەرۆک نییە،ئەسڵەن کارەکتەرێک بە ناوی کچی سەرۆک لەهاوکێشەکەدا ووجوودی نییە،سوکایەتییەک لەگۆڕێدا نییە، ئەوەندەی خوێندنەوەیەکەبۆ سیستەمێک ، بۆ فەزایەکی ناشیرین و نا تەندرووست، بۆ سیستەمێکی فاسید و مەحسوبیەت،کەسەرتاپای کۆمەڵگای داگیر کردوە،ئەو ئەقڵیەتەی کەئەقڵیەتی خێڵ و بنەماڵەیەو، ئەوەی لەگەڵ ئەوان بێ شاهانەدەژی و،ئەوەی نزیکایەتی لەگەڵ بنەماڵەیەک نەبێ ناتوانێ وەک بەشەر بژی، نەک هەر ئەمە،ئەگەر کۆیلەی دوو پارتەکەنەبی مافی ژیانت نییە،واتەشەڕەکەلەبناغەوە، شەڕی نان و ژیانە،شەڕی بردنی سەروەت و سامانی هەموو میللەتەبۆ چەند بنەماڵەیەک،شەڕی ناعەدالەتیەلەبەرهەم هێنانودابەشکردندا.

ورۆژاندنی فەزایەکی دروست و واقعییە،کە ئەوەی خزمی سەرۆک،وەزیرو گزیر، پەرلەمانتار،هەرکورسی وپۆستێک بێت،لەهەر ئاستێکدا،خۆی وبنەماڵەو کەس وکاری شاهانە دەژین،خەڵکیش کەلەم کەسایەتیی وئەقڵی بنەماڵەییە بەهرەمەند نییە،ناتوانێت وەک ئینسان بژی،بەدەر لەمەش،با وایدانێین هەر بە" فەرز"،نەک هەر بەخەیاڵ،هەر بە ڕاست سەردەشت عاشقی کچەکەی سەرۆک بوو ، ئایەسەرۆک مافی کوشتنی ئەو عاشقەی هە یە؟ ئایەعەشقی کوڕێک بۆ کچێک یان کچێک بۆ کوڕێک، پەیوەندی بەوەو هەیەکچ یان کوڕ سەر بەکام خێزانن؟ سەر بەکام بنەماڵەن؟ سەربەکام چینی کۆمەڵایەتین؟.

ئیدی بتە بەزۆرداتاشراوەکانی خێڵ وبنەماڵە بەرەو داهێزران وداڕوخان دەڕوات،ئەوان ناتوانن بەر بەم ڕوخانە بگرن،دەست بردن بۆ تیرۆری سەردەشت بۆخۆی بەڵگەیەکە،کە ئەم داڕوخانە دەیەوێت بە خوێن ڕشتن خۆی کۆبکاتەوەو بۆ ماوەیەک درێژە بەتەمەنی خۆی بدات،ئیتر پیرۆزیەکان لەلایەن سەردەم وئەقڵەکەیەوە ژێر پێ نراوون،تابوەکان لەبەریەک هەڵوەشاون،ڕاستیەکەی بە خوێندنەوەی من،سەردەشت بە مەرگی خۆی،بنەماڵەی بارزانی کوشت،نەک پێچەوانەکەی،ڕژانی خوێنی سەردەشت،ڕژانی پیرۆزیەکانی بنەماڵەو خێڵ بوو،ئەوتوانی ئان وسات بەمەرگی خۆی،گلۆڵەی ئەقڵی خێڵگەراو بنەماڵەیی وهەموو ئەو شتانەی کە بە زۆر پیرۆزکراوە،بخاتە لێژی،لەوکاتەوە نە بکوژەکان توانیویانە ئارام بن،نە خودی بنەماڵەی بارزانی،ئیدی ناوی سەردەشت عوسمان مۆتەکەیە،گەر پێیان بکرایە ئەم ناوەیان لە فەرهەنگی زمانەوانیدا دەسڕییەوە،ئاخر ئەوە مەنتقی ئەقڵە پێمان دەڵێت،هەر گروپ ودەستەو تاقمێک،دەستی بۆ تیرۆر برد،تەنها لە ئیفلاس بوونی ڕسوابوون و دەستە وەستانییەوەیەتی.

سەردەشت عوسمان ،جەنگاوەرێکی سەرسەختی ڕێگای دەربڕینی ئازادی ڕادەربڕین بوو،ئەو قەڵەمەکەی ڕوو بە شمشێرێک ڕاکێشا،کە مەحکومە بە فەزایەکی داسەپاوی ناشیرین ونائینسانی،ئەو ووتی،ئەوەی کە موقەدەسە خودی ئینسانە،نەک موقەداساتە دروستکراو داسەپاوەکان.

ئەقڵی خێڵ وبنەماڵە،لەم نێوەندەدا،لە تیرۆری سەردەشتەوە بە هەمومان وبە مێژووی ووت،ئەوەی بە پارەو سەرکوت وزیندان وڕفاندن بۆ بەرزڕاگرتنی پیرۆزیە دروستکراو

وەهمیەکانی بنەماڵە، بۆمان نەکرێت، ئەوا بە تیرۆرو کوشتن دەیکەین، ئەوان ئەو ڕەوڕەوەیەن کەدەیانەوێت بە ڕشتنی خوێنی ئازادیخوازان، بۆ ناو جومگەکانی خۆ، درێژە بە مانەوە بدەن و ملهوڕیەکان بەردەوام بکەن، پەیامی ئەمان پەیامی زمان برین ومانەوەی کۆمەڵگاو ئینسانەکانی ناویەتی، بە کۆیلەیی و خەسیووی، تا لەبەردەم ئەقڵی ژەنگرتووی بنەماڵەیی وچەقبەستووی و دواکەوتویی و سیستەمی بنەماڵەچێتیی وموقەدەساتی لە واهیمە داتاشراودا، کۆمەڵگا ڕابگرن، کە هەم دۆراندیان، هەم شکستیان خوارد.

چەقاندنی پایەکانی ئیستبدادی سیاسی، بەدەرەجەی یەکەم، بەرهەمی داگیرکاری داگیرکەران و ئیستبدادێکی خوێناوی کاولکاری مێژوویە لەسەرخەڵکی کوردستان، بەنیشتیمان وخەڵک و مێژوەکەیەوە، بەدەرەجەی دووەم، ئەوەی کە لەدوای ڕاپەڕینەوە، لە پاش هاتن وگرتنە دەستی دەسەڵاتی"بەناو خۆییەوە"، لە قۆناغی یەکەمداو لەهەم و مەیدانەکانی وەک، زیندانی سیاسی، ڕفاندن، تیرۆر، داگیرکاری ناوخۆیی، خولقاندنی ترس و زمانبڕین ودەم بەستن، ڕسواکردنی ئازادی تێپەڕاندوە، ئەمە خۆ بەخۆ واتە وابەستەیی پارتەکانی سەر ساحەی کوردستان، بەهەمان ئەقڵ و دنیابینی دەسەڵاتی داگیرکەرەوە، کەنەک هەر نەیتوانیوەو کۆن لابەرێ وتازە بێنێت، بەڵکو زۆر جاران لێمان تێک دەچێت، هەر بەڕاستی کامیان کۆنەکەیەو کامیان نوێکەیە، لەوپەڕی باوەڕ بونمەوە دەڵێم، کە یەک تۆزیش جیاوازی ناکەم لە بەینی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردی ودەسەڵاتی بەعسییەکان، تەنهائەوەم لا ڕوون نییە، ئایە ئەمان وەچەی ئەوانن، یان ئەوان وەچەی ئەمانن، وەلی دەزانم هەرکامیان بن، هەر یەک شتن لە بارەی فکری، سیاسی، ئەخلاقی، بێدادی، چەوساندنەوە، بەڕێوەبردن، بە ئەقڵی دیکاتتۆریەتی خێڵەکی وئەقڵی حیزبی و باوەڕنەبوون بە ئازادی بەرامبەرو نەسەلماندنی ڕای جیاوازو خۆسەپاندنی سەروبنەوە.

ئیمە لە کوردستان، نەشاهیدی داگیرکارێکی جۆرێک لە دیموکراسی و ئازادین، خۆ ئەگەر دەوڵەتێک، پارتێک، ئەقڵێک، زەڕەیە ئازادیخوازی ودیموکراسی تێدا بێت، داگیرکاری ناکات، نە شاهدی بونی پارتێک، ڕێکخراوەیەکین، چ لە شارو چ لە شاخ کە بەقەدەر چڵەپووشێک ئازادیخوازی تێدا بووبێت، لەم فەزا کێویەدا ناکرێت، جگە لە چاوەڕوانی هەڵکشانی ئیستبدایک، چاوەڕوانی شتێکی تر لەمانە بین، ئەوەی کە دەمێنێت، نەبوونی جوڵانەوەیەکی ڕێکخراوەیی ئازادیخوازییە، بە مانای پڕاوپڕی ووشەکە، غیابی چەپێکی لەسەرپێ ڕاوەستاوو جدییە، کە بچێتە شەڕی هەمە ڕۆژە لەگەڵ کۆنەپەرستی وئەقڵی خێڵ وبنەماڵەیی ودواکەوتویدا، من دڵنیام وباوەڕێکی تەوام هەیە، کە ئاسۆی سەرکەوتنی ئازادی ڕوو لەگەشەیەو هاتنی سەردەشتەکان و گیانبازی نەوەکانی حەڤدەی شوبات و ئێستا، شاهیدی ئەو ڕاستییەن.

سەردەشت نوێنەری سەردەمەکەی خۆیەتی، ئەو پەیامنێری ئازادییە، ئەو کوڕی نەوەیەکە، لەبەردەرگای سوڵتانا، نە دۆش دادەمێنێ، نە بە چۆکدا دێت، ئەو ئیدی سواڵی ژیان لەدەسەڵاتێک ناکات، کە ماناکانی ئینسان بونی لەدەستداوە، ئەو سیمبوڵی دنیای نوێ

وسەردەمی نوێیە، بۆ هەڵتەکاندنی پایە کۆنینەکان، کە لە ترۆپکیدا، تەنها فیشەک و زیندان وتیرۆر راوەستاوە، دەرکەوتنی سەردەشتەکان یەک واقعیەتە کە گوزارشت، لە ڕامالینی کۆن دەکات، تا جێگای خۆی بدات بە تازە، کێشانی خەتێک، وقلشتێکی گەورەیە، لە بەینی دوو دنیای جیاوازدا کە ئاشتبوونەوەو پڕکردنەوەو سازان ومجامەلەو بەیەکەوە دانیشتن قبوڵ ناکات، کاربڕێکە، پەیوەندیەکانی ئەقڵی خێڵ وبنەماڵەیی ، لەگەل سەردەمێکی مۆدێرن ونوێدا دەبرێت.

ئەوسەردەمەی سەردەشتی تێدا تیرۆر کرا، جیاوازتر لەسەردەمەکانی تر بوو، بۆخۆم شاهیدی زۆر تیرۆری غەمناکی ترم، هەروا ڕاگوزەرانە هات ورۆی، کەسیش نەبزوا، تیرۆری سەردەشت سەردەمی کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی بوو، ڕوو بەدنیاو سەردەمی نوێ، سەردەمی"جام کە پڕبوو لێی دەڕژێ" گەیشتنە لوتکەی ئستیبدادو کوشتن وزیندانکردن وبردنی سەروەت وسامان و، شکاندنی ئابڕوی خەلک، بۆ ترۆپک بوو، لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە، سەردەمی بەیەکدادانی نەوەی نوێ وکۆن بوو، سەردەمی هاتنی جۆرێک لە ئۆپۆزسیۆن ، بە هەموو کەم وکورتیەکانیەوە بوو، هەموو ئەمانە وایان کرد، تیرۆری سەردەشت خەڵک بهەژێنێ وبیانهێنێتە سەرشەقام، لەیەک کاتدا، سەردەشت بکات بە سیمبوڵی جوانی و، دەسەڵات قیزەوونی، سەردەشت بە ئازادیخوازی و، دەسەڵاتی ڕەش، بە لوتکەی دیکاتۆریەت و دژە ئینسانی.

مێژوو ئەوەی سەلماندووە، کە واقع هەرچی بێت، هەر ئەو ئەساسە بە هیند وەردەگرێت، واتە وەک خۆی دەمێنیتەوە، سەربەرزانە هەموو ناڕاستی وهۆنینەوەی درۆو سیناریۆکان دەکات بە ژێرەوە، ڕەنگە ئەمە بۆ ماوەیەک خەفەبکرێت، وەلێ نەتیجەتەن، هەموو ناڕاستییەکان ڕادەماڵێ و جێگای خۆی دەگرێتەوە، ئەویش ڕاستییە.

هۆنینەوەی چیرۆک وسیناریۆ ساختەکان، لە باشترین حاڵدا، گەمژەیی بکەرەکانی دەگەیەنێت، زۆرجاران ڕێکەوتووە، جەللادەکان خۆیان لیژنەیان دروستکردوە بۆ لێکۆڵینەوەی لە چۆنیەتی کوشتنەکە، ئەوەی سەردەشت کوتومت وابوو، ئەو تیرۆریستانەی سەردەشتیان تیرۆرکرد، خۆیان هاتنە سەرخەت و گوایە لێکۆڵینەوە دەکەن، وەلێ ڕاستیەکەی ئەوەیە، کە هیچ لیژنەیەک پێک نەهاتوەو هیچ هەوڵیکیش لە ئارادا نەبوەو نییەو نابێت، بۆ دۆزینەوەی بکوژەکانی سەردەشت، تەواوی سیناریۆکانی دەسەلاتدارانی هەولێریش لەباشترین حاڵدا مەهزەلەیەکی قیزەونەو بۆ گاڵتەش ناشێت، ئەو تەنانەت زەحمەتی ئەوەشی نەکێشاوە، کە لە گێلایەتی وگەمژەیی خۆیشی کەم بکاتەوە، شتێک بەخەڵک بڵێت، کە لانی کەم تاقەتی گوێگرتنێکیشیان هەبێت، من لە کەیسی سەردەشت ولێکۆڵینەوەکاندا، وەک چۆن چنینی سیناریۆکان گاڵتەجاڕییەو جێگای باوەڕنییە، هەروا تێڕوانین وباوەڕهێنان بەوەی پەنادانی تیرۆریستان ئەسڵی هەیە، جێگای باوەڕم نییە، باوەڕم بەوە نیە، شتێک بەناوی پەنادانی تیرۆریسەتەکان و، ئامانج لێی"شاردنەوەی خودیی تیرۆرەکە"، بوونی هەبێت، بەومانایەی خودی دەسەلاتەکە بۆ خۆی تیرۆرەکەیە، لیژنەکان بۆ خۆیان ئەسڵی

تیرۆرەکەن، ئەو ئەقڵە بەسەرچووە، خەڵک بکوژن، بچنە ژێر دارەمەیتەکەی وبسکەی سمێڵیان بێت وبە خوێنەکەی وبە فرمێسکی کەس وکارەکەی پێبکەنن و یاری بکەن، ئیدی هەموو شتێک ئاشکرایە، هەم بۆ خەڵک وهەم بۆ دەسەڵات خۆی، دەیان ساڵە تیرۆر دەکرێت، پێم ناڵێن تا ئێستا بکەرەکانی کام تیرۆر ڕاکێشراونەتە بەردەم دادگاو ئاشکرا کراوون؟ئەسڵەن ناڵێن کامەیە دادگا؟ئەی ئەگەر خۆیان نین، بۆچی نابینە شاهیدی شتێکی ئاوا؟مانگانەوساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار دەکرێت بە قورگی ئاسایش و پۆلیس و دەزگای ئەمنیەکاندا، پێمان ناڵێن ئەگەر ئەمانە خۆیان ئەسڵی تیرۆکە نیین، ئەی بۆ کەسێک ناگرن؟ کەیسێک ئاشکرا ناکەن؟مەگەر ئەوان کاریان چییە؟ئەی بۆ ئەگەر بچوکترین شت بەرامبەر خۆیان بکرێت تێناپەڕێت وبکەرەکانی لە زیندان توونی دەکەن، کێ هەیە ئەوەندە داماو بێت باوەڕ بەوە بکات، بابایەک بەتەنها لە موسڵەوە بێتە بەردەم زانکۆو، بە ڕۆژی ڕوناک سەردەشت بخاتە ناو ئۆتۆمبێلێک و بیباتە موسڵ و لەوێ تیرۆری بکات؟، گاڵتەجاڕییەکە ئەمەیە، هەر ئەمە مانای ئەوەیە، دەسەڵات خۆی ئیمزای دەکات و خۆی دەکات بە خاوەنی مەسەلەکە، دەسەلاتی هەولێرو بە تایبەت پارتی، تەنها بە ووتنی ڕاستینەی تیرۆری سەردەشت دەتوانێت، تیشکی چاوەکان کە لەسەر ئەون لابەرێت، لەمەبەدەر بە هیچ سیناریۆییەکی درۆینە ناتوانێت، بەو ئامانجانە باگات، کە باوەڕ بەخەڵکی بێنێت، ئەو سەردەشتی تیرۆر نەکردووە.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان ئەوم تەوەرەی ئاراستەی چەند نوسەر ، رۆژنامەنووس ، کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە کە سەرخەتی پرسیارەکان و گفتوگۆکان لەم خالانەی خوارەوەدا چڕ بوونەتەوە:

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمباریەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟**

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژووی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو تورەییە بهێنیتە سەر شەقام؟**

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بە داڕشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟**

**دەسەڵات لە کوردستان لە ڕێی تیرۆری سەردەشتەوە، پەیامی بەردەوامی درێژەپێدانی جەنگی خۆی دژی ئازادی ڕا دەربڕین و هەر بوونێکی ئازاد روونتر لە جاران ڕاگەیاند**

**دیمانەی سایتی سەردەشت عوسمان، لەگەڵ بەڕێز دکتۆر جەعفەر عەلی**

**سایتی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟**

**تا ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەیەکی عادیلانە لە کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشتدا دەکرێت، گومانەکان سەبارەت بە تیرۆرکردنی لەسەر نوسینی ئەو ساتیرەی، کە سەردەشتی تەنها بە خەیاڵ کردبووە زاوای بارزانی، زیندوو دەمێنێتەوە.**

**بێگومان ئەگەر ئەمە هۆکاری تیرۆرکردنی سەردەشت بووبێت، ناچار دەبین بڵێین، کە گەنجەکانی ئەم نیشتمانە بۆیان نییە بە خەیاڵیش لە کچانی بەرپرسانی هەرێم نزیک ببنەوە، ئەمەش تا ئاستێکی زۆر دەمانباتەوە نێو دونیابینی و جۆرێک لە ئەقڵیەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیەوە، کە تا هەنوکە نەیتوانیوە قۆناغی ئەقڵی خێڵ و سنوری پیرۆزیەکانی خێڵ**

تێبپەڕێنێ. مەسەلەی ناموس و پیاوەتی لای مرۆڤی خێڵەکی، مەسەلەیەکە لە دەرەوەی سنورەکانی رەخنەو قسە لەسەر کردنن، بۆیە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەمجۆرەدا دەستبردن بۆ هەستیارترین ئەڵقەکانی پیرۆزی خێڵ، کە تەواوی شەهامەت و جوامێری و گەورەیی خێڵی لەسەر بەندە، دەستبردنە بۆ حەرامێک کە هەمیشە خواکانی خێڵ ئامادەن ژیان لەو دەست و پەنجە بزۆزو گەنجە بوێرانە وەربگرنەوە، کە رێگە بە خۆیان دەدەن لە دەرگای پیرۆزیەکانی خێڵ بدەن و لە نێو دیوەخانی پیاو ماقوڵانیدا، رەخنەی سلوکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خواکانیان بکەن.

تەقدیسکردن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ریشەیەکی دێرینی هەیەو تا ئاستێکی زۆریش پابەندی ئاستی هۆشیاری و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، کەم شت هەیە لە مێژوودا مرۆڤ تەقدیسی نەکردبێت، (خۆر، مانگ، ئاو، رووداوی سروشتی، ژن، تا بە خێڵ و حیزب و سەرۆک دەگات)، ئەمانە هەمووی بەجۆرێک لە جۆرەکان لە قۆناغی مێژوویی جیاوازو، کات و شوێنی جیاوازدا، خراونەتە نێو بازنەی تەقدیسکردنەوە.

لە کۆمەڵگەی کوردی دوای راپەڕینەوە، حیزبەکانی کوردستان، تایبەت پارتی و یەکێتی لە رێی سود وەرگرتن لە دوا ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیاو چاپ و زانیاری، لە هەوڵی بچوککردنەوەی خەڵک و فوکردندا بوون بە جەستەی حیزب و مەکتەب سیاسیی و سەرۆکەکانیاندا. سەرەنجام ئەم حاڵەتە سەری کێشا بۆ زیندووکردنەوەی کولتورێک، کە کولتوری رۆژگاری ئامادەبوونی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خێڵە، کولتوری بەهێزی دامەزراندنی پەیوەندیەکانە لەسەر بنچینەی  خوێن و دەمارو بنەماڵەو خزمایەتی. ئەوەی لە نێو هێزێکی کۆنزەرڤاتیڤی وەک پارتیدا دەبینرێت کارکردنە بەو موفرەداتانەی خێڵ لە رۆژگارێکدا کە خێڵ پێگەو هێزی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆی لە دەستداوە. پارتی لە رۆژگارێکدا، کە سەدەی بیست و یەکە، لە رێی هێز وەرگرتن لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە نەریتی و خێڵایەتیەکان، جارێکیتر بە تەواوی کەرەستەو ئامرازەکانی دونیای مۆدێرنە، لە هەوڵی تەقدیسکردنەوەی بنەماڵەو عەشیرەت و سەرۆکدایەو، هەوڵدەدات لە رێی هێز وەرگرتن لە ئەقڵ و هۆشیاری خێڵەوە، وزە بە جەستەی حیزب و بنەماڵەو سەرۆک بدات و، سەرەنجام کوردستان وەک خێڵێکی گەورە دەبینێ و سەرۆکیش وەک سەرۆکی خێڵی کوردان. لێرەوە هەر قسەیەک لەسەر سەرۆک، هەر رەخنەیەک لە سەرۆک، راستەوخۆ بە مانای قسەکردن و رەخنەکردنی موقەدەساتی خێڵ و شەهامەت و جوامێری و پیرۆزیەکانی باوکی گەورەی هەموان، سەرۆکی خێڵ ( حیزب) دێت. لە هۆشیاری و دونیابینی کۆمەڵایەتی لەمجۆرەشدا، رەنگە ئاسانترین شتێک کە بڕیاری لێبدرێت، ئەوە بێت کە مرۆڤەکان، کە گەنجەکانی وڵات لە بەرامبەر هەر دەستبردنێک بۆ هەر یەکێک لەو موقەدەساتانە، دەبێ لە بەرامبەریدا بە ژیانیان نرخەکەی بدەن.

سایتی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی

سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

گومانێک لەوەدا نییە، کە ململانێ یاسایەکی گرنگی پەرەسەندنی مێژوو و ژیانە. بە درێژایی مێژوو جەنگاوەرانی ئازادی باجی هەوڵ بۆ فراوانکردنی سەر زەمینی ئازادی و مرۆڤی ئازادیان داوە، لە بەرامبەردا دەسەڵاتێک بە هەموو هێزی مادی و مرۆیی خۆیەوە لە هەوڵی بێدەنگکردنی کۆمەڵگەو کوشتنی دەنگی ئازاددا بووە.

ڕەوتی ڕووداوو ئاڵوگۆڕو پەرەسەندنەکانی مێژوو ئەوەمان پێدەڵێن، کە بەهێزترین ستەمکارەکانی دونیا، دڵڕەقترین دیکتاتۆرەکانی مێژوو نەیانتوانیوە، نە وەک چۆن دەیانەوێت وەها کۆمەڵگە دروستبکەن، نە ئازادی ڕا دەربڕین و ئازادی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە تا ئەبەد بە پێی خواستی فاشیانەی خۆیان لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا لە قاڵب بدەن.

ئازادی شتێکە هەمیشە دیکتاتۆرو ستەمکارەکان، هێزە شمولی و نا دیموکراتەکان، مەترسی قوڵیان لە بەرامبەریدا هەیە، گەورەترین کێشەی ستەمکارەکانی مێژوو لەگەڵ ئازادیدایە. خەبات بۆ ئازادی ئەگەر لەلای ئازادیخوازان مەرجی بوون و ژیان و شوناسی مرۆڤانەیان بێت، ئەوا لەلای ستەمکاران سەرەتای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتە نادیموکرات و تۆتالیتارەکانە، بۆیە هەمیشە لە مێژوودا جەنگی سەرەکی هێزو سەرکردە ستەمکارەکان، جەنگ بووە لەگەڵ ئازادی و مرۆڤی ئازاد. دەمێکە مێژوو ئەو ڕاستیەی بۆ سەلماندووین، کە ستەمکاران دەتوانن دەیان ئازادیخواز بکوژن، دەتوانن چەندی بۆیان بکرێت کتێبەکان بسوتێنن، بەڵام هەرگیز ئەوەی کە نەیانتوانیوە بیکەن، لە ئێستاو ئایندەشدا هەر ناتوانن بیکەن، بریتییە لەوەی کە ناتوانن بیری ئازادیخوازی و بیرۆکەی ئازادی و ژیاندۆستی تا ئەبەد بخنکێنن.

لە تیرۆری سەردەشتدا بەریەککەوتن و ڕوو بە ڕووبوونەوەی دوو ڕوانین و دونیابینی جیاواز لە یەکدی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گەورەتر لە دەرکەوتنەکانی پێشتر خۆیان نمایشکرد. یەکێکیان دونیابینی ستەمکاری و مەیلی فاشیانەی دەسەڵاتی کوردی بوو، تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و ، یەکێتیش بە هەڵبژاردنی بێدەنگی لە بەرامبەر پەلامار بۆ سەر کەرامەتی ئینسانی ئێمە جیاوازیەکی قوڵی لە پەیوەند بە کەیسی ڕفاندن و تیرۆری سەردەشت عوسماندا پیشاننەدا، ئەویدیکەیان دونیابینی سەرەتای دەرکەوتنی بەهێزی، هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئۆپۆزیسیۆن و شەقام بوو بە گشتی بۆ داکۆکی و وەستانەوە هاوشانی دەنگی ئازادو بەرگری لە بوون و کەرامەتی مرۆڤی کوردی لەم هەرێمەدا.

بە مانا لەگەڵ تیرۆری سەردەشتدا، دونیای ئازادی و دونیای ستەمکاری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە پانتاییەکی بەرینترو لە فەزایەکی گەورەتردا تەعبیریان لە فیکرو بۆچون و ڕوانینیان بۆ

ژیان و ئازادی و نرخ و بەهای ئینسان کرد. لەگەڵ سەردەشتدا، ستەمکاری دەسەڵاتی کوردی ماسکەکانی کەوتن و روونتر لە جاران دەموچاوی دەرخست، دەسەڵات ئاهەنگی خۆشی و چێژی ژورە تاریکەکانی مەرگدۆستی گواستەوە بۆ نێو جەرگەی روناکیەکانی پایتەختی هەرێم و لە پایتەختیشدا بۆ بەردەم حەرەمی هەستیارترین و باڵاترین دەزگای خوێندن و مەعریفی لە کوردستان، کە زانکۆی سەلاحەدین بوو.

دەسەڵات لە کوردستان لە رێی تیرۆری سەردەشتەوە، پەیامی بەردەوامی درێژەپێدانی جەنگی خۆی دژی ئازادی را دەربڕین و هەر بوونێکی ئازاد روونتر لە جاران راگەیاند. تیرۆری سەردەشت بە تەنها پەلامار نەبوو بۆ سەر ژیانی تایبەتی گەنجێکی نیشتمانی ئێمە و خێزانێکی دیاریکراو، بەڵکو لە واقیعدا پەلامار بوو بۆ سەر کۆی دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمان و دەزگا ئەمنیەکان ( هەر چەندە بەردەوام ئەم دەزگایانە تێبینیان لەسەر بووە)، سەردەشت لە جێگەیەک رفێندرا، کە ئەگەر سەرۆک و ئەندامانی کابینەی شەشەمی حکومەت، سەرۆکایەتی و ئەندامانی خولی ئێستا ( سێیەم)ی پەرلەمان زەحمەتیان بکێشایەو بچونایەتە سەر بانی تەلارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان، رەنگە ئاسان گۆڕەپانی چەتەکانی روناکی و رفێنەرانی سەردەشتیان ببینایە. بۆیە ئەم پەلامارە هێندەی دیکە حکومەت و پەرلەمان و دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی بێ نرخکردو لە هەر پرینسیپێکی ئەخلاقی و نیشتمانی بەتاڵیکردنەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، نە حکومەت و نە پەرلەمان و نە دەزگا ئەمنیەکان لەم کەیسەدا نەیانتوانی راستگۆیانەو بە یەک مەسافەی یەکسان لە بەرامبەر قوربانی و جەللاددا مامەڵە بکەن، بگرە سەرەنجامی کۆمیدیانەی لیژنەی لێکۆڵینەوە، ناشیرینتر لە کوشتن، ناشیرینتر لە تیرۆر، قوربانی تێدا کرا بە جەللاد.

بۆیە لە بڕوای مندا لە کەیسی تیرۆری سەردەشتدا، دەسەڵات روونتر لە جاران و بە زمانێکی زۆر سادە لە بری چرپاندن، بە دەنگی بەرز هاواریکرد، لەم هەرێمەدا دەسەڵات ئەو بوونەوەرە زەبەلاحە بێ سنورەیە، کە حکومەت و پەرلەمان و تەواوی دەزگا ئەمنی و چەکداریەکانی نیشتمانی کردۆتە پاسەوانی بەردەم داپۆشینی کەموکورتی و پیرۆزیەکانی دیوەخانەکەی، ئەوە پیرۆزیەکانی خێڵ و دیوەخانە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی رۆژەکانی مەرگ و ژیانی مرۆڤی ئەم نیشتمانە دەدات، نەک شتێکی دی.

سایتی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

لە کوردستاندا ستەمکاری سیاسیی زیاتر لە جاران روو لە هەڵکشانە، ستەمکاری رووە دزێوو ناشیرینەکانی خۆی روونتر لە ساڵانی رابردوو نمایشدەکات، دەسەڵات بە ناوی نیشتمانپەروەری و ئەمنی نەتەوەییەوە نەک رێگەی بەخۆیداوە دەست بۆ هەموو شتێک

بەرێت، بەڵکو سڵ لە هیچ جۆرێک لە پەلامار بۆ سەر ئازادی ئینسانی کوردی و ئازادی ڕا دەربڕین ناکات. لە هەموو دونیادا دەسەڵاتی ستەمکار پێویستی بە کۆمەڵێک ئامراز هەیە تا لە ڕێیەوە ستەمکاری ئەنجام بدات. دەسەڵات بۆ ئەوەی ستەمکاری بەڕێوەبەرێت پێویستی بە ئابوری و بنەمای دارایی بەهێز هەیە، پێویستی بە دەزگای زەبەلاحی میدیایی و هێزی چەکدارو لەشکری تایبەت هەیە، پێویستی بە فەزایەکی گشتی بێدەنگ و بێ ئیرادەو پرۆسەی ئەنجامدانی لە مرۆڤخستنی مرۆڤ هەیە، وێڕای هەموو ئەمانە پێویستی زۆریشی بە لەشکرێک رۆژنامەوان و راگەیاندکارو رۆشنبیر هەیە تا بتوانێت بە هۆی تەواوی ئەم ئامرازانەوە ستەمکاری بە تامی دادپەروەری و نیشتمانپەروەری دەرخواردی هاوڵاتیانی بدات.
تۆ سەیرکە دەسەڵاتی کوردی هەموو ئەم ئامرازانەی ستەمکاری بە زیادەوە لەبەر دەستدایە، ئابوری نیشتمانی کورتکراوەتەوە بۆ ئابوری حیزب، میدیای نیشتمانی بوونی نییە، هێزی چەکدارو لەشکری نیشتمانی بوونی نییە، ئەوەی هەیە میدیای حیزب و کەسەکانە، چەکدارو لەشکری حیزب و مەکتەب سیاسیەکان و سەرۆکەکانە. بە کورتی بۆ ئەوەی دەسەڵاتێک ستەمکار بێت پێویستی زۆری بە لە نیشتمانیخستنی تەواوی دەزگاو دامەزراوە نیشتمانیەکان و ئابوری و لە شکری نیشتمانی هەیە، هەروەها گۆڕینیەتی بۆ دەزگاو دامەزراوەی حیزب و بنەماڵەو سەرۆک. کاتێکیش توانی ئەمە بکات دەتوانێت شێوازو میکانیزمەکانی بێدەنگکردنی کۆمەڵگە بە شێوازی تایبەتی خۆی هەڵبژێرێت و درێژە پێبدات.

ئەوەی دەتوانێت سنور بۆ ستەمکاری سیاسیی دابنێت، کارایی و ئەکتیڤبوونی هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی دەرەوەی دەسەڵات و رێکخراوو ناوەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزی هۆشیاری گەنجان و شەقامە بە گشتی.

گۆڕانکاریەکانی دونیا لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیست و لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا خێراتر لە گۆڕانکاریەکانی ساڵان و سەدەکانی رابردوو روو دەدەن، سەیری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، تەواوی وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیزم لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا بکە، ئەمانە ئەگەرچی گەورەترین ئامرازو کەرەستەکانی ستەمکاری سیاسیان لەبەر دەستدا بوو، درێغیشیان نەکرد لە بەکارهێنانیدا، بەڵام نەیانتوانی تا سەر کۆمەڵگە ناچار بە بێدەنگی بکەن. دیقەت لە رووداوە خێراکانی دونیای عەرەبی بدە لە ماوەی تەنها یەک ساڵدا، (بن عەلی و موبارەک و قەزافی و ساڵح) هەر هەموویان دەزگاو ئامرازی سەرکوت و ستەمکاری سیاسیان هەبوو، چەندی بۆشیانکرا تەمەنی پڕ لە ستەمکاری خۆیان و بنەماڵەکانیان پێدرێژ کردەوە، بەڵام سەرەنجام ئاراستەی (با)ی ئازادی و دیموکراسی پێچەوانەی جوڵەی دیکتاتۆری و ستەمکارانەی کەشتیەکەی ئەوان هەڵیکرد. بۆیە هەموو ئەو هێزە سیاسیانەی جیهانبینی خۆیان لەسەر دژایەتی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ دامەزراندووە، هەمانکات روویان لە داخران و بێدەنگکردنی کۆمەڵگەو ستەمکاری سیاسیە، هێزگەلێکن چارەنوسیان لەو ستەمکارانە روونترو باشتر نابێت، کە ئێستا بە بەرچاوی خۆیانەوە بوون بە بەشێک لە مێژوو، بەڵام مێژوویەکی رەش، مێژووی سەرکوت و ستەمکاری.

لەمڕوانگەیەوە تیرۆری سەردەشت ئاسۆکانی سەرکەوتنی دەسەڵاتی کوردی لەبەر چاوی ئێمەو تەواوی ئازادیخوازان و ژیاندۆستانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، لێڵ و تەڵختر دەکات.

سایتی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

ساتەوەختی تیرۆری سەردەشت، ساتەوەختی دەرکەوتنی هێزی کۆمەڵایەتی نوێ، دەنگی تازەو وزەی نوێی کۆمەڵگەی کوردی بوو، ساتەوەختێک بوو، کە وێڕای دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لە کوردستان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزی شەقامیش چالاکترو ئەکتیڤتر لە ساڵانی ڕابردوو، هەڵوێست و قسەی جدیان دەرهەق بە ڕووداوە نێوخۆییەکانی کوردستان هەبوو، بە قورساییەکی زیاتریشەوە لە نێو کایەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستاندا دەرکەوتن. جگە لەمانە گەنجان، کە توێژێکی زیندوو کاریگەری هەر کۆمەڵگەیەکن، لە کۆمەڵگەی کوردی دوای هەڵبژاردنی (25ی تەموزی 2009) وە بە دەنگی بەهێزترو ئامادەیی گەورەترەوە بۆ داکۆکی لە مافەکانیان و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کراوەو دیموکرات، ئامادەبوونی خۆیان زۆر کاریگەرتر لە کاریگەریەکانی ڕابردوویان پیشاندا.

سەردەشت عوسمان لە کوردستان، چیتر بریتی نییە لە تەنها گەنجێک و بەس، چیتر بریتی نییە لە ڕۆژنامەنوس و خوێندکارێکی زانکۆ، چیتر بە تەنها دایک و باوک و چەند براو خوشکێک لە بەردەم بەرپرسیارێتی خوێنی سەردەشتدا نەوەستاون. سەردەشت لە ڕۆژی ڕفاندنیەوە، دواتریش لە ڕۆژی تیرۆرکردنیەوە، ئیتر نوێنەری هەموو گەنجانی ئازادیخوازو، نوێنەری ڕۆژنامەنوسانی بوێرو دەنگی دلێری تەواوی خوێندکارانی زانکۆو، کوڕی هەموو دایک و باوکێکی ئازادو ئازادیخوازو ویژدان زیندووی ئەم نیشتمانەو تەواوی مرۆڤدۆستانە. بە مانا هەموومان، تەواوی ئازادیخوازانی نیشتمان لە بەردەم جەستەی تیرۆرکراوی سەردەشت و لە بەردەم پەلاماری بەربەریانە بۆ سەر ژیان و کەرامەتی گەنجێک و ڕۆژنامەنوسێکی ئازاد بەرپرسیارێتی مێژوویی و ئەخلاقیمان لە ئەستۆدایە. سەردەشت لە دوای تیرۆرکردنیەوە دەبێتە نوێنەرو سیمولی ئازادی و ئازادی ڕا دەربڕین، دەبێتە نوێنەری ئەو نەوە یاخیەی، کە چیتر ئامادە نییە لە بەردەم تەلارە بەرزەکانی دەسەڵاتدا ملکەچ بکات، چیتر ئامادە نییە ڕۆحی یاخیبوون و شوناسی ئازادی و بوونی ڕاستەقینە و ڕەسەنی خۆی بە مانا هایدیگەریەکەی بدۆڕێنێ بە دیوێکی دیکەدا سەردەشت چ لە وێنەی ڕۆژنامەنوس و خوێندکارێکی زانکۆیی یاخی، چ لە دوای تیرۆرکردنیدا، جارێکیتر فۆرمی ئەو ململانێ سروشتیەی ژیانمان پیشاندەدات، کە بە تایبەت لە کۆمەڵگە کۆنزەرڤاتیڤ و نەریتیەکاندا لە نێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێدا سەرهەڵدەدات.

بەپێی تیۆرەکەی ( تۆینبی) کەمینەی دەسەڵاتدار کاتێک توانای داهێنان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی نامێنێت، ئامادە نییە دان بە لە دەستدانی وزەی داهێنەرانەیدا بنێت، بۆیە هەوڵدەدات لە رێی قامچیەوە کۆمەڵگەو نارەزاییەکانی خەڵک ناچار بە ملکەچی بکات، کە سەرەنجام لێکترازانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا روودەدات و، کۆمەڵگە روو بە ڕووی دابەشبوون دەبێتەوە.

سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردیش، دەسەڵاتدارانی ئێمە گەرەکیانە تا رۆژی حەشر بە پاساوی نەمای مێژوویی و بشەرعیەتی شۆڕشگێڕی درێژە بە دەسەڵاتی رەهایان بەسەر کۆی جومگەکانی ژیان لە کۆمەڵگەدا بدەن. لێرەوە هەر هەوڵدان و یاخیبوونێکی نەوەی نوێ و وزەی تازەی چین و توێژو کەرتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە بە دەرچوون لە بازنەکانی نیشتمانپەروەری و مەترسی بۆ سەر کوردو جوگرافیای هەرێمی کوردستان تەفسیر دەکەن، تەنانەت هەر جوڵەیەکی ئەم نەوە نوێیە بە دەستی دەرەکی پێناس دەکەن و دەیانەوێت لە رێی ناشیرینکردنیەوە لە هەموو خەسڵەتێکی جوانی دیموکراسی و ململانێی تەندروستی نێوان نەوەکان بە تاڵی بکەنەوە.

ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا بەدیدەکرێت و دەبینرێت، تایبەت لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی ساڵی (2009)وە، هەر یاخیبوون و نارازیبوونێکی گەنجان، خوێندکاران، رۆژنامەنوسان، مامۆستایان، پزیشکان و ئەندازیاران و... هتاد، تا رادەیەکی زۆر گوزارشت لە جۆرێک لە ململانێی قوڵی کۆمەڵایەتی دەکات لە نێوان دوو نەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا، نەوەیەک کە بە نیازە تا ئەبەد لەسەر کورسی مێژوو و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی دابنیشێت، لەگەڵ نەوەیەک کە روئیاو دیدی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دەسەڵات و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بۆ چەمکی شەرعیەتی شۆڕشگێڕیش. ئێمە لە ئێستادا لە بەردەم دەسەڵاتی نەوەیەکدا وەستاوین، کە بە عەمەلی ئامادەبوونی ئەوەی تێدایە لە بەرامبەر هەر خۆپیشاندانێکی مەدەنیانەدا، شەقامەکانی نیشتمان بە بەرچاوی دونیاوە نە تەنها میلیتاریزە بکات، بەڵکو بە خوێنی گەنجانیشی سوری بکات. ئەمەش هەمان ئەو تیۆرەی (تۆینبی)مان بۆ دەسەلمێنێ کە دەسەڵاتداران کاتێک هێزی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەدۆڕێنن، کاتێک نەوەیەکی نوێ بە دیدگاو روئیای نوێوە دەچێتە ململانێوە لەگەڵیان، لە بری هەڵبژاردنی درێژەدان بە ململانێی ئاسایی و تەندروست، بیریان هەر لەلای قامچیەکانیانە، بۆیە زۆر ئاسان ئامادەن بە مەبەستی بێدەنگکردن و مل پێکەچکردنی نەوەی تازەی یاخی و پاراستنی کورسیەکانیان، پەنا بۆ قامچی ببەن و لە رێی هێزو زەبری قامچیەوە رۆحی یاخیبوون و رەخنەو پرسیاریان تێدا بکوژن.

سایتی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژووی

ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو توڕەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

لە هەر قۆناغێکی پەرەسەندنی مێژوودا، بەپێی کات و شوێنی جیاواز، هەم ستەمکاری لە فۆرمی جیاوازدا تەعبیر لە خۆیدەکات، هەم دەنگی ئازادو ئازادیخوازان لە گەڕاندان بە دوای گەیشتن بەو کات و شوێنەی ستەمکاری تێدا شەرمەزار بکەن و لە دەرفەتی گونجاوتریشدا بیوەستێنن.

لە کوردستانداو لە دوای یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە مایسی 1992 و دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەت تا بە ئێستا دەگات، کۆمەڵگەی کوردی لەسەر دەستی هێزەکانی دەسەڵات لە کوردستان ڕوو بە ڕووی دەیان تاوانی گەورەی دژ بە ئازادی و مافی مرۆڤ کراوەتەوە. هەموومان شاهیدی ئەنجامدانی کارەساتی خوێناوی و ڕفاندن و دیل کوشتن و سوکایەتی بە کەرامەت و ڕێزی مرۆڤ و تاڵان و بڕۆی ئەم نیشتمانەین، شاهیدی هێنانی لەشکری بەعس و پاسداری ئێرانین بۆ قولاییی خاکی هەرێمی کوردستان، شاهیدی زیندانی نهێنی و تیرۆری کەسایەتی سیاسیی و ڕۆژنامەنوس و کەسایەتی مەعنەوی مرۆڤەکانی ئەم هەرێمەین، شاهیدی میلیتاریزەکردنی شەقامەکانی کوردستان و وەڵامدانەوەی بەردین بە بیکەیسی لەلایەن چەکدارانی حیزبەوە. هەموو ئەمانە بەشێکن لە نمونەی تاوانە مێژووییەکانی دەسەڵات دەرهەق بە ئێستاو ئایندەی کۆمەڵگەی کوردی. بەڵام ڕەنگە تا ساتەوەختی تەموزی 2009 و ڕفاندن و تیرۆری سەردەشت، دەسەڵات دەرکی بە گەورەیی و قوڵی برینی جەستەی ئەم هەرێمەو ناڕەزایەتی پەنگخواردووی خەڵکی کوردستان بە گشتی و، گەنجان بە تایبەتی نەکردبێت. گەورەیی ئۆپۆزیسیۆنی لە ڕووی جەماوەری و توانای داپۆشینی شەقامی وەک پێویست لە حیسباتی سیاسیی خۆی لێکنەدابێتەوە.

سەردەشت دوای کەمتر لە ساڵێک لە تەمەنی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، تیرۆرکرا، ئەم پەلامارە بۆ سەر ژیانی گەنجێک بە ڕۆژی ڕوناک و لە ناو جەرگەی دەسەڵاتی پارتیدا بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و ڕاستگۆیی هەر هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن و، تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان و گەنجانی نیشتمان، پێوەرێکی ڕاستەقینەو ئەخلاقی بوو لە بەرامبەر هەڵوێست وەرگرتن دەرهەق بە ستەمکاری و تیرۆری بە ئاشکرای هاونیشتمانیانی هەرێم، بۆیە بڕوام وایە کات و دۆخی مێژوویی و سیاسیی تیرۆری سەردەشت تەواو جیاواز بوو لە کات و دۆخی تیرۆری سۆرانی مامە حەمە و عەبدولستار تاهیر شەریف.

لە تونس و میسرو لیبیاو یەمەن و سوریاو .... هتاد دەیان ساڵ بە بەردەوامی دەسەڵات لە پەلامار بۆ سەر ئازادی و ئازادی ڕا دەربڕین و ڕێزو حورمەتی ئینسان درێغی نەکردووە، بەڵام لە هەر یەکێک لەم وڵاتانە ڕووداوێک بۆتە خاڵی سێنتەری بۆ قسەکردن لەسەر بەگژداچونەوەی ستەمکاری دەسەڵات و کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی مێژوویی و ئەبەدی.

رووداوی تیرۆری سەردەشت ئەگەرچی لە رووی مێژووییەوە پێش مێژووی رووداوەکانی ئەم وڵاتانە دەکەوێت، بەڵام دیسان لەو خاڵە جەوهەریە بەدەر نییە، کە هەندێکجار رووداوێکی تایبەت دەبێتە بزوێنەری مێژوو. لەگەڵ تیرۆری سەردەشتدا بە عەمەلی چیتر خەڵک بەگشتی و رۆژنامەنوسان و گەنجان بە تایبەتی، ئەم رووداوە وەک تیرۆری تاکە کەسێک و وەک خەمی خێزانێکی دیاریکراوو چەند کەسی ئەم نیشتمانە نابینن، بەڵکو لە تیرۆری سەردەشتەوە، ئەوان دڵنیابوون لەوەی بۆ ئەوەی هەمووان تیرۆر نەکرێن، پێویستە رووداوی سەردەشت بکرێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ یەکخستنی دەربڕینی سیستماتیکانەی نارەزایەتی بەرفراوانی شەقام، بۆ ئەوەی چیتر ئازادی نەکوژرێت، بۆ ئەوەی چیتر دەستە رەشەکان بە بەرچاوی خۆرو پیاوانی حکومەتەوە مەرگ نەچێنن، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە یاخیبوون نەخرێت و ستەمکاری میوانی هەمیشەییماڵەکانمان و شوێنی کارەکانمان نەبێت، پێویست بوو ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگەی مەدەنی و گەنجان و رۆژنامەنوسان و شەقام بەگشتی قسەی خۆی بکات، قسەیەک چیتر نابێت ئەم هەرێمە چوارچێوەیەکی گەورە بێت بۆ پەلامار بۆ سەر رێزو حورمەت و کەرامەتی ئینسان و تیرۆری رۆژنامەنوسان. بە کورتی کات و دۆخی تیرۆری سەردەشت، کات و دۆخی ئەو لەحزە مێژووییە بوو، کە دەبوو هاونیشتمانیانی ئەم هەرێمە جدیتر قسە لە دەسەڵات و قسە لە بارەی خۆیشیانەوە بکەن.

سایتی سەردەشت عوسمان: بە دارشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناراست لە دۆسیەی فراندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە رێگای سیناریۆ چییە؟

لەوانەیە مێژووی هیچ میللەتێک لە دونیا بە قەد مێژووی کورد پاساوی ئامادەی نەبێت بۆ داپۆشینی کارە دزێوو ناشیرینەکانی، بۆ گۆرینی جەللاد بە قوربانی و، قوربانی بە جەللاد. مرۆڤی ئازاد دەکرێت بە تیرۆریست و، تیرۆر و بکوژانی ئازادیش بە شەقامەکانداو لەبەر چرای روناکی حیزبدا پیاسە دەکەن.

دارشتنی سیناریۆو دروستکردنی چیرۆکەکان بۆتە بەشێکی دانەبراو لە ئەخلاق و کولتوری سیاسیی هێزەکانی دەسەڵات لە کوردستان، ئەوان کاتێک خۆ بە خۆ شەری سرینەوەی یەکتریان دەکرد، ئەوان کاتێک لەشکری بێگانەو دوژمنانی کوردو ئازادیان هێنایە نێو قوڵاییەکانی خاکی کوردستانەوە، ئەوان کاتێک تەرمی پێشمەرگەیان ئەتککردو، زیاد لە پازدە ساڵە چارەنوسی پێشمەرگەی بە دیلگیراویان ئاشکرا نەکردووە، هەموو ئەمانە وەک کاری نیشتمانی و نیشتمانپەروەری و خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە فۆرمی حەکایەت و چیرۆکدا دەهۆننەوەو دەرخواردی خەڵکی کوردستانی دەدەن. هێزەکانی دەسەڵات رۆژگارێکی باش تەمەنی خۆیان لە رێی سیناریۆو چیرۆکی رەنگاو رەنگەوە درێژ کردۆتەوە، لە ئێستایشدا گەرەکیانە لە دۆخێکی تەواو گۆراودا، لە سیاقێکی مێژوویی زۆر جیاوازتر لە پێشوو، بە هەمان ئەو سیناریۆو چیرۆکە کۆنانە تەمەنی سیاسیان درێژ بکەنەوەو پەلامارەکانیان بۆ سەر ئازادی و کەرامەتی ئینسان داپۆشن، بێئاگا لەوەی چیتر چیرۆکە

کۆنەکان،ئەقڵە کۆنەکان، توانای ژیانکردن و جوڵەی جارانیان لە دۆخێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی گۆڕاوو سیاقی مێژوویی نوێدا نییە  بۆیە چیتر چیرۆکە کۆنەکان، کە زۆر جار لە ڕێگەی لیژنەکانی لێکۆڵینەوەوە بۆمانی دەگێڕنەوە، سیناریستەکانی هەر کەسێک بن، ناتوانن قەناعەت بە بەشێکی بچوکی کۆمەڵگەش بکەن، چونکە ئامانجی سەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکان و کاری لیژنەکانی لێکۆڵینەوە زۆر ئاشکراو روون و دیارن، ئەویش بریتییە لە راستکردنەوەی پارسەنگ بۆ دەسەڵات و پیشاندانی بەرائەتی ئەوان لە تاوانەکانی دژی ئازادی و مافی ئینسان.

رفاندنی سەردەشت و دواجاریش تیرۆرکردنی لەم تێگەیشتنە بەدەر نییە. رفاندنی سەردەشت لە تاریکیدا رووینەداوە تا دەسەڵات و لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی دەسەڵات لە تاریکیدا بۆ تاوانبارانی بگەڕێن. ئەو رۆژنامەنوس و خوێندکارەی زانکۆ بە رۆژی روناک و بە بەرچاوی پیاوانی حکومەت و خوێندکارانەوە لە ناو جەرگەی پایتەخت و لە بەردەمی کۆلیژێکدا رفێنراوە، بە شەقامەکانی پارتی و بە بازگە فەرمیەکانی پارتیشدا بەرەو موسڵ براوە و لەوێش بە کوژراوی دۆزراوەتەوە.

بەڵام دواتر ئەم تاوانە بە جۆرێکی دی و لیژنەی لێکۆڵینەوەش بۆ پیشاندانی ئەستۆ پاکی دەسەڵات، چیرۆکی جیاوازترمان بۆ دەهۆنێتەوە، چیرۆکێک، کە پێدەچێت سەرەتاکەی بەر لە ناوەرۆک و کۆتاییەکەی زووترو زۆرتر گومانەکانی تیرۆری ئەو رۆژنامەنوسەمان لەلا قوڵترو گەورەتر بکاتەوە، دەبێ بە جوڵەیەکی ئەکتیڤەوە لە چاوەڕوانی کۆتایی پێهێنانی چیرۆکەکان و سیناریست و چیرۆکخوانەکاندا بین، تا بتوانین نیشتمان جوانترو کولتوری ژیاندۆستی و هیومانیستیش بکەینە بەشێک لە پێکهاتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەو ئەخلاقی دەسەڵاتیش، تا هەرچی زووتر خاڵی کۆتایی بۆ چیرۆکەکانی لە وێنەی چیرۆکی تیرۆری سەردەشت و لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کەیسی سەردەشت و کەیسی رووداوەکانی حەڤدەی شوبات و رۆژانی دوایی دابنێین.

یەکێکە لەهەرە سیناریۆ پڕ درۆ و نائەخلاقی و نادیدەو گەمژانەو گاڵتەجارانە کە من تا ئەم تەمەنە بینیبێتم سیناریۆ هەزیل و هیچ و نابەڵەدیەکەی پارتی دیموکرات بوو بۆ پەردەپۆشکردن و داخستنی دۆسیەی سەردەشت عوسمان.

**نوسەر و ڕوناکبیر ئاسۆ جەبار بۆ سایتی سەردەشت عوسمان**

سایتی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمباریەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و

خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

ئاسۆ جەبار: تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تەنها کوشتنی ڕۆژنامەنوسێک یان تەنها زەفەربردنێکی نائەخلاقیانەی عەشرەت و حیزب و دەسەڵاتێک نەبوو، بەڵکە هەڵمەتێکی نائینسانی ء وەحشیگەرانەی گەلەعەشرەت و گەلەحیزبێک بوو بۆ بەرقەرارکردن و بێچارە سازکردنی کەش و فشارێکی مافیاگەریی حیزبی و حکومی بۆ کوشتن و تیرۆرکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و دنیابینییە جیاوازەکان، هەڵمەتێکی قێزەوەن بوو بۆ ستەمسازێکی تاسەرئێسک نائەخلاقی دژ بە سەرجەم بەها ئینسانی و شارستانی ء فەرهەنگییەکان، مەرگدۆستییەکی وەحشیگەرانە بوو دژی نوسین، دژی ڕوانینء فەنتازیا و ڕەخنەء دژی سەرجەم ئەو پانتاییە ڕۆشنبیریی و فەرهەنگییە بوو کە پێکڕا هاوئانگ هەمووان لەدۆسێیەکی زیندوو و کاریگەردا کۆدەکاتەوە .

ئەم کولتوری کوشتنە کە زادەی ڕوانینء کردەگەلێکی وەحشیگەرانەی حیزب و تاقمە مافیاییەکانی ناو حیزبە خاوەنی تاکەیەک ستراتیژی هەنوکەیی و درێژخایەنە ئەویش بریتییە لەتۆقاندن و ترساندنی کۆمەڵگە لەڕێی کوشتن و تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس و نوسەرەکانەوە، یان فەلاقەکردنء مێشک تەقاندنی نوسەر و ڕۆژنامەنوس ء هەوڵی کوشتنی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ. بە دڵنیاییەوە ئەم ستراتیژە نائەخلاقی و نائینسانییە هەڵقوڵاوی میراتێکی وەحشیگەرانەی خێڵە خوێناوییەکان و دەسەڵاتە فاشیء دیکتاتۆرء ستەمکارەکانە بۆ بەرپاکردنی کەشێکە بێئەندازە خوێناوی، لێوڕێژ لە ترسی گەورەء نادڵنیایی، ترس لەهەموو شتێک، لەجەلادێکی وەهمی کە بە چەکء تفاقی مەرگخوازییەوە بە سەرجەم شەقامء شوێنە گشتییەکانی شاردا دەگەڕێت بەدوای قوربانیء دەنگء ڕەخنەء ڕوانینە نوێکاندا، دەرەنجام ئەم هێزە کوشندەیە لەدوای ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی وەحشیگەرانەی خۆی دەستکراوەترء مەغۆلانەتر پەلاماری خەڵکء نوسەرانء ڕۆژنامەنوسان دەدەن .

سایتی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپێدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

ئاسۆ جەبار: حەڵاڵکردنی خوێنی ڕۆژنامەنوس، واتە حەڵاڵکردنی مەرگء پیاوکوشتن، واتە حەڵاڵکردنی بێدەنگیء ستەمکاریی. واتە ئەوەی یاساء کۆتوبەندی ئەخلاقی و حیزبی وئاینی وکولتوری ناتوانێت بێدەنگی بکات، پیاوکوژەکان دەتوانن بێدەنگی بکەن، عەنتەرەکانی حیزب بێدەنگیان دەکەن. بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ کاتێک زەبرء کوشتن و هەڕەشەکردن

نەیتوانیوە تاسەر رۆژنامەنوسانء رەخنەگرانء رۆشنبیرانی سەربەخۆ بێدەنگ بکات و قفڵ بدات لەدەستودەمی نوسین و ئازادی قەڵەمەکان .

بۆ سەلماندنی ئەم هاوکێشەی مەرگء دڕندەییە پێویستە قوڵ بڕوانینە ئەو سیستمە پراکتیکییەی کە تەنها وەک پێشێلکاری مافی مرۆڤء توندوتیژیء نائینسانییەت حسابی بۆ دەکرێت. بۆنمونە بێگومان پراکتیزەکردنی کوشتنء مەرگ تەنها بریتی نیین لەکردەگەلێکی ئاسایی بۆ کوشتنی ئینسانء بەڵکە کوشتن شوناسێکی فەنتازی و ئەفسانەییء پەنهان وەردەگرێت، وەک کوشتنی نهێنیء حەشارگەی ونکردنی ئینسان، رفاندنی ئینسانء ئەشکەنجەدان، کوشتنی خۆپیشاندەران بەبەرچاوی دنیاوە، لێدانء داپڵۆسین تا مەرگ، تەعزیبدان تاسەرئێسک، پڕکردنی زیندانەکان، کوشتنی جەستەییء روحیء دەروونیء فەرهەنگی.
لەکۆتاییدا ئەم هێزە کوشندانە تا دڕەندەترو قێزەوەن بن، زیاترو زیاتر ریسوا دەبن، تا توندتر خەڵک ئەشکەنجە بدەن، مەرگی خۆیان خێراتر دەکەن، تا شەقامەکان پڕبکەن لەچەکء تفاقی پیاوکشتن، تا دێ بۆکڕوزی قێزەوەنی ودڕندەییان دنیا پڕ دەکات.........
دەسەڵاتی کوردی بۆ هەموو دنیای سەلماندن کە لەمەغۆلەکان مەغۆلترن، لەبەعسسییەکان بەعسیترن، لەقەزافییەکانی قەزافیترن، لەوەحشییەکان وەحشیترن .

سایتی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

ئاسۆ جەبار: هێزی خەڵک تەنها هێزێکی شارستانیء زیندوو نییە، بەڵکە هێزگەلێکی ئامادەء جیاوازء هەمەڕەنگە، پێکهاتەیەکی زیندوو ء کاریگەرء بەرفراوانە بۆ بەرهەمهێنانی رووبەرێکی دیکەی رەخنەء جیاوازی، سەرزەمینێکی دیکەی گفتوگۆء ململانێی شارستانیانە بەرهەمدێنێت .

لەزۆر شوێندا باسم لەوە کردووە کە کۆمەڵگەی زیندوو سەرباری ئەوەی کۆمەڵگەیەکی قسەکەرە، کۆمەڵگەیەکی رەخنەگرو فشاردروستکەرء هەمەڕەنگە لەڕووی فەرهەنگی و دنیابینی و رۆشنبیرییەوە، هاوکات کۆمەڵگەیەکیشە لەسەر کەمترین بڕ لەمافەکانی خۆی دەنگی بەرزدەکاتەوە، کۆمەڵگەی مردووش کۆمەڵگەیەکە کە لەسەر پێشێلکردنی سەرلەبەری مافەکانیء چەوسانەوەی ئابوریء رۆشنبیری و ژیان لەرووبەرێکی گەورەی گەندەڵخۆری و عەنتەریاتخانەی حیزبیء بەڕەڵاخانەیەکی ئابوریدا دەنگی لێوە نایەت.

کاتێک کۆمەڵگە سیخناخ دەبێت لەستەمکاریی حیزبیء ناحاڵی سیاسیء هەیەجانی بێمانایيء دڵەڕاوکێی ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتیء ئابوری، کاتێک بەرژەوەندییە حیزبیء تاکەکەسیء

خێڵەکی و تایبەتەکان پێش بەرژەوەندییە ئینسانی و شارستانییەکان دەکەون، کاتێک هاوکێشەکان تێکەڵی یەکدی دەبن و نرخ و بەهاکان شوناس و تایبەتمەندی خۆیان وندەکەن، کاتێک ئینسان وەک بوونەوەرێکی شایستە بە ژیانء پەیوەندیء مافء چالاکی حسابی بۆ ناکرێتء سایکۆلۆژیای مێگەلی حیزبیء سیاسیء ئاینی جێی سەرلەبەری بەها مرۆییء شارستانیء کولتورییەکان دەگرنەوە، کاتێک کۆمەڵگە خاڵی دەبێتەوە لەبەرپرسیارێتیء هەیەجانی شارستانیء کولتوریء رۆشنبیری، ئەوکاتانە ئیدی خولیای تێگەیشتن لەدنیاء پەیوەندیء بەرهەمء داهێنانی شارستانیء رۆشنبیریی و پێکڕا جیهانبینییء روانینء فیکر نابنە خەمێکی هاوبەشء حەسرەتێکی ئینسانی قوڵ.

بەڵام شەهیدکردنی سەردەشت عوسمانء سۆران مامەحەمەء پێکرا فەلاقەکردنی خەڵکء رۆژنامەنوسان سەرەپا کۆمەڵگەی وریاکردەوە لەو سیستمە نائەخلاقیء نائینسانییەی کە حیزبسالاریی تا بینەقاقای مافیاگەریی کۆمەڵگەء ئینسانەکان بەرەو نادیارێکی کوشندەء دۆخێکی وەحشیگەرانەی بێوێنە دەبات، بۆیە سەرەنجام لە 17 ی شوباتء خۆپیشاندانەکانی شارو شارۆچکەکاندا پەیامی خەڵک دژی کوشتنء تالانکردن و ستەم وزەبری وەحشیگەرانەی حیزب بوو.

سایتی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

ئاسۆ جەبار: کاتێک رۆژنامەنوسێک شەهید لەلایەن حیزب و دەسەلات ویاساوە دەکرێت بە تیرۆریست، کەواتە ئیتر سەرجەم ئەو نوسەرء رۆشنبیرء رۆژنامەنوسانەش کە نەکوژراون تیرۆریستن، کەواتە ئەو خەڵکەش تیرۆریستە کە دژی کوشتنی سەردەشت عوسمان شەقامەکانیان پڕکرد لەنارەزایی، کەواتە کوشتنی هەمومان حەڵاڵە .

ناشرینکردنی کەسایەتی رۆژنامەنوسء رۆشنبیرانء دەنگە سەربەخۆکان لەلایەن حیزبء جەبەروتی دەزگا ئەمنیء میدیا زەبەلاحەکانیانەوە لەو عەقڵیەتە ناشارستانیء وەحشیگەرییەوە سەرچاوەدەگرێت کە لەپۆلێنکارییەکی دوژمنکارییدا سەرجەم ئەوانەی کە لەگەڵ حیزبء سەرۆکء موقەدەساتە وەهمییەکاندا نیین دەبێت بکرێن بە تیرۆریستء خائین و دژی نەتەوەء نیشتیمان. لەفەرهەنگی زلحیزبە خێڵەکیو پۆلیسی و بنەماڵەپەرست و بازرگانەکاندا، شتێک نییە بەناوی سەروەری یاساء ژیاندۆستیء لێکتێگەشتنء قبوڵکردنی ئەوی دی، بەڵکە تەنها نەخشەیەکی ناشارستانیء نائینسانی لەئارادا بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەء ناشرینکردنی، داگیرکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ئابووریء شارستانییەکانء تالانکردنی، لێدانء رفاندنء کوشتنی ئینسانء شێواندنی. ئەم پرۆسەیە تەنها بریتی نییە لەداگیرکردنء کۆنترۆڵکردنء تالانکردن، بەڵکە خولقێنەری مەترسیدارترین نائەخلاقیاتء

نائینسانیەتە لەڕێی لێشاوێک میدیای چەواشەکارء دەستکراوە بۆ بەفریشتەکردنی حیزب و بە تیرۆریستکردنء بە خائینکردنی سەرلەبەری ئەو نێوەندء رۆژنامەنوسە سەربەخۆء رەخنەگرء رۆشنبیرانەی کە بەبێ پشتیوانیء هێز رووبەڕوی جەبەڕوتی زەبروزەنگ و پێشێلکارییەکان دەوەستنەوە .

مەترسیدارترین و جەهەنەمیترین دۆخی زەبروزەنگ، ئەوکاتانەیە کە زەبروزەنگ دەبێتە فەنتازیا، هەر لەفەنتازیای کوشتنەوە تا فەنتازیای لێدان و داپلۆسین و رفاندن و کوشتن و شەرعیەتدان بە هێشتنەوەی نهێنی و حەشارگە و کارائەکتەر و هێزو جەبەڕوتی سڕینەوەی بەرامبەرء خامۆشکردنی هەر جیهانبینیء کردەیەکی زیندووی شارستانیء رۆشنبیریء هەڕەشەکردن لەرۆشنبیرانء رۆژنامەنوسانء تەواوی کۆمەڵگە .

ئیرهاب تەنها کوشتنء تۆقاندنی ئینسانەکان نییە- وەکچۆن ئیرهابێک هەیە بۆ کوشتنی ئینسان، ئیرهابێکی بێ ماناترء نامرۆڤانەترء رێکخراءتریش لەئارادایە بۆ کوشتنی یاساو ئازادی رادەربڕین و مافە شارستانی و ژیارییەکانی تاکەکەسء کۆمەڵگە. ئیرهاب تەنها سوتاندنی شەقامێک نییە بە ئینسانەکانەوە، چۆڵکردنی شەقامەکان و رێگرتن لەبەردەم هەر نارەزاییەکی شارستانی لە شەقامەکاندا جۆرێکە دیکە لەئیرهابی شارستانی.

ئیرهابی شارستانی بریتیە لەکوشتن و خامۆشکردنی هەر چالاکیء ئیرادەیەکی شارستانی، وەک رێگریی یاسایی‌و حیزبی لەبەردەم خۆپیشاندان و چالاکییە مەدەنییەکاندا، دژایەتیکردنء سەرکوتکردنی کیانە رۆشنبیریی و کولتورییە سەربەخۆء شارستانییەکان، کوشتنی رۆژنامەنوسان و داخستنی دۆسیەکەیء کردنیان بە تیرۆریست، هاوکات نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابوریء سیاسی بێجگە لەئیرهاب گەلێکی وەحشیگەریی شارستانی هیچی دیکە نین .

سایتی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژووی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو توڕەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

ئاسۆ جەبار: ئەم دیاردەیە هەڵگری دنیایەک بەڵگەو شیکاریی گرنگە کە لەسەر ئاستی رۆشنبیریء شارستانیء سیاسی دەرخەری ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرەن کە چیتر شاردنەوەی پێشێلکارییەکان ناتوانێت رووی گەشی نائینسانیەت و وەحشیگەریانەی ئەو هێزانە بشارێتەوە.

ئەم تاوان و توندوتیژی و دژایەتیکردنە هەر لەکوشتنی سۆران مامەحەمەوە دەستپێدەکات تا ڕفاندنء لێدانی نەبەز گۆران و هەوڵی کوشتنی ئاسۆ جەمال موختارء هەوڵی تیرۆرکردنی

ئەحمەد میرە و لێدان و قۆڵبەستکردنی ڕەحمان غەریبء ئیهانەکردنی یەحیا بەرزنجیء تێهەڵدانء سوکایەتیکردنء هەڕەشەکردن لەسۆران عومەرء هەوڵی کوشتنی ئامانج خەلیلء سوتاندنی گۆڤاری لڤین..تاد، ئەمە بێجگە لە دارِشتنی لیستی ڕەش لەلایەن دەزگا ئیستیخباراتییەکانەوە، کە پێکرا ناوی سەرجەم ئەو بڵاوکراوە سەربەخۆء ئەهلیانەی تیادایە کە ڕەخنەئامێز و دەرخەری ڕاستییەکانن، هاوکات ناوی سەرلەبەری ئەو نوسەرء ڕۆژنامەنوسە ڕەخنەگرانەی تیادایە کە ڕەخنەکارء بەرهەڵستکارێکی مەعریفین لەبەردەم دیاردەی گەندەڵیء نائینسانیەتء ناعەدالەتء پێشێلکردنی مافی مرۆڤء سەرلەبەری ئەو فیعلە وەحشیگەرانەی کە تائەوڕۆکە بەرامبەر ڕۆژنامەنوسانء ڕەخنەگران ئەنجام دەدرێت. ئەمە بێجگەلە سوکایەتیکردنء دروستکردنی توهمەتی ئەخلاقیء نائینسانی بۆ ئەو ڕۆژنامەنوسە ئافرەتانەی کە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا کاردەکەن، هاوکات پیادەکردنی چەوسانەوەی یاساییء ڕۆشنبیریی وەک دوو هێزی نائەخلاقیء نائینسانی بۆ سەرکوتکردنء تێکشکاندنی ڕۆژنامەنوس و ڕۆژنامە سەربەخۆکان لەڕووی دارایی و ڕۆشنبیری و کاری فەرهەنگییەوە. هاوکات دیاردەی سوتاندنی بڵاوکراوە سەربەخۆکان و بایکۆتکردنی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەو نوسەرە سەربەخۆیانەی کە ڕەخنەی جیدیان هەیەء خوێنەرێکی زۆریان هەیە، هەموو ئەم فیعلانە جیاناکرێتەوە لەبەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکردن . سزادانء توندوتیژی تا ئاستی نائینسانیەتء ناشارستانیەتء نادادپەروەری گەیشتۆتە بارودۆخێکی هێندە وەحشیگەریء نائەخلاقیء نایاسایی کە دابەشدەبێت بەسەر زیاد لەبوارێکی نائاساییء ناسروشتیدا، کە پێکرا پێکهاتوون لەسزادانی ئابوری: وەک نانبڕینء دەرکردنء ڕاگواستن و لێسەندنەوەی ئیمتیازء غەرامەکردنء قەرەبووکردنەوەی حیزبء موقەدەساتە وەهمییەکانی. سزادانی جەستەیی: وەک تێهەڵدانء داپڵۆسینی ڕۆژنامەنوسء سەرنوسەرء شاعیرو پەیامنێر. هەڕەشەکردن وەک سزایەکی تۆقێنەر: وەک هەڕەشەی کوشتن لەو ڕۆژنامەنوس و ڕەخنەگرانەی کە ڕەخنە لەگەندەڵیء ئەخلاقی ناشرینی هەندێک لەبەرپرسەکان دەگرنء بەرژەوەندییە کەسیء ئابوریء ئیدارییەکانیان دەخنە بەر مەترسی، وەک بەندکردن و چاوسورکردنەوەء خۆگیڤکردنەوە لەو کەسانەی هەڵوێستی جیاوازو خاوەنی بیروڕای جیاوازن .

دیاردەی لێدان وڕفاندن، پێکرا دیاردەگەلێکی چەتەگەریی ڕێکخراو ء بەرنامەبۆدارێژراوە، لەفۆرمێکی وەحشیگەریء ناياساییء نائینسانیدا، هەوڵێکی مەترسیدارە بۆ خولقاندنی کەشوهەوایەکی تۆقێنەرء هەڕەشەئامێز، سازکردنی فەزایەکی یادەوەرامێزی ئەو عەنتەریاتە وەحشیگەرییەیە کە لەسەروەختی شەڕی ناوخۆکان و پیاوکوشتن وژنکوشتن و ڕفاندنەکاندا خولقێنەری ترس و نائەخلاقیەتیەکی گەورە بوون.

لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر ڕاستەوخۆ دەمەوێت وەڵامی ئەو سەرکردە بێئاگاء ئەو بەرپرسە چەواشاکارو ئەو وەزیرە ناڕاستگۆء ئەو میدیا حیزبییە نابەرپرسانە بدەمەوە کە تاوئەوڕۆکە دەیانەوێت ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرو ئەو ڕاپۆرتە جیهانیء داتایانە لەهاوڵاتیان

بشارنەوە، وەک راپۆرتەکانی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئاماژە بە باردۆخی ترسناکی رەوشی رۆژنامەنوسان دراوە لەهەرێمی کوردستاندا، ئەمە بێجگە لەراپۆرتەکانی کۆمیتەی بەرگری لەرۆژنامەنوسان(CPJ)ء ناوەندی پێنی نێودەوڵتی (International pen)ء پەیامنێرانی بێسنورء راپۆرتەکانی نیورۆک تایمزء نوسینەکانی مایکڵ رۆبنء رێکخراوی ئازادی چاپەمەنییەکان...تاد، کە لەم وتارەدا ناتوانین سەرلەبەری ئەو راپۆرتانە بخەینەڕوو. کە دەرخەری ئەو راستیانەن کە تائەورۆکە لەم هەرێمە بەناو دیموکراسیەکەدا بە چەندین شێواز مافی مرۆڤ پێشێلدەکریت ومافی رۆژنامەنوسان لەنزمترین ئاستی خۆیدایە، بە ئەندازەیەک ئەو توندوتیژییەی بەرامبەر رۆژنامەنوسانء نوسەران ئەنجامدەدرێت هەر لەلێدانء ڕفاندنء کوشتنء بەندکردنء غەرامەکردنەوە تادەگاتە چەوسانەوەی ئابوریء رۆشنبیری و ئیهانەکردن بە کەرامەتء کەسایەتیان کە ئەمجۆرە رەفتارانە گوزارشتن لەعەقڵیەتێکی وەحشیگەریء نائینسانیء نادیموکراسی .

سایتی سەردەشت عوسمان: بە دارشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

ئاسۆ جەبار: یەکێکە لەهەرە سیناریۆ پڕ درۆ و نائەخلاقیو نادیدەو گەمژانە گاڵتەجارانە کە من تا ئەم تەمەنە بینیبێتم سیناریۆ هەزیلء هیچء نابەڵەدیەکەی پارتی دیموکرات بوو بۆ پەردەپۆشکردن و داخستنی دۆسیەی سەردەشت عوسمان. لەراستیدا ئاسانترین فیعل و سیناریۆ لەلای حیزبء خێڵە کوشندەکان داڕشتنی سیناریۆیە بۆ قوربانیەکان، دنیایەک تیرۆریستیان گرتووە یەکێک لەوانە بە پارە رازی دەکەنء دەیهێننە سەر تەلەفیزیۆنء پێی دەڵێن بڵێ من سەردەشتم کوشتووە، زۆر ئاسانە پارەیەکی زۆری دەدەنێ یان دەیکوژن یان دەینێرن بۆ وڵاتێکی ئەوروپا.

ئەو سەرۆک و زلحیزبانەی باس لەسەربەخۆیی کوردستان دەکەنء پیاوەکانیان لەشەقامەکانی شاردا بە تێلاء لیس خەڵک فەلاقە دەکەن، دەبێت بزانن ئەو قسە زلانە بێجگە لەگەمژەیی سیاسیء گاڵتەجاڕیی هیچی دیکە نین. ئەو سەرۆکەشی پێیوایە بەگۆڕینی جامی رەشی سەیارەکانی حیزب دەتوانێت ناوی پیاوکوژەکانی ناو حیزبەکەی خۆی بشارێتەوە زۆر کاڵفامە، زۆر زەلیلە لەبەردەم حەقیقەت و مێژوودا ".

کوشتنی ئینسان چەند کردەیەکی قێزەوەنء وەحشیگەرانەیە بۆ کوشتنی ئینسانێک یان چەند ئینسانێک، بەڵام کوشتنی شار واتە کوشتنی هەموو بەها مرۆییء ئەخلاقیء شارستانیء کولتورییەکانی سەرجەم ئینسانەکان کە پێکرا مەترسیدارترین دیاردەء کردەگەلێکی وەحشیگەرانەیە بۆ خامۆشکردنی بەها روحی و کولتورییەکانی مرۆڤ .

لەڕاستیدا پیاوکوژەکان زۆر لەوە زەلیلترن کە دەیانبینیین، ئەو زلحیزبۓ زلسەرکردەۓ زلپیاوکوژانەی پلانۓ ئەندازەسازی کوشتنۓ تۆقاندنی خەڵکۓ رۆژنامەنوسانۓ چالاکوانۓ خۆپیشاندەرەکان دادەڕێژن، بێگومان تەنها خاوەنی تاکەیەک کلتورۓ دنیابینیین ئەویش مەرگدۆستییەۓ خاوەنی تاکەیەک نائەخلاقیاتی قێزەوەنن ئەویش وەحشیگەرییە تاسەرئێسک، خاوەنی تاکەیەک شەڕواڵن ئەویش شەڕواڵی پیاوکوشتن، خاوەنی تاکەیەک دەمن ئەویش دەمی پڕ لەجوێنۓ بوختانۓ درۆی گەورەیە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێک غەریزەی نائینسانین کە بریتین لەغەریزەی زەبروزەنگ وداپڵۆسینی خەڵک، غەریزەی تالانکردنی سەروەت وسامانی نیشتیمانی، غەریزەی ئینسانکوشتنۓ شاردنەوەی بکوژەکان، غەریزەی چەواشەکردنۓ درۆی گەورە، غەریزەی کوشتنی رۆژنامەنوس و داخستنی دۆسیەکەی، غەریزەی دروستکردنی پیاوکوژ وسیخوڕ و هێزی دژە خەڵکۓ دەزگای هەواڵگیریۓ دەزگای پاراستنی بکوژەکان ودەزگای زانیاریی کۆکردنەوە لەسەر خەڵک.

کولتوری مرۆڤکوشتن کولتورێکی دێرینۓ نەبراوەیە، بەڵام ئەم کولتورە لەدنیای مۆدێرندا بە کۆمەڵێک کەرەستەۓ شێوازی جیاوازۓ ئەتەکێتی تازەوە خۆی نمایشدەکاتۓ نهێنییەکانی دەپارێزێت. ئەو هێزانەی لەدنیادا کار لەسەر ئەم کولتورە دەکەن هێزگەلێکی شەڕانگێزنۓ روانینۓ دنیابینیەکی مەرگدۆستیان هەیە بۆ وێرانکردنی ژیان وکوشتنی خەونۓ روانینەکانی ئەوانی دی. بەدرێژایی مێژوو لەپاڵ کولتوری لێکبوردنۓ یەکتری قبوڵکردنۓ پەیوەندیۓ هاوخەمیۓ خۆشەویستیۓ تێگەیشتن لەیەکتری، هێزێکی مەترسیداری مرۆڤکوژ ئامادەگی هەبووە، بەداخەوە تائەوڕۆکە ئەم کولتورە بەو هەموو قێزەوەنییەوە ئامادەگی هەیەۓ رۆژانە رووی قێزەوەنی خۆیمان پیشاندەدات و حەشارگەکان پەنهانترو نهێنبڕتر دەکات. بەڵام ئەم مەودای کوشتنو مەرگە لەم نیشتیمانەدا نابەرجەستەۓ ناسنوردارۓ پڕ ماناو شیکاریی گەورەیە، کە تەنها رووتکردنەوەی حەقیقەت نییە بۆ کەرەستە و پێکهاتە هەرە زیندووەکانی، بەڵکە کەشفکردنی ئەو مەودا فەلسەفی و میتافەنتازییەیە کە لەپشت هەر رووداوێکی مەرگەوە خۆی حەشارداوە، روانینێکە بۆ تەماشاکردنی ئەودیوی ئەخلاق و بەها و حەشارگە و هێزە نهێنییەکان.

**تیرۆری سەردەشت عوسمان شەڕی نێوان ئازادی رادەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکانی لە کوردستان زۆر بە زەقی نمایش کرد**

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەرێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

گۆنا سەعید : منیش تیرۆری سەردەشت عوسمان تا رادەیەکی زۆر پەیوەست دەکەمەوە بە فەرهەنگی پیاوسالاری و ناموسی و بەهاکانی خێڵ و عەشیرەتەوە ، بەلام بە تەنها ئەوە نیە ، بەڵکو پەیوەستی دەکەم بە سیاسەتیشەوە و بە تیرۆریکی سیاسی دادەنێم لە کوردستان چونکە ئەم دوو رووەی بنەماڵەی بەرزانی دەسەڵاتدار لە کوردستان لەم مەسەلەیەدا لە یەک دران بۆ دروست کردنی ئەو سیناریۆی ترس و تۆقاندنە لە بەرامبەر خەون و ئارەزووەکانی سەردەشت و هەزاران گەنجی وەک ئەو ئەگەر بیت و جورئەت بکەن پرسیار لەسەر سەروەت و سامانی بنەماڵەی بەرزانی دروست کەن و تابۆکانی هۆز و عەشیرەت و سەرۆکایەتی ئەو بنەمالەیە بشکێنن .

بەڕای من نوسینەکانی سەردەشت و بێ باکی لە مردن لە پیناو هەلبڕینی دەنگی ئازادانەی خۆی و دواتر تیرۆرکردنی لەسەر ئەو نوسینانە ئەو ناکۆکیە قوڵ و ڕیشەدارە نیشان دەدات لە نێوان هیوا و ئامانجەکانی گەنجان و بروای قوڵیان بە بەهاکانی ئازادی و مافی مرۆڤ و مافی ئازادی رادەربرین وە لە نێوان کۆنەپەرستی دەسەلاتێکی سیاسی کە لە کوردستاندا کە هەمیشە لە هەوڵی زاڵکردیی بەهاکانی عەشیرەت و دیین و خێڵە لە نێو کۆمەڵگادا بۆ سەرکوتی تاکەکان و دابرینیان لە ئازادی . ئەم ناکۆکیە ئەوە نیشان دەدات کە بۆشایی نێوان پێشڕەوی گەنجان و بەشێکی زۆری خەلک و دواکەوتوویی دەسەڵات چەندە زۆرە . هەروەها بە رای من تیرۆری سەردەشت یەک راستی تریش دەسەلمێنێت ، ئەویش ئەوەیە کە ئەوە خەڵک نیە دواکەوتوو بیت و قبولی تێکشکاندنی تابوو نەکات ، بەلکو ئەوە دەسەلاتی هەریمە کە دەست بۆ هەموو کردارێک دەبات بە خاتری هێشتنەوەی سیستەمی کۆنەپەرست و دواکەوتووی عەشیرەتی و زاڵکردنی بەهاکانی لە نێو کۆمەڵگادا .

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

گۆنا سەعید : تیرۆری سەردەشت عوسمان شەڕی نێوان ئازادی رادەربرین و موقەدەساتە داسەپاوەکانی لە کوردستان زۆر بە زەقی نمایش کرد ، بە جۆرێک هیزەکانی هەردوو ئەم بەرەیەی لە نیو کۆمەڵگادا لەسەر مەسەلەی ئازادی ڕادەربرین لە بێژەن دا و لە یەکتری جیا کردنەوە ، هەڵبەت کوشتنی سەردەشت یەکەم و تەنها تیرۆری سیاسی نەبوە لە کوردستان ، بەلکو ئەم دەسەلاتە چەندین کەسی پێش سەردەشت تیرۆر کردوە لەسەر راو بۆچونی سیاسی و ئازادی رادەربڕین و رەخنە گرتنیان لە دەسەلاتەکەی ، پارتی ئەم تیرۆرانە و تیرۆری سەردەشتیشی بە دەرەجەی یەکەم بۆ لە ناوبردنی کەسەکان و کۆتایی هێنان بە چالاکیەکانیان ئەنجام داوە ، بەلام تیرۆر کردنی سەرەشت بەو شێوەیە دەرخەری بێ ئاگایی دەسەلات بوو لە هێزیکی شاراوەی گەنجان و خەلکی ئازادی خوازی کوردستان کە لیی هاتنە

مەیدان و پەیامی ئەوەیان دا بە دەسەڵات کە ریگە نادەن مافی ئازادی رادەربڕینیان لێ زەوت بکرێت . دەسەلات بی ئاگا بوو لەوەی کە تیرۆری سەردەشت دەریایەک لە ناڕەزایەتی قوڵی نیو کۆمەڵگە دەهێنێتە مەیدان و نمایشی ئەو جیاوازیە قوڵەی نیوان خواست و ئارەزوی گەنجان بۆ ئازادی و مافەکانیان هەیانە وە بیرکردنەوەی دەسەڵات لە داسەپاندنی بەها و نەریتە کۆنەپەرست و خێلەکیەکان و بالا دەست کردنیان لە نیو کۆمەڵگادا تا ئەو رادەیە زەق دەکاتەوە.

هەرچی پەیامی دەسەلاتی پارتیشە لە تیرۆری سەردەشت عوسماندا ئەوا لە بنەرەتەوە بە ووتەی خۆیان کیشانی خەتیکی سوور بوو بۆ خەڵکی ئازادیخواز و ڕۆژنامەنوسان و گەنجانی نارازی کە تەنانەت لەریگەی خەو ن و خەیاڵیشەوە ناتوانن ئەو سنورە ببەزێنن و ڕەخنەی لێبگرن کە ئەویش پرسیار کردنە لەسەر سەروەت و سامانی بنەماڵەی بارزانی و هینانە ناوەوەی باسی بەهاکانی خیزان و عەشیرەت و خێڵی بەرزانیە لە نوسین و ڕەخنەکنیاندا ، پەیامەکەی پارتی کێشانی ئەو سنوورە ئاگرییندە بوو کە هەر کەس خۆی لێ بات گڕ دەیگرێت وەک سەردەشت و گیان کێشانی بۆ بنەماڵە حەڵاڵ دەکات .

ئامانج لە ئەم پیرۆز دانانەی بنەماڵە و عەشیرەت بە نوینەرایەتی بنەماڵەی بارزانی داسەپاندنی سیستەمێکی دیکتاتۆریانەیە کە خۆی لە پاوانکردنی دەسەلاتی سیاسی و سەروەت و سامانی ئێستای کوردستان لە دەستی چەند بنەمالەیەکی بە وێنەی شێخەکانی کەنداو سەقامگیر بکات و لەڕیگەی تیرۆر و سەرکوت و تۆقاندنەوە بیکاتە ئەمری واقیع بەسەر ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا .

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بە دارشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

گۆنا سەعید : رووداوی تیرۆری سەردەشت وەک ئەوە وابوو کە سەردەشت لە ریزی پێشەوەی هەزاران خۆپیشاندەر لە بەرامبەر دەسەڵات راوەستابێت و هەر لەویدا وەک ڕابەری ئەو خۆپیشاندانە تیرۆر کرابێت ، هەرچەند خۆپیشاندانەکە دیار نەبوو وەک خۆپیشاندانی ١٧ ی شوبات بەڵام داوا و دەنگی سەردەشت هەمان داواو دەنگی رێژوان و سورکێو هەموو شەهیدەکانی تری خۆپیشاندانەکانی ١٧ ی شوبات بوو . وە دەلیلی تیرۆری ئەو لە لایەن دەسەلاتەوە هەمان دەلیلی کوشتنی ڕیژوان و هاوریکانی بوو . ئەم راستیە زۆر روون و ئاشکرایە لە لای هەموو خەلکی کوردستان ، هەر بۆیە سیناریۆی قێزەونی پارتی بۆ کردنی سەرەشت بە تیرۆریستێک سیمای تیرۆریستانەی دەسەلاتی پارتی نەبێت ، هیچی تر نیشان نادات

**گفتوگۆی سایتی کوردستان تریبیون لە یادی دووەمین ساڵرۆژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا**

**بەبێ دادگای کردنی تیرۆرستان، بکوژانی رۆژنامەنوسان و خۆپێشاندانەکانی ١٧ شوبات. هیچ ئاڵوگۆڕ و چاکسازییەک لە کوردستان ئەنجام نادرێ.**

**دۆسیەی سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت یەک دۆسیەن بەڵام لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا ڕوو دەدەن**

**کوردستان تریبیون: سەردەشت بۆچی شەهید کرا؟**

**بەکر عوسمان: سەردەشت لەسەر کاری رۆژنامەوانی،نوسین و ڕەخنەکانی لە ناعەدالەتی و گەندەڵی تیرۆرکرا. ئەو وەک رۆژنامەنوسێکی بوێر بەرەنگاری ناعەدالەتی و گەندەڵی و چە مکی موقەدەسی بنەماڵەیی و هۆزایەتی بۆوە. لەسەردەربڕینی ڕاستی ژیانی خەڵک و شکاندنی تابوویەکی نێو کۆمەڵگای کوردستان و تێکشکاندنی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز، کەتا ئەو کات کەس دەستی بۆ نەبردبوو. تیرۆر کرا. لەم ڕوانگەیەشەوەئەتوانم بڵێم سەردەشت لەسەرکارێک تیرۆرکرا کەنابێت مرۆڤ لەسەری تیرۆر بکرێت هێندەی دەبو لەسە رئەوکارەهانبدرێت.**

**کوردستان تریبیون: دۆسیەی سەردەشت عوسمان تا ئێستا لە دادگاکانی کوردستانە و هیچ بەرەوپێشچونێکیشی بە خۆیەوە نەبینیوە. ئەوەی کە کراویشە، سوکایەتیکردن بوە بە رۆحی شەهید. بۆچی دۆسیەکە نابەنە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق؟ یان بۆچی دۆسیەکە نابەنە دادگایەکی نێودەوڵەتی. ئەوەندەی ئێمەش ئاگادار بین، رێکخراوی مراسلون بلا حدود کاتێک سەردانی ماڵی بەڕێزتانی کرد کە خۆشت لەوێ بوی، وەعدی ئەوەیاندا کە هاوکارتان بن؟**

**بەکر عوسمان: سەبارەت بە دۆسیەکە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ،ئێوە بەدروستی ئاماژەتان پێکردووە. ئەوەی بەڕێوە چووە و پێشبینی بەڕیوەچونیشی دەکەین، سوکایەتییەکی گەورەیە بە دادگا ودەزگای قەزایی. ئەونمایشە لە سیناریۆ و گاڵتەجاری لەدۆسیەی دادگا جێگەیەکی نەهێشتۆتەوە بۆ سەربەخۆیی دادگا و دەزگای قەزایی و ئەمنی لەکوردستاندا. ئیتر متمانەیەک بە دەزگای قەزایی و ئەمنی لەلای خەڵک نەماوە. ئیتر ئەو دەزگایانە، دەزگایەکن لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکان پێکهێنراوە و هەر لەلایەن ئەوانیشەوە هەڵدەسورێنرێن و ئاراستە ئەکرێن.**

دەربارەی کارکردن لەسەر ئەو دۆسیە لە دادگایەکی نێودەوڵەتی، کاری باش کراوە و هاوکاری و پشتیوانی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و کەسایەتی و ئازادیخوازان بۆ ئەو دۆسیەیە تاکو ئێستا باشە و جێگەی دەستخۆشییە. ئێمەش چاوەروانی ئەنجامەکانین، جێگە ی ئاماژەیەلەم بۆنەیەدا ئەوەرابگەێنین کەدۆسێی سەردەشت لەهەرشوێنکدا دەرگا بەڕووی دابخرێت، لەوشوێنەوەجارێکی تر دەستپێدەکەینەوەو. دۆسیەی سەردەشت دۆسیەی ئازدی و ئازادی دەربرینە لە کوردستان، سەرکەوتنی ئەو دۆسیەی سەرکەوتنی ئازادی و ئازادیخوازانە

کوردستان تریبیون: ماوەی رابردو نەبەز گۆران، وەک هاوڕێیەکی سەردەشت، باسی لە خۆشەویستیی سەردەشت و کچێکی بارزانیی کردبو. ئەو خۆشەویستییە چۆن بوە و بۆچی ئەو خۆشەویستییە تازە ئاشکرا دەبێ؟ ئایا هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان کوشتنەکە و خۆشەوسیتییەکە هەبوە؟

بەکر عوسمان: ئاگاداری ئەو وتارە و چیرۆکە نیم، شتێک کە وەک ڕۆژ ڕۆشنە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، سەردەشت وەک ڕۆژنامەنوسێکی ڕەخنەگر لەسەر وتنی ڕاستی و گوتارەکانی تیرۆرکرا. "وتاری یەکەمین زەنگی کوشتنم لێیدا..." سەردەشت بکوژەکانی خۆی بە هەمووومان ئەناسێنێ. خۆی لە چەند مانگێک پێش تیرۆرکردنی پێمان ئەڵی لەسەر چی بەرەورووی هەڕەشە و کوشتن بۆتەوە و چۆنیش بەرەورووی هەڕەشەکان بۆتەوە. کەیسی سەردەشت بەهای لەوەزیاتر هەڵدەگرێت، کە بە سیناریۆ یان دارشتنی چرۆکێک ئاراستەی رۆژنامەکاری سەردەشت لەکەداربکات. لەمسۆنگەیەشەوە، بەڕای ئێمە هەر چیرۆک و سیناریۆیەکی تر لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشتدا، ئەنجامەکەی شاردنەوەی ڕاستیەکان و پەنادانی تاوانبارانە.

کوردستان تریبیون: پرۆژەی پەیکەری ئازادیی سەردەشت عوسمان، کە وا بڕیاربو دروستبکرێ و رۆژنامەنوسان پارەیان بۆ کۆکردۆتەوە، بە کوێ گەیشتوە؟

بەکر عوسمان: بەڵێ پرۆژەی پەیکەرەکە پشتیوانی و هاوکاری فراوانی جەماوەری لەلایەن رۆژنامەنوسان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی لێکرا. پەیکەرەکە کارەهونەرییەکانی تەواو بووە بەڵام لە سەرئاستی فەرمی لایەن حکومەت و دەسەڵات ڕێگەی دانانی پێ نەدراوە، تاکو ئێستا سێ جار بە فەرمی داوای مۆڵەتی دانانی پەیکەرەکەمان کردووە. بە نەخێر وەڵامی داواکەمان دراوەتەوە. تەنانەت ئەو رەتکردنەوەیە لەلایەن پارێزگاری هەولێر بە فەرمی لە وەڵامی رۆژنامەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. بەڕای ئێمەڕێگری لەدانانی ئەوپەیکەرەبۆ خۆی ئاماژەیەکەبۆ بەرتەسکییەکانی ئازادی لەلایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەکوردستاندا، هەروەک چۆن ئەوترسەی دەسەڵاتیشمان پێنیشاندەدات لەئاست بڵندگۆی دەنگی ئازادی سە ردەشت و هاوپیشەکانی.

کوردستان تریبیون: ئەو هۆکارانە چین کە پارێزگاری هەولێر لێناگەڕێ دروستبکرێ؟ ئەگەر لە هەولێر دروستناکرێ، بۆچی نایبەنە سلێمانی؟

بەکر عوسمان: وەڵامی هۆکاری ڕێگری ڕێگری لەبەردەم دانانی پەکەری ئازادی سەردەشت عوسمان ئەبێ ئەو کەس ولایەنانەبیداتەوە کە ڕێگرە. پاساوەکانیان تاکو ئێستا هیچ کەسێک قانع ناکات وهیچ ئەرگۆمێنتێکی تێدا بەدی ناکەین ، ئەتوانم بڵێم هۆی ڕێگرییەکەئەوەیەکەهیچ هۆیەک نییەبۆ ڕێگرتن . بۆیەڕێگەنادەن پەیکەرەکەدابنرێت .

بۆچی نایبەینە سلێمانی؟ بۆچی نایبەینەدهۆک ؟، بۆچی نایبەیەنەکەرکوک ؟ ... هتد ئێمە هەوڵمان داوە لە هەر شوێنێک ڕێگەمان بدەن مۆڵەت بدەن دایبنێین. بەڵام تاکو ئێستا لە وبارەیەوەئەنجامێکمان دەست نەکەوتووە. دیارە لە کوردستان سەرباری ئەوەی جێگەیەکی ئارام و بێترس نییە بۆ ژیانی ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان، ڕۆژانەلەسەر وتنی ڕاستی، دە رخستنی بەدکاری ئەم دەسەڵاتە، هەتاهەتایەبێدەنگدەکرێن و فیشەک دەنرێ بەنێو دەمیانەوە. دوای تیرۆرکردنیشیان بێگومان پانتاییەک نابێت باوەش بۆ پەیکەری ئازادیخواز و عەدالەتخوازانی کوردستان بکاتەوە.

کوردستان تریبیون: ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین، خانەوادەتان لەژێر فشارێکی زۆری ئاساییش و پاراستنی پارتی دان. چەند جارێک ڕاستەوخۆ هەڕەشەی کوشتن لە براکەت کراوە.لەڕێی خزمەکانتانەوە پدک نامەی هەڕەشەئامێزی ناڕاستەوخۆتان بۆ ئەنێرێ. هەتا ئێمە ئاگادارین بەناڕاستەوخۆیی داواتان لێکراوە یان بێدەنگ بن یان کوردستان و هەولێر جێبهێڵن. ئێوە بۆچی ئەو هەڕەشە و فشارانە نادەنە میدیاکان و ڕێکخراوە جیهانییەکانی بواری داکۆکیکردن لە ئازادیی ڕادەربڕین؟

بەکر عوسمان: فشارەکانی دەسەڵات هەرچەندێک بەهێزو توند، هەرچەند داپڵۆسێنەرو تۆقێنە ربێت لەسەرخانەوادەمان، بەداوای چۆڵکردنی هەولێرو کوردستانیشەوە، بەهەرەشەی کوشتن و تیرۆر بەهەمان چارەنوسی سەردەشتیشەوە. هیچ ڕێگا لەوەناگرێت کەکەیسی سە ردەشت لەوەدەربکات کەتەنها موڵکی خانەوادەکەی بێت و خانەوادەکەی داوای ماف بکات، بە پێچەوانەوەکەیسی سەردەشت عوسمان لەگەڵ یەکەم ساتەوەختی تیرۆرکردنی دەبێتەکەیسی ڕای گشتی دەبێتەئەو بابەتەی کەهەموو هاوڵاتییەکی کوردستان بەمافی خۆی بزانێت داکۆکی لێبکات. لەراستیشدا، دەسەڵاتی سیاسی ئەمرۆ لەجیاتی ئەوەی کەپەنا بۆ ئەوکارەنامرۆیی و نامەدەنیانەبکاتەوەلەچارەسەرکردنی کەیسەکە. دەبوو لەیەکەم ساتەوەختەوە، هەوڵی ئەوە ی بدایەئەو داواکاریانەی، ڕۆژنامەنوس وچالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی وکەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیرانی وڵاتەکەهەیانبووەلەئاست تیرۆری سەردەشت عوسمان جێبەجێبکردایە.

**کوردستان تریبیون: ئێستا لە کوردستاندا پارلەمان ئۆپۆزسیۆنی تێدایە. هەموشیان نیگەرانن بە شەهیدکردن و بەلارێدابردنی دۆسیەکە. بۆچی لەرێی پارلەمانەوە ئیش لەسەر ئەو دۆسیەیە ناکەن؟**

**بەکر عوسمان: بەدانپێنانای ئۆپۆزسیۆن خۆشیان گەیشتونەتەئەوراستیەی کەپەرلەمانی کوردستان، شوێنی یەکلایی کردنەوەی هیچ دۆسییەکی جدی نەبووە. ئێمە لە خۆپیشاندانی جەماوەری خەڵکی شاری هەولێر لە ١٠-٠٥-٢٠١٠ بەشداریمان کرد و لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە و رۆژنامەنوسان لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان دانیشتین و داواکانی خۆمان خستە روو. هاوکات لە چەندین پەیامیتر لە رێگای کەناڵەکانی راگەیان داواکانمان راگەیاندووە. لە چەندین بۆنەدا ئەوەمان راگەیاندووە کە دۆسیەی سەردەشت لەسەر مێزی پەرلەمان و حکومەت و ئەحزابی سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رۆژنامەنوسان و ئازادیخوازانی کوردستانە.**

**بۆ پرسیارەکەی ئێوەش،پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن چەندین جار بەڵێنی بەدواداچوونیان لە دۆسیەی سەردەشت داوە، گوتویانە ئەو دۆسیە دۆسیەی خۆمانە. بەڵام ئەم دۆسیە لە پەرلەمانی کوردستان بێ ئاکام ماوەتەوە. هەموو ئەمانە، ئەوەناگەیێنێت کەئێمەپشت ساردبین لەزیاتر کارکردن و دۆزینەوەی رێگای تر بۆ گەیشتن بەئاکامی داخوازیەکانی ئەو کەیسە.**

**کوردستان تریبیون: چۆن تەنها یەککەس بەتاوانی شەهیدکردنی تۆمەتبارکرا لەکاتێکدا لەکەسێک زیاتر بەشداربون لەرفاندنی؟**
**بەکر عوسمان: ئەگەر مەبەستت سیناریۆی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەیەکەیە، ئەوە سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکێکی ناراستە بۆ شاردنەوەی راستی تاوانەکە و پەنادانی تاوانباران و داخستنی دۆسێکەیە. ئەمە سیناریۆیەکی بێزراوە، بەرەسمی ناناسین و ئیدانەی ئەکەین. قەبولی هیچ ئاکامێکی ناکەین.**

**کوردستان تریبیون: داخوازیتان چییە لەکابینەی نوێ؟**

**بەکر عوسمان: لەگەڵ سەرەتای دەنگۆی دروستکردنی کابینەی تازە دا نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر لە پەیامێکدا داواکاریەکانم خستۆتە روو کە ئەمانە بوون:**

**١- لیژنەیەکی پسپۆری بێلایەن بە بەشداریی نوێنەرانی رێکخراوەنێو دەوڵەتیەکانو رۆژنامە نووسانو نوێنەرانی رێکخراوەمەدەنیەکان پێک بێت، کەلەلیژنەیەکی واشدا نوێنەرایەتی ئێمە وەک خانەوادەی سەردەشت ماناو جێگای دەبێت.**
**٢- ئەو لێژنەیەدەسەلاتی ئەوەی هەبێ چاوپێکەوتن لەگەل هەر بەرپرسێکی حکومەتی هە رێم و حیزبەکان بکات بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون.**

٣- هەڵوەشانەوەی سیناریۆی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسمان، لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە داڕێژەرانی ئەو سیناریۆیە قێزەونە و دادگایکردنی ئەوانەی لە پشتی داڕشتنی ئەو سیناریۆیە بوون.
٤ - لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەو کەس و دەزگایانەی لەدوای تیرۆری سەردەشت، هەڵساون بە هەڕەشە و فشارهێنان و ناڕەحەتکردنی خانەوادە و هاوڕێیانی سەردەشت عوسمان.

کوردستان تریبیون: چۆن دەڕوانیتە دۆسیەی سۆرانی مامە حەمەو شەهیدەکانی ١٧ی شوبات ٢٠١١؟

بەکر عوسمان: دۆسیەی سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت یەک دۆسیەن بەڵام لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا ڕوو دەدەن. تاوانی تەقەکردن و کوشتنی خەڵکی مەدەنی لەلایەن هێزی چەکداری حیزب و دەسەڵاتی کوردی. هێرشی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر سەرەتایترین مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان.

دۆسیەی قوربانیانی ١٧ شوبات و دادگایی نەکردنی تەقە کەران و بکوژانی خەڵکی مەدەنی لە خۆپیشاندانەکان. ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتی کوردی پارێزگاری لە ژمارەیەک تاوانبار ئەکەن، دەستیان سورە بە خوێنی خەڵکی کوردستان . بەبێ دادگای کردنی تیرۆرستان، بکوژانی ڕۆژنامەنوسان و خۆپێشاندانەکانی ١٧ شوبات و قوربانیانی ئازادی دەربرین. هیچ ئاڵوگۆڕ و چاکسازییەک لە کوردستان ئەنجام نادرێ. هەر ئیدعایەک بۆ ئازادی و دیموکراسی و مەدەنیەت بێناوەڕۆک و بێمانایە.

وردستان تریبیون: ئەتەوێت خەڵک براکەتیان چۆن لەبیر بێت، چ شتێک بکرێت بۆ ڕێزگرتن لێی؟

بەکر عوسمان: من پێم خۆشە سەردەشت خۆی چۆن بوو ئاوا لەبیری خەڵکدا بێت. زیندوو ڕاگرتنی پەیامەکەی و دادگایی تاوانباران و بکوژان و ئەوانەی لەپشتی تیرۆری سەردەشت بوون باشترین ڕێزگرتنە لە سەردەشت و سەردەشتەکانی کوردستان. هەروەها جوانترین پەیام و بەرزراگرتنی سەردەشت وتەکەی خۆیەتی کە دەڵێ: "تا ئەو کاتەی ماوین دەبێت قسە بکەین، ئەوکاتەش تەمەنم کۆتای هات ... باهاوڕێکانم خاڵێکم بۆ دابنێن وسەرلەنوێ دەستپێبکەنەوە.".

2012-04-23

ئەم گفتوگۆیە لە ئینگلیزییەوە لە سایتی کوردستان تریبیون وەرگێڕدراوە:

**دەسەڵاتێک ستەم ، ئیستیبداد وحساب نەکردن بۆ دەنگی ئازاد شوناسەکەی بێت دەبێت چاوەڕێی ئەوبێت کەلەمە وداى دورونزيک ئەودەسەڵاتەستەمکارەبڕوخێت**

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەرێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟**

**کامەران ئیسحاق پەری : کولتوری پیاوبون بەمانا گشتییەکەی لەکۆمەڵگای کوردیدا و لە خاڵی پەیوەست بەداکۆکیکردن لەناموس فرە ڕەهەندە، زۆربەشی خۆی لەوبازنەیەدا دەبینێتە وەکەداکۆکیکارەلەچەمکی پیاوبوون ، زۆرکات لەبەردەم دۆخی گۆڕاوەکاندا خۆی لەبەرەی بە رگریکردن لەتێز ولەمانا وبەهاکانی بینیوەتەوە، لەم ڕوانگەیشەوەهەندێک لەئێمەدەکرێت ڕە وایەتی بەکاردانەوەی کولتورێک بدات کەمرۆڤی لەسەر بێتەکوشت ، ئەوەی کەناکرێت و نە گونجاوەڕەوایەتی پێبدەین ئەوەیەکەسەرۆکی حیزب کەلەبنەڕەتدا سەرۆکی هەرێمەبچێتەئە وئاستەی کەڕێگەبدات یان بەبێدەنگەیەکی بەشداربێت لەکۆتای هێنانی ژیانی مرۆڤێک کەهە موو تاوانەکەی ئەوەبوبێت ، بەمەجاز مانشێت و ناوەڕۆکی نوسینێکی باس لەکچی سەرۆکی کردبێت . کوشتنی سەردەشت عوسمان پارتی دیموکراتی کوردستان توشی قەیرانێکی گەورە کردوە، قەیرانی تێکەڵکردنی کەسیەتی مەعنەوەی و بەرپرسیاریەتی فەرمانڕەوای کوردستان ، کەهاوکات هەردووبەرپرسیاریەتیەکەتێکەڵکراوەبەرپرسیاریەتی وەک کەسی یەکەمی هەرێم لەگەڵ بەرپرسیاریەتی ( کەسی یەکەم ) لەبنەماڵە، هۆزو خێڵ ، ئەم تێکەڵکردنەهێندەی (پدک) وسەرۆکەکەی بچوک دەکاتەوە، هێندەزیان بەئایندەی دەگەێنێت هێندەسودی پیناگە ێنێت ، ئەمجۆرەرەفتارانەلەکردەو ململانێی سیاسیدا ئەوەمان پێدەڵێن کەهێشتا پیرۆزی ( بنە ماڵەی بارزانی ) لەپیرۆزیەکانی نیشتیمان باڵاترە.**

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟**

**کامەران ئیسحاق پەری : ئەوپەیامەیەی کەلەکوشتنی سەردەشتدا دەسەڵات بەگشتی وپارتی بەتایبەت مەبەستی بوو بیگەێنێت ، ئەوەیەکەهیچ شتێک هێندەی پیرۆزییەکانی بنەماڵە پیرۆز نییە، کاتێکیش کەئەم پیرۆزییەلەلایەن گەنجێک هەوڵی درزتێکردنی بدرێت ، لەڕوانگە ی ئەوتێفکرینەی کەپێی وایەبەزاندنی هێڵی سور بوەبەوشیوەیەوەڵام دەدرێتەوەکەدرا . ئەوان بەکوشتنی سەردەشت ودواتریش بەفشارخستنەسەرقەڵەم بەدەستەکان پێمان دەڵێن ئێوەلەسە**

ر هەستیارترین بابەت بۆتان هەیەقسەبکەن ، ڕەخنەبگرن ، بەڵام هەرگیز لەیادتان نەچێت سنوری رەخنەکانتان ، سنوری ئازادیەکانتان لەبەردەم پیرۆزیەکانی بنەماڵەشورابەستکراوە و بۆتان نییەئەو هێڵەببەزێنن .

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

کامەران ئیسحاق پەری : سنوردانان بۆ ڕەفتارەچەوتەکانی دەسەڵات وئیستیبدادی ئەوان لەوە دەرچوە، کەبەتەنها بەخۆپیشاندان ، وئیدانەکردن ، وکەمپین گێڕان یاخود بەو ڕێگایانەی کەتاقیکراونەتەوەسودێکی ئەوتۆی هەبێت ، ئەم دەسەڵاتەبەدکاریەکانی لەکەیسەکانی پێش تیرۆری سەردەشت ودوای ئەویش پێمان دەڵێن کەئێمەدەسەڵاتێکین کۆڵنادەین لەو ڕێبازەی کەگرتومانەتەبەر بۆ چەوساندنەوە و لەباربردنی هەرجموجۆڵێکی ئازادی خواز، بەبڕوای من ئیدی لەتیرۆری سۆرانی مامەحەمەو سەردەشت عوسمان دواتریش ڕوداوەکانی حەڤدەی شوبات و لێکەوتنی ئەو هەمو شەهیدەهەمومان دەبێت لەئامادەباشیدابین بۆ هەمووجۆرەرە فتارێک کەچاوەڕوانەکراوە،دەتوانم بڵێم ئەم دەسەڵاتەستەم بۆتەبەشێک لەبەرنامەی کاری بەڕێوەبردنی وڵات ، دەسەڵاتێکیش ستەم ، ئیستیبداد وحساب نەکردن بۆ دەنگی ئازاد شوناسەکەی بێت دەبێت چاوەڕێی ئەوبێت کەلەمەودای دورونزیک ئەودەسەڵاتەستەمکارە بڕوخێت ... ئەوڕوخانەش درەنگ وزووی کەوتوە.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

کامەران ئیسحاق پەری : بەبڕوای من سەردەشت و هاوپیشەو هاوڕاکانی گوزارشت و نوێنە رایەتی بەرەی ئازادی خوازدەکەن ، ئازادی بەمانا گشتگیریەکەی، هەرکەس و لایەن و گروپێکیش کەلەدژی ئەم بەرەیەبوەستێتەوەدەبێتەئەوبەرەیەی کەپێی دەڵێن ( دژەئازاد) ئالێرەشەوەجەنگی نێوان ئازادی و نائازادی قوڵدەبێتەوە، لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوەبۆ لای سپینۆزا کەبەیەکێک لەفەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری دەژمێردرێت ئەو لەدژی ئەوتێزەیەکەپێیۆ وایەمرۆڤ بەئازادی لەدایک دەبێت لای سپینۆزا ( مرۆڤ بەئازادی لەدایک نابێت ، بەڵکودە توانێت ئازاد بێت ، یان دەتوانێت ببێتەکەسێکی ئازاد وخۆی خۆ ئازاد بکات ) ئەو پێی وایە ئازادی پەیوەندی هەیەبەدەسەڵاتەوە، مرۆڤ ئەو کاتەئازادەکەدەتوانێت بەدەسەڵاتی خۆی بگات بۆ نواندنی کردار. پێم وایەسەردەشت دەیویست ئازاد بێت .

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژووی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو توڕەییە بهێنیتە سەر شەقام؟**

**کامەران ئیسحاق پەری : وەک خۆتان ئاماژەتان پێداوەلەکوشتنی سەردەشتدا توڕەیی ، ناڕازی ڕژانەسەرشەقام بۆتەهەوێن ... بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کەهەڵرژانی خەڵک لەسەرشەقام وداواکردنی ڕاگرتنی ئەم کردەوە تیرۆریستیانەو دەستهەڵگرتن لەستەم هەنگاوی یەکەم وخاڵی دەستپێکە، گرنگ ئەوەیەلەهەڵبژاردنی هەنگاوەکانی داهاتومان هاوشانی بە رزراگرتنی توڕەیەکانمان بەرامبەر بەدەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر لەئێستاو لەئایندەدا لەئاست ئە وشۆرشەبێت کەهەمومان لەئێستادا هەوڵی بۆ دەدەین شۆرشی ئازادی لەکوردستاندا . ئەوە شمان لەیادنەچێت لەئاست توڕەییەکاندا لەخانەی یەکەمدا هۆشیاری هاوڵاتی کوردستان بە شێکی گرنگی ئەوهەڵرژانەیەکەلەکەیسی سەردەشت بەدی دەکرێت ، لەخانەی دووەمدا ئەو ویست و هاوڕایەیەکەشەقام ورای گشتی هەیەتی لەگەڵ داخوازیەکانی سەردەشت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بەوەی هیچ کەس هیچ بابەتێک لەبەردەم ئازادی دربریندا پیرۆز نییە.**

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بە داڕشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟**

**کامەران ئیسحاق پەری : بەبڕوای من لایەنێک یان رونتر دەسەڵاتێک کەبڕیاری دابێت دەرهەق بەهاونیشتیمانیەکانی ، دەرهەق بەقەڵەم بەدەستەکانی،دەرهەق بەوانەی کەبڕیارەئایندەی نیشتیمان بن، قێزوەنترین شێوازی دەمکوتکردن بەکاربهێنێت و بەتیرۆرکردنی دەستپێبکات بێگومان دەبێت چاوەڕێی ئەوەشی لێبکەین ، کەلەپێناو شاردەنەوەی ڕاستیەکان هەموو ڕێگا دروست ونادروستەکان بەکاربهێنێت بۆ پەردەپۆشینی ئەوکارە، لەڕاستیشدا دەسەڵات هێندەی ئاشکرایانەکار بۆ داپۆشینی کەیسی سەردەشت وهاوشیوەکانی دەکات ، ئەوەندەی تر گومانە کانمان بەرامبەر بەرەفتارخراپی دەسەڵات قوڵتر دەکاتەوە، کەئەمەش بۆ خۆی بەشێکی ئە وئامانجەیەکەدەسەڵات مەبەستگەرایانەدەیەوێت پەیامی خۆی بگەێنێت ، دەسەڵات پێمان دە ڵێت تیرۆری دەکەم ، سیناریۆی بۆ دروست دەکەم ، خانەوادەکەی هەتالەژیان ماون لە ترسادەژێنم ، ئەمەش چارەنوسی هەریەک لەئێوەدەبێت ، کەبەنیازن بەورێگایەبڕۆن ، ڕێگای پیرۆزی بنەماڵە.**

**هۆزان محمود: چیرۆکی ژیان و مەرگی سەردەشت چیرۆکێکی هاوبەشی سەدان و هەزاران گەنجی بێناز و بێ مافی کوردستانە**

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەرێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟**

**هۆزان محمود: سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنەبۆ ساڵیادی تیرۆری سەردەشتی ئازیز. دیارەدەکرێ هەرکەسەو تێڕوانین یان لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبێت بۆ کەیسی سە ردەشت، وەئەمەزۆر کێشەنی یە. ئەوەی گرنگەئەوەیەکەزۆر بەی خەڵک کۆکن لەسەر ئەوەی ئەمەتیرۆری ئازادی بوو لەکوردستان، وەسەردەشت بۆ هەمومان بۆتەسیمبوڵی تێکۆشان بۆ ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات و لەهەموو شتەبەناو پیرۆزەکان و موقەدەساتی دەسەڵاتی مافیا/خێڵەکی لەکوردستان. فڕاندن و تیرۆری سەردەشت پرۆسەیەک بو بۆ توقاندن و بێدەنگ کردنی دەنگەناڕازی و ڕەخنەگرەکان، بەڵام خۆپیشاندانی هەزاران کەسی خەڵکی کوردستان لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات خودی دەسەلاتی شۆک کرد بەبڕاوی من. چیرۆکی ژیان و مەرگی سەردەشت چیرۆکێکی هاوبەشی سەدان و هەزاران گەنجی بێناز و بێ مافی کوردستانە. هەر بۆیەش ئەوەی ناوی لێنراوبوو پیرۆزیەکانی بەناو دەسەڵاتی کوردی هاتنەژێر پرسیار و یەک جار و بۆ هەمیشەتێک شکێنران. دواتریش بتەکان و دارو دەستەیان ڕیسوا کران لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە.**

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟**

**هۆزان محمود: تیرۆری سەردەشت بەئاشکراو بەڕۆژی ڕوناک ئەوەی نیشان داین کەئەم دەسە ڵاتەباکی لەکوشتار و تیرۆر و سەرکوتی هاوڵاتیانی کوردستان نی یە. هەر وەک پێشتریش لەسۆرانی مامەحەمەو عەزیەت و ئازاری کەسانی تر خۆی نواندبوو. بەڵام کەیسی سەردەشت هەموو تەوەهومی خەڵکی ڕەواندەوەبەم دەسەڵاتە. ئەگەر پێشتر دەیان پاساوو سیناریۆیان دەهێناوەبۆ کەیسی سۆرانی مامەحەمەو ئەوانی تر، وەهەندێک خەڵک تا ڕادەیەک سوکەباوە ڕێکی دەکرد. ئیتر لەکەیسی تیرۆری سەردەشتدا پەردەلەسەر دەریایەک لەتوندووتیژی، تۆقاندن، ڕفاندن، تیرۆری سیاسی، سەرکوت و زیندانی کردنی هاوڵاتیان هەڵماڵدرا. زۆربە ی خەڵکی تینوو بۆ ئازادی لەکوردستان لەدوای تیرۆری سەردەشتەوەتا ئەمڕۆش هیچ باوە**

ڕێکیان بەم دەسەڵاتەنی یەو نەتەوەهومیان پێ ی هەیەو نەڕێز دادەنێین بۆ بەناو پیرۆزی یە کانی ئەم دەسەڵاتەتۆتالیتارە. هەر بۆیەش بەدوایدا دەیان خۆپیشاندان و چالاکی و ناڕەزایە تی نواندن بەرامبەر بەم دەسەڵاتەداپڵۆسێنەرەلەکوردستان و دەرەوەی وڵات دەستی پێکرد وە تا ئەمرۆش بەردەوامە. بۆیەئیتر دەسەڵات ناتوانێت خۆڵ بکاتەچاوی خەڵک و سیناریۆی گاڵتەجاڕانەدروست بکات. ئەوەی بەدی دەکرێ ئەوەیەکەسەردەشت بەبوێری و زیرەکی و نوسین و ڕەخنەکانی کولتورێکی لەیاخی بوون و بەرهەڵستکاری بەجی هێشت بۆ هاوتەمەنە کانی کەئەم دەسەڵاتە بەهەموو هێز و تواناو ئامرازی سەرکوتێکەوەناتوانێت بنەبڕی بکات.
پێ یان وابوو بەتیرۆری سەردەشت خەڵک چاوترسێن دەکەن و بەر بەئازادی ڕادەربڕین دە گرن، بەڵام ئەمەزۆر بەخراپ بەسەریاندا شکایەوەو لەئاستێکی نێو دەوڵەتیشدا بوەپەڵەیەکی ڕەش بەناوچەوانی ئەم دەسەڵاتەخۆماڵی یەوە.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

هۆزان محمود: سەردەشتی لاو، یاخی، زیرەک، خوێندەوار، زمانزان، هۆشیار کەسێک بوو کەلەسەرەتای تەمەنی دا بوو بە لام بەچەند وتارێکی کۆمەڵگایەکی وروژاند و ویژدانەخەوتوە کانی وەخەبەر هێنا. دەسەڵاتێکی هێنایەلەرزین و لەترسی پەرەسەندنی ئەم جۆرەلەڕەخنەی گەنجان و بنەبڕکردنی هەر دەنگێک کەنوێنەرایەتی چینەکەی سەردەشت بکات هەرزوو تیرۆریان کرد.

دەکەوتنی سەردەشت و ئەو چەند وتارەمێژوی یەی زەرورەتێک بوو بۆ ئەم سەردەمە، ئەو گە نجێکی یاخی بوو کەلەناوجەرگەی زوڵم و بێمافیدا ژیانی بەسەردەبرد لەیەکێک لەکۆڵانەهە ژار نشینەکانی هەولێری "پایتەخت". ڕۆشنبیرێکی چینی مام ناوەندیش دەتوانێت بنوسێت و ڕەخنەبگرێت، سیاسی یەکی دژ بەدەسەڵاتیش یان حیزبێکی دژ بەدەسەڵاتیش دەتوانێت بنوسێت و ڕەخنەگر بێت، بەڵام ناتوانێت وەکوو سەردەشت وێنای نەهامەتی و دەردو مەرگ و ئازاری نەوەیەک لەلاوان و هەژارانی کوردستان بکات کەڕۆژانەدەست و پەنجەیان لەگەڵ زامەکانیان نەرم دەکەن. لاوێک کەتوانای وێنا کردنی ژیان و مەرگەپڕ تراجیدیاکەی خۆی هە بوو. هەر بۆیەش بەمەرگی پڕ ئازاری سەردەشت نەوەیەک هاتەدەنگ، بەرامبەر بەزوڵمی نوخبەیەک کەزۆرتر بازرگانی سیاسین و لەسەر مەرگ و نەهامەتی و چەوسانەوەی لاوان، ژنان، کرێکاران وەخەڵکی زەحمەتکێشی ئەو کۆمەڵگایە سەرمایەکانیان کەڵەکە دەکەن. وەبۆ پاراستنیشی هەموو جۆرەتاوانێک ئەنجام دەدەن بەرامبەر بەهاوڵاتیان. دەرکەوتنی سەردە شتەبوێرەکانی کوردستان ڕاگوزەر نی یە، و بەڵکو ڕێگا چارەیەکی تر نی یەبەدەر لەبەردە وامی لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و یەکسانی وەبۆ بەدەسهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایە

تی. کۆمەڵگای ئێمە لە نەبەردێکدایە لەگەڵ ڕژێمێکی چەوسێنەر، دیکتاتۆری وە تەنها چارە بەردەوامی یەتا دەگەین بەئازادی.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژوی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو تورەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

هۆزان محمود: مێژوی ئەم حیزبانەی دەسەلاّت هەر لەسەرەتای دروستبونیانەوەهەر لەشاخە و بۆ شار،پڕەلەکوشتار،جاسوسی بۆ ڕژێمەفاشیەکانی ناوچەکە، خیانەت بەخەڵک و خۆڵ کردنەچاویان لەژێر گوتاری ناسیۆنالیستی دا. هەر لەگەڕانەوەشیان بۆ ناو شار دەستیان دایەیەخەی یەک و هەزاران گەنجی ئەو وڵاتەیان خەڵتانی خوێن کرد. ئەمەجیاواز لەسە رکوتی دەنگەڕەخنەگرەکان و سەرکوتی ئازادی بۆیەش باسکردنی تاوانەکانیان لەژماردن نایە ت. وەئەم هەموو تاوانانەوەکوو شاخێکی بورکاناوی کەڵەکەبووی لێهاتبوو تا تیرۆری سە ردەشت کەوەکوو بورکان بەڕوی دەسەلاّتدا تەقیەوەو بوەهۆی ئەوەی کەخەڵک ئیتر بتوانێت تەعبیر لەو زوڵم و زۆرو بێ مافی و ناعەدالەتی و نایەکسانی یەبکات کەبەرامبەریان ئەنجام دەدرێت.ژیان و مەرگی پڕ ئازار و تراجیدی سەردەشت مانیفێستی ئەو هەموو ئازار و برینەی دەکرد کەلەجەستەی تاکی کورددا دروست کرابوو بەتایبەت گەنجان. هەر بۆیەش تورەیی و نارەزایەتی خەڵک بەرامبەر بەم تیرۆرەو بەرامبەر بەتیرۆری ڕۆژانەی ئازادی و کەرامەتی خە ڵک وای کرد سەردەشت ببێتەڕۆڵەی هەموان وەکەیسێک بۆ ئازادی لەکوردستان کەنیشاندەری ئازارەکانی ئەوانیش بوو.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بە داڕشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

هۆزان محمود: ئەوەی زۆر ڕون و ئاشکرایەئەوەیەکەدروست کردنی هەر سیناریۆیەکی گاڵتە جاڕانەتەنها فاشیل بونی ئەم دەسەلاّتەدەسەلمێنی. خەڵکی کوردستان باوەڕ بەهیچ کام لە سیناریۆ مەهزەلەکانی دەسەلاّت ناکەن و ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی ئازادیخوازان زۆر لە وەزیاتر و بەرزترەکەدەسەلاّت بتوانێت بەلاڕێدا بیان بات.

لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا لەگاڵتەجاڕی و بەسوک سەیرکردنی ئازادیخوازان زیاتر ئەم دەسە لاّتەو لیژنەکانی هیچی تریان بەرهەم نەهێناوەلەسەر ئەم کەیسە. بۆیەش خۆیان بەم کارانە یان بەخەڵک نیشان دەدەن کەکێ بەرپرسیارەلەم تاوانەکێ ڕێگرەلەوەی کەعەدالەت بۆ سەردە شتبۆ سۆران و ئەوانی تر نەیەتەدی؟

**گفتوگۆی سایتی سەردەشت لەگەڵ بەڕێز ڕزگار ڕانگور لە دووەمینساڵیادی تیرۆری ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسماندا**

سایتی سەردەشت عوسمان: با لە ئاماژەکان بگەڕێین سەردەست، لە خەیاڵە فەنتاسییەکەیدا دەبێتە زاوای سەرۆکی هەرێم و لەوێوە کێشەی ئابووری خێزانەکەی بە بەر بەست دەگات. بە پلەکاندا سەر دەکەوێت و لە شاشەی تێڤیکانەوە دەردەکەوێت و ئیتر زاوای تازەی سۆرانی: دەبێتە دەمڕاست، گەر سەردەشت لەسەر ساتیرە نووسینێک تیرۆر کرابێت؟ ئەوە دەپرسین ئەی ڕێژوان و گەرمیان بۆ تیرۆر کران؟

ڕزگار ڕانگور : لێرەوەیە کە ئیتر پرسیارەکان سەر هەڵدەدەن، سەردەشت پەیامێکی پێبوو، پەیامێک لەهەگبەکەیدا خەمی هەموو گەنجانی شارەکەی و تەنانەت نیشتمانیشی دەگێڕا، ئەو دەیزانی سەری ڕەش بۆتە سێ گۆشەی بەر مۆدە و هەرچی بێ پرس و بێمۆڵەت ڕووی لێ بکات ئەوە وون دەبێت، وەک ئەو هەموو ئەفسانەیەی لە سێگۆشەی بەر مۆدە بەمیرات بۆمان ماوەتەوە، مۆڵەت وەرگرتن بۆ چونە سەری ڕەش، تەنها بوونە زاوای سەرۆکی هەرێمە و نزیک بوونەووەیە لەو غەنیمەیەی بەموفتی دەستیان کەوتوە. خۆ ئەگەر وورد بینەوە سۆرانیش لەنوسینێکدا تەنها بەراوردێکی کرد لەمابەینی خێزانی جۆرج دەبلیو بۆش و سەرۆکی هەرێمدا، ئیتر ئەویش بێدەنگ لەبەر ماڵی خۆیدا تیرۆر کرا، جودای لەوەدابوو ئەو دەم سۆران کەیسەکەی گەورە نەکرا و بێدەنگی باڵی بەسەر کەیسەکەیدا کێشا، لێ سەردەشت جودابوو ئەو کەیسەکەی گەیشتە دەرەوەی نیشتمان و زمانە جیاوازەکان، کە بەڕاستی دەبێ باس لە جەوامێری ستافی کوردستانپۆست بکرێت کە بەخێرای بابەتەکانیان کردە ئینگلیزیی و عەرەبی و بڵاویان کردەوە و مێدیای جیهانیش لەو کەیسە ئاگادار کرایەوە.

بیرمان نەچێت: گەر بەمێژووی ئەو پارتانەدا ڕۆچینە خوارەوە کە ئەمڕۆ لە دەسەڵاتدان سەدان نمونە لە تیرۆری نەیارانی دەخوێنینەوە و بیستومانە، لێ بەڵێ پەیامی دەسەڵات بۆ تیرۆری سەر دەشت پەیامێکە کە دەڵێ سنوری خۆتان بزانن.
پێمان دەڵێن دەشتان کوژین و ناشرینیشتان دەکەین، دەشتان کەینە تیرۆریستێکی عەمامە بەسەر، دەتان کەینە نیشتمانفرۆش دەتان کەینە تابوری پێنج، عەوامێکی دەوێت تا خەڵک بزانێت ئەو کەیسە درۆ بوو، مێدیا و پارە و میللەتێکی ماندوو لەبەر دەست دەسەڵات داراندایە بۆیە، چیان بوێت دەیکەن و بۆیان دەچێتە سەر و بۆشیان چۆتە سەر، بیرمان نەچێت ئەم چونە سەرە تا هەتا هەتایی نییە و دەکرێت لەئیستادا گەشبین بین بەوەی کە سیناریۆی قێزەونی سەردەشت کە دروستیان کرد هێندەی تر دەسەڵاتی ناشرین کرد، بەڵکو بەدیوەکەی تریدا کەیسەکەی بەزیندووی هێشتەوە، بیریشمان نەچێت سەر دەشت بۆ ئەبەد بەگەنجی مایەوە لەناوماندا.

گرفتەکە لەوەدایە، بەعسییەکان زۆر گەنجیان لێکوشتین، بیرمان نەچێت بکەری تاوانەکان ئەنفال بە نموونە وەر گرین کورد نەخشی بەرچاوی تێدا بینی، لێ بەڵێ بەعس کارێکی کرد ئیتر ئێمە حاکمێتی کوردیمان قبوڵ بێت و خەونەکانمان لەسەر ئەم حاکمێتە بینا بکەین، ئەمانیش داگیرکەرن بەهەموو مانایەک بستۆکەیەک زەوی نابینیت لەکوردستان موڵکی بەرپرسێک نەبێت، بەدێهاتەکانی کە بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٧٧دا دایان گرتن، مەبەستمان لە چۆڵکردنی سنورەکان بوو بە ٢٠کیلۆمەتر، لێ بەڵێ، کەیسی سەر دەشت وەک ڕۆژەکانی دوای ١٧ی شوبات بەدەسەلاتی ووت بوەستن، سنوری ئەخلاقی خۆتان لەدەست داوە بوەستن ئێمە ئەو مەڕە نین کە ئێوە بەئارەزووی خۆتان لێمان خوڕن، گەنجەکانی پێڵاوەکانیان ڕووی بەر پرس و پەرلەمان تارەکان بەرزکردەوە، ئیتر گۆڕان لەوێوە دەستی پێکرد، گەر لەبەر دەرکی سەرای سلێمانیش بڕوانین لەڕۆژەکانی دوای ١٧ ی شوباتەوە سەردەشت و سۆران گەرمیان شەهیدەکانی تر غایب نەبوون و ئەوانیش لەوێ بوون، بۆیە هێشتنەوەی کەیسی سەردەشت بەزیندوویی بۆ خۆی مۆتەکەیەکە لەسەر سنگی دەسەلات، بەلام ووریابین نەیکەینە ڕۆژی نەورۆز و بۆنەکانی تر هەموو ساڵێک یادی بکەینەوە، چونکە بێمانا دەبێت. خەڵکی ووشک دەکەن و هەرچیش لەسەری بنووسرێت لەبێتامیدا خۆی نمایش دەکات، بەلام با لەکەیسی سەردەشت دا سۆرانیش فەرامۆش نەکەین.

لەدنیادا: زۆر ڕوداو کە تژیە لە تراژیدیا، بەلام نابێتە بابەت و گوزەر دەکات. بەلام تیرۆری سەردەشت و دەنگدانەوەی بۆ خۆی پەیوەندی قوڵی بەسەردەمەکەوە هەیە، ڕاستی بڵێین هەبوونی کەناڵێکی ئۆپۆسیسیۆنیشەوە بوو، ئێمە قسە لەسەر خودی ئۆپۆسیسیۆن یان بزووتنەوەی گۆڕان ناکەین، داخۆ باشن یان نا، لێ بەڵی پەخش کردنی ئەو فیلمەی کە سەردەشت لە زانکۆ نیشان دەدات بووە وێنەیەکی زیندوو کە لە هزری خەڵکدا بە سانایی کاڵ نابێتەوە، سەردەشت نوێنەرایەتی چی دەکات؟ زووە بڵێین نوێنەرایەتی چی دەکات، بەلام لەسەردەشتدا دەتوانین خوێندنەوەی قوڵمان بۆ گەنجان هەبێت و بزانین گەنجانی نیشتمانەکەمان چۆن ژیانیان دەگوزەرێنن، سەردەشت بێ ئەوەی بیەوێت پەیامێکی ئینسانی و یاخی بوونی نمایش کرد و دەسەلات بێ ئەوەی پلانی بۆی هەبێت یان ویستبێتی پاڵەوانێکی جوانی بەرهەم هێنا، کە هەموومان لەجێگەیەکی هزر و دڵماندا میوانداری لێدەکەین. گەر سەردەشت تیرۆر نەکرایە، نووسینەکانیشی وەک هەموو نووسینە یاخێکانی تر مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، بەلام مەرک و تیرۆری سەردەشت بووە داینەمۆی فڕینی ئەو چەند ووتارە کورتە بەسەر زۆری نووسینەکانی تردا. لێرەوەیە پرسیارەکە سەر هەڵدەدات، سەردەشت خۆی و شەهیدکردنەکەی نوێنەری چیدەکەن؟ نووسینی هەیە لە کوردستانیۆستدا ژمارەی خوێنەرەکانی هێندە زۆرن دەکرێ بڵێین ڕیکۆردی لێداوە، بۆیە خەمە زۆر لەخۆمان بکەین و ئەو نووسینانەش ناشرین بن، چاکترە گەر بەقەوارەیەکی کەمیش بێت بکرێنە کتیب و بمێنەوە لەناوماندا، چونکە تاکو ئیستا ئەنتەرنێت لەناو ئێمەدا نەبووە بەو جێگەیەی وەک پێویست بابەتی تێدا ئەرشیف بکرێت.

ئەو ڕووداوانەی بەر لەسەردەشت و دوای تیرۆری سەردەشت ڕوودەدەن و تا ئەوانە حاکمی موتڵەق بن لە نیشتمانی ئێمەدا ڕوودەدەن و چاوەڕوان کراوە، کە دووبارە چەند بارە بێتەوە، لێ وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، نەخشی کوردستانپۆست و ئەو چەند کەسەی کە بەخێرای ئەو ووتارانەیان گەیاندە دەرەوەی زمانی کوردی بۆخۆی کەیسی سەردەشتی بە زیندووی هێشتەوە، جگەلەوەش بیرمان نەچێت کە گۆڕان گەرچی نەوشیروان مستەفا بۆ ڕێپێوانەکەی شاری سلێمانی بۆ سەردەشت غایب بوو بەڵام زۆر کەسی تری ناو گۆڕان، مەبەست کەسی دیاری ناو گۆڕان بوونیان هەبوو، پاشان کۆبونەوە لەبەردەم پەرلەماندا، بوونی ئەو هەموو نارازیە لەکەیسی سەردەشتدا خۆی نمایش کرد و وەک مەنجەڵێکی کوڵاوی سەر ئاگردانێک هەڵبەیتەوە، ئیتر سەردەشت بووە ئەو سیمبوڵەی ئەو هەموو خەم و تراژیدیایەی لەگەڵ خۆیدا هێنایە زمان، گەر ئێمە نەتەوەیەکی زیندوو بووینایە، کەیسی دوعا و بەناز و گەرمیان و ڕێژوانیش هەمان شکمان دەکرد خۆ سورکێو نووسەر نەبوو بەس لە باوکییەوە گوێمان لێبوو چ خەمێکی گەورەی لە کۆڵ نابوو، سەیری میللەتی زیندوو بکە، ئەگەر بەهەڵە گەنجێک بریندار دەکەن، دوای سێ ڕۆژ لە دوای ڕووداوەکان کتێبێک لەدایک دەبێت، بەهەمان شێوە ئەوەوتانێ تا ئیستا یۆنان لەقەیراندایە، ئابوری کۆمەڵایەتی و سیاسیش، کەچی میللەتی نائاگا هیچ شتێک نای جوڵێنێت، چونکە ڕووداوەکان هێندە زۆرن دەبێ هەموو ڕۆژێک ڕووداوێک ببێت ئەوسا دەرژێنە سەر شەقامەکان، هۆکار زۆرە لێ ئێمە تەنها ئەوە دەڵێین کە سەردەشت پایامێکی پێبوو بەر لەشەهید کردنی ئاماژەی پێدا.

سایتی سەردەشت عوسمان: گەر باس لەسیناروێی دوای شیهید کردنی سەردەشت بکەین، ئەوە و ئیتر دەبێ بەو دەسەڵاتە داماوە بترەقینەوە، چونکە ئەوە جگە لەوەی زۆر ناشیانە ئەو سیناریۆیە دارێژرابوو لەوێدا سەردەشت بووە پاڵەوانی ڕاستەقینە و ئیتر گومانەکانی کردە یەقین کە کێ بکوژی سەردەشت بووە؟

ڕزگار ڕانگور : دەکرێ بڵێم لە زۆرکەسم گوێ لێ بووە کەووتویانە گەر سەردەشت تیرۆریست بێت ئەوە ئێمەش وەک ئەو تیرۆریستین و دەمانەوێت لەمیهری ئەو تیرۆرەی ئەومان پێ ببرێت ماوەتەوە بڵێم هەڵەیەکی تەکنیکی لە بەخاک سپاردنی سەردەشتدا ڕووی دا کە نەدەبوو ئاوا دوورە دەست بنێژرایە لە دەرەوەی شار بەڵکو وەک تەحدایەک لەناو یەکێک لەقەبرسانەکانی شاری هەولێردا لەنزیک تریاندا بنێژرایە بۆ خۆی دەبووە زیارەتگای زۆرمان و لەوێوە سەردەشت دەبووە سیمبوڵی هەموو جوانییەکان و ئاسان بوو سەردان کردنی ڕۆژانە.

**دۆزی سەردەشت دۆزی ئازادی و لۆگۆی ئێستای خەباتی دەورەیەکە، دەنگی نەوەیەکی نوێیە کەلەگەڵ دنیای کۆنی دوێنێ و سیمبول و موقەدەساتەکانی هەڵناکات**

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆرکرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمباریەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟**

**سەردار عەبدوڵا: سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کەبەداخەوە دەبوو ئێستا قسەوباسمان لەسەر چۆنێتی باشترو باشترکردنی ژیانی خەڵکی بوایە, نەک پاشی ئەو هەموو ساڵە سەردەشت وتەنی هێشتا لەسەری ئەو دێڕەدابین، کە باس لەسەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ دەکات، هێشتا قسەمان لەسەر ئەوەبێت کە مافی ژیانمان هەبێت و دەستەڵاتداران وەک مەڕ سەیرمان نەکەن هەر کات پێیان خۆشبێت چەقۆمان لەسەر ملدابنێن. ئازادی لە کوردستان، ئەو ئەسیرەیە کە چواردەوری بەموقەدەساتەکان تەنراوە، ئەو موقەدەساتانەی کە سیمای کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و دینییمان نیشاندەدات. کەیسی سەردەشت کەیسی ئازادی کۆمەڵگەی کوردستانە، کەیسی دانانی نیشانەی پرسیارە لەسەر ئەو پیرۆزییە درووستکراوانەی کەبەشێک لەپایەکانی بینای دەستەڵاتی سیاسی ئێستای کوردستان پێکدەهێنێت.**

**تیرۆری سەردەشت لە پلەی یەکەمدا پەیوەستدەبێتەوە بە نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین لەکوردستان، بەڵام گەر وردتر لەسەر خودی ئەو بابەتە بچین کەسەردەشتی لەسەر تیرۆرکرا، کە باس لە پەیوەندییەکی خەیاڵی نێوان خۆیی و کچێک دەکات پاشان ئەم باسە دەگاتەوە بەدەم پیاوانی عەشیرەت کە بۆ کڕینەوەی شەرەفی پرسیارلەسەردانراویان خوێنڕشتن بەتاکە ڕێگە دەزانن؛ ئەوامەسەلەکە خۆی لەچوارچێوەی کوشتنی نامووسیش دەدات. کۆمەڵگەی ئێمە خاوانی هەزاران چیرۆکی دڵتەزێنە کە لەسەر گومانێکی بچووک، لەسەر خەوێک کە کوڕێک بەکچێکی بینیوە کارەسات قەوماوە. گومانی تێدا نییە ئەنجامدەرانی تێرۆری سەردەشت سەرسەخترین کەسانی پارێزەری فەرهەنگی نامووسپەرستی کۆمەڵگەی ئێمەن.**

**کاتێکیش سەردەشتی کوڕە زەحمەتکێش، کە ناتوانێت بەخەیاڵیش دەست بۆ خۆشەویستی کچی سەرمایەدارێک بەرێت، کاتێک دێت و ژیانی شاهانەی ئەوان بەژیانی مەمرەومەژی خێزانی سەردەشتەکانی وڵاتەکەی بەراوردەکات و لەوێوە دەستدەخاتە سەر نایەکسانییەکانی ژیان؛ ئیتر کەیسی سەردەشت دەبێتە کەیسێکی چینایەتی.**

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم**

جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

سەردار عەبدوڵا: کۆمەڵگەی کوردستان لە دژایەتی و قەیراندایە، کۆمەڵگەیەکە زۆر بەخێرایی دەرگاکانی بەڕووی دنیای دەروەدا ئاوەڵابووە، پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە ئاڵوگۆری جدی بەسەردا هاتووە، هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە و نەمانی دەستەڵاتەتاکڕەوەکان تەواوی ناوچەکەی گرتۆتەوە. مامەڵەی نادرووست لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتیانەدا دەستەڵاتی کلاسیکی ناسوینالیستی کوردی خستۆتە بەردەم قەیرانێکی سیاسی گەورە، ئاسۆی ئەم دەستەڵاتە لە ڕابردوودایە نەک لەئایندەدا و بەکەڵکی ئەو وڵاتانەدەخوات کە خەڵکەکەی ڕوخاندیانن یان خەریکی ڕوخاندنین. ئەم دەستەڵاتە،خەڵکی لەدوافرسەت دەگەڕێ تا دوا حیسابی خۆی لەگەڵ بکات. تازەبەتازە ئەم دەستەڵاتە دەیەویت بەسوودوەرگرتن لە تێرمە مەزهەبییەکان کۆمەڵێک ڕێسابەسەر زیهنی کۆمەڵگەدا بسەپێنێ، ئەویش درووستکردنی شورایەک لە موقەدەساتە بەدەوری دەستەڵاتی سیاسییدا. کێشەکە لێرەدایە نەدەستەڵاتی ئێستای کوردستان دەستبەرداری ئەم مۆدێلە کۆنە لە سیاسەت دەبێت، نەخەڵکیش مل بۆ داواکانی خاوەنشکۆ دادەنەوێنێت. پیرۆزییەکان بۆ دەستەڵات مەسەلەیەکی موراڵی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی تەواو سیاسییە، سەردەشت خاڵی لاوازی ئەوانی گرت بەدەستەوە کە پیرۆزییەکانیان بوو، تاکو لە سیاسەتیان بدات. پەیامی دەستەڵات بەم تێرۆرە ئاشکرایە کە تەسلیم نەبوونە بە داواکارییەکانی خەڵکی، لە کۆتایشدا دەستەڵات باجی گەورەی لەسەر دەدات.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

سەردار عەبدوڵا: دۆزی سەردەشت دۆزی ئازادی و لۆگۆی ئێستای خەباتی دەورەیەکە بۆ ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، دەنگی نەوەیەکی نوێیە کەلەگەڵ دنیای کۆنی دوێنێ و سیمبول و موقەدەساتەکانی هەڵناکات. تیرۆری سەردەشت عوسمان خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەبوو، رووبەڕووبوونەوەیەکی تازەی دووبەرەی دژبەیەکی کۆمەڵگەبوو، ئاڵوگۆڕێکی چەشنی لە خەباتی جەماوەری کرد. بەبڕوای من ڕەگی ڕووداوەکانی حەڤدەی شوباتی سلێمانی بەشێکی لە هەولێربوو، خەباتی خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی لە حەڤدەی شوبات درێژکراوەی هەمان ئەو ناڕەزایەتیانەیە کە تێرۆری سەردەشت عوسمان بەشوێن خۆێدا هێنای.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژوی

ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو تورەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

سەردار عەبدوڵا: مەرج نییە هەموو ڕووداوێک کاردانەوەی گەورە بەدوای خۆیدا بهێنێ، بەڵام کەڵەکەبوونی ڕووداو و تاوانەکان لە میمۆری کۆمەڵگەدا دەمێننەوە و وەک کەیسێک بۆ ڕۆژی حیساب هەڵدەگیرێن و لەشوێنێکدا وەڵام وەردەگرێتەوە. تەقینەوەی نارەزایەتییەکان پێویستی بەهەل ومەرجی خۆی هەیە. کەیسی سەردەشت عوسمان پەیوەندی بەتەوای کۆمەڵگەوە هەوبوو، ئەم شەڕە لەسەر ئازادی زۆر درەنگ هەڵگرسا،سەردەشت بەجەربەزەییی و بەخشینی گیانی ئیعلانی ئەو جەنگەی کرد لە دژی دەستەڵات.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بە دارشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

سەردار عەبدوڵا: دەستەڵات لەم مەسەلەیەدا دوو ڕووی هەیە، ڕوویەک کە نایەوێ بەشێوەیەکی یاسایی تاوانباربکرێت، بەڵام ڕووەکەی تری ئەوەیە کە حەزدەکات خەڵکی بەکاری ئەویشی بزانن، بۆ مانەوەی هەمان فەزای ترس و تۆقان بەرانبەر هەر سەردەشتێکی تر کە دەست بۆ لەرزاندنی پایەکانی دەستەڵات بەرێت. لەڕاستیدا سیناریۆ و لیژنە هەروەک ئەو کاڵا چینییە ئێکسپایەرانەی لێهاتووەکە بەبەرتیل و قاچاخ باز بەسەر کوالیتی کۆنترۆڵەکان دەدات.دەستەڵات باش دەزانێ کە سیناریۆ و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بوونەتە بابەتی گاڵتەجاڕی خەڵکی، بەڵام کاری دەستەڵات بەم لیژنە و سیناریویانە کات کوشتن و کۆنکردنی بابەتەکانە لە زیهنی خەڵکیدا، تاکو بەشێوەیەکی هەرچەند کاتێش بێت قورسایی ئەو ڕووداوانە لەسەرشانی کەمبێتەوە.
حیزبە دەستەڵاتدارەکان، سەرەڕای پەرلەمانتار، ڕێکخراوەی مەدەنی و دیموکراتی!، دەزگای هەواڵگری وتیرۆری خۆیان هەیە. پەنادانی تێرۆریستان ڕاست نییە بۆ پێناسی سیاسیان چونکە تێرۆر بەشێکە لە کلتور و خەسڵەتی سیاسیان، دوا ڕێگەش بۆ پێچانەوەی ئەم جۆرە کلتور و سیاسەتە دواکەوتووە خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستانە لە دەرەوە و ناوەوە!

**د.کامەران مەنتک: تیرۆکردنی سەردەشت ، کێشانی هێڵێکی سوور بوو بۆ ئەو شتە بڤانەی کە نابێت لە کۆمەڵگای کوردی قسەیان لەسەر بکرێت و حەرام و یاساغن!**

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە

پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمباریەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

د.کامەران مەنتک: هەر چۆنێک شرۆڤەی بۆ بکرێت ، هەر هەوڵێک بدرێت بۆ نیشاندانی خوێندنەوەی جیاواز ،ناتوانرێت نکوڵی لەو راستییە بکرێت ، کە سەردەشتی بەرزەفڕ ، پڕ بە ووشەی تیرۆر تیرۆر کرا ، تیرۆرکرنەکەی سەردەشت هێندە قێزەون و ترسنۆکانە بوو ، ئازایەتی بەخشییە هەموو خەڵکی کوردستان ،بەرز کردنەوەی تاکە پێلاو بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان ،دەستەواژەیەک بوو کە نە خەڵکی کوردستان دەبێت لە یادی بکات ، نە پەرلەمانیش جواناوی وەڵامی پرسیارە بی وەڵامەکانی پێ بدرێتەوە !لە لایەکی تر ، هەموو شرۆڤەکردنەکان ، لەهەر روانگەو بۆچوونێکەوە بێت ، ناتوانێت نکووڵی لەوە بکات ، کە سەردەشت لەسەر چەند وشەیەک تیرۆر کرا ،لەسەر چەند وشەیەک کە ڕەنگ بێت جەللادەکانی سەردەشت هەردوای ئەوە خۆیان لایان ئاسایی بوو بێت ،خۆیان فرمێسکیان بۆ تەمەنی جوانی سەردەشت رشتبێت ،دوای ئەوەی بەنجی هۆڤیەتی و دڕندەییەکە بەری دابن ، ئەگەر هاتبێ و بەری دابن !

شێوازی تیرۆرکردنی سەردەشت ئەوەی سەلماند کە ئاسایش و سەقامگیری و پاراستنی ژیان و مانەوەو کەرامەتی تاکەکان لەم وڵاتە لە ژێر هەڕەشەی مگێزوو ئارەززوی چەند کەسانێکدایە ،ئەوەی سەلماند کە ئەو ئەقڵیەتەی گەنجەکانمان بیری پێدەکەنەوە ، لەگەڵ ئەو ئەو ئەقڵیەتەی کە ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبات ئاسمان و رێسمانیان بەینە!خەونەکانی گەنجەکانی ئەم وڵاتە زۆر جیاوازە لەگەڵ خەونی دەسەڵاتدارەکانی ، ئەگەر سەردەشت خەونی بەیەکسانیەوە دیبێت و ژیانی بەرپرسانی لە تەنزێکدا وێناکرد بێت ، ئەوا دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە خەون بە خەدەغەکردن و تیرۆرکردنی ئەم جۆرە خەونانەوە دەبینن ، خەون بە ناعەدالەتی و لووت بەرزی و هاوڵاتی پلەیەک و ڤیلاو مۆڵی گەورەو بازرگانی خوێنەوە دەبینن ، تیرۆرکردنی زەردەشت ئەوەی سەلماند ، کە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ، بەشێک نەماون لە خەڵک ، پێڵاوە لاستیکەکەی جارانیان دڕاوەو ئێستا پێڵاوی ئیتاڵی گرانبەها لەبەر دەکەن ،تیرۆرکردنی سەردەشت ئەوەی سەلماند ، کە مەڕو گورگ چیتر بەیەکەوە هەڵناکەن ، ئەوەی سەلماند کە دەسەڵاتداری ئەم هەرێمە بوونەوەرێکن زۆر جیاوازن لە خەڵکی سادەو خاوەن خەونی گەشی ئەو هەرێمە ، زۆر جیاوازن لە خەونە کەسک و سۆرەکانی سەردەشتی تیرۆرکراو سەردەشتە زیندوەکانی تر!!!

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەڵاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەڵاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

د.کامەران مەنتک: تیرۆکردنی سەردەشت ، کێشانی هێڵێکی سوور بوو بۆ ئەو شتە بڤانەی کە نابێت لە کۆمەڵگای کوردی قسەیان لەسەر بکرێت و حەرام و یاساغن !هەولێک بۆ پیرۆز هێشتنەوەی ئەو پیرۆزیانەی کە لە هەموو دنیا تەمەنی بەسەر چوە ، کارێک یاسا سەروەری یاسای لەو هەرێمە وەک شتێکی زۆر ناشیرین و قێزەون دەرخست ، ئەوەی نیشاندا کە چەند پڕ شەرمەو ئەو وشانە چەند هەست بەشەرمەزاری دەکەن لەم وڵاتە کە سەروەری یاسایان پێ دەردەبڕدێت ! لە دوای تیرۆرکردنی سەردەشت ئەوە روون بوەوە کە لەو وڵاتەدا تاوەکو ئێستا ئەوەی دەسەڵات بەرێوە دەبات دام و دەزگا نەتەوەییەکان نییە ، بەڵکە حەزوو ئارەزووی چەند کەسانیکە کە نامۆبوونە بەم میللەتە ، کەسانێک کە ناتوانن لەگەڵ خودی خۆیان ئاشت ببنەوە . تیرۆرکردنی سەردەشت پەیامێکی پێچەوانە بە نیازو مەبەستی دەسەڵاتدارانی گەیاندە خەڵکی کوردستان ، بۆیە ەک بینیمان لە جیاتی چاو شکان و چۆکدادان ، خەڵک بە تووڕەییەوە هاتە سەرشەقامەکان ، هەر ساڵیک دوای تیرۆرکردنی سەردەشت ، لاشاوی تووڕەیی خەڵک ، ترسی خستە رووخساری بکوژان و پترێزەری بکوژەکانی سەردەشت !

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

د.کامەران مەنتک: بەر لەهەموو شتێک دەبێت ئەو راستیە بزانین کە ئێستا لە کوردستاندا شتێک نییە بە ناوی کارکردن لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەم میللەتە ، بەڵکە بزاڤ و خەباتکردنێکی سەخت لە ئارادایە لە پێناو دزین و بە تاڵانبردنی سامانی ئەم میللەتە ، بەرامبەر زۆری هیزی (ئار ئار ) یش ، ئەمە واتای ئەوەیە کە خەباتی نەتەوەیی لەرێچکەی خۆی لایداوەو پێویستە بگەڕیتەوە سەر سەر سکەی ، ئەمەش تەنها لە رێگای گۆرانکارییەکی ریشەیی دەبێت لە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان ، دەبێت ئەو راستیەش بدرکێنین کە هەرچەندە ژمارەی خەباتکارانی ریگای ئازادی کەمە ، بەڵام ئەوان زۆرینەن راستەقینەن و چارەنووسی ئەم وڵاتە لەسەر دەستی ئەوان بە هەواری راستەقینەی خۆی دەروات !

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

د.کامەران مەنتک: لەراستیدا سەردەشت نوێنەرایەتی خەونێکی سادەو بە پێزی خەڵکی کوردستان دەکات ، خەون بە یەکسانی ، خەون بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی ، سەردەشت نوێنەرایەتی قوربانیانی بیرکردنەوە کۆن دەکات ،ئازارەکانی سەردەشت تەنیا ئازاری خۆی نەبوو ، ئازاری هەموو خەلکی کوردستان بوو ، ئەو رەنگدانەوەی قۆناغەکەی خۆی بوو ،

ڕەنگدانەوەی ململانێیەکی قووڵی ناو کۆمەڵگای کوردی بوو ، کە تا ئیستاش بە سەختی بەردەوامە ،ئەو ململانێیە ئەو کاتە لە کۆتا دێت ، کە ڕێگە نەدرێت سەردەشتەکان چیتر بەو شێوەیە تیرۆر بکرێنەوە !

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بەر لە سەردەشت گەلێک ڕوداو و تاوانی گەورەی تر لە کوردستاندا ڕویان داوە، دەسەڵاتی حاکم نمونەی زۆری تری سەرکوتی خوێناوی لە مێژووی ڕەشی خۆیدا هەیە، چی وای کرد ئەم جارە تیرۆری گەنجێک ئەو هەموو توڕەییە بهێنیتە سەر شەقام؟

د.کامەران مەنتک: تیرۆرکردنی سەردەشت ، بەو شێوەیە ، سوکایەتی کردنێک بوو بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی ، رفاندنی گەنجێک بە نوێژی نیوەڕۆ لەبەردەم کۆلێژەکەی خۆی ، مەترسیەک بوو هەموو خەڵکی کوردستانی هێنایە هەژان ، نوێبوونەوەیەکی یادگاری بەعس کە نزیکە بیست ساڵبوو لەو هەرێمە وەدەر نرابوو ، سەرەرای ئەمەش ، وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد ، تیرۆکردنی سەردەشت رەنگدانەوەی قۆناغێکی نوێ و جیاواز بوو لە خەباتی رزگاریخوازی ، ئەو تروسکەیە بوو کە ترسەکانی کردە تووڕەیەکی زۆر گەورە کە تا ئیستاش دەسەلاتی کوردی لەبەری هەڵدەلەرزێ!

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: بە دارشتنی سیناریۆ و هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست لە دۆسیەی فڕاندن و تیرۆری سەردەشتدا بەکردەوە ناکاتە سیناریۆی پەنادانی تیرۆرستان و شاردنەوەی قەزیەکە؟ ئامانج لە داپۆشینی تاوانی تیرۆری سەردەشت، لە ڕێگای سیناریۆ چییە؟

د.کامەران مەنتک: بەراستی ئەمرۆ خەڵکی کوردستان هێندە هوشیار بۆتەوە کە بە ئایانی فریو ناخوات ، کە ئەمەش یەکێکە لە کێشە سەختەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵات لە کوردستان ، جیاوازی لە ئاستی هوشیاری و بیرکردنەوە لە نێوان خەڵک و دەسەڵات ئەو مۆتەکەیە کە دەسەڵاتی هەراسان کردوە ، گەیشتۆتە ئەو بروایەی کە خەڵک تاقەتی ئاوازەگکانیانی نەماوەو گوێ بۆ گۆرانیەکانیان رانادێرن ، بۆیە هەر دارشتنی ئەو سینار یۆنانە جگە لە بزەیەکی پڕ لە تەوس زیاتر ، هیچ شتێک لای خەڵکی کوردستان ناوروژێنیێت !

**نەبەز خالید : لەم وولاتەدا هەرکاتێک دەسەلاتداران بیانەوێ مافی ژیانت لێدەستێننەوە و ئێمە تا ئەو کاتە مافی ژیانمان هەیە کە کرداری ڕۆژانەمان بەدڵی ئەوان بێت.**

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: هەموو ئاماژەکان ئەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەشت لەسەر ساتێریک تیرۆر کرا کە ناوی کچێکی بارزانی تێدا هاتبوو، هەن دەیانەوێت ئەمە پەیوەست بکەنەوە بە فەرهەنگی پیاوەتی و ناموسیەوە، ڕای ئێوە لەمباریەوە چییە؟ تاکەی سەرۆک و خێزان و بنەماڵە ئەبێ تابوو بن؟ تاکەی پیرۆزییەکانی بتەکانی بنەماڵە و هۆز و عەشیرەت بەپیرۆز ئەکرێن؟

نەبەز خالید: :تیرۆرکردنی سەردەشت پێش هەرشتێک تاوانە، تاوانێک کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادی و بونی دەسەلاتێکی بێسەروبەری مافیایی کە سەرانی ئەم دەسەلاتە لەسەرو یاساوەن و دەستوپێوەندەکانیشیان مافی کوشتنیان هەیە بەبێ لێپرسینەوە.

ئەوی کە چ هۆکارێک بووە هۆی تیرۆری سەردەشت، لەڕاستیدا زۆر گرنگ نی یە، ئەوەی گرنگە بۆ دەبێ کەسێک لەم وولاتەی ئێمەدا تیرۆر بکرێت. نووسینی ساتیرێک یان فەرهەنگی پیاوسالاری یان سیاسی بوون یان هەرهۆکارێکی تر دەبنە دەستمایەیەک بۆ شاردنەوەی هۆکارە سەرەکی یەکە کە لەم وولاتەدا هەرکاتێک دەسەلاتداران بیانەوێ مافی ژیانت لێدەستێننەوە و ئێمە تا ئەو کاتە مافی ژیانمان هەیە کە کرداری ڕۆژانەمان بەدڵی ئەوان بێت. زۆر ئاشکرایە کە سەردەشت بووە قوربانی ئەو جۆرە لە دەسەلات.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان:شەڕی ئازادی دەربڕین و موقەدەساتە داسەپاوەکان لە کوردستان لە تیرۆری سەردەشتدا بەرەوڕووبونەوەیەکی توند نمایش ئەکات، ئەو دەسەلاتەی سەردەشتی تیرۆرکرد ویستیان و دەیانەوێت لە ڕێگای ئەم تاوانەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئەم جۆرە پیرۆزکردن و داسەپاندنی پیرۆزیانە چ ڕۆڵێک لە شکڵپیدانەوەی دەسەلاتدا لە کوردستان دەبینێت؟

نەبەز خالید :ئەم شەڕە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی درووست بوونی دەسەلات لەناو کۆمەڵگاکاندا. لە دەسەلاتەکانی بەناو دنیای ئازاددا سەرمایەو موڵکیەتی تایبەت تاکە موقەدەسە، لەکۆمەڵگاکانی وەک لای خۆشمان دین و سێکس و نەتەوە و خێل و شەرەف و سەرۆک وسەرکردەکان و ... هتد موقەدەسن. هۆکاری پیشاندانی ئەم چەمکانە وەک موقەدەساتی کۆمەڵگا ئەوەیە کە ئەم جۆرە لەدەسەلات پێویستی بە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی دواکەوتوو هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت شەرعیەت بە جۆری دەسەلاتە خێڵەکییەکەی خۆی بدات. تیرۆری سەردەشت ئەو پەیامە بوو کە خەتی سووری بۆ کۆمەڵگای کوردستان دەست نیشانکرد، بە ئێمەیان ووت کە ئازادی تا ئەو شوێنە بڕەکات کە ئیمە دەستنیشانی دەکەین، ئێمەو دەستوپێوەندەکانمان لەبەر ئەوەی نوێنەری میللەت و خوداین لەسەر ئەم خاکە،

بۆمان هەیە دەست درێژی بکەینە سەر حورمەت و ئازادیەکانتان بەڵام ئێوەی ڕعیەت بۆتان نی یە تەنانەت فانتاسیاشتان هەبێ لەسەر ئێمە و جۆری ژیان و دەسەڵاتمان. ئەم جۆرە لە دەسەڵات ئەوەندە پیرۆزی درووست کردووە و تابۆکانی بەدەوردا دیاریکردووە کە هەناسەی لەبەر ئازادی یەسەرەتایی یەکانی ئینساندا بڕیوە. هەربۆیە ترس دەبیتە هەستێکی ڕۆژانەی خەڵکی کە لەهەر هەڵسوکەوتێکیدا دەبێ لەبەر چاوی بێت کە دەسەڵاتێک هەیە مافی ژیانی لێدەستێنێتەوە ئەگەر دەست بۆ ئەو پیرۆزیانە بەرێت. ئەمەش سیمای دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتە.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: پایەکانی هەڵکشان و زەقبوونەوەی ئیستیبدادی سیاسی لە کوردستاندا چییە؟ چۆن دەکرێت سنوور بۆ ئەمە دابنرێت؟ ئایا لەو ڕوبەڕو بونەوەیەی لەسەر تاوانی تیرۆری سەردەشت ڕوویدا ئاسۆی سەرکەوتن و شکستی جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە کوردستان چۆن خۆی نیشان دا؟

نەبەز خالید: ئەم پرسیارە وەلامێکی هەمەلایەنەتری پێویستە، بەلام کورت بڵێم فاکتەری سەرەکی زەقبوونەوەی ئیستبدادی سیاسی لەکوردستان سەرچاوەکەی دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتێک کە لەسەر شەرعیەتی شۆڕشگێڕانە درووست بووە و بیری ناسیۆنالیزمی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا کۆمەکی دەکات، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو هێزە یاسایی، ئابووری و سەربازیەکانی لەژێر کۆنترۆڵدایە نان و ئازادیەکانیشی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەم جۆرە لەدەسەڵات چاکسازی تیا ناکرێت، ڕاستە بە ناڕەزایەتی فراوانی خەڵکی بەرامبەر ڕوداوەکان و شێوەی حوکمڕانی هەندێک دەسەڵات ڕادەگرێت و بۆ کورت ماوە هەندێ سنوریان بۆ تەسک دەبێتەوە، هەروەک ئەزموونی خۆپیشاندانەکانی پارساڵ و باقی ناڕەزایەتی یە جەماوەری یەکانی پێشتر سەلماندی. چارەسەری ڕیشەیی بنیاتنانی دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، دەسەڵاتێک کە یاسا تیاسەروەربێت و ئینسان تیایدا تاکە هەدەف بێت.

ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان: سەردەشت لە کوردستان نوێنەرایەتی چی دەکات؟ تیرۆری ئەو لە پەیوەند بە کێشەی نەوەی نوێ لەگەڵ دنیا کۆن سیمبولی چییە؟ ئایا دەرکەوتنی سەردەشت و سەردەشتەکان لە کوردستاندا دیاردەیەکی گوزەرایە، یان گوزارش لە ململانێیەکی قوڵ و قەڵەشتی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

نەبەز خالید: کوشتن و تیرۆری سەردەشت و سەردەشتەکان بەڵگەی نەبوونی ئازادین و بەدەستهێنانی ئازادیش قوربانی دەوێت. بێگومان ئەم نەوەیە و دنیابینیان ناتەبایە لەگەڵ تێگەیشتن و بەها دواکەوتووەکانی دەسەلات وکۆمەڵگا. مێژووش سەلماندویەتی کە ئەم ململانێ یە هەر بەقازانجی نوێخوازی دەشکێتەوە، هەرچەندە لەم وڵاتە دواکەوتوو دینزەدانەی ناوچەکەماندا پرۆسەکە دورودرێژترە بەڵام سەرەنجام بە ئەنجام دەگات.

**ئاسۆ کەمال :پارتی لەژێر فشاری جەماوەری و نێونەتەوەییەکاندایەو دەیەوێت بەناوی لێژنەوەکات بەسەرببات**

سازدانی: شوان سدیق: هەولێر

"تیرۆر و تۆقاندن لەکوردستان جێگای لێژەو خەڵک بێدەنگ نابن"

ئاسۆکەمال ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، لە سەر کوژرانی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس و پرسی لێژنەی بەدواداچوون لەسەر دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە، دەڵێت "پارتی لەژێر فشاری نارەزایەتیەجەماوەری و نیونەتەوەییەکاندایەو دەیەوێت بەناوی دانانی لیژنەوەکات بەسەر بەرێت و ئەو چاوەڕوانیە ی خەڵک و لایەنەکان بەنادیار بسپێرێت و بەم شێوەیەبەرپرسیارێتی خۆی لەم تاوانەدە ربکات،" ئاسۆ ئەوەش دەخاتەروو کەچیتر " تیرۆر و تۆقاندن و سەرکوتی نهێنی لە کوردستان جێگای لێژەو خەڵک بێدەنگ نابن".

ئاژانسی پاراستنی پارتی هیچ کات بەهێندەی ئەم ماوەیەی کوژرانی سەردەشت دەرنەکەوتوە ، پاراستنی خەڵکی کوردستانی مسۆگەر نەکردوە

لەدیمانەیەکدا لەگەڵ سایتی نوچەنێت، ئاسۆکەمال ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی کوردستان لەسەر رەوشی ئەمنی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی پرسی کوژرانی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، سەرەتا لەسەر ئەو لێژنەیەی کەسەرۆکی هەرێم لەچەند رۆژی رابردوودا ئاشکرایکرد کەهەڵدەست بەکاروباری دۆزینەوەی ئەنجامدە رانی بکوژی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ئاسۆکەمال دەڵێت "مەسعود بارزانی ئەم لیژنەی لێکۆڵینەوەی داناوەبەبی ئەوەی کەس بزانێت کێن؟ ئەبێ‌پرسیار لەبارزانی بکرێت ئە و لیژنەیەلەکێ‌دەشارێتەوە؟!!

ئاسۆ کەمال ئەوەشی نەشاردەوەدەڵێت "ئەگەر مەسەلەی ئەمنیەئەی مەگەر ئاژانسی پاراستنی پارتی هیچ کات بەهێندەی ئەم ماوەیەی کوژرانی سەردەشت دەرنەکەوتوە، پاراستنی خەڵکی کوردستانی مسۆگەر نەکردوە؟ یان ئەگەر ترس لەفشاری رۆژنامەنوسانەلە سەر لیژنەکە، هیچ کات ئەوەندەباسی بەرقەراری ئازادی رۆژنامەنوسان لەهەولێردا نەکراوە ، کەقسەکەرانی میدیاکانی سەر بەپارتی سەرەیەکی دوورودرێژیان بۆ گرتوەبۆ پیاهەڵدانی. چ شتێک شاراوەیەلەم تیرۆرەدا کەنەتوانرا رۆژانەلەرێگای میدیاکانەوەئەو جەماوەرەناڕازیەی خەڵکی کوردستان لەکاری ئەو لیژنەیەو ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەئاگادار بکرێنەوە؟

بۆچی دەسەلآت وەلآمی یونامی و ئەمنستی ئەنتەرناشنال ناداتەوە

وەک ئەوەی لەراگەیانەکان باسکراوەلەچەند رۆژی رابردوو دوای ئەوەی پرسی سەردەشت عوسمان هەموو شەقامی کوردی زۆربەی ولاَتانی تری گرتەوەلەنارەزایی و بێدەنگ نەبوون لەئاست ئەو شێوە کوژرانە رێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناشنال یونامی و داوای بە شداریکردنیان کرد لەولێژنەیەبەلاَم وەک ئاسۆ کەمال دەلێت "بۆچی دەسەلاَت وەلاَمی یونامی و ئەمنستی ئەنتەرناشنال ناداتەوەکەئامادەن و داوای بەشداری کردن دەکەن لەو لیژنەیەدا وە ک کەیسی تیرۆری رەفیق حەریری لەلوبنان و زۆر کەیسی گرنگی تری دنیا؟ ئەو بەگومانەوە دەروانێت لەو لێژنەیەو گوتیشی "ئایا ئەمەزیاتر ڕووی بێلایەنی لیژنەکەدەرناخات؟ لەبەر ئەوەمافی کێیەئەو لیژنەیەدابنێو کەسەکان و بەرنامەی کار و بڕیارەکانی دیاری بکا؟

سەرۆکی هەرێم دەتوانێت ئەو کەسەبێت کەئەم لیژنەیەدیاری بکات؟

سەبارەت بەبێلایەنی ئەولێژنەیەکەبۆ ئاشکرابوونی بکوژانی سەردەشت عوسمان پێکهێنراوە، هەمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست لەقسەکانیدا گومان دەخاتەروو چونکە ئەو پێیوایەلێژنەکەزەحمەتەبتوانێت بەبێلایەنی کاری خۆی بکات، ئاسۆکەمال گوتی "ئایا سەرۆکی هەرێم کەسەرۆکی پارتیەدەتوانێت ئەو کەسەبێت کەئەم لیژنەیەدیاری بکا لەکاتێکدا پارتی خۆی هەڕەشەلەو کەسانەدەکات کەپەنجەی تاوانباری بۆ ڕاکێشن؟ یاخود وەزارەتی ناوخۆی پارتی دەتوانی جێگای باوەڕی ئەو خەڵکەبێت کەتوڕەن لەسەرکوتی دەسەلاَت؟

هەمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیست روونیشکردەوە"ئایەئەو لیژنە یەئاژانسی پاراستنی هەرێم دایبنێلەبەر ئەوەی دەزگایەکی حزبیە،هەر چەند بەحوکمی پیشە کەیان ئەم دەزگایەنزیکترین کەسن کەزانیاریان لابێت لەسەر تیرۆری سەردەشت و سۆرانی مامەحەمەو نارازیانی سایەی دەسەلاَتی پارتی.

هەروەها ئاسۆ کەمال بەپرسیارەوەقسەدەکات و دەشڵێت "بۆچی تا ئێستا سەرۆکی هەرێم و پارتی خۆی لەوەلاَمی ئەم پرسیارانەلادەدەن و ئەم لیژنەیەئاشکرا ناکەن؟ وەلاَمەکەی ڕۆشنە ئەویش ئەوەیەئەگەر پارتی بەهەر شێوەیەک لەو شێوانەی سەرەوەئەم لیژنەیەڕابگەیەنێت ئەوا زەمینەی قوڵکردنەوەی نارەزایەتیەکانی خەڵک زیاتر دەکات. هەر لەوەی ئەگەر لیژنەکە لەپارتی و وەزارەتەناوخۆکەی بێبەتەنها یا کەسانێکی سەربەپارتی یاخود ڕێگا بگرێت لەبە شداری یونامی و ئەمنستی و رۆژنامەنوسان و بزوتنەوەی بێدەنگ نابین و ڕای گشتی".

تیرۆر و تۆقاندن وسەرکوتی نهێنی لەکوردستان جێگای لێژەو خەڵک بێدەنگ نابن

دوای ئەوەی سەردەشت عوسمان تەرمەکەی لەشاری موسڵ بەکوژراوی دۆزرایەوەدوابەدوای ئە وەلەزۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان، لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە رژانە سەرشەقام ودەنگی نارەزاییان نیشاندا، ئاسۆ کەمال لەسەر بێدەنگ نەبوونی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان سەرەتا لەبۆچوونی جیاوازی بەرپرسانی هەرێمەوەقسەدەکات و گوتی

"جیاوازی قسەی بەرپرسانی پارتی لەسەر لیژنەو بەرپرسیاریێتی پارتی لەم تیرۆرە، نیشاندەری ئەو ڕاستیەیەکەپارتی لەژێر فشاری نارەزایەتیەجەماوەری و نیونەتەوەییە کاندایەو دەیەوێت بەناوی دانانی لیژنەوەکات بەسەر بەرێت و ئەو چاوەڕوانیەی خەڵک و لایەنەکان بەنادیار بسپێرێ و بەم شێوەیەبەرپرسیارێتی خۆی لەم تاوانەدەربکا.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەمان حیزب گوتیشی "دەرسێک کەبزوتنەوەی بێدەنگ نابین و جەماوەری ئازادیخواز لەکوردستان و دەرەوەی وڵات فێری دەسەڵاتیان کرد ئەوەیەکەتیرۆر و تۆقاندن وسەرکوتی نهێنی لەکوردستان جێگای لێژەو خەڵک بێدەنگ نابن بەرامبەری و دەسە ڵات ئەبێت ئەم هێڵەسوورەی خۆی بزانێت ئەگەر نەیەوێت دەسەڵاتەکەی لێژتر ببێ". ئاسۆ کەمال پێیشیوایە"ئێستا کاتی ئەوەیەکەهەر ئەم جەماوەرەئازادیخوازەی کوردستان و بزوتنە وەی بێدەنگ نابین دەرسێکی تریش فێری دەسەڵات بکەن، ئەویش ئەوەیەکەسیناریۆی لیژنە ی لیکۆلینەوەی نهێنی و کەمپینی "دز بگرن دز بگرن" دەسەڵات ناتوانی خواستی بەسزاگە یاندنی بکوژانی سەردەشت و نەهێشتنی تیرۆری ئازایخوازان لەلایەن دەزگای تیرۆری نهێنی دەسەڵاتەوەلەبیربەرێتەوەو دەبێت لیژنەی لیکۆڵینەوەو دادگایی بکوژانی سەردەشت ئاشکرا و جەماوەری و دوور لەدەستی دەسەڵات بێت".

**نەوزاد بابان: تاوانی سەردەشت ئەوەبوو کەبەقەڵەمەکەی پەردەی لەسەر گەندەڵی لادەبرد و ئەو قەڵشت و جیاوازیەچینایەتیەزەقەی‌نێوان دەسەڵاتداران و کۆمەڵگا نیشاندەدا. بەڵام دەسەڵاتداران ئەمەیان بەشێوەی خە ونیکیش پی قەبوڵنەکرا ..!**

چاوپێکەوتنی ڕادیۆی دەنگی ئازادی و یەکسانی لەگەڵ نەوزاد بابان

ڕادیۆی دەنگی ئازادی و یەکسانی: سەرەتا سوپاست دەکەین کەداواکاریەکەمانت بۆ ئەم چاوپێکەوتنەقەبوڵکرد. هەروەک خوتان ئاگادارن ماوەیەکەلەهەرێمی کوردستان کەبەحساب بەهەریمیکی ئارام دەناسرێت, چەند کەسێک ڕووبەڕووی ڕفاندن و تیرۆر بوونەوە. کەئەمەبە ڕاستی زەنگێکی مەترسیدارەبۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەو بەجۆرێک ڕووبەروبوونەوەکەتەنها خاوەن قەڵەمی نەگرتەوەو چووەناو توێژەکانی تریشەوەبەتایبەتی خوێندکاران. هۆکاری ئەمەبۆ چی دەگێڕنەوە؟

نەوزاد بابان: سەرەتا سوپاسی ڕادیوۆکەتان دەکەم. کوردستان لەساڵی ڕابردوودا لەژێر چەتری ئەحزابی میلیشیایی کوردی و ئیسلامی سیاسیدا, بووەبەهەرێمێکی ترس. بەئاوڕدانە وەیەک لەڕابردوو تا ئێستا, دەیان کەسی ئازادیخواز لەپێشیانەوەکۆمۆنیستەکان بوونەتە قوربانیی ئەم وەزعیەتەمەترسیدارە. وەئێمەسەبارەت بەمەدەیان جار نارەزایەتیمان بە شێوازی جۆراوجۆر دەربڕیووە. وەلەکوردستاندا ئازادیی وئارامیهاولاتیان لەبەردەم هەرە

شەدابووەو ترساندن و تۆقاندن جیگای‌گرتۆتەوە.هەر بۆ نمونەبەکر عەلی نوێنەری خەڵکی بێ خانەو لانەی حامیەی‌سلێمانی بوو بەقوربانیی ئەم وەزعیەتە و لەو پیناوەدا گیانی لەدە ستدا و لەلایەن دەسەلاَتدارانی شاری سلێمانیەوەبەڕۆژی ڕووناک و بەپێش چاوی خەڵکەوە تیرۆریانکرد. نەزیر عومەر و شاپور و قابیل و فەرهاد فەرەج و کامەران ئەسعەد و سۆرانی مامەحەمەو دەیان کەس لەکەسایەتیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەهەمان شێوەبوونەقوربانیی ئەم زنجیرەیەلەتاوانی تیرۆری کەسانی سیاسی کەلەکوردستاندا بەڕێوەچووە. هۆکاری ئەمە یش دەگەڕێتەوەبۆ نەبوونی دەوڵەت و یاسا لەکوردستاندا. وەئەوەی‌کەئێستا هەیەدەسە لاَتی ئەحزابی میلیشیاییەکەهەمیشەملهوڕی دەکەن و مل بەئازادیی بێقەید و شەرتی سیاسی نادەن و لەو پێناوەیشدا سڵ لەهیچ تاوانکاریەک ناکەنەوە.

ڕادیۆی دەنگی ئازادی و یەکسانی: لەهەرێمی کوردستان زیاتر قسەلەسەر ئازادیی ڕادەربڕین و دیموکراسی دەکرێت, بەو مانایەی کەتاکەکان و خاوەن قەڵەمەکان ئازادن لەڕادەربڕین و ڕە خنەگرتن بەرامبەر بەهەرلایەن و دەسەلاَتیش. بەبڕوای ئێوەئەمەچەندەحەقیقەتی هەیە؟

نەوزاد بابان : ئەم پرسیارەلەهەر تاکێکی کۆمەڵگا بکەیت یەکسەر وەلاَمەکەی بەپیچەوانەوە وەردەگرێتەوە. لەراستیدا ئازادی تەنها بۆ دەسەلاَتدارانە, ئازادی بۆ مەلا و سەرۆک خیل و فەتواچی هەیە. ئەوەی‌داوای مافی خۆی کردبێت ئازاردراوە, سوکایەتی پێکراوە, ناو و ناتۆرەی ناشیرینیان شوێنخستووەو تەنانەت تیرۆریش کراون. تەنانەت قەڵەم بەدەستێک, ڕۆژنامەنووسیک ڕەخنەیەکی گرتبێت ڕاپێچی دادگاکراوە, زیندانیکراوە, ڕۆژنامەکان ڕووبە ڕووی غەرامەی مالیی زۆر قورس بوونەتەوە. دواترینیان کوشتنی سەردەشتە کە سەلمێنەری هەموو ئەو ڕاستیانەیە. لەکوردستاندا ئەگەرچی‌فەزایەکی ئاوەلای سیاسی هەیەبەلام بەمانای واقعی‌ئازادی وجودی نیە. ئەگەر شتێک هەبیت بەئازادی ناوببرێت ئەوە ئازادیە کە بەپێوەری دەسەلات.

رادیۆی دەنگی ئازادی و یەکسانی: بەداخەوەسەردەشت عوسمان تیرۆر کرا, بەلام تا ئێستا تاوانبارانی ئەسڵی نەدۆزراونەتەوە. پێت وایەئەمەچ دەستێک لەپشتیەوەیەو هۆکارەکەی چی بوو؟ ئایا بەڕاستی سەردەشت عوسمان تاوانیکردبوو؟

نەوزاد بابان : تاوانی سەردەشت ئەوەبوو کەبەقەڵەمەکەی پەردەی لەسەر گەندەڵی لادەبرد و ئەو قەڵشت و جیاوازیەچینایەتیەزەقەی‌نێوان دەسەلاَتداران و زۆرینەی کۆمەڵگای نیشاندەدا. بەلام دەسەلاَتداران ئەمەیان بەشێوەی خەونیکیش پی قەبوڵنەکرا و تیرۆریانکرد. مەعلومەتیرۆری سەردەشت هەر لەدرێژەی ئەو زنجیرەیەلەتیرۆردا بووەکەدوو دەیەیەلەژێر سایەی حاکمیەتی حزبەکانی بزووتنەوەی‌کوردایەتیدا بەڕێوەدەچێت و تا ئێستایش درێژەی هەیە. بەلاَم ئەمجارەڕق و بێزاریی خەڵک لەبەرامبەر تیرۆر گەیشتە لوتکە. رفاندنی سەردەشت لەبەردەم حەرەمی زانکۆ و پاسەوانەکانیدا و بەبەرچاوی خەڵکەوە پاشان کوشتنی و بردنی بۆ شاری موسڵ بەناو ئەو هەموو بازگەیەداو فڕێدانی تەرمەکەی لە

وێ راستەوخۆ ئەو پرسیار و گومانانەی لای خەڵک دروستکردووەکەپارتیلەپشتیئەم تاوانە وەبیت، هەربۆیەڕق و بێزاریەک کەلەسەرتاسەری کوردستاندا هاتۆتەئاراوەرووی‌کردۆتە پارتیو داوادەکەن تاوانباران ئاشکرابکەن. تیرۆری سەردەشت لەکاتێکدا بووکەمەلای مزگەوتە کان و فەتواچیەکان هێرشیان دەکردەسەر نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان و داوای لغاوکردنیانیان لەدەسەلاَت دەکرد. لەکاتێکدا بوو کەڕۆژانەلەکوردستاندا سووکایەتی بە ژنان دەکرێت و بەبیانوی کۆنەپەرستانەوەبەبەرچاوی دەسەلاتدارنەوەدەکوژرێن. وەلەهە مانکاتیشدا ڕۆژانەکتێب و نامیلکەو سیدی فەتواو هەڕەشەکردن لەخەڵک بلاو دەکرێتەوە. ئە مانەیش هەمووی‌نیشاندەری نەبوونی ئازادی سیاسی و ڕادەربرینەلەکوردستاندا.

بەلاَم بۆ بەرگرتن بەم هێرشانەئەوەهێزی ڕێکخراوو یەکگرتووی خەڵکی کوردستان کەبە هاتنەمەیدانی دەتوانێت لەبەرامبەر تیرۆریستاندا بوەستێتەوەو پارێزگاری لەماف و ئازادیە کانی بکات و فشار بۆ دەسەلاتداران بینێت بۆ ئاشکراکردنی تیرۆریستان و بکوژانی سەردەشت و هەموو ئەوانەی‌کەپێش ئەویش تیرۆر کراون. چونکەئەگەر ئەو تاوانەلەشوێنێک ڕوویبدایە کە دەوڵەت و یاسای هەبێت ئەوانەی لەپاراستنی ئەمنیتی ئەو کۆمەڵگایەخۆیان بەبەرپرس دەزانن دەستیان لەکاردەکێشایەوە. چونکە تاوانی ئاوا هەڕەشەیە لە ئەمنیەتی هەموو کۆمە ڵگا, هەڕەشەیەلەئازادیی هەموو کۆمەڵگا.بۆیەدەبێت تەواوی ئازادیخوازانی کۆمەڵگا چیتر ڕێگانەدەین سەردەشتەکان و سۆرانەکان و شاپور و قابیلەکان تیرۆربکرین. نابێت ڕێگا بدەیت دۆسیی سەردەشت دابخرێت, دەبێت ڕیکخراوو و یەکدەست لەمەیداندابین هەتا دەستی ڕەشی تیرۆر و تیرۆریستان لەکوردستان ڕیشەکێش دەکەین و سایەی ڕەش و دزێوی لەسەر خەڵکی کوردستان ڕادەماڵین. ئیدانەکردن و ڕیسواکردن لەشوێنێک دەبێت کەدەوڵەت و یاسا هەبێت نەک لەشوێنێک میلیشیا حاکم بێت.

ڕادیۆی دەنگی ئازادی و یەکسانی: هەروەک خۆتان ئاگادارن چەند ڕۆژ لەمەو پێش ڕژێمی جینایەتکاری جمهوریی ئیسلامی ئێران, پێنج زیندانیی سیاسی لەسێدارەدا.وەئەمەبووەمایەی نارەزایەتی هەم لەکوردستانی ئێران و هەم لەولاَتانی تریش. خەڵکی شاری سلێمانیش وە بەتایبەتی کەسایەتیەسیاسیەکان لەڕۆژی پێنجشەممە13\5\2010 ویستیان کۆبوونەوەیەک لەبەردەرکی سەرا بەرێخەن, بەلاَم بەداخەوەرێگەیان پێنەدرا. ئەگەر بکرێت سەبارەت بەمە ڕوونکردنەوەیەک بۆ گوێگرەکانی ڕادیۆکەمان بدەیت.نەوزاد بابان: ئەم کۆبوونەوەیەلەلایەن کۆمەڵێک حزب و ڕێکخراوەوەبانگەوازی بۆ کرابوو, بۆ نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بە ئیعدامکردنی ئەو کەسانەو حزبی ئێمەیش یەکیک لەلایەنەریکخەرەکانیئەم چالاکیەبوو. هاورێیانمان بەلافیتەو دروشمەکانی حزبمانە وە لە کۆبوونەوەکەدا بوون , من خۆم شیعاری بژی ئازادی, لەهەر شوێنیک تیرۆر و ئیعدام هەبێت ئێمە دژی دەوەستینەوە ومەرگ بۆ جمهوری ئیسلامیم دەدا و ئاپۆرای ئامادەبووانیش دەیانوتەوە. لەوکاتەدا پیاوانی ئاسایش ووتیان ئەگەر بەردەوامبیت, دەتگرین. منیش ووتم بێمنەت بن. ئێمەدژی تیرۆر و ئیعدام دەوە ستین, ئێوەئازادی پێشێل دەکەن. من ئەندامی مەکتەبی سیاسی لایەنێکم, بەلاَم چونکەئەمانە

هێزێکی میلیشیایین و هیچ حەسانەیەک بەرەسمی ناناسن, ئەوەبوو کەلەپچەیانکردم بەلاَم سەدان کەس لەئامادەبووانی کۆبوونەوەکەرێگەیان لێگرتن و ناچاریانکردن کەهەرلەوێدا ئازادم بکەن و ودواتریش ووتەیەکم پیشکەشکرد . بەڕاستی هەڵوێستی خەڵکی ئازادیخوازی ئامادەبووی کۆبوونەوەکە زۆر مایەی خۆشحاڵی بوو. وەهەر لێرەوە دەستخۆشیان لێدەکەم و دەستیان دەگوشم بۆ دیفاع کردنیان لەئازادی و وەلاَمی ددانشکێنیان بەجمهوریی کۆنەپە رستی ئیسلامی. بەلاَم دواتر هێزەکانی ئاسایش وەک پیشەی هەمیشەییان بەمەبەستی دە ستگیرکرنمان شوینمان کەوتبوون و لەنزیک بازاڕی کاسۆ مۆڵ, من و دوو هاوڕێی ترمانیا ن دەستگیرکرد. وەجێی خۆیەتی کەلێرەدا بڵێم کە ئێمە وەکو حزب بەیاننامەمان هەبوو سەبارە ت بەو حەملەیئیعدامانەی ئەم دواییە. رووخان و لەگۆڕنانی ڕژێمی جمهوریی ئیسلامی زە مانەتی دوور خستنەوەیپەتی سێدارەیەلەملی ئازادیخوازانی ئێران و دوور خستەوەیمە ترسیی تیرۆریش لەسەر ولاتانی ناوچەکە.

**ئایندەی بزوتنەوەکەی سەردەشت عوسمان لە گرەوی چیدایە؟ گفتوگۆ لەگەڵ نادر عبدالحمید**

ئامادەکردنی بۆ گۆڤاری نێوەند: هیدایەتی مەلا عەلی – ئەم دیمانەیە لە گۆڤاری نێوەند ژمارە 81 ی نۆڤەمبەری 2010 دا بڵاوکراوەتەوە.

نێوەند: ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەلەکەیسی خوێندکار و ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) ئەوەندەی هەوڵیداوە (سەردەشت عوسمان) وەک تاوانبارێک دەربکەوێت، ئەوەندە کاری نەکردوەبۆ ئاشکراکردنی تاوانبارانی ڕاستەقینە، بەڕای ئێوە ئاکامەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە چ پەیامێک ئەدا بەگوێی کۆمەڵگەدا و ئێوە لەم بارەوەدەڵێن چی؟

نادر عبدالحمید: ئاکامێک کە ئەم لیژنەیە خستویەتیە ڕوو، هاوسەنگیەکی تەرازووی هێز نیشان دەدات لە کوردستانی ئەمڕۆدا، لە نێوان بەرەی ئازادیخواز لەلایەک و بەرەی دژایەتی کردنی ئازادیەکان لەلایەکی ترەوە.

ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان؛ "پارتی" بەهاوکاری "یەکیەتی" لە حکومەتی هاوبەش و پەیمانی ستراتیژی نێوانیاندا، وە بەپشتیوانی ئیسلامی سیاسی و مەلای مزگەوتەکان لە بەرەیەکی کۆنەپەرستی ڕانەگەێندراودا کۆبونەتەوە و لە چەند ساڵی ڕابردووشدا درێغیان نەکردوە لە تەنگپێهەڵچنینی ڕۆژنامەکان، ڕاوەدوونانی نوسەران و دەنگی ئازادیخواز، وڵاتبەدەرکردنی نوسەرانێکی وەک مەریوان هەڵەبجەیی، گرتن و دادگایی کردنی کەمالی سەید قادر، وەستاندنی چەند زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی، فتوادان دژی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ڕاگرتنی هەندێکیان بەناوی لادان لەخەتی سوری "پیرۆزیە ئاینی و نەتەوەییەکان"، گرتن و شکەنجەدانی هەڵسوڕاوانی خۆپێشاندانەکانی ساڵی 2006 ، تیرۆری نوسەران و

ڕۆژنامەنوسانی وەک عەبدولسەتار تاهیر شەریف، سۆرانی مامە حەمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و لە ئێستاشدا سەردەشت عوسمان. بەدوای ئەویشدا بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەڕێگەی هەڕەشە کردن لەهەر ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنوسێک کە بابەتێک لە دژی "پیرۆزیە نەتەوەییەکان" بڵاوبکاتەوە، هەروەک ڕۆژنامەی "خەبات" ئۆرگانی "پارتی" لە ژمارە(3542) هەڕەشەنامەیەکی بەناوی (گەنجانی داکۆکیکار لەسەروەریی و پیرۆزییەکانی کوردستان) بڵاوکردەوە کە بەئاشکرا دەڵێت دەست دەدەینە کوشتوبڕی لەبەرامبەر ڕەخنە لە "پیرۆزیە نەتەوەییەکان". ڕاستە "پارتی" لەم دواییانەدا ڕێگەی تۆمارکردنی داوای یاساییشی لەسەر ڕۆژنامەکان و کەسانی بەرهەڵستکاری خۆی گرتۆتەبەر، بەڵام مێژووی ئەم حیزبە ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت کە سروشتی کاری سیاسی ئەم حیزبە نەک ئەم شێوازە مەدەنیە بەڵکو شێوازی زەبروزەنگ، گرتن و تیرۆری موخالیفانی سیاسی خۆی بوە.

بەڵێ ئاکامێک کە ئەم لیژنەیە خستویەتیەڕوو ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەم بەرە کۆنەپەرستیەی نێوان ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار و ئیسلامی سیاسی پێ بەپێ لە چەند ساڵی ڕابردوودا، و بەتایبەتیش لەدوای تیرۆری سەردەشت عوسمان، توانیویانە ئەو فەزا ئاوەڵا سیاسیە لە مەنگەنە بدەن و بەرتەسکی بکەنەوە، تا ئەو ڕادەیە کە ئەمرۆ پەیامی خۆی ڕاشکاوانە و بوێرانە ڕابگەیێنێت و بە ئازادیخوازانی کوردستان بڵێت تیرۆریشتان دەکەین، دەمیشتان دادەخەین و بە تیرۆریستیشتان لەقەڵەم دەدەین.

نێوەند: ئەگەر ئەم تیرۆرە ئەڵقەیەک بێت لە زنجیرەی کێشمەکێشێکی بەرینتری نێوان دوو بەرەی ئازادیخواز و بەرەی کۆنەپەرستی، وەک ئەوە کەباستان کرد، کەواتە بەرەی ئازادیخواز دەبێ چۆن ڕووبەڕوی ئەم هێرشانەبوەستێتەوە؟

نادر عبدالحمید: ئەگەر تێگەیشتنمان بۆ ئەم دیاردەیە، بۆ ئەم دەستدرێژیە بۆ سەرئازادی لە شکڵی تیرۆری سەردەشت عوسماندا، ئەوە بێت کە ئەمە دیاردەیەکی سادەی کوشتنی کەسێک نیە لەلایەن کەسێکی تر یان لایەنێکی سیاسیەوە و بەس، وە داپچڕاو نیە لە مێژویەکی گشتی کە کوردستان پیایدا تێپەڕیوە، بەڵکو بەرهەمی کێشمەکێشێکی چەند ساڵی ڕابردوە لەنێوان بەرەی ئازادیخوازان و بەرەی کۆنەپەرستی و ئیستیبداد، کە ئەم بەرەی دووەمە توانیویەتی، پاشەکشە بە بەرەی یەکەم بەرەی ئازادیخواز بکات، ئەوا لێرەوە تێدەگەین کە بەرەنگاربونەوەکەش ناتوانێت تەنها بەرنگاربونەوەیەکی ئاکسیۆنی و کاتی بێت، وە ناشبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە بەچەند چالاکی و ئاکسیۆنێک، بەچەند خۆپێشاندان و نامەی ناڕەزایەتی ئەو پارسەنگە لارەی کە لە پرۆسەیەکی چەند ساڵیدا بەرهەمهاتوە هەروا بەئاسانی ڕاست بێتەوە. بەرەی کۆنەپەرستی و ئیستیبدادی بورژوازی بەپشتیوانەی ئەو پارسەنگە سیاسیە دەتوانێ بەئاسانی تیرۆر ئەنجام بدات، ڕۆژنامە ئەهلیەکان بخاتە ژێر فشار و پاڵەپەستۆوە، هەڕەشە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و نوسەرانی ئازاد بکات. بەڵام بەرەی ئازادیخواز ناتوانێت هەروا بەئاسانی؛ فشارەکانی بەرەی کۆنەپەرستی لەسەرخۆی وەلابنێ، و ئەوانەش کە لە پشتی تیرۆرەکەوەن کێشیان بکات بۆ دادگا.

ئازادیخوازانێک کە بەچاوەڕوانیەکی سادەی ئاواوە؛ کە لایان وایە بە چوار نامەی نارەزایەتی و کەمپینێکی ئیمزاکۆکردنەوە و دوو خۆپێشاندان، تاوانباران دەستگیر دەکرێن و دەدرێنە دادگا، ئازادیخوازانێکی ئاوا سەرەتا زۆر بەگەرموگوڕیەوە هەڵدەسوڕێن، بەڵام دوای ماوەیەک دەبینن، ئەوەی کە چاوەڕوانیان دەکرد هەروا بەئاسانی نایەتەدی و بەرەی کۆنەپەرستی دژە ئازادیش پەرچەکرداری توند دەنوێنێت، ئەوا توشی جۆرێک لە نائومێدی و پاشەکشە و سستی لە هەڵسوڕان دێن. وە لەڕاستیدا ئەزمونە مێژووییەکانی هەموو بزوتنەوەیەکی جەماوەری و شۆڕشێکی جەماوەری ئەوە نیشان دەدات کە لە پرۆسەی کێشمەکێش لە نێوان بەرەی شۆڕش و بەرەی دژەشۆڕشدا، لە قۆناغەکانی پاشەکشە و کپ بونەوەدا لەزۆر کاتدا جەماوەر توشی جۆرێک لە نائومێدی، بەرچاوتاریکی و پەشیمانکاریش هاتوون و بگرە ڕابەرانێکیش هەڵگەڕاونەتەوە و تۆبەیان کردووە. خۆشبەختانە ئێمە ئێستا لەبەرامبەر حاڵەتێکی ئاوەهادا نین. وەباسکردنی تەنها بۆ تیشک خستنەسەر فکرەکەی سەرەوە بوو.

بەڵێ لەوەڵامی پرسیارەکەتاندا جەماوەری ئازادیخواز دەبێت چۆن ڕوبەڕوی ئەم هێرشانە ببێتەوە؟ دەڵێین ئەو جەماوەرە دەبێت لە ڕیزێکی یەکگرتووی بەرین، بە خواستی ڕۆشنەوە، جارێکیتر بێتەوە سەرشەقامی شارەکان. بەڵام ئەمە تەنها بە بەیاننامە، بانگەواز و ئیرادەگەرێتی نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە هێنانەدی ئاڵوگۆڕێکی هەمەلایەنەی فکری–سیاسی و عەمەلی هەیە لەناو بزوتنەوەکە و هەروەها لەناو ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەکەشدا. ئەوەش پێویستی بەکارێکی هەمەلایەن، ڕیشەیی و دەستەجەمعی هەیە هەر لە هەوڵدان بۆ هاوئاهەنگ کردنی کاروچالاکیەکانی تەواوی کۆمیتە و کەمپینەکانی دەرەوەی وڵات بەیەکەوە و بەناوەوەی کوردستان تا دەگا بە ڕەخنەگرتن و وەلانانی ئاسۆی ناسیونال–لیبراڵی زاڵ و دەرکێشانەدەرەوەی بزوتنەوەکە بەعەمەلی لەژێر باڵی ئەم ئاسۆیەدا، تا دەگا بەڕەخنە لە سکتاریستی بەشێک لە چەپ و کێشکردنی بۆ کاری هاوبەش لەدەرونی ئەو بزوتنەوە ئازادیخواز و دیموکراتیکەدا.

نێوەند: لەوەڵامی پرسیاری دوەمدا سەرەداوی چەند بابەتێکی گرینگ هاتۆتە گۆڕێ، باس لە پێویستی ئاڵوگۆڕێکی هەمەلایەنەی فکری–سیاسی و عەمەلی لەناو بزوتنەوەکە دەکەی، لەوانە باسی وەلانانی ئاسۆی ناسیونال–لیبراڵی زاڵ و دەرکێشانەدەرەوەی بزوتنەوەکە بەعەمەلی لەژێر باڵی ئەم ئاسۆیەدا. ئەم ئاڵوگۆڕە بۆچی پێویستە؟ وەئایا ئیمکانی هاتنەدی هەیە؟

نادر عبدالحمید: ئێمە لە "ڕەوەندی سۆشیالیستی کرێکاری" لە بڕیارنامەی خۆماندا لە "چلەی سەردەشت"، لە 15–6–2010دا، باسمان لەوە کردووە کە نەک تەنها لەبەرئەوەی کە ئێمەی چەپ، مارکسیست و کۆمۆنیستین بۆیە نامانەوێت ئاسۆی ناسیونالیستانەی لیبراڵ بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا زاڵ بێت، و دەمانەوێت ئەم بزوتنەوەش وەک هەموو بزوتنەوەیەکی دیموکراتیخواز و ئازادیخواز بکەینە سەکۆی بەرەوپێشبردنی بزوتنەوەی

سۆشیالیستی و شۆڕشی کۆمۆنیستی، بەڵکو بەدیاریکراوی لەبەرئەوەیە کە پەرەسەندن، گەشەکردن و بەئاکام گەیاندنی خواستەکانی ئەم بزوتنەوەیە و لەدووتوێشیدا خواستەکانی بنەماڵەی سەردەشت عوسمان، هەروەها بەرزکردنەوەی ئەو بزوتنەوە بۆ ئاستێکی وەها کە بتوانێت پایەکانی ئیستیبداد لە کوردستاندا تێکبشکێنێت و ئازادی دابینکات پێویستە ئەو ئاسۆیە ڕەخنە بکرێت، دەنا ئەم بزوتنەوەیە و خواستەکانی گورگانخواردوو دەکرێت.

سەیرکە، ڕەوتی پەرەسەندنی ڕوداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو ئاسۆی ناسیونال-لیبراڵی زاڵ بەسەر ئەم بزوتنەوەیەی بەبنبەست گەیاندووە. ئاسۆیەک کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم و دامودەزگاکانی بەرپرس دەکرد لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی تاوانەکە و ئاشکراکردنی تاوانباران. ئەمڕۆ "لیژنە"ەکەی سەرۆکی هەرێم، لە ڕاگەیاندنی خۆیدا سەردەشت عوسمانی نەک هەر بە قوربانی تیرۆر نەناساندوە بەڵکو تاوانباریشی کردووە بە بونی پەیوەندی بە تیرۆریستانەوە. بەدوای ئەم ڕاگەیاندنەدا، ئەو بزوتنەوە ناڕەزایەتیەی کە خوازیاری ئازادیە لە کوردستاندا یا دەبێ ملکەچی وەها لێکۆڵینەوەیەک بێت یان ڕاشکاوانە و ڕادیکاڵانە بەرەنگاری بوەستێتەوە. "گۆڕان" کە گەورەترین پایەی ئەو ئاسۆیەیە هیچ هەڵوێستێکی ڕەسمی لەبەرامبەردا نیە. بۆیە لەڕووی بابەتیەوە ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتیە جەماوەریە ئازادیخواز و دیموکراتیکە لە ئێستادا ئامادەیە بۆ وەلانانی ئەو ئاسۆ ناسیونال-لیبراڵە بەسەریا. ئەوەش شتێک نیە لەخۆیا بێتەدی بەڵکو بە دەستپێشکەری حیزب، ڕێکخراو، هێز و لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان دێتەدی کە لە جیهانی واقعیدا دەبێ هەنگاوهەڵگرن بۆ هێنانەدی بلۆکێکی عەمەلی ڕادیکاڵ بە پلاتفۆڕمێکی چەپەوە. ئەوە ئەو ڕێگە واقعی و عەمەلیەیە کەلەبەردەم هەڵسوڕاوان و چالاکوانانی ئەم بوارەدایە. ئەمڕۆ "بزوتنەوەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی" لە دووڕیانێکدایە یان ئەبێ خۆی بدا بەدەستەوە و بپوکێتەوە یان ئەبێ هەوڵبدرێت گوژم و تینێکی تر بەخۆیەوە ببینێت.

بزوتنەوەی "گۆڕان"، کە گەورەترین و بەهێزترین پایە و کۆڵەگەی ڕەوتی ناسیونال-لیبراڵە لەمڕۆی کوردستاندا کە چەندین "مەڵبەند" و "ڕەهەند"ی لیبراڵانەی فکری و ئەدەبی دەورەیانداوە، بەڕاگەیاندنی "کەمپینی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین"ی "کۆمپانیای وشە" بە عەمەلی خەریکە قاچی خۆی لەناو "بزوتنەوەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی" دێنێتەدەرەوە. بێدەنگی و نەبونی هەڵوێستی ڕەسمی "گۆڕان" بەرامبەر ڕاگەیاندنی 15-9-ی "لیژنەی لێکۆڵینەوە"کە ئەوە دەردەخات. "گۆڕان" هاتووە "کەمپین"ەکەی خۆی بخاتە جێگەی "بزوتنەوەکە". دەمەوێت لێرەدا پێ لەسەر چەمکی "بزوتنەوە" داگرم بۆ ئەو ناڕەایەتیانە و لێرەشەوە بایەخەکەی تێبگەین لەبەرامبەر "کەمپین"دا. ئەڵبەتە "بزوتنەوەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی"یش چەندن کەمپینی لەخۆگرتووە بەڵام ناکرێت بڵێین ئەم بزوتنەوەیە کۆی چەند کەمپینێکە. بەدڵنیاییشەوە کەمپینی "کۆمپانیای وشە"ش بزوتنەوەیەکی لە پشتەوەیە بەڵام ئەم بزوتنەوەیە ڕەوتێکی سیاسیە نەک جموجوڵ و خرۆشانێکی خەڵکی لەشکڵی بزوتنەوەیەکی جەماوەریدا وەک ئەوەی کە بزوتنەوەکەی

سەردەشت عوسمان و کەمپینەکانی تەعبیری لێدەکەن. "گۆڕان" ئاڵتەرناتیڤێکی بۆ بزوتنەوەکە هێناوەتە ئاراوە کەمانا عەمەلیەکەی ئاشبەتاڵ پێکردنی بزوتنەوەکەیە و سەرنج ڕاکێشان و کەنالیزەکردنی ناڕەزایەتیەکانە لە قاڵب و شێوازێکی لیبرالانە، ڕۆشنبیرانەی ناجەماوەری زۆر بەرتەسکتر و لەخوارتری بزوتنەوە جەماوەریەکە. هەر بۆیە لەڕوانگەی زیندوڕاگرتن و بوژانەوە و بەرەوپێشبردنی بزوتنەوەکە ناچارین کە بچینە جەنگی ئەم ئاسۆ ناسیونالـ-لیبراڵە. وە لەکاتێکدا گەورەترین و بەهێزترین کۆڵەگەی ئەو ئاسۆیە خەریکە پشت بکاتە بزوتنەوەکە ئەوە باشترین هەل دێنێتەئاراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. وەئەوە تەنها بە وتار نوسین و ڕاگەیاندنی حیزبەکان نایەتەدی بەڵکو کارێکی سیاسی عەمەلی گەرەکە کە بتوانێت لە سەر زەوی بەرەیەکی ڕادیکاڵ بەپلاتفۆڕمێکی چەپەوە بێنێتەدی.

نێوەند: چەپەکان زۆر چالاکانە لەم بزوتنەوەیەدا بەشدار بوون، ئەوەتا گۆڤاری دەستور باس لەوە دەکات کە لە کۆی 39 حیزب لە کوردستاندا تەنها "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان" هەڵوێستی ڕاشکاوانەی دژی "لیژنەی لێکۆڵینەوە"کە و "پارتی" بووە. بەڵام ئێوە لەدوتوێی وەڵامی پرسیاری دووەمدا باس لە ڕەخنەگرتن لە چەپ دەکەن؟ بۆچی؟

نادر عبدالحمید: سەرەتا پێویستە ئەو زانیاریە ڕاست بکەینەوە کە حیزبی ناوبراو تاکە حیزب نەبووە لەو مەیدانەدا، بەڵکو هەموو حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان لەوانە "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری-چەپی عێراق"، "یەکیەتی کۆمۆنیستەکان" و ئێمەش لە "ڕەوەندی سۆشیالیستی کرێکاری" و "پارتی چەپی کوردستان" هەروەها زۆرێک لە کۆڕوکۆمەڵ (مەحفەل)ی چەپی بێناونیشان هەم زۆر چالاکانە لە کەمپینەکان و بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکەدا بەشداربوون چ لەناوخۆی کوردستان و چ لەوڵاتانی دەرەوە، وەهەم هەڵوێستیان زۆر ڕاشکاوانە بووە. ئەمەش شتێک نیە ئیدیعا بێت بەڵکو بە دۆکیومێت لەبەردەستدایە.

دروستە هەروەک ئاماژەتان پێکرد، حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان و هەڵسوڕاوانی چەپ زۆر چالاکانە بەشداری ئەم بزوتنەوەیە بوون، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کەدەبێ ئاستی بەشداری و دەخالەتی چەپ بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستی ڕابەڕایەتی. حیزبێک یان ڕێکخراوێکی چەپ و کۆمۆنیستم نیشانبدە کە جگە لە بەشداری چالاکانە ئیدیعای ڕابەرایەتی ئەو بزوتنەوەی کردبێ؟ ئەمە ئەو واقیەتەیە کە ئێمە پێی ڕازی نین. ئێمە هەوڵدەدەین کە چەپ ببێتە خاوەنی سیاسەتێک لە دەرونی ئەو بزوتنەوەیەدا کە بیکاتە ڕابەر. ئەڵبەتە هێنانەدی عەمەلی ئەو سیاسەتە (بوونی چەپ بەڕابەری بزوتنەوەکە) بەستەگی تەنها بە خواست و ئیرادەی سیاسی ئێمەوە نیە و هۆکار و فاکتۆری مادی تریش تیایدا بەشدارە. بەڵام ئەوەی کە پەیوەستە بە خودی چەپ خۆیەوە، پێویستە سەرەتا پێشمەرجی ئەوکارە کە سیاسەت و تاکتیکی دروستە لەم مەیدانە بگرێتەبەر، پاشان لێرەوە بەدوای هەموارکردنی گرێوگۆڵە مادیەکانی پێشڕەوی خۆیەوە بێت بەرەو ڕابەرایەتی.

هەموو چالاکیەک، ئاکسیۆنێک و هەوڵ و کۆششێک لەلایەن حیزبەکان، ڕێکخراوە سیاسیەکان، کۆمیەتە و کەمپینەکان و کۆڕوکۆمەڵ و ناوەندەکانی هەڵسوڕاو لە ناو "بزوتنەوەی سەردەشت عوسمان بۆ بەرگری لە ئازادی"، جێگەی دەستخۆشانە و ڕێزلێگرتنە و بایەخی سیاسی خۆشیان هەیە، لانی کەم لە ڕیسواکاری "پارتی" و دانانی لەمپەرێک لەبەردەم دەست درێژی زیاتری بۆ سەر ئازادیەکان لە کوردستاندا، بەڵام ئەوەی جەماوەری ئازادیخواز، توێژە کۆمەڵایەتیەکانی تینوی ئازادی و دیموکراسی، کرێکاران و زەحمەتکێشانی بێ مافکراو، لە ڕیزێکی یەکگرتوو و خاوەن ئامانج و پەرچەم، وەک دیوارێکی پۆلاین دێنێتە بەردەم بەرەی کۆنەپەرستی، ئەوە کارێکی دەستەجەمعی، ڕیشەیی و ژێرەوەیی درێژماوەییە. ئەمە بەم مانایە نیە کە ئێستا دەستبەردای ئاکسیۆن و چالاکیەکان بین، ڕیزەکانی ئەو بزوتنەوە بەجێبهێڵین و بچین لە خەڵوەتگادا خەریکی کارێکی وەها بین، نا بەڵکو ئەبێ لە ڕوانگە و ئاسۆیەکی ئاواهیەوە، چالاکیەکانی ئەمڕۆ بەڕێبخەین و بەرفراوانتریشیان بکەین.

ئەم ڕوانگە و ئەم ئاسۆیە ئەوە دەخوازێت بۆ ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی "سەردەشت عوسمان"، پێویستە لەدەرونی ئەم بزوتنەوەیەدا بلۆکێکی چەپ و ڕادیکاڵ لە حیزب، ڕێکخراوە سیاسی و کۆڕوکۆمەڵە چەپ و ڕادیکاڵەکان پێک بێت و بتوانن ئالای پلاتفۆرمێکی چەپ و ڕادیکاڵ لەدەرونی ئەم بزوتنەوەیەدا هەڵبدەن. ئێمە لە "ڕەوەندی سۆشیالیستی کرێکاری"، هەر زوو بڕیارنامەیەکمان لەوبارەوە ڕاگەیاندوە لەبەرواری 15-6-2010.

هەر حیزب وهێز و لایەنێکی چەپ مافی خۆیانە کە هەڵسن بە ئاکسیۆن و چالاکی سەربەخۆی خۆیان، بەڵام کاتێک حیزبێک بانگەواز دەربکات بۆ هاتنەمەیدانی جەماوەری ئازادیخواز بۆ وەستانەوە بەدژی ملهوڕیەکان و ئیستیبدادی "پارتی" بەبێ ئەوەی سیاسەتێک بخاتەڕوو کە چۆن ئەو جەماوەرەی دێتە مەیدان لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا یەکگرتوو بکرێت. خۆی هەڵسێت بە ئاکسیۆن و چالاکی خۆی بەدابڕاوی لە ڕیزێکی بەرین لە هەڵسوڕاوانی چەپ و ڕادیکاڵ کە چالاکن لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا. ئیتر ئەمە دەرکێکی ئاکسیۆنیستیە بۆ ئەرکی ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەیەکی دیموکراتخواز و ئازادیخوازی لەو چەشنەی سەردەشت عوسماندا. ئەمە مانا عەمەلیەکەی سکتاریست بونە لەبەرامبەر بزوتنەوەکەدا، خۆ جیا کردنەوەیە لە بزوتنەوەکە وەک سکتێک، کە ئامانج لە ئاکسیۆن و چالاکی؛ زەق کردنەوە و دەرخستنی ناوی حیزبە بەرلەوەی ئامانج پتەوکردن، بەرفراوانکردنی بزوتنەوەکە و هێنانە مەیدانی بێت. چەمکی سکتاریست لێرەدا بەمانای مامەڵەی حیزب و گروپێک لەگەڵ حیزب و گروپێکی تر بەکار ناهێنم بەڵکو بەمانای سکتاریست بوون بەرامبەر بزوتنەوە جەماوەریەکە بەکار دەبەم.

لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم کە "بزوتنەوەی سەردەشت عوسمان"، لەناوەڕۆکی خۆیدا بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی دیموکراتیک و ئازادیخوازە. نە بزوتنەوەیەکی کرێکاریە و نە

بەشداری چالاکانە و ڕابەرایەتی چەپ و کۆمۆنیستەکانیش دەیکاتە بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی. وە لەبارودۆخێکدا ئەم بزوتنەوە دیموکراتیکە سەرهەڵدەدات کە بزوتنەوەیەکی کرێکاری سەربەخۆ و ڕێکخراو، هەروەها حیزبێکی چەپ و مارکسیستی خاوەن ئیتۆریتە لەمرۆی کوردستان لەمەیداندا نیە. لێرەوە بەرپرسیاریەتی چەپ و کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ئەو بزوتنەوەیەدا گرتنەبەری سیاسەت و تاکتیکی دروستی وایە کە هەم بتوانێت یەکپارچەیی بزوتنەوەکە بپارێزێت و هەم بتوانێت ئاسۆی زاڵی ناسیونال-لیبراڵ بڕەوەوێنێتەوە بەسەریا، ئەوە ئەو سیاسەتەیە کە ئێمە لە "بڕیارنامە"کەدا ڕامان گەیاندوە. هەر ئەم سیاسەتەشە کە ئیمکان بە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان دەدات؛ لایەک بەرهەمەکانی ئەم بزوتنەوەیە بخەنە خزمەت بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستیەوە، وە لەلایەکی تریشەوە چەپ و کۆمۆنیزم وەک ئاڵتەرناتیڤ بخاتە بەردەستی کۆمەڵگە، بۆ ڕابەرایەتی تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تری توێژە نارازیەکان.

نێوەند: لە کۆتاییدا دەپرسم داهاتوی ئەم بزوتنەوەیە و ئایندەکەی لە گرەوی چیدا دەبیننەوە؟

نادر عبدالحمید: ئایندەکەی پەیوەستە بەپێشڕەوی لە دوو بواردا؛ یەکەم ئەم بزوتنەوەیە لە پەرەسەندنی خۆیدا، تاچەند پێشڕەوی کردوە بەرامبەربە بەرەی دژ بەخۆی، دوەم لەو ڕەوەندەشدا، تاچەند توانیویەتی ناکۆکیە دەرونیەکانی خۆی یەکلایی بکاتەوە. سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە ڕاستەوخۆ بەدوای تیرۆری سەردەشت عوسماندا لە سەرەتای مانگی پێنجەوە[6-5-2010] تا ڕۆژی چلەی سەردەشت کە ناوەڕاستی مانگی شەشی ئەمساڵ [15-6-2010 ] بوو، ئەو ماوەیە قۆناغی یەکەم، قۆناغی گەشە و پەرەسەندنی بزوتنەوەکە بوو. قۆناغێکە کە کۆنەپەرستی و ئیستیبداد لە کوردستاندا بەتایبەتی لە شکڵی دەسەڵاتی "پارتی"دا پاشەکشەی پێدەکرێت. بەڵام بەدوای "چلە"کەوە، لایەک بزوتنەوەکە سستی و خاوی تێدەکەوێت، وە لەلایەکی تریشەوە "پارتی" خۆی گورج دەکاتەوە و بەپلان هەنگاو دەنێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەولێر(ی پایتەخت) و پاشان هەڕەشە لە نوسەران و ڕۆژنامەوانان، ئینجا فشاری تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر ڕۆژنامە ئەهلیەکان. ئەمە قۆناغی دوەمی بوو. ڕاگەیاندنی "لیژنەی لێکۆڵینەوە"کە، لە 15-9-2010 دا، سەرەتای قۆناغی سێهەمە و دەتوانین سەرنجی گەلێک ئاڵوگۆڕ و دیاردە بدەین لەو بزوتنەوەیەدا کە لەم قۆناغی سێهەمەدا هاتونەدتەدی. لەوانە شانۆسازیەک کە لە ڕاگەیاندنی "لیژنەی لێکۆڵینەوە"کەدا خراوەتەڕوو، گومان و نارۆشەنی نەهێشت لەسەر تیرۆرەکە. ئێستا لای ڕای گشتی کوردستان ڕۆشنە کە "پاراستن" و "پارتی"ەکەی "بنەماڵە"، دەستیان لەم تاوانەدا هەیە، بەڵام پەرچەکردار و ئامادەیی جەماوەری ئازادیخواز بۆ خرۆشان و هاتنەسەر شەقام چۆتەدواوە. ئەم ناکۆکیەش لایەک خاوبونەوەی بزوتنەوەکە و هەڕەشەکانی "پارتی"ە. لاکەی تری بەرهەمی بنبەست بونی ئاسۆی ناسیونال-لیبراڵی زاڵە بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا. ئاڵوگۆڕێکی تر کە لەقۆناغی سێهەمدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ڕەوتی پەرەسەندنی

بزوتنەوەکە لە چەند مانگی ڕابردودا بۆتە هۆی ئەوە کە سیما و ڕوخساری چەپ لەدەرەوەی وڵات بەم بزوتنەوەیەوە دیار بێت، بەڵام لەناوخۆی کوردستاندا جێ پەنجەی چەپ بەڕوونی دیار نیە و نابیندرێت.

ئەم بزوتنەوەیە لەسێ لاوە لەژێر مەنگەنەدایە: یەکەم زەبروزەنگی دەسەڵاتی "پارتی"، توانای مانۆڕ و فریوکاریەکانی ئەو حیزبە بۆ کپکردنەوە، دامرکاندنەوە و سەرکوتی بزوتنەوەکە . دوەم ئاسۆی ناسیونال-لیبراڵ و ڕیفۆرمیستی زاڵ بەسەر خودی بزوتنەوەکەدا کە ئەم بزوتنەوەیە بە نەزۆکی دەهێڵێتەوە . سێهەم: سکتاریزمی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی چەپدا. کە ڕێگرە لە هێنانەدی بلۆکێکی ڕادیکاڵ لەدەرونی ئەو بزوتنەوە ئازادیخوازە دیموکراتیکەدا .


داهاتوی بزوتنەوەکە پەیوەستە بەوەوە تاچەند لەژێر ئەم مەنگەنانە دێتەدرەوە. بەواتایەکی تر داهاتوەکەی لەگرەوی هەموارکردن و چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەدایە کە لەهەناوی ئەم بزوتنەوە دایە. ئەم ناکۆکیانە شتێک نین تەنها پەیوەست بن بەم بزوتنەوە دیاری کراوە، بەڵکو ئەم ناکۆکیانە لە هەناوی هەموو بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی جەماوەری، دیموکرات و ئازادیخوازدا هەن. بزوتنەوەی جەماوەری بەپێی پێناسە هەموو ئەو ڕەوت، مەڵبەند و تاڵە فکری-سیاسی و حیزبیانە دەگرێتەخۆ کە لەناو ئەو "جەماوەرە"دا لەساتێکی مێژویی دیاریکراودا بونیان هەیە. بزوتنەوەکەی سەردەشت عوسمانیش سەنتەری بەیەکگەیشتنی ڕەوتە فکری و سیاسیە جۆراوجۆرەکانە. ئەم بزوتنەوەیە لەهەناوی خۆیدا دوو بەرەی ناکۆکی کۆکردۆتەوە، بەرەیەکی چەپی ڕادیکاڵ و بەرەیەکی لیبرالی پەرلەمانتاریست، ڕیفۆرمیست و سازشکار. هەر بەرەیەکیش بگری ڕیزەکانی ناوخۆی پڕە لەناکۆکی. تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بە بەرەی چەپەوە؛ لەوپەری چەپی ناسیونالیست و ئانارشیستەوە، تا چەپێکی "کۆمۆنیست" جا چ سکتاریست و چ واقیع بین بە سیاسەتێکی ڕون و ئاشکراوە تیا هەڵسوڕاون، ئەمە بەرەیەکی چەپی لاواز و بێسەروبەرەیە لەناو ئەم بزوتنەوەدا، بەڵام بەرەی ناسیونال-لیبرالەکانی کوردستان تا ڕادەیەک لەهێزێکی بەرفراوانتر بەهرەمەندن و هاوئاهەنگن لەناوخۆیاندا لەچاو بەرەی چەپ و ئاسۆکەشیان زاڵە بەسەر بزوتنەوەکەدا، بەشی هەرەسەرەکی ئەم بەرەیە کە "بزوتنەوەی گۆڕان"ە خەریکی فاتیحا خوێندنە بۆ بزوتنەوەی سەردەشت عوسمان و سەرگەرمی کەمپینی "وشە"ی خۆیەتی، بەشێکی تریشی کە نوسەران و ڕۆژنامەوانانن، لە سەنتەر و مەڵبەندە فکری و ئەدەبیەکاندا کاردەکەن و بەدەوری ڕۆژنامە ئەهلیەکانەوەن، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی فکر و ڕادەربین مەسەلەیەکی حەیاتیە بۆیان بۆیە ئەیانەوێت بەردەوامی بەهەوڵ و کۆششەکانی خۆیان بدەن. "گۆڕان" وەک فڕاکسیۆنێکی سیاسی ناسیونالٔ-لیبراڵ، وەک قەوارەیەکی پەرلەمانی بەرژەوەندی تایبەتی (وبەمانایەک حیزبی) خۆی هەیە کە پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە ناچار بەسەوداوماڵەی دەکات لەگەڵ "پارتی" و ناچاری دەکات بزوتنەوەکە بکاتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆی، لێرەشەوە دەیخاتە ناکۆکیەوە لەگەڵ فڕاکسیۆنەکەی تر لە

ڕۆشنیران و نوسەرانی لیبراڵ و ئازادیخواز. ئەم بزوتنەوە بەم شکڵە هەڵیتوپەڵیتەیەوە لە ناوخۆیدا؛ ڕوبەڕوی بەرەی کۆنەپەرستی خاوەن دەسەلات و زەبروزەنگی "پارتی" بۆتەوە. دیارە کە بزوتنەوەیەکی ئاوا لەڕوی سیاسیەوە توانای پێشڕەویەکانی سنورداره و هێزی خۆڕاگری لەبەرامبەر بەرەی کۆنەپەرستی و زەبروزەنگی دەسەلاتی "پارتی"دا لاوازە. ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کەچۆنچۆنی ئەم بزوتنەوەیە لەم حاڵەتە لاواز و شەپرێویە دەهێنرێتەدەرەوە و بەرزدەکرێتەوە بۆ ئاستی بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی بەهێز، توندوتۆڵ و لێکهەڵپێکراو لەناوخۆیدا، کە بتوانێت لەبەرامبەر سەرکوتگەریەکانی "پارتی"دا بوەستێتەوە و ناچاری بکات بەپێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆی جەماوەری بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆری سەردەشت. ڕێگەی واقعی، عەقلانە و مارکسیستی ئەو سیاسەتەیە کە "ڕەوەندی سۆشیالیستی کرێکاری" لە "بڕیارنامە"کەی خۆیدا ڕایگەیاندوە. هێنانەدی بلۆکێکی ڕادیکال لەدەرونی ئەم بزوتنەوەیەدا بە پلاتفۆڕمێکی چەپەوە. بەو ئەندازەیەی کە ئەم سیاسەتە دەچێتە پێشەوە بەو ئەندازەیە ئاسۆی بوژانەوە و گەشەکردن و بەهێزبوونی مسۆگەر دەکرێت. هەموو بزوتنەوەیەکی دیموکراتیک و ئازادیخواز لەساتەوەختێکدا، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتۆری مادی سەرهەڵدەدات و بە پڕۆسەیەکدا تێپەڕ دەبێت، لەم پڕۆسەیەدا ناکۆکیە دەرونیەکانی دەپشکوێن. ئەگەر فرسەت نەیەتەپێشەوە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان، وەیا ئەگەر لەباریش ببرێت و بخنکێندرێت، مادام هۆکارە مادیەکانی لە بونی کۆنەپەرستی و ئیستیبدادی بورژوازی لەئارادابن ئەوا لە چرکەساتێکی تردا، بەبۆنەیەکی تر و لەسەر مەسەلەیەکی تر، لە شکڵ و شێوەیەکی تردا سەرهەڵدەداتەوە.

خۆپێشاندانەکانی 2006 وەک بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی بەدوای چەند مانگێکدا لە ئاکامدا پوکایەوە، بەلام ناتوانین بڵێین ئەم بزوتنەوەیە هیچی لەدوای خۆی بەجێنەهێشت. ئەم بزوتنەوە ئاڵوگۆڕیەکی ڕیشەیی لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستاندا بەرامبەر هەردوو حیزبی دەسەلاتدار هێنایەدی. لێرەوە ڕوحی خۆپێشاندانەکانی 2006 ئەمڕۆ بەشکڵێکی شاراوە لە بزوتنەوەکەی سەردەشتدا ئامادەیە. بەدڵنیاییشەوە لەسبەی سەرهەڵدانی هەر بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی و ئازادیخوازی تریشدا ڕوحی بزوتنەوەکەی سەردەشت عوسمانی 2010 ئامادە دەبێت. جیاوازیەکەشی لە ڕوحی خۆپێشاندانەکانی 2006 لەوەدا دەبێت کە ئەزمونێکی ئیزافی دەخاتەڕوو ئەویش چۆنیەتی وەلانانی ئاسۆی ناسیونال-لیبرال و کردنەدەرەوەی سکتاریزمە لەبزوتنەوەیەکی ئازادیخواز و دیموکراتیکدا، نەک هەر بە وتار نوسین و بەیاننامە دەرکردن بەڵکو بە سیاسەتێکی عەمەلی، عەقلانی و مارکسیستی. ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە "ڕەوەندی سۆشیالیستی کرێکاری" لە بزوتنەوەی سەردەشت عوسماندا خاوەنیەتی. ئێمە ئاگاهانە دەبێ ئەو پردانە لەنێوان ئەزمونی بزوتنەوەکان دامەزرێنین بۆ نەوەکانی داهاتووی هەڵسوڕاوانی چەپ و مارکسیست.

15 ئۆکتۆبەری 2010

# پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان



**ڕاگەیاندنی کەمپینی پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**لایەنەسیاسی و جەماوەری و ڕۆژنامەنووسان و روناکبیریەکان!**

**جەماوەری نارازی و بەدەنگهاتوو لەتیرۆر!**

هەموو ئەوانەی کەلەکارەساتی تیرۆری سەردەشت دا لەگەڵماندا بوون و بەبوونی ئێوەش ئێمەتوانیمانئەو خەمەقورسەتەحەمول بکەین!

لەرێگای ئەم راگەیاندنەوەئاگادارتان دەکەم کەمن وەکو برای سەردەشت و وەکو کەسێک کەبە شێکی ژیانی خۆمم بۆ بەرگری لەئازادی سیاسی، ئازادی رادەربڕین و بیروڕا، دژی تیرۆرو سەرکوتی سیاسی تەرخانکردوە، وەلەو سۆنگەیەوە کە بڕوام وایەسەردەشت نارازی لە نایەکسانی و قوربانیی ئازادی بوو، بزوتنەوەیەکیش کەبەدوای تیرۆرەکەیدا شارەکانی کوردستانی خرۆشاند و تا دەرەوەی کوردستانیش کشا، بۆ بەرگری لەئازادی و لەپێناو ئازادیدا بوو،دروستکردنی پەیکەرێک بۆ سەردەشت بەناوی (پەیکەری ئازادی)یەوە لەهەمان ئەو شوێنەدا کەلێی رفێنرا، واتەلە بەردەم کۆلیژەکەیدا رادەگەیەنم.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا پرۆژەیلەچاپدانی کتێبی "سەردەشت عوسمان" لەبەر دەستدایە. سە رجەم ڕۆژنامەو گۆڤار و ماڵپەڕەکان ئاگادار ئەکەینەوە، ئێمەهەڵدەستین بەلەچاپدانی تە واوی نوسراو و بابەتەکانی "سەردەشت". لەچوارچێوەی کتێبێکدا. کتێبەکەتەواوی ئەو وتار و ڕاگەیاندن و هەواڵ و ڕیپۆرتاژی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مەراسیمەکانی لەدژی ڕفاندن و تیرۆری "سەردەشت " نوسراون و بەرێخرابوون لەخۆ دەگرێت . ئەو کارەشمان بەئامانجی درێژەدانی هەموو هەوڵدان و کارەکانی تاکو ئێستا لەڕاستای وەستانەوەلەبەرامبەر تیرۆر و ئاشکراکردن و دادگاییکردنی تاوانباران و بکوژانی سەردەشتدایە.

لەم ئەرکەمدا پێویستم بەهاوکاری ئێوەهەموو دڵسۆزانی ئازادی و سەردەشت هەیە. هەر لەپە یکەرتاشەوەکەبتوانێ پەیکەرێکی شایستەبەپەیام و گیانی سەردەشت دروست بکات تا بە کۆمەکی مالی بۆ ئەو پرۆژەیەو هەروەها کەسانێکی شارەزا لەباری یاسایەوەکەبتوانین رەزامەندی لایەنی بەرپرس بۆ دادانی ئەو پەیکەرەلەشوێنی ناوبراودا بەدەست بێنین.

هەرلێرەوەبانگەوازی هەموو ئەو کەسو لایەن و دەزگاو دامەزراوانەدەکەم کەلەم کارەدا دەیانە وێ هاوکار و پشتیوانم بن بەشێوەی راگەیاندن و یان لەرێگای پەیوەندیکردنەوەلەشێوازی کۆمەک وهاوکاریەکانیان ئاگادارم بکەنەوە. لەگەڵ هاوکارانێک کەپەیوەست ئەبن بەم کە مپینە، لەنزیکترین کات ژمارەتەلەفۆن و ئەدرێسی پێویست بڵاودەکەینەوەلەگەڵ راگەیاندنی حساب بانکیەک بۆ ئەوانەی کۆمەکێ مالی دەکەن.ئێمەناوی ئەوکەسانەبڵاودەکەینەوەلە داهاتودا لەگەڵ ناوی هەموو ئەوکەسانەی لەو کەمپین و پرۆژەیەدا بەشداریان کردوە.

هاوکاریتان جێگەی ڕێز و پێزانینە. هاوکات هەر سەرنج و پێشنیاریکیشتان هەبێت بۆ چۆنیە تی پەیکەرەکە و کتابەکە پێشوازی لێ ئەکەین

بەکر عوسمان ( ئارام عەلی)

بەڕێوەبەری دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپشتی

27-05-2010

**ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەرێگری لەبەردەم "پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان"!**

سەرەتا مەبەستی من لەدروستکردنی "پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان" تاکەئامانجێک نییەلەبەرامبەر تیرۆری دڕندانەی سەردەشت و بێدەنگکردنی دەنگی ئازاد لەکوردستان. بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئاشکراکردن و دادگایی تاوانباران و بەرەسمی ناسینی ئازادی ڕادەربرینەلە کوردستان. ئەوەئامانجێکی سەردەشت و هەموو سەردەشتەکانیترەکەسەردەشت دوایین قوربانی ئازادی ڕادەربرین بێت لەکوردستان. هەر لەم ڕوانگەشەوەپرۆژەی پەیکەرەکە بەشێکە لەمەسەلەی سەردەشت.

بەئاگاداری هەموو لایەکی دەگەیەنم کەلەرێککەوتی 02-06-2010 دا بەداواکاریەکی نوسراو داوای ڕەزامەندی شوێن و دانانی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان، ئاراستەی پارێزگاری هەولێر بەڕێز" نەوزاد هادی"کرد. بەدوای چاوەڕوانی نزیکەی 3 هەفتە، بۆ بەدواداچوون جارێکیتر پەیوەندیم بەپارێزگاری هەولێر کردەوە، هەواڵی ئیجازەکەیم پرسی. ئەمەدەقی وەڵامی پارێزگاری هەولێرە:

*"تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەلەم مەسەلەیەیەکلا نەبۆتەوەو تاکوو لێژنەی لێکۆڵینەوەئەنجامی کۆتایی خۆی نەداتەدەرەوە، ئێمەمۆڵەتی ئەو پەیکەرەنادەین لەنێو شاری هەولێر"*

لەڕاستیدا وەڵامی پارێزگاری هەولێر، بەئاشکرا ڕێگرتنەلەبەردەم دانانی "پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان". پارێزگای هەولێر و دەسەڵاتدارانی شاری هەولێر و حکومەتی هەرێم، سەبارەت بەمەسەلەی تیرۆری سەردەشت، ئەکەونەبەرامبەر پرسیاری ئێمەو خەڵکی کوردستان. ڕێگەنەدان بەدانانی پەیکەری ئازادی، هیچ پاساو و ئەگەر و دواخستنێک هەڵناگرێ.

دواتر بەستنەوەی دانانی پەیکەرەکەبەلێژنەی لێکۆڵینەوە، زۆر نادروستەو هیچ پەیوەندیەک لەنێوان پەیکەرەکەو لێژنەی لێکۆڵینەوەدا نییە. بەستنەوەی بەلێژنەی لێکۆڵینەوەچەندین پرسیاری تر ئەخاتەسەر وەڵامی پارێزگای هەولێر، چونکەلێژنەی لێکۆڵینەوەیەکبەدوای 50 ڕۆژ لەتیرۆری سەردەشت هێشتا نەک هیچ کارێکی دیار نییەبەخەڵکی ڕابگەیەنن. بەڵکو تە نانەت ڕاستی و دروستی ڕوداوەکەشی بەخەڵک نەگەیاندووە. بەستنەوەی دانانی پەیکەر بەئە نجامەکانی لێکۆڵینەوەوە لەلایەن پارێزگارەوە یانی ڕێگەنادەین ئەو پەیکەرە لە هەولێر دابنرێت. چونکەلێژنەی ناوبراو بەکردەوە سەلماندی لەرۆژی ڕابردودا هیچ شتێکی نەکردوەو

هیچ شتێکیش ناکات. چۆن ئەکرێ پەیەکەرەکەبەئەنجامی لیژنەیەک ببەسترێتەوە، نەک ئە نجامی کارەکانی بەڵکو خودی لیژنەکەش نادیارە.

من لێرەدا وێرای ئەوەی کەرەخنەو نارەزایەتی خۆم لەبەرامبەر رێگری دانانی "پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان" رائەگەیەنم. هەموو لایەکیش ئاگادار ئەکەمەوەکە"پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان" پرۆژەی سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازای کوردستانەو بەبریاری هیچ دەزگا و ناوەندێکی حزبی و دەسەڵاتکۆتایی پێنایەت. بەهیچ شێوەیەک ناوەستێ و هەر ئێستا دروستکردنی پەیکەرەکەبەهاوکاری دڵسۆزانەو خۆبەخشانەی کۆمەڵێک هونەرمەندی بە هەڵوێست و ئازادیخواز لەتەواوبوندایە. ئێمەپەیامی سەردەشت بۆ هەمیشەبەرز و بەرێز و درەوشاوەرائەگرین و پەیکەری ئازادیششایانی شەخسیەت و بوێری و ئینساندۆستی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی سەردەشتی رۆژنامەنوسە.لێرەشەوەبانگەوازی "کەمپینی پرۆژەی دروستکردنی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان" و تەواوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ئەکەم بۆ فراوانکردنەوەو خێراکردنەوەی هەنگاوەکان بەئاراستەی سەرخستنی ئەم پرۆژەیەو بۆ راگەیاندنی ئەوەی کە بێدەنگ نابین لەداواکارییەکانمان بۆ دانانی پەیکەری سە ردەشت و ئاشکراکردن و دادگاییکردنی تاوانباران و بکوژانی سەردەشت.

بەکر عوسمان (ئارام عەلی)

25-06-2010

**نە بەزیندوویی نە بەمردوویی ( سەردەشت ) نابێت لە هەولێر بێت !**

بەشدار عوسمان

راستە ئەو گەنجێکی خێرلەخۆ نەدیوی شاری قەڵاو منارە بوو، راستە ئەو رۆژنامەنوسێکی خەمخۆری مەملەکەتی زەرد بوو،راستە ئەو خەمی نەبونی ئازادی و برسیەتی مناڵان و بەدبەختی و بێ چارەیی گەنجانی شارەکەی مەشخەڵەت و پرۆژە و بەرنامەی هەمە رۆژەی بوو،راستە ئەو خەونی نەهێنانەدی خۆزگە و خولیاکانی کچ و کورانی شارەکەی بە دەیان شەو خەوی لێدەزراند،بۆ نەبونی هێزێک و دەرکێشانیان لە نەبونی و برسیەتی و کۆیلایەتی... ،بەڵام لەبەر ئەوەی بەبێ ئامادەبونی بە زیندوویی، تۆمەتیان بۆ دورست کرد و نەک هاوکاریش نەبون لە دورستکردنی پەیکەرەکەی بەڵکو رێگریشیان بۆ دانانی دورست کرد و هەمیشەش لە هەوڵی گۆڕاندنەوەی پەیامی سەردەشت و وونکردنی وێنە و پەیکەرەکەین لەنێو هزر و دەروونی خەڵکی شارەکەی و مەملەکەتەکەی،نابێت هەڵسوراوانی ( کەمپینی سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی رادەربرین ) رێگە بدەن پەیکەرەکەی لەهەولێر دابندرێت،کە دەبوایە وەکو وەفایەک بەرامبەر گەنج و رۆژنامەنوسێکی شارەکەیان روویان نەهاتایە ئەو جۆرە رێگریانە بکەن و گومان و پرسیارەکان لەسەر خۆیان زیاتر و قوڵتر

بکەنەوە و هاوکارێک بونایە، بەڵام بەداخەوە تا ئیستا ئەو مێژوەیان بۆخۆیان تۆمار نەکردووە و ڕەزامەند نەبونە.

گوناهی سەردەشت ڕاستگۆیی بوو، هەست کردن بوو بە ئێش و ئازارەکان، گەیاندنی پەیامی نەوەیەکی یاخی بوو بەدەسەلات، گوناهی سەردەشت خەون بینین بوو بە دنیایی نایەکسانی و ناعەدالەتی، خۆزگە و هیوایەکی گەنجانە بوو بۆ دەست ڕاگەیشتنی هەمووان بێ جیاوازی بە خۆشی و ڕەفاهیەتەکانی ژیان، دەبێت ئەو خەون و خولیا و هیوا و ئاواتانەی ئەو گەنجە ڕۆژنامەنوسە هێندە سەخت بێت مەترێک زەوی پێ ڕەوا نەبینن بۆ پەیکەرەکەی؟!

پەیکەری ئازادی بۆ ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان ، پرۆژ و بەرنامەی هەزاران ئازادیخواز و نوسەر و ڕۆژنامەنوسە لە سەراسەری دونیا، خەڵکانێکی زۆر کۆمەک و هاوکاری ئەو پرۆژەیان کردوە و ڕۆژانە چاوەڕوانی شەکانەوە و دانانی ئەو پەیکەرەن وەکو ڕەمزێکی ئازادی و ڕێزگرتنێک لە پەیامە ئازادیخوازەکەی سەردەشت و زیندوراگرتنی وێنە و پەیامەکەی، ڕێگری لە دانانی، وەستانەوەیە بەرامبەر ئیرادەی هەزاران ئازادیخواز، پێشێلکردن و گوێ نەگرتنە لە هەزاران ڕۆژنامەنوس.

وێنە و پەیکەری سەردەشت لەنێو دڵ و دەروونی مناڵان و لاوان و کچان و کوڕان و پیر و پەککەوتوانی ئەم مەملەکەتە و هەموو ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازانی دونیایە و هەمیشە بە زیندوویی دەیهێڵنەوە، سەردەشت سیمبوڵی ئازادی رادەربرینە، ڕەمزی ( نا )ووتنە بە شتە قەدەغەکراوەکان ، بۆیە پێویستی بە تۆمەت هۆنینەوە و ڕێگری ناکات لەبەرامبەر پەیکەر و پەیامەکەی و ئیستاش دەرفەت ماوە کارێک بکەن و هەڵوێستێک وەرگرن بۆ مێژووی مرۆڤایەتی.

هەولێر جێگای ئەنفالچیەکان و بەعسیەکان و فایلدارەکانی تیادەبێتەوە، جێگای دز و گەندەڵەکانی تیادەبێتەوە، جێگای خائین و جاسوس و مستەشارەکانی تیادەبێتەوە، جێگای شەهوەتباز و سیخور و خۆفرۆشانی تیادەبێتەوە، بەس جێگای سەردەشتی پاک و بێگەرد و بێکەسی تیا نابێتەوە.هەردەبێت واشبێت ! لەشارێکدا جێگای ئەو هەموو ناشیرینیانەی تیا ببێتەوە نابێت سەردەشت نە بەزیندوویی نە بە مردوویی تیا بێت.

ڕێگەنەدان بە پەیکەری ئازادی بۆ ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان لەشاری هەولێر، هەنگاوێکی تری دەسەڵاتدارانە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئازادی و نزیک بوونەوەی زیاتر لە دیکتاتۆری و تاکڕەوی و قبوڵ نەکردنی جیاوازییەکان تەنانەت بە مردوویش، بۆیە دەبێت لەگەڵ نارەزایەتی و خۆپیشاندانی توندە ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان بەرەو ڕوو بێتەوە.

'پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان"

**پرۆژەی سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە و ڕێگرییەکانی پارێزگاری هەولێر بە توندی ئیدانە دەکەین!**
لە روونکردنەوەیەکی رەخنەگرانەی بەکر عوسمان، برای شەهیدی رۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان)، وەڵامی ریگرییەکانی پارێزگاری هەولێر بۆ دانانی"پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان" دایەوە. کاتێک ئەوان داوای مۆڵەتیان لە پارێزگاری هەولێر کردبوو بۆ دانانی پەیکەرەکە لەناو شاری هەولێردا، پارێزگاری هەولێر بەمشێوەیە وەڵامی داواکاری ناوبراو دەداتەوە"تاکو ئێستا لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە یەکلایی نەبۆتەوە و تاوەکو لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەنجامی کۆتایی خۆی نەخاتەڕوو، ئێمە مۆڵەتی ئەو پەیکەرە نادەین لەنێو شاری هەولێر".

ئێمە وەک کەمپینی"سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی ڕادەبڕین" لە شاری هەولێر، دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگ و نارەزایەتییەکانی بەکر عوسمان. پارێزگاری هەولێر بەم ڕێگرییە راستەوخۆیە بۆ دانانی پەیکەرەکە و بەستنەوەی بە کاری لیژنەی لێکۆڵینەوە خۆی دەخاتە بەردەم پرسیار و رەخنەی نارەزایەتی فراوانی خەڵکی کوردستان و رۆژنامەنووسان و ئازادیخوزانی دونیا.

بەستنەوەی دانانی (پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان) بە ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵنەوە زۆر نادروستە و تەنیا بیانووە بۆ رێگەگرتن لە دانانی پەیکەرەکە لە شاری هەولێر، بەم کارەش پرسیارێکی زیاتر دەخاتە سەر لیژنەی لێکۆڵینەوە لەم کەیسە، چونکە ئەوە نزیکەی 2 مانگ بەسەر تیرۆری سەردەشت تێدەپەڕێت، لیژنەی ناوبراو هیچ کارێکی نەکردووە و هیچی دیارنییە. ئیتر پەیوەست کردنی دانانی پەیکەرەکە بە ئەنجامەکانی لیژنەی ناوبراو واتە بە کردەوە رێگە نەدان بە دانانی پەیکەرکە لە شاری هەولێردا. دیارە بۆ دانانی پەیکەرێکی لەو شێوەیە لەدوای رووداوی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) پشتگیرییەکی جەماوەری بۆ دانانی (پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان) دروستبوو. لەتەواوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، خەڵکانێکی دڵسۆز و ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادی را دەربڕین هەیە لە هەرێمی کوردستان چ لەرێگەی واژووکردن بێت چ لە رێگەی یارمەتیدانی ماددی بێت پشتگیری خۆیان بۆ دروستکردنی ئەم پەیکەرە راگەیاندووە، بەڵام رێگری کردن لە دانانی (پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان) لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە، پارێزگاری هەولێر دەخاتە ژێر پرسیارەوە و پێمانوایە ئەو بڕیارە ئەوەندە بڕیارێکی سیاسییە ئەوەندە ئیداریی نییە.

ئێمە وەکو کەمپینی (سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی را دەربڕین) بە توندی ئیدانەی ئەو هەڵوێستەی پارێزگاری هەولێر دەکەینء داوا لە پارێزگاری هەولێر دەکەین پێداچونەوە بەو بڕیارەیدا بکات و لە راگەیاندنەکانەوە هۆکاری ئەو رێگرییەی رابگەیەنێت لە دانانی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان لە شاری هەولێر. لێرەشەوە تەواوی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان لە هەر شوێنێکی دونیا لەم هەڵوێستەی پارێزگاری هەولێر ئاگادار دەکەینەوەو

پێمان وایە دەبێ لە زووترین کاتدا پارێزگاری هەولێر ڕێگە بە دانانی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان بدات لەنێو شاری هەولێر.

ئەگەر پارێزگار و دەسەڵاتدارانی هەولێر دەستهەڵنەگرن لە ڕێگرییەکانیان لەبەردەم "پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان" کەمپینەکەمان ناچار دەبێت هەموو ڕێگایەکی یاسایی و خەباتی دیموکراسی و جەماوەری بگرێتەبەر لەپێناوی داواکەمان. ئێمە لێرەدا هەموو لایەک ئاگادار دەکەینەوە کە بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری ئەو داوایەی خۆمان نابین و پرۆژەی دروستکردنی پەیکەرەکە خەریکە تەواو دەبێت و هەموو هەوڵێکی لێبڕاوانە دەگرینە بەر لەپێناوی دانانی(پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان) لە کوردستان.

کەمپینی (سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی ڕادەبڕین) لە شاری هەولێر 2010\7\3

**دەستبەکاربوونی کەمپینی پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان**

لەڕێگای ڕاگەیاندنی کەمپینی پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ "سەردەشت عوسمان"ەوە، بەڕێوە بەری دەزگای هاوپشتی، بەکر عوسمان ناسراو بەئارام عەلی ، ڕاگەیاندنی ئەم کەمپینەبانگە واز دەکات.

ئێمەوەک دەزگای هاوپشتی بەهەموو توانای خۆمانەوەبەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ئەم کە مپینەبەئەرکێکی هەر ئێستایی و دەستبەجێی خۆمان دەزانین و لەڕێگای ئەم بانگەوازەوەدە ستبەکاربوونی ئەم کەمپینەڕادەگەێنین.

ئێمەلەڕێگای ئەم کەمپینەوە:

پڕۆژەی دروستکردنی پەیکەرێک بۆ سەردەشت عوسمان و بەچاپگەیاندنی کتێبی سەردەشت عوسمان بەئەرکی سەرەکی ئەم کەمپینەدەزانین لەپێناو بەدەستهێنانی ئیمکانییاتەماددی و قانوونی و هونەرییەکانیەوە، بانگەوازی سەرجەم ئەحزاب و کۆمەڵەو ڕیکخراوەوکانی کۆمەڵگای مەدەنیی و کەسایەتییەئازادیخوازەکانی کۆمەڵگا دەکەین کۆمەککاری بردنەپێشەوە ی کار و چالاکییەکانی ئەم پرۆژەیەبن.

لەڕێگای ئەم ئەدرێس و ژمارەتەلەفۆنانەوە، دەکرێ پەیوەندیمان پێوەبکەن و لەسەرنج و پێشنیار و ئەرکی لەئەستۆگرتوو بۆ بردنەپێشەوەی ئەم پرۆژەیەدەستبەکار بین.

چاوەڕوانی هیمەت و حەماسەی ئازادیخوازانەی هەموو لایەکین بەو هیوایەی لەم برگە مێژووییەچارەنووسسازەی بەرگری لەئازادیی و ئازادیی ڕادەربڕین لەکوردستاندا، پانتاییە کانی سەرکوت و دژی ئازادی لەکوردستاندا ، ئاسەوارێکییان نەمێنێت.

ئێمەلەنزیکترین کاتدا زانیاری پێویستتان پێ ڕائەگەیەنین بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کەئەیانەوێت هاوکار و ئەندامی کەمپینەکەبن. بۆ هەر پێداویستیەک و کار ئاسانی زیاتر لە ڕێگای تەلەفۆن و ئیمایل پەیوەندیمان پێوەبگرن.

لەئێستادا ئەتوانن لەم ڕێگایانەوەپەیوەندیمان پێوەبکەن:

عەباس ئەحمەد 0046736432580

abbasahmad8@hotmail.com

Sardashtosman87@gmail.com

دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپشتی

29–05–2010

لە وولاتی سوید ئەتوانن کۆمەکەکانتان بنێیرن بۆ ئەم حساب بانکیە

rakam hisabi: 5001 33 38 900

bank : SEB bank

naw: noradin kadir

لە وولاتی سویسرا ئەتوانن کۆمەکەکانتان بنێیرن بۆ ئەم حساب بانکیە

Fuad Aziz

Hohlstrasse 171

Zürich 8004

(swisra (swiss

Tel 0041 796 376 458

لە وولاتی هۆڵەندا ئەتوانن کۆمەکەکانتان بنێیرن بۆ ئەم حساب بانکیە

ING bank ناوی بانک

K Issa ناوی خاوەن حساب

ژمارەی حساب بانكی

Nieuw-vennep ناوی شارەكە

Nederland, Holland ناوی وولآت

003168450084 ژمارە تەلەفۆنی جەلال سۆفی

بۆ وولاتی بەریتانیا ئەتوانن پەیوەندی بەم ئیمایل و تەلەفوونەوەبكەن بۆ ناردنی كۆمەكەكانتان

asobalabarz116@hotmail.com

tel/ 00447895636633

aso goran

London

بۆ وولاتی نەرویج ئەتوانن كۆمەكەكانتان بنێرن بۆ ئەم حساب بانكیيە

Sarko Omar Ali

Bank: Skandiabanken

jmarehsab : 9713 61 72151

email:sarko98@yahoo.com

بۆ كوردستان ئەتوانن پەیوەندی بكەن بە ڕۆژنامەنوس ڕەحمان غەریب

تەلەفۆن: 009647701523300

rahmangarib@yahoo.com

**بۆ وڵاتی کەنەدا ئەتوانن کۆمەکەکانتان بنێرن بۆ ئەم حساب بانکی یە**

001.519.841.1816

jalalsaeed1@hotmail.com

Iraqian federation of Refugees

:Banking Information

Canadian Dollar Bank Account

Financial Institution: TD Canada Trust

Address: 1846 Lawrence at Pharmacy

Scarborough, Ontario

Toronto

N1H 7P7

Institution Number: 004

Branch: 0192

Account Number: 7600–5223998

**بۆ وڵاتی دانیمارک ئەتوانن کۆمەکەکانتان بنێرن بۆ ئەم حساب بانکی یە**

HIDAYAT HAMA ALI

konto nuber 3600485342

nawi bank Danske Bank

talafun 004540318544

emiail hidayat_malaali@yahoo.com

**لە شاری هەولێر ئەتوانن کۆمەکەکان بەم پەیوەندییە بگەیەنن**

rebin rasul

jmara tel.00964.75o4481577

rebinrasul@yahoo.com

بۆ وڵاتی فینلاند ئەتوانن کۆمەکەکانتان بنێرن بۆ ئەم حساب بانکی یە

Maruf abdulla gulala

Nordea 102535–87310

Tel–040–7638892

Tel–0445010754

Email–bnarmustafa@yahoo.co.uk

**بانگەوازێک لەهۆڵەنداوەبۆ پشتگیری لە پەیکەری ئازادی**

ڕەوەندی کوردی دانیشتووی هۆڵەندا بانگهێشت ئەکەین بۆ پشتگیری دارایی‌و پاڵپشتی مەعنەوی لەوپرۆژەیەی کاک (بەکر عوسمان)، برای (سەردەشت عوسمان)ی جوانەمەرگ ڕایگەیاندووە، بۆ مەبەستی دانانی پەیکەرێک بۆ کاکەسەردەشت وەکو مۆنومێنتی ئازادی لەشوێنی ڕفاندنەکەی لەشاری هەولێر.

لەکاتێکدا کە ڕفاندن‌و تیرۆری سەردەشت عوسمان کۆمەڵگای کوردستانی توشی شۆک کرد، بەڵام شەپۆلی نارەزایەتیەکان‌و خرۆشانی جەماوەری شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەدەنگەوە هاتنی ڕەوەندی کوردی لەهەندەران، ڕاچڵەکینی گۆڕی بۆ ئیرادەیەکی گشتگیر لەدژی دوژمنانی ئازادی‌و ئەو هێزانەی لەئازادی تۆقیون.

مرۆڤ بەبێ ئازادی لە داهۆڵێک زیاتر نیە. کۆمەڵ بەبێ ئازادی لەزیندانێک بەولاوەتر نیە. مۆنومێنتی ئازادی بەناوی سەردەشتەوە لەو جێیەی لێی ڕفێنرا، ئەبێتە سیمبۆلێک بۆ دوو هەفتە دەنگهەڵبڕین‌و وەستانەوەی خەڵکی کوردستان بۆ بەرگری لەئازادی، لەئازادی ڕۆژنامەگەری، لەئازادی سیاسی، لەئازادی ڕەخنەگرتن لەمێژوودا. کوردستان ئەم ڕۆژانە نیشانیدا پێویستی بەهێمایەکەبۆ ئازادی. بۆ درێژەدان بەکاروانی خەبات لەپێناوی ئازادیدا پێویستمان بەباڵای بەرزی سەردەشتەکانە.

هەموو پێکەوەئەم سەروەریە ئەتوانین تۆمار کەین. ئێمە هەموومان لەدەستمان دێت بە پشتگیری مادیو مەعنەوی پرۆژەکەی کاک بەکر عوسمان بکەینە ئەمری واقع. ئەتوانین پەیکە رێکی شایستە بەرەخنەو ڕاستی ووتنەکانی سەردەشت بکەینە کارێکی کردەنی. هەر ئێمە ئە توانین وێناو ماناو بەهاکانی ئەو سەدان هەزار گەرووەپڕ لەتوورەییانەی بۆ دیفاع لەئازادی و بۆ ڕیسواکردنی تیرۆریستان ڕژانە شەقامەکانی کوردستانو جیهانەوە، لە سیمبۆلێکدا بۆ سەردەشتی چاونەترسو ئازادو ڕەخنەگری بێباک بۆ هەمیشەدا برێژین.

چاوەڕوانی هیمەتی دڵسۆزانەتان ئەکەین.

ئێمە بڕی بەشداریتان بەلیست ڕائەگەیەنین. بۆیەداواکارین زانیاری پێویست لەگەڵ بڕی پارە کەدا بەووردی بنووسن بۆمان. زانیاریەکانیشتان لامان پارێزراو ئەبێت!

بەشدارییتان لەم پرۆژەیەدا لەڕێگای ئەم ژمارە بانکیەوە دەگاتە شوێنی مەبەست:-

بانک: ING bank

ناوی خاوەنی حساب بانکی: K Issa

ژمارەی حساب بانکی: 6846162

ناوی شار: Nieuw-vennep

وولات: Holland(Nederland)

J.abdullah@hetnet.nl

تەلەفۆن: 0031684540084

جەلال سۆفی

**بەتەواوی توانامانەوە لەپشت پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان ڕادەوەستین**

لە لایەن بەکر عوسمان. برای سەردەشت عوسمانەوە، کەمپینێک بۆ دانانی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان ڕاگەیاندراوە. ئەمەهەنگاوێکی گەورەیەبۆ بەرزڕاگرتنی پەیامی سەردە شت و سەرجەم ئازادیخوازانی کوردستان وزیندوڕاگرتنی سیمای بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جە ماوەری ئەم دەورەیە، کەلەدژی تیرۆری سیاسی وبۆ ئازادی بەیان ورەخنەو ئازادی هە ڵسوڕانی سیاسی پێی نایەمەیدانەوە..

ئێمەبەتەواوی تواناەمانەوەلەکەنار ئەم کەمپینەو سەرخستنی هەنگاوەکانی ڕادەوەستین و خۆمان بەشەریک و هاوکار دەزانین. لەم ڕێگایەشەوەداوا لەهاوڕێیان ودۆستانی حزب وئازادیخاوازانی کوردستان، لەدەرەوەوناوخۆی کوردستان دەکەین کەبەشێوەی گونجاوی خۆیان بەشداری لەم کەمپینەدا بکەن و بۆ فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی بەتەواوی تواناوە تێبکۆشن..

بژی سەردەشت عوسمان وپەیامەکەی

سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

2010/5/28

**پشتیوانی لە پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان**

بەرێزو ئازیز بەکر عوسمان بەرێوەبەری دەزگای ڕاگەیاندی هاوپشتی

سڵاویکی گەرمو دەستان بەگەرمی دەگوشین..

ئێمە لە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی پشتیوانی و هاوئاهەنگی خۆمان بۆ پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان ڕادەگەیەنیین.

پرۆژەیەکی لەو شێوەیەی ئێوە پێشنیارتان کردوە بایەخێکی هیجگار گرنگی هەیە بۆ مێژووی کوردستان .سەردەشت عوسمان بە بڕوای من ڕەمزی جەسارەتی بەرگری و هەستیارکردنەوەی کۆمەڵگایە بەرامبەر بە تیرۆر و دەبێتە سمبولی گۆشەیەک لە ناڕەزایەتی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان .

دروستكرنی پەیكەری سەردەشت عوسمان شەبەحێكی بەرگرییە لە ئازادی بیروڕا دەربرین و ڕۆژنامەگەری و هەڵسوراوانی سیاسی دەخاتە بەرپێ هەر دەسەڵاتو دەستەو تاقمێک کە بە ئاسانی نەتوانن دەنگی ئازاد بخنكێنن و قەڵەمە بویرەكان بشكێنن.سەرخستنی ئەو پرۆژەیەی ئێوە ئەركی هەر ئینسانێكی ئازادی خوازو پێشكەتوخواز بەرگریكەرانە لە ئازادی.

داواكارم لە هەر ئەركێک لە ڕاستای سەركەوتنی ئەو پرۆژەیەدا بە ئێمە دەسپێرن ئاگادارمان بكەنەوە.

بەهیوای سەركەوتنتان

دەشتی جەمال

سكرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی

2010–6–2

كەمپینی پرۆژەی دروست كردنی پەیكەری ئازادی "سەردەشت" فەند رەیزیەكی ڕێكخست

لەزنجیرەچالاكیەكدا كەكۆمیتەی كەمپینی پرۆژەی دروستكردنی پەیكەری ئازادی لەشارەكانی كەنەدا بەرنامەدارێژی بۆ كرەدوە،یەكەم هەڵمەتی كۆمەک كۆكردنەوەی ماددی لەشاری تۆرنتۆی كەنەدا ئەنجام درا.

رۆژی یەكشەمە31ی مەی بەئامادەبوونی ژمارەیەكی زۆر لەخەلكی ئازادی خواز ،بۆ پشتگیری كردن لەو پرۆژەیەسەیرانێک ڕێكخرا ،كەتێیدا خواردن وشیرنەمەنی تێدا فرۆشرا وبری ۲۵۰$ كۆكرایەوەوهەروەها لەكۆمەک كردن بەسندوقی كۆمەک بڕی ۲۷۰$ كۆكرایەوە .كۆی گشتی ۵۲۰$ ی كەنەدایی بوو.

بەناوی لیژنەی كەمپینەوەسوپاس و پێزانیمان بۆ هەموو ئامادەبوانی بەرێزو هەموو ئەو كە سانەی لەبەڕیوەبردنی ئەو سەیرانەماندووبوونیان كێشابوو ،بەتایبەت( شەوبۆ محمد شیرینی ئامادەكربوو،سامان سعید و سیامەند كەریم كە صندوقی كۆمەكەیان سەرپەرشتی دەكرد) .

جەلال سەعید

بەرپرسی كەمپینی ئازادی لە كەنەدا

Jalalsaeed1@hotmail.com

1816–841–519

تێبینی دەتوانن کۆمەکەکانتان ڕاستەوخۆ بۆ ئەم حساب بانکیەبنێرن لەهەموو شارەکانی کە نەدا:

:Banking Information

Canadian Dollar Bank Account

Financial Institution: TD Canada Trust

Address: 1846 Lawrence at Pharmacy

N1H 7P7، Scarborough, Ontario

Institution Number: 004

Branch: 0192

Account Number: 7600–5223998

**پشتیوانی لە پڕۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان**

"کەمپینی بەرگری لەئازادی/دانمارک" پشتیوانی و هاو ئاهەنگی خۆی بۆ پڕۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ (سەردەشت عوسمان) ڕادەگەیەنێت. "سەردەشت" بۆتەرەمزی جەسارەتی بەرە نگاربونەوەو سومبولی ئازادی لەکوردستان.بە ئاکام گەیاندنی ئەو پڕۆژەیە دەبێە ڕەمزیکی گەورەبۆبەرگری لەئازادی بیروڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەری. هەربۆیە "کەمپین" بانگەوازی هەموو ئینسانێکی ئازادی خواز و پیشکەوتوو خواز دەکات، بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆژەیە."کەمپین" ، وێرای هەڵسان بە کۆکردنەوەی کۆمەکی ماڵی بۆ ئەو پڕۆژەیە،

ئامادەی هەموو هاوکاریەکە بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە.

کەمپینی بەرگری لەئازادی / دانمارک

2010– 6–5

**بانگەوازێک بۆ هەموو ئازادیخوازان سەبارەت بە کۆمەک بۆ دروستکردنی پەیکەری ئازادی لەهەولێر**

بۆ هەموو ئەوانەی دژی تیرۆر و سەرکوتن لەکوردستان

بۆ هەموو ئەو پێشکەوتووخوازانەی کەلەدژی پێشێلکردنی ئازادی سیاسین لەکوردستان

بۆ هەموو ئەوانەی کەلەدژی تیرۆری سەردەشت عوسمان دەنگی بێزاری و ناڕەزایەتیان بە رزکردەوە

بۆ هەموو ئەوانەی کەبەرگریکەری ئازادی دەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەرین لەکوردستان

بۆ هەموو ئەوانەی کەتووڕەن لەگەندەڵی و دەسەڵاتی میلیشیایی لەکوردستان

بۆ هەموو ئەوانەی کەخۆشحاڵن بەدروستکردنی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت و بڵاوکردنەوە ی کتێبێک لەسەر تیرۆرکردن و ئەو ناڕەزایەتیەگەورەیەی لەدژی دەسەڵاتداران بەدوای خۆیدا هێنای لەکوردستان.

بۆ هەموو تاکێکی ئینسان دۆست و پارێزەری مافی مرۆڤ، کەتیرۆری سەردەشت ڕایچڵەکاند و ناڕەحەتی کرد.

بۆ هەموو ئازادیخوازان و کوردەکانی شارەکانی سیدنی و میلبورن و برزبن و ئەدەلاید و پێرس و هەموو شار و شارۆچکەکانی تر

بەڕێزان بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی دروستکردنی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان کە لەلایەن بەکر عوسمان (ئارام عەلی) ڕاگەیەندراوە، داواتان لێدەکەین کەهەرچی بۆتان دە کرێت کۆمەک بکەن بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم پرۆژەگەورەیە. داواتان لێدەکەین کەلەنێو دۆست و ئاشنایانتاندا، لەشوێنی کار و ژیانتان، لەنێو خێزان و کەسوکارتاندا، هەرچی زیاتر هەوڵبدەن و کۆمەک بکەن بۆ بەسەرەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژە گرنگە.

ئەتوانن کۆمەکەکانتان لەڕێگەی ئەم ژمارەحیساب بانکییەی خوارەوە بنێرن:

Bank Name: Commonwealth Bank

Account Name: A. SABIR

Branch Number: 062223

Account Number: 10976555

یان ئەگەر کۆمەکەکانتان بەچەکی بانکی یان Money Order نارد ئەوا ئەتوانن بینێرن بۆ ئەم ئەدرەسی پۆستەی خوارەوە:

A. SABIR, P.O. BOX 1322, PARRAMATTA 2124, NSW. AUSTRALIA

ئێمە تەواوی کۆمەکەکان ڕادەگەیەنین و بڵاویدەکەینەوە، تکایە بەو ناوەی کە ئەتەوێت کۆمەکەکەت بڵاوبکرێتەوە، لەڕێگەی ئەم ئیمەیڵ و تەلەفۆنەی خوارەوە ئاگادارمان بکەنەوە. asabir79@hotmail.com ,0412983260

بەهیوای پشتیوانی و کۆمەکی ئێوەی ئازیز بۆ دروستکردن و بەسەرئەنجام گەیاندنی پەیکەری ئازادی.

عامر سابیر

بەرپرسی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ پەیکەری ئازادی لە ئوسترالیا

2010/6/4

**بۆئەوەی پەیکەری ئازادی ببێتەسونبولی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان دژ بەتیرۆری رۆژنامەنووس وخوێندکاری لاو، سەردەشت عوسمان! کەمپینی کۆمەک بۆ ئەو پرۆژەیەلەکەنەدا ڕاگەیەندرا**

ئازادی خوازانی قەڵەم و بیرو ڕاو نووسین.

خوشکان برایان!

بۆ ئەوەی چی تر قەڵەمەکان نەشکێن،زمانەکان لغاو نەکرێن ،پەرتووکەکان نەسووتێن نوسەر ورۆژنامەنووس وهەموو قەلەم بەدەستێکی ئازادی خوازی وەک سۆران و سەردەشت تەمەنی زێڕینی لاوێتی و ئاواتی خزمەت کردنیان بەکۆمەڵانی خەڵک نەبێتەقوربانی دەسەڵاتی خۆ سەپێنەر. با لەخاڵەکەی کەسەردەشت داینا تەواوی بکەین و سونبولێکی هەمیشەیی بۆ دروست بکەین.

هەر وەک لەسەر پێشنیاری " بەکر عوسمان"ی برای سەردەشت عوسمان بۆ دروست کردنی مۆنۆمێتنی ئازادی ،ئێمەکۆمەڵەکەسانێک هەڵدەستین بەکۆمەک کۆکردنەوەی ماددی بۆ پرۆژە ی ئەو پەیکەرەو لەچاپ دانی کتێبێک کەنووسین و ریپۆرتاژی ئەو بزووتنەوەیەی کەبەهۆی ئەو کارەساتەوەخەڵکی کوردستانی خستەسەر شەقامەکان ودەنگی نارەزایەتیان هەڵبڕی و هەموو ئەو نووسینانەی لەوبارەوەنووسران لەخۆدا بگرێت.

**بەپێی توانا و ئیمکانیەتی خۆتان کۆمەکەکانتان بدەنەدەست ئەندامانی لیژنەیان بینێرن بۆ ئەم حساب بانکەی خوارەوە.**

**هەرکەسێکیش دەتوانێت پەیوەست بێت بەم کەمپینەوەلەشارو شارۆچکەی خۆی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و ئاسانکاری تر،دەتوانێت پەیوەندی بەبەرپرسی ئەو کەمپینەبکات لەڤانکۆڤر/ کەنەدا کەلەخوارەوەزانیاری تەواوی نوسراوە.**

**بەپێی ئارەزووی خۆتان دەتوانن بەناوی خۆتانەوەیان بەناوی خوازراوەوەکۆمەکەکانتان بڵاوبکرێتەوە.**

**لیژنەی کەمپینی پەیکەری ئازادی لەڤانکۆڤەر/ کەنەدا:**

**ئەکرەم نادر ، عە تا نوری ، رزگار عزیز، عمار شریف،...**

**تەلەفۆن:** 7783186981

**بەرپرسی کەمپینی پەیکەری ئازادی لەکەنەدا: جەلال سەعید**

**ژمارەتەلەفۆن:** 514.841.1816

Jalalsaeed1@hotmail.com **ئیمەیل** :

**زانیاری حساب بانکی:**

Banking Information

Canadian Dollar Bank Account

Financial Institution: TD Canada Trust

Address: 1846 Lawrence at Pharmacy

N1H 7P7، Scarborough, Ontario

Institution Number: 004

Branch: 0192

Account Number: 7600–5223998

**ڕاگەیاندنی کۆتایی کەمپینی کۆمەکی مالی پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان!**

ئێمەلە ڕیگای ئەم ڕاگەیاندنەوە هەموو لایەک لەوەئاگادار ئەکەینەوە، کە پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان کەلەلایەن "بەکر عوسمان" ڕاگەیاندرا و لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەگەرمی و جدی پشتیوانی و هاوکاری کرا. ئەو پرۆژەیەبەهەوڵ و هاوکاری هەموو لایەک لەئازادیخوازان و ڕۆژانامەنووسان و هونەرمەندان ، کەمپین و کۆمیتەکانی سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان چۆتەپێشەوە. ئێستا زۆربەی کارەکانی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان تەواو بووە. ڕێگری سەرەکیمان بۆ ئەنجامی ئەو پرۆژەیەدەسەڵاتدارانی کوردستانن،ڕێگری دروست ئەکەن لەبەردەم دانانی پە یکەرەکە. هەر وەکو لەیەکەمین ڕۆژەکانەوەبەئاشکرا ڕایانگەیاندووە کەمۆڵەتی دانانی پەیکە رەکەنادەن. دروستکردنی سیناریۆی قێزەونی لێژنەی لێکۆڵینەوەلەدۆسیەی تیرۆری سەردە شت عوسمان، هەوڵیکی تری دەسەڵاتداران بوو بۆ بێدەنگی ئێمەلەبەئەنجامگەیاندنی ئەو پرۆژەگرنگەدا.

ئێمەلێردا جارێکیتر بانگەوازی سەرجەم ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەموو هێز و لایەنێک ئەکەین. کەرەخنەو نارەزایەتیەکانیان بەرەو ڕووی دەسەڵاتداران بکەنەوەو جارێکیتر هەموو هەوڵیک بخەنەگەر لەپێناوی تێنەپەڕاندنی مە سەلەی تیرۆری سەردەشت عوسمان، هەر لە ئاشکراکردن و داداگایکردنی تاوانباران و بکوژانی سەردەشت تاکو دانی مۆڵەتی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان.

لەکۆتایشدا دەستخۆشی لەتەواوی ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنوسان وهەموو هاوکارانمان لەکە مپینی کۆمەکی مالی پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان و کۆمیتەو کەمپینەکانی سەردەشت عوسمان بۆ ئازادی ئەکەین. کەبەوپەری لێبراوی لەخۆبردووی کاری زۆر گرنگیان ئەنجامدا. ئێمەلێرەدا ڕای ئەگەیەنین کەکەمپینی ئێمەلەپێناوی دۆسیەی سەردەشت درێژەی ئەبێت. تەنها کەمپینی دیاریکراوی کۆکردنەوەی کۆمەکی مالی بۆ پرۆژەی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان بەکۆتایی خۆی گەیشت. بۆ ئاگاداری هەموو لایەکیش ئەوەبڕی ئەو کۆمە کانەی کەتاکو ئێستا بەدەستمان گەیشتووە.

| وڵات | نوێنەر | سەرجەم کۆمەک | کۆمەکەکەی بە دراوی |
|---|---|---|---|
| ١. هۆڵاندا | جەلال سۆفی | 14591 | کرۆنی سویدی |
| ٢. هۆڵاندا | کۆمیتەی سەردەشت بۆ بەرگری لەئازادی- هۆڵەند- لەڕێگای ئەمیر قادر | 600 | یۆرۆ |
| ٣. ئوستراليا | عامر سابر | 2130 | دۆلاری ئوسترالی |
| ٤. سوید | عەباس ئەحمەد | 11600 | کرۆنی سویدی |
| ٥. بەریتانیا | ئاسۆ گۆران | 555 | پاوەند |
| ٦. سویسرا | فوئاد عەزیز | 6089 | کرۆنی سویدی |
| ٧. کەنەدا | جەلال سەعید | 775 | دۆلاری کەنەدی |
| ٨. دانمارک | هیدایەت مەلا عەلی | 5562 و 10 یۆرۆ | کرۆنی دانیمارکی |
| ٩. نەرویج | سەباح ڕاجی | 5470 | کرۆنی سویدی |
| ١٠. ئەڵمانیا | بەکر حەمەد | 110 | یۆرۆ |
| ١١. فینلاند | بنار مستەفا | 240 | یۆرۆ |
| ١٢. کوردستان | هەڵگورد سەمەد | 195000 | دیناری عێراقی |

**کەمپینی کۆمەکی مالی پرۆژەی پەیکەری ئازادی بۆ سەردەشت عوسمان**

2010-12-01

**داوادەكرێت پەیكەری سەردەشت عوسمان لەهەولێر دابنرێت**

**لەداواكارییەكی رۆژنامەنوساندا بۆ ئەنجومەنی كاتی سەرای ئازادی داوادەكرێت دانانی پەیكە ری سەردەشت عوسمان و پێكهێنانی لیژنەیەكی سەربەخۆ لەتیرۆری سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامەحەمە، بخرێتەناو داواكاریی خۆپیشاندەران لەحكومەت و حیزبەدەسەڵاتدارەكان**

**دەقی داواكارییەكەدەخوێننەوە:**

**بۆ بەرێز: ئەنجومەنیكاتیسەرایئازادی**

**بابەت: داواكاریرۆژنامەنووسان**

**بەرێزان وەک دەزانن میدیایئەهلیرۆڵێكیبەرچاویهەبووەلەهاتنەئارایئەم رۆژە كەخەڵكی دوایمافەرەواكانیخۆیبكات، لەم بوارەدا جگەلەچەندان داواییاساییو هەرەشكردن لە رۆژنامەنووسانیئەم جۆرەمیدیایە، لەپێناو خزمەتكردنیراستییەكانو گەیاندنیزانیاریبە هاولاَتیان دوو شەهیدیجوانەمەرگیپێشكەش بەم كاروانەكردووە(سۆران مامەحەمە، سەردە شت عوسمان).**

**بۆیەئێمەوەک رۆژنامەیئاوێنەو سەرجەم رۆژنامەو گۆڤارو رۆژنامەنووسەئازادەكانی كوردستان داوا لەئێوەو لەرێگایئێوەشەوەلەخۆپیشاندەرانیبەرێز دەكەین كەئەم دوو داوایە ش بخەنەسەر داواكانیتریخۆپیشاندەران كەرووبەرویحكومەتو هەردوو حیزبەدەسەڵاتدار دەكرێتەوە.**

**یەكەم: پەیكەریرۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان لەتەواوبووندایە، داوا لەپارێزگارو شارەوانیهەولێر و حكومەتیهەرێم بكرێت رەزامەندیپێشاند بدەن كەپەیكەرەكەلەبەردەم كۆلیژەكە یەكەیجوانەمەرگدا لەهەولێر دابنرێت.**

**دووەم: بەناویخۆپیشاندەرانەوەداوا لەحكومەتیهەرێم بكرێت لیژنەیەكیسەربەخۆیشارەزا بەبەشداریئوێنەریخیَزانیهەر یەک لەرۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانو سۆران مامەحە مەپێكبهێرێت بۆ ئەنجامدانیلێكۆڵینەوەیەكیسەربەخۆ لەتیرۆركردنیهەردوو رۆژنامەنووسە كە.**

**لەگەڵ رێزماندا**

**سەرنوسەری ئاوێنە: شوان محەمەد**

**پەیکەری ئازادیی شەوەزەنگی سەرکوت و تیرۆر دەڕەوێنێتەوە.**

ئەرسەلان عەبدەلا

10/6/1

پشتیوانیی لەدروستکردنی پەیکەرێکی هونەریی بۆ ئازادیی، مەزنترین ئەمەکدارییەبۆ نووسە ری گیانبەختکردوو سەردەشت عوسمان.. هاوکات رێزلێنانیشەلەگشت نووسەرانی خۆبە ختکردووی رێگای ئازایی و پێشکەوتنخوازیی. بەدەنگەوەهاتن و هاوپشتیی لەو پرۆژەیەی بە کر عوسمان بێجگەلەوەی هەلوێستێکی مرۆییەو وەلامدانەوەیەکی بەگوڕوتین دەبێ بۆ هەموو ئەو دەستەو گرووپانەی کەدەیانەوێ بە ترس و تۆقاندن و تیرۆرکردنی نووسەران و کەسە ئازادییخوازەکان کوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەک ببەن کەمرۆڤەکان تێیدا کۆیلەبن و بەهیچ شێوویەک بۆیان نەبێ بۆچوون و بیرکردنەوەی جیاوازیان هەبێ بەرامبەر بەدەسەلات و کۆمە ڵ و چۆنیەتیی بەرێوەبردنی ژیانیان.

بۆیە من وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵەزۆر بەگەرمیی دەستخۆشیی لێ دەکەم و پشگیریی ئەو پرۆژەیە دەکەم و بەهەموو توانایەکمەوەلەگەڵیدام. ئەگەر رۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و مرۆڤدۆستان ئەمڕۆ پشگیریی لەو کەمپینەنەکەن بەدڵنیاییەوەدوێنێ سۆرانی مامەحەمەو ئە مرۆ سەردەشت عوسمان و سبەینێ ئەوانن، کەمرۆڤکوژەکان بەچەک و چەقۆی ژەنگاوییەوە سەرەڕێی شەقامەکانتان لێ دەگرن و فوو لەچرایی جوانیی تەمەنتان دەکەن. با لەگەڵ قیتکردنەوەی پەیکەری ئازادیی لەکوردستان وەک دەسپێکێک هەموومان کۆشش بکەین بۆ سە پاندن و سەقامگیرکردنی یەکجارەکی ئازادیی بیروڕا لەسەرتاسەری کوردستان.

دوای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان کوردستان لەرووی پرۆسێسی رامیاریی و رۆشنگەرییە وەکەوتۆتەقۆناغێکی تازە، ئێستا تاکەکانی کۆمەڵ زۆر بەهزرێکی تازەگەرییانەو پێشکە وتووانە هەوڵ دەدەن هەموو ئەو ماف و ئازادییانە دەستەبەر بکەن کەسالانێکی زۆرەلەلایەن دەسەلاتدارانەوەپێشێل کراون، خۆرێکخستنی رۆژنامەنووسەئازادەکان لەدەوری یەکتری جگە لەوەی کارئاسانییەکی گەورەیەبۆ رەوتگرتنی کاری رۆژنامەنووسی بەرێگەیەکی ئەرێنیی و پە روەردەکاریی بۆ فەرهەنگێکی ئازاد.. قورساییەکی زۆریش دەداتەدەنگی جودا جودا و ئازادی خەڵک بەگشتیی و رای شەقام و دەنگەناڕازییەکان بەتایبەتیی.

ئاواکردنی ئەو پەیکەری ئازادییەش بۆ گیانی زەردەشت و تەواوی دەنگی ئازاد لەکوردستان بەرۆناکییەگەشەکەی خۆی شەوەزەنگی سەرکوت و تیرۆر دەڕەوێنێتەوەو ئاستێکی چاکیش بۆ دەسەلاتداران و توندڕەوە دینییەکان و دابونەریتەکۆنەپەرستییەکان دادەنێ کەچیدی نەتوانن پەروباڵی ئازادیی بکەن.

**پەیکەری سەردەشت عوسمان..**

**جەمال کۆشش**

**پەیکەرەی ئازادی ، پەیکەرەی چڕکردنەوەی ڕۆشنایی ، پەیکەرەی خەونی ژیان و تاسەی لاویتی ، پەیکەرەیی تەجوسمی تووڕەبونی جوانی و پەیکەرەی بەستنی شەپۆلی دەریا تینوە کان،....**

**چ خەیاڵێک دەتوانێت ،مەستی سەردەشت ، بنوێنێ؟ چ هونەرێک ئەو سیما و هەناسەیە، دا هێنێ؟... پەنابەران و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ...**

**لەلایەن بەکر عوسمان برای سەردەشت عوسمانەوە، کەمپینی دروستکردنی پەیکەری ئازادی و لەچاپدانی تەواوی نوسینەکانی ڕاگەیانراوە. بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم پرۆژەمەزن و پیرۆزە، داوای کۆمەکی مادی و مەعنەوی لەتەواوی ئێمەکراوە. هیوادارم کەلەو ڕاستایەدا هە ڵویستی بەدەربەست بنوێنین.**

2.6.2010

**ئێوەلە پەیکەرەکەیشی دەترسن!**

**تاهیر حاجی حەسەن**

**پەیکەر، هێمایەبۆ کەسێک، لەمێژوی سەردەمی خۆیدا دەورێکی تایبەتمەندی هەبووەکە جیاوازتر بوەلەتاکی نێو ئەو کۆمەڵگایە.لێرەدا دوو جۆر لەکەسانێک هەن لەدوای خۆیان، یان لەکاتێکدا کەسەکەزیندوە، بەڵام پەیکەرێکیشی بۆ دروست دەکرێت. بۆ ئەو کەسانەی لە مێژودا کاریگەری جدییان هەبوەلەسەر ڕوداوەکان و توانای ئەوەشیان هەبوەبن بەبەشێکی پۆزەتیف لەنێو ئاراستەکردنی ڕوداوەکاندا، بۆ ئەوەی هەلومەرجێکی جیاوازتر هەبێت لەوەی ئێستا، ئەم کەسایەتیانەهەمیشەکاتێک پەیکەریان بۆ دروست کراوە، کەئەو هەلومەرجەی ڕابردوو، بوونی تێک شکێنرابێت و هەلومەرجێکی لەباری نوێ بنیات نرا بێت. بەڵام لەڕویە کی ترەوە، زۆرێک لەسەرۆک و سەرکردەی دیکتاتۆر هەبوون کەلەسەردەمی خۆیاندا و تا ئە و کاتەی لەژیاندا بوون، دەیان و بگرەسەدان پەیکەریان بۆ دروست کراوە،پەیکەری دیکتاتۆرەکان، هێمایەکی بەردەوامی گەیاندوەلەوەی کەدەسەڵات ئاگای لەهەموو جوڵەیەکە کەدژی بەرپا بکرێت، ئەویش لەرێگای تەنانەت پەیکەرەکانیشیانەوە، بۆ ئەوەی هەردەم کۆمەڵگای ترسێنراو نەتوانێت هێزی خۆی دژی سەرۆک و دەسەڵاتی حاکم بهێنێتەمەیدان. ئەم جۆرەپەیکەرانە، بۆ نمونەلەسەردەمی سەدام دا شێوازێکی باو بوون لەنێو سیاسەت و بە رنامەی ئەو دەسەڵاتەدا. کاتێک ئەو دەسەڵاتانەڕوخێنراون، ئیتر بۆ هەمیشەپەیکەرەکانی سە**

رکردەکانیش تێک شکێنراون، چونکەخودی ئەو پەیکەرانەهێمایەک بوون بۆ ترساندنی کۆمە ڵگای ژێر دەستی ئەو سەرۆکانە. خودی ئەو پەیکەرانەهەردەم مانایەکیان بەخشیوەلەنێو جێگا تایبەتیەکانی نێو شارەکاندا، ئەویش نیشانەی کۆت و بەند و وەستانەوە، بەدژی بنە ماسەرەتاییەکانی ئازادیدا، بوە.

سەردەشت عوسمان، ئەو ڕۆژنامەنووسە ئازادیخوازە بوو، کەڕۆژی 2010/05/04 لەلایەن هێزێکی نادیارەوە، وەلەژێر دەستی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەڕۆژی ڕوناک دەڕفێنرێت و دوای ڕۆژێک تەرمەکەی لەموسڵ دەدۆزرێتەوە. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، هەر لەو ڕۆژەوەبەکۆیەکی مەزن دژی ئەم دەسەڵاتە کوردیە بەردەوام لە مەیداندان و بەکۆیە کی زۆرینەشەوەتەنها خودی دەسەڵاتی پارتی بەبەرپرسیاری یەکەم دەزانن لەجێبەجێ کردنی ئەو کارەدڕندانەیەدا. چونکە ئەوە دەسەڵاتی ئەو حیزبەیە لەهەولێردا،بەرپرس و بڕیار دەری سەرەکی. سەردەشت عوسمان تەنها چەکی دەستی، توانا مەزنەکەی و بیرکردنەوە ئازادیخوازیەکەی بوو، دژی کۆی ئەو چەوساندنەوەیەی لەلایەن ئەم دەسەڵاتەبۆرژوازیەوە، دەورانێکی درێژەسەپێنراوەبەسەر چینی زەحمەتکێشی کۆمەڵگادا. وەلەڕێگای نوسینەکانیەوە ئەو بیرکردنەوەجوانانەی دەخستەنێو دید و بۆچونی کۆمەڵگاوە. ئەو ئینسانێک بوو لەچینی زەحمەتکێشی کوردستان و هەمیشەدژی کۆی ئەو ناعەدالەتیەگومڕایەی ئەم دەسەڵاتە ناسیۆنالیستەحیزبیەکوردیەبووە. بۆیەئەم دەسەڵاتەئینسان کوژە، نەیتوانی لەبەردەم پرسیارەمەزنەکانی ئەم ئازادیخوازەدا خۆی بگرێت، تەنها چارەسەرێک لای ئەم دەسەڵاتەدژە ئازادیەبوونی هەبوبێت، سڕینەوەو لەنێوبردنی ئەو جۆرە مرۆڤانە، بوە.

خودی فەرهەنگ و کەلتورێک سەردەشت عوسمان هەڵگری بوو، فەرهەنگێکی پێشکەوتن خواز و ئازادیخوازانەبووە، داواکردنی ئەو بۆ تەمەدونی کۆمەڵگاو دابین کردنی ژیانێکی ئازادیخوازانەو فەراهەم کردنی ژیانێک کەچیتر ئینسانێک بەهەژاری نەبینرێت، ئاخۆ ئەم داواکاریانەبۆ دەبێت بەلەنێو چوون و تیرۆر کردنەوە، لەلایەن دەسەڵاتەوەوەڵام وەربگرێتە وە؟. ئەو خوێندکاری زانکۆ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی بیر کردنەوەیەکی چینایەتیانەو ئازادیخوازانەبوو، بۆیەوەک ئینسانێکی تایبەت تر، خاوەنی ئیرادەی خۆی بوو، ئەو دە یخواست چیتر ئینسان کۆیلەنەبێت لەبەرژەوەندی دەسەڵاتێک کەتەنها شکستی پێیەبۆ کۆمە ڵگا.

دەبێت بپرسین؛ هۆکار چیەئەم دەسەڵاتەکوردیەڕێگا نادات بەدانانی پەیکەرێک بۆ ڕۆژنامە نوسی جوانەمەرگ، سەردەشت عوسمان لەهەولێردا؟ ئاخۆ بەدانانی پەیکەرێک بۆ ئەو ئینسانەئازادیخوازە، دەکاتەچی لای دەسەڵاتی چەوسێنەر؟ ئاخۆ ئەو دەسەڵاتەلەدوای تیرۆر کردنی سەردەشتەوە، وەلەدوای ئەو نارەزایەتیەمەزنەی کەشەقامی کوردی هەژاندا دژی ئەو تیرۆر کردنەو بێدەگەکردنی دەسەڵات لەوەی نەیتوانی بکوژەکان بدۆزێتەوەو بیانداتەدەستی دادگا، ناکاتەئەوەی ئەگەر ئەو پەیکەرەدانرا، ئیتر ئەوەتەنها نیشانەی پەیکەرێک نیەبە مانای پەیکەر، بەڵکو نیشانەی سەرکەوتن و ئیرادەو هێمایەکەبۆ بەرەی ئازادیخوازی کۆمە

ڵگاش؟ ئاخۆ لەکاتێکی ئاوادا ئەم دەسەڵاتەچەوسێنەرەئینسان کوژە، ڕێگا دەدات بەدانانی پە یکەرێک بۆ ئەو ئینسانەمەزنە؟ ئاخۆ نەهێشتنی دانانی پەیکەری سەردەشت عوسمان لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوەو وەبەتایبەت لەلایەن پارتی دیموکراتەوە، ناکاتەئەوەی کەئەو دەسەڵاتە لەپەیکەرەکەیشی دەترسێت؟. ڕەنگەباشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە، شکاندی پەیکەری ئەو خونچەگوڵەبێت، کەتەنها پێنج ڕۆژ تێدەپەڕێت بەسەر دانانی پەیکەرەکەیدا. دەستی ڕەشی ئە م دەسەڵاتەلەپەیکەری ئەو خونچەگوڵەش دەترسێت کەهیچ شتێکی نەدەزانی لەم دنیا پڕ لە جەنجاڵیەتەدا؟

شێواندنی پەیکەری گەرمیانی خونچەگوڵ، بۆخۆی هەروا مانایەکی سەرپێی وسادەناگەیە نێت، بەپێچەوانەوەشێواندنی پەیکەری ئەو خونچەگوڵە، پێمان دەڵێت، ئەم دەسەڵاتەبەچ ئە ندازەیەکی وەحشیانەلەپشت کوشتنی هەرچ دەنگێکی دلێر و ناڕازیەوەیە، لەکۆمەڵگادا، تە نانەت ئەگەر منداڵێکیش بێت. ڕەنگەبڵێن، ئەوەدەستێکی نادیارەکەپەیکەری ئەو خونچەگوڵە ی شێواندوە، باشەبابڵێین وایە، بۆ تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمانیش دەسەڵات وتی ئەو کەسێکی تیرۆریستەو ئەحزابی ئیسلامی سیاسی تیرۆریان کردوە!؟ ئاخۆ کەسێک یەک زەڕەڕە وشتی سیاسیانەی هەبێت وەنوسینەکانی سەردەشتی خوێندبێتەوە، نیشانەیەکی وا دەبینرێت لەو نووسینانەیدا بۆ چرکەیەکیش نزیکایەتی هەبوبێت لەگەڵ بەرەی ئەنسارول ئیسلامدا؟ ڕە نگەبڵێین دەسەڵات ڕاستی کردوە، بەڵام سەرجەم نووسینەکانی ئەو ئینسانەپڕاوپڕن لەخۆشە ویستی و گەشتنی بەدابین کردنی دنیایەک لەئازادیخوازی، کەتەنها لەنێو کۆمەڵگایەکی مەدە نی و سکولاردا بەرهەم دەهێنرێت نەک لەنێو عەقڵیەتی ژەنگ گرتوی ئیسلامی سیاسیدا!

ئەو سیناریۆ ڕەزیلانەی دەسەڵاتی کوردی، نەک توانیان برِوایەک دروست بکەن لەنێو جە ماوەری کوردیدا، بەڵکو بەپێچەوانەوەتا ئێستا بەدەیان هەزار ئینسانی ئازادیخواز لە کوردستاندا خۆیان وەک سەردەشت و ئامانجەکانی ئەو دەبینین و لەخەباتی بەردەوامدان بۆ لەگۆڕِ نانی ئەم کەلتور و فەرهەنگەترسناکەی، کەئێوەدەسەڵاتی کوردی هەڵگرین. مێژوی 2011/02/17 و لەخوێن هەڵکێشانی لاوانی ئازادیخوازی کوردستان، هێندەی دیکە، ئاستی وشیاری سیاسی بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگای بردۆتەسەرەوەدژی کۆی سیاسەت و دیکتاتۆریەتی ئەم دەسەڵاتەناڕەوایە. کوشتنی گەنجانی تازەپێگەیشتوی سلیمانی و کەلار و هەڵبەجەو چەمچەماڵ، بەدەستی هێزی سەرکوت گەری ئەم دەسەڵاتە، هیچ بوارێکی نە هێشتۆتەوە، تا ئەوەی خەڵکی جارێکی تر ئومێد بدەنەوەبەئێوەی سەرۆک و سەرکردە.

ئێوەی دەسەڵاتدار، لەپەیکەری ئەو خونچەگوڵەش ترسان! کەهیچ مانایەکی دنیای سیاسەتی نەدەزانی، ئەو خونچەگوڵەچ تاوانێکی هەبوو وا بەو جۆرە، کەچاوەڕوانی نەدەکرد، لە نێوتان برد. بەڕاستی زۆرجار دەگەمەئەو بڕوایەی بڵێم، ئاخۆ لەنێو میللەتی کوردا دەبێت ڕۆژێک لەڕۆژان، بتوانێت، ئینسانی مەزنی تێدا پەیدا ببێت؟ ئاخۆ بڵێی ڕۆژێک دابێت و خە ڵکی کوردستان بەهرەمەند بن لەنووسەری مەزن و بیرمەندی مەزن و شاعیری مەزن؟ چونکە مەزنی ئەو ئینسانەگەورانەلەمێژوی ڕابردوی میللەتانی جیهاندا، کاریگەری زۆر مەزنیان هە

بوەلەبەئاگا هێنانەوەی کۆمەڵگاکانیاندا. ئێمەتا ئێستاش لەبەردەم کەلتورێکداین کەتەنها هەوڵی، لەتێک شکاندنی ئینسانەئازادیخوازەکاندایەو هەردەم خۆی لەنێو قەتیس بوون و بچوک کردنەوەدا بینیوەتەوە. ئێمەهەردەم خاوەنی دەسەڵاتێکی هێند ناچیز بووین کەبکوژی لەقوربانی پێ باشتر بووە. خۆ تاوانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، ڕەنگەلای هەرچ میللەت و دەسەڵاتێکی زیندوی ئەم دنیایەبوایە، ئێستا کۆی ئەو تاوانبارانەی دەستیان هە بووەلەو قەتڵوعامەدا، بەدادگا، بگەیاندایە. بەپێچەوانەوەلەنێو دەسەڵاتی ئەحزابی کوردیدا ئەو تاوانبارانەلەباشترین جێگای دەسەڵاتدارێتیدان. دەبێت بپرسین؛ کەلتور و ڕۆشنبیریەکی ئاوا قێزەون چیمان پێدەڵێت؟ ئاخۆ ئەم کەلتورەهەڵگری کەلتوری بەکرێگیراوی، نیە؟ (کەسی بەکرێ گیراو هەمیشەدژی خواست و ئامانجی ڕەوای زۆرینەی کۆمەڵگای خۆیەتی و لە قازانجی دوژمنی بەرانبەردا کار دەکات). باشەئەو دەستەی کەپەیکەری ئەو خونچەگوڵەی تێک شکاندوە، ئەگەر تەواو داماڵراو نەبووبێت لەهەرچ هەستێکی ئینسانی هەیە، ئامادەدە بوو دەست ببات بۆ شێواندنی ئەو پەیکەرە؟ ئاخۆ ئەوەفەرهەنگ و سیاسەتی ئەم دەسەڵاتە کوردیەنیەبەنهێنی و بەئاشکرا خەریکی قەتیس کردنی دەنگەئازادیخوازەکانەو، لە کوشتنیانیشدا، دەیان پاساوی بێمانا دەهێنێتەوە؟ دەبێت لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆنیش بپرسین؛ ئەگەر ئێوەلەگەڵ دەسەڵاتێکدا خەریکی ساتووسەودا کردنن کەدەستی سورەبەخوێنی لاوانی ئازادیخوازی کوردستان و پەیکەری ئەو خونچەگوڵەش دەشێوێنن، بەتەمای چ جۆرەئایندەیە کی پۆزەتیفن لەو دەسەڵاتە؟ ئێوەی ئۆپۆزیسیۆن ئەگەر لەپشت داخوازیەڕەواکانی سەرای ئازادیەوەن،نابێت ئامادەیی ئەوەتان تیا بێت، خەریکی هەڵساندنەوەی ئەم دەسەڵاتەبن کە بەرەو لێواری مەرگ هەنگاو دەنێت. ئەم دەسەڵاتەکوردیەلەهەرچ کوێیەکی ئەم دنیا بوایە، ڕێگەی پێنەدەدرا لەسەر کورسیەکەی بمێنیتەوە. ئەم دەسەڵاتەکوردیەبەرپرسی یەکەمی کۆی ئەو قوربانیانەیەتا ئێستا لەکوردستاندا بەشێوازەجۆراوجۆرەکان لەنێو براون.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەئیرادەی پۆلاینی خۆیانەوەلەمەیداندان بۆ لەگۆڕن نانی ئە م سیستەمەدیکتاتۆریەتە، ئیتر ئێوەبۆ دێن دانوستان لەگەڵیان دەکەن.

نزیکەی ساڵێکەکەسوکار و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگا دەیانەوێت پەیکەرێک بۆ سەردەشت عوسمانی جوانەمەرگی ئازدیخواز دابنرێت لەو جێیەی لێی ڕفێنرا، بەڵام ئەم دەسەڵاتەڕێگا نادات بەدانانی ئەو پەیکەرە، کەهێمایەبۆ ئازادیخوازی و ئیرادەبەرزی ئەو ئینسانەتێکۆشەرە ، ئەو،خۆی و خەمەکانی هەڵگری وەدیهێنانی دنیایەکی باشتر و ئازادیەکی حورمەتدار بۆ کۆی کۆمەڵگا بوو، ئیتر ئێوەچاوەڕێی چی لەم دەسەڵاتەدەکەن؟

ئاخۆ شێواندنی پەیکەری ئەو خونچەگوڵەبەس نیەبۆئەوەی کەئیرادەی زۆرینەی کۆمەڵگا ڕێک بخات دژی کۆی ئەم پەروەردەسەقەتەی تا ئێستا لەکۆمەڵگادا برەوی هەیە؟ ئاخۆ مانە وەی کۆمەڵگا لەنێو دید و بۆ چونی خۆ پەرستانەو گوێ نەدان بەوەی چی لەوی بەرانبەری دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، نامان گەیەنێت بەئەو فەلسەفەیەی کەدەڵێت کۆمەڵگا وەک مێگەل وایە؟ چونکەلەنێو مێگەلدا،ئەوەشوانەبڕیار دەدات کەکام یەک لەمەڕەکان ببڕێن بۆ

سەربڕین یان فرۆشتن، جیاکردنەوەی مەڕەکان لەیەکتری لەم حاڵەتەدا، بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کەمەڕەکان توانای هیچ شتێکیان نیەدژی شوانەکەیان بیکەن تەنها ئەوەنەبێت بەچاوێکی خەماویەوەسەیری دوور خستنەوەو سەربڕینی هاوڕێکەیان بکەن. کاتێک کۆمەڵگاش خۆی دەپێچێتەنێو ئاوا فەرهەنگ و پەروەردەیەکەوە، ئیتر ڕەنگەلای مەبەست نەبێت هەزاران ئینسانی وەک سەردەشت و گەرمیان و سورکێویش، ڕۆژانەلەلایەن دەسەڵاتەوەبکوژرێن، گرنگ لای ئەم جۆرەپەروەردەیەخودی ئەو خۆ پەرستیەتاکایەتیەیەکەماوەتەوەو ژیانی دەڕوات. مانەوەی کۆمەڵگا لەنێو ئاوا فەرهەنگێکدا، تەنها دەتوانێت ئینسانی دیکتاتۆر و سیستمی دڕندەبەرهەم بهێنێت، بەپێچەوانەوەلەنێو کۆمەڵگایەکدا کەتێگەیشتنی بۆ ئیرادەی جەماعی هەیەو خەباتی بۆ ژیانێکی یەکسان و ئازادانەیەبۆ گشت لایەک، دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان لەکۆمەڵگایەکی وادا بونیان نامێنیت، خەڵکی کوردستانیش پێویستی سەرەکی بەبنیات نانی کۆمەڵگایەکی وازیندوو هەیە، بۆ ئەوەی چیتر سەردەشتەکانمان، لەدەست نەچن!

2011/04/14

## پەیکەر و کتێبی سەردەشت عوسمان، ڕێزلێنانەلەشەخسیەت و پەیامی یەکسانیخوازی ئەو

بەشدار عوسمان

دیارە هەوڵی ئێمە لە پاڵ ئازادیخوازان بۆ دورستکردنی پەیکەری ئازادی بۆ رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان و کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی دەستنوس و ووتار و بەدواداچونەکانە رۆژنامەوانیەکانی، تەنها ریزگرتنێکە لە گیانی سەردەشت و بەرز راگرتنی پەیامە ئازادیخوازی و یەکسانیخوازییەکەی و هەموو ئەوانەی لەم پێناوەدا گیانیان بەخشی و لەداهاتووشدا دەیبەخشن .

ئامانجی سەرەکی ئێمە لەگەڵ هەموو خەڵکی دنیا ئاشکراکردنی بکوژان و دادگایکردنیانە لەدادگایەکی ئاشکرا و جەماوەری، لەم پێناوەشدا کار و پرۆژە و هەوڵەکانمان بەردەوامی دەبێت، چونکە شێوازی رفاندن و تیرۆری سەردەشت و گواستنەوە و فرێدانی، دواتر مامەڵەکردنی بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی ئەمنی لەگەڵ ئەو تاوانە گەورەیە و بێدەنگی لێی، پێیگوتین گیانی هەمووومان لەمەترسیدایە و ئاساییە لەچاونوقاندنێکدا خێزانێک و گەرەکێک و ناوچەیەک بکەونە بەر رەحمەتی تیرۆر و تیرۆرستان و لەبەر ناسکی وەزعەکەش دەبێت بێ دەنگبین !! ئاشکراشە (ئەزموونێک )لای خەڵک گرینکە کە گیان وماڵمان پارێزرازبێت.

کاری ئێمە وەکو بەرنامە و کارەکانی سەردەشت، چەسپاندنی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانیە لە کۆمەڵگادا، ئامانجی ئێمە ریسوایی و شەرمەزارییە بۆ تیرۆر و تیرۆرستان و دوژمنانی ئازادی و یەکسانی، ئامانجی ئێمە فراوانکردنی چوارچێوەی ئازادی رادەربڕین و

نوسین و قسەکردنە لەسەر هەموو شتێک کە سەردەشت لەم پێناوەدا گیانی بەختکرد، بۆیە پێویستی بەرێگری و ئاستەنگ ناکات و ئامانجی ئێمە رۆشنە و سەرەڕایی هەر رێگریەک کە لەیەکەم هەنگاودا لەدانانی شوێنی پەیکەرەکە لەناو شاری هەولێر رووبەرووبوینەوە،بەڵام هەوڵ و کۆششکانمان بەردەوامە و ئامانجەکانمان لەدانانی پەیکەر و کتابی سەردەشت بالآترە.

هیچ هەوڵ و کۆششێک ناتوانێ کەیسی سەردەشت لەسەر مێزی رۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان و تەواوی خەڵکی عێراق و کوردستان و دونیا دابخات ، تیرۆری سەردەشت کە یەکێک لە گەورەترین زوڵم و ناحەقیەکە بەرامبەر بە ئازادی ، بۆیە هیچ هەنگاوێک ناتوانێ لەنیگای پڕ بەرائەتی سەردەشت و پەیامە ئینسانیەکەی دامانبڕێنێت و بۆ هەمیشە درێژەی پێدەدەین، تەنها ئاشکراکردنی تاوانباران و دادگاییکردنیان دەتوانێ ئومێدێک بەدڵ و دەروونی خەڵک بدات و مۆتەکەی ترس و دڵەراوکێ لەنێو هزر و بیرکردنەوەیان کاڵتربکاتەوە ، لەگەڵ ئەوەی خەڵک دڵی شکا و هەست و نەستی برینداركرا، ترس و دڵەراوکێی و گومان لە هەموو شتێک بۆتە بەشێک لە بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانی .

رێگەنەدان و گرێدانەوەی دانانی پەیکەری ئازادی سەردەشت عوسمان بەکۆمەڵێک شتی لاوەکیەوە تەنها مەهزەلەیەکە و هیچیتر ! ناتوانێ هیچ مرۆڤێکی خاوەن عەقڵ و مەنتق قانع بکا و لە یاسا و دەستوری هیچ وڵاتێک نەبینراوە و نابیندرێت، ئەگەر بەپێی وەڵامی دەسەڵاتدارانی هەولێر بێت دەبێت زۆرێک لە پەیکەرەکانی شاری هەولێر لابرێن و وورد و خاش بکرێن،ئەی خۆ بکوژانی مامۆستا ێلاح هەورامی تا ئیستا بەرەسمی رانەگەیەندراوە، بەڵام 10ساڵە پەیکەرەکەی لەنێو کۆلیژی ئاداب باڵادەکا !؟ دەکرێت پێمان بڵێن بکوژەکانی هەورامی کێ بوو؟ بەپێوانەی پارێزگاری هەولێر بێت، دەبێت پەیکەرەکانی( عمری خاوەر )لە هەموو کوردستان کۆبکرێنەوە چونکە تاکو ئیستا دادگا نەیتوانیوە زانیاری تەواو (وەکو ئەوەی پارێزگاری هەولێر)گەرەکیەتی، لەسەر روداو و ئەنجامدەرانی کۆبکاتەوە.

هەر هەوڵێک بۆ تێپەڕاندن و وونکردنی کەیسی سەردەشت لای هەموو رۆژنامەنوسان و ئازادیخوازانی دونیا مەحکومە و لەگەڵ هەنگاو و پرۆژەی گەورەتریان رووبەرووەدەبێتەوە، ئیستا پەیکەر و شێوە و وێنەی سەردەشت لەهەموو کەلاوە و ماڵێکدایە، نوسراو و دەستنوسەکانی لەنێو مێشکی گەنجان و لاوان و پیر و پەککەوتوان سەیڤ بوە،چونکە ئەو لەپێناوی ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵک گیانی بەخشی.

دەبوایە دەسەڵاتدارانی هەولێر،وەکو وەفایەک بۆ گەنجێکی شارەکەیان کە بە درندانەترین شێوە لەناوبرا و توانی لەماوەیەکی کەمدا لەرێگای نووسین و بەدواداچونە رۆژنامەوانیەکانی مێشکی گەنجان و لاوان بۆ لای بیرکردنەوە و داهێنان و ئەفراندن ببات و خزمەتێکی گەورە بە پێشکەوتن بکات و ئەو سنورانە بشکێنێت کە مێشک و بیرکردنەوەی خەڵکی ئیفلیجکردووە و لەخاڵێکدا گیری کردوون، زیندووراگرتنی سەردەشت و پەیام و بیروباوەڕەکانی سەردەشت پێش هەموو شتێک خزمەتێکی گەورەیە بە کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی

و پێشکەوتن و بزاوتی رۆشنگەری و رۆژنامەگەری، بەڵام بەداخەوە نەک هاوکاری و دەستپێشخەرییمان نەبینی بەڵکو لەگەڵ پێچەوانەکەی بەرەو روو بوینەوە، وەکو سەردەشت گووتی (بەدبەختی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە ، باکی بەمردنی نەوەکانی خۆی نیە...)بەڵام ئەمجارەیان پێیانگووتین نەک باکی بە مردنمان نیە،بەڵکو رقیشی لە زیندووبونی هەندێکمانە !

هەموو ئەوانەی بە هاتنە سەرشەقام،بە ووتار و شیعر و پەخشان ، هەڵوێست و خۆپیشاندان و نارەزایەتی، کۆڕ و سیمینار و کەمپین و فیلم و دیکۆمێنت و وێنە و پۆستکارد،بەشداربوون و دەبن لە ئیدانەکردنی تیرۆری رۆژنامەنوس سەردەست عوسمان و ریسوایی و ئاشکراکردنی بکوژان،مێژوویەکی درەوشاوەیان بۆخۆیان تۆمارکردووە و دەیکەن، هەموو ئەوانەی بە ئیمزایەک پاڵپشتی و هاوکاری کەمپینی دورستکردنی پەیکەری ئازادییان بۆ سەردەشت عوسمان دەربڕیوە، مرۆڤایەتی شانازییان پێوە دەکات، پێچەوانەکەشی دورستە، هیوادارین چیتر پێچەوانەکەی نەبینین، چونکە وەستانەوەیە بەرامبەر پەیامی سەردەشتەکان و هەزارەها کەسی ئازادیخواز لە کوردستان و عێراق و سەراسەری دنیا.

2010/7/1

# ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لەئازادی

**ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لەئازادی**

**سەردەشت گیانبەخشی ڕێگای ئازادی بوو. ئەو لەدژی نایەکسانی، پاوانکردنی دەسەڵات و سامان لەدەستی کەمایەتیەکی دەسەڵاتداردا دەنگی هەڵبڕی و لەو ڕێگایەدا تا دوا هەناسە دلێرانەبەرەنگار بووەو نەبەزی.**

**ئەمڕۆ کەهەزاران لاوی ئەم وڵاتەبۆ هەمان ئەو ئامانج و خواستانەی سەردەشت هاتوونەتە مەیدان، ئێمەکۆمەڵێک لەلاوانی شاری هەولێر بەمەبەستی بەشداری چالاکانەلەو خەباتەدا بەم ڕاگەیاندنەڕێکخراوی سەردەشت بۆ داکۆکی لەئازادی پێک دێنین.**

**ئامانجی گروپەکەمان کۆکردنەوەو ڕێکخستنی تواناکانی لاوانی ناڕازی کوردستان و هاوئاهە نگی کردنی هەوڵ و خەباتیانەبۆ خواستەسەرەتاییەکانیان کەبرێتین لە:**

**١- ئازادی بێ قەید و مەرجی سیاسی. نابێت بەهیچ بیانوویەکەوە ئازادی سیاسی پێشێل بکرێت. ئینسان و ماف و ئازادیەکانی پیرۆزن.**

**٢- ئازادی دەربڕین بەهەموو شیوازەکانیەوە.**

**٣- دەستەبەرکردنی مافەسەرەتاییەکانی لاوان لەخوێندن، کارکردن، مومارەسەکردنی ئارە زووەکانیان لەوەرزش و هونەر و زانست، ئازادیەتاکەکەسیەکان.**

**لەڕێگای خەبات بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستانەگروپی سەردەشت بۆ بەرگری لەئازادی ئەم خواستەدەمودەستانەی لەدەسەڵات هەیەو بۆ جێگیرکردنیان خەباتی بەردەوام دەکات:**

**١- ناساندن و دادگایی عادیلانەو ئاشکرای هەموو تاوانباران و بکوژانی تاوانی 17-2-2011 لەشاری سلێمانی و هەروەها تاوانباران و بکوژانی سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامە حەمە.**

**٢- کۆتایی هێنان بەگوشار و هەڕەشەو ترساندنی ڕۆژنامەنووسان و سزادانی یاسایی هە موو ئەوانەی ئەشکەنجەو ئازاردانی ڕۆژنامەنووسان و هاوڵاتیان دەستیان هەبووە. قەرە بووکردنەوەی هەموو ئەوانەی دووچاری ئەو جۆرەمامەڵەیەبوون و سزادانی تاوانباران.**

**٣- هەڵوەشاندنەوەی یاسای خۆپیشاندان، دانانی یاسایەکی نوێ بۆ دابینکردنی ئازادی خۆپیشاندان.**

**٤- کۆتایی هێنان بەهەموو جیاوازیەک لەبواری خوێندندا، وەک قبول خاس و تاد... مامەڵە ی یەکسان لەگەڵ هەموو خویندکاران بێ لەبەرچاوگرتنی ئینتیمای سیاسی، ئاینی، نەتەوە، ڕەگەز..تاد.**

**٥- پەیداکردنی کار بۆ لاوانی بێکار، یاخود فەراهەمکردنی بیمەی بێکارییو بەرنامەی بردنە سەری کارامەیی و توانای لاوان لەبواری کاردا.**

**٦- فەراهەمکردنی هەموو ئیمکاناتێکی پێویست بۆ لاوان بۆ مومارەسەکردنی ئارەزووەکانیان لەهەموو بوارەکانی وەرزش و هونەر و زانست. فەراهەمکردنی شوێنەکانی سەرگەرمیی بۆ لاوان.**

**ڕێکخراوی سەردەشت بۆ داكۆکی لەئازادی لەپێناوی وەدیهێنانی ئەم خواستانەدا بە هەموو شێوازێکی سیاسیو مەدەنی وەک مانگرتن، خۆپیشاندان، پەناگیری گوشار بۆ دەسەڵات دە هێنێت.**

**ئازادیخوازان**

**کچان و کوڕانی دڵ پڕ هیوای کوردستان**

**بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستانەی سەرەوەو لەپێناوی بەشداری کردنی چالاکانە لەناڕەزاییە کانی دژی دەسەڵاتداران بەگروپەکەمانەوە پەیوەست بن و لق و کۆمیتەکانی ڕێکخراوە کە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دابنێن.**

**با بەخەباتی یەکگرتوومان کۆنەپەرستی و ستەم و چەوسانەوە ڕامالین و بەردی بناغەی ئایندەیەکی پرشنگدار دامەزرێنین.**

2011-02-23

**ئەوەی لە هەولێر ڕوویدا سەرکوتی خەڵکی شاری هەولێر بوو نەک هەڵوێستی خەڵکی هەولێر**

**ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی – 2011-02-28**

**ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی : بڕیاربوو ٢٥-٠٢-٢٠١١ لە شاری هەولێر خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە دژی گەندەڵی و پێشێلکاریەکان بە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان**

**و پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکان و داخوازییەکانی خەڵکی شارەکانی تری کوردستان بەڕێبخرێ. بەڵام پێش کاتی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە، دەزگا ئەمنیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتنە گرتن و بێ سەروشوێنکردنی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک و پاش ئەوەش پ.د.ک بەڵتەجیەکانی خۆی لەو شوێنەی کە بڕیار بوو کۆبوونەوەی جەماوەری تیایدا بکرێت کۆکردەوەو بە ئامادەیی و نەخشە لەپێشدا داڕێژراوی پێشووتر کەوتنە ئاهەنگ**

گێران و بەرزکردنەوەی وێنەی سەرۆکی پارتی و جامانەی سور و ئاڵای پارتی و دروشم و هوتاف کێشان لە بەرژەوەندی پارتی. ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ شێواندنی بارودۆخی نێو شاری هەولێر و ڕێگەگرتن لە ئەگەری هەر خۆپیشاندان و نارازایەتیەکی جەماوەری بوو.

ئەو کارەی کە ڕوویدا ڕاستەوخۆ سەرکوتی خەڵکی شاری هەولێر بوو، شکاندنی ئیرادە و بریندارکردن و شکاندنی کەرامەتی گەنجانی ئازادیخوازی شاری هەولێر و هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز بوو. ئەوەکاری بەڵتەجی و موچەخۆرانی پارتی بوو نەک خەڵکێک کەلەناخی دڵیانەوەبۆ کوژراو و بریندارانی خۆپیشاندانەکانی شارەکانی تر دڵ پڕ لەژان و کەسەرن. هە ڵپەڕکێی بەڵتەجیەکانی پارتی تەنانەت نیشانەی دڵخۆشی ئەوانیش نییە، بەڵکو بەڵگەی ترسی پ.د.ک ەلە ئەگەری بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانی جەماوەری لەناوچەکانی بن دەستی خۆیدا.

ئێمە لە ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی، ئیدانەی ئەو کارە دژی ئازادییەی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر هەوڵێکی سەرکوتگەرانە ئەکەین. کە ئەیانەوێت ڕێگری و پێشگیری لە نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بکەن و کەڵین و قەڵەشت بخەنە ڕیزەکانی جەماوەرەوە. تەواوی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانمان بانگەواز ئەکەین بە هەموو شێوەیەک ئەو هەوڵانەڕیسوا و سەرکۆنە بکەن. هاوکاتیش پەیامعان بۆ تەواوی خەڵکی شارەکانی تری کوردستان و هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز کە ئەو کارە ناشیرینە بریندار کردووە، ئەوەیەکەڕێگە نەدەن حزبە دەسەڵاتدارەکان و پلانەڕیسواکانیان قەلشت بخاتە نێوانیانەوەو یەکڕیزیان لەکەدار بکات.

### پەیام بە خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادی و شار و شارۆچکەکانی کوردستان

ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی – 02–03–2011

جەماوەری ئازادیخواز و ناڕازی لە گەندەڵی، ستەم و ناعەدالەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی!

هەروەک لاتان ڕوونە کە لەسەرەتای ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکەمان (ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی) پشتگیری خۆمان بۆ داوا ڕەواکانی ئێوە دەربڕی. دوای ئەوەی کە جارێکی دی داواکانتان کۆکردەوە و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوتان کردەوە، ئەوا ئێمە جارێکی تر پشتگیری خۆمان بۆ خۆپیشاندانەکان و تەواوی داواکانتان دووپات دەکەینەوە و بە داوای ڕەواو و مافی هەموو خەڵکی کوردستانی دەزانین.

بۆیە لێرەدا بە هەلی دەزانین کە لەپاڵ لیستی ئەو داواکارییانە ئێمەش وەکو (ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی) وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە خۆپیشاندەرانی کوردستان داواکارییەک بخەینە ڕوو، کە پێمان وایە بەشێکە لە داخوازی شەقامی کوردستان

و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان. چەند مانگ لەمەوبەر خەڵکی سەرتاسەری کوردستان لە خۆپیشاندانەکان لە دژی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس و قوتابی "سەردەشت عوسمان" هاتنە مەیدان. هیوادارین کە لە لیستی کۆتایی داواکان ئەو داواکارییانەی ئێمە و سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ڕەچاوبکەن و هاوپێچی بکەن:

ئێمەخوازیارین کەتاوانباران و بکوژانی سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامەحەمەلەلایەن دە سەڵاتەوەبناسێنرێن و دادگایی عادیلانەو ئاشکرا بکرێن.

هەمیشە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین. بەو هیوایەی بە هەموو ئامانجەکانمان بگەین.

**سوکایەتیو شکاندنی کەرامەتی گەنجان تاوانە، دەبێ ئەنجامدەرانی ئەو جۆرەتاوانانەدادگایی بکرێن!**

ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی – 2011–03–19

چەند ڕۆژێکە گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەسەر لاپەڕەی ماڵپەڕەکانو فەیسبوک بڵاوبۆتەوە. هێزێکی چەکداری سەر بەدەزگا ئەمنییەکانی لە هەولێر لەکاتێکدا کە گەنجێکی شاری هەولێر بە هۆکارێکی نەزانراوەوەدەستگیر ئەکەن،

بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن لە جنێوو قسەی ناشیرین، لێدان و دارکاریەوەتا دەگات بە ماچپێکردنی پێلاوەکانی بەرپرسی هێزەئەمنیەکە...تاد.

بۆ ئەوانەی لەهەولێر دەژین و بەمامەڵەی دەزگا ئەمنیەکان ئاشنان ئاشکرایەکەئەو گرتە ڤیدیۆییەنموونەی خەروارێک لەهەڵسوکەوتی سەرکوتگەرانەو سوکایەتی ئامێزانەی ئەو دە زگایانەیەبەرانبەر خەڵک. ئەو گرتەڤیدیۆییەگوزارشی ڕاستەقینەلەو پەیوەندی ئاغا و ڕەعیە تیەدەکات کەدەسەڵات دەیەوێت لەنێوان خۆی و هاوڵاتیاندا درێژەی پێ بدات. ئەو جۆرەکردە وانەهیچ نامۆ نییەبەهەموو ئەو سیاستەی کەدەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردن و کۆیلەکردنی کۆمە ڵگای کوردستان و شارەکانی بەکاریان دەهێنێت.

هەموومان ئاگاداری ئەوەین کەچۆن ماوەی چەند هەفتەیەکە دەسەڵاتداران لەنێو شاری هەولێرو ناوچەکانیدا. ژیانو چارەنووسی خەڵکیان بە بارمتە گرتووەو گەمارۆدراوە بە هێزی چەکدارو بارێکی نائاسایان سەپاندووە بەسەر شاری هەولێردا و هەر دەنگێکی ناڕازی و ڕەوای خەڵک ڕاستەوخۆ سەرکوت ئەکەن. ئەو گرتەڤیدیۆییەنموونەیەکی چکۆلەو ڕۆژانەی ئە و جۆرەسوکایەتیەیەکەبەهەموو خەڵکی شاری هەولێر دەکرێت.

ئازادیخوازان، گەنجان و لاوانی مافخوراو

ئەو هێزەی كار لەسەر شكاندنی كەرامەتی مرۆڤەكانو بێحورمەتی كردن بە كۆمەڵگا ئەكات، ئەبێ بەتەواوی دەسەڵاتیان لەسەر خەڵكی كوردستان دەستكۆتا بكرێت. ئێمەلەكاتێكدا بە توندی ئەو كردەوەیەو ئەنجامدەرانی تاوانبار و ئیدانەدەكەین، بانگەوازی ئەندامانی ڕێكخراوەكەمان و گەنجانی ئازادیخوازی هەولێر و كوردستان ئەكەین، بە هەر شێوەیەک گونجاوە ئەو كارە قێزەون و نامرۆڤانە سەركۆنە و ریسوا بكەن. ئێمەلەهەوڵی كۆكردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر ئەو هێزەئەمنیەو بەرپرسەكانیانین و هەموو ڕێگایەک بۆ ئاشكرا كردن و گەیاندنیان بەسزای یاسایی عادیلانەدەگرینەبەر.

**دەسەڵات ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە دروستكردنی ئەو دۆخەی هۆكار و پاڵنەری گەنجانە بۆ خۆكوژی !**

ڕێكخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داكۆكی لە ئازادی – ٢٠١١–١١–١٠

ئامارەكان نیشانی دەدەن كەلەچەند مانگی ڕابردوودا خۆكوشتن لەناو گەنجانی كوردستان بە شێوەیەک پەرەی سەندووە, بۆتەدیاردەیەكی مەترسیدار و جێی نیگەرانییە.

ڕۆژنامەی ڕێوان لەژمارەی (243 ی بەرواری ١٦ ی سێپتەمبەری ٢٠١١ سەرژمێریەكی بڵاو كردۆتەوە كە لەهەشت مانگی رابردوودا (71) حاڵەتی خۆكوشتن لەلایەن پۆلیسی پارێزگای سلێمانییەوە تۆمار كراوە.

بەپێی هەواڵەكانی ڕۆژنامەی ئاوێنە تەنها لە ماوەی ٢ هەفتەدا لە مانگی ئۆكتۆبەر ی ٢٠١١دا، ٤ گەنج كە تەمەنەكانیان لە ١٤–٢٠ ساڵیدا لە شارەكانی كوردستان خۆیان كوشتوە.

هەموو ئاگادار بووین "بەناز جەواد" بەهۆی بێكاری و هەژاری، وەک نارەزایەتی بە دانەمەزراندنی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەستدا. زۆرن ئەو بەنازانەی بەسەد قاچ لەم بارودۆخەی ئێستای كوردستان ڕا ئەكەن. ماوەی چەندین ساڵە گەنجانی كوردستان، سەد قاچ قەرز ئەكەن و بە نێو هەزار ئاگرو چەندین سەرزەمین و سنوری دڕكاوی و مەترسی دەریاكاندا لەم دۆخ و دۆزەخەی كوردستان ڕائەكەن.

ئەم دۆخە فشارێكی ڕاستەوخۆی خستۆتە سەر خەڵكی كوردستان و بەتایبەتی گەنجان. گەنجان كە ناسكترین و هەستیارترین توێژی كۆمەڵگان، زۆرترین زیانیان بەركەوتووە و ئەكەوێت. هۆكار و پاڵنەری سەرەكی خۆكوژی گەنجان ئەگەرێتەوە بۆ نائومێدی و ڕەشبینی كە دەرئەنجامی بارودۆخی كوردستان و سەركوت و بێمافی گەنجان و نەبوونی مافە سەرەتاییەكانی خەڵكە.

خۆكوشتنی گەنجان پەیامی ئەوەمان پێدەدات كەسیستم و دەسەڵاتدارەتی كوردستان لە قەیراندایە. قەیرانێک دوای سەركوتی خۆپیشاندانی سەراكانی ئازادی دۆخێكی

سەرکوتگەرانەی هێنایەئاراوە، دۆخێکی نائارام و نالەبار، دۆخێکی قەرەباڵغ بە سیناریۆ و ڕووداوی شێواو. بەواتایەکی تر بارودۆخەکەگەیشتوتەئاستێک کە زۆربەی کێشەکان بە هەڵواسراوی و بێچارەسەرکردن ماونەتەوە. خەڵکی کوردستان لە چاوەڕوانییەکی تاقەت پڕوکێن نادیاردا ماونەتەوە ژیان بەسەر ئەبەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارەتی پارتی و یەکێتی ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە دروستکردنی ئەو هەلومەرجە و پاڵنانی گەنجان بۆ دۆزەخی مەرگ و خۆکوژی. لێرەدا حکومەت و دەزگا بەرپرسەکان ئەرکیان فەراهەمکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانە بۆ ژیانی گەنجان و مافەکانیان.

بۆ پێشگرتن بەو دیاردە مەترسیدارەی کە هەڕەشەیە لەسەر ژیانی گەنجانی کوردستان. ئەم پێداویستی و مافەسەرەتاییانە بە ئەرکێکی دەستبەجێی دەسەڵات دەزانین:

- دەستەبەرکردنی مافەسەرەتاییەکانی لاوان لەخوێندن، کارکردن، مومارەسەکردنی ئارە زووەکانیان لەوەرزش و هونەر و زانست، ئازادیەتاکەکەسیەکان و فەراهەمکردنی شوێنەکانی سەرگەرمیی و ناوەندەکانی بڕەودان بە تواناکانیان و حەساندنەوەیان.

- پەیداکردنی کار بۆ لاوانی بێکار، یاخود فەراهەمکردنی بیمەی بێکارییو بەرنامەی بردنە سەری کارامەیی و توانای لاوان لەبواری کاردا.

- ئازادی دەربڕین بەهەموو شێوازەکانیەوە. هەڵوەشاندنەوەی یاسای خۆپیشاندان، دانانی یاسایەکی نوێ بۆ دابینکردنی ئازادی خۆپیشاندان.

- کۆتایی هێنان بەهەموو جیاوازیەک لەبواری خوێندندا، وەک قبول خاس و تاد... مامە ڵەی یەکسان لەگەڵ هەموو خویندکاران بێ لەبەرچاوگرتنی ئینتیمای سیاسی و حزبی، ئاینی، نەتەوە، ڕەگەز..تاد.

- کۆتایی هێنان بەگوشار و هەڕەشەو ترساندنی ڕۆژنامەنووسان و سزادانی یاسایی هە موو ئەوانەی  ئەشکەنجەو ئازاردانی ڕۆژنامەنووسان و هاولاتیان دەستیان هەبووە. قەرە بووکردنەوەی هەموو ئەوانەی دووچاری ئەو جۆرەمامەڵەیەبوون.

- پاراستنی کەرامەتی گەنجان، کۆتایهێنان بە سوکایەتی، بێڕێزی و شکاندنی کەرامەتی گەنجان لەلایەن دەزگای ئەمنی و حزبیەکانەوە لە شارەکان.

**ڕۆژی 5ی ئایار وەک ڕۆژی ئازادی لە کوردستان بەرز و بەڕێز ڕادەگرین!**

**ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی / 28-03-2012**

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جارێکیتر بەرەوڕووی یەکێک لە هێرشەکانی دەسەڵاتی کوردی بۆ سەر خەڵک بووینەوە. لە سەرەتا فشارهێنان بۆ دەستگیرکردن و دادگایی هەڵسوراو و بەشداربوانی خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوبات، دوابەدوای ئەوەش نمایشی قێزەونی سیناریۆی بەناو دادگایی دۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسمان. ئەوەی بەڕێوەچوو سیناریۆیەکی گاڵتەجاری بوو و بە توندی سەرکۆنە و شەرمەزاری دەکەین. تا ئەو کاتەی تاوانباران و بکوژان و ئەوانەی لەپشتی تیرۆری سەردەشت وەستاون، دادگایی نەکرێن و بەسزای عادلانە نەگەن، ئەو دۆسیە لای ئێمە و ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەکراوەیی دەمێنێتەوە. ڕایدەگەیەنین کە کەیسی سەردەشت کراوەیە و هەر بە کراوەییش دەمێنیتەوە تاوەکو لە دادگایەکی بێلایەن و دوور لە فشاری دەسەڵاتداران لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت و بە ئەنجام دەگات. ئێمە لێرەدا بۆ وەستانەوەو پێشگرتن بە هێرشەکانی دەسەڵات بۆ سەر خەڵک و ئازادی، بانگەوازی ڕۆژنامەنوسان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هێز و لایەنە سیاسییەکان، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، کۆمیتەکانی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی و کۆمیتەکانی پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان..... تاد لە شارەکانی کوردستان و دەرەوە دەکەین، ڕۆژی ٥ ئایار وەک ڕۆژی ئازادی لە کوردستان بە مەراسیم و چالاکی جۆراو جۆر بەرز و بەڕێز ڕابگرن. ڕۆژی ٥ ئایار وەک یاد و ڕێز لێنان لە ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، ئەو ڕۆژە بکەینە بۆنەیەک بۆ داکۆکی لە ئازادی. هاوکات دەبێتە فشارێک بۆ پووچەڵکردنەوە و ڕیسواکردنی سیناریۆکانی دەسەڵات، ئەوەش هەنگاوێک نزیکمان دەکاتەوە لە دادگایی کردنی تاوانبارانی تیرۆری سەردەشتەکان و سۆرانەکان. گرینگە ئەم ڕۆژە وەکو (ڕۆژی ئازادی) لە کوردستان لەلایەن ئازادیخوازان دیاریبکرێت. هەوڵێکە بۆ بەستنی ئەو دەستانەی گوللە ئەنێن بەنێو دەمی گەنجان و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕاستی بە خەڵکی کوردستان دەڵێن. ئێمە لەکاتێکدا ئەم بەیاننامەیە ڕادەگەیەنین کە دەسەڵاتداران فشارەکانیان چڕتر کردۆتەوە بۆ سەر ڕۆژنامە و دەنگە ئازادەکان لەسەر کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت و دەیانەوێت جگە لە یارییە گاڵتەجاڕییەکەی ساڵی پاری لیژنەکەی ئاسایشی هەولێر یارییەکی دیکە بەم کەیسە بکەن و پەیامی دیکە ئاراستەی ڕای خەڵک بکەن، بەوشێوەیەی کە دەسەڵاتداران و حیزبەکان دەیانەوێت! بانگەوازی هەموو لایەک دەکەین بەیەکەوە لە ٥ ئایاردا بەیەک دەنگ کاربکەین بۆ:**

- **گرتنی مەراسیمی ڕێزلێنان و یادی سەردەشت عوسمان.**
- **سازدانی کۆڕ و سیمینار لەسەر ڕەوشی ئازادی لە کوردستان.**
- **پێشانگای وێنەکانی سەردەشت و پێشانگای فۆتۆگرافی و کاریکاتێری.**
- **سازدانی کۆبونەوەی نارەزایەتی و خۆپێشاندان لەبەردەم سەفارەتەکانی عیراقی یا ئۆفیسی نوێنەرایەتییەکانی حکوومەتی هەرێم.**
- **هەر کار و چالاکییەک کە خۆتان بە گونجاوی دەزانن...**

**داوای ئازادکردنی دەستبەجێی ڕۆژنامەنوس شێروان شێروانی دەکەین!**

ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی – ٢٠١٢/٤/٢٣

دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس شێروان شێروانی، سەرنووسەری گۆڤاری باشوور تەنیا دوو ڕۆژ بەر لە١١٤یەمین ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، یەکێکی ترە لەو تاوانە بێزراوانەی کە ساڵانێکە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازانی کوردستان دەستیان داوەتێ.
گرتنی شێروان شێروانی بەبێ ئاگەدارکردنەوەی پێشوەخت و دەنگۆی بردنی بۆ دەزگایەکی ئەمنیی حیزبی، ئاماژەگەلی زۆر ترسناکن لە ئێستەی هەرێمی کوردستاندا، لەکاتێکدا هەمووومان ئاگادارین کە چەند هەفتەیەکە کابینەی حەوتەمی حکوومەتی هەرێم ڕاگەیەنراوە. ئەمە پێماندەڵێ کە ڕەنگە مامەڵەی ئەم حکوومەتەش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان وەکو ئەوانەی پیش خۆی یان خراپتریس بێت.

دیاریشە کە لە ماوەی رابردوودا بەگوێرەی چەندین ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە سەرووشیانەوە ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنووری جیهانی، کوردستان یەکێکە لە ناوچە مەترسیدارەکان بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی.

ئێمە لە ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی وێڕای بە توندی ئیدانەکردنی ئەم کردەوە دژە ئازادییە داوای دەستبەجێ ئازادکردنی هاوکارمان شێروان شێروانی دەکەین و پێمانوایە مانەوەی زیاتری لە گرتووخانەکان، حکوومەت و حیزبی دەسەڵاتدار لەلای خەڵکی کوردستان و رای گشتی نێودەولەتی عەیبدارتر و ناشیرینتر دەکات.
داواش لە ڕۆشنیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکان و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان دەکەین هەوڵەکانیان چڕتی بکەنەوە بۆ فشارخستنە سەر دەسەڵاتداران بۆ هەرچی زووتر ئازادکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە.

**ساڵیادی تیرۆری ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان, 5 ی ئایار وەکو ڕۆژی ئازادی لە کوردستان بەرز ڕادەگرین**

ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی – 04-05-2012
پەیامی ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان لە لە یادی دووەمین ساڵڕۆژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا
تائەوکاتەی ماوین دەبێت قسەبکەین، ئەوکاتەی کەتەمەنیشم کۆتای دێت، باهاوڕێکانم خاڵێکم بۆ دابنێن وسەرلەنوێ بەدێڕێکی تر دەستپێبکەنەوە. سەردەشت عوسمان
دوو ساڵ لەمەوبەر وەکو ئەمڕۆ گەنجێک لەهۆڵەکانی خوێندنی زانکۆ دەرفێندرێت، دوو ساڵ بەر لە ئەمڕۆ و لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستاندا ڕۆژنامەنووس سەردەشت

عوسمان بە ئاشکرا بەبەرچاوی پۆلیس و ئاسایش و لەبەردەم کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین دەفرێنریت و دوای رۆژێک بە کوژراوی لە شاری موسڵ دۆزرایەوە. ئەو وەک رۆژنامەنوسێکی بوێر بەرەنگاری ناعەدالەتی و گەندەڵی و چەمکی موقەدەسی بنەماڵەیی و هۆزایەتی بۆوە. لەسەر دەربڕینی ڕاستی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگاکەی تیرۆر کرا.

شێوازی فڕاندن و تیرۆکردنی تیرۆری سەردەشت عوسمان، پەلامارێکی ڕاستەخۆ بوو بۆ سەر ئازادی دەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەری‌لە کوردستان، سەرەتای هێرش و پەلاماری سەرکوتگەران بوو بۆ بێدەنگکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی‌کە خوازیارن ڕاستی بە خەڵک بگەیەنن. ئەم کردەوە تیرۆرستییە لە پاڵ هەمان ئەو ستەمکاری و ناڕەوایانەی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان بووە کە بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو بەڕێگەی جۆراوجۆر بە سەر ڕۆژنامەنوسان و کەسانی ئازادیخواز تاقیکراونەتەوە.

لە سەرەتای رووداوەکە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و رۆژنامەنوسان و گەنجانی کوردستان، هەموو هاواریان کرد بێدەنگ نابین! بەنارەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان جەسورانە وەلامیاندایەوە و بێدەنگیان هەڵنەبژارد. داوا کرا کە لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لەم رووداوە جەرگبڕە پێک بهێنرێت، بۆ ئاشکراکردن و بە سزا گەیاندنی تیرۆرستان و ئەوانەی لە پشتی ئەو تاوانە وەستاون. بەلام ئەم لیژنەیە نەک هەر پێک نەهێنرا بەلکو دەسەلات هەموو ئەوانەشی دایە دادگە کە باسی کەیسی سەردەشتیان کرد.

ئەو لێژنەیەی کە بە بڕیاری سەرۆکی هەریمی کوردستان پێکهێنرا، یەکەمین ئەرکی هەڵگێرانەوەی ڕاستی رووداوی تیرۆری سەردەشت بوو. بەدانی زانیاری پێچەوانەی شێوازی تیرۆرەکە و ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدابوو. دواتر لێژنەی ناوبرا لە چوارچێوەی بازنەی چیرۆکسازی و پیلانگێریدا بە دارشتنی سیناریۆیەکی قێزەون، بە هۆنینەوەی درۆیەک لە هیچ عەقلێک جیی نابێتەوە. وەک هەوڵێک بۆ شاردنەوە و داپۆشینی تاوانەکە.

جارێکیتر لەلایەن رۆژنامەنووسان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، ئەو سیناریۆیە ڕەتکرایەوە و داوای پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوەی بێلایەن لە دۆسیەی سەردەشت کرا.

دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان، لە هەوڵی تێپەراندنی ئەو دۆسیەدان. بۆ یەکجاریش گوییان لە داخوازی ڕۆژنامەنووسان و خانەوادەی سەردەشت و خەڵکی کوردستان نەگرت. ٢ مانگ لەمەبەر بێشەرمانە بە پێداگری لەسەر هەمان سیناریۆی گاڵتەجاریدا لە دادگای هەولێر هەوڵی تێپەراندن و داخستنی دۆسیەکە بوون.

لە یادی دووەمین ساڵرۆژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا جارێکیتر ڕای ئەگەیەنین کە هەرگیز دەستبەرداری کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت نابین و لەلای ئێمە و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان و جیهان ئەم کەیسە بە کراوەیی دەمێنێتەوە تا لێکۆڵینەوەی بێلانانەی تێدا دەکرێت و تاوانبارانی راستەقینە دەدرێنە دادگا و سزا دەدرێن. ئەمڕۆ دووساڵ بەسەر یەکێک لە قیزەونترین ئەو تاوانانەداتێدەپەڕێت کە لە مێژووی کوردستاندا پەڵەیەکی رەشە بە ناوچەوانی دەسەلاتدارانی ئەم هەرێمەوە. ئێمە لەکاتێکدا یادی ئەم تاوانە

دەکەینەوە لەگەڵ ئامارێکی فراوانی پێشێلکاری بە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان بەرەو ڕووین، کە هێشتا دەبینین پێشێلکاری و فشارەکان بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان لە زیادبووندایە و ئەگەری لە هەموو کاتێکدا هەیە کە ڕووداوای جەرگبڕی وەکو تیرۆری سەردەشت دووبارە بکرێتەوە. بێباکی دەسەڵاتدارانی کوردستان لەبەرامبەر هەردوو کەیسی تیرۆری سۆران مامەحەمە و سەردەشت عوسماندا پێمان دەڵێ هێشتا دەسەڵاتێک لە کوردستاندا باڵادەستە کە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر ژیان و ئازادی هاووڵاتییان.
لێرەدا لە یادی دووەمینساڵڕۆژی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا بانگەوازی ڕۆژنامەنوسان و ڕای گشتی و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان ئەکەین، لەم یادەدا کەیسی سەردەشت بە زیندوویی ڕابگرن و بەنارەزایەتیەکانیان فشار بێنن بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم ، کۆتایی بە سیناریۆی گاڵتەجاری و پڕلەسوکایەتی بێنن و گوێ لە داخوازی و ویستی خەڵک بگرن بۆ پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و بێلایەن بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکە و تاوانباران و بەسزاگەیاندنیان.

**ڕاستیەکان ئاشکراتر و بەڵگەدارترن بە سیناریۆکانی پارتی و لیژنەکەی بارزانی بشاردرێتەوە!**

ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆداکۆکی لە ئازادی – ٢٠١٢-٥-٧

لە هەواڵێکی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ٢٠١٢-٥-٧ لەسەر ماڵپەرەکەی بڵاوبۆتەوە. عەبدولوەهاب عەلی وتەبێژو ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لەپارێزگای سلێمانی لە لێدوانێکدا دەڵێ: "سەردەشت لە سەر نووسینەکانی نەکوژراوە."
لێدوانی وتەبێژەکەی پارتی ئەمرۆ دوای دوو ساڵ بەئاشکرا ئامانجی پێکهێنانی لیژنەکەی بارزانی ڕادەگەیەنێ. هەر لەیەکەم ڕۆژی پێکهێنانی لیژنەکەی بارزانی، خەڵکی وشیار و ڕۆژنامەنوسان گوتیان، ئەو لیژنەیە بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان و تاوانبارانە. بەکردەوەش ئەو لیژنەیە لەسەرەتاوە زانیاری ناراست و درۆی لەسەر چۆنیەتی تیرۆری سەردەشت بڵاوکردەوە. دواتریش بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستان هەڵسا بە دارشتنی چیرۆکێکی هەڵبەستراو لە سەر تاوانەکە. درۆکان زۆر لەوە ئاشکراترن مناڵێکیش بخەڵەتێنن، ڕاستیەکانیش بەڵگەدارترن  و بە سیناریۆکانی پارتی و لیژنەکەی بارزانی ناشاردرێنەوە! سەرەتا پێویستە زانیاریەک بۆ وتەبێژی پارتی ڕاست بکەینەوە. ئەو لیژنەیەی دوو ساڵ پێشتر لە دۆسیەی فراندن و تیرۆری سەردەشت عوسمان پێکهێنرا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی پێکهێنرا نەک پەرلەمان و وەزارەتی ناوەخۆ. هەرچەندە پێکهێنانی لیژنەکە بەو پێکهاتەی پێکهاتووە هەر کەس و دەزگایەک پێکیبهێنێت یەک شتە و هەمان ئامانجە.
خەڵک بۆچی گومانی لەپارتیە و پارتی تۆمەتبارە بە تیرۆری ڕۆژنامەوان سەردەشت عوسمان؟ بۆچی گومانەکانی ئێستا زیاتر و گەورەترن لە دوو ساڵ پێشتر؟ بۆچی ئەوەی

**سەرەتا گومانی هەبوو ئێستا بە یەقینەوە پارتی تۆمەتبار دەکات؟ ئەگەر سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەوان یەک ڕستەشی نەنوسیایە. بە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستگیری و ڕەفتارەکانی پارتی و بەرپرسان و داموەزگاکانی پارتی لە سەرەتای ڕووداوەکە تاکو ئەمرۆ نواندوویانە و کاریان لەسەر کردووە و کاری لەسەر دەکەن. تۆزقاڵێک لەو گومان و تۆمەتبارکردنە کەمناکاتەوە. لەکاتێکدا ئێوە بەرەوڕووی گومان و تۆمەتبار و پرسیاری خەڵک ڕاوەستاون. لێدوانەکانی ئەمرۆکەتان پرسیار و گومانی زیاتر ئەوروژێنی.**

**لەکاتێکدا دوو ساڵ پێشتر خەڵک خۆپیشاندانیان لە دژی تیرۆری سەردەشت کرد و داوای دادگایکردنی بکوژەکانیان کرد، بۆ پارتی بە بەیانی ڕەسمی مەکتەبی سیاسی هەڕەشەی لەخەڵک کرد و مەترسی ئەگەری شەڕی ناوەخۆی هێنایە پێش؟ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لە دژی تیرۆر و کوشتنی رۆژنامەنوسان بۆچی مەترسی بۆ سەر پارتی هەیە؟ بۆ تەنها پارتی و دەزگاکانی پارتی ئینکاری ڕۆژنامەنووس بوونی سەردەشت دەکەن؟ بۆچی تەنها پارتی ئەڵی تیرۆری سەردەشت عوسمان لەسەر نوسین و کاری رۆژنامەوانی نییە؟ بۆچی ئەندامانی لێژنەی لێکۆڵینەوە هەمووی پارتی بوون؟ بۆچی تەنها پارتی پشتیوانی لە سیناریۆی لێژنەی لێکۆڵینەوەکە دەکەن؟ بۆچی دوو ساڵە ڕۆژنامەنوسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کەسوکاری سەردەشت عوسمان و چەندان ڕێکخراوی جیهانی و زۆربەی خەڵکی کوردستان داوای پێکهێنانی لێژنەی بێلایەن دەکەن وەڵام نادەنەوە؟ بۆ قەبولی لێژنەی بێلایەن ناکەن؟ بۆچی تەواوی ڕۆژنامەنوسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان، پشتیوانی و بەرگری لە دۆسیەی سەردەشت عوسمان دەکەن، تەنها رۆژنامەنوسانی پارتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی دژی سەردەشت و دۆسیەکەی کار دەکەن؟ بۆچی مۆڵەتی دانانی پەیکەری سەردەشت عوسمان نەدرا و پارتی ڕێگری لە دانانی ئەو پەیکەرە لە شاری هەولێر کرد؟ بۆچی ئێوە ئەوەندە دژایەتی پەیامەکەی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەوانن ئێستاکەش لەدوایین لێدوانتاندا ئەو دژایەتیە ڕادەگەیەنن؟ بۆچی...؟ بۆچی...؟ دەیان و سەدان بۆچی تر....؟**

**لێدوانی وتەبێژی پارتی و دووپاتی نارەحەتی خۆی بۆ وتارەکەی سەردەشت عوسمان ڕادەگەیەنێ و هەوڵ دەدات لە نرخی پەیامەکەی دابەزێنێ. ئەوەشیان هەوڵێکی ئاشکرا و بەڵگەیەکی ترە کە پارتی بە ئاشکرا لە دژی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەوان بەردەوامە. لەکاتێکدا زۆربەی زۆری نوسەران و رۆژنامەوانانی کوردستان و جیهانی وەک شاکارێکی ئەدەبی و بوێری باسی لێ دەکەن و بۆ سەر زۆربەی زمانە جیهانییەکان وەرگێردراوە .**

**ئێمە لە ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆداکۆکی لە ئازادی، بەم وتەبێژەی پارتی و ئەوانی تر ڕادەگەیەنین، بۆ خۆتان باشترە بێدەنگ بن، لەوە زیاتر خۆتان ریسوا مەکەن... تا ئەو کاتەی بکوژانی راستەقینەی سەردەشت تەسلیمی لێژنەیەکی بێلایەن و دادگایەکی عادلانە نەکەن واز ناهێنین، دۆسیەی سەردەشت عوسمان هەموو هەموو ساتێک خاڵ و مێژوویەکی ڕەشن بە تەوێڵی پارتی و دەزگای تیرۆرستی پاراستنی پارتییەوە .**

ئەمڕۆ بەدوای دووساڵ لە کوشتنی سەردەشت عوسماندا. زۆربەی خەڵکی کوردستان لە یادی ئەو و دۆسیەکەی، وەک دۆسیەی ئازادی کوردستان بەرز و زیندوو ڕادەگرن. بەڵێن ئەدەن تاکو دادگایی بکوژەکانی دەستبەرداری دۆسیەی ئازادی نابن. ئیتر سەردەشت عوسمان سیمبولی ئازادی و ڕۆژنامەنووسی ئازاو بوێرە. زۆربەی خەڵکی کوردستان و ڕۆژنامەنوسانی کوردستان شانازی بە سەردەشت و نوسین و بەرهەمەکانی ئەکەن.

بژی سەردەشت عوسمان و پەیامەکەی

مەرگ و ڕیسوایی بۆ تیرۆرستان و سەرکوتکەرانی ئازادی

**هەڵوێستگیری ئازادیخوازانی کوردستان لە ٥ ئایاردا ئاماژەیەکی موژدەبەخشە بۆ پرسی ئازادی**

ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ دکۆکی لە ئازادی – 2012–5–17

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان! ڕۆژنامەنووسان، ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی! یادی دووەمین ساڵرۆژی تیرۆری ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) ، جارێکیتر ئازادیخوازانی هێنایەوە دەنگ. جارێکیتر ئازادیخوازانی کوردستان بە کردەوە پیشانیاندا، ئەم دۆسیەیە دۆسیەی خەڵکی کوردستان و ئازادیە لەکوردستان.
لە ساڵیادی کوشتنی ئەودا سوپاسی تەواوی ئەو ڕەندو جوامێرانە دەکەین و دەستی ماندوونەناسانەیان بە توندی دەگوشین کە بێدەنگیان هەڵنەبژارد و دۆسیەی ئەو وەک دۆسیەی ئازادیی کوردستان بەرز و زیندوو ڕاگیرا. سوپاسی هەموو ئەو ڕۆژانەمەنوسانە و کەناڵە ڕاگەیاندنانە دەکەین، کە ڕۆڵی خۆیان بینی لە زیندوو ڕاگرتنی دۆسیەکە و ڕوماڵی هەواڵ و چالاکیەکان و گەیاندنی پەیامەکان بە گرنگییە و کاریان لەسەر کرد. هەموو کارەکان جێگەی دەستخۆشیە و بەرزڕاگرتنی پرسی ئازادی لەم یادەدا وێرای دۆسیەکەی، پەیامەکەی ئەو ڕۆژنامەنوسە پشتیوانی جەماوەری لێی کرا.

هاتنە دەنگی ئازادیخوازان و بەشێکی زۆر لە نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان لەسەر دۆسیەی سەردەشت عوسمان ئاماژەیەکی موژدەبەخشە بۆ زیندووی ویستی ئازادی نەوەی نوێ و ئازادیخوازان.

ئەم ساڵیادە تێیگەیاندین کە:

کە دەخوازرێت ڕاستیەکان دەرکەون، خەمی هاوڵاتیان و دانیشتوانی دەخۆن تا لەخۆڕا "نەبرێن" و "دیارنەمێنن"، ڕێبدەن بەکۆمێتەیەکی نێودەوڵەتی بە وردی و دڵسۆزی خەمی هاوڵاتیانێک بخۆن کەبەڕاستی خەمخۆری وڵاتن.

دۆسیەی سەردەشت لای ئێمە و رۆژنامەنووسان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان کراوەیە و داناخرێ، تاکو تاوانباران دەستگیر نەکرێن و دادگاییەکی عادلانە نەکرێن بە بەرچاوی خەڵکەوە.

دۆسیەی سەردەشت بۆتە مەسەلەی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان، تێپەراندنی ئەو دۆسیەیە، واتە لەبەر رۆیشتنی جۆگەلەی خوێنی ئازادیخوازان و رۆژنامەوانانی ئازاد لە کوردستان.

دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هەتاسەر ناتوانن بە دەمکوتکردن و سیناریۆ درێژە بەدەسەڵاتی خۆیان بدەن. ئەگەر وەڵامی ویست و داخوازیەکانی خەڵک نەدەنەوە، هەمان چارەنووسی دەسەڵاتە ستەمکارەکانی پێشوویان دەبێت

لە کۆتایدا جارێکی دەستی هەموو لایەک خۆش بێت

**دوای چوار ساڵ، بکوژەکانی سۆرانی مامەحەمە بە ئازادی دەسورێنەوە!**

رێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لەئازادی – 15-07-2012

راگەیەنراوی رێکخراوی سەردەشت عوسمان لە چوارەم ساڵیادی تیرۆرکردنی سۆران مامەحەمە

21-7ی ئەمساڵ چوار ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سۆرانی مامەحەمەتێپەر دە بێت. لەساڵیادی تیرۆرکردنی ئەو گەنجەرۆژنامەنووسەدا وێرای دووپاتکردنەوەی هاوخە میمان بۆ خانەوادەو هاورێیان و رۆژنامەوانان و ئازادیخوازانی کوردستان، داوای ئاشکراکردنی بکوژانی سۆرانی مامەحەمەو سەردەشت عوسمان دەکەین. لەدەستدانی ئەو رۆژنامەوانانە کەلێنێکی گەورەبوو لەبزاڤی رۆژنامەگەریی ئازاد و دەنگی ئازادیخوازانی کوردستان.

سۆرانی مامەحەمە، وەکو گەنجێکی بوێر، خەون و خولیاکانی کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی تاکرە وی و بنەماڵەیی و هێنانە کایەی سیستەمیکی بێ زوڵم و چەوسانەوەبوو لەکوردستان، بۆیە زۆرێک لەنووسین و کارەرۆژنامەوانییەکانی تەرخان کردبوو بۆ رەخنەگرتن لەو بێمافی و نایەکسانییەی کەدەسەلاتدارانی کوردستان ئەنجامی دەدەن لەپیناوی بەرژەوەندی تەسکی حزبی و بنەماڵەیی و تاکەکەسیدا رۆژانەدەیان کارەسات و رووداوی جەرگبڕ دەکەنەنسیبی خە ڵک.

دوای چوار ساڵ لەتیرۆرکردنی سۆرانی مامەحەمەو تێپەڕبونی دوو سال بەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان و سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی جەماوەری ١٧ شوبات بەهێزی سەربازی و چەک. دەسەلاتی سیاسی هێشتا بەردەوامەلەدەمکوتکردنی خەڵک و گرتن و ئازاردانی رۆژنامە

**وانان. هێرش و تیرۆری و تۆقاندن لە بەرامبەر رۆژنامەوانان و خەڵکی نارازی کوردستان ناتوانێ دەسەڵاتی سیاسی لەبەردەم نارەزایی خەڵک دەربهێنێت، ریگای راست و دروست داننانەبەماف و ئازادییەکانی خەڵک و بەرەسمی ناسینیان. پەنادانی تاوانباران و بکوژانی رۆژنامەوانان و خۆپیشاندەرانی حەڤدەی شوباتی ساڵی رابردوگاڵتەجارییە بەدەسەلاتی دادوەری و دادگا و بانگەشەی ئازادی و دیموکراتی.**

**لە ساڵیادی تیرۆری سۆرانی مامەحەمەدا، وێرای پێداگری شێلگیرانەمان لەسەر ئاشکراکردن و دادگایی کردنی تاوانباران. یادی سۆرانی مامەحەمە بەرز ڕادەگرین. پشتیوانی و هاوکاری هەر کارو چالاکییەکی رۆژنامەوانان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانین بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی سۆران و داوای دادگایی تیرۆستان.**

**داتاشینی تۆمەت وەک چەکێکی ژەنگاوی سەرکوت لەدژی هەر کەسێک ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێ**

**ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی – 05–08–2012**

**ماوەی 9 مانگەکارزان کەریم لەسەر بڵاوکردنەوەی چەند بابەت و زانیاریەک لەسەر گەندەڵیەکانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە زیندانی تایبەتی دایە. سەرەتا کارزان 3 مانگ لە زیندانی تایبەتدا شوێن بزر کراو هیچ کەس هەواڵی نەدەزانی.**
**بەپێی زانیاریەکان ئێستا ئەو بەتۆمەتی تیرۆر و بەپێی یاسای تیرۆر دۆسیەکەی نێردراوەتە دادگا. بڕیارە لە ٢٠١٢/٨/٧ بە هەمان تۆمەت دادگایی بکرێت.**

**ئەوەی لەبەرامبەر "کارزان کەریم" کراوە تیرۆرێکی ئاشکرایە، فڕاندنی کەسێک و شوێنبزرکردنی بۆ ماوەی ٣ مانگ، ئەشکەنجەدان و زیندانیکردنی لە شوێنێکی شاراوە و نادیاردا. کارێکی تیرۆرستی و تیرۆرە. چ یاسایەک ڕێگە بەوە دەدات کەسێک بەبێ بڕیاری دادگا و ئاگاداری خۆی و خانەوادەکەی بۆ ماوەی ٣ مانگ شوێنبزر بکرێ؟ هەرەشە و تۆقاندنی خێزان و کەسە نزیکەکانی بە بڵانەبونەوەی هەواڵەکەی تیرۆرە و دروستکردنی بارودۆخێکی تۆقێنەر و تیرۆرستییە.**

**ئەم جۆرە پێشێلکاریانە بۆتە دیاردەیەکی رۆژانە، ژیان و ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتیانی شێواندووە. بەکردەوە سەپاندنی دەسەڵاتی پۆلیسی و سەرکوتە. پێشێلکاری و دەستدرێژی دەزگا ئەمنیەکایەکان بە دارشتنی سیناریۆ و هەڵبەستنی کەیسی ناراست و درۆ لە رووداو و دۆسیەکان چۆتە قۆناغێکی مەترسیدار. ئەگەر پێشی پی نەگیرێ و دەسەڵاتی ئەو دەزگایانە سنوردار نەکرێ، تۆمەتی لەو جۆرە لەیەخەی هەر کەسێک دەدرێ رەخنە لەم دەسەڵاتە بگرێ و بەرەوڕووی هەموو دەنگە ئازادەکان دەبێتەوە. داتاشینی تۆمەت وەک چەکێکی ژەنگاوی سەرکوت لەلایەن دەسەڵات و دەزگا ئەمنیەکان، لە دژی هەر دەنگێکی نارازای و**

دواکارانی چاکسازی بەکار دەهێنرێ. دەزگا ئەمنیەکان گەورەترین مەترسین لەسەر ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتیانی کوردستاندا.

دۆسیەی کارزان کەریم خاڵێکیتری بەرامبەرکێێ ئازادیخوازان و سەرکوتگەرانە لە کوردستان. هەڵوەشانەوە و پاشەکشەکردن بەهەر یەکێک لەو دۆسیانە سەنگەرێکە بۆ پێشگرتن بەو دۆخە مەترسیدارەی کاری لەسەر دەکرێ .

ریسواکردن و هەڵماڵینی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو پێشێلکاریەی بەرامبەر بە کارزان و خانەوادەکەی کراوە ئەرکی هەر کەس و ڕێکخراو و هێزێکی سیاسی و جەماوەرییە.

**ئەم حوکمە پێویستە لەئاستێکی فروانی جەماوەری ئیدانەبکرێ!**

ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لەئازادی – ٧–١٠–٢٠١٢

دوای سێ دانیشتن و ساغ نەبوونەوەی هیچ یەکێک لەو تۆمەتانەی کە لەسەری رفێندرابوو، ئەمڕۆ (٧–١٠–٢٠١٢ ) دادگای هەولێر بڕیاری دوو ساڵ زیندانی بە سەر رۆژنامەوان(کارزان کەریم)دا سەپاند.
کارزان کەریم لەسەر نووسینی چەند وتارێک لەسەر گەندەڵی و کارە نایاساییەکانی فرۆکەخانەی هەولێر، لەناو شاری هەولێر رۆژی ٥–١١–٢٠١١ لەلایەن دەزگای ئاسایشی کوردستان لەهەولێر بەشێوەی نهێنی دەستگیر دەکرێت. نزیکەی ٥٠ رۆژ بێسەرشوێن دەبێت و تەنانەت هیچ کەسێک لەخانەوادەکەشی هەواڵی نازانن. بەدوای ٢ مانگ خانەوادەکەی دە توانن بۆ چەند دەقیقەیەک لەژێر چاودێری کارمەندانی ئاسایشی هەولێر چاویان بەکارزان بکەوێت.

بەپێی لێدوانی خانەوادەی کارزان و لێژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان، لەو ماوە یەدا کارزان لەلایەن دەزگای ئاسایشەوەلەزیندان ئازار و ئەشکەنجە دراوە. خانەوادەکەشی لەژێر فشار و هەڕەشەو بەڵێنی بەرپرسانی ئاسایش و پارتی دیموکراتی کوردستان بێدەنگ بوونە.

دوای ڕاگرتنی چەندین مانگ لەزیندان، لەدواییدا کارزان بەتاوانی دۆسیەی تیرۆر دەدرێتە دادگا. ئەمرۆ (٧–١٠–٢٠١٢ ) لەپاش سێ دانیشتنی کارتۆنی دادگای هەولێر، دادگا بریاریدا بە پێیمادەکانیو 2 ییاسایسالّییپەرلەمانیکوردستان، بەتۆمەتیپێشێلکردنیئەمن وئاسایشیکوردستان، سزایدوو ساڵ زیندانیکردن بسەپێنێت بەسەر کارزان کەریمدا.

ئازادیخوازان و هەڵسوراوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رۆژنامەوانانی کوردستان، هەموو لەسەر ئەوەهاوڕان کەئەم قۆناغەقۆناغێکی مەترسیدارە. دۆسیەی کارزان و دۆسیەی

فڕاندن و شوێنبزرکردنی ١٤ گەنج لەنێو شاری هەولێر لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان. زەنگێکی مەترسیدارەبۆ سەر پرسی ئازادی و ئازادیخوازان لەکوردستاندا.

بڕیارەکەی ئەمڕۆی دادگای هەولێر پەیامێکی ڕۆشنەبۆ هەموو لایەک ئەوەدووپات دەکاتەوەکە دەزگای قەزایی و دادگاکان لەکوردستان سەربەخۆ نین و لەژێر هەیمەنە و دەسەڵاتی حزبە دەسەلاتدارەکان بەڕێوەدەچن. ئەو بڕیارەی دادگای هەولیر، درێژکراوەی پێشێلکارییەکانی دە زگا ئەمنیەکانەو هەڕەشەیەبۆ سەر ئازادیخوازان و ڕۆژنامەوانانی ئازاد و سەربەخۆ، هەڕە شەیەبۆ هەموو ئەوانەی دژی گەندەڵی و تاوان و پێشێلکاریەکان دەوەستنەوەو دەنووسن، چارەنوسیان هەمان چارەنوسی کارزان دەبێت.

ئێستە هەموو هاونیشتمانیان و رای گشتی نێودەوڵەتیش دەزانن کە ئازادی رادەربڕین لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بە قۆناغێکی یەکجار مەترسیداردا دەڕوات و رۆژ بە رۆژ لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە و بەگوێرەی ئەو یاسایانەی دەری دەکەن ئازادییەکانی تاک پێشێل دەکەن.

دۆسیەی کارزان کەریم و ئەوەی ئەمڕۆ لەدادگای هەولێر بەڕێوەچوو. پێویستی بەکاردانەوەو هەڵوێستگیری ئازادیخوازانی کورداستان و ڕێکخراوەکانە. پێویستەلەئاستێکی فراوان و جە ماوەری ئیدانەی ئەو حوکمەبکرێت و داوای ئازادکردنی کارزان کەریم وەک داخوازییەکی سەرە کی بەرزبکرێتەوە .

دۆسیەی کارزان کەریم و ئەوانیتر بکرێتەدۆسیەی ریسواکردنی فڕاندن و بێ سەروشوین کردنی رۆژنامەنووسان و گەنجان و داتاشینی تۆمەت و سیناریۆیی ساختە بۆیان.

دەبوو لەسەر شێوازی رفاندنی و ئەشکەنجەدانی کارزان لە گرتووخانەکانی ئاسایش لە هەولێر، دەزگای ئاسایش بدرێتە دادگا و لێپێچینەوەی لێ بکرێت و سزا بدرێت نەک کارزان کەریم سزا بدرێت.

**ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان**: http://www.sardasht-osman.org

**ئیمەیڵی ماڵپەڕ**: serdasht.osman@gmail.com

**یان** serdasht-osman@yahoo.com

# وێنەکان خۆیان ئەدوێن!




SARDASHT
WAS OUR VOICE
WE WILL


دەسەڵاتدارانی هەولێر
بەرپرسن لە تیرۆری
سەردەشت عوسمان
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری
کوردستان


Sardasht Osman


گروپی کۆمپانیاکانی دیوان
P.V.C


STOP
Terrorism
Fightback
www.marxist.ca
www.marxist.com
29/05/2010




NOKIA
DELCA


TEATERBAREN
JUST NU
PÅ DIN
TEATER:







SARDASHT
WAS OUR VOICE
WE WILL
NEVER BE
SILENT
SARDASHT
WAS OUR VOICE
WE WILL
NEVER BE
SILENT


Shirwe Computing




وێنەکان کاڵ ببنەوە
پاڵەوانی تفەنگەکان
تۆخ نابنەوە








بێدەنگ نابین!
کۆمیتەی سەردەشت عثمان بۆ داکۆکی لە ئازادی






SARDASHT
WAS OUR VOICE
WE WILL
NEVER BE
SILENT






ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت عثمان
TERROR


arçelik






MANGO


RESTAURANT
Hungarian/Continental
North-American
HOME COOKING
حیزبی کومونیستی کریکاری
7 DAYS A WE


THANKS FOR DOING NOTHI
دوا وتاری شەهید
سەردەشت عوسمان
ڕۆح و خەنەکەی
شەهید بۆ هەمیشە
لەگەڵماندایە......


تا ئەو کاتەی ماوین ئەبێت ئەبێت قسەبکەین , ئەوکاتەش تەمەنم
کۆتایی هات با هاورێکانم خاڵێکم بۆ دابنێن و سەر لە نوێ دەست پێ
((شەهیدی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان))
بکەنەوە ..

## ستافی کاری کتێبی سەردەشت عوسمان



## ماڵپەڕی سەردەشت عوسمان

